# ناوەڕۆک


| | |
|---|---|
| پەیدابوون | 1 |
| دەرچوون | 32 |
| لێڤییەکان | 58 |
| ژمارە | 77 |
| وتەکان | 102 |
| یەشوع | 124 |
| دادوەران | 139 |
| راعوس | 154 |
| سامۆئیلی یەکەم | 156 |
| سامۆئیلی دووەم | 176 |
| یەکەم پاشایان | 193 |
| دووەم پاشایان | 212 |
| هەواڵەکانی ڕۆژانی یەکەم | 231 |
| هەواڵەکانی ڕۆژانی دووەم | 249 |
| عەزرا | 271 |
| نەحەمیا | 277 |
| ئەستێر | 287 |
| ئەیوب | 292 |
| زەبوورەکان | 313 |
| پەندەکانی سلێمان | 368 |
| ژیرمەندی | 385 |
| گۆرانی گۆرانییەکان | 391 |
| ئیشایا | 394 |
| یەرمیا | 440 |
| شینەکانی یرمیا | 484 |
| حزقیێل | 489 |
| دانیال | 520 |
| هۆشەع | 529 |
| یۆئێل | 536 |
| عامۆس | 539 |
| عوبەدیا | 545 |
| یونس | 546 |
| میخا | 548 |
| ناحوم | 553 |
| حەبەقوق | 555 |
| سەفەنیا | 557 |
| خەگی | 560 |
| زەکەریا | 562 |
| مەلاخی | 569 |

# پەیدابوون

## ١

١ لەسەرەتادا خودا ئاسمان و زەوی بەدیهێنا. ٢ زەویش بێ
شێوە و هیچی تیا نەبوو، تاریکیش بەسەر ڕووی قووڵاییەکانەوە
بوو و ڕۆحی خوداش بەسەر ڕووی ئاوەکاندا دەجوڵایەوە.
٣ خودا فەرمووی: با ڕووناکی ببێت. جا ڕووناکی بوو.
٤ خوداش بینی کە ڕوناکییەکە باشە. جا خودا ڕووناکییەکەی
لە تاریکی جیاکردەوە. ٥ خودا ڕووناکییەکەی ناونا ڕۆژ و
تاریکییەکەی ناونا شەو. جا ئێوارە بوو و بووە بەیانی، ئەمە
ڕۆژی یەکەم بوو.
٦ خودا فەرمووی: با بۆشاییەکی کراوە لە نێوان ئاوەکاندا بێت
بۆ جیابوونەوەی ئاو لە ئاو. ٧ خودا بۆشاییە کراوەکەی
دروستکرد و ئاوەکەی ژێر بۆشاییە کراوەکەی لە ئاوەکەی
سەر بۆشاییە کراوەکە جیاکردەوە. جا وا بوو. ٨ خودا بۆشاییە
کراوەکەی ناونا ئاسمان. جا ئێوارە بوو و بووە بەیانی، ئەمە
ڕۆژی دووەم بوو. ٩ خودا فەرمووی: با ئاوەکانی ژێر ئاسمان
لە یەك شوێن کۆببنەوە و وشکایی دەرکەوێت. جا وا بوو.
١٠ خودا وشکاییەکەی ناونا زەوی. ئاوە کۆبووەوەکەشی ناونا
دەریاکان. خوداش بینی کە ئەمە باشە. ١١ ئینجا خودا
فەرمووی: با زەوی گیای سەوز و ڕووەکی تۆدار و داری
بەردار کە بەر دروست بکات لە جۆری خۆی، ئەوەی
تۆوەکەی لەناو خۆیەتی، لێ سەوزبێت لەسەر زەوی. جا وا
بوو. ١٢ زەوی سەوزایی و ڕووەکی تۆدار لە جۆری خۆی و
دار کە بەر دروست بکات و تۆوەکەی تیابێت لە جۆری خۆی
دەرخست. خوداش بینی کە ئەمە باشە. ١٣ جا ئێوارە بوو و
بووە بەیانی، ئەمە ڕۆژی سێیەم بوو. ١٤ ئینجا خودا
فەرمووی: با لە بۆشایی کراوەی ئاسماندا ڕوناکییەکان هەبن
بۆ جیاکردنەوەی ڕۆژ لەشەو، هەروەها بۆ نیشانەکان و بۆ
وەرزەکان و بۆ ڕۆژەکان و ساڵەکان. ١٥ با ڕوناکییەکان لە
بۆشایی کراوەی ئاسماندا بن، تا سەر زەوی ڕووناك بکەنەوە.
جا وا بوو. ١٦ هەروەها خودا دوو ڕووناکییە مەزنەکەی
دروستکرد، ڕووناکییە گەورەکەیان بۆ فەرمانڕەوایی کردنی
ڕۆژ، ڕووناکییە بچووکەکەشیان بۆ فەرمانڕەوایی کردنی
شەو، هەروەها ئەستێرەکانیش. ١٧ خودا لە بۆشایی کراوەی
ئاسماندا دایانا بۆ ڕووناك کردنەوەی سەر زەوی، ١٨ بۆ
فەرمانڕەواییکردنی ڕۆژ و شەو و جیاکردنەوەی ڕووناکی
لەتاریکی. خوداش بینی ئەمە باشە. ١٩ جا ئێوارە بوو و بووە
بەیانی، ئەمە ڕۆژی چوارەم بوو. ٢٠ ئینجا خودا فەرمووی: با
ئاوەکان پڕبن لە ئاپۆرەی بوونەوەری زیندوو، با باڵندەش
بەسەر زەویدا بفڕێ لە بۆشای کراوەی ئاسماندا. ٢١ ئیتر خودا
بوونەوەرە مەزنەکانی دەریای بەدیهێنا، لەگەڵ هەموو ئەو
زیندەوەرە خشۆکانەی ئاوەکان لێی پڕبوون، بەپێی
جۆرەکانیان، هەموو باڵندەیەکی باڵداریش بەپێی جۆرەکەی.
خوداش بینی ئەمە باشە. ٢٢ خودا پیرۆزی کردن و فەرمووی:
بەرداربن و زۆربن و ئاوی دەریاکان پڕ بکەن، با باڵندەکانیش
لەسەر زەوی زۆربن. ٢٣ جا ئێوارە بوو و بووە بەیانی، ئەمە
ڕۆژی پێنجەم بوو. ٢٤ خودا فەرمووی: با زەوی بوونەوەرە
زیندووەکان لە جۆری خۆیان بەرهەم بهێنێت. ئاژەڵ و خشۆك
و گیاندارانی زەوی، هەر یەکەیان لە جۆری خۆی. جا وا
بوو. ٢٥ خودا گیانداری زەویی بەپێی جۆری خۆیان دروست
کرد، ئاژەڵیش بەپێی جۆری خۆیان و هەموو خشۆکێکیش
لەسەر زەوی بەپێی جۆری خۆیان. خوداش بینی ئەمە باشە.
٢٦ ئینجا خودا فەرمووی: با مرۆڤ[أ] لەسەر وێنەی خۆمان
دروست بکەین، لە شێوەی خۆمان. با دەسەڵاتداربن بەسەر
ماسی دەریا و باڵندەی ئاسمان و ئاژەڵ و بەسەر هەموو
زەویدا، هەروەها بەسەر هەموو ئەو بوونەوەرە خشۆکانەی
بەسەر زەویدا دەخشێن. ٢٧ خودا مرۆڤی لەسەر وێنەی خۆی
بەدیهێنا، لەسەر وێنەی خودا بەدیهێنا، بە نێر و مێ بەدیهێنان.
٢٨ خودا پیرۆزی کردن و پێی فەرموون: بەرداربن و زۆربن
و زەوی پڕ بکەن و بیخەنە ژێر ڕکێفتانەوە. دەسەڵاتداربن
بەسەر ماسی دەریا و باڵندەی ئاسمان و بەسەر هەموو
بوونەوەرێکی زیندوودا کە لەسەر زەوی دەجووڵێتەوە.
٢٩ ئینجا خودا فەرمووی: ئەوەتا هەموو گیایەکی تۆوگر کە
لەسەرتاسەری ڕووی زەوییە داومە بە ئێوە لەگەڵ هەموو
دارێکیش کە بەری هەیە و تۆوی خۆی تێدایە. بۆ ئێوە دەبنە
خۆراك. ٣٠ بۆ هەموو گیانەوەرانی زەوی و هەموو باڵندەکانی
ئاسمان و هەموو بوونەوەرێکی خشۆکی سەر زەوی، هەموو
شتێك کە هەناسەی ژیانی تێدایە، هەموو گیایەکی سەوزم
پێداون بۆ خۆراکیان. جا وا بوو. ٣١ خودا بینی ئەوەتا هەموو
ئەوەی کە دروستی کردووە زۆر باشە. جا ئێوارە بوو و بووە
بەیانی، ئەمە ڕۆژی شەشەم بوو.

## ٢

١ بەم شێوەیە ئاسمان و زەوی و هەرچی تیایاندایە تەواوکران.
٢ جا خودا لە ڕۆژی حەوتەمدا لە کارەکەی کە کردی
تەواوبوو، ئیتر لەڕۆژی حەوتەمدا لە هەموو کارەکەی کە
کردی پشووی دا. ٣ ئینجا خودا ڕۆژی حەوتەمی پیرۆز کرد
و بە پیرۆزی دانا، چونکە تێیدا لە هەموو کارەکەی پشووی
داوە ، هەموو ئەوەی خودا بەدیهێنا و دروستیکرد. ٤ ئەمانەش
سەردەمەکانی ئاسمان و زەوین کاتێك بەدیهێنران. ئەو
ڕۆژەی خوداوەند خودا زەوی و ئاسمانی دروستکرد، ٥ هێشتا
هیچ ڕووەکێکی کێڵگە لەسەر زەوی نەبوو، هەروەها هیچ
گیایەکی کێڵگەش هێشتا نەڕوابوو، چونکە هێشتا خوداوەند
خودا بارانی بەسەر زەویدا نەباراندبوو، هیچ مرۆڤێکیش
نەبوو ئیش لە زەوی بکات. ٦ ئینجا تەم لەزەوییەوە
سەردەکەوت و هەموو ڕووی زەویی ئاو دەدا. ٧ جا خوداوەند
خودا ئادەمی[ب] لە خۆڵی زەوی پێکهێنا و شنەی ژیانی بە کونە
لووتی کرد. بەمەش ئادەم بووە گیانێکی زیندوو. ٨ ئینجا
خوداوەند خودا باخچەیەکی لە عەدەن، لە ڕۆژهەڵات چاند.
لەوێشدا ئادەمی دانا کە پێکی هێنابوو. ٩ خوداوەند خودا هەموو
ئەو جۆرە درەختانەی دروستکرد کە لەزەویدا دەڕوێن،

[أ] ١ : ٢٦ ئەو وشەیەی لە زمانی عیبریدا بۆ مرۆڤ بەکارهێنراوە لێرە وشەی
ئادامە، کە لە کوردیشدا بە ئادەم بەکاردەهێنرێت.

[ب] ٢ : ٧ لە زمانی عیبریدا کە پەیمانی کۆنی پێنووسراوە، وشەی ئاداما بۆ
زەوی یان خاك بەکاردەهێنرێت، بۆیە ناوی ئادامیش لەو وشەیەوە
وەرگیراوە.

درەختانێك لەبەرچاو جوانبن و بۆ خواردن خۆشبن. درەختی
ژیانیش لەناوەڕاستی باخچەکەدا بوو، هەروەها درەختی
زانینی چاکە و خراپە. ١٠ ڕووبارێك لە عەدەنەوە دەهات بۆ
ئاودانی باخچەکە، لەوێوە دەبوو بە چوار لقەوە: ١١ ناوی
یەکەمیان پیشۆنە، کە بەهەر چوار لای هەموو زەوی خەڤیلا
دایە، کە زێڕی لێیە. ١٢ زێڕی ئەو زەوییە چاکە، هەروەها
بەردی گرانبەها و بەردی شیلانەی لێیە. ١٣ ناوی ڕووباری
دووەمیان گیخۆنە، کە بەهەر چوار لای زەوی کووشدایە.
١٤ ناوی ڕووباری سێیەم خیدەقەلە[أ]، ئەمیش بە ڕۆژهەڵاتی
ئاشووردا دەڕوات. ڕووباری چوارەمیش فوراتە. ١٥ خوداوەند
خودا ئادەمی هەڵگرت و لە باخچەی عەدەن دایناوە، بۆ
خۆشکردن و پاراستنی. ١٦ خوداوەند خودا فەرمانی بە ئادەم دا
و فەرمووی: بۆت هەیە لە هەموو درەختەکانی باخچەکە
بخۆیت، ١٧ بەڵام بۆت نییە لە درەختی زانینی چاکە و خراپە
بخۆیت، چونکە ئەو ڕۆژەی لێی بخۆیت بەڕاستی دەمریت.
١٨ خوداوەند خودا فەرمووی: باش نییە پیاو بەتەنیا بێت.
یاریدەدەرێکی بەرابەری بۆ دروست دەکەم. ١٩ خوداوەند خودا
هەر لە خۆڵی زەوی هەموو گیانەوەری سەر زەوی و هەموو
باڵندەکانی ئاسمانی پێکهێنا. ئینجا بۆ ئادەمی هێنا تا ببینێ ناوی
چیان لێدەنێت، هەر ناوێك کە ئادەم لەهەر یەك لەم بوونەوەرە
زیندووانەی نا، ئەوە ناوەکەی بوو. ٢٠ ئادەم ناوی لە هەموو
ئاژەڵ و باڵندەی ئاسمان و گیانەوەرە کێوییەکان نا، بەڵام بۆ
ئادەم هیچ یاریدەدەرێکی بەرابەر نەدۆزرایەوە. ٢١ خوداوەند
خودا ئادەمی خستە خەوێکی قووڵەوە، جا خەوت. ئینجا یەکێك
لە پەراسووەکانی دەرهێنا و شوێنەکەی بە گۆشت بۆ
پڕکردەوە. ٢٢ ئینجا خوداوەند خودا ژنێکی لەو پەراسووە
بنیاتنا کە لە پیاوی وەرگرتبوو. ٢٣ ئادەم وتی: ئێستا ئەمە
ئێسقانێکە لە ئێسقانەکانم و گۆشتە لە گۆشتم. ئەمە ناودەبرێت
بە ژن[ب]، چونکە لە پیاوەوە وەرگیراوە. ٢٤ لەبەر ئەمەشە پیاو
دایك و باوکی خۆی جێدەهێڵێ و بە ژنەکەیەوە دەنووسێت،
دەبنە یەك لەش. ٢٥ ئادەم و ژنەکەی هەردووکیان ڕووت
بوون، شەرمیشیان نەدەکرد.

# ٣

١ مار لە هەموو گیاندارەکانی سەر زەوی، ئەوانەی خوداوەند
خودا دروستی کردبوون زۆرزانتر بوو. بە ژنەکەی وت: ئایا
ڕاستە خودا فەرموویەتی: بۆتان نییە لە هیچ درەختێکی
باخچەکە بخۆن؟ ٢ ژنەکەش بە مارەکەی وت: بۆمان هەیە لە
بەری درەختەکانی باخچەکە بخۆین، ٣ بەڵام بەری ئەو دارەی
لەناوەڕاستی باخچەکەیە، خودا فەرمووی: بۆتان نییە لێی
بخۆن و دەستی لێبدەن، ئەگینا دەمرن. ٤ مارەکە بە ژنەکەی
وت: نا بەڕاستی نامرن، ٥ بەڵکو خودا دەزانێت ئەو ڕۆژەی
کە دەیخۆن چاوتان دەکرێتەوە و ئیتر وەك خوداتان لێدێت،
دەزانن چاکە و خراپە چییە. ٦ ژنەکە بینی دارەکە بۆ خواردن
باشە و چاو ئارەزووی دەکات و وات لێدەکات دانابیت، جا
لەبەرەکەی کردەوە و خواردی و بە مێردەکەشی دا کە لەگەڵیدا
بوو، ئەویش خواردی. ٧ ئیتر هەردووکیان چاویان کرایەوە و
زانیان کە ڕووتن، ئینجا گەڵای هەنجیریان لێك دوری و
پۆشاکیان بۆ خۆیان دروستکرد. ٨ ئینجا هەردووکیان گوێیان
لە دەنگی خوداوەند خودا بوو کە لە باخچەکەدا هاتووچۆی
دەکرد، لە کاتی هەڵکردنی شنەبای ڕۆژدا. ئادەم و ژنەکەی
خۆیان لەنێو درەختەکانی باخچەکەدا لە ڕووی خوداوەند خودا
شاردەوە. ٩ خوداوەند خوداش ئادەمی بانگکرد و فەرمووی:
لە کوێیت؟ ١٠ ئەویش وەڵامیدایەوە: لە باخچەکەدا گوێم لە
دەنگت بوو، منیش ترسام، چونکە ڕووت بووم ئیتر خۆم
شاردەوە. ١١ ئەویش فەرمووی: کێ بە تۆی وت کەوا
ڕووتیت؟ لەو درەختەت نەخواردبێت کە فەرمانم پێ
کردبوویت لێی نەخۆیت؟ ١٢ ئادەمیش وتی: ئەو ژنەی پێتدام
لەگەڵم بێت، لەبەری ئەو دارەی پێدام، منیش خواردم. ١٣ ئینجا
خوداوەند خودا بە ژنەکەی فەرموو: ئەمە چییە تۆ کردووتە؟
ژنەکەش وتی: مارەکە فریویدام و منیش خواردم. ١٤ خوداوەند
خودا بە مارەکەی فەرموو: چونکە ئەمەت کرد، تۆ نەفرەت
لێکراویت زیاتر لەهەموو ئاژەڵ و هەموو گیاندارانی سەر
زەوی. هەموو ڕۆژانی ژیانیشت لەسەر سکت دەخشێیت و
خۆڵ دەخۆیت. ١٥ دوژمنایەتیش دەخەمە نێوان تۆ و ژنەوە،
نێوان نەوەی تۆ و نەوەی ئەوەوە. نەوەی ئەو سەرت پان
دەکاتەوە و تۆش پاژنەی پێی دەکوتی. ١٦ بە ژنەکەشی
فەرموو: ئازاری سکپڕیت زۆر زیاتر دەکەم، بەژانەوە
منداڵت دەبێت. ئارەزووت بۆ پیاوەکەت دەبێت و ئەویش
بەسەرتدا زاڵ دەبێت. ١٧ ئینجا بە ئادەمیشی فەرموو: چونکە
تۆش گوێت لەژنەکەت گرت و لەو درەختەت خوارد کە
فەرمانم پێ کردبوویت نابێت لێی بخۆیت، ئەوا زەویش
نەفرەت لێکراوە بەهۆی تۆوە. بە ڕەنجکێشانیش هەموو
ڕۆژانی ژیانت لێی دەخۆیت. ١٨ دڕك و داڵت بۆ بەرهەم دێنێ
و گیای سەر زەوی دەخۆیت. ١٩ بە ئارەقی ناوچەوانت نان
دەخۆیت تا دەگەڕێیتەوە بۆ زەوی، چونکە لەوەوە
وەرگیراویت، چونکە تۆ خۆڵیت و بۆ خۆڵیش دەگەڕێیتەوە.
٢٠ ئادەم ناوی ژنەکەی نا حەوا، چونکە دایکی هەموو
زیندووانە. ٢١ خوداوەند خودا جلی بۆ ئادەم و ژنەکەی لە
پێست دروستکرد و لەبەریکردن. ٢٢ ئینجا خوداوەند خودا
فەرمووی: ئەوەتا مرۆڤ بوو بە یەکێکی وەك خۆمان، چاکە
و خراپە دەزانێت، ئێستاش لەوانەیە دەستی درێژ بکات و لە
داری ژیانیش بکاتەوە و بیخوات و بۆ هەتاهەتایە بژیت.
٢٣ ئیتر خوداوەند خودا لە باخچەی عەدەن دەریکرد، بۆ ئەوەی
ئیش لەو زەوییە بکات کە لە خۆڵەکەیەوە وەرگیراوە. ٢٤ دوای
ئەوەی مرۆڤی کردە دەرەوە، بۆ پاسەوانیی ڕێگای درەختی
ژیان لە دیوی ڕۆژهەڵاتی باخچەی عەدەندا کروبەکانی دانا
لەگەڵ شمشێری گڕدار کە بەهەموو لایەک دەسووڕایەوە.

# ٤

١ ئادەم لەگەڵ حەوای ژنی جووت بوو و ئەویش سکی پڕبوو،
قاینی بوو و وتی: لەلای خوداوەندەوە پیاوێکم دەسکەوت.
٢ دووەمجار هابیلی برای بوو. جا هابیل بوو بە شوانی مەڕ و
قاینیش بوو بە کارگەر لە زەوی. ٣ ئینجا ئەوە بوو دوای
ماوەیەك قاین لەبەروبوومی زەوی پێشکەش بە خوداوەند
کرد. ٤ هەروەها هابیلیش لە نۆبەرەی مەڕەکانی و لە
چەوراتیەکەیانی پێشکەش کرد. جا خوداوەند هابیل و
پێشکەشکراوەکەی پەسەندکرد. ٥ بەڵام قاین و
پێشکەشکراوەکەی پەسەندنەکرد، جا قاین زۆر تووڕە بوو و
ڕووی خۆی گرژکرد. ٦ خوداوەند بەقاینی فەرموو: بۆ تووڕە
بوویت و بۆ ڕووی خۆت گرژکرد؟ ٧ ئایا ئەگەر چاك بکەیت،
بەرز ناکرێیت؟ خۆ ئەگەر چاك نەکەیت، ئەوا گوناهەیەك
لەبەر دەرگا خۆی ماتکردووە و ئارەزووت دەکات، بەڵام تۆ

[أ] ٢ : ١٤ لە ئەسڵدا خیدەقەل نووسراوەو کە هەمان ڕووباری دجلەیە.

[ب] ٢ : ٢٣ لە زمانی عیبریدا وشەی ئیش بۆ پیاو بەکاردەهێنرێت، بۆ ژنیش
وشەی ئیششا.

دەبێت بەسەریدا زاڵبیت. ٨ جا قاین لەگەڵ هابیلی برای قسەی
کرد. واش ڕوویدا کاتێك هەردووکیان لە کێڵگە بوون، قاین
پەلاماری هابیلی برای دا و کوشتی. ٩ خوداوەند بە قاینی
فەرموو: کوا هابیلی برات؟ ئەویش وتی: نازانم، خۆمن
پاسەوانی براکەم نیم ١٠ جا فەرمووی: چیت کردووە؟ دەنگی
خوێنی براکەت لە زەوییەوە هاوارم بۆ دەکات. ١١ ئێستاش تۆ
نەفرەت لێکراویت لەو زەوییەی کە بۆ وەرگرتنی خوێنی
براکەت لە دەستی تۆ دەمی کردەوە. ١٢ کاتێ ئیش لە زەویەکە
بکەیت، ئەو چیتر بەرووبوومی خۆیت ناداتێ. لەسەر زەوی
دەربەدەر و ئاوارە دەبیت. ١٣ قاین بە خوداوەندی وت: تاوانم
لەوە گەورەترە بەرگەی بگرم. ١٤ ئەوەتا ئەمڕۆ لەڕووی
زەوی دەرتکردم، لەبەر ڕووی تۆ ون دەبم و دەربەدەر و
ئاوارە دەبم لەسەر زەوی. هەر کەسێکیش تووشم بێت
دەمکوژێت. ١٥ خوداوەندیش پێی فەرموو: نابێ وابێت، هەر
کەسێك قاین بکوژێ ئەوا حەوت ئەوەندە تۆڵەی لێدەسەنرێت.
ئینجا خوداوەند نیشانەیەکی کرد بە قاینەوە تا هەر کەسێك
تووشی بێت نەیکوژێت. ١٦ ئیتر قاین لەلای خوداوەند دەرچوو
و لە زەوی نۆد لە ڕۆژهەڵاتی عەدەن نیشتەجێ بوو. ١٧ قاین
لەگەڵ ژنەکەی جووت بوو، ئەویش سکی پڕبوو و خەنۆکی
بوو. ئەوکاتە شارێکی بنیاد دەنا، شارەکەی بە ناوی
کوڕەکەیەوە ناونا خەنۆك. ١٨ خەنۆك عیرادی بوو، عیرادیش
مخویائێلی بوو، مخویائێلیش متوشائێلی بوو، متوشائێلیش
لامەکی بوو. ١٩ لامەك دوو ژنی بۆ خۆی هێنا، یەکێکیان ناوی
عادا بوو، ئەوی تریشیان چیلای ناوبوو. ٢٠ لە عاداوە یابال
بوو کە باوکی چادرنشینان و ئاژەڵداران بوو. ٢١ براکەشی
ناوی یوبال بوو کە باوکی هەموو ئەوانە بوو کە عود و
زوڕنایان دەژەن. ٢٢ چیلاش توبەل قاینی بوو کە وەستای
هەموو ئەو ئامێرانە بوو کە لەمس و ئاسن بوون. خوشکی
توبەل قاینیش نەعما بوو. ٢٣ لامەك بە هەردوو ژنەکەی وت:
عاداو چیلا گوێتان لێم بێت، ئەی هەردوو ژنەکەی لامەك ،
گوێ بۆ قسەکانم شل بکەن. پیاوێکم کوشتووە لەسەر ئەوەی
بریندار ی کردم، لاوێکیش لەسەر ئەوەی زامداری کردم.
٢٤ ئەو بۆ قاین حەوت جار تۆڵە دەسەنێت، بەڵام بۆ لامەك
ئەوا حەفتا و حەوت جار. ٢٥ جارێکی دیکە ئادەم لەگەڵ
ژنەکەیدا جووت بوو، کوڕێکی بوو و ناوی نا شیت. ئینجا
وتی: خودا نەوەیەکی دیکەی بۆ دیاری کردم لە جیاتی هابیل،
ئەوەی قاین کوشتی. ٢٦ هەروەها شیت کوڕێکی بوو ناوی نا
ئەنۆش. لەوکاتە بوو خەڵکی دەستیان کرد بە ناوهێنانی ناوی
خوداوەند.

# ٥

١ ئەمە پەرتووکی نەوەکانی ئادەمە. ئەو ڕۆژەی خودا مرۆڤی
بەدیهێنا، لەسەر شێوەی خودا دروستیکرد. ٢ بە نێر و مێ
بەدیهێنان و پیرۆزی کردن . ئەو ڕۆژەی بەدیهێنان ناوی
لێنان مرۆڤ. ٣ کاتێك ئادەم تەمەنی سەد و سی ساڵ بوو،
کوڕێکی بوو لەوێنەی خۆی و لەشێوەی خۆی، ناوی نا شیت.
٤ دوای لەدایکبوونی شیت، ئادەم هەشت سەد ساڵ ژیا، کوڕ و
کچی دیکەشی بوو. ٥ جا هەموو ڕۆژانی ژیانی ئادەم نۆ سەد
و سی ساڵ بوو، ئیتر مرد. ٦ کاتێك شیت تەمەنی سەد و پێنج
ساڵ بوو، ئەنۆشی بوو. ٧ دوای لەدایکبوونی ئەنۆش، شیت
هەشت سەد و حەوت ساڵ ژیا، کوڕ و کچی دیکەشی بوو.
٨ جا هەموو ڕۆژانی ژیانی شیت نۆ سەد و دوانزە ساڵ بوو،
ئیتر مرد. ٩ کاتێك ئەنۆش تەمەنی نەوەد ساڵ بوو، قێینانی
کوڕی بوو. ١٠ دوای لەدایکبوونی قێینان، ئەنۆش هەشت سەد
و پانزە ساڵ ژیا و کوڕ و کچی دیکەشی بوو. ١١ جا هەموو
ڕۆژانی ژیانی ئەنۆش نۆ سەد و پێنج ساڵ بوو، ئیتر مرد.
١٢ کاتێك قێینان تەمەنی حەفتا ساڵ بوو، مەهەلەلئێلی کوڕی
بوو. ١٣ دوای لەدایکبوونی مەهەلەلئێل، قێینان هەشت سەد و
چل ساڵ ژیا و کوڕ و کچی دیکەشی بوو. ١٤ جا هەموو
ڕۆژانی ژیانی قێینان نۆ سەد و دە ساڵ بوو، ئیتر مرد.
١٥ کاتێك مەهەلەلئێل تەمەنی شەست و پێنج ساڵ بوو، یارەدی
کوڕی بوو. ١٦ دوای لەدایکبوونی یارەد، مەهەلەلئێل هەشت
سەد و سی ساڵ ژیا و کوڕ و کچی دیکەشی بوو. ١٧ جا
هەموو ڕۆژانی ژیانی مەهەلەلئێل هەشت سەد و نەوەد و پێنج
ساڵ بوو، ئیتر مرد. ١٨ کاتێك یارەد تەمەنی سەد و شەست و
دوو ساڵ بوو، خەنۆکی کوڕی بوو. ١٩ دوای لەدایکبوونی
خەنۆك، یارەد هەشت سەد ساڵ ژیا و کوڕ و کچی دیکەشی
بوو. ٢٠ جا هەموو ڕۆژانی ژیانی یارەد نۆ سەد و شەست و
دوو ساڵ بوو، ئیتر مرد. ٢١ کاتێك خەنۆك تەمەنی شەست و
پێنج ساڵ بوو، متوشالەخی کوڕی بوو. ٢٢ دوای ئەوەی
خەنۆك متوشالەخی بوو، سێ سەد ساڵ لەبەردەم خودا
هاتوچۆی کرد و کوڕ و کچی دیکەشی بوو. ٢٣ جا هەموو
ڕۆژانی ژیانی خەنۆك سێ سەد و شەست و پێنج ساڵ بوو.
٢٤ خەنۆك لەبەردەم خودا هاتوچۆی کرد و خودا بردیەوە لای
خۆی، بۆیە ئیتر کەس نەیبینیەوە. ٢٥ کاتێك متوشالەخ تەمەنی
سەد و هەشتا و حەوت ساڵ بوو، لامەکی کوڕی بوو.
٢٦ دوای لەدایکبوونی لامەك، متوشالەخ حەوت سەد و هەشتا
و دوو ساڵ ژیا و کوڕ و کچی دیکەشی بوو. ٢٧ جا هەموو
ڕۆژانی ژیانی متوشالەخ نۆ سەد و شەست و نۆ ساڵ بوو،
ئیتر مرد. ٢٨ کاتێك لامەك تەمەنی سەد و هەشتا و دوو ساڵ
بوو، کوڕێکی بوو. ٢٩ ناوی لێنا نوح، وتی: ئەمە پشوومان
دەداتێ لە کار و ماندووبوونی دەستمان بەدەست ئەو زەویەی
خوداوەند نەفرەتی لێکردووە. ٣٠ دوای لەدایکبوونی نوح،
لامەك پێنج سەد و نەوەد و پێنج ساڵ ژیا و کوڕ و کچی
دیکەشی بوو. ٣١ جا هەموو ڕۆژانی ژیانی لامەك حەوت سەد
و حەفتا و حەوت ساڵ بوو، ئیتر مرد. ٣٢ دوای ئەوەی نوح
تەمەنی پێنج سەد ساڵ بوو، شێم و حام و یافەتی بوو.

# ٦

١ کاتێك مرۆڤ دەستیان کرد بە زۆر بوون لەسەر ڕووی
زەوی و کچانیان بۆ لە دایك بوو، ٢ ڕۆڵەکانی خودا[أ] بینییان
کچانی مرۆڤ جوانن. جا ژنیان بۆ خۆیان هێنا لە هەموو
ئەوانەی هەڵیان بژاردن. ٣ ئینجا خوداوەند فەرمووی: ڕۆحی
من تاسەر لەناو مرۆڤدا لە ململانێ نابێت، هەر بۆیە ڕۆژانی
ژیانی ئەو لەشە دەبێتە سەد و بیست ساڵ[ب]. ٤ لەو ڕۆژانەدا
لەسەر زەوی ستەمکارانی دێوئاسا هەبوون. هەروەها دوای
ئەوەش کاتێ ڕۆڵەکانی خودا چوونە لای کچانی مرۆڤ، ئەو
پاڵەوانانەیان بۆ لەدایك بوون کە لە کۆنەوە بەناوبانگن.

[أ] ٦ : ٢ مەبەست لە ڕۆڵەکانی خودا نەوەی شیتن، کچانی مرۆڤیش نەوەی
قاینن.
[ب] ٦ : ١ -٦ ئەنجامە خراپەکەی ژنهێنان لە نێوان ڕۆڵەکانی خودا لەگەڵ
کچانی مرۆڤ، پەنجە درێژ دەکات بۆ ململانێی نێوان خراپەو چاکەو ئەوە
بوو خودا بڕیاریدا تەمەنی ئەم ململانێیە کەم بکاتەوە بۆ سەدوبیست ساڵ
ئایەتی ٣ ، پاشان لە ئایەتەکانی ٥ و٦ دەردەکەوێت کە خودا پەشیمان
بووەتەوە لە دروست کردنی مرۆڤ.

٥ خوداوەند بینی کە خراپەکاری مرۆڤ لەسەر زەوی زۆر بووە، هەموو بیرو بۆچوونەکانی دڵیشی تەنها بە لای خراپەیە بە درێژایی ڕۆژ. ٦ خوداوەند پەشیمان بوو کە مرۆڤی لەسەر زەوی دروستکردووە و هەروەها دڵگرانیش بوو. ٧ ئینجا خوداوەند فەرمووی: ئەو مرۆڤەی دروستم کرد، لەسەر زەوی دەیسڕمەوە، مرۆڤ و ئاژەڵ و بوونەوەری خشۆك و باڵندەی ئاسمان، چونکە پەشیمانم لەوەی کە دروستم کردوون. ٨ بەڵام نوح لەبەرچاوی خوداوەند پەسەند بوو. ٩ ئەمانەش نەوەکانی نوحن: نوح پیاوێکی سەرڕاست و بێ کەم وکوڕی نێو خەڵکانی سەردەمی خۆی بوو. نوح دوای خودا کەوتبوو. ١٠ نوح سێ کوڕی بوو: شێم و حام و یافەت. ١١ زەویش لەبەردەم خودادا گەندەڵ بوو و پڕیش بوو لە زۆرداری. ١٢ خودا بینی زەوی چەند گەندەڵ بووە، چونکە هەموو مرۆڤێك ڕێگەی خۆی لەسەر زەوی گەندەڵ کردبوو. ١٣ ئینجا خودا بە نوحی فەرموو: کۆتایی هەموو ئادەمیزاد هاتووەتە بەردەمم. چونکە زەوی بەهۆی ئەوانەوە پڕبووە لە زۆرداری. ئەوەتا لەگەڵ زەویدا لەناویان دەبەم. ١٤ سندوقێك بۆ خۆت دروست بکە لە داری زەل، سندوقەکە بکە بە لانە و بە قیر دیوی ناوەوە و دەرەوەی سواخ بدە. ١٥ ئاواش دروستی دەکەیت: سێ سەد قۆڵ درێژی سندوقەکە بێت و پەنجا قۆڵ پانی بێت و سی قۆڵیش بەرزی بێت. ١٦ کونێکیش بۆ سندوقەکە دەکەیت و تا ئەندازەی قۆڵێك لەسەرەوە تەواوی دەکەیت. دەرگای سندوقەکەش لەتەنیشتەوە دادەنێیت. سندوقەکە دەکەیت بە سێ نهۆم، خوارەوە و ناوەڕاست و سەرەوە. ١٧ ئەوەتا من ئاوی لافاو بە سەر زەویدا دەهێنم بۆ لەناوبردنی هەموو لەشێك کە ڕۆحی زیندووی تێدایە لەژێر ئاسماندا. هەرچییەك لەسەر زەوییە لەناودەچێت. ١٨ بەڵام من پەیمانی خۆم لەگەڵ تۆ دەچەسپێنم. تۆ دەچیتە ناو سندوقەکەوە، خۆت و کوڕەکانت و ژنەکەت و بووکەکانیشت لەگەڵت. ١٩ لە هەموو بوونەوەرێکی زیندوو، نێرو مێ، جووتێك دەهێنیتە ناو سندوقەکەوە لەگەڵ خۆت بۆ هێشتنەوەیان بە زیندوویی. ٢٠ جووتێك لە هەموو جۆرێك لە جۆرەکانی باڵندە و لە جۆرەکانی ئاژەڵ و لە جۆرەکانی بوونەوەرە خشۆکەکانی زەوی دێنە لات بۆ هێشتنەوەیان بەزیندوویی. ٢١ تۆش بۆ خۆت هەر خۆراکێك کە دەبێت بخورێت بیبە و لای خۆت کۆی بکەوە هەتا بۆ خۆت و ئەوان ببێتە خواردەمەنی. ٢٢ جا نوح هەموو ئەوەی خودا فەرمانی پێدا، بەتەواوی ئەنجامی دا.

# ٧

١ ئینجا خوداوەند بە نوحی فەرموو: خۆت و هەموو خێزانەکەت، بڕۆنە ناو سندوقەکەوە، چونکە لەم نەوەیەدا تۆم بە ڕاستودروست بینیوە لەبەردەمم. ٢ لە هەموو جۆرێکی گیاندارە پاکەکان، لە نێر و مێ، حەوت جووت لەگەڵ خۆت دەبەیت، لەو گیاندارانەی پاك نین جووتێك دەبەیت، نێر و مێیەکەی. ٣ لە باڵندەکانی ئاسمانیش حەوت جووت، لە نێر و مێیان، بۆ هێشتنەوەی وەچەکانیان لەسەرتاسەری ڕووی زەوی. ٤ چونکە دوای حەوت ڕۆژی تر، چل ڕۆژ و چل شەو باران بەسەر زەویدا دەبارێنم. هەموو ئەو بوونەوەرە زیندووانە لەسەر ڕووی زەوی دەسڕمەوە کە دروستم کردوون. ٥ نوح هەموو شتێکی ئەنجامدا بەپێی ئەوەی خوداوەند فەرمانی پێدا. ٦ تەمەنی نوح شەش سەد ساڵ بوو کە ئاوی لافاو لەسەر زەوی هەستا. ٧ نوح خۆی و کوڕەکانی و ژنەکەی و بووکەکانی چوونە ناو سندوقەکەوە پێش ئەوەی ئاوی لافاوەکە بێت. ٨ لە ئاژەڵە پاکەکان و ئاژەڵە ناپاکەکان، لە باڵندەکان و هەموو ئەو بوونەوەرانەی بەزەویدا دەخشێن، ٩ جووت جووت لە نێر و مێ، هاتنە ناو کەشتییەکەوە بۆ لای نوح، هەروەك چۆن خودا فەرمانی بە نوح دابوو. ١٠ دوای حەوت ڕۆژەکە ئاوی لافاوەکە هاتە سەر زەوی. ١١ لە ساڵی شەش سەدەمینی ژیانی نوح، لە حەڤدەمین ڕۆژی مانگی دووەمدا، ئا لەو ڕۆژەدا هەموو سەرچاوەکانی قووڵایی مەزن تەقینەوە و دەروازەکانی ئاسمانیش کرانەوە. ١٢ بارانیش چل ڕۆژ و چل شەو بەسەر زەویدا باری. ١٣ هەر لەهەمان ڕۆژدا نوح و کوڕەکانی، شێم و حام و یافەت، پێکەوە لەگەڵ ژنەکەیدا و هەرسێ بووکەکەیدا، چوونە ناو سندوقەکەوە. ١٤ ئەوان و هەموو گیاندارەکان بەپێی جۆریان و هەموو ئاژەڵەکان بەپێی جۆریان و هەموو بوونەوەرە خشۆکەکانی بەسەر زەویدا دەخشێن بەپێی جۆریان و هەموو باڵدارەکان بەپێی جۆریان، هەموو باڵندەیەك لە هەموو جۆرێك. ١٥ جووت جووت لە هەموو بوونەوەرێك کە گیانی زیندووی تێدایە چوونە ناو سندوقەکە بۆ لای نوح. ١٦ ئەوانەی دەهاتنە ناوەوە لە نێر و مێی هەموو گیاندارێك بوون، وەك چۆن خودا بە نوح فەرمانی دابوو. ئینجا خوداوەند لە دوایەوە دایخست. ١٧ لافاوەکە چل ڕۆژ لەسەر زەوی بوو. ئاو زۆر بوو و سندوقەکەی هەڵگرت، ئیتر لە زەوی بەرزبووەوە. ١٨ ئاو زاڵ بوو و لەسەر زەوی گەلێك زۆر بوو، سندوقەکەش لەسەر ڕووی ئاوەکە دەڕۆیشت. ١٩ ئاو بەسەر زەویدا زۆر زاڵ بوو و هەموو شاخە بەرزەکانی ژێر هەموو ئاسمان داپۆشران. ٢٠ بە بەرزی پازدە قۆڵ ئاو بەسەر شاخەکاندا زاڵ بوو، شاخەکانیش داپۆشران. ٢١ ئیتر هەموو شتێکی زیندوو کە لەسەر زەوی دەجووڵا لەناوچوو، لە باڵندە و ئاژەڵ و گیاندار و هەموو ئەو پۆلە زیندەوەرانەی بە پۆل بەسەر زەویدا دەجووڵێنەوە و هەموو ئادەمیزادیش. ٢٢ هەر شتێك هەناسەی ڕۆحی ژیان لە لووتیدا بوو لەسەر وشکانی، مرد. ٢٣ خودا هەموو شتێکی زیندووی لەسەر ڕووی زەوی سڕییەوە، مرۆڤ و ئاژەڵ و بوونەوەرە خشۆکەکان و هەموو باڵندەکانی ئاسمانیش، لە زەوی سڕانەوە. تەنها نوح و ئەوانە مانەوە کە لە سندوقەکەدا لەگەڵیدا بوون. ٢٤ ئاویش سەد و پەنجا ڕۆژ بەسەر زەویدا زاڵ بوو.

# ٨

١ ئینجا خودا نوحی هاتەوە یاد لەگەڵ هەموو ئەو گیاندارانە و هەموو ئەو ئاژەڵانەی لە سندوقەکەدا لەگەڵیدابوون. ئیتر خودا بایەکی بەسەر زەویدا هەڵکرد و ئاو کەم بووەوە. ٢ سەرچاوەکانی قوڵایی و دەروازەکانی ئاسمان داخران. بارانیش لە ئاسمانەوە وەستا. ٣ ئاو بەرەبەرە لە زەوی بەرەو دواوە گەڕایەوە. دوای سەد و پەنجا ڕۆژ ئاو کەم بووەوە. ٤ لە حەڤدەی مانگی حەوتدا سندوقەکە لەسەر چیاکانی ئەرارات گیرسایەوە. ٥ ئاو تا دەهات کەمی دەکرد تا مانگی دەیەم. لە یەکەم ڕۆژی مانگی دەیەمدا لووتکەی شاخەکان دەرکەوتن. ٦ دوای چل ڕۆژ، نوح ئەو کونە بچووکەی کردەوە کە لە سندوقەکەدا کردبووی. ٧ ئینجا قەلەڕەشێکی نارد. ئەویش دەهات و دەچوو هەتا ئاو لە ڕووی زەوی وشك بووەوە. ٨ پاشان کۆترێکی نارد تا ببینێت ئایا ئاوەکە لە ڕووی زەوی کەمی کردووە. ٩ بەڵام کۆترەکە شوێن پێیەکی بۆ خۆی نەدۆزیەوە، چونکە ئاو لەسەر هەموو ڕووی زەوی بوو، ئیتر گەڕایەوە لای نوح بۆ سندوقەکە. ئەویش دەستی بۆ ڕاگرت و گرتی و بردیەوە لای خۆی بۆ ناو سندوقەکە. ١٠ حەوت ڕۆژی تر ئۆقرەی گرت و دیسان کۆترەکەی لە سندوقەکەوە ڕەوانەکرد. ١١ کۆترەکە ئێوارە گەڕایەوە بۆ لای، ئەمجارەیان

گەڵایەکی تەڕوتازەی زەیتوونی بە دەنووکەوە بوو. نوح زانی
کە ئاو لە ڕووی زەوی کەمی کردووە. ١٢ حەوت ڕۆژی تر
چاوەڕێی کرد و جارێکی دیکە کۆترەکەی ناردەوە، بەڵام ئەم
جارەیان کۆترەکە نەگەڕایەوە لای. ١٣ لە یەکی مانگی یەکەمی
شەش سەد و یەکەمین ساڵی نوحدا بوو، کە ئاو لە زەوی وشك
بووەوە. نوح پۆشاکی سەر سندوقەکەی لابرد و بینی ئەوەتا
ڕووی زەوی وشك بووەتەوە. ١٤ جا لە بیست و حەوتی مانگی
دووەمدا زەوی بەتەواوی وشك بووەوە. ١٥ ئینجا خودا بە
نوحی فەرموو: ١٦ لە سندوقەکە وەرە دەرەوە، خۆت و
ژنەکەت و کوڕەکانت و بووکەکانت. ١٧ هەموو ئەو
گیاندارانەی لەگەڵتن، لە باڵندە و ئاژەڵ و هەموو ئەو
بوونەوەرە خشۆکانەی بە زەویدا دەخشێن. لەگەڵ خۆت
بیانهێنە دەرەوە، با زەوی پڕ بکەنەوە و بەرداربن و زۆربن
لەسەر زەوی. ١٨ جا نوح خۆی و کوڕەکانی و ژنەکەی و
بووکەکانی لەگەڵیدا هاتنە دەرەوە. ١٩ هەموو گیاندارەکانیش
بەهەموو بوونەوەرە خشۆکەکان و هەموو باڵندەکان و هەموو
ئەوانەی بەزەویدا دەبزوێن بەپێی جۆرەکانیان لە سندوقەکە
هاتنەدەرەوە. ٢٠ نوح قوربانگایەکی بۆ خوداوەند دروستکرد و
لە هەموو گیاندارە پاکەکان و لە هەموو باڵندە پاکەکانی هێنا و
لەسەر قوربانگاکە کردیانی بە قوربانی سووتاندن. ٢١ جا
خوداوەند بە بۆنەکە ڕەزامەندبوو و لەدڵی خۆیدا فەرمووی:
جارێکی تر بەهۆی مرۆڤەوە نەفرەت لە زەوی ناکەم، چونکە
مرۆڤ هەر لەمنداڵییەوە دڵی مەیلی خراپەکاری هەیە.
جارێکی تر نایەم هەرچی بوونەوەری زیندوو هەیە لەناوی
ببەم، وەك چۆن کردم. ٢٢ هەتا زەوی بمێنێت، چاندن و
دروێنە، ساردی و گەرمی، هاوین و زستان، ڕۆژ و شەو،
هەرگیز وەستانی نابێت.

## ٩

١ خودا نوح و کوڕەکانی پیرۆزکرد و پێی فەرموون:
بەرداربن و زۆربن و زەوی پڕ بکەن. ٢ با ترس و سامی ئێوە
بەسەر هەموو گیانەوەرانی زەوی و هەموو باڵندەکانی ئاسمان
و بەسەر هەموو بوونەوەرێکدا بێت کە بەزەویدا دەخشێت،
بەسەر هەموو ماسییەکانی دەریاشدا، ئەوان خراونەتە
بەردەستی ئێوە. ٣ هەموو ئەوانەی گیاندارن و دەبزوێن دەبنە
خۆراك بۆتان، هەروەك چۆن ڕووەکی سەوز، هەموو شتێکم
پێ داون. ٤ بەڵام نابێت گۆشتێك بخۆن کە هێشتا خوێنی
زیندووی تێدابێت. ٥ خوێنی ئێوەش داوا دەکەم، لە دەستی
هەموو گیاندارێك داوای دەکەم و لە دەستی مرۆڤیش، لە
دەستی برای مرۆڤ گیانی مرۆڤ داوا دەکەم. ٦ هەر کەسێك
خوێنی مرۆڤ بڕێژێت، بە دەستی مرۆڤ خوێنی دەڕژێتەوە،
چونکە خودا لەسەر شێوەی خۆی مرۆڤی دروستکردووە.
٧ ئێوەش بەرداربن و زۆربن، زەوی پڕ بکەن و زۆربن تیایدا.
٨ خودا بە نوح و بە کوڕەکانی کە لەگەڵیدا بوون فەرمووی:
٩ ئەوەتا پەیمانی خۆم لەگەڵ ئێوە و نەوەی دوای ئێوەدا
دەچەسپێنم. ١٠ لەگەڵ هەموو ئەو گیاندارانەی کە لەگەڵ
ئێوەدان، باڵندەکان و ئاژەڵەکان و هەموو ئەو گیاندارانەی
لەگەڵتاندان و لە سندوقەکە هاتوونەتە دەرەوە. هەرچی
گیانداری سەر زەویش هەیە. ١١ من پەیمانی خۆمتان لەگەڵ
دەچەسپێنم، هەرگیز جارێکی تر، هەرچی لەش هەیە بە ئاوی
لافاو لەناوناچێت. هەرگیز جارێکی تر لافاوی وا نابێت زەوی
وێران بکات. ١٢ ئینجا خودا فەرمووی: ئەمەیە نیشانەی ئەو
پەیمانەی لەنێوان خۆم و ئێوە و گشت ئەو گیاندارانەی
لەگەڵتاندان دەیبەستم، پەیمانێکە بۆ گشت نەوەکانی داهاتوو.
١٣ وا پەلکەزێڕینەی خۆم لەهەورەکاندا داناوە، ئەوەش دەبێتە
نیشانەی پەیمانەکەی نێوان من و زەوی. ١٤ جا هەر کاتێك
هەورم بە سەر زەویدا هێنا و پەلکەزێڕینە لە هەورەکاندا
دەرکەوت، ١٥ پەیمانەکەم کە لەنێوان خۆم و ئێوە و هەموو
گیانێکی زیندوو کە لە هەموو لەشێکدایە دێتەوە یاد و هەرگیز
جارێکی تر ئاو لافاوێکی وا دروست ناکات کە هەموو لەشێك
لەناوبەرێت. ١٦ جا هەر کاتێك پەلکەزێڕینە لە هەورەکاندا
بێت، دەیبینم و پەیمانێکی هەتاهەتای کە لە نێوان خودا و
هەموو گیانێکی زیندووە لە هەموو لەشێك کە لەسەر زەویدایە،
دێتەوە یادم. ١٧ ئینجا خودا بە نوحی فەرموو: ئەمە نیشانەی
ئەو پەیمانەیە کە چەسپاندوومە لەنێوان خۆم و هەموو لەشێك
کە لەسەر زەویدایە. ١٨ جا کوڕانی نوح کە لە سندوقەکە
هاتنەدەرەوە، شێم و خام و یافەت بوون. خام باوکی کەنعان
بوو. ١٩ ئەمانە سێ کوڕەکەی نوح بوون، لەمانەوە هەموو
زەوی بڵاوبووەوە. ٢٠ نوح دەستی پێکرد ببێت بە جووتیار و
ڕەزێکی چاند. ٢١ ئینجا کە لە مەیەکەی خواردەوە، مەست بوو
و لەناو چادرەکەیدا بە ڕووتی ڕاکشا. ٢٢ خامی باوکی کەنعان،
ڕووتی باوکی بینی و لە دەرەوە بە هەردوو براکەی ڕاگەیاند.
٢٣ ئینجا شێم و یافەت پۆشاکێکیان هێنا و خستیانە سەر
شانیان، ئینجا پشتاوپشت چوون و ڕووتیەکەی باوکیان
داپۆشی، ڕووشیان بەرەو دواوە بوو، ئیتر ڕووتیەکەی
باوکیان نەدی. ٢٤ کاتێك نوح بەئاگابووەوە لە سەرخۆشییەکەی،
زانی کوڕە بچووکەکەی چی پێکردووە. ٢٥ ئینجا وتی: نەفرەت
لێکراوبێت کەنعان! دەبێتە کۆیلەی کۆیلەکان، بۆ براکانی.
٢٦ هەروەها وتی: پیرۆزە خوداوەند، خودای شێم. با کەنعان
ببێت بە کۆیلەی ئەو. ٢٧ با خودا بۆ یافەت بکاتەوە و لە
چادرەکانی شێم جێنشین بێت. با کەنعان ببێت بە کۆیلەی ئەو.
٢٨ دوای لافاوەکە نوح سێ سەد و پەنجا ساڵ ژیا. ٢٩ جا
هەموو ڕۆژانی ژیانی نوح نۆ سەد و پەنجا ساڵ بوو، ئیتر
مرد.

## ١٠

١ ئەمانەش نەوەکانی نوحن. شێم و خام و یافەت کە دوای
لافاوەکە ئەوانیش کوڕانیان بوو. ٢ کوڕانی یافەت، گۆمەر و
ماگۆگ و مادەی و یاڤان و توباڵ و مەشەك و تیراس.
٣ کوڕانی گۆمەر، ئەشکەنەز و ریفەت و تۆگەرما. ٤ کوڕانی
یاڤان، ئەلیشا و تەرشیش و کتیم و دۆدانیم. ٥ لەمانەوە
نەتەوەکانی کەنار ئاوەکان بڵاوبوونەوە بۆ خاکەکانیان، هەر
یەکەیان بەپێی زمانی خۆی و هۆز و نەتەوەی خۆی.
٦ کوڕانی خامیش، کووش و میسرایم و فوت و کەنعان.
٧ کوڕانی کووشیش، سبا و خەڤیلا و سەبتا و ڕەعما و سەبتکا.
کوڕانی ڕەعماش، شبا و دیدان. ٨ کووش نەمرودی بوو، ئەو
دەستی پێکرد لەسەر زەوی ببێتە پاڵەوان. ٩ ئەو بوو بە
پاڵەوانی ڕاو لە بەردەم خوداوەند. لەبەر ئەمەیە دەووترێت:
وەك نەمرودی پاڵەوانی ڕاو لە بەردەم خوداوەند. ١٠ سەرەتای
پاشایەتییەکەی بابل و ئەرەك و ئەکەد و کەلنێ بوو لە خاکی
شینعاردا. ١١ لەو خاکەوە ڕۆیشتە ئاشوور، جا نەینەوا و
رخۆبۆت عیر و کالەخی بنیادنا، ١٢ هەروەها ڕەسەن کە
دەکەوێتە نێوان نەینەوا و کالەخەوە، کە شارە گەورەکەیە.
١٣ میسرایمیش لوودییەکان و عەنامییەکان و لەهابییەکان و
نەفتوخییەکانی بوو، ١٤ هەروەها فەتروسییەکان و
کەسلوخییەکانیش، کە لەمانیشەوە فەلەستییەکان و
کەفتورییەکان کەوتنەوە. ١٥ کەنعانیش سیدۆنی بوو، کە
نۆبەرەکەی بوو لەگەڵ خیت، ١٦ هەروەها یەبوسییەکان و

ئەمۆرییەکان و گرگاشییەکان و ١٧ خیڤییەکان و عەرقییەکان و
سینییەکان و ١٨ ئەرڤادییەکان و چیمارییەکان و
خەماتییەکانیشی بوو. دوای ئەوە هۆزەکانی کەنعانییەکان
بڵاوبوونەوە. ١٩ سنووری کەنعانییەکان لە سیدۆنەوە بوو تا
دەهاتیە گرار تا غەززا، تا دەهاتیە سەدوم و عەمۆرا و ئەدما
و چبۆییم، هەتا لاشەع. ٢٠ ئەمانەن نەوەی خام بەپێی هۆزیان
و زمانیان، لە خاکیان و نەتەوەکانیاندا. ٢١ هەروەها شێم کە
باوکی هەموو ڕۆڵەکانی عێبەرە و برا گەورەی یافەتە،
کوڕانی بۆ بوو. ٢٢ کوڕانی شێم، عیلام و ئاشوور و
ئەرفەکشەد و لوود و ئارام بوون. ٢٣ کوڕانی ئارام، عوچ و
خول و گەتەر و مەش. ٢٤ ئەرفەکشەدیش شەلەخی بوو،
شەلەخیش عێبەری بوو. ٢٥ عێبەریش دوو کوڕی بوو،
یەکێکیان ناوی پەلەگ بوو، چونکە لە ڕۆژانی ئەودا زەوی
دابەشکرا. براکەشی ناوی یەقتان بوو. ٢٦ یەقتان، ئەلموداد و
شالەف و خەچرماڤەت و یارەخ و ٢٧ هەدۆرام و ئووزال و
دیقلە و ٢٨ عۆبال و ئەبیمایێل و شبا و ٢٩ ئۆفیر و خەڤیلا و
یۆبابی بوو. هەموو ئەمانە کوڕانی یەقتان بوون.
٣٠ جێنشینەکانیان لە مێشاوە تا دەهاتیە سفاری چیای
ڕۆژهەڵات. ٣١ ئەمانەن نەوەی شێم بە پێی هۆزیان و زمانیان،
لە خاکیان و بە پێی نەتەوەکانیان. ٣٢ ئەمانەن هۆزەکانی
نەوەی نوح بە پێی نەوەکانیان لەنێو نەتەوەکانیاندا. لەمانیشەوە
نەتەوەکان بەسەر زەویدا بڵاوبوونەوە لە دوای لافاوەکە.

## ١١

١ جا هەموو جیهان یەك زمان و وشەکانیان یەك بوو. ٢ ئینجا
کاتێ لە ڕۆژهەڵات کۆچیان کرد، دەشتاییەکیان لە خاکی
شینعاردا دۆزیەوە و لەوێدا نیشتەجێبوون. ٣ ئینجا بە یەکتریان
وت: وەرن، با خشت دروست بکەین و تەواو سووری
بکەنیەوە. ئیتر لەجیاتی بەرد خشتیان بەکارهێنا، قیریش
لەجیاتی قوڕ. ٤ هەروەها وتیان: وەرن، با شارێك بۆ خۆمان
بنیادبنێین لەگەڵ تاوەرێك کە سەری لە ئاسمان بدات. ناوێکیش
بۆ خۆمان دروست دەکەین، هەتا بە سەر هەموو ڕووی
زەویدا پەرت نەبین. ٥ ئینجا خوداوەند هاتە خوارەوە بۆ بینینی
شارەکە و تاوەرەکە، کە ئادەمیزاد بنیادی دەنان. ٦ خوداوەند
فەرمووی: ئەوەتا یەك گەل هەیە و یەك زمان هەیە بۆ
هەموویان، ئەمەش سەرەتای دەست بەکار کردنیانە. ئێستاش
هیچ شتێك مەحاڵ نابێت لایان لەوەی مەبەستیانە بیکەن.
٧ وەرن با بچینە خوارەوە و لەوێ زمانیان بشێوێنین، هەتا
کەسیان لە زمانی ئەوی دیکەیان نەگات. ٨ ئینجا خوداوەند
لەوێوە پەرتی کردن بەسەر هەموو زەویدا. ئیتر وازیان لە
بنیادنانی شارەکە هێنا. ٩ لەبەر ئەمە ناونراوە بابل، چونکە
لەوێدا خوداوەند زمانی هەموو زەوی شێواند. هەر لەوێشەوە
خوداوەند پەرتی کردن بەسەر هەموو ڕووی زەویدا.
١٠ ئەمانەش نەوەکانی شێمن. دوو ساڵ دوای لافاوەکە، کاتێك
شێم تەمەنی سەد ساڵ بوو، ئەرفەکشەدی بوو. ١١ دوای
لەدایکبوونی ئەرفەکشەد، شێم پێنج سەد ساڵ ژیا و کوڕ و
کچی دیکەشی بوو. ١٢ ئەرفەکشەد لە تەمەنی سی و پێنج
ساڵیدا شالەخی بوو. ١٣ دوای لەدایکبوونی شالەخ، ئەرفەکشەد
چوار سەد و سێ ساڵ ژیا و کوڕ و کچی دیکەشی بوو.
١٤ شالەخ لە تەمەنی سی ساڵیدا عێبەری بوو. ١٥ دوای
لەدایکبوونی عێبەر، شالەخ چوار سەد و سێ ساڵ ژیا و کوڕ
و کچی دیکەشی بوو. ١٦ عێبەر لە تەمەنی سی و چوار ساڵیدا
پەلەگی بوو. ١٧ دوای لەدایکبوونی پەلەگ، عێبەر چوار سەد
و سی ساڵ ژیا و کوڕ و کچی دیکەشی بوو. ١٨ پەلەگ لە
تەمەنی سی ساڵیدا رعووی بوو. ١٩ دوای لەدایکبوونی رعوو،
پەلەگ دوو سەد و نۆ ساڵ ژیا و کوڕ و کچی دیکەشی بوو.
٢٠ رعوو لە تەمەنی سی و دوو ساڵیدا سرووگی بوو. ٢١ دوای
لەدایکبوونی سرووگ، رعوو دوو سەد و حەوت ساڵ ژیا و
کوڕ و کچی دیکەشی بوو. ٢٢ سرووگ لە تەمەنی سی ساڵیدا
ناخۆری بوو. ٢٣ دوای لەدایکبوونی ناخۆر، سرووگ دوو
سەد ساڵ ژیا و کوڕ و کچی دیکەشی بوو. ٢٤ ناخۆر لە
تەمەنی بیست و نۆ ساڵیدا تەرەخی بوو. ٢٥ دوای لەدایکبوونی
تەرەخ، ناخۆر سەد و نۆزدە ساڵ ژیا و کوڕ و کچی دیکەشی
بوو. ٢٦ تەرەخ لە تەمەنی حەفتا ساڵیدا ئەبرام و ناخۆر و
هارانی بوو. ٢٧ ئەمانەش نەوەکانی تەرەخن، تەرەخ ئەبرام و
ناخۆر و هارانی بوو. هارانیش لۆتی بوو. ٢٨ هاران پێش
تەرەخی باوکی لە ئووری کلدانییەکان مرد، لەو خاکەی تێیدا
لەدایك بووبوو. ٢٩ ئەبرام و ناخۆر هەردووکیان ژنیان هێنا.
ژنەکەی ئەبرام ناوی سارای بوو، ژنەکەی ناخۆریش ناوی
میلکە بوو، ئەمیان کچی هارانی باوکی میلکە و یسکە بوو.
٣٠ سارای نەزۆك بوو و منداڵی نەبوو. ٣١ تەرەخ ئەبرامی
کوڕی و لۆتی کوڕەزای، کە کوڕی هاران بوو، لەگەڵ
سارایی بووکی، کە ژنی ئەبرامی کوڕی بوو، پێکەوە برد.
هەموو پێکەوە لە ئووری کلدانییەکانەوە دەرچوون تا بڕۆن بۆ
خاکی کەنعان، جا هاتنە خاران و لەوێ نیشتەجێبوون.
٣٢ ئینجا تەرەخ لەتەمەنی دوو سەد و پێنج ساڵیدا لە خاران
مرد.

## ١٢

١ خوداوەند بە ئەبرامی فەرموو: لە خاکەکەت و لە
کەسوکارەکەت و لە ماڵی باوکتەوە بڕۆ بۆ ئەو خاکەی پیشانت
دەدەم. ٢ جا دەتکەم بە نەتەوەیەکی مەزن و پیرۆزت دەکەم و
ناوت مەزن دەکەم و دەبیت بە بەرەکەت. ٣ پیرۆزکەرانت
پیرۆز دەکەم و نەفرەتیش لە نەفرەتکەرانت دەکەم. هەموو
هۆزەکانی سەر زەویش بە تۆوە پیرۆز دەکرێن. ٤ ئیتر ئەبرام
ڕۆیشت هەروەك خوداوەند پێی فەرموو، لۆتیش لەگەڵیدا
ڕۆیشت. ئەبرام لە تەمەنی حەفتا و پێنج ساڵیدا بوو کە لە
خاران دەرچوو. ٥ ئەبرام سارایی ژنی و لۆتی کوڕەزای و
هەموو ئەو دەستکەوتانەی دەستیان کەوتبوو، لەگەڵ ئەو
کەسانەی لە خاران بەدەستیان هێنابوو، لەگەڵ خۆیدا بردنی،
جا دەرچوون و ڕۆیشتن بۆ زەوی کەنعان. ئیتر هاتنە زەوی
کەنعان. ٦ ئەبرام بە زەوییەکەدا تێپەڕی تا شوێنی شکەم تا
داربەڕووەکەی مۆرە. ئەو کاتە کەنعانییەکان لە زەوییەکەدا
بوون. ٧ جا خوداوەند بۆ ئەبرام دەرکەوت و فەرمووی: ئەم
زەوییە دەدەم بە نەوەی تۆ. ئەویش لەوێدا قوربانگایەکی بۆ
خوداوەند، کە بۆی دەرکەوتبوو، دروستکرد. ٨ لەوێشەوە
گواستیەوە بۆ چیاکەی ڕۆژهەڵاتی بێیت ئێل و چادرەکەی
خۆی هەڵدا. بێیت ئێل کەوتبووە خۆرئاوایەوە و عای لە
ڕۆژهەڵاتیەوە بوو. لەوێدا قوربانگایەکی بۆ خوداوەند
دروستکرد و بەناوی خوداوەندەوە بانگی کرد. ٩ پاشان ئەبرام
کۆچی کرد و بەردەوام بوو لە کۆچ کردن ڕووەو باشوور.
١٠ لەو کاتەدا برسێتی لە زەوییەکەدا هەبوو، جا ئەبرام بەرەو
خوار بووەوە بۆ میسر تا لەوێدا ئاوارە بێت، چونکە
برسێتییەکە زۆر سەخت بوو. ١١ کاتێکیش نزیکی ئەوە بوو
بچێتە ناو میسرەوە، بە سارایی ژنی وت: بە ڕاستی من
دەزانم کە تۆ ژنێکی ڕوخسار جوانیت. ١٢ جا کاتێ
میسرییەکان دەتبینن، دەڵێن: ئەمە ژنەکەیەتی. ئەوسا من
دەکوژن و تۆ دەهێڵنەوە. ١٣ تکایە بڵێ کە تۆ خوشکی منیت. بۆ

ئەوەی بە هۆی تووە بە چاکی ڕەفتارم لەگەڵ بکەن، لەبەر
تۆش گیانم بە زیندوویی دەمێنێتەوە. ١٤ کاتێک ئەبرام هات بۆ
میسر، میسرییەکان بینیان کە ژنەکە زۆر جوانە. ١٥ کە
سەرانی فیرعەون بینیان، لای فیرعەون ستایشیان کرد، ئیتر
ژنەیان برد بۆ ماڵی فیرعەون. ١٦ ئەویش بە باشی ڕەفتاری
لەگەڵ ئەبرامدا کرد بە هۆی ژنەکەوە. ئیتر بوو بە خاوەنی
مەڕ و مانگا و نێرەکەر و خزمەتکار و کارەکەر و ماکەر و
وشتر. ١٧ بەڵام خوداوەند لێدانی گەورەی لە فیرعەون و
ماڵەکەی دا، بە هۆی سارایی ژنی ئەبرامەوە. ١٨ ئیتر
فیرعەون ناردی بە دوای ئەبرامدا و وتی: ئەمە چییە تۆ بە
منت کرد؟ بۆچی پێت ڕانەگەیاندم کە ئەو ژنی تۆیە؟ ١٩ بۆچی
وتت ئەو خوشکمە، تاکو بردم بۆ ئەوەی ببێتە هاوسەرم؟
ئێستاش ئەوەتا ژنەکەت. ببە و بڕۆ! ٢٠ ئینجا فیرعەون
هەندێ پیاوی ڕاسپارد دەربارەی. ئەوانیش بەڕێیان کرد
لەگەڵ ژنەکەی و هەرچییەکی هەبوو.

# ١٣

١ ئیتر ئەبرام خۆی و ژنەکەی و هەرچییەکی هەبوو، لەگەڵ
لۆتدا لە میسرەوە بەرەو ژووور بوونەوە بۆ نەگەب. ٢ ئەبرام
زۆر دەوڵەمەند بوو لە مەڕوماڵات و لە زیو و لە زێڕ. ٣ قۆناغ
بە قۆناغ کۆچی کرد لە نەگەبەوە هەتا بێیت ئێل، هەتا ئەو
شوێنەی یەکەمجار چادرەکەی لێبوو لە نێوان بێت ئێل و
عای. ٤ بۆ شوێنی قوربانگاکەی کە یەکەمجار دروستی کرد و
لەوێدا ئەبرام ناوی خوداوەندی هێنا. ٥ هەروەها لۆتیش کە
لەگەڵ ئەبرامدا دەڕۆیی، مەڕ و مانگا و چادری هەبوو. ٦ جا
زەوییەکە هەردووکیانی هەڵنەگرت تا پێکەوە نیشتەجێ بن،
لەبەر ئەوەی دەستکەوتیان ئەوەندە زۆر بوو کە ئیتر نەیانتوانی
پێکەوە نیشتەجێ بن. ٧ ناکۆکی لە نێوان شوانەکانی
مەڕوماڵاتی ئەبرام و شوانەکانی مەڕوماڵاتی لۆتدا ڕوویدا.
لەو کاتەشدا کەنعانییەکان و پریزییەکان نیشتەجێی زەویەکە
بوون. ٨ ئینجا ئەبرام بە لۆتی وت: با هیچ ناکۆکییەک لە نێوان
من و تۆدا و لەنێوان شوانەکانم و شوانەکانتدا نەبێت، چونکە
ئێمە مام و برازاین.[a] ٩ ئەوە نییە هەموو زەوی لەبەردەمتدایە؟
تکایە لە من جیاببەوە. ئەگەر بەلای چەپدا بیت، من بەلای
ڕاست و ئەگەر بەلای ڕاستدا بیت، من بەلای چەپ. ١٠ لۆت
چاوی هەڵبڕی و بینی هەموو دەوروبەری ئوردون ئاودارە.
وەک بەهەشتی خوداوەندە، وەک زەوی میسر کە بەرەو
چۆعەر دێیت. پێش ئەوەی خوداوەند سەدوم و عەمۆرا وێران
بکات. ١١ لۆت هەموو دەوروبەری ئوردونی بۆ خۆی
هەڵبژارد و بەرەو ڕۆژهەڵات کۆچی کرد. ئیتر هەردووکیان
لە یەکتری جیابوونەوە. ١٢ ئەبرام لە زەوی کەنعاندا نیشتەجێ
بوو، لۆتیش لە شارەکانی دەوروبەرەکەدا نیشتەجێ بوو و
بەرەو سەدوم چادرەکانی هەڵدەدا. ١٣ خەڵکی سەدوم لە
ڕادەبەدەر بەدکار و گوناهبار بوون دژ بە خوداوەند. ١٤ دوای
جیابوونەوەی لۆت لە ئەبرام، خوداوەند بە ئەبرامی فەرموو:
چاوت هەڵبڕە و لەو شوێنەی کە لێیت سەیری باکوور و
باشوور و ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا بکە. ١٥ چونکە هەموو ئەو
زەوییەی دەیبینیت دەیدەم بە تۆ و بە نەوەی تۆ تا هەتایە.
١٦ نەوەشت وەک خۆڵی زەوی لێدەکەم، هەتا ئەگەر یەکێک
توانی خۆڵی زەوی بژمێرێت، ئەوا نەوەی تۆش دەژمێردرێت.
١٧ هەستە بە درێژی و پانی زەوییەکەدا هاتووچۆ بکە، چونکە
بە تۆی دەدەم. ١٨ ئیتر ئەبرام چادرەکانی گواستەوە و هات و
لەلای داربەڕوەکانی مەمرێ لە حەبرۆن نیشتەجێ بوو و
لەوێدا قوربانگایەکی بۆ خوداوەند دروستکرد.

# ١٤

١ وا ڕوویدا کە لە ڕۆژانی ئەمرافەلی پاشای شینعار و
ئەریۆکی پاشای ئەلاسار و کدارلاعۆمەری پاشای عیلام و
تدعالی پاشای گۆیمدا. ٢ ئەمانە جەنگیان بەرپاکرد لەگەڵ
بەرەعی پاشای سەدوم و برشەعی پاشای عەمۆرا و شینئابی
پاشای ئەدما و شەمئێبەری پاشای چبیۆیم، لەگەڵ پاشای
بەلەعدا کە شاری چۆعەرە. ٣ هەموو ئەمانە هێزەکانیان
یەکخست لە دۆڵی سیدیمدا کە ئەویش دەریای خوێیە. ٤ بۆ
ماوەی دوانزە ساڵ ژێردەستەی کدارلاعۆمەر بوون، بەڵام لە
ساڵی سیانزەمیندا لێی یاخیبوون. ٥ لە ساڵی چواردەمیندا،
کدارلاعۆمەر هات بە خۆی و پاشاکان کە لەگەڵیدا بوون و لە
ڕفائییەکانیان دا لە عەشتروت قەرنەیم، هەروەها لە
زوزییەکان لە هام و لە ئێمییەکانیش لە شاڤێ قیریاتایم.
٦ هەروەها لە خۆرییەکان لە چیاکەیان کە سێعیرە، هەتا ئێل
پاران ئەوەی لە قەراغ بیابانە. ٧ ئینجا گەڕانەوە و هاتن بۆ
عێین میشپات کە قادیشە و هەموو وڵاتی عەمالێقەکانیان دا،
هەروەها لە ئەمۆرییەکانیش کە نیشتەجێی حەچچۆن تامار
بوون. ٨ جا پاشای سەدوم و پاشای عەمۆرا و پاشای ئەدما و
پاشای چبیۆیم و پاشای بەلەع کە شاری چۆعەرە، هاتنە دەرێ
و لە دۆڵی سیدیمدا بۆ جەنگ لەگەڵیان ڕیزیان بەست. ٩ لەگەڵ
کدارلاعۆمەری پاشای عیلام و تیدعالی پاشای گۆیم و
ئەمرافەلی پاشای شینعار و ئەریۆکی پاشای ئەلاساردا.
چوار پاشا بەرامبەر بە پێنج. ١٠ دۆڵی سیدیمیش پڕ بوو لە
چاڵە قیر. هەردوو پاشای سەدوم و عەمۆرا هەڵهاتن و لەوێ
کەوتن. ئەوانی تریش هەڵهاتن بۆ چیا. ١١ ئیتر هەموو
شتومەکەکانی سەدوم و عەمۆرا و هەموو خۆراکەکانیان
بردن و ڕۆیشتن. ١٢ هەروەها لۆتی برازای ئەبرام کە لە
سەدوم نیشتەجێ بوو و لەگەڵ هەموو شتومەکەکەیان برد.
١٣ یەکێک لە دەربازبووان هات و بە ئەبرامی عیبرانی
ڕاگەیاند. ئەوکاتە لەلای داربەڕوەکانی مەمرێی ئەمۆری،
براکەی ئەشکۆل و عانێر، نیشتەجێ بوو. ئەمانیش خاوەن
پەیمان بوون لەگەڵ ئەبرام. ١٤ کاتێک ئەبرام بیستی کە
برازاکەی ڕاپێچکراوە، بانگەوازی دەرکرد بۆ خزمەتکارە
مەشق پێکراوەکانی کە لە کوڕانی ماڵەکەی بوون و سێ سەد
و هەژدە کەس بوون، ئیتر تا دان دوایان کەوت. ١٥ کە شەویش
داهات خۆی و پیاوەکانی بەسەریاندا دابەش بوون، جا
بەزاندنی و دوایان کەوت تا خۆبا، کە لە باکووری دیمەشقە.
١٦ جا هەموو شتومەکەکان و هەروەها لۆتی برای و
شتومەکەکانی و ژنەکان و خەڵکەکەی هێنایەوە. ١٧ دوای
گەڕانەوەی ئەبرام لە بەزاندنی کدارلاعۆمەر و پاشاکانی
دیکەی لەگەڵیدا بوون، پاشای سەدوم هاتەدەرەوە بۆ
پێشوازیکردنی لە دۆڵی شاڤێ کە دۆڵی پاشایە. ١٨ مەلکی
سادقیش پاشای شالێم نان و مەیی دەرهێنا. ئەو کاهینی خودای
هەرەبەرز بوو. ١٩ پیرۆزی کرد و وتی: با خودای هەرەبەرز،
خاوەنی ئاسمان و زەوی، ئەبرام پیرۆز بکات. ٢٠ با خودای

[a] ١٣ : ٨ لە ئەسڵدا وشەی ئەخیمە کە بە عیبری مانای برا، هەروەها خزمیش
دەدات، ئێمەش بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە پەیوەندی خزمایەتییەکەمان نووسیوە.
بڕوانە ١١ : ٣١ .

هەرەبەرز پیرۆز بێت کە دوژمنانتی دایەدەستت. ئەبرامیش
دەیەکی هەموو شتێکی پێیدا. ٢١ ئینجا پاشای سەدۆم بە
ئەبرامی وت: خەڵکەکە بدە بە من و شتومەکەکانیش بەرە بۆ
خۆت. ٢٢ ئەبرامیش بە پاشای سەدۆمی وت: دەستم بەرز
کردۆتەوە بۆ خوداوەند، خودای هەرەبەرز، خاوەنی ئاسمان
و زەوی. ٢٣ کە ئەگەر تاڵە دەزوویەك یان قەیتانی کەوشێك
یان شتێك لە هەموو شتەکانی تۆ ببەم، بۆ ئەوەی هەرگیز
نەڵێیت: من ئەبرامم دەوڵەمەند کرد. ٢٤ تەنها ئەوە نەبێ کە
کوڕگەل خواردوویانە. بەشەکەی ئەو پیاوانەش کە لەگەڵم
ڕۆیشتن، عانێر و ئەشکۆل و مەمرێ، ئەوان بەشی خۆیان
وەردەگرن.

# ١٥

١ دوای ئەم شتانە، لە بینیندا وشەی خوداوەند بۆ ئەبرام هات،
فەرمووی: مەترسە ئەی ئەبرام، من سپەرم بۆت، پاداشتت
زۆر گەورەیە. ٢ ئەبرامیش وتی: ئەی خوداوەندم خوداوەند،
چیم دەدەیتێ کە من هەروا نەزۆك بم و میراتگری ماڵم
ئەلیعازەری دیمەشقییە. ٣ هەروەها ئەبرام وتی: ئەوەتا هیچ
وەچەیەکت نەداومەتێ، ئەوەتا ئەوەی لە ماڵەکەم لەدایك بووە
دەبێتە میراتگرم. ٤ لەو کاتەدا وشەی خوداوەندی بۆ هات،
فەرمووی: ئەمە میراتگرت نابێت، بەڵکو ئەوەی لە هەناوتەوە
دێتەدەرەوە ئەو دەبێتە میراتگرت. ٥ ئینجا بردییە دەرەوە و
فەرمووی: سەیری ئاسمان بکەو ئەستێرەکان بژمێرە، گەر
دەتوانیت بیانژمێریت؟ هەروەها پێی فەرموو: وەچەی تۆش
ئاوا دەبێت. ٦ جا باوەڕی بە خوداوەند هێنا، ئەویش ئەمەی بە
ڕاستودروستی بۆی دانا. ٧ ئینجا پێی فەرموو: من خوداوەندم،
ئەوەی لە ئووری کلدانییەکانەوە تۆی هێنایە دەرەوە، تا ئەم
زەوییەت بە میرات پێببەخشێت. ٨ ئەویش وتی: ئەی
خوداوەندم خوداوەند، بەچی بزانم کە من دەبمە میراتگری؟
٩ ئەویش پێی فەرموو: گوێرەکەیەکی مێی سێ ساڵە و بزنێکی
سێ ساڵە و بەرانێکی سێ ساڵە و قومرییەك و کۆترێکم بۆ
بهێنە. ١٠ ئەمانەی هەموو بۆ هێنا و لە ناوەڕاستەوە لەتی
کردن، لەتی هەریەکەشیانی بەرامبەر ئەوی تر دانا، بەڵام
باڵندەکانی لەت نەکرد. ١١ ئینجا سیسارکە کەچەڵەکان هاتنە
خوارێ بۆ سەر کەلاکەکان، ئەبرامیش هەڵیاندەفڕاندن. ١٢ کە
خۆریش بەرەو ئاوابوون دەچوو، ئەبرام کەوتە خەوێکی
گرانەوە، لەناکاو تاریکییەکی ترسناك و سەختیشی بەسەردا
هات. ١٣ ئینجا بە ئەبرامی فەرموو: سوور بزانە کە وەچەکانت
لە خاکێك غەریب دەبن هی خۆیان نییە، دەبن بە کۆیلەیان و
چوار سەد ساڵ زەلیلیان دەکەن. ١٤ ئەو نەتەوەیەش کە دەبنە
کۆیلەیان، من حوکمیان بەسەردا دەدەم. دوای ئەوە بە
دەسکەوتێکی زۆرەوە دێنەدەرەوە. ١٥ بەڵام تۆ بە ئارامی
دەچیتە لای باوباپیرانت و لە تەمەنێکی باشی پیریدا
دەنێژرێیت. ١٦ لە نەوەی چوارەمیشدا، وەچەکانت دەگەڕێنەوە
ئێرە، چونکە هێشتا تاوانی ئەمۆرییەکان نەگەیشتۆتە ئەندازەی
تەواوی خۆی. ١٧ ئینجا کاتێ خۆر ئاوابوو و تاریك داهات،
لەناکاو تەنوورێکی پڕ دووکەڵ و مەشخەڵێکی داگیرساو
دەرکەوت و لەنێوان لەتەکاندا تێپەڕی. ١٨ لەو ڕۆژەدا
خوداوەند پەیمانێکی لەگەڵ ئەبرامدا بەست و پێی فەرموو:
ئەم خاکە دەدەم بە وەچەکانی تۆ، لە ڕووباری میسرەوە تا
ڕووبارە گەورەکە، ڕووباری فورات. ١٩ قێنییەکان و
قنیزییەکان و قەدمۆنییەکان و ٢٠ حیتییەکان و پرزییەکان و
ڕفائییەکان و ٢١ ئەمۆرییەکان و کەنعانییەکان و گرگاشییەکان
و یەبووسییەکان.

# ١٦

١ سارایی ژنی ئەبرام هیچ منداڵی نەبوو بوو بۆ ئەبرام و
کەنیزەیەکی میسری هەبوو ناوی هاجەر بوو. ٢ ئینجا سارای
بە ئەبرامی وت: ئەوەتا خوداوەند ڕێی منداڵ بوونی لێ
گرتووم. لەگەڵ کەنیزەکەمدا جووت بە، بەڵکو لەوەوە منداڵم
بۆ ببێ. ئەبرامیش بەقسەی سارای کرد. ٣ ئینجا سارایی ژنی
ئەبرام هاجەری میسری هێنا و ئەمەش پاش دە ساڵ بوو لە
نیشتەجێبوونی ئەبرام لە خاکی کەنعاندا، دای بە ئەبرامی
مێردی تاببێتە ژنی. ٤ ئیتر لەگەڵ هاجەردا جووت بوو،
ئەویش سکی پڕبوو. کاتێك کە زانی وا سکی هەیە، خانمەکەی
خۆی لەبەرچاو سووك بوو. ٥ ئینجا سارای بە ئەبرامی وت:
ئازارم لە سەر تۆ بێت. من کەنیزەکەی خۆمم خستە باوەشی
تۆوە، ئێستاش کە زانی سکی هەیە، لەبەرچاویدا سووك بووم.
با خوداوەند دادوەری نێوان من و تۆ بکات. ٦ ئەبرامیش بە
سارای وت: ئەوەتا کەنیزەکەت لەبەردەستی خۆتدایە، چیت
پێ باشە وای لێ بکە. ئیتر سارای هاجەری زەلیل کرد،
ئەویش لە دەستی ڕایکرد. ٧ ئینجا فریشتەی خوداوەند هاجەری
لەسەر کانییەك دۆزییەوە لە دەشتودەر. لەسەر ئەو کانییەی لە
ڕێگای شوورە. ٨ فەرمووی: ئەی هاجەری کەنیزەی سارای،
لە کوێوە هاتوویت و بۆ کوێ دەچیت؟ ئەویش وتی: لە دەست
سارایی خانمی خۆم ڕامکردووە. ٩ فریشتەکەی خوداوەند پێی
فەرموو: بگەڕێوە لای خانمەکەت و ژێردەستەی بە.
١٠ هەروەها فریشتەکەی خوداوەند پێی فەرموو: وەچەکەت بێ
ئەندازە زۆر دەکەم کە لە ژماردن نەیەن لەبەر زۆرییان.
١١ دیسان فریشتەکەی خوداوەند پێی فەرموو: ئەوەتا سکت پڕە
و کوڕێکت دەبێت و ناوی دەنێیت ئیسماعیل، چونکە خوداوەند
گوێی لە زەلیلی تۆ بوو. ١٢ ئەو مرۆڤێکی کێوی لێدەردەچێت.
دەستی ئەو دژی هەموو کەسێك دەبێت و دەستی هەموو
کەسێکیش دژی ئەو. بەرامبەر هەموو براکانیشیدا نیشتەجێ
دەبێت. ١٣ جا ئەم ناوەی لە خوداوەند نا کە لەگەڵیدا دوا، تۆ
ئەو خودایەی کە دەبینیت.[أ] ، چونکە وتی: ئا لێرەشدا ئەوم دی
کە دەمبینێت. ١٤ لەبەر ئەمەشە کە ئەو بیرە بە بێر لەحەی
ڕۆئی ناونراوە، ئەوەتا لەنێوان قادێش و بارەدە. ١٥ ئیتر
هاجەر کوڕێکی بۆ ئەبرام بوو، ئەبرامیش ئەو کوڕەی خۆی
کە لە هاجەر بوو ناونا ئیسماعیل. ١٦ ئەبرام تەمەنی هەشتا و
شەش ساڵ بوو کاتێك هاجەر ئیسماعیلی بۆ ئەبرام بوو.

# ١٧

١ کاتێك ئەبرام تەمەنی نەوەد و نۆ ساڵ بوو، خوداوەند
دەرکەوت بۆ ئەبرام و پێی فەرموو: من خودای هەرە بەتوانام،
لەبەرچاومدا هاتووچۆ بکە و تەواو بە. ٢ پەیمانی خۆم لەنێوان
خۆم و تۆدا دەبەستم و زۆر زۆرت دەکەم. ٣ ئەبرامیش بەسەر
ڕوویدا کەوت، خوداش قسەی لەگەڵدا کرد و فەرمووی:
٤ لەلایەنی منەوە، ئەوەتا پەیمانەکەم لەگەڵ تۆدا، تۆ دەبیتە

[أ] ١٦ : ١٣ لە ئەسڵدا نووسراوە ئێل ڕۆئی. ئێمەش بە باشمان زانی مانای ناوەکە بنووسین.

باوکی چەندین نەتەوە. ٥ لەمەودواش ئیتر ناوت بە ئەبرام
نابرێت، بەڵکو ناوت دەبێت بە ئیبراهیم، چونکە پێم داوی ببی
بە باوکی چەندین نەتەوە. ٦ زۆر زۆریش بەردارت دەکەم، پێم
داوی ببیت بە چەندین نەتەوە و چەندین پاشات لێ بکەوێتەوە.
٧ پەیمانی خۆم دەچەسپێنم لە نێوان خۆم و تۆ و وەچەی دوای
خۆت لە نەوەکانیاندا، پەیمانێکی هەتاهەتایی، کە ببمە خودای
خۆت و وەچەت دوای خۆت. ٨ ئەو خاکەی کۆچی تیادا
دەکەیت، بە خۆت و بە وەچەت دوای خۆت دەدەم، هەموو
خاکی کەنعان، موڵکێکی هەتاهەتایی و منیش دەبم بە خودایان.
٩ ئینجا خودا بە ئیبراهیمی فەرموو: تۆش پەیمانەکەم
دەپارێزیت، خۆت و وەچەی دوای خۆت، لە نەوەکانیان.
١٠ ئەمەیە پەیمانەکەم کە دەیپارێزن لەنێوان من و ئێوە و
وەچەی دوای خۆت، هەموو نێرینەیەکتان خەتەنە دەکەن.
١١ لەشتان خەتەنە دەکەن و ئەمەش دەبێتە نیشانەی پەیمانەکەی
نێوان من و ئێوە. ١٢ هەموو نێرینەیەکی هەشت ڕۆژەش لە
ئێوە دەبێت خەتەنە بکرێت، لە نەوەکانتان، ئەوەی لە ماڵەکەت
لەدایك بووە، یان ئەوەی بە زیو لە بیانی کڕاوە و وەچەی
خۆت نییە. ١٣ دەبێت ئەوەی لە ماڵەکەت لەدایك بووە یان بە
زیو کڕاوە بە تەواوی خەتەنە بکرێت، جا پەیمانەکەم لە لەشی
ئێوەدا پەیمانێکی هەتاهەتایی دەبێت. ١٤ هەر نێرینەیەکی
خەتەنە نەکراویش، کە لەشی خەتەنە نەکرابێت، ئەوە لە
میللەتەکەیدا دادەبڕێت، چونکە پەیمانی منی شکاندووە.
١٥ هەروەها خودا بە ئیبراهیمی فەرموو: سارایی ژنیشت،
ئیتر بە سارای ناوی مەبە، بەڵکو ناوی دەبێت بە سارا.
١٦ پیرۆزیشی دەکەم و کوڕێکیشت لەوەوە پێدەبەخشم. پیرۆزی
دەکەم و چەندین نەتەوە و چەندین پاشای میللەتان لەوەوە
دەبن. ١٧ ئیبراهیم بەسەر ڕوویدا کەوت و پێکەنی و لە دڵی
خۆیدا وتی: ئایا پیاوێکی سەد ساڵە منداڵی دەبێت؟ هەروەها
ساراش تەمەنی نەوەد ساڵە منداڵی دەبێت؟ ١٨ ئیبراهیم بە
خودای وت: خۆزگە ئیسماعیل لە بەردەم تۆدا ژیانی
بەسەرببات. ١٩ خوداش فەرمووی: بەڵکو لە سارای ژنت
کوڕێکت دەبێت، ناویشی دەنێیت ئیسحاق. پەیمانی خۆمی
لەگەڵدا دەچەسپێنم، پەیمانێکی هەتاهەتایی بۆ وەچەکەی دوای
خۆی. ٢٠ بۆ ئیسماعیلیش، گوێم لێت بوو، ئەوەتا پیرۆزی
دەکەم و بەرداری دەکەم و زۆر زۆری دەکەم. دوانزە سەرۆك
دەخاتەوە و دەیکەمە نەتەوەیەکی مەزن. ٢١ بەڵام پەیمانەکەم
لەگەڵ ئیسحاقدا دەچەسپێنم، کە ساڵێکی دیکە ئەم کاتە سارا
بۆتی دەبێت. ٢٢ کاتێ لە قسەکانی بووەوە لەگەڵی، خودا لەسەر
ئیبراهیم بەرزبووەوە. ٢٣ لە هەمان ڕۆژدا ئیبراهیم،
ئیسماعیلی کوڕی و هەموو ئەوانەی لە ماڵەکەیدا لەدایك بوو
بوون یان بە زیوی خۆی کڕابوون، هەموو نێرینەکانی
ماڵەکەی خۆی هێنا و خەتەنەی کردن، وەك چۆن خودا پێی
فەرموو بوو. ٢٤ ئیبراهیم تەمەنی نەوەد و نۆ ساڵ بوو کاتێ
لەشی خەتەنەکرا. ٢٥ ئیسماعیلی کوڕیشی تەمەنی سیانزە
ساڵان بوو کاتێ لەشی خەتەنەکرا. ٢٦ لەهەمان ئەو ڕۆژەدا
ئیبراهیم و ئیسماعیلی کوڕی خەتەنەکران. ٢٧ هەموو
پیاوەکانی ماڵەکەی، ئەوانەی لە ماڵەکەی لەدایك بوو بوون و
ئەوانەی لە بیانی بە زیو کڕدرابوون لەگەڵ ئەودا خەتەنەکران.

# ١٨

١ ئینجا خوداوەند لە لای داربەڕووەکانی مەمرێ بۆی
دەرکەوت، لەوکاتەدا کە ئەو لە دەرکی چادرەکەیدا دانیشتبوو
لەگەرمای ڕۆژدا. ٢ جا سەری هەڵبڕی و بینی ئەوەتا سێ پیاو
لەبەرامبەری وەستاون. کە دیتنی، لە دەرگای چادرەکەیەوە
بەرەو ڕوویان ڕایکرد و سەری دانەوانده سەر زەوی. ٣ ئینجا
وتی: گەورەم، ئەگەر پێم ڕازیت، بەسەر خزمەتکارەکەت
تێمەپەڕە. ٤ با تۆزێك ئاو بهێنرێت و پێتان بشۆن و لەژێر
دارەکە پاڵبدەنەوە. ٥ پارووە نانێکیشتان بۆ دێنم تا بەری دڵتانی
پێ بگرن و پاشان تێپەڕن، چونکە بۆ ئەمە بەسەر
خزمەتکارەکەتان تێپەڕین. ئەوانیش فەرموویان: ئەوەی وتت
بیکە. ٦ ئیتر ئیبراهیم بە پەلە چوو بەرەو چادرەکە بۆ لای
سارا و وتی: خێرا سێ پێوانە ئاردی سفر بهێنە و بیشێلە و
بیکە بە نانی برژاو. ٧ هەروەها ئیبراهیم ڕایکرد بۆ لای
مێگەلەکە و گوێرەکەیەکی ناسك و چاکی هێنا و دایە دەست
کوڕێکەوە، ئەویش خێرا کەوتە ئامادەکردنی. ٨ ئینجا قەیماغ و
شیر و ئەو گوێرەکەیەی ئامادەکرابوو، هێنای و لەبەردەمیاندا
داینا. خۆشی بەسەریانەوە وەستا لەژێر دارەکە کاتێ ئەوان
نانەکەیان خوارد. ٩ پاشان پێیان فەرموو: کوا سارای ژنت؟
ئەویش وتی: ئەوەتا لەناو چادرەکەدایە. ١٠ ئینجا فەرمووی:
بێگومان ساڵێکی دیکە ئەم کاتانە دێمەوە لات و سارای ژنیشت
کوڕێکی بووە. ساراش لە دەرگای چادرەکەی خۆیەوە کە
لەپشتی ئەمەوە بوو، گوێی گرتبوو. ١١ ئیبراهیم و سارا دوو
پیری بەساڵاچوو بوون. ساراش تەمەنی منداڵبوونی
بەسەرچوو بوو. ١٢ سارا لە دڵی خۆیدا پێکەنی و وتی: ئایا
دوای ئەوەی لەکەڵك کەوتووم و مێردەکەم پیربووە، شادیم بۆ
دەبێت؟ ١٣ جا خوداوەند بە ئیبراهیمی فەرموو: بۆچی سارا
پێکەنی و وتی: وا من پیربووم، ئایا بەڕاستی منداڵم دەبێت؟
١٤ هیچ شتێك هەیە بۆ خوداوەند گران بێت؟ ساڵێکی دیکە لە
هەمان کاتدا دێمەوە بۆ لات و ساراش کوڕێکی بووە. ١٥ سارا
نکۆڵی لێکرد و وتی: پێنەکەنیم. چونکە ترسا، بەڵام ئەو
فەرمووی: نا، پێکەنیت. ١٦ ئینجا پیاوەکان لەوێ هەستان و
ڕوویان لە سەدوم کرد، ئیبراهیمیش لەگەڵیاندا ڕۆی تا
بەڕێیان بکات. ١٧ خوداوەندیش فەرمووی: ئایا ئەوەی خەریکم
بیکەم لە ئیبراهیمی بشارمەوە؟ ١٨ لەکاتێکدا ئیبراهیم بێگومان
دەبێتە نەتەوەیەکی مەزن و بەهێز، هەموو نەتەوەکانی زەویش
لەوەوە پیرۆز دەکرێن. ١٩ چونکە ناسیوومە، بۆ ڕاسپاردنی
منداڵەکانی و ماڵەکەی دوای خۆی تا ڕێگای خوداوەند
بپارێزن، بۆ ئەوەی ڕاستودروستی و دادپەروەری بکەن،
هەتا خوداوەند ئەوە بهێنێتەدی کە دەربارەی ئیبراهیم فەرموو
بووی. ٢٠ ئینجا خوداوەند فەرمووی: هاواری سەدوم و
عەمۆرا زۆر بووە و گوناهیان زۆر گەورە بووە. ٢١ ئەوا دێمە
خوارەوە تا ببینم ئاخۆ وەك هاوارەکەی کە هاتووەتە لای من،
بە تەواوی وایان کردووە. ئەگەر نا، ئەوا دەزانم. ٢٢ ئینجا
پیاوەکان ڕوویانکردە سەدوم و ڕۆیشتن، بەڵام ئیبراهیم هێشتا
لەبەردەم خوداوەندا وەستابوو. ٢٣ ئیبراهیم چووە پێشەوە و
وتی: ئایا لەگەڵ بەدکاردا ڕاستودروستیش لەناودەبەیت؟
٢٤ ئەی ئەگەر شارەکە پەنجا ڕاست ودروستی تێدابێت، ئایا
هەر لەناوی دەبەیت و لێی نابووریت لەبەر خاتری ئەو پەنجا
ڕاستودروستەی تێیدایە؟ ٢٥ دووربێ لە تۆ شتی وا بکەیت!
لەگەڵ بەدکاردا ڕاستودروستیش بکوژیت. جا ڕاستودروست
و بەدکار وەك یەکیان لێ بێت. دووربێ لە تۆ! ئایا دادوەری
هەموو زەوی دادپەروەری ناکات؟ ٢٦ خوداوەندیش فەرمووی:
ئەگەر لە سەدوم پەنجا ڕاستودروست لە شارەکەدا ببینمەوە،
ئەوا لەبەر خاتری ئەوان لە هەموو ئەو شوێنە دەبوورم.
٢٧ ئیبراهیم وەڵامی دایەوە و وتی: ئەوەتا ئێستا دەستم کرد بە
قسەکردن لەگەڵ خوداوەندم، منێك کە خۆڵ و خۆڵەمێشم.
٢٨ ئەی ئەگەر لەو پەنجا ڕاستودروستە پێنجی کەم بوو؟ ئایا
بۆ پێنج کەس هەموو شارەکە وێران دەکەیت؟ فەرمووی:
وێرانی ناکەم ئەگەر لەوێ چل و پێنج ببینمەوە. ٢٩ دیسان
کەوتەوە قسە لەگەڵی و وتی: ئەی ئەگەر لەوێ چلی لێ بوو؟
فەرمووی: لەبەر خاتری ئەو چلە، نایکەم. ٣٠ ئینجا وتی: با

خوداوەندم تووڕە نەبێت و قسە بکەم، ئەی ئەگەر هەر سی لێ
بوو؟ فەرمووی: نایکەم، ئەگەر لەوێ سی ببینمەوە.
٣١ ئیبراهیم وتی: ئیتر وا وێرام قسە لەگەڵ خوداوەندمدا بکەم،
ئەی ئەگەر بیستی لێ بوو؟ فەرمووی: لەبەر ئەو بیستە
وێرانی ناکەم. ٣٢ ئینجا وتی: با خوداوەندم تووڕە نەبێت و
هەر ئەم جارە قسە بکەم. ئەی ئەگەر دەی لێبوو؟ فەرمووی:
لەبەر ئەو دەیە وێرانی ناکەم. ٣٣ ئینجا خوداوەند ڕۆیی دوای
ئەوەی لە قسەکردن بووەوە لەگەڵ ئیبراهیم، ئیبراهیمیش
گەڕایەوە شوێنی خۆی.

## ١٩

١ هەردوو فریشتەکە کاتی ئێوارە گەیشتنە سەدوم، لۆتیش لە
دەروازەکەی سەدوم دانیشتبوو. کاتێ لۆت بینینی، هەستا بۆ
پێشوازیان و سەری ڕووە و زەوی دانەواند و کڕنۆشی برد.
٢ ئینجا وتی: گەورەکانم ئەوەتا ئێستا، لابدەنە ماڵی
خزمەتکاری خۆتان. شەو بەسەربەرن و پێتان بشۆن ، سەر
لە بەیانیش بە ڕێی خۆتان بڕۆن. فەرموویان: نا، بەڵکو لە
گۆڕەپانەکە شەو دەبەینەسەر. ٣ بەڵام ئەم زۆری لێ کردن.
ئیتر لایان دایە لای و چوونە ماڵەکەیەوە. ئەویش خوان و نانی
فەتیری بۆ ئامادەکردن و خواردیان. ٤ پێش ئەوەی ڕاکشێن،
پیاوانی شارەکە، پیاوانی سەدوم، دەورەی ماڵەکەیان دا. لە
گەنجیانەوە تا پیریان، هەموو خەڵکەکە لە هەموو لایەکەوە.
٥ ئینجا لۆتیان بانگ کرد و پێیان وت: کوان ئەو دوو پیاوەی
ئەمشەو هاتنە لات؟ بیانهێنە دەرەوە بۆمان تا سواریان بین.
٦ لۆت هاتە دەرەوە بۆلایان و دەرگاکەی لەپشت خۆیەوە
داخست. ٧ ووتی: نا، براکانم. خراپەی وا مەکەن. ٨ ئەوەتا
دوو کچم هەیە کە دەستی پیاویان بەرنەکەوتووە. دەیانهێنمە
دەرەوە بۆتان، ئەوەی پێتان باشە پێیانی بکەن. بەڵام هیچ لەم
دوو پیاوە مەکەن، چونکە ئەوان هاتوونەتە ژێر سێبەری
بانەکەی من. ٩ ئەوانیش وتیان: وەرە ئەم لاوە! ئینجا وتیان:
ئەمە هاتووە تا پەناهەندە بێت لە نێوانماندا و دەیەوێت ببێت بە
دادوەر بەسەرمان. ئێستاش لەوان خراپترت بەسەر دەهێنین.
ئیتر زۆریان لە پیاوەکە، لە لۆت کرد و هاتنە پێشەوە تا
دەرگاکە بشکێنن. ١٠ دوو پیاوەکەش دەستیان درێژ کرد و
لۆتیان ڕاکێشایە لای خۆیان بۆ ناو ماڵەکە و دەرگاکەشیان
داخست. ١١ ئەو پیاوانەش کە لەبەر دەرگای ماڵەکەدا بوون،
تووشی کوێریان کردن لە بچووکیانەوە تا گەورەیان، ئیتر
پەکی ئەوەیان کەوت کە دەرگاکە بدۆزنەوە. ١٢ ئینجا دوو
پیاوەکە بە لۆتیان فەرموو: کێی دیکەت لێرە هەیە، زاواکانت
و کوڕەکانت و کچەکانت و هەر کەسانێکی دیکەش کە
لەشارەکەدا هەتن؟ هەموویان لێرە ببەرە دەرەوە. ١٣ چونکە
ئێمە ئەم شوێنە وێران دەکەین. لەبەر ئەوەی هاواریان مەزن
بووە لەبەردەم خوداوەند، جا خوداوەند ئێمەی ناردووە تا
وێرانی بکەین. ١٤ ئیتر لۆت چووە دەرەوە و قسەی کرد لەگەڵ
زاواکانی کە کچەکانی ئەمیان خواستبوو. وتی: هەستن لەم
شوێنە دەرچن، چونکە خوداوەند شارەکە وێران دەکات. بەڵام
وەك گاڵتەچی هاتە بەرچاوی زاواکانی. ١٥ لە بەرەبەیاندا،
هەردوو فریشتەکە پەلەیان لە لۆت کرد و پێیان فەرموو:
هەستە! ژنەکەت و هەردوو کچەکەت کەوا لێرەن بیان بە،
نەوەك تۆش بە گوناهی شارەکە لەناودەچیت. ١٦ بەڵام ئەو
خاوەخاوی کرد، جا هەردوو پیاوەکە لەبەر بەزەیی خوداوەند
لەسەری، دەستی خۆی و دەستی ژنەکەی و هەردوو
کچەکەییان گرت و لە دەرەوەی شارەکە دایانا. ١٧ جا کە
هێنایاننە دەرەوە، فەرمووی: بۆ گیانی خۆت ڕابکە! ئاوڕ لە
دواوەت مەدەوە و لەم دەوروبەرە نەوەستیت. ڕاکە بۆ چیاکە
تا لەناونەچیت. ١٨ لۆت پێی وتن: نا، گەورەم! ١٩ ئەوەتا
خزمەتکارەکەت بەرەکەتی لەچاوەکانت بەدیکردووە، پەیمانی
خۆشەویستیەکەت گەورەیە کە بەرامبەرم کردووتە، بە
هێشتنەوەی گیانم بە زیندوویی. بەڵام من ناتوانم ڕابکەم بۆ
چیاکە. نەوەك ئەم بەڵایە پێم بگات و بمرم. ٢٠ ئەوەتا ئەوە
شارێکی نزیکە تا هەڵبێین بۆ ئەوێ، بچووکیشە، ڕادەکەمە
ئەوێ، مەگەر بچووك نییە؟ ئیتر گیانم بە زیندوویی
دەمێنێتەوە. ٢١ ئەویش پێی فەرموو: ئەوەتا لەم شتەش نا
ئومێدت ناکەم، ئەو شارەی باست کرد سەرەوژێری ناکەم.
٢٢ پەلەکە بەرەو ئەوێ ڕاکە، چونکە هەتا تۆ نەگەیتە ئەوێ،
من ناتوانم هیچ شتێك بکەم. لەبەر ئەوەشە کە شارەکە ناونرا
بە چۆعەر. ٢٣ کاتێ خۆر بەسەر زەویدا هەڵهات، لۆت گەیشتە
ناو چۆعەر. ٢٤ ئینجا خوداوەند گۆگرد و ئاگری بەسەر سەدوم
و عەمۆرادا باراند لە لای خوداوەندەوە لە ئاسمانەوە. ٢٥ ئەو
شارانەی سەرەوژێر کرد لەگەڵ هەموو دەوروبەرەکەی بە
هەموو دانیشتوانی شارەکان و ڕووەکی زەویەکەش.
٢٦ ژنەکەی سەیری دواوەی کرد، جا بوو بە ستوونێکی خوێ .
٢٧ بۆ سبەی ئیبراهیم بەیانی زوو لە خەو هەستا و چووەوە
ئەو شوێنەی تێیدا لەبەردەم خوداوەندا وەستابوو. ٢٨ ڕووانییە
سەدوم و عەمۆرا و هەموو زەوی دەوروبەرەکە، سەیری کرد
وا دووکەڵی زەوییەکە وەك دووکەڵی کوورە بەرزدەبێتەوە.
٢٩ ئینجا کە خودا شارەکانی دەوروبەرەکەی وێران کرد، خودا
ئیبراهیمی هاتەوە یاد و لۆتی لەناو ئەو سەرەوژێرکردنە
هێنایە دەرەوە، کاتێك ئەو شارانەی سەرەوژێر کرد کە لۆت
تێیدا دانیشتبوو. ٣٠ ئینجا لۆت و هەردوو کچەکەی لە
چۆعەرەوە بەرەو ژووربوونەوە و لە چیا نیشتەجێبوون،
چونکە ترسا لە چۆعەردا دانیشێت. خۆی و هەردوو کچەکەی
لە ئەشکەوتدا نیشتەجێبوون. ٣١ کچە گەورەکە بە بچووکەکەی
وت: باوکمان پیر بووە، هیچ پیاوێکیش لەم ناوەدا نیە کە بێت
بەلاماندا، وەك چۆن دابونەریتی هەموو زەوییە. ٣٢ وەرە با
مەی دەرخواردی باوکمان بدەین و لەگەڵیدا ڕاکشێین و لە
باوکمانەوە وەچە بنێینەوە. ٣٣ جا ئەو شەوە مەییان دەرخواردی
باوکیان دا، ئینجا کچە گەورەکە چووە ژوورەوە و لەگەڵ
باوکیدا ڕاکشا. ئەویش نە بە ڕاکشانەکەی زانی و نە بە
هەستانەوەکەی. ٣٤ بۆ ڕۆژی دوایی کچە گەورەکە بە
بچووکەکەی وت: دوێنێ شەو لەگەڵ باوکمدا ڕاکشام. ئەم
شەویش مەیی دەرخوارد دەدەین، ئینجا تۆ بچۆ ژوورەوە و
لەگەڵیدا ڕاکشێ. جا لە باوکی خۆمانەوە وەچە دەنێینەوە.
٣٥ ئەو شەوەش مەییان دەرخواردی باوکیان دا، ئینجا کچە
بچووکەکە هەستا و لەگەڵیدا ڕاکشا. ئەویش نە بە ڕاکشانەکەی
زانی و نە بە هەستانەوەکەی. ٣٦ ئیتر هەردوو کچەکەی لۆت
سکیان لە باوکیان پڕبوو. ٣٧ گەورەکەیان کوڕێکی بوو ناوی
نا موئاب. ئەو باوکی هەموو موئابییەکانە تا ئەمڕۆ.
٣٨ هەروەها بچووکەکەشیان کوڕێکی بوو ناوی نا بەن
عەممی. ئەویش باوکی هەموو بەنی عەمونییەکانە تا ئەمڕۆ.

## ٢٠

١ ئیبراهیم لەوێوە بەرەو زەوی باشوور کۆچی کرد و لەنێوان
قادێش و شوردا نیشتەجێبوو، لە گرار ئاوارە بوو. ٢ ئیبراهیم
سەبارەت بە سارای ژنی وتی: ئەو خوشکمە. ئینجا
ئەبیمەلەکی پاشای گرار ناردی و سارای برد. ٣ ئینجا خودا
هاتە خەوی ئەبیمەلەك و پێی فەرموو: ئەوا تۆ دەمریت بە
هۆی ئەو ژنەی بردووتە، چونکە ئەو ژنێکی بە مێردە. ٤ بەڵام

هێشــتا ئەبیمەلەك نزیکی نەکەوتبوو، وتی: گەورەم، ئایا
نەتەوەیەکی ڕاستودروست دەکوژیت؟ ٥ ئەی ئەو پێی نەووتم
کە ئەو خوشــکمە، ئەویش خۆی نەیووت کە ئەو برامە؟ من
ئەمەم بە دڵی تەواو و دەســتی پاکەوە کردووە. ٦ خوداش لە
خەوەکەدا پێی فەرموو: منیش دەزانم تۆ ئەمەت بە دڵی
تەواوەوە کردووە، هەر خۆشــم ڕێگام لێ گرتیت کە گوناهم
بەرامبەر بکەیت. لەبەر ئەوە بوو کە نەمهێشــت دەســتی بۆ
ببەیت. ٧ ئێســتاش ژنی پیاوەکە بگێڕەوە، ئەو پێغەمبەرە و
نوێژت لە پێناو دەکات و دەژیت. ئەگەر نەشیگێڕیتەوە، ئەوە
بزانە کە بێ گومان دەمریت، خۆت و هەموو ئەوانەی هی
تۆن. ٨ بۆ سبەی ئەبیمەلەك بەیانی زوو لە خەو هەستا و گشت
خزمەتکارەکانی بانگکرد و هەموو ئەم شــتانەی پێیان وت،
پیاوەکانیش زۆر ترســان. ٩ ئینجا ئەبیمەلەك ئیبراهیمی
بانگکرد و پێی وت: ئەمە چییە بە ئێمەت کرد؟ چ گوناهێکم
بەرامبەرت کردووە هەتا گوناهێکی وا گەورە بەسەر خۆم و
پاشایەتیەکەمدا بهێنیت؟ ئەو کارەی کە ناشێت بە منت کرد.
١٠ ئەبیمەلەك بە ئیبراهیمی وت: چیت بینی تا ئەم شتەت کرد؟
١١ ئیبراهیمیش وتی: چونکە وتم: لەم شوێنەدا هیچ ترسی خودا
نییە، لەبەر ژنەکەشم من دەکوژن. ١٢ هەروەها لە ڕاستیشدا
ئەو خوشــکمە، کچی باوکمە، بەڵام کچی دایکم نییە. ئیتر بوو
بە ژنم. ١٣ کاتێکیش خودا لەماڵی باوکمەوە ئاوارەی کردم، بە
ژنەکەم وت: ئەمە ئەو چاکەیەیە کە لەگەڵمدا دەکەیت، بۆ هەر
شــوێنێك چووین، ســەبارەت بە من بڵێ، ئەو برامە. ١٤ ئیتر
ئەبیمەلەك مەڕ و مانگا و خزمەتکار و کارەکەری هێنا و دای
بە ئیبراهیم، سارای ژنیشی گێڕایەوە بۆی. ١٥ ئینجا ئەبیمەلەك
وتی: ئەوەتا زەوییەکەم لەبەردەمتایە، هەر کوێیەکیت پێ باشە
لەوێ دانیشە. ١٦ بە ساراشی وت: ئەوەتا من هەزار بەشە
زیوم داوە بە براکەت. ئەمەش بەرامبەر بەڕەنجاندنەکەی تۆیە
لە بەردەم هەموو ئەوانەی لەگەڵتن و لای هەموو یەکێك، ئیتر
تەواو ڕەفتاری دادوەرانەت لەگەڵدا کراوە. ١٧ ئینجا ئیبراهیم
نوێژی بۆ خودا کرد، خوداش ئەبیمەلەك و ژنەکەی و
کەنیزەکانی چاککردەوە و منداڵیان بوو، ١٨ چونکە هەرچی
منداڵدانی ماڵی ئەبیمەلەك هەیە، خوداوەند بە تەواوی
بەستبووی بەهۆی سارای ژنی ئیبراهیمەوە.

# ٢١

١ خوداوەند بەو شێوەیەی فەرمووی سارای بەسەرکردەوە و
خوداوەند چۆنی فەرموو ئاوای بۆ سارا کرد. ٢ ئینجا سارا
سکی پڕ بوو و لە پیریی ئیبراهیمدا منداڵێکی بۆی بوو، لەو
کاتەی کە خودا پێی فەرموو. ٣ ئیبراهیم کوڕە لەدایك بووەکەی
خۆی کە سارا بۆیی بوو بوو ناونا ئیسحاق. ٤ کاتێك ئیسحاقی
کوڕی بوو بە هەشت ڕۆژ، ئیبراهیم خەتەنەی کرد، هەروەك
چۆن خودا ڕایسپاردبوو. ٥ تەمەنی ئیبراهیم سەد ساڵ بوو
کاتێك ئیسحاقی کوڕی بۆ لەدایك بوو. ٦ سارا وتی: خودا منی
خستۆتە پێکەنین، هەر کەسێکیش ئەمە ببیستێت بۆم
پێدەکەنێت. ٧ هەروەها وتی: کێ بە ئیبراهیمی دەووت سارا
شیر دەداتە منداڵان؟ چونکە لەپیرییەکەیدا کوڕێکم بوو. ٨ کوڕە
گەورە بوو و لەشیر بڕایەوە. ئەو ڕۆژەشی ئیسحاق لەشیر
بڕایەوە، ئیبراهیم خوانێکی گەورەی سازکرد. ٩ سارا
کوڕەکەی هاجەری میسری بینی کە لە ئیبراهیم بوو گاڵتەی
دەکرد. ١٠ جا بە ئیبراهیمی وت: ئەم ژنە کۆیلەیە و کوڕەکەی
دەرکە. چونکە کوڕی ئەم کۆیلەیە لەگەڵ کوڕەکەم، لەگەڵ
ئیسحاقدا میراتگر نابێت. ١١ ئەم شتە زۆر ناشرین بوو لەبەر
چاو ئیبراهیم لەبەر کوڕەکەی. ١٢ جا خودا بە ئیبراهیمی
فەرموو: لات ناشــرین نەبێت لەبەر کوڕەکە و لەبەر
کۆیلەکەت. هەرچی سارا پێت دەڵێت بە قسەی بکە، چونکە لە
ئیسحاقەوە وەچەت ناودەبرێت. ١٣ هەروەها کوڕی کۆیلەکەش
دەکەمە نەتەوە، چونکە وەچەی تۆیە. ١٤ بۆ ســبەی ئیبراهیم
بەیانی زوو لە خەو هەســتا و نان و مەشــکەیەك ئاوی هێنا و
دای بە هاجەر. خستییە سەرشانی و لەگەڵ کوڕەکەدا ڕەوانەی
کرد. ئەمیش ڕۆیشــت و لە چۆڵەوانی بئێر شابەعدا وێڵ بوو.
١٥ کە مەشکەکە ئاوی تێدا نەما، کوڕەکەی لەبن دەوەنێکدا دانا.
١٦ ئینجا ڕۆیشت و لە دوورەوە بەرامبەری دانیشت لە دووری
تیراوێژێك، چونکە وتی: با مەرگی کوڕەکە نەبینم. ئیتر
بەرامبەری دانیشــت و دەنگی بەرزکردەوە و گریا. ١٧ خودا
دەنگی کوڕەی بیست و فریشتەی خودا لە ئاسمانەوە هاجەری
بانگکرد و پێی فەرموو: چیتە هاجەر؟ مەترســە، خودا دەنگی
کوڕەی بیســت لەو شــوێنەی لێی دانراوە. ١٨ هەســتە کوڕە
هەڵگرە و دەســتت بەهێزکە، چونکە دەیکەمە نەتەوەیەکی
مەزن. ١٩ ئینجا خودا هەردوو چاوی هاجەری کردەوە و
ئەویش بیرێکی ئاوی بەدیکرد. ئیتر ڕۆیشــت و مەشــکەکەی
پڕکرد لە ئاو و ئاوی دا بە کوڕەکە. ٢٠ خودا لەگەڵ کوڕەدا
بوو و گەورە بوو و لەچۆڵیدا دەژیا و بوو بە تیرهاوێژ. ٢١ لە
چۆڵی فاراندا نیشتەجێ بوو، دایکیشی لە خاکی میسر ژنێکی
بۆ هێنا. ٢٢ لەو ســەردەمەدا ئەبیمەلەك لەگەڵ فیکۆلدا کە
فەرماندەی سوپاکەی بوو بە ئیبراهیمیان وت: خودا لەگەڵتە لە
هەموو ئەوەی دەکەیت. ٢٣ ئێستاش ئا لێرەدا سوێندم بۆ بخۆ بە
خودا کە ناپاکی نە لە خۆم و نە لە منداڵم و نە لە نەوەم ناکەیت.
بەڵکو وەك ئەو چاکەیەی لەگەڵ تۆدا کردم لەگەڵمدا دەکەیت.
هەروەها لەگەڵ ئەو زەوییەی کە تێیدا ئاوارە بووی.
٢٤ ئیبراهیمیش وتی: سوێند دەخۆم. ٢٥ ئینجا ئیبراهیم گلەیی لە
ئەبیمەلەك کرد ســەبارەت بەو بیرە ئاوەی خزمەتکارەکانی
ئەبیمەلەك داگیریان کردبوو. ٢٦ ئەبیمەلەك وتی: ئاگادارنیم
کێ ئەم شــتەی کردووە. هەروەها تۆ پێت ڕانەگەیاندووم و
منیش ئەمڕۆ نەبێت نەم بیســتووە. ٢٧ ئینجا ئیبراهیم مەڕ و
مانگای هێنا و دای بە ئەبیمەلەك، ئیتر هەردووکیان پەیمانیان
بەســت. ٢٨ ئیبراهیم حەوت بەرانی بە تەنیا ڕاگرت.
٢٩ ئەبیمەلەکیش بە ئیبراهیمی وت: ئەم حەوت بەرانە چییە کە
بە تەنیا ڕاتگرتوون؟ ٣٠ ئەویش وتی: ئەم حەوت بەرانە لە
دەستم وەردەگریت بۆ ئەوەی ببێتە شایەتییەك بۆم کە من ئەم
بیرەم هەڵکەندووە. ٣١ لەبەرئەوە ئەو شــوێنەی ناونا بە بئێر
شابەع، چونکە لەوێ هەردووکیان سوێندیان خوارد. ٣٢ جا لە
بئێر شــابەع پەیمانیان بەســت، ئینجا ئەبیمەلەك و فیکۆلی
فەرماندەی ســوپاکەی هەســتان و گەڕانەوە خاکی
فەلەستینیەکان. ٣٣ ئینجا ئیبراهیم داری گەزی لە بئێر شابەعدا
چاند، لەوێشــدا ناوی خوداوەند خودای هەتاهەتایی هێنا.
٣٤ ئیتر ئیبراهیم لە خاکی فەلەستینیەکاندا ڕۆژانێکی زۆری بە
ئاوارەیی بەسەر برد.

# ٢٢

١ ئەوە بوو دوای ئەم شــتانە خودا ئیبراهیمی تاقیکردەوە. پێی
فەرموو: ئیبراهیم! ئەویش وتی: ئەوەتام. ٢ ئینجا فەرمووی:
کوڕەکەت، تاقانەکەت ئەوەی کە خۆشــت دەوێت، ئیسحاق،
ببە و بڕۆ بۆ زەوی مۆریا. لەوێ بیکەرە قوربانی سووتاندن
لەســەر یەکێك لە چیاکان کە خۆم پێت دەڵێم. ٣ بۆ بەیانی
ئیبراهیم زوو لە خەو هەســتا و گوێدرێژەکەی کورتان کرد.
لەگەڵ خۆیدا دووان لە خزمەتکارەکانی و ئیسحاقی کوڕی برد
و داریشی بڕی بۆ قوربانی سووتاندن. ئینجا هەستا و ڕۆیی

بۆ ئەو شوێنەی خودا پێی فەرموو بوو. ٤ لە ڕۆژی سێیەمدا ئیبراهیم چاوی هەڵبڕی و لە دوورەوە شوێنەکەی بەدی کرد. ٥ ئیتر ئیبراهیم بە دوو خزمەتکارەکەی وت: ئێوە بۆ خۆتان لێرە دانیشن لەگەڵ گوێدرێژەکەدا، من و کوڕەکەش تا ئەوێ دەچین، کڕنۆش دەبەین و دەگەڕێینەوە لاتان. ٦ ئیبراهیم داری قوربانی سووتاندنەکەی هەڵگرت و خستییە سەر پشتی ئیسحاقی کوڕی و خۆشی بە دەستی ئاگر و چەقۆکەی هەڵگرت و هەردووکیان پێکەوە ڕۆیشتن. ٧ ئینجا ئیسحاق بە ئیبراهیمی باوکی وت: باوکە! ئەویش پێی وت: ها کوڕم؟ ئینجا وتی: ئەوەتا ئاگرەکە و داری سووتاندنەکە، ئەی کوا بەرخەکە بۆ قوربانی سووتاندنەکە؟ ٨ ئیبراهیمیش وتی: خودا بۆ خۆی بەرخێك بۆ قوربانی سووتاندنەکە دەبینێ کوڕم. ئیتر هەردووکیان پێکەوە ڕۆیشتن. ٩ کاتێك گەیشتنە ئەو شوێنەی خودا پێی فەرموو بوو، ئیبراهیم قوربانگایەکی بنیادنا و دارەکانی لەسەر ڕێکخست و ئیسحاقی کوڕی بەستەوە و خستیە سەر قوربانگاکە لەسەر دارەکان. ١٠ ئیتر ئیبراهیم دەستی درێژکرد و چەقۆکەی هەڵگرت تا کوڕەکەی خۆی سەرببڕێت. ١١ بەڵام فریشتەی خوداوەند لە ئاسمانەوە بانگی کرد و فەرمووی: ئیبراهیم! ئیبراهیم! ئەویش وتی: ئەوەتام. ١٢ پێی فەرموو: دەست بۆ کوڕەکە مەبە و هیچی لێ مەکە. چونکە ئێستا زانیم تۆ لە خودا دەترسیت، چونکە لە پێناوی من دەستت بە کوڕەکەت، بە تاقانەکەتەوە نەگرت. ١٣ ئینجا ئیبراهیم چاوی هەڵبڕی و بینی ئەوەتا بەرانێك لە دوایەوە لەناو دەوەنەکەدا بە هەردوو قۆچی گیربووە، جا ئیبراهیم چوو و بەرانەکەی گرت و سەری خست وەك قوربانی سووتاندن لە جیاتی کوڕەکەی. ١٤ ئیتر ئیبراهیم ئەو شوێنەی ناو نا، خوداوەند دەیبینێت. وەك ئەوەی ئەمڕۆ دەووترێت، لە چیای خوداوەند دەیبینێت. ١٥ فریشتەکەی خوداوەند جارێکی تر لە ئاسمانەوە ئیبراهیمی بانگکرد. ١٦ ئینجا فەرمووی: خوداوەند دەڵێت سوێند بێت بە خۆم، لەبەر ئەوەی تۆ ئەمەت کرد و دەستت بە کوڕەت، بە تاقانەکەتەوە نەگرت. ١٧ بە تەواوی پیرۆزت دەکەم و نەوەت زۆر زۆر دەکەم، وەك ئەستێرەکانی ئاسمان و وەك لمی سەر کەناری دەریا و نەوەت دەبێت بە میراتگری دەرگای دوژمنەکانی. ١٨ لە نەوەی تۆشەوە هەموو نەتەوەکانی زەوی پیرۆز دەکرێن، چونکە تۆ گوێڕایەڵی وشەکەی من بوویت. ١٩ ئینجا ئیبراهیم گەڕایەوە لای دوو خزمەتکارەکەی. ئیتر هەستان و پێکەوە ڕۆیشتن بۆ بئێر شابەع. ئیبراهیم لە بئێرشابەع نیشتەجێ بوو. ٢٠ دوای ئەم ڕووداوانە بە ئیبراهیم ڕاگەیێندرا و پێی وترا: ئەوەتا میلکەش کوڕانی بۆ ناخۆری برات بووە، ٢١ عۆچ کە نۆبەرەکەیەتی و بووزی برای، هەروەها قەمۆئێلیش کە باوکی ئارامە. ٢٢ هەروەها کەسەد و خەزۆ و پیلداش و یدلاف و بتوئێل. ٢٣ بتوئێلیش ڕیبقای بوو. ئەم هەشتە لە میلکە بوون بۆ ناخۆری برای ئیبراهیم. ٢٤ کەنیزەکەشی کە ناوی ڕەئوومە بوو، ئەویش تەبەخ و گەخەم و تەخەش و مەعەکای بوو.

# ٢٣

١ هەموو ساڵانی ژیانی سارا سەد و بیست و حەوت ساڵ بوو. ٢ ئینجا سارا لە شارۆچکەی ئەربەع کە خەبرۆنە لە خاکی کەنعاندا مرد. ئیبراهیمیش هات تا شیوەن بۆ سارا بگێڕێ و بەسەریدا بگری. ٣ ئیبراهیم لە بەردەم مردووەکەی هەستا و لەگەڵ ڕۆڵەکانی خیت قسەی کرد و وتی: ٤ من غەریب و ئاوارەم لەناو ئێودا. لای خۆتان گۆڕێکم بە موڵك بدەنێ، تا بتوانم مردووەکەم لە بەردەمم بنێژم. ٥ ڕۆڵەکانی خیت وەڵامی ئیبراهیمیان دایەوە و پێیان وت: ٦ گوێمان لێ بگرە گەورەم، تۆ لە نێوانماندا میرێکی بەتوانای. مردووەکەی خۆت لە باشترین گۆڕی ئێمەدا بنێژە. هیچ پیاوێکیش لە ئێمە دەست بە گۆڕەکەیەوە ناگرێت بەرامبەر بە تۆ، تا مردووەکەتی تێدا نەنێژیت. ٧ ئیبراهیمیش هەستا و کڕنۆشی بۆ خەڵکی زەوییەکە برد، بۆ ڕۆڵەکانی خیت. ٨ ئینجا قسەی لەگەڵ کردن و وتی: ئەگەر ڕازین بەوەی مردووەکەم کە لەبەردەممە بینێژم، ئەوا گوێم لێبگرن و داوام بۆ بکەن لە عەفرۆنی کوڕی چۆخەر. ٩ ئەشکەوتەکەی مەکپێلەم بداتێ کە هی ئەوە و دەکەوێتە کەنار کێڵگەکەی. با بە نرخی تەواوی خۆشی بمداتێ تا لەنێو ئێوەدا بۆ گۆڕ ببێت بە موڵکم. ١٠ عەفرۆنیش لەنێو ڕۆڵەکانی خیتدا دانیشتبوو. ئینجا عەفرۆنی خیتی لەبەرچاوی هەموو ڕۆڵەکانی خیت، هەموو ئەوانەی هاتبوونە ناو دەروازەی شارەکەی، وەڵامی ئیبراهیمی دایەوە و وتی: ١١ نا گەورەم، گوێت لێم بێت، کێڵگەکەم بە تۆ بەخشی، ئەشکەوتەکەشی تێیدایە بەخشیومەتە تۆ. لەبەرچاوی گەلەکەم پێم بەخشیت. مردووەکەی خۆت بنێژە. ١٢ ئیبراهیمیش لەبەردەم خەڵکی زەوییەکەدا کڕنۆشی برد. ١٣ ئینجا لەبەرچاو خەڵکی زەوییەکە بە عەفرۆنی وت: بەڵام ئەگەر تۆ ڕازیت، ئەوا حەز دەکەم گوێشم لێ بگریت: نرخی کێڵگەکەت دەدەمێ لێمی وەربگرە ئینجا مردووەکەی خۆم لەوێ دەنێژم. ١٤ عەفرۆنیش وەڵامی ئیبراهیمی دایەوە و وتی: ١٥ گوێم لێبگرە گەورەم، زەوییەکە بای چوار سەد شاقڵ زیوە، بەڵام ئەوە چییە لە نێوان من و تۆدا! مردووەکەی خۆت بنێژە. ١٦ ئیبراهیمیش گوێی لە عەفرۆن گرت و ئەو بڕە زیوەی بۆ عەفرۆن کێشا کە لەبەرچاوی نەوەکانی خیت وتی. چوار سەد شاقڵ زیو، بەو کێشانەی لای بازرگانەکان باوبوو. ١٧ ئیتر کێڵگەکەی عەفرۆن ئەوەی لە مەکپێلەیە ئەوەی لەبەردەم مەمرێیە، کێڵگەکە و ئەشکەوتەکە کە لەناوییەتی، هەروەها هەموو ئەو دارانەی لەناو کێڵگەکەیە و لە سنووری دەوروبەریەتی بوو بە ١٨ موڵکی ئیبراهیم لەبەرچاوی هەموو ڕۆڵەکانی خیت، هەموو ئەوانەی هاتبوونە ناو دەروازەی شارەکەی. ١٩ دوای ئەوە ئیبراهیم سارای ژنی لەناو ئەشکەوتەکەی کێڵگەی مەکپێلەدا ناشت کە لەبەردەم مەمرێیە و ئەوەش خەبرۆنە لە خاکی کەنعاندا. ٢٠ ئیتر کێڵگەکە و ئەشکەوتەکەی ناوی بوو بە موڵکی ئیبراهیم بۆ گۆڕ لە لای ڕۆڵەکانی خیت.

# ٢٤

١ ئیبراهیم پیر بوو و چووە ساڵەوە. خوداوەندیش ئیبراهیمی لە هەموو شتێکدا پیرۆز کرد. ٢ ئینجا ئیبراهیم بە بەتەمەنترین لە خزمەتکارەکانی ماڵەکەی وت، کە هەرچییەکیشی هەبوو بە دەست ئەو بوو: دەست بخەرە ژێر ڕانمەوە. ٣ سوێندت دەدەم بە خوداوەند، خودای ئاسمان و خودای زەوی، کە هیچ ژنێك ناخوازیت بۆ کوڕەکەم لە کچانی کەنعانییەکان، کە خۆم نیشتەجێی نێوانیانم. ٤ بەڵکو دەڕۆیت بۆ خاکەکەم و بۆ لای کەسوکارەکەم و لەوێ ژنێك بۆ کوڕەکەم، بۆ ئیسحاق دەهێنیت. ٥ خزمەتکارەکەش پێی وت: ئەی ئەگەر ژنەکە نەیویست دوام کەوێت بۆ ئەم زەوییە؟ ئایا کوڕەکەت بگەڕێنمەوە ئەو زەوییەی لێوەی دەرچوویت؟ ٦ ئیبراهیمیش پێی وت: ئاگادار بە کوڕەکەم نەگەڕێنیەوە بۆ ئەوێ. ٧ خوداوەند، خودای ئاسمان، ئەوەی لە ماڵی باوکم و لە خاکی لەدایك بوونمەوە منی برد و ئەوەی پێی فەرمووم و ئەوەی سوێندی بۆ خواردم و فەرمووی: ئەم زەوییە بە نەوەی تۆ

دەبەخشم. ئەو فریشتەی خۆی لە پێشتەوە دەنێرێت و لەوێ ژنێك بۆ کوڕەکەم دەهێنیت. ٨ خۆ ئەگەر ژنەکەش نەیویست دوات کەوێت، ئەوا گەردنت ئازاد دەبێت لەم سوێندەی من. تەنها نەکەیت کوڕەکەم ببەیتەوە بۆ ئەوێ. ٩ ئینجا خزمەتکارەکە دەستی خستە ژێر ڕانی ئیبراهیمی گەورەیەوە و سوێندی لەسەر ئەمە بۆ خوارد. ١٠ ئیتر خزمەتکارەکە دە وشتری لە وشترەکانی گەورەکەی برد و ڕۆیشت، هەموو شتە باشەکانی گەورەکەشی بەدەستییەوە بوو، هەستا و ڕۆیشت بۆ ئارامی دوو ڕووبار[أ] بۆ شارەکەی ناخۆر. ١١ جا دەمەو ئێوارە ئەو کاتەی کچەکان دەهاتنە دەرەوە بۆ ئاو کێشان. لە دەرەوەی شارەکە لای بیرە ئاوێك وشترەکانی خست. ١٢ ئینجا وتی: ئەی خوداوەند، خودای ئیبراهیمی گەورەم، ئەمڕۆم بۆ ئاسان بکەیت، چاکە لەگەڵ ئیبراهیمی گەورەمدا بکەیت. ١٣ ئەوەتا من لای ئەم کانیی ئاوە وەستاوم و کچانی خەڵکی شارەکە دێنەدەرەوە بۆ ئاو کێشان. ١٤ دەبا ئەو کچەی پێی دەڵێم: گۆزەکەتم بۆ لارکەوە با ئاو بخۆمەوە، ئەویش بڵێت: بخۆرەوە، هەروەها وشترەکانیشت ئاو دەدەم. با ئەوت هەڵبژاردبێت بۆ خزمەتکارەکەت بۆ ئیسحاق. بەمەش دەزانم کە چاکەت لەگەڵ گەورەکەمدا کردووە. ١٥ ئەوە بوو پێش ئەوەی لە قسەکە ببێتەوە، ڕڤقە ئەوەی کچی بتوئێلی کوڕی میلکەی ژنی ناخۆری برای ئیبراهیم، بە خۆی و گۆزەکەی سەر شانییەوە هاتەدەرەوە. ١٦ کچێکی زۆر جوان بوو، پاکیزە بوو، دەستی هیچ پیاوێکی بەرنەکەوتبوو. هاتە خوارێ بۆ لای کانییەکە و گۆزەکەی پڕکرد و سەرکەوتەوە. ١٧ خزمەتکارەکەش ڕایکرد بۆ لای و وتی: تۆزێك ئاوم لە گۆزەکەت بدەرێ. ١٨ ئەویش وتی: بخۆوە گەورەم. ئیتر بەپەلە گۆزەکەی لەسەر دەستی داگرت و ئاوی پێدا. ١٩ دوای ئەوەی ئاوی پێدا، وتی: هەروەها وشترەکانیشت ئاو دەدەم، تا تێر دەخۆنەوە. ٢٠ ئینجا بەپەلە گۆزەکەی بەتاڵ کردە ناو کۆلەکە و بە ڕاکردن گەڕایەوە لای بیرەکە تا ئاو بکێشێتەوە، ئیتر ئاوی بە هەموو وشترەکان دا. ٢١ پیاوەکەش بە بێ دەنگی لێی ورد دەبووەوە تا بزانێت ئایا خوداوەند ڕێگاکەی سەرکەوتوو کردووە یان نا؟ ٢٢ کاتێك وشترەکان لە ئاوخواردنەوە بوونەوە، پیاوەکە لووتەوانەیەکی زێڕی هێنا کە کێشەکەی نیو شاقڵ بوو لەگەڵ دوو بازنی زێڕ کە کێشیان دە شاقڵ بوو. ٢٣ ئینجا لێی پرسی: تۆ کچی کێیت؟ دەتوانیت پێم بڵێیت ئایا لە ماڵی باوکتدا شوێن هەیە بۆمان تیایدا بمێنینەوە؟ ٢٤ ئەویش پێی وت: من کچی بتوئێلم، کوڕی میلکە ئەوەی لە ناخۆری بوو. ٢٥ پێیشی وت: کا و ئالیکی زۆرمان لە لایە، هەروەها شوێنیش بۆ مانەوە. ٢٦ ئیتر پیاوەکە چۆکی دادا و کڕنۆشی بۆ خوداوەند برد، ٢٧ ئینجا وتی: پیرۆزە خوداوەند، خودای ئیبراهیمی گەورەم کە وازی لە پەیمانی خۆشەویستییەکەی و دڵسۆزییەکەی نەهێنا لەگەڵ ئیبراهیمی گەورەم، من بەڕێوە بووم، خوداوەند ڕێنمایی کردم بۆ ماڵی برایانی گەورەکەم. ٢٨ کچەش ڕای کرد و ئەم شتانەی بە ماڵی دایکی ڕاگەیاند. ٢٩ ڕڤقەش برایەکی هەبوو ناوی لابان بوو، لابان ڕای کردە دەرەوە بۆ لای پیاوەکە، بۆ لای کانییەکە. ٣٠ ئەوەبوو کە لووتەوانە و بازنەکانی دەستی خوشکەکەی بینی و گوێی لە قسەکانی ڕڤقەی خوشکی بوو کە وتی: پیاوەکە ئاوا قسەی لەگەڵدا کردم، هاتە دەرەوە بۆ لای پیاوەکەو بینی وا لای وشترەکان لەسەر کانییەکە وەستاوە. ٣١ ئینجا وتی: فەرموو، ئەی پیرۆزی خوداوەند، بۆ لە دەرەوە ڕاوەستاویت؟ ئەوا من ماڵم ئامادە کردووە و شوێنیش بۆ وشترەکان. ٣٢ ئیتر پیاوەکە هاتە ماڵەوە و باری وشترەکانی کردەوە و کا و ئالیکی دا بە وشترەکان و ئاو بۆ شتنی پێی و پێی ئەو پیاوانەی لەگەڵیدا بوون. ٣٣ ئینجا نان خرایە بەردەمی تا بیخوات، بەڵام وتی: نان ناخۆم تا قسەی خۆم نەکەم. ئەویش وتی: قسە بکە. ٣٤ ئینجا وتی: من خزمەتکاری ئیبراهیمم، ٣٥ خوداوەندیش گەورەکەمی زۆر پیرۆز کردووە، مەزن بووە، مەڕ و مانگا و زیو و زێڕ و خزمەتکار و کارەکەر و وشتر و گوێدرێژی داوەتێ. ٣٦ سارای ژنی گەورەکەم لە تەمەنی پیریدا کوڕێکی بۆ گەورەم بووە، هەرچییەکی هەیە داویەتی بەو. ٣٧ گەورەشم سوێندیدام و وتی: هیچ ژنێك نەخوازیت بۆ کوڕەکەم لە کچانی کەنعانییەکان، کە خۆم نیشتەجێی خاکەکەیانم. ٣٨ بەڵکو دەچیت بۆ ماڵی باوکم بۆ لای کەسوکارەکەم و ژن بۆ کوڕەکەم دەخوازیت. ٣٩ منیش بە گەورەمم وت: ئەی ئەگەر ژنەکە دوام نەکەوت؟ ٤٠ ئەویش پێی وتم: خوداوەند ئەوەی لەبەردەمی هاتووچۆم کرد، فریشتەی خۆیت لەگەڵ دەنێرێت و ڕێگاکەت سەرکەوتوو دەکات و ژنێك بۆ کوڕەکەم دەخوازیت لە کەسوکارەکەم و لە ماڵی باوکم. ٤١ ئاوا سوێندەکەم بەتاڵ دەبێت، کە بێیت بۆ لای کەسوکارەکەم، ئەگەر نەتدەنێ ئەوا گەردنت ئازاد دەبێت لە سوێندەکەم. ٤٢ جا ئەمڕۆ کە هاتمە لای کانییەکە، وتم: ئەی خوداوەند، خودای ئیبراهیمی گەورەم، ئەگەر ڕێگاکەم سەرکەوتوو دەکەیت کە لەسەری دەڕۆم، ٤٣ ئەوەتا من لەسەر ئەم کانیی ئاوە وەستاوم، دەبا ئەو کچەی کە دێتە دەرەوە بۆ ئاو کێشان و پێی دەڵێم: تۆزێك ئاوم لە گۆزەکەت بدەرێ. ٤٤ ئەویش پێم دەڵێت: تۆ بخۆوە، هەروەها ئاو بۆ وشترەکانیشت دەکێشمەوە. ئەوە ئەو ژنە بێت کە خوداوەند بۆ کوڕی گەورەکەمی هەڵبژاردووە. ٤٥ ئەوە بوو هێشتا قسەکەم لە دڵی خۆمدا تەواو نەکردبوو کە ڕڤقە هاتە دەرەوە و گۆزەکەی لەسەر شانی بوو. ئیتر هاتە خوارێ بۆ لای کانییەکە و گۆزەکەی پڕکرد. منیش پێم وت: ئاوم پێ بدە. ٤٦ ئەویش بەپەلە گۆزەکەی سەرشانی خۆی داگرت و وتی: تۆ بخۆوە، هەروەها وشترەکانیشت ئاو دەدەم. منیش خواردمەوە، هەروەها وشترەکانیشی ئاودا. ٤٧ پرسیارم لێکرد و وتم: تۆ کچی کێیت؟ ئەویش وتی: کچی بتوئێلی کوڕی ناخۆرم ئەوەی لە میلکەیە. ئیتر لووتەوانەکەم کردە لووتی و بازنەکانیشم کردە دەستی. ٤٨ منیش چۆکمدادا و کڕنۆشم بۆ خوداوەند برد. خوداوەندم پیرۆز کرد، خودای ئیبراهیمی گەورەم، کە ڕێنمایی کردم بۆ سەر ڕێگای ڕاست بۆ ئەوەی کچی برای گەورەکەم بۆ کوڕەکەی بهێنم. ٤٩ ئێستاش ئەگەر چاکی و دڵسۆزی لەگەڵ گەورەکەم دەکەن، ئەوا پێم ڕاگەیێنن، خۆ ئەگەر نا، ئەوا پێم ڕاگەیێنن، تا ڕوو لە ڕاست یان لە چەپ بکەم. ٥٠ لابان و بتوئێل وەڵامیان دایەوە و وتیان: ئەم کارە لە لای خوداوەندەوە دەرچووە، ناتوانین نە بە خراپ و نە بە چاك هیچت پێ بڵێین. ٥١ ئەوەتا ڕڤقە لەبەردەمتایە، بیبە و بڕۆ، با ببێتە ژنی کوڕی گەورەکەت وەك چۆن خوداوەند فەرمووی. ٥٢ ئیتر کە خزمەتکارەکەی ئیبراهیم گوێی لە قسەکانیان بوو، کڕنۆشی بەرەو زەوی برد بۆ خوداوەند. ٥٣ ئینجا خزمەتکارەکە قاپی زیو و قاپی زێڕ و جلوبەرگی دەرهێنا و پێشکەشی ڕڤقەی کرد، هەروەها دیاری گرانبەهای دا بە براکەی و دایکی. ٥٤ ئیتر خۆی و پیاوەکانی کە لەگەڵی بوون خواردیان و خواردیانەوە و لەوێ مانەوە. بۆ بەیانی لە خەو هەستان و وتی: بمنێرنەوە بۆ لای گەورەکەم. ٥٥ براکەی و دایکی وتیان: با کچەکە چەند ڕۆژێك یان دە ڕۆژ لامان بمێنێتەوە، پاشان بکەوێتە ڕێ. ٥٦ ئەویش پێی وتن: دوام مەخەن کە خوداوەند ڕێگای بۆ سەرکەوتوو کردووم. بمنێرنەوە و دەڕۆمەوە بۆ لای گەورەکەم. ٥٧ ئەوانیش وتیان: کچەکە بانگ دەکەین و بە دەم پرسیاری لێ دەکەین. ٥٨ ئیتر ڕڤقەیان بانگ کرد و پێیان وت: لەگەڵ ئەم پیاوەدا دەڕۆیت؟

[أ] ٢٤ : ١٠ میزۆپۆتامیا یان وڵاتی نێوان دجلەو فورات.

ئەویش وتی: دەڕۆم. ٥٩ ئیتر ڕڤقەی خوشکیان و دایەنەکەی و
خزمەتکارەکەی ئیبراهیم و پیاوەکانییان بەڕێکرد. ٦٠ ڕڤقەشیان
پیرۆز کرد و پێیان وت: تۆ خوشـــکمانیت، ببە بە هەزار
هەزار، بـا نەوەکـانیشـــت ببن بە میراتگری دەروازی
ناحەزانیان. ٦١ ئینجا ڕڤقە و کەنیزەکانی هەسـتان و سـواری
وشـترەکان بوون و دوای پیاوەکە کەوتن. ئیتر خزمەتکارەکە
ڕڤقەی برد و ڕۆیشـــت. ٦٢ ئیسـحاق کە لە زەوی باشـــوور
نیشـــتەجێ بوو، لە ڕێگـای بئێر لەخەی ڕۆئێوە هـاتبووەوە.
٦٣ ئیسـحاق دەمەو ئێوارە ڕۆیشـتە دەرەوە بۆ ناو کێڵگەکە و
نووقمی بیرکردنەوە بوو، کە چـاوی هەڵبڕی، بینی ئەوەتـا
هەندێ وشـتر وا دێن. ٦٤ ڕڤقەش چاوی هەڵبڕی و ئیسـحاقی
بینی. ئیتر لە وشـترەکە دابەزی. ٦٥ بە خزمەتکارەکەی وت:
ئەم پیاوە کێیە وا لە کێڵگەکەدا بۆ لامان دێت؟ خزمەتکارەکەش
وتـی: ئەوە گەورەکەمە. ئەویش بە ڕووپۆشـــەکەی خۆی
داپۆشـی. ٦٦ ئیتر خزمەتکارەکە هەرچی کردبوو بۆ ئیسـحاقی
گێڕایەوە. ٦٧ ئیسـحاقیش ڕڤقەی بردە ناو چادرەکەی سـارای
دایکی، هێنای و بوو بە ژنی و خۆشـیویسـت. ئەمەش بووە
دڵنەوایی ئیسحاق لە دوای دایکی.

# ٢٥

١ ئیبراهیم جارێکی تر ژنی هێنا و ناوی قتورە بوو. ٢ ئەویش
زمران و یاقشان و مدان و مدیان و یشباق و شوخەی بۆ بوو.
٣ یاقشانیش شبا و دیدانی بوو. وەچەکانی دیدانیش، ئەشووریم
و لتوشـیم و لئۆمیم بوون. ٤ کوڕانی مدیانیش، عێیفە و عێفەر
و خەنۆك و ئەبیداع و ئەلداعە بوون. ئەمانە هەموو کوڕی
قتورە بوون. ٥ ئیبراهیم هەرچییەکی هەبوو دای بە ئیسـحاق.
٦ بەو کوڕانەش کە لە کەنیزەکـانی ئیبراهیم بوون، ئیبراهیم
کـاتێ هێشـتـا لە ژیان بوو، دیاری دانێ و نـاردنی بەرەو
ڕۆژهەڵات، بۆ خاکی ڕۆژهەڵات دوور لە ئیسـحاقی کوڕی.
٧ ئەمەش سـاڵانی ژیانی ئیبراهیمە، کە سـەد و حەفتا و پێنج
ساڵ ژیا. ٨ ئینجا ئیبراهیم دوا هەناسەی دا و مرد لە تەمەنێکی
بـاشـی پیریدا، پیرەمێردێکی تێر لە ژیـان خواردوو، ئیتر
چووەوە پاڵ گەلەکەی خۆی. ٩ هەر دوو کوڕەکەشی، ئیسحاق
و ئیسـماعیل، هێنایان لە ئەشکەوتەکەی مەکپێلە کە لەبەردەم
مەمرێیە بە خاکیان سـپارد، لە کێڵگەکەی عەفرۆنی کوڕی
چۆخەری خیتی. ١٠ ئەو کێڵگەیەی ئیبراهیم لە ڕۆڵەکانی خیتی
کڕی. لەوێ ئیبراهیم و سـارای ژنی بە خاك سـپێردران.
١١ دوای مردنی ئیبراهیم، خودا ئیسـحاقی کوڕی پیرۆزکرد.
ئیسـحاقیش لە لای بئێر لەخەی ڕۆئێوە نیشـتەجێ بوو.
١٢ ئەمانەش نەوەکانی ئیسـماعیلی کوڕی ئیبراهیمن کە لە
هاجەری میسـرییەوە، کەنیزەکەی سـارا بۆ ئیبراهیمی بوو.
١٣ ئەمانەش ناوی ڕۆڵەکانی ئیسـماعیلن، ناویان بەپێی لەدایك
بوونیان، نبایۆت کە نۆبەرەی ئیسماعیل بوو ، هەروەها قێدار
و ئەدبەئیل و مبسام، ١٤ مشماع و دوما و مەسسا، ١٥ خەدەد و
تێیمـا و یتور و نـافیش و کێدمە. ١٦ ئەمـانە بوون کوڕانی
ئیسماعیل و ئەمانەن ناوی دێهات و قەڵاکانیان، دوانزە میر بە
پێی هۆزەکانیان.[أ] ١٧ ئەمەش سـاڵانی ژیانی ئیسـماعیل بوو،
سەد و سی و حەوت ساڵ بوو. ئینجا دوا هەناسەی دا و مرد،
ئیتر چووەوە پـاڵ گەلەکەی خۆی. ١٨ لە خەڤیلەشـەوە کـاتێ
بەرەو ئەشـور دێیت تا شـوور ئەوەی بەرامبەر میسـرە
نیشـتەجێبوون، بەرامبەر گشـت براکانی دابەزی. ١٩ ئەمانەش
نەوەکانی ئیسـحاقی کوڕی ئیبراهیمە. ئیبراهیم ئیسـحاقی بوو.
٢٠ ئیسـحاق تەمەنی چل سـاڵ بوو کاتێ ڕڤقەی کچی بتوئێلی
ئارامی کە خوشـکی لابانی ئارامی بوو لە پەدەن ئارامەوە
هێنای تا ببێ بە ژنی. ٢١ ئیسحاق لە خوداوەند پاڕایەوە لە پێناو
ژنەکەی، چونکە نەزۆك بوو. خوداوەندیش وەڵامی دایەوە و
ڕڤقەی ژنی سـکی پڕ بوو. ٢٢ هەردوو کوڕەکە لە سـکیدا
ململانێی یەکتریـان دەکرد، ئەویش وتی: بۆچی ئەمە لەمن
ڕوو دەدات؟ ئیتر ڕۆیشـت تا پرسـیار لە خوداوەند بکات.
٢٣ خوداوەندیش پێی وت: دوو نەتەوە لە سکتدان، دوو گەل لە
هەنـاوتەوە لە یەك جیـادەبنەوە، گەلێکیـان لە گەلەکەی تر
بەهێزتر دەبێت، گەورەکەیـان کۆیلەی بچووکەکەیـان دەبێت.
٢٤ کە ڕۆژانی خۆی تەواوکرد و هـاتە سـەر منداڵ بوون،
ئەوەتا دووانەیەك لە سـکیدان. ٢٥ ئەوەیان کە یەکەمجار هاتە
دەرەوە سـوور بوو، هەموو لەشـی وەك کەوڵێکی تووکن
وابوو، ناویان نا عیسـۆ.[ب] ٢٦ دوای ئەمە براکەی هاتەدەرەوە،
بە دەسـتیشـی پاژنە پێی عیسـۆی گرتبوو، ناویان نا یاقوب[ت].
ئیسحاق لە تەمەنی شەست ساڵیدا بوو کاتێ ڕڤقە ئەمانی بوو.
٢٧ هەردوو کوڕەکە گەورەبوون، عیسـۆ بوو بە پیـاوێکی
شـارەزا لە ڕاو، پیاوی دەشـتودەر، یاقوبیش پیاوێکی تەواو و
چادرنشـین بوو. ٢٨ ئیسـحاق عیسـۆی خۆشـویسـت، چونکە
نێچیرەکانی لە دەمی بوون، ڕڤقەش یاقوبی خۆشـدەویسـت.
٢٩ ڕۆژێك یاقوب چێشتی لێدەنا، عیسۆ لە دەشتودەر هاتەوە و
پەکی کەوتبوو. ٣٠ عیسـۆ بە یاقوبی وت:هەندێکم لەو چێشـتە
سـوورە بدەرێ! چونکە پەکم کەوتووە. لەبەر ئەمەیە نـاوی
لێنرا ئەدۆم.[ث] ٣١ یاقوبیش وتی: تۆش ئەمڕۆ نۆبەرایەتییەکەی
خۆتم پێبفرۆشە. ٣٢ عیسۆ وتی: ئەوتا من خەریکە دەمرم، ئیتر
نۆبەرەییم بۆ چییە؟ ٣٣ یاقوبیش وتی: ئادەی ئەمڕۆ سـوێندم بۆ
بخۆ. ئەویش سـوێندی بۆ خوارد و نۆبەرایەتییەکەی خۆی بە
یاقوب فرۆشت. ٣٤ ئینجا یاقوب نان و نیسکێنەی دا بە عیسۆ.
ئیتر عیسـۆ خواردی و خواردییەوە و هەسـتا و ڕۆیشـت و
سووکایەتی بە نۆبەرایەتی کرد.

# ٢٦

١ ئینجا برسـێتی لە زەوییەکەدا ڕوویدا، جیا لەو برسـێتیەی
یەکەمجار ڕوویدا لە ڕۆژانی ئیبراهیم. ئیسـحاقیش ڕۆیشـتە
لای ئەبیمەلەکی پـاشـای فەلەسـتینیەکـان لە گرارا. ٢ جا
خوداوەند بۆی دەرکەوت و فەرمووی: بەرەوخوار مەبەوە بۆ
میسـر، لەو زەوییەدا نیشـتەجێبە کە خۆم پێت دەڵێم. ٣ لەم
زەوییەدا ئاوارەبە، خۆم لەگەڵت دەبم و پیرۆزت دەکەم. چونکە
هەموو ئەم خاکە دەدەم بە خۆت و بە نەوەکەت، ئەو سوێندەش
دەچەسـپێنم کە بۆ ئیبراهیمی باوکتم خواردووە. ٤ نەوەشـت
زۆر دەکەم وەك ئەستێرەکانی ئاسمان و هەموو ئەم خاکەشم
داوە بە نەوەکەت و لە نەوەی تۆوە گشت گەلانی زەوی پیرۆز
دەکرێن. ٥ لەبەرئەوەی ئیبراهیم گوێڕایەڵی وشـەکەم بوو،
ئامۆژگاریەکان و فەرمانەکان و فەرزەکان و فێرکردنەکانمی
پاراست. ٦ ئیتر ئیسحاق لە گرار نیشتەجێ بوو. ٧ پیاوانی ئەو
شوێنە دەربارەی ژنەکەی پرسیاریان لێکرد، ئەویش وتی: ئەو
خوشکمە. چونکە ترسا بڵێت ژنمە. نەوەك پیاوانی شـوێنەکە
لەبەر ڕڤقە دەم کوژن، چونکە جوانە. ٨ کـاتێ ڕۆژانی لەوێ

[أ] ٢٥ : ١٦ بڕوانە ١٦ : ١٢ .
[ب] ٢٥ : ٢٥ عیسۆ مانای تووکنە.
[ت] ٢٥ : ٢٦ یاقوب مانای پاژنەگر، یان جێگر، بڕوانە ٢٧ : ٣٦ .
[ث] ٢٥ : ٣٠ ئەدۆم مانای سوورەیە.

درێژەی کێشا، ئەبیمەلەکی پاشای فەلەستینیەکان لە پەنجەرەکەوە سەیری خوارەوەی دەکرد و بینی ئەوەتا ئیسحاق خەریکی دەستبازییە لەگەڵ ڕفقەی ژنیدا. ٩ ئینجا ئەبیمەلەك ناردی بە دوای ئیسحاقدا و وتی: کەواتە ئەو ژنتە! ئەی چۆن وتت: ئەو خوشکمە؟ ئیسحاقیش پێی وت: چونکە وتم لەوانەیە بە هۆی ئەوەوە بمرم. ١٠ ئەبیمەلەکیش وتی: ئەمە چییە بە ئێمەت کرد؟ ئەوەندەی نەمابوو یەکێك لەم خەڵکە لەگەڵ ژنەکەت دەنووست و تووشی تاوانت دەکردین. ١١ ئیتر ئەبیمەلەك فەرمانی دا بە هەموو خەڵکەکە و وتی: هەر کەسێك دەست بەرێت بۆ ئەم پیاوە یان ژنەکەی بێگومان دەمرێت. ١٢ ئیسحاق لەو زەوییەدا کشتوکاڵی کرد و هەر ئەو ساڵە سەد ئەوەندەی دەست کەوت، خوداوەندیش پیرۆزی کرد. ١٣ ئیتر پیاوە گەورە بوو، هەتا دەهاتیش گەورەتر دەبوو تا زۆر گەورەبوو. ١٤ جا بوو بە خاوەن مەڕ و مانگا و خزمەتکارێکی زۆریش فەلەستینیەکانیش حەسوودیان پێبرد. ١٥ هەموو ئەو بیرانەش کە خزمەتکارەکانی باوکی لە ڕۆژانی ئیبراهیمی باوکیدا هەڵیان کەندبوو، فەلەستینیەکان دایان خست و بە خۆڵ پڕیان کردبووەوە. ١٦ ئینجا ئەبیمەلەك بە ئیسحاقی وت: لەلای ئێمە بڕۆ، چونکە زۆر لە ئێمە بەهێزتر بوویت. ١٧ ئیتر ئیسحاق لەوێ ڕۆیشت و لە دۆڵی گرار هەواری هەڵدا و لەوێ نیشتەجێ بوو. ١٨ ئیسحاق جارێکی تر ئەو بیرانەی هەڵدایەوە کە لە ڕۆژانی ئیبراهیمی باوکیدا هەڵکەندرابوون و فەلەستینیەکان دوای مردنی ئیبراهیم دایان خست بوو، هەر هەمان ناویشی لێنان کە باوکی لێی نابوون. ١٩ خزمەتکارەکانی ئیسحاق لە دۆڵەکەدا کەوتنە هەڵکەندن و بیرێکی ئاوی ڕەوانیان لەوێ دۆزییەوە. ٢٠ بەڵام شوانەکانی گرار بوو بە ناکۆکیان لەگەڵ شوانەکانی ئیسحاقدا و وتیان: ئاوەکە هی ئێمەیە. ئیتر بیرەکەی ناونا ئێشەق، چونکە کردیان بە ناکۆکی لەگەڵی. ٢١ ئینجا بیرێکی دیکەیان هەڵکەند، بەڵام دیسان لەسەر ئەمەش بوو بە ناکۆکیان، ئەمەشیانی ناونا ستنا. ٢٢ ئیتر لەوێ گواستیەوە و بیرێکی دیکەی هەڵکەند، ناکۆك نەبوون لەسەری، ئەمەیانی ناونا ڕخۆبۆت و وتی: چونکە ئێستا خوداوەند بۆی فراوان کردین، لە زەوییەکەدا بە بەرووبووم دەبین. ٢٣ ئینجا لەوێوە بەرەو ژوور بووەوە بۆ بئێر شابەع. ٢٤ جا لەو شەوەدا خوداوەند دەرکەوت بۆی و فەرمووی: من خودای ئیبراهیمی باوکتم. مەترسە، چونکە لەگەڵتم. پیرۆزت دەکەم و نەوەت زۆر دەکەم لەبەر ئیبراهیمی خزمەتکارم. ٢٥ ئیتر ئیسحاق لەوێ قوربانگایەکی بنیادنا و بە ناوی خوداوەندەوە بانگی کرد و لەوێ چادرەکەی هەڵدا، خزمەتکارەکانیشی لەوێ بیرێکیان هەڵکەند. ٢٦ ئینجا ئەبیمەلەك لەگەڵ ئەخوزەتی برادەری و فیکۆلی سەر لەشکری لە گرارەوە هاتنە لای. ٢٧ ئیسحاقیش پێی وتن: بۆ هاتوونەتە لام، کە خۆتان ڕقتان لێم بووەوە و لە لای خۆتان دەرتان کردم؟ ٢٨ ئەوانیش وتیان: ئێمە بە تەواوی بینیمان کە خوداوەند لەگەڵ تۆ بوو، ئیتر وتمان، با لە نێوانمان سوێند هەبێت، لە نێوان ئێمە و تۆ و پەیمانت لەگەڵ ببەستین. ٢٩ کە خراپەمان لەگەڵ نەکەیت، وەك چۆن ئێمە دەستمان بۆت نەبرد، لە چاکەش بەولاوە هیچی دیکەمان لەگەڵ نەکردیت و بە سەلامەتی ڕەوانەمان کردیت. ئێستاش تۆ پیرۆزی خوداوەندی. ٣٠ ئینجا ئیسحاق خوانی بۆ سازدان، ئیتر خواردیان و خواردیانەوە. ٣١ بۆ سبەی بەیانی زوو لە خەو هەستان و هەریەکە و سوێندی بۆ براکەی خوارد. ئینجا ئیسحاق ڕەوانەیکردن، ئەوانیش بە سەلامەتی لە لای ڕۆیشتن. ٣٢ ئەوەبوو هەر لەو ڕۆژەدا خزمەتکارەکانی ئیسحاق هاتن و دەربارەی ئەو بیرەی کە هەڵیان کەندبوو پێیان ڕاگەیاند، پێیان وت: ئاومان دۆزییەوە. ٣٣ ئەویش ناوینا شبعە، لەبەر ئەوەیە هەتا ئەمڕۆش ناوی شارەکە بئێر شبەعە. ٣٤ عیسۆ تەمەنی بوو بە چل ساڵ و ژنی هێنا، یەهودیتی کچی بئێری خیتی و باسمەتی کچی ئێلۆنی خیتی. ٣٥ جا بوون بە مایەی خەم وخەفەت بۆ ئیسحاق و ڕفقە.

# ٢٧

١ ئینجا کە ئیسحاق پیر بوو و چاوەکانی کز بوون بۆ بینین، عیسۆی کوڕە گەورەی خۆی بانگکرد و پێی وت: کوڕی خۆم. ئەویش پێی وت: ئەوەتام. ٢ ئینجا وتی: ئەوا پیر بووم و ڕۆژی مردنی خۆم نازانم. ٣ ئێستاش چەکەکەت، تیردانەکەت و کەوانەکەت هەڵبگرە و بڕۆ بۆ دەشتودەر و نێچیرێکم بۆ ڕاو بکە. ٤ ئەو خواردنەی حەزم لێیەتی ئامادەی بکە بۆم و بیهێنە تا بیخۆم، بۆ ئەوەی گیانم پیرۆزت بکات بەرلەوەی بمرم. ٥ ڕفقە گوێی لێبوو کاتێ ئیسحاق قسەی لەگەڵ عیسۆ دەکرد. ئینجا عیسۆ ڕۆیشتە دەشتودەر تا نێچیرێك ڕاو بکات و بیهێنێتەوە. ٦ ڕفقە لەگەڵ یاقوبی کوڕی قسەی کرد و وتی: ئەوەتا گوێم لە باوکت بوو قسەی لەگەڵ عیسۆی برات دەکرد و وتی: ٧ نێچیرێکم بۆ بهێنە و خواردنم بۆ ئامادە بکە، دەیخۆم و لەبەردەم خوداوەند پیرۆزت دەکەم بەر لە مردنم. ٨ ئێستاش، کوڕی خۆم، گوێ لە دەنگم بگرە، لەوەی من فەرمانت پێدەدەم، ٩ بڕۆ لای ڕانەکە و دوو کارە بزنی چاکم بۆ بهێنە، تا بیانکەمە خواردن بۆ باوکت، وەك ئەوەی حەزی لێیەتی. ١٠ ئینجا دەیبەیت بۆ باوکت و دەیخوات، تا پیرۆزت بکات بەر لە مردنی. ١١ یاقوبیش بە ڕفقەی دایکی وت: ئەوەتا عیسۆی برام پیاوێکی تووکنە و منیش پیاوێکی کۆسەم. ١٢ ڕەنگە باوکم دەستم لێبدات؟ خۆ لەبەر چاوی دەبمە فێڵباز و ئینجا نەفرەت بەسەر خۆمدا دەهێنم نەك پیرۆزی. ١٣ دایکیشی پێی وت: کوڕی خۆم، با نەفرەتەکەت لە من بکەوێت. تەنها گوێ لە من بگرە و بڕۆ بیانهێنە بۆم. ١٤ ئیتر ئەویش ڕۆیشت و هەڵیگرت و هێنانی بۆ دایکی. دایکیشی خواردنی دروستکرد وەك ئەوەی باوکی حەزی لێدەکرد. ١٥ ئینجا ڕفقە جلوبەرگە باشەکەی عیسۆی کوڕە گەورەی هەڵگرت، کە لای خۆی بوو لە ماڵەوە، کردییە بەر یاقوبی کوڕە بچووکی. ١٦ پێستی کارە بزنەکانیشی کردە دەستەکانی و ئەو بەشەی ملی کە لووسە. ١٧ ئینجا خواردنەکە و نانەکەی دروستی کردبوون دایە دەست یاقوبی کوڕی. ١٨ جا هات بۆ لای باوکی و وتی: باوکە. ئەویش وتی: ئەوەتام، تۆ کێیت کوڕم؟ ١٩ یاقوبیش بە باوکی وت: من عیسۆی نۆبەرەتم ئەوەی پێت وتم کردم. هەستە، دانیشە و لە ڕاوەکەم بخۆ بۆ ئەوەی گیانت پیرۆزم بکات. ٢٠ ئیسحاقیش بە کوڕەکەی وت: ئەوە چۆن وا خێرا پەیدات کرد، کوڕی خۆم؟ ئەویش وتی: خوداوەند، خودات بۆی هێنام. ٢١ ئینجا ئیسحاق بە یاقوبی وت: وەرە پێشەوە با دەستت لێبدەم کوڕی خۆم، تا بزانم ئایا تۆ عیسۆی کوڕمیت یان نا. ٢٢ یاقوبیش لە ئیسحاقی باوکی چووە پێشەوە، ئەویش دەستی لێدا و وتی: دەنگەکە دەنگی یاقوبە، بەڵام دەستەکان دەستی عیسۆن. ٢٣ ئیتر نەیناسیەوە، چونکە دەستەکانی وەك دەستەکانی عیسۆی برای تووکن بوون، ئەویش پیرۆزی کرد. ٢٤ پێی وت: ئایا تۆ عیسۆی کوڕمیت؟ ئەویش وتی: منم. ٢٥ ئینجا وتی: بیهێنە پێشم با لە ڕاوی کوڕەکەم بخۆم، بۆ ئەوەی گیانم پیرۆزت بکات. ئیتر هێنایە پێشی و خواردی و مەیی بۆ هێنا و خواردیەوە. ٢٦ ئیسحاقی باوکی پێی وت: وەرە پێشەوە و ماچم بکە، کوڕی خۆم. ٢٧ ئەویش چووە پێشەوە و ماچی کرد. ئیتر بۆنی جلەکانی کرد و پیرۆزی کرد و وتی: بڕوانە، بۆنی کوڕەکەم وەك بۆنی دەشتودەرە کە خوداوەند پیرۆزی کردووە. ٢٨ با خودا لە شەونمی ئاسمان و لە چەوری زەویت بداتێ، هەروەها گەنمی زۆر و مەی تازە. ٢٩ با گەلان

بن بە خزمەتکارت، نەتەوەکانیش کڕنۆشت بۆ ببەن. ببە بە
سەروەری براکانت، کوڕانی دایکت کڕنۆشت بۆ ببەن. با
نەفرەت لێکەرانت نەفرەت لێکراوبن و پیرۆزکەرانت
پیرۆزبن. ٣٠ پاش ئەوەی ئیسحاق لە پیرۆزکردنی یاقوب
بووەوە و یاقوب لە لای ئیسحاقی باوکی دەرچووە دەرەوە،
عیسۆی برای لەڕاوەکەی هاتەوە. ٣١ ئەویش خواردنی
ئامادەکرد و بردیە ژوورەوە بۆ باوکی و بە باوکی وت: با
باوکم ڕاست ببێتەوە و لە ڕاوی کوڕەکەی بخوات تا گیانت
پیرۆزم بکات. ٣٢ ئیسحاقی باوکیشی پێی وت: تۆ کێیت؟
ئەویش وتی: من کوڕە نۆبەرەکەی خۆتم، عیسۆ. ٣٣ ئیتر
ئیسحاق لەرزینێکی زۆر توند لەرزی و وتی: ئەی کێ بوو
ئەوەی کە نێچیرێکی ڕاوکردبوو و بۆی هێنام؟ منیش لە
هەموویم خوارد پێش ئەوەی تۆ بێیت و پیرۆزیشم کرد،
هەروەها پیرۆزیش دەبێت. ٣٤ عیسۆ کە قسەکانی باوکی بیست
هاواری کرد، هاوارێکی بەرز و زۆر تاڵ ، بە باوکی وت:
باوکە، دە منیش پیرۆز بکە! ٣٥ ئەویش وتی: ئاخر براکەت بە
فێڵبازی هات و پیرۆزییەکەتی برد. ٣٦ ووتی: ئایا لەجێی
خۆیدا نییە کە ناونراوە یاقوب؟ ئەوە دوو جارە جێم بگرێتەوە،
نۆبەرەییەکەمی برد، وا ئێستاش پیرۆزییەکەمی برد. ئینجا
وتی: ئەی هیچ پیرۆزییەکت بۆ من نەهێشتۆتەوە؟ ٣٧ ئیسحاق
وەڵامی دایەوە و بە عیسۆی وت: وا ئەوم کردووە بە
سەروەری تۆ و هەموو براکانیشیم داوەتێ تا بن بە
خزمەتکاری و بە گەنم و مەی تازە پشتگیریم کردووە. ئیتر
بۆ تۆ چی بکەم، کوڕم؟ ٣٨ عیسۆش بە باوکی وت: ئایا تەنها
یەك پیرۆزیت هەیە؟ هەروەها منیش پیرۆز بکە باوکە. ئیتر
عیسۆ دەنگی هەڵبڕی و گریا. ٣٩ ئینجا ئیسحاقی باوکی
وەڵامی دایەوە و وتی: ئەوەتا لە چەوری زەویەوە دەبێت
نیشینگەکەت و لە شەونمی ئاسمان لە سەرەوە. ٤٠ لەسەر
شمشێرەکەت دەژیت و بۆ براکەت دەبیت بە خزمەتکار. بەڵام
کاتێ سەرکێش بوویت، نیرەکەی دەشکێنیت کە بە ملتەوەیە.
٤١ ئیتر عیسۆ ڕقی لە یاقوب هەڵگرت بە هۆی ئەو پیرۆزییەی
کە باوکی پیرۆزی کردبوو. عیسۆ لە دڵی خۆیدا وتی: ڕۆژانی
پرسەی باوکم نزیکە، ئینجا یاقوبی برام دەکوژم. ٤٢ ڕفقەش
لەم قسانەی عیسۆی کوڕە گەورەی ئاگادار کرا، ئیتر ناردی
بەدوای یاقوبی کوڕە بچووکیدا و پێی وت: ئەوەتا عیسۆی
برات دڵخۆشی خۆی بەوە دەداتەوە کە تۆ دەکوژێت.
٤٣ ئێستاش کوڕی خۆم، گوێ لەقسەی من بگرە و ڕابکە بۆ
لای لابانی برام لە خاران. ٤٤ بۆ چەند ڕۆژێك لای ئەو بمێنەوە
هەتا ڕقی براکەت دەنیشێتەوە. ٤٥ کاتێکیش تووڕەیی براکەت
بەرامبەر بە تۆ نیشتەوە و ئەوەی لەبیرکرد کە پێت کردووە،
ئەوا دەنێرم و لەوێ دەتهێنمەوە. ئیتر بۆ بە یەك ڕۆژ
هەردووکتانم لەکیس بچێت؟ ٤٦ ئینجا ڕفقە بە ئیسحاقی وت:
لە ژیانی خۆم بێزارم لەبەر کچانی خیت، خۆ ئەگەر یاقوبیش
ژنێك لە کچانی خیت بهێنێت، وەك ئەمانە لە کچانی ئەم خاکە،
ئیتر ژیانم بۆ چییە؟

# ٢٨

١ ئیسحاق یاقوبی بانگکرد و پیرۆزی کرد و فەرمانی پێکرد و
پێی وت: لە کچانی کەنعان ژن نەخوازیت. ٢ هەستە بڕۆ بۆ
پەدان ئارام بۆ ماڵی بتوئێلی باوکی دایکت و لەوێ لە کچەکانی
لابانی برای دایکت ژنێك بۆ خۆت بخوازە. ٣ خودای هەرە
بەتوانا پیرۆزت دەکات و بەردارت دەکات و زۆرت دەکات و
دەبیتە کۆمەڵێك گەل. ٤ پیرۆزی ئیبراهیمت پێدەدات، بە خۆت
و بە نەوەکەت لەگەڵتدا تا میراتگری زەوی ئاوارەییت بیت،
ئەوەی خودا بە ئیبراهیمی دا. ٥ ئیتر ئیسحاق یاقوبی نارد،
ئەویش ڕۆیشت بۆ پەدان ئارام بۆ لای لابانی کوڕی بتوئێلی
ئارامی، برای ڕفقەی دایکی یاقوب و عیسۆ. ٦ عیسۆش بینی
ئیسحاق یاقوبی پیرۆز کرد و ناردیە پەدان ئارام تا لەوێ
ژنێك بۆ خۆی بخوازێت، کاتێ پیرۆزیکرد و فەرمانی پێدا و
پێی وت: لە کچانی کەنعان ژن نەخوازیت. ٧ جا یاقوبیش
گوێڕایەڵی باوك و دایکی بوو و ڕۆیشتە پەدان ئارام. ٨ عیسۆ
بینی کە لەپێش چاوی ئیسحاقی باوکیدا، کچانی کەنعانیان
بەدکردەوەن. ٩ ئینجا عیسۆ چوو بۆ لای ئیسماعیل و مەخلەی
خوشکی نەبایۆتی کچی ئیسماعیلی کوڕی ئیبراهیمی بۆ خۆی
خواست بەسەر ژنەکانی دیکەیدا. ١٠ ئینجا یاقوب لە بئێر
شەبەع دەرچوو و بەرەو خاران چوو. ١١ ئیتر ڕێی کەوتە
شوێنێك و لەوێ مایەوە، چونکە خۆر ئاوا بووبوو. بەردێکیشی
لەبەردەکانی ئەو شوێنە هێنا و خستییە ژێر سەری و لەو
شوێنەدا ڕاکشا. ١٢ خەوێکی بینی، ئەوەتا پێپلیکانەیەك لەسەر
زەوی ڕاگیراوە و سەریشی لە ئاسمان دەدات و ئەوەتا
فریشتەکانی خوداش پێیدا سەردەکەون و دێنە خوارێ و
١٣ ئەوەتا خوداوەند وەستاوە و فەرمووی: من خوداوەندم،
خودای ئیبراهیمی باوکت و خودای ئیسحاق. ئەو زەوییەی
لەسەری ڕاکشاویت دەیدەم بە خۆت و بە نەوەکەت.
١٤ نەوەکەت وەك خۆڵی زەوی دەبێت و بەرەو خۆرئاوا و
خۆرهەڵات و باکوور و باشووردا بڵاودەبیتەوە. هەموو
هۆزەکانی زەویش لە تۆ و نەوەی تۆوە پیرۆز دەکرێن.
١٥ ئەوەتا لەگەڵتدام و دەتپارێزم بۆ هەر لایەك بچیت،
دەشتگەڕێنمەوە بۆ ئەم زەوییە، چونکە وازت لێ ناهێنم هەتا
ئەوە ئەنجام نەدەم کە پێم فەرمووی. ١٦ یاقوب لەخەوەکەی
خەبەری بووەوە وتی: بێگومان خوداوەند لەم شوێنەدایە،
منیش نەمزانی! ١٧ ترسیش دایگرت و وتی: ئەم شوێنە چەند
ترسناکە! ئەمە هیچی تر نییە ماڵی خودا نەبێت، ئەمەش
دەروازەی ئاسمانە. ١٨ یاقوب بۆ سبەینێ زوو لەخەو هەستا و
هێنای ئەو بەردەی لەژێر سەری خۆی داینابوو بە ئەستوونی
ڕاگیری کرد و زەیتی بەسەردا کرد. ١٩ ئەو شوێنەشی ناونا
بێیت ئێل[أ]. بەڵام پێشتر شارەکە ناوی لوز بوو. ٢٠ یاقوب
نەزرێکیشی نەزرکرد و وتی: ئەگەر خودا لەگەڵ من بێت و
بمپارێزێت لەم ڕێگایەدا کە پێیدا دەڕۆم و نانی پێدام بیخۆم و
جلوبەرگیش بیپۆشم، ٢١ بە سەلامەتیش گەڕامەوە لای ماڵی
باوکم ئەوا خوداوەند دەبێتە خودای من. ٢٢ ئەم بەردەش کە
بەستوونی ڕاگیرم کردووە، دەبێتە ماڵی خودا و هەرچییەکیشم
پێیبەخشیت ئەوا دەیەکی هی خۆتە.

# ٢٩

١ ئینجا یاقوب پێی هەڵگرت و ڕۆیشت بەرەو زەوی گەلانی
ڕۆژهەڵات. ٢ بینی ئەوەتا بیرێك لە دەشت ودەرەکەدایە و
ئەوەتا سێ ڕانە مەڕ لەوێدا خۆیان مات کردووە لە لایەوە،
چونکە لەو بیرەوە ڕانەکانیان ئاو دەدا. بەردێکی گەورەش
لەسەر دەمی بیرەکە بوو. ٣ جا هەموو ڕانەکان لەوێ
کۆدەبوونەوە و تلیان بە بەردی سەر دەمی بیرەکە دەدا و
مەڕەکانیان ئاو دەدا. پاشان بەردەکەیان دەگێڕایەوە سەر دەمی
بیرەکە بۆ شوێنی خۆی. ٤ یاقوب بانگی کردن: برایان، ئێوە
خەڵکی کوێن؟ ئەوانیش وتیان: ئێمە خەڵکی خارانین. ٥ پێی

[أ] ٢٨ : ١٩ واتە ماڵی خودا.

وتن: لابانی کوڕی ناخۆر دەناسن؟ وتیان: دەیناسین. ٦ ئینجا
وتی: خۆ سەلامەتە؟ وتیان: بەڵێ سەلامەتە، ئەوەش ڕاحێلی
کچێتی لەگەڵ مەڕەکاندا بەرەو ئێرە دێت. ٧ جا وتی: ئەوەتا
هێشتا ڕۆژ زۆری ماوە، کاتی کۆکردنەوەی ڕانەکان نییە.
مەڕەکان ئاوبدەن و بڕۆنەوە بیانلەوەڕێنن. ٨ ئەوانیش وتیان:
ناتوانین، تا هەموو ڕانەکان کۆنەبنەوە و بەردی سەر دەمی
بیرەکە تل نەدرێت. ئەو کاتە مەڕەکان ئاو دەدرێن. ٩ هێشتا
خەریکی قسەکردن بوو لەگەڵیاندا کە ڕاحێل بە خۆی و
مەڕەکانی باوکییەوە هات، چونکە شوان بوو. ١٠ کاتێك یاقوب
ڕاحێلی کچی لابانی خاڵی و مەڕەکانی لابانی خاڵی بینی،
یاقوب چووە پێشەوە و تلی بە بەردی سەر بیرەکەدا و
مەڕەکانی لابانی خاڵی ئاودا. ١١ یاقوب ڕاحێلی ماچکرد و
دەنگی بەرز کردەوە و گریا. ١٢ ئیتر یاقوب لە ڕاحێلی گەیاند
کە ئەو کەسی باوکێتی و کوڕی ڕفقەیە. ئەویش ڕایکرد و بە
باوکی ڕاگەیاند. ١٣ هەر کە لابان ئەم هەواڵەی یاقوبی
خوشکەزای بیست، بەڕاکردن ڕۆیشت بۆ دیدەنی. باوەشی
پێداکرد و ماچیکرد و هێنایە ماڵەکەی خۆی. جا هەموو ئەم
شتانەی بۆ لابان باسکرد. ١٤ لابانیش پێی وت: تۆ گۆشت و
ئێسقانی خۆمی. ئیتر مانگێك لای مایەوە. ١٥ ئینجا لابان بە
یاقوبی وت: هەر لەبەر ئەوەی کەسی خۆمیت ئیتر بە خۆڕایی
کارم بۆ دەکەیت؟ پێم بڵێ ئاخۆ کرێکەت چی بێت؟ ١٦ لابان
دوو کچی هەبوو، گەورەکەیان ناوی لێیە بوو، بچووکەکەشیان
ناوی ڕاحێل بوو. ١٧ چاوەکانی لێیە کزبوون، بەڵام ڕاحێل
ناسك و جوان بوو. ١٨ یاقوب ڕاحێلی خۆشدەویست و وتی:
حەوت ساڵ کارت بۆ دەکەم بەرامبەر ڕاحێلی کچە بچکۆلەت.
١٩ لابانیش وتی: بیدەم بە تۆ باشترە وەك لەوەی بیدەم بە
پیاوێکی دیکە. لێرە لای خۆم بمێنەوە. ٢٠ ئیتر یاقوب لەبەر
ڕاحێل حەوت ساڵ کاری کرد کە لای ئەو وەك چەند ڕۆژێکی
کەم وابوو، لەبەر خۆشەویستییەکەی بەرامبەر بە ئەو.
٢١ ئینجا یاقوب بە لابانی وت: ژنەکەم بدەرێ چونکە ڕۆژانی
خۆم تەواو بوو، دەشمەوێت بیگوێزمەوە. ٢٢ لابانیش خەڵکی
شوێنەکەی کۆکردەوە و خوانێکی سازکرد. ٢٣ کە ئێوارە
داهات، پەلی لێئەی کچی گرت و هێنای بۆ یاقوب. ئەویش
لەگەڵی نووست. ٢٤ هەروەها لابان زیلفەی کەنیزەی خۆی
کردە کەنیزەی لێئەی کچی. ٢٥ کە ڕۆژ بووەوە، ئەوەتا لێئەیە!
یاقوبیش بە لابانی وت: ئەمە چییە بە منت کرد؟ مەگەر بۆ
ڕاحێل نەبوو کە کارم لا کردیت؟ ئەی بۆچی فێڵت لێکردم؟
٢٦ لابانیش وتی: ئەوە دابونەریتی ئێمە نییە لێرە کچە
بچکۆلەکە پێش گەورەکە بدەین بە شوو. ٢٧ هەفتەی بووکێنی
ئەم تەواو بکە، ئەوی دیکەشیانت دەدەینێ بەرامبەر بە حەوت
ساڵی دیکەی کار، کە بۆ منی دەکەیت. ٢٨ یاقوبیش وای کرد.
حەفتەکەی ئەمیانی تەواوکرد، ئەویش ڕاحێلی کچی دایە کە
ببێتە ژنی. ٢٩ هەروەها لابان بیلهەی کەنیزەی خۆی کردە
کەنیزەی ڕاحێلی کچی. ٣٠ یاقوب لەگەڵ ڕاحێلیشدا نووست،
ئەو ڕاحێلی لە لێئە زیاتر خۆشدەویست. حەوت ساڵی دیکەش
کاری بۆ لابان کرد. ٣١ خوداوەند بینی کەوا لێئە خۆشەویست
نییە، ئیتر منداڵدانی کردەوە. بەڵام ڕاحێل نەزۆك بوو. ٣٢ لێئە
سکی پڕ بوو و کوڕێکی بوو ناوینا ڕەئوبێن لەبەر ئەوەی
وتی: خوداوەند زەلیلی منی بەدی کردووە، ئیتر مێردەکەشم
ئێستا خۆشی دەوێم. ٣٣ دیسان سکی پڕ بوو و کوڕێکی دیکەی
بوو، وتی: خوداوەند بیستوێتی خۆشەویست نیم. ئیتر ئەمەشی
پێدام. ناوی نا شمعۆن. ٣٤ جارێکی دیکەش سکی پڕ بوو و
کوڕێکی بوو، وتی: وا ئەمجارە ئیتر مێردەکەم پێمەوە
پەیوەست دەبێت، چونکە سێ کوڕم بۆی بووە. لەبەرئەوە
ناوی نا لێڤی. ٣٥ دیسان سکی پڕ بوو و کوڕێکی بوو، وتی:
ئەمجارە ستایشی خوداوەند دەکەم. لەبەر ئەوە ناوینا یەهودا.
ئیتر لە سکوزا وەستا.

# ٣٠

١ کە ڕاحێل بینی هیچ منداڵێکی بۆ یاقوب نەبووە، حەسوودی
بە خوشکەکەی خۆی برد و بە یاقوبی وت: کوڕانم پێ بدە،
ئەگینا دەمرم. ٢ یاقوب لە ڕاحێل تووڕە بوو و وتی: بۆچی من
لە جێی خودام کە بەرهەمی سکی لێ قەدەغە کردوویت؟
٣ ئەویش وتی: ئەوەتا کەنیزەکەم، بلهە. لەگەڵیدا بنوو تا لەسەر
چۆکم منداڵی ببێت، ئیتر لەوەوە منیش کوڕانم دەبێت. ٤ جا
بلهەی کەنیزەی خۆی پێدا تا ببێتە ژنی. یاقوبیش لەگەڵیدا
نووست. ٥ بلهەش سکی پڕ بوو و کوڕێکی بۆ یاقوب بوو.
٦ ڕاحێل وتی: خودا دادوەری کرد بۆم، هەروەها گوێی لە
دەنگم بوو و کوڕێکی پێمدا. لەبەر ئەوە ناوی نا دان. ٧ دیسان
بلهە، کەنیزەکەی ڕاحێل سکی کرد و کوڕی دووەمی بۆ
یاقوب بوو. ٨ ئینجا ڕاحێل وتی: بە زۆرانبازی خودا،
زۆرانبازیم لەگەڵ خوشکەکەم کرد و بردیشمەوە. لەبەر ئەوە
ناوی نا نەفتالی. ٩ کاتێك لێئە بینی وا لەسکوزا وەستاوە، پەلی
زلفەی کەنیزەکەی خۆی گرت و دای بە یاقوب تا ببێتە ژنی.
١٠ زلفەی کەنیزەی لێئە کوڕێکی بۆ یاقوب بوو. ١١ لێئە وتی:
بە بەختەوەری! ئیتر ناوینا گاد. ١٢ زلفەی کەنیزەی لێئە کوڕی
دووەمی بۆ یاقوب بوو. ١٣ لێئەش وتی: بە خۆزگە
پێخوازراویم! چونکە کچان خۆزگەم پێدەخوازن. ئیتر ناوی نا
ئاشێر. ١٤ لە ڕۆژانی دروێنەی گەنمدا، ڕائوبێن ڕۆیشت و لە
کێڵگەدا هەندێك لە گیائادەمەی[أ] بینیەوە و هێنایەوە بۆ لێئەی
دایکی. ڕاحێلیش بە لێئەی وت: هەندێکم لە گیائادەمەی
کوڕەکەت پێبدە. ١٥ ئەویش وتی: بەلاتەوە کەمە مێردەکەت
بردووم؟ گیائادەمەی کوڕەکەشم دەبەیت؟ ڕاحێلیش وتی: دەی
باشە با لە جیاتی گیائادەمەی کوڕەکەت ئەمشەو لەگەڵتدا
بنوێت. ١٦ کاتێك یاقوب دەمەو ئێوارە لە کێڵگە گەڕایەوە، لێئە
ڕۆیشتە دەرەوە بۆ پێشوازی لێکردنی و وتی: بۆ لای خۆم
دێیت، چونکە بە گیائادەمەی کوڕەکەم بە کرێم گرتوویت.
ئەویش ئەو شەوە لەگەڵیدا نووست. ١٧ خودا گوێی لە لێئە بوو،
ئیتر سکی پڕ بوو و کوڕی پێنجەمی بۆ یاقوب بوو. ١٨ ئینجا
لێئە وتی: خودا پاداشتی ئەوەی دامەوە کە کەنیزەکەی خۆممدا
بە پیاوەکەم. جا ناوی نا یسساکار. ١٩ دیسان لێئە سکی کرد و
کوڕی شەشەمینی بۆ یاقوب بوو. ٢٠ ئینجا لێئە وتی: خودا
خەڵاتی کردم بە خەڵاتێکی باش. ئێستا مێردەکەم گوزەرانم
لەگەڵ دەکات، چونکە شەش کوڕم بۆی بوو. کوڕەکەشی ناونا
زەبولون. ٢١ دوای ئەمە کچێکیشی بوو، ناوینا دینە. ٢٢ خودا
ڕاحێلی هاتەوە یاد و خودا گوێی لە دەنگی بوو، منداڵدانی
کردەوە. ٢٣ ئیتر سکی پڕ بوو و کوڕێکی بوو، وتی: خودا
سووکایەتیەکەمی لەسەر لابردم. ٢٤ ناوینا یوسف، چونکە
وتی: خوداوەند کوڕێکی دیکەشم بۆ زیاد دەکات. ٢٥ ئیتر کە
ڕاحێل یوسفی بوو، یاقوب بە لابانی وت: بمنێرەوە و دەڕۆم
بۆ شوێن و زەوی خۆم. ٢٦ ژنەکانم و منداڵەکانم بدە دەستم کە
لەپێناویاندا خزمەتم کردویت، ئیتر دەڕۆم. خۆشت دەزانیت
ئەو خزمەتەی خزمەتم کردویت. ٢٧ لابانیش پێی وت: خۆزگە
پەسەند دەبووم لەبەر چاوت. پێشبینیم کردووە کە خوداوەند
لەبەر تۆ پیرۆزی کردووم. ٢٨ ئینجا وتی: کرێی خۆتم بۆ
دیاری بکە هەتا پێتی بدەم. ٢٩ ئەویش وتی: تۆ خۆت دەزانیت
چەند خزمەتم کردوویت و ڕانەکەت لای من چۆن بووە،
٣٠ چونکە ئەوەی هەت بوو کەم بوو پێش هاتنی من، دوای

[أ] ٣٠ : ١٤ جۆرە گیایەکە وایان دەزانی بۆ منداڵ بوون باشە.

هاتنم زۆر پەرەی سەند و خوداوەندیش پیرۆزی کردیت. ئێستاش کەی کار بۆ ماڵەکەی خۆشم بکەم؟ ٣١ ئەویش وتی: چیت پێ بدەم؟ یاقوبیش وتی: هیچم پێ مەدە، بەڵام ئەگەر تەنها ئەم کارەم لەگەڵ بکەیت، ئەوا سەر لەنوێ شوانی و پاسەوانی مەڕەکانت دەکەم. ٣٢ ئەمڕۆ بەناو هەموو مەڕەکانت تێدەپەڕم، هەرچی مەڕی خاڵدار و بەڵەك و ڕەش هەیە لەناو بەرخەکان لەگەڵ هەرچی بزنی خاڵدار و بەڵەك هەیە جیایدەکەمەوە. ئەوانە کرێکەی من دەبن. ٣٣ سبەینێش ڕاستودروستی من دەسەلمێنێت، کاتێ دێمە پێشت بۆ کرێکەم، هەرچی خاڵدار و بەڵەك نەبێت لەناو بزنەکان و ڕەش نەبێت لەناو بەرخەکان، بە دزراو دادەنرێت لە لای من. ٣٤ لابانیش وتی: باشە، تۆ چۆن دەڵێیت با وابێت. ٣٥ هەر هەمان ڕۆژ هەموو تەگە خەتدار و بەڵەکەکان و هەموو بزنە خاڵدار و بەڵەکەکانی جیاکردەوە هەموو ئەوانەی سپێتییان تیا هەبوو لەگەڵ هەموو ڕەشەکان لە نێوان بەرخەکان و دایانی بە دەست کوڕەکانی. ٣٦ ئینجا ماوەی سێ ڕۆژە ڕێی خستە نێوان خۆی و یاقوبەوە، یاقوبیش شوانی پاشماوەی مەڕەکانی لابانی دەکرد. ٣٧ یاقوب چڵی سەوزی لە دار بی و بادەم و چنار بۆ خۆی هێنا و خەتی سپی لەسەر کێشان، بە پاککردنی توێکڵەکانیان لەشوێنی هێڵەکان و دەرخستنی سپێتییەکەی ژێریان. ٣٨ ئینجا چڵە پاککراوەکانی لەناو جۆگاکانی ئاو خواردنەوە ڕاگرت، کە مەڕەکان دەهاتن بۆ ئاو خواردنەوە لێیان، بەرامبەر بە مەڕەکان. تا بێزووی پێوە بکەن کاتی هاتنیان بۆ ئاوخواردنەوە. ٣٩ جا مەڕەکان لە لای چڵەکاندا بێزوویان کرد و مەڕەکان بەچکەی خەتدار و خاڵدار و بەڵەکیان بوو. ٤٠ ئینجا یاقوب بەرخەکانی جیاکردەوە و ڕووی مەڕەکانی لە خەتدارەکان و هەموو ڕەشەکان کرد لەناو مەڕەکانی لابان، هەروەها بۆ خۆی ڕانی دانا و لەگەڵ مەڕەکانی لابان داینەنان. ٤١ ئەوە بوو هەر کاتێ مەڕە بەهێزەکان بێزوویان بکردبایە، یاقوب چڵەکانی لەپێش چاویان دادەنا لەناو حەوزەکان تا لەناو چڵەکان بێزوو بکەن. ٤٢ کاتێکیش مەڕەکان لاواز دەبوون داینەدەنان، جا لاوازەکان بۆ لابان بوون و بەهێزەکانیش بۆ یاقوب. ٤٣ ئینجا پیاوەکە زۆر بەرفراوان بوو، ئیتر مەڕی زۆری هەبوو لەگەڵ کەنیزە و خزمەتکار و وشتر و گوێدرێژ.

# ٣١

١ جا گوێی لە قسەکانی کوڕانی لابان بوو کە وتبوویان، هەموو ئەوەی هی باوکمان بوو، یاقوب بردی و لەوەی هی باوکمان بوو هەموو ئەم سامانەی دروستکرد. ٢ هەروەها یاقوب سەیری لابانی کرد و بینی کەوا گۆڕاوە بەرامبەری و وەك جاران نەماوە. ٣ خوداوەند بە یاقوبی فەرموو: بگەڕێوە بۆ زەوی باوکانت و بۆ لای کەسوکارەکەت، من لەگەڵت دەبم. ٤ یاقوبیش ناردی بەدوای ڕاحێل و لێئەدا تا بێنە لای بۆ دەشتودەر بۆلای مەڕوماڵاتەکەی. ٥ پێی وتن: دەبینم باوکتان بەرامبەرم گۆڕاوە و وەك جاران نەماوە، بەڵام خودای باوکم لەگەڵ من بووە. ٦ خۆتان دەزانن کە من بەهەموو توانامەوە خزمەتی باوکتانم کردووە. ٧ کەچی باوکتان هەڵیخەڵەتاندم و دە جار کرێیەکەمی گۆڕی. بەڵام خودا ڕێی پێ نەدا کە خراپەم لەگەڵدا بکات. ٨ ئەگەر بیووتایە: خاڵدارەکان کرێی تۆ دەبن، ئەوا هەموو مەڕەکان خاڵداریان دەبوو. خۆ ئەگەر بیووتایە: خەتدارەکان کرێی تۆ دەبن، ئەوا هەموو مەڕەکان خەتداریان دەبوو. ٩ ئەوەی باوکت هەیبوو، خودا بردی و دای بە من. ١٠ جا لە کاتی زاوزێ مەڕەکان، چاوم هەڵبڕی و لە خەودا بینیم، ئەوەتا بەرانەکان کە لەگەڵ مەڕەکاندا جووت دەبن خەتدار و خاڵدار و بەڵەکن. ١١ فریشتەی خوداش لە خەوەکەدا پێی فەرمووم: یاقوب. منیش وتم: ئەوەتام. ١٢ ئەویش فەرمووی: چاو هەڵبڕە و بڕوانە، وا هەموو ئەو بەرانانەی لەگەڵ مەڕەکاندا جووت دەبن خەتدار و خاڵدار و بەڵەکن، هەموو ئەوەم بینی کە لابان بە تۆی کرد. ١٣ من خودای بێتئێلم، ئەو شوێنەی بەردە ڕاگیراوەکەت چەورکرد و تێیدا نەزرت بۆ کردم. ئێستاش هەستە و لەم زەوییە بچۆ دەرەوە و بگەڕێوە بۆ زەوی لەدایك بوونت. ١٤ ئینجا ڕاحێل و لێئە وەڵامیان دایەوەو پێیان وت: ئایا لە ماڵی باوکماندا بەش و میراتمان هەیە؟ ١٥ مەگەر لای ئەو بە بیانی دانەنراوین؟ چونکە ئێمەی فرۆشت و ئەو نرخەی پێشمان درابوو خواردی. ١٦ هەموو ئەو سامانەی خودا لە باوکمانی برد بۆ ئێمە و منداڵەکانمانە. ئێستاش هەرچی خودا پێی فەرموویت بیکە. ١٧ ئیتر یاقوب هەستا و منداڵەکانی و ژنەکانی سواری وشترەکان کرد. ١٨ هەموو ئەوەش کە هەیبوو و ئەو دەستکەوتانەی دەستی کەوتبوو دایە پێش خۆی، ئەوەی هەیبوو و پەیدای کردبوو لە پەدان ئارامدا و هات بۆ لای ئیسحاقی باوکی بۆ زەوی کەنعان. ١٩ لابان ڕۆیشتبوو بۆ بڕینەوەی مەڕەکانی، ڕاحێلیش بتەکانی باوکی دزی. ٢٠ هەروەها یاقوبیش لابانی ئارامی هەڵخەڵەتاند، چونکە پێی ڕانەگەیاند کە ڕادەکات. ٢١ ئیتر بەهەموو ئەو شتانەوە کە هەیبوو ڕایکرد، لە ڕووبارەکە پەڕییەوە و ڕووی کردە کێوی گلعاد. ٢٢ ڕۆژی سێیەم بە لابان ڕاگەیاندرا کە یاقوب ڕایکردووە. ٢٣ ئەویش پیاوەکانی لەگەڵ خۆیدا برد و دوایکەوت بۆ ماوەی حەوت ڕۆژ هەتا لە کێوی گلعاد پێی گەیشتەوە. ٢٤ خودا لەشەودا هاتە خەوی لابانی ئارامی و پێی وت: وریابە! نە بەچاك و نە بەخراپ هیچ بە یاقوب نەڵێیت. ٢٥ کاتێك لابان بە یاقوب گەیشتەوە، یاقوب لە کێوەکە چادرەکەی هەڵدابوو، لابانیش لەگەڵ پیاوەکانیدا لە کێوی گلعاد چادریان هەڵدا. ٢٦ لابان بە یاقوبی وت: ئەمە چییە کردووتە؟ هەڵت خەڵەتاندووم و کچەکانیشم وەك بە شمشێر ڕاپێچکراو داوەتە پێش خۆت. ٢٧ بۆچی بەدزییەوە ڕاتکرد و هەڵت خەڵەتاندم؟ بۆچی ئاگادارت نەکردم هەتا بە شادی و گۆرانییەوە، بە دەف و بە عوودەوە ڕەوانەت بکەم؟ ٢٨ تەنانەت بوارت نەدام کوڕانم و کچانم ماچ بکەم. تۆ ڕەفتارێکی گێلانەت کرد. ٢٩ لە دەسەڵاتم دایە خراپتان پێبکەم، بەڵام خودای باوکتان دوێنێ پێی وتم، وریابە! نە بە چاك و نە بە خراپ هیچ بە یاقوب نەڵێیت. ٣٠ ئێستاش وا ڕۆیشتیت چونکە تامەزرۆی ماڵی باوکتی، بەڵام بۆچی خوداکانی منت دزی؟ ٣١ یاقوبیش وەڵامی دایەوە و بە لابانی وت: چونکە ترسام نەوەك بە زۆرەملێ کچەکانتم لێ بسێنیتەوە. ٣٢ ئەوەش کە خوداکانتی لا دەبینیەوە، ناژیت. لەبەردەم پیاوەکانیشماندا ببینە چیم لەلایە و بۆ خۆتی ببە. یاقوب نەیدەزانی کە ڕاحێل دزیوونی. ٣٣ ئیتر لابان چووە ناو چادرەکەی یاقوب و چادرەکەی لێئە و چادری هەردوو کەنیزەکەوە، بەڵام هیچی نەدۆزیەوە. ئینجا لە چادرەکەی لێئە هاتەدەرەوە و چووە ناو چادرەکەی ڕاحێل. ٣٤ ڕاحێل بتەکانی بردبوو و خستبویە ناو کورتانی وشترەکەوە و لەسەری دانیشتبوو. لابانیش هەموو ناو چادرەکە گەڕا بەڵام نەیدۆزییەوە. ٣٥ بە باوکی وت: لەبەر چاوی گەورەم ناخۆش نەبێت کە ناتوانم لەبەردەمت هەستم، چونکە خوێن لێچوونی ژنانم هەیە. ئەویش پشکنینی خۆی کرد بەڵام بتەکانی نەدۆزییەوە. ٣٦ بۆ یاقوب ناخۆش بوو و چوو بەگژ لاباندا و یاقوب بە لابانی وت: تاوانم چییە؟ گوناهم چییە، وا گڕت گرت بە دوامدا؟ ٣٧ ئەوا هەموو شتەکانم گەڕایت، چ شتێکی ماڵەکەی خۆتت تێدا دۆزییەوە؟ ئا لێرەدا بیخەرە بەردەم پیاوەکانم و پیاوەکانت، با ئەوان دادوەری نێوان هەردووکمان

بکەن. ٣٨ ئەوە بیست ساڵە من لەگەڵ تۆدام، نە مەڕەکانت
بەریان خست، نە بزنەکانیشت، نە منیش لە بەرانی مەڕەکانتم
خوارد. ٣٩ ئەوانەی دەبوونە نێچیر نەم دەهێنا بۆت بەڵکو
لەسەر من دەکەوتن. لە منت داوا دەکردەوە، گەر بە ڕۆژ
دزرابان یان بە شەو. ٤٠ بە ڕۆژ گەرما دەیخواردم و بە
شەویش شەختە. خەویش لە چاوم بڕابوو. ٤١ ئەوا بیست ساڵە
لە ماڵەکەی تۆدام، چواردە ساڵ لەبری دوو کچەکەت خزمەتم
بۆ کردیت و شەش ساڵیش لەبری مەڕەکانت، دە جاریش
کرێکەی منت گۆڕی. ٤٢ ئەگەر خوداکەی باوکم، خودای
ئیبراهیم و سامناکی ئیسحاق لەگەڵ من نەبووایە، ئەوا ئێستا
بەدەستی بەتاڵ ڕەوانەت دەکردم. بەڵام خودا ڕووانییە
ڕەنجکێشیم و ماندوویەتی دەستم و دوێنێ شەو سەرزەنشتی
کردیت. ٤٣ لابانیش وەڵامی دایەوە و بە یاقوبی وت: کچەکان
کچی خۆمن و منداڵەکانیشیان منداڵی خۆمن، مەڕەکانیش
مەڕی خۆمە، هەرچییەکیش تۆ دەیبینیت هی منە. بەڵام ئەمڕۆ
چیبکەم لە کچەکانم و لەو منداڵانەی بوویانە؟ ٤٤ ئێستاش وەرە
با من و تۆ پەیمانێك ببەستین، با ببێتە شایەت لەنێوان من و
تۆدا. ٤٥ یاقوبیش بەردێکی هێنا و بە ئەستوونی داینا. ٤٦ ئینجا
یاقوب بە پیاوەکانی خۆی وت: بەرد کۆبکەنەوە. ئەوانیش
بەردیان هێنا و کەڵەکیان کردن و لەوێ لەسەر کەڵەکە
بەردەکە نانیان خوارد. ٤٧ لابان ئەوێی ناونا یگەر سەهەدوتا،
یاقوبیش ناوی نا گەلعید. ٤٨ لابان وتی: ئەمڕۆ ئەم کۆمەڵە
بەردە شایەتی نێوان من و تۆن. بۆیە ناونرا گەلعید.
٤٩ هەروەها ناویش نرا میچپا، چونکە لابان وتی، با خوداوەند
چاودێری نێوان من و تۆ بکات کاتێك لەبەرچاو یەکتر ون
دەبین. ٥٠ ئەگەر بەدڕەفتاری لەگەڵ کچەکانمدا بکەیت یان
ژنیان بەسەردا بهێنیت، ببینە پیاومان لەگەڵدا نییە، بەڵام خودا
شایەتی نێوان من و تۆیە. ٥١ هەروەها لابان بە یاقوبی وت:
ئەوەتا ئەم کۆمەڵە بەردە و ئەم ستوونە کە لەنێوان خۆم و
خۆتدا دامنا. ٥٢ ئەم کەڵەکە بەردە شایەتە و ئەم ستوونەش
شایەتە کە من لەم کەڵەکە بەردە تێناپەڕم تا خراپەت لەگەڵدا
بکەم، تۆش لەم کۆمەڵە بەردە و لەم ستوونە تێناپەڕیت تا
خراپەم لەگەڵدا بکەیت. ٥٣ با خودای ئیبراهیم و خوداکانی
ناخۆر، خودای باوکیان، دادوەری بکەن لەنێوانماندا. یاقوبیش
بە سامناکی ئیسحاقی باوکی سوێندی خوارد. ٥٤ ئینجا یاقوب
لەو کێوەدا قوربانی سەربڕی و پیاوەکانی بانگکرد بۆ نان
خواردن. ئەوانیش نانیان خوارد و لە کێوەکە شەویان
بەسەربرد. ٥٥ بۆ سبەی بەیانی لابان زوو لەخەو هەستا و
کچەزاکانی و کچەکانی ماچکرد و پیرۆزی کردن. ئیتر لابان
بەرەو شوێنی خۆی گەڕایەوە.

# ٣٢

١ یاقوبیش بە ڕێگای خۆیدا ڕۆیشت و فریشتەکانی خودا
بەرەو ڕووی بوونەوە. ٢ کاتێك یاقوب بینینی، وتی: ئەمە
لەشکری خودایە. ئیتر ئەو شوێنەی ناونا مەخەنایم. ٣ یاقوب
لەپێش خۆیەوە نێرراوی نارده لای عیسۆی برای بۆ خاکی
سێعیر لە وڵاتی ئەدۆم. ٤ فەرمانی پێدان و وتی: ئاوا بە
گەورەم بە عیسۆ ڕادەگەیەنن، کە یاقوبی خزمەتکارت وا
دەڵێت، لە لای لابان ئاوارە بووم و تا ئێستا خۆم هێشتەوە.
٥ بووشم بە خاوەن گا و گوێدرێژ و مەڕ و خزمەتکار و
کەنیزان. ئەوا ناردیشمە لای گەورەی خۆم تا پێی ڕابگەیێنم،
بۆ ئەوەی لێم ڕازی بێت. ٦ نێرراوەکان گەڕانەوە لای یاقوب
و وتیان: چووینە لای عیسۆی برات، وا ئەویش بەڕێوەیە بۆ
دیداریت و چوار سەد پیاویشی لەگەڵدایە. ٧ بەمە یاقوب
ترسێکی گەورەی لێ نیشت و کەوتە تەنگییەوە. هێنای ئەو
کەسانەی لەگەڵیدا بوون لەگەڵ مەڕەکان و مانگاکان و
وشترەکاندا و دابەشی کردن بۆ دوو لەشکر. ٨ وتی: ئەگەر
عیسۆ هاتە سەر لەشکرێکیان و لێیدا ئەوا لەشکرەکەی تر
دەمێنێتەوە بۆ دەربازبوون. ٩ ئینجا یاقوب لە خودا پاڕایەوە و
وتی: ئەی خودای ئیبراهیمی باوکم و خودای ئیسحاقی باوکم،
ئەو خوداوەندەی کە پێی فەرمووم: بگەڕێوە بۆ خاکی خۆت و
بۆ لای کەسوکارەکەت، باش دەبم لەگەڵت. ١٠ من شایستەی
هەموو ئەو چاکە و دڵسۆزیانە نیم کە لەگەڵ خزمەتکاری
خۆتت کردووە، چونکە بە خۆم و گۆچانەکەمەوە لەم ڕووباری
ئوردنە پەڕیمەوە، ئێستاش بوومە بە دوو لەشکر. ١١ لە دەستی
عیسۆی برام فریام بکەوە، چونکە من لێی دەترسم نەوەك بێت
و لێم بدات، لە دایکان و منداڵەکانیان. ١٢ تۆ خۆت فەرمووت،
باش دەبم لەگەڵت و نەوەکەت وەك لمی دەریا لێ دەکەم، کە لە
ژماردن نەیێت لەبەر زۆری. ١٣ ئیتر ئەو شەوەی لەوێ
بەسەربرد، لەوەشی لەگەڵ دەستی خۆیدا هێنابوونی، دیاری
بۆ عیسۆی برای هەڵبژارد: ١٤ دوو سەد بزن و بیست تەگە،
دوو سەد مەڕ و بیست بەران، ١٥ سی وشتری مێی شیردەر بە
بەچکەکانیانەوە، چل مانگا و دە گا لەگەڵ بیست ماکەر و دە
نێرەکەر. ١٦ هەموو ئەمانەی مێگەل مێگەل بە جیا دایە دەست
خزمەتکارەکانی و پێی وتن: پێشم کەون و بواریش بخەنە
نێوان مێگەلەکانەوە. ١٧ فەرمانیشی بەوەی یەکەمیاندا و وتی:
ئەگەر عیسۆی برام پێت گەیشت و لێیپرسیت، سەر بە کێیت
و بۆ کوێ دەچیت و ئەوەی لە پێشتەوەیە هی کێیە؟ ١٨ دەڵێیت:
هی یاقوبی خزمەتکارتن. دیارییە و ناردراوە بۆ عیسۆی
گەورەم، خۆشی ئەوەتا لە دوامانە. ١٩ هەروەها فەرمانی دا بە
دووەمیان و سێیەمیان و هەروەها هەموو ئەوانەی بە دوای
گەلەکاندا دەڕۆیشتن و پێی وتن: ئێوەش هەر هەمان شت بە
عیسۆ دەڵێن کاتێك تووشی دەبن. ٢٠ هەروەها دەڵێن، ئەوەتا
یاقوبی خزمەتکارت خۆشی لەدوامانە. ئەمەشی بۆیە کردووە
چونکە وتی، بەم دیارییەی کە لەپێش خۆمەوە دەینێرم ئاشتی
دەکەمەوە، دوای ئەمە ڕووبەڕووی دەبمەوە بەڵکو لێم ڕازی
بێت. ٢١ ئیتر دیارییەکان پێش خۆی پەڕینەوە، بەڵام خۆی ئەو
شەوەی لە ئۆردوگاکە بەسەربرد. ٢٢ یاقوب ئەو شەوە هەستا
و هەردوو ژنەکەی و هەردوو کەنیزەکەکەی و هەر یانزە
کوڕەکەی هەڵگرت و لە دەربەندی یەبوق پەڕییەوە.
٢٣ هەڵیگرتن و پەڕاندیانیەوە لە دۆڵەکە، لەگەڵ هەرچی کە
هەیبوو. ٢٤ ئیتر یاقوب هەر خۆی مایەوە، پیاوێکیش دەرکەوت
و هەتا بەرەبەیان زۆرانبازی لەگەڵدا کرد. ٢٥ کە بینی
دەرەقەتی نایەت، لە لای سەرەوەی ڕانی داو ڕانی یاقوب لە
زۆرانبازیەکەدا لەجێ چوو. ٢٦ ئینجا فەرمووی: بەرم بدە وا
بەرەبەیان دەرکەوت. ئەویش وتی: بەرتنادەم ئەگەر پیرۆزم
نەکەیت. ٢٧ پێی فەرموو: ناوت چییە؟ ئەویش وتی: یاقوب.
٢٨ ئینجا پێی فەرموو: لەمەودوا ئیتر ناوت بە یاقوب نابرێت،
بەڵکو بە ئیسڕائیل[أ]، چونکە لەگەڵ خودا و لەگەڵ پیاوان
تێکۆشایت و توانیت. ٢٩ یاقوبیش لێی پرسی: ناوی خۆتم
پێبڵێ. ئەویش فەرمووی: بۆچی پرسیار لە ناوم دەکەیت؟ ئیتر
لەوێدا پیرۆزی کرد. ٣٠ ئیتر یاقوب ئەو شوێنەی ناونا پنی
ئێل[ب]، وتیشی: چونکە ڕوو بەڕوو خودام بینی و گیانیشم
دەربازبوو. ٣١ کاتێك لە پنی ئێل دەپەڕییەوە خۆری لێهەڵهات،
بە شەلەشەلیش دەڕۆیشت لەبەر ڕانی. ٣٢ هەر لەبەر ئەوەشە
کە ڕۆڵەکانی ئیسڕائیل هەتا ئەمڕۆش ئەو ماسوولکەیەی

[أ] ٣٢ : ٢٨ ناوێکی عیبریە بە مانای تێکۆشان لەگەڵ خودا.

[ب] ٣٢ : ٣٠ واتە ڕووی خودا.

گرژدەبێتەوە و لە لای سەرەوەی ڕانە نایخۆن، چونکە لە لای
سەرەوەی ڕانی یاقوبی دا، لەو ماسوولکەیەی گرژ دەبێتەوە.

## ٣٣

١ یاقوب چاوی هەڵبڕی و سەیری کرد وا عیسۆ بەخۆی و
چوارسەد پیاوەوە دێن، ئیتر منداڵەکانی بەسەر لێئە و ڕاحێل
و هەردوو کەنیزەکەیدا دابەش کرد. ٢ هەردوو کەنیزەکەی و
منداڵەکانیانی خستە پێشەوە، ئینجا لێئە و منداڵەکانی
لەپشتیانەوە، ڕاحێل و یوسفیشی خستە دواوە. ٣ خۆشی
پێشیانکەوت و حەوت جار ڕووەو زەوی کڕنوشی برد هەتا
لە براکەی نزیك بووەوە. ٤ عیسۆش بە ڕاکردن هات بەرەو
ڕووی و باوەشی پیاکرد و ماچیکرد و گریان. ٥ ئینجا عیسۆ
سەری هەڵبڕی و چاوی بە ژن و منالەکان کەوت و پرسی:
ئەمانە چی تۆن؟ یاقوبیش وتی: ئەو منداڵانەن کە بەرەکەتی
خودان بۆ خزمەتکارەکەت. ٦ ئیتر هەردوو کەنیزەکە و
منداڵەکانیان هاتنە پێشەوە و کڕنووشیان برد، ٧ دوای ئەوان
لێئە و منداڵەکانی هاتنە پێشەوە و کڕنووشیان برد پاشان
یوسف و ڕاحێلیش هاتنە پێشەوە و کڕنووشیان برد. ٨ عیسۆ
لە یاقوبی پرسی: ئەو هەمووەی پێم گەیشتن بۆ چیت بوو؟
ئەویش وتی: تا لەبەرچاوت پەسەندبم گەورەم. ٩ عیسۆ وتی:
برام من زۆرم هەیە، ئەوەی هەتە بۆ خۆت بێت. ١٠ یاقوب
وتی: نا، ئەگەر جێی ڕەزامەندیتم، ئەوە دیارییەکەم لە دەست
وەردەگریت، کە ڕووی تۆم بینی وەك ڕووی خودام بینی بێت
وابوو، لێشم ڕازی بوویت. ١١ بەرەکەتەکەشم وەرگرە کە بۆت
هێنراوە، خودا میهرەبان بووە لەگەڵمدا و هەموو شتێکم هەیە.
ئیتر زۆری لێکرد، ئەویش لێی وەرگرت. ١٢ ئینجا عیسۆ وتی:
با بکەوینەڕێ و بڕۆین، خۆشم پێشت دەکەوم. ١٣ بەڵام یاقوب
پێی وت: گەورەی خۆم دەزانێت منداڵەکان ناسکن، ئەو مەڕ
و مانگایانەشی پێمن شیر دەدەنە بەچکەکانیان. ئەگەر بۆ یەك
ڕۆژیش ماندوو بکرێن بە لێخوڕین ئەوا هەموو ئاژەڵەکان
دەمرن. ١٤ با گەورەم پێش خزمەتکارەکەی بپەڕێتەوە، منیش
لەسەر خۆ دەکەومە ڕێ بە پێی ئەوماڵەی پێش خۆم و بە پێی
منداڵەکان، ئیتر هەتا دەگەمە لای گەورەم لە سێعیر.
١٥ عیسۆش وتی: کەوابێت هەندێ لەو خەڵکەی لەگەڵمن لات
جێدەهێڵم. ئەویش وتی: ئاخر چ پێویست دەکات؟ هەر ئەوەندەم
بەسە جێی ڕەزامەندیت بم. ١٦ ئیتر هەر ئەو ڕۆژە عیسۆ بە
ڕێی خۆیدا گەڕایەوە بۆ سێعیر. ١٧ یاقوبیش کەوتە ڕێ بۆ
سوکۆت و خانوویەکی بۆ خۆی بنیادنا و سایەبانیشی بۆ
ئاژەڵەکان دروستکرد. هەر لەبەر ئەوەش ئەو شوێنە ناونرا
سوکۆت. ١٨ دوای هاتنی لە پەدان ئارامەوە، یاقوب بە
سەلامەتی گەیشتە شاری شخەم کە لە خاکی کەنعاندایە. ئیتر
لەبەردەم شارەکەدا هەواری هەڵدا. ١٩ ئەو پارچە زەوییەشی
کە چادرەکەی تێدا هەڵدا، بە سەد پارچە زیو لە کوڕانی
خەمۆری باوکی شخەمی کڕی. ٢٠ هەر لەوێشدا قوربانگایەکی
بنیادنا و ناوینا ئێل خودای ئیسڕائیل.

## ٣٤

١ دینەی کچی یاقوب کە لە لێئە بوو، چووە دەرەوە بۆ دیدەنی
کچانی ئەو ناوە. ٢ کاتێك کە شخەمی کوڕی خەمۆری خیڤی،
کە میری ئەو ناوە بوو، چاوی پێیکەوت، گرتی و لەگەڵی
جووت بوو و ئابڕووی برد. ٣ دڵیشی بە دینەی کچی یاقوبەوە
نووسا و کچەی خۆشویست و بە نەرمی قسەی لەگەڵ کچەدا
کرد. ٤ شخەم لەگەڵ خەمۆری باوکیدا قسەیکرد و پێی وت:
ئەم کچەم بۆ بخوازە ببێ بە ژنم. ٥ یاقوب بیستی کە داوێنی
دینەی کچی پیسکراوە، لەو کاتەدا کوڕەکانی لەگەڵ
ماڵاتەکەیدا لە دەشتودەر بوون. ئیتر یاقوبیش دەنگی نەکرد
هەتا هاتنەوە. ٦ خەمۆری باوکی شخەم چووە دەرەوە بۆ لای
یاقوب تا قسەی لەگەڵدا بکات. ٧ کوڕانی یاقوب کە بیستیان، لە
دەشتودەر هاتنەوە، ئەم پیاوانە پێیان ناخۆش بوو و زۆر
تووڕە بوون، چونکە کارێکی ئابڕووبەرانەی دژ بە ئیسڕائیل
کردووە بە جووتبوون لەگەڵ کچی یاقوبدا، ئەمەش ناشێت
بکرێت. ٨ ئیتر خەمۆریش قسەی لەگەڵدا کردن و وتی:
شخەمی کوڕم دڵی بە کچەکەتانەوە نووساوە، بیدەنێ ببێت بە
ژنی. ٩ ژن و ژنخوازیمان لەگەڵدا بکەن، کچانی خۆتانمان
بدەنێ و کچانی ئێمە بۆ خۆتان ببەن. ١٠ لەناوماندا نیشتەجێ
بن، زەوییەکەش لەبەر دەمتاندایە، تێیدا نیشتەجێ بن و کڕین
و فرۆشتنی تێدا بکەن و موڵکتان تێیدا هەبێت. ١١ ئینجا شخەم
بە باوك و براکانی وت: با ڕەزامەندیتان لەسەرم بێت، ئەوەی
پێم دەڵێن دەیدەم. ١٢ زۆر زیادی بکەن لەسەرم مارەیی و
دیاری، ئەوەی داوای دەکەن دەیدەم، تەنها کچەم بدەنێ ببێت
بە ژنم. ١٣ کوڕانی یاقوب بە فێڵبازی وەڵامی شخەم و
خەمۆری باوکیان دایەوە و قسەیان کرد، چونکە داوێنی دینەی
خوشکیان پیس کرابوو. ١٤ پێیان وتن: ئێمە ناتوانین ئەم کارە
بکەین، خوشکەکەی خۆمان بدەین بە پیاوێکی خەتەنەنەکراو،
چونکە بۆ ئێمە ڕیسواییە. ١٥ بەڵام بەمە لەگەڵتان ڕێك
دەکەوین، ئەگەر وەك ئێمەتان لێبێت، ئەوەش بە خەتەنەکردنی
گشت نێرینەکانتان. ١٦ ئیتر کچتان دەدەینێ و کچیشمان
لێبەرن. لەنێوانیشتاندا نیشتەجێ دەبین و پێکەوە دەبینە یەك
گەل. ١٧ ئەگەر بە قسەشتان نەکردین و خۆتان خەتەنە نەکرد،
ئەوە کچەکەی خۆمان دەبەین و دەڕۆین. ١٨ قسەکانیان بەلای
خەمۆر و بەلای شخەمی کوڕی خەمۆرەوە باش بوو. ١٩ کوڕە
لاوەکە لە ئەنجامدانی کارەکە دوانەکەوت، چونکە بە کچەکەی
یاقوب دڵشادبوو، لە ماڵی باوکیشیدا لە هەموویان ڕێزدارتر
بوو. ٢٠ ئیتر خەمۆر و شخەمی کوڕی هاتنە بەر دەروازەی
شارەکەیان و قسەیان بۆ خەڵکی شارەکەی خۆیان کرد و
وتیان: ٢١ ئەم پیاوانە ئاشتی خوازن لەگەڵمان، با لە خاکماندا
نیشتەجێ بن و کڕین و فرۆشتنی تێدا بکەن، ئەوەتا زەوییەکی
پان وبەرین لەبەردەمیانە. کچانیان ببن بە ژنمان و کچانی
خۆمانیان پێدەدەین. ٢٢ بەڵام ئەم پیاوانە بەمە لەگەڵماندا ڕێك
دەکەون کە لەگەڵمان نیشتەجێ بن و ببین بە یەك گەل، ئەویش
خەتەنەکردنی گشت نێرینەکانمانە، وەك چۆن خۆیان
خەتەنەکراون. ٢٣ ئایا دەستکەوتیان و ماڵیان و هەموو ئاژەڵیان
بۆ خۆمان نابن؟ ئەگەر لەگەڵیان ڕێککەوین و لەناومان
نیشتەجێبن. ٢٤ هەموو ئەوانەی لە دەروازەی شارەکەی هاتنە
دەرەوە بە گوێی خەمۆر و شخەمی کوڕیان کرد. ئیتر هەموو
نێرینەیەك خەتەنە کرا، هەموو دەرچووان لە دەروازەی
شارەکەیەوە. ٢٥ ئەوەبوو لە ڕۆژی سێیەمدا، کە ئەوان هێشتا
ئازاریان مابوو، هەردوو کوڕەکەی یاقوب، شمعۆن و لێڤی،
دوو براکەی دینە، دەستیان دایە شمشێرەکانیان و بەبێ خەمی
دایان بەسەر شارەکە و هەرچی نێرینە هەبوو کوشتیان. ٢٦ بە
شمشێرەکەیان خەمۆر و شخەمی کوڕیان کوشت. دینەشیان لە
ماڵی شخەم هەڵگرت و دەرچوون. ٢٧ ئیتر کوڕانی یاقوب
هاتنە سەر کوژراوەکان و شارەکەیان تاڵان کرد، چونکە
داوێنی خوشکەکەیانیان پیس کردبوو. ٢٨ هەرچی مەڕ و مانگا
و گوێدرێژیان هەبوو لەگەڵ هەموو ئەو شتانەی لە شار و
دەشت ودەر هەیانبوو، هەموویان برد. ٢٩ هەرچی سامانیان
هەبوو بەتاڵان بردیان، تێکڕای منداڵ و ژنیان ڕاپێچکرد،

هەرچیش لە ماڵەکاندابوو. ٣٠ ئینجا یاقوب بە شمعۆن و لێڤی
وت: ناسازتان کردم بەوەی کە منتان کردە ناحەز لای
دانیشتوانی ئەم خاکە، کەنعانییەکان و پریزیەکان. ئێمە
ژمارەیەکی کەمین، گەلە کۆمەم لێدەکەن و لێم دەدەن و خۆم و
ماڵم لەناودەچین. ٣١ ئەوانیش وتیان: ئەی دەبێت خوشکەکەمان
وەك داوێن پیس هەڵسوکەوتی لەگەڵدا بکرێت؟

# ٣٥

١ ئینجا خودا بە یاقوبی وت: هەستە، سەرکەوە بەرەو بێیت
ئێل و لەوێ نیشتەجێبە، هەر لەوێش قوربانگایەك بۆ خودا
دروست بکە، کە بۆت دەرکەوت کاتێك لە دەست عیسۆی
برات هەڵدەهاتیت. ٢ ئیتر یاقوب بە خاوخێزانەکەی و هەموو
ئەوانەی لەگەڵیبوون، وتی: هەموو ئەو خودا بێگانانەی
لەناوتانە، لەخۆتانی جیابکەنەوە و خۆتان پاك بکەنەوە و
جلەکانیشتان بگۆڕن. ٣ دەبا هەستین و سەرکەوین بەرەو بێیت
ئێل، لەوێ قوربانگایەك بۆ خودا دروست دەکەم کە لە ڕۆژی
تەنگیمدا بەدەنگمەوە هات و لەو ڕێگایەی گرتبوومە بەر
لەگەڵمدا بوو. ٤ ئەوانیش هەرچی خودای بێگانە هەبوو لە
دەستیان لەگەڵ گوارەکانی گوێچکەیاندا بە یاقوبیان دا،
یاقوبیش لە ژێر دار بەڕووەکە کە لە لای شخەمە کردنی
بەژێر گڵەوە. ٥ ئینجا بەڕێکەوتن و ترسی خوداش باڵی کێشا
بەسەر شارەکانی دەوروبەریان، ئیتر کەس دوای ڕۆڵەکانی
یاقوب نەکەوت. ٦ یاقوب خۆی و هەموو ئەو خەڵکەی
لەگەڵیدابوو هاتنە لوز کە بێیت ئێلە لە خاکی کەنعان. ٧ لەوێ
قوربانگایەکی بنیادنا، شوێنەکەشی ناونا ئێل بێیت ئێل، چونکە
لەو شوێنەدا خودای بۆ دەرکەوت لە کاتی ڕاکردنی لە دەست
براکەی. ٨ پاشان دەڤۆری دایەنی ڕڤقە مرد، لەژێر دار
بەڕووەکەی خوار بێیت ئێلدا نێژرا. ئەو شوێنەش ناونرا ئالۆن
باکوت. ٩ دیسان خودا بۆ یاقوب دەرکەوت و پیرۆزی کرد،
کاتێ لە پەدان ئارام گەڕایەوە. ١٠ خودا پێی وت: ناوت یاقوبە،
بەڵام لە ئێستا بەدواوە بە یاقوب ناونابرێیت، بەڵکو ناوت
دەبێت بە ئیسرائیل. ئیتر ناوی نا ئیسرائیل. ١١ ئینجا خودا پێی
فەرموو: من خودای هەرە بەتوانام، بەرداربە و زۆربە.
نەتەوەیەك و کۆمەڵێك نەتەوە لەتۆوە دەبن، پاشایانیش لە پشتی
تۆوە دەردەچن. ١٢ ئەو زەوییەش کە دام بە ئیبراهیم و بە
ئیسحاق، بە تۆی دەدەم و بە نەوەکەت پاش خۆت. ١٣ ئیتر
خودا لەو شوێنەی قسەی لەگەڵدا کرد لێی بەرەو بڵندی
بووەوە. ١٤ یاقوبیش لەو شوێنەی قسەی لەگەڵدا کرا،
ستوونێکی بەردینی ڕاگیرکرد و مەی پێشکەشکراوی بەسەردا
ڕشت و ڕۆنی بەسەردا کرد. ١٥ یاقوب ئەو شوێنەی ناونا
بێیت ئێل کە تێیدا خودا قسەی لەگەڵدا کرد. ١٦ ئینجا لە بێیت
ئێلەوە بەڕێکەوتن. کاتێك ماوەیەکی کەمیان مابوو بگەنە
ئەفراتە، ڕاحێل کەوتە سەر منداڵبوون، منداڵبوونێکی دژوار.
١٧ ئەوەبوو لەکاتی منداڵبوونەکەی، مامانەکە پێی وت:
مەترسە، چونکە ئەمەش کوڕە بۆت. ١٨ ئەوەبوو لەگەڵ
دەرچوونی گیانی، لەبەرئەوەی دەمرد، کوڕەکەی ناونا بن
ئۆنی[أ]. بەڵام باوکی ناوینا بنیامین[ب]. ١٩ ئیتر ڕاحێل مرد و لە
ڕێی ئەفراتە نێژرا کە ئەوێش بێیت لەحمە. ٢٠ یاقوب
ستوونێکی لەسەر گۆڕەکەی ڕاگیرکرد، کە تا ئەمڕۆش ئەوە
ستوونی گۆڕەکەی ڕاحێلە. ٢١ ئیسرائیل بەڕێکەوتەوە و
چادرەکەی لە پشت مگدەل عێدەرەوە هەڵدا. ٢٢ ئەوەبوو کاتێك
ئیسرائیل لەو زەوییەدا دەژیا، ڕەئوبێن چوو لەگەڵ بلهەی
کەنیزەی باوکی نووست. ئەمەش بەرگوێی ئیسرائیل کەوتەوە.
کوڕانی یاقوب دوانزە بوون. ٢٣ کوڕانی لێئە: ڕەئوبێن،
نۆبەرەکەی یاقوب. شمعۆن و لێڤی، یەهودا، یساکار و
زەبولۆن. ٢٤ کوڕانی ڕاحێل: یوسف و بنیامین ٢٥ کوڕانی
بلهەی کەنیزەی ڕاحێل: دان و نەفتالی ٢٦ کوڕانی زیلفەی
کەنیزەی لێئە: گاد و ئەشێر. ئەمانەن کوڕانی یاقوب، کە لە
پەدان ئارام بۆی لەدایك بوون. ٢٧ یاقوب هات بۆ لای ئیسحاقی
باوکی بۆ مەمرا لە شارۆچکەی ئەربەع، کە خەبرۆنە، ئەوەی
لەوێ ئیبراهیم و ئیسحاق ئاوارە بوون. ٢٨ ڕۆژانی ئیسحاق
سەد و هەشتا ساڵ بوو. ٢٩ ئینجا دوا هەناسەی داو مرد،
چووەوە پاڵ گەلەکەی خۆی بە پیری و تێر لە ژیان خواردوو.
هەردوو کوڕەکەی خۆی، عیسۆ و یاقوب، ناشتیان.

# ٣٦

١ ئەمانەش نەوەکانی عیسۆن کە ئەدۆمە. ٢ عیسۆ ژنەکانی
خۆی لە کچانی کەنعان خواست، عادای کچی ئێلۆنی خیتی،
لەگەڵ ئەهۆلیبامەی کچی عەنای کچی چیبعۆنی خیڤی.
٣ هەروەها بەسمەی کچی ئیسماعیل، خوشکی نبایۆت. ٤ عادا
ئەلیفازی بۆ عیسۆ بوو. بەسمەش ڕاعوئێلی بوو.
٥ ئەهۆلیبامەش یعیش و یەعلام و قۆڕخی بوو. ئەمانەن
کوڕانی عیسۆ کە لەخاکی کەنعاندا بۆی لە دایك بوون. ٦ ئینجا
عیسۆ ژنەکانی و کوڕەکانی و کچەکانی هەڵگرت لەگەڵ
گشت کەسانی ماڵەکەی و هەموو مێگەل و هەموو ئاژەڵەکانی
و هەرچییەکی هەبوو، ئەوەی لە خاکی کەنعاندا دەستی کەوت
بوو، چوو بۆ زەوییەکی دیکە، دوور لە یاقوبی برایەوە.
٧ چونکە سامانەکەیان ئەوەندە زۆر بوو کە نەتوانن پێکەوە
نیشتەجێ بن، نە ئەو زەوییەی تیایدا ئاوارە بوون دەیتوانی
بیان گرێتە خۆی لەبەر زۆری مێگەلەکانیان. ٨ ئیتر عیسۆ لە
کێوی سێعیر نیشتەجێ بوو. عیسۆ خۆی ئەدۆمە. ٩ ئەمانە
نەوەکانی عیسۆن، باوکی ئەدۆمییەکان، لە کێوی سێعیردا.
١٠ ئەمانەش ناوی کوڕەکانی عیسۆیە: ئەلیفازی کوڕی عادای
ژنی عیسۆ و ڕعوئێلی کوڕی بەسمەی ژنی عیسۆ.
١١ کوڕانی ئەلیفازیش، تێیمان، ئۆمار، چفۆ، گەعتام لەگەڵ
قنەز. ١٢ تیمنەع کەنیزەی ئەلیفازی کوڕی عیسۆ بوو و لە
ئەلیفازەوە عەمالیقی بوو. ئەوانە کوڕانی عادای ژنی عیسۆ
بوون. ١٣ ئەمانەش کوڕانی ڕعوئێلن، نەخەت، زەرەخ،
شەممە لەگەڵ میززە. ئەمانە کوڕانی بەسمەی ژنی عیسۆ
بوون. ١٤ ئەمانەش کوڕانی ئەهۆلیبامەی ژنی عیسۆیە کە
کچی عەنەی کوڕی چیبعۆنە و بۆ عیسۆی خستوونەتەوە:
یەعیش و یەعلام و قۆڕەخ. ١٥ ئەمانەش میرانی نەوەی
عیسۆن، کوڕانی ئەلیفازی نۆبەرەی عیسۆ: میر تێیمان، میر
ئۆمار، میر چفۆ، میر قنەز، ١٦ میر قۆڕەخ، میر گەعتام
لەگەڵ میر عەمالیق. ئەوانە میرانی نەوەی ئەلیفاز بوون لە
خاکی ئەدۆمدا، ئەوانە کوڕانی عادان. ١٧ ئەمانەش کوڕانی
ڕعوئێلی کوڕی عیسۆن: میر نەخەت، میر زەرەخ، میر
شەممە لەگەڵ میر میززە. ئەوانە میرانی نەوەی ڕعوئێل
بوون لە خاکی ئەدۆمدا، ئەوانە کوڕانی بەسمەی ژنی عیسۆن.
١٨ ئەمانەش کوڕانی ئەهۆلیبامەی ژنی عیسۆن، میر یعیش و
میر یەعلام و میر قۆڕەخ. ئەوانە میرانی نەوەی ئەهۆلیبامەی
ژنی عیسۆی کچی عەنە بوون. ١٩ ئەوانە بوون کوڕانی عیسۆ
کە خۆی ئەدۆمە، ئەوانەش میرەکانیان بوون. ٢٠ ئەمانەش
کوڕانی سێعیری حۆرین کە خەڵکی ناوچەکە بوون: لۆتان،

[أ] ٣٥ : ١٨ واتە ڕۆڵەی ناخۆشیم.

[ب] ٣٥ : ١٨ واتە ڕۆڵەی دەستەڕاستم.

شۆبال، چیبعۆن و عەنە، ٢١ هەروەها دیشۆن، ئێچەر لەگەڵ
دیشان. ئەمانەش میرانی حۆرییەکانن، کوڕانی سێعیر لە
خاکی ئەدۆمدا. ٢٢ کوڕانی لۆتانیش، حۆری و هێیمام.
تیمناعیش خوشکی لۆتان بوو. ٢٣ ئەمانەش کوڕانی شۆبال
بوون، عەلوان، مەناخەت، عێبال، شفۆ لەگەڵ ئۆنام.
٢٤ ئەمانەش کوڕانی چیبعۆن بوون، ئەییا و عەنە. ئەمە ئەو
عەنەیەیە کە لە چۆڵەوانیدا کانیاوی گەرمی دۆزییەوە، کاتێك
خەریکی لەوەڕاندنی گوێدرێژەکانی چیبعۆنی باوکی بوو.
٢٥ ئەمانەش کوڕانی عەنە بوون، دیشۆن لەگەڵ ئەهۆلیبامەی
کچی عەنە. ٢٦ ئەمانەش کوڕانی دیشۆنن، خەمدان، ئەشبان،
یتران لەگەڵ کران. ٢٧ ئەمانەش کوڕانی ئێچەرن، بلهان و
زەعەڤان و عەقان. ٢٨ ئەمانەش کوڕانی دیشانن، عۆچ و
ئاران. ٢٩ ئەمانەش میرانی حورییەکانن: میر لۆتان، میر
شۆبال، میر چیبعۆن، میر عەنە، ٣٠ میر دیشۆن، میر ئێچەر
لەگەڵ میر دیشان. ئەوانە بوون میرانی حۆرییەکان، بەپێی
میرەکانیان لە خاکی سێعیردا. ٣١ ئەمانەش ئەو پاشایانەن کە
لە خاکی ئەدۆمدا پاشایەتییان دەکرد پێش ئەوەی هیچ پاشایەکی
ئیسرائیلی پاشایەتیی بکات. ٣٢ بەلەعی کوڕی بعۆر بوو بە
پاشای ئەدۆم. ناوی شارەکەشی دینهابە بوو. ٣٣ کە بەلەع
مرد، یۆبابی کوڕی زەرەخی خەڵکی بوسرە جێگەی گرتەوە.
٣٤ کە یۆباب مرد، خوشامی خەڵکی خاکی تێیمانییەکان
جێگەی گرتەوە. ٣٥ کە خوشام مرد، هەدەدی کوڕی بدەد
جێگەی گرتەوە، لە وڵاتی موئابدا شکستی بە مدیان هێنا.
ناوی شارەکەشی عەڤیت بوو. ٣٦ کە هەدەد مرد، سەملەی
خەڵکی مەسریقە جێگەی گرتەوە. ٣٧ کە سەملە مرد، شائوولی
خەڵکی ڕەخوبۆت کە لەسەر ڕووبارە، جێگەی گرتەوە. ٣٨ کە
شائوول مرد، بەعل خەنانی کوڕی عەکبۆر جێگەی گرتەوە.
٣٩ کە بەعل خەنانی کوڕی عەکبۆر مرد، هەدەر جێگەی
گرتەوە. ناوی شارەکەشی پاعوو بوو، ژنەکەشی ناوی
میهێیتەبێل بوو، کچی مەترێدی کچی مەیزەهەب بوو.
٤٠ ئەمانەش ناوی میرەکانی نەوەی عیسۆن، بەپێی تیرەکانیان
و ناوچەکانیان و ناوەکانیان: میر تیمناع، میر عەلوا، میر
یخێت، ٤١ میر ئەهۆلیبامە، میر ئێلە، میر پینۆن، ٤٢ میر قنەز،
میر تێیمان ، میر مبچار، ٤٣ میر مەگدئێل لەگەڵ میر عیرام.
ئەوانە بوون میرانی ئەدۆم بەپێی نشینگەکانیان لەخاکی
موڵکی خۆیاندا. ئەوە عیسۆی باوکی ئەدۆمییەکان بوو.

# ٣٧

١ یاقوب لە خاکی ئاوارەیی باوکی، لە خاکی کەنعان نیشتەجێ
بوو. ٢ ئەمانەش نەوەکانی یاقوبن، یوسف کە تەمەنی حەڤدە
ساڵان بوو، شوانی مەڕەکانی دەکرد لەگەڵ براکانیدا،
هەرزەکار بوو لای کوڕانی بلهە و کوڕانی زیلفە، دوو
ژنەکەی باوکی. یوسف بوختانە خراپەکانی ئەمانی بە باوکی
ڕاگەیاند. ٣ ئیسرائیلیش یوسفی لە هەموو کوڕەکانی دیکەی
خۆشتر ویست، چونکە ئەو منداڵەی لە پیریدا ببوو، کراسێکی
درێژی ڕەنگینیشی بۆ دروست کرد. ٤ کە براکانی بینییان
باوکیان ئەوی لە هەموو براکانی خۆشتر دەوێت، ڕقیان لێ
بووەوە و سڵاویان لێ نەکرد. ٥ یوسف خەونێکی بینی و بۆ
براکانی گێڕایەوە، ئیتر زیاتر ڕقیان لێی بووەوە. ٦ پێی وتن:
گوێ لەم خەونە بگرن کە دیوومە، ٧ ئەوا خەریکی چەپك
بەستن بووین لە کێڵگەدا، لەناکاو چەپکەکەی من ڕاست
بووەوە و وەستا، چەپکەکانی ئێوەش دەوریان دا و کڕنوشیان
بۆ برد. ٨ براکانی پێیان ووت: دیارە دەبیت بە پاشا و
پاشایەتیمان بەسەردا دەکەیت، یان فەرمانڕەوا و فەرمانمان
پێ دەکەیت؟ ئیتر زیاتر ڕقیان لێ بووەوە، لەبەر خەونەکانی
و لەبەر قسەکانی. ٩ ئینجا خەونێکی دیکەی دی و بۆ براکانی
گێڕایەوە و وتی: ئەوەتا خەونێکی دیکەم بینیوە، ئەوەتا خۆر و
مانگ و یانزە ئەستێرە کڕنوشیان بۆم بردووە. ١٠ کە ئەمەی
بۆ باوکی و براکانی گێڕایەوە، باوکی سەرزەنشتی کرد و پێی
وت: ئەمە چ خەونێکە کە تۆ بینیووتە؟ ئایا من و دایکت و
براکانت بێین و کڕنوشت بۆ ببەین بۆ سەر زەوی؟
١١ براکانیشی حەسوودیان پێ برد، بەڵام باوکی ئەم شتەی لە
دڵی خۆیدا هێشتەوە. ١٢ براکانی ڕۆیشتن بۆ لەوەڕاندنی
مەڕەکانی باوکیان لە دەوروبەری شخەم. ١٣ ئیسرائیلیش بە
یوسفی وت: ئەوە نیە براکانت لە دەوروبەری شخەم خەریکی
لەوەڕاندنن؟ وەرە با بتنێرم بۆ لایان. ئەویش وتی: باشە.
١٤ ئینجا پێی وت: بڕۆ سەیرکە بزانە براکانت سەلامەتن و
مەڕەکانیش سەلامەتن، وەرەوە و هەواڵم لێ بگێڕەوە. ئیتر لە
دۆڵی خەبرونەوە ناردی و هات بۆ شخەم. ١٥ پیاوێك
دەیدۆزێتەوە و دەبینێت وا لە چۆڵەوانیدا ون بووە، لێی
دەپرسێت: ئەوە بەدوای چی دەگەڕێیت؟ ١٦ ئەویش وتی:
بەدوای براکانمدا دەگەڕێم. پێم بڵێ لە کوێ خەریکی
لەوەڕاندنن؟ ١٧ پیاوەکەش وتی: لێرە ڕۆیشتن، چونکە گوێم
لێیان بوو وتیان، با بڕۆین بۆ دۆتان. یوسفیش بەدوای
براکانیدا ڕۆیشت و لەدۆتان دۆزینیەوە. ١٨ جا لە دوورەوە
بینیان و پێش ئەوەی لێیان نزیك بێتەوە، پیلانیان بۆی دانا تا
بیکوژن. ١٩ ئیتر بە یەکتریان ووت: ئەوەتا خاوەن خەونەکان
وا دێت. ٢٠ دەی با ئێستا بیکوژین و فڕێی دەینە یەکێك لەم
بیرانەوە و دەشڵێین گیاندارێکی دڕندە خواردی. ئینجا با ببینین
خەونەکانی چییان لێ دێت. ٢١ کە ڕەئوبێن گوێ لەمە بوو، لە
دەستیان فریای کەوت و وتی: با گیانێك نەکوژین! ٢٢ ئینجا
ڕەئوبێن پێی وتن: خوێن مەڕێژن. فڕێیدەنە ئەم بیرەوە کە لە
چۆڵەوانی دایەو دەستی بۆ درێژ مەکەن. تا لە دەستیان
فریایکەوێت و بیگەڕێنێتەوە بۆ باوکی. ٢٣ ئیتر کە یوسف
بۆلای براکانی هات، کراسەکەیان لەبەری دادڕاند، کراسە
درێژە ڕەنگینەکەی لەبەری بوو، ٢٤ ئینجا بردیان و فڕێیان
دایە بیرەکەوە، بیرەکەش بەتاڵ و ئاوی تیادا نەبوو. ٢٥ دوای
ئەوە دانیشتن بۆ نان خواردن، کە چاویان هەڵبڕی بینیان وا
کاروانی ئیسماعیلییەکان لە گلعادەوە دێت، وشترەکانیان
بارکراون بە بەهارات و هەتووان و داودەرمان، دەڕۆن تا
دابەزن بۆ میسر. ٢٦ ئینجا یەهودا بە براکانی وت: چ
سوودێکی هەیە براکەی خۆمان بکوژین و خوێنەکەی
بشارینەوە؟ ٢٧ وەرن با بە ئیسماعیلییەکانی بفرۆشین و دەستی
خۆمانی بۆ درێژ نەکەین، چونکە برامانە و گۆشتمانە.
براکانیشی بە قسەیان کرد. ٢٨ کاتێك کە هەندێ پیاوی مدیانی
بازرگان تێپەڕین، براکانی یوسفیان ڕاکێشا و لە بیرەکە
هێنایانە دەرەوە و فرۆشتیان بە ئیسماعیلییەکان بە بیست زیو،
ئەوانیش یوسفیان هێنا بۆ میسر. ٢٩ ئینجا ڕەئوبێن گەڕایەوە
بۆ لای بیرەکەو ئەوەتا یوسف لە بیرەکە نییە، ئیتر جلەکانی
بەری خۆی دادڕی. ٣٠ گەڕایەوە بۆ لای براکانی و وتی:
کوڕەکە لەوێ نەماوە! من بۆ کوێ بڕۆم؟ ٣١ ئەوانیش
کراسەکەی یوسفیان هێنا، کارەبزنێکیان سەربڕی و
کراسەکەیان لە خوێن هەڵکێشا. ٣٢ ئینجا کراسە ڕەنگینەکەیان
نارد و هێنایان بۆ باوکیان و وتیان: ئەمەمان دۆزیوەتەوە، لێی
وردبەوە و بزانە کراسی کوڕەکەتە یان نا؟ ٣٣ ئەویش لێی
وردبووەوە و وتی: کراسی کوڕەکەمە! گیاندارێکی دڕندە
خواردوویەتی، یوسفی پارچە پارچە کردووە. ٣٤ ئیتر یاقوب
جلەکانی بەری خۆی دادڕی و بەرگی ماتەمی بە ناوقەدییەوە
پۆشی و ڕۆژانێکی زۆر شیوەنی گێڕا بۆ کوڕەکەی. ٣٥ ئینجا
هەموو کوڕەکانی و هەموو کچەکانی هەستان چوون بۆ لای
بۆ دڵدانەوەی، بەڵام ئەو ڕەتی کردەوە دڵی بدرێتەوە و وتی:

بە شیوەنەوە دادەبەزمە لای کوڕەکەم بۆ ناو گۆڕ. ئیتر باوکی
دایە پرمەی گریان بۆی. ٣٦ مدیانییەکانیش لە میسر یوسفیان
فرۆشت بە پۆتیفار کە کاربەدەستی فیرعەون و سەرداری
پاسەوانەکان بوو.

# ٣٨

١ ئەوەبوو یەهودا لەو سەردەمەدا لە لای براکانی دابەزی و
چووە لای پیاوێکی عەدولامی کە ناوی خیرە بوو. ٢ لەوێ
یەهودا چاوی بە کچی پیاوێکی کەنعانی کەوت ناوی شوەع
بوو. ئەو کچەی خواست و لەگەڵیدا نووست. ٣ ئەویش سکی
پڕبوو و کوڕێکی بوو ناوینا عێر. ٤ جارێکی دیکە سکی
پڕبووەوە و کوڕێکی دیکەی بوو ناوینا ئۆنان. ٥ دیسان سکی
پڕبووەوە و کوڕێکی دیکەی بوو ناوینا شێلە. کە ئەم کوڕەیانی
بوو یەهودا لە کەزیب بوو. ٦ یەهودا ژنێکی بۆ عێری کوڕە
نۆبەرەی خۆی هێنا ناوی تامار بوو. ٧ عێری کوڕە نۆبەرەی
یەهودا لەبەردەم خوداوەند بەدکار بوو، خوداوەندیش مراندی.
٨ ئینجا یەهودا بە ئۆنانی وت: بچۆ بەلای ژنی براکەتدا و
بیخوازە و نەوە بۆ براکەت بخەرەوە. ٩ ئۆنانیش ئەوەی زانی
کە نەوەکە هی ئەم نابێت، ئیتر هەر کە بچووایە بەلای ژنی
براکەیدا، تۆوەکەی خۆی دەڕژاندە سەر زەوی بۆ ئەوەی نەوە
بۆ براکەی نەخاتەوە. ١٠ ئەم کردارەی ئەو لای خوداوەند
کارێکی خراپ بوو، ئیتر ئەویشی مراند. ١١ یەهودا بە تاماری
بووکی خۆی وت: لە ماڵی باوکتدا بە بێوەژنی دانیشە هەتا
شێلەی کوڕم گەورە دەبێت. چونکە وتی نەوەك ئەمیشیان وەك
دوو براکەی بمرێت. تاماریش ڕۆیشت و لە ماڵی باوکیدا
دانیشت. ١٢ دوای ڕۆژانێکی زۆر کچەکەی شوەع کە ژنی
یەهودا بوو مرد. دوای ڕۆژانی ماتەمینی، یەهودا لەگەڵ
خیرەی عەدولامی هاوڕێیدا بەرەو ژوور بووەوە بۆ تیمنە، بۆ
لای ئەوانەی مەڕەکانیان بۆ دەبڕییەوە. ١٣ بە تاماریان
ڕاگەیاند و وتیان : ئەوا خەزوورت بەرەو ژوور بووەتەوە بۆ
تیمنە بۆ بڕینەوەی مەڕەکانی، ١٤ جا جلوبەرگی بێوەژنی
داکەند و بە ڕووپۆش خۆی داپۆشی و خۆی پێچایەوە و لەبەر
دەروازەی عێینەیمدا، کە لەسەر ڕێگای تیمنەیە دانیشت،
چونکە سەیری کرد وا شێلە گەورەش بووە کەچی ئەمیان نەدا
پێی ببێ بە ژنی. ١٥ کە یەهودا بەدیکرد وایزانی ئافرەتی
سووکە، چونکە ڕووی خۆی داپۆشی بوو. ١٦ ئیتر لەسەر
ڕێگاکە لای کردەوە بەلای ئەودا و پێی وت: وەرە با لەگەڵت
بنووم، چونکە نەیزانی ئەوە بووکەکەیەتی. ئەویش پێی ووت:
چیم پێدەدەیت تا لەگەڵم بنوویت؟ ١٧ ئەویش وتی: لەماڵاتەکەم
گیسکێکت بۆ دەنێرم. ئەمیش وتی: ئەی شتێکم وەك بارمتە
دەدەیتێ تا دەینێریت؟ ١٨ ئەویش وتی: چ بارمتەیەکت پێبدەم؟
ئەمیش وتی: مۆر و قەیتان و گۆچانەکەی دەستت. ئەویش
ئەمانەی دایە و لەگەڵیدا نووست، ئیتر سکی لێی پڕبوو.
١٩ ئینجا هەستا و ڕۆیشت، ڕووپۆشەکەی لەخۆی کردەوە و
جلوبەرگی بێوەژنی لەبەرکردەوە. ٢٠ جا یەهودا بە دەستی
هاوڕێ عەدولامییەکەی گیسکەکەی نارد بۆ ئەوەی بارمتەکە
لە دەست ژنەکە وەرگرێتەوە. بەڵام ئەو نەیدۆزییەوە. ٢١ ئیتر
پرسیاری لە خەڵکی ئەو ناوە کرد و وتی: ئەرێ ئەو ئافرەتە
سووکەی لە کەنار ڕێی عێینەیمدا بوو لە کوێیە؟ ئەوانیش
وتیان: ئەم ناوە هیچ ئافرەتێکی سووکی لێ نەبووە. ٢٢ ئەویش
گەڕایەوە بۆ لای یەهوداو پێی وت: نەم دۆزییەوە. خەڵکەکەی
ئەو ناوەش وتیان هیچ ئافرەتی سووك لەو ناوەدا نییە.
٢٣ یەهوداش وتی: با هەڵیان بگرێت بۆ خۆی نەوەك ببین بە
ڕسوایی، ئەوەتا من ئەم گیسکەم بۆ نارد بەڵام تۆ ئەوت
نەدۆزییەوە. ٢٤ نزیکەی سێ مانگ دوای ئەوە بە یەهودا
ڕاگەیێندرا و وترا: تاماری بووکت داوێن پیسی کردووە،
ئەوەتا بەهۆی ئەو داوێن پیسییەوە سکیشی پڕە. یەهوداش
وتی: بیهێننە دەرەوە تا بسووتێنرێت. ٢٥ ئەوەبوو کە هێنرایە
دەرەوە، ناردییە لای خەزووری و وتی: سکم لەو پیاوە پڕە
کە خاوەنی ئەمانەیە. وتیشی: ووردبەوە ئەم مۆر و قەیتان و
عەگال و گۆچانە هی کێیە؟ ٢٦ یەهوداش ناسینیەوەو وتی: ئەو
لە من ڕاستودروستترە لەبەر ئەوەی نەمداوە بە شێلەی کوڕم.
دوای ئەمە ئیتر نەشنووستەوە لەگەڵیدا. ٢٧ کە هاتە سەر
منداڵبوون، دووانەیەك لە سکیدا بوو. ٢٨ لە کاتی منداڵبوونیدا
یەکێکیان دەستی هێنایە دەرەوە، مامانەکەش دەزوویەکی
سووری بە دەستییەوە بەست و وتی: ئەمەیان یەکەمجار
هاتەدەرەوە. ٢٩ بەڵام کە دەستی کێشایەوە دواوە، براکەی
هاتەدەرەوە، مامانەکەشە وتی: ئەوە بۆ هەڵتکوتا، دەك
هەڵبکوترێتە سەرت! ئەمەیان ناونرا پارەچ[أ]. ٣٠ دوای براکەی،
کە دەزووە سوورەکە بەدەستییەوە بوو، هاتە دەرەوە.
ئەمەشیان ناونرا زارەخ[ب].

# ٣٩

١ یوسف بەرەو خوار بردرا بۆ میسر. لەوێ پیاوێکی میسری
بە ناوی پۆتیفار کە کاربەدەستی فیرعەون و سەرداری
پاسەوانەکانی بوو، لە ئیسماعیلییەکانی کڕی کە بەرەو میسر
هێنابوویان. ٢ خوداوەند لەگەڵ یوسف بوو، ئیتر پیاوێکی
سەرکەوتوو بوو، لە ماڵی گەورە میسرییەکەیدا بوو.
٣ گەورەکەی بینی کە خوداوەندی لەگەڵدایە و دەست بداتە هەر
کارێکیش خوداوەند سەرکەتووی دەکات. ٤ جا یوسف پەسەند
بوو لەبەر چاوی و خزمەتی کرد. ئەویش کردی بە گەورە
لێپرسراوی ماڵەکەی و هەرچییەکی هەبوو دایە دەست ئەم.
٥ ئیتر لەو کاتەوە کە ئەمی کرد بە گەورە لێپرسراوی ماڵەکەی
و هەرچی کە هەیبوو، خوداوەند ماڵی ئەو میسرییەی لەبەر
یوسف پیرۆز کرد. پیرۆزییەکەی خوداوەندیش بۆ هەموو ئەو
شتانە بوو کە هەیبوو، چ لەناو ماڵەکەیدا و چ لە دەشتودەردا.
٦ ئیتر هەرچییەکی هەبوو بۆ یوسفی بەجێهێشت، ئاگاداری
هیچی خۆشی نەبوو تەنها ئەو نانە نەبێت کە دەیخوارد،
یوسفیش ڕوخسار جوان و بەژن ڕێك بوو. ٧ ئەوەبوو دوای
ئەم شتانە ژنی گەورەکەی چاوی بڕییە یوسف و پێی وت:
وەرە لەگەڵمدا بنوو. ٨ ئەویش ڕەتیکردەوە و بە ژنی
گەورەکەی وت: ئەوەتا گەورەم سەرقاڵی هیچ شتێك نییە کەوا
لە ماڵەکەیدا هەیە، هەرچییەکیشی هەیە بە منی سپاردووە.
٩ کەسیش لە ماڵەکەدا لە من گەورەتر نییە. هیچیشی لێ
قەدەغە نەکردووم تەنها تۆ نەبێت، چونکە تۆ ژنی ئەویت.
ئیتر چۆن دەبێت بەدکارییەکی ئاوا گەورە بکەم و گوناه
بەرامبەر بە خودا بکەم. ١٠ جا ڕۆژ بە ڕۆژ بە یوسفی
دەووتەوە و ئەویش بەقسەی نەکرد، تا لەلایەوە بنووێت و
لەگەڵی بێت. ١١ ئەوەبوو ڕۆژێکیان هاتە ناو ماڵەکەوە بۆ
ئەنجامدانی کارەکەی، هیچ کەسێکی ماڵەکەش لە ماڵەوە
نەبوو. ١٢ جا لە کراسەکەیەوە گرتی و وتی: لەگەڵمدا بنوو!
ئەویش کراسەکەی بە دەستی ئەوەوە بەجێهێشت و ڕایکرد و
ڕۆیشتە دەرەوە. ١٣ کە بینی وا کراسەکەی بەدەستی ئەمەوە
بەجێهێشت و ڕایکردە دەرەوە، ١٤ بانگی کەسانی ماڵەکەی

[أ] ٣٨ : ٢٩ واتە هەڵکوتان.

[ب] ٣٨ : ٣٠ واتە سوورە یان بریقەدار.

کرد و پێی وتن: سەیرکەن، پیاوێکی عیبرانی بۆ هێناوین دەستبازیمان لەگەڵ بکات. بۆم هاتۆتە ژوورەوە تا لەگەڵمدا بنوێت، منیش بە دەنگی بەرز قیژاندم. ١٥ ئیتر کە گوێی لێبوو دەنگم هەڵبڕی و قیژاندم، کراسەکەی لامەوە بەجێهێشت و ڕایکرد و ڕۆیشتە دەرەوە. ١٦ ئینجا کراسەکەی ئەوی لای خۆی دانا هەتا گەورەکەی هاتە ماڵەکەی. ١٧ ئیتر هەمان قسەی بۆ ئەو گێڕایەوە و پێی وت: خزمەتکارە عیبرانییەکەی تۆ بۆت هێناوین، بۆم هاتە ژوورەوە تا دەستبازیم لەگەڵ بکات. ١٨ بەڵام کە دەنگم هەڵبڕی و قیژاندم، کراسەکەی لامەوە بەجێ هێشت و ڕایکردە دەرەوە. ١٩ کە گەورەکەی ئەو قسەیەی ژنەکەی خۆی بیست کە بۆی کرد و پێی وت، خزمەتکارەکەت ئاوای پێ کردم. تووڕەیی جۆشا. ٢٠ ئینجا گەورەکەی یوسفی هێنا و خستییە زیندانەوە، ئەو شوێنەی زیندانییەکانی پاشای لێ بەندکرابوون. ئیتر لەوێ لە زیندان مایەوە. ٢١ بەڵام خوداوەند لەگەڵ یوسفدا بوو، پەیمانی خۆشەویستییەکەی خۆی بەسەردا کێشا و پەسەندی کرد لەبەرچاو کارگێڕی زیندانەکە. ٢٢ ئیتر کارگێڕی زیندانەکە هەموو ئەو زیندانییانەی خستە ژێر دەستی یوسفەوە کە لە زیندانەکەدا بوون، کردیشی بە لێپرسراوی هەر کارێك کە لەوێدا بکرایە. ٢٣ کارگێڕی زیندانەکەش سەیری هیچ شتێکی نەدەکرد کە بە دەست یوسف بووایە، چونکە خوداوەند لەگەڵ یوسفدا بوو، هەر کارێکیشی دەکرد خوداوەند سەری دەخست.

# ٤٠

١ ئەوەبوو دوای ئەم شتانە ساقی پاشای میسر و نانەواکەی هەڵەی گەورەیان بەرامبەر بە گەورەکەیان پاشای میسر کرد. ٢ جا فیرعەون تووڕە بوو لە دوو کاربەدەستەکەی، سەرۆکی ساقیەکان و سەرۆکی نانەواکان. ٣ ئیتر هەردووکیانی خستە زیندانەکەی ناو ماڵەکەی سەرۆکی پاسەوانەکانەوە، ئەو شوێنەی کە یوسفی تێدا زیندانی کرابوو. ٤ سەرۆکی پاسەوانەکانیش کاروباریانی بە یوسف سپارد، ئەویش خزمەتی کردن. ئیتر ماوەیەك لە زیندانەکەدا مانەوە. ٥ ئینجا هەردووکیان، لە یەك شەودا خەویان بینی، خەوی هەر یەکەیان لێکدانەوەیەکی جیاوازی هەبوو لەگەڵ ئەوی دیکەیاندا، ساقی پاشای میسر و نانەواکەی کە زیندانی کرابوون. ٦ بۆ سبەی بەیانی یوسف هات بۆ لایان، سەیری کردن هەردووکیان ماتومەلوولن. ٧ ئەویش پرسیاری لە هەردوو کاربەدەستەکەی فیرعەون کرد کە لەگەڵ خۆی لە زیندانی ماڵی گەورەکەیدان و وتی: بۆچی ئەمڕۆ ڕووتان غەمگینە. ٨ پێیان وت: خەونمان دیوە و کەسێکیش نییە لێکی بداتەوە. یوسفیش پێی وتن: ئایا لێکدانەوە هی خودا نییە؟ بۆ منی بگێڕنەوە. ٩ سەرۆکی ساقییەکان خەوەکەی بۆ یوسف گێڕایەوە و وتی: لەخەونمدا ئەوەتا دارمێوێك لە بەردەممە. ١٠ سێ چڵ بە دارمێوەکەوە بوو، هەر کە چرۆیان کرد، گوڵیان گرت و هێشووەکانیان پێگەیشتن و بوون بە ترێ. ١١ جامەکەی فیرعەونیشم بەدەستەوە بوو، ترێکەم هێنا و گووشیمە ناو جامەکەی فیرعەون و جامەکەم دایە دەست فیرعەونەوە. ١٢ یوسفیش پێی وت: ئەمە لێکدانەوەکەیەتی: سێ چڵەکە سێ ڕۆژن. ١٣ لە ماوەی سێ ڕۆژدا فیرعەون سەرت بەرز دەکات و دەتگێڕێتەوە بۆ شوێنەکەی خۆت. جامەکەی فیرعەونیش دەدەیتەوە دەست خۆی وەك جاری جاران کە ساقی بوویت. ١٤ بەڵام ئەگەر بکەوەیتەوە بیرت کاتێ باشت بۆ دەبێت و چاکەیەکم لەگەڵدا بکەیت لەلای فیرعەون، یادم بکەیت و لەم ماڵە دەرم بهێنیت. ١٥ چونکە لە خاکی عیبرانییەکانەوە دزراوم، لێرەش بێ ئەوەی هیچم کردبێت خراومەتە زیندانەوە. ١٦ کە سەرۆکی نانەواکان بینی باشی لێکدایەوە، بە یوسفی وت: منیش لە خەومدا سێ سەبەتە نانی سپی لەسەر سەرم بوو. ١٧ سەبەتەکەی سەرەوەیان هەموو جۆرە خواردنێکی فیرعەونی تێدا بوو لەوانەی نانەوا دروستیان دەکات، باڵندەکانیش لەسەر سەبەتەکەی سەر سەرمەوە دەیانخوارد. ١٨ یوسفیش وەڵامی دایەوە و وتی: ئەمە لێکدانەوەکەیەتی، سێ سەبەتەکە سێ ڕۆژن. ١٩ لە ماوەی سێ ڕۆژیشدا، فیرعەون سەرت بەرز دەکاتەوە لێت، بە دارێکدا هەڵتدەواسێت، باڵندەش گۆشتەکەت دەخۆن. ٢٠ ئەوەبوو لە ڕۆژی سێیەمدا کە ڕۆژی لەدایکبوونی فیرعەون بوو، فیرعەون خوانێکی بۆ هەموو دەستوپێوەندەکەی کرد. سەری سەرۆکی ساقیەکان و سەری سەرۆکی نانەواکانی لەنێو دەستوپێوەندەکەیدا بڵند کرد. ٢١ سەرۆکی ساقیەکانی گێڕایەوە بۆ مەیگێڕییەکەی خۆی. ئەویش جامی دایەوە دەستی فیرعەون. ٢٢ بەڵام سەرۆکی نانەواکانی هەڵواسی، وەك چۆن یوسف بۆی لێکدابوونەوە. ٢٣ سەرۆکی ساقیەکانیش یوسفی بیرنەکەوتەوە، بەڵکو لە یادی کرد.

# ٤١

١ ئەوەبوو دوای دوو ساڵ، فیرعەون خەوی دی، ئەوەتا لە لای ڕووبارەکە وەستاوە و ٢ ئەوەتا لە ڕووبارەکەوە حەوت مانگای ڕوخسار جوان و گۆشتن هاتنەدەرەوە و لە مێرگەکەدا کەوتنە لەوەڕان. ٣ هەروەها ئەوەتا حەوت مانگای تر لەدوای ئەمانەوە هاتنەدەرەوە لە ڕووبارەکە، ڕوخسار ناشرین و لەڕ و لە لای مانگاکانەوە ڕاوەستان لەسەر کەناری ڕووبارەکە. ٤ ئینجا مانگا ڕوخسار ناشرین و لەڕەکان، حەوت مانگا ڕوخسار جوان و گۆشتنەکەیان خوارد. ئیتر فیرعەون بە ئاگا هات. ٥ دوای ئەوە نووستەوە و دیسان خەوی بینیەوە، ئەوەتا حەوت گوڵە گەنم لە لاسکێکەوە دەرچووە، قەڵەو و جوانن. ٦ هەروەها ئەوەتا حەوت گوڵە گەنمی باریك و سووتاو بە بای ڕۆژهەڵات لە دوای ئەمانەوە ڕووان. ٧ ئینجا گوڵە گەنمە باریکەکان حەوت گوڵە گەنمە قەڵەو و پڕەکەیان قووتدا. ئیتر فیرعەون خەبەری بووەوە، ئەوەتا خەوە. ٨ ئەوەبوو سەر لە بەیانی دڵگران بوو، ئیتر ناردی بە دوای هەموو جادووگەرانی میسر و هەموو داناکانیدا و فیرعەون خەوەکەی خۆی بۆ گێڕانەوە، بەڵام کەسێك نەبوو لەناویان بۆ فیرعەونی لێکبداتەوە. ٩ ئینجا سەرۆکی ساقیەکان قسەی لەگەڵ فیرعەوندا کرد و وتی: من ئەمڕۆ هەڵەکانی خۆم دێتەوە بیر. ١٠ فیرعەون لە دوو خزمەتکارەکەی خۆی تووڕە بوو، جا منی خستە زیندانی ماڵی سەرۆکی پاسەوانەکان من و سەرۆکی نانەواکان. ١١ ئینجا من و ئەو لە یەك شەودا خەومان بینی، خەوی هەر یەکەمان لێکدانەوەیەکی جیاوازی هەبوو لەگەڵ ئەوی ترمان. ١٢ لەوێش کوڕێکی عیبرانیمان لەگەڵ بوو کە خزمەتکاری سەرداری پاسەوانان بوو. بۆ ئەومان گێڕایەوە، ئەویش هەردوو خەوەکەی بۆ لێکداینەوە، بۆ هەر یەکەمان بەپێی خەوەکەی لێکیدایەوە. ١٣ ئیتر ئەو چۆنی بۆ لێکداینەوە ئاوا ڕوویدا. ئەوەبوو منی گەڕاندەوە شوێنەکەی خۆم و ئەویشی هەڵواسی. ١٤ فیرعەونیش ناردی بە دوای یوسف، ئیتر خێرا لە زیندانەوە هێنایان. دوای ئەوەی تەراشی کرد و جلەکانی گۆڕی، هاتە بەردەم فیرعەون. ١٥ فیرعەون بە یوسفی وت: خەوێکم بینیوە و کەس نییە لێکی بداتەوە، دەربارەی تۆش بیستوومە کە خەو دەبیستیت تا لێکی بدەیتەوە. ١٦ یوسف وەڵامی فیرعەونی دایەوە و وتی: هی من نییە، بەڵکو خودایە وەڵامی ئاشتی بەخش بە فیرعەون دەدات.

١٧ ئینجا فیرعەون بە یوسفی وت: لە خەومدا ئەوەتام لەسەر
کەناری ڕووبارەکە ڕاوەستاوم و ١٨ ئەوەتا لە ڕووبارەکەوە
حەوت مانگای گۆشتن و ڕوخسار جوان لە ڕووبارەکە هاتنە
دەرەوە و لە مێرگەکەدا کەوتنە لەوەڕان و ١٩ ئەوەتا حەوت
مانگای تر بەدوایاندا هاتنە دەرەوە، لەڕ و زۆر ڕوخسار
ناشرین و کەم گۆشت. لە هەموو خاکی میسردا نەمدیبوو وەك
ئەوان لە ناشرینیدا. ٢٠ ئینجا مانگا لەڕ و ڕوخسار
ناشرینەکان، حەوت مانگا قەڵەوەکەی یەکەم جاریان خوارد.
٢١ جا چوونە ناو ورگیانەوە، بەڵام پێیانەوە دیار نەبوو کە
ئەوانە چوونەتە ورگیانەوە، بەڵکو هەر وەك یەکەمجار
ڕوخساریان ناشرین بوو. ئیتر بە ئاگا هاتم. ٢٢ دیسان لە
خەومدا بینیم ئەوەتا حەوت گوڵەگەنم دەرچوون لە یەك
لاسکدا، پڕ و جوان. ٢٣ هەروەها ئەوەتا حەوت گوڵەگەنمی
وشك و باریك و سووتاو بە بای ڕۆژهەڵات بە دوایانەوە
ڕوواون و ٢٤ گوڵەگەنمە باریکەکان حەوت گوڵەگەنمە
جوانەکەیان قووتدا. ئەمەم بە جادووگەرەکان وت، بەڵام کەس
نەبوو پێم ڕابگەیێنێت. ٢٥ یوسفیش بە فیرعەونی وت:
خەوەکەی فیرعەون یەکە. ئەوەی خودا دەیکات بە فیرعەونی
ڕاگەیاند. ٢٦ حەوت مانگا جوانەکە حەوت ساڵن. حەوت
گوڵەگەنمە جوانەکەش هەر حەوت ساڵن. یەك خەوە.
٢٧ حەوت مانگا لەڕ و ناشرینەکان بە دوایاندا هاتنە دەرەوە
ئەوە حەوت ساڵن. حەوت گوڵەگەنمە باریك و سووتاوەکە بە
بای ڕۆژهەڵات، دەبنە حەوت ساڵی برسێتی. ٢٨ ئەمەش
ئەوەیە کە بە فیرعەونم وت، ئەوەی خودا دەیکات بە فیرعەونی
نیشاندا. ٢٩ ئەوەتا حەوت ساڵ دێت تێروتەسەلییەکی مەزن لە
هەموو خاکی میسردا دەبێت. ٣٠ ئینجا بە دوای ئەودا حەوت
ساڵی برسێتی دێت کە هەموو ئەو تێروتەسەلییە لە بیر
دەباتەوە کە لە خاکی میسردا بووە. برسێتی خاکەکە تەواو
دەکات. ٣١ ئیتر بەو تێروتەسەلییەی لە خاکەکەدا بووە
نازانرێت، لەبەر ئەو برسێتییەی بە دوایدا دێت، چونکە زۆر
گران دەبێت. ٣٢ سەبارەت بەوەش کە خەوەکە دوو جار بۆ
فیرعەون دووبارە کراوەتەوە لەبەر ئەوەیە کە ئەو کارە لە
لای خوداوە بڕیاری دراوە، خوداش خێرایە لە ئەنجامدانی.
٣٣ ئێستاش با فیرعەون پیاوێکی وردبین و دانا ببینێت و
لەسەر خاکی میسر دایبنێت. ٣٤ با فیرعەون سەرپەرشتیارانیش
لەسەر زەوی دانێت بۆ وەرگرتنی پێنج یەکی دانەوێڵەی خاکی
میسر لە حەوت ساڵی تێروتەسەلییەکەدا. ٣٥ ئیتر هەموو
خواردنی ئەم ساڵە باشانەی کە دێت کۆدەکەنەوە و گەنم لە
ژێردەستی فیرعەون لە عەمبار بکەن، بۆ خواردن لە
شارەکاندا و چاودێری بکەن. ٣٦ ئەم خۆراکە دەبێتە ئازووقەی
خاکەکە بۆ ئەو حەوت ساڵە برسێتییەی کە لە خاکی میسردا
دەبێت، ئیتر خاکەکە بە برسێتی قڕ نابێت. ٣٧ ئەم قسانە
لەبەرچاوی فیرعەون باش بوو، هەروەها لەبەر چاوی هەموو
دەستوپێوەندەکەی. ٣٨ فیرعەون بە دەست وپێوەندەکەی وت:
ئایا کەسێکی وەك ئەم پیاوەمان دەست دەکەوێت کە ڕۆحی
خودای تێدا بێت؟ ٣٩ ئینجا فیرعەون بە یوسفی وت: دوای
ئەوەی خودا هەموو ئەمانەی بۆت ئاشکرا کرد، ئیتر کوا لە
تۆ وردبینتر و داناتر. ٤٠ تۆ لەسەر ماڵەکەی من دەبێت، لە
دەمی تۆشەوە هەموو گەلەکەم ڕاسپاردە وەردەگرن، تەنها لە
تەختی پاشایەتیدا لە تۆ گەورەتر دەبم. ٤١ ئینجا فیرعەون بە
یوسفی وت: بڕوانە ئەوا تۆم دانا لەسەر هەموو خاکی میسر.
٤٢ ئیتر فیرعەون ئەنگوستیلەکەی دەستی خۆی داکەند و
کردیە دەستی یوسف، هەروەها جلوبەرگی کەتانی ناسکی
لەبەرکرد و تەوقێکی زێڕیشی کردە ملی. ٤٣ پاشان سواری
دووەم گالیسکەی خۆی کرد و لەپێشیەوە بانگەوازیان کرد: بە
چۆکدا بێن! ئیتر داینا لەسەر هەموو خاکی میسر. ٤٤ ئینجا
فیرعەون بە یوسفی وت: من فیرعەونم، بە بێ قسەی تۆ کەس
لە هەموو خاکی میسردا، نە دەستی و نە پێی بەرزناکاتەوە.
٤٥ فیرعەون یوسفی ناونا چفنەت پەعنێخ، هەروەها ئاسنەتی
کچی پۆتی فەرەعی کاهینی ئۆنی داپێی ببێ بە ژنی. ئیتر
یوسف چووەدەرەوە بۆ سەر خاکی میسر. ٤٦ تەمەنی یوسف
سی ساڵ بوو کاتێك لەبەردەم فیرعەونی پاشای میسر وەستا.
یوسف لای فیرعەون چووە دەرەوە و بە هەموو خاکی میسردا
تێپەڕی. ٤٧ لە حەوت ساڵی تێروتەسەلییەکەدا زەوی بە پڕی
بەروبوومی دا. ٤٨ جا هەموو خۆراکی ئەو حەوت ساڵەی
کۆکردەوە کە لە خاکی میسردا بوون، لە هەموو شارێکدا
خۆراکی دانا، خۆراکی ئەو کێڵگانەی لە دەوروبەری
شارەکەبوون لەناوی داینا. ٤٩ یوسف گەنمی کۆکردەوە وەك
لمی دەریا، ئەوەندە زۆر ئیتر وازی لە ژماردنیان هێنا، چونکە
لە ژماردن نەدەهاتن. ٥٠ یوسف دوو کوڕی بۆ لەدایك بوو
پێش هاتنی ساڵانی برسێتییەکە، ئاسنەتی کچی پۆتی فەرەعی
کاهنی ئۆن بۆیی بوو. ٥١ یوسف کوڕە نۆبەرەکەی ناونا
منەسا، چونکە خودا هەموو ماندوویم و هەموو ماڵی باوکمی
لەبیر بردمەوە. ٥٢ دووەمیشیانی ناونا ئەفرایم، چونکە خودا لە
خاکی زەلیلیمدا بەرداری کردم. ٥٣ ئەو حەوت ساڵە
تێروتەسەلییەی لە خاکی میسردا بوو کۆتایی هات. ٥٤ ئینجا
حەوت ساڵی برسێتییەکە دەستی پێکرد، وەك یوسف وتبووی.
برسێتی لە هەموو زەویدا بوو، بەڵام لە هەموو خاکی میسردا
نان هەبوو. ٥٥ ئینجا هەموو زەوی میسر برسی بوو و
خەڵکەکە هاواریان بۆ فیرعەون برد بۆ نان. فیرعەونیش بە
هەموو میسرییەکانی وت: بڕۆن بۆ لای یوسف، ئەوەی ئەو
پێتان دەڵێت بیکەن. ٥٦ برسێتییەکە هەموو ڕووی خاکەکەی
گرتەوە، ئینجا یوسف هەموو ئەوەی تیایان بوو کردییەوە و بە
میسرییەکانی فرۆشت. برسێتییەکە لە خاکی میسردا تووندتر
بوو. ٥٧ هەموو زەویش هاتن بۆ میسر تا لە یوسف گەنم
بکڕن، چونکە برسێتییەکە لە هەموو زەویدا توند بوو.

# ٤٢

١ یاقوب بینی کە لە میسر گەنم هەیە، ئیتر یاقوب بە کوڕەکانی
خۆی وت: بۆ سەیری یەکتری دەکەن؟ ٢ ئینجا وتی: ئەوەتا
بیستوومە لە میسر گەنم هەیە. بەرەو خوار بنەوە بۆ ئەوێ و
لەوێ بۆمانی بکڕن، تا بژین و نە مرین. ٣ ئیتر دە برای
یوسف بەرەو خوار بوونەوە بۆ کڕینی گەنم لە میسر. ٤ بەڵام
یاقوب بنیامینی برای یوسفی لەگەڵ براکانیدا نەنارد، چونکە
وتی نەوەك تووشی بەڵایەك بێت. ٥ ئیتر کوڕانی ئیسڕائیل
هاتن بۆ کڕینی گەنم لەگەڵ ئەوانەی هاتبوون، چونکە برسێتی
لە خاکی کەنعاندا بوو. ٦ یوسف خۆی دەسەڵاتدار بوو بەسەر
زەوی، خۆی فرۆشیار بوو بۆ هەموو خەڵکی زەوی. ئینجا
براکانی یوسف هاتن و ڕووەو زەوی کڕنۆشیان بۆ برد. ٧ کە
یوسف سەیری براکانی خۆی کرد، ناسینیەوە. ئینجا خۆی لێ
گۆڕین و بە ڕەقی قسەی لەگەڵ کردن و پێی وتن: لە کوێوە
هاتوون؟ ئەوانیش وتیان: لە خاکی کەنعانەوە بۆ خۆراك
کڕین. ٨ جا یوسف براکانی خۆی ناسییەوە، بەڵام ئەوان
ئەمیان نەناسییەوە. ٩ ئینجا یوسف ئەو خەوانەی هاتەوە یاد کە
بە ئەوانیەوەی دیبووی و پێی وتن: ئێوە سیخوڕن! بۆ ئەوە
هاتوون تا ڕووتی خاکەکە ببینن. ١٠ ئەوانیش پێیان وت:
نەخێر گەورەم، بەڵکو خزمەتکارەکانت بۆ ئەوە هاتوون
خۆراك بکڕن. ١١ ئێمە هەموومان کوڕانی پیاوێکین،
کەسانێکی سەرڕاستین، خزمەتکارەکانت سیخوڕ نین.
١٢ ئەویش پێی وتن: نەخێر، بەڵکو هاتوون تا ڕووتی خاکەکە
ببینن. ١٣ ئەوانیش وتیان: خزمەتکارەکانت دوانزە بران. ئێمە

کوڕانی پیاوێکین لە خاکی کەنعاندا ئەوەتا ئەمڕۆ
بچووکەکەمان لای باوکمانە، یەکێکیشمان بێسەروشوێنە.
١٤ یوسفیش پێی وتن: ئەوەیە کە پێم وتن، ئێوە سیخوڕن. ١٥ ئا
بەمەش تاقی دەکرێنەوە، بە گیانی فیرعەون، لێرە ناچنە
دەرەوە تەنها بە هاتنی برا بچووکەکەتان نەبێت بۆ ئێرە.
١٦ یەکێك لە خۆتان بنێرن تا براکەتان بهێنێت، ئێوەش بەند
دەکرێن، ئیتر قسەکەتان تاقیدەکرێتەوە کە ئایا ڕاستگۆییتان
تێدایە؟ ئەگینا بە گیانی فیرعەون ئێوە سیخوڕن. ١٧ ئیتر بۆ
سێ ڕۆژ لە زیندان کۆیکردنەوە. ١٨ لە ڕۆژی سێیەمدا یوسف
پێی وتن: ئەمە بکەن و بژین، من لەخوا ترسم. ١٩ ئەگەر ئێوە
سەرڕاستن، با برایەکتان لە زیندانەکەتاندا زیندانی بکرێت،
ئێوەش بڕۆن و گەنم ببەنەوە بۆ برسێتیماڵەکانتان. ٢٠ ئینجا
برا بچووکەکەتانم بۆ بهێنن، ئیتر ڕاستی قسەکانتان
دەردەکەوێت و نامرن. ئەوانیش وایان کرد. ٢١ بە یەکتریشیان
وت: بە ڕاستی بەرامبەر بە براکەمان تاوانبارین، کاتێك
تەنگی گیانیمان بینی، لێمان پاڕایەوە و گوێمان لێنەگرت.
لەبەر ئەوەشە ئەم تەنگییەمان بەسەر هات. ٢٢ ڕەئوبێنیش
وەڵامیدانەوە و وتی: ئەی پێم نەووتن گوناە بەرامبەر بەو
کوڕە مەکەن؟ بەڵام ئێوە نەتان بیست! ئەوەتا خوێنەکەی داوا
دەکرێت. ٢٣ نەشیان دەزانی یوسف لە قسەکانیان دەگات،
چونکە بە هۆی زمانزانەوە قسەی لەگەڵ دەکردن. ٢٤ ئیتر
لێیان جیابووەوە و کەوتە گریان، دوای ئەوە گەڕایەوە بۆ
لایان و کەوتەوە قسەکردن لەگەڵیان. ئینجا شمعۆنی لێ سەندن
و لەپێش چاویان بەستییەوە. ٢٥ دوای ئەوە یوسف فەرمانیدا
جەواڵەکانیان پڕ بکرێت لە گەنم و زیوی هەر یەکەشیان
بخرێتەوە هەگبەکەی خۆی و ئازووقەشیان پێ بدرێت بۆ
ڕێگا. ئیتر وایان بۆ کرا. ٢٦ ئیتر گەنمەکەیان لە
گوێدرێژەکانیان بارکرد و لەوێ ڕۆیشتن. ٢٧ ئەوەبوو
یەکێکیان هەگبەکەی خۆیکردەوە تا ئالیك بدات بە
گوێدرێژەکەی، لەو شوێنەی بۆ شەو مانەوە لێی وەستان،
سەیری کرد زیوەکەی وا لەدەمی هەگبەکەیدایە. ٢٨ بە براکانی
خۆی وت: زیوەکەم بۆ گێڕدراوەتەوە، ئەوەتا لە هەگبەکەمدایە.
ئەوانیش دڵەکوتێیان تێکەوت و بە ترس ولەرزەوە بە یەکتریان
وت: ئەمە چییە خودا بە ئێمەی کردووە؟ ٢٩ ئینجا هاتن بۆ لای
یاقوبی باوکیان لە خاکی کەنعاندا، هەرچییەکیان بەسەر هاتبوو
بۆیان گێڕایەوە و وتیان: ٣٠ ئەو پیاوەی گەورەی خاکەکەیە بە
ڕەقییەوە قسەی لەگەڵدا کردین و وای داناین سیخوڕی خاکەکە
بین. ٣١ ئێمەش پێمان وت، ئێمە سەرڕاستین و سیخوڕنین.
٣٢ ئێمە دوانزە برای کوڕی باوکێکین. یەکێکمان نەماوە و
بچووکەکەشمان ئەمڕۆ لای باوکمانە لە خاکی کەنعان. ٣٣ ئەو
پیاوەش کە گەورەی خاکەکەیە پێی وتین، بەمە دەزانم ئێوە
سەرڕاستن، با یەکێك لە براکانتان لای من بمێنێتەوە و ئەوەی
بۆ برسێتی ماڵەکانتان پێویستە ببەن و بڕۆن. ٣٤ ئینجا برا
بچووکەکەتانم بۆ بهێنن. ئیتر دەزانم ئێوە سیخوڕ نین، بەڵکو
سەرڕاستن. براکەشتان پێ دەدەمەوە و لە خاکەکەشدا
بازرگانی خۆتان بکەن. ٣٥ ئەوەبوو کاتێك هەگبەکانیان بەتاڵ
دەکردەوە، کیسەی زیوی هەر یەکەیان لەهەگبەکەی خۆیدا
بوو! ئیتر کە کیسەی زیوەکانیان بینی، خۆیان و باوکیان
ترسیان لێنیشت. ٣٦ یاقوبی باوکیشیان پێی وتن: منتان بێبەش
کرد. یوسف نەما و شمعۆنیش نەما، ئێستاش بنیامین دەبەن.
هەمووی بەسەر مندا شکاوەتەوە. ٣٧ ڕەئوبێن بە باوکی وت:
ئەگەر بۆم نەهێنایەوە هەردوو کوڕەکەم بکوژە. بیدە دەستی
من، خۆم بۆتی دەهێنمەوە. ٣٨ وتی: کوڕی من لەگەڵ ئێوەدا
بەرەو خوار نابێتەوە، چونکە براکەی مردووە و ئەویش
بەتەنیا ماوەتەوە. ئەگەر لەو ڕێگایەی پێیدا دەڕۆن تووشی
شتێك بێت، ئەوا مووە سپییەکانم بەخەمەوە دەنێنە ناو گۆڕەوە.

# ٤٣

١ برسێتییەکە توند بوو لە خاکەکەدا. ٢ ئەوەبوو کە لە خواردنی
گەنمەکە بوونەوە کە لە میسرەوە هێنابوویان، باوکیان پێی
وتن: بگەڕێنەوە و هەندێ خۆراکمان بۆ بکڕن. ٣ یەهوداش
پێی وت: ئەو پیاوە بە تەواوی ئاگاداری کردینەوە و وتی،
بەبێ ئەوەی براکەتان لەگەڵ بێت، چاوتان بە چاوم ناکەوێت.
٤ ئەگەر براکەمان لەگەڵ بنێریت ئەوا بەرەو خوار دەبینەوە و
خۆراکت بۆ دەکڕین. ٥ خۆ ئەگەر نایینێریت ئەوا بەرەو خوار
نابینەوە، چونکە پیاوەکە پێی وتین، چاوتان بە چاوم ناکەوێت،
بێ ئەوەی براکەتان لەگەڵتاندا بێت. ٦ ئیسرائیلیش وتی: بۆچی
خراپەتان لەگەڵ کردم بەوەی بە پیاوەکەتان ڕاگەیاند برایەکی
دیکەشتان هەیە؟ ٧ ئەوانیش وتیان: پیاوەکە دەربارەی خۆمان
و کەسوکارمان پرسیاری لێکردین: ئایا باوکتان ماوە؟ برای
دیکەتان هەیە؟ ئێمەش بە پێی ئەم قسانە پێیمان ڕاگەیاند.
بۆچی دەمانزانی کە دەڵێت، براکەتان بەرەو خوار بهێنن؟
٨ یەهودا بە ئیسرائیلی باوکی وت: کوڕەکە لەگەڵ من بنێرە،
هەڵدەستین و دەڕۆین، ئیتر خۆمان و تۆ و منداڵەکانمان
دەژیین و نامرین. ٩ خۆم زامنی دەبم، لە دەستی من داوای
دەکەیتەوە. ئەگەر بۆم نەهێنایتەوە و لەبەردەمت ڕام نەگرت
ئەوا تاهەتایە بەرامبەر بە تۆ گوناهبارم. ١٠ چونکە ئەگەر ئاوا
دوانەکەوتینایە، ئێستا ئەمە دووەم جار بوو هاتبووینەوە.
١١ ئیسرائیلی باوکیشیان پێی وتن: ئەگەر وایە، ئەوا ئەمە
بکەن، لە باشترین بەرهەمی زەوی بخەنە ناو جەواڵەکانتان و
بە دیاری بۆ پیاوەکەی ببەن، هەندێك هەتووان و هەندێك
هەنگوین و بەهارات و داودەرمان و بستە و بادەم. ١٢ دوو
هێندەش زیو لەگەڵ دەستتان ببەن، ئەو زیوەش کە لە دەمی
هەگبەکانتاندا گێڕدرابووەوە لەگەڵ دەستی خۆتان ببیەنەوە،
لەوانەیە بە هەڵە چووبێت. ١٣ براکەتان ببەن و هەستن
بگەڕێنەوە لای پیاوەکە. ١٤ خودای هەرە بەتوانا وا بکات ئەو
پیاوە بەزەیی هەبێت بەرامبەرتان، تا واز لە براکەی دیکەتان
و بنیامین بهێنێت. منیش ئەگەر لە منداڵان بێبەش بووم، ئەوە
لێیان بێبەشم. ١٥ پیاوەکانیش ئەم دیارییەیان هەڵگرت و دوو
هێندە زیویشیان لەگەڵ دەستیان هەڵگرت و لەگەڵ بنیامین و
هەستان و بەرەو خوار بوونەوە بۆ میسر و لەبەردەم یوسف
وەستان. ١٦ کە یوسف بنیامینی لەگەڵیاندا بینی، بە سەرکاری
ماڵەکەی وت: ئەم پیاوانە ببەرە ماڵەوە و ئاژەڵێکیش سەرببڕە
و ئامادەی بکە، چونکە ئەم پیاوانە بۆ نیوەڕۆ لەگەڵ خۆم نان
دەخۆن. ١٧ ئیتر یوسف چۆنی وت، پیاوەکە ئاوای کرد و
پیاوەکانی بردە ماڵی یوسف. ١٨ پیاوەکان ترسان کاتێك برانە
ماڵی یوسف، وتیان: بەهۆی ئەو زیوەی جاری یەکەم
گێڕدرابووەوە ناو هەگبەکاندمان ئێمەیان هێناوەتە ژوورەوە،
بۆ ئەوەی پەلامارمان بدات و بکەوێتە سەرمان و بمانگرێت
بە کۆیلەو گوێدرێژەکانمان ببات. ١٩ ئیتر لە سەرکاری
ماڵەکەی یوسف چوونە پێشەوە و لەناو دەرگای ماڵەکەدا
قسەیان لەگەڵ کرد. ٢٠ پێیان وت: گوێ بگرە گەورەم، ئێمە
یەکەمجار هاتینە خوارەوە بۆ کڕینی خۆراك. ٢١ ئەوەبوو کە
لە شوێنی شەومانەوەکەمان وەستاین، هەگبەکانمان کردەوە،
ئەوەتا زیوی هەر یەکەمان لەدەمی هەگبەکەیدا بوو بە کێشی
تەواوی خۆی، ئێمەش لەگەڵ دەستی خۆماندا هێنامانەوە.
٢٢ هەروەها زیوی دیکەشمان لەگەڵ دەستی خۆمان هێناوە بۆ
ئەوەی خۆراك بکڕین. ناشزانین کێ زیوەکانمانی خستبووە
ناو هەگبەکانمان. ٢٣ ئەویش پێی وتن: ئاشتیتان بۆ ببێت،
مەترسن. خوداکەی ئێوە و خوداکەی باوکتان گەنجینەی لە
هەگبەکانتاندا پێ بەخشیون، من زیوەکانی ئێوەم وەرگرتووە.

ئینجا شمعۆنی بۆ هێنانە دەرەوە. ٢٤ ئیتر پیاوەکە ئەوانی هێنایە ژوورەوە بۆ ماڵەکەی یوسف و ئاوی دانێ تا پێیان بشۆن و ئالیکی دا بە گوێدرێژەکانیان. ٢٥ ئەوانیش دیارییەکەیان ئامادەکرد بۆ کاتی گەیشتنی یوسف لەدەمەو نیوەڕۆدا، چونکە بیستبوویان ئەوان لەوێ نان دەخۆن. ٢٦ کە یوسف هاتەوە ماڵێ، دیارییەکەیان بۆ هێنا کە لەگەڵ دەستی خۆیان هێنابوویان بۆ ماڵەکە، ڕووەو زەویش کڕنۆشیان بۆ برد. ٢٧ ئەویش هەواڵی پرسین و وتی: باوکە پیرەکەتان چۆنە کە بۆتان باسکردم؟ ئایا هێشتا ماوە؟ ٢٨ ئەوانیش وتیان: خزمەتکاری خۆت باوکی ئێمە باشەو هێشتاش زیندووە. ئیتر بۆی نووشتانەوەو کڕنۆشیان بۆی برد. ٢٩ ئەویش چاوی هەڵبڕی و سەیری بنیامینی برای، کوڕی دایکی خۆی کرد و وتی: ئەمەیە برا بچووکەکەتان کە باستان بۆ کردم؟ ئینجا وتی: خودا میهرەبان بێت لەگەڵت کوڕم. ٣٠ ئیتر یوسف پەلەی کرد، چونکە هەناوی گڕی گرت بۆ براکەی و داوای شوێنێکی کرد تا تێیدا بگری. جا چووە ژوورەکەی خۆی و لەوێ گریا. ٣١ پاشان دەموچاوی شوشت و هاتە دەرەوە و دانی بەخۆیدا گرت و وتی: نان بهێنن. ٣٢ ئەوانیش بەجیا خواردنیان بۆ ئەم هێنا و بۆ ئەوانیش بەجیا و بۆ میسرییەکانیشیان بەجیا هێنا کە لای ئەو نانیان دەخوارد، لەبەر ئەوەی میسرییەکان نەیاندەتوانی لەگەڵ عیبرانییەکان پێکەوە نان بخۆن، چونکە لای میسرییەکان کارێکی ناپەسەند بوو. ٣٣ ئینجا لەبەردەمیدا دانیشتن بە پێی تەمەنیان، لە نۆبەرەکەیانەوە تا بچووکەکەیان. بەسەرسامیشەوە دەیانڕوانییە یەکتری. ٣٤ ئەویش لەخوانەکەی خۆی خواردنی بەشدان، بەشەکەی بنیامین پێنج ئەوەندەی بەشەکانی هەموویان بوو. ئیتر لەگەڵیدا خواردیانەوە و سەرخۆش بوون.

## ٤٤

١ ئینجا یوسف فەرمانیدا بەسەرکاری ماڵەکەی خۆی و وتی: هەگبەی پیاوەکان پڕ بکەن لە خۆراك ئەوەندەی لەتوانایاندایە هەڵیبگرن، زیوی هەر یەکەشیان بخەوە دەمی هەگبەکەی. ٢ جامەکەی خۆشم، جامە زیوەکە، لەدەمی هەگبەی بچووکەکەیان دابنێ لەگەڵ نرخی گەنمەکەی. ئەویش بەپێی قسەکەی یوسف کارەکەی ئەنجامدا. ٣ کە ڕۆژ بووەوە، پیاوەکان خۆیان و گوێدرێژەکانیان ڕۆیشتن. ٤ کاتێ کە لە شار دەرچووبوون، بەڵام هێشتا دوور نەکەوتبوونەوە، یوسف بەسەرکاری ماڵەکەی خۆی وت: هەستەو دوای ئەو پیاوانە بکەوە، کە پێیان گەیشتی، پێیان بڵێ، بۆچی بە خراپە پاداشتی چاکەتان دایەوە؟ ٥ ئایا ئەمە ئەو جامە نیە کە ئاغام تێیدا دەخواتەوە و پێشبینی پێ دەکات؟ ئەوەی کردتان کارێکی خراپ بوو. ٦ ئەویش پێیان گەیشتەوە و ئەم قسانەی پێووتن. ٧ ئەوانیش پێیان وت: بۆچی گەورەمان قسەی وا دەکات؟ دووربێ لە خزمەتکارەکانت شتی وا بکەن. ٨ ئەوەتا ئەو زیوەی لەدەمی هەگبەکانماندا دۆزیبوومانەوە، لە خاکی کەنعانەوە بۆمان هێنابووتیەوە. ئیتر چۆن لە ماڵی گەورەکەت زیو یان زێڕ دەدزین؟ ٩ لای هەرکام لە خزمەتکارەکانت دۆزرایەوە، ئەوە دەمرێت. ئێمەش دەبینە کۆیلەی گەورەی خۆمان. ١٠ ئەویش وتی: باشە، ئێستا بە پێی قسەکەی خۆتان دەبێت. ئەوەی لای دەدۆزرێتەوە دەبێتە کۆیلەم. ئێوەش بێتاوان دەبن. ١١ ئیتر هەر یەکەیان خێرا هەگبەکەی خۆی داگرتە سەر زەوی و هەر یەکەیان هەگبەکەی خۆی کردەوە. ١٢ ئەویش کەوتە پشکنین، لە گەورەکەیانەوە دەستی پێکرد و لە بچووکەکەیاندا تەواوبوو. جا جامەکەی لە هەگبەی بنیامیندا دۆزییەوە. ١٣ ئەوانیش جلەکانی بەری خۆیان دادڕی و گوێدرێژەکانیان بارکردەوە و گەڕانەوە بۆ شارەکە. ١٤ ئینجا یەهودا و براکانی هاتنە ناو ماڵەکەی یوسف، ئەویش خۆی هێشتا لەوێ بوو، ئیتر لەبەردەمی کەوتنە سەر زەوی. ١٥ یوسفیش پێی وتن: ئەم کارە چییە ئێوە کردووتانە؟ ئایا نەتاندەزانی پیاوێکی وەك من پێشبینی دەکات؟ ١٦ یەهوداش وتی: چی بە گەورەی خۆم بڵێین؟ قسەی چی بکەین و بە چی پاکانەی خۆمان بکەین. خودا تاوانی خزمەتکارەکانتی دەرخستووە. ئێستاش ئێمە کۆیلەی گەورەی خۆمانین، ئێمەو ئەوەی جامەکەش لە دەستی گیراوە. ١٧ ئەویش وتی: لە من دووربێ شتی وا بکەم! ئەو پیاوەی جامەکەی لە دەست گیراوە ئەو دەبێتە کۆیلەم. ئێوەش بە سەلامەتی سەرکەونەوە بۆلای باوکتان. ١٨ ئینجا یەهودا لێی چووە پێشەوە و وتی: گەورەم گوێ بگرە، با خزمەتکاری خۆت قسەیەك بکات لە گوێی گەورەم، ڕقیشت لە خزمەتکاری خۆت هەڵنەستێت، چونکە تۆ وەك خودی فیرعەونیت. ١٩ گەورەم لە خزمەتکارانی خۆی پرسی، ئایا باوك یان براتان هەیە؟ ٢٠ ئێمەش وتمان بە گەورەم، باوکێکی پیرمان هەیە، کوڕێکی بچووکی تەمەنی پیری ئەویشمان هەیە براکەی مردووە و خۆی بەتەنیا بۆ دایکی ماوەتەوە و باوکیشی خۆشی دەوێت. ٢١ تۆش بە خزمەتکارانی خۆت وت، بۆم بهێنن تا بە چاوی خۆم بیبینم. ٢٢ ئێمەش وتمان بە گەورەم، کوڕەکە ناتوانێت باوکی بەجێ بهێڵێت، ئەگەر باوکی بەجێ بهێڵێت دەمرێت. ٢٣ تۆش بە خزمەتکارەکانی خۆت وت، ئەگەر برا بچووکەکەتان بەرەو خوار نەهات لەگەڵتان، ئەوا چاوتان بەچاوم ناکەوێتەوە. ٢٤ ئەوەبوو کە بەرەو ژوور بووینەوە بۆ لای خزمەتکاری خۆت باوکمان، ئەوەی قسەکانی گەورەممان پێی ڕاگەیاند. ٢٥ پاشان باوکمان پێی وتین، بگەڕێنەوە و هەندێك خواردنمان بۆ بکڕن. ٢٦ ئێمەش وتمان، ناتوانین بەرەو خوار بچینەوە، تەنها ئەگەر برا بچووکەکەمان لەگەڵدا بێت بەرەو خوار دەچینەوە، چونکە ناتوانین چاومان بە چاوی پیاوەکە بکەوێت و برا بچووکەکەشمان لەگەڵ نەبێت. ٢٧ جا خزمەتکارەکەت، باوکمان پێی وتین، ئێوە دەزانن ژنەکەم دووانی بووە بۆم، ٢٨ یەکێکیان لای من ڕۆیشت و وتم، هەبێت و نەبێت پارچە پارچە کراوە. تا ئێستاش چاوم پێ نەکەوتووەتەوە. ٢٩ خۆ ئەگەر ئەمەشیان لە بەردەمم ببەن و بەڵایەکی بەسەربێت، ئەوا مووە سپییەکانم بەخەموپەژارەوە دەنێنە ناو گۆڕەوە. ٣٠ ئێستاش ئەگەر بچمەوە لای خزمەتکاری خۆت باوکم، کوڕەکەشمان لەگەڵدا نەبێت و گیانیشی پەیوەستە بە گیانی ئەمەوە، ٣١ ئیتر هەر کە بینی کوڕەکە دیارنییە، ئەوا بۆ خۆی دەمرێت و ئێمەی خزمەتکارانیشت مووسپێتی خزمەتکارت باوکمان بە خەموپەژارەوە دادەگرینە ناو گۆڕ. ٣٢ چونکە خزمەتکاری خۆت زامنی سەلامەتی کوڕەکەی کردووە لای باوکم. وتوومە، ئەگەر بۆم نەهێنایەوە ئەوا تاهەتایە تاوانبارم بەرامبەر بە باوکم. ٣٣ ئێستاش با خزمەتکاری خۆت لە بری کوڕەکە بمێنێتەوە و ببێتە کۆیلەی گەورەی خۆم، کوڕەکەش لەگەڵ براکانیدا بەرەو ژوور ببێتەوە. ٣٤ چونکە چۆن بەرەو ژوور ببمەوە بۆ لای باوکم و کوڕەکەم لەگەڵدا نەبێت؟ نەوەك ئەو مەینەتییە ببینم کە بەسەر باوکمدا دێت.

## ٤٥

١ ئیتر یوسف نەیتوانی خۆی ڕابگرێت لەبەردەم هەموو ئەوانەی لە لای وەستابوون، هاواری کرد: هەمووان لەلام بڕۆنە دەرەوە! ئیتر کەسی لێنەمابوو کاتێ خۆی بە براکانی

ناساند. ٢ بە دەنگێکی وا بەرز گریا کە میسرییەکان گوێیان
لێبوو، ماڵی فیرعەونیش گوێیان لێبوو. ٣ یوسف بە براکانی
وت: من یوسفم. ئایا باوکم هێشتا ماوە؟ بەڵام براکانی
نەیانتوانی وەڵامی بدەنەوە چونکە سەرسام بوون. ٤ ئینجا
یوسف بە براکانی وت: وەرنە پێشەوە لێم. ئەوانیش هاتنە
پێشەوە، ئەمیش وتی: من یوسفی براتانم کە بە میسرتان
فرۆشت. ٥ ئێستاش نە داخ بخۆن و نە لەسەر دڵیشتان گران
بێت کە منتان بەئێرە فرۆشتووە، چونکە بۆ مانەوەی ژیان بوو
کە خودا منی پێش ئێوە نارد. ٦ چونکە ئەمە دوو ساڵە
برسێتییەکە لەناو خاکەکەدایە، بۆ پێنج ساڵی دیکەش نە کێڵان
دەبێت و نە دروێنە. ٧ خوداش منی پێش ئێوە نارد بۆ
دابینکردنی پاشەڕۆژتان لە زەوی، بۆ ژیان بۆتان، بۆ
دەربازبوونێکی مەزن. ٨ ئێستاش ئێوە نین کە منتان نارد بۆ
ئێرە، بەڵکو خودایە منی کردووە بە باوك بۆ فیرعەون و بە
گەورەی هەموو ماڵەکەی و فەرمانڕەوا بەسەر هەموو خاکی
میسردا. ٩ پەلە بکەن و بەرەو ژوور ببنەوە بۆ لای باوکم و
پێی بڵێن، یوسفی کوڕت وای وت، خودا منی کردووە بە
گەورەی هەموو میسر. بەرەو خوار بەرەوە بۆلام و
ڕامەوەستە. ١٠ لە زەوی گۆشەن نیشتەجێ دەبیت و لە من
نزیك دەبیت، خۆت و کوڕەکانت و کوڕی کوڕەکانت و ڕانە
مەڕەکەت و گاگەلەکەت و هەرچییەکت هەیە. ١١ لەوێ خۆم
بەخێوت دەکەم، چونکە برسێتییەکە هێشتا پێنج ساڵی ماوە.
نەوەك خۆت و ماڵەکەت و هەرچیشت هەیە هەژار دەبن.
١٢ ئەوەتا چاوەکانتان دەبینێت، هەروەها چاوەکانی بنیامینی
براشم، کە دەمی منە قسەتان لەگەڵدا دەکات. ١٣ هەموو مەزنی
من لە میسردا بە باوکم ڕادەگەێنن، لەگەڵ هەموو ئەوەی
بینیوتانە و بە پەلەش باوکم بەرەو خوار دەکەنەوە بۆ ئێرە.
١٤ ئینجا کەوت بەسەر ملی بنیامینی برای و گریا، بنیامینیش
بەسەر ملیدا گریا. ١٥ ئینجا هەموو براکانی ماچ کرد و گریا
بەسەریان. دوای ئەوە براکانی قسەیان لەگەڵدا کرد.
١٦ هەواڵەکە لە ماڵی فیرعەون بیسترا و وترا، براکانی یوسف
هاتوون، فیرعەون و دەست وپێوەندەکەی پێیان باش بوو.
١٧ فیرعەون بە یوسفی وت: بە براکانت بڵێ ئەمە بکەن،
وڵاخەکانتان بار بکەن و بڕۆن بۆ خاکی کەنعان. ١٨ باوکتان و
ماڵتان هەڵگرن و وەرن بۆلام، منیش باشترین زەوی میسرتان
دەدەمێ و لە چەوریی زەوییەکە بخۆن. ١٩ تۆ فەرمانت پێکراوە
ئەمە بکەن، لە خاکی میسرەوە عەرەبانە ببەن بۆ منداڵەکانتان
و ژنەکانتان، باوکیشتان سەرخەن و وەرن. ٢٠ با چاویشتان
بەدوای کەل وپەلەکانتانەوە نەبێت، چونکە خۆشی هەموو
زەوی میسر بۆ ئێوە دەبێت. ٢١ کوڕەکانی ئیسرائیلیش وایان
کرد. یوسفیش لەسەر زاری فیرعەون، عەرەبانەی دا پێیان،
هەروەها ئازووقەشی دانێ بۆ ڕێگا. ٢٢ بە هەر یەکەیان
دەستێ جلی دا، بەڵام بە بنیامین سێ سەد پارچە زیو و پێنج
دەست جلی دا. ٢٣ ئەمانەشی بۆ باوکی نارد، دە گوێدرێژی
بارکراو لە خێروبێری میسر، دە ماکەری بارکراو لە گەنم و
نان و خۆراك بۆ ڕێگا بۆ باوکی. ٢٤ ئینجا براکانی نارد و
ڕۆیشتن، پێیشی وتن: لە ڕێگا بەگژ یەکدا مەچن! ٢٥ ئەوانیش
لە میسرەوە بەرەو ژوور بوونەوە و هاتن بۆ خاکی کەنعان بۆ
لای یاقوبی باوکیان. ٢٦ پێیان ڕاگەیاند و وتیان: یوسف هێشتا
زیندووە و خۆی فەرمانڕەوای هەموو خاکی میسرە. ئەویش
بووڕایەوە، چونکە بڕوای پێ نەکردن. ٢٧ ئیتر هەموو ئەو
قسانەی یوسفیان پێی وت کە پێی وتبوون. چاویشی
بەعەرەبانەکان کەوت کە یوسف ناردبوونی بۆ هێنانی ئەم،
بەوەش ڕۆحی یاقوبی باوکیان ژیایەوە. ٢٨ ئیسرائیل وتی:
بەسە! یوسفی کوڕم هێشتا ماوە، دەڕۆم و دەیبینم پێش ئەوەی
بمرم.

# ٤٦

١ ئیتر ئیسرائیل بە هەرچییەکەوە کە هەیبوو کۆچی کرد و
هاتە بئێر شابەع و قوربانی سەربڕی بۆ خودای ئیسحاقی
باوکی. ٢ خودا لە بینینی شەودا بە ئیسرائیلی فەرموو: یاقوب!
یاقوب! ئەویش وتی: ئەوەتام. ٣ فەرمووی: من خودام، خودای
باوکتم. مەترسە لە بەرەو خوار ڕۆیشتنت بۆ میسر، چونکە
لەوێ دەتکەمە نەتەوەیەکی مەزن. ٤ من لەگەڵ تۆدا دێمە
خوارێ بۆ میسر، خۆشم سەرتدەخەمەوە. یوسفیش دەستی
خۆی دەنێتە سەر چاوەکانت. ٥ ئیتر یاقوب لە بئێر شابەع
هەستا، کوڕانی ئیسرائیلیش یاقوبی باوکیان و منداڵەکانیان و
ژنەکانیان هەڵگرت و سواری ئەو گالیسکانەیان کردن کە
فیرعەون بۆ هەڵگرتنی ئەو ناردبووی. ٦ هەروەها لەگەڵ
خۆیاندا ماڵاتەکەیان و ئەو دەستکەوتانەی لە خاکی کەنعان
دەستیان کەوتبوو هەڵیانگرت و هاتن بۆ میسر، یاقوب و
هەموو نەوەکەی لەگەڵی. ٧ کوڕەکانی و کوڕانی کوڕەکانی و
کچەکانی و کچانی کوڕەکانی و هەموو نەوەکەی لەگەڵ خۆی
هێنا بۆ میسر. ٨ ئەمانەش ناوی کوڕەکانی ئیسرائیلن کە هاتن
بۆ میسر، یاقوب و کوڕەکانی. نۆبەرەی یاقوب ڕەئوبێن.
٩ کوڕانی ڕەئوبێن، خەنۆك و فەلو و خەچرۆن و کەرمی.
١٠ کوڕانی شمعۆن، یموئێل و یامین و ئۆهەد و یاکین و
چۆخەرو شائوولی کوڕی ژنە کەنعانییەکە. ١١ کوڕانی لێڤی،
گێرشۆن و قەهات و مراری. ١٢ کوڕانی یەهودا، عێرو ئۆنان
و شێلە و پارەچ و زارەخ، عەر و ئۆنان لە خاکی کەنعان
مردن. کوڕانی پارەچیش ئەمانە بوون، خەچرۆن و خامول.
١٣ کوڕانی یساکار، تۆلەع و فووە و یۆب و شیمرۆن.
١٤ کوڕانی زبولون، سەرەد و ئێلۆن و یەخلئێل. ١٥ ئەمانە
کوڕانی لێئەن کە بۆ یاقوبی بوون لە پەدان ئارام، لەگەڵ
دینەی کچیشیدا. هەموو کوڕو کچەکانی سی و سێ کەس
بوون. ١٦ کوڕانی گاد، چفیۆن و خاگی و شونی و ئەچبۆن و
عەری و ئەرۆدی و ئەرئێلی. ١٧ کوڕانی ئاشێر، یمنە و یشوە
و یشوی و بریعە لەگەڵ سەرەخی خوشکیان. کوڕانی
بریعەش، خەبەر و مەلکیئێل. ١٨ ئەمانەش کوڕانی زلفە بوون
کە لابان دابووی بە لێئەی کچی. ئەویش ئەمانەی بۆ یاقوب
خستەوە کە شانزە کەس بوون. ١٩ دوو کوڕەکەی ڕاحێلی ژنی
یاقوب، یوسف و بنیامین. ٢٠ لە خاکی میسریشدا، مەنەسا و
ئەفرایم بۆ یوسف لەدایك بوون لە ئاسنەتی کچی فۆتی
پەرەعی کاهینی ئۆن. ٢١ کوڕانی بنیامین، بەلەع و بەکەرو
ئەشبێل و گێرا و نەعمان و ئێخی و ڕۆش و مۆپیم و حۆپیم و
ئارید. ٢٢ ئەمانە کوڕانی ڕاحێلن کە بۆ یاقوبی بوون.
هەموو یان چواردە کەس بوون. ٢٣ کوڕەکەی دان، خۆشیم.
٢٤ کوڕانی نەفتالی، یەخچئێل و گونی و یێچەر و شلێم.
٢٥ ئەمانە کوڕانی بیلهەن کە لابان دابووی بە ڕاحێلی کچی.
ئەویش ئەمانەی بۆ یاقوب بوو. هەموویان حەوت کەس بوون.
٢٦ هەموو ئەوانەی لەگەڵ یاقوبدا هاتن بۆ میسر و لە پشتی
ئەوەوە دەرچووبوون، جگە لە ژنانی کوڕەکانی، شەست و
شەش کەس بوون. ٢٧ بە هەردوو کوڕەکەی یوسفەوە کە لە
میسر بۆی لەدایك بوو بوون، سەرجەمی کەسانی ماڵی یاقوب
کە هاتن بۆ میسر، حەفتا کەس بوون. ٢٨ یەهودای لەپێش
خۆیەوە نارد بۆ لای یوسف تا بەرەو گۆشەن ڕێنمایی بکات.
ئینجا هاتن بۆ خاکی گۆشەن. ٢٩ یوسف گالیسکەکەی خۆی
بەستەوە و بەرەو گۆشەن هەڵکشا بۆ پێشوازیکردنی ئیسرائیلی
باوکی. کە بینی دەستی کرد بە ملیدا و بۆ ماوەیەك گریا.
٣٠ ئیسرائیل بە یوسفی وت: ئێستا با بمرم دوای ئەوەی ڕووی
تۆم بینی و زانیم هێشتا زیندوویت. ٣١ ئینجا یوسف بە براکانی

و مـاڵی بـاوکی وت: بەرەو ژوور دەبمەوە و بە فیرعەون
ڕادەگەیێنم و پێی دەڵێم، براکـانم و مـاڵی بـاوکم کە لە خـاکی
کەنعـان بوون، هـاتن بۆلام ٣٢ پیـاوەکـانیش شـــوانی مەڕن،
چونکە خـاوەن مـاڵاتن، جـا مەڕەکـانیـان و مـانگـاکـانیـان و
هەرچییـان هەیە هێنـاویـانە. ٣٣ ئینجـا ئەگەر فیرعەون
بـانگیکردن و وتی، کـارتـان چییە؟ ٣٤ دەڵێن، خزمەتکـارانت
خـاوەن مـاڵاتن، لە منـداڵیمـانەوە هەتـا ئێســتـا، خۆمـان و
باووباپیرانمان. بۆ ئەوەی لەناوچەی گۆشـەندا نیشـتەجێ ببن،
چونکە میسرییەکان قێزیان لە هەموو شوانێکی مەڕ دەبێتەوە.

# ٤٧

١ یوســف هـات و بە فیرعەونی ڕاگەیـانـد و وتی: بـاوکم و
براکانم، بە ڕانە مەڕو مـانگـایـان و هەرچ هەیـانە، لە خـاکی
کەنعـانەوە هـاتوون و ئەوەتـان لە خـاکی گۆشـــەن. ٢ لە نێو
براکـانیـدا پێنج پیـاوی برد و لەبەردەم فیرعەون ڕایگرتن.
٣ فیرعەونیش بە براکـانی وت: کـارتـان چییە؟ ئەوانیش بە
فیرعەونیان وت: خزمەتکارانت شـوانی مەڕن، خۆشـمان و
بـاوبـاپیرانیشـــمـان. ٤ هەروەهـا بە فیرعەونیـان وت: بۆ
ئـاوارەبوون لەم خـاکە هـاتووین، چونکە لەوەڕگـا نەمـاوە بۆ
مەڕەکانی خزمەتکارانت لەبەر ئەوەی برســێتییەکە لە خاکی
کەنعاندا سـەختە، ئێستاش ڕێگا بدە با خزمەتکارانت لە خاکی
گۆشەندا نیشتەجێ بن. ٥ فیرعەون لەگەڵ یوسف قسەی کرد و
پێی وت: باوکت و براکانت هاتوون بۆ لای تۆ. ٦ خاکی میسر
لەبەردەمتایە، لە باشـترین زەویدا باوکت و براکانت نیشـتەجێ
بکە. با لە زەوی گۆشـەندا نیشتەجێ بن. ئەگەر زانیشـت وا لە
نێوانیاندا کەسـانی بە توانا هەیە، ئەوا بیانکە بە سـەرکارانی
ئەو ماڵاتەی هی خۆمن. ٧ ئینجا یوســف یاقوبی باوکی هێنایە
ژوورەوە و لەبەردەم فیرعەوندا ڕایگرت. یاقوبیش فیرعەونی
پیرۆزکرد. ٨ فیرعەونیش بە یـاقوبی وت: ســـاڵانی تەمەنت
چەندە؟ ٩ یاقوبیش بە فیرعەونی وت: ساڵانی ئاوارەییم سەد و
سـی سـاڵە. سـاڵانی تەمەنم کەم و خراپ بوون، نەگەیشـتوونە
ســـاڵانی تەمەنی باووباپیرانم لە ڕۆژانی ئاوارەییاندا. ١٠ ئیتر
یـاقوب فیرعەونی پیرۆزکرد و لای فیرعەون هـاتە دەرەوە.
١١ ئینجا یوســف باوکی و براکانی خۆی لە خاکی میســـردا
نیشـتەجێ کرد و لە باشـترین زەوی لە زەوی میسـردا موڵکی
پێدان، لە زەوی ڕەعەمســێســدا، بە پێی فەرمانی فیرعەون.
١٢ هەروەها یوسف باوکی و براکانی و هەموو ماڵی باوکیشی
بەپێی ژمـارەی منداڵەکـانیـان بە نـان بەخێوکرد. ١٣ لە هەموو
خاکەکەدا نان نەبوو، چونکە برسـێتییەکە زۆر سـەخت بوو،
خاکی میســر و خاکی کەنعان بەهۆی برســێتییەکەوە لە کەڵك
کەوتبوون. ١٤ یوســف هەموو ئەو زیوەی کۆکردەوە کە لە
خاکی میســـرو خاکی کەنعاندا هەبوون لەبری ئەو گەنمەی
دەیانکڕی، یوسف زیوەکەی هێنا بۆ ماڵی فیرعەون. ١٥ کاتێك
کە زیو لە خـاکی میســـر و لە خـاکی کەنعـان نەمـا، هەموو
میســرییەکان هاتن بۆ لای یوســف و وتیان: نانمان بۆ بهێنە!
بۆچی لەبەردەمتـدا بمرین لەبەر ئەوەی زیو تەواوبوو؟
١٦ یوسـفیش پێی وتن: ماڵاتەکانتان بهێنن، لەبری ماڵاتەکانتان
نانتان دەدەمێ، ئەگەر زیو تەواوبووە. ١٧ ئینجا ماڵاتەکانیان
هێنا بۆ یوســـف، ئەویش نانی پێدان، لەبری ئەســـپەکانیان و
ماڵاتی مەڕو ماڵاتی مانگا و گوێدرێژەکانیان. ئیتر ئەو ســـاڵە
لەبری هەموو ماڵاتەکانیان نانی دان. ١٨ کە ئەو ســـاڵە تەواو
بوو، بۆ ســـاڵی دووەم هـاتنەوە بۆ لای و پێیـان وت: لە
گەورەمـانی نـاشـــارینەوە زیوەکـانمـان تەواو بوون، مـاڵاتی
ئاژەڵەکانیشـمان لای گەورەمانە، ئیتر هیچ لە پێش گەورەمان
نەماوە تەنها لەشـمان و زەوییەکەمان نەبێت. ١٩ بۆچی لە پێش
چاوت بمرین، خۆمان و زەوییەکەشـــمان؟ بە نان خۆمان و
زەوییەکەمـان بکڕە، ئیتر خۆمـان و زەوییەکەشـــمـان دەبینە
کۆیلەی فیرعەون. تۆویشـــمان بدەرێ تا بژین و نەمرین، با
زەوییەکەشمان نەبێتە بەیار. ٢٠ یوسفیش هەموو خاکی میسری
بۆ فیرعەون کڕی، چونکە هەرچی میسری هەبوو کێڵگەکەی
خۆی فرۆشـت، چونکە برسـێتییەکە زۆر توندبوو لەسـەریان.
ئیتر خاکەکە بوو بە هی فیرعەون. ٢١ خەڵکەکەشی لەم سەری
میسـرەوە تا ئەو سـەری گواسـتەوە بۆ ناو شـارەکان. ٢٢ تەنها
زەوی کاهینەکانی نەکڕی، چونکە کاهینەکان فەرزیان هەبوو
لە لایەن فیرعەونەوە، ئیتر فەرزەکەی خۆیـان دەخوارد کە
فیرعەون دەیدانێ. لەبەر ئەوە زەوییەکەی خۆیان نەفرۆشـت.
٢٣ ئینجـا یوســـف بە خەڵکەکەی وت: وا ئەمڕۆ خۆتـان و
زەوییەکەتـانم بۆ فیرعەون کڕی، ئەوەش تۆوە بۆ ئێوە تـا
لەزەویدا بیچێنن. ٢٤ لە خەرمانـاندا پێنج یەکی خەرمانەکەتان
دەدەن بە فیرعەون. چوار بەشـەکەی تریش بۆ خۆتان دەبێت،
بۆ تۆوی کێڵگەکـانتـان و بۆ خۆراك بۆ خۆتـان و ئەوانەی لە
ماڵەکانتاندان و بۆ خۆراك بۆ منداڵەکانتان. ٢٥ ئەوانیش وتیان:
تۆ ئێمەت بە زیندووی هێشـــتەوە، خۆزگە جێی ڕەزامەندی
گەورەمـان بووینـایە و ببین بە کۆیلەی فیرعەون. ٢٦ ئیتر
یوســف ئەمەی لەســـەر خاکی میســـرکرد بە فەرز، هەتا
ئەمڕۆش، پێنج یەك بۆ فیرعەونە، تەنهـا زەوی کـاهینەکـان
نەبێت کە نەبوو بە هی فیرعەون. ٢٧ ئیسڕائیل لە خاکی میسر
لە زەوی گۆشەندا نیشتەجێ بوو و لەوێ بوون بەخاوەن موڵك
و گەشـــەیان کرد و زۆریش زیادیان کرد. ٢٨ یاقوب لە خاکی
میسـردا حەڤدە سـاڵ ژیانی بردە سـەر. هەموو سـاڵانی ژیانی
یاقوب بوو بەســـەد و چل و حەوت ســـاڵ. ٢٩ کاتێ ڕۆژانی
ئیسـڕائیل نزیك بووەوە لە مردن، یوسفی کوڕی بانگ کرد و
پێی وت: ئەگەر جێی ڕەزامەندیتم ئەوا دەســـتت بخەرە ژێر
ڕانمەوە و چاکە و دڵسـۆزیم لەگەڵدا بکە، لە میسـردا مەمنێژە.
٣٠ بەڵکو لەگەڵ بـاووبـاپیرانمـدا ڕادەکشـێم، لە میســـرەوە
هەڵمبگرە و لە گۆڕسـتانی ئەواندا بمنێژە. ئەمیش وتی: من بە
پێی قسـەکەی تۆ دەکەم. ٣١ ئەویش پێی وت: سـوێندم بۆ بخۆ.
ئەمیش ســـوێندی بۆ خوارد. ئیســـڕائیلیش لەســـەرســـەری
چوارپایەکەی کڕنۆشی برد.

# ٤٨

١ ئەوەبوو دوای ئەمانە بە یوسف وترا: ئەوەتا باوکت نەخۆشە.
ئەویش هەردوو کوڕەکەی خۆی مەنەســـا و ئەفرایمی لەگەڵ
خۆیدا برد. ٢ بە یاقوب ڕاگەیەندرا و وترا: وا یوســـفی کوڕت
بۆ لای تۆ دێت. ئیســـڕائیلیش هێزی دایە بەرخۆی و لەســـەر
چورپایەکە دانیشـــت. ٣ ئینجا یاقوب بە یوســـفی وت: خودای
هەرە بەتوانا دەرکەوت بۆم لە لوز لەخاکی کەنعاندا و پیرۆزی
کردم. ٤ پێی فەرمووم، وا من بەردارت دەکەم و ژمـارەت
زۆر دەکەم و دەتکەمە چەندین نەتەوە، ئەم زەوییەش لە دوای
خۆت دەدەم بە نەوەکەت، بە موڵکی هەتاهەتایی. ٥ ئێســـتاش
دوو کوڕەکەی خۆت کە لە خاکی میســـردا بۆت لەدایك بوون
پێش ئەوەی من بێم بۆ میســـر بۆ لات ئەوا بۆ منن، ئەفرایم و
مەنەسـا وەك ڕەئوبێن و شـمعۆن دەبن بۆم. ٦ بەڵام منداڵەکانی
ترت کە بەدوای ئەمـانـدا لەدایك دەبن بۆت ئەوا دەبن بە هی
تۆ، لەژێر ناوی دوو براکەیاندا بەشە میراتیان دەبێت. ٧ خۆشم
لە هـاتنم لە پەدانەوە ڕاحێل لە لام مرد، لە خـاکی کەنعـان لە
ڕێگـا کە مـاوەیەکی کەمی مـابوو بگەمە ئەفراتە. هەر لەوێ
لەســـەر ڕێگای ئەفراتە ناشـــتم. ئەوێش بێت لەحمە. ٨ ئینجا

ئیسرائیل دوو کوڕەکەی یوسفی بینی و وتی: ئەمانە کێن؟
٩ یوسفیش بە باوکی وت: ئەوانە دوو کوڕەکەمن کە خودا لێرە
پێی بەخشیوم. ئەمیش وتی: بیانهێنە لام تا پیرۆزیان بکەم.
١٠ هەردوو چاوی ئیسرائیل بەهۆی پیرییەوە کزببوون و پەکی
بینینیان کەوتبوو. هەردووکیانی هێنایە لایەوە، ئەویش ماچی
کردن و باوەشی پیاکردن. ١١ ئینجا ئیسرائیل بە یوسفی وت:
چاوەڕوان نەبووم ڕووی تۆ ببینم، کەچی ئەوەتا خودا
نەوەکەشتی نیشاندام. ١٢ یوسف هەردووکیانی لە نێوان
ئەژنۆیدا دەرهێنا و لەبەردەمی بەرەو زەوی کڕنۆشی برد.
١٣ ئینجا یوسف دەستی دایە هەردووکیان، ئەفرایم بە
دەستەڕاستی خۆی بەرامبەر دەستەچەپی ئیسرائیل و
مەنەساش بە دەستەچەپی خۆی بەرامبەر دەستە ڕاستی
ئیسرائیل و لێی نزیك خستنەوە. ١٤ ئیسرائیلیش دەستی ڕاستی
خۆی درێژکرد و خستییە سەر سەری ئەفرایم، کە
بچووکەکەیان بوو دەستی چەپیشی خستە سەر سەری مەنەسا،
دەستەکانی ژیرانە دانا، چونکە مەنەسا نۆبەرەکە بوو. ١٥ ئینجا
یوسفی پیرۆز کرد و وتی: ئەو خودایەی کە باوکانم ئیبراهیم
و ئیسحاق لەبەردەمی هاتووچۆیان کرد، ئەو خودایەی کە
بەخێوی کردووم لەبوونمەوە تا ئەمڕۆ، ١٦ ئەو فریشتەیەی لە
هەموو خراپەیەك منی کڕییەوە، ئەم دوو کوڕە پیرۆز بکات.
با بە ناوی خۆم و بە ناوی باوکانم ئیبراهیم و ئیسحاقەوە
ناوببرێن، با لەناو خاکەکەش زۆر زیاد بن. ١٧ کە یوسف بینی
باوکی دەستی ڕاستی خستووەتە سەر سەری ئەفرایم، ئەوەی
پێناخۆش بوو، ئیتر دەستی باوکی گرت تا لەسەر سەری
ئەفرایمەوە بیخاتە سەر سەری مەنەسا. ١٨ یوسف بە باوکی
وت: ئاوا نا باوکە، چونکە ئەمە نۆبەرەکەیە، دەستی ڕاستی
خۆت بخەرە سەر سەری. ١٩ بەڵام باوکی ڕازی نەبوو و
وتی: دەزانم کوڕی خۆم دەزانم. ئەویش هەروەها دەبێتە
میللەتێك و مەزنیش دەبێت. بەڵام برا بچووکەکەی لەو مەزنتر
دەبێت و نەوەشی دەبێتە چەندین نەتەوە. ٢٠ ئیتر لەو ڕۆژەدا
پیرۆزیکردن و وتی: بە تۆوە ئیسرائیل پیرۆز دەبێت، ووتی:
خودا وەك ئەفرایم و مەنەسات لێبکات. جا ئەفرایمی خستە
پێش مەنەسا. ٢١ ئیسرائیل بە یوسفی وت: ئەوا دەمرم، خوداش
لەگەڵتان دەبێت و دەتانگەڕێنێتەوە بۆ خاکی باوو باپیرانتان.
٢٢ منیش بەشێك زیاتر لە بەشی براکانت دەدەم بە تۆ، ئەوەی
بە شمشێرەکەم و کەوانەکەم لە چنگی ئامورییەکان
وەرمگرت.

# ٤٩

١ ئینجا یاقوب کوڕەکانی خۆی بانگ کرد و وتی: کۆببنەوە تا
پێتان ڕابگەیەنم کە لە ڕۆژانی داهاتوودا چیتان بەسەر دێت.
٢ ئەی کوڕانی یاقوب، کۆببنەوە و گوێ بگرن، گوێ لە
ئیسرائیلی باوکتان بگرن. ٣ ڕەئوبێن تۆ نۆبەرەکەمی، هێزی
منی و یەکەم توانامی. سەری شانازی سەری هێزی.
٤ هەڵچوو وەك ئاو، باڵادەست نابیت، چونکە چوویتە سەر
پێخەفەکەی باوکت، ئینجا گڵاوت کرد، سەرکەوتە
سەرنوێنەکەم. ٥ شمعۆن و لاوی بران، بە چەکی توندوتیژی
چەکدارن. ٦ گیانم ناچێتە ناو ئەنجومەنیان، سەنگینی من یەك
ناگرێ لەگەڵ کۆڕوکۆبوونەوەیان، چونکە لە تووڕەبوونیان
مرۆڤیان کوشت و لە ڕەزامەندیشیان گایان لەپێ خست.
٧ نەفرەت لە تووڕەییان کە توندە، لە هەڵچوونیان کە سەختە.
لەناو یاقوب بەشیان دەکەم و لەناو ئیسرائیل پەرتیان دەکەم.
٨ یەهودا، براکانت ستایشی تۆ دەکەن، دەستت لەسەر پشتەملی
دوژمنانت دەبێت، کوڕانی باوکیشت کڕنۆشت بۆ دەبەن.
٩ بەچکە شێرە یەهودا، لەسەر نێچیر هەستاویت کوڕی خۆم.
خۆی نووشتاندەوە، خۆی مات دا، وەك شێر، وەك شێرە مێ،
کێ هەڵیدەستێنێ؟ ١٠ داردەست لە یەهودا دوای نایەت، یاسا
دانانیش لە نێوان قاچەکانی، تا ئەو کاتەی شیلۆ دێت ، ملکەچی
گەلان بۆ ئەو دەبێت. ١١ نێرەکەرەکەی بە دارمێو بەستووەتەوە
و جاشکۆڵەکەی بە هەڵبژاردەی مێوەوە. جلەکانی لەناو مەی
دەشوات و پۆشاکەکەی لەناو خوێنی ترێ. ١٢ چاوەکانی لە
مەی تۆخترن و دانەکانی لە شیر سپیترن. ١٣ زەبولون لە
کەناری دەریا نیشتەجێ دەبێت، دەبێتە بەندەری کەشتییەکان،
سنووریشی تا سیدۆن دەبێت. ١٤ یساکار نێرەکەرێکی
زەبەلاحەو لەنێو چادرگەکان مات بووە. ١٥ بینی شوێنێکی
باشە بۆ پشوودان و زەوییەکەی دڵگیرە، شانی چەماندەوە بۆ
بارو بوو بە کۆیلەی سوخرە. ١٦ دان دادوەری گەلەکەی خۆی
دەکات، وەك یەکێك لە هۆزەکانی ئیسرائیل. ١٧ دان مارێك
دەبێت بەسەر ڕێگاوە، مارێکی شاخدار بەسەر ڕێڕەوەوە، بە
پاژنەی ئەسپەوە دەدات و سوارەکەی بەرەو دوا بەردەبێتەوە.
١٨ ئەی خوداوەند، چاوەڕوانی ڕزگاریت بووم. ١٩ گاد تاڵانکەر
پەلاماری دەدەن، بەڵام ئەو تاڵانیان دەکات. ٢٠ لە ئاشێر نانی
چەور دەبێت، ئەو خۆشیی پاشایان دەدات. ٢١ نەفتالی ئاسکێکی
دەرپەڕیوە و قسەی جوان دەکات. ٢٢ یوسف چڵێکی بەردارە،
چڵێکی بەردارە لەسەر کانیاوێکە، چڵەکانە بەرزبووەتەوە بە
سەر دیوارێك. ٢٣ تیرئەندازان لێیان تاڵکرد و زۆریان کرد،
ڕقیان لێی بووەوە. ٢٤ بەڵام کەوانەکەی بە توندوتۆڵی چەسپا،
بازووەکانی دەستی لێزان بوون. لە دەستی بە هێزەکەی
یاقوب، لە دەستی شوانی بەردەکەی ئیسرائیل. ٢٥ لە خوداکەی
باوکتەوە کە یارمەتیت دەدات، لە لای هەرە بەتوانا پیرۆزت
دەکات. بە بەرەکەتەکانی ئاسمان لە سەرەوە و بەرەکەتەکانی
ئەو قوڵاییەی ماتە لە ژێرەوە، بەرەکەتەکانی هەردوو مەمك
و منداڵدان. ٢٦ بەرەکەتەکانی باوکت کە سەروتر بوون لە
بەرەکەتەکانی باوکانم، لە پڕی گردە هەتاهەتاییەکان. بەسەر
سەری یوسفەوە بن، بەسەر تەپڵی سەری، جیاکراوە لە
براکانی. ٢٧ بنیامین گورگێکی دڕندەیە، بەیانیان نێچیر
دەخوات و ئێوارانیش دەسکەوت دابەش دەکات. ٢٨ هەموو
ئەمانە دوانزە هۆزەکەی ئیسرائیلن. ئەمەش ئەوەبوو کە
باوکیان پێی وتن و پیرۆزی کردن، هەر یەکەیان بەپێی
بەرەکەتەکەی خۆی پیرۆزی کردن. ٢٩ ئینجا فەرمانی پێدان و
پێی وتن: من دەچمە پاڵ گەلەکەی خۆم. لای باوباپیرانمەوە
بمنێژن لەو ئەشکەوتەی لەناو کێڵگەکەی عەفرۆنی خیتییە.
٣٠ لەو ئەشکەوتەی لە کێڵگەکەی مەکفیلەدایە کە ڕووەو
مەمرایە لە خاکی کەنعان، ئەوەی ئیبراهیم لەگەڵ کێڵگەکەدا
لە عەفرۆنی خیتی کڕیی تا بۆ گۆڕ ببێت بە موڵکی. ٣١ لەوێدا
ئیبراهیم و سارای ژنی نێژراون، لەوێشدا ئیسحاق و ڕفقەی
ژنی نێژراون، هەر لەوێشدا لێئەم ناشت. ٣٢ کێڵگەکە و
ئەشکەوتەکەی لەناوی بوو لە خیتییەکان کڕدرابوون. ٣٣ کاتێك
یاقوب لە ڕاسپاردنی کوڕەکانی تەواوبوو، هەردوو پێی خۆی
خستەوە سەر چوارپایەکەو دواهەناسەی دا و چووەوە پاڵ
گەلەکەی خۆی.

# ٥٠

١ ئیتر یوسف خۆیدا بەسەر ڕووی باوکیدا و بەسەریدا گریا و
ماچی کرد. ٢ یوسف فەرمانی دا بە خزمەتکارە پزیشکەکانی
کە باوکی مۆمیا بکەن. پزیشکەکانیش ئیسرائیلیان مۆمیاکرد.
٣ ئینجا چل ڕۆژیان بۆی تەواوکرد، چونکە بەوەندە ڕۆژە
کاری مۆمیاکاران تەواو دەبوو. میسرییەکانیش حەفتا ڕۆژ

بۆی گریان. ٤ کە ڕۆژانی گریەی بەسەرچوو، یوسف لەگەڵ
ماڵی فیرعەوندا قسەی کرد و وتی: ئەگەر جێی
ڕەزامەندیتانم، ئەوا بیدەن بە گوێی فیرعەوندا و بڵێن، ٥ کە
باوکم سوێندی داوم و وتوویەتی، وا من دەمرم، لەو گۆڕەدا
بمنێژن کە لەخاکی کەنعاندا بۆ خۆمم هەڵکەندووە. ئێستاش با
بەرەو ژوور ببمەوە بۆ ئەوەی باوکم بنێژم و دەگەڕێمەوە.
٦ فیرعەونیش پێی وت: بەرەو ژوور ببەوە و باوکت بنێژە،
وەك چۆن سوێندی داویت. ٧ ئیتر یوسف بەرەو ژوور بووەوە
بۆ ناشتنی باوکی. لەگەڵیدا هەموو خزمەتکارانی فیرعەون،
پیرانی ماڵەکەی و هەموو پیرانی خاکی میسر بەرەو ژوور
بوونەوە. ٨ لەگەڵ تێکڕای ماڵی یوسف و براکانی و ماڵی
باوکیدا. تەنها منداڵەکان و ڕانەمەڕیان و گاگەلیان لەخاکی
گۆشەندا بەجێهێشت. ٩ هەر لەگەڵیاندا گالیسکە و ئەسپ
سواران بەرەو ژووربوونەوە. جا لەشکرێکی زۆر گەورە
بوو. ١٠ ئینجا هاتن تا خەرمانگای ئەتاد، ئەوەی لەوبەری
ڕووباری ئوردونە، لەوێ شیوەنێکی زۆر گەورە و توندیان
گێڕا، بۆ حەوت ڕۆژ ماتەمی بۆ باوکی دانا. ١١ کە
کەنعانییەکانی دانیشتووی ئەو خاکە ئەم ماتەمەیان لە
خەرمانگای ئەتاد بینی، وتیان: ئەمە ماتەمێکی گەورەی
میسرییەکانە. لەبەرئەوە ناونرا ئابێل میچرایم کە لەوبەری
ڕووباری ئوردونە. ١٢ کوڕەکانیشی چۆنی ڕاسپاردبوون
ئاوایان بۆ کرد. ١٣ جا کوڕەکانی هەڵیان گرت بۆ خاکی
کەنعان و لە ئەشکەوتەکەی ئەو کێڵگەیەی لە مەکفیلەدایە
ناشتیان، کە ئیبراهیم لەگەڵ کێڵگەکە تا بۆ گۆڕ ببێت بە
موڵکی لە عەفرۆنی خیتی کڕی، ئەوەی ڕووەو مەمرایە.
١٤ ئیتر دوای ناشتنی باوکی، یوسف گەڕایەوە بۆ میسر، خۆی
و براکانی و هەموو ئەوانەی لەگەڵیدا بەرەو ژوور ببوونەوە
بۆ ناشتنی باوکی.

١٥ کە براکانی یوسف بینیان باوکیان مرد، وتیان: نەکا یوسف
کینەمان لێ هەڵگرێت و هەموو ئەو خراپەیەی بەرامبەری
کردوومانە بەسەرمانی بهێنێتەوە. ١٦ ئیتر ڕایانسپارد بە
یوسف بڵێن، باوکت پێش مردنی خۆی ڕایسپاردووە و
وتوویەی، ١٧ ئاوا بە یوسف دەڵێن: داواکارم لێت لە تاوانی
براکانت و گوناهەکەیان ببووریت، چونکە خراپەیان لەگەڵت
کرد. ئێستاش لە تاوانی خزمەتکارەکانی خودای باوکت خۆش
ببە. جا یوسف کەوتە گریان کاتێ قسەیان لەگەڵیکرد. ١٨ دوای
ئەوە براکانی هاتن و لە بەردەمی کەوتن و وتیان: ئەوەتا ئێمە
خزمەتکاری تۆین. ١٩ یوسفیش پێی وتن: مەترسن، بۆچی من
لەجێی خودام؟ ٢٠ مەبەستی ئێوە خراپە بوو بۆم، خودا بە
مەبەستی چاکە گێڕای تا وەك ئەمڕۆ بکات، بۆ
بەزیندووهێشتنەوەی گەلێکی زۆر. ٢١ ئێستاش مەترسن. من
خۆتان و منداڵەکانتان بەخێو دەکەم. ئیتر دڵنەوایی کردن و
قسەی دڵخۆشکەرەی بۆ کردن. ٢٢ یوسف خۆی و ماڵی باوکی
لە میسر نیشتەجێ بوون، یوسف سەدو دە ساڵ ژیا. ٢٣ جا
یوسف منداڵانی ئەفرایمی بینی، نەوەی سێیەم. هەروەها
منداڵانی ماکیری کوڕی مەنەسا لە سەر ئەژنۆی یوسف
لەدایك بوون. ٢٤ ئینجا یوسف بە براکانی وت: من دەمرم،
بەڵام خودا خۆی بەسەرتان دەکاتەوە و لەم خاکەوە بەرەو
ژوورتان دەکاتەوە بۆ ئەو خاکەی کە سوێندی لەسەر
خواردووە بۆ ئیبراهیم و ئیسحاق و یاقوب.
٢٥ ئیتر یوسف نەوەی ئیسرائیلی سوێند دا و وتی: خودا ئێوە
بەسەردەکاتەوە، ئێوەش ئەوکاتە ئێسقانەکانم لێرەوە بەرەو
ژوور دەکەنەوە. ٢٦ دوای ئەوە یوسف مرد، تەمەنی سەدو دە
ساڵ بوو، ئیتر مۆمیایان کرد و لە میسر خرایە تابووتەوە.

# دەرچوون

## ١

١ ئەمەش ناوی کوڕەکانی ئیسڕائیلە کە لەگەڵ یاقوب بۆ میسر
هاتن، هەر یەك لەگەڵ خێزانەکەی. ٢ ڕەئوبین، شەمعون،
لێڤی و یەهوزا. ٣ یەسساکار، زەبولون و بنیامین. ٤ دان و
نەفتالی، گاد و ئەشێر. ٥ هەموو ئەوانەی لە پشتی یاقوبەوە
دەرچووبوون، حەفتا بوون، بێجگە لە یوسف کە لە میسر
بوو. ٦ یوسف و هەموو برایەکانی و هەموو ئەو نەوەیە
مردن. ٧ بەڵام نەوەی ئیسڕائیل بەرداربوون و زاوزێیان کرد
و زۆربوون و زۆر زیاد بوون، خاکەکە پڕ بوو لەوان.
٨ ئینجا لە میسر پاشایەکی نوێ هاتە سەر تەخت و یوسفی
نەدەناسی. ٩ بە گەلەکەی وت: ئەوەتا نەوەی ئیسڕائیل گەلێکن
لە ئێمە زۆرتر و مەزنترن. ١٠ وەرن با دانابین بۆی، نەوەك
زۆر بن و کاتێ بکەوینە جەنگەوە، ئەوان بچنە پاڵ
دوژمنەکانمان و دژمان بجەنگێن و لە خاکەکە دەرچن.
١١ ئیتر سەرکاری بێگاریان لەسەر دانان، بۆئەوەی بە
بارگرانیەکەیان زەلیلیان بکەن، جا شاری عەمباریان بۆ
فیرعەون بنیادنا، پیتۆم و ڕەعمسیس. ١٢ بەڵام چەند زەلیلیان
دەکردن ئەوەندە زیاد دەبوون و بەربڵاو دەبوون، جا لەبەر
نەوەی ئیسڕائیل ترسیان لێنیشت. ١٣ ئیتر میسرییەکان بە
زەبرەوە کۆیلایەتیان بە نەوەی ئیسڕائیل کرد و ١٤ ژیانیان
تاڵ کردن بە کۆیلایەتیەکی ڕەق لەناو قوڕکاری و خشت
دروستکردن و هەموو کارێکی کێڵگە، لە هەموو کارێکدا کە
پێیان کردن بە زەبرەوە بوو. ١٥ ئینجا پاشای میسر بە دوو
مامانی ژنە عیبرانییەکانی وت، کە ناوی یەکێکیان شیفرە و
ئەوی تریان پوعە بوو، ١٦ وتی: کاتێ مامانی ژنە
عیبرانییەکان دەکەن و لەسەر بەردەکان[أ] تەماشایان دەکەن،
ئەگەر کوڕ بوو بیکوژن، ئەگەر کچیش بێت با بژیت.
١٧ بەڵام مامانەکان لە خودا ترسان و ئەوەیان نەکرد کە پاشای
میسر پێی وتن، هێشتیان کوڕەکان بژین. ١٨ دواتر پاشای
میسر مامانەکانی بانگ کرد و پێی وتن: بۆچی ئەمەتان
کردووە؟ بۆ هێشتتان کوڕەکان بژین؟ ١٩ مامانەکانیش بە
فیرعەونیان وت: چونکە ژنە عیبرانییەکان وەك ژنە
میسرییەکان نین، ئەوان گورجوگۆڵن پێش گەیشتنی مامان
منداڵیان دەبێت. ٢٠ خوداش لەگەڵ مامانەکان باش بوو و گەل
زۆر بوون و زۆر زیاد بوو. ٢١ ئەوە بوو کە مامانەکان لە
خودا ترسان، ئەویش کردنی بە خێزان. ٢٢ ئینجا فیرعەون
فەرمانی دا بە هەموو گەلەکەی و وتی: هەموو کوڕێك کە بۆ
عیبرانییەکان لە دایك بێت فڕێی بدەنە ناو نیلەوە، هەموو
کچێکیش با بژیت.

## ٢

١ پیاوێك لە بنەماڵەی لێڤی کچێکی لێڤی هێنا. ٢ ژنەکە سکی پڕ
بوو و کوڕێکی بوو، کە بینی منداڵەکە جوانە، سێ مانگ

[أ] ١ : ١٦ مەبەست لەسەر ئەو شوێنەی دایك منداڵی دەبوو.

شاردییەوە. ٣ بەڵام کە نەیتوانی زیاتر بیشارێتەوە، سندوقێکی
بەردی هێنا و بە قیرو زفت سواخیدا و کوڕەکەی لەناو دانا،
ئینجا لە کەناری نیل لەناو قامیشەڵان داینا. ٤ خوشکی
منداڵەکەش لە دوورەوە وەستا تا بزانێت چی لێدێت. ٥ کچی
فیرعەونیش بۆ خۆشتن هاتە خوارەوە بۆ سەر نیل و
کەنیزەکانیشی لەسەر کەناری نیل هاتووچۆیان دەکرد، جا
سندوقەکەی لەناو قامیشەڵانەکە بینی و کچە خزمەتکارەکەی
نارد و هێنای. ٦ ئەویش کردیەوە و تەماشای منداڵەکەی کرد
و بینی کوڕێکە و دەگری، جا بەزەیی پێدا هاتەوە و وتی:
ئەمە یەکێکە لە منداڵی عیبرانییەکان. ٧ خوشکەکەشی بە کچی
فیرعەونی وت: بڕۆم ژنێکی شیردەرت لە عیبرانییەکان بۆ
بانگ بکەم تا شیری منداڵەکەت بۆ بدات. ٨ کچی فیرعەونیش
پێی وت: بڕۆ. کچە عازەبەکەش ڕۆیشت و دایکی منداڵەکەی
بانگ کرد. ٩ کچی فیرعەونیش پێی وت: ئەم منداڵە ببە و
شیری بدە بۆم، منیش کرێیەکەت دەدەمێ. ژنەش منداڵەکەی
برد و شیری پێی دا. ١٠ کاتێ منداڵەکە گەورە بوو، بۆ کچی
فیرعەونی هێنایەوە، ئیتر بوو بە کوڕی ئەو و ناوی نا موسا
و وتی: چونکە لە ئاو هەڵم گرتۆتەوە. ١١ ئەوە بوو لەو
ڕۆژانەدا، کاتێ موسا گەورە بوو، چووە دەرەوە بۆ لای
براکانی و سەیری بارگرانیەکانی کرد و سەیری کرد
پیاوێکی میسری لە پیاوێکی عیبرانی دەدات، کە لە
براکانیەتی. ١٢ ئەویش ڕووی لەم لاو ئەولا کرد و بینی کەس
نییە، جا میسرییەکەی کوشت و لەناو لم شاردییەوە. ١٣ بۆ
ڕۆژی دووەم چووە دەرەوە و بینی وا دوو پیاوی عیبرانی
شەڕ دەکەن. جا بە خەتابارەکەی وت: بۆچی لە هاوڕێکەت
دەدەیت؟ ١٤ ئەویش وتی: کێ تۆی کردووە بە میر و دادوەر
بەسەرمانەوە؟ ئایا بەتەمای کوشتنمی هەروەك میسرییەکەت
کوشت؟ جا موسا ترسا و وتی: بێگومان ئەم کارە زانراوە!
١٥ کاتێ فیرعەون گوێی لەمە بوو، هەوڵیدا موسا بکوژێت،
موساش لە دەست فیرعەون ڕایکرد و لە خاکی میدیان جێگیر
بوو و لەسەر بیرێك دانیشت. ١٦ کاهینی میدیانیش حەوت
کچی هەبوو، هاتن و ئاویان کێشایەوە و کۆڵەکانیان پڕ کرد
بۆ ئاودانی مەڕەکانی باوکیان. ١٧ لەوکاتەدا شوان هاتن و
دەریان کردن، موساش هەستا و فریایانکەوت و مەڕەکانی
ئاودان. ١٨ ئەوانیش هاتنە لای ڕەعوئیلی[ب] باوکیان، ئەویش
وتی: بۆچی ئەمڕۆ زوو هاتنەوە؟ ١٩ ئەوانیش وتیان پیاوێکی
میسری فریامان کەوت لە دەست شوانەکان، هەروەها ئاوی
بۆ کێشاینەوە و مەڕەکانیشی ئاودا. ٢٠ ئەویش بە کچەکانی
وت: ئەی لە کوێیە؟ بۆ پیاوەکەتان بەجێ هێشت؟ بانگی بکەن
با نان بخوات. ٢١ ئینجا موسا ڕازی بوو لەگەڵ ئەو پیاوە
بمێنێتەوە. ئەویش چەفوورەی کچی بە موسا دا. ٢٢ ئەویش
کوڕێکی بوو، موساش ناوی نا گێرشوم، چونکە وتی:
غەریب بووم لە خاکی بێگانە. ٢٣ ئەوە بوو لەو ڕۆژە
زۆرانەدا، پاشای میسر مرد. نەوەی ئیسڕائیلیش
ئاهیانهەڵکێشا لە دەست کۆیلایەتی و هاواریان کرد، هاوارین
بۆ فریاکەوتن لەبەر کۆیلایەتی بەرزبووەوە بۆ خودا.
٢٤ خوداش گوێی لە نووزانەوەیان بوو، خودا پەیمانی خۆی
بەبیر هاتەوە لەگەڵ ئیبراهیم و ئیسحاق و یاقوب. ٢٥ جا خودا
ڕووانییە نەوەی ئیسڕائیل و خودا زانی.

[ب] ٢ : ١٨ لەوە دەچێت کە ڕەعوئیل نازناوی کاهینی میدیان بێت و خۆی ناوی یەترونە کە خەزووری موسایە بڕوانە دەرچوون ١٨ : ١ .

# ٣

١ موسا بوو بە شوانی مەڕەکانی یەترونی خەزوری، کە
کاهینی میدیان بوو. جا مەڕەکانی بردە پشت دەشتودەرەکە تا
گەیشتە چیای خودا، حوریب. ٢ جا فریشتەی خوداوەندی
لێدەرکەوت لە گڕی ئاگرێك لەناو دەوەنێکدا. کە تەماشای کرد
بینی وا دەوەنەکە گڕی گرتووە، کەچی دەوەنەکە ناسووتێ.
٣ موسا وتی: لادەدەم و تەماشای ئەو دیمەنە مەزنە دەکەم.
بۆچی دەوەنەکە ناسووتێ؟ ٤ کاتێ خوداوەند بینی کە لایدا تا
تەماشا بکات، خودا لەناو دەوەنەکەوە بانگی کرد و
فەرمووی: موسا. موسا. ئەویش وتی: ئەوەتام. ٥ فەرمووی:
نزیکی ئێرە مەکەوە. سۆڵەکانت لە پێت داکەنە، چونکە ئەو
شوێنەی تۆ لەسەری وەستاوی، خاکێکی پیرۆزە. ٦ ئینجا
فەرمووی: من خودای باوکتم، خودای ئیبراهیم و خودای
ئیسحاق و خودای یاقوب. موساش ڕووی خۆی داپۆشی،
چونکە ترسا تەماشای خودا بکات. ٧ خوداوەند فەرمووی:
بەڕاستی من زەلیلی گەلی خۆم بینی کە لە میسرە، هەروەها
گوێم لە هاواریان بوو لەبەر سەرکارەکانیان، چونکە بە
ئازارەکانیانم زانی. ٨ ئەوا دابەزیم تا فریایان بکەوم لە دەست
میسرییەکان و لەو خاکە بەسەریانخەم بۆ خاکێکی باش و
فراوان، بۆ خاکێك شیر و هەنگوینی لێ دەڕژێتەوە، بۆ
شوێنی کەنعانییەکان و خیتیەکان و ئەمورییەکان و
فەریزییەکان و حوییەکان و یەبوسیەکان. ٩ ئێستاش ئەوەتا
هاواری نەوەی ئیسڕائیل گەیشتە لام و هەروەها ئەو
تەنگانەیەم بینی کە میسرییەکان تەنگیان پێهەڵچنیون،
١٠ ئێستاش بڕۆ و دەتنێرم بۆ لای فیرعەون و گەلەکەم نەوەی
ئیسڕائیل لە میسر بهێنە دەرەوە. ١١ موساش بە خودای وت:
من کێم تا بچمە لای فیرعەون و تا نەوەی ئیسڕائیل لە میسر
دەربهێنم. ١٢ ئەویش فەرمووی: من لەگەڵت دەبم و ئەمەش
دەبێتە نیشانە بۆت کە من تۆم ناردووە، کاتێ گەل لە میسرەوە
دەردەکەی، لەسەر ئەم چیایە خودا دەپەرستن. ١٣ موساش بە
خودای وت: ئەوەتا من دێمە لای نەوەی ئیسڕائیل و پێیان
دەڵێم خودای باوکانتان منی بۆ ئێوە ناردووە. ئەگەر پێم بڵێن،
ناوی چییە، بڵێم چی؟ ١٤ خوداش بە موسای فەرموو: هەم
ئەوەی کە هەم. هەروەها فەرمووی: ئاوا بە نەوەی ئیسڕائیل
دەڵێی، هەم منی بۆ ئێوە ناردووە. ١٥ هەروەها خودا بە
موسای فەرموو: ئاوا بە نەوەی ئیسڕائیل دەڵێیت، خوداوەند،
خودای باوکانتان، خودای ئیبراهیم و خودای ئیسحاق و
خودای یاقوب منی بۆ ئێوە ناردووە. ئەمە ناومە تاهەتایە و
ئەمەش یادمە نەوە دوای نەوە. ١٦ بڕۆ و پیرانی ئیسڕائیل
کۆبکەوە و پێیان بڵێ، خوداوەند، خودای باوکانتان، خودای
ئیبراهیم و ئیسحاق و یاقوب بۆم دەرکەوت، فەرمووی، بە
ڕاستی ئێوە و ئەوەی لە میسردا بەسەرتان هاتووە بەسەرم
کردووەتەوە. ١٧ جا فەرمووم، لە زەلیلی میسر بەسەرتان
دەخەم بۆ خاکی کەنعانییەکان و خیتیەکان و ئەمورییەکان و
فەریزیەکان و حوییەکان و یەبوسییەکان، بۆ خاکێك شیر و
هەنگوینی لێ دەڕژێتەوە. ١٨ ئەگەر گوێیان لە قسەکانت گرت
ئەوا تۆ و پیرانی ئیسڕائیل دەچنە لای پاشای میسر و پێی
دەڵێن: خوداوەند، خودای عیبرانییەکان تووشمان هات،
ئێستاش سێ ڕۆژەڕێ دەڕوین لە دەشتودەر و قوربانی بۆ
خوداوەند خودامان سەردەبڕین. ١٩ بەڵام دەزانم پاشای میسر
ناهێڵێت بڕۆن تەنانەت بە دەستێکی بەهێزیش. ٢٠ ئینجا من
دەستم درێژ دەکەم و لە میسر دەدەم بە هەموو کارە
سەرسوڕهێنەرەکانم کە لەناوی دەیکەم، دوای ئەوە دەهێڵێت
بڕۆن. ٢١ ئەم گەلەش لەبەر چاوی میسرییەکان پەسەند دەکەم،
تا کاتی ڕۆیشتن بەدەست بەتاڵی ناڕۆن. ٢٢ بەڵکو هەر ژنێك
لە دراوسێکەی یاخود لەوەی لە ماڵەکەیدا دەژی، کەلوپەلی
زیو و کەلوپەلی زێڕو جلوبەرگ داوا دەکات و لەبەری کوڕ
و کچەکانتانی دەکەن و میسرییەکان تاڵان دەکەن.

# ٤

١ موسا وەڵامی دایەوە و وتی: بەڵام ئەوەتا بڕوام پێ ناکەن و
گوێ لە قسەکانم ناگرن، بەڵکو دەڵێن خوداوەندت بۆ
دەرنەکەوتووە. ٢ خوداوەندیش پێی فەرموو: ئەوە چییە لە
دەستتە؟ ئەویش وتی: گۆچان. ٣ فەرمووی: فڕێی دە سەر
زەوی. ئەویش فڕێی دایە سەر زەوی و بوو بە مار. جا موسا
لەبەری هەڵات. ٤ ئینجا خوداوەند بە موسای فەرموو: دەست
درێژ بکە و کلکی بگرە. جا دەستی درێژ کرد و گرتی و
بووەوە بە گۆچان لە دەستی. ٥ بۆ ئەوەی بڕوا بکەن کە
خوداوەندت بۆ دەرکەوتووە، خودای باوکانیان، خودای
ئیبراهیم و خودای ئیسحاق و خودای یاقوب. ٦ هەروەها
خوداوەند پێی فەرموو: دەستت بخەرە ناو باخەڵت. ئەویش
دەستی خستە ناو باخەڵی و دەریهێنایەوە و بینی ئەوەتا دەستی
گول بووە وەك بەفر. ٧ ئینجا فەرمووی: دەستت بخەرەوە ناو
باخەڵت. ئەویش دەستی خستەوە ناو باخەڵی، ئینجا لەناو
باخەڵی دەریهێنایەوە، بینی ئەوەتا وەك لەشی لێهاتۆتەوە.
٨ بەم شێوەیە ئەگەر بڕوایان پێ نەکردی و گوێیان لە دەنگی
نیشانەی یەکەم نەگرت، ئەوا گوێ لە دەنگی نیشانەی دوای
دەگرن، ٩ ئەگەر بڕوایان بەو دوو نیشانەیەش نەکرد و گوێیان
لە قسەکانت نەگرت ئەوا تۆ لە ئاوی نیل هەندێکی دەبەیت و
لەسەر ووشکایی دەیڕێژیت، ئیتر ئەو ئاوەی لە نیلەوە
دەیبەیت، دەبێتە خوێن لەسەر ووشکایی. ١٠ موسا بە
خوداوەندی وت: ئای خوداوەندم، من پیاوی قسە نیم، نە لە
دوێنێ و پێرێوە و نە لەو کاتەوەی لەگەڵ خزمەتکارەکەت
دوایت. بەڵکو من دەم گران و زمان گرانم. ١١ خوداوەندیش
پێی فەرموو: کێ دەمی بۆ مرۆڤ دروستکردووە، یان کێ
لاڵ یان کەڕ یان بینا یان نابینای دروستکردووە، ئایا منی
خوداوەند نیم؟ ١٢ ئێستاش بڕۆ و منیش لەگەڵ دەمت دەبم و
ئەوەت فێرت دەکەم کە پێی دەدوێیت. ١٣ ئەویش وتی: ئای
خوداوەندم، بە دەستی کێ دەینێریت، بینێرە. ١٤ تووڕەیی
خوداوەند بەسەر موسادا جۆشا و فەرمووی: ئایا هارونی
لێڤی برات نییە، دەزانم ئەو قسەزانە، هەروەها ئەوەتا بۆ
پێشوازیت دەرچووە، کاتێ دەتبینێت دڵخۆش دەبێت.
١٥ لەگەڵی دەدوێی و ووشەکان دەخەیە دەمیەوە، منیش لەگەڵ
دەمی تۆ و دەمی ئەو دەبم و فێرتان دەکەم چی دەکەن. ١٦ ئەو
لەجیاتی تۆ بۆ گەل دەدوێت، ئەو بۆ تۆ وەك دەم دەبێت و
تۆش بۆ ئەو وەك خودا. ١٧ ئەم گۆچانەش کە نیشانەکانی
پێدەکەیت، بە دەستتەوە دەیگریت. ١٨ جا موسا ڕۆیشت و
گەڕایەوە لای یەترونی خەزوری و پێی وت: من دەڕۆم و
دەگەڕێمەوە لای براکانم کە لە میسرن، تا ببینم ئایا هێشتا
زیندوون. یەترونیش بە موسای وت: بڕۆ بەسەلامەتی.
١٩ خوداوەند لە میدیان بە موسای فەرموو: بڕۆ بگەڕێوە بۆ
میسر، چونکە هەموو ئەوانەی بە دوای کوشتنتدا دەگەڕان
مردن. ٢٠ ئیتر موسا ژنەکەی و منداڵەکانی هەڵگرت و
سواری گوێدرێژی کردن و بردنی و گەڕایەوە بۆ خاکی
میسر. موسا گۆچانەکەی خوداشی بەدەستەوە گرت.
٢١ خوداوەند بە موسای فەرموو: کاتێ دەڕۆی تا بگەڕێتەوە
بۆ میسر، سەرنجبدە هەموو کارە سەیرەکان کە لە دەستی تۆم

داناوە و لەبەردەم فیرعەوندا ئەنجامیان بدە، بەڵام من دڵی
ڕەق دەکەم و ناهێڵێت گەلەکە بڕۆن. ٢٢ بە فیرعەون دەڵێی
خوداوەند ئاوا دەفەرمووێ، ئیسڕائیل کوڕە نۆبەرەمە، ٢٣ پێم
فەرمووی، بهێڵە کوڕەکەم بڕوا تا بمپەرستێ، تۆ ڕازی
نەبوویت بهێڵیت بڕوات، ئەوەتا من کوڕەکەت، نۆبەرەکەت
دەکوژم. ٢٤ ئەوە بوو لە ڕێگا، لەو شوێنەی بۆ شەومانەوە لێی
وەستان، خوداوەند تووشی هات و ویستی بیکوژێت.
٢٥ چەفوورەش بەردئەستێیەکی هەڵگرت و کوڕەکەی خەتەنە
کرد و پارچە گۆشتەکەی دا لە پێیەکانی و وتی: چونکە تۆ
زاوای خوێنی بۆ من. ٢٦ ئیتر خوداوەند وازی لێهێنا، ئینجا
چەفوورە وتی: زاوای خوێن. لەبەر خەتەنەکردنەکە.
٢٧ خوداوەند بە هارۆنی فەرموو: بڕۆ بۆ چۆڵەوانی بۆ
پێشوازی موسا. ئەویش ڕۆیشت و لە چیای خودا تووشی بوو
و ماچی کرد. ٢٨ ئیتر موسا هەموو وتەکانی خوداوەند کە
ناردبووی بە هارۆنی ڕاگەیاند و هەروەها هەموو ئەو
نیشانانەی فەرمانی پێی دابوو. ٢٩ ئینجا موسا و هارۆن
ڕۆیشتن و هەموو پیرانی نەوەی ئیسڕائیلیان کۆکردەوە.
٣٠ هارۆن هەموو وتەکانی خوداوەند کە بە موسای فەرموو
بوو پێی وتن و لەبەرچاوی گەل نیشانەکانی کرد. ٣١ ئیتر گەل
باوەڕی هێنا و کاتێ گوێیان لێبوو خوداوەند نەوەی ئیسڕائیلی
بەسەر کردۆتەوە و تەماشای زەلیلیەکەیانی کردووە،
دانەوانەوە و کڕنۆشیان برد.

# ٥

١ دواتر موسا و هارۆن هاتن و بە فیرعەونیان وت: خوداوەند
خودای ئیسڕائیل وا دەڵێت، بهێڵە گەلەکەم بڕۆن، تا لە
چۆڵەوانی جەژنم بۆ بگێڕن. ٢ فیرعەونیش وتی: خوداوەند
کێیە تا گوێ لە قسەی بگرم و بهێڵم ئیسڕائیل بڕوات؟
خوداوەند ناناسم و هەروەها ناهێڵم ئیسڕائیل بڕوات.
٣ ئەوانیش وتیان: خودای عیبرانییەکان تووشمان هات، سێ
ڕۆژەڕێ لە چۆڵەوانی دەڕۆین و قوربانی بۆ خوداوەند
خودامان سەردەبڕین، نەوەك تووشی دەرد یان شمشێرمان
بکات. ٤ پاشای میسریش پێی وتن: موسا و هارۆن بۆ گەل لە
ئیش دەکەن؟ بڕۆن بەلای بارگرانیەکەتانەوە. ٥ هەروەها
فیرعەون وتی: ئەوەتا ئێستا گەلی خاکەکە زۆرن و ئێوە لە
بارگرانیەکەیان دەیانحەسێننەوە. ٦ هەر لەو ڕۆژەدا فیرعەون
فەرمانیدا بەوانەی سوغرە بە گەل دەکەن و بەوانەش کە
سەرکارن و وتی: ٧ ئیتر کا مەدەن بە گەل بۆ خشت دروست
کردن، وەك دوێنێ و پێرێ، با خۆیان بچن و کا بۆ خۆیان
کۆبکەنەوە. ٨ ئەوەندە خشتەی دوێنێ و پێرێش دروستیان
دەکرد با هەر لەسەریان بێت، کەمی مەکەنەوە، چونکە ئەوانە
تەمبەڵن، لەبەر ئەوەیە هاوار دەکەن، بهێڵە با بڕۆین و
قوربانی سەربڕین بۆ خودامان. ٩ با کارەکە قورستر بێت
لەسەر خەڵکەکە، تا پێی سەرقاڵبن و ئاوڕ لە قسەی درۆ
نەدەنەوە. ١٠ ئیتر سوخرەکاران بە گەل و سەرکارەکان
چوونە دەرەوە و بە خەڵکیان وت: فیرعەون ئاوا دەڵێ، ئیتر
کاتان نادەمێ، ١١ بڕۆن بۆ خۆتان لە کوێ کا پەیدا دەکەن
پەیدایکەن و هیچ لە کارەکانتانیش کەم ناکرێتەوە. ١٢ جا
خەڵکەکە لە هەموو خاکی میسردا بڵاوبوونەوە بۆ پوش
کۆکردنەوە لەجیاتی کا. ١٣ سوغرەکارەکانیش پەلەیان
لێدەکردن و دەیان وت: ئیشەکانتان تەواو بکەن، هەر ڕۆژە
بەشی خۆی، هەر وەکو لە پێشا کاتێ کە کا هەبوو. ١٤ جا
سەرکارەکانی نەوەی ئیسڕائیل لێیان درا، ئەوانەی
سوخرەکارانی فیرعەون لەسەریان دایان نابوون، پێیان وتن:
بۆ فەرزی خۆتان لە خشت دروستکردن تەواو نەکردووە
وەك پێشتر، دوێنێ و هەروەها ئەمڕۆش؟ ١٥ سەرکارەکانی
نەوەی ئیسڕائیلیش هاتن هاواریان بۆ فیرعەون کرد و وتیان:
بۆچی وا لە خزمەتکارەکانت دەکەیت؟ ١٦ کا نادرێتە
خزمەتکارەکانت و خشتیش پێمان دەوترێت دروستی بکەن،
ئەوتا خزمەتکارەکانت لێیان دراوە، گەلەکەت هەڵەی
گەورەیان کرد. ١٧ ئەویش وتی: تەمبەڵن، ئێوە تەمبەڵن، لەبەر
ئەوەیە دەڵێن، دەڕۆین و قوربانی بۆ خوداوەند سەردەبڕین.
١٨ ئێستاش بڕۆن کاربکەن، کاشتان نادرێتێ و ئەوەندە
خشتەش دەدەن. ١٩ سەرکارەکانی نەوەی ئیسڕائیل بینیان
تێکەوتوون، چونکە پێیان وترا لە خشتەکەتان کەم ناکرێتەوە،
هەر ڕۆژە و بەشی خۆی. ٢٠ کە لە لای فیرعەون دەرچوون
تووشی موسا و هارۆن بوون بۆیان وەستابوون. ٢١ پێیان
وتن: حەواڵەی خوداوەندتان دەکەین با خۆی حوکم بدات،
چونکە ئێوە ئێسك گرانتان کردین لەبەر چاوی فیرعەون و
خزمەتکارەکانی، تا شمشێر بدەنە دەستیان بۆ کوشتنمان.
٢٢ موساش گەڕایەوە لای خوداوەند و وتی: خوداوەندم بۆ
خراپەت لەگەڵ ئەم گەلە کرد؟ بۆ منت نارد؟ ٢٣ لەو کاتەوەی
چوومە لای فیرعەون تا بە ناوی تۆوە بدوێم، ئەو خراپەی
لەگەڵ ئەم گەلە کرد، تۆش فریای گەلەکەت نەکەوتی.

# ٦

١ خوداوەندیش بە موسای فەرموو: ئێستا دەبینی چی بە
فیرعەون دەکەم، بە دەستێکی بەهێز بەڕەڵایان دەکات و بە
دەستێکی بەهێز لە خاکی خۆی دەریان دەکات. ٢ ئینجا خودا
لەگەڵ موسا دوا و پێی فەرموو: من خوداوەندم، ٣ بۆ ئیبراهیم
و بۆ ئیسحاق و بۆ یاقوب وەك خودای هەرە بە توانا
دەرکەوتم، بەڵام بە ناوم، خوداوەند لە لای ئەوان خۆم
نەناساند. ٤ هەروەها پەیمانی خۆم لەگەڵیان بەست، کە خاکی
کەنعانیان پێ بدەم، خاکی غەریبییان کە تێیدا غەریب بوون.
٥ هەروەها گوێم لەناڵەی نەوەی ئیسڕائیل بوو، ئەوانەی
میسرییەکان کۆیلایەتیان پێدەکەن و پەیمانی خۆم بەبیر
هاتەوە. ٦ بۆیە بە نەوەی ئیسڕائیل بڵێ، من خوداوەندم، لەژێر
بارگرانی میسرییەکان دەرتان دەهێنم و لە کۆیلایەتی ئەوان
فریاتان دەکەوم و بە بازوویەکی درێژ و دادپەروەریەکی
مەزن دەتانکڕمەوە. ٧ هەروەها دەتانکەم بە گەلی خۆم و دەبم
بە خوداتان، ئیتر دەزانن من خوداوەند خوداتانم، ئەوەی
لەژێر بارگرانی میسرییەکان دەرتان دەهێنێ. ٨ دەشتان هێنم
بۆ ئەو خاکەی کە دەستم بەرزکردەوە بیدەم بە ئیبراهیم و بە
ئیسحاق و بە یاقوب، وەك میرات بە ئێوەی دەدەم، من
خوداوەندم. ٩ موسا بەم شێوەیە لەگەڵ نەوەی ئیسڕائیل قسەی
کرد، بەڵام گوێیان لێی نەگرت لەبەر بێوورەیی و کۆیلایەتی
توند. ١٠ ئینجا خوداوەند لەگەڵ موسا دوا و فەرمووی: ١١ بڕۆ
ژوورەوە و بە فیرعەون پاشای میسر بڵێ، با ڕێ بە نەوەی
ئیسڕائیل بدات دەرچن لە خاکەکەی. ١٢ موساش لەبەرامبەر
خوداوەندا دوا و وتی: ئەوەتا نەوەی ئیسڕائیل گوێیان لێ
نەگرتم، ئیتر چۆن فیرعەون گوێم لێ دەگرێت، کە من لێوانم
خەتەنەنەکراون[أ]. ١٣ جا خوداوەند لەگەڵ موساو هارۆن دوا و
فەرمانی پێدان بۆ نەوەی ئیسڕائیل و بۆ فیرعەونی پاشای
میسر، بۆ دەرکردنی نەوەی ئیسڕائیل لە خاکی میسر.
١٤ ئەمانەش سەرۆکەکانی ماڵە باوانیانن: نەوەی ڕەئوبین کە
نۆبەرەی ئیسڕائیلە، حەنوك و فەلو و حەسرون و کەرمی،

---

[أ] ٦ : ١٢ مەبەستی ئەوەیە کە قسەزان نییە.

ئەمانەش هۆزەکانی ڕەئوبینن. ١٥ نەوەی شەمعونیش یەموئیل
و یامین و ئوهەد و یاکین و سوحەر و شائولی کوڕی
کەنعانییەکە، ئەمانەش هۆزەکانی شەمعونن. ١٦ ئەمانەش
ناوەکانی نەوەی لێڤین بەگوێرەی لەدایك بوونیان: جرشون و
قەهات و مەراری. ساڵانی ژیانی لێڤیش سەد و سی و حەوت
ساڵ بوو. ١٧ کوڕانی جرشون لیبنی و شەمعی بەگوێرەی
هۆزەکانیان. ١٨ نەوەی قەهاتیش، عمرام و یەسهار و
حەبرون و عوزیئیل. ساڵانی ژیانی قەهاتیش سەد و سی و
سێ ساڵ بوو. ١٩ کوڕانی مەراریش، مەحلی و موشی.
ئەمانەش هۆزەکانی لێڤیەکانن بەگوێرەی لەدایك بوونیان.
٢٠ عەمرام یوکابدی خوشکی باوکی بۆ خۆی خواست. ئەویش
هاڕون و موسای بۆ بوو. ساڵانی ژیانی عەمرامیش سەد و
سی و حەوت ساڵ بوو. ٢١ نەوەی یەسهاریش: قورەح و نافج
و زکری. ٢٢ نەوەی عوزیئیلیش: میشائیل و ئەلسافان و
سیتری. ٢٣ هاڕونیش ئەلیشابەعی کچی عەمینادابی خوشکی
نەحشونی خواست، ئەویش ناداب و ئەبیهو و ئەلعازار و
ئیساماری بۆی بوو. ٢٤ نەوەی قورەحیش: ئەسیر و ئەلقانە و
ئەبیئاساف. ئەمانەش هۆزەکانی قورەحییەکانە. ٢٥ ئەلعازاری
کوڕی هاڕونیش یەکێکی لە کچانی فوتیئیل خواست، ئەویش
فینحاسی بۆی بوو. ئەمانە سەرۆکەکانی باوکانی لێڤیەکانن
بەگوێرەی هۆزەکانیان. ٢٦ ئەمانە هاڕون و موسان کە
خوداوەند پێی وتن، نەوەی ئیسڕائیل لە خاکی میسر دەربهێنن
بەگوێرەی لەشکرەکانیان. ٢٧ ئەوان بوون لەگەڵ فیرعەونی
پاشای میسر دوان بۆ دەرهێنانی نەوەی ئیسڕائیل لە میسر،
موساو هاڕون بوون. ٢٨ ئەوە بوو لەو ڕۆژەی خوداوەند
لەگەڵ موسا دوا لە خاکی میسر. ٢٩ خوداوەند لەگەڵ موسا دوا
و فەرمووی: من خوداوەندم، لەگەڵ فیرعەونی پاشای میسر
بدوێ سەبارەت بە هەموو ئەوەی پێتی دەڵێم. ٣٠ موساش
لەبەردەم خوداوەندا وتی: ئەوەتا من لێوانم خەتەنەنەکراون،
چۆن فیرعەون گوێم لێ دەگرێ.

## ٧

١ خوداوەند بە موسای فەرموو: بڕوانە، تۆم کردووە بە
خودای فیرعەون و هاڕونی برات دەبێتە پێغەمبەرت. ٢ تۆ
دەدوێی بە هەموو ئەوەی فەرمانت پێدەکەم، هاڕونی براشت
لەگەڵ فیرعەون دەدوێ تا ڕێگا بە نەوەی ئیسڕائیل بدات
دەرچن لە خاکەکەی. ٣ منیش دڵی فیرعەون ڕەق دەکەم و
نیشانەکان و کارەسەرسوڕهێنەرەکانم زیاتر دەکەم لە خاکی
میسردا. ٤ فیرعەونیش گوێتان لێناگرێت، منیش دەستم دەخەمە
سەر میسر و لەشکرەکەم، گەلەکەم، نەوەی ئیسڕائیل بە
دادپەروەریەکی مەزن لە خاکی میسردا دەردەهێنم.
٥ میسرییەکانیش دەزانن کە من خوداوەندم، کاتێ دەستم بۆ
میسر درێژ دەکەم و نەوەی ئیسڕائیل لەناویاندا دەردەهێنم.
٦ موسا و هاڕونیش هەروەك خوداوەند فرمانی پێکردبوون،
ئاوایان کرد. ٧ موسا تەمەنی هەشتا ساڵ بوو و هاڕونیش
هەشتاو سێ ساڵ بوو، کاتێ لەگەڵ فیرعەون قسەیانکرد.
٨ خوداوەند لەگەڵ موسا و هاڕوندا دوا و فەرمووی: ٩ کاتێ
فیرعەون لەگەڵتاندا دەدوێ و دەڵێ، کارێکی سەرسوڕهێنەر
بکەن، تۆ بە هاڕون دەڵێی، گۆچانەکەت بە دەستتەوە بگرە و
فڕێیدە پێش فیرعەون، ئیتر دەبێتە مارێکی شاخدار. ١٠ جا
موسا و هاڕون هاتنە لای فیرعەون و چۆن خوداوەند
فەرمانی پێکردبوون ئاوایان کرد، هاڕون گۆچانەکەی فڕێدایە
پێش فیرعەون و خزمەتکارانی و بوو بە مارێکی شاخدار.
١١ فیرعەونیش بانگی دانایان و سیحربازانی کرد، ئیتر
جادووگەرانی میسریش بە ئەفسونیان هەمان شتیان کرد.
١٢ هەر یەکە گۆچانی خۆی فڕێدا و گۆچانەکان بوون بە
ماری شاخدار، بەڵام گۆچانەکەی هاڕون گۆچانەکانی ئەوانی
هەڵلوشی. ١٣ جا فیرعەون دڵی ڕەق بوو و گوێی لێ
نەگرتن، هەروەك خوداوەند فەرمووی. ١٤ دواتر خوداوەند بە
موسای فەرموو: دڵی فیرعەون ڕەقە، ڕازی نییە ڕێ بە
گەلەکە بدات. ١٥ بەیانی بڕۆ لای فیرعەون، ئەوەتا بۆلای
ئاوەکە دەردەچێ، لە کەناری نیل بۆی بوەستە و ئەو
گۆچانەش کە بوو بە ماری شاخدار بەدەستتەوە دەیگری.
١٦ پێی دەڵێی، خوداوەند خودای عیبرانییەکان منی بۆ لای تۆ
نارد و فەرمووی، ڕێ بە گەلەکەم بدە با بڕۆن و لە
چۆڵەوانی بمپەرستن، بەڵام ئەوەتا تا ئێستا گوێ ناگری.
١٧ خوداوەند ئاوا دەفەرموێت، بەمە دەزانی من خوداوەندم،
ئەوەتا من بەو گۆچانەی بە دەستمەوەیە لە ئاوی نیل دەدەم و
دەگۆڕێ بۆ خوێن. ١٨ ئەو ماسیانەش کە لەناو نیلن دەمرن و
نیل بۆگەن دەبێ و میسرییەکان قێزیان دەبێتەوە لە ئاوی نیل
بخۆنەوە. ١٩ ئینجا خوداوەند بە موسای فەرموو: بە هاڕون
بڵێ، گۆچانەکەت بەدەستتەوە بگرە و دەستت درێژ بکە بۆ
سەر ئاوی میسرییەکان، بۆ سەر ڕووبارەکانیان و بۆ سەر
جۆگەلەکان و بۆ سەر گۆماوەکان و بۆ سەر هەموو ئاوە
کۆبووەوەکانیان تا ببنە خوێن، جا خوێن دەبێت لە هەموو
خاکی میسردا لە دارەکان و لە بەردەکانیش. ٢٠ موسا و
هاڕونیش ئاوایان کرد، وەك ئەوەی خوداوەند فەرمانی
پێکردن. گۆچانەکەی بەرزکردەوە و لە ئاوی نیلی دا،
لەبەرچاوی فیرعەون و خزمەتکارەکانی، جا هەموو ئاوی
نیل گۆڕا بۆ خوێن. ٢١ ماسیەکانی ناو نیلیش مردن و نیل
بۆگەن بوو، میسرییەکانیش نەیانتوانی لە نیل ئاو بخۆنەوە،
خوێنیش هەموو خاکی میسری گرتبووەوە. ٢٢ جادووگەرە
میسرییەکانیش هەمان شتیان کرد بە ئەفسونەکانیان، دڵی
فیرعەونیش ڕەق بوو و گوێی لێیان نەگرت وەك خوداوەند
فەرمووی. ٢٣ ئینجا فیرعەون ڕووی وەرگێڕا و چووەوە بۆ
ماڵەکەی و دڵی بە لای ئەمەشدا نەبرد. ٢٤ هەموو
میسرییەکانیش دەوروبەری نیلیان هەڵدڕی بۆ ئاو تا
بیخۆنەوە، چونکە نەیانتوانی لە ئاوی نیل بخۆنەوە. ٢٥ حەوت
ڕۆژ تەواو بوو دوای ئەوەی خوداوەند لە نیلی دا.

## ٨

١ خوداوەند بە موسای فەرموو: بڕۆ لای فیرعەون و پێی
بڵێ، خوداوەند ئاوا دەڵێ، ڕێ بە گەلەکەم بدە بڕۆن تا
بمپەرستن. ٢ ئەگەر ڕازی نەبی ڕێیان بدەیت، ئەوەتا من لە
هەموو سنوورەکەت دەدەم بە بۆق. ٣ نیل بە بۆق هەڵدەچێ،
سەردەکەون و دێنە ناو ماڵەکەت و ژووری نووستنت و سەر
چوارپایەکەت، هەروەها ماڵی خزمەتکارەکانت و سەر
گەلەکەت و بۆ ناو تەنورەکانت و تەشتە هەویرەکانت. ٤ بۆق
دێتە سەر خۆت و گەلەکەت و خزمەتکارەکانت. ٥ ئینجا
خوداوەند بە موسای فەرموو: بە هاڕون بڵێ، بە گۆچانەکەت
دەست درێژ بکە بۆ سەر ڕووبارەکان و جۆگەلەکان و
گۆماوەکان و بۆق سەرخە بۆ سەر خاکی میسر. ٦ هاڕونیش
دەستی درێژکردە سەر ئاوی میسر و بۆق سەرکەوتن و
خاکی میسریان داپۆشی. ٧ جادووگەرەکانیش هەمان شتیان
کرد بە ئەفسونەکانیان، بۆقیان سەرخستە سەر خاکی میسر.
٨ فیرعەون بانگی موسا و هاڕونی کرد و وتی: لە خوداوەند
بپاڕێنەوە تا بۆق لە خۆم و گەلەکەم دوورخاتەوە، منیش ڕێ
بە گەلەکە دەدەم بڕۆن قوربانی بۆ خوداوەند سەربڕن.

٩ موساش بە فیرعەونی وت: بفەرموو کەی بپاڕێمەوە
لەپێناوی خۆت و خزمەتکارەکانت و گەلەکەت، بۆ بڕانەوەی
بۆق لە تۆ و لە ماڵەکانت، بەڵام لە نیلدا دەمێننەوە. ١٠ ئەویش
وتی: بەیانی. موساش وتی: وەك ئەوەی وتت، بۆ ئەوەی
بزانی کوا وەك خوداوەند خودامان؟ ١١ بۆقەکانیش لە خۆت و
ماڵەکانت و خزمەتکارەکانت و گەلەکەت دوور دەکەونەوە،
بەڵام لە نیلدا دەمێننەوە. ١٢ ئینجا موسا و هاڕون لە لای
فیرعەون دەرچوون و موسا هاواری بۆ خوداوەند کرد لەبەر
ئەو بۆقانەی بۆ فیرعەونی دانابوو. ١٣ خوداوەندیش بە قسەی
موسای کرد، بۆقەکان مردن لە ماڵەکان و لە گۆڕەپانەکان و
لە کێڵگەکاندا. ١٤ جا کۆمەڵ کۆمەڵ کۆیانکردنەوە و زەوییەکە
گەندەڵ بوو. ١٥ کاتێ فیرعەون بینی فەراحی هاتەکایەوە، دڵی
ڕەق کرد و گوێی لێ نەگرتن، وەك خوداوەند فەرمووی.
١٦ ئینجا خوداوەند بە موسای فەرموو: بە هاڕون بڵێ
گۆچانەکەت درێژ بکە و لە خۆڵی زەوی بدە، جا دەبێتە
مێشوولە لە هەموو خاکی میسر. ١٧ ئیتر ئاوایان کرد، هاڕون
بە گۆچانەکەی دەستی درێژ کرد و لە خۆڵی زەوییەکەی دا،
جا مێشوولە هاتە سەر خەڵك و سەر ئاژەڵەکان، هەموو خۆڵی
زەوییەکە بوو بە مێشوولە لە هەموو خاکی میسردا.
١٨ جادووگەرەکانیش بە ئەفسونەکانیان هەمان شتیان کرد، بۆ
دەرکردنی مێشوولەکان، بەڵام نەیانتوانی. جا مێشوولە لە
سەر خەڵك و لەسەر ئاژەڵ بوو. ١٩ جادووگەرەکان بە
فیرعەونیان وت، ئەمە پەنجەی خودایە، بەڵام فیرعەون دڵی
ڕەق بوو و گوێی لێنەگرتن، وەك خوداوەند فەرمووی.
٢٠ ئینجا خوداوەند بە موسای فەرموو: بەیانی زوو هەستە و
لەبەرامبەر فیرعەون بوەستە، ئەوەتا بۆ لای ئاوەکە
دەردەچێت، پێی بڵێ، خوداوەند ئاوا دەڵێت، ڕێ بە گەلەکەم
بدە با بڕۆن بمپەرستن. ٢١ ئەگەر ڕێ بە گەلەکەم نەدەیت
بڕۆن، ئەوەتا منیش مێشومەگەز دەنێرمە سەر خۆت و
خزمەتکارەکانت و گەلەکەت و ماڵەکانت، ئیتر ماڵی
میسرییەکان پڕ دەبێ لە مێشومەگەز، هەروەها ئەو خاکەش
کە ئەوان لەسەرین. ٢٢ بەڵام لەو ڕۆژەدا زەوی جاسان
جیادەکەمەوە کە گەلەکەمی لەسەر ڕاوەستاون، تا
مێشومەگەز لەوێدا نەبێت، بۆئەوەی بزانیت من خوداوەندم
لەناوەڕاستی زەوییەکەدا. ٢٣ جیاوازییەك لەنێوان گەلەکەم و
گەلەکەت دادەنێم، بەیانی ئەم نیشانەیە دەبێت. ٢٤ جا خوداوەند
ئاوای کرد و مێشومەگەزێکی زۆر هاتنە ناو ماڵی فیرعەون
و ماڵی خزمەتکارانی، لە هەموو خاکی میسریشدا زەوییەکە
لەبەر مێشومەگەز وێران بوو. ٢٥ ئینجا فیرعەون بانگی موسا
و هاڕونی کرد و وتی: بڕۆن قوربانی سەربڕن بۆ خوداتان
لەم خاکە. ٢٦ موسا وتی: ڕاست نییە ئێمە وا بکەین، چونکە
ئەوەی نایەسەندە[أ] لای میسریەکان ئێمە بۆ خوداوەند خودامان
سەری دەبڕین، ئەگەر ئەوەی نایەسەندە لای میسرییەکان
لەبەر چاویان سەربیبڕین، ئایا بەردبارانمان ناکەن؟ ٢٧ سێ
ڕۆژەڕێ لە چۆڵەوانی دەڕۆین و قوربانی بۆ خوداوەند
خودامان سەردەبڕین، وەك پێمان دەڵێت. ٢٨ فیرعەونیش وتی:
من ڕێتان دەدەم بڕۆن و بۆ خوداوەند خوداتان لە چۆڵەوانی
قوربانی سەربڕن، بەڵام دوور مەڕۆن و بۆم بپاڕێنەوە.
٢٩ موساش وتی: ئەوەتا من لە لات دەردەچمە دەرەوە و لە
خوداوەند دەپاڕێمەوە، ئیتر بۆ بەیانی مێشومەگەز لە
فیرعەون و لە خزمەتکارەکانی و لە گەلەکەی
دووردەکەونەوە، بەڵام ئیتر نابێت فیرعەون فێڵ بکات، تا ڕێ
بە گەلەکە نەدات بڕۆن بۆ قوربانی سەربڕین بۆ خوداوەند.
٣٠ جا موسا لە لای فیرعەون دەرچوو و لە خوداوەند
پاڕایەوە. ٣١ خوداوەندیش بە قسەی موسای کرد، ئیتر
مێشومەگەز لە فیرعەون و لە خزمەتکارەکانی و لە گەلەکەی
دوورکەوتنەوە و یەکیشیان نەما. ٣٢ بەڵام فیرعەون ئەم
جارەش دڵی ڕەق کرد و ڕێی بە گەلەکە نەدا بڕۆن.

# ٩

١ خوداوەند بە موسای فەرموو: بڕۆ بۆ لای فیرعەون و پێی
بڵێ، خوداوەند خودای عیبرانییەکان ئاوا دەڵێت، ڕێ بە
گەلەکەم بدە با بڕۆن بمپەرستن، ٢ ئەگەر ڕێیان نەدەی بڕۆن
و هێشتا بەردەوام بی لە ڕێگرییان. ٣ ئەوەتا دەستی خوداوەند
لەسەر مێگەلەکانت دەبێت کە لە کێڵگەن، لەسەر ئەسپەکان و
گوێدرێژەکان و حوشترەکان و مانگا و مەڕەکان، دەردێکی
زۆر گران. ٤ خوداوەندیش جیاوازی دەکات لەنێوان مێگەلی
ئیسڕائیل و مێگەلی میسرییەکان و هیچ شتێکی نەوەی
ئیسڕائیل نامرێ. ٥ خوداوەند کاتێکی دیاریکرد و فەرمووی،
بەیانی خوداوەند ئەم کارە لە زەویەکەدا دەکات. ٦ خوداوەند بۆ
بەیانی ئەم کارەی کرد و هەموو مەڕوماڵاتی میسرییەکان
مرد، بەڵام لە مەڕوماڵاتی نەوەی ئیسڕائیل یەکێکیان نەمرد.
٧ فیرعەونیش ناردی و بینی لە مەڕوماڵاتی ئیسڕائیل هیچ
نەمردووە تەنانەت یەکێکیش، جا دڵی فیرعەون ڕەق بوو و
ڕێی بە گەلەکە نەدا بڕۆن. ٨ ئینجا خوداوەند بە موسا و
هاڕونی فەرموو: بە پڕی دەستەکانتان خوڵەمێشی تەنور بۆ
خۆتان ببەن و با موسا لەبەرچاوی فیرعەوندا بەرەو ئاسمان
بەبای بکات. ٩ جا دەبێتە باوتۆز لە هەموو خاکی میسر و
دەبێتە دومەڵی دەرپەڕیو بە قینچکەوە لە هەموو خاکی میسردا
لەسەر خەڵك و لەسەر ئاژەڵ. ١٠ ئیتر خوڵەمێشی تەنوریان
برد و لەبەرامبەر فیرعەوندا وەستان و موسا بەرەو ئاسمان
بەبای کرد و بوو بە دومەڵی قینچکاوی دەرپەڕیو لە خەڵك و
لە ئاژەڵ. ١١ جادوگەرەکانیش نەیانتوانی لەبەرامبەر موسا
بوەستن لەبەر دومەڵەکان، چونکە دومەڵەکان لە
جادوگەرەکان و لە هەموو میسرییەکاندا بوو.
١٢ خوداوەندیش دڵی فیرعەونی ڕەق کرد و گوێی لێنەگرتن،
هەروەك خوداوەند لەگەڵ موسا دوا. ١٣ خوداوەند بە موسای
فەرموو: بەیانی زوو هەستە و لە بەرامبەر فیرعەون بوەستە
و پێی بڵێ، خوداوەند خودای عیبرانییەکان ئاوا دەڵێت، ڕێ بە
گەلەکەم بدە بڕۆن بمپەرستن. ١٤ چونکە ئەم جارە هەموو
گورزەکانم بۆ دڵت و بەسەر خزمەتکارەکانت و بەسەر
گەلەکەت دەنێرم، تا بزانیت کوا وەك من لە هەموو زەویدا؟
١٥ چونکە ئەگەر ئێستا دەستم درێژ بکەم و بە دەرد لە خۆت و
گەلەکەت بدەم ئەوا لە زەوییەکەدا دەتسڕمەوە. ١٦ بەڵام لەبەر
ئەمە تۆم ڕاگرتووە لەبەر ئەوەی توانای خۆمت پیشان بدەم و
بۆ ئەوەی باسی ناوم بکرێت لە هەموو زەویدا. ١٧ تۆ هێشتا
خۆت بە زل دەزانیت بەسەر گەلەکەم و ڕێیان نادەیت بڕۆن.
١٨ ئەوەتا بەیانی وەك ئێستا تەرزەیەکی زۆر مەزن دەبارێنم
کە لە میسردا هاوتای نەبووبێت، لە ڕۆژی دامەزراندنیەوە تا
ئێستا. ١٩ ئێستاش بنێرە و مەڕوماڵاتەکەت و هەموو ئەو
شتانەی لە کێڵگە هەتە بیانپارێزە، هەموو خەڵك و ئاژەڵێك کە
لە کێڵگە دەبینرێنەوە و کۆنەکرێنەوە بۆ ماڵەوە تەرزەکە
بەسەریاندا دەکەوێت و دەمرن. ٢٠ ئیتر ئەوەی لە ووشەی
خوداوەند ترسا لە خزمەتکارانی فیرعەون، بە خزمەتکارەکان
و مەڕوماڵاتەکەیەوە بەرەو ماڵەکان ڕایکرد. ٢١ بەڵام ئەوەی
دڵی نەدایە ووشەی خوداوەند، ئەوا خزمەتکاران و
مەڕوماڵاتەکەی لە کێڵگەدا بەجێهێشت. ٢٢ ئینجا خوداوەند بە
موسای فەرموو: دەستت بەرەو ئاسمان درێژ بکە و تەرزە

[أ] ٨ : ٢٦ لای میسرییەکان قەدەغەبوو ئەم ئاژەڵانە بکرێن بە قوربانی
چونکە ئەوان بەران و گایان دەپەرست.

دەبێت لە هەموو خاکی میسردا بەسەر خەڵك و بەسەر ئاژەڵ و بەسەر هەموو گیای کێڵگە لە خاکی میسردا. ٢٣ ئیتر موسا گۆچانەکەی بەرەو ئاسمان درێژکرد و خوداوەندیش هەورەتریشقە و تەرزەی داو ئاگر بەرەو زەوی دەڕۆیشت و خوداوەند تەرزەی باراندە سەر خاکی میسر. ٢٤ جا بوو بە تەرزە و ئاگریش لەناو تەرزەکە بریسەکەی دەدایەوە. ئەوەندە مەزن کە وەك ئەوە نەبووە لە هەموو خاکی میسردا لەو کاتەوەی بوونە بە میللەت. ٢٥ تەرزە لە هەموو خاکی میسری دا، لە هەموو ئەوەی لە کێڵگەدا بوو لە خەڵکەوە تا ئاژەڵ، تەرزە هەموو گیای کێڵگەی کوتییەوە و هەموو داری کێڵگەشی شکاند. ٢٦ تەنها لە خاکی جاساندا کە نەوەی ئیسرائیلی لێ بوو، تەرزە نەبوو. ٢٧ فیرعەون ناردی و بانگی موسا و هارونی کرد و پێی وتن: ئەم جارە گوناهەم کرد، خوداوەند ڕاستودروستە و من و گەلەکەم بەدکارین. ٢٨ لە خوداوەند بپاڕێنەوە با چیتر هەورە تریشقە و تەرزە نەبێت، منیش ڕێتان دەدەم بڕۆن و ئیتر ڕاناگیرێن. ٢٩ موساش پێی وت: بە دەرچوونم لە شارەکە دەستم پان دەکەمەوە بۆ خوداوەند و ئیتر هەورە تریشقە دەوەستێت و تەرزە نابێت، بۆ ئەوەی بزانیت زەوی هی خوداوەندە. ٣٠ بەڵام سەبارەت بە خۆت و خزمەتکارەکانت، من دەزانم هێشتا لە ڕووی خوداوەند خودا نەترساون. ٣١ کەتان و جۆ لێدران، چونکە جۆ لە گوڵ کردن و کەتانیش لە تۆو کردن بوو. ٣٢ بەڵام گەنم و ماش لێنەدران چونکە درەنگ پێدەگەن. ٣٣ موسا لە لای فیرعەون لە شارەکە دەرچوو و دەستی بۆ خوداوەند پان کردەوە، ئیتر هەورە تریشقە و تەرزە وەستان و باران نەبارییە سەر زەوی. ٣٤ کاتێ فیرعەون بینی باران و تەرزە و هەورە تریشقە وەستاوە، گەڕایەوە سەر گوناە و خۆی و خزمەتکارانی دڵیان ڕەق کرد. ٣٥ ئیتر دڵی فیرعەون ڕەق بوو و ڕێی بە نەوەی ئیسرائیل نەدا بڕۆن، وەك چۆن خوداوەند لەسەر دەستی موساوە فەرمووی.

# ١٠

١ خوداوەند بە موسای فەرموو: بڕۆ لای فیرعەون، چونکە من دڵی ئەو و دڵی خزمەتکارانیم ڕەق کردووە، بۆ ئەوەی ئەم نیشانانەم لە نێوانیان ئەنجام بدەم. ٢ هەروەها بۆ ئەوەی لە گوێی کوڕەکەت و کوڕی کوڕەکەت باسی ئەوە بکەیت کە چۆن میسرم کرد بە گاڵتەجار بەو نیشانانەی لەنێوانیاندا ئەنجامم داوە، ئیتر ئێوە دەزانن من خوداوەندم. ٣ جا موسا و هارون هاتن بۆ لای فیرعەون و پێیان وت: خوداوەند خودای عیبرانییەکان ئاوا دەفەرموێت، تا کەی ڕەتدەکەیتەوە لەبەردەمم زەلیل بیت، ڕێ بە گەلەکەم بدە با بڕۆن و بمپەرستن. ٤ چونکە ئەگەر ڕێ بە گەلەکەم نەدەیت بڕۆن، ئەوا من بەیانی کوللە دەهێنمە سەر سنوورەکەت. ٥ ڕووی زەوی دادەپۆشرێ و ناتوانرێ تەماشای زەوی بکرێ و ئەوەی بۆتان ماوەتەوە و دەربازبووە لە تەرزەکە دەیخوات، هەروەها هەموو ڕووەکێکی لە کێڵگەدا ڕوواوە بۆتان دەخوات. ٦ ماڵەکانت و ماڵی هەموو خزمەتکارەکانت و ماڵی هەموو میسرییەکان پڕ دەکات، ئەو شتەی کە نە باوکانت و نە باوکانی باوکانت بینیویانە لەو ڕۆژەوەی لەسەر زەوی پەیدا بوونە تا ئەمڕۆ. ئینجا ڕووی وەرگێڕا و لە لای فیرعەون دەرچوو. ٧ خزمەتکارانی فیرعەونیش پێیان وت: تاکەی ئەمە ببێ بە تەڵە بۆمان؟ ڕێ بەو پیاوانە بدە با بڕۆن و خوداوەند خودایان بپەرستن، ئایا هێشتا نازانی کە میسر وێران بووە؟ ٨ جا موسا و هارونیان بردەوەوە لای فیرعەون، ئەویش پێی وتن: بڕۆن خوداوەند خوداتان بپەرستن، بەڵام کێ و کێ دەڕۆن. ٩ موساش وتی: بە گەنجەکانمان و پیرەکانمانەوە دەڕۆین، بە کوڕەکانمان و کچەکانمانەوە و بە مەڕەکانمان و مانگاکانمانەوە دەڕۆین، چونکە جەژنی خوداوەندە بۆمان. ١٠ ئەویش پێی وتن: با وا بێت خوداوەند لەگەڵتانە، بەو شێوەیە ڕێ بە خۆتان و منداڵەکانتان دەدەم بڕۆن، بەڵام بڕوانن خراپە لەبەرامبەرتانە[أ]، ١١ بۆیە نا! گەورەکان ئێوە بڕۆن و خوداوەند بپەرستن، چونکە داواکاری ئەمەن. ئیتر لەبەردەم فیرعەون دەرکران. ١٢ خوداوەند بە موسای فەرموو: دەستت بۆ سەر خاکی میسر درێژ بکە بۆ کوللە، تا سەرکەوێتە سەر خاکی میسر و هەموو گیای زەوییەکە بخوات، ئەوەی لە تەرزەکە ماوەتەوە. ١٣ ئیتر موسا گۆچانەکەی بەسەر خاکی میسردا درێژ کرد و خوداوەند بایەکی ڕۆژهەڵاتی هێنا بەدرێژایی ئەو ڕۆژە و ئەو شەوە، کاتێ بوو بە بەیانی بایەکەی ڕۆژهەڵات کوللەی هەڵگرت. ١٤ کوللە هاتە سەر هەموو خاکی میسر و لەسەر هەموو سنوورەکانی میسر نیشتەوە، ئەوەندە گران کە لەمەوپێش کوللەی وا نەبووە و ناشبێت. ١٥ ڕووی هەموو خاکەکەی داپۆشی و خاکەکە تاریك بوو، هەموو گیای زەوی و هەموو بەرووبوومی دارەکان کە تەرزە لێی نەدابوو خواردی، هیچ گەڵای نەهێشتەوە بە دار و بە گیای کێڵگەوە لە خاکی میسردا. ١٦ ئینجا فیرعەون بەخێرایی بانگی موسا و هارونی کرد و وتی: گوناهم سەبارەت بە خوداوەند خوداتان و سەبارەت بە ئێوەش کرد. ١٧ ئێستاش لەم گوناهەم خۆشبن تەنها ئەم جارە، لە خوداوەند خوداتان بپاڕێنەوە با تەنها ئەم مردنەم لەسەر لادا. ١٨ ئەویش لە لای فیرعەون دەرچوو و لە خوداوەند پاڕایەوە. ١٩ خوداوەندیش بایەکی ڕۆژئاوایی زۆر بەهێزی وەرگێڕا و کوللەکەی هەڵگرت و فڕێیدایە ناو دەریای سوفەوە و یەك کوللە نەما لە هەموو سنوورەکانی میسردا. ٢٠ بەڵام خوداوەند دڵی فیرعەونی ڕەق کرد و ڕێی نەدا بە نەوەی ئیسرائیل بڕۆن. ٢١ ئینجا خوداوەند بە موسای فەرموو: دەستت بۆ ئاسمان درێژ بکە با تاریکی باڵ بەسەر خاکی میسردا بکێشێت، کە چاو چاو نەبینێت. ٢٢ جا موسا دەستی بۆ ئاسمان درێژ کرد و تاریکاییەکی سەخت بۆ ماوی سێ ڕۆژ باڵی بەسەر خاکی میسردا کێشا. ٢٣ کەس برای خۆی نەبینی و کەس لە شوێنی خۆی هەڵنەستا بۆ ماوەی سێ ڕۆژ، بەڵام هەموو نەوەی ئیسرائیل لە جێنشینەکانیان ڕووناکیان هەبوو. ٢٤ ئینجا فیرعەون بانگی موسای کرد و وتی: بڕۆن خوداوەند بپەرستن، تەنها مەڕ و مانگاکانتان دەبێت بمێنێت، هەروەها منداڵەکانیشتان با لەگەڵتان بڕۆن. ٢٥ موساش وتی: ئایا تۆ قوربانی و قوربانی سووتاندن دەدەیتە دەستمانەوە تا بۆ خوداوەند خودامانی بکەین؟ ٢٦ بەڵکو مێگەلەکانیشمان لەگەڵمان دەڕۆن تەنها سمێکیش بەجێ نامێنێت، چونکە لەوان هەڵدەگرین بۆ پەرستنی خوداوەند خودامان، ئێمە نازانین بەچی خوداوەند بپەرستین تا نەگەینە ئەوێ. ٢٧ بەڵام خوداوەند دڵی فیرعەونی ڕەق کرد و ڕێی نەدا بڕۆن. ٢٨ فیرعەونیش پێی وت: لە لام بڕۆ، ئاگاداری

---

[أ] ١٠ : ١٠ ـ١١ لەوە دەچێت فیرعەون نەیەوێت ڕێیان بدات بڕۆن، بۆیە شتێك دەڵێت کە خۆی نایەوێت، جا یان بە گاڵتەپێکردنەوە قسە دەکات، یانیش بە دووڕوییەوە. بۆیە ئەگەر بە گاڵتە پێکردنەوە بێت، وەرگێڕانەکە ئاوا دەبێت:
فیرعەون گاڵتەی پێکردن و وتی: با وا بێت خوداوەند لەگەڵتانە، ڕێ بە خۆتان دەدەم بڕۆن، بەڵام هەرگیز ڕێ بە منداڵەکانتان نادەم.

خۆتبە نەیەیتەوە بەرچاوم، چونکە ئەو ڕۆژەی ڕووم ببینیت
دەمریت. ٢٩ موساش وتی: باشت وت، جارێکی تر ناتبینمەوە.

# ١١

١ خوداوەند بە موسای فەرموو: بەڵایەکی تر بەسەر فیرعەون
و میسردا دەهێنم، دوای ئەمە ڕێتان دەدات بڕۆن، کاتێ ڕێتان
دەدات بڕۆن هەمووان لێرە بەدەرکردن دەردەکات. ٢ لە گوێی
گەل بخوێنە با هەر پیاوێك لە برادەرەکەی و هەر ژنێك لە
دەستە خوشکەکەی داوای خشڵی زێڕ و زیو بکەن.
٣ خوداوەندیش پەسەندی بە گەل بەخشی لەبەرچاوی
میسرییەکان، هەروەها موسا زۆر مەزن بوو لە خاکی
میسردا لەبەرچاوی خزمەتکارانی فیرعەون و لەبەرچاوی
گەل. ٤ موسا وتی: خوداوەند ئاوا دەڵێت، من لەدەوروبەری
نیوەشەودا دەردەچم بۆناو میسر. ٥ هەموو نۆبەرەیەك لە
خاکی میسردا دەمرێت، لە نۆبەرەی فیرعەونەوە کە لەسەر
کورسیەکەی دانیشتووە تا نۆبەرەی ئەو کەنیزەیەی لە پشت
دەستاڕە و نۆبەرەی هەموو ئاژەڵێکیش. ٦ هاوارێکی مەزنیش
لە هەموو خاکی میسردا دەبێت کە وەك ئەوە نەبووە و
جارێکی تریش نابێت. ٧ بەڵام بۆ هەموو نەوەی ئیسرائیل
تەنانەت سەگیش زمانیان لێ تیژ ناکات، نە بۆ خەڵك و نە بۆ
ئاژەڵ، تا بزانن خوداوەند جیاوازی لە نێوان میسرییەکان و
لەنێوان ئیسرائیلدا دەکات. ٨ ئیتر هەموو خزمەتکارانت دێنە
لام و کڕنۆشم بۆ دەبەن و دەڵێن دەرچۆ خۆت و هەموو ئەو
گەلەی لەدواتن، ئیتر دەردەچم. ئینجا بە تووڕەییەوە لە لای
فیرعەون دەرچوو. ٩ خوداوەند بە موسای فەرموو: فیرعەون
گوێتان لێناگرێت، بۆ ئەوەی کارە سەرسوڕهێنەرەکانم لە
خاکی میسردا زیاد بێت. ١٠ موسا و هارون هەموو ئەم کارە
سەرسوڕهێنەرانەیان لەبەرامبەر فیرعەون کرد، بەڵام
خوداوەند دڵی فیرعەونی ڕەق کرد و ڕێی نەدا بە نەوەی
ئیسرائیل لە خاکەکەی بڕۆن.

# ١٢

١ خوداوەند لەگەڵ موسا و هارون لە خاکی میسردا دوا و
فەرمووی: ٢ ئەم مانگە بۆتان دەبێتە سەری مانگەکان، بۆ
ئێوە یەکەمی مانگەکانی ساڵە. ٣ لەگەڵ هەموو کۆمەڵی
ئیسرائیلدا بدوێن و بڵێن، لە دەی ئەم مانگەدا با هەر یەکە
کاریلەیەك بۆ خۆی ببات بەگوێرەی ماڵەباوان، کاریلەیەك بۆ
هەر ماڵێك. ٤ ئەگەر ماڵێك بچووك بوو و توانای کاریلەیەکی
نەبوو، ئەوا ئەو لەگەڵ دراوسێی نزیکی ماڵەکەی بەگوێرەی
ژمارەی کەسەکان، هەر یەکەو بەگوێرەی خواردنی حیسابی
بۆ دەکەن لە کاریلەکە. ٥ دەبێت کاریلەی ساغ، نێر، یەك ساڵە
دانێن بۆ خۆتان، لە بەرانەکان و لە گیسکەکان هەڵیاندەگرن.
٦ لەژێر پاریزگاریتان دەمێنێت تا ڕۆژی چواردەی ئەم
مانگە، ئینجا هەموو کۆری کۆمەڵی ئیسرائیل لەکاتی
خۆرئاوابووندا سەری دەبڕن. ٧ لە خوێنەکەش هەڵدەگرن و لە
هەردوو لا و سەر دەرگاکانی ئەو ماڵانەی دەدەن کە تیایدا
دەیخۆن. ٨ گۆشتەکەش لەو شەوەدا برژاو بە ئاگر دەیخۆن
لەگەڵ نانی فەتیر و لەگەڵ گیای تاڵ. ٩ نەکەن بەخاوی یان
لێنرا و بە ئاو بیخۆن، بەڵکو بە ئاگر برژاو بێت، سەری و
پێی و هەناوی. ١٠ لێشی مەهێڵنەوە بۆ بەیانی، ئەوەی لێی
دەمێنێتەوە تا بەیانی، بە ئاگر بیسووتێنن. ١١ ئاواش دەیخۆن،
ناوقەدتان بەستابێ و نەعلەکانتان لە پێتاندا بێت و
گۆچانەکانتان بە دەستتانەوە بێت، بە پەلە دەیخۆن، تێپەڕبوونە
بۆ خوداوەند. ١٢ من ئەم شەو بە خاکی میسردا تێپەڕدەبم و لە
هەموو نۆبەرەیەك لە خاکی میسردا دەدەم، لە مرۆڤەوە تا
ئاژەڵ، حوکمیش بەسەر هەموو خودایەکانی میسرییەکاندا
دەدەم، من خوداوەندم. ١٣ خوێنەکەش بۆتان دەبێت بە نیشانە
لەسەر ئەو ماڵانەی ئێوە تیایدان، خوێنەکە دەبینم و بە سەرتان
تێدەپەڕم، ئیتر لێدانی لە ناوچوون ئێوە ناگرێتەوە کاتێ لە
خاکی میسر دەدەم. ١٤ ئەو ڕۆژەش دەبێتە یادگاری بۆتان و
دەیکەن بە جەژن بۆ خوداوەند، بۆ نەوەکانیشتان دەیکەن بە
جەژن وەك فەرزێکی هەتاهەتایی. ١٥ حەوت ڕۆژ نانی فەتیر[أ]
دەخۆن، لە ڕۆژی یەکەمەوە هەویرترش لەماڵەکانتان ناهێڵن،
هەر یەکێکیش شتێك بە هەویرترش بخوات لە ڕۆژی
یەکەمەوە تا ڕۆژی حەوتەم، ئەوا ئەو گیانە لە ئیسرائیلدا
دەبڕێتەوە. ١٦ لە ڕۆژی یەکەمدا کۆبوونەوەیەکی پیرۆزکردن
و لە ڕۆژی حەوتەمیشدا کۆبوونەوەیەکی پیرۆزکردن دەبێت
بۆتان، هیچ ئیشێکیان تیادا ناکرێت، هەر کەسێك تەنها ئەوەی
دەیخوات، تەنها ئەوە دەکەن. ١٧ ئەم نانە تیریەش دەپارێزن،
چونکە لەهەمان ئەم ڕۆژەدا لەشکرەکانتانم لە خاکی میسردا
دەرهێنا، لە نەوەکانیشتاندا ئەم ڕۆژە دەپارێزن وەك فەرزێکی
هەتاهەتایی. ١٨ لە مانگی یەکەمدا، لە ڕۆژی چواردەی
مانگدا، لە ئێوارەدا نانی فەتیر دەخۆن تا ئێوارەی ڕۆژی
بیستویەکی مانگ. ١٩ حەوت ڕۆژ نابێت هەویر ترش لە
ماڵەکانتاندا هەبێت، چونکە هەر یەکێك شتێکی بە هەویر ترش
بخوات، ئەوا ئەو گیانە لە کۆمەڵی ئیسرائیلدا دەبڕێتەوە،
غەریب و لەدایك بووی خاکەکەش. ٢٠ شتی بە هەویرترش
مەخۆن، دەبێت لە هەموو جێنشینەکانتان نانی فەتیر بخۆن.
٢١ ئینجا موسا هەموو پیرانی ئیسرائیلی بانگ کرد و پێی
وتن: بڕۆن بۆ خۆتان مەڕوماڵات ببەن بە گوێرەی
هۆزەکانتان و بۆ تێپەڕبوونی سەربڕن. ٢٢ دەسکێك زوفا
هەڵگرن و لەو خوێنەی وەربدەن کە لە تەشت دایەو سەری
دەرگا و هەر دوو لاکەی پێ بەخوێن بکەن، بەو خوێنەی کە
لە تەشتدایە، ئێوەش کەستان لە دەرگای ماڵەکەی ناچێتە
دەرەوە تا بەیانی. ٢٣ خوداوەند تێدەپەڕێت تا لە میسرییەکان
بدات، کاتێ خوێنەکە دەبینێت کە لەسەر دەرگا و هەر دوو
لاکەی دراوە ئیتر خوداوەند بەسەر دەرگاکە تێدەپەڕێت و
ناهێڵێت لەناوبەر بێتە ماڵەکانتان بۆ لێدان. ٢٤ ئەم شتە
دەپارێزن وەك فەرزێك بۆ خۆتان و کوڕەکانتان تاهەتایە.
٢٥ ئینجا ئەوە دەبێ کاتێ دێنە ناو ئەو خاکەی خوداوەند
دەتانداتێ هەروەك فەرمووی، ئەم خزمەتە دەپارێزن. ٢٦ ئیتر
کاتێ ڕۆڵەکانتان پێتان دەڵێن، ئەم خزمەتە چییە بۆ ئێوە.
٢٧ ئێوەش دەڵێن ئەوە قوربانی تێپەڕبوونە بۆ خوداوەند، کە لە
میسر بەسەر ماڵەکانی نەوەی ئیسرائیلدا تێپەڕی، کاتێ لە
میسرییەکانی داو فریای ماڵەکانی ئێمە کەوت. ئیتر گەل
دانەوین و کڕنۆشیان برد. ٢٨ نەوەی ئیسرائیل ڕۆیشتن و
وایان کرد وەك ئەوەی خوداوەند فەرمانی بە موسا و هارون
کرد، ئاوایان کرد. ٢٩ ئەوە بوو لەنیوەی شەودا خوداوەند لە
هەموو نۆبەرەیەکی خاکی میسری دا، لە نۆبەرەی
فیرعەونەوە کە لەسەر کورسیەکەی دانیشتووە تا نۆبەرەی
ئەو دیلەی لە بەندینخانەیە و هەموو نۆبەرەی ئاژەڵیش. ٣٠ جا
فیرعەون شەو هەستا، خۆی و هەموو خزمەتکارەکانی و
هەموو میسرییەکان، هاوارێکی مەزنیش لە میسر پەیدا بوو،
چونکە هیچ ماڵێك نەبوو مردووی نەبێت. ٣١ ئینجا بەو شەوە

أ ١٢ : ١٥ نانی فەتیر هەموو نانێکە کە هیچ جۆرە هەویرترشێکی
تێنەکرێت بۆ نموونە نانی تیری.

موسا و هارۆنی بانگ کرد و وتی: هەستن لەنێوان گەلەکەم دەرچن، ئێوە و هەموو نەوەی ئیسڕائیل ، بڕۆن خوداوەند بپەرستن وەك وتەی خۆتان. ٣٢ مێگەڵ و گاگەلەکەشتان ببەن وەك وتتان، بڕۆن و هەروەها بۆ منیش داوای بەرەکەت بکەن. ٣٣ میسرییەکانیش زۆریان لە گەلەکە کرد تا پەلە بکەن لە ڕۆیشتنیان لە خاکەکە، چونکە وتیان هەموومان مردووین. ٣٤ گەلیش هەویرەکانیان هەڵگرت پێش ئەوەی هەڵبێت، تەشتە هەویرە شێلراوەکانیشیان بە پێچراوی لە جلەکانیان لەسەر شانیان. ٣٥ هەروەها نەوەی ئیسڕائیل وایان کرد وەك ئەوەی موسا وتی، داوای خشڵی زیو و خشڵی زێڕ و جلوبەرگیان لە میسرییەکان کرد. ٣٦ خوداوەندیش پەسەندی بە گەل بەخشی لەبەرچاوی میسرییەکان، جا بێ سێ و دوو پێیان دان و ئەوانیش میسرییەکانیان تاڵان کرد. ٣٧ نەوەی ئیسڕائیل لە ڕەعمسیسەوە کۆچیان کرد بەرەو سوکوت، نزیکەی شەش سەد هەزار پیادەی پیاو بێجگە لە منداڵ. ٣٨ هەروەها کۆمەڵێکی زۆر لەگەڵیان سەرکەوت لەگەڵ مێگەل و گاگەل، دەستکەوتێکی زۆر گەورە. ٣٩ ئەو هەویرەی لە میسرەوە دەریان هێنابوو کردیان بە کولێرەی فەتیرە، چونکە بێ هەویرترش بوو، چونکە لە میسر دەرکران و نەیانتوانی دواکەون، هەروەها خواردنیان بۆ خۆیان دروست نەکرد. ٤٠ ئەو نیشتەجێبوونەی نەوەی ئیسڕائیلیش کە لە میسردا نیشتەجێبوون چوارسەد و سی ساڵ بوو. ٤١ ئەوە بوو لە کۆتایی چوار سەد و سی ساڵەکە، لەهەمان ئەو ڕۆژەدا، هەموو لەشکری خوداوەند لە خاکی میسر دەرچوون. ٤٢ شەوێکی پارێزراوە بۆ خوداوەند، لەبەر دەرهێنانیان لە خاکی میسر، ئەمە ئەو شەوەیە بۆ خوداوەندە، پارێزراوە لە لایەن هەموو نەوەی ئیسڕائیلدا لە نەوەکانیان. ٤٣ خوداوەند بە موسا و هارۆنی فەرموو: ئەمە فەرزی تێپەڕبوونە، هیچ بێگانەیەك لێی ناخوات. ٤٤ بەڵام هەر کۆیلەیەکی پیاوی بەزیو کراو خەتەنە دەکرێت ئینجا لێی دەخوات. ٤٥ غەریب و بەکرێگرتە لێی ناخۆن. ٤٦ لە یەك ماڵدا دەخورێت و لە گۆشتەکە لە ماڵەکە ناچێتەدەرەوە و هیچ ئێسکێکی لێ ناشکێنرێت. ٤٧ هەموو کۆمەڵی ئیسڕائیل دەیکەن. ٤٨ ئەگەر ئاوارەیەك کە لە لات غەریب بووە تێپەڕبوونی بۆ خوداوەند کرد، با هەموو نێرینەیەکی خەتەنە بکرێت، ئینجا با بێتە پێشەوە و بیکات، جا وەك لەدایك بوویەکی خاکەکەی لێدێت، بەڵام خەتەنە نەکراو لێی ناخوات. ٤٩ یەك فێرکردن دەبێت بۆ لەدایك بووی خاك و بۆ ئەو غەریبەی لە ناوتاندا غەریبە. ٥٠ ئیتر هەموو نەوەی ئیسڕائیل وایان کرد وەك ئەوەی خوداوەند فەرمانی بە موسا و بە هارۆن کرد، ئاوایان کرد. ٥١ ئەوە بوو لە هەمان ئەو ڕۆژەدا خوداوەند نەوەی ئیسڕائیلی لە خاکی میسردا هێنایە دەرەوە بە گوێرەی لەشکرەکانیان.

## ١٣

١ خوداوەند لەگەڵ موسادا دوا و فەرمووی: ٢ هەموو نۆبەرەیەکی یەکەم بەری سك، لە نەوەی ئیسڕائیلدا لە مرۆڤ و لە ئاژەڵ بۆمی پیرۆز بکە، ئەوە بۆ منە. ٣ موسا بە گەلی وت: یادی ئەم ڕۆژە بکەن کە لە میسر دەرچوون، لە ماڵی کۆیلایەتی، کە بە دەستێکی بەهێز خوداوەند لێرە دەریهێنان، هیچ شتێکی بەهەویر ترش مەخۆن. ٤ ئێوە ئەمڕۆ لە مانگی ئەبیبدا[أ] دەرچوون. ٥ جا کاتێ خوداوەند دەتهێنێتە خاکی کەنعانییەکان و حسییەکان و ئەمورییەکان و حوییەکان و یەبوسییەکان، ئەوەی سوێندی بۆ باوکانت خوارد کە خاکێکت بداتێ شیر و هەنگوینی لێبڕژێتەوە، ئەوا تۆ ئەو خزمەتە جێبەجێ دەکەیت لەو مانگەدا. ٦ حەوت ڕۆژ نانی فەتیر دەخۆی و لە ڕۆژی حەوتەمدا جەژنە بۆ خوداوەند. ٧ لەو حەوت ڕۆژەدا نانی فەتیر دەخورێت و هیچ شتێکی بەهەویر ترش لە لات نەبینرێت و هیچ هەویر ترشێك لە هەموو سنوورەکانت نەبینرێت. ٨ لەو ڕۆژەدا بە کوڕەکەت ڕادەگەیەنیت و دەڵێیت، لەبەرئەوەی خوداوەند ئەمەی بۆم کرد کاتێ لە میسر دەریهێنام. ٩ بۆت دەبێت بە نیشانەیەك لەسەر دەستت و یادگاریەك لە نێوچەوانت، بۆ ئەوەی فێرکردنەکانی خوداوەند لە دەمت بێت، چونکە بە دەستێکی بەهێز خوداوەند لە میسر دەریهێنای. ١٠ ئەو فەرزەش ساڵ لەدوای ساڵ لە کاتی خۆیدا دەپارێزیت. ١١ ئەوە دەبێت کاتێ خوداوەند دەتهێنێتە خاکی کەنعانییەکان هەروەك سوێندی خوارد بۆ تۆ و بۆ باوکانت و پێتی دا. ١٢ ئەوا تۆ هەموو یەکەم بەری سك و هەموو نۆبەرەیەك لەبەری ئاژەڵ کە بۆت دەبێت پێشکەش بە خوداوەندی دەکەیت، نێرینەکان بۆ خوداوەندن. ١٣ هەموو نۆبەرەیەکی گوێدرێژیش بە بەرخێك دەکڕیتەوە، ئەگەر نەی کڕیتەوە، ملی دەشکێنیت، هەموو نۆبەرەیەکی مرۆڤیش لە ڕۆڵەکانت دەکڕیتەوە. ١٤ کاتێ بەیانی کە کوڕەکەت لێت دەپرسێت و دەڵێت، ئەمە چییە؟ پێی دەڵێیت، بە دەستێکی بەهێز خوداوەند لە میسر دەریهێناین، لە ماڵی کۆیلایەتی. ١٥ ئەوەبوو کاتێ فیرعەون ڕکابەری کرد لە ڕێپێدانمان تا بڕۆین، خوداوەند هەموو نۆبەرەیەکی لە خاکی میسر کوشت، لە نۆبەرەی مرۆڤەوە تا نۆبەرەی ئاژەڵ، لەبەر ئەمەیە من هەموو نێرێکی نۆبەرەی سك بۆ خوداوەند سەردەبڕم و هەر نۆبەرەیەك لە منداڵەکانم دەکڕمەوە. ١٦ ئەمەش دەبێتە نیشانە لەسەر دەستت و گوڵنگ لە نێوچەوانت، چونکە بە دەستێکی بەهێز خوداوەند لە میسر دەریهێناین. ١٧ ئەوەبوو کە فیرعەون ڕێیدا بە گەلەکە بڕۆن، خودا ڕێنمایی نەکردن بۆ ڕێگای خاکی فەلەستینییەکان لەگەڵ ئەوەی نزیکیش بوو، چونکە خودا فەرمووی، نەوەك گەل پەشیمان ببنەوە کاتێ شەڕ ببینن و بگەڕێنەوە بۆ میسر. ١٨ ئیتر خودا گەلی سووڕاندەوە بۆ ڕێگای چۆڵەوانی دەریای سوف، جا نەوەی ئیسڕائیل بە ڕیز وەك سوپا لە خاکی میسرەوە سەرکەوتن. ١٩ موساش ئێسقانەکانی یوسفی لەگەڵ خۆی برد، چونکە نەوەی ئیسڕائیلی سوێند دابوو و تبووی، بێگومان خودا بەسەرتان دەکاتەوە، ئێسقانەکانم لێرە سەرخەن لەگەڵ خۆتان. ٢٠ جا لە سوکوتەوە کۆچیانکرد و لە ئیتام لایاندا لە ڕۆخی چۆڵەوانی. ٢١ خوداوەندیش لە پێشیانەوە دەڕۆیشت، بە ڕۆژ لە ستوونێکی هەوردا ڕێبەری دەکردن لە ڕێگا و بە شەو لە ستونێکی ئاگر تا ڕووناکییان بۆ ببێت، تا بە ڕۆژ و بە شەو بڕۆن. ٢٢ نە ستوونە هەورەکە بە ڕۆژ و نە ستوونە ئاگرەکە بە شەو لەبەردەم گەل لانەدەچوون.

## ١٤

١ خوداوەند لەگەڵ موسادا دوا و فەرمووی: ٢ بە نەوەی ئیسڕائیل بڵێ، با بگەڕێنەوە و لەبەرامبەر پیهاخیرۆت لادەن لە نێوان میگدۆل و دەریا، لەبەرامبەر بەعل سفون، لەبەردەمی لادەدەن لە لای دەریاوە. ٣ جا فیرعەون سەبارەت بە نەوەی ئیسڕائیل دەڵێت، سەرلێشێواون لە خاکە، چۆڵەوانی داخراوە لەسەریان. ٤ دڵی فیرعەونیش ڕەق دەکەم تا بەدوایان بکەوێت، جا شکۆمەند دەبم بە فیرعەون و بە هەموو

[أ] ١٣ : ٤ دەوروبەری مانگی نیسانە لە کاتی دروێنە.

سوپایەکەی، میسرییەکانیش دەزانن کە من خوداوەندم، ئیتر
وایان کرد. ٥ کاتێ بە پاشای میسر ڕاگەیەندرا کە گەلەکە
بۆی دەرچوون، دڵی فرعەون و خزمەتکارانی سەبارەت بە
گەلەکە گۆڕا، وتیان ئەمە چی بوو کردمان، کە ڕێماندا بە
ئیسڕائیل بڕۆن لە خزمەتکردنمان. ٦ ئیتر گالیسکەکەی بەستا
و گەلەکەیشی لەگەڵ خۆی برد، ٧ شەش سەد گالیسکەی
هەڵبژێرراو و هەموو گالیسکەکانی میسر و سەربازە
سواربووەکانی، هەموویانی برد. ٨ خوداوەند دڵی فیرعەونی
پاشای میسری ڕەق کرد، ئیتر دوای نەوەی ئیسڕائیل کەوت،
نەوەی ئیسڕائیلیش بە سەربەرزانە دەردەچوون. ٩ جا
میسرییەکان دوایان کەوتن و پێیان گەیشتن، کاتێ لە لای
دەریا لایان دابوو، لە لای پیهاخیرۆت بەرامبەر بەعل سفون،
هەموو ئەسپ و گالیسکەکانی فیرعەون و سوارەکانی و
سوپایەکەی. ١٠ کاتێ فیرعەون نزیك بووەوە، نەوەی
ئیسڕائیل چاویان هەڵبڕی و بینیان میسرییەکان بەدوایانەوەن،
جا زۆر ترسان و نەوەی ئیسڕائیل هاواریان بۆ خوداوەند
کرد. ١١ بە موسایان وت: ئایا لەبەر ئەوەی لە میسر گۆڕ نییە
بۆ مردن لە چۆڵەوانی بردمانت، ئەمە چی بوو پێت کردین تا
وامان لێ بکەیت لە میسر دەرچین؟ ١٢ ئەمە ئەو قسەیە نییە کە
لە میسر پێمان وتی، لێمان گەڕێ خزمەتی میسرییەکان
دەکەین، چونکە بۆ ئێمە باشترە خزمەتی میسرییەکان بکەین
لەوەی لە چۆڵەوانی بمرین؟ ١٣ موساش بە گەلی وت:
مەترسن، بوەستن و بڕواننە ڕزگاری خوداوەند کە ئەمڕۆ
بۆتانی دەکات، چونکە وەك ئەوەی ئەمڕۆ میسرییەکانتان
بینی، ئیتر نایانبیننەوە تاهەتایە. ١٤ خوداوەند بۆتان دەجەنگێت
و ئێوەش بێدەنگ دەبن. ١٥ خوداوەند بە موسای فەرموو: چییە
هاوارم بۆ دەکەیت؟ بە نەوەی ئیسڕائیل بڵێ با کۆچ بکەن.
١٦ تۆش گۆچانەکەت بەرزبکەوە و دەستت بۆسەر دەریاکە
درێژ بکەو لێکی بکەوە، ئیتر نەوەی ئیسڕائیل دێنە ناو
دەریاکە لەسەر وشکایی. ١٧ ئەوەتا منیش دڵی میسرییەکان
ڕەق دەکەم، ئەوانیش بە دوایاندا دێن، منیش شکۆمەند دەبم بە
فیرعەون و بە هەموو سوپاکەی و گالیسکە و سوارەکانی.
١٨ میسریەکانیش دەزانن کە من خوداوەندم، کاتێ بە فیرعەون
و گالیسکە و سوارەکانی شکۆمەند دەبم. ١٩ ئینجا فریشتەکەی
خودا کە لە پێش لەشکری ئیسڕائیل دەڕۆیشت گواستیەوە و لە
دوایانەوە ڕۆیشت، ستوونە هەورەکەش لەپێشیانەوە
گواستیەوە و لەدواوەیان وەستا. ٢٠ هاتە نێوان لەشکری
میسرییەکان و لەشکری ئیسڕائیل و ئیتر بوو بە هەور و
تاریکی، شەو ڕووناك بووەوە و بەدرێژایی شەو ئەمیان
نزیکی ئەویان نەبووەوە. ٢١ موساش دەستی بۆ سەر دەریاکە
درێژکرد و خوداوەند بەدرێژایی شەو بە بایەکی ڕۆژهەڵاتی
توند دەریاکەی ڕاماڵی، دەریاکەی کرد بە زەوی وشك و
ئاوەکان لێك بوونەوە. ٢٢ ئیتر نەوەی ئیسڕائیل هاتنە ناو
دەریاکە بۆسەر وشکایی و ئاو بوو بە دیوار بۆیان لە ڕاست و
چەپیانەوە. ٢٣ میسرییەکانیش دوایان کەوتن، هەموو
ئەسپەکانی فیرعەون و گالیسکە و سوارەکانی بەدوایانەوە
هاتنە ناوەندی دەریاکە. ٢٤ ئەوە بوو لەچاوەڕوانی بەرەبەیاندا،
خوداوەند لە ستوونی ئاگر و هەورەوە بەرەو خوار تەماشای
لەشکری میسرییەکانی کرد و لەشکری میسرییەکانی
بێزارکرد. ٢٥ چەرخەی گالیسکەکانیانی لێکترازاند و
بەقورسیەوە لێیان خوڕی، میسرییەکان وتیان، با لەبەردەم
ئیسڕائیل هەڵبێین، چونکە خوداوەند بۆیان دەجەنگێت دژ بە
میسرییەکان. ٢٦ خوداوەند بە موسای فەرموو: دەستت بۆسەر
دەریا درێژ بکە و ئاوەکە بۆسەر میسرییەکان دەگەڕێتەوە،
بۆسەر گالیسکە و سوارەکان. ٢٧ موساش دەستی بۆسەر
دەریاکە درێژ کرد و دەمەو بەیان دەریاکە گەڕایەوە باری
جاران، میسرییەکانیش هەڵدەهاتن بۆ پێگەیشتنی، خوداوەند
میسرییەکانی داتەکاندە ناو دەریاکە. ٢٨ ئیتر ئاوەکە گەڕایەوە
بەسەر گالیسکە و سوارەکانی هەموو سوپاکەی فیرعەون و
دایپۆشین، ئەوانەی بەدوایاندا هاتبوونە ناو دەریاکە، کەسیان
لێ نەما. ٢٩ نەوەی ئیسڕائیلیش بەسەر وشکاییدا ڕۆیشتن بەناو
دەریاکە و ئاویش دیوار بوو بۆیان لە ڕاست و چەپیانەوە.
٣٠ خوداوەند لەو ڕۆژەدا ئیسڕائیلی لە دەست میسرییەکان
ڕزگار کرد، ئیسڕائیلیش میسرییەکانیان بینی لە کەناری
دەریاکە مردوون. ئیسڕائیل ئەو دەستە مەزنەی بینی کە
خوداوەند دژ بە میسرییەکان بەکاری هێنا، ئیتر گەل لە
خوداوەند ترسان و باوەڕیان بە خوداوەند و بە موسای
خزمەتکاری هێنا.

# ١٥

١ ئینجا موسا و نەوەی ئیسڕائیل ئەم گۆرانییەیان بۆ خوداوەند
وت، وتیان:
گۆرانی بۆ خوداوەند دەڵێم،
چونکە شکۆمەندانە سەرکەوت،
ئەسپ و سوارەکەی فڕێدایە ناو دەریا.
٢ هێز و سروودم خوداوەندە،
بووە بە ڕزگاری بۆم،
ئەمە خودامە و شکۆداری دەکەم،
خودای باوکمە و بەرزی دەکەمەوە.
٣ خوداوەند پیاوی جەنگە،
ناوی خوداوەندە،
٤ گالیسکەکانی فیرعەون و سوپاکەی فڕێدایە ناو دەریا،
هەڵبژاردەی قەڵغان هەڵگرەکان لە دەریای سوف نوقم بوون،
٥ قوڵایی دای پۆشین،
کەوتنە بنەوە وەك بەرد.
٦ دەستی ڕاستت ئەی خوداوەند شکۆمەندە بە توانات،
دەستی ڕاستت ئەی خوداوەند دوژمن تێکدەشکێنێت.
٧ بە مەزنی پایەبەرزیت بەرهەڵستەکانت پێشێل دەکەیت،
ڕقت دەنێریت وەك پووش دەیانخوات.
٨ بە بای لووتت ئاوەکان گردبوونەوە،
ئاوەڕۆکان وەك گرد وەستان،
قووڵاییەکان لەناو دەریا بەستیان،
٩ دوژمن وتی: دوای دەکەوم،
پێی دەگەم،
دەسکەوت بەش دەکەم،
گیانم پڕ دەبێت لێیان،
شمشێرەکەم ڕادەکێشم،
دەستم لەناویان دەبات.
١٠ بە بای خۆت فوت کرد،
دەریا دایپۆشین،
ڕۆچوون وەك قورقوشم،
لە ئاوێکی مەزن.
١١ خوداوەند، کێ وەك تۆیە لەنێو خودایان،
کێ وەك تۆ پایەبەرزە لە پیرۆزی،
سامناك لە شکۆمەندی،
دروستکەری کاری سەرسوڕهێنەر.
١٢ دەستی ڕاستت درێژ دەکەیت،
زەوی قووتیان دەدات.
١٣ ئەو گەلەی کڕیتەوە،
بە پەیمانی خۆشەویستیەکەت ڕابەری دەکەیت،
بە هێزی خۆت ڕێنمایی دەکەیت،

بۆ نشینگەی پیرۆزت.
١٤ گەلان گوێیان لێ دەبێت و دەلەرزن،
دانیشتووانی فەلەستین ژان دەیانگرێت.
١٥ ئینجا سەرکردەکانی ئەدۆم سەرسام دەبن،
بەهێزەکانی مۆئاب لەرز دەیانگرێت،
هەموو دانیشتووانی کەنعان دەتوێنەوە.
١٦ سامناکی و تۆقین دەکەوێت بەسەریان،
بە مەزنی بازووت بێ دەنگ دەبن وەك بەرد،
تا گەلەکت دەپەڕێتەوە ئەی خوداوەند،
تا ئەو گەلەی کڕیوتە دەپەڕێتەوە.
١٧ دەیانهێنیت و دەیانچێنیت لە چیای میراتت.
ئەو شوێنەی بۆ نیشتەجێی خۆت دروستت کرد ئەی خوداوەند،
پیرۆزگا ئەی خوداوەندم کە دەستەکانت دایمەزراند.
١٨ خوداوەند فەرمانڕەوایی دەکات بۆ هەتاهەتا و تاسەر.
١٩ چونکە ئەسپی فیرعەون هات بە گالیسکە و سوارەکانیەوە
بۆ ناو دەریا، خوداوەندیش ئاوی دەریای هێنایەوە بەسەریان،
نەوەی ئیسرائیلیش بەسەر وشکایدا ڕۆیشتن بە ناوەندی دەریا.
٢٠ ئینجا مریەمی پێغەمبەر کە خوشکی هارون بوو، دەستی
دایە دەف و هەموو ژنانیش بە دەف و سەماوە بە دوایەوە
دەرچوون. ٢١ مریەمیش وەڵامی دانەوە:
گۆرانی بۆ خوداوەند دەڵێم،
چونکە شکۆمەندانە سەرکەوت،
ئەسپ و سوارەکەی فڕێدایە ناو دەریا.
٢٢ ئینجا موسا کۆچی بە ئیسرائیل کرد لە دەریای سوفەوە و
دەرچوون بۆ چۆڵەوانی شوور، سێ ڕۆژ لە چۆڵەوانیدا
ڕۆیشتن و ئاویان نەدۆزیەوە. ٢٣ ئینجا هاتنە ماراتە، بەڵام
نەیانتوانی لەمارا ئاو بخۆنەوە، چونکە تاڵ بوو، بۆیە ناونراوە
مارا. ٢٤ جا گەل بۆڵەبۆڵیان لەسەر موسا کرد و وتیان: چی
بخۆینەوە؟ ٢٥ ئەویش هاواری بۆ خوداوەند کرد، خوداوەندیش
دارێکی پێشاندا و ئەویش فڕێیدایە ناو ئاوەکە، ئیتر ئاوەکە
سازگار بوو. لەوێ فەرز و حوکمی بۆ دانا و لەوێش تاقی
کردەوە. ٢٦ فەرمووی: گەر گوێ لە دەنگی خوداوەند خودات
بگری و ڕاستکاری لەبەر چاوی بکەیت و گوێ بۆ
فەرمانەکانی شل بکەیت و هەموو فەرزەکانی بپارێزیت، هیچ
نەخۆشییەك لەوانەی خستمە سەر میسرییەکان ناخەمە
سەرت، چونکە منم خوداوەند، ئەوەی چاکت دەکاتەوە.
٢٧ ئینجا هاتن بۆ ئیلیم، لەوێ دوانزە کانی ئاو و حەفتا دار
خورمای لێ بوو، جا لەوێ لە لای ئاوەکان لایاندا.

# ١٦

١ ئینجا لە ئیلیم کۆچیان کرد و هەموو کۆمەڵی نەوەی
ئیسرائیل هاتن بۆ چۆڵەوانی سین کە لەنێوان ئیلیم و سینایە،
لە ڕۆژی پانزەی مانگی دووەم دوای دەرچوونیان لە خاکی
میسر. ٢ هەموو کۆمەڵی نەوەی ئیسرائیل لە چۆڵەوانیدا
بۆڵەبۆڵیان لەسەر موسا و هارون کرد. ٣ نەوەی ئیسرائیل
پێیان وتن: خۆزگە بە دەستی خوداوەند لە خاکی میسردا
بمردباین، بۆ خۆمان لای مەنجەڵی گۆشت دانیشتبووین و
بەتێری نانمان دەخوارد، ئێمەتان دەرهێنا بۆ ئەم چۆڵەوانییە تا
هەموو ئەم خەڵکە بە برسێتی بکوژن. ٤ خوداوەندیش بە
موسای فەرموو: ئەوەتا من لە ئاسمانەوە نانتان بۆ دەبارێنم و
گەل دەردەچن و هەر ڕۆژە و پێویستی ئەو ڕۆژە
هەڵدەگرنەوە، تا تاقیان بکەمەوە ئاخۆ بەگوێرەی فێرکردنەکانم
دەڕۆن یان نا. ٥ ئەوە دەبێت لە ڕۆژی شەشەم ئەوەی دەیهێنن
ئامادەی کەن، ئیتر دەبێتە دوو ئەوەندەی ئەوەی ڕۆژانە
هەڵیدەگرنەوە. ٦ جا موسا و هارون بە هەموو نەوەی
ئیسرائیلیان وت: ئێوارە دەزانن کە خوداوەند ئێوەی لە خاکی
میسر دەرهێنا. ٧ بەیانیش شکۆمەندی خوداوەند دەبینن لە
گوێگرتنی لە بۆڵەبۆڵتان لەسەر خوداوەند، بەڵام ئێمە چین تا
بۆڵەبۆڵمان بەسەرەوە بکەن. ٨ موسا وتی: بەوەی خوداوەند
ئێوارە گۆشتتان دەداتێ بیخۆن و بەیانیان نان تا تێری، بە
گوێگرتنی خوداوەند لە بۆڵەبۆڵەکەتان ئەوەی کە ئێوە
لەسەری دەیکەن، بەڵام ئێمە چین؟ بۆڵەبۆڵتان لەسەر ئێمە
نییە، بەڵکو لەسەر خوداوەندە. ٩ موسا بە هارونی وت: بە
هەموو کۆمەڵی نەوەی ئیسرائیل بڵێ، نزیك ببنەوە بۆ بەردەم
خوداوەند، چونکە گوێی لە بۆڵەبۆڵتان بوو. ١٠ ئەوە بوو لەو
کاتەی هارون لەگەڵ هەموو کۆمەڵی نەوەی ئیسرائیل دەدوا،
ئاوڕیان دایەوە بەرەو چۆڵەوانی و بینیان شکۆمەندی
خوداوەند لەناو هەور دەبینرێت. ١١ خوداوەندیش لەگەڵ
موسادا دوا و فەرمووی: ١٢ گوێم لە بۆڵەبۆڵی نەوەی
ئیسرائیل بوو، لەگەڵیان بدوێ و بڵێ، ئێواران گۆشت دەخۆن
و بەیانی تێر نان دەبن و دەزانن کە من خوداوەند خوداتانم.
١٣ ئەوە بوو لە ئێوارە سۆسکە بەرزبوونەوە و ئۆردوگاکەیان
داپۆشی، بەیانیش شەونم لە دەوروبەری ئۆردوگا کەوتبوو.
١٤ کاتی شەونمە کەوتووەکەش بەرزبووەوە، بینیان ئەوەتا
لەسەر ڕووی چۆڵەوانییەکە شتێکی ووردی وەك توێکڵ، ورد
وەك بەفر لەسەر زەویەکەیە. ١٥ کاتێ نەوەی ئیسرائیل
ئەمەیان بینی بەیەکتریان وت: ئەوە چییە؟ چونکە نەیانزانی
چییە، موساش پێی وتن: ئەوە ئەو نانەیە کە خوداوەند بە
ئێوەی داوە تا بیخۆن. ١٦ ئەمە ئەو شتەیە کە خوداوەند
فەرمانی پێ داوە، با هەر یەکە و بەگوێرەی خواردنی لێی
هەڵگرێتەوە، عومرێك بۆ هەر یەکێك بەگوێرەی ژمارەی
کەسەکان هەریەکە بۆ ئەوانەی لە چادرەکەین دەیباتەوە.
١٧ نەوەی ئیسرائیلیش وایان کرد و زۆر و کەم هەڵیان
گرتەوە. ١٨ بەڵام کاتێ بە عومرە پێوایان، نە زۆرەکە زیادی
کرد و نە کەمەکە کەمی کرد، هەر یەکە و بەگوێرەی
خواردنی هەڵیگرتەوە. ١٩ موسا پێی وتن: هیچ کەس لێی
نەمێنێتەوە بۆ بەیانی. ٢٠ بەڵام گوێیان لە موسا نەگرت، بەڵکو
هەندێ خەڵك لێیان هێشتەوە بۆ بەیانی، جا کرم لێیدا و
کەڕووی کرد، موساش لێیان تووڕە بوو. ٢١ ئیتر بەیانی بە
بەیانی هەڵیان دەگرتەوە و هەر کەسە بەگوێرەی خواردنی،
کە خۆریش گەرم دابهاتایە دەتوایەوە. ٢٢ ئەوەبوو لە ڕۆژی
شەشەمدا دوو ئەوەندە نانیان هەڵگرتەوە، دوو عومرە بۆ هەر
یەکێك، ئیتر هەموو سەرۆکی کۆمەڵەکان هاتن و بە موسایان
ڕاگەیاند. ٢٣ ئەویش پێی وتن: ئەوە ئەوەیە کە خوداوەند
فەرمووی، بەیانی پشوودانە[أ]، شەبەتی پیرۆزە بۆ خوداوەند،
ئەوەی دەیکەن بە نان بیکەن و ئەوەی لێی دەنێن لێی بنێن،
هەرچی دەمێنێتەوەش لای خۆتانی دابنێن تا بۆ بەیانی
هەڵبگیرێت. ٢٤ جا دایاننا بۆ بەیانی هەروەك موسا فەرمانی
کرد، ئیتر نە کەڕووی کرد و نەکرمی تیادا پەیدابوو. ٢٥ ئینجا
موسا وتی: ئەمڕۆ بیخۆن، چونکە ئەمڕۆ شەبەتە بۆ
خوداوەند، لە دەشتودەر نایدۆزنەوە. ٢٦ شەش ڕۆژ
هەڵیدەگرنەوە و لە ڕۆژی حەوتەمدا شەبەتە و تیایدا نییە.
٢٧ ئەوە بوو لە ڕۆژی حەوتەمدا هەندێ لە خەڵکەکە
دەرچوون تا هەڵیبگرنەوە، بەڵام نەیاندۆزیەوە.

---

[أ] ١٦ : ٢٣ هۆی ئەم ئاهەنگ گێڕانە لەوەوە دێت کە خودا هەموو شتێکی لە شەش ڕۆژدا بە دیهێنا و لە ڕۆژی حەوتەمدا پشوویدا بۆیە ئاهەنگ گێڕانە بۆ پشوودان و پیرۆزە، ئەو وشەیەی لە زمانی عیبری بەکارهێنراوە بۆ پشوودان وشەی شەبتە، بەڵام ئەمە واناگەیێنێت کە ڕۆژی پشوودانەکە ڕۆژی شەممە بووە. بڕوانە پەیدابوون ٢ : ٣ .

٢٨ خوداوەندیش بە موسای فەرموو: تاکەی ڕەتی دەکەنەوە
فەرمان و فێرکردنەکانم بپارێزن؟ ٢٩ بڕوانن، خوداوەند
شەبەتی پێ داون، بۆیە لە ڕۆژی شەشەمدا نانی دوو ڕۆژتان
پێ دەدات، با هەر یەکە لە شوێنی خۆی دابنیشێت، با کەس لە
ڕۆژی حەوتەمدا لە شوێنی خۆی دەرنەچێت. ٣٠ ئیتر گەل لە
ڕۆژی حەوتەمدا پشوویاندا. ٣١ماڵی ئیسرائیلیش ناویان لە
نانەکە نا مەن و وەك تۆوی مەعدەنووس سپیە و تامیشی وەك
گاڵگاڵی بە هەنگوینە. ٣٢ موسا وتی: ئەمە ئەو شتەیە کە
خوداوەند فەرمانی پێکردووە، عومرەیەکی لێ پڕکەن و با
پارێزراو بێت بۆ نەوەکانتان، بۆ ئەوەی ئەو نانە ببینن کە لە
چۆڵەوانی دەرخواردم دان کاتێ لە خاکی میسر دەرم هێنان.
٣٣ ئینجا موسا بە هارونی وت: چینیەك ببە و پڕ بە
عومرەیەك مەنی تێبکە و لەبەردەم خوداوەندی دابنێ تا
پارێزراو بێت بۆ نەوەکانتان. ٣٤ هەروەك خوداوەند فەرمانی
بە موسا کرد، هارون وەك شایەتی داینا بۆ پاراستن.
٣٥ نەوەی ئیسرائیل چل ساڵ مەنیان خوارد تا هاتنە خاکی
ئاوەدانی، مەنیان خوارد تا هاتنە کەناری خاکی کەنعان.
٣٦ عومریش دەیەکی ئیفەیە.

# ١٧

١ ئینجا هەموو کۆمەڵی نەوەی ئیسرائیل لە چۆڵەوانی سینەوە
کۆچیان کرد بەگوێرەی کۆچەکانیان کاتێ خوداوەند فەرمانی
پێدەکردن، جا لە ڕەفیدیم لایاندا و ئاویش نەبوو بۆ خواردنەوە
بۆ گەل. ٢ جا گەل کردیان بە دەمەقاڵێ لەگەڵ موسا و وتیان:
ئاومان بدەنێ بخۆینەوە. موساش پێی وتن: بۆچی دەمەقاڵێم
لەگەڵ دەکەن؟ بۆچی خوداوەند تاقی دەکەنەوە؟ ٣ گەل لەوێ
تینووی بوو بۆ ئاو و کەوتە بۆڵەبۆڵ لەسەر موسا و وتیان:
بۆچی ئێمەت لە میسرەوە سەرخست، تا خۆمان و منداڵ و
مێگەلمان بە تینوێتی بکوژی؟ ٤ ئیتر موسا هاواری بۆ
خوداوەند کرد و وتی: چی لەم گەلە بکەم؟ پاش کەمێکی تر
بەردبارانم دەکەن. ٥ خوداوەندیش بە موسای وت: بە پێش
گەلدا بڕۆ و لە پیرانی ئیسرائیل لەگەڵ خۆت ببە و ئەو
گۆچانە کە لە نیلتدا پێی لەگەڵ دەست ببە و بڕۆ. ٦ ئەوەتا من
لە پێشت لەوێ لەسەر ئەو تاشە بەردە لە حوریب وەستاوم، لە
تاشە بەردەکە دەدەیت و ئاوی لێ دەردەچێت و گەل
دەخۆنەوە. موساش وای کرد لەبەر چاوی پیرانی ئیسرائیل.
٧ ئەو شوێنەیان ناونا مەسەومریبە[أ]، لەبەر دەمەقاڵێی نەوەی
ئیسرائیل و لەبەر تاقیکردنەوەیان بۆ خوداوەند کە وتیان
خوداوەند لەنێوانمانە یان نا؟ ٨ ئینجا عەمالیق هاتن و شەڕیان
لەگەڵ ئیسرائیل کرد لە ڕەفیدیم. ٩ موساش بە یەشوعی وت:
پیاوانمان بۆ هەڵبژێرە و بڕۆ دژی عمالیق شەڕ بکە، من
بەیانی لەسەر سەری گردەکە دەوەستم و گۆچانەکەی خوداش
بەدەستمەوە دەبێت. ١٠ یەشوعیش بەقسەی موسای کرد، دژ بە
عمالیق جەنگا، موسا و هارون و حوریش سەرکەوتنە سەر
گردەکە. ١١ ئەوە بوو کاتێ موسا دەستی بەرز بکردایەوە ئەوا
ئیسرائیل سەردەکەوت و ئەگەر دەستی بهێنایە خوارەوە
عمالیق سەردەکەوتن. ١٢ کاتێ دەستەکانی موسا قورس بوون
بەردێکیان هێنا و لە ژێری دایان ناو لەسەری دانیشت، ئینجا
هارون و حور یەکیان لەم لاوە و ئەوی تر لەو لاوە دەستایان
گرت، ئیتر تا ڕۆژ ئاوا بوون دەستەکانی چەسپاوبوون.
١٣ یەشوعیش بە نووکی شمشێر عمالیق و گەلەکەی بەزاند.

١٤ خوداوەندیش بە موسای فەرموو: ئەمە وەك یادگاری لە
پەرتووکێك بنووسە و بیخەرە گوێی یەشوعەوە، چونکە بە
تەواوی یادگاری عمالیق لەژێر ئاسمان دەسڕمەوە.
١٥ موساش قوربانگایەکی دروست کرد و ناوی نا خوداوەند
ئاڵای منە و ١٦ ووتی: دەست لەسەر ئاڵای خوداوەندە،
خوداوەند شەڕی هەیە دژی عمالیق لە نەوەیەکەوە بۆ
نەوەیەك.

# ١٨

١ یەترونی خەزووری موسا کە کاهینی میدیان بوو، هەموو
ئەو شتانەی بیستەوە کە خودا لەگەڵ موسا و ئیسرائیلی
گەلەکەی کردبووی، کە خوداوەند ئیسرائیلی لە میسرەوە
دەرهێناوە. ٢ جا یەترونی خەزووری موسا چەفوورەی ژنی
موسای برد دوای ئەوەی ناردبوویەوە. ٣ هەروەها دوو
کوڕەکەی کە ناوی یەکێکیان گێرشومە، چونکە وتی، غەریب
بووم لە خاکی نامۆیم، ٤ ناوی ئەوەی تریشیان ئەلیعازەر،
چونکە خودای باوکم یارمەتی دەرم بوو و فریام کەوت لە
شمشێری فیرعەون. ٥ ئینجا یەترۆنی خەزووری موسا و
کوڕەکانی و ژنەکەی هاتنە لای موسا بۆ ئەو چۆڵەوانییەی
ئەو لەوێ لە لای چیای خودا لایدابوو. ٦ بە موسای وت: من
یەترونم هاتووم بۆ لات لەگەڵ ژنەکەت و دوو کوڕەکەی
لەگەڵین. ٧ موساش دەرچوو بۆ پێشوازی خەزووری و
کڕنۆشی برد و ماچی کرد و چاك و چۆنیان لەیەکتری کرد و
چوونە ناو چادرەکە. ٨ موساش هەموو ئەو شتانەی بۆ
خەزووری گێڕایەوە کە خوداوەند بە فیرعەون و
میسرییەکانی کرد لە پێناوی ئیسرائیل و هەموو ئەو
ناخۆشیانەی لە ڕێگا توشیان هات و خوداوەند فریایان کەوت.
٩ یەترونیش دڵخۆش بوو بەو هەموو چاکەیەی خوداوەند
لەگەڵ ئیسرائیلی کرد، کە فریایان کەوتبوو لە دەستی
میسرییەکان. ١٠ یەترون وتی: پیرۆزە خوداوەند ئەوەی لە
دەستی میسرییەکان و لە دەستی فیرعەون فریاتان کەوت،
ئەوەی فریای گەل کەوت لەژێر دەستی میسرییەکان. ١١ کاتێ
بەو شتانە لووتبەرزبوون بەسەریان، ئێستا زانیم کە خوداوەند
لە هەموو خوداکان مەزنترە. ١٢ جا یەترونی خەزووری
موسا قوربانی سووتا و و قوربانی بۆ خودا هێنا و هارون و
هەموو پیرانی ئیسرائیلیش هاتن تا لەگەڵ خەزووری موسا
لەبەرامبەر خودا نان بخۆن. ١٣ ئەوە بوو بەیانی موسا دانیشت
تا دادوەری بۆ گەل بکات، ئیتر گەل لە بەیانیەوە تا ئێوارە لە
لای موسا وەستان. ١٤ کاتێ خەزووری موسا هەموو ئەو
شتانەی بینی کە بۆ گەل دەیکات، وتی: ئەم شتە چییە تۆ بۆ
گەل دەکەیت؟ لەبەرچی بەتەنیا دانیشتووی و هەموو گەل لە
لات وەستاون لە بەیانیەوە تا ئێوارە؟ ١٥ موساش بە
خەزووری وت: چونکە گەل دێتە لام بۆ ڕاوێژکردن بە
خودا. ١٦ چونکە کاتێ شتێکیان هەبێت دێن بۆ لام، منیش
دادوەری نێوان پیاو و برادەرەکەی دەکەم و فەرز و
فێرکردنەکانی خودایان پێ دەناسێنم. ١٧ خەزووری موساش
پێی وت: ئەوەی تۆ دەیکەیت باش نییە. ١٨ لەبن دێیت خۆت و
ئەم گەلەش کە لەگەڵتن، چونکە کارەکە لە تۆ مەزنترە،
ناتوانی بەتەنیا بیکەیت. ١٩ ئێستاش گوێم لێ بگرە و
ئامۆژگاریت دەکەم، با خودات لەگەڵ بێت، تۆ بۆ گەل ببە
لەبەرامبەر خودا و داواکاریەکان پێشکەش بە خودا بکە.
٢٠ فێری فەرز و فێرکردنەکانیان بکە و ئەو ڕێگایەیان پێ
بناسێنە کە دەیگرن و ئەو کارەی کە دەیکەن. ٢١ تۆش لەناو
هەموو گەلدا چاودەبڕیتە سەر پیاوانی بەتوانا و لەخواترس،

[أ] ١٧ : ٧ مەسە مانای تاقیکردنەوەیەو مریبەش مانای دەمەقاڵێیە.

پیاوانی دڵسوز کە ڕقیان لە بەرتیلە، دەیانکەی بە سەرۆکی
هەزاران و سەرۆکی سەدان و سەرۆکی پەنجایان و
سەرۆکی دەیان بەسەریانەوە. ٢٢ هەموو کاتێ دادوەری بۆ
گەل دەکەن و هەر داواکارییەکی گەورە هەبێت دەیهێننە لای
تۆ، هەر داواکارییەکی بچووکیش خۆیان دادوەری تیادا
دەکەن، ئیتر لەسەر خۆت سووکی بکەرەوە، ئەوان لەگەڵت
هەڵدەگرن. ٢٣ گەر ئەم کارەت کرد و خوداش فەرمانی
پێکردی، ئەوا دەتوانی خۆت ڕاگری و هەروەها هەموو ئەم
گەلەش بە سەلامەتی دەگەنە شوێنی خۆیان. ٢٤ موساش گوێی
لە قسەکانی خەزووری گرت و هەموو ئەو شتانەشی کرد کە
وتی. ٢٥ ئینجا موسا پیاوی بەتوانای لە هەموو ئیسڕائیلدا
هەڵبژارد و کردنی بە سەرۆك بۆ گەل، سەرۆکی هەزاران و
سەرۆکی سەدان و سەرۆکی پەنجایان و سەرۆکی دەیان.
٢٦ ئیتر هەموو کات دادوەریان بۆ گەل دەکرد و داواکاری
گرانیشیان دەهێنایە لای موسا. هەموو داواکارییەکی
بچووکیش خۆیان دادوەریان تیادا دەکرد. ٢٧ ئینجا موسا
خەزووری بەڕێ کرد و ئەویش ڕۆیشتەوە بۆ خاکی خۆی.

# ١٩

١ لە مانگی سێیەم دوای دەرچوونی نەوەی ئیسڕائیل لە خاکی
میسرەوە، لە هەمان ئەو ڕۆژەدا هاتنە چۆڵەوانی سینا. ٢ لە
ڕەفیدیمەوە کۆچیان کرد و هاتنە چۆڵەوانی سینا و لە
چۆڵەوانی لایاندا، ئیسڕائیل لەوێ لایدا بەرامبەر بە چیاکە.
٣ موساش سەرکەوت بۆ لای خودا، خوداوەند لە چیاکەوە
بانگی کرد و فەرمووی: ئاوا بە ماڵی یاقوب دەڵێیت و ئاوا بە
نەوەی ئیسڕائیل ڕادەگەیێنیت. ٤ خۆتان ئەوەتان بینی کە بە
میسرییەکانم کرد، ئێوەشم لە سەر باڵی داڵەکان هەڵگرت و
ئێوەم بۆلای خۆم هێنا. ٥ ئێستاش گەر بە تەواوی گوێ لە
دەنگم بگرن و پەیمانەکەم بپارێزن، ئەوا سامانێکی تایبەت
دەبن بۆ من لەنێو هەموو گەلان، چونکە هەموو زەوی بۆ
منە. ٦ ئێوەش بۆم دەبن بە پاشایەتی کاهینان و میللەتێکی
پیرۆز. ئەمانە ئەو ووشانەن کە بە نەوەی ئیسڕائیلی دەڵێیی.
٧ موساش هات و هەموو پیرانی گەلی بانگ کرد و هەموو
ئەو ووشانەی لە بەردەمیان دانا کە خوداوەند فەرمانی پێداوە.
٨ هەموو گەلیش پێکەوە وەڵامیان دایەوە و وتیان: هەموو
ئەوەی خوداوەند فەرموویەتی دەیکەین. موساش قسەکانی
گەلی بۆ خوداوەند گێڕایەوە. ٩ خوداوەندیش بە موسای
فەرموو: ئەوەتا من لە چڕی هەوردا دێم بۆ لات، بۆ ئەوەی
گەل گوێی لێ بێت کاتێ لەگەڵت دەدوێم و باوەڕت پێ بکەن
تاهەتایە. موساش وتەکانی گەلی بە خوداوەند ڕاگەیاند. ١٠ جا
خوداوەند بە موسای فەرمووی: بڕۆ لای گەل و ئەمڕۆ و
بەیانی پاك و پیرۆزیان بکە، با جلەکانیان بشۆن و ١١ ئامادەبن
بۆ ڕۆژی سێیەم، چونکە لە ڕۆژی سێیەمدا خوداوەند لەبەر
چاوی هەموو گەل دێتەخوارەوە بۆ سەر چیای سینا. ١٢ بە
چواردەوریدا سنوور بۆ گەل دادەنێیت و دەڵێیت، ئاگاداری
خۆتان بن سەر چیاکە نەکەون و دەست لە لێوارەکەی مەدەن،
هەر کەسێك دەست لە چیاکە بدات بەکوشتن دەکوژرێ.
١٣ دەست پێی ناکەوێت، بەڵکو بەردباران یان تیرباران
دەکرێت، ئاژەڵ بێت یان مرۆڤ نابێت بژیت. بەڵام لە کاتی
فووکردن بە کەڕەنادا، ئەوان لە چیاکە نزیك دەبنەوە.
١٤ موساش لە چیاکە هاتە خوارەوە بۆ لای گەل و گەلی پاك و
پیرۆز کرد و جلەکانیان شوشت. ١٥ بە گەلی وت: ئامادەبن
بۆ ڕۆژی سێهەم، لە ئافرەت نزیك مەکەونەوە. ١٦ ئەوە بوو لە
ڕۆژی سێهەمدا سەر لەبەیانی، بووە هەورەتریشقە و بروسك
و هەورێکی چڕ لەسەر چیاکە و دەنگی کەڕەنا کە زۆر توند
بوو، هەموو گەل ئەوانەی لە ئۆردوگاکە بوون کەوتنە
لەرزین. ١٧ ئینجا موسا گەلی لە ئۆردوگاکەوە دەرهێنا بۆ
دیداری خودا، جا لە خوارەوەی چیاکە وەستان. ١٨ هەموو
چیای سیناش دووکەڵی دەکرد لەبەرئەوەی خوداوەند بە
ئاگرەوە هاتە خوارەوە بۆ سەری و دووکەڵیش وەك دووکەڵی
کورە بەرز بووەوە و هەموو چیاکەش زۆر لەرزی.
١٩ دەنگی کەڕەناش جار لەجار توندتر دەبوو، جا موسا دەدوا
و خوداش بە دەنگ وەڵامی دەدایەوە. ٢٠ خوداوەند هاتە
خوارەوە بۆ سەر چیای سینا، بۆ سەر چیاکە و خوداوەند
موسای بۆ سەری چیاکە بانگ کرد و موساش سەرکەوت.
٢١ خوداوەند بە موسای فەرموو: بڕۆ خوارەوە و گەل ئاگادار
بکەوە، نەوەك پێشێل بکەن بەرەو خوداوەند بۆ بینین، ئینجا
زۆریان لێدەکەوێت. ٢٢ هەروەها ئەو کاهینانەش کە لە
خوداوەند نزیك دەبنەوە، با پاك و پیرۆز بن نەوەك خوداوەند
بەڕوویاندا بتەقێتەوە. ٢٣ موساش بە خوداوەندی وت: گەل
ناتوانێت بۆ چیای سینا سەر بکەوێت، چونکە تۆ ئاگادارت
کردینەوە و فەرمووت، سنوور بۆ چیا دابنێ و پاك و
پیرۆزی بکە. ٢٤ خوداوەندیش پێی فەرموو: بڕۆ خوارەوە،
پاشان لەگەڵ هارون سەر بکەرە وە، بەڵام کاهینەکان و گەل
با پێشێل نەکەن بۆ سەرکەوتن بۆ لای خوداوەند، نەوەك
بەڕوویاندا بتەقێتەوە. ٢٥ ئیتر موسا بۆ لای گەل چووە
خوارەوە و پێی ووتن.

# ٢٠

١ ئینجا خودا بە هەموو ئەو وتانە دوا و فەرمووی: ٢ من
خوداوەند خوداتم، کە لە خاکی میسرەوە دەرمهێنای لە ماڵی
کۆیلەییەوە. ٣ لەبەرامبەر من خودای دیکەت نابێت. ٤ پەیکەر
و هەموو وێنەیەکی ئەوانەی لە ئاسمانن لەسەرەوە و ئەوانەی
لەسەر زەوین لەخوارەوە و ئەوانەی لەناو ئاون لەژێر
زەوییەوە بۆ خۆت دروست ناکەیت. ٥ کڕنۆشیان بۆ نەبەیت و
نەیان پەرستیت، چونکە من خوداوەند خوداتم خودایەکی
ئێرەدارم، تاوانی باوکان لە کوڕان بەسەر دەکەمەوە تا نەوەی
سێیەم و چوارەم لە ناحەزەکانم. ٦ پەیمانی خۆشەویستیش
بەدەردەخەم بۆ هەزاران لە خۆشەویستانم و ئەوانەی
فەرمانەکانم دەپارێزن. ٧ ناوی خوداوەند خودات بۆ شتی
پوچەڵ مەهێنە، چونکە خوداوەند ئەو کەسە بێتاوان ناکات کە
بۆ شتی پوچەڵ ناوی دەهێنێت. ٨ یادی ڕۆژی شەبەت بکەوە
تا پاك و پیرۆزی بکەیت. ٩ شەش ڕۆژ کاردەکەیت و هەموو
کارەکەت دەکەیت. ١٠ ڕۆژی حەوتەمیش شەبەتە بۆ خوداوەند
خودات، هیچ کارێك ناکەیت، خۆت و کوڕەکەت و کچەکەت
و خزمەتکارەکەت و کارەکەرەکەت و ئەو غەریبەی لەناو
دەروازەکەتە هیچ کارێك ناکەن، ١١ چونکە خوداوەند لە شەش
ڕۆژدا ئاسمان و زەوی و دەریا و هەموو ئەو شتانەی تیایەتی
دروست کرد و لە ڕۆژی حەوتەمدا پشوویدا، لەبەر ئەمە
خوداوەند ڕۆژی شەبەتی پاك و پیرۆز کردووە و جیای
کردووەتەوە. ١٢ ڕێزی دایك و باوکت بگرە، بۆ ئەوەی
ڕۆژانت درێژ بێت لەو خاکەی خوداوەند خودات پێت دەدات.
١٣ مەکوژە. ١٤ داوێن پیسی مەکە. ١٥ مەدزە. ١٦ بەدرۆ شایەتی
لەسەر نزیکەکەت مەدە. ١٧ چاومەبڕە ماڵی نزیکەکەت. چاو
مەبڕە ژنی نزیکەکەت و خزمەتکارەکەی و گایەکەی و
گوێدرێژەکەی و هەر شتێك کە هی نزیکەکەت بێت.
١٨ هەموو گەلیش هەورەتریشقە و بروسك و دەنگی کەڕەنا و
چیاکەیان بینی دووکەڵی دەکرد، گەل بینیان و لەرزین و لە

دوورەوە وەستان. ١٩ بە موساشیان وت: تۆ لەگەڵمان بدوێ و گوێ دەگرین، با خودا لەگەڵمان نەدوێ نەوەك بمرین. ٢٠ موساش بە گەلی وت: مەترسن، چونکە خودا بۆ ئەوەی تاقیتان بکاتەوە هاتووە و بۆ ئەوەی ترسی ئەوتان لەبەر چاو بێت و گوناه نەکەن. ٢١ جا گەل لەدوور وەستان و موساش نزیك بووەوە لە تەمەکە، ئەوەی خودا لەوێ بوو. ٢٢ خوداوەند بە موسای فەرموو: ئاوا بە نەوەی ئیسرائیل دەڵێی، ئێوە بینیتان کە لە ئاسمانەوە لەگەڵتان دوام. ٢٣ هیچ شتێك دروست مەکەن لەگەڵ من بێت، خودای زیو و خودای زێڕ بۆ خۆتان دروست مەکەن. ٢٤ بە خۆڵ قوربانگەم بۆ دروست دەکەیت و قوربانی سووتاندنەکان و قوربانیەکانی ئاشتیت لە مێگەل و گاگەلەکەت لەسەری سەردەبڕیت، لە هەموو ئەو شوێنانەی یادی ناوم دەکەمەوە دێمە لات و پیرۆزت دەکەم. ٢٥ ئەگەر بە بەرد قوربانگەت بۆم دروست کرد، با بەردەکان تاشراو نەبن، چونکە هەر قەڵەم و چەکوچێکی بخەیتە سەر ئەوا گڵاوی دەکەی. ٢٦ بە پەیژە بەسەر قوربانگاکەم مەکەوە تا ڕووتیت دەرنەکەوێت لەسەری.

# ٢١

١ ئەمانەش ئەو حوکمانەیە کە لەبەردەمیان دایدەنێیت، ٢ گەر کۆیلەیەکی عیبرانیت کڕی ئەوا شەش ساڵ خزمەت دەکات و ساڵی حەوتەم دەردەچێت بە ئازادی و بە خۆڕایی. ٣ گەر بە تەنیا هاتبوو ئەوا بە تەنیا دەردەچێت، گەر مێردی ژنێك بوو ئەوا ژنەکەی لەگەڵی دەردەچێت. ٤ گەر گەورەکەی ژنێکی پێدابێت و ژنەکە کوڕ یان کچی بۆی لێ بووبێت، ئەوا ژن و منداڵەکان بۆ گەورەکەی دەبن و ئەو بە تەنیا دەردەچێت، ٥ بەڵام گەر کۆیلەکە بە ڕاستی بڵێت، گەورەکەم و ژنەکەم و منداڵەکانم خۆشدەوێت و ئازاد دەرناچم، ٦ ئەوا گەورەکەی نزیکی دەکاتەوە و لە خودا و نزیکی دەکاتەوە لە دەرگاکە یان لەچوارچێوەی دەرگاکە و گەورەکەی بە کونکەر گوێی کون دەکات و ئەویش تاهەتایە خزمەتی دەکات. ٧ ئەگەر پیاوێك کچەکەی خۆی فرۆشت وەك کارەکەر، ئەوا وەك کۆیلە دەرناچێت، ٨ گەر ناپەسەند بوو لەبەرچاوی گەورەکەی کە نیشانی نەکات، دەبێت ڕێ بە باوکی کچەکە بدات بیکڕێتەوە، دەسەڵاتی نییە بە خەڵکێکی بێگانە بیفرۆشێت لەبەر ناپاکی لەگەڵیدا. ٩ ئەگەر بۆ کوڕەکەی نیشانی بکات ئەوا بە گوێرەی مافی کچانی بۆ دەکات. ١٠ ئەگەر یەکێکی تری خواست، ئەوا خواردن و بەرگ و جووت بوونی لەگەڵ ئەو کەم ناکاتەوە. ١١ ئەگەر ئەو سییانەی بۆ نەکرد، ئەوا بە خۆڕایی بێ پارە دەردەچێت. ١٢ ئەوەی لە مرۆڤێك بدات و بیمرێنێت ئەوا بەکوشتن دەکوژرێت. ١٣ بەڵام ئەوەی مەبەستی نەبوو، بەڵکو خودا وایکرد ڕووبدات، ئەوا من شوێنێکت بۆ دیاری دەکەم تا ڕابکات بۆ ئەوێ. ١٤ کاتێ یەکێك بیەوێت بە فێڵ برادەرەکەی بکوژێت، ئەوا لە لای قوربانگاکەمەوە دەیبەیت بۆ مردن. ١٥ ئەوەی لە دایك و باوکی بدات، ئەوا بە کوشتن دەکوژرێت. ١٦ ئەوەی یەکێك بدزێت و بیفرۆشێت یان لە لای بیبیننەوە، ئەوا بە کوشتن دەکوژرێت. ١٧ ئەوەی نەفرەت لە باوك و دایکی بکات، ئەوا بەکوشتن دەکوژرێت. ١٨ کاتێ دوو پیاو ناکۆکیان دەبێت و یەکێکیان بە بەرد یان بە مست لە برادەرەکەی بدات و نەمرد بەڵکو لە جێگا کەوت، ١٩ ئەگەر هەستایەوە و لەدەرەوە بە گۆچانەکەی ڕۆیشت، ئەوا ئەوەی لێیداوە بێ تاوان دەبێت، تەنها قەرەبوی ئەو کاتەی بۆ بکاتەوە و خەرجی چارەسەریەکەی بدات. ٢٠ کاتێ یەکێك لە کۆیلەکەی یان لە کارەکەرەکەی بدات بە دار و لە ژێر دەستی مرد، ئەوا تۆڵەی لێ دەکرێتەوە. ٢١ بەڵام ئەگەر ڕۆژێك یان دووان مایەوە ئەوا تۆڵەی لێ ناکرێتەوە، چونکە ماڵی خۆیەتی. ٢٢ ئەگەر چەند پیاوێك لە یەکتریان دا و بە ژنێکی سك پڕ کەوتن و منداڵەکەی لەبارچوو بەڵام زیانی تری نەبوو، ئەوا بێگومان سزا دەدرێت وەك ئەوەی مێردی ژنەکە لەسەری دای دەنێت و بەگوێرەی دادوەری. ٢٣ ئەگەر زیانی تر هەبێت، ئەوا گیان لەجێی گیان دەدرێت و ٢٤ چاو لەجێی چاو و ددان لەجێی ددان و دەست لەجێی دەست و پێ لەجێی پێ. ٢٥ داخ لەجێی داخ و برین لەجێی برین و لێدان لەجێی لێدان. ٢٦ کاتێ یەکێك لە چاوی کۆیلەکەی یان چاوی کارەکەرەکەی دا و تێکیدا، ئەوا ئازادی دەکات لە جیاتی چاوی. ٢٧ ئەگەر ددانی کۆیلەکەی یان کارەکەرەکەی کەوت، ئەوا ئازادی دەکات لە جیاتی ددانی. ٢٨ ئەگەر گایەك قۆچی دا لە پیاوێك یا ژنێك و مرد، ئەوا گایەکە بەردباران دەکرێت و گۆشتەکەشی ناخورێت، خاوەنی گایەکەش بێتاوان دەبێت. ٢٩ بەڵام گەر گاکە پێشتر قۆچ وەشێن بێت و خاوەنەکەی ئاگادارکرابێتەوە و نەی بەستبێتەوە و پیاوێك یان ژنێکی کوشت، ئەوا گاکە بەردباران دەکرێت و خاوەنەکەشی دەکوژرێت. ٣٠ ئەگەر کەفارەت بخرێتە سەری، ئەوا بۆ کڕینەوەی گیانی خۆی هەرچی بکەوێتە سەر دەبێت بیدات. ٣١ یان قۆچ لە کوڕێك یان لە کچێك بدات، ئەوا وەك ئەم حوکمەی لەگەڵ دەکرێت. ٣٢ ئەگەر گایەکە قۆچ لە کۆیلەیەك یان کارەکەرێك بدات، ئەوا گەورەکەی سی شاقل زیو دەدات و گایەکەش بەردباران دەکرێت. ٣٣ کاتێ مرۆڤێك سەری بیرێك دەکاتەوە یان بیرێك لێدەدات و سەرەکەی دانەپۆشێ، ئینجا گایەك یان گوێدرێژێك بکەوێتە ناوی، ٣٤ ئەوا خاوەن بیر قەرەبو دەداتەوە و زیو بە خاوەنەکەی دەدات و مردووەکەش بۆ ئەو دەبێت. ٣٥ گەر گای مرۆڤێك لە گای برادەرەکەی دا و کوشتی، ئەوا گایە زیندووەکە دەفرۆشن و نرخەکەی بەش دەکەن، هەروەها مردووەکەش دابەش دەکەن. ٣٦ ئەگەر زانراش کە گایەکە پێشتر قۆچ وەشێن بووە و خاوەنەکەی نەی بەستووەتەوە، ئەوا گایەك لە جێی گایەك دەدات و مردووەکەش بۆ ئەو دەبێت.

# ٢٢

١ کاتێ مرۆڤێك گایەك یان بەرخێکی دەدزێ، جا سەری بڕی یان فرۆشتی، ئەوا پێنج مانگا لە جێی گاکە و چوار مەڕیش لەجێی بەرخەکە دەبێت. ٢ ئەگەر دزەکە بینرا خەریکی بڕین بوو و لێیدرا و مرد، ئەوا مافی خوێنی نییە. ٣ ئەگەر ڕۆژی بەسەردا هەڵات ئەوا مافی خوێنی هەیە، بەڵام دەبێت قەرەبو بداتەوە، ئەگەر نەبوونیش بوو ئەوا دەفرۆشرێت، ٤ گەر شتە دزراوەکەی لە دەست گیرا لە گایەکەوە تا گوێدرێژێك و تا بەرخێك و زیندووبن، ئەوا دووان لە جێیان دەداتەوە. ٥ کاتێ مرۆڤێك کێڵگەیەك یان ڕەزێك بکات و مێگەلەکەی خۆی بەردا و لەناو کێڵگەی یەکێکی تر لەوەڕین، ئەوا لە باشترینی بەری کێڵگەکەی و لە باشترینی بەری ڕەزەکەی قەرەبو دەداتەوە. ٦ کاتێ ئاگر دەرپەڕێ و دڕك بگرێتەوە و خەرمانکرا و یان قەڵاکراو یان کێڵگە بسوتێنێت، ئەوا ئەوەی ئاگرەکەی کردۆتەوە دەبێت قەرەبو بدات. ٧ کاتێ یەکێك زیو یان شتوومەك لە لای برادەرەکەی دادەنێت بۆ ئەوەی چاوی لێی بێت و لە ماڵی ئەو مرۆڤە دزرا، ئەگەر دزەکە گیرا ئەوا دوو ئەوەندە قەرەبو دەداتەوە. ٨ ئەگەر دزەکە نەگیرا ئەوا خاوەن ماڵ دەدرێتە دەست خودا، تا بزانرێت ئاخۆ دەستی بۆ

مولْکی برادەرەکەی درێژ نەکردووە. ٩ لە هەموو
داواکارییەکەی تاوان لەسەر گا، لەسەر گوێدرێژ، لەسەر
بەرخ، لەسەر جلوبەرگ یان هەر شتێکی وون بوو کە
بووترێ ئەمەیە، ئەوا داوای هەردووکیان دەهێنرێتە لای
خودا، ئەوەی خودا تاوانباری بکات، ئەوا دوو ئەوەندە قەرەبو
دەداتەوە. ١٠ کاتێ یەکێك گوێدرێژێك یان گایەك یان بەرخێك
یان هەر ئاژەڵێکی بدات بە برادەرەکەی تا چاوی لێی بێت، جا
مرد یان پێ و دەستی شکا یان تاڵان کرا و کەس نەیبینی،
١١ ئەوا سوێند خواردن بە خوداوەند لەنێوانیان دەبێت، ئاخۆ
دەستی بۆماڵی برادەرەکەی درێژ نەکردووە، خاوەنەکەشی
دەبێت ڕازی بێت، ئیتر قەرەبو نادات. ١٢ ئەگەر لای ئەو
دزرا، ئەوا قەرەبوی برادەرەکەی دەداتەوە. ١٣ ئەگەر بوو بە
نێچیر وەك شایەتی دەیهێنێتەوە، ئیتر قەرەبوی نێچیر ناداتەوە.
١٤ کاتێ مرۆڤێك شتێك لە برادەرەکەی داوابکات، ئینجا
بشکێت یان بمرێت و خاوەنەکەی لەگەڵی نەبێت، ئەوا دەبێت
قەرەبو بداتەوە، ١٥ بەڵام گەر خاوەنەکەی لەگەڵی بوو، ئەوا
قەرەبو ناداتەوە، گەر بە کرێ بووبێ ئەوا کرێیەکی دەدات.
١٦ کاتێ مرۆڤێك کچێکی نیشان نەکرا و هەڵخەڵەتێنێ و
لەگەڵی جووت بێ، ئەوا بۆخۆی مارەی دەکات. ١٧ گەر
باوکی ڕازی نەبوو بیداتێ، ئەوا زیوی بۆ دەکێشێ وەك
مارەیی کچ. ١٨ ناهێڵیت سیحرباز بژیت. ١٩ ئەوەی لەگەڵ
ئاژەڵێك جووت بێت بە کوشتن دەکوژرێت. ٢٠ ئەوەی
قوربانی بۆ هەر خودایەك جیا لە خوداوەند سەر ببڕێت، ئەوا
قاودەدرێت. ٢١ غەریب مەچەوسێنەوە و تەنگی پێهەڵمەچنە،
چونکە خۆشتان لە خاکی میسر غەریب بوون. ٢٢ هیچ بێوەژن
و هەتیوێك زەلیل مەکە. ٢٣ گەر بەهەر شێوەیەك زەلیلت کرد
و گەر تەنها هاوارێکم بۆ بکات، ئەوا بێ گومان گوێ لە
هاواری دەگرم. ٢٤ تووڕەییم هەڵدەستێ و بە شمشێر
دەتانکوژم و ژنەکانتان دەبنە بێوەژن و منداڵەکانتان دەبنە
هەتیو. ٢٥ گەر پارەت بە قەرز دا بە هەر هەژارێك لە
گەلەکەم ئەوانەی لەلاتن، بۆی مەبە بە سووخۆر، سوودی
مەخەرە سەر. ٢٦ گەر جلی برادەرەکەت بارمتەکرد، تا ڕۆژ
ئاوابوون، بۆی دەگەڕێنیەوە، ٢٧ چونکە تەنها پۆشاکێتی، ئەوە
بەرگە بۆ پێستی، بەچیەوە بخەوێت، ئەوە دەبێت کاتێ هاوارم
بۆ دەکات، گوێ دەگرم، چونکە من میهرەبانم. ٢٨ سوکایەتی
بە خودا مەکە و نەفرەت لە هیچ سەرکردەیەکی گەلەکەت
مەکە. ٢٩ پڕی خەرمانەکەت و دڵۆپی گوشەرەکەت دوامەخە.
نۆبەرەی کوڕەکانت دەدەیت بە من. ٣٠ هەمان شت دەکەیت بە
گا و بەرخەکانت، حەوت ڕۆژ لەگەڵ دایکی دەبێت و لە
ڕۆژی هەشتەمدا دەیدەیت بە من. ٣١ ئێوە دەبنە مرۆڤی پاك و
پیرۆزکراو بۆ من، بۆیە گۆشتێك لە دەشتودەر بووبێت بە
نێچیر مەیخۆن، بۆ سەگی فڕێدەن.

# ٢٣

١ هەواڵی درۆ بڵاومەکەوە، دەست لەگەڵ بەدکار تێکەڵ مەکە
تا ببیتە شایەتی زۆرداری. ٢ دوای کۆمەڵ مەکەوە بۆ کاری
خراپ و لە شکاتکردندا بەخواری وەڵام مەدەوە بەدوای
کۆمەڵدا بۆ خواری. ٣ لایەنگیری بۆ هەژار دەرمەخە لە
شکاتەکەی. ٤ گەر تووشی گا یان گوێدرێژی دوژمنەکەت
بووی بەڕەڵڵا بووبێت، بۆی بگەڕێنەوە. ٥ کە گوێدرێژی
ناحەزەکەت بینی لە ژێر بارەکەیدا کەوتووە، بەجێی مەهێڵە و
بەڵکو پەلەکە بۆ یارمەتی دانی، ٦ مافی هەژار ڕەتمەکەوە لە
شکاتەکەی. ٧ لە قسەی درۆ دوور بکەوە. بێتاوان و
ڕاستودروست مەکوژە، چونکە تاوانبار بێتاوان ناکەم.
٨ بەرتیل وەرمەگرە، چونکە بەرتیل چاوساغان کوێر دەکات
و قسەی ڕاستودروستان دەگۆڕێت. ٩ تەنگ بە غەریب
هەڵمەچنن، دەروونی غەریب دەناسن، چونکە خۆشتان لە
خاکی میسردا غەریب بوون. ١٠ شەش ساڵ زەویەکەت
دەچێنی و بەرەکەی هەڵدەگریەوە، ١١ بەڵام لە حەوتەمەمدا
دەیحەسێنیەوە و لێیدەگەڕێی، هەژارانی گەلەکەت لێی دەخۆن
و بەرماوەکەشیان زیندەوەری دەشتودەر دەیخوات. هەمان
شت دەکەیت لە ڕەز و لە زەیتونەکەت. ١٢ شەش ڕۆژ
کارەکەت دەکەیت و ڕۆژی حەوتەم پشوو دەدەیت بۆ ئەوەی
گا و گوێدرێژەکەشت بحەسێنەوە و کوڕی کارەکەرەکەت و
ئەوەی غەریبیشە لە لات هەناسەیەك بدەن. ١٣ هەموو ئەوەی
پێم فەرموون دەیپارێزن و ناوی خودایەکی تر ناهێنن، لە
دەمتەوە نابیسترێت. ١٤ سێ جار لە ساڵێکدا جەژنم بۆ
دەگێڕیت. ١٥ جەژنی فەتیرە دەپارێزیت، حەوت ڕۆژ نانی
فەتیرە دەخۆیت وەك فەرمانم پێکردیت لە کاتی مانگی ئەبیب،
چونکە لەودا لە میسر دەرچوویت، لەبەردەممدا بە دەست
بەتاڵی دەرنەکەون. ١٦ هەروەها جەژنی دروێنە، نۆبەرەی
ڕەنجت ئەوەی لە کێڵگە دەیچێنیت، هەروەها جەژنی
کۆکردنەوە لە کۆتایی ساڵدا کاتێ ڕەنجەکەت لە کێڵگە
کۆدەکەیتەوە. ١٧ سێ جار لە ساڵێکدا هەموو نێرەکانت
لەبەردەمی خوداوەند خودا دەردەکەون. ١٨ خوێنی قوربانیم
لەگەڵ شتی بە هەویرترش پێشکەش مەکەن و پیوی جەژنم تا
بەیانی نەمێنێتەوە. ١٩ یەکەم نۆبەرەی زەویەکەت بۆ ماڵی
خوداوەند خودات دەهێنیت. هیچ کاریلەیەك بە شیری دایکی
لێمەنێ. ٢٠ ئەوەتا من فریشتەیەك لە پێشتەوە دەنێرم تا لە ڕێگا
بتپارێزێت و بتهێنێتە ئەو شوێنەی ئامادەم کردووە.
٢١ ئاگاداربە لێی و گوێ لە دەنگی بگرە و تووڕەی مەکە،
چونکە لە یاخیبوونتان نابوورێت، چونکە ناوی منی تیادایە.
٢٢ بەڵام گەر گوێت لە دەنگی گرت و هەموو ئەوانەی دەیڵێم
جێبەجێی بکەیت، ئەوا دژایەتی دوژمنەکانت دەکەم و تەنگ
هەڵدەچنم بە تەنگ پێهەڵچنانتان. ٢٣ کە فریشتەکەم لە پێشتەوە
دەڕوات و دەتهێنێتە لای ئەمۆرییەکان و حسییەکان و
فرزییەکان و کەنعانییەکان و حوییەکان و یەبوسییەکان و
لەناویان دەبەم، ٢٤ بۆ خوداکانیان کڕنۆش مەبە و مەیانپەرستە
و وەك کردەوەکانی ئەوان مەکە، بەڵکو بەتەواوی
ووردوخاشیان دەکەیت و ئەوانەی قیتیان کردووەتەوە
بەتەواوی دەیانشکێنیت. ٢٥ خوداوەند خوداتان دەپەرستن، جا
نان و ئاوت پیرۆز دەکەم و دەرد لەنێوانتان ناهێڵم.
٢٦ لەبارچوو و نەزۆك نابێت لە زەویەکەت و جوانەمەرگت
ناکەم. ٢٧ سامناکی خۆم لە پێشتەوە دەنێرم و هەموو ئەو
میللەتانەی دەچیتە سەریان بێزاریان دەکەم و وا دەکەم هەموو
دوژمنەکانت هەڵبێن. ٢٨ زەردەواڵەش لە پێشتەوە دەنێرم و
حوییەکان و کەنعاییەکان و حسییەکان لە پێشتەوە ڕابماڵن.
٢٩ لە ماوەی یەك ساڵدا لە پێشت ڕایانناماڵم، نەوەك زەویەکە
ببێتە وێرانە و ئاژەڵی کێوی بەسەرتەوە زیاد بکات. ٣٠ کەمە
کەمە لە پێشت ڕایاندەماڵم، تا بەرداردەبیت و خاوەنداریەتی
زەویەکە دەکەیت. ٣١ سنوورەکەشت دادەنێم لە دەریای
سوفەوە تا دەریای فەلەستین و لە چۆڵەوانیەوە تا ڕووبارەکە[أ]،
چونکە دانیشتوانی زەویەکە دەدەمە دەستتان و ئێوەش لەپێش
خۆتان ڕایاندەماڵن. ٣٢ نە لەگەڵ ئەوان نە لەگەڵ خوداکانیان
پەیمان مەبەستن. ٣٣ با لە خاکەکەتدا نیشتەجێ نەبن، نەوەك
وات لێ بکەن گوناهە سەبارەت بەمن بکەیت. چونکە خودای
ئەوان بپەرستی ئەوا دەبێتە تەڵە بۆت.

[أ] ٢٣ : ٣١ مەبەست ڕووباری فوراتە.

# ٢٤

١ ئینجا بە موسای فەرموو: سەرکەوە بۆ لای خوداوەند،
خۆت و هارون و ناداب و ئەبیهۆ و حەفتا لە پیرانی ئیسرائیل
و لە دوورەوە کڕنۆشی بۆ ببەن. ٢ تەنها موسا لە خوداوەند
نزیك دەبێتەوە و ئەوانی تر نزیك ناکەونەوە، خەڵکەکەش
لەگەڵی سەرناکەون. ٣ موساش هات و هەموو ووشەکانی
خوداوەند و هەموو حوکمەکانی بۆ خەڵکەکە گێڕایەوە،
هەموو گەلیش بەیەك دەنگ وەڵامیان دایەوە و وتیان: هەموو
ئەو ووشانەی خوداوەند فەرموویەتی دەیکەین. ٤ موساش
هەموو ووشەکانی خوداوەندی نووسی و بەیانی زوو هەستا و
قوربانگایەکی لەبن چیاکە بنیادنا لەگەڵ دوانزە ستوون بۆ
دوانزە هۆزەکەی ئیسرائیل. ٥ لاوانی نەوەی ئیسرائیلیشی
نارد و قوربانی سووتاندن و قوربانی هاوبەشییان لە
جوانەگاکان بۆ خوداوەند پێشکەش کرد. ٦ موسا نیوەی
خوێنەکەی کردە چەند جامێك و نیوەکەی تریشی بەسەر
قوربانگاکەدا پرژاند. ٧ ئینجا پەرتووکی پەیمانی هەڵگرت و
بۆ گەلی خوێندەوە، ئەوانیش وتیان: هەموو ئەوەی خوداوەند
فەرموویەتی دەیکەین و گوێی لێدەگرین. ٨ ئینجا موسا
خوێنەکەی هەڵگرت و بەسەر گەلدا پڕژاندی و وتی: ئەوەتا
خوێنی پەیمان کە خوداوەند لەگەڵتانی بەستووە لەسەر هەموو
ئەم ووشانە. ٩ دواتر موسا و هارون و ناداب و ئەبیهۆ و
حەفتا لە پیرانی ئیسرائیل سەرکەوتن و ١٠ خودای ئیسرائیلیان
بینی، لەژێر پێیەکانی شتێکی وەك بەردڕێژکراو بە بەردی
یاقوتی شین و وەك پەڕی ئاسمان لە بێگەردی. ١١ بەڵام
دەستی بۆ پیاو ماقوڵانی نەوەی ئیسرائیل درێژ نەکرد، ئیتر
خودایان بینی و خواردیان و خواردیانەوە. ١٢ خوداوەند بە
موسای فەرموو: سەرکەوە بۆ لام بۆ چیاکە و لەوێ بە، دوو
تەختە بەردت دەدەمێ، فێرکردنەکان و فەرمانەکانی تیادایە
کە نووسیوومن بۆ فێرکردنیان. ١٣ جا موسا و یەشوعی
خزمەتکاری هەستان، ئینجا موسا بۆ چیای خودا سەرکەوت.
١٤ بە پیرانیشی وت: لێرە دانیشن تا دەگەڕێینەوە لاتان، ئەوەتا
هارون و حوریش لەگەڵتانن، گەر یەکێك داواکاری هەبوو با
بچێتە لایان. ١٥ ئیتر موسا بەسەر چیاکە کەوت و هەور
چیاکەی داپۆشی. ١٦ شکۆمەندی خوداوەندیش لەسەر چیای
سینا نیشتەوە و بۆ ماوەی شەش ڕۆژ هەور داپیپۆشی، لە
ڕۆژی حەوتەمدا لە نێو هەورەوە موسای بانگ کرد.
١٧ دیمەنی شکۆمەندی خوداوەندیش وەك ئاگرێکی بڵێسەداری
بەتین بوو لەسەر چیا لەبەرچاوی نەوەی ئیسرائیل. ١٨ ئینجا
موسا هاتە ناو هەورەکەوە و بۆ سەر چیاکە سەرکەوت. جا
موسا چل ڕۆژ و چل شەو لە چیاکە بوو.

# ٢٥

١ خوداوەند لەگەڵ موسادا دوا و فەرمووی: ٢ بە نەوەی
ئیسرائیل بڵێ با پیتاکم بۆ وەرگرن، لە هەر یەکێك کە دڵی
هانیدەدات پیتاکەکەم وەرگرن. ٣ ئەمەش ئەو پیتاکەیە کە
لێیان وەریدەگرن، زێڕ و زیو و مس، ٤ ڕێسی وورد بە
ڕەنگی مۆر و باینجانی و سووری ئاڵ و هەروەها شێیش و
مووی بزن، ٥ پێستی بەرانی خۆشەکراو بە ڕەنگی سوور و
پێستی دۆلفین[أ] و داری چنار، ٦ زەیتی چراو بۆن بۆ ڕۆنی
چەورکردن و بۆ بخوری بۆندار، ٧ بەردی عاشقبەند و
بەردی گرانبەهای تر بۆ ئێفۆد و بۆ بەرسینە.
٨ پیرۆزگایەکیشم بۆ دروست دەکەن تا لە نێوانیان نیشتەجێبم،
٩ وەك هەموو ئەوەی پیشانت دەدەم لە نموونەی نشینگە و
نموونەی هەموو قاپوقاچاغەکانی، ئاوا دروستی دەکەن.
١٠ سندوقێکیش لە داری چنار دروست دەکەن، درێژیەکەی
دوو باڵ و نیو و پانیەکەی باڵ و نیوێك و بەرزیەکەی باڵ و
نیوێك بێت، ١١ بە تەواوی ڕووکەشی دەکەیت بە زێڕی
بێگەرد، لە ناوەوە و لە دەرەوەش، بەهەر چوار دەوریشیدا
چوارچێوەی زێڕی بۆ دروست دەکەیت. ١٢ چوار بازنەی
زێڕیشی بۆ دادەڕێژیت و لەسەر چوار پایەکەی دایدەنێیت،
دوو بازنە لە لایەك و دوو بازنەش لە لایەکەی تری. ١٣ دوو
داریش لە داری چنار دروست دەکەیت و بە زێڕ ڕووکەشیان
دەکەیت. ١٤ دارەکانیش دەخەیتە ناو بازنەکانی سەر هەردوو
لای سندوقەکە، بۆ هەڵگرتنی سندوقەکە پێیان. ١٥ دارەکان
لەناو بازنەکانی سندوقەکە دەبن، لێیان دەرناهێنرێن. ١٦ لەناو
سندوقەکەش[ب] ئەو شایەتیە دادەنێیت کە پێتی دەدەم. ١٧ شوێنی
بەزەییش لە زێڕی بێگەرد دروست دەکەیت کە دوو باڵ و نیو
درێژیەکەی و باڵ و نیوێك پانیەکەی بێت. ١٨ دوو کروبی
زێڕینیش دروست دەکەیت، دەستکردی کوتراو دەیان کەیت
لە هەردوو لای شوێنی بەزەییەکە. ١٩ جا کروبێك لەم لاوە
دروست دەکەیت و کروبەکەی تریش لە لایەکەی تر،
کروبەکان لە هەردوو لاوە دروست دەکەیت و لەگەڵ شوێنی
بەزەییەکە یەك پارچە دەبن. ٢٠ دەبێت کروبەکانیش باڵیان بۆ
سەرەوە لێك کردبێتەوە و بە باڵەکانیان سێبەریان بەسەر
شوێنی بەزەییەکەوە کردبێت و کروبەکان ڕووبەڕووبن و
ڕوویان لە شوێنی بەزەییەکە بێت. ٢١ شوێنی بەزەییەکە
لەسەر سندوقەکە دادەنێیت لە لای سەرەوە، لەناو
سندوقەکەش ئەو شایەتیە دادەنێیت کە من پێتی دەدەم. ٢٢ لەوێ
لەگەڵت کۆدەبمەوە و لەگەڵت دەدوێم، لەسەر شوێنی
بەزەییەکەوە لەنێوان دوو کروبەکەی سەر سندوقی شایەتی،
سەبارەت بە هەموو ئەو شتانەی فەرمانت پێ دەدەم بۆ نەوەی
ئیسرائیل. ٢٣ هەروەها مێزێك لە داری چنار دروست
دەکەیت، کە درێژیەکەی دوو باڵ و پانییەکەی باڵێك و
بەرزیەکەی باڵ و نیوێك بێت. ٢٤ بە زێڕی بێگەردیش
ڕووکەشی دەکەیت و بە چواردەوریشیدا چوارچێوەی زێڕی
بۆ دەکەیت. ٢٥ لێوارێکیشی بە چوار دەوردا بۆ دروست
دەکەیت بە پانی بستێك و چوار چێوەیەکی زێڕیش بۆ
لێوارەکە بە دەوریدا دروست دەکەیت. ٢٦ چوار بازنەی
زێڕیشی بۆ دروست دەکەیت و بازنەکان لەسەر هەر چوار
گۆشەکەی چوار پایەکەی دادەنێیت. ٢٧ بازنەکان لە لای
لێوارەکەوە دەبن بە ماڵ بۆ دوو دار بۆ هەڵگرتنی مێزەکە.
٢٨ دوو دارەکەش لە داری چنار دروست دەکەیت و بە زێڕ
ڕووکەشیان دەکەیت و بەوان مێزەکە هەڵدەگیرێت.
٢٩ سینیەکانی و قاپەکانی و جامەکانی و گۆزەکانی کە پێیان
تێ دەکرێت لە زێڕی بێگەرد دروستیان دەکەیت. ٣٠ لەسەر
مێزەکەش نانی تەرخانکراو بەردەوام لەپێشم دادەنێیت.
٣١ هەروەها چرادانێك لە زێڕی بێگەرد دروست دەکەیت،
ژێری چرادانەکە و قەدەکەی دەست کردی کوتراو دەیکەیت،
کاسەکانی و گرێکانی و خونچەکانی لە خۆی دەبێت. ٣٢ شەش
لقیش لە هەردوو لایەوە دەرچووە، سێ لق چرادان لە لایەك

[أ] ٢٥ : ٥ دۆلفین یان بە عیبریەکەی تەخەش لە دەریای سووردا هەبوو و زانراوە کە پێستێکی زۆر توندی هەیە.

[ب] ٢٥ : ١٦ بڕوانە نامە بۆ عیبرانییەکان لە پەیمانی نوێ ٩ : ٤ ،.

سێ لق چرادان لە لایەکەی تر. ٣٣ سێ کاسەی بادەمی لە لقێك بە گرێ و خونچەوە و سێ کاسەی بادەمی لە لقێکی تر بە گرێ و خونچەوە و ئاوا تا لقی شەشەم کە لە چرادانەکەوە دەرچوون. ٣٤ هەروەها لە چرادانەکە چوار کاسەی بادەمی بە گرێ و خونچەکانیانەوە هەیە. ٣٥ هەردوو لقیش گرێیەکیان لە ژێرە و دوو لقی دیکەش گرێیەك و دوو لقی دیکەش گرێیەك، تا شەشەم لە لقەکان کە لە چرادانەکەوە دەرچوون. ٣٦ گرێکان و لقەکان لە خۆی دەبن، هەمووشیان یەك دەستکردی کوتراو لە زێڕی بێگەرد. ٣٧ حەوت چراشی بۆ دروست دەکەیت و چراکانی بەرز دەکەیتەوە تا پێشی ڕووناك بکاتەوە. ٣٨ ماشەکان و سینیەکانیشی زێڕی بێگەرد دەبن. ٣٩ لە کێشێك زێڕی بێگەرد دروستی دەکەیت لەگەڵ هەموو ئەم کەلوپەلانە. ٤٠ جا بڕوانە و دروست بکە لەسەر نموونەکانیان کە لە چیاکە پیشانتدراوە.

# ٢٦

١ نشینگەکەش لە دە پەردەی شێیشی ڕسراو دروست دەکەیت، هەروەها بە ڕێسی مۆر و باینجانی و سووری ئاڵ و بە دەستکردی جۆلایەکی شارەزا وێنەی کروبەکانی لەسەر دەکەیت. ٢ درێژی هەر پەردەیەك بیست و هەشت باڵ و پانییەکەی چوار باڵ بێت، یەك پێوانەش بۆ هەموو پەردەکان. ٣ پێنج لە پەردەکان پێکەوە بەستراون و پێنجەکەی تریش پێکەوە. ٤ ئەڵقە لە ڕێسی شین لەسەر لێواری لایە بەستراوەکەی پەردەی یەکەم دروست دەکەیت و هەمان شت بۆ لێواری پەردەی دووەم دەکەیت. ٥ پەنجا ئاڵقە بۆ پەردەی یەکەم دەکەیت و پەنجا ئاڵقەش بۆ لای پەردەکەی لە بەشە بەستراوەکەی دووەمە دەکەیت. ئاڵقەکانیش بەرامبەر یەکتری دەبن. ٦ پەنجا فاقی زێڕیش دروست دەکەیت و پەردەکان هەریەکە و بەوی تەنیشتیەوە بە فاقەکان دەبەستییەوە نشینگەکە دەبێت بە یەك پارچە. ٧ هەروەها چەند پەردەیەك لە مووی بزن وەك چادر بەسەر نشینگەکەوە دروست دەکەیت، لە یانزە پەردە دروستیان دەکەیت. ٨ درێژی هەر پەردەیەك سی باڵ و پانی چوار باڵ بێت، یەك پێوانە بۆ هەر یانزە پەردەکە. ٩ پێنج لە پەردەکان پێکەوە دەبەستیتەوە و شەش پەردەکەی تریش پێکەوە، پەردەی شەشەمیش بەڕووی چادرەکەدا دەنووشتێنیەوە. ١٠ پەنجا ئەڵقەش لەسەر لێواری پەردەی یەکەم لە لاوە بە بەستراوی دروست دەکەیت و پەنجا ئەڵقەش لەسەر لێواری لای پەردەی دووەم. ١١ پەنجا فاقی مسیش دروست دەکەیت و فاقەکان دەخەیتە ناو ئاڵقەکانەوە و چادرەکە پێکەوە دەبەستیتەوە و دەبێتە یەك پارچە. ١٢ ئەوەش کە شۆڕبووەتەوە و ماوەتەوە لە پەردەکانی چادرەکە، نیوەی ئەو پەردەیەی ماوەتەوە بەسەر کۆتایی نشینگەکەدا شۆڕیدەکەیتەوە. ١٣ باڵێك لەملا و باڵێك لەولا لەوەی ماوەتەوە لە درێژی پەردەی چادرەکە شۆڕدەکرێنەوە بەسەر دوولای نشینگەکە لەم لاو لەو لاوە بۆ داپۆشینی. ١٤ پۆشەرێکیش بۆ چادرەکە دروست دەکەیت لە پێستی بەران و خۆشەکراو بە ڕەنگی سوور و پۆشەرێکیش لە پێستی دۆلفین لەسەرەوە. ١٥ تەختەدارەکانی نشینەگەش بە ستوونی و لە داری چنار دروستیان دەکەیت. ١٦ درێژی هەر تەختەیەك دە باڵ و پانی باڵ و نیوێك بێت. ١٧ دوو پێش بۆ هەر تەختەیەك بۆ جووتکردنی لەگەڵ تەختەکەی تەنیشتی دروست دەکەیت، ئاوا دەکەیت بۆ هەر یەك لە تەختەکانی نشینگەکە. ١٨ تەختەدارەکانی نشینگەکەش، بیستیان دروست دەکەیت بەرەو لای باشوور. ١٩ چل بناغەی زیویش لە ژێر بیست تەختەکە دروست دەکەیت، دوو بناغە لە ژێر هەر تەختەیەك بۆ دوو پێیەکە و دوو بناغە لە ژێر تەختەکەی تر بۆ دوو پێیەکەی. ٢٠ بۆ لاکەی تری نشینگەکەش ڕووەو باکوور بیست تەختە. ٢١ چل جێ کونی زیویشی هەیە، دوو بناغە لە ژێر تەختەیەك و دوو بناغە لە ژێر تەختەیەکی تر. ٢٢ بۆ پشتی نشینگەکەش بەرەو ڕۆژئاوا شەش تەختە. ٢٣ دوو تەختە بۆ گۆشەکانی دواوەی نشینگەکە دروست دەکەیت و ٢٤ دەبێت جووت بن لەخوارەوەو یەك بن تا سەرەوە و تا بازنەکەی سەرەوە، هەر دووکیان بۆ هەر دوو گۆشەکە ئاوا دەبن. ٢٥ جا دەبێت بە هەشت تەختە و بناغە زیوەکانیشیان شانزە دەبن، هەر دوو بناغە لە ژێر تەختەیەك و دوو بناغەی تریش لە ژێر تەختەیەکی تر. ٢٦ هەروەها پێنج کاریتە لە داری چنار بۆ تەختەکانی لایەکی نشینگەکە دروست دەکەیت و ٢٧ پێنج کاریتەش بۆ تەختەکانی لایەکەی تری نشینگەکە و پێنج کاریتەش بۆ تەختەکانی لای دواوەی نشینگەکە لە لای ڕۆژئاوا. ٢٨ کاریتەکەی ناوەڕاستیش بە نێو تەختەکاندا تێدەپەڕێت لەم سەرەوە بۆ ئەو سەر. ٢٩ تەختەکانیش بە زێڕ ڕووکەش دەکەیت و بازنەکانیشی کە کاریتەکانی دەچنە ناو لە زێڕ دروست دەکەیت و کاریتەکانیش بە زێڕ ڕووکەش دەکەیت. ٣٠ نشینگەکەش لەسەر ئەو نەخشەیە هەڵدەدەیت کە لە چیاکە پیشانتدراوە. ٣١ پەردەیەکیش لە ڕێسی مۆر و باینجانی و سووری ئاڵ و کەتانی ڕسراو دروست دەکەیت، بە دەستکردی جۆلایەکی شارەزاش وێنەی کروبەکانی لەسەر دەکەیت و ٣٢ دەیخەیتە سەر چوار کۆڵەکەی لە داری چنار دروستکراو بە زێڕ ڕووکەش کراو قوڵابەکانیشیان لە زێڕ دەبن و لە سەر چوار بناغەی زیو دەبن. ٣٣ چەند فاقێکیش بە لای سەرەوەی پەردەکەوە دەکەیت و سندوقی شایەتیش دەهێنیتە ئەوێ بۆ دیوی ژوورەوەی پەردەکە و پەردەکە پیرۆزگا و شوێنی هەرە پیرۆز لەیەکتری جیادەکاتەوە بۆتان. ٣٤ شوێنی بەزەییش لەسەر سندوقی شایەتی دادەنێیت لە شوێنی هەرە پیرۆز. ٣٥ مێزەکەش لەدەرەوەی پەردەکە دادەنێیت و چرادانەکەش بەرامبەر مێزەکە دادەنێیت لە لایەکی نشینگەکە بە لای باشوور و مێزەکەش بە لای باکوور. ٣٦ پەردەی دەروازەش بۆ دەرگای چادرەکە دروست دەکەیت لە ڕێسی مۆر و باینجانی و سووری ئاڵ و شێیشی ڕسراو، چنراو دەیکەیت بە دەستکردی شارەزایەك. ٣٧ بۆ پەردەی دەروازەکەش پێنج ستوونی لە داری چنار و بە زێڕ ڕووکەشکراو دروست دەکەیت و قوڵابەکانیشیان لە زێڕ بن و پێنج بناغەی مسیشیان بۆ دادەڕێژیت.

# ٢٧

١ قوربانگەش لە داری چنار دروست دەکەیت، بە درێژی پێنج باڵ و پانی پێنج باڵ، قوربانگەکە چوار گۆشە دەبێت و بەرزیەکەشی سێ باڵ دەبێت. ٢ قۆچەکانیشی لەسەر هەر چوار گۆشەکەی دەبێت و قۆچەکان لەخۆی دەبێت و بە مس ڕووکەشی دەکەیت. ٣ جا تەشتەکانی کە بۆ هەڵگرتنی خۆڵەمێشەکەی و هەروەها خاکەناسەکانی و تاسەکانی و چنگاڵەکانی و مەقەڵیەکانی، هەموو قاپوقاچاغەکەی لە مس دروست دەکەیت. ٤ کەتیبەیەکیشی بۆ دروست دەکەیت دروستکراو لە مس وەك تۆڕ، لەسەر تۆڕەکەش چوار ئەڵقەی مس لە سەر هەر چوار لاکەی دروست دەکەیت. ٥ دەیخەیتە ژێر لێواری قوربانگەکە و تۆڕەکەش تا ناوەڕاستی قوربانگەکە دەبێت. ٦ دوو داریش بۆ قوربانگەکە لە داری چنار دروست دەکەیت و بە مس ڕووکەشیان دەکەیت. ٧ دوو

دارەکەش دەخەیتە ناو ئەڵقەکانەوە، ئیتر دارەکان بەهەردوو لای قوربانگاکەوە دەبن لە کاتی هەڵگرتنی. ٨ قوربانگاکەش لە تەختە دروستی دەکەیت و ناوەکەی بۆش دەبێت و هەر وەك لە چیاکە پێشانت درا ئاوای دروست دەکەن. ٩ حەوشەی نشینگەکەش ڕووەو لای باشوور دروستی دەکەیت و بۆ حەوشەکە چەند پەردەیەك دەبێت لە شێیشی ڕسراو بە درێژی سەد باڵ بۆ یەك لا. ١٠ کۆڵەکەکانیشی بیست دانەن و بیست بناغەی مسیشی دەبێت. قوڵابی کۆڵەکەکان و شیشەکانی لە زیو دەبن. ١١ ئاواش بۆ لای باکوور لە درێژیدا پەردەکان سەد باڵ درێژ دەبن، کۆڵەکەکانیشی بیست دانەن و بیست بناغەی مسیشی دەبێت. قوڵابی کۆڵەکەکان و شیشەکانی لە زیو دەبن. ١٢ لە پانی حەوشەکەش بەرەو ڕۆژئاوا چەند پەردەیەك بە درێژی پەنجا باڵ و کۆڵەکەکانی دە و بناغەکانی دە. ١٣ لە پانی حەوشەکەش لە لای ڕۆژهەڵات و ڕووەو ڕۆژهەڵات پەنجا باڵ. ١٤ چەند پەردەیەکیش بۆ لایەکی بە درێژی پانزە باڵ، کۆڵەکەکانی سێ و بناغەکانی سێ دەبن. ١٥ بۆ لایەکەی تریش چەند پەردەیەك بە درێژی پانزە باڵ، کۆڵەکەکانی سێ و بناغەکانی سێ دەبن. ١٦ بۆ دەروازەی حەوشەکەش پەردەیەك کە بیست باڵ درێژ و لە ڕێسی مۆر و باینجانی و سووری ئاڵ و شێیشی ڕسراو، چنراو دەیکەیت بە دەستکردی شارەزایەك و کۆڵەکەکانی چوار و بناغەکانیشی چوار دەبن. ١٧ هەموو کۆڵەکەکانی حەوشەکەش ئەڵقەی زیو هەیە بەدەوریان و قولاپەکانی لە زیو و بناغەکانی لە مسن. ١٨ درێژی حەوشەکە سەد باڵە و پانیەکەی پەنجا بە پەنجایە و بەرزیەکەشی پێنج باڵ و لە شێیشی ڕسراو و بناغەکانیشی لە مسن. ١٩ هەموو قاپوقاچاغەکانی نشینگەکەش لە هەموو خزمەتێکیدا و هەموو سنگەکانی و هەموو سنگەکانی حەوشەکە لە مسن. ٢٠ تۆش فەرمان بە نەوەی ئیسڕائیل دەکەیت تا زەیتی زەیتونی ساف و گوشراوت بۆ ڕووناکی بۆ بهێنن، تا چرا بەردەوام داگیرساو بێت. ٢١ لە چادری ژووان لەدەرەوەی پەردەکە ئەوەی لە بەردەم شایەتیەکەیە، هارۆن و کوڕەکانی لە ئێوارە تا بەیانی لە بەردەم خوداوەند ڕێکی دەخەن، فەرزێکی هەمیشەییە بۆ نەوەکانیان لەناو نەوەی ئیسڕائیلدا.

# ٢٨

١ تۆش هارۆنی برات لە خۆت نزیك بکەوە و کوڕەکانیشی لەگەڵی لەنێوان نەوەی ئیسڕائیلدا ، تا کاهینێتیم بۆ بکەن هارون و ناداب و ئەبیهو و ئەلیعازەر و ئیتامار، کوڕانی هارۆن. ٢ جلوبەرگی پیرۆزیش بۆ هارۆنی برات دروست بکە بۆ شکۆمەندی و جوانی. ٣ تۆش لەگەڵ بەهرەمەندەکان قسە دەکەیت، ئەوانەی پڕم کردوون لە ڕۆحی دانایی، تا جلوبەرگەکەی هارون دروست بکەن بۆ پیرۆز کردنی تا کاهینێتیم بۆ بکات. ٤ ئەمانەش ئەو جلوبەرگەن کە دروستی دەکەن، بەرسینە و ئێفۆد و کەوا و کراسی دامەدامە و مێزەر و کەمەربەند. جا جلوبەرگی پیرۆز بۆ هارۆنی برات و کوڕەکانی دروست دەکەن، تا کاهینێتیم بۆ بکات. ٥ ئەوانیش زێڕ و ڕێسی مۆر و باینجانی و سووری ئاڵ و کەتان وەردەگرن. ٦ ئێفۆدەکەش لە زێڕ و ڕێسی مۆر و باینجانی و سووری ئاڵ و شێیشی ڕسراو بە جۆڵاییەکی شارەزا دروستی دەکەن. ٧ دوو شانیشی هەیە بەستراون پێوەی بە هەردوو لایەوە. ٨ پشتبەستی ئێفۆدەکە کە پێی توند دەکرێت ئەوەی لە سەریەتی، دەبێت بەهەمان دەستکرد و لەخۆی بێت، زێڕ و ڕێسی مۆر و باینجانی و سووری ئاڵ و شێیشی ڕسراو. ٩ دوو بەردی عاشقبەندیش دەهێنی و ناوی کوڕەکانی ئیسڕائیلیان لەسەر نەخش دەکەیت. ١٠ ناوی شەشیان لە سەر بەردێك و ناوی شەشەکەی ماوەتەوە لەسەر بەردی دووەم نەخش دەکەیت بەگوێرەی لەدایك بوونیان. ١١ دەستکردی نەخشسازی بەرد، وەك نەخشی ئەنگوستیلە هەردوو بەردەکە نەخش دەکەیت بەپێی ناوی کوڕەکانی ئیسڕائیل ، دەوردرا و بە چوارچێوەی زێڕ دروستیان دەکەیت. ١٢ دوو بەردەکەش دەخەیتە سەر دوو شانی ئێفۆدەکە، دووبەردی یادگاری بۆ نەوەی ئیسڕائیل ، جا هارون لەبەردەم خوداوەند ناوەکانیان هەڵدەگرێت لەسەر هەردوو شانی وەك یادگار. ١٣ چوارچێوەی زێڕیش دروست دەکەیت و ١٤ دوو زنجیریش لە زێڕی بێگەرد هۆنرابێتەوە دروستیان دەکەیت، دەستکردی ئەگریجە و دوو زنجیرە ئەگریجەکەش لەسەر چوارچێوەکان دادەنێیت. ١٥ هەروەها بەرسینەی دادوەری دروست دەکەیت، دەستکردی جۆڵایەکی شارەزا دروستی دەکەیت وەك ئێفۆدەکە، لە زێڕ و ڕێسی مۆر و باینجانی و سووری ئاڵ و شێیشی ڕسراو دروستی دەکەیت. ١٦ چوار گۆشە و دوو بەر دەبێت، درێژیەکەی بستێك و پانیەکەی بستێك. ١٧ دەیڕازێنیەوە بە چوار ڕیز بەرد، ڕیزێك بەردێکی وەك ئەڵماس بەڵام سوور لەگەڵ کریستاڵی زەرد و بەردێکی وەك ئەڵماس بەڵام سەوز، ١٨ ڕیزی دووەم پیرۆزە و بەردێکی وەك ئەڵماس بەڵام شین و ئەڵماس، ١٩ ڕیزی سێیەم چاوی پشیلە و کریستاڵی هەورین و شیلان، ٢٠ ڕیزی چوارەمیش لازوارد و بەردی عاشقبەند و بەردی سەوز و بەزێڕ دەوردەدرێن لە ڕازانەوەیان. ٢١ بەردەکانیش وەك ناوی کوڕەکانی ئیسڕائیل دەبن دوانزە بە پێی ناوەکانیان، وەك نەخشی ئەنگوستیلە هەریەکە و بەپێی ناوەکەی بۆی دەبێت بۆ دوانزە هۆز. ٢٢ لەسەر بەرسینەکەش زنجیری هۆنراوە لە زێڕی بێگەرد دروست دەکەیت، دەستکردی ئەگریجە. ٢٣ لەسەر بەرسینەکەش دوو ئەڵقەی زێڕین دروست دەکەیت و دوو ئەڵقەکان لەسەر هەر دوو لای بەرسینەکە دادەنێیت. ٢٤ دوو ئەگریجە زێڕینەکەش دەخەیتە ناو دوو ئەڵقەکە لە هەردوو لای بەرسینەکە. ٢٥ هەر دوو سەرەکەی تری دوو ئەگریجەکەش دەخەیتە ناو دوو چوارچێوە و لەسەر شانەکانی ئێفۆدەکەی دادەنێیت بۆ پێشەوەی. ٢٦ دوو ئەڵقەی زێڕیش دروست دەکەیت و دایاندەنێیت لەسەر هەر دوو لای بەرسینەکە لەسەر لێوارەکانی بەدیووی ئێفۆدەکە بە لای ناوەوە. ٢٧ هەروەها دوو ئاڵقەی زێڕین دروست دەکەیت و دەیخەیتە سەر هەر دوو شانی ئێفۆدەکە لەخوارەوە بەدیووی ڕووەکەی، لەنزیك بەیەکبەستنەوەکەی لەسەرووی پشتبەستی ئێفۆدەکە. ٢٨ بەرسینەکەش بە دوو ئەڵقەکەیەوە لە دوو ئەڵقەی ئێفۆدەکە دەبەستن بە داوێك لە ڕێسی مۆر تا لە سەر پشتبەستی ئێفۆدەکە بێت و بەرسینەکەش لە ئێفۆدەکە ناکرێتەوە. ٢٩ جا هارون ناوی نەوەکانی ئیسڕائیل لە بەرسینەکەی دادوەری لەسەر دڵی خۆی هەڵدەگرێت کاتێ دێتە ژوورەوە بۆ پیرۆزگا بۆ یادکردنەوە لەبەردەم خوداوەند بە بەردەوامی. ٣٠ هەروەها لەسەر بەرسینەکەی دادوەری ئۆریم و تۆمیم دادەنێیت و لەسەر دڵی هارون دەبن کاتێ دێتە ژوورەوە بۆ بەردەم خوداوەند، جا هارون دادوەری نەوەی ئیسڕائیل لەسەر دڵی هەڵدەگرێت لەبەردەم خوداوەند بە بەردەوامی. ٣١ کەوای ئێفۆدەکەش هەمووی لە ڕێسی مۆر دروست دەکەیت. ٣٢ کونی سەریشی لە ناوەندی دەبێت و لێواریش دەبێت بۆ کونەکەی بەدەوریدا بەدەستکردی جۆڵا، وەك کونی سپەر بۆی دەبێت و نادڕێت. ٣٣ لەسەر دامێنەکەی بە چواردەوریدا گوڵینگی مۆر و باینجانی و سووری ئاڵ دروست دەکەیت، لەگەڵ زەنگوڵەی زێڕ لەنێوانیدا و بەچواردەوریدا، ٣٤ زەنگوڵەیەکی زێڕ و گوڵینگێك،

زەنگوڵەیەکی زێڕ و گوڵێنگێك، لەسەر دامێنی کەواکە بە چواردەوریدا. ٣٥ جا لەبەر هارۆن دەبێت بۆ خزمەتکردن تا لە چوونە ژوورەوەی بۆ پیرۆزگا بۆ بەردەم خوداوەند و لە هاتنە دەرەوەی دەنگی ببیسترێت نەوەك بمرێت. ٣٦ پلێتێکیش لە زێڕی بێگەرد دروست دەکەیت و پاك و پیرۆزی خوداوەندی لەسەر نەخش دەکەیت وەك نەخشی ئەنگوستیلە. ٣٧ دەیخەیتە سەر داوێکی مۆر و لەسەر مێزەرەکە دەبێت، لە لای پێشەوەی مێزەرەکە دەبێت. ٣٨ لەسەر ناوچەوانی هارۆن دەبێت و بەم شێوەیە هارۆن ئۆباڵی هەر گوناهێکی نەوەی ئیسرائیل هەڵدەگرێت کە پەیوەندی هەبێت بەو قوربانیانەی پێشکەشی دەکەن و بۆ خوداوەندیان تەرخانکردووە، بەردەوامیش لەسەر ناوچەوانی دەبێت تا قوربانیەکان لەبەردەم خوداوەند پەسەند بن. ٣٩ کراسەکەش لە شێیش دەبێت و مێزەرەکەش لە شێیش دروست دەکەیت و کەمەربەندەکەش بە دەستکردی چنین دروستی دەکەیت. ٤٠ بۆ کوڕانی هارۆنیش کراس دروست دەکەیت، هەروەها کەمەربەند و سەرپێچیان بۆ دروست دەکەیت، بۆ شکۆمەندی و جوانی. ٤١ تۆش دەیکەیتە بەر هارۆنی برات و کوڕەکانی لەگەڵی و دەست نیشانیان دەکەیت و تەرخانیان دەکەیت و پیرۆزیان دەکەیت تا کاهینێتیم بۆ بکەن. ٤٢ هەروەها دەرپێیان بۆ دروست دەکەیت بۆ پۆشینی ڕووتیان، لە ناوقەدەوە تا هەردوو ڕان دەبن. ٤٣ جا لەبەر هارۆن و کوڕەکانی دەبن لەهاتنە ژوورەوەیان بۆ چادری ژووان، یان لەنزیك بوونەوەیان لە قوربانگا بۆ خزمەت کردن لە پیرۆزگا، نەوەك تاوان هەڵگرن و بمرن، فەرزێکی هەتاهەتاییە بۆ ئەو و بۆ نەوەکەی لە دوای خۆی.

# ٢٩

١ ئەمەش ئەو شتەیە کە بۆیان دەیکەیت بۆ پیرۆزکردنیان تا کاهینێتیم بۆ بکەن، گوێرەکەی نێر و دوو بەرانی ساغ ببە، ٢ لەگەڵ نانی تیری و کولێرەی فەتیری بە زەیت شێلراو و ناسکەنانی فەتیری بە زەیت چەورکراو و لە ئاردی گەنم دروستیان دەکەیت. ٣ دەیانخەیتە ناو سەبەتەیەك و بە سەبەتەکەوە لەگەڵ گوێرەکە و دوو بەرانەکە پێشکەشیان دەکەیت. ٤ هارۆن و کوڕەکانیشی دەهێنیتە پێش دەروازەی چادری چاوپێکەوتن و بە ئاو دەیان شۆیت. ٥ ئینجا جلەکان دەبەیت و لەبەر هارۆنی دەکەیت، کراسەکە و کەوای ئێفۆدەکە و ئێفۆدەکە و بەرسینەکە و بە پشتبەستی ئێفۆدەکە بۆی دەبەستیەوە. ٦ پاشان مێزەرەکە دەخەیتە سەری و تاجەگوڵینەی پیرۆزیش[أ] دەخەیتە سەر مێزەرەکە. ٧ ئینجا ڕۆنی دەستنیشانکردن بەسەریدا دەکەیت و دەست نیشانی دەکەیت. ٨ کوڕەکانیشی دەهێنیە پێشەوە و کراسیان لەبەر دەکەیت و ٩ کەمەربەندیان لەناوقەد دەبەستی، هارۆن و کوڕەکانی، سەرپێچەکانیان بۆ توند دەکەیتەوە و کاهینێتی دەبێتە فەرزێکی هەتاهەتایی بۆیان و هارۆن و کوڕەکانی تەرخاندەکەیت. ١٠ ئینجا گوێرەکەکە دەهێنیتە پێش چادری چاوپێکەوتن و هارۆن و کوڕەکانی دەستیان لەسەر سەری گوێرەکەکە دادەنێن، ١١ تۆش گوێرەکەکە لەبەردەم خوداوەند سەردەبڕی لە لای دەروازەی چادری چاوپێکەوتن و ١٢ لە خوێنی گوێرەکەکە هەڵدەگریت و بە پەنجەت لەسەر قۆچەکانی قوربانگەکەی دەدەیت و هەموو خوێنەکەی تریش دەڕێژیتە ژێر قوربانگاکە. ١٣ هەموو ئەو پیوەش کە هەناوی پۆشیوە و لەگەڵ ئەوەی ماوەتەوە لەسەر جگەر و هەردوو گورچیلە و ئەو پیوەی لەسەریانە دەهێنی و لەسەر قوربانگاکە دەیانسووتێنی، ١٤ بەڵام گۆشتی گوێرەکەکەو پێستەکەی و ڕیخەکەی لەدەرەوەی ئۆردوگاکە بە ئاگر دەسووتێنی، قوربانی گوناهەیە. ١٥ یەکێکیش لەبەرانەکان دەهێنیت و هارۆن و کوڕەکانی دەستیان لەسەر سەری دادەنێن، ١٦ ئینجا بەرانەکە سەردەبڕی و خوێنەکەی هەڵدەگری و بەسەر قوربانگەکەدا دەیپرژێنی بە چواردەوریدا. ١٧ بەرانەکەش پارچە پارچە دەکەیت و هەناو و پێیەکانی دەشۆیت و دەیخەیتە سەر پارچەکانی و سەرەکەی و ١٨ هەموو بەرانەکە لەسەر قوربانگاکە دەسووتێنی، قوربانی سووتاندنە بۆ خوداوەند، بۆنی خۆشییە، قوربانی بە ئاگرە بۆ خوداوەند. ١٩ بەرانی دووەمیش دەهێنیت و هارۆن و کوڕەکانی دەستیان لەسەر سەری دادەنێن، ٢٠ ئینجا بەرانەکە سەردەبڕی و لە خوێنەکەی هەڵدەگری و لە شلکەی گوێی هارۆن و لە شلکەی گوێی ڕاستی کوڕەکانی دەدەیت، هەروەها لە پەنجە گەورەی دەستە ڕاست و پەنجە گەورەی پێی ڕاستیان دەدەیت، خوێنەکەش بەسەر قوربانگاکەدا دەپرژێنی بە چواردەوریدا. ٢١ ئینجا لە خوێنی سەر قوربانگاکە و لە ڕۆنی دەستنیشانکردنەکە هەڵدەگریت و دەیپرژێنی بەسەر هارۆن و بەسەر جلەکانی و بەسەر کوڕەکانی و بەسەر جلی کوڕەکانی لەگەڵی، جا خۆی و جلەکانی و کوڕەکانی و جلی کوڕەکانی لەگەڵی پاك و پیرۆز دەبن. ٢٢ ئینجا لە بەرانەکە ئەمانە دەبەیت، پیو و دونگ و ئەو پیوەی کە هەناوی پۆشیوە و ئەوەی ماوەتەوە لە جگەر و لە دوو گورچیلەکە و ئەو پیوەی بەسەریانەوەیە و ڕانی ڕاستی، چونکە بەرانی تەرخانکردنە، ٢٣ هەروەها نانێك و کولێرەیەك لەوەی بە زەیتە و ناسکەنانێك لە سەبەتەی فەتیرەکە کە لەبەردەم خوداوەندە. ٢٤ هەمووی دەخەیتە سەر دەستی هارۆن و سەر دەستی کوڕەکانی و لەبەردەم خوداوەند بەرزی دەکاتەوە وەك نیشانەی تەرخانکردن. ٢٥ دواتر لە دەستیان وەریدەگریەوە و لەسەر قوربانگەکە دەیسووتێنی، لەسەر قوربانی سووتاندنەکە، بۆنی خۆشییە لەبەردەم خوداوەند، قوربانی سووتاندنە بۆ خوداوەند. ٢٦ ئینجا سینگەکە لە بەرانی تەرخانکردنەکە کە هی هارۆنە دەبەیت و لەبەردەم خوداوەند بەرزی دەکەیتەوە وەك نیشانەی تەرخانکردن، جا دەبێت بە بەش بۆ تۆ. ٢٧ ئینجا سینگەکە کە بەرزت کردەوە وەك نیشانەی تەرخانکردن لەگەڵ ڕانەکە کە پیتاکە، ئەوەی بەرزت کردەوە وەك نیشانەی تەرخانکردن لەگەڵ ئەوەی پیتاکە لە بەرانی تەرخانکردنەکە ئەوانە هی هارۆن و هی کوڕەکانیەتی و پیرۆزی دەکەیت. ٢٨ جا دەبن بە فەرزێکی هەتاهەتایی بۆ هارۆن و کوڕەکانی لە لایەن نەوەی ئیسرائیلەوە، چونکە پیتاکی بەرزکراوەن و لە لایەن نەوەی ئیسرائیلەوە دەبن بە پیتاکی بەرزکراوە لە قوربانیەکانی ئاشتیان، پیتاکی بەرزکراویانە بۆ خوداوەند. ٢٩ جلوبەرگە پیرۆزەکانی هارۆنیش دوای خۆی بۆ کوڕەکانی دەبێت تا تیایدا دەست نیشان بکرێن و تیایدا تەرخانبکرێن. ٣٠ حەوت ڕۆژ لەبەری دەکات ئەو کاهینەی جێی دەگرێتەوە لە کوڕەکانی، کاتێ دێتە ناو چادری چاوپێکەوتنەوە تا لە پیرۆزگا خزمەت بکات. ٣١ بەرانی تەرخانکردنەکەش دەبەیت و گۆشتەکەی لە شوێنێکی پیرۆز دەکوڵێنیت، ٣٢ جا هارۆن و کوڕەکانی گۆشتی بەرانەکە و نانی ناو سەبەتەکە لای دەروازەکەی چادری چاوپێکەوتن دەخۆن. ٣٣ ئەوانە لێی دەخۆن کە بۆ کەفارەتیان کراوە بۆ تەرخانکردنیان بۆ پیرۆزکردنیان، بەڵام بێگانە لێی ناخوات، چونکە پیرۆزە. ٣٤ ئەگەر لە گۆشتی ئەرك پێ سپاردنەکەش یان لە نانەکە تا

[أ] ٢٩ : ٦ بڕوانە ٢٨ : ٣٦ .

بەیانی مایەوە، ئەوا ئەوەی ماوەتەوە بە ئاگر دەسووتێنرێت و ناخورێت، چونکە پیرۆزە. ٣٥ ئاوا بۆ هارۆن و کوڕەکانی دەکەیت، وەکو هەموو ئەوەی فەرمانم پێکردیت، حەوت ڕۆژ تەرخانیان دەکەیت. ٣٦ گوێرەکەی گوناهەش پێشکەش دەکەیت بۆ هەر ڕۆژێك بۆ کەفارەت بۆیان، قوربانگەکەش پاك دەکەیتەوە بە کەفارەت کردنت لەسەری، بۆیە دەست نیشانی دەکەیت بۆ پاك و پیرۆزکردنی. ٣٧ حەوت ڕۆژ لە سەر قوربانگاکە کەفارەت دەکەیت و پاك و پیرۆزی دەکەیت، جا قوربانگەکە دەبێتە هەرە پیرۆز، هەموو ئەوەی بە قوربانگاکە بکەوێت پاك و پیرۆز دەبێت. ٣٨ ئەمەش ئەوەیە کە لەسەر قوربانگاکە پێشکەشی دەکەیت، هەموو ڕۆژێك بە بەردەوامی دوو بەرانی یەك ساڵان. ٣٩ یەك لە بەرانەکان لە بەیانیدا پێشکەشی دەکەیت و بەرانی دووەمیش لە ئێوارەدا. ٤٠ هەروەها دەیەکی کێشانەیەك ئاردی سفری شێلراو بە چارەکە هەینێك زەیتی زەیتونی ساف و لە مەیی پێشکەش کراویش چارەکە هەینێك شەراب، ئەمە بۆ بەرانی یەکەم، ٤١ بۆ بەرانی دووەمیش ئێوارە پێشکەشی دەکەیت، وەك پێشکەش کراوەکەی بەیانی و وەك مەییە پێشکەش کراوەکەشی بۆ دەکەیت، بۆنی خۆشییە، قوربانی بە ئاگرە بۆ خوداوەند. ٤٢ قوربانی سووتاندنی بەردەوامە بۆ نەوەکانتان لە لای دەروازەی چادری ژووان لەبەردەم خوداوەند، کە لەوێدا لەگەڵتان ژووان دەبەستم تا لەوێدا لەگەڵت بدوێم. ٤٣ لەوێدا ژووان لەگەڵ نەوەی ئیسڕائیل دەبەستم، جا بە شکۆمەندیم پاك و پیرۆز دەبێت. ٤٤ هەروەها چادری ژووان و قوربانگاکە پاك و پیرۆز دەکەم، هارۆن و کوڕەکانیشی پاك و پیرۆز دەکەم تا کاهینێتیم بۆ بکەن. ٤٥ لەناو نەوەی ئیسڕائیلدا نیشتەجێ دەبم و بۆیان دەبم بە خودا. ٤٦ جا دەزانن کە من خوداوەند خودایانم، کە لە خاکی میسرەوە دەرمهێنان تا لەناویاندا نیشتەجێ بم، من خوداوەند خودایانم.

# ٣٠

١ قوربانگای بخوور سووتاندنیش دروست دەکەیت، لە داری چنار دروستی دەکەیت. ٢ درێژیەکەی باڵێك و پانیەکەی باڵێك، چوار گۆشە دەبێت، بەرزەیەکەشی دوو باڵ، قۆچەکانیش لە خۆی دەبێت. ٣ بە زێڕی بێگەردیش ڕووکەشی دەکەیت، سەرەوەی و دیوارەکانی بە چواردەوریدا لەگەڵ قۆچەکانی، هەروەها چوارچێوەیەکی زێڕیشی بەچواردەوردا بۆ دروست دەکەیت. ٤ دوو ئەڵقەی زێڕیشی بۆ دروست دەکەیت، لەژێر چوارچێوەکەیەوە، لەسەر هەر دوو لاکەی، لەسەر هەردوو لاکەی دروستی دەکەیت، تا ببنە گیرە بۆ دوو دار تا پێیان هەڵبگیرێت. ٥ دوو دارەکەش لە داری چنار دروست دەکەیت و بە زێڕ ڕووکەشیان دەکەیت. ٦ لە پێش ئەو پەردەیەی دادەنێیت کە لەبەردەم سندوقی شایەتیە، لەبەردەم شوێنی بەزەیی کە لەسەر شایەتیەکەیە، ئەوەی لەوێ پەیوەندیت لەگەڵ دەبەستم. ٧ جا هارۆن هەموو بەیانییەك بخووری بۆن خۆشی لەسەر دەسوتێنێت، بەیانیان کاتێ چراکان ئامادە دەکات دەیسوتێنێت. ٨ هەروەها کاتێ هارۆن ئێواران چراکان سەردەخات دەیسووتێنێت، بخوورێکی بەردەوامە لەبەردەم خوداوەند بۆ نەوەکانتان. ٩ بخووری بێگانەی سەرمەخەنە سەر، هەروەها قوربانی سووتاندن و پێشکەشکراویش، هیچ مەیێکی پێشکەش کراویشی بەسەردا مەڕێژن. ١٠ هارۆنیش ساڵی جارێك کەفارەت لەسەر قۆچەکانی دەکات، لە خوێنی قوربانی گوناهە کە بۆ کەفارەتە، ساڵی جارێك کەفارەتی لەسەر دەکرێت بۆ نەوەکانتان، هەرە پیرۆزە بۆ خوداوەند. ١١ خوداوەند لەگەڵ موسادا دوا و فەرمووی: ١ کاتێ سەرژمێری نەوەی ئیسڕائیل دەکەیت، هەر یەکەو کەفارەتی گیانی خۆی دەدات بە خوداوەند لە سەرژمێرەکەیان، ئیتر دەردیان تیادا ناکەوێت لەکاتی سەرژمێریان. ١٣ هەر یەکێك بژمێردرێت ئەمە دەدات، نیو شاقل بە شاقلی پیرۆزگا، هەر شاقلێکیش بیست گێرەیە. نیو شاقل پیتاکە بۆ خوداوەند. ١٤ هەموو ئەوانەی دەژمێردرێن و تەمەنیان لە بیست ساڵ و بەسەرەوە بێت، پیتاك بە خوداوەند دەدەن. ١٥ دەوڵەمەند زیاتر نادات و هەژار کەمتر نادات لە نیو شاقل، کاتێ پیتاکەکەی خوداوەند دەدەن بۆ کەفارەتی خۆتان. ١٦ زیوی کەفارەتەکەش لە نەوەی ئیسڕائیل وەردەگریت و بۆ خزمەتی چادری ژووان دای دەنێیت و بۆ نەوەی ئیسڕائیل دەبێت بە یادگار لەبەردەم خوداوەند بۆ کەفارەتی گیانتان. ١٧ هەروەها خوداوەند لەگەڵ موسادا دوا و فەرمووی: ١٨ حەوزێك لە مس دروست بکە و ژێرەکەشی لە مس بێت بۆ شوشتن، لەنێوان چادری ژووان و قوربانگاکەی دادەنێیت و ئاوی تیا دەکەیت. ١٩ جا هارۆن و کوڕەکانی دەست و پێیانی لێ دەشۆن، ٢٠ لە کاتی چوونە ژوورەوەیان بۆ چادری ژووان بە ئاو دەیشۆن نەوەك بمرن، یان کە لە قوربانگەکە نزیك دەبنەوە بۆ خزمەت بۆ سووتاندنی قوربانی بە ئاگر بۆ خوداوەند. ٢١ دەست و پێیان دەشۆن نەوەك بمرن، ئەمەش دەبێتە فەرزێکی هەتاهەتایی بۆ ئەو و بۆ وەچەکەی لە نەوەکانیان. ٢٢ هەروەها خوداوەند لەگەڵ موسادا دوا و فەرمووی: ٢٣ تۆش بۆ خۆت باشترین بۆن ببە، پێنج سەد بەش موڕ و نیوەی ئەوە دوو سەدو پەنجا بەش دارچینی بۆنخۆش و دوو سەد و پەنجا بەش بەلسەمی بۆنخۆش، ٢٤ مێخەکیش پێنج سەد بە شاقلی پیرۆزگا، لە زەیتی زەیتونیش هەینێك. ٢٥ جا دەیکەیت بە ڕۆنێکی پیرۆز بۆ دەست نیشانکردن، عەتری عەتاری دەست کردی عەتار، دەبێت بە ڕۆنێکی پیرۆز بۆ دەست نیشانکردن. ٢٦ جا چادری ژووان و سندوقی شایەتی، ٢٧ لەگەڵ مێزەکە و هەموو قاپوقاچاغەکانی و چرادانەکە و قاپوقاچاخەکانی و قوربانگاکەی بخوور و ٢٨ قوربانگاکەی قوربانی سووتاندن و هەموو قاپوقاچاغەکانی و حەوزەکە و ژێرەکەی پێ دەست نیشان دەکەیت. ٢٩ پاك و پیرۆزیان دەکەیت و دەبنە هەرە پیرۆز، هەر شتێك پێیان بکەوێت پاك و پیرۆز دەبێت. ٣٠ هارۆن و کوڕەکانیشی دەست نیشان دەکەیت و پاك و پیرۆزیان دەکەیت تا کاهینێتیم بۆ بکەن. ٣١ لەگەڵ نەوەی ئیسڕائیلیش قسەدەکەیت و دەڵێیت، ئەمە بۆ من دەبێتە ڕۆنێکی پیرۆز بۆ دەست نیشانکردن لە نەوەکانتان. ٣٢ نابێت بەسەر لەشی مرۆڤدا بکرێت و نابێت بە پێوانەکانی وەك ئەو دروست بکرێت، پاك و پیرۆزە و پاك و پیرۆز دەبێت بۆتان. ٣٣ هەر کەسێك وەك ئەوە عەتاری بکات و هەرکەسێك لەو ڕۆنە بکات بەسەر بێگانەدا، لەناو گەلەکەی دەبڕێتەوە. ٣٤ هەروەها خوداوەند بە موسای فەرموو: بۆن و بەرام بۆ خۆت ببە، مەستەکی و بۆنی گوێچکە ماسی و موڕی بۆنخۆش و بخووری ساف، بەشی یەکسان بن، ٣٥ دەیانکەیت بە بخووری بۆنخۆش، دەستکردی عەتار، سوێرکراوی پاك و پیرۆز. ٣٦ هەندێکی لێ وورد دەکەیت وەك تۆز و لەبەردەم شایەتییەکەی دادەنێیت لەناو چادری ژووان، ئەوەی لەوێ ژووانت لەگوڵ دەبەستم، دەبێتە هەرە پیرۆز بۆتان. ٣٧ ئەو بخوورەی بە پێوانەی ئەو دروستی دەکەن نابێت بۆ خۆتانی دروست بکەن، پاك و پیرۆز دەبێت بۆت بۆ خوداوەند، ٣٨ هەر کەسێك وەك ئەوە دروست بکات تا بۆنی بکات، لەناو گەلەکەی دەبڕێتەوە.

# ٣١

١ هەروەها خوداوەند لەگەڵ موسادا دوا و فەرمووی:
٢ بڕوانە، ئەوا من بەسلیئێلی کوڕی ئوری کوڕی حورم لە
هۆزی یەهوزا بە ناوی خۆی بانگ کردووە، ٣ لە ڕۆحی
خوداشەوە پڕم کردووە بە دانایی و تێگەیشتن و زانین و
هەموو کارێك. ٤ بۆ داهێنانی داهێنانەکان، بۆ کارکردن لە
زێڕ و زیو و مس، ٥ بۆ تاشینی بەرد بۆ ڕازاندنەوە و بۆ
دارتاشی، بۆ کارکردن لە هەموو کارێك. ٦ ئەوەتا منیش
ئۆهۆلیئابی کوڕی ئەخیساماك کە لە هۆزی دانە، لەگەڵ ئەوم
داناوە و دانایيم خستۆتە دڵی هەموو دانایەك تا هەموو ئەوە
بکەن کە فەرمانم پێکردی، ٧ چادری ژووان و سندوقەکەی
شایەتی و شوێنەکەی بەزەیی کە لەسەریەتی و هەموو
قاپوقاچاغەکانی چادرەکە و ٨ مێزەکە و قاپوقاچاغەکانی و
چرادانەکە کە لە زێڕی بێگەردە و هەموو قاپوقاچاغەکانی و
قوربانگای بخوور و ٩ قوربانگاکەی قوربانی سووتاندن و
هەموو قاپوقاچاغەکانی و حەوزەکە و ژێرەکەی و
١٠ جلوبەرگە چنراوەکان و جلوبەرگە پاك و پیرۆزەکان بۆ
هارونی کاهین و جلوبەرگی کوڕەکانی بۆ کاهینێتی و
١١ ڕۆنەکەی دەست نیشانکردن و بخووری بۆنخۆش بۆ پاك و
پیرۆزی، وەك هەموو ئەوەی فەرمانم پێ کردیت، دەیکەن.
١٢ هەروەها خوداوەند لەگەڵ موسادا دوا و فەرمووی: ١٣ تۆ
لەگەڵ نەوەی ئیسرائیلدا دەدوێی و دەڵێیت، دەبێت پشووە
پیرۆزەکانم بپارێزن، چونکە نیشانەیە لەنێوان من و ئێوەدا بۆ
نەوەکانتان تا بزانن من خوداوەندم کە پاك و پیرۆزتان دەکەم.
١٤ جا شەبەت دەپارێزن، چونکە پاك و پیرۆزە بۆتان، ئەوەی
گڵاوی بکات بەکوشتن دەکوژرێت، چونکە هەر کەسێك لەو
پشووەدا کارێك بکات ئەوا لەناو گەلەکەی دەبڕێتەوە. ١٥ شەش
ڕۆژ کار دەکرێت و لە ڕۆژی حەوتەمدا پشوودانی شەبەتە،
پاك و پیرۆزە بۆ خوداوەند، هەر کەسێك لە ڕۆژی پشووی
پیرۆزدا کاربکات بەکوشتن دەکوژرێت. ١٦ جا نەوەی
ئیسرائیل شەبەت دەپارێزن، تا شەبەت بکەن لەنەوەکانیان
وەك پەیمانێکی هەتاهەتایی، ١٧ لەنێوان من و نەوەی
ئیسرائیلدا نیشانەیەکە بۆ هەتاهەتایە، چونکە لە شەش ڕۆژدا
خوداوەند ئاسمان و زەوی دروست کرد و لە ڕۆژی
حەوتەمدا پشوویدا و هەناسەیەکیدا. ١٨ ئینجا کە لە قسەکانی
بووەوە لەگەڵ موسادا لە چیای سینا، دوو تەختەکەی شایەتی
دا بە موسا، تەختەی بەرد بوون و بە پەنجەی خودا نووسرا
بوون.

# ٣٢

١ کاتێ گەل بینی موسا دواکەوت لە هاتنە خوارەوە لە چیاکە،
جا لەسەر هارون کۆبوونەوە و پێیان وت: هەستە!
خودایەکمان بۆ دروست بکە لەپێشمانەوە بڕوات، چونکە ئەم
موسایە، ئەو پیاوەی کە لە خاکی میسرەوە سەریخستین،
نازانین چی لێهات! ٢ هارونیش پێی وتن: ئەو گوارە
زێڕانەی لە گوێی ژنەکانتان و کوڕەکانتان و کچەکانتانن
لێبکەنەوە و بۆمی بهێنن. ٣ جا هەموو گەل ئەو گوارانەی لە
گوێیان بوون لێیانکردنەوە و بۆ هارونیان هێنا. ٤ ئەویش
لەدەستیانی وەرگرت و بە قاڵب وێنەی کێشا و کردی بە
گوێرەکەیەکی لەقاڵبدراو، جا وتیان: ئەمە خوداکەتە ئەی
ئیسرائیل ، ئەوەی لە خاکی میسرەوە تۆی دەرهێنا. ٥ کاتێ
هارون بینی، قوربانگایەکی لە پێشی دروست کرد و
بانگەوازی داو وتی: بەیانی جەژنە بۆ خوداوەند. ٦ جا بەیانی
زوو هەستان و قوربانی سووتاندنیان سەرخست و قوربانی
ئاشتیان پێشکەش کرد، ئینجا گەل بۆ خواردن و خواردنەوە
دانیشتن و پاشان هەستان بۆ ڕابواردن. ٧ جا خوداوەند بە
موسای فەرموو: بڕۆ خوارەوە، چونکە گەلەکەت گەندەڵ
بوو، ئەوەی لە خاکی میسرەوە سەرتخست. ٨ زوو لایاندا لەو
ڕێگایەی کە فەرمانم پێکردن، گوێرەکەیەکی لەقاڵبدراویان بۆ
خۆیان دروست کردووە و کڕنۆشی بۆ دەبەن و قوربانی بۆ
سەردەبڕن و دەڵێن، ئەمە خوداتە ئەی ئیسرائیل ، ئەوەی لە
خاکی میسرەوە سەریخستیت. ٩ هەروەها خوداوەند بە موسای
فەرموو: تەماشای ئەم گەلەم کرد و ئەوەتا گەلێکی کەلە ڕەقە.
١٠ ئێستاش لێمگەڕێ با تووڕەییم بەسەریاندا بێتە جۆش و
کۆتایان پێ بهێنم، تۆش دەکەم بە گەلێکی مەزن. ١١ موساش
لە خوداوەند خودای پاڕایەوە و وتی: خوداوەند، بۆچی
تووڕەییت بەسەر گەلەکەت دێتە جۆش، کە لە خاکی میسرەوە
بەتوانایەکی مەزن و دەستێکی بەهێزەوە دەرتهێنا؟ ١٢ بۆچی
میسرییەکان بڵێن، بە نیاز خراپی دەریهێنان تا لە چیاکان
بیانکوژێت و لەسەر ڕووی زەوی نەیانهێڵێت؟ لە جۆشی
تووڕەیت بگەڕێوە و پەشیمانبەوە لەوەی خراپە بە گەلەکەت
بکەیت. ١٣ ئیبراهیم و ئیسحاق و ئیسرائیلی خزمەتکارانت
بەبیر بێتەوە کە بە خۆت سوێندت بۆیان خوارد و پێیانت
فەرموو، نەوەکانتان زۆر دەکەم وەك ئەستێرەکانی ئاسمان و
هەموو ئەم خاکەش کە باسم کرد، دەیدەم بە نەوەکانتان و
دەبێتە موڵکیان بۆ هەتاهەتایە. ١٤ جا خوداوەند پەشیمان
بووەوە لەو خراپەیەی فەرمووی، بە گەلەکەی دەیکات. ١٥ جا
موسا ڕووی وەرگێڕا و لە چیاکە هاتە خوارەوە و هەر دوو
تەختەی شایەتیەکەش بەدەستیەوە بوو، ئەو تەختانەی لە
هەردوو ڕووەکەی نووسرابوون، لەملا و لەولاوە
نووسرابوون. ١٦ تەختەکان دەستکردی خودان و
نووسینەکەش نووسینی خودایە لەسەر تەختەکان نەخش
کراوە. ١٧ کاتێ یەشوع گوێی لە دەنگی گەل بوو کە هەرایان
بوو، بە موسای وت: دەنگی جەنگە لە ئۆردوگاکە! ١٨ ئەویش
وتی: نە دەنگی هاواری سەرکەوتنە، نە دەنگی هاواری
دۆڕان، بەڵکو دەنگی گۆرانیە، ئەوەی گوێم لێیە. ١٩ ئەوەبوو
کاتێ لە ئۆردوگاکە نزیك کەوتەوە، چاوی بە گوێرەکە و
سەما کەوت، جا تووڕەیی موسا جۆشا و هەردوو تەختەکەی
لە دەستیەوە فڕێدا و لە خوار چیاکە شکاندنی. ٢٠ ئینجا ئەو
گوێرەکەیەی دروستیان کردبوو بردی و بە ئاگر سووتاندی و
هاڕی تا بوو بە تۆز و بەسەر ئاوەکەدا بەبای کرد و ئاوەکەی
بە نەوەی ئیسرائیل خواردەوە. ٢١ موسا بە هارونی وت: ئەم
گەلە چییان لێ کردووی تا ئەو گوناهە گەورەیەیان بەسەر
بهێنی؟ ٢٢ هارونیش وتی: با تووڕەیی گەورەم نەجۆشێ،
خۆت ئەم گەلە دەناسی کە لە خراپە دایە. ٢٣ پێیان وتم چەند
خودایەکمان بۆ دروست بکە کە لە پێشمانەوە بڕۆن، چونکە
ئەم موسایە، ئەو پیاوەی لە خاکی میسرەوە سەریخستین
نازانین چی لێ هات. ٢٤ منیش پێم وتن، کێ زێڕی هەیە با
لێیبکاتەوە و بمداتێ، جا فڕێمدایە ناو ئاگرەوە و ئەم
گوێرەکەیەی لێ دەرچوو. ٢٥ موسا بینی گەل بەڕەڵا کراوە،
چونکە هارون بەڕەڵای کردبوون تا ببن بە گاڵتەجاڕ لەنێو
بەرهەڵستکارانیان. ٢٦ ئینجا موسا لە دەروازەی ئۆردوگاکە
وەستا و وتی: کێ بۆ خوداوەندە با بێتە لام. جا هەموو نەوەی
لێڤی لێی کۆبوونەوە. ٢٧ ئەویش پێی وتن: خوداوەند خودای
ئیسرائیل ئاوای وت، با هەریەکە شمشێرەکەی بکات بە
لارانیەوە، دەروازە بە دەروازە بە ئۆردوگاکەدا تێپەڕن و
بگەڕێنەوە، با هەریەکە و بکوژێت، جا برای بێت یان برادەر

یان خزم. ٢٨ ئەوەی لێڤیش وایان کرد، وەك موسا وتی و ئەو
ڕۆژە نزیکەی سێ هەزار پیاو لە گەل کەوتن. ٢٩ موسا وتی:
ئەمڕۆ با هەریەکەو بە کوڕەکەی یان بە براکەی بۆ خوداوەند
تەرخان بکرێت، جا ئەمڕۆ بەرەکەتتان بەسەردا دەدات.
٣٠ ئەوە بوو بۆ بەیانی موسا بە گەلی وت: ئێوە گوناهێکی
گەورەتان کرد، ئێستا سەردەکەوم بۆ لای خوداوەند، بەڵکو
کەفارەتی گوناهەکەتان بکەم. ٣١ جا موسا گەڕایەوە لای
خوداوەند و وتی: ئای کە ئەم گەلە گوناهێکی گەورەی کرد و
خودای زێڕیان بۆ خۆیان دروست کرد، ٣٢ ئێستاش لە
گوناهیان خۆشبە، ئەگەر نا، بمسڕەوە لە کتێبەکەی خۆت کە
نووسیووتە. ٣٣ خوداوەندیش بە موسای فەرموو: ئەوەی
گوناهی سەبارەت بە من کردبێت لە کتێبی خۆم دەیسڕمەوە.
٣٤ ئێستاش بڕۆ ڕێبەری گەل بکە بۆ ئەو شوێنەی پێم وتیت،
ئەوەتا فریشتەکەم لە پێشتەوە دەڕوات، بەڵام لە ڕۆژی
بەسەرکردنەوەم گوناهەکانیان بەسەردەکەمەوە. ٣٥ ئیتر
خوداوەند لە گەلی دا لەسەر ئەوەی ئەو گوێرەکەیەیان
دروست کرد کە هارون دروستی کرد.

# ٣٣

١ خوداوەند بە موسای فەرموو: بڕۆ لێرە بەرەو ژوورەوە،
خۆت و ئەو گەلەی لە خاکی میسرەوە سەرتخستن بۆ ئەو
خاکەی سوێندم بۆ ئیبراهیم و ئیسحاق و یاقوب خوارد و
فەرمووم، بە نەوەکەتی دەدەم. ٢ فریشتەیەکیش لە پێشتەوە
دەنێرم و کەنعانییەکان و ئەمورییەکان و حیتییەکان و
فەرزییەکان و حیوییەکان و یەبوسییەکان ڕادەماڵم. ٣ بۆ
خاکێك شیر و هەنگوینی لێ دەڕژێتەوە، بەڵام من لەناوەندت
سەرناکەوم، چونکە تۆ گەلێکی کەللە ڕەقی و نەوەك لە ڕێگا
کۆتایت پێ بهێنم. ٤ کاتێ گەل گوێیان لەم قسە خراپانە بوو،
شینیان گێڕا و کەس خۆی نەڕازاندەوە. ٥ خوداوەندیش بە
موسای فەرموو: بە نەوەی ئیسرائیل بڵێ، ئێوە گەلێکی کەللە
ڕەقن، بۆ یەك خولەك دابەزمە ناوتان کۆتایتان پێدەهێنم،
ئێستاش جوانکاریەکەت داکەنە و بزانە چیت پێدەکەم. ٦ جا
نەوەی ئیسرائیل جوانکاریەکانیان لە چیای حوریب داکەند.
٧ موساش چادرەکەی هێنا و لە دەرەوەی ئۆردوگاکە، دوور
لە ئۆردوگاکە هەڵیدا و ناوی لێنا چادری ژووان، جا هەموو
ئەوانەی داوای خوداوەندیان دەکرد، دەچوون بۆ چادری
ژووان، ئەوەی لە دەرەوەی ئۆردوگاکە بوو. ٨ ئەوەبوو کاتێ
موسا بۆ چادرەکە دەرچوایە هەموو گەل هەڵدەستان و
هەریەکە لە دەروازەی چادرەکەی خۆی دەوەستا و دەیڕوانیە
دوای موسا تا دەچووە ناو چادرەکەوە. ٩ ئەوەبوو کە موسا
دەچووە ناو چادرەکەوە ستوونێکی هەور دادەبەزی و لەبەر
دەروازەی چادرەکە دەوەستا و لەگەڵ موسادا دەدوا.
١٠ گەلیش هەموو ستونی هەورەکەیان دەبینی لەبەر
دەروازەی چادرەکە وەستاوە، جا هەموو گەل هەڵدەستان و
کڕنۆشیان دەبرد هەریەکە و لەبەر دەروازەی چادرەکەی
خۆی. ١١ خوداوەندیش ڕووبەڕوو لەگەڵ موسادا دەدوا، هەر
وەك یەکێك لەگەڵ برادەرەکەی بدوێ. کاتێکیش دەگەڕایەوە
بۆ ئۆردوگاکە، یەشوعی کوڕی نون، خزمەتکارەکەی لەناو
چادرەکە دەرنەدەچوو. ١٢ موسا بە خوداوەندی وت: بڕوانە،
تۆ بە منت فەرموو، ئەم گەلە سەرخە و تۆش پێت نەناساندم
کێ لەگەڵم دەنێریت، هەروەها تۆ فەرمووت، دەتناسم و
ناویشت دەزانم و پەسەندی لەچاوانم. ١٣ ئێستاش گەر پەسەندم
لە چاوانت، ڕێگای خۆتم فێر بکە، تا بتناسم، بۆ ئەوەی
پەسەند بم لە چاوانت، هەروەها ببینە چونکە ئەم نەتەوەیە
گەلی خۆتە. ١٤ خوداوەند فەرمووی: ئامادەبوونم لەگەڵت
دەڕوات و دەتحەسێنمەوە. ١٥ موساش پێی وت: گەر
ئامادەبوونت لەگەڵمان نەڕوات، لێرەوە سەرمان مەخە.
١٦ بەچیش دەزانرێت کە پەسەندم لە چاوانت من و گەلەکەت،
ئایا بە ڕۆیشتنت نیە لەگەڵمان؟ جا بەمە جیادەکرێینەوە لە
هەموو گەلانی سەر ڕووی زەوی. ١٧ خوداوەندیش بە موسای
فەرموو: هەروەها ئەم شتەش کە باست کرد دەیکەم، چونکە
پەسەند بوویت لەچاوانم و بە ناوت تۆم ناسی. ١٨ ئینجا وتی:
شکۆمەندی خۆتم پیشان بدە. ١٩ ئەویش فەرمووی: هەموو
چاکیم لەبەرامبەرت تێپەڕدەکەم و لەبەردەمت بە ناوی
خوداوەندەوە بانگ دەکەم و میهرەبان دەبم لەگەڵ ئەوەی
بمەوێت و بە بەزەیی دەبم لەگەڵ ئەوەی بمەوێت. ٢٠ ئینجا
فەرمووی: ناتوانی ڕووم ببینیت، چونکە کەس نییە بمبینێت و
بژی. ٢١ هەروەها خوداوەند فەرمووی: ئەوەتا شوێنێکم هەیە
و لەسەر ئەو تاشە بەردە بوەستە. ٢٢ کاتێ شکۆمەندیم
تێدەپەڕێت، ئەوا دەتخەمە کەلێنێکی بەردەکە و بە دەستم
دادەپۆشم تا تێپەڕ دەبم، ٢٣ دواتر دەستم هەڵدەگرم و تۆ لە
دواوە دەمبینیت، بەڵام ڕووم نابینرێت.

# ٣٤

١ ئینجا خوداوەند بە موسای فەرموو: دوو تەختە بەردی وەك
ئەوانەی یەکەم بۆ خۆت بتاشە، منیش لەسەر دوو تەختەکە
ئەو وشانە دەنووسمەوە کە لەسەر دوو تەختەکەی یەکەم
بوون و تۆ شکاندت. ٢ بۆ بەیانیش ئامادەبە و لە بەیانیدا
سەرکەوە بۆ سەر چیای سینا و لەوێدا لەسەری چیاکە بۆم
بوەستە. ٣ کەس لەگەڵت سەرنەکەوێت و لەهەموو چیاکە
کەس نەبینرێت و هەروەها مەڕ و مانگاش لە لای چیاکەوە
نەلەوەڕێنرێت. ٤ جا موساش دوو تەختە بەردی وەك ئەوانەی
یەکەمی تاشی و بەیانی زوو هەستا و سەرکەوتە سەر چیای
سینا، هەروەك خوداوەند فەرمانی پێکرد و لەگەڵ دەستیشی
دوو تەختە بەردەکەی هەڵگرت. ٥ خوداوەند لە هەورەوە
دابەزی و لەوێ لە لای وەستا و بە ناوی خوداوەندەوە
بانگیکرد. ٦ ئینجا خوداوەند لە بەردەمیەوە تێپەڕی و
بانگیکرد: خوداوەند، خوداوەند، خودایەکی بە بەزەیی و
میهرەبانە، درەنگ توڕە دەبێت و پەیمانی خۆشەویستی و
دڵسۆزی زۆرە. ٧ پەیمانی خۆشەویستی دەپارێزێت بۆ
هەزاران، لە تاوان و یاخیبوون و گوناه خۆشدەبێت، بەڵام
چاو لەگوناه ناپۆشێت و تاوانی باوکان لە کوڕان و کوڕی
کوڕان بەسەر دەکاتەوە تا نەوەی سێیەم و چوارەم. ٨ جا موسا
خێرا بەرەو زەوی ڕۆچوو و کڕنۆشی برد و ٩ وتی: ئای
خوداوەند، ئەگەر پەسەندم لە چاوانت، با خوداوەند لە گەڵمان
بڕوات، چونکە گەلێکی کەللە ڕەقە، تۆش لە تاوان و
گوناهمان خۆشبە و بمانکە بە موڵکی خۆت. ١٠ ئەویش
فەرمووی: ئەوەتا پەیمانێك دەبەستم لە بەرامبەر هەموو
گەلەکەت، کاری سەرسوڕهێنەری وا دەکەم کە لە هەموو
زەویدا و لەناو هەموو میللەتاندا بەدینەهێنرابێت، هەموو ئەو
گەلەش کە تۆ لە نێوانیاندای کرداری خوداوەند دەبینن، چونکە
ئەوەی من لەگەڵ تۆدا دەیکەم سامناکە. ١١ ئەوەی ئەمڕۆ
فەرمانت پێ دەدەم بیپارێزە، ئەوەتا من ئەمورییەکان و
کەنعانییەکان و حیتییەکان و فەرزییەکان و حیوییەکان و
یەبوسییەکان لەپێشت دەردەکەم، ١٢ ئاگادار بە هیچ پەیمانێك
نەبەستی لەگەڵ دانیشتووانی ئەو خاکەی دێیتە سەری، نەوەك

بینە تەڵە لە ناوەندت. ١٣ بەڵکو قوربانگاکانیان دەڕوخێنن و
ستوونە بەردینەکانیان دەشکێنن و ئەشێرەکانیان دەبڕنەوە.
١٤ بۆ خودایەکی تر کڕنۆش نابەیت، چونکە خوداوەند ناوی
ئێرەدارە، خودایەکی ئێرەدارە. ١٥ نەوەك پەیمان لەگەڵ
دانیشتووانی زەویەکە ببەستی و کاتێ داوێن پیسی دەکەن
بەدوای خوداکانیان و قوربانی بۆ خوداکانیان سەر دەبڕن و
داوەتت دەکەن و تۆش لە قوربانیەکەیان دەخۆیت. ١٦ کچانیان
بۆ کوڕانت دەخوازیت و کچانیان داوێن پیسی دەکەن بەدوای
خوداکانیان و وا دەکەن کوڕانی تۆش داوێن پیسی بکەن
بەدوای خوداکانیان. ١٧ خودای لەقاڵبدراو بۆ خۆت دروست
مەکە. ١٨ جەژنی فەتیر دەپارێزی، حەوت ڕۆژ نانی تیری
دەخۆیت، وەك فەرمانم پێکردیت لەکاتی مانگی ئەبیب،
چونکە لە مانگی ئەبیبدا لە میسر دەرچوویت. ١٩ هەموو
نۆبەرەی سکێك بۆ منە، هەروەها هەر نۆبەرەیەکی نێر لە
مەڕومالاتەکەت لە گاو بەران، ٢٠ بەڵام نۆبەرەی گوێدرێژ
ئەوا بە بەرانێك دەیکڕیەوە، ئەگەر نەیکڕیەوە، دەبێت ملی
بشکێنین، هەموو نۆبەرەیەك لە کوڕەکانت دەکڕیەوە، بە
بەتاڵی لە بەردەمم دەرنەکەون. ٢١ شەش ڕۆژ کار دەکەیت و
لە ڕۆژی حەوتەمدا شەبەتە، لەکاتی کێڵان و لەکاتی
دروێنەش پشوو دەدەیت. ٢٢ جەژنی هەفتەکان بۆ خۆت
دەکەیت، یەکەم بەری دروێنەی گەنم و جەژنی کۆکردنەوە لە
کۆتایی ساڵدا. ٢٣ لە ساڵێکدا سێ جار هەموو نێرینەکانت
لەبەردەم خوداوەندت، خوداوەند خودای ئیسرائیل
دەردەکەون. ٢٤ چونکە گەلان لە بەردەمت دەردەکەم و
سنوورەکانت فراوان دەکەم، کەسیش چاونابڕێتە خاکەکەت،
کاتێ دەردەچیت تا لەبەردەم خوداوەند خودات سێ جار لە
ساڵێکدا دەربکەویت. ٢٥ خوێنی قوربانیم لەگەڵ شتی بە
هەویرترش پێشکەش مەکەن، قوربانی جەژنی پەسەخ بۆ
بەیانی نەمێنێتەوە. ٢٦ یەکەم نۆبەرەی زەویەکەت بۆ ماڵی
خوداوەند خودات دەهێنیت. هیچ کاریلەیەك بە شیری دایکی
لێ مەنێ. ٢٧ هەروەها خوداوەند بە موسای فەرموو: ئەم وتانە
بۆ خۆت بنووسە، چونکە بەگوێرەی ئەو وتانە پەیمانم لەگەڵ
تۆ و لەگەڵ ئیسرائیلدا بەست. ٢٨ جا چل ڕۆژ و چل شەو
لەوێ بوو لە لای خوداوەند، نانی نەخوارد و ئاوی
نەخواردەوە، لەسەر دوو تەختەکەش وتەکانی پەیمانی
نووسی، دە ڕاسپاردەکە. ٢٩ ئەوە بوو لە هاتنە خوارەوەی
موسا لە چیای سینا، هەردوو تەختەکەی شایەتی بە دەست
موساوە بوو، لە هاتنە خوارەوەی لە چیاکە موسا نەیزانی کە
پێستی دەموچاوی دەدرەوشێتەوە، لەبەر قسەکردنی لەگەڵ
خوداوەند. ٣٠ جا هاڕون و هەموو نەوەی ئیسرائیل بینیان
ئەوەتا موسا دەموچاوی دەدرەوشایەوە، ئیتر ترسان لێی نزیك
ببنەوە. ٣١ موساش بانگی کردن، ئیتر هاڕون و هەموو
سەرکردەکانی ناو کۆمەڵ گەڕانەوە لای و موساش لەگەڵیان
دوا. ٣٢ دواتر هەموو نەوەی ئیسرائیل نزیك کەوتنەوە،
ئەویش فەرمانی پێدان بە هەموو ئەوەی خوداوەند لەگەڵی دوا
لە چیای سینا. ٣٣ کاتێ موسا لە قسەکانی بووەوە لەگەڵیان،
پێچەیەکی لەسەر دەموچاوی دانا. ٣٤ ئیتر موسا لە چوونە
ژوورەوەی بۆ بەردەم خوداوەند بۆ قسەکردن لەگەڵی
پێچەکەی لادەدا تا دەچووە دەرەوە، ئینجا دەچووە دەرەوە و
لەگەڵ نەوەی ئیسرائیل دەدوا سەبارەت بەوەی فەرمانی
پێکرابوو. ٣٥ جا نەوەی ئیسرائیل گەر دەموچاوی موسایان
ببینیایە کە پێستی دەموچاوی دەدرەوشێتەوە، موسا پێچەکەی
دەگەڕاندەوە سەر دەموچاوی تا دەچووە ژوورەوە بۆ ئەوەی
لەگەڵی بدوێ.

# ٣٥

١ موسا هەموو کۆمەڵی نەوەی ئیسرائیلی کۆکردەوە و پێی
وتن: ئەمانە ئەو ووشانەن کە خوداوەند فەرمانی کردووە
بکرێن، ٢ شەش ڕۆژ کار دەکرێت و لە ڕۆژی حەوتەمدا
بۆتان دەبێت بە پاك و پیرۆز، پشوودانی شەبەتە بۆ
خوداوەند، ئەوەی کاری تیادا بکات دەبێت بمرێت. ٣ لە
هەموو نشینگەکانتان نابێت ئاگر بکرێتەوە لە ڕۆژی شەبەتدا.
٤ هەروەها موسا لەگەڵ هەموو کۆمەڵی نەوەی ئیسرائیل دوا
و وتی: ئەمە ئەو شتەیە کە خوداوەند فەرمانی پێ کرد و
فەرمووی، ٥ لە لای خۆتانەوە پیتاك بۆ خوداوەند ببەن، هەر
کەسێك بە خواستی دڵی با پیتاك بۆ خوداوەند بهێنێت، لە زێڕ
و زیو و مس و ٦ ڕێسی مۆر و باینجانی و سووری ئاڵ و
کەتان و مووی بزن و ٧ پێستی بەرانی خۆشەکراو بە ڕەنگی
سوور و پێستی دۆلفین و داری چنار و ٨ زەیت بۆ ڕووناکی
و بۆنوبەرام بۆ ڕۆنی دەست نیشانکردن و بۆ بخووری
بۆنخۆش و ٩ بەردی عاشقبەند و بەردی ڕازاندنەوە بۆ ئێفۆد
و بۆ بەرسینەکە. ١٠ هەموو بەهرەمەندێکیش لەناوتان با بێت
و ئەوە بکات کە خوداوەند فەرمانی پێکردووە. ١١ نشینگەکە و
چادرەکەی و پۆشەرەکەی و فاقەکانی و تەختەکانی و
کاریتەکانی و کۆڵەکەکانی و بناغەکانی، ١٢ سندوقەکە و
دارەکانی و شوێنی بەزەیی و پەردەکەی پەردەی دەروازە،
١٣ مێزەکە و دارەکانی و هەموو قاپوقاچاغەکەی و نانی
تەرخانکراو، ١٤ چرادانەکەی ڕوناکی و قاپوقاچاغەکانی و
چراکانی و زەیتی ڕوناکی، ١٥ قوربانگەکەی بخوور و دوو
دارەکەی و ڕۆنەکەی دەست نیشانکردن و بخووری بۆنخۆش
و پەردەکەی دەروازە بۆ دەروازەی نشینگەکە،
١٦ قوربانگاکەی قوربانی سووتاندن و کەتیبە مسەکەی کە
هەیەتی و دوو دارەکەی و هەموو قاپوقاچاغەکانی و
حەوزەکە و ژێرەکەی، ١٧ پەردەکانی حەوشەکە و
کۆڵەکەکانی و بناغەکانی و پەردەی دەروازەی حەوشەکە،
١٨ سنگەکانی نشینگەکە و سنگەکانی حەوشەکە و
گوریسەکانیان، ١٩ جلوبەرگە چنراوەکان بۆ خزمەتکردن لە
پیرۆزگا، جلوبەرگە پاك و پیرۆزەکانی هاڕونی کاهین و
جلوبەرگی کوڕەکانی بۆ کاهینێتی. ٢٠ ئینجا هەموو کۆمەڵی
نەوەی ئیسرائیل لەبەردەم موسا چوونەدەرەوە. ٢١ دواتر
هەموو ئەوانەی دڵیان هانیدان و ڕۆحیان خواستی، هاتن و
پیتاکی خوداوەندیان هێنا بۆ دروستکردنی چادری ژووان و
بۆ هەموو خزمەتەکە و بۆ جلوبەرگە پاك و پیرۆزەکان.
٢٢ جا پیاوان و ژنان هاتن، هەموو بە خواستی دڵیان
لووتەوانە و گوارە و ئەنگوستیلە و ملوانکە و هەموو خشڵێکی
زێڕ، هەر کەسێك کە پێشکەشکراوی زێڕی پێشکەش بە
خوداوەند کرد. ٢٣ هەر کەسێکیش کە ڕێسی مۆر و باینجانی
و سووری ئاڵ و شێیش و موی بزن و پێستی بەرانی
خۆشەکراو بە ڕەنگی سوورو پێستی دۆلفینی هەبوو هێنایان.
٢٤ هەر پیتاك بەخشێکی پیتاکی زیو و مسیش پیتاکی
خوداوەندیان هێنا، هەر کەسێکیش داری چناری هەبوو هێنای
بۆ بەکارهێنانی لەهەر خزمەتێك. ٢٥ هەموو ژنێکی
بەهرەمەندیش بە دەستی ڕستنی ڕست و ڕێسەکەی هێنا،
ڕێسی مۆر و باینجانی و سووری ئاڵ و شێیش. ٢٦ هەموو
ئەو ژنانەش کە دڵیان هانیدان بەداناییەوە مووی بزنیان
ڕست. ٢٧ سەرکردەکانیش بەردی عاشقبەند و بەردەکانی
ڕازاندنەوەی ئێفۆد و بەرسینەکەیان هێنا. ٢٨ هەروەها بۆن و
زەیت بۆ ڕووناکی و بۆ ڕۆنی دەست نیشانکردن و بخووری
بۆنخۆش. ٢٩ هەموو پیاو و ژنێك لە نەوەی ئیسرائیل کە بە

خواستی دڵیان دیاریان هێنا بۆ بەکارهێنانی لەوەی خوداوەند فەرمانی پێکردبوو لەسەر دەستی موسا، بەخواستی خۆیان هێنایان بۆ خوداوەند. ٣٠ موساش بە نەوەی ئیسرائیلی وت: بڕوانن، خوداوەند بەسلیئێلی کوڕی ئوری کوڕی حوری لە هۆزی یەهوزا بەناوی خۆی بانگ کردووە، ٣١ لە ڕۆحی خوداشەوە پڕی کردووە بە دانایی و تێگەیشتن و زانین و هەموو کارێك. ٣٢ بۆ داهێنانی داهێنانەکان، بۆ کارکردن لە زێڕ و زیو و مس، ٣٣ بۆ تاشینی بەرد بۆ ڕازاندنەوە و بۆ دارتاشی، بۆ کارکردن لە هەموو کارێك لە داهێنانەکان. ٣٤ بۆ فێرکردنیش لە دڵیدا دایناوە، ئەو و ئۆهۆلیئابی کوڕی ئەخیساماك کە لە هۆزی دانە. ٣٥ پڕی کردوون لە بەهرەمەندی بۆ ئەنجامدانی هەموو کارێك، تاشین و داهێنان و چنین لە ڕیسی مۆر و باینجانی و سووری ئاڵ و کەتان و هەموو کارێکی ڕستن، وەستای هەموو کارێك و داهێنەری داهێنانەکان.

# ٣٦

١ جا بەسلیئێل و ئۆهۆلیئاب و هەموو پیاوێکی بەهرەمەند کە خوداوەند دانایی و تێگەیشتنی پێدابن تا بزانن چۆن کاربکەن لە هەموو کاری خزمەتکردنەکە لە پیرۆزگا، دەبێت بەگوێرەی هەموو ئەوەی خوداوەند فەرمانی پێداوە بیکەن. ٢ ئینجا موسا بەسلیئێل و ئۆهۆلیئاب و هەموو پیاوێکی بەهرەمەند کە خوداوەند دانایی خستبووە دڵیەوە و هەر کەسێك دڵی هانیدا لە کارەکە بچێتە پێش بۆ ئەنجامدانی بانگی کردن. ٣ ئیتر هەموو ئەو پیتاکەیان لەبەردەم موسا برد تا دروستی بکەن، ئەوەی نەوەی ئیسرائیل هێنابوویان بۆ کاری خزمەتکردن لە پیرۆزگا، ئەوانیش بەخواستی خۆیان بەیانی بە بەیانی پیتاکیان دەهێنا بۆی. ٤ جا هەموو داناکان کە لە هەموو کارەکەی پیرۆزگادا کاریان دەکرد، یەکە بە یەکە لە کارەکەیانەوە کە کاریان تیایدا دەکرد هاتن و ٥ لەگەڵ موسادا دوان و وتیان: گەل لە پێویستی ئەو کاری خزمەتەی کە خوداوەند فەرمانی پێی داوە بە دروست کردنی زیاتر دەهێنن. ٦ ئیتر موسا فەرمانیدا و لە ئۆردوگاکە بانگەوازکرا و وترا، با هیچ پیاوێك یا ژنێك ئیتر شت دروست نەکەن بۆ پیتاك بۆ پیرۆزگا، جا گەل لە هێنان وەستان. ٧ کەرستەکانیش بەشی هەموو کارێکی کردن تا بیکەن و زیاتریش بوو. ٨ ئیتر هەموو بەهرەمەندێك لەوانەی کاریان لە دروستکردنی نشینگەکە دەکرد، دە پەردەیان دروست کرد لە شێیشی ڕسراو و ڕێسی مۆر و باینجانی و سووری ئاڵ لەگەڵ وێنەی کروبەکان بە دەستکردی جۆلایەکی شارەزا دروستیان کردن. ٩ درێژی هەر پەردەیەك بیست و هەشت باڵ و پانییەکەی چوار باڵ بوو، یەك پێوانەش بۆ هەموو پەردەکان. ١٠ پێنج پەردەش پێکەوە بەستران و پێنج پەردەی تریش پێکەوە بەسترانەوە. ١١ ئەڵقەشی لە ڕێسی مۆر دروست کرد لەسەر لێواری پەردە لاوەکیەکانی پارچەی یەکەم و هەمان شتی بۆ لێواری پەردە لاوەکیەکانی پارچەی دووەم کرد. ١٢ پەنجا ئەڵقەی لە پەردەی یەکەم کرد و پەنجا ئاڵقەی تریش لە لای ئەو پەردەیەی کە لە پارچەکەی دووەمە، ئەڵقەکانیش بەرامبەر بەیەك بوون. ١٣ پەنجا فاقی زێڕیشی دروست کرد و پەردەکانی بە فاقەکان پێکەوە بەستەوە و نشینگەکە بوو بە یەك پارچە. ١٤ هەروەها لە مووی بزن پەردەی دروست کرد تا ببێت بە چادر لەسەر نشینگەکە، لە یانزە پەردە دروستی کرد. ١٥ درێژی هەر یەك لە پەردەکان سی باڵ و پانییەکەی چوار باڵ بوو، یەك پێوانەش بۆ هەر یانزە پەردەکە.

١٦ پێنجی لە پەردەکان بە یەکەوە بەستەوە و شەشەکەی تریش پێکەوە. ١٧ پەنجا ئەڵقەشی لەسەر لێواری پەردە لاوەکیەکەی پارچەی یەکەم دروست کرد و پەنجا ئەڵقەش لەسەر لێواری پەردە لاوەکیەکەی پارچەی دووەم. ١٨ پەنجا فاقی مسیشی دروست کرد بۆ بەیەك بەستنەوەی چادرەکە تا ببێت بەیەك پارچە. ١٩ پۆشەرێکیشی بۆ چادرەکە لە پێست بەرانی خۆشەکراو بەڕەنگی سوور دروست کرد و پۆشەرێکیش لە پێستی دۆلفین لەسەرەوە. ٢٠ تەختەداریشی بۆ نشینگەکە دروست کرد بە ستوونی و لە داری چنار. ٢١ درێژی هەر تەختەیەك دە باڵ و پانییەکەی باڵ و نیوێك بوو. ٢٢ دوو پێش بۆ هەر تەختەیەك بۆ جووتکردنی لەگەڵ تەختەکەی تەنیشتی دروست کرد، ئاوای کرد بۆ هەر یەك لە تەختەکانی نشینگەکە. ٢٣ تەختەدارەکانی نشینگەکەش، بیستیانی بەرەو لای باشوور دروست کرد. ٢٤ چل بناغەی زیویشی لە ژێر بیست تەختەکە دروست کرد، دوو بناغە لە ژێر هەر تەختەیەك بۆ دوو پێیەکە و دوو بناغە لە ژێر تەختەیەك بۆ دوو پێیەکەی. ٢٥ بۆ لاکەی تری نشینگەکەش ڕووەو باکوور بیست تەختەی دروست کرد. ٢٦ چل بناغەی زیویش، دوو بناغە لە ژێر تەختەیەك و دوو بناغە لە ژێر تەختەیەك. ٢٧ بۆ پشتی نشینگەکەش بەرەو ڕۆژئاوا شەش تەختە. ٢٨ دوو تەختەشی بۆ گۆشەکانی دواوەی نشینگەکە دروست کرد و ٢٩ جووتیش بوون لەخوارەوە و یەك بوون تا سەرەوە، تا بازنەکەی سەرەوە، ئاوای کرد بۆ هەردووکیان بۆ هەر دوو گۆشەکە. ٣٠ جا هەشت تەختە بوون و بناغە زیوەکانیشیان شانزە، هەر دوو بناغە لە ژێر تەختەیەك. ٣١ کاریتەیشی دروست کرد لە داری چنار، پێنجیان بۆ تەختەکانی لایەکی نشینگەکە و ٣٢ پێنج کاریتەش بۆ تەختەکانی لایەکەی تری نشینگەکە، پێنج کاریتەش بۆ تەختەکانی لای دواوەی نشینگەکە لە لای ڕۆژئاوا. ٣٣ کاریتەکەی ناوەڕاستیشی وا دروست کرد بە نێو تەختەکاندا تێدەپەڕێت لەم سەرەوە بۆ ئەو سەر. ٣٤ تەختەکانیشی بە زێڕ ڕووکەش کرد و بازنەکانیشی کە کاریتەکانی دەچنە ناو لە زێڕ دروست کرد و کاریتەکانیشی بە زێڕ ڕووکەش کرد. ٣٥ پەردەیەکیشی لە ڕێسی مۆر و باینجانی و سووری ئاڵ و کەتانی ڕسراو دروست کرد، بە دەستکردی جۆلایەکی شارەزاش وێنەی کروبەکانی لەسەر دروست کرد. ٣٦ چوار کۆڵەکەشی لە داری چنار دروست کرد و بە زێڕ ڕووکەشی کردن و قوڵاپەکانیشیان لە زێڕ بوون و چوار بناغەی زیویشی بۆ داڕشتن. ٣٧ پەردەی دەروازەشی بۆ دەرگای چادرەکە دروست کرد لە ڕێسی مۆر و باینجانی و سووری ئاڵ و کەتانی ڕسراو، چنراو بە دەستکردی شارەزایەك، ٣٨ پێنج کۆڵەکەکەی و قوڵاپەکانیشیان، سەرەکانی و ئەڵقەکانیشی بە زێڕ ڕووکەش کرد، بەڵام پێنج بناغەکەی لە مس بوون.

# ٣٧

١ بەسلیئێلیش لە داری چنار سندوقەکەی دروست کرد، درێژیەکەی دوو باڵ و نیو و پانیەکەی باڵ و نیوێك و بەرزیەکەی باڵ و نیوێك. ٢ بە زێڕی بێگەردیش لەناوەوە و لەدەرەوە ڕووکەشی کرد و بە چواردەوریشیدا چوارچێوەی زێڕی بۆ دروست کرد. ٣ چوار بازنەی زێڕیشی بۆ داڕشت لەسەر چوار پایەکەی، دوو بازنە لە لایەك و دوو بازنەش لە لایەکەی تری. ٤ دوو داریشی لە داری چنار دروست کرد و بە زێڕ ڕووکەشی کردن. ٥ دوو دارەکەشی خستە ناو

بازنەکانی سەر هەر دوو لای سندوقەکە، بۆ هەڵگرتنی
سندوقەکە. ٦ شوێنی بەزەییشی لە زێڕی بێگەرد دروست کرد
کە دوو باڵ و نیو درێژیەکەی و باڵ و نیوێك پانییەکەی بوو.
٧ دوو کروبی زێڕینیشی دروست کرد، دەستکردی کوتراو
کردیانی لە هەردوو لای شوێنی بەزەییەکەوە. ٨ کروبێکی لە
لایەك لەم لاوە دروست کرد و کروبەکەی تریش لە لایەکەی
تر لەو لاوە، لە شوێنی بەزەییەکەوە کروبەکانی دروست کرد
لە هەردوو لایەکەیەوە. ٩ کروبەکانیش باڵیان بۆ سەرەوە لێك
کردبووەوە و بە باڵەکانیان سێبەریان بەسەر شوێنی
بەزەییەکەوە کردبوو و کروبەکان ڕووبەڕوو بوون و
ڕوویان لە شوێنی بەزەییەکە بوو. ١٠ مێزەکەشی لە داری
چنار دروست کرد، درێژیەکەی دوو باڵ و پانییەکەی باڵێك و
بەرزیەکەی باڵ و نیوێك بوو. ١١ بە زێڕی بێگەردیش
ڕووکەشی کرد و لە زێڕیش چوارچێوەیەکی بە چواردەوریدا
دروست کرد. ١٢ لێوارێکیشی بە چوار دەوردا بۆ دروست
کرد بە پانی بستێك و چوار چێوەیەکی زێڕیش بۆ لێوارەکە بە
دەوریدا دروست کرد. ١٣ چوار بازنەی زێڕیشی بۆ داڕشت و
بازنەکانی لەسەر هەر چوار گۆشەکەی چوار پایەکەی دانا.
١٤ بازنەکان لە لای لێوارەکەوە بوون بە باڵ بۆ دوو دار بۆ
هەڵگرتنی مێزەکە. ١٥ دوو دارەکەشی لە داری چنار دروست
کرد و بە زێڕ ڕووکەشی کردن و بۆ هەڵگرتنی مێزەکە
بوون. ١٦ قاپوقاچاغەکانی سەر مێزەکەش، سینیەکانی و
قاپەکانی و گۆزەکانی و جامەکانی کە پێیان تێ دەکرێت لە
زێڕی بێگەرد دروستی کردن. ١٧ چرادانەکەشی لە زێڕی
بێگەرد دروستی کردن، ژێری چرادانەکە و قەدەکەی
دەستکردی و کوتراو کردی، کاسەکانی و گرێکانی و
خونچەکانی لە خۆی بوون. ١٨ شەش لقیش لەهەر دوولایەوە
دەرچوو بوو، سێ لق چرادان لە لایەکەك و سێ لق چرادان
لە لایەکەی تر. ١٩ سێ کاسەی بادەمی لە لقێك بە گرێ و
خونچەوە و سێ کاسەی بادەمی لە لقێکی تر بە گرێ و
خونچەوە و ئاوا تا لقی شەشەم کە لە چرادانەکەوە دەرچوون.
٢٠ لە چرادانەکە چوار کاسەی بادەمی بە گرێ و
خونچەکانیانەوە هەیە. ٢١ هەردوو لقیش گرێیەکیان لە ژێرە و
دوو لقی دیکەش گرێیەك و دوو لقی دیکەش گرێیەك، تا
شەشەم لە لقەکان کە لێی دەرچوون. ٢٢ گرێکان و لقەکان لە
خۆی بوون، هەمووشیان یەك دەستکردی کوتراو لە زێڕی
بێگەرد. ٢٣ حەوت چراشی بۆ دروست کرد و ماشەکان و
کاسەکانیشی زێڕی بێگەرد بوون. ٢٤ لە کێشێك زێڕی بێگەرد
دروستی کرد لەگەڵ هەموو کەلوپەلەکانی. ٢٥ قوربانگاکەی
بخووریشی لە داری چنار دروست کرد، درێژیەکەی باڵێك و
پانیەکەی باڵێك، چوار گۆشە بوو، بەرزەیەکەشی دووباڵ
بوو، قۆچەکانیش لە خۆی بوون. ٢٦ بە زێڕی بێگەردیش
ڕووکەشی کرد، سەرەوەی و دیوارەکانی بە چواردەوریدا
لەگەڵ قۆچەکانی، هەروەها چوارچێوەکی زێڕیشی بە
چواردەوردا بۆ دروست کرد. ٢٧ دوو بازنەی زێڕیشی بۆ
دروست کرد، لەژێر چوارچێوەکەیەوە، لەسەر هەر دوو
لاکەی، لەسەر هەردوو لاکەی بوون بە دوو ماڵ بۆ دوو دار
تا پێیان هەڵبگیرێت. ٢٨ دوو دارەکەشی لە داری چنار
دروست کرد و بە زێڕ ڕووکەشی کردن. ٢٩ ڕۆنی دەست
نیشانکردنەکەش پاك و پیرۆز و بخوورە بۆنخۆشەکەشی
بێگەرد دروست کرد، کە دەست کردی عەتار بوو.

# ٣٨

١ قوربانگاکەی قوربانی سووتاندنیشی لە داری چنار دروست
کرد، درێژیەکەی پێنج باڵ و پانییەکەی پێنج باڵ، چوار گۆشە
بوو، بەرزیەکەشی سێ باڵ بوو. ٢ قۆچەکانیشی لەسەر هەر
چوار گۆشەکەی بوون و قۆچەکان لە خۆی بوون و بە مس
ڕووکەشی کرد. ٣ هەموو قاپوقاچاغی قوربانگاکەشی
دروست کرد، تەشتەکان و خاکەنازەکان و تاسەکان و
چەنگاڵەکان و مەقەڵەکان، هەموو قاپوقاچاغەکەی لە مس
دروست کرد. ٤ کەتیبەیەکیشی بۆ قوربانگاکە دروست کرد،
دروستکراو لە مس وەك تۆڕ، لە ژێر لێوارەکەی داینا
لەخوارەوە تا ناوەڕاستی. ٥ چوار ئەڵقەشی لە هەر چوار لای
کەتیبە مسەکە داڕشت، وەك باڵ بۆ دوو دار. ٦ دوو
دارەکەشی لە داری چنار دروستکرد و بە مس ڕووکەشی
کردن. ٧ دوو دارەکەشی خستە ناو ئەڵقەکانەوە، لە هەردوو
لای قوربانگاکەوە، تا بەوان هەڵیبگرن، قوربانگاکەشی
لەتەختە دروستکرد و ناوەکەی بۆش بوو. ٨ حەوزەکەشی لە
مس دروست کرد و ژێرەکەشی لە مس بوو، لە ئاوێنە
مسەکانی ئەو ژنە خزمەتکارانەی لە لای دەروازەکەی
چادری ژووان خزمەتیان دەکرد. ٩ حەوشەی نشینگەکەشی
ڕووەو لای باشوور دروست کرد، پەردەکانی حەوشەکەش لە
کەتانی ڕسراو بوون بە درێژی سەد باڵ. ١٠ کۆڵەکەکانیشی
بیست دانە و بیست بناغەی مسیشی هەبوو. قولابی
کۆڵەکەکان و ئەڵقەکانیشی لە زیو بوون. ١١ بە لای
باکووریش سەد باڵ، کۆڵەکەکانیشی بیست دانەو بیست
بناغەی مسیشی هەبوو. قولابی کۆڵەکەکان و ئەڵقەکانیشی لە
زیو بوون. ١٢ بە لای ڕۆژئاواش پەردەکان پەنجا باڵ بوون،
کۆڵەکەکانیشی دە دانە و بناغەکانیشی دە، قولابی کۆڵەکەکان
و ئەڵقەکانی لە زیو بوون. ١٣ بەلای ڕۆژ هەڵاتیش ڕووەو
ڕۆژ هەڵات پەنجا باڵ. ١٤ چەند پەردەیەکیش بۆ لایەکی بە
درێژی پانزە باڵ، کۆڵەکەکانی سێ و بناغەکانەی سێ بوون.
١٥ بۆ لایەکەی تریش لەم لاو لەو لاوە چەند پەردەیەك بە
درێژی پانزە باڵ، کۆڵەکەکانی سێ و بناغەکانی سێ بوون.
١٦ هەموو پەردەکانی حەوشەکەش بە چواردەوریدا لە کەتانی
ڕسراو بوون. ١٧ هەموو بناغەکانی کۆڵەکەکانیش لە مس
بوون و قولابەکانی کۆڵەکەکان و ئاڵقەکانیان لە زیو بوون و
سەرەکانیان بە زیو ڕووکەشکرابوون و هەموو کۆڵەکەکان بە
ئەڵقەی زیو پێکەوە بەسترابوون. ١٨ پەردەی دەروازەش بۆ
دەرگای حەوشەکە دەستکردی چنراو لە ڕێسی مۆر و
بایەنجانی و سووری ئاڵ و کەتانی ڕسراو بوو، درێژیەکەی
بیست باڵ و بەرزیەکەی بە پانی پێنج باڵ هەروەك پەردەکانی
حەوشەکە. ١٩ کۆڵەکەکانیشی چوار و بناغەکانیشی چوار و لە
مس بوون، قولابەکانی لە زیو بوون و سەرەکانی ڕووکەش
کرابوون و ئەڵقەکانی لە زیو بوون. ٢٠ هەموو سنگەکانی
نشینگەکە و حەوشەکە بە چواردەوریدا لە مس بوون.
٢١ ئەمەش بڕی شتەکانی نشینگەکەیە، نشینگەی شایەتی، بە
پێی فەرمانی موسا، لە لایەن لێڤیەکان کرا، لەسەر دەستی
ئیتاماری کوڕی هارونی کاهین. ٢٢ بەسلیئێلی کوڕی ئوری
کوڕی حوریش کە لە هۆزی یەهوزایە، هەموو ئەو شتانەی
خوداوەند فەرمانی بە موسا کرد جێبەجێی کرد،
٢٣ ئۆهۆلیئابی کوڕی ئەخیساماکی لەگەڵ بوو کە لە هۆزی
دانە، بەردتاش و داهێنەر و جۆلا لە ڕێسی مۆر و بایەنجانی و
سووری ئاڵ و کەتانی. ٢٤ هەموو ئەو زێڕەی بەکارهێنرا بۆ
هەموو کارەکانی پیرۆزگا، زێڕی بەخشراو بوو، بیست و نۆ
کێش و حەوت سەد و سی شاقل بە شاقلی پیرۆزگا. ٢٥ زیوی

سەرژمێرکراوەکانی کۆمەڵەکەش، سەد کێش و هەزار و
حەوت سەد و حەفتا و پێنج شاقل بە شاقلی پیرۆزگا. ٢٦ نیوە
بۆ هەر سەرێك، نیو شاقل بە شاقلی پیرۆزگا بۆ هەرکەسێك
سەرژمێر کرابێت لە بیستساڵ و بەسەرەوە، بۆ شەش سەد
و سێ هەزار و پێنج سەد و پەنجا کەس. ٢٧ سەد کێشیش لە
زیوەکە بۆ داڕشتنی بناغەکانی پیرۆزگا و بناغەکانی
پەردەکە[أ]، سەد بناغە بۆ سەد کێش، کێشێك بۆ بناغەیەك.
٢٨ هەزار و حەوت سەد و حەفتا و پێنج شاقلەکەش، قوڵابی
لێ دروستکرا بۆ کۆڵەکەکان و سەرەکانی پێ ڕووکەشکرا و
بە ئەڵقە پێکەوەی بەستن. ٢٩ مسە بەخشراوەکەش، حەفتا
کێشانە و دوو هەزار و چوار سەد شاقل بوو، ٣٠ بەویش
بناغەکانی دەروازەی چادری ژووان و قوربانگا مسەکە و
کەتیبە مسەکەی و هەموو قاپوقاچاغەکانی قوربانگاکە
دروست کران. ٣١ هەروەها بناغەکانی حەوشەکە
بەچواردەوریدا و بناغەکانی دەروازەی حەوشەکە و هەموو
سنگەکانی نشینگەکە و هەموو سنگەکانی حەوشەکە بە
چواردەوریدا.

# ٣٩

١ لە ڕێسی مۆر و باینجانی و سووری ئاڵ جلوبەرگی
چنراویان دروستکرد بۆ خزمەت لە پیرۆزگا، جلوبەرگە پاك
و پیرۆزەکەشیان بۆ هارون دروست کرد، هەروەك خوداوەند
فەرمانی بە موسا کرد. ٢ جا ئێفۆدەکەی لە زێڕ و ڕێسی مۆر
و باینجانی و سووری ئاڵ و کەتانی ڕسراو دروست کرد.
٣ پەلکە زێڕیشیان کوتا تا باریکیان کردنەوە و ئینجا وەك داو
بڕییانن تا لە ناو ڕێسی مۆر و باینجانی و سووری ئاڵ و
کەتانی ڕسراو بە دەستکردی داهێنەر بەکاری بهێنن. ٤ دوو
شانی لەیەك بەستراویشیان بۆ دروست کرد، بە هەردوو
لایەوە بەسترابوون. ٥ پشتبەستەکەشی کە پێی توند دەکرێت
ئەوەی لە سەریەتی، لەخۆی بوو بەهەمان دەستکرد، زێڕ و
ڕێسی مۆر و باینجانی و سووری ئاڵ و کەتانی ڕسراو، هەر
وەك خوداوەند فەرمانی بە موسا کرد. ٦ دوو بەردی
عاشقبەندیشیان دروست کرد، دەوردراو بە چوارچێوەی
زێڕ، نەخشکراو وەك نەخشی ئەنگوستیلە بەپێی ناوی
کوڕەکانی ئیسرائیل. ٧ دوو بەردەکەشی خستە سەر دوو شانی
ئێفۆدەکە، دووبەردی یادگاری بۆ نەوەی ئیسرائیل ، هەر
وەك خوداوەند فەرمانی بە موسا کرد. ٨ بەرسینەکەشی
بەدەست کردی داهێنەر دروستکرد وەك دەستکردی ئێفۆدەکە،
لە زێڕ و ڕێسی مۆر و باینجانی و سووری ئاڵ و کەتانی
ڕسراو. ٩ چوارگۆشە بوو، بەرسینەکەیان دوو بەر دروست
کرد، درێژیەکەی بستێك و پانییەکەی بستێك، دوو بەر بوو.
١٠ بە چوار ڕیز بەرد ڕازاندیانەوە، ڕیزێك بەردێکی وەك
ئەڵماس بەڵام سوور لەگەڵ کریستاڵی زەرد و بەردێکی وەك
ئەڵماس بەڵام سەوز، ڕیزی یەکەم. ١١ ڕیزی دووەمیش
پیرۆزە و بەردێکی وەك ئەڵماس بەڵام شین و ئەڵماس،
١٢ ڕیزی سێیەمیش چاوی پشیلە و کریستاڵی هەورین و
شیلان، ١٣ ڕیزی چوارەمیش لازوارد و بەردی عاشقبەند و
بەردی سەوز، بە چوارچێوەی زێڕیش دەوردرابوو لە
ڕازاندنەوەی. ١٤ بەردەکانیش وەك ناوی کوڕەکانی ئیسرائیل
بوون، دوانزە بە پێی ناوەکانیان، وەك نەخشی ئەنگوستیلەش
هەریەکەو بەپێی ناوەکەی بۆ دوانزە هۆز. ١٥ لەسەر
بەرسینەکەش زنجیرەی کەزیکراوی دەستکردی ئەگریجەی
لە زێڕی بێگەرد دروست کرد. ١٦ دوو چوارچێوەی زێڕ و
دوو ئەڵقەی زێڕیشیان دروست کرد و ئەڵقەکانیان لەسەر
هەردوو لای بەرسینەکە دانا. ١٧ دوو ئەگریجە زێڕەکەشیان
خستە ناو دوو ئەڵقەکەی سەر دوو لای بەرسینەکەوە. ١٨ هەر
دوو سەرەکەی تری دوو ئەگریجەکەشیان خستە ناو دوو
چوارچێوەکە و لەسەر شانەکانی ئێفۆدەکەیان دانا بۆ
پێشەوەی. ١٩ دوو ئەڵقەی زێڕیشیان دروستکرد و لەسەر هەر
دوو لای بەرسینەکەیان دانا، لەسەر لێوارەکەی کە بە لای
ئێفۆدەکەیە بۆ ناوەوەی. ٢٠ دوو ئەڵقەشیان لە زێڕ دروست
کرد و لەسەر شانەکانی ئێفۆدەکە دایان نان، لە خوارەوە بە
دیووی ڕووەکەی، لەنزیك بەیەك بەستنەوەکەی لەسەرووی
پشتبەستی ئێفۆدەکە. ٢١ بەرسینەکەشیان بە دوو ئەڵقەکەیەوە لە
دوو ئەڵقەی ئێفۆدەکە بەست، بە داوێك لە ڕێسی مۆر تا
لەسەر پشتبەستی ئێفۆدەکە بێت و بەرسینەکەش لە ئێفۆدەکە
ناکرێتەوە، هەر وەك خوداوەند فەرمانی بە موسا کرد.
٢٢ کەوای ئێفۆدەکەش دەستکردی چنراو، هەمووی لە ڕێسی
مۆر دروست کرد. ٢٣ کونی سەریشی لە ناوەندی دەبێت وەك
سپەر، لێواریش هەبوو بۆ کونەکەی بەدەوریدا و نادڕێت.
٢٤ لەسەر دامێنی کەواکەش گوڵینکی مۆر و باینجانی و
سووری ئاڵی ڕسراویان دروست کرد. ٢٥ زەنگوڵەشیان لە
زێڕی بێگەرد دروست کرد و زەنگوڵەکانیان خستە نێوان
گوڵینگەکانی سەر دامێنی کەواکە بەدەوریدا لەنێوان
گوڵینکەکان. ٢٦ زەنگوڵەیەك و گوڵینکێك، زەنگوڵەیەك و
گوڵینکێك، بەسەر دامێنی کەواکە بە دەوریدا بۆ خزمەتکردن،
هەروەك خوداوەند فەرمانی بە موسا کرد. ٢٧ هەروەها
کراسیان لە کەتان بۆ هارون و کوڕەکانی دروستکرد، دەست
کردی چنین. ٢٨ مێزەرەکەش لە کەتان بوو و گوڵینکەکانی
سەرپێچەکانیش لە کەتان و دەرپێیەکانیشان لە کەتانی ڕسراو.
٢٩ کەمەربەندەکەش لە کەتانی ڕسراو و ڕێسی مۆر و
باینجانی و سووری ئاڵ بوو بە دەستکردی چنین، هەر وەك
خوداوەند فەرمانی بە موسا کرد. ٣٠ پلێتی تاجەگوڵینە پاك و
پیرۆزەکەشیان لە زێڕی بێگەرد دروست کرد و لەسەریشی
وەك نەخشی ئەنگوستیلە نووسییان، پاك و پیرۆزی
خوداوەند. ٣١ هەروەها خستیانە سەر داوێکی مۆر تا لەسەر
مێزەرەکە دابنرێت، هەر وەك خوداوەند فەرمانی بە موسا
کرد. ٣٢ جا هەموو کاری نیشینگەی چادری ژووان تەواو
بوو و نەوەی ئیسرائیل وەك هەموو ئەوەی خوداوەند فەرمانی
بە موسا کرد، ئاوایان کرد. ٣٣ ئینجا نیشینگەکەیان هێنا بۆ
لای موسا، چادرەکە و هەموو قاپوقاچاغەکانی و فاقەکانی و
تەختەکانی و کاریتەکانی و کۆڵەکەکانی و بناغەکانی،
٣٤ پۆشەرەکەش کە لە پێستی بەرانی خۆشەکراو بە ڕەنگی
سوور و پۆشەرەکەی لە پێستی دۆلفین و پەردەکەی پەردەی
دەروازە، ٣٥ سندوقی شایەتی و دارەکانی و شوێنی بەزەیی،
٣٦ مێزەکە و هەموو قاپوقاچاغەکانی و نانی تەرخانکراو،
٣٧ چرادانەکەش کە لە زێڕی بێگەرد بوو لەگەڵ چراکانی،
زیادەیە کە بەڕیزەوە بوون و هەموو قاپوقاچاغەکەی و زەیت
بۆ ڕووناکی و ٣٨ قوربانگا زێڕەکە و ڕۆنی دەست نیشانکردن
و بخووری بۆنخۆش و پەردەی دەروازەی چادرەکە و
٣٩ قوربانگا مسەکە و کەتیبە مسەکەی و دوو دارەکەی و
هەموو قاپوقاچاغەکەی و حەوزەکە و ژێرەکەی،
٤٠ پەردەکانی حەوشەکە و کۆڵەکەکانی و بناغەکانی و
پەردەی دەروازەی حەوشەکە و گوریسەکانی و سنگەکانی و
هەموو قاپوقاچاغی خزمەتی نشینگەکەی چادری ژووان،
٤١ جلوبەرگە چنراوەکەی خزمەتکردن لە پیرۆزگا، جلوبەرگە
پاك و پیرۆزەکەی هارونی کاهین و جلوبەرگی کوڕەکانی بۆ
کاهینێتی، ٤٢ وەك هەموو ئەوەی خوداوەند فەرمانی بە موسا
کرد، نەوەی ئیسرائیل ئاوا هەموو کارەکەیان کرد. ٤٣ جا

[أ] ٣٨ : ٢٧ بڕوانە ٢٦ : ٣١ .

موسا تەماشای هەموو کارەکەی کردو بینی ئەوەتا وەك
ئەوەی خوداوەند فەرمانی کرد ئاوایان کردووە، ئیتر موسا
پیرۆزی کردن.

# ٤٠

١ خوداوەند لەگەڵ موسادا دوا و فەرمووی: ٢ لە مانگی یەکدا،
لە یەکەم ڕۆژی مانگدا، نشینگەی چادری ژووان هەڵدەدەیت
و ٣ سندوقی شایەتی تیادا دادەنێیت و بە پەردەکە سندوقەکە
دادەبڕیت. ٤ مێزەکەش دەبەیتە ژوورەوە و بە جوانی ڕێکی
دەخەیت، هەروەها چرادانەکەش دەبەیتە ژوورەوە و
چراکانی بەرزدەکەیتەوە، ٥ قوربانگا زێڕەکەش کە بۆ
بخووره لەبەردەم سندوقی شایەتی دادەنێیت و پەردەی
دەروازە بۆ نشینگەکە دادەنێیت. ٦ قوربانگەکەی قوربانی
سووتاندنیش لەبەردەم دەروازەی نشینگەکەی چادری ژووان
دادەنێیت. ٧ حەوزەکەش لە نێوان چادری ژووان و
قوربانگاکە دادەنێیت و ئاوی تێدەکەیت. ٨ حەوشەکە
بەچواردەوردا دادەنێیت و پەردەی دەروازەی حەوشەکە
دادەنێیت. ٩ ئینجا ڕۆنی دەست نیشانکردنەکە دەبەیت و
نشینگەکە و هەموو ئەوەی تیایدایە پێی دەست نیشان دەکەیت
و خۆی و هەموو قاپوقاچاغەکەی پاك و پیرۆز دەکەیت و
پاك و پیرۆز دەبێت. ١٠ پاشان قوربانگاکەی قوربانی
سووتاندن و هەموو قاپوقاچاغەکەی دەست نیشان دەکەیت و
قوربانگا پاك و پیرۆز دەکەیت و دەبێت بە هەرە پیرۆز.
١١ حەوزەکەش لەگەڵ ژێرەکەی دەست نیشان دەکەیت و پاك
و پیرۆزی دەکەیت. ١٢ هاڕون و کوڕەکانیش دەهێنیە پێشەوە
بۆ دەروازەی چادری ژووان و بە ئاو دەیانشۆیت.
١٣ جلوبەرگە پاك و پیرۆزەکە لەبەر هاڕون دەکەیت و دەست
نیشانی دەکەیت و پاك و پیرۆزی دەکەیت تا کاهینێتیم بۆ
بکات. ١٤ کوڕەکانیشی دەهێنیە پێشەوە و کراسەکانیان لەبەر
دەکەیت و ١٥ دەست نیشانیان دەکەیت وەك چۆن باوکیانت
دەست نیشانکرد تا کاهینێتیم بۆ بکەن، ئەمەش بۆ ئەوە دەبێت
تا دەست نیشانکردنەکەیان بۆیان ببێت بە کاهینێتی هەتاهەتایی
لە نەوەکانیان. ١٦ موساش وای کرد وەك هەموو ئەوەی
خوداوەند فەرمانی پێ کرد، ئاوای کرد. ١٧ ئەوە بوو لە یەکەم
مانگی ساڵی دووەمدا، لە یەکەم ڕۆژی مانگدا نشینگەکە
هەڵدرا. ١٨ موسا نشینگەکەی هەڵدا و بناغەکانی دانا و
تەختەکانی دانا و کاریتەکانی دانا و کۆڵەکەکانی قیت کردەوە.
١٩ چادرەکەی بەسەر نشینگەکەدا هەڵدا و پۆشەری
چادرەکەی دا بەسەریدا لەسەرەوە، هەروەك خوداوەند
فەرمانی بە موسا کرد. ٢٠ ئینجا شایەتیەکەی برد و خستیە ناو
سندوقەکەوە و دارەکانی خستە سەر سندوقەکە و شوێنی
بەزەیی لەسەر سندوقەکە دانا لەسەرەوە. ٢١ سندوقەکەشی
هێنایە ناو نشینگەکە و پەردەکەی دەروازەکەی دانا و سندوقی
شایەتی دابڕی، هەروەك خوداوەند فەمانی بە موسا کرد.
٢٢ مێزەکەشی لە ناو چادری ژووان دانا لە لای باکووری
نشینگەکە لەدەرەوەی پەردەکە. ٢٣ نانی بەردەم خوداوەندیشی
بە ڕێکی لەسەری ڕێکخست، هەر وەك خوداوەند فەرمانی بە
موسا کرد. ٢٤ چرادانەکەشی لەناو چادری ژووان دانا
بەرامبەر بە مێزەکە لە لای باشووری نشینگەکە. ٢٥ چراکانی
بەرزکردەوە بۆ بەردەم خوداوەند، هەروەك خوداوەند
فەرمانی بە موسا کرد. ٢٦ قوربانگا زێڕەکەشی لەناو چادری
ژووان دانا لەبەردەم پەردەکە. ٢٧ ئینجا بخووری بۆنخۆشی
لەسەر سووتاند، هەروەك خوداوەند فەرمانی بە موسا کرد.
٢٨ پەردەی دەروازەشی بۆ نشینگەکە دانا. ٢٩ قوربانگەکەی
قوربانی سووتاندنیشی لە لای دەرگای نشینگەی چادری
ژووان دانا و قوربانی سووتاندن و پێشکەشکراوی سەر خستە
سەری، هەر وەك خوداوەند فەرمانی بە موسا کرد.
٣٠ حەوزەکەشی لە نێوان چادری ژووان و قوربانگاکەدا دانا
و ئاوی تێ کرد بۆ شوشتن . ٣١ تا موسا و هاڕون و
کوڕەکانی دەست و پێیان لێیدا بشۆن، ٣٢ لە کاتی
چوونەژوورەوەیان بۆ ناو چادری ژووان و لەنزیك
بوونەوەیان لە قوربانگاکە دەیشۆن، هەروەك خوداوەند
فەرمانی بە موسا کرد. ٣٣ حەوشەکەشی بەدەوری نشینگەکە
و قوربانگەکەدا دامەزراند و پەردەی دەروازەی حەوشەکەی
دانا. ٣٤ ئینجا هەورێك چادری ژووانی داپۆشی و شکۆمەندی
خوداوەند نشینگەکەی پڕ کردەوە. ٣٥ جا موسا نەیتوانی بچێتە
ژوورەوە بۆ ناو چادری ژووان، چونکە هەور هاتە سەری و
شکۆمەندی خوداوەند نشینگەکەی پڕ کردەوە. ٣٦ لە کاتی
بەرزبوونەوەی هەورەکەش لەسەر نشینگەکە نەوەی
ئیسڕائیل کۆچیان دەکرد لە هەموو کۆچەکانیان. ٣٧ ئەگەر
هەورەکە بەرزنەبوایەتەوە، کۆچیان نەدەکرد تا ڕۆژی
بەرزبوونەوەی. ٣٨ چونکە هەوری خوداوەند بە ڕۆژ لەسەر
نشینگەکە بوو، بە شەویش ئاگری تیادا بوو لەبەر چاوی
هەموو ماڵی ئیسڕائیلدا لە هەموو کۆچەکانیان.

# لێڤییەکان

## ١

١ خوداوەند موسای بانگکرد و لە چادری ژوواندا قسەی لەگەڵدا کرد و فەرمووی: ٢ لەگەڵ نەوەی ئیسرائیلدا بدوێ و پێیان بڵێ، ئەگەر یەکێك لە ئێوە قوربانیەکی لە ئاژەڵ بۆ خوداوەند پێشکەش کرد، لە گاگەل و لە مێگەل قوربانیەکانتان پێشکەش دەکەن. ٣ ئەگەر قوربانیەکەی قوربانی سووتاندن و لە گاگەل بێت، ئەوا نێری ساغ پێشکەش دەکات، دەیهێنێتە لای دەروازەی چادری ژووان بۆ ڕازیبوون لێی لەبەردەم خوداوەند و ٤ دەستی لەسەر قوربانی سووتاندنەکە دادەنێت، جا لێڕازیبوونی بۆ دەبێت بۆ کەفارەتی. ٥ گوێرەکەکەش لەبەردەم خوداوەند سەردەبڕێت و نەوەی هارون کە کاهینەکانن، خوێنەکە دەهێنن و بە خڕی بەسەر ئەو قوربانگەیەدا دەیپرژێنن کە لە لای دەروازەکەی چادری ژووانە و ٦ قوربانی سووتاندنەکە کەوڵ دەکات و پارچەپارچەی دەکات و ٧ نەوەی هارونی کاهین ئاگرێك لەسەر قوربانگەکە دەکەنەوە و دار لەسەر ئاگرەکە ڕێك دەخەن و ٨ نەوەی هارون کە کاهینەکانن پارچەکان لەگەڵ سەرەکە و پیوەکە لەسەر دارەکانی سەر ئاگرەکەی لەسەر قوربانگاکەیە ڕێکدەخەن، ٩ بەڵام هەناو و پێیەکانی بە ئاو دەشوات و کاهینەکە هەموویان لەسەر قوربانگاکەدا دەسووتێنێت، قوربانی سووتاندنە، قوربانی بە ئاگرە، ئەو بۆنەی خوداوەند پێی خۆشە. ١٠ ئەگەر قوربانیەکەی لە مێگەل بوو، بەرخ یان گیسك، قوربانی سووتاندن بوو، ئەوا نێر و ساغ پێشکەشی دەکات و ١١ لە لای قوربانگاکە ئەوەی بەلای باکوورە لەبەردەم خوداوەند سەری دەبڕێت و نەوەی هارونیش کە کاهینەکانن خوێنەکەی بە خڕی بەسەر قوربانگاکەدا دەپرژێنن، ١٢ پارچەپارچەی دەکات و لەگەڵ سەرەکەی و پیوەکەی، کاهینەکە لەسەر دارەکانی سەر ئاگرەکەی سەر قوربانگاکە ڕێکی دەخات، ١٣ بەڵام هەناو و پێیەکان بە ئاو دەشوات و کاهینەکە هەموویان پێشکەش دەکات و لەسەر قوربانگاکە ئاگریان تێبەردەدات، ئەوەش قوربانی سووتاندنە، قوربانی بە ئاگرە، ئەو بۆنەی خوداوەند پێی خۆشە. ١٤ ئەگەر قوربانیەکەشی بۆ خوداوەند لە باڵندەبێ و قوربانی سووتاندن بێت، ئەوا قوربانیەکەی لە کوکوختی یان لە بێچووە کۆتر پێشکەش دەکات. ١٥ کاهینەکەش بۆ قوربانگاکەی دەهێنێ و سەری دەقرتێنێ و لەسەر قوربانگەکە ئاگر دەکاتەوە و خوێنەکەی لەسەر دیواری قوربانگاکە دەگوشێ و ١٦ جیقڵدانەکەی بە ناوەڕۆکەکەیەوە لێدەکاتەوە و فڕێدەداتە لای ڕۆژهەڵاتی قوربانگاکە بۆ شوێنی خۆڵەمێش، ١٧ ئینجا لەنێوان باڵەکانیەوە کەرتی دەکات، بەڵام لێکی ناکاتەوە و کاهینەکە لەسەر قوربانگا لەسەر ئەو دارانەی لەسەر ئاگرەکەیە دەیسووتێنێ، قوربانی سووتاندنە، قوربانی بە ئاگرە، ئەو بۆنەی خوداوەند پێی خۆشە.

## ٢

١ ئەگەر یەکێك قوربانی خۆراکی بۆ خوداوەند پێشکەش کرد، دەبێت قوربانیەکەی لە ئاردی سفر بێت و زەیتی بەسەردا دەکات و بخووری سافیشی دەخاتە سەر، ٢ ئینجا بۆ نەوەی هارون کە کاهینەکانن دەهێنێ و ئەویش بە پڕی مستی خۆی مستێك لە ئاردەکە و زەیتەکەی لە گەڵ هەموو بخوورەکەی دەبات و کاهینەکە وەك یادگاری لەسەر قوربانگاکە دەسووتێنێ، قوربانی بە ئاگرە ئەو بۆنەی خوداوەند پێی خۆشە، ٣ ئەوەی لە خۆراکەکەش دەمێنێتەوە بۆ هارون و کوڕەکانیەتی، هەرە پیرۆزە لە قوربانیە بە ئاگرەکانی خوداوەند. ٤ ئەگەر قوربانیەکی خۆراکی بە تەنوور برژاوت پێشکەش کرد، دەبێت کولێرەی فەتیری بەزەیت شێلراو و نانی تیری بە زەیت چەورکراو بێت. ٥ ئەگەر قوربانیەکەت خۆراکی سەر ساج بێت، دەبێت لە ئاردی سفری بە زەیت شێلراوی فەتیر بێت، ٦ پارچەپارچەی دەکەیت و زەیتی بەسەردا دەکەیت، ئەوە قوربانی خۆراکە. ٧ ئەگەر قوربانیەکەت خۆراکی ناو تاوە بێت، لە ئاردی سفری بە زەیت دەیکەیت. ٨ جا قوربانیە خۆراکەکەت لەمانە دروست دەکرێت بۆ خوداوەندی دەهێنی و دەیدەیتە کاهینەکە و ئەویش بۆ لای قوربانگاکەی دەهێنێت، ٩ کاهینەکەش لە قوربانیە خۆراکەکە بەشی یادگاریەکەی دەبات و لەسەر قوربانگاکە دەیسووتێنێ، قوربانی بە ئاگرە، ئەو بۆنەی خوداوەند پێی خۆشە. ١٠ ئەوەی لە خۆراکەکەش دەمێنێتەوە بۆ هارون و کوڕەکانیەتی، هەرە پیرۆزە لە قوربانیە بە ئاگرەکانی خوداوەند. ١١ هەموو ئەو قوربانیە خۆراکانەی بۆ خوداوەندی پێشکەش دەکەن، نابێت بە هەویرترش بێت، چونکە هیچ شتێکی بە هەویرترش و هیچ هەنگوینێك وەك قوربانی بە ئاگر بۆ خوداوەند نابێت بسووتێنن. ١٢ قوربانی یەکەم بەرەکانتان بۆ خوداوەندی پێشکەش دەکەن، بەڵام سەر ناخرێنە سەر قوربانگاکە وەك بۆنی خۆشی. ١٣ هەموو قوربانیەکانت لە خۆراکەکانت بە خوێ سوێری دەکەی و با هیچ خۆراکێکت بە بێ خوێی[أ] پەیمانی خودات نەبێت. بۆ هەموو قوربانیەکانت خوێی پێوەدەکەیت. ١٤ ئەگەر خۆراکت بۆ خوداوەند پێشکەشکرد، دەبێت قەرەخەرمان بێت و برژابێت، کوتراو و پاککراو بێت، وەك خۆراکی نۆبەرەکانت پێشکەشی دەکەیت، ١٥ زەیتی بەسەردا دەکەیت و بخووری سافی لەسەر دادەنێیت، ئەوە قوربانی خۆراکە، ١٦ جا کاهینیش بەشی یادگاریەکەی لە کوتراوەکەی و زەیتەکەی و هەموو بخوورەکەی دەسووتێنێت وەك قوربانی بەئاگر بۆ خوداوەند.

---

[أ] ٢ : ١٣ وەك باوە لەناو کوردانیش نمەك کردنی کەسێك واتا پەیمان بەستنە لەگەڵ ئەو کەسە، خوێیەکەش نیشانەی ئەو پەیمانەیە.

# ٣

١ ئەگەر قوربانیەکەی قوربانی ئاشتی بوو، جا ئەگەر لە
گاگەل پێشکەشی کرد، نێر یان مێ دەبێت ساغ بێت، بیهێنێتە
بەردەم خوداوەند. ٢ ئینجا دەستی لەسەر قوربانیەکەی دادەنێت
و لە لای دەروازەی چادری ژووان سەری دەبڕێت و نەوەی
هارون کە کاهینەکانن، خوێنەکەی بە خڕی بەسەر
قوربانگاکەدا دەپڕژێنن، ٣ لە قوربانی ئاشتیش قوربانی بە
ئاگر پێشکەش بە خوداوەند دەکرێت، ئەو پیوەی هەناوی
داپۆشیوە و هەموو ئەو پیوەی لەسەر هەناو و ٤ دوو
گورچیلەکە و ئەو پیوەی لەسەریانە، ئەوەی لەسەر ناوقەدە،
هەروەها ئەوەی دەمێنێتەوە لە جگەرەکە و دوو گورچیلەکە
لێدەکاتەوە. ٥ نەوەی هارونیش لەسەر قوربانگاکە
دەیسووتێنن، لەسەر ئەو قوربانی سووتاندنەی لە سەر
دارەکانی سەر ئاگرەکەیە، قوربانی سووتاندنە، ئەو بۆنەی
خوداوەند پێی خۆشە. ٦ ئەگەر قوربانیەکەی لە مێگەل بوو،
قوربانی ئاشتی بۆ خوداوەند، نێر یان مێ ساغ پێشکەشی
دەکات، ٧ ئەگەر قوربانیەکەی بەرخ بوو، بۆ بەردەم خوداوەند
پێشکەشی دەکات، ٨ ئینجا دەستی لەسەر قوربانیەکەی دادەنێت
و لەبەردەم چادری ژووان سەریدەبڕێت و نەوەی هارون
خوێنەکەی بەخڕی بەسەر قوربانگاکەدا دەپڕژێنن و ٩ لە
قوربانی ئاشتیەکەش پیوەکەی وەك قوربانی بە ئاگر بۆ
خوداوەند پێشکەش دەکرێت، دونگەکەی بە تەواوی لە لای
دوا بڕبڕاگەی پشتەوە لێدەکاتەوە لەگەڵ ئەو پیوەی هەناوی
داپۆشیوە و هەموو ئەو پیوەی بەسەر هەناوەوەیە، ١٠ لەگەڵ
دوو گورچیلەکە و ئەو پیوەی لەسەریانە، ئەوەی لەسەر
ناوقەدە و ئەوەی دەمێنێتەوە لە جگەر و گوچیلەکان
لێدەکاتەوە، ١١ کاهینەکەش لەسەر قوربانگای خواردن
دەیسووتێنێت، قوربانی سووتاندنە بۆ خوداوەند. ١٢ ئەگەر
قوربانیەکەشی بزن بوو، بۆ بەردەم خوداوەند پێشکەشی
دەکات، ١٣ ئینجا دەستی لەسەر دادەنێت و لەبەردەم چادری
ژووان سەریدەبڕێت و نەوەی هارون خوێنەکەی بە خڕی
بەسەر قوربانگاکەدا دەپڕژێنن و ١٤ ئینجا لەوەوە قوربانی
سووتاندنەکەی بۆ خوداوەند پێشکەش دەکرێت، ئەو پیوەی
هەناوی داپۆشیوە و هەموو ئەو پیوەی لەسەر هەناوە،
١٥ لەگەڵ دوو گورچیلەکە و ئەو پیوەی لەسەریانە، ئەوەی
لەسەر ناوقەدە و ئەوەی دەمێنێتەوە لە جگەرو گوچیلەکان
لێدەکاتەوە، ١٦ کاهینەکەش لەسەر قوربانگای خواردن
دەیانسووتێنێ، قوربانی سووتاندنە، بۆنی خۆشیە، هەموو
پیوەکە هی خوداوەندە، ١٧ فەرزێکی هەتاهەتاییە بۆ نەوەکانتان
لە هەموو جێنشینەکانتان، نە پیو و نە خوێن مەخۆن.

# ٤

١ هەروەها خوداوەند لەگەڵ موسادا دواو فەرمووی:
٢ لەگەڵ نەوەی ئیسرائیلدا بدوێ و بڵێ، ئەگەر یەکێك بەبێ
ئاگا گوناهەی کرد لە یەکێك لەو فەرمانانەی خوداوەند کە
نابێت بکرێت و یەکێکی لەوانە کرد. ٣ ئەگەر کاهینی
دەستنیشانکراو گوناهەی کرد و تاوانی هێنایە سەر گەل،
دەبێت جوانەگایەکی ساغ بۆ خوداوەند پێشکەش بکات لەبەر
ئەو گوناهەیەی کە کردی، قوربانی گوناهەیە. ٤ گایەکە دەباتە
لای دەروازەی چادری ژووان لەبەردەم خوداوەند و دەستی
لەسەر گایەکە دادەنێ و گایەکە لەبەردەم خوداوەند
سەردەبڕێ. ٥ ئینجا کاهینە دەستنیشانکراوەکە لە خوێنی
گایەکە دەبات و دەیباتە ناو چادری ژووانەوە و ٦ کاهینەکە
پەنجەی دەکاتە ناو خوێنەکەو حەوت جار لەبەردەم خوداوەند
لێی دەپرژێنێ لە لای پەردەی پیرۆزگا. ٧ ئینجا کاهینەکە
هەندێك لە خوێنەکە لە قۆچەکانی قوربانگای بخوورە
بۆنخۆشەکە دەدات، ئەوەی لە چادری ژووانە لەبەردەم
خوداوەند، هەموو خوێنی گایەکەش دەڕژێنێتە ژێر
قوربانگای قوربانی سووتاندن ئەوەی لای دەروازەی چادری
ژووانە. ٨ هەموو پیوی گای گوناهەکە لێی دەردەهێنێت، ئەو
پیوەی هەناوی داپۆشیوە و هەموو ئەو پیوەی لەسەر هەناوە،
٩ لەگەڵ دوو گورچیلەکە و ئەو پیوەی لەسەریانە، ئەوەی
لەسەر ناوقەدە و ئەوەی دەمێنێتەوە لە جگەر و گوچیلەکان
لێدەکاتەوە، ١٠ هەروەك لە گای قوربانی ئاشتی دەکرێتەوە و
کاهینەکە لەسەر قوربانگاکەی قوربانی سووتاندن
دەیانسووتێنێت، ١١ بەڵام پێستی گاکەو هەموو گۆشتەکەی و
سەروپێیەکەی و هەناوی و ڕیخەکەی، ١٢ هەموو گایەکە
دەباتە دەرەوەی ئۆردوگاکە بۆ شوێنێکی پاك بۆ شوێنی
فڕێدانی خۆڵەمێش و لەسەر دار دەیانسووتێنێت، لەسەر
شوێنی فڕێدانی خۆڵەمێش دەسووتێنرێت. ١٣ ئەگەر هەموو
کۆمەڵی ئیسرائیل بەبێ ئاگا گوناهەیەکیان کرد و گوناهەکە
لەبەرچاوی ئەنجومەن شاراوە بوو، ئەوان یەکێك لەو
شتانەیان کرد کە خوداوەند فەرمانی داوە نەکرێت و گوناهیان
کەوتە ئەستۆ، ١٤ دواتر گوناهەکە زانرا کە کردوویانە، دەبێت
ئەنجوومەن جوانەگایەك وەك قوربانی گوناهە پێشکەش بکات
و دەیهێننە بەردەم چادری ژووان. ١٥ ئینجا پیرانی کۆمەڵەکە
لەبەردەم خوداوەند دەستیان لەسەر سەری گایەکە دادەنێن و
گایەکە لەبەردەم خوداوەند سەردەبڕێت، ١٦ کاهینی
دەستنیشانکراو لە خوێنی گایەکە دەباتە ناو چادری ژووانەوە
و ١٧ پەنجەی دەخاتە ناو خوێنەکە و حەوت جار لە لای
پەردەکە لەبەردەم خوداوەند دەیپرژێنێ و ١٨ هەندێ لە
خوێنەکە لە قۆچەکانی قوربانگاکە دەدات کە لەبەردەم
خوداوەندە لە چادری ژووان و هەموو خوێنەکەش لەژێر
قوربانگاکەی قوربانی سووتاندن دەڕێژێ کە لە لای
دەروازەی چادری ژووانە و ١٩ هەموو پیوەکەی لێدەکاتەوە و
لەسەر قوربانگاکە دەیسووتێنێ و ٢٠ چی لە گای گوناهەکرد
ئاواش لەو گایەکە دەکات و کاهینەکە کەفارەتیان بۆ دەکات و
لێ خۆشبوونیان بۆ دەبێت. ٢١ پاشان گایەکە دەباتە دەرەوەی
ئۆردوگاکە و دەیسووتێنێ هەروەك گای یەکەمی سووتاند،
ئەوە قوربانی گوناهی ئەنجوومەنە. ٢٢ ئەگەر سەرۆکێك
گوناهەی کرد و بەبێ ئاگا یەکێك لەوانەی کرد کە خوداوەند
خوداکەی فەرمانی داوە نەکرێت و گوناهی کەوتە ئەستۆ،
٢٣ پاشان لە گوناهەکەی ئاگادارکرایەوە کە کردوویەتی،
دەبێت قوربانیەکەی بهێنێت کە گیسکێکی نێرینەی ساغ بێت و
٢٤ دەستی لەسەر سەری گیسکەکە دابنێ و سەرببڕێ لەو
شوێنەی کە قوربانی سووتاندنی لێ سەردەبڕێ لەبەرامبەر
خوداوەند، ئەوە قوربانی گوناهە، ٢٥ کاهینەکەش بە پەنجەی
لە خوێنی قوربانیەکەی گوناهە دەبات و لە قۆچەکانی
قوربانگاکەی قوربانی سووتاندنی دەدات و خوێنەکەی
دەڕێژێتە ژێر قوربانگاکەی قوربانی سووتاندن، ٢٦ هەموو
پیوەکەشی لەسەر قوربانگاکە دەسووتێنێ وەك پیوی قوربانی
ئاشتی و کاهینەکە لە گوناهەکەی کەفارەتی بۆ دەکات و لێ
خۆشبوونی بۆ دەبێت. ٢٧ ئەگەر یەکێك لە خەڵکی بەبێ ئاگا
گوناهەی کرد، بەوەی یەکێك لەوانەی کرد کە خوداوەند
فەرمانی داوە نەکرێت و گوناهەی کەوتە ئەستۆ، ٢٨ پاشان لە
گوناهەکەی ئاگادار کرایەوە کە کردوویەتی، دەبێت
قوربانیەکەی بهێنێت کە کارەبزنێکی مێی ساغ بێت لەبەر

گونـاهەکەی کە کردوویەتـی و ٢٩ دەسـتی لەسـەر سـەری
قوربـانیەکەی گونـاهە دادەنـێ و سـەری دەبـڕێ لە شـوێنی
قوربانی سووتاندن، ٣٠ کاهینەکەش بە پەنجەی لە خوێنەکەی
دەبات و لەسەر قۆچەکانی قوربانگاکەی قوربانی سووتاندنی
دەدات و هەمـوو خوێنەکەشـی دەڕێـژێتە ژێـر قوربانگـاکە،
٣١ هەمـوو پیوەکەشـی لێـدەکاتەوە وەك چـۆن ئەو پیـوەی لە
قوربـانی ئاشـتی کـردووە و کـاهینەکە لەسـەر قوربانگـاکە
دەیسـووتێنێ، ئەو بـۆنەی خوداوەنـد پێـی خۆشـەو کـاهینەکە
کەفارەتی بـۆ دەکـات و لـێ خۆشبوونی بـۆ دەبێـت. ٣٢ ئەگەر
قوربانیەکەی بەرخ بـوو بۆ قوربـانی گونـاهە، دەبێت مێینە و
سـاغ بێـت و ٣٣ دەسـتی لەسـەر سـەری قوربـانی گونـاهەکە
دادەنێـت و وەك قوربـانی گونـاهە سـەریدەبڕێ، لەو شـوێنەی
قوربـانی سـووتاندنی تیـادا سـەردەبڕێ و ٣٤ کـاهینەکە بە
پەنـجەی لە خـوێنی قوربـانی گونـاهەکە دەبـات و لەسـەری
قۆچەکانی قوربانگاکەی قوربانی سووتاندنی دەدات و هەموو
خوێنەکەش دەڕێژێتە ژێر قوربانگاکە، ٣٥ هەموو پیوەکەشـی
لێـدەکاتەوە هەروەك ئەو پیـوەی بەرخ لە قوربـانی ئاشـتی
دەکرێتەوە و کـاهینەکە لەسـەر قوربانگـاکە لەسـەر قوربـانیە
بەئاگرەکانی خوداوەند دەیسووتێنێ، جا کاهینەکە کەفارەتی بۆ
دەکـات لە گونـاهەکەی کە کردوویەتـی و لێخۆشـبوونی بـۆ
دەبێت.

## ٥

١ ئەگەر یەکێك گونـاهەی کـرد، بەوەی گـوێی لە شـایەتی بە
درۆ بـوو، جا بێدەنگ بـوو لەوەی بینیبـووی یـان زانیبـووی،
ئەوا ئەویش تاوانبـارە، ٢ یـان ئەگەر یەکێك لە شـتێکی گڵاو
کەوت، وەك کەڵاکی دڕندەیەکی گڵاو یان کەڵاکی ئاژەڵێکی
گـڵاو یـان کەڵاکـی خشـۆکێکی گـڵاو، ئەگەر ئاگاشـی لـێ
نەبووبێـت، ئەوا ئەو کەسـە گـڵاو و تاوانبـارە، ٣ یـان ئەگەر
دەستی لە شتە گڵاوەکانی مرۆڤێك دا لە هەموو گڵاویەکانی
کە پێـی گـڵاو دەبێـت، ئاگـای لێنەبـوو و پاشـان زانـی، ئەوا
تاوانبارە، ٤ یان یەکێك پەلەی کـرد لە سوێند خواردن، جا بـۆ
خـراپە یـان چـاکە، لە هەمـوو ئەوەی مـرۆڤ لە کـاتی سـوێند
خـواردن پەلەی لێـدەکات، بـێ ئەوەی بزانـێ و پاشـان زانـی،
ئەوا ئەو کەسـە لەو شتە تاوانبـارە، ٥ ئەگەر لە یەکێك لەمـانە
تـــاوانی کـــرد، ئەوا دان بە گونـــاهەکەی دەنێـــت و ٦ بە
قوربانیەکەوە کە مێ بێت، بەرخ یان کارەبزن، بۆ تـاوانەکەی
دێـتە لای خوداوەنـد لەبەر ئەو گونـاهەی کە کردوویەتـی،
قوربـانی تـاوانە، جا کـاهینەکە بـۆ گونـاهەکەی کەفارەتی بـۆ
دەکـات، ٧ ئەگەر دەسـت کـورت بـوو بـۆ بەرخێك، ئینجا بـا
قوربانیەك بهێنێ بۆ تـاوانەکەی کە گونـاهەی پێکـردووە، دوو
کوکـوختی یـان دوو بێچـووە کـۆتر بـۆ خوداوەنـد، یەکێکیـان
قوربانی گوناهە و ئەوەی تر قوربـانی سووتاندن. ٨ دەیـانهێنێ
بۆ کاهینەکە و ئەویش یەکەمجار ئەوەی بۆ گوناهەیە پێشکەش
دەکـات، سـەری لە لای پشـتەوە دەقرتێنـێ بەڵام لێـی ناکـاتەوە.
٩ لە خـوێنی قوربـانیەکەی گونـاهە بە دیـواری قوربانگـاکەدا
دەکـات، ئەوەشـی لە خـوێنەکە دەمێنێـتەوە، دەگوشـرێتە ژێـر
قوربانگـاکە، ئەوە قوربـانی گونـاهەیە، ١٠ بەڵام ئەوەی تـر
بەپێـی ڕێوڕەسـم دەکـاتە قوربـانی سـووتاندن، جا کـاهینەکە
کەفـارەتی بـۆ دەکـات لە گونـاهەکەی کە کردوویەتـی و
لێخۆشـبوونی بـۆ دەبێـت. ١١ ئەگەر دەسـت کـورت بـوو دوو
کوکوختی یـان دوو بێچـووە کـۆتر بهێنـێ، ئینجا قوربـانیەکەی
لەبەر ئەو گوناهەیەی کە کردوویەتی دەیەکی ئیفەیەك ئاردی
سفر دەبێـت بە قوربـانی گونـاهە، زەیتـی بەسـەردا ناکـات و
بخـووری سـافی لەسـەر دانانێـت، چـونکە قوربـانی گونـاهە،
١٢ دەیهێنێـتە لای کـاهینەکە و ئەویـش پڕ بە مسـتی لێـدەبات،
بەشـی یادگـاریەکەی و لەسـەر قوربانگـاکە لەسـەر قوربـانیە
بەئاگرەکـانی خوداوەنـد دەیسـووتێنێ، ئەوە قوربـانی گونـاهە.
١٣ جـا کـاهینەکە کەفـارەتی بـۆ دەکـات لە گونـاهەکەی کە
کردوویەتـی لە هەر یەکێك لەوانە و لێخۆشبوونی بۆ دەبێت،
ئەوەی دەمێنێتەوە بۆ کاهینەکە دەبێت بە خۆراك. ١٤ هەروەها
خوداوەنـد لەگەڵ موسـا دوا و فەرمـووی: ١٥ ئەگەر یەکێـك
ناپـاکیەکی کـرد و بەبـێ ئاگـا سـەبارەت بە پیرۆزکراوەکـانی
خوداوەند گوناهی کرد، دەبێت لەبەر تاوانەکەی قوربانیەك بۆ
خوداوەنـد بهێنێـت، بەرانێکـی سـاغ بێـت و بەو نـرخەی بـۆی
دادەنێیت بە شاقلی زیو بەپێـی شاقلی پیرۆزگا، ئەوە قوربـانی
تـاوانە، ١٦ هەروەهـا قەرەبـوی ئەو گونـاهەش دەکـاتەوە کە
سـەبارەت بەوەی پیرۆزکـراوە کردوویەتـی و پێـنج یەکیشـی
لەسـەر دادەنێـت و دەیـداتە کـاهینەکە، جـا کـاهینەکە بە
بەرانەکەی تـاوان کەفـارەتی بـۆ دەکـات و لێخۆشـبوونی بـۆ
دەبێت. ١٧ ئەگەر یەکێك گونـاهی کـرد و یەکێك لەوانەی کـرد
کە خوداوەند فەرمانی داوە نەکرێن و نەیزانـی، ئەوا تاوانبـارە
و تـاوانەکەی هەڵگرتـووە، ١٨ جا بە بەرانێکـی سـاغەوە و بەو
نرخەی بۆی دادەنێیت، بە قوربانی تاوانەوە بۆ لای کـاهینەکە
دێـت، کـاهینەکەش لەو بێئاگـاییەی کە نەیزانیـوە کردوویەتـی
کەفـارەتی بـۆ دەکـات و لێخۆشـبوونی بـۆ دەبێـت. ١٩ ئەوە
قوربانی تاوانە، تاوانێکی سەبارەت بە خوداوەند کردووە.

## ٦

١ هەروەهـا خوداوەنـد لەگەڵ موسـادا دوا و فەرمـووی:
٢ ئەگەر یەکێك گونـاهەی کـرد و ناپـاکی لە خوداوەنـد کـرد،
بەوەی فێڵی لە برادەرەکەی کرد، لە شتێك کە لە لای دانرابێ
یان ئەمانەتێك یان دزینێك یان دەست بەسەرداگرتنی شتێکی
نزیکەکەی، ٣ یان شتێکی بزربووی دۆزیەوەو فێڵـی سەبارەت
بەوە کـرد و بە درۆ سـوێندی خـوارد لەسـەر هەر شـتێك
لەوانەی مـرۆڤ دەیکـات کە گونـاهە دەکـات. ٤ جـا ئەگەر
گونـاهی کـرد و تـاوانی کـرد، ئەوا ئەو شتەی دزیویەتی یـان
ئەوەی دەستی بەسەرداگرتووە یان ئەوەی لە لای دانراوە یان
ئەوەی بزربوو و دۆزیەوە، دەیگەڕێنێتەوە، ٥ یـان هەر شتێك
کە بە درۆ سوێندی لەسـەر بخـوات، سـەر بەسـەر قەرەبـوی
دەکـات و پێـنج یەکیشـی بـۆ زیـاد دەکـات، لە ڕۆژی قوربـانی
تـاوانەکەی دەیداتەوە دەست خـاوەنەکەی، ٦ قوربـانیەکیش بـۆ
تـاوانەکەی دەهێنێـتە لای خوداوەنـد، بەرانێکـی تەواو لە
مێگەل، بەو نـرخەی بـۆی دادەنێیت نرخەکەشـی تەواوبـێ،
قوربانی تاوانە بۆ کاهین، ٧ جا کاهینەکە لەبەردەم خوداوەند
کەفارەتی بۆ دەکات و لێخۆشبوونی بۆ دەبێت لەهەر شتێك کە
کردوویەتـی و پێـی تاوانبـارە. ٨ هەروەهـا خوداوەنـد لەگەڵ
موسـادا دوا و فەرمـووی: ٩ فەرمـان بە هـاڕون و کوڕەکـانی
بکە و بڵێ، ئەمە فێرکردنەکانە دەربارەی قوربانی سووتاندن،
قوربـانی سـووتاندنە، دەبێـت لەسـەر ئـاگردانەکە بێـت لەسـەر
قوربانگـاکە بە درێژایـی شـەو تـا بەیـانی، دەبێـت ئـاگری
قوربانگـاکەش بە کـراوەی بمێنێـتەوە، ١٠ ئینجـا کـاهینەکە
جلەکـانی لەبەردەکـات کە لە کەتـانەو دەرپـێش کە لە کەتـانە
لەبەردەکات و خۆڵەمێشـەکە هەڵدەگرێ کە پاشماوەی ئـاگری
قوربـانی سـووتاندنەکەیە لەسـەر قوربانگـاکە و لەتەنیشـت
قوربـانگەکەی دادەنێـت، ١١ ئینجـا جلەکـانی لەبەردادەکەنـێ و
جلـی تـر لەبەردەکـات و خۆڵەمێشـەکە دەبـاتە دەرەوەی
ئۆردوگاکە بۆ شوێنێکی پاك، ١٢ ئـاگری سەر قوربـانگەکەش

بە کراوەیی دەمێنێتەوە، ناکوژێتەوە، کاهینەکەش هەموو بەیانیەك داری لەسەر دەسووتێنێ و قوربانی سووتاندنی لەسەر ڕێك دەخات و پیوی قوربانیەکانی ئاشتی لەسەر دەسووتێنێ. ١٣ ئاگرێکی بەردەوامە لەسەر قوربانگاکە کراوەتەوە، نا کوژێتەوە. ١٤ ئەمەش فێرکردنەکانە دەربارەی قوربانی خۆراك، کوڕانی هارون لەبەردەم خوداوەند پێشکەشی دەکەن بۆ پێش قوربانگاکە و ١٥ بە مستی هەندێ ئاردی قوربانی خۆراکەکە و زەیتەکەی و هەموو بخوورە سافەکەی کە لەسەر قوربانیە خۆراکەکەیە لێدەبات و لەسەر قوربانگاکە دەیسووتێنێ، بۆنی خۆشییە، بەشی یادگاریەکەیەتی بۆ خوداوەند، ١٦ ئەوەی لێشی دەمێنێتەوە هارون و کوڕانی دەیخۆن، بە بێ هەویرترش دەخورێ لە شوێنێکی پیرۆز، لە حەوشەی چادری ژووان دەیخۆن، ١٧ بە هەویرترشەوە ناکرێ بەنان، کردوومە بە بەشی ئەوان لە قوربانیە بائاگرەکانم، ئەوە هەرە پیرۆزە وەك قوربانی گوناەو قوربانی تاوان، ١٨ هەموو نێرینەیەك لە نەوەی هارون لێی دەخوات، فەرزێکی هەتاهەتاییە بۆ نەوەکانتان لە قوربانیە بەئاگرەکانی خوداوەند، هەریەکێك دەستی لێبدات دەبێت پاك و پیرۆز بێت. ١٩ هەروەها خوداوەند لەگەڵ موسادا دوا و فەرمووی: ٢٠ ئەمە قوربانی هارون و کوڕانیەتی کە بۆ خوداوەندی دەهێنن لە ڕۆژی دەست نیشانکردنی، دەیەکی ئیفەیەك ئاردی سفر لە قوربانی خۆراك، بە بەردەوامی نیوەی بەیانیان و نیوەی ئێواران. ٢١ لەسەر ساج دروستکراو و بە زەیت شێلراو دەیهێنی، بە پارچەپارچە کراوی پێشکەشی دەکەیت، ئەو بۆنەی خوداوەند پێی خۆشە. ٢٢ کاهینە دەستنیشانکراوەکەش لە جیاتی خۆی بە کوڕەکانی ئەو کارە دەکات، فەرزێکی هەتاهەتاییە بۆ خوداوەند، بە تەواوی دەسووتێنرێ. ٢٣ هەموو قوربانیەکی خۆراکی کاهین بە تەواوی دەسووتێنرێ، ناخورێ. ٢٤ هەروەها خوداوەند لەگەڵ موسادا دوا و فەرمووی: ٢٥ لەگەڵ هارون و کوڕانی بدوێ و بڵێ، ئەمە فێرکردنەکانە دەربارەی قوربانی گوناهە، لەو شوێنەی قوربانی سووتاندن سەردەبڕی لەوێش قوربانی گوناهە لەبەردەم خوداوەند سەردەبڕی، ئەوە هەرە پیرۆزە. ٢٦ ئەو کاهینەی بۆ گوناه دەیکات لێی دەخوات، لە شوێنێکی پیرۆز دەخورێ، لە حەوشەی چادری ژووان. ٢٧ ئەوەی دەست لە گۆشتەکەی بدات دەبێت پاك و پیرۆز بێت، ئەگەر لە خوێنەکەشی بە جلێکەوە بوو، ئەوا ئەوەی بە خوێنەوە بووە لە شوێنێکی پیرۆز دەشۆرێت، ٢٨ بەڵام ئەو مەنجەڵە گڵینەی تیایدا لێنراوە، ئەوا دەشکێنرێ، ئەگەر لە مەنجەڵێکی مس لێنرا، ئەوا سپی دەکرێتەوە ئاوی پێدا دەکرێ. ٢٩ هەموو نێرینەیەك لە کاهینەکان لێی دەخوات، ئەوە هەرە پیرۆزە، ٣٠ هەموو قوربانیەکی گوناهیش لە خوێنەکەی دەبردرێتە ناو چادری ژووان و بۆ کەفارەت کردن لە شوێنی پیرۆز، ناخورێ بەڵکو بە ئاگر دەسووتێنرێ.

# ٧

١ ئەمەش فێرکردنەکانە دەربارەی قوربانی تاوان، ئەمە هەرە پیرۆزە، ٢ لەو شوێنەی قوربانی سووتاندن سەردەبڕن هەر لەوێ قوربانی تاوان سەردەبڕن، خوێنەکەشی بەخڕی بەسەر قوربانگاکەدا دەڕژێندرێ، ٣ هەموو پیوەکەشی پێشکەش دەکرێ دونگەکەی و ئەو پیوەی هەناوی داپۆشیوە، ٤ لەگەڵ دوو گورچیلەکە و ئەو پیوەی لەسەریانە، ئەوەی لەسەر ناوقەدە و ئەوەی دەمێنێتەوە لە جگەرو گوچیلەکان لێدەکاتەوە، ٥ کاهینەکە لەسەر قوربانگەکە دەیانسووتێنێ، قوربانی سووتاندنە بۆ خوداوەند، ئەمە قوربانی تاوانە. ٦ هەموو نێرینەیەك لە کاهینەکان لێی دەخوات، لە شوێنێکی پیرۆز دەخورێ، ئەمە هەرە پیرۆزە. ٧ قوربانی تاوان وەك قوربانی گوناهە، یەك فێرکردن هەیە دەربارەیان، ئەو کاهینەی کەفارەتیان پێ دەکات بۆ ئەو دەبێت، ٨ ئەو کاهینەش کە قوربانی سووتاندنی مرۆڤێك پێشکەش دەکات، ئەوا پێستی قوربانی سووتاندنەکەی پێشکەشی دەکات بۆ ئەو دەبێت. ٩ هەموو قوربانیەکی خۆراکیش بە تەنوور بەنان کرابێ و هەموو ئەوەی لە ناو تاوە دروستکرابێ یان لەسەر ساج بۆ ئەو کاهینە دەبێت کە پێشکەشی دەکات، ١٠ هەموو قوربانیەکی خۆراکی بە زەیت شێلراو یان ووشك، ئەوا بۆ هەموو کوڕانی هارون دەبێت، هەر یەکە وەك براکەی. ١١ ئەمەش فێرکردنەکانە دەربارەی قوربانی ئاشتی، ئەوەی بۆ خوداوەندی دەهێنێ، ١٢ ئەگەر بۆ سوپاسکردن هێنای، ئەوا بۆ قوربانی سوپاسکردن کولێرەی فەتیری بە زەیت شێلراو و نانی تیری بە زەیت چەورکراو و ئاردی سفری شێلراو، کرابێ بە کولێرەی بە زەیت شێلراو، ١٣ لەگەڵ نانی بە هەویرترش، قوربانیەکەی پێشکەش دەکات لەسەر قوربانی سوپاسکردنی بۆ ئاشتیەکەی. ١٤ لەمانە یەکێکیان وەك پیتاکی بەرزکراوە پێشکەش دەکات، بۆ ئەو کاهینە دەبێت کە خوێنی قوربانی ئاشتی دەپرژێنێت. ١٥ گۆشتی قوربانی سوپاسکردن بۆ ئاشتیەکەی لە ڕۆژی قوربانیەکەی دەخورێ، هیچی لێ ناهێڵێتەوە بۆ بەیان، ١٦ ئەگەر سەربڕاوە قوربانیەکەی نەزر بوو یان بەخشین بوو، ئەوا ڕۆژی پێشکەشکردنی قوربانیەکە دەخورێ و بۆ سبەینێش ئەوەی لێ ماوەتەوە دەخورێ، ١٧ بەڵام بەرماوەی گۆشتی قوربانیەکە لە ڕۆژی سێیەم دەسووتێنرێ، ١٨ ئەگەر لە گۆشتی قوربانی ئاشتیەکەی خوارد لە ڕۆژی سێیەمدا، ئەوا قبوڵ ناکرێ، ئەوەی پێشکەشی دەکات بۆی حیساب ناکرێ، دەبێتە گڵاوی، ئەوەی لێی بخوات ئەوا تاوانەکەی دەکەوێتە ئەستۆ، ١٩ ئەو گۆشتەش کە بەر شتێکی گڵاو بکەوێت ئەوا ناخورێت، بە ئاگر دەسووتێنرێت، گۆشتەکەش هەموو پاکێك لێی دەخوات، ٢٠ بەڵام ئەو کەسەی گۆشتی قوربانی ئاشتی کە بۆ خوداوەندە دەخوات و گڵاوی خۆی بە خۆیەوەیە، ئەوا ئەو کەسە لەناو گەلەکەی دەبڕێتەوە. ٢١ هەر کەسێك لە شتێکی گڵاو بکەوێت، گڵاوی مرۆڤێك یان ئاژەڵێکی گڵاو یان هەر شتێکی قێزەونی گڵاو، ئینجا لە گۆشتی قوربانی ئاشتی کە بۆ خوداوەندە بخوات، ئەوا ئەو کەسە لەناو گەلەکەی دەبڕێتەوە. ٢٢ هەروەها خوداوەند لەگەڵ موسادا دوا و فەرمووی: ٢٣ لەگەڵ نەوەی ئیسڕائیلدا بدوێ و بڵێ، پیوی گاو بەران و بزن مەخۆن، ٢٤ بەڵام پیوی ئاژەڵی مردارەوە بوو و پیوی ئەوەی بووە بە نێچیر ئەوا بۆ هەموو کارێك بە کاردێت، بەڵام ناخورێت، ٢٥ هەر یەکێك لە پیوی ئەو ئاژەڵانەی خوارد کە بۆ خوداوەند وەك قوربانی بەئاگر لێیان پێشکەش دەکرێت، ئەو کەسە لەناو گەلەکەی دەبڕێتەوە، ٢٦ هیچ خوێنێکیش مەخۆن لەهەموو جێنشینەکانتان، ئەگەر هی باڵندە بێت یان ئاژەڵ، ٢٧ هەر کەسێك هەر شتێکی خوێن بخوات، ئەو کەسە لەناو گەلەکەی دەبڕێتەوە. ٢٨ هەروەها خوداوەند لەگەڵ موسادا دوا و فەرمووی: ٢٩ لەگەڵ نەوەی ئیسڕائیلدا بدوێ و بڵێ، ئەوەی قوربانی ئاشتیەکەی بۆ خوداوەند پێشکەش دەکات، لە قوربانی ئاشتیەکەی پێشکەشکراوەکەی بۆ خوداوەند دەهێنێت، ٣٠ بەدەستی خۆی قوربانیە بەئاگرەکانی خوداوەند دەهێنێت، پیوەکە دەهێنێت لەگەڵ سینگەکە، سینگەکەش بۆ ئەوەیە تا لەبەردەم خوداوەند بەرزی بکاتەوە وەك نیشانەی تەرخانکردن، ٣١ جا کاهینەکە پیوەکە لەسەر قوربانگاکە دەسووتێنێ و سینگەکەش بۆ هارون و کوڕەکانی دەبێت، ٣٢ ڕانی ڕاستەش لە قوربانیەکانی ئاشتیتان دەدەن بە

کاهینەکە، وەك پیتاکی بەرزکراوە، ٣٣ ئەوەی خوێنی قوربانی
ئاشتی و پیوەکە پێشکەش دەکات لە کوڕانی هارۆن، ڕانە
ڕاستەکە دەبێتە بەشی ئەو، ٣٤ چونکە سینگی بەرزکراوە و
ڕانەکەی پیتاکی بەرزکراوەم لە نەوەی ئیسرائیل وەرگرتووە،
لە قوربانیەکانی ئاشتیان و بە هارۆنی کاهین و بە کوڕەکانیم
داوە، فەرزێکی هەتاهەتاییە بۆ نەوەی ئیسرائیل. ٣٥ ئەوە
دەست نیشانکردنی هارۆن و دەست نیشانکردنی کوڕەکانیەتی
لە قوربانیە بەئاگرەکانی خوداوەند، ڕۆژی پێشکەش کردنیان
تا کاهینێتی بۆ خوداوەند بکەن، ٣٦ کە خوداوەند فەرمانی کرد
بیاندرێتێ لەو ڕۆژەی لەناو نەوەی ئیسرائیل دەست
نیشانیکردن، فەرزێکی هەتاهەتاییە بۆ نەوەکانیان. ٣٧ ئەوە
فێرکردنەکانە دەربارەی قوربانی سووتاندن و قوربانی
خۆراك و قوربانی گوناەو قوربانی تاوان و قوربانی ئەرك
پێسپاردن و قوربانی ئاشتی، ٣٨ کە خوداوەند فەرمانی بە
موسا کرد پێیان، لە چیای سینا، ئەو ڕۆژەی فەرمانی بە
نەوەی ئیسرائیل کرد تا قوربانیەکانیان بۆ خوداوەند پێشکەش
بکەن لە چۆڵەوانی سینا.

# ٨

١ هەروەها خوداوەند لەگەڵ موسادا دوا و فەرمووی:
٢ هارۆن و کوڕەکانی ببە، لەگەڵ جلەکان و ڕۆنی
دەستنیشانکردنەکە و گاکەی گوناە و دوو بەرانەکە و سەبەتە
نانە فەتیرەکە و ٣ هەموو کۆمەڵ لە لای دەروازەی چادری
ژووان کۆبکەوە. ٤ موساش وەك خوداوەند فەرمانی پێکرد،
ئاوای کرد، جا کۆمەڵەکە لە لای دەروازەی چادری ژووان
کۆبوونەوە، ٥ ئینجا موسا بە کۆمەڵەکەی وت: خوداوەند
فەرمانی کردووە ئەمە بکرێ. ٦ جا موسا هارۆن و کوڕەکانی
هێنایە پێشەوە و بە ئاو شوشتنی و ٧ کراسەکەی لەبەرکرد و
کەمەربەندەکەی بۆ بەستا و کەواکەی لەسەر لەبەرکرد و
ئێفۆدەکەی خستە سەر و بە پشتبەستی ئێفۆدەکە بەستی و
توندی کرد، ٨ ئینجا بەرسینەکەی لەبەرکرد و ئۆریم و
تۆریمەکەی خستە ناو بەرسینەکەوە، ٩ مێزەرەکەشی لەسەری
کرد و لەسەر مێزەرەکە بەلای پێشەوە پلێتە زێڕەکە،
تاجەگوڵینەی پیرۆزی دانا، هەروەك خوداوەند فەرمانی بە
موسا کرد. ١٠ ئینجا موسا ڕۆنی دەستنیشانکردنەکەی هێنا و
نشینگەکە و هەرچی تیایدا بوو دەستنیشانکرد و پیرۆزی
کرد، ١١ حەوت جاریش بەسەر قوربانگاکەدا پرژاندی و
قوربانگاکە و هەموو قاپوقاچاغەکانی و حەوزەکە و
ژێرەکەی دەستنیشانکرد بۆ پیرۆزکردنیان. ١٢ لە ڕۆنی
دەستنیشانکردنەکەشی بەسەر هارۆندا کرد و دەستنیشانی کرد
بۆ پیرۆزکردنی، ١٣ ئینجا موسا کوڕەکانی هارۆنی هێنایە
پێشەوە و کراسی لەبەرکردن و کەمەربەندی بۆ بەستن و
سەرپێچەکانی بۆ توند کردنەوە، هەروەك خوداوەند
فەرمانی بە موسا کرد. ١٤ ئینجا گاکەی گوناهی هێنایە پێشەوە
و هارۆن و کوڕەکانی دەستیان لەسەر سەری گاکەی گوناە
دانا. ١٥ جا موسا سەری بڕی و خوێنەکەی برد و بە پەنجەی
بە خڕی کردی بەسەر قۆچەکانی قوربانگاکە و قوربانگاکەی
پاککردەوە و ئینجا خوێنەکەی ڕشتە ژێر قوربانگاکە و
پیرۆزی کرد بۆ کەفارەت کردن بۆی. ١٦ هەموو پیوەکەی
سەر هەناو و ئەوەی دەمێنێتەوە لە جگەرکە و هەردوو
گورچیلەکە و پیوەکەیانی برد و موسا لەسەر قوربانگاکە
سووتاندنی، ١٧ بەڵام گایەکە، پێستەکەی و گۆشتەکەی و
ڕیخەکەی، لە دەرەوەی ئۆردوگاکە بە ئاگر سووتاند،
هەروەك خوداوەند فەرمانی بە موسا کرد. ١٨ ئینجا
بەرانەکەی قوربانی سووتاندنی هێنایە پێشەوە و هارۆن و
کوڕەکانی دەستیان لەسەر سەری بەرانەکە دانا، ١٩ جا موسا
سەری بڕی و خوێنەکەی بە خڕی بەسەر قوربانگاکەدا
پرژاند و ٢٠ بەرانەکەی پارچەپارچە کرد و موسا سەرەکە و
پارچەکان و پیوەکەی سووتاند، ٢١ بەڵام هەناو و پێیەکانی بە
ئاو شوشت و موسا هەموو بەرانەکەی لەسەر قوربانگاکەدا
سووتاند، ئەوە قوربانی سووتاندنە، بۆ خوداوەند بۆنی
خۆشیە، قوربانی سووتاندنە، هەروەك خوداوەند فەرمانی بە
موسا کرد. ٢٢ ئینجا بەرانەکەی دووەم، بەرانی ئەرك
سپاردنەکەی هێنایە پێشەوە، جا هارۆن و کوڕەکانی دەستیان
لەسەر سەری بەرانەکە دانا. ٢٣ موسا سەری بڕی و لە
خوێنەکەی برد و لە شلکەی گوێی ڕاستە و پەنجە گەورەی
دەستی ڕاست و پەنجە گەورەی پێی ڕاستی هارۆنی دا،
٢٤ ئینجا کوڕەکانی هارۆنی هێنایە پێشەوە و لە خوێنەکەی
هەڵگرت و لە شلکەی گوێی ڕاستیان و پەنجە گەورەی
دەستی ڕاستیان و پەنجە گەورەی پێی ڕاستیانی دا، پاشان
موسا خوێنەکەی بە خڕی بەسەر قوربانگاکەدا ڕشت،
٢٥ ئینجا پیوی دونگەکەو هەموو ئەو پیوەی بەسەر هەناو و
ئەوەی ماوەتەوە لە جگەر و دوو گورچیلەکە و پیوەکەیان و
ڕانی ڕاستی برد، ٢٦ هەروەها لە سەبەتەی فەتیرەکە، ئەوەی
لەبەردەم خوداوەندە، یەك کولێرەی فەتیر و نانێك لەوەی بە
زەیتە و نانێکی تیری برد و لەسەر پیوەکە و لەسەر ڕانە
ڕاستەکەی دانا. ٢٧ هەمووی خستنە سەر دەستەکانی هارۆن و
دەستی کوڕەکانی و لەبەردەم خوداوەند بەرزی کردەوە.
٢٨ ئینجا موسا لە دەستیانی وەرگرت و لەسەر قوربانگاکە
لەسەر قوربانی سووتاندنەکە سووتاندی، ئەوە قوربانی ئەرك
سپاردنە، بۆ خوداوەند بۆنی خۆشیە، قوربانی سووتاندنە.
٢٩ ئینجا موسا سینگی بەرانی ئەرك سپاردنەکەی برد و
لەبەردەم خوداوەند بەرزی کردەوە، بەشی موسا بوو
هەروەك خوداوەند فەرمانی بە موسا کرد، ٣٠ پاشان موسا لە
ڕۆنی دەستنیشانکردنەکە و لە خوێنەکەی سەر قوربانگاکەی
برد و بەسەر هارۆن و جلەکانی و بەسەر کوڕەکانی و جلی
کوڕەکانی لەگەڵی پرژاند و هارۆن و جلەکانی و کوڕەکانی و
جلی کوڕەکانی لەگەڵی پیرۆزکردن، ٣١ ئینجا موسا بە هارۆن
و کوڕەکانی ووت: گۆشتەکە لەبەردەم دەروازەی چادری
ژووان لێبنێن و لەوێش دەیخۆن، هەروەها ئەو نانەی ناو
سەبەتەکەش، قوربانی ئەرك سپاردن، وەك فەرمانم کرد و
وتم، هارۆن و کوڕەکانی دەیخۆن، ٣٢ ئەوەی لە گۆشت و
نانەکەش دەمێنێتەوە بە ئاگر دەیسووتێنن، ٣٣ لە لای
دەروازەی چادری ژووانیش دەرناچن، حەوت ڕۆژ تا
تەواوی ڕۆژەکانی تەرخانکردنتان، چونکە حەوت ڕۆژ
ئەرکتان پێدەسپێردرێت. ٣٤ هەروەك لەم ڕۆژەدا کرا،
خوداوەند فەرمانی داوە کە بکرێ بۆ کەفارەت کردن بۆتان.
٣٥ حەوت ڕۆژ بە شەو و بە ڕۆژ لە لای دەروازەی چادری
ژووان دەمێننەوە و خواستی خوداوەند دەپارێزن، جا نامرن،
چونکە ئاوا فەرمانم پێکراوە. ٣٦ جا هارۆن و کوڕەکانی
هەموو ئەو شتانەی خوداوەند لەسەر دەستی موسا فەرمانی
پێ کردبوو، کردیان.

# ٩

١ لە ڕۆژی هەشتەمدا، موسا هارۆن و کوڕەکانی و پیرانی
ئیسرائیلی بانگ کرد و ٢ بە هارۆنی ووت: گوێرەکەی
مانگایەك بۆ خۆت، بۆ قوربانی گوناە و بەرانێك بۆ قوربانی
سووتاندن ببە، هەردووکیان ساغ بن و لەبەردەم خوداوەند

پێشکەشیان بکە، ٣ لەگەڵ نەوەی ئیسرائیلیش بدوێ و بڵێ، کارەبزنێك بۆ قوربانی گوناه و گوێرەکەیەك و بەرخێکی یەك ساڵەی ساغ بۆ قوربانی سووتاندن و ٤ گایەك و بەرانێك بۆ قوربانی ئاشتی بۆ سەربڕین لەبەردەم خوداوەند ببەن، هەروەها قوربانی خۆراکی بەزەیت شێلراو، چونکە ئەمڕۆ خوداوەند بۆتان دەردەکەوێت. ٥ جا ئەوەی موسا فەرمانی پێکردبوو بردیانە پێش چادری ژووان و هەموو کۆمەڵەکە چوونە پێشەوە و لەبەردەم خوداوەند وەستان. ٦ موسا ووتی: خوداوەند فەرمانی ئەمەی داوە، دەیکەن، جا شکۆمەندی خوداوەندتان بۆ دەردەکەوێت. ٧ پاشان موسا بە هارۆنی وت: بڕۆ پێشەوە بۆ لای قوربانگاکە و قوربانی گوناهت و قوربانی سووتاندنەکەت بکە و کەفارەت بۆ خۆت و گەل بکە و قوربانی گەل بکە و کەفارەتیان بۆ بکە، هەروەك خوداوەند فەرمانی کرد. ٨ جا هارۆن چووە پێشەوە بۆ لای قوربانگاکە و گوێرەکەی قوربانی گوناهی سەربڕی کەهی خۆی بوو، ٩ کوڕەکانی هارۆنیش خوێنەکەیان بۆ هێنا و ئەویش پەنجەی کردە ناو خوێنەکە و لەسەری قۆچەکانی قوربانگاکەی دا و خوێنەکەی ڕشتە ژێر قوربانگاکە. ١٠ پیوەکە و دوو گورچیلەکە و ئەوەی لە جگەری قوربانیەکەی گوناه مابووەوە لەسەر قوربانگاکە سووتاندی، هەروەك خوداوەند فەرمانی بە موسا کرد، ١١ بەڵام گۆشت و پێستەکەی لە دەرەوەی ئۆردوگاکە بە ئاگر سووتاند. ١٢ ئینجا قوربانی سووتاندنەکەی سەربڕی و کوڕەکانی هارۆن خوێنەکەیان پێیدا و ئەویش بە خڕی بەسەر قوربانگاکەدا پرژاندی، ١٣ پاشان قوربانی سووتاندنەکەیان پێیدا بە پارچەکانی و سەرەکەیەوە، ئەویش لەسەر قوربانگاکە سووتاندی، ١٤ هەناو و پێیەکانیشی شوشت و لەسەر قوربانی سووتاندنەکە لەسەر قوربانگاکە سووتاندی. ١٥ ئینجا قوربانی گەلی پێشکەش کرد، کاریلەکەی گوناهی برد کە هی گەل بوو و سەری بڕی و بۆ گوناه کردی وەك ئەوەی یەکەم، ١٦ ئینجا بەپێی ڕێوڕەسم قوربانی سووتاندنەکەی پێشکەش کرد، ١٧ ئینجا قوربانیەکەی خۆراکی پێشکەش کرد و مستی لێ پڕکرد و لەسەر قوربانگاکە سووتاندی، بێجگە لە قوربانی سووتاندنی بەیانی، ١٨ ئینجا گاکە و بەرانەکەی سەربڕی، قوربانی ئاشتی کە بۆ گەلە و کوڕەکانی هارۆن خوێنەکەیان پێیدا، ئەویش بە خڕی بەسەر قوربانگەکەدا پرژاندی، ١٩ هەروەها پیوەکە لە گایەکە و دونگەکە لەبەرانەکە و ئەو پیوەش کە هەناو دادەپۆشێ و دوو گورچیلەکە و ئەوەی لە جگەر دەمێنێتەوە. ٢٠ پیوەکەشیان خستە سەر دوو سینگەکە، جا پیوەکەیان لەسەر قوربانگاکە سووتاند، ٢١ بەڵام دوو سینگەکە و ڕانی ڕاستە، هارۆن لەبەردەم خوداوەند بەرزی کردەوە، هەروەك موسا فەرمانی کرد. ٢٢ ئینجا هارۆن دەستی بەرەو گەل بەرزکردەوە و پیرۆزی کردن و لە کردنی قوربانی گوناه و قوربانی سووتاندن و قوربانی ئاشتی هاتە خوارەوە. ٢٣ ئینجا موسا و هارۆن چوونە ناو چادری ژووانەوە و پاشان دەرچوون و گەلیان پیرۆزکرد، جا شکۆمەندی خوداوەند بۆ هەموو گەل دەرکەوت و ٢٤ ئاگرێك لە لای خوداوەندەوە دەرچوو و لەسەر قوربانگاکە قوربانی سووتاندنەکە و پیوەکەی سووتاند. هەموو گەلیش بینیان و هاواریان کرد و بەسەر ڕوویاندا کەوتن.

## ١٠

١ ئینجا دوو کوڕەکەی هارۆن، ناداب و ئەبیهۆ، هەریەکەو مەقەڵیەکەی خۆی برد و ئاگریان تێی کرد و بخووریان بەسەردا کرد و لەبەردەم خوداوەند ئاگرێکی نامۆیان پێشکەش کرد، کە ئەو فەرمانی پێیان نەکردبوو، ٢ جا ئاگرێك لە لای خوداوەندەوە دەرچوو و خواردنی و لەبەردەم خوداوەند مردن. ٣ موساش بە هارۆنی ووت: ئەمە بوو مەبەستی خوداوەند کاتێ فەرمووی، لەنێو ئەوانەی لێم نزیك دەبنەوە پاك و پیرۆزی خۆم بەدەردەخەم و لەبەردەم هەموو گەل شکۆدار دەبم. جا هارۆن بێدەنگ بوو. ٤ ئینجا موسا میشائیل و ئەلسافان، دوو کوڕەکەی عوزیئیلی مامی هارۆنی بانگ کرد و پێی وتن: بڕۆنە پێش، براکانتان لەبەردەم پیرۆزگا هەڵگرن بۆ دەرەوەی ئۆردوگاکە. ٥ ئەوانیش چوونە پێش و بە کراسەکانیان هەڵیان گرتن بۆ دەرەوەی ئۆردوگاکە، هەروەك موسا وتی. ٦ هەروەها موسا بە هارۆن و دوو کوڕەکەی ئەلیعازارو ئیسامای وت: سەرتان ڕووت مەکەن و جلەکانتان مەدڕێنن، نەوەك بمرن و تووڕەیی بێتە سەر هەموو کۆمەڵ، بەڵام بۆ براکانتان، هەموو ماڵی ئیسرائیل بۆ ئەو ئاگرە دەگرین کە خوداوەند کردیەوە، ٧ لە دەروازەی چادری ژووانیش دەرمەچن، نەوەك بمرن، چونکە ڕۆنی دەستنیشانکردنی خوداوەند لە سەرتانە. ئەوانیش بە گوێرەی قسەکەی موسایان کرد. ٨ هەروەها خوداوەند لەگەڵ هارۆندا دوا و فەرمووی: ٩ مەی و خواردنەوەی سەرخۆشکەر مەخۆرەوە، خۆت و کوڕەکانیشت، لەکاتی چوونە ژوورەوەتان بۆ ناو چادری ژووان، تا نەمرن، فەرزێکی هەتاهەتاییە لە نەوەکانتان، ١٠ هەروەها بۆ جیاکردنەوە لەنێوان پیرۆز و پیرۆزنەکراو و بۆ جیاکردنەوە لە نێوان گڵاو و پاك و ١١ بۆ فێرکردنی نەوەی ئیسرائیل دەربارەی هەموو فەرزەکان کە خوداوەند لەگەڵیان دوا لە ڕێگای موساوە. ١٢ موساش بە هارۆن و دوو کوڕەکەی، ئەلیعازار و ئیسامار کە مابوونەوە وتی: ئەو قوربانیە خۆراکەی لە قوربانیە بەئاگرەکانی خوداوەند ماوەتەوە، بیبەن و بە بێ هەویرترش بیخۆن لەتەنیشت قوربانگاکە، چونکە هەرە پیرۆزە. ١٣ لە شوێنێکی پیرۆز بیخۆن، چونکە فەرزی تۆ و فەرزی کوڕەکانتە لە قوربانیە بەئاگرەکانی خوداوەند، چونکە من بەو شێوەیە فەرمانم داوە، ١٤ بەڵام سینگی بەرزکراوە و ڕانی پیتاکی بەرزکراوە لە شوێنێکی پاك دەیخۆن، خۆت و کوڕەکانت و کچەکانت لەگەڵت، چونکە کراون بە فەرزی تۆ فەرزی کوڕەکانت لە قوربانیەکانی ئاشتی نەوەی ئیسرائیل. ١٥ ڕانی پیتاکی بەرزکراوە و سینگی بەرزکراوە لەگەڵ پیوەکانی قوربانی بەئاگر دەهێنن، تا بەرزبکرێنەوە لەبەردەم خوداوەند، جا بۆ تۆ و کوڕەکانت دەبن لەگەڵت، فەرزێکی هەتاهەتاییە، هەروەك خوداوەند فەرمانی کرد. ١٦ بەڵام کاریلەکەی گوناه، موسا داوای کرد و بینی ئەوەتا سووتاوە، جا لە ئەلیعازار و ئیسامار، دوو کوڕەکەی هارۆن کە مابوونەوە، تووڕەبوو و وتی: ١٧ بۆچی قوربانیەکەی گوناهتان لە شوێنێکی پیرۆز نەخوارد، بێگومان کە هەرە پیرۆزە و پێیدان تا تاوانی کۆمەڵەکە هەڵگرن بۆ کەفارەت بۆیان لەبەردەم خوداوەند، ١٨ خوێنەکەی بۆ ژوورەوەی پیرۆزگا نەهێنرا، بێگومان دەبوایە لە پیرۆزگا بیخۆن، هەروەك فەرمانم کرد. ١٩ جا هارۆن بە موسای وت: ئەوان ئەمڕۆ قوربانی گوناهەکانیان و قوربانی سووتاندنەکەیان لەبەردەم خوداوەند پێشکەش کرد و شتێکی وام تووش بوو، جا ئەگەر ئەمڕۆ قوربانی گوناه بخۆم، ئایا لەبەرچاوی خوداوەند ئەمە پەسەند دەبوو؟ ٢٠ کە موسا گوێی لێبوو، لەبەرچاوی پەسەند بوو.

# ١١

١ هەروەهـا خوداوەنـد لەگەڵ موسـاو هارونـدا دوا و پێـی
فەرموون: ٢ لەگەڵ نەوەی ئیسرائیلدا بدوێن و بڵێن، ئەمە ئەو
گیانلەبەرانەن کە دەیخۆن لە هەموو ئاژەڵەکانی سەر زەوی،
٣ هەمـوو ئەوەی سـمی دوو کەرت بێـت و کـاوێژ بکـات لە
ئاژەڵەکان، ئەوە دەخۆن، ٤ تەنها ئەمانە ناخۆن لەوانەی کاوێژ
دەکەن و سمیان دوو کەرتە، ووشتر، چونکە کـاوێژ دەکـات
بەڵام سمی دوو کەرت نییە، بۆیە گڵاوە بۆتـان، ٥ هەروەهـا
گۆڕهەڵکەنە، چونکە کاوێژ دەکات، بەڵام سمی کەرت نییە،
گڵاوە بۆتان، ٦ کەروێشکیش، چونکە کاوێژ دەکات بەڵام سمی
دوو کەرت نییە، بۆیە گڵاوە بۆتان، ٧ بەرازیش، چونکە سمی
کەرت کـراوە، بەڵام کـاوێژ ناکـات، بۆیە گـڵاوە بۆتـان، ٨ نە
گۆشتیان بخۆن و نەدەست لە کەڵاکیان بدەن، چونکە گڵاوە
بۆتان. ٩ لە هەموو ئەوانەی لەناو ئاوەکانیشن ئەمانە دەخۆن،
هەمـوو ئەوانەی کلـك وبـاڵ و پوولەکەیـان هەبێـت لەنـاو
ئاوەکان، لەناو دەریاکان و لەناو ڕووبارەکان، ئەوانە دەخۆن،
١٠ بەڵام هەموو ئەوەی کلك وباڵ و پوولەکەی نەبێت لەناو
دەریاکان و ڕووبارەکان، لەهەموو خشۆکەکانی ناو ئاوەکان
و هەمـوو زینـدەوەرێکی نـاو ئاوەکـان، قێزەوەنـدن بۆتـان.
١١ بۆتـان قێزەوەند دەبێت، لە گۆشتەکەی نـاخۆن و قێزتـان لە
کەڵاکەکەی دەبێتەوە. ١٢ هەموو ئەوەی کلك وباڵ و پوولەکەی
نەبێت لەنـاو ئاوەکـان، بۆتـان قێزەوەنـدن. ١٣ لە باڵندەکانیش،
قێزتـان لەمـانە دەبێتـەوە، نـاخورێن، قێزەوەندن، داڵ و بـاز و
سیسرکە کەچەڵە، ١٤ هەڵۆ و واشە و جۆرەکـانی، ١٥ هەموو
جۆرەکانی قەلەڕەش و ١٦ ووشترمرغ و کوندەبەبووی بیابان
و ماسیگرە و هەمـوو جۆرەکانی داڵ وباز، ١٧ کوندەبەبوو و
قولنـگ و شـاهۆ، ١٨ قەلەبـاچکە و داڵەکەرخـۆر و مەلـی
ماسیگر، ١٩ حـاجی لەقلـەق و هەمـوو جۆرەکـانی تـوتی و
پەپوولەسلێمانکە و شەمشەمەکوێرە و ٢٠ هەموو مێروویەکی
باڵدار کە لەسەر چوار پێ بڕوات بۆ ئێوە قێزەونە. ٢١ تەنها
ئەمە دەخۆن لە هەموو مێروویەکی باڵدار کە لەسەر چوار پێ
بڕوات، ئەوەی دوو لاقی نووشتاوەی هەیە لەسەر پێیەکانی و
پێیان هەڵدەبەزێتەوە لەسەر زەوی، ٢٢ لەمە دەخۆن، کوللە بە
هەمـوو جـۆرێکی و سیسـرکە بە هەمـوو جـۆرێکی و
کوللەحاجی بە هەموو جۆرێکی، ٢٣ بەڵام هەموو مێروویەکی
باڵدار کە چوار پێیان هەیە قێزەوەندن بۆتـان، ٢٤ بەمانە گڵاو
دەبـن، هەر یەکێـك لە کەڵاکیـان بکەوێـت، تـا ئێـوارە گـڵاو
دەبێت، ٢٥ هەر یەکێك کەڵاکیان هەڵبگرێت، دەبێت جلەکانی
بشوات و تا ئێوارە گڵاو دەبێت. ٢٦ هەموو ئەو ئاژەڵانەش کە
سمیان دووکەرت نەبێت، یان کاوێژ نەکات، ئەوا گڵاوە بۆتان
و هەر یەکێك لێی بکەوێت گڵاو دەبێت. ٢٧ هەر ئـاژەڵێکیش لە
چوار پێیەکـان کە لەسـەر نـاو لەپـی بڕوات، گـڵاوە بۆتـان و
هەر یەکێك لە کەڵاکیـان بکەوێـت، تـا ئێـوارە گـڵاو دەبێـت و
٢٨ هەر یەکێك کەڵاکیان هەڵبگرێت، دەبێت جلەکانی بشوات و
تـا ئێـوارە گـڵاو دەبێت، ئەوە گـڵاوە بۆتـان. ٢٩ ئەمەش گـڵاوە
بۆتان لەوانەی لەسەر زەوی دەخشێن، مشکەکوێرەو مشك و
بزن مژە بە هەمـوو جۆرێکی و ٣٠ قومقمۆك و مـارمێلکە و
شەوگەرد و هەموو جۆرێکی خشۆکەکان، بچووك تـا گەورە.
٣١ ئەمانە گڵاوەکانن بۆتان لە هەموو خشۆکەکان، هەر یەکێك
لێـی بکەوێت دوای مردنـی، تـا ئێـوارە گـڵاو دەبێـت، ٣٢ هەر
شتێکیش یەکێك لەوانەی بەسەردا کەوت کە مردبوو، ئەو شتە
گڵاو دەبێت، لە هەرشتێك، دار بێت یان جلوبەرگ یان پێست
یان بەرگی ماتەم، هەر شتێك کە کـاری پێ بکرێت، دەخرێتە
نـاو ئـاوەوە و تـا ئێـوارە گـڵاو دەبێـت و پاشـان پـاك دەبێتـەوە.
٣٣ هەموو قاپوقاچاغێکی لە قوڕدروستکراویش بکەوێتە ناوی،
هەرچـی تیـایەتی گـڵاو دەبێـت و قاپوقاچـاغەکەش دەشکێنن،
٣٤ هەر خـواردنێکیش کە بخـورێ، لەوەوە ئـاوی بەسـەردا
بکرێت، گڵاو دەبێت، هەر خواردنەوەیەکیش کە بخورێتەوە،
لەو قاپوقاچـاغە، گـڵاو دەبێـت، ٣٥ هەر شتێك کەڵاکـی یەکێك
لەوانەی تێبکەوێـت، گڵاودەبێـت، ئەگەر تەنـور بێـت یـان
مەقەڵی، دەبێت تێکبدرێت، ئەوە گڵاوە و بۆ ئێوە گـڵاو دەبێت.
٣٦ تەنهـا کـانی و بیـر کە ئاویـان لـێ کـۆدەبێتەوە، ئەوان پـاك
دەبـن، بەڵام ئەوەی لە کەڵاکیـان بکەوێـت، گـڵاو دەبێـت.
٣٧ ئەگەر کەڵاکـی یەکێکیـان کەوتە سـەر هەر تۆوێـك کە
بچێنرێـت، ئەوا تـۆوەکە پـاکە، ٣٨ بەڵام ئەگەر ئـاو لەسـەر
تـۆوەکەدا هەبـوو و کەڵاکـی یەکێکیـانی کەوتەسـەر، گـڵاوە
بۆتـان. ٣٩ ئەگەر یەکێـك لەو ئـاژەڵانەی کە خـواردنە بۆتـان
مرد، جا هەر یەکێك لە کەڵاکەکەی بکەوێت، تا ئێوارە گڵاو
دەبێـت. ٤٠ هەر یەکێکـیش لە کەڵاکەکەی بخـوات، ئەوا
جلەکـانی دەشـوات و تـا ئێـوارە گـڵاو دەبێـت، هەر یەکێکیش
کەڵاکەکەی هەڵبگرێـت، ئەوا جلەکـانی دەشـوات و تـا ئێـوارە
گڵاو دەبێت. ٤١ هەموو خشۆکێکیش لەسـەر زەوی دەخشێت،
ئەوە قێزەوەندە و ناخورێت. ٤٢ هەرچـی لەسـەر سکی بڕوات
و هەرچی لەسەر چوارپێ بڕوات لەگەڵ هەموو ئەوەی پێـی
زیـاترە، لە هەمـوو خشـۆکەکان کە لەسـەر زەوی دەخشـێن
مەیخۆن، چونکە قێزەوەندە بۆتـان. ٤٣ خۆتـان پیس مەکەن بە
خشۆکێك کە دەخشێت، خۆتـانی پێ گـڵاو مەکەن و پێـی گـڵاو
مەبن. ٤٤ چونکە من خوداوەند خوداتـانم، جا خۆتـان تەرخـان
بکەن و پاك و پیرۆز بن، چونکە من پاك و پیرۆزم. خۆتان بە
خشۆکێك کە لەسەر زەوی دەخشێت گـڵاو مەکەن. ٤٥ چونکە
من خوداوەندم ئەوەی کە لە خاکی میسرەوە دەریهێنان تا ببێتە
خوداتـان، جا پـاك و پیرۆز بن، چونکە من پـاك و پیرۆزم.
٤٦ ئەمە فێرکردنەکـانە دەربـارەی ئاژەڵەکـان و باڵنـدەکان و
هەمـوو گیانلەبەرێك لەنـاو ئـاو دەجووڵێت و هەمـوو گیانێك
لەسـەر زەوی دەخشـێت، ٤٧ بـۆ جیـاکردنەوە لەنێوان گـڵاو و
پـــاك و لەنێـــوان ئەو زینـــدەوەرانەی دەخـــورێن و ئەو
زیندەوەرانەی ناخورێن.

# ١٢

١ هەروەهـا خوداوەنـد لەگەڵ موسـادا دوا و فەرمـووی:
٢ لەگەڵ نەوەی ئیسرائیلدا بـدوێ و بڵـێ، ئەگەر ژنێك سکی
پڕبـوو و کـوڕێکی بـوو، ئەوا حەوت ڕۆژ گـڵاو دەبێـت،
هەروەك لە ڕۆژانـی خـوێن لێچـوونی، گـڵاو دەبێـت، ٣ لە
ڕۆژی هەشتەمدا سـاواکە خەتەنە دەکرێت، ٤ ئینجـا دایـکەکە
سی و سێ ڕۆژی تر دەمێنێتەوە تا لە خوێن لێچوونەکەی پـاك
بێتەوە، لە هیچ شتێکی پـاك و پیرۆز ناکەوێت و بۆ پیرۆزگـا
ناچێت، تـا ڕۆژانـی پـاك بـوونەوەی تەواو دەبێـت. ٥ ئەگەر
کچـی بـوو، ئەوا دوو هەفتە گـڵاو دەبێت، هەروەك لە خـوێن
لێچوونی بێت، ئینجا شەست و شەش ڕۆژی تر دەمێنێتەوە، تا
لە خـوێن لێچـوونەکەی پـاك بێـتەوە. ٦ کـاتێ ڕۆژانـی پـاك
بـوونەوەی تەواوبـوو، ئەگەر کـوڕی بـووبێ یـان کـچ، ئەوا
بەرخێکـی یەك سـاڵە وەك قوربـانی سـووتاندن و بێچـووە
کۆترێـك یـان کوکـوختیەك وەك قوربـانی گونـاه دەهێنێتە بەر
دەروازەی چادری ژووان و بۆ کاهینەکە و ٧ ئەویش لەبەردەم
خوداوەنـد پێشکەشـی دەکـات و کەفـارەتی بـۆ دەکـات، جـا لە
لێچـوونی خـوێنەکەی پـاك دەبێتـەوە. ئەمە فێرکردنەکـانە
دەربـارەی ئەوەی کـوڕ یـان کچـی دەبێـت. ٨ ئەگەر دەسـت

کورت بوو بەرخێك بهێنێت، ئەوا دوو کوکوختی یان دوو بێچووە کۆتر، یەکێکیان بۆ قوربانی سووتاندن و ئەوی تر بۆ قوربانی گوناە، جا کاهینەکە کەفارەتی بۆ دەکات و پاك دەبێتەوە.

# ١٣

١ هەروەها خوداوەند لەگەڵ موسا و هارووندا دوا و فەرمووی:
٢ ئەگەر مرۆڤێك لە پێستی لەشی ئاوسانێك، یان دومەڵێك یان لەکەیەکی بریقەدار هەبوو، کە نیشانەی نەخۆشی گەڕوگولی بێت لە پێستی لەشی، ئەوا ئەو کەسە دەهێنرێتە لای هارونی کاهین، یان یەکێك لە کوڕە کاهینەکانی. ٣ جا ئەگەر کاهینەکە بینی لەکەکە لەپێستی لەشە و ئەو مووانەی لەناو لەکەکەن سپین و لەکەکە لە پێستی لەش قوولترە، ئەوە نەخۆشی گەڕوگولییە. جا کەی کاهینەکە بینی، بڕیار دەدات کە گڵاوە.
٤ بەڵام ئەگەر لەکەیەکی بریقەداری سپی بوو لە پێستی لەش و لە پێست قوڵتر نەبوو و ئەو مووانەی لەناو لەکەکەن سپی نەبووبوون، ئەوا کاهینەکە کەسی تووشبوو حەوت ڕۆژ جیای دەکاتەوە، ٥ ئەگەر کاهینەکە لە ڕۆژی حەوتەمدا بینی لەکەکە وەك خۆیەتی و لە پێست بڵاونەبۆتەوە، ئەوا کاهینەکە حەوت ڕۆژی تریش جیای دەکاتەوە، ٦ ئەگەر کاهینەکە دووبارە لە ڕۆژی حەوتەمدا بینییەوە و لەکەکە مۆر هەڵگەڕابوو و لە پێست بڵاونەببۆوە، ئەوا کاهینەکە بڕیار دەدات کە پاکە، ئەوە دومەڵە، جا ئەو کەسە جلەکانی دەشوات و پاك دەبێت، ٧ بەڵام ئەگەر دومەڵەکە لە پێست بڵاوبووەوە دوای ئەوەی پیشانی کاهینەکە درا بۆ پاك کردنەوەی، دەبێت دووبارە پیشانی کاهینەکە بدرێتەوە، ٨ ئەگەر کاهینەکە بینی دومەڵەکە لە پێست بڵاوبووەتەوە، ئەوا کاهینەکە بڕیاردەدات کە گڵاوە، ئەوە گەڕوگولییە. ٩ ئەگەر مرۆڤێك تووشی گەڕوگولی هاتبوو، ئەوا دەهێنرێتە لای کاهین، ١٠ جا ئەگەر کاهینەکە بینی وا ئاوسانێکی سپی لە پێست هەیە و مووی سپی کردووە و لە شوێنی ئاوسانەکە گۆشتی ڕووت بەدەرەوەیە، ١١ ئەوا گەڕوگولی درێژخایەنە لە پێستی لەشی، جا کاهینەکە بڕیار دەدات کە گڵاوە، جیای ناکاتەوە، چونکە گڵاوە، ١٢ بەڵام ئەگەر گەڕوگولییەکە بڵاوببوەوە و هەموو پێستی داگرتبوو، لە سەریەوە تا پێیەکانی، بەگوێرەی هەموو ئەوەی چاوەکانی کاهینەکە دەیبینێ و ١٣ کاهینەکە بینی وا گەڕوگولییەکە هەموو لەشی داگرتووە، ئەوا بڕیار دەدات کە تووشبووەکە پاکە، هەمووی سپی بووە، ئەوە پاکە. ١٤ بەڵام هەر کاتێ گۆشتی ڕووتی تیادا بینی، ئەوا گڵاو دەبێت. ١٥ جا کاتێ کاهینەکە گۆشتە ڕووتەکەی بینی، بڕیار دەدات کە گڵاوە. گۆشتی ڕووت گڵاوە، ئەوە گەڕوگولییە. ١٦ ئینجا ئەگەر گۆشتە ڕووتەکە جارێکی تر سپی بووەوە، ئەوا دێتەوە لای کاهینەکە، ١٧ جا کە کاهینەکە بینی وا شوێنە تووشبووەکە سپی بووە، کاهینەکە بڕیار دەدات کە تووشبووەکە پاکە، ئەوە پاکە. ١٨ ئەگەر لەشەکەش لە پێستەکەی دومەڵێك بووبێت و چاك بووبێتەوە، ١٩ لە شوێنی دومەڵەکەش ئاوسانێکی سپی یان لەکەیەکی بریقەداری سپی سوورباو هەبێت، ئەوا پیشانی کاهینەکە دەدرێت، ٢٠ جا ئەگەر کاهینەکە بینی لە پێست قووڵترە و مووەکانی سپی بووە، ئەوا کاهینەکە بڕیار دەدات کە گڵاوە. ئەوە نەخۆشی گەڕوگولییە لە دومەڵەکە بڵاوبوەتەوە. ٢١ بەڵام ئەگەر کاهینەکە بینی مووی سپی تیادا نیە و لە پێست قوڵتر نیە و ڕەنگی ئاساییە، ئەوا کاهینەکە حەوت ڕۆژ جیای دەکاتەوە، ٢٢ بەڵام ئەگەر لە پێست بڵاوببووە، ئەوا کاهینەکە بڕیار دەدات کە گڵاوە، ئەوە تووش بوونە. ٢٣ بەڵام ئەگەر لەکە بریقەدارەکە لە شوێنی خۆی مایەوەو بڵاونەبووەوە، ئەوە شوێنەواری دومەڵەکەیە و کاهینەکە بڕیار دەدات کە پاکە. ٢٤ ئەگەر لەشەکە لە پێستیدا شوێنێکی داخکراو بە ئاگر هەبێت، گۆشتە ڕووتەکەی شوێنە داخکراوەکە، لەکەیەکی بریقەداری سپی سوورباو یان سپی هەبێت، ٢٥ ئینجا کاهینەکە بینی وا مووی لەکە بریقەدارەکە سپی بووە و لە پێست قوڵترە، ئەوە گەڕوگولییە و لە شوێنە داخکراوەکە بڵاوبووەتەوە، جا کاهینەکە بڕیار دەدات کە گڵاوە، ئەوە نەخۆشی گەڕوگولییە. ٢٦ بەڵام ئەگەر کاهینەکە بینی کە لەکە بریقەدارەکە مووی سپی نیە و لە پێست قوڵترنیە و ڕەنگی ئاساییە، ئەوا کاهینەکە حەوت ڕۆژ جیای دەکاتەوە، ٢٧ ئینجا کاهینەکە لە ڕۆژی حەوتەمدا دەیبینێت، جا ئەگەر بە پێستدا بڵاوببووەوە، ئەوا کاهینەکە بڕیار دەدات کە گڵاوە، ئەوە نەخۆشی گەڕوگولییە، ٢٨ بەڵام ئەگەر لەکە بریقەدارەکە لە شوێنی خۆی مایەوە و بە پێستدا بڵاونەببۆوە و ڕەنگی ئاسایی بوو، ئەوا ئاوسانی داخەکەیە، جا کاهینەکە بڕیار دەدات کە پاکە، چونکە شوێنەواری داخەکەیە.
٢٩ هەروەها ئەگەر ژنێك یان پیاوێك لەکەیەك لەسەری یان لەچەناکەی هەبێت، ٣٠ ئینجا کە کاهینەکە لەکەکەی بینی وا لە پێست قوڵترە و مووی زەردی ووردی تیادایە، ئەوا کاهینەکە بڕیار دەدات کە گڵاوە، ئەوە کەچەڵییە، گەڕوگولی سەرە یان چەناکە، ٣١ بەڵام ئەگەر کاهینەکە بینی تووشبوون بە کەچەڵیەکە لە پێست قووڵترنیە، بەڵام مووی ڕەشی تیادا نییە، ئەوا کاهینەکە حەوت ڕۆژ کەچەڵەکە جیا دەکاتەوە.
٣٢ جا ئەگەر کاهینەکە لە ڕۆژی حەوتەمدا کەچەڵیەکەی بینی، وا بڵاونەبووەتەوە و مووی زەردی تیادا نیە و کەچەڵیەکە لە پێست قوڵترنیە، ٣٣ با بیتاشێ، بەڵام کەچەڵیەکە نا، کاهینەکەش حەوت ڕۆژی تر کەچەڵەکە جیا دەکاتەوە، ٣٤ جا ئەگەر کاهینەکە لە ڕۆژی حەوتەمدا کەچەڵەکەی بینی، وا کەچەڵیەکە لە پێست بڵاونەبووەتەوە و لە پێست قووڵترنیە، ئەوا کاهینەکە بڕیار دەدات کە پاکە، جا جلەکانی دەشوات و پاك دەبێت، ٣٥ بەڵام ئەگەر کەچەڵیەکە لە پێست بڵاوبۆوە دوای ئەوەی بڕیار درا کە پاکە، ٣٦ کاهینەکەش بینی وا کەچەڵیەکە لە پێست بڵاوبووەتەوە، ئەوا کاهینەکە لە دوای مووی زەرد ناگەڕێ، ئەوە گڵاوە، ٣٧ بەڵام ئەگەر وەك خۆی مایەوە و مووی ڕەشی تیادا ڕوا، ئەوا کەچەڵیەکە چاك بووەتەوە، ئەوە پاکە و کاهینەکە بڕیار دەدات کە پاکە.
٣٨ ئەگەر پیاوێك یان ژنێك لە پێستیدا لەکەی بریقەدار، لەکەی بریقەداری سپی هەبوو، ٣٩ کاهینەکەش بینی ئەوا لە پێستی لەشی لەکەی بریقەداری ڕەنگ ئاسایی سپی هەیە، ئەوە پەڵەی سپییە، لە پێست بڵاوبووەتەوە، ئەوە پاکە. ٤٠ ئەگەر مرۆڤێك مووی سەری ڕووتایەوە، ئەوە کەچەڵە و، ئەو پاکە،
٤١ ئەگەر مووی سەری لە لای پێشەوە ڕووتایەوە، ئەوە سەر ڕووتاوە، ئەو پاکە، ٤٢ بەڵام ئەگەر لە کەچەڵیەکە یان ڕووتاویەکە لەکەی سپی سوورباو هەبوو، ئەوا گولییە و لەکەچەڵیەکەی یان ڕووتاویەکەی بڵاوبووەتەوە، ٤٣ جا ئەگەر کاهینەکە ئەوەی بینی و وا ئاوساوی تووشبوونەکە سپی سووورباوە لە کەچەڵیەکەی یان لە ڕووتاویەکەی وەك دیمەنی گەڕوگولی بوو لە پێستی لەش، ٤٤ ئەوە مرۆڤێکی گەڕوگول و گڵاوە، کاهینەکەش بڕیار دەدات کە گڵاوە، سەری تووشبووە. ٤٥ ئەو گەڕوگولەش کە تووش بووە، جلەکانی دڕاودەبێت و سەری دانەپۆشراو دەبێت و سمێڵی دادەپۆشێ و هاوار دەکات، گڵاو، گڵاو. ٤٦ هەموو ئەو ڕۆژانەی نەخۆشیەکەی پێوەیە گڵاو دەبێت، گڵاوە و بەتەنیا کە دەژیێت لە دەرەوەی ئۆردوگا دەبێتە جێی مانەوەی. ٤٧ بەڵام ئەگەر جلوبەرگێك کەڕو لێیدابوو، جلوبەرگی خوری یان کەتان، ٤٨ ئەوەی ڕستراو بێت یان چنراو، لە کەتان و لە خوری، یان

لە پێست، یان لەهەر دروستکراوێك لە پێست، ٤٩ لێدانەکەش سەوزباو یان سووورباو بوو، لە جلەکە یان لە پێستەکە، لە ڕستراو یان لە چنراو یان لەهەر شتێك لە پێست بێت، ئەوە لێدانی کەڕووە، جا بە کاهین پیشان دەدرێت. ٥٠ کاهینەکەش لێدانەکە دەبینێ و لێدراوەکە حەوت ڕۆژ جیا دەکاتەوە. ٥١ جا کە لە ڕۆژی حەوتەمدا لێدانەکەی بینی وا لە جلەکە بڵاوبووەتەوە، لە ڕستراو یان لە چنراو یان لە پێست، لە هەموو ئەوانەی لە پێست دروست دەکرێت بۆ بەکارهێنان، ئەوا لێدانەکە کەڕووە و زیان بەخشە، گڵاوە. ٥٢ جا جلەکە یان ڕستراوەکە یان چنراوەکە لە خوری بێت یان کەتان یان لە هەر شتێکی پێستە دەیسووتێنێ، ئەوەی لێدانەکەی تیادایە، چونکە کەڕووی زیانبەخشە بە ئاگر دەسووتێنرێ. ٥٣ بەڵام ئەگەر کاهینەکە بینی وا لێدانەکە لە جلەکە یان ڕستراوەکە یان چنراوەکە یان شتە پێستەکە بڵاونەبووەتەوە، ٥٤ ئەوا کاهینەکە فەرمان دەدات ئەوەی لێدانەکەی تیادایە بشۆن و حەوت ڕۆژی تر جیای دەکاتەوە. ٥٥ ئەگەر کاهینەکە دوای شوشتنی لێدانەکە بینی لێدانەکە دیمەنی نەگۆڕاوە و بڵاونەبووەتەوە، ئەوا گڵاوە و دەبێت بە ئاگر بیسووتێنیت، ئەوە کلۆر بوونە، جا لەناوەوەی بێت یان لە دەرەوەی. ٥٦ بەڵام ئەگەر کاهینەکە بینی شوێنی لێدانەکە ڕەنگی ئاساییە پاش شوشتنی، ئەوا لە جلەکە یان پێستەکە، ڕستراوەکە یان چنراوەکە دەیدڕێ. ٥٧ ئینجا ئەگەر لە جلەکە، لە ڕستراوەکە یان چنراوەکە یان لە کەلوپەلە پێستەکە دەرکەوتەوە، ئەوا بڵاوبووەتەوە، ئەوەی لێدانەکەی تیادایە بە ئاگر دەیسووتێنی. ٥٨ بەڵام هەر جلێك، ڕستراو یان چنراو، یان شتێکی پێست، ئەوەی دەیشۆیت و لێدانەکەی تیادا نامێنێت، ئەوا دووبارە دەشۆرێتەوە و پاك دەبێتەوە. ٥٩ ئەمە فێرکردنەکانە دەربارەی کەڕوولێدان، لە جلی خوری یان لە کەتان، لە ڕستراو یان لە چنراو یان هەر شتێکی پێست، بۆ بڕیاردان کە پاکە یان گڵاوە.

# ١٤

١ هەروەها خوداوەند لەگەڵ موسادا دوا و فەرمووی: ٢ ئەمە فێرکردنەکان دەبێت دەربارەی گەڕوگول، ڕۆژی پاك بوونەوەی دەهێنرێتە لای کاهین، ٣ کاهینەکەش دەچێتە دەرەوەی ئۆردوگاکە، جا ئەگەر کاهینەکە بینی گەڕوگولەکە چاکبووەتەوە لە گەڕوگولیەکەی، ٤ کاهینەکە فەرمان دەدات کە دوو چۆلەکەی زیندووی پاك بۆ پاکبووەکە ببەن لەگەڵ پارچە دارێکی ئورزو بەنی سووری ئاڵ و زوفا. ٥ ئینجا کاهینەکە فەرمان دەدات یەکێك لە چۆلەکەکان لە قاپێکی لەقوڕ دروستکراو لەسەر ئاوێکی سازگار سەرببڕدرێ، ٦ بەڵام چۆلەکە زیندووەکە لەگەڵ پارچەدار ئورزەکە و بەنە سوورە ئاڵەکە و زوفاکە دەبات و دەیانکاتە ناو خوێنی چۆلەکە سەربڕاوەکەی سەر ئاوە سازگارەکە و ٧ حەوت جار بەسەر پاکبووەکە لە گەڕوگولیەکە دەیپرژێنێ و پاکی دەکاتەوە، ئینجا چۆلەکە زیندووەکە ڕووەو دەشتودەر بەڕەڵا دەکات. ٨ جا پاکبووەکە جلەکانی دەشوات و هەموو مووی لەشی دەتاشێ و بە ئاو خۆی دەشوات و پاك دەبێتەوە، ئینجا دێتە ناو ئۆردوگاکەوە، بەڵام حەوت ڕۆژ لە دەرەوەی چادرەکەی نیشتەجێ دەبێت، ٩ لە ڕۆژی حەوتەمدا سەری و ڕیشی و برۆکانی و هەموو مووەکانی دەتاشێ، جلەکانیشی دەشوات و خۆی بە ئاو دەشوات، جا پاك دەبێتەوە. ١٠ ئینجا لە ڕۆژی هەشتەمدا دوو بەرخی نێری ساغ و بەرخێکی مێی یەك ساڵەی ساغ دەهێنێ، لەگەڵ سێ لەدەی ئاردی سفری قوربانی خۆراك کە بە زەیت شێلرا بێت و یەك لۆگ زەیت، ١١ جا ئەو کاهینەی هەڵدەستێت بە پاککردنەوەکە، مرۆڤە پاك بووەکە لەگەڵ ئەوان لەبەردەم خوداوەند، لە لای دەروازەی چادری ژووان ڕادەگرێت، ١٢ ئینجا کاهینەکە یەکێك لە بەرخە نێرەکان دەبات و وەك قوربانی تاوان پێشکەشی دەکات لەگەڵ لۆگە زەیتەکە، لەبەردەم خوداوەند بەرزی دەکاتەوە، ١٣ بەرخەکەش لەو شوێنە سەردەبڕێت کە قوربانی گوناه و قوربانی سووتاندنی تیادا سەردەبڕێت، لە شوێنێکی پیرۆز، چونکە قوربانی تاوان وەك قوربانی گوناه بۆ کاهینە و هەرە پیرۆزە. ١٤ ئینجا کاهینەکە لە خوێنی قوربانیەکەی تاوان دەبات و لە شلکەی گوێی ڕاستە و پەنجە گەورەی دەستی ڕاست و پەنجە گەورەی پێی ڕاستەی پاك بووەکەی دەدات. ١٥ پاشان کاهینێك لە لۆگە زەیتەکە هەندێك دەبات و دەیکاتە ناو لەپی چەپی کاهینەکە، ١٦ ئینجا کاهینەکە پەنجەیەکی دەستی ڕاستی دەکاتە ناو ئەو زەیتەی ناو لەپی چەپی و حەوت جار بە پەنجەی زەیتەکە لەبەردەم خوداوەند دەپرژێنێ و ١٧ ئەوەی دەمێنێتەوە لەو زەیتەی ناو لەپی، کاهینەکە لە شلکەی گوێی ڕاستە و پەنجە گەورەی دەستی ڕاست و پەنجە گەورەی پێی ڕاستی پاکبووەکەی دەدات لەسەر خوێنەکەی قوربانی تاوان، ١٨ ئەوەی دەمێنێتەوەش لەو زەیتەی ناو لەپی، دەیکات بەسەر پاکبووەکە و کاهینەکە لەبەردەم خوداوەند کەفارەتی بۆ دەکات. ١٩ ئینجا کاهینەکە قوربانی گوناه دەکات و بۆ پاکبووەکە کەفارەت دەکات لە گڵاویەکەی و پاشان قوربانی سووتاندنەکە سەردەبڕێت، ٢٠ دواتر کاهینەکە قوربانی سووتاندنەکە و قوربانی خۆراك بۆ سەر قوربانگاکە سەردەخات و کەفارەتی بۆ دەکات، جا پاك دەبێتەوە. ٢١ بەڵام ئەگەر هەژار و دەست کوورت بوو، ئەوا یەك بەرخ دەبات وەك قوربانی تاوان بۆ بەرزکردنەوە، بۆ کەفارەتکردن بۆی، لەگەڵ دەیەکێك ئاردی سفری بە زەیت شێلراو بۆ قوربانی خۆراك و لۆگێك زەیت، ٢٢ هەروەها دوو کوکوختی یان دوو بێچووە کۆتر، بەپێی توانای دەستی، جا یەکێکیان دەبێتە قوربانی گوناه و ئەوەی تر قوربانی سووتاندن. ٢٣ لە ڕۆژی هەشتەمدا دەیهێنێتە لای کاهینەکە بۆ پاکبوونەوەی، بۆلای دەروازەی چادری ژووان لەبەردەم خوداوەند. ٢٤ جا کاهینەکە بەرانەکەی تاوان و لۆگە زەیتەکە دەبات و لەبەردەم خوداوەند بەرزیدەکاتەوە. ٢٥ ئینجا بەرانەکەی تاوان سەردەبڕێت و کاهینەکە لە خوێنی قوربانیەکەی تاوان لە شلکەی گوێی ڕاستە و پەنجە گەورەی دەستی ڕاست و پەنجە گەورەی پێی ڕاستی پاکبووەکە دەدات، ٢٦ ئینجا کاهینێك هەندێك لە زەیتەکە لەناو لەپی دەستی چەپی کاهینەکە دەکات و ٢٧ کاهینەکە بە پەنجەیەکی دەستە ڕاستی لەو زەیتەی لە لەپی چەپیدایە حەوت جار لەبەردەم خوداوەند دەیپرژێنێت. ٢٨ هەروەها کاهینەکە لەو زیتەی لەناو لەپیەتی، لە شلکەی گوێی ڕاست و پەنجە گەورەی دەستی ڕاست و پەنجە گەورەی پێی ڕاستی پاکبووەکە دەدات، لە شوێنی خوێنەکەی قوربانی تاوان. ٢٩ ئەوەی دەمێنێتەوە لەو زەیتەی ناو لەپی کاهینەکە، بەسەری پاکبووەکەی دەکات بۆ کەفارەتکردن بۆی لەبەردەم خوداوەند. ٣٠ ئینجا یەکێك لە دوو کوکوختیەکە یان یەکێك لە دوو بێچووە کۆترەکان، ئەوەی لەتوانای دەستیەتی، ٣١ ئەوەی دەستکورت بێت، دەکات بە قوربانی گوناه و ئەوی تر بە قوربانی سووتاندن لەگەڵ قوربانیەکەی خۆراك و کاهینەکە لەبەردەم خوداوەند کەفارەت بۆ پاکبووەکە دەکات. ٣٢ ئەمە فێرکردنەکانە دەربارەی ئەو کەسەی گەڕوگولی لێی داوە، ئەوەی دەستکورت بێت بۆ پاکبوونەوەکەی. ٣٣ هەروەها خوداوەند لەگەڵ موسا و هاڕوندا دوا و فەرمووی: ٣٤ کاتێ هاتنە خاکی کەنعان، کە من دەتاندەمێ داگیری بکەن و وام کرد ماڵێك لەو خاکەی داگیری دەکەن تووشی کەڕو بێت.

٣٥ ئەوەی خاوەنی ماڵەکەیە دێت و بە کاهینەکە دەڵێت، وابزانم کەڕو لە ماڵەکەی داوم، ٣٦ جا کاهینەکە فەرمان دەدات ماڵەکە چۆڵ بکرێت، پێش چوونە ژوورەوەی کاهینەکە بۆ بینینی لێدانەکە، نەوەك هەموو شتەکانی ماڵەکە گڵاو بێت، پاش ئەوە کاهینەکە دەچێتە ژوورەوە بۆ بینینی ماڵەکە. ٣٧ جا ئەگەر بینی لێدانەکە لە دیوارەکانی ماڵەکەیە و هەڵگەڕاوێکی سەوزباو یان سوورباوە، لە دیوارەکەش قووڵترە، ٣٨ ئەوا کاهینەکە لە ماڵەکە دێتە دەرەوە و بۆ حەوت ڕۆژ ماڵەکە دادەخات. ٣٩ ئەگەر کاهینەکە لە ڕۆژی حەوتەمدا گەڕایەوەو بینی وا لێدانەکە لە دیوارەکانی ماڵەکە بڵاوبووەتەوە، ٤٠ کاهینەکە فەرمان دەدات، ئەو بەردانە دەربهێنن کە لێدانەکەی تیادایە و فڕێیان بدەنە دەرەوەی شارەکە لە شوێنێکی گڵاو، ٤١ ماڵەکەش لە ژوورەوە دەڕنن، لە چواردەوری ئەو شوێنە، ئەو خۆڵەش کە دەیڕننەوە، فڕێی دەدەنە دەرەوەی شارەکە لە شوێنێکی گڵاو، ٤٢ بەردی تر دەهێنن و لە شوێنی بەردەکان دایان دەنێن و خۆڵی تر دێنن و ماڵەکەی پێ سواخ دەدەنەوە. ٤٣ جا ئەگەر لێدانەکە گەڕایەوە و لە ماڵەکە بڵاوبووەوە، دوای دەرهێنانی بەردەکان و ڕنینی ماڵەکە و سواخ دانەوەی و ٤٤ کاهینەکە هات و بینی وا لێدانەکە لە ماڵەکەدا بڵاوبووەتەوە، ئەوا کەڕوویەکی گەندەڵە لە ماڵەکە، ئەوە گڵاوە، ٤٥ جا ماڵەکە تێکدەدات، بەردەکانی و دارەکانی و هەموو خۆڵی ماڵەکە و دەیباتە دەرەوەی شارەکە بۆ شوێنێکی گڵاو. ٤٦ ئەوەی لە هەموو ڕۆژانی داخستنی ماڵەکە بچێتە ناوی، ئەوا تا ئێوارە گڵاو دەبێت، ٤٧ ئەوەی لە ماڵەکە خەوتبێت، ئەوا دەبێت جلەکانی بشوات و ئەوەی لە ماڵەکە نانی خواردبێت ئەوا دەبێت جلەکانی بشوات. ٤٨ بەڵام ئەگەر کاهینەکە هات و بینی لێدانەکە لە ماڵەکە بڵاونەبووەتەوە دوای سواخ دانەوەکەی، ئەوا کاهینەکە ماڵەکە پاك دەکاتەوە، چونکە لێدانەکە نەماوە، ٤٩ جا بۆ پاکبوونەوەی ماڵەکە دوو چۆلەکە لەگەڵ پارچە دارێکی ئورز و بەنی سووری ئاڵ و زوفا دەبات، ٥٠ یەکێك لە چۆلەکەکان لە قاپێکی لەقوڕدروستکراو سەردەبڕێت، لەسەر ئاوێکی سازگار، ٥١ ئینجا پارچە دار ئورزەکە و زوفاکە و بەنە سوورە ئاڵەکە و چۆلەکە زیندووەکە دەبات و دەیکاتە ناو خوێنی چۆلەکە سەربڕاوەکە و ئاوە سازگارەکە و حەوت جار بەسەر ماڵەکەدا دەیپرژێنێ، ٥٢ جا بە خوێنی چۆلەکەکە و بە ئاوە سازگارەکە و بە چۆلەکە زیندووەکە و بە پارچە دار ئورزەکە و بە زوفاکە و بە بەنە سوورە ئاڵەکە ماڵەکە پاك دەکاتەوە. ٥٣ ئینجا چۆلەکە زیندووەکە بۆ دەرەوەی شار ڕووەو دەشتودەر بەڕەڵا دەکات و کەفارەت بۆ ماڵەکە دەکات، جا پاك دەبێتەوە. ٥٤ ئەمە فێرکردنەکانە بۆ هەموو لێدانێکی گەڕوگولی و کەچەڵی و ٥٥ کەڕوی جلوبەرگ و ماڵ و ٥٦ ئاوسان و دومەڵ و لەکەی بریقەدار. ٥٧ بۆ فێرکردن لە ڕۆژی گڵاوی و لە ڕۆژی پاکی. ئەمە فێرکردنەکانە دەربارەی گەڕوگولی.

# ١٥

١ هەروەها خوداوەند لەگەڵ موسا و هاڕوندا دوا و فەرمووی: ٢ لەگەڵ نەوەی ئیسرائیلدا بدوێن و پێیان بڵێن، هەر پیاوێك لێچوونی هەبێت لە ئەندامی نێرینەی، ئەوا لێچوونەکەی گڵاوە، ٣ ئەمەش گڵاویەکەی دەبێت بە لێچوونەکەی، جا ئەگەر ئەندامی نێرینەی لێچوونەکەی فڕێدەدا یان ڕایگرتبوو، ئەوا گڵاوە. ٤ ئەوەی لێچوونەکەی هەیە لەسەر هەر نوێنێك ڕاکشێت، گڵاو دەبێت، لەسەر هەر شتێکیش دانیشێت، گڵاو دەبێت. ٥ ئەوەی دەست لە نوێنەکەی بدات، دەبێت جلەکانی بشوات و بە ئاو خۆی بشوات و تا ئێوارە گڵاو دەبێت، ٦ هەر کەسێك لەسەر شتێك دانیشێت کە کابرای لێچوو لەسەری دادەنیشێت، دەبێت جلەکانی بشوات و بە ئاو خۆی بشوات و تا ئێوارە گڵاو دەبێت، ٧ هەر کەسێك دەستی لە لەشی کابرای لێچوو بکەوێت، دەبێت جلەکانی بشوات و خۆی بە ئاو بشوات و تا ئێوارە گڵاو دەبێت، ٨ ئەگەر کابرای لێچوو تفی لە یەکێکی پاك کرد، دەبێت پاکەکە جلەکانی بشوات و بە ئاو خۆی بشوات و تا ئێوارەش گڵاو دەبێت، ٩ سواری هەرشتێکیش بێت، ئەو شتە گڵاو دەبێت، ١٠ هەر کەسێکیش دەست لەو شتە بدات کە لە ژێری بوو، تا ئێوارە گڵاو دەبێت، ئەوەی هەڵیان بگرێت، دەبێت جلەکانی بشوات و بە ئاو خۆی بشوات و تا ئێوارەش گڵاو دەبێت، ١١ هەر کەسێکیش کابرای لێچوو دەستی لێبدات، بێ ئەوەی دەستی بە ئاو بشوات، دەبێت جلەکانی بشوات و بە ئاو خۆی بشوات و تا ئێوارەش گڵاو دەبێت، ١٢ هەر قاپێکی لەقوڕدروستکراویش کە کابرای لێچوو دەستی لێبدات دەشکێنرێت، هەر قاپێکی داریش بە ئاو دەشۆرێت. ١٣ ئەگەر کابرای لێچوو پاك بووەوە لە لێچوونەکەی، ئەوا حەوت ڕۆژی بۆ دادەنرێت بۆ پاك بوونەوەی و جلەکانی دەشوات و بە ئاوی سازگار خۆی دەشوات، جا پاك دەبێتەوە، ١٤ لە ڕۆژی هەشتەمدا دوو کوکوختی یان دوو بێچووە کۆتر دەهێنێت بۆ بەردەم خوداوەند بۆلای دەروازەی چادری ژووان و دەیاندات بە کاهینەکە، ١٥ جا کاهینەکە یەکێکیان دەکاتە قوربانی گوناه و ئەوی تر قوربانی سووتاندن و کاهینەکە لەبەردەم خوداوەند کەفارەتی بۆ دەکات لە لێچوونەکەی. ١٦ ئەگەر پیاوێك تۆوی لێهاتە دەرەوە، ئەوا هەموو لەشی بە ئاو دەشوات و تا ئێوارە گڵاو دەبێت و ١٧ هەر جلێك یان پێستێك تۆوی بکەوێتە سەر، دەبێت بە ئاو بشۆردرێ و تا ئێوارە گڵاو دەبێت. ١٨ هەروەها ئەو ژنەش کە لەگەڵ پیاوەکە جووت دەبێت، دەبێت هەردووکیان خۆیان بە ئاو بشۆن و تا ئێوارە گڵاو دەبن. ١٩ ئەگەر ژنێك خوێن لێچوونی[أ] هەبوو، ئەوا حەوت ڕۆژ لە خوێن لێچوونی مانگانەی دەمێنێتەوە و هەر کەسێك دەستی لێبدات تا ئێوارە گڵاو دەبێت و ٢٠ هەموو ئەو شتەی لەسەری ڕادەکشێت یان دادەنیشێت لەکاتی خوێن لێچوونی مانگانەی ، گڵاو دەبێت، ٢١ هەر کەسێکیش دەست لە نوێنەکەی بدات، دەبێت جلەکانی بشوات و بە ئاو خۆی بشوات و تا ئێوارە گڵاو دەبێت، ٢٢ هەر کەسێکیش دەست لە شتێك بدات کە ئەو لەسەری دابنیشێت، دەبێت جلەکانی بشوات و بە ئاو خۆی بشوات و تا ئێوارە گڵاو دەبێت، ٢٣ جا ئەگەر نوێن بێت یان هەر شتێك بێت ئەوەی ئەو لەسەری دانیشتووە، کە دەستی لێبدات، ئەوا تا ئێوارە گڵاو دەبێت، ٢٤ ئەگەر پیاوێکیش لەگەڵی جووت بێت، جا لەخوێن لێچوونەکە بە پیاوەکە بکەوێت، ئەوا پیاوەکە حەوت ڕۆژ گڵاو دەبێت و لەسەر هەر نوێنێکیش ڕابکشێت، گڵاو دەبێت. ٢٥ ئەگەر ژنێك ڕۆژانێکی زۆر خوێنی لێچوو، بێجگە لە کاتی خوێن لێچوونی مانگانەی، یان ئەگەر دوای کاتی خوێن لێچوونی، ئەوا هەموو ڕۆژانی خوێن لێچوونی وەك کاتی خوێن لێچوونی مانگانەی، گڵاو دەبێت، ٢٦ هەموو نوێنەکەشی کە لەسەری ڕادەکشێت لە ڕۆژانی خوێن لێچوونی وەك نوێنی ڕۆژانی خوێن لێچوونی مانگانەیەتی، هەموو ئەو شتانەش کە لەسەری دادەنیشێت، ئەوا گڵاوە وەك گڵاوی خوێن لێچوونی مانگانەی. ٢٧ هەر کەسێکیش دەستیان لێبدات، گڵاو دەبێت و دەبێت جلەکانی بشوات و بە ئاو خۆی

[أ] ١٥ : ١٩ لێرەدا باس لە لێچوونی سروشتی دەکات کە لە ئافرەتدا هەیە و پێویست بە کەفارەتکردن ناکات لەلای کاهین، بەڵام کە بە پێچەوانەوە ئەگەر لێچوونەکە ناسروشتی بوو یان بەهۆی کارێکی خراپەوە بوو.

بشوات و تا ئێوارە گڵاو دەبێت. ٢٨ ئەگەر لە خوێن
لێچوونەکەی پاك بووەوە، ئەوا حەوت ڕۆژ بۆ خۆی
دەژمێرێت، ئینجا پاك دەبێتەوە و ٢٩ لە ڕۆژی هەشتەمدا دوو
کوکوختی یان دوو بێچووە کۆتر دەبات و دەیانهێنێت بۆلای
کاهینەکە، بۆلای دەروازەی چادری ژووان. ٣٠ جا
کاهینەکەش یەکێکیان دەکاتە قوربانی گوناه و ئەوی تر
قوربانی سووتاندن و کاهینەکە لەبەردەم خوداوەند کەفارەتی
بۆ دەکات لە گڵاوی خوێن لێچوونەکەی. ٣١ جا نەوەی
ئیسڕائیل لە گڵاویەکەیان جیا دەکەنەوە، تا لە گڵاویان نەمرن
بەوەی نشینگەکەم گڵاوبکەن کە لەنێوانیانە. ٣٢ ئەمە
فێرکردنەکانە دەربارەی ئەوەی کە لێچوونی هەبێت و ئەوەی
تۆوی لێدێتە دەرەوە و پێی گڵاو دەبێت و ٣٣ ئەو ئافرەتەی
نەخۆشە بە خوێن لێچوونی مانگانەی و شلەی لێچوونەکەی،
نێر و مێ و ئەو پیاوەی لەگەڵ ئافرەتێکی گڵاو جووت دەبێت.

# ١٦

١ هەروەها خوداوەند لەگەڵ موسادا دوا دوای مردنی دوو
کوڕەکەی هاڕون، کاتێ لەبەردەم خوداوەند نزیك بوونەوە و
مردن، ٢ خوداوەند بە موسای فەرموو: بە هاڕونی برات بڵێ،
با هەموو کاتێك نەیەتە ناو شوێنی هەرە پیرۆز بۆ ناو
پەردەکەی پێش شوێنی بەزەییەکە کە لەسەر سندوقەکەیە
نەوەك بمرێت، چونکە من لە هەوردا لەسەر شوێنی
بەزەییەکە دەبینرێم. ٣ هاڕون بەمە دەچێتە ناو شوێنی هەرە
پیرۆزەوە، بە جوانەگایەك بۆ قوربانی گوناه و بەرانێك بۆ
قوربانی سووتاندن، ٤ کراسێکی کەتان و پیرۆز لەبەردەکات
و دەرپێی کەتانی لەبەردەبێت و بە کەمەربەندی کەتان پشتی
دەبەستێت و مێزەری کەتانی لەسەر دەبێت، ئەوە
جلوبەرگێکی پیرۆزە، جا خۆی بە ئاو دەشوات و لەبەریان
دەکات، ٥ لە کۆمەڵی ئیسڕائیلیش دوو کارەبزن دەبات بۆ
قوربانی گوناه و بەرانێك بۆ قوربانی سووتاندن، ٦ هاڕون
گاکەی گوناهە پێشکەش دەکات کە هی خۆیەتی و کەفارەت
بۆ خۆی و بۆ ماڵەکەی دەکات، ٧ دوو کارەبزنەکەش دەبات و
لەبەردەم خوداوەند لە لای دەروازەی چادری ژووان ڕایان
دەگرێت. ٨ هاڕون دوو تیروپشك بۆ کارەبزنەکان دەکات،
یەکێکیان بۆ خوداوەند و ئەوی تر بۆ عەزازیل[أ]، ٩ ئەو
کارەبزنەی لە تیروپشك بۆ خوداوەند دەرچوو، ئەوا هاڕون
پێشکەشی دەکات و دەیکاتە قوربانی گوناه، ١٠ بەڵام ئەو
کارەبزنەی لە تیروپشك بۆ عەزازیل دەرچوو، ئەوا بە
زیندوویی لەبەردەم خوداوەند ڕادەگیرێت بۆ کەفارەت کردن
لەسەری، بۆئەوەی بۆ عەزازیلی بنێرێت بۆ چۆڵەوانی.
١١ هاڕونیش گاکەی گوناه پێشکەش دەکات کە هی خۆیەتی و
کەفارەت بۆ خۆی و ماڵەکەی دەکات و گاکەی گوناه
سەردەبڕێت و ١٢ بە پڕی مەقەڵیەکە پشکۆی ئاگر لەسەر
قوربانگاکە لەبەردەم خوداوەند دەبات، لەگەڵ بە پڕی
دەستەکانی بخووری بۆنداری باش کوتراو دەبات و دەیانباتە
ناو پەردەکەوە، ١٣ بخوورەکە لەبەردەم خوداوەند بەسەر
ئاگرەکەدا دەکات، جا دوکەڵی بخوورەکە شوێنەکەی بەزەی
دادەپۆشێت کە لەسەر سندوقی شایەتیە، ئیتر نامرێت، ١٤ ئینجا
لە خوێنی گایەکە دەبات و بە پەنجەی بەسەر ڕووی
شوێنەکەی بەزەیی، بە لای ڕۆژهەڵات دەیپرژێنێ، لە لای
پێشەوەی شوێنەکەی بەزەیش، حەوت جار بە پەنجەی
خوێنەکە دەپرژێنێت. ١٥ ئینجا کارەبزنەکەی گوناه کە بۆ گەلە
سەردەبڕێت و بە خوێنەکەیەوە دەچێتە ناو پەردەکە و چی بە
خوێنی گاکە کرد، ئاواش بە خوێنەکەی ئەم دەکات و بەسەر
شوێنەکەی بەزەیی و لای پێشەوەی دەپرژێنێت، ١٦ جا
کەفارەت بۆ شوێنی هەرە پیرۆز دەکات لە گڵاویەکانی نەوەی
ئیسڕائیل و لە یاخیبوونەکانیان لەگەڵ هەموو گوناهەکانیان.
بۆ چادری ژووانیش کە لە نێوانیانە ئاوا دەکات، لە ناوەندی
گڵاویەکانیان. ١٧ نابێ هیچ مرۆڤێکیش لە چادری ژوواندا
بێت، لە کاتی چوونە ژوورەوەی بۆ کەفارەت کردن لە
شوێنی هەرە پیرۆز تا کاتی دەرچوونی، جا کەفارەت بۆ
خۆی و ماڵەکەی و هەموو کۆمەڵی ئیسڕائیل دەکات، ١٨ ئینجا
دەچێتە دەرەوە بۆ لای قوربانگاکەی بەردەم خوداوەند و
کەفارەتی بۆ دەکات، لە خوێنی گاکە و خوێنی کارەبزنەکە
دەبات و بە خڕی لەسەر قۆچەکانی قوربانگاکەی دەکات،
١٩ بە پەنجەی حەوت جار لە خوێنەکە بەسەریدا دەپرژێنێت و
لە گڵاویەکانی نەوەی ئیسڕائیل پاکی دەکاتەوەو پیرۆزی
دەکات. ٢٠ کاتێ لە کەفارەت کردن بۆ شوێنی هەرە پیرۆز و
چادری ژووان و قوربانگاکە تەواوبوو، کارەبزنە زیندووەکە
پێشکەش دەکات و ٢١ هاڕون هەردوو دەستی لەسەر کارەبزنە
زیندووەکە دادەنێت و لەسەری دان بە هەموو تاوان و هەموو
یاخی بوونەکان، لەگەڵ هەموو گوناهەکانی نەوەی ئیسڕائیلدا
دەنێت و لەسەر سەری کارەبزنەکەی دادەنێت و بە دەستی
ئەوەی تووشی دێت دەریدەکات بۆ چۆڵەوانی، ٢٢ تا
کارەبزنەکە هەموو تاوانەکانیان هەڵگرێت بۆ خاکێکی چۆڵ،
جا بزنەکە لە چۆڵەوانی بەڕەڵا دەکات، ٢٣ ئینجا هاڕون دێتە
ناو چادری ژووانەوە و جلە کەتانەکانی دادەکەنێت کە لە
چوونە ژوورەوەی بۆ شوێنی هەرە پیرۆز لەبەری کردبوو و
لەوێ دایدەنێت و ٢٤ بە ئاو لە شوێنێکی پیرۆز خۆی دەشوات،
ئینجا جلەکانی لەبەردەکات و دەچێتە دەرەوە و قوربانی
سووتاندنەکەی خۆی و قوربانی سووتاندنی گەل دەکات و
کەفارەت بۆ خۆی و بۆ گەل دەکات، ٢٥ پیوی قوربانیەکەی
گوناهیش لەسەر قوربانگاکە دەسووتێنێت. ٢٦ ئەوەی
بزنەکەشی بەرەو عەزازیل بەڕەڵا کرد، جلەکانی دەشوات و
خۆی بە ئاو دەشوات، پاشان دێتە ناو ئۆردوگاکەوە. ٢٧ گاکەی
گوناه و کارەبزنەکەی گوناهیش، ئەوانەی خوێنەکەیان
هێنران بۆ کەفارەت کردن لە شوێنی هەرە پیرۆز، ئەوا
دەیانباتە دەرەوەی ئۆردوگاکە و پێستەکەیان و گۆشتەکەیان و
ڕیخەکەیان بە ئاگر دەسوتێنن. ٢٨ ئەوەی دەشیان سووتێنێت،
جلەکانی دەشوات و خۆی بە ئاو دەشوات، پاشان دێتە ناو
ئۆردوگاکەوە. ٢٩ دەبێتە فەرزێکی هەتاهەتایش بۆتان، کە ئێوە
لە مانگی حەوتدا، لە دەی مانگدا، گیانی خۆتان زەلیل دەکەن
و هیچ کارێك ناکەن، نە هاوولاتی و نە ئەو غەریبەی لە
نێوانتانە، ٣٠ چونکە لەم ڕۆژەدا کەفارەتتان بۆ دەکرێت بۆ
پاکبوونەوەتان، لە هەموو گوناهەکانتان لەبەردەم خوداوەند
پاك دەبنەوە. ٣١ شەبەتە، پشوودانە بۆتان، فەرزێکی
هەتاهەتایشە کە گیانی خۆتان زەلیل بکەن، ٣٢ ئەو کاهینەش
کە دەست نیشاندەکرێت و تەرخان دەکرێت بۆ کاهینێتی کردن
لەجیاتی باوکی، جلە کەتانەکان لەبەر دەکات، جلە
پیرۆزەکان، ٣٣ کەفارەت بۆ پیروزی شوێنی هەرە پیرۆز و
چادری ژووان و قوربانگاکە دەکات، هەروەها بۆ کاهینەکان
و هەموو کۆمەڵی گەل کەفارەت دەکات. ٣٤ ئەمەش دەبێتە
فەرزێکی هەتاهەتایی بۆتان بۆ کەفارەت کردن بۆ نەوەی
ئیسڕائیل لە هەموو گوناهەکانیان، ساڵی جارێك. جا ئەویش
ئاوای کرد، وەك خوداوەند فەرمانی بە موسا کرد.

[أ] ١٦ : ٨ عەزازیل ناوی شەیتانێکە لە چۆڵەوانیدایە.

# ١٧

١ هەروەها خوداوەند لەگەڵ موسادا دوا و فەرمووی:
٢ لەگەڵ هارون و کوڕەکانی و هەموو نەوەی ئیسرائیلدا
بدوێ و پێیان بڵێ، ئەمە ئەو فەرمانەیە کە خوداوەند فەرمانی
پێدەدات و دەفەرموێت، ٣ هەموو مرۆڤێکی ماڵی ئیسرائیل
گایەك یان مەڕێك یا بزنێك لە ئۆردوگاکە یان لەدەرەوەی
ئۆردوگاکە سەرببڕێت و ٤ نەیهێنێتە لای دەروازەی چادری
ژووان تا قوربانی بۆ خوداوەند پێشکەش بکات لەبەردەم ماڵی
خوداوەند، ئەوا ئەو مرۆڤە خوێنی دەکەوێتە سەر، خوێنی
ڕشتووە، جا دەبێت ئەو مرۆڤە لە گەلەکەی ببڕێتەوە. ٥ بۆ
ئەوەی نەوەی ئیسرائیل قوربانییەکانیان ئەوانەی لە دەشتودەر
سەری دەبڕن، ئیتر بهێنن و بە خوداوەندی پێشکەش بکەن لە
لای دەروازەی چادری ژووان بۆ کاهینەکە و وەك قوربانی
ئاشتی بۆ خوداوەندی سەرببڕن. ٦ کاهینەکەش خوێنەکە
بەسەر قوربانگاکەی خوداوەندا دەکات لە لای دەروازەی
چادری ژووان و پیوەکەی بۆ ئەو بۆنەی خوداوەند پێی
خۆشە دەیسووتێنێ. ٧ با ئیتر قوربانییەکانیان بۆ ئەو ڕۆحە
پیسانەی لەشێوەی کارەبزنن سەرنەبڕن کە بە دوایاندا داوێن
پیسی دەکەن. ئەمە دەبێتە فەرزێکی هەتاهەتایی بۆیان لە
نەوەکانیان. ٨ هەروەها پێیان دەڵێی، هەموو مرۆڤێکی ماڵی
ئیسرائیل و ئەو غەریبانەی لەنێوانتانن ئەگەر قوربانی
سووتاندن یا قوربانی بکات و ٩ نەیهێنێتە لای دەروازەی
چادری ژووان، تا بۆ خوداوەندی بکات، ئەوا ئەو مرۆڤە لە
گەلەکەی دەبڕێتەوە. ١٠ هەروەها هەموو مرۆڤێکی ماڵی
ئیسرائیل و ئەو غەریبانەی لەنێوانتاندان، ئەگەر خوێن
بخوات، ئەوا ڕووم دژی ئەو گیانە دەکەم کە خوێن دەخوات
و لە گەلەکەی دەیبڕمەوە، ١١ چونکە ژیانی لەش لە خوێندایە
و من لەسەر قوربانگا بە ئێوەی دەدەم بۆ کەفارەت کردن بۆ
گیانتان، چونکە خوێن کەفارەت بۆ گیان دەکات، ١٢ بۆیە بە
نەوەی ئیسرائیلم ووت، کەس لە ئێوە خوێن نەخوات و ئەو
غەریبەش کە لە نێوانتاندایە خوێن نەخوات. ١٣ هەموو
مرۆڤێکی نەوەی ئیسرائیل و ئەو غەریبانەی لەنێوانتاندان، کە
نێچیرێکی ڕاوکرد، ئاژەڵێکی کێوی یان باڵندەیەك لەوانەی
دەخورێن، خوێنەکەی دەڕێژێت و بەخۆڵ دایدەپۆشێت،
١٤ چونکە گیانی هەر لەشێك خوێنەکەی خۆیەتی، جا بە
نەوەی ئیسرائیلم ووت، خوێنی هیچ لەشێك مەخۆنەوە، چونکە
گیانی هەر لەشێك خوێنەکەیەتی، هەرکەسێك بیخوات
دەبڕێتەوە. ١٥ هەر مرۆڤێکیش کەلاکێکی مردار بوو یان بە
نێچیر بوو بخوات، هاوڵاتی بێت یان غەریب، دەبێت
جلەکانی بشوات و خۆی بە ئاو بشوات و تا ئێوارە گڵاو
دەبێت، ئینجا پاك دەبێتەوە. ١٦ ئەگەر جلەکانی نەشوات و
خۆی نەشوات ئەوا ئۆباڵی لە ئەستۆی خۆی دەبێت.

# ١٨

١ هەروەها خوداوەند لەگەڵ موسادا دوا و فەرمووی:
٢ لەگەڵ نەوەی ئیسرائیلدا بدوێ و پێیان بڵێ، من خوداوەند
خوداتانم. ٣ وەك نەریتی خاکی میسر کە تیایدا نیشتەجێ بوون
مەکەن و وەك نەریتی خاکی کەنعان کە ئێوە دەهێنم بۆی
مەکەن و فەرزەکانیان پەیڕەو مەکەن. ٤ حوکمەکانی من
دەکەن و فەرزەکانم دەپارێزن تا پەیڕەویان بکەن، من
خوداوەند خوداتانم، ٥ جا فەرزەکانم دەپارێزن و هەروەها
حوکمەکانم کە ئەگەر مرۆڤ بیانکات پێیان دەژیت، من
خوداوەندم. ٦ هیچ مرۆڤێك لەخزمی خۆی نزیك نەبێتەوە، بۆ
جووت بوون لەگەڵی، من خوداوەندم. ٧ ناموسی باوکت مەبە
و ناموسی دایکت مەبە، لەگەڵ دایکت جووت مەبە، دایکتە.
٨ لەگەڵ باوەژنت جووت مەبە، ئەوە ناموسی باوکتە. ٩ لەگەڵ
خوشکت، کچی باوکت یان کچی دایکت جووت مەبە، ئەگەر
لەماڵتان لەدایك بووبێت یان لە دەرەوە. ١٠ لەگەڵ کچی
کوڕەکەت یان کچی کچەکەت جووت مەبە، ئەوە ناموسی
تۆیە. ١١ لەگەڵ کچی ژنی باوکت کە لەباوکتەوە بووە، جووت
مەبە، خوشکتە. ١٢ لەگەڵ خوشکی باوکت جووت مەبە،
پوورتە. ١٣ لەگەڵ خوشکی دایکت جووت مەبە، پوورتە.
١٤ ناموسی مامت مەبە، لە ژنەکەی نزیك مەکەوە و لەگەڵی
جووت مەبە، چونکە مامۆژنتە. ١٥ لەگەڵ بووکەکەت جووت
مەبە، ژنی کوڕتە، لەگەڵی جووت مەبە. ١٦ لەگەڵ
براژنەکەت جووت مەبە، ئەوە ناموسی براتە. ١٧ لەگەڵ ژنێك
و کچەکەی جووت مەبە، کچی کوڕەکەی یان کچی کچەکەی
مەبە تا لەگەڵی جووت بیت، ئەوان نزیکی ئەون و ئەوە
ئەوپەڕی بەدڕەوشتییە، ١٨ هیچ ژنێکیش بەسەر خوشکەکەی
مەخوازە تا ببێتە هەوێی، تا لە ژیانیدا پێکەوە لەگەڵیان جووت
بیت. ١٩ لە هیچ ژنێکیش نزیك مەکەوە لە گڵاوی خوێن
لێچوونی تا لەگەڵی جووت بیت، ٢٠ لەگەڵ ژنی یەکێکی تر
جووت مەبە، پێی گڵاو دەبیت. ٢١ منداڵەکانت وەك قوربانی
مەسووتێنە بۆ مۆلەك، نەوەك ناوی خودای خۆت پێشێل
بکەیت، من خوداوەندم. ٢٢ لەگەڵ نێرێك جووت مەبە وەك
جووت بوونت لەگەڵ ژن، ئەوە قێزەوەندە. ٢٣ لەگەڵ هیچ
ئاژەڵێکیش جووت مەبە، پێی گڵاو دەبیت، هیچ ژنێك
لەبەردەم ئاژەڵ ڕانەوەستێت بۆ جووتبوون، ئەوە ئەوپەڕی
بەدڕەوشتییە. ٢٤ بە هیچ لەمانە خۆتان گڵاو مەکەن، چونکە
ئەو میللەتانەی وا من ڕاویان دەنێم لەبەردەمتان بە هەموو
ئەمانە گڵاو بوون، ٢٥ جا زەوی گڵاوبوو، منیش سزای
تاوانەکەی دەدەم و زەویش دانیشتووانەکەی دەڕشێنێتەوە،
٢٦ بەڵام ئێوە فەرزەکان و حوکمەکانم دەپارێزن و هیچ شتێك
لە هەموو ئەو شتە قێزەونانە ناکەن، نە هاوڵاتی و نە ئەو
غەریبەی لەنێوانتاندایە، ٢٧ چونکە هەموو ئەم شتە قێزەوەندانە
خەڵکی زەویەکە ئەوانەی پێش ئێوە، کردوویانن، جا زەویەکە
گڵاوبوو. ٢٨ جا با زەویەکە بە ئێوەش نەڕشێتەوە، بەوەی
گڵاوی بکەن، وەك چۆن بەو میللەتانەی پێش ئێوە ڕشایەوە،
٢٩ بەڵکو هەر کەسێك شتێك لە هەموو ئەو شتە قێزەوەندانە
ئەنجام بدات، ئەو کەسەی ئەوە دەکات لە گەلەکەی دەبڕێتەوە.
٣٠ جا خواستەکانم بپارێزن تا هیچ لەو فەرزە قێزەوەندانە
نەکەن کە پێش ئێوە کراون و پێی گڵاو نەبن، من خوداوەند
خوداتانم.

# ١٩

١ هەروەها خوداوەند لەگەڵ موسادا دوا و فەرمووی:
٢ لەگەڵ هەموو کۆمەڵی نەوەی ئیسرائیلدا بدوێ و پێیان بڵێ،
دەبێت پاك و پیرۆز بن، چونکە من پاك و پیرۆزم، خوداوەند
خوداتانم، ٣ هەر مرۆڤێك لە ئێوە، دەبێت ڕێزی دایك و باوکی
خۆی بگرێت و پشووە پیرۆزەکانم بپارێزن، من خوداوەند
خوداتانم. ٤ ئاوڕ لە بت مەدەنەوە و خودای لەقاڵبدراو بۆ
خۆتان دروست مەکەن، من خوداوەند خوداتانم. ٥ کاتێ
قوربانییەکی ئاشتی بۆ خوداوەند سەردەبڕن، بۆ ڕەزامەندی لە
ئێوە سەریدەبڕن، ٦ ئەو ڕۆژەی سەریدەبڕن دەیخۆن لەگەڵ

ڕۆژی پاشتر. ئەوەی لێی دەمێنێتەوە بۆ ڕۆژی سێیەم، دەبێت
بە ئاگر بسووتێت. ٧ ئەگەر لە ڕۆژی سێیەمدا بخورێت، ئەوە
گڵاویە و پەسەند نییە. ٨ ئەوەی لێی بخوات ئەوا ئۆباڵی بە
ئەستۆی خۆی، چونکە شتێکی پیرۆزی خوداوەندی پێشێل
کردووە، جا ئەو کەسە لە گەلەکەی دەبڕێتەوە. ٩ کاتێ
دروێنەی زەویەکانتان دەکەن، گۆشەکانی کێڵگەکەت دروێنە
مەکە، ئەوەی لە دروێنەکە دەکەوێت، هەڵیمەگرەوە،
١٠ پاشماوەی هێشوەترێکان لە مێوەکەت مەکەوە و ئەوەی
دەکەوێت هەڵی مەگرەوە، بۆ هەژار و غەریبی بەجێیهێڵە،
من خوداوەند خوداتانم. ١١ مەدزن و درۆمەکەن و کەستان فێڵ
لە برادەرەکەی نەکات، ١٢ بۆ درۆ سوێند بە ناوی مەخۆن،
چونکە ناوی خوداکەت پێشێل دەکەیت، من خوداوەندم.
١٣ نزیکەکەت فریو مەدە و تاڵانی مەکە، کرێی کرێگرتەش لە
لای خۆت بۆ بەیانی مەهێڵەوە. ١٤ جوێن بە کەڕ مەدە و
کۆسپ مەخەرە بەردەم کوێر، بەڵکو لە خودات بترسە، من
خوداوەندم. ١٥ لە دادوەریدا ستەمکاری مەکەن، نە لایەنگیری
هەژار بکەن و نە پشتی مرۆڤی مەزن بگرن، بەڵکو بە
ڕاستودروستی حوکم بۆ نزیکەکەت بدە. ١٦ لەنێوان خەڵکی
قسە مەهێنە و مەبە، مەبە هۆی گیان لەدەستدانی نزیکەکەت،
من خوداوەندم. ١٧ لەدڵەوە ڕقت لە براکەت نەبێتەوە،
گازاندەی دڵی خۆتی لەلا بکە، ئەگینا گوناهبار دەبیت. ١٨ تۆڵە
مەسێنەوە و کینە لەدڵ مەبە بەرامبەر ڕۆڵەی گەلەکەت،
بەڵکو نزیکەکەت وەك خۆت خۆش دەوێت. من خوداوەندم.
١٩ فەرزەکانم دەپارێزن، دوو ڕەگەز لە ئاژەڵەکانت پێکەوە
جووت مەکە و دوو جۆر تۆو لە کێڵگەکەت مەڕوێنە و با
جلێکت لەبەرنەبێت کە دوو جۆر بێت. ٢٠ ئەگەر پیاوێك
لەگەڵ ژنێك جووتبوو، ئەویش کەنیزەیەکی مارەکراو بوو بۆ
پیاوێکی تر و نەکڕابووەوە و ئازاد نەکرابوو، با تەمێکردن
بێت. ناکوژرێن، چونکە ئازاد نەکراوە، ٢١ جا پیاوەکە
قوربانیەك بۆ تاوانەکەی بۆلای خوداوەند، بۆ دەروازەی
چادری ژووان دەهێنێت، بەرانێك وەك قوربانی تاوان، ٢٢ جا
کاهینەکە بە بەرانی تاوانەکە لەبەردەم خوداوەند کەفارەتی بۆ
دەکات، لە گوناهەکەی کە کردوویەتی، جا لەو گوناهەی
کردوویەتی لێخۆشبوونی بۆ دەبێت. ٢٣ کاتێ چوونە ناو
زەویەکەوە و هەر دارێکتان بۆ خواردن ڕواند، ئەوا
بەرەکەی بە قەدەغەکراو دەزانن، سێ ساڵ بۆتان قەدەغە
کراوە و لێی ناخورێت، ٢٤ لە ساڵی چوارەمیش هەموو
بەروبوومەکەی تەرخانکراودەبێت بۆ شکۆدارکردنی
خوداوەند، ٢٥ لە ساڵی پێنجەمدا بەرەکەی دەخۆن، تا داهاتی
بۆتان زیاد بکات، من خوداوەند خوداتانم. ٢٦ هەرچی بە
خوێنەوە بوو مەیخۆن، جادووگەری و بەخت خوێندنەوە
مەکەن، ٢٧ سەرتان بەخڕی مەتاشن و دەستکاری دوو لای
ڕیشتان مەکەن، ٢٨ بۆ مردوو خۆتان بریندار مەکەن، نەخش
لە لەشی خۆتان مەکوتن، من خوداوەندم. ٢٩ کچەکەت سووك
مەکە، بەوەی بیکەی بە داوێن پیس، نەوەك زەویەکە پڕ بێت
لە داوێن پیس و بەدڕەوشتی. ٣٠ پشووە پیرۆزەکانم دەپارێزن
و ڕێز لە پیرۆزگاکەم دەگرن، من خوداوەندم. ٣١ ئاوڕ لە
جنۆکە مەدەنەوە و داوای ڕۆح ئامادەکار مەکەن، پێیان گڵاو
دەبن، من خوداوەند خوداتانم. ٣٢ لەبەر ڕیش سپی هەڵدەستی
و ڕێزی پیر دەگری و لە خودات دەترسی، من خوداوەندم.
٣٣ ئەگەر غەریبێك هاتە خاکەکەتان، زۆرداری لێمەکەن،
٣٤ وەك هاوڵاتیەك لە ئێوە، ئەو غەریبەش وا دەبێت کە لە
لاتە، وەك خۆت خۆشت دەوێت، چونکە ئێوەش لە خاکی
میسر غەریب بوون، من خوداوەند خوداتانم. ٣٥ لە دادوەریدا
ستەمکاری مەکەن، نە لە پێوانە و نە لە کێش و نە لە قەبارە،
٣٦ دەبێت تەرازووی ڕاست و کێشانەی ڕاست و ئیفەی
ڕاست و هینی ڕاستتان هەبێت، من خوداوەند خوداتانم کە
لەخاکی میسر دەریهێنان، ٣٧ جا هەموو فەرزەکانم و هەموو
حوکمەکانم دەپارێزن و دەیکەن، من خوداوەندم.

# ٢٠

١ هەروەها خوداوەند لەگەڵ موسادا دوا و فەرمووی: ٢ بە
نەوەی ئیسڕائیل دەڵێیت، هەر مرۆڤێك لە نەوەی ئیسڕائیل و
لەو غەریبانەی لە ئیسڕائیلدان، ئەگەر لە ڕۆڵەکانی بە مۆلەك
بەخشی، دەبێت بکوژرێت، خەڵکی ناوچەکە بەرد بارانی
دەکەن و ٣ من ڕووم لەو مرۆڤە وەردەگێڕم و لە گەلەکەی
دەیبڕمەوە، چونکە لە ڕۆڵەکانی خۆی بە مۆلەك بەخشی، تا
پیرۆزگاکەم گڵاو بکات و ناوی پیرۆزم پێشێل بکات،
٤ ئەگەر خەڵکی ناوچەکە چاوپۆشیان لەو مرۆڤە کرد، کاتێ لە
ڕۆڵەکانی خۆی بە مۆلەك بەخشی، جا نەیانکوشت، ٥ ئەوا من
ڕووی خۆم لەو مرۆڤە و لە هۆزەکەی وەردەگێڕم و خۆی و
هەموو ئەو بەدکارانەی بەدوایەوە داوێن پیسیان کردووە بە
دوای مۆلەکدا، لەنێو گەلەکەیان دەیانبڕمەوە. ٦ ئەوەی دوای
جنۆکە و ڕۆح ئامادەکار بکەوێت تا بە دوایاندا داوێن پیسی
بکات، ئەوا ڕووم لەو کەسە وەردەگێڕم و لە گەلەکەی
دیبڕمەوە. ٧ جا خۆتان تەرخانکەن و پاك و پیرۆز بن، چونکە
من خوداوەند خوداتانم، ٨ فەرزەکانم بپارێزن و بیکەن، من
خوداوەندم کە پاك و پیرۆزتان دەکات. ٩ هەر مرۆڤێك
نەفرەت لە باوکی یان دایکی بکات، ئەوا دەکوژرێت، نەفرەتی
لە باوکی یان دایکی کردووە، خوێنی لە ئەستۆی خۆیەتی.
١٠ ئەگەر پیاوێك داوێن پیسی لەگەڵ ژنێکدا کرد، جا ئەگەر
داوێن پیسی لەگەڵ ژنی نزیکەکەی کرد، ئەوا پیاوەکە و
ژنەکەش دەبێت بکوژرێن. ١١ ئەگەر پیاوێك لەگەڵ باوەژنی
خۆی جووت بوو، ئەوا ناموسی باوکی بردووە، هەردووکیان
دەکوژرێن، خوێنیان لە ئەستۆی خۆیانە. ١٢ ئەگەر پیاوێك
لەگەڵ ژنی کوڕەکەی جووت بوو، ئەوا هەردووکیان
دەکوژرێن، ئەوپەڕی بەدڕەوشتیان کردووە، خوێنیان لە
ئەستۆی خۆیانە، ١٣ ئەگەر پیاوێك وەك ئافرەت لەگەڵ نێرێك
جووت بوو، ئەوا هەردووکیان شتێکی قێزەوەندیان کردووە و
دەکوژرێن، خوێنیان لە ئەستۆی خۆیانە. ١٤ ئەوەی ژنێك
لەگەڵ دایکەکەی بخوازێت، ئەوە بەدکارییە، پیاوەکە و
هەردوو ژنەکە بە ئاگر دەسووتێنرێن، تا بەدکاری لەنێوانتاندا
نەبێت. ١٥ ئەگەر پیاوێك لەگەڵ ئاژەڵێکدا جووت بوو، ئەوا
دەکوژرێت و ئاژەڵەکەش دەمرێنن. ١٦ ئەگەر ژنێك لە ئاژەڵێك
نزیك بووەوە بۆ جووت بوون، ئەوا ژنەکە و ئاژەڵەکەش
دەکوژرێن و خوێنیان لە ئەستۆی خۆیانە. ١٧ ئەگەر پیاوێك
خوشکی خۆی هێنا، کچی باوکی یان کچی دایکی و لەگەڵ
یەك جووت بوون، ئەوا ڕسواییە، لەبەرچاوی گەلەکەیان
دەبڕێنەوە، ناموسی خوشکی خۆی بردووە، ئۆباڵی لە
ئەستۆی خۆی. ١٨ ئەگەر پیاوێك لەگەڵ ژنێکی خوێن لێچوو
جووت بوو، ئەوا هەردووکیان لە گەلەکەیان دەبڕێنەوە،
چونکە ڕەچاوی پاکی و بێگەردیان نەکردووە. ١٩ لەگەڵ
خوشکی باوکت یان خوشکی دایکت جووت مەبە، ئەوەی وا
بکات، ناموسی خزمی خۆی بردووە، ئۆباڵیان لە ئەستۆی
خۆیان. ٢٠ ئەگەر پیاوێك لەگەڵ مامۆژنی خۆی جووت بوو،
ئەوا ناموسی مامی خۆی بردووە، ئۆباڵیان لە ئەستۆی
خۆیان، بە وجاخ کوێری دەمرن. ٢١ ئەگەر پیاوێك براژنی
خۆی هێنا ئەوا گڵاویە، ناموسی براکەی بردووە،
هەردووکیان وجاخ کوێر دەبن. ٢٢ جا هەموو فەرز و
حوکمەکانم دەپارێزن و دەیکەن، تا ئەو خاکەی دەتانهێنمە
ناوی تیایدا نیشتەجێ بن، فڕێتان نەدات. ٢٣ بە ڕێی

فەرزەکانی ئەو میللەتانەدا مەڕۆن، کە من لەپێشتانەوە دەریان دەکەم، چونکە هەموو ئەم شتانەیان کرد، جا ڕقم لێیان بووەوە و ٢٤ بە ئێوەم وت، کە دەبنە داگیرکەری خاکەکەیان، من بە ئێوەی دەدەم تا ببنە داگیرکەری، خاکێك شیر و هەنگوینی لێ بڕژێتەوە، من خوداوەند خوداتانم کە لە نێو گەلان جیایکردنەوە. ٢٥ جا ئێوەش ئاژەڵی پاك و گڵاو لە یەکتر جیادەکەنەوە، هەروەها باڵندەی گڵاو و پاك، جا خۆتان گڵاو مەکەن بە ئاژەڵ و باڵندە و هەموو ئەوەی لەسەر زەوی دەخشێت، لەوانەی بۆم جیاکردنەوە، وتم، گڵاون. ٢٦ بۆ من تەرخانکراو دەبن، چونکە من پاك و پیرۆزم، من خوداوەندم، ئێوەم لە نێو گەلان جیاکردەوە تا بۆ من بن. ٢٧ ئەگەر پیاوێك یان ژنێك جنۆکەی بەکارهێنا یان ڕۆح ئامادەکاری کرد، دەبێت بکوژرێت، بەرد بارانی دەکەن، خوێنی لەئەستۆی خۆی.

# ٢١

١ هەروەها خوداوەند بە موسای فەرموو: لەگەڵ کاهینەکان نەوەی هاڕون بدوێ و پێیان بڵێ، کەستان بە مردوویەك لە خزمەکانی خۆی گڵاو نەکات، ٢ تەنها بۆ ئەوانەی زۆر نزیکن لێی، دایکی و باوکی و کوڕی و کچی و برای و ٣ خوشکە پاکیزەکەی کە لێی نزیکە، ئەوەی شووی نەکردووە، لە پێناویدا گڵاو دەبێت، ٤ خۆی گڵاو ناکات بەوانەی لە ڕێگای ژنهێنانەوە خزمین. ٥ نابێ سەریان سفر بکەن و هەردوولای ڕیشیان بتاشن و خۆیان بریندار بکەن. ٦ بۆ خوداکەیان تەرخانکراو دەبن و ناوی خودایان پێشێل ناکەن، چونکە قوربانیە بەئاگرەکانی خوداوەند، نانی خودایان، پێشکەش دەکەن، جا دەبێت تەرخانکراو بن. ٧ نە ژنی داوێن پیس و نە بێئابڕوو و نە تەڵاقدراو دەخوازێت، چونکە تەرخانکراوە بۆ خوداکەی، ٨ جا بە تەرخانکراوی دادەنێیت، چونکە نانی خودات پێشکەش دەکات، تەرخانکراو دەبێت لە لات، چونکە پاك و پیرۆزم، من خوداوەندم ئەوەی پیرۆزتان دەکات، ٩ ئەگەر کچی کاهین بە داوێن پیسی گڵاوبوو، ئەوا باوکی گڵاوکردووە، دەبێت بە ئاگر بسووتێنرێت. ١٠ ئەو کاهینەش کە سەرۆکە لە نێو براکانی، ئەوەی ڕۆنی دەستنیشانکردنی بەسەرداکراوە و تەرخانکراوە، با جلەکانی لەبەربکات و سەری ڕووت ناکات و جلەکانی لەبەر خۆی دانادڕێ و ١١ نایەتە لای مردوو و بۆ باوك و دایکیشی خۆی گڵاو ناکات، ١٢ لە پیرۆزگا دەرناچێت، نەوەك پیرۆزگای خوداکەی گڵاو بکات، چونکە تاجی ڕۆنی دەستنیشانکردنی خوداکەی لەسەریەتی، من خوداوەندم. ١٣ ئەم دەبێت کچێکی پاکیزە بخوازێت. ١٤ بەڵام بێوەژن و تەڵاقدراو و بێئابڕوو و داوێن پیس ناخوازێت، بەڵکو کچێکی پاکیزە لە خزمەکانی دەخوازێت، ١٥ وەچەکەی لەنێو گەلەکەی گڵاو ناکات، چونکە من خوداوەندم، ئەوم تەرخانکردووە. ١٦ هەروەها خوداوەند لەگەڵ موسادا دوا و فەرمووی: ١٧ لەگەڵ هاڕوندا بدوێ و بڵێ، ئەگەر پیاوێك لە وەچەی تۆ لە نەوەکانیان کەموکوڕیەکی تیادابوو، با نەیەتە پێشەوە بۆ پێشکەشکردنی نانی خوداکەی، ١٨ چونکە هەر پیاوێك کەموکوڕی تیادابێت، نابێت بێتە پێشەوە، نە پیاوی کوێرو نە شەل و نە دەموچاو خوار و نە ئەوەی ئەندامی زیادی هەیە، ١٩ نە پیاوی پێ شکاو یان دەست شکاو، ٢٠ نە قەمبوورو نە کورتەباڵا و نە ئەوەی ئاوی سپی لە چاویدا هەیە و نە گەڕوگول و نە گون پلیشاوە. ٢١ هەر پیاوێك لە نەوەی هاڕونی کاهین کەموکوڕی تیادابێت، نایەتە پێشەوە بۆ پێشکەش کردنی قوربانیە بەئاگرەکانی خوداوەند، کەموکوڕی تیادایە، نایەتە پێشەوە بۆ پێشکەشکردنی نانی خوداکەی، ٢٢ دەتوانێت لە نانی خوداکەی بخوات، لە پێشکەشکراوە پیرۆزەکە و لە هەرەپیرۆزەکانیش، ٢٣ بەڵام نایەتە لای پەردەکە و لە قوربانگاکەش نزیك ناکەوێتەوە، چونکە کەموکوڕی تیادایە، نەوەك پیرۆزگام پێشێل بکات، چونکە من خوداوەندم، کە پیرۆزیان دەکەم. ٢٤ جا موسا لەگەڵ هاڕون و کوڕەکانی و هەموو نەوەی ئیسڕائیلدا دوا.

# ٢٢

١ هەروەها خوداوەند لەگەڵ موسادا دوا و فەرمووی: ٢ بە هاڕون و کوڕەکانی بڵێ، با ئاگاداری خۆیان بن لە قوربانیە پێشکەشکراوەکانی نەوەی ئیسڕائیل و ناوی پیرۆزی من پێشێل نەکەن، ئەوانەی بۆ منی تەرخان دەکەن، من خوداوەندم. ٣ پێیان بڵێ، لە نەوەکانتان هەر مرۆڤێك لە هەموو وەچەکانتان ئەگەر گڵاو بێت و لە قوربانیە پێشکەشکراوەکان نزیك بووەوە کە نەوەی ئیسڕائیل بۆ خوداوەندی تەرخان دەکەن، ئەوا ئەو کەسە لەبەردەمم دەبڕێتەوە، من خوداوەندم. ٤ هەر مرۆڤێك لە نەوەی هاڕون کە گەڕوگول بێت یان لێچوونی هەبێت، لە قوربانیە پێشکەشکراوەکان ناخوات تا پاك دەبێتەوە، هەر یەکێکیش دەست لە شتێکی گڵاوی مردوویەك بدات، یان مرۆڤێك جووت بووبێت، ٥ یان دەستی لە بوونەوەرێك دابێت کە پێی گڵاو دەبێت، یان لە مرۆڤێك کە پێی گڵاو ببێت لەبەر ئەو گڵاویەی تیایدایە، ٦ ئەوەی دەست لەوە بدات ئەوا تا ئێوارە گڵاو دەبێت و لە قوربانیە پێشکەشکراوەکان ناخوات، بەڵکو خۆی بە ئاو دەشوات، ٧ کاتێ خۆر ئاوا دەبێت، پاك دەبێتەوە و پاشان لە تەرخانکراوەکان دەخوات، چونکە خۆراکی ئەوە، ٨ کەڵاکی مردوو و ئەوەی بە نێچیر بووە ناخوات، پێی گڵاو دەبێت، من خوداوەندم. ٩ جا خواستەکانم دەپارێزن تا لەبەرئەوە گوناهێك هەڵنەگرن کە پێی بمرن، چونکە پێشێلی دەکەن. من خوداوەندم کە پیرۆزیان دەکەم. ١٠ هیچ بێگانەیەك لە قوربانی پێشکەشکراو ناخوات، میوان و کرێگرتەی کاهین لە قوربانی پێشکەشکراو ناخۆن، ١١ بەڵام ئەگەر کاهین یەکێکی بە زیو کڕی، یان ئەوەی لە ماڵەکەی لە دایك دەبێت، ئەو لێی دەخوات، ئەوان لە خۆراکەکەی دەخۆن، ١٢ ئەگەر کچی کاهین شووی بە پیاوێکی بێگانە کرد، ئەوا لە پیتاکە بەرزکراوەکەی قوربانیە پێشکەشکراوەکان ناخوات، ١٣ بەڵام ئەگەر کچی کاهین بووە بێوەژن یا تەڵاقدراو هیچ وەچەی نەبوو و هاتەوە ماڵی باوکی، وەك کاتی کچێتیی، ئەوا لە خۆراکی باوکی دەخوات، بەڵام هیچ بێگانەیەك لێی ناخوات. ١٤ ئەگەر مرۆڤێك بەبێ ئاگا قوربانیەکی پێشکەشکراوی خوارد، ئەوا پێنج یەکی زیاد دەکاتە سەرو قوربانیە پێشکەشکراوەکە دەداتە کاهینەکە. ١٥ جا نابێت قوربانیە پێشکەشکراوەکانی نەوەی ئیسڕائیل پێشێل بکەن کە بۆ خوداوەندی بەرزدەکەنەوە، ١٦ بە خواردنی قوربانیە پێشکەشکراوەکانیان، ئۆباڵی تاوان دەخەنە ئەستۆی خۆیان، چونکە من خوداوەندم کە پیرۆزیان دەکەم. ١٧ هەروەها خوداوەند لەگەڵ موسادا دوا و فەرمووی: ١٨ لەگەڵ هاڕون و کوڕەکانی و هەموو نەوەی ئیسڕائیلدا بدوێ و پێیان بڵێ، هەر مرۆڤێك لە بنەماڵەی ئیسڕائیل و لەو غەریبانەی لە ئیسڕائیلدان قوربانیەکەی پێشکەش بکات، لە هەموو نەزرەکانیان و بەخشینەکانیان کە دەیکەن بە قوربانی سووتاندن و بۆ خوداوەند پێشکەشی دەکەن، ١٩ بۆ

ڕەزامەندبوون لێتان، دەبێت نێرێکی ساغ بێت، لە گاگەل یان
مەڕ یان بزن. ٢٠ هەرچییەك کەموکوڕی تیادابێت پێشکەشی
مەکەن، چونکە بۆ ڕەزامەندبوون نابێت. ٢١ ئەگەر مرۆڤێك
قوربانی ئاشتی بۆ خوداوەند پێشکەش کرد، بۆ بەجێهێنانی
نەزر، یان بەخشین لە گاگەل و مێگەل، دەبێت ساغ بێت بۆ
ڕەزامەندی. هیچ کەموکوڕیەکی نابێت تیادابێت، ٢٢ کوێر و
شەل و بریندار و کێمدار و گەڕوگول، ئەمانە پێشکەش بە
خوداوەند مەکەن و لێیان مەکەن بە قوربانی بەئاگر لەسەر
قوربانگاکەی خوداوەند. ٢٣ بەڵام گاو بەرانی زیادە ئەندام و
کورتەباڵا دەتوانیت بکەیت بە بەخشین، بەڵام بۆ نەزر پێی
ڕازی نابێت. ٢٤ گون قوڕ یان پلیشاوە یان لێکراوە یان بڕاو
بۆ خوداوەند پێشکەش مەکەن، لە خاکەکەشتان مەیکەن، ٢٥ لە
هەموو ئەمانەش لە دەستی نامۆ نانی خوداتان پێشکەش
مەکەن، چونکە گەندەڵیەکەی تیایەتی، کەموکوڕیەکی تیادایە
بەوە لێتان ڕازی نابێت. ٢٦ هەروەها خوداوەند لەگەڵ موسادا
دوا و فەرمووی: ٢٧ کاتێ گایەك یان مەڕێك یان بزنێك
لەدایك دەبێت، ئەوا حەوت ڕۆژ لەژێر دایکی دەبێت و ئینجا
لە ڕۆژی هەشتەم بەدواوە، وەك قوربانی بەئاگر بۆ خوداوەند
پێی ڕازی دەبێت، ٢٨ مانگا و مەڕیش لەیەك ڕۆژدا لەگەڵ
بەچکەکەی سەرمەبڕن. ٢٩ کاتێ قوربانی سوپاستان بۆ
خوداوەند سەربڕی، ئەوا بۆ ڕەزامەندبوون لێتان
سەریدەبڕن، ٣٠ لەو ڕۆژەدا دەخورێت، بۆ بەیانی لێی
مەهێڵنەوە، من خوداوەندم. ٣١ جا فەرمانەکانم دەپارێزن و
دەیکەن، من خوداوەندم. ٣٢ ناوی پیرۆزیشم پێشێل ناکەن، جا
لەنێوان نەوەی ئیسرائیلدا پاك و پیرۆزی خۆم بەدەردەخەم،
من خوداوەندم کە پیرۆزتان دەکەم، ٣٣ ئەوەی لە خاکی
میسردا دەریهێنان، تا ببێتە خوداتان، من خوداوەندم.

# ٢٣

١ هەروەها خوداوەند لەگەڵ موسادا دوا و فەرمووی:
٢ لەگەڵ نەوەی ئیسرائیلدا بدوێ و پێیان بڵێ، جەژنە
دیاریکراوەکانی خوداوەند کە تیایدا بانگەوازی کۆبوونەوەی
پیرۆزکردن دەکەن، ئەمانە جەژنە دیاریکراوەکانی منن.
٣ شەش ڕۆژ کاردەکرێت و ڕۆژی حەوتەم شەبەتە، پشوودانە
و کۆبوونەوەی پیرۆزکردنە، هیچ کارێك ناکەن، لە هەموو
نشینگەکانتان پشووی پیرۆزە بۆ خوداوەند. ٤ ئەمانە جەژنە
دیاریکراوەکانی خوداوەندن، کۆبوونەوە پیرۆزکردنەکان، کە
لە کاتی خۆی بانگەوازی بۆ دەکەن. ٥ لە مانگی یەکەمدا، لە
چواردەی مانگدا، لە ئێوارەوە بۆ ئێوارە، جەژنی پەسخە بۆ
خوداوەند دەگێڕن، ٦ لە ڕۆژی پانزەی ئەم مانگەدا جەژنی
فەتیرەیە بۆ خوداوەند دەگێڕن، حەوت ڕۆژ نانی فەتیر
دەخۆن. ٧ لە ڕۆژی یەکەمدا کۆبوونەوەی پیرۆزکردنتان
دەبێت، هیچ کارێك ناکەن، ٨ حەوت ڕۆژ قوربانی بەئاگر بۆ
خوداوەند پێشکەش دەکەن، لە ڕۆژی حەوتەمیشدا
کۆبوونەوەی پیرۆزکردن دەبێت، هیچ کارێك ناکەن.
٩ هەروەها خوداوەند لەگەڵ موسادا دوا و فەرمووی:
١٠ لەگەڵ نەوەی ئیسرائیلدا بدوێ و پێیان بڵێ، کاتێ هاتنە ئەو
خاکەی من پێتانی دەدەم و دەغڵتان دووریەوە، ئەوا یەکەم
مەڵۆی دروێنەتان بۆ کاهین دەهێنن، ١١ ئەویش مەڵۆکە
لەبەردەم خوداوەند بەرزدەکاتەوە، بۆ ڕازمەندبوون لێتان،
ڕۆژی پاش شەبەت بەرزی دەکاتەوە. ١٢ لە ڕۆژی
بەرزکردنەوەی مەڵۆکە، بەرخێکی ساغی یەك ساڵە دەکەنە
قوربانی بەئاگر بۆ خوداوەند، ١٣ قوربانی خۆراکیشی دوو
دەیەکی ئێفەیەك لە ئاردی سفری بەزەیت شێلراو دەکەیت بە
قوربانی بەئاگر، ئەو بۆنەی خوداوەند پێی خۆشە، مەیە
پێشکەشکراوەکەشی، چارەکە هینێك شەرابە، ١٤ نان و گەنم و
جۆی برژاو و گوڵەگەنم ناخۆن، تا ئەم ڕۆژە، تا
قوربانیەکەی خوداتان دەهێنن، فەرزێکی هەتاهەتاییە لە
نەوەکانتان لە هەموو نشینگەکانتان. ١٥ ئینجا لە ڕۆژی دوای
شەبەتەوە، لەو ڕۆژەوەی کە مەڵۆی بەرزکردنەوە دەهێنن،
حەوت هەفتەی تەواو دەژمێرن، ١٦ تا ڕۆژی دوای شەبەتی
حەوتەم دەژمێرن کە پەنجا ڕۆژە، ئینجا قوربانیەکی خۆراکی
نوێ بۆ خوداوەند پێشکەش دەکەن، ١٧ لە نشینگەکانتانەوە دوو
نانی بەرزکردنەوە دەهێنن، لە دوو دەیەك ئاردی سفر بێت و
بە هەویرترشەوەبەنان کرابن، یەکەم بەرە بۆ خوداوەند،
١٨ لەگەڵ نانەکان حەوت بەرخی ساغی یەك ساڵە و
جوانەگایەك و دوو بەران دەکەن بە قوربانی سووتاندن بۆ
خوداوەند لەگەڵ قوربانیە خۆراکەکەی و مەیە
پێشکەشکراوەکەی، قوربانی سووتاندنە، ئەو بۆنەی خوداوەند
پێی خۆشە. ١٩ کارە بزنێکیش دەکەنە قوربانی گوناه و دوو
بەرخی یەك ساڵەش دەکەنە قوربانی ئاشتی. ٢٠ جا کاهینەکە
لەگەڵ نانی یەکەم بەرەکە لەبەردەم خوداوەند بەرزی
دەکاتەوە لەگەڵ دوو بەرخەکە، جا بۆ کاهینەکە دەبێت،
پیرۆزکراوی خوداوەندە. ٢١ لەهەمان ئەو ڕۆژەدا بانگەواز
دەکەن و کۆبوونەوەی پیرۆزکردنتان بۆ دەبێت، هیچ کارێك
ناکەن، فەرزێکی هەتاهەتاییە لە هەموو نشینگەکانتان لە
نەوەکانتان. ٢٢ کاتێ دروێنەی زەویەکانتان دەکەن، گۆشەکانی
کێڵگەکەت دروێنە مەکە، ئەوەی لە دروێنەکە دەکەوێت،
هەڵیمەگرەوە، بۆ هەژارو غەریبە بەجێی دەهێڵیت، من
خوداوەند خوداتانم. ٢٣ هەروەها خوداوەند لەگەڵ موسادا دوا
و فەرمووی: ٢٤ لەگەڵ نەوەی ئیسرائیلدا بدوێ و بڵێ، لە
مانگی حەوتدا، لە یەکی مانگدا، دەبێتە پشوو بۆتان، یادی
دەنگی کەڕەنایە، کۆبوونەوەی پیرۆزکردنە. ٢٥ هیچ کارێك
مەکەن، بەڵام قوربانی بە ئاگر بۆ خوداوەند پێشکەش دەکەن.
٢٦ هەروەها خوداوەند لەگەڵ موسادا دوا و فەرمووی:
٢٧ بەڵام ڕۆژی دەیەمی ئەم مانگی حەوتە، ئەوە ڕۆژی
کەفارەتە، کۆبوونەوە پیرۆزکردنتان دەبێت، گیانی خۆتان
زەلیل دەکەن و قوربانی بە ئاگر بۆ خوداوەند پێشکەش
دەکەن. ٢٨ لەو ڕۆژەدا هیچ کارێك ناکەن، چونکە ڕۆژی
کەفارەتە بۆ کەفارەت کردن بۆتان لەبەردەم خوداوەند
خوداتان. ٢٩ هەر کەسێك لەم ڕۆژەدا خۆی زەلیل نەکات لە
گەلەکەی دەبڕێتەوە، ٣٠ هەر کەسێکیش لەم ڕۆژەدا هەر
کارێك بکات، ئەوا ئەو کەسە لەنێو گەلەکەی لەناودەبەم.
٣١ هیچ کارێك مەکەن، فەرزێکی هەتاهەتاییە لە نەوەکانتان
لەهەموو نشینگەکانتان. ٣٢ شەبەتە، پشووە بۆتان، جا گیانی
خۆتان زەلیل دەکەن، لە نۆی مانگدا، کاتی ئێوارە، لە
ئێوارەوە تا ئێوارە پشوودانی پشووی پیرۆزی خۆتان دەکەن.
٣٣ هەروەها خوداوەند لەگەڵ موسادا دوا و فەرمووی:
٣٤ لەگەڵ نەوەی ئیسرائیلدا بدوێ و بڵێ، لە ڕۆژی پانزەیەمی
ئەم مانگی حەوتە، حەوت ڕۆژ جەژنی کەپرە شینەیە بۆ
خوداوەند. ٣٥ لە ڕۆژی یەکەمدا کۆبوونەوە پیرۆزکردنە، هیچ
کارێك ناکەن، ٣٦ حەوت ڕۆژ قوربانی بەئاگر بۆ خوداوەند
پێشکەش دەکەن. لە ڕۆژی هەشتەمدا ئاهەنگ دەگێڕن و
قوربانی بەئاگر بۆ خوداوەند پێشکەش دەکەن،
خۆتەرخانکردنە، هیچ کارێك ناکەن. ٣٧ لە جەژنە
دیاریکراوەکانتان ئەمانە بۆ خوداوەند پێشکەش دەکەن، بێجگە
کە تیایدا بانگەوازی کۆبوونەوەی پیرۆزکردن دەکەن، بۆ
پێشکەشکردنی قوربانی بەئاگر بۆ خوداوەند، قوربانی
سووتاندن قوربانی خۆراك و سەربڕاو و مەیی پێشکەشکراو،
هەر ڕۆژەو هی خۆی، ٣٨ جیا لە پشووە پیرۆزەکانی
خوداوەند و جیا لە دیاریەکانتان و هەموو نەزرەکانتان و

هەموو بەخشینەکانتان کە بە خوداوەندی دەدەن. ٣٩ بەڵام
ڕۆژی پانزەی مانگی حەوت، تیایدا کاتێ دەغڵودانی زەویەکە
کۆدەکەنەوە، حەوت ڕۆژ جەژن بۆ خوداوەند دەگێڕن، لە
ڕۆژی یەکەمدا شەبەتە و لە ڕۆژی هەشتەمیشدا شەبەتە.
٤٠ لە ڕۆژی یەکەمدا بەرووبوومی دارەکانی پرتەقاڵ بابەت و
پەلکی دارخورما و لقەداری پڕگەڵا و دار زەلی ناو چەمەکان
بۆخۆتان دەبەن و حەوت رۆژ لەبەردەم خوداوەند خوداتان
خۆشی دەگێڕن. ٤١ حەوت ڕۆژ لە ساڵێکدا بۆ خوداوەند
دەیکەن بە جەژن، فەرزێکی هەتاهەتاییە لە نەوەکانتان، لە
مانگی حەوتدا دەیکەن بە جەژن. ٤٢ حەوت ڕۆژ لە کەپردا
نیشتەجێ دەبن، هەموو هاوڵاتیەکان لە ئیسڕائیل ، لە کەپردا
نیشتەجێ دەبن، ٤٣ تا نەوەکانتان بزانن کە من نەوەی
ئیسڕائیلم لە کەپردا نیشتەجێکرد، کاتێ لە خاکی میسرم
دەرهێنان، من خوداوەند خوداتانم. ٤٤ جا موسا سەبارەت بە
جەژنە دیاریکراوەکانی خوداوەند بە نەوەی ئیسڕائیلی
ڕاگەیاند.

# ٢٤

١ هەروەها خوداوەند لەگەڵ موسادا دوا و فەرمووی:
٢ فەرمان بە نەوەی ئیسڕائیل بکە با زەیتی زەیتونی ساف و
گوشراوت بۆ ڕووناکی بۆ بهێنن، تا چرا بەردەوام داگیرسا و
بێت، ٣ لە دەرەوەی پەردەی شایەتی لە چادری ژووان،
هارون لە ئێوارەوە تا بەیانی لەبەردەم خوداوەند بە
بەردەوامی ڕێکی دەخات، فەرزێکی هەتاهەتاییە لە
نەوەکانتان، ٤ لەسەر چرادانەکەی لە زێڕی بێگەردە بە
بەردەوامی چرا لەبەردەم خوداوەند ڕێك دەخات. ٥ ئاردی
سفریش دەبەیت و دەیکەیت بە دوانزە نان، بۆ هەر نانێك دوو
دەیەك، ٦ دەیان کەیت بە دوو ڕیز، هەر ڕیزەو شەش لەسەر
مێزە بێگەردەکە لەبەردەم خوداوەند، هەر ڕیزێك شەش نان و
٧ لەسەر هەر ڕیزێکیش بخووری سافی بێگەرد دادەنێیت، جا
بۆ نانەکە دەبێتە یادگاری، قوربانی سووتاندنە بۆ خوداوەند.
٨ بە بەردەوامی هەموو ڕۆژێکی شەبەت لەبەردەم خوداوەند
ڕێکی دەخات، پەیمانێکی هەتاهەتاییە لە لایەن نەوەی
ئیسڕائیلەوە، ٩ جا بۆ هارون و کوڕەکانی دەبێت و لە
شوێنێکی پیرۆز دەیخۆن، چونکە هەرە پیرۆزە لە قوربانیە
بەئاگرەکانی خوداوەند، فەرزێکی هەتاهەتاییە. ١٠ کوڕی
ژنێکی ئیسڕائیلی کە کوڕی پیاوێکی میسری بوو لە نێو
نەوەی ئیسڕائیلدا بوو، دەرچوو و لە ئۆردوگاکە لەگەڵ
پیاوێکی ئیسڕائیلی بووە شەڕیان، ١١ جا کوڕی ژنە
ئیسڕائیلیەکە کفر و نەفرەتی سەبارەت بە ناوی خوداوەند
کرد، جا هێنایانە لای موسا، دایکیشی ناوی شلومیەی کچی
دبری بوو، لە هۆزی دان، ١٢ لە شوێنکیان دانا لەژێر
چاودێری پاسەوان، تا لە دەمی خوداوەندەوە پێیان
ڕابگەیێنێرت. ١٣ جا خوداوەند لەگەڵ موسادا دوا و فەرمووی:
١٤ ئەوەی نەفرەتی کردووە، بیبە دەرەوەی ئۆردوگاکە،
هەموو گوێگرەکانیش دەستیان لەسەر سەری دادەنێن و
هەموو کۆمەڵەکە بەردبارانی دەکەن. ١٥ لەگەڵ نەوەی
ئیسڕائیلیش بدوێ و بڵێ، ئەوەی نەفرەت لە خودای خۆی
بکات، ئەوا گوناهی خۆی لە ئەستۆی خۆی، ١٦ ئەوەی کفر
سەربارەت بە ناوی خوداوەند بکات، ئەوا دەکوژرێت،
هەموو کۆمەڵەکە بەردبارانی دەکەن، بێگانە و هاوڵاتی وەك
یەك، کاتێ کفر سەبارەت بە ناوی خوداوەند بکات،
دەکوژرێت. ١٧ ئەگەر یەکێك مرۆڤێکی کوشت ئەوا
دەکوژرێت، ١٨ ئەوەی ئاژەڵێك بکوژێت، ئەوا قەرەبوی
دەکاتەوە، گیان بە گیان، ١٩ ئەگەر یەکێك شتێکی لە نزیکەکەی
کرد، چیکردووە ئاوای لێ دەکرێتەوە، ٢٠ شکان بە شکان و
چاو بە چاو و ددان بە ددان، چیکردووە لەو مرۆڤە ئاوای لێ
دەکرێتەوە. ٢١ ئەوەی ئاژەڵێك بکوژێت، قەرەبوی دەکاتەوە و
ئەوەی مرۆڤێك بکوژێت دەکوژرێتەوە. ٢٢ یەك حوکمتان
دەبێت، بێگانە وەك هاوڵاتی دەبێت، من خوداوەند خوداتانم.
٢٣ جا موسا بە نەوەی ئیسڕائیلی وت، ئەوەی نەفرەتی
کردووە، بیبەنە دەرەوەی ئۆردوگاکە و بەردبارانی بکەن.
نەوەی ئیسڕائیلیش ئاوایان کرد، هەروەك خوداوەند فەرمانی
بە موسا کرد.

# ٢٥

١ هەروەها خوداوەند لە چیای سینا لەگەڵ موسادا دوا و
فەرمووی: ٢ لەگەڵ نەوەی ئیسڕائیلدا بدوێ و پێیان بڵێ، کاتێ
هاتنە ئەو خاکەی من پێتانی دەدەم، ئەوا پشوو دەدەن بە
خاکەکە، لەبەر ئەوەی شەبەتە بۆ خوداوەند، ٣ شەش ساڵ
کێڵگەکەت دەڕوێنی و شەش ساڵ ڕەزەکەت پەرچ دەکەیت و
بەرووبوومی کۆدەکەیتەوە. ٤ بەڵام لە ساڵی حەوتەمدا دەبێتە
پشووی خاك، شەبەتە بۆ خوداوەند، کێڵگەکەت مەڕوێنە و
ڕەزەکەت پەرچ مەکە. ٥ ئەوەی لە دروێنە لێت کەوتووە و
ئێستا ڕواوەتەوە، دروێنەی مەکە، ترێی ڕەزەکەشت، هی ئەو
لقانەی پەرچ نەکراون، لێ مەکەرەوە، ساڵی پشوودان دەبێت
بۆ خاکەکە، ٦ خۆراکتان لە بەیار دەبێت، بۆ تۆ و کۆیلەکەت
و کەنیزەکەت و کرێگرتەکەت و ئەو غەریبەی لای تۆ
نیشتەجێیە، ٧ هەروەها بۆ ئاژەڵەکانت و بۆ ئەو گیاندارەی لە
خاکەکەتە، هەموو بەروبوومی دەبێتە خۆراك. ٨ حەوت
پشووی ساڵانە بۆ خۆت دەژمێریت، حەوت جار حەوت ساڵ،
جا ڕۆژانی حەوت پشووە ساڵانەکە بۆ تۆ دەبێتە چل ونۆ
ساڵ، ٩ ئینجا لە مانگی حەوتدا، لە دەی مانگدا، کەڕەنا لێ
دەدەیت لە ڕۆژی کەفارەت، کەڕەنا بە هەموو خاکەکەتان
دەگێڕن. ١٠ ساڵی پەنجایەمین تەرخان دەکەن و بانگەوازی
ئازادکردن لە زەویەکەدا ڕادەگەیەنن بۆ هەموو
دانیشتوانەکەی، بۆتان دەبێتە یۆبیل[أ] و هەریەکەو بۆ موڵکی
خۆی دەگەڕێتەوە و هەریەکەو بۆ هۆزەکەی خۆی
دەگەڕێتەوە. ١١ ساڵی پەنجایەمین بۆتان دەبێتە یۆبیل و
ناڕوێنن و ئەوەی تیایدا ڕواوە نایدورنەوە و ڕەزی
پەرچنەکراوکی ناڕنن. ١٢ ئەوە یۆبیلە و تایبەت دەبێت بۆتان،
ئەوەی لەکێڵگەوە یەکسەر دەستان دەکەوێت ئەوە دەبێتە
بەرووبوومی ئەو ساڵە، ١٣ لەم ساڵی یۆبیلە هەریەکەو بۆ
موڵکی خۆی دەگەڕێتەوە. ١٤ جا کاتێ شتێکت بە برادەرەکەت
فرۆشت، یان لە دەستی برادەرەکەت شتێکت کڕی، با کەس
فێڵ لە براکەی نەکات. ١٥ بەگوێرەی ژمارەی ساڵەکانی
دوای یۆبیل لە برادەرەکەت دەکڕیت و بەگوێرەی ساڵانی
بەروبووم پێت دەفرۆشێت، ١٦ بەگوێرەی زۆری ساڵەکان
نرخی زیاد دەکەیت و بەگوێرەی کەمی ساڵەکان نرخی کەم
دەکەیتەوە، چونکە ژمارەی بەروبوومەکەت پێ دەفرۆشێت،
١٧ جا با کەس فێڵ لە برادەرەکەی نەکات، بەڵکو لە خودات
بترسە، من خوداوەند خوداتم، ١٨ جا کار بە فەرزەکانم دەکەن
و حوکمەکانم دەپارێزن و کاریان پێ دەکەن، تا بەدڵنیایی لە

[أ] ٢٥ : ١٠ یۆبیل وشەیەکی عیبریە بە مانای بەران دێت، ساڵی یۆبیل ساڵی
ئازادکردنی کۆیلە و لێخۆشبوونە لە قەرز، لەو ساڵەدا کە فوو بە قۆچی
بەران دەکەن وەك کەڕەنا ئیتر ئەوا ڕاگەیاندنە بۆ گەڕانەوەی هەموو ماڵ و
موڵکێك بۆ خاوەنەکەی خۆی.

زەویەکەدا نیشتەجێبن و ١٩ زەویەکەش بەروبوومەکەی
دەدات، جا تا تێردەبن لێی دەخۆن و بەدڵنیایی تیایدا نیشتەجێ
دەبن. ٢٠ ئەگەر بڵێن، لە ساڵی حەوتەمدا چی بخۆین، ئەگەر
نەچێنین و بەروبوومەمان کۆنەکەینەوە؟ ٢١ ئەوا من فەرمانی
بەرەکەتی خۆم دەدەم بۆتان لە ساڵی شەشەمدا، جا
بەروبوومی سێ ساڵ دەدات. ٢٢ جا ساڵی هەشتەم دەچێنن و
لە بەروبوومە کۆنەکە دەخۆن تا ساڵی نۆیەم، تا
بەروبوومەکەی دەدات لە کۆنەکە دەخۆن. ٢٣ زەویەکەش
هەرگیز نافرۆشرێت، چونکە زەویەکە هی منە و ئێوە غەریب
و نیشتەجێن لە لای من، ٢٤ بەڵکو لە هەموو ئەو زەویەی
داگیرتان کردووەی، کڕینەوە بۆ زەویەکە دادەنێن، ٢٥ ئەگەر
براکەت هەژار بوو و لە موڵکەکەی خۆی فرۆشت، ئەوا
نزیکترین خزمی دێت و فرۆشراوی براکەی دەکڕێتەوە.
٢٦ هەر کەسێکیش خزمی نەبێت، ئەگەر ئەوەندەی
دەستکەوتەوە کە بەشی کڕینەوەکە بکات، ٢٧ ئەوا ئەو ساڵانە
دەژمێرێت لە کاتی فرۆشتنەکەوە و ئەوەندەی دەمێنێتەوە بۆ
هاوسەنگ کردنی نرخەکە بەو مرۆڤە دەداتەوە کە پێی
فرۆشتووە، ئینجا دەگەڕێتەوە بۆ موڵکەکەی. ٢٨ ئەگەر
ئەوەندەی لەدەستدا نەبێت کە بۆی بگەڕێنێتەوە، ئەوا لە
دەستی کڕیار دەبێت تا ساڵی یۆبیل، ئینجا لە یۆبیلدا
دەردەچێت و دەگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی خۆی. ٢٩ ئەگەر
یەکێك خانووی نیشتەجێبوونی فرۆشت لە شارێکی
شوورابەند، ئەوا کڕینەوەکەی تا تەواوی ساڵێك دەبێت لە
کاتی فرۆشتنەوە، کڕینەوەکەی یەك ساڵ دەبێت، ٣٠ ئەگەر تا
تەواوبوونی ئەو ساڵە نەکڕێتەوە، ئەوا ئەو خانووەی لە شارە
شوورابەندەکەیە بەتەواوی بۆ کڕیارەکە دەبێت، بۆ نەوەکانی
و لە یۆبیلدا دەرناچێت، ٣١ بەڵام خانووی دێیەکان کە
شوورایان نییە، ئەوا لەگەڵ کێڵگەکانی زەوی دادەنرێن،
کڕینەوەی هەیە و لە یۆبیلدا دەردەچێت، ٣٢ بەڵام شارەکانی
لێڤییەکان، ماڵەکانی شارەکانی موڵکیان، ئەوا کڕینەوەی
هەتاهەتایی هەیە بۆ لێڤییەکان. ٣٣ ئەوەش کە لە لێڤییەکانی
دەکڕێتەوە، هەر فرۆشراوێك لە خانوو لە شاری موڵکەکەی،
ئەوا لە یۆبیلدا دەردەچێت، چونکە خانووەکانی شارەکانی
لێڤییەکان موڵکی ئەوانە لەناو نەوەی ئیسرائیلدا، ٣٤ بەڵام
کێڵگەکانی دەوروبەری شارەکانیان، ئەوا نافرۆشرێت،
چونکە موڵکێکی هەتاهەتاییە بۆیان. ٣٥ ئەگەر براکەت
هەژاربوو و دەست کورت بوو لە لات، پشتگیری بکە،
ئەگەر غەریب بوو یان هاوڵاتی، با لەگەڵت بژێت، ٣٦ نە
سووی لێ وەرگرە و نە قازانج، بەڵکو لە خوداکەت بترسە و
با براکەت لەگەڵت بژێت، ٣٧ نە زیوەکەتی بە سوو پێ بدە و
نە خۆراکەکەتی بە قازانج پێ بدە. ٣٨ من خوداوەند خوداتانم
کە لە خاکی میسر دەریهێنان تا خاکی کەنعانتان بداتێ و ببێت
بە خوداتان. ٣٩ ئەگەر براکەت لە لات هەژاربوو و فرۆشرایە
تۆ، وەك کۆیلە کۆیلایەتی پێ مەکە، ٤٠ بەڵکو وەك کرێگرتە
و دانیشتوویەك لە لات دەبێت، تا ساڵی یۆبیل لە لات خزمەت
دەکات، ٤١ ئینجا خۆیی و کوڕەکانی لە لات دەردەچن و بۆ
هۆزەکەی دەگەڕێتەوە و بۆ موڵکی باوباپیرانی دەگەڕێتەوە،
٤٢ چونکە کۆیلەی منن ئەوانەی لە خاکی میسرەوە دەرمهێنان،
بۆیە نابێت وەك کۆیلە بفرۆشرێن. ٤٣ بە توندوتیژی بەسەریدا
زاڵ مەبە، بەڵکو لە خودات بترسە، ٤٤ بەڵام کۆیلەکانت و
کەنیزەکانت ئەوانەی دەبنە هی تۆ، ئەوا لەو گەلانەی
دەوروبەرتان دەبن، لەوان کۆیلە و کەنیزە بۆ خۆتان پەیدا
دەکەن، ٤٥ هەروەها لە نەوەی ئەوانەی هاتوونە و لای ئێوە
نیشتەجێن و لە هۆزەکانیان کە لە لاتانن، ئەوانەی لە خاکی
ئێوە بۆیان لەدایك دەبن، ئەوان دەبنە موڵکی ئێوە. ٤٦ دەیانکەن
بە موڵکی ڕۆڵەکانتان لە دوای خۆتان وەك میرات بۆیان،
تاسەر دەیانکەن بە کۆیلە، بەڵام براکانتان لە نەوەی ئیسرائیل
، ئەوا هیچ کەسێك بە توندوتیژی بەسەر براکەیدا زاڵ نابێت.
٤٧ ئەگەر غەریبێك یان دانیشتوویەك لە لای تۆ دەستی
ڕۆیشت و براکەت لە لای هەژاربوو و بەو غەریبەی لە لات
نیشتەجێ بووە فرۆشرا، یان بە نەوەی هۆزی غەریبەکە،
٤٨ ئەوا دوای فرۆشتنەکەی کڕینەوەی بۆ دەبێت، یەکێك لە
براکانی دەیکڕێتەوە، ٤٩ یان مامی یان ئامۆزای دەیکڕێتەوە،
یان یەکێك لە خزمەکانی لە هۆزەکەی دەیکڕێتەوە، یان ئەگەر
توانی ئەوا خۆی دەکڕێتەوە. ٥٠ لەگەڵ کڕیارەکەی لە ساڵی
فرۆشتنیەوە تا ساڵی یۆبیل دەژمێرێت و نرخی فرۆشتنی بە
گوێرەی ژمارەی ساڵەکان دەبێت، وەك ڕۆژانی کرێگرتەیەك
لە لای دەبێت، ٥١ ئەگەر ساڵانێکی زۆر مایەوە، ئەوا
بەگوێرەی ئەوە کڕینەوەکەی دەداتەوە لە نرخی کڕینەکەی،
٥٢ ئەگەر ساڵانێکی کەم مابێتەوە، ئەوا تا ساڵی یۆبیل بۆی
دەژمێردرێت و بەگوێرەی ساڵەکانی کڕینەوەکەی دەداتەوە،
٥٣ وەك کرێگرتەیەك لە ساڵێکەوە بۆ ساڵێك لە لای دەبێت،
لەبەرچاوت بەتوندوتیژی بەسەریدا زاڵ نابێت، ٥٤ ئەگەر
بەوانیش نەکڕایەوە، ئەوا لە ساڵی یۆبیل خۆی و منداڵەکانی
دەردەچن، ٥٥ چونکە نەوەی ئیسرائیل کۆیلەن بۆ من، ئەوان
کۆیلەی منن، ئەوانەی لە خاکی میسرەوە دەرمهێنان، من
خوداوەند خوداتانم.

# ٢٦

١ بت بۆ خۆتان دروست مەکەن و پەیکەر و کۆڵەکە قیت
مەکەنەوە و لە خاکەکەتان بەردی وێنە لەسەر کێشراو
دامەنێن، تا کڕنۆشی بۆ ببەن، چونکە من خوداوەند خوداتانم.
٢ پشووە پیرۆزەکانم دەپارێزن و لە پیرۆزگاکەم دەترسن، من
خوداوەندم. ٣ ئەگەر فەرزەکانم بگرنەبەر و فەرمانەکانم
بپارێزن و کاری پێ بکەن، ٤ ئەوا لە کاتی خۆی بارانتان
دەدەمێ و زەویش بەری خۆی دەدات و ڕووەکی کێڵگەش
بەروبوومی دەدات، ٥ گێرەکردنتان بە چنینەوە دەگات و
چنینەوەتان بە تۆوکردن دەگات، جا تا تێری نانتان دەخۆن و
بە ئاسوودەیی لە خاکەکەتان نیشتەجێدەبن. ٦ ئاشتیش لە
زەویەکەدا دەنێمەوە، جا دەخەون و کەس بێزارتان ناکات،
گیانلەبەرە خراپەکانیش لە زەویەکەدا لەناودەبەم و شمشێر بە
خاکەکەتاندا تێناپەڕێت. ٧ دوژمنەکانتان ڕاودەنێن و
لەبەردەمتان بە شمشێر دەکەون. ٨ پێنج لە ئێوە سەد ڕاودەنێن
و سەد لەئێوە ڕاوی دەهەزار دەنێن و دوژمنەکانتان
لەبەردەمتان بە شمشێر دەکەون. ٩ ئاوڕتان لێدەدەمەوە و بە
بەروبوومتان دەکەم و زیادتان دەکەم و پەیمان لەگەڵتان
دەبەمەسەر، ١٠ جا لە بەروبوومی کۆن دەخۆن و بۆ
عەمبارکردنی بەروبوومی نوێ، کۆنەکە دەردەهێنن،
١١ ماڵەکەم لەنێوانتان دادەنێم و بێزتان لێناکەمەوە،
١٢ لەنێوانتان هاتوچۆ دەکەم و دەبمە خوداتان و ئێوەش دەبنە
گەلی من، ١٣ من خوداوەند خوداتانم کە لە خاکی میسر
دەریهێنان، لەوەی کە کۆیلەی ئەوان بوون و کۆتی نیری
ئێوەی شکاند و بە سەربەرزیەوە بەڕێیکردن. ١٤ بەڵام ئەگەر
گوێم لێنەگرن و هەموو ئەم فەرمانانە جێبەجێ نەکەن،
١٥ ئەگەر فەرزەکانم ڕەت بکەنەوە و ڕقتان لە حوکمەکانم
ببێتەوە و فەرمانەکانم جێبەجێ نەکەن، بەڵکو پەیمانەکەم
بشکێنن، ١٦ ئەوا من ئەمەتان پێدەکەم، ترس و نەخۆشی
کوشندە و تایەکتان دەهێنمە سەر کە چاوتان کوێرکات و
گیانتان تێکبدات، بێهوودە کشتوکاڵەکەتان دەچێنن، چونکە
دوژمنەکانتان دەیخۆن، ١٧ ڕووتان لێوەردەگێڕم، جا لەبەردەم
دوژمنەکانتان ڕادەکەن و ناحەزەکانتان بەسەرتاندا زاڵ دەبن

و کەسیش بە دواتانەوە نەبێت هەر هەڵدێن. ١٨ ئەگەر لەگەڵ
ئەوەش هەر گوێم لێنەگرن، ئەوا حەوت قات تەمێ کردنتان
زیاد دەکەم، بەگوێرەی گوناهەکانتان. ١٩ جا گۆزەی شانازیتان
دەشکێنم و ئاسمانتان وەك ئاسن لێدەکەم و زەویتان وەك مس،
٢٠ جا بێهوودە ماندوو دەبن و زەویتان بەری خۆی نادات و
ڕووەکی زەوی بەروبوومی نادات. ٢١ ئەگەر بەپێچەوانە
لەگەڵم جوڵانەوە و نەتانویست گوێم لێ بگرن، ئەوا جارێکی
تر حەوت قات لێدانەکەتان لەسەر زیاد دەکەم، بەگوێرەی
گوناهەکانتان، ٢٢ دڕندەی کێویتان بۆ بەرەڵا دەکەم و بێ
منداڵتان دەکات و ئاژەڵتان قڕدەکات و کەمتان دەکاتەوە، جا
ڕێگاتان ترسناك دەکات. ٢٣ ئەگەر بەوەش تەمێخواردووی
من نەبوون و بەڵکو بەپێچەوانەوە لەگەڵم جوڵانەوە، ٢٤ ئینجا
منیش بەپێچەوانەوە لەگەڵتان دەجووڵێمەوە و حەوت قات
زیاتر لێتان دەدەم، بەگوێرەی گوناهەکانتان. ٢٥ شمشێرێکتان
دەهێنمە سەر، تۆڵەی تووڕەیی پەیمانەکەتان لێ دەکاتەوە، جا
لە شارەکانتان کۆدەبنەوە و دەرد دەنێرمە نێوانتان و دەدرێنە
دەست دوژمن. ٢٦ کە نان بڕاوتان دەکەم، هەموو نانەکەتان بە
دە ژن و لەیەك تەنووردا دەکرێت، بە پێوانەش بەشی دەکەن
و دەخۆن و تێرنابن. ٢٧ ئەگەر بەوەش گوێم لێ نەگرن، بەڵکو
بەپێچەوانەوە لەگەڵم جووڵانەوە، ٢٨ ئەوا بەپێچەوانەوە
لەگەڵتان دەجوڵێمەوە بە تووڕەیی و منیش حەوت قات
تەمێتان دەکەم، بەگوێرەی گوناهەکانتان، ٢٩ جا گۆشتی
کوڕەکانتان و کچەکانتان دەخۆن، ٣٠ بەرزایەکانتان وێران
دەکەم و قوربانگاکانی بخوورتان تەخت دەکەم، لاشەکانتان
فڕێدەدەمە سەر لاشەی بتەکانتان و بێزتان لێدەکەمەوە،
٣١ شارەکانتان دەکەمە وێرانە و شوێنە پیرۆزەکانتان دەکەم بە
چۆڵەوانی و بۆنەکانی ئێوە دڵخۆشم ناکات، ٣٢ زەویەکە
دەکەمە چۆڵەوانی و دوژمنەکانتان کە تیایدا نیشتەجێ دەبن،
سەرسام دەبن. ٣٣ بەناو میللەتاندا پەرشوبڵاوتان دەکەمەوە و
شمشێری ڕووتتان بەدوا دەخەم، جا خاکەکەتان دەبێتە
چۆڵەوانی و شارەکانتان دەبێتە وێرانە، ٣٤ ئەوسا زەوی
پشووەکانی خۆی وەردەگرێت، هەموو ڕۆژانی چۆڵبوونی،
ئێوەش لە خاکی دوژمنەکانتان دەبن، ئەوسا زەوی پشوو
دەدات، پشووەکانی وەردەگرێت. ٣٥ هەموو ڕۆژانی
چۆڵبوونی پشوودەدات، ئەو پشووانەی کە ئێوە پێتان نەدەدا،
کاتێ تیایدا نیشتەجێبوون. ٣٦ ئەوانەی لێتان دەمێنێتەوە، ئەوا
ترسنۆکی دەخەمە دڵیان لە خاکی دوژمنانیان و دەنگی
گەڵایەکی هەڵکردوو دەیانبەزێنێ، جا وەك لە شمشێر هەڵبێن
ئاوا هەڵدێن و بێ ئەوەی کەس ڕاویان بنێت دەکەون.
٣٧ بەسەر یەکتردا دەکەون هەروەك لەبەردەم شمشێربن و بێ
ئەوەی کەس ڕاویان بنێت، لەبەردەم دوژمنەکانتان
هەڵسانەوەتان نابێت، ٣٨ جا لەناو گەلان لەناودەچن و خاکی
دوژمنانتان دەتان خوات. ٣٩ ئەوانەی لێتان دەمێنێتەوە ئەوا لە
خاکی دوژمنانتان بە تاوانەکانیانەوە لەناودەچن، هەروەها بە
تاوانی باوکانیشیانەوە لەناودەچن، ٤٠ بەڵام ئەگەر دانیان بە
تاوانەکانی خۆیان و باوکانیاندا نا، لەو ناپاکییەی لەگەڵ مندا
کردیان و کە بە پێچەوانەوە لەگەڵم جوڵانەوە. ٤١ بۆیە منیش
بەپێچەوانەوە لەگەڵیان جوڵامەوە و هێنایانمە خاکی
دوژمنانیان، تا دڵە خەتەنەنەکراوەکانیان ملکەچ دەبێت و
باجی تاوانەکانیان دەدەنەوە. ٤٢ پەیمانەکەمم لەگەڵ یاقوب
بەبیردێتەوە، هەروەها پەیمانەکەم لەگەڵ ئیسحاق و
پەیمانەکەم لەگەڵ ئیبراهیم و زەویەکەشم بەبیردێتەوە،
٤٣ زەویەکەش وازلێدەهێنرێت لە لایەن ئەوانەوە، لەچۆڵبوونی
لەوان، پشووەکانی وەردەگرێت، ئەوانیش باجی تاوانەکانیان
دەدەنەوە، چونکە حوکمەکانی منیان ڕەتکردەوە و لەناخەوە
ڕقیان لە فەرزەکانم بووەوە، ٤٤ بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کاتێ لە
خاکی دوژمنانیان بوون، ڕەتم نەکردنەوەو ڕقم لێیان
نەبووەوە، تا لەناویان ببەم و پەیمانم لەگەڵیان بشکێنم، چونکە
من خوداوەند خودایانم، ٤٥ بەڵکو یادی ئەو پەیمانەیان بۆ
دەکەمەوە کە لەگەڵ یەکەمینەکان بەستم، ئەوانەی لەبەرچاوی
میللەتان لە خاکی میسرەوە دەرمهێنان تا ببمە خودایان، من
خوداوەندم. ٤٦ ئەمە فەرز و حوکم و فێرکردنەکانە کە
خوداوەند لە نێوان خۆی و نەوەی ئیسڕائیلدا داینا، لە چیای
سینا بە دەستی موسا.

# ٢٧

١ هەروەها خوداوەند لەگەڵ موسادا دوا و فەرمووی
٢ لەگەڵ نەوەی ئیسڕائیلدا بدوێ و پێیان بڵێ، ئەگەر مرۆڤێك
کەسێکی بۆ خوداوەند نەزر کرد، ئەوا ئاوای دەخەمڵێنێ،
٣ ئەگەر خەمڵاندنەکەت بۆ نێرێکی تەمەن بیست ساڵ تا
تەمەن شەست ساڵ بوو، ئەوا خەمڵاندنەکەت پەنجا شاقل زیو
بە شاقلی پیرۆزگا دەبێت. ٤ ئەگەر مێینەش بوو، ئەوا
خەمڵاندنەکەت سی شاقل دەبێت. ٥ ئەگەر تەمەن پێنج ساڵ تا
بیست ساڵ بوو، ئەوا خەمڵاندنەکەت بیست شاقل بۆ نێر و دە
شاقل بۆ مێ دەبێت. ٦ ئەگەر تەمەنی مانگێك تا پێنج ساڵ
بوو، ئەوا خەمڵاندنەکەت پێنج شاقل زیو بۆ نێر و سێ شاقل
زیو بۆ مێ دەبێت. ٧ ئەگەر تەمەنی شەست ساڵ و بەرەو
سەرەوەبوو، ئەوا خەمڵاندنەکەت پانزە شاقل بۆ نێر و دە
شاقل بۆ مێ دەبێت. ٨ ئەگەر ئەو کەسە هەژاربوو و ئەو
خەمڵاندنەی تۆی لە توانادا نەبوو، ئەوا لەبەردەم کاهین
ڕادەگیرێ و کاهینەکە بۆی دەخەمڵێنێ، بەگوێرەی توانای ئەو
کەسەی نەزرەکەی کردووە کاهینەکە بۆی دەخەمڵێنێت.
٩ ئەگەر ئاژەڵ بێت، لەوانەی دەیکەن بە قوربانی بۆ
خوداوەند، ئەوا هەموو ئەوەی لێی دەدرێت بە خوداوەند،
تەرخانکراو دەبێت، ١٠ نایگۆڕێت ئاڵوگۆڕی پێناکات، باش بە
خراپ یان خراپ بە باش، ئەگەر ئاژەڵێکی بە ئاژەڵێکی تر
ئاڵوگۆڕ کرد، ئەوا هەردوو ئاژەڵەکە تەرخانکراو دەبن.
١١ ئەگەر ئاژەڵەکە گڵاوبوو، لەوانەی کە نایکەن بە قوربانی
بۆ خوداوەند، ئەوا ئاژەڵەکە لەبەردەم کاهین ڕادەگیرێت،
١٢ کاهینەکەش دەیخەمڵێنێت باش بێت یان خراپ، ئەی کاهین
بەگوێرەی خەمڵاندنەکەت دەبێت، ١٣ جا ئەگەر کڕییەوە، ئەوا
دەبێت پێنج یەك بخاتە سەر خەمڵاندنەکەت. ١٤ ئەگەر یەکێك
ماڵەکەی پیرۆزکرد تا بۆ خوداوەند تەرخانکراوبێت، ئەوا
کاهینەکە دەیخەمڵێنێت باش بێت یان خراپ، کاهینەکە چۆنی
بخەمڵێنێت ئەوا دەبێت، ١٥ ئەگەر ئەو کەسە ویستی ماڵەکەی
بکڕێتەوە ئەوا پێنج یەکی زیوی خەمڵاندنەکەت دەخاتە سەری
و بۆ ئەو دەبێت. ١٦ ئەگەر مرۆڤێك بەشێکی لە کێڵگەکەی
موڵکی خۆی بۆ خوداوەند تەرخانکرد، ئەوا خەمڵاندنەکەت
بەگوێرەی تۆو کردن تیایدا دەبێت، جێی حۆمەرێك تۆوی جۆ
بە پەنجا شاقل زیو دەبێت. ١٧ ئەگەر لە ساڵی یۆبیلدا
کێڵگەکەی تەرخانکرد، ئەوا بەگوێرەی خەمڵاندنت دەبێت،
١٨ ئەگەر دوای ساڵی یۆبیل کێڵگەکەی تەرخانکرد، ئەوا
کاهینەکە بەگوێرەی ئەو ساڵانەی ماوە بۆ یۆبیل، زیوەکەی بۆ
دەژمێرێت، جا لە خەمڵاندنەکەت کەم دەکاتەوە، ١٩ ئەگەر ئەو
کەسەی تەرخانی کردووە کێڵگەکەی کڕییەوە، پێنج یەکی
زیوی خەمڵاندنەکەت دەخاتە سەری و بۆ ئەو دەبێت. ٢٠ بەڵام
گەر کێڵگەکەی نەکڕییەوە و کێڵگەکە بە مرۆڤێکی تر
فرۆشرا، ئەوا ئیتر ناکڕدرێتەوە، ٢١ بەڵکو کێڵگەکە لە
دەرچوونی لە یۆبیل تەرخانکراو دەبێت بۆ خوداوەند وەك
کێڵگەی قەدەغەکراو، دەبێتە موڵکی کاهینەکە. ٢٢ ئەگەر
کێڵگەیەکی کڕاوی بۆ خوداوەند تەرخانکرد، کە لە کێڵگەکانی

مولّکی نەبوو، [٢٣] ئەوا کاهینەکە بڕی خەمڵاندنەکەتی بۆ دەژمێرێت تا ساڵی یۆبیل، جا لەو ڕۆژە خەمڵاندنەکەت دەدات، وەك تەرخانکراوی پیرۆز بۆ خوداوەند. [٢٤] لە ساڵی یۆبیلیش کێڵگەکە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی لێی کڕیوە، بۆ خاوەنی ئەسڵی زەویەکە.

[٢٥] هەموو خەمڵاندنەکەشت بەپێی شاقلی پیرۆزگا دەبێت، هەر شاقلێك بیست گیرە دەبێت. [٢٦] بەڵام هەر نۆبەرەیەکی ئاژەڵ کە وەك نۆبەرە بۆ خوداوەند جیادەکرێتەوە، با کەس تەرخانی نەکات، گا بێت یان بەران ئەوا بۆ خوداوەندە، [٢٧] ئەگەر لە ئاژەڵە گڵاوەکان بوو، ئەوا بەگوێرەی خەمڵاندنەکەت دەیکڕێتەوەو پێنج یەکیشی دەخاتە سەر، ئەگەر نەکڕایەوەش ئەوا بەگوێرەی خەمڵاندنەکەت دەفرۆشرێت. [٢٨] بەڵام هەموو ئەوەی مرۆڤ لە خۆی قەدەغە دەکات و بۆ خوداوەندی دادەنێت لە هەموو ئەوانەی هەیەتی، لە خەڵك و ئاژەڵ و کێڵگەکانی مولّکی خۆی، ئەوا نافرۆشرێت و ناکڕدرێتەوە، هەموو قەدەغەکراوێك هەرە پیرۆزە[أ] بۆ خوداوەند. [٢٩] هەموو مرۆڤێکی قەدەغەکراو، ناکڕدرێتەوە، بەڵکو دەکوژرێت. [٣٠] هەموو دەیەکی زەوی لە دانەوێڵەی زەوی و بەروبوومی ڕووەك بۆ خوداوەندە، تەرخانکراوە بۆ خوداوەند. [٣١] ئەگەر مرۆڤێك هەندێ لە دەیەکەکەی خۆی کڕییەوە، ئەوا پێنج یەکی نرخەکەی دەخاتە سەر، [٣٢] بەڵام هەموو دەیەکی مانگاو مەڕ، هەرچی بەژێر گۆچاندا بڕوات، ئەوا دەیەمی بۆ خوداوەند تەرخانکراو دەبێت، [٣٣] نابێت تەماشا بکرێت ئاخۆ باشە یان خراپ و ئاڵوگۆڕی پێناکات، ئەگەر ئاڵوگۆڕی پێکرد، ئەوا هەردوو ئاژەڵەکە دەبنە تەرخانکراو، ناکڕدرێتەوە. [٣٤] ئەمە فەرمانەکانن کە خوداوەند فەرمانی بە موسا پێکردن بۆ نەوەی ئیسرائیل لە چیای سینا.

---

[أ] ٢٧ : ٢٨ هەر مولّکێك و هەر گیانلەبەرێك ئاژەڵبێت یان مرۆڤ کە جیاکرایەوە بۆ خزمەتی خودا، ئیتر هەرگیز گەڕانەوەی بۆ نابێت و کڕین و فرۆشتنی لەسەر ناکرێت.

# ژماره

## ١

١ خوداوەند لە چۆڵەوانی سینادا لە چادری ژواندا، لە یەکی
مانگی دووی ساڵی دووەمی دەرچوونیان لە خاکی میسر
لەگەڵ موسادا دوا و فەرمووی: ٢ ئاماری هەموو کۆمەڵی
نەوەی ئیسرائیل بکەن، بە خێڵەکانیان و ماڵە باوانیان، بە
ژمارەی ناوی نێرینەکان یەکە بەیەکە، ٣ لە کوڕی بیست ساڵە
بەرەو سەرەوە، هەموو ئەوانەی لە ئیسرائیلدا دەتوانن
بجەنگن، تۆ و هارون بەگوێرەی سوپاکانیان تۆماریان بکەن.
٤ بۆ هەر هۆزێك پیاوێکتان لەگەڵدابێت، پیاوێك سەری ماڵە
باوانی بێت. ٥ ئەمەش ناوی ئەو پیاوانەیە کە لەگەڵتاندا
دەوەستن، بۆ ڕەئوبین ئەلیسوری کوڕی شەدیئور، ٦ بۆ
شەمعون شەلومیئیلی کوڕی چووریشەدای، ٧ بۆ یەهوزا
نەحشونی کوڕی عەمیناداب، ٨ بۆ یەساکر نەسنائیلی کوڕی
چوعەر، ٩ بۆ زەبولون ئەلیابی کوڕی حیلون، ١٠ بۆ
کوڕەکانی یوسف بۆ ئەفرایم ئەلیشەمەعی کوڕی عەمیهود و
بۆ مەنەساش گەملیئیلی کوڕی فەدهچوور، ١١ بۆ بنیامین
ئەبیدەنی کوڕی گدعۆنی، ١٢ بۆ دان ئەخیعەزەری کوڕی
عەمیشەدای، ١٣ بۆ ئەشێر پەگعیئیلی کوڕی عوکرەن، ١٤ بۆ
گاد ئەلیاسافی کوڕی دەعوئیل، ١٥ بۆ نەفتالی ئەخیرەعی
کوڕی عینەن. ١٦ ئەوانە هەڵبژێرراوانی کۆمەڵەکەن،
سەرۆکەکانی هۆزەکانی باوکانیانن، سەرانی هەزارانی
ئیسرائیلن. ١٧ جا موسا و هارون ئەو پیاوانەی باسکران
بردیانن و ١٨ هەموو کۆمەڵیان لە یەکی مانگی دوودا
کۆکردەوە و هەموو ئەوانەی لە بیست ساڵە بەرەو سەرەوە
بوون، بەگوێرەی ژمارەی ناوەکانیان خرانەوە سەر بنەچەی
خێڵەکانی ماڵە باوانیان ١٩ وەك خوداوەند فەرمانی بە موسا
کرد، جا لە بیابانی سینادا تۆماریکردن. ٢٠ نەوەی ڕەئوبین کە
نۆبەرەی ئیسرائیلە، نەوەیان بەگوێرەی خێڵەکانیان و ماڵە
باوانیان، بە ژمارەی ناوەکان یەکە بەیەکە، هەموو نێرینەیەك
لە کوڕی بیست ساڵە بەسەرەوە، هەموو ئەوانەی دەتوانن
بجەنگن، ٢١ تۆمارکراوان لە هۆزی ڕەئوبین چل و شەش
هەزار و پێنج سەد کەس بوون. ٢٢ نەوەی شەمعون، نەوەیان
بەگوێرەی خێڵەکانیان و ماڵە باوانیان، بە ژمارەی ناوەکان
یەکە بەیەکە، هەموو نێرینەیەك لە کوڕی بیست ساڵە
بەسەرەوە، هەموو ئەوانەی دەتوانن بجەنگن،
٢٣ تۆمارکراوان لە هۆزی شەمعون پەنجا و نۆ هەزار و سێ
سەد کەس بوون ٢٤ نەوەی گاد، نەوەیان بەگوێرەی خێڵەکانیان
و ماڵە باوانیان، بە ژمارەی ناوەکان یەکە بەیەکە، هەموو
نێرینەیەك لە کوڕی بیست ساڵە بەسەرەوە، هەموو ئەوانەی
دەتوانن بجەنگن، ٢٥ تۆمارکراوان لە هۆزی گاد چل و پێنج
هەزار و شەش سەد و پەنجا کەس بوون. ٢٦ نەوەی یەهوزا،
نەوەیان بەگوێرەی خێڵەکانیان و ماڵە باوانیان، بە ژمارەی
ناوەکان یەکە بەیەکە، هەموو نێرینەیەك لە کوڕی بیست ساڵە
بەسەرەوە، هەموو ئەوانەی دەتوانن بجەنگن،
٢٧ تۆمارکراوان لە هۆزی یەهوزا حەفتا و چوار هەزار و
چوار سەد کەس بوون. ٢٨ نەوەی یەساکر، نەوەیان
بەگوێرەی خێڵەکانیان و ماڵە باوانیان، بە ژمارەی ناوەکان
یەکە بەیەکە، هەموو نێرینەیەك لە کوڕی بیست ساڵە
بەسەرەوە، هەموو ئەوانەی دەتوانن بجەنگن،
٢٩ تۆمارکراوان لە هۆزی یەساکر پەنجا و چوار هەزار و
چوار سەد کەس بوون. ٣٠ نەوەی زەبولون، نەوەیان
بەگوێرەی خێڵەکانیان و ماڵە باوانیان، بە ژمارەی ناوەکان
یەکە بەیەکە، هەموو نێرینەیەك لە کوڕی بیست ساڵە
بەسەرەوە، هەموو ئەوانەی دەتوانن بجەنگن،
٣١ تۆمارکراوان لە هۆزی زەبولون پەنجا و حەوت هەزار و
چوار سەد کەس بوون. ٣٢ نەوەی یوسف، نەوەی ئەفرایم
نەوەیان بەگوێرەی خێڵەکانیان و ماڵە باوانیان، بە ژمارەی
ناوەکان یەکە بەیەکە، هەموو نێرینەیەك لە کوڕی بیست ساڵە
بەسەرەوە، هەموو ئەوانەی دەتوانن بجەنگن،
٣٣ تۆمارکراوان لە هۆزی ئەفرایم چل هەزار و پێنج سەد
کەس بوون. ٣٤ نەوەی مەنەسسا، نەوەیان بەگوێرەی
خێڵەکانیان و ماڵە باوانیان، بە ژمارەی ناوەکان یەکە بەیەکە،
هەموو نێرینەیەك لە کوڕی بیست ساڵە بەسەرەوە، هەموو
ئەوانەی دەتوانن بجەنگن، ٣٥ تۆمارکراوان لە هۆزی
مەنەسسا سی و دوو هەزار و دوو سەد کەس بوون.
٣٦ نەوەی بنیامین، نەوەیان بەگوێرەی خێڵەکانیان و ماڵە
باوانیان، بە ژمارەی ناوەکان یەکە بەیەکە، هەموو نێرینەیەك
لە کوڕی بیست ساڵە بەسەرەوە، هەموو ئەوانەی دەتوانن
بجەنگن، ٣٧ تۆمارکراوان لە هۆزی بنیامین سی و پێنج
هەزار و چوار سەد کەس بوون. ٣٨ نەوەی دان، نەوەیان
بەگوێرەی خێڵەکانیان و ماڵە باوانیان، بە ژمارەی ناوەکان
یەکە بەیەکە، هەموو نێرینەیەك لە کوڕی بیست ساڵە
بەسەرەوە، هەموو ئەوانەی دەتوانن بجەنگن،
٣٩ تۆمارکراوان لە هۆزی دان شەست و دوو هەزار و
حەوت سەد کەس بوون. ٤٠ نەوەی ئەشێر، نەوەیان بەگوێرەی
خێڵەکانیان و ماڵە باوانیان، بە ژمارەی ناوەکان یەکە بەیەکە،
هەموو نێرینەیەك لە کوڕی بیست ساڵە بەسەرەوە، هەموو
ئەوانەی دەتوانن بجەنگن، ٤١ تۆمارکراوان لە هۆزی ئەشێر
چل و یەك هەزار و پێنج سەد کەس بوون. ٤٢ نەوەی نەفتالی،
نەوەیان بەگوێرەی خێڵەکانیان و ماڵە باوانیان، بە ژمارەی
ناوەکان یەکە بەیەکە، هەموو نێرینەیەك لە کوڕی بیست ساڵە
بەسەرەوە، هەموو ئەوانەی دەتوانن بجەنگن،
٤٣ تۆمارکراوان لە هۆزی نەفتالی پەنجا و سێ هەزار و
چوار سەد کەس بوون. ٤٤ ئەوانە تۆمارکراوەکانن، ئەوانەی
موسا و هارون و سەرۆکەکانی ئیسرائیل تۆماریانکردن،
دوانزە پیاو، هەر پیاوێك بۆ ماڵە باوانی. ٤٥ جا هەموو
تۆمارکراوانی نەوەی ئیسرائیل ، بەگوێرەی ماڵە باوانیان لە
کوڕی بیست ساڵە بەسەرەوە، هەموو ئەوانەی لە ئیسرائیل
دەتوانن بجەنگن، ٤٦ هەموو تۆمارکراوەکان شەش سەدو سێ
هەزارو پێنج سەدو پەنجا کەس بوون. ٤٧ بەڵام لێڤییەکان
بەگوێرەی هۆزی باوکانیان لەگەڵ ئەوان تۆمارنەکران،
٤٨ چونکە خوداوەند لەگەڵ موسادا دوا و فەرمووی: ٤٩ بەڵام
هۆزی لێڤی تۆمار مەکە و لەنێوان نەوەی ئیسرائیلدا ئاماریان
مەکە، ٥٠ بەڵکو لێڤییەکان لەسەر نشینگەی شایەتی و لەسەر
هەموو قاپوقاچاغەکەی و لەسەر هەموو ئەوەی هەیەتی
دابنێ، ئەوان نشینگەکە بە هەموو قاپوقاچاغەکانیەوە
هەڵدەگرن و ئەوان خزمەتی دەکەن، لەچواردەوری
نشینگەکەش دادەبەزن، ٥١ لەکاتی بەڕێکەوتنی نشینگەکە
لێڤییەکان دەیهێننە خوارەوە و لەکاتی ڕاوەستانی نشینگەکەش
لێڤییەکان دایدەمەزرێننەوە و ئەو بێگانەیەی لێی نزیك بێتەوە

دەکوژرێت. ٥٢ نەوەی ئیسرائیلیش هەریەکە لە ئۆردوگای خۆی و لە لای ئاڵاکەی بە سوپاکانیانەوە دادەبەزن. ٥٣ بەڵام لێڤییەکان لەچواردەوری نشینگەکەی شایەتی دادەبەزن، تا تووڕەیی نەیەتە سەر کۆمەڵی نەوەی ئیسرائیل ، جا لێڤییەکان ڕێوڕەسمی نشینگەی شایەتی دەپارێزن. ٥٤ نەوەی ئیسرائیلیش بەگوێرەی هەموو ئەوەی خوداوەند فەرمانی بە موسا کرد، کردیان، ئاوایان کرد.

## ٢

١ هەروەها خوداوەند لەگەڵ موسا و هاڕوندا دوا و فەرمووی: ٢ نەوەی ئیسرائیل ، هەریەکە لە لای ئاڵاکەی خۆی، بە بەیداخی ماڵە باوانیانەوە دادەبەزن، ڕووەو چادری ژووان و لەدەوروبەری دادەبەزن. ٣ ئەوانەی لەلای ڕۆژهەڵات دادەبەزن ڕووە و ڕۆژهەڵات ئاڵای ئۆردوگای یەهوزایە بەگوێرەی سوپاکانیان، سەرۆکی نەوەی یەهوزاش نەحشونی کوڕی عەمینادابە، ٤ سەربازە تۆمارکراوەکانیشی حەفتا و چوار هەزار و شەش سەدن، ٥ ئەوانەی لەگەڵی دابەزیون هۆزی یەسساکر، سەرۆکی نەوەی یەسساکریش نەسنائیلی کوڕی چوعەر و ٦ سەربازە تۆمارکراوەکانی پەنجا و چوار هەزار و چوار سەدن. ٧ هەروەها هۆزی زەبولون، سەرۆکی نەوەی زەبولونیش ئەلیابی کوڕی حیلونە و ٨ سەربازە تۆمارکراوەکانی پەنجا و حەوت هەزار و چوار سەدن. ٩ هەموو تۆمارکراوەکانی ئۆردوگای یەهوزا سەد و هەشتا و شەش هەزار و چوار سەدن بە سوپاکانیەوە، یەکەمن لە بەڕێکەوتن. ١٠ ئاڵای ئۆردوگای ڕەئوبین بە لای باشوور بەگوێرەی سوپاکانیان، سەرۆکی نەوەی ڕەئوبینیش ئەلیچووری کوڕی شەدیئورە و ١١ سەربازە تۆمارکراوەکانی چل و شەش هەزار و پێنج سەدن، ١٢ هەروەها ئەوانەی لەگەڵی دابەزیون، هۆزی شەمعون، سەرۆکی نەوەی شەمعونیش شلومیئیلی کوڕی چووریشەدایە و ١٣ سەربازە تۆمارکراوەکانی پەنجا و نۆ هەزار و سێ سەدن، ١٤ هۆزی گاد، سەرۆکی نەوەی گادیش ئەلیاسافی کوڕی ڕەعوئیلە و ١٥ سەربازە تۆمارکراوەکانی چل و پێنج هەزار و شەش سەد و پەنجان. ١٦ هەموو تۆمارکراوەکانی ئۆردوگای ڕەئوبین سەد و پەنجا و یەك هەزار و چوار سەد و پەنجان بە سوپاکانیانەوە، دووەمن لە بەڕێکەوتن. ١٧ ئینجا چادری ژووان، ئۆردوگای لێڤییەکان لەناوەندی ئۆردوگاکان بەڕێدەکەوێت، چۆن دادەبەزن بەهەمان شێوە بەڕێدەکەون، هەریەکەو لە شوێنی خۆی بە ئاڵاکانیانەوە. ١٨ ئاڵای ئۆردوگای ئەفرایم بەگوێرەی سوپاکانیان لە لای ڕۆژئاوا، سەرۆکی نەوەی ئەفرایم ئەلیشەمعی کوڕی عەمیهودە و ١٩ سەربازە تۆمارکراوەکانی چل هەزار و پێنج سەدن، ٢٠ هۆزی مەنەسسای لەگەڵە و سەرۆکی نەوەی مەنەسساش گەملیئیلی کوڕی فەدهچوورە و ٢١ سەربازە تۆمارکراوەکانی سی و دوو هەزار و دوو سەدن، ٢٢ هەروەها هۆزی بنیامین، سەرۆك بۆ نەوەی بنیامینیش ئەبیدەنی کوڕی گدعۆنیە و ٢٣ سەربازە تۆمارکراوەکانی سی و پێنج هەزار و چوار سەدن، ٢٤ هەموو تۆمارکراوەکانی ئۆردوگای ئەفرایم سەد و هەشت هەزار و سەدن بە سوپاکانیەوە، سێیەمن لە بەڕێکەوتن. ٢٥ ئاڵای ئۆردوگای دان بەگوێرەی سوپاکانیان بە لای باکوورە، سەرۆکیش بۆ نەوەی دان ئەخیعەزەری کوڕی عەمیشەدایە و ٢٦ سەربازە تۆمارکراوەکانی شەست و دوو هەزار و حەوت سەدن، ٢٧ ئەوانەی لەگەڵی دابەزیون، هۆزی ئەشێر، سەرۆکی نەوەی ئەشێریش پەگعیئیلی کوڕی عوکرەنە و ٢٨ سەربازە تۆمارکراوەکانی چل و یەك هەزار و پێنج سەدن، ٢٩ هۆزی نەفتالیش، سەرۆکی نەوەی نەفتالی ئەخیرەعی کوڕی عیننە و ٣٠ سەربازە تۆمارکراوەکانی پەنجا و سێ هەزار و چوار سەدن. ٣١ هەموو تۆمارکراوەکانی ئۆردوگای دان سەد و پەنجا و حەوت هەزار و شەش سەدن، بە ئاڵاکانیانەوە لە کۆتایدا بەڕێدەکەون. ٣٢ ئەوانە تۆمارکراوەکانی نەوەی ئیسرائیلن بەگوێرەی ماڵە باوانیان. هەموو تۆمارکراوان لە ئۆردوگاکان بەسەربازەکانیانەوە شەش سەد و سێ هەزار و پێنج سەد و پەنجان. ٣٣ بەڵام لێڤییەکان لە نێوان نەوەی ئیسرائیلدا تۆمارنەکران، هەروەك خوداوەند فەرمانی بە موسا کرد، ٣٤ جا نەوەی ئیسرائیل بەگوێرەی هەموو ئەوەی خوداوەند فەرمانی بە موسا کرد، ئاوایان کرد، ئاوا بە ئاڵاکانیانەوە هەواریان هەڵدا و ئاوا بەڕێکەوتن، هەریەکە بەگوێرەی خێڵەکانی خۆی لەگەڵ ماڵە باوانی.

## ٣

١ ئەمەش نەوەی هاڕون و موسایە ئەو ڕۆژەی خوداوەند لەگەڵ موسادا لە چیای سینا دوا، ٢ ئەمەش ناوی نەوەکانی هاڕونە، نادابی نۆبەرە و ئەبیهو و ئەلیعازار و ئیتامار. ٣ ئەمەش ناوی نەوەکانی هاڕونە، کاهینە دەستنیشانکراوەکان ئەوانەی تەرخانکراون بۆ کاهینێتی، ٤ جا ناداب و ئەبیهو لەبەردەم خوداوەند مردن، کاتێک لە چۆڵەوانی سینادا ئاگرێکی نامۆیان لە بەردەم خوداوەند پێشکەش کرد و هیچ کوڕیان نەبوو، بەڵام ئەلیعازار و ئیتامار لەبەردەم هاڕونی باوکیان کاهینێتییان کرد. ٥ هەروەها خوداوەند لەگەڵ موسادا دوا و فەرمووی: ٦ هۆزی لێڤی بهێنە پێش و لەبەردەم هاڕونی کاهین ڕایان بگرە و با خزمەتی بکەن، ٧ جا خواستەکانی ئەو و خواستی هەموو کۆمەڵ لەبەردەم چادری ژواندا دەپارێزن و خزمەتەکانی نشینگەکە دەکەن. ٨ پارێزگاری هەموو قاپوقاچاغەکانی چادری ژوان و پارێزگاری نەوەی ئیسرائیل دەکەن و خزمەتەکانی نشینگەکەش دەکەن. ٩ جا لێڤییەکان دەدەیتە هاڕون و کوڕەکانی، ئەوان پێشکەشکراون بەو، پێشکەشکردنێك لە لایەن نەوەی ئیسرائیلەوە. ١٠ هاڕون و کوڕەکانی دادەمەزرێنی و کاهینێتیەکەیان دەپارێزن و ئەو بێگانەیەی نزیك دەکەوێتەوە دەکوژرێت. ١١ خوداوەند لەگەڵ موسادا دوا و فەرمووی: ١٢ ئەوەتا من لێڤییەکانم لە نێو نەوەی ئیسرائیلدا لەجیاتی هەر نۆبەرەیەکی سك لە نەوەی ئیسرائیلدا برد، جا لێڤییەکان بۆ من دەبن، ١٣ چونکە هەموو نۆبەرەیەك بۆ منە، ئەو ڕۆژەی لە خاکی میسردا لە هەموو نۆبەرەیەکم دا، ئەوا هەموو نۆبەرەیەك لە ئیسرائیلدا لە خەڵك و لە ئاژەڵ بۆ خۆمم پیرۆزکرد، بۆ من دەبن، من خوداوەندم. ١٤ هەروەها خوداوەند لە چۆڵەوانی سینادا لەگەڵ موسا دوا و فەرمووی: ١٥ نەوەی لێڤی بەگوێرەی ماڵە باوانیان و خێڵەکانیان تۆماربکە، هەموو نێرینەیەك لە کوڕی یەك مانگە بەسەرەوە تۆماردەکەی. ١٦ موساش بەگوێرەی وتەی خوداوەند وەك فەرمانیکرد، تۆماریکردن. ١٧ جا ئەوانە نەوەی لێڤی بوون بە ناوەکانیان، گەرشون و قەهات و مەراری، ١٨ ئەوەش ناوی دوو کوڕەکەی گەرشونە بەگوێرەی خێڵەکانیان، لیبنی و شیمعی. ١٩ نەوەی قەهاتیش بەگوێرەی خێڵەکانیان، عەمرام و یەسهار و حەبرون و عوزیئیل. ٢٠ دوو کوڕەکەی مەراریش بەگوێرەی خێڵەکانیان مەحلی و موشی. ئەمە خێڵی لێڤییەکانە بەگوێرەی ماڵە باوانیان. ٢١ بۆ گەرشون خێڵی لیبنیەکان و

خێڵی شیمعیەکان. ئەمە خێڵەکانی گەرشونیەکانە، ٢٢ تۆمارکراون لێیان بە ژمارەی هەموو نێرینەیەکی کوڕی یەك مانگە بەسەرەوە، تۆمارکراوان لێیان حەوت هەزار و پێنج سەدن. ٢٣ خێڵی گەرشونییەکان لە پشت نشینگەکەوە بە لای ڕۆژئاوا دادەبەزن، ٢٤ سەرۆکی ماڵە باوانی گەرشونیەکانیش ئەلیسافی کوڕی لائێلە. ٢٥ پارێزگارێتی نەوەی گەرشونیش لە چادری ژوان، نشینگەکە و چادرەکە و پۆشەرەکەی و پەردەی دەروازەی چادری ژوان و ٢٦ پەردەکانی حەوشەکە و پەردەی دەروازەی حەوشەکە کە لەدەوری نشینگەکەن و لەدەوری قوربانگاکەن بە چواردەوری و گوریسەکانی لەگەڵ هەموو ئەوەی لەگەڵیدا بەکاردەهێنریت. ٢٧ بۆ قەهاتیش خێڵی عەمرامییەکان و خێڵی یەسهاریەکان و خێڵی حەبرونییەکان و خێڵی عوزیئیلیەکان. ئەمە خێڵەکانی قەهاتییەکانە ٢٨ بە ژمارەی هەموو نێرینەیەکی کوڕی یەك مانگە بەسەرەوە هەشت هەزار و شەش سەدن، پارێزگاری پیرۆزگا دەکەن و ٢٩ خێڵەکانی نەوەی قەهات لە لای نشینگەکە بەرەو باشوور دادەبەزن. ٣٠ سەرۆکی ماڵە باوانی خێڵی قەهاتییەکانیش ئەلیسافانی کوڕی عوزیئیلە و ٣١ پارێزگاری سندوقەکە و مێزەکە و چرادانەکە و قوربانگاکان و قاپوقاچاغی پیرۆزگاکە کە خزمەتی پێدەکەن و پەردەی دەروازەکە و هەموو ئەوەی لەگەڵیدا بەکاردەهێنرێت دەکەن. ٣٢ بۆ سەرۆکی سەرکردەکانی لێڤییەکانیش ئەلیعازاری کوڕی هارونی کاهین سەرپەرشتیاری چاودێرانی پارێزگارێتی پیرۆزگا دەبێت. ٣٣ بۆ مەراریش خێڵی مەحلییەکان و خێڵی موشییەکان، ئەمە خێڵەکانی مەرارییە و ٣٤ تۆمارکراوان لێیان بەپێی ژمارەی هەموو نێرینەیەکی کوڕی یەك مانگە بەسەرەوە شەش هەزار و دوو سەدن. ٣٥ سەرۆکی ماڵە باوانی خێڵەکانی مەراریش سوریئیلی کوڕی ئەبیحایلە، لە لای نشینگەکە ڕووەو باکوور دادەبەزن. ٣٦ سەرپەرشتیاری پارێزگارێتی نەوەی مەراریش تەختەدارەکانی نشینگەکە و کاریتەکانی و کۆڵەکەکانی و بناغەکانی و هەموو قاپوقاچاغەکەی و هەموو ئەوەی لەگەڵیدا بەکاردەهێنرێت و ٣٧ کۆڵەکەکانی حەوشەکە بەدەوریدا و بناغەکانی و سنگەکانی و گوریسەکانی بوون. ٣٨ هەروەها ئەوانەی لەبەردەم نشینگە دابەزیون بە لای ڕۆژهەڵاتدا لەبەردەم چادری ژوان ڕووەو ڕۆژهەڵات موسا و هارون و کوڕەکانین، پارێزگارانی پیرۆزگاکە بۆ پارێزگاری نەوەی ئیسرائیل ، ئەو بێگانەیەش کە نزیك دەکەوێتەوە دەکوژرێت. ٣٩ هەموو تۆمارکراوانی لێڤییەکان ئەوانەی موسا و هارون تۆماریانکردن بەگوێرەی وتەی خوداوەند بە خێڵەکانیانەوە هەموو نێرینەیەکی کوڕی یەك مانگە بەسەرەوە بیست و دوو هەزار بوون. ٤٠ هەروەها خوداوەند بە موسای فەرموو: هەموو نێرینەیەکی نۆبەرە لە نەوەی ئیسرائیل لە کوڕی یەك مانگە بەسەرەوە بێت تۆماربکە و ژمارەی ناوەکانیان وەرگرە. ٤١ من خوداوەندم، لێڤییەکان لەجیاتی هەموو نۆبەرەیەکی نەوەی ئیسرائیل و ئاژەڵی لێڤییەکانیش لەجیاتی هەموو نۆبەرەیەك لە ئاژەڵەکانی نەوەی ئیسرائیل بۆ من دادەنێت. ٤٢ جا موسا وەك خوداوەند فەرمانی پێی کرد هەموو نۆبەرەیەکی لە نەوەی ئیسرائیلدا تۆمارکرد، ٤٣ هەموو نۆبەرە نێرینەکان بە ژمارەی ناوەکان لە کوڕی یەك مانگە بەسەرەوە، تۆمارکراوان لێیان بیست و دوو هەزار و دوو سەد و حەفتا و سێ بوون. ٤٤ خوداوەند لەگەڵ موسادا دوا و فەرمووی: ٤٥ من خوداوەندم، لێڤییەکان لەجیاتی هەموو نۆبەرەیەك لە نەوەی ئیسرائیل دابنا و ئاژەڵەکانی لێڤییەکانیش لەجیاتی ئاژەڵەکانیان، جا لێڤییەکان بۆ من دەبن، ٤٦ بۆ کڕینەوەی ئەو دوو سەد و حەفتا و سێیەش لە نۆبەرەکانی نەوەی ئیسرائیل کە لە لێڤییەکان زیاترن، ٤٧ پێنج شاقل بۆ هەر سەرێك وەردەگریت، لەسەر شاقلی پیرۆزگا وەریدەگریت، هەر شاقلێك بیست گێریە و ٤٨ زیوەکەش دەدەیتە هارون و کوڕەکانی، کڕینەوەی ئەوانەیە کە لێیان زیادن. ٤٩ جا موسا زیوی کڕینەوەیانی وەرگرت، لەوانەی لە کڕینەوەی لێڤییەکان زیادبوون، ٥٠ لە نۆبەرەکانی نەوەی ئیسرائیل هەزار و سێ سەد و شەست و پێنج زیوی بە شاقلی پیرۆزگا وەرگرت. ٥١ موساش زیوی کڕینەوەکەی بە هارون و کوڕەکانی دا بەگوێرەی وتەی خوداوەند، وەك چۆن خوداوەند فەرمانی بە موسا کرد.

# ٤

١ خوداوەند لەگەڵ موسا و هارونـدا دوا و فەرمووی: ٢ ژمارەی نەوەی قەهات لە نێو نەوەی لێڤی ببە بەگوێرەی خێڵەکانیان و ماڵە باوانیان، ٣ لە پیاوی سی ساڵە بەسەرەوە تا پیاوی پەنجا ساڵە، هەموو ئەوانەی دەتوانن بچن بۆ خزمەت تا لە چادری ژوان کار بکەن. ٤ نەوەی قەهات خزمەتی شتە هەرە پیرۆزەکانی ناو چادری ژوان دەکەن. ٥ هارون و کوڕەکانی لە کاتی کۆچکردنی ئۆردوگا دێن و پەردەی دەروازەکە دادەگرن و سندوقی شایەتی پێدادەپۆشن و ٦ ئینجا پۆشەرەکەی لە پێستی دۆلفینە بەسەردادەدەن و لەسەر ئەوەشەوە قوماشێك هەمووی ڕێسی مۆر بێت ڕادەخەن و دارەکانیشی دادەنێن. ٧ لەسەر مێزەکەی نانی تەرخانکراویش قوماشێکی لە ڕێسی مۆر ڕادەخەن و سینیەکان و قاپەکان و جامەکان و گۆزەکانی مەیی پێشکەشکراوی لەسەری دادەنێن و نانی بەردەوامیشی لەسەر دەبێت. ٨ قوماشێکی سووری ئاڵیشی لەسەر ڕادەخەن و بە پۆشەرێکی لە پێستی دۆلفین دایدەپۆشن و دارەکانی دادەنێن. ٩ قوماشێکی لە ڕێسی مۆر دەبەن و چرادانەکەی ڕووناکی و چراکانی و ماشەکانی و سینیەکانی و هەموو قاپوقاچاغەکانی زەیتەکەی کە پێی خزمەت دەکەن دادەپۆشن و ١٠ لەگەڵ هەموو قاپوقاچاغەکەی دەیخەنە ناو پۆشەرێکی لە پێستی دۆلفین و دەیخەنە سەر قوماشێکەوە کە پێی هەڵیبگرن. ١١ لەسەر قوربانگا زێڕینەکەش قوماشێک ڕێسی مۆر ڕادەخەن و بە پۆشەرێکی لە پێستی دۆلفین دای دەپۆشن و دارەکانی دادەنێن. ١٢ هەموو قاپوقاچاغەکانی خزمەتکردن کە خزمەتی پێدەکەن لە پیرۆزگا دەبەن و لەناو قوماشێکی ڕێسی مۆر دادەنێن و بە پۆشەرێکی لە پێستی دۆلفین دایدەپۆشن و دەیخەنە سەر شتێك کە پێی هەڵیبگرن. ١٣ خۆڵەمێشی قوربانگاکەش هەڵدەگرن و قوماشێکی بایینجانی لەسەر ڕادەخەن. ١٤ هەموو قاپوقاچاغەکانیشی کە لەسەری خزمەتی پێدەکەن لەسەر دادەنێن، ئەوانەی لەخزمەت بەکاری دەهێنن دەیخەنە سەری، مەقەڵەکان و چەنگاڵەکان و خاکەناسەکان و دەست شۆرەکان، هەموو قاپوقاچاغی قوربانگاکە، پۆشەرێکی لە پێستی دۆلفینیشی بەسەردا ڕادەخەن و دارەکانی دادەنێن. ١٥ کاتێک هارون و کوڕەکانی لە پۆشینی پیرۆزگاکە و هەموو قاپوقاچاغی پیرۆزگاکە دەبنەوە، لە کاتی کۆچکردنی ئۆردوگاکە، ئینجا نەوەی قەهات بۆ هەڵگرتن دێن، بەڵام دەست لە پیرۆزگاکە نادەن نەوەك بمرن، ئەوە باری نەوەی قەهاتە لە چادری ژوان. ١٦ سەرپەرشتیاری ئەلیعازاری کوڕی هارونی کاهینیش زەیتی ڕووناکی و بخوورە بۆن خۆشەکە و پێشکەشکراوی بەردەوام و ڕۆنی دەستنیشانکردن و سەرپەرشتیاریی هەموو نشینگەکە و هەموو ئەوەی تیایدایە بە پیرۆزگا و قاپوقاچاغەکانیەوە. ١٧ هەروەها خوداوەند لەگەڵ موسا و هارونـدا دوا و فەرمووی: ١٨ خێڵەکانی

قەهاتیەکان لە نێو لێڤییەکان دامەبڕن، ١٩ بەڵکو ئەمەیان بۆ
بکەن، جا دەژین و نامرن لە کاتی نزیککەوتنەوەیان لە شتە
هەرە پیرۆزەکان، هارون و کوڕەکانی دەچنە ژوورەوە و
هەر مرۆڤێك لەسەر خزمەتەکەی و بارەکەی دادەنێن. ٢٠ بۆ
ساتێکیش ناچنە ژوورەوە تا شتە پیرۆزەکان ببینن نەوەك
بمرن. ٢١ خوداوەند لەگەڵ موسادا دوا و فەرمووی:
٢٢ ژمارەی نەوەی گەرشونیش بکە بەگوێرەی ماڵە باوان و
خێڵەکانیان، ٢٣ لە پیاوی سی ساڵە بەسەرەوە تا پیاوی پەنجا
ساڵە تۆماریان دەکەیت، هەموو ئەوانەی بچنە خزمەت تا لە
چادری ژواندا خزمەت بکەن، ٢٤ ئەمەیە خزمەتی خێڵەکانی
گەرشونییەکانە لە خزمەت و لە بارهەڵگرتن، ٢٥ پەردەکانی
نشینگەکە و چادری ژوان و پۆشەرەکەی و پۆشەرە پێست
دۆلفینەکە کە لەسەرەوە لەسەریەتی و پەردەکەی دەروازەی
چادری ژوان هەڵدەگرن. ٢٦ هەروەها پەردەکانی حەوشەکە و
پەردەی دەروازەی حەوشەکە، ئەوانەی لەدەوری نشینگە و
لەدەوری قوربانگاکەن بە چواردەوریدا لەگەڵ گوریسەکانی
و هەموو ئەوەی لەگەڵیدا بەکاردەهێنرێت، هەموو ئەوەی
بۆیان دیاری دەکرێت، ئەوان دەیکەن، ٢٧ هەموو خزمەتی
نەوەی گەرشونییەکان لە هەموو بار و هەموو خزمەتیان
بەگوێرەی وتەی هارون و کوڕەکانی دەبێت، پارێزگارێتی
هەموو بارەکانی خۆیان پێدەسپێرێت، ٢٨ ئەمە خزمەتی
خێڵەکانی نەوەی گەرشونییەکانە لە چادری ژوان و
پارێزگارێتیان بە دەستی ئیتاماری کوڕی هارونی کاهینە.
٢٩ نەوەی مەراری بەگوێرەی خێڵەکانیان و ماڵە باوانیان
تۆماریان دەکەیت، ٣٠ لە پیاوی سی ساڵە بەسەرەوە تا پیاوی
پەنجا ساڵە تۆماریان دەکەیت، هەموو ئەوانەی دەچنە
خزمەتەوە تا خزمەتەکەی چادری ژوان بکەن، ٣١ ئەمەش
پارێزگارێتی بارەکەیانە و هەموو خزمەتەکەیان لە چادری
ژوان، تەختەکانی نشینگەکە و کاریتەکانی و کۆڵەکەکانی و
بناغەکانی و ٣٢ کۆڵەکەکانی حەوشەکە بەچواردەوریدا و
بناغەکانی و سنگەکانی و گوریسەکانە لەگەڵ هەموو
قاپوقاچاغ و هەموو ئەوەی لەگەڵیدا بەکاردەهێنرێت، بە
ناویش قاپوقاچاغی پارێزگارێتی بارەکەیان تۆماردەکەن.
٣٣ ئەمە خزمەتی خێڵەکانی نەوەی مەراریە، هەموو
خزمەتەکەیان لە چادری ژوان بە دەستی ئیتاماری کوڕی
هارونی کاهینە. ٣٤ جا موسا و هارون و سەرکردەکانی
کۆمەڵ نەوەی قەهاتیەکانیان تۆمار کرد، بەگوێرەی
خێڵەکانیان و ماڵە باوانیان، ٣٥ لە پیاوی سی ساڵە بەسەرەوە تا
پیاوی پەنجا ساڵە، هەموو ئەوانەی دەچنە خزمەتەوە بۆ
خزمەتکردن لە چادری ژوان. ٣٦ جا تۆمارکراوەکانیان
بەگوێرەی خێڵەکانیان دوو هەزار و حەوت سەد و پەنجا
بوون. ٣٧ ئەوانە تۆمارکراوەکانن لە خێڵەکانی قەهاتییەکان
هەموو ئەوانەی لە چادری ژواندا خزمەت دەکەن، ئەوانەی
موسا و هارون تۆماریان کردن بەگوێرەی وشەی خوداوەند
بە دەستی موسا. ٣٨ تۆمارکراوەکانی نەوەی گەرشونیش
بەگوێرەی خێڵەکانیان و ماڵە باوانیان، ٣٩ لە پیاوی سی ساڵە
بەسەرەوە تا پیاوی پەنجا ساڵە، هەموو ئەوانەی دەچنە
خزمەتەوە بۆ خزمەتکردن لە چادری ژوان،
٤٠ تۆمارکراوەکانیان بەگوێرەی خێڵەکانیان و ماڵە باوانیان
دوو هەزار و شەش سەد و سی بوون، ٤١ ئەوانە
تۆمارکراوەکان لە خێڵەکانی نەوەی گەرشون هەموو ئەوانەی
لە چادری ژوندا خزمەت دەکەن، ئەوانەی موسا و هارون
تۆماریانکردن بەگوێرەی وشەی خوداوەند. ٤٢ تۆمارکراوان
لە خێڵەکانی نەوەی مەراریش بەگوێرەی خێڵەکانیان و ماڵە
باوانیان ٤٣ لە پیاوی سی ساڵە بەسەرەوە تا پیاوی پەنجا ساڵە،
هەموو ئەوانەی دەچنە خزمەتەوە بۆ خزمەتکردن لە چادری
ژواندا، ٤٤ تۆمارکراوان لێیان بەگوێرەی خێڵەکانیان سێ
هەزار و دوو سەد بوون. ٤٥ ئەوانە تۆمارکراوەکانن لە
خێڵەکانی نەوەی مەراری کە موسا و هارون تۆماریانکردن
بەگوێرەی وشەی خوداوەند بە دەستی موسا. ٤٦ هەموو
تۆمارکراوەکانی لێڤییەکان کە موسا و هارون و
سەرکردەکانی ئیسرائیل تۆماریانکردن بەگوێرەی خێڵەکانیان
و ماڵە باوانیان، ٤٧ لە کوڕی سی ساڵە بەسەرەوە تا کوڕی
پەنجا ساڵە، هەموو ئەوانەی دەچنە خزمەتەوە بۆ کاری
خزمەت و کاری بارهەڵگرتن لە چادری ژواندا،
٤٨ تۆمارکراوان لێیان هەشت هەزار و پێنج سەد و هەشتا
بوون. ٤٩ بەگوێرەی وشەی خوداوەند بە دەستی موسا، هەموو
مرۆڤێك لەسەر خزمەتەکەی و بارەکەی تۆمارکرا، کە موسا
تۆماریکردن وەك چۆن خوداوەند فەرمانی پێکرد.

# ٥

١ خوداوەند لەگەڵ موسادا دوا و فەرمووی: ٢ فەرمان بە
نەوەی ئیسرائیل بکە کە هەموو گەڕوگولێك و ئەوەی
لێچوونی گڵاوی هەبێت و ئەوەی بە مردوو گڵاو بووبێت لە
ئۆردوگاکە دووربخەنەوە، ٣ نێر و مێ دوور دەخەنەوە، بۆ
دەرەوەی ئۆردوگا دووریان دەخەنەوە تا ئۆردوگاکانیان گڵاو
نەکەن کە من لە نێوانیاندا نیشتەجێم. ٤ جا نەوەی ئیسرائیل
ئاوایان کرد و بۆ دەرەوەی ئۆردوگاکە دووریان خستنەوە،
وەك چۆن خوداوەند لەگەڵ موسادا دوا، نەوەی ئیسرائیل
ئاوایان کرد. ٥ خوداوەند لەگەڵ موسادا دوا و فەرمووی: ٦ بە
نەوەی ئیسرائیل بڵێ، گەر پیاوێك یان ژنێك گوناهێك لە
گوناهەکانی مرۆڤ بکات و بە تەواوی ناپاکی لە خوداوەند
کرد، ئەوا ئەو کەسە تاوانی کردووە، ٧ با دان بە گوناهەکەی
بنێت کە کردوویەتی و ئەوەی پێی تاوانباربووە بیگەڕێنێتەوە
بە تەواوی و پێنج یەکیشی بۆ زیاد بکات و بیدات بەوەی
تاوانەکەی دژی کردووە. ٨ ئەگەر پیاوەکە خزمی نزیکی
نەبوو تا شتەکە وەرگرێتەوە، ئەوا ئەوەی پێی تاوانباربووە و
گەڕاوەتەوە بۆ خوداوەند دەبێت و کاهین بۆ خۆیی دەبات،
بێجگە لە بەرانی کەفارەتەکە کە کەفارەتی پێدەکات بۆی،
٩ هەموو پیتاکێکی بەرزکراوە لەگەڵ هەموو شتە پیرۆزەکانی
نەوەی ئیسرائیل کە پێشکەشی کاهینی دەکەن بۆ ئەو دەبێت.
١٠ بەڵام هەموو شتە تەرخان کراوەکانی مرۆڤیش بۆ خۆی
دەبێت، ئەگەر مرۆڤێك شتێکی دایە کاهین ئەوا بۆ ئەو دەبێت.
١١ خوداوەند لەگەڵ موسادا دوا و فەرمووی: ١٢ لەگەڵ نەوەی
ئیسرائیلدا بدوێ و پێیان بڵێ، ئەگەر ژنی پیاوێك لەڕێ لایدا
و بە تەواوی ناپاکی لەگەڵدا کرد و ١٣ پیاوێك جووت بوونی
تۆو لەگەڵی جووت بوو و ئەوەش لە چاوانی پیاوەکەی
شاراوە بوو و گڵاوییەکەی ئاشکرا نەبوو و هیچ شایەتی
بەسەرەوە نەگیرابوو، ١٤ کابراش ڕۆحی دڵپیسی دایگرت و
لە ژنەکەی بەگومان بوو کە گڵاوبوو یان ڕۆحی دڵپیسی
دایگرت و لە ژنەکەی دڵپیس بوو کە گڵاو نەبووە، ١٥ ئەوا
پیاوەکە ژنەکەی دەهێنێتە لای کاهین و قوربانیەکەشی لەگەڵدا
دەهێنێت، دەیەکی ئێفەیەك ئاردی جۆ نە زەیتی بەسەردا دەکا
و نە بخوور، چونکە قوربانی خۆراکی دڵپیسییە قوربانی
خۆراکی یادگارییە، یادی تاوان دەکاتەوە، ١٦ جا کاهینەکە
دەیهێنێتە پێش و لەبەردەم خوداوەند ڕایدەگرێت، ١٧ کاهینەکە
لە تاسێکی لە قوڕدروستکراو ئاوێکی پاك و پیرۆز دەبات و لە
تۆزی سەر زەوی نشینگەکە هەڵدەگرێت و دەیکاتە ناو ئاوەکە
و ١٨ کاهینەکە ژنەکە لەبەردەم خوداوەند ڕادەگرێت و سەری
ڕووت دەکات و قوربانی خۆراکی یادگاریەکە کە قوربانی
خۆراکی دڵپیسییە دەکاتە ناو دەستی و ئاوە تاڵەکەی نەفرەتیش

له دەستی کاهینەکە دەبێت، ١٩ ئینجا کاهینەکە ژنەکە سوێند
دەدات و پێی دەڵێت، ئەگەر هیچ پیاوێك لەگەڵتدا جووت
نەبووە و بەدزی پیاوەکەتەوە بەرەو گڵاوی لەڕێ لاتنەداوە،
ئەوا بێتاوانبە لەم ئاوەی نەفرەت کە تاڵە، ٢٠ بەڵام گەر بە
دزی پیاوەکەتەوە لەڕێ لاتداوە و گڵاو بوویت و پیاوێکی تر
جیا لە مێردەکەت لەگەڵت جووت بووە، ٢١ کاهینەکە ژنەکە بە
سوێندی نەفرەت سوێند دەدات و کاهینەکە بە ژنەکە دەڵێت،
خوداوەند دەتخاتە بەر نەفرەت و سوێند لەناو گەلەکەت
بەوەی کە خوداوەند ڕانت دەخات و سکت دەئاوسێنێت[أ] ،
٢٢ ئەم ئاوەی نەفرەت دەچێتە ناو هەناوت بۆ ئاوسانی سك و
خستنی ڕان، ژنەش دەڵێت، ئامین، ئامین. ٢٣ کاهینیش ئەم
نەفرەتانە لە پەرتووکدا دەنووسێت، ئینجا لەناو ئاوە تاڵەکە
دەیسڕێتەوە، ٢٤ ئاوە تاڵەکەی نەفرەتیش دەرخواردی ژنەکە
دەدات و ئاوەکەی نەفرەتیش دەچێتە ناوی بۆ تاڵی و
٢٥ کاهینەکە قوربانی خۆراکی دڵپیسییەکە لە دەستی ژنەکە
وەردەگرێت و قوربانییەکە لەبەردەم خوداوەند بەرزدەکاتەوە،
ئینجا دەیباتە لای قوربانگاکە و ٢٦ کاهینەکە چنگێك بۆ
یادگاری لە قوربانییەکە دەبات و لەسەر قوربانگاکە
دەیسووتێنێت و دوای ئەوە ئاوەکە دەرخواردی ژنەکە دەدات و
٢٧ کاتێ ئاوەکەی دەرخوارد دا، ئەگەر گڵاو بوویێت و ناپاکی
لە پیاوەکەی کردبێت، ئەوا ئاوی نەفرەتەکە بۆ تاڵی دەچێتە
ناوی و سکی دەئاوسێت و ڕانی دەکەوێت و ژنەکە لە نێو
گەلەکەی دەبێتە نەفرەت، ٢٨ ئەگەر ژنەکەش گڵاو نەبووبوو
بەڵکو پاك بوو، ئەوا بێتاوان دەبێت و سکپڕ دەبێت. ٢٩ ئەمە
فێرکردنەکانە سەبارەت بە دڵپیسی، ئەگەر ژنێك بە دزی
پیاوەکەی لەڕێ لایدا و گڵاو بوو، ٣٠ یان ئەگەر پیاوێك
ڕۆحی دڵپیسی دایگرت، جا دڵی لە ژنەکەی پیسکرد، ژنەکە
لەبەردەم خوداوەند ڕادەگیرێ و کاهینەکە هەموو ئەم
فێرکردنەی بۆ دەکات. ٣١ جا پیاوەکە لە تاوانەکە بێتاوان
دەبێت و ئەو ژنەش تاوانی لە ئەستۆی خۆی.

# ٦

١ خوداوەند لەگەڵ موسادا دوا و فەرمووی: ٢ لەگەڵ نەوەی
ئیسرائیلدا بدوێ و پێیان بڵێ، ئەگەر پیاوێك یان ژنێك
سوێندێکی تایبەتی خوارد بەوەی نەزر بکات، خۆی بۆ
خوداوەند تەرخان بکات. ٣ لە مەی و شتی مەستکەر خۆی
دووردەخاتەوە و سرکەی مەی و سرکەی شتی مەستکەر
ناخواتەوە و خۆشاوی ترێ ناخواتەوە و ترێ و مێوژ
ناخوات. ٤ هەموو ڕۆژانی خۆتەرخانکردنەکەی هیچ شتێك لە
هەموو ئەوەی لە بەری مێو دروست دەکرێت ناخوات،
تەنانەت توو و توێکڵیش. ٥ هەموو ڕۆژانی نەزر و
خۆتەرخانکردنەکەی موس بەسەر سەریدا ناڕوات، تا
تەواوی ئەو ڕۆژانەی خۆی تەرخانکردووە بۆ خوداوەند، پاك
و پیرۆز دەبێت و پرچی بەردەداتەوە. ٦ هەموو ڕۆژانی
خۆتەرخانکردنەکەی بۆ خوداوەند لە مردوو نزیك
ناکەوێتەوە، ٧ بۆ باوك و دایك و برا و خوشکیشی خۆی گڵاو
ناکات لە کاتی مردنیان، چونکە خۆتەرخانکردنی بۆ خودای
خۆی بەسەرەوەیە. ٨ هەموو ڕۆژانی خۆتەرخانکردنەکەی بۆ
خوداوەند پاك و پیرۆز دەبێت، ٩ ئەگەر یەکێکیش کتوپڕ لە
لای مرد و سەرە تەرخانکراوەکەی گڵاوکرد، ئەوا لە ڕۆژی
پاکبوونەوەکەی سەری دەتاشێت، لە ڕۆژی حەوتەمدا
دەیتاشێت، ١٠ لە ڕۆژی هەشتەمیشدا دوو کوکوختی یان دوو
بێچوە کۆتر دەهێنێتە لای کاهین بۆ دەروازەی چادری ژوان،
١١ کاهینیش یەکێکیان دەکاتە قوربانی گوناه و ئەوەی تر
قوربانی سووتاندن و کەفارەتی بۆ دەکات لەو گوناهەیەی
بەهۆی ئەو مردووەوە کردوویەتی و لەو ڕۆژەدا سەری پاك
و پیرۆز دەکاتەوە، ١٢ جا کاتێ ڕۆژانی خۆتەرخانکردنەکەی
بۆ خوداوەند تەرخانکردەوە، ئەوا بەرخێکی یەك ساڵە وەك
قوربانی تاوان دەهێنێت، بەڵام ڕۆژانی یەکەمی بۆ هەژمار
ناکرێت، چونکە خۆتەرخانکردنەکەی گڵاوکردووە.
١٣ ئەمەش فێرکردنەکانە دەربارەی ئەوەی خۆی تەرخان
دەکات، ئەو ڕۆژەی ڕۆژانی خۆتەرخانکردنەکەی تەواو
دەبێت دەهێنرێتە لای دەروازەی چادری ژوان، ١٤ جا
قوربانییەکەی بۆ خوداوەند پێشکەش دەکات، بەرخێکی نێری
یەك ساڵەی ساغ بۆ قوربانی سووتاندن و بەرخێکی مێی یەك
ساڵەی ساغ بۆ قوربانی گوناه و بەرانێکی بێ کەموکوڕ بۆ
قوربانی ئاشتی و ١٥ سەبەتەیەك کولێرەی فەتیر بە ئاردی
سفر و زەیت شێلراو و نانی تیری بە زەیت چەورکراو لەگەڵ
قوربانی خۆراکیان و مەیی پێشکەشکراویان، ١٦ جا کاهین
لەبەردەم خوداوەند پێشکەشی دەکات و قوربانی گوناهەکەی و
قوربانی سووتاندنەکەی دەکات، ١٧ بەرانەکەش دەکاتە
قوربانی ئاشتی بۆ خوداوەند لەگەڵ سەبەتە نانە تیریەکە و
کاهینەکە قوربانی خۆراکیان و مەیی پێشکەشکراویان دەکات
و ١٨ لە لای دەروازەی چادری ژوان خۆتەرخانکەرەکە سەرە
تەرخانکراوەکەی دەتاشێت و مووی سەرە تەرخانکراوەکەی
دەبات و دەیکاتە سەر ئەو ئاگرەی لەژێر قوربانییەکەی
ئاشتییە و ١٩ کاهینەکە قۆڵی بەرانەکە بە کوڵاوی و
کولێرەیەکی فەتیر لە سەبەتەکە لەگەڵ نانێکی تیری دەبات و
دەیانخاتە ناو دەستی خۆتەرخانکەرەکە پاش ئەوەی مووی
خۆتەرخانکردنەکەی دەتاشێت. ٢٠ کاهینیش لەبەردەم
خوداوەند بەرزی دەکاتەوە، ئەو بەشە بۆ کاهین پیرۆزکراوە
لەگەڵ سینگی بەرزکراوە و ڕانەکەی پێتاکی بەرزکراوە،
ئینجا ئەوەی خۆی تەرخانکردووە مەی دەخواتەوە. ٢١ ئەمە
فێرکردنەکانە دەربارەی خۆتەرخانکەر کە نەزر دەکات،
قوربانییەکەی بۆ خوداوەندە لەسەر خۆتەرخانکردنەکەی و
بێجگە لەوەی لە دەستی دێتەدەر، بەگوێرەی ئەو نەزرەی کە
کردی، ئاوا دەکات بەگوێرەی فێرکردنەکانی
خۆتەرخانکردنەکەی. ٢٢ خوداوەند لەگەڵ موسادا دوا و
فەرمووی ٢٣ لەگەڵ هارون و کوڕەکانی بدوێ و بڵێ، بەم
شێوەیە نەوەی ئیسرائیل پیرۆز دەکەن، پێیان دەڵێن،
٢٤ خوداوەند پیرۆزت دەکات و دەتپارێزێت، ٢٥ خوداوەند
لەگەڵت ڕووخۆش دەبێت و میهرەبان دەبێت، ٢٦ خوداوەند
ئاوڕت لێدەداتەوە و ئاشتیت پێدەبەخشێت. ٢٧ جا ناوم دەخەنە
سەر نەوەی ئیسرائیل و منیش پیرۆزیان دەکەم.

# ٧

١ ئەو ڕۆژەی موسا لە دانانی نشینگەکە تەواوبوو و
دەستنیشانی کرد و پاك و پیرۆزی کرد لەگەڵ هەموو
قاپوقاچاغەکانی و لەگەڵ قوربانگاکە و هەموو
قاپوقاچاغەکانی و دەستنیشانی کرد و پاك و پیرۆزی کرد،
٢ سەرۆکەکانی ئیسرائیل ، سەرانی ماڵە باوانیان قوربانیان
پێشکەش کرد، ئەوان سەرۆکی هۆزەکانن کە لەسەر
تۆمارکراوەکان وەستان، ٣ قوربانییەکانیان هێنایە بەردەم
خوداوەند، شەش عەرەبانەی داپۆشراو و دوانزە گا، بۆ هەر
دوو سەرۆك عەرەبانەیەك و بۆ هەر یەکێکیان گایەك و بۆ
بەردەم نشینگەکەیان هێنا. ٤ جا خوداوەند لەگەڵ موسادا دوا و

[أ] ٥ : ٢١ واتا لە سكءزا دەكەویت.

فەرمووی: ٥ لێیان وەرگرە بۆ کاری خزمەتی چادری ژوان دەبن و بیدە بە لێڤییەکان، بۆ هەر یەکێك بەگوێرەی خزمەتەکەی. ٦ موساش عەرەبانەکان و گایەکانی وەرگرت و بە لێڤییەکانی دا. ٧ دووان لە عەرەبانەکان و چوار گای بە نەوەی گەرشون دا بەگوێرەی خزمەتیان و ٨ چوار لە عەرەبانەکان و هەشت گای بە نەوەی مەراری دا بەگوێرەی خزمەتیان بە دەستی ئیتامار کوڕی هارونی کاهین. ٩ بەڵام نەوەی قەهات هیچی نەدانێ، چونکە خزمەتی شتە پیرۆزەکان لە ئەستۆی ئەوان بوو لەسەر شانەکانیان هەڵیان دەگرت. ١٠ سەرۆکەکانیش بۆ کردنەوەی قوربانگاکە لە ڕۆژی دەستنیشانکردنیدا قوربانیان پێشکەش کرد و سەرۆکەکان لەبەردەم قوربانگاکە قوربانیەکانیان پێشکەش کرد. ١١ خوداوەندیش بە موسای فەرموو: سەرۆك دوای سەرۆك هەموو ڕۆژێك قوربانیەکانیان پێشکەش دەکەن بۆ کردنەوەی قوربانگاکە. ١٢ ئەوەی ڕۆژی یەکەم قوربانیەکەی پێشکەش کرد نەحشونی کوڕی عەمیناداب بوو لە هۆزی یەهوزا. ١٣ قوربانیەکەشی لەگەنێك بوو لە زیو کە کێشەکەی سەد و سی شاقل بوو، دەستشۆرێك لە زیو کێشەکەی حەفتا شاقل بە شاقلی پیرۆزگا بوو، هەردووکیان پڕبوون لە ئاردی سفری بە زەیت شێلراو بۆ قوربانی خۆراك و ١٤ قاپێکی زێڕ کێشەکەی دە شاقل و پڕ لە بخوور و ١٥ یەك گا و بەرانێك و بەرخێکی یەك ساڵە بۆ قوربانی سووتاندن و ١٦ گیسکێکی بێ کەموکوڕ بۆ قوربانی گوناه و ١٧ بۆ قوربانی ئاشتیش دوو گا و پێنج بەران و پێنج گیسك و پێنج بەرخی یەك ساڵە، ئەمە قوربانی نەحشونی کوڕی عەمینادابە. ١٨ لە ڕۆژی دووەمدا نەسنائیلی کوڕی چوعەر سەرۆکی یەسساکر قوربانی پێشکەشکرد، ١٩ قوربانیەکەی پێشکەشکرد کە لەگەنێك بوو لە زیو کە کێشەکەی سەد و سی شاقل بوو، دەست شۆرێك لە زیو کێشەکەی حەفتا شاقل بە شاقلی پیرۆزگا بوو، هەردووکیان پڕبوون لە ئاردی سفری بە زەیت شێلراو بۆ پێشکەشکردن و ٢٠ قاپێکی زێڕ کێشەکەی دە شاقل و پڕ لە بخوور و ٢١ یەك گا و بەرانێك و بەرخێکی یەك ساڵە بۆ قوربانی سووتاندن و ٢٢ گیسکێکی بێ کەموکوڕ بۆ قوربانی گوناه و ٢٣ بۆ قوربانی ئاشتیش دوو گا و پێنج بەران و پێنج گیسك و پێنج بەرخی یەك ساڵە، ئەمە قوربانی نەسنائیلی کوڕی چوعەرە. ٢٤ لە ڕۆژی سێیەمدا سەرۆکی نەوەی زەبولون ئەلیابی کوڕی حیلون. ٢٥ قوربانیەکەشی لەگەنێك بوو لە زیو کە کێشەکەی سەد و سی شاقل بوو، دەستشۆرێك لە زیو کێشەکەی حەفتا شاقل بە شاقلی پیرۆزگا بوو، هەردووکیان پڕبوون لە ئاردی سفری بە زەیت شێلراو بۆ پێشکەشکردن و ٢٦ قاپێکی زێڕ کێشەکەی دە شاقل و پڕ لە بخوور و ٢٧ یەك گا و بەرانێك و بەرخێکی یەك ساڵە بۆ قوربانی سووتاندن و ٢٨ گیسکێکی بێ کەموکوڕ بۆ قوربانی گوناه و ٢٩ بۆ قوربانی ئاشتیش دوو گا و پێنج بەران و پێنج گیسك و پێنج بەرخی یەك ساڵە، ئەمە قوربانی ئەلیابی کوڕی حیلونە. ٣٠ لە ڕۆژی چوارەمدا سەرۆکی نەوەی ڕەئوبین ئەلیچوری کوڕی شەدیئور. ٣١ قوربانیەکەشی لەگەنێك بوو لە زیو کە کێشەکەی سەد و سی شاقل بوو، دەستشۆرێك لە زیو کێشەکەی حەفتا شاقل بە شاقلی پیرۆزگا بوو، هەردووکیان پڕبوون لە ئاردی سفری بە زەیت شێلراو بۆ پێشکەشکردن و ٣٢ قاپێکی زێڕ کێشەکەی دە شاقل و پڕ لە بخوور و ٣٣ یەك گا و بەرانێك و بەرخێکی یەك ساڵە بۆ قوربانی سووتاندن و ٣٤ گیسکێکی بێ کەموکوڕ بۆ قوربانی گوناه و ٣٥ بۆ قوربانی ئاشتیش دوو گا و پێنج بەران و پێنج گیسك و پێنج بەرخی یەك ساڵە، ئەمە قوربانی ئەلیچوری کوڕی شەدیئۆرە. ٣٦ لە ڕۆژی پێنجەمدا سەرۆکی نەوەی شەمعون شەلومئیلی کوڕی سوریشدای، ٣٧ قوربانیەکەشی لەگەنێك بوو لە زیو کە کێشەکەی سەد و سی شاقل بوو، دەست شۆرێك لە زیو کێشەکەی حەفتا شاقل بە شاقلی پیرۆزگا بوو، هەردووکیان پڕبوون لە ئاردی سفری بە زەیت شێلراو بۆ پێشکەشکردن و ٣٨ قاپێکی زێڕ کێشەکەی دە شاقل و پڕ لە بخوور و ٣٩ یەك گا و بەرانێك و بەرخێکی یەك ساڵە بۆ قوربانی سووتاندن و ٤٠ گیسکێکی بێ کەموکوڕ بۆ قوربانی گوناه و ٤١ بۆ قوربانی ئاشتیش دوو گا و پێنج بەران و پێنج گیسك و پێنج بەرخی یەك ساڵە، ئەمە قوربانی سەلومئیلی کوڕی سوریشدایە. ٤٢ لە ڕۆژی شەشەمدا سەرۆکی نەوەی گاد ئەلیاسافی کوڕی دەعوئیل. ٤٣ قوربانیەکەشی لەگەنێك بوو لە زیو کە کێشەکەی سەد و سی شاقل بوو، دەستشۆرێك لە زیو کێشەکەی حەفتا شاقل بە شاقلی پیرۆزگا بوو، هەردووکیان پڕبوون لە ئاردی سفری بە زەیت شێلراو بۆ پێشکەشکردن و ٤٤ قاپێکی زێڕ کێشەکەی دە شاقل و پڕ لە بخوور و ٤٥ یەك گا و بەرانێك و بەرخێکی یەك ساڵە بۆ قوربانی سووتاندن و ٤٦ گیسکێکی بێ کەموکوڕ بۆ قوربانی گوناه و ٤٧ بۆ قوربانی ئاشتیش دوو گا و پێنج بەران و پێنج گیسك و پێنج بەرخی یەك ساڵە، ئەمە قوربانی ئەلیاساف کوڕی دەعوئیلە . ٤٨ لە ڕۆژی حەوتەمدا سەرۆکی نەوەی ئەفرایم ئەلیشەمعی کوڕی عەمیهود. ٤٩ قوربانیەکەشی لەگەنێك بوو لە زیو کە کێشەکەی سەد و سی شاقل بوو، دەستشۆرێك لە زیو کێشەکەی حەفتا شاقل بە شاقلی پیرۆزگا بوو، هەردووکیان پڕبوون لە ئاردی سفری بە زەیت شێلراو بۆ پێشکەشکردن و ٥٠ قاپێکی زێڕ کێشەکەی دە شاقل و پڕ لە بخوور و ٥١ یەك گا و بەرانێك و بەرخێکی یەك ساڵە بۆ قوربانی سووتاندن و ٥٢ گیسکێکی بێ کەموکوڕ بۆ قوربانی گوناه و ٥٣ بۆ قوربانی ئاشتیش دوو گا و پێنج بەران و پێنج گیسك و پێنج بەرخی یەك ساڵە، ئەمە قوربانی ئەلیشەمع کوڕی عەمیهودە. ٥٤ لە ڕۆژی هەشتەمدا سەرۆکی نەوەی مەنەسا گەملئیلی کوڕی فەدەهچور. ٥٥ قوربانیەکەشی لەگەنێك بوو لە زیو کە کێشەکەی سەد و سی شاقل بوو، دەستشۆرێك لە زیو کێشەکەی حەفتا شاقل بە شاقلی پیرۆزگا بوو، هەردووکیان پڕبوون لە ئاردی سفری بە زەیت شێلراو بۆ پێشکەشکردن و ٥٦ قاپێکی زێڕ کێشەکەی دە شاقل و پڕ لە بخوور و ٥٧ یەك گا و بەرانێك و بەرخێکی یەك ساڵە بۆ قوربانی سووتاندن و ٥٨ گیسکێکی بێ کەموکوڕ بۆ قوربانی گوناه و ٥٩ بۆ قوربانی ئاشتیش دوو گا و پێنج بەران و پێنج گیسك و پێنج بەرخی یەك ساڵە، ئەمە قوربانی گەملیئێلی کوڕی فەدەهچورە. ٦٠ لە ڕۆژی نۆیەمدا سەرۆکی نەوەی بنیامین ئەبیدەنی کوڕی گدعۆنی . ٦١ قوربانیەکەشی لەگەنێك بوو لە زیو کە کێشەکەی سەد و سی شاقل بوو، دەست شۆرێك لە زیو کێشەکەی حەفتا شاقل بە شاقلی پیرۆزگا بوو، هەردووکیان پڕبوون لە ئاردی سفری بە زەیت شێلراو بۆ پێشکەشکردن و ٦٢ قاپێکی زێڕ کێشەکەی دە شاقل و پڕ لە بخوور و ٦٣ یەك گا و بەرانێك و بەرخێکی یەك ساڵە بۆ قوربانی سووتاندن و ٦٤ گیسکێکی بێ کەموکوڕ بۆ قوربانی گوناه و ٦٥ بۆ قوربانی ئاشتیش دوو گا و پێنج بەران و پێنج گیسك و پێنج بەرخی یەك ساڵە، ئەمە قوربانی ئەبیدەنی کوڕی گدعۆنییە. ٦٦ لە ڕۆژی دەیەمدا سەرۆکی نەوەی دان ئەخیعەزەری کوڕی عەمیشدای. ٦٧ قوربانیەکەشی لەگەنێك بوو لە زیو کە کێشەکەی سەد و سی شاقل بوو، دەستشۆرێك لە زیو کێشەکەی حەفتا شاقل بە شاقلی پیرۆزگا بوو، هەردووکیان پڕبوون لە ئاردی سفری بە زەیت شێلراو بۆ پێشکەشکردن و ٦٨ قاپێکی زێڕ کێشەکەی دە شاقل و پڕ لە بخوور و ٦٩ یەك گا و بەرانێك و بەرخێکی یەك ساڵە بۆ قوربانی سووتاندن و ٧٠ گیسکێکی بێ کەموکوڕ بۆ قوربانی گوناه و ٧١ بۆ قوربانی ئاشتیش دوو گا و پێنج بەران و پێنج گیسك و پێنج بەرخی یەك ساڵە، ئەمە قوربانی ئەخیعەزەری

کوڕی عەمیشدایە. ٧٢ لە ڕۆژی یانزەهەمدا سەرۆکی نەوەی
ئەشێر فەجعیئێلی کوڕی عوکرەن. ٧٣ قوربانیەکەشی لەگەنێك
بوو لە زیو کە کێشەکەی سەد و سی شاقل بوو، دەستشۆرێك
لە زیو کێشەکەی حەفتا شاقل بە شاقلی پیرۆزگا بوو،
هەردووکیان پڕبوون لە ئاردی سفری بە زەیت شێلراو بۆ
پێشکەشکردن و ٧٤ قاپێکی زێڕ کێشەکەی دە شاقل و پڕ لە
بخوور و ٧٥ یەك گا و بەرانێك و بەرخێکی یەك ساڵە بۆ
قوربانی سووتاندن و ٧٦ گیسکێکی بێ کەموکوڕ بۆ قوربانی
گوناه و ٧٧ بۆ قوربانی ئاشتیش دوو گا و پێنج بەران و پێنج
گیسك و پێنج بەرخی یەك ساڵە، ئەمە قوربانی فەجعیئێلی
کوڕی عوکرەنە. ٧٨ لە ڕۆژی دوانزەهەمدا سەرۆکی نەوەی
نەفتالی ئەخیرەعی کوڕی عینەن. ٧٩ قوربانیەکەشی لەگەنێك
بوو لە زیو کە کێشەکەی سەد و سی شاقل بوو، دەستشۆرێك
لە زیو کێشەکەی حەفتا شاقل بە شاقلی پیرۆزگا بوو،
هەردووکیان پڕبوون لە ئاردی سفری بە زەیت شێلراو بۆ
پێشکەشکردن و ٨٠ قاپێکی زێڕ کێشەکەی دە شاقل و پڕ لە
بخوور و ٨١ یەك گا و بەرانێك و بەرخێکی یەك ساڵە بۆ
قوربانی سووتاندن و ٨٢ گیسکێکی بێ کەموکوڕ بۆ قوربانی
گوناه و ٨٣ بۆ قوربانی ئاشتیش دوو گا و پێنج بەران و پێنج
گیسك و پێنج بەرخی یەك ساڵە، ئەمە قوربانی ئەخیرەعی
کوڕی عینەنە. ٨٤ ئەمە کردنەوەی قوربانگاکەیە لە ڕۆژی
دەستنیشان کردنی لە لایەن سەرۆکەکانی ئیسرائیلەوە. دوانزە
لەگەنی زیو و دوانزە دەستشۆری زیو و دوانزە قاپی زێڕ،
٨٥ هەر لەگەنێك سەد و سی شاقل زیو و هەر دەستشۆرێك
حەفتا، هەموو زیوی قاپوقاچاغەکان دوو هەزار و چوار سەد
بوو بە شاقلی پیرۆزگا. ٨٦ قاپە زێڕەکانیش دوانزەی پڕ لە
بخوور، هەر قاپێك دە بە شاقلی پیرۆزگا، هەموو زێڕی
قاپەکان سەد و بیست شاقل بوو. ٨٧ هەموو گایەکانی قوربانی
سووتاندن دوانزە گا بوو، بەرانەکانیش دوانزە و بەرخە یەك
ساڵیەکانیش دوانزە لەگەڵ قوربانی خۆراکیان، گیسکەکانیش
دوانزە بوون بۆ قوربانی گوناه، ٨٨ هەموو گایەکانی قوربانی
ئاشتیش بیست و چوار گا بوو، بەرانەکانیش شەست و
گیسکەکانیش شەست و بەرخە یەك ساڵیەکانیش شەست. ئەمە
کردنەوەی قوربانگاکەیە دوای دەستنیشان کردنی. ٨٩ جا
کاتێك موسا چووە ناو چادری ژوانەوە تا قسەی لەگەڵ
بکات، گوێی لە دەنگەکە دەبوو لەگەڵی دەدوا لە شوێنی
بەزەییەکەوە کە لەسەر سندوقی شایەتی بوو، لە نێوان دوو
کروبەکەوە، جا لەگەڵی دوا.

# ٨

١ خوداوەند لەگەڵ موسادا دوا و فەرمووی: ٢ لەگەڵ هاروندا
بدوێ و پێی بڵێ، کاتێک چراکانت بەرزکردەوە، با ڕووناکی
حەوت چراکە بۆ پێش چرادانەکە بێت. ٣ جا هارون وای
کرد، بۆ لای پێشەوەی چرادانەکە چراکانی بەرزکردەوە وەك
خوداوەند فەرمانی بە موسا کرد. ٤ ئەمەش دروستکردنی
چرادانەکەیە، لە زێڕی کوتراو، هەتا قەدەکەی و خونچەکانی
کوتراون، وەکو ئەو دیمەنەیە کە خوداوەند بە موسای پیشاندا،
چرادانەکەی ئاوا دروستکرد. ٥ خوداوەند لەگەڵ موسادا دوا و
فەرمووی: ٦ لێڤییەکان لە نێو نەوەی ئیسرائیلدا ببە و پاکیان
بکەوە. ٧ ئاواش دەکەیت بۆ پاك کردنەوەیان، ئاوی
پاکردنەوەیان بەسەردا بپرژێنە و با موس بەسەر هەموو
لەشیاندا ببەن و جلەکانیان بشۆن و پاك دەبنەوە. ٨ ئینجا گایەك
لەگەڵ قوربانی خۆراکەکەی کە ئاردی سفری بە زەیت
شێلراوە دەبەن و گایەکی تریش بۆ قوربانی گوناه ببە، ٩ جا
لێڤییەکان دەبەیتە پێش چادری ژوان و هەموو کۆمەڵی
ئیسرائیل کۆدەکەیتەوە و ١٠ لێڤییەکان دەبەیتە بەردەم خوداوەند
و نەوەی ئیسرائیل دەستیان دەخەنە سەر لێڤییەکان و
١١ هارونیش لێڤییەکان لەبەردەم خوداوەند بەرزدەکاتەوە وەك
پێشکەشکراو لە لای نەوەی ئیسرائیلەوە تا خزمەتی خوداوەند
بکەن، ١٢ ئینجا لێڤییەکان دەستیان دەخەنە سەر دوو گاکە،
یەکێکیان وەك قوربانی گوناه پێشکەش دەکرێت و ئەوەی تر
قوربانی سووتاندن بۆ خوداوەند بۆ کەفارەتکردن بۆ
لێڤییەکان، ١٣ جا لێڤییەکان لەبەردەم هارون و کوڕەکانی
ڕادەگریت و بەرزیاندەکەیتەوە وەك پێشکەشکراو بۆ
خوداوەند. ١٤ لێڤییەکان لە نێو نەوەی ئیسرائیل جیادەکەیتەوە،
جا لێڤییەکان بۆ من دەبن. ١٥ دوای ئەوە لێڤییەکان دێن تا
خزمەتی چادری ژوان بکەن، جا پاکیان دەکەیتەوە و بەرزیان
دەکەیتەوە وەك پێشکەشکراو، ١٦ چونکە ئەوان لە نێو نەوەی
ئیسرائیلەوە بە تەواوی بە من دراون، لەجیاتی هەموو
نۆبەرەیەکی سك لە نەوەی ئیسرائیلدا من بۆ خۆمم داناون،
١٧ چونکە هەموو نۆبەرەیەکی خەڵك و ئاژەڵ لە نەوەی
ئیسرائیلدا بۆ منە، ئەو ڕۆژەی لە هەموو نۆبەرەیەکم دا لە
خاکی میسر، بۆ خۆمم تەرخانکردن، ١٨ جا لێڤییەکانم بۆ خۆم
دانا لەجیاتی هەموو نۆبەرەیەك لە نەوەی ئیسرائیلدا.
١٩ لێڤییەکانم بە تەواوی بە هارون و کوڕەکانی بە خشیوە
لەنێو نەوەی ئیسرائیلدا تا خزمەتەکەی نەوەی ئیسرائیل بکەن
لە چادری ژوان و بۆ کەفارەتکردن بۆ نەوەی ئیسرائیل ، تا
هیچ دەردێك نەبێت لە نێو نەوەی ئیسرائیلدا لەکاتی نزیك
کەوتنەوەی نەوەی ئیسرائیل لە پیرۆزگا. ٢٠ جا موسا و
هارون و هەموو کۆمەڵی نەوەی ئیسرائیل ئاوایان بۆ
لێڤییەکان کرد، بەگوێرەی هەموو ئەوەی خوداوەند فەرمانی
بە موسا کرد سەبارەت بە لێڤییەکان، نەوەی ئیسرائیل ئاوایان
بۆیان کرد. ٢١ جا لێڤییەکان پاك بوونەوە و جلەکانیان شوشت
و هارون لەبەردەم خوداوەند بەرزیکردنەوە وەك
پێشکەشکراو و هارون کەفارەتی بۆ کردن بۆ پاك
بوونەوەیان. ٢٢ دوای ئەوە لێڤییەکان هاتن تا لە چادری ژواندا
لەبەردەم هارون و لەبەردەم کوڕەکانی خزمەتەکەیان بکەن،
وەك چۆن خوداوەند فەرمانی بە موسا کرد سەبارەت بە
لێڤییەکان، ئاوایان بۆ کردن. ٢٣ خوداوەند لەگەڵ موسادا دوا و
فەرمووی: ٢٤ ئەمە بۆ لێڤییەکانە، لە کوڕی بیست و پێنج
ساڵە بەسەرەوە دێنە ناو خزمەتەوە بۆ خزمەتی چادری
ژوان. ٢٥ لە کوڕی پەنجا ساڵیشەوە لە خزمەتەکە دەگەڕێنەوە
و ئیتر خزمەت ناکەن. ٢٦ یارمەتی براکانیان دەدەن لە چادری
ژواندا لە پارێزگاریتی، بەڵام هیچ خزمەتێك ناکەن. ئاوا بۆ
لێڤییەکان دەکەیت لە پارێزگاریەکانیان.

# ٩

١ لە ساڵی دووەمی دەرچوونیان لە خاکی میسر لە مانگی
یەکەمدا لە چۆڵەوانی سینادا خوداوەند لەگەڵ موسادا دوا و
فەرمووی: ٢ با نەوەی ئیسرائیل جەژنی پەسەخ لە کاتی
خۆیدا بکەن. ٣ لە ڕۆژی چواردەی ئەم مانگەدا لە زەردەپەڕدا
لە کاتی خۆیدا دەیکەن، بەگوێرەی هەموو فەرز و
حوکمەکانی دەیکەن. ٤ موساش لەگەڵ نەوەی ئیسرائیلدا دوا تا
جەژنی پەسەخ بکەن، ٥ جا لە چواردەی مانگی یەکەمدا لە
زەردەپەڕدا لە چۆڵەوانی سینادا جەژنی پەسەخیان کرد،
بەگوێرەی هەموو ئەوەی خوداوەند فەرمانی بە موسا کرد،
نەوەی ئیسرائیل ئاوایان کرد. ٦ بەڵام هەندێ کەس بە هۆی
مردوویەکەوە گڵاو بووبوون و دروست نەبوو بۆیان لەو

ڕۆژەدا جەژنی پەسەخ بکەن ، جا لەو ڕۆژەدا هاتنە بەردەم موسا و هارون. ٧ ئەو خەڵکە پێیان وت: ئێمە بە هۆی مرۆڤێکی مردووەوە گڵاوین، بۆ وەلابنرێین و قوربانی بۆ خوداوەند پێشکەش نەکەین، لەکاتی خۆیدا و لە نێو نەوەی ئیسڕائیلدا. ٨ موساش پێی وتن: بوەستن با گوێم لێبێت خوداوەند سەبارەت بە ئێوە چی فەرمان دەکات. ٩ جا خوداوەند لەگەڵ موسادا دوا و فەرمووی: ١٠ لەگەڵ نەوەی ئیسڕائیلدا بدوێ و بڵێ، هەر مرۆڤێك لە ئێوە یا لە نەوەکانتان، گەر گڵاوبووبوو بە مردوویەك یان لە گەشتێکی دوور بوو، با جەژنی پەسەخ بۆ خوداوەند بکات. ١١ لە ڕۆژی چواردەی مانگی دووەمدا لە زەردەپەڕدا دەیکەن، بە نانی فەتیر و بە گیای تاڵەوە دەیخۆن. ١٢ هیچی بۆ بەیانی ناهێڵنەوە و هیچ ئێسقانێکی لێ ناشکێنرێت. بەگوێرەی هەموو فەرزەکانی جەژنی پەسەخ دەیکەن، ١٣ بەڵام گەر یەکێك پاك بوو و لە گەشت نەبوو و جەژنی پەسەخی نەکرد، ئەو گیانە لە گەلەکەی دەبڕێتەوە، چونکە لە کاتی خۆیدا قوربانی خوداوەندی پێشکەش نەکردووە، ئەو مرۆڤە ئۆباڵی گوناهەکەی خۆی هەڵدەگرێت. ١٤ ئەگەر غەریبێك لە لای ئێوەدا ئاوارە بوو، با ئەویش جەژنی پەسەخ بۆ خوداوەند بکات، بەگوێرەی فەرزی تێپەڕبوون و حوکمەکەی ئاوا دەکات، یەك فەرز دەبێت بۆتان، بۆ غەریب و بۆ هاوڵاتی خاکەکە. ١٥ لە ڕۆژی دامەزرانی نشینگەکە هەورێك نشینگەکەی چادری شایەتی داپۆشی، لە ئێوارەشدا لەسەر نشینگەکە وەك دیمەنی ئاگر هەبوو تا بەیانی. ١٦ هەمیشە ئاوا بوو، هەور دایدەپۆشی و دیمەنی ئاگرەکەش بە شەو. ١٧ هەر کاتێکیش هەورەکە هەڵبستایە لەسەر چادرەکە، ئەوا نەوەی ئیسڕائیل دوای ئەوە بەڕێدەکەوتن. لەو شوێنەی هەورەکە بنیشتایەوە ئەوا لەوێ نەوەی ئیسڕائیل هەواریان هەڵدەدا.
١٨ بە وشەی خوداوەند نەوەی ئیسڕائیل بەڕێدەکەوتن و بە وشەی خوداوەند هەواریان هەڵدەدا، هەموو ڕۆژانی نیشتنی هەورەکە بەسەر نشینگەکەدا ئەوان هەواریان هەڵدابوو.
١٩ ئەگەر هەورەکە ڕۆژانێکی زۆر لەسەر نشینگەکە درێژەی پێبدایە، ئەوا نەوەی ئیسڕائیل وشەی خوداوەندیان دەپاراست و بەڕێنەدەکەوتن. ٢٠ ئەگەر هەورەکە چەند ڕۆژێکی کەم لەسەر نشینگە بمابایە، ئەوا بەگوێرەی وشەی خوداوەند هەواریان هەڵدەدا و بەگوێرەی وشەی خوداوەند بەڕێدەکەوت. ٢١ ئەگەر هەورەکە لە ئێوارەوە تا بەیانی بووایە و لە بەیانیدا بەرز بوایەوە، ئەوا بەڕێدەکەوتن، یان ڕۆژێك و شەوێك و بەرز بوایەوە، ئەوا بەڕێدەکەوتن. ٢٢ یان دوو ڕۆژ یان مانگێك یان ساڵێك، هەر کاتێك هەورەکە لەسەر نشینگەکە درێژەی پێبدایە و بنیشتایەوە، ئەوا نەوەی ئیسڕائیل هەواریان و بەڕێنەدەکەوتن و کاتێ بەرز بوایەوە ئەوا بەڕێدەکەوتن. ٢٣ بە وشەی خوداوەند هەواریان هەڵدەدا و بە وشەی خوداوەند بەڕێدەکەوتن و وشەی خوداوەندیان دەپاراست، بەگوێرەی وشەی خوداوەند بە دەستی موسا.

# ١٠

١ خوداوەند لەگەڵ موسادا دوا و فەرمووی: ٢ دوو کەڕەنا لە زیو بۆ خۆت دروست بکە، کوتراو دروستیان دەکەیت، بۆ بانگکردنی کۆمەڵ و بۆ بەڕێکەوتنی ئۆردوگاکان. ٣ ئەگەر هەر دووکیان لێدران ئەوا هەموو کۆمەڵ بۆ لای دەروازەی چادری ژوان لات کۆدەبنەوە، ٤ ئەگەر یەکێکیان لێدرا ئەوا سەرۆکی سەرانی هەزارەکانی ئیسڕائیل لات کۆدەبنەوە.
٥ ئەگەر وەك نیشانەی ئاگادارکردنەوە لێتاندا ئەوا ئەو ئۆردوگایانەی لە لای ڕۆژهەڵات هەواریان هەڵداوە بەڕێدەکەون، ٦ ئەگەر دووبارە وەك نیشانەی ئاگادارکردنەوە لێتاندا ئەوا ئەو ئۆردوگایانەی لە لای باشوور هەواریان هەڵداوە بەڕێدەکەون، بۆ بەڕێکەوتنەکانیان وەك نیشانەی ئاگادارکردنەوە لێدەدەن. ٧ بەڵام کاتێک کۆمەڵ کۆدەکەنەوە ئەوا لێدەدەن و وەك نیشانەی ئاگادارکردنەوە ناکەن.
٨ کوڕانی هارونی کاهین کەڕەناکان لێدەدەن، جا بۆتان دەبێتە فەرزێکی هەتاهەتایی بۆ نەوەکانتان. ٩ ئەگەر لە خاکی خۆتان بۆ جەنگ چوونە سەر دوژمنێك کە زیانتان لێدەدات ، ئەوا کەڕەناکان وەك نیشانەی ئاگادارکردنەوە لێدەدەن و لەبەردەم خوداوەند خوداتان یاد دەکرێنەوە و لە دوژمنەکانتان ڕزگاردەبن. ١٠ هەروەها لە ڕۆژی خۆشیتان و لە جەژنەکانتان و سەرەمانگەکانتان کەڕەناکان لێدەدەن، لەسەر قوربانی سووتاندنەکانتان و قوربانییەکانی ئاشتیتان، جا دەبێتە یادگاریتان لەبەردەم خوداتان، من خوداوەند خوداتانم. ١١ لە ساڵی دووەمدا لە مانگی دوودا لە بیستی مانگدا هەورەکە لەسەر نشینگەی شایەتی بەرزبووەوە. ١٢ جا نەوەی ئیسڕائیل لە گەشتەکانیان لە چۆڵەوانی سیناوە بەڕێکەوتن و هەورەکە لە چۆڵەوانی فاران نیشتەوە. ١٣ دەستیان بە کۆچەکەیان کرد بەپێی وشەی خوداوەند بە هۆی موساوە. ١٤ جا ئاڵای ئۆردوگای نەوەی یەهوزا یەکەمجار بەڕێکەوت بە گوێرەی سوپاکانیان و نەحشونی کوڕی عەمیناداب سوپاسالاریان بوو.
١٥ سوپاسالاری هۆزی نەوەی یەسساکریش نەسنائیلی کوڕی چوعەر بوو، ١٦ سوپاسالاری هۆزی نەوەی زەبولونیش ئەلیابی کوڕی حیلون بوو. ١٧ ئینجا نشینگەکە داگیرا و نەوەی گەرشون و نەوەی مەراری نشینگەکەیان هەڵگرت و بەڕێکەوتن. ١٨ ئینجا ئاڵای ئۆردوگای ڕەئوبین بەڕێکەوت بەگوێرەی سوپاکانیان و ئەلیسوری کوڕی شەدیئور سوپاسالاریان بوو، ١٩ سوپاسالاری هۆزی نەوەی شەمعونیش شەلومیئیلی کوڕی سوریشدای بوو،
٢٠ سوپاسالاری هۆزی نەوەی گادیش ئەلیاسافی کوڕی دەعوئیل بوو. ٢١ ئینجا قەهاتییەکان شتە پیرۆزەکانیان هەڵگرت و بەڕێکەوتن، تا گەیشتن نشینگەکە دانرابوو.
٢٢ ئینجا ئاڵای نەوەی ئەفرایم بەڕێکەوت بەگوێرەی سوپاکانیان و ئەلیشەمعی کوڕی عەمیهود سوپاسالاریان بوو،
٢٣ سوپاسالاری هۆزی نەوەی مەنەساش جەمەلیئیلی کوڕی فەدەهسوور بوو، ٢٤ سوپاسالاری هۆزی نەوەی بنیامینیش ئەبیدەنی کوڕی گدعۆنی بوو. ٢٥ ئینجا ئاڵای ئۆردوگای نەوەی دان بەڕێکەوت و پاشڕەو پارێزی هەموو ئۆردوگاکان بوو بەگوێرەی سوپاکانیان و ئەخیعزەری کوڕی عەمیشدای سوپاسالاریان بوو، ٢٦ سوپاسالاری هۆزی نەوەی ئەشیریش فەجعیئیلی کوڕی عوکرەن بوو، ٢٧ سوپاسالاری هۆزی نەوەی نەفتالیش ئەخیرەعی کوڕی عینەن بوو. ٢٨ ئەمە گەشتەکانی نەوەی ئیسڕائیلە بە سوپاکانیانەوە کاتێک بەڕێکەوتن. ٢٩ موسا بە حوبابی کوڕی ڕەعوئیلی مدیانی ووت کە خەزووری بوو: ئێمە دەڕۆین بۆ ئەو شوێنەی خوداوەند فەرمووی پێتانی دەدەم، لەگەڵمان وەرە و بۆت باش دەبین، چونکە خوداوەند بەڵێنی داوە بۆ ئیسڕائیل چاك دەبێت.
٣٠ ئەویش پێی ووت: ناڕۆم بەڵکو بۆ لای خاکەکەم و هۆزەکەم دەڕۆم. ٣١ جا ئەویش ووتی: بەجێمان مەهێڵە، لەبەرئەوەی شارەزای لەکوێ هەوار هەڵدەین لە چۆڵەوانی و ببە بە چاو بۆمان و ٣٢ ئەگەر لەگەڵمان بڕۆی، ئەوا بەو چاکەیەی خوداوەند لەگەڵمانی دەکات، ئێمەش چاکەت لەگەڵدا دەکەین. ٣٣ جا لە چیای خوداوەندەوە بۆ سێ ڕۆژە ڕێ بەڕێکەوتن و سندوقی پەیمانی خوداوەندیش سێ ڕۆژە ڕێ پێشیان کەوتبوو، تا نشینگەیەکیان بۆ بدۆزێتەوە و ٣٤ هەوری خوداوەندیش بە ڕۆژ بەسەریانەوە بوو لە بەڕێکەوتنیان لە

ئۆردوگاوە. ٣٥ لە کاتی بەڕێکەوتنی سندوقەکەش موسا
دەیووت: هەستە خوداوەند با دوژمنانت پەرتبن و ناحەزانت
لەبەردەمت هەڵبێن، ٣٦ لە کاتی هەوارهەڵدانیش دەیووت:
بگەڕێوە خوداوەند بۆ لای دەیان هەزارانی ئیسرائیل.

## ١١

١ گەل بۆڵەبۆڵیان کرد، ئەمە لە گوێی خوداوەند خراپ بوو،
کاتێک خوداوەند گوێی لێبوو تووڕەیی جۆشا، جا ئاگری
خوداوەند تیایاندا گڕی گرت و قەراغی ئۆردوگاکەی
سووتاند، ٢ بۆیە گەل هاواریان بۆ موسا کرد و موساش
نوێژی بۆ خوداوەند کرد و ئاگرەکە کوژایەوە. ٣ ئەو شوێنەش
ناونرا تەبعیرە، چونکە ئاگری خوداوەند تیایاندا گڕی گرت.
٤ ئەو ئاژاوەچیانەی لە نێویان دەژیان نەوسیان هەستا، جا
نەوەی ئیسرائیلیش گەڕانەوە و گریان و وتیان: کا گۆشتمان
دەرخوارد دەدات. ٥ ئەو ماسیەی لە میسر بە خۆڕایی
دەمانخوارد بە بیرمان هاتەوە، لەگەڵ خەیار و شووتی و
سەوزە و پیاز و سیر. ٦ ئێستاش وا گیانمان وشك بوو، هیچ
شتێك نییە و هەر چاومان لەسەر ئەو مەنیە. ٧ مەنیش وەك
تۆوی مەعدەنووس وابوو دیمەنیش درەوشاوە بوو وەك
دیمەنی کەتیرەی دار. ٨ گەلیش دەسووڕانەوە تا هەڵیبگرنەوە،
ئینجا بە دەستاڕ دەیانهاڕی یا لە هاوەن دەیانکوتایەوە و لە
مەنجەڵ لێیاندەنا و دەیان کرد بە کولێرە و تامەکەشی وەك
تامی گاڵگاڵی بە زەیت بوو. ٩ هەر کاتێک بە شەو شەونم
بەسەر ئۆردوگاکەدا بهاتبایە خوارەوە، ئەوا مەنیش لەگەڵیدا
دەهاتە خوارەوە. ١٠ کاتێ موسا گوێی لە گەل بوو بە
خێڵەکانیانەوە هەریەکە لەبەر دەروازەی چادرەکەی خۆی
دەگرین و تووڕەیی خوداوەندیش زۆر جۆشا، ئەوە زۆر
خراپ بوو بە لای موساوە. ١١ جا موسا بە خوداوەندی ووت:
بۆچی لەگەڵ خزمەتکارەکەت خراپ بوویت و بۆچی لە لە
لات پەسەند نەبووم، تەنانەت باری هەموو ئەم گەلەت خستە
سەر من، ١٢ لەوە دەچێت من سکم بە هەموو ئەم گەلە کردبێت
یان لە منەوە لەدایك بووبن تا پێم بڵێی لە باوەشیانکە بۆ ئەو
خاکەی سوێندت بۆ باوکانیان خوارد هەڵیانبگرە هەروەك
دایەن مناڵی ساوا هەڵدەگرێت ، ١٣ گۆشتم لە کوێ بوو تا بە
هەموو ئەم گەلەی بدەم، چونکە بەسەرمەوە دەگرین دەڵێن
گۆشتمان بدەرێ بیخۆین. ١٤ من بە تەنیا ناتوانم هەموو ئەم
گەلە هەڵبگرم، چونکە بۆ من گرانە. ١٥ جا ئەگەر وام
پێدەکەیت، بمکوژە گەر لە لات پەسەندم، با تووشی بەڵای
خۆم نەبم. ١٦ خوداوەندیش بە موسای فەرموو: لە پیرانی
ئیسرائیل حەفتا پیاوم بۆ کۆبکەوە، ئەوانەی دەزانی کە ڕیش
سپی و بەڕێوەبەرانی گەلن و بیانهێنە لای چادری ژوان و با
لەوێ لەگەڵتدا ڕاوەستن. ١٧ جا من دێمە خوارەوە و لەوێ
لەگەڵتدا دەدوێم و لەو ڕۆحەی بەسەرتەوەیە دەبەم و دەیخەمە
سەریان، جا لەگەڵتدا بارگرانی گەلەکە هەڵدەگرن ئیتر تۆ بە
تەنیا هەڵیناگری. ١٨ بە گەلیش دەڵێی بۆ بەیانی خۆتان پاك و
پیرۆز بکەن جا گۆشت دەخۆن، چونکە ئێوە لە گوێی
خوداوەنددا گریان و وتتان کێ گۆشتمان دەرخوارد دەدات، لە
میسر حاڵمان خۆش بوو، جا خوداوەند گۆشتتان دەداتێ و
دەیخۆن. ١٩ نە ڕۆژێك و نە دوو ڕۆژ و نە پێنج ڕۆژ و نە دە
ڕۆژ و نە بیست ڕۆژ دەیخۆن، ٢٠ بەڵکو ماوەی مانگێك تا لە
لووتتان دێتە دەرەوە و ڕقتان لێی دەبێتەوە، چونکە ئەو
خوداوەندەتان ڕەت کردەوە کە لە نێوانتانە و لەبەردەمیدا
گریان و وتتان بۆ لە میسر دەرچووین. ٢١ جا موسا وتی:
شەش سەد هەزار پیادەیە ئەو گەلەی من لەنێویاندام، تۆش
فەرمووت، گۆشتیان دەدەمێ ماوەی مانگێك لێی بخۆن،
٢٢ ئایا مەڕ و مانگایان بۆ سەردەبڕدرا تا بەشیان بکات، یان
هەموو ماسی دەریایان بۆ کۆ دەکرێتەوە تا بەشیان بکات.
٢٣ خوداوەندیش بە موسای فەرموو: ئایا دەستی خوداوەند
دەست کورتە، ئێستا دەبینی ئاخۆ قسەکانم دێتە دی یا نا.
٢٤ موساش دەرچوو و بە فەرموودەی خوداوەند لەگەڵ گەلدا
دوا و حەفتا پیاوی لە پیرانی گەل کۆکردەوە و لە دەوروبەری
چادرەکە ڕایگرتن. ٢٥ خوداوەندیش لە هەوردا هاتە خوارەوە
و لەگەڵیدا دوا و لەو ڕۆحەی لەسەری بوو بردی و خستیە
سەر حەفتا پیاوە پیرەکە. کاتێ ڕۆحەکە هاتە سەریان ئیتر بە
وشەی خودا دوان، بەڵام یەکجار و زیاتر نا، ٢٦ دوو پیاویش
لە ئۆردوگاکە مانەوە ناوی یەکێکیان ئەلداد و ناوی ئەوەی تر
میداد بوو و ڕۆح لەسەریان نیشتەوە، ئەوانیش لە
ناونووسراوەکان بوون، بەڵام بۆ لای چادرەکە
دەرنەچووبوون، جا لە ئۆردوگاکە بە وشەی خودا دوان،
٢٧ لاوێکیش ڕایکرد و هەواڵی دایە موسا و وتی: ئەلداد و
میداد لە ئۆردوگاکە بە وشەی خودا دەدوێن. ٢٨ یەشوعی
کوڕی نونیش کە لە گەنجێتیەوە خزمەتکاری موسا بوو
وەڵامی دایەوە و وتی: گەورەم موسا ڕێیان لێبگرە.
٢٩ موساش پێی وت: تۆ دڵگەرم دەبیت بۆم، خۆزگە هەموو
گەلی خوداوەند بە وشەی خودا دەدوان، کە خوداوەند ڕۆحی
خۆی دەخستە سەریان. ٣٠ ئینجا موسا و پیرانی ئیسرائیل
گەڕانەوە بۆ ئۆردوگاکە، ٣١ بایەکیش لەلایەن خوداوەندەوە
هەڵیکرد و سوێسکەی لە دەریاوە هێنا بۆ ئۆردوگاکە، بۆ
ماوەی ڕۆژە ڕێیەك لەم لا و ڕۆژە ڕێیەك لەو لا لە
چواردەوری ئۆردوگاکە و بە بەرزی دوو باڵ لەسەر ڕووی
زەویەوە، ٣٢ گەلیش هەستان و بە درێژایی ئەو ڕۆژە و بە
درێژایی شەو و ڕۆژی دواتریش سوێسکەیان کۆکردەوە،
کەمترینیان دە حۆمەری کۆکردەوە و بۆ خۆیان بە
چواردەوری ئۆردوگاکە ڕایانخست، ٣٣ لەوکاتەشدا کە هێشتا
گۆشت لە ژێر ددانەکانیان بوو پێش ئەوەی بچڕێت،
تووڕەیی خوداوەند بەسەر گەل جۆشا و خوداوەند لێدانێکی
مەزنی لە گەل دا، ٣٤ جا ئەو شوێنە ناونرا قەبرۆت هەتاوە،
چونکە لەوێ ئەو خەڵکانەیان ناشت کە نەوسیان هەستا، ٣٥ لە
قەبرۆت هەتاوەشەوە گەل بۆ حەزیرۆت بەڕێکەوتن، جا لە
حەزیرۆت هەواریان هەڵدا.

## ١٢

١ مریەم و هاڕون دژ بە موسا قسەیان کرد لەبەر ئەو ژنە
کوشییەی کە خواستی، چونکە ژنێکی کوشی خواستبوو. ٢ جا
وتیان: ئایا خوداوەند تەنها لەگەڵ موسادا دوا، باشە لەگەڵ
ئێمەش قسەی نەکرد. خوداوەندیش گوێی لێبوو. ٣ موساش لە
هەموو خەڵکی سەر ڕووی زەوی نەرمونیان تر بوو. ٤ جا
خوداوەند یەکسەر بە موسا و هاڕون و مریەمی فەرموو: ئەو
سێیەتان بۆ لای چادری ژوان دەرچن. جا هەرسێکیان
دەرچوون. ٥ خوداوەندیش لە ستوونی هەوردا دابەزی و لە
دەروازەی چادرەکە وەستا و بانگی هاڕون و مریەمی کرد و
هەر دووکیان دەرچوون. ٦ جا فەرمووی: باش گوێ لە قسەم
بگرن، گەر یەکێکتان پێغەمبەری خوداوەند بێت، ئەوا بە
بینین خۆمی بۆ دەردەخەم و لە خەوندا لەگەڵی دەدوێم. ٧ بەڵام
موسای خزمەتکارم ئاوا نییە، بەڵکو دڵسۆزە لە هەموو
ماڵەکەم، ٨ ڕوو بە ڕوو لەگەڵی دەدوێم، بە ڕوونی نەك بە
مەتەڵ و شێوەی خوداوەند دەبینێت. ئیتر بۆچی ناترسن کە دژ
بە موسای خزمەتکارم دەدوێن. ٩ جا تووڕەیی خوداوەند لێیان
جۆشا و ڕۆیشت. ١٠ کاتێ هەورەکە لەسەر چادرەکە

بەرزبووەوە مریەم وەك بەفر گەروگول بووبوو، جا هارون
ئاوڕی لە مریەم دایەوە و بینی گەروگول بووە. ١١ هارون بە
موسای ووت: گەورەم داوات لــێ دەكەم ئەو گوناهەمــان
نەخەیتە سـەر كە گێلایەتیمـان كـرد و گوناهمـان پێیكـرد،
١٢ تكایە با وەك ئەو مردووە نەبێت كە لە كاتی دەرچوونی لە
سكی دایكیەوە نیوەی گۆشتەكەی خوراوەتەوە. ١٣ موساش
هاواری بۆ خوداوەند كرد و وتی: تكایە خودایە چاكی بكەوە،
تكایە. ١٤ خوداوەندیش بە موسای فەرموو: ئەگەر باوكی تفی
لە ڕووی بكردایە، ئایا حەوت ڕۆژ شەرمەزار نەدەبوو؟ با
حەوت ڕۆژ لە دەرەوەی ئۆردوگاكە دەستبەسەر بێت و ئینجا
بێتەوە. ١٥ جا مریەم حەوت ڕۆژ لە دەرەوەی ئۆردوگاكە
دەستبەسەر بوو و گەلیش بەڕێنەكەوتن تا مریەم نەهاتەوە.
١٦ دوای ئەمە گەل لە حەزیرۆتەوە بەڕێكەوتن و لە چۆڵەوانی
فاران هەواریان هەڵدا.

# ١٣

١ ئینجا خوداوەند لەگەڵ موسادا دوا و فەرمووی: ٢ چەند
پیاوێك بنێرە بۆ سیخوڕیی خاكی كەنعان كە من بە نەوەی
ئیسرائیلم داوە، لەهەر هۆزێك لە باوانیان پیاوێك دەنێرن ،
هەر یەكێكیان سەركردە بێت لەناویاندا. ٣ موساش لە
چۆڵەوانی فارانەوە بەپێی وشەی خوداوەند ناردنی،
هەموویان سەرۆك بوون لە نەوەی ئیسرائیلدا، ٤ ئەمەش
ناوەكانیانە: لە هۆزی ڕەئوبین شەموعی كوڕی زەكور، ٥ لە
هۆزی شەمعون شافاتی كوڕی حوری، ٦ لە هۆزی یەهوزا
كالیبی كوڕی یەفونە، ٧ لە هۆزی یەسساكر یجالی كوڕی
یوسف، ٨ لە هۆزی ئەفرایم یەشوعی كوڕی نون، ٩ لە هۆزی
بنیامین فەلتیی كوڕی ڕافو، ١٠ لە هۆزی زەبولون جەدیئیلی
كوڕی سودی، ١١ لە هۆزی یوسف لە هۆزی مەنەسا جیدیی
كوڕی سوسی، ١٢ لە هۆزی دان عەمیئیلی كوڕی جەمەلی،
١٣ لە هۆزی ئەشیر ستوری كوڕی میخائیل، ١٤ لە هۆزی
نەفتالی نەحبیی كوڕی وەفسی، ١٥ لە هۆزی گاد جائوئیلی
كوڕی ماكی. ١٦ ئەمە ناوی ئەو پیاوانە بوو كە موسا ناردنی
بۆ سیخوڕیی خاكەكە، موساش هوشەعی كوڕی نونی بە
یەشوع ناونا. ١٧ جا موسا بۆ سیخوڕیی خاكی كەنعان ناردنی
و پێی وتن: لێرەوە بۆ باشوور بڕۆن و سەر چیاكە بكەون و
١٨ بڕوانن خاكەكە چییە و ئەو گەلەش تیایدا دەژیت بە هێزە
یان لاوازە، كەمن یان زۆرن، ١٩ ئەو خاكەی تیایدا نیشتەجێن
چۆنە، باشە یان خراپە و ئەو شارانە چین كە ئەو تیایدا
نیشتەجێن خێوەتگان یان قەڵابەندن، ٢٠ هەروەها ئەو خاكە
چۆنە بە پیتە یان لاوازە، داری لێیە یان نا، چاونەترس بن و
هەندێك لە بەرووبوومی خاكەكە بهێنن. ئەو ڕۆژانەش
ڕۆژانی یەكەم بەری ترێ بوو. ٢١ ئەوانیش سەركەوتن و
سیخوڕیی خاكەكەیان كرد لە چۆڵەوانی چینەوە تا ڕەحوب لە
نزیك دەروازەی حەمات. ٢٢ بەرەو باشوور سەركەوتن و
هاتنە حەبرون. لەوێش ئەخیمان و شیشای و تەلمای نەوەی
عەناقی لێبوو، حەبرونیش پێش سوعەنی میسر بە حەوت
ساڵ بنیاد نرا. ٢٣ ئیتر هاتنە دۆڵی ئەشكۆل و لەوێ لقێكیان بە
هێشوەكەیەوە لێكردەوە و بە دارێك هەڵیان گرت لە نێوان
دووانیان و لەگەڵ هەندێك هەنار و هەنجیر. ٢٤ جا ئەو شوێنە
ناونرا دۆڵی ئەشكول بە هۆی ئەو هێشوەی نەوەی ئیسرائیل
لەوێ لێیان كردەوە. ٢٥ ئینجا دوای چل ڕۆژ لە سیخوڕی
خاكەكە هاتنەوە. ٢٦ جا ڕۆیشتن بۆ چۆڵەوانی فاران بۆ قادش
تا هاتنەوە لای موسا و هارون و هەموو كۆمەڵی نەوەی
ئیسرائیل و هەواڵیان بۆ ئەوان و بۆ هەموو كۆمەڵ هێنایەوە و
بەرووبوومی خاكەكەیان پێشاندان. ٢٧ هەواڵیان دایێ و وتیان:
بۆ ئەو خاكە چووین كە تۆ ئێمەت بۆی نارد و بە ڕاستی شیر
و هەنگوینی لێدەڕژێتەوە و ئەمەش بەرەكەیەتی. ٢٨ بەڵام ئەو
گەلەی لە خاكەكەدا نیشتەجێیە بە هێزن و شارەكان قەڵابەند و
زۆر مەزنن، هەروەها نەوەی عەناقیشمان لەوێ بینی.
٢٩ عمالیقییەكان لە خاكی باشووردا نیشتەجێن و حسییەكان و
یەبوسییەكان و ئەمورییەكان لە چیا نیشتەجێن و
كەنعانییەكانیش لە لای دەریا و لەسەر كەناری ئوردن
نیشتەجێن. ٣٠ بەڵام كالیب گەلی بێ دەنگ كرد بۆ موسا و
وتی: سەردەكەوین و داگیری دەكەین، چونكە توانامان
بەسەریدا هەیە. ٣١ بەڵام ئەو پیاوانەی لەگەڵیدا چووبوون
وتیان: ناتوانین بچینە سەر ئەو گەلە چونكە لە ئێمە بە
هێزترن. ٣٢ جا ڕاپۆرتێكی خراپیان لە نێو نەوەی ئیسرائیلدا
بڵاوكردەوە سەبارەت بەو خاكەی سیخوڕیان تیادا كردبوو و
وتیان: ئەو خاكەی پێیدا چووین تا سیخوڕیی بكەین، خاكێكە
دانیشتوانەكەی دەخوات و هەموو ئەو گەلەی تیایدا بینیمان
باڵا بەرز بوون. ٣٣ هەروەها لەوێ دێوئاساكانمان بینی،
نەوەی عەناق كە لە دێوئاساكانن، لە چاوی خۆماندا وەك
كوللە وابووین، بە هەمان شێوەش لەچاو ئەوان.

# ١٤

١ جا كۆمەڵ هەموو دەنگیان بەرزكردەوە و هاواریان كرد و
ئەو شەوە گەل گریا و ٢ هەموو نەوەی ئیسرائیل دەستیان
كردە بۆڵەبۆڵ بەسەر موسا و هارون و هەموو كۆمەڵ پێیان
وتن: خۆزگە لە میسردا بمردینایە نەك لەم چۆڵەوانیە
بمردینایە. ٣ بۆچی خوداوەند ئێمەی هێنایە ئەم خاكە تا بە
شمشێر بكەوین و ژن و منداڵمان ببنە دەسكەوت، ئایا باشتر
نییە بگەڕێینەوە میسر. ٤ جا هەندێكیان بە یەكتریان وت،
سەرۆكێك بۆ خۆمان دادەنێین و دەگەڕێینەوە میسر. ٥ ئینجا
موسا و هارون لەبەردەم هەموو كۆمەڵی نەوەی ئیسرائیلدا
بەسەر ڕوویاندا كەوتن و ٦ یەشوعی كوڕی نون و كالیبی
كوڕی یەفونەش لەوانە بوون كە سیخوڕیی خاكەكەیان
كردبوو، جلەكانی خۆیان دڕاند و ٧ لەگەڵ هەموو كۆمەڵی
نەوەی ئیسرائیلدا دوان و وتیان: ئەو خاكەی پێیدا چووین تا
سیخوڕیی بكەین خاكێكی زۆر زۆر باشە، ٨ ئەگەر خوداوەند
پێمان دڵشاد بێت ئەوا دەمانباتە ناو ئەو خاكە و پێمانی دەدات،
خاكێك كە شیر و هەنگوینی لێدەڕژێتەوە. ٩ بەڵام لە خوداوەند
یاخی مەبن و لە گەلی ئەو خاكە مەترسن، چونكە خواردنی
ئێمەن، ئەوەتا سێبەریان نەماوە و خوداوەند لەگەڵمانە، لێیان
مەترسن. ١٠ بەڵام هەموو كۆمەڵ وتیان، با ئەو دووانە
بەردباران بكرێن، ئینجا شكۆمەندی خوداوەند لە چادری
ژواندا بۆ هەموو نەوەی ئیسرائیل دەركەوت. ١١ خوداوەندیش
بە موسای فەرموو: تا كەی ئەم گەلە سووكایەتیم پێدەكات و
تا كەی باوەڕم پێناكەن بە هەموو ئەو نیشانانەی لەنێوانیاندا
كردم. ١٢ من بە دەرد لێیاندەدەم و لەناویاندەبەم و دەتكەم بە
گەلێكی گەورەتر و مەزنتر لەوان. ١٣ موساش بە خوداوەندی
وت: جا میسرییەكان كە تۆ بە دەسەڵاتی خۆت ئەم گەلەت لە
نێویان دەرهێنا گوێیان لێدەبێت و ١٤ بە دانیشتوانی ئەم خاكە
دەڵێن، ئەوانەی گوێیان لێ بووە تۆ لە نێو ئەم گەلەدای،
ئەوانەی تۆ ئەی خوداوەند ڕوو بە ڕوو بۆیان دەركەوتی و
هەورەكەت لەسەریان وەستاوە و تۆش بە ستوونی هەور بە
ڕۆژ و بە ستوونی ئاگر بە شەو پێشیان دەكەویت. ١٥ ئەگەر
ئەم گەلە بكوژیت ئەوا میللەتان ئەوانەی كە گوێیان لە
هەواڵت بووە، وەك یەك پیاو دەدوێن و دەڵێن، ١٦ چونكە

خوداوەنـد نەیتـوانی بیانبـاتە ئەو خـاکەی کە سـوێندی بۆیـان
خواردبوو، ئیتر لە چۆڵەوانی کوشتنی. ١٧ ئێستاش با توانـای
خوداوەنـدم مەزن بێـت هەر وەك فەرمـووت، ١٨ خوداوەنـد
درەنـگ تـوڕە دەبێـت و پەیمـانی خۆشەویسـتی گەورەیە، لە
تاوان و یاخیبوون خۆشدەبێت، بەڵام چاو لەگونـاه ناپۆشێت و
تاوانی باوکـان لە کوڕان بەسـەر دەکـاتەوە تـا نەوەی سێیەم و
چوارەم. ١٩ تکایە لە تاوانی ئەم گەلە خۆشبە ئەوەندەی مەزنـی
پەیمانی خۆشەویستیەکەت، وەك چۆن لەم گەلە خۆشبووی لە
میسرەوە تا ئێرە. ٢٠ خوداوەندیش فەرمووی: لەسەر قسەکەت
لێیـان خـۆش بـووم، ٢١ بەڵام بە گیـانی خـۆم، شـکۆمەندی
خوداوەنـدیش هەمـوو زەوی پـڕ دەکـاتەوە. ٢٢ هەمـوو ئەو
پیـاوانەی شـکۆمەندی مـن و ئەو نیشـانانەی لە میسـر و لە
چۆڵەوانی کـردم بینیـان و تـا ئێستا دە جـار تاقیـانکردمەوە و
گوێیان لە قسەکانم نەگرت، ٢٣ ئەو خاکە نـابینن کە سوێندم بۆ
باوکانیان خوارد، هەروەها هەموو ئەوانەی سووکایەتیان پـێ
کـردووم نـابینن، ٢٤ بەڵام کـالیبی خزمەتکـارم لەبەر ئەوەی
ڕۆحێکـی تـری لەگەڵـدابوو و بە تەواوی دوامـکەوت، ئەوا
دەیبەمە نـاو ئەو خـاکەی بـۆی چـوو و دەبێـت بە میـرات بـۆ
نەوەکەی، ٢٥ کە عەمـــــالیق و کەنعانییەکـــــان لە دۆڵەکە
نیشـتەجێن، بەڵام ئێـوە بەیـانی بـڕۆن بەڕێـبکەون بەرەو
چۆڵەوانی لە ڕێگای دەریـای سـوفەوە. ٢٦ هەروەها خوداوەند
لەگەڵ موسـا و هاڕونـدا دوا و فەرمـووی: ٢٧ تـاکەی ئەم
کۆمەڵە بەدکـارە بۆڵەبۆڵکەرە لە دژم دەوەسـتن، مـن گـوێم لە
بۆڵەبۆڵی نەوەی ئیسرائیل بوو کە لەسەرمن دەیکەن. ٢٨ پێیـان
بڵـێ، خوداوەنـد دەفەرمـووێ، بە گیـانی خـۆم، وەك ئەوەی لە
گـوێی مـن وتتـان، ئاواتـان لێـدەکەم. ٢٩ لەم چـۆڵەوانییە
لاشـەکانتان دەکەوێـت، هەمـوو تۆمارکراوەکانتـان بەگـوێرەی
ژمارەتان لە کوڕی بیست ساڵە بەسەرەوە ئەوانەی بۆڵەبۆڵیان
بەسـەرمدا کـرد، ٣٠ نـاچنە نـاو ئەو خـاکەی کە بەڵێنمـدا تیایـدا
نیشـتەجێتان بـکەم، تەنهـا کـالیبی کـوڕی یەفـونە و یەشـوعی
کـوڕی نـون نەبێـت، ٣١ بەڵام منـداڵەکانتان کە وتتـان دەبـنە
دەسـکەوت، ئەوا مـن دەیـانبەمە نـاوی و شـارەزای ئەو خـاکە
دەبـن کە ئێـوە ڕەتتـانکردەوە. ٣٢ جـا لاشـەکانی ئێـوە لەم
چـۆڵەوانییە دەکەوێـت. ٣٣ ڕۆڵەکانیشـتان لە چـۆڵەوانی بـۆ
ماوەی چل ساڵ دەبنە شوان و داوێن پیسیەکەتان هەڵدەگرن تا
لاشـەکانتان لە چۆڵەوانی لەناودەچێت. ٣٤ وەك ژمـارەی ئەو
ڕۆژانەی سیخوڕیی خاکەکەتـان کـرد کە چل ڕۆژ بـوو، بـۆ
هەر ڕۆژێـك سـاڵێك، تاوانەکانتـان چل سـاڵ هەڵـدەگرن، جـا
دوورکەوتنەوەم دەزانـن. ٣٥ مـن خوداوەنـدم و فەرمـانم کـرد،
دەبێت وا لە هەموو ئەم کۆمەڵە بەدکارە ڕێککەوتووەی دژ بە
من بـکەم، لەم چۆڵەوانییە لەنـاودەچن و دەمـرن. ٣٦ بەڵام ئەو
پیـاوانەی موسـا نـاردنی بـۆ سیخوڕیی خـاکەکە و هـاتنەوە و
هەمـوو کۆمەڵیـان لێهانـدا بەوەی ڕاپـۆرتی خراپیـان لەسـەر
خـاکەکە بڵاوکـردەوە، ٣٧ ئەو پیـاوانە لەبەردەم خوداوەنـد بە
دەرد مـردن، لەبەر بڵاوکـردنەوەی ڕاپـۆرتی خـراپ لەسـەر
خـاکەکە، ٣٨ بەڵام یەشـوعی کـوڕی نـون و کـالیبی کـوڕی
یەفونە لەو پیاوانە بوون کە بۆ سیخوڕیی خاکە چووبوون و
ژیـان. ٣٩ کـاتێ موسـا باسـی ئەم قسـانەی بـۆ هەمـوو نەوەی
ئیسـرائیل کـرد، گەل دەستیانکرد بە شیوەن گێـڕان. ٤٠ ئینجـا
بەیـانی زوو هەڵسـان و چـوونە سـەر چیـاکە و وتیـان: ئـێمە
ئەوەتـاین، دەچیـنە ئەو شـوێنەی خوداوەنـد باسـیکرد و ئـێمە
گوناهمـان کـرد. ٤١ موسـاش وتـی: بـۆچی لە فەرمـوودەی
خوداوەنـد دەردەچـن، ئەمە سـەرناگرێت، ٤٢ مەڕۆن، چـونکە
خوداوەند لە نێوتانـدا نییە نەوەك لەبەردەم دوژمنتـان ببەزن،
٤٣ چونکە عەمالیقەکان و کەنعانییەکان لەوێن، لەپێشتانن و بە
شمشێر دەکەون، ئێوە لە خوداوەنـد هەڵـگەڕانەوە و خوداوەنـد
لەگەڵتاندا نابێت. ٤٤ بەڵام ئەوان خۆیان هەڵکێشا و بۆ سـەری
چیـاکە سـەرکەوتن، سـندوقی پەیمـان و موسـاش لە ناوەنـدی
ئۆردوگـاکە دەرنەچـوون. ٤٥ جـا عمالیقەکـان و کەنعانیەکـانی
نیشتەجێی ئەو چیایە هاتنەخوارەوە و لێیاندان و شکاندنیانن تـا
حورمە.

# ١٥

١ خوداوەنـد لەگەڵ موسـادا دوا و فەرمـووی: ٢ لەگەڵ نەوەی
ئیسرائیلدا بدوێ و پێیان بڵێ، کاتێ هاتنە نـاو خـاکی نیشتەجێ
بوونتـان کە مـن پێتـانی دەدەم و ٣ قوربـانی بە ئاگرتـان بـۆ
خوداوەند کرد لە مانگا یان لە مەڕ، جا قوربـانی سووتاندن
یان قوربانی سەربڕاوی بەجێهێنانی نەزر یان بەخشین یان لە
جەژنەکانتان بۆ کردنی ئەو بۆنەی کە خوداوەند پێی خۆشـە.
٤ ئەوەی قوربـانییەکەی بـۆ خوداوەنـد پێشکەشکرد، قوربـانی
خۆراکیش لە ئاردی سفر دەیەکی ئێفەیەك شێلراو بە چارەکە
هینێـك لە زەیـت پێشـکەش دەکـات و ٥ شـەرابیش بـۆ مەیـی
پێشکەشکراو چارەکە هینێك، لەسـەر قوربـانی سووتاندنەکە
یان قوربانییە سەربڕاوەکە بۆ یەك بەرخ دەکرێت، ٦ بەڵام بۆ
بەران قوربانی خۆراك لە ئاردی سفر دوو دەیەکی ئێفەیەك
شێلراو بە سێیەکی هەینێك لە زەیت دەکەیت و ٧ شەڕابیش بۆ
مەیـی پێشکەشـکراو سـێیەکی هەینێـك، وەك ئەو بـۆنەی
خوداوەنـــد پێـــی خۆشـــە پێشـــکەش دەکرێـــت. ٨ ئەگەر
گوێرەکەیەکـت کـردە قوربـانی سـووتاندن یـان قوربـانی
سـەربڕاوی بەجێهێنـانی نەزر یـان قوربـانی ئاشـتی بـۆ
خوداوەنـد، ٩ ئەوا لەگەڵ گـوێرەکەکە قوربـانی خـۆراك سـێ
دەیەکی ئێفەیەك ئاردی سفری شێلراو بە نیو هین زەیت وەك
قوربانی بە ئاگر، ئەو بۆنەی خوداوەند پێی خۆشە پێشکەش
دەکەیـت و ١٠ شـەرابیش بـۆ مەیـی پێشکەشـکراو نیـو هـین
پێشکەش دەکەیت، قوربانی سووتاندنە، ئەو بۆنەی خوداوەند
پێـی خۆشـە. ١١ ئـاوا بـۆ گـایەك یـان بەرانێك یـان بەرخ یـان
کـارەبزن دەکرێـت، ١٢ ئـاوا دەکەن بەگـوێرەی ژمارەیـان، بـۆ
هەر یەکێـك بەگـوێرەی ژمارەیـان، ١٣ هەر هـاوولاتییەك بـۆ
پێشکەشـکردنی قوربـانی بەئـاگر ئەو بـۆنەی خوداوەنـد پێـی
خۆشـە ئـاوا دەکـات، ١٤ ئەگەر غەریبێـك لاتـان دابەزی یـان
یەکێك چەند نەوەیەك بوو لەنێوتاندا بوو و قوربانی بە ئاگر
بکـات ئەو بۆنەی خوداوەند پێی خۆشـە کـردی، دەبێت وەك
ئێوە بیکـات. ١٥ ئەی کـۆمەڵ بۆ ئێوە و بۆ ئەو غەریبەی لە
لاتـــان دابەزیـــوە یەك فەرزی هەتاهەتـــاییە لە نەوەکانتـــانە.
غەریـبەکەش وەك ئێـوە دەبێـت لەبەردەم خوداوەنـدا، ١٦ یەك
فێرکردن و یەك حوکم دەبێت بۆ ئێوە و بۆ ئەو غەریبەی لە
لاتان دابەزیووە. ١٧ هەروەها خوداوەند لەگەڵ موسادا دوا و
فەرمـووی: ١٨ لەگەڵ نەوەی ئیسـرائیلدا بـدوێ و پێیـان بڵـێ،
کـاتێ چـوونە نـاو ئەو خـاکەی کە من ئێوەی بـۆ دەبەم، ١٩ جـا
کـاتێ لە نـانی خـاکەکە دەخـۆن ئەوا پیتـاکی بەرزکـراوە بـۆ
خوداوەنـــد بەرزدەکەنەوە، ٢٠ لە یەکەم ئـــاردی هاڕاوتـــان
کـــولێرەیەك دەکەنە پیتـــاکی بەرزکـــراوە وەك پیتـــاکی
بەرزکـراوەی خەرمـان ئـاوا بەرزی دەکەنەوە، ٢١ لە یەکەم
ئـــاردی هاڕاوتـــان پیتـــاکی بەرزکـــراوە بـــۆ خوداوەنـــد
بەرزدەکەنەوە لە نەوەکانتـان. ٢٢ ئەگەر بەبـێ ئاگـا هەمـوو ئەم
فەرمانانەتـــان جێبەجـــێ نەکـــرد کە خوداوەنـــد بە موســـای
فەرموو، ٢٣ هەمـوو ئەوەی خوداوەند لەسـەر دەستی موساوە
فەرمـــانی پێکـــردوون، لەو ڕۆژەوەی خوداوەنـــد فەرمـــانی
پێکردووە و بەدواوە لە نەوەکانتاندا، ٢٤ گەر بە نهێنیەوە دوور
لە چاوی کـۆمەڵ بەبـێ ئاگـا کـرا، ئەوا هەمـوو کـۆمەڵ گـایەك
دەکەنە قوربانی سووتاندن بۆ ئەو بۆنەی خوداوەند پێی خۆشە

لەگەڵ قوربانی خۆراکەکەی و مەیە پێشکەشکراوەکەی وەك
باوە لەگەڵ گیسکێکیش وەك قوربانی گوناە. ٢٥ جا کاهین
کەفارەت بۆ هەموو کۆمەڵی ئیسرائیل دەکات و
لێخۆشبوونیان بۆ دەبێت، چونکە بەبێ ئاگا بووە. جا ئەگەر
قوربانییەکەیان وەك قوربانی بە ئاگر بۆ خوداوەند هێنا و
قوربانی گوناهەکەیان بۆ بەردەم خوداوەند هێنا لەبەر
بائاگاییەکەیان، ٢٦ ئەوا هەموو کۆمەڵی نەوەی ئیسرائیل و ئەو
غەریبەش کە لە نێویان دابەزیوە لێخۆشبوونی بۆ دەبێت،
چونکە بەبێ ئاگا لە هەموو گەل ڕوویدا. ٢٧ ئەگەر یەك کەس
بەبێ ئاگا گوناهی کرد، ئەوا بزنێکی یەك ساڵە پێشکەش
دەکرێت وەك قوربانی گوناە، ٢٨ جا کاهین کەفارەت بۆ ئەو
کەسە دەکات کە بێ ئاگابوو کاتێ گوناهی بەبێ ئاگایی
لەبەردەم خوداوەند کرد، بۆ کەفارەتکردن بۆی و
لێخۆشبوونی بۆ دەبێت، ٢٩ بۆ هاوڵاتی لە نەوەی ئیسرائیل و
بۆ ئەو غەریبەش کە لە نێویان دابەزیوە، یەك فێرکردن
دەبێت بۆ ئەوەی بەبێ ئاگایی کردبێتی، ٣٠ بەڵام ئەو کەسەی
هاوڵاتی بێت یان غەریب بە دەستی ئەنقەست گوناە بکات،
ئەو کەسە سووکایەتی بە خوداوەند کردووە، ئەو کەسە لە نێو
گەلەکەی دەبڕێتەوە، ٣١ چونکە سووکایەتی بە وشەی
خوداوەند کردووە و فەرمانی ئەوی شکاندووە، بێگومان ئەو
کەسە دەبڕێتەوە و ئۆباڵی خۆی لە ملی خۆی. ٣٢ کاتێ نەوەی
ئیسرائیل لە چۆڵەوانی بوون پیاوێکیان بینی لە ڕۆژی
شەممەدا داری کۆدەکردەوە، ٣٣ جا ئەوانەی بینیان دار
کۆدەکاتەوە بردیانە بەردەم موسا و هارون و هەموو کۆمەڵ.
٣٤ ئینجا لە بەندیخانەیان دانا، چونکە ڕانەگەیەندرا بوو چی
لێ دەکرێت. ٣٥ جا خوداوەند بە موسای فەرموو: ئەو پیاوە
دەبێت بکوژرێت، لە دەرەوەی ئۆردوگا هەموو کۆمەڵ
بەردبارانی دەکەن. ٣٦ جا هەموو کۆمەڵ بردیانە دەرەوەی
ئۆردوگا و بەردبارانیان کرد و مرد، وەك خوداوەند فەرمانی
بە موسا کرد. ٣٧ هەروەها خوداوەند لەگەڵ موسادا دوا و
فەرمووی: ٣٨ لەگەڵ نەوەی ئیسرائیلدا بدوێ و پێیان بڵێ، با
ڕیشاڵ لە دامێنی جلەکانیان دروست بکەن لە نەوەکانیان و
لەسەر ڕیشاڵەکانی خوارەوە گوڵنگی مۆر دادەنێن. ٣٩ جا
بۆتان دەبێتە ڕیشاڵ و دەیبینن و هەموو فەرمانەکانی
خوداوەندتان بەبیر دێتەوە و جێبەجێی دەکەن و بەدوای دڵ و
چاوتان ناکەون تا بەدوایاندا داوێن پیسی بکەن، ٤٠ تا بەبیرتان
بێتەوە و هەموو فەرمانەکانی خوداوەند جێبەجێ بکەن و بۆ
خوداتان پیرۆزبن، ٤١ من خوداوەند خوداتانم کە لە خاکی
میسر دەریهێنان تا ببێتە خوداتان، من خوداوەند خوداتانم.

# ١٦

١ قورەحی کوڕی یەسهار کوڕی قەهات کوڕی لێڤی و داتان
و ئەبیرامی کوڕانی ئەلیاب و ئونی کوڕی فالت لە نەوەی
ڕەئوبین ٢ بەرەو ڕووی موسا هەستان، چەند کەسێکیش لە
نەوەی ئیسرائیل لەگەڵیان بوون، دوو سەد و پەنجا لە
سەرۆکانی کۆمەڵ بانگکراون بۆ کۆبوونەوە کە ناودارن،
٣ جا لەسەر موسا و هارون کۆبوونەوە و پێیان وتن: بەستانە،
چونکە هەموو کۆمەڵ پاك و پیرۆزن و خوداوەندیش
لەناوەڕاستیانە، ئیتر ئێوە چیتانە بەسەر کۆمەڵی خوداوەند
خۆتان بەرز دەکەنەوە؟ ٤ جا موسا گوێی لێبوو بەسەر
ڕوویدا کەوت، ٥ ئینجا لەگەڵ قورەح و هەموو کۆمەڵەکەی
دوا و وتی: بەیانی خوداوەند ڕایدەگەیەنێت کێ بۆ ئەوە و کێ
پاك و پیرۆزە تا لە خۆی نزیکی بکاتەوە، جا هەرکێ
هەڵبژێرێت ئەو لە خۆی نزیك دەکاتەوە، ٦ ئەمە بکەن،
ئاگردان بۆ خۆتان ببەن، قورەح و هەموو کۆمەڵەکەی.
٧ بەیانی ئاگری لەناو دابنێن و لەبەردەم خوداوەند بخووری
بەسەردا بکەن، جا ئەو پیاوەی خوداوەند هەڵیدەبژێرێت ئەو
پاك و پیرۆزە، ئیتر ئەی نەوەی لێڤی ئەمەتان بەس بێت.
٨ هەروەها موسا بە قورەحی وت: گوێ بگرن ئەی نەوەی
لێڤی، ٩ ئایا بەکەمی دەزانن کە خودای ئیسرائیل لە نێو
کۆمەڵی ئیسرائیل جیایکردنەوە تا لە خۆی نزیکتان بکاتەوە، تا
خزمەتی نشینگەی خوداوەند بکەن و لەبەردەم کۆمەڵ بوەستن
بۆ خزمەت کردنی، ١٠ جا تۆ و هەموو براکانت لە نەوەی
لێڤی لەگەڵت نزیکتانی کردەوە و داوای کاهینێتیش دەکەن؟
١١ کەواتە تۆ و هەموو کۆمەڵەکەت لەسەر خوداوەند ڕێك
کەتوون، بەڵام هارون کێیە تا بۆڵەبۆڵی لەسەر بکەن. ١٢ جا
موسا ناردی تا بانگی داتان و ئەبیرامی کوڕانی ئەلیاب
بکەن، ئەوانیش وتیان: نایەین، ١٣ ئایا کەمە کە تۆ لە خاکێك
دەرت هێناین کە شیر و هەنگوینی لێدەڕژایەوە تا لە
چۆڵەوانی بمانمرێنی و خۆت بکەی بە میر بەسەرمانەوە،
١٤ هەروەها ئێمەت نەهێناوەتە خاکێك شیر و هەنگوینی
لێبڕژێتەوە و نە کێڵگە و نە ڕەزت بە میرات پێداین، ئایا
چاوی ئەو میللەتە دەردەهێنیت؟ ئێمە نایەین. ١٥ جا موسا زۆر
تووڕە بوو و بە خوداوەندی وت: ئاوڕ لە قوربانیەکەیان
مەدەوە، نە گوێدرێژێکم لێ بردوون و نە خراپەم لەگەڵ
کەسیان کردووە. ١٦ ئینجا موسا بە قورەحی وت: بەیانی تۆ و
هەموو کۆمەڵەکەت لەبەردەم خوداوەند بن، تۆ و ئەوان و
هارونیش، ١٧ هەر یەکە ئاگردانەکەی ببات و بخووری
تێبکات و هەر یەکە ئاگردانەکەی لەبەردەم خوداوەند
پێشکەش بکات، دوو سەد و پەنجا ئاگردان، تۆ و هارونیش
هەر یەکەو ئاگردانی خۆی. ١٨ جا هەر یەکەو ئاگردانەکەی
خۆی برد و ئاگریان تێکرد و بخووریان بەسەردا کرد و
لەگەڵ موسا و هارون لە لای دەروازەی چادری ژوان
ڕاوەستان. ١٩ قورەحیش هەموو کۆمەڵی بۆ لای دەروازەی
چادری ژوان لەسەر کۆکردنەوە، جا شکۆمەندی خوداوەند بۆ
هەموو کۆمەڵ دەرکەوت. ٢٠ ئینجا خوداوەند لەگەڵ موسا و
هارونداد دوا و فەرمووی: ٢١ خۆتان لەم کۆمەڵە جیابکەنەوە،
وا من لە ساتێکدا لەناویان دەبەم. ٢٢ ئەوانیش بەسەر ڕوویاندا
کەوتن و وتیان: خودایە، خودای ڕۆحەکانی هەموو مرۆڤ،
ئایا یەك پیاو گوناە بکات، تۆ لە هەموو کۆمەڵ تووڕە دەبیت.
٢٣ جا خوداوەند لەگەڵ موسادا دوا و فەرمووی: ٢٤ لەگەڵ
کۆمەڵ بدوێ و بڵێ، لە دەوروبەری چادرەکانی قورەح و
داتان و ئەبیرام دوورکەونەوە. ٢٥ جا موسا هەڵساو چووە لای
داتان و ئەبیرام و پیرەکانی ئیسرائیلیش دوای کەوتن، ٢٦ ئینجا
موسا لەگەڵ کۆمەڵدا دوا و وتی: لە چادرەکانی ئەو گەلە
داوێن پیسە دوورکەونەوە و دەست لە هیچ شتێکی ئەوان
مەدەن نەوەك بە هەموو گوناهەکانی ئەوانەوە لەناوچن.
٢٧ ئیتر ئەوانیش لەدەوروبەری چادرەکانی قورەح و داتان و
ئەبیرام دەرچوون و داتان و ئەبیرامیش لەگەڵ ژنەکانیان و
کوڕەکانیان و منداڵەکانیان لە دەرگای چادرەکانیان وەستان.
٢٨ ئینجا موسا وتی: بەمە دەزانن کە خوداوەند ناردوومی تا
ئەم هەموو کارانە بکەم و ئەمەش لە خۆمەوە نییە، ٢٩ گەر
ئەوانە وەك هەموو مرۆڤێك بمرن و وەك هەموو مرۆڤێك بە
مەرگی ئاسایی مردن، ئەوا خوداوەند منی نەناردووە،
٣٠ بەڵام گەر خوداوەند شتێکی نوێی داهێنا و زەوی دەمی
کردەوە و قووتیدان لەگەڵ هەموو ئەوەی هەیانە و بە
زیندوویی هەوارییانی هەڵدایە ناو دونیای مردووانەوە، ئەوا
دەزانن کە ئەو کۆمەڵە سووکایەتیان بە خوداوەند کردووە.
٣١ کاتێ لە هەموو ئەم قسانە بووەوە، زەویەکەی ژێریان شەق
بوو و ٣٢ زەوی دەمی کردەوە و قووتیدان لەگەڵ ماڵەکانیان و
هەموو ئەوەی هی قورەح بوو لەگەڵ هەموو سامانەکەی.

٣٣ جا خۆیان و هەموو ئەوەی هەیانبوو بە زیندوویی
چوونەخوارەوە بۆ ناو دونیای مردووان و زەوی بەسەریاندا
هاتەوەیەك و لە نێو کۆمەڵدا لەناوچوون. ٣٤ هەموو
ئیسرائیلیش کە لە چواردەوریان بوون لە دەنگیان هەڵاتن،
چونکە وتیان نەوەك زەوی قووتمان بدات. ٣٥ ئاگرێکیش لە
لای خوداوەندەوە دەرچوو و دوو سەد و پەنجا پیاوەکەی
خوارد کە بخووریان پێشکەش کرد. ٣٦ ئینجا خوداوەند لەگەڵ
موسادا دوا و فەرمووی: ٣٧ بە ئەلیعازاری کوڕی هارونی
کاهین بڵێ، با ئاگردانەکان لەناو ئاگرەکە هەڵگرێت و
ئاگرەکە لەوێ بڵاوبکاتەوە، چونکە پاك و پیرۆزکران،
٣٨ ئاگردانەکانی ئەوانەی دژ بەخۆیان گوناهبارن، با بیکەن بە
پارچە پارچەی کوتراو، پۆشەرێك بێت بۆ قوربانگاکە،
چونکە لەبەردەم خوداوەند پێشکەشیان کرد، جا پاك و پیرۆز
بوو، دەبێتە نیشانەیەکیش بۆ نەوەی ئیسرائیل. ٣٩ جا
ئەلیعازاری کاهین ئاگردانە مسەکانی برد کە سووتاوەکان
پێشکەشیان کرد و کوتایان و کردیانە پۆشەر بۆ قوربانگاکە.
٤٠ وەك یادگاریەك بۆ نەوەی ئیسرائیل تا پیاوێکی بێگانە کە لە
وەچەی هارون نەبێت نزیك نەکەوێتەوە بۆ بخوور سووتاندن
لەبەردەم خوداوەند و وەك قوڕەح و کۆمەڵەکەی لێبێت. وەك
خوداوەند پێی فەرموو لەسەر دەستی موسا. ٤١ جا هەموو
کۆمەڵی نەوەی ئیسرائیل بۆ بەیانی دەستیان بە بۆڵەبۆڵکرد
لەسەر موسا و هارون و وتیان: ئێوە گەلی خوداوەندتان
کوشت. ٤٢ کاتێ کۆمەڵ لە موسا و هارون کۆبوونەوە ئەوان
چوونە لای چادری ژوان و ئەویش هەورێك دایپۆشیبوو و
شکۆمەندی خوداوەند دەرکەوت. ٤٣ جا موسا و هارون هاتنە
بەردەم چادری ژوان. ٤٤ خوداوەندیش لەگەڵ موسادا دوا و
فەرمووی: ٤٥ لە نێو ئەم کۆمەڵە دەرچن، من بە ساتێك
لەناویان دەبەم. جا بەسەر ڕوویاندا کەوتن. ٤٦ ئینجا موسا بە
هارونی وت: ئاگردانەکە ببە و لەسەر قوربانگاکەوە ئاگری
تێبکە و بخووری لەسەر دابنێ و بەخێرایی بیبە لای کۆمەڵ و
کەفارەتیان بۆ بکە، چونکە تووڕەیی لە لایەن خوداوەندەوە
دەرچووە، وا دەردەکە دەستی پێکرد. ٤٧ جا هارون وەك موسا
وتی، بردی و ڕایکرد بۆ ناو کۆمەڵ و دەردەکە لەنێو گەلدا
دەستی پێکردبوو، ئەویش بخوورەکەی داگیرساند و کەفارەتی
بۆ گەل کرد. ٤٨ لە ناوەندی مردووان و زیندوواندا وەستا و
دەردەکە ڕاوەستا، ٤٩ جا ئەوانەی بە دەردەکە مردن چواردە
هەزار و حەوت سەد بوون، بێجگە لەوانەی بە هۆی
قوڕەحەوە مردن. ٥٠ ئینجا هارون گەڕایەوە لای موسا بۆ لای
دەروازەی چادری ژوان و دەردەکەش ڕاوەستا.

# ١٧

١ خوداوەند لەگەڵ موسادا دوا و فەرمووی: ٢ لەگەڵ نەوەی
ئیسرائیلدا بدوێ و گۆچانیان لێ وەرگرە، بۆ هەرماڵە باوانێك
گۆچانێك، لە هەموو سەرۆکەکانیان بەگوێرەی ماڵە باوانیان
دوانزە گۆچان و ناوی هەریەکەیان لەسەر گۆچانەکەی
دەنووسی و ٣ ناوی هارونیش لەسەر گۆچانی لێڤی دەنووسی،
چونکە بۆ هەر سەرە ماڵە باوانێك یەك گۆچانە. ٤ لە چادری
ژوان دایبنێ لەبەردەم شایەتیەکە لەو شوێنەی لەگەڵتان
کۆدەبمەوە. ٥ جا ئەو پیاوەی هەڵیدەبژێرم گۆچانەکەی
چەکەرە دەکات، ئەوسا ئەو بۆڵەبۆڵەی نەوەی ئیسرائیل
لەسەر خۆم کپ دەکەم کە لەسەرتانی دەکەن. ٦ جا موسا
لەگەڵ نەوەی ئیسرائیلدا دوا و ئەوانیش هەموو سەرکردەکان
گۆچانێکیان پێدان، بۆ هەر سەرۆکێك گۆچانێك بە گوێرەی
ماڵە باوانیان دوانزە گۆچان، گۆچانەکەی هارونیش لەنێو
گۆچانەکانی ئەوان بوو، ٧ جا موسا گۆچانەکانی لەبەردەم
خوداوەند دانا لەناو چادری شایەتی، ٨ بۆ بەیانیش موسا چووە
ناو چادری شایەتی و بینی گۆچانەکەی هارون کە سەر بە
ماڵی لێڤییە چەکەرەی کردووە، خونچەی کردووە و گوڵی
کردووە و بادەمی پێگەیشتووە. ٩ جا موسا هەموو
گۆچانەکانی لەبەردەم خوداوەند بردە دەرەوە بۆ هەموو
نەوەی ئیسرائیل و تەماشایان کرد و هەر یەکە گۆچانی خۆی
بردەوە. ١٠ خوداوەندیش بە موسای فەرموو: گۆچانەکەی
هارون بگەڕێنەوە بەردەم شایەتیەکە بۆ پاراستن وەك
نیشانەیەك بۆ یاخیبووان جا بۆڵەبۆڵیان لە سەرم دەوەستێت،
بۆ ئەوەی نەمرن. ١١ موساش ئاوای کرد وەك خوداوەند
فەرمانی پێکرد، ئاوای کرد. ١٢ ئینجا نەوەی ئیسرائیل بە
موسایان وت: ئێمە ڕۆحمان لەدەستداوە و لەناوچووین،
هەموومان لەناوچووین. ١٣ هەموو ئەوانەی لە نشینگەی
خوداوەند نزیك بوونەوە دەمرن، ئایا بەتەواوی ڕۆحمان
بەدەستەوەنەداوە؟

# ١٨

١ خوداوەند بە هارونی فەرموو: تۆ و کوڕەکانت و ماڵە
باوانت ئۆباڵی ئەو گوناهانە هەڵدەگرن کە لە پیرۆزگا
دەکرێت و تۆ و کوڕەکانت ئۆباڵی ئەو گوناهانە هەڵدەگرن کە
لە کاهینێتیەکەتان دەکرێت، ٢ هەروەها براکانت هۆزی لێڤی،
هۆزی باوکت، لە خۆت نزیکیان بکەوە جا پابەندت دەبن و
پاڵپشتی خۆت و کوڕەکانت دەکەن لەبەردەم چادری شایەتی،
٣ جا پارێزگاری خۆت و هەموو چادرەکە دەپارێزن، بەڵام لە
قاپوقاچاغی پیرۆزگاکە و لە قوربانگاکە نزیك ناکەونەوە،
نەوەك ئەوان و ئێوەش، هەمووتان بمرن. ٤ پابەندت دەبن و
پارێزگارێتی چادری ژوان دەپارێزن لەگەڵ هەموو خزمەتی
چادرەکە، بێگانەش لێتان نزیك ناکەوێتەوە، ٥ بەڵکو ئێوە
پارێزگارێتی پیرۆزگاکە و قوربانگاکە دەپارێزن، تا نەوەك
تووڕەیی تر بێتە سەر نەوەی ئیسرائیل. ٦ ئەوەتا من
لێڤییەکانی براتانم لەنێو نەوەی ئیسرائیلدا برد و بە ئێوەم داوە،
بە خوداوەند دراون تا خزمەتەکەی چادری ژوان بکەن،
٧ تەنها تۆ و کوڕەکانت لەگەڵت خزمەتی کاهینییەتیتان لەگەڵ
ئەوەی هی قوربانگاکەیە و ئەوەی لەناو پەردەکەیە دەپارێزن،
کاهینییەتیتان پێدراوێکی تایبەت بە ئێوەیە و پێمداون و ئەو
بێگانەیەی نزیك بکەوێتەوە دەکوژرێت. ٨ خوداوەند بە
هارونی فەرموو: ئەوەتا من پارێزگارێتی پیتاکەکان کە بۆ
منی بەرزدەکەنەوە داومە بە تۆ لەگەڵ هەموو شتە
پیرۆزکراوەکانی نەوەی ئیسرائیل ، بەشی دەست نیشانکردنە
بۆ تۆ و فەرزێکی هەتاهەتاییە بۆ کوڕەکانت. ٩ ئەمە بۆ تۆ
دەبێت لە هەرە پیرۆزەکان ئەوەی لە ئاگر دەمێنێتەوە لە
هەموو قوربانیەکانیان و هەموو قوربانیەکانی خۆراکیان و
هەموو قوربانیەکانی گوناهیان و هەموو قوربانیەکانی
تاوانیان کە بۆ منی دەهێنن، هەرە پیرۆزن بۆ تۆ و بۆ
کوڕەکانت، ١٠ لە شوێنی پیرۆز دەیخۆیت، هەموو نێرینەیەك
لێی دەخوات، بۆ تۆ پیرۆز دەبێت. ١١ ئەمەش بۆ تۆیە، پیتاکی
بەرزکراوە لە بەخشینەکانیان لەگەڵ هەموو ئەوەی لە لایەن
نەوەی ئیسرائیلەوە بەرزدەکرێتەوە، داومە بە تۆ و کوڕەکانت
و کچەکانت فەرزێکی هەتاهەتاییە، هەموو پاکێك لە ماڵەکەت
لێی دەخوات. ١٢ باشترین زەیت و باشترین مەی و باشترین
گەنم، یەکەم بەرەکانیان کە بە خوداوەندی دەدەن، من بە تۆم
داون، ١٣ یەکەم بەری هەموو شتێکی زەویەکەیان کە بۆ
خوداوەندی پێشکەش دەکەن بۆ تۆ دەبێت، هەموو پاکێك لە

ماڵەکەت لێی دەخوات، ١٤ هەموو قەدەغەکراوێك[أ] لە ئیسرائیل
بۆ تۆ دەبێت، ١٥ هەر نۆبەرەیەك لە هەموو لەشێك کە
پێشکەشی خوداوەندی دەکەن لە خەڵك و لە ئاژەڵ، بۆ تۆ
دەبێت، بەڵام کڕینەوەی نۆبەرەی مرۆڤ قبوڵ دەکەیت و
کڕینەوەی نۆبەرەی ئاژەڵی گڵاویش قبوڵ دەکەیت.
١٦ کڕینەوەش لە تەمەنی یەك مانگی قبوڵ دەکەیت،
بەگوێرەی خەمڵاندنت پێنج شاقل زیو بە شاقلی پیرۆزگا، کە
بیست گێرەیە. ١٧ بەڵام بۆ نۆبەرەی مانگا و مەڕ و بزن
کڕینەوە قبوڵ ناکەیت، ئەوە پیرۆزە و خوێنەکەی بەسەر
قوربانگاکەدا دەڕژێنی و پیوەکەی دەسووتێنی، قوربانی بە
ئاگرە ئەو بۆنەی خوداوەند پێی خۆشە، ١٨ گۆشتەکەشی بۆ تۆ
دەبێت وەك سینگی بەرزکردنەوە و ڕانی ڕاستە. ١٩ هەموو
پیتاکی بەرزکراوەی شتە پیرۆزەکانی نەوەی ئیسرائیل کە بۆ
خوداوەندی پێشکەش دەکەن بە تۆ و بە کوڕانت و کچانتم داوە
وەك بەشێکی هەتاهەتایی، پەیمانی نمەکی هەتاهەتاییە
لەبەردەم خوداوەند بۆ تۆ و بۆ نەوەکەت لەگەڵت. ٢٠ هەروەها
خوداوەند بە هارۆنی فەرموو: لە زەوییەکەیان هیچ میراتت
بەرناکەوێت و لە نێویان بەشت نابێت، لەنێو نەوەی ئیسرائیل
من بەش و میراتی تۆم. ٢١ بەڵام نەوەی لێڤی لەبەر ئەو
خزمەتەی دەیکەن، خزمەتی چادری ژوان، ئەوا من لە
ئیسرائیلدا وەك میرات هەموو دەیەکێکم پێداون، ٢٢ جا نەوەی
ئیسرائیل لە چادری ژوان نزیك ناکەونەوە، تا گوناهێك
هەڵگرن کە بۆ مردن بێت، ٢٣ بەڵکو لێڤییەکان خزمەتی
چادری ژوان دەکەن، ئەوان ئۆباڵی خۆیان هەڵدەگرن وەك
فەرزێکی هەتاهەتایی لە نەوەکانتان، لەنێو نەوەی ئیسرائیلدا
هیچ میراتیان بەرناکەوێت. ٢٤ دەیەکەکانی نەوەی ئیسرائیل
کە بۆ خوداوەندی پێشکەش دەکەن وەك پیتاکی بەرزکراوە،
من داومە بە لێڤییەکان میراتی ئەوانە، بۆیە پێیانم فەرموو کە
لەنێو نەوەی ئیسرائیلدا هیچ میراتیان بەرناکەوێت.
٢٥ خوداوەند لەگەڵ موسادا دوا و فەرمووی: ٢٦ لەگەڵ
لێڤییەکان دەدوێیت و پێیان دەڵێیت، کاتێ دەیەکەکە وەردەگرن
لە نەوەی ئیسرائیل کە من وەك میرات بە ئێوەم داوە، پیتاکی
بەرزکراوەی خوداوەندی لێ پێشکەش دەکەن، دەیەك لە
دەیەك. ٢٧ جا بە پیتاکی بەرزکراوەتان دادەنرێت، وەك گەنمی
خەرمان و پڕی گوشەر. ٢٨ بەم شێوەیە ئێوەش پیتاکی
بەرزکراوەی خوداوەند پێشکەش دەکەن لە هەموو
دەیەکەکانتان کە لە نەوەی ئیسرائیلی وەردەگرن، لەوە پیتاکی
بەرزکراوەی خوداوەند بە هارۆنی کاهین دەدەن، ٢٩ لە
هەموو بەخشینەکانتان هەموو پیتاکێکی بەرزکراوە بۆ
خوداوەند پێشکەش دەکەن لە هەموو شتێك باشترین و
پیرۆزترینی. ٣٠ پێیان دەڵێی، کاتێ باشترینەکەی پێشکەش
دەکەن، وەك بەرهەمی خەرمان و بەرهەمی گوشەر بۆ
لێڤییەکان دەژمێردرێت، ٣١ لە هەموو شوێنێك دەیخۆن ئێوە و
ماڵەکانتان، چونکە کرێتانە لەبری خزمەتتان لە چادری
ژوان، ٣٢ بە هۆیەوە گوناهباریش نابن گەر لە باشترینەکەی
پێشکەش بکەن، بەڵام شتە پیرۆزەکانی نەوەی ئیسرائیل گڵاو
مەکەن نەوەك بمرن.

[أ] ١٨ : ١٤ بڕوانە لێڤییەکان ٢٧ : ٢٨ ، بەتایبەتی لەکاتی جەنگدا پەیڕەو دەکرا.

# ١٩

١ خوداوەند لەگەڵ موسا و هارۆندا دوا و فەرمووی: ٢ ئەمە
فەرزی فێرکردنەکانە کە خوداوەند فەرمانی پێکردووە و
دەفەرمووێ، بە نەوەی ئیسرائیل بڵێ با مانگایەکی سووری
ساغت بۆ بهێنن کە کەموکوڕی تیادا نەبێت و نیری نەخرابێتە
سەر. ٣ جا بە ئەلیعازاری کاهینی دەدەن و دەبرێتە دەرەوەی
ئۆردوگا و لەبەردەمی سەردەبڕدرێت، ٤ ئەلیعازاری
کاهینیش بە پەنجەی لە خوێنەکەی دەبات و بە لای ڕووی
چادری کۆبوونەوە حەوت جار دەیپرژێنێت، ٥ مانگاکەش
لەبەر چاوی دەسووتێنرێت، پێستی و گۆشتی و خوێنی و
ڕیخی دەسوتێنرێت. ٦ کاهینیش پارچە دارێکی ئورز و بەنی
سووری ئاڵ و زوفا دەبات و هەڵیاندەداتە ناو ئاگری مانگاکە.
٧ ئینجا کاهین جلەکانی دەشوات و خۆی بە ئاو دەشوات و
دوای ئەوە دێتە ناو ئۆردوگاکەوە و تا ئێوارەش گڵاو دەبێت،
٨ ئەوەش کە سووتاندی جلەکانی بە ئاو دەشوات و خۆی بە
ئاو دەشوات و تا ئێوارەش گڵاو دەبێت. ٩ پیاوێکی پاکیش
خۆڵەمێشی مانگاکە کۆدەکاتەوە و لە دەرەوەی ئۆردوگاکە لە
شوێنێکی پاک دایدەنێت، جا بۆ کۆمەڵی نەوەی ئیسرائیل
پارێزراو دەبێت بۆ ئاوی پاککردنەوە، چونکە قوربانی
گوناهەیە. ١٠ ئەوەی خۆڵەمێشی مانگاکەشی کۆکردەوە
جلەکانی دەشوات و تا ئێوارە گڵاو دەبێت، جا بۆ نەوەی
ئیسرائیل و ئەو غەریبەش کە لە نێویانە دەبێت بە فەرزێکی
هەتاهەتایی. ١١ ئەوەی دەست لە تەرمی مرۆڤ بدات ئەوا
حەوت ڕۆژ گڵاو دەبێت. ١٢ لە ڕۆژی سێیەمدا خۆی پێ
پاکدەکاتەوە[ب] و لە ڕۆژی حەوتەمدا پاك دەبێت، ئەگەر لە
ڕۆژی سێیەمدا خۆی پاك نەکاتەوە ئەوا لە ڕۆژی حەوتەمدا
پاك نابێت. ١٣ هەر کەسێك دەست لە تەرمی مرۆڤێك بدات و
پاك نەبووبێتەوە ئەوا نشینگەی خوداوەند گڵاو دەکات، ئەو
کەسە لە ئیسرائیل دەبڕێتەوە، چونکە ئاوی پاککردنەوەی
بەسەردا نەکراوە و گڵاوە، گڵاویەکەی هێشتا تیایدا ماوە.
١٤ ئەمە فێرکردنەکەیە، گەر مرۆڤێك لەناو چادرێکدا مرد ئەوا
هەر یەکێك بێتە ناو چادرەکە و هەموو ئەوانەی لەناو
چادرەکە بوون حەوت ڕۆژ گڵاو دەبن، ١٥ هەموو قاپێکی
کراوەش کە بەباشی سەری دانەخرابێت ئەوا گڵاوە. ١٦ هەر
یەکێك لە بیابان دەست لە بە شمشێر کوژراوێك یان
مردوویەك یان ئێسقانی مرۆڤێك یان گۆڕێك بدات، ئەوا
حەوت ڕۆژ گڵاو دەبێت، ١٧ جا بۆ گڵاو لە تۆزی ئاگری
قوربانی گوناه دەبەن و لە قاپێکدا ئاوێکی سازگاری بەسەردا
دەکەن، ١٨ پیاوێکی پاکیش زوفایەك دەبات و نوقمی ناو
ئاوەکەی دەکات و بەسەر چادر و هەموو قاپوقاچاغەکانی
دەپرژێنێت و بەسەر ئەو کەسانەشی دەپرژێنێت کە لەوێ
بوون و هەروەها ئەوەش کە دەستی لە ئێسقان یان کوژراو
یان مردوو یان گۆڕداوە. ١٩ کەسە پاکەکەش لە ڕۆژی سێیەم
و ڕۆژی حەوتەم، لە ڕۆژی حەوتەمدا پاکی دەکاتەوە،
ئەویش جلەکانی دەشوات و خۆی بە ئاو دەشوات و بۆ ئێوارە
پاك دەبێت، ٢٠ بەڵام ئەو مرۆڤەی گڵاو دەبێت و خۆی پاك
ناکاتەوە، ئەوا ئەو گیانە لە نێو کۆمەڵدا لەناودەبرێت، چونکە
پیرۆزگای خوداوەندی گڵاو کردووە، ئاوی پاککردنەوەی
بەسەردا نەکراوە، گڵاوە. ٢١ جا بۆیان دەبێتە فەرزێکی
هەتاهەتایی، ئەوەی ئاوی پاککردنەوەی پرژاندووە جلەکانی
دەشوات، ئەوەی دەستی لە ئاوی پاککردنەوە داوە، تا ئێوارە

[ب] ١٩ : ١٢ بڕوانە ئایەتی ٩ .

گڵاو دەبێت، ٢٢ هەرچی ئەو گڵاوە دەستی لێ بدات گڵاو
دەبێت و ئەو کەسەش کە گڵاو لێی دەکەوێت تا ئێوارە گڵاو
دەبێت.

# ٢٠

١ ئینجا نەوەی ئیسرائیل ، هەموو کۆمەڵەکە هاتنە چۆڵەوانی
چین لە مانگی یەکەمدا و گەل لە قادش هەواریان هەڵدا و
لەوێدا مریەم مرد و لەوێش نێژرا. ٢ ئاو نەبوو بۆ کۆمەڵ، جا
لەسەر موسا و هارون کۆبوونەوە و ٣ گەل کردیان بە
دەمەقاڵێ لەگەڵ موسادا و لەگەڵیدا دوان و وتیان: خۆزگە
وەك براکانمان لە بەردەم خوداوەند لەناوبچووینایە، ٤ بۆچی
کۆمەڵی خوداوەندتان هێنایە ئەم چۆڵەوانیە تا تیایدا خۆمان و
ئاژەڵەکانمان بمرین؟ ٥ هەروەها بۆچی ئێمەتان لە میسر
دەرهێنا؟ تا بمانهێنن بۆ ئەم شوێنە خراپە! ئێرە شوێنی
دانەوێڵە و هەنجیر و مێو و هەنار نییە و ئاوی خواردنەوەشی
لێ نییە. ٦ جا موسا و هارون لەبەردەم کۆمەڵەوە هاتنە لای
دەروازەی چادری ژوان و بەسەر ڕوویاندا کەوتن و
شکۆمەندی خوداوەندیان بۆ دەرکەوت. ٧ خوداوەندیش لەگەڵ
موسادا دوا و فەرمووی: ٨ گۆچانەکە ببە و کۆمەڵ کۆبکەوە،
تۆ و هارونی برات لەبەرچاویاندا بە بەردەکە بڵێن تا ئاوەکەی
بدات، جا لە بەردەکەوە ئاویان بۆ دەردەچێت و کۆمەڵ و
ئاژەڵەکانیان ئاو دەدەیت. ٩ موساش گۆچانەکەی لەبەردەم
خوداوەندەوە برد وەك فەرمانی پێکرد. ١٠ موسا و هارون
جەماوەریان لە پێش بەردەکە کۆکردەوە و پێی وتن: گوێ
بگرن ئەی هەڵگەڕاوەکان، ئا لەم بەردەوە ئاوتان بۆ
دەربهێنین. ١١ موسا دەستی بڵند کرد و بە گۆچانەکەی
دووجار لە بەردەکەی دا، جا ئاوێکی زۆر دەرچوو و کۆمەڵ
و ئاژەڵەکانیشیان لێیان خواردەوە. ١٢ خوداوەندیش بە موسا و
هارونی فەرموو: لەبەر ئەوەی باوەڕتان بە من نەکرد تا
پیرۆزم بکەن لەبەر چاوی نەوەی ئیسرائیل ، بۆیە ئەم کۆمەڵە
نابەنە ناو ئەو خاکەی پێم داون. ١٣ ئەمە ئاوی مەریبەیە کە
نەوەی ئیسرائیل لەگەڵ خوداوەنددا دەمەقاڵێیان کرد و ئەویش
لەناویاندا پیرۆز بوو. ١٤ ئینجا موسا لە قادشەوە چەند
نێرراوێکی بۆ لای پاشای ئەدۆم نارد: ئیسرائیلی برات ئاوا
دەڵێت، تۆ بە هەموو ناخۆشیەکانت زانی کە تووشمان هات،
١٥ باوکانمان چوونە میسر و ڕۆژانێکی زۆر لە میسر ماینەوە
و میسرییەکان ئێمە و باوکانی ئێمەیان زەلیل کرد، ١٦ جا
هاوارمان بۆ خوداوەند کرد و گوێی لە دەنگمان بوو و
فریشتەیەکی نارد و لە میسر دەریهێناین و ئێستا ئێمە لە
قادشین کە شارێکە لەسەر سنوورەکەت، ١٧ ڕێمان بدە بە
خاکەکەتدا تێپەڕین، نە بە کێڵگەیەکدا دەڕۆین و نە بە ڕەزێکدا
و نە ئاوی بیرێك دەخۆینەوە، لە ڕێگای پاشا دەڕۆین و نە
بەلای ڕاست لادەدەین و نە بەلای چەپ تا لە سنوورەکەت
دەردەچین. ١٨ ئەدۆمیش پێی وت: بە ناومندا ناڕۆیت، ئەگینا
بە شمشێرەوە بۆت دەردەچم. ١٩ نەوەی ئیسرائیلیش پێیان وت:
بە ڕاستەڕێدا دەڕۆین و گەر خومان و ئاژەڵەکانمان لە ئاوی
تۆمان خواردەوە ئەوا نرخەکەی دەدەم، هیچ ناکەین تەنها بە
پێیەکانم تێدەپەڕم. ٢٠ ئەویش وتی: تێپەڕ نابیت. ئینجا ئەدۆم بە
گەلێکی گەورە و دەستێکی توندەوە بۆ بەرەنگاربوونەوەی
دەرچوو. ٢١ ئەدۆم ڕازی نەبوو ئیسرائیل بە سنووری ئەو
تێپەڕ بێت، ئیسرائیلیش لایدا لێی. ٢٢ جا نەوەی ئیسرائیل
هەموو کۆمەڵ لە قادشەوە کۆچیانکرد و هاتنە چیای هوڕ،
٢٣ خوداوەندیش لە چیای هوڕ لەسەر سنووری خاکی ئەدۆمدا
لەگەڵ موسا و هاروندا دوا و فەرمووی: ٢٤ هارون دەچێتە
پاڵ گەلەکەی، چونکە ناچێتە ناو ئەو خاکەی بە نەوەی
ئیسرائیلم داوە، چونکە ئێوە لە لای ئاوی مەریبە لە وشەم
یاخی بوون. ٢٥ هارون و ئەلیعازاری کوڕی ببە سەر چیای
هۆر و ٢٦ جلەکانی هارون لەبەری داکەنەوە و لەبەر
ئەلیعازاری کوڕی بکە، جا هارونیش دەچێتە ڕیزەوە و لەوێ
دەمرێت. ٢٧ موساش ئاوای کرد وەك خوداوەند فەرمانی کرد
و لەبەرچاوی هەموو کۆمەڵ بەسەر چیای هوڕ کەوتن.
٢٨ ئینجا موسا جلەکانی لەبەر هارون داکەند و لەبەر
ئەلیعازاری کوڕی کرد، هارونیش لەوێ لەسەر لووتکەی
چیاکە مرد، ئینجا موسا و ئەلیعازار لە چیاکە هاتنە خوارەوە.
٢٩ کاتێ هەموو کۆمەڵ بینیان هارون مرد، هەموو ماڵی
ئیسرائیل سی ڕۆژ لەسەر هارون گریان.

# ٢١

١ کاتێ کەنعانییەکەی پاشای عەراد کە لە باشوور نیشتەجێ
بوو بیستی ئیسرائیل لە ڕێگای ئەتاریمەوە هاتووە، شەڕی
لەگەڵ ئیسرائیلدا کرد و هەندێکی لێیان بە دیل گرت.
٢ ئیسرائیلیش نەزرێکی بۆ خوداوەند کرد و وتی، گەر ئەو
میللەتە بخەیتە ناو دەستم، ئەوا شارەکانی وێران دەکەم.
٣ خوداوەندیش گوێی لە وتەی ئیسرائیل گرت و کەنعانیەکانی
دایە دەست و لەگەڵ شارەکانیان وێرانیان کردن، جا ئەو
شوێنە ناونرا حورمە. ٤ ئینجا لە چیای هۆرەوە بە ڕێگای
دەریای سوف کۆچیان کرد تا بە خاکی ئەدۆمدا بسوڕێنەوە،
جا گەل لە ڕێگادا سەبریان بڕا. ٥ گەل دژ بە خودا و بە موسا
قسەیان کرد و وتیان: بۆچی لە میسر دەرتانهێناین تا لە
چۆڵەوانی بمرین، چونکە نە نان هەیە و نە ئاو و ئەم خواردنە
بێ تامەمان لەبەرچاوکەوتووە. ٦ خوداوەندیش ماری
سووتێنەری بۆ سەر گەل نارد و دایان بە گەلەوە و خەڵکێکی
زۆر لە ئیسرائیل مردن. ٧ ئینجا گەل هاتنە لای موسا و
وتیان: گوناهمان کرد کە لەسەر خوداوەند و تۆ قسەمان کرد،
جا بۆ خوداوەند نوێژ بکە تا ئەو مارانەمان لەسەر هەڵگرێت.
موساش لەپێناوی گەل نوێژی کرد، ٨ خوداوەندیش بە موسای
فەرموو: مارێکی سووتێنەر بۆ خۆت دروست بکە و لەسەر
ئاڵایەك دایبنێ، جا هەر یەکێك پێیەوەدرا و تەماشای کرد
دەژیت. ٩ موساش مارێکی لە مس دروستکرد و لەسەر ئاڵای
دانا، ئەوە بوو هەر کاتێ یەکێك مار پێوەیبدابایا و تەماشای
مارە مسەکەی دەکرد دەژیا. ١٠ ئینجا نەوەی ئیسرائیل
کۆچیانکرد و لە ئوبوت هەواریان هەڵدا، ١١ لە ئوبوتەوەش
کۆچیانکرد و لە عییی عەباریم لە چۆڵەوانی بەرامبەر موئاب
بە لای ڕۆژهەڵات هەواریان هەڵدا. ١٢ لەوێشەوە کۆچیانکرد
و لە دۆڵی زارێد هەواریان هەڵدا، ١٣ لەوێشەوە کۆچیانکرد و
لەوبەری ئەرنون هەواریان هەڵدا کە لە چۆڵەوانیە لە
دەرەوەی سنووری ئەمورییەکان، چونکە ئەرنون سنووری
مۆئابە لەنێوان مۆئاب و ئەمورییەکان، ١٤ بۆیە لە کتێبی
جەنگەکانی خوداوەند دەڵێت: واهیب لە سوفە و دۆڵەکانی
ئەرنون، ١٥ ئاوڕێژگەی دۆڵەکان ئەوەی تا نشینگەی عار
شۆڕبووەتەوە، پشتیداوە بە سنووری موئابەوە. ١٦ لەوێوەشەوە
بۆ بیر، ئەوەش ئەو بیرەیە کە لەوێ خوداوەند بە موسای
فەرموو، گەل کۆبکەوە ئاویان دەدەمێ، ١٧ ئەوسا ئیسرائیل
ئەم گۆرانیەیان چڕی: هەڵقوڵا ئەی بیر، وەڵامی بدەنەوە،
١٨ بیرێك سەرۆکەکان لێیانداوە، پیاو ماقوڵانی گەل
هەڵیانکەندووە، بە داردەست بە گۆچان. لە چۆڵەوانیەوە تا
مەتانە، ١٩ لە مەتانەوە تا نەحلیئیل و لە نەحلیئیلەوە تا باموت،
٢٠ لە باموتەوە تا گەیاو کە لە دەشتودەری موئابە لەسەری

پسگە کە دەڕوانێتە سەر ڕووی یەشیمۆن. ٢١ ئینجا ئیسڕائیل
نێرراوی بۆ سیحۆنی پاشای ئەمورییەکان نارد و وتی:
٢٢ ڕێمبدە بە خاکەکەتدا تێپەڕم، نە بە لای کێڵگەیەك و نە بە
لای ڕەزێك لانادەین و ئاو لە بیر ناخۆینەوە، بە ڕێگای پاشادا
دەڕۆین تا لە سنوورت دەردەچین. ٢٣ بەڵام سیحۆن نەیهێشت
ئیسڕائیل بەسنوورەکانیدا تێپەڕێت، بەڵکو هەموو گەلەکەی
کۆکردەوە و بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئیسرائیل بۆ چۆڵەوانی
دەرچوو و هاتە یاهس و شەڕی لەگەڵ ئیسڕائیل کرد.
٢٤ ئیسڕائیلیش بە شمشێر لێیدا و خاکەکەی داگیرکرد لە
ئەرنونەوە تا یەبوق و تا نەوەی عەممون، چونکە سنووری
نەوەی عەممون بەهێز بوو. ٢٥ جا ئیسڕائیل هەموو ئەم
شارانەی گرت و ئیسڕائیل لە هەموو شارەکانی ئەموریەکان
نیشتەجێ بوو لە حەشبون و لە هەموو گوندەکانی، ٢٦ چونکە
حەشبون شاری سیحۆنی پاشای ئەموریەکان بوو و شەڕی
لەگەڵ پاشای یەکەمی موئاب کردبوو و هەموو خاکەکەی لە
دەستی سەندبوو تا ئەرنون، ٢٧ بۆیە خاوەن پەندەکان دەڵێن:
وەرنە حەشبون بنیاد دەنرێت و شاری سیحۆن چاکدەکرێتەوە،
٢٨ چونکە ئاگرێك لە حەشبونەوە دەرچوو، گڕێك لە گوندی
سیحۆنەوە، ڕسوایی موئابی خوارد، پیاوانی بەرزاییەکانی
ئەرنون. ٢٩ خاك بەسەرت موئاب، ئەی گەلی کەموش لەناو
چوویت، کوڕەکانی کرد بە ڕاکردوو و کچەکانی بە ڕاپێچ
کراو بۆ سیحۆنی پاشای ئەمورییەکان، ٣٠ بەڵام وا
فڕێمانداون، لەناوچوو حەشبون تا دیبون، تێکماندا تا نوفەح
کە تا میدەبایە. ٣١ جا ئیسڕائیل لە خاکی ئەموریەکاندا مایەوە.
٣٢ ئینجا موسا هەندێ کەسی نارد بۆ سیخوڕی یەعزیر، جا
گوندەکانیان گرت و ئەو ئەموریانەیان دەرکرد کە لەوێ
بوون. ٣٣ ئینجا ڕوویان وەرگێڕا و بە ڕێگای باشاندا
سەرکەوتن، جا عۆگی پاشای باشان بۆ بەرەنگاربوونەوەیان
دەرچوو، خۆی و هەموو گەلەکەی بۆ شەڕ لە ئەزرعی.
٣٤ خوداوەندیش بە موسای فەرموو: لێی مەترسە، چونکە من
داومەتە دەستت لەگەڵ هەموو گەلەکەی و خاکەکەی، جا
ئەوەی پێدەکەیت کە بە سیحۆنی پاشای ئەموریەکانت کرد کە
لە حەشبون نیشتەجێ بوو. ٣٥ جا لێیاندا لە خۆی و کوڕەکانی
و هەموو گەلەکەی کەسیش دەربازنەبوو و خاکەکەیان داگیر
کرد.

# ٢٢

١ ئینجا نەوەی ئیسڕائیل کۆچیان کرد و لە دەشتاییەکانی
موئاب هەواریان هەڵدا لەوبەری ئوردون لە لای ئەریحا.
٢ جا کاتێ باڵاقی کوڕی سیفور هەموو ئەو شتانەی بینی کە
ئیسڕائیل بە ئەمورییەکانی کرد، ٣ موئاب لە گەلەکە زۆر
ترسا، چونکە زۆرن و موئاب لە نەوەی ئیسڕائیل بێزار بوو،
٤ جا موئاب بە پیرەکانی مدیانی وت: ئێستا ئەم جەماوەرە
هەموو چواردەورمان دەلێسنەوە وەك چۆن گا سەوزایی
کێڵگە دەلێسێتەوە. لەو سەردەمەدا باڵاقی کوڕی سیفور پاشای
موئاب بوو. ٥ جا چەند نێرراوێکی بۆ لای بلعامی کوڕی
بعۆر نارد بۆ فەتور کە لەسەر ڕووبارە لە خاکی نەوەی
گەلەکەی تا بانگی بکات و بڵێت: ئەوەتا گەلێك لە میسر
دەرچووە و ئەوەتا ڕووی زەوی داپۆشیوە و لەبەرامبەرم
نیشتەجێیە، ٦ ئێستاش وەرە و نەفرەت لەم گەلە بکە بۆم،
چونکە لە من مەزنترە، بەڵکو بتوانین بیشکێنین و لە خاکەکە
دەریانکەم، چونکە زانیومە ئەوەی پیرۆزی بکەیت
پیرۆزکراوە و ئەوەی نەفرەتی لێبکەیت نەفرەت لێکراوە. ٧ جا
پیرانی موئاب و پیرانی میدیان بە کرێی ئەستێرەناسییەوە
بەڕێکەوتن و هاتنە لای بلعام و بە وتەکانی باڵاق لەگەڵیدا
دوان. ٨ ئەویش پێی وتن: ئەم شەو لێرە بمێننەوە، خوداوەند
چیم پێ بڵێت، ئاوا وەڵامتان دەدەمەوە. جا میرانی مۆئاب لە
لای بلعام مانەوە. ٩ ئینجا خودا هاتە لای بلعام و فەرمووی:
ئەو پیاوانە کێن کە لەلاتن؟ ١٠ بلعامیش بە خودای وت: باڵاقی
کوڕی سیفوری پاشای موئاب بە دوایدا ناردووم و دەڵێت،
١١ ئەوەتا ئەو گەلەی لە میسرەوە دەرچووە ڕووی زەوی
داپۆشیوە، ئێستا وەرە و نەفرەتیان لێبکە بۆم، تا بتوانم لەگەڵیدا
بجەنگێم و دەری بکەم. ١٢ خوداش بە بلعامی فەرموو:
لەگەڵیاندا مەڕۆ و نەفرەت لە گەلەکە مەکە چونکە پیرۆزە.
١٣ جا بلعام بەیانی هەستا و بە میرانی باڵاقی وت: بۆ
خاکەکەتان بەڕێکەون، چونکە خوداوەند ڕازی نەبوو ڕێم
بدات لەگەڵتان بێم. ١٤ میرانی موئابیش هەستان و هاتنە لای
باڵاق و وتیان: بلعام ڕازی نەبوو لەگەڵماندا بێت. ١٥ جا باڵاق
دووبارە میری زۆرتر و مەزنتری لەوانەی پێشوو نارد.
١٦ ئەوانیش هاتنە لای بلعام و پێیان وت: باڵاقی کوڕی سیفور
ئاوا دەڵێت، وەرە بۆ لام، ١٧ چونکە ڕێزێکی مەزنت لێدەگرم
و ئەوەی پێم بڵێیت دەیکەم، جا ئێستا وەرە و نەفرەت لەم گەلە
بکە بۆم. ١٨ بلعامیش وەڵامی دایەوە و بە خزمەتکارانی باڵاقی
وت: گەر باڵاق بە پڕی خانووەکەی زێڕ و زیوم پێبدات
ناتوانم لە وشەی خوداوەند خودام دەرچم تا شتێکی بچووك یا
گەورە بکەم. ١٩ جا ئێوەش ئێستا ئەم شەو لێرە بمێننەوە، تا
بزانم خوداوەند ئەم جارە چیم پێ دەڵێت. ٢٠ جا خودا لە شەودا
هاتە لای بلعام و پێی فەرموو: گەر چەند پیاوێك هاتن تا
بانگت بکەن، هەستە و لەگەڵیاندا بڕۆ، بەڵام تەنها ئەو
وشەیەی کە من پێتی دەڵێم ئەوە دەکەیت. ٢١ بلعامیش بەیانی
هەڵسا و ماکەرەکەی کورتانکرد و لەگەڵ میرانی موئاب
بەڕێکەوت. ٢٢ جا تووڕەیی خودا جۆشا، چونکە بەڕێکەوت،
ئینجا فریشتەی خوداوەند لەسەر ڕێگا بۆی وەستا، تا
بەربەرەکانی بکات لەو کاتەی سواری ماکەرەکەی ببوو و
هەر دوو خزمەتکارەکەشی لەگەڵی بوون، ٢٣ کە ماکەرەکە
فریشتەی خوداوەندی بینی لەسەر ڕێگاکە وەستاوە و
شمشێرەکەی هەڵکێشاوە و بەدەستیەوەیە، ماکەرەکە لە
ڕێگاکە لایدا و دایەوە ناو کێڵگە، بلعامیش لە ماکەرەکەیدا تا
بیگەڕێنێتەوە سەر ڕێگاکە، ٢٤ ئینجا فریشتەی خوداوەند لە
گۆلی ڕەزێکدا وەستا و گۆلەکە لەملا و ئەولا دیواری هەبوو،
٢٥ کاتێ ماکەرەکە فریشتەی خوداوەندی بینی ملی دایە
دیوارەکە و پێی بلعام بە دیوارەکە کەوت، جا دیسان لە
ماکەرەکەی دایەوە. ٢٦ دواتر فریشتەی خوداوەند
پێشیانکەوتەوە و لە شوێنێکی تەنگەبەر وەستا کە هیچ ڕێگا
نەبوو بۆ سوڕانەوە نە بە لای ڕاست و نە بە لای چەپدا.
٢٧ کە ماکەرەکە فریشتەی خوداوەندی بینی، چەقی و بلعامیش
بەسەریەوە بوو، جا تووڕەیی بلعام جۆشا و بە گۆچانەکەی لە
ماکەرەکەی دا، ٢٨ ئینجا خوداوەند دەمی ماکەرەکەی کردەوە
و بە بلعامی وت: چیم لێکردووی؟ بۆچی تا ئێستا سێ جار
لێت دام. ٢٩ بلعامیش بە ماکەرەکەی وت: چونکە سووکایەتیم
پێدەکەیت، گەر شمشێرم لە دەست بووایە ئێستا دەمکوشتی.
٣٠ ماکەرەکەش بە بلعامی وت: باشە من ماکەرەکەی تۆ نیم
کە لەو کاتەوەی هەی سوارم دەبیت تا ئەمڕۆ، ئایا من
لێڕاهاتووم وات لێ بکەم؟ ئەویش وتی: نا. ٣١ ئینجا خوداوەند
چاوی بلعامی کردەوە و فریشتەی خوداوەندی بینی لەسەر
ڕێگاکە وەستاوە و شمشێری هەڵکێشاوە و بەدەستیەوەیە، جا
بەسەر ڕوویدا کەوت و کڕنۆشی برد. ٣٢ فریشتەی
خوداوەندیش پێی فەرموو: بۆچی تا ئێستا سێ جار لە
ماکەرەکەت دا، ئەوەتا من بۆ بەربەرەکانی دەرچووم، چونکە
ڕێگاکەت خوارە لە پێشم، ٣٣ جا ماکەرەکە منی بینی تا ئێستا
سێ جار لەبەرامبەرم لایدا، ئەگەر لەبەرامبەرم لای نەدایە

ئێستا من تۆم دەکوشت و ئەوم دەهێشتەوە. ٣٤ جا بلعام بە
فریشتەی خوداوەندی وت: گوناهم کرد، من نەمزانی تۆ
لەسەر ڕێگا لە پێشم وەستاوی، ئێستاش گەر پێت ناخۆشە من
دەگەڕێمەوە. ٣٥ فریشتەی خوداوەندیش بە بلعامی فەرموو:
لەگەڵ پیاوەکاندا بڕۆ، بەڵام تەنها ئەو وشەیەی کە من پێتی
دەڵێم ئەوە دەکەیت. جا بلعام لەگەڵ میرانی باڵاقدا بەڕێکەوت.
٣٦ کاتێ باڵاق بیستی کە بلعام هاتووە، دەرچوو بۆ پێشوازی
کردنی بۆ شاری موئاب کە لەسەر سنووری ئەرنونە لەو
پەڕی سنوورەکان. ٣٧ جا باڵاق بە بلعامی وت: ئایا من نەم
نارد بە دوات، تا بانگت بکەم، ئیتر بۆ نەهاتی؟ ئایا بەڕاستی
من ناتوانم ڕێزت لێبگرم؟ ٣٨ بلعامیش بە باڵاقی وت: ئەوەتا
ئێستا هاتم، بەڵکو ئێستا بتوانم وشەیەك بڵێم؟ ئەو وشەیەی
خودا دەیخاتە دەمم ئەوە دەڵێم. ٣٩ جا بلعام و باڵاق بەڕێکەوتن
و هاتنە گوندی حەسوت، ٤٠ ئینجا باڵاق مەڕ و مانگای
سەربڕی و بە دوای بلعام و ئەو میرانەی نارد کە لەگەڵی
بوون. ٤١ بۆ بەیانی باڵاق بلعامی بردە سەر بەرزاییەکانی
بەعل و لەوێوە ئەوپەڕی گەلی بینی.

# ٢٣

١ جا بلعام بە باڵاقی وت: ئا لێرە حەوت قوربانگام بۆ بنیاد
بنێ و هەر لێرە حەوت گا و حەوت بەرانم بۆ ئامادە بکە.
٢ باڵاقیش وای کرد، وەك بلعام وتی. ئیتر باڵاق و بلعام بۆ
سەر هەر قوربانگایەك گایەك و بەرانێکیان سەرخست.
٣ ئینجا بلعام بە باڵاقی وت: تۆ لە لای قوربانی
سووتاندنەکەت بوەستە و من دەڕۆم، بەڵکو خوداوەند بۆ
دیدەنیم بێت و هەرچی پیشانم بدات پێتی دەڵێم. ئینجا بۆ
شوێنێکی چۆڵ چوو، ٤ جا خودا هاتە لای بلعام، ئەویش پێی
وت: حەوت قوربانگام ئامادەکرد و گایەك و بەرانێکم خستە
سەر هەر قوربانگایەك. ٥ ئینجا خوداوەند وشەی خستە دەمی
بلعام و فەرمووی: بۆلای باڵاق بگەڕێوە و ئاوا بڵێ. ٦ ئەویش
گەڕایەوە لای و ئەوەتا وا لەگەڵ هەموو میرانی موئاب لە
لای قوربانی سووتاندنەکەی وەستاوە. ٧ ئینجا بە پەندەکەی
دوا و وتی:
لە ئارامەوە باڵاقی پاشای موئاب منی هێنا،
لە چیاکانی ڕۆژهەڵاتەوە،
وەرە یاقوبم بۆ نەفرەتبار بکە،
وەرە جنێو بە ئیسڕائیل بدە.
٨ چۆن نەفرەت بکەم کە خودا نەفرەتی نەکردبێت،
چۆن جنێو بدەم کە خوداوەند جنێوی پێنەدابێت؟
٩ چونکە لەسەر تاوێرەکانەوە دەیبینم،
لە گردەکانەوە تەماشای دەکەم،
ئەوەتا گەلێك بە تەنیا نیشتەجێ بووە،
لە ڕیزی میللەتان دانانرێت.
١٠ کێ خۆڵی یاقوبی ئامار کردووە و
چارەکی ئیسڕائیلی ژماردووە؟
با وەك مردنی سەرڕاستان بمرم و
کۆتاییم وەك ئەوان بێت.
١١ جا باڵاق بە بلعامی وت: چیت پێ کردم! بۆ نەفرەتکردن لە
دوژمنانم تۆم هێنا، کەچی ئەوەتا پیرۆزیان دەکەیت.
١٢ ئەویش وەڵامی دایەوە و وتی: من سوورم لەسەر ئەوەی
خوداوەند بیخاتە سەر دەمم ئەوە بڵێم. ١٣ ئینجا باڵاق پێی وت:
لەگەڵم وەرە بۆ شوێنێکی تر تا هەمویان ببینی، بەڵام تەنها
بەشێکی دەبینی و هەمووی نابینی، لەوێوە بۆم نەفرەتباریان
بکە. ١٤ جا بردیە کێڵگەی چوفیم بۆ سەری پسگە و حەوت
قوربانگای بنیادنا و هەر قوربانگایەك گایەك و بەرانێکی
سەرخستە سەری. ١٥ ئینجا بە باڵاقی وت: لێرە لە لای
قوربانی سووتاندنەکەت بوەستە و من دەچمە ئەوێ. ١٦ جا
خوداوەند بە بلعام گەیشت و وشەی خستە دەمی و فەرمووی:
بگەڕێوە لای باڵاق و ئاوا بڵێ. ١٧ ئەویش هاتە لای و ئەوەتا
لەگەڵ میرانی موئاب لە لای قوربانی سووتاندنەکەی
وەستاوە. ئینجا باڵاق پێی وت: خوداوەند چی فەرموو.
١٨ ئەویش بە پەندەکەی دوا و وتی:
هەستە و گوێ بگرە باڵاق،
گوێم بۆ شلکە ئەی کوڕی سیفور،
١٩ خودا مرۆڤ نییە درۆ بکات،
ڕۆڵەی مرۆڤیش نییە پەشیمان بێتەوە،
ئایا دەڵێ و نایکات؟
یان دەفەرمووێ و نایباتە سەر؟
٢٠ ئەوەتا پیرۆزیم وەرگرتووە،
پیرۆزی کردووە و نایگەڕێنمەوە.
٢١ لە یاقوبدا خراپەی بەرچاونەکەوتووە،
لە ئیسڕائیلدا سەختی نەبینیوە،
خوداوەند خودای خۆی لەگەڵیدایە،
هوتافی پاشای تیادایە،
٢٢ خودا لە میسر دەریهێنا،
خێرایی وەك گای کێویە،
٢٣ چونکە لە یاقوبدا جادوگەری نییە و

لە ئیسڕائیلدا ئەستێرەناسی نییە،
لە کاتی خۆیدا دەربارەی یاقوب دەوترێت،
بۆ ئیسڕائیلیش کە خودا چی کردووە،
٢٤ ئەوەتا گەلێك وەك شێرە مێ هەڵدەستێت،
وەك نێرە شێر بەرزدەبێتەوە،
ناخەوێت تا نێچیرێك نەخوات و
خوێنی کوژراوان نەخواتەوە.
٢٥ جا باڵاق بە بلعامی وت: نە نەفرەتی لێ بکە و نە پیرۆزی
بکە. ٢٦ بلعامیش وەڵامی دایەوە و بە باڵاقی وت: پێم نەوتی
ئەو وشەیەی خوداوەند بیڵێت ئەوە دەکەم؟ ٢٧ باڵاقیش بە
بلعامی وت: وەرە بتبەمە شوێنێکی تر، بەڵکو لەبەرچاوی
خودا باش بێت و لەوێوە نەفرەتباری بکەیت بۆم. ٢٨ ئینجا
باڵاق بلعامی بردە سەری پەعور کە دەڕوانێتە سەر
چۆڵەوانی، ٢٩ بلعامیش بە باڵاقی وت: لێرە حەوت قوربانگام
بۆ بنیاد بنێ و هەر لێرە حەوت گا و حەوت بەرانم بۆ ئامادە
بکە. ٣٠ باڵاقیش بلعام چی وت ئاوای کرد، بۆ سەر هەر
قوربانگایەك گایەك و بەرانێکی خستەسەری.

# ٢٤

١ کاتێ بلعام بینی پەسەندە لەبەر چاوی خوداوەند کە ئیسڕائیل
پیرۆز بکات، وەك جاری یەکەم و دووەم بەڕێنەکەوت بۆ
جادوگەری، بەڵکو ڕووی لە چۆڵەوانی کرد. ٢ ئینجا بلعام
چاوی هەڵبڕی و دەستبەجێ ئیسڕائیلی بەگوێرەی هۆزەکانی
بینی، ڕۆحی خوداش لەسەری بوو، ٣ جا بە پەندەکەی دوا و
وتی: جاڕنامەی بلعامی کوڕی بعۆر، جاڕنامەی پیاوە چاو
کراوەکە، ٤ جاڕنامەی ئەوەی گوێ لە وشەی خودا دەگرێت،
ئەوەی بینینی توانادار دەبینێت ئەوەی بەسەر ڕوودا دەکەوێت
بەڵام چاوی کراوەیە. ٥ چادرەکانت چەند باشە یاقوب،
نشینگەکانت ئەی ئیسڕائیل! ٦ وەك ئەو دۆڵانەی
درێژبوونەتەوە، وەك باخی سەر ڕووبار، وەك ئەو درەختە

ئەلوانەی[أ] خوداوەند چاندبێتی، وەك ئورزی سەر ئاو،
٧ گۆزەکانی ئاویان لێدەڕژێت و توخمی ئەو لەسەر ئاوی
زۆر دەبێت و پاشای لە ئەگاگ باڵاتر دەبێت و پاشایەتییەکەی
پایەدار دەبێت. ٨ خودا لە میسر دەریهێنا، خێرایی وەك گای
کێویە، ئەو میللەتانەی بێزاری دەکەن دەیانخوات و ئێسقانیان
تێکدەشکێنێت و تیرەکانیان دەشکێنێت. ٩ ڕاکشاوە، خۆی
ماتداوە وەك شێر، وەك شێرەمێ، کێ هەڵیدەستێنێت؟
پیرۆزکەرانی پیرۆزن، نەفرەت لێکەرانیشی نەفرەت
لێکراون. ١٠ جا تووڕەیی بالاق بەسەر بلعامەوە گڕیگرت و
چەپڵەی لێدا و بە بلعامی وت: بۆ نەفرەتکردن لە دوژمنەکانم
بانگم کردووی، کەچی ئەوەتا تۆ سێ جار پیرۆزت کردن،
١١ ئێستاش بۆ شوێنی خۆت بگەڕێوە، وتم زۆر ڕێزێکی
مەزنت لێدەنێم و ئەوەتا خوداوەند ڕێزلێنانی لە تۆ
قەدەغەکردووە. ١٢ بلعامیش بە بالاقی وت: ئەی من بە
نێرراوەکانتم نەوت کە بۆ لای منت ناردبوون، ١٣ گەر بالاق
بە پڕی خانووەکەی زێڕ و زیوم پێبدات ناتوانم لە وشەی
خوداوەند دەرچم تا لە خۆمەوە چاکەیەك یا خراپەیەك بکەم،
ئەوەی خوداوەند بیڵێت ئەوە دەڵێم، ١٤ ئێستاش ئەوەتا من بۆ
لای گەلەکەم بەڕێدەکەوم، وەرە با پێت بڵێم کە ئەم گەلە لە
دوا ڕۆژدا چی لە گەلەکەت دەکات. ١٥ ئینجا بە پەندەکەی دوا
و وتی: جاڕنامەی بلعامی کوڕی بعۆر، جاڕنامەی پیاوە چاو
کراوەکە، ١٦ جاڕنامەی ئەوەی گوێ لە وشەی خودا دەگرێت،
زانینی هەرەبەرز دەزانێت، ئەوەی بینینی توانادار دەبینێت
ئەوەی بەسەر ڕوودا دەکەوێت بەڵام چاوی کراوەیە.
١٧ دەیبینم، بەڵام ئێستا نا، چاوم پێی دەکەوێت، بەڵام لەم
نزیکانە نا، ئەستێرەیەك لە یاقوب دەردەکەوێت و داردەستێك
لە ئیسرائیل هەڵدەسێت، ناوچەوانی موئاب تێکدەشکێنێت،
لەگەڵ کاسەسەری هەموو نەوەی شێت. ١٨ ئەدۆم دەبێتە
میرات، سەعیری دوژمنیشی دەبێتە میرات، بەڵام ئیسرائیل
ئازایەتی دەنوێنێت. ١٩ ئەوەی لە یاقوبەوەیە دەسەڵاتدار
دەبێت، ڕاکردوو لە شار لەناو دەبات. ٢٠ ئینجا عەمالیقی بینی
و بە پەندەکەی دوا و وتی: عەمالیق یەکەمی گەلانە بەڵام
کۆتاییەکەی لەناوچوونە. ٢١ ئینجا قینیەکانی بینی و بە
پەندەکەی دوا و وتی: جێنشینت سەختە و هێلانەت لە چیایە،
٢٢ بەڵام قاین بۆ وێرانە دەبێت، تا کەی ئاشور دیلت دەکات؟
٢٣ ئینجا بە پەندەکەی دوا و وتی: ئای کێ دەژیت کاتێ ئاوا
دەکات، ٢٤ لە لای کیتیمەوە کەشتییەکان دێن و ئاشوور
ژێردەستە دەکات و عابر ژێردەستە دەکات، هەروەها
ئەوانیش بۆ لەناوچوونن. ٢٥ ئینجا بلعام هەڵسا و بەڕێکەوت و
گەڕایەوە شوێنی خۆی، بالاقیش بە ڕێگای خۆیدا ڕۆیشت.

# ٢٥

١ ئینجا ئیسرائیل لە شەتیم هەواریان هەڵدا و گەل دەستیان
کرد بەداوێن پیسیکردن لەگەڵ کچانی مۆئاب، ٢ ئەوانیش
گەلیان بانگ کرد بۆ قوربانیە سەربڕاوەکانی خوداکانیان و
گەلیش خواردی و کڕنۆشی بۆ خوداکانیان برد و ئیسرائیل بە
بەعل پەعۆرەوە نووسا[ب]، جا تووڕەیی خوداوەندیش لەسەر
ئیسرائیلدا جۆشا. ٤ ئینجا خوداوەند بە موسای فەرموو:
هەموو سەرانی گەل ببە و بۆ خوداوەند بەرامبەر بە خۆر
هەڵیان واسە، ئەوسا کوڵی تووڕەیی خوداوەند لەسەر
ئیسرائیل دەگەڕێتەوە. ٥ موساش بە دادوەرانی ئیسرائیلی وت:
هەر یەکە لە پیاوەکانی خۆی ئەوانە بکوژێت کە بە بەعل
پەعۆرەوە نووساون. ٦ لەو کاتەدا پیاوێك هات کە لە نەوەی
ئیسرائیل بوو و ژنێکی میدیانی پێشکەش بە براکانی کرد،
لەبەرچاوی موسا و هەموو کۆمەڵی نەوەی ئیسرائیل کە لە
لای دەروازەی چادری ژوان دەگریان. ٧ کاتێ پینخاسی
کوڕی ئەلیعازاری کوڕی هارونی کاهین ئەمەی بینی، لەنێو
کۆمەڵەکە هەستا و دەستی دایە ڕمێك و ٨ بە دوای پیاوە
ئیسرائیلیەکەدا چووەژوورەوە بۆ گومەت و کردی بە
هەردووکیاندا، پیاوە ئیسرائیلیەکە و ژنەکەش لە سکی، ئینجا
دەردەکە لە نەوەی ئیسرائیل بڕایەوە. ٩ جا ئەوانەی بە
دەردەکە مردن بیست و چوار هەزار بوون. ١٠ هەروەها
خوداوەند لەگەڵ موسادا دوا و فەرمووی: ١١ پینخاسی کوڕی
ئەلیعازاری کوڕی هارونی کاهین، تووڕەیی منی لەسەر
نەوەی ئیسرائیل گێڕایەوە، بەوەی کە دڵگەرم بوو بۆ ئیرەیی
من لەنێوانیان تا نەوەی ئیسرائیلم بە ئیرەیی خۆم لەناو نەبرد،
١٢ بۆیە بڵێ ئەوەتا من پەیمانی خۆمی دەدەمێ، پەیمانی
ئاشتی، ١٣ جا بۆ خۆی و بۆ نەوەکەی دوای خۆی دەبێتە
پەیمانی کاهینێتی هەتاهەتایی، لەبەرئەوەی دڵگەرم بوو بۆ
خودا و کەفارەتی بۆ نەوەی ئیسرائیل کرد. ١٤ ناوی ئەو پیاوە
ئیسرائیلیەش کە لەگەڵ ژنە میدیانیەکە کوژرا زیمری کوڕی
سالو بوو، سەرۆکی ماڵەباوانێك بوو لە شەمعونیەکان،
١٥ ناوی ژنە میدیانیە کوژراوەکەش کوزبی کچی سوور بوو،
ئەویش سەرۆکی هۆزەکانی ماڵەباوان بوو لە میدیان. ١٦ ئینجا
خوداوەند لەگەڵ موسادا دوا و فەرمووی: ١٧ تەنگ بە
میدیانییەکان هەڵچنن و لێیان بدەن، ١٨ چونکە ئەوان بە
فریودانەکانیان تەنگیان پێ هەڵچنین، سەبارەت بە پەعۆر و
کوزبی خوشکیان، کچی سەرۆکێکی میدیان کە لە ڕۆژی
دەردەکەدا کوژرا بە هۆی پەعۆرەوە.

# ٢٦

١ ئینجا دوای دەردەکە، خوداوەند لەگەڵ موسا و ئەلیعازاری
کوڕی هارونی کاهیندا دوا و فەرمووی: ٢ ژمارەی هەموو
کۆمەڵی نەوەی ئیسرائیل وەرگرە، لە کوڕی بیست ساڵە
بەسەرەوە، بە گوێرەی ماڵە باوانیان، هەموو ئەوانەی لە
ئیسرائیلدا دەتوانن بجەنگن. ٣ جا موسا و ئەلیعازاری کاهین
لە دەشتی موئاب لەسەر ڕووباری ئوردون لە لای ئەریحا
لەگەڵیاندا دوان و وتیان: ٤ لە کوڕی بیست ساڵە بەسەرەوە،
وەك چۆن خوداوەند فەرمانی بە موسا کرد. نەوەی
ئیسرائیلیش ئەوانەی لە خاکی میسر دەرچوون ئەمانەن:
٥ ڕەئوبینی نۆبەرەی ئیسرائیل ، نەوەی ڕەئوبین، بۆ خەنۆك
خێڵی خەنۆکییەکان، بۆ فلوو خێڵی فلووییەکان، ٦ بۆ حەسرون
خێڵی حەسرونییەکان، بۆ کەرمی خێڵی کەرمییەکان، ٧ ئەمانە
خێڵەکانی ڕەئوبینیەکانن، تۆمارکراوەکانیان چل و سێ هەزار
و حەوت سەد و سی بوون. ٨ ئەلیابیش کوڕی فلوو بوو،
٩ نەوەی ئەلیابیش نەموئیل و داتان و ئەبیرام، داتان و
ئەبیرامیش ئەوانەن کە کۆمەڵەکەیان بانگکرد بۆ بەربەرەکانی
کردنی موسا و هارون، لە کۆمەڵی قوڕەح کاتێ بەربەرەکانی
خوداوەندیان کرد، ١٠ جا زەوی دەمی کردەوە و هەڵیلوشین
لەگەڵ قوڕەح کاتێ ئەو کۆمەڵە بە سووتان بە ئاگر مردن،
دوو سەد و پەنجا پیاو، جا بوون بە پەند. ١١ بەڵام نەوەی
قوڕەح نەمردن. ١٢ نەوەی شەمعون بەگوێرەی خێڵەکانیان، بۆ
نەموئیل خێڵی نەموئیلییەکان، بۆ یامین خێڵی یامینییەکان، بۆ
یاکین خێڵی یاکینییەکان، ١٣ بۆ زێرەخ خێڵی زێرەخییەکان، بۆ

[أ] ٢٤ : ٦ ڕووەکێکی دڕکاویە وەك سەبار، شلەیەکی تێدایە بۆ پێست باشە.
[ب] ٢٥ : ٣ مەبەست لەو پەیوەندییەیە کە لەنێوان پیاوە ئیسرائیلیەکان و کچە
موئابیەکان پەیدا بوو کە وەك مارەبڕین وابوو.

شاول خێڵی شاولییەکان. ١٤ ئەمە خێڵەکانی شەمعونییەکانە
بیست و دوو هەزار و دوو سەدن. ١٥ نەوەی گاد بەگوێرەی
خێڵەکانیان، بۆ چیفون خێڵی چیفونییەکان، بۆ خەگی خێڵی
خەگییەکان، بۆ شونی خێڵی شونییەکان، ١٦ بۆ ئۆزنی خێڵی
ئۆزنییەکان، بۆ عیری خێڵی عیرییەکان، ١٧ بۆ ئەرود خێڵی
ئەرودییەکان، بۆ ئەرئیلی خێڵی ئەرئیلییەکان. ١٨ ئەمە
خێڵەکانی نەوەی گادە بەگوێرەی ژمارەیان چل هەزار و پێنج
سەدن. ١٩ کوڕانی یەهوزا عیر و ئونان، عیرو ئونان لە
خاکی کەنعان مردن. ٢٠ جا نەوەی یەهوزا بەگوێرەی
خێڵەکانیان، بۆ شیلە خێڵی شیلییەکان، بۆ فارەس خێڵی
فارەسییەکان، بۆ زێرەخ خێڵی زێرەخییەکان، ٢١ نەوەی
فارەسیش بۆ حەسرۆن خێڵی حەسرۆنییەکان، بۆ خامول
خێڵی خامولییەکان. ٢٢ ئەمە خێڵەکانی یەهوزان بەگوێرەی
ژمارەیان حەفتا و شەش هەزار و پێنج سەدن. ٢٣ نەوەی
یەسساکر بەگوێرەی خێڵەکانیان، بۆ تولاع خێڵی
تولاعییەکان، بۆ فووە خێڵی فووەییەکان، ٢٤ بۆ یاشوب خێڵی
یاشوبییەکان، بۆ شیمرون خێڵی شیمرونییەکان. ٢٥ ئەمە
خێڵەکانی یەسساکرن بەگوێرەی ژمارەیان شەست و چوار
هەزار و سێ سەدن. ٢٦ نەوەی زەبولون بەگوێرەی
خێڵەکانیان، بۆ سارەد خێڵی سارەدییەکان، بۆ ئیلون خێڵی
ئیلونییەکان، بۆ یاخلیئیل خێڵی یاخلیئیلییەکان. ٢٧ ئەمە
خێڵەکانی زەبولونیەکانە بەگوێرەی ژمارەیان شەست هەزار
و پێنج سەدن. ٢٨ کوڕانی یوسف بەگوێرەی خێڵەکانیان
مەنەسا و ئەفرایم، ٢٩ نەوەی مەنەسا بۆ ماکیر خێڵی
ماکیرییەکان، ماکیر جلعادی بوو، بۆ جلعاد خێڵی
جلعادییەکان. ٣٠ ئەمانە نەوەی جلعادن، بۆ ئیعەزەر خێڵی
ئیعەزەرییەکان، بۆ خالق خێڵی خالقییەکان، ٣١ بۆ ئەسریئیل
خێڵی ئەسریئیلییەکان، بۆ شکەم خێڵی شەکەمییەکان، ٣٢ بۆ
شەمیداع خێڵی شەمیداعییەکان، بۆ حافر خێڵی حافرییەکان،
٣٣ بەڵام سەلوفحادی کوڕی حافر کوڕی نەبوو تەنها کچ و
ناوی کچەکانی سەلوفحاد مەحلە و نوعە و حوجلە و میلکە و
ترچە بوو. ٣٤ ئەمە خێڵەکانی مەنەسایە و تۆمارکراوەکانیان
پەنجا و دوو هەزار وحەوت سەدن. ٣٥ ئەمانەش نەوەی
ئەفرایمن بەگوێرەی خێڵەکانیان، بۆ شوتالەح خێڵی
شوتالەحییەکان، بۆ باکەر خێڵی باکەرییەکان، بۆ تاحن خێڵی
تاحینییەکان، ٣٦ ئەمانەش نەوەی شوتالحن، بۆ عیران خێڵی
عیرانییەکان. ٣٧ ئەمە خێڵەکانی نەوەی ئەفرایمن بەگوێرەی
ژمارەیان سی و دوو هەزار و پێنج سەدن. ئەمانە نەوەی
یوسفن بەگوێرەی خێڵەکانیان. ٣٨ نەوەی بنیامین بەگوێرەی
خێڵەکانیان، بۆ بالەع خێڵی بالەعییەکان، بۆ ئەشبیل خێڵی
ئەشبیلییەکان، بۆ ئەحیرام خێڵی ئەحیرامییەکان، ٣٩ بۆ
شەفوفام خێڵی شەفوفامییەکان، بۆ حوفام خێڵی حوفامییەکان
٤٠ دوو کوڕەکەی بالەعیش ئەردو نوعمان بوون، بۆ ئەرد
خێڵی ئەردییەکان و بۆ نوعمان خێڵی نوعمانییەکان. ٤١ ئەمانە
نەوەی بنیامینن بەگوێرەی خێڵەکانیان و تۆمارکراوەکانیان
چل و پێنج هەزار و شەش سەدن. ٤٢ ئەمانە نەوەی دانن
بەگوێرەی خێڵەکانیان، بۆ شوحام خێڵی شوحامییەکان. ئەمە
خێڵەکانی دانە بەگوێرەی خێڵەکانیان، ٤٣ هەموو خێڵەکانی
شوحامییەکان بەگوێرەی ژمارەیان شەست و چوار هەزار و
چوار سەدن. ٤٤ نەوەی ئەشیر بەگوێرەی خێڵەکانیان، بۆ یمنە
خێڵی یمنییەکان، بۆ یشوی خێڵی یشوییەکان، بۆ بریعە خێڵی
بریعییەکان، ٤٥ بۆ نەوەی بریعە بۆ حابر خێڵی حابرییەکان،
بۆ مەلکیئیل خێڵی مەلکیئیلییەکان، ٤٦ ناوی کچەکەی ئەشیرش
سارەح بوو. ٤٧ ئەمە خێڵەکانی نەوەی ئەشیرە بەگوێرەی
ژمارەیان پەنجا و سێ هەزار و چوار سەدن. ٤٨ نەوەی
نەفتالی بەگوێرەی خێڵەکانیان، بۆ یاحسیئیل خێڵی
یاحسیئیلییەکان، بۆ جونی خێڵی جونییەکان، ٤٩ بۆ یچیر خێڵی
یچیرییەکان، بۆ شیلیم خێڵی شیلیمییەکان. ٥٠ ئەمە خێڵەکانی
نەفتالییە بەگوێرەی خێڵەکانیان و تۆمارکراوەکانیان چل و
پێنج هەزار و چوار سەدن ٥١ ئەمانە تۆمارکراوەکانن لە
نەوەی ئیسرائیل شەش سەد و یەك هەزار و حەوت سەد و
سی بوون. ٥٢ ئینجا خوداوەند لەگەڵ موسادا دوا و فەرمووی:
٥٣ خاکەکە بۆ ئەمانە بە میرات دابەش دەکەیت بەگوێرەی
ژمارەی ناوەکان، ٥٤ زۆرەکان میراتیان زۆر دەکەیت و
کەمەکان میراتیان کەم دەکەیت، هەر یەکە بەگوێرەی
تۆمارکراوەکانی میراتی دەدرێتێ، ٥٥ بەڵام بە تیروپشك
خاکەکە دابەش دەکەیت، بەگوێرەی ناوی هۆزەکانی باوکانیان
بە میراتی دەگرن، ٥٦ بەگوێرەی تیروپشك میراتەکەیان بۆ
دابەش دەکرێت بە کەم و زۆرەوە. ٥٧ ئەمانەش
تۆمارکراوەکانن لە لێڤییەکان بەگوێرەی خێڵەکانیان، بۆ
گرشون خێڵی گرشونییەکان، بۆ قەهات خێڵی قەهاتییەکان، بۆ
مەراری خێڵی مەرارییەکان. ٥٨ ئەمە خێڵەکانی لێڤییە: خێڵی
لەبنییەکان و خێڵی حەبرونییەکان و خێڵی مەحلییەکان و خێڵی
موشییەکان و خێڵی قوڕەحییەکان، بەڵام قەهات عەمرامی
بوو، ٥٩ ژنەکەی عەمرامیش ناوی یوکابەد بوو، کچی لێڤییەك
بوو و بۆ لێڤییەکیش لە میسر منداڵی بوو، جا بۆ عەمرام
هارون و موسا و مریەمی خوشکیانی بوو، ٦٠ بۆ هارونیش
ناداب و ئەبیهۆ و ئەلیعازار و ئیتامار بوو، ٦١ بەڵام ناداب و
ئەبیهۆ مردن کاتێ ئاگرێکی نامۆیان بۆ بەردەم خوداوەند
پێشکەش کرد. ٦٢ جا تۆمارکراوەکانیان بیست و سێ هەزار
بوون، هەموو نێرینەیەك لە کوڕی یەك مانگی بەسەرەوە،
چونکە لەگەڵ نەوەی ئیسرائیلدا تۆمارنەکران لەبەرئەوەی
لەنێو نەوەی ئیسرائیلدا میراتیان پا نەدرا. ٦٣ ئەمانە بوون کە
موسا و ئەلعازاری کاهین تۆماریانکردن، کاتێ نەوەی
ئیسرائیلیان لە دەشتی موئاب لەسەر ئوردون لە لای ئەریحا
تۆمارکرد. ٦٤ ئەمانەش کەسیان تیادا نەبوو لەوانەی موسا و
هارونی کاهین تۆماریانکردن کاتێ نەوەی ئیسرائیلیان لە
چۆڵەوانی سینادا تۆمارکرد، ٦٥ چونکە خوداوەند پێی
فەرموون، لە چۆڵەوانیدا دەمرن، جا کەسیان لێ نەمایەوە،
تەنها کالیبی کوڕی یەفونە و یەشوعی کوڕی نون نەبێت.

# ٢٧

١ جا کچانی سەلوفحادی کوڕی حافەر کوڕی جلعاد کوڕی
ماکیر کوڕی مەنەسا لە خێڵەکانی مەنەسای کوڕی یوسف
هاتنە پێش، ئەمەش ناوی کچەکانیەتی: مەحلە و نوعە و
حوجلە و میلکە و تیرچە، ٢ جا لەبەردەم موسا و ئەلعازاری
کاهین و سەرۆکەکان و هەموو کۆمەڵ لە لای دەروازەی
چادری ژواندا وەستان و وتیان: ٣ باوکمان لە بیاباندا مرد و
لەو کۆمەڵەدا نەبوو کە لەگەڵ قوڕەح لەسەر خوداوەند
کۆبوونەوە، بەڵکو بە گوناهی خۆی مرد و هیچ کوڕی نەبوو،
٤ بۆچی ناوی باوکمان لە نێو خێڵەکەی بسڕێتەوە چونکە
کوڕی نییە؟ لە نێو برایانی باوکمان بەشمان بدەرێ.
٥ موساش داواکاریەکەیانی بردە بەردەم خوداوەند. ٦ جا
خوداوەند لەگەڵ موسادا دوا و فەرمووی: ٧ کچانی سەلوفحاد
ڕاست دەڵێن، تۆش لە نێو برایانی باوکیان بەشە میراتیان پێ
دەدەیت و میراتی باوکیان دەدەیتە ئەوان و ٨ بە نەوەی
ئیسڕائیلیش دەڵێیت، هەر پیاوێك مرد و کوڕی نەبوو
میراتەکەی بۆ کچی دەبێت، ٩ گەر کچیشی نەبوو،
میراتەکەی دەدەنە براکانی، ١٠ گەر براشی نەبوو ئەوا
میراتەکەی دەدەنە برایانی باوکی، ١١ گەر باوکیشی برای
نەبوو ئەوا میراتەکەی دەدەنە نزیکترین خزمی لە خێڵەکەی و

ئەو دەبێتە میراتگری. جا ئەمە بۆ نەوەی ئیسرائیل بوو بە
فەرزی حوکم، هەروەك خوداوەند فەرمانی بە موسا کرد.
١٢ ئینجا خوداوەند بە موسای فەرموو: بڕۆ سەر ئەم چیای
عەباریمە و تەماشای ئەو زەویە بکە کە بە نەوەی ئیسرائیلم
داوە، ١٣ کاتێ تەماشایت کرد تۆش دەچیتە ڕیزی گەلەکەت،
وەك هارونی برات چووە ڕیزەوە، ١٤ چونکە لە چۆڵەوانی
چین کاتێ کۆمەڵەکە لێتان پڕبوون، قسەتان شکاندم کە
لەبەرچاویان بە ئاوەکە پیرۆزم بکەن، کە ئاوی مەریبەی
قادشە لە چۆڵەوانی چین. ١٥ جا موسا لەگەڵ خوداوەنددا دوا و
وتی: ١٦ کەواتە با خوداوەند خودای ڕۆحی هەموو
مرۆڤەکان پیاوێك بەسەر کۆمەڵەکەوە دانێت، ١٧ لەبەردەمیان
بچێتە دەرەوە و بێتە ژوورەوە و بیانباتە دەرەوە و بیانهێنێتە
ژوورەوە، تا کۆمەڵی خوداوەند وەك مەڕی بێ شوانیان
لێنەیەت. ١٨ خوداوەندیش بە موسای فەرموو: یەشوعی
کوڕی نون ببە، پیاوێکە ڕۆحی پیرۆزی تیادایە و دەستی
لەسەر دابنێ و ١٩ لەبەردەم ئەلعازاری کاهین و هەموو
کۆمەڵەکە ڕایگرە و لەبەرچاویان فەرمانی پێ بکە،
٢٠ هەروەها دەسەڵاتی خۆتی بدەرێ تا هەموو کۆمەڵی
ئیسرائیل گوێی لێ بگرێت، ٢١ جا لەبەردەم ئەلعازاری کاهین
ڕادەوەستێت و ئەو لەبەردەم خوداوەند بە پێی حوکمی ئۆریم[أ]
بۆی دەپرسێت، بە قسەی ئەو دەردەچن و بە قسەی ئەو دێنە
ژوورەوە، ئەو و هەموو نەوەی ئیسرائیل لەگەڵی. ٢٢ جا موسا
وەك خوداوەند فەرمانی پێکرد، ئاوای کرد، یەشوعی برد و
لەبەردەم ئەلیعازاری کاهین و لەبەردەم هەموو کۆمەڵەکە
ڕایگرت و ٢٣ دەستی لەسەر دانا و فەرمای پێکرد، وەك
خوداوەند فەرمانی کرد بەهۆی موساوە.

# ٢٨

١ هەروەها خوداوەند لەگەڵ موسادا دوا و فەرمووی:
٢ فەرمان بە نەوەی ئیسرائیل بکە و پێیان بڵێ، قوربانی من،
خۆراکم بۆ قوربانی بە ئاگرم، ئەو بۆنەی پێم خۆشە، ئاگادار
دەبن کە لە کاتی خۆی بە من پێشکەشی بکەن، ٣ پێشیان بڵێ،
ئەمە ئەو قوربانی بە ئاگرەیە کە بۆ خوداوەندی پێشکەش
دەکەن، دوو بەرخی یەك ساڵەی ساغ بۆ هەر ڕۆژێك،
قوربانی سووتاندنی هەمیشەییە، ٤ بەرخێکیان بەیانیان
دەیکەیت و بەرخەکەی تریان لە زەردەپەڕ دەیکەیت، ٥ لەگەڵ
دەیەکی ئیفەیەك ئاردی سفر بۆ قوربانی خۆراك بە چارەکە
هەینێك زەیتی گوشراو شێلرابێت، ٦ قوربانی سووتاندنی
هەمیشەییە، ئەوەی لە چیای سینا کراوە، بۆ ئەو بۆنەی
خوداوەند پێی خۆشە قوربانی بە ئاگرە بۆ خوداوەند. ٧ مەییە
پێشکەشکراوەکەشی چارەکە هەینێك بۆ یەك بەرخ، لە شوێنی
پیرۆز بۆ خوداوەند مەیی سەرخۆشکەر پێشکەش بکە،
٨ بەرخی دووەمیش زەردەپەڕ دەیکەیت، وەك قوربانی
خۆراکی بەیانی و وەك مەییە پێشکەشکراوەکەی دەیکەیت،
قوربانی بە ئاگرە، ئەو بۆنەی خوداوەند پێی خۆشە. ٩ لە
ڕۆژی پشوودانیش دوو بەرخی یەك ساڵەی ساغ و دوو
دەیەك ئاردی سفری بە زەیت شێلراو وەك قوربانی خۆراك
لەگەڵ مەییە پێشکەشکراوەکەی، ١٠ قوربانی سووتاندنی
هەموو ڕۆژێکی پشوودانە، بێجگە لە قوربانی سووتاندنی
هەمیشەیی و مەییە پێشکەشکراوەکەی. ١١ لە سەرە
مانگەکانتانیش قوربانی سووتاندن بۆ خوداوەند دەکەن، دوو
گا و بەرانێك و حەوت بەرخی یەك ساڵەی ساغ، ١٢ لەگەڵ
سێ دەیەکی ئاردی سفری بە زەیت شێلراو، قوربانی خۆراکە
بۆ هەر گایەك و دوو دەیەك ئاردی سفری بە زەیت شێلراو،
قوربانی خۆراکە بۆ هەر بەرانێك و ١٣ یەك دەیەك ئاردی
سفری بە زەیت شێلراو، قوربانی خۆراکە بۆ هەر بەرخێك،
قوربانی سووتاندنە، ئەو بۆنەی خوداوەند پێی خۆشە،
قوربانی بە ئاگرە بۆ خوداوەند. ١٤ مەییە پێشکەشکراوەکەشیان
نیو هین بۆ گا و سێیەکی هەین بۆ بەران و چارەکە هەینێك بۆ
بەرخ. ئەمە قوربانی سووتاندنی هەموو مانگێکە لە
مانگەکانی ساڵدا. ١٥ هەروەها گیسکێکیش بۆ قوربانی گوناه بۆ
خوداوەند، بێجگە لە قوربانی سووتاندنی هەمیشەیی، لە گەڵ
مەییە پێشکەشکراوەکەی پێشکەش دەکرێت. ١٦ لە مانگی
یەکەمدا، لە چواردەی مانگدا جەژنی پەسخە بۆ خوداوەند،
١٧ لە ڕۆژی پانزەی ئەم مانگەدا جەژنە، حەوت ڕۆژ نانی
فەتیر دەخورێت، ١٨ لە ڕۆژی یەکەمدا کۆبوونەوە
پیرۆزکردنتان دەبێت، هیچ کارێك ناکەن و ١٩ قوربانی بە
ئاگر، قوربانی سووتاندن بۆ خوداوەند پێشکەش دەکەن، دوو
گا و بەرانێك و حەوت بەرخی یەك ساڵەی ساغ لە لایەن
ئێوەوە دەبێت، ٢٠ قوربانی خۆراکیشیان لە ئاردی سفری بە
زەیت شێلراو، سێ دەیەك بۆ گا و دوو دەیەك بۆ بەران و
٢١ دەیەکێك بۆ هەر بەرخێك لە حەوت بەرخەکە دەکەیت،
٢٢ گیسکێکیش قوربانی گوناهە بۆ کەفارەت کردن بۆتان،
٢٣ بێجگە لە قوربانی سووتاندنی بەیانیان کە بۆ قوربانی
سووتاندنی هەمیشەیی دەیکەن. ٢٤ بۆماوەی حەوت ڕۆژ
هەموو ڕۆژێك ئاوا دەکەن، خۆراکە، قوربانی بە ئاگرە، ئەو
بۆنەی خوداوەند پێی خۆشە، بێجگە لە قوربانی سووتاندنی
هەمیشەیی، لە گەڵ مەییە پێشکەشکراوەکەی دەکرێت. ٢٥ لە
ڕۆژی حەوتەمیشدا کۆبوونەوەی پیرۆزکردن دەبێت، هیچ
کارێك ناکەن ٢٦ لە ڕۆژی یەکەم بەرهەمدا، کاتێ قوربانی
خۆراکی نوێ بۆ خوداوەند پێشکەش دەکەن، لە هەفتەکانتان
کۆبوونەوە پیرۆزکردن دەبێت بۆتان، هیچ کارێك ناکەن،
٢٧ قوربانی سووتاندن پێشکەش دەکەن، بۆ ئەو بۆنەی
خوداوەند پێی خۆشە، دوو گا و بەرانێك و حەوت بەرخی
یەك ساڵە، ٢٨ قوربانی خۆراکیشیان لە ئاردی سفری بە زەیت
شێلراو، سێ دەیەك بۆ گا و دوو دەیەك بۆ بەران و
٢٩ دەیەکێك بۆ هەر بەرخێك لە حەوت بەرخەکە.
٣٠ گیسکێکیش بۆ کەفارەت کردن بۆتان، ٣١ بێجگە لە قوربانی
سووتاندنی هەمیشەیی و قوربانی خۆراکەکەی دەیکەن،
بێگومان بن کە ساغن و لەگەڵ مەیە پێشکەشکراوەکەیان
بیکەن.

# ٢٩

١ لە مانگی حەوتیشدا، لە یەکی مانگدا کۆبوونەوەی
پیرۆزکردن دەبێت بۆتان، هیچ کارێك ناکەن، بۆتان دەبێتە
ڕۆژی دەنگی کەڕەنا. ٢ قوربانی سووتاندنێك دەکەن بۆ ئەو
بۆنەی خوداوەند پێی خۆشە، یەك گا و یەك بەران و حەوت
بەرخی یەك ساڵەی ساغ، ٣ قوربانی خۆراکیشیان لە ئاردی
سفری بە زەیت شێلراو، سێ دەیەك بۆ گا و دوو دەیەك بۆ
بەران و ٤ دەیەکێك بۆ هەر بەرخێك لە حەوت بەرخەکە،
٥ گیسکێکیش بۆ قوربانی گوناە بۆ کەفارەتکردن بۆتان،
٦ بێجگە لە قوربانی سووتاندنی سەرەمانگان و قوربانی
خۆراکەکەی قوربانی سووتاندنی هەمیشەیی و قوربانی
خۆراکەکەی لەگەڵ مەیە پێشکەشکراوەکەیان وەك ڕێسایە،
ئەو بۆنەیە کە خوداوەند پێی خۆشە، قوربانی بە ئاگرە بۆ
خوداوەند. ٧ لە ڕۆژی دەیەمی ئەم مانگی حەوتەدا

[أ] ٢٧ : ٢١ بڕوانە دەرچوون ٢٨ : ٣٠

کۆبوونەوەی پیرۆزکردنتان بۆ دەبێت و گیانی خۆتان زەلیل
دەکەن، هیچ کارێك ناکەن و ٨ قوربانی سووتاندن بۆ
خوداوەند پێشکەش دەکەن ئەو بۆنەی پێی خۆشە، یەك گا و
یەك بەران و حەوت بەرخی یەك ساڵەی ساغ لە لایەن ئێوەوە
دەبێت، ٩ قوربانی خۆراکیشیان لە ئاردی سفری بە زەیت
شێلراو، سێ دەیەك بۆ گا و دوو دەیەك بۆ بەران و
١٠ دەیەکێك بۆ هەر بەرخێك لە حەوت بەرخەکە،
١١ گیسکێکیش بۆ قوربانی گوناه، بێجگە لە قوربانی گوناه بۆ
کەفارەت کردن و قوربانی سووتاندنی هەمیشەیی و قوربانی
خۆراکەکەی لەگەڵ مەیە پێشکەشکراوەکەیان. ١٢ لە ڕۆژی
پانزەی مانگی حەوتیشدا کۆبوونەوەی پیرۆزکردنتان بۆ
دەبێت، هیچ کارێك ناکەن و حەوت ڕۆژ بۆ خوداوەند دەیکەن
بە جەژن، ١٣ قوربانی سووتاندنیش پێشکەش دەکەن، قوربانی
بە ئاگر، ئەو بۆنەی خوداوەند پێی خۆشە، سیانزە گا و دوو
بەران و چواردە بەرخی یەك ساڵەی ساغ لە لایەن ئێوەوە
دەبێت، ١٤ قوربانی خۆراکیشیان لە ئاردی سفری بە زەیت
شێلراو، سێ دەیەك بۆ هەر یەك لە سیانزە گایەکە و دوو
دەیەك بۆ هەر یەك لە دوو بەرانەکە و ١٥ دەیەکێك بۆ هەر
یەك لە چواردە بەرخەکە و ١٦ گیسکێك بۆ قوربانی گوناه،
بێجگە لە قوربانی سووتاندنی هەمیشەیی و قوربانی
خۆراکەکەی و مەیە پێشکەشکراوەکەی. ١٧ لە ڕۆژی دووەمدا
دوانزە گا و دوو بەران و چواردە بەرخی یەك ساڵەی ساغ و
١٨ قوربانی خۆراکیان و مەیی پێشکەشکراویان بۆ گاکان و
دوو بەرانەکە و بەرخەکان بەگوێرەی ژمارەیان وەك ڕێسایە،
١٩ گیسکێکیش بۆ قوربانی گوناه، بێجگە لە قوربانی
سووتاندنی هەمیشەیی و قوربانی خۆراکەکەی لەگەڵ مەیە
پیشکەشکراوەکەیان. ٢٠ لە ڕۆژی سێیەمدا یانزە گا و دوو
بەران و چواردە بەرخی یەك ساڵەی ساغ و ٢١ قوربانی
خۆراکیان و مەیی پێشکەشکراویان بۆ گاکان و بەرانەکان و
بەرخەکان بەگوێرەی ژمارەیان وەك ڕێسایە، ٢٢ گیسکێکیش
بۆ قوربانی گوناه، بێجگە لە قوربانی سووتاندنی هەمیشەیی و
قوربانی خۆراکەکەی و مەیە پێشکەشکراوەکەی. ٢٣ لە ڕۆژی
چوارەمدا دە گا و دوو بەران و چواردە بەرخی یەك ساڵەی
ساغ و ٢٤ قوربانی خۆراکیان و مەیی پێشکەشکراویان بۆ
گاکان و بەرانەکان و بەرخەکان بەگوێرەی ژمارەیان وەك
ڕێسایە، ٢٥ گیسکێکیش بۆ قوربانی گوناه، بێجگە لە قوربانی
سووتاندنی هەمیشەیی و قوربانی خۆراکەکەی و مەیە
پێشکەشکراوەکەی. ٢٦ لە ڕۆژی پێنجەمدا نۆ گا و دوو بەران
و چواردە بەرخی یەك ساڵەی ساغ و ٢٧ قوربانی خۆراکیان و
مەیی پێشکەشکراویان بۆ گاکان و بەرانەکان و بەرخەکان
بەگوێرەی ژمارەیان وەك ڕێسایە، ٢٨ گیسکێکیش بۆ قوربانی
گوناه، بێجگە لە قوربانی سووتاندنی هەمیشەیی و قوربانی
خۆراکەکەی و مەیە پێشکەشکراوەکەی. ٢٩ لە ڕۆژی
شەشەمدا هەشت گا و دوو بەران و چواردە بەرخی یەك
ساڵەی ساغ و ٣٠ قوربانی خۆراکیان و مەیی پێشکەشکراویان
بۆ گاکان و بەرانەکان و بەرخەکان بەگوێرەی ژمارەیان وەك
ڕێسایە، ٣١ گیسکێکیش بۆ قوربانی گوناه، بێجگە لە قوربانی
سووتاندنی هەمیشەیی و قوربانی خۆراکەکەی و مەیە
پێشکەشکراوەکەی ٣٢ لە ڕۆژی حەوتەمدا حەوت گا و دوو
بەران و چواردە بەرخی یەك ساڵەی ساغ و ٣٣ قوربانی
خۆراکیان و مەیی پێشکەشکراویان بۆ گاکان و بەرانەکان و
بەرخەکان بەگوێرەی ژمارەیان وەك ڕێسایە، ٣٤ گیسکێکیش
بۆ قوربانی گوناه، بێجگە لە قوربانی سووتاندنی هەمیشەیی و
قوربانی خۆراکەکەی و مەیە پێشکەشکراوەکەی. ٣٥ لە ڕۆژی
هەشتەمدا ئاهەنگ دەگێڕن، هیچ کارێك ناکەن و ٣٦ قوربانی
سووتاندن پێشکەش دەکەن، قوربانی بە ئاگر، ئەو بۆنەی
خوداوەند پێی خۆشە، یەك گا و یەك بەران و حەوت بەرخی
یەك ساڵەی ساغ، ٣٧ قوربانی خۆراکیشیان و مەیی
پێشکەشکراویان بۆ گا و بەران و بەرخەکان بەگوێرەی
ژمارەیان وەك ڕێسایە، ٣٨ یەك گیسکیش بۆ قوربانی گوناه،
بێجگە لە قوربانی سووتاندنی هەمیشەیی و قوربانی
خۆراکەکەی و مەیە پێشکەشکراوەکەی. ٣٩ لە جەژنە
دیاریکراوەکانتان، ئەمانە بۆ خوداوەند پێشکەش دەکەن،
بێجگە لە نەزرەکانتان و بەخشینەکانتان و قوربانی
سووتاندنەکانتان و قوربانی خۆراکەکانتان و مەیە
پێشکەشکراوەکانتان و قوربانیەکانی ئاشتیتان. ٤٠ جا موسا بە
گوێرەی هەموو ئەوەی خوداوەند فەرمانی پێی کرد، لەگەڵ
نەوەی ئیسڕائیلدا دوا.

# ٣٠

١ هەروەها موسا لەگەڵ سەرانی هۆزەکانی نەوەی ئیسڕائیلدا
دوا و وتی: ئەمە ئەو شتەیە کە خوداوەند فەرمانی پێی
کردووە، ٢ گەر پیاوێك نەزرێکی بۆ خوداوەند کرد یان
سوێندی خوارد بۆ پابەند بوون بە شتێك، با قسەی خۆی
نەشکێنێت و بەگوێرەی هەموو ئەوەی لە دەمی دەرچووە ئاوا
بکات، ٣ بەڵام ژن گەر نەزرێکی بۆ خوداوەند کرد و بە شتێك
خۆی پابەند کرد، لە ماڵی باوکی، لە کاتی کچێتی و ٤ باوکی
گوێی لە نەزرەکەی و ئەو شتە بوو کە خۆی پێ پابەند
کردووە، جا ئەگەر خۆی لێ بێ دەنگ کرد، ئەوا هەموو
نەزرەکانی و هەموو ئەو شتانەی خۆی پێ پابەند کردووە
دەچەسپێت، ٥ بەڵام گەر باوکی لە ڕۆژی بیستنی نەیهێشت،
ئەوا هەموو نەزر و ئەو شتانەی خۆی پێ پابەند کردووە
ناچەسپێت، خوداوەندیش لێی خۆش دەبێت، چونکە باوکی
نەیهێشتووە. ٦ ئەگەر مێردی هەبوو و نەزری کرد یان
بەدەمی خۆی ئەو شتەی وت کە خۆی پێ پابەند دەکات و
٧ مێردەکەی بیستی و لە ڕۆژی بیستنەکەی بێدەنگ بوو، ئەوا
نەزرەکانی دەچەسپێت و ئەو شتانەش کە خۆی پێ پابەند
کردووە دەچەسپێت، ٨ بەڵام گەر مێردەکەی لە ڕۆژی بیستنی
نەیهێشت، ئەوا نەزرەکەی هەڵدەوەشێتەوە هەروەها ئەو
شتەی بە دەمی خۆی وتی کە خۆیی پێ پابەند دەکات،
خوداوەندیش لێی خۆش دەبێت، ٩ بەڵام نەزری بێوەژن یان
تەڵاقدراو، ئەوا هەموو ئەوەی خۆیی پێ پابەند دەکات
لەسەری دەچەسپێت، ١٠ بەڵام گەر لە ماڵی مێردی نەزری
کرد و خۆی بە سوێند بە شتێکەوە پابەند کرد و ١١ مێردەکەی
بیستی و بێدەنگ بوو و ڕێی لێ نەگرت، ئەوا هەموو
نەزرەکانی دەچەسپێن و هەموو ئەو شتانەی خۆی پێ پابەند
کردووە دەچەسپێت، ١٢ بەڵام گەر مێردەکەی لە ڕۆژی
بیستنی هەڵیوەشاندەوە، ئەوا هەرچی لە دەمی دەرچووە لە
نەزر و پابەندبوونەکانی ناچەسپێن، چونکە مێردەکەی
هەڵیوەشاندووەتەوە، خوداوەندیش لێی خۆش دەبێت.
١٣ هەموو نەزرێك و هەموو سوێندێکی پابەندبوون بۆ زەلیل
کردنی گیان، مێردەکەی دەیچەسپێنێت و مێردەکەی
هەڵیدەوەشێنێتەوە. ١٤ ئەگەر مێردەکەی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ
لێی بێدەنگ بوو، ئەوا هەموو نەزرەکانی یان هەموو ئەو
پابەندبوونانەی لەسەریەتی دەچەسپێن، چەسپاندی چونکە لێی
بێدەنگ بوو لە ڕۆژی بیستنی، ١٥ جا ئەگەر هەڵیوەشاندەوە
دوای بیستنی، ئەوا تاوانەکەی دەکەوێتە ئەستۆی ئەو. ١٦ ئەمە
ئەو فەرزانەیە کە خوداوەند فەرمانی بە موسا کرد لەنێوان
مێرد و ژنەکەی و لەنێوان باوك و کچەکەی لە کاتی کچێتی
لە ماڵی باوکی.

# ٣١

١ هەروەها خوداوەند لەگەڵ موسادا دوا و فەرمووی: ٢ بە
تەواوی تۆڵە بۆ نەوەی ئیسرائیل لە میدیانییەکان بکەوە و
ئینجا دەچیتە پاڵ گەلەکەت. ٣ موساش لەگەڵ گەلدا دوا و
وتی: لە نێو خۆتان کۆمەڵە پیاوێك چەکداربکەن بۆ سوپا، تا
بچنە سەر میدیان و تۆڵەی خوداوەند لە میدیان بکەنەوە، ٤ لە
هەر هۆزێك هەزار کەس لە هەموو هۆزەکانی ئیسرائیل بۆ
جەنگ دەنێرن. ٥ جا لە هەزارانی ئیسرائیلدا لە هەر هۆزێك
هەزار کەس هەڵبژێردرا، دوانزە هەزار بۆ جەنگ
چەکدارکرا. ٦ ئینجا موسا ناردنی بۆ جەنگ، لە هەر هۆزێك
هەزار لەگەڵ پینخاسی کوڕی ئەلعازاری کاهین بۆ جەنگ
ناردنی، قاپوقاچاغی پیرۆزگا و کەرەناکانی هوتافیشی بە
دەستەوە بوو. ٧ جا جەنگان دژ بە میدیان، وەك خوداوەند
فەرمانی کرد و هەموو نێرینەیەکیان کوشت، ٨ پاشاکانی
میدیانیشیان بەسەر کوژراوەکانیاندا کوشت، ئاڤی و ڕێقیم و
چوور و خور و ڕیبەع، پێنج پاشای میدیان، بلعام کوڕی
بەعوریشیان بە شمشێر کوشت، ٩ هەروەها نەوەی ئیسرائیل
ژن و منداڵی میدیانیان ڕاپێچ کرد و هەموو ئاژەڵ و
مەڕومانگا و هەموو موڵکیانیان تاڵانکردن، ١٠ هەموو
شارەکانیشیان کە تیایدا نیشتەجا بوون و قەڵاکانیان بە ئاگر
سووتاند. ١١ هەموو دەسکەوت و تاڵانەکەش لە مرۆڤ و
ئاژەڵ بردیانن. ١٢ ئینجا بە ڕاپێچ و تاڵان و دەسکەوتەوە هاتنە
لای موسا و ئەلعازاری کاهین و کۆمەڵی نەوەی ئیسرائیل لە
ئۆردوگاکە لە دەشتی مۆئاب کە لەسەر ئوردون بوو لەلای
ئەریحا. ١٣ جا موسا و ئەلعازاری کاهین و هەموو سەرانی
کۆمەڵ دەرچوون بۆ پێشوازیان لە دەرەوەی ئۆردوگاکە.
١٤ بەڵام موسا لە لێپرسراوانی سوپا، کە فەرماندەی هەزارن
و فەرماندەی سەدەکان بوون و لە جەنگەوە هاتبوونەوە،
تووڕە بوو، ١٥ موسا پێی وتن: ئایا هەموو مێینەیەکتان بە
زیندوویی هێشتووتەوە؟ ١٦ ئەوانە بوون بە قسەی بلعامیان
کرد و بوونە هۆی ناپاکی نەوەی ئیسرائیل لەگەڵ خوداوەند
لە کێشەکەی پەعۆر، جا دەرد لەناو کۆمەڵی خوداوەند
بڵاوبووەوە. ١٧ ئێستاش هەموو منداڵە نێرینەکان بکوژن
لەگەڵ هەر ژنێك کە لەگەڵ نێر جووت بووە، ١٨ بەڵام هەموو
ئەو کچانەی لەگەڵ پیاو جووت نەبوونە بۆ خۆتان بە
زیندوویی بیانهێڵنەوە، ١٩ ئێوەش حەوت ڕۆژ لە دەرەوەی
ئۆردوگاکە بن و خۆتان پاك بکەنەوە، هەر کەسێك یەکێکی
کوشتووە یان دەستی لە کوژراوێك داوە، با لە ڕۆژی سێیەم و
حەوتەم خۆی پاك بکاتەوە، ئێوە و ڕاپێچکراوانتان،
٢٠ هەروەها هەر بەرگێك یا شتێك لە پێست یا لە مووی بزن
دروست کرابێت و هەر شتێك لە دار دروست کرابێت، پاکی
دەکەنەوە. ٢١ ئەلعازاری کاهینیش بە پیاوانی سوپاکەی وت
کە چووبوون بۆ جەنگ: ئەمە فەرزی فێرکردنەکانە کە
خوداوەند فەرمانی بە موسا پێ کرد، ٢٢ زێڕ و زیو و مس و
ئاسن و چینکۆ و قورقوشم، ٢٣ هەموو ئەوەی دەخرێتە
ئاگرەوە، بەناو ئاگردا تێپەڕی دەکەن و پاشان بە ئاوی پاك
کردنەوەی پاك دەبێتەوە، هەموو ئەو شتانەش کە ناخرێتە
ئاگرەوە، ئەوا بەناو ئاودا تێپەڕی دەکەن، ٢٤ لە ڕۆژی
حەوتەمیشدا جلەکانتان دەشۆن و پاك دەبنەوە و ئینجا دێنە ناو
ئۆردوگاکەوە. ٢٥ هەروەها خوداوەند لەگەڵ موسادا دوا و
فەرمووی: ٢٦ تۆ و ئەلعازاری کاهین و سەرۆکەکانی
باوکانی کۆمەڵ تاڵانە ڕاپێچکراوەکە لە خەڵك و لە ئاژەڵ
بژمێرن و ٢٧ تاڵانەکە لەنێوان ئەوانەی دەستیان بە شەڕ کرد
بۆ جەنگ دەرچوون و لەنێوان هەموو کۆمەڵ نیوە بکە،
٢٨ باجی خوداوەندیش دەربهێنە لە بەشی ئەوانەی بۆ جەنگ
دەرچوون، یەك لە پێنج سەدی خەڵك و مانگا و گوێدرێژ و
مەڕ، ٢٩ لە نیوەکەی ئەوان وەریدەگرن و دەیدەنە ئەلعازاری
کاهین، پیتاکی بەرزکراوەیە بۆ خوداوەند، ٣٠ لە نیوەکەی
نەوەی ئیسرائیلیش یەك لە پەنجا لە خەڵك و مانگا و گوێدرێژ
و مەڕ دەبەیت، لە هەموو ئاژەڵەکان و دەیدەیتە لێڤییەکان کە
ڕاوڕەسمی نشینگەی خوداوەند دەپارێزن. ٣١ جا موسا و
ئەلعازاری کاهین وەك خوداوەند فەرمانی بە موسا کرد،
ئاوایان کرد، ٣٢ کۆی تاڵانەکەش کە دەستکەوتی پیاوانی
سوپاکە بوو، شەش سەد و حەفتا و پێنج هەزار مەڕ و
٣٣ حەفتا و دوو هەزار مانگا و ٣٤ شەست و یەك هەزار
گوێدرێژ، ٣٥ لە مرۆڤیش لەو مێینانەی کە لەگەڵ پیاو جووت
نەبووبوون سی و دوو هەزار کەس بوون. ٣٦ جا نیوەکەی کە
بەشی ئەوانە بوو بۆ جەنگ دەرچووبوون سا سەد و سی و
حەوت هەزار و پێنج سەد مەڕ بوو، ٣٧ باجیش بۆ خوداوەند
لە مەڕەکان شەش سەد و حەفتاو پێنج بوو، ٣٨ مانگاکانیش
سی و شەش هەزار بوو و باجیش بۆ خوداوەند حەفتا و دوو
بوو، ٣٩ گوێدرێژیش سی هەزار و پێنج سەد بوو، باجیش بۆ
خوداوەند شەست و یەك بوو. ٤٠ مرۆڤیش شانزە هەزار بوو،
باجیش بۆ خوداوەند سی و دوو بوو. ٤١ جا موسا باجەکە کە
پیتاکی بەرزکراوە بوو بۆ خوداوەند، دایە ئەلعازاری کاهین،
وەك خوداوەند فەرمانی بە موسا کرد، ٤٢ بەڵام نیوەکەی
ئیسرائیل کە موسا لە پیاوانی سوپاکە بەشی کردبوو،
٤٣ نیوەکەی کۆمەڵ سا سەد و سی و حەوت هەزار و پێنج
سەد مەڕ بوو، ٤٤ مانگاش سی و شەش هەزار بوو،
٤٥ گوێدرێژیش سی هەزار و پێنج سەد بوو، ٤٦ لە مرۆڤیش
شانزە هەزار بوو. ٤٧ جا موسا لە نیوەکەی نەوەی ئیسرائیل
یەك لە پەنجای خەڵك و ئاژەڵی برد و دایە لێڤییەکان کە
ڕاوڕەسمی نشینگەی خوداوەند دەپارێزن، وەك خوداوەند
فەرمانی بە موسا کرد. ٤٨ ئینجا لێپرسراوانی هەزارانی
سوپاکە هاتنە پێش بۆلای موسا، فەرماندەی هەزاران و
فەرماندەی سەدان، ٤٩ بە موسایان وت: ئێمەی خزمەتکارانت
ژمارەی ئەو پیاوانەی جەنگمان وەرگرت کە لەژێر دەستمان
بوون و کەسمان لەدەست نەداوە، ٥٠ ئەوەتا قوربانی
خوداوەندمان پێشکەش کرد، هەر یەکە هەرچی کەلوپەلی
زێڕی دەست کەوتووە لە خرخاڵ و بازن و ئەنگوستیلە و
گوارە و ملوانکە، بۆ کەفارەت کردن بۆمان لەبەردەم
خوداوەند. ٥١ جا موسا و ئەلعازاری کاهین زێڕەکەیان لێ
وەرگرتن، هەموو کەلوپەلێکی دروستکراو. ٥٢ هەموو
زێڕەکەی پیتاکی بەرزکراوە کە لەلایەن فەرماندەی هەزاران
و فەرماندەی سەدەکان بۆ خوداوەند بەرزکرایەوە، شانزە
هەزار و حەوت سەد و پەنجا شاقل بوو. ٥٣ بەڵام پیاوانی
سوپاکە ئەوەی دەستیان کەوت بوو بۆ خۆیان بوو. ٥٤ جا
موسا و ئەلعازاری کاهین زێڕەکەیان لە فەرماندەی هەزاران
و فەرماندەی سەدەکان وەرگرت و هێنیانە ناو چادری
ژوانەوە، وەك یادگاری بۆ نەوەی ئیسرائیل لەبەردەم
خوداوەند.

# ٣٢

١ بەڵام نەوەی ڕەئوبین و نەوەی گاد مەڕومانگای زۆریان
هەبوو، جا کاتا بینیان خاکی یەعزێر و خاکی گلعاد شوێنی
مەڕومانگایە، ٢ ئیتر نەوەی گاد و نەوەی ڕەئوبین هاتن و
لەگەڵ موسا و ئەلعازاری کاهین و سەرۆکەکانی کۆمەڵدا
دوان و وتیان: ٣ عەتاروت و دیبون و یەعزێر و نیمرە و

خێشبون و ئەلعاله و شەبام و نەبوو و بەعون، ٤ ئەو خاکەی
خوداوەند لەبەردەم کۆمەڵی ئیسرائیل لێیدا، ئەوە خاکی
مەڕومانگایە و خزمەتکارەکانیشت مەڕومانگایان هەیە.
٥ ئەگەر لەبەرچاوت پەسەندین، با ئەو خاکە بدرێت بە
خزمەتکارەکانت و ببێت بە بەشمان و لە ئوردون
مەمانپەڕێنەوە. ٦ موساش بە نەوەی گاد و ڕەئوبینی وت: ئایا
دەبێت براکانتان بۆ جەنگ بڕۆن و ئێوەش لێرە دانیشن؟
٧ بۆچی دڵی نەوەی ئیسرائیل سارد دەکەنەوە لەپەڕینەوەیان
بۆ ئەو خاکەی خوداوەند پێی داون؟ ٨ باوکانتان ئاوایان کرد
کاتا لە قادش بەرنیعەوە ئەوانم نارد تا تەماشای خاکەکە
بکەن، ٩ بە دۆڵی ئەشکولدا سەرکەوتن و تەماشای خاکەکەیان
کرد و دڵی نەوەی ئیسرائیلیان سارد کردەوە لەچوونە ناو ئەو
خاکەی خوداوەند پێی داون. ١٠ جا تووڕەیی خوداوەند لەو
ڕۆژەدا جۆشا و سوێندی خوارد و فەرمووی، ١١ ئەو خەڵکەی
لە میسرەوە دەرچوون لە کوڕی بیست ساڵە بەسەرەوە ناچنە
ناو ئەو خاکەی سوێندم لەسەری خوارد بۆ ئیبراهیم و
ئیسحاق و یاقوب، چونکە بە تەواوی دوام نەکەوتن، ١٢ تەنها
کالبی کوڕی یەفنەی قینزی و یەشوعی کوڕی نون نەبێت،
چونکە بەتەواوی دوای خوداوەند کەوتن. ١٣ جا تووڕەیی
خوداوەند لە ئیسرائیل جۆشا و چل ساڵ لە چۆڵەوانی وێڵی
کردن، تا هەموو ئەو نەوەیە لەناوچوون کە لەبەرچاو
خوداوەند خراپەیان کرد، ١٤ ئەوەتا ئێوەش لە جیاتی باوکانتان
هەڵساون، کۆمەڵە خەڵکێکی گوناهبارن، تا کوڵی تووڕەیی
خوداوەند لەسەر ئیسرائیل زیاتر بکەن. ١٥ گەر لێی
هەڵگەڕێنەوە، ئەوا دیسان لەم چۆڵەوانیە وازتان لێدەهێنێت،
جا دەبنە هۆی لەناوچوونی هەموو ئەم گەلە. ١٦ ئەوانیش لێی
هاتنە پێش و وتیان: لێرە پشتیری بۆ مەڕومانگاکانمان و
چەند شارێك بۆ منداڵەکانمان بنیاد دەنێین، ١٧ بەڵام خۆمان
چەك هەڵدەگرین و بەخێرایی پێش نەوەی ئیسرائیل دەکەوین
تا دەیانبەینە شوێنەکەیان، منداڵەکانیشمان لە شاری شورادار
دەبن لەبەر دانیشتوانی ئەم خاکە، ١٨ ناگەڕێینەوەماڵەکانمان تا
نەوەی ئیسرائیل هەر یەکە میراتگری میراتەکەی خۆی
دەکات، ١٩ ئێمە میراتمان نابێت لەگەڵیان لە پشتی ئوردون و
بەو لاوە، چونکە میراتی خۆمان لەبەری ڕۆژهەڵاتی
ئوردون وەرگرت. ٢٠ موساش پێی وتن: گەر ئەمەتان کرد،
گەر لەبەردەم خوداوەند چەکتان بۆ جەنگ هەڵگرت و
٢١ هەموو چەکدارەکانتان لە ئوردون پەڕینەوە، تا هەموو
دوژمنەکانی لەبەردەمی خۆی دەرکرد و ٢٢ خاکەکە لەبەردەم
خوداوەند ژێردەستەکرا و دوای ئەمە گەڕانەوە، ئەوا
سەبارەت بە خوداوەند و بە ئیسرائیل ئازاد دەبن لە
پابەندیەکەتان و لەبەردەم خوداوەند ئەم خاکە دەبێت بە
بەشتان، ٢٣ بەڵام گەر وانەکەن، ئەوا سەبارەت بە خوداوەند
گوناە دەکەن و دەزانن خۆتان تووشی چ گوناهەیەك دەکەن.
٢٤ بۆ خۆتان چەند شارێك بۆ منداڵەکانتان و پشتیر بۆ
مەڕەکانتان بنیاد بنێن و ئەوەی لە دەمتان دەرچوو بیکەن.
٢٥ جا نەوەی گاد و نەوەی ڕەئوبین لەگەڵ موسادا دوان و
وتیان: خزمەتکارەکانت ئاوا دەکەن، وەك گەورەم فەرمانی
کرد، ٢٦ منداڵەکانمان و ژنەکانمان و مەڕومانگاکانمان و
هەموو ئاژەڵەکانمان لەوا لە شارەکانی گلعاد دەبن و
٢٧ خزمەتکارەکانیشت هەموو چەك هەڵگرەکان بۆ سوپا
لەبەردەم خوداوەند دەپەڕنەوە، وەك گەورەمان وتی.
٢٨ موساش فەرمانی بە ئەلعازاری کاهین و یەشوعی کوڕی
نون و سەرانی باوکانی هۆزەکانی نەوەی ئیسرائیلی کرد و
٢٩ موسا پێی وتن: گەر نەوەی گاد و نەوەی ڕەئوبین، هەموو
چەك هەڵگرەکان بۆ جەنگ، لەبەردەم خوداوەند لەگەڵتان لە
ئوردون پەڕینەوە، جا کاتا خاکەکە کەوتە ژێر دەستتانەوە،
ئەوا خاکی گلعادیان وەك بەش پا دەدەن، ٣٠ بەڵام گەر بە
چەکەوە لەگەڵتان نەپەڕینەوە، ئەوا لەنێوانتاندا لە خاکی
کەنعاندا بەشیان دەبێت. ٣١ جا نەوەی گاد و نەوەی ڕەئوبین
وەڵامیان دایەوە و وتیان: ئەوەی خوداوەند سەبارەت بە
خزمەتکارەکانت فەرمووی، ئاوا دەکەین، ٣٢ ئێمە بە چەکەوە
لەبەردەم خوداوەند بۆ خاکی کەنعان دەپەڕینەوە، بەڵام بەشە
میراتمان لە پشتی ڕووباری ئوردون دەدرێتا. ٣٣ جا موسا بە
نەوەی گاد و نەوەی ڕەئوبین و نیوەی هۆزی مەنەسای
کوڕی یوسف، پاشایەتییکەی سیحۆنی پاشای ئەمورییەکان و
پاشایەتی عۆگی پاشای باشانی دا، خاکەکە لەگەڵ شارەکانی
و بە سنووری شارەکانی خاکەکەوە. ٣٤ جا نەوەی گاد دیبون
و عەتاروت و عروعیر و ٣٥ عەتروت شوفان و یەعزیر و
یەگبهە و ٣٦ بێیت نیمرە و بێیت هارانیان بنیادنا، وەك شاری
شورادار لەگەڵ پشتیری مەڕیش، ٣٧ نەوەی ڕەئوبینیش
خێشبون و ئەلعاله و قیریتایم و ٣٨ نەبوو و بەعل مەعون کە
ناوەکەیان گۆڕیوە و هەروەها سەبمە، ناوشیان لەو شارانە نا
کە بنیادیان نا. ٣٩ نەوەی ماکیری کوڕی مەنەساش چوونە
گلعاد و داگیریان کرد و ئەو ئەموریانەیان دەرکرد کە تیایدا
بوون. ٤٠ جا موساش گلعادی دایە ماکیری کوڕی مەنەسا و
ئەویش تیایدا نیشتەجا بوو، ٤١ یائیری کوڕی مەنەساش چوو
و دەستی بەسەر کێڵگەکانیدا گرت و ناوی نان خووت یائیر.
٤٢ نوبەخیش چوو و دەستی بەسەر قەنات و گوندەکانیدا گرت
و بە ناوی خۆیەوە ناوی نا نوبەخ.

# ٣٣

١ ئەمە کۆچەکانی نەوەی ئیسرائیلە کە لە خاکی میسرەوە بە
سوپاکانیانەوە بە دەستی موسا و هاڕون دەرچوون، ٢ موساش
بە پێی فەرمودەی خوداوەند قۆناغ بە قۆناغ کۆچەکانیانی
نووسی، ئەمەش کۆچەکانیانە قۆناغ بە قۆناغ: ٣ لە مانگی
یەکدا، لە ڕۆژی پانزەی مانگی یەکدا، لە ڕۆژی دوای
جەژنی پەسەخدا لە ڕەعمەسیسەوە کۆچیانکرد، نەوەی
ئیسرائیل سەربەرزانە لەبەرچاوی هەموو میسرییەکان
دەرچوون، ٤ کاتا میسرییەکان هەموو نۆبەرەکانی خۆیانیان
دەناشت کە خوداوەند لێی دان، هەروەها خوداوەند سزای
دادوەرانەی خوداکانیانی دا. ٥ جا نەوەی ئیسرائیل لە
ڕعمەسیسەوە کۆچیان کرد و لە سوکوت هەواریان هەڵدا،
٦ ئینجا لە سوکوتەوە کۆچیان کرد و لە ئیتام هەواریان هەڵدا
کە لە ڕۆخی چۆڵەوانییە، ٧ پاشان لە ئیتامەوە کۆچیان کرد و
گەڕانەوە لای پیهاخیرۆت، کە بەرامبەر بەعل چەفونە و
لەبەرامبەر میگدۆل هەواریان هەڵدا، ٨ پاشان لەبەرامبەر
هاخیرۆت کۆچیان کرد و بەناو دەریادا پەڕینەوە بۆ
چۆڵەوانی و سا ڕۆژە ڕا لە چۆڵەوانی ئیتامدا ڕۆیشتن و لە
مارە هەواریان هەڵدا، ٩ پاشان لە مارەوە کۆچیان کرد و
هاتنە ئیلیم، لە ئیلیمیش دوانزە کانی و حەفتا دارخورمای لێ
بوو، جا لەوا هەواریان هەڵدا. ١٠ پاشان لە ئیلیمەوە کۆچیان
کرد و لەلای دەریای سوف هەواریان هەڵدا، ١١ پاشان لەلای
دەریای سوفەوە کۆچیان کرد و لە چۆڵەوانی سین هەواریان
هەڵدا، ١٢ پاشان لە چۆڵەوانی سینەوە کۆچیان کرد و لە دوفقە
هەواریان هەڵدا، ١٣ پاشان لە دوفقەوە کۆچیان کرد و لە
ئەلوش هەواریان هەڵدا، ١٤ پاشان لە ئەلوشەوە کۆچیان کرد و
لە ڕەفیدیم هەواریان هەڵدا، لەوا هیچ ئاو نەبوو بۆ گەل تا
بیخۆنەوە. ١٥ پاشان لە ڕەفیدیمەوە کۆچیان کرد و لە
چۆڵەوانی سینا هەواریان هەڵدا، ١٦ پاشان لە چۆڵەوانی
سیناوە کۆچیان کرد و لە قەبروت هەتاوە هەواریان هەڵدا،
١٧ پاشان لە قەبرۆت هەتاوەوە کۆچیان کرد و لە حەزیرۆت

هەواریان هەڵدا، ١٨ پاشان لە حەزیرۆتەوە کۆچیان کرد و لە
ریتمە هەواریان هەڵدا، ١٩ پاشان لە ریتمەوە کۆچیان کرد و
لە ریمون پارێچ هەواریان هەڵدا، ٢٠ پاشان لە ریمون
پارێچەوە کۆچیان کرد و لە لیبنە هەواریان هەڵدا، ٢١ پاشان لە
لیبنەوە کۆچیان کرد و لە ریسە هەواریان هەڵدا، ٢٢ پاشان لە
ریسەوە کۆچیان کرد و لە قوهێلاتە هەواریان هەڵدا، ٢٣ پاشان
لە قوهێلاتەوە کۆچیان کرد و لە چیای شافێر هەواریان
هەڵدا، ٢٤ پاشان لە چیای شافێرەوە کۆچیان کرد و لە حەرادە
هەواریان هەڵدا، ٢٥ پاشان لە حەرادەوە کۆچیان کرد و لە
مەقهیلوت هەواریان هەڵدا، ٢٦ پاشان لە مەقهیلوتەوە کۆچیان
کرد و لە تاحەت هەواریان هەڵدا، ٢٧ پاشان لە تاحەتەوە
کۆچیان کرد و لە تارەح هەواریان هەڵدا، ٢٨ پاشان لە
تارەحەوە کۆچیان کرد و لە میتقە هەواریان هەڵدا، ٢٩ پاشان
لە میتقەوە کۆچیان کرد و لە حەشمونە هەواریان هەڵدا،
٣٠ پاشان لە حەشمونەوە کۆچیان کرد و لە موسیروت
هەواریان هەڵدا، ٣١ پاشان لە موسیروتەوە کۆچیان کرد و لە
بەنی یەعقان هەواریان هەڵدا، ٣٢ پاشان لە بەنی یەعقانەوە
کۆچیان کرد و لە خورهاگیدگاد هەواریان هەڵدا، ٣٣ پاشان لە
سنورهاگیدگادەوە کۆچیان کرد و لە یوتبات هەواریان هەڵدا،
٣٤ پاشان لە یوتباتەوە کۆچیان کرد و لە عەبرونە هەواریان
هەڵدا، ٣٥ پاشان لە عەبرونەوە کۆچیان کرد و لە عچیون
گابێر هەواریان هەڵدا، ٣٦ پاشان لە عچیون گابێرەوە کۆچیان
کرد و لە چۆڵەوانی چین کە قادشە هەواریان هەڵدا، ٣٧ پاشان
لە قادشەوە کۆچیان کرد و لە چیای هور هەواریان هەڵدا کە
لە ڕۆخی خاکی ئەدۆمە. ٣٨ جا هاڕونی کاهین بەپێی
فەرموودەی خوداوەند بۆ سەر چیای هور سەرکەوت و لە
ساڵی چل لە دەرچوونی نەوەی ئیسرائیلەوە لە خاکی میسر،
لە مانگی پێنجدا لە یەکی مانگدا لەوا مرد. ٣٩ هاڕون تەمەنی
سەد و بیست و سا ساڵ بوو کاتا لە چیای هوردا مرد.
٤٠ پاشای عیرادیش کە کەنعانی بوو و لە باشووردا لە خاکی
کەنعان نیشتەجا بوو، بە هاتنی نەوەی ئیسرائیلی بیست.
٤١ ئینجا لە چیای هورەوە کۆچیان کرد و لە چەلمۆنە
هەواریان هەڵدا، ٤٢ پاشان لە چەلمۆنەوە کۆچیان کرد و لە
پونون هەواریان هەڵدا، ٤٣ پاشان لە پونونەوە کۆچیان کرد و
لە ئوبوت هەواریان هەڵدا، ٤٤ پاشان لە ئوبوتەوە کۆچیان کرد
و لە عییی عەڤاریم هەواریان هەڵدا، کە لە سنووری موئابە،
٤٥ پاشان لە عەییم کۆچیان کرد و لە دیبون گاد هەواریان
هەڵدا، ٤٦ پاشان لە دیبون گادەوە کۆچیان کرد و لە عەلمون
دیبلاتایم هەواریان هەڵدا، ٤٧ پاشان لە عەلمون دیبلاتایمەوە
کۆچیان کرد و لە چیاکانی عباریم بەرامبەر نەبو هەواریان
هەڵدا، ٤٨ پاشان لە چیاکانی عەباریمەوە کۆچیان کرد و لە
دەشتی موئاب لەسەر کەناری ئوردون لەلای ئەریحا
هەواریان هەڵدا، ٤٩ لە کەناری ئوردون لە بێیت یەشیموتەوە
تا ئابل شەتیم لە دەشتی موئاب هەواریان هەڵدا. ٥٠ خوداوەند
لە دەشتی موئاب لەسەر کەناری ئوردون لەلای ئەریحا
لەگەڵ موسادا دوا و فەرمووی: ٥١ لەگەڵ نەوەی ئیسرائیلدا
بدوا و پێیان بڵا، ئێوە لە ئوردون دەپەڕنەوە بۆ خاکی
کەنعان، ٥٢ جا هەموو دانیشتووانی خاکەکە لەپێش خۆتان
دەردەکەن و هەموو بتەکانیان لەناودەبەن و هەموو بتە
دارژاوەکانیان لەناودەبەن و هەموو بەرزاییەکانیان تێکدەدەن.
٥٣ خاکەکە داگیردەکەن و تیایدا نیشتەجێ دەبن، چونکە من
خاکەکەم پێداون تا داگیری بکەن و ٥٤ میراتگری خاکەکە
دەکەن بە تیروپشك بەگوێرەی خێڵەکانتان، زۆرەکان میراتیان
زۆر دەکەن و کەمەکان میراتیان کەم دەکەن، لە کوا
تیروپشکی بۆ دەرچوو ئەوا بۆ ئەوە، بەگوێرەی هۆزەکانی
باوکانتان میراتگری دەکەن. ٥٥ گەر دانیشتووانی خاکەکەش
لەپێش خۆتان دەرنەکەن، ئەوا ئەوانەی دەیانهێڵنەوە دەبنە
چقڵ لە چاوتان و دڕك لە کەلەکەتان و لەو خاکەی تیایدا
نیشتەجێن تەنگتان پێهەڵدەچنن، ٥٦ جا وای لێدێت ئەوەی
بەتەمابووم بەوانی بکەم بە ئێوەی دەکەم.

# ٣٤

١ هەروەها خوداوەند لەگەڵ موسادا دوا و فەرمووی:
٢ فەرمان بە نەوەی ئیسرائیل بکە و پێیان بڵا، ئێوە وا دەچنە
ناو خاکی کەنعانەوە، ئەمە ئەو خاکەیە کە دەبێتە میراتتان،
خاکی کەنعان بە سنوورەکانیەوە. ٣ لای باشوور بۆ ئێوە لە
چۆڵەوانی چینەوە لەلای ئەدۆم دەبێت، سنوورەکانی
باشووری ڕۆخی دەریای خوێش بۆ ڕۆژهەڵات. ٤ هەروەها
سنورەکە لە باشووری هەورازی عەقربیمەوە بۆتان
دەسووڕێتەوە و دەڕوات تا چین و کۆتاییەکەی لە باشووری
قادش بەرنیع دەبێت و دەردەچێت بۆ خەچر ئەدار و تێپەڕ
دەبێت بۆ عەچمون، ٥ ئینجا سنوورەکە لە عەچمونەوە تا دۆڵی
میسر دەسووڕا و کۆتایەکەی لە لای دەریا دەبێت، ٦ بەڵام
سنووری ڕۆژئاوا، ئەوا دەریای گەورە دەبێت. ٧ ئەمەش
دەبێتە سنووری باکوور، لە دەریای گەورەوە تا چیای هۆر
دەیکێشن، ٨ لە چیای هۆرەوە تا دەروازەی حەما دەیکێشن و
کۆتایی سنوورەکە تا چەدەد و ٩ ئینجا سنوورەکە دەردەچێت
بۆ زەفرون و کۆتاییەکەی لە خەچر عینان دەبێت. ئەمە دەبێتە
سنووری باکوورتان. ١٠ هەروەها سنوور بۆ خۆتان دەکێشن
بۆ ڕۆژهەڵات، لە خەچر عینانەوە تا شەفام و ١١ لە شەفامەوە
بەرەو خوار دەبێتەوە تا ریبلە لە ڕۆژهەڵاتی عەین، ئینجا
سنوورەکە بەرەو خوار دەبێتەوە لە دەریای کینارە دەدات
بەلای ڕۆژهەڵاتدا، ١٢ پاشان سنوورەکە بەرەو خوار دەبێتەوە
بۆ ئوردون و کۆتاییەکەی لە لای دەریای خوا دەبێت. ئەم
خاکە بەسنوورەکانی و چواردەوریشی بۆ ئێوە دەبێت.
١٣ موساش فەرمانی بە نەوەی ئیسرائیل کرد و وتی: ئەمە
ئەو خاکەیە کە بە تیروپشك میراتگری دەکەن، کە خوداوەند
فەرمانی کرد بە نۆ هۆزەکە و نیو هۆزەکە بدرێت، ١٤ چونکە
هۆزی نەوەی ڕەئوبین بەگوێرەیماڵە باوانیان و هۆزی
نەوەی گاد بەگوێرەی ماڵە باوانیان و نیوەی هۆزی مەنەسا
میراتی خۆیان وەرگرت، ١٥ دوو هۆزەکە و نیو هۆزەکە
میراتی خۆیان لە ڕۆژهەڵاتی ئوردون لەلای ئەریحا بەلای
ڕۆژهەڵاتدا وەرگرت. ١٦ هەروەها خوداوەند لەگەڵ موسادا
دوا و فەرمووی: ١٧ ئەمە ناوی ئەو دوو پیاوەیە کە
خاکەکەتان بۆ دەکەنە میرات، ئەلیعازاری کاهین و یەشوعی
کوڕی نون، ١٨ لەهەر هۆزێکیش سەرۆکێك دەبەن بۆ بە
میرات کردنی خاکەکە. ١٩ ئەمەش ناوی پیاوەکانە، لە هۆزی
یەهوزا، کالیبی کوڕی یەفونە و ٢٠ لە هۆزی نەوەی
شەمعون، شەمۆئیلی کوڕی عەمیهود و ٢١ لە هۆزی بنیامین،
ئەلیدادی کوڕی کەسلون و ٢٢ لە هۆزی نەوەی دان، سەرۆك
بوقی کوڕی یوجلی و ٢٣ لە نەوەی یوسف، لە هۆزی نەوەی
مەنەسا، سەرۆك حەنیئیلی کوڕی ئیفود و ٢٤ لە هۆزی نەوەی
ئەفرایم، سەرۆك قەموئیلی کوڕی شیفتان و ٢٥ لە هۆزی
نەوەی زەبولون، سەرۆك ئەلیچافانی کوڕی فەرناخ و ٢٦ لە
هۆزی نەوەی یەسساکر، سەرۆك فەلیتئیلی کوڕی عەزان و
٢٧ لە هۆزی نەوەی ئەشیر، سەرۆك ئەخیهودی کوڕی
شەلومی و ٢٨ لە هۆزی نەوەی نەفتالی، سەرۆك فەدهەئیلی
کوڕی عەمیهود. ٢٩ ئەمانە ئەو کەسانەن کە خوداوەند
فەرمانی پێکردن، تا خاکی کەنعان بۆ نەوەی ئیسرائیل بکەن
بە میرات.

# ٣٥

١ ئینجا خوداوەند لە دەشتی موئاب لەسەر ئوردون لەلای
ئەریحا لەگەڵ موسادا دوا و فەرمووی: ٢ فەرمان بە نەوەی
ئیسرائیل بکە با لە بەشەمیراتیان چەند شارێك بە لێڤیەکان
بدەن بۆ نیشتەجا بوون و لەوەڕگاش بە چواردەوری شارەکان
بێت بۆ لێڤیەکان. ٣ جا شارەکان بۆ نیشتەجێ بوونیان دەبێت و
لەوەڕگاکانیش بۆ ڕەشەوڵاخ و مەڕومالات و هەموو
گیاندارەکانیان دەبێت. ٤ ئەو لەوەڕگایانەش کە بە لێڤیەکانی
دەدەن، لە شووورای شارەکانەوە بە لای دەرەوە، هەزار باڵ بە
چواردەوریدا دەبێت، ٥ جا لە دەرەوەی شارەوە بەلای
ڕۆژهەڵاتدا دوو هەزار باڵ دەژمێرن و بەلای باشووردا دوو
هەزار باڵ و بەلای ڕۆژئاوادا دوو هەزار باڵ و بەلای
باکووردا دوو هەزار باڵ و شارەکەش لەناوەڕاستدا دەبێت،
ئەمە دەبێتە لەوەڕگای شارەکان بۆیان. ٦ ئەو شارانەش کە بە
لێڤیەکانی دەدەن، شەشیان دەبنە شارانی پەناگا، دەیدەن تا
بکوژ بۆ ئەوا هەڵبێت، لەسەر ئەمانەشەوە چل و دوو شاری
تر دەدەن. ٧ هەموو ئەو شارانەی بە لێڤیەکانی دەدەن، چل و
هەشت شارە بە لەوەڕگاکانیەوە، ٨ ئەو شارانەش کە لە بەشی
نەوەی ئیسرائیل دەیدەن، لە زۆر زۆر وەردەگرن و لە کەم
کەم، هەریەکە بەگوێرەی میراتەکەی کە دەبێت بە میراتی ،
لە شارەکانی بە لێڤیەکان دەدات. ٩ هەروەها خوداوەند لەگەڵ
موسادا دوا و فەرمووی: ١٠ لەگەڵ نەوەی ئیسرائیلدا بدوا و
پێیان بڵا، ئێوە لە ئوردون دەپەڕنەوە بۆ خاکی کەنعان، ١١ جا
چەند شارێك بۆ خۆتان دەستنیشان دەکەن و دەبنە شاری
پەناگا، تا ئەو بکوژەی کە بەبائاگا یەکێکی کوشتووە بۆ ئەوا
هەڵبێت، ١٢ شارەکان بۆتان دەبنە پەناگا لە دەست خوێنگر،
بۆئەوەی بکوژ نەکوژرێت تا لەبەردەم کۆمەڵ دەوەستێت بۆ
دادوەری. ١٣ ئەو شارانەش کە دەیدەن، شەش شار دەبێتە
پەناگا بۆتان، ١٤ سا لە شارەکان لەوبەری ئوردون دەدەن و سا
شاریش لە خاکی کەنعاندا دەدەن، شارانی پەناگا دەبن ١٥ بۆ
نەوەی ئیسرائیل و غەریب و ئەوەی لەنێوانیاندا نیشتەجێیە،
ئەم شەش شارە بۆ پەناگا دەبن، تا هەر یەکێك کە بەبائاگا
یەکێکی کوشتووە بۆ ئەوا هەڵبێت. ١٦ گەر بە ئامێرێکی ئاسن
لێیدا و مرد، ئەوا بکوژە، بکوژ دەکوژرێت. ١٧ گەر بەردێك
کە پێی دەکوژرێت لێیدا و مرد، ئەوا بکوژە، بکوژ
دەکوژرێت. ١٨ یان بە ئامێرێکی دار لێیدا هەرشتێك کە
بکوژێت، بکوژ دەکوژرێت. ١٩ خوێنگر بکوژ دەکوژێت، کە
تووشی بێت دەیکوژێت. ٢٠ یان بە ڕقەوە پاڵی پێوەنا یان
بەئەنقەست شتێکی بەردایەوە سەری و مرد، ٢١ یان بە
دوژمنایەتییەوە بە دەستی لێیداو مرد، ئەوا لێدەر دەکوژرێت،
چونکە بکوژە، خوێنگر کە تووشی بکوژ بێت دەیکوژێت،
٢٢ بەڵام گەر لە ناکاو پاڵی پێوەنا با دوژمنکاری یان بە بێ
ئەنقەست شتێکی بەسەردا بەردایەوە، ٢٣ یان بەردێکی
بەسەریدا بەردایەوە کە بکوژێت با ئەوەی بیبینێت و مرد،
دوژمنیشی نییە و خراپەی ئەوی ناوێت، ٢٤ ئەوا کۆمەڵ
دادگایی لە نێوان بکوژ و خوێنگر دەکات بەگوێرەی ئەم
حوکمانە و ٢٥ کۆمەڵ فریای بکوژ دەکەون لە دەست خوێنگر
و کۆمەڵ دەیگەڕێنێتەوە شاری پەناگای کە بۆ ئەوا هەڵاتبوو
و لەوا دەمێنێتەوە تا کاهینی مەزن دەمرێت کە بە ڕۆنی
پیرۆز دەستنیشانکراوە، ٢٦ بەڵام گەر بکوژ لە سنووری
شاری پەناگای دەرچوو و ٢٧ خوێنگر ئەوی لە دەرەوەی
سنووری شاری پەناگای بینی و خوێنگر بکوژی کوشت،
ئەوا مافی خوێنی نییە، ٢٨ چونکە دەبێت تا مردنی کاهینی
مەزن لە شاری پەناگای بێت، بەڵام دوای مردنی کاهینی
مەزن، بکوژ دەگەڕێتەوە بەشە خاکەکەی. ٢٩ جا ئەمە بۆتان
دەبێتە فەرزی حوکم بۆ نەوەکانتان لە هەموو جێنشینەکانتان،
٣٠ هەر کەسێك یەکێك بکوژێت، ئەوا لەسەر دەمی چەند
شایەتێك بکوژ دەکوژرێت، یەك شایەت بەس نییە بۆ شایەتی
دان لەسەر کەسێك بۆ مردن. ٣١ خوێنبایی وەرمەگرە بۆ
بکوژێك کە شایستەی مردنە، بەڵکو دەبێت بکوژرێت.
٣٢ هەروەها خۆێنبایی وەرمەگرن، بۆئەوەی بۆ شاری
پەناگای هەڵبێت، جا دوای مردنی کاهین دەگەڕێتەوە و لە
خاکەکە نیشتەجا دەبێت، ٣٣ ئەو خاکەی ئێوە تیادان گڵاوی
مەکەن، چونکە خوێن خاك گڵاو دەکات، هیچ شتێك کەفارەتی
ئەو خوێنە ناکات کە لە خاکەکە ڕژاوە، تەنها خوێنی
خوێنڕێژەکە نەبێت، ٣٤ هەروەها ئەو خاکە گڵاو مەکەن کە
تیایدا نیشتەجێن کە من لە ناوەڕاستیدا نیشتەجێم، من
خوداوەندم لەنێو نەوەی ئیسرائیلدا نیشتەجێم.

# ٣٦

١ سەرانی باوان لە خێڵی نەوەی گیلعادی کوڕی ماکیر کوڕی
مەنەسا کە لە خێڵەکانی نەوەی یوسفن، هاتنە پێش و لەبەردەم
موسا و بەردەم سەرانی باوان لە نەوەی ئیسرائیلدا دوان و
٢ وتیان: خوداوەند فەرمانی بە گەورەم کرد، کە خاکەکە بە
میرات بە تیروپشك بدات بە نەوەی ئیسرائیل، هەروەها
گەورەم لەلایەن خوداوەندەوە فەرمانی پا کرا کە میراتەکەی
سەلوفحادی برامان بدرێت بە کچەکانی، ٣ جا ئەگەر بوونە
ژنی پیاوێك لە هۆزەکانی نەوەی ئیسرائیل، ئەوا میراتەکەیان
لە میراتی باوکانمان دەبردرێت و دەخرێتە سەر میراتی ئەو
هۆزە کە بۆ ئەوان بوون، جا لە تیروپشکی میراتەکەمان
دەبردرێت، ٤ جا کاتا بوو بە یۆبیل[أ] بۆ نەوەی ئیسرائیل، ئەوا
میراتەکەیان دەچێتە سەر میراتی ئەو هۆزەی کە بۆیان بوون
و لە میراتی هۆزی باوکانمان میراتیان دەبردرێت. ٥ جا موسا
بەگوێرەی وشەی خوداوەند فەرمانی بە نەوەی ئیسرائیل کرد
و وتی: هۆزی نەوەی یوسف ڕاستیان وت، ٦ خوداوەند
فەرمانی ئەمەی کرد سەبارەت بە کچانی سەلوفحاد و
فەرمووی، ئەوەی ئەوان پێیان خۆشە با شووی پا بکەن، بە
مەرجێك لە خێڵی هۆزی باوکانیان بێت، ٧ با میراتی نەوەی
ئیسرائیل لە هۆزێکەوە بۆ هۆزێکی تر نەگوازرێتەوە، بەڵکو
نەوەی ئیسرائیل هەریەکە پابەندی میراتی هۆزی باوانی
دەبێت، ٨ هەر کچێکیش لە هۆزەکانی نەوەی ئیسرائیل میراتی
وەرگرت، ئەوا دەبێتە ژنی یەکێك لە خێڵی هۆزی باوکی، تا
نەوەی ئیسرائیل هەریەکە ببێتە میراتگری میراتی باوکانی،
٩ جا هیچ میراتێك لە هۆزێکەوە بۆ هۆزێکی تر نا
گوازرێتەوە، بەڵکو هۆزەکانی نەوەی ئیسرائیل هەر یەکە
پابەندی میراتی خۆی دەبێت. ١٠ وەك خوداوەند فەرمانی بە
موسا کرد، کچانی سەلوفحاد ئاوایان کرد، ١١ جا مەحلە و
تیرچە و حەجلە و ملکە و نوعە کە کچانی سەلوفحادن بوونە
ژنی ئامۆزاکانیان، ١٢ بوونە ژن لە خێڵەکانی نەوەی مەنەسای
کوڕی یوسف، جا میراتەکەیان لە هۆزی خێڵی باوانیان
مایەوە. ١٣ ئەمە ئەو فەرمان و ڕێسایانەیە کە خوداوەند
فەرمانی بە نەوەی ئیسرائیل کرد، بەدەستی موسا لە دەشتی
موئاب لەسەر ڕوباری ئوردون لەلای ئەریحا.

---

[أ] ٣٦ : ٤ بڕوانە لێڤیەکان ٢٥ : ٨ ـ٥٥ .

# وتەکان

## ١

١ ئەمە ئەو وتانەیە کە موسا بە نەوەی ئیسرائیلی وت لە پشت
ڕووباری ئوردن، لە دەشتودەر لە عەراڤا، بەرامبەر بە
دەریای سوف لەنێوان فاران و توفەل و لابان و حەزیرۆت و
زی زەهەب، ٢ یانزە ڕۆژ لە حوریبەوە لەسەر ڕێگای چیای
سەعیر بۆ قادش بەرنیع. ٣ لە ساڵی چلەمین لە مانگی یانزە لە
یەکی مانگدا، موسا وەك هەموو ئەوەی خوداوەند فەرمانی
پێکردبوو لەگەڵ نەوەی ئیسرائیل دوا. ٤ دوای ئەوەی سیحۆنی
پاشای ئەموریەکانی کوشت کە لە حەشبون نیشتەجێیە و
عۆجی پاشای باشانی کوشت کە لە عەشتاروت نیشتەجێیە لە
ئەزرعی. ٥ موسا لە پشت ڕووباری ئوردن لە خاکی موئابدا
دەستی کرد بە ڕوونکردنەوەی ئەم فێرکردنانە و وتی :
٦ خوداوەند خودامان لە حۆرێڤ لەگەڵماندا دوا و فەرمووی:
بەسە ئیتر لەم چیایە دامەنیشن، ٧ ڕووتان وەرگێڕن و
کۆچکەن و بڕۆن بۆ چیای ئەمورییەکان و دەرودراوسێکانی
بەدوایەوەن لە عەراڤا و چیا و دەشت و باشوور و کەناری
دەریای خاکی کەنعان و لوبنان تا ڕووباری گەورە ڕووباری
فورات، ٨ بڕوانە ئەوێ خاکەکەم لەپێش داناون، بڕۆنە ناوی
و ئەو خاکە داگیربکەن کە خوداوەند سوێندی بۆ باووباپیرانتان
ئیبراهیم و ئیسحاق و یاقوب خوارد بیانداتێ و بۆ نەوەکانیشیان
لە دوای خۆیان. ٩ لەو کاتەدا لەگەڵتان دوام و وتم، ناتوانم
بەتەنیا بارتان هەڵگرم، ١٠ خوداوەند خوداتان زۆری کردوون
و ئەوەتا ئەمڕۆ ئێوە وەك ئەستێرەی ئاسمانن لە زۆریدا.
١١ خوداوەند خودای باووباپیرانتان هەزار قات زیاترتان
دەکات و پیرۆزیشتان دەکات هەروەك بەڵێنی پێدان، ١٢ چۆن
بەتەنیا قورسایی و بارگرانی و ناکۆکیەکانتان هەڵبگرم. ١٣ لە
هۆزەکانتان پیاوی داناو تێگەیشتوو و زانا بهێنن و لەسەرتان
دایان دەنێم، ١٤ ئێوەش وەڵامتان دامەوە و وتتان، ئەوەی وتت
باشە، با بیکەین. ١٥ جا سەرانی هۆزەکانی ئێوەم برد، پیاوانی
داناو زانا، ئەوانم کرد بە سەرۆك بەسەرتان، سەرانی
هەزاران و سەرانی سەدان و سەرانی پەنجایان و سەرانی
دەیان و بەڕێوەبەرەکان بۆ هۆزەکانتان، ١٦ لەو کاتەشدا
فەرمانم بە دادوەرەکانتان کرد و وتم، لەنێوان براکانتاندا
گوێبگرن و بە ڕاستودروستی دادوەری بکەن لەنێوان برا بۆ
براکەی و ئەو غەریبەی لە لایەتی. ١٧ لە دادوەریدا لایەنگیری
مەکەن، گوێ لە بچووك بگرن وەك گەورە، لە ڕووی مرۆڤ
مەترسن، چونکە دادوەری بۆ خودایە و ئەو شتەی بۆتان
زەحمەت بێت ئەوا پێشکەشی منی دەکەن تا گوێم لێی بێت.
١٨ لەو کاتەشدا فەرمانم پێکردن سەبارەت بە هەموو ئەو
شتانەی کە دەیکەن. ١٩ ئینجا لە حۆرێڤ کۆچمان کرد و ئەو
چۆڵەوانیە مەزنە ترسناکەمان گرتەبەر کە لە ڕێگای چیای
ئەمووریەکان بینیتان، هەروەك خوداوەند خودامان فەرمانی
پێکردین و هاتین تا قادش بەرنیع، ٢٠ پێم وتن، ئەوا هاتنە
چیای ئەمووریەکان کە خوداوەند خودامان پێی داین.
٢١ بڕوانە! خوداوەند خودات خاکەکەی لەبەردەمت داناوە،
سەربکەوە و داگیری بکە، هەروەك خوداوەند خودای
باوباپیرانت پێی فەرمووی، مەترسە و وورە بەرمەدە. ٢٢ جا
هەمووتان هاتنە لای من و وتتان، با چەند پیاوێك لەپێش
خۆمان بنێرین تا سیخوڕی زەویەکەمان بۆ بکەن و هەواڵی
ئەو ڕێگایەمان بۆ بهێننەوە کە پێیدا دەڕۆین و ئەو شارانەی
بۆی دەچین، ٢٣ ئەو قسەیەم بەلاوە باش بوو، دوانزە پیاوم لێ
دەرهێنان، لەهەر هۆزێك پیاوێك. ٢٤ جا ڕۆیشتن و بەسەر
چیاکە کەوتن و هاتنە دۆڵی ئەشکول و سیخوڕییان کرد و
٢٥ لەگەڵ دەستیان لە بەرووبوومی خاکەکەیان بۆ هێنایەنەوە و
هەواڵیان داینەوە و وتیان، ئەو خاکەی خوداوەند خودامان پێی
داوین، باشە. ٢٦ بەڵام ئێوە ڕازی نەبوون سەرکەون و لە
قسەی خوداوەند خوداتان یاخی بوون و ٢٧ لەناو چادرەکانتان
کەوتنە بۆڵەبۆڵ و وتتان، خوداوەند ڕقی لە ئێمەیە لەبەر ئەوە
ئێمەی لە خاکی میسر دەرهێنا تا بمانداتە دەستی ئەمورییەکان
تا لەناومان ببەن. ٢٨ بۆ کوێ سەردەکەوین، براکانمان
وورەیان ڕووخاندین و وتیان، گەلێکی لە ئێمە مەزنترو
درێژتر، شارەکان مەزن و شوورادارن تا ئاسمان، هەروەها
لەوێ نەوەی عەناقمان[أ] بینی، ٢٩ منیش پێم وتن، دڵتان
نەلەرزێ و مەترسن. ٣٠ خوداوەند خوداتان کە لەپێشتانەوە
دەڕوات، ئەو لەجیاتی ئێوە دەجەنگێت، بەگوێرەی هەموو
ئەوەی بۆی کردن لە میسر لەبەرچاوتان، ٣١ هەروەها
لەدەشتودەر کە بینیتان چۆن خوداوەند خودات هەڵیگرتی
هەروەك مرۆڤ کوڕەکەی هەڵدەگرێت، لەهەموو ئەو
ڕێگایەی گرتتانەبەر تا هاتن بۆ ئەم شوێنە، ٣٢ بەڵام لەم شتە
بڕواتان بە خوداوەند خوداتان نییە، ٣٣ ئەوەی لە ڕێگا
لەپێشتانەوە دەڕوات تا شوێنێکتان بۆ بدۆزێتەوە بۆ دابەزینتان،
لە شەودا لەناو ئاگردا تا ئەو ڕێگایەتان پێشان بدات کە پێیدا
دەڕۆن و لە ڕۆژیشدا لەناو هەور، ٣٤ جا خوداوەند گوێی لە
دەنگی قسەکانتان بوو، تووڕە بوو و سوێندی خوارد و
فەرمووی، ٣٥ هیچ مرۆڤێك لەم خەڵکە لەم نەوە بەدکارە ئەو
خاکە چاکە نابینێت کە سوێندم خوارد بیدەم بە باووباپیرانتان،
٣٦ تەنها کالبی کوڕی یەفونە نەبێت، ئەو دەیبینێت و ئەو خاکە
دەدەمە ئەو کە پێی لێناوە و دەیدەمە کوڕەکانیشی، چونکە
بەتەواوی دوای خوداوەند کەوت، ٣٧ بەهۆی ئێوەوە خوداوەند
لە منیش تووڕە بوو و فەرمووی، تۆش بۆ ئەوێ ناچیت .
٣٨ یەشوعی کوڕی نون کە لەبەردەمت وەستاوە ئەو دەچێتە
ئەوێ، بەهێزی بکە چونکە ئەو بۆ ئیسرائیلی دابەش دەکات،
٣٩ بەڵام منداڵەکانتان کە وتتان دەبنە دەسکەوت و کوڕەکانتان
ئەوانەی تا ئەمڕۆ چاکە و خراپەیان نەزانیوە، ئەوان دەچنە
ئەوێ و دەیدەمە ئەوان و ئەوان داگیری دەکەن، ٤٠ بەڵام ئێوە
ڕووتان وەرگێڕن و کۆچکەن بۆ دەشتودەر لەسەر ڕێگای
دەریای سوف. ٤١ جا وەڵامتان دایەوە و بەمنتان وت،
گوناهەمان سەبارەت بە خوداوەند کرد، ئێمە دەچین و
دەجەنگین هەروەك خوداوەند خودامان فەرمانی کرد، جا هەر
یەکەتان خۆی بەچەك و تفاقی جەنگ بەستا و ئامادەبوون بۆ
سەرکەوتن بۆ چیاکە. ٤٢ خوداوەندیش پێی فەرمووم، پێیان
بڵێ با سەرنەکەون و جەنگ نەکەن، چونکە من لەنێوانتان
نیم، نەوەك لەبەرامبەر دوژمنەکانتان بشکێن. ٤٣ جا قسەم
لەگەڵ کردن و گوێتان نەگرت، بەڵکو لە قسەی خوداوەند
یاخی بوون و لووت بەرز بوون و بەسەر چیاکە کەوتن.

[أ] ١ : ٢٨ خەڵکێکی زەبەڵاح بوون و لەبەر توانای زۆریان لە جەنگ
ترسناك بوون.

٤٤ جا ئەمورییەکان دانیشتووی ئەو چیایە بۆتان دەرچوون و دەریان پەڕاندن هەروەك هەنگ دەیکات و لە سەعیرەوە تا حورمە ئێوەیان شکاند. ٤٥ ئینجا گەڕانەوە و گریان لەبەردەم خوداوەند و خوداوەند گوێی لە دەنگتان نەگرت و گوێی بۆ شل نەکردن. ٤٦ ڕۆژانێکی زۆر لە قادش دانیشتن بەقەد ئەو ڕۆژانەی تیایدا دانیشتن.

# ٢

١ ئینجا ڕوومان وەرگێڕا و کۆچمان کرد بۆ دەشتودەر لەسەر ڕێگای دەریای سوف، هەروەك خوداوەند لەگەڵم دوا، ڕۆژانێکی زۆر بەدەوری چیای سەعیردا سوڕاینەوە، ٢ ئینجا خوداوەند لەگەڵمان دوا و فەرمووی: ٣ بەسە ئیتر بەدەوری ئەم چیایە مەسووڕێنەوە، بەرەو باکوور ڕووتان وەرگێڕن و ٤ فەرمان بە گەل بدە و بڵێ، ئێوە بە سنووری براکانتان نەوەی عیسۆدا تێدەپەڕن کە لە سەعیر نیشتەجێن و لێتان دەترسن، جا زۆر ئاگاداربن، ٥ هێرشیان مەکەنە سەر، چونکە شوێن پێیەکتان نادەمێ لە خاکی ئەوان، چونکە چیای سەعیرم بە میرات بە عیسۆ داوە. ٦ خۆراکیان بە زیو لێ دەکڕن تا بیخۆن و ئاویان بە زیو لێ وەردەگرن تا بیخۆنەوە، ٧ چونکە خوداوەند خودات پیرۆزی کردوویت لەهەموو کارێکی دەستت، ڕێوشوێنت دەزانێت لەم چۆڵەوانیە مەزنە، ئێستا چل ساڵە خوداوەند خودات لەگەڵتدایە و هیچ شتێکت لێ کەم نەبووە. ٨ جا بەسەر براکانمان نەوەی عیسۆ تێپەڕیین کە لە سەعیر لەسەر ڕێگای عەراڤادا نیشتەجێن، لەسەر ئیلەو لەسەر عەسیون جابر، ئینجا سوڕاین و بە ڕێگای چۆڵەوانی موئابدا چووین. ٩ خوداوەند پێی فەرمووم، دژایەتی مۆئاب مەکە و دژیان جەنگ بەرپا مەکە، چونکە هیچ لە خاکەکەیان بە میرات بە تۆ نادەم، چونکە عارم بە میرات بە نەوەی لۆت داوە. ١٠ پێشتر ئیمییەکان تیایدا نیشتەجێ بوون، گەلێکی گەورە و زۆرن وەك عەناقییەکان درێژن. ١١ ئەوانیش وەك عەناقییەکان بە زەبەلاح دادەنرێن، بەڵام مۆئابییەکان بە ئیمییەکان بانگیان دەکەن. ١٢ پێشتر حورییەکان لە سەعیر نیشتەجێ بوون و نەوەی عیسۆ لەبەردەم خۆیان دەریان پەڕاندن و لەناویان بردن و لە شوێنیان نیشتەجێ بوون، وەك ئەوەی ئیسرائیل کردیان بە خاکی میراتیان کە خوداوەند پێی دابوون. ١٣ ئێستا هەستن و لە دۆڵی زارد بپەڕنەوە، جا لە دۆڵی زارد پەڕیینەوە. ١٤ ئەو ڕۆژانەش کە لە قادش بەرنیعەوە ڕۆیشتن تا لە دۆڵی زارد پەڕینەوە سی و هەشت ساڵ بوو، تا هیچ لەو نەوەیە لە پیاوانی جەنگ لەناو ئۆردوگاکە نەمان، هەروەك خوداوەند سوێندی بۆ خواردن، ١٥ دەستی خوداوەندیش بەسەریانەوە بوو بۆ لەناوبردنیان لەناو ئۆردوگاکە تا لەناوچوون. ١٦ جا کاتێ هەموو پیاوانی جەنگ بە مردن لەناوچوون لەنێوان گەل، ١٧ خوداوەند لەگەڵم دوا و فەرمووی: ١٨ تۆ ئەمڕۆ بە سنووری مۆئاب بە عاردا تێدەپەڕیت، ١٩ کاتێك لە لای نەوەی عەممون نزیك کەوتیەوە دژایەتیان مەکە و هێرشیان مەکەنە سەر، چونکە هیچتان لە خاکی نەوەی عەممون بە میرات نادەمێ، چونکە بە میرات بە نەوەی لۆتم داوە. ٢٠ ئەویش بە خاکی زەبەلاحەکان دادەنرێت، پێشتر زەبەلاحەکان تیایدا نیشتەجێ بوون، بەڵام عەمونییەکان بە زەمزومیەکان بانگیان دەکەن، ٢١ گەلێکی گەورە و زۆر و درێژن وەك عەناقییەکان، خوداوەند لەبەردەمیان لەناوی بردن، جا دەریان کردن و لە شوێنیان نیشتەجێ بوون، ٢٢ وەك ئەوەی بۆ نەوەی عیسۆی کرد کە لە سەعیردا نیشتەجێن، ئەوانەی حورییەکانی لەبەردەمیاندا تێك شکاند، جا دەریان کردن و تا ئەمڕۆ لە شوێنیان نیشتەجێ بوون. ٢٣ هەروەها عوییەکان کە لە گوندەکان نیشتەجێن تا غەزە، کەفتورییەکان کە لەکەفتور دەرچوون لەناویان بردن و لەشوێنیان نیشتەجێ بوون. ٢٤ هەستن، کۆچکەن و لە دۆڵی ئەڕنون بپەڕنەوە. بڕوانە، ئەوا سیحۆنی پاشای حەشبونی ئەموری و خاکەکەیم بەدەستتەوە داوە، دەست بە داگیرکردن بکە و دژی جەنگ بەرپا بکە، ٢٥ ئەمڕۆ دەست پێ دەکەم، ترس و سامت دەخەمە بەرچاوی ئەو گەلانەی لەژێر هەموو ئاسمانن، ئەوانە گوێیان لە هەواڵت دەبێت و دەلەرزن و دەترسن لەبەردەمت. ٢٦ جا نێرراوانم لە چۆڵەوانی قەدیموتەوە بۆلای سیحۆنی پاشای حەشبون نارد بە وشەی ئاشتیەوە و ووتم: ٢٧ بە خاکەکەتدا تێدەپەڕین و تەنها ڕێگا دەگرین، لانادەین نە بەلای ڕاست و نە بەلای چەپدا، ٢٨ بە زیو خۆراکم پێ دەفرۆشی تا بیخۆم و بە زیو ئاوم دەدەیتێ تا بیخۆمەوە، تەنها بەپێیەکانم تێدەپەڕم، ٢٩ هەروەك ئەوەی نەوەی عیسۆ کە لە سەعیردا نیشتەجێن و مۆئابییەکان کە لە عاردا نیشتەجێن بۆیان کردووم، تا لە ڕووباری ئوردن دەپەڕمەوە بۆ ئەو خاکەی خوداوەند خودامان پێی بەخشیوین. ٣٠ بەڵام سیحۆنی پاشای حەشبون ڕازی نەبوو ڕێگەمان بدات پێیدا بڕۆین، چونکە خوداوەند خودات کەلەی ڕەق کرد و دڵی توند کرد تا بیداتە دەستت وەك ئەمڕۆ.

٣١ خوداوەند پێی فەرمووم، بڕوانە، ئەوا دەستم پێ کرد سیحۆن و خاکەکەی بدەمە دەستت، دەست بکە بە داگیرکردن تا زەویەکەی داگیردەکەیت. ٣٢ جا سیحۆن و هەموو گەلەکەی دەرچوون بۆ یاهس بۆ بەرەنگاربوونەوەمان. ٣٣ ئینجا خوداوەند خودامان ئەوانی دایە دەستمان و ئێمەش لێمان دان لەگەڵ کوڕەکانی و هەموو گەلەکەی و ٣٤ هەموو شارەکانیمان لەوکاتەدا گرت و لە هەموو شارێك پیاو و ژن و منداڵمان قڕکرد، نەمان هێشت کەس دەربازبێت، ٣٥ بەڵام ئاژەڵەکانمان بۆ خۆمان تاڵان کرد و دەسکەوتی شارەکانمان برد، ٣٦ لە عروعیرەوە کە لەسەر لێواری دۆڵی ئەڕنونە و ئەو شارەی لە دۆڵەکەدایە تا جلعاد، هیچ گوندێك نەبوو لەپێشمان بوەستێت، خوداوەندمان هەمووی دایە دەستمان، ٣٧ بەڵام لە خاکی نەوەی عەممون نزیك نەکەوتینەوە، هەموو لایەکی دۆڵی یەبوق و شارەکانی چیاو هەموو ئەوەی خوداوەند خودامان فەرمانی پێدا.

# ٣

١ ئینجا ڕوومان وەرگێڕا و بە ڕێگای باشاندا سەرکەوتین، جا عۆجی پاشای باشان لەگەڵ هەموو گەلەکەی بۆ بەرەنگاربوونەوەمان دەرچوو لە ئەدرعی. ٢ خوداوەندیش پێی فەرمووم، لێی مەترسە، چونکە خۆی و هەموو گەلەکەی و خاکەکەیم داوەتە دەستت، ئەوەی پێ دەکەیت کە بە سیحۆنی پاشای ئەمورییەکانت کرد کە لە حەشبون نیشتەجێ بوو. ٣ جا خوداوەند خودامان، عۆجی پاشای باشان و هەموو گەلەکەی دایە دەستمان و لێماندا و نەمان هێشت کەس دەربازبێت. ٤ لەو کاتەشدا دەستمان بەسەر هەموو شارەکانیدا گرت، هیچ گوندێك نەمایەوە لێیانی وەرنەگرین، شەست شار، هەموو هەرێمی ئەرجوب پاشایەتی عۆج لە باشان، ٥ هەموو ئەو شارانە شورابەند بوون بە شورای بەرز و دەروازە و کەتیبەیان هەبوو، بێجگە لە گوندێکی گەلێك زۆری بیابان. ٦ جا قڕمان کرد، وەك ئەوەی بە سیحۆنی پاشای حەشبونمان کرد، لە هەموو شارێکدا پیاو و ژن و منداڵەکانمان قڕکرد. ٧ بەڵام هەموو ئاژەڵەکان و دەسکەوتی شارەکانمان بۆ خۆمان

تاڵان کرد، ٨ لەو کاتەدا خاکی پشتی ڕووباری ئوردن لە دۆڵی
ئەڕنونەوە تا چیای حەرمونمان لە دەستی پاشای ئەمورییەکان
دەرهێنا. ٩ سەیدونیەکان بە حەرمون دەڵێن سیریون و
ئەمورییەکانیش پێی دەڵێن سەنێر. ١٠ هەموو شارەکانی دەشت
و هەموو جەلعاد و هەموو باشان تا سەلخە و ئەدرعی، دوو
شارەکەی پاشایەتی عۆج لە باشان. ١١ عۆجی پاشای باشان
بەتەنیا مابووەوە لە پاشماوەی زەبەلاحەکان، ئەوەتا سەکۆکەی
سەکۆیەکی ئاسنە، ئەوەتا لە ڕەببەی نەوەی عەممونە،
درێژیەکەی نۆ باڵ و پانیەکەی چوار باڵە بە باڵی پیاو. ١٢ ئەم
خاکە لەو کاتەدا دەستمان بەسەریدا گرت لە عەروعیرەوە کە
لەسەر دۆڵی ئەرنونە و نیوەی چیای جەلعاد و شارەکانی
دران بە ڕەئوبینییەکان و گادییەکان، ١٣ ئەوەشی لە جلعاد
مایەوە و هەموو باشانی پاشایەتی عۆج دران بە نیوە هۆزی
مەنەسا، هەموو هەرێمی ئەرجوب لەگەڵ هەموو باشان،
ئەوەش بە خاکی زەبەلاحەکان ناودەبرێت. ١٤ یائیری کوڕی
مەنەسا دەستی بەسەر هەموو هەرێمی ئەرجوبدا گرت تا
سنووری جەشوورییەکان و مەعکییەکان و بە ناوی خۆیەوە
ناوی لێنا باشانی حووت یائیر تا ئەمڕۆش. ١٥ جلعادیش درا
بە ماکیر. ١٦ لە جەلعادیشەوە تا دۆڵی ئەڕنون ناوەڕاستی
دۆڵەکە سنوور بوو، تا دۆڵی یەبوق سنووری نەوەی عەممون
دران بە ڕەئوبینییەکان و گادییەکان. ١٧ عەراڤا و ڕووباری
ئوردنیش سنوورێك، لە کنێرەتەوە تا دەریای عەراڤا، دەریای
خوێ، لەژێر بنارەکانی پسگە بەرەو ڕۆژهەڵات. ١٨ ئەو کاتە
فەرمانم پێکردن و وتم، خوداوەند خوداتان ئەم خاکەی پێداون
تا داگیری بکەن، هەموو پاڵەوانەکان بە چەکەوە لە پێش
براکانتان نەوەی ئیسرائیلەوە دەپەڕنەوە، ١٩ بەڵام ژن و منداڵ
و ئاژەڵەکانتان، زانیوومە ئاژەڵی زۆرتان هەیە، ئەوا لە
شارەکانتان دەمێننەوە کە پێم داون، ٢٠ تا خوداوەند براکانیشتان
بحەسێنێتەوە وەك ئێوە و ئەوانیش ئەو خاکەی پشتی ڕووباری
ئوردن بکەن کە خوداوەند خوداتان دەیان داتێ، ئینجا هەر
کەسە دەگەڕێتەوە لای موڵکی خۆی کە پێم دان. ٢١ لەو کاتەشدا
فەرمانم بە یەشوع کرد و وتم، چاوەکانت هەموو ئەوەیان بینی
کە خوداوەند خوداتان بەم دوو پاشایەی کرد، خوداوەند هەمان
شت دەکات بە هەموو ئەو پاشایەتیانەی تۆ بۆیان دەپەڕیتەوە.
٢٢ لێیان مەترسن، چونکە خوداوەند خوداتان لەجیاتی ئێوە
دەجەنگێت. ٢٣ لەو کاتەدا داوام لە خوداوەند کرد و وتم :
٢٤ ئەی خوداوەندم خوداوەند تۆ دەستت پێ کرد مەزنی و
دەستی توندت بە خزمەتکارەکەت پێشان بدەیت، چونکە چ
خودایەك لە ئاسمان و لەسەر زەوی وەك کردەوەکان و
پاڵەوانیەتی تۆ دەکات، ٢٥ تکایە لێمگەڕێ با بپەڕمەوە و ئەو
خاکە چاکەی پشتی ڕووباری ئوردن ببینم، ئەو چیایە جوان و
لوبنان، ٢٦ بەڵام خوداوەند بەهۆی ئێوەوە لێم هەڵچوو و گوێی
لێ نەگرتم، بەڵکو خوداوەند پێی فەرمووم، بەسە! ئیتر
لەبارەی ئەو شتە لەگەڵم مەدوێ، ٢٧ سەرکەوە بۆ لووتکەی
پسگەو بەرەو ڕۆژئاوا و باکوور و باشوور و ڕۆژهەڵات
سەر بڵند بکە و بە چاوەکانت ببینە، بەڵام لەم ڕووباری ئوردنە
مەپەڕەوە، ٢٨ فەرمانیش بە یەشوع بکە و بەهێزی بکە و هانی
بدە، چونکە ئەو لەپێش ئەم گەلە دەپەڕیتەوە و ئەو خاکەکەیان
بۆ دابەش دەکات کە تۆ دەیبینی. ٢٩ جا لە گەیا بەرامبەر بەیت
پەعور ماینەوە.

# ٤

١ ئێستاش ئەی ئیسرائیل گوێ لەم فەرزو حوکمانە بگرە کە
من فێرتان دەکەم تا بیکەن و بژین و بچنە ناوی و ئەو زەویە
داگیر بکەن کە خوداوەند خودای باوباپیرانتان دەتانداتێ .
٢ ئەو قسانەی من فەرمانتان پێ دەکەم هیچی لێ زیادوکەم
مەکەن، تا فەرمانەکانی خوداوەند خوداتان بپارێزن کە من
فەرمانتانی پێ دەکەم، ٣ چاوەکانتان بینیان خوداوەند چی بە
بەعل پەعور کرد، هەرچی دوای بەعل پەعور کەوت
خوداوەند خوداتان لەنێوانتاندا بەتەواوی لەناوی برد، ٤ بەڵام
ئێوە کە بە خوداوەند خوداتانەوە نووساون ئەوا هەمووتان
ئەمڕۆ زیندوون. ٥ بڕوانە، فەرز و حوکمەکانم فێرکردن
هەروەك خوداوەند خودام فەرمانی پێکردم تا ئاوا بکەن لەو
خاکەی وا دەچنە ناوی تا داگیری بکەن، ٦ جا ئاگاداربن و
بیکەن، چونکە ئەوە دانایی و تێگەیشتوویی ئێوەیە لەبەرچاوی
ئەو گەلانەی کە گوێیان لەو هەموو فەرزانە دەبێت و دەڵێن
ئەم گەلە مەزنە گەلێکی دانا و تێگەیشتوون. ٧ چونکە چ
گەلێکی مەزن هەیە، خودایەکی نزیکی لێ هەبێت وەك
خوداوەند خودامان لە هەموو هاوارێکمان بۆی، ٨ هەروەها چ
گەلێك مەزنە و ئەو فەرز و حوکمە ڕاستودروستانەی هەیە
وەك ئەو هەموو فێرکردنانەی من ئەمڕۆ لەبەردەمتان دایدەنێم.
٩ بەڵام ئاگاداربە و باش خۆت بپارێزە تا ئەو شتانە لەبیرنەکەی
کە بە چاوەکانت بینیت، تا هەموو ڕۆژانی ژیانت لە دڵت
دەرنەچێت و منداڵەکانت و منداڵی منداڵەکانتی پێ فێربکە.
١٠ لەو ڕۆژەی کە لە بەرامبەر خوداوەند خودات ڕاوەستای لە
حۆرێب، کە خوداوەند پێی فەرمووم، گەلم بۆ کۆبکەوە و
وشەکانی منیان بخەرە بەرگوێ، تا فێربن هەموو ئەو
ڕۆژانەی کە لەسەر زەوی زیندوون لێم بترسن و منداڵەکانیان
فێر بکەن، ١١ ئێوەش هاتنە پێش و لە خوارەوەی چیاکە
ڕاوەستان و چیاکە تا ناو جەرگەی ئاسمان بە ئاگر
داگیرسابوو، بە تاریکی و هەوری چڕ، ١٢ جا خوداوەند لەنێو
ئاگرەکەوە لەگەڵتان دوا و ئێوە گوێتان لە دەنگی وشەکان
دەگرت، بەڵام هیچ وێنەیەکتان نەبینی تەنها دەنگ، ١٣ ئەویش
پەیمانەکەی خۆی پێ ڕاگەیاندن کە فەرمانی پێکردن کاری
پێبکەن، دە ڕاسپاردەکە و لەسەر دوو تەختە بەردی نووسی،
١٤ خوداوەند فەرمانی بە منیش کرد لەو کاتەدا، تا فەرز و
حوکمەکانتان فێربکەم تا کاری پێبکەن لەو خاکەی ئێوە بۆی
دەپەڕنەوە تا داگیری بکەن، ١٥ جا باش خۆتان بپارێزن، ئێوە
هیچ وێنەیەکتان نەبینی ئەو ڕۆژەی خوداوەند لە حۆرێب لەنێو
ئاگرەکەوە لەگەڵتان دوا، ١٦ نەوەك گەندەڵ بن و پەیکەرێکی
تاشراو بۆ خۆتان بکەن وێنەی نموونەیەك لە شێوەی
نێرینەیەك یان مێینەیەك، ١٧ یان شێوەی ئاژەڵێك لەوانەی
لەسەر زەوین یان شێوەی باڵندەیەکی باڵدار لەوانەی لە ئاسمان
دەفڕن، ١٨ یان شێوەی خشۆکێك لەوانەی لەسەر زەوییە، یان
شێوەی ماسیەك لەوانەی لەناو ئاو لەژێر زەوی. ١٩ هەروەها
نەوەك چاو بۆ ئاسمان بەرزکەیتەوە و تەماشای خۆر و مانگ
و ئەستێرەکان و هەموو هێزە ئاسمانیەکان بکەیت کە خوداوەند
خودات بە هەموو گەلانی داوە کە لەژێر هەموو ئاسمانن و
هەڵبخەڵەتێیت و کڕنۆشی بۆ ببەیت و بیپەرستی، ٢٠ خوداوەند
ئێوەی برد و لە کوورەی ئاسنەوە لە میسرەوە دەریهێنان تا
ببنە گەلی میراتی ئەو وەك ئەمڕۆ. ٢١ بەهۆی ئێوەوەش
خوداوەند لێم تووڕە بوو و سوێندی خوارد کە من لە ڕووباری
ئوردن ناپەڕمەوە و ناچمە ناو زەویە باشەکەی کە خوداوەند
خودات وەك بەشت پێت دەدات، ٢٢ جا من لەم خاکەدا دەمرم و
لە ڕووباری ئوردن ناپەڕمەوە، بەڵام ئێوە دەپەڕنەوە و ئەو
زەویە باشە داگیر دەکەن. ٢٣ ئاگاداربن لەوەی پەیمانی
خوداوەند خوداتان لەبیر بکەن کە لەگەڵ ئێوەی بەست و
پەیکەرێکی تاشراو بۆخوتان دروست بکەن کە وێنەی هەموو
ئەوەیە خوداوەند خودات لێی قەدەغە کردیت، ٢٤ چونکە
خوداوەند خودات ئاگرێکی سوتێنەرە، خودایەکی ئیرەدارە .
٢٥ ئەگەر منداڵ و منداڵی منداڵتان بوو و کاتتان درێژەی کێشا

لە زەویەکەدا و گەندەڵ بوون و پەیکەری تاشراوتان دروست کرد، وێنەی هەر شتێك و خراپەتان کرد لەبەرچاوی خوداوەند خوداتان بۆ تووڕەکردنی، ٢٦ ئەمڕۆ ئاسمان و زەوی دەکەم بە شایەت بەسەرتانەوە کە ئێوە بەخێرایی لەناودەچن لەو زەویەی لە ڕووباری ئوردنەوە بۆی دەپەڕنەوە تا داگیری بکەن، درێژە بە ڕۆژانتان نادەن لەسەری و بێگومان لەناودەچن . ٢٧ خوداوەند پەرشوبڵاوتان دەکاتەوە لەنێو گەلان، جا ژمارەیەکی کەمتان لێ دەمێنێتەوە لەنێو ئەو میللەتانەی خوداوەند دەتانباتە ناویان و ٢٨ لەوێ خودایەك دەپەرستن دروستکراوی دەستی خەڵك لە دارو لە بەرد کە نابینێت و نابیستێت و ناخوات و بۆن ناکات، ٢٩ ئینجا گەر لەوێوە داوای خوداوەند خودات کرد ئەوا دەیدۆزیەوە گەر بە هەموو دڵ و بە هەموو گیانتەوە بەدوای گەڕایت، ٣٠ کاتێك تەنگیت هاتەسەر و لە ڕۆژانی دوایدا هەموو ئەو شتانەت بەسەرهات، ئەوا بۆلای خوداوەند خودات دەگەڕێیتەوە و گوێ لە قسەکانی دەگریت، ٣١ چونکە خوداوەند خودات خودایەکی بەبەزەییە بەجێت ناهێڵێت و لەناوت نابات و پەیمانی باوباپیرانت لەبیرناکات کە سوێندی بۆیان خوارد. ٣٢ جا سەبارەت بە ڕۆژانی پێشوو پرسیار بکە کە پێش تۆ بووە، لەو ڕۆژەوەی خودا مرۆڤی لەسەر زەوی بەدیهێنا و لەوپەڕی ئاسمان تا ئەوپەڕی، ئایا وەك ئەم شتە مەزنە یان هاوتای بیستراوە؟ ٣٣ هیچ گەلێك گوێیان لە دەنگی خودا بووە لەنێو ئاگرەوە قسە بکات وەك تۆ گوێت لێ بوو و ژیابێت؟ ٣٤ یاخود خودا هەوڵی داوە بێت و لەنێو میللەتێکدا میللەتێك بۆ خۆی ببات بە تاقیکردنەوە و نیشانە و کاری سەرسوڕهێنەرو جەنگ و دەستی بەهێز و بازووی بەرز و ترسی مەزن، وەك هەموو ئەوەی خوداوەند خوداتان لەبەرچاوتان لە میسر بۆ ئێوەی کرد. ٣٥ تۆ بینیت تا بزانیت کە خوداوەند خۆی خودایە، جیا لەو یەکێکی تر نیە. ٣٦ لە ئاسمانەوە دەنگی خۆی بەگوێت دانا ئاگادارت بکاتەوە، لەسەر زەویش ئاگری مەزنی خۆی پێشانت دا و لەنێو ئاگرەوە گوێت لە وشەکانی بوو، ٣٧ هەروەها لەبەر ئەوەی باوباپیرانتی خۆش ویست و نەوەی ئەوانی هەڵبژارد لەدوایان، بە ئامادەبوونی خۆی و بە هێزە مەزنەکەی خۆی تۆی لە میسرەوە دەرهێنا، ٣٨ تا گەلی گەورەتر و بەهێزتر لە خۆت لەبەردەمت دەربکات و بتهێنێ و خاکەکەیانت وەك بەش بداتێ وەك ئەمڕۆ. ٣٩ جا ئەمڕۆ بزانە و لەدڵتەوە بلێرەوە، خوداوەند خۆی خودایە لە ئاسمان لەسەرەوە و لەسەر زەوی لەخوارەوە و کەسی تر نییە، ٤٠ فەرزەکان و فەرمانەکانی بپارێزە کە من ئەمڕۆ فەرمانت پێدەکەم، تا چاکە لەگەڵ خۆت و منداڵەکانت بکات لەدوای خۆت و تەمەن درێژ بیت لەسەر ئەو زەوییەی خوداوەند خودات بۆ هەموو ڕۆژان پێت دەدات. ٤١ ئەوسا موسا سێ شاری جیا کردەوە لە پشت ڕووباری ئوردنەوە بەلای ڕۆژهەڵات، ٤٢ تا ئەو بکوژەی کە بەنەزانی برادەری خۆی دەکوژێت بۆ ئەوێ ڕابکات، کە پێشتر ڕقی لێی نەبووەتەوە، جا بۆ یەکێك لەو شارانە ڕادەکات و دەژێت، ٤٣ شاری باسر لە دەشت ودەر لە زەوی دەشتایی بۆ ڕەئوبینیەکان و ڕاموت لە جلعاد بۆ گادییەکان و جۆلان لە باشان بۆ مەنەسییەکان. ٤٤ ئەمەش ئەو فێرکردنانەیە کە موسا لەبەردەم نەوەی ئیسڕائیلی دانا، ٤٥ ئەمە ئەو شایەتی و فەرز و حوکمانەیە کە موسا بە نەوەی ئیسڕائیلی وت کاتێك لە میسر دەرچوون، ٤٦ لە پشتی ڕووباری ئوردن لە گەیاو بەرامبەر بەیت پەعور لە خاکی سیحۆنی پاشای ئەمووریيەکان کە لە حەشبون نیشتەجێ بوو، ئەوەی موسا و نەوەی ئیسڕائیل کوشتیان لەکاتی دەرچوونیان لە میسر و ٤٧ دەستیان بەسەر خاکەکەی داگرت لەگەڵ خاکی عۆجی پاشای باشان، هەردوو پاشاکەی ئەمورییەکان کە لە پشت ڕووباری ئوردن بوون بە لای ڕۆژهەڵات. ٤٨ لە عروعیرەوە کە لەسەر لێواری دۆڵی ئەینونە تا چیای سییۆن کە حەرمونە، ٤٩ هەروەها هەموو عەرەبە لە پشت ڕووباری ئوردنەوە بە لای ڕۆژهەڵات تا دەریای عەراڤا لەژێر بنارەکانی پسگە.

# ٥

١ موسا هەموو ئیسڕائیلی بانگ کرد و پێی وتن: ئەی ئیسڕائیل گوێ لەو فەرز و حوکمانە بگرە کە ئەمڕۆ لە گوێتانی دەخوێنم و فێری بن و ئاگادار بن تا کاری پێبکەن. ٢ خوداوەند خودامان پەیمانێکی لە حۆرێب لەگەڵ بەستین، ٣ ئەو پەیمانەی لەگەڵ باوباپیرانمان نەبەست، بەڵکو لەگەڵ ئێمە کە ئەمڕۆ لێرەداین و هەموومان زیندووین. ٤ خوداوەند ڕووبەڕوو لە چیاکە لەنێو ئاگرەوە لەگەڵمان دوا، ٥ لەو کاتەدا من لەنێوان خوداوەند و ئێوەدا ڕاوستابووم تا وشەی خوداوەندتان پێ ڕابگەینم، چونکە لەبەر ئاگرەکە ترسان و سەرنەکەوتن بۆ چیایەکە، فەرمووی، ٦ من خوداوەند خوداتم کە لە خاکی میسر دەریهێنای لە ماڵی کۆیلەیی، ٧ لەبەردەمم خودای ترت نەبێت. ٨ هیچ پەیکەرێکی تاشراو بۆ خۆت دروست مەکە کە وێنەی شتێك بێت لەوانەی لە ئاسمانن لە سەرەوە یان لەسەر زەوین لە خوارەوە یان لە ناو ئاون لە ژێر زەویەوە. ٩ کڕنۆشیان بۆ مەبە و مەیان پەرستە، چونکە من خوداوەند خوداتم خودایەکی ئیرەدارم، تاوانی باوکان لە کوڕان بەسەردەکەمەوە و لە نەوەی سێیەم و چوارەم لە ناحەزەکانم، ١٠ پەیمانی خۆشەویستیش بەدەردەخەم بۆ هەزاران لە خۆشەویستانم ئەوانەی فەرمانەکانم دەپارێزن. ١١ ناوی خوداوەند خودات بۆ شتی پوچەڵ مەهێنە، چونکە خوداوەند ئەو کەسە بێتاوان ناکات کە بۆ شتی پوچەڵ ناوی دەهێنێت. ١٢ ڕۆژی شەبەت بپارێزە تا پیرۆزی بکەیت هەروەك خوداوەند خودات فەرمانی پێ کردیت. ١٣ شەش ڕۆژ کار دەکەیت و هەموو کارەکەت دەکەیت، ١٤ ڕۆژی حەوتەمیش شەبەتە بۆ خوداوەند خودات، هیچ کارێك ناکەیت، خۆت و کوڕەکەت و کچەکەت و خزمەتکارەکەت و کارەکەرەکەت و گایەکەت و گوێدرێژەکەت و هیچ ئاژەڵێکت و ئەو غەریبەی لەناو دەروازەی شارەکەتە هیچ کارێك ناکەن، تا خزمەتکارەکەت و کارەکەرەکەت وەك تۆ بحەسێنەوە. ١٥ لەیادت بێت کە تۆش کۆیلە بوویت لە خاکی میسر و خوداوەند خودات بە دەستێکی بەهێز و بازوویەکی درێژ لەوێی دەرهێنای، لەبەر ئەوە خوداوەند خودات فەرمانی پێکردیت ڕۆژی شەبەت بپارێزیت. ١٦ ڕێزی باوك و دایکت بگرە هەروەك خوداوەند خودات فەرمانی پێکردیت بۆ ئەوەی ڕۆژانت درێژبێت و چاکە بێتە ڕێت لەو خاکەی خوداوەند خودات پێت دەدات. ١٧ مەکوژە، ١٨ داوێن پیسی مەکە، ١٩ مەدزە، ٢٠ بە درۆ شایەتی لەسەر نزیکەکەت مەدە، ٢١ چاومەبڕە ژنی نزیکەکەت و چاومەبڕە ماڵ و کێڵگە و خزمەتکار و کارەکەر و گا و گوێدرێژ و هیچ شتێکی نزیکەکەت. ٢٢ خوداوەند بەم وشانە لەگەڵ هەموو کۆمەڵەکەتان دوا، لە چیاکە لەناو ئاگر و هەوری چڕ و دەنگێکی مەزن و هیچی زیاد نەکرد و لەسەر دوو تەختە بەرد نووسی و پێی دام. ٢٣ کاتێك گوێتان لە دەنگەکە بوو لەناو تاریکیەوە و چیاکە بە ئاگر گڕی گرتبوو، لێم هاتنە پێش، هەموو سەرۆك هۆزەکانتان و پیرەکانتان، ٢٤ وتتان، ئەوەتا خوداوەند خودامان شکۆمەندی و مەزنی خۆی پێشاندا‌ین و گوێمان لە دەنگی بوو لەناو ئاگرەوە، ئەمڕۆ بینیمان خودا لەگەڵ مرۆڤ دەدوێت و مرۆڤەکەش دەژیت، ٢٥ بەڵام ئێستا بۆچی بمرین، چونکە ئەو

ئاگرە مەزنە دەمانخوات، گەر بگەڕێینەوە و گوێ لە دەنگی
خوداوەند خودامان بگرین ئەوا دەمرین، ٢٦ چونکە کێ وەك
ئێمە لە هەموو مرۆڤ گوێی لە دەنگی خودای زیندوو بووە
لەناو ئاگرەوە بدوێت و ژیاوە. ٢٧ تۆ بڕۆ پێشەوە و گوێ لە
هەموو ئەوە بگرە کە خوداوەند خودامان دەیڵێت و هەموو
ئەوەی خوداوەند خودامان پێتی دەڵێت، پێمانی بڵێ، جا گوێ
دەگرین و کاری پێدەکەین .٢٨ خوداوەندیش گوێی لە قسەکانتان
بوو کاتێك قسەتان لەگەڵ کردم و خوداوەند پێی فەرمووم،
گوێم لە دەنگی قسەی ئەم گەلە بوو کە لەگەڵت دوان. لە
هەموو ئەوەی وتیان چاکیان کرد، ٢٩ خۆزگە دڵیان ئاوا دەبوو
تیایاندا تا لێم بترسن و هەموو ڕۆژان هەموو فەرمانەکانم
بپارێزن، تا بۆ هەتاهەتایە چاکە بێتە سەر ڕێگای خۆیان و
کوڕەکانیان. ٣٠ بڕۆ پێیان بڵێ، بگەڕێنەوە چادرەکانی خۆتان،
٣١ بەڵام تۆ لێرە لەگەڵم بوەستە، باسی هەموو فەرمانەکان و
فەرزەکان و حوکمەکانت بۆ دەکەم کە فێریان دەکەیت و ئەوان
لەو زەویەدا دەیکەن کە من پێیان دەدەم تا داگیری بکەن. ٣٢ جا
ئاگاداربن تا هەموو ئەوە بکەن وەك خوداوەند خوداتان
فەرمانی پێکردن، بەلای ڕاست و چەپدا چەواشە مەبن،
٣٣ هەموو ئەو ڕێگایەی خوداوەند خوداتان فەرمانی پێکردن
دەیگرنەبەر، تا بژین و چاکە بێتە ڕێگاتان و درێژە بە
ڕۆژانتان بدەن لەو خاکەی داگیری دەکەن.

# ٦

١ ئەمە ئەو فەرمان و فەرزو حوکمانەیە کە خوداوەند خوداتان
فەرمانی کرد فێرتانی بکەم ، تا لەو زەویەدا بیکەن کە بۆی
دەپەڕنەوە تا داگیری بکەن. ٢ تا لە خوداوەند خودات بترسیت
و هەموو فەرزو فەرمانەکانی بپارێزیت کە من بە خۆت و
کوڕەکەت و کوڕی کوڕەکەت فەرمانیان پێدەدەم هەموو
ڕۆژانی ژیانت، تا ڕۆژانت درێژ بێت. ٣ جا ئەی ئیسڕائیل
گوێ بگرە و ئاگاداربە تا کار بکەیت، تا چاکە بێتە ڕێگات و
زۆر زۆرتر بیت، هەروەك خوداوەند خودای باوباپیرانت
لەگەڵت دوا لەو خاکەی شیرو هەنگوینی لێ دەڕژێتەوە.
٤ ئەی ئیسڕائیل گوێ بگرە، خوداوەند خودامان تەنها
خوداوەندە، ٥ جا خوداوەند خودات بە هەموو دڵت و هەموو
گیانت و هەموو هێزتەوە خۆش دەوێت و ٦ با ئەم وشانەی من
ئەمڕۆ فەرمانت پێدەکەم لەسەر دڵت بێت و ٧ بۆ منداڵەکانتی
بگێڕەوە و باسی بکە کاتێك لە ماڵ دادەنیشیت و کاتێك بە
ڕێگادا دەڕۆیت و کاتێك دەخەویت و کاتێك هەڵدەستیت ،
٨ وەك نیشانەیەکیش لەسەر دەستتی ببەستە و با گوڵنگیش بێت
بە ناو چەوانتەوە و ٩ لەسەر چوارچێوەی دەرگاکانی ماڵەکەت
و لەسەر دەرگاکانی ماڵەکەتی بنووسە. ١٠ کاتێکیش خوداوەند
خودات تۆی هێنا بۆ ئەو خاکەی کە سوێندی بۆ باوباپیرانت
ئیبراهیم و ئیسحاق و یاقوب خوارد کە بتداتێ، بۆ شارانی
مەزن و چاك کە تۆ بنیادت نەناوە و ١١ ماڵانی پڕ لە خێروبێر
کە تۆ پڕت نەکردووە و بیری لێدراو کە تۆ لێت نەداوە و مێو
و زەیتون کە تۆ نەتڕواندووە و کە خواردت و تێربوویت.
١٢ جا ئاگاداربە نەوەك خوداوەند لەبیربکەیت کە لە خاکی
میسر لە ماڵی کۆیلەیی دەریهێنای. ١٣ لە خوداوەند خودات
دەترسیت و خزمەتی ئەو دەکەیت و بە ناوی ئەوەوە سوێند
دەخۆیت. ١٤ بەدوای خودایانی تر مەڕۆن لە خودایانی ئەو
میللەتانەی لە دەوروبەرتانن، ١٥ چونکە خوداوەند خوداتان
خودایەکی ئیرەدارە لەنێونتان نەوەك تووڕەیی خوداوەند
خوداتان بجۆشێت بەسەرتان و لەسەر ڕووی ئەم خاکە
لەناوتان ببات، ١٦ خوداوەند خوداتان تاقی مەکەنەوە وەك لە
مەسە تاقیتان کردەوە. ١٧ بەتەواوی فەرمان و شایەتی و
فەرزەکانی خوداوەند خوداتان بپارێزن کە فەرمانی
پێکردوون. ١٨ ئەوەی ڕاستە و باشە لەبەرچاوی خوداوەند
خودات بیکە تا چاکە بێتە ڕێگات و بچیتە ناوەوە و داگیری
ئەو زەویە چاکە بکەیت کە خوداوەند سوێندی بۆ باوباپیرانت
خوارد، ١٩ کە هەموو دوژمنانت لەبەردەمت ڕابماڵێت، وەك
خوداوەند فەرمووی. ٢٠ گەر بەیانی کوڕەکەت لێی پرسیت،
وتی، ئەو شایەتی و فەرزو حوکمانە چین کە خوداوەند
خودامان فەرمانی پێکردن .٢١ بە کوڕەکەت دەڵێیت، لە میسر
کۆیلەی فیرعەون بووین و خوداوەند بە دەستێکی بەهێز لە
میسرەوە دەریهێناین و ٢٢ خوداوەند لەبەرچاومان نیشانە و
کاری سەرسوڕهێنەری مەزن و خراپی بە میسر و بە
فیرعەون و هەموو ماڵەکەی کرد و ٢٣ لەوێوە دەریهێناین تا
بمانهێنیت و ئەو زەویەمان بداتێ کە بۆ باوباپیرانمان سوێندی
خواردبوو، ٢٤ جا خوداوەند فەرمانی پێکردین هەموو ئەو
فەرزانە بکەین و لە خوداوەند خودامان بترسین، تا هەموو
ڕۆژان چاکەمان بێتەڕێ و بمانهێڵێتەوە وەك ئەمڕۆ ،
٢٥ ڕاست ودروستیشمان بۆ دەبێت گەر هەموو ئەو
فەرمانانەمان پاراست تا لەبەردەم خوداوەند خودامان بیکەین
هەروەك فەرمانی پێکردین.

# ٧

١ کاتێك خوداوەند خودات تۆی هێنایە ئەو خاکەی کە دەچیتە
ناوی تا داگیری بکەیت و گەلانی زۆری لەبەردەمت دەرکرد،
حسییەکان و جرجاشییەکان و ئەمورییەکان و کەنعانییەکان و
فرزییەکان و حوییەکان و یەبوسییەکان، حەوت گەلی لە خۆت
زۆرترو بەهێزتر، ٢ کە خوداوەند خودات دایانیە دەستت و
تۆش لێتدان، کەسیان لێ ناهێڵیتەوە، پەیمانیان لەگەڵ نابەستیت
و بەزەییت پێیان نایەتەوە، ٣ ژن و ژنخوازیان لەگەڵ ناکەیت،
کچەکەت مەدە بە کوڕەکەیان و کچەکەیان مەخوازە بۆ
کوڕەکەت، ٤ چونکە کوڕەکەت لە من هەڵدەگێڕێتەوە و
خودایەکی تر دەپەرستێ، جا تووڕەیی خوداوەند لێتان
دەجۆشێت و خێرا لەناوتان دەبات. ٥ بەڵام ئاوایان پێ دەکەن،
قوربانگەکانیان تێکدەدەن و کۆڵەکەکانیان دەشکێنن و
ئەشێرەکانیان دەبڕنەوە و پەیکەرەکانیان بە ئاگر دەسووتێنن،
٦ چونکە تۆ گەلێکی پیرۆزی بۆ خوداوەند خودات، خوداوەند
خودات تۆی هەڵبژارد تا بۆی ببیت بە گەل، سامانێکی تایبەت
لەناو هەموو گەلانی سەر ڕووی زەوی، ٧ نەك لەبەر ئەوەی
لە هەموو گەلان زۆرترن خوداوەند پێتانەوە نوسا و
هەڵیبژاردن، لەڕاستیدا ئێوە لە هەموو گەلان کەمترن. ٨ بەڵام
لە خۆشەویستی خوداوەند بوو بۆتان و پاراستنی ئەو سوێندەی
بۆ باووباپیرانتانی خوارد، خوداوەند بە دەستێکی بەهێز
دەریهێنان و لە ماڵی کۆیلەیی لە دەستی فرعەونی پاشای
میسر ئێوەی کڕییەوە، ٩ جا بزانە کە خوداوەند خودات خۆی
خودایە، خودای سەرڕاست، پارێزەری پەیمان و
خۆشەویستییە تا هەزار نەوە، بۆ ئەوانەی خۆشیان دەوێت و
فەرمانەکانی دەپارێزن، ١٠ پاداشتی ئەوانە دەداتەوە کە ڕقیان
لێی دەبێتەوە و دەستبەجێ لەناویان دەبات، ئەوەی ڕقی لێی
بێتەوە لەسەری ناوەستێت و تۆڵەی لێ دەکاتەوە. ١١ جا
فەرمان و فەرز و حوکمەکان بپارێزە کە من ئەمڕۆ فەرمانت
پێ دەکەم تا بیکەیت. ١٢ لەبەر ئەوەی ئێوە گوێ لەو حوکمانە
دەگرن و دەیپارێزن و دەیکەن، ئەوا خوداوەند خودات ئەو
پەیمان و خۆشەویستییەت بۆ دەپارێزێت کە سوێندی بۆ
باوباپیرانت خوارد، ١٣ هەروەها تۆی خۆشدەوێت و پیرۆزت

دەکات و زۆرت دەکات و بەروبوومی سـکت و بەروبوومی
زەویەکەت و گەنـمەکەت و مەیەکەت و زەیـتەکەت و
بەروبوومی مانگاکەت و مەڕەکانت پیرۆز دەکات لەسەر ئەو
زەویەی کە سوێندی بۆ باوباپیرانت خوارد کە بە تۆی دەدات.
١٤ تۆ پیرۆز دەبیت لەسەرووی هەموو گەلان، وەچاغ کوێر و
نەزۆك نە لە تۆ و نە لەناو ئاژەڵەکانتدا نابێت، ١٥ خوداوەند
هەموو نەخۆشـیەکەت لـێ دەگێرێتەوە و هەموو دەردە
خراپەکانی میسـر کە زانیت نایخاتە سـەرت، بەڵکو دەیخاتە
سـەر هەموو ناحەزانت، ١٦ هەموو ئەو گەلانەش دەخۆیت و
لەناودەبەیت کە خوداوەند خودات دەیانداتە دەسـتت، بەزەیی
پێیان نایەتەوە و خوداکەیان ناپەرستیت، چونکە ئەوە تەڵەیە بۆ
تۆ، ١٧ گەر لە دڵی خوتدا وتت، ئەو گەلانە لە من زۆرترن،
چۆن دەتوانم دەریـان بکەم. ١٨ لێیـان مەترسـە، ئەوەت بە
بیربێتەوە خوداوەنـد خودات چی بە فیرعەون و بە هەموو
میسـرییەکان کرد، ١٩ ئەو تاقیکردنەوە مەزنانەی چاوەکانت
بینیان و ئەو نیشانە و کارە سەرسوڕهێنەر و دەستە بەهێز و
بـازووە بڵنـدەی کە خوداوەنـد خودات تۆی پێ دەرهێنـا.
خوداوەند خودات ئاوا لە هەموو ئەو گەلانە دەکات کە تۆ لێیان
دەترسـیت. ٢٠ هەروەها خوداوەند خودات زەردەواڵەشـیان
دەنێرێتە سـەر تـا ئەوانەی مـاون و لێت ونن لەبەردەمت
لەنـاوببـات، ٢١ لێیـان مەترسـە، چونکە خوداوەنـد خودات
لەناوتانە و خودایەکی مەزن و سـامناکە. ٢٢ بەڵام خوداوەند
خودات کەمە کەمە ئەو گەلانە لەبەردەمت دەردەکات، ناتوانیت
بەخێرایی لەناویان بدەیت نەوەك دڕندەی کێویت بەسـەرەوە
زۆر بێت، ٢٣ خوداوەند خودات دەیانداتە دەست و ئاژاوەیەکی
مەزنیان دەکەوێتەناو، تا لەناودەچن. ٢٤ پاشـاکانیشـیان دەخاتە
ناو دەسـتت، جا لە ژێر ئاسـمان ناویان دەسڕییەوە، مرۆڤێك
نـابێـت لەبەر ڕووت بوەسـتێـت تـا لەنـاویـان دەبەیـت.
٢٥ پەیکەرەکانی خوداکانیان بە ئاگر دەسـووتێنن، چاومەبڕە
ئەو زیو و زێڕەی کە لەسـەریانە تا بۆ خۆتی ببەیت، نەوەك
پێی بکەویتە داوەوە، چونکە لە لای خوداوەند خودات قێزەونە،
٢٦ هیچ قێزەوەنێکیش مەبە نـاو مـاڵەکەتەوە نەوەك تۆش وەك
ئەو قڕبکرێـت، بەتەواوی قێزو بێزی لـێ دەکەیتەوە، چونکە
قەدەغەکراوە.

# ٨

١ هەموو ئەو فەرمـانـانەی من ئەمرۆ فەرمـانتـان پێ دەکەم
دەیپارێزن، تا بیکەن و بژین و زۆربن و ئەو خاکەی خوداوەند
سـوێندی خواردووە بۆ باووباپیرانتان بچنە ناوی و داگیری
بکەن. ٢ هەموو ئەو ڕێگایەش کە خوداوەند خودات لە ماوەی
ئەم چل سـاڵەدا تۆی پێ برد لە چۆڵەوانیدا تا زەلیلت بکات و
تاقیت بکاتەوە تا ئەوەی لەناو دڵتە بزانێت، ئاخۆ فەرمانەکانی
دەپارێزیت یان نا. ٣ جا زەلیلی کردی و برسی کردی و مەنی
دەرخوارد دایت، کە پێشـتر نەتدەزانی و باوباپیرانیشـت
نەیـاندەزانی تـا فێرت بکات کە مرۆڤ تەنها بە نـان نـاژیت
بەڵکو بە هەموو وشەیەك کە لە دەمی خوداوەندەوە دێتە دەرەوە
مرۆڤ دەژیت. ٤ جلەکانت بەبەرتەوە کۆن نەبوون و پێت نە
ئاوسـا لەم چل سـاڵەدا، ٥ جا لە دڵتەوە بزانە وەك چۆن مرۆڤ
کوڕەکەی تەمبێ دەکـات، ئـاوا خوداوەنـد خودات تەمبێی
کردیت. ٦ فەرمـانەکـانی خوداوەنـد خوداشـت بپـارێزە تـا
ڕێگاکانی بگریت و لێی بترسـیت، ٧ چونکە خوداوەند خودات
دەتهێنێتە خـاکێکی بـاش، خـاکی ڕووبـار و کـانیـاوەکـان و
سـەرچاوەی هەڵقوڵاو لەناو دۆڵ و چیاکان، ٨ خاکی گەنم و
جۆ و میو و هەنجیر و هەنـار، خـاکی زەیتی زەیتون و
هەنگوین. ٩ خـاکێکە نـانی کەمی تیـادا نـاخۆیـت و تیـایـدا
پێویستیت بە هیچ شتێك نابێت، خاکێك بەردەکانی ئاسنە و لە
چیاکانی مس هەڵدەکۆڵیت. ١٠ جا کاتێك خواردت و تێربوویت،
خوداوەند خودات پیرۆز دەکەیت لەبەر ئەو خاکە باشـەی پێی
دایـت. ١١ ئـاگـاداربە لەوەی خوداوەنـد خودات لەبیربکەیـت و
فەرمان و حوکم و فەرزەکانی نەپارێزیت، ئەوەی من ئەمڕۆ
فەرمـانتـان پێ دەدەم، ١٢ نەوەك کە خواردت و تێربووی و
خانووی خۆشت دروست کرد و نیشتەجێ بوویت و ١٣ مانگا
و مەڕت زیـادی کرد و زیو و زێڕت بۆ زیـاد بوو، هەموو
ئەوەی هەتە زیاد بوو، ١٤ لووت بەرز بیت و خوداوەند خودات
لەبیربچێت کە لە خاکی میسـر لە ماڵی کۆیلەیی دەریهێنای،
١٥ ئەوەی بە چۆڵەوانی مەزنی ترسـناکدا تۆی برد، شـوێنی
ماری سووتێنەر و دووپشك و تینووێتی کە ئاو نییە، ئەوەی لە
بەردەئەستێ ئاوی بۆ دەرهێنای، ١٦ ئەوەی لە چۆڵەوانی مەنی
دەرخوارد دای کە باوباپیرانت نەیاندەزانی، تا زەلیلت بکات و
تاقیت بکاتەوە تا لە کۆتاییدا چاکەت لەگەڵدا بکات. ١٧ هەروەها
نەوەك لە دڵی خۆتدا بڵێیت هێزی خۆم و توانای دەسـتم ئەم
سـامانەی بۆ دروسـت کردم، ١٨ بەڵکو خوداوەند خودات
لەیادبێت، ئەوە هێزت دەداتێ بۆ سامان دروست کردن، تا ئەو
پەیمانەی خۆی بەجێ بگەێنێت کە سـوێندی بۆ باوباپیرانت
خوارد وەك ئەمرۆ. ١٩ ئەگەر خوداوەند خوداشـت لەبیرکرد و
دوای خودایەکی تر کەوتی و پەرسـتت و کڕنۆشـت بۆ برد،
ئەوا ئەمڕۆ شایەتیتان لەسەر دەدەم کە بێ گومان لە ناودەچن،
٢٠ وەك ئەو گەلانەی خوداوەند لە بەردەمتان لەناویان دەبات،
ئێوەش لەنـاودەبرێن لەبەر ئەوەی ئێوە گوێتـان لە قسـەی
خوداوەند خوداتان نەگرت.

# ٩

١ ئەی ئیسـڕائیل گوێ بگرە، ئەمرۆ تۆ لە ڕووباری ئوردن
دەپەڕیەوە تـا بچیتە نـاوەوە و گەلانی لە خۆت گەورەتر و
بەهێزتر و شاری مەزن و شورەدار تا ئاسمان، داگیر بکەیت.
٢ نەتەوەیەکی مەزن و درێژ، نەوەی عەناق، کە ئەوانت ناسیوە
و گوێت لێ بووە: کێ لەڕووی نەوەی عەناق دەوەستێت؟ ٣ جا
ئەمرۆ بزانە کە خوداوەنـد خودات لەپێشـتەوە دەپەڕیتەوە و
ئـاگرێکی سـووتێنەرە، ئەو لەبەردەمتدا لەنـاویـان دەبـات و
زەلیلیان دەکات و تۆش دەریان دەکەیت و بەخێرایی لەناویان
دەبەیت، هەروەك خوداوەند لەگەڵت دوا. ٤ کـاتێك خوداوەند
خودات لەبەردەمتدا لایان دەبات، لە دڵی خۆتدا مەڵێ، لەبەر
ڕاسـتودروسـتیم خوداوەند منی هێنایە ناوەوە تا ئەم خاکە
داگیربکەم، بەڵکو لەبەر بەدکـاری ئەو گەلانەیە، خوداوەنـد
لەبەردەمتدا دەریان دەکات. ٥ لەبەر ڕاسـتودروسـتی و ڕێکی
دڵت نییە کە دەچیە ناوەوە تا زەویەکەیان داگیر بکەیت، بەڵکو
لەبەر بەدکاری ئەو گەلانەیە کە خوداوەند خودات لەبەردەمت
دەریان دەکات و تا ئەو بەڵێنەش جێبەجێ بکات کە خوداوەند
سوێندی لەسـەر خوارد بۆ باوباپیرانت ئیبراهیم و ئیسـحاق و
یاقوب. ٦ جا بزانە لەبەر ڕاسـتودروسـتیت نییە خوداوەند
خودات ئەو خاکە باشەت پێ دەدات تا داگیری بکەیت، چونکە
تۆ گەلێکی کەلە ڕەقیت. ٧ لەیادت بێت و لەبیرمەکە چۆن لە
دەشـتودەر خوداوەنـد خودات تووڕەکرد، لەو ڕۆژەوەی لە
خاکی میسـرەوە دەرچوویت و تا هاتنە ئەم شـوێنە ئێوە لە
خوداوەنـدتـان یـاخـی دەبوون، ٨ تەنـانەت لە حۆرێبیش
خوداوەندتان تووڕەکرد و جا خوداوەند لێتان تووڕەبوو تا لە
نـاوتـان ببـات، ٩ کـاتێك بۆ چیـاکە سـەرکەوتم تـا دوو تەختە

بەردەکە، دووتەختەکەی پەیمان کە خوداوەند لەگەڵتانی بەست
بهێنم، چل ڕۆژ و چل شەو لە چیادا مامەوە و نانم نەخوارد و
ئاوم نەخواردەوە. ١٠ خوداوەندیش دوو تەختە بەردەکەی پێدام
کە بە پەنجەی خودا نووسرابوون و هەموو ئەو وشانەیان
لەسەربوو کە خوداوەند لە چیاکە لەناو ئاگرەوە لە ڕۆژی
کۆبوونەوەکە لەگەڵتا پێی دوا. ١١ جا لە کۆتایی چل ڕۆژ و چل
شەوەکە، کاتێك خوداوەند دوو تەختە بەردەکەی پەیمانی پێدام،
١٢ خوداوەند پێی فەرمووم: هەستە بەخێرایی لێرە بڕۆ
خوارەوە، چونکە گەلەکەت ئەوەی لە میسرەوە دەرمهێنان
گەندەڵ بوون، بەزوویی لەو ڕێگایە لایاندا کە فەرمانت
پێکردن، بتێکی لەقاڵبدراویان بۆ خۆیان دروست کرد.
١٣ هەروەها خوداوەند لەگەڵم دوا و فەرمووی: ئەم گەلەم بینی،
گەلێکی کەلە ڕەقن، ١٤ لێم گەڕێ لەناویان دەبەم و ناویان لە
ژێر ئاسمان دەسڕمەوە و دەتکەم بە گەلێکی بەهێزتر و زۆرتر
لەوان، ١٥ منیش بەڕێکەوتم و لە چیاکە هاتمە خوارەوە و
چیاکە بە ئاگر گڕیگرتبوو و دوو تەختەکەی پەیمانیشم بە
دەستەوە بوو. ١٦ جا ڕوانیم ئێوە سەبارەت بە خوداوەند
خوداتان گوناهتان کردبوو و گوێرەکەیەکی لەقاڵبدراوتان بۆ
خۆتان دروست کردبوو و بەزوویی لەو ڕێگایە لاتاندابوو
کەخوداوەند فەرمانی پێکردبوو .١٧ منیش دوو تەختەکەم گرت
و لە دەستم فڕێمدان و لەبەرچاوتان شکاندمن، ١٨ ئینجا وەك
یەکەمجار چل ڕۆژ و چل شەو لەبەردەم خوداوەند کەوتم و
نانم نەخوارد و ئاوم نەخواردەوە لەبەر هەموو گوناهانەکانتان
کە گوناهەتان پێکرد بەوەی لەبەردەم خوداوەند خراپەتان کرد
بۆ تووڕە کردنی. ١٩ چونکە لەو تووڕەیی و جۆشانە ترسام کە
خوداوەند ڕقی لێتان هەستابوو تا لەناوتان ببات، جا خوداوەند
ئەو جارەش گوێی لێ گرتم. ٢٠ خوداوەند لە هارۆنیش زۆر
تووڕە بوو تا لەناوی ببات، جا لەو کاتەدا لە پێناوی هارۆنیش
نوێژم کرد، ٢١ بەڵام گوناهەکەتان ئەو گوێرەکەیەی دروستتان
کرد، من بردم و بە ئاگر سووتاندم و کوتام و باش وردوخاشم
کرد تا نەرم بوو وەك تۆز، ئینجا تۆزەکەیم هەڵدایە ناو ئەو
جۆگەیەی لە چیاکەوە دێتە خوارەوە. ٢٢ هەروەها لە تەبعیرە و
مەسە و قەبروت هەتاوەت خوداوەندتان تووڕەکرد،
٢٣ کاتێکیش خوداوەند لە قادش بەرنیعەوە ناردنی و فەرمووی،
سەرکەون و ئەو زەوییە داگیر بکەن کە پێم داون، لە وشەی
خوداوەند خوداتان یاخی بوون و بڕواتان پێی نەکرد و گوێتان
لە دەنگی نەگرت، ٢٤ جا لەو ڕۆژەوەی ئێوەم ناسیووە، ئێوە
هەر لە خوداوەند یاخی دەبوون. ٢٥ جا ئەو چل ڕوَژ و چل
شەوەی کەوتم، لەبەردەم خوداوەند کەوتم، چونکە خوداوەند
فەرمووی لەناوتان دەبات. ٢٦ ئینجا نوێژم بۆ خوداوەند کرد و
وتم، ئەی خوداوەندم خوداوەند، گەلەکەت و میراتەکەت
لەناومەبە کە بە مەزنی خۆت کڕیتەوە، ئەوەی بە دە ستێکی
بەهێز لە میسر دەرتهێنا. ٢٧ خزمەتکارەکانت بەبیربێتەوە
ئیبراهیم و ئیسحاق و یاقوب، ئاوڕ لە کەلە ڕەقی ئەم گەلە
مەدەوە یان لە بەدکاریەکەی یان لە گوناهەکەی، ٢٨ نەوەك ئەو
زەویەی لێت دەرهێناین بڵێت، لەبەرئەوەی خوداوەند نەیتوانی
بیانباتە ناو ئەو زەویەی کە بۆی باسکردن و لەبەرئەوەی ڕقی
لێیان بوو، دەریهێنان تا لە بیابان بیانمرێنێت. ٢٩ ئەوان گەلی
تۆن و میراتی تۆن کە بە هێزە مەزنەکەت و بازووە
بەرزەکەت دەرتهێنان.

# ١٠

١ لەو کاتەدا خوداوەند پێی فەرمووم، دوو تەختە لە بەرد بتاشە
وەك ئەوانی یەکمجار و سەرکەوە بۆ لام بۆ چیاکە،
سندوقێکیش لە دار بۆ خۆت دروست بکە، ٢ جا لەسەر دوو
تەختەکە ئەو وشانە دەنووسمەوە کە لەسەر دوو تەختەکەی
یەکەمجار بوون و تۆ شکاندنت و دەیانخەیتە ناو سندوقەکەوە.
٣ منیش سندوقێکم لە داری چنار دروستکرد و دوو تەختەشم
لە بەرد تاشی وەك ئەوانی یەکەمجار و بۆ چیاکە سەرکەوتم و
دوو تەختەکەش بە دەستمەوە بوون. ٤ ئەویش لەسەر دوو
تەختەکە وەك نووسراوی یەکمجاری نووسیەوە، دە
ڕاسپاردەکە کە خوداوەند لەگەڵتان پێی دوا لە چیاکە لە ناو
ئاگرەوە لە ڕۆژی کۆبوونەوەکە و ئینجا پێی دام. ٥ ئیتر
ڕۆیشتم و لە چیاکە هاتمە خوارەوە و دوو تەختە بەردەکەم
لەناو سندوقەکە دانا کە دروستم کرد، جا لەوێ بوون وەك
خوداوەند فەرمانی پێ کردم. ٦ نەوەی ئیسڕائیلیش لە بیرەکانی
نەوەی یەعقانەوە کۆچیانکرد بۆ مۆسێر .لەوێ هارۆن مرد و
لەوێ نێژرا، جا ئەلیعازاری کوڕی لە جێی ئەو کاهینایەتی
کرد. ٧ لەوێشەوە کۆچیانکرد بۆ گدگۆدە، لە گدگۆدەشەوە بۆ
یوتبات کە خاکی ڕووبارە ئاوەکانە. ٨ لەو کاتەدا خوداوەند
نەوەی لێڤی جیاکردەوە تا سندوقی پەیمانی خوداوەند هەڵگرن
و لەبەردەم خوداوەند بوەستن بۆئەوەی خزمەتی بکەن و بە
ناوی ئەوەوە پیرۆز بکەن تا ئەمڕۆ، ٩ لەبەرئەوە لێڤی لەگەڵ
برایەکانی بەش و میراتی نەبوو، خوداوەند بەشی ئەوە
هەروەك خوداوەند خودات لەگەڵی دوا. ١٠ منیش وەك ڕۆژانی
یەکەمجار چل ڕۆژ و چل شەو لە چیاکە مامەوە و خوداوەند
ئەو جارەش گوێی لێ گرتم و خوداوەند نەیویست
لەناوتانببات .١١ دواتر خوداوەند پێی فەرمووم، هەستە بڕۆ بۆ
کۆچکردن لەپێش گەلەوە، جا دەچنە ناو و ئەو خاکەو داگیری
دەکەن کە سوێندم بۆ باوباپیرانیان خوارد بیان دەمێ .
١٢ ئێستاش ئەی ئیسڕائیل خوداوەند خودات چی لێت دەوێت،
تەنها ئەوەندە کە لە خوداوەند خودات بترسی تا هەموو
ڕێگاکانی بگریتەبەر و خۆشتبووێ و خوداوەند خودات بە
هەموو دڵ و بە هەموو گیانتەوە بپەرستی و ١٣ فەرمانەکانی
خوداوەند و فەرزەکانی بپارێزی کە من ئەمڕۆ بۆ باشی خۆت
فەرمانت پێیدەکەم. ١٤ ئەوەتا ئاسمان و ئاسمانی ئاسمان و
زەوی و هەرچی تیایەتی بۆ خوداوەند خوداتە، ١٥ بەڵام
خوداوەند بە باوباپیرانتەوە نووسا تا خۆشیبووێن، جا لەپاش
خۆیان نەوەکەیانی هەڵبژارد کە ئێوەن، لەسەرووی هەموو
گەلانەوە وەك ئەمڕۆ. ١٦ کەواتە دڵتان خەتەنە بکەن و ئیتر
کەلە ڕەق مەبن، ١٧ چونکە خوداوەند خوداتان خۆی خودای
خودایانە و خوداوەندی خوداوەندانە، ئەو خودا مەزنە پاڵەوانە
بەسامەی لایەنگیری ناکات و بەرتیل وەرناگرێت،
١٨ دادپەروەری هەتیو و بێوەژن دەکات و دۆستی غەریبە تا
خۆراك و بەرگی بداتێ. ١٩ جا غەریبتان خۆشبووێت، چونکە
لە خاکی میسردا غەریب بوون. ٢٠ لە خوداوەند خودات
دەترسیت، خزمەتی ئەو دەکەیت و بەوەوە دەنووسێیت و بە
ناوی ئەوەوە سوێند دەخۆیت، ٢١ ئەو ستایشتە و ئەو خوداتە
کە ئەو هەموو کارە مەزن و ترسناکەی لەگەڵ کردیت کە
چاوەکانت بینیان. ٢٢ باوباپیرانت حەفتا کەس بوون کە چوونە
میسر و ئێستاش خوداوەند خودات لە زۆریدا وەك ئەستێرەی
ئاسمانی لێکردووی.

# ١١

١ جا خوداوەند خودات خۆشبووێت و خواست و فەرز و حوکم
و فەرمانەکانی بپارێزە هەموو ڕۆژان، ٢ ئەمڕۆش بزانن کە
من لەگەڵ کوڕەکانی ئێوە دانا، کە ئەو تەمبێکردنەی خوداوەند
خوداتانیان نە زانیوە و نە بینیویانە، هەروەها نە مەزنێتی و
دەستە بەهێزەکەی و بازووە بەرزەکەی و ٣ نیشانە و کارەکانی
کە لە میسر بە فیرعەونی پاشای میسرو بە هەموو خاکەکەی
کرد، ٤ هەروەها ئەوەی بە سوپای میسری کرد، بە
ئەسپەکانیان و گالیسکەکانیانی کرد، کە ئاوی دەریای سوفی
بەسەر ڕوویاندا هێنا کاتێك بەدواتان کەوتن، جا خوداوەندیش
لەناویبردن تا ئەمڕۆ، ٥ هەروەها ئەوەی لەدەشتودەر بۆی
کردن تا هاتنە ئەم شوێنە و ٦ ئەوەی بە داتان و ئەبیرامی کرد،
دوو کوڕەکەی ئەلیابی کوڕی ڕائوبین، ئەوانەی لە ناوەندی
هەموو ئیسرائیلدا زەوی دەمی کردەوە و بەماڵەکانیان و
چادرەکانیان و هەموو ئەو شتانەی هی ئەوانە بوون هەڵی
لووشین، ٧ چونکە چاوەکانی ئێوە هەموو کردارە مەزنەکانی
خوداوەندیان بینی کە کردی. ٨ جا هەموو ئەو فەرمانانە
بپارێزن کە ئەمڕۆ فەرمانتان پێدەکەم تا بە هێزبن و بچنە
ناوەوە و ئەو خاکە داگیر بکەن کە ئێوە بۆی دەپەڕنەوە تا
داگیری بکەن، ٩ هەروەها تا درێژەبدەن بە ڕۆژانتان لەسەر
ئەو زەویەی خوداوەند سوێندی بۆ باوباپیرانتان خوارد
بیانداتێ بەخۆیان و نەوەکانیان، خاکێك شیر و هەنگوینی
لێدەڕژێتەوە، ١٠ چونکە ئەو خاکەی تۆ دەچیتە ناوی تا داگیری
بکەیت، وەك خاکی میسر نییە کەلێی دەرچوویت، ئەو
شوێنەی کشتوکاڵت لێی دەکرد و بە پێیەکانت ئاوت دەدا وەك
بێستانی سەوزەوات، ١١ بەڵکو ئەو خاکەی ئێوە بۆی دەپەڕنەوە
تا داگیری بکەن، خاکی چیا و دۆڵە، لە بارانی ئاسمان ئاو
دەخۆیتەوە، ١٢ خاکێك خوداوەند خودات بایەخی پێدەدات،
چاوەکانی خوداوەند خودات بەدرێژای ساڵ بە بەردەوامی
لەسەریەتی. ١٣ جا گەر گوێتان لە فەرمانەکانم گرت کە من
ئەمڕۆ فەرمانتان پێدەکەم تا خوداوەند خوداتان خۆشبووێت و
بە هەموو دڵتان و بە هەموو گیانتانەوە بیپەرستن، ١٤ ئەوا
بارانی زەویەکەتان، پایزە باران و بەهارە باران لە کاتی
خۆیدا دەدەم، جا گەنم و مەی و زەیتەکەت کۆدەکەیتەوە و
١٥ گیا بە ئاژەڵەکانت دەدەم لە کێڵگەکەت، جا دەخۆیت و تێر
دەبیت. ١٦ بۆیە ئاگاداربن لەوەی دڵتان بخەڵەتێت و لابدەن و
خودای تر بپەرستن و کڕنۆشی بۆ ببەن. ١٧ جا تووڕەیی
خوداوەند لێتان دەجۆشێت و ئاسمان دادەخرێت و باران نابێت
و زەوی بەروبووم نادات، ئێوەش بەخێرایی لەو خاکە چاکەی
خوداوەند پێتانی دەدات لەناودەچن. ١٨ جا ئەم وشانەم لەسەر
دڵ َو گیانتان دابنێن و وەك نیشانە لەسەر دەستتانی ببەستن و
با گوڵنگ بن بە نێوچاوانتانەوە. ١٩ منداڵەکانیشتان فێر بکەن و
پێی بدوێن کاتێك لە ماڵەکانتان دادەنیشن و کاتێك بەڕێگادا
دەڕۆن و کاتێك دەخەون و کاتێك هەڵدەستن، ٢٠ لەسەر
چوارچێوەی دەرگاکانی ماڵەکەت و لەسەر دەرگاکانت
بینووسە، ٢١ تا ڕۆژانی خۆت و منداڵەکانت زیاد بکات لەسەر
ئەو زەویەی خوداوەند سوێندی بۆ باوباپیرانت خوارد
بیانداتێ وەك ڕۆژانی ئاسمان لەسەر زەوی، ٢٢ چونکە گەر
هەموو ئەو فەرمانانە بپارێزن کە من فەرمانتان پێدەکەم تا
بیکەن، بۆئەوەی خوداوەند خوداتان خۆشبووێ و هەموو
ڕێگاکانی بگرنەبەر و پێوەی بنووسێن، ٢٣ خوداوەند هەموو
ئەو گەلانە لەبەردەمتان دەردەکات و ئێوە دەبنە میراتگری
گەلانی لە خۆتان گەورەتر و بەهێزتر. ٢٤ هەر شوێنێك لەپی
پێتان لێنا دەبێتە هی ئێوە، لە دەشتودەر و لوبنانەوە، لە
ڕووبارەکەوە، ڕووباری فورات تا دەریای ڕۆژئاوا دەبێت بە
سنوورتان. ٢٥ هیچ مرۆڤێك لەڕووتان ناوەستێت، خوداوەند
خوداتان ترس و سامتان دەخاتە سەر هەموو ئەو زەوییەی
پێی لێ دەنێن هەروەك لەگەڵتان دوا. ٢٦ بڕوانە، من ئەمڕۆ
پیرۆزکردن و نەفرەت لەبەردەمتان دادەنێم، ٢٧ پیرۆزکردنەکە
ئەگەر گوێتان لە فەرمانەکانی خوداوەند خوداتان گرت ئەوەی
کە ئەمڕۆ فەرمانتان پێدەکەم، ٢٨ نەفرەتەکەش ئەگەر گوێتان
لە فەرمانەکانی خوداوەند خوداتان نەگرت و لەو ڕێگایەی
ئەمڕۆ فەرمانتان پێدەکەم لاتاندا، تا بە دوای خودای تر بکەون
کە نەتانناسیوە. ٢٩ جا ئەگەر خوداوەند خودات تۆی هێنایە ئەو
خاکەی تۆ دەچیتە ناوی تا داگیری بکەیت، ئەوا پیرۆزکردنەکە
بخەرە سەر چیای جەرزیم و نەفرەتەکەش لەسەر چیای
عیبال، ٣٠ ئایا ئەوان لە پشتی ڕووباری ئوردنەوە نین، لە
پشت ڕێگای ڕۆژئاوا لە خاکی کەنعانییەکان کە لە عەراڤادا
نیشتەجێن، بەرامبەر جلجال لەتەنیشت داربەڕووەکانی مورە،
٣١ چونکە ئێوە لە ڕووباری ئوردن دەپەڕنەوە تا بچنە ناو ئەو
خاکەی خوداوەند خوداتان پێتان دەدات و داگیری بکەن،
داگیری دەکەن و تیایدا نیشتەجێ دەبن. ٣٢ جا هەموو ئەو
فەرز و حوکمانە بپارێزن کە من ئەمڕۆ لەبەردەمتانی دادەنێم
تا بیکەن.

# ١٢

١ ئەمە ئەو فەرز و حوکمانەیە کە دەیپارێزن تا لە سەر ئەو
زەویە بیکەن کە خوداوەند خودای باوباپیرانت پێی داوی تا
داگیری بکەیت هەموو ئەو ڕۆژانەی لەسەر زەوی دەژین.
٢ هەموو ئەو شوێنانە تێکدەدەن کە تیایدا ئەو میللەتانەی ئێوە
دەبنە میراتگریان، خودایەکانیان دەپەرست لەسەر چیا
سەرکەشەکان و لەسەر گردەکان و لەژێر هەموو دارێکی
سەوز، ٣ قوربانگاکانیشیان تێکدەدەن و کۆڵەکەکانیان دەشکێنن
و ئەشێرەکانیان بە ئاگر دەسووتێنن و پەیکەرەکانی خوداکانیان
دەبڕنەوە و لەو شوێنەدا ناویان دەسڕنەوە. ٤ ئاوا بۆ خوداوەند
خوداتان مەکەن، ٥ بەڵکو ئەو شوێنەی خوداوەند خوداتان
هەڵیدەبژێرێ لەناو هەموو هۆزەکانتان تا ناوی خۆی تیادا
دابنێت، لە پەرستگاکەی ئەو داوا دەکەن و بۆ ئەوێ دێن .
٦ بۆ ئەوێ قوربانی سووتاندنەکان و سەربڕاوەکانتان و
دەیەکەکانتان و پیتاکە بەرزکراوەکانتان و نەزرەکانتان و
بەخشینەکانتان و نۆبەرەی مانگا و مەڕەکانتان پێشکەش
دەکەن. ٧ لەوێ لەبەردەم خوداوەند خوداتان دەخۆن و دڵخۆش
دەبن بەهەموو ئەوەی دەستتان پێیدەگات، ئێوە و ماڵەکانتان
وەك خوداوەند خوداتان پیرۆزی کردن. ٨ وەك ئەوەی ئێمە
ئەمڕۆ لێرە دەیکەین ئێوە ئاوا مەکەن، هەرکەسە و بەو
شێوەیەی خۆی بەباشی دەبینێ، ٩ چونکە هێشتا نەچوونەتە ناو
شوێنی حەسانەوە و میرات کە خوداوەند خوداتان دەتانداتێ .
١٠ جا کاتێك لە ڕووباری ئوردن پەڕینەوە و لەو خاکە
نیشتەجێ بوون کە خوداوەند خوداتان بۆتانی بەش دەکات و
ئێوەی حەساندەوە لە هەموو دوژمنەکانتان کە لە دەوروبەرتانن
و بە ئاسوودەیی نیشتەجێ بوون، ١١ ئەوا ئەو شوێنەی
خوداتان هەڵیدەبژێرێت تا ناوی لەوێ بێت، بۆ ئەوێ هەموو
ئەو شتانە هەڵدەگرن کە من فەرمانتانی پێدەکەم، قوربانی
سووتاندنەکان و سەربڕاوەکانتان و دەیەکەکانتان و پیتاکە
بەرزکراوەکانتان و هەموو هەڵبژێرراوی نەزرەکانتان کە بۆ
خوداوەندی دەکەن، ١٢ جا لەبەردەم خوداوەند خوداتان دڵخۆش
دەبن، ئێوە و کوڕەکانتان و کچەکانتان و خزمەتکارەکانتان و
کارەکەرەکانتان و ئەو لێڤییەش کە لە دەروازەی شارەکانتانە،

چونکە ئەو نە بەش و نە میراتی لەگەڵتان نییە. ١٣ ئاگاداربە
لەوەی قوربانی سووتاندنەکانت بکەی لە هەموو شوێنێك کە
دەیبینیت، ١٤ بەڵکو لەو شوێنەی خوداوەند هەڵیدەبژێرێت لە
یەکێك لە هۆزەکانت، لەوێ قوربانی سووتاندنەکانت دەکەیت
و لەوێ هەموو ئەوانە دەکەیت کە من فەرمانت پێدەکەم،
١٥ بەڵام لە هەموو ئەوەی حەزت بۆی دەچێت سەردەبڕیت و
گۆشت دەیخۆیت لە هەموو دەروازەکانت بە گوێرەی
پیرۆزکردنی خوداوەند خودات کە پێی داوی، گڵاو و پاك لێی
دەخۆن وەك ئاسك و کەڵەکێوی. ١٦ بەڵام خوێن ناخۆیت، وەك
ئاو دەیڕێژیتە سەر زەوی. ١٧ بۆت نییە لە دەروازەی
شارەکانت دەیەکی گەنم و مەی و زەیتەکەت بخۆیت، هەروەها
لە نۆبەرەی مانگاکانت و مەڕەکانت و نەهیچ شتێك لە
نەزرەکانت کە نەزریان دەکەیت و لە بەخشینەکانت و پیتاکە
بەرزکراوەکانت، ١٨ بەڵکو لەبەردەم خوداوەند خودات
دەیخۆیت لەو شوێنەی خوداوەند خودات هەڵیدەبژێرێت، خۆت
و کوڕەکەت و کچەکەت و خزمەتکارەکەت و کارەکەرەکەت
و ئەو لێڤییەی لە دەروازەی شارەکەتە، لەبەردەم خوداوەند
خوداشت بەهەموو ئەوەی دەستت پێیدەگات دڵخۆش دەبیت.
١٩ ئاگاداربە لەوەی لێڤی پشت گوێ بخەیت هەموو ڕۆژانت
لەسەر خاکەکەت. ٢٠ گەر خوداوەند خودات سنووری فراوان
کردیت وەك لەگەڵت دوا و وتت گۆشت دەخۆم، چونکە حەزت
چووە گۆشت خواردن، ئەوا لە هەموو ئەوەی حەزت بۆی
دەچێت لە گۆشت دەیخۆیت. ٢١ گەر ئەو شوێنەی خوداوەند
خودات هەڵیدەبژێرێت تا ناوی خۆی لێ دابنێت لێتەوە
دووربوو، ئەوا لەو مانگا و مەڕانەی خوداوەند پێتی داوە
سەری بڕە وەك فەرمانم پێکردیت و لە دەروازەی شارەکەت
لە هەموو ئەوەی حەزت بۆی چوو بخۆ. ٢٢ وەك چۆن ئاسك
و کەڵەکێوی دەخورێت ئاوا دەیخۆیت، گڵاو و پاك وەك یەك
لێی دەخۆن، ٢٣ بەڵام ئاگاداربە خوێن نەخۆیت، چونکە خوێن
گیانەکەیە، جا گیانەکە لەگەڵ گۆشتەکە مەخۆ، ٢٤ نایخۆیت،
وەك ئاو لەسەر زەوی دەیڕێژیت، ٢٥ نایخۆیت تا چاکە بێتە
ڕێی خۆت و منداڵەکانت لەدوای خۆت کاتێك ئەوەی
لەبەرچاوی خوداوەند ڕاستە، دەیکەیت. ٢٦ بەڵام شتە
پیرۆزەکانت کە هی تۆن و نەزرەکانت هەڵدەگریت و دەچیتە
ئەو شوێنەی خوداوەند هەڵیدەبژێرێت، ٢٧ جا قوربانی
سووتاندنەکانت، گۆشتەکە و خوێنەکە لەسەر قوربانگەی
خوداوەند خودات دەکەیت، بەڵام قوربانیە سەربڕاوەکانت،
خوێنەکەی لەسەر قوربانگای خوداوەند خودات دەڕژێنرێت و
گۆشتەکەش دەخۆیت، ٢٨ هەموو ئەو وشانەی من فەرمانت
پێدەدەم لەبەری بکە و گوێی لێبگرە، تا بۆ خۆت و منداڵەکانت
لەدوای خۆت چاکە بێتە ڕێتان تاهەتایە، کاتێك ئەوەی لەبەر
چاوی خوداوەند خودات چاکە و ڕاستە دەیکەیت. ٢٩ کاتێك
خوداوەند خودات ئەو میللەتانەی لەبەردەمت قڕکرد کە تۆ بۆ
لایان دەچیت تا دەربەدەریان بکەیت و کە دەربەدەریانت کرد
و لە خاکیان نیشتەجێ بووی، ٣٠ جا ئاگادار بە لەوەی بە
دوایانەوە بکەویتە داوەوە، دوای ئەوەی لەبەردەمت لەناوبران
و سەبارەت بە خوداکانیان پرسیار بکەیت و بڵێیت، ئەو
میللەتانە چۆن خوداکانیان دەپەرست؟ منیش وا دەکەم، ٣١ بۆ
خوداوەند خودات ئاوا مەکە، چونکە ئەوان هەموو ئەوەی
قێزەونە لە لای خوداوەند لەوەی ڕقی لێیەتی بۆ خوداکانیان
کردووە، چونکە تەنانەت کوڕان و کچانی خۆشیان بە ئاگر
سووتاندوە بۆ خوداکانیان. ٣٢ هەموو ئەو قسانەی کە فەرمانم
پێکردن، ئاگاداربن بیکەن، نە بۆی زیاد بکە و نە لێی کەم
بکەوە.

# ١٣

١ گەر لەنێوانتاندا پێغەمبەرێك یان خەوبینێك کە خەوێکی
بینیبێ دەرکەوت و نیشانەیەك یان شتێکی سەیری پێدای، ٢ جا
گەر ئەو نیشانەیە یان ئەو شتە سەیرە کە بۆتی باس کرد
ڕوویدا و وتی، با بەدوای خودایەکی تر بکەوین کە نەتانناسیوە
و بیپەرستین. ٣ ئەوا گوێ لە قسەی ئەو پێغەمبەرە یان ئەو
خەوبینە مەگرە کە ئەو خەوەی بینیوە، چونکە خوداوەند
خوداتان تاقیتان دەکاتەوە تا بزانێت ئایا بە هەموو دڵتان و بە
هەموو گیانتانەوە خوداوەند خودای خۆتان خۆشدەوێت.
٤ بەدوای خوداوەند خوداتان دەڕۆن و لەو دەترسن و
فەرمانەکانی دەپارێزن و گوێ لە دەنگی دەگرن و ئەو
دەپەرستن و بەوەوە دەنووسێن. ٥ ئەو پێغەمبەرەش یان ئەو
خەوبینەی ئەو خەوەی بینیوە دەکوژرێت، چونکە بە
چەواشەکاری قسەی کرد لەدوای خوداوەند خوداتانەوە کە لە
خاکی میسرەوە دەریهێنان و لە ماڵی کۆیلەیی کڕینیەوە، تا
لاتبدات لەو ڕێگایەی کە خوداوەند خوداتان فەرمانی
پێکردوون لەسەری بڕۆن. جا خراپە لەنێوان خۆتان دادەماڵن.
٦ ئەگەر براکەت کوڕی دایکت، یان کوڕەکەت یان کچەکەت،
یان ژنەکەی باوەشت، یان هاوڕێکەت کە وەك خۆتە بەنهێنی
لەبن گوێ خوێندی و وتی، دەڕۆین و خودایەکی تر دەپەرستین
کە نە تۆ و نە باوباپیرانت نەیانناسیوە، ٧ لە خودای ئەو
گەلانەی دەوروبەرت، ئەوانەی لێتەوە نزیکن یاخود دوورن
لەوپەڕی زەوی تا ئەو پەڕی، ٨ لێی ڕازی مەبە و گوێی
لێمەگرە و چاوت بەزەیی پێنەیەتەوە و بۆی نەرم مەبە و بۆی
مەپۆشە، ٩ بەڵکو بەکوشتن دەیکوژیت، یەکەمجار دەستی تۆ
لەسەری دەبێت بۆ کوشتنی ئینجا لەکۆتایدا دەستی هەموو
گەل، ١٠ بەردبارانی دەکەیت تا دەمرێت، چونکە ویستی لە
خوداوەند خودات لاتبدات کە لە خاکی میسر لە ماڵی کۆیلەیی
دەریهێنایت، ١١ ئەوسا هەموو ئیسرائیل دەبیستن و دەترسن و
ناگەڕێنەوە وەك ئەم بەدکارییە لەنێوانت ئەنجام بدەن. ١٢ گەر
سەبارەت بە یەکێك لەو شارانەی خوداوەند خودات پێت دەدات
تا تیایدا نیشتەجێ بیت وتەیەکت بیست، ١٣ کە خەڵکانێکی
سووك و چروك لەنێوانت دەرچوونە و دانیشتوانی شارەکەیان
لاداوە و دەڵێن، دەڕۆین و خودایەکی تر دەپەرستین کە
نەتانناسیوە و ١٤ تۆ پشکنیت و گەڕایت و باش پرسیت و
زانیت مەسەلەکە ڕاستە و بێگومانە کە ئەو کارە قێزەونە
لەنێوانت کراوە، ١٥ ئەوا بە نووکی شمشێر بەتەواوی لە
دانیشتووانی ئەو شارە دەدەیت و قڕیان دەکەیت بە هەموو ئەو
شتانەوەش کە تیایەتی و بە ئاژەڵەکانیشیەوە. ١٦ هەموو
شتومەکەکانی لە گۆڕەپانی شارەکەدا کۆدەکەیتەوە و هەموو
شارەکە و تەواوی شتومەکەکانی بە ئاگر دەسووتێنیت بۆ
خوداوەند خودات، جا بۆ هەتاهەتایە دەبێتە گرد و جارێکی تر
بنیاد نانرێتەوە. ١٧ هیچ شتێکی قەدەغەکراو نابێت بەدەستتەوە
بنووسێت، تا خوداوەند لە گڕی توورەیی خۆی سارد بێتەوە و
بەزەیی پێت بێتەوە، بەزەیی پێت دێتەوە و زۆرت دەکات وەك
سوێندی بۆ باوباپیرانت خوارد، ١٨ گەر گوێت لە دەنگی
خوداوەند خودات گرت بۆ پاراستنی هەموو فەرمانەکانی کە
من ئەمڕۆ فەرمانت پێ دەدەم تا ئەوەی لەبەرچاوی خوداوەند
خودات ڕاستە بیکەیت.

# ١٤

١ ئێوە ڕۆڵەن بۆ خوداوەند خوداتان، لەشی خۆتان بریندار مەکەن و ناوچەوانتان مەتاشن لەبەر مردوو، ٢ چونکە تۆ گەلێکی پیرۆزی بۆ خوداوەند خودات و خوداوەندیش تۆی هەڵبژارد تا ببیتە سامانێکی تایبەت بۆ ئەو لەسەرووی هەموو ئەو گەلانەی لەسەر ڕووی زەویدان. ٣ هیچ شتێکی گڵاو مەخۆ. ٤ ئەمە ئەو ئاژەڵانەن کە دەیخۆن، گا و بەرخ و بزن، ٥ کەڵەکێوی و ئاسك و ئاسکە سوورە و بزنەکێوی و بەرانی کێوی و ئاژەڵی تر لەم جۆرە، ٦ هەر ئاژەڵێکیش کە سمی دوو کەرت بێت و کاوێژ بکات، ئەوە دەخۆن، ٧ تەنها ئەمانە ناخۆن لەوانەی کاوێژ دەکەن و سمیان دوو کەرتە، ووشتر و کەروێشك و گۆڕهەڵکەنە، چونکە کاوێژ دەکەن، بەڵام سمیان کەرت نییە بۆیە گڵاوە بۆتان، ٨ هەروەها بەرازیش، چونکە سمی کەرت کراوە، بەڵام کاوێژ ناکات، بۆیە گڵاوە بۆتان، نە گۆشتیان بخۆن و نە دەست لە کەلاکیان بدەن .٩ لە هەموو ئەوانەی لەناو ئاوەکانیشن ئەمانە دەخۆن، هەموو ئەوانەی کلك و باڵ و پوولەکەیان هەبێت دەیخۆن، ١٠ بەڵام هەموو ئەوەی کلك و باڵ و پوولەکەی نەبێت نەیخۆن، بۆ ئێوە گڵاوە. ١١ هەموو باڵندەیەکی پاك دەخۆن، ١٢ ئەمانەیان لێ ناخۆن، داڵ و باز و سیسرکە کەچەڵە، ١٣ هەڵۆ و واشە و شەهێن و جۆرەکانی، ١٤ هەموو جۆرەکانی قەلەڕەش و ١٥ ووشترمرغ و کوندەپەپۆوی بیابان و ماسیگرە و هەموو جۆرەکانی داڵوباز، ١٦ کوندەپەپوو و قولنگ و شاهۆ، ١٧ قەلەباچکە و داڵە کەرخۆر و مەلی ماسیگر، ١٨ حاجیلەقلەق و هەموو جۆرەکانی توتی و پەپووسلێمانکە و شەمشەمەکوێرە و ١٩ هەموو مێرویەکی باڵدار بۆ ئێوە گڵاوەو ناخورێت. ٢٠ هەموو باڵندەیەکی پاك دەخۆن. ٢١ هیچ ئاژەڵێکی مرداربوو مەخۆن، دەیدەی بەو غەریبەی لە دەروازەی شارەکەتە ئەو دەیخوات، یان دەیفرۆشیتە بیانیەك، چونکە تۆ گەلێکی پیرۆزی بۆ خوداوەند خودات. هیچ کاریلەیێك بە شیری دایکی لێمەنێ . ٢٢ هەموو بەروبوومی کشتوکاڵت کە لە کێڵگەکەتەوە ساڵ بەساڵ دەردەچێت، بەتەواوی دەیەکی لێ دەخەنەلاوە. ٢٣ لەبەردەم خوداوەند خودات لەو شوێنەی هەڵیدەبژێرێت تا ناوی لەوێ بێت، دەیخۆیت، دەیەکی گەنم و مەی و زەیتەکەت و نۆبەرەکانی مانگا و مەڕەکانت، تا فێربیت هەموو ڕۆژان لە خوداوەند خودات بترسیت. ٢٤ بەڵام گەر ڕێگاکە دوور بوو بۆت کە نەتتوانی هەڵیبگریت، ئەگەر ئەو شوێنەی خوداوەند خودات هەڵیدەبژێرێت تا ناوی لەوێ بێت کە خوداوەند خودات پیرۆزت دەکات دوور بوو لێت، ٢٥ ئەوا بە زیو بیفرۆشە و زیوەکە بپێچەوە لە دەستت و بڕۆ بۆ ئەو شوێنەی خوداوەند خودات هەڵیدەبژێرێت. ٢٦ جا زیوەکە خەرج بکە لە هەموو ئەوەی حەزت بۆی دەچێت، لە مانگا و مەڕ و مەی و سەرخۆشکەر و هەموو ئەوەی گیانت لێت داوا دەکات و لەوێ لەبەردەم خوداوەند خودات بخۆ و خۆت و ماڵەکەت دڵخۆش بن. ٢٧ ئەو لێڤییەش کە لە دەروازەی شارەکەتە بەجێی مەهێڵە، چونکە بەش و میراتی لەگەڵ تۆدا نییە. ٢٨ لە کۆتایی سێ ساڵدا هەموو دەیەکی بەروبوومی ئەو ساڵەت دەردەهێنیت و لە دەروازەی شارەکەتی دادەنێیت، ٢٩ جا لێڤییەکە، چونکە هیچ بەش و میراتی لەگەڵ تۆدا نییە، لەگەڵ ئەو غەریب و هەتیو و بێوەژنەی کە لە دەروازەی شارەکەتن دێن و دەخۆن و تێر دەبن، تا خوداوەند خودات لە هەموو کردارێکی دەستت کە دەیکەیت پیرۆزت بکات.

# ١٥

١ لە کۆتایی حەوت ساڵیشدا پاکلەپاك دەکەیت. ٢ ئەمەش حوکمی پاکلەپاکەکەیە، هەموو خاوەن قەرزێك دەست دەشوات لەو قەرزەی بە نزیکەکەی داوە. لە نزیکەکەی یان براکەی داوا ناکاتەوە، چونکە بانگەوازی پاکلەپاك کراوە بۆ خوداوەند. ٣ لە بێگانە داوا دەکرێت، بەڵام ئەوەی هەت بوو لەلای براکەت، ئەوا دەستی لێ دەشۆیت. ٤ تا هەژار لەنێوانتاندا نەبێت، چونکە خوداوەند پیرۆزت دەکات لەو خاکەی خوداوەند خودات پێتی دەدات وەك میرات تا داگیری بکەیت، ٥ ئەگەر گوێت لە دەنگی خوداوەند خودات گرت، تا هەموو ئەو فەرمانانەی من ئەمڕۆ فەرمانتی پێدەکەم، بپارێزیت و کاریان پێبکەیت .٦ خوداوەند خودات پیرۆزت دەکات وەك پێی فەرموویت، جا قەرز بە زۆربەی میللەتان دەدەیت و خۆت قەرز ناکەیت، بەسەر زۆربەی میللەتاندا دەسەڵاتان دەبێت و ئەوان بەسەرتەوە دەسەڵاتدار نابن. ٧ گەر یەکێکی هەژار لەناوت بوو، لە براکانت لە یەکێك لە دەروازەی شارەکانت لە خاکەکەت کە خوداوەند خودات پێتی دەدات، ئەوا دڵت ڕەق مەکە و لە ئاست برا هەژارەکەت دەستت دامەخە، ٨ بەڵکو دەستتی بۆ بکەوە و ئەوەی پێویستیەتی بە قەرز بیدەیێ .٩ ئاگادار بە لەوەی قسەی خراپت لەدڵدا بێتو بڵێیت، ئەوا ساڵی حەوتەم نزیك بووەوە، ساڵی پاکلەپاك، ئیتر چاوت خراپ هەڵگەڕێت لەئاست برای هەژارت و نەیدەیتێ، جا ئەویش بۆ خوداوەند هاوار دەکات سەبارەت بە تۆ و دەبێتە گوناە بەسەرتەوە. ١٠ بیدەیێ و با دڵت خراپ نەبێت کاتێ دەیدەیتێ، چونکە بەهۆی ئەم شتەوە خوداوەند خودات پیرۆزت دەکات لە هەموو کارەکانت و لە هەموو ئەوەی دەستی بۆ دەبەیت. ١١ چونکە هەژار لە زەویدا نابڕێتەوە، بۆیە من فەرمانت پێدەکەم دەڵێم، دەستت بکەوە بۆ برای نەدارت و بۆ هەژار لە خاکەکەت. ١٢ گەر برایەك یا خوشکێکی عیبرانیت پێ فرۆشراو شەش ساڵ خزمەتی کردی، ئەوا لە ساڵی حەوتەمدا لە لای خۆت ئازادی دەکەیت. ١٣ کاتێك ئازادیشی دەکەیت، بەدەست بەتاڵی ئازادی ناکەیت. ١٤ بەڵکو بەدەست فراوانیەوە لە مەڕەکانت و خەرمانەکەت و گوشەرەکەتی پێدەدەیت، بەو شێوەیەی خوداوەند خودات پیرۆزی کردووی پێی دەدەیت. ١٥ لەیادت بێ تۆش لە خاکی میسر کۆیلە بوویت، جا خوداوەند خودات تۆی کڕییەوە، بۆیە من ئەمڕۆ فەرمانی ئەمەت پێدەکەم. ١٦ بەڵام گەر وتی، لە لات دەرناچم، چونکە خۆت و ماڵەکەتی خۆشویست، لەبەرئەوەی لای تۆی پێ چاك بوو. ١٧ ئەوا درەوشە ببە و لە لای دەرگاکە بیخەرە گوێیەوە، جا بۆ هەتاهەتایە دەبێتە کۆیلەت، ئاواش بۆ کۆیلە ئافرەتەکەت دەکەیت. ١٨ بەلاتەوە گران نەبێت ئازادی بکەیت، چونکە دوو قاتی کرێی کرێگرتەیەك شەش ساڵ خزمەتی کردووی، جا خوداوەند خودات پیرۆزت دەکات لە هەموو ئەوەی کە دەیکەیت. ١٩ هەموو نۆبەرەیەکی نێرینەی مانگا و مەڕەکانت بۆ خوداوەند خودات تەرخاندەکەیت، کار بە نۆبەرەی مانگاکەت مەکە و نۆبەرەی مەڕەکانت مەبڕەوە. ٢٠ ساڵ بەساڵ لەبەردەم خوداوەند خودات دەیخۆیت لەو شوێنەی خوداوەند هەڵیدەبژێرێت، خۆت و ماڵەکەت. ٢١ بەڵام گەر کەموکوڕیەکی تیادا بێت، وەك شەلی یان کوێری، هەر کەموکوڕیەکی خراپ، ئەوا بۆ خوداوەند خودات سەری مەبڕە، ٢٢ لە دەروازەی شارەکانت دەیخۆیت. گڵاو و پاك وەك یەك، وەك ئاسك و کەڵەکێوی. ٢٣ بەڵام خوێنەکەی نەخۆیت، وەك ئاو دەیڕێژیتە سەر زەوی.

# ١٦

١ مانگی ئەبیب بپارێزە و جەژنی پەسەخ بۆ خوداوەند خودات
بکە، چونکە لە مانگی ئەبیبدا خوداوەند خودات بە شەو لە
میسر دەریهێنایت. ٢ جا مانگا و مەڕ لە جەژنی پەسەخ بۆ
خوداوەند خودات سەردەبڕیت لەو شوێنەی خوداوەند
هەڵیدەبژێرێت تا ناوی لەوێ بێت. ٣ هیچ شتێکی بە
هەویرترشی لەگەڵدا ناخۆیت، حەوت ڕۆژ نانی فەتیر
دەخۆن، نانی تەنگانە، چونکە بەپەلە لە خاکی میسر
دەرچوویت، تا هەموو ڕۆژانی ژیانت، ڕۆژی دەرچوونت لە
خاکی میسر لەیادبێت. ٤ لە هەموو سنوورەکانت نابێت
هەویرترش ببینرێت بۆ حەوت ڕۆژ و نابێت هیچ لەو
گۆشتەی ئێوارە کە ڕۆژی یەکەم سەریدەبڕیت بۆ بەیانی
بمێنێتەوە. ٥ بۆت نییە قوربانی جەژنی پەسەخ لە یەکێك
لەدەروازەی شارەکانت سەرببڕیت کە خوداوەند خودات
دەتداتێ، ٦ بەڵکو لەو شوێنەی خوداوەند خودات هەڵیدەبژێرێت
تا ناوی لەوێ بێت، لەوێ قوربانی تێپەڕبوون سەردەبڕیت لە
ئێوارە، دەمەو ڕۆژئاوا، لە کاتی دەرچوونت لە میسر. ٧ لەو
شوێنەی خوداوەند خودات هەڵیدەبژێرێت، لێی دەنێیت و
دەیخۆیت و ئینجا بۆ بەیانی دەڕۆیت و دەچیتەوە بۆ
چادرەکانت. ٨ شەش ڕۆژ نانی فەتیر دەخۆیت و ڕۆژی
حەوتەمیش ئاهەنگ دەگێڕن بۆ خوداوەند خودات، هیچ
کارێکی تیادا ناکەیت. ٩ حەوت هەفتە دەژمێریت بۆ خۆت لە
دەسپێکردنی دروێنەی دەغڵ، دەست پێدەکەیت حەوت هەفتە
دەژمێریت. ١٠ جەژنی هەفتەکان بۆ خوداوەند خودات
دەکەیت، بەگوێرەی ئەوەی لەدەستت دێتەدەر دەبەخشیت،
وەك ئەوەندەی خوداوەند خودات پیرۆزت دەکات، ١١ جا خۆت
و کوڕەکەت و کچەکەت و خزمەتکارەکەت و کارەکەرەکەت
و ئەو لێڤییەی کە لە دەروازەی شارەکەتەوە و ئەو غەریب و
هەتیو و بێوەژنەی کە لەنێوانتە دڵخۆش دەبن لەو شوێنەی
خوداوەند خودات هەڵیدەبژێرێت تا ناوی لەوێ بێت. ١٢ لەیادت
بێت تۆش لە میسر کۆیلە بوویت، بۆیە ئەو فەرزانە دەپارێزیت
و کاریان پێ دەکەیت. ١٣ حەوت ڕۆژان جەژنی کەپرەشینە
بۆ خۆت دەکەیت، کاتێ لە خەرمان و گوشەرەکەت
کۆدەکەیتەوە. ١٤ جا خۆت و کوڕەکەت و کچەکەت و
خزمەتکارەکەت و کارەکەرەکەت و ئەو لێڤی و غەریب و
هەتیو و بێوەژنەی لە دەروازەی شارەکانتدان دڵخۆش دەبن.
١٥ حەوت ڕۆژان بۆ خوداوەند خودات جەژن دەکەیت لەو
شوێنەی خوداوەند هەڵیدەبژێرێت، چونکە خوداوەند خودات
پیرۆزت دەکات لە هەموو بەروبوومێك و لە هەموو کردارێکی
دەستت، جا بێگومان دڵخۆش دەبیت. ١٦ سێ جار لە ساڵێکدا
هەموو نێرینەکانت لەبەردەم خوداوەند خودات ئامادە دەبن،
لەو شوێنەی کە خۆی هەڵیدەبژێرێت، لە جەژنی فەتیر و
جەژنی هەفتەکان و جەژنی کەپرەشینە، نابێت بەدەست بەتاڵی
لەبەردەم خوداوەند ئامادەبن، ١٧ هەریەکە بەگوێرەی ئەوەی
لەدەستی دەێتەدەر، بەپێی ئەو پیرۆزکردنەی خوداوەند خودات
پێی دایت. ١٨ دادوەران و بەڕێوەبەران بۆ خۆتان دادەنێیت لە
هەموو دەروازەی شارەکانت کە خوداوەند خودات پێتی دەدات
بە گوێرەی هۆزەکانت، جا ئەوانیش دادوەریەکی
ڕاستودروست بۆ گەل دەکەن. ١٩ دادوەری خوارمەکەوە و
لایەنگیری کەس مەکە و بەرتیل وەرمەگرە، چونکە بەرتیل
چاوی داناکان کوێر دەکات و قسەی ڕاستودروستان خوار
دەکات. ٢٠ تەنها دوای ڕاستودروستی دەکەویت تا بژیت و
ئەو خاکە داگیر بکەیت کە خوداوەند خودات پێتی دەدات.
٢١ هیچ ئەشێرەیەك لە هیچ دارێك بۆ خۆت قیت مەکەوە لە
تەنیشت قوربانگاکەی خوداوەند خوداتەوە کە بۆ خۆت
دروستی دەکەیت، ٢٢ هیچ کۆڵەکەیەك بۆ خۆت قیت مەکەوە،
ئەوەی خوداوەند خودات ڕقی لێیەتی.

# ١٧

١ بۆ خوداوەند خودات گایەك یان بەرخێك سەرمەبڕە کە
کەموکوڕیەك یان شتێکی خراپی تیادا بێت، چونکە ئەوە
قێزەونە لە لای خوداوەند خودات. ٢ گەر لەنێوانت یان لە
یەکێك لە دەروازەی شارەکانت کە خوداوەند خودات پێتی
دەدات، پیاوێك یان ژنێك بینرایەوە خراپە لەبەرچاوی
خوداوەند خودات دەکات، بەسەرپێچیکردنی پەیمانەکەی و
٣ دەڕوات و خودای تر دەپەرستێ و کڕنۆشی بۆ دەبات، یان
بۆ خۆر یان بۆ مانگ یان بۆ هەر یەکێك لە هێزەکانی ئاسمان،
ئەو شتەی کە فەرمانم پێینەداوە. ٤ جا پێت ڕاگەێندرا و بیستت
و باش پشکنیت و شتەکە ڕاست بوو و بێگومان ئەو کارە
قێزەونە لە ئیسڕائیلدا کرابوو، ٥ ئەوا ئەو پیاوە یان ئەو ژنەی
ئەو بەدکاریەی کردووە، دەربکە بۆ لای دەروازەی شارەکانت
و بەردەبارانی بکە تا دەمرێت. ٦ ئەوەی بکوژرێت لەسەر
زاری دوو شایەت یا سێ شایەت دەکوژرێت، نابێت لەسەر
زاری یەك شایەت بکوژرێت. ٧ یەکەمجار دەستی شایەتەکانی
بەسەرەوە دەبێت بۆ کوشتنی پاشان دەستی هەموو گەل، جا
خراپەکە لە نێوانت دادەماڵی. ٨ گەر شتێکت بەلاوە گران بوو
لەدادوەری کردندا لەنێوان خوێن و خوێن یان لەنێوان شکات
و شکاتکاری یان لەنێوان لێدان و لێدان، لە کاروباری ناکۆکی
لە دەروازەی شارەکانت، ئەوا هەستە و بڕۆ بۆ ئەو شوێنەی
خوداوەند خودات هەڵیدەبژێرێت و ٩ بڕۆ بۆ لای کاهینە
لێڤییەکان و بۆلای ئەو دادوەرەی لەو ڕۆژانەدایە و پرسیار
بکە، جا حوکمی دادوەریەکەت پێ ڕادەگەێنن. ١٠ جا ئاوا
دەکەیت بەپێی ئەو حوکمەی پێتی ڕادەگەێنن، لەو شوێنەوەی
خوداوەند هەڵیدەبژێرێت و ئاگاداردەبیت لەوەی بەپێی هەموو
ئەوەی فێرت دەکەن ئاوا بکەیت. ١١ بە پێی ئەو فێرکردنەی
فێرت دەکەن و ئەو حوکمەی پێتی دەڵێن، وا دەکەیت، لەو شتە
لامەدە کە پێتی ڕادەگەێنن، نە بەلای ڕاست و نە بەلای چەپ.
١٢ ئەو پیاوەش کە بە لووتبەرزیەوە دەجوڵێتەوە و گوێ
ناگرێت لەو کاهینەی لەوێ وەستاوە تا خزمەتی خوداوەند
خودات بکات، یان لە دادوەرەکە، ئەو پیاوە دەکوژرێت و
خراپەکە لە ئیسڕائیلدا دادەماڵرێت. ١٣ جا هەموو گەل دەبیستن
و دەترسن و لەمەبەدواوە لووتبەرزانە ناجوڵێنەوە. ١٤ کاتێك
هاتیە ئەو خاکەی کە خوداوەند خودات دەتداتێ و داگیرت کرد
و تیایدا نیشتەجێ بوویت، جا گەر بڵێیت پاشایەك بۆ خۆم
دادەنێم وەك هەموو ئەو میللەتانەی دەوروبەرم، ١٥ ئەوا ئەو
پاشایە بۆ خۆت دادەنێیت کە خوداوەند خودات هەڵیدەبژێرێت،
یەکێك لە براکانت دەکەیتە پاشا بۆ خۆت، بۆت نییە یەکێکی
بیانی دابنێیت کە برات نییە. ١٦ بەڵام با ئەسپ بۆ خۆی زۆر
نەکات و گەل نەنێرێتەوە بۆ میسر، تا ئەسپ زۆر بێت،
چونکە خوداوەند پێی فەرموون، نەکەن جارێکی تر بەو
ڕێگایەدا بگەڕێنەوە. ١٧ هەروەها با ژن بۆ خۆی زۆر نەکات،
نەوەك دڵی لابدات و با زیو و زێڕیش بۆ خۆی گەلێك زۆر
نەکات. ١٨ کاتێك لەسەر تەختی پاشایەتیەکەشی دادەنیشێت، با
وێنەیەك لەم فێرکردنانە لە پەرتووکێك لەلای کاهینە لێڤییەکان
بۆ خۆی بنووسێتەوە. ١٩ جا هەموو ڕۆژانی ژیانی لەلای
دەبێت و لێی دەخوێنێتەوە، تا فێر بێت لە خوداوەند خودای
خۆی بترسێ و هەموو وشەکانی ئەم فێرکردنانە و ئەم
فەرزانە بپارێزێت تا کاریان پێ بکات. ٢٠ نەوەك بەسەر

براكانیدا لووتبەرز بێت و نەوەك بەلای ڕاســت یان بەلای
چەپ لە فەرمانەكە لادات، تا درێژە بە ڕۆژانی پاشایەتیەكەی
بدات، خۆی و كوڕەكانی لەنێوان ئیسرائیلدا.

# ١٨

١ كـاهینە لێڤییەكـان و هەموو هۆزی لێڤی بەش و میراتیـان
لەگەڵ ئیسـرائیلدا نابێت، ئەوان پێشكەشكراوەكانی بەئاگر بۆ
خوداوەند و بەشــــەكەی دەخۆن. ٢ جا لەناو براكانی میراتی
نـابێـت، خوداوەنـد میراتی ئەوە وەك پێی فەرموو. ٣ ئەمەش
مـافی كـاهینەكـان دەبێت لەســـەر گەل، لەوانەی قوربـانی
ســـەردەبڕن، جا گا بێت یان بەرخ، شـــان و ســـەرووپێكە بە
كـاهینەكە دەدرێـت. ٤ هەروەهـا یەكەم بەری گەنمەكەت و
مەیەكەت و زەیتەكەت و یەكەم بڕینی مەڕەكەتی پێ دەدەیت،
٥ چونكە خوداوەند خودات هەڵیبژارد لەناو هەموو هۆزەكانت
تـا بوەســـتێـت بۆ خزمەتكردنی نـاوی خوداوەنـد، خۆی و
كوڕەكـانی هەموو ڕۆژان. ٦ ئەگەر لێڤییەك لە یەكێـك لە
دەروازەی شـارەكانتەوە لە هەموو ئیسـرائیلەوە، لەو شـوێنەی
ئاوارەیە هات و پڕ بە دڵی خۆی هات بۆ ئەو شـــوێنەی كە
خوداوەنـد هەڵیـدەبژێرێـت و ٧ بەنـاوی خوداوەنـد خوداتەوە
خزمەتی كرد، وەك هەموو برا لێڤییەكانی كە لەوێ لەبەردەم
خوداوەند وەستاون، ٨ ئەوا بەشیان یەكسان دەبێت لە خواردن،
بێجگە لەوەی لە میراتی باوكی دەیفرۆشـێت. ٩ كاتێك چوویتە
نـاو ئەو خـاكەی كە خوداوەنـد خودات پێتی دەدات، فێر مەبە
وەك شـتە قێزەونەكانی ئەو میللەتانە بكەیت. ١٠ ئەوانەت تیادا
نییە كە كوڕەكەی یان كچەكەی وەك قوربانی بســـووتێنێت،
هەروەهـا نە ئەوانـەی ئەســـتێرە نـاســـی دەكەن و نە بەخت
خوێنەوە و نە جادوگەر و نە فاڵچی، ١١ نە ئەوانەی نووشـــتە
دەكەن و نە ئەوانەی پرســـیار لە جنۆكە و نە ئەوانەی ڕۆحی
مردووان ئامادە دەكەن، ١٢ چونكە هەموو ئەوەی ئەمە بكات
خوداوەند ڕقی لێی دەبێتەوە و بەهۆی ئەم شـتە قێزەونانە بوو
خوداوەنـد خودات لەبەردەمـت ڕاوینـان. ١٣ لەلای خوداوەنـد
خودات تەواو دەبیـت. ١٤ ئەو میللەتـانـەی جێیـان دەگریتەوە
گوێ لە بەخت خوێنەر و جـادووگەران دەگرن، بەڵام بۆ تۆ
خوداوەند خودات بەم شێوەیە ڕێی نەداوە. ١٥ خوداوەند خودات
لەنێوانت، لە براكـانـت پێغەمبەرێكی وەك منت بۆ دادەنێت،
گوێی لێ دەگرن. ١٦ بەگوێرەی هەموو ئەو شـــتـانەی لە
خوداوەند خودات داواكرد لە حۆرێب لە ڕۆژی كۆبوونەوە و
وتـت، بـا ئیتر گوێم لە دەنگی خوداوەند خودام نەبێت و ئەم
ئـاگرە مەزنەش نەبینمەوە نەوەك بمرم. ١٧ خوداوەنـدیش پێی
فەرمووم، چـاكیـان كرد لەوەی وتیـان، ١٨ لە نێو براكـانیـان
پێغەمبەرێكی وەك تۆیان بۆ دادەنێم و وشـــەكانم دەخەمە دەمی
و ئەوەی فەرمـانی پێدەدەم ئەو بۆیـان پێی دەدوێت. ١٩ جـا وا
دەبێت ئەو مرۆڤەی گوێ لە وشـەكانم نەگرێت كە ئەو بەناوی
منەوە پێی دەدوێت، من حیســـابی لەگەڵ دەكەم. ٢٠ بەڵام ئەو
پێغەمبەرەی لووتبەرز دەبێت و بە ناوی منەوە قسەیەك دەكات
كە من فەرمـانم پێی نەكردووە بیكـات، یـان ئەوەی بەنـاوی
خودای ترەوە قسەبكات، ئەو پێغەمبەرە دەبێت بمرێت. ٢١ گەر
لە دڵتەوە بڵێیـت، چۆن ئەو قســـەیە بزانین كە خوداوەنـد
نەیفەرمووە؟ ٢٢ ئەوا ئەوەی پێغەمبەرەكە بە ناوی خوداوەندوە
قســـەی پێكردووە و ڕوونەدا و نەبوو، ئەوە ئەو قســـەیەیە كە
خوداوەنـد نەیفەرمووە، بەڵكو پێغەمبەرەكە بە لووتبەرزیەوە
وتویەتی، جا لێی مەترسە.

# ١٩

١ كاتێك خوداوەند خودات ئەو میللەتانەی قڕكرد كە خوداوەند
خودات خاكەكەیانت دەداتێ و كە بووی بە میراتگریان و لە
شـــار و ماڵەكانیان نیشـــتەجێ بووی، ٢ ســـێ شـار بۆ خۆت
جیادەكەیتەوە لەناوەڕاســـتی خاكەكەت كە خوداوەند خودات
دەداتێ تا داگیری بكەیت. ٣ ڕێگا دروســـت دەكەیت و ئەو
خاكەی كە خوداوەند خودات بە میرات دەتداتێ، دەیكەیت بە
سێ بەشی سنووردار، تا هەموو بكوژێك بۆ ئەوێ هەڵبێت.
٤ لەم دۆخانەدا بكوژ بۆ ئەوێ هەڵدێت، جا دەژیت: ئەوەی بە
نەزانی لە برادەرەكەی داو پێشتر ناحەزی ئەو نەبووە، ٥ وەك
ئەوەی یەكێك لەگەڵ برادەرەكەی بچێتە نـاو دارســـتـان بۆ
داربڕین و لەكاتی تەور وەشـاندن ئاسنەكە لە داردەســـتەكە
دەربەڕێت و لە برادەرەكەی بدات و بمرێت، ئەو بۆ یەكێك
لەو شـــارانە هەڵدێت و دەژیت. ٦ نەوەك خوێنگر بەدوای
بكوژەكە بكەوێت كاتێك تووڕەیی دەیگرێت و جا پێیدەگات كە
ڕێگاكە دووربێت و ئینجا دەیكوژێت، ئەویش حوكمی مردنی
بەســـەرەوە نییە، چونكە پێشـــتر ناحەزی نەبووە. ٧ بۆیە من
فەرمانت پێ دەكەم كە ســـێ شـــار بۆ خۆت جیابكەیتەوە.
٨ ئەگەر خوداوەند خودات ســـنووری فراوان كردیت وەك
ســـوێندی بۆ باوباپیرانت خوارد و هەموو ئەو خاكەی پێدایت
كە فەرمووی بە بـاوبـاپیرانتی دەدات، ٩ گەر هەموو ئەم
فەرمـانـانەت پـاراســـت تـا بیكەیت وەك ئەوەی من ئەمڕۆ
فەرمانت پێدەكەم، تا خوداوەند خودات خۆشـــبوێت و هەموو
ڕۆژان ڕێگاكانی بگریتەبەر، ئینجا ســـێ شـــاری تریش بۆ
خۆت زیاد بكە لەســـەر ئەم سێیە، ١٠ تا خوێنێكی بێتاوان لەناو
خاكەكەت كە خوداوەند خودات بە میرات دەتداتێ نەڕژێت،
جـا خوێنـت لەســـەر دەبێت. ١١ بەڵام گەر مرۆڤێك ڕقی لە
برادەرەكەی بێت و بۆ سەی بۆ نایەوە و لێی هەستا و لێدانێكی
كوشـندەی لێدا و مرد و ئینجا بكوژەكە بۆ یەكێك لەو شـارانە
هەڵات، ١٢ ئەوا پیرانی شارەكەی دەنێرن و لەوێ دەهێننەوە و
دەیدەنە دەســـت خوێنگرەكە و دەكوژرێت. ١٣ بەزەییت پێیدا
نەیەتەوە، جـا خوێنە بێتـاوانەكە لە ئیســـرائیلدا دادەماڵی و
چاكەت بۆ دەبێت. ١٤ ســـنووری دراوســـێكەت مەگوێزەوە كە
ئەوانەی یەكەمجار دایان ناوە، لەو میراتەی بەرت دەكەوێت
لەو زەوییەی خوداوەند خودات پێتی دەدات تا داگیری بكەیت.
١٥ یەك شـــایەت بەس نییە بۆ تـاوانبـاركردنی مرۆڤێـك بە
ئەنجامدانی تاوانێك یان گوناهێك، هەر گوناهێك بێت، بەڵكو
حوكمدان لەســـەر دەمی دوو شایەت یان سێ شایەت دەبێت.
١٦ گەر شایەتێكی درۆ دەركەوت تا بە چەوتی شایەتی لەسەر
مرۆڤێك بدات، ١٧ ئەوا هەردوو پیاوەكەی ناكۆكیان لە نێوانە،
لەبەردەم خوداوەنـد، لەبەردەم كـاهینەكـان و ئەو دادوەرانەی
لەو ڕۆژانەدان ڕادەوەســـتن، ١٨ جا گەر دادوەران باش لێیان
كۆڵییەوە و زانیان شـــایەتەكە شـــایەتێكی درۆزنە و بە درۆ
شـــایەتی لەســـەر براكەی داوە، ١٩ ئەوا ئەوەی پێ بكەن كە
دەیویســـت بە براكەی بكات، جا خراپە لەنێوانتاندا دادەماڵن و
٢٠ ئەوانی تر دەبیستن و دەترسن و ئەو كارە خراپە لەنێوانیان
دووبارە ناكەنەوە. ٢١ بەزەییت نەبێت، گیان بە گیان، چاو بە
چاو، ددان بە ددان، دەست بە دەست، پێ بە پێ.

# ٢٠

١ گەر بۆ جەنگ دەرچوویت بۆ سەر دوژمنەکەت و ئەسپ و گالیسکە و گەلێکی لە خۆت زۆرترت بینی، لێیان مەترسە، چونکە خوداوەند خودات لەگەڵتە کە لە خاکی میسرەوە دەریهێنای. ٢ کاتێك لە جەنگ نزیك دەکەونەوە کاهینەکە دێتە پێش و ووتار بۆ گەل دەدات و ٣ پێیان دەڵێت، ئەی ئیسڕائیل گوێ بگرە، ئێوە ئەمڕۆ لە جەنگ دژ بە دوژمنەکانتان نزیکبوونەتەوە، ورەتان نەڕووخێت، لە ڕوویان مەترسن و مەتۆقێن و سام نەتانگرێت، ٤ چونکە خوداوەند خوداتان لەگەڵتان دەڕوات، تا لە جیاتی ئێوە دژ بە دوژمنەکانتان بجەنگێت و ڕزگارتان بکات. ٥ ئینجا ئەفسەرەکان ووتار بۆ گەل دەدەن و دەڵێین، کێ خانوویەکی نوێی بنیادناوە و نەیکردووەتەوە، با بڕوات و بگەڕێتەوە بۆ ماڵەکەی، نەوەك لە جەنگەکەدا بکوژرێت و پیاوێکی تر بیکاتەوە. ٦ کێ ڕەزێکی چاندووە و لەیەکەم بەری نەخواردووە، با بڕوات و بگەڕێتەوە ماڵەکەی، نەوەك لە جەنگەکەدا بکوژرێت و پیاوێکی تر یەکەم بەری بخوات. ٧ کێ ژنێکی مارە کردووە و نەیگواستۆتەوە، با بڕوات و بگەڕێتەوە ماڵەکەی، نەوەك لە جەنگەکەدا بکوژرێت و پیاوێکی تر بیگوازێتەوە. ٨ ئینجا دووبارە ئەفسەرەکان ووتار بۆ گەل دەدەن و دەڵێن، کێ دەترسێت و ورەی ڕووخاوە، با بڕوات و بگەڕێتەوە بۆ ماڵەکەی، نەوەك ورەی براکانیشی بڕووخێت وەك خۆی. ٩ کاتێك ئەفسەرەکان لەقسەکردن لەگەڵ گەل تەواو دەبن، سەرپەلەکان بۆ گەل دادەنێن. ١٠ کاتێك لە شارێك نزیك دەبیتەوە تا جەنگی لەگەڵدا بکەیت، بانگی بکە بۆ ئاشتبوونەوە. ١١ جا گەر بۆ ئاشتبوونەوە وەڵامی دایەوە و دەرگای بۆ کردیتەوە، ئەوا هەموو ئەو گەلەی تیایدان بۆ تۆ دەبن بۆ سوخرە و دەبنە کۆیلەت. ١٢ بەڵام گەر ئاشتی نەویست و دژت جەنگا ئەوا ئابڵووقەی بدە. ١٣ ئەگەر خوداوەند خودات ئەوی دایە دەستت، ئەوا بە نووکی شمشێر لە هەموو نێرەکانی بدە، ١٤ بەڵام ژن و منداڵ و ئاژەڵ و هەموو ئەوەی لەناو شارەکەدایە، هەموو دەستکەوتەکەی، دەبێتە دەستکەوتت و ئەو دەستکەوتەی دوژمنانت دەخۆیت کە خوداوەند خودات پێتی دا. ١٥ ئاوا دەکەیت بە هەموو ئەو شارانەی زۆر لە تۆ دوورن، ئەوانەی لە شارەکانی ئەم گەلانەی ئێرە نین .١٦ بەڵام شارانی ئەم گەلانەی کە خوداوەند خودات بە میرات پێتی دەدات، هیچ هەناسەیەکی لێ مەهێڵەوە، ١٧ بەڵکو بەتەواوی لەناویان دەبەیت، حسییەکان و ئەمورییەکان و کەنعانییەکان و فیرزییەکان و حوییەکان و یەبوسییەکان، وەك خواوەند خودات فەرمانی پێکردیت. ١٨ تا فێرتان نەکەن وەك هەموو شتە قێزەوەنەکانیان بکەن کە بۆ خوداکانیان کرد، جا ئێوەش سەبارەت بە خوداوەند خوداتان گوناهە دەکەن. ١٩ گەر بۆ ڕۆژانێکی زۆر ئابڵووقەی شارێکتدا تا بیگریت، دارەکان تێك مەدە بە تەور. ئەگەر لە دارێکت خوارد، مەیبڕەوە، بەکاری مەهێنە بۆ ئابڵووقە، چونکە داری کێڵگە خۆراکی مرۆڤە. ٢٠ بەڵام ئەو دارەی کە دەزانیت لێی ناخورێت، ئەوا ئەو تێك دەدەیت و دەیبڕیتەوە و بۆ سەنگەر دروست کردن لەسەر ئەو شارەی کە جەنگت لەگەڵ دەکات تا دەکەوێت.

# ٢١

١ گەر کوژراوێك لەو خاکەی خوداوەند خودات پێتی دەدات تا داگیری بکەیت دۆزرایەوە، کە لە کێڵگەیەکدا کەوتبوو و نەزانرا کێ کوشتوویەتی، ٢ ئەوا پیران و دادوەرانت دەردەچن و دووری نێوان کوژراوەکە و ئەو شارانەی دەوروبەری دەپێون، ٣ جا پیرانی نزیکترین شار لە کوژراوەکە گۆلکێك دەبەن کە هێشتا جووتی لەسەر نەکرابێت، نیری لەسەر دانەنرابێت، ٤ ئینجا پیرانی ئەو شارە گولکەکە دەبەنە خوارەوە بۆ دۆڵێك کە ئاوێکی نەوەستاوی تیادا بێت و نەکێڵدرابێت و نەڕوابێت و لە دۆڵەکە ملی گۆلکەکە دەشکێنن، ٥ دواتر کاهینەکان، نەوەی لێڤی دێنە پێشەوە، چونکە خوداوەند خودات ئەوانی هەڵبژاردووە تا خزمەتی بکەن و بە ناوی خوداوەندەوە پیرۆز بکەن، جا هەموو ناکۆکی و لێدانێك بە گوێرەی قسەی ئەوان دەبێت، ٦ ئینجا هەموو پیرانی ئەو شارەی لە کوژراوەکە نزیکە، دەستیان لەسەر گۆلکە مل شکاوەکە لە دۆڵەکە دەشۆن و ٧ ڕادەگەیەنن و دەڵێن، دەستەکانمان ئەم خوێنەیان نەڕشتووە و چاوەکانمان نەیانبینیەوە، ٨ ئەی خوداوەند کەفارەتی ئیسڕائیلی گەلی خۆت بکە کە کڕیتەوە و خوێنێکی بێتاوان مەخەرە ملی گەلەکەت ئیسڕائیل، جا کەفارەتی ئەو خوێنەیان بۆ دەکرێت. ٩ خوێنە بێتاوانەکەش لەنێوانت دادەماڵیت گەر ئەوەی لەبەر چاوی خوداوەند ڕاست بوو کردت. ١٠ گەر بۆ جەنگ دژی دوژمنەکانت دەرچوویت و خوداوەند خودات ئەوانی دایە دەستت و لێیانت ڕاپێچ کرد و ١١ لە ڕاپێچکراوەکان ژنێکی ڕووخسار جوانت بینی و دڵت پێیەوە نووسا و کردتە ژنی خۆت، ١٢ کاتێك دەیهێنیە ماڵەکەت، سەری دەتاشێت و نینۆکەکانی دەکەیت و ١٣ جلەکانی ڕاپێچکردنی لەبەردادەکەنێ و لە ماڵەکەت دەبێت و بۆ ماوەی مانگێك بۆ دایك و باوکی دەگرێێت و ئینجا پاش ئەوە دەیگوازیتەوە و بەزاوا دەبیت و دەبێتە ژنت. ١٤ گەر پێی دڵخۆش نەبوویت، بەڕەڵای بکە، بە زیو مەیفرۆشە و توندوتیژ مەبە لەگەڵی، چونکە تۆ زەلیلت کردووە. ١٥ ئەگەر پیاوێك دوو ژنی هەبێت، یەکێکیان خۆشەویست بێت و ئەوەی تر نا، جا کە هەردووکیان منداڵیان بۆی بوو و نۆبەرەکە هی خۆشەویستەکە نەبوو، ١٦ ئەوا ئەو ڕۆژەی ئەوەی هەیەتی بۆ کوڕەکانی بەش دەکات، بۆی نییە کوڕی خۆشەویستەکە بکات بە نۆبەرە لەجیاتی کوڕە نۆبەرەکە، ١٧ بەڵکو کوڕە نۆبەرەکە وەك نۆبەرە دەناسێت، تا دوو بەشی پێ بدات لە هەموو ئەوەی هەیەتی، چونکە ئەو یەکەمی توانایەتی مافی نۆبەرایەتی هەیە. ١٨ گەر پیاوێك کوڕێکی کەلە ڕەق و یاخی بووی هەبوو، گوێ لە قسەی باوك و دایکی ناگرێت و کە تەمێی دەکەن گوێیان لێ ناگرێت، ١٩ باوك و دایکی دەیگرن و دەیهێننە لای پیرانی شارەکەی، بۆلای دەروازەی شارەکەی و ٢٠ بە پیرانی شارەکەی دەڵێن، ئەم کوڕەمان کەلە ڕەق و یاخییە، گوێ لە قسەمان ناگرێت و دەست بڵاو و سەرخۆشە، ٢١ جا هەموو پیاوانی شارەکەی بەردبارانی دەکەن تا دەمرێت، بەمە خراپەکاری لەنێوان خۆتاندا دادەماڵن و هەموو ئیسڕائیل دەبیستن و دەترسن. ٢٢ گەر مرۆڤێك گوناهێکی لەسەر بوو کە سزاکەی مردنە، جا کە کوژراو لەسەر دار هەڵتواسی، ٢٣ تەرمەکەی لەسەر دارەکە مەهێڵەوە، بەڵکو لە هەمان ڕۆژدا دەینێژیت، چونکە هەڵواسراو لەلایەن خوداوە نەفرەت لێ کراوە، جا خاکەکەت گڵاو مەکە کە خوداوەند خودات بە میرات دەتداتێ.

# ٢٢

١ کە گا یان بەرخی براکەت بینی وێڵ بووە، خۆتی لێ گێل
مەکە، بەڵکو پێویستە لەسەرت بۆ براکەتی بگەڕێنیەوە. ٢ جا
گەر براکەت لێتەوە نزیك نەبوو یان نەتدەناسی، ئەوا بیخەرە
ماڵەکەتەوە و لات دەبێت تا براکەت داوای دەکاتەوە، ئەوسا
بۆی دەگەڕێنیتەوە. ٣ هەمان شت دەکەیت بۆ گوێدرێژەکەی و
بۆ جلەکانی و بۆ هەر شتێکی وون بوو لە براکەت و کە لێی
ون دەبێت و تۆ دەیدۆزیتەوە، بۆت نییە خۆتی لێ گێل بکەیت.
٤ کە گوێدرێژ یان گای براکەت دەبینیت لە ڕێگادا کەوتووە،
خۆتی لێ گێل مەکە، بەڵکو پێویستە لەسەرت لەگەڵی
هەڵیسێنیەوە. ٥ شتومەکی پیاو نابێت بەبەر ژنەوە بێت و نابێت
پیاو جلی ژن لەبەر بکات، چونکە هەر کەسێك ئەمە بکات،
قێزەوەنە لەلای خوداوەند خودات. ٦ گەر ڕێکەوت هێلانەی
باڵندەیەك لەپێشت بوو لەڕێگا، لەناو دارێك یا لەسەر زەوی و
بێچوو یان هێلکەی تیابوو و دایکەکەشی تیا بوو بە کڕی
لەسەر بێچووەکان یان هێلکەکان، ئەوا دایکەکە و بێچووەکان
پێکەوە مەبە، ٧ دایکەکە ئازاد بکە و بێچووەکان بۆ خۆت ببە،
تا چاکەت بۆ ببێت و درێژە بە ڕۆژانت بدەیت. ٨ گەر
خانوویەکی نوێت بنیادنا، ستارە بۆ سەربانەکەت بکە، نەوەك
خوێنێك بێتە سەر ماڵەکەت گەر یەکێکی لێ بەربووەوە. ٩ لە
ڕەزەکەت دوو جۆر تۆو مەچێنە، نەوەك هەمووی گڵاو بێت،
ئەوەی دەیچێنیت و بەری ڕەزەکەشت. بۆ پیرۆزگا تەرخان
دەکرێت ١٠ کێڵان بە گا و گوێدرێژ پێکەوە مەکە. ١١ جلوبەرگی
تێکەڵاو لەبەرمەکە، خوری و کەتان پێکەوە. ١٢ لە چوار
دەوری دامێنی کراسەکەت کە خۆتی پێ دەپۆشیت، گوڵینگ
بۆ خۆت بکە. ١٣ گەر پیاوێك ژنێکی هێنا و کاتێك چووە لای
ڕقی لێی بووەوە و ١٤ قسەی بۆ هەڵبەست و ناوێکی خراپی
بەدواوەنا و وتی، ئەم ژنەم هێنا و کە چوومە لای پەردەی
نەبوو. ١٥ کچەکە دایك و باوکی دەبات و نیشانەی کچێتیەکەی
بۆ پیرانی شارەکە دەردەخەن لەلای دەروازەی شارەکە و
١٦ باوکی کچەکە بە پیران دەڵێت، کچەکەی خۆم بەم پیاوە دا
ببێ بە ژنی و ڕقی لێی بووەوە، ١٧ ئەوەتا قسەشی بۆ
هەڵبەستووە و دەڵێت کچەکەت پەردەی نەبوو، ئەمەش
نیشانەی کچێتی کچەکەمە، جلەکەش لەبەردەم پیرانی شارەکە
دەخەنەڕوو، ١٨ جا پیرانی ئەو شارە پیاوەکە دەبەن و تەمێی
دەکەن و ١٩ سزای دەدەن بە سەد پارچە زیو بۆ باوکی کچەکە،
چونکە ناوێکی خراپی خستە دوای پاکیزەیەك لە ئیسڕائیل، جا
دەبێتە ژنی و بە درێژایی ژیانی ناتوانێت تەڵاقی بدات.
٢٠ بەڵام گەر شتەکە ڕاست بوو و کچەکە پەردەی نەبوو،
٢١ ئەوا کچەکە دەبەنە بەردەرگای ماڵی باوکی و پیاوانی
شارەکەی بەردبارانی دەکەن تا دەمرێت، چونکە کارێکی
ناشرینی لە ئیسڕائیلدا کردووە بە داوێن پیسییەکەی کە لە
ماڵی باوکی کردوویەتی، جا خراپەکاری لەنێو خۆت
دادەماڵی. ٢٢ گەر بینرا پیاوێك لەگەڵ ئافرەتێکی بەمێرد جووت
بووە، ئەوا هەردووکیان دەکوژرێن، ئەو پیاوەی لەگەڵ
ئافرەتەکە جووت بووە و ئافرەتەکەش، جا خراپەکاری لە
ئیسڕائیلدا دادەماڵی. ٢٣ گەر کچێك نیشان کرابێت بۆ پیاوێك و
پیاوێکی تر لەناو شار بینیی و لەگەڵی جووت بوو، ٢٤ ئەوا
هەردووکیان ببەنە دەرەوە بۆ لای دەروازەی ئەو شارە و
بەردبارانیان بکەن تا دەمرن، کچەکە لەبەر ئەوەی لەناو شار
هاواری نەکرد و پیاوەکەش لەبەر ئەوەی ژنی برادەرەکەیی
سووك کرد، جا خراپەکاری لەنێو خۆتدا دادەماڵی. ٢٥ بەڵام
گەر پیاوێك کچێکی نیشانکراوی لە کێڵگەدا بینی و پڕیدایێ و
لەگەڵی جووت بوو، ئەوا تەنها پیاوەکە کە لەگەڵی جووت
بووە دەمرێت، ٢٦ بەڵام کچەکە هیچی لێ ناکرێت، کچەکە
گوناهێکی لەسەر نییە ببێتە هۆی مردنی، بەڵکو چۆن پیاوێك
پەلاماری برادەرەکەی بدات و بیکوژێت، ئەو شتەش ئاوایە،
٢٧ کچەکەی لە کێڵگەدا بینیوە و کچە نیشانکراوەکە هاواری
کردووە و کەس نەبووە ڕزگاری بکات. ٢٨ گەر پیاوێك کچێکی
نیشاننەکراوی بینی و پڕیدایێ و لەگەڵی جووت بوو و بینران،
٢٩ ئەوا پیاوەکەی لەگەڵی جووت بووە پەنجا پارچە زیو بە
باوکی کچە دەدات و ئەویش دەبێتە ژنی لەبەر ئەوەی سووکی
کردووە، بەدرێژایی ژیانیشی ناتوانێت تەڵاقی بدات. ٣٠ نابێت
پیاوێك ژنی باوکی خۆی بهێنێت و نابێت دزەبکات بۆ بینینی
ڕووتی باوکی.

# ٢٣

١ نابێت خەساوی گون پلیشاوە یان کۆئەندامی نێرینە بڕاوە
بێتە ناو کۆمەڵی خوداوەندەوە. ٢ نابێت زۆڵ بێتە ناو کۆمەڵی
خوداوەندەوە، تا نەوەی دەیەم کەسی نایەتە ناو کۆمەڵی
خوداوەندەوە. ٣ هەرگیز نابێت عەمونی یان مۆئابی بێتە ناو
کۆمەڵی خوداوەندەوە، تا نەوی دەیەم کەسیان نایەتە ناو
کۆمەڵی خوداوەندەوە، ٤ چونکە بە نان و ئاوەوە پێشوازیان لێ
نەکردن لە ڕێگا کە لە میسر دەرچوون و هەروەها لەبەر
ئەوەی بلعامی کوڕی بەعوری خەڵکی فتوری ئارامی دوو
ڕووباریان لە دژی تۆ بەکرێ گرت تا نەفرەتت لێ بکات.
٥ بەڵام خوداوەند خودات نەیویست گوێ لە بلعام بگرێ، جا
لەپێناوی تۆ خوداوەند خودات نەفرەتەکەی گۆڕی بۆ
پیرۆزکردن، چونکە خوداوەند خودات خۆشیویستووی.
٦ هەرگیز داوای ئاشتی و چاکەیان بۆ مەکە بە درێژایی
ژیانت. ٧ ڕقت لە هیچ ئەدومیەك نەبێتەوە، چونکە براتە، ڕقت
لە هیچ میسریەك نەبێتەوە، چونکە لە خاکی ئەو ئاوارە
بوویت، ٨ ئەو منداڵانەی بۆیان لەدایك دەبن لە نەوەی سێیەم
دێنە ناو کۆمەڵی خوداوەندەوە. ٩ گەر بە سوپا بۆ سەر
دوژمنەکانت دەرچووی، ئاگادار بە لە هەموو شتێکی خراپ.
١٠ گەر پیاوێکت تیادابوو، گڵاو بوو بەهۆی شەیتانی بوون،
ئەوا دەچێتە دەرەوەی ئۆردوگاکە و ناگەڕێتەوە ناو ئۆردوگاکە.
١١ دەمەو ئێوارە بە ئاو خۆی دەشوات و لە ڕۆژئاوابوون
دێتەوە ناو ئۆردوگاکە. ١٢ دەبێت شوێنێکیشت هەبێت لە
دەرەوەی ئۆردوگاکە بۆ پیسایی کردن، ١٣ لەگەڵ
شتومەکەکەشت خاکەنازێکت هەبێت، تا چاڵی پێهەڵکەنی بۆ
پیسایی کردن و پاشان پیساییەکەت داپۆشیت. ١٤ چونکە
خوداوەند خودات بەناو ئۆردوگاکەت دێت و دەچێت تا
فریاتبکەوێت و دوژمنەکانت ڕادەست بکات، جا با
ئۆردوگاکەت پاکوپیرۆز بێت نەوەك شتێکی پیست تیادا ببینێت
و لێت بگەڕێتەوە. ١٥ گەر کۆیلەیەك پەنای بۆت هێنا، مەیدەوە
دەست گەورەکەی، ١٦ لەلای تۆ نیشتەجێ دەبێت لەنێوانت لەو
شوێنەی هەڵیدەبژێرێت لە یەکێك لە دەروازەی شارەکانت، لە
هەرکوێ پێی خۆشە و زۆری لێمەکە. ١٧ کچانی ئیسڕائیل
بۆیان نییە ببنە لەشفرۆش لە پەرستگاکان و کوڕانی
ئیسڕائیلیش بۆیان نییە ببنە دوودەکی ئەو شوێنانە، ١٨ نە کرێی
لەشفرۆشی و نە نرخی سەگ مەخەرە ناو ماڵی خوداوەند
خودات لە نەزرکردن، چونکە هەردووکیان قێزەونن لەلای
خوداوەند خودات. ١٩ قەرز بە سوو بە براکەت مەدە، نە
سووی زیو و نە سووی خۆراك و نە سووی هەر شتێك کە بە
سوو بەقەرز دەدرێت. ٢٠ بە بیانی قەرز بە سوو بدە، بەڵام بە
براکەت قەرز بە سوو مەدە تا خوداوەند خودات پیرۆزت
بکات لە هەموو شتێك کە دەستی بۆ دەبەیت لەو خاکەی دەچیتە

ناوی تا داگیری بکەیت. ٢١ گەر نەزرێکت بۆ خوداوەند
خودات کرد بەجێهێنانی دوامەخە، چونکە خوداوەند خودات
لێتی داوا دەکات، جا بەسەرتەوە دەبێتە گوناه. ٢٢ بەڵام گەر
نەزرت نەکرد ئەوا گوناه نییە بەسەرتەوە. ٢٣ ئەوەی لەدەمت
هاتە دەرەوە بیپارێزە و بیکە، چونکە نەزرت بۆ خوداوەند
خودات کرد ئەوە ببەخشیت کە بە دەمت وتت .٢٤ گەر چوویتە
ناو ڕەزی برادەرەکەت پڕ بە حەزی دڵت ترێ بخۆ تا تێر
دەبیت، بەڵام هیچ مەکە ناو توورەکەکەت. ٢٥ گەر چوویتە ناو
دەغڵی برادەرەکەت بە دەستت گوڵەگەنم لێکەوە، بەڵام داس لە
دەغڵی برادەرەکەت بەرز مەکەوە.

# ٢٤

١ گەر پیاوێك ژنێکی هێنا و پەسەند نەبوو لەبەرچاوی، چونکە
کەموکوڕیەکی تیادا بینی و تەڵاقنامەی بۆ نووسی و دایە
دەستی و لە ماڵەکەی خۆی بەڕێی کرد، ٢ ئەویش کە لە
ماڵەکەی دەرچوو، چوو و بۆ پیاوێکی تر بوو، ٣ جا گەر
پیاوەکەی دووەم ڕقی لێی بووەوە و تەڵاقنامەی بۆ نووسی و
دایە دەستی و لە ماڵەکەی خۆی بەڕێی کرد، یان ئەگەر
پیاوەکەی دووەم کە هێنابووی مرد، ٤ ئەوا مێردەکەی یەکەمی
کە تەڵاقی دابوو ناتوانێت بیباتەوە تا ببێت بە ژنی دوای
ئەوەی گڵاو بووە، چونکە ئەوە شتێکی قێزەونە لە لای
خوداوەند، جا گوناهە مەهێنە سەر ئەو خاکەی خوداوەند
خودات بە میرات دەداتێ .٥ گەر پیاوێك ژنێکی نوێی هێنا ئەوا
تا ساڵێك بۆ سەربازی دەرناچێت و هیچ لێپرسراویەتیەکی
بەسەرەوە نابێت و ئەو ساڵە لە ماڵەکەی ئازاد دەبێت و
ژنەکەی دڵخۆش دەکات. ٦ نابێت کەس دەستاڕ یان ئاش بکاتە
بارمتە، چونکە بەمە ژیان دەکاتە بارمتە. ٧ گەر پیاوێك، یەکێك
لە براکانی ڕفاند کە لەنەوەی ئیسڕائیلە و کردیە کۆیلە و
فرۆشتی، ئەوا کابرای ڕفێنەر دەبێت بمرێت، جا خراپە
لەنێوانت دادەماڵیت. ٨ لەکاتی نەخۆشی گوولی زۆر ئاگاداربە
و بەگوێرەی هەموو ئەوەی کاهینە لێڤییەکان فێرت دەکەن ئاوا
بکە، ئەوەی من فەرمانم بەوان کردووە ئێوە بیکەن. ٩ لەیادت
بێت خوداوەند خودات چی بە مریەم کرد لە ڕێگا، لە کاتی
دەرچوونتان لە میسر. ١٠ گەر قەرزت بە برادەرەکەت دا،
مەچووە ماڵەکەی تا شتێکی ماڵەکەی بکەی بە بارمتە،
١١ لەدەرەوە دەوەستیت و ئەو پیاوەی قەرزی پێ دەدەیت
بارمتەکەت بۆ دەهێنێتە دەرەوە، ١٢ ئەگەر کابرا هەژار بوو با
بارمتەکە بۆ شەو لەلات نەمێنێتەوە، ١٣ لە ڕۆژئاوابوون
بارمتەکەی بۆ بگەڕێنەوە تا لەناو جلوبەرگەکەی بنوێت و
پیرۆزت بکات و بۆت ببێت بە کارێکی ڕاست لەلای خوداوەند
خودات. ١٤ زوڵموزۆر لە بەکرێگرتەیەکی هەژار و نەدار
مەکە، کە لە براکانت بێت یان لەو غەریبانەی لە خاکەکەتن لە
دەروازەی شارەکانت. ١٥ لە ڕۆژی خۆی کرێکەی دەدەیتێ،
ڕۆژی بەسەر ئاواناکەیت، چونکە هەژارە و بۆ ئەمە خۆی
هەڵگرتووە، نەوەك لەسەر تۆ هاوار بۆ خوداوەند بکات، جا
دەبێت بە گوناهە بەسەرتەوە. ١٦ باوك لەجیاتی کوڕ ناکوژرێت
و کوڕ لەجیاتی باوك ناکوژرێت، هەر یەکێك لەسەر گوناهی
خۆی دەکوژرێت. ١٧ دادوەری غەریب و هەتیو لار مەکەوە و
جلی بێوەژن مەکە بارمتە، ١٨ لەیادت بێت کە تۆش لە میسر
کۆیلە بوویت و خوداوەند خودات لەوێ تۆی کڕیەوە، بۆیە
من فەرمانت پێدەکەم ئەم کارە بکەیت. ١٩ گەر لە کێڵگەکەت
دروێنەکەت دروێنەکرد و دەسکێکت لەبیرچوو لە کێڵگە،
مەگەڕێوە تا بیبەیت، ئەوە بۆ غەریب و هەتیو و بێوەژن
دەبێت، تا خوداوەند خودات لە هەموو کاری دەستت پیرۆزت
بکات. ٢٠ گەر دار زەیتونەکەت تەکاند، بەدوای ئەوانەی لە
لقەکاندا ماوەتەوە مەچۆوە، ئەوە بۆ غەریب و هەتیو و بێوەژن
دەبێت. ٢١ گەر ڕەزەکەت ڕنی پاشماوەکەی هەڵمەگرەوە، ئەوە
بۆ غەریبو هەتیو و بێوەژن دەبێت، ٢٢ لەیادت بێت تۆش لە
خاکی میسر کۆیلە بوویت، بۆیە من فەرمانت پێدەکەم ئەم
کارە بکەیت.

# ٢٥

١ گەر ناکۆکیەك هەبوو لەنێوان خەڵکی و هاتنە دادگا و
دادوەریان لە نێواندا کرا و بێتاوانەکە بێتاوان کرا و حوکم
بەسەر تاوانبارەکە درا. ٢ جا گەر پێویست بوو لە تاوانبارەکە
بدرێت، ئەوا دادوەر چۆکی پێدەدات و لەبەردەمیدا بەژمارە
قامچی لێ دەدرێت بە گوێرەی تاوانەکەی. ٣ نابێت لە چل
قامچی زیاتر بێت، نەوەك ئەگەر لێدانەکە زیاد بێت، براکەت
لەبەرچاوت ڕسوا بێت. ٤ دەمی گا مەگرە لە کاتی گێرەکردن.
٥ گەر چەند برایەك پێکەوە ژیان و یەکێکیان مرد و منداڵی
نەبوو، ئەوا ژنەکەی نابێت بۆ پیاوێکی بێگانەی دەرەوە بێت،
برای مێردەکەی دەیخوازێت و دەیکاتە ژنی خۆی و بە ئەرکی
شووبرایەتی هەڵدەستێت بۆی، ٦ ئەو کوڕە نۆبەرەیەشی کە
بۆی لەدایك دەبێت، بەناوی برا مردووەکەی دەبێت، نەوەك
ناوی لە ئیسڕائیلدا بسڕێتەوە. ٧ گەر پیاوەکە ڕازی نەبوو
براژنەکەی بخوازێت، ئەوا براژنەکەی دەچێتە لای دەروازەی
شارەکە بۆ لای پیران و دەڵێت، شووبراکەم ڕازی نەبوو
ناوێك بۆ براکەی لە ئیسڕائیلدا قیت بکاتەوە، نەیویست بە
ئەرکی شووبرایەتی هەڵسێت بۆم. ٨ جا پیرانی شارەکەی
بانگی دەکەن و لەگەڵی دەدوێن، گەر سوور بوو و وتی،
ڕازی نیم بیخوازم، ٩ ئەوا براژنەکەی لەبەرچاوی پیران لێی
دەچێتە پێش و پێڵاوی کابرا لەپێی دادەکەنێ و تف لە
دەموچاوی دەکات و ڕایدەگەیێنێت و دەڵێت، ئاوا لە پیاوێك
دەکرێت کە ماڵی براکەی بنیاد نەنێتەوە. ١٠ جا لە ئیسڕائیلدا
ناوی لێ دەنرێت، ماڵی پێڵاو داکەنراو. ١١ گەر دوو پیاو
لەگەڵ یەکتری کردیان بە شەڕ، ژنی یەکێکیان هات تا فریای
پیاوەکەی بکەوێت لە دەست ئەوەی لێدەدات، جا دەستی
درێژکرد و گەلوگونی گرت، ١٢ دەستی ببڕەوە و بەزەییت پێی
نەیەتەوە. ١٣ با لە توورەکەکەت کێشی جیاواز نەبێت، گەورە
و بچووك. ١٤ با لە ماڵەکەت قەپانی جیاواز نەبێت، گەورە و
بچووك. ١٥ کێشی تەواو و ڕاستت دەبێت، قەپانی تەواو و
ڕاستت دەبێت، تا ڕۆژانت درێژە بکێشێت لەسەر ئەو خاکەی
خوداوەند خودات پێتی دەدات. ١٦ چونکە هەر یەکێك ئەوە
بکات، هەر یەکێك ساختەیی بکات، خوداوەند خودات قێزی
لێی دەبێتەوە. ١٧ لەیادت بێت ئەوەی عەمالیق لە ڕێگا لە کاتی
دەرچوونت لە میسر پێیان کردیت، ١٨ کە چۆن لە ڕێگا بەرەو
ڕووت هات و لە پاشەڵتەوە هەموو لاوازەکانی دواوەی تۆی
بڕییەوە، تۆش پەککەوتە و ماندوو بووی و لە خوداش نەترسا.
١٩ جا کاتێك خوداوەند خودات تۆی حەساندەوە لە هەموو
دوژمنەکانت کە لە چواردەورتن لەو خاکەی خوداوەند خودات
بە میرات پێتی دەدات تا داگیری بکەیت، ئەوا ناوی عەمالیق
لە ژێر ئاسمان دەسڕیەوە، لەبیرنەکەی!

# ٢٦

١ کاتێ هاتیە ئەو خاکەی کە خوداوەند خودات بەمیرات پێتی
دەدات و داگیریت کرد و تیایدا نیشتەجێ بوویت، ٢ ئەوا یەکەم
بەری هەموو بەرووبوومی زەویەکە کە دەستت دەکەوێت لە
خاکەکەت کە خوداوەند خودات پێتی دەدات دەیکەیتە ناو
سەبەتەیەك و دەچیتە ئەو شوێنە و کە خوداوەند خودات
هەڵیدەبژێرێت تا ناوی لەوێ بێت. ٣ ئینجا دێیتە لای ئەو
کاهینەی لەو کاتەدایە و پێی دەڵێیت، ئەمڕۆ بە خوداوەند
خودات ڕادەگەیێنم کە من چوومە ناو ئەو خاکەی خوداوەند
سوێندی بۆ باوباپیرانمان خوارد کە پێمانی بدات. ٤ جا
کاهینەکەش سەبەتەکە لە دەستت وەردەگرێت و لەبەردەم
قوربانگاکەی خوداوەند خودات دایدەنێت، ٥ ئینجا لەبەرامبەر
خوداوەند خودات ڕادەگەیێنی و دەڵێیت، باوکم ئارامیەکی وێڵ
بوو، جا بەرەوخواربوو بۆ میسرو لەوێ ئاوارە بوو، چەند
کەسێکی کەم بوو، جا لەوێ بوو بە میللەتێکی گەورە و بەهێز
و زۆر. ٦ ئینجا میسرییەکان خراپەیان دەرهەق کردین و
باریان گران کردین و کۆیلایەتیەکی سەختیان بەسەرماندا
سەپاند. ٧ جا کاتێ هاوارمان بۆ خوداوەند خودای باوباپیرانمان
کرد، خوداوەند گوێی لەدەنگمان بوو و ناخۆشی و
ماندووبوون و تەنگانەی ئێمەی بینی. ٨ جا خوداوەند بە
دەستێکی بەهێز و بازویەکی بەرز و ترسی مەزن و نیشانە و
کاری سەرسوڕهێنەرەوە لە میسر دەریهێناین، ٩ ئێمەی هێنایە
ناو ئەم شوێنە و ئەم خاکەی پێداین، خاکێك شیرو هەنگوینی
لێدەڕژێتەوە. ١٠ ئێستاش ئەی خوداوەند ئەوەتا یەکەم بەری
ئەو خاکەم هێناوە کە تۆ بەمنت داوە. ئینجا لەبەردەم خوداوەند
خودات دایدەنێیت و لەبەردەم خوداوەند خودات کڕنۆش
دەبەیت و ١١ بە هەموو ئەو خێروبێرەی خوداوەند خودات بە
خۆت و ماڵەکەتی داوە دڵخۆش دەبیت، بە تۆ و لێڤی و ئەو
غەریبەی لەنێوتە. ١٢ کاتێك لە دەرهێنانی دەیەکی هەموو
داهاتەکەت تەواو بوویت لە ساڵی سێیەم کە ساڵی دەیەکە و بە
لێڤی و غەریب و هەتیو و بێوەژنانت دا و لە دەروازەی
شارەکانت خواردیان و تێر بوون، ١٣ لەبەردەم خوداوەند
خودات دەڵێیت، بەشی پیرۆزم لە ماڵەکە دەرهێنا و هەروەها
بە لێڤی و غەریب و هەتیو و بێوەژنم دا، بە گوێرەی هەموو
فەرمانەکەت کە فەرمانت پێکردم، لە فەرمانەکانت دەرنەچووم
و لەیادم نەکرد. ١٤ لە ماتەمداریمدا لێم نەخوارد و لە گڵاویمدا
لێم نەبرد و هیچم لێی نەداوە بۆ مردوو، بەڵکو گوێم لە دەنگی
خوداوەند خودام گرت و بە گوێرەی هەموو ئەوەم کرد کە
فەرمانت پێکردم .١٥ لە نشینگەی پیرۆزی خۆتەوە، لە
ئاسمانەوە بڕوانە و گەلی خۆت ئیسرائیل و ئەو خاکە پیرۆز
بکە کە بە ئێمەت داوە، وەك سوێندت بۆ باوباپیرانمان خوارد،
خاکێك شیر و هەنگوینی لێ دەڕژێتەوە. ١٦ ئەمڕۆ خوداوەند
خودات فەرمانی پێکردیت کە کار بەم فەرز و حوکمانە
بکەیت، جا بیپارێزە و کاری پێ بکە بە هەموو دڵت و بە
هەموو گیانتەوە، ١٧ ئەمڕۆ بەڵێنت بە خوداوەند دا کە ببێت بە
خودات و ڕێگاکانی ئەو بگریتەبەر و فەرز و فەرمانەکان و
حوکمەکانی بپارێزیت و گوێ لە دەنگی بگریت،
١٨ خوداوەندیش ئەمڕۆ پێتی ڕاگەیاند، کە تۆ ببیتە سامانی
تایبەتی ئەو، وەك بەڵێنی پێدایت و هەموو فەرمانەکانی
بپارێزیت. ١٩ سەر بەرزترت بکات بەسەر هەموو ئەو
میللەتانەی دروستی کردوون، لە ستایش و لە ناو و لە جوانی،
هەروەها ببیتە گەلێکی پیرۆز بۆ خوداوەند خودات وەك
بەڵێنیدا.

# ٢٧

١ موسا و پیرانی ئیسرائیل فەرمانیاندا بە گەل و وتیان: هەموو
ئەو فەرمانانە بپارێزن کە من ئەمڕۆ فەرمانتان پێدەکەم، ٢ جا
ئەو ڕۆژەی لە ڕووباری ئوردن دەپەڕنەوە بۆ ئەو خاکەی
خوداوەند خودات پێتی دەدات، بەردی گەورە بۆ خۆت قیت
دەکەیتەوە و بە کلس سپی دەکەیتەوە و ٣ هەموو وشەکانی ئەم
فێرکردنانەی لەسەر دەنووسیت کاتێ دەپەڕیەوە تا بچیتە ناو
ئەو خاکەی خوداوەند خودات پێتی دەدات، خاکێك شیر و
هەنگوینی لێ دەڕژێتەوە، وەك خوداوەند خودای باوباپیرانت
بەڵێنی پێدای. ٤ کاتێك لە ڕووباری ئوردن دەپەڕنەوە، ئەم
بەردانە قیتدەکەنەوە کە من ئەمڕۆ فەرمانتان پێدەکەم، لە چیای
عیبال و بە کلس سپی دەکەیتەوە. ٥ لەوێ قوربانگایەك بۆ
خوداوەند خودات بنیاد دەنێیت، قوربانگایەك لە بەرد و
ئاسنیان لێ نادەیت. ٦ لە بەردی نەتاشراو قوربانگاکەی
خوداوەند خودات بنیاد دەنێیت و قوربانی سووتاندن
سەردەخەیتە سەری بۆ خوداوەند خودات، ٧ هەروەها قوربانی
ئاشتی سەردەبڕیت و لەوێ دەخۆیت و لەبەردەم خوداوند
خودات دڵخۆش دەبیت. ٨ هەموو وشەکانی ئەم فێرکردنەش بە
نەخشێکی ڕوون لەسەر بەردەکان دەنووسیت. ٩ ئینجا موسا و
کاهینە لێڤییەکان لەگەڵ هەموو ئیسرائیل دوان و وتیان: ئەی
ئیسرائیل گوێ بگرە و گوێت لێ بێت، ئەمڕۆ بوویتە گەل بۆ
خوداوەند خودات، ١٠ جا گوێ لە دەنگی خوداوەند خودات
بگرە و کار بەو فەرمان و فەرزانەی بکە کە من ئەمڕۆ
فەرمانت پێدەکەم. ١١ جا لەو ڕۆژەدا موسا فەرمانی بە گەل
کرد و وتی :١٢ ئەمانە لەسەر چیای جرزیم دەوەستن تا گەل
پیرۆز بکەن کاتێك لە ڕووباری ئوردن دەپەڕنەوە، شەمعون
و لێڤی و یەهوزا و یەساکر و یوسف و بنیامین. ١٣ ئەمانەش
لەسەر چیای عیبال دەوەستن بۆ نەفرەت، ڕەئوبین و جاد و
ئەشیر و زەبولون و دان و نەفتالی. ١٤ جا لێڤییەکان ڕادەگەینن
و بە دەنگی بەرز بە هەموو گەلی ئیسرائیل دەڵێن، ١٥ نەفرەت
لێکراوە ئەو مرۆڤەی پەیکەرێکی داتاشراو یان لەقاڵبدراو
دروست دەکات و لە شوێنێکی شاراوەی دادەنێت، ئەوە
قێزەوەندە لەلای خوداوەند، چونکە دەستکردی پەیکەرتاشە،
هەموو گەلیش وەڵام دەدەنەوە و دەڵێن، ئامین. ١٦ نەفرەت
لێکراوە ئەوەی بە سووکی هەڵسوکەوت لەگەڵ باوك و دایکی
دەکات، هەموو گەلیش دەڵێن، ئامین. ١٧ نەفرەت لێکراوە
ئەوەی سنووری زەوی برادەرەکەی دەگوێزێتەوە، هەموو
گەلیش دەڵێن، ئامین. ١٨ نەفرەت لێکراوە ئەوەی کوێر لە ڕێگا
وێڵ دەکات، هەموو گەلیش دەڵێن، ئامین. ١٩ نەفرەت لێکراوە
ئەوەی دادوەری غەریب و هەتیو و بێوەژن لار دەکات،
هەموو گەلیش دەڵێن، ئامین. ٢٠ نەفرەت لێکراوە ئەوەی لەگەڵ
باوەژنی خۆی جووت دەبێت، چونکە دزە دەکات بۆ بینینی
ڕووتی باوکی، هەموو گەلیش دەڵێن، ئامین. ٢١ نەفرەت
لێکراوە ئەوەی لەگەڵ ئاژەڵێك جووت دەبێت، هەموو گەلیش
دەڵێن، ئامین. ٢٢ نەفرەت لێکراوە ئەوەی لەگەڵ خوشکی خۆی
جووت دەبێت، کچی باوکی یان کچی دایکی، هەموو گەلیش
دەڵێن، ئامین. ٢٣ نەفرەت لێکراوە ئەوەی لەگەڵ خەسووی
خۆی جووت دەبێت، هەموو گەلیش دەڵێن، ئامین. ٢٤ نەفرەت
لێکراوە ئەوەی بە نهێنی نزیکەکەی خۆی دەکوژێت، هەموو
گەلیش دەڵێن ئامین. ٢٥ نەفرەت لێکراوە ئەوەی بەرتیل
وەردەگرێت تا یەکێکی بێتاوان بکوژێت، هەموو گەلیش دەڵێن،
ئامین. ٢٦ نەفرەت لێکراوە ئەوەی پاڵپشتی وشەکانی ئەم
فێرکردنانە ناکات تا کاریان پێ بکات، هەموو گەلیش دەڵێن،
ئامین.

# ٢٨

١ ئەگەر گوێت لە دەنگی خوداوەند خودات گرت، تا
ئاگاداربیت کە کار بە هەموو فەرمانەکانی بکەیت، کە من
ئەمڕۆ فەرمانتی پێدەکەم، ئەوا خوداوەند خودات سەربەرزت
دەکات بەسەر هەموو میللەتانی زەوی و ٢ هەموو ئەم
پیرۆزکردنانەت دێتە سەر و پێت دەگات، ئەگەر گوێت لە
دەنگی خوداوەند خودات گرت. ٣ لە شار پیرۆز دەبیت و لە
دەشتودەریش پیرۆز دەبیت. ٤ بەری سکت و بەری زەویەکەت
و بەری ئاژەڵەکانت پیرۆز دەبن، ساوای گاگەلەکەت و
مێگەلی مەڕەکانت. ٥ سەبەتە و تەشتی هەویرت پیرۆز
دەبێت. ٦ لە چوونەژوورەوەت پیرۆز دەبیت و لە
هاتنەدەرەوەشت پیرۆز دەبیت. ٧ خوداوەند وا دەکات ئەو
دوژمنانەی لێت هەڵساون لەبەردەمت هەڵبێن، لە یەك ڕێگا
بۆت دێنە دەرەوە و لە حەوت ڕێگا لەبەردەمت هەڵدێن.
٨ خوداوەند فەرمانی پیرۆزیت بۆ دەدات لە هەموو شتە
عەمبارکراوەکانت و لە هەموو شتێك کە دەستی بۆ دەبەیت و
پیرۆزت دەکات لەو خاکەی خوداوەند خودات پێتی دەدات.
٩ خوداوەند دادەنێت بە گەلێکی پاك و پیرۆز بۆ خۆی، وەك
سوێندی بۆ خواردی، گەر فەرمانەکانی خوداوەند خودات
پاراست و ڕێگاکانیت گرتەبەر. ١٠ جا هەموو گەلانی زەوی
دەبینن کە ناوی خوداوەند بە تۆوە نراوە، ئیتر لێت دەترسن.
١١ خوداوەندیش خێروبێرت زیاتر دەکات لە بەری سکت و
بەری ئاژەڵەکانت و بەری خاکەکەت، لەسەر ئەو زەوییەی
کە سوێندی بۆ باوباپیرانت خوارد بتداتێ. ١٢ خوداوەند
گەنجینە باشەکەی واتە ئاسمانت بۆت دەکاتەوە، تا بارانی
خاکەکەت لە کاتی خۆیدا بداتێ و هەموو کاری دەستت پیرۆز
بکات، جا قەرز بە زۆر میللەت دەدەیت و خۆت قەرز ناکەیت.
١٣ خوداوەندیش دەتکات بە سەر نەك بە کلك و تەنها لە
بەرزبوون دەبیت نەك لە نزمبوون، ئەگەر گوێت لە
فەرمانەکانی خوداوەند خودات گرت، کە من ئەمڕۆ فەرمانتان
پێدەکەم، تا بیپارێزیت و کاری پێبکەیت، ١٤ لە هەموو ئەو
وشانەش کە من ئەمڕۆ فەرمانتان پێدەکەم، بەلای چەپ یا
ڕاست لانەدەیت، تا بەدوای خودای تر بکەویت بۆئەوەی
بیپەرستیت. ١٥ بەڵام گەر گوێت لە دەنگی خوداوەند خودات
نەگرت، تا ئاگادار بیت کە کار بە هەموو فەرمانەکانی و
فەرزەکانی بکەیت کە من ئەمڕۆ فەرمانتان پێدەکەم، هەموو
ئەم نەفرەتانەت دێتە سەر و پێتان دەگات. ١٦ لە شار نەفرەت
لێکراو دەبیت و لە کێڵگەش نەفرەت لێکراو دەبیت. ١٧ سەبەتە
و تەشتی هەویرت نەفرەت لێکراو دەبێت. ١٨ بەری سکت و
بەری خاکەکەت و ساوای گاگەلەکەت و مێگەلی مەڕەکانت
نەفرەت لێکراو دەبێت، ١٩ لە هاتنەژوورەوەت نەفرەت لێکراو
دەبیت و لە چوونەدەرەوەشت نەفرەت لێکراو دەبیت.
٢٠ خوداوەند نەفرەت و سەرلێشێوان و سەرزەنشتت دەنێرێتە
سەر لە هەر شتێك کە دەستی بۆ دەبەیت تا بیکەیت، هەتا
بفەوتێیت و بەخێرایی لەناوبچیت، لەبەر کردارە خراپەکانت
کە بەجێت هێشتم. ٢١ خوداوەند دەردت پێوە دەنووسێنێت، تا
لەو خاکە لەناوت ببات کە تۆ دەچیتە ناوی تا داگیری بکەیت.
٢٢ خوداوەند بە سیل و تا و هەوکردن و گرانەتا و شمشێر و
کەڕوو هەڵهێنان و وشکبوون لێت دەدات، جا بەدواتەوە دەبێت
تا لەناوت دەبات. ٢٣ ئاسمانیشت کە بەسەرتەوەیە دەبێتە مس و
ئەو خاکەی ژێریشت دەبێتە ئاسن. ٢٤ خوداوەندیش بارانی
خاکەکەت دەکاتە تۆز و خۆڵ و لە ئاسمانەوە بۆت دێتە
خوارەوە تا لەناودەچیت. ٢٥ خوداوەند لەبەردەم دوژمنەکانت
دەتشکێنێت، لە یەك ڕێگا بۆیان دەردەچیت و لە حەوت ڕێگا
لەبەردەمیان هەڵدێیت و دەبیتە مایەی دڵەڕاوکێی هەموو
پاشایەتیەکانی زەوی. ٢٦ تەرمیشت دەبێتە خۆراکی هەموو
باڵندەکانی ئاسمان و دڕندەکانی زەوی و کەسیش نابێت کشیان
لێ بکات. ٢٧ خوداوەند بە دومەڵی میسر و مایەسیری و گەڕی
و خوران لێت دەدات کە نەتوانیت چاك بیتەوە. ٢٨ خوداوەند
تووشی شێتی و کوێری و دوو دڵیت دەکات. ٢٩ لەنیوەڕۆدا
دەستبەدیوار دەڕۆیت وەك کوێر لەتاریکیدا و لە ڕێگاکانت
سەرکەوتوو نابیت، بەڵکو هەموو ڕۆژانت زۆرلێکراو و
ژێردەستە دەبیت و ڕزگارکەر نابێت. ٣٠ ژنێك نیشان دەکەیت
و پیاوێکی تر لەگەڵی جووت دەبێت، خانوویەك بنیاد دەنێیت
و تیایدا دانانیشیت، ڕەزێك دەڕوێنیت و خۆشی لێ نابینیت.
٣١ گایەکەت لەبەرچاوت سەردەبڕێت و لێی ناخۆیت،
لەبەرچاوت دەست بەسەر گوێدرێژەکەتدا دەگرن و بۆت
ناگەڕێتەوە، مەڕەکانت دەدرێنە دەست دوژمنەکانت و
ڕزگارکەریشت نییە. ٣٢ کوڕان و کچانت دەدرێنە دەست
گەلێکی تر و بەدرێژایی ڕۆژ چاوەکانت تەماشایان دەکات تا
ماندوو دەبن و هیچیشت لەدەست نایەت. ٣٣ بەری خاکەکەت
و هەموو ماندووبونت، گەلێك دەیخوات کە نایناسیت، جا
هەموو ڕۆژانت تەنها زۆرلێکراو و پێشێلکراو دەبیت.
٣٤ لەبەر سەرسامی ئەوەی کە دەیبینی شێت دەبیت.
٣٥ خوداوەند بە دومەڵی پیس لێت دەدات لەسەر ئەژنۆکانت و
قاچەکانت، کە نەتوانیت چاك بیتەوە، لەبنی پێتەوە تا تەپڵی
سەرت. ٣٦ خوداوەند بە خۆت و پاشاکەتەوە کە بۆ خۆتی
دادەنێیت، دەتبات بۆ لای میللەتێك کە نە تۆ و نە باوباپیرانت
ناسیوویانە و لەوێ خودای تر دەپەرستی کە لە دارو بەردن.
٣٧ دەبیتە مایەی سەرسامی و پەند و گاڵتەجاڕی لەناو هەموو
ئەو گەلانەی خوداوەند ڕاتدەپێچێت بۆ ناویان. ٣٨ تۆوێکی
زۆر دەکەیت بە کێڵگەوە، بەڵام کەم کۆدەکەیتەوە، چونکە
کولە دەیخوات، ٣٩ ڕەزە مێو دەچێنیت و کاردەکەیت، بەڵام
مەی ناخۆیتەوە و ترێ لێناکەیتەوە، چونکە کرم دەیخوات.
٤٠ لەناو هەموو سنوورەکەت زەیتونت دەبێت، بەڵام بە زەیت
چەورناکرێیت، چونکە زەیتونەکەت دەوەرێت. ٤١ کوڕ و
کچت بۆ لەدایك دەبێت، بەڵام بۆ تۆ نابن، چونکە بۆ
ڕاپێچکردن دەڕۆن. ٤٢ کولەی باڵدار بەسەر هەموو دار و
بەروبوومی خاکەکەتەوە دەبێت. ٤٣ ئەو غەریبەی لەنێوانتە پلە
بە پلە پایەبەرزتر دەبێت و تۆش پلە بە پلە پایەنزم دەبیت.
٤٤ ئەو قەرزت پێ دەدات و تۆ قەرزی پێ نادەیت، ئەو سەر
دەبێت و تۆ کلك. ٤٥ هەموو ئەم نەفرەتانەت دێتە سەر و دوات
دەکەوێت و پێت دەگات تا لەناودەچیت، چونکە تۆ گوێت لە
دەنگی خوداوەند خودات نەگرت تا فەرمانەکان و فەرزەکانی
بپارێزیت کە فەرمانی پێکردیت، ٤٦ جا دەبێتە نیشانە و کاری
سەرسووڕهێنەر لەناو تۆ و لەناو نەوەکەت تاهەتایە،
٤٧ لەبری ئەوەی خوداوەند خودای خۆت بە دڵخۆشی و
دڵسافیەوە نەپەرست، کتێك هەموو شتێك زۆر بوو. ٤٨ دەبیتە
کۆیلەی دوژمنەکانت کە خوداوەند بۆ سەر تۆی دەنێرێت لە
برسێتی و تینوێتی و ڕووتی و نەداری هەموو شتێك،
ئەویش نیری ئاسن دەخاتە سەر ملت تا لەناودەچیت.
٤٩ خوداوەند میللەتێکت دەهێنێتە سەر لە دوورەوە لەو پەڕی
زەویەوە وەك فڕینی باز، میللەتێك لە زمانی ناگەیت،
٥٠ میللەتێکی ڕووگرژ نە ڕێز بۆ پیر دادەنێت و نە سۆزی بۆ
منداڵ دەجووڵێت، ٥١ جا بەری ئاژەڵەکانت و بەری خاکەکەت
دەخوات تا لەناودەچیتو هیچ گەنمو مەیو زەیتو ساوای گاگەلو
مێگەلی مەڕەکانت بۆ ناهێڵێتەوە تا لەناوت دەباتو ٥٢ لە هەموو
دەروازەی شارەکانت گەمارۆت دەدات، تا شوورا بەرزە
قایمەکانت کە تۆ پشتی پێ دەبەستیت لە خاکەکەت دەکەوێت،
لە هەموو دەروازەی شارەکانت، لە هەموو خاکەکەت کە

خوداوەند خودات پێتی دەدات گەمارۆت دەدات. ٥٣ جا بەری
سکت، گۆشتی کوڕ و کچەکانت کە خوداوەند خودات پێتی
داوە دەخۆیت، لەو گەمارۆ و تەنگانەیەی کە دوژمنەکەت
تەنگت پێ هەڵدەچنێ. ٥٤ پیاوی دڵناسك و زۆر خانەدان لە
نێوانت بەرچاوتەنگ دەبێت، سەبارەت بە براکەی و بە
ژنەکەی باوەشی و بە پاشماوەی منداڵەکانی کە ماوەنەتەوە،
٥٥ تا لە گۆشتی منداڵەکەی کە دەیخوات بە کەسیان بدات،
چونکە هیچی بۆ نەماوەتەوە لەو گەمارۆ و تەنگانەیەی کە
دوژمنەکەت تەنگت پێ هەڵدەچنێ لە هەموو دەروازەی
شارەکانت. ٥٦ ئەو ژنەی دڵناسك و خانەدانە لەنێوانت کە
لەبەر دڵناسکی و خانەدانی، دڵنیایەت بنی پێی بە زەویدا بنێت،
بەرچاوتەنگ دەبێت سەبارەت بە پیاوی باوەشی و کوڕ و
کچەکەی، ٥٧ لەو یۆڵداشەی لەنێو هەردوو قاچی دێتەدەر و لە
منداڵەکانی کە دەیبێت، چونکە بە نهێنی دەیانخوات لە نەداری
هەموو شتێك لەو گەمارۆ و تەنگانەیەی کە دوژمنت تەنگت
پێ هەڵدەچنێ لە دەروازەی شارەکانت. ٥٨ گەر ئاگادار نەبیت
تا کار بە هەموو وشەکانی ئەم فێرکردنە بکەیت کە لەم
پەرتووکە نووسراون، تا لەم ناوە شکۆدارە بەسامە بترسی، لە
خوداوەند خودات، ٥٩ ئەوا خوداوەند وا دەکات لێدانەکانت و
لێدانەکانی نەوەکەت سەرسوڕهێنەر بێت، لێدانی مەزن و
بەردەوام، نەخۆشی پیس و هەمیشەیی، ٦٠ هەموو دەردەکانی
میسریش کە لێی تۆقای، بەسەر تۆدا دەداتەوە و پێتەوە
دەنووسێت، ٦١ هەروەها هەر نەخۆشیەك و هەر لێدانێك کە
لەم پەرتووکی فێرکردنە نەنووسراوە، خوداوەند بەسەرتیدا
دەدات تا لەناودەچیت، ٦٢ جا چەند کەسێکی کەم دەمێنن لە
جێی ئەوەی وەك ئەستێرەی ئاسمان بوون لە زۆریدا، چونکە
گوێت لە دەنگی خوداوەند خودات نەگرت، ٦٣ جا وەك چۆن
خوداوەند دڵخۆش بوو بۆتان کە چاکەتان لەگەڵدا بکات و
زۆرتان بکات، هەروەها دڵخۆشیش دەبێت بۆتان تا
بتانفەوتێنێت و لەناوتان ببات و لەو خاکە ڕیشەکێش دەکرێن
کە دەچیتە ناوی تا داگیری بکەیت، ٦٤ جا خوداوەند
پەرشوبڵاوت دەکاتەوە لەنێو هەموو گەلان، لەو پەڕی زەوی
تا ئەو پەڕی و لەوێ خودای تر دەپەرستی لە دارو بەرد کە
نە تۆ و نە باوباپیرانت نەیان ناسیوە، ٦٥ لەناو ئەو میللەتانەدا
دڵنیا نابیت و پێیەکانت جێگیر نابن، بەڵکو خوداوەند لەوێدا
دڵێکی لەرزیو و ماندوویی چاو و لاوازی گیانت دەداتێ،
٦٦ ژیانیشت هەڵواسراو دەبێت لەبەردەمت و شەو و ڕۆژ
دەترسیت و لە ژیانت دڵنیا نابیت. ٦٧ لە ترسی دڵت کە
دەترسی و لە تێڕوانینی چاوەکانت کە تێدەڕوانی، بە ڕۆژ
دەڵێیت خۆزگە شەو بێت، بە شەویش دەڵێیت خۆزگە ڕۆژ
بێت. ٦٨ خوداوەند بە کەشتی دەتگەڕێنێتەوە بۆ میسر بەو
ڕێگایەی پێم وتی، کە ئیتر نایبینیتەوە، جا لەوێ وەك کۆیلە و
کارەکەر دەفرۆشرێن و کەس ناتانکڕێت.

# ٢٩

١ ئەمانە وشەکانی ئەو پەیمانەن کە خوداوەند فەرمانی بە
موسا کرد کە لەگەڵ نەوەی ئیسرائیلدا بیبەستێت، لە خاکی
مۆئاب بێجگە لەو پەیمانەی لە حۆرێب لەگەڵی بەستن. ٢ ئینجا
موسا هەموو ئیسرائیلی بانگکرد و پێی وتن: ئێوە بینیتان
خوداوەند لە خاکی میسر لەبەرچاوتان چی بە فیرعەون و
هەموو خزمەتکارەکانی و هەموو خاکەکەی کرد، ٣ ئەو
تاقیکردنەوە مەزنانەی چاوەکانت بینیان و نیشانە و کارە
سەرسوڕهێنەرە مەزنەکانی. ٤ بەڵام خوداوەند تا ئەمڕۆش
دڵێکی پێنەداون تا تێبگەن و چاوێك تا ببینن و گوێیەك تا
ببیستن. ٥ چل ساڵ لە چۆڵەوانیدا ئێوەم بەڕێوەبرد، جلەکانتان
لەبەرتان کۆن نەبوون و پێڵاوەکانتان لە پێتان کۆن نەبوون،
٦ نە نانتان خوارد و نە مەیتان خواردەوە و نەشتی
سەرخۆشکەر، تا بزانن من خوداوەند خوداتانم، ٧ کاتێکیش
هاتنە ئەم شوێنە سیحۆنی پاشای حەشبون و عۆجی پاشای
باشان دەرچوون بۆ بەرەنگار بوونەوەمان بۆ جەنگ، جا
ئەوانمان شکاند و ٨ دەستمان بەسەر خاکەکەیاندا گرت و بە
میرات بە ڕەئوبین و جاد و نیوەی هۆزی مەنەسامان دا. ٩ جا
وشەکانی ئەم پەیمانە بپارێزن و کاری پێبکەن، تا سەرکەوتوو
بن لە هەموو ئەوەی دەیکەن. ١٠ ئێوە ئەمڕۆ هەمووتان بە
سەرۆکەکانتان و هۆزەکانتان و پیرەکانتان و بەڕێوەبەرەکانتان
و هەموو پیاوەکانی ئیسرائیل لەبەردەم خوداوەند خوداتان
وەستاون، ١١ منداڵەکانتان و ژنەکانتان و ئەو غەریبەی لەناو
ئۆردگاکانتانە، لەوەی کە دارتان بۆ دەبڕێتەوە تا ئەوەی
ئاودێرتانە، ١٢ تا بچیتە ناو پەیمانی خوداوەند خودات و
سوێندەکەی کە خوداوەند خودات ئەمڕۆ لەگەڵتی دەبەستێت،
١٣ تا ئەمڕۆ بە گەلی خۆی داتبنێ، ئەویش ببێتە خودات وەك
پێی فەرمووی و وەك سوێندی بۆ باوباپیرانت ئیبراهیم و
ئیسحاق و یاقوب خوارد. ١٤ ئەم پەیمان و سوێندەش تەنها
لەگەڵ ئێوەی نابەستم، ١٥ بەڵکو لەگەڵ ئەوەی کە لێرە ئەمڕۆ
لەگەڵماندا لەبەردەم خوداوەند خودامان وەستاوە و ئەوەش کە
ئەمڕۆ لێرە لەگەڵماندا نییە، ١٦ چونکە ئێوە زانیتان چۆن لە
خاکی میسر نیشتەجێبووین و چۆن بەناو ئەو گەلاندا تێپەڕین
کە ئێوە بەناویاندا تێپەڕین و ١٧ شتە قێزەونەکان و بتەکانی
ئەوانتان بینی کە لە دار و بەرد و زیو و زێڕن. ١٨ نەوەك
لەنێوانتاندا پیاوێك یان ژنێك یان هۆزێك یان تیرەیەك هەبێت
کە ئەمڕۆ دڵی لەسەر خوداوەند خودامان لاچووبێت، تا
بڕوات و خودای ئەو میللەتانە بپەرستێت، نەوەك لە نێوانتان
ڕەگێك هەبێت تاڵاو و گوژاڵك بگرێت، ١٩ جا ئەوە دەبێت
کاتێ گوێی لە وتەکانی ئەم نەفرەتە دەبێت، لەدڵیدا پیرۆزبایی
لە خۆی دەکات و دەڵێت، ئاشتیم بۆ دەبێت، من بە کەلە ڕەقی
خۆم هەڵسوکەوت دەکەم بۆ لەناوبردنی تەڕ و وشك.
٢٠ خوداوەند حەز ناکات بەزەیی پێ بێتەوە، بەڵکو ئەو کاتە
تووڕەیی و ئیرەیی خوداوەند دووکەڵ دەکات بەسەر ئەو پیاوە
و هەموو ئەو نەفرەتانەی لەم پەرتووکەدا نووسراوە دێتە
سەری و خوداوەند ناوی لەژێر ئاسماندا دەسڕێتەوە و
٢١ خوداوەند لە هەموو هۆزەکانی ئیسرائیلدا ئەو بۆ خراپە جیا
دەکاتەوە، بە پێی هەموو نەفرەتەکانی پەیمانەکە کە لەم
پەرتووکی فێرکردنەدا نووسراوە. ٢٢ جا دوا نەوە کە
ڕۆڵەکانتانن ئەوانەی دوای ئێوە دێن و ئەو بێگانەیەی لە
خاکێکی دوورەوە دێت، کاتێك لێدانەکانی ئەو خاکە و
نەخۆشیەکانی کە خوداوەند پێی نەخۆش دەخات دەبینن،
٢٣ هەموو زەوییەکەی قیر و خوێ و سووتاوە، نە دەچێنرێت
و نە دەڕوێت و نەهیچ گیایەکی لێ دەردەکەوێت، وەك
سەروژێرکردنی سەدوم و عەمورە و ئەدمە و سەبوییم کە
خوداوەند بە تووڕەیی و قینی خۆی سەروژێری کردن. ٢٤ جا
هەموو میللەتان دەڵێن، بۆچی خوداوەند وای بەم خاکە کرد،
جۆشینی ئەم تووڕەییە مەزنە بۆچی؟ ٢٥ جا دەڵێن، چونکە
وازیان لە پەیمانی خوداوند خودای باوباپیرانیان هێنا، کە
لەگەڵی بەستن کاتێك لە خاکی میسر دەریهێنان و ٢٦ ڕۆیشتن
و خودای تریان پەرست و کڕنۆشیان بۆ برد، خودایەك نە
ناسیبوویان و نە بەوان درابوو، ٢٧ جا تووڕەیی خواوەند
بەسەر ئەو خاکەدا گڕیگرت، تا هەموو ئەو نەفرەتانەی لەم
پەرتووکی فێرکردنەدا نووسراون هێنای بەسەریدا و
٢٨ خوداوەند لە خاکەکەیاندا بە تووڕەیی و قین و ڕقێکی
مەزنەوە ڕیشەکێشی کردن و فڕێی دانە خاکێکی تر وەك
ئەمڕۆ. ٢٩ نهێنییەکان بۆ خوداوەند خودامانە و ئاشکراکراوەکان

بۆ ئێمە و ڕۆڵەکانمانە تا هەتایە، تا کار بە هەموو وشەکانی
ئەم فێرکردنە بکەین.

# ٣٠

١ کاتێك هەموو ئەم شتانەت بەسەردا هات، پیرۆزکردن و
نەفرەتەکە کە لەبەردەمت دامنان، جا گەر لە دڵتەوە ئەوانت
وتەوە لەنێو هەموو ئەو میللەتانەی خوداوەند خودات دەری
کردی بۆ لایان و ٢ بۆ لای خوداوەند خودات گەڕایتەوە و
گوێت لە دەنگی گرت، بە گوێرەی هەموو ئەوەی من ئەمڕۆ
فەرمانتان پێدەکەم، خۆت و ڕۆڵەکانت و بە هەموو دڵ و
گیانتەوە، ٣ ئەوا خوداوەند خودات ڕاپێچەکەت دەگێڕێتەوە و
بەزەیی پێت دێتەوە و دووبارە کۆت دەکاتەوە لەناو هەموو
ئەو گەلانەی خوداوەند خودات بە ناویاندا پەرشوبڵاوی
کردی. ٤ گەر بۆ ئەو پەڕی ئاسمان پەرشوبڵاوی کردبیتەوە،
ئەوا خوداوەند خودات لەوێوە کۆتدەکاتەوە و لەوێوە دەتبات و
٥ خوداوەند خودات دەتهێنێتە ئەو خاکەی باوباپیرانت داگیریان
کرد، جا تۆ داگیری دەکەیت و چاکەت لەگەڵ دەکات و لە
باوباپیرانت زۆرترت دەکات، ٦ خوداوەند خودات دڵی خۆت
و نەوەکەت خەتەنە دەکات، تا خوداوەند خودات بە هەموو
دڵت و بە هەموو گیانت خۆشبوێت تا بژیت. ٧ هەروەها
خوداوەند خودات هەموو ئەم نەفرەتانە دەخاتە سەر
دوژمنەکانت و ناحەزەکانت کە دەریان کردیت، ٨ بەڵام تۆ
دەگەڕێیتەوە و گوێ لە دەنگی خوداوەند دەگریت و کار بە
هەموو فەرمانەکانی دەکەیت کە من ئەمڕۆ فەرمانتی پێدەکەم.
٩ جا خوداوەند خودات خێروبەرەکەت زۆر دەکات لە هەموو
کارەکانی دەستت، لە بەری سکت و بەری ئاژەڵەکانت و
بەری خاکەکەت، چونکە خوداوەند دەگەڕێتەوە تا بە خێروبێر
بۆت دڵخۆش بێت، وەك بۆ باوباپیرانت دڵخۆش بوو، ١٠ گەر
گوێت لە دەنگی خوداوەند خودات گرت، تا فەرمانەکانی و
فەرزەکانی بپارێزیت کە لەم پەرتووکی فێرکردنەدا
نووسراون، گەر بە هەموو دڵت و بە هەموو گیانت بۆ
خوداوەند خودات گەڕایتەوە. ١١ ئەم فەرمانەی من ئەمڕۆ
فەرمانتی پێدەکەم، لێت شاراوە نییە و لێتەوە دوور نییە .١٢ لە
ئاسمان نییە تا بڵێی کێ بۆمان سەردەکەوێتە ئاسمان و بۆمانی
دەهێنێت و بە گوێمانیدا دەدات تا کاری پێبکەین، ١٣ هەروەها
لەپشتی دەریا نییە تا بڵێی کێ بۆمان لە دەریا دەپەڕێتەوە و
بۆمانی دەهێنێت و بە گوێمانیدا دەدات تا کاری پێبکەین،
١٤ بەڵکو وشەکە زۆر لێت نزیکە، لە دەمتە و لە دڵتە، تا کاری
پێبکەیت. ١٥ بڕوانە، من ئەمڕۆ ژیان و چاکە و مردن و
خراپەم خستۆتە بەردەمت، ١٦ لەبەرئەوەی من ئەمڕۆ فەرمانم
پێکردیت کە خوداوەند خودات خۆشبوێت و ڕێگاکانی
بگریتەبەر و فەرمان و فەرز و حوکمەکانی بپارێزیت، تا
بژیت و گەشە بکەیت و خوداوەند خودات لەو خاکەی تۆ
دەچیتە ناوی تا داگیری بکەیت، پیرۆزت بکات، ١٧ جا گەر
دڵت لاچوو و گوێت نەگرت، بەڵکو گومڕا بوویت و بۆ
خودای تر کڕنۆشت برد و پەرستت، ١٨ ئەوا من ئەمڕۆ پێتان
ڕادەگەیەنم کە ئێوە بێگومان لەناودەچن، درێژە نادەی بە
ڕۆژانت لەسەر ئەو خاکەی لە ڕووباری ئوردن بۆی
دەپەڕیتەوە تا بچیتە ناوی و داگیری بکەیت. ١٩ من ئەمڕۆ
ئاسمان و زەویتان لێ دەکەمە شایەت، کە من ژیان و مردن،
پیرۆزکردن و نەفرەتم لەبەردەمت داناوە، جا ژیان هەڵبژێرە
تا خۆت و نەوەکەت بژین، ٢٠ کە خوداوەند خودات خۆش
دەوێت و گوێ لە دەنگی دەگریت و پێوەی دەنووسێیت،
چونکە ئەو ژیانتە و درێژە بە ڕۆژانت دەدات تا لەو خاکە
نیشتەجێ بیت کە خوداوەند بۆ باوباپیرانت ئیبراهیم و ئیسحاق
و یاقوب سوێندی خوارد کە بیانداتێ.

# ٣١

١ جا موسا ڕۆیشت و بەم وشانە لەگەڵ هەموو ئیسڕائیلدا
قسەی کرد و ٢ پێی وتن: من ئەمڕۆ پیاوی سەدو بیست
سالانم، ئیتر توانای چوونەدەر و هاتنەژوورم نەماوە و
خوداوەندیش پێی فەرمووم، لەم ڕووباری ئوردنە مەپەڕەوە.
٣ خوداوەند خودات لەپێشتەوە دەپەڕێتەوە، خۆی ئەو میللەتانە
لە پێشتەوە لەناودەبات و تۆش دەبیتە میراتگریان. یەشوع
لەپێشتەوە دەپەڕێتەوە وەك خوداوەند فەرمووی. ٤ هەروەها
خوداوەند چی بە سیحۆن و عۆج و بە خاکەکەیان کرد، دوو
پاشاکەی ئەمورییەکان، کە لە ناویدان ئاواش بەوان دەکات.
٥ جا کاتێك خوداوەند ئەوانی خستە دەستتان بە گوێرەی هەموو
ئەو فەرمانانەی فەرمانم پێتان کرد، ئاوایان لێ دەکەن.
٦ بەهێزبن و ئازابن، لێیان مەترسن و مەتۆقێن، چونکە
خوداوەند خودات لەگەڵت دەڕوات، پشت گوێت ناخات و
وازت لێ ناهێنێت. ٧ جا موسا یەشوعی بانگ کرد و
لەبەرچاوی هەموو ئیسڕائیلدا پێی وت :بەهێزبە و ئازا بە،
چونکە تۆ لەگەڵ ئەم گەلە دەچیتە ناو ئەو خاکەی خوداوەند
سوێندی بۆ باوباپیرانیان خوارد کە بیانداتێ و تۆش بۆیانی
دابەش دەکەیت، ٨ خوداوەندیش خۆی لەپێشتەوە دەڕوات، ئەو
لەگەڵت دەبێت، پشتگوێت ناخات و وازت لێ ناهێنێت،
مەترسە و مەتۆقێ .٩ ئینجا موسا ئەم فێرکردنەی نووسی و
دایە دەست کاهینەکان، کە نەوەی لێڤین و هەڵگری سندوقی
پەیمانی خوداوەندن، لەگەڵ هەموو پیرانی ئیسڕائیلدا .١٠ موسا
فەرمانیشی پێکردن و وتی: لە کۆتایی حەوت ساڵەکە، لە کاتی
ساڵی پاك لە پاك، لە جەژنی کەپرەشینەدا، ١١ کاتێك هەموو
ئیسڕائیل دێن تا لەبەردەم خوداوەند خودات دەربکەون لەو
شوێنەی کە هەڵیدەبژێرێت، ئەم فێرکردنە لەبەرامبەر هەموو
ئیسڕائیلدا لە گوێیان دەخوێنیتەوە، ١٢ گەل کۆبکەوە، پیاو و
ژن و منداڵ و ئەو غەریبەش کە لە دەروازەی شارەکانتە تا
گوێ بگرن و فێربن لە خوداوەند خوداتان بترسن و هەموو
وشەکانی ئەم فێرکردنە بپارێزن و کاری پێبکەن .١٣ هەروەها
منداڵەکانیشیان کە نەیانزانیوە، گوێ دەگرن و فێردەبن لە
خوداوەند خوداتان بترسن، بەدرێژایی ئەو ڕۆژانەی لەسەر
ئەو زەویە دەژین کە ئێوە لە ڕووباری ئوردن بۆی دەپەڕنەوە
تا داگیری بکەن. ١٤ خوداوەند بە موسای فەرموو: ئەوەتا
ڕۆژانت لە مردن نزیك بووەتەوە، یەشوع بانگ بکە و لەناو
چادری ژووان بوەستن تا فەرمانی پێبکەم. جا موسا و یەشوع
ڕۆیشتن لەناو چادری ژووان وەستان. ١٥ ئینجا خوداوەند لە
ستوونی هەورێك دەرکەوت و ستوونی هەورەکە لە دەروازەی
چادرەکە وەستا. ١٦ خوداوەند بە موسای فەرموو: ئەوەتا تۆ
لەگەڵ باوباپیرانت سەردەنێیتەوە، جا ئەم گەلە هەڵدەستن و
داوێن پیسی دەکەن لەگەڵ خودا بیانییەکان لەو خاکەی ئەوان
دەچنە ناوی لە نێوانیان و وازم لێ دەهێنن و ئەو پەیمانەم
دەشکێنن کە لەگەڵیان بەستوومە، ١٧ جا لەو ڕۆژەدا تووڕەییم
بەسەریاندا گڕ دەگرێت و وازیان لێدەهێنم و ڕووی خۆمیان
لێ دەشارمەوە و دەبنە خۆراك و خراپەی زۆر و ناخۆشییان
تووش دەبێت، تا لەو ڕۆژەدا دەڵێن، ئایا لەبەرئەوە نییە کە
خودامان لەنێوانمدا نییە ئەم خراپانەمان تووش دەبێت؟
١٨ منیش لەو ڕۆژەدا ڕووی خۆم دەشارمەوە لەبەر هەموو
ئەو خراپەیەی کە کردیان و کە دوای خودای تر کەوتن،
١٩ ئێستاش ئەم سرووودە بۆ خۆتان بنووسن و نەوەی

ئیسرائیلیشی پێ فێربکەن، بیخەنە دەمیانەوە تا ئەم سروودە
ببێتە شایەت بەسەر نەوەی ئیسرائیلەوە، ٢٠ چونکە من
دەیانبەمە ناو ئەو خاکەی سوێندم بۆ باوباپیرانیان خوارد،
ئەوەی شیر و هەنگوینی لێ دەڕژێتەوە، جا دەخۆن و تێردەبن
و قەڵەودەبن و ئینجا دوای خودای تر دەکەون و دەیپەرستن و
سووکایەتیم پێدەکەن و پەیمانەکەم دەشکێنن. ٢١ جا کاتێ
تووشی خراپەی زۆر و ناخۆشی هاتن، ئەم سروودە وەك
شایەت وەڵامیان دەداتەوە، چونکە لە دەمی نەوەکەی
لەبیر ناکرێت، من دەزانم ئەوان ئەمڕۆ بیر لە چی دەکەنەوە،
بەرلەوەی بیانبەمە ناو ئەو خاکەوە وەك سوێندم خوارد. ٢٢ جا
موسا لەو ڕۆژەدا ئەم سروودە نووسی و نەوەی ئیسرائیلیشی
پێ فێرکرد. ٢٣ ئینجا فەرمانی بە یەشوعی کوڕی نون کرد و
فەرمووی: بەهێز بە و ئازا بە، چونکە تۆ نەوەی ئیسرائیل
دەبەیتە ناو ئەو خاکەی لەسەری سوێندم بۆیان خوارد و منیش
لەگەڵت دەبم. ٢٤ جا کاتێك موسا لە نووسینی وشەکانی ئەم
فێرکردنە لە پەرتووکێکدا بەتەواوی تەواو بوو، ٢٥ موسا
فەرمانی بە لێڤییەکانی هەڵگرانی سندوقی پەیمانی خوداوەند
کرد و وتی :٢ ئەم پەرتووکی فێرکردنە ببەن و لە تەنیشت
سندوقی پەیمانی خوداوەند خوداتان دایبنێن، تا لەوێ بێت وەك
شایەت بەسەرتانەوە، ٢٧ چونکە من یاخی بوون و کەلە
ڕەقیتان دەزانم، ئەوەتا من ئەمڕۆ هێشتا زیندووم لەگەڵتان
ئێوە بەربەرەکانی خوداوەند دەکەن، جا باشە لە دوای مردنم
چی دەکەن! ٢٨ هەموو پیرانی هۆزەکانتان و بەڕێوەبەرانتانم
بۆ کۆبکەنەوە، تا ئەم وشانەیان بخەمە گوێ و ئاسمان و زەوی
بکەم بە شایەت بەسەریانەوە، ٢٩ چونکە دەزانم ئێوە دوای
مردنم گەندەڵ دەبن و لادەدەن لەو ڕێگایەی فەرمانم پێکردوون
و لە ڕۆژانی کۆتایدا تووشی خراپە دەبن، چونکە لەبەرامبەر
خوداوەند خراپە دەکەن تا بە کردارەکانی دەستتان تووڕەی
بکەن. ٣٠ جا موسا تەواوی وشەکانی ئەم سروودە خستە گوێی
هەموو کۆمەڵی ئیسرائیل.

# ٣٢

١ گوێ شلکە ئەی ئاسمان، وا قسە دەکەم، با زەویش گوێ
بگرێ لە وشەی دەمم. ٢ فێرکردنم وەك باران دەبارێت، وشەم
وەك شەونم دەتکێت، وەك نمە باران بەسەر سەوزایی وەك
ڕەهێڵ بەسەر گیا. ٣ چونکە ناوی خوداوەند ڕادەگەێنم، مەزنی
بە خودامان ببەخشن. ٤ خودا چیایە، کردارەکانی تەواوە،
چونکە هەموو ڕێگاکانی دادپەروەرە، خودایەکی دڵسۆزە و،
ستەمکاری تیا نیە، ڕاستگۆ و ڕاستە ئەو. ٥ گەندەڵ بوون و
ڕۆڵەی ئەو نین، کەموکوڕییان ئەوەیە، نەوەیەکی
خواروخێچن. ٦ ئاوا پاداشتی خوداوەند دەدەنەوە، ئەی گەلی
گێل و نا دانا؟ ئایا ئەو باوك و کڕیارتان نییە، ئەو دروستکار
و پێکهێنەرتان نییە؟ ٧ یادی ڕۆژانی کۆن بکەنەوە، لە ساڵانی
نەوەکانی پێشوو ووردبنەوە، لە باوکتان بپرسن پێت
ڕادەگەیەنن، لە پیرانتان بپرسن پێتان دەڵێن. ٨ کاتێ هەرەبەرز
میللەتانی بەش بەش کرد، کاتێ نەوەی ئادەمی پەرت کرد،
سنووری بۆ گەلان دانا، بەگوێرەی ژمارەی نەوەی ئیسرائیل .
٩ بەشی خوداوەند گەلەکەیەتی، یاقوب گوریسی میراتیەتی.
١٠ لە خاکێکی چۆڵ دۆزیەوە، لە بەیارێکی ترسناك و وێران،
دەوریدا و تێبینی کرد، وەك گلێنەی چاوی پاراستی. ١١ وەك
باز هێلانەی خۆی دەهەژێنێت، لەسەر بێچووەکانی باڵەفڕکێ
دەکات، باڵەکانی لێك دەکاتەوە و دەیبات ، لەسەر شاپەڕەکانی
هەڵیدەگرێت. ١٢ ئاوا خوداوەند بە تەنها ڕابەری کرد، هیچ
خودایەکی بیانی لەگەڵ نەبوو. ١٣ سواری بەرزاییەکانی زەوی
کرد، بەروبوومی دەشتودەری خوارد، لە بەردەوە هەنگوینی
دەرخوارد دا، زەیتیش لە بەردەئەستێوە. ١٤ قەیماغی مانگا و
شیری مەڕ، لەگەڵ دوگی بەرخ، بەرانی باشانی و تەگە،
لەگەڵ چەوری ناوکی گەنم، لە خوێنی ترێشەوە مەیم
دەرخوارد دا .١٥ جا یەشارون[ب] قەڵەوبوو و جووتەی وەشاند،
قەڵەو بوویت و پڕ بوویت و بە پیو داپۆشرای، جا ئەو
خودایەی ڕەت کردەوە کە دروستی کرد و گێل بوو سەبارەت
بە چیای ڕزگاریەکەی. ١٦ ئیرەیان کرد بە بیانیانو بە شتە
قێزەوەنەکان تووڕەیان کرد. ١٧ بۆ ڕۆحە پیسەکان کە خودا
نین قوربانیان سەر بڕی، خودایانێك نەیانناسیون، تازەن و
بەم زووانە دەرکەوتوون، باوکانتان لێیان نەترساون. ١٨ ئەو
چیایەی تۆی خستەوە، وازت لێهێنا، ئەو باوکەی لە دایك
بوونی پێدابن، لەبیرت کرد. ١٩ جا خوداوەند بینی و ڕسوای
کرد، کوڕان و کچانی خۆی دەرکرد. ٢٠ فەرمووی، ڕووی
خۆم لێیان دەشارمەوە، سەیر دەکەم کۆتاییان چی دەبێت،
ئەوانە نەوەیەکی هەڵگەڕاوەن، کوڕانێکن دەست پاکیان تێدا
نییە. ٢١ ئەوان بە وانەی خودا نین ئیرەیان کردم، بە شتە
پووچەکانیان تووڕەیان کردم، جا منیش بەوانەی گەل نین
ئیرەیان دەکەم، بە میللەتێکی گێل تووڕەیان دەکەم. ٢٢ چونکە
بە تووڕەیم ئاگرێك داگیرساوە، گڕ دەگرێت تا دونیای
مردووانی ژێرەوە، زەوی و خەرمانەکەی دەخوات، بناغەکانی
چیاکان دەسووتێنێت. ٢٣ بەدکارییان بەسەردا کۆدەکەمەوە،
تیرەکانم لەواندا دەچەقێنم. ٢٤ کاتێك لە برسا کەوتوون، پەکیان
کەوتووە لەبەر تا و وێرانی تاڵ، ددانی دڕندە دەنێرمە
سەریان، لەگەڵ ژەهری مارە خشۆکەکان. ٢٥ لە دەرەوە
شمشێر لەباریان دەبات و لەناوەوەش تۆقین، کوڕی گەنج
هەروەها پاکیزە، منداڵی شیرەخۆر لەگەڵ پیاوی پیر. ٢٦ وتم،
ورد و خاشیان دەکەم، یادیان لەناو خەڵکی فەرامۆش دەکەم.
٢٧ گەر لەوە نەترسابام کە دوژمن تووڕەم بکات، کە
دوژمنانیان تێنەگەن، نەوەك بڵێن، خۆمان باڵادەست بووین،
خوداوەند هەموو ئەمەی نەکردووە. ٢٨ چونکە میللەتێکن
ڕاوێژ لێ بڕاو، کوا تێگەیشتنیش لەناویان؟ ٢٩ گەر دانابن
درکیان بەمە دەکرد، کۆتاییەکەیان لەبەرچاودەگرت. ٣٠ چۆن
یەکێك هەزار دەردەکات و دووان دە هەزار تێکدەشکێنن، گەر
چیاکەیان نەیفرۆشتبن، خوداوەند بەدەستی نەدابن. ٣١ چونکە
وەك چیای ئێمە نییە چیایان، تەنانەت دوژمنانیشمان
دادوەربن. ٣٢ چونکە مێویان لە مێوی سەدۆمە و ترێیان هی
باخەکانی عەمورەیە، ترێکەیان ژەهرە و هێشووی تاڵیان
هەیە. ٣٣ مەیەکەیان ژەهری مارەکان و تاڵاوی کۆبرا
کوشندەکانە. ٣٤ ئایا ئەمە لە لای من هەڵنەگیراوە، لەناو
گەنجینەکانم مۆری لێ نەدراوە. ٣٥ تۆڵە سەندنەوە و
پاداشتدانەوە بۆ منە، لەکاتی دیاریکراو پێیان دەخلیسکێت،
چونکە ڕۆژی بەڵایان نزیکە و ئامادەکراوەکان بۆیان خێرایە.
٣٦ چونکە خوداوەند حوکم بەسەر گەلی خۆی دەدات و
میهرەبان دەبێت لەگەڵ خزمەتکارەکانی، کە دەبینێ هێزیان
بەسەرچووە و نە کۆیلە و نە ئازاد کەس نەماوە. ٣٧ دەڵێت،
کوا خوداکەیان، ئەو چیایەی پەنایان بۆ برد، ٣٨ ئەوەی پیوی
قوربانیەکانی دەخواردن، شەرابی مەیە پێشکەشکراوەکانی
دەخواردنەوە، با هەڵسێت و یارمەتیتان بدات، ببێت بە چەتر
بەسەرتانەوە. ٣٩ ئێستا ببینن، من، من ئەوم، کوا خودای تر
لەگەڵم؟ من دەمرێنم و دەژیێنم، برینـدار دەکەم و من چاکی

[ب] ٣٢ : ١٥ وشەیەکی عیبرییە بەمانای ڕاست یان ڕێك دێت، لێرە
مەبەست لە ئیسرائیلە.

دەکەمەوە، کوا دەربازبوو لە دەستم؟ ٤٠ من بۆ ئاسمان دەستم
بەرز دەکەمەوە و دەڵێم، تاهەتایە من زیندووم. ٤١ گەر شمشێرە
درەوشاوەکەم تیژ بکەم و بۆ دادوەری بەدەستەوەی بگرم،
تۆڵە لە دوژمنانم دەکەمەوە و پاداشتی ناحەزانم دەدەمەوە.
٤٢ تیرەکانم بە خوێن مەست دەکەم و شمشێرەکەم گۆشت
دەخوات، لە خوێنی کوژراو و ڕاپێچکراوان، لە کەلەسەری
ڕابەرانی دوژمن. ٤٣ ئەی میللەتانی گەلی هەلهەلە لێ بدەن،
چونکە تۆڵەی خوێنی خزمەتکارانی دەکاتەوە، لە دوژمنانی
تۆڵە دەکاتەوە، کەفارەتی خاك و گەلەکەی خۆی دەکات. ٤٤ جا
موسا هات و هەموو وشەکانی ئەم سرودەی بە گوێی گەلدا
خوێند، خۆی و یەشوعی کوڕی نون. ٤٥ کاتێك موسا تەواو
بوو لە قسەکردن بۆ هەموو ئیسرائیل، بە هەموو ئەم وشانە،
٤٦ پێی وتن: دڵتان ئاراستەی هەموو ئەو وشانە بکەن کە من
ئەمڕۆ شایەتی پێ دەدەم لەسەرتان، تا فەرمان بە منداڵەکانتان
بکەن کە ئاگاداربن کار بە هەموو وشەکانی ئەم فێرکردنە
بکەن. ٤٧ چونکە شتێکی بێ نرخ نییە بۆتان، بەڵکو ژیانتانە،
بەم شتە درێژە بە ڕۆژانتان دەدەن لەسەر ئەو خاکەی لە
ئوردن بۆی دەپەڕنەوە تا داگیری بکەن. ٤٨ خوداوەندیش
لەهەمان ڕۆژدا لەگەڵ موسا دوا و فەرمووی: ٤٩ سەرکەوە
بۆ چیای عەباریم، ئەمە چیای نبووە کە لە خاکی مۆئابە و
بەرامبەر بە ئەریحایە و لەوێوە تەماشای خاکی کەنعان بکە
کە من وەك موڵك بە نەوەی ئیسرائیلی دەدەم. ٥٠ لەو چیایەدا
کە بۆی سەردەکەویت دەمریت و دەڕۆیتە پاڵ گەلەکەتەوە،
وەك چۆن هارونی برات لە چیای هوردا مرد و چووە پاڵ
گەلەکەی، ٥١ لەبەر ئەوەی ئێوە ناپاك بوون لەگەڵم لەنێو
نەوەی ئیسرائیلدا لەلای ئاوی مریبەی قادش لە چۆڵەوانی
سین، چونکە پیرۆزتان نەکردم لەنێو نەوەی ئیسرائیلدا. ٥٢ جا
تۆ لە بەرامبەریەوە خاکەکە دەبینیت، بەڵام ناچیتە ناو ئەوێ
بۆ ئەو خاکەی بە نەوەی ئیسرائیلی دەدەم.

# ٣٣

١ ئەوەش ئەو بەرەکەتەیە کە موسای پیاوی خودا نەوەی
ئیسرائیلی پێ پیرۆز کرد، بەر لە مردنی، ٢ وتی: خوداوەند لە
سیناوە هات و لە سەعیرەوە بەسەریاندا هەڵهات، لە چیای
فارانەوە درەوشایەوە و هەزاران هەزار پاك و پیرۆزی لەگەڵ
بوو، لە دەستە ڕاستیشی ئاگرێگی گڕدار. ٣ هەروەها ئەی
ئەوەی گەلانت خۆشدەوێت، هەموو پاك و پیرۆزەکانی لە
دەستی تۆن، ئەوان لەلای پێت دانیشتوون، لە وشەکانی تۆ
وەردەگرن. ٤ موسا فەرمانی فێرکردنی پێداین، میراتە بۆ
کۆمەڵی یاقوب. ٥ لە یەشورون بوو بە پاشا، بە کۆبوونەوەی
سەرکردەکانی گەل، هۆزەکانی ئیسرائیل پێکەوە. ٦ با ڕەئوبین
بژیت و نەمرێت، با پیاوەکانی کەم نەبن. ٧ ئەمەش بۆ یەهوزا
و وتی، ئەی خوداوەند گوێ لە دەنگی یەهودا بگرە و بۆلای
گەلەکەی بیهێنە، دەستەکانی بەسە بۆی، ببە بە یارمەتیدەر دژ
بە دوژمنانی. ٨ بە لێڤیشی وت، تۆمیم و ئۆریمت بۆ پیاوە
خۆشەویستەکەت، ئەوەی لە مەسسا تاقیتکردەوە و لە ئاوی
مەریبە ناکۆکیت لەگەڵدا کرد. ٩ ئەوەی سەبارەت بە باوك و
دایکی وتی، نەم بینیوون، دانی بە براکانیشی نەناو
منداڵەکانیشی نەناسی، چونکە چاودێری وتەکانی تۆیان کرد و
پەیمانەکەی تۆیان پاراست[ت] ١٠ یاقوب فێری حوکمەکانت
دەکەن و ئیسرائیلیش فێرکردنەکانت، بۆنی بخوور دەخەنە
بەردەمت و قوربانی تەواو دەخەنە سەر قوربانگاکەت،
١١ ئەی خوداوەند هێزی پیرۆزبکە و بە کرداری دەستی ڕازی
بە، لە ناوقەدی بەرهەڵستکارانی بدە، هەروەها ناحەزانی تا
هەڵنەسنەوە. ١٢ بۆ بنیامینیش وتی، ئەو خۆشەویستی
خوداوەندە، بەدڵنیایی لەلای نیشتەجێ دەبێت. بەدرێژایی ڕۆژ
داڵدەی دەدات و لەنێو هەردوو شانیدا نیشتەجێ دەبێت. ١٣ بۆ
یوسفیش وتی، خاکەکەی لەلای خوداوەندەوە پیرۆزە، بە شتە
گرانبەهاکانی ئاسمان، بە شەونم، بە ئاوە قەتیس کراوەکانی
خوارەوە، ١٤ بە بەنرخترین بەرهەمی خۆر و بە نرخترین
بەرووبوومی مانگەکان، ١٥ بە باشترین شتی چیا دێرینەکان،
بە بەنرخترینی گردە هەتاهەتاییەکان، ١٦ بە بەنرخترین
شتەکانی زەوی و پڕییەکەی، لەگەڵ ڕەزامەندی نیشتەجێی
ناو دەوەنەکە[ث]. با بێتە سەر یوسف، بۆ تەپڵی سەری جیاکراوە
لە براکانی[ج]. ١٧ نۆبەرەی گاکەی شکۆمەندییە بۆی، قۆچەکانی
قۆچی کەڵە کێوین، بەوان قۆچ لە گەلان دەدات، پێکەوە تا
ئەوپەڕی زەوی، ئەوان هەزاران هەزاری ئەفرایم و
هەزارانی مەنەسسان. ١٨ بۆ زەبولونیش وتی، ئەی زەبولون
بە دەرچوونت دڵخۆشبە و تۆش ئەی یەساکر بە چادرەکانت،
١٩ گەلان بۆ چیا بانگ دەکەن، لەوێ قوربانی ڕاستودروستی
سەردەبڕن، تا لە پڕی دەریا بمژن و لەو گەنجینەیەی لەژێر
لم شاردراوەتەوە. ٢٠ بۆ گادیش وتی، پیرۆزە ئەوەی گادی
فراوان کرد، وەك شێرە مێ نیشتەجێ بوو، قۆڵی پارچەپارچە
کرد لەگەڵ تەپڵی سەر، ٢١ یەکەمی بۆ خۆی دانا، بەشی
فەرماندەی بۆ خۆی هەڵگرت، لەگەڵ سەرانی گەل هات،
ڕاستودروستی خوداوەندی ئەنجامدا و حوکمەکانیشی لەگەڵ
ئیسرائیلدا. ٢٢ بۆ دانیش وتی، دان بەچکە شێرە، لە باشان باز
دەدات. ٢٣ بۆ نەفتالیش وتی، ئەی نەفتالی تێر بە لە ڕەزامەندی
و پڕ بە لە پیرۆزکردنی خوداوەند، ڕۆژئاوا و باشوور داگیر
بکە. ٢٤ بۆ ئەشێریش وتی، ئەشێر لەنێو کوڕان خۆزگەی
پێدەخوازرێت، با لەلای براکانی پەسەند بێت، با پێی بکاتە ناو
زەیت، ٢٥ دەروازەکانت لە ئاسن و مسن، هەموو ڕۆژانت
ئاسوودە دەبێت. ٢٦ خودای یەشورون هاوتای نییە، سواری
ئاسمان دەبێت بۆ یارمەتیدانت، هەروەها هەورەکان لە
شانازی خۆیدا. ٢٧ خودایی ئەزەلی پەناگەیە و باڵە
هەمیشەییەکانیش لە ژێرەوە. دوژمنی لەبەردەمت دەرکرد و
فەرمووی، لەناوببە. ٢٨ جا ئیسرائیل بە تەنیا و بە ئاسوودەیی
نیشتەجێ دەبێت، چاوی یاقوب بەرەو خاکی گەنم و مەی
دەبێت و ئاسمانەکەشی شەونم دەتکێنێت، ٢٩ ئەی ئیسرائیل
خۆزگەت پێدەخوازرێت، کێ وەك تۆیە، گەلێکی ڕزگار بوو
بە خوداوەند، قەڵغانی یارمەتی و شمشێری شکۆمەندیتە، جا
دوژمنانت چاوشکاوت دەبن، تۆش بەرزاییەکانیان پێشێل
دەکەیت.

# ٣٤

١ ئینجا موسا لە دەشتەکانی مۆئابەوە بۆ چیای نەبۆ سەرکەوت
بۆ سەری پسگە، کە بەرامبەر ئەریحایە، جا خوداوەند هەموو
خاکەکەی پێشاندا، لە گلعادەوە تا دانو ٢ هەموو نەفتالی و
خاکی ئەفرایم و مەنەسسا و هەموو خاکی یەهوزا تا دەریای
ڕۆژئاوا و ٣ باشوور و چواردەوری پارچە زەوی ئەریحا،
شاری دارخورما تا سوغەر، ٤ خوداوەند پێی فەرموو: ئەوە
ئەو خاکەیە کە سوێندم بۆ ئیبراهیم و ئیسحاق و یاقوب خوارد

[ت] ٣٣ : ٩ بڕوانە دەرچوون ٣٢ : ٢٥ ـ ٢٩ .
[ث] ٣٣ : ١٦ دەوەنWەکە، بڕوانە دەرچوون ٣ : ١ ـ ٦ .
[ج] ٣٣ : ١٦ براکانی، بڕوانە پەیدابوون ٣٧ : ١١ ـ ١٥ ، ٤٤ : ١٤ .

و فەرمووم، دەیدەمە نەوەكەت، ئەوەتا بە چاوەكانی خۆت پێم
پیشاندای، بەڵام تۆ بۆ ئەوێ ناپەڕیتەوە. ٥ جا موسای
خزمەتكاری خوداوەند لەوێ مرد، لە خاكی مۆئاب بەپێی
بەڵێنی خوداوەند، ٦ ئینجا لە خاكی مۆئاب لە دۆڵێك ناشتی،
بەرامبەر بەیت پەعور و تا ئەمڕۆش كەس گۆڕەكەی پێ
نازانێت. ٧ موسا پیاوی سەدو بیست ساڵان بوو كاتێ مرد،
هێشتا چاوەكانی كزنەببوون و هێزی لەبەر نەبڕابوو. ٨ جا
نەوەی ئیسڕائیل لە دەشتەكانی مۆئاب سی ڕۆژ بۆی گریان و
ڕۆژانی گریان و پرسەی موسا تەواوبوو. ٩ یەشوعی كوڕی
نونیش پڕ ببوو لە ڕۆحی دانایی كە موسا دەستی لەسەر داناو
نەوەی ئیسڕائیل گوێیان لێگرت و ئاوایان كرد وەك خوداوەند
فەرمانی بە موسا كرد. ١٠ جا لە ئیسڕائیلیدا هیچ پێغەمبەرێك
پەیدا نەبوو وەك موسا كە خوداوەند ڕوو بەڕوو ناسی، ١١ لە
هەموو ئەو نیشانە و كارەسەرسوڕهێنەرانەی خوداوەند
ناردی تا لە خاكی میسر بە فیرعەون و هەموو
خزمەتكارەكانی و هەموو خاكەكەی بكات، ١٢ هەروەها لە
هەموو ئەو دەستە بەهێزەو هەموو ئەو كارە تۆقێنەرانەی
موسا كردی لەبەرچاوی هەموو ئیسڕائیلدا .

# یەشوع

## ١

١ ئەوە بوو پاش مردنی موسای خزمەتکاری خوداوەند، خوداوەند
لەگەڵ یەشوعی کوڕی نونی خزمەتکاری موسادا دوا و فەرمووی:
٢ موسای خزمەتکارم مرد، جا ئێستا هەستە و خۆت و هەموو ئەم
گەلە لەم ئوردونە بپەڕنەوە بۆ ئەو خاکەی پێیان دەدەم، واتە بە
نەوەی ئیسرائیل. ٣ هەر شوێنێك پێی لێبنێن، بە ئێوەی دەدەم،
هەروەك بە موسام فەرموو، ٤ لە چۆڵەوانییەوە و لەم لوبنانەوە تا
ڕووباری گەورە، ڕووباری فورات، هەموو خاکی حیسییەکان و تا
دەریای گەورە بەرەو ڕۆژئاوا دەبێت بە سنوورتان. ٥ لە هەموو
ڕۆژانی ژیانت کەس بەرەو ڕووت ناوەستێت. هەروەك لەگەڵ
موسادا بووم، لەگەڵ تۆشدا دەبم و فەرامۆشت ناکەم و بەجێتناهێڵم.
٦ بەهێز بە و ئازا بە، چونکە ئەو زەوییە بۆ ئەم گەلە دەکەیت بە
میرات کە سوێندم بۆ باوباپیرانیان خواردووە پێیانی بدەم. ٧ تەنها
بەهێز بە و زۆر ئازا بە، بۆ ئەوەی پارێزگار بیت بۆ کارکردن
بەپێی هەموو ئەو فێرکردنانەی کە موسای خزمەتکارم فەرمانی
پێکردووی. نە بەلای ڕاست و نە بەلای چەپ لێی لامەدە، بۆئەوەی
بۆ هەرکوێیەك بچیت سەرکەوتووبیت. ٨ پەرتووکی ئەم فێرکردنانە
لە دەمت جیانەبێتەوە، بەڵکو بە شەو و بە ڕۆژ لێی ووردبەوە،
بۆئەوەی پارێزگار بیت بۆ کارکردن بەپێی هەموو ئەو شتانەی تیایدا
نووسراوە، چونکە ئەو کاتە ڕێگای خۆت ڕاست دەکەیت و ئەو کاتە
سەرکەوتوودەبیت. ٩ ئایا من فەرمانم بە تۆ نەکرد؟ جا بەهێزبە و
ئازا بە، مەتۆقە و ورە بەرمەدە، چونکە خوداوەند خودات لەگەڵتدایە
بۆ هەر کوێ بچیت.
١٠ جا یەشوع فەرمانی بە بەڕێوەبەرەکانی گەل کرد و پێی وتن:
١١ بەناو ئۆردوگاکەدا تێپەڕن و فەرمان بە گەل بکەن و بڵێن:
خواردن بۆ خۆتان ئامادەبکەن، چونکە پاش سێ ڕۆژی تر لەم
ئوردونە دەپەڕنەوە تا بچنە ناو و ئەو زەوییە و داگیربکەن کە
خوداوەند خوداتان دەتانداتێ تا داگیری بکەن. ١٢ پاشان یەشوع
لەگەڵ ڕەئوبینییەکان و گادییەکان و نیوەی هۆزی مەنەسسادا دوا و
وتی: ١٣ ئەو وشەیەی موسای خزمەتکاری خوداوەند فەرمانی
پێکردن، بەیادی خۆتانی بهێننەوە، کە وتی: خوداوەند خوداتان،
ئێوەی حەساندەوە و ئەم خاکەی پێدان. ١٤ ژنەکانتان و منداڵەکانتان و
مەڕ و مانگاکانتان لەم خاکەدا دەمێننەوە کە موسا پێیدان لەم بەری
ئوردون و ئێوەش هەموو پاڵەوانە بەجەرگەکان بە چەکەوە لە پێش
براکانتانەوە دەپەڕنەوە و یارمەتیان دەدەن. ١٥ تا خوداوەند براکانتان
وەك خۆتان دەحەسێنێتەوە و ئەوانیش ئەو خاکە داگیردەکەن کە
خوداوەند خوداتان دەیانداتێ، ئینجا دەگەڕێنەوە بۆ خاکەکەی
میراتتان و داگیری دەکەن، ئەوەی موسای خزمەتکاری خوداوەند
لەبەری ڕۆژهەڵاتی ئوردون پێیدان.
١٦ ئەوانیش وەڵامی یەشوعیان دایەوە و وتیان: هەموو ئەو شتانەی
فەرمانت پێکردین جێبەجێی دەکەین و بۆ هەر شوێنێکمان بنێریت
دەچین، ١٧ بە پێی هەموو ئەوەی بەقسەی موسامان کرد بە قسەی
تۆش دەکەین، با خوداوەند خودات لەگەڵت بێت وەك چۆن لەگەڵ
موسادا بوو. ١٨ هەر کەسێك یاخی بێت لە فەرمانەکانت و گوێ لە
وشەکانت نەگرێت لە هەموو ئەوەی فەرمانی پێ دەکەیت،
دەکوژرێت، بەڵام تەنها بەهێز بە و ئازا بە.

## ٢

١ ئینجا یەشوعی کوڕی نون لە شەتیمەوە دوو سیخوڕی بە نهێنی
نارد و وتی: بڕۆن تەماشای خاکەکە و ئەریحا بکەن. ئەوانیش
ڕۆشتن و چوونە ماڵی ئافرەتێکی لەشفرۆش ناوی ڕاحاب بوو و
لەوێ ڕاکشان. ٢ ئینجا بە پاشای ئەریحا وترا، ئەوەتا ئەم شەو دوو
پیاوی نەوەی ئیسرائیل هاتوونەتە ئێرە تا سیخوڕی خاکەکە بکەن.
٣ جا پاشای ئەریحا بە دوای ڕاحابدا ناردی و پێی وت: ئەو دوو
پیاوەی کە هاتن بۆلات و هاتنە ناو ماڵەکەت بیانهێنە دەرەوە، چونکە
ئەوانە هاتوون تا سیخوڕی هەموو خاکەکە بکەن. ٤ ڕاحابیش دوو
پیاوەکەی برد و شاردیانییەوە و وتی: ڕاستە ئەو دوو پیاوە هاتن
بۆلای من، بەڵام نەمزانی خەڵکی کوێن و ٥ کاتی داخستنی
دەروازەکە بە تاریکی دوو پیاوەکە دەرچوون. نازانم دوو پیاوەکە بۆ
کوێ چوون. بەپەلە شوێنیان کەون، بەڵکو پێیانبگەن. ٦ بەڵام ئەو
هەردووکیانی بردبووە سەربان و لەناو کۆمەڵێك چیلکەداری کەتاندا
کە لەسەربان هەڵیچنیبوون شاردیانییەوە. ٧ پیاوەکانیش بە ڕێگای
ئوردوندا بەرەو ڕێڕەوەکان بە دوایاندا کەوتن و پاش دەرچوونی
ئەوانەی بەدوایان کەوتن، دەروازەکەیان داخست.
٨ ئینجا پێش ئەوەی خەویان لێبکەوێت، ڕاحاب بۆ لایان سەرکەوت
بۆ سەربان و ٩ بە پیاوەکانی وت: زانیوومە کە خوداوەند ئەم خاکەی
بە ئێوە داوە و ترسی ئێوە باڵی بەسەرماندا کێشاوە و سەرجەم
دانیشتووانی خاکەکەش لەبەر ئێوە ڕەنگیان پەڕیوە. ١٠ چونکە
بیستمان خوداوەند چۆن ئاوی دەریای سوفی لە پێشتان ووشك کرد،
کاتێ لە میسر دەرچوون و هەروەها لەوبەری ئوردون چیتان بە
هەردوو پاشای ئامورییەکان سیحۆن و عۆگ کرد، ئەوانەی کە
قڕتانکردن. ١١ بیستمان و ڕەنگمان پەڕی و بە هۆی ئێوەوە ڕۆح لە
هیچ مرۆڤێکدا نەما، چونکە خوداوەند خوداتان ئەو خودایە لە ئاسمان
لەسەرەوە و لەسەر زەوی لە خوارەوە. ١٢ ئێستاش بە خواوەند
سوێندم بۆ بخۆن کە چۆن من چاکەم لەگەڵ ئێوەدا کرد، ئێوەش
لەگەڵ ماڵی باوکم چاکە بکەن و نیشانەیەکی دڵنیابوونم بدەنێ،
١٣ باوك و دایك و خوشك و براکانم و هەموو ئەوانەی هەیانە بە
زیندوویی بیانهێڵنەوە و فریای گیانمان بکەون لە مردن.
١٤ پیاوەکانیش پێیان وت: مەرگمان بە پێشتان کەوێت ئەگەر ئەم
کارەمان نەدرکێنن، هەروەها گەر خوداوەند خاکەکەی پێداین، ئەوا
چاکە و دڵسۆزیت لەگەڵدا دەکەین.
١٥ ئینجا ڕاحاب هەردووکیانی لە کلاوڕۆژنەی ماڵەکەیەوە بە
گوریس شۆڕکردەوە، چونکە ماڵەکەی کە تیایدا دەژیا لە شوورەی
شارەکە بوو. ١٦ هەروەها پێی وتن: بڕۆن بۆ چیا نەوەك ئەوانەی
بەشوێنتاندا دەگەڕێن تووشتان ببن، لەوێ بۆ ماوەی سێ ڕۆژ خۆتان
بشارنەوە، تا ئەوان دەگەڕێنەوە ئینجا بە ڕێگای خۆتاندا بڕۆن.
١٧ پیاوەکانیش پێیان وت: ئێمە بێتاوان دەبین لەو سوێندەی کە بۆ
تۆمان خوارد. ١٨ ئەگەر هاتوو لە کاتی هاتنمان بۆ ناو خاکەکە، ئەم
گوریسە سوورە بەو کلاوڕۆژنەیەوە گرێ نەدەیت کە ئێمەت لێوەی
شۆڕکردەوە و ئەگەر باوك و دایك و خوشك و براکانت و سەرجەم
ئەندامانی ماڵی باوکت لە ماڵەکەی خۆتدا کۆنەکەیتەوە. ١٩ جا هەر
کەسێك لە دەرگاکانی ماڵەکەی تۆوە بچێتە دەرەوە خوێنی خۆی
لەسەر خۆی دەبێت و ئێمە بێتاوان دەبین، بەڵام هەر یەکێك لەگەڵ تۆ
لە ماڵەکەدا بێت، ئەگەر دەستدرێژییەکی کرایەسەر ئەوا خوێنی

لەسەر ئێمە دەبێت .٢٠ هەروەها ئەگەر ئەم کارەی ئێمە بدرکێنیت،
ئێمە بێتاوان دەبین لەو سوێندەی کە بۆ تۆمان خوارد .٢١ ئەویش
وتی: چۆنتان وت، ئاوا دەبێت. ئینجا بەڕێیکردن و ڕۆشتین، ئەویش
گوریسە سوورەکەی بە کلاوڕۆژنەکەوە گرێدا.
٢٢ ئینجا پیاوەکان بۆی دەرچوون و چوون بۆ چیا و لەوێ بۆ ماوەی
سێ ڕۆژ مانەوە، تا پیاوانی پاشا گەڕانەوە، پیاوانی پاشاش هەموو
ڕێگاکان بەدوایاندا گەڕان بەڵام نەیان بینینەوە. ٢٣ ئینجا دوو پیاوەکە
گەڕانەوە و لە چیاکە هاتنەخوارەوە و پەڕینەوە و هاتن بۆلای
یەشوعی کوڕی نون و هەموو بەسەر هاتەکەیان بۆ گێڕایەوە و
٢٤ بە یەشوعیان وت: بەڕاستی خوداوەند هەموو خاکەکەی داوەتە
دەستمانەوە و سەرجەم دانیشتوانی خاکەکەش بە هۆی ئێمەوە
ڕەنگیان پەڕیوە.

# ٣

جا بەیانی زوو یەشوع لەگەڵ هەموو نەوەی ئیسڕائیلدا لە شەتیمەوە
کۆچیانکرد و هاتنە لای ئوردون و لەوێ مانەوە بەرلەوەی بپەڕنەوە.
٢ ئینجا پاش سێ ڕۆژ بەڕێوەبەرەکان بەناو ئۆردوگاکەدا گەڕان و
٣ فەرمانیان بە گەل کرد و وتیان: کاتێ کە سندوقی پەیمانی خوداوەند
خوداتان دەبینن، کاهینە لێڤییەکان هەڵیانگرتووە، لە شوێنەکانی
خوتان کۆچبکەن و لە دوایەوە بڕۆن. ٤ بەڵام با ماوەی نێوان ئێوە و
سندوقەکە بە پێوانە دوو هەزار باڵ بێت و لێی نزیك مەبنەوە
بۆئەوەی ئەو ڕێگایە بزانن کە پیایدا دەڕۆن، چونکە ئێوە پێشتر بەم
ڕێگایەدا نەڕۆیشتوون.
٥ ئینجا یەشوع بە گەلی وت: خۆتان پاك و پیرۆز بکەن، چونکە
خوداوەند بەیانی لەنێوانتاندا کاری سەرسوڕهێنەر دەکات.
٦ هەروەها یەشوع بە کاهینەکانی وت: سندوقی پەیمان هەڵگرن و بە
بەردەم گەلدا تێپەڕن. ئەوانیش سندوقی پەیمانیان هەڵگرت و
بەبەردەم گەلدا ڕۆیشتن.
٧ ئینجا خوداوەند بە یەشوعی فەرموو: لەم ڕۆژەوە لەچاوی هەموو
نەوەی ئیسڕائیلدا گەورەت دەکەم، بۆئەوەی بزانن وەك چۆن لەگەڵ
موسادا بووم ئاواش لەگەڵ تۆدا دەبم. ٨ بەڵام تۆ فەرمان بە
کاهینەکانی هەڵگرانی سندوقی پەیمان بکە و پێیان بڵێ، کاتێك
دەگەنە کەنار ئاوی ئوردون، لەناو ڕوباری ئوردوندا بوەستن.
٩ هەروەها یەشوع بە نەوەی ئیسڕائیلی وت: وەرنە پێشەوە بۆ ئێرە
و گوێ لە وشەی خوداوەند خوداتان بگرن. ١٠ ئینجا یەشوع وتی:
بەمە دەزانن کە خودای زیندوو لەنێوانتاندایە و کەنعانییەکان و
حسییەکان و حوییەکان و فرزییەکان و گرگاشییەکان و
ئامورییەکان و یەبووسییەکان لەبەردەمتاندا بەدەرکردن دەردەکات.
١١ ئەوەتا سندوقی پەیمانی خوداوەندی هەموو زەوی لەپێشتانەوە بۆ
ناو ڕوباری ئوردون دەپەڕێتەوە. ١٢ ئێستاش دوانزە پیاو لە هەموو
هۆزەکانی ئیسڕائیلدا هەڵبژێرن، لەهەر هۆزە و پیاوێك. ١٣ جا وا
دەبێت کاتێ بن پێی کاهینەکان هەڵگرانی سندوقی خوداوەند
خوداوەندی هەموو زەوی لەناو ئاوی ئوردوندا جێگیردەبێت، ئاوی
ئوردون، ئەو ئاوەی لەسەرەوە دێت کەرت دەبێت و یەك تەختە
ڕادەوەستێت. ١٤ جا کاتێ گەل لە چادرەکانیانەوە کۆچیانکرد، تا لە
ڕوباری ئوردون بپەڕنەوە و کاهینەکانیش هەڵگرانی سندوقی
پەیمان لەپێشیانەوە بوون، ١٥ لە کاتی هاتنی هەڵگرانی سندوقەکە
بۆناو ڕوباری ئوردون و نووقم بوونی پێی کاهینەکان هەڵگرانی
سندوقەکە لەناو ئاوی کەنارەکەدا و ئوردونیش بەدرێژایی ڕۆژانی
دروێنە دەبوو بە لافاو، ١٦ ئەو ئاوەی لەسەرەوە دەهاتە خوارەوە یەك
تەختە وەستا، لە دوورییەکی زۆرەوە لە ئەدام ئەو شارەی بە تەنیشت
سەرتانەوەیە، هەروەها ئەو ئاوەی کە دەڕژایە ناو دەریای عەراڤاوە
واتە دەریای خوێ بە تەواوی بڕا و گەل بەرەو ئەریحا پەڕینەوە.
١٧ ئینجا کاهینەکان هەڵگری سندوقی پەیمانی خوداوەند لەسەر
ووشکایی لە ناوەڕاستی ڕوباری ئوردون بەجێگیری وەستان و
هەموو ئیسڕائیلیش بەسەر ووشکاییدا پەڕینەوە، تا هەموو میللەت لە
ڕوباری ئوردون تەواو پەڕینەوە.

# ٤

ئینجا کاتێ هەموو میللەت لە ئوردون تەواو پەڕینەوە، خوداوەند
لەگەڵ یەشوع دوا و فەرمووی: ٢ دوانزە پیاو لە گەل هەڵبژێرن، لە
هەر هۆزەو پیاوێك و ٣ فەرمانیان پێبکەن و پێیان بڵێن، لێرە لە
ناوەڕاستی ئوردونەوە، لە شوێن پێی کاهینەکان کە تیایدا
جێگیربوون، دوانزە بەرد هەڵگرن و لەگەڵ خۆتان بیانپەڕێننەوە و
لەو شوێنەدا دایانبنێن کە ئەمشەو تیایدا دەمێننەوە.
٤ جا یەشوع ئەو دوانزە پیاوەی بانگکرد کە لە نەوەی ئیسڕائیلدا
هەڵبژاردبوون، لەهەر هۆزەو پیاوێك و ٥ یەشوع پێی وتن:
لەبەردەم سندوقی خوداوەند خودتانەوە تێپەڕن بۆ ناوەڕاستی
ڕوباری ئوردون و بەگوێرەی ژمارەی هۆزەکانی نەوەی ئیسڕائیل
هەریەك لە ئێوە بەردێك بەرزبکاتەوە بۆ سەر شانی، ٦ بۆئەوەی
ئەمە ببێتە نیشانەیەك لەنێوانتاندا ئەگەر سبەینێ کوڕەکانتان لێتان
بپرسن ئەم بەردانە چ پەیوەندیەکی بە ئێوەوە هەیە. ٧ ئێوەش پێیان
دەڵێن، ئاوی ڕوباری ئوردون لەبەردەم سندوقی پەیمانی خوداوەند
دوو کەرت بوو، لە کاتی پەڕینەوەی لە ئوردون، ئاوی ڕووباری
ئوردون دوو کەرت بوو، جا ئەم بەردانە دەبنە یادگاری بۆ نەوەی
ئیسڕائیل بۆ هەتاهەتایە.
٨ نەوەی ئیسڕائیلیش ئاوایان کرد، هەر وەك یەشوع فەرمانی
پێکردن، دوانزە بەردیان لەناوەڕاستی ڕوباری ئوردنەوە هەڵگرت،
هەر وەك خوداوەند بە یەشوعی فەرموو، بەپێی ژمارەی هۆزەکانی
نەوەی ئیسڕائیل و لەگەڵ خۆیاندا پەڕاندیانەوە بۆ ئەو شوێنەی شەو
تیایدا مانەوە و لەوێ دایاننان. ٩ یەشوعیش دوانزە بەردەکەی ناو
ڕوباری ئوردون کە لە شوێن پێی کاهینەکان هەڵگرانی سندوقی
پەیمانەوە بوو کەڵەکە کرد و تا ئەمڕۆش لەو شوێنەدان.
١٠ کاهینەکانیش هەڵگرانی سندوقەکە لەناوەڕاستی ڕوباری ئوردوندا
وەستان تا هەموو ئەو شتانەی خواوەند فەرمانی بە یەشوع کردبوو
بە گەلی بڵێت بەگوێرەی هەموو ئەوەی موسا فەرمانی بە یەشوع
کردبوو تەواوبوو. ئینجا گەل پەلەیان کرد و پەڕینەوە. ١١ جا کاتێ
هەموو گەل تەواو پەڕینەوە، ئینجا سندوقی خوداوەند و کاهینەکان
بەبەردەم گەلدا پەڕینەوە. ١٢ نەوەی ڕەئوبین و نەوەی گاد و نیوەی
هۆزی مەنەسساش بەچەکەوە لەبەردەم نەوەی ئیسڕائیلدا پەڕینەوە
هەروەك موسا قسەی لەگەڵ کردبوون. ١٣ نزیکەی چل هەزار
چەکدار بۆ سوپا لەبەردەم خوداوەند پەڕینەوە بۆ جەنگ بەرەو
دەشتەکانی ئەریحا.
١٤ لەو ڕۆژەدا خوداوەند لەبەرچاوی هەموو ئیسڕائیلدا یەشوعی
بەرزکردەوە، جا ئەوانیش لێی ترسان هەروەك چۆن لە موسا
دەترسان بەدرێژایی ژیانی.
١٥ هەروەها خوداوەند لەگەڵ یەشوعدا دوا و فەرمووی: ١٦ فەرمان
بە کاهینەکانی هەڵگرانی سندوقی شایەتی بکە با لە ئوردونەوە
سەرکەون. ١٧ یەشوعیش فەرمانی بە کاهینەکان کرد و وتی: لە
ئوردونەوە سەرکەون. ١٨ جا ئەوە بوو لەگەڵ سەرکەوتنی کاهینەکان
هەڵگرانی سندوقی پەیمانی خوداوەند لەناوەڕاستی ڕوباری
ئوردونەوە و بن پێی کاهینەکان کەوتە سەر وشکایی، ئاوی ئوردون
گەڕایەوە شوێن خۆی و وەك جاران بووەوە بە لافاو. ١٩ گەلیش لە
ڕۆژی دەیەمی مانگی یەکدا لە ڕوباری ئوردونەوە سەرکەوتن و لە
گەلگال هەواریان هەڵدا لە سنووری ڕۆژهەڵاتی ئەریحادا. ٢٠ ئەو
دوانزە بەردەش کە لە ئوردنەوە هێنابوویان، یەشوع لە گەلگال

کەڵەکەی کردن و ٢١ لەگەڵ نەوەی ئیسڕائیلدا دوا و وتی: ئەگەر
سبەینێ کوڕەکانتان لە باوباپیرانی خۆیانیان پرسی ئەم بەردانە چین؟
٢٢ کوڕەکانتان فێردەکەن و دەڵێن، نەوەی ئیسڕائیل بەسەر وشکایی
لەم ڕوباری ئوردونە پەڕینەوە. ٢٣ چونکە خوداوەند خوداتان ئاوی
ڕوباری ئوردونی لەبەردەمتاندا وشك کرد تا پەڕینەوە، هەروەك
ئەوەی بە دەریای سووفی کرد کە لەبەردەمماندا وشکی کرد تا ئێمە
پەڕیینەوە. ٢٤ تا هەموو گەلانی خاکەکە بزانن کە دەستی خوداوەند
بەهێزە، تا هەموو ڕۆژان لە خوداوەند خوداتان بترسن.

## ٥

جا کاتێ هەموو پاشاکانی ئامورییەکان ئەوانەی لەبەری ڕۆژئاوای
ڕوباری ئوردونن و هەموو پاشاکانی کەنعانییەکان ئەوانەی لەسەر
کەناری دەریان بیستیان کە خوداوەند ئاوی ڕوباری ئوردونی
لەبەردەم نەوەی ئیسڕائیلدا وشك کردووە تا پەڕیینەوە، ئیتر لەبەر
نەوەی ئیسڕائیل ڕەنگیان پەڕی و ڕۆحیان تیادا نەما.
٢ لەوکاتەدا خوداوەند بە یەشوعی فەرموو: چەند چەقۆیەك لە
بەردئەستێ بۆ خۆت دروستبکە و جارێکی تر نەوەی ئیسڕائیل
خەتەنە بکەرەوە. ٣ جا یەشوع چەند چەقۆیەکی لە بەردئەستێ
دروستکرد و نەوەی ئیسڕائیلی لە گردی خەتەنە نەکراوان
خەتەنەکرد. ٤ ئەمەش هۆی خەتەنە کردنییانە لەلایەن یەشوعەوە،
هەموو ئەو گەلەی لە میسر دەرچوون، نێرینەکان پیاوانی جەنگ،
لە چۆڵەوانیدا لە ڕێگادا بە دەرچوونیان لە میسر مردن. ٥ چونکە
هەموو ئەو گەلەی لە میسرەوە دەرچوون خەتەنە کرابوون، بەڵام
هەموو ئەو گەلەی لە چۆڵەوانیدا لەدایكبوون لە ڕێگا بە دەرچوونیان
لە میسر خەتەنە نەکرابوون. ٦ چونکە نەوەی ئیسڕائیل چل ساڵ لە
چۆڵەوانیدا ڕۆیشتن، تا هەموو ئەو گەلە، پیاوانی جەنگ، ئەوانەی
لە میسرەوە دەرچووبوون لەناوچوون، ئەوانەی گوێیان لە دەنگی
خوداوەند نەگرت، ئەوانەی خوداوەند سوێندی بۆ خواردن کە ئەو
خاکەیان پیشان نەدات کە سوێندی بۆ باوباپیرانیان خوارد کە بە
ئێمەی دەدات، ئەو خاکەی شیر و هەنگوینی لێدەڕژێتەوە. ٧ بەڵام
کوڕەکانیانی لە جێی ئەوان دانا، جا یەشوع ئەوانی خەتەنە کرد،
چونکە خەتەنە نەکرابوون لەبەر ئەوەی لە ڕێگادا خەتەنەیان
نەکردبوون. ٨ جا پاش ئەوەی هەموو گەل لە خەتەنەکردن بوونەوە،
لە جێی خۆیان لە ئۆردوگاکەدا مانەوە تا برینەکەیان سارێژبوو.
٩ ئینجا خواوەند بە یەشوعی فەرموو: ئەمڕۆ ڕسوایی میسرم لێتان
گلۆرکردەوە. بۆیە ئەو شوێنە تا ئەمڕۆش بە گەلگال ناودەبرێت.
١٠ ئینجا نەوەی ئیسڕائیل لە گەلگال هەواریان هەڵدا و لە ئێوارەی
ڕۆژی چواردەی مانگدا لە دەشتی ئەریحادا چەژنی تێپەڕبوونیان
کرد و ١١ بۆ ڕۆژی پاش جەژنی تێپەڕبوون، لە بەری خاك، نانی
فەتیر و برێشکەیان خوارد، لەهەمان ڕۆژدا. ١٢ هەروەها لەو ڕۆژەدا
مەن بڕایەوە کاتێ لە بەری زەوییەکەیان خوارد، ئیتر مەن بۆ نەوەی
ئیسڕائیل نەبوو، جا ئەو ساڵە لە بەری زەوی کەنعانیان خوارد.
١٣ ئەوە بوو کاتێ یەشوع لەنزیك ئەریحا بوو، سەری هەڵبڕی و
بینی ئەوەتا پیاوێك بەرامبەری ڕاوەستاوە و شمشێرەکەشی
هەڵکێشاوە. یەشوعیش چووە لای و پێی وت: تۆ لەگەڵ ئێمەدای یان
لەگەڵ دوژمنەکانمان؟ ١٤ ئەویش وتی: هیچیان، چونکە من سەرۆکی
سوپاکانی خوداوەندم و ئێستاش هاتووم. جا یەشوع بەڕوودا بەسەر
زەوی کەوت و کڕنۆشی برد و وتی: خوداوەندم چی بە خزمەتکاری
خۆی دەڵێت؟ ١٥ سەرۆکی سوپاکانی خوداوەندیش بە یەشوعی
فەرموو: سۆڵەکانت لەپێت داکەنە، چونکە ئەو شوێنەی تۆ لەسەری
وەستاوی پیرۆزە. یەشوعیش وای کرد.

## ٦

ئەریحاش بەهۆی نەوەی ئیسڕائیلەوە بە تەواوی داخرابوو، نەکەس
دەردەچوو و نەکەسیش دەهاتە ژوورەوە. ٢ جا خوداوەند بە یەشوعی
فەرموو: بڕوانە من ئەریحا و پاشاکەی و پاڵەوانە بەجەرگەکانیم
داوەتە دەست تۆ. ٣ ئێوەش هەموو جەنگاوەرەکان بۆ ماوەی شەش
ڕۆژ، ڕۆژی جارێك بەچواردەوری شارەکەدا دەسوڕێنەوە. ٤ حەوت
کاهین حەوت کەڕەنای قۆچە بەران لەبەردەم سندوقەکەدا هەڵدەگرن
و لە ڕۆژی حەوتەمدا حەوت جار بەچواردەوری شارەکەدا
دەسووڕێنەوە و کاهینەکان کەڕەناکان لێدەدەن. ٥ ئینجا لەگەڵ
درێژبوونەوەی دەنگی کەڕەنا قۆچە بەرانەکان، کاتێك گوێتان لە
دەنگی کەڕەناکان دەبێت، هەموو گەل بەیەك دەنگ هاوارێکی بەرز
دەکەن و شوورای شارەکە لەجێی خۆی دەکەوێت و هەموو گەل
هەر یەکە و لەلای خۆیەوە بەسەریدا دەدەن. ٦ جا یەشوعی کوڕی
نون کاهینەکانی بانگکرد و پێی وتن: سندوقی پەیمان هەڵگرن و با
حەوت کاهینیش حەوت کەڕەنای قۆچە بەران لەبەردەم سندوقی
خوداوەند هەڵگرن. ٧ ئینجا بە گەلیان وت: تێپەڕن و بەچواردەوری
شارەکەدا بسوڕێنەوە، با ئەوەی چەك بەدەستە لەبەردەم سندوقی
خوداوەندەوە تێپەڕێت. ٨ جا وەك چۆن یەشوع فەرمانی بە گەل کرد،
حەوت کاهینەکە هەڵگرانی حەوت کەڕەنا قۆچە بەرانەکان، بە
کەڕەنا لێدانەوە لەبەردەم خوداوەندەوە تێپەڕین و سندوقی پەیمانیش
لە دوایانەوە دەڕۆیشت و ٩ هەموو چەك بەدەستێکیش لەپێش کاهینە
کەڕەنا لێدەرەکانەوە دەڕۆیشتن و پاشڕەو پارێزەکانیش لەدوای
سندوقەکەوە دەڕۆیشتن و کەڕەنایان لێدەدا. ١٠ ئینجا یەشوع فەرمانی
بە گەل کرد و پێی وتن: هاوار مەکەن و دەنگتان نەبیسترێت و یەك
وشە لە دەمتانەوە دەرنەچێت، تا ئەو ڕۆژەی پێتان دەڵێم هاوارکەن،
جا هاوار دەکەن. ١١ ئینجا سندوقی خوداوەند یەکجار بەچواردەوری
شارەکەدا سووڕایەوە و پاشان هاتنەوە بۆ ناو ئۆردوگاکە و لە
ئۆردوگاکە مانەوە.
١٢ بەیانی زوو یەشوع لەخەو هەستا و کاهینەکانیش سندوقی
خوداوەندیان هەڵگرت و حەوت کاهینەکەی هەڵگرانی حەوت
کەڕەناکەش لەبەردەم سندوقی خوداوەندەوە دەڕۆیشتن و کەڕەنایان
لێدەدا و چەك بەدەستەکانیش لەپێشیانەوە دەڕۆیشتن و پاشڕەو
پارێزەکانیش لەدوای سندوقی خوداوەندەوە دەڕۆیشتن و کەڕەنایان
لێدەدا. ١٤ ئینجا لەڕۆژی دووەمدا یەکجار بەدەوری شارەکەدا
سوڕانەوە و پاشان هاتنەوە بۆ ناو ئوردوگاکە. شەش ڕۆژ ئاوایان
کرد. ١٥ ئەوە بوو لە ڕۆژی حەوتەمدا بەرەبەیان زوو لەخەو هەڵسان
و حەوت جار بەو شێوەیە بەچواردەوری شارەکەدا سووڕانەوە.
تەنها لەو ڕۆژەدا حەوت جار بەچواردەوری شارەکەدا سووڕانەوە،
١٦ ئەوە بوو لە جاری حەوتەمدا کاتێك کاهینەکان کەڕەناکانیان لێدا،
یەشوع بە گەلی وت: هاوارکەن، چونکە خوداوەند شارەکەی
بەدەستانەوە داوە، ١٧ جا شارەکە و هەرچی تیایدایە بۆ خوداوەند
قەدەغەکراوە، تەنها ڕاحابی لەشفرۆش دەژیت، ئەو و هەموو
ئەوانەی لە ماڵەکەدا لەگەڵیدان، چونکە ئەو دوو نێرراوەی شاردەوە،
کە ناردمانن. ١٨ بەڵام ئێوە ئاگاداری خۆتان بن لەوەی لێتان
قەدەغەکراوە، نەوەك قڕبکرێن کە لە قەدەغەکراوەکە ببەن و
ئۆردوگای ئیسڕائیل قڕبکەن و تێکی بدەن. ١٩ جا هەموو ئەو زیو و
زێڕ و قاپە مس و ئاسنانە بۆ خوداوەند پیرۆزکراون و دەچنە ناو
گەنجینەی خوداوەندەوە. ٢٠ ئینجا گەل هاواری کرد و کەڕەنایان لێدا،
کاتێك گەل گوێیان لە دەنگی کەڕەنا بوو، هاوارێکی بەرزیان کرد و
شوورەکە لە جێی خۆی کەوت و گەل چوونە ناو شارەکەوە، هەر
یەکەو لەلای خۆیەوە و بەسەریاندا داو و شارەکەیان گرت.
٢١ هەرچی لە شارەکەدا بوو قڕیانکرد، لە پیاو و ژن و منداڵ و پیر،
هەتا گا و مەڕ و گوێدرێژەکانیشیان بە زەبری شمشێر قڕکرد.

٢٢ یەشوعیش بەو دوو پیاوەی وت کە سیخوڕیی زەویەکەیان
کردبوو: بچنە ناو ماڵی ژنە لەشفرۆشەکەوە، هەروەك سوێندتان
بۆی خوارد، خۆی و هەموو ئەوەی هی ئەوە بیانهێننە دەرەوە. ٢٣ جا
دوو گەنجە سیخوڕەکە چوونە ژوورەوە و ڕاحاب و باوك و دایك و
براکانی و هەرچی هەیبوو و هەموو کەسوکارەکەییان هێنایە
دەرەوە و لە دەرەوەی ئۆردوگای ئیسڕائیلدا دایاننان. ٢٤ شارەکەشیان
بە ئاگر سووتاند و لەگەڵ هەموو ئەو شتانەی تیایدابوو، بەڵام زیو و
زێڕ و قاپە مس و ئاسنەکانیان خستە ناو گەنجینەی ماڵی
خوداوەندەوە. ٢٥ یەشوعیش ڕاحابی لەشفرۆش و ماڵی باوکی و
هەرچی هەیبوو بە زیندویی هێشتەوە، ئەویش تا ئەمڕۆش لەنێو
ئیسڕائیلدا نیشتەجێ بوو، چونکە ئەو دوو نێرراوەی شاردەوە کە
یەشوع بۆ سیخوڕیی ئەریحا ناردبوونی.
٢٦ ئینجا لەو کاتەدا یەشوع سوێندی خوارد و وتی: لەبەردەم
خوداوەندا نەفرەت لێکراوە ئەو کەسەی هەڵدەستێت و ئەم شارە واتە
ئەریحا بنیاد دەنێتەوە، بە مەرگی نۆبەرەکەی بناغەکانی دادەنێت و
بە مەرگی بچووکەکەی دەرگاکانی دادەمەزرێنێت. خوداوەندیش
لەگەڵ یەشوع بوو و ناوبانگی بە هەموو زەویدا بڵاوبووەوە.

# ٧

بەڵام نەوەی ئیسڕائیل سەبارەت بە قەدەغەکراوەکە ناپاکییان کرد،
عەخانی کوڕی کەرمی کوڕی زەبدی کوڕی زارەخ لە هۆزی
یەهوزا لە قەدەغەکراوەکەی برد، جا تووڕەیی خوداوەند بەسەر
نەوەی ئیسڕائیلدا جۆشا. ٢ یەشوعیش چەند پیاوێکی لە ئەریحاوە بۆ
عای نارد کە لەلای بێیت ئاڤنە لە خۆرهەڵاتی بێیت ئێل و پێی وتن:
سەرکەون و سیخوڕی زەویەکە بکەن. پیاوەکانیش سەرکەوتن و
سیخوڕیی عاییان کرد، ٣ ئینجا گەڕانەوە لای یەشوع و پێیان وت: با
هەموو گەل سەرنەکەون، بەڵکو تەنها نزیکەی دوو هەزار یان سێ
هەزار پیاو بەسەر عایدا بدەن، پێویست ناکات هەموو گەل ڕەوانەی
ئەوێ بکەی، چونکە کەمن. ٤ جا نزیکەی سێ هەزار کەس لە گەل
بۆ ئەوێ سەرکەوتن، بەڵام لەبەردەم عای هەڵاتن و ٥ خەڵکی عای
لێیاندان و نزیکەی سی و شەش پیاویان کوشتن و دوایان کەوتن،
لەبەردەم دەروازەکەوە تا شباریم و لە لێژاییەکەدا لێیاندان، جا گەل
ڕەنگیان سپی هەڵگەڕا. ٦ یەشوعیش جلەکانی دادڕی و لەبەردەم
سندوقی خوداوەند بە ڕوودا کەوتە سەر زەوی و تا ئێوارە خۆی و
پیرانی نەوەی ئیسڕائیل و خۆڵیان بەسەر خۆیاندا کرد. ٧ ئینجا
یەشوع وتی: ئای خوداوەندم خوداوەند، بۆچی ئەم گەلەت بەتەواوی
لە ئوردون پەڕاندەوە، تا بماندەیت بە دەست ئامورییەکانەوە و
لەناومان ببەن؟ خۆزگە بەوەندە قایل دەبووین و لەوبەری ئوردوندا
دەماینەوە. ٨ ئای خوداوەندم، من چی بڵێم پاش ئەوەی نەوەی
ئیسڕائیل لەبەردەم دوژمنەکانیاندا بەزین؟ ٩ جا کەنعانییەکان و
سەرجەم دانیشتووانی خاکەکە ئەمە دەبیستن و گەمارۆمان دەدەن و
ناومان لەسەر زەوی دەسڕنەوە، ئەی چی بۆ ناوی گەورەی خۆت
دەکەیت؟
١٠ ئینجا خوداوەند بە یەشوعی فەرموو: هەستە، بۆچی ئاوا بەسەر
ڕووتدا کەوتووی؟ ١١ نەوەی ئیسڕائیل گوناهیان کرد و هەروەها
پەیمانەکەمیان شکاند کە فەرمانم پێکردبوون و قەدەغەکراویان برد
و دزییان کرد و نکۆڵیان لێکرد و لەناو شتەکانی خۆیاندا دایاننا.
١٢ بۆیە نەوەی ئیسڕائیل نەیانتوانی بەرامبەر بە دوژمنەکانیان
ڕاوەستن، لەبەردەم دوژمنەکانیان دەبەزن، چونکە بوونە بە نەفرەت
لێکراو، لەمەولا لەگەڵتاندا نابم گەر بێتو ئەو نەفرەتە لەنێو خۆتاندا
بنبڕنەکەن. ١٣ هەستە، گەل پیرۆزبکە و پێیان بڵێ با خۆیان بۆ
بەیانی پیرۆزبکەن، چونکە خوداوەند خودای ئیسڕائیل وای
فەرمووە، ئەی ئیسڕائیل لەنێوتدا نەفرەت لێکراو هەیە، جا نا توانن
بەرامبەر بە دوژمنەکانتان ڕاوەستن، تا ئەو نەفرەتە لەنێو خۆتاندا
دانەماڵن. ١٤ جا بەیانی بە هۆزەکانتانەوە وەرنە پێش و ئەو هۆزەی
خوداوەند دەیگرێت با بە خێڵەکانیەوە بێتە پێش و ئەو خێڵەی
خوداوەند دەیگرێت با بە بەرەبابەکانیان بێتە پێش و ئەو بەرەبابەی
خوداوەند دەیگرێت با پیاوەکانی بێنە پێش. ١٥ ئەوەی
قەدەغەکراوەکەی لێدەگیرێت خۆی و هەرچی هەیەتی بە ئاگر
دەسووتێنرێن، چونکە ئەو پەیمانی خوداوەندی شکاندووە و کارێکی
دزێوی لەناو ئیسڕائیلدا ئەنجامداوە.
١٦ جا بۆ بەیانی یەشوع زوو لەخەوهەڵسا و هۆزەکانی نەوەی
ئیسڕائیلی یەك یەك هێنایە پێش و هۆزی یەهوزای گرت، ١٧ ئینجا
خێڵی یەهوزای هێنایە پێش و خێڵی زارەخییەکانی گرت، ئینجا خێڵی
زارەخییەکانی هێنایە پێش بە پیاوەکانیەوە و زەبدی گرت،
١٨ بەرەبابەکەی ئەویشی بە پیاوەکانیەوە هێنایە پێش و عەخانی
کوڕی کەرمی کوڕی زەبدی کوڕی زارەخی گرت کە سەر بە
هۆزی یەهوزایە. ١٩ ئینجا یەشوع بە عەخانی وت: تکایە کوڕی خۆم
خوداوەند خودای ئیسڕائیل شکۆداربکە و دانی پیادا بنێ و پێم بڵێ
چیت کردووە؟ لێمی مەشارەوە. ٢٠ عەخانیش وەڵامی یەشوعی
دایەوە و وتی: بەڕاستی من بەرامبەر بە خوداوەند خودای ئیسڕائیل
گوناهم کردووە و ئاوا و ئاوام کردووە، ٢١ لەنێو دەسکەوتەکەدا
بەرگێکی شەنعاری گرانبەها و دوو سەد شاقڵ زیو و قاڵبە زێڕێکم
بینی کە کێشەکەی پەنجا شاقڵ دەبوو، ئارەزووم کرد و بردم. ئەوەتا
لەژێر زەوی لەناوەڕاستی چادرەکەمدا شاردومەتەوە و زیوەکەش
لەژێرەوەیە. ٢٢ جا یەشوع چەند کەسێکی نارد و ڕایانکرد بۆ
چادرەکە و بینیان ئەوەتا لەناو چادرەکەدا شاردراونەتەوە و
زیوەکەش لەژێریانەوەیە. ٢٣ ئەوانیش شتەکانیان لەناوەڕاستی
چادرەکە هەڵگرت و بۆ یەشوع و بۆ هەموو نەوەی ئیسڕائیلیان هێنا
و لەبەردەم خوداوەند دایاننا. ٢٤ ئینجا یەشوع عەخانی کوڕی
زارەخی لەگەڵ زیوەکە و بەرگەکە و قاڵبە زێڕەکە و کوڕەکانی و
کچەکانی و گا و گوێدرێژ و مەڕەکانی و چادرەکەی و هەموو ئەو
شتانەی هی ئەو بوون، هەموو نەوەی ئیسڕائیلیشی لەگەڵ بوو،
بردیانن و سەریانخستن بۆ دۆڵی عەخور. ٢٥ ئینجا یەشوع وتی:
چۆن لێت تێکداین، خوداوەندیش ئەمڕۆ ئاوا لێت تێکبدات. ئینجا
هەموو نەوەی ئیسڕائیل بەردبارانیانکرد و بە ئاگر سووتاندیانن،
بەردبارانیانکردن و کۆمەڵە بەردێکی گەورەیان لەسەر کەڵەکە کرد
کە تا ئەمڕۆش لەوێیە. ئینجا خوداوەند لە جۆشی تووڕەییەکەی
ساردبووەوە، بۆیە ئەو شوێنەش تا ئەمڕۆ بە دۆڵی عەخور[أ]
ناودەبرێت.

# ٨

ئینجا خوداوەند بە یەشوعی فەرموو: مەترسە و ورە بەرمەدە.
هەموو جەنگاوەرەکان لەگەڵ خۆت ببە و هەستە سەرکەوە بۆ عای،
ببینە من پاشاکەی و گەلەکەی و شارەکەی و خاکەکەیم داوەتە دەست
تۆوە. ٢ جا ئەوەی بە ئەریحا و پاشاکەیت کرد، بە عای و پاشاکەیشی
بکە، بەڵام دەسکەوتەکان و ڕەشەوڵاخەکانی بۆ خۆتان تاڵان بکەن.
بۆسەیەك بۆ شارەکە لە پشتیەوە بنێوە. ٣ جا یەشوع و هەموو
جەنگاوەرەکان هەستان تا بەسەر عایدا بدەن و یەشوع سی هەزار
جەنگاوەری پاڵەوانی هەڵبژارد و بە شەو ناردنی و ٤ فەرمانی
پێکردن و وتی: تەماشاکەن، ئێوە لە پشتەوە بۆسە بۆ شارەکە
دەنێنەوە و زۆر لە شارەکە دوورمەکەونەوە و هەمووتان

أ ٧ : ٢٦ وشەیەکی عیبرییە بە مانای تێکدان.

لەئامادەباشی بن. ٥ منیش لەگەڵ هەموو ئەم گەلە لە شارەکە نزیك
دەبینەوە و ئیتر کە ئەوان دێنەدەرەوە بۆمان، ئێمە وەك یەکەمجار
لەبەردەمیاندا هەڵدێین و ٦ ئەوان دوامان دەکەون تا لە شارەکە
دووریان دەخەینەوە، چونکە دەڵێن، ئەوەتا وەك یەکەم جار
لەبەردەممان هەڵدێن، جا لەبەردەمیان هەڵدێین. ٧ ئێوەش لە
بۆسەکەوە هەڵدەستن و شارەکە داگیردەکەن و خوداوەند خوداتان
دەیداتە دەستانەوە. ٨ ئینجا کە شارەکە دەگرن، ئاگری تێبەردەدەن،
بەپێی وشەی خوداوەند دەکەن، سەیرکەن من فەرمانم پێکردوون.
٩ ئینجا یەشوع ناردنی و ئەوانیش بۆ شوێنی بۆسەکە ڕۆیشتن و
لەنێوان بێیت ئیل و عایدا، لە خۆرئاوای عای مانەوە. یەشوعیش ئەو
شەوە لەناوەڕستی گەل مایەوە.
١٠ بۆ بەیانی یەشوع زوو لەخەوهەڵسا و گەلەکەی بەسەرکردەوە و
خۆی و پیرانی ئیسڕائیل لەپیش گەلەوە سەرکەوتن بۆ عای.
١١ هەروەها هەموو ئەو جەنگاوەرانەی لەگەڵیدابوون سەرکەوتن و
چوونە پێشەوە و هاتنە بەرامبەر شارەکە، لە سەرووی عای دابەزین
و دۆڵەکە لەنێوان ئەوان و عایدا بوو. ١٢ ئینجا یەشوع نزیکەی پێنج
هەزار پیاوی برد و کردیانی بە بۆسە لەنێوان بێیت ئیل و عای لە
خۆرئاوای شارەکەدا. ١٣ ئیتر گەل واتە هەموو سوپاکە کە لە
سەرووی شارەکە بوو لەگەڵ بۆسەکە کە لە خۆرئاوای شارەکە بوو،
جێگیر بوون، یەشوعیش ئەو شەوە چووە ناوەڕاستی دۆڵەکە. ١٤ جا
کە پاشای عای ئەمەی بینی، ئەوانیش پەلەیان کرد و زوو لە
خەوهەڵسان و پیاوانی شارەکە دەرچوون بۆ بەرەنگاربوونەوەی
ئیسڕائیل بۆ جەنگ، خۆی و هەموو گەلەکەی لە کاتی خۆیدا بۆ
بەردەم دەشتاییەکە دەرچوون، نەشی دەزانی کە لە پشت شارەکەوە
بۆسەی بۆنراوەتەوە. ١٥ جا یەشوع لەگەڵ هەموو ئیسڕائیلدا
شکستیان لەبەردەم نیشاندان و بە ڕێگای چۆڵەوانیدا ڕایانکرد.
١٦ ئینجا لەناو هەموو خەڵکی شارەکەدا بانگەواز بڵاوبووەوە کە
دوایانکەون و ئەوانیش دوای یەشوع کەوتن و لە شارەکە
دوورکەوتنەوە. ١٧ یەك پیاو لە عای یان لە بێیت ئیلدا نەما بەدوای
ئیسڕائیلدا دەرنەچێت، جا شارەکەیان بەکراوەیی بەجێهێشت و دوای
ئیسڕائیل کەوتن.
١٨ ئینجا خوداوەند بە یەشوعی فەرموو: ڕمەکەی دەستت ڕووەو
عای بکە، چونکە من دەیدەمە دەستتەوە. یەشوعیش ئەو ڕمەی
بەدەستیەوەبوو ڕووەو شارەکەی کرد. ١٩ ئینجا بۆسەکە بەپەلە لە
جێی خۆیان هەستان و کاتێ دەستی درێژ کرد ڕایان کرد و چوونە
ناو شارەکەوە و گرتیان و بەپەلە بە ئاگر سووتاندیان. ٢٠ ئینجا
پیاوەکانی عای ئاوڕیان دایەوە و تەماشایانکرد وا دووکەڵی شارەکە
بۆ ئاسمان بەرزبووەتەوە و هیچ جێ نییە بۆی هەڵبێن نەبەملا و نە
بەولادا، ئەو گەلەش کە بۆ چۆڵەوانی ڕایدەکرد بەسەر ڕاونەرەکاندا
هەڵگەڕایەوە. ٢١ جا کە یەشوع و هەموو ئیسڕائیل بینیان بۆسەکە
شارەکەی گرتووە و دووکەڵی شارەکە بەرزبووەوە، گەڕانەوە و لە
پیاوەکانی عاییان دا. ٢٢ بۆسەکەش بۆ بەرەنگاربوونەوەیان لە
شارەکەوە دەرچوون و پیاوەکانی عای کەوتنە نێوان
ئیسڕائیلییەکانەوە. ئەمان لەم لاوە و ئەوان لەولاوە، ئینجا لێیاندان
هەتا کەسیان لێنەما هەڵبێت و دەربازبێت. ٢٣ بەڵام پاشای عاییان
بەزیندوویی دەستگیرکرد و بردیانە بەردەم یەشوع. ٢٤ ئینجا پاش
ئەوەی ئیسڕائیل لە کوشتنی هەموو دانیشتووانی عای بوونەوە لە
کێڵگە و چۆڵەوانی کە دوایان کەوتبوون و هەموو بە زەبری شمشێر
کەوتن تا لەناوچوون، ئینجا هەموو ئیسڕائیل گەڕانەوە بۆ شاری
عای و دایانە بەر زەبری شمشێر. ٢٥ جا هەموو ئەوانەی لەو ڕۆژەدا
کەوتن لە پیاو و لە ژن، دوانزە هەزار کەس بوون، سەرجەم
دانیشتووانی عای. ٢٦ یەشوعیش ئەو دەستەی کە ڕمەکەی پێ
درێژکردبووەوە نەیگێڕایە دواوە تا سەرجەم دانیشتووانی عای
قڕبوون. ٢٧ بەڵام نەوەی ئیسڕائیل ڕەشەوڵاخ و دەستکەوتی ئەو
شارەیان بۆخۆیان تاڵان کرد، بەگوێرەی وشەی خوداوەند کە
فەرمانی بە یەشوع کردبوو. ٢٨ ئینجا یەشوع عایی سووتاند و کردیە
گردێکی هەتاهەتایی، وێرانەیەك کە تا ئەمڕۆش هەروا ماوەتەوە.
٢٩ هەروەها پاشای عایی تا ئێوارە بەدارەوە هەڵواسی، لە کاتی
خۆرئاوابووندا یەشوع فەرمانی کرد و لاشەکەییان داگرت و
لەبەردەم دەروازەی شارەکەدا فڕێیاندا و کۆمەڵە بەردێکی گەورەیان
لەسەر کەڵەکە کرد کە تا ئەمڕۆ ماوەتەوە.
٣٠ ئینجا یەشوع قوربانگایەکی بۆ خواوەند خودای ئیسڕائیل لە چیای
عیبالدا بنیادنا. ٣١ هەروەك موسای خزمەتکاری خوداوەند فەرمانی
بە نەوەی ئیسڕائیل کردبوو، بەپێی ئەوەی لە پەرتووکی
فێرکردنەکانی موسادا نووسراوە، قوربانگایەك لە بەردی نەبڕاو،
کە ئاسنی بەسەردا بەرزنەکرابووەوە، ئینجا قوربانی سووتاویان بۆ
خوداوەند سەرخستە سەری و قوربانی ئاشتییان سەربڕی. ٣٢ یەشوع
لەوێ لەسەر بەردەکان وێنەیەکی لە فێرکردنەکانی موسا بەبەرچاوی
نەوەی ئیسڕائیلەوە نووسی. ٣٣ هەموو ئیسڕائیلیش بە پیرەکانیان و
بەڕێوەبەران و دادوەرانیانەوە لەتەنیشت سندوقەکەوە، لەملا و
ئەولاوە بەرامبەر بە کاهینە لێڤییەکان هەڵگرانی سندوقی پەیمانی
خوداوەند وەستان، غەریب و هاوڵاتی وەك یەك، نیوەیان بەلای
چیای جەرزیم و نیوەکەی تریان بەلای چیای عیبال، وەك چۆن
موسای خزمەتکاری خوداوەند فەرمانی کردبوو، یەکەمجار بۆ
پیرۆزکردنی گەلی ئیسڕائیل، ٣٤ ئینجا هەموو وشەکانی و
فێرکردنەکانی پیرۆزکردن و نەفرەت لێکردنی خوێندەوە، بەگوێرەی
هەموو ئەوەی لە پەرتووکی فێرکردنەکان نووسرابوو. ٣٥ وشەیەك
نەبوو لە هەموو ئەو شتانەی کە موسا فەرمانی پێکردبوو، کە یەشوع
نەیخوێنێتەوە، لەبەردەم هەموو کۆمەڵی ئیسڕائیلدا بە ژن و منداڵ و
ئەو غەریبەش لەنێوانیاندایە.

# ٩

ئینجا کاتێ هەموو ئەو پاشایانەی ئەوبەری ئوردونن لە دەشت و کێو
و لە هەموو کەنارەکانی دەریای گەورە بەلای لوبناندا، حیسسییەکان
و ئامورییەکان و کەنعانییەکان و فیرزییەکان و حوییەکان و
یەبوسییەکان، ئەوەیان بیستەوە، ٢ بەیەك دەنگ بەیەکەوە کۆبوونەوە
بۆ جەنگ دژی یەشوع و ئیسڕائیل. ٣ بەڵام دانیشتووانی گبعۆن کە
بیستیانەوە یەشوع چی بە ئەریحا و عای کردووە، ٤ بە زۆرزانیەوە
کاریان کرد و ڕۆیشتن و وەك نوێنەر خۆیان پیشاندا و
گوێدرێژەکانیان لە جەواڵە کۆن و مەشکە شەرابی دڕاو و بەستراو
بارکرد و سۆڵی دڕاو و پینەکراویان لەپێکرد و ٥ جلی دڕاویان
لەبەرکرد و هەموو نانی توێشووەکەیان وشك و ورد ببوو. ٦ ئینجا
بەرەو لای یەشوع چوون بۆ ئۆردوگاکە لە گەلگال و بە یەشوع و بە
پیاوانی ئیسڕائیلیان وت: لە شوێنێکی دوورەوە هاتووین و ئێستا
پەیمانمان لەگەڵدا ببەستن. ٧ پیاوانی ئیسڕائیلیش بە حوییەکانیان وت:
لەوانەیە ئێوە دانیشتووانی ئەم ناوچەیە بن، ئیتر چۆن پەیمانتان
لەگەڵدا ببەستین؟ ٨ ئەوانیش بە یەشوعیان وت: ئێمە خزمەتکاری
تۆین. یەشوعیش پێی وتن: ئێوە کێن و لە کۆیوە هاتوون؟ ٩ ئەوانیش
پێیان وت: خزمەتکارەکانت لە شوێنێکی زۆر دوورەوە هاتوون،
لەبەر ناوی خوداوەند خودات، چونکە ئێمە گوێمان لە هەواڵ و
هەموو ئەوە بوو کە بە میسری کردی و ١٠ هەموو ئەوەی بە دوو
پاشای ئامورییەکانی کرد، ئەوانەی لەوبەری ئوردون بوون،
سیحۆنی پاشای حەشبون و عۆگی پاشای باشان ئەوەی لە
عەشتارووت بوو. ١١ جا پیرانمان و هەموو دانیشتووانی خاکەکەمان
قسەیان لەگەڵدا کردین و وتیان، توویشووی ڕێگا لەگەڵ خۆتاندا
ببەن بڕۆن بۆ بینینیان و پێیان بڵێن، ئێمە خزمەتکاری ئێوەین و
ئێستاش پەیمانمان لەگەڵدا ببەستن. ١٢ ئەمە نانەکەمانە بە گەرمی لە
ماڵەکانی خۆمانەوە هەڵمانگرت، ئەو ڕۆژەی دەرچووین تا بۆ لای
ئێوە بێین، ئەوەتا ئێستا وشکە و وردبووە. ١٣ ئەمەش مەشکەی

شەرابەکانمانە کە بە تازەیی پڕمانکردن و ئەوەتا دڕاون و ئەمەش
جلەکان و سۆڵەکانمانە کە لەبەر دووری ڕێگاکە کۆن بوون. ١٤ جا
پیاوانی ئیسڕائیل لە توێشووەکەیان وەرگرت[ب]✞، بەڵام پرسیان بە
خوداوەند نەکرد. ١٥ یەشوعیش پەیمانی ئاشتی لەگەڵیاندا بەست کە
بە زیندوویی بیان هێڵێتەوە و سەرۆکەکانی کۆمەڵیش سوێندیان بۆ
خواردن.
١٦ پاش تێپەڕبوونی سێ ڕۆژ بەسەر پەیمانەکەدا، بیستیانەوە کە
ئەوان لێیان نزیکن و دانیشتووی ئەو ناوچەیەن. ١٧ جا نەوەی
ئیسڕائیل کۆچیانکرد و لە ڕۆژی سێیەمدا هاتنە شارەکانیان،
شارەکانیشیان ئەمانەن، گبعۆن و کفیرە و بئێرۆت و قریەت یعاریم.
١٨ نەوەی ئیسڕائیلیش لێیان نەدان، چونکە سەرۆکەکانی کۆمەڵ بە
خوداوەند خودای ئیسڕائیل سوێندیان بۆ خواردبوون. بۆیە هەموو
کۆمەڵ بۆڵەبۆڵیان بەسەر سەرۆکەکاندا کرد، ١٩ جا گشت
سەرۆکەکان بە هەموو کۆمەڵیان وت: ئێمە بە خوداوەند خودای
ئیسڕائیل سوێندمان بۆ خواردن و ئێستاش ناتوانین دەستیان لێ
بدەین، ٢٠ ئەمەیان بۆ دەکەین و بەزیندوویی دەیانهێڵینەوە، بۆ ئەوەی
تووڕەیی بەسەرماندا نەیەت، بەهۆی ئەو سوێندەی کە بۆمان
خواردوون. ٢١ هەروەها سەرۆکەکان پێیان وتن: بەزیندوویی
دەمێننەوە و دەبن بە داربڕ و ئاوکێش بۆ هەموو کۆمەڵ، هەروەك
سەرۆکەکان بەڵێنیان پێدابوون. ٢٢ ئینجا یەشوع بانگیکردن و پێی
وتن: بۆچی فریوتاندااین و وتتان، ئێمە زۆر لە ئێوەوە دوورین،
ئەوەتا ئێوە دانیشتووای ئەم ناوەن؟ ٢٣ ئێستا ئێوە نەفرەت لێکراون،
کۆیلە و داربڕ و ئاوکێشتان لێ نابڕێت بۆ ماڵی خودام. ٢٤ ئەوانیش
وەڵامی یەشوعیان دایەوە وتیان: خزمەتکارەکانت هەموو ئەو
شتەیان بیستۆتەوە کە خوداوەند خودات فەرمانی بە موسای
خزمەتکاری کردبوو کە هەموو خاکەکەتان بداتێ و هەموو
دانیشتووانی خاکەکەش لەبەردەمتان لەناوبەرێت. ئێمەش لەبەر
گیانی خۆمان زۆر لە ئێوە ترساین و ئەم کارەمان کرد، ٢٥ ئێستاش
ئەوەتا لەبەردەستاین و چی بە باش و ڕاست دەزانیت ئەوەمان
لەگەڵدا بکە. ٢٦ ئەویش ئاوای لێکردن و لە دەست نەوەی ئیسڕائیل
دەربازیکردن و نەیانکوشتن. ٢٧ لەو ڕۆژەشدا یەشوع کردنی بە
داربڕ و ئاوکێش بۆ کۆمەڵ و بۆ قوربانگای خوداوەند، تا ئەمڕۆش
ئەوە کاریانە لەو شوێنەی خوداوەند هەڵیدەبژێرێت.

# ١٠

ئینجا کاتێ ئەدۆنی چادقی پاشای ئۆرشەلیم بیستیەوە کە یەشوع
عایی گرتووە و قڕی کردووە، ئەوەی بە ئەریحا و پاشاکەیی کرد،
هەمان شتی بە عای و پاشاکەی کردووە و دانیشتووانی گبعۆنیش
پەیمانی ئاشتیان لەگەڵ ئیسڕائیلدا بەستووە و لە نێوانیاندا دەژین
بوونە، ٢ زۆر ترسا، چونکە گبعۆن شارێکی گەورەیە وەك یەکێك لە
شارەکانی پاشایەتی و لە عای گەورەترە و هەموو پیاوەکانیشی
پاڵەوانن. ٣ جا ئەدۆنی چادقی پاشای ئورشەلیم بەدوای هۆهامی
پاشای خێبرۆن و پیرامی پاشای یەرموت و یافیعی پاشای لەخیش و
دبیری پاشای عێگلۆنی نارد و وتی: ٤ سەرکەون بۆلام و یارمەتیم
بدەن، جا لە گبعۆن دەدەین، چونکە پەیمانی ئاشتی لەگەڵ یەشوع و
نەوەی ئیسڕائیلدا بەستووە. ٥ ئینجا هەر پێنج پاشای ئامورییەکان
کۆبوونەوە، پاشای ئۆرشەلیم و پاشای خێبرۆن و پاشای یەرموت و
پاشای لەخیش و پاشای عێگلۆن، بەخۆیان و هەموو سوپاکانیانەوە
سەرکەوتن و دایان بەسەر گبعۆندا. ٦ جا دانیشتووانی گبعۆن بەدوای
یەشوعدا بۆ ئۆردوگاکە لە گەلگالدا ناردیان و پێیان وت: دەست لە
خزمەتکارەکانت شل مەکە. بەپەلە سەرکەوە بۆلامان و ڕزگارمان
بکە و یارمەتیمان بدە، چونکە هەموو پاشاکانی ئامورییەکان ئەوانەی
لە چیادا نیشتەجێن گەلەکۆمەیان لێ کردووین. ٧ ئینجا یەشوع لە
گەلگالەوە لەگەڵ هەموو جەنگاوەرەکان و پاڵەوانە بەجەرگەکان
سەرکەوتن.
٨ خوداوەندیش بە یەشوعی فەرموو: لێیان مەترسە، چونکە ئەوانەم
داوەتە دەست تۆوە، کەسیان ناتوانێ لەبەردەمت ڕاوەستێ. ٩ جا
یەشوع لەناکاو بۆیان هات، بەدرێژایی ئەو شەوە لە گەلگالەوە
سەرکەوت. ١٠ خوداوەندیش لەبەردەم ئیسڕائیلدا سەری لێشێواندن و
لە گبعۆندا لێدانێکی گەورەی لێدان و بە ڕێگای عەقەبەی بێیت
حۆروندا ڕاوینان و تا عەزیقە و تا مەقیدە لێیدان. ١١ هەروەها کاتێ
لەبەردەم ئیسڕائیلدا ڕایاندەکرد و لە لێژاییەکەی بێیت حۆروندا
بوون، خوداوەند لە ئاسمانەوە بە تەرزەی گەورە لێیدان تا گەیشتنە
عەزیقە و مردن، ئەوانەی بە بەردە تەرزە مردن، زیاتربوون
لەوانەی نەوەی ئیسڕائیل بە شمشێر کوشتیانن.
١٢ ئینجا یەشوع لەگەڵ خوداوەند دوا، لەو ڕۆژەدا کە خوداوەند
ئامورییەکانی دایەدەست نەوەی ئیسڕائیلەوە و لەبەرچاوی ئیسڕائیلدا
وتی:
ئەی خۆر بەسەر گبعۆنەوە بەردەوامبە و
ئەی مانگ بەسەر دۆڵی ئەیەلونەوە.
١٣ جا خۆر ڕاوەستا و
مانگیش وەستا
تا گەل تۆڵەیان لە دوژمنەکانیان سەندەوە.
ئایا ئەمە لە پەرتووکی یاشەردا نەنووسراوە؟ جا خۆر لەناوجەرگەی
ئاسماندا وەستا و بۆ ماوەی یەك ڕۆژی تەواو لە ئاوابوون پەلەی
نەکرد. ١٤ وەك ئەو ڕۆژە قەد نەبووە، نە لە پێشی و نە لە پاشی کە
خوداوەند ئاوا گوێ لە دەنگی مرۆڤێك بگرێت، چونکە خوداوەند لە
جیاتی ئیسڕائیل دەجەنگا!
١٥ ئینجا یەشوع و هەموو ئیسڕائیل گەڕانەوە بۆ ئۆردوگاکە لە
گەلگال. ١٦ پێنج پاشاکەش هەڵاتن و لە ئەشکەوتێکدا لە مەقیدە خۆیان
شاردەوە. ١٧ جا بە یەشوع ڕاگەیەندرا و وترا کە پێنج پاشاکە لە
ئەشکەوتێکدا لە مەقیدە خۆیان شاردووەتەوە، ١٨ یەشوعیش وتی:
بەردی گەورە بۆ سەردەمی ئەشکەوتەکە غلکەنەوە و چەند پیاوێکی
بەدیارەوە دابنێن بۆ چاودێریان. ١٩ ئێوەش مەوەستن، بەڵکو دوای
دوژمنەکانتان بکەن و لەپاشەڵیان بدەن، مەهێڵن بچنە ناو
شارەکانیانەوە، چونکە خوداوەند خوداتان ئەوانی داوەتە دەستتان .
٢٠ ئینجا کە یەشوع و نەوەی ئیسڕائیل تەواوبوون لە لێدانیان بە
گورزێکی جەرگبڕ تا لەناوچوون و ئەوانەی لێیان هەڵاتن چوونە
ناو شارە قەڵابەندەکانەوە، ٢١ هەموو گەل بەسەلامەتی گەڕانەوە بۆ
لای یەشوع بۆ ئۆردوگاکە لە مەقیدەدا. کەس نەبوو زمان لەسەر
نەوەی ئیسڕائیل درێژبکات. ٢٢ ئینجا یەشوع وتی: دەمی ئەشکەوتەکە
بکەنەوە و ئەو پێنج پاشایەم لە ئەشکەوتەکەوە بۆ بهێنەدەرەوە.
٢٣ ئەوانیش وایان کرد و ئەو پێنج پاشایەیان لە ئەشکەوتەکەوە بۆ
هێنایەدەرەوە، پاشای ئۆرشەلیم و پاشای خێبرۆن و پاشای یەرموت
و پاشای لەخیش و پاشای عێگلۆن. ٢٤ جا کە پاشاکانیان بۆ یەشوع
هێنایەدەرەوە، یەشوع هەموو پیاوانی ئیسڕائیلی بانگکرد و بە
فەرماندەکانی جەنگاوەران ئەوانەی لەگەڵیدا ڕۆیشتبوون وتی:
وەرنە پێشەوە و قاچتان لەسەر ملی ئەم پاشایانە دابنێن. ئەوانیش
چوونە پێش و قاچیان لەسەر ملیان دانا. ٢٥ ئینجا یەشوع پێی وتن:
مەترسن و ورە بەرمەدەن، بەهێز و ئازا بن، چونکە خوداوەند ئاوا
لە هەموو دوژمنەکانتان دەکات، ئەوانەی دژیان دەجەنگن. ٢٦ ئینجا
یەشوع لێیدان و کوشتنی و هەر پێنجیانی بە پێنج دارەوە هەڵواسی تا
ئێوارە بە هەڵواسراوی بەسەر دارەکان مانەوە. ٢٧ پاشان لە کاتی
خۆرئاوابووندا یەشوع فەرمانی کرد، جا لە دارەکان دایانگرتن و

[ب] ٩ : ١٤ مەبەست ئەوەیە نانەکەیان وەك بەڵگە وەرگرت و بڕوایان پێیان کرد.

فڕێیاندانە ئەو ئەشکەوتەی خۆیان تیایدا شاردبۆوە و بەردی
گەورەشیان خستە سەر دەمی ئەشکەوتەکە و تا ئەمڕۆش لەوێن.
٢٨ هەر لەو ڕۆژەدا یەشوع مەقیدەی گرت و دایە بەر زەبری شمشێر
و پاشاکەی و هەموو گیانێکی تیادا قڕکرد. کەسی لێیان نەهێشتەوە،
ئەوەی بە پاشای مەقیدە کرد کە بە پاشای ئەریحای کردبوو. ٢٩ ئینجا
یەشوع لەگەڵ هەموو ئیسرائیل لە مەقیدەوە پەڕییەوە بۆ لیبنە و دژی
لیبنە جەنگا. ٣٠ جا خوداوەند ئەویشی لەگەڵ پاشاکەی دایە دەست
ئیسرائیل و بە زەبری شمشێر لێیدا لە خۆی و هەموو گیانێك کە
تیایدا بوو، کەسی لێیان نەهێشتەوە و ئەوەی بە پاشاکەی کرد کە بە
پاشای ئەریحای کردبوو. ٣١ ئینجا یەشوع لەگەڵ هەموو ئیسرائیل لە
لیبنەوە پەڕییەوە بۆ لەخیش و دابەزینە سەری و دژی جەنگا. ٣٢ جا
خوداوەند لەخیشی دایە دەست ئیسرائیلەوە و لە ڕۆژی دووەمدا
گرتی و دایە بەر زەبری شمشێر لەگەڵ هەرچی گیانی زیندوو
کەتیایدا بوو و بە دەردی لیبنەی برد.
٣٣ لەو کاتەدا هۆرامی پاشای گازەرە بۆ پاڵپشتیکردنی لەخیش
سەرکەوت و یەشوعیش لە خۆی و گەلەکەی دا و کەسی لێیان
نەهێشتەوە. ٣٤ ئینجا یەشوع و هەموو ئیسرائیل لە لەخیشەوە
پەڕینەوە بۆ عێگلۆن و دابەزینە سەری و دژی جەنگان و ٣٥ هەر
لەو ڕۆژەدا گرتیان و دایانە بەر زەبری شمشێر و هەر لەو ڕۆژەدا
هەموو گیانێکی زیندوویان تیادا قڕکرد و بە دەردی لەخیشیان برد.
٣٦ ئینجا یەشوع و هەموو ئیسرائیل لە عێگلۆنەوە سەرکەوتن بۆ
خێبرۆن و دژی جەنگان و ٣٧ گرتیان و دایانە بەر زەبری شمشێر
لەگەڵ پاشاکەی و هەموو شارەکانی و هەموو گیانێکی زیندوو کە
تیایدا بوو، کەسی لێیان نەهێشتەوە، بەدەردی عێگلۆنیان بردن، جا
خۆی و هەموو گیانێکی زیندووی قڕکرد کە تیایدا بوو.
٣٨ ئینجا یەشوع و هەموو ئیسرائیل گەڕانەوە بۆ دەبیر و دژی
جەنگان و ٣٩ گرتیان، خۆی و پاشاکەی و هەموو شارەکانی و دایانە
بەر زەبری شمشێر و هەرچی گیانی زیندووی تیادابوو قڕیانکرد،
کەسی لێیان نەهێشتەوە، چی بە خێبۆن و پاشاکەی کرد ئاواشی بە
دەبیر و پاشاکەی کرد، کە بە لیبنە و پاشاکەی کردبوو. ٤٠ جا یەشوع
لە هەموو خاکی چیاکە و باشوور و دەشت و قەدپاڵەکانی دا لەگەڵ
هەموو پاشاکانیان، کەسی لێیان نەهێشتەوە، بەڵکو هەموو
هەناسەیەکی تیادا قڕکرد، هەروەك خوداوەند خودای ئیسرائیل
فەرمانی کردبوو. ٤١ جا یەشوع لێیدان لە قادیش بەرنیعەوە تا غەززە
هەموو خاکی جوشەن تا گیبعۆن. ٤٢ یەشوع هەموو ئەو پاشایانە و
خاکەکەیانی بە یەکجار گرت، چونکە خوداوەند خودای ئیسرائیل
لەجیاتی ئیسرائیل جەنگا. ٤٣ ئینجا یەشوع لەگەڵ هەموو ئیسرائیلدا
گەڕایەوە بۆ ئۆردوگاکە لە گەلگال.

# ١١

ئینجا کاتێ یابینی پاشای حاسور ئەمەی بیستەوە، نێرراوی نارد بۆ
لای یۆبابی پاشای مادۆن و بۆ لای پاشای شمرون و پاشای ئەکشاف
و ٢ ئەو پاشایانەی لە باکوور لە چیان و لە دەشتایی لە خوارووی
کەنرۆت و لە نشێوەکان و لە بەرزاییەکانی دورە لە خۆرئاوان،
٣ کەنعانییەکان لە خۆرهەڵات و خۆرئاوا و ئەمورییەکان و
حیسییەکان و فیرزییەکان و یەبوسییەکان لە چیا و حوورییەکانی
بناری حەرموون لە خاکی میسفات. ٤ جا خۆیان و هەموو سوپاکانیان
لەگەڵیان دەرچوون، گەلێکی زۆر وەك لمی کەناری دەریا، بە ئەسپ
و گالیسکەیەکی زۆر زۆرەوە. ٥ ئینجا هەموو ئەو پاشایانە لەکاتی
دیاریکراودا کۆبوونەوە و هاتن و لەلای ئاوەکانی مەیروم دابەزین تا
دژی ئیسرائیل بجەنگن.
٦ خوداوەندیش بە یەشوعی فەرموو: لێیان مەترسە، چونکە سبەینێ
لەم کاتەدا هەموویان بە کوژراوی فڕێدەدەمە بەردەم ئیسرائیل جا
جوومگەی پێی ئەسپەکانیان دەبڕیتەوە و گالیسکەکانیان بە ئاگر
دەسووتێنیت. ٧ ئینجا یەشوع و هەموو جەنگاوەرەکان لەگەڵیدا
لەناکاو لەنزیك ئاوەکانی مەیروم هاتنە سەریان. ٨ خوداوەندیش
دایانیە دەست ئیسرائیل و ئەوانیش لێیاندان و دەریانپەڕاندن بۆ
سەیدونی گەورە و بۆ میسرەفوت مایم و دۆڵی میسفات لە
خۆرهەڵاتدا، جا لێیاندان تا کەسیان لێیان نەهێشت. ٩ یەشوع ئەوەی
پێکردن کە خوداوەند پێی فەرموو، جومگەی پێی ئەسپەکانیانی بڕی
و گالیسکەکانیانی بە ئاگر سووتاند.
١٠ ئینجا لەو کاتەدا یەشوع گەڕایەوە و حاسوری گرت و بە شمشێر
لە پاشاکەی دا، چونکە پێشتر حاسور سەری هەموو ئەو پاشایەتیانە
بوو. ١١ هەموو گیانێك کە تیادابوو دایانە بەر زەبری شمشێر و
قڕیانکردن و هەناسەیەکی تیادا نەما، حاسوریشیان بە ئاگر سووتاند.
١٢ ئینجا یەشوع هەموو شارەکانی ئەو پاشایانەی گرت لەگەڵ هەموو
پاشاکانیان و دایانیە بەر زەبری شمشێر، قڕی کردن، هەروەك
موسای خزمەتکاری خوداوەند فەرمانی کردبوو. ١٣ بەڵام ئیسرائیل
ئەو شارانەی نەسووتاند کە لەسەر گردەکان بوون، تەنها حاسور،
یەشوع بەتەنیا ئەوی سووتاند. ١٤ هەموو دەستکەوتەکانی ئەو شارانە
و ڕەشەوڵاخەکانیان، نەوەی ئیسرائیل بۆخۆیان تاڵانیان کرد. بەڵام
هەموو پیاوەکانیان دایەبەر زەبری شمشێر تا لەناویانبردن،
هەناسەیەکیان نەهێشتەوە. ١٥ وەك خوداوەند فەرمانی بە موسای
خزمەتکاری کردبوو، موساش ئاوا فەرمانی بە یەشوع کرد و
یەشوعیش ئاوای کرد، هیچ شتێکی پشتگوێ نەخست، لە هەموو
ئەوەی خوداوەند فەرمانی بە موسا کردبوو. ١٦ جا یەشوع هەموو
ئەو خاکەی گرت، چیاکە و هەموو باشوور و هەموو خاکی جوشەن
و نشیوەکان و دەشتەکە و چیای ئیسرائیل و دەشتەکەي، ١٧ لە چیای
ئەقرەعەوە کە بەرەو سەعیر سەردەکەوێت تا بەعل گاد لە دۆڵی
لوبنان لەبناری چیای حەرمون، هەموو پاشاکانیشی گرتن و لێیدان
و کوشتنی. ١٨ جا یەشوع ڕۆژگارێکی درێژ لەگەڵ ئەو پاشایانەدا
جەنگا، ١٩ هیچ شارێك نەبوو پەیمانی ئاشتی لەگەڵ ئیسرائیلدا
ببەستێت، تەنها حوورییەکانی دانیشتووی گیبعۆن نەبێت، بەڵکو
هەموویان بە جەنگ گرت. ٢٠ چونکە لەدڵی خوداوەندا بوو کە دڵیان
ڕەق بکات، تا لەجەنگدا بەرەنگاری ئیسرائیل ببنەوە، جا قڕبکرێن و
بەزەییان بەسەرەوە نەبێت، بەڵکو لەناوببرێن، هەروەك خوداوەند
فەرمانی بە موسا کردبوو.
٢١ ئینجا لەو کاتەدا یەشوع هات و عەناقییەکانی لە چیای حەبرون و
دەبیر و عەناب و هەموو چیای یەهوزا و هەموو چیای ئیسرائیلدا
بنبڕکرد. یەشوع لەگەڵ شارەکانیان قڕیکردن. ٢٢ جا لە خاکی نەوەی
ئیسرائیلدا عەناقییەکان نەمان، بەڵام لە غەززە و جەت و ئەشدوددا
مانەوە. ٢٣ ئینجا یەشوع هەموو خاکەکەی گرت، بەپێی هەموو
ئەوەی خوداوەند بە مووسای فەرمووبوو یەشوع بەپێی بەشەکانیان
و هۆزەکانیان بە میرات بە ئیسرائیلی دا، ئینجا خاکەکە لە جەنگ
پشوویدا.

# ١٢

ئەمانەش ئەو پاشایانەن کە نەوەی ئیسرائیل لێیاندان و خاکەکەیانیان
داگیرکرد، لەبەری ڕۆژهەڵاتی ئوردون، لە دۆڵی ئەرنونەوە تا
چیای حەرمون و هەموو دەشتاییەکە بەرەو خۆرهەڵات، ٢ سیحونی
پاشای ئامورییەکان کە لە حەشبوندا نیشتەجێ بوو و دەسەڵاتداربوو
بەسەر عەروعیر کە کەناری دۆڵی ئەرنونە و ناوەڕاستی دۆڵەکە و
نیوەی گەلعاد تا دۆڵی یەبوق کە سنووری نەوەی عەممونە و
٣ دەشتەکە تا دەریای کەنرۆت ڕووەو خۆرهەڵات و تا دەریای
عەراڤا، دەریای خوێ بەرەو خۆرهەڵات، ڕێگای بێیت یەشیموت.
ئینجا بەرەو باشووری بناری پسگە و ٤ سنوورەکانی عۆگی پاشای

باشان کە لە پاشماوەی ڕەفائییەکانەت✠ و نیشتەجێی عەشتاروت و
ئیزرەعییە ٥ دەسەڵاتداربوو بەسەر چیای حەرمون و سەلخە و
هەموو باشانەوە تا سنووری جەشورییەکان و مەعکییەکان و نیوەی
گەلعاد کە سنوورەکانی سیحونی پاشای حەشبونە. ٦ موسای
خزمەتکاری خوداوەند و نەوەی ئیسڕائیل لێیاندا و موسای
خزمەتکاری خوداوەند بە میرات دای بە ڕەئوبینیەکان و گادییەکان
و نیوەی هۆزی مەنەسسا.
٧ ئەمانەش ئەو پاشایانەی خاکەکەن کە یەشوع و نەوەی ئیسڕائیل
لێیاندان لەبەری خۆرئاوای ڕوباری ئوردون لە بەعلی گادەوە لە
دۆڵی لوبنانەوە بۆ چیای ئەقرەع کە بەرەو سەعیر سەردەکەوێت،
یەشوعیش بە میرات دای بە هۆزەکانی ئیسڕائیل بەپێی بەشەکانیان.
٨ لە چیا و نشێویەکان و دەشت و بنارەکان و چۆڵەوانی و باشوور،
حیسییەکان و ئامورییەکان و کەنعانییەکان و فیرزییەکان و
حوویەکان و یەبوسییەکان،

| | |
|---|---|
| ٩ پاشای ئەریحا، یەک، | پاشای عای کە لەلای بێیت ئیلە، یەک، |
| ١٠ پاشای ئۆرشەلیم، یەک، | پاشای خێبرۆن، یەک، |
| ١١ پاشای یەرموت، یەک، | پاشای لەخیش، یەک، |
| ١٢ پاشای عێگلۆن، یەک، | پاشای گازەر، یەک، |
| ١٣ پاشای دەبیر، یەک، | پاشای گادەر، یەک، |
| ١٤ پاشای حورمە، یەک، | پاشای عیراد، یەک، |
| ١٥ پاشای لیبنە، یەک | پاشای عەدوللام، یەک، |
| ١٦ پاشای مەقیدە، یەک، | پاشای بێیت ئیل، یەک، |
| ١٧ پاشای تەففوح، یەک، | پاشای حافر، یەک، |
| ١٨ پاشای ئەفیق، یەک، | پاشای لەشارون، یەک، |
| ١٩ پاشای مادون، یەک، | پاشای حاسور، یەک، |
| ٢٠ پاشای شمرونە مەرەئۆن، یەک، | پاشای ئەکشاف، یەک، |
| ٢١ پاشای تەعنەک، یەک، | پاشای مەجدۆ، یەک، |
| ٢٢ پاشای قادیش، یەک، | پاشای یەقنەعام لە کرمەل، یەک، |
| ٢٣ پاشای دور لە بەرزاییەکانی دور، یەک، | پاشای جوییم لە گەلگال، یەک، |
| ٢٤ پاشای تیرچە، یەک، | هەموو پاشاکان سی و یەک بوون. |

# ١٣

ئینجا یەشوع پیربوو و چووە ساڵەوە، خوداوەندیش پێی فەرموو: تۆ
پیربوویت و چوویتە ساڵەوە و زەوییەکی زۆریش ماوە داگیربکرێت،
٢ ئەمە ئەو زەوییەیە کە ماوەتەوە، هەموو ناوچەی فەلەستییەکان و
هەموو جەشورییەکان، ٣ لە شەیحورەوە کە لەبەردەم میسرە تا
سنووری عەقرون لە باکوور، هی کەنعانییەکانە پێنج سەرۆکی
هێزی فەلەستییەکان، غەززیەکە و ئەشدودیەکە و ئەشقەلونیەکە و
جەتیەکە و عەقرونیەکە و عوییەکان. ٤ لە باشوورەوە هەموو خاکی
کەنعانییەکان و معارە کە هی سەیدونییەکانە تا ئەفیق تا سنووری
ئامورییەکان، ٥ هەروەها خاکی گیبلییەکان و هەموو لوبنان بەرەو
خۆرهەڵات، لە بەعل گاد بناری چیای حەرمونەوە تا دەگەیتە
حەمات. ٦ هەموو دانیشتووانی چیا لە لوبنانەوە تا میسرەفوت مایم،
هەموو سەیدونییەکان. من لەبەردەم نەوەی ئیسڕائیلدا دەریاندەکەم،
دەبێت تۆ بە تیروپشک بە میرات بۆ ئیسڕائیلی دابەش بکەیت، بەو
شێوەیەی فەرمانم پێ کردیت. ٧ ئێستا ئەم زەوییە بەسەر نۆ هۆز و
نیوەی هۆزی مەنەسسادا بە میرات دابەش بکە .٨ ڕەئوبینییەکان و
گادییەکان بەشی خۆیان لەگەڵ ئەوان وەرگرت کە موسا لەبەری
خۆرهەڵاتی ئوردون پێیدابوون، بەگوێرەی ئەوەی موسای
خزمەتکاری خوداوەند پێیدان، ٩ لە عەروعیرەوە کە لەکەناری دۆڵی
ئەرنونە و شارەکەی ناوەڕاستی دۆڵەکە و هەموو نشێوی میدبا تا
دیبۆن و ١٠ هەموو شارەکانی سیحۆنی پاشای ئامورییەکان کە
حوکمڕانێتی دەکرد لە حەشبونەوە تا سنووری نەوەی عەممون و
١١ گلعاد و سنوورەکانی جەشوورییەکان و مەعکییەکان و هەموو
چیای حەرمون و هەموو باشان تا سەلخە، ١٢ هەموو پاشایەتی عۆگ
لە باشان کە حوکمڕانێتی دەکرد لە عەشتاروت و لە ئیزرەعی
ئەویش لە پاشماوەی ڕەفائییەکان بوو، موسا لێیدان و دەریکردن.
١٣ نەوەی ئیسڕائیل جەشورییەکان و مەعکییەکانیان دەرنەکرد، جا تا
ئەمڕۆش جەشوری و مەعەکی لەنێو ئیسڕائیلدا نیشتەجێن. ١٤ بەڵام
میراتی بە هۆزی لێڤی نەدا، قوربانییە بەئاگرەکانی خوداوەند خودای
ئیسڕائیل میراتی ئەوە، هەروەک پێی فەرموو.
١٥ موسا بە هۆزی نەوەی ڕەئوبین بەپێی خێڵەکانیان پێیدان، ١٦ جا
سنووریان لە عەروعیرەوە کە لەسەر کەناری دۆڵی ئەرنونە و
شارەکەی ناوەڕاستی دۆڵەکەوە و هەموو نشێوەکە لەلای میدبا،
١٧ حەشبون و هەموو شارەکانی کە لە نشێوەکەیە و دیبۆن و باموت
بەعل و بێیت بەعل مەعون و ١٨ یەهسە و قەدیموت و مەیفەعە و
١٩ قەریتایم و سیبمە و سارەت شەحر لە چیای دۆڵەکەدا و ٢٠ بێیت
فەغور و بنارەکانی پسگە و بێیت یەشیموت و ٢١ هەموو شارەکانی
نشێوەکە و هەموو پاشایەتی سیحۆنی پاشای ئامورییەکان کە لە
حەشبۆن حوکمڕانی دەکرد، ئەوەی موسا لەگەڵ سەرۆکەکانی
میدیاندا لێیدان، ئاڤی و ڕاقەم و چوور و حوور و رابەع، میرەکانی
سیحۆن، دانیشتووانی خاکەکە. ٢٢ نەوەی ئیسڕائیل بەلعامی کوڕی
بەعوری ئەستێرەناسیشیان بە شمشێر لەگەڵ کوژراوەکانیان کوشت.
٢٣ جا سنووری نەوەی ڕەئوبین ئوردون و سنوورەکانی بوو. ئەمە
میراتی نەوەی ڕەئوبینە بەپێی خێڵەکانیان، شار و گوندەکانی.
٢٤ ئینجا موسا بە هۆزی گاد، بە نەوەی گاد بەپێی خێڵەکانیان پێیدان.
٢٥ جا سنوورەکانیان یەعزیر و هەموو شارەکانی گلعاد و نیوەی
خاکی نەوەی عەممون تا عەروعیر کە لەبەردەم ڕەببەیە و ٢٦ لە
حەشبونەوە بۆ ڕامەی میسفات و بتونیم و لە مەحنایمەوە تا سنووری
دەبیر و ٢٧ لە دۆڵەکەش بێیت هارام و بێیت نمرە و سوکوت و
سافون، پاشماوەکەی پاشایەتیی سیحۆنی پاشای حەشبون، ئوردن و
سنوورەکانی تا قەراغ دەریای کەنرۆتە لەبەری خۆرهەڵاتی
ئوردون. ٢٨ ئەمە میراتی نەوەی گادە بەپێی خێڵەکانیان، شار و
گوندەکانی.
٢٩ ئینجا موسا بە نیوەی هۆزی مەنەسسای دا، جا بۆ نیوەی هۆزی
مەنەسسا بەپێی خێڵەکانیان ئاوا بوو، ٣٠ سنوورەکەیان لە مەحنایمەوە
و هەموو باشان، هەموو پاشایەتیی عۆگی پاشای باشان و هەموو
خوت یائیرە کە لە باشانە، شەست شار و ٣١ نیوەی گلعاد و
عەشتاروت و ئیزرەعی، شارەکانی پاشایەتیی عۆگ لە باشان، بۆ
نەوەی ماکیری کوڕی مەنەسسا بوون، بۆ نیوەی نەوەی ماکیر بەپێی
خێڵەکانیان. ٣٢ ئەمە ئەوە بوو کە موسا لە دەشتەکانی مۆئاب لەبەری
خۆرهەڵاتی ئوردون لەلای ئەریحا کردی بە میرات. ٣٣ بەڵام موسا
میراتی نەدا بە هۆزی لێڤی، چونکە خوداوەند خودای ئیسڕائیل
میراتی ئەوان بوو، هەروەک پێی فەرموون.

# ١٤

نەوەی ئیسڕائیل ئەمەیان بۆ بوو بە میرات لە خاکی کەنعاندا، ئەوەی
ئەلعازەری کاهین و یەشوعی کوڕی نون و سەرۆکەکانی باوانی
هۆزەکانی نەوەی ئیسڕائیل بۆیان کردن بە میرات، ٢ میراتەکەیان بە

ت ١٢ : ٤ خەڵکێکی زەبەلاح بوون.

تیروپشك بوو بۆ نۆ هۆزەكە و نیو هۆزەكە، هەروەك خوداوەند
بەهۆی موساوە فەرمانی كرد. ٣ چونكە موسا میراتی دوو هۆزەكە و
نیو هۆزەكەی لەوبەری ئوردوندا دابوو، بەڵام لەناو ئەواندا هیچ
میراتی بە لێڤییەكان نەدا، ٤ چونكە نەوەی یوسف دوو هۆز بوون،
مەنەسسا و ئەفرایم، هەروەها لە خاكەكەدا هیچ بەشێكیان بە
لێڤییەكان نەدا، تەنها چەند شارێك نەبێت بۆ نیشتەجێ بوون و
دەوروبەری شارەكان بۆ ڕەشەوڵاخ و مەڕوماڵاتیان. ٥ هەروەك
خوداوەند فەرمانی بە موسا كردبوو، نەوەی ئیسرائیل ئاوایان كرد و
خاكەكەیان دابەشكرد.
٦ ئینجا نەوەی یەهوزا لە گەلگالدا چوونە پێش بۆ لای یەشوع و
كالێبی كوڕی یەفوننەی قەنزی پێی وت: تۆ ئەو قسەیە دەزانیت كە
خوداوەند لە قادیش بەرنیعدا لەبارەی من و تۆوە بە موسای پیاوی
خودای فەرموو، ٧ لەو كاتەدا كە موسای خزمەتكاری خوداوەند منی
لە قادیش بەرنیعەوە نارد تا سیخوڕی خاكەكە بكەم، تەمەنم ٤٠ ساڵ
بوو، منیش گەڕامەوە ئەوەی لە دڵمدابوو پێم وت. ٨ بەڵام براكانم
ئەوانەی لەگەڵ مندا بوون، هێزیان لەبەر دڵی گەلدا بڕی، بەڵام من
بەتەواوی دوای خوداوەند خودای خۆم كەوتم. ٩ جا موسا لەو ڕۆژەدا
سوێندی خوارد و وتی، ئەو خاكەی تۆ پێت نایەسەری تاهەتایە
دەبێتە میراتی خۆت و كوڕەكانت، چونكە بەتەواوی دوای خوداوەند
خودام كەوتی. ١٠ ئێستاش ئەوەتا خوداوەند هەروەك فەرمووی، ئەم
چل و پێنج ساڵە منی بەزیندوویی هێشتۆتەوە، لەو كاتەوە كە
خوداوەند بەم قسانە لەگەڵ موسادا دوا، كاتێ ئیسرائیل بە چۆڵەوانیدا
ڕۆیشت، ئێستاش ئەوەتا تەمەنم هەشتا و پێنج ساڵە، ١١ هێشتا هێزم
لەبەردا ماوە، هەروەك ئەو ڕۆژەی كە موسا ناردمی، ئەو كاتە هێزم
چۆن بوو، ئێستا هەمان هێزم هەیە بۆ جەنگ و بۆ هاتووچۆ .
١٢ ئێستاش ئەم چیایەم بدەرێ كە خوداوەند لەو ڕۆژەدا دەربارەی
فەرمووی، چونكە تۆ لەو ڕۆژەدا بیستت كە عەناقییەكان لەوێن و
شارەكان گەورە و شورابەندن. بەڵكو خوداوەند لەگەڵمادا بێت، جا
دەریاندەكەم، هەروەك خوداوەند فەرمووی. ١٣ یەشوعیش پیرۆزیكرد
و خێبرۆنی بە میرات بە كالبی كوڕی یەفوننە دا. ١٤ بۆیە خێبرۆن
بوو بە میراتی كالبی كوڕی یەفوننەی قەنزی تا ئەمڕۆش، چونكە
بەتەواوی دوای خوداوەند خودای ئیسرائیل كەوت. ١٥ خێبرۆنیش
پێشتر ناوی قەریەت ئەربەع بوو، پیاوێكی گەورە بوو لەناو
عەناقییەكان. ئینجا خاكەكە لە جەنگ پشوویدا.

# ١٥

بەشی هۆزی نەوەی یەهوزا بە تیروپشك بەپێی خێڵەكانیان لە
سنووری ئەدومەوە بۆ چۆڵەوانی چین بەرەو باشوور، لەوپەڕی
باشوور بوو. ٢ هەروەها ئەوپەڕی دەریای خوێ لەو كەنداوەوە كە
ڕووەو باشوورە، بوو بە سنووری باشووریان و ٣ لەوێشەوە بۆ
باشووری عەقەبەی عەقرەبیم دەچوو و پەڕییەوە بۆ چین لە
باشووری قادش بەرنیعەوە سەركەوت و پەڕییەوە بۆ حەسرون و
سەركەوت بۆ ئادار بۆ قەرقەع و ٤ پەڕییەوە بۆ عەسمون و دەرچوو
بۆ دۆڵی میسر و كۆتاییەكانی سنوورەكە لە لای دەریا بوو. ئەمە
دەبێتە سنووری باشوورتان. ٥ سنووری خۆرهەڵاتیش لە دەریای
خوێوە تا كەنارەكانی ڕووباری ئوردون و سنووری لای باكووری
كەنداوی دەریاكە لەلای كەناری ڕووباری ئوردون و ٦ سنوورەكە
سەركەوت بۆ بێیت خەگلە و لە باكووری بێیت عەراڤا پەڕییەوە و
سنوورەكە سەركەوت بۆ بەردی بوهەنی كوڕی ڕەئوبین و
٧ سنوورەكە لە دۆڵی عەخورەوە سەركەوت بۆ دەبیر و بەرەو
باكوور بووەوە بۆ گەلگال كە بەرامبەر بە عەقەبەی ئەدۆمیمە كە لە
باشووری دۆڵەكەیە و ئینجا سنوورەكە پەڕییەوە بۆ ئاوەكانی عەین
شێمێش و كۆتاییەكانی لەلای عەین ڕوگێل بوو. ٨ ئینجا سنوورەكە
بە دۆڵی بن هەنوومدا سەركەوت بەلای یەبوسیدا كە ئۆرشەلیمە و
سنوورەكە سەركەوت بۆ سەر چیاكە كە بەرامبەر دۆڵی بن هەنومە
بەلای خۆرئاوا كە لە كەنار دۆڵی ڕەفائییەكانە لە باكوور و ٩ سنوورە
لەسەر چیاكەوە درێژبووەوە بۆ سەرچاوەی ئاوەكانی نەفتوح و
دەرچوو بۆ شارەكانی چیای عەفرون و سنوورەكە درێژبووەوە بۆ
بەعلە كە قەریەت یەعاریمە. ١٠ ئینجا سنوورەكە بەرەو خۆرئاوا
درێژبووەوە بۆ چیای سەعیر و پەڕییەوە بۆ لای چیای یعاریم لە
باكوور كە كەسالونە و دابەزییە بێیت شێمێش و پەڕییەوە بۆ تمنە.
١١ ئینجا سنوورەكە دەچوو بۆ لای عەقرون بەرەو باكوور و
سنوورەكە درێژبووەوە بۆ شەكرون و لە چیای بەعلە پەڕییەوە و
دەچوو بۆ ییبنئیل و كۆتاییەكانی سنوورەكە لەلای دەریا بوو.
١٢ سنووری خۆرئاواشیان دەریای گەورە بوو بە كەنارەكانیەوە،
ئەمە سنووری نەوەی یەهوزا بوو  بە چواردەوریدا بەپێی
خێڵەكانیان.
١٣ بە كالێبی كوڕی یەفوننەش بەشێكی دا لەناوەڕاستی نەوەی
یەهوزادا، بەپێی وشەی خوداوەند بۆ یەشوع، ئەویش قەریەت
ئەربەع ئەبی عەناق بوو كە خێبرۆنە. ١٤ كالێبیش هەر سێ نەوەی
عەناقی لەوێ دەركرد، شیشای و ئەخیمان و تەلمای كە كوڕەكانی
عەناق بوون. ١٥ لەوێشەوە سەركەوت بۆ دانیشتووانی دەبیر،
پێشتریش دەبیر ناوی قەریەت سفر بوو. ١٦ ئینجا كالێب وتی: ئەوەی
پەلاماری قەریەت سفر بدات و بیگرێت، عەكسەی كچمی دەدەمێ
ببێت بە ژنی. ١٧ جا عەسونیئیلی كوڕی قەنازی برای كالێب گرتی،
ئەویش عەكسەی كچی دایێ ببێت بە ژنی. ١٨ ئینجا لەكاتی هاتنی
بۆلای، هانیدا تا داوای پەرێزێك لەباوكی بكات، كاتێ لە گوێدرێژەكە
دابەزی، كالێب پێی وت: چیت بۆ بكەم ١٩ ئەویش پێی وت:
بەرەكەتێكم بدەرێ، لەبەرئەوەی زەوی باشوورت داومەتێ
سەرچاوەكانی ئاوم بدەرێ. كالێبیش كانییەكانی سەروو و كانییەكانی
خوارووی دایێ.
٢٠ ئەمە میراتی هۆزی یەهوزایە بەپێی خێڵەكانیان، ٢١ شارەكانی
هۆزی نەوەی یەهوزا كە لەكۆتایی باشوور بوون لەلای سنووری
ئەدۆم ئەمانە بوون، قەبسەئیل و عەیدەر و یاگور و ٢٢ قینە و دیمونە
و عەدعەدە و ٢٣ قادش و حاسور و یەسنان و ٢٤ زیف و تالەم و
بەعەلوت و ٢٥ حاسور و حەدەتە و قریوت و حەسرون كە حاسورە
و ٢٦ ئەمام و شەماع و مولادە و ٢٧ حەسەر گەدە و حەشمون و بێیت
فالت و ٢٨ حەسر شوعال و بئێر شابەع و بزیوتیە و ٢٩ بەعلە و عییم
و عاسەم و ٣٠ ئەلتولەد و كسیل و حورمە و ٣١ چیقلەگ و مەدمەنە و
سەنسەنە و ٣٢ لەباوت و شیلحیم و عەین و ڕیمۆن. هەموو شارەكان
بیست و نۆ بوون بە گوندەكانیانەوە.
٣٣ لە نشێوەكە، ئەشتائول و سەرعە و ئەشنە و ٣٤ زانوح و عەین
جەنیم و تەففوح و عەینام و ٣٥ یەرموت و عەدوللام و سوكوە و
عەزیقە و ٣٦ شەعرایم و عەدیتایم و گەدیرە و گەدیروتایم بوون.
چواردە شار بە گوندەكانیانەوە. ٣٧ سەنان و حەداشە و مەگدەلگاد و
٣٨ دیلعان و میسفات و یەقتئیل و ٣٩ لەخیش و بەسقە و عێگلۆن و
٤٠ كەبون و لەحمام و كتلیش و ٤١ گودەیروت و بێیت داگون و نعمە
و مەقیدە، شانزە شار بە گوندەكانیانەوە.
٤٢ لبنە و عاتەر و عاشان و ٤٣ یەفتاح و ئەشنە و نەسیب و ٤٤ قەعیلە
و ئەكزیب و مەریشە، نۆ شار بە گوندەكانیانەوە. ٤٥ عەقرون و
شارۆچكە و گوندەكانی و ٤٦ لە عەقرونەوە بەرەو خۆرئاوا هەموو
ئەوەی نزیك ئەشدود و گوندەكەیەتی، ٤٧ ئەشدود و شارۆچكە و
گوندەكانی و غەززە و شارۆچكە و گوندەكانی تا دۆڵی میسر و
دەریای گەورە و كەنارەكانی.
٤٨ لە چیاش، شامیر و یەتیر و سوكوە و ٤٩ دەنە و قەریەت سننە كە
دەبیرە و ٥٠ عەناب و ئەشتیموە و عانیم و ٥١ گوشەن و حولون و
جیلوە. یانزە شار بە گوندەكانیانەوە. ٥٢ ئەراب و دوومە و ئەشعان و
٥٣ یەنوم و بێیت تەفوح و ئەفیقە و ٥٤ حومتە و قەریەت ئەربەع كە
خێبرۆنە و سیعور، نۆ شار بە گوندەكانیانەوە.

٥٥ مەعون و کەرمەل و زیف و یوتە و ٥٦ یەزرەعیل و یەقدعام و
زانوح و ٥٧ قاین و گبعە و تەمنە، دە شار بە گوندەکانیانەوە.
٥٨ حەلحول و بێیت سوور و گەدور و ٥٩ مەعارە و بێیت عەنوت و
ئەلتەقون، شەش شار بە گوندەکانیانەوە. ٦٠ قەریەت بەعل قەریەت
یەعاریمە و ڕەببە، دوو شار بە گوندەکانیانەوە.
٦١ لە چۆڵەوانیش، بێیت عەراڤا و مددین و سکاکە و ٦٢ نبشان و
شاری خوێ و عەین گەددی، شەش شار بە گوندەکانیانەوە. ٦٣ بەڵام
نەوەی یەهوزا نەیتوانی یەبوسییەکانی دانیشتووی ئۆرشەلیم
دەرکەن، جا تا ئەمڕۆش یەبوسییەکان لە ئۆرشەلیمدا لەگەڵ نەوەی
یەهوزادا نیشتەجێن.

# ١٦

ئینجا تیروپشك بۆ نەوەی یوسف دەرچوو لە ڕوباری ئوردون لەلای
ئەریحا تا ئاوی ئەریحا بەرەو خۆرهەڵات تا ئەو چۆڵەوانییەی لە
ئەریحاوە سەردەکەوێت لە چیای بێیت ئیل، ٢ لە بێیت ئیلیشەوە
دەرچوو بۆ لوز و پەڕییەوە بۆ سنووری ئەرکێکان بۆ عەتارۆت و
٣ لەوێشەوە ڕووەو خۆرئاوا دابەزی بۆ سنووری یەفلەتییەکان و بۆ
سنووری بێیت حورنی خواروو و بۆ گازەر و کۆتاییەکانیشی لەلای
دەریا بوو، ٤ جا نەوەکانی یوسف مەنەسسا و ئەفرایم میراتی خۆیان
وەرگرت. ٥ سنووری نەوەی ئەفرایمیش بەپێی خێڵەکانیان بوو، جا
سنووری میراتەکەیان بەرەو خۆرهەڵات، عەتاروت ئەدار بۆ بێیت
حورنی سەروو و ٦ ئینجا سنوورەکە دەرچوو بەرەو دەریا بۆ
مەکمەتە ڕووەو باکوور و سنوورەکە بەلای خۆرهەڵاتدا سوڕایەوە
بۆ تانە شیلوە و لەلای خۆرهەڵاتی یەنوخەدا لێی پەڕییەوە و ٧ لە
یەنوخەوە دابەزی بۆ عەتاروت و نەعرات و گەیشتە ئەریحا و
دەرچوو بۆ ڕوباری ئوردون. ٨ ئینجا سنوورەکە تەفوحی ڕەتدا
بەرەو خۆرئاوا بۆ دۆڵی قانە و کۆتاییەکانیشی لەلای دەریا بوو.
ئەمە میراتی هۆزی نەوەی ئەفرایم بوو بەپێی خێڵەکانیان، ٩ لەگەڵ
ئەو شارانەی لەناو میراتی نەوەی مەنەسسادا بۆ نەوەی ئەفرایم
جیاکرابوونەوە، هەموو شار و گوندەکانی. ١٠ جا کەنعانییەکانی
دانیشتووانی گازەریان دەرنەکرد، ئیتر کەنعانییەکان تا ئەمڕۆش
لەگەڵ ئەفرایمدا نیشتەجێ بوون و وەك کۆیلە بێگاریان پێکردن.

# ١٧

ئینجا تیروپشك بۆ هۆزی مەنەسسا بوو، چونکە ئەو نۆبەرەی یوسف
بوو، بۆ ماکیری نۆبەرەی مەنەسسا و باوکی گلعاد، چونکە
جەنگاوەربوو، گلعاد و باشان بۆ ئەو بوون. ٢ بۆ کوڕەکانی تری
مەنەسساش بەپێی خێڵەکانیان بوو، بۆ نەوەی ئەبیعێزەر و بۆ نەوەی
حالەق و بۆ نەوەی ئەسریئیل و بۆ نەوەی شەکەم و بۆ نەوەی حافەر
و بۆ نەوەی شەمیداع بەپێی خێڵەکانیان بوو و ئەمانە نێرینەکانن
کوڕانی مەنەسسای کوڕی یوسف. ٣ بەڵام سەلوفحادی کوڕی
حافەری کوڕی گلعادی کوڕی ماکیری کوڕی مەنەسسا هیچ کوڕی
نەبوو، بەڵکو کچی هەبوو، ئەمەش ناوی کچەکانیەتی، مەحلە و
نوعە و حوجلە و میلکە و تیرچە. ٤ جا چوونە پێش بۆ لای
ئەلعازەری کاهین و یەشوعی کوڕی نون و سەرۆکەکان و وتیان:
خوداوەند فەرمانی بە موسا کرد کە لەناو براکانمان میراتمان
بدرێتێ. ئیتر بەپێی فەرمانی خوداوەند لەنێو براکانی باوکیان میراتی
پێدان. ٥ مەنەسسا دە بەشی کەوت، بێجگە لە زەوی گلعاد و باشان
کە لەوبەری ئوردونە، ٦ چونکە کچانی مەنەسسا لەگەڵ کوڕەکانی
میراتیان وەرگرت و زەوی گلعادیش بۆ ئەوانی تربوو لە نەوەی
مەنەسسا. ٧ سنووری مەنەسساش لە ئەشیرەوە بۆ مەکمەتە بوو کە
بەرامبەر بە شەکیمە و سنوورەکە بەلای ڕاستدا درێژبووەوە بۆ لای
دانیشتووانی عەین تەفوح. ٨ جا زەوی تەفوح بۆ مەنەسسا بوو، بەڵام
لە تەفوحەوە تا سنووری مەنەسسا بۆ نەوەی ئەفرایم بوو، ٩ ئینجا
سنوورەکە بۆ دۆڵی قانە دابەزی، بۆ باشووری دۆڵەکە. ئەمانە
شارەکانی ئەفرایم بوون لەناو شارەکانی مەنەسسا، سنووری
مەنەسساش لە باکووری دۆڵەکە بوو و کۆتاییەکانیشی لەلای دەریا
بوو. ١٠ لەلای باشوورەوە بۆ ئەفرایم بوو و لەلای باکووریشەوە بۆ
مەنەسسا بوو و دەریاش سنووری بوو و لەلای باکوورەوە گەیشتە
ئەشیر و لەلای خۆرهەڵاتیشەوە یەسساکر. ١١ جا لەناو یەسساکر و
ئەشیر ئەمانە بۆ مەنەسسا بوون، بێیت شان و شارۆچکەکانی و
یەبلەعام و شارۆچکەکانی و دانیشتووانی دور و شارۆچکەکانی و
دانیشتووانی عەین دور و شارۆچکەکانی و دانیشتووانی تەعنەك و
شارۆچکەکانی و دانیشتووانی میگدۆ و شارۆچکەکانی، هەر سێ
بەرزاییەکە. ١٢ بەڵام نەوەی مەنەسسا نەیانتوانی ئەو شارانە
داگیربکەن، بۆیە کەنعانییەکان سووربوون لەسەر نیشتەجێبوون لەو
خاکەدا. ١٣ جا کاتێ نەوەی ئیسرائیل بەهێزبوون بێگاریان بە
کەنعانییەکان کرد و بەتەواوی دەریان نەکردن.
١٤ ئینجا نەوەی یوسف لەگەڵ یەشوعدا دوان و وتیان: بۆچی یەك
میراتی یەك تیروپشك و یەك بەشت پێداوین، لەگەڵ ئەوەی ئێمە
گەلێکی زۆرین، چونکە تا ئێستاش خوداوەند هەر پیرۆزی
کردووین؟ ١٥ یەشوعیش پێی وتن: گەر ئێوە گەلێکی زۆرن،
سەرکەون بۆ دارستان لەوێ بۆ خۆتان لە زەوی فیرزییەکان و
ڕەفائییەکان ببڕنەوە، ئەگەر چیای ئەفرایم بەشتان ناکات. ١٦ نەوەی
یوسفیش وتیان: چیاکە بەشمان ناکات و هەموو کەنعانییەکانی
دانیشتووی دۆڵەکەش گالیسکەی ئاسنیان هەیە، ئەوانەی لە بێیت
شان و شارۆچکەکانی و ئەوانەی لە دۆڵی یەزرەعیل دان. ١٧ ئینجا
یەشوع بە ماڵی یوسف، بە ئەفرایم و مەنەسسای وت: ئێوە گەلێکی
زۆرن و هێزێکی گەورەتان هەیە، لەبەرئەوە تەنها یەك تیروپشکتان
نابێت، ١٨ بەڵکو چیاکە بۆ ئێوە دەبێت، چونکە دارستانیشی هەیە، جا
بیبڕنەوەوە تا کۆتاییەکەی بۆ ئێوە دەبێت، ئینجا کەنعانییەکان
دەردەکەن، هەرچەندە گالیسکەی ئاسنینیان هەبێت و بەهێزیش بن.

# ١٨

ئینجا هەموو کۆمەڵی نەوەی ئیسرائیل لە شیلوەدا کۆبوونەوە و
لەوێدا چادری ژووانیان هەڵدا، زەوییەکەش خرایە ژێر ڕکێفیانەوە.
٢ بەڵام حەوت هۆز لە نەوەی ئیسرائیل مابوونەوە کە هێشتا
میراتەکەی خۆیان دابەش نەکردبوو. ٣ جا یەشوع بە نەوەی
ئیسرائیلی وت: تاکەی خاو دەبن لە چوونە ژوورەوە بۆ داگیرکردنی
ئەو خاکەی کە خوداوەند خودای باوباپیرانتان پێیداون؟ ٤ لەهەر
هۆزێك سێ کەسم بۆ بهێنن، تا بیاننێرم و بچن و بە خاکەکەدا
بگەڕێن و بەگوێرەی میراتەکەیان ڕووپێو بکەن و پاشان بێن بۆلام
و ٥ با بۆ حەوت بەش دابەشی بکەن، جا یەهوزا لەسەر سنوورەکەی
خۆی لە باشوور جێگیر دەبێت و ماڵی یوسفیش لەسەر سنوورەکەیان
لە باکوور جێگیر دەبن. ٦ ئێوەش زەوییەکە بۆ حەوت بەش ڕووپێو
دەکەن و پاشان دێنەوە بۆ ئێرە و لێرە لەبەردەم خوداوەند خودامان
تیروپشکتان بۆ دەکەم. ٧ بەڵام لێڤییەکان لەناو ئێوەدا بەشییان نییە،
چونکە کاهینێتی خوداوەند میراتی ئەوانە و گاد و ڕەئوبین و نیوەی
هۆزی مەنەسساش میراتی خۆیان لەبەری خۆرهەڵاتی ئوردون
وەرگرت، ئەوەی کە موسای خزمەتکاری خوداوەند پێیدان.
٨ ئینجا پیاوەکان هەستان و ڕۆشتن و یەشوعیش فەرمانی بەوانە
کرد کە بۆ ڕووپێوی زەوییەکە دەچوون و وتی: بڕۆن و بە
زەوییەکەدا بگەڕێن و ڕووپێوی بکەن، پاشان وەرنەوە بۆلام و

منیش لێرە لەبەردەم خوداوەند لە شیلوە تیروپشکتان بۆ دەکەم. ٩ ئینجا
پیاوەکان ڕۆیشتن و بەناو زەوییەکەدا گەڕان و بەپێی شارەکان
کردیان بە حەوت بەش و لەپەرتووکێکدا ڕووپێوەکەیان نووسیەوە و
پاشان هاتنەوە بۆلای یەشوع بۆ ئۆردوگاکە لە شیلوە. ١٠ یەشوعیش
لە شیلوە لەبەردەم خوداوەند تیروپشکی بۆکردن و یەشوع لەوێ
زەوییەکەی بۆ نەوەی ئیسرائیل بەپێی بەشەکانیان بەشکرد.

١١ جا تیروپشك بۆ هۆزی نەوەی بنیامین بەپێی خێڵەکانیان دەرچوو
و سنووری تیروپشکەکەیان لەنێوان نەوەی یەهوزا و نەوەی یوسف
دەرچوو. ١٢ سنوورەکەیان لەلای باکوورەوە لە ڕووباری ئۆردونەوە
دەستی پێکرد و سنوورەکە سەرکەوت بۆ لای ئەریحا لەلای
باکوورەوە و بە چیاکەدا سەرکەوت بەرەو خۆرئاوا و کۆتاییەکانی
لەنزیك چۆڵەوانی بێیت ئاڤن بوو. ١٣ ئینجا سنوورەکە لەوێوە
پەڕییەوە بۆ لوز، بەلای باشووری لوزدا کە بێیت ئیلە و سنوورەکە
دابەزی بۆ عەتاروت ئەدار لەسەر چیاکەی باشووری بێیت حورنی
خواروو. ١٤ ئینجا سنوورەکە درێژبووەوە و سووڕایەوە بەلای
خۆرئاوای باشوور لەو چیایەی کە بەرامبەر بێیت حورونە لە
باشوور و کۆتاییەکانی لەلای قەریەت بەعل بوو کە قەریەت
یەعاریمە، شاریکی نەوەی یەهوزا بوو. ئەمە لای خۆرئاوا بوو .
١٥ لای باشووریش لەوپەڕی قەریەت یەعاریمەوە بوو و سنوورەکە
بەرەو خۆرئاوا دەرچوو بۆ سەرچاوەی ئاوەکانی نەفتوح و
١٦ سنوورەکە بۆ دامێنی چیاکەی بەرامبەر بە دۆڵی بن هەننوم کە لە
دۆڵی ڕەفائییەکانە لەلای باکوور دابەزی و لەوێشەوە دابەزی بۆ
دۆڵی بن هەننوم بەلای یەبووسییەکاندا لەلای باشوورەوە و ئینجا
دابەزی بۆ عەین ڕوگێل. ١٧ ئینجا لە باکوورەوە ڕووەو عەین
شێمێش درێژبووەوە و دەچوو بۆ گلیلۆت کە بەرامبەر بە عەقەبەت
ئەدۆمیمە و ئینجا دابەزی بۆ بەردی بوهەنی کوڕی ڕەئوبین و
١٨ پەڕییەوە بۆ شانەکەی بەرامبەر بە عەراڤایە بەلای باکووردا و
ئینجا دابەزی بۆ عەراڤا و ١٩ سنوورەکە پەڕییەوە بۆلای بێیت
حوگلە بەلای باکووردا و کۆتاییەکانی سنوورەکەش لەلای
کەنداوەکەی دەریای خوێ بوو لەلای باکوور و تا کەناری ئۆردون
بەلای باشووردا. ئەمەش سنووری باشوورە. ٢٠ سنووری لای
خۆرهەڵاتیش ئۆردون بوو. ئەمە میراتی نەوەی بنیامین بوو لەگەڵ
سنوورەکەی بەچواردەوریدا بەپێی خێڵەکانیان. ٢١ شارەکانی هۆزی
نەوەی بنیامینیش بەپێی خێڵەکانیان ئەمانە بوون، ئەریحا و بێیت
حوگلە و دۆڵی قچیچ و ٢٢ بێیت عەرەبە و چەمارایم و بێیت ئیل و
٢٣ عەوویم فارە و عەفرە و ٢٤ کفەر هاعەمونی و عوفنی و گەبەع،
شانزە شار بە شارۆچکەکانیانەوە. ٢٥ گبعۆن و ڕامە و بئێرۆت و
٢٦ میسفات و کەفیرە و موچە و ٢٧ ڕاقەم و یەرفەئیل و تەراڵە و
٢٨ چێلەع و ئالەف و یەبوسی کە ئۆرشەلیمە و گیبعە و قیریە،
چواردە شار بە شارۆچکەکانیانەوە. ئەمە میراتی نەوەی بنیامین بوو
بەپێی خێڵەکانیان.

# ١٩

تیروپشکی دووەمیش بۆ هۆزی شەمعون بەپێی خێڵەکانیان دەرچوو،
میراتەکەشیان لەناو میراتەکەی نەوەی یەهوزا بوو. ٢ جا لە
میراتەکەیان ئەمە بۆ ئەوان بوو، بئێر شێبەع و شێبەع و مولادە و
٣ خەچەر شوعال و بالە و عاسەم و ٤ ئەلتولەد و بەتول و حورمە و
٥ سیقلەغ و بێیت هامەرکەبۆت و خەچەر سوسە و ٦ بێیت لەباوت و
شاروحین. سیانزە شار بە شارۆچکەکانیانەوە. ٧ عەین و ڕەمون و
عاتەر و عاشان. چوار شار بە شارۆچکەکانیانەوە. ٨ هەروەها
هەموو ئەو شارۆچکانەی بەچواردەوری ئەم شارانە تا بەعلەی بئێر
ڕامەی باشوور. ئەمە میراتی هۆزی نەوەی شەمعون بوو بەپێی
خێڵەکانیان. ٩ میراتەکەی نەوەی شەمعون لە بەشەکەی نەوەی
یەهوزا بوو، چونکە بەشەکەی نەوەی یەهوزا زۆر بوو بۆیان، لەبەر
ئەوە نەوەی شەمعون لەناو میراتەکەی یەهوزا میراتیان بەرکەوت.

١٠ تیروپشکی سێیەمیش بۆ نەوەی زەبولون بەپێی خێڵەکانیان
دەرچوو و سنووری میراتەکەیان تا سارید بوو و ١١ سنوورەکەیان
بەرەو خۆرئاوا سەرکەوت بۆ مرعلە و گەیشتە دەباشە و گەیشتە
دۆڵەکەی بەرامبەر بە یەقنعام. ١٢ ئینجا لە ساریدەوە بەلای
خۆرهەڵات سووڕایەوە، ڕووەو خۆرهەڵات بەسەر سنووری
کیسلوت تابوور و دەچوو بۆ دەبەر و سەرکەوت بۆ یافیع.
١٣ لەوێشەوە بەرەو خۆرهەڵات پەڕییەوە، ڕووەو خۆرهەڵات بۆ
گەتتە حافەر، عیتتی قاچین و دەچوو بۆ ڕمۆن و درێژبووەوە بۆ
نیعە. ١٤ لەوێشەوە سنوورەکە بەلای باکووردا سووڕایەوە بۆ
خەناتون و کۆتاییەکانی لەلای دۆڵی یەفتەخئیل بوو. ١٥ بێجگە لە
قەتتە و نەهلال و شیمرون و یەدالە و بێیت لەحم. دوانزە شار بە
شارۆچکەکانیانەوە. ١٦ ئەمە میراتی نەوەی زەبولون بوو بەپێی
خێڵەکانیان، ئەم شارانە لەگەڵ شارۆچکەکانی.

١٧ تیروپشکی چوارەمیش بۆ یەسساکر دەرچوو، بۆ نەوەی یەسساکر
بەپێی خێڵەکانیان. ١٨ سنوورەکەشیان تا یەزرەعیل و کیسلوت و
شونەم و ١٩ حەفارایم و شیئون و ئەناحەرە و ٢٠ هاڕەبیت و قیشیۆن
و ئابەچ و ٢١ ڕەمەت و عەین جەنیم و عەین حەددە و بێیت پەچیچ
بوو، ٢٢ هەروەها سنوورەکە گەیشتە تابوور و شەخەچومە و بێیت
شێمێش و کۆتاییەکانی سنوورەکەیان لەلای ڕووباری ئۆردون بوو.
شانزە شار بە شارۆچکەکانیانەوە. ٢٣ ئەمە میراتی نەوەی یەسساکرە
بەپێی خێڵەکانیان، ئەم شارانە لەگەڵ شارۆچکەکانیان.

٢٤ تیروپشکی پێنجەمیش بۆ هۆزی نەوەی ئەشیر بەپێی خێڵەکانیان
دەرچوو، ٢٥ سنوورەکەشیان ئەمە بوو، حەلقە و حەلی و باتەن و
ئەکشاف و ٢٦ ئەلمێلیخ و عەمعاد و میشال و لەلای خۆرئاواشەوە
گەیشتە کەرمەل و شیحور لبنەت، ٢٧ ئینجا بەلای خۆرهەڵات
گەڕایەوە بۆ بێیت داجون و گەیشتە زەبولون و دۆڵی یەفتەخیل لە
باکووری بێیت عێمیق و نەعیئیل و ئینجا دەرچوو بۆ کابول بەلای
چەپدا و ٢٨ بۆ عەبرون و ڕەحوب و حەمون و قانە و تا سەیدونی
گەورە. ٢٩ ئینجا سنوورەکە گەڕایەوە بۆ ڕامە و بۆ شارە قەڵابەندەکە،
سوور، لەوێشەوە سنوورەکە گەڕایەوە بۆ خۆچە و کۆتاییەکانی
لەلای دەریا بوو لە ناوچەی ئەکزیب، ٣٠ عوممە و ئەفیق و ڕەحوب،
بیست و دوو شار بە شارۆچکەکانیانەوە. ٣١ ئەمە میراتی هۆزی
نەوەی ئەشیر بوو بەپێی خێڵەکانیان، ئەم شارانە لەگەڵ
شارۆچکەکەیان.

٣٢ تیروپشکی شەشەمیش بۆ نەوەی نەفتالی دەرچوو، بۆ نەوەی
نەفتالی بەپێی خێڵەکانیان، ٣٣ سنوورەکەشیان لە حالەفەوە لە
داربەڕووەکەوە بوو لەلای چەعەنەنیم و ئەدامی نێقێب و یەبنئیل و
تا لەقووم و کۆتاییەکانیشی لەلای ڕووباری ئۆردون بوو. ٣٤ ئینجا
سنوورەکە بەرەو خۆرئاوا گەڕایەوە بۆ ئەزنوت تابور و لەوێشەوە
دەرچوو بۆ حوقوق و گەیشتە زەبولون لەلای باشوورەوە و گەیشتە
ئەشیر لەلای خۆرئاواوە و لە خۆرهەڵاتیشەوە بۆ یەهوزای ڕووباری
ئۆردون. ٣٥ شارە قەڵابەندەکانیش، هاچیدیم و چیر و خەممەت و
ڕەققەت و کینارێت و ٣٦ ئەدامە و ڕامە و حاسوور و ٣٧ قادش و
ئیزرەعی و عەین حاسوور و ٣٨ یەرئاۆن و مەگدەل و ئیل و حوریم
و بێیت عەنات و بێیت شێمێش، نۆزدە شار بە شارۆچکەکانیانەوە،
٣٩ ئەمە میراتی هۆزی نەوەی نەفتالی بوو بەپێی خێڵەکانیان.
شارەکان لەگەڵ شارۆچکەکانیان.

٤٠ تیروپشکی حەوتەمیش بۆ هۆزی نەوەی دان بەپێی خێڵەکانیان
دەرچوو، ٤١ جا سنووری میراتەکەیان ئەمە بوو، سەرعە و
ئەشتائول و عیر شەمێش و ٤٢ شەعەلەبین و ئەیەلون و یەتلە و
٤٣ ئیلون و تیمنە و عەقرون و ٤٤ ئیلتەقیە و گیبتۆن و بەعلە و
٤٥ یهود و بەنی بیرەق و گەت ڕیمۆن و ٤٦ ئاوەکانی یەرقون و
ڕەقون لەگەڵ ئەو سنوورانەی بەرامبەر بە یافا بوو. ٤٧ ئینجا
سنوورەکەی نەوەی دان لەدەستیان دەرچوو، جا نەوەی دان

سەرکەوتن و دژی لەشەم جەنگان و گرتیان و دایانە بەر زەبری شمشێر و داگیریانکرد و تیایدا نیشتەجێ بوون، ئینجا لەشەمیان ناونا دان، لەسەر ناوی دانی باوکیان. ٤٨ ئەمە میراتی هۆزی نەوەی دانە بەپێی خێڵەکانیان. ئەم شارانە لەگەڵ شارۆچکەکانیان.

٤٩ پاش ئەوەی لە دابەشکردنی زەوییەکە بوونەوە بە پێی سنوورەکانی، نەوەی ئیسرائیل لەنێوان خۆیاندا میراتێکیان بە یەشوعی کوڕی نون دا. ٥٠ بەپێی وشەی خوداوەند، ئەو شارەیان پێیدا کە داوای کرد، تیمنەی سارەح لە چیای ئەفرایم، جا شارەکەی بنیادنا و تیایدا نیشتەجێ بوو. ٥١ ئەمە میراتەکانە کە ئەلیعازەری کاهین و یەشوعی کوڕی نون و سەرۆکەکانی باوانی هۆزەکانی نەوەی ئیسرائیل لە شیلوەدا لەبەردەم خوداوەند لەلای دەروازەی چادری ژووان بە تیروپشك دابەشیانکرد و ئینجا لە دابەشکردنی زەوییەکە بوونەوە.

# ٢٠

ئینجا خوداوەند لەگەڵ یەشوعدا دوا و فەرمووی: ٢ بە نەوەی ئیسرائیل بڵێ، شارانی پەناگە بۆ خۆتان دابنێن، هەروەك بەهۆی موساوە پێم فەرموون، ٣ تا ئەو بکوژەی بەبێ ئاگا و بەنەزانی لە یەکێکی داوە بۆ ئەوێ هەڵبێت، جا دەبێتە پەناگاتان لە دەست خوێنگر. ٤ با بۆ یەکێك لەو شارانە هەڵبێت و لە دەروازەی شارەکەدا بوەستێت و کێشەکەی بۆ پیرانی ئەو شارە بگێڕێتەوە و ئەوانیش لە شارەکەدا دەیگرنە خۆیان و شوێنێکی دەدەنێ، جا لەنێوانیاندا نیشتەجێ دەبێت. ٥ گەر هاتوو خوێنگرەکەش دوای کەوت، ئەوان بکوژەکە نادەنە دەستیەوە، چونکە بەنەزانی لە نزیکەکەی خۆی داوە و پێشتر ڕقی لێی نەبووەتەوە. ٦ ئیتر لەو شارە نیشتەجێ دەبێت، تا لەبەردەم کۆمەڵ بۆ دادوەری دەوەستێت، پاشان تا کاهینی مەزن کە لەو سەردەمەدایە دەمرێت، ئینجا بکوژ دەگەڕێتەوە و دێتەوە شارەکەی خۆی و ماڵەکەی خۆی، بۆ ئەو شارەی لێی هەڵاتبوو.

٧ جا قادشیان لە جەلیل لە چیای نەفتالی هەڵبژارد و شەکیمیش لە چیای ئەفرایم و قەریەت ئەربەع کە خێبرۆنە لە چیای یەهوزا، ٨ لەبەری خۆرهەڵاتی ڕووباری ئوردونیش لەلای ئەریحا، باسەر لە چۆڵەوانی لە دەشتاییەکەی هۆزی ڕەئوبین و ڕاموت لە گلعاد لە هۆزی گاد و جۆلان لە باشان لە هۆزی مەنەسسا. ٩ ئەمانە شارەکانی پەناگان بۆ هەموو نەوەی ئیسرائیل و ئەو غەریبەی لەنێوانیاندا دەژیت، تا ئەوەی بەبێ ئاگا لە یەکێکی داوە بۆ ئەوێ هەڵبێت، جا بەدەستی خوێنگر ناکوژرێت تا لەبەردەم کۆمەڵ نەوەستێت.

# ٢١

١ ئینجا سەرۆکەکانی باوانی لێڤییەکان لە ئەلیعازەری کاهین و یەشوعی کوڕی نون و سەرۆکەکانی باوانی هۆزەکانی نەوەی ئیسرائیل چوونە پێش و ٢ لە شیلوە لە خاکی کەنعاندا لەگەڵیاندا دوان و وتیان: خوداوەند بەهۆی موساوە فەرمانی کردووە کە چەند شارێکمان پێبدرێت بۆ نیشتەجێ بوون لەگەڵ لەوەڕگاکانیان بۆ ڕەشەوڵاخەکانمان. ٣ نەوەی ئیسرائیلیش بەپێی وشەی خوداوەند لە میراتەکەی خۆیان ئەم شارانە و لەوەڕگاکانیان بە لێڤییەکان دا، ٤ جا تیروپشك بۆ خێلەکانی قەهاتییەکان دەرچوو، نەوەی هاڕونی کاهین لە لێڤییەکان بە تیروپشك سیانزە شاریان بەرکەوت لە هۆزی یەهوزا و هۆزی شەمعون و هۆزی بنیامین.

٥ بۆ پاشماوەی نەوەی قەهاتیش دە شار بە تیروپشك لە خێڵەکانی هۆزی ئەفرایم و هۆزی دان و نیوەی هۆزی مەنەسسایان بەرکەوت.
٦ بۆ نەوەی گەرشونیش سیانزە شاریان بە تیروپشك بەرکەوت، لە خێڵەکانی هۆزی یەسساکر و هۆزی ئەشیر و هۆزی نەفتالی و نیوەی هۆزی مەنەسسا لە باشان.
٧ بۆ نەوەی مەراریش بەپێی خێڵەکانیان دوانزە شاریان بەرکەوت، لە هۆزی ڕەئوبین و گاد و زەبولون. ٨ جا نەوەی ئیسرائیل بە تیروپشك ئەم شارانە و لەوەڕگاکانیان بە لێڤییەکان دا، هەروەك خوداوەند بەهۆی موساوە فەرمانی کردبوو.
٩ لە هۆزی نەوەی یەهوزا و هۆزی نەوەی شەمعون ئەم شارانەیان دا کە ئەمانە ناویان بوون، ١٠ جا بۆ نەوەی هاڕون بوون لە خێڵەکانی قەهاتییەکان لە نەوەی لێڤی، چونکە تیروپشکی یەکەم بۆ ئەوان بوو، ١١ قەریەت ئەربەع ئەبی عەناق کە خێبرۆنە لە چیای یەهوزا لەگەڵ لەوەڕگاکانی دەوروبەری، ١٢ بەڵام کێڵگەکەی شارەکە و دەوروبەرەکەیان بە کالێبی کوڕی یەفوننە دا وەك بەشی خۆی.
١٣ بە نەوەی هاڕونی کاهین خێبرۆن و لەوەڕگاکەیان دا کە شارێکی پەناگەی بکوژ بوو، لەگەڵ لبنە و لەوەڕگاکەی و ١٤ یەتیر و لەوەڕگاکەی و ئێشتموع و لەوەڕگاکەی و ١٥ حولون و لەوەڕگاکەی و دەبیر و لەوەڕگاکەی و ١٦ عەین و لەوەڕگاکەی و یەتتە و لەوەڕگاکەی و بێیت شێمێش و لەوەڕگاکەی، نۆ شار لەم دوو هۆزە.
١٧ لە هۆزی بنیامینیش گبعۆن و لەوەڕگاکەی و گبعە و لەوەڕگاکەی و ١٨ عەناتوت و لەوەڕگاکەی و عەلمون و لەوەڕگاکەی، چوار شار.
١٩ هەموو شارەکانی نەوەی هاڕون کە کاهینەکانن، سیانزە شار بوون بە لەوەڕگاکانیانەوە.
٢٠ بەڵام خێڵەکانی تری نەوەی قەهات، پاشماوەی لێڤییەکان لە نەوەی قەهات، شارەکانی تیروپشکەکەیان کە لە هۆزی ئەفرایمەوە ٢١ پێیاندرا، شەکیم و لەوەڕگاکەی لە چیای ئەفرایم شارێکی پەناگەی بکوژ بوو لەگەڵ گازەر و لەوەڕگاکەی و ٢٢ قیبچایم و لەوەڕگاکەی و بێیت حورون و لەوەڕگاکەی، چوار شار.
٢٣ لە هۆزی دانیش، ئێلتێقا و لەوەڕگاکەی و گبتۆن و لەوەڕگاکەی و ٢٤ ئەیەلۆن و لەوەڕگاکەی و گەت ڕمۆن و لەوەڕگاکەی، چوار شار.
٢٥ لە نیوەی هۆزی مەنەسساش، تەعنەك و لەوەڕگاکەی و گەت ڕمۆن و لەوەڕگاکەی، دوو شار. ٢٦ هەموو شارەکان دە بوون بە لەوەڕگاکانیانەوە بۆ پاشماوەی خێڵەکانی نەوەی قەهات بوون.
٢٧ بۆ نەوەی گەرشونیش لە خێڵەکانی لێڤییەکان، شارێکی پەناگەی بکوژیان پێی دا لە نیوەی هۆزی مەنەسساوە کە جۆلان و لەوەڕگاکەی بوون لە باشان، لەگەڵ بەعشتەرە و لەوەڕگاکەی، دوو شار.
٢٨ لە نەوەی یەسساکریش، قیشون و لەوەڕگاکەی و دەبرەت و لەوەڕگاکەی و ٢٩ یەرمۆت و لەوەڕگاکەی و عەین جەنیم و لەوەڕگاکەی، چوار شار.
٣٠ لە نەوەی ئەشیریش، میشال و لەوەڕگاکەی و عەبدون و لەوەڕگاکەی و ٣١ حەلقە و لەوەڕگاکەی و ڕەحوب و لەوەڕگاکەی، چوار شار.
٣٢ لە هۆزی نەفتالیش، قادشی شاری پەناگای بکوژ لە جەلیل بە لەوەڕگاکەیەوە و حەمموت دور و لەوەڕگاکەی و قرتان و لەوەڕگاکەی، سێ شار. ٣٣ هەموو شارەکانی گەرشونییەکان بەپێی خێڵەکانیان، سیانزە شار و لەوەڕگاکانیان بوو.
٣٤ بۆ خێڵەکانی نەوەی مەراریش لە پاشماوەی لێڤییەکان، لە هۆزی زەبولون، یەقنەعام و لەوەڕگاکەی و قرتا و لەوەڕگاکەی و ٣٥ دمنە و لەوەڕگاکەی و نەهەلال و لەوەڕگاکەی، چوار شار. ٣٦ لە هۆزی ڕەئوبینیش، باسەر و لەوەڕگاکەی و یەهسە و لەوەڕگاکەی و ٣٧ قەدیمۆت و لەوەڕگاکەی و میفعە و لەوەڕگاکەی، چوار شار.
٣٨ لە هۆزی گادیش، ڕاموتی شاری پەناگەی بکوژ لە گلعاد بە لەوەڕگاکەیەوە و مەحنایم و لەوەڕگاکەی و ٣٩ حەشبون و لەوەڕگاکەی و یەعزیر و لەوەڕگاکەی، هەموو شارەکان چوار

بوون. ٤٠ جا هەموو ئەو شارانەی بۆ نەوەی مەراری بوون بەپێی
خێڵەکانیان، ئەوانەی لە خێڵەکانی لێڤییەکان مابوونەوە،
تیروپشکەکەشیان دوانزە شار بوو. ٤١ هەموو شارەکانی لێڤییەکان
لەناو ئەو شارانەی نەوەی ئیسڕائیل داگیریان کردبوو، چل و هەشت
شار بوون بە لەوەڕگاکانییانەوە. ٤٢ ئەم شارانەش شار بە شار بوون
و لەوەڕگاکانیشیان بەچواردەوریاندا، هەموو ئەم شارانە وابوون.
٤٣ جا خوداوەند هەموو ئەو زەوییەی بە نەوەی ئیسڕائیل دا کە
سوێندی خواردبوو بە باوباپیرانیانی بدات، ئەوانیش داگیریانکرد و
تیایدا نیشتەجێ بوون. ٤٤ هەروەها خوداوەند لە دەوروبەرەکەیان
ئاسوودەی کردن بەپێی ئەو سوێندەی بۆ باوباپیرانیانی خوارد و
تەنها پیاوێکیش لە هەموو دوژمنەکانیان بەرامبەریان نەوەستا، بەڵکو
خوداوەند هەموو دوژمنەکانیانی بەدەستیانەوە دا. ٤٥ هیچ وشەیەك لە
هەموو ئەو وشە چاکانەی خوداوەند بە ماڵی ئیسڕائیلی فەرموو بوو
نەکەوت، بەڵکو هەمووی هاتەدی.

# ٢٢

١ ئینجا یەشوع ڕەئوبینییەکان و گادییەکان و نیوەی هۆزی
مەنەسسای بانگ کرد و ٢ پێی وتن: ئێوە هەموو ئەو شتانەی کە
موسای خزمەتکاری خوداوەند فەرمانی پێ کردبوون پاراستتان و لە
هەموو ئەو شتانەش کە فەرمانم پێ کردن بە قسەتان کردم و ٣ بە
درێژایی ئەو ڕۆژانە و تا ئەمڕۆش براکانی خۆتان بەجێ نەهێشت
و وەك پێویست فەرمانی خوداوەند خودای خۆتان پاراست. ٤ ئێستاش
کە خوداوەند خوداتان براکانتانی ئاسوودە کرد، هەروەك بەڵێنی
پێدابوون، ئێستا بگەڕێنەوە و بڕۆن بۆ لای چادرەکانتان بۆ ئەو
خاکەی میراتتانە، ئەوەی کە موسای خزمەتکاری خوداوەند
لەوبەری ئوردون پێیدان. ٥ تەنها زۆر ئاگاداربن بۆ کارکردن بەو
فەرمان و فێرکردنانەی کە موسای خزمەتکاری خوداوەند فەرمانی
پێکردن، کە خوداوەند خودای خۆتان خۆش بوێت و هەموو
ڕێگاکانی بگرنەبەر و فەرمانەکانی بپارێزن و پێیەوە بنوسێن و بە
هەموو دڵ و گیانتانەوە خزمەتی بکەن. ٦ ئینجا یەشوع پیرۆزیکردن
و ناردیانیەوە و ئەوانیش بەرەو چادرەکانی خۆیان ڕۆیشتن.
٧ بە نیوەی هۆزی مەنەسسا موسا لە باشان پێدان و بە نیوەکەی
تریش یەشوع لەگەڵ براکانیان لەبەری خۆرئاوای ئوردون پێدان.
هەروەها کە یەشوع ئەوانیشی ناردەوە بۆ لای چادرەکانیان
پیرۆزیکردن و ٨ پێی وتن: بە سامانێکی زۆرەوە بگەڕێنەوە بۆ
چادرەکانتان و بە مەڕوماڵگایەکی زۆر و بە زیو و زێڕ و مس و
ئاسن و جلوبەرگێکی زۆرەوە، دەسکەوتی دوژمنەکانتان لەگەڵ
براکانتان بەش بکەن.
٩ ئینجا نەوەی ڕەئوبین و نەوەی گاد و نیوە هۆزەکەی مەنەسسا
گەڕانەوە، نەوەی ئیسڕائیلیان لە شیلوە لە خاکی کەنعاندا بەجێهێشت
بۆئەوەی بۆ خاکی گلعاد بۆ ئەو خاکەی میراتیانە بڕۆن، ئەوەی
داگیریان کردبوو بەپێی وشەی خوداوەند بەهۆی موساوە. ١٠ جا
هاتن بۆ دەوروبەری ڕوباری ئوردون لەناو خاکی کەنعاندا، ئینجا
نەوەی ڕەئوبین و نەوەی گاد و نیوە هۆزەکەی مەنەسسا لەوێ لە
سەر ڕوباری ئوردون قوربانگایەکی گەورەی بەدیمەنیان بنیادنا.
١١ جا نەوەی ئیسڕائیل بیستیان، ئەوەتا نەوەی ڕەئوبین و نەوەی گاد
و نیوە هۆزی مەنەسسا قوربانگایەکیان بەرامبەر خاکی کەنعان لە
دەوروبەری ڕوباری ئوردون بەرامبەر بە نەوەی ئیسڕائیل
بنیادناوە. ١٢ جا کە نەوەی ئیسڕائیل ئەمەی بیستەوە، هەموو کۆمەڵی
نەوەی ئیسڕائیل لە شیلوەدا کۆبوونەوە تا بۆ جەنگ بۆیان
سەرکەون.
١٣ ئینجا نەوەی ئیسڕائیل بۆ نەوەی ڕەئوبین و نەوەی گاد و نیوە
هۆزەکەی مەنەسسا لە خاکی گلعاد، پینخاسی کوڕی ئەلیعازەری
کاهین و ١٤ دە سەرۆکیان لەگەڵیدا نارد، سەرۆکێك لە هەر ماڵە
باوانێك لە هەموو هۆزەکانی ئیسڕائیلدا، هەریەکەیان سەرۆکی
ماڵەباوانیان بوو لە تیرەکانی ئیسڕائیلدا. ١٥ جا هاتنە لای نەوەی
ڕەئوبین و نەوەی گاد و نیوە هۆزی مەنەسسا بۆ خاکی گلعاد و پێیان
وتن: ١٦ هەموو کۆمەڵی خوداوەند وا دەڵێن، ئەم ناپاکییە چییە کە
دەرهەق بە خودای ئیسڕائیل کردتان، بەوەی کە ئەمڕۆ لە خوداوەند
هەڵگەڕاونەتەوە بە بنیادنانی قوربانگایەك بۆ خۆتان تا لە خوداوەند
یاخی بن؟ ١٧ ئایا تاوانەکەی پەعور کەمە بۆمان، ئەوەی تا ئەمڕۆش
لێی پاك نەبووینەتەوە و بووە هۆی دەرد لەناو کۆمەڵی خوداوەنددا،
١٨ هەتا ئەمڕۆ ئێوەش لە خوداوەند هەڵگەڕێنەوە؟ جا وا دەبێت، ئێوە
ئەمڕۆ لە خوداوەند یاخی دەبن، ئەویش سبەینێ لە هەموو کۆمەڵی
ئیسڕائیل تووڕە دەبێت. ١٩ بەڵام ئەگەر زەوییەکەی میراتتان گڵاوە،
بۆ زەوییەکەی میراتی خوداوەند بپەڕنەوە کە نشینگەی خوداوەندی
تێدایە و لەناو ئێمەدا میرات وەرگرن و لە خوداوەند یاخی مەبن و لە
ئێمەش یاخی مەبن بە بنیادنانی قوربانگایەك بۆ خۆتان جیا لە
قوربانگاکەی خوداوەند خودامان. ٢٠ ئایا کە عەخانی کوڕی زارەح
ناپاکی کرد لە قەدەغەکراوەکە، تووڕەیی خوداوەند بەسەر هەموو
کۆمەڵی ئیسڕائیلدا نەبوو؟ بەهۆی تاوانەکەیەوە تەنها خۆی
لەناونەچوو.
٢١ ئینجا نەوەی ڕەئوبین و نەوەی گاد و نیوە هۆزەکەی مەنەسسا
وەڵامیان دایەوە و بە سەرۆك تیرەکانی ئیسڕائیلیان وت: ٢٢ خودای
خوداکان خوداوەندە! خودای خوداکان خوداوەندە! ئەو دەزانێت و با
ئیسڕائیلیش بزانێت، گەر بە یاخبوون و بە ناپاکی لە خوداوەندەوە
کراوە، با ئەمڕۆ ڕزگارمان نەکات. ٢٣ گەر ئێمە ئەو قوربانگایەمان
بۆ خۆمان بە مەبەستی هەڵگەڕانەوە لە خوداوەند یان سەرخستنی
قوربانی سووتاندن و یان قوربانی خۆراك و یان بۆ کردنی قوربانی
ئاشتی لەسەری بنیادناوە، ئەوا با خوداوەند خۆی سزامان بدات.
٢٤ هەروەها ئەگەر ئێمە ئەمەمان لە ترسا و بە هۆیەکەوە نەکردبێت
و وتمان، سبەینێ نەوەکانتان بە نەوەکانمان دەڵێن، ئێوە چ
پەیوەندییەکتان بە خوداوەند خودای ئیسڕائیلەوە هەیە؟ ٢٥ خوداوەند
ڕوباری ئوردونی کردۆتە سنووری نێوان ئێمە و ئێوە ئەی نەوەی
ڕەئوبین و نەوەی گاد! ئێوە هیچ بەشێکتان لە خوداوەندا نییە. جا
نەوەکانتان نەوەکانمان هەڵدەگەڕێننەوە تا لە خوداوەند نەترسن.
٢٦ لەبەرئەوە وتمان، ئێمە بۆ خۆمان دروستی دەکەین، قوربانگایەك
بنیاددەنێین بەڵام بۆ قوربانی سووتاندن و قوربانی سەربڕاو نا،
٢٧ بەڵکو ئەو ببێتە شایەت لەنێوان ئێمە و ئێوە و نەوەکانماندا لە پاش
خۆمان، تا خزمەتەکەی خوداوەند لەبەردەم خۆی جێبەجێ بکەین بە
قوربانییە سووتاوەکانمان و سەربڕاوەکانمان و قوربانییەکانی
ئاشتیمان و سبەینێ نەوەکانتان بە نەوەکانمان نەڵێن، ئێوە بەشتان لە
خوداوەندا نییە. ٢٨ هەروەها وتمان، کە سبەینێ ئەمە بە خۆمان و
نەوەکانمان دەڵێن، ئێمەش دەڵێین، بڕوانن هاوشێوەی قوربانگای
خوداوەند کە باوباپیرانمان کردوویانە، بەڵام بۆ قوربانی سووتان و
قوربانی سەربڕاو نییە، بەڵکو ئەو شایەتە لەنێوان ئێمە و ئێوە.
٢٩ ئەوە لە ئێمە بەدوور بێت، کە لە خوداوەند یاخی بین و ئەمڕۆ لە
خوداوەند هەڵگەڕێینەوە بۆ بنیادنانی قوربانگایەك بۆ قوربانی
سووتاندن و یان قوربانی خۆراك یان سەربڕاو، بێجگە لە
قوربانگای خوداوەند خودامان ئەوەی لەبەردەم نشینگەکەیەتی.
٣٠ جا پینخاسی کاهین و سەرۆکەکانی کۆمەڵ و سەرۆك تیرەکانی
ئیسڕائیل ئەوانەی لەگەڵیدا بوون، گوێیان لە قسەکانی نەوەی
ڕەئوبین و نەوەی گاد و نیوە هۆزەکەی مەنەسسا بوو، قسەکانیان
پەسەندکردن، ٣١ ئینجا پینخاسی کوڕی ئەلیعازەری کاهین بە نەوەی
ڕەئوبین و نەوەی گاد و نەوەی مەنەسسای وت: ئەمڕۆ زانیمان کە
خوداوەند لە نێوانماندایە، چونکە ئەم ناپاکییەتان لە خوداوەند
نەکردووە، ئێستا ئێوە نەوەی ئیسڕائیلتان لە دەست خوداوەند دەرباز
کردووە. ٣٢ ئینجا پینخاسی کوڕی ئەلیعازەری کاهین و سەرۆکەکان
لەلای نەوەی ڕەئوبین و نەوەی گادەوە لە خاکی گلعادەوە بۆلای

نەوەی ئیسڕائیل لە خاکی کەنعاندا گەڕانەوە و هەواڵیان پێدان. ٣٣ جا
لەلای نەوەی ئیسڕائیلیش چاکبوو و خودایان پیرۆزکرد و بیریان
لەوە نەکردەوە کە سەرکەون بۆیان بۆ جەنگ و بۆ تێکدانی ئەو
زەوییەی کە نەوەی ڕەئوبین و نەوەی گاد تیایدا نیشتەجێن. ٣٤ ئینجا
نەوەی ڕەئوبین و نەوەی گاد ناویان لە قوربانگاکە نا:
شایەتە لەنێوانمان کە خوداوەند خوایە.

# ٢٣

١ پاش بەسەرچوونی ڕۆژانێکی زۆر لەدوای ئەوەی خوداوەند
ئیسڕائیلی لە دوژمنەکانی دەوروبەریان ئاسوودە کرد، یەشوع پیر
بوو و چووە ساڵەوە، ٢ جا یەشوع هەموو ئیسڕائیل و پیران و
سەرۆکەکانی و دادوەرەکانی و بەڕێوەبەرەکانی بانگکرد و پێی وتن:
ئەوا من پیربووم، بەساڵاچووم و ٣ ئێوەش هەموو ئەوەتان بینی کە
خوداوەند خوداتان لەبەر ئێوە بە هەموو ئەو میللەتانەی کرد. چونکە
خوداوەند خوداتان لەجیاتی ئێوە دەجەنگێت. ٤ ببینن، من ئەو
میللەتانەی کە ماونەتەوە بە تیروپشك بۆم دابەش کردوون بە میرات
بەپێی هۆزەکانتان، لە ئوردونەوە و هەموو ئەو میللەتانەی قڕمکردن
و تا دەریای گەورە بەرەو خۆرئاوا. ٥ خوداوەند خوداتان خۆی
لەبەردەمتان ڕایان دەماڵێت و لەپێشتان دەریان دەکات و ئێوەش
خاکەکەیان داگیردەکەن هەروەك خوداوەند خوداتان بەڵێنی پێدان.
٦ جا زۆر بەهێزبن بۆ پاراستن و کارکردن بە هەموو ئەوەی لە
پەرتووکی فێرکردنەکانی موسادا نووسراوە، هەتا نە بەلای ڕاست
و نە بەلای چەپ لێی لانەدەن و ٧ هەتا نەچنە ناو ئەو میللەتانەوە،
ئەوانەی لەگەڵتان ماونەتەوە و ناوی خوداکانیان مەهێنن و سوێندیان
پێ مەخۆن خزمەتیان مەکەن و کڕنۆشیان بۆ مەبەن. ٨ بەڵکو بە
خوداوەند خوداتانەوە بنووسێن هەروەك تا ئەمڕۆ کردووتانە.
٩ خوداوەند میللەتانی گەورە و بەهێزی لەبەردەمتان دەرکردووە و تا
ئەمڕۆش کەس لەبەردەمتاندا خۆی ڕانەگرتووە. ١٠ یەك پیاو لە ئێوە
هەزار کەس ڕادەماڵێت، چونکە خوداوەند خوداتان لەجیاتی ئێوە
دەجەنگێت هەروەك بەڵێنی پێدان. ١١ جا زۆر ئاگاداری خۆتان بن
کە خوداوەند خودای خۆتان خۆش بوێت، ١٢ چونکە ئەگەر گەڕانەوە
و بە پاشماوەی ئەو میللەتانەوە نووسان، ئەوانەی لەگەڵتان ماونەتەوە
و ژن و ژنخوازیتان لەگەڵدا کردن و چوونە ناویانەوە و ئەوانیش
هاتنە ناوتانەوە، ١٣ ئەوا باش بزانن کە ئیتر خوداوەند خوداتان ئەو
میللەتانە لەبەردەمتان دەرناکات، جا دەبنە داو و تەڵە بۆتان و قامچی
لەسەر پشتتان و دڕك لەناو چاوتان تا لەسەر ئەو زەوییە چاکە
لەناودەچن کە خوداوەند خوداتان پێیداون. ١٤ ئەوەتا منیش ئەمڕۆ
وەك هەموو دانیشتووانی زەوی کۆچی دوایی دەکەم، ئێوەش بە
هەموو دڵ و بە هەموو دەروونتانەوە دەزانن کە تەنیا یەك وشە
نەکەوتووە لە هەموو ئەو وشە چاکانەی خوداوەند دەربارەی ئێوە
فەرمووبووی، هەمووی بۆتان هاتە دی، یەك وشەی لێ نەکەوت.
١٥ ئاوهاش دەبێت، هەروەك چۆن هەموو ئەو وشە چاکانەی
خوداوەند خوداتان دەربارەی ئێوە بەڵێنی پێدابوو بەسەرتان هات،
بەهەمان شێوە خوداوەند هەموو شتە خراپەکانتان بەسەردا دەهێنێت،
هەتا لەسەر ئەم زەوییە چاکەی خوداوەند خوداتان پێیداون لەناوتان
دەبات. ١٦ کاتێ پەیمانەکەی خوداوەند خوداتان دەشکێنن کە فەرمانی
پێکردن و دەڕۆن و خودای تر خزمەت دەکەن و کڕنۆشی بۆ
دەبەن، تووڕەیی خوداوەند بەسەرتاندا دەجۆشێت و بە زوویی لەسەر
ئەو زەوییە چاکە لەناودەچن کە پێی داون.

# ٢٤

١ ئینجا یەشوع هەموو هۆزەکانی ئیسڕائیلی لە شەکیمدا کۆکردەوە و
پیرانی ئیسڕائیل و سەرۆکەکانی و دادوەرەکانی و بەڕێوەبەرەکانی
بانگکرد و ئەوانیش لەبەردەم خوداوەنددا وەستان و ٢ یەشوع بە
هەموو گەلی وت: خوداوەند خودای ئیسڕائیل وای فەرمووە، لە
کۆنەوە باوباپیرانتان لەوبەری ڕووباری فوراتەوە نیشتەجێ بوون،
تارحی باوکی ئیبراهیم و باوکی ناحور خزمەتی خودای تریان
دەکرد. ٣ بەڵام من ئیبراهیمی باوکتانم لەوبەری ڕووبارەکەوە برد و
بەناو هەموو زەوی کەنعاندا گێڕام و نەوەکانیم زۆرکرد و ئیسحاقم
پێدا و ٤ بە ئیسحاقیش یاقوب و عیسوم دا و بە عیسۆ چیای سەعیرم
دا تا داگیری بکات، بەڵام یاقوب و کوڕەکانی دابەزین بۆ میسر.
٥ ئینجا موسا و هارونم نارد و لە میسرم دا بەگوێرەی هەموو ئەوەی
لەناویدا کردم و ئینجا ئێوەم دەرهێنا، ٦ جا باوباپیرانتانم لە میسر
دەرهێنا و چوونە ناو دەریاوە و میسرییەکانیش بە گالیسکە و
ئەسپەوە بۆ ناو دەریای سوف دوای باوباپیرانتان کەوتن. ٧ جا کە
هاواریان بۆ خوداوەند کرد، ئەویش تاریکاییەکی خستە نێوان ئێوە و
میسرییەکانەوە و دەریاکەی بەسەریاندا هێنایەوە و دایپۆشین. ئێوە بە
چاوی خۆتان بینیتان من لە میسردا چیم کرد. پاشان ئێوە لە
چۆڵەوانیدا ڕۆژانێکی زۆر مانەوە. ٨ ئینجا ئێوەم هێنایە ناو خاکی
ئەمورییەکان، ئەوانەی لەوبەری ڕوباری ئوردوندا نیشتەجێ بوون
و دژتان جەنگان و منیش ئەوانم دایە دەستتانەوە و خاکەکەیانتان
داگیرکرد و لەبەردەمتان بنبڕم کردن. ٩ ئینجا بالاقی کوڕی سیفوری
پاشای مۆئاب هەستا و دژی ئیسڕائیل جەنگا و بەلعامی کوڕی
بعۆری بانگکرد بۆئەوەی نەفرەتتان لێ بکات، ١٠ بەڵام من نەمویست
گوێ لە بەلعام بگرم، جا ئەویش پیرۆزی کردن و بەو شێوەیە لە
دەستی دەربازم کردن. ١١ ئینجا لە ڕوباری ئوردون پەڕینەوە و هاتن
بۆ ئەریحا و خەڵکی ئەریحاش، ئەمورییەکان و فیرزییەکان و
کەنعانییەکان و حسییەکان و گرگاشییەکان و حوویەکان و
یەبوسییەکان دژتان جەنگان و منیش ئەوانم دایەدەستتان و
١٢ زەردەواڵەکانم[ث] ✚ لەپێشتانەوە نارد و هەردوو پاشای
ئەمورییەکانم لەبەردەمتان دەرکرد، نە بە شمشێرەکەت و نە بە
کەوانەکەت. ١٣ ئینجا زەوییەکم پێدان کە پێوەی ماندوو نەبوونە و
شارانێك کە بنیادتان نەناوە و تیایدا نیشتەجێن و ڕەزەترێ و
زەیتونێکیش کە نەتانچاندووە و دەیخۆن. ١٤ ئێستاش لە خوداوەند
بترسن و بە تەواوی و دڵسۆزییەوە خزمەتی بکەن و ئەو خودایانەش
لەخۆتان دابماڵن کە باوباپیرانتان لەوبەری ڕوباری فوراتەوە لە
میسر خزمەتیان دەکردن و خزمەتی خوداوەند بکەن. ١٥ بەڵام گەر
بەلاتانەوە خراپە خزمەتی خوداوەند بکەن، ئەوا ئەمڕۆ بۆ خۆتان
هەڵبژێرن خزمەتی کێ دەکەن، ئەگەر ئەو خودایانە بن کە
باوباپیرانتان لەوبەری ڕووباری فوراتەوە خزمەتیان دەکردن یان
خوداکانی ئەمورییەکان ئەوانەی ئێوە لەناو خاکەکەیاندا نیشتەجێن.
بەڵام من و ماڵەکەم خزمەتی خوداوەند دەکەین.
١٦ جا گەل وەڵامیان دایەوە و وتیان: لە ئێمە بەدوور بێت واز لە
خوداوەند بهێنین و خزمەتی خودایانی تر بکەین. ١٧ چونکە خوداوەند
خودامان ئێمە و باوباپیرانمانی لە خاکی میسر، لە ماڵی کۆیلایەتییەوە
هێنایە دەرەوە، کە ئەو هەموو نیشانە گەورانەی لەبەرچاوماندا کرد
و لە هەموو ئەو ڕێگایەی پیایدا ڕۆیشتین و بەناو ئەو هەموو
گەلانەی بەناویاندا تێپەڕبووین پارێزگاری لێکردین. ١٨ هەروەها
خوداوەند هەموو ئەو گەلانە و ئەمورییەکانی نیشتەجێی خاکەکەی
لەبەردەمماندا دەرکرد، بۆیە ئێمەش خزمەتی خوداوەند دەکەین،
چونکە ئەو خودامانە.

---

[ث] ٢٤ : ١٢ نیشانەیە بۆ ترسی خودا بەسەر ئەمورییەکانەوە.

١٩ یەشوعیش بە گەلی وت: ناتوانن خزمەتی خوداوەند بکەین،
چونکە ئەو خودایەکی پاك و پیرۆز و خودایەکی بەئیرەییە، لە
یاخیبوون و گوناهەکانتان خۆش نابێت. ٢٠ ئەگەر واز لە خوداوەند
بهێنن و خزمەتی خودایانی نامۆ بکەن، ئەوا دەگەڕێتەوە و خراپتان
بەسەردا دەهێنێت و کۆتایتان پێدەهێنێت پاش ئەوەی چاکەی
لەگەڵتاندا کرد. ٢١ گەلیش بە یەشوعیان وت: نەخێر بەڵکو خوداوەند
دەپەرستین. ٢٢ یەشوعیش پێی وتن: ئێوە شایەتن لەسەر خۆتان، کە
ئێوە خوداوەندتان بۆ خۆتان هەڵبژاردووە تا خزمەتی بکەن. ئەوانیش
وتیان: ئێمە شایەتین. ٢٣ جا ئێستا ئەو خودا نامۆیانەی لەناوتاندان
داماڵن و دڵتان بەلای خوداوەند خودای ئیسرائیلدا بابدەنەوە.
٢٤ گەلیش بە یەشوعیان وت: خوداوەند خودامان خزمەت دەکەین و
گوێ لە دەنگی ئەو دەگرین. ٢٥ ئینجا یەشوع لەو ڕۆژەدا پەیمانێکی
لەگەڵ گەلدا بەست و لەشەکیمدا فەرز و حوکمی بۆ دانان و
٢٦ یەشوع ئەم وشانەی لە پەرتووکی فێرکردنەکانی خودادا نووسی
و بەردێکی گەورەی هێنا و لەژێر داربەڕووەکەدا چەقاندی کە لەلای
پیرۆزگاکەی خوداوەندە.

٢٧ ئینجا یەشوع بە هەموو گەلی وت: ئەم بەردە دەبێتە شایەت
بەسەرمانەوە، چونکە گوێی لە هەموو وشەکانی خوداوەند بوو کە
پێی فەرمووین، جا دەبێتە شایەت بەسەرتانەوە نەوەك نکۆڵی لە
خودای خۆتان بکەن. ٢٨ ئینجا یەشوع گەلی ناردەوە هەر کەسەو
بەرەو میراتەکەی خۆی.
٢٩ ئەوە بوو پاش ئەم قسانە یەشوعی کوڕی نونی خزمەتکاری
خوداوەند لە تەمەنی سەد و دە ساڵیدا مرد، ٣٠ جا لە سنووری
میراتەکەی خۆیدا لە تیمنەی سارەح کە لە چیای ئەفرایمە لە
باکووری چیای گاعەش ناشتیان. ٣١ ئیسرائیلیش لە هەموو ڕۆژانی
یەشوع و هەموو ڕۆژانی ئەو پیرانەی کە پاش ئەو ژیان و ئەوانەی
هەموو ئەو کارەی خوداوەندیان دەزانی کە بۆ ئیسرائیلی کرد،
خزمەتی خوداوەندیان کرد. ٣٢ ئێسقانەکانی یوسفیش کە نەوەی
ئیسرائیل لە میسرەوە هێنایانەوە، لە شەکیمدا ناشتیان لەناو ئەو
پارچە کێڵگەیەی کە یەعقوب لە نەوەی حەمووری باوکی شەکیم بە
سەد پارچە زیو کڕیبووی و بوو بە میرات بۆ نەوەی یوسف.
٣٣ ئینجا ئەلیعازەری کوڕی هارون مرد و لە گبعەی پینخاسی
کوڕیدا ناشتیان، کە لە چیای ئەفرایم پێیدرا.

# دادوەران

## ١

١ ئینجا دوای مردنی یەشوع، ڕۆڵەکانی ئیسڕائیل لە خوداوەندیان
پرسی و وتیان: کێ لە ئێمە سەرەتا سەربکەوێ بۆ لای
کەنعانییەکان بۆ شەڕکردن لەگەڵیان. ٢ خوداوەندیش وتی :
یەهوزییەکان سەرکەون، ئەوەتا خاکەکەم خستۆتە ژێر دەستیانەوە.
٣ یەهوزییەکانیش بە شەمعونییەکانی برایانیان وت: لەو بەشەی
بۆمان دەرچووە سەرکەون لەگەڵمَان با دژی کەنعانییەکان
بجەنگین، جا ئێمەش لەبەشەکەتان کە بۆتان دەردەچێ
سەردەکەوین .شەمعونییەکانیش لەگەڵیان چوون. ٤ یەهوزییەکان
سەرکەوتن و خوداوەندیش کەنعانییەکان و فەریزییەکانی خستە
ژێر دەستیان و ئەوانیش لە بازەق دە هەزار پیاویان لێ کوشتن .
٥ ئینجا لە بازەق ئەدۆنی بازەقیان دۆزییەوە و بەرەنگاری بوونەوە
و لە کەنعانییەکان و فەریزییەکانیان دا. ٦ ئەدۆنی بازەق هەڵهات
ئەوانیش دوایکەوتن و گرتیان، پەنجە گەورەی دەست و قاچیان
بڕی. ٧ ئەدۆنی بازەق وتی: حەفتا پادشا کە پەنجە گەورەی دەست
و قاچیان بڕابوو لەژێر مێزی نان خواردنەکەمدا چینەیان دەکرد،
چیم کردبوو خودا پێی کردمەوە. ئینجا هێنایان بۆ ئۆرشەلیم و
لەوێ مرد.
٨ کوڕانی یەهوزا هێرشیان بردە سەر ئۆرشەلیم و گرتیان،
خەڵکەکەیان بە شمشێر کوشت و ئاگریان بەردایە شارەکە. ٩ دوای
ئەوە کوڕانی یەهوزا دابەزین بۆ بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ
کەنعانییە چیانشینەکان و ئەوانەی نەگەب و دەشتنشینەکان.
١٠ ئینجا یەهوزییەکان بەرەو کەنعانییەکانی دانیشتووی حەبرون
چوون، شیشای و ئەخیمەن و تەلیمەییان بەزاند، پێشتر ناوی
حەبرون قریەت ئەربەع بوو. ١١ لەوێشەوە بەرەو خەڵکی دەبیر
چوون، دەبیریش پێشتر ناوی قریەت سەفەر بوو. ١٢ جا کالێب
وتی: ئەوەی لە قریەت سەفەر بدات و بیگرێت، عەکسەی کچمی
دەدەمی ببێت بەژنی. ١٣ ئیتر عەسونیئیلی کوڕی قەنازی برای
کالێب کە بچوکتر بوو لەو، دەستی گرت بەسەریدا. ئەویش
عەکسەی کچی داپێی ببێ بە ژنی. ١٤ ئینجا لەکاتی هاتنی بۆلای،
هانیدا تا داوای پەرێزێك لەباوکی بکات، کاتێ لە کەرەکە دابەزی،
کالێب پێی وت: چیتەوێ ؟ ١٥ ئەویش پێی وت: بەرەکەتێکم بدەرێ،
لەبەرئەوەی زەوی نەگەبت داومەتێ سەرچاوەکانی ئاوم بدەرێ.
کالێبیش سەرچاوەکانی سەروو و سەرچاوەکانی خواروی دایێ.
١٦ کوڕانی قینی خەزووری موساش لەشاری تەمرەکان لەگەڵ
کوڕانی یەهوزا سەرکەوتن بۆ دەشتی یەهوزا کە لە باشووری
عەرادەیە، چوون و لەگەڵ گەلەکەدا ژیان. ١٧ یەهوزییەکانیش
لەگەڵ شەمعونییەکانی برایانیان ڕۆیشتن و کەنعانییەکانی
دانیشتووی سەفاتیان بەزاند، بەتەواوی وێرانیانکرد و ناوی
شارەکەیان نا حورمە. ١٨ یەهوزییەکان دەستیان گرت بەسەر
غەززە و بەشەکانی و ئەشقەلون و بەشەکانی و عەقرون و
بەشەکانی. ١٩ خوداوەندیش لەگەڵ یەهوزییەکاندا بوو، جا چیاکە
بوو بە موڵکیان، بەڵام دانیشتوانی دۆڵەکەیان دەرنەکرد، چونکە
گالیسکەی ئاسنینیان هەبوو. ٢٠ حەبرونیان دا بە کالێب وەك موسا
وتبووی، ئەویش هەرسێ هۆزی کوڕانی عەناقی لەوێ دەرکرد.
٢١ کوڕانی بینیامینیش یەبوسییەکانی دانیشتووی ئۆرشەلیمیان
دەرنەکرد، جا یەبوسییەکان لەگەڵ کوڕانی بینیامیندا لە ئۆرشەلیم
ژیان تا وەکو ئەمڕۆ.
٢٢ هەروەها ماڵی یوسف سەرکەوتن بۆ بەیت ئیل و خوداوەندیش
لەگەڵیان بوو. ٢٣ ماڵی یوسف بەیت ئیلیان دۆزییەوە، پێشتر
شارەکە ناوی لوز بوو. ٢٤ چاودێرەکان پیاوێکیان بینی لە شارەکە
هاتبووە دەرەوە، پێیان وت: دەروازەی شارەکەمان پیشان بدە
ئێمەش بەبەزەیی دەبین لەگەڵت. ٢٥ ئەویش دەروازەی شارەکەی
پیشان دان، ئەوانیش شارەکەیان دایە بەر نوکی شمشێر، بەڵام
پیاوەکە و هەموو تیرەکەیان بەڕەڵا کرد .٢٦ پیاوەکەش چوو بۆ
خاکی حیسییەکان و شارێکی دروستکرد و ناوی لێنا لوز، تا
ئەمڕۆش ئەوە ناویەتی. ٢٧ مەنەسییەکانیش خەڵکی بەیتشان و
دێهاتەکانییان دەرنەکرد، هەروەها خەڵکی تەعنەك و دێهاتەکانی و
خەڵکی دور و دێهاتەکانی و خەڵکی یەبلەعام و دێهاتەکانی و
خەڵکی مجیدۆ و دێهاتەکانی. جا کەنعانییەکان بڕیاریاندا لەو
خاکەدا بژین. ٢٨ ئینجا کاتێك ئیسڕائیلییەکان بەهێز بوون،
کەنعانییەکانیان خستە ژێر سوخرەوە و دەریان نەکردن.
٢٩ ئەفرایمییەکانیش ئەو کەنعانییانەی دانیشتوی جازەر بوون
دەریان نەکردن. جا کەنعانییەکان لە ناوەڕاستیدا لە جازەر
نێشتەجێ بوون.
٣٠ زەبولونییەکانیش دانیشتوانی قیترون و دانیشتوانی نەهلولیان
دەرنەکرد، جا کەنعانییەکان لە ناوەڕاستیدا نیشتەجێ بوون و لە
ژێر سوخرە بوون. ٣١ ئەشێرییەکانیش دانیشتوانی عەکۆیان
دەرنەرکرد، هەروەها دانیشتوانی سەیدون و ئەحلەب و ئەکزیب
و حەلبە و ئەفیق و رەحوبیش. ٣٢ ئیتر ئەشێرییەکان لەناوەڕاستی
کەنعانییەکانی دانیشتووی خاکەکە نیشتەجێ بوون، چونکە دەریان
نەکردن. ٣٣ نەفتالییەکانیش دانیشتوانی بەیت شەمس و دانیشتوانی
بەیت عەناتیان دەرنەکرد، بەڵکو لە ناوەڕاستی کەنعانییەکانی
دانیشتووی خاکەکە نیشتەجێ بوون، ئیتر دانیشتوانی بەیت شەمس
و بەیت عەنات لەژێر سوخرە بوون بۆیان. ٣٤ ئەمورییەکانیش
ڕۆڵەکانی دانیان لە چیا گەمارۆدا، چونکە نەیانهێشت دابەزن بۆ
دۆڵەکە. ٣٥ جا ئەمورییەکان بڕیاریاندا لەچیای حارەس لە ئەیلون
و لە شەعلۆبیم نیشتەجێ بن. ئینجا ماڵی یوسف بەهێز بوون،
ئەوانیش لەژێر سوخرە بوون. ٣٦ سنووری ئەمورییەکانیش لە
عەقەبەی عەقرەبیم لە سالیعەوە و بەرەو ژوور بوو.

## ٢

١ ئینجا فریشتەی خوداوەند لە جیلجالەوە سەرکەوت بۆ بوکیم و
وتی: لە میسرەوە سەرمخستن و هێنامن بۆ ئەو خاکەی سوێندم
خوارد بۆ باوباپیرتان و وتم: قەد یەپەیمانی خۆم لەگەڵتاندا
ناشکێنم. ٢ ئێوەش لەگەڵ خەڵکی ئەم خاکەدا پەیمان مەبەستن و
قوربانگاکانیان بڕۆخێنن، گوێتان لە دەنگم نەگرت، جا چیتان
کرد؟ ٣ هەروەها وتم: لە بەردەمتان دەریان ناکەم، بەڵکو دەبن بە
مایەی بێزاریتان و خوداکانیان دەبن تەڵەوداو بۆتان .٤ کاتێ
فریشتەی خوداوەند ئەم قسانەی بە هەموو ڕۆڵەکانی ئیسڕائیل
وت، گەل هاواریان لێ بەرزبووە و گریان. ٥ بۆیە ئەو شوێنەیان
ناونا بوکیم و لەوێ قوربانیان بۆ خوداوەند سەربڕی.
٦ یەشوعیش گەلەکەی ڕەوانەکرد، ئیتر ڕۆڵەکانی ئیسڕائیل هەر
یەکەیان ڕۆی بۆلای موڵکەکەی بۆ ئەوەی ببن بەخاوەنی

زەوییەکە. ٧ گەلیش هەموو ڕۆژانی یەشوع خوداوەندی پەرست،
هەروەها هەموو ڕۆژانی پیران کە ڕۆژانیان درێژەی کێشا دوای
یەشوع، ئەوانەی کە هەموو ئەو کارانەی خوداوەندی مەزن کردی
بۆ ئیسرائیل بینییان .٨ یەشوعی کوڕی نونی خزمەتکاری
خوداوەندیش لە تەمەنی سەدو دە ساڵیدا مرد. ٩ جا لەبەشە
موڵکەکەی لە تیمنەی حارس لە چیای ئەفرایم لە باکووری چیای
جاعەش ناشتیان. ١٠ هەموو ئەو نەوەیەش چوونە پاڵ باوانیان و
نەوەیەکی تر دوای ئەوان هاتن نە خوداوەندیان دەناسی و نە ئەو
کارانەی کە بۆ ئیسرائیلی کردبوو.
١١ ئیتر ڕۆڵەکانی ئیسرائیل لەبەر چاوی خوداوەنددا بەدکاریان
ئەنجامدا و بەعلیان پەرست. ١٢ وازیان لە خوداوەند خودای
باوباپیرانیان هێنا ئەوەی کە لە خاکی میسر دەریهێنان و دوای
خودای تر کەوتن لە خوداکانی گەلانی دەوروبەریان و کڕنۆشیان
بۆ بردن و ڕقی خوداوەندیان هەستاند. ١٣ وازیان لە خوداوەند هێنا
و بەعل و عەشتارەکانیان پەرست. ١٤ خوداوەند زۆر تووڕەبوو لە
ئیسرائیل، بۆیە ئەوانی دایە دەست تاڵانکەران تاڵانیان بکەن و
فرۆشتنی بەدەستی دوژمنەکانی دەوروبەریان و ئیتر نەیانتوانی
بەرامبەر دوژمنەکانیان بوەستن. ١٥ بۆ هەر کوێ دەرچوونایە
دەستی خوداوەند بە خراپی بەسەریانەوەبوو، هەر وەك خوداوەند
فەرمووی وەك خوداوەند سوێندی بۆ خواردن. ئیتر ئەمە زۆر
تەنگی پێهەڵچنین.
١٦ جا خوداوەند دادوەرانی بۆ دانان و لەدەستی تاڵانکەرانیان
ڕزگاریانکردن. ١٧ هەروەها گوێیان لە دادوەرەکانیان نەگرت،
بەڵکو داوێنپیسییان کرد بەوەی دوای خودایانی تر کەوتن و
کڕنۆشیان بۆ بردن. بەخێرایی لەو ڕێگایەی باوانیان لە سەری
دەڕۆیشتن لایاندا و گوێیان لە ڕێنمایی خوداوەند نەگرت. ١٨ کاتێ
خوداوەند دادوەرانی بۆ دانان، خوداوەند لەگەڵ دادوەرەکەدا بوو،
لە دەستی دوژمنیان بە درێژایی ڕۆژانی دادوەرەکە ڕزگاری
کردن، چونکە خوداوەند پاشگەزبووەوە لەبەر ناڵەیان بەهۆی
ئەوانەی تەنگیان پێهەڵچنین و ڕکابەرایەتیان دەکردن. ١٩ ئینجا
کاتێك دادوەرەکە دەمرد دەگەڕانەوەو لە باوانیان زیاتر کاری
بۆگەنیان دەکرد، بەوەی دوای خودای تر دەکەوتن بۆ ئەوەی
بیانپەرستن و کڕنۆشیان بۆ ببەن، وازیان لە کارەکانیان و کەلە
ڕەقییان نەدەهێنا. ٢٠ بۆیە خوداوەند زۆر لە ئیسرائیل تووڕەبوو و
وتی: لەبەر ئەوەی ئەم گەلە لەو پەیمانەی فەرمانمدا بەباوانیان
لایان داوە و گوێیان لە دەنگم نەگرت، ٢١ هەروەها منیش ئیتر هیچ
مرۆڤێك لە بەردەمیاندا لەو میللەتانەی کە یەشوع لەکاتی مردنیدا
بەجێیهێشتن، دەرناکەم .٢٢ بۆ ئەوەی ئیسرائیلیان پێ تاقی بکەمەوە:
ئایا ڕێگای خوداوەند دەپارێزن بۆ ئەوەی بیگرنە بەر وەك باوانیان
پاراستیان، یان نا. ٢٣ ئیتر خوداوەند وازی لەو میللەتانە هێنا و
بەخێرایی دەرینەکردن و نەیخستنە ژێر دەستی یەشوعەوە.

# ٣

١ جا ئەوانە ئەو میللەتانەن کە خوداوەند بەجێیهێشتن بۆ ئەوەی
ئیسرائیلیان پێ تاقی بکاتەوە، هەموو ئەو ئیسرائیلیانەی هیچیان
نەدەزانی دەربارەی هیچ کام لە جەنگەکانی کەنعان. ٢ تەنها بۆ
زانیاری نەوەی ئیسرائیلییەکان بۆ فێرکردنیان بۆ جەنگ، تەنها
ئەوانەی کە پێشتر جەنگیان نەدیوە. ٣ پێنج سەرۆکی هێزی
فەلەستییەکان و هەموو کەنعانییەکان و سەیدونییەکان و
حوییەکانی دانیشتوی چیای لوبنان، لەچیای بەعلی حەرموونەوە
هەتا دەربەندی حەمات. ٤ ئەمانە بۆ تاقیکردنەوەی ئیسرائیل بوون،
بۆ ئەوەی بزانرێت ئایا گوێ لە فەرمانەکانی خوداوەند دەگرن
ئەوانەی فەرمانی دابوون بە باوانیان لە ڕێگای موساوە. ٥ ئیتر
ڕۆڵەکانی ئیسرائیل لە نێو کەنعانییەکان و حیسییەکان و
ئەمورییەکان و فیرزییەکان و حوییەکان و یەبوسییەکاندا نیشتەجێ
بوون. ٦ کچەکانیان هێنان وەك ژن بۆ خۆیان و کچەکانی خۆشیان
دا بە کوڕەکانی ئەوان و خوداکانی ئەوانیان پەرست.
٧ جا ڕۆڵەکانی ئیسرائیل لەبەر چاوی خوداوەند بەدکارییان کرد و
خوداوەند خودای خۆیان لە بیرچوو و بەعلەکان و عەشتارەکانیان
پەرست. ٨ ئیتر خوداوەند زۆر تووڕە بوو لە ئیسرائیل، بۆیە
فرۆشتنی بە دەستی کوشان ڕیشەعتایمی پادشای ئارامی دوو
ڕوبار. ئیتر ڕۆڵەکانی ئیسرائیل هەشت ساڵ کوشان
ڕیشەعتایمیان پەرست. ٩ ئینجا ڕۆڵەکانی ئیسرائیل هاواریان کرد
بۆ خوداوەند، خوداوەندیش ڕزگارکەرێکی بۆ ڕۆڵەکانی ئیسرائیل
دانا و ڕزگاریکردن. عەسونیئیلی کوڕی قەنازی برای کالێب
ئەوەی لەو بچووکتر بوو. ١٠ ڕۆحی خوداوەندی بەسەرەوە بوو و
دادوەری بۆ ئیسرائیل کرد. دەرچوو بۆ جەنگ و خوداوەندیش
کوشان ڕیشەعتایمی پادشای ئارامی خستە ژێر دەستیەوە و
بەسەر کوشان ڕیشەعتایمدا باڵا دەست بوو. ١١ چل ساڵ زەوی
پشوویدا، ئینجا عەسونیئیلی کوڕی قەناز مرد.
١٢ جا ڕۆڵەکانی ئیسرائیل گەڕانەوە بۆ بەدکاری کردن لەبەرچاوی
خوداوەند، بۆیە عیجلۆنی پادشای مۆئابی زاڵکرد بەسەر ئیسرائیل،
چونکە لەبەر چاوی خوداوەند بەدکارییان کرد. ١٣ جا عەمونییەکان
و عەمالیقی لە خۆی کۆکردەوە و ڕۆشت و ئیسرائیلی بەزاند و
شاری تەمرەکان بوو بە موڵکیان. ئیتر ڕۆڵەکانی ئیسرائیل هەژدە
ساڵ عیلجۆنی پادشای مۆئابیان پەرست .
١٥ ئینجا ڕۆڵەکانی ئیسرائیل هاواریان کرد بۆ خوداوەند و
خوداوەندیش ڕزگارکەرێکی بۆ دانان، ئیهودی کوڕی گیرای
بینیامینی، پیاوێکی چەپلەر بوو. ڕۆڵەکانی ئیسرائیلیش
دیارییەکیان بە دەستی ئەوا نارد بۆ عیجلۆنی پادشای مۆئاب .
١٦ ئیهود شمشێرێکی دوو دەمی بۆ خۆی دروست کرد کە
درێژییەکەی گەزێك بوو، و لە ژێر جلەکانییەوە کردی بە خۆیەوە
لەسەر ڕانی ڕاستی. ١٧ دیارییەکەی پێشکەشی عیجلۆنی پادشای
مۆئاب کرد، عیجلۆنیش پیاوێکی زۆر قەڵەو بوو. ١٨ کاتێك لە
پێشکەشکردنی دیارییەکە بۆوە خەڵکەکە هە ڵگرانی دیارییەکەیان
ڕەوانەکرد، ١٩ بەڵام ئەو لەلای پەیکەرە بتەکانی جیلجالەوە
گەڕایەوە و وتی: قسەیەکی نهێنیم هەیە بۆت ئەی پادشا. ئەویش
وتی :بێدەنگ بە. ئینجا هەموو ئەوانەی لەلای وەستابوون چوونە
دەرەوە. ٢٠ ئیتر ئیهود هاتە ژوورەوە بۆلای بۆ ژووورە فێنکەکەی
سەرەوە کە لێی دانیشتبوو و بە تەنها هی خۆی بوو، ئیهود وتی :
وشەی خودام لەلایە بۆت. جا ئەویش لەسەر کورسییەکە هەستا.
٢١ ئیهودیش دەستی چەپی درێژکرد و شمشێرەکەی لەڕانی ڕاستی
کردەوە و کردی بە ورگیدا .٢٢ جا دەسکەکەشی بە دوای تیغەکەدا
چووە ناوەوە و پیوەکە درایەوە بەسەر تیغەکەدا، چونکە
شمشێرەکەی لە ورگی ڕانەکێشایەوە، ئینجا هەموو ناوسکی
دەرچووە دەرەوە .٢٣ ئیهود لە تارمەکە چووە دەرەوە و دەرگاکانی
سەرەوەی بە دوای خۆیدا داخست و کلیلی دان.
٢٤ ئینجا کاتێك چووە دەرەوە، خزمەتکارەکان هاتن و سەیریان
کرد بینییان دەرگاکانی سەرەوە داخراوە، وتیان: بێگومان لە
ئاودەستە لە ژوورە فێنکەکەی. ٢٥ ئیتر مانەوە هەتا نیگەران بوون
کاتێ بینییان دەرگاکانی سەرەوە ناکاتەوە، بۆیە دەستیان دایە
کلیلەکە و کردیانەوە، بینییان گەورەکەیان لەسەر زەوی بە
مردوێتی کەوتووە.
٢٦ بەڵام ئیهود دەرباز بوو کاتێك ئەوان لە چاوەڕوانی بوون،
بەلای پەیکەرە بتەکانیاندا تێپەڕی و دەرباز بوو بۆ سەعیرەت.
٢٧ کاتێ هات لە چیای ئەفرایم کەڕەنای لێدا و ڕۆڵەکانی ئیسرائیل
لەگەڵیدا لە چیاکەوە هاتنە خوارەوە و ئەو لە پێشیانەوە بوو. ٢٨ پێی
وتن: دوامکەون، چونکە خوداوەند دوژمنە مۆئابییەکانتانی خستە
ژێر دەستتانەوە. ئەوانیش بەدوای دا هاتنە خوارەوە و دەشتی

ئوردونیان گرت تا مۆئاب و نەیانهێشت کەس تێپەڕێت.
٢٩ لەو کاتەدا لە مۆئاب نزیکەی لە دە هەزار پیاویان دا، لە هەموو
کەڵەگەت و هەموو پاڵەوانێك و کەس دەرباز نەبوو. ٣٠ موئابییەکان
لەو ڕۆژەدا ژێر دەستەی ئیسڕائیل بوون و زەوی هەشتا ساڵ
پشوویدا.
٣١ دوای ئەو شەمگەری کوڕی عەنات بوو،کە شەش سەد پیاوی
لە فەلەستییەکان بە گۆچانی گاوانی کوشت و هەروەها ئەویش
ئیسڕائیلی ڕزگارکرد.

# ٤

١ دوای مردنی ئیهود ڕۆڵەکانی ئیسڕائیل دەستیانکردەوە بە
بەدکاری لەبەرچاوی خوداوەند، ٢ خوداوەندیش فرۆشتنی بە
دەستی یابینی پادشای کەنعان ئەوەی لە حاسوور بوو و سیسرا
سەرۆکی سوپاکەی بوو کە لە حەروشەی هاگۆیم دەژیا. ٣ ئیتر
ڕۆڵەکانی ئیسڕائیل هاواریان کرد بۆ خوداوەند، چونکە نۆسەد
گالیسکەی ئاسنی هەبوو و بە توندی تەنگی بە ڕۆڵەکانی
ئیسڕائیل هەڵچنی بۆ ماوەی بیست ساڵ .
٤ دەبورەش ژنێکی پێغەمبەر بوو، ژنی لەفیدۆت بوو و دادوەری
ئیسڕائیلی دەکرد لەو کاتەدا. ٥ لە ژێر دارخورمای دەبورە
دادەنیشت کە لە نێوان ڕامە و بەیت ئیل لەچیای ئە فرایم بوو،
ڕۆڵەکانی ئیسڕائیل بۆ دادوەری سەر دەکەوتن بۆ لای .٦ جا
ناردی بە دوای باراقی کوڕی ئەبینوعەم کە لە قادیشی نەفتالی
بوو و پێ وت: ئایا خوداوەندی ئیسڕائیل فەرمانی نەداوە؟ بڕۆ و
ڕێپێوانێك بکە بۆ چیای تابور، دە هەزار پیاو لە ڕۆڵەکانی نەفتالی
و لەڕۆڵەکانی زەبولون لەگەڵ خۆتدا بەرە. ٧ ئیتر سیسرای
سەرۆك لەشکری یابین ڕادەکێشم بۆ ڕووباری قیشۆن بەخۆی و
گالیسکە و لەشکرەکەیەوە و دەیخەمە ژێر دەستتەوە. ٨ باراقیش
پێی وت: ئەگەر لەگەڵمدا بێیت دەچم، ئەگەر لەگەڵمدا نەیەیت ئەوا
ناچم . ٩ ئەویش وتی: بێگومان لەگەڵتدا دێم، بەڵام شانازیت بۆ
نابێ لەو ڕێگایەی پێیدا دەڕۆی، چونکە خوداوەند سیسرا بەدەستی
ژنێك دەفرۆشێ. ئیتر دەبور هەستا و لەگەڵ باراقدا ڕۆی بۆ
قادیش. ١٠ باراق زەبولونییەکان و نەفتالییەکانی بانگ کرد بۆ
قادیش و سەرکەوت و دە هەزار پیاوی لەگەڵدا بوو و هەروەها
دەبورەش لەگەڵیدا سەرکەوت.
١١ حابیری قینی خۆی جیاکردبووەوە لە قینییەکان کە ڕۆڵەکانی
حوباب بوون کە خزمی نزیکی موسا بوو، چادرەکانی هەتا
داربەڕوویەك لە سەعنایم ئەوەی لەلای قادیشەوە بوو هەڵدابوو.
١٢ ئەوە بوو بە سیسرایان وت کەوا باراقی کوڕی ئەبینوعەم
سەرکەوتووە بۆ چیای تابور. ١٣ سیسراش هەموو گالیسکەکانی
بانگ کرد، نۆ سەد گالیسکەی ئاسن و هەموو ئەو خەڵکەی کە
لەگەڵی بوون لە حەروشەی هاگۆیمەوە تا ڕووباری قیشۆن.
١٤ دەبورە بە باراقی وت: هەستە، چونکە ئەمە ئەو ڕۆژەیە کە
خوداوەند سیسرای تیایدا خستۆتە ژێر دەستت. ئایا خوداوەند
پێشت نەکەوتووە؟ ئیتر باراقیش لە چیای تابورەوە هاتە خوارەوە
و دە هەزار پیاویش بە دوایەوە. ١٥ خوداوەندیش سەری لە سیسرا
و هەموو گالیسکەکان و هەموو لەشکرەکەی شێواند بە نووکی
شمشێر لە بەردەمی باراقدا، ئینجا سیسرا لە گالیسکەکە دابەزی و
بە پێ ڕایکرد .١٦ باراقیش دوای گالیسکەکان و لەشکرەکە کەوت
بۆ حە روشەی هاگۆیم و هەموو لەشکرەکەی سیسرا بە نووکی
شمشێر کەوتن، کەسیان نەما.
١٧ بەڵام سیسرا بە پێ ڕایکرد بۆ چادری یاعیلی ژنی حابیری
قینی، چونکە ڕێككەوتنێك هەبوو لە نێوان یابینی پادشای حاسور
و ماڵی حابیری قینی. ١٨ یاعیل چووە دەرەوە بۆ پێشوازی سیسرا
و پێی وت: لابدە گە ورەم، لابدە بۆ ئێرە مەترسە. ئەویش لایدا
بۆلای بۆ چادرەکە و ئیتر بە جاجم داپۆشی. ١٩ پێی وت: تۆزێك
ئاوم بدەرێ، چونکە تینووم. ئەویش مە شکەی شیرەکەی کردەوە
و دایە و ئینجا داپۆشییەوە .٢٠ ئیتر پێی وت: لەبەردەم چادرەکە
بوەستە، ئەگەر یەکێك هات و پرسیاری لێ کردیت، ئایا لێرە
پیاوی لێیە، تۆش بڵێ نا. ٢١ یاعیلی ژنی حابیریش مێخی
چادرەکەی هەڵگرت و چەکوشیش بەدەستیەوە، بەشێنەیی چوو
بۆی و کێشای بە لاجانیدا و بەزەویەکەدا خستی، ئەویش لە
خەوێکی قوڵدا بوو، چونکە ماندوو بوو، ئیتر مرد. ٢٢ لەکاتێکدا
باراق دوای سیسرا کەوتبوو، یاعیل چووە دەرەوە بۆ پێشوازی
کردنی و پێی وت وەرە با ئەو پیاوەت پیشان بدەم کە تۆ دەتەوێت.
ئەویش هات بۆلای و بینی سیسرا بە مردوێتی کەوتووە و مێخی
چادرەکە لە ناو لاجانیەتی.
٢٣ خوداش لەو ڕۆژەدا یابینی پادشای کەنعانی لەبەردەم
ڕۆڵەکانی ئیسڕائیلدا زەلیل کرد .٢٤ ڕۆڵەکانی ئیسڕائیل باڵادەست
بوون و زاڵبوون بەسەر یابینی پادشای کەنعان تا یابینی پادشای
کەنعانیان لەناو برد.

# ٥

١ ئینجا دەبورە و باراقی کوڕی ئەبینوعەم لەو ڕۆژەدا دەستیان
کرد بە گۆرانی و وتیان :٢ لە پێناوی پێشەوای پێشەوایان لە
ئیسڕائیل و لەپێناوی ئەوەی گەل خۆبەختکەرانە خۆی پێشکەش
کرد، خوداوەند پیرۆز بکەن. ٣ ببیستن ئەی پادشایان و گوێبگرن
ئەی مەزنەکان. من بۆ خوداوەند گۆرانی دەڵێم، مۆسیقا بۆ
خوداوەند خودای ئیسڕائیل لێدەدەم. ٤ ئەی خوداوەند بە دەرچوونت
لە سەعیر، بە سەرکەوتنت لە چۆڵەوانی ئادوم، زەوی لەرز
گرتی، ئاسمانیش دڵۆپەی کرد، هەروەها هەورەکانیش ئاویان
لێباری. ٥ چیاکان لەرزین لەڕووی خوداوەند، ئەم سینایەش
لەڕووی خوداوەند خودای ئیسڕائیل.
٦ لە ڕۆژانی شەمگەری کوڕی عەنات، لە ڕۆژانی یاعیل
ڕێگاکان پشوویاندا و ڕێبوارەکان بە ڕێڕەوی خوارو خێچ
ڕۆیشتن. ٧ گوندەکان کەسی تیا نەما، لە ئیسڕائیل ژیان نەما، هەتا
من کە دەبورەم هەستام، هەستام وەك دایکێك لە ئیسڕائیل .
٨ خودای نوێیان هەڵبژارد، ئینجا بوو بە شەڕی دەروازەکان. ئایا
هیچ قەڵغانێك یان ڕمێك لە چل هەزاردا دەبینرا لە ئیسڕائیل؟ ٩ دڵم
بەلای سەرکردەکانی ئیسڕائیلە ئەوانەی خۆبەختکەرانە خۆیان
پێشکەش کرد لەگەڵ گەل، خوداوەند پیرۆز بکەن. ١٠ ئەی ئەوانەی
سواری ماکەری سپی بوون، دانیشتوان لەسەر ڕایەخی گرانبەها
و ئەوانەی ڕێتان گرتووەتە بەر، ستایش بکەن. ١١ دوور لە
دەنگەدەنگی تیرهاوێژان، لەنێو حەوزەکان، لەوێ بە کردەوە
ڕاست و دروستەکانی خوداوەندیان هەڵدا، کردەوە ڕاست و
دروستەکانی گوندنشینەکانی ئیسڕائیل، ئینجا گەلی خوداوەند
دابەزینە دەروازەکان. ١٢ هەستە، هەستە ئەی دەبورە، هەستە،
هەستە و بە سروودەوە قسە بکە. هەستە ئەی باراق، ڕاپێچەکەت
ڕاپێچ بکە ئەی کوڕی ئەبینوعەم .١٣ ئینجا پاشماوەی گەل هاتنە
خوارەوە لەگەڵ بەهێزان، گەلی خوداوەند هاتنە خوارەوە بۆم وەك
پاڵەوان. ١٤ لە ئەفرایمەوە هاتن ئەوانەی بارەگایان لەناو عەمالیقە،
لەدواتەوە بنیامین لەگەڵ گەلەکەت. لە ماکیرەوە سەرکردەکان
دابەزین و لە زەبوولونەوە ئەوانەی داردەستی پێشەوایان
بەدەستەوەیە. ١٥ سەرۆکەکان لە یەساکر لەگەڵ دەبورە و یەساکر
چۆنە ئاواش باراق. بەرەو دۆڵەکە بەدوایدا دەرچوو، لە ناو
ڕائوبین دوودڵییەکی گەورە هەبوو.

١٦ بۆچی لەناو مێگەلەکان دانیشتبووی، بۆ گوێگرتن لەدەنگی
فیکەلێدان بۆیان. لەناو ڕائوبین دڵەڕاوکێیەکی گەورە هەبوو.
١٧ بۆچی جەلعاد لەوبەری ڕوباری ئوردون نیشتەجێ بوو، بۆچی
دان لای کەشتییەکان نیشتەجێ بوو؟ ئەشێریش لەلای کەناری
دەریا دانیشت و لەبەندەرەکانی نیشتەجێبوو. ١٨ زەبوولون گەلێکە
گیان لەسەردەست لەگەڵ نەفتالی لە بەرزاییەکانی گۆڕەپانی
جەنگ. ١٩ پادشایان هاتن و جەنگین، ئینجا پادشایانی کەنعان
جەنگین لە تەعنەك لەلای ئاوی مەجدۆ، هەندێ زیویشیان
دەستنەکەوت. ٢٠ لەئاسمانەوە جەنگین، ئەستێرەکان لە خولگەکانی
خۆیانەوە جەنگین دژ بە سیسرا .٢١ ڕووباری قیشۆن ڕایماڵین،
ڕووباری جەنگەکانە ڕووباری قیشۆن. ئەی گیانی من بە
سەربەرزییەوە پێداگرە. ٢٢ ئینجا لە پاشەوەی ئەسپەکانت دا، لە
غاردانیان، غاردانی بەهێزەکانیان .٢٣ فریشتەی خوداوەند وتی:
نەفرەت لە میرۆز بکەن، بە توندی نەفرەت لەدانیشتوانی بکەن،
چونکە نەهاتن بۆ یارمەتی دانی خوداوەند، یارمەتیدانی خوداوەند
لەنێو پاڵەوانان. ٢٤ پیرۆزە لەنێو ئافرەتان، یاعیلی ژنی حابەری
قینی. پیرۆزە لەناو هەموو ئەو ئافرەتانەی چادرنشینن. ٢٥ داوای
ئاوی کرد شیری پێی دا، لەناو کاسەی مەزنەکان سەرشیری پێدا.
٢٦ دەستی درێژکرد بۆ سنگ و دەستە ڕاستەی بۆ چەکوچ، لە
سیسرای داو سەری شکاند، کاسەسەری بڕی و کونیکرد .٢٧ لەبەر
پێیەکانی فڕێدرا، کەوت، ڕاکشا، لەبەر پێیەکانی فڕێدرا، کەوت.
لەکوێ فڕێدرا لەوێ بەکوژراوی کەوت. ٢٨ دایکی سیسرا
لەکلاوڕۆژنەوە تەماشایکرد و لە پەنجەرەوە دەستی بە شیوەن
کرد. بۆچی گالیسکەکانی دواکەوتن لە هاتن؟ بۆچی چەرخی
گالیسکەکانی دواکەوتن. ٢٩ ئینجا داناترین لەناو شازادەکانی
وەڵامی دایەوە، بەڵکو خۆی بوو وەڵامی خۆی دایەوە. ٣٠ ئایا
دەستکەوتێکیان دەست نەکەوتووە و بەشی ناکەن، کیژێك یان
دووان بۆ هەر پیاوێك. دەستکەوتی جلی ڕەنگکراو بۆ سیسرا.
دەستکەوتی جلی ڕەنگکراو و نەخشێنراو، جلی ڕەنگکراو و
نەخشێنراو لە هەردوو ڕوو، دەستکەوتێك بۆ گەردنم. ٣١ ئاوا
هەموو دوژمنانت لەناودەچن ئەی خوداوەند. خۆشەویستانیشت
وەك هەڵاتنی خۆرن لەکاتی بەهێزیی. زەویش چلساڵ پشوویدا.

# ٦

١ ڕۆڵەکانی ئیسڕائیل دیسان لەبەرچاوی خوداوەند بەدکارییان
کرد، خوداوەندیش حەوت ساڵ ژێر دەستەی میدیانییەکانی کردن.
٢ جا میدیانییەکان بە دەستێکی ئاسنین حوکمی ئیسڕائیلیان کرد.
لەبەر میدیانییەکان ڕۆڵەکانی ئیسڕائیل ئەشکەوت و کونە شاخ و
پەناگەیان لە چیاکان بنیادنا. ٣ هەرجارەی ئیسڕائیلییەکان تۆیان
بکردایە میدیانییەکان بۆیان سەردەکەوتن و عەمالیقەکان و
ڕۆڵەکانی ڕۆژهەڵات دەهاتنە سەریان. ٤ دەیاندا بەسەریاندا و
بەرووبوومی زەویوزاریان هەتا دەگەیشتنە غەززە لەناودەبرد و
نە پێویستی ژیان و نە مەڕ و نە مانگا و نە گوێدرێژ، هیچیان بۆ
ئیسڕائیل نەدەهێشت. ٥ لەبەرئەوەی کە سەردەکەوتن بە
مەڕوماڵات و چادرەکانیانەوە دەهاتن و وەك کولە لە زۆریدا،
خۆیان و حوشترەکانیان بێژماربوون، دەچوونە ناو خاکەکەوە
بۆئەوەی وێرانی بکەن. ٦ ئیتر ئیسڕائیلییەکان زۆر هەژار بوون
بەدەست میدیانییەکانەوە و ڕۆڵەکانی ئیسڕائیل هاواریان کرد بۆ
خوداوەند.
٧ ئینجا کاتێك ڕۆڵەکانی ئیسڕائیل هاواریان کرد بۆ خوداوەند
بەهۆی میدیانییەکانەوە .٨ خوداوەند پێغەمبەرێکی بۆ ڕۆڵەکانی
ئیسڕائیل نارد پێی وتن: خوداوەند خودای ئیسڕائیل ئاوای وت،
من لە میسرەوە سەرمخستن و لە ماڵی کۆیلایەتی دەرمهێنان و
٩ لە دەستی میسرییەکان و لەدەستی هەموو ئەوانەی تەنگیان
پێهەڵچنیبوون دەربازمکردن، لەبەردەمتاندا دەرمکردن و
خاکەکەیانم داپێتان. ١٠ پێم وتن، منم خوداوەند خودای ئێوە. لە
خوداکانی ئەمورییەکان مەترسن، ئەوانەی ئێوە لەخاکیاندا
نیشتەجێن، گوێتان لەدەنگم نەگرت.
١١ ئینجا فریشتەی خوداوەند هات و لەژێر داربەڕووەکەی عەفرە
کە هی یوئاشی ئەبیعەزەری بوو دانیشت. جیدعونی کوڕیشی لە
گوشەرەکەدا گەنمی دەکووتی بۆئەوەی بە دزی میدیانییەکانەوە
بییات. ١٢ جا فریشتەی خوداوەند بۆی دەرکەوت و پێی وت:
خوداوەند لە گەڵتدایە ئەی پاڵەوانی بەهێز. ١٣ جیدعونیش پێی وت:
لێت دەپرسم گەورەم، ئەگەر خوداوەند لەگەڵمَانە، ئەی بۆچی ئەم
هەموو شتەمان تووشبووە؟ کوا هەمووکارە سەرسوڕهێنەرەکانی
کە باوانمان پێیان ڕاگەیاندین و وتیان، ئایا خوداوەند نەبوو
لەمیسرەوە سەریخستین؟ ئێستاش خوداوەند ڕەتیکردووینەتەوە و
ژێردەستەی میدیانی کردوین. ١٤ ئینجا خوداوەند ئاوڕی لێدایەوە و
وتی: بەم توانایەتەوە بچۆ و ئیسڕائیل لەدەستی میدیان ڕزگار بکە.
منم کە دەتنێرم. ١٥ ئەویش پێی وت: ئای گەورەم! بەچی ئیسڕائیل
ڕزگاربکەم؟ ئەوەتا هۆزەکەم بێهێزترینە لە مەنەسا و منیش لە
هەمووان بچووکترم لەماڵی باوکم. ١٦ خوداوەندیش پێی وت: من
لەگەڵتدا دەبم و وەك یەك پیاو لە میدیانییەکان دەدەیت. ١٧ ئەویش
پێی وت: ئەگەر جێی ڕەزامەندی تۆم، نیشانەیەکم بدەرێ کەوا تۆ
خۆتی قسەم لەگەڵ دەکەیت. ١٨ ئێرە بەجێمەهێڵە هەتا دێمەوە
بۆلات و پێشکەشکراوەکەم دەردەهێنم و لەبەردەمتدا دایدەنێم .
ئەویش وتی: دەمێنمەوە تا دەگەڕێیتەوە.
١٩ جیدعونیش چووە ژوورەوە و کارەبزنێکی سەربڕی و
ئامادەیکرد لەگەڵ ئیفەیەك ئارد کە نانی تیری لێ دروستکرد.
گۆشتەکەی لەناو سەبەتەیەك دانا و گۆشتاوەکەشی کردە
مەنجەڵێکەوە و بردیە دەرەوە بۆی بۆ ژێر دار بەڕووەکە و
پێشکەشی کرد. ٢٠ فریشتەی خوداش پێی وت :گۆشت و نانە
تیرییەکە ببە و لەسەر ئەو بەردە دایان بنێ و گۆشتاوەکەیان پیاکە.
ئەویش وای کرد. ٢١ ئینجا فریشتەکەی خوداوەند سەری
گۆچانەکەی کە بەدەستیەوە بوو درێژی کرد و لە گۆشت|و نانە
تیرییەکەی داو ئاگرێك لە بەردەکەوە بەرز بووەوە و گۆشت و
نانەتییریەکەی خوارد. ئینجا فریشتەکەی خوداوەند لەبەر چاوی
نەما. ٢٢ ئیتر جیدعون بینی کەوا فریشتەی خوداوەندە، بۆیە
جیدعۆن وتی: ئای ئەی خوداوەند خوداوەندم! قوڕبەسەرم چونکە
من فریشتەی خوداوەندم ڕووبەڕوو بینی .٢٣ خوداوەندیش پێی
وت: ئاشتی بۆ تۆ، مەترسە، نامریت. ٢٤ ئیتر جیدعون لەوێ
قوربانگایەکی بۆ خوداوەند دروست کرد و ناوی نا، خوداوەند
ئاشتییە. تا ئەمڕۆ لەعەفرەی ئەبیعەزەرییەکانە .
٢٥ ئینجا لەو شەوەدا خوداوەند پێی وت: ئەو گایە کە هی باوکتە و
گایەکی تریش کە حەوت ساڵان بێت بیانبە و قوربانگاکەی بەعل
کە هی باوکتە تێکبدە و ئەو عەشتارەی لە تەنیشتیەتی ببڕەوە.
٢٦ ئینجا قوربانگایەك بۆ خوداوەند خودات لەسەر ئەو قەڵایە بە
ڕێكوپێکی دروست بکە و گای دووەم ببە و سەربکەوە و بیکە
قوربانی سوتاو لەسەر تەختە دارەکانی ئەو بتەی کە دەیبڕییەوە .
٢٧ جیدعونیش دە پیاوی لە خزمەتکارەکانی برد و ئەوەی کرد کە
خوداوەند پێی وت . لەبەر ئەوەی لەماڵی باوکی و خەڵکی شارەکە
دەترسا ئەو کارە بە ڕۆژ ئەنجام بدات، بۆیە بەشەو کردی.
٢٨ بۆ سبەینێ خەڵکی شارەکە هەستان و بینییان قوربانگاکەی
بەعل ڕووخاوە و عەشتارەکەی تەنیشتی بڕاوەتەوە، گای دووەم
کراوە بە قوربانی لەسەر قوربانگاکەی کە دروست کرابوو.
٢٩ ئیتر هەر یەکەو بەهاوڕێکەی دەوت :کێ ئەمەی کردووە؟
دوای پرسیارکردن و گەڕان، وتیان جیدعونی کوڕی یوئاش
ئەمەی کردووە. ٣٠ جا خەڵکی شارەکە بە یوئاشیان وت کوڕەکەت
بهێنە دەرەوە با بیکوژین، چونکە قوربانگاکەی بەعلی ڕووخاندووە
و عەشتارەکەی تەنیشتی بڕیوەتەوە .٣١ یوئاشیش بە هەموو

ئەوانەی لێی هەستابوون وتی: ئایا ئێوە داکۆکی بۆ بەعل دەکەن،
یان ڕزگاری دەکەن؟ ئەوەی داکۆکی بۆ بکات لەم بەیانیەدا
دەکوژرێت. ئەگەر خودایە با خۆی داکۆکی بۆ خۆی بکات،
چونکە قوربانگاکەی ڕووخێنراوە. ٣٢ ئیتر لەو ڕۆژەدا ناوی نا
یەروبەعل و وتی: با بەعل شەڕی لەگەڵدا بکات، چونکە
قوربانگاکەی ڕووخاندووە.
٣٣ ئینجا هەموو میدیانییەکان و عەمالیق و ڕۆڵەکانی ڕۆژهەڵات
بەیەکەوە کۆبونەوە و پەڕینەوە و لە دۆڵی یەزرەعیل دابەزین.
٣٤ ڕۆحی خوداوەند هاتە سەر جیدعون و کەڕەنای لێداو
ئەبیعەزەرییەکان بەدوایەوە کۆبوونەوە. ٣٥ ئیجا نێرراوی نارد بۆ
هەموو مەنەسا و ئەوانیش بەدەنگیەوە هاتن، هەروەها نێرراوی
نارد بۆ ئەشیر و زەبولون و نەفتالی ئەوانیش سەرکەوتن بۆ
ئەوەی پێیان بگەن.
٣٦ ئینجا جیدعون بەخودای وت: ئەگەر بەدەستی من ئیسرائیل
ڕزگاردەکەیت وەك وتت، ٣٧ ئەوەتا من کەوڵی مەڕ لەناو
خەرمانەکە دادەنێم، جا ئەگەر تەنها کەوڵەکە شەونمی لەسەربوو
و زەوی هەمووی وشك بوو، ئەوا دەزانم کە تۆ بەدەستی من
ئیسرائیل ڕزگار دەکەیت وەك وتت .٣٨ ئیتر ئاوا بوو. سبەینێ
زوو هەستا و کەوڵەکەی گوشی و پڕ تەشتێك شەونمی لە کەوڵەکە
گوشی. ٣٩ ئینجا جیدعون بەخودای وت: لێم توڕە مەبە هەر ئەم
جارە قسە دەکەم. تەنها ئەم جارە بەکەوڵەکە تاقیت دەکەمەوە. با
بەس کەوڵەکە وشك بێت و لەسەر هەموو زەوی شەونمی لێ بێت.
٤٠ خوداش لەو شەوەدا وای کرد. بە تەنها کەوڵەکە وشك بوو و
لەسەر هەموو زەویەکە شەونم هەبوو.

# ٧

١ ئیتر یەرو بەعل واتە جیدعون، هەروەها هەموو ئەو خەڵکەی
کە لەگەڵیدا بوون بەیانی زوو هەستان و دابەزینە سەر عەین
حەرود. سوپای میدیانییەکانیش لە باکووریانەوە بوون لەلای
گردی مورە لە دۆڵەکە .
٢ ئینجا خودا بە جیدعونی وت: ئەو خەڵکەی کە لەگەڵتدایە بەلای
منەوە زۆرن، تا بەدەستی ئەوان میدیانییەکان ببەزێنم، نەکا
ئیسرائیل شانازی بکات بەسەرمدا و بڵێ: دەستی خۆم ڕزگاری
کردم. ٣ ئێستاش بانگەواز بەگوێی خەڵکەکەدا بکە: ئەوەی دەترسێ
و تۆقیوە با بگەڕێتەوە و چیای جەلعاد بەجێبهێڵێت. ئیتر بیستو
دوو هەزار کەس لە خەڵکەکە گەڕانەوە و دە هەزار کەس مانەوە.
٤ ئینجا خوداوەند بە جیدعونی وت: هێشتا خەڵکەکە زۆرن.
بیانبەرە خوارەوە بۆ سەر ئاوەکە بۆ ئەوەی لەوێ لە بێژنگیان بدەم
بۆت. ئیتر ئەوەی کە پێت بڵێم، ئەمە لەگەڵتدا دێت ئەوە لەگەڵتدا
دێت، هەر یەکێکیش پێت بڵێم، ئەمە لەگەڵتدا نایەت ئەوا نایەت.
٥ ئەویش خەڵکەکەی بردە خوارەوە بۆسەر ئاوەکە . ئینجا
خوداوەند بە جیدعونی وت: هەرکەسێك بە زمان لە ئاوەکەی
خواردەوە وەك چۆن سەگ بە زمان ئاو دەخواتەوە جیاییکەرەوە،
هەروەها هەرکەسێك بۆ ئاو خواردنەوە بەسەر چۆکدا بکەوێت
جیاییکەرەوە.
٦ ئیتر ژمارەی ئەوانەی بەزمان ئاویان خواردەوە سێ سەد پیاو
بوون و خەڵکەکەی تر هەموویان لەسەر چۆکیان کەوتن بۆ ئاو
خواردنەوە. ٧ ئینجا خوداوەند بە جیدعونی وت: بەو سێ سەد
پیاوەی بە زمان ئاویان خواردەوە ڕزگارتان دەکەم و میدیانییەکان
دەخەمە ژێر دەستتەوە و خەڵکەکەی تر با هەر کەسەو بچێتەوە بۆ
شوێنی خۆی. ٨ ئیتر خەڵکەکە نان و کەڕەناکانیان لەگەڵ خۆیاندا
برد و هەموو پیاوەکانی تری ئیسرائیلی ناردەوە هەریەکەو بۆ
چادرەکەی خۆی، بەڵام سێ سەد پیاوەکەی هێشتەوە. ئۆردوگای
میدیانییەکانیش لە ژێریەوە بوو لە دۆڵەکە.
٩ ئینجا لەو شەوەدا خوداوەند پێی وت: هەستە بچۆ خوارەوە بۆ
ئۆردوگاکە، چونکە خستوومەتە ژێر دەستتەوە. ١٠ ئەگەر لە چوونە
خوارەوەش دەترسی، ئەوا خۆت و فورەی خزمەتکارت بچنە
خوارەوە بۆ ئۆردوگاکە، ١١ گوێت لە قسەکانیان دەبێت و وورەت
دێتەوەبەر و دادەبەزیتە سەر ئۆردوگاکە. ئیتر خۆی و فورەی
خزمەتکاری دابەزین هەتا چوون و لەڕیزەکانی دواوەی
چەکدارەکانی ئۆردوگاکە نزیك بوونەوە. ١٢ میدیانییەکان و
عەمالیقەکان و هەموو ڕۆڵەکانی ڕۆژهەڵات لە زۆریدا وەك کولە
وابوون و لە دۆڵەکەدا بوون، حوشترەکانیشیان بێژمار بوون وەك
ئەو لمەی لەسەر کەناری دەریا دایە لە زۆریدا. ١٣ ئینجا جیدعون
هات و بینی پیاوێك خەوێك بۆ هاوڕێکەی دەگێڕێتەوە و
دەڵێ:بەڕاستی خەوێکم دیوە، لەخەوەکەدا کولێرەیەکی نانی جۆ تل
بۆوە بۆ ئۆردوگای میدیانییەکان و هات بۆ چادرەکە و لێیدا ئیتر
کەوت و سەرەوژووری کرد، ئیتر چادرەکەی تەختکرد.
١٤ هاوڕێکەشی وەڵامی دایەوە: ئەوە لە شمشێرەکەی جیدعونی
کوڕی یوئاشی پیاوی ئیسرائیل زیاتر بەولاوە هیچیتر نییە، خودا
میدیانییەکان و هەموو سوپاکەی خستۆتە ژێر دەستیەوە.
١٥ ئیتر کاتێك جیدعون گوێی لە هەواڵی خەوەکە و لێکدانەوەکەی
بوو کڕنۆشی برد و گەڕایەوە بۆ ئۆردوگاکەی ئیسرائیل و وتی:
هەستن، چونکە خودا سوپای میدیانییەکانی خستۆتە ژێر
دەستتانەوە. ١٦ ئینجا سێ سەد پیاوەکەی دابەش کرد بۆ سێ تیپ و
کەڕەنای دایە دەست هەموویان لەگەڵ گۆزەی بەتاڵ و چرای
خستە ناو گۆزەکانەوە. ١٧ پێی وتن: سەیری من بکەن و وەك من
بکەن، ئەوەتا من دەچمە نزیك ئۆردوگاکە، ئیتر من چی دەکەم
ئێوەش وا بکەن. ١٨ ئینجا من و هەموو ئەوانەی لەگەڵمدان کە
کەڕەنامان لێدا، ئێوەش بە دەوری هەموو ئۆردوگاکەدا کەڕەنا
لێبدەن و بڵێن، بۆ خوداوەند و بۆ جیدعون. ١٩ ئیتر جیدعون و سەد
پیاوەکەی کە لەگەڵیدا بوون لە سەرەتای نیوە شەودا هاتن بۆ
کەناری ئۆردوگاکە و لەو کاتەدا پاسەوانیان گۆڕیبوو، ئینجا
کەڕەنایان لێداو ئەو گۆزانەی بەدەستیانەوە بوو شکاندیانن. ٢٠ سێ
تیپەکە کەڕەنایان لێداو گۆزەکانیان شکاند و چراکانیان بەدەستی
چەپیانەوە گرت و کەڕەناکانیان بەدەستی ڕاست بۆ ئەوەی لێی
بدەن، هاواریان کرد: شمشێرێك بۆ خوداوەند و بۆ جیدعون.
٢١ ئیتر هەریەکەو لە شوێنی خۆیان بەدەوری ئۆردوگاکەدا
ڕاوەستان. ئینجا هەموو سوپاکە ڕایانکرد و هاواریانکرد و
هەڵهاتن. ٢٢ سێ سەدەکە کەڕەنایان لێداو خوداوەند وای کرد
میدیانییەکان هەریەکەو شمشێرەکەی بکات بە هاوڕێکەیدا و بە
هەموو سوپاکە، ئیتر سوپاکە هەڵهات بۆ بەیت شەتتە هەتا سەردە
تاوەکو دەگاتە کەناری ئابەلی مەحولە تا تەبات. ٢٣ ئیتر پیاوانی
ئیسرائیل لە نەفتالی و لە ئەشیر و لە هەموو مەنەسا کۆبوونەوە
و دوای میدیانییەکان کەوتن.
٢٤ ئینجا جیدعون نێرراوی نارد بۆ هەموو چیای ئەفرایم و وتی:
دابەزن بۆ بەرەنگاربوونەوەی میدیانییەکان و سەرچاوەی
ئاوەکانیان لێبستێنن تا دەگاتە بەیت بارەو ڕوباری ئوردون. ئیتر
هەموو پیاوانی ئەفرایم کۆبوونەوە و سەرچاوەی ئاوەکانیان
لێسەندن تا دەگاتە بەیت بارەو ڕوباری ئوردن. ٢٥ هەر دوو
سەرکردەی میدیانییەکانیشیان گرت، عورێب و زئێب. عورێبیان
لەسەر بەردی عورێب کوشت، بەڵام زئێبیان لەناو گوشەری
زئێبدا کوشت. هەروەها دوای میدیانییەکان کەوتن و کەلەسەری

عورێب و زئێبیان لەوبەری ڕووباری ئوردنەوە هێنا بۆ جیدعون.

# ٨

١ ئینجا پیاوانی ئەفرایم پێیان وت: ئەو کارە چی بوو بە ئێمەت
کرد، بۆچی کە چوویت بۆ بەرەنگاربوونەوەی میدیانییەکان
ئێمەت بانگ نەکرد؟ زۆر لێی پڕبوون. ٢ ئەویش پێی وتن: ئەوەی
من کردوومە چییە لەچاو ئێوەدا؟ ئایا بەرماوەی ئەفرایم لە
دروێنەی ئەبیعزەر باشتر نییە؟ ٣ خودا هەر دوو سەرکردەی
میدیانییەکان، غوراب و زئێبی خستە ژێر دەستتانەوە. من توانیومە
چی بکەم لەچاو ئێوەدا؟ جا لەوکاتەدا ڕۆحیان بەرامبەری خاو
بووەوە، کاتێك ئەم قسەی کرد.
٤ ئینجا جیدعون هات بۆ ڕوباری ئوردون و خۆی و سێ سەد
پیاوەکەی کە لەگەڵیدا بوون پەڕینەوە، ماندوو بوون و دوژمنیان
ڕاونابوو. ٥ جا بەخەڵکی سکوتی وت: نان بدەن بەو خەڵکەی
لەگەڵمدان، چونکە ماندوون و من دوای زەبەح و سەلمونناع هەر
دوو پادشای میدیان کەوتووم. ٦ سەرۆکەکانی سکوت وتیان: ئایا
دەستی زەبەح و سەلمونناع ئێستا بەدەستتەوەیە تا وەکو نان بدەین
بە سەربازەکانت؟ ٧ جیدعونیش وتی: بۆیە کاتێك خوداوەند زەبەح
و سەلمونناع دەخاتە ژێر دەستم گۆشتتان بە دڕكوداڵی
دەشتودەردا دەهاڕم. لەوێشەوە سەرکەوت بۆ فەنوئیل و هەمان
قسەی پێ وتن. خەڵکی فەنوئیلیش وەکو خەڵکی سکوت وەڵامیان
دایەوە. ٩ هەروەها بە خەڵکی فەنوئیلی وت، کاتێ بەسەلامەتی
دەگەڕێمەوە ئەم تاوەرە دەڕوخێنم.
١٠ زەبەح و سەلموننناعیش لە قەرقەر بوون و سوپاکانیان لەگەڵیاندا
بوون، کە نزیکەی پانزە هەزار بوون، هەموو ئەوانەی مابوونەوە
لە هەموو سوپاکەی ڕۆڵەکانی ڕۆژهەڵات. ئەوانەش کە کەوتن
سەدو بیست هەزار پیاوی شمشێر هەڵگربوون. ١١ ئیتر جیدعون
لە ڕێگای چادرنشینەکانەوە سەرکەوت، لە ڕۆژهەڵاتی نوبەح و
یۆجبەهەوە و لە سوپاکەی داو سوپاکەش لەو کاتەدا پشتیان
لێکردبووەوە. ١٢ جا زەبەح و سەلموننناع ڕایانکرد و ئەویش
دوایان کەوت و هەر دوو پادشای میدیان زەبەح و سەلموننناعی
گرت و هەموو سوپاکەی بێزار کرد.
١٣ ئینجا جیدعونی کوڕی یۆئاش لە جەنگ گەڕایەوە لەلای
عەقەبەی حارەس. ١٤ گەنجێکی لە خەڵکی سکوت گرت و
پرسیاری لێکرد، ئەویش ناوی سەرۆکەکانی سکوت و
ڕیش‌سپییەکانی بۆ نووسی کە حەفتاو حەوت پیاو بوون. ١٥ ئینجا
چووە ژوورەوە بۆ لای خەڵکی سکوت و وتی: ئەوەتا زەبەح و
سەلموننناع کە گاڵتەتان پێکردم و وتان: ئایا دەستی زەبەح و
سەلموننناع ئێستا بە دەستتەوەیە تا نان بدەین بە پیاوە
ماندووەکانت؟ ١٦ جا ڕیش‌سپییەکانی شارەکە و دڕكوداڵی
دەشتودەری برد و کردیانی بە پەند بۆ خەڵکی سکوت.
١٧ هەروەها تاوەری فەنوئیلی ڕوخاند و پیاوەکانی شارەکەی
کوشت.
١٨ بەزەبەح و سەلموننناعی وت: ئەو پیاوانەی کە لە تابور
کوشتتانن چۆن بوون؟ ئەوانیش وتیان: لەتۆ دەچوون، هەریەکەیان
وەك شازادەیەك بوو. ١٩ ئەویش وتی: ئەوان برای منن و کوڕی
دایکمن. بەو خوداوەندەی کە زیندووە ئەگەر بە زیندوێتی
بتانهێشتنایەتەوە نەمدەکوشتن ! ٢٠ ئینجا بە یەسەری نۆبەرەی وت:
هەستە بیانکوژە! بەڵام کوڕەکە شمشێرەکەی ڕانەکێشا، چونکە
ترسا لە بەرئەوەی هێشتا مێردمنداڵ بوو. ٢١ زەبەح و
سەلموننناعیش وتیان: تۆ هەستەو بمانکوژە، چونکە پیاو چۆن بێ
هێزیشی وایە. جیدعونیش هەستاو زەبەح و سەلموننناعی کوشت
و ئەو چاوەزارانەی لەسەر شێوەی مانگ دروستکرابوو و بە ملی
حوشترەکانیانەوە بوو بردی.
٢٢ ئیتر پیاوانی ئیسڕائیل بە جیدعونیان وت: فەرمانڕەوایمان بکە
خۆت و کوڕەکەت و کوڕی کوڕەکەشت، چونکە ڕزگارت کردین
لە دەستی میدیان. ٢٣ جیدعونیش پێی وتن: من فەرمانڕەوایتان
ناکەم و کوڕەکەشم فەرمانڕەوایتان ناکات. خوداوەند
فەرمانڕەوایتان دەکات. ٢٤ ئینجا جیدعون پێی وتن: داوای شتێکتان
لێدەکەم، هەر یەکەتان ئەو گوارانەی دەستیکەوتووە بمداتێ.
چونکە }کوژراوەکان{ ئیسماعیلی بوون، گوارەی زێڕیان هەبوو.
٢٥ ئەوانیش وتیان: باشە، بەسەرچاو. ئینجا کراسێکیان ڕاخست و
هەریەکەو ئەو گوارانەی دەستیکەوتبوو فڕێیدایە سەری. ٢٦ کێشی
ئەو گوارە زێڕانەی کە داوای کرد هەزارو حەوت سەد پارچە
زێڕ بوو، ئەمە بێجگە لە چاوەزارەکان کە لەسەر شێوەی مانگ
بوون، هەروەها بازن و کراسی ئورجوان کە لە بەر پادشایانی
میدیان بوو، هەروەها بێجگە لەو ملوانکانەی کە لە ملی
حوشترەکانیاندا بوو. ٢٧ جا جیدعون ئێفۆدێکی لێ دروستکردن و
لە شارەکەی کە عەفرە بوو دایینا. هەموو ئیسڕائیلیش بەدوایەوە
لەوێ داوێنپیسییان کرد، ئیتر ئەوە تەڵەیەك بوو بۆ جیدعون و
ماڵەکەی. ٢٨ میدیانیش لە بەردەم ڕۆڵەکانی ئیسڕائیلدا سەرشۆڕ
بوون و ئیتر سەریان بەرزنەکردەوە. زەویش لە ڕۆژانی جیدعوندا
چل ساڵ پشوویدا.
٢٩ جا یەروبەعلی }جیدعونی{ کوڕی یوئاش ڕۆشیت و لە ماڵی
خۆیدا دانیشت. ٣٠ جیدعون حەفتا کوڕی لە پشتی خۆی هەبوو،
چونکە زۆر ژنی هەبوو. ٣١ هەروەها کەنیزەکەشی کە لە شەکیم
بوو، ئەویش کوڕێکی بۆی بوو، ناوی نا ئەبیمالیك. ٣٢ ئینجا
جیدعونی کوڕی یوئاش بەپیری مردو لە گۆڕی یوئاشی باوکی لە
عەفرەی ئەبیعزەردا نێژرا.
٣٣ هەر دوای مردنی جیدعون ڕۆڵەکانی ئیسڕائیل دیسانەوە بە
دوای بەعلیمەوە داوێنپیسان کرد و بەعل بەریتیان کرد بەخودای
خۆیان. ٣٤ ڕۆڵەکانی ئیسڕائیل خوداوەند خودای خۆیان
بیرنەکەوتەوە ئەوەی دەربازیکردن لە دەستی هەموو دوژمنەکانی
دەوروبەریان. ٣٥ هەروەها لەگەڵ ماڵی یەروبەعل جیدعوندا
دڵسۆز نەبوون بەرامبەر بە هەموو ئەو چاکانەی کە لەگەڵ
ئیسڕائیلدا کردی.

# ٩

١ ئینجا ئەبیمالیکی کوڕی یەروبەعل ڕۆیشت بۆ شەکیم بۆ لای
خاڵەکانی، بە هەموو هۆزی ماڵی باوکی دایکی وت: ٢ بە هەموو
خەڵکی شەکیم بڵێن، کامیان باشترە بۆ ئێوە، ئایا حەفتا پیاو
فەرمانڕەوایتان بکەن، هەموو کوڕەکانی یەروبەعل، یان یەك
پیاو فەرمانڕەوایتان بکات؟ ئەوەشتان لەبیربێ کە من لە ئێسك و
گۆشتی خۆتانم. ٣ ئیتر خاڵەکانی هەموو ئەم قسانەیان بە هەموو
خەڵکی شەکیم وت. ئەوانیش ئەبیمالیکیان بەدڵ بوو، چونکە وتیان
ئەو برامانە. ٤ ئینجا حەفتا پارچە زیویان دایێ لەماڵی بەعل
بەریت، ئەبیمالیکیش بەو پارەیە پیاوی بێکەڵك و سەرەڕۆی
بەکرێ گرت و ئەوانیش دوایکەوتن . ٥ ئینجا هات بۆ ماڵی باوکی
لە عەفرە و هەموو براکانی خۆی کە کوڕەکانی یەروبەعل بوون
کوشتنی، حەفتا پیاو لەسەر یەك بەرد. تەنها یوتامی کوڕی
یەروبەعل کە لە هەمووان بچووکتر بوو مایەوە، چونکە خۆی
شاردەوە. ٦ ئیتر هەموو خەڵکی شەکیم و هەموو دانیشتوانی بەیت
میلۆ کۆبوونەوە و چوون و ئەبیمالیکیان لە لای دار بەڕووەکەی
کە لە لای ستونەکەی شەکیمە، کرد بە پادشا.
٧ ئینجا هەواڵی ئەمەیان دا بە یوتام و ئەویش چوو لەسەر چیای

جریزیم وەستا و دەنگی بەرزکردەوە و بانگیکرد و وتی پێیان:
گوێم لێبگرن ئەی خەڵکی شەکیم،
خودا گوێتان لێبگرێت.
٨ جارێکیان درەختەکان چوون پادشـایەك دەسـتنیشـانکەن بەسـەر
خۆیان.
جا بە دار زەیتونیان وتa:
فەرمانڕەوایەتیمان بکە.
٩ دار زەیتونیش پێی وتن:
ئایا واز بهێنم لە ڕۆنەکەم
ئەوەی ڕێز لە خودا و خەڵك دەگرن پێی و
بچم بەسەر درەختەکاندا بشەکێمەوە؟

١٠ ئینجا درەختەکان بە دار هەنجیریان وت:
وەرە تۆ فەرمانڕەوایەتیمان بکە.
١١ دار هەنجیریش پێی وتن:
ئایا واز لە شیرینییەکەم و
بەرە خۆشەکەم بهێنم و
بچم بەسەر درەختەکاندا بشەکێمەوە؟

١٢ ئیتر درەختەکان بە دارمێویان وت:
تۆ وەرە فەرمانڕەوایەتیمان بکە.
١٣ دار مێویش پێی وتن:
ئایا واز لە مەیە نوێیەکەم بهێنم
ئەوەی دڵی خودا و خەڵك خۆش دەکات و
بچم بەسەر درەختەکاندا بشەکێمەوە؟

١٤ ئینجا هەموو درەختەکان بە دڕکوداڵیان وت:
تۆ وەرە فەرمانڕەوایەتیمان بکە.
١٥ دڕکوداڵیش بە درەختەکانی وت:
ئەگەر ئێوە بە ڕاستی دەتانەوێت
دەستنیشانم کەن بە پادشا بەسەرتانەوە،
وەرن لە ژێر سێبەرەکەمدا خۆتان پەنا بدەن.
ئەگینا ئاگرێك لە دڕکەکەوە دێتە دەرەوە و
ئورزی لوبنان دەخوات!
١٦ ئێسـتاش ئەگەر بە دەسـتپاکی و بە ڕاسـتی کارتان کردبێت و
ئەبیمالیکتان کردبێت بە پادشـا، یان گەر چاکتان کردبێت لەگەڵ
یەروبەعل و لەگەڵ ماڵەکەی و گەر بە گوێرەی ئیشـەکانی دەستی
پاداشـتتان دابێتەوە. ١٧ چونکە باوکم بۆ ئێوە جەنگی و خۆی خستە
مەترسـیەوە و لە چنگی میدیان دەربازی کردن. ١٨ ئێوەش ئەمڕۆ
چوون بەگژ ماڵی باوکمدا و کوڕەکانیتان کوشـتن، حەفتا پیاو لە
سەر یەك بەرد و ئەبیمالیکی کوڕی ژنە خزمەتکارەکەیتان کرد بە
پادشـا بەسـەر خەڵکی شـەکیم، چونکە براتانە! ١٩ جا گەر بە
دەسـتپاکی و بە ڕاسـتیتان کردبێت لەگەڵ یەروبەعل و لەگەڵ
ماڵەکەی لەم ڕۆژەدا، ئەوا دڵتان خۆش بکەن بە ئەبیمالیك و با
ئەویش دڵی پێتان خۆشـبێت .٢٠ ئەگینا ئاگرێك لە ئەبیمالیکەوە دێتە
دەرەوە و خەڵکی شـەکیم و دانیشـتوانی بەیت میلۆ دەخوات و
ئاگرێکیش لە خەڵکی شـەکیم و لە دانیشـتوانی بەیت میلۆ دێتە
دەرەوە و ئەبیمالیك دەخوات. ٢١ ئینجا یوتام ڕایکرد و هەڵهات،
لەترسی ئەبیمالیکی برای چوو بۆ بیئر و لەوێ ژیا.
٢٢ ئیتر ئەبیمالیك سـێ سـاڵ فەرمانڕەوایی ئیسـرائیلی کرد.
٢٣ ئینجا خودا ڕۆحێکی خراپی نارد بۆ نێوان ئەبیمالیك و خەڵکی
شـەکیم، ئیتر خەڵکی شـەکیم ناپاکییان لە ئەبیمالیك کرد. ٢٤ تا ئەو
زۆرداریەی لە حەفتا کوڕەکەی یەروبەعل کرا و خوێنیان بێت بە
سـەر ئەبیمالیکی برایان کە کوشـتنی، هەروەها بەسـەر خەڵکی
شەکیم ئەوانەی هانیاندا بۆ کوشتنی براکانی. ٢٥ جا خەڵکی شەکیم
بۆسەیان لەسەر لووتکەی چیاکان بۆی دانا و هەر یەکێك لەسەر
ڕێگاکە بە لایاندا تێپەڕیبایە ڕووتیان دەکردەوە. ئیتر هەواڵ
گەیشت بە ئەبیمالیك.
٢٦ ئینجا جەعەلی کوڕی عابید و براکانی هاتن و پەڕینەوە بۆ
شەکیم، جا خەڵکی شەکیم متمانەیان پێکرد. ٢٧ ئینجا چوونە دەرەوە
بۆ سـەر کێڵگەکانیان و ترێکانیان لێ کردەوە و گوشـییان و
ئاهەنگی مەی خواردنەوەیان گێڕا و چوونە ماڵێ خوداکانیان و
خواردیان و خواردیانەوە و نەفرەتیان لە ئەبیمالیك کرد. ٢٨ ئینجا
جەعەلی کوڕی عابید وتی: ئەبیمالیك کێیە و شـەکیم کێیە تا ئێمە
خزمەتی بکەین؟ ئایا ئەو کوڕی یەروبەعل نییە و زەبول بریکاری
نییە؟ ئیتر بۆچی ئێمە خزمەتی بکەین؟ خزمەتی پیاوەکانی
حەموری باوکی شەکیم بکەن. ٢٩ کێ ئەم گەلە دەخاتە ژێر دەستم
بۆ ئەوەی ئەبیمالیك لابەم و بە ئەبیمالیك بڵێم سـوپاکەت ئامادەبکە
و وەرە دەرەوە!
٣٠ کاتێ زەبولی سەرۆکی شار قسەکەی جەعەلی کوڕی عابیدی
بیسـت، تووڕەبوو و ٣١ پەیامنێری نارد بۆ ئەبیمالیك لە تورمە،
وتی: ئەوەتا جەعەلی کوڕی عابید و براکانی هاتن بۆ شـەکیم و
ئەوەتا شارەکە لە دژی تۆ دەوروژێنن. ٣٢ ئێستا بە شەو خۆت و
ئەو خەڵکەی لە گەڵتدایە هەستن و لە کێڵگە بۆسە دابنێن. ٣٣ ئینجا
بەیانی کاتی ڕۆژ هەڵاتن زوو هەسـتە و هێرش بکە بۆ سـەر
شـارەکە، ئینجا کاتێ خۆی و ئەو خەڵکەی کە لەگەڵیدان دێنە
دەرەوە بۆت، تۆش ئەوەی پێ بکە کە لە دەستت دێت.
٣٤ جا ئەبیمالیك و هەموو خەڵکەکەی کە لەگەڵیدا بوون بە شـەو
هەسـتان و بوون بە چوار بەش و بۆسـەیان دانا بۆ شـەکیم.
٣٥ جەعەلی کوڕی عابدیش چووە دەرەوە و لەناو دەروازەی
شارەکەدا ڕاوەستا. ئینجا ئەبیمالیك و خەڵکەکەی کە لەگەڵیدا بوون
لە بۆسەکە هاتنە دەرەوە. ٣٦ جا جەعەل خەڵکەکەی بینی بۆیە بە
زەبولی وت: ئا ئەوە خەڵکن لە لووتکەی چیاکانەوە دێنە خوارەوە!
زەبولیش پێی وت: ئەوە تۆ سـێبەری چیاکان دەبینیت وا دەزانی
خەڵکە. ٣٧ بەڵام جەعەل دیسـان وتی: ئا ئەوە خەڵکن لە بەرزایی
زەویەکەوە دێنە خوارەوە و یەك تیپیش وا لە ڕێی داربەڕووەکەی
جادووگەرانەوە دێت. ٣٨ زەبولیش پێی وت: ئێسـتا ئەو دەمەت
لەکوێیە کە پێی دووایت، ئەبیمالیك کێیە تا ئێمە خزمەتی بکەین؟
ئایا ئەوە ئەو خەڵکە نین کە گاڵتەت پێیانکرد. دە ئێستا بچۆ دەرەوە
و بجەنگێ دژیان. ٣٩ جەعەلیش لەبەردەم خەڵکی شـەکیمدا چووە
دەرەوە و جەنگی دژی ئەبیمالیك. ٤٠ ئەبیمالیکیش بەزاندی و ئیتر
هەڵهات لە دەسـتی و زۆر کەس بە کوژراوی کەوتن هەتا لەدەم
دەروازەکەش. ٤١ ئینجا ئەبیمالیك لە ئەرومە دانیشـت و زەبولیش
جەعەل و براکانی دەرکرد و نەیهێشت لە شەکیمدا بژین.
٤٢ ئینجا بۆ بەیانییەکەی خەڵکەکە چوونە دەرەوە بۆ کێڵگە و هەواڵ
درا بە ئەبیمالـك. ٤٣ ئەویش خەڵکەکەی برد و کردنی بە سـێ
بەشـەوە و لە کێڵگەدا بۆسـەی دانا و بینی کەوا خەڵکەکە لە شـار
دێنە دەرەوە، ئەویش بۆیان هەسـتا و لێیدان .٤٤ ئەبیمالیك و ئەو
بەشەی لەگەڵیدا بوون هەڵمەتیان برد و لەناو دەروازەی شارەکەدا
ڕاوەستان، بەڵام دوو بەشـەکەی تر هێرشیان بردە سەر هەموو
ئەوانەی کە لە کێڵگەدا بوون و لێیاندان .٤٥ ئەبیمالیکیش بەدرێژایی
ڕۆژ چوو بەگژ شـارەکەدا و شـارەکەی گرت و ئەو خەڵکەی
تیایدابوو کوشتنی و شارەکەی ڕووخاند و بە خوێ دایپۆشی.
٤٦ ئینجا هەموو خەڵکی تاوەری شەکیم ئەمەیان بیست، بۆیە چوونە
ناو قەڵای بەیت ئیل بەریت. ٤٧ ئیتر هەواڵیان دا بە ئەبیمالیك کە
هەموو خەڵکی تاوەری شەکیم کۆبوونەتەوە. ٤٨ جا ئەبیمالیك خۆی
و هەموو خەڵکەکەی لەگەڵیدا بوون سەرکەوتن بۆ چیای سەلمون.
ئینجا ئەبیمالیك دەسـتی دایە تەورو لقی درەختێکی بڕیەوە و
هەڵیگرت و خستیە سـەر شـانی، بە خەڵکەکەی کە لەگەڵیدابوون
وتی: چاوتان لێیە چی دەکەم، ئێوەش خێراکەن وەکو من بکەن.
٤٩ خەڵکەکەش هەر یەکەو لقێکی بڕیەوە و لە دوای ئەبیمالیکەوە
ڕۆشـتن، لەسـەر قەڵاکە دایاننا و قەڵاکەیان بەسـەردا سـوتاندن.

هەروەها هەموو خەڵکی تاوەری شەکیم مردن کە نزیکەی هەزار
پیاو و ژن بوون.
٥٠ ئینجا ئەبیمالیك چوو بۆ تاباس و لە تاباس دابەزی و گرتی.
٥١ لە ناوەراستی شارەکەش تاوەرێکی قایم هەبوو، هەموو پیاوان
و ژنان و تەواوی خەڵکی شارەکە ڕایان کردە ئەوێ و دەرگاکانیان
لە دوای خۆیانەوە داخست و سەرکەوتن بۆ سەربانی تاوەرەکە.
٥٢ ئەبیمالیکیش هات بۆ تاوەرەکە و چوو بەگژیدا و نزیکی
دەرگای تاوەرەکە بووەوە بۆ ئەوەی بە ئاگر بیسوتێنێت. ٥٣ جا ژنێك
پارچەی بەردەدستارێکی کێشا بەسەری ئەبیمالکدا و کەلەی
سەری شەقکرد. ٥٤ ئەویش یەکسەر ئەو کوڕەی بانگکرد کە
تفاقەکانی بۆ هەڵگرتبوو و پێی وت: شمشێرەکە دەربێنە و
بمکوژە، بۆ ئەوەی پێم نەڵێن، ژنێك کوشتی. ئیتر کوڕەکە
شمشێرەکەی پیاکرد و مرد. ٥٥ کاتێك پیاوەکانی ئیسرائیل بینیان
ئەبیمالیك مرد، هەریەکەو ڕۆیشتەوە بۆ شوێنی خۆی. ٥٦ ئیتر
خودا خراپەکارییەکەی ئەبیمالیکی بەسەر خویدا هێنایەوە، ئەوەی
دەرهەق بە باوکی کرد، کە حەفتا براکەی کوشت. ٥٧ هەروەها
خودا هەموو خراپەکارییەکانی خەڵکی شەکیمی دایەوە بە سەریاندا
و نەفرەتەکەی یوتامی کوڕی یەروبەعلیان بەسەردا هات.

# ١٠

١ ئینجا دوای ئەبیمالیك تولەعی کوڕی فوات کوڕی دۆدۆ هەستا
بۆ ڕزگارکردنی ئیسرائیل، کە پیاوێك بوو لە هۆزی یەساکر، لە
شامیر دەژیا لە چیای ئەفرایم. ٢ جا بیستو سێ ساڵ دادوەریکرد
بۆ ئیسرائیل و ئینجا مرد و لە شامیر نێژرا.
٣ ئینجا دوای ئەو یائیری جیلعادی هەستا و بیستو دووساڵ
دادوەری کرد بۆ ئیسرائیل. ٤ سی کوڕی هەبوو و سواری سی
گوێدرێژ دەبوون و سی گوندیان هەبوو، پێیان دەوترا خەفوت
یائیر کە تا ئەمڕۆش وایان پێ دەڵێن و لە خاکی جیلعادە. ٥ یائیرش
مرد و لە قامون نێژرا.
٦ دیسانەوە ڕۆڵەکانی ئیسرائیل لەبەرچاوی خوداوەند بەدکاریان
کرد و بەعلەکان و عەشتارەکان و خوداکانی ئارام و خوداکانی
سەیدون و خوداکانی مۆئاب و خوداکانی نەوەی عەممون و
خوداکانی فەلەستیەکانیان پەرست و وازیان لە خوداوەند هێنا و
نەیانپەرست. ٧ بۆیە خوداوەند لە ئیسرائیلییەکان تووڕە بوو و بە
دەستی فەلەستییەکان و بەدەستی نەوەکانی عەممون فرۆشتنی.
٨ ئەوانیش لەوساڵەوە ڕۆڵەکانی ئیسرائیلیان تێکشکاند و
هەژاندیانن بۆ ماوەی هەژدە ساڵ، هەموو ڕۆڵەکانی ئیسرائیل کە
لەوبەری ڕووباری ئوردون بوون لە خاکی ئەمورییەکان ئەوانەی
لە جیلعاد بوون. ٩ نەوەکانی عەممون لە ڕووباری ئوردونیش
پەڕینەوە بۆ جەنگ دژ بە یەهوزا و بینیامین و ماڵی ئەفرایم، بۆیە
ئیسرائیل زۆر نیگەران بوو. ١٠ جا ڕۆڵەکانی ئیسرائیل هاواریان
بۆ خوداوەند کرد و وتیان: ئێمە گوناهمانکرد دەرهەق بە تۆ،
چونکە وازمان لە خودای خۆمان هێنا و بەعلەکانمان پەرست.
١١ خوداوەندیش بەڕۆڵەکانی ئیسرائیلی وت: ئایا لە دەستی
میسرییەکان و ئەمورییەکان و نەوەکانی عەممون و فەلەستییەکان،
١٢ هەروەها سەیدونییەکان و عەمالیق و مەعونییەکان کە تەنگیان
پێتان هەڵچنی، ئیتر هاوارتان بۆ کردم و منیش لە دەستیان
ڕزگارم کردن. ١٣ ئێوەش وازتان لێهێنام و خودای ترتان پەرست.
لەبەرئەوە ئیتر ڕزگارتان ناکەم. ١٤ بڕۆن هاوار بکەن بۆ ئەو
خودایانەی هەڵتانبژاردون، با ئەوان ڕزگارتان بکەن لە کاتی
تەنگانەتاندا. ١٥ ڕۆڵەکانی ئیسرائیلیش بە خوداوەندیان وت:
گوناهمان کرد، جا چی بە باش دەزانیت پێمانی بکە، تەنها هەر
ئەمڕۆ دەربازمان بکە. ١٦ ئیتر خودا نامۆکانیان لەناو خۆیاندا
لابرد و خوداوەندیان پەرست، ئەویش دڵتەنگ بوو ئیسرائیل لە
ناخۆشیدا بێت.
١٧ ئینجا ڕۆڵەکانی عەممون کۆبوونەوە و لە جیلعاددا دابەزین،
ڕۆڵەکانی ئیسرائیلیش کۆبوونەوە و لە میسفاتدا دابەزین. ١٨ ئیتر
خەڵکەکە ئەوانەی سەرۆکەکانی جیلعاد بوون هەریەکەو بە
برادەرەکەی وت: ئەو پیاوەی دەست بکات بە جەنگ لەگەڵ
ڕۆڵەکانی عەممون، ئەوا ئەو دەبێ بەسەرۆکی هەموو خەڵکی
جیلعاد.

# ١١

١ یەفتاحی جیلعادی پاڵەوانێکی بەهێزبوو و کوڕی ئافرەتێکی
داوێن پیسبوو و جیلعادیش باوکی بوو. ٢ پاشان ژنەکەی جیلعاد
چەند کوڕێکی بوو، کاتێك کوڕەکانی ژنەکە گەورەبوون یەفتاحیان
دەرکرد و پێیان وت: نابی بە میراتگر لەماڵی باوکماندا، چونکە تۆ
کوڕی ژنێکی تری.
٣ بۆیە یەفتاح لە دەست براکانی هەڵات و لە خاکی توبدا
نیشتەجێبوو و چەند پیاوێکی بێکەڵك لە دەوری کۆبوونەوە و
دوایکەوتن.
٤ ئینجا پاش چەند ڕۆژێك نەوەی عەممون دژی ئیسرائیل جەنگان.
٥ کاتێك نەوەی عەممون دژی ئیسرائیل جەنگان، ڕیشسپییانی
جیلعاد ڕۆیشتن تایەفتاح لە خاکی توبەوە بهێنن. ٦ بە یەفتاحیان
وت: وەرە ببە بە سەرکردەمان تا دژی نەوەی عەممون بجەنگین.
٧ یەفتاحیش بە ڕیشسپییانی جیلعادی وت: ئایا ئێوە نەبوون کە
ڕقتان لێم بووەوە و لەماڵی باوکم دەرتان کردم؟ بۆچی ئێستا
هاتوون بۆ لام کە لەتەنگانەدان؟ ٨ ڕیشسپییانی جیلعادیش بە
یەفتاحیان وت: بۆیە ئێستا گەڕاوینەتەوە بۆلات تا لەگەڵماندا
بڕۆیت و دژی نەوەی عەممون بجەنگین و ببیت بە سەرکردەمان
بەسەر هەموو دانیشتوانی جیلعاد. ٩ یەفتاحیش بە ڕیشسپییانی
جیلعادی وت: گەر گەڕاندمتانەوە بۆ جەنگان دژی نەوەی
عەممون و خوداوەند دایانی بەدەستمەوە، ئەوا من دەبم
بەسەرکردەتان؟ ١٠ ڕیششپییانی جیلعادیش بە یەفتاحیان وت: با
خوداوەند لە نێوانماندا گوێگربێت گەر بەپێی وتەکەت ئاوها
نەکەین. ١١ ئینجا یەفتاح لەگەڵ ڕیشسپییانی جیلعاددا ڕۆیشت و
گەل کردیان بەسەرکردە و سەرداری خۆیان و یەفتاحیش هەموو
قسەکانی خۆی لە میسفاتدا لە بەردەم خوداوەند وت .
١٢ ئینجا یەفتاح چەند نێرراوێکی بۆ لای پادشای نەوەی عەممون
ڕەوانە کرد و وتی: چیم لەگەڵ تۆدا هەیە، تۆ هاتوویت دژم
بجەنگی لە خاکەکەمدا؟ ١٣ پادشای نەوەی عەممونیش بە
نێرراوەکانی یەفتاحی وت: لەبەرئەوەی ئیسرائیل لەکاتی
سەرکەوتنیدا لە میسر زەوییەکەی داگیرکردووم، لە ئەرنونەوە تا
یەبوق و تا ڕووباری ئوردون، ئێستاش بە ئاشتی بیگێڕەوە. ١٤ ئینجا
یەفتاح دووبارە چەند نێرراوێکی بۆلای پادشای نەوەی عەممون
ڕەوانە کردەوە و ١٥ پێی وت: یەفتاح ئاوها دەڵێت، ئیسرائیل
زەوی مۆئاب و زەوی نەوەی عەممونی داگیرنەکردووە، ١٦ چونکە
لە کاتی سەرکەوتنی ئیسرائیل لە میسرەوە بە ناو چۆڵەوانیدا تا
دەریای سوف ڕۆیشت و هات بۆ قادیش. ١٧ ئینجا ئیسرائیل چەند
نێرراوێکی نارد بۆ لای پادشای ئادوم و وتی، لێمگەڕێ با بەناو
زەوییەکەتدا تێپەڕبیم، بەڵام پادشای ئادوم گوێی نەگرت. هەوەها
نێرراوی بۆ لای پادشای مۆئاب نارد، بەڵام ڕازی نەبوو. ئینجا
ئیسرائیل لە قادیشدا نیشتەجێبوو. ١٨ ئینجا بەناو چۆڵەوانیدا
ڕۆیشت و بەدەوری زەوی ئادوم و زەوی مۆئابدا سووڕایەوە و
لەلای خۆرهەڵاتەوە هات بۆ زەوی مۆئاب و لە کەناری ئەرنوندا
دابەزی و نەهاتن بۆ سنووری مۆئاب، چونکە ئەرنون سنووری

مۆئابە .١٩ پاشـان ئیسـڕائیل چەند نێرراوێکی بۆلای سـەیحونی
پادشـای ئەمورییەکان و پادشـای حەشـبون نارد و ئیسـڕائیل پێی
وت، لێمگەڕێ با بەناو زەوییەکەتدا تێپەڕم بۆ شوێنەکەم. ٢٠ بەڵام
سـەیحون ڕێگای بە ئیسـڕائیل نەدا بەناو سنوورەکەیدا تێپەڕببێت
بەڵکو سـەیحون هەموو گەلەکەی کۆکردەوە و دابەزین بۆ یاهس و
دژی ئیسڕائیل جەنگان و ٢١ خوداوەند خودای ئیسڕائیل سـەیحون
و هەموو گەلەکەی دا بەدەسـت ئیسـڕائیلەوە و لێیان دان و ئیتر
ئیسـڕائیل بوو بە خاوەنی هەموو زەوی ئەمورییەکان دانیشـتوانی
ئەو زەوییە و ٢٢ بوون بە خاوەنی هەموو سـنووری ئەمورییەکان
لە ئەرنونەوە تـا یەبوق و لە چۆڵەوانییەوە تـا ڕوبـاری ئوردون.
٢٣ ئێستاش کە خوداوەند خودای ئیسڕائیل ئەمورییەکانی لە بەردەم
ئیسـڕائیلی گەلی خۆی وەدەرناوە، ئایا تۆ خاوەندارێتی دەکەیت؟
٢٤ ئایا بەتەنها خاوەنی ئەوەنیت کە کەموشـی خودات پێت دەدات؟
ئێمەش هەموو ئەوانەی خوداوەنـدی خودامـان لەبەر دەممـانـدا
وەدەرینان خاوەنیانین. ٢٥ ئێستاش ئایا تۆ بەڕاستی لە بالاقی کوڕی
سفوری پادشای مۆئاب چاکتری؟ ئایا ئەو بەربەرەکانی ئیسڕائیلی
کرد، یاخود دژیان جەنگا؟ ٢٦ ئەوکاتەی ئیسـڕائیل لە حەشـبون و
گوندەکانی و عەروعیر و گوندەکانی و هەموو شارەکانی تەنیشت
ئەرنوندا سێ سـەد سـاڵ نیشـتەجێبوو، بۆچی لەوکاتەدا بەدەستت
نەهێنـایەوە؟ ٢٧ من هیچ گونـاهەم دەرهەق نەکردوویـت، بەڵام تۆ
گوناهەم لەگەڵدا دەکەیت بە جەنگکردن دژم. با ئەمڕۆ خوداوەندی
دادوەر دادوەری لە نێوان ئیسـڕائیل و نەوەی عەممونـدا بکات.
٢٨ بەڵام پادشای نەوەی عەممون گوێی لە قسەکانی یەفتاح نەگرت
کە بۆی نارد.
٢٩ جا ڕۆحی خوداوەند هاتەسـەر یەفتاح و لە جیلعاد و مەنسـا
پەڕییەوە و لە میسفاتی جیلعاد پەڕییەوە و لەمیسفاتی جیلعادیشەوە
پەڕییەوە بۆ نەوەی عەممون. ٣٠ ئینجا یەفتاح نەزری بۆ خوداوەند
کرد و وتی: گەر نەوەی عەموننتدا بەدەسـتمەوە، ٣١ ئەوا لە کاتی
گەڕانەوەمدا بەسـەلامەتی لە لای نەوەی عەمونەوە، ئەوەی بۆ
پێشـوازی لێکردنم لە دەرگاکانی ماڵەکەمەوە بێتە دەرەوە، ئەوە بۆ
خوداوەند دەبێت و وەك قوربانی سوتاو پێشکەشی دەکەم. ٣٢ ئینجا
یەفتـاح پەڕییەوە بۆ نەوەی عەمون بۆ جەنـگ کردن دژیـان و
خوداوەند دایانی بەدەسـتییەوە و ٣٣ لە عەروعیرەوە تا مەنیتە واتە
تا بیسـت شـار تا ئابل کروم وێرانی کردن و نەوەی عەمون لە
بەردەم نەوەی ئیسڕائیلدا سەرشۆڕبوون.
٣٤ پاشـان یەفتاح گەڕایەوە بۆ میسفات بۆ ماڵەکەی و تەماشایکرد
ئەوەتا کچەکەی بە دەفلێدان و سـەما کردنەوە هاتۆتە دەرەوە بۆ
پێشـوازی لێکردنی. ئەو کچەش تاقانە بوو لەو زیاتر کوڕو کچی
تری نەبوو. ٣٥ لەو کاتەدا کە چاوی پێیکەوت جلەکانی دادڕی و
وتی: ئـای کچەکەم زۆر دڵتەنگت کردم و ژیـانـت لێ تـاڵکردم،
چونکە قسەم بە خوداوەند داوە و ناتوانم پاشگەزببمەوە. ٣٦ ئەویش
پێیوت: ئەی باوکە قسـەت بەخوداوەند داوە؟ بەوەم لەگەڵ بکە کە
لەدەمت هاتۆتە دەرەوە، چونکە خوداوەند تۆڵەی بۆسـەندییەوە لە
دوژمنەکانت، لە نەوەی عەمون. ٣٧ پاشـان بە باوکی وت: با ئەو
کارەم لەگەڵدا بکرێت، بەڵام دوو مانگ لێمگەڕێ تا بڕۆم و لەسەر
چیاکان لەگەڵ دەسـتە خوشـکەکانم بۆ کچێنیم شـیوەن بگێڕم.
٣٨ ئەویش وتی: بڕۆ. دوو مانگ ناردی و ڕۆیشت و لەگەڵ دەستە
خوشـکەکانی لەسـەر چیاکان بۆ کچێنیی گریا. ٣٩ لە کۆتایی دوو
مانگەکەدا گەڕایەوە بۆ لای باوکی و ئیتر ئەو نەزرەی کردبووی
ئەنجامی دا، کچەکەش داوێن پاك بوو. ئیتر ئەمە بوو بە باو لە ناو
ئیسـڕائیلدا ٤٠ کە کچەکانی ئیسـڕائیل سـاڵ لە دوای سـاڵ، هەر
ساڵەو چوار ڕۆژ دەڕۆن تا شیوەن بۆ کچەکەی یەفتاحی جیلعادی
بگێڕن.

# ١٢

١ ئینجا پیاوانی ئەفرایم کۆبوونەوە و ڕووەو باکوور پەڕینەوەو بە
یەفتـاحیـان وت: بۆچی پەڕیتەوە بۆ جەنـگ کردن دژی نەوەی
عەمون و بانگت نەکردین تا لەگەڵتدا بڕۆین؟ لە بەرئەوە ماڵەکەت
بەئاگر بەسـەرتدا دەسوتێنین. ٢ یەفتاحیش پێی وتن: من و گەلەکەم
لەگەڵ نەوەی عەموندا دژایەتییەکی توندمان هەبوو، بانگم کردن
و ئێوە لە دەستیان ڕزگارتان نەکردم. ٣ کە بینیم ئێوە ڕزگارکەرنین
گیانی خۆم خستە دەستی خۆمەوە و پەڕیمەوە بۆ نەوەی عەمون و
خوداوەندیش خسـتیانیە ژێر دەسـتمەوە. ئیتر بۆچی ئێوە ئەمڕۆ
هاتووونەتە سەرم تا دژم بجەنگن.
٤ ئینجا یەفتاح هەموو پیاوانی جیلعادی کۆکردەوە و دژی ئەفرایم
جەنگا و پیـاوانی جیلعـاد لە ئەفرایمیـانـدا، چونکە وتیـان: ئێوە لە
ئەفرایم هەڵهاتوون، جیلعاد لەنێوان ئەفرایم و مەنەسسادایە. ٥ ئینجا
جیلعادییەکان چەمەکانی ئوردونیان لە ئەفرایم گرت و لەوکاتەدا
هەرکەسێ لە هەڵهاتووەکانی ئەفرایم بیوتایە لێم گەڕێن با تێپەڕم،
پیاوانی جیلعاد پێیان دەوت: تۆ ئەفرایمیت؟ گەر بیوتـایە نەخێر.
٦ پێیان دەوت: باشـە بڵێ شـبولەت. ئەویش دەیوت: سـبولەت.
بەتەواوی ئـاگاداری چۆنیەتی وتنەکە نەدەبوو. ئینجا دەیانبرد و
لەسـەر چەمەکانی ئوردون سـەریان دەبڕی. لەو کاتەدا چل و دوو
هەزار لە ئەفرایم کوژران. ٧ ینجا یەفتاح شـەش سـاڵ دادوەری بۆ
ئیسـڕائیل کرد و پاشـان یەفتاحی جیلعادی مرد و لەیەکێك لە
شارەکانی جیلعاددا نێژرا.
٨ پاش ئەو ئیبسـانی خەڵکی بەیت لەحم دادوەری بۆ ئیسـڕائیل کرد
و ٩ سی کوڕ و سی کچی هەبوو بەشوویانی دا بۆ خەڵکی دەرەوە
و لە دەرەوە سـی بوکی بۆ کوڕەکانی هێنا. حەوت سـاڵ دادوەری
بۆ ئیسڕائیل کرد و ١٠ پاشان ئیبسان لە بەیتلەحمدا نێژرا.
١١ پاش ئەو ئیلونی زبولونی دە ساڵ دادوەری بۆ ئیسڕائیل کرد و
١٢ پاشان ئیلونی زبولونی مرد و لە ئیلون لە خاکی زبولوندا نێژرا.
١٣ پـاش ئەویش عەبـدونی کوڕی هیلیلی فرعەتونی دادوەری بۆ
ئیسڕائیل کرد و ١٤ چل کوڕ و سی کوڕەزای هەبوو سواری حەفتا
گوێدرێژ دەبوون. هەشت ساڵ دادوەری بۆ ئیسڕائیل کرد. ١٥ ئینجا
عەبدونی کوڕی هیلیلی فرعەتونی مرد و لە فرعەتون لە خـاکی
ئەفرایمدا لە چیای عەمالیقدا نێژرا.

# ١٣

١ پاشـان نەوەی ئیسـڕائیل دووبارە بەدکارییان لەبەرچاوی
خوداوەنـدا کرد و خوداوەنـدیش چل سـاڵ ژێر دەسـتەی
فەلەستییەکانی کردن.
٢ ئینجا پیاوێك لە سـورعە هەبوو لە هۆزی دانییەکان بوو ناوی
مەنوح بوو، ژنەکەی نەزۆك بوو منداڵی نەدەبوو. ٣ جا فریشـتەی
خوداوەند خۆی پیشانی ژنەکەدا و پێی وت: تۆ نەزۆکیت و منداڵت
نەبووە، بەڵام سك پڕ دەبێت و کوڕێکت دەبێت. ٤ ئێستاش وریابە
مەی و شـتی بێهۆشـکەر مەخۆرەوەو شـتی گڵاو مەخۆ. ٥ ئەوەتا
سـك پڕ دەبێت وکوڕێکت دەبێت و گوێزان بەسـەریدا نایەت،
چونکە کوڕەکە هەر لەسـکتەوە تەرخانکراو دەبێت بۆ خودا و
ئەویش دەسـتدەکات بەڕزگارکردنی ئیسـڕائیل لە دەسـتی

فەلەستییەکان. ٦ ئینجا ژنەکە چووە ژوورەوە و بە مێردەکەی وت:
پیاوی خودا هات بۆ لام و شێوەی وەك شێوەی فریشتەی خودا
زۆر ترسناك بوو. لێم نەپرسی کە لەکوێوە هاتووە و ئەویش ناوی
خۆی پێنەوتم. ٧ پێی وتم ئەوەتا سك پڕ دەبیت و کوڕێکت دەبێت و
ئێستاش مەی و شتی بێهۆشکەر مەخۆرەوەو شتی گڵاو مەخۆ،
چونکە کوڕەکە لەو کاتەوەی لە سکتە تەرخانکراو دەبێت بۆ خودا
تا ڕۆژی مردنی.
٨ مەنوحیش نوێژی بۆ خوداوەند کرد و وتی: ئەی گەورەم داوات
لێ دەکەم ئەو پیاوەی خودا کە ناردت دووبارە بێتەوە بۆ لامان و
فێرمان بکات چی بۆ ئەو کوڕە بکەین کە لەدایك دەبێت. ٩ خوداش
گوێی لە دەنگی مەنوح بوو و فریشتەی خودا دووبارە هاتەوە بۆ
لای ژنەکە کە لە کێڵگەدا دانیشتبوو و مەنوحی مێردی لەگەڵدا
نەبوو. ١٠ ئینجا ژنەکە بە پەلە ڕایکرد و بە مێردەکەی وت: ئەوەتا
ئەو پیاوەی کە ئەو ڕۆژە هات بۆ لام خۆی نیشان دامەوە.
١١ مەنوحیش هەستا و بە دوای ژنەکەیدا ڕۆیشت و هات بۆلای
پیاوەکە و پێی وت: تۆ ئەو پیاوەی کە لەگەڵ ژنەکەم قسەتکرد؟
ئەویش وتی: من ئەوم. ١٢ مەنوحیش وتی: لە کاتی هاتنەدی
وتەکەت، ژیانی کوڕەکە و پیشەی چی دەبێت؟ ١٣ ئینجا
فریشتەکەی خوداوەند بە مەنوحی وت: با ژنەکە خۆی لە هەموو
ئەو شتانە بپارێزێت کە پێم وت، ١٤ ئەوەی لە ترێی مەی بێت با
نەیخوات و مەی و شتی بێهۆشکەر نەخواتەوە و هیچ شتێکی
گڵاویش نەخوات. با خۆی لە هەموو ئەوشتانە بپارێزێت کە
ڕامسپاردووە.
١٥ ئینجا مەنوح بە فریشتەکەی خوداوەندی وت: لێمان گەڕێ با
گلت بدەینەوە و کارەبزنێکت بۆ سەرببڕین. ١٦ فریشتەکەی
خوداوەندیش بە مەنوحی وت: گەر گلیشم بدەیتەوە لە نانەکەت
ناخۆم و گەر قوربانی سووتاویشت کرد پێشکەشی خوداوەندی
بکە. چونکە مەنوح نەیزانی ئەوە فریشتەی خوداوەندە.
١٧ مەنوحیش بە فریشتەکەی خوداوەندی وت: ناوت چییە بۆ
ئەوەی گەر وتەکەت هاتەدی ڕێزدارت بکەین؟ ١٨ فریشتەکەی
خوداوەندیش پێی وت: بۆ لەناوم دەپرسی کە سەرسوڕهێنەرە.
١٩ ئینجا مەنوح کارە بزنەکە و پێشکەشکراوەکەی برد و سەری
خستنە سەر بەردەکە بۆ خوداوەند، ئەویش کارێکی
سەرسوڕهێنەری ئەنجامدا و مەنوح و ژنەکەشی تەماشایان
دەکرد. ٢٠ ئینجا لەکاتی بەرزبوونەوەی گڕی ئاگر لە قوربانگاکەوە
بۆ ئاسمان، فریشتەکەی خوداوەند لەناو گڕی قوربانگاکەدا
سەرکەوت و مەنوح و ژنەکەشی تەماشایان دەکرد، جا
هەردووکیان بە ڕوودا کەوتن بەزەویدا. ٢١ دوای ئەمە فریشتەکەی
خوداوەند لەبەرچاوی مەنوح و ژنەکەی دیار نەما، ئەوسا مەنوح
زانی ئەوە فریشتەی خوداوەند بوو. ٢٢ ئیتر مەنوح بە ژنەکەی
وت :بێگومان دەمرین، چونکە خودامان بینی. ٢٣ ژنەکەشی پێی
وت: گەر خوداوەند بیوویستایە بمانمرێنێت قوربانی سووتاو و
پێشکەشکراوی لە دەستمان وەرنەدەگرت و هەموو ئەم شتانەی
نیشان نەدەداین و لەم کاتەدا هەموو ئەم شتانەی پێنەدەوتین .
٢٤ ئینجا ژنەکە کوڕێکی بوو و ناوی نا شەمشون. کوڕەکە
گەورەبوو و خوداوەند پیرۆزی کرد و ٢٥ ڕۆحی خوداوەندیش
دەستی بە بزواندنی کرد لە مەخنێی داندا لە نێوان سورعە و
ئەشتاولدا.

## ١٤

١ ئینجا شەمشون دابەزی بۆ تیمنە و لە تیمنەدا لەنێو کچانی
فەلەستییەکان ژنێکی بینی. ٢ جا هاتەوە و بە باوك و دایکی وت:
ژنێکم لە تیمنە لە کچانی فەلەستییەکان بینی و ئێستاش داوای بکەن
بۆم. ٣ دایك و باوکیشی پێیان وت: ئایا لەناو کچانی خزمەکانتدا و
لەناو هەموو گەلەکەتدا ژنێکی تیادا نییە، تا بڕۆیت و ژنێك لە
فەلەستییە خەتەنە نەکراوەکان بهێنیت؟ شەمشونیش بە باوکی وت:
ئەوم بۆ بهێنە، چونکە ئەوم بەدڵە. ٤ دایك و باوکیشی نەیانزانی
ئەوە لە لایەن خوداوەندەوەیە، چونکە داوای هۆکارێکی دەکرد لە
سەر فەلەستییەکان. لەوکاتەشدا فەلەستییەکان زاڵبوون بەسەر
ئیسرائیلدا.
٥ ئینجا شەمشون و دایك و باوکی دابەزین بۆ تیمنە و هاتن بۆ
ڕەزە مێوکانی تیمنە و لەوکاتەدا بەچکە شێرێك دەینەڕاند بۆ
هاتنەپێش لێی. ٦ جا ڕۆحی خوداوەند بە تواناوە هاتە سەری و
وەك کارەبزن پارچەپارچەی کرد و هیچیشی بەدەستەوە نەبوو،
دایك و باوکیشی ئاگادارنەکردەوە لەوەی کە کردی. ٧ ئینجا
دابەزین و قسەی لەگەڵ ژنەکەدا کرد و شەمشون پەسەندی کرد.
٨ پاش چەند ڕۆژێك کاتێ گەڕایەوە بۆ ئەوەی بیهێنێ، لای دا تا
لاشەی شێرەکە ببینێت، تەماشایکرد شارە هەنگێك لەناو هەناوی
شێرەکەدایە لەگەڵ هەنگوینەدا. ٩ جا هەردوو چنگی لێ پڕ کرد و
بەڕۆیشتنەوە دەیخوارد. ئەوسا چوو بۆ لای دایك و باوکی و
بەشیدان و خواردیان و پێی نەوتن کە هەنگوینەکەی لە هەناوی
شێرەکەوە هەڵگرتووە.
١٠ ئینجا باوکی دابەزی بۆ لای ژنەکە و شەمشونیش لەوێ
خوانێکی ئامادەکرد، چونکە گەنجەکان ئاوایان دەکرد. ١١ جا کاتێك
بینییان سی گەنجیان هێنا و لەگەڵیدا بوون. ١٢ ئینجا شەمشون پێی
وتن: مەتەڵێکتان پێدەڵێم گەر لەماوەی حەوت ڕۆژی خوانەکەدا
هەڵتان هێنا و دۆزیتانەوە سی کراسی کەتان و سی دەستە جلی
مەرەزتان پێ دەدەم، ١٣ بەڵام ئەگەر بۆتان هەڵنەهێنام ئەوا ئێوە
سی کراسی کەتان و سی دەستە جلی مەرەز بە من دەدەن.
ئەوانیش وتیان :مەتەڵەکەت بڵێ با گوێمان لێی بێت. ١٤ ئەویش
پێی وتن: ئەوەی دەخوات خواردنی لێ دەرچوو و ئەوەی بەهێزە
شیرینی لێ دەرچوو. ئەوانیش لە سێ ڕۆژدا نەیانتوانی مەتەڵەکە
هەڵبهێنن.
١٥ لەڕۆژی چوارەمدا بە ژنەکەی شەمشونیان وت: مەکر لەگەڵ
پیاوەکەتدا بکە تا مەتەڵەکەمان پێ بڵێت، ئەگینا خۆت و ماڵی
باوکت بە ئاگر دەسووتێنین. داوەتتان کردووین تا ڕووتمانکەنەوە؟
١٦ ئینجا ژنەکەی شەمشون لە لای گریا و وتی: تۆ ڕقت لێمە و
منت خۆش ناوێت. مەتەڵێکت بە نەوەی گەلەکەم وتووە و
وەڵامەکەیت بە من نەوتووە. ئەویش پێی وت: من بە دایکم و
باوکمم نەوتووە ئێتر بە تۆ بڵێم؟ ١٧ بەوشێوەیە لە ماوەی حەوت
ڕۆژی خوانەکەدا لە لای گریا و ئینجا ئەویش لە ڕۆژی حەوتەمدا
پێی وت، چونکە تەنگی پێهەڵچنی و ئەویش مەتەڵەکەی بۆ نەوەی
گەلەکەی ئاشکراکرد. ١٨ جا پیاوانی شارەکە لە ڕۆژی حەوتەمدا
بەر لەئاوابوونی خۆر پێیان وت: چ شتێك لە هەنگوین شیرینترە
و لە شێر بەهێزترە؟ ئەویش پێی وتن: گەر لەسەر گوێرەکەکەم
نەتاندەکێڵا، مەتەڵەکەمتان هەڵنەدەهێنا. ١٩ ئینجا ڕۆحی خوداوەند
بە توانا هاتە سەری و دابەزی بۆ ئەشقەلون و سی پیاوی لێ
کوشتن و تاڵانییەکەیانی برد و جلەکانیانی دا بە ئاشکراکەرانی
مەتەڵەکە. پاشان زۆر تووڕەبوو و سەرکەوت بۆ ماڵی باوکی.
٢٠ ژنەکەی شەمشونیش بوو بە ژنی ئەو هاوڕێیەی کە هاوڕێیەتی
دەکرد.

## ١٥

١ ئینجا پاش ماوەیەك لە کاتی دروێنەی گەنمدا شەمشون ژنەکەی
بە کارە بزنێکەوە بەسەرکردەوە و ٢ وتی: دەچمە ژوورەوە بۆلای
ژنەکەم لە ژوورەکەی خۆی. بەڵام باوکی نەیهێشت بچێتە
ژوورەوە و وتی: من وتم تۆ ڕقت لێی بۆتەوە، بۆیە دام بە

هاوڕێکەت. ئەرێ خوشکە بچکۆلەکەی لەو جوانتر نییە؟ با
لەجیاتی ئەو بۆ تۆبێت. ٣ شەمشونیش پێی وتن: ئێستا من بێتاوانم
گەر خراپە بەسەر فەلەستییەکان بهێنم. ٤ ئینجا شەمشون ڕۆیشت
و سێسەد ڕێوی گرت و چەند مەشخەڵێکی برد و هەردوو ڕێوی
کلکیانی پێکەوە بەستەوە و مەشخەڵێکی لە ناوەڕاستی هەردوو
کلکەکە دانا. ٥ ئینجا ئاگری لە مەشخەڵەکان بەردا و فڕێیدانە ناو
کێڵگەکانی فەلەستییەکانەوە، جا ئەوەی کۆکرابووەوە و ئەوەی
چێنرابوو تەنانەت ڕەزە زەیتونەکانیشی سووتاند.
٦ فەلەستییەکانیش وتیان: کێ ئەمەی کرد؟ وتیان: شەمشونی
زاوای تیمنی، چونکە ژنەکەی لێسەندەوە و دای بە هاوڕێکەی.
ئینجا فەلەستییەکان سەرکەوتن و ژنەکە و باوکیان بە ئاگر
سووتاند. ٧ شەمشونیش پێی وتن: گەر ئەمەش بکەن، من وازتان
لێ ناهێنم تا تۆڵە نەکەمەوە. ٨ ئینجا بە توندی لێیدان و سەر و
پێی شکاندن، پاشان دابەزی و لە ناو ئەشکەوتێك لە چیای عەتیمدا
نیشتەجێبوو.
٩ ئینجا فەلەستییەکان سەرکەوتن و دابەزین بۆ یەهوزا و لە لەحیدا
بڵاوبوونەوە. ١٠ جا پیاوانی یەهوزا وتیان: بۆچی هاتوونەتە
سەرمان؟ ئەوانیش وتیان: بۆ ئەوەی شەمشون ببەستینەوە و
ئەوەی پێبکەین کە پێیکردین. ١١ ئینجا سێ هەزار پیاو لە یەهوزا
دابەزین بۆ ئەشکەوتی چیای عەتیم و بە شەمشونیان وت: ئایا
نازانیت فەلەستییەکان زاڵن بە سەرماندا؟ تۆ چیت پێکردین؟
ئەویش پێی وتن: چیان پێکردم ئەوەم پێکردوون. ١٢ ئینجا پێیان
وت: دابەزیوین تا بتبەستینەوە و بتدەینە دەست فەلەستییەکان.
شەمشونیش پێی وتن: سوێندم بۆ بخۆن کە ئێوە نامکوژن.
١٣ ئەوانیش وتیان: نەخێر ناتکوژین، بەڵام دەتبەستینەوە و دەتدەینە
دەستیان. ئینجا بە دوو گوریسی نوێ بەستیانەوە و لە چیاکەوە
سەریان خست.
١٤ کاتێك هات بۆ لەحی فەلەستییەکان بە هاوارەوە چوونە
پێشوازی. ئینجا ڕۆحی خوداوەند تواناوە هاتە سەری و ئەو دوو
گوریسەی بە بازوویەوە بوو وەك کەتانی بە ئاگر سووتێنراویان
لێهات و دەستی ئازادبوو. ١٥ ئینجا شەمشون شەویلگەیەکی ووشك
نەبووەوەی گوێدرێژێکی دۆزیەوە و هەڵیگرت و لە هەزار پیاوی
دا پێی. ١٦ ئینجا شەمشون وتی:
بە شەویلگەی گوێدرێژێك کۆمەڵ لەسەر کۆمەڵم کرد،
بە شەویلگەی گوێدرێژێك هەزار پیاوم کوشت.
١٧ کە لە قسەکردن بۆوە شەویلگەکەی دەستی فڕێدا و ئەو شوێنەی
بە ڕەمەت لەحی ناوبرد.
١٨ پاشان زۆر تینووی بوو و هاواری بۆ خوداوەند کرد و وتی: تۆ
ئەم ڕزگارییە گەورەیەت دایە دەست خزمەتکارەکەت و ئێستاش
لە تینوا دەمرم و دەکەومە دەست خەتەنە نەکراوەکان. ١٩ ئینجا
خودا چاڵەکەی لەحییەی دووکەرتکرد و ئاوی لێهاتە دەرەوە و
خواردیەوە و ڕۆحی هاتەوە بەرو بووژایەوە، بۆیە بە عەین
هەقوری ناوبرا کە تا ئەمڕۆ لە لەحیدایە. ٢٠ جا لە ڕۆژگاری
فەلەستییەکاندا بیست ساڵ دادوەری بۆ ئیسرائیل کرد.

# ١٦

١ پاشان شەمشون چوو بۆ غەززە و لەوێ ئافرەتێکی داوێن پیسی
بینی و چووە ژوورەوە بۆ لای. ٢ ئینجا بە غەزییەکانیان وت:
شەمشون هاتووە بۆ ئێرە. جا چواردەوریان گرت و بە درێژایی
شەو لە نزیك دەروازەی شارەکەدا خۆیان بۆ ماتکرد و وتیان:
بەرەبەیان دەیکوژین. ٣ شەمشونیش تا نیوەشە و پاڵکەوت و پاشان
لە نیوەی شەودا هەستا و هەردوو لای دەروازەی شارەکە
بەتەواوی لەگەڵ دوو کۆڵەکەکە و کاریتەکەی دەرهێنا و خستینیە
سەرشانی و بردنیە سەرەوە بۆ سەر چیاکەی بەرامبەر حەبرون.
٤ ئینجا پاش ئەوە ئافرەتێکی لە دۆڵی سورەقدا خۆشویست کە ناوی
دەلیلە بوو. ٥ جا سەرکردەکانی فەلەستییەکان چوونە سەرەوە بۆ
لای و پێیان وت: مەکری لەگەڵدا بکەو تەماشابکە بزانە ئەو هێزە
گەورەیەی بە چییە و بە چی زاڵ بین بە سەریدا تا پەلبەستی بکەین
و سەری پێ شۆڕکەین، ئینجا هەریەك لە ئێمە هەزار و سەد
پارچە زیوت پێدەدەین. ٦ جا دەلیلە بە شەمشونی وت: پێم بڵێ هێزە
گەورەکەت بە چییە و بەچی دەبەسترێیتەوە تا سەرشۆڕبکرێیت؟
٧ شەمشونیش پێی وت: گەر بە حەوت ژێی تەڕی ووشك نەبووەوە
بمبەستنەوە، بێهێز دەبم و وەك کەسێکی ئاسایم لێدێت. ٨ ئینجا
سەرکردەکانی فەلەستییەکان حەوت ژێی تەڕی ووشك
نەبووەوەیان بۆ سەرخست و پێی بەستەوە و ٩ بۆسەکەش لە
ژوورەکەدا لەلای مابوونەوە. ئینجا پێی وت: فەلەستییەکان هاتنە
سەرت شەمشون! شەمشونیش ژێیەکانی بڕی وەك فتیلەی چرا کە
بۆنی ئاگری کردبێ، جا هێزەکەی نەزانرا بە چییە.
١٠ جا دەلیلە بە شەمشونی وت: ئەوەتا هەڵتخەڵەتاندم و درۆت
لەگەڵ کردم، ئێستا پێم بڵێ بە چی دەبەسترێیتەوە؟ ١١ ئەویش پێی
وت: گەر بەگوریسی نوێی بەکارنەهاتوو بمبەستنەوە، بێهێز دەبم
و وەك کەسێکی ئاساییم لێدێت. ١٢ ئینجا دەلیلە چەند گوریسێکی
نوێی هێنا و بەستیەوە پێیان و پێی وت: فەلەستییەکان هاتنە سەرت
شەمشون! بۆسەکەش لە ژوورەکەدا لەلای مابۆوە، جا
گوریسەکەی وەك دەزوو لە قۆڵی کردەوە و ١٣ دەلیلەش بە
شەمشونی وت: تا ئێستا هەڵمدەخەڵەتێنی و درۆم لەگەڵ دەکەیت،
ئێستا پێم بڵێ بەچی دەبەسترێیتەوە؟ ئەویش پێی وت: گەر حەوت
تیسك لە پرچم بە سینگی تەونێکەوە ببەستیتەوە. ١٤ ئینجا بە سینگە
تەونەکەوە بەستیەوە و پێی وت: فەلەستییەکان هاتنە سەرت
شەمشون! جا لەخەوەکەی خەبەری بووەوە و سینگی تەونەکەی
هەڵتەکاند.
١٥ ئینجا پێی وت: چۆن دەڵێیت خۆشم دەوێیت و دڵیشت لەگەڵمدا
نییە؟ ئەوەتا ئەمە سێ جارە هەڵمدەخەڵەتێنی و پێم ناڵێی هێزە
گەورەکەت بە چییە .١٦ جا لەبەر ئەوەی تەنگی پێهەڵچنیبوو و
هەموو ڕۆژێك لێی دووبارە دەکردەوە، تا مردن بێزار بوو.
١٧ بۆیە هەموو دڵی خۆی بۆ کردەوە و پێی وت: گوێزان بەسەرمدا
نەهاتووە، چونکە لە سکی دایکمەوە بۆ خودا تەرخانکراوم. جا
گەر سەرم بتاشرێت هێزەکەم لێم دەبێتەوە و لاواز دەبم و وەك
کەسێکی ئاسایم لێدێت.
١٨ جا دەلیلە کە بینی هەموو ئەوەی لە دڵیدایە پێی وت،
سەرکردەکانی فەلەستییەکانی بانگکرد و وتی: ئەمجارە
سەرکەون، چونکە هەموو دڵی خۆی بۆم ئاشکرا کرد. ئینجا
سەرکردەکانی فەلەستییەکان سەرکەوتنە سەرەوە بۆ لای و
زیوەکەیان لەگەڵ خۆیاندا برد. ١٩ ئینجا لە سەر ڕانی خەواندی و
پیاوێکی بانگ کرد و هەر حەوت تیسکەکەی سەری تاشی و
دەستی بە سەرشۆڕکردنی کرد و هێزەکەی لە دەستدا. ٢٠ ئینجا
وتی: فەلەستییەکان هاتنە سەرت شەمشون! جا ئەویش لە خەو
خەبەری بووەوە و وتی: وەك هەموو جارێك دەچمە دەرەوە و خۆم
ڕادەتەکێنم. بەڵام نەیزانی خوداوەند بەجێی هێشتووە. ٢١ جا
فەلەستییەکان گرتیان و چاویان هەڵکۆڵی و بردیانە خوارەوە بۆ
غەززە و بە زنجیری مس بەستیانەوە و لە زینداندا گەنمی دەهاڕی
و ٢٢ مووی سەری دەستی بە هاتنەوە کرد پاش ئەوەی تاشرا.
٢٣ سەرکردەکانی فەلەستییەکانیش کۆبوونەوە تا قوربانییەکی
گەورە بۆ داجونی خودایان سەربڕن و ئاهەنگ بگێڕن و وتیان:
خوداکەمان شەمشونی دوژمنمانی داوەتە دەستمان. ٢٤ جا کە گەل
بینییان ستایشی خوداکەیان کرد، چونکە وتیان: خوداکەمان ئەو
دوژمنەمانی دایە دەستمان کە زەوییەکەمانی وێران کرد و زۆری
لێ کوشتین. ٢٥ پاش ئەوەی دڵیان خۆش بوو، وتیان: شەمشون
بانگ بکەن تا گاڵتەی پێبکەین. ئینجا شەمشونیان لە زیندانەوە

بانگکرد و لەبەردەمیاندا گاڵتەیان پێکرد و لە نێوان کۆڵەکەکاندا
ڕایان وەستان. ٢٦ جا شەمشون بەو مێردمنداڵەی وت کە دەستی
گرتبوو: لێم گەڕێ با دەست بە کۆڵەکەکانەوە بدەم کەماڵەکەی لە
سەر ڕاوەستاوە تا خۆمیان پێوە بگرم. ٢٧ ماڵەکەش پڕبوو لە پیاو
و ژن و هەموو سەرکردەکانی فەلەستییەکانیش لەوێ بوون،
لەسەر بانەکەش سێ هەزار پیاو و ژنی لێ بوو، تەماشای
شەمشونیان دەکرد گاڵتەی پێ دەکرا.
٢٨ جا شەمشون هاواری بۆ خوداوەند کرد و وتی: ئەی خوداوەندی
گەورەم، تکایە بەبیری خۆتم بهێنەوە، تکایە بەهێزم بکە، تەنها ئەم
جارە ئەی خودا، بۆ ئەوەی بە یەکجار تۆڵەی چاوم لە فەلەستییەکان
بکەمەوە. ٢٩ ئینجا شەمشون دوو کۆڵەکەکەی ناوەندی گرت کە
ماڵەکە لە سەریان ڕاوەستابوو و خۆی پێیانەوە گرت، یەکێکیان لە
لای راستی و ئەوی تریان لە لای چەپی. ٣٠ ئینجا شەمشون وتی:
با گیانم لەگەڵ فەلەستییەکاندا بمرێ. جا بەتوندی چەمایەوە و
ماڵەکە بەسەر سەرکردەکان و هەمووئەو خەڵکەی تیایدا بوون
ڕووخا و ئیتر ئەوانەی لە مردنیدا کوشتنی زیاتربوون لەوانەی لە
ژیانیدا کوشتنی. ٣١ ئینجا خزمەکانی و هەموو ماڵی باوکی
دابەزین و هەڵیان گرت و بردیانە سەرەوە و لە نێوان سەرعە و
ئەشتاولدا لە ناو گۆڕی مەنوحی باوکیدا ناشتیان. ئەویش بیست
ساڵ دادوەری بۆ ئیسرائیل کرد.

# ١٧

١ پیاوێك لە چیای ئەفرایم هەبوو ناوی میخا بوو. ٢ بە دایکی وت:
ئەو هەزارو سەد پارچە زیوەی لە تۆ برا و منیش گوێم لێ بوو
نەفرەتت لە دزەکەی کرد، ئەوەتا زیوەکە لای منە و من بردم.
دایکیشی وتی: خوداوەند پیرۆزت بکات کوڕم. ٣ ئینجا هەزارو
سەد پارچە زیوەکەی بۆ دایکی گەڕاندەوە و دایکی وتی: زیوەکەم
بۆ خوداوەند تەرخانکردووە لەپێناوی کوڕەکەم، لەدەستی منەوە بۆ
دروستکردنی پەیکەرێکی داتاشراو و پەیکەرێکی لە قاڵبدراو.
ئێستاش دەیگێڕمەوە بۆت. ٤ جا زیوەکەی گێڕایەوە بۆ دایکی و
دایکیشی دووسەد پارچە زیوی برد و دای بە زێڕنگەرەکە،
ئەویش پەیکەرێکی داتاشراو و پەیکەرێکی لەقاڵبدراوی لێ
دروستکردن و هەردووکیان لە ماڵی میخادا بوون. ٥ جا میخا بت
خانەی هەبوو و ئیفۆد و تەرافیمی دروستکرد و یەکێك لە
کوڕەکانی هەڵبژارد و کردی بە کاهین بۆ خۆی. ٦ لەو ڕۆژانەشدا
هیچ پادشایەك لە ناو ئیسرائیلدا نەبوو و هەرکەس ئەوەی دەکرد
کە پێی ڕاست بوو.
٧ ئینجا گەنجێك لە بەیت لەحمی یەهوزادا هەبوو لەناو هۆزی
یەهوزا، خۆی لاوی بوو و لەوێ ئاوارە بوو. ٨ جا لەشارەکەوە لە
بەیت لەحمی یەهوزاوە ڕۆیشت تا لە هەرکوێ ڕێککەوێ لەوێ
نیشتەجێبێت. ئینجا کاتێ بەڕێوە بوو، هات بۆ چیای ئەفرایم بۆ
ماڵی میخا. ٩ میخاش پێی وت: لە کوێوە دێیت؟ ئەویش وتی: من
لاویم و خەڵکی بەیت لەحمی یەهوزام و دەڕۆم تا لە هەرکوێ
ڕێککەوێ لەوێ نیشتەجێبم. ١٠ میخاش پێی وت: لای من بمێنەوە
و ببە بەباوك و بەکاهینم، لە ساڵێکدا دە پارچە زیو و دەستێ جل و
خواردنت پێدەدەم. جا لاوییەکەش لەگەڵی چوو و ١١ ڕازی بوو
لەگەڵ پیاوەکەدا بمێنێتەوە و بۆی بوو بە یەکێك وەك کوڕەکانی.
١٢ ئینجا میخا لاوییەکەی هەڵبژارد و بوو بە کاهینی و لە ماڵی
میخادا مایەوە. ١٣ جا میخا وتی: ئێستا زانیم خوداوەند چاکەم
لەگەڵدا دەکات، چونکە لاوییەکە بووە بە کاهینم.

# ١٨

١ جا لەو ڕۆژانەدا هیچ پادشایەك لە ناو ئیسرائیلدا نەبوو، لەو
ڕۆژانەشدا هۆزی دانییەکان داوای میراتێکیان دەکرد بۆ نیشتەجێ
بوون، چونکە تا ئەو ڕۆژەش لەناو هۆزەکانی ئیسرائیلدا هیچ
میراتێکی بەرنەکەوتبوو. ٢ جا نەوەی دان پێنج پیاوی لێهاتوویان
لە خێڵەکەیانەوە، لەسورعە و لە ئەشتاوولەوە نارد، تا سیخوڕی
بە سەر زەوییەکەوە بکەن و بیپشکنن، پێیان وتن: بڕۆن و
زەوییەکە بپشکنن. جا ئەوانیش هاتن بۆ چیای ئەفرایم بۆ ماڵی
میخا و لەوێ مانەوە. ٣ لەو کاتەدا کە ئەوان لە نزیك ماڵی میخا
بوون، دەنگی کوڕە لاوییەکەیان ناسییەوە و چوون بۆ ئەوێ و
پێیان وت: کێ تۆی هێناوە بۆ ئێرە و لەم شوێنەدا چی دەکەیت و
چیت هەیە لێرە. ٤ ئەویش پێی وتن: میخا ئەمە و ئەوەی بۆ
کردووم و بەکرێیگرتووم و بووم بە کاهین. ٥ ئەوانیش پێیان وت:
تکایە لە خودا بپرسە و بزانە سەرکەوتوو دەبین لەو ڕێگایەدا کە
پیایدا دەڕۆین؟ ٦ کاهینەکەش پێی وتن: بڕۆن بە سەلامەتی، ئەو
ڕێگایەی پیایدا دەڕۆن لەبەردەم خوداوەنددایە.
٧ ئینجا پێنج پیاوەکە ڕۆیشتن و چوون بۆ لایش و تەماشایان کرد
ئەو گەلەی تیایدایە بە ئاسودەیی دانیشتوون و وەك باو بوو لای
سەیدونییەکان ئاسودە و بێگرفت بوون، زەویەکە بێ فەرمانڕەوا
و بێ خاوەنە تا بمانبەزێنێ، دوورن لە سەیدونییەکانەوە و
پەیوەندیشیان بە کەسەوە نییە. ٨ جا هاتنەوە بۆ لای خزمەکانیان بۆ
سورعە و ئەشتاوول و خزمەکانیان پێیان وتن: ها چی بوو؟
٩ ئەوانیش وتیان: هەستن با بچینە سەریان، چونکە بینیمان
زەوییەکە زۆر چاکە، جا بێدەنگ مەبن و تەممەڵی مەکەن لە
ڕۆیشتن بۆ ئەوەی بچنە ناو زەوییەکەوە و ببن بە خاوەنی. ١٠ کاتێ
دێن گەلێکی ئاسوودە و زەوییەکی لە دوو لاوە بەرفراوان دەبینن.
خودا خستوویەتیە ژێر دەستتانەوە و پێویستتان بە هیچ شتێك نابێ
کە لە دونیا هەیە.
١١ ئینجا لە وێوە لە خێڵی دانییەکانەوە لە سورعە و لە ئەشتاوولەوە
شەش سەد پیاوی چەکدار بە ڕێکەوتن، ١٢ سەرکەوتن و لە
قەریەت یەعاریم لە یەهوزادا هەواریان لێدا، لەبەرئەوە تا
ئەمڕۆش بەو شوێنە دەوترێ مەخەنێی دان، شوێنەکەش لەپشت
قەریەت یەعاریمەوەیە. ١٣ لەوێشەوە پەڕینەوە بۆ چیای ئەفرایم و
هاتن بۆ ماڵی میخا.
١٤ ئینجا پێنج پیاوەکە، ئەوانەی چوون بۆ سیخوڕیکردن بەسەر
زەوی لایشەوە، بە خزمەکانیان وت: ئایا دەزانن لەم ماڵەدا ئیفۆد
و تەرافیم و پەیکەری داتاشراو و پەیکەری لە قاڵبدراو هەیە؟ جا
چی دەڵێن؟ ١٥ ئینجا ڕوویان کردە ئەوێ و چوون بۆ ماڵی میخا و
سڵاویان لە کوڕە لاوییەکە کرد. ١٦ جا شەش سەد پیاوە چەکدارەکە
بەهەموو چەك و تفاقەوە ئەوانەی لە نەوەی دان بوون، لە دەم
دەرگاکە ڕاوەستان. ١٧ ئینجا پێنج پیاوەکە ئەوانەی چوون بۆ
سیخوڕیکردن بە سەر زەوییەکەوە سەرکەوتن و چوونە ژوورەوە
بۆ ئەوێ و پەیکەرە داتاشراوەکە و ئیفۆدەکە و تەرافیمەکە و
پەیکەرە لەقالبدراوەکەیان برد و کاهینەکەش لە دەم دەرگاکە لەگەڵ
شەش سەد پیاوە پڕچەکەکەدا ڕاوەستابوو. ١٨ ئەوانەش چوونە ناو
ماڵی میخاوە و پەیکەرە داتاشراوەکە و ئیفۆدەکە و تەرافیمەکە و
پەیکەرە لە قاڵبدراوەکەیان برد و کاهینەکەش پێی وتن: ئەوە چی
دەکەن؟ ١٩ ئەوانیش پێیان وت: بێدەنگبە. دەستت بخەرە سەر
دەمت و لەگەڵماندا وەرە و ببە بە باوك و کاهینمان. چاکترە کاهینی
ماڵی یەك پیاو بیت، یاخود کاهینی هۆزێك و بنەماڵەیەك لە

ئیسڕائیلدا؟ ٢٠ جا کاهینەکەش دڵخۆشبوو و ئیفۆدەکە و تەرافیمەکە و پەیکەرە داتاشراوەکەی برد و چووە ڕیزی گەلەکەوە. ٢١ ئینجا ڕۆیشتن و منداڵ و ئاژەڵ و هەرچی بەنرخ بوو دایانە پێش خۆیان.

٢٢ کاتێك لە ماڵی میخا دوورکەوتنەوە ئەو پیاوانەی کە لە ناو ماڵەکانی نزیك ماڵی میخا بوون، دوای نەوەی دان کەوتن و پێیان گەیشتن. ٢٣ جا هاواریان لە نەوەی دان کرد. ئەوانیش ئاوڕیان دایەوە و بە میخایان وت: چیتە، بۆچی کۆبوونەتەوە؟ ٢٤ ئەویش وتی: ئەو خودایانەی دروستم کردن لەگەڵ کاهینەکەدا بردووتانە و ڕۆیشتوون، هیچم بۆ نە ماوەتەوە، ئیتر چۆن پێم دەڵێن چیتە؟ ٢٥ نەوەی دانیش پێیان وت: با گوێمان لە دەنگت نەبێ لە نێوانماندا، نەوەك ئەم پیاوە داخ لەدڵانە توڕەبن و گیانی خۆت و خێزانەکەت بکێشن. ٢٦ ئینجا نەوەی دان ڕێگای خۆیان گرتە بەر، کە میخاش بینی لەو بەهێزترن، گەڕایەوە و چووەوە بۆ ماڵەکەی.

٢٧ بەڵام ئەوان ئەوەی میخا دروستیکردبوو لەگەڵ کاهینەکەیدا بردیان و چوون بۆ لایش، بۆ لای گەلێکی ئاسوودە و بێگرفت، جا دایاننە بەر شمشێر و شارەکەیان بە ئاگر سووتاند. ٢٨ کەسیش نەبوو بە هانایان بگات، چونکە دوور بوو لە سەیدونەوە و لە خەڵکی دابڕابوو و لە ناو دۆڵەکەی بەیت ڕەحوبدا بوو. ٢٩ ئینجا شارەکەیان دروستکردەوە و تیایدا نیشتەجێبوون و شارەکەیان ناونا دان، بە ناوی دانی باوکیانەوە کە یەکێك بوولە کوڕەکانی ئیسڕائیل، بەڵام پێشتر شارەکە ناوی لایش بوو. ٣٠ ئینجا نەوەی دان پەیکەرە داتاشراوەکەیان بۆ خۆیان دانا و یەهوناتانی کوڕی جەرشومی کوڕی مەنەسسا خۆی و کوڕەکانی بوون بە کاهینی هۆزی دانییەکان تا ڕۆژی ڕاپێچکردنی زەوییەکە. ٣١ هەروەها هەموو ئەو ڕۆژانەی کە ماڵی خودا لە شیلوەدا بوو، ئەو پەیکەرە داتاشراوەی کە میخا دروستیکرد بۆ خۆیان دانا.

# ١٩

١ لەو ڕۆژانەدا کە هیچ پادشایەك لەناو ئیسڕائیلدا نەبوو، پیاوێکی لاوی لە دامێنی چیای ئەفرایمدا ئاوارەبوو، کەنیزەیەکی هێنا خەڵکی بەیت لەحمی یەهوزا بوو. ٢ جا کەنیزەکە داوێن پیسی کرد و چووەوە بۆ ماڵی باوکی لە بەیت لەحمی یەهوزا و چوار مانگ لەوێ مایەوە. ٣ ئینجا پیاوەکەی هەستا و بە دوایدا ڕۆیشت تا ئاشتی بکاتەوە و بیگێڕێتەوە، جا خزمەتکارەکەی و دوو گوێدرێژی لەگەڵ خۆیدا برد. ژنەکەش پیاوەکەی بردە ناو ماڵی باوکی. کاتێك باوکی ژنەکە بینی دڵخۆش بوو. ٤ جا خەزووری واتە باوکی ژنەکە گلیدایەوە و سێ ڕۆژ لەگەڵیدا مایەوە و خواردیان و خواردیانەوە و لەوێدا مانەوە. ٥ لە ڕۆژی چوارەمدا بەیانی زوو لە خەو هەستان و هەستا بۆ ڕۆیشتن و باوکی ژنەکە بە زاواکەی وت: پارووە نانێك بخۆ و پاشان بڕۆن. ٦ ئینجا دانیشتن و خواردیان و بەیەکەوە خواردیانەوە و باوکی ژنەکە بە پیاوەکەی وت: ڕازی بەو با ئەم شەویش پێکەوە بەخۆشی ببەینەسەر. ٧ جا کە پیاوەکە هەستا بڕوات، خەزووری زۆری لێکرد، ئەویش گەڕایەوە و مایەوە. ٨ پاشان بۆ سبەینێ لە ڕۆژی پێنجەمدا هەستا بۆ ئەوەی بڕوات و باوکی ژنەکە وتی: نان بخۆن ئینجا بڕۆن. جا مانەوە تا دوای نیوەڕۆ و هەردووکیان نانیان خوارد. ٩ ئینجا پیاوەکە هەستا بۆ ئەوەی لەگەڵ ژنەکەی و خزمەتکارەکەیدا بڕوات، جا خەزووری واتە باوکی ژنەکە وتی: ئەوا ڕۆژ لە ئاوابوونە، لەبەرئەوە بمێننەوە. ئەوەتا کۆتایی ڕۆژە با ئەم شەویش پێکەوە بە خۆشی ببەینەسەر، سبەینێ زوو بکەونە ڕێ و بگەڕێوە بۆ هەوارگەکەت.

١٠ بەڵام پیاوەکە نەیوویست بمێنێتەوە، بەڵکو هەستا و ڕۆیشت و گەیشتە بەرامبەر یەبوس واتە ئۆرشەلیم و دوو گوێدرێژە کورتانکراوەکەی و ژنەکەی لەگەڵدابوو. ١١ لەوکاتەی لە نزیك یەبوس بوون و ڕۆژ زۆر لە ئاوابوون بوو، خزمەتکارەکە بە گەورەکەی وت: وەرە با دابەزین بۆ ئەم شارەی یەبوسییەکان و تیایدا بمێنینەوە. ١٢ بەڵام گەورەکەی پێی وت: دانابەزین بۆ شارێکی بێگانە کە هیچ کەس لەنەوەی ئیسڕائیلی تیادا نییە، بەڵکو دەپەڕینەوە بۆ جیبعە.

١٣ ئینجا بەخزمەتکارەکەی وت: با بەرەو پێش بچین، بەڵکو لە جیبعە یاخود لە ڕامەدا بمێنینەوە. ١٤ ئینجا پەڕینەوە و ڕۆیشتن و لە نزیك جیبعەی بنیامینەوە خۆریان لێ ئاوابوو و دابەزین بۆ ئەوێ و چوونە ئەوێ تا لە جیبعەدا بمێننەوە. ١٥ جا چووە جیبعە و لە مەیدانی شارەکەدا دانیشت و کەس نەیگرتنە خویان تا لە ماڵەکەیدا بمێننەوە.

١٦ لەو کاتەدا پیرەمێردێك دەمەو ئێوارە لە کێڵگەوە لەکار دەگەڕایەوە، ئەم پیاوە خەڵکی چیای ئەفرایم بوو و لە جیبعەدا بێگانە بوو، خەڵکی شارەکەش بنیامینی بوون. ١٧ پیرەمێردەکە چاوی هەڵبڕی و پیاوە ڕێبوارەکەی لەناو مەیدانی شارەکەدا بینی، پێی وت: بۆکوێ دەچیت و لە کوێوە هاتوویت؟ ١٨ ئەویش پێی وت: ئێمە لە بەیت لەحمی یەهوزاوە هاتووین بۆ دامێنی چیای ئەفرایم دەچین. من خەڵکی ئەوێم و چووم بۆ بەیت لەحمی یەهوزا بەرەو ماڵی خوداوەند دەچم و کەسیش نییە بمگرێتە خۆی. ١٩ هەروەها کا و ئالیکمان پێیە بۆ گوێدرێژەکانمان و خۆم و ژنەکەم و خزمەتکارەکەم خواردن و خواردنەوەمان پێیە و پێویستمان بە هیچ نییە. ٢٠ جا پیرەمێردەکە وتی: بێقەزا بیت، هەموو پێداویستییەکانت لە سەر من، بەڵام لە مەیدانەکەدا مەمێنەوە. ٢١ ئینجا بردی بۆ ماڵی خۆی و ئالیکی بە گوێدرێژەکانیان دا و قاچیان شت و خواردیان و خواردیانەوە.

٢٢ لەوکاتەدا کە دەحەوانەوە، پیاوە بەدڕەوشتەکانی شارەکە ماڵەکەیان گەمارۆ دا و لە دەرگاکەیان دا و لەگەڵ پیرەمێردەکە خاوەنی ماڵەکە قسەیان کرد و وتیان: ئەو پیاوەی کە هاتە ناو ماڵەکەت بیهێنە دەرەوە تا سواری بین. ٢٣ پیاوەکە، خاوەن ماڵەکە چووە دەرەوە بۆ لایان و پێی وتن: نا براکانم کاری خراپ مەکەن. پاش ئەوەی ئەم پیاوە هاتە ناو ماڵەکەمەوە ئەم بێ ئابڕوویییە مەکەن. ٢٤ ئەوەتا کچە پاکیزەکەم و کەنیزەکەی لێم گەڕێن با بیانهێنمە دەرەوە و زەلیلیان بکەن و چیتان پێخۆشە بیکەن لەگەڵیاندا، بەڵام ئەم بێ ئابڕوویییە لەگەڵ ئەم پیاوەدا مەکەن. ٢٥ بەڵام پیاوەکان نەیانوویست گوێی لێ بگرن. ئینجا پیاوەکە کەنیزەکەی گرت و کردیە دەرەوە بۆیان. ئەوانیش بە درێژایی شەو تا بەیانی بە توندی ڕایانبوارد لەگەڵیدا و بەرەبەیان بەڕەڵایان کرد. ٢٦ بەرەبەیان ژنەکە هات و لەبەر دەرگای ماڵی پیاوەکەدا کەوت، کە گەورەکەشی لەوێ بوو، تا ڕۆژ بووەوە.

٢٧ ئینجا گەورەکەی بەیانی هەستا و دەرگاکانی ماڵەکەی کردەوە و هاتە دەرەوە تا بەڕێ بکەوێت، لەو کاتەدا ژنە کەنیزەکەی لە بەر دەرگای ماڵەکە کەوتبوو و دەستی بە دەرگاکەوە بوو. ٢٨ جا پێی وت: هەستە با بڕۆین. بەڵام وەڵام نەبوو. ئینجا خستیە سەر گوێدرێژەکە و گەڕایەوە بۆ شوێنەکەی خۆی. ٢٩ ئینجا کە چووە ماڵەوە، چەقۆیەکی هێنا و کەنیزەکەی گرت و لەگەڵ ئێسکەکانیدا کردی بە دوانزە پارچەوە و ناردینی بۆ هەموو هەرێمەکانی ئیسڕائیل. ٣٠ جا هەرکەسێ بینی وتی: لە ڕۆژی دەرچوونی نەوەی ئیسڕائیل لە خاکی میسرەوە تا ئەمڕۆ شتی وانەبووە و

نەبینراوە. ئەوانیش لێی ووردبوونەوە و تەگبیریانکرد و
قسەیانکرد.

# ٢٠

١ ئینجا هەموو نەوەی ئیسڕائیل هاتنە دەرەوە و وەك یەك پیاو
لەگەڵ خوداوەند کۆبوونەوە لە میسفات، لە دانەوە تا بیئر سەبع و
هەروەها زەوی جیلعاد. ٢ پیاوماقوڵانی هەموو گەل، هەموو
هۆزەکانی ئیسڕائیل لە کۆبوونەوەی گەلی خودادا وەستان و
ژمارەیان چوار سەد هەزار پیادەی شمشێر بەدەستبوو. ٣ ئینجا
نەوەی بنیامین بیستیانەوە کە نەوەی ئیسڕائیل سەرکەوتوون بۆ
میسفات، جا نەوەی ئیسڕائیل وتیان: قسە بکەن ئەم کارە خراپە
چۆن بوو؟ ٤ پیاوە لاوییەکە مێردی ژنە کوژراوەکە وەڵامی دایەوە
و وتی: من و کەنیزەکەم هاتین بۆ جیبعەی بنیامین تا شەو لەوێ
بەسەربەرین. ٥ جا خەڵکی جیبعە شەو هاتنە سەرم و لە ماڵەکەدا
گەمارۆیاندام و هەوڵیان دا بمکوژن و کەنیزەکەمیان زەلیلکرد تا
مرد. ٦ منیش کەنیزەکەمم گرت و لەت لەتم کرد و ناردم بۆ هەموو
هەرێمەکانی ئیسڕائیل چونکە ئەوانە لە ئیسڕائیلدا ئەوپەڕی
بەدڕەوشتیان ئەنجام داوە. ٧ ئێستاش هەموو نەوەی ئیسڕائیل
لێرەیە، جا حوکم و بڕیاری خۆتان بڵێن.
٨ ئینجا هەموو گەل وەك یەك پیاو هەستان و وتیان: کەس لە ئێمە
ناچێتەوە بۆ چادرەکەی و کەسیش لانادات بۆ ماڵەکەی. ٩ ئێستاش
ئەمە ئەو کارەیە کە بە جیبعەی دەکەین، تیروپشك دەکەین،
١٠ لەناو هەموو هۆزەکانی ئیسڕائیلدا بۆ جیاکردنەوەی دە پیاو
لەهەر سەد پیاوێك و سەد لە هەزار و هەزار لە دەهەزار بۆ
هەڵگرتنی خواردن بۆ گەل تا لەکاتی چوونە ژوورەوەیان بۆ
جیبعەی بنیامین بە پێی هەموو ئەو بێ ئابڕوویەی لە ئیسڕائیل
کردی سزای بدرێ. ١١ ئینجا هەموو پیاوانی ئیسڕائیل وەك یەك
پیاو کۆبوونەوە دژ بە شارەکە.
١٢ جا هۆزەکانی ئیسڕائیل چەند پیاوێکیان بۆ هەموو هۆزەکانی
بنیامین نارد و وتیان: ئەو خراپەیە چییە لە ناوتاندا ڕوویدا؟ ١٣ جا
ئێستا ئەو خەڵکە بەدڕەوشتەی کە لە جیبعەدان بیاندەن بە
دەستمانەوە تا بیانکوژین و خراپە لە ئیسڕائیلدا ڕیشەکێش بکەین.
بەڵام نەوەی بنیامین نەیانویست گوێ لە براکانیان لە نەوەی
ئیسڕائیل بگرن. ١٤ ئینجا نەوەی بنیامین لە شارەکانەوە بۆ جیبعە
کۆبوونەوە تا بۆ جەنگکردن دژی ئیسڕائیل بێنە دەرەوە. ١٥ نەوەی
بنیامین لەو ڕۆژەدا لە شارەکانەوە بیست و شەش هەزار پیاوی
شمشێر بە دەستیان کۆکردەوە جگە لە دانیشتوانی جیبعە کە
ژمارەیان حەوت سەد پیاوی هەڵبژاردەبوو. ١٦ لە هەموو ئەم گەلە
حەوت سەد پیاوی هەڵبژاردەی دەستی چەپ هەبوون کە نیشانیان
لە موو دەگرت بە بەردەقانی و دەیانپێکا.
١٧ جا نەوەی ئیسڕائیلیش بێجگە لە بنیامین، چوار سەد هەزار
پیاوی شمشێر بەدەستیان کۆکردەوە و هەموویان پیاوی جەنگ
بوون. ١٨ جا نەوەی ئیسڕائیل هەستان و سەرکەوتن بۆ ماڵی خودا
و پرسیاریان لە خودا کرد و وتیان: کێ لە ئێمە یەکەمجار
سەردەکەوێت بۆ جەنگ دژ بە نەوەی بنیامین؟ خوداوەندیش وتی:
یەکەمجار یەهوزا.
١٩ ئینجا بۆ بەیانی نەوەی ئیسڕائیل هەستان و دابەزین بۆ جیبعە.
٢٠ ئینجا پیاوانی ئیسڕائیل بۆ جەنگ دژ بە بنیامین هاتنە دەرەوەو
پیاوانی ئیسڕائیل لە نزیك جیبعەوە بۆ جەنگ ڕیزیان بەست.
٢١ نەوەی بنیامینیش لە جیبعەوە هاتنە دەرەوە و لەو ڕۆژەدا بیست
و دوو هەزار پیاویان لە ئیسڕائیل لە ناو برد. ٢٢ ئینجا پیاوانی
ئیسڕائیل وورەیان بەرزبووەوە و دووبارە بۆ جەنگ ڕیزیان
بەستەوە لەو شوێنەدا کە لە ڕۆژی یەکەمدا تیایدا ڕیزیان بەست.
٢٣ پاشان نەوەی ئیسڕائیل سەرکەوتن و تا ئێوارە لەبەردەم
خوداوەند گریان و پرسیاریان لە خوداوەند کرد و وتیان: ئایا
بگەڕێینەوە بۆ جەنگ کردن دژی بنیامینی برامان؟ خوداوەندیش
وتی: سەرکەونە سەرەوە بۆیان. ٢٤ ئینجا نەوەی ئیسڕائیل لە
ڕۆژی دووەمدا لە نەوەی بنیامین چوونە پێشەوە و ٢٥ بنیامینیش لە
ڕۆژی دووەمدا لە جیبعەوە بۆ بەرەنگاربوونەوەیان چوونە دەرەوە
و دووبارە هەژدە هەزار پیاویان لە ئیسڕائیل لەناو برد کە هەموو
شمشێر بەدەستبوون. ٢٦ ئینجا هەموو نەوەی ئیسڕائیل و هەموو
گەل سەرکەوتن و هاتن بۆ ماڵی خودا و گریان و لەوێدا دانیشتن
لە بەردەم خوداوەنددا، لەو ڕۆژەدا ڕۆژوویان گرت تا ئێوارە و
قوربانی سووتاندن و قوربانی ئاشتییان لە بەردەم خوداوەنددا
پێشکەشکرد. ٢٧ جا نەوەی ئیسڕائیل لە خوداوەندیان پرسی و لەو
ڕۆژانەشدا سندووقی پەیمانی خودا لەوێدابوو، ٢٨ هەروەها لەو
ڕۆژانەدا فینحاسی کوڕی ئەلعازاری کوڕی هارون لە بەردەمیدا
ڕاوەستابوو، وتیان: ئایا بگەڕێینەوە بۆ جەنگکردن دژی نەوەی
بنیامینی برامان یان واز بهێنین؟ خوداوەندیش وتی: سەرکەون،
چونکە سبەینێ دەیاندەم بەدەستتانەوە.
٢٩ ئینجا ئیسڕائیل بە چوار دەوری جیبعەدا بۆسەیان دانا و
٣٠ نەوەی ئیسڕائیل لە ڕۆژی سێیەمدا سەرکەوتنە سەرەوە بۆ
نەوەی بنیامین و وەك جاری یەکەم و دووەم لە نزیك جیبعەوە
ڕیزیان بەست و ٣١ نەوەی بنیامینیش بۆ بەرەنگار بوونەوەی گەل
چوونە دەرەوە و لە شارەکەوە دوورخرانەوە و وەك جاری یەکەم
و دووەم دەستیان بە لێدانی گەل کرد، لەو دوو ڕێگایەی کە
یەکێکیان سەردەکەوت بۆ بەیت ئیل و ئەوەی تریان بۆ جیبعە
لەڕێی کێڵگەوە. جا نزیکەی سی پیاویان لە ئیسڕائیل کوشت.
٣٢ نەوەی بنیامین وتیان: وەك یەکەمجار لە بەردەمماندا بەزیون.
بەڵام نەوەی ئیسڕائیل وتیان: با ڕاکەین و دووریان دەخەینەوە لە
شارەکە بۆ ڕێگاکان. ٣٣ ئینجا هەموو پیاوانی ئیسڕائیل لە
شوێنەکانیانەوە هەستان و لە بەعل تاماردا ڕیزیان بەست و
بۆسەکەی ئیسڕائیل لە شوێنەکەیەوە لە دەشتی جیبعەوە ڕاپەڕی.
٣٤ لە بەرامبەر جیبعەوە دە هەزار پیاوی هەڵبژاردە لە هەموو
ئیسڕائیلەوە هاتن و شەڕەکە گەرم بوو، بنیامینییەکانیش نەیانزانی
کە چ بەڵایەکیان بەسەردا هاتووە.
٣٥ جا خوداوەند لە بەردەم ئیسڕائیلدا لە بنیامینی داو نەوەی
ئیسڕائیل لەو ڕۆژەدا بیست و پێنج هەزارو سەد پیاویان لە بنیامین
لەناو برد و هەموو ئەوانەش شمشێر بە دەست بوون. ٣٦ ئینجا
نەوەی بنیامین بینییان کە تێکشکاون. پیاوانی ئیسڕائیلیش لەبەردەم
بنیامیندا کشانەوە، چونکە ئەوان پشتیان بەو بۆسەیە بەستبوو کە لە
جیبعەدا نابوویانەوە. ٣٧ ئینجا بۆسەکە هەستا و چووە ناو جیبعەوە
و شاڵاوی برد و بە نووکی شمشێر لە هەموو شارەکەیان دا.
٣٨ نیشانەی نێوان پیاوانی ئیسڕائیل و بۆسەکەش ئەوە بوو کە
دووکەڵێکی زۆر لە شارەکەوە بەرزبکەنەوە. ٣٩ جا کاتێك پیاوانی
ئیسڕائیل لە جەنگەکەدا بەرەودواوە بوون، بنیامین سی پیاویان لە
ئیسڕائیل کوشت و وتیان: ئەوانە وەك جەنگی یەکەم لەبەردەمماندا
بەزیون. ٤٠ ئینجا کاتێ نیشانەکە واتە دووکەڵەکە لە شارەکەوە
بەرزبووەوە، بنیامین ئاوڕی دایەوە بۆ دواوە و تەماشایکرد و
دووکەڵی شارەکە هەمووی بە ئاسماندا دەچێت. ٤١ ئینجا پیاوانی
ئیسڕائیل گەڕانەوە و پیاوانی بنیامین بەترسەوە هەڵاتن، چونکە
زانیان بەڵایان بەسەردا هاتووە. ٤٢ جا لە بەردەم نەوەی ئیسڕائیلدا
بەرەودواوە بوون بە ڕێگای دەشتودەر، بەڵام شەڕەکە پێیان
گەشت و ئەوانەش چووبوونە ناو شارەکەوە لێیان ڕاپەڕین و
لەناویان بردن. ٤٣ ئینجا بنیامینیان گەمارۆدا و بەئاسانی ڕاویان
نان و بەرامبەر بە جیبعە لەلای خۆرهەڵاتەوە پێیان گەشتنەوە.
٤٤ جا هەژدە هەزار پیاوی بەتوانا لە بنیامین کوژران. ٤٥ ئینجا
سووڕانەوە و ڕایان کرد بۆ دەشتودەر بۆ چیای ڕمون، جا لە
ڕێگادا پێنج هەزار پیاویان لێ کوشتن و تا جدعوم ڕاویانان و

دووهەزار پیاوی تریان لێ کوشتن. ٤٦ لەو ڕۆژەدا بیست و پێنج
هەزار پیاوی شمشێر بەدەست لە بنیامین کوژران و هەموویان بە
توانا بوون. ٤٧ هەروەها شەش سەد پیاو سووڕانەوەو ڕاینانکرد بۆ
دەشتودەر بۆ چیای ڕمون و لەناو چیای ڕموندا چوار مانگ
مانەوە. ٤٨ ئینجا پیاوانی نەوەی ئیسڕائیل گەڕانەوە بۆ نەوەی
بنیامین و لەناو هەموو شارەکەدا لە خۆیان و ئاژەڵەکانیان و لە
هەموو شتانەکانی ناو شارەکەیان دا و هەروەها هەموو ئەو
شارانەی پێیگەیشتن بە ئاگر سووتاندیانن.

# ٢١

١ جا پیاوانی ئیسڕائیل لە میسفاتدا سوێندیان خوارد بوو و وتیان:
کەس لە ئێمە کچی خۆی نادا بە بنیامین. ٢ ئینجا گەل چوون بۆ
ماڵی خودا و تا ئێوارە لەوێدا لە بەردەم خودادا مانەوە و دەنگیان
بەرزکردەوە و گریانێکی مەزن گریان و ٣ وتیان: ئەی خوداوەندی
خودای ئیسڕائیل بۆچی ئەمە لە ئیسڕائیلدا ڕوویدا تا ئیسڕائیل
ئەمڕۆ هۆزێك لە دەست بدات؟ ٤ ئینجا بۆ سبەینێ گەل زوو هەستا
و لەوێدا قوربانگایەکیان دروستکرد و قوربانی سووتاو و قوربانی
ئاشتییان پێشکەشکرد. ٥ ئینجا نەوەی ئیسڕائیل وتیان: لە هەموو
هۆزەکانی ئیسڕائیل کێ سەرنەکەوت لە کۆمەڵەکە بۆ لای
خوداوەند، چونکە سوێندێکی گەورەیان خواردبوو دەربارەی
ئەوەی سەرناکەوێت بۆ لای خوداوەند بۆ میسفات، کە دەبێ
بمرێت. ٦ ئینجا نەوەی ئیسڕائیل ئاخیان بۆ بنیامینی برایان
هەڵکێشا و وتیان: ئەمڕۆ هۆزێك لە ئیسڕائیلدا دابڕا. ٧ بۆ ئەوانەی
لێیان ماونەتەوە چی بکەین لەبارەی ژنەوە، چونکە ئێمە سوێندمان
بە خوداوەند خواردووە کە لە کچەکانمان ژنیان نەدەینێ؟ ٨ ئینجا
وتیان: چ هۆزێك لە هۆزەکانی ئیسڕائیل سەرنەکەوتووە بۆ لای
خوداوەند بۆ میسفات؟ جا بۆیان دەرکەوت کەس لەدانیشتوانی
یابیش جیلعاد نەهاتووە بۆ کۆمەڵەکە لە ئۆردوگاکە، ٩ چونکە کاتێ
گەلیان ژمارد، تەماشایان کرد تەنها یەك پیاویش لە دانیشتوانی
یابیش جیلعاد نەهاتووە. ١٠ ئینجا کۆمەڵەکە دوانزە هەزار پیاوی
بەهێزیان نارد بۆ ئەوێ و ڕایانسپاردن و وتیان: بڕۆن و
دانیشتوانی یابیش جیلعاد بدەنە بەر نوکی شمشێر، بە ژن و
منداڵەکانیشەوە. ١١ دەبێ ئەمەش بکەن، هەموو نێرێك و هەموو
ژنێك لە ناو ببەن کە لەگەڵ نێردا پاڵکەوتبێت. ١٢ جا لە دانیشتوانی
یابیش جیلعاددا چوار سەد کچیان بینیەوە کە لەگەڵ پیاودا
پاڵنەکەوتوون، ئەوانیان هێنا بۆ ئۆردوگاکە بۆ شیلوە ئەوەی لە
خاکی کەنعانە.
١٣ ئینجا هەموو کۆمەڵەکە ناردیان و لەگەڵ نەوەی بنیامین
ئەوانەی لە ناو چیای ڕموندا بوون قسەیان کرد و بانگیانکردن بۆ
ئاشت بوونەوە. ١٤ جا لەوکاتەدا بنیامین گەڕانەوە و ئەو ژنانەیان
دانێ کە لە ژنەکانی یابیش جیلعاد بە زیندوویی هێشتبوونیانەوە و
بەشیانی نەکردن. ١٥ گەلیش ئاخیان بۆ بنیامین هەڵکێشا، چونکە
خوداوەند کەلێنی کردە ناو هۆزەکانی ئیسڕائیلەوە.
١٦ ئینجا پیرانی کۆمەڵەکە وتیان: چی بۆ ئەوانی تر بکەین لە
بارەی ژنانەوە، چونکە ژن لە بنیامین بڕاوە؟ ١٧ جا وتیان: میراتی
نەوەی بنیامین بۆ دەربازبووەکانیانە و هیچ هۆزێك لە ئیسڕائیل
ناسڕێتەوە. ١٨ ئێمەش ناتوانین لە کچەکانمان ژنیان پێبدەین،
چونکە نەوەی ئیسڕائیل سوێندیان خواردووە و وتوویانە نەفرەت
لێکراوە ئەو کەسەی ژن دەدات بە بنیامین. ١٩ جا وتیان: ئەوەتا
هەموو ساڵێك لە شیلوەدا جەژن دەگێڕن بۆ خوداوەند، لە باکووری
بەیت ئیل لە خۆرهەڵاتی ئەو ڕێگایەی لە بەیت ئیلەوە سەر
دەکەوێت بۆ شەکیم و لە باشووری لەبونە. ٢٠ ئینجا فەرمانیاندا بە
نەوەی بنیامین و وتیان: بڕۆن و لە ڕەزەمێوەکاندا بۆسە بنێنەوە و
٢١ تەماشاکەن گەر کچانی شیلوە هاتنە دەرەوە بۆ سەماکردن، ئێوە
لە ڕەزە مێوەکانەوە وەرنە دەرەوە و هەریەکەو ژنێك لە کچەکانی
شیلوە بۆ خۆتان بڕفێنن و بگەڕێنەوە بۆ خاکی بنیامین. ٢٢ جا گەر
باوك و براکانیان هاتن تا گازندەمان لەلابکەن، پێیان دەڵێین لەبەر
ئێمە بەزەییتان پیایاندا بێتەوە، چونکە لە جەنگدا بۆ هەریەکیان
ژنێکمان دەست نەکەوت، ئێوەش نەتاندانێ تا تاوانتان کردبێ .
٢٣ ئینجا نەوەی بنیامین ئاوهایان کرد و بەپێی ژمارەیان ژنیان بۆ
خۆیان برد لە سەماکەرەکان ئەوانەی ڕفاندنیان، ڕۆیشتن و
گەڕانەوە بۆ میراتەکەیان و شارەکانیان دروستکردەوە و تیایاندا
نیشتەجێبوون. ٢٤ ئینجا لەو کاتەدا نەوەی ئیسڕائیل هەریەکە
گەڕایەوە بۆ هۆزەکەی و بنەماڵەکەی و هەریەکە لەوێوە چووە
دەرەوە بۆ میراتەکەی.
٢٥ جا لەو ڕۆژانەدا هیچ پادشایەك لەناو ئیسڕائیلدا نەبوو و
هەرکەس ئەوەی دەکرد کە پێی ڕاستبوو.

# راعوس

## ١

١ لە ڕۆژانی فەرمانڕەوایی دادوەرەکاندا برسێتییەك لەسەر زەوی
ڕوویدا. لەبەیت لەحمی یەهوزاوە پیاوێك خۆی و ژنەکەی و دوو
کوڕەکەی کۆچیان کرد بۆ ئەوەی لە وڵاتی مۆئاب پەناهەندە بن.
٢ ناوی پیاوەکە ئەلیمالیك بوو، ناوی ژنەکەشی نوعمی بوو، ناوی
دوو کوڕەکەشی مەحلون و کلیون بوو، ئەفراتی بوون لە
بەیتلەحمی یەهوزا. ئیتر هاتن بۆ وڵاتی مۆئاب و لەوێ ژیان.
٣ لەوێ ئەلیمالیکی مێردی نوعمی مرد، نوعمی و دوو کوڕەکەی
مانەوە و ٤ دوو ژنی مۆئابییان هێنا، یەکێکیان ناوی عورفە بوو
ئەوەی تریان ڕاعوس. لەوێ بۆ ماوەی دە ساڵ مانەوە ٥ ئینجا
مەحلون و کلیون مردن، ئیتر ژنەکە لە کوڕەکانی و مێردەکەی
بوو.
٦ دوای ئەوەی نوعمی لە وڵاتی مۆئابدا بیستی کە خودا گەلەکەی
خۆی بەسەرکردۆتەوە و نانی داوە پێیان، خۆی و بووکەکانی
هەڵسان و وڵاتی مۆئابیان بەجێهێشت. ٧ لەوشوێنەی کەلێی
بوون لەگەڵ بووکەکانی چوونە دەرێ تا بگەڕێنەوە خاکی یەهوزا.
٨ نوعمی بە بووکەکانی وت: بگەڕێنەوە هەریەکەو بۆ ماڵی
دایکی خۆی. خودا پاداشتی ئەو چاکەیەتان بداتەوە کە لەگەڵ
مردووەکان و مندا کردتان. ٩ خودا بتانحەسێنێتەوە هەریەکە و لە
ماڵی مێردی خۆی. ئینجا ماچی کردن و ئەوانیش بە دەنگی بەرز
گریان. ١٠ پێیان وت: ئێمەش لەگەڵت دێین بۆ لای گەلەکەت.
١١ نوعمی وتی: کچەکانم بگەڕێنەوە. بۆچی لەگەڵ من دێن؟ ئایا
سکم کوڕی تیاماوە بۆ ئەوەی ببن بە مێردتان؟ ١٢ بگەڕێنەوە و
بڕۆن چونکە تازە پیر بووم تا شوو بکەمەوە. وا وتیشم ئەمشەو
شووم کردەوە بە پیاوێکیتر و چەند کوڕێکیشم بوو، ١٣ ئایا
چاوەڕێیان دەکەن تا گەورە دەبن؟ ئایا خۆتان دەبەستنەوە و شوو
ناکەنەوە لەبەر ئەوان؟ نا کچەکانم. زۆر خەفەت دەخۆم بۆتان
چونکە تازە خوا دەستی لەمن شتووە. ١٤ ئینجا دیسان بەدەنگی
بەرزەوە گریان. عورفە خەسوی ماچ کرد، بەڵام ڕاعوس پێوەی
نووسا. ١٥ نوعمی وتی: ئەوەتا عورفە گەڕایەوە بۆ لای گەلەکەی
و خوداکەی. تۆش لەگەڵ عورفە بگەڕێرەوە. ١٦ ڕاعوس وتی:
زۆرم لێ مەکە بەجێت بهێڵم و وازت لێ بهێنم، چونکە بۆ کوێ
بچیت دەچم و لە هەرکوێ بمێنیتەوە دەمێنمەوە. گەلی تۆ گەلی
منە و خودای تۆ خودای منە. ١٧ لەکوێ بمریت دەمرم و لەوێ
بەخاك دەسپێردرێم. با خوداوەند وام بەسەر بهێنێ و لەمە
زیاتریش.
هەر مردن من لە تۆ جیا دەکاتەوە. ١٨ ئیتر کە بینی سوورە لەسەر
ڕۆشتن لەگەڵیدا، وازی لە دواندنی هێنا. ١٩ ئینجا هەردووکیان
ڕۆشتن هەتا چوونە ناو بەیتلەحم. کاتێك گەیشتە بەیتلەحم شارەکە
هەمووی لەبەر ئەوان خرۆشا و وتیان: ئایا ئەمە نوعمییە؟
٢٠ ئەویش پێی وتن: پێم مەڵێن نوعمی بەڵکو پێم بڵێن موورە،
چونکە باڵادەست ژیانی زۆر تاڵ کردم. ٢١ من بە پڕی ڕۆشتم و
بە بەتاڵی خودا هێنامیەوە. بۆچی بە نوعمی بانگم دەکەن خۆ
خوداوەند ڕسوای کردم و باڵادەست شکاندمییەوە؟ ٢٢ ئیتر
نوعمی و ڕاعوسی مۆئابی بووکی، لە وڵاتی مۆئابەوە هاتنەوە و
لەسەرەتای دروێنەی جۆ چوونە ناو بەیتلەحمەوە.

## ٢

١ نوعمی خزمێکی مێردەکەی هەبوو پیاوماقوڵ بوو لەهەمان
تیرەی ئەلیمالیك ناوی بوعەز بوو. ٢ ڕاعوسی مۆئابی بە نوعمی
وت: بهێڵە بابچم بۆ کێڵگە و گوڵە جۆ هەڵبگرمەوە لەدوای هەر
کەسێك لەگەڵم میهرەبان بێ. ئەویش پێی وت: کچم بچۆ.
٣ ڕاعوسیش ڕۆیشت و بەدوای دروێنە کەرەکاندا لە کێڵگەیەك
گوڵە جۆی هەڵگرتەوە. وا ڕێکەوت کێڵگەکە هی بوعەز بوو کە
لە تیرەی ئەلیمالیك بوو. ٤ لەوکاتەدا بوعەز لە بەیتلەحمەوە هات و
بەدروێنەکەرەکانی وت: خوداوەند یارمەتیتان بدات. ئەوانیش
وتیان: خوداوەند پیرۆزت بکات .٥ بوعەز بە خزمەتکارەکەی وت
کە کرابوو بە سەرکار بەسەر دروێنەکەرەکان: ئەم کچە هی کێیە
؟ ٦ ئەویش وەڵامی دایەوە: کچێکی مۆئابییە لەگەڵ نوعمی لە
وڵاتی مۆئابەوە هاتووە، ٧ پێی وتین، بهێڵن با لە نێو چەپکەکاندا
گوڵە جۆ هەڵبگرمەوە و بەدوای دروێنەکەرەکاندا کۆبکەمەوە.
ئیتر هات و لەبەیانیەوە تا ئێستا ماوەتەوە، تۆزێك نەبێ لەماڵەکەوە
مایەوە.
٨ بوعەز بەڕاعوسی وت: گوێبگرە کچم ؟ مەڕۆ بۆ کێڵگەیەکی تر
بۆ هەڵگرتنەوە، بەڵکو لێرەبە لای کچەخزمەتکارەکانم. سەیری
کێڵگەکە بکە لەکوێ دروێنە دەکەن و شوێنیان بکەوە.
بەخزمەتکارەکانم وتووە دەستت لێوە نەدەن. ئەگەر تینوو بووی
بڕۆ لەکوپەکان ئاو بخۆرەوە کە پیاوەکان ئاوی تێ دەکەن.
١٠ ژنەکە لەسەر ڕوو کەوت وکڕنۆشی برد بۆ سەر زەوی و پێی
وت: چۆنە پەسەندم لەبەرچاوی تۆ لەکاتێکدا من بێگانەم!
١١ بوعەزیش وەڵامی دایەوە و پێی وت: هەموو ئەوەی کە بۆ
خەسوت کردووتە دوای مردنی پیاوەکەت، بەتەواوی پێم وتراوە،
تەنانەت وازت لە باوك و دایك و ئەو خاکەی لێی لەدایك بوویت
هێناوە و هاتیت بۆ لای گەلێك کە پێشتر نەتناسیون. ١٢ خوداوەند
پاداشتی ئەم کارەت بداتەوە، با خەڵاتت بەتەواوی بێت لەلای
خوداوەند خودای ئیسرائیل ئەوەی کە هاتوویت تا پەنا ببەیتە ژێر
باڵەکانی. ١٣ ئەویش وتی: گەورەم با لەبەر چاوت پەسەند بم،
چونکە دڵت دامەوە و دڵی کچەخزمەتکارەکەت خۆشکرد،
تەنانەت وەکو یەکێکیش لە کچەخزمەتکارەکانت نیم. ١٤ بوعەزیش
پێی وت: لەکاتی نان خواردندا وەرە پێشەوە بۆ ئێرە و نان بخۆ و
پاروەکەت بکە بە سرکەکەدا. ئەویش لەلای دروێنەکەرەکانەوە
دانیشت و بوعەزیش جۆی برژاوی پێیدا، ئیتر خواردی و تێر
بوو و لێشی مایەوە. ١٥ ئینجا هەستا بۆ ئەوەی جۆ هەڵبگرێتەوە.
بوعەز فەرمانیدا بەپیاوەکانی: لێیگەڕێن با لەنێو دەسکەکانیش جۆ
هەڵبگرێتەوە و ئەزێتی مەدەن، ١٦ لە دەسکەکانیش بۆی دەربهێنن
و لێیگەڕێن با هەڵیبگرێتەوە و قسەی پێمەڵێن.
١٧ ئەویش هەڵیگرتەوە تا ئێوارە، ئەوەی هەڵیگرتبۆوە تێکەڵاوی
کرد و نزیکەی ئێفایەك جۆ بوو. ١٨ جا هەڵیگرت و گەڕایەوە ناو
شار. خەسوی چاوی کەوت بەوەی هەڵیگرتبووەوە، ئەوەش کەلێی
مابووەوە دوای تێر بوونی خۆی دەری هێنا و دای پێی.
١٩ خەسوشی پێی وت: ئەمڕۆ لەکوێ هەڵتگرتەوە و لە کوێ
ئیشتان کرد؟ با پیرۆز بێت ئەو کەسەی کەچاوی لێتە. ئەویش
باسی ئەو کەسەی بۆ خەسوی کرد کە ئیشی لەگەڵدا کردووە وتی:
ناوی ئەو پیاوەی کە ئەمڕۆ ئیشم لەگەڵدا کردووە بوعەزە.

٢٠ نوعمیش بە بووکەکەی وت: ئەو لەلایەن خوداوەندەوە پیرۆزە
ئەوەی زیندووان و مردووانی بێبەش نەکردووە لەخۆشەویستییە
بێسنوورەکەی. ئینجا نوعمی پێی وت: ئەو پیاوە خزممانە
و.خاوەنمانە. ٢١ ڕاعوسی مۆئابییش وتی: هەروەها پێی ووتم
لەگەڵ خزمەتکارەکانمدا بمێنەوە هەتا هەموو دروێنەکەم تەواو
دەکەن. ٢٢ نوعمیش بە ڕاعوسی بووکی وت: وا چاکە کچم
لەگەڵ کچەخزمەتکارەکانیدا بچیتە دەرەوە نەکا لە کێڵگەیەکی تر
ئەزێتت بدەن.٢٣ ئەویش لەگەڵ کچەخزمەتکارەکانی بوعەزدا لە
هەڵگرتنەوە مایەوە تاوەکو دروێنەی جۆ و دروێنەی گەنم تەواو
بوو، لەگەڵ خەسوویدا ژیا.

# ٣

١ نوعمی خەسوی پێی وت: کچم ئایا پێویست نییە هەوڵبدەم بۆ
حەوانەوەت کە خێری تۆی تیابێ؟ ٢ بوعەز ئەوەی کە لەگەڵ
کچەخزمەتکارەکانی بوویت خزممانە و ئەوەتا ئەمشەو لە
خەرمانەکە شەنی جۆ دەکات.
٣ خۆت بشۆ و بۆن لەخۆت بدە و خۆت بگۆڕە و دابەزە بۆ
خەرمانەکە بەڵام خۆت دەرمەخە لەلای پیاوەکە هەتا لەخواردن و
خواردنەوە دەبێتەوە.
٤ هەرکە پاڵکەوت، بزانە شوێنی پاڵکەوتنەکەی کوێیە. بڕۆ لای
پێی هەڵدەوە و پاڵکەوە، ئیتر خۆی پێت دەڵێت چیبکەیت. ٥ ئەویش
پێی وت: هەرچیەکت وت دەیکەم.
٦ ئیتر دابەزییە خەرمانەکە و هەموو ئەوەی کە خەسووی فەرمانی
پێدا کردی. ٧ بوعەز خواردی و خواردیەوەو دڵی خۆشبوو و
چووە ژوورەوە بۆ ئەوەی لە قەراغی گەنمە کۆکراوەکەدا
پالبکەوێت. ئەویش بە دزییەوە چووە ژوورەوە و لای پێیەکانی
بوعەزی هەڵدایەوە و پاڵکەوت .٨ لە نیوەشەودا بوعەز پەشۆکا،
ئاوڕی دایەوە تەماشایکرد ژنێك لەلای پێیەوە پاڵکەوتووە. ٩ وتی:
تۆکێی؟ ئەویش وتی: من ڕاعوسی کارەکەرتم. سوچی کراسەکەت
بدە بەسەر کارەکەتدا چونکە تۆ خزم و خاوەنی منی. ١٠ ئەویش
وتی: تۆ لەلایەن خوداوەندەوە پیرۆزیت کچەکەم، چونکە ئەم
چاکەیەی دواییت زیاترە لەوەی یەکەم جارت، چونکە هەوڵت
نەداوە شوێن لاوان بکەویت، هەژار بن یان دەوڵەمەند. ١١ ئێستاش
کچی خۆم مەترسە. هەرچیەك بڵێی بۆت دەکەم، چونکە هەموو
پیاوماقوڵانی گەلەکەم دەزانن کەوا تۆ ژنێکی ڕەوشت بەرزی.
١٢ ئێستاش ڕاستە من خزمم بەڵام خزمێکیتر هەیە لەمن لەپێشترە.
١٣ ئەمشەو بخەوە، بەیانی ئەگەر ئەو خزمە هەڵسا بەمافی
خزمایەتی ئەوا باشە، بابەجێی بهێنێ، ئەگەر نەیویست مافی
خزمایەتی بەجێبهێنێ، ئەوا من بەجێیدەهێنم، بەخوداوەندی
زیندوو! پاڵکەوە تا بەیانی.
١٤ ئەویش لەلای پێیەوە نوست تاکو بەیانی، ئینجا پێش ئەوەی
کەس بتوانێ هاوەڵەکەی بناسێتەوە، لە خەو هەستا. بوعەز وتی
کەس نازانێت کەوا ژنێك هاتووە بۆ خەرمانەکە ئینجا بوعەز بە
ڕاعوسی وت کەواکەی بەرت بهێنە و بیگرەوە. ئەویش گرتیەوە
و بوعەزیش شەش پێوانەی لە جۆ کێشا و خستیە سەری ئینجا
چووە ناو شارەکەوە. ١٦ ڕاعوسیش کە هات بۆ لای خەسووی،
خەسووی لێی پرسی کچم چیتکرد. ئەویش بوعەز هەرچیەکی
بۆ کرد بۆی گێڕایەوە. ١٧ وتی ئەم شەش پێوانە جۆیە ئەو دایمێ
چونکە وتی بە دەست بەتاڵی مەچۆ بۆ لای خەسووت. ١٨ ئینجا
نوعمی وتی کچم دانیشە تا وەکو بزانی کارەکە چی لێدێت. چونکە
پیاوەکە هێوور نابێتەوە تا ئەمڕۆ کارەکە تەواو نەکات.

# ٤

١ بوعەز سەرکەوت بۆ دەروازەی شارەکە و لەوێ دانیشت
ئەوەبوو ئەو خزموخاوەنەی کە بوعەز باسیکرد لەوێوە تێپەڕی.
بوعەزیش وتی خزمە لادە و لێرە دانیشە. ئەویش لایدا و دانیشت.
٢ ئینجا دە پیاوی لەڕیش سپیانی شارەکە برد و پێی وتن لێرە
دانیشن. ئەوانیش دانیشتن. ٣ ئینجا بە خزمەکەی وت کەوا نوعمی
کە لە وڵاتی مۆئاب گەڕاوەتەوە، پارچە زەوییەکی هەیە کە هی
ئەلیمالیکی برامانە دەیفرۆشێت. ٤ منیش پێت دەڵێم لەبەردەمی
دانیشتوان و لەبەردەمی ڕیش سپیانی گەلەکەم بیکڕە. ئیتر ئەگەر
دەیکڕیتەوە بیکڕەوە و ئەگەر نایکڕیتەوە ئەوا پێم بڵێ بابزانم.
چونکە تۆ لەپێشتری بۆ کڕینەوەی، دوای تۆ من. ئەویش وتی
دەیکڕمەوە. ٥ بوعەزیش وتی: ئەو ڕۆژەی زەوییەکە لەدەستی
نوعمی دەکڕیتەوە هەروەها لەدەستی ڕاعوسی مۆئابی کە ژنی
مردووەکەیە، ڕاعوسیش مارەکە بۆ ئەوەی میراتەکە بە ناوی
مردووەکە بکەیت. ٦ خزمەکەش وتی: ناتوانم بیکڕمەوە بۆ خۆم
نەکا میراتی خۆم تێکبدەم. جا تۆ خۆت بیکڕەوە، چونکە من ناتوانم
بیکڕمەوە. ٧ وا باو بوو لە ئیسڕائیل لە بابەتی مافی کڕینەوە و
گۆڕینەوە بۆ سەلماندنی ئەنجامدانی هەموو کارێك. کە کابرا
نەعلەکانی داکەنێ و بیدا بەهاوڕێکەی. ئیتر ئەمە واعادەت بوو لە
ئیسڕائیل .٨ جا خزمەکە بەبوعەزی وت بۆ خۆت بیکڕەوە و
نەعلەکانی داکەند. ٩ بوعەزیش بەڕیش سپیەکان و هەموو
گەلەکەی وت: ئێوە ئەمڕۆ شایەتن کەوا من هەرچیەك هی
ئەلیمالیك و هەرچیەك هی کلیون و مەحلون بوو لەدەستی نوعمی
کڕیمەوە. ١٠ هەروەها ڕاعوسی مۆئابی ژنی مەحلونیشم لەخۆم
مارەکرد تا ببێ بە ژنم بۆ ئەوەی میراتەکە بەناوی مردووەکە
بکەم و ناوی مردووەکە کوێر نەبێتەوە لەنێو گەلەکەی و جێوشوێنی
بزر نەبێت. ئێوە ئەمڕۆ شایەتن. ١١ هەموو خەڵکەکە و ڕیش
سپیەکان کە لەناو دەروازەکە دانیشتبوون وتیان: ئێمە شایەتین.
خوداوەند ئەو ژنەی کە دێتە ماڵەکەت وەکو راحیل و لیئە لێبکات
کە بنەماڵەی ئیسڕائیلیان دروستکرد. ئیتر سەرکەوتووبی
لەئەفراتە و ناوداربی لەبەیتلەحم. ١٢ هەروەها ماڵەکەت و ئەو
وەچەیەی خوداوەند دەتداتێ لەم ئافرەتە وەکو ماڵی فاڕس بێت
ئەوەی تامار لەدایك بوو بۆ یەهوزا.
١٣ ئیتر بوعەز ڕاعوسی هێنا وگواستیەوە و خوداوەندیش سکی
داپێی و کوڕێکی بوو. ١٤ ژنان بە نوعمییان وت پیرۆزە ئەو
خوداوەندەی ئەمڕۆ بێ خاوەنی نەکردی بۆ ئەوەی لە ئیسڕائیل
ناوی بهێنرێت. ١٥ دەبێت بە تازەکەرەوەی دەرونت و بەخێوت
دەکات لەپیریتدا. چونکە لەبووکەکەت بوو کە خۆشی ویستیت و
ئەو لە حەوت کوڕ باشترە بۆت. ١٦ نوعمیش کوڕکەی هەڵگرت و
لەباوەشی کرد و بوو بە دایەنی. ١٧ ژنە دراوسێکان وتیان کوڕێك
لەدایك بوو بۆ نوعمی و ناویان لێنا عوبێد. کە باوکی یەسای
باوکی داودە.
١٨ ئەمانەش نەوەکانی فاڕسن. فاڕس باوکی حەسرون بوو.
١٩ حەسرون باوکی ڕامە و ڕام باوکی عەممینادابە. ٢٠ عەممیناداب
باوکی نەحشونە و نەحشون باوکی سەلمونە.٢١ سەلمون باوکی
بوعەزە و بوعەز باوکی عوبێدە. ٢٢ عوبێدیش باوکی یەسایە و
یەساش باوکی داودە.

# سامۆئیلی یەکەم

## ١

١ پیاوێك هەبوو لە ڕاماتایم چۆفیم لە چیای ئەفرایم، ناوی ئەلقانەی
کوڕی یەرۆخامی کوڕی ئەلیهوی کوڕی توخی کوڕی چوفی
ئەفراتی بوو. ٢ دوو ژنی هەبوو یەکێکیان ناوی حەننە و ئەوی تریان
فینەنە بوو، فینەنە منداڵی هەبوو بەڵام حەننە منداڵی نەبوو. ٣ ئەم پیاوە
هەموو ساڵێك لە شارەکەیەوە سەردەکەوت بۆ کڕنۆش بردن و
سەربڕینی قوربانی بۆ خوداوەندی سوپاسالار لە شیلوە و لەوێ دوو
کوڕەکەی عالی، حۆفنی و فینخاس کاهینی خوداوەند بوون. ٤ جا کە
ڕۆژی ئەوە هات ئەلقانە قوربانی سەربڕێ و بەشی بە فینەنەی ژنی
و بە هەموو کوڕ و کچەکانی دا، ٥ بەڵام بە حەننە دوو بەشی دا،
چونکە حەننەی خۆشدەویست هەرچەندە خوداوەند وەجاخی کوێر
کردبوو. ٦ هەوێکەشی بەردەوام تووڕەی دەکرد تا بێزاری بکات،
چونکە خوداوەند وەجاخی کوێر کردبوو. ٧ جا وای دەکرد ساڵ
لەدوای ساڵ هەرکاتێك بۆ ماڵی خوداوەند سەردەکەوتایە، ئاوا تووڕەی
دەکرد بۆیە ئەویش دەستیکرد بەگریان و نانی نەخوارد. ٨ جا
ئەلقانەی مێردی پێی وت: حەننە، بۆچی دەگریت و نان ناخۆیت؟
بۆچی دڵگرانیت؟ ئایا من لە دە کوڕ چاکتر نیم بۆت؟ ٩ ئینجا حەننە
دوای نان خواردن و دوای خواردنەوە لە شیلوە هەستا، عالی
کاهینیش لەسەر کورسییەك لەلای کۆڵەکەی دەرگای پەرستگاکەی
خوداوەندەوە دانیشتبوو. ١٠ حەننەش دەروون تاڵ بوو نوێژی بۆ
خوداوەند کرد و دایە پرمەی گریان و ١١ نەزرێکی کرد و وتی:
خوداوەندی سوپاسالار، ئەگەر بەڕاستی تەماشای کڵۆڵی
کارەکەرەکەت بکەیت و بەیادی خۆتم بهێنیتەوە و کارەکەرەکەت
لەبیرنەکەیت و بە کارەکەرەکەت کوڕێك بدەیت، ئەوا من دەیدەم بە
خوداوەند بەدرێژایی ژیانی و گوێزان بەسەر سەریدا نایەت. ١٢ ئەوە
بوو کە لەبەردەم خوداوەند زۆر نوێژی کرد و عالیش چاودێری
دەمی دەکرد، ١٣ حەننەش لە دڵی خۆیدا دەیووت و تەنها لێوەکانی
دەجوڵانەوە و دەنگی نەدەبیسترا، عالی وایزانی سەرخۆشە. ١٤ جا
پێی وت: تاکەی سەرخۆش دەبیت؟ مەیەکەت لەخۆت دووربخەوە.
١٥ حەننەش وەڵامی دایەوە و وتی: نە خێر گەورەم، من ژنێکی ڕۆح
تەنگم و مەی و شتی سەرخۆشکەرم نەخواردۆتەوە، بەڵکو دەردی
دڵی خۆم لەبەردەم خوداوەند هەڵدەڕێژم. ١٦ کارەکەرەکەت بە کچی
خراپ تێمەگە، چونکە لەبەر خەم و خەفەتی زۆرم تا ئێستا قسەم
کرد. ١٧ عالیش وەڵامی دایەوە و وتی: بڕۆ بە سەلامەتی و با خودا
خودای ئیسرائیل ئەو داواکارییەت پێبدات کە لێیت داواکرد.
١٨ حەننەش وتی: با کەنیزەکەت پەسەند بێت لە چاوانت. ئینجا ژنەکە
بە ڕێگای خۆیدا ڕۆیشت و نانی خوارد و خەم لە ڕووی ڕەوییەوە.
١٩ جا بەیانی زوو لەخەو هەستان و لەبەردەم خوداوەند کڕنۆشیان
برد و گەڕانەوە و هاتن بۆ ماڵەکەی خۆیان لە ڕامە. ئینجا ئەلقانە
لەگەڵ حەننەی ژنیدا جووت بوو و خوداوەندیش بەیادی خۆی
هێنایەوە. ٢٠ ئەوە بوو لەو ساڵەدا حەننە سکی پڕبوو و کوڕێکی بوو
و ناوی لێنا ساموئێل، وتی چونکە لە خوداوەند داوامکرد. ٢١ ئینجا
ئەلقانە و سەرجەم ماڵەکەی سەرکەوتن بۆ سەربڕینی قوربانی بۆ
خوداوەند، قوربانی ساڵانە و نەزرەکەی. ٢٢ بەڵام حەننە سەرنەکەوت
و بە مێردەکەی وت: پاش ئەوەی کوڕەکە لە شیردەبڕێتەوە، دەیبەم
تا لەبەردەم خوداوەند ببینرێت و تاهەتایە لەوێ بمێنێتەوە. ٢٣ ئەلقانەی
مێردیشی پێی وت: خۆت چی بە باش دەزانیت ئەوە بکە و بمێنەوە تا
لە شیری دەبڕیتەوە، تەنها با خوداوەند وشەی خۆی بچەسپێنێت. جا
ژنەکە مایەوە و شیری بە منداڵەکەی دا تا ئەو کاتەی لە شیری
بڕییەوە. ٢٤ پاش ئەوەی لە شیری بڕییەوە، لەگەڵ خۆی سەریخست
بە سێ گوێرەکە و یەك ئیفە ئارد و مەشکەیەك مەی و هێنای بۆ ماڵی
خوداوەند لە شیلوە، کوڕەکەش هێشتا منداڵ بوو. ٢٥ ئینجا
گوێرەکەیەکیان سەربڕی و کوڕەکەیان هێنایە لای عالی و ٢٦ وتی:
تکایە گەورەم! با گیانت زیندوو بێت، گەورەم، من ئەو ژنەم کە لێرە
لەلای تۆ وەستاوم و نوێژی بۆ خوداوەند کرد، ٢٧ لەبەر ئەم منداڵە
نوێژم کرد و خوداوەندیش داواکارییەکەمی پێدام کە لێیم داواکرد.
٢٨ هەروەها منیش دەیدەمەوە بە خوداوەند، بۆ ئەوەی بە درێژایی
ژیانی تەرخان بکرێت بۆ خوداوەند. ئینجا لەوێ ڕنۆشیان بۆ
خوداوەند برد.

## ٢

١ ئینجا حەننە نوێژی کرد و وتی:
دڵم بە خوداوەند خۆش بوو
هێزم بە خوداوەند بەرز بوو
دەمم لەسەر دوژمنەکانم کرایەوە
چونکە شادومانم بە ڕزگارییەکەت
٢ کەس نییە پیرۆز وەك خوداوەند
چونکە بێجگە لە تۆ کەس نییە و
هیچ چیایەك نییە وەك خودامان.
٣ زۆر قسە مەکەن بە لەخۆبایی بوونەوە
قسەی زل لە دەمتان دەرچێت
چونکە خوداوەند خودایەکی بە ئاگایە بە ئەو کارەکان دەکێشرێن.
٤ کەوانی پاڵەوانەکان تێکشکێنران و
ئەوانەی ساتمەیان دەکرد هێزیان لەبەرکردووە.
٥ تێرەکان خۆیان بەکرێدا بۆ نان و
برسییەکانیش لەبەر یان مایەوە
نەزۆك حەوت منداڵی بوو و
ئەوەی کوڕی زۆر بوو سیس بوو.
٦ خوداوەند مرۆڤ دەمرێنێت و زیندووشی دەکاتەوە،
بۆ دونیای مردووانی شۆڕدەکاتەوە و سەریشی دەخاتەوە.
٧ خوداوەند مرۆڤ هەژار و دەوڵەمەند دەکات،
دایدەگرێت و بەرزیشی دەکاتەوە.
٨ کڵۆڵ لەناو خۆڵەوە هەڵدەستێنێتەوە
هەژاریش لەناو زبڵەوە بەرزدەکاتەوە
تا لەگەڵ میران دایانیشێنێت و
تەختی شکۆمەندی بکات بە میراتیان
چونکە کۆڵەکەکانی زەوی هی خوداوەندن
جیهانی لەسەریان داناوە.
٩ پێی خۆشەویستانی خۆی دەپارێزێت و
بەدکارانیش لە تاریکیدا بێ دەنگ دەبن
چونکە مرۆڤ بە هێز زاڵ نابێت.
١٠ نەیارانی خوداوەند تێکدەشکێنرێن
لە ئاسمانەوە بەسەریاندا دەگرمێنێت
خوداوەند حوکم بەسەر ئەوپەڕی زەویدا دەدات

هێز بە پاشای خۆی دەدات
هێزی دەستنیشانکراوەکەی بەرزدەکاتەوە.
١١ ئینجا ئەلقانە گەڕایەوە بۆ ڕامە بۆ ماڵی خۆی، منداڵەکەش بوو بە
خزمەتکاری خوداوەند لەبەردەم عالی کاهیندا. ١٢ کوڕەکانی عالیش
کوڕی خراپ بوون نە خوداوەندیان دەناسی و ١٣ نە ڕێوڕەسمی
کاهینێتی لەگەڵ گەل، هەر پیاوێك قوربانییەکی سەربڕییایە
خزمەتکاری کاهینەکە دەهات لەکاتی لێنانی گۆشتەکە و چەنگاڵێکی
سێ ددانی بەدەستەوە بوو، ١٤ دەیدا لە تاوەکە یان ؟ ؟ ؟ هەموو
ئەوەی بەسەر چەنگاڵەکەوە بووایە، کاهین بۆ خۆی دەبرد، ئاوای
دەکرد لەگەڵ هەموو ئیسرائیل ئەوانەی دەهاتن بۆ ئەوێ لە شیلوە.
١٥ هەروەها پێش ئەوەی پیوەکە بسووتێنن، خزمەتکارەکەی کاهین
دەهات و بە پیاوەکەی دەوت کە قوربانییەکەی سەربڕیوە: گۆشت
بدە بۆ برژان بۆ کاهین، چونکە گۆشتی لێنراوت لێ وەرناگرێت،
بەڵکو خاو. ١٦ پیاوەکەش پێی دەوت: با یەکەمجار پیوەکە بسوتێنرێت،
پاشان ئەوەی نەوست ئارەزووی دەکات ببیە. ئەویش دەیوت: نا،
بەڵکو ئێستا دەیدەیت، ئەگەر نا، بە زۆر دەیبەم. ١٧ جا گوناهی
خزمەتکارەکان زۆر گەورەبوو لەبەردەم خوداوەند، چونکە خەڵکی
سووکایەتییان بە پێشکەشکراوی خوداوەند کرد. ١٨ بەڵام ساموئێل
هەر لە منداڵیەوە لەبەردەم خوداوەند خزمەتی دەکرد و ئێفۆدێکی
کەتانی لەبەربوو. ١٩ دایکیشی کەوایەکی بچووکی بۆ دروست دەکرد
و ساڵ لە دوای ساڵ کە سەردەکەوت لەگەڵ مێردەکەی بۆ سەربڕینی
قوربانی ساڵانە بۆی دەبرد. ٢٠ عالیش ئەلقانە و ژنەکەی پیرۆزکرد
و وتی: خوداوەند لەم ژنەوە وەچەت بۆ بخاتەوە لە جیاتی ئەو
پێشکەشکراوەی کە بە خوداوەندی دا. ئینجا چوونەوە بۆ شوێنەکەی
خۆیان. ٢١ جا کە خوداوەند حەننەی بەسەرکردەوە، سکپڕ بوو و
سێ کوڕ و دوو کچی بوو، منداڵەکەش، ساموئێل لەبەردەم
خوداوەنددا گەورەبوو.
٢٢ عالی زۆر پیر بوو و هەموو ئەو شتانەی بیستەوە کە کوڕەکانی
دەرهەق بە ئیسرائیل دەیانکرد و هەروەها جووتبوونیان لەگەڵ ئەو
ژنانەی لەبەردەم دەرگای چادری ژواندا خزمەتیان دەکرد. ٢٣ جا
پێی وتن: بۆچی ئەم شتانە دەکەن؟ چونکە من شتە خراپەکانتانم
بیستووە لەلای هەموو ئەم گەلە. ٢٤ نەخێر کوڕەکانم، چونکە باش
نییە ئەوە هەواڵەی من دەیبیستمەوە کە وادەکەن گەلی خوداوەند
سەرپێچی بکەن. ٢٥ گەر مرۆڤێك دەرهەق بە مرۆڤێك گوناه بکات،
خودا حوکمی بەسەردا دەدات، بەڵام گەر مرۆڤێك دەرهەق بە
خوداوەند گوناه بکات، کێ تکای بۆ دەکات؟ بەڵام گوێیان لە دەنگی
باوکیان نەگرت، چونکە خوداوەند خوازیاربوو بیانمرێنێت.
٢٦ منداڵەکەش، ساموئێل گەشەی کرد لە گەورەبوون و چاکە لەلای
خوداوەند و لەلای خەڵکیش.
٢٧ ئینجا پیاوێکی خودا هات بۆ لای عالی و پێی وت: خوداوەند
ئاوای فەرموو: من بە ئاشکرا خۆم بۆ ماڵی باوکت دەرخست، کاتێ
لە میسر لە ماڵی فیرعەوندا بوون. ٢٨ لە نێو هەموو هۆزەکانی
ئیسرائیلدا هەڵمبژارد بۆ ئەوەی ببێت بە کاهینم و سەرکەوێت بۆ
سەر قوربانگاکەم و بخوورم بۆ بسووتێنێت و لەبەردەممدا ئێفۆد
لەبەربکات و هەموو ئەو قوربانییە بەئاگرەکانی نەوەی ئیسرائیلم بە
ماڵی باوکت دا. ٢٩ ئیتر بۆچی شەق لە قوربانی و پێشکەشکراوەکەم
دەدەن ئەوەی لە نیشینگەکەدا فەرمانم پێی کردووە و زیاتر لە من
ڕێز لە کوڕەکانت دەگریت و خۆتان قەڵەو دەکەن بە پێشەبەرەی
هەموو پێشکەشکراوەکانی ئیسرائیلی گەلم؟ ٣٠ لەبەرئەوە خوداوەند
خودای ئیسرائیل دەفەرمووێت: بێگومان من فەرمووم، ماڵی تۆ و
ماڵی باوکت تاهەتایە لەبەردەمم هاتووچۆ دەکەن، ئێستاش خوداوەند
دەفەرمووێت، لە من بەدووربێت، چونکە ئەوەی ڕێزم بگرێت
ڕێزداری دەکەم و ئەوەی سووکایەتیم پێبکات کەم دەبنەوە. ٣١ ئەوەتا
ڕۆژانێك دێن کە تیایاندا بازووی خۆت و بازووی ماڵی باوکت
دەبڕمەوە و پیر لە ماڵەکەتدا نابێت. ٣٢ تەنگانە دەبینیت لە نشینگەکەدا
لە هەموو ئەوەی چاکەیە بۆ ئیسرائیل و لە هەموو ڕۆژاندا هیچ
پیرێك نابێت لە ماڵەکەتدا. ٣٣ بەڵام پیاوت لێ نابڕمەوە لەلای
قوربانگاکەم بۆ کوێرایی هاتن بە چاوەکانت و تووانەوەی گیانت و
هەموو وەچەی ماڵەکەت بە گەنجێتی دەمرن. ٣٤ ئەمەش نیشانەیە
بۆت، بەسەر دوو کوڕەکەتدا دێت، بەسەر حوفنی و فینحاس، لە
یەك ڕۆژدا هەردووکیان دەمرن. ٣٥ کاهینێکی دەستپاك بۆ خۆم
ڕادەگرم کە ئەوەی لە دڵ و دەروونمدایە بیکات و ماڵێکی ئاسوودەی
بۆ بنیاد دەنێم و لەبەردەم دەستنیشانکراوەکەم هاتووچۆ دەکات بە
درێژایی ڕۆژان، ٣٦ هەموو ئەوانەش کە لە ماڵکەت دەمێننەوە دێن تا
بۆ پارچە زیوێك و لەتە نانێك کڕنۆشی بۆ بەرن و دەڵێن: بمانخەرە
پاڵ یەکێك لە کاهینێتیەکان بۆ ئەوەی لەتە نانێك بخۆین.

# ٣

١ منداڵەکەش، ساموئێل خزمەتی خوداوەندی دەکرد لەبەردەم عالیدا
و وشەی خوداوەندیش دەگمەن بوو لەو ڕۆژانەدا، بینینیش زۆر
ڕانەدەگەیەندرا.
٢ لەو ڕۆژانەدا بوو کاتێ عالی لە شوێنەکەی خۆیدا پاڵکەوتبوو
چاوەکانی کزببوون و توانای بینینی نەبوو. ٣ بەرلەوەی چرای خودا
بکوژێتەوە و ساموئێلیش لە پەرستگای خوداوەنددا پاڵکەوتبوو، لەوێ
کە سندوقی خودای لێبوو.
٤ جا خوداوەند سامۆئێلی بانگکرد و ئەویش وتی: ئەوەتام. و
٥ ڕایکرد بۆ لای عالی و وتی: ئەوەتام، چونکە بانگت کردم. ئەویش
وتی: بانگم نەکردووی، بگەڕێرەوە و پاڵکەوە. ئەویش ڕۆیشت و
پاڵکەوتەوە. ٦ خوداوەند دووبارە ساموئێلی بانگ کردەوە، ساموئێلیش
هەستا و بۆ لای عالی ڕۆیشت و وتی: ئەوەتام، چونکە بانگت کردم.
ئەویش وتی: کوڕم بانگم نەکردووی بگەڕێرەوە پاڵکەوە.
٧ ساموئێلیش هێشتا خوداوەندی نەناسیبوو و هێشتا وشەی
خوداوەندی بۆ ڕانەگەیەندرابوو .٨ ئینجا خوداوەند بۆ جاری سێیەم
ساموئێلی بانگکردەوە، ئەویش هەستا و ڕۆیشت بۆ لای عالی و
وتی: ئەوەتام، چونکە بانگت کردم. ئینجا عالی تێگەیشت کە
خوداوەند منداڵەکە بانگ دەکات. ٩ جا عالی بە ساموئێلی وت: بڕۆ
و پاڵکەوە، ئەگەر بانگی کردیت، بڵێ بفەرموو خوداوەند، چونکە
خزمەتکارەکەت گوێی گرتووە. ساموئێلیش ڕۆیشت و لە شوێنەکەی
خۆی پاڵکەوتەوە. ١٠ ئینجا خوداوەند هات و وەستا و وەك جارەکانی
پێشوو بانگی کرد: ساموئێل! ساموئێل! ساموئێلیش وتی: بفەرموو،
چونکە خزمەتکارەکەت گوێی گرتووە.
١١ خوداوەندیش بە ساموئێلی فەرموو: ئەوەتا من لە ناو ئیسرائیلدا
شتێك دەکەم، کە هەرکەس بیبیستێتەوە گوێیەکانی بزرنگێتەوە.
١٢ لەو ڕۆژەدا هەموو ئەوەی بە عالیم فەرموو سەربارەت بە
ماڵەکەی، جێبەجێی دەکەم. ١٣ من پێم ڕاگەیاند کە حوکم بەسەر
ماڵەکەیدا دەدەم بۆ هەتاهەتیە لەبەرئەو تاوانەی کە خۆی دەیزانێت،
چونکە کوڕەکانی خۆیان سووککرد و ئەویش ڕێی لێنەگرتن.
١٤ لەبەرئەوە سوێندم بۆ ماڵی عالی خوارد، کە تاوانەکەی ماڵی عالی
کەفارەتی بۆ نەکرێت، نە بە قوربانی سەربڕاو و نە بە پێشکەشکراو
تا هەتایە. ١٥ ئینجا ساموئێل تا بەیانی پاڵکەوت و دەرگاکانی ماڵی
خوداوەندی واڵا کرد. ساموئێل ترسا ئەو بینینە بە عالی
ڕابگەیەنێت .١٦ ئینجا عالی ساموئێلی بانگکرد و وتی: کوڕم
ساموئێل. ئەویش وتی: ئەوەتام. ١٧ وتی: ئەو وشەیە چی بوو کە پێی
فەرموویت، تکایە لێمی مەشارەوە، خودا سزات بدات و زیاتریش،
ئەگەر وشەیەکم لێبشاریتەوە لە هەموو ئەو وشانەی پێت وتراوە.
١٨ ساموئێلیش هەموو وشەکانی پێ وت و لێی نەشاردەوە ئەویش
وتی: خۆی خوداوەندە و ئەوەی بە باشی بزانێت دەیکات.
١٩ ساموئێل گەورەبوو و خوداوەندیش لەگەڵیبوو و نەیهێشت هیچ کام
لە وشەکانی بکەوێتە زەوی. ٢٠ جا هەموو ئیسرائیل هەر لە دانەوە تا

بئێر شەبەع زانییان کە ساموئێل باوەڕی پێکراوە بێت بە پێغەمبەری
خوداوەند. ٢١ ئینجا خوداوەند بەردەوام بوو لە دەرکەوتن لە شیلوە،
چونکە خوداوەند لە شیلوەدا بۆ ساموئێل خۆی ئاشکراکرد بە وشەی
خوداوەند.

# ٤

١ ئینجا وشەی ساموئێل بۆ هەموو ئیسڕائیل بوو، ئیسڕائیلیش بۆ
بەرانگاربوونەوەی فەلەستییەکان بۆ جەنگ دەرچوو و لەلای ئێبن
عێزەر ئۆردوگایان دامەزراند و فەلەستییەکانیش لەلای ئەفیق
ئۆردوگایان دامەزراند. ٢ ئینجا فەلەستییەکان بەرەیان بەست بۆ
بەرەنگاربوونەوەی ئیسڕائیل و جەنگ هەڵگیرسا و ئیسڕائیل لە
ڕووی فەلەستییەکان بەزین و ئەوانیش لە بەرەکە لە کێڵگەکەدا لە
نزیکەی چوار هەزار پیاویان دا. ٣ ئینجا گەل گەڕانەوە بۆ ئۆردوگاکە
و پیرانی ئیسڕائیل وتیان: بۆچی خوداوەند ئەمڕۆ ئێمەی لەبەردەم
فەلەستییەکاندا بەزاند؟ با لەگەڵ خۆماندا سندوقی پەیمانی خوداوەند
لە شیلوەوە بهێنین، با بێتە ناومانەوە و لە دەست دوژمنەکانمان
ڕزگارمان بکات. ٤ جا گەل ناردیان بۆ شیلوە و لەوێوە سندوقی
پەیمانی خوداوەندی سوپاسالاریان هەڵگرت کە لەسەر کروبەکان
دانیشتبوو، دوو کوڕەکەی عالیش، حوفنی و فینحاس لەوێ لەگەڵ
سندوقی پەیمانی خودا بوون. ٥ ئەوە بوو لە کاتی چوونە ناوەوەی
سندوقی پەیمانی خوداوەند بۆ ناو ئۆردوگاکە، هەموو ئیسڕائیل بە
دەنگێکی بەرز هاواریان کرد کە زەوی لەرزاند. ٦ فەلەستییەکانیش
گوێیان لە دەنگی هاوارەکە بوو و وتیان: دەنگی ئەم هاوارە بەرزە
چی بوو لەناو ئۆردوگای عیبرانییەکان. جا زانییان کە سندوقی
خوداوەند هاتووەتە ناو ئۆردوگاکە. ٧ بۆیە فەلەستییەکان ترسان،
چونکە وتیان: خودا هاتووەتە ناو ئۆردوگاکەوە! هەروەها وتیان:
قوڕمان بەسەر! چونکە هەرگیز پێشتر شتی وا نەبووە. ٨ قوڕمان
بەسەر! کێ لە دەست ئەو خودا توانادارانە ڕزگارمان دەکات؟
ئەوانە ئەو خودایانەن کە لە چۆڵەوانیدا بە هەموو جۆرە لێدانێك لە
میسریان دا. ٩ بەهێزبن و پیاوبن فەلەستییەکان! ئەگینا دەبنە کۆیلەی
عیبرانییەکان، وەك چۆن ئەوان کۆیلەی ئێوە بوون. جا پیاوبن و
بجەنگن! ١٠ جا فەلەستییەکان جەنگان و ئیسڕائیل بەزی و هەریەکە
و بەرەو چادرەکەی هەڵهات و لێدانەکە زۆر گەورە بوو سی هەزار
پیادە لە ئیسڕائیل کەوتن. ١١ سندوقی خودا بردرا و هەردوو
کوڕەکەی عالیش مردن، حوفنی و فینحاس. ١٢ پیاوێکی بنیامینیش لە
بەرەی جەنگەوە ڕایکرد و هات بۆ شیلوە هەر لەو ڕۆژەدا، جلەکانی
دڕابوون و خۆڵ بەسەریەوە بوو. ١٣ هات و بینی ئەوەتا عالی لەسەر
کورسییەك لە قەراغ ڕێگاکە دانیشتووە و سەرەتاتکێیەتی، چونکە
دڵی لەتاو سندوقی خودا شڵەژابوو، پیاوەکەش تا بە شارەکە
ڕایگەیەنێت، جا هەموو شارەکە هاواریان لێ بەرزبووەوە.
١٤ عالیش گوێی لە دەنگی هاوارەکە بوو و وتی: دەنگی ئەو
هاتو هاوارە چییە؟ ئینجا پیاوەکە بە پەلە هات و بە عالی ڕاگەیاند.
١٥ عالیش تەمەنی نەوەد و هەشت ساڵ بوو و چاوەکانی لەدەستدابوو
و توانای بینینی نەبوو. ١٦ پیاوەکە بە عالی وت: من لە بەرەی
جەنگەوە هاتووم و من هەر ئەمڕۆ لە بەرەکەوە هەڵهاتووم. ئەویش
وتی: ئەم شتە چۆن ڕوویدا، کوڕم؟ ١٧ هەواڵگرەکەش وەڵامیدایەوە
و وتی: ئیسڕائیل لەبەردەم فەلەستییەکان هەڵهات و هەروەها
بەزینێکی گەورە لەناو گەلدا ڕوویدا و هەروەها هەردوو کوڕەکەت
مردن، حوفنی و فینحاس، سندوقی خوداش بردرا.
١٨ جا کە باسی سندوقی خودا کرا لەسەر کورسیەکە بەرەودواوە
کەوت بە لای دەروازەکەدا و ملی شکا و مرد، چونکە پیاوێکی پیر و
قورس بوو، چل ساڵ دادوەری بۆ ئیسڕائیل کرد. ١٩ بووکەکەشی،
ژنەکەی فینحاس سك پڕبوو و لەکاتی منداڵبوونیدا بوو، کاتێ بردنی
سندوقی خودای بیست لەگەڵ مردنی خەزوور و مێردەکەی، کەوتە
سەر چۆك و ژان گرتی و منداڵی بوو. چونکە ژانەکەی زۆری بۆ
هێنا. ٢٠ جا لە سەرەمەرگدا ئەو ژنانەی بەسەریەوە وەستابوون پێیان
وت: مەترسە، چونکە کوڕێکت بووە. بەڵام وەڵامی نەدایەوە و گوێی
پێنەدا. ٢١ منداڵەکەشی ناونا ئیخابود و وتی: شکۆمەندی لە ئیسڕائیل
داماڵڕا، چونکە سندوقی خودا بردرا و لەبەر خەزوور و
مێردەکەشی. ٢٢ ئینجا وتی: شکۆمەندی لە ئیسڕائیل داماڵدرا، چونکە
سندوقی خودا بردرا.

# ٥

١ فەلەستییەکانیش سندوقی خودایان برد و لە ئێبن عێزەرەوە هێنایان
بۆ ئەشدود. ٢ ئینجا فەلەستییەکان سندوقی خودایان برد و هێنایان بۆ
بێتی داگۆن و بە تەنەنیشت داگۆنەوە دایاننا. ٣ جا ئەشدودییەکان بۆ
سبەینێ بەیانی زوو لەخەو هەڵسان و بینییان ئەوەتا داگۆن لەبەردەم
سندوقی خوداوەنددا بەدەمدا کەوتووە بە زەویدا. ئینجا داگۆنیان
هەڵگرت و لە شوێنەکەی خۆی دایاننایەوە. ٤ بۆ سبەینێ بەیانی زوو
لەخەو هەستان و بینییان ئەوەتا داگۆن بەدەمدا کەوتووە بە زەویدا
لەبەردەم سندوقی خودا و سەری داگۆن و هەردوو دەستی
بردراونەتەوە و لەسەر پلیکانی دەرگاکە دانراون و تەنها قەدی
داگۆن ماوەتەوە. ٥ لەبەرئەوە کاهینەکانی داگۆن و هەموو ئەوانەش
کە دەچنە ناو بێیت داگۆنەوە لە ئەشدود، پێ نانێن بەسەر پلیکانی
دەرگاکە تا ئەمڕۆش.
٦ ئینجا دەستی خوداوەند بەسەر ئەشدوودییەکاندا قورس بوو و لێی دان
و خاپووری کردن و لە ئەشدود و سنوورەکەیدا بە دومەڵ لێیدان.
٧ کاتێ پیاوانی ئەشدود بینیان وایە، وتیان: نابێت سندوقی خودای
ئیسڕائیل لەلامان بمێنێتەوە، چونکە دەستی لەسەر ئێمە و لەسەر
داگۆنی خودامان قورس بووە. ٨ جا ناردیان و هەموو سەرۆك هێزی
فەلەستییەکانیان بۆ لای خۆیان کۆکردەوە و وتیان : چی لە سندوقی
خودای ئیسڕائیل بکەین؟ ئەوانیش وتیان: با سندوقی خودای
ئیسڕائیل بگوازرێتەوە بۆ گەت. ئینجا سندوقی خودای ئیسڕائیلیان
گواستەوە.
٩ ئەوە بوو پاش ئەوەی گواستیانەوە، دەستی خوداوەند بەسەر
شارەکەدا بوو و بوو بە هاتوهاوارێکی زۆر گەورە دای لە پیاوانی
شارەکە لە بچووکەوە تا گەورەوە و دومەڵیان لێدەرچوو. ١٠ ئینجا
سندوقی خودایان بۆ عەقرون نارد. جا کە سندوقی خودا چووە ناو
عەقرونەوە، عەقرونییەکان هاواریان کرد و وتیان: سندوقی خودای
ئیسڕائیلیان بۆ ناو ئێمە گواستەوە تا خۆمان و گەلەکەمان بکوژن.
١١ جا ناردیان و هەموو سەرۆك هێزی فەلەستییەکانیان کۆکردەوە و
وتیان: سندوقی خودای ئیسڕائیل بنێرن و با بگەڕێتەوە بۆ
شوێنەکەی خۆی و با خۆم و گەلەکەم نەمرین. چونکە هاتوهاواری
مردن لەناو هەموو شارەکەدا هەبوو و دەستی خودا زۆر قورس بوو
لەوێ. ١٢ ئەو پیاوانەش کە نەمردن بە دومەڵ لێدران و هاواری
شارەکە بۆ ئاسمان بەرزبووەوە.

# ٦

١ جا سندوقی خوداوەند حەوت مانگ لە وڵاتی فەلەستینییەکاندا
بوو. ٢ فەلەستینییەکانیش کاهین و ئەستێرەناسەکانیان بانگکرد و
وتیان: چی لە سندوقی خوداوەند بکەین؟ پێمان بڵێن چۆن بینێرینەوە
بۆ شوێنەکەی خۆی؟ ٣ ئەوانیش وتیان: گەر سندوقی خودای

ئیســــڕائیلتان ناردەوە، ئەوا بەدەســـتی بەتاڵ مەینێرنەوە، بەڵکو بە
تەواوی قوربانی تاوانی بۆ بگەڕێننەوە. ئینجا چاك دەبنەوە و لاتان
زانراو دەبێت بۆ چی دەســـتی لە ســـەر ئێوە هەڵناگرێت. ٤ ئەوانیش
وتیـان: ئەو قوربـانی تـاوانە چییە کە بۆی بگەڕێنینەوە؟ ئەوانیش
وتیان: بە پێی ژمارەی سـەرۆك هێزی فەلەستییەکان، پێنج دومەڵی
زێڕ و پێنج مشـــکی زێڕ، چونکە یەك دەردە بۆ هەمووتـان و بۆ
ســـەرۆك هێزەکانتان. ٥ پێنج پەیکەری دومەڵەکانتان و مشـــکەکانتان
دروست بکەن کە زەوی تێکدەدەن و خودای ئیسڕائیل شکۆداربکەن،
بەڵکو دەســـتی لەســـەر خۆتان و خوداکانتان و زەوییەکەتان ســـووك
بکـاتەوە. ٦ بۆچی دڵی خۆتـان ڕەق دەکەن وەك میســـرییەکـان و
فیرعەون دڵی خۆیـان ڕەق کرد؟ ئـایـا وەك ئەوەی پێنەکردن تـا
نـاردیـانن و ڕۆیشـــتن؟ ٧ ئێســـتـاش ببەن و عەرەبـانەیەکی نوێ
دروستبکەن لەگەڵ دوو مانگای شیردەر کە تا ئێستا نیریان لەسـەر
مل نەکرابێت. مانگاکان بە عەرەبانەکەوە ببەستنەوە و گوێرەکەکانیان
لەدوایانەوە بۆ ماڵەوە بگەڕێننەوە. ٨ ئینجا سـندوقی خوداوەند ببەن و
بیخەنە سـەر عەرەبانەکە و ئەو شـتومەکە زێڕەی کە وەك قوربانی
تـاوان بۆی دەگەڕێننەوە لە ســـندوقێکدا لەلایەوە داینێن و بەڕەڵای
بکەن بـا بڕوات و ٩ ببینن ئەگەر بە ڕێگـای ســـنوورەکەی خۆی
ســـەرکەوت بەرەو بێیت شـــێمێش، ئەوا ئەو ئەم خراپە گەورەیەی
بەســـەر ماندا هێناوە و ئەگەرنا ئەوا دەزانین کە دەســـتی ئەو لێی
نەداوین و بە ڕێکەوت لێمان ڕوویدا. ١٠ پیـاوەکـانیش وایـان کرد و
دوو مـانگـای شـــیردەریـان برد و بە عەرەبـانەکەوە بەســـتیـاننەوە
گوێرەکەکانیان لە ماڵەوە بەند کرد و ١١ ســـندوقی خوداوەندیشـــیان
خســـتە ناو عەرەبانەکەوە لەگەڵ ســـندوقەکە و مشـــکە زێڕەکان و
پەیکەرەکـانی دومەڵەکـانیـان. ١٢ جـا مـانگـاکـان ڕێك ڕووە ڕێگـای
بەیتشـــێمێش ڕێیان گرتەبەر و هەردووکیان لەســـەر یەك ڕێچکە
دەڕۆیشـتن و دەیانبۆڕاند و نە بەلای ڕاسـت و نە بەلای چەپدا لایان
نەدا، ســـەرۆك هێزەکانی فەلەســـتینییەکانیش بە دوایانەوە ڕووە و
بەیت شێمێش دەڕۆیشتن.
١٣ خەڵکی بەیتشـــێمێش لەو کـاتەدا لە دۆڵەکە دروێنەی گەنمیـان
دەکرد، جا چاویان هەڵبڕی و ســـندوقەکەیان بینی و بە بینینی شـــاد
بوون. ١٤ ئینجا عەرەبانەکە هات و لەناو کێڵگەکەی یەهوشـــەعی
بەیت شـــێمێشـــی ڕاوەســـتا و لە وێدا بەردێکی گەورە هەبوو. ئینجا
تەختەی عەرەبانەکەیان هەڵوەشـــاند و مانگاکانیان کردە قوربانی
سووتاندن و بۆ خوداوەند پێشکەشیان کرد.
١٥ لێڤییەکانیش ســـندوقی خوداوەندیان داگرت لەگەڵ ئەو ســـندوقەی
لەگەڵی بوو کە شتومەکە زێڕەکەی تیادابوو و لەسەر بەردە گەورەکە
دایاننان . ئینجا پیاوانی بەیت شـــێمێشـــیش لەو ڕۆژەدا بۆ خوداوەند
قوربانی ســـووتاندنیان پێشـــکەش کرد و قوربانی ســـەربڕاویان
سـەربڕی. ١٦ پێنج سـەرۆك هێزی فەلەستینییەکانیش ئەمەیان بینی و
لەو ڕۆژەدا گەڕانەوە بۆ عەقرون.
١٧ ئەمەش ئەو دومەڵە زێرانە بوون کە فەلەســـتینییەکـان وەك
قوربانی تاوان بۆ خوداوەندیان گەڕاندەوە، بۆ ئەشـدود دانەیەك و بۆ
غەززە دانەیەك و بۆ ئەشـــقەلون دانەیەك و بۆ گەت دانەیەك و بۆ
عەقرون دانەیەك.
١٨ مشکە زێڕەکانیش بە ژمارەی هەموو شـارەکانی فەلەستینییەکان،
بۆ هەر پێنج ســـەرۆك هێزەکان، لە شـــاری قەڵابەندەوە تا گوندی
دەشـتودەر و هەتا بەردە گەورەکە کە سندوقی خوداوەندیان لەسـەر
دانا، تا ئەمڕۆ لە ناو کێڵگەکەی یەهوشەعی بەیت شێمێشە. ١٩ جا لە
پیاوانی بەیت شـێمێشـی دا، چونکە تەماشـای سندوقی خوداوەندیان
کرد و لە خەڵکەکە لە پەنجا هەزار و حەفتا کەســـی دا. ئینجا گەل
شـــیوەنیـان گێڕا، چونکە خوداوەنـد لێـدانێکی گەورەی لە گەل دا.
٢٠ ئینجـا پیـاوانی بەیـت شـــێمێش وتیـان: کێ دەتوانێـت لەبەردەم
خوداوەند ئەم خودا پاك و پیرۆزە خۆی ڕابگرێت؟ لەلای ئێمەوە بۆ
لای کێ ســـەردەکەوێت؟ ٢١ ئینجا نێرراوانیان بۆ لای دانیشـــتووانی
قەریەت یەعاریم نارد و وتیان: فەلەستینییەکان سندوقی خوداوەندیان
گێڕاوەتەوە. دابەزن و سەری خەن بۆ لای خۆتان.

# ٧

١ ئینجـا پیـاوانی قەریەت یەعـاریم هـاتن و ســـنـدوقی خوداوەنـدیـان
ســـەرخســـت و بردیانە ژوورەوە بۆ ماڵی ئەبیناداب لە گردەکەدا و
ئەلیعـازاری کوڕیـان تەرخـانکرد بۆ پـارێزگـاریکردنی ســـنـدوقی
خوداوەند.
٢ ئەوە بوو لە ڕۆژی داگرتنی ســـندوقەکەوە لە قەریەت یەعاریمدا،
ماوەکە درێژەی کێشا و بیست ساڵی خایاند و هەموو ماڵی ئیسرائیل
بەدوای خوداوەندا شیوەنیان گێڕا.
٣ ئینجا ساموئێل بە هەموو ماڵی ئیسرائیلی وت: گەر ئێوە بە هەموو
دڵتـانەوە دەگەڕێنەوە بۆ لای خوداوەنـد، ئەوا ئەو خودا نـامۆیـانە و
عەشـــتـاروت لە نێوخۆتـان دووربخەنەوە و دڵتـان بۆ خوداوەنـد
ئامادەبکەن و تەنیا ئەو بپەرسـتن، ئەویش لە دەسـت فەلەستینییەکان
فریاتان دەکەوێت. ٤ نەوەی ئیســـرائیلیش بەعلیم و عەشـــتاروتیان
دوورخستەوە و بە تەنیا خوداوەندیان پەرست.
٥ ئینجا ســـاموئێل وتی: هەموو ئیســـرائیل لە میسـفاتدا کۆبکەنەوە تا
لەپێناو ئێوە نوێژبکەم بۆ خوداوەند. ٦ ئەوانیش لە میسـفاتدا کۆبونەوە
و ئاویان ڕاکێشـــا و لەبەردەم خوداوەندا ڕشـــتیان و لەو ڕۆژەدا
بەڕۆژو بوون و وتیـان: لەوێدا گونـاهەمـان دژ بە خوداوەند کرد.
ئینجا سـاموئێل لە میسفاتدا داوەری بۆ نەوەی ئیسرائیل کرد. ٧ کاتێ
فەلەستینییەکان بیستیان نەوەی ئیسرائیل لە میسفاتدا کۆبوونەوەتەوە،
سـەرۆك هێزەکانی فەلەستینییەکان سـەرکەوتن بۆ سـەر ئیسرائیل و
نەوەی ئیسرائیلیش کە ئەمەیان بیست لە فەلەستینییەکان ترسان. ٨ جا
نەوەی ئیســـرائیل بە ســـاموئێلیان وت: ڕامەوەسـتە لە هاوارکردن لە
پێناو ئێمە بۆ خوداوەند خودامان، بەڵکو لە دەســـت فەلەســـتینییەکان
ڕزگارمان بکات. ٩ ســـاموئێلیش بەرخۆلەیەکی شـیرەخۆرەی برد و
بەتەواوی کردی بە قوربانی سووتاو و پێشکەش بە خوداوەندی کرد
و ســـــاموئێل لە پێنـاو ئیســـــرائیل بۆ خوداوەنـد هـاواری کرد و
خوداوەنـدیش وەڵامـدایەوە. ١٠ ئەوە بوو کە ســـــاموئێل قوربـانییە
سووتاوەکەی پێشکەش دەکرد، فەلەستینییەکان هاتنە پێش بۆ جەنگ
دژ بە ئیســـرائیل، بەڵام خوداوەند لەو ڕۆژەدا بە دەنگێکی گەورە
گرماندی بەســـەر فەلەســـتینییەکاندا و پەشـــۆکاندنی و لەبەردەم
ئیسرائیلدا بەزین. ١١ پیاوانی ئیسرائیلیش لە میسفاتەوە دەر چوون و
دوای فەلەســـتینییەکان کەوتن لێیان دان تا ژێر بێیت کار. ١٢ ئینجا
ساموئێل بەردێکی هەڵگرت و لە نێوان میسفات و شێندا چەقاندی و
ناودنا ئێبن عێزەر و وتی: خوداوەند تا ئێرە یارمەتی داین. ١٣ ئینجا
فەلەستینییەکان سەرشۆڕبوون و جارێکی تر نەهاتنەوە ناو سنووری
ئیســـرائیلەوە. دەســـتی خوداوەندیش بە درێژایی ڕۆژانی ســـاموئێل
بەسـەر فەلەستینییەکانەوە بوو. ١٤ ئەو شـارانەش کە فەلەستینییەکان
لە ئیســـرائیلیان بردبوو گەڕایەوە بۆ ئیســـرائیل، لە عەقرونەوە تا
گەت، ئیسرائیل سنوورەکانی خۆی لە چنگ فەلەستینییەکان دەرکرد
و لەگەڵ ئامورییەکانیشدا پەیمانی ئاشتیی بەست.
١٥ ســـاموئێلیش بە درێژایی ڕۆژانی ژیانی دادوەری بۆ ئیســـرائیل
کرد و ١٦ ســـاڵ لە دوای ســـاڵ دەڕۆیشـت و دەگەڕا بەناو بێیت ئێل و
گلگال و میسـفاتدا و لە هەموو ئەو شـوێنانەدا دادوەری بۆ ئیسـرائیل
دەکرد. ١٧ بەڵام گەڕانەوەی بۆ ڕامە دەبوو، چونکە مـاڵەکەی لەوێ
بوو و لەوێ دادوەری بۆ ئیسـرائیل دەکرد و لەوێدا قوربانگایەکی بۆ
خوداوەند بنیادنا.

# ٨

١ ئەوەبوو کە ساموئێل پیربوو کوڕەکانی کرد بە دادوەری ئیسڕائیل
.٢ ناوی کوڕە نۆبەرەکەی یوئێل و ئەوەی تریشـــیان ئەبییا بوو، لە
بئێر شـــەبەع دادوەرییان دەکرد. ٣ بەڵام کوڕەکانی بە ڕێگای ئەودا
نەڕۆیشـــتن، بەڵکو بەلای قازانجدا لایاندا و بەرتیلیان وەرگرت و
دادوەرییان لەڕێ لادا.
٤ جا هەموو پیرانی ئیسڕائیل کۆبوونەوە و هاتن بۆ لای ساموئێل بۆ
ڕامە. ٥ پێیان وت: ئەوەتا تۆ پیربوویت و کوڕەکانت بە ڕێگای تۆدا
ناڕۆن. ئێســتاش پاشــایەکمان بۆ دابنێ تا دادوەریمان بۆ بکات وەك
هەموو میللەتان. ٦ بەڵام ئەم شـــتە لە لای ســـاموئێل خراپ بوو کە
وتیان، پاشایەکمان بدەرێ دادوەریمان بۆ بکات، جا ساموئێل نوێژی
بۆ خوداوەند کرد.
٧ خوداوەندیش بە ســاموئێلی فەرموو: گوێ لە دەنگی ئەم گەلە بگرە
لە هەموو ئەوەی کە پێت دەڵێن، چونکە ئەوان تۆیان ڕەتنەکردۆتەوە
بەڵکو منیان ڕەتکردۆتەوە ببم بە پاشا بەســەریانەوە. ٨ بەپێی هەموو
کارەکانیان کە کردیان لەو ڕۆژەوەی لە میسرەوە سـەرمخستن و تا
ئەمڕۆ و وازیان لە من هێنا و خودای تریان پەرســـت، ئەوان ئاوان
هەمان شـــت لەگەڵ تۆدا دەکەن. ٩ ئێســـتاش گوێ لە دەنگیان بگرە،
بەڵام ئەم شایەتیەیان بۆ بدە و دادوەری ئەو پاشایەشیان پێ ڕابگەیەنە
کە دەبێت بە پاشا بەسەریانەوە.
١٠ ئینجا ســاموئێل هەموو وشــەکانی خوداوەندی بەو گەلە وت کە
داوای پاشایان لێکرد.
١١ وتی: ئاوا دەبێت دادوەری ئەو پاشـــایەی دەبێت بە پاشـــا
بەســـەرتانەوە، کوڕەکانتان دەبات و دایان دەنێت بۆ گالیســـکەکانی و
بۆ ســـوارەکانی و لە پێش گالیســـکەکانیەوە ڕادەکەن. ١٢ بۆ خۆی
ســـەرانی هەزاران و ســـەرانی پەنجاکان دادەنێت تا کێڵانەکەی بۆ
بکێڵن و دروێنەکەی بۆ بدوورنەوە و کەلوپەلی جەنگ و کەلوپەلی
گالیســـکەکانی بۆ دروســـت بکەن. ١٣ کچەکانیشـــتان دەبات ببن بە
بۆنگرەوە و چێشـتلێنەر و نانەوا. ١٤ باشـترین کێڵگە و ڕەزی مێو و
بـاغی زەیتوونەکـانتـانیش دەبـات و دەیـدات بە خزمەتکـارەکـانی.
١٥ دەیەکی دانەوێڵە و ڕەزە مێوەکانتان دەبات و دەیدات بە فەرمانبەر
و خزمەتکـارەکـانی. ١٦ کۆیلەکـانتـان و کەنیزەکـانتـان و لاوە
جوانەکـانتـان و گوێدرێژەکـانتـان دەبـات و بۆ ئیشـــوکـاری خۆی
بەکـاریـان دەهێنێـت. ١٧ دەیەکی مەڕەکـانتـان دەبـات و ئێوە دەبنە
خزمەتکاری ئەو. ١٨ جا لەو ڕۆژەدا لەبەر پاشـاکەتان کە بۆ خۆتان
هەڵتـانبژارد هـاوار دەکەن و خوداوەنـدیش لەو ڕۆژەدا وەڵامتـان
ناداتەوە. ١٩ بەڵام گەل گوێیان لە ســـاموئێل نەگرت و وتیان: نەخێر
ئێمە پاشایەکمان دەوێت بەسەرمانەوە بێت، ٢٠ تا ئێمەش وەك هەموو
گەلانی تر پاشایەك دادوەریمان بۆ بکات و لە پێشمانەوە دەربچێت و
جەنگەکانمان بۆ بجەنگێت. ٢١ جا ساموئێل گوێی لە هەموو قسەکانی
گەل گرت و هەمووشی بە گوێی خوداوەندا دا.
٢٢ خوداوەنـدیش بە ســـاموئێلی فەرموو: گوێ لە دەنگیـان بگرە
پاشـایەکیان بۆ دابنێ. ئینجا سـاموئێل بە پیاوانی ئیسـڕائیلی وت: با
هەر کەسەو بەرەو شارەکەی بڕواتەوە.

# ٩

١ پیـاوێکی بنیـامینی هەبوو نـاوی قیشـــی کوڕی ئەبیئێلی کوڕی
چڕوری کوڕی بخورەســی کوڕی ئەفیخی بنیامینی بوو، پاڵەوانێکی
بەهێز بوو. ٢ کوڕێکی هەبوو ناوی شـائول بوو، گەنج و جوان بوو،
هیچ پیاوێك نەبوو لەناو نەوەی ئیسڕائیلدا لەو جوانتر بێت، لە شانی
بەســەرەوە لە هەموو گەل باڵابەرزتر بوو. ٣ چەند ماکەرێکی قیشــی
باوکی شــائول بزربوون و قیشــیش بە شــائولی کوڕی وت: تکایە
یەکێك لە خزمەتکارەکان لەگەڵ خۆتدا ببە و هەســتە و بڕۆ بە دوای
ماکەرەکاندا بگەڕێ. ٤ ئەویش لە چیای ئەفرایم پەڕیەوە و لە زەوی
شـــەلیشـــە پەڕییەوە، بەڵام نەیدۆزینەوە. ئینجا لە زەوی شـــەعلیم
پەڕینەوە، بەڵام نەبوون. ئینجـا لە زەوی بنیـامین پەڕینەوە، بەڵام
نەیـدۆزینەوە. ٥ کـاتێ گەیشـــتنە نـاو زەوی چوف، شـــائول بە
خزمەتکـارەکەی وت ئەوەی کە لەگەڵیـدا بوو: وەرە بـا بگەڕێینەوە،
نەوەك بـاوکم واز لە مـاکەرەکـان بهێنێـت و دڵی لای ئێمە بێـت.
٦ ئەویش پێی وت: ئەوەتا پیاوێکی خودا لەم شـــارەدایە و پیاوێکی
پایەدارە و هەموو ئەوەی دەیڵێت، دەبێت. با ئێســـتا بچین بۆ ئەوێ،
بەڵکو پێمـان بڵێـت کـام ڕێگـا بگرینەبەر. ٧ شـــائولیش بە
خزمەتکارەکەی وت: ئەوا دەچین بەڵام چی ببەین بۆ پیاوەکە؟ چونکە
نـان لەنـاو هەگبەکـانمـانـدا نەمـاوە و هیچ دیـارییەك نییە ببەین بۆ
پیاوەکەی خودا، چیمان پێیە؟ ٨ خزمەتکارەکەش وەڵامی شـــائولی
دایەوە و وتی: ئەوەتا من چارەکە شـــاقلێکی زیووم پێیە، دەیدەم بە
پیاوەکەی خودا و ڕێگاکەی خۆمان پێ دەڵێت. ٩ پێشـتر لە ئیسـڕائیل
گەر پیاوێك بچوایە بۆ پرســـیار کردن لە خودا وای دەوت، بڕۆ با
بڕۆین بۆ لای پێشـــبینیکارەکە، چونکە پێغەمبەری ئەمڕۆ پێشـــتر
پێشـــبینیکەری پێدەوترا. ١٠ شـــائولیش بە خزمەتکـارەکەی وت:
قســـەکەت چاکە، بڕۆ با بڕۆین. جا ڕۆیشـــتن بۆ ئەو شـــارەی کە
پیاوەکەی خودای لێ بوو. ١١ کاتێ ئەوان بەسـەر بەرزایی شارەکەدا
سەردەکەوتن، چەند کچێکیان بینی کە بۆ ئاو کێشان هاتبوونە دەرەوە
و لێیان پرســـین: ئایا پێشـــبینیکارەکە لێرەیە؟ ١٢ ئەوانیش وەڵامیان
دانەوە و وتیان: بەڵێ، ئەوەتا لە پێشـتانەوە، ئێسـتا خێراکەن، چونکە
ئەمڕۆ بۆ شارەکە هاتووە، چونکە ئەمڕۆ گەل لە بەرزاییەکە قوربانی
ســـەردەبڕن. ١٣ کە دەچنە ناو شـــارەکەوە یەکســـەر دەیدۆزنەوە
بەرلەوەی سـەرکەوێت بۆ بەرزاییەکە بۆ ئەوەی نان بخوات، چونکە
گەل نان ناخۆن تا ئەو دێت، چونکە ئەو قوربانییەکە پیرۆز دەکات.
پاش ئەوە بانگکراوەکان نان دەخۆن. ئێسـتاش سـەرکەون چونکە لەم
کاتەدا دەیدۆزنەوە. ١٤ ئینجا سەرکەوتن بۆ شارەکە کاتێ ئەوان هاتنە
ناوەڕاستی شـارەکە، ئەوەتا سـاموئێل هاتە دەرەوە بەرەو ڕوویان تا
بۆ بەرزاییەکە سەرکەوێت.
١٥ خوداوەندیش بەر لە هاتنی شـائول بە ڕۆژێك گوێی سـاموئێلی
کردبووەوە و فەرمووبووی: ١٦ سبەینێ لەم کاتەدا پیاوێکت بۆ دەنێرم
لە زەوی بنیامینەوە، دەینێرمە لات و تۆش دەسـتنیشـانی دەکەیت بە
فەرمانڕەوا بەســـەر گەلەکەم ئیســـڕائیلەوە، جا گەلەکەم لە دەســـت
فەلەســـتینییەکان ڕزگار دەکات، چونکە تەماشـــای گەلی خۆم کرد،
چونکە هاواریان گەیشتە لای من.
١٧ جا کە ســاموئێل شــائولی بینی، خوداوەند وەڵامی دایەوە: ئەوەتا
ئەو پیـاوەی کە پێم فەرموویـت، ئەمە حوکمی گەلەکەم دەکـات.
١٨ ئینجا شائول لە ناوەڕاستی دەروازەکەدا لە ساموئێل چووەپێش و
پێی وت: تکایە، پێم بڵێ ماڵی پێشبینیکارەکە لە کوێیە؟ ١٩ ساموئێلیش
وەڵامی شــائولی دایەوە و وتی: من پێشـــبینیکارەکەم. لە پێشـــمەوە
ســەرکەون بۆ بەرزاییەکە و ئەمڕۆ نانم لەگەڵ بخۆن بەیانی ڕێگات
دەدەم بڕۆیـت و هەمـوو ئەوەی لە دڵتـدایە پێتـی دەڵێم، ٢٠ ئەو
ماکەرانەش کە سێ ڕۆژە لێت بزربوون، دڵت لەلایان نەبێت، چونکە
دۆزراونەتەوە. ئەی هەموو ئارەزووی ئیسـڕائیل بۆ کێیە، ئایا بۆ تۆ
و بۆ هەموو ماڵی باوکت نییە؟
٢١ شـــائولیش وەڵامی دایەوە و وتی: ئایا من بنیامینی نیم و هۆزەکەم
بچووکترین نییە لە ئیسڕائیلدا و خێڵەکەشم لە هەموو خێڵەکانی تری
هۆزی بنیامین بچووکتر نییە؟ ئیتر بۆچی بەو شـێوە قســـەم لەگەڵدا
دەکەیت؟
٢٢ ئینجا ســـاموێڵ شـــائول و خزمەتکارەکەی برد و هەردووکیانی
بردە ژوورەوە بۆ ناو دیوەخانەکە و لەسەروو هەموو بانگراوەکانەوە

داینان کە نزیکەی سـی پیاو دەبوون. ٢٣ سـاموئێل بە چێشـت
لێنەرەکەی وت: ئەو بەشە بهێنە کە پێم دایت و پێم وتی، لەلای خۆت
هەڵیبگرە. ٢٤ چێشـت لێنەرەکەش ڕانەکە و ئەوەی لەسـەریبوو
بەرزیکردەوە و لەبەردەم شائول داینا و ساموئێل وتی: ئەوەتا ئەوەی
ماوەتەوە، بیخەرە بەردەمت و بخۆ، چونکە بۆ تۆ هەڵگیراوە تا ئەم
کاتە کە وتم گەلم بانگکردووە. جا شائول لەو ڕۆژەدا لەگەڵ ساموئێل
نانی خوارد.
٢٥ ئینجا لە بەرزاییەکەوە بۆ شارەکە دابەزین و لە سەربانەکە لەگەڵ
شـائول قسـەی کرد. ٢٦ زوو لەخەو هەڵسـان و زیکی بەرەبەیان
سـاموئێل لە سـەربانەکەوە بانگی شـائولی کرد و وتی: هەسـتە تا
بەڕێت بکەم. شـائولیش هەسـتا، هەردووکیان، شـائول و سـاموئێل
بەیەکەوە چوونە دەرەوە. ٢٧ کـاتێ هەردووکیـان بەرەو کەنـاری
شارەکە دادەبەزین، ساموئێل بە شائولی وت: بە خزمەتکارەکەت بڵێ
با لەپێشمانەوە بڕوات. ئەویش لەپێشیانەوە ڕۆیشت. بەڵام تۆ ئێستا
ڕاوەستە بۆ ئەوەی وشەی خودات پێ بڵێم.

## ١٠

١ ئینجا ساموئێل گۆزە ڕۆنەکەی هەڵگرت و بەسەر سەریدا ڕشتی و
ماچیکرد و وتی: ئایا لەبەر ئەوە نییە کە خوداوەند دەسـتنیشـانی
کردوویت بە فەرمانڕەوا بەسەر میراتەکەیەوە؟ ٢ ئەمڕۆ کە لای من
دەڕۆیت، لەلای گۆڕی ڕاحیل لە سـنووری بنیامین لە چێلچەخ دوو
پیاو دەبینیت و پێت دەڵێن، ماکەرەکان کە بۆ گەڕان بە دوایاندا
ڕۆیشـتن دۆزرانەوە، ئەوەتا باوکت وازی لە مەسـەلەی ماکەرەکان
هێناوە و دڵی لای ئێوەیە، دەڵێت، چی بکەم سـەبارەت بە کوڕەکەم؟
٣ ئینجـا ئەوێ بەجێدەهێڵیت و دەڕۆیت تـا دەگەیتە داربەڕووەکەی
تابۆر، لەوێدا سـێ پیاو دەبینیت بۆ لای خودا سـەردەکەون بۆ بەیت
ئێل و یەکێکیان سـێ کارەبزن و ئەوی تریان سـێ کولێرە و ئەوی
تریان مەشکەیەك مەی هەڵگرتووە. ٤ ئەوان سڵاوت لێدەکەن و دوو
نانت دەدەنێ و تۆش لە دەسـتیان وەریدەگریت. ٥ پاشـان دەڕۆیت بۆ
گردی خودا کە سـەربازگەکانی فەلەسـتینییەکانی لێیە. لەوێ کاتێ
دەگەیتە شـارەکە، دەسـتەیەك لە پێغەمبەران دەبینیت کە لە
بەرزاییەکەوە دابەزیون و لەبەردەمیانەوە ڕەبابە و دەف و شمشاڵ و
عود لێدەدرێن و ئەوانیش پێشـبینی دەکەن. ٦ ئینجا ڕۆحی خوداوەند
دێت بەسـەرتدا و لەگەڵ ئەواندا پێشـبینی دەکەیت و دەگۆڕێیت بۆ
پیاوێکی تر. ٧ جا کە ئەم نیشـانانە هاتن، ئەوەی دێتە دەسـتت ئەوە
بکە، چونکە خودا لە گەڵتدایە. ٨ لە پێشمەوە دابەزە بۆ گلگال و ئەوەتا
منیش دادەبەزم بۆ لات تا قوربانی سووتاو پێشکەش بکەم و قوربانی
ئاشتی سەرببڕم، حەوت ڕۆژ چاوەڕوان دەبیت تا دێم بۆ لات و پێت
دەڵێم چی دەکەیت. ٩ ئەوە بوو کاتێ شانی وەرگێڕا بۆ ئەوەی لە لای
سـاموئێل بڕوات، خودا دڵێکی تری پێیدا و هەموو ئەو نیشـانانەش
لەو ڕۆژەدا هاتنەدی.
١٠ کاتێ گەیشـتنە ئەوێ بۆ لای گردەکە، بینییان ئەوەتا دەسـتەیەك لە
پێغەمبەران بەرەوڕووی دێن، جا ڕۆحی خودا بەسـەریدا هات ولە
ناوەڕاستیاندا پێشـبینی کرد. ١١ کاتێ ئەوانەی کە پێشـتر دەیاناسـی
بینییان لەگەڵ پێغەمبەرەکان پێشـبینی دەکات، خەڵکەکە هەریەکە و
بە ئەوەیتری وت: چی ڕوویداوە لە کوڕەکەی قیش؟ ئایا شـائولیش
لەنێو پێغەمبەرەکانە؟ ١٢ جا پیاوێك لەوێ وەڵامی دایەوە و وتی: ئەی
بـاوکیـان کێیە؟ بۆیە ئەمە بووە بە پەنـد: ئـایـا شـائولیش لەنێو
پێغەمبەرەکانە؟ ١٣ پاش ئەوەی لە پێشـبینیکردن بووەوە، هات بۆ
بەرزاییەکە و ١٤ مامی شائول و بە ئەو و بە خزمەتکارەکەی وت: بۆ
کوێ چوون؟ ئەویش وتی: بۆ گەڕان بە دوای مـاکەرەکـان، بەڵام
کـاتێ بینیمـان نـادۆزرێنەوە چووین بۆ لای سـاموئێل. ١٥ مـامی
شـائولیش وتی: پێم بڵێ سـاموئێل چی پێ وتن. ١٦ شـائولیش بە مامی
وت: پێی وتین کە مـاکەرەکـان دۆزراونەتەوە. بەڵام لەبـارەی
پاشایەتییەکەوە کە ساموئێل باسیکرد، هیچی پێ نەوت.
١٧ ئینجا سـاموئێل گەلی بۆ لای خوداوەند بۆ میسـفات بانگکرد و
١٨ بە نەوەی ئیسڕائیلی وت:
خوداوەند خودای ئیسـڕائیل ئاوا دەفەرمووێت، من ئیسـڕائیلم لە
میسرەوە هێنایە دەرەوە و فریاتان کەوتم لە دەست میسرییەکان و لە
دەست هەموو ئەو پاشـایەتییانەی تەنگیان پێ هەڵچنین. ١٩ بەڵام ئێوە
ئەمڕۆ خودای خۆتان ڕەت کردۆتەوە کە ڕزگارکەرتانە لە هەموو
ئەوانەی خراپەتـان لەگەڵدا دەکەن و تەنگتـان پێ هەڵدەچنن و پێی
دەڵێن، نەخێر، بەڵکو پاشـایەکمان بەسـەرەوە دابنێ. ئێسـتاش بە پێی
هۆزەکانتان و هەزارانتان لەبەردەم خوداوەندا ڕاوەسـتن. ٢٠ ئینجا
سـاموئێل هەموو هۆزەکانی ئیسـڕائیلی هێنایە پێشـەوە و هۆزی
بنیـامین هەڵبژێردرا. ٢١ ئینجـا هۆزی بنیـامین بە پێی خێڵەکـانیـان
هێنایانیە پێشـەوە و خێڵی ماتری هەڵبژێردرا و شـائولی کوڕی قیش
هەڵبژێردرا. ئینجا بە دوایدا گەڕان و نەیاندۆزییەوە .٢٢ جا جارێکی
تر لە خوداوەندیان پرسی: ئایا ئەو پیاوە بۆ ئێرە دێت؟
خوداوەنـدیش فەرمووی: ئەوەتـا خۆی لە نـاو شـتومەکەکـانـدا
شـاردۆتەوە. ٢٣ ئەوانیش ڕایانکرد و لەوێوە هێنایان، کە لە ناو گەلدا
ڕاوەستا، لە هەموو گەل باڵای بەرزتر بوو، لە شانی و بەسـەرەوە.
٢٤ ئینجا سـاموئێل بە هەموو گەلی وت: ئەوتان بینی کە خوداوەند
هەڵیبژاردووە، کەس لە وێنەی ئەو نییە لەنـاو هەموو گەلدا. ئینجـا
هەموو گەل هاواریان کرد و وتیان: بژی پاشا!
٢٥ ئینجا ساموئێل باسی حوکمی پاشای بۆ گەل کرد و لە پەرتوکێکدا
نووسییەوە و لە بەردەم خوداوەند داینا. پاشان ساموئێل هەموو گەلی
ڕەوانەکرد هەریەکە و بۆ مـاڵی خۆی. ٢٦ هەروەهـا شـائولیش
گەڕایەوە بۆ ماڵەکەی خۆی لە گبعە لەگەڵ ئەو قارەمانانەی کە خودا
خستبوویە دڵیانەوە. ٢٧ بەڵام خەڵکانێکی سـووکوچروك وتیان: چۆن
ئەمە ڕزگارمان دەکات؟ جا بەکەم تەماشایان کرد و هیچ دیارییەکیان
پێشکەش نەکرد. بەڵام ئەو گوێی خۆی کەڕکرد.

## ١١

١ ئینجا ناخاشـی عەممونی سـەرکەوت و یابیش گلعادی گەمارۆدا و
هەموو پیاوانی یابیش بە ناخاشیان وت: پەیمانمان لەگەڵدا ببەستە و
ئێمەش دەبین بە خزمەتکارت. ٢ ناخاشـی عەممونیش پێی وتن: بەمە
پەیمـانتـان لەگەڵدا دەبەسـتم، بە هەڵکۆڵینی چاوی ڕاسـتی هەر
هەمووتان تا ببنە مایەی سـەرشـۆڕی هەموو ئیسـڕائیل .٣ پیرانی
یـابیشـیش پێیان وت: حەوت ڕۆژ مۆڵەتمان بدەرێ تـا نێرراو بۆ
هەموو سـنوورەکـانی ئیسـڕائیـل بنێرین و ئەگەر کەس نەبوو
ڕزگارمان بکات، خۆمان دەدەینە دەسـت تۆ. ٤ جا نێرراوەکان هاتن
بۆ گبعەی شـائول و ئەو قسـەیەیان بە گەل وت و گەلیش دەنگیان
بەرز کردەوە و گریان. ٥ لەو کاتەدا شـائول لە دوای گاگەلەکەوە لە
کێڵگەوە دەگەڕایەوە، شائول وتی: چی لە گەل ڕوویداوە وا دەگرین؟
ئەوانیش قسەکانی پیاوانی یابیشیان بۆ گێڕایەوە .٦ کاتێ شائول گوێی
لەم قسانە بوو، ڕۆحی خودا هاتە سەری و زۆر تووڕە بوو. ٧ ئینجا
دوو مانگای گرت و پارچەپارچەی کردن و بەدەسـتی نێرراوەکاندا
بۆ هەموو سنوورەکانی ئیسڕائیلی نارد و وتی: ئەوەی دەرنەچێت بە
دوای شائول و ساموئێلدا، مانگاکانی ئاوایان لێ دەکرێت. جا ترسی
خوداوەند کەوتە سـەر گەل و هەموویان وەك یەك پیاو هاتنەدەرەوە.
٨ لە بازەقدا ژماردنی و نەوەی ئیسڕائیل سێ سەد هەزار و پیاوانی
یەهوزاش سـی هەزار بوون. ٩ بە نێرراوەکانیان وت کە هاتبوون:
ئاوا دەڵێن بە پیاوانی یابیش گلعاد، سـبەینێ کاتێ خۆر گەرم دادێت،
ڕزگاریتان بۆ دەبێت. ئینجا نێرراوەکان هاتن و بە پیاوانی یابیشـیان
ڕاگەیـاند، ئەوانیش دڵخۆش بوون. ١٠ ئینجـا پیـاوانی یـابیش وتیـان:

سـبەینێ خۆمان دەدەینە دەسـت ئێوە و ئێوەش چی بە باش دەزانن
ئەوەمان لەگەڵدا بکەن.
١١ ئەوە بوو بۆ سـبەینێ شـائول گەلی کرد بە سـێ بەشـەوە لە
کازیوەدا هاتنە ناوەڕاسـتی ئۆردوگاکە و تا ئەو کاتەی خۆر گەرم
داهات لە عەممونییەکانیان دا و ئەوانەش کە مانەوە پەرەوازە بوون
تـا وای لێهـات دووانیـان بە یەکەوە نەمـانەوە. ١٢ ئینجـا گەل بە
سـاموئێلیان وت: کێن ئەوانەی دەڵێن، ئایا شـائول پاشـایەتیمان
بەسـەرەوە دەکات؟ ئەو پیاوانەمان بدەنێ با بیانکوژین. ١٣ بەڵام
شـائول وتی: کەس لەم ڕۆژەدا نـاکوژرێـت، چونکە لەم ڕۆژەدا
خوداوەند ڕزگاری ئەنجامدا لە ئیسرائیلدا.
١٤ پاشـان سـاموئێل بە گەلی وت: بڕۆن با بڕۆین بۆ گلگال و لەوێ
پاشـایەتییەکە نوێ بکەینەوە. ١٥ جا هەموو گەل ڕۆیشـتن بۆ گلگال و
لەوێ لەبەردەم خوداوەندا شـائولیان کرد بە پاشـا و لەوێ قوربانی
ئاشـتییان لەبەردەم خوداوەندا سـەربڕی و لەوێ شـائول و هەموو
پیاوانی ئیسرائیل زۆر دڵخۆش بوون.

# ١٢

١ ئینجا سـاموئێل بە هەموو ئیسـرائیلی وت: ئەوەتا من گوێم لە
دەنگتان گرت لە هەموو ئەو شـتانەی کە پێتان وتم و پاشـایەکم
بەسەرتانەوە دانا. ٢ ئێستاش ئەوەتا پاشا لە پێشتانەوە دەڕوات. بەڵام
من پیربووم و سـەرم سـپی بووە و کوڕەکانیشـم ئەوەتان لەگەڵ
ئێوەدان. من لە منداڵیمەوە تا ئەمڕۆ لە پشـتتانەوە دەڕۆم. ٣ ئەوەتام و
لەبەردەم خوداوەند و دەستنیشـانکراوەکەیدا شایەتم لەسـەربدەن گای
کێم بردووە و گوێدرێژی کێم بردووە و زۆرم لە کێ کردووە و کێم
چەوسـاندۆتەوە و بەرتیلم لە دەسـتی کێ وەرگرتووە تا چاوەکانم لە
ئاسـتی دابخەم؟ بۆتـانی دەگێڕمەوە. ٤ ئەوانیش وتیـان: زۆرت لێ
نەکردووین و نەتچەوسـاندووینەتەوە و هیچت لە دەسـتی کەس
وەرنەگرتووە. ٥ ئەویش پێی وتن: خوداوەند شـایەتە لەسـەرتان و
دەستنیشانکراوەی ئەمڕۆ شایەتە کە ئێوە هیچ شتێکتان لەسەرم نییە.
وتیان: شایەتە.
٦ ئینجا سـاموئێل بە گەلی وت: خوداوەند ئەوەی موسـا و هاڕونی
هەڵسـاند و ئەوەی باوباپیرانتانی لە خاکی میسـرەوە سـەرخسـت و
٧ ئێسـتاش ڕاوەسـتن تا لەبەردەم خوداوەندا دادگایتان بکەم، بە پێی
هەموو ڕاسـتودروسـتیەکەی خوداوەند کە لەگەڵ ئێوە و باوباپیرانتان
ئەنجامیداوە. ٨ کە یاقوب هات بۆ میسـر و باوباپیرانتان هاواریان بۆ
خوداوەند کرد و خوداوەندیش موسـا و هاڕونی نارد و باوباپیرانی
ئێوەی لە میسـر هێنایە دەرەوە و لەم شـوێنەدا نیشـتەجێی کردن.
٩ بەڵام خوداوەند خودای خۆیان لەیادکرد و ئەویش بە سـیسـرای
سـەرکردەی سوپای خاچۆر و بە فەلەستییەکان و بە پاشـای مۆئابی
فرۆشـتن و جەنگیان لەگەڵدا کردن. ١٠ ئینجا هاواریان بۆ خوداوەند
کرد و وتیان، گوناهمان کرد، چونکە وازمان لە خوداوەند هێنا و
بەعیلم و عەشتاروتمان پەرست و ئێستاش لە دەست دوژمنەکانمان
فریامانکەوە و دەتپەرستین. ١١ ئینجا خوداوەند یەروبەعەل و بەدان و
یەفتاح و سـاموئێلی نارد و لە دەسـت دوژمنەکانی دەوروبەرتان
فریاتانکەوت و بە ئاسوودەیی دانیشتن. ١٢ بەڵام کاتێ ناخاشی پاشای
نەوەی عەممونتان بینی هاتەسـەرتان، پێتان وتم، نەخێر پاشـایەکمان
دەوێت پاشـایەتیمان بەسـەرەوە بکات، هەر چەندە خوداوەند خوداتان
پاشـاتان بوو. ١٣ ئێسـتاش ئەوەتا ئەو پاشـایەی کە هەڵتانبژارد و
داواتانکرد و ئەوەتا خوداوەند پاشایەکی بەسەرتانەوە دانان. ١٤ ئەگەر
لە خوداوەند بترسـن و ئەو بپەرسـتن و گوێڕایەڵی دەنگی بوون و
سـەرپێچی وشـەی دەمی خوداوەندتان نەکرد و خۆتان و پاشـاکەش
ئەوەی پاشـایەتیتان بەسـەرەوە دەکات دوای خوداوەند خودای خۆتان
کەوتن. ١٥ بەڵام گەر گوێڕایەڵی دەنگی خوداوەنـد نەبوون و
سـەرپێچی وشـەی دەمی خوداوەندتان کرد، ئەوا دەسـتی خوداوەند
لەسـەرتـان دەبێـت هەروەك چۆن لەسـەر بـاوبـاپیرانتـانـدا بوو.
١٦ هەروەهـا ئێسـتـاش ڕاوەسـتن و ئەم کـارە گەورەیە ببینن کە
خوداوەند لەبەر چاوتاندا دەیکات. ١٧ ئایا ئەمڕۆ دروێنەی گەنم نییە؟
من بانگی خوداوەند دەکەم و هەورەتریشـقە و باران دەبارێنێت، جا
بزانن و ببینن کە خراپەکەتـان زۆرە کە لەبەر چـاوی خوداوەنـددا
کردوتانە کە داوای پاشایەکتان کرد بۆ خۆتان.
١٨ ئینجا ساموئێل بانگی خوداوەندی کرد و خوداوەندیش لەو ڕۆژەدا
هەورەتریشـقە و بارانی باراند و هەموو گەل زۆر لە خوداوەند و لە
سـاموئێل ترسـان. ١٩ ئینجا هەموو گەل بە سـاموئێلیان وت: لەپێناو
خزمەتکارەکانت نوێژ بۆ خوداوەند خودات بکە، با نەمرین، چونکە
خراپەمان خسـتە پاڵ هەموو گوناهەکانمان کە داوای پاشـامان بۆ
خۆمان کرد.
٢٠ سـاموئێلیش بە گەلی وت: مەترسـن! ئێوە هەموو ئەم خراپەیەتان
کردووە، بەڵام لە دوای خوداوەنـد لامەدەن و بە هەموو دڵتـانەوە
بیپەرسـتن و ٢١ لامەدەن تا بە دوای شـتە پڕوپووچیەکانەوە بن کە
سـوودیان نییە و فریـاتـان نـاکەون، چونکە پڕوپووچن. ٢٢ چونکە
خوداوەند لەپێناوی ناوە گەورەکەی خۆی وازتان لێناهێنێت، چونکە
خوداوەند خوازیاربوو بتانکات بە گەلی خۆی، ٢٣ هەروەها منیش،
لێم بە دوور بێت گوناه دەرهەق بە خوداوەند بکەم و دەست هەڵناگرم
لە نوێژکردن لە پێناوتان، بەڵکو ڕێگای چاك و ڕاستتان پیشـاندەدەم.
٢٤ تەنها لە خوداوەند بترسـن و بە هەموو دڵتانەوە و بە ڕاسـتی
بیپەرسـتن، چونکە ببینن چ کـارێکی مەزنی لەگەڵتـان کردووە.
٢٥ بەڵام گەر خراپە بکەن، خۆتان و پاشاکەتان ڕادەماڵدرێن.

# ١٣

١ شـائول سـی سـاڵ بوو کاتێک بوو بە پاشـا و چل و دوو سـاڵ
پاشـایەتی بەسـەر ئیسـڕائیلەوە کرد. ٢ شـائول سـێ هەزاری لە
ئیسـڕائیل بۆ خۆی هەڵبژارد، دوو هەزار لەگەڵ شـائول بوون لە
مینخماس و چیای بەیت ئێل و هەزاریشـی لەگەڵ یۆناسـان بوون لە
گبعەی بنیامین و پاشـماوەی گەلەکەشـی ناردەوە هەریەکەو بۆ
چادرەکەی. ٣ یۆناسـان لە سـەربازگەی فەلەسـتییەکانی دا ئەوەی لە
گبعەدایە و جا فەلەستییەکان ئەمەیان بیستەوە و شائولیش لە هەموو
زەویەکەدا فووی بە کەڕەنـادا کرد و وتی: بـا هەموو عیبرییەکـان
گوێیان لێ بێت! ٤ جا هەموو ئیسـڕائیل بیسـتیان کە شـائول لە
سـەربازگەی فەلەسـتییەکانی داوە و ئیسـڕائیلیش بۆگەن بووە لای
فەلەستییەکان، جا گەل بە دوای شائولدا لە گلگال کۆبوونەوە. ٥ ئینجا
فەلەسـتییەکان بۆ جەنگ دژ بە ئیسـڕائیل کۆبوونەوە، سـی هەزار
گالیسـکە و شـەش هەزار ئەسـپ سـوار و خەڵکیش وەك ئەو لمەی
لەسـەر کەنار دەریایە لە زۆریدا، جا سـەرکەوتن و لە مینخماس لە
خۆرهەڵاتی بێیت ئاڤندا دامەزران. ٦ ئینجا کە پیاوانی ئیسـڕائیل
بینییـان لە تەنگانەدان لە بەرئەوەی گەل تەنگەتـاو بوون، ئیتر گەل
لەنـاو ئەشـکەوتەکـان و دڕکوداڵەکـان و بەردەکـان و چـاڵەکـان و
بیرەکاندا خۆیان شـاردەوە و ٧ تەنانەت هەندێك لە عیبرنییەکان لە
ڕوباری ئوردونەوە بۆ زەوی گاد و گلعاد پەڕینەوە و شـائولیش
هێشتا لە گلگالدا بوو و هەموو گەل کە بە دوایەوە بوون ترسان.
٨ ئینجا حەوت ڕۆژ مایەوە تا ئەو کاتەی سـاموئێل دیاری کردبوو،
بەڵام سـاموئێل نەهات بۆ گلگال و گەل لێی پەرەوازە بوون. ٩ ئینجا
شائول وتی: قوربانییە سووتاوەکان و قوربانییەکانی ئاشتیم بۆ بهێننە
پێش و قوربانییە سـووتاوەکانی پێشـکەش کرد و ئەوەبوو کە لە
پێشکەش کردنی قوربانییە سووتاوەکان بووەوە، بینی ئەوەتا ساموئێل
هـات، جـا شـائول بۆ پێشـوازی دەرچوو تـا پیرۆزی بکـات.
١١ سـاموئێلیش وتی: چیت کرد؟ شائولیش وتی: چونکە بینیم کە گەل

لێم پەرەوازە بوون و تۆش لە ڕۆژانی دیاریکراودا نەهاتی و
فەلەستییەکانیش لە میخماسدا کۆببوونەوە، ١٢ وتم ئێستا فەلەستییەکان
بۆم دێنە خوارەوە بۆ گلگال و منیش لە ڕووی خوداوەند نەپاڕامەوە
و گوڕم دایە خۆم و قوربانییە سووتاوەکەم پێشکەش کرد.
١٣ ساموئێلیش بە شائولی وت: گێلایەتیت کرد و فەرمانی خوداوەند
خودات نەپاراست و کە فەرمانی پێکردبووی و چونکە ئێستا
خوداوەند بۆ هەتاهەتایە پاشایەتییەکەتی بەسەر ئیسڕائیلدا
دەچەسپاند .١٤ بەڵام ئێستا پاشایەتییەکەت بەردەوام نابێت و خوداوەند
پیاوێکی تری وویستووە بە دڵی خۆی و خوداوەند فەرمانی پێی
کردووە سەرۆکایەتی بکات بەسەر گەلەکەیەوە، چونکە ئەوەت
نەپاراست کە خوداوەند فەرمانی پێ کردبووی.
١٥ ئینجا ساموئێل هەستا و لە گلگالەوە سەرکەوت بۆ گبعەی بنیامین
و شائولیش ئەو پیاوانەی ژمارد کە لەگەڵیدا بوون و نزیکەی شەش
سەد پیاو بوون. ١٦ شائول و یۆناسانی کوڕی ئەو گەلەی لەگەڵیاندا
بوون لە گبعەی بنیامیندا نیشتەجێ بوون و فەلەستییەکانیش لە
مینخماسدا دامەزران. ١٧ ئینجا تێکدەرەکان لە ئۆردوگای
فەلەستییەکانەوە بە سێ دەستە دەرچوون و دەستەیەکیان ڕووی کردە
ڕێگای عەفرە لە خاکی شوعال و ١٨ دەستەیەکی تر ڕووی کردە
ڕێگای بەیت خۆرۆن و دەستەکەی تریش ڕووی کردە ڕێگای ئەو
سنوورەی دەڕوانێتە سەر دۆڵی چبۆعیم بەرووەو چۆڵەوانی.
١٩ لە ناو هەموو خاکی ئیسڕائیلیشدا ئاسنگەرێك بەدی نەدەکرا،
چونکە فەلەستییەکان وتبوویان: نەوەك عیبرانییەکان شمشێر و ڕم
دروست بکەن. ٢٠ لەبەرئەوە هەموو ئیسڕائیل دادەبەزین بۆ لای
فەلەستییەکان تا هەریەکە گاسن و قازمە و تەور و داسەکەی خۆی
تیژ بکاتەوە، ٢١ جا کرێی تیژکردنەوە دوو سێیەکی شاقل بوو بۆ
گاسن و قازمە و بۆ چنگاڵە سێ چوکڵەکان و بۆ تەورەکان و ؟؟؟.
٢٢ جا ئەوە بوو لە ڕۆژی جەنگەکەدا هەموو ئەو گەلەی لەگەڵ
شائول و لەگەڵ یۆناساندا بوون هیچ شمشێر و ڕمێکیان بە دەستەوە
نەبوو، تەنها شائول و یۆناسان کوڕی بەدەستیانەوە بوو. ٢٣ جا
سەربازگەی فەلەستییەکان دەرچوون بۆ دەربەندی میخماس.

# ١٤

١ ئەوە بوو ڕۆژێك یۆناسانی کوڕی شائول بەو خزمەتکارەی کە
چەکەکەی بۆ هەڵدەگرت وتی: بڕۆ با بۆ سەربازگەی فەلەستییەکان
ئەوانەی لەبەری ئەو بەرن بپەڕینەوە. بەڵام بە باوکی نەوت.
٢ شائولیش لە قەراغ گبعەدا لە ژێر ئەو دارهەنارەی لە مگرۆنە
دانیشتبوو ئەو خەڵکەش کە لەگەڵیدا مابوونەوە نزیکەی شەش سەد
پیاو بوون و ٣ ئەخییای کوڕی ئەخیتوبی برای ئیخابودی کوڕی
فینخاس کوڕی عالی کاهینی خوداوەند لە شیلوەدا ئیفۆدی لەبەردابوو
و لەگەڵیاندا بوو، خەڵکەکەش کەس نەیدەزانی کە یۆناسان ڕۆیشتووە.
٤ لە نێوان ئەو دەربەندەی کە یۆناسان ویستی لێی بپەڕێتەوە بۆ
سەربازگەی فەلەستییەکان بەردێکی تیژ لەم بەر و بەردێکی تیژ لەو
بەر هەبوو، ناوی یەکێکیان بۆچێچ و ناوی ئەوی تریان سەنە بوو.
٥ یەکێکیان ڕووی لە باکوور بوو بەرامبەر بە میخماس چەقی بوو و
ئەوەی تریان ڕووی لە باشوور بەرامبەر بە گبعە.
٦ ئینجا یۆناسان بە خزمەتکارەکە، هەڵگری چەکەکەی وت: بڕۆ با
بۆ سەربازگەی ئەو خەتەنەنەکراوانە بپەڕینەوە، بەڵکو خوداوەند
کارێکی وامان بۆ بکات، چونکە کوا بەربەست لەبەردەم خوداوەند بۆ
ڕزگارکردن بە زۆر یان بە کەم؟ ٧ هەڵگری چەکەکەشی وتی:
هەرچی لە دڵتدایە ئەوە بکە و پێشکەوە و منیش لەگەڵتدام بە دڵی تۆ.
٨ یۆناسانیش وتی: ئەوەتا ئێمە دەپەڕینەوە بۆ لای ئەو پیاوانە و
خۆمانیان نیشان دەدەین، ٩ ئەگەر ئاوایان پێمان وت، ڕاوەستن تا
دەگەینە لاتان. لە شوێنی خۆماندا ڕادەوەستین و سەرناکەوین بۆ
لایان. ١٠ بەڵام ئەگەر ئاوایان وت، سەرکەون بۆ لامان. ئەوا
سەردەکەوین چونکە خوداوەند ئەوانی داوەتە دەستمانەوە. ١١ ئینجا
هەردووکیان خۆیان بۆ سەربازگەی فەلەستییەکان دەرخست و
فەلەستییەکانیش وتیان: ئەوەتا عیبرییەکان لەو کونانە دێنەدەرەوە کە
خۆیان تیایدا شاردبووەوە. ١٢ ئینجا پیاوانی سەربازگەکە وەڵامی
یۆناسان و هەڵگری چەکەکەیان دایەوە و وتیان: سەرکەون بۆ
لامان، شتێکتان فێر دەکەین.
یۆناسانیش بە هەڵگری چەکەکەی وت: بە دوامدا سەرکەوە، چونکە
خوداوەند ئەوانی داوەتە دەست ئیسڕائیلەوە .١٣ ئینجا یۆناسان لەسەر
دەست و پێیەکانی سەرکەوت و هەڵگری چەکەکەشی بەدوایەوە،
ئەوان لەبەردەم یۆناساندا کەوتن و هەڵگری چەکەکەشی لە دوایەوە
دەیکوشتن و ١٤ یەکەم گورز کە یۆناسان و هەڵگری چەکەکەی
وەشاندیان، نزیکەی بیست پیاویان کوشت لە ڕووبەری نزیکەی نیو
فەدان زەویدا. ١٥ جا ترسولەرز لەناو ئۆردوگاکە و لە کێڵگەکە و
لەناو هەموو خەڵکەدا بوو، سەربازگاکە و تێکدەرەکانیش
ترسولەرزیان لێ نیشت و زەویش لەرزی و ترسەکە زۆر گەورە
بوو. ١٦ ئینجا چاودێرەکانی شائول لە گبعەی بنیامینەوە بینییان ئەوەتا
خەڵکەکە تواونەتەوە بە هەموو لایەکدا پەرەوازە بوون.
١٧ ئینجا شائول بەو خەڵکەی وت کە لەگەڵیدا بوون: تکایە
سەرژمێربکەن و ببینن کێ لە ئێمە ڕۆیشتووە. ئەوانیش سەرژمێریان
کرد و بینییان ئەوەتا یۆناسان و هەڵگری چەکەکەی لەوێ نین.
١٨ ئینجا شائول بە ئەخییای وت: سندوقی خودا بهێنە پێشەوە. چونکە
لەو ڕۆژەدا سندوقی خودا لەلای نەوەی ئیسڕائیل بوو. ١٩ ئەوە بوو
هێشتا شائول قسەی لەگەڵ کاهینەکەدا دەکرد، دەنگە دەنگ لەناو
ئۆردوگای فەلەستییەکان تا دەهات زیاتر دەبوو، بۆیە شائول بە
کاهینەکەی وت: دەست بکێشەرەوە.
٢٠ ئینجا شائول و هەموو ئەو گەلەی لەگەڵیدا بوون هاواریان کرد و
چوون بۆ جەنگەکە و بینییان ئەوەتا شمشێری هەریەکەیان دژ بە
هاوڕێکەی خۆیەتی و شڵەژانەکە زۆر گەورەیە. ٢١ هەروەها
عیبرییەکانی ئەو دەوروبەرەش کە پێشتر لەگەڵ فەلەستییەکاندا بوون
و لە گەڵیاندا بۆ ئۆردوگاکە سەرکەوتبوون، ئەوانیش چوونە پاڵ ئەو
ئیسرائیلییانەی لەگەڵ شائول و یۆناساندا بوون. ٢٢ ئینجا هەموو
پیاوانی ئیسڕائیل ئەوانەی لە چیای ئەفرایمدا خۆیان شاردبووەوە
بیستیانەوە کە فەلەستییەکان ڕایانکردووە، ئەوانیش بەدوایانەوە
نووسان بەرەو جەنگەکە، ٢٣ ئینجا خوداوەند لەو ڕۆژەدا ئیسڕائیلی
ڕزگار کرد و جەنگەکە گوازرایەوە بۆ بەیت ئاڤن.
٢٤ پیاوانی ئیسڕائیل لەو ڕۆژەدا پەرێشان بوون، چونکە شائول گەلی
سوێندداو وتی: نەفرەت لەو پیاوە بێت، ئەوەی تا ئێوارە نان بخوات
تا تۆڵە لە دوژمنەکانم دەکەمەوە. بۆیە هەموو گەل تامی نانیان
نەکرد.
٢٥ ئینجا هەموو خەڵکی زەویەکە هاتنە دارستانێك و هەنگوین بەسەر
ڕووی زەویەکەوە بوو. ٢٦ کاتێ گەل هاتنە ناو دارستانەکەوە بینییان
ئەوەتا هەنگوین دەتکێت، بەڵام کەس دەستی بۆ دەمی نەبرد، چونکە
گەل لە سوێندەکە ترسان. ٢٧ بەڵام یۆناسان نەیبیستبوو کە باوکی
گەلی سوێندداوە، جا نووکی داردەستەکەی کە بە دەستیەوە بوو
درێژی کرد و بەناو شانە هەنگوینەکەیدا کرد و دەستی گێڕایەوە بۆ
دەمی و چاوەکانی گەشانەوە. ٢٨ ئینجا یەکێك لە گەل وەڵامی دایەوە
و پێی وت: باوکت بەتەواوی گەلی سوێندداو و وتی، نەفرەت لەو
پیاوە بێت کە ئەمڕۆ نان دەخوات. جا گەل شەکەت بوون.
٢٩ یۆناسانیش وتی: باوکم زەویەکەی تێکداوە، تکایە تەماشابکەن
چاوەکانم چۆن گەشاونەتەوە، چونکە کەمێك لەم هەنگوینەم تام کرد.
٣٠ ئەی ئەگەر ئەمڕۆ گەل لە دەستکەوتی دوژمنەکانیان بخواردایە
کە دەستیان کەوتووە. ئایا ئەو گورزەی لە فەلەستییەکان وەشێندرا
گەورەتر نەدەبوو؟ ٣١ لەو ڕۆژەدا لە میخماسەوە تا ئەیەلون گورزیان
لە فەلەستییەکان وەشاند و گەل زۆر شەکەت بوون. ٣٢ پاشان گەل
هەڵیانکوتایە سەر دەستکەوتەکە و مەڕ و مانگا و گوێرەکەیان برد و

لەسەر زەوی سەریانبڕین و گەل بە خوێنەوە خواردیان. ٣٣ جا بە
شائولیان ڕاگەیاند و وترا: ئەوەتا گەل گوناه دەرهەق بە خوداوەند
دەکەن کە گۆشت بە خوێنەوە دەخۆن. ئەویش وتی: ناپاکیتان کرد،
ئەمڕۆ بەردێکی گەورەم بۆ گلۆربکەنەوە. ٣٤ ئینجا شائول وتی: بەناو
گەلدا بڵاوببنەوە و پێیان بڵێن، با هەریەکە گا و بەرانەکەی خۆیم بۆ
بهێنێتە پێش و ئالێرەدا سەریانبڕن و بخۆن و گوناه دەرهەق بە
خوداوەند مەکەن کە گۆشت بە خۆێنەوە بخۆن. ئینجا هەموو گەل
لەو شەوەدا هەریەکە و گاکەی بەدەستیەوە هێنایە پێش و لەوێدا
سەریانبڕی. ٣٥ ئینجا شائول قوربانگایەکی بۆ خوداوەند بنیادنا، ئەوە
یەکەم قوربانگا بوو کە بۆ خوداوەند بنیادینا.
٣٦ پاشان شائول وتی: با بە شەو بە دوای فەلەستییەکاندا دابەزین و
تا بەرەبەیان تاڵانیان بکەین و قڕیان بکەین. ئەوانیش وتیان: چی بە
باش دەزانیت ئەوە بکە. کاهینەکەش وتی: با لێرە لە خودا بچینە
پێش. ٣٧ ئینجا شائول پرسیاری لە خودا کرد: ئایا بەدوای
فەلەستییەکاندا دابەزم؟ ئایا دەیاندەیتە دەست ئیسڕائیلەوە؟ بەڵام لەو
ڕۆژەدا وەڵامی نەدایەوە. ٣٨ جا شائول وتی: وەرنە پێشەوە بۆ ئێرە
ئەی هەموو پیاوماقوڵانی گەل، بزانن و ببینن ئەمڕۆ ئەو گوناهەیە
لە چ شتێکدا بووە؟ ٣٩ چونکە بە گیانی خوداوەند ڕزگارکەری
ئیسڕائیل کە ئەگەر لە یۆناسانی کوڕمدا بێت دەبێت بمرێت. بەڵام
کەس لە هەموو گەل وەڵامی نەدایەوە. ٤٠ ئینجا بە هەموو ئیسڕائیلی
وت: ئێوە لە لایەکدا بن و من و یۆناسانی کوڕیشم لەلایەك دەبین.
گەلیش بە شائولیان وت: چی بەباش دەزانیت بیکە. ٤١ ئینجا شائول
بە خوداوەند خودای ئیسڕائیلی وت: ڕاستی دەرخە. جا یۆناسان و
شاولی گرت و گەل دەرچوون. ٤٢ ئینجا شائول وتی: لەنێوان من و
یۆناسانی کوڕمدا فڕێی بدەن. جا یۆناسانی گرت. ٤٣ ئینجا شائول بە
یۆناسانی وت: پێم ڕابگەیەنە چیت کردووە. یۆناسانیش پێی ڕاگەیاند
و وتی: بە نووکی داردەستەکەم کە بەدەستمەوە بوو کەمێك هەنگوینم
تامکرد ئایا ئێستا دەبێ بمرم. ٤٤ شائولیش وتی: خودا وا دەکات و
زیاتریش، کە بێگومان دەبێت بمریت یۆناسان. ٤٥ ئینجا گەل بە
شائولیان وت: ئایا یۆناسان، ئەوەی ئەم ڕزگارییە گەورەیەی لە
ئیسڕائیلدا کرد دەبێت بمرێت؟ لەو بەدووربێت، بە گیانی خوداوەند
نابێت تاڵە موویەك لە سەری بکەوێتە سەر زەوی، چونکە ئەمڕۆ
ئەو لەگەڵ خودا ئەمەی کردووە. جا گەل یۆناسانیان کڕییەوە و
نەمرد.
٤٦ ئینجا شائول وازی لە ڕاونانی فەلەستییەکان هێنا و
فەلەستییەکانیش بۆ شوێنی خۆیان گەڕانەوە.
٤٧ ئینجا شائول جڵەوی پاشایەتی بەسەر ئیسڕائیلدا بەدەستەوە گرت
و دژی هەموو دوژمنەکانی دەوروبەری جەنگا، لەگەڵ مۆئاب و
نەوەی عەممون و ئەدۆم و پاشاکانی چووبە و فەلەستییەکان و
ڕووی لەهەر کوێ بکردایە سەردەکەوت. ٤٨ هەروەها دلێرانە جەنگا
و گورزی لە عەمالیقەکان وەشاند و ئیسڕائیلی لە دەست
تاڵانکەرەکانی دەربازکرد.
٤٩ کوڕەکانی شائولیش، یۆناسان و یشڤی و مەلکیشوع بوون و
ناوی دوو کچەکەشی ناوی گەورەکەیان میرەب و بچوکەکەشیان
ناوی میکال بوو. ٥٠ ژنەکەشی ناوی ئەخینوعەمی کچی ئەخیمەعەچ
بوو. سەرکردەی سوپاکەشی ناوی ئەبینێری کوڕی نێری مامی
شائول بوو ٥١ قیشی باوکی شائول و نێری باوکی ئەبینێریش کوڕی
ئەبیئێل بوون.
٥٢ بەدرێژایی ڕۆژەکانی شائول جەنگێکی توند لە سەر فەلەستییەکان
هەبوو،جا شائول هەر پیاوێکی پاڵەوان ئازای ببینیایە دەیهێنایە پاڵ
خۆی.

# ١٥

١ ساموئێل بە شائولی وت: خوداوەند منی نارد تا تۆ وەك پاشایەك
بەسەر گەلەکەیەوە، بەسەر ئیسڕائیل دەستنیشانت بکەم. جا ئێستا
گوێت لە وشەی خوداوەند بێت، ٢ خوداوەندی سوپاسالار ئاوای
فەرموو: ئەوەم بەسەرکردەوە کە عەمالیقەکان بە ئیسڕائیلیان کرد،
کاتێ لەسەر ڕێگا بۆی وەستان کە لە میسرەوە سەرکەوت. ٣ ئێستاش
بڕۆ و گورز لە عەمالیقەکان بوەشێنە و هەموو ئەوەی هەیانە
قڕیبکەن، دەستیان لێ مەپارێزە و بیانکوژە لە پیاو و ژن و لە منداڵ
و شیرەخۆرە و لە گا و مەڕ و لە حوشتر و گوێدرێژ.
٤ جا شائول گەلی لە تەلائیمدا کۆکردەوە، دوو سەد هەزار پیادە و دە
هەزار لە پیاوانی یەهوزا. ٥ ئینجا شائول هات بۆ شاری عەمالیق و
لە دۆڵەکەدا خۆی ماتکرد و ٦ شائول بە قینییەکانی وت: بڕۆن و
دوورەپەرێزبن و دەرچن لەنێو عەمالیقەکان، نەوەك ئێوەش لەگەڵ
ئەواندا لەناوبەرم، لەکاتێکدا ئێوە چاکەتان لەگەڵ هەموو نەوەی
ئیسڕائیلدا کرد، کاتێ لە میسرەوە سەرکەوتن. جا قینییەکان خۆیان
لە عەمالیقەکان دوورەپەرێز گرت. ٧ ئینجا شائول لە عەمالیقەکانی
دا، لە خەفیلەوە تا شوور کە بەرامبەر بە میسرە. ٨ هەروەها ئەگاگی
پاشای عەمالیقەکانی بەزیندوویی گرت و هەموو گەلەکەیی بە نووکی
شمشێر قڕکرد. ٩ بەڵام شائول و گەلیش دەستیان لە ئەگاگ پاراست،
هەروەها لە باشەکان لە مەڕ و مانگا و قەڵەوەکان و بەرخەکان و
هەموو ئەوەی باش بوو و نەیانویست قڕیان بکەن، بەڵام هەموو ئەو
ماڵ و موڵکەی بێ نرخ و لاواز بوو قڕیان کرد.
١٠ ئینجا وشەی خوداوەند هات بۆ ساموئێل و فەرمووی: ١١ پەشیمانم
کە شائولم کرد بە پاشا، چونکە لێم هەڵگەڕاوەتەوە و وشەکەی منی
بەجێنەگەیاند. جا ساموئێل بەدرێژایی ئەو شەوە دڵتەنگ بوو و
هاواری بۆ خوداوەند کرد. ١٢ بەیانی زوو ساموئێل بۆ بینینی شائول
هەستا، جا بە ساموئێل ڕاگەیەندرا و وترا: شائول هاتووە بۆ
کەرمەل و ئەوەتا پەیکەرێکی یادگاری بۆ خۆی داناوە و
سووڕاوەتەوە و پەڕیوەتەوە و دابەزیوە بۆ گلگال. ١٣ جا ساموئێل
هات بۆ لای شائول و شائول پێی وت: تۆ پیرۆزی بۆ خوداوەند، من
وشەی خوداوەندم بەجێگەیاند. ١٤ ساموئێلیش وتی: ئەی دەنگی ئەو
مەڕانە چییە لە گوێمدا دەنگی ئەو مانگایانە چییە دەیبیستم؟
١٥ شائولیش وتی: لەلای عەمالیقەکانەوە هێناویانە، ئەوانەیە کە گەل
دەستیان لێپاراست لە باشەکان لە مەڕ و مانگا، بۆ ئەوەی بۆ
خوداوەند خودات سەری ببڕن ، ئەوانی دیکەشمان قڕکرد.
١٦ ئینجا ساموئێل بە شائولی وت: بێ دەنگ بە! با ئەوەت
پێڕابگەیەنم کە خوداوەند ئەمشەو پێی فەرمووم. ئەویش وتی: بڵێ.
١٧ ساموئێل وتی: ئایا لەبەرچاوی خۆت بچووك نەبوویت؟ نەبوویت
بە سەرۆکی هۆزەکانی ئیسڕائیل و خوداوەند دەستنیشانی نەکردیت
ببیت بە پاشا بەسەر ئیسڕائیلەوە؟ ١٨ خوداوەند بە ڕێگایەکدا
ڕەوانەیکردی و فەرمووی، بڕۆ گوناهی عەمالیقەکان قڕکە و دژیان
بجەنگێ تا لەناو دەچن. ١٩ ئیتر بۆچی گوێڕایەڵی دەنگی خوداوەند
نەبوویت و پەلاماری دەستکەوتەکەتدا و لەبەرچاوی خوداوەندا ئەم
خراپەیەت کرد؟ ٢٠ شائولیش بە ساموئێلی وت: من گوێڕایەڵی
دەنگی خوداوەند بووم و بەو ڕێگایەدا چووم کە ناردمی ئاگاگی
پاشای عەمالیقم هێنا و عەمالیقەکانم قڕکرد. ٢١ گەلیش لە
دەستکەوتەکە، مەڕ و مانگایان برد، باشترین لە قەدەغەکراوەکان، تا
لە گلگال بۆ خوداوەند خودات سەرییبڕن. ٢٢ ساموئێلیش وتی:
ئایا شادییە بۆ خوداوەند قوربانی سووتا و سەربڕاو
وەك گوێگرتن لەدەنگی خوداوەند؟
ئەوەتا گوێگرتن لە سەربڕین باشترە و
سەرنجدانیش لە چەوری بەرانەکان.
٢٣ چونکە وەك گوناهی ئەستێرەناسانە یاخیبوون

تاوان و بتپەرستییە کەلەڕەقی،
لەبەرئەوەی وشەی خوداوەندت ڕەتکردەوە
ئەویش لە پاشایەتی ڕەتتدەکاتەوە.
٢٤ ئینجا شائول بە ساموئێلی وت: گوناهم کرد کە سەرپێچی
فەرمانی خوداوەند و قسەی تۆم کرد، چونکە لە گەل ترسام و
بەقسەیانم کردن. ٢٥ ئێستاش تکایە لەم گوناهەیەم خۆشبە و لەگەڵمدا
بگەڕێرەوە و کڕنۆش بۆ خوداوەند دەبەم. ٢٦ ساموئێلیش بە شائولی
وت: لەگەڵتدا ناگەڕێمەوە، چونکە وشەی خوداوەندت ڕەتکردەوە،
خوداوەندیش ڕەتتدەکاتەوە کە ببیت بە پاشا بەسەر ئیسڕائیلەوە .
٢٧ کاتێ ساموئێل ئاوڕیدایەوە بۆ ئەوەی بڕوات، دامێنی عەباکەی
گرت و دڕا. ٢٨ ساموئێلیش پێی وت: خوداوەند ئەمڕۆ پاشایەتی
ئیسڕائیلی لێت دابڕی و دای بە نزیکەکەت کە لە تۆ باشترە.
٢٩ هەروەها هێزی ئیسڕائیل درۆ ناکات و پەشیمانیش نابێتەوە،
چونکە ئەو مرۆڤ نیە تا پەشیمان ببێتەوە. ٣٠ شاولیش وتی: ئێستا
گوناهم کردووە، تکایە لەبەردەم پیرانی گەلەکەم و لەبەردەم
ئیسڕائیلدا ڕێزم لێبنێ و لەگەڵمدا بگەڕێرەوە و کڕنۆش بۆ خوداوەند
خودات دەبەم. ٣١ ئینجا ساموئێل بەدوای شائولدا گەڕایەوە و شائول
کڕنۆشی بۆ خوداوەند برد.
٣٢ پاشان ساموئێل وتی: ئەگاگی پاشای عەمالیقم بۆ بهێننە پێش.
ئەگاگیش بە خۆشییەوە چوو بۆ لای و وتی: بێگومان تاڵی مەرگ
ڕەوییەوە. ٣٣ ساموئێل وتی: وەك چۆن شمشێرەکەت ژنانی وەجاخ
کوێر کرد، ئاواش دایکت وەجاخ کوێر دەبێت. ئینجا ساموئێل
لەبەردەم خوداوەنددا لە گلگال ئەگاگی بڕیەوە. ٣٤ پاشان ساموئێل
چوو بۆ ڕامە و شائولیش سەرکەوت بۆ ماڵەکەی لە گبعەی شائولدا.
٣٥ ئیتر ساموئێل تا ڕۆژی مردنی نەگەڕایەوە بۆ بینینی شائول.
چونکە ساموئێل بۆ شائول غەمگین بوو و خوداوەندیش پەشیمان بوو
کە شائولی کرد بە پاشا بەسەر ئیسڕائیلەوە.

# ١٦

١ جا خوداوەند بە ساموئێلی فەرموو: تاکەی بۆ شائول غەمگین
دەبیت؟ من ڕەتم کردووەتەوە لە پاشایەتی کردن بەسەر ئیسڕائیلەوە،
قۆچەکەت پڕکە لە ڕۆن و بڕۆ دەتنێرم بۆ لای یەسسای بەیتلەحمی،
چونکە لەناو کوڕەکانیدا پاشایەکم بۆ خۆم بینیوەتەوە. ٢ ساموئێلیش
وتی: چۆن بڕۆم؟ گەر شائول ئەمە ببیستێتەوە دەمکوژێت.
خوداوەندیش فەرمووی: گوێرەکەی مانگایەك لەگەڵ دەستتدا دەبەیت
و دەڵێیت، بۆ قوربانی سەربڕین بۆ خوداوەند هاتووم. ٣ جا یەسسا بۆ
قوربانییە سەربڕاوەکە بانگ دەکەیت و من فێرت دەکەم چی بکەیت
و ئەو کەسەم بۆ دەستنیشان دەکەیت کە پێت دەفەرمووم. ٤ ئینجا
ساموئێل ئەوەی کرد کە خوداوەند پێی فەرموو و هات بۆ بێتلەحم و
پیرانی شارەکە لەرزین و وتیان: بەئاشتی هاتوویت؟ ٥ ئەویش وتی:
بەئاشتییە، بۆ سەربڕینی قوربانییە بۆ خوداوەند هاتنم، خۆتان پاك و
پیرۆز بکەن و لەگەڵمدا وەرن بۆ قوربانییە سەربڕاوەکە. ئینجا
یەسسا و کوڕەکانی پیرۆزکرد و بۆ قوربانییە سەربڕاوەکە بانگی
کردن. ٦ جا ئەوەبوو کە هاتن تەماشای ئەلیابی کرد و وتی: لەبەردەم
خوداوەندە دەستنیشانکراوەکەی. ٧ بەڵام خوداوەند بە ساموئێلی
فەرموو: تەماشای سەروسیما و بەرزی باڵای مەکە، چونکە ڕەتم
کردووەتەوە، چونکە خوداوەند وەك مرۆڤ تەماشا ناکات، چونکە
مرۆڤ تەماشای چاوەکان دەکات بەڵام خوداوەند تەماشای دڵ
دەکات. ٨ ئینجا یەسسا ئەبینادابی بانگکرد بەبەردەم ساموئێلدا
تێپەڕیکرد و ئەویش وتی: خوداوەند هەروەها ئەمەشی
هەڵنەبژاردووە. ٩ ئینجا یەسسا شەممەی تێپەڕاند و ئەویش وتی:
خوداوەند هەروەها ئەمەشی هەڵنەبژاردووە. ١٠ ئینجا یەسسا هەر
حەوت کوڕەکەی لەبەردەم ساموئێلدا تێپەڕاند و ساموئێلیش بە
یەسسای وت: خوداوەند لەمانەی هەڵنەبژاردووە. ١١ ساموئێل بە
یەسسای وت: کوڕەکان تەواوبوون؟ ئەویش وتی: هێشتا
بچکۆلەکەیان ماوە و ئەوەتا مەڕ دەلەوەڕێنێت. ساموئێلیش بە
یەسسای وت: بنێرە بە دوایدا و بیهێنە، چونکە دانانیشین تا دێت بۆ
ئێرە. ١٢ ئەویش ناردی بە دوایدا و هێنای، جا سوورەیەکی
چاوجوانی قۆز بوو.
ئینجا خوداوەند فەرمووی: هەستە و دەستنیشانی بکە، چونکە ئەمە
خۆیەتی. ١٣ ئینجا ساموئێل قۆچە ڕۆنەکەی برد و لەنێو براکانیدا
دەستنیشانی کرد و ڕۆحی خوداوەند لەو ڕۆژە و بەدواوە هاتەسەر
داود. پاشان ساموئێل هەستا و چوو بۆ ڕامە.
١٤ ئینجا ڕۆحی خوداوەند لە شائول جیابووە و ڕۆحێکی بەد لەلایەن
خوداوەندەوە پڕی پێدا .١٥ جا خزمەتکارەکانی شائول پێیان وت:
ئەوەتا ئێستا ڕۆحێکی بەد لەلایەن خوداوە پڕت پێدەدات. ١٦ با ئێستا
گەورەمان فەرمان بە خزمەتکارەکانی بەردەمی بکات بەدوای
پیاوێکدا بگەڕێن عود بە چاکی لێبدات، جا هەرکاتێ ئەو ڕۆحە
بەدەی لەلایەن خوداوەیە بێتە سەرت ئەو بەدەستی عود لێبدات و
تۆش چاك دەبیت.
١٧ شائولیش بە خزمەتکارەکانی وت: ئێستا پیاوێکم بۆ ببیننەوە عود
بە چاکی لێبدات و بۆمی بهێنن. ١٨ جا یەکێك لەخزمەتکارەکان
وەڵامی دایەوە و وتی: ئەوەتا کوڕێکی یەسسای بەیتلەحمیم بینیوە
دەزانێت عود لێبدات و پاڵەوانێکی بەهێزە و جەنگاوەرە و زمان
ڕەوانە و پیاوێکی قۆزە و خوداوەند لەگەڵیدایە. ١٩ ئینجا شائول
نێردراوانی بۆلای یەسسا نارد و وتی: داودی کوڕتم بۆ بنێرە ئەوەی
لەلای مەڕەکاندایە. ٢٠ یەسساش گوێدرێژێك و نان و مەشکەیەك
مەی و کارەبزنێکی هێنا و بەدەستی داودی کوڕیدا بۆ شائولی نارد.
٢١ ئینجا داود هات بۆلای شائول و لەبەردەمیدا وەستا و ئەویش زۆر
خۆشیویست و بوو بە هەڵگری چەکەکەی. ٢٢ پاشان شائول بۆ
یەسسای نارد و وتی: تکایە با داود لەبەردەم دا بمێنێتەوە، چونکە
لەلام پەسەندە. ٢٣ جا هەرکاتێ ڕۆحێك لەلایەن خوداوە بۆ سەر
شائول بهاتبایە، داود عودەکەی بە دەستەوە دەگرت و لێیدەدا و
شائول دڵی دەکرایەوە و چاك دەبووەوە و ڕۆحە بەدەکە وازی
لێدەهێنا.

# ١٧

١ ئینجا فەلەستییەکان سوپاکانیان بۆ جەنگ کۆکردەوە و لە
سوکوهەی یەهوزادا کۆبوونەوە، لە نێوان سوکوهە و عەزیقە لە
ئەفس دەمیمدا دامەزران. ٢ شائول و پیاوانی ئیسڕائیلیش کۆبوونەوە
و لە دۆڵی ئێلێدا دامەزران بۆ جەنگ و بەرەیان بەست بۆ
ڕووبەڕووبوونەوەی فەلەستییەکان. ٣ جا فەلەستییەکان لەسەر
چیایەك لەمبەر و ئیسڕائیلیش لەسەر چیایەك لەوبەر ڕاوەستابوون و
دۆڵێکیشیان لەنێواندابوو. ٤ پاڵەوانێك لەناو سوپای فەلەستییەکان
هاتەدەرەوە ناوی گولیات بوو و خەڵکی گەت بوو و درێژییەکەی
شەش قۆڵ و بستێك بوو. ٥ کڵاوێکی مسی لەسەردابوو و سپەرێکی
پولەکەداری لەبەردابوو و کێشی سپەرەکە پێنج هەزار شاقڵ مس
بوو. ٦ هەروەها پوزەوانەی مس بە قاچەکانیەوە بوو و ڕمێکی
مسیش لە نێو شانەکانیدا بوو و ٧ دەسکی ڕمەکەشی وەك نۆردی
جۆڵاکان وابوو و نووکەکەشی شەش سەد شاقڵ ئاسن بوو و
هەڵگری قەڵغانەکەی لەبەردەمیەوە دەڕۆیشت. ٨ جا وەستا و بانگی
ڕیزەکانی ئیسڕائیلی کرد و پێی وتن: بۆ هاتوونەتە دەرەوە تا بۆ
جەنگ ڕیز ببەستن. ئایا من فەلەستی و ئێوەش خزمەتکارانی شائول
نین؟ جا پیاوێك بۆ خۆتان هەڵبژرێن با بێتە خوارەوە بۆم. ٩ گەر
توانی لەگەڵمدا بجەنگێت و بمکوژێت ئەوا دەبینە خزمەتکارتان،
بەڵام گەر من بەسەریدا زاڵبووم و کوشتم، ئەوا ئێوە دەبنە

خزمەتکارمان و خزمەتمان دەکەن. ١٠ ئینجا فەلەستییەکە وتی: من
ئەمڕۆ سووکایەتیم بە ڕیزەکانی ئیسڕائیل کردووە، پیاوێکم بدەنێ تا
لەگەڵی پێکەوە بجەنگێین. ١١ کاتێ شائول و هەموو ئیسڕائیل گوێیان
لە قسەکانی فەلەستییەکە بوو،سڵەمینەوە و زۆر ترسان.
١٢ داودیش کوڕی ئەو پیاوە ئەفراتییەی بەیتلەحمی یەهوزایە کە
ناوی یەسسایە و هەشت کوڕی هەیە. ئەو پیاوە لە ڕۆژانی شائولدا
پیر بوو لەناو خەڵکدا. ١٣ هەرسێ کوڕە گەورەکەی یەسسا دوای
شائول کەوتن بۆ جەنگ و ناوی سێ کوڕکەی کە بۆ جەنگ
چووبوون، ئەلیاب نۆبەرەکە و دووەمیان ئەبیناداب و سێیەمیان
شەممە بوو. ١٤ داودیش بچکۆلەکەیان بوو و سێ گەورەکەش دوای
شائول کەوتن.
١٥ جا داود ڕۆیشت و لەلای شائول گەڕایەوە بۆ لەوەڕاندنی
مەڕەکانی باوکی لە بەیتلەحم. ١٦ فەلەستییەکەش دەهاتە پێش دەوەستا،
بەیانی و ئێوارە بۆ چل ڕۆژ.
١٧ یەسسا بە داودی وت: ئێستا ئیفەیەك لەم قەرەخەرمانە و ئەم دەنانە
ببە بۆ براکانت و ڕاکە بۆ ئۆردوگاکە بۆ لای براکانت و ١٨ ئەم دە
پارچە پەنیرەش بە سەرۆکی هەزارەکە بدە و سەلامەتی براکانت
بەسەربکەرەوە نیشانەیەکیان لێ وەربگرە. ١٩ شائول و ئەوان و
هەموو پیاوانی ئیسڕائیل لە دۆڵی ئێلێدا دژ بە فەلەستییەکان
دەجەنگین. ٢٠ ئینجا داود بەیانی زوو لەخەو هەڵسا و مەڕەکانی لەلای
چاودێرێك بەجێهێشت و بارگەکەی هەڵگرت و ڕۆیشت هەروەك
یەسسای باوکی فەرمانی پێکردبوو، جا گەیشتە مەتەرێزەکە و
سوپاش بۆ بەرەکانی جەنگ دەردەچوون و هاواریان بۆ جەنگ
کرد. ٢١ جا ئیسڕائیل و فەلەستییەکان ڕیزیان بەست، ڕیز بەرامبەر
ڕیز. ٢٢ داودیش شتومەکەکەی کە پێیبوو بە چاودێری شتومەکەکانی
سپارد و بۆ بەرەی جەنگ ڕای کرد و هات و لە سەلامەتی براکانی
پرسی. ٢٣ کاتێ قسەی لەگەڵدا دەکردن، بینی ئەوەتا پاڵەوانێك کە
ناوی گولیاتی فەلەستیی بوو و خەڵکی گەت بوو، لە بەرەی
فەلەستییەکانەوە سەرکەوتوو بەم جۆرە قسەی کرد و داودیش گوێی
لێ بوو. ٢٤ هەموو پیاوانی ئیسڕائیلیش کە پیاوەکەیان بینی لێی
هەڵاتن و زۆر ترسان و ٢٥ پیاوانی ئیسڕائیل وتیان: ئەو پیاوەتان
بینی کە سەرکەوت، ئەو بۆ سووکایەتی کردن بە ئیسڕائیل
سەرکەوت و ئەو پیاوەی بیکوژێت پاشا زۆر دەوڵەمەندی دەکات و
کچەکەی خۆیی دەداتێ و ماڵی باوکیشی لە ئیسڕائیلدا ئازاد دەکات.
٢٦ داودیش بەو پیاوانەی لەگەڵیدا ڕاوەستابوون وتی: چی دەکرێت بۆ
ئەو پیاوەی ئەوەی ئەو فەلەستییە بکوژێت و ئەو سووکایەتییە لەسەر
ئیسڕائیل لابەرێت؟ چونکە ئەو فەلەستییە خەتەنەنەکراوە کێیە تا
سووکایەتی بە ڕیزەکانی خودای زیندوو بکات؟ ٢٧ گەلیش وەك
ئەمەیان پێی وت: ئاوا دەکرێت بۆ ئەو پیاوەی کە بیکوژێت.
٢٨ کاتێ ئەلیابی برا گەورەی گوێی لێ بوو لەگەڵ پیاوەکاندا قسە
دەکات، ئەلیاب زۆر لە داود تووڕەبوو و وتی: بۆ دابەزیت و ئەو
کەمە مەڕەت لە چۆڵەوانیدا بەسەر کێ بەجێهێشت، من دەزانم چەند
لە خۆبایت و دڵت چەند خراپە، چونکە تۆ تەنها بۆ تەماشاکردنی
جەنگەکە دابەزیویت. ٢ داودیش وتی: ئێستا من چیم کردووە؟ هەر
قسەکردن نییە؟ ٣٠ ئینجا لەلای ئەو چوو بۆ لای یەکێکی دیکە و
هەمان قسەی کردەوە و گەلیش هەمان وەڵامیان دایەوە. ٣١ ئەو
قسانەی داود وتی بیسترانەوە و بە شائول ڕاگەیەندرا و ئەویش
ناردی بەشوێنیدا. ٣٢ داود بە شائولی وت: کەس بە هۆی ئەوەوە دڵی
نەکەوێت. خزمەتکارەکەت دەچێت و لەگەڵ ئەو فەلەستییە
دەجەنگێت. ٣٣ شائولیش بە داودی وت: ناتوانیت بچیت بۆ ئەو
فەلەستییە و لەگەڵیدا بجەنگیت، چونکە تۆ منداڵیت و ئەویش
لەمنداڵیەوە جەنگاوەرە.
٣٤ داودیش بە شائولی وت: خزمەتکارەکەت شوانی مەڕەکانی باوکی
بوو، جا شێرێك و ورچێك هاتن و مەڕێکیان لە مێگەلەکە برد و
٣٥ منیش بەدوایدا دەرچووم و کوشتم و لە دەمی دەربازمکرد و کە
هەستایەوە بۆم ڕیشیم گرت و لێم داو کوشتم. ٣٦ خزمەتکارەکەت
شێرەکە و ورچەکەی کوشت و ئەو فەلەستییە خەتەنەنەکراوەش وەك
یەکێك دەبێت لەوان، چونکە سووکایەتی بە ڕیزەکانی خودای زیندوو
کردووە.
٣٧ هەروەها داود وتی: خوداوەند کە منی لە چنگی شێرەکە و
ورچەکە دەربازکرد، هەر ئەو لە چنگ ئەم فەلەستییە دەربازم
دەکات. شائولیش بە داودی وت: بڕۆ و با خوداوەند لەگەڵتدا بێت.
٣٨ ئینجا شائول جلەکانی خۆی لەبەر داود کرد و کڵاوێکی مسی
لەسەر سەری دانا و سپەرێکی لەبەرکرد. ٣٩ داودیش شمشێرەکەی
لەسەر جلەکانی بەست و ویستی پێیانەوە بڕوات، چونکە تاقی
نەکردبووەوە.
ئینجا داود بە شائولی وت: ناتوانم پێیانەوە بڕۆم، چونکە تاقیم
نەکردوونەتەوە. جا داود لەخۆیی کردنەوە و ٤٠ گۆچانەکەی بە
دەستەوە گرت و پێنج بەردی لووسی لە دۆڵەکەدا هەڵبژارد و لەناو
تورەکەی شوانییەکەدا داینان لەناو کۆڵەکەکەی و قۆچەقانیەکەی بە
دەستەوە گرت و لە فەلەستییەکە چووە پێش. ٤١ ئینجا فەلەستییەکە
ڕۆیشت و لە داود نزیك بووەوە هەڵگری قەڵغانەکەشی لەگەڵیدا بوو.
٤٢ کاتێ فەلەستییەکە تەماشای کرد و داودی بینی، گاڵتەی پێکرد،
چونکە منداڵ بوو و سوورە و قۆز بوو. ٤٣ فەلەستییەکە بە داودی
وت: من سەگم تا تۆ بە گۆچانەوە بۆم بێیت؟ ئینجا فەلەستییەکە بە
خوداکانی نەفرەتی لە داود کرد و ٤٤ فەلەستییەکە بە داودی وت: بۆم
وەرە تا گۆشت بە باڵندەکانی ئاسمان و دڕندەکانی کێڵگە بدەم.
٤٥ داودیش بە فەلەستییەکەی وت: تۆ بە شمشێر و ڕم و قەڵغانەوە
بۆم دێیت و منیش بە ناوی خوداوەندی سوپاسالارەوە بۆت دێم،
خودای ڕیزەکانی ئیسڕائیل ئەوەی سووکایەتیت پێیکرد .٤٦ ئەمڕۆ
خوداوەند لە دەستمدا بەندت دەکات و دەتکوژم و سەرت لێدەکەمەوە
و ئەمڕۆ لاشەکانی سوپای فەلەستییەکان بە باڵندەکانی ئاسمان و
ئاژەڵەکانی زەوی دەدەم، جا هەموو زەوی دەزانێت خودایەك هەیە
بۆ ئیسڕائیل .٤٧ هەموو ئەم کۆمەڵەش دەزانن کە ڕزگاری خوداوەند
بە شمشێر و ڕم نییە، چونکە ئەم جەنگە هی خوداوەندە و ئێوە
بەدەستمانەوە دەدات. ٤٨ جا کاتێ فەلەستییەکە هەستا و ڕۆیشت بۆی
نزیکبووەوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی داود، داود بەپەلە ڕووەو
ڕیزەکە ڕایکرد بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی فەلەستییەکە. ٤٩ ئینجا داود
دەستی بۆ تورەکەکەی درێژکرد و بەردێکی لێی برد و بە
قۆچەقانییەکەی تێیگرت و دای لە فەلەستییەکە لە ناوچەوانی،
بەردەکە لە ناوچەوانیدا چەقی و بەدەما بەسەر زەویدا کەوت. ٥٠ جا
داود بە قۆچەقانی و بە بەرد بەسەر فەلەستییەکەدا سەرکەوت و لە
فەلەستییەکەی دا و کوشتی و داود هیچ شمشێری بەدەستەوە نەبوو.
٥١ ئینجا داود ڕایکرد و لەسەر فەلەستییەکە وەستا و شمشێرەکەی
هەڵگرت و لە کێلانەکەیەوە ڕاکێشا و کوشتی و بە شمشێرەکەی
سەری بڕی. جا کاتێ فەلەستییەکان بینییان وا پاڵەوانەکەیان مردووە
هەڵاتن. ٥٢ ئینجا پیاوانی ئیسڕائیل و یەهوزا هەستان و هاواریان
کرد و تا دەگەیتە دۆڵەکە و تا دەروازەکانی عەقرون دوایانکەوتن و
کوژراوەکانی فەلەستییەکان لە ڕێگای شەعرایمدا تا گەت و
عەقرون کەوتن. ٥٣ ئینجا نەوەی ئیسڕائیل لە ڕاونانی فەلەستییەکان
گەڕانەوە ئۆردوگاکەیان تاڵان کردن و ٥٤ داودیش سەری
فەلەستییەکەی هەڵگرت و بردی بۆ ئۆرشەلیم و چەکەکانی
فەلەستییەکەشی لەناو چادرەکەی دانا.
٥٥ کاتێ کە شائول داودی بینی بۆ ڕووبەڕووبونەوەی فەلەستییەکە
دەردەچووە، بە ئەبنێری سەرۆکی سوپاکەی وت: ئەبنێر، ئەو گەنجە
کوڕی کێیە؟ ئەبنێریش وتی: بە گیانی پاشا نازانم. ٥٦ پاشاش وتی:
بپرسە بزانە ئەم گەنجە کوڕی کێیە؟
٥٧ ئینجا کاتێ داود لە کوشتنی فەلەستییەکە گەڕایەوە، ئەبنێر بردی
بۆ بەردەم شائول و سەری فەلەستییەکەشی بەدەستەوەبوو.
٥٨ شاولیش پێی وت: ئەی گەنج تۆ کوڕی کێی؟ داودیش وتی: کوڕی
یەسسای بەیتلەحمی خزمەتکارتم.

# ١٨

١ ئەوەبوو کە لەگەڵ شـائولدا لە قسـەکردن بووەوە، دڵی یۆناسـان بە
دڵی داودەوە نووسا و یۆناسان وەك خۆی خۆشیویست، ٢ شـائولیش
لەو ڕۆژەوە بردیە لای خۆی و نەیهێشت بۆ ماڵی باوکی بگەڕێتەوە.
٣ یۆناسان و داودیش پەیمانیان بەست، چونکە وەك خۆی خۆشیویست
و ٤ ئینجا یۆناسـان عەباکەی کە لەبەریدا بوو دایکەند و دای بە داود،
لەگەڵ جلەکەی و تەنـانەت شـمشـێرەکەیی و کەوانەکەیی و
قایشەکەشی. ٥ داودیش بۆ هەر کوێ شائول بینارد بایە دەردەچوو و
سەرکەوتوو دەبوو، جا شائول لەسەر جەنگاوەرەکانی دانا، ئەمەش
لەلای هەموو گەل و لەلای خزمەتکارەکانی شائولیش باش بوو.
٦ ئەوەبوو کە هاتن پاش ئەوەی داود لە کوشـتنی فەلەسـتییەکە
گەڕایەوە، ژنان لە هەموو شـارەکانی ئیسـرائیلەوە بە گۆرانی و
سەماوە بۆ پێشوازی شائول پاشا هاتنە دەرەوە، بە دەف و شادی و
ئامێری مۆسیقاوە. ٧ ژنە سەماکەرەکان بەدەم گۆرانییەوە دەیانوت:
شائول لە هەزارەکانی دا و
داودیش لە دە هەزارەکانی.
٨ شـائول زۆر تووڕەبوو و ئەم قسـەیەی پێ خراپ بوو و وتی: دە
هەزارەکـانیـان بە داود دا و بە منیش هەزارەکـان، هەرئەوە مـاوە
پاشایەتییەکە بۆ ئەو بێت. ٩ ئیتر لەو ڕۆژەوە شـائول چاوی لەسـەر
داود بوو.
١٠ بۆ سـبەینێ ڕۆحێکی بەد لەلایەن خوداوە هات بەسـەر شـائولدا و
لەناوەڕاسـتی ماڵەکەدا شـێت بوو و داودیش وەك هەموو ڕۆژێك
عودەکەی لێدەدا و شـائولیش ڕمێکی بەدەسـتەوە بوو. ١١ شـائول
ڕمەکەی تێگرت و وتی: لە داود دەدەم و بە دیوارەکەوە هەڵیدەواسم.
بەڵام داود دوو جار لەبەردەمی خۆی لادا. ١٢ جا شـائول لە داود
دەترسـا، چونکە خوداوەند لەگەڵیدا بوو و وازی لە شـائول هێنابوو.
١٣ لەبەرئەوە شائول لەخۆی دووریخستەوە و کردی بە سەرکردەی
هەزار لەبەردەم گەلدا دەهات و دەچوو.
١٤ ئەوەبوو داود لە هەموو ڕێگاکانیدا سەرکەوتوو بوو و خوداوەندی
لەگەڵدابوو. ١٥ جا کە شـائول بینی زۆر سـەرکەوتووە، لێی ترسـا.
١٦ بەڵام هەموو ئیسـرائیل و یەهوزا داودیان خۆشـویسـت، چونکە
لەبەردەمیان دەهات و دەچوو.
١٧ ئینجا شـائول بە داودی وت: ئەوەتا کچە گەورەکەم مەیرەبت
دەدەمێ ببێت بە ژنت، تەنها ئەوەندە کە ئازایی بۆم و جەنگەکانی
خوداوەند بکە. جا شـائول وتی: با دەسـتی منی بەسـەرەوە نەبێت،
بەڵکو دەستی فەلستییەکانی بەسەرەوە بێت.
١٨ داودیش بە شـائولی وت: من کێم و ژیانی من و خێڵەکەی باوکم
لە ئیسـرائیلدا چییە تا ببم بە زاوای پاشـا؟ ١٩ ئەوەبوو لەو کاتەی کە
دەبوایە مەیرەبی کچی شـائول بە داود بدرێت، کەچی کرا بە ژنی
عەدرئیلی مەحولەتی. ٢٠ بەڵام میکـالی کچی شـائول داودی
خۆشـویسـت، جا بە شـائولیان ڕاگەیاند و ئەویش ئەم کارەی بەلاوە
باش بوو و ٢١ شـائول وتی: پێی دەدەم، جا دەبێت بە تەڵە بۆی و
دەستی فەلەستییەکانی بەسەرەوە دەبێت. ئینجا شائول بۆ دووەمجار
بە داودی وت: ئەمڕۆ دەبێت بە زاوام؟ ٢٢ ئینجا شـائول فەرمانی بە
خزمەتکارەکانی کرد: بەدزییەوە قسە لەگەڵ داوددا بکەن و پێی بڵێن،
ئەوەتـا پـاشـا دڵخۆشـە پێت و هەموو خزمەتکـارەکـانیشـی
خۆشیاندەوێیت، جا ئێستا ببە بە زاوای پاشا. ٢٣ ئینجا خزمەتکارەکانی
شائول ئەو قسانەیان بە گوێی داوددا خوێند و داودیش پێی وتن: ئایا
زاوایەتی کردنی پاشـا بە کەم دەزانن، لە کاتێکدا من پیاوێکی هەژار
و بێ پلەوپایەم. ٢٤ ئینجا خزمەتکارەکانی شـائول پێیان ڕاگەیاند و
وتیان: داود لەم جۆرە قسانەی کرد.
٢٥ شائولیش وتی: ئاوا بە داود بڵێن، خۆشـی پاشـا لە شیربایی نییە،
بەڵکو بە سـەد چەرمی ئەندامی نێرینەی فەلەسـتییەکـانە، تـا
تۆڵەسـەندنەوە لە دوژمنەکانی پاشـا. شـائول بیری لەوە دەکردەوە کە
داود بە دەست فەلەستییەکانەوە بدات.
٢٦ جا خزمەتکارەکانی ئەو قسانەیان بە داود ڕاگەیاند و داودیش ئەم
شـتەی پێ باش بوو کە زاوایەتی پاشـا بکات و هێشـتا ڕۆژەکان
تەواونەببوون. ٢٧ ئینجا دواد هەستا و لەگەڵ پیاوەکانی ڕۆیشتن و لە
فەلەسـتییەکانیـان دا، لە دوو سـەد پیاو و داود چەرمی ئەندامە
نێرینەکانیانی هێنا و بۆ پاشا تەواویان کرد تا زاوایەتی پاشا بکات.
شائولیش میکالی کچی پێیدا ببێت بە ژنی.
٢٨ جا شـائول بینی و زانی خوداوەند لەگەڵ داودە و میکالی کچیشـی
خۆشـی دەوێت. ٢٩ دیسـانەوە شـائول لە داود ترسـا و بە درێژایی
ڕۆژەکانی بوو بە دوژمنی سەرسەختی داود.
٣٠ ئینجا میرەکانی فەلەسـتییەکان بۆ جەنگ دەرچوون و هەرکاتێ
دەرچووبـان داود زیـاتر لە هەموو خزمەتکـارەکـانی شـــائول
سەردەکەوت، جا ناوبانگی زۆر بڵاو بووەوە.

# ١٩

١ ئینجا شائول بە یۆناسانی کوڕی و هەموو خزمەتکارەکانی وت کە
داود بکوژن. بەڵام یۆناسانی کوڕی شائول بە داود زۆر دڵخۆشبوو .
٢ جا یۆناسـان بە داودی ڕاگەیاند و وتی: شـائولی باوکم دەیەوێت
بتکوژێت، ئێستاش تا بەیانی ئاگات لە خۆت بێت و لە حەشارگەیەکدا
بمێنەرەوە و خۆت بشارەوە، ٣ منیش دەردەچم و لەتەنیشت باوکمەوە
لە کێڵگەکەدا کە تۆی تیایدای ڕادەوەستم و لەبارەی تۆوە قسە لەگەڵ
باوکمدا دەکەم و تەماشا دەکەم بزانم چی دەبێت و پێتی ڕادەگەیەنم.
٤ ئینجا یۆناسان بە چاکە دەربارەی داود بۆ شـائولی باوکی قسـەی
کرد و وتی: با پاشـا دەرهەق بە داودی خزمەتکاری خۆی گوناه
نەکات، چونکە ئەو گوناهی دەرهەق بە تۆ نەکردووە و کارەکانیشـی
دەرهەق بە تۆ زۆر باشـن. ٥ چونکە ئەو گیـانی خۆی خسـتە
سـەردەستی و فەلەستییەکەی کوشـت و خوداوەندیش ڕزگارییەکی
گەورەی بۆ هەموو ئیسـرائیل ئەنجامدا، تۆ خۆت بینیت و دڵخۆش
بوویت، ئیتر بۆچی گوناه دەرهەق بە خوێنی بێتاوانێك دەکەیت و بە
خۆرایی داود دەکوژیت؟ ٦ شـائولیش گوێی لە دەنگی یۆناسـان گرت
و شـائول سـوێندی خوارد: بە گیانی خوداوەند ناکوژرێت. ٧ ئینجا
یۆناسان داودی بانگکرد و یۆناسان هەموو ئەو قسانەی پێ ڕاگەیاند
و یۆناسـان شـائولی هێنایەوە لای باوکی و ئیتر لەبەردەمی بوو وەك
جاران.
٨ جەنـگ جـارێکی تر ڕوویدا و داود دەرچوو بۆ جەنـگ دژ بە
فەلەسـتییەکان و گورزێکی گەورەی لێ وەشـاندن و لەبەردەمیدا
هەڵاتن. ٩ ئینجا ڕۆحێکی بەد لەلایەن خوداوەندەوە هاتەسەر شـائول
و کاتێ لە ماڵەکەیدا دانیشتبوو ڕمەکەی بە دەستەوە بوو و داودیش
عودەکەی لێدەدا. ١٠ جا شائول ویستی بە ڕمەکەی لە داود بدات و بە
دیوارەکەوە هەڵیواسـێت، بەڵام ئەو لەبەردەم شـائولدا هەڵات، جا
لەدیوارەکەی دا و داودیش ڕایکرد و ئەو شەوە دەربازبوو.
١١ ئینجا شـائول چەند نێردراوێکی بۆ ماڵی داود نارد تا چاودێری
بکەن و لە بەیانیدا بیکوژن. جا میکالی ژنی پێی ڕاگەیاند و وتی:
ئەگەر ئەمشـەو فریای خۆت نەکەویت، بۆ سـبەینێ کوژراویت.
١٢ ئینجـا میکـال داودی لە پەنجەرەکەوە شـۆڕکردەوە و ئەویش
ڕۆیشـت و ڕایکرد و دەربازبوو. ١٣ پاشـان میکال تەرافیمی برد و
خستیە ناو جێگاکەوە و هەندێ مووی بزنی بۆ سەری دانا و بە جل
دایپۆشی.
١٤ شـائولیش چەند نێردراوێکی نارد تا داود بگرن و میکالیش وتی:
ناساغە.
١٥ ئینجا شـائول چەند نێردراوێکی بۆ بینی داود نـارد و وتی: بە
جێگـاکەیەوە بۆمی بهێنن تـا بیکوژم. ١٦ بەڵام کـاتێ نێردراوەکـان

هاتن، تەماشایان کرد ئەوەتا تەرافیم لەناو جێگاکەیە و هەندێ مووی
بزنیش لەجێی سەرییەتی. ١٧ جا شائول بە میکالی وت: بۆچی
هەڵتخەڵەتاندم و دوژمنەکەمت بەڕەڵاکرد و دەربازبوو؟ میکالیش بە
شائولی وت: ئەو پێی وتم، بەڕەڵام بکە بۆچی بتکوژم؟ ١٨ داودیش
ڕایکرد و دەربازبوو و هات بۆ لای ساموئێل لە ڕامە و هەموو
ئەوەی شائول پێیکردبوو پێی ڕاگەیاند و ئینجا خۆی و ساموئێل
ڕۆیشتن و لە نایۆت دانیشتن ١٩ ئینجا بە شائول ڕاگەیەندرا و وترا:
ئەوەتا داود لە نایۆتە لە ڕامە. ٢٠ شائولیش چەند نێردراوێکی نارد بۆ
گرتنی داود و کاتێ کۆمەڵی پێغەمبەرانیان بینی پێشبینی دەکەن و
ساموئێلیش وەك سەرۆك بەسەریانەوە ڕاوەستاوە، جا ڕۆحی خودا
هات بەسەر نێردراوەکانی شائول و ئەوانیش پێشبینییان کرد.
٢١ ئەمەیان بە شائول ڕاگەیاند و ئەویش چەند نێردراوێکی تری نارد
و ئەوانیش هەروەها پێشبنییان کرد. ئینجا بۆ جاری سێیەم چەند
نێردراوێکی نارد و ئەوانیش هەروەها پێشبینییان کرد. ٢٢ ئینجا خۆی
چوو بۆ ڕامە و هات تا بیرە گەورەکەی ئەوەی لە سیخویە و پرسی
و وتی: ساموئێل و داود لە کوێن؟ پێی وترا: ئەوەتان لە نیۆت لە
ڕامە. ٢٣ جا چوو بۆ ئەوێ بۆ نیۆت بۆ ڕامە. ئینجا ئەویش ڕۆحی
خودا هاتەسەری و بە ڕۆیشتنەوە پێشبینی دەکرد تا گەیشتە نیۆت لە
ڕامە. ٢٤ ئینجا ئەویش جلەکانی لەبەرخۆی داکەند و ئەویش لەبەردەم
ساموئێلدا پێشبینی کرد و بەدرێژایی ئەو ڕۆژە و شەوە بە ڕووتی
خۆی دا بە زەویدا. لەبەر ئەوەیە دەڵێن، ئایا شائولیش لەنێو
پێغەمبەرەکانە؟

# ٢٠

١ پاشان داود لە نیۆت، لە ڕامەوە ڕایکرد و هات و لەبەردەم یۆناساندا
وتی: چیم کردووە و تاوانم چییە و چ گوناهێکم بە رامبەر بە باوکت
کردووە، تا داوای گیانم بکات؟ ٢ ئەویش پێی وت: لە تۆ بەدوور
بێت، نامریت. ئەوەتا باوکم هیچ شتێکی گەورە یان بچووك ناکات تا
پێم نەڵێت و ئیتر بۆچی باوکم ئەمەم لێ بشارێتەوە؟ نەخێر وانییە.
٣ داودیش سوێندی خوارد و وتی باوکت باش دەزانێت کە من لەلای
تۆ پەسەندم، لەبەرئەوە وتوویەتی با یۆناسان بەم کارە نەزانێت
نەوەك خەفەت بخوات. بەڵام بە گیانی خوداوەند و بە گیانی تۆ، وەك
هەنگاوێك بوو لەنێوان من و مەرگدا. ٤ یۆناسانیش بە داودی وت:
هەرچی دەڵێیت ئەوەت بۆ دەکەم.
٥ داود بە یۆناسانی وت: ئەوەتا سبەینێ سەری مانگە منیش دەبێت
لەگەڵ پاشا دانیشم بۆ نانخواردن، بەڵام تۆ بمنێرە و منیش خۆم
دەشارمەوە لەناو کێڵگەکەدا تا ئێوارەی ڕۆژی سێیەم، ٦ ئەگەر
باوکت بە سەری کردمەوە پێی بڵێ داود بە پەرۆشەوە داوای لێکردم
تا بۆ بەیتلەحمی شارەکەی خۆی ڕابکات، چونکە لەوێ قوربانی
ساڵانە بۆ هەموو خێڵەکە پێشکەش دەکرێت. ٧ گەر ئاوای وت: باشە.
ئەوا خزمەتکارت سەلامەت دەبێت. بەڵام گەر زۆر تووڕە بوو ئەوا
بزانە خراپەی لێدەوەشێتەوە. ٨ تۆش لەگەڵ خزمەتکارەکەدا چاکە
بکە، چونکە بە پەیمانی خوداوەند خزمەتکارەکەتت لەگەڵ خۆتدا
پێکهێناوە، گەر لەمندا تاوانێك هەبێت ئەوا خۆت بمکوژە و بۆ
دەمدەیت بە دەست باوکتەوە؟
٩ یۆناسانیش وتی: لە تۆ بەدووربێت، چونکە گەر بەڕاستی بمزانیبایە
باوکم نیازی خراپی لەگەڵتدا هەیە ئایا پێم ڕانەدەگەیاندی؟
١٠ داودیش بە یۆناسانی وت: کێ پێم ڕادەگەێنێت، یان ئەگەر باوکت
بە ڕەقی وەڵامی دایتەوە؟
١١ یۆناسانیش بە داودی وت: وەرە با بچینە دەرەوە بۆ کێڵگە. جا
هەردووکیان بە یەکەوە چوونە دەرەوە بۆ کێڵگە.
١٢ ئینجا یۆناسان بە داودی وت: خوداوەند خودای ئیسڕائیل شایەت
بێت، کە سبەینێ یان دووسبەی وەك ئەم کاتە دەمی باوکم تاقی
دەکەمەوە، جا ئەگەر بۆ داود باش بوو و منیش کەسم نەنارد بۆ لات
و ئاگادارتم نەکردەوە، ١٣ با خوداوەند ئاوا لە یۆناسان و زیاتریش
بکات، بەڵام گەر بەلای باوکمەوە چاك بوو خراپەت لەگەڵ بکات،
ئەوا من ئاگادارت دەکەمەوە و دەتنێرم وە بە سەلامەتی بڕۆ و با
خوداوەند لەگەڵتدابێت وەك چۆن لەگەڵ باوکمدابوو. ١٤ و نەك تەنها
من هێشتا زیندووبم و بەبەزەیی خوداوەندم لە گەڵدا بکەیت تا نەمرم
١٥ بەڵکو تا هەتا هەتایە بەزەییت لە گەڵ خێزانەکەمدا مەبڕە تەنانەت
تا ئەو کاتەش کە خوداوەند هەموو دوژمنەکانی داوود لە سەر
زەوی دەبڕێتەوە. ١٦ جا یۆناسان پەیمانی لەگەڵ بنەماڵەی داوددا
بەست و وتی: با خوداوەند لە لێپرسینەوە لەگەڵ دووژمنەکانی داود
بکات. ١٧ جارێکی دیکە یۆناسان داودی سوێنددا بە
خۆشەویستییەکەی بۆ ئەو، چونکە وەك خۆی خۆشیدەویست.
١٨ پاشان یۆناسان پێی وت: سبەینێ سەری مانگە و پرسیارت
دەکەن، چونکە جێگات بە تاڵ دەبێت و ١٩ لە ڕۆژی دووەمدا بە
خێرایی دابەزە و بڕۆ بۆ ئەو شوێنەی کە لە ڕۆژی کارەکەدا خۆت
تێیدا شاردەوە و لەلای بەردی ئەزێل دانیشە. ٢٠ منیش سێ تیر
دەگرمە تەنیشتی وەك ئەوەی بیگرمە نیشانێك ٢١ ئینجا
خزمەتکارەکەم دەنێرم و دەڵێم، بڕۆ ئەو تیرانە هەڵبگرەرەوە. گەر بە
خزمەتکارەکەم وت، ئەوەتا تیرەکان لەولاتەوەن، هەڵیانگرە، تۆ
وەرە، چونکە سەلامەت دەبیت و هیچ شتێك نییە، بە گیانی خوداوەند.
٢٢ بەڵام گەر بە خزمەتکارەکەم وت، ئەوەتا تیرەکان لەبەردەمتدان،
ئەوا بڕۆ، چونکە خوداوەند بەڕەڵای کردوویت. ٢٣ ئەو قسەیەش کە
من و تۆ کردمان، ئەوەتا خوداوەند تا هەتایە لە نێوان من و تۆدایە.
٢٤ پاشان داود لە کێڵگەدا خۆی شاردەوە و سەری مانگ هات و
پاشا لەسەر نان بۆ نانخواردن دانیشت و ٢٥ پاشان وەك هەموو
جارێك لە شوێنەکەی خۆی لە لای دیوارەکەوە دانیشت و یۆناسانیش
هەستا و ئەبنێر لە تەنیشت شائولەوە دانیشت، بەڵام جێگای داود
بەتاڵ بوو. ٢٦ لەو ڕۆژەدا شائول هیچی نەوت، چونکە وتی، لەوانەیە
شتێك لێی ڕوویدابێت، لەشی پاك نەبێت، دیارە لەشی پاك نییە.
٢٧ ئەوەبوو بۆ سبەینێ لە دووی مانگیشدا جێگای داود هەر بەتاڵ
بوو، شائولیش بە یۆناسانی کوڕی وت: بۆچی کوڕەکەی یەسسا
نەهاتووە بۆ نانخواردن، نە دوێنێ و نە ئەمڕۆ؟ ٢٨ یۆناسانیش
وەڵامی شائولی دایەوە: داود بە پەرۆشەوە داوای لێکردم بچێت بۆ
بەیتلەحم و ٢٩ وتی تکایە ڕێمبدە، چونکە قوربانی سەربڕاوی
خێڵەکەمان هەیە لە شارەکەدا و براکەم فەرمانی پێکردووم، جا ئێستا
گەر لەلات پەسەندم، تکایە ڕێمبدە با براکانم ببینم، لەبەر ئەوە
نەهاتووە بۆ خوانی پاشا.
٣٠ ئینجا شائول زۆر لە یۆناسان تووڕە بوو و پێی وت: هەی کوڕی
ژنە خواروخێچ و یاخیبووەکە! بۆمن نازانم بۆ شەرمەزاری خۆت و
شەرمەزاری داوێنی دایکت لایەنی کوڕەکەی یەسسات گرتووە؟
٣١ چونکە تا کوڕەکەی یەسسا لەسەر زەوی زیندووبێت، نە خۆت و
نە پاشایەتییەکەت جێگیر نابن. ئێستاش بنێرە و با بۆمی بهێنن،
چونکە پێویستە بمرێت. ٣٢ یۆناسانیش وەڵامی شائولی باوکی دایەوە
و وتی: بۆچی دەبێت بکوژرێت؟ چی کردووە؟ ٣٣ بەڵام شائول
ڕمەکەی تێگرت بۆ ئەوەی بیکوژێت. ئینجا یۆناسان زانی کە باوکی
سوورە لەسەر کوشتنی داود. ٣٤ جا یۆناسان زۆر بە تووڕەیی لەسەر
خوانەکە هەستا و لە ڕۆژی دووەمی مانگدا هیچی نەخوارد، چونکە
بۆ داود دڵتەنگ بوو، چونکە باوکی شەرمەزاریکرد.
٣٥ ئەوەبوو بۆ بەیانی یۆناسان دەرچوو بۆ شوێنەکەی داود بۆ کێڵگە
دەرچوو و خزمەتکارێکی بچووکیشی لەگەڵ بوو. ٣٦ بە
خزمەتکارەکەی وت: ڕاکە ئەو تیرانە هەڵبگرە کە من دەیانهاوێژم.
لەو کاتەدا کە خزمەتکارەکە ڕای دەکرد، تیرێکی هاوێشت و لەوی
تێپەڕاند. ٣٧ ئینجا خزمەتکارەکە گەیشتە شوێنی تیرەکە کە یۆناسان
تێیگرت، جا یۆناسان هاواری لە خزمەتکارەکە کرد و وتی: تیرەکە
لەولاتەوە نییە لە سەرەوە؟ ٣٨ ئینجا یۆناسان هاواری لە
خزمەتکارەکەی کرد و وتی: خێراکە، پەلەکە، مەوەستە!

خزمەتکارەکەی یۆناسانیش تیرەکەی هەڵگرتەوە بۆ لای گەورەکەی
گەڕایەوە. ٣٩ خزمەتکارەکەش هیچی نەدەزانی بەڵام یۆناسان و داود
بەم کارەیان دەزانی. ٤٠ ئینجا یۆناسان چەکەکەی دا بە
خزمەتکارەکەی خۆی و پێی وت: بڕۆ بیبەرەوە بۆ شار.
٤١ خزمەتکارەکە ڕۆیشت و داودیش لەلای باشوورەوە هەستا و سێ
جار لەبەردەم یۆناسان کڕنۆشی برد و لەسەر ڕوو کەوت. ئینجا
یەکتریان ماچکرد و پێکەوە گریان، بەڵام داود زیاتر گریا. ٤٢ جا
یۆناسان بە داودی وت: بڕۆ بەسەلامەتی، چونکە ئێمە هەردووکمان
سوێندمان بە ناوی خوداوەند خواردووە و وتومانە، خوداوەند بۆ
هەتاهەتایە لە نێوان من و تۆ و نەوەی من و تۆدا بێت. ئینجا هەستا
و ڕۆیشت، یۆناسانیش بۆ شارەکە گەڕایەوە.

# ٢١

١ ئینجا داود هات بۆ نوب بۆ لای ئەخیمالیکی کاهین و ئەخیمالیك کە
داودی بینی شڵەژا و پێی وت: بۆ بە تەنهایت و کەست لەگەڵدا نییە؟
٢ داودیش بە ئەخیمالیکی کاهینی وت: پاشا فەرمانی شتێکی
پێکردووم و پێی وتم، نابێت کەس هیچ شتێك لەبارەی ئەم شتەوە
بزانێت کە من تۆی بۆ دەنێرم و فەرمانم پێ کردوویت.
خزمەتکارەکانیش فلان شوێن و فلان شوێنم بۆ دیاری کردوون،
٣ ئێستاش چیت لەبەر دەستدایە؟ پێنج نان یان ئەوەی هەیە بمدەرێ.
٤ کاهینەکەش وەڵامی داودی دایەوە و وتی: نانی ئاساییم لادەست
ناکەوێت بەڵام نانی پیرۆز هەیە، بە مەرجێك خزمەتکارەکان خۆیان
پاراستبێت بەتایبەتی لە ژنان.
٥ داودیش وەڵامی کاهینەکەی دایەوە و پێی وت: ژنمان لێ
قەدەغەکراوە، لە ڕۆژی دەرچوونمەوە و کەلوپەلی خزمەتکارەکان
پیرۆزە و لە جۆرە ئاساییەکەش بێت ئەمڕۆ بە قاپە کە پیرۆز
دەکرێت. ٦ ئینجا کاهینەکە نانە پیرۆزەکەی دایێ، چونکە نان لەوێ
نەبوو جگە لە نانی تەرخانکراو کە لەبەردەم خوداوەند
بەرزکراوەتەوە تا نانی گەرم لە ڕۆژی هەڵگرتنەکەی دابنێت. ٧ لەو
ڕۆژەدا پیاوێك لە خزمەتکارەکانی شائول لەبەردەم خوداوەندا
دەستبەسەر بوو، ناوی دۆئێگی ئەدۆمی بوو، گەورەی شوانەکانی
شائول بوو. ٨ ئینجا داود بە ئەخیمالیکی وت: ئایا لێرە ڕمێك یان
شمشێرێکت لەبەردەست هەیە؟ چونکە نە شمشێرەکەم و نە چەکەکەم
لەگەڵ دەستم نەهێناوە، چونکە ئیشەکەی پاشا زۆر بەپەلەبوو.
٩ کاهینەکەش وتی: شمشێرەکەی گولیاتی فەلەستیی ئەوەی لە دۆڵی
ئێلێدا کوشتت، ئەوەتا لە جلێکەوە پێچراوە لە پشت ئێفۆدەکە، ئەگەر
ئەو دەبێت بیبە، چونکە جگە لەو هیچی دیکە لێرە نییە. داودیش وتی:
لەوە باشتر نابێت، بمدەرێ. ١٠ ئینجا داود هەستا و لەو ڕۆژەدا
لەبەردەم شائول ڕایکرد و هات بۆ لای ئەخیشی پاشای گەت. ١١ جا
خزمەتکارەکانی ئەخیش پێیان وت: ئەرێ ئەمە داود پاشای زەوی
نییە؟ ئەی بۆ ئەم نەبوو ژنان بەدەم گۆرانی و سەماوە دەیانووت:
شائول لە هەزارەکانی دا و
داودیش لە دە هەزارەکانی.
١٢ جا داود ئەم قسانەی خستە ناو دڵیەوە و زۆر لە ئەخیشی پاشای
گەت ترسا و ١٣ لەبەرچاویاندا هەڵسوکوتی خۆی گۆڕی
لەبەردەستیان خۆی شێت کرد و دەستی بە ڕووشاندنی چوارچێوەی
دەروازەکان کرد و لیك بە ڕیشیدا دەهاتە خوارەوە. ١٤ ئەخیشیش بە
خزمەتکارەکانی وت: ئەوەتا دەبینن ئەم پیاوە شێتە؟ ئیتر بۆچی
دەیهێننە لای من؟ ١٥ ئایا من پێویستم بە شێتەکانە، تا ئەمەم بۆ بهێنن
و شێتی بیگرێت لەبەردەمم، ئایا ئەمە بێتە ناو ماڵەکەمەوە؟

# ٢٢

١ پاشان داود لەوێ ڕۆیشت و دەربازبوو بۆ ئەشکەوتی عەدولام.
کاتێ براکانی و هەموو ماڵی باوکی ئەمەیان بیست، دابەزین بۆ لای
بۆ ئەوێ. ٢ جا چی پیاوی تەنگاوکراو و قەرزار و دەروون تاڵ هەیە
لێی کۆبوونەوە و ئەویش بەسەریانەوە بوو بە سەرۆك و نزیکەی
چوار سەد پیاوی لەگەڵدا بوو. ٣ ئینجا داود لەوێوە چوو بۆ میسفاتی
مۆئاب و بە پاشای مۆئابی وت: تکایە با دایك و باوکم بۆ لای ئێوە
دەرچن، تا بزانم خودا چیم بۆ دەکات. ٤ ئینجا هەردووکیانی برد بۆ
لای پاشای مۆئاب و ئەوانیش لەلایدا مانەوە بە درێژایی ئەو
ڕۆژانەی داود لە قەڵا بوو. ٥ بەڵام گادی پێغەمبەر بە داودی وت:
لە ناو قەڵادا مەمێنەوە و بڕۆ ناو زەوی یەهوزا. داودیش ڕۆیشت و
هات بۆ دارستانی خارس. ٦ ئینجا شائول بیستییەوە کە داود و ئەو
پیاوانەی لەگەڵیدان ئاشکرابوون. جا شائول لە گبعەدا لە ژێر دار
گەزێکدا لە ڕامە دانیشتبوو و ڕمەکەی بە دەستەوە بوو و سەرجەم
خزمەتکارەکانی بەدەوریدا وەستابوون. ٧ ئینجا شائول بە
خزمەتکارەکانی کە لە دەوری وەستابوون وتی: ئێستا گوێبگرن
بنیامینییەکان! ئایا کوڕەکەی یەسسا بە هەمووتان کێڵگە و ڕەزە مێو
دەدات؟ ئایا هەمووتان دەکاتە سەری هەزاران و سەری سەدان،
٨ چونکە هەموو پیلانتان دژم گێڕاوە، کەستان پەیمانی نێوان
کوڕەکەم و کوڕەکەی یەسساتان بە گوێمدا نەدا و کەستان دڵتان پێم
ناسووتێت و بە گوێمدا نادەن کە کوڕەکەم خزمەتکارەکەمی لێ
هەستاندووم تا وەك ئەمڕۆ بۆسەم بۆ بنێتەوە.
٩ ئینجا دوئێگی ئەدۆمی کە لەگەڵ خزمەتکارەکانی شائولدا
وەستابوو، وەڵامی دایەوە و وتی: کوڕەکەی یەسسام بینی بۆ نوب
دەهات، بۆ لای ئەخیمالیکی کوڕی ئەخیتوب. ١٠ ئینجا لە خوداوەند
پرسیاری بۆ کرد و تێشووی پێیدا و شمشێرەکەی گولیاتی
فەلەستیشی پێیدا. ١١ ئینجا پاشا ناردی بە دوای ئەخیمالیکی کوڕی
ئەخیتوبی کاهین و هەموو ماڵی باوکی، ئەو کاهینانەی لە نوبدا
بوون و بانگی کردن و هەموویان هاتن بۆ لای پاشا.
١٢ شائول وتی: ئێستا گوێبگرە کوڕی ئەخیتوب. ئەویش وتی:
ئەوەتام، گەورەم. ١٣ ئینجا شائول پێی وت: بۆچی خۆت و کوڕەکەی
یەسسا پیلانتان دژم گێڕا بەوەی کە نان و شمشێرت پێی داوە و لە
خودا پرسیارت بۆ کردووە تا ئەمڕۆ لێم هەستێت و بۆسەم بۆ
بنێتەوە؟
١٤ ئەخیمالیکیش وەڵامی پاشای دایەوە و وتی: جا کێ لە هەموو
خزمەتکارەکانت وەك داود دڵسۆزە، زاوای پاشا و خاوەنی نهێنیتە و
ڕێزداری ماڵەکەت؟ ١٥ ئایا ئەمڕۆ یەکەمجارە لە خودا پرسیاری بۆ
بکەم؟ لە من بەدوور بێت! با پاشا هیچ شتێك نەخاتە پاڵ
خزمەتکارەکەی و پاڵ سەرجەم ماڵی باوکی، چونکە خزمەتکارەکەت
کەم یان زۆر، هیچ شتێك لەبارەی ئەمەوە نازانێت. ١٦ بەڵام پاشا
وتی: ئەخیمالیك، خۆت و هەموو ماڵی باوکت دەبێت بمرن.
١٧ ئینجا پاشا بەو پاسەوانانەی وت کە لەدەوری وەستابوون:
بسووڕێنەوە و کاهینەکانی خوداوەند بکوژن، چونکە ئەوانیش
دەستیان لەگەڵ داوددا تێکەڵاوە، چونکە زانییان ڕایکردووە و
هەواڵیان نەدامێ. بەڵام خزمەتکارانی پاشا ڕازی نەبوون دەستدرێژ
بکەن تا لە کاهینەکانی خوداوەند بدەن.
١٨ ئینجا پاشا بە دۆئێگی وت: تۆ بسووڕێوە و لە کاهینەکان بدە.
دۆئێگی ئەدۆمیش سووڕایەوە و لە کاهینەکانی دا و لەو ڕۆژەدا
هەشتا و پێنج پیاوی ئێفۆد کەتان لەبەری کوشت و ١٩ نوبی شاری
کاهینەکانیشی دایە بەر نووکی شمشێر، پیاو و ژن و منداڵ و
شیرەخۆرە و گا و گوێدرێژ و مەڕی دایە بەر نووکی شمشێر.
٢٠ تاکە کوڕێکی ئەخیمالیکی کوڕی ئەخیتوب کە ناوی ئەبیسار بوو
دەرباز بوو و ڕای کرد بۆ لای داود. ٢١ جا ئەبیسار بە داودی

ڕاگەیاند کە شـائول کاهینەکانی خوداوەندی کوشتووە. ٢٢ داودیش بە
ئەبیسـاری وت: لەو ڕۆژەوەی کە دوئێگی ئەدۆمی لەوێ بوو زانیم
بێگومان بە شـائول ڕادەگەیەنێت. من بوومە هۆی کوشـتنی هەموو
مـاڵی بـاوکـت. ٢٣ لەگەڵ مندا بمێنەوە و مەترسـە، چونکە ئەوەی
بەدوای گیـانی منەوەیە بەدوای گیـانی تۆشـەوەیە، بەڵام لای من
پارێزراو دەبیت.

# ٢٣

١ ئینجا بە داود ڕاگەیەندرا و وترا: ئەوەتا فەلەسـتییەکان دژی قعیلە
دەجەنگێن و خەرمـانەکـان تـاڵان دەکەن. ٢ داودیش لە خوداوەندی
پرسـی و وتی: بڕۆم و لەو فەلەستییانە بدەم؟ خوداوەندیش بە داودی
فەرموو: بڕۆ لە فەلەسـتییەکـان بـدە و قعیلە ڕزگـار بکە. ٣ ئینجـا
پیاوەکانی داود پێیان وت: ئەوەتا ئێمە لێرە لە یەهوزادا دەترسـین،
ئەی ئەگەر بچین و بۆ قعیلە دژ بە ڕیزەکانی فەلەسـتییەکان؟ ٤ جا
داود دووبارە گەڕایەوە لە خوداوەندی پرسی و خوداوەندیش وەڵامی
دایەوە فەرمووی: هەسـتـە و داگەڕێ بۆ قـعـیلـە، چـونکە مـن
فەلەسـتییەکان دەدەمە دەسـت تۆوە. ٥ ئینجا داود پیاوەکانی چوون بۆ
قعیلە و دژی فەلەسـتییەکان جەنگا و مەڕوماڵاتەکانیانی ڕاماڵی و
لێدانێکی گەورەی لێدان و داود دانیشـتوانی قعیلەی ڕزگـار کرد.
٦ ئەوەبوو کە ئەبیسـاری کوڕی ئەخیمالیك ڕای کرد بۆ لای داود بۆ
قعیلە ئێفۆدێکی بە دەستەوە بوو. ٧ ئینجا بە شائول ڕاگەێنرا کە داود
هاتووە بۆ قعیلە و شـائول وتی: خودا فڕێیداوەتە ناو دەسـتم، چونکە
تێکەوت بە هاتنە ژوورەوەی بۆ ناو شـارێك کە دەرگا و پشـت بەندی
هەیە. ٨ ئینجا شائول هەموو گەلی بۆ جەنگ بانگکرد بۆ داگەڕان بۆ
قعیلە و گەمارۆدانی داود و پیاوەکانی. ٩ جا داود بەو نیازە خراپەی
شائولی زانی و بە ئەبیساری کاهینی وت: ئێفۆدەکە بهێنە.
١٠ ئینجا داود وتی: ئەی خوداوەند خودای ئیسـڕائیل، خزمەتکارت
بەتەواوی بیسـتوویەتی کە شـائول دەیەوێت بۆ قعیلە بێت تا بەهۆی
منەوە شارەکە کاول بکات. ١١ ئایا خەڵکی قعیلە دەمدەن بە دەستیەوە؟
ئـایـا شـــائول هەروەك خزمەتکـارت بیسـتویەتی دادەگەڕێـت؟
خوداوەندیش فەرمووی: دادەگەڕێت. ١٢ ئینجا داود وتی: ئایا خەڵکی
قعیلە من و پیاوەکانم دەدەنە دەست شائولەوە؟ خواوەندیش فەرمووی:
دەتاندەن بەدەستەوە.
١٣ جا داود و پیاوەکانی کە نزیکەی شەش سەد پیاو دەبوون هەستان
و لە قعیلە دەرچوون و بۆ هەرکوێ چوون. جا بە شائول ڕاگەیەندرا
کە داود لە قعیلە دەربـازبووە، ئیتر وازی لە دەرچوون هێنـا.
١٤ داودیش لە چۆڵەوانی لە قەڵاکاندا مایەوە و لە چیادا لە چۆڵەوانی
زیف مایەوە و شـائولیش هەموو ڕۆژان بە دوایەوە بوو، بەڵام خودا
نەیدا بە دەستییەوە .١٥ ئینجا داود بینی کە شـائول هاتووتە دەرەوە بۆ
بە دواکەوتنی و داودیش لە چۆڵەوانی زیف لە دارستاندا بوو.
١٦ جا یۆناسـانی کوڕی شـائول هەسـتا و چوو بۆ لای داود بۆ
دارسـتانەکە ورەی بەرزکردەوە بە خودا و ١٧ پێی وت: مەترسـە
چونکە دەستی شائولی باوکم ناتگاتێ و تۆش دەبیت بە پاشا بەسەر
ئیسـڕائیلەوە و منیش دووەم کەس دەبم و تەنانەت شـائولی باوکیشـم
ئەمە دەزانێـت. ١٨ ئینجـا هەردووکیـان پەیمـانێکیـان لەبەردەم
خوداوەندا بەسـت و داود لە دارسـتانەکەدا مایەوە و یۆناسـانیش
گەڕایەوە بۆ ماڵەکەی خۆی.
١٩ پاشـان زیفییەکان سـەرکەوتن بۆ لای شـائول بۆ گبعە و وتیان:
ئـایا داود لەلای ئێمە لە نـاو قەڵاکانی دارسـتـان لە گردی حەخیلە
ئەوەی بەلای ڕاستی یەشیمۆنە خۆی نەشاردۆتەوە؟ ٢٠ ئێستاش ئەی
پاشا چۆن ئارەزوو دەکەیت بۆ دابەزین، دابەزە و ئێمەش لەسەرمانە
بیدەین بەدەسـت پـاشـاوە. ٢١ شـائولیش پێی وتن: ئێوە لە لای
خوداوەندەوە پیرۆزن، چونکە بەزەییتان پێمدا هاتەوە، ٢٢ ئێستا بڕۆن
و دووبارە دەڵنیابن و بزانن و تەماشـای ئەو جێگایە بکەن کە لێی
دەبێـت و کێ لەوێ بینیویەتی، چونکە پێم وتراوە زۆر زۆرزانە.
٢٣ جا تەماشـابکەن و هەموو ئەو حەشـارگانەی کە خۆی تێیاندا
حەشـار دەدات بزانن و بە دڵنیاییەوە بگەڕێنەوە بۆ لام و ئینجا منیش
لەگەڵتاندا دێم و ئەگەر لە زەوییەکەدا بێت، ئەوا بەهەموو هەزارانی
یەهوزا بەدوایدا دەگەڕێم. ٢٤ ئینجا هەستان و لەپێش شائولەوە چوون
بۆ زیف و لەو کاتەدا داود و پیاوەکانی لە چۆڵەوانی مەعون بوون،
لە دەشـتەکە بەلای ڕاسـتی یشـیمۆن. ٢٥ ئینجا شـائول و پیاوەکانی
چوون بۆ پشـکنین و بە داودیش ڕاگەیەندرا و داگەڕا بۆ بەردەکە و
لە چۆڵەوانی مەعوندا مایەوە و شائولیش ئەمەی بیست و دوای داود
کەوت بۆ چۆڵەوانی مەعون. ٢٦ جا شـائول بەملای چیاکەدا ڕۆیشـت
و داود و پیاوەکانیشی خەریکبوو بەولای چیاکەدا ڕۆیشتن و داود لە
ڕۆیشتن لەبەردەم شائولدا هەڵدەهات و شائول و پیاوەکانیشی داود و
پیاوەکانیان گەمارۆ دەدا تا دەستبەسەریان بکەن. ٢٧ ئینجا نێردراوێك
هات بۆ لای شـائول و وتی: خێراکە و وەرە، چونکە فەلەسـتییەکان
هاتوونەتە ناو خاکەکەوە. ٢٨ جا شـائول لە ڕاونانی داود گەڕایەوە و
چوو بۆ بەرەنگاربوونەوەی فەلەسـتییەکان . لەبەرئەوە ئەو شـوێنە
نـاونرا بەردی مەخلەقوت[أ] . ٢٩ ئینجـا داود لەوێوە سـەرکەوت و لە
قەڵاکانی عەین گدیدا مایەوە.

# ٢٤

١ پاش ئەوەی شـائول لە ڕاونانی فەلەسـتییەکان گەڕایەوە پێیان
ڕاگەیاند و وترا: ئەوەتا داود لە چۆڵەوانی عەین گدیدایە.
٢ جا شائول سێ هەزار پیاوی هەڵبژاردەی لە هەموو ئیسڕائیلدا برد
و چوو بۆ گەڕان بەدوای داود و پیاوەکانی لەسـەر بەردەکانی بزنە
کێوییەکان .٣ ئینجا هاتە لای پەرژینە مەڕەکان لەسـەر ڕێگاکە و
لەوێدا ئەشکەوتێکی لێ بوو و شائول چووە ژوورەوە تا دەست بەئاو
بگەیەنێـت و داود و پیـاوەکـانیشـی لە قوڵایی ئەشـکەوتەکەدا
دانیشـتبوون. ٤ ئینجا پیاوەکانی داود پێیان وت: ئەوە ئەو ڕۆژەیە کە
خوداوەند پێی وتی، من دوژمنەکانت دەدەم بەدەسـتتەوە تۆش ئەوی
پێت باشـە پێیانی دەکەیت. داودیش هەسـتا و بە دزییەوە لایەکی
عەباکەی شـائولی بڕی. ٥ ئەوە بوو پاش ئەمە، دڵی داود ئازاریدا
لەسەر دڕینی عەباکەی شائول. ٦ جا بە پیاوەکانی وت: لەمن بەدوور
بێت لە خوداوەندەوە ئەگەر ئەم کارە بە گەورەکەم بە دەستنیشانکراوی
خوداوەند بکەم و دەستی بۆ درێژ بکەم، چونکە ئەو دەستنیشانکراوی
خوداوەندە. ٧ ئینجا داود بەم قسـانە پیاوەکانی سـەرزەنشـت کرد و
ڕێگای پێ نەدان بۆ سەر شائول هەستن، شائولیش لە ئەشکەوتەکە
هەستا و ڕێگای خۆی گرتەبەر.
٨ ئینجا داود پاش ئەمە هەستا و لە ئەشکەوتەکە دەرچوو و بە دوای
شـائولدا هاواریکرد و وتی: گەورەم پاشـا. جا کە شـائول ئاوڕیدایەوە
بۆ دواوە، داود سەری بەرەو زەویەکە داگرت و کڕنۆشی برد.
٩ ئینجا داود بە شـائولی وت: بۆچی گوێ لە قسـەی خەڵك دەگریت،
ئەوانەی دەڵێن، ئەوەتا داود خراپەی تۆی دەوێت؟ ١٠ ئەوەتـا ئەمڕۆ
بە چـاوەکـانی خۆت ببینیـت کە چۆن خوداوەنـد ئەمڕۆ تۆی لەو
ئەشکەوتەدا دایە دەستم و پێم وترا، کە بتکوژم بەڵام من بەزەیم پێتدا
هـاتەوە و وتم، دەسـتم بۆ گەورەم درێژ نـاکەم، چونکە ئەو
دەسـتنیشـانکراوی خوداوەندە. ١١ تەماشـاکە باوکە، تەماشـا دامێنی
عەباکەت بەدەستمەوە، من دامێنی عەباکەتم دڕی بەڵام نەمکوشتیت،
بزانە و ببینە کە من هیچ خراپە و یاخیبوونم نییە و گوناهم دەرهەق

---

[أ] ٢٣ : ٢٨ وشەیەکی عیبرییە بە مانای بەردی لووسی.

نەکردوویت، کەچی تۆ ڕاوی گیانی من دەکەیت بۆ ئەوەی بیبەیت.
١٢ خوداوەند دادوەریمان لە نێواندا دەکات و خوداوەند تۆڵەی منت لێ
دەکاتەوە، من دەستت لێ بەرز ناکەمەوە، ١٣ هەروەك پەندی پێشینان
دەڵێت:
لە خراپەکارانەوە خراپە دەردەچێت،
بەڵام من دەستت لێ بەرزناکەمەوە. ١٤ پاشای ئیسڕائیل دوای کێ
کەوتووە؟ تۆ دوای کێ کەوتوویت ڕاودەنێیت؟ دوای سەگێکی تۆپیو؟
دوای کێچێك؟ ١٥ با خوداوەند ببێت بەدادپەرست و دادوەری لەنێوان
من و تۆدا بکات و تەماشا بکات و مشتومڕ بۆ داواکەم بکات و لە
دەستت دەربازم بکات.
١٦ ئەوەبوو کە داود لەم قسانە بووەوە لەگەڵ شائول، شائول وتی:
داود کوڕم، ئەمە دەنگی تۆیە؟ ئینجا شائول دەنگی بەرزکردەوە و
گریا و ١٧ بە داودی وت: تۆ لە من ڕاستودروستتری، چونکە تۆ بە
چاکە پاداشتت دامەوە، منیش بە خراپە. ١٨ هەروەها ئەمڕۆ تۆ
دەرتخست کە چاکەت لەگەڵدا کردووم، چونکە خوداوەند منی دایە
دەستتەوە، بەڵام تۆ نەتکوشتم. ١٩ چونکە گەر پیاو دوژمنەکەی
دەستبکەوێت، ئایا بەرەو ڕێگای باش بەڕەڵای دەکات؟ با خوداوەند
پاداشتی چاکەت بداتەوە بۆ ئەوەی ئەمڕۆ لەگەڵ مندا
کردت. ٢٠ ئێستاش ئەوەتا من زانیم تۆ دەبیت بە پاشا و بەدەستی تۆ
پاشایەتی دادەمەزرێت. ٢١ ئێستا بە خوداوەند سوێندم بۆ بخۆ کە
دوای خۆم نەوەکەم نابڕیتەوە و ناویشم لە ماڵی باوکمدا ناسڕیتەوە.
٢٢ ئینجا داود سوێندی بۆ شائول خوارد و شائولیش بۆ ماڵەکەی
خۆی گەڕایەوە و داود و پیاوەکانیشی بۆ قەڵاکە سەرکەوتن.

# ٢٥

١ پاشان سامۆئێل مرد و هەموو ئیسڕائیل کۆبوونەوە و شیوەنیان بۆ
گێڕا و لە ماڵەکەی خۆیدا لە ڕامە ناشتیان و داود هەستا و بۆ
چۆڵەوانی فاران داگەڕا.
٢ پیاوێك هەبوو لە مەعۆن کاروکاسبیەکەی لە کەرمل بوو، پیاوێکی
زۆر گەورەبوو، سێ هەزار سەرمەڕ و هەزار بزنی هەبوو و کاتی
بڕینەوەی مەڕەکانی بوو لە کەرملدا. ٣ پیاوەکە ناوی نابال بوو و
ژنەکەشی ئەبیگایل، ژنێکی تێگەیشتوو و ڕوخسار جوان بوو، بەڵام
پیاوەکە دڵ ڕەق و بەد ڕەفتار بوو و کالێبی بوو. ٤ جا داود لە
چۆڵەوانیدا بیستی کە نابال مەڕەکانی دەبڕێتەوە. ٥ ئینجا داود دە
خزمەتکاری نارد و داود بە خزمەتکارەکانی وت: سەرکەون بۆ
کەرمل و بڕۆن بۆ لای نابال و بە ناوی منەوە سڵاوی لێبکەن و
٦ ئاوا بڵێن، تەمەن درێژ بیت و خۆت و خاوخێزانت سەلامەت بن و
هەرچیت هەیە سەلامەت بێت! ٧ ئێستا بیستوومە کە مەڕبڕەوەکان
لەلاتن، کاتێ شوانەکانت لەگەڵمان بوون ئازارمان نەدان و هیچیان
لێ بزرنەبوو، بە درێژایی ئەو ڕۆژانەی لە کەرملدابوون. ٨ لە
خزمەتکارەکانت بپرسە ئەوان پێت دەڵێن. لەبەرئەوە با ئەم
خزمەتکارانە پەسەند بن لەلات، چونکە لە ڕۆژێکی چاکدا هاتووین،
جا ئەوەی لە دەستت دەردەچێت بیدە بە خزمەتکارەکانت و بە داودی
کوڕت. ٩ ئینجا خزمەتکارەکان هاتن و بەناوی داودەوە هەموو ئەم
قسانەیان پێی وت و بێدەنگبوون. ١٠ نابالیش وەڵامی خزمەتکارەکانی
داودی دایەوە و وتی: داود کێیە و کوڕی یەسسا کێیە؟ لەم ڕۆژانەدا
زۆربوون ئەو خزمەتکارانەی هەریەکە و لەبەردەم گەورەکەی
هەڵدێت. ١١ ئایا نان و ئاو و سەربڕاوەکەم کە بۆ مەڕبڕەکانم
سەربڕیوە ببەم و بیدەم بە خەڵکێك کە نازانم خەڵکی کوێن؟ ١٢ ئینجا
خزمەتکارەکانی داود وەرگەڕان بۆ ڕێگاکەیان و گەڕانەوە و هاتن
و هەموو ئەو قسانەیان پێی ڕاگەیاند. ١٣ داودیش بە پیاوەکانی وت:
با هەریەکە و شمشێرەکەی لە خۆی ببەستێت. جا هەریەکە و
شمشێرەکەی لە خۆی بەست و داودیش شمشێرەکەی لە خۆی بە
ست. نزیکەی چوار سەد پیاو بە دوای داودەوە سەرکەوتن و دوو
سەد کەسیش لای کەلوپەلەکان مانەوە. ١٤ ئینجا یەکێك لە
خزمەتکارەکان بە ئەبیگایلی ژنی نابالی ڕاگەیاند و وتی: ئەوەتا داود
چەند نێردراوێکی نارد لە چۆڵەوانییەوە بۆ پیرۆزبایی کردن لە
گەورەمان ئەویش بەڕوویاندا تەقییەوە، ١٥ ئەو پیاوانەش چاکەی
زۆریان بۆمان بووە و نە ئازاردراوین و نە هیچمان لێ بزربووە بە
درێژایی ئەو ڕۆژانەی لەگەڵیاندا هاتووچۆمان کردووە کە لەگەڵیان
بووین لە کێڵگە. ١٦ هەموو ئەو ڕۆژانەی کە تێیدا لە گەڵیاندا بووین
و مەڕمان دەلەوەڕاند، شەو و ڕۆژ شووورای دەرمان بوون.
١٧ ئێستاش بزانە و ببینە چی دەکەیت، چونکە خراپە بۆ گەورەمان و
بۆ ماڵەکەی ئامادەکراوە و ئەو کابرایەکی سووك و چروکە و قسەی
لەگەڵدا ناکرێت. ١٨ ئەبیگایلیش بەپەلە دوو سەد نان و دوو مەشکە
مەی و پێنج مەڕی ئامادەکراو و پێنج پێوانە قەرەخەرمان و سەد
هێشووە مێووژ و دووسەد نانە هەنجیری برد و لە گوێدرێژەکانی
بارکرد و ١٩ بە خزمەتکارەکانی وت: لە پێشمەوە بپەڕنەوە و وا
منیش لە دواتانەوە دێم. بە نابالی مێردیشی نەوت. ٢٠ جا کاتێ کە
سواری گوێدرێژەکە ببوو و لەژێر دامێنی چیاکەدا دادەبەزی، بینی
وا داود و پیاوەکانی بەرەوڕووی دێنە خوارەوە، جا تووشیان بوو.
٢١ داود وتی: بێ سوود هەموو شتەکانی ئەو پیاوەم لە چۆڵەوانیدا
پاراست و هیچ بزرنەبوو لە هەموو ئەوەی هی ئەو بوو، کەچی لە
جیاتی چاکە خراپەم دەداتەوە. ٢٢ خودا ئاوا بە دوژمنەکانی داود
دەکات و زیاتریش، ئەگەر تا بەرەبەیان نێرینەم هێشتەوە لە هەموو
ئەوەی هی ئەوە. ٢٣ کاتێ ئەبیگایل داودی بینی بەپەلە لە گوێدرێژەکە
دابەزی و لەبەردەم داوددا بەسەر ڕوو کەوت و بەرەو زەوی
کڕنۆشی برد و ٢٤ کەوت بەسەر قاچیدا و وتی: ئەم تاوانە با لەسەر
من بێت و با کارەکەرەکەت لە گوێتدا قسە بکات و گوێ لە
کارەکەرەکەت بگرە. ٢٥ تکایە با گەورەم دڵی خۆی بەو پیاوە سووك
و چروکەوە، بە نابالەوە خەریك نەکات، چونکە ناوی بە خۆیەوەیە و
ناوی نابالە و گێلێتی لەلای ئەوە. منیش کارەکەرتم و ئەو
خزمەتکارانەی تۆم نەبینی کە ناردبووتن. ٢٦ ئێستاش گەورەم، تو
گیانی خوداوەند و تو گیانی خۆت، کە خوداوەند ڕێگای لێ گرتووی
لە خوێن ڕشتن و تۆڵەسەندنەوە بە دەستی خۆت، ئێستا با
دوژمنەکانت وەك نابالیان لێبێت لەگەل هەموو ئەوانەی داوای
خراپەت بۆ دەکەن. ٢٧ ئێستاش ئەم بەرەکەتەی کەنیزەکەت هێناوێتی
بۆ گەورەم با بەو خزمەتکارانە بدرێت کە لەدوای گەورەمەوە
دەڕۆن. ٢٨ هەروەها لە یاخیبوونی کارەکەرەکەت خۆشبە، چونکە
خوداوەند ماڵێکی ئاسوودە بۆ گەورەم دروست دەکات، چونکە
گەورەم جەنگەکانی خوداوەند دەجەنگێت و بەدرێژایی ڕۆژانت
خراپەت تێدا بەدینەکراوە .٢٩ کەچی پیاوێك ڕاستبووەتەوە و
ڕاوتدەنێت و داوای گیانت دەکات، بەڵام گیانی گەورەم با لەگەڵ
خوداوەند خودات لە چەپکێکدا پێچرابێتەوە و گیانی دوژمنانیشت با
لەناو لەپی بەردەقانیەوە تووڕبدرێن .٣٠ هەروها کاتێ کە خوداوەند
هەموو ئەو چاکەیەی سەبارەت بە تۆ فەرموویەتی دەیکات و دەتکات
بە سەرۆکی ئیسڕائیل، ٣١ با ئەمە نەبێت بە دڵەڕاوکێ و ساتمەکردنی
دڵی گەورەکەم کە خوێنێکی بەخۆڕایت ڕشتووە یان گەورەم تۆڵەی
خۆی کردووەتەوە. جا کە خوداوەند چاکەی لەگەڵ گەورەمدا کرد،
کارەکەرەکەت لە بیر بێت.
٣٢ داودیش بە ئەبیگایلی وت: پیرۆزە خوداوەند خودای ئیسڕائیل،
ئەوەی ئەمڕۆ ناردتی بۆ پێشوازی کردنم. ٣٣ هەروەها پیرۆزە
زیرەکیت و خۆشت پیرۆزیت کە ئەمڕۆ منت لە خوێن ڕشتن و
تۆڵەسەندنەوە بە دەستی خۆم گێڕایەوە. ٣٤ بەڵام بەگیانی خوداوەند
خودای ئیسڕائیل ئەوەی نەیهێشت خراپەت لەگەڵ بکەم، گەر
دەستپێشخەریت نەکردایە و نەهاتیتایە بۆ پێشوازی کردنم تا
ڕووناکی بەرەبەیان نێرێکم بۆ نابال نەدەهێشتەوە. ٣٥ ئینجا ئەوەی
بۆی هێنابوو داود لە دەستی وەرگرت و پێی وت: بەسەلامەتی

سەرکەوە بۆ ماڵەکەت و ببینە من گوێم لێ گرتیت و ڕێزم لێ
گرتیت.
٣٦ پاشان ئەبیگایل هاتەوە لای نابال و بینی ئەوەتا لە ماڵەکەیدا خوان
ئامادەکراوە وەك خوانی پاشا و نابال دڵخۆش بوو زۆر مەست بوو.
جا تا ڕووناکی بەرەبەیان، نە کەم و نە زۆر هیچ شتێکی بۆ
نەگێڕایەوە. ٣٧ ئەوەبوو بۆ بەیانی کاتێ مەیەکە نابالی بەردا،
ژنەکەی ئەو قسانەی بۆ گێڕایەوە، جا دڵی لەناو سنگیدا مرد و وەك
بەردی لێهات. ٣٨ ئیتر نزیکەی دوای دە ڕۆژ خوداوەند لە نابالی دا و
مرد.
٣٩ ئینجا کاتێ داود بیستیەوە کە نابال مردووە، وتی: پیرۆزە
خوداوەند کە مشتومڕی بۆکردم لە کێشەکەم لەو سووکایەتییەی لە
لایەن نابالەوە پێمکرا و خزمەتکارەکەی لە خراپە گێڕایەوە و
خوداوەند خراپەکەی نابالی بەسەریدا دایەوە. ئینجا داود ناردی و
لەگەڵ ئەبیگایلدا قسەیکرد تا ببێت بە ژنی. ٤٠ جا خزمەتکارەکانی
داود هاتن بۆلای ئەبیگایل لە کەرمل و پێیان وت: داود ئێمەی بۆلات
ناردووە تا بتکات بە ژنی خۆی. ٤١ ئەویش هەستا و بەسەر ڕوویدا
کڕنۆشی برد و وتی: ئەوەتا کارەکەرەکەت کەنیزەیە بۆ شووشتنی
پێی خزمەتکارەکانی گەورەم. ٤٢ ئینجا ئەبیگایل بەپەلە هەستا و
سواری گوێدرێژێك بوو پێنج کچە کارەکەریش لەگەڵ پێیدا ڕۆیشتن
و دوای نێردراوەکانی داود کەوت و بوو بە ژنی. ٤٣ هەروەها داود
ئەخینوعەمی یەزرەعیلی هێنا، جا هەردووکیان بوون بە ژنی.
٤٤ شاولیش میکالی کچی کە ژنی داود بوو بە فەلتی کوڕی لایش دا
کە خەڵکی گەلیم بوو.

# ٢٦

١ ئینجا زیفییەکان هاتن بۆ لای شائول بۆ گبعە و وتیان: ئایا داود لە
گردی حەخیلەی بەرامبەر بە یشمۆن خۆی نەشاردۆتەوە؟ ٢ شائولیش
هەستا و بۆ چۆڵەوانی زیفدا گەڕا و سێ هەزار پیاوی هەڵبژاردەی
ئیسرائیلیشی لەگەڵدابوو تا لە چۆڵەوانی زیفدا بە دوای داود
بگەڕێت. ٣ ئینجا شائول لە گردی حەخیلە کە بەرامبەر بە یشیمۆنە
لەسەر ڕێگاکە هەواری هەڵدا و داودیش لە چۆڵەوانیەکەدا مایەوە و
بینی وا شائول بە دوایدا بۆ چۆڵەوانی هاتووە. ٤ جا داود چەند
سیخوڕێکی نارد و بەدڵنیاییەوە زانی کە شائول هاتووە. ٥ ئینجا داود
هەستا و هات بۆ ئەو شوێنەی شائول هەواری هەڵداوە و داود
سەیری ئەو شوێنەی کرد کە شائول و ئەبنێری کوڕی نێری
سەرکردەی سوپاکەی تێیدا پاڵکەوتبوون. شائول لەلای مەتەرێزێکەوە
پاڵکەوتبوو و گەلیش لە چواردەوریدا دامەزرابوون.
٦ ئینجا داود وەڵامی دایەوە و بە ئەخیمالیکی حیتی و بە ئەبیشای
کوڕی چڕوویەی برای یوئابی وت: کێ لەگەڵمدا بۆ لای شائول بۆ
ناو ئۆردوگاکە دێتە خوارەوە؟ ئەبیشایش وتی: من لەگەڵتدا دێمە
خوارەوە. ٧ ئینجا داود و ئەبیشای بە شەو هاتن بۆ لای گەل و بینییان
ئەوەتا شائول لەلای مەتەرێزەکەوە پاڵکەوتووە و نووستووە و
ڕمەکەشی لە زەویدا لەلای سەریەوە چەقیبوو و ئەبنێر و گەلیش لە
چواردەوریدا پاڵکەوتبوون. ٨ ئینجا ئەبیشای بە داودی وت: ئەمڕۆ
خودا دوژمنەکەتی داوە بەدەستەوە، ئێستاش لێمگەڕێ با بە یەك ڕم
لێدان بەزەویدا بچەقێنم و لێی دووبارە ناکەمەوە. ٩ بەڵام داود بە
ئەبیشای وت: لەناوی مەبە، چونکە کێ دەستی بۆ دەستنیشانکراوی
خوداوەند درێژکردووە و بێتاوان بووە؟
١٠ هەروەها داود وتی: بەگیانی خوداوەند، یان خوداوەند خۆی
لێیدەدات یان ڕۆژی دێت و دەمرێت یان دەچێت بۆ جەنگ و
تیادەچێت. ١١ لە لایەن خوداوەندەوە لە من بەدووربێت کە دەست بۆ
دەستنیشانکراوی خوداوەند درێژ بکەم. ئێستاش ڕمەکە و
گۆزەئاوەکەی لای سەری بهێنە و با بڕۆین. ١٢ ئینجا داود ڕمەکە و
گۆزەئاوەکەی لای سەری شائولی برد و ڕۆیشتن و کەس نەیبینی و
نەیزانی ئاگادار نەبوو، چونکە هەموویان نووستبوون و خوداوەند
خستبوونیە خەوێکی قووڵەوە.
١٣ پاشان داود پەڕییەوە بۆ بەری ئەوبەر و لە دوورەوە لەسەر
لووتکەی چیایەکە وەستا و ماوەی نێوانیان زۆربوو. ١٤ ئینجا داود
بانگی سوپاکە و ئەبنێری کوڕی نێر کرد و وتی: وەڵام نادەیتەوە
ئەبنێر؟ ئەبنێریش وتی: تۆ کێیت بانگی پاشا دەکەیت؟ ١٥ داودیش بە
ئەبنێری وت: ئایا تۆ پیاو نیت و کەسیش نییە لە ئیسرائیلدا وەك تۆ
بێت؟ ئەی بۆچی گەورەی خۆت پاشات نەپاراست، چونکە یەکێك لە
گەل هات تا پاشای گەورەت لە ناو ببات. ١٦ ئەوەی تۆ کردت باش
نەبوو. بەگیانی خوداوەند ئێوە ڕۆڵەی مەرگن، چونکە پارێزگاریتان
لە گەورەتان لە دەستنیشانکراوی خوداوەند نەکرد. ئێستاش سەیرکە
کوا ڕمەکەی پاشا و ئەو گۆزەئاوەی لە لای سەریەوە بوو؟
١٧ ئینجا شائول دەنگی داودی ناسییەوە و وتی: داود کوڕم، ئەوە
دەنگی تۆیە؟ داودیش وتی: دەنگی منە گەورەم پاشا. ١٨ ئینجا وتی:
بۆچی گەورەم خزمەتکارەکەی ڕاو دەنێت، چونکە من چیم کردووە
و چ خراپەیەکم بە دەستەوەیە؟ ١٩ ئێستاش با گەورەم پاشا گوێ لە
قسەی خزمەتکارەکەی بگرێت، گەر خوداوەند دژ بە من هانیداویت،
با دیاریم لێ وەرگرێت و ئەگەر ئادەمیزادیشن با نەفرەت لێکراوبن
لەبەردەم خوداوەند، چونکە ئەمڕۆ منیان دەرکردووە لە هاتنە ناو
ڕیزی بەشی خوداوەند و پێم دەڵێن بڕۆ خوداکانی تر بپەرستە.
٢٠ ئێستاش با خوێنم نەکەوێتە سەر زەوی لەبەردەم ڕووی خوداوەند،
چونکە پاشای ئیسرائیل بە دوای کچێکدا هاتۆتەدەرەوە، وەك یەکێك
ڕاوی کەوێك بنێت لە چیاکاندا.
٢١ ئینجا شائول وتی: من گوناهم کرد، داود کوڕم، بگەڕێوە، چونکە
ئیتر خراپەت لەگەڵدا ناکەم، پاش ئەوەی ئەمڕۆ گیانی من لەلای تۆ
بەنرخ بوو، ئەوەتا من گێلیم کرد و زۆر گومڕابووم. ٢٢ داودیش
وەڵامی دایەوە و وتی: ئەوە ڕمەکەی پاشایە، با یەکێك لە
خزمەتکارەکان بپەڕێتەوە و بیبات. ٢٣ خوداوەندیش پاداشتی هەر
پیاوێك بەپێی ڕاستودروستی و دەستپاکییەکەی دەداتەوە، چونکە
ئەمڕۆ خوداوەند تۆی بەدەستمەوە دا، بەڵام نەمویست دەست بۆ
دەستنیشانکراوی خوداوەند درێژ بکەم. ٢٤ ئەوەتا وەك چۆن ئەمڕۆ
گیانت مەزن بوو لەلام، با گیانی منیش لە لای خوداوەند مەزن بێت
و لە هەموو تەنگانەیەك فریام بکەوێت. ٢٥ ئینجا شائول بە داودی
وت: کوڕم داود، تۆ پیرۆزیت، چونکە تۆ کاری گەورە دەکەیت و
سەردەکەویت. ئینجا داود ڕێگای خۆی گرتەبەر و شاولیش بۆ
شوێنەکەی خۆی گەڕایەوە.

# ٢٧

١ ئینجا داود لە دڵی خۆیدا وتی: بێ گومان ڕۆژێك بە دەستی شائول
دەفەوتێم، لەبەرئەوە باشترین شت بۆمن ئەوەیە بۆ خاکی
فەلەستییەکان دەربازبم و ئیتر شائول نا ئومێد دەبێت لە گەڕان
بەدوامدا لە هەموو سنوورەکانی ئیسرائیل و منیش لە دەستی
دەربازدەبم. ٢ جا داود هەستا و خۆیی و ئەو شەش سەد پیاوەی
لەگەڵیدابوون پەڕینەوە بۆ لای ئەخیشی کوڕی مەعوکی پاشای
گەت. ٣ ئینجا داود لەلای ئەخیش لە گەت مایەوە، خۆیی و پیاوەکانی،
هەریەکە و خێزانەکەی خۆی لەگەڵی بوو، داودیش هەردوو
ژنەکەی، ئەخینوعەمی یەزرەعیلی و ئەبیگایلی ژنەکەی نابالی
کەرملی. ٤ جا بە شائول ڕاگەیەندرا کە داود بۆ گەت ڕایکردووە،
ئیتر ئەویش بەدوایدا نەگەڕا.
٥ ئینجا داود بە ئەخیشی وت: ئەگەر پەسەندم لەلات، با لە یەکێك لە
گوندەکانی کێڵگەدا شوێنێکم بدەنێ و لەوێ نیشتەجێ دەبم، بۆچی
خزمەتکارەکەت لەناو شاری پاشایەتیدا لەگەڵت نیشتەجێ بێت؟

٦ لەبەرئەوە لەو ڕۆژەدا ئەخیش چەقلەگی پێیدا، بۆیە لەو ڕۆژەوە
چەقلەگ بۆ پاشاکانی یەهوزا بوو تا ئەمڕۆش. ٧ ژمارەی ئەو
ڕۆژانەش کە داود تێیدا لە وڵاتی فەلەستییەکاندا نیشتەجێ بوو،
ساڵێك و چوار مانگ بوون. ٨ ئینجا داود و پیاوەکانی سەرکەوتن و
پەلاماری گشوری و گریزی و عەمالیقەکانیان دا، چونکە ئەمانە لە
کۆنەوە دانیشتووی خاکەکە بوون، لەلای شورەوە تا خاکی میسر.
٩ جا داود لە خاکەکەی دا و نە پیاو و نە ژنی بە زیندووی نەهێشتەوە
و مەڕ و مانگا و گوێدرێژ و حوشتر و جلوبەرگی برد و گەڕایەوە
و هات بۆ لای ئەخیش. ١٠ ئەخیشیش وتی: دیارە ئەمڕۆ هیچ
پەلامارتان نەداوە؟ داودیش وتی: بەڵێ، بەسەر باشووری یەهوزا و
باشووری یەرحەمئیلیەکان و باشووری قینییەکاندا. ١١ جا داود نە
پیاو و نە ژنی بە زیندوویی نەدەهێشتەوە تا بۆ گەت بێن، چونکە
وتی: نەوەك لە گەت ڕابگەیەنن داود ئەمەی کردووە. ئەمە پیشەی
هەموو ڕۆژانی مانەوەی بوو لە خاکی فەلەستییەکان. ١٢ ئەخیش
بڕوای بە داود کرد و وتی: داود لای گەلەکەی خۆی ئیسرائیل بە
تەواوی قێزەون بووە، جا تا هەتایە دەبێتە خزمەتکارم.

# ٢٨

١ ئەوەبوو لەو ڕۆژانەدا فەلەستییەکان سوپاکانیان بۆ جەنگ کردن
دژی ئیسرائیل کۆکردەوە، جا ئەخیش بە داودی وت: بێ گومانبە
خۆت و پیاوەکانت لە سوپاکەدا لەگەڵ من دەردەچن. ٢ داودیش بە
ئەخیشی وت: جا دەزانیت خزمەتکارەکەت چی دەکات. ئەخیشیش بە
داودی وت: لەبەرئەوە هەموو ڕۆژان دەتکەم بە پاسەوانی سەرم.
٣ ساموئێلیش مرد و هەموو ئیسرائیل شیوەنیان بۆ گێڕا و لە ڕامە
لە شارەکەی خۆیدا ناشتیان. شائولیش هەموو خاوەن جنۆکە و ڕۆح
ئامادەکارەکانی لە خاکەکە دوور خستبوونەوە.
٤ فەلەستییەکان کۆبوونەوە و هاتن و لە شونەمدا دامەزران و
شائولیش هەموو ئیسرائیلی کۆکردەوە و لە گلبۆعدا دامەزران. ٥ جا
شائول کە سوپای فەلەستییەکانی بینی ترسا و دڵی زۆر شڵەژا.
٦ ئینجا شائول پرسیاری لە خوداوەند کرد، بەڵام خوداوەند نە بە
خەوبینین و نە بە ئۆریم و نە بە پێغەمبەرەکان وەڵامی نەدایەوە.
٧ لەبەرئەوە شائول بە خزمەتکارەکانی وت: بە دوای ژنێکی خاوەن
جنۆکەدا بگەڕێن بۆم، تا بڕۆم بۆ لای و پرسیاری لێ بکەم.
خزمەتکارەکانیشی پێیان وت: ئەوەتا ژنێکی خاوەن جنۆکە لە عەین
دوور هەیە. ٨ ئینجا شائول دەموچاوی خۆی گۆڕی و جلێکی تری
لەبەرکرد و خۆی و دوو پیاو لەگەڵی چوون و بە شەو هاتن بۆ لای
ژنەکە و پێی وت: تکایە بەهۆی جنۆکەوە ئەستێرەناسیم بۆ بکە و ئەو
کەسەم بۆ سەرخە کە پێتی دەڵێم. ٩ ژنەکەش پێی وت: ئەوەتا خۆت
دەزانیت شائول چی کردووە و چۆن خاوەن جنۆکە و ڕۆح
ئامادەکارەکانی لە خاکەکە بڕیوەتە، ئیتر بۆچی تەڵەم بۆ دەنێیتەوە تا
بکوژرێم؟ ١٠ شائولیش بە خوداوەند سوێندی بۆ خوارد و وتی: بە
گیانی خوداوەند لەم کارەدا هیچ تاوانێکت نادرێتە پاڵ. ١١ ئینجا ژنەکە
وتی: کێت بۆ سەربخەم؟ ئەویش وتی: ساموئێلم بۆ سەربخە. ١٢ ئینجا
کە ژنەکە ساموئێلی بینی بە دەنگێکی بەرز قیژاندی و ژنەکە بە
شائولی وت: بۆچی هەڵتخەڵەتاندم و تۆ شائولی؟ ١٣ پاشاش پێی وت:
مەترسە، چیت بینی؟ ژنەکەش بە شائولی وت: خودایەکم بینی لە
زەوییەوە سەردەکەوت. ١٤ ئەویش پێی وت: شێوەی چۆنە؟ ژنەکەش
وتی: پیرەمێردێکە سەردەکەوێت و عەبایەکی لەبەردایە. جا شائول
زانی ئەوە ساموئێلە و بەسەر ڕوویدا خۆی بە زەویدا دا و کڕنۆشی
برد. ١٥ ساموئێل بە شائولی وت: بۆچی ڕاتچڵەکانم و سەرتخستم؟
شائولش وتی: زۆر لە تەنگانەدام. فەلەستییەکان دژم دەجەنگێن و
خوداش لێم جیابووەتەوە و چیدی وەڵامم ناداتەوە نە بە هۆی
پێغەمبەرەکانەوە و نە بە خەو بینین، منیش بانگم کردیت تا پێم بڵێیت
چی بکەم. ١٦ ساموئێلیش وتی: بۆچی پرسیارم لێ دەکەیت لە کاتێکدا
خوداوەند لێیت جیابووەتەوە بووە بە دوژمنت؟ ١٧ خوداوەند ئەوەی
بۆ خۆی کرد کە لە ڕێگای منەوە فەرمووی و خوداوەند
پاشایەتییەکەی لە دەستت دڕاند و دای بە نزیکەکەت بە داود. ١٨ وەك
چۆن گوێت لە دەنگی خوداوەند نەگرت و گڕی تووڕەیی ئەوت
بەسەر عەمالیقەکاندا نەباراند، لەبەرئەوە خوداوەند ئەمڕۆ ئەمەی
پێ کردیت. ١٩ هەروەها خوداوەند ئیسرائیلیش لەگەڵ تۆدا دەدات بە
دەست فەلەستییەکانەوە و سبەینێ خۆت و کوڕەکانت لەگەڵ مندا
دەبن و هەروەها خوداوەند سوپای ئیسرائیلیش دەدات بەدەست
فەلەستییەکانەوە. ٢٠ ئینجا شائول یەکسەر بەدرێژیی کەوت بە زەویدا
و زۆر لە قسەکانی ساموئێل ترسا و هەروەها هیچ هێزی تیادانەبوو،
چونکە بە درێژایی ئەو ڕۆژە و شەویش هیچ خواردنێکی
نەخواردبوو.
٢١ ئینجا ژنەکە هات بۆ لای شائول و بینی زۆر پەشۆکاوە، جا پێی
وت: ئەوەتا کەنیزەکەت گوێی لە دەنگت گرت و ژیانی خۆم خستە
ناو لەپی دەستمەوە و گوێم لەو قسەیەت گرت کە پێت وتم. ٢٢ ئێستا
تۆش گوێ لە دەنگی کەنیزەکەت بگرە و پارچەیەك نان لەبەردەمتدا
دادەنێم و بیخۆ بۆ ئەوەی هێزت تیابێت کاتێ بە ڕێگادا دەڕۆیت.
٢٣ ئەویش ڕازی نەبوو و وتی: ناخۆم. جا دوو خزمەتکارەکەی و
ژنەکەش زۆریان لێ کرد و ئەویش گوێی لە دەنگیان گرت و لەسەر
زەوییەکە هەستا و لەسەر جێگاکە دانیشت. ٢٤ ژنەکە گوێرەکەیەکی
دابەستەی لە ماڵەوە هەبوو، بەپەلە سەري بڕی و ئاردی برد و
کردی بە هەویر و نانی فەتیری کرد. ٢٥ پاشان لەبەردەم شائول و
دوو خزمەتکارەکەیدا داینا و خواردیان. ئینجا هەستان و لەو شەوەدا
ڕۆیشتن.

# ٢٩

١ ئینجا فەلەستییەکان هەموو سوپاکانیان لە ئەفیقدا کۆکردەوە و
ئیسرائیلییەکانیش لەسەر ئەو کانییەی لە یەزرەعیلدا بوو
دامەزرابوون. ٢ ئینجا سەرۆك هێزی فەلەستییەکان بە سەدەکان و
هەزارەکان پەڕینەوە، داود و پیاوەکانیش لە دوایانەوە لەگەڵ ئەخیشدا
پەڕینەوە. ٣ جا میرانی فەلەستییەکان وتیان: ئەو عیبرانییانە چین؟
ئەخیشیش بە میرانی فەلەستییەکانی وت: ئەی ئەمە داودی
خزمەتکاری شائولی پاشای ئیسرائیل نییە؟ ئەوەی چەند ساڵێکە
لەگەڵمدایە و لە ڕۆژی دابەزینیەوە تا ئەمڕۆ هیچم لێ نەبینیوە.
٤ میرانی فەلەستییەکانیش لێی تووڕە بوون و میرانی فەلەستییەکان
پێیان وت: ئەم پیاوە بگەڕێنەرەوە و با بگەڕێتەوە بۆ ئەو شوێنەی
بۆت دیاری کردووە و لەگەڵماندا بۆ جەنگ دانەبەزێت و لە جەنگدا
نەبێت بە دوژمنمان، چونکە بە چی گەورەکەی ڕازی دەکات، ئایا
بەسەری ئەو پیاوانە نییە؟ ٥ ئەی ئەمە ئەو داودە نییە کە ژنان بەدەم
سەماوە گۆرانییان بۆی دەچڕی دەیانوت:
شائول لە هەزارەکانی دا و
داودیش لە دە هەزارەکانی.
٦ ئینجا ئەخیش داودی بانگکرد و پێی وت: بە گیانی خوداوەند، تۆ
سەرراستی هاتوچۆت لەگەڵ من لە سوپادا لەلای من پەسەندە،
چونکە لەو ڕۆژەوەی هاتووی بۆلام و تا ئەمڕۆ هیچ خراپەیەکم تێتدا
نەبینیوە، بەڵام بەلای سەرۆك هێزەکانەوە باش نیت. ٧ ئێستا
بگەڕێرەوە و بە سەلامەتی بڕۆ و هیچ خراپەیەك لەبەرچاوی
سەرۆك هێزەکانی فەلەستییەکاندا مەکە. ٨ ئینجا داود بە ئەخیشی
وت: من چیم کردووە و لەو ڕۆژەوە هاتووم بۆ لات تا ئەمڕۆ چیت
لە خزمەتکارەکەت بینیوە، تا نایەم و جەنگ دژی دوژمنەکانی پاشام
نەکەم؟ ٩ ئەخیشیش وەڵامی دایەوە و بە داودی وت: من دەزانم تۆ
باشیت و لەلای من وەك فریشتەی خودایت، بەڵام میرانی

فەلەستییەکان وتیان، نابێت لەگەڵماندا بۆ جەنگ سەربکەوێت.
١٠ ئێستاش بەیانی زوو هەستە و لەگەڵ خزمەتکارەکانی گەورەکەت
ئەوانەی لەگەڵتدا هاتوون، لەگەڵ ڕۆشنایی بەیاندا بڕۆن. ١١ جا
بەیانی زوو داود و پیاوەکانی هەستان بۆ ئەوەی بە بەیانی بڕۆن و
بۆ زەوی فەلەستییەکان بگەڕێنەوە، فەلەستییەکانیش بۆ یەزرەعیل
سەرکەوتن.

# ٣٠

١ ئەوەبوو کە داود و پیاوەکانی لە ڕۆژی سێیەمدا هاتن بۆ چەقلگ،
عەمالیقەکان پەلاماری باشوور و چەقلگیان دابوو و لە چەقلگیان
دابوو و ئاگریان تێ بەردابوو و ٢ هەموو ئەو ژنانەشیان
ڕاپێچکردبوو کە تێیدا بوون، کەسیان نەکوشتبوو، نە بچووك و نە
گەورە، بەڵکو دابوویانە پێش خۆیان و بە ڕێگای خۆیاندا چووبوون.
٣ جا کە داود و پیاوەکانی چوونە ناو شارەکەوە بینییان ئەوەتا بە ئاگر
سووتێندراوە و ژن و کوڕ و کچەکانیان ڕاپێچکراون. ٤ لەبەرئەوە
داود و ئەو خەڵکەی لەگەڵیدا بوون دەنگیان بەرزکردەوە و گریان تا
هێزی گریانیان نەما. ٥ هەردوو ژنەکەی داود ئەخینوعەمی
یەزرەعیلی و ئەبیگایلی بێوەژنەکەی نابالی کەرملیش
ڕاپێچکرابوون. ٦ ئینجا داود زۆر تەنگاو بوو، چونکە گەل وتیان
بەردبارانی بکەین، چونکە هەموو گەل هەریەکە و بۆ کوڕ و
کچەکانی دەروونیان تاڵ بوو. بەڵام داود بە خوداوەند خودای خۆی
بەهێز کرد.
٧ ئینجا داود بە ئەبیساتاری کاهینی کوڕی ئەخیمالیکی وت: تکایە
ئێفۆدەکەم بۆ بهێنە پێشەوە. ئەبیساتاریش ئێفۆدەکەی بۆ داود هێنا.
٨ ئینجا داود لە خوداوەند پرسیاری کرد و وتی: گەر بەدوای ئەو
پەلاماردەرانە بکەوم پێیان دەگەم؟ ئەویش فەرمووی: دوایانبکەوە،
پێیان دەگەیت و دەربازیشیان دەکەیت. ٩ جا داود و ئەو شەش سەد
پیاوەی لەگەڵیدابوون ڕۆیشتن و هاتن بۆ دۆڵی بەسۆر، ئەوانی
لەدواوە مانەوە ڕاوەستان. ١٠ بەڵام داود دوایان کەوت لەگەڵ
چوار سەد پیاو، دوو سەد پیاویش ڕاوەستان، چونکە ماندووتر بوون
لەوەی لە دۆڵی بەسۆر بپەڕنەوە. ١١ ئینجا لەکێڵگەدا توشی پیاوێکی
میسری بوون و بردیان بۆ لای داود و نانیان پێیدا و خواردی و
ئاویان دەرخواردیدا. ١٢ ئینجا نانە هەنجیرێك و دوو هێشووە
مێووژیان دایێ و خواردی و ڕۆحی بەبەردا هاتەوە، چونکە سێ
ڕۆژ و سێ شەو نانی نەخواردبوو و ئاوی نەخواردبووەوە.
١٣ ئینجا داود پێی وت: تۆ سەربە کێیت و لە کوێوە هاتویت. ئەویش
وتی: من گەنجێکی میسریم و خزمەتکاری پیاوێکی عەمالیقیم و
گەورەکەم وازی لێ هێنام، چونکە سێ ڕۆژە نەخۆش کەوتم. ١٤ ئێمە
پەلاماری باشووری کریتییەکان و ئەوەی هی یەهوزا بوو و
باشووری کالیبمان دا و چەقلگمان بە ئاگر سووتاند. ١٥ داودیش پێی
وت: دەمبەیتە خوارەوە بۆ لای ئەو پەلاماردەرانە؟ ئەویش وتی: بە
خودا سوێندم بۆ بخۆ کە نامکوژیت و نامدەیتە دەست گەورەکەم،
منیش دەتبەمە خوارەوە بۆ لای ئەو پەلاماردەرانە. ١٦ ئینجا بردییە
خوارەوە و بینی ئەوەتا بەسەر ڕووی هەموو زەوییەکەدا
بڵاوبوونەتەوە و دەخۆن و دەخۆنەوە سەما دەکەن، لەبەر هەموو ئەو
دەستکەوتە گەورەیەی لە زەوی فەلەستییەکان و یەهوزاوە
بردبوویان. ١٧ جا داود لە تاریکوڕوونەوە تا ئێوارەی سبەینێ لێیدان
و پیاوێکیان لێ دەرباز نەبوون، جگە لە چوار سەد خزمەتکار کە
سواری حووشتر بوون و هەڵاتن. ١٨ داودیش هەموو ئەوەی
عەمالیقەکان بردبوویان بەدەستی هێنایەوە و داود دوو ژنەکەی خۆی
دەربازکرد و ١٩ هیچ شتێکیان لە دەست نەدا، نە بچووك و نە گەورە
و نە کوڕ و نە کچ و نە دەستکەوت، هیچ شتێك لە هەموو ئەوەی
لێیان بردرابوو، بەڵکو داود هەمووی گێڕایەوە. ٢٠ هەروەها داود مەڕ
و مانگاکانی برد و لەپێش ئەو مەڕوماڵاتەوە لێیان خوڕین و وتیان:
ئەمە دەستکەوتی داودە.
٢١ ئینجا داود هات بۆ لای ئەو دوو سەد پیاوەی کە لە ڕۆیشتن
بەدوای داوودەوە ماندوو بوون و لە دۆڵی بەسۆردا بەجێهێڵرابوون،
ئەوانیش بۆ پێشوازی کردن لە داود و ئەو خەڵکەی لەگەڵیدابوون
هاتنە دەرەوە و داود لە خەڵکەکە چووە پێشەوە و سڵاوی لێکردن.
٢٢ ئینجا هەموو پیاوێکی خراپ و سووك و چروك لەو پیاوانەی
لەگەڵ داوددا ڕۆیشتن وەڵامیاندایەوە و وتیان: لەبەرئەوەی ئەوان
لەگەڵماندا نەهاتن، لەو دەستکەوتەیان بەش نادەین کە بەدەستمان
هێناوە، بەڵکو با هەر پیاوە ژن و منداڵی خۆی ببات و بڕوات.
٢٣ بەڵام داود وتی: ئەمە مەکەن براکانم، چونکە خوداوەند پێیداین و
ئێمەی پاراست و ئەو پەلاماردەرانەی دایە دەستمان کە هاتنە
سەرمان. ٢٤ لەم شتەدا کێ گوێتان لێ دەگرێت؟ چونکە بەشی ئەوەی
لەلای کەلوپەلەکان ماوەتەوە دەبێت وەك بەشی ئەوە بێت کە دابەزیوە
بۆ جەنگ، وەك یەك بەشیان بەردەکەوێت. ٢٥ ئەوەبوو لەو ڕۆژە
بەدواوە و تا ئەمڕۆ ئەمەی کرد بە فەرز و حوکم بۆ ئیسرائیل.
٢٦ کاتێ داود هات بۆ چەقلگ، لە دەستکەوتەکە بۆ پیرانی یەهوزا
و بۆ برادەرەکانی نارد و وتی: ئەمە دیارییە بۆ ئێوە لە دەستکەوتی
دوژمنەکانی خوداوەند.
٢٧ بۆ ئەوانەی لە بەیت ئێل و
بۆ ئەوانەی لە ڕاموتی باشوور و
بۆ ئەوانەی لە یەتیر و
٢٨ بۆ ئەوانەی لە عەروعیر و
بۆ ئەوانەی لە سفمۆس و
بۆ ئەوانەی لە ئەشتیموع و
٢٩ بۆ ئەوانەی لە ڕاخال و
بۆ ئەوانەی لە شارەکانی یەرحەمئێل و
بۆ ئەوانەی لە شارەکانی قینییەکان و
٣٠ بۆ ئەوانەی لە حورمە و
بۆ ئەوانەی لە بۆر عاسان و
بۆ ئەوانەی لە عەتەك و
٣١ بۆ ئەوانەی لە حەبرۆن و بۆ هەموو ئەو شوێنانەی داود لەوێدا
هاتووچۆی کردووە، خۆی و پیاوەکانی.

# ٣١

١ فەلەستییەکانیش دژی ئیسرائیل جەنگان و پیاوەکانی ئیسرائیل
لەبەردەم فەلەستییەکاندا هەڵاتن و لە چیای گلبۆعدا بە کوژراوی
کەوتن. ٢ ئینجا فەلەستییەکان بە دوای شائول و کوڕەکانیەوە نووسان
و فەلەستییەکان کوڕەکانی شائول یۆناسان و ئەبیناداب و
مەلکیشوعیان کوشت و ٣ جەنگە کە لەسەر شائول توند بوو و کەوان
بەدەستە تیر هاوێژەکان بە سەختی برینداریان کرد. ٤ جا شائول بە
هەڵگری چەکەکەی وت: شمشێرەکەت دەربێنە و بمکوژە، نەوەك
ئەو خەتەنەنەکراوانە بێن و بمکوژن و گاڵتەم پێبکەن. بەڵام هەڵگری
چەکەکەی ڕازی نەبوو، چونکە زۆر ترسا. لەبەرئەوە شائول
شمشێرەکەی برد و کەوت بەسەریدا. ٥ کاتێ هەڵگری چەکەکەی
بینی شائول مردووە، ئەویش کەوت بەسەر شمشێرەکەیدا و لەگەڵ
ئەودا مرد. ٦ جا لەو ڕۆژەدا شائول و هەرسێ کوڕەکەیی و هەڵگری
چەکەکەی و هەموو پیاوەکانی بەیەکەوە مردن.
٧ کاتێ پیاوانی ئیسرائیل ئەوانەی لەوبەری دۆڵەکە و لەوبەری
ڕووباری ئوردون بوون بینییان کە پیاوانی ئیسرائیل هەڵاتوون و
شائول و کوڕەکانیشی مردوون، شارەکانیان جێهێشت و
فەلەستییەکان هاتن و تێیاندا نیشتەجێ بوون.

٨ بۆ سبەینێ کاتێ فەلەستییەکان بۆ ڕووتکردنەوەی کوژراوەکان
هاتن، شائول و سێ کوڕەکەیان دۆزییەوە لە چیای گلبۆعدا
کەوتوون. ٩ جا سەریان بڕی و شمشێرەکەیان لێی داماڵی و بە
هەموولایەکدا بۆ خاکی فەلەستییەکانیان نارد تا مژدە بە ماڵی
بتەکانیان و بە گەل بدەن. ١٠ چەکەکەیان لە بەیت عەشتاروتدا دانا و
لاشەکەیان بە دیواری بێیت شانەوە هەڵواسی. ١١ ئینجا کە دانیشتوانی
یابیش گلعاد بیستیان فەلەستییەکان چییان بە شائول کردووە.
١٢ هەموو پیاوە دلێرەکانیان هەستان و هەموو ئەو شەوە بە ڕێگادا
ڕۆیشتن و لاشەکەی شائول و لاشەی کوڕەکانییان لە دیواری بەیت
شانەوە برد و هێنایان بۆ یابیش لەوێ سووتاندیان و ١٣ ئێسکەکانیان
برد و لە ژێر دارگەزەکەدا لە یابیش ناشتیان و حەوت ڕۆژ بەڕۆژوو
بوون.

# سامۆئیلی دووەم

## ١

١ ئەوەبوو پاش مردنی شائول و گەڕانەوەی داود لە لێدانی
عەمالیقەکان، داود دوو ڕۆژ لە چەقلگدا مایەوە و ٢ لە ڕۆژی
سێیەمدا بینی ئەوەتا پیاوێك لە ئۆردوگاکەوە، لەلای شائولەوە بە
جلی دڕاو و خۆڵ بەبان سەریەوە هات و کاتێك گەیشتە لای داود
کەوت بە زەویدا و کڕنۆشی برد. ٣ داودیش پێی گوت: لە کوێوە
هاتویت؟ ئەویش پێی وت: لە ئۆردوگای ئیسڕائیلەوە
دەربازبووم. ٤ داودیش پێی وت: شتەکە چۆن بوو؟ تکایە پێمی
ڕابگەیەنە. ئەویش گوتی: گەل لە جەنگەکەدا هەڵاتن و زۆر لە
گەل کەوتن و مردن، شائول و یۆناسانی کوڕیشی مردن.
٥ داودیش بە کوڕە گەنجەکەی وت، ئەوەی کە پێی ڕاگەیاند: چۆن
زانیت شائول و یۆناسانی کوڕی مردوون؟ ٦ کوڕە گەنجەکەش
پێی وت: وا ڕێککەوت من لە چیای گلبۆع بووم و بینیم ئەوەتا
شائول بەسەر ڕمەکەیدا دەچەمییەوە و گالیسکە و سوارەکانیش
بەتووندی بەدوایەوە بوون. ٧ ئینجا ئاوڕی لەدوای خۆی دایەوە و
منی بینی و بانگی کردم، منیش وتم: ئەوەتام. ٨ ئینجا پێی وتم: تۆ
کێیت؟ منیش پێم وت: من عەمالیقیم. ٩ ئینجا پێی وتم: تکایە،
بەسەرمەوە ڕاوەستە و بمکوژە! چونکە ماسوولکەکانم
گرژبوونەتەوە، بەڵام هێشتا گیانم تیاماوە. ١٠ جا منیش بەسەریەوە
ڕاوەستام و کوشتم، چونکە زانیم پاش کەوتنەکەی ناژیت، ئینجا
تاجەکەی سەرسەری و بازنەکەی کە بە قۆڵیەوە بوو بردم و بۆ
لای گەورەم بۆ ئێرە هێناومن.
١١ ئینجا داود جلەکانی لەبەرخۆی دادڕی، بەهەمان شێوە هەموو
ئەو پیاوانەی کە لەگەڵیدا بوون. ١٢ جا شیوەنیان گێڕا و گریان وتا
ئێوارە بە ڕۆژوو بوون، بۆ شائول و یۆناسانی کوڕی و هەموو
گەلی خوداوەند و ماڵی ئیسڕائیل، چونکە بە شمشێر
کەوتن. ١٣ ئینجا داود بە کوڕە گەنجەکەی وت: تۆ خەڵکی کوێیت؟
ئەویش وتی: من کوڕی پیاوێکی عەمالیقی غەریبم. ١٤ داودیش
پێی وت: چۆن سڵت نەکردەوە لەوەی دەستت درێژبکەیت تا
دەستنیشانکراوی خوداوەند لەناوببەیت؟ ١٥ ئینجا داود یەکێك لە
خزمەتکارەکانی بانگ کرد و وتی: وەرە پێشەوە و لە ملی بدە!
ئەویش لێیدا و مرد. ١٦ ئینجا داود پێی وت خوێنت لە ملی خۆتە،
چونکە دەمت شایەتی لەسەر دایت و وتت من دەستنیشانکراوی
خوداوەندم کوشت.
١٧ ئینجا داود بەم لاوانەوەیە بۆ شائول و یۆناسانی کوڕی
لاواندیەوە و ١٨ وتی: دەبێت نەوەی یەهوزا سرووودی کەوان
فێربن. ئەوەتا ئەوە لە پەرتووکی یاشردا نووسراوە،
١٩ ئەی ئیسڕائیل لەسەر بەرزاییەکانت کوژراوە!
ئای چۆن پاڵەوانان کەوتن!
٢٠ لە گەت ڕایمەگەیەنن،
لە شەقامەکانی ئەشقەلون مزگێنی مەدەن،
نەوەك کچانی فەلەستییەکان دڵخۆشبن،
نەوەك کچانی خەتەنەنەکراوان پێمان خۆشبن.
٢١ چیاکانی گلبۆع،
با نە شەونم و نە بارانتان بەسەرەوە بێت و
نە کێڵگەکانی پیتاکی بەرزکراوە
چونکە لەوێ قەڵغانی پاڵەوانان فڕێدرا
قەڵغانەکەی شائول بێ چەورکرن بە ڕۆن
٢٢ لە خوێنی کوژراوان و لە بەزی پاڵەوانان
کەوانەکەی یۆناسان نەگەڕایە دواوە و
شمشێرەکەی شائولیش بە بەتاڵی نەگەڕایەوە
٢٣ شائول و یۆناسان خۆشەویست و شیرین بوون لە ژیانیاندا و
لە مەرگیشدا لەیەکتر جیانەبوونەوە
لە هەڵۆ تیژتر و لە شێر بەهێزتر بوون.
٢٤ ئەی کچانی ئیسڕائیل، بۆ شائول بگرین
ئەوەی بەرگی ئاڵ و نەرمی لەبەرکردن
ئەوەی خشڵی زێڕی کرد بە کراسەکانتانەوە
٢٥ ئای چۆن پاڵەوانان لەناوجەرگەی جەنگدا کەوتن!
یۆناسان لەسەر بەرزاییەکانتدا کوژرا
٢٦ دڵم گوشرا بۆت برام یۆناسان
زۆر شیرین بوویت لام
خۆشەویستی تۆ بۆ من
لە خۆشەویستی خانمان سەیرتر بوو
٢٧ ئای چۆن پاڵەوانان کەوتن و
چەکەکانی جەنگ لەناوچوون!

## ٢

ئەوەبوو پاش ئەمە، داود لە خوداوەندی پرسی و وتی: سەربکەوم
بۆ یەکێك لە شارەکانی یەهوزا؟ خوداوەندیش پێی فەرموو:
سەربکەوە. داودیش وتی: بۆ کوێ سەربکەوم؟ ئەویش فەرمووی:
بۆ خەبرون. ٢ ئینجا داود خۆیی و هەردوو ژنەکەی ئەخینوعەمی
یەزرەعیلی و ئەبیگایلی ژنەکەی نابالی کەرملی بۆ ئەوێ
سەرکەوتن. ٣ هەروەها داود ئەو پیاوانەی لەگەڵیدا بوون هەریەکە
و لەگەڵ خێزانەکەیدا سەرخست و لە شارەکانی خەبروندا
نیشتەجێ بوون. ٤ ئینجا پیاوانی یەهوزا هاتن و لەوێدا داودیان بە
پاشا بەسەر ماڵی یەهوزاوە دەستنیشان کرد.
ئینجا بە داود ڕاگەیەندرا و وترا کە پیاوانی یابیش گلعاد ئەوان
شائولیان ناشتووە. ٥ داودیش چەند نێردراوێکی بۆلای پیاوانی
یابش گلعاد نارد و پێی وتن: پیرۆزن ئێوە لەلای خوداوەندەوە، کە
ئەم چاکەیەتان لەگەڵ گەورەتان، لەگەڵ شائولدا کردووە و
ناشتووتانە. ٥ ئێستاش خوداوەند چاك و ڕاستتان بۆ بکات و
هەروەها منیش ئەم چاکەیەتان لەگەڵدا دەکەم چونکە ئێوە ئەم
کارەتان کرد. ٧ ئێستاش بازووتان بەهێزبکەن و ئازابن، چونکە
شائولی گەورەتان مردووە و ماڵی یەهوزا منیان بە پاشا بەسەر
خۆیانەوە دەستنیشانکردووە.
٨ بەڵام ئەبنێری کوڕی نێری سەرکردەی سوپاکەی شائول،
ئیشبۆشەسی کوڕی شائولی برد و پەڕاندییەوە بۆ مەخەنایم
و ٩ کردی بە پاشا بەسەر گلعاد و ئاشورییەکان و یەزرەعیل و
ئەفرایم و بنیامین و بەسەر هەموو ئیسڕائیلەوە. ١
ئیشبۆشەسی کوڕی شائول تەمەنی چل ساڵ بوو کاتێك بوو بە
پاشا بەسەر ئیسڕائیلەوە، دوو ساڵ پاشایەتی کرد، تەنها ماڵی
یەهوزا دوای داود کەوتن. ١١ ئەو ماوەیەش کە داود تێیدا لە
خەبرون پاشایەتی بەسەر ماڵی یەهوزاوە کرد، حەوت ساڵ و
شەش مانگ بوو.
١٢ ئینجا ئەبنێری کوڕی نێر و خزمەتکارەکانی ئەشیبۆشەسی
کوڕی شائول لە مەخەنایمەوە دەرچوون بۆ گبعۆن. ١٣ هەروەها

یوئابی کوڕی سەڕویە وخزمەتکارەکانی داودیش دەرچوون لەلای گۆمەکەی گبعۆن بەیەکگەیشتن، جا ئەمان لەسەر گۆمەکە لەم لا و ئەوانیش لەسەر گۆمەکە لەو لا دانیشتن.١٤ ئینجا ئەبنێر بە یوئابی وت: با خزمەتکارەکان هەستن و لە بەردەمماندا دەستەویەخە ببنەوە. یوئابیش وتی: با هەستن.١٥ جا هەستان و بە ژمارە دوانزە بۆ بنیامین و ئەشیبۆشەسی کوڕی شائول و دوانزەش لە خزمەتکارانی داود پەڕینەوە.١٦ ئینجا هەریەکە و سەری بەرامبەرەکەی خۆی گرت و شمشێرەکەی کرد بە قەبرغەی دا و هەموویان کەوتن. لەبەرئەوە ئەو شوێنە بە خێلقەس هەچوڕیم ناوبرا کە لە گبعۆنە.١٧ جا لەو ڕۆژەدا شەڕەکە زۆر توندبوو و ئەبنێر و پیاوانی ئیسڕائیل لەبەردەم خزمەتکارانی داوددا تێکشکان.١٨ هەرسێ کوڕەکەی چەڕویەش یوئاب و ئەبیشای و عەسائیل لەوێ بوون. عەسائیلیش پێیەکانی سووك بوون وەك ئاسکی کێوی.١٩ جا عەسائیل دوای ئەبنێر کەوت و لە ڕاونانی ئەبنێردا نە بە لای ڕاست و نە بەلای چەپدا لای نەکردەوە و٢٠ ئەبنێریش ئاوڕی لە دواوە دایەوە و وتی: ئەمە تۆی عەسائیل؟ ئەویش وتی: منم.٢١ ئەبنێریش پێی وت: بۆ خۆت بەلای ڕاست یان چەپتدا لادە و یەکێك لە خزمەتکارەکان بگرە و بۆ خۆت تاڵانی بکە. بەڵام عەسائیل نەیوویست وازی لێبهێنێت.٢٢ ئینجا دووبارە ئەبنێر بە عەسائیلی وت: بەدوای منەوە مەبە، بۆچی لەگەڵ زەوی تەختت بکەم؟ پاشان چۆن ڕووم بێت لەلای یوئابی برات سەر بەرزبکەمەوە؟٢٣ بەڵام عەسائیل قایل نەبوو وازی لێبهێنێت، لەبەرئەوە ئەبنێر لێیدا بەوەی ڕمەکەی کرد بە سکیدا و ڕمەکە لەپشتەوە دەرچوو. جا لەوێدا کەوت و لەشوێنی خۆیدا مرد، ئینجا هەر کەسێك بهاتایە بۆ ئەو شوێنەی کە عەسائیل تێیدا کەوت و مرد ڕادەوەستا.٢٤ ئینجا یوئاب و ئەبیشای دوای ئەبنێر کەوتن و خۆر ئاوابوو کاتێ گەیشتنە گردی ئەما ئەوەی ڕووەو گیەخە لەسەر ڕێگای چۆڵەوانی گبعۆن.٢٥ جا نەوەی بنیامین لە دوای ئەبنێر کۆبوونەوە و بوون بە یەك کۆمەڵ و لەسەر گردێك ڕاوەستان.٢٦ ئینجا ئەبنێر هاواری لە یوئاب کرد و وتی: ئایا تا هەتایە شمشێر دەخوات؟ ئایا نازانیت کۆتاییەکەی تاڵ دەبێت؟ تاکەی بە گەل ناڵێیت واز لە ڕاونانی براکانیان بهێنن؟٢٧ یوئابیش وتی: بەگیانی خودا، گەر قسەت نەکردایە، گەل لە بەیانیدا هەریەکە و بۆ ڕاونانی براکەی سەردەکەوتن.٢٨ جا یوئاب فووی بە کەڕەنادا کرد و هەموو گەل ڕاوەستان و چیدی دوای ئیسڕائیل نەکەوتن و نەگەڕانەوە بۆ جەنگ کردن.٢٩ ئینجا ئەبنێر و پیاوەکانی بەدرێژایی ئەو شەوە بەناو دەشتەکەدا ڕۆیشتن و لە ڕووباری ئۆردون پەڕینەوە و بەناو هەموو گەلدا ڕۆیشتن و هاتن بۆ مەخەنایم.٣٠ یوئابیش لە ڕاونانی ئەبنێر گەڕایەوە و هەموو گەلی کۆکردەوە. لە خزمەتکارەکانی داود نۆزدە پیاو و عەسائیل لەدەستدران و٣١ خزمەتکارەکانی داودیش لە بنیامین و پیاوەکانی ئەبەنێریان دا و سێ سەد و شەست پیاویان لێ مردن.٣٢ ئینجا عەسائیلیان هەڵگرت و لە گۆڕەکەی باوکیدا کە لە بەیتلەحمە ناشتیان و یوئاب و پیاوەکانیشی بەدرێژایی ئەو شەوە ڕۆیشتن و گەیشتنە خەبرون.

# ٣

جەنگ لە نێوان ماڵی شائول و ماڵی داودا درێژەی کێشا و داود تا دەهات بەهێزتر دەبوو و ماڵی شائوڵیش تا دەهات لاوازتر دەبوون.
٢ ئینجا لە خەبروندا داود چەند کوڕێکی بۆ لەدایکبوون، کوڕە نۆبەرەکەی ئەمنۆن بوو لە ئەخینوعەمی یەزرەعیلی بوو.٣ دووەمیان کیلاب لە ئەبیگالیی ژنەکەی نابالی کەرمەلی بوو و سێیەمیان ئەبشالۆمی کوڕی مەعەکەی کچی تەلمای پاشای گشوور بوو.٤ چوارەمییان ئەدۆنیای کوڕی خەگیس بوو و پێنجەمییان شەفەتیای کوڕی ئەبیتەڵ بوو و٥ شەشەمیشیان یەسرعام لە عەگلەی ژنی داود بوو. ئەمانە لە خەبروندا بۆ داود لەدایکبوون.

٦ ئەوەبوو کاتێ جەنگ لەنێوان ماڵی شائول و ماڵی داوددا بەرپابوو، ئەبنێر پێگەی خۆی لەناو ماڵی شائولدا بەهێزدەکرد و٧ شائول کەنیزەیەکی هەبوو ناوی ڕیچفەی کچی ئایە بوو، ئەشیبۆشەسیش بە ئەبنێری وت: بۆچی لەگەڵ کەنیزەکەی باوکمدا خەوتیت؟٨ جا ئەبنێری بە قسەکەی ئەشیبۆشەس زۆر تووڕەبوو و وتی: دیارە من سەری سەگم بۆ یەهوزا؟ تا ئەمڕۆ من چاکەم لەگەڵ ماڵی شائولی باوکت کردووە، لەگەڵ براکانی و هاوڕێکانی و تۆم نەداوەتە دەست داودەوە، تۆش ئەمڕۆ لێم دەپرسیەوە سەبارەت بە تاوانی ئەم ژنە؟٩ خودا وا لە ئەبنێر بکات و زیاتریش، ئەگەر وەك چۆن سوێندی بۆ داود خوارد منیش وای بۆ نەکەم،١٠ بۆ گواستنەوەی پاشاییەتیەکە لە ماڵی شائولەوە و دامەزرانی تەختی داود بەسەر ئیسڕائیل و یەهوزاوە، لە دانەوە تا بئێر شەبەع.١١ ئیتر ئەویش نەیتوانی بە یەك وشە وەڵامی ئەبنێر بداتەوە، چونکە لێی دەترسا.

١٢ ئینجا ئەبنێر نێردراوی بۆ لای داود نارد تا بەناوی ئەوەوە بڵێن: ئەم زەوییە هی کێیە؟ هەروەها بڵێن: پەیمانی خۆتم لەگەڵدا ببەستە و ئەوەتا دەستی منیش لەگەڵتدایە تا هەموو ئیسڕائیلت بۆ بگێڕێتەوە.١٣ ئەویش وتی: باشە، من پەیمانی خۆمت لەگەڵدا دەبەستم، بەڵام یەك شتت لێ داوادەکەم، ئەویش ئەوەیە، ڕووی من نابینیت، ئەگەر یەکەمجار میکالی کچی شائول لەگەڵ خۆتدا نەهێنیت، کاتێ دێیت تا بمبینیت.١٤ ئینجا داود نێردراوی بۆ لای ئەشیبۆشەس نارد و وتی: میکالی ژنم بۆ بدەرەوە کە بە سەد چەرمی کۆئەندامی نێرینەی فەلەستییەکان لە خۆمم مارەکردووە.١٥ جا ئەشیبۆشەس چەند کەسێکی نارد و لە مێردەکەی لە فەڵتیئێلی کوڕی لایشی وەرگرتەوە.١٦ جا مێردەکەی لەگەڵیدا دەڕۆیشت و بەدوایدا دەگریا تا بحوریم. ئینجا ئەبنێر پێی وت: بڕۆ، بگەڕێرەوە. ئەویش گەڕایەوە.

١٧ پاشان ئەبنێر لەگەڵ پیرانی ئیسڕائیلدا قسەی کرد و وتی: ئێوە دوێنێ و پێرێ داوای داودتان دەکرد ببێت بە پاشا بەسەرتانەوە،١٨ ئێستا ئەوە بکەن! چونکە خوداوەند بە داودی فەرمووە، من بە دەستی داودی خزمەتکارم ئیسڕائیلی گەلم لە دەست فەلەستییەکان و سەرجەم دوژمنەکانیان ڕزگاردەکەم.١٩ هەروەها ئەبنێر لەگەڵ بنیامینییەکاندا قسەی کرد و ئینجا ئەبنێر چوو تا لەگەڵ داوددا لە خەبرون قسە بکات دەربارەی هەموو ئەوەی ئیسڕائیل و هەموو ماڵی بنیامین پەسەندیان کردووە.٢٠ جا ئەبنێر لەگەڵ بیست پیاودا هات بۆ لای داود بۆ خەبرون. داودیش خوانێکی بۆ ئەبنێر و ئەو پیاوانەی لەگەڵیدابوون سازکرد.٢١ ئینجا ئەبنێر بە داودی وت: هەڵدەستم و دەڕۆم تا هەموو ئیسڕائیل بۆ پاشای گەورم کۆبکەمەوە، تا پەیمانت لەگەڵدا ببەستن و تۆش بەپێی ئارەزووی دڵت پاشایەتی بکەیت. داودیش ئەبنێری نارد و ئەویش بەسەلامەتی ڕۆیشت.

٢٢ هاوکات خزمەتکارانی داود و یوئابیش لەگەڵیان هات و لەپەلامارێك دەگەڕانەوە و دەستکەوتێکی زۆریان لەگەڵ خۆیاندا هێنابوو و لەو کاتەدا ئەبنێر لەگەڵ داود نەبوو لە خەبرون، چونکە ڕەوانەی کردبوو و بەسەلامەتی ڕۆیشتبوو.٢٣ جا یوئاب و هەموو ئەو سوپایەی لەگەڵیدا بوو هاتن و بە یوئابیان ڕاگەیاند و وتیان: ئەبنێری کوڕی نێر هات بۆ لای پاشا و ئەویش ڕەوانەی کرد و بەسەلامەتی ڕۆیشت.٢٤ لەبەرئەوە یوئاب چووە ژوورەوە بۆ لای پاشا و وتی: چیت کرد؟ ئەوەتا ئەبنێر هات بۆ لات، بۆچی ڕەوانەت کرد بڕوات؟٢٥ تۆ دەزانیت کە ئەبنێری کوڕی نێر تەنها بۆ ئەوە هاتوە تا فریوت بدات و دەرچوون و هاتنە ژوورەوەت بزانێت و هەموو ئەو شتانە بزانێت کە دەیکەیت.

٢٦ ئینجا یوئاب لەلای داود دەرچوو و چەند نێردراوێکی بە دوای ئەبنێردا نارد و لە بیئر سیرەدا گێڕایانەوە و داودیش ئاگای لەمە

نەبوو.٢٧ کاتێ ئەبنێر گەڕایەوە حەبرون، یوئاب تا بە نهێنی قسەی لەگەڵدا بکات بردییە ناوەڕاستی دەروازەکەوە و لەوێدا لە تۆڵەی خوێنی عەسائێلی برای شمشێرەکەی کرد بە ناو سکیدا و مرد.

٢٨ پاشان داود ئەمەی بیستەوە و وتی: من خۆم و پاشایەتییەکەم تا هەتایە لای خوداوەند لە خوێنی ئەبنێری کوڕی نێر بێبەرین.٢٩ با لە ملی یوئاب و هەموو ماڵی باوکی بێت! با لە ماڵی یوئاب مرۆڤی سوزەنکاوی و گەڕوگول و شەلی سەر گۆچان و بە شمشێر کەوتوو و برسی بۆ نان نەبڕێتەوە.٣٠ جا یوئاب و ئەبیشای برای ئەبنێریان کوشت، چونکە ئەو عەسائێلی برایانی لە گبعۆن لە جەنگدا کوشت.

٣١ ئینجا داود بە یوئاب و هەموو گەل ئەوانەی لەگەڵیدا بوون پێی وتن: جلەکانتان لەبەرخۆتان دادڕن و بەرگی ماتەم لەبەربکەن و لەبەردەم ئەبنێردا سینگی خۆتان بکوتن. داودی پاشاش بەدوای تابووتەکەیەوە دەڕۆیشت.٣٢ جا ئەبنێریان لە حەبروندا ناشت. ئینجا پاشا دەنگی بەگریان لەسەر گۆڕی ئەبنێر بەرزکردەوە و هەموو گەل گریان.٣٣ هەروەها پاشا بۆ ئەبنێر لاوایەوە و وتی:
ئایا دەبێت وەك مردنی گێلێك
ئەبنێر بمرێت؟
٣٤ دەستەکانت نەبەسترابوونەوە و
پێکانت بەزنجیری مس کۆت نەکرابوون
وەك کەوتنی بەردەم نادروایان کەوتیت.
جا هەموو گەل دەستیان بەگریان کردەوە بۆی.

٣٥ ئینجا هەموو گەل هاتن تا نان بە داود بدەن بیخوات و هێشتا ڕۆژ بوو، بەڵام داود سوێندی خوارد و وتی: خودا وام لێبکات و زیاتریش، ئەگەر نان یان هەرشتێکی تر پێش خۆرئاوابوون بخۆم.٣٦ جا هەموو گەل زانییان و لایان پەسەند بوو و هەروەها هەموو ئەو شتانەی کە پاشا کردی لەلایەن هەموو گەلەوە پەسەند بوو.٣٧ ئینجا لەو ڕۆژەدا هەموو گەل و هەموو ئیسرائیل زانییان کە کوشتنی ئەبنێری کوڕی نێر لە پاشاوە نەبوو.

٣٨ ئینجا پاشا بە خزمەتکارەکانی وت: ئایا نازانن ئەمڕۆ لە ئیسرائیلدا میرێك و گەورە پیاوێك کەوتووە؟ ٣٩ منیش ئەمڕۆ لاوازم، هەرچەندە دەستنیشانکراوم بە پاشا، ئەو پیاوانەش، نەوەی چرۆیە لە من بەهێزترن. خوداوەند خراپەکار بە پێی خراپەکەی پاداشت دەداتەوە.

# ٤

کاتێ کوڕەکەی شائول بیستییەوە کە ئەبنێر لە حەبروندا مردووە، دەستەکانی شلبوون و هەموو ئیسرائیل ترسیان لێنیشت.٢ کوڕەکەی شائول دوو پیاوی هەبوو کە سەرکردەی پەلاماردەرەکان بوون و یەکێکیان ناوی بەعنە و ئەوی تریان ڕێکاب بوو و هەردووکیان کوڕی ڕمونی بئێروتی بوون کە لە نەوەی بنیامین بوو، چونکە بئێروت لەسەر بنیامین دەژمێردرا.٣ جا بەئێروتییەکان بۆ گتایم هەڵاتبوون و ئاوارەی ئەوێ بوون تا ئەمڕۆ.

٤ یۆناسانی کوڕی شائولیش کوڕێکی هەبوو کە هەردوو قاچی شەل بوون، تەمەنی پێنج ساڵان بوو کاتێك هەواڵی شائول و یۆناسان لە یەزرەعیلەوە گەیشت، ئیتر دایەنەکەی هەڵیگرت و ڕایکرد، جا لەبەر ئەوەی بەپەلەبوو بۆ ڕاکردن، منداڵەکە کەوت و شەل بوو، ناویشی مەفیبوشەس بوو.٥ ئینجا کوڕەکانی ڕمونی بەئێروتی ڕێکاب و بەعنە ڕۆیشتن و لە گەرمەی ڕۆژدا خۆیان کرد بە ماڵی ئەشبیبۆشەسدا کە سەرخەوی نیوەڕۆی دەشکاند.٥ جا چوونە ناو ماڵەکەوە تا گەنم ببەن و شمشێرێکیان لە ناو سکی دا و پاشان ڕێکاب و بەعنەی برای بۆی دەربازبوون.٧ لە کاتی هاتنە ژوورەوەیان بۆ ناو ماڵەکە ئەو لەسەر چوارپایەکەی لە ژووری نووستنەکەی پاڵکەوتبوو، جا لێیاندا و کوشتیان و سەریان بڕی و سەرەکەیان برد و بەدرێژایی ئەو شەوە بەناو دەشتەکەدا ڕۆیشتن.٨ ئینجا سەری ئەشبیبۆشەسیان بۆ لای داود بۆ حەبرون هێنا و بە پاشایان وت: ئەوەتا ئەوە سەری ئەشبیبۆشەسی کوڕی شائولی دوژمنتە ئەوەی داوای گیانی دەکردیت. خوداوەندیش ئەمڕۆ بە گەورەم پاشای داوە تۆڵە لە شائول و لە نەوەکەی بکاتەوە.

٩ داودیش وەڵامی ڕێکاب و بەعنەی برای دایەوە کە کوڕەکانی ڕمونی بەئێروتین و پێی وتن: بەگیانی خوداوەند ئەوەی گیانی منی لە هەموو تەنگانەیەکدا کڕییەوە،١٠ ئەوەی هەواڵی پێدام و وتی، ئەوەتا شائول مردووە و خۆیی بە موژدەبەر دەزانی گرتم و لە چەقلگدا کوشتم و پاداشتی موژدەکەیم بەوە دایەوە.١١ ئەی دەبێت ئەمەیان چەند زۆرتربێت گەر دوو پیاوی بەدکار پیاوێکی ڕاستودروست لەناو ماڵەکەی خۆیدا و لەسەر چوارپایەکەیدا بکوژن. ئێستاش ئایا داوای خوێنەکەی نەکەم لێتان و لەسەر زەوی نەتانسڕمەوە؟١٢ جا داود فەرمانی بە خزمەتکارەکان کرد و کوشتیانن و دەست و پێیان بڕین و بەسەر گۆمەکەوە لە حەبرون هەڵیانواسین. بەڵام سەری ئەشبیبۆشەسیان برد و لە گۆڕەکەی ئەبنێردا لە حەبرون ناشتیان.

# ٥

ئینجا هەموو هۆزەکانی ئیسرائیل هاتن بۆ لای داود بۆ حەبرون و قسەیان کرد و وتیان: ئەوەتا ئێمە ئێسقان و گۆشتی تۆین.٢ دوێنێ و پێرێ کاتێ شائول پاشا بوو بەسەرمانەوە تۆ ڕابەرایەتی ئیسرائیلت دەکرد و خوداوەندیش پێی فەرموویت، تۆ شوانکاری ئیسرائیلی گەلم دەکەیت و دەبیت بە فەرمانڕەوا بەسەر ئیسرائیلەوە.٣ هەروەها هەموو پیرانی ئیسرائیل هاتن بۆ لای پاشا بۆ حەبرون و داود پاشاش لەبەردەم خوداوەنددا لە حەبرون، پەیمانی لەگەڵدا بەستن و داودیان بە پاشای ئیسرائیل دەستنیشانکرد.

٤ داود تەمەنی سی ساڵ بوو کاتێ بوو بە پاشا و چل ساڵ پاشایەتی کرد.٥ لە حەبروندا حەوت ساڵ و شەش مانگ پاشایەتی بەسەر یەهوزاوە کرد و لە ئۆرشەلیمیشدا سی و سێ ساڵ پاشایەتی بەسەر هەموو ئیسرائیل و یەهوزادا کرد.٥ ئینجا پاشا و پیاوەکانی چوون بۆ ئۆرشەلیم بۆ لای یەبوسییەکانی دانیشتووانی زەوییەکە. ئەوانیش بە داودیان وت: نایەیتەژوورەوە بۆ ئێرە تەنانەت کوێر و شەلەکان پێشت لێدەگرن. وا بیریان کردەوە کە داود ناتوانێت بۆ ئێرە بێت.٧ بەڵام داود قەڵای چییۆنی داگیرکرد، کە شاری داودە.٨ جا لەو ڕۆژەدا داود وتی: هەرکەسێك لەڕێگای جۆگاکەوە سەرکەوێت بۆ بەزاندنی ئەو یەبوسییە شەل و کوێرانە کە دوژمنی داودن، ئەوا دەبێت بە سەرکردە و فەرماندە. بۆیە دەڵێن: کوێر و شەل نایەنە ناو ماڵەکەوە.٩ ئینجا داود لەناو قەڵاکەدا نیشتەجێ بوو و ناوینا شاری داود و بە چواردەوریدا بینای کرد، لە قەڵاکەوە و بەرەو ناوەوە.١٠ هەروەها داود تا دەهات مەزنتر دەبوو و خوداوەند خودای سوپاسالاریش لەگەڵیدا بوو.

١١ پاشان حیرامی پاشای چور چەند نێردراوێکی بۆ لای داود نارد لەگەڵ دارئورز و دارتاش و وەستای بینا و ماڵێکیان بۆ داود بنیادنا.١٢ جا داود زانی کە خوداوەند بە پاشا بەسەر ئیسرائیلەوە جێگری کردووە و پاشایەتییەکەشی لەپێناو ئیسرائیلی گەلەکەیدا پایەدار کردووە.١٣ هەروەها داود پاش هاتنی لە حەبرونەوە چەند کەنیزە و ژنێکی لە ئۆرشەلیم بۆ خۆی هێنا و جا کوڕ و کچی دیکە بۆ داود لەدایك بوون.١٤ ئەمەش ناوی ئەو منداڵانەیە کە لە ئۆرشەلیمدا بۆی لە دایك بوون، شەموع و شۆباب و ناسان و

سلێمان و ١٥ ییخار و ئەلیشوع و نێفێگ و یافیع و ١٦ ئەلیشەمەع و
ئەلیداع و ئەلیفالەت.
١٧ کاتێ فەلەستییەکان بیستیانەوە کە داود بە پاشای ئیسرائیل
دەستنیشانرکراوە، هەموو فەلەستییەکان بۆ گەڕان بە دوای داوددا
سەرکەوتن و کاتێ داود ئەمەی بیستەوە داگەڕا بۆ ناو
قەڵاکە.١٨ ئینجا فەلەستییەکان هاتن بۆ ڕووتاندنەوەی دۆڵی
ڕەفائییەکان.١٩ داودیش پرسیاری لە خوداوەند کرد و وتی: ئایا
سەرکەوم بۆ سەر فەلەستییەکان؟ ئایا دەیاندەیتە دەستمەوە؟
خوداوەندیش بە داودی فەرموو: سەرکەوە، چونکە بێ گومان
دەیاندەم بە دەستتەوە.٢٠ جا داود هات بۆ بەعل پراچیم و داود
لەوێدا لێیدان و وتی: خوداوەند دڕیدا بە دوژمنەکانم وەك
دڕپێدادانی ئاو. لەبەرئەوە ئەو شوێنە بە بەعل پراچیم
ناوبرا ٢١ هەروەها لەوێدا بتەکانیان بەجێهێشت و داود و
پیاوەکانیشی لایانبردن.
٢٢ ئینجا سەر لەنوێ فەلەستییەکان سەرکەوتنەوە بۆ ڕووتاندنەوەی
دۆڵی ڕەفائییەکان.٢٣ داودیش پرسیاری لە خوداوەند کرد و
ئەویش فەرمووی: سەرمەکەوە بەڵکو بسووڕێرەوە بۆ پشتیانەوە و
بەرامبەر بە دارە وشکەکان بۆیان وەرە و ٢٤ کاتێ لەسەر
دارەکانەوە گوێت لە دەنگی پێ بوو، لەو کاتەدا وریا بە، چونکە
لەو کاتەدا خوداوەند بۆ لێدانی ئۆردوگای فەلەستییەکان لەپێشتەوە
دەردەچێت.٢٥ داودیش بەو جۆرەی کرد کە خوداوەند فەرمانی
پێکرد و لە گەبەعەوە تا دەگەیتە گازەر لە فەلەستییەکانی دا.

# ٦

دووبارە داود هەموو پیاوە هەڵبژاردەکانی ناو ئیسرائیلی
کۆکردەوە، سی هەزار کەس.٢ ئینجا داود هەستا و خۆیی و
هەموو ئەو خەڵکەی لەگەڵیدا بوون لە بەعلەی[أ] یەهوزاوە ڕۆیشتن
تا لەوێوە سندوقی خودا سەرخەن، ئەوەی بە ناوەوە بانگ دەکرێت
ناوی خوداوەندی سوپاسالار دانیشتوو لەسەر کروبەکان.٣ جا
سندوقی خودایان لەسەر عەرەبانەیەکی نوێ بارکرد و لە ماڵی
ئەبینادابەوە ئەوەی لە گردەکەدایە هەڵیانگرت و کوڕەکانی
ئەبینادابیش، عوززا و ئەخیۆ عەرەبانە نوێیەکەیان لێدەخوڕی
و ٤ لە ماڵی ئەبینادابەوە ئەوەی لە گردەکەدایە لەگەڵ سندوقی خودا
بردیان و ئەخیۆ لەبەردەم سندوقەکەوە دەڕۆیشت و ٥ داود و
هەموو ماڵی ئیسرائیلیش لەبەردەم خوداوەنددا ئاهەنگیان دەگێڕا
بە هەموو ئامێرێکی مۆسیقای لە داری سەرو دروستکراو، بە
قیسارە و بە عود و بە دەف و بە دەهۆڵ و بە سەنج.٦ کاتێ
گەیشتنە خەرمانەکەی ناخون، عوززا دەستی بۆ سندوقی خودا
درێژ کرد و گرتی، چونکە گاکان خزان.٧ جا تووڕەیی خوداوەند
لەسەر عوززادا جۆشا و خودا لەوێدا لەسەر هەڵەکەی لێیدا و
لەوێ لەلای سندوقی خوداوە مرد.٨ داودیش تووڕە بوو، چونکە
خوداوەند بەتەواوی دڕیدا بە عوززا و ئەو شوێنەشی ناونا پێرێچ
عوززا، تا ئەمڕۆش ئەوە ناویەتی.٩ جا داود لەو ڕۆژەدا لە خودا
ترسا و وتی: سندوقی خوداوەند چۆن دێت بۆ لای
من؟١٠ لەبەرئەوە داود نەیوویست سندوقی خوداوەند بۆ لای خۆی
بۆ شاری داود بگوازرێتەوە. جا داود بەرەو ماڵی عوبێد ئەدۆمی
گەتی وەری چەرخاند و ١١ سندوقی خوداوەند لە ماڵی عوبێد
ئەدۆمی گەتی سێ مانگ مایەوە و خوداوەندیش عوبێد ئەدۆم و
هەموو ماڵەکەی پیرۆزکرد.
١٢ ئینجا بە داود پاشا ڕاگەیەندرا و وترا: خوداوەند ماڵی عوبێد
ئەدۆم و هەرچی هەیەتی پیرۆزی کردووە بەهۆی سندوقی
خوداوە. ئینجا داود ڕۆیشت و سندوقی خودای لە ماڵی عوبێد
ئەدۆمەوە بۆ شاری داود بەخۆشییەوە سەرخست.١٣ ئەوەبوو کاتێ
هەڵگرانی سندوقی خوداوەند شەش هەنگاویان هەڵبهێنایە، گایەك
و دابەستەیەکی سەردەبڕی.١٤ جا داود بە هەموو هێزییەوە
لەبەردەم خوداوەنددا سەمای دەکرد و ئێفۆدێکی کەتانیشی
لەبەردابوو.١٥ ئینجا داود و هەموو ماڵی ئیسرائیل سندوقی
خوداوەندیان بە هاوار و بە دەنگی کەڕەناوە سەرخست.
١٦ ئەوەبوو کاتێ سندوقی خوداوەند هاتە ناو شاری داودەوە،
میکالی کچی شائول لە پەنجەرەکەوە سەری دەرهێنا و بینی داود
پاشا لەبەردەم خوداوەنددا هەڵدەبەزێتەوە و سەما دەکات، جا لە
دڵی خۆیدا بە سووکی زانی.١٧ ئینجا سندوقی خوداوەندیان هێنایە
ژوورەوە لە شوێنی خۆیدا لە ناوەڕاستی ئەو چادرەی داود بۆی
دامەزراندبوو ڕایانگرت و ئینجا داود قوربانی سووتا و قوربانی
ئاشتی لەبەردەم خوداوەنددا سەرخست و ١٨ پاش ئەوەی داود لە
سەرخستنی قوربانی سووتا و قوربانی ئاشتی بووەوە بەناوی
خوداوەندی سوپاسالارەوە گەلی پیرۆزکرد و ١٩ بەسەر هەموو
گەلیشدا بەسەر هەموو کۆمەڵی ئیسرائیلدا بە پیاو و بەژنەوە
بەسەر هەریەکێکیان نانێك و نانە خورمایەك و نانە کشمیشێکی
دابەش کرد. ئینجا هەموو گەل هەریەکە و بۆ ماڵی خۆی
گەڕایەوە.٢٠ داودیش بۆ پیرۆزکردنی ماڵەکەی گەڕایەوە. ئینجا
میکالی کچی شائول بۆ پێشوازی داود دەرچوو و وتی: ئەمڕۆ
پاشای ئیسرائیل چەند گەورە بوو کە بە ڕووتی خۆی لەبەردەم
کارەکەرەکانی خزمەتکارەکانی دەرخست، وەك چۆن یەکێك لە
ناکەس بەچەکان خۆی ڕووت کاتەوە!
٢١ داودیش بە میکالی وت: بەڵکو لەبەردەم خوداوەند ئەوەی جگە
لە باوکت و هەموو ماڵەکەی هەڵیبژاردم تا بمکات بە فەرمانڕەوا
بەسەر گەلی خوداوەندەوە، بەسەر ئیسرئیلەوە. بۆیە لەبەردەم
خوداوەند ئاهەنگ دەگێڕم.٢٢ لەوەش زیاتر لە پایەی خۆم دێنمە
خوارەوە و خۆم کەمتر ڕادەگرم، بەڵام لەلای ئەو کارەکەرانەی
باست کردن، ئەوا ڕێزدار دەبم.٢٣ میکالی کچی شائولیش تا ئەو
ڕۆژەی مرد منداڵی نەبوو.

# ٧

پاش ئەوەی پاشا لە ماڵەکەیدا نیشتەجێ بوو و خوداوەندیش لە
هەموو لایەکەوە و لە هەموو دوژمنەکانی حەواندییەوە،٢ پاشا بە
ناسان پێغەمبەری وت: ببینە ئێستا من لە ماڵێکی دارئورزدا
نیشتەجێم و سندوقی خوداش لەناو پەردەدا نیشتەجێیە.٣ ناسانیش
بە پاشای وت: بڕۆ هەموو ئەوەی لە دڵتدایە بیکە، چونکە خوداوەند
لەگەڵتدایە.
٤ ئەوەبوو لەو شەوەدا وشەی خوداوەند بۆ ناسان بوو و
فەرمووی:٥ بڕۆ و بە خزمەتکارەکەم بە داود بڵێ، خوداوەند
ئاوای فەرمووە: ئایا تۆ ئەو کەسەی کە ماڵێك بۆ نیشتەجێ بوونم
دروست بکەی؟٦ چونکە من لەو ڕۆژەوەی نەوەی ئیسرائیلم لە
میسرەوە سەرخستووە تا ئەمڕۆ لە ماڵدا نیشتەجێ نەبووم، بەڵکو
هاتوچۆم لەناو چادر و نشینگەدا بووە.٧ لە هەموو هاتوچۆکردنم
لەگەڵ هەموو نەوەی ئیسرائیلدا، ئایا بە وشەیەك دواوم لەگەڵ
یەکێك لە هۆزەکانی ئیسرائیل، ئەوانەی فەرمانم پێکردن تا
شوانکاری گەلەکەم ئیسرائیل بکەن، پێیان بفەرمووم بۆچی
خانوویەکی دارئورزم بۆ دروست ناکەن؟٨ ئێستاش ئاوا بە
خزمەتکارەکەم بە داود دەڵێیت، خوداوەندی سوپاسالار ئاوای
فەرموو: من لە لەوەڕگاوە لە دوای مەڕەکانەوە هەڵمگرتیت تا
ببیت بە فەرمانڕەوا بەسەر گەلەکەم بەسەر ئیسرائیلەوە
و ٩ لەگەڵتدا بووم بۆ هەر شوێنێك چوویت و هەموو دوژمنەکانتم

[أ] ٦: ٢ بەعلە قەرییت یعاریمە، بڕوانە یەشوع ١٥: ٩ .

لەبەردەمتدا بڕییەوە و ناوێکی گەورەم بۆ دروستکردیت وەك ناوی
گەورەکان کە لەسەر زەویدان. ١٠ شوێنێکیشم بۆ گەلەکەم بۆ
ئیسرائیل دیار کرد و چاندم و لە جێی خۆی نیشتەجێ بوو و ئیتر
بێزار ناکرێن و ئیتر نەوەی نارەوایی نایانچەوسێننەوە وەك چۆن
لەپێشدا. ١١ لەو ڕۆژەوەش کە فەرمانم بە دادوەران کردووە بەسەر
گەلەکەم ئیسرائیلەوە بن، من تۆم حەواندۆتەوە لە هەموو
دوژمنەکانت و خوداوەند پێت ڕادەگەیەنێت کە خوداوەند ماڵت بۆ
دروست دەکات. ١٢ کاتێ ڕۆژانت تەواودەبێت و دەچیتە پاڵ
باوو باپیرانت، من وەچەکەت ئەوەی لەهەناوتەوە دەردەچێت، لە
دوای خۆت دایدەمەزرێنم و پاشایەتییەکەی جێگیر دەکەم. ١٣ ئەو
ماڵێك بۆ ناوی من بنیاددەنێت و منیش تا هەتاهەتایە تەختی
پاشایەتییەکەی جێگیر دەکەم. ١٤ من دەبم بە باوکی و ئەویش دەبێت
بە کوڕم. گەر ستەم بکات، ئەوا بە گۆچانی خەڵك و لێدانی نەوەی
ئادەم تەمبێی دەکەم. ١٥ بەڵام خۆشەویستییە بێ سنوورەکەم لەو
دانامالدرێت وەك چۆن لە شائول داماڵدرا ئەوەی لەپێشت
ڕامماڵی. ١٦ ماڵەکەت و پاشایەتییەکەشەت تا هەتایە لەبەردەمتدا
ئاسوودە دەبن و تەختت تا هەتایە جێگیر دەبێت. ١٧ ئینجا ناسان
بەپێی هەموو ئەم وشانە و هەموو ئەم بینینانە قسەی لەگەڵ داود
کرد.

١٨ ئینجا داود پاشا هات و لەبەردەم خوداوەنددا دانیشت و وتی:
خوداوەندم خوداوەند، من کێم و ماڵەکەم کێیە کە تۆ بەم پایەیەت
گەیاندووم؟ ١٩ هەروەها ئەمەش لەلات کەم بوو خوداوەندم
خوداوەند، تا سەبارەت بە ئایندەی دووری ماڵی خزمەتکارەکەت
بدوێیت؟ ئایا ئەمە دەستووری مرۆڤە، خوداوەندم خوداوەند؟ ٢٠ ئیتر
داود چی زیاتر بە تۆ بڵێت؟ چونکە تۆ خزمەتکارەکەی خۆت
دەناسیت، خوداوەندم خوداوەند. ٢١ تۆ لەپێناو وشەکەت و بە دڵی
خۆت ئەم کارە گەورانەت کردووە تا لەلای خزمەتکارەکەت
زانراوبن. ٢٢ لەبەر ئەمە خوداوەندم خوداوەند مەزن بوویت و کوا
هاوتای تۆ و کوا خودا بێجگە لە تۆ لە هەموو ئەوەی بە گوێی
خۆمان گوێمان لێبووە؟ ٢٣ هەروەها کێ وەك گەلەکەت وەك
ئیسرائیلە؟ تەنها نەتەوەیەك لە زەویدا کە خودا ڕۆیشت تا بە گەل
بۆ خۆی کڕییەوە و تا ناوێکی بۆ دابنێت و تا کاری مەزن ترسناك
بۆ زەوییەکەت بکات لەبەردەم گەلەکەت ئەوەی بۆ خۆت کڕیتەوە
لە میسر لە نەتەوەکان و خوداکانیان. ٢٤ تۆ ئیسرائیلیت تا هەتایە
وەك گەل بۆ خۆت جێگیر کردووە و تۆش ئەی خوداوەند بووی
بە خودایان. ٢٥ ئێستاش خوداوەند خودا، ئەو وشەیەی سەبارەت بە
خزمەتکارەکەت و بە ماڵەکەی فەرمووت، تا هەتایە بیچەسپێنە و
وەك فەرمووت وا بکە. ٢٦ با ناوت تا هەتایە مەزن بێت و بووترێت
خوداوەندی سوپاسالار خودایە بەسەر ئیسرائیلەوە. با ماڵی داودی
خزمەتکاریشت لەبەردەمتدا جێگیربێت. ٢٧ چونکە تۆ خوداوەندی
سوپاسالار خودای ئیسرائیلیت و بە گوێی خزمەتکارەکەتدا خوێند
و فەرمووت: ماڵێکت بۆ بنیاددەنێم، لەبەر ئەمە خزمەتکارەکەت لە
دڵی خۆیدا بینی ئەم نوێژەت بۆ بکات. ٢٨ ئێستا خوداوەندم
خوداوەند تۆ خودایت و وشەکەت ڕاستە و ئەم چاکەیەت سەبارەت
بە خزمەتکارەکەت فەرمووە. ٢٩ ئێستاش با مایەی دڵخۆشیت بێت
و ماڵی خزمەتکارەکەت پیرۆز بکە، تا بۆ هەتاهەتایە لەبەردەمتدا
بێت، چونکە خوداوەندم خوداوەند فەرمووت، جا با لە
پیرۆزییەکەتەوە ماڵی خزمەتکارەکەت پیرۆزبێت بۆ هەتاهەتایە.

# ٨

ئەوەبوو پاش ئەمە داود لە فەلەستییەکانی دا و زەلیلی کردن و
مێسێگ ئەممای لە دەست فەلەستییەکان سەند. ٢ هەروەها لە
مۆئابییەکانی دا و بە گوریسی ڕاکێشا بۆ پێوانەکردنیان و لەسەر
زەوی پاڵیخستن و دوو گوریسی ڕادەکێشا بۆ کوشتن و یەك
گوریسیش بۆ بە زیندوویی هێشتنەوە. جا مۆئابییەکان بوون بە
خزمەتکاری داود و دیارییان بۆ دەهێنا. ٣ هەروەها داود لە
هەدەدعێزێری کوڕی ڕخوبی پاشای چوبەی دا کاتێ ڕۆیشت بۆ
ئەوەی دەسەڵاتی بەسەر ڕووباری فورات بەدەست بهێنێتەوە. ٤ جا
داود هەزار و حەوت سەد سوار و بیست هەزار پیادەی لێ برد و
داود جوومگەی پێی ئەسپی گالیسکەکانیانی بڕییەوە و تەنها سەد
گالیسکەی هێشتەوە. ٥ ئینجا ئارامییەکانی دیمەشق بۆ یارمەتیدانی
هەدەدعێزێری پاشای چوبە هاتن و داودیش لە ئارامییەکان بیست
و دوو هەزار پیاوی کوشت. ٥ ئینجا داود پارێزگارانی بەسەر
ئارامییەکانی دیمەشقەوە دانا و ئارامییەکان بوون بە خزمەتکاری
داود و دیارییان بۆ دەهێنا. داودیش ڕووی لەهەر کوێ بکردایە،
خوداوەند ڕزگاری دەکرد. ٧ پاشان داود قەڵغانە زێڕینەکان ئەوەی
هی خزمەتکارەکانی هەدەدعێزێر بوون بردی و بۆ ئۆرشەلیمی
هێنان. ٨ هەروەها مسێکی زۆریشی لە بێتەخ و بیرۆسای هەردوو
شارەکەی هەدەدعێزێرەوە برد.

٩ کاتێ تۆعی پاشای حەمات بیستی کە داود لە هەموو سوپاکەی
هەدەدعێزێری داوە. ١٠ ئینجا تۆعی پاشا یۆرامی کوڕی نارد بۆ
لای داود پاشا تا لە سەلامەتی بپرسێت و پیرۆزبایی لێبکات کە
لەگەڵ هەدەدعێزێر جەنگاوە و لێیداوە، چونکە هەدەدعێزێر لە
جەنگدا بوو دژ بە تۆعی. یۆرامیش لەگەڵ دەستی خۆیدا کەلوپەلی
زیو و کەلوپەلی زێڕ و کەلوپەلی مسی هێنابوو. ١١ هەروەها داود
پاشا ئەوانەشی بۆ خوداوەند پیرۆز کرد لەگەڵ ئەو زیو و زێڕانەی
پیرۆزی کردبوو لەهەموو ئەو نەتەوانەی ژێردەستەی
کردبوون. ١٢ لە ئارامییەکان و لە مۆئابییەکان و لە نەوەی عەممون
و لە فەلەستییەکان و لە عەمالیقەکان و لە دەستکەوتەکەی
هەدەدعێزێری کوڕی ڕخوبی پاشای چوبە. ١٣ هەروەها داود پاش
گەڕانەوەی لە لێدانی هەژدە هەزار لە ئارامییەکان لە دۆڵی خوێدا
ناوبانگی بڵاوبووەوە و ١٤ لە ئەدۆمدا پارێزگارانی دانا، لە هەموو
ئەدۆمدا پارێزگارانی دانا و هەموو ئەدۆمییەکان بوون بە
خزمەتکاری داود و داود ڕووی لە هەر کوێ بکردایە خوداوەند
ڕزگاری دەکرد. ١٥ جا داود پاشایەتی بەسەر هەموو ئیسرائیلەوە
کرد و داود دادروەری و ڕاستودروستی بۆ هەموو گەلەکەی
ئەنجامدا. ١٦ یوئابی کوڕی چرویەش سەرپەرشتی سوپای دەکرد
و یەهوشافاتی کوڕی ئەخیلودیش تۆمارکار بوو و ١٧ چادوقی
کوڕی ئەخیتوب و ئەخیمالیکی کوڕی ئەبیاسار کاهین بوون و
سەرایاش نووسەر بوو و ١٨ بەنایاهوی کوڕی یەهویاداع بەسەر
کرێتی و پلێتییەکانەوە بوون و کوڕەکانی داودیش کاهین بوون.

# ٩

داود وتی: ئایا کەسێکی دیکە هەیە لە بنەماڵەی شائولدا مابێتەوە تا
لەپێناو یۆناساندا چاکەیەکی لەگەڵدا بکەم؟ ٢ جا خزمەتکارێکی ماڵی
شائول هەبوو ناوی چیبا بوو، بانگیان کرد بۆ لای داود و پاشا
پێی وت: تۆ چیبای؟ ئەویش وتی: خزمەتکارت. ٣ پاشاش وتی:
ئایا کەسێکی دیکە هەیە لە بنەماڵەی شائولدا تا چاکەی خودای
لەگەڵدا بکەم؟ چیباش بە پاشای وت: کوڕێکی یۆناسان هەیە کە
هەردوو قاچی شەلە. ٤ پاشاش پێی وت: لە کوێیە؟ چیباش بە
پاشای وت: ئەوەتا لە ماڵی ماکیری کوڕی عەمیئیلە لە لو
دبار. ٥ ئینجا پاشا ناردی و لە ماڵی ماکیری کوڕی عەمیئیلەوە لە
لو دبار هێنایەوە.

٦ ئینجا مەفیبۆشەسی کوڕی یۆناسانی کوڕی شائول هات بۆ لای
داود بەڕوودا خۆی دا بە زەویدا و کڕنۆشی برد. داودیش وتی:
مەفیبۆشەس؟ ئەویش وتی: خزمەتکارەکەت ئەوەتا. ٧ داودیش پێی
وت: مەترسە، چونکە بە دڵنیاییەوە چاکەت لەگەڵ دەکەم لەپێناو
یۆناسانی باوکتدا و هەموو کێڵگەکانی شائولی باوکت بۆ

دەگێڕمەوە و تۆش هەمیشە نان لەسەر خوانەکەم
دەخۆیت.٨ ئەویش کڕنۆشی برد و وتی: خزمەتکارەکەت کێیە تا
ئاوڕ لە سەگێکی تۆپیوی وەک من بدەیتەوە؟٩ پاشان پاشا چیبای
خزمەتکاری شائولی بانگکرد و پێی وت: هەموو ئەوەی هی
شائول و هەموو ئەوەی هی بنەماڵەکەی بوو دامەوە بە کوڕی
گەورەکەت.١٠ لەبەرئەوە خۆت و کوڕەکانت و خزمەتکارەکانت
لە زەوییەکەی کاردەکەن و دەیهێننە بەرهەم تا نان بۆ کوڕی
گەورەکەت دابین بکرێت بۆ خواردن و مەفیبۆشەسی کوڕی
گەورەکەشت هەمیشە نان لەسەر خوانەکەم دەخوات. چیبا پانزە
کوڕ و بیست خزمەتکاری هەبوو.١١ چیباش بە پاشای وت: بەپێی
هەموو ئەوەی گەورەم پاشا فەرمان بە خزمەتکارەکەی دەکات،
خزمەتکارەکەت ئاوا دەکات و مەفیبۆشەس وەک شازادەیەک لەسەر
خوانەکەم نان دەخوات.١٢ مەفیبۆشەس کوڕێکی بچووکی هەبوو
ناوی میخا بوو. هەروەها هەموو ئەوانەی لە ماڵی چیبادا دەژیان
خزمەتکاری مەفیبۆشەس بوون و مەفیبۆشەس لە ئۆرشەلیم
نیشتەجێ بوو، چونکە هەمیشە لەسەر خوانی پاشا نانی دەخوارد
و هەردوو قاچیشی شەل بوون.

# ١٠

ئەوەبوو پاش ئەمانە پاشای نەوەی عەمون مرد و خانونی کوڕی
لە جێی ئەو بوو بە پاشا و ٢ داودیش وتی: چاکەیەک لەگەڵ خانونی
کوڕی ناخاشدا دەکەم، وەک ئەوەی باوکی چاکەی لەگەڵدا کردم.
لەبەر ئەوە داود چەند خزمەتکارێکی بۆ سەرەخۆشی لێکردنی لە
بارەی باوکیەوە ڕەوانەکرد. ئینجا خزمەتکارەکانی داود هاتن بۆ
زەوی نەوەی عەمون.٣ جا میرەکانی نەوەی عەمون بە خانونی
گەورەیان وت: تۆ لەو باوەڕەدای داود لەبەر تۆ ڕێز لە باوکت
دەگرێت، تا سەرەخۆشی لێکەرانت بۆ بنێرێت؟ ئایا داود بۆ
پشکنینی شارەکە و سیخوڕی کردن بەسەریەوە و
سەرەوژێرکردنی خزمەتکارەکانی خۆی نەناردووە بۆ لات؟٤ بۆیە
خانون خزمەتکارەکانی داودی گرت و نیوەی ڕیشی تاشین و
جلەکانیانی لەنیوەوە تا دەرقنیانی دادڕی و بەڕەڵای کردن.٥ جا بە
داود ڕاگەیەندرا و ئەویش چەند کەسێکی نارد بۆ پێشوازیان،
چونکە پیاوەکان زۆر شەرمیان دەکرد، پاشاش وتی: لە ئەریحادا
بمێننەوە تا ڕیشتان دێتەوە، ئینجا بگەڕێنەوە.٦ جا نەوەی عەمون
بینییان لەلایەن داود بۆگەن بوون، بۆیە نەوەی عەمون ناردیان و
ئارامییەکانی بەیت ڕەخۆب و ئارامییەکانی بەیت چوبا و بیست
هەزار پیادەیان بەکرێ گرت و لە پەشای مەعکەش هەزار پیاو و
لە پیاوەکانی تۆب دوانزە هەزار پیاویان بەکرێ گرت.٧ کاتێ
داود ئەمەی بیستەوە یۆئاب و هەموو سوپا پاڵەوانەکانی
نارد.٨ ئینجا نەوەی عەمون هاتنە دەرەوە لە دەمی دەروازەکەدا بۆ
جەنگ ڕیزیان بەست و بە تەنها ئارامییەکانی چوبا و ڕەخۆب و
پیاوەکانی تۆب و مەعکە لە کێڵگەکەدا بوون.
٩ کاتێ یۆئاب بینی کە بەرەکانی جەنگ لەپێشیەوە و لەپاشیەوەن،
لە هەموو هەڵبژێردراوەکانی ئیسرائیل چەند هێزێکی هەڵبژارد و
بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئارامییەکان ڕیزی کردن و ١٠ پاشماوەی
گەلیشی دایە دەست ئەبیشایی برای و ئەویش بۆ
بەرەنگاربوونەوەی نەوەی عەمون ڕیزی کردن.١١ جا وتی: گەر
ئارامییەکان لە من بەهێزتر بوون، ئەوا تۆ دێیت بەهانامەوە، گەر
نەوەی عەمونیش بەهێزتر بوون لە تۆ، ئەوا من دێم
بەهاناتەوە.١٢ جا ئازابە و با بەهێزبین لەپێناو گەلەکەمان و لەپێناو
شارەکانی خوداکەمان و خوداوەندیش چی پێ باشە ئەوە دەکات.
١٣ ئینجا یۆئاب و ئەو گەلەی لەگەڵیدابوون بۆ جەنگ دژ بە
ئارامییەکان چوونە پێشەوە و ئەوانیش لەبەردەمیدا هەڵاتن
و ١٤ کاتێ نەوەی عەمون بینییان ئارامییەکان هەڵاتوون، ئەوانیش
لەبەردەم ئەبیشایدا هەڵاتن و چوونە ناو شارەکە. ئینجا یۆئاب لە
نەوەی عەمون گەڕایەوە و چوو بۆ ئۆرشەلیم.
١٥ کاتێ ئارامییەکان بینیان لەبەردەم ئیسرائیلدا تێکشکاون،
بەیەکەوە کۆمەڵیان بەست.١٦ ئینجا هەدەدعێزێر ناردی و
ئارامییەکانی ئەوبەری ڕووباری فوڕاتی هێنا، ئەوانیش هاتن بۆ
خیلام و شۆبەکی سەرکردەی سوپاکەی هەدەدعێزێریش
لەپێشیانەوە بوو.١٧ جا بە داود ڕاگەیەندرا و ئەویش هەموو
ئیسرائیلی کۆکردەوە و لە ئۆردونەوە پەڕییەوە و هات بۆ خیلام،
ئارامییەکانیش بۆ بەرەنگاربوونەوەی داود ڕیزیان بەست و دژی
جەنگان.١٨ ئینجا ئارامییەکان لەبەردەم ئیسرائیلدا هەڵاتن و
داودیش حەوت سەد گالیسکەسوار و چل هەزار سواری لە
ئارامییەکان کوشت و لە شۆبەکی سەرکردەی سوپاکەیی دا و
لەوێدا مرد.١٩ جا کاتێ هەموو پاشاکان خزمەتکارەکانی
هەدەدعێزێر بینییان کە ئەوان لەبەردەم ئیسرائیلدا تێکشکاون،
لەگەڵ ئیسرائیلدا ئاشت بوونەوە و بوون بە خزمەتکاریان و ئیتر
ئارامییەکان نەیانوێرا بەهانای نەوەی عەمونەوە بچن.

# ١١

ئەوەبوو لە بەهاری ساڵدا لە کاتی دەرچوونی پاشاکان بۆ جەنگ،
داود یۆئابی لەگەڵ هەموو خزمەتکارەکانی و هەموو ئیسرائیلدا
نارد و نەوەی عەمونیان تێکشکاند و ڕەببەیان گەمارۆدا، بەڵام
داود لە ئۆرشەلیمدا مایەوە.٢ ئەوەبوو دەمەو ئێوارە داود لەسەر
چوارپایەکەی هەستا و لە سەربانی ماڵی پاشا هاتووچۆی کرد و
لە سەربانەوە ژنێکی بینی خۆی دەشوات و ژنەکە زۆر جوان
بوو.٣ داودیش خەڵکی نارد بۆ سۆراغی ژنەکە، جا یەکێک وتی:
ئەمە بەتشەبەعی کچی ئەلیعامە و ژنی ئوریای حیتی
نییە؟٤ ئینجا داود چەند نێردراوێکی نارد و بردی و هاتە ژوورەوە
بۆ لای و داود لەگەڵیدا نووست، ئەویش لە خوێن لێچوونی
مانگانەی پاکببووەوە. ئینجا ژنەکە گەڕایەوە بۆ ماڵەکەی.٥ جا
ژنەکە سکی پڕبوو و ناردی و بە داودی ڕاگەیاند و وتی: سکم
پڕە.٥ داودیش نێردراوی بۆ لای یۆئاب نارد و وتی: ئوریای
حیتیم بۆ ڕەوانە بکە. یۆئابیش ئوریای بۆ لای داود
ڕەوانەکرد.٧ ئینجا ئوریا هات بۆ لای و داودیش لە سەلامەتی
یۆئاب و لە سەلامەتی گەل و چۆنیەتی سەرکەوتنی جەنگی
پرسی.٨ پاشان داود بە ئوریای وت: دابەزە بۆ ماڵەکەت و
قاچەکانت بشۆ. جا ئوریا لە ماڵی پاشاوە دەرچوو و لەدوایشیەوە
دیارییەک لە ماڵی پاشاوە دەرچوو.٩ بەڵام ئوریا لە دەروازەی
ماڵی پاشادا لەگەڵ هەموو خزمەتکارەکانی گەورەکەیدا خەوت و
دانەبەزی بۆ ماڵەکەی.١٠ ئینجا بە داود ڕاگەیەندرا کە ئوریا
دانەبەزیوە بۆ ماڵەکەی. داودیش بە ئوریای وت: تۆ لەڕێوە
نەهاتووی؟ ئەی بۆچی دانەبەزیت بۆ ماڵەکەت؟١١ ئوریاش بە
داودی وت: سندوقەکە و ئیسرائیل و یەهوزا لەناو چادردا
نیشتەجێن و یۆئابی گەورەم و خزمەتکارانی گەورەم لە دەشتودەر
هەواریان هەڵداوە، منیش بچم بۆ ماڵەکەم بخۆم و بخۆمەوە لەگەڵ
ژنەکەمدا پاڵکەوم؟ بەسەری تۆ و بە گیانی تۆ من کاری وا
ناکەم!١٢ ئینجا داود بە ئوریای وت: ئەمڕۆش لێرە بمێنەرەوە و
سبەینێ دەتنێرمەوە. ئینجا ئوریا بۆ ئەو ڕۆژە و سبەینێ لە
ئۆرشەلیمدا مایەوە١٣ ئینجا داود بانگی کرد و لەبەردەمیدا
خواردی و خواردیەوە و داود مەستی کرد، بۆ ئێوارە دەرچوو و
تا لەگەڵ خزمەتکارەکانی گەورەکەیدا پاڵبکەوێت و بۆ ماڵەکەی
خۆی دانەبەزی.
١٤ بۆ بەیانی داود نووسراوێکی بۆ یۆئاب نووسی و بە دەستی
ئوریادا ناردی.١٥ لەنووسراوەکەشدا نووسیبووی و دەیوت:
ئوریا بخەنە ناو گەرمەی شەڕەکەوە و لە پشتی بکشێنەوە تا

لێدەدرێت و دەمرێت.١٦ جا کاتێ یۆئاب گەمارۆی شارەکەی
دابوو، ئورییای لەوشوێنەدا دانا کە دەیزانی پیاوە بەهێزەکان
لەوێن.١٧ ئینجا پیاوانی شارەکە هاتنە دەرەوە و دژی یۆئاب
جەنگان و ژمارەیەك لە خزمەتکارەکانی داود کەوتن و ئورییای
خیتتیش مرد.١٨ یۆئابیش نێردراوێکی نارد و هەموو کاروبارەکانی
جەنگی بە داود ڕاگەیاند.١٩ فەرمانیشی بە نێردراوەکە کرد و
وتی: پاش ئەوەی هەموو کاروباری جەنگەکە بۆ پاشا باس
دەکەیت.٢٠ جا ئەگەر تووڕەیی پاشا جۆشا و وتی: بۆچی لە
شارەکە نزیك کەوتنەوە بۆ جەنگ؟ ئەی نەتانزانی ئەوان لەسەر
دیوارەکەوە تیرتان تێدەگرن؟٢١ کێ ئەبیمالیکی کوڕی یەربوشێسی
کوشت؟ ئایا ژنێك لەسەر دیوارەوە پارچە دەستاڕێکی تێنەگرت و
لە تێبێچدا مرد؟ بۆ لە دیوارەکە نزیك کەوتنەوە؟ تۆش بڵێ:
هەروەها ئورییای خیتتی خزمەتکاریشت مردووە.
٢٢ ئینجا نێردراوەکە ڕۆیشت و چووە ژوورەوە و هەموو ئەو
شتانەی پێی وت، کە یۆئاب لەبارەیانەوە ناردبووی.٢٣ هەروەها
نێردراوەکە بە داودی وت: چونکە خەڵکەکە باڵا دەست بوون
بەسەرماندا، بۆمان دەرچوون تا کێڵگە و ئێمەش پاشەکشەمان پێ
کردن تا دەمی دەروازەکە.٢٤ ئینجا تیر هاوێژەکان
لەسەردیوارەکەوە تیربارانیان کردین و ژمارەیەك لە
خزمەتکارەکانی پاشا مردن و ئورییای خیتتی خزمەتکاریشت
مرد.٢٥ داودیش بە نێردراوەکەی وت: ئاوا بە یۆئاب دەڵێیت: ئەم
کارەت پێ خراپ نەبێت، چونکە شمشێر ئەم و ئەو دەخوات،
شەڕەکەت لەسەر شارەکە بەتین بکە و کاولی بکە، هانی یۆئاب
بدە.
٢٦ کاتێ ژنەکەی ئورییا بیستی کە ئورییای میردی مردووە،
شیوەنی بۆ پیاوەکەی گێڕا و٢٧ پاش تێپەڕبوونی پرسەکە، داود
ناردی بەدوایدا و خستییە پاڵ ماڵەکەی خۆیەوە و بوو بە ژنی و
کوڕێکی لێی بوو. بەڵام ئەم کارەی داود کردی لەبەرچاوی
خوداوەند ناپەسەند بوو.

# ١٢

جا خوداوەند ناسانی نارد بۆلای داود و ئەویش هات بۆلای و پێی
وت:
دوو پیاو لە شارێکدا هەبوون یەکێکیان دەوڵەمەند و ئەوی تریان
هەژار.
٢ پیاوە دەوڵەمەندەکە مەڕ و مانگایەکی زۆری هەبوو.
٣ بەڵام هەژارەکە هەموو ئەمەی نەبوو تەنها بەرخێکی بچووك کە
کڕیبووی و بەخێوی کردبوو لەگەڵ خۆی و هەموو مناڵەکانیدا
گەورەببوو.
بەرخەکە لە پارووەکەی دەخوارد و لە جامەکەیدا دەیخواردەوە و
لە باوەشیدا دەنووست و وەك کچی لێهاتبوو بۆی.
٤ پیاوە دەوڵەمەندەکە ڕێبوارێك بوو بە میوانی، بەڵام ڕازی نەبوو
یەکێك لە مەڕ و مانگاکانی خۆی ببات تا ژەمێك بۆ میوانەکە کە
ڕووی تێکردبوو ئامادەبکات. لە جیاتی ئەوە بەرخی هەژارەکەی
برد و ئامادەی کرد بۆ ئەو پیاوەی کە ڕووی تێکردبوو.
٥ جا داود زۆر تووڕە بوو لەو پیاوە و بە ناسانی وت: بە گیانی
خوداوەند ئەو پیاوەی ئەمەی کردووە دەکوژرێت و٥ لە جیاتی
بەرخەکەش چوار قات دەداتەوە، دەرئەنجامی ئەوەی ئەمەی
کردووە و لەبەرئەوەی بەزەیی نەبووە
٧ ناسانیش بە داودی وت: ئەو پیاوە تۆیت! خوداوەند خودای
ئیسڕائیل ئاوای فەرموو: من دەستنیشانم کردیت بە پاشا بەسەر
ئیسڕائیلەوە و من لە دەست شائول دەربازم کردیت.٨ ماڵی
گەورەکەتم پێ دایت و ژنەکانیم خستە باوەشتەوە و ماڵی ئیسڕائیل
و یەهوزام پێ دایت و گەر ئەوەش کەم بوایە ئاوها و ئاوها بۆم
زیاد دەکردیت.٩ ئیتر بۆچی وشەی خوداوەندت بە سووك زانی تا
ئەم خراپەیە لەبەرچاوی بکەیت؟ ئورییای خیتتیت بە شمشێر
کوشت و ژنەکەیت کرد بە ژنی خۆت و ئەوت بە شمشێری
نەوەی عەمون کوشت؟١٠ ئێستاش شمشێر لەناو ماڵەکەت تاهەتایە
نابڕێت، چونکە سووکایەتیت بە من کرد و ژنەکەی ئورییای
خیتتیت برد و کردت بە ژنی خۆت.١١ خوداوەند ئاوای فەرموو،
ئەوەتا من لە ماڵەکەی خۆتدا خراپەت بەسەردا ڕاست دەکەمەوە و
بەبەرچاوی خۆتەوە ژنەکانت دەبەم و دەیاندەم بەو کەسەی کە
لێتەوە نزیکە و لە ڕووناکی ئەم خۆردا لەگەڵ ژنەکانتدا
دەخەوێت.١٢ چونکە تۆ بە نهێنی ئەو کارەت کرد و منیش ئەم
کارە لەبەردەم هەموو ئیسڕائیل و لەژێر ڕووناکی خۆردا دەکەم.
١٣ داودیش بە ناسانی وت: گوناهم دەرهەق بە خوداوەند کرد.
ناسانیش بە داودی وت: هەروەها خوداوەندیش لە گوناهەکەت
خۆشبووە، نامریت.١٤ بەڵام لەبەرئەوەی تۆ بەم کارە وات کرد
دوژمنانی خوداوەند توانج بگرن، بۆیە ئەو منداڵەی بۆت لەدایك
دەبێت دەمرێت.١٥ ئینجا ناسان ڕۆیشت بۆ ماڵەکەی.
خوداوەندیش لەو منداڵەی دا کە بۆ داود لە ژنەکەی ئورییا لەدایك
بوو، جا نەخۆشکەوت و١٦ داودیش بۆ منداڵەکەی لەخودا پاڕایەوە
و ڕۆژووی گرت و چووە ژوورەوە بە پاڵکەوتوویی لەسەر
زەویەکە مایەوە.١٧ جا پیرانی ماڵەکەی لێی ڕاست بوونەوە تا
لەسەر زەویەکە هەڵیستێننەوە، بەڵام نەیوویست و نانی لەگەڵیان
نەخوارد.١٨ ئەوەبوو لە ڕۆژی حەوتەمدا منداڵەکە مرد و
خزمەتکارەکانی داودیش ترسان پێی ڕابگەیەنن کە منداڵەکە
مردووە، چونکە وتیان: هێشتا منداڵەکە زیندوو بوو قسەمان
لەگەڵیدا کرد و گوێی لێ نەگرتین و ئیتر چۆن پێی بڵێین منداڵەکە
مردووە! خراپتر دەکات.
١٩ کاتێ داود بینی خزمەتکارەکانی چرپەچرپ دەکەن، زانی کە
منداڵکە مردووە. جا داود بە خزمەتکارەکانی وت: منداڵەکە
مردووە؟ ئەوانیش وتیان: بەڵێ مردووە.٢٠ ئینجا داود لەسەر
زەویەکە ڕاست بووەوە و خۆی شت و بۆنی لەخۆی دا و جلەکانی
گۆڕی و چووە ناو ماڵی خوداوەند و کڕنۆشی برد و پاشان
گەڕایەوە بۆ ماڵەکەیی و داوای کرد نانیان بۆ دانا و
خواردی.٢١ خزمەتکارەکانی پێیان وت: ئەم کارە چی بوو کردت؟
لەکاتێکدا منداڵەکە زیندوو بوو، ڕۆژووت گرت و گریایت، بەڵام
کاتێ کە مرد هەستایت و نانت خوارد؟
٢٢ ئەویش وتی: کاتێ منداڵەکە زیندوو بوو ڕۆژووم گرت و گریام
و وتم، کێ دەزانێت بەڵکو خوداوەند بەزەیی پێمدا بێتەوە و
منداڵەکە بژیت.٢٣ بەڵام ئێستا ئەو مرد ئیتر بۆچی ڕۆژوو بگرم.
ئایا ئەتوانم بیگێڕمەوە؟ من دەچم بۆلای ئەو، بەڵام ئەو ناگەڕێتەوە
بۆلای من.
٢٤ ئینجا داود دڵنەوایی بەتشەبەعی ژنی دایەوە و چووە ژوورەوە
بۆلایی و لەگەڵیدا نووست و منداڵێکی بوو ناوینا سلێمان و
خوداوەندیش خۆشیویست و٢٥ لەڕێگای ناسان پێغەمبەرەوە
پەیامی نارد و ئەویش لەبەر خوداوەند ناوینا یەدیدیا.
٢٦ پاشان یۆئاب دژی ڕەببەی نەوەی عەمون جەنگا و شاری
پاشایەتییەکەی گرت و٢٧ یۆئاب چەند نێردراوێکی بۆ لای داود
نارد و وتی: دژی ڕەببە جەنگام و سەرچاوەی ئاوی شارەکەم
گرت.٢٨ لەبەرئەوە ئێستا پاشماوەی گەل کۆبکەرەوە و بدە بەسەر
شارەکەدا و دەستی بەسەردا بگرە، دەنا من دەستی بەسەردا دەگرم
و بە ناوی منەوە بانگ دەکرێت.٢٩ ئینجا داود هەموو گەلی
کۆکردەوە و چوو بۆ ڕەببە و دژی جەنگا و گرتی.٣٠ تاجی
پاشاکەیانی لەسەر سەری برد و کێشەکەی نزیکەی کیکەرێك بە
زێڕ و بەردە گرانبەهاکانەوە، جا لەسەر داود دانرا. دەستکەوتێکی
زۆریش لە شارەکە دەرکرا.٣١ ئەو گەلەش کە تیایدا بوو هێنایانیە
دەرەوە و خستیانیە ژێر کاری مشار و پاچی ئاسنین و تەوری
ئاسنین و فەرمانی پێکردن لە کورەی خشتدا کاربکەن و ئەم

کارەی بە هەموو شارەکانی نەوەی عەمون کرد. پاشان داود و
هەموو گەل بۆ ئۆرشەلیم گەڕانەوە.

# ١٣

ئەوە بوو پاش ئەمانە ئەبشالۆمی کوڕی داود خوشکێکی جوانی
هەبوو ناوی تامار بوو، ئەمنونی کوڕی داود حەزی
لێکرد.٢ ئەمنون لەتاو تاماری خوشکی نەخۆش کەوت، چونکە
پاکیزە بوو و ئەمنون دەستی تێنەدەچوو هیچی لێ بکات.٣ ئەمنون
برادەرێکی هەبوو ناوی یونادابی کوڕی شیمعە بوو کە برای داود
بوو، یوناداب پیاوێکی زۆر دانا بوو.٤ پێی وت: شازادە بۆچی
ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لاوازتر دەبیت؟ ئایا پێم ناڵێیت؟ ئەمنونیش پێی
وت: من تاماری خوشکی ئەبشالۆمی برامم
خۆشدەوێت.٥ یونادابیش پێی وت: لەناو جێگاکەدا پاڵکەوە و خۆت
نەخۆش بخە و گەر باوکت هات بۆ بینینت پێی بڵێ با تاماری
خوشکم بێت بۆ لام و نانم دەرخوارد بدات و با خواردنەکە لەبەر
چاومدا ساز بکات، بۆ ئەوەی بیبینم و بە دەستەکانی نان بخۆم.
٦ جا ئەمنون پاڵکەوت و خۆی نەخۆش خست و پاشا هات بۆ
بینینی و ئەمنون بە پاشای وت: تکایە با تاماری خوشکم بێت بۆلام
و لەبەرچاومدا دوو نانەساجی دروست بکات و بە دەستەکانی
دەیخۆم.٧ جا داود ناردی بەدوای تاماردا بۆ ماڵەوە و وتی: تکایە
بڕۆ بۆ ماڵی ئەمنونی برات و خواردنێکی بۆ دروست
بکە.٨ تاماریش چوو بۆ ماڵی ئەمنونی برای و ئەو پاڵکەوتبوو.
ئینجا هەویری برد و شێلایی و لەبەرچاویدا نانەساجی کرد و
نانەساجیەکەی سوور کردەوە و٩ تاوەکەی برد و خستیە بەردەمی،
بەڵام ئەو ڕازی نەبوو بخوات و ئەمنون وتی: هەمووتان بچنە
دەرەوە. ئەوانیش هەموو دەرچوون.١٠ ئینجا ئەمنون بە تاماری
وت: خواردنەکە بهێنە بۆ شوێنی خەوەکەم تا بە دەستت بیخۆم.
تاماریش نانەساجیەکە کە دروستی کردبوو هەڵیگرت و بردیە
ژوورەوە بۆ ئەمنونی برای بۆ شوێن خەوەکەی.١١ بۆی بردە
پێشەوە تا بیخوات و ئەویش گرتی و وتی: خوشکەکەم وەرە
لەگەڵمدا پاڵکەوە.١٢ ئەویش پێی وت: نا برام نا سەرم شۆر مەکە،
چونکە لە ئیسرائیلدا شتی وا ناکرێت ئەم بێئابڕووییە مەکە.١٣ ئەی
من بەو ڕسواییەمەوە ڕوو لە کوێ بکەم؟ ئەی تۆ؟ تۆش وەك
ناکەس بەچەیەکت لێ دێت لە ئیسرائیلدا. ئێستاش تکایە لەگەڵ
پاشادا قسە بکە چونکە ئەو لە تۆ قەدەغەم ناکات.١٤ بەڵام ئەو
نەیوویست گوێی لێ بگرێت و بەسەریدا زاڵ بوو و سەرشۆڕی
کرد و لەگەڵیدا پاڵ کەوت.١٥ پاشان ئەمنون زۆر ڕقی لێی
بووەوە، تەنانەت ئەو ڕقەی ڕقی لێی بووەوە زۆرتر بوو لەو
خۆشەویستییەی کە خۆشیدەویست. ئینجا ئەمنون پێی وت: هەستە
و بڕۆ!١٦ ئەویش پێی وت: نەخێر! لەڕاستیدا ئەم خراپەیەت
بەدەرکردنم گەورەترە لەوەی تریان کە پێت کرم. بەڵام نەیوویست
گوێی لێ بگرێت.١٧ بەڵکو خزمەتکارەکەی ئەوەی خزمەتی
دەکرد، بانگکرد و وتی: ئا ئەمە بکەرە دەرەوە و دەرگاکە
لەدوایەوە داخە.
١٨ تاماریش جلێکی ڕەنگاوڕەنگی لەبەردا بوو، چونکە کچە
پاکیزەکانی پاشا جلی ئاوایان لەبەردەکرد. خزمەتکارەکەش کردیە
دەرەوە و دەرگاکەی لە دوایەوە داخست.١٩ ئینجا تامار خۆڵەمێشی
کرد بەسەری خۆیدا و جلە ڕەنگاوڕەنگەکەی لەبەرخۆیدا دادڕی
و دەستی گرت بەسەریەوە و بە ڕێگادا دەڕۆیشت و بەدەنگی
بەرزەوە دەگریا.٢٠ ئینجا ئەبشالۆمی برای پێی وت: ئەمنونی
برات بوو لەگەڵتدا بوو؟ ئێستاش بێ دەنگ بە خوشکم ئەو براتە و
ئەم کارە لە دڵدا مەگرە. ئینجا تامار بە تەنیایی لە ماڵی ئەبشالۆمی
برایدا ژیا.٢١ داود پاشاش هەموو ئەم شتانەی بیستەوە و زۆر
تووڕەبوو.٢٢ ئەبشالۆمیش نە بەچاك و نە بەخراپە قسەی لەگەڵ
ئەمنونی برایدا نەکرد، چونکە لەبەرئەوەی سەری تاماری
خوشکی شۆڕکرد زۆر ڕقی لە ئەمنون بووەوە.
٢٣ ئەوەبوو پاش دوو ساڵ کاتێ ئەبشالۆم لە بەعل خاچور ئەوەی
نزیك ئەفرایمە مەڕ بڕینەوەی هەبوو، ئەبشالوم هەموو کوڕەکانی
پاشای بانگ کرد.٢٤ ئینجا ئەبشالۆم هات بۆ لای پاشا و وتی:
ئەوەتا ئێستا خزمەتکارت مەڕبڕینەوەی هەیە، تکایە با پاشا و
خزمەتکارەکانی لە گەڵ خزمەتکارەکەت بڕۆن.٢٥ پاشاش بە
ئەبشالۆمی وت: نەخێر کوڕم، با هەموومان نەڕۆین و بارگرانی
نەخەینە سەرت. جا ئەبشالۆم زۆری لێکرد، بەڵام ئەو نەیوویست
بچێت، بەڵکو پیرۆزی کرد.٢٦ ئەبشالۆمیش وتی: ئەگەر نا، تکایە
با ئەمنونی برام لەگەڵماندا بێت. پاشاش پێی وت: بۆچی لەگەڵتدا
بڕێت؟٢٧ ئەبشالۆمیش زۆری لێکرد و ئەویش ئەمنون و هەموو
کوڕەکانی پاشای لەگەڵدا نارد.
٢٨ ئەبشالۆمیش فەرمانی بە خزمەتکارەکانی دا وتی: ئێستا ببینن،
کاتێ کە ئەمنون بە مەی مەست بوو و پێم وتن، لە ئەمنون بدەن،
بیکوژن و مەترسن، ئەی من خۆم فەرمانم پێ نەکردوون؟
لەبەرئەوە بەهێز بن و ئازا بن.٢٩ ئینجا خزمەتکارەکانی ئەبشالۆم
ئەوەیان بە ئەمنون کرد کە ئەبشالۆم فەرمانی پێکردبوون و هەموو
کوڕەکانی پاشا هەستان و هەریەکە و سواری ئێسترەکەی خۆیان
بوون و هەڵاتن.٣٠ لە کاتێکدا ئەوان بەڕێوە بوون، هەواڵ گەیشتە
داود و وترا، ئەبشالۆم سەرجەم کوڕەکانی پاشای کوشتووە و
کەسیانی نەهێشتووەتەوە.
٣١ جا پاشا هەستا و جلەکانی لەبەر خۆیدا دادڕی و لەسەر زەوی
پاڵکەوت و سەرجەم خزمەتکارەکانیشی ڕاوەستابوون و جلەکانیان
دڕابوو.٣٢ ئینجا یونادابی کوڕی شەمعەی برای داود وەڵامی
دایەوە و وتی: با گەورەم وانەزانێت کە سەرجەم لاوە شازادەکانیان
کوشتووە، بەڵکو تەنها ئەمنون مردووە، چونکە ئەبشالۆم بیری
لەوە دەکردەوە لەو ڕۆژەوەی کە سەری تاماری خوشکی
شۆڕکردووە.٣٣ ئێستاش با پاشای گەورەم شتێکی وا نەخاتە دڵیەوە
و بڵێت سەرجەم کوڕەکانی پاشا مردوون. بەڵکو بەتەنها ئەمنون
مردووە.
٣٤ ئینجا ئەبشالۆم هەڵات و خزمەتکارە چاودێرەکە چاوی هەڵبڕی
و بینی ئەوەتا خەڵکێکی زۆر بە ڕێگاوەن بە دوایەوە بە تەنیشت
چیاکەوە.٣٥ ئینجا یوناداب بە پاشای وت: ئەوەتا شازادەکان هاتن
و خزمەتکارەکەت چی وت، ئاوا بوو.٣٦ پاش ئەوەی لە قسەکردن
بووەوە شازادەکان هاتن و دەنگیان بەگریان بەرزکردەوە و
هەروەها پاشا و سەرجەم خزمەتکارەکانیش گریانێکی گەورە
گریان.٣٧ ئەبشالۆمیش هەڵات و چوو بۆ لای تلمای کوڕی
عەمیهوری پاشای گشوور، داودیش هەموو ئەو ڕۆژانە بۆ
کوڕەکەی لاواندیەوە.
٣٨ ئەبشالۆمیش هەڵات و چوو بۆ گشوور سێ ساڵ لەوێدا مایەوە
و٣٩ داودیش ئارەزووی کرد بچێتە دەرەوە بۆلای ئەبشالۆم،
چونکە خەمی مردنی ئەمنونی لە دڵدا دامرکابوو.

# ١٤

ئینجا یۆئابی کوڕی چرویە زانی کە دڵی پاشا لەسەر
ئەبشالۆمە.٢ لەبەرئەوە یۆئاب کەسێکی نارد بۆ تەقوعە و لەوێوە
ژنێکی داناى هێنا و پێی وت: تکایە خۆت ماتەمدار نیشان بدە و
جلی ماتەم لەبەربکە و بۆن لە خۆت مەدە، بەڵکو وەك ژنێك
دەرکەوە کە ڕۆژانێکی زۆر بێت ماتەمدارە و٣ بچۆ ژوورەوە بۆ
لای پاشا و ئەم قسەیەی پێ بڵێ. جا یۆئاب قسەکەی خستە سەر
زاری.
٤ ئینجا ژنە تەقوعییەکە قسەی لەگەڵ پاشادا کرد و بە ڕوودا خۆی
دا بەزەویدا و کڕنۆشی برد و وتی: ڕزگارم بکە، ئەی

پاشا!٥ پاشاش پێی وت: چیتە؟ ئەویش وتی: من بێوەژنم و پیاوەکەم مردووە،٥ کەنیزەکەت دوو کوڕی هەبوو کە لە کێڵگەدا بەشەڕ هاتن و کەس نەبوو لێکیان جیابکاتەوە و یەکێکیان لەوی تریانی دا و کوشتی.٧ ئێستا ئەوەتا هەموو خێڵەکە لە کەنیزەکەت هەستاون و دەڵێن، ئەوەمان بەدەستەوە بدە کە براکەی خۆی کوشتووە، تا لە تۆڵەی گیانی براکەی کە کوشتوویەتی بیکوژینەوە و هەروەها میراتگرەکەش لەناو ببەین. جا ئەو پشکۆیەم دەکوژێننەوە کە ماوەتەوە، ناو وپاشماوەی پیاوەکەم لەسەر ڕووی زەوی ناهێڵنەوە.

٨ پاشاش بە ژنەکەی وت: بڕۆرەوە بۆ ماڵەکەت و من بڕیارێك لەبارەتەوە دەردەکەم.٩ ژنە تەقوعییەکەش بە پاشای وت: با تاوانەکە ئەی پاشای گەورەم لەسەر خۆم و ماڵی باوکم بێت و پاشا و تەختەکەی بێگەردبن.١٠ پاشاش وتی: گەر کەسێك قسەی لەگەڵدا کردیت، بیهێنە بۆ لام بۆ ئەوەی چیدی توخنت نەکەوێت.١١ ژنەکەش وتی: تکایە ئەی پاشا ناوی خوداوەند خوداکەت بهێنە، تا خوێنگر زۆر نەبن بۆ کوشتن و کوڕەکەم نەفەوتێنن. ئەویش وتی: بە گیانی خوداوەند تاڵە موویەکی کوڕەکەت ناکەوێتە سەر زەوی.١٢ ئینجا ژنەکەش وتی: تکایە با کەنیزەکەت قسەیەك بە پاشای گەورەم بڵێت. ئەویش وتی: قسە بکە.١٣ ژنەکەش وتی: ئەی بۆچی بیرت لە کارێکی وا کردووەتەوە دژ بە گەلی خودا؟ کە پاشا ئەمە دەڵێت خۆی تاوانبار دەکات، لەبەرئەوەی پاشا دوورخراوەکەی خۆی نەگێڕاوەتەوە؟١٤ چونکە بێگومان دەمرین و وەك ئاوێکی ڕژاو لەسەر زەویدا کە کۆناکرێتەوە، بەڵام خودا گیانێك ناکێشێت، بەڵکو چەند ڕێگایەك دادەڕژێت تا دوورخراوەکەی لەبەردەمی دوورنەخرێتەوە.١٥ ئێستاش کە من هاتم تا لەو بارەیەوە قسە لەگەڵ پاشای گەورەمدا بکەم، چونکە گەل ترساندمیان، بەڵام کەنیزەکەت وتی، قسە لەگەڵ پاشادا دەکەم، بەڵکو پاشا وەك قسەی کارەکەرەکەی بکات.١٦ چونکە پاشا گوێ دەگرێت تا کارەکەرەکەی لە دەست ئەو پیاوە دەرباز بکات کە دەیەوێت خۆم و کوڕەکەم بەیەکەوە بسڕێتەوە لە میراتی خودا.١٧ هەروەها کەنیزەکەت وتی: بەڵکو وتەی پاشای گەورەم دڵنەوایی بێت بۆم، چونکە پاشای گەورەم وەك فریشتەی خودایە لە تێگەیشتنی چاکە و خراپەدا و با خوداوەند خودات لەگەڵتدا بێت.

١٨ پاشا وەڵامی دایەوە و بە ژنەکەی وت: تکایە پرسیاری شتێکت لێدەکەم، لێمی مەشارەوە. ژنەکەش وتی: تکایە، با پاشای گەورەم بفەرمووێت.١٩ ئینجا پاشا وتی: ئایا لە هەموو ئەمەدا دەستی یۆئاب لەگەڵتدایە؟ ژنەکەش وەڵامی دایەوە و وتی: بە گیانی تۆ پاشای گەورەم، کەس بەلای ڕاست یان چەپدا لانادات لە هەموو ئەو شتانەی کە پاشای گەورەم فەرموویەتی، چونکە یۆئابی خزمەتکارت فەرمانی پێکردم و هەر ئەو هەموو ئەم قسانەی خستە سەر زاری کەنیزەکەتەوە،٢٠ تا نا ڕاستەوخۆ قسەت لەگەڵدا بکات، بۆیە یۆئابی خزمەتکارت ئەم کارەی کرد و گەورەشم وەك دانایی فریشتەی خودا دانایە تا هەموو ئەو شتانەش بزانێت کە لە زەویدایە.

٢١ پاشان پاشا بە یۆئابی وت: ئەوەتا من ئێستا ئەو کارەم کرد و بڕۆ ئەو کوڕە گەنجە، ئەبشالۆم بهێنەرەوە.٢٢ یۆئابیش بەسەر ڕوویدا خۆی دابە زەویدا و کڕنۆشی برد و پاشای پیرۆزکرد و یۆئاب وتی: ئەمڕۆ خزمەتکارەکەت زانی کە پەسەندم لەلات ئەی پاشای گەورەم، چونکە پاشا بە قسەی خزمەتکاری خۆی کرد.٢٣ ئینجا یۆئاب هەستا و چوو بۆ گشوور و ئەبشالۆمی بۆ ئۆرشەلیم هێنایەوە.

٢٤ پاشاش وتی: با بچێت بۆ ماڵەکەی خۆی و ڕووم نەبینێت. لەبەرئەوە ئەبشالۆم بۆ ماڵەکەی خۆی چوو و ڕووی پاشای نەبینی.

٢٥ لە هەموو ئیسڕائیلدا کەس نەبوو بۆ قۆزی وەك ئەبشالۆم بە شانوباڵی هەڵبدرێت، لە بنی پێیەوە تا تەپڵی سەری بێ کەموکوڕ بوو.٢٦ لە کاتی سەر تاشینی لە کۆتایی هەموو ساڵێکدا، چا دەیتاشی چونکە قورس دەبوو لەسەری و مووی سەری دوو سەد شاقڵ دەبوو بە کێشی پاشا.٢٧ هەروەها ئەبشالۆم سێ کوڕ و کچێکی بۆ لەدایك بوو، ناوی تامار بوو ژنێکی زۆر جوان بوو.

٢٨ جا ئەبشالۆم دوو ساڵ لە ئۆرشەلیمدا مایەوە و ڕووی پاشای نەبینی.٢٩ لەبەرئەوە ئەبشالۆم ناردی بە دوایی یۆئابدا تا بۆ لای پاشای بنێرێت، بەڵام ئەو نەیوویست بێت بۆ لای. دووبارە ناردیەوە بە دوایدا، بەڵام ئەو نەیوویست بێت.٣٠ لەبەرئەوە بە خزمەتکارەکانی وت: تەماشاکەن کێڵگەکەی یۆئاب لە تەنیشت ئەوەی منەوەیە و جۆی لەوێ هەیە. بڕۆن و بە ئاگر بیسووتێنن. جا خزمەتکارەکانی ئەبشالۆم کێڵگەکەیان بە ئاگر سووتاند.

٣١ ئینجا یۆئاب هەستا و چوو بۆلای ئەبشالۆم بۆ ماڵەوە و پێی وت: بۆچی خزمەتکارەکانت کێڵگەکەی منیان بە ئاگر سووتاند؟٣٢ ئەبشالۆمیش بە یۆئابی وت: ئەوەتا من ناردم بە دواتا و وتم وەرە بۆ ئێرە، تا بتنێرم بۆ لای پاشا و بڵێیت، بۆچی من لە گشوورەوە هاتمەوە؟ چاکتر بوو بۆم لەوێدا بمێنمەوە! ئێستاش دەمەوێت چاوم بە پاشا بکەوێت و گەر تاوانێکی تیامدا بەدی کرد، با بمکوژێت.٣٣ ئینجا یۆئاب هات بۆ لای پاشا و پێی ڕاگەیاند، ئەویش ئەبشالۆمی بانگکرد و هات بۆ لای پاشا و لەبەردەم پاشادا ڕوو لە زەوی کڕنۆشی برد و پاشاش ئەبشالۆمی ماچ کرد.

# ١٥

ئەوەبوو پاش ئەمانە ئەبشالۆم گالیسکە و ئەسپی بۆ خۆی دانا و پەنجا پیاویش لە پێشیەوە ڕایاندەکرد.٢ هەروەها ئەبشالۆم بەیانیان زوو هەڵدەستا و لە قەراغ ڕێگای دەروازەکەدا ڕادەوەستا و هەر خاوەن کێشەیەك بهاتایە بۆ لای پاشا بۆ بڕیاردان، ئەبشالۆم بانگی دەکرد و دەیوت: خەڵکی چ شارێکیت؟ ئەویش دەیوت: خزمەتکارەکەت خەڵکی یەکێکە لە هۆزەکانی ئیسڕائیل.٣ ئەبشالۆمیش پێی دەوت: تەماشاکە تۆ کێشەکەت باش و ڕاستە، بەڵام کەس نییە لەلایەن پاشاوە گوێت لێ بگرێت.٤ هەروەها ئەبشالۆم دەیوت: گەر بکرێم بە داوەر لە زەوییەکەدا، ئەوا هەر کەسێك کێشە و سکاڵای هەبێت مافی خۆی دەدەمێ.٥ ئینجا هەرکەسێك بهاتایەتە پێشەوە بۆ ئەوەی کڕنۆشی بۆ بەرێت، ئەبشالۆم دەستی بۆ درێژ دەکرد و ئەویش دەیگرت و ماچی دەکرد.٥ ئەبشالۆم ئەم کارەی لەگەڵ هەموو ئیسڕائیلدا دەکرد، ئەوانەی دەهاتن بۆ لای پاشا بۆ بڕیاردان. بەم شێوەیە ئەبشالۆم دڵی پیاوانی ئیسڕائیلی بۆ خۆی دزی.

٧ پاش تێپەڕبوونی چل ساڵ ئەبشالۆم بە پاشای وت: تکایە ڕێگام بدە بڕۆم نەزرەکەم کە بۆ خوداوەند نەزرم کردبوو لە حەبرۆن بەجێبهێنم،٨ چونکە خزمەتکارەکەت نەزری لەخۆی گرت لە کاتی نیشتەجێ بوونم لە گشوور لە ئارامدا و وتم، گەر خوداوەند بە دڵنیایی بمگەڕێنێتەوە بۆ ئۆرشەلیم ئەوا خوداوەند دەپەرستم.٩ پاشاش وتی: بڕۆ بە سەلامەتی. ئەویش هەستا و بۆ حەبرۆن چوو.

١٠ ئینجا ئەبشالۆم سیخوڕی بەناو هەموو هۆزەکانی ئیسڕائیلدا بڵاوکردووە و وتی: گەر گوێتان لە دەنگی کەڕەنا بوو، بڵێن ئەبشالۆم بووە بە پاشا لە حەبرۆندا.١١ دوو سەد پیاویش لە ئۆرشەلیمەوە لەگەڵ ئەبشالۆم بەڕێکەوتن کە بانگ کرابوون و بە دڵپاکییەوە ڕۆیشتن بێ ئەوەی هیچ شتێك بزانن.١٢ کاتێ ئەبشالۆم قوربانییەکانی پێشکەش دەکرد، ناردی بە دوای ئەحیتۆفێلی گەلیونی ڕاوێژکاری داود کە لە شارەکەی خۆی لە گلوە، چا پیلانەکە توندتر بوو و خەڵکەکەش تا دەهات زیاتر شوێن ئەبشالۆم دەکەوتن.

١٣ ئینجا هەواڵگرێك بۆ لای داود هات و وتی: دڵی پیاوانی

ئیسرائیل بە دوای ئەبشالۆمەوەیە.١٤ داودیش بە هەموو ئەو
خزمەتکارانەی وت کە لەگەڵیدا بوون لە ئۆرشەلیم: هەستن با
هەڵبێین، چونکە لە دەست ئەبشالۆم دەربازمان نابێت. پەلە بکەن لە
ڕۆیشتن نەوەك دەسپێشخەری بکات و پێمان بگات و خراپەمان
بەسەردا بهێنێت و بە نووکی شمشێریش لە شارەکە
بدات.١٥ خزمەتکارانی پاشاش بە پاشایان وت: هەرچی پاشای
گەورەمان هەڵیدەبژێرێت، ئێمە خزمەتکاری ئەوین.١٦ ئینجا پاشا
و هەموو ماڵەکەی بە دوایەوە دەرچوون و پاشا دە ژنە کەنیزەی
بۆ پاراستنی ماڵەکە بە جێهێشت.١٧ ئینجا پاشا دەرچوو و هەموو
گەلیش بە دوایەوە و لە قەراغ ئاواییەوە وەستان.١٨ جا هەموو
خزمەتکارەکانی لە پێشییەوە پەڕینەوە لەگەڵ هەموو کێتییەکان و
پلێتییەکان و هەموو گەتییەکان کە شەش سەد پیاو بوون و لە
گەتەوە بە دوایییەوە هاتبوون، جا لە پێش پاشاوە
دەپەڕینەوە.١٩ ئینجا پاشا بە ئیتای گەتی وت: بۆچی تۆش لە
گەڵماندا دەڕۆیت؟ بگەڕێرەوە و لەگەڵ پاشادا بمێنەرەوە، چونکە
تۆ نامۆیت و لە نیشتیمانەکەت دوور خراویتەتەوە.٢٠ تۆ دوێنێ
هاتوویت، ئایا من ئەمڕۆ بە ڕۆیشتن لە گەڵماندا وێڵت بکەم،
چونکە من خۆم نازانم بەرەو کوێ دەڕۆم؟ بگەڕێرەوە و
براکانیشت بگەڕێنەرەوە و با خۆشەویستی بێ سنوور و ڕاستی
لەگەڵتدا بێت.٢١ ئەتایش وەڵامی پاشای دایەوە و وتی: بەگیانی
خوداوەند و بەگیانی پاشای گەورەم، پاشای گەورەم لە هەرکوێ
بێت بۆ مردن بێت یان بۆ ژیان خزمەتکارەکەشت لەوێ
دەبێت.٢٢ ئینجا داود بە ئەتای وت: بڕۆ و بپەڕەوە. ئینجا ئەتای
گەتی و هەموو پیاوەکانی و هەموو ئەو منداڵانەی کە لەگەڵیدا
بوون پەڕینەوە.٢٣ جا هەموو خاکەکە بە دەنگێکی بەرز دەگریان
و هەموو گەل دەپەڕینەوە، پاشاش لە دۆڵی قدرۆندا پەڕییەوە و
هەموو گەلیش بەرەو ڕێگای چۆڵەوانی پەڕینەوە.٢٤ ئینجا بینییان
ئەوەتا چادوق و هەموو لێڤییەکان لەگەڵیدان و سندوقی پەیمانی
خودایان هەڵگرتووە، ئینجا سندوقەکەی خودایان دانا و ئەبیسار
سەرکەوت تا هەموو گەل لێبوونەوە لە پەڕینەوە لە
شارەکەوە.٢٥ ئینجا پاشا بە چادوقی وت: سندوقی خودا
بگەڕێنەرەوە بۆ شارەکە، گەر پەسەند بم لە چاوانی خوداوەنددا،
ئەوا دەگەڕێمەوە و سندوقەکە و جێنشینەکەشی بە من پیشان
دەدات.٢٦ گەر ئاواشی وت: من دڵخۆش نەبووم پێت، ئەوەتام با
خۆی چی بەلاوە باشە ئەوە بکات.٢٧ هەروەها پاشا بە چادوقی
کاهینی وت: ئایا تۆ پێشبینیکار نیت؟ بە سەلامەتی بۆ شارەکە
بگەڕێرەوە خۆت و ئەخیمەعەسی کوڕت و یۆناسانی کوڕی
ئەبیساریش، هەر دوو کوڕەکانتان لەگەڵتاندا.٢٨ تەماشاکەن من لە
دەشتەکانی چۆڵەوانیدا ئۆقرە دەگرم تا وشەیەك لەلای ئێوەوە دێت
پێم ڕابگەیەنێت.٢٩ ئینجا چادوق و ئەبیسار سندوقی خودایان
گێڕایەوە بۆ ئۆرشەلیم و لەوێ مانەوە.
٣٠ بەڵام داود بە سەرەوژوورەکەی چیای زەیتوندا سەرکەوت،
سەردەکەوت و دەگریا و سەری داپۆشی بوو و بە پێی پەتی
دەڕۆیشت و هەموو گەلیش کە لەگەڵیدا بوون هەر کەسە و سەری
خۆی داپۆشیبوو و بەگریانەوە سەردەکەوتن.٣١ ئینجا بە داود
ڕاگەیەندرا و وترا، کە ئەخیتۆفێل لەنێو پیلانگێڕەکانە لەگەڵ
ئەبشالۆمدا. داودیش وتی: تکایە خوداوەند ڕاوێژی ئەخیتۆفێل
بگۆڕە بۆ گێلایەتی.٣٢ کاتێ داود گەیشتە سەرلووتکەکە و لەوێدا
کڕنۆشی بۆ خودا برد، بینی ئەوەتا خوشای ئەرکی جلەکەی دڕاوە
و سەری خۆڵاوییە و بۆ بینینی دێت.٣٣ داودیش پێی وت: گەر
لەگەڵمدا بپەڕیتەوە دەبیت بەبار بەسەرمەوە.٣٤ بەڵام گەر
بگەڕێیتەوە بۆ شار و بە ئەبشالۆم بڵێیت من دەبم بە خزمەتکارت
ئەی پاشا، من لەمێژەوە خزمەتکاری باوکتم و ئێستاش دەبم بە
خزمەتکاری تۆ، ئەوا ڕاوێژی ئەخیتۆفێلم بۆ پووچەڵ
دەکەیتەوە.٣٥ ئایا هەر دوو کاهینەکە چادوق و ئەبیسار لەگەڵتدا
نین لەوێ؟ ئەوەی لە ماڵی پاشا دەیبیستیتەوە بە هەردوو کاهینەکە
چادوق و ئەبیساری ڕابگەیەنە.٣٦ ئەوەتا هەردوو کوڕەکەیان
لەگەڵیاندان لەوێ، ئەخیمەعەسی چادوق و یۆناسانی ئەبیسار،
هەموو ئەو شتانەی گوێتان لێی دەبێت بەدەستی ئەواندا بۆمی
بنێرن.٣٧ ئینجا خوشایی برادەری داود هات بۆ شارەکە و
ئەبشالۆمیش دەهاتە ناو ئۆرشەلیمەوە.

# ١٦

کاتێ کە داود تۆزێك لە لووتکەکەوە بەودیودا چوو، بینی ئەوەتا
چیبای خزمەتکاری مەفیبۆشەس بەرەو ڕووی دێت بە دوو
گوێدرێژی بارکراو بە دووسەد نان و سەد هێشووە مێووژ و سەد
نانە هەنجیر و مەشکەیەك مەی.٢ پاشا بە چیبای وت: ئەمانەت بۆ
چییە؟ چیباش وتی: دوو گوێدرێژەکە بۆ ماڵی پاشا بۆ سواربوون
و نان و هەنجیرەکەش بۆ خزمەتکارەکان با بیخۆن مەیەکەش با
ئەوانە بیخۆنەوە کە لە چۆڵەوانیدا شەکەت بوون.
٣ پاشاش وتی: ئەی کوڕی گەورەکەت لە کوێیە؟ چیباش بە پاشای
وت: ئەوەتا ئەو لە ئۆرشەلیمدا ماوەتەوە، چونکە وتی، ئەمڕۆ
ماڵی ئیسرائیل پاشایەتییەکەی باوکم بۆ دەگێڕێتەوە.٤ ئینجا پاشا بە
چیبای وت: ئەوەتا هەموو ئەوانەی هی مەفیبۆشەسن بۆ تۆیە.
چیباش وتی: سەری کڕنۆش دادەنوێنم بەو هیوایەی پەسەند بم
لەلای پاشای گەورەم.
٥ ئینجا کاتێ داود پاشا گەیشتە بەخوریم، پیاوێك لەوێوە دەرچوو
لە خێڵی ماڵی شائول بوو و ناوی شمعی کوڕی گێرا بوو، دەهاتە
دەرەوە و نەفرەتی دەکرد و٥ داود و هەموو خزمەتکارەکانی داود
پاشای بەردباران دەکرد، هەموو گەل و هەموو پاڵەوانەکانیش
لەلای ڕاست و چەپیدا بوون.٧ شمعی کە نەفرەتی دەکرد ئاوای
دەوت: وەرە دەرەوە، وەرە دەرەوە ئەی پیاوی خۆێن و ئەی پیاوی
سووك و چروك!٨ خوداوەند تۆڵەی هەموو خۆێنی ماڵی شائولی
لێ کردیتەوە کە لە جێی ئەو بوویت بە پاشا و خوداوەند
پاشایەتییەکەی دایە دەست ئەبشالۆمی کوڕت و ئەوەتا لە خراپەی
خۆتدا گلاویت، چونکە تۆ پیاوی خوێنیت!
٩ ئەبیشای کوڕی چەڕویەش بە پاشای وت: ئەم سەگە تۆپیوە
بۆچی نەفرەت لە پاشای گەورەم دەکات؟ لێمگەڕێ بۆی بچم و
سەری لێبکەمەوە.١٠ بەڵام پاشا وتی: من چ پەیوەندیم بە ئێوەوەیە،
کوڕانی چەڕویە؟ لێیگەڕێن با نەفرەت بکات، چونکە خوداوەند
پێی وتووە نەفرەت لە داود بکە، جا کێ دەڵێت بۆ ئەمە
دەکەیت؟١١ ئینجا داود بە ئەبیشای و بە هەموو خزمەتکارەکانی
وت: ئەوەتا من کوڕەکەی خۆم ئەوەی لە هەناوی خۆمەوە
دەرچووە داوای ژیانم دەکات، چ جای بنیامینییەك! لێیگەڕێن با
نەفرەت بکات، چونکە خوداوەند پێی وتووە،١٢ بەڵکو خوداوەند
دەڕوانێتە زەلیلییەکەم و لەجیاتی ئەو نەفرەتەی ئەمڕۆی خوداوەند
بە چاکە پاداشتم بداتەوە.١٣ جا داود و پیاوەکانی بە ڕێگادا
دەڕۆیشتن و شمعییش بە قەراغ چیاکەدا لە بەرامبەری دەڕۆیشت
و بە ڕێگاوە نەفرەتی دەکرد و بەرامبەری بەردی تێدەگرت و
خۆڵی بە بادا دەکرد.
١٤ ئینجا پاشا و هەموو ئەو گەلەی لەگەڵیدا بوون هاتن و
ماندووبوون و جا لەوێدا حەوانەوە.١٥ ئەبشالۆم و هەموو گەل،
پیاوانی ئیسرائیل، هاتن بۆ ئۆرشەلیم و ئەخیتۆفێلیشیان لەگەڵدا
بوو.١٦ ئینجا کە خوشایی ئەرکی برادەرەکەی داود هات بۆ لای
ئەبشالۆم، خوشای بە ئەبشالۆمی وت: بژی پاشا، بژی
پاشا!١٧ ئەبشالۆمیش بە خوشای وت: ئەمە چاکەکەتە لەگەڵ
برادەرەکەت؟ بۆچی لەگەڵ برادەرەکەتدا نەڕۆیشتیت؟١٨ خوشایش
بە ئەبشالۆمی وت: نەخێر، بەڵکو ئەوەی خوداوەند و ئەم گەلە و
هەموو پیاوانی ئیسرائیل هەڵیانبژاردووە من بۆ ئەو دەبم و لەگەڵ
ئەودا دەمێنمەوە.١٩ پاشان من خزمەتی کێ دەکەم، ئایا لەبەردەم
کوڕەکەی نییە؟ هەروەك چۆن لەبەردەم باوکت خزمەتم کرد

ئاواش لەبەردەم تۆ خزمەت دەکەم.
٢٠ ئینجا ئەبشالۆم بە ئەخیتۆفێلی وت: تەگبیر بکەن چی بکەین؟ ٢١ ئەخیتۆفێلیش بە ئەبشالۆمی وت: لەگەڵ کەنیزەکانی باوکتدا ئەوانەی بۆ پاراستنی ماڵەکە بەجێیهێشتن پاڵکەوە، جا هەموو ئیسرائیل دەیبیستێتەوە کە لەبەرچاوی باوکت کەوتوویت و بەو شێوەیە دەستی هەموو ئەوانەی کە لەگەڵتدان توندتر دەبێت. ٢٢ ئینجا چادرێکیان بۆ ئەبشالۆم لە سەربان دامەزراند و لەبەرچاوی هەموو ئیسرائیلدا لەگەڵ کەنیزەکانی باوکیدا پاڵکەوت. ٢٣ ڕاوێژی ئەخیتۆفێلیش کە لەو ڕۆژانەدا ڕاوێژی پێدەکرا، وەك پرس کردن بوو بە وشەی خودا. هەموو ڕاوێژەکانی ئەخیتۆفێل ئاوا بوون بۆ داود و بۆ ئەبشالۆمیش.

# ١٧

ئینجا ئەخیتۆفێل بە ئەبشالۆمی وت: با دوانزە هەزار پیاو هەڵبژێرم و هەستم و ئەمشەو دوای داود بکەوم و ٢ بەسەریدا بدەم کاتێ کە ماندووە و دەستی شلە، جا بێزاری دەکەم و هەموو ئەو گەلەی لەگەڵیدان هەڵدێن و بە تەنها لە پاشا دەدەم و ٣ هەموو گەلت بۆ دەگێڕمەوە. مەرگی ئەو پیاوەی داوای دەکەیت، مانای گەڕانەوەی هەمووانە، جا هەموو گەل لە ئاشتیدا دەبن. ٤ ئەم قسەی لەلایەن ئەبشالۆم و هەموو پیرانی ئیسرائیلەوە پەسەند کرا.
٥ پاشان ئەبشالۆم وتی: خوشایی ئەرکیش بانگ بکەن، با بزانین ئەویش چی دەڵێت. ٥ ئینجا خوشای هات بۆ لای ئەبشالۆم و ئەبشالۆمیش پێی وت: ئەخیتۆفێل ئەم قسەیەی کردووە، ئایا بە قسەی بکەین؟ ئەگەر نا، تۆ چی دەڵێت؟ ٧ خوشایش بە ئەبشالۆمی وت: ڕاوێژەکەی ئەمجارەی ئەخیتۆفێل باش نییە. ٨ هەروەها خوشای وتی: تۆ باوکت و پیاوەکانی دەناسیت کە پاڵەوانن و دەروونیان تاڵە وەك دەڵە ورچێکی جەرگ سووتاو لە کێڵگەدا و باوکت پیاوی جەنگە و لەگەڵ گەلدا شەو بەسەر نابات، ٩ ئەوەتا ئێستا ئەو لە چاڵێکدا یان لە شوێنێکدا خۆی شاردۆتەوە و گەر لەسەرەتادا هەندێکیان لێ بکەوێت و خەڵکی بیبیستنەوە و بڵێن گەلەکەی دوای ئەبشالۆم کەوتوون تێکشکاون. ١٠ لەوکاتەدا تەنانەت ئەو پاڵەوانەی دڵی وەك شێر وایە دڵی دەتوێتەوە، چونکە هەموو ئیسرائیل دەزانن کە باوکت پاڵەوانە و ئەوانەی لەگەڵیدان جەنگاوەرن. ١١ لەبەرئەوە من ڕاوێژ دەکەم کە هەموو ئیسرائیل لە دانەوە تا بئێر شەبەع لێت کۆببنەوە وەك لمی سەر دەریا لە زۆریدا و جەنابیشتان لەناوەڕاستدا بڕۆن. ١٢ جا بۆی دەچین بۆ یەکێك لەو شوێنانەی کە ئەوی لێیە و دادەبارین بەسەریدا وەك شەونم بەسەر زەویدا کەس لە خۆی و لە هەموو ئەو پیاوانەی لەگەڵیدان ناهێڵینەوە. ١٣ ئەگەر بۆ شارێك پاشەکشەی کرد، با هەموو ئیسرائیل گوریس بۆ ئەو شارە ببەن و بۆ ناو دۆڵەکە ڕایدەکێشین تا تەنانەت بەردێکیش لەوێ نەبینرێتەوە.
١٤ ئینجا ئەبشالۆم و هەموو پیاوانی ئیسرائیل وتیان: ڕاوێژەکەی خوشایی ئەرکی لە ڕاوێژەکەی ئەخیتۆفێل باشترە. جا خوداوەند فەرمانیدا بە پووچەڵکردنەوەی ڕاوێژە باشەکەی ئەخیتۆفڵ، تا خوداوەند خراپە بەسەر ئەبشالۆمدا بهێنێت. ١٥ ئینجا خوشای بە هەر دوو کاهینەکان بە چادوق و بە ئەبیساری وت: ئەخیتۆفێل ئاوا و ئاوا ڕاوێژی بۆ ئەبشالۆم و پیرانی ئیسرائیل کردووە منیش ئاوا و ئاوا ڕاوێژم کردووە. ١٦ ئێستاش بەپەلە بنێرن و بە داود ڕابگەێنن و بڵێن، ئەم شەو لە دەشتەکانی چۆڵەوانیدا بەسەرمەبە و بپەڕەوە نەوەك پاشا و ئەو گەلەی لەگەڵیدان هەڵبلوشرێن. ١٧ جا یۆناسان و ئەخیمەعەس لەلای عەین ڕۆگێل ڕاوەستابوون، چونکە نەیانوێرا خۆیان پیشانبدەن دەچنە ناو شارەکەوە، ئینجا کەنیزەیەك ڕۆیشت و پێی ڕاگەیاندن و ئەوانیش ڕۆیشتن و بە داود پاشایان ڕاگەیاند. ١٨ بەڵام خزمەتکارێك هەردووکیانی بینی و بە ئەبشالۆمی ڕاگەیاند، لەبەرئەوە هەردووکیان بە پەلە ڕۆیشتن و چوونە ناو ماڵی پیاوێکەوە لە بەخوریم کە بیرێك لەناو ماڵەکەیدا هەبوو، جا هەردووکیان شۆڕبوونەوە بۆ ناوی. ١٩ ئینجا ژنەکە دەمی بیرەکەی بە ڕووپۆشێك داپۆشی و دانەوێڵەی بەسەردا بڵاوکردەوە و کەس پێی نەزانی. ٢٠ ئینجا خزمەتکارەکانی ئەبشالۆم هاتن بۆ لای ژنەکە بۆ ماڵەکە و وتیان: ئەخیمەعەس و یۆناسان لە کوێن؟ ژنەکەش پێی وتن: لە جۆگەلەی ئاوەکە پەڕینەوە. جا پاش ئەوەی بەدوایاندا گەڕان و نەیاندۆزینەوە بۆ ئۆرشەلیم گەڕانەوە.
٢١ پاش ئەوەی ڕۆیشتن لە بیرەکە هاتنە دەرەوە و ڕۆیشتن و بە داود پاشایان ڕاگەیاند و بە داودیان وت: هەستن و بەپەلە لە ئاوەکە بپەڕنەوە، چونکە ئەخیتۆفێل ئاوا ڕاوێژی لێ کردوون. ٢٢ لەبەرئەوە داود و هەموو ئەو گەلەی لەگەڵیدا بوون هەستان و لە ڕوباری ئۆردون پەڕینەوە و لە بەرەبەیاندا کەس نەمابوو لە ڕوباری ئۆردون نەپەڕیبێتەوە. ٢٣ بەڵام کاتێ ئەخیتۆفێل بینی کار بە ڕاوێژەکەی نەکراوە، گوێدرێژەکەی کوورتان کرد و هەستا و بەرەو ماڵەکەی لە شارەکەی خۆیدا بەڕێکەوت و وەسیەتی بۆ ماڵەکەی کرد و خۆی خنکاند و مرد و لە گۆڕەکەی باوکیدا ناشتیان.
٢٤ ئینجا داود هات بۆ مەحنایم و ئەبشالۆمیش خۆی و هەموو ئەو پیاوانەی ئیسرائیل کە لەگەڵیدا بوون لە ڕوباری ئۆردونەوە پەڕینەوە و ٢٥ ئەبشالۆم لەجیاتی یوئاب عەماسی بەسەر سوپاکەوە دانا و عەماسیش کوڕی پیاوێك بوو ناوی یەسرای ئیسرائیلی بوو، کە لەگەڵ ئەبیگایلی کچی ناحاش، خوشکی چەڕویە، دایکی یوئاب پاڵکەوتبوو. ٢٦ ئینجا ئیسرائیل و ئەبشالۆم لە زەوی گلعاددا دابەزین. ٢٧ کاتێ داود گەیشتە مەحنایم، شوبی کوڕی ناحاش لە ڕەببەی نەوەی عەمون و ماکیری کوڕی عەمیئیل لە لودبار و بەرزەلای گلعادی لە ڕۆگەلیمەوە ٢٨ ڕاخەر و تاس و قاپوقاچاغی گڵ و گەنم و جۆ و ئارد و قەرەخەرمان و پاقلە و نیسك و نۆکی برژاو و ٢٩ هەنگوین و کەرە و مەڕ و پەنیری مانگایان پێشکەش بە داود و ئەو گەلەی لەگەڵیدابوون کرد تا بخۆن، چونکە وتیان: گەل برسی و ماندوو و تینوون لە چۆڵەوانیدا.

# ١٨

ئینجا داود ئەو گەلەی ژمارد کە لەگەڵیدا بوون و سەرکردەی هەزاران و سەرکردەی سەدانی بەسەرەوە دانان. ٢ جا داود سێ یەکی گەلی بە دەستی یۆئاب نارد و سێ یەکیش بە دەستی ئەبیشای کوڕی چەڕویە برای یۆئاب و سێ یەکیش بە دەستی ئەتایی گەتی و پاشا بە گەلی وت: خۆشم لەگەڵتان دەردەچم. ٣ بەڵام گەل وتیان: دەرمەچۆ، چونکە گەر ئێمە هەڵبێین گوێمان پێنادەن و گەر نیوەشمان لێ بمرێت هەر گوێمان پێنادەن، بەڵام تۆ هێندەی دە هەزار کەسی لە ئێمە و ئێستاش باشترە تۆ لە شارەکە بیت بۆ یارمەتیدانمان. ٤ پاشاش پێی وتن: ئەوەی پێتان باشە دەیکەم. ئینجا پاشا لەلای دەروازەکەوە وەستا و هەموو گەل بە سەدان و بە هەزاران دەرچوون و ٥ پاشاش فەرمانی بە یۆئاب و بە ئەبشای و بە ئەتای کرد و وتی: لەبەر من، نەرم بن لەگەڵ ئەو گەنجە لەگەڵ ئەبشالۆمدا. هەموو گەلیش گوێیان لێ بوو کاتێ پاشا فەرمانی بە سەرکردەکان کرد سەبارەت بە ئەبشالۆم. ٥ ئینجا گەل بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئیسرائیل دەرچوون بۆ کێڵگە و شەڕەکە لە دارستانی ئەفرایمدا بوو و ٧ لەوێدا گەلی ئیسرائیل لەبەردەم خزمەتکارەکانی داوددا شکان و لەو ڕۆژەدا کوشتارێکی گەورە ڕوویدا و بیست هەزار کەس کوژرا و ٨ شەڕەکەش لەسەر ڕووی هەموو زەوییەکەدا بڵاوببووەوە و لەو ڕۆژەدا ئەوانەی لەناو دارستانەکەدا لەناوچوون زیاتر بوون لەوانەی بە شمشێر

لەناوچوون. ٩ ئینجا ئەبشالۆم بە سواری ئێسترەکەیەوە لووتی بە لووتی خزمەتکارەکانی داودەوە بوو و ئێسترەکە خۆی کرد بە ژێر لقەکانی دار بەڕوویەکی گەورەدا و سەری ئەبشالۆم بوو بە داربەڕووەکەوە و لە نێوان ئاسمان و زەویدا هەڵواسرا و ئێسترەکەی ژێریشی ڕۆیشت. ١٠ ئینجا پیاوێك بینی و بە یۆئابی ڕاگەیاند و وتی: هەر ئێستا ئەبشالۆمم بینی بە داربەڕوویەکەوە هەڵواسرابوو. ١١ یۆئابیش بە پیاوەکەی وت کە پێی ڕاگەیاند: هەر ئێستا بینیت؟ ئەی بۆچی لەوێ نەتدا بە زەویدا، تا دە پارچە زیو و پشتێنێکت بدەمێ؟ ١٢ پیاوەکەش بە یۆئابی وت: گەر هەزار پارچە زیویش بکێشرایەتە ناو دەستمەوە، دەستم بۆ کوڕی پاشا درێژ نەدەکرد، چونکە پاشا لەبەر گوێماندا فەرمانی بە تۆ و ئەبیشای و ئەتای کرد و وتی، ئاگاداربن با کەس دەست لەو گەنجە لە ئەبشالۆم نەدات. ١٣ ئەگەر نا ساختەم لەگەڵ خۆمدا دەکرد و پاشاش هیچی لێ ناشاردرێتەوە و تۆش دژم دەوەستایت. ١٤ یۆئابیش وتی: من بەم شێوەیە لەبەردەمتدا ئارام ناگرم. جا سێ ڕمی گرت بەدەستییەوە و لە دڵی ئەبشالۆمی گرتن کە هێشتا زیندوو بوو لەناو دار بەڕووەکەدا. ١٥ ئینجا دە خزمەتکار کە هەڵگرانی چەکی یۆئاب بوون چواردەوریان دا و لە ئەبشالۆمیان دا و کوشتیان. ١٦ ئینجا یۆئاب فووی کرد بە کەڕەنادا و گەل لە ڕاونانی ئیسرائیل گەڕانەوە، چونکە یۆئاب ڕێگای لە گەل گرت. ١٧ ئینجا ئەبشالۆمیان هەڵگرت و فڕێیان دایە ناو چاڵێکی گەورەوە لە دارستانەکەدا و بەردێکی زۆریان لەسەری کەڵەکە کرد، هەموو ئیسرائیلیش هەریەکە و بۆ چادرەکەی خۆی هەڵهات. ١٨ جا ئەبشالۆم کە هێشتا زیندوو بوو، ئەو کۆڵەکەیەی کە لە دۆڵی پاشادا بوو بردبووی و بۆ خۆی دایمەزراندبوو، چونکە وتبووی، کوڕێکم نییە بۆ یادکردنەوەی ناوەکەم. کۆڵەکەکەشی بەناوی خۆیەوە ناونا، تا ئەمڕۆش دەستی ئەبشالۆمی پێ دەوترێت.

١٩ ئینجا ئەخیمەعەسی کوڕی چادوق وتی: با ڕاکەم و مژدە بە پاشا بدەم، کە خوداوەند لە دەستی دوژمنەکانی تۆڵەی بۆ کردۆتەوە. یۆئابیش پێی وت: تۆ ئەمڕۆ خاوەن مژدە نیت، لە ڕۆژێکی تردا مژدە بدە و ئەمڕۆ مژدە مەدە، چونکە کوڕی پاشا مردووە. ٢١ ئینجا یۆئاب بە کوشی وت: بڕۆ و ئەوەی بینیت بە پاشای ڕابگەیەنە. کوشیش کڕنۆشی بۆ یۆئاب برد و ڕای کرد. ٢٢ ئینجا ئەخیمەعەسی کوڕی چادوق دووبارە بە یۆئابی وت: هەرچیەك بووە لێم گەڕێ با منیش بە دوای کوشیدا ڕابکەم. یۆئابیش وتی: تۆ بۆ ڕادەکەیت کوڕم لە کاتێکدا مژدەیەکت نییە شایانی هەبێت؟ ٢٣ ئەویش وتی: هەرچی بێت، ڕادەکەم. ئەویش پێی وت: ڕاکە. ئینجا ئەخیمەعەس بە ڕێگای پێدەشتەکەدا ڕایکرد و بە پێش کوشی کەوت. ٢٤ کاتێ داود لەناوەندی دوو دەروازەکەدا دانیشتبوو و چاودێرەکەش سەرکەوتە سەربانی دەرگاکە بۆ سەر دیوارەکە و چاوی هەڵبڕی و بینی ئەوەتا پیاوێك بە تەنها ڕادەکات. ٢٥ جا چاودێرەکە هاواری کرد و بە پاشای ڕاگەیاند. پاشاش وتی: گەر بە تەنها بێت مژدەی لە دەمدایە. پیاوەکەش ڕایدەکرد و نزیك دەبووەوە. ٢٦ ئینجا چاودێرەکە پیاوێکی دیکەی بینی ڕادەکات و چاودێرەکە بانگی دەرگاوانەکەی کرد و پێی وت: ئەوەتا پیاوێك بە تەنها ڕادەکات. پاشاش وتی: ئەمەش مژدەدەرە. ٢٧ ئینجا چاودێرەکە وتی: من دەبینم کە ڕاکردنی یەکەم وەك ڕاکردنی ئەخیمەعەسی کوڕی چادوق وایە. پاشاش وتی: ئەمە پیاو چاکە و مژدەیەکی چاکیش دەهێنێت.

٢٨ ئینجا ئەخیمەعەس هاواری کرد و بە پاشای وت: سڵاو. و ڕووەو زەوی کڕنۆشی بۆ پاشا برد و وتی: خوداوەند خودات پیرۆزە، ئەوەی ئەو خەڵکەی بەدەستەوەدا کە دەستیان لە پاشای گەورەم بەرزکردەوە! ٢٩ پاشاش وتی: ئەو گەنجە، ئەبشالۆم سەلامەتە؟ ئەخیمەعەسیش وتی: کاتێ کە یۆئاب خزمەتکاری پاشا و خزمەتکارەکەتی نارد، غەڵبەغەڵبێکی گەورەم بینی، بەڵام نەمزانی چی بوو؟ ٣٠ پاشاش وتی: بسووڕێرەوە و لێرە ڕاوەستە. ئەویش سووڕایەوە و وەستا. ٣١ لەوکاتەدا کوشیش هات و کوشی وتی: مژدەم بدەرێ پاشای گەورەم، چونکە خوداوەند ئەمڕۆ تۆڵەی لە هەموو ئەوانە بۆ کردیتەوە کە لێت ڕاست بوونەوە! ٣٢ پاشاش بە کوشی وت: ئەو گەنجە، ئەبشالۆم سەلامەتە؟ کوشیش وتی: با دوژمنەکانی پاشای گەورەم و هەموو ئەوانەی بۆ خراپە لێت ڕاست بوونەوە وەك ئەو گەنجەیان لێبێت. ٣٣ جا پاشا نیگەران بوو و سەرکەوت بۆ ژووری سەر دەروازەکە و دەگریا و بەدەم ڕۆیشتنەوە ئاوای دەوت: کوڕەکەم ئەبشالۆم! کوڕەکەم، کوڕەکەم ئەبشالۆم! بریا لە باتی تۆ بمردمایە کوڕەکەم ئەبشالۆم! کوڕەکەم!

# ١٩

پاشان بە یۆئاب ڕاگەیەندرا، ئەوەتا پاشا دەگری و شیوەن بۆ ئەبشالۆم دەگێڕێت. ٢ بۆیە لەو ڕۆژەدا سەرکەوتنەکە لای هەموو گەل بوو بە شیوەن، چونکە گەل لەو ڕۆژەدا گوێیان لێ بوو وترا: پاشا بۆ کوڕەکەی دڵتەنگ بووە. ٣ جا لەو ڕۆژەدا گەل وەك خەڵکێکی شەرمەزاری هەڵاتوو لە جەنگدا دزەیان کرد بۆ ناو شارەکە. ٤ پاشاش ڕووی خۆی داپۆشی و بە دەنگێکی بەرز هاواری کرد کوڕەکەم ئەبشالۆم! ئەبشالۆم کوڕەکەم، کوڕەکەم! ٥ ئینجا یۆئاب چووە ژوورەوە بۆ لای پاشا بۆ ماڵەوە و وتی: ئەمڕۆ ڕووی هەموو خزمەتکارەکانت شەرمەزار کرد، ئەوانەی لەم ڕۆژەدا دەربازکەرانی گیانی خۆت و گیانی کوڕان و کچان و ژنان و کەنیزەکانت بوون، ٥ بە خۆشەویستیت بۆ ئەوانەی ڕقیان لێت دەبێتەوە و بە ڕقت لەوانەی خۆشیان دەوێیت، چونکە ئەمڕۆ دەرتخست کە تۆ نە سەرکردە و نە خزمەتکارت هەیە، لەبەرئەوەی ئەمڕۆ زانیم گەر ئەبشالۆم زیندووبوایە و ئەمڕۆ ئێمە هەموومان مردوو بووینایە ئەوسا کارەکەت بە دڵ دەبوو. ٧ ئێستاش هەستەوە دڵی خزمەتکارەکانت بدەوە، چونکە سوێندم بە خوداوەند خواردووە، گەر نەیەیتە دەرەوە، ئەم شەو کەس لەگەڵتدا نامێنێتەوە، ئەوەش لە هەموو ئەو خراپانەی لە منداڵیتەوە تا ئێستا تووشت بوون خراپتر دەبێت لەسەرت. ٨ ئینجا پاشا هەستا و لە دەروازەکەدا دانیشت و بە هەموو گەل ڕاگەیەندرا، ئەوەتا پاشا لە دەروازەکەدا دانیشتووە. جا هەموو گەل هاتنە بەردەم پاشا و ئیسرائیلیش هەریەکە و بۆ چادرەکەی خۆی هەڵات.

٩ ئینجا لەناو هەموو هۆزەکانی ئیسرائیلدا گەل مشتومڕیان بوو و وتیان: پاشا لە دەست دوژمنەکانمان فریامانکەوت و ئەو بوو لە دەست فەلەستییەکان دەربازی کردین و ئێستاش ئەو بەهۆی ئەبشالۆمەوە لە زەوییەکە هەڵاتووە و ١٠ ئەبشالۆمیش ئەوەی بەسەر خۆمانەوە دەستنیشانمان کرد لە جەنگدا مرد ئێستاش بۆچی بێ دەنگن سەبارەت بە هێنانەوەی پاشا؟

١١ ئینجا داود پاشا ناردی بە دوای هەر دوو کاهینەکە چادوق و ئەبیساردا و وتی: لەگەڵ پیرانی یەهوزادا بدوێن و بڵێن: بۆچی دوایین کەس دەبن لە گێڕانەوەی پاشا بۆ ماڵەکەی لە کاتێکدا قسەی هەموو ئیسرائیل بۆلای پاشا بۆ ماڵەکەی هاتووە. ١٢ ئێوە برای منن و ئێسقان و گۆشتی منن، ئیتر بۆچی دوایین کەس دەبن لە گێڕانەوەی پاشادا؟ ١٣ هەروەها بە عەماسا بڵێن، ئایا تۆ ئێسقان و گۆشتی من نیت؟ خودا لەمە زیاترم پێ بکات، گەر هەموو ڕۆژان لای من نەبیت بە سەرکردەی سوپا لە باتی یۆئاب. ١٤ جا دڵی هەموو پیاوانی یەهوزای وەك یەك پیاو بەلای خۆیدا ڕاکێشا و ئەوانیش ناردیان بە دوای پاشادا و وتیان: خۆت و هەموو خزمەتکارەکانت بگەڕێنەوە. ١٥ ئینجا پاشا گەڕایەوە و هات بۆ ئوردون و یەهوزاش هاتن بۆ گلگال و بۆ پێشوازی پاشا چوون تا لە ئۆردون بیپەڕێنەوە. ١٦ ئینجا شەمعی کوڕی گیرای بنیامین ئەوەی خەڵکی بەخوریمە دەستپێشخەری کرد و لەگەڵ پیاوانی یەهوزادا بۆ پێشوازی داود پاشا دابەزین، ١٧ هەزار پیاویش لە

بنیامین لەگەڵیدا بوون لەگەڵ چیبای خزمەتکاریماڵی شائول و هەر پانزە کوڕەکەیی و بیست خزمەتکارەکەی لەگەڵیدابوون و هەموویان لەبەردەم پاشاوە چوونە ناو ڕوباری ئوردونەوە. ١٨ ئینجا بەلەمەکە پەڕییەوە بۆ پەڕاندنەوەی ماڵی پاشا و هەر کارێك کە پاشا پێی باش بوو. شەمعی کوڕی گێراش لەبەردەم پاشادا بە ڕوودا کەوت کاتێ پاشا لە ئوردون پەڕییەوە و ١٩ بە پاشای وت: با گەورەم تاوانم لەسەر نەژمێرێت و ئەو هەڵەیەی خزمەتکارەکەت لە ڕۆژی دەرچوونی پاشای گەورەم لە ئۆرشەلیمەوە کردی بە یادی خۆتی مەهێنەوە و با پاشا ئەوە لە دڵدا نەگرێت. ٢٠ چونکە خزمەتکارەکەت دەزانێت کە گوناهی کردووە و ئەوەتا من ئەمڕۆ یەکەم کەسم لە هەموو ماڵی یوسفدا کە دابەزیووم بۆ پێشوازی پاشای گەورەم.

٢١ ئەبیشای کوڕی چەرویەش وەڵامی دایەوە و وتی: ئایا لەبەر ئەمە شەمعی ناکوژرێت؟ چونکە نەفرەتی لە دەستنیشانکراوی خوداوەند کردووە؟ ٢٢ داودیش وتی: من چیم داوە لە ئێوە کوڕانی چەرویە، تا ئەمڕۆ ببن بە بەرهەڵستکارم؟ ئایا ئەمڕۆ کەسێك لەئیسرائیلدا بکوژرێت؟ ئایا نازانن من ئەمڕۆ پاشام بەسەر ئیسرائیلەوە؟ ٢٣ پاشان پاشا بە شەمعی وت: تۆ نامریت. ئینجا پاشا سوێندی بۆ خوارد.

٢٤ ئینجا مەفیبۆشەسی کوڕی شائول دابەزی بۆ پێشوازی پاشا و لەو ڕۆژەی پاشا تیایدا ڕۆیشت تا ئەو ڕۆژەی بە سەلامەتی هاتەوە، بایەخی بە قاچەکانی و ڕیشی نەدابوو و جلەکانی نەشووشتبوو. ٢٥ ئەوەبوو کە گەیشتە ئۆرشەلیم بۆ پێشوازی پاشا، پاشا پێی وت: بۆچی لەگەڵمدا نەڕۆیشتی مەفیبۆشەس؟ ٢٦ ئەویش وتی: گەورەم پاشا، خزمەتکارەکەم هەڵیخەڵەتاندم، چونکە خزمەتکارەکەت وتی، گوێدرێژێك بۆ خۆم کوورتان دەکەم و سواری دەبم و لەگەڵ پاشادا دەچم، چونکە خزمەتکارەکەت شەلە. ٢٧ ئەویش لای پاشای گەورەم، دووزمانی بەدەم خزمەتکارەکەتەوە کرد، پاشای گەورەشم وەك فریشتەی خودا وایە، جا چیت پێ باشە ئەوە بکە، ٢٨ چونکە هەموو ماڵی باوکم تەنها خەڵکانێکی مردوو بوون بۆ پاشای گەورەم و تۆش خزمەتکارەکەت خستە نێو ئەو کەسانەی لەسەر خوانەکەت دەخۆن، ئیتر بە چ مافێکەوە جارێکی دیکە هاوار بۆ پاشا بکەم؟

٢٩ پاشاش پێی وت: بۆچی هێشتا لەبارەی کاروبارتەوە قسە دەکەیت؟ من وتم تۆ و چیبا کێڵگەکە لە نێوانتاندا دابەش دەکەن.

٣٠ مەفیبۆشەسیش بە پاشای وت: پاش ئەوەی پاشای گەورەم بە سەلامەتی گەڕاوەتەوە بۆ ماڵەکەی با هەمووی بۆ خۆی ببات.

٣١ ئینجا بەرزەلای گلعادی لە ڕۆگەلیمەوە دابەزی و لە ڕوباری ئوردون لەگەڵ پاشادا پەڕییەوە تا لەلای ڕوباری ئوردون بەڕێی بکات. ٣٢ بەرزەلای زۆر پیر ببوو و تەمەنی هەشتا ساڵ بوو و ئەو ئازووقەی پاشای دا لە ماوەی مانەوەی لە مەخەنایمدا، چونکە پیاوێکی زۆر مەزن بوو. ٣٣ لەبەر ئەوە پاشا بە بەرزەلای وت: تۆ لەگەڵمدا بپەڕەوە و منیش لەگەڵ خۆمدا لە ئۆرشەلیم ئازووقەت دەدەم. ٣٤ بەرزەلاییش بە پاشای وت: سالانی تەمەنم چەندە تا لەگەڵ پاشادا بۆ ئۆرشەلیم سەربکەوم؟ ٣٥ من ئەمڕۆ تەمەنم هەشتا ساڵە، ئایا دەتوانم چاك و خراپ لەیەك جیابکەمەوە و ئایا خزمەتکارەکەت چێژ وەردەگرێت لەوەی کە دەیخوات و دەیخواتەوە؟ ئایا گوێم لە دەنگی ژن و پیاوە گۆرانی بێژەکان دەبێت؟ ئیتر بۆچی خزمەتکارەکەت ببێت بە بارگرانی بەسەر پاشای گەورەمەوە؟ ٣٦ خزمەتکارت تەنها کەمێك لەگەڵ پاشادا لە ڕوباری ئۆردون دەپەڕێتەوە، ئیتر بۆچی پاشا بەم خەڵاتە پاداشتم دەداتەوە؟ ٣٧ لێگەڕێ با خزمەتکارەکەت بگەڕێتەوە و جا لە شارەکەی خۆمدا لە نزیك گۆڕی دایك و باوکمەوە دەمرم و ئەوەتا کیمهامی خزمەتکارت لەگەڵ پاشای گەورەمدا دەپەڕێتەوە، تۆش چیت پێ باشە ئەوەی لەگەڵدا بکە.

٣٨ پاشاش وتی: کیمهام لەگەڵمدا دەپەڕێتەوە و ئەوەی تۆ پێت باشە لەگەڵیدا دەکەم و ئەوەشی لێم دەخوازیت بۆتی دەکەم. ٣٩ ئینجا هەموو گەل لە ڕوباری ئۆردونەوە پەڕینەوە و پاشاش پەڕییەوە و پاشا بەرزەلای ماچ کرد و پیرۆزی کرد، ئەویش بۆ شوێنەکەی خۆی گەڕایەوە.

٤٠ پاشا پەڕییەوە بۆ گلگال و کیمهام لەگەڵیدا پەڕییەوە و هەموو گەلی یەهوزا و نیوەی گەلی ئیسرائیل پاشایان پەڕاندەوە. ٤١ ئینجا هەموو پیاوانی ئیسرائیل هاتن بۆ لای پاشا و بە پاشایان وت: بۆچی براکانمان پیاوانی یەهوزا تۆیان دزی و پاشا و ماڵەکەیان لە ڕوباری ئوردون پەڕاندەوە و هەموو پیاوانی داودیش لەگەڵیدا بوون؟ ٤٢ پیاوانی یەهوزاش وەڵامی پیاوانی ئیسرائیلیان دایەوە و وتیان: لەبەرئەوەی پاشا لە من نزیکە و تۆ بۆ بەم کارە نیگەران دەبیت؟ ئایا هیچمان لە پاشا خواردووە یان هیچی پێبەخشیوین؟ ٤٣ پیاوانی ئیسرائیلیش وەڵامی پیاوانی یەهوزایان دایەوە و وتیان: ئێمە دە بەشمان لە پاشا هەیە و لە داود من لە تۆ لەپێشترم. ئیتر بۆچی بە سووکایەتییەوە مامەڵەم لەگەڵ دەکەیت؟ من نەبووم یەکەمجار قسەم لە گێڕانەوەی پاشاکەم کرد؟ جا قسەی پیاوانی یەهوزا لە قسەی پیاوانی ئیسرائیل ڕەقتر بوو.

# ٢٠

وا ڕێکەوت پیاوێکی گێرەشێوێن لەوێدا بوو، ناوی شێبەعی کوڕی بیکری بوو و پیاوێکی بنیامینی بوو و فوی بەکەڕەنادا کرد و وتی:

هیچ بەشێکمان لە داود نییە و
هیچ میراتێکمان لە کوڕی یەسسادا نییە!
هەرکەسەو بۆ چادرەکەی خۆی، ئەی ئیسرائیل!

٢ لەبەر ئەوە هەموو پیاوانی ئیسرائیل وازیان لە داود هێناو بەدوای شێبەعی کوڕی بیکریدا ڕۆیشتن. بەڵام پیاوانی یەهوزا لە ڕوباری ئۆردونەوە تا ئۆرشەلیم لەگەڵ پاشایاندا مانەوە. ٣ ئینجا داود هات بۆ ماڵەکەی خۆی بۆ ئۆرشەلیم و پاشا ئەو دە کەنیزەیەی بۆ پاراستنی ماڵەکە بەجێی هێشتبوون، بردنی و لە ماڵی دەست بەسەریدا داینان و بە خێوی دەکردن، بەڵام لەگەڵیاندا پاڵنەکەوت، بەڵکو تا ڕۆژی مردنیان لە ژیانی زگورتیدا دەستبەسەر کرابوون. ٤ ئینجا پاشا بە عەماسای وت: لە سێ ڕۆژدا پیاوانی یەهوزام بۆ کۆبکەرەوە و تۆش وەرە بۆ ئێرە. ٥ عەماساش چوو بۆ کۆکردنەوەی یەهوزا، بەڵام لە و کاتە دواکەوت کە بۆی دیاری کردبوو.

٦ ئینجا داود بە ئەبیشای وت: ئێستا شێبەعی کوڕی بیکری لە ئەبشالۆم خراپتر دەبێت بۆمان. لەبەرئەوە تۆ خزمەتکارەکانی گەورەت ببە و دوای بکەوە نەوەك چەند شارێکی قەڵابەند بۆ خۆی پەیدا بکات و لەبەر چاومان وون بێت. ٧ ئینجا پیاوەکانی یۆئاب و کەریتییەکان و پەلیتییەکان و هەموو پاڵەوانەکان بە دوایدا دەرچوون و لە ئورشەلیم دەرچوون بۆ ڕاونانی شێبەعی کوڕی بیکری. ٨ کاتێ لەلای بەردە گەورەکەی گبعون بوون، عەماسا هاتە پێشیان و یۆئابیش بەرگی جەنگی پۆشیبوو و پشتێنێکیشی لەسەر ئەوەوە بەستبوو و شمشێرەکەشی لەناو کێلانەکەی بوو بە ناوقەدیەوە بەستبووی و جا کە هاتە دەرەوە، شمشێرەکەی کەوتە خوارەوە. ٩ ئینجا یۆئاب بە عەماسای وت: سەلامەتی براکەم؟ جا یۆئاب بە دەستی ڕاستی ڕیشی عەماسای گرت تا ماچی بکات.

١٠ عەماسایش ئاگای لەو شمشێرە نەبوو کە بە دەستی یۆئابەوە بوو، جا کردی بە سکیدا و هەناوی ڕژایە سەر زەوی، لێی دووبارە نەکردەوە و مرد. یۆئاب و ئەبیشای براشی بە دوای شێبەعی کوڕی بیکریدا ڕۆیشتن.

١١ ئینجا یەکێك لە خزمەتکارەکانی یۆئاب لە لای عەماساوە ڕاوەستا و وتی: ئەوەی یۆئابی دەوێت و ئەوەی سەر بە داودە با بە دوای یۆئابدا بێت! ١٢ عەماساش لە ناوەڕاستی ڕێگاکەدا لە ناو خوێندا گەوزابوو، جا کاتێ پیاوەکە بینی هەموو گەل ڕادەوەستن،

عەماسـای لە ڕێگاکەوە گواسـتەوە بۆ کێڵگەکە و پارچە جلێکی
بەسـەریدا دا، کـاتێ بینی هەرکەسـێـك بگـاتە سـەری
ڕادەوەستێت. ١٣ کاتێ لە ڕێگاکە گواسترایەوە، هەموو پیاوێك بە
دوای یۆئابدا کەوتن بۆ ڕاونانی شێبەعی کوڕی بیکری. ١٤ ئەویش
بەناو هەموو هۆزەکانی ئیسرائیلدا تێپەڕی بۆ ئابەل و بێیت مەعکە
و هەموو بیرییەکاندا و ئەوانیش کۆبوونەوە و دوایکەوتن. ١٥ ئینجا
هاتن و لە ئابەلی بەیت مەعکەدا گەمارۆیان دا و مەتەرێزیان بە
دەوری شـارەکەدا لێدا و شـارەکە کەوتە گەمارۆوە و هەموو ئەو
گەلەش کە لەگەڵ یۆئـاب بوون سـەرگەرمی ڕووخـان بوون بۆ
خستنی دیوارەکە. ١٦ ئینجا ژنێکی دانا لە شارەکەوە هاواری کرد:
گوێ بگرن! گوێ بگرن! بە یۆئاب بڵێن، وەرە پێشـەوە بۆ ئێرە تا
قسـەی لەگەڵدا بکەم. ١٧ ئەویش چووە پێشـەوە بۆ لای و ژنەکەش
وتی: تۆ یۆئابی؟ ئەویش وتی: من ئەوم. ژنەکەش پێی وت: گوێ
لە قسـەی کـارەکەرەکەت بـگـرە. ئەویـش وتـی: گـوێـم
گرتووە. ١٨ ئەویش وتی: لە پێشدا دەیانوت لە ئابەل پرسیار دەکەن
و بەو شێوەیە کۆتاییان بە کێشە دەهێنا. ١٩ من ئاشتیخواز و دڵسۆزم
لە ئیسـرائیلدا و تۆش داواکاری شـارێك و دایکێك لە ئیسـرائیلدا
بکوژیت؟ بۆچی میراتی خوداوەند هەڵدەلووشـیت؟ ٢٠ یۆئابیش
وەڵامی دایەوە و وتی: لەمن بەدوور بێت! لەمن بەدوور بێت
هەڵیبلووشم و تێکیبدەم! ٢١ شتەکە بەو شێوەیە نییە، چونکە پیاوێك
لە چیای ئەفرایمەوە کە ناوی شـێبەعی کوڕی بیکرییە دەسـتی لە
داود پاشـا بەرز کردووەتەوە، بە تەنها ئەو بدەن بە دەستەوە و لە
شارەکە دوور دەکەومەوە. ژنەکەش بە یۆئابی وت: ئەوەتا سەریت
لە دیوارەکەوە بۆ هەڵدەدرێت. ٢٢ ئینجا ژنەکە بە داناییەکەی خۆی
هات بۆ لای هەموو گەل و ئەوانیش سـەری شـێبەعی کوڕی
بیکرییـان لێ کردەوە و بۆ یۆئـابییـان فڕێـدا و ئەویش فووی بە
کەڕەنادا کرد و لە شـارەکە دوور کەوتنەوە هەر کەسـەو بۆ
چـادرەکەی، بەڵام یۆئـاب گەڕایەوە بۆ ئۆرشـەلیم بۆ لای
پاشـا. ٢٣ یۆئابیش بەسـەر هەموو سوپای ئیسرائیلەوە بوو بەنایای
کوڕی یەهوداعیش بەسـەر کریتییەکـانەوە و پلیتییەکـانەوە بوو
و ٢٤ ئەدورام بەسـەر کاری بێگارەوە بوو و یەهوشـافاتی کوڕی
ئەخیلودیش تۆمارکار بوو ٢٥ شـیوا نووسـەر بوو و چادوق و
ئەبیـسـاریش کاهین بوون و ٢٦ هەروەها عیرای یائیریش کاهینی
داود بوو.

# ٢١

ئینجا لە ڕۆژانی داوددا سـێ سـاڵ لە دوای یەك برسـێتی بوو و
داودیش لە خوداوەند پرسـیاری کرد و خوداوەندیش فەرمووی:
بەهۆی شـائـول و بەهۆی مـاڵـی خوێنـەوییە، لەبەرئەوەی
گبعونییەکانی کوشت. ٢ جا پاشا گبعونییەکانی بانگ کرد پێی وتن،
گبعونییەکانیش لە نەوەی ئیسـرائیل نین، بەڵکو لە پاشـماوەی
ئەمورییەکانن و نەوەی ئیسـرائیل سـوێندیان بۆ خواردن، بەڵام
شـائول بەهۆی ئیرەداری بۆ ئیسـرائیل و یەهوزا داوای کوشـتنی
کردن. ٣ جا داود بە گبعونییەکانی وت: چیتان بۆ بکەم و بەچی
کەفارەت بکەم تا میراتی خوداوەند پیرۆزبکەن؟ ٤ گبعونییەکانیش
پێیان وت: ئێمە نە زیو و نە زێڕمان لەلای شـائول و لەلای
ماڵەکەی نییە و بۆشمان نییە کەس لە ئیسرائیلدا بکوژین. ئەویش
وتی: هەرچی بڵێن بۆتانی دەکەم. ٥ ئەوانیش بە پاشـایان وت: ئەو
پیاوەی کە قڕیکردین و پیلانی دژمان گێڕا تا لەناومان ببات و لە
هەموو سنوورەکانی ئیسرائیلدا نەمێنینەوە، ٦ با حەوت پیاومان لە
کوڕەکـانی پێ بـدرێـت جا بۆ خوداوەنـد لە گبعەی شـائـولی
هەڵبژێردراوی خوداوەند بە داریانەوە دەکەین. پاشـاش وتی: من
دەیدەم. ٧ بەڵام پاشـا بەزەیی بە مەفیبۆشـەسـی کوڕی یۆناسـانی
کوڕی شـائول لەبەر ئەو سـوێندەی خوداوەند کە لەنێوانیاندا بوو،
لە نێوان داود و یۆناسـانی کوڕی شـائولدا. ٨ جا پاشـا هەردوو
کوڕەکەی ڕچفەی کچی ئایە کە بۆ شائولی خستبوونەوە، ئەرمۆنی
و مەفیبۆشـەسـی لەگەڵ هەر پێنج کوڕەکەی میکالی کچی شـائول
کە بۆ عەدرەئیلی کوڕی بەرزەلای مەحولەتی خسـتبوونەوە،
بردنی و ٩ دایانی بەدەسـت گبعونییەکانەوە، ئەویش لەسـەر چیا
لەبەردەم خوداوەنددا بە داریانەوە کردن و هەر حەوتیان بەیەکەوە
بەربوونەوە و لە ڕۆژانی دروێنەدا لە سـەرەتای دەسـتپێکردنی
دروێنەی جۆدا کوژران.
١٠ ئینجا ڕچفەی کچی ئایە پەڵاسـێکی برد و لەسـەر بەردێك بۆ
خۆی ڕایخسـت و لەسـەرەتای دروێنەدا تا ئەو کاتەی ئاو لە
ئاسمانەوە ڕژایە سەریان نەیهێشت باڵندەکانی ئاسمان بە ڕۆژ و
ئاژەڵەکانی کێڵگە بە شەو دابەزنە سەریان. ١١ جا ئەوەی ڕچفەی
کچی ئـایە کەنیزەکەی شـائـول کردی بە داود ڕاگەیەنـدرا
و ١٢ داودیش ڕۆیشـت و ئێسـقانەکانی شـائول و ئێسـقانەکانی
یۆناسـانی کوڕی لەلای دانیشتووانی یابیش گلعاد هێنا ئەوانەی لە
شـەقامی بەیت شـانەوە دزیبوویان لەو شوێنەدا کە فەلەستییەکان
لەو ڕۆژەی کە لە شائولیان دا لە گلبوعدا هەڵیانواسیبوون. ١٣ ئینجا
لەوێوە ئێسـقانەکانی شـائول و یۆناسـانی کوڕی سـەرخسـت و
ئێسـقـانەکـانی بە دارەوەکراوەکـانیشـیـان کۆکردەوە. ١٤ ئینجـا
ئێسـقانەکانی شـائول و یۆناسـانی کوڕیان لە زەوی بنیامیندا لە
چێلەع لە گۆڕەکەی قەیسـی باوکیدا ناشت و هەموو ئەو شتانەی
پاشـا فەرمانی پێدابوو کردیان. پاش ئەوە خودا وەڵامی نوێژەکەی
دانەوە کە بۆ زەوییەکە کردیان.
١٥ جارێکی تر جەنگ لە نێوان فەلەستییەکان و ئیسرائیلدا بەرپابوو
و داود و خزمەتکارەکانی لەگەڵیدا داگەڕان و دژی فەلەسـتییەکان
جەنگان و داود شەکەت بوو. ١٦ جا یشبوی بنوب کە یەکێك بوو لە
کوڕانی ڕافا و کێشـی ڕمەکەی سـێ سـەد شـاقڵ مس بوو و
شـمشـێرێکی نوێی لەدەسـت گرتبوو، بیری لە کوشـتنی داود
کردەوە. ١٧ بەڵام ئەبیشـای کوڕی چەرویە بە هانایەوە هات و لە
فەلەسـتییەکەی دا و کوشـتی. ئینجا پیاوەکانی داود سـوێندیان بۆ
خوارد و وتیان: نابێت جارێکی تر لەگەڵمـاندا بۆ جەنگ بێیتە
دەرەوە، تا چرای ئیسرائیل نەکوژێنیتەوە.
١٨ ئەوەبوو پاش ئەمانە جەنگێکی دیکە لەگەڵ فەلەسـتییەکاندا لە
گۆب ڕوویدا و لەو کاتەدا سیبخایی خوشـەتی، سافی کوشت کە
یەکێك بوو لە کوڕانی ڕافا.
١٩ جـارێکی دیکەش جەنـگ لە گۆبەدا لەگەڵ فەلەسـتییەکـان
ڕوویـدایەوە و ئەلخـانـانی کوڕی یەعریی ئۆرگیمی بەیتلەحمی
گولیاتی گەتی کوشـت کە دەسکی ڕمەکەی وەك نۆردی جۆلاکان
وابوو. ٢٠ جـارێکی دیکەش جەنـگ لە گەتدا ڕوویدا و پیـاوێکی
زەبەلاحیش کە ژمارەی پەنجەکانی دەسـتی شـەش و پەنجەکانی
پێی شـەش بوون و ژمارەیان بیسـت و چوار بوو و ئەویش لە
کوڕانی ڕافا بوو و ٢١ سووکایەتی بە ئیسرائیل کرد، جا یۆناسانی
کوڕی شمعی برای داود کوشـتی. ٢٢ ئەو چوارە لە گەتدا بۆ ڕافا
لە دایك ببوون و بە دەستی داود و خزمەتکارەکانی کەوتن.

# ٢٢

ئینجا داود لەو ڕۆژەدا کە خوداوەند لە دەست هەموو دوژمنەکانی
و لە دەسـت شـائول فریای کەوت، بە وشـەکانی ئەم گۆرانییەی
لەگەڵ خوداوەنددا دوا و ٢ وتی:
خوداوەند چیای منە و قەڵامە و دەربازکەرمە.
٣ خودام ئەو چیایەمە کە پەنای بۆ دەبەم،
قەڵغانمە، شاخی ڕزگاریمە، پەناگەمە،
حەشارگەمە، ڕزگارکەرمە، لە ستەم ڕزگارم دەکەیت.
٤ هاواری خوداوەند دەکەم کە شایانی ستایشە،
لە دوژمنەکانم ڕزگارم دەکات.

٥ چونکە شەپۆلەکانی مەرگ منی پێچایەوە
لێشاوی لەناوچوون زەندەقی بردم.
٦ پەتی شوێنی مردووان بەدەورمدا تەنراوە،
داوی مردن لەبەردەمم دانراوە.
٧ لەتەنگانەدا هاواری خوداوەندم کرد، بانگی خودای خۆم کرد،
لە پەرستگاکەی گوێی لە دەنگم بوو،
هاواریشم لە گوێیەکانی.
٨ ئینجا زەوی لەرزی و هەژا،
بناغەکانی ئاسمان هەژان،
هەژان چونکە تووڕە بوو.
٩ دووکەڵ لە لووتی هاتە دەرەوە،
ئاگر لە دەمی هاتە دەرەوە،
پشکۆی داگیرساوی لێوە دەرچوو.
١٠ ئاسمانەکانی لێککردەوە و
دابەزییە خوارەوە
هەوری تاریك لەژێر پێی بوون.
١١ سواری کروب بوو و فڕی،
بەسەر باڵی بادا بەرز بووەوە.
١٢ تاریکی کردە دەوری خۆی،
هەوری تاری پڕبارانی ئاسمانی کرد بە چەتری خۆی.
١٣ لە بلاچەی بەردەمی پشکۆ ئاگرەکان داگیرسان.
١٤ خوداوەند لەئاسمان گرمەی هات،
خودای هەرە بەرز دەنگی هات.
١٥ تیرەکانی هاویشت و بڵاوەی پێکردن
بە بروسکە پەرێشانی کردن.
١٦ بنی دەریاکان دەرکەوتن،
بناغەکانی زەوی دەرکەوتن،
لە سەرزەنشتی خوداوەند،
لە هەڵکردنی هەناسەی لووتی.
١٧ لە بەرزاییەوە دەستی درێژ کرد و گرتمی،
لەناو ئاوە قووڵەکان دەریکردم.
١٨ لە دوژمنە بەتواناکەم ڕزگاری کردم،
لە ناحەزەکانم کە زۆر لەمن بەهێزترن.
١٩ لە ڕۆژی لێقەومانم هاتنە سەرم،
بەڵام خوداوەند پشتوپەنام بوو.
٢٠ هێنامیە دەرەوە بۆ فراوانی،
ڕزگاری کردم، چونکە دڵخۆشە پێم.
٢١ خوداوەند بەگوێرەی ڕاستودروستیم پاداشتی دامەوە،
ڕێزداری کردم بەگوێرەی پاکی دەستم.
٢٢ چونکە ڕێگاکانی خوداوەندم بەرنەداوە،
لە خودای خۆم یاخی نەبووم.
٢٣ چونکە هەموو حوکمەکانی لەبەردەمم بووە،
سەرپێچی فەرزەکانیم نەکردووە.
٢٤ لەبەردەمیدا تەواو بووم و
خۆم لە تاوان پاراستووە.
٢٥ خوداوەند بەگوێرەی ڕاستودروستیم،
بەگوێرەی پاکیم لەبەردەمیدا پاداشتی داومەتەوە.
٢٦ لەگەڵ دڵسۆزەکاندا دڵسۆزی دەنوێنیت،
لەگەڵ تەواوەکاندا تەواوی دەنوێنیت،
٢٧ لەگەڵ دڵنەرمەکان دڵنەرمی نیشان دەدەیت،
لەگەڵ خوارەکانیش وریایی نیشان دەدەیت.
٢٨ تۆ خەڵکی بێفیز ڕزگار دەکەیت،
بەڵام چاوەکانت لەسەر لووتبەرزانە، دەیانشکێنیت.
٢٩ چونکە تۆ چرامی ئەی خوداوەند،
خوداوەند تاریکیم بۆ ڕووناکی دەگۆڕێت.
٣٠ بە یارمەتی تۆ دەتوانم لەشکرێك تێکبشکێنم،
لەگەڵ خودای خۆم دەتوانم بەسەر شووراکاندا سەربکەوم.
٣١ ڕێگای خودا تەواوە،
وتەی خوداوەند بێگەردە،
ئەو قەڵغانە بۆ هەموو ئەوانەی پەنای بۆ دەبەن.
٣٢ چونکە لە خوداوەند بەولاوە کێ خودایە؟
لە خودامان بەولاوە کێ پەنادەرە؟
٣٣ خودایە، بە هێز پاڵپشتیم دەکات،
ڕێگای من تەواو دەکات.
٣٤ پێیەکانم وەك پێی ئاسك لێدەکات،
لەسەر بەرزاییەکان ڕامدەگرێت.
٣٥ مەشق بە دەستەکانم دەکات بۆ جەنگ،
تا بتوانم بە بازووم کەوانی مس بچەمێنمەوە.
٣٦ قەڵغانی ڕزگاری خۆت پێ بەخشیوم،
بە میهرەبانی خۆت گەورەم دەکەیت.
٣٧ جێی هەنگاوەکانم لەژێرم فراوان دەکەیت،
تا پێم نەخلیسکێت.
٣٨ دوژمنەکانم ڕاونا و نابوودم کردن،
تا لەناوم نەبردن نەگەڕامەوە.
٣٩ لەناویان دەبەم و وردوخاشیان دەکەم و هەڵناسنەوە،
لەژێر پێم دەکەون.
٤٠ کەمەرم بە هێز دەبەستیت بۆ جەنگ،
وا لە دوژمنەکانم دەکەی لەبەر پێم بکەون.
٤١ دوژمنەکانم پشتم تێدەکەن و ڕادەکەن،
ناحەزانم لەناودەبەم.
٤٢ هاواریان کرد، بەڵام کەس بە هاواریانەوە نەچوو.
هاواری خوداوەندیان کرد، بەڵام بە دەنگیانەوە نەچوو.
٤٣ وەك تۆزی زەوی ووردیان دەکەم،
وەك قوڕی سەر ڕێگا فڕێیان دەدەم.
٤٤ لە هێرشی گەلان ڕزگارت کردم،
تۆ منت کرد بە سەرۆکی نەتەوەکان،
گەلێك کە نەمدەناسین بوون بە کۆیلە و خزمەتکارم.
٤٥ هەر کە دەنگم دەبیستن یەکسەر گوێڕایەڵم دەبن،
بێگانەکان لێم دەپاڕێنەوە.
٤٦ بێگانەکان ورەیان بەردا و
بە لەرزەوە لە قەڵاکانیان هاتنە دەرەوە.
٤٧ خوداوەند زیندووە، پیرۆزە پەناگەم
خودای پەنای ڕزگاریم بەرزە.
٤٨ خودایە کە تۆڵەم بۆ دەکاتەوە،
گەلانی ملکەچی من کرد،
٤٩ لەنێو دوژمنەکانم دەمهێنێتە دەرەوە،
بەرزم دەکاتەوە بەسەر ناحەزانم،
لەدەست مرۆڤە توندوتیژەکان دەربازم دەکات.
٥٠ بۆیە ئەی خوداوەند لەناو نەتەوەکان ستایشت دەکەم،
سرووودی ستایش بۆ ناوت دەڵێم.
٥١ سەرکەوتنێکی گەورە بە پاشای خۆی دەبەخشێت،
خۆشەویستی بێ سنوور بەسەر دەستنیشانکراوەکەی دەبارێنێت،
بەسەر داود و نەوەکانی تا هەتایە.

# ٢٣

ئەمانەش دواهەمین وشەکانی داودن.
جاڕنامەی داودی کوڕی یەسسا و
جاڕنامەی پیاوە پایە بڵندەکە،
دەستنیشانکراوەکەی خودای یاقوب و
زەبووربێژە دەنگ خۆشەکەی ئیسرائیل:
٢ ڕۆحی خوداوەند بە هۆی منەوە دووا،

وشەکەشی لەسەر زمانم بوو.
٣ خودای ئیسڕائیل فەرمووی،
لەگەڵ من دووا بەردەکەی ئیسڕائیل،
ڕاستودروستێك بەسەر خەڵکەوە فەرمانڕەوا بێت،
ترسی خودا فەرمانڕەوا دەبێت،
٤ وەك ڕووناکی بەیان کاتێ خۆر هەڵدێت،
بەیانییەکی بێ هەور،
وەك گیای تازە سەرهەڵداو لە زەوییەوە،
بە ڕووناکی بێگەردی پاش باران.
٥ ئایا ماڵەکەم لای خودا ئاوا نییە؟
چونکە پەیمانێکی هەتاهەتایی بۆ داناوم،
ڕێکوپێك لە هەموو شتێکدا و پارێزراو؟
چونکە ئەمە هەموو ڕزگاری و هەموو ئارەزوومە، ئایا شکۆفەی
پێ ناکات؟
٦ بەڵام سوك و چروکان وەك دڕکی فڕێدراون هەموویان،
کە بە دەست کۆناکرێنەوە،
٧ ئەو پیاوەش کە خۆی لێیان دەدات،
خۆی پڕ ئاسن و داری ڕم دەکات،
جا بە ئاگر دەسووتێنرێن لە شوێنی خۆیاندا.
٨ ئەمانەش ناوی پاڵەوانەکانی داودن، یوشێبی بەشێبیسی
تەخکمونی، سەرۆکی فەرماندەکان. ئەو بوو ڕمەکەی بەسەر
هەشت سەد کەسدا ڕاوەشاند و هەموویانی بە یەکجار
کوشت.٩ پاش ئەو ئەلعازاری کوڕی دودی کوڕی ئەخوخی کە
یەکێکە لەو سێ پاڵەوانەی لەگەڵ داوددا بوون کاتێ بەرەو ڕووی
ئەو فەلەستییانەدا کە لەوێدا بۆ جەنگ کۆببوونەوە وەستان و
پیاوانی ئیسڕائیلیش پاشەکشەیان کرد.١٠ ئەو هەستا و لە
فەلەستییەکانی دا تا دەستی شل بوو و دەستی بە شمشێرەکەیەوە
نووسا و خوداوەندیش لەو ڕۆژەدا ڕزگارییەکی گەورەی ئەنجامدا
و گەلیش بە دوایەوە گەڕانەوە تەنها بۆ تالانی.١١ پاش ئەمیش
شەممای کوڕی ئاگێی هەراری دێت. کاتێ فەلەستییەکان سوپایان
کۆکردەوە و لەوێدا پارچە کێڵگەیەکی پڕ لە نیسکی هەبوو و گەل
لەبەردەم فەلەستییەکاندا هەڵاتن.١٢ بەڵام ئەو لەناوەڕاستی پارچە
کێڵگەکەدا وەستا و دەربازی کرد و لە فەلەستییەکانی دا و
خوداوەندیش ڕزگارییەکی گەورەی ئەنجامدا.١٣ ئینجا سێ لە سی
پیاوە سەرۆکەکان لە کاتی دروێنەدا، داگەڕان بۆ لای داود لە
ئەشکەوتی عەدوللامدا و سوپای فەلەستییەکانیش لە دۆڵی
ڕەفائییەکاندا دامەزرابوون،١٤ لەو کاتەدا داود لە قەڵاکە بوو و
سەربازگەی فەلەستییەکانیش لەو کاتەدا لە بەیتلەحم بوو.١٥ جا
داود ئاهی هەڵکێشا و وتی: کێ لە بیرەکەی بەیتلەحم، ئەوەی
لەلای دەروازەکەیە ئاوم دەرخوارد دەدات؟١٦ ئینجا سێ پاڵەوانەکە
هێڵی ئۆردوگای فەلەستییەکانیان بەزاند و لە بیرەکەی بەیتلەحمەوە
ئەوەی لەلای دەروازەکەیە ئاویان کێشایەوە و هەڵیانگرت و
هێنایان بۆ داود، ئەویش نەیویست بیخواتەوە بەڵکو بۆ خوداوەندی
ڕشت و١٧ وتی: لە من بە دوور بێت، ئەی خوداوەند ئەمە بکەم.
ئەمە خوێنی ئەو پیاوانەیە کە ژیانی خۆیان خستە مەترسییەوە. جا
نەیویست بیخواتەوە. ئەمە ئەوە بوو کە سێ پاڵەوانەکە کردیان.
١٨ ئەبیشای برای یۆئاب، کوڕی چەڕویەش سەرۆکی سێیەکە
بوو. ئەم ڕمەکەی بەسەر سێ سەد کەسەوە ڕاوەشاند و کوشتنی،
جا لەنێو سێیەکەدا ناوی هەبوو.١٩ ئایا ئەو زیاتر لە سێیەکەدا
ڕێزی لێ نەدەگیرا؟ جا بوو بە سەرکردەیان، بەڵام بە سێیەکەی
یەکەم نەدەگەیشت.٢٠ بنیاهوی کوڕی یەهویاداعیش کە لە
قەبچەئێل بوو کوڕێکی بەجەرگ بوو و کردەوەی زۆر بوو. ئەو
بوو لە دوو شێرەکەی مۆئابی دا و ئەو بوو لە ڕۆژێکی بەفراویدا
دابەزییە ناو چاڵێك و شێرێکی کوشت.٢١ ئەویش بوو لە پیاوێکی
میسری زەبەلاحی دا و پیاوە میسرییەکە ڕمێکی بە دەستەوە بوو،
ئەویش بە گۆچانێکەوە بۆی دابەزی و ڕمەکەی لە دەست
میسرییەکە ڕفاند و بە ڕمەکەی خۆی کوشتی.٢٢ ئەمە بوو
بنیاهوی کوڕی یەهویاداع کردی، جا لەنێو سێ پاڵەوانەکەدا ناوی
هەبوو.٢٣ لە سێیەکە زیاتر ڕێزی لێ دەگیرا، بەڵام نەگەیشتە
سێیەکە، جا داود بەسەر پاسەوانەکانی خۆیەوە داینا.
٢٤ عەسائێلی برای یۆئابیش لە سێیەکە بوو و ئەلخانانی کوڕی
دودوی بەیتلەحمیش.٢٥ شەممای خەرودی و ئەلیقای خەرودی
و٢٦ خێلێچی فەڵتی و عیرای کوڕی عیقێشی تقۆعی
و٢٧ ئەبیعەزەری عەنسوسی و مەبونەی خوشاتی و٢٨ چەڵمونی
ئەخوخی و مەهرەی نەتوفاتی و٢٩ خێلێبی کوڕی بەعنەی
نەتوفاتی و ئیتای کوڕی ڕیبای خەڵکی گبعەی نەوەی بنیامین
و٣٠ بنایاهوی پەرعەتونی و هیدیای دۆڵەکانی گاعەش و٣١ ئەبی
علبۆنی عەرباتی و عەزمەوتی بەرخومی و٣٢ ئەلیخبای
شەعلبونی و لە نەوەی یاشن، یۆناسان و٣٣ شەممای هەراری و
ئەخیمای کوڕی شاراری ئەراری و٣٤ ئێلیفێلێتی کوڕی
ئەخیسبەی کوڕی مەعەکاتی و ئەلیعامی کوڕی ئەخیتۆفەلی
گلۆنی و٣٥ خەچروی کەرمەلی و پەعەرەی ئەربی و٣٦ یگئالی
کوڕی ناسانی چوبەیی و بانیی گادی چێلێقی عەمونی و نەخرەی
بیئروتی، هەڵگری چەکەکەی یۆئابی کوڕی چەڕویە و٣٨ عیرای
یتری و گارێبی یتری و ٣٩ ئۆریای خیتی، هەموویان سی و
حەوت بوون.

# ٢٤

دووبارە تووڕەیی خوداوەند لەسەر ئیسڕائیل گڕی گرت و داودی
لێ هاندان و فەرمووی: بڕۆ ئیسڕائیل و یەهوزا سەرژمێر
بکە.٢ جا پاشا بە یۆئابی سەرکردەی سوپا کە لەلای بوو وتی:
ئێستا بەناو هەموو هۆزەکانی ئیسڕائیلدا بگەڕێ لە دانەوە تا بئێر
شەبەع و گەل بژمێرن تا ژمارەیان بزانم.٣ یۆئابیش بە پاشای
وت: با خوداوەند خودات گەل سەد ئەوەندە زیاتر بکات و پاشای
گەورەم بە چاوی خۆی ئەوە ببینێت. بەڵام بۆ پاشای گەورەم ئەم
کارەی پێ باشە؟٤ بەڵام قسەی پاشا لەسەر یۆئاب و سەرکردەکانی
سوپا توندتر بوو، جا یۆئاب و سەرکردەکانی سوپا لەبەردەم پاشا
چوونە دەرەوە تا گەل واتە ئیسڕائیل سەرژمێر بکەن.٥ ئینجا لە
ڕووباری ئۆردون پەڕینەوە ولە عەروعیر لەلای ڕاستی شارەکەوە
کە لە ناوەڕاستی دۆڵی گادە بەرامبەر بە یەعزێر هەواریان
هەڵدا.٥ پاشان هاتن بۆ گلعاد و زەوی تەختیم خودشی و ئینجا
هاتن بۆ دان یەعن و سووڕانەوە بۆ سەیدون.٧ پاشان هاتن بۆ
قەڵای چوڕ و هەموو شارەکانی خوییەکان و کەنعانییەکان. ئینجا
دەرچوون بۆ باشووری یەهوزا بۆ بئێر شەبەع و٨ بەناو هەموو
زەوییەکەدا گەڕان و لە کۆتایی نۆ مانگ و بیست ڕۆژدا گەڕانەوە
بۆ ئۆرشەلیم.٩ ئینجا یۆئاب سەرجەم ژمارەی گەلی بە پاشا دا و
ئیسڕائیل هەشت سەد هەزار پیاوی بەجەرگی شمشێر بەدەست
بوون و پیاوانی یەهوزاش پێنج سەد هەزار پیاو بوون.
١٠ پاش ئەوەی گەلی سەر ژمێرکرد، ویژدانی داود ئازاری دا و
داود بە خوداوەندی وت: زۆر گوناهم کرد لەوەی کە کردم و
ئێستاش ئەی خوداوەند تاوانی خزمەتکارەکەت لاببە، چونکە زۆر
گێلایەتیم کرد.١١ ئینجا بەیانی داود لە خەو هەڵسا و وشەی
خوداوەند بۆ گادی پێغەمبەر بۆ بینەرەکەی داود هات و فەرمووی:
١٢ بڕۆ بە داود بڵێ خوداوەند ئاوای فەرمووە، من سێ شت
دەخەمە بەردەمت و تۆش یەکێکیان بۆ خۆت هەڵبژێرە تا پێتی
بکەم.١٣ ئینجا گاد هات بۆ لای داود و پێی ڕاگەیاند و وتی: ئایا
حەوت ساڵ برسێتی بەسەرتدا بێت لە زەوییەکەتدا؟ یان سێ مانگ
لەبەردەم دوژمنەکانت هەڵبێیت و ئەوانیش ڕاوت بنێن؟ یان سێ
ڕۆژ دەرد لەزەوییەکەتدا بڵاو ببێتەوە؟ ئێستا بزانە و ببینە، چی
وەڵامی ئەو کەسە بدەمەوە کە ناردومی.١٤ داودیش بە گادی وت:

زۆر لە تەنگانەدام، تکایە با بکەوینە دەستی خوداوەندەوە، چونکە
ئەو بەزەیی زۆرە، بەڵام با نەکەومە دەستی مرۆڤەوە. ١٥ ئینجا
خوداوەند لە بەیانییەوە تا کاتی دیاریکراو دەردی خستە ناو
ئیسرائیلەوە، جا لە دانەوە تا بئیر شەبەع هەفتا هەزار پیاو مردن
و ١٦ فریشتەکە دەستی بەسەر ئۆرشەلیمدا درێژکرد تا وێرانی
بکات، جا خوداوەند کارەساتەکەی ڕاگرت و بە فریشتەکەی کە
گەلی وێران دەرکرد فەرمووی: بەسە! ئێستا دەستت بکێشەرەوە.
لەو کاتەدا فریشتەکەی خوداوەند لە لای شوێن خەرمانەکەی
ئەرونەی یەبوسی بوو. ١٧ ئینجا داود لەگەڵ خوداوەنددا دوا، کاتێ
فریشتەکەی لێدەری گەلی بینی، جا وتی: ئەوەتا من گوناهم
کردووە و تاوانم کردووە و ئەم مەڕانە چییان کردووە؟ تکایە با
دەستت لەسەر خۆم و ماڵی باوکم بێت.
١٨ ئینجا لەو ڕۆژدا گاد هات بۆ لای داود و پێی وت: سەرکەوە و
لە شوێن خەرمانەکەی ئەرونەی یەبوسیدا قوربانگایەك بۆ
خوداوەند دابمەزرێنە. ١٩ داودیش بە پێی قسەکەی گاد، هەروەك
خوداوەند فەرمانی کردبوو سەرکەوت. ٢٠ کاتێ ئەرونە تەماشای
کرد و بینی وا پاشا و خزمەتکارەکانی بۆلای دێن، جا ئەرونە
دەرچوو و ڕوو لە زەوی کڕنۆشی بۆ پاشا برد. ٢١ ئینجا ئەرونە
وتی: پاشای گەورەم بۆچی هاتووە بۆ لای خزمەتکارەکەی؟
داودیش وتی بۆ ئەوەی شوێن خەرمانەکەت لێ بکڕم تا
قوربانگایەك بۆ خوداوەند بنیادبنێم و دەردەکە لە گەل دوور
بکەوێتەوە.
٢٢ ئەرونەش بە داودی وت: با پاشای گەورەم بیبات و ئەوەی پێی
باشە سەری بخات. تەماشەکە. ئەوە مانگا بۆ قوربانی سووتا و
گاسن و نیری مانگاکان بۆ دار. ٢٣ ئەرونەی خاوەنیان هەمووی دا
بە پاشا. ئینجا ئەرونە بە پاشای وت خوداوەند خودات لێت ڕازی
بێت. ٢٤ بەڵام پاشا بە ئەرونەی وت: نەخێر بەڵکو بە نرخ لێتی
دەکڕم و قوربانی خۆڕایی بۆ خوداوەند خودام سەرناخەم. ئینجا
داود شوێن خەرمانەکە و مانگاکەی بە پەنجا شاقلی زیو کڕی
و ٢٥ داود لەوێدا قوربانگایەکی بۆ خوداوەند بنیادنا و قوربانی
سووتا و قوربانی ئاشتی سەرخست و خوداوەندیش لەبەر
زەوییەکە وەڵامی دایەوە و دەردەکە لە ئیسرائیل دوورکەوتەوە.

# یەکەم پاشایان

## ١

١ داود پاشا پیر بوو و بەساڵا چوو، هەرچەندە بە جلوبەرگ
دایاندەپۆشی گەرم نەدەبووەوە. ٢ جا خزمەتکارەکانی پێیان وت: با
بۆ پاشای گەورەمان بگەڕێین بە دوای کچێکی پاکیزەدا و لەپێش
پاشا ڕایگرن، تا خزمەتی پاشا بکات و بەدەوریدا بێت و لە
باوەشیدا پاڵکەوێت تا پاشای گەورەمان گەرم بێتەوە. ٣ ئینجا بەناو
هەموو ناوچەکانی ئیسرائیلدا بە دوای کچێکی جواندا گەڕان و
ئەبیشەگی شونەمییان دۆزییەوە و هێنایان بۆ پاشا. ٤ کچەکە زۆر
جوان بوو و بە دەوری پاشادا هات و خزمەتی کرد، بەڵام پاشا
لەگەڵی جووت نەبوو.
٥ پاشان ئەدۆنیای کوڕی حەگیت خۆی بەرزکردەوە و وتی: من
دەبم بە پاشا. جا گالیسکە و ئەسپ سواری بۆ خۆی ئامادەکرد
لەگەڵ پەنجا پیاو لەپێشیەوە ڕایان دەکرد. ٦ باوکی هیچ کاتێ
سەرزەنشتی نەکردبوو بڵێ، بۆچی وات کردووە؟ هەروەها زۆر
قۆز بوو و دایکی بە دوای ئەبشالۆمدا ئەمی ببوو. ٧ جا
قسەکردنەکەی لەگەڵ یۆئابی کوڕی چڕویە و ئەبیتاری کاهین
بوو، ئەوانیش پشتی ئەدۆنیایان گرت. ٨ بەڵام سادۆقی کاهین و
بنایاهوی کوڕی یەهۆیاداع و ناتانی پێغەمبەر و شیمعی و ڕیعی و
پاڵەوانەکانی داود، لەگەڵ ئەدۆنیا نەبوون.
٩ ئینجا ئەدۆنیا لە لای بەردی زوخلە ئەوەی لە تەنیشیت عەین
ڕۆگێلە، مەڕ و مانگا و دابەستراوی سەربڕی و هەموو براکانی،
کوڕانی پاشا و هەموو پیاوانی یەهوزا و خزمەتکارانی پاشای
بانگکرد. ١٠ بەڵام ناتان پێغەمبەر و بنایاهۆ و پاڵەوانەکان و
سلێمانی برای بانگ نەکرد.
١١ ئینجا ناتان بە بەتشەبەعی دایکی سلێمان وت: نەتبیستووە کە
ئەدۆنیای کوڕی حەگیت بووە بە پاشا و داودی گەورەشمان بەمە
نازانێت؟ ١٢ ئێساش وەرە ئامۆژگارییەکی باشت دەکەم، تا گیانی
خۆت و گیانی کوڕەکەت، سلێمان بپارێزی. ١٣ بڕۆ و بچۆرە
ژوورەوە بۆلای داود پاشا و پێی بڵێ، پاشای گەورەم، تۆ سوێندت
بۆ کەنیزەکەت نەخوارد و وتت، کە سلێمانی کوڕت لەدوای من
دەبێت بە پاشا و ئەو لەسەر تەختەکەم دادەنیشێت؟ ئیتر بۆچی
ئەدۆنیا بووە بە پاشا؟ ١٤ لەوکاتەدا کە تۆ هێشتا لەوێ قسە لەگەڵ
پاشادا دەکەیت، من لەدواتەوە دێمە ژوورە و قسەکەت تەواو
دەکەم. ١٥ ئینجا بەتشەبەع چووە ژوورەوە بۆلای پاشا بۆ ژووری
نوستنی، پاشاش زۆر پیر ببوو و ئەبیشەگی شونەمیش خزمەتی
پاشای دەکرد. ١٦ بەتشەبەع بەچۆکداهات و کڕنۆشی بۆ پاشا برد،
پاشاش پێی وت: چیتە؟ ١٧ ئەویش پێی وت: گەورەم تۆ بە
خوداوەند خوداکەت سوێندت بۆ کەنیزەکەت خوارد و وتت، کە
سلێمانی کوڕت لە دوای من دەبێت بە پاشا و ئەو لەسەر تەختەکەم
دادەنیشێت، ١٨ بەڵام ئێستا ئەوەتا ئەدۆنیا بووە بە پاشا، ئێستاش
پاشای گەورەم تۆ بێ ئاگای لەوەی ١٩ ئەو گا و دابەستە و مەڕێکی
زۆری سەربڕیوە و هەموو کوڕانی پاشا و ئەبیتاری کاهین و
یۆئابی سەرۆکی سوپای بانگ کردووە، بەڵام سلێمانی
خزمەتکارتی بانگ نەکردووە. ٢٠ تۆش پاشای گەورەم، چاوەکانی
هەموو ئیسرائیل ڕوویان لە تۆیە تا پێیان ڕابگەێنیت، کێ لە دوای
پاشای گەورەم لەسەر تەختەکەی دادەنیشێت. ٢١ ئەگینا وای لێدێت،
کە پاشای گەورەم لەگەڵ باوباپیرانی سەرینایەوە، منو کوڕەکەم
سلێمان، بە گوناهبار دەژمێردرێین.
٢٢ لەکاتێکدا ئەو لەگەڵ پاشا قسەی دەکرد، ناتانی پێغەمبەر
هاتەژوورەوە. ٢٣ بە پاشایان ڕاگەیاند و وتیان: ئەوەتا ناتانی
پێغەمبەر. ئینجا چووە ژوورەوە بۆ بەردەم پاشا و کڕنۆشی ڕووەو
زەوی بۆ پاشا برد. ٢٤ ناتان وتی: پاشای گەورەم، ئایا تۆ وتووتە
کە ئەدۆنیا لە پاش من دەبێت بە پاشا و ئەو لەسەر تەختەکەم
دادەنیشێت؟ ٢٥ چونکە ئەو ئەمڕۆ دابەزیوە و گا و دابەستە و
مەڕێکی زۆری سەربڕیوە و هەموو کوڕانی پاشا و سەرکردەکانی
سوپا و ئەبیتاری کاهینی بانگ کردووە و ئەوەتان لەبەردەمیدا
دەخۆن و دەخۆنەوە و دەڵێن، بژی ئەدۆنیای پاشا. ٢٦ بەڵام منی
خزمەتکارت و سادۆقی کاهین و بنایاهۆی کوڕی یەهۆیاداع و
سلێمانی خزمەتکارتی بانگ نەکردووە. ٢٧ ئایا ئەم کارە لەلای
پاشای گەورەمەوەیە و بە خزمەتکارەکەی خۆت نەوتووە کێ لە
پاش پاشای گەورەم لەسەر تەختەکەی دادەنیشێت؟
٢٨ ئینجا داود پاشا وەڵامی دایەوە و وتی: بەتشەبەعم بۆ بانگ
بکەن. ئەویش هاتە ژوورەوە بۆلای پاشا و لەبەردەم پاشا ڕاوەستا.
٢٩ ئینجا پاشا سوێندی خوارد و وتی: زیندووە خوداوەند ئەوەی
گیانمی لە هەموو تەنگانەیەك کڕییەوە. ٣٠ هەروەك بە خوداوەند
خودای ئیسرائیل سوێندم بۆ خواردی و وتم، کە سلێمانی کوڕت
لە پاش من دەبێت بە پاشا و ئەو لە شوێنی من لەسەر تەختەکەم
دادەنیشێت، ئەمڕۆ هەروەك ئەوە دەکەم. ٣١ ئینجا بەتشەبەع ڕووەو
زەوی بە چۆکدا هات و کڕنۆشی بۆ پاشا برد و وتی: بژی داودی
پاشای گەورەم تاهەتایە!
٣٢ ئینجا داودی پاشا وتی: سادۆقی کاهین و ناتانی پێغەمبەر و
بنایاهۆی کوڕی یەهۆیاداعم بۆ بانگ بکەن. ئەوانیش هاتنە
ژوورەوە بۆ بەردەم پاشا. ٣٣ پاشاش پێی وتن: خزمەتکارەکانی
گەورەتان لەگەڵ خۆتاندا ببەن و سلێمانی کوڕم سواری
ئێسترەکەی خۆم بکەن و بیبەنە خوارەوە بۆ گیحۆن. ٣٤ لەوێدا با
سادۆقی کاهین و ناتانی پێغەمبەر وەك پاشا بەسەر ئیسرائیلەوە
دەستنیشانی بکەن و فوو بە کەڕەنادا بکەن و بڵێن، بژی سلێمانی
پاشا! ٣٥ ئینجا لە دوایەوە سەربکەون و ئەویش دێت و لەسەر
تەختەکەم دادەنیشێت و لە شوێنی من دەبێت بە پاشا. من فەرمانم
داوە ئەو ببێت بە باڵادەست بەسەر ئیسرائیل و بەسەر یەهوزا.
٣٦ ئینجا بنایاهۆی کوڕی یەهۆیاداع وەڵامی پاشای دایەوە و وتی:
ئامین! خوداوەند خودای پاشای گەورەم ئەمە بکات. ٣٧ هەروەك
چۆن خوداوەند لەگەڵ پاشای گەورەمدا بوو، ئاوهاش لەگەڵ
سلێماندا بێت و تەختەکەشی لە تەختی داودی پاشای گەورەم
مەزنتر بکات!
٣٨ ئینجا سادۆقی کاهین و ناتانی پێغەمبەر و بنایاهۆی کوڕی
یەهۆیاداع و کرێتی و پلێتییەکان دابەزین و سلێمانیان سواری
ئێسترەکەی داود پاشا کرد و بردیان بۆ گیحۆن. ٣٩ ئینجا سادۆقی
کاهین قۆچە ڕۆنەکەی لە چادرەکەوە برد و سلێمانی پێ
دەستنیشانکرد، جا فوویان بەکەڕەنادا کرد و هەموو گەل وتیان،
بژی سلێمان پاشا! ٤٠ ئینجا هەموو گەل بەدوایەوە سەرکەوتن.
گەل شمشاڵیان لێدەدا و زۆر دڵخۆش بوون، زەوی لەدەنگیان
شەقی برد.
٤١ ئەدۆنیا و هەموو بانگکراوەکان ئەوانەی لەگەڵی بوون پاش
ئەوەی لە خواردن بوونەوە گوێیان لێبوو، یۆئاب گوێی لە دەنگی
کەڕەناکە بوو و وتی: ئەو دەنگە دەنگە چییە لە ئاواییەوە دێت؟
٤٢ کاتێ هێشتا قسەی دەکرد، یۆناتانی کوڕی ئەبیتاری کاهین
هات، ئەدۆنیاش وتی: وەرە چونکە تۆ پیاوێکی ئازایت و مژدەی
چاك دەهێنیت. ٤٣ یۆناتانیش وەڵامی دایەوە و بە ئەدۆنیای وت:
بەپێچەوانەوە، گەورەمان داود پاشا، سلێمانی کرد بە

پاشا. ٤٤ پاشاش سادۆقی کاهین و ناتانی پێغەمبەر و بنایاهۆی
کوڕی یەهۆیاداع و کرێتییەکان و پلێتییەکانی لەگەڵدا ناردووە و
سواری ئێسترەکەی پاشایان کردووە. ٤٥ سادۆقی کاهین و ناتانی
پێغەمبەریش لە گیحۆندا بە پاشا دەستنیشانیان کردووە و لەوێشەوە
بەخۆشییەوە سەرکەوتوون و ئاوایش ئەو دەنگە دەنگەی
تێکەوتووە. ئەمە ئەو دەنگەیە کە گوێتان لێ بوو. ٤٦ هەروەها
سلێمان لەسەر تەختی پاشایەتییەکە دانیشتووە. ٤٧ خزمەتکارانی
پاشاش بۆ پیرۆزبایی کردن لە گەورەمان داود پاشا هاتن و
وتیان، خوداکەت ناوی سلێمان لە ناوی تۆ ناودارتر بکات و
تەختەکەشی لە تەختەکەت مەزنتر بکات. ئینجا پاشا لەسەر
چوارپایەکەی کڕنۆشی برد. ٤٨ هەروەها پاشاش ئاوای وت،
خوداوەند خودای ئیسرائیل پیرۆز بێت ئەوەی ئەمڕۆ یەکێکی
داناوە لەسەر تەختەکەم دابنیشێت و چاوەکانیشم دەیبینێت.
٤٩ جا هەموو ئەوانەی ئەدۆنیا بانگیکردبوون تۆقین و هەستان و
هەریەکە بەڕێگای خۆیدا ڕۆی. ٥٠ ئەدۆنیاش لە سلێمان ترسا و
هەستا و ڕۆیشت و دەستی بە قۆچەکانی قوربانگاکەوە گرت.
٥١ ئینجا بە سلێمان ڕاگەیەندرا و وترا، ئەوەتا ئەدۆنیا لە سلێمان
پاشا دەترسێت و ئەوەتا دەستی بە قۆچەکانی قوربانگاکەوە گرتووە
و دەڵێ با ئەمڕۆ سلێمان پاشا سوێندم بۆ بخوات کە
خزمەتکارەکەی بە شمشێر ناکوژێت. ٥٢ سلێمانیش وتی: گەر
پیاوێکی چاك بێت، تاڵە موویەکی قژی ناکەوێتە سەر زەوی، بەڵام
گەر خراپەی تیادا بینرایەوە، ئەوا دەمرێت. ٥٣ ئینجا سلێمان پاشا
ناردی و لە قوربانگاکەوە هێنایانە خوارەوە و ئەویش هات و
کڕنۆشی بۆ سلێمان پاشا برد و سلێمانیش پێی وت: بڕۆرەوە بۆ
ماڵەکەت.

# ٢

١ ئینجا ڕۆژانی داود نزیك بووەوە لە مردن و داود سلێمانی کوڕی
ڕاسپارد و وتی: ٢ من بەو ڕێگایەدا دەڕۆم کە هەموو زەوی پێیدا
دەڕوا، جا بەهێزبە و ببە بە پیاو. ٣ ئەوەی پێویستە بۆ خوداوەند
خودات بپارێزرێت، بیپارێزە، بەوەی بە ڕێگاکانی ئەودا بڕۆی،
بەوەی فەرزەکان و فەرمانەکانی و حوکمەکانی و شایەتییەکانی
بپارێزیت، وەك چۆن لە فێرکردنەکانی موسادا نووسراوە،
بۆئەوەی لەهەموو ئەو شتانەی کە دەیکەیت و ڕووت لەهەر
کوێیەك کرد سەرکەوتووبیت. ٤ بۆئەوەی خوداوەند ئەو قسەیەی
خۆی بهێنێتە دی کە دەربارەی من وتی، گەر ڕۆڵەکانت ڕێگای
خۆیان بپارێزن، بەوەی بە دڵسۆزی و بە هەموو دڵ و بە هەموو
گیانیانەوە لەبەردەمم بڕۆن، وتی، پیاو لە تۆ نابڕێتەوە لەسەر
تەختی ئیسرائیل.
٥ هەروەها تۆ خۆت ئەوە دەزانیت کە یۆئابی کوڕی چڕویە پێی
کردم و ئەوەی بە دوو سەرکردەکەی سوپاکانی ئیسرائیلی کرد،
بە ئەبنێری کوڕی نێر و بە عەماسای کوڕی یەتەر، هەردووکیانی
کوشت و خوێنی جەنگی لە ئاشتیدا ڕشت، بە خوێنی جەنگ
پشتێنەکەی قەد کەمەری و نەعلەکانی پێی سوورکرد. ٦ جا بەپێی
دانایی خۆت بکە و مەهێڵە مووە سپییەکانی بە ئارامییەوە بۆ ناو
شوێنی مردووان شۆڕببێتەوە.
٧ بەڵام چاکە لەگەڵ کوڕانی بەرزلەی گلعادی بکە و با لەنێو
ئەوانە بن کە نان لەسەر خوانەکەت دەخۆن، چونکە ئاوا بەرەوپیرم
هاتن کاتێ لە دەست ئەبشالۆمی برات هەڵاتم.
٨ ئەوەتا شمعی کوڕی گێرای بنیامینی خەڵکی بەخۆریم لەگەڵ
تۆدایە، ئەو بەتوندی نەفرەتی لێ کردم لەو ڕۆژەدا کە دەرچووم
بۆ مەخەنایم، ئەو دابەزی بۆ ڕوباری ئوردون بۆ بینینم، جا بە
خوداوەند سوێندم بۆ خوارد و وتم، بە شمشێر ناتمرێنم. ٩ ئێستاش
بێ تاوانی مەکە چونکە تۆ پیاوێکی دانایت و دەزانیت چی لێ
دەکەیت، مووە سپییەکانی بەخوێنەوە بۆناو شوێنی مردووان
شۆڕبکەرەوە.
١٠ ئینجا داود لەگەڵ باوباپیرانیدا سەری نایەوە و لە شاری داوددا
نێژرا.
١١ ئەو ڕۆژانەش داود پاشایەتی بەسەر ئیسرائیلەوە کرد چل ساڵ
بوو، لە خەبرۆن حەوت ساڵ پاشایەتی کرد و لە ئۆرشەلیمیش
سی و سێ ساڵ پاشایەتی کرد. ١٢ ئینجا سلێمان لەسەر تەختەکەی
باوکی دانیشت و پاشایەتیەکەی بەتوندی ڕەگی داکوتا.
١٣ پاشان ئەدۆنیای کوڕی حەگیت چوو بۆ لای بەتشەبەعی دایکی
سلێمان و ئەویش پێی وت: بۆ ئاشتی هاتوویت؟ وتی: بۆ ئاشتی.
١٤ پاشان وتی: قسەیەکم لەگەڵتدا هەیە. ئەویش وتی: قسە بکە.
١٥ ئینجا وتی: تۆ دەزانیت پاشایەتیەکە هی من بوو و هەموو
ئیسرائیل ڕوویان کردە من تا ببم بە پاشا، بەڵام پاشایەتییەکە
سووڕایەوە و بوو بە هی براکەم، چونکە لەلایەن خوداوەندەوە بوو
بە هی ئەو. ١٦ ئێستاش یەك داواکاریم لێت هەیە، دەست مەنێ
بەڕوومەوە. ئەویش پێی وت: بڵێ. ١٧ جا وتی: بە سلێمان پاشا
بڵێ، چونکە ئەو دەست نانێت بەڕووتەوە، با ئەبیشەگی شونەمیم
پێ بدات ببێ بە ژنم. ١٨ بەتشەبەعیش وتی: باشە، من لەگەڵ پاشادا
دەربارەی تۆ قسە دەکەم.
١٩ ئینجا بەتشەبەع چووە ژوورەوە بۆ لای سلێمان پاشا تا
دەربارەی ئەدۆنیا قسەی لەگەڵدا بکات. جا پاشا بۆ پێشوازی
لێکردنی هەستا و کڕنۆشی بۆ برد و لەسەر تەختەکەی دانیشتەوە
و کورسییەکی بۆ دایکی پاشا دانا و ئەویش لەلای ڕاستیەوە
دانیشت. ٢٠ وتی: داواکاریەکی بچکۆلەم لێت هەیە و دەست مەنێ
بەڕوومەوە. پاشاش پێی وت: داوا بکە دایکە، چونکە من دەست
نانێم بەڕووتەوە. ٢١ ئەویش وتی: ئەبیشەگی شونەمی بدە بە
ئەدۆنیای برات تا ببێت بە ژنی. ٢٢ سلێمان پاشاش وەڵامی دایەوە
و بە دایکی وت: جا بۆ داوای ئەبیشەگی شونەمی بۆ ئەدۆنیا
دەکەی؟ داوای پاشایەتییەکەی بۆ بکە، چونکە ئەو برامە و لە من
گەورەترە، بۆ ئەو و بۆ ئەبیتاری کاهین و یۆئابی کوڕی چڕویە!
٢٣ ئینجا سلێمان پاشا سوێندی بە خوداوەند خوارد و وتی: خودا
وام لێ بکات و زیاتریش، چونکە ئەدۆنیا ئەم قسەیەی لە دژی
خۆی کرد! ٢٤ ئێستاش، زیندووە خوداوەند ئەوەی جێگیری کردم
و لەسەر تەختی داودی باوکم داینیشاندم و ئەوەی ماڵی بۆ دروست
کردم وەك ئەوەی وتبووی. ئەمڕۆ ئەدۆنیا دەمرێت! ٢٥ جا سلێمان
پاشا فەرمانی بە دەست بنایاهۆی کوڕی یەهۆیاداع نارد و ئەویش
دای بەسەریا و مرد.
٢٦ ئینجا پاشا بە ئەبیتاری کاهینی وت: بڕۆ بۆ عەناتۆت بۆ
کێڵگەکانت، چونکە تۆ شایانی مردنیت، بەڵام من لەم ڕۆژەدا
ناتکوژم، چونکە تۆ سندوقی خوداوەندی گەورەمت لەپێش داودی
باوکمەوە هەڵگرت و چونکە زەلیل بووی وەك چۆن باوکم زەلیل
بوو. ٢٧ جا سلێمان ئەبیتاری لە کاهینێتی بۆ خوداوەند دەرکرد، بۆ
هێنانەدی وشەی خوداوەند، ئەوەی دەربارەی ماڵی عێلی وتبووی
لە شیلوە.
٢٨ ئینجا هەواڵەکە گەیشت بە یۆئاب، چونکە دوای ئەدۆنیا کەوت
و دوای ئەبشالۆم نەکەوت، جا یۆئاب ڕایکرد بۆ ناو چادری
خوداوەند و دەستی بە قۆچەکانی قوربانگاکەوە گرت. ٢٩ بە
سلێمان پاشا ڕاگەیەندرا کە یۆئاب ڕایکردووە بۆ ناو چادری
خوداوەند و ئەوەتا لە تەنیشت قوربانگاکەوەیە. ئینجا سلێمان
بنایاهوی کوڕی یەهۆیاداعی نارد و پێی وت: بڕۆ و بەسەریدا بدە.
٣٠ بنایاهوش هاتە ناو چادری خوداوەندەوە و پێی وت: پاشا دەڵێت
وەرە دەرەوە! ئەویش وتی: نەخێر، بەڵکو لێرەدا دەمرم. بنایاهوش
وەڵامی بۆ پاشا گەڕاندەوە و وتی: یۆئاب ئاوای وت و ئاوا وەڵامی
دامەوە. ٣١ پاشاش پێی وت: ئەوە بکە کە وتی، بیکوژە و بینێژە،
ئەو خوێنە پاکە لەسەر خۆم و ماڵی باوکم لاببە کە یۆئاب ڕشتی.
٣٢ خوداوەند خوێنی خۆی خستە ئەستۆی خۆی، لەبەر ئەوەی دای
بەسەر دوو پیاو لەخۆی ڕاستودروستترو چاکتر، بە شمشێر

کوشتیانی بەبێ زانیاری داودی باوکم. ئەوانیش ئەبنێری کوڕی
نێری سەرکردەی سوپای ئیسڕائیل و عەماسای کوڕی یەتەری
سەرکردەی سوپای یەهوزا بوون. ٣٣ تاهەتایە خوێنەکەیان لە
ئەستۆی یۆئاب و نەوەکانی دەبێت، بۆ داود و نەوەکانی و
ماڵەکەی و تەختەکەشی تاهەتایە ئاشتییان بۆ دەبێت لەلای
خوداوەندەوە. ٣٤ ئینجا بنایاهوی کوڕی یەهۆیاداع سەرکەوت و دای
بەسەریدا و کوشتی و لەماڵەکەی خۆی لە دەشتودەر ناشتی.
٣٥ پاشاش بنایاهوی کوڕی یەهۆیاداعی لە جێی ئەو بەسەر سوپاوە
دانا، هەروەها پاشا سادۆقی کاهینی لە جێی ئەبیتاردا دانا.
٣٦ ئینجا پاشا ناردی بەدوای شیمعیدا بانگی کرد و پێی وت: لە
ئۆرشەلیمدا ماڵێك بۆ خۆت بنیادبنێ و لەوێدا نیشتەجێبەو لەوێوە
بۆ ئەم لاو ئەولا دەرمەچۆ. ٣٧ جا باش بزانە، ئەو ڕۆژەی بچیتە
دەرەوە و لە دۆڵی قدرۆن بپەڕیتەوە ئەوا بێگومان دەمریت و
خوێنی خۆشت لە ئەستۆی خۆت دەبێت. ٣٨ شیمعیش بە پاشای
وت: ئەم قسەیە باشە، ئەوەی پاشای گەورەم وتی، خزمەتکارەکەت
وا دەکات. جا شیمعی ڕۆژانێکی زۆر لە ئۆرشەلیمدا نیشتەجێ
بوو.
٣٩ ئەوە بوو لە کۆتایی سێ ساڵدا، دوو کۆیلەی شیمعی بۆ لای
ئاکیشی کوڕی مەعکەی پاشای گەت هەڵاتن. جا بە شیمعییان
ڕاگەیاند، ئەوەتا دوو کۆیلەکەت لە گەتن. ٤٠ شیمعیش هەستا و
کورتانی لە گوێدرێژەکەی بەست و چوو بۆ گەت بۆلای ئاکیش بۆ
گەڕان بە دوای کۆیلەکانی. جا شیمعی چوو و هەردوو کۆیلەکەی
لە گەتەوە هێنایەوە. ٤١ ئینجا بە سلێمان ڕاگەیەندرا کە شیمعی لە
ئۆرشەلیمەوە چووە بۆ گەت و گەڕاوەتەوە. ٤٢ پاشاش ناردی و
شیمعی بانگ کرد و پێی وت: من بە خوداوەند سوێندم نەدایت و
شایەتیم لەسەر نەدایت، وتم، باش بزانە ئەو ڕۆژەی کە لێرە
دەرچیت و بچیت بۆ ئەم لاو ئەولا، بەڕاستی دەمریت، تۆش پێت
وتم، ئەم قسەیەی بیستم باشە. ٤٣ ئەی بۆچی سوێندەکەی
خوداوەندت نەپاراست لەگەڵ ئەو فەرمانەی فەرمانم پێکردیت؟
٤٤ ئینجا پاشا بە شیمعی وت: تۆ هەموو ئەو خراپەیە دەزانیت کە
دڵت دەیزانێت، ئەوەی دەرهەق بە داودی باوکم کردت،
خوداوەندیش خراپەکەت بەسەر خۆت دەگێڕێتەوە. ٤٥ سلێمان
پاشاش پیرۆز دەکرێت و تەختی داودیش تاهەتایە لەبەردەم
خوداوەندا جێگیردەبێت. ٤٦ ئینجا پاشا فەرمانی بە بنایاهوی کوڕی
یەهۆیاداع کرد و ئەویش چووە دەرەوە و بەسەریدادا و مرد.
پاشایاتییەکەش لە دەستی سلێماندا جێگیربوو.

# ٣

١ ئینجا سلێمان خزمایەتی لەگەڵ فیرعەونی پاشای میسردا کرد و
کچەکەی فیرعەونی هێنا و بردی بۆ شاری داود تا ئەو کاتەی لە
بنیادنانی ماڵەکەی و ماڵی خوداوەند و شوورەکەی چواردەوری
ئۆرشەلیم بۆوە. ٢ بەڵام گەل لە بەرزاییەکاندا قوربانییان
سەردەبڕی، چونکە تا ئەو ڕۆژانە ماڵێك بۆ ناوی خوداوەند
دروست نەکرابوو.
٣ سلێمانیش خوداوەندی خۆشویست بەوەی بەپێی فەرزەکانی
داودی باوکی ڕۆیشت، تەنها ئەوەندە کە لە بەرزاییەکاندا قوربانی
سەردەبڕی و بخووری دەسووتاند.
٤ ئینجا پاشا چوو بۆ گبعۆن تا لەوێدا قوربانی سەرببڕێت، چونکە
ئەوە گەورەترین بەرزایی بوو، سلێمان هەزار قوربانی سووتاوی
سەرخستە سەر ئەو قوربانگایە.
٥ لە گبعۆندا، خوداوەند لە خەوی شەودا بۆ سلێمان دەرکەوت و
خودا پێی فەرموو: داوابکە چیت پێ بدەم؟ ٦ سلێمانیش وتی: تۆ
لەگەڵ خزمەتکارەکەت، لەگەڵ داودی باوکمدا خۆشەویستی بێ
سنوورت نواندوە بەو شێوەیەی لەبەردەمت هەڵسوکەوتی کرد بە
دڵسۆزی و ڕاستودروستی و بە دڵڕاستی لەگەڵتدا. جا ئەم چاکە
گەورەیەت بۆ لەبەرچاوگرت و کوڕێکت دایێ تا لەسەر تەختەکەی
دابنیشێت وەك ئەمڕۆ. ٧ ئێستاش ئەی خوداوەند خوداکەم، تۆ
خزمەتکارەکەت کردووە بە پاشا لە جێی داودی باوکمدا، منیش
مێردمنداڵێکی بچووکم و هاتنە دەرەوە و چوونە ژوورەوە نازانم.
٨ خزمەتکارەکەشت لەنێو گەلەکەتدایە ئەوەی هەڵتبژاردووە و ئەو
گەلەش گەلێکی زۆرن و لە زۆریدا لە ژماردن نایەن. ٩ جا دڵێکی
تێگەیشتووم پێ بدە تا حوکمی گەلەکەت بکەم، بۆئەوەی جیاوازی
بکەم لە نێوان چاکە و خراپە، چونکە کێ دەتوانێت حوکمی ئەم
گەلە گەورەیەت بکات؟
١٠ ئەم قسەیە باش بوو لای خوداوەند، کە سلێمان داوای ئەم شتەی
کرد. ١١ ئینجا خودا پێی فەرموو: لەبەرئەوەی داوای ئەم شتەت
کرد و داوای ڕۆژگاری زۆرت نەکرد بۆ خۆت و داوای
دەوڵەمەندیت نەکرد بۆ خۆت و داوای گیانی دوژمنەکانت نەکرد،
بەڵکو داوای لێکجیاکردنەوەت کرد بۆ تێگەیشتنی دادوەری.
١٢ ئەوەتا من بەپێی قسەکەی تۆ دەکەم. ئەوەتا دڵێکی وا دانات
پێدەدەم شت لێکجیابکاتەوە کە کەس لەمەوبەر وەك تۆ نەبووبێت و
لە داهاتووشدا کەسێکی وەك تۆ هەڵناکەوێت. ١٣ هەروەها ئەوەی
داواشت نەکردبوو پێمدایت، دەوڵەمەندی و ڕێز کە هیچ پیاوێك
نەبێت لە ناو پاشایان وەك تۆ بەدرێژایی ڕۆژانت. ١٤ جا ئەگەر بە
ڕێگای مندا بڕۆی بەوەی فەرزەکانم و فەرمانەکانم بپارێزی وەك
داودی باوکت، درێژە بە ڕۆژگارت دەدەم.
١٥ کە سلێمان هەڵسا، زانی خەوە، جا هات بۆ ئۆرشەلیم و
لەبەردەم سندوقی پەیمانی خوداوەندا ڕاوەستا و قوربانی
سووتاوی سەرخست و قوربانی ئاشتی پێشکەش کرد و خوانێکی
بۆ هەموو خزمەتکارەکانی سازکرد.
١٦ لەوکاتەدا دوو ژنی داوێن پیس هاتن بۆ لای پاشا و لەبەردەمیدا
ڕاوەستان. ١٧ یەکێك لە ژنەکان وتی: گوێ بگرە گەورەم، من و
ئەم ژنە لەیەك ماڵدا دەژین و لەگەڵ ئەودا منداڵم بوو لە ماڵەکە.
١٨ ئەوە بوو لە ڕۆژی سێیەمی لەدایك بوونی منداڵەکەمدا ئەم
ژنەش منداڵێکی بوو، هەردووکمان بەتەنها بووین و کەسی
بێگانەمان لەگەڵ نەبوو لەماڵەکە، تەنها هەردووکمان لە ماڵەکەدا
بووین. ١٩ لە شەودا کوڕەکەی ئەم ژنە مرد لەبەرئەوەی پاڵکەوت
بەسەریدا. ٢٠ ئینجا لە نیوەی شەودا هەستا و کوڕەکەمی
لەتەنیشتمەوە برد و کەنیزەکەشت نووستبوو. ئینجا کوڕەکەمی
کردە باوەشی و کوڕە مردووەکەشی لە باوەش من دانا. ٢١ بۆ
بەیانی کە لەخەو هەڵسام تا شیر بە کوڕەکەم بدەم تەماشام کرد
مردووە. بەڵام کاتێك لێی وورد بوومەوە تەماشام کرد ئەوە ئەو
کوڕە نییە کە من بوومە. ٢٢ ژنەکەی تریان وتی: نەخێر!
زیندووەکە کوڕی منە و مردووەکەش هی تۆیە! ئەمەشیان دەیوت:
نەخێر! مردووەکە هی تۆیە و زیندووکە هی منە! بەم شێوەیە
لەبەردەم پاشادا قسەیان کرد. ٢٣ پاشاش وتی: ئەمیان دەڵێت ئەمە
کوڕەکەی منە زیندووە و کوڕەکەی تۆ مردووە، ئەویشیان دەڵێت
نەخێر! چونکە کوڕەکەی تۆ مردووە و کوڕەکەی من زیندووە!
٢٤ ئینجا پاشا وتی: شمشێرێکم بۆ بهێنن. ئەوانیش شمشێرێکیان بۆ
پاشا هێنا. ٢٥ پاشا وتی: منداڵە زیندووەکە بکەن بە دوو کەرتەوە و
نیوەی بدەن بە یەکێکیان و نیوەشی بدەن بە ئەویتریان. ٢٦ جا ئەو
ژنەیان کە کوڕەکەی زیندوو بوو بە پاشای وت، چونکە هەناوی
بۆ کوڕەکەی سووتا، وتی: گوێ بگرە گەورەم، منداڵە
زیندووەکەی بدەنێ و مەیکوژن! بەڵام ئەوی تریان وتی: نە بۆمن
دەبێت و نە بۆ تۆ، بیکەن بە دوو کەرتەوە! ٢٧ ئینجا پاشا وەڵامی
دایەوە و وتی: کوڕە زیندووەکەی بدەنێ و مەیکوژن، ئەوە
دایکیەتی.
٢٨ جا کە هەموو ئیسڕائیل ئەو حوکمەیان بیستەوە کە پاشا حوکمی
پێدا، لە پاشا ترسان، چونکە بینییان دانایی خودا لەناوی بوو بۆ
پەیڕەوکردنی دادپەروەری.

# ٤

١ ئینجا سلێمان پاشا بوو بە پاشا بەسەر هەموو ئیسرائیل.
٢ ئەمانەش سەرکردەکانن کە هی ئەو بوون، عەزەریاهوی کوڕی
سادۆقی کاهین، ٣ ئەلیخۆرەفو ئەخییا، دوو کوڕەکەی شیشا،
نووسەر بوون، یەهۆشافاتی کوڕی ئەخیلود، تۆمارکار. ٤ بنایاهوی
کوڕی یەهۆیاداعیش لەسەر سوپاکە و سادۆق و ئەبیاتاریش
هەردووکیان کاهین. ٥ عەزەریاهوی کوڕی ناتان بەسەر
بریکارەکانەوە و زەبودی کوڕی ناتان، کاهین و یاوەری پاشا.
٦ ئەخیشار بەسەر ماڵەکەوە و ئەدۆنیرامی کوڕی عەبدا بەسەر
کاری بێگارەوە.
٧ هەروەها سلێمان دوانزە بریکاری بەسەر هەموو ئیسرائیلەوە
هەبوو، ئازووقەیان بۆ پاشا و ماڵەکەی دابین دەکرد و ساڵی
مانگێك لەسەر هەریەکەیان بوو بۆ ئازووقە دابینکردن. ٨ ئەمانەش
ناوەکانیانە:
بێن خور لە چیای ئەفرایم. ٩ بێن دەقەر لە ماقەس و شەعەلبیم و
بەیت شامەش و ئێیلۆن و بەیت حانان. ١٠ بێن خەسەد لە
ئەرۆبۆت، سوکو و هەموو زەوی خافەر سەر بە ئەو بوو. ١١ بێن
ئەبیناداب هەموو نافەت دۆر، تافەی کچی سلێمان بوو بە ژنی.
١٢ بەعنای کوڕی ئەخیلود، تەعنەك و مەجدۆ و هەموو بەیت شان
ئەوەی لە تەنیشت چارتەنایە لە خوار یەزرەعەل، لە بەیت شانەوە
تا ئابێل مەحۆلە، تا ئەوبەری یاقماعام. ١٣ بێن گەبەر لە ڕامۆتی
گلعاد، ئاوایییەکانی یائیری کوڕی مەنەسا ئەوەی لە گلعادە سەر بە
ئەو بوون لەگەڵ ناوچەی ئەرگۆب ئەوەی لە باشانە، شەست
شاری گەورەی شووراوبەند و کاریتەی پشت دەرگا لەمس
دروستکراو. ١٤ ئەخینادابی کوڕی عیددۆ لە مەحەنایم.
١٥ ئەخیمەعەچ لە نەفتالی، ئەویش باسیمەی کچی سلێمانی هێنا
بێ بە ژنی. ١٦ بەعنای کوڕی خوشای لە ئاشێر و لە عالۆت.
١٧ یەهۆشافاتی کوڕی پاروخ لە یسساکار. ١٨ شیمعی کوڕی ئێلا لە
بنیامین. ١٩ گەبەری کوڕی ئوری لە خاکی گلعاد، خاکی سیحۆنی
پاشای ئامۆرییەکان و عۆگی پاشای باشان، یەك بریکار بۆ
زەوییەکە.
٢٠ یەهوزا و ئیسرائیل لە زۆریدا وەك لمی سەر کەناری دەریا
زۆر بوون، دەیانخوارد و دەیانخواردەوە و دڵخۆش بوون.
٢١ جا سلێمان دەسەڵاتدار بوو بەسەر هەموو پاشایەتییەکەدا، لە
ڕووبارەوە تا خاکی فەلەستین و سنووری میسر، دیارییان
پێشکەش دەکرد و خزمەتکاری سلێمان بوون بەدرێژایی
ڕۆژەکانی ژیانی.
٢٢ نانی سلێمان بۆ یەك ڕۆژ، سی کۆر ئاردی سفر و شەست کۆر
بروێش، ٢٣ دە گای دابەستە و بیست گای لەوەڕگا و سەد مەڕ،
جگە لە کەڵەکێوی و ئاسك و مامز و قازی قەڵەوکراو.
٢٤ چونکە فەرمانڕەوا بوو بەسەر هەموو ئەمبەری ڕووبار لە
تەفسەحەوە تا غەززە بەسەر هەموو پاشاکانی ئەمبەر ڕووبارەوە،
ئاشتیشی هەبوو لە هەموو لاکانی دەورووبەری. ٢٥ یەهوزا و
ئیسرائیلیش بەئاسوودەیی هەریەکە لەژێر دارمێو و
دارهەنجیرەکەی خۆیدا نیشتەجێبوون لە دانەوە تا بێئر شابەع
هەموو ڕۆژانی سلێمان.
٢٦ سلێمان چل هەزار ئاخوڕی هەبوو بۆ ئەسپی گالیسکەکانی
لەگەڵ دوانزە هەزار سوار. ٢٧ جا ئەم بریکارانە ئازووقەیان دابین
دەکرد بۆ سلێمان پاشا و هەموو ئەوانەی دەهاتنە سەر خوانی
سلێمان پاشا، هەریەکەو لە مانگی خۆیدا، ئیتر پێویستیان بە هیچ
نەبوو. ٢٨ جۆ و کاش بۆ ئەسپەکان و ماینەکان، دەهێنران بۆ ئەو
شوێنەی کە لێی دەبوون، هەرکەسەو بەپێی ئەرکی خۆی.
٢٩ خودا دانایی و تێگەیشتنێکی زۆر زۆری دا بە
سلێمان، هەروەها مێشکێکی فراوان وەك ئەو لمەی لەسەر کەناری
دەریایە. ٣٠ جا دانایی سلێمان زیاتر بوو لە دانایی هەموو خەڵکی
خۆرهەڵات و هەموو دانایی میسر. ٣١ لە هەموو خەڵك داناتر
بوو، لە ئێتانی ئەزراخی و لە هێیمان و لە کەلکول و لە دەردەعی
کوڕانی ماخۆل، ناویشی دایەوە لەناو هەموو گەلانی
دەورووبەری. ٣٢ سێ هەزار پەندی وت و سروودەکانی بوون بە
هەزار و پێنج. ٣٣ دەربارەی دارودرەخت قسەی کرد، لە
دارئورزەوە ئەوەی لە لوبنانە تا ئەو زوفایەی لە دیوارەوە
دەردەچێت، هەروەها دەربارەی ئاژەڵ و باڵندە و خشۆك و ماسیش
قسەی کرد. ٣٤ لە هەموو گەلانیشەوە دەهاتن بۆ گوێگرتن لە
دانایی سلێمان، لەلای هەموو
پاشایانی زەوییەوە ئەوانەی کە دەربارەی داناییەکەی بیستبوویان.

# ٥

١ جا حیرامی پاشای سوور خزمەتکارەکانی خۆی نارد بۆ لای
سلێمان، چونکە بیستی کە ئەویان دەستنیشان کردووە بۆ پاشایەتی
لە شوێنی باوکیدا، چونکە حیرام داودی خۆشویست بە درێژایی
ڕۆژەکانی.
٢ سلێمانیش ناردی بۆلای حیرام و وتی: ٣ تۆ دەزانیت دەربارەی
داودی باوکم، کە نەیتوانی ماڵێك بۆ ناوی خوداوەند خوداکەی
بنیادبنێ بە هۆی ئەو جەنگانەی دەوریان دا، تا ئەو کاتەی
خوداوەند خستیانیە ژێر پێیەوە. ٤ بەڵام ئێستا خوداوەند خودام
لەهەموو لایەکەوە منی حەساندووەتەوە، نە ناحەز هەیە و نە
ڕووداوی خراپ. ٥ ئەوەتا قسەم کردووە دەربارەی بنیادنانی ماڵێك
بۆ ناوی خوداوەند خودام، هەروەك چۆن خوداوەند قسەی لەگەڵ
داودی باوکمدا کرد و وتی، کوڕەکەت ئەوەی لە شوێن تۆ لەسەر
تەختەکەت دایدەنێم ئەو ماڵەکە بۆ ناوم بنیاددەنێ. ٦ ئێستاش
فەرمان بدە با دارئورزم لە لوبنانەوە بۆ ببڕنەوە، خزمەتکارەکانم
لەگەڵ خزمەتکارەکانتدا دەبن و کرێی خزمەتکارەکانت پێ دەدەم
بەپێی هەموو ئەوەی تۆ دەیڵێیت، چونکە تۆ دەزانیت کەس نییە
لەناومان بزانێت دار ببڕێتەوە وەك سەیدۆنییەکان.
٧ ئەوەبوو کە حیرام گوێی لە قسەکانی سلێمان بوو، زۆر دڵخۆش
بوو و وتی: ئەمڕۆ خوداوەند پیرۆزە، ئەوەی کوڕێکی دانای دا
بە داود، تا بەسەر ئەم گەلە زۆرەوە بێت. ٨ ئینجا حیرام ناردی بۆ
لای سلێمان و وتی: ئەوەی ناردت بۆم گوێم لێی بوو، هەرچی
ئارەزوو بکەیت ئاوا دەکەم بۆ دارئورز و دارسەروەکان.
٩ خزمەتکارەکانم لە لوبنانەوە بۆ دەریا دایدەگرن و منیش دەیانکەم
بە کەڵەك بەسەر دەریاوە تا ئەو شوێنەی خۆت دیاری دەکەیت و
لەوێ هەڵیاندەوەشێنم و تۆش باریان دەکەیت. بە دابین کردنی
نانیش بۆ ماڵەکەم خواستی من بەجێ دەهێنیت. ١٠ ئەوەبوو حیرام
بەپێی ئارەزووی سلێمان دارئورز و دار سەرووی دایێ.
١١ سلێمانیش ساڵ لە دوای ساڵ بیست هەزار کۆر گەنم لەگەڵ
بیست کۆر زەیتی زەیتونی وەك ئازووقە بە ماڵی حیرام دەدا.
١٢ خوداوەندیش دانایی دا بە سلێمان هەروەك قسەی لەگەڵ
کردبوو، جا ئاشتی لە نێوان سلێمان و حیرام هەبوو و
هەردووکیان پەیمانیان بەست.
١٣ ئینجا سلێمان پاشا لە هەموو ئیسرائیلدا جاڕی کاری بێگاری دا
و بێگارکارەکان بوون بە سی هەزار پیاو. ١٤ هەر مانگەو بە
نۆبەت دە هەزاری لێیان دەنارد بۆ لوبنان، مانگێك لە لوبنان
دەبوون و دوو مانگیش لە ماڵەوە، ئەدۆنیرامیش بەسەر کاری
بێگارەوە بوو.
١٥ سلێمان حەفتا هەزار بارهەڵگر و هەشتا هەزار بەردبڕی
لەچیادا هەبوو. ١٦ بێجگە لە سەرکردەی بریکارەکان کە سلێمان
هەیبوو بەسەر کارەکەوە، سێ هەزار و سێ سەد دەسەڵاتدار
بەسەر ئەو خەڵکەی کارەکەیان ئەنجام دەدا. ١٧ هەروەها پاشا

فەرمانیدا کە بەردی گەورە هەڵکەنن، بەردی گرانبەها بۆ
دامەزراندنی ماڵەکە بە بەردی تاشراو. ١٨ جا وەستاکانی سلێمان و
وەستاکانی حیرام و گیبەلییەکان، دار و بەردەکانیان ئامادەکرد بۆ
بنیادنانی ماڵەکە.

# ٦

١ ئەوەبوو لە چوار سەدو هەشتایەمین ساڵی دەرچوونی ڕۆڵەکانی
ئیسرائیل لە خاکی میسر و لە ساڵی چوارەمی پاشایەتی سلێمان،
لە مانگی زیو کە مانگی دووەمە، ماڵەکەی بۆ خوداوەند بنیادنا.
٢ ئەو ماڵەی سلێمان پاشا بۆ خوداوەندی بنیادنا درێژییەکەی
شەست باڵ و پانییەکەی بیست باڵ و بەرزییەکەشی سی باڵ بوو.
٣ هەیوانی بەردەم پەرستگای ماڵەکەش درێژییەکەی بیست باڵ
بوو بەرامبەر بە پانی ماڵەکە و بە پانی دە باڵیش لەبەردەم
ماڵەکەوە. ٤ هەروەها کڵاوڕۆژنەی تەلەبندکراوی بۆ ماڵەکە
دروستکرد. ٥ ئینجا لەسەر دیواری ماڵەکە نهۆمی بنیادنا بەدەوری
دیوارەکانی ماڵەکە، بەدەوری پەرستگاکە و بەشی ناوەوەی، جا بە
دەوریدا کردی بە قات قات. ٦ نهۆمی ژێرەوە پانییەکەی پێنج باڵ
و نهۆمی ناوەڕاست پانییەکەی شەش باڵ و سێیەمیشیان پانییەکەی
حەوت باڵ بوو، جا بەم شێوەیە لێواری کرد بۆ ماڵەکە بەدەوریدا
لە دەرەوەی تا کاریتەکان نەکاتە ناو دیوارەکانەوە. ٧ ماڵەکەش لە
بنیادنانیدا بە بەردی ساغی هەڵکەندراو بنیادنرا، جا چەکوچ و
تەور و هیچ ئامێرێکی ئاسن نەبیستران لە ماڵەکە لە بنیادنانیدا.
٨ دەرگای ژووری ناوەڕاست لە لای ڕاستی ماڵەکە بوو و بە
پەیژەی پێچاوپێچ سەردەکەوتن بۆ ناوەڕاست و لە ناوەڕاستیشەوە
بۆ سێیەم. ٩ ماڵەکەی بنیادنا و تەواوی کرد و بە تەختەداری پان و
کاریتەی ئورز سەری ماڵەکەی گرت. ١٠ هەموو ئەو ژوورانەش
کە سەر بە ماڵەکە بنیادی نان بەرزییەکەیان پێنج باڵ بوو و بە دار
ئورز گەیاندنی بە ماڵەکەوە.
١١ ئینجا وشەی خوداوەند هات بۆ سلێمان و وتی: ١٢ ئەم ماڵەی کە
تۆ دروستت کردووە، ئەگەر بە ڕێگای فەرزەکانم بڕۆیت و
حوکمەکانم جێبەجێ بکەیت و هەموو فەرمانەکانم بپارێزی تا
پەیڕەویان بکەیت، ئەوا ئەو قسەیەی بە داودی باوکت وتم لەگەڵ
تۆدا دەیچەسپێنم. ١٣ هەروەها لەنێو نەوەی ئیسڕائیلدا نیشتەجێ
دەبم و ئیسڕائیلی گەلم بەجێ ناهێڵم.
١٤ ئینجا سلێمان ماڵەکەی بنیادنا و تەواوی کرد. ١٥ دیوارەکانی
ناوەوەی ماڵەکەی لەزەوی ماڵەکەوە تا دیوارەکانی بنمیچەکەی بە
لقی دار ئورز بنیادنا، لە ناوەوە بە دار ڕووپۆش کراو و زەوی
ماڵەکەشی بە لقی دار سەروو ڕووپۆش کرد. ١٦ بیست باڵیش لە
بەشی دواوەی ماڵەکەی بە لقی دار ئورز لە زەوییەوە تا
دیوارەکانی بنیادنا لە ناوەوە تا ببێ بە بەشی ناوەوەی پەرستگا، بە
شوێنی هەرە پیرۆز. ١٧ چل باڵیش بوو بە ماڵەکەی ئەوەش
پەرستگاکەیە لەبەردەمیەوە. ١٨ ئورزی ماڵەکە بە دیوی ناوەوەی
ماڵەکە لەسەر شێوەی خونچە گوڵ و گوڵی کراوە هەڵکۆڵدرابوو،
هەمووی ئورز بوو و هیچ بەردێك نەدەبیندرا. ١٩ لە ناوەڕاستی
ماڵەکەدا لەناوەوە بەشی ناوەوەی ئامادەکرد تا سندوقی پەیمانی
خوداوەند لەوێدا دابنێیت. ٢٠ بۆ بەشی ناوەوەی پەرستگاکە، بیست
باڵ درێژی و بیست باڵ پانی و بیست باڵ بەرزی بوو، بە زێڕی
ساف ڕووپۆشی کرد و قوربانگاکەشی بە ئورز ڕووپۆش کرد.
٢١ ئینجا سلێمان دیوی ناوەوەی ماڵەکەی بەزێڕی ساف ڕووپۆش
کرد و زنجیری زێڕیشی لەبەردەم بەشی ناوەوەی پەرستگاکە
ڕاکێشا و بە زێڕ ڕووپۆشی کرد. ٢٢ هەموو ماڵەکەی بە تەواوی
بە زێڕ ڕووپۆش کرد، هەموو ماڵەکە و هەموو قوربانگاکە،
ئەوەی لە بەشی ناوەوەی پەرستگاکە بوو بە زێڕ ڕووپۆشی کرد.
٢٣ لەناو بەشی ناوەوەی پەرستگاکەش دوو کروبی لە داری
زەیتون دروستکرد، بەرزی هەریەکەیان دە باڵ بوو. ٢٤ پێنج باڵ
باڵێکی کروبەکە بوو و پێنج باڵیش باڵی دووەمی کروبەکە بوو، لە
نووکی باڵیەوە تا نووکی باڵی دە باڵ بوو. ٢٥ کروبەکەی دووەمیش
دە باڵ بوو، یەك ئەندازە و یەك شێوە بۆ هەردوو کروبەکە.
٢٦ بەرزی کروبی یەکەم دە باڵ بوو، بەهەمان شێوە کروبی
دووەمیش. ٢٧ ئینجا هەردوو کروبەکەی لە ناوەڕاستی ماڵەکەی
ناوەوە دانا و باڵی کروبەکانیان کردەوە. باڵی یەکێکیان بە دیوارەکە
کەوت و باڵی کروبی دووەمیان بە دیوارەکەی تر کەوت، لە
ناوەڕاستی ماڵەکەش بەیەکتری دەکەوتن، باڵ بە باڵ. ٢٨ هەردوو
کروبەکەشی بە زێڕ ڕووپۆش کرد.
٢٩ هەروەها لەسەر هەموو دیوارەکانی دەوروبەری ماڵەکە وێنەی
کروب و دارخورما و گوڵی کراوەی لەدەرەوە و لەناوەوە
هەڵکۆڵی. ٣٠ زەوی ماڵەکەشی لەدەرەوە و لە ناوەوە بە زێڕ
ڕووپۆش کرد. ٣١ بۆ بەشی ناوەوەی پەرستگاکەش دەرگایەکی
دوو لای لە دار زەیتون دروستکرد چوارچێوەکەش پێنج گۆشە
بوو. ٣٢ هەردوو دەرگاکەش لە دار زەیتون بوون و کروب و
دارخورما و گوڵی کراوەی لەسەر هەڵکۆڵیبوون و بە زێڕ
ڕووپۆشی کردن و بە زێڕ بەسەر کروبەکان و دارخورماکاندا
هات. ٣٣ بەهەمان شێوەی کرد لەگەڵ دەرگای پەرستگاکە،
چوارچێوەکەی لە دار زەیتون و چوار گۆشە. ٣٤ دوو دەرگاکەش
لە دارسەرو و هەر دەرگایەکیش دوولا بوو، لای یەکەمیان دوو
پارچە بوو و قەمچ دەکرا لای دووەمیش دوو پارچە بوو و قەمچ
دەکرا. ٣٥ کروب و دارخورما و گوڵی کراوەی لەسەر هەڵکۆڵین و
بە زێڕی کوتراو لەسەر نەخشکراوەکە ڕووپۆشی کردن.
٣٦ هەروەها حەوشەکەی ناوەوەی بنیادنا بە سێ ڕیز بەردی
هەڵکۆڵراو ڕیزێك کاریتەی ئورز.
٣٧ لە ساڵی چوارەمدا ماڵی خوداوەندی دامەزراند، لە مانگی زیو.
٣٨ لە ساڵی یانزەیەمینیش، لە مانگی بوول کە مانگی هەشتەمە،
هەموو بەشەکانی ماڵەکە بە هەموو وردەکارییەکانیەوە تەواوکرا،
جا بە حەوت ساڵ بنیادینا.

# ٧

١ بەڵام سلێمان ماڵەکەی خۆی بە سیانزە ساڵ بنیادنا و هەمووی
تەواوکرد.
٢ ماڵی دارستانەکەی لوبنانیشی بە درێژی سەد باڵ و پانی پەنجا
باڵ و بەرزی سی باڵ بنیاد نا، لەسەر چوار ڕیز کۆڵەکەی ئورز
و کاریتەی ئورزیشی لەسەر کۆڵەکەکان دانان. ٣ سەری ئەو
لقانەشی لەسەرەوە بە ئورز گرت، ئەوانەی لەسەر چلو پێنج
کۆڵەکە بوون، هەر ڕیزەو پانزە. ٤ بنمیچەکانیشی سێ قات بوون،
کڵاوڕۆژنەش بەرامبەر کڵاوڕۆژنە سێ جار. ٥ هەموو
دەروازەکان و چوارچێوەکانیش لاکێشە و کراوە بوون، ڕووی
کڵاوڕۆژنەش بەرامبەر کڵاوڕۆژنە سێ جار.
٦ هەیوانی کۆڵەکەکانیشی بە درێژی پەنجا باڵو پانی سی باڵ
دروستکرد کە لەبەردەمیدا هەیوانێکی تر و چەند کۆڵەکەیەك و
بنمیچێکی هەڵواسراو هەبوون.
٧ هەیوانی تەختیش ئەوەی تیایدا دادوەری دەکرد، واتە هەیوانی
دادوەری ئەویشی دروستکرد و لە زەوییەوە تا بنمیچ بە ئورز
ڕووپۆشی کرد.
٨ ماڵەکەی خۆشی کە تیایدا دانیشتبوو لە خانووەکەی تری ناو
هەیوانەکە لە شێوەی ئەم کارە بوو. هەروەها ماڵێکیشی وەك ئەم
هەیوانە بۆ کچەکەی فیرعەون ئەوەی کە سلێمان هێنابووی
دروستکرد.
٩ هەموو ئەمانەش لە بەردی گرانبەهای بەئەندازە داتاشراو بە
مشار ڕەنەکراو بوون، لە ناو ماڵەوە تا دەرەوە و لە بناغەوە تا

سەرەوە و لە دەرەوە تا حەوشە گەورەکە. ١٠ لە بناغەشەوە بەردی
گرانبەها بوو، بەردی گەورە، هەندێکی دە باڵ و هەندێکی هەشت
باڵ. ١١ لە سەریشەوە بە بەردی گرانبەهای بە ئەندازە داتاشراو و
بە ئورز. ١٢ حەوشە گەورەکەش وەك حەوشەکەی ناوەوەی ماڵی
خوداوەند و هەیوانی ماڵەکە، سێ ڕیزی هەڵکۆڵدراو ڕیزێك
کاریتەی ئورزی بەدەورەوە بوو.
١٣ ئینجا سلێمان پاشا ناردی و حیرامی لە سورەوە هێنا. ١٤ ئەو
کوڕی بێوەژنێك بوو لە تیرەی نەفتالی، باوکیشی پیاوێکی خەڵکی
سورو مسگەر بوو. پڕ بوو لە دانایی و تێگەیشتن و شارەزایی بۆ
دروست کردنی هەموو کارێك بە مس، جا هات بۆ لای سلێمان
پاشا و هەموو کارەکانی بۆ کرد.
١٥ دوو کۆڵەکەی مسی دارشت کە بەرزی یەکێکیان هەژدە باڵ
بوو و چێوەکەی بە درێژی دوانزە باڵ دەوری کۆڵەکەکەی تری
دەدا. ١٦ هەروەها دوو تاجی مسی لە قاڵبدراوی دروستکرد تا
لەسەر سەری دوو کۆڵەکەکە دابندرێت، بەرزی یەکێکیان پێنج
باڵ بوو و بەرزی ئەوی تریشیان پێنج باڵ بوو. ١٧ کەتیبەشی
دروستکرد، دروستکراو وەك تۆڕ بۆ تاجەکانی سەر هەردوو
کۆڵەکە، حەوت بۆ یەکێك لە تاجەکان و حەوتیش بۆ تاجەکەی تر.
١٨ ئینجا بۆ دوو کۆڵەکەکە دوو ڕیز گوڵینگی بەدەوردا دروست
کرد لەسەر تۆڕێکیان بۆ داپۆشینی تاجەکان کە لە سەرەوە بوون،
بەهەمان شێوەشی کرد بۆ تاجەکەی تر. ١٩ تاجەکانیش ئەوانەی
لەسەر سەری کۆڵەکەکان بوون لە هەیوانەکە لەسەر شێوەی
سەوسەن بوون و چوار باڵ بوون. ٢٠ دوو تاجەکەش لەسەر دوو
کۆڵەکەکە، هەروەها بۆ سەرەوە نزیك لەلای ناوەوە ئەوەی لە
دیوی تۆڕەکەیە دوو سەد گوڵینگیش بە ڕیز بە دەوری لەسەر
هەر تاجێك. ٢١ ئینجا کۆڵەکەکانی لە هەیوانی پەرستگاکەدا
قیتکردەوە، کۆڵەکەکەی لای ڕاستی قیتکردەوە و ناوینا یاکین و
کۆڵەکەکەی لای چەپیشی قیتکردەوە و ناوینا بۆعەز. ٢٢ سەری
کۆڵەکەکانیش لەسەر شێوەی سەوسەن بوون، جا کاری
کۆڵەکەکان تەواو بوو.
٢٣ حەوزەکەشی بە لەقاڵبدراوی دروستکرد، دە باڵ لە لێوەوە بۆ
لێو، بە بازنەیی بە خڕی. پێنج باڵیش بەرزییەکەی بوو و
گوریسێکی سێ باڵیش دەوری دەدا بە خڕی. ٢٤ خونچە گوڵیش
لەژێر لێوارەکەیەوە بەهەموو لایەکیدا دەوری دابوو، دە خونچە
گوڵ بۆ هەر باڵێك، بە دەوری حەوزەکە بە دوو ڕیز، خونچە
گوڵەکان لەگەڵ لەقاڵبدانی حەوزەکە لەقاڵبدرابوون. ٢٥ لەسەر
دوانزە گا ڕاوەستابوو و سیانیان ڕوویان لە باکوور و سیانیان
ڕوویان لە خۆرئاوا و سیانیان ڕوویان لە باشوور و سیانیان
ڕوویان لە خۆرهەڵات بوون، دەریاکەش لەسەریان بوو لەسەرەوە
و هەمووشیان پاشەڵیان ڕوو لە ناوەوە بوو. ٢٦ ئەستوورییەکەی
چوار پەنجە بوو و لێوارەکەی وەك لێواری پەرداخ دروستکرابوو
وەك گوڵی سەوسەن، هەروەها جێی دوو هەزار بەتی تیادەبووەوە.
٢٧ دە عەرەبانەشی لە مس دروستکرد و درێژی هەر عەرەبانەیەك
چوار باڵ و پانییەکەی چوار باڵ و بەرزییەکەی سێ باڵ بوو.
٢٨ ئەمەش شێوەی دروستکردنی عەرەبانەکان بوو، قەڵغانیان
هەبوو و قەڵغانەکانیش لەنێو چوارچێوەدا بوون. ٢٩ لەسەر
قەڵغانەکانیش کە لەنێو چوارچێوەکاندا بوون شێر و گا و
کروبەکان هەبوون، لەسەر چوارچێوەکانیش لەهەردوو لا
لەسەرەوە و لەخوارەوەی شێر و گاکان، تاجە گوڵی شۆڕبووەوە
دروستکرابوون. ٣٠ چوار چەرخی مسیش بۆ هەر عەرەبانەیەك،
تەوەرەکانیش مس بوون. گۆشەکانیش کە چوار بوون، شانیان
هەبوو لە ژێر حەوزەکەوە، شانەکانیش لەقاڵب درابوون لەتەنیشت
هەر تاجە گوڵێکەوە. ٣١ دەمەکەشی لە دیوی ناوەوەی تاجە گوڵەکە
بوو و لە سەرەوەش باڵێك، دەمەکەشی خڕ دروستکرابوو و
قۆڵونیوێك بوو. هەروەها لەسەر دەمیشی نەخش هەڵکۆڵدرابوو،
قەڵغانەکانیشی چوارگۆشە بوون نەك خڕ. ٣٢ چوار چەرخەکانیش
لە ژێر قەڵغانەکانەوە بوون، دەسکی چەرخەکانیش بە گالیسکەکەوە
بوون، بەرزی هەر چەرخێکیش باڵ و نیوێك بوو. ٣٣ دروستکردنی
چەرخەکانیش وەك دروستکردنی چەرخی عەرەبانە بوون،
دەسکەکانی و چێوەکانی و ڕاگرەکانی و ناوکی چەرخەکە هەموو
لە قاڵبدراو بوون. ٣٤ چوار شانیش بۆ چوار گۆشەی هەر
عەرەبانەیەك، شانەکانیش لە عەرەبانەکەوە بوون. ٣٥ لە سەر
گالیسکەکەشەوە بە بەرزیی نیو باڵ قەیدێکی بازنەیی لەسەر
سەری عەرەبانەکە بوو، دەسکەکانی و قەڵغانەکانی لە خۆی بوون.
٣٦ لەسەر پلێتی دەسکەکانی و لەسەر قەڵغانەکانیش کروبەکان و
شێر و دارخورما و زنجیرە گوڵی بازنەیی نەخشکرد بەپێی بواری
هەریەکەیان. ٣٧ ئاوا دە عەرەبانەکەی دروست کرد، یەك قاڵب و
یەك ئەندازە و یەك شێوە.
٣٨ هەروەها دە حەوزی مسی دروست کرد کە هەریەکەیان چل
بەتی دەگرت و هەریەکەیان چوار باڵ بوو، هەریەکەشیان لەسەر
عەرەبانەیەك لە دە عەرەبانەکە بوون. ٣٩ پێنجی لە عەرەبانەکان لە
لای ڕاستی ماڵەکە دانا و پێنجەکەی تریش لەلای چەپی ماڵەکە،
حەوزەکەشی لە لای ڕاستی ماڵەکە دانا، ڕووەو خۆرهەڵات
بەلای باشوور.
٤٠ هەروەها حیرام تەشتەکان و خاکەناسەکان و کاسە ئاو
پرژێنەکانی دروستکرد. جا حیرام تەواو بوو لە دروستکردنی
هەموو کارەکان ئەوەی بۆ سلێمان پاشا کردی لە ماڵی خوداوەند.
٤١ دوو کۆڵەکە و دوو تۆپە تاج کە لەسەر دوو کۆڵەکەکە بوون و
دوو تۆڕەکە بۆ داپۆشینی دوو تۆپە تاجەکە کە لەسەر دوو
کۆڵەکەکە بوون. ٤٢ هەروەها چوار سەد هەنارەکەی دوو تۆڕەکە،
دوو ڕیز هەنار بۆ هەر تۆڕێك بۆ داپۆشینی دوو تۆپە تاجەکە
ئەوەی لەسەر دوو کۆڵەکەکە بوون. ٤٣ هەروەها دە عەرەبانەکە و
دە حەوزەکەی سەر عەرەبانەکان. ٤٤ هەروەها حەوزەکە و دوازدە
گاکەی ژێر حەوزەکە. ٤٥ هەروەها مەنجەڵەکان و خاکەناسەکان و
کاسە ئاوپرژێنەکان و هەموو ئەو قاپوقاچاغانەی کە حیرام بۆ
سلێمان پاشا لە ماڵی خوداوەند دروستی کردن، لە مسی ساف و
لوسکراو بوون. ٤٦ پاشا لە دەشتی ڕووباری ئوردن لە قاڵبی قوڕدا
دایڕشتن، لەنێوان سوکوت و چەرتاندا. ٤٧ سلێمانیش کێشی هەموو
ئەو قاپوقاچاغەی بەجێهێشت، چونکە یەکجار زۆر بوون، کێشی
مسەکە نەزانرا. ٤٨ هەروەها سلێمان هەموو قاپوقاچاغەکان ئەوەی
لە ماڵی خوداوەندە، قوربانگا زێڕنەکە و ئەو مێزەی کە نانی
تەرخانکراوی لەسەر بوو، لە زێڕ دروستی کردن. ٤٩ چرادانیش
پێنج لە لای ڕاست و پێنج لە لای چەپ لە بەردەم بەشەکەی ناوەوە
لە زێڕی ساف بوو، هەروەها گوڵەکان و چراکان و ماشەکان زێڕ
بوون. ٥٠ جامەکان و مەقەسەکان و کاسە ئاوپرژێنەکان و
چەمچەکان و مەقلێکان لە زێڕی ساف بوون، هەروەها ڕێزەی
دەرگاکانی ماڵەکەی ناوەوە، واتە شوێنی هەرەپیرۆز و دەرگاکانی
ماڵەکە، واتە پەرستگاکە، زێڕ بوون.
٥١ ئینجا هەموو کارەکان تەواو بوو ئەوەی سلێمان پاشا بۆ ماڵی
خوداوەند کردی. هەروەها سلێمان شتە پیرۆزکراوەکانی داودی
باوکی لە زیو و زێڕ و قاپوقاچاخەکانی هێنا و دای بە خەزێنەکانی
ماڵی خوداوەند.

# ٨

١ لەو کاتەدا سلێمان پیرانی ئیسرائیل و هەموو سەرکردەی
تیرەکان و سەرگەورەی ماڵە باوانەکانی ڕۆڵەکانی ئیسرائیلی لە
ئورشەلیمدا کۆکردەوە، بۆ سەرخستنی سندوقی پەیمانی خوداوەند
لە شاری داودەوە کە سییۆنە. ٢ ئینجا هەموو پیاوانی ئیسرائیل بۆ
لای سلێمان پاشا کۆبوونەوە لە جەژن لە مانگی ئیتانیم کە مانگی
حەوتەمە. ٣ هەموو پیرانی ئیسرائیل هاتن و کاهینەکان
سندوقەکەیان هەڵگرت، ٤ سندوقی خوداوەند و چادری ژووان و

هەموو قاپوقاچاخە پیرۆزکانی ناو چادرەکەیان سەرخست،
کاهینەکان و لێڤییەکان سەریانخستن. ٥ سلێمان پاشاش لەگەڵ
هەموو کۆمەڵی ئیسرائیل کە کۆببوونەوە لەگەڵیدا لەبەردەم
سندوقەکە، مەڕ و مانگایان سەردەبڕی کە لە زۆریدا نە باس
دەکرا و نە دەژمێردرا. ٦ ئینجا کاهینەکان سندوقی پەیمانی
خوداوەندیان بۆ شوێنەکەی خۆی هێنا، بۆ بەشی ناوەوەی ماڵەکە،
بۆ شوێنی هەرە پیرۆز، بۆ ژێر باڵی دوو کرووبەکە. ٧ لەبەر
ئەوەی دوو کروبەکە باڵەکانیان بەسەر شوێنی سندوقەکەدا
بڵاوکردبووەوە و سێبەریان بەسەر سندوقەکە و داردەستەکانیەوە
کردبوو. ٨ داردەستەکانیش درێژکرابوونەوە و سەری
داردەستەکان لە شوێنی پیرۆزەوە لەبەردەم بەشی ناوەوە دەبیندران
و لە دەرەوە نەدەبیندران، تا ئەمڕۆش لەوێدان. ٩ سندوقەکەش
هیچی تێدا نەبوو، جگە لەو دوو تەختە بەردەی کە مووسا تیایدا
دایینان لە حۆرێب کاتێ خوداوەند پەیمانی لەگەڵ ڕۆڵەکانی
ئیسڕائیل بەست لەکاتی دەرچوونیان لە زەوی میسرەوە. ١٠ ئەوە
بوو بە دەرچوونی کاهینەکان لە شوێنی پیرۆزەوە، هەورێك ماڵی
خوداوەندی پڕکردەوە. ١١ کاهینەکانیش بە هۆی هەورەکەوە
نەیانتوانی بۆ خزمەتکردن ڕاوەستن، چونکە شکۆی خوداوەند
ماڵی خوداوەندی پڕکردەوە.
١٢ ئینجا سلێمان وتی:
خوداوەند فەرموویەتی، کە لەناو هەوری تاردا نیشتەجێ دەبێت.
١٣ ئەوەتا من ماڵێکی شکۆدارم بۆ بنیادنای، شوێنێك بۆ نیشتەجێ
بوونت تاهەتایە.
١٤ ئینجا پاشا ڕووی خۆی وەرگێڕاو هەموو کۆمەڵی ئیسڕائیلی
پیرۆزکرد، هەموو کۆمەڵی ئیسڕائیلیش ڕاوەستا بوون. ١٥ وتی:
پیرۆزە خوداوەند خودای ئیسڕائیل ئەوەی بە دەمی خۆی لەگەڵ
داودی باوکمدا قسەی کرد و بە دەستی خۆی هێنایەدی کە
فەرمووی: ١٦ لەو ڕۆژەوەی ئیسڕائیلی گەلی خۆمم لە میسرەوە
هێناوەتە دەر، هیچ شارێکم لەناو هەموو تیرەکانی ئیسڕائیلدا
هەڵنەبژاردووە تا ماڵێك بنیادبنێین بۆ ئەوەی ناوەکەم لەوێدا بێت،
بەڵکو داودم هەڵبژاردووە تا بەسەر ئیسڕائیلی گەلمەوە بێت. ١٧ لە
دڵی داودی باوکیشمدا بوو ماڵێك بۆ ناوی خوداوەند خودای
ئیسڕائیل بنیادبنێت. ١٨ جا خوداوەند بە داودی باوکمی فەرموو:
لەبەرئەوەی لەدڵتدا بوو ماڵێك بۆ ناوەکەم بنیادبنێی، کارێکی باشت
کرد کە ئەوەت لەدڵدا بوو. ١٩ تەنها ئەوەندە کە تۆ ماڵەکە
بنیادنانێیت، بەڵکو کوڕەکەت ئەوەی لە پشتتەوە دەردەچێت، ئەو
ماڵەکە بۆ ناوی من بنیاددەنێت. ٢٠ جا خوداوەند قسەی خۆی
بردەسەر، ئەوەی کە فەرمووی. منیش لە شوێنی باوکم لەسەر
تەختی ئیسڕائیل دانیشتم، هەروەك خوداوەند بەڵێنی دا. ماڵەکەشم
بۆ ناوی خوداوەند خودای ئیسڕائیل بنیادنا. ٢١ لەوێشدا شوێنێکم بۆ
ئەو سندوقە دانا کە ئەو پەیمانەی خوداوەندی تیایدایە کە لەگەڵ
باوباپیرانمدا بەستی، کاتێ لە خاکی میسری هێنانە دەرەوە.
٢٢ ئینجا سلێمان لەبەردەم قوربانگای خوداوەنددا بەرەوڕووی
هەموو کۆمەڵی ئیسڕائیل ڕاوەستا و دەستی بۆ ئاسمان
بەرزکردەوە . ٢٣ وتی: خوداوەند خودای ئیسڕائیل، کوا خودایەك
وەك تۆ بێت لە ئاسمان لەسەرەوە و لەسەر زەوی لە خوارەوە.
پارێزەری پەیمانەکەت و خۆشەویستییە بێسنوورەکەتی بۆ
خزمەتکارەکانت، ئەوانەی بە هەموو دڵیانەوە لەبەردەمت دێن و
دەچن. ٢٤ ئەوەی بۆ خزمەتکاری خۆت بۆ داودی باوکم پاراستت،
ئەوەی بەدەمت فەرمووت. بە دەمی خۆت فەرمووت و بە دەستی
خۆت هێناتەدی، وەك ئەوەی لە ئەمڕۆدا. ٢٥ ئێستاش ئەی خوداوەند
خودای ئیسڕائیل ئەو بەڵێنەی بە خزمەتکارەکەی خۆت، بە داودی
باوکمت دا، بۆی بپارێزە، کە فەرمووت کەس لە تۆ لەپێش من
نابڕێتەوە بۆ دانیشتن لەسەر تەختی ئیسڕائیل، تەنها ئەگەر
ڕۆڵەکانت ڕێگای خۆیان بپارێزن بەوەی لەبەردەمم بێن و بچن،
وەك تۆ لەبەردەمم هاتوچوویت. ٢٦ ئێستاش ئەی خودای ئیسڕائیل
با ئەو وشەیەت بێتەدی کە بەڵێنت پێدا بە خزمەتکارەکەت بە
داودی باوکم.
٢٧ چونکە ئایا بەڕاستی خودا لەسەر زەوی نیشتەجێ دەبێت؟
ئەوەتا ئاسمان و ئاسمانی ئاسمانەکان بەشت ناکات، ئیتر چۆن ئەو
ماڵەی من بنیادم ناوە. ٢٨ جا ئەی خوداوەند خودام ئاوڕ لە نوێژ و
لە داواکارییەکانی خزمەتکارەکەت بدەرەوە، بەوەی گوێبگری لەم
هاوارە و لەم نوێژە کە خزمەتکارەکەت ئەمڕۆ لەبەردەمت
دەیکات. ٢٩ با چاوەکانت شەو و ڕۆژ کراوە بن لەسەر ئەم ماڵە،
لەسەر ئەو شوێنەی فەرمووت: ناوم لەوێ دەبێت. تا گوێت لەو
نوێژە بێت کە خزمەتکارەکەت لەو شوێنە دەیکات. ٣٠ هەروەها
گوێ لە داواکارییەکانی خزمەتکارت و گەلەکەت ئیسڕائیل بگرە،
ئەوانەی لەم شوێنەدا نوێژ دەکەن و تۆش لە شوێنی نیشتەجێی
خۆتەوە گوێ بگرە و کە گوێشت لێ بوو لێمان خۆشبە.
٣١ گەر یەکێك گوناهەی بەرامبەر بە هاورێکەی کرد و سوێند
خواردنی بەسەردا سەپێندرا و سوێندەکە هاتە بەردەم قوربانگاکەت
لەم ماڵەدا. ٣٢ تۆ لە ئاسمانەوە گوێبگرە و دەست بەکاربە و
دادوەری لەنێوان خزمەتکارەکانتدا بکە. حوکم بدە بەسەر
تاوانبارەکە و ڕێگای خۆی بەسەر خۆی بهێنەوە، بۆ
ڕاستودروستەکەش بەپێی ڕاستودروستییەکەی دادوەری بۆ بکە.
٣٣ بە شکانی گەلەکەت ئیسڕائیل لەبەردەم دوژمن، کاتێ گوناهەت
بەرامبەر دەکەن، ئینجا گەڕانەوە بۆلات و دانیان نا بە ناوت و
نوێژیان کرد و لەم ماڵەدا و داوایان لێ کردی، ٣٤ تۆش لە
ئاسمانەوە گوێ بگرە و لە گوناهی گەلەکەت ئیسڕائیل خۆشبە و
بیانگێڕەوە بۆ ئەو خاکەی کە بە باوباپیرانیانت داوە.
٣٥ بە گرتنی ڕووی ئاسمان و نەبوونی باران، چونکە گوناهەت
بەرامبەر دەکەن، ئینجا کە نوێژیان کرد ڕووەو ئەم شوێنە و
دانیان نا بە ناوت و لە گوناهەکەیان گەڕانەوە، چونکە تەنگت
پێهەڵچنین. ٣٦ تۆش لە ئاسمانەوە گوێ بگرە و لە گوناهی
خزمەتکارەکانت و گەلەکەت ئیسڕائیل خۆشبە، چونکە فێری ئەو
ڕێگا باشەیان دەکەیت ئەوەی پێیدا دەڕۆن و باران دەبارێنیت
بەسەر زەوییەکەت ئەوەی بە میرات داوتە بە گەلەکەت.
٣٧ کە برسێتی لە زەویەکەدا دەبێت، کە پەتا دەبێت، کە بای
گەرمەسێر و کولە و کولەی بێباڵ دەبێت، کە دوژمن گەمارۆیان
دەدات لەدەوروبەری شارەکانیان، هەموو بەڵایەك و هەموو
دەردێك، ٣٨ ئینجا هەموو نوێژێك و هەموو داواکارییەك لەلایەن
هەر کەسێکەوە بێت لەناو هەموو گەلەکەت ئیسڕائیل لەلایەن
ئەوانەی کە هەریەکەیان دەردی دڵی خۆی دەزانێت و دەستی
بەرزدەکاتەوە بەرامبەر بەم ماڵە. ٣٩ ئەوا تۆ لە ئاسمانەوە لە
شوێنی نیشتەجێ بوونتەوە گوێ بگرە و لێ خۆشبە و دەستبەکاربە،
بە هەر کەسەو بە پێی هەموو هەڵسوکەوتی، بە پێی دڵی کە
دەیزانیت، چونکە تەنها تۆی دڵی هەموو ئادەمیزادت ناسیووە.
٤٠ تا بە درێژایی ڕۆژانی ژیانیان لەسەر ڕووی ئەم زەوییەی بە
باوباپیرانمانت داوە لێت بترسن.
٤١ هەروەها ئەو بێگانەیەی کە لە گەلەکەت ئیسڕائیل نییە و لە
پێناوی ناوی تۆ لە زەوییەکی دوورەوە هاتووە، ٤٢ چونکە
دەربارەی ناوی مەزنت و دەستی بەهێزت و قۆڵی درێژت
دەبیستن، جا کە هات و بەرەو ئەم ماڵە نوێژی کرد ٤٣ تۆ لە
ئاسمانەوە لە شوێنی نیشتەجێ بوونتەوە گوێ بگرەو دەستبەکاربە،
بەپێی هەموو ئەوەی ئەم بێگانەیە بانگت دەکات بۆی، تا هەموو
گەلانی زەوی ناوەکەت بزانن و وەك گەلەکەت ئیسڕائیل لێت
بترسن، هەروەها بۆ ئەوەی بزانن کە ناوی تۆ دراوە بەسەر ئەم
ماڵەدا کە بنیادمناوە.
٤٤ کە گەلەکەت بۆ جەنگ دژ بە دوژمنەکەی دەردەچێت بەو
ڕێگایەی کە پێیدا دەیاننێریت، کە نوێژیانکرد بۆ خوداوەند ڕووەو
ئەو شارەی کە هەڵتبژاردووە و ئەو ماڵەی بۆ ناوەکەت بنیادمناوە،
٤٥ تۆ لە ئاسمانەوە گوێ لە نوێژ و داواکارییەکانیان بگرە و
دادوەرییان بۆ بکە.

٤٦ کە گوناهەت بەرامبەر دەکەن، چونکە کەس نییە گوناهە نەکات،
جا کە لێیان تووڕە دەبیت و دەیانخەیتە بەردەم دوژمنەوە و
ڕاپێچکارانیان ڕاپێچیان دەکەن بۆ زەوی دوژمن، دوور بێ یان
نزیك. ٤٧ گەر گەڕانەوە هۆش خۆیان لەو زەوی ڕاپێچ کراون
بۆی و گەڕانەوە و داوایان لێت کرد لەو زەوییەوەی ڕاپێچ کراون
بۆی و وتیان گوناهەمان کرد و تاوانمان کرد و خراپەمان کرد.
٤٨ ئینجا گەڕانەوە بۆ لات بە هەموو دڵیانەوەو بە هەموو گیانیانەوە
لە زەوی دوژمنەکەیانەوە کە ڕاپێچیان کردوون، کە نوێژیان بۆ
کردیت ڕووەو ئەو زەوییەی داوتە بە باوباپیرانیان و ئەو شارەی
هەڵتبژاردووە و ئەوماڵەی بۆ ناوەکەتم بنیاد ناوە. ٤٩ تۆ لە
ئاسمانەوە لە شوێنی نیشتەجێ بوونتەوە گوێ لە نوێژ و
داواکارییان بگرە و دادوەرییان بۆ بکە. ٥٠ هەروەها لە گەلەکەت
خۆشبە، لەو گوناهانەی بەرامبەرت کردوویانە و لە هەموو
یاخیبوونەکانیان کە دژ بە تۆ پێی یاخی بوون، بەزەییان پێ
ببەخشە لەبەردەم ڕاپێچکارانیان تا بەزەییان پێیاندا بێتەوە.
٥١ چونکە ئەوان گەل و میراتی تۆن، ئەوەی لە میسرەوە لەناو
کورەی ئاسنەوە هێنایانتە دەرەوە. ٥٢ با چاوەکانت لەسەر
داواکارییەکانی خزمەتکارەکەت و داواکارییەکانی گەلەکەت
ئیسرائیل کراوەبن تا گوێیان لێ بگریت لە هەموو ئەوەی بانگت
دەکەن بۆی. ٥٣ چونکە تۆ ئەی خوداوەندم خوداوەند، ئەوانت لەنێو
هەموو گەلانی زەویدا بە میرات بۆ خۆت جیاکردەوە، وەك چۆن
لەسەر دەستی موسای خزمەتکارت فەرمووت، کاتێ
باوباپیرانمانت لەمیسرەوە هێنایەدەر.
٥٤ ئەوە بوو کە سلێمان بەم هەموو نوێژ و داواکارییە لەنوێژکردن
بۆ خوداوەند بووەوە، لەبەردەم قوربانگای خوداوەندا هەستا کە
لەسەر هەردوو ئەژنۆی بەچۆکدا کەوتبوو و دەستەکانی ڕووەو
ئاسمان بەرزکردبووەوە. ٥٥ ڕاوەستا و بە دەنگێکی بەرز هەموو
کۆمەڵی ئیسرائیلی پیرۆز کرد و وتی: ٥٦ پیرۆزە خوداوەند کە
حەسانەوەی بە گەلەکەی بە ئیسرائیل دا، وەك هەموو ئەوەی
بەڵێنیدا، یەك وشەش لەهەموو وشە باشەکانی نەکەوت، ئەوەی
لەسەر دەستی موسای خزمەتکاری بەڵێنیدا. ٥٧ با خوداوەند
خودامان لەگەڵمان بێت هەروەك چۆن لەگەڵ باوباپیرانماندا بوو،
وازمان لێنەهێنێت و فەرامۆشمان نەکات. ٥٨ بۆ وەرگێڕانی دڵمان
بەلای خۆی تا بە هەموو ڕێگاکانیدا بڕۆین و چاومان لە
فەرمانەکان و فەرزەکان و حوکمەکانی بێت ئەوەی فەرمانی پێدا
بە باوباپیرانمان.
٥٩ با ئەم قسانەم کە پێی داوام کرد لەبەردەم خوداوەند شەو و ڕۆژ
لە خوداوەند خودامان نزیك بن و دادوەری بۆ خزمەتکارەکەیی و
بۆ گەلەکەی بۆ ئیسرائیل بەجێ بگەیەنێت، کاری هەر ڕۆژە لە
ڕۆژی خۆیدا. ٦٠ تا هەموو گەلانی زەوی بزانن کە خوداوەند
خودایە و هیچ خودایەکی تر نییە. ٦١ با دڵتان تەواو بێت لای
خوداوەند خودامان، تا بە پێی فەرزەکانی بڕۆن و چاوتان لە
فەرمانەکانی بێت وەك ئەمڕۆ.
٦٢ ئینجا پاشا و هەموو ئیسرائیلیش لەگەڵیدا قوربانییان لەبەردەم
خوداوەنددا سەربڕی. ٦٣ سلێمان قوربانی ئاشتی سەربڕی، ئەوەی
سەری بڕی بۆ خوداوەند لە مانگا بیستو دوو هەزار و لە مەڕ
سەدو بیست هەزار بوو. جا پاشا و هەموو نەوەی ئیسرائیل ماڵی
خوداوەندیان تەرخانکرد. ٦٤ لەو ڕۆژەدا پاشا ناوەڕاستی
خانووەکەی بەردەم ماڵی خوداوەندی پیرۆز کرد و لەوێدا قوربانی
سووتاو پێشکەشکرا و و پیوی قوربانییەکانی ئاشتی پێشکەش کرد،
چونکە قوربانگا مسکەی بەردەم خوداوەند بچووکتر بوو لەوەی
جێگای قوربانییە سووتاوەکان و پێشکەشکراوەکان و پیوی
قوربانییەکانی ئاشتی تیایدا ببێتەوە.
٦٥ ئینجا سلێمان لەو کاتەدا کردی بە جەژن، هەموو ئیسرائیلیش
لەگەڵیدا بوون، کۆمەڵێکی گەورە، لە دەروازەی حەماتەوە بۆ دۆڵی
میسر لەبەردەم خوداوەند خوداماندا، حەوت ڕۆژ و حەوت ڕۆژ،
چواردە ڕۆژ. ٦٦ لە ڕۆژی هەشتەمدا خەڵکەکەی بەڕێکرد، جا
پاشایان پیرۆزکرد و ڕۆیشتن بۆ چادرەکانیان بە شادومانی و
دڵخۆشییەوە بە هۆی ئەو هەموو چاکەیەی کە خوداوەند بۆ داودی
خزمەتکاری و بۆ ئیسرائیلی گەلی خۆی کردی.

# ٩

١ پاش ئەوەی سلێمان لە بنیادنانی ماڵی خوداوەند و ماڵی پاشا
بووەوە، هەروەها لە هەموو ئارەزووەکانی سلێمان کە پێی خۆش
بوو بیکات.
٢ خوداوەند دووبارە بۆ سلێمان دەرکەوتەوە هەروەك چۆن
لەجبعوندا بۆی دەرکەوت. ٣ جا خوداوەند پێی فەرموو: گوێم لە
نوێژەکەت و لە داواکارییەکەت بوو کە لەبەردەممدا داوات کرد،
ئەم ماڵەم پیرۆزکرد کە بنیادت ناوە تا بۆ هەتاهەتایە ناوەکەم لەوێ
دابنێم، چاوەکانم و دڵیشم هەموو ڕۆژەکان لەوێ دەبن. ٤ تۆش
ئەگەر لەبەردەمم بێیتوبچیت وەك داودی باوکت هاتوچوو بە
تەواوی دڵ و بە ڕێکی، تا هەموو ئەوەی فەرمانم پێداویت بیکەیت
و فەرزەکان و حوکمەکانم بپارێزیت. ٥ ئەوا تاهەتایە تەختی
پاشایەتییەکەت بەسەر ئیسرائیلەوە جێگیر دەکەم، هەروەك چۆن
لەگەڵ داودی باوکت قسەم کرد، فەرمووم پیاو لە تۆ نابڕێت
لەسەر تەختی ئیسرائیلدا. ٦ بەڵام گەر ئێوە یاخود کوڕەکانتان
لەپشتمەوە لێم هەڵگەڕێنەوە و چاوتان لە فەرمانەکان و فەرزەکانم
نەبوو ئەوەی لە پێشتانم داناوە، چوون و خودای ترتان پەرست و
کڕنۆشتان بۆیان برد، ٧ ئەوا ئیسرائیل لەسەر ڕووی ئەو زەوییەی
پێم داون بنبڕ دەکەم و ئەو ماڵەش کە بۆ ناوەکەمم پیرۆزکردووە
لەبەرچاوم وونی دەکەم. ئیسرائیل دەبێتە پەند و مایەی گاڵتەجاڕی
لەناو هەموو گەلان، ٨ ئەم ماڵەش دەبێتە عیبرەت، هەرکەسێك
بەسەریدا تێپەڕێت سەری سوڕدەمێنێت و فیکە لێ دەدات، دەڵێن،
لەسەرچی خوداوەند وای لەم زەوییە و لەم ماڵە کرد؟! ٩ ئینجا
دەڵێن لەبەر ئەوەی ئەوان وازیان لە خوداوەند خوداکەیان هێنا،
ئەوەی کە باوباپیرانیانی لەزەوی میسرەوە هێنایە دەرەوە و
دەستیان بە خوداکانی ترەوە گرتووە و کڕنۆشیان بۆ بردوون و
پەرستویانن، لەبەرئەوە خوداوەند هەموو ئەم خراپەیەی
بەسەریاندا هێناوە.
١٠ ئەوە بوو لە کۆتایی بیست ساڵەکەدا، ئەوەی سلێمان هەردوو
ماڵەکەی تیادا بنیادنا، ماڵی خوداوەند و ماڵی پاشا. ١١ جا حیرامی
پاشای سوڕ دارئورز و دارسەرو و زێڕی نارد بۆ سلێمان، بە
دڵی ئەو، بۆیە سلێمان پاشا بیست شاری لە زەوی جەلیل بە حیرام
دا. ١٢ ئینجا حیرام لە سوڕەوە بۆ بینینی ئەو شارانە دەرچوو کە
سلێمان پێی دابوون، بەڵام بەدڵی نەبوون. ١٣ وتی: ئەم شارانە
چین تۆ بە منت داون براکەم؟ ئینجا ناوینان خاکی کابوول، تا
ئەمڕۆش بەو ناوە ناو دەبرێت.
١٤ حیرام سەدو بیست کێش زێڕی بۆ پاشا ناردبوو.
١٥ هۆی ئەو بێگارییەش کە سلێمان پاشا داینا، بنیادنانی ماڵی
خوداوەند و ماڵەکەی خۆی و میللۆ و شوورەی ئۆرشەلیم و
حاسور و مگیدۆ و گازەر بوو.
١٦ فیرعەونی پاشای میسر سەرکەوت و گازەری گرت و بە ئاگر
سووتاندی و کەنعانییەکانی دانیشتووی شارەکەی کوشت و بە
مارەیی دای بۆ کچەکەی، ژنەکەی سلێمان. ١٧ ئینجا سلێمان گازەر
و بەیت خۆرۆنی خواروو و ١٨ بەعلە و تەدموری لە چۆڵەوانی لە
زەوییەکەدا بنیادنا، ١٩ لەگەڵ هەموو شارە عەمبارکان کە هی
سلێمان بوون، هەروەها شارانی گالیسکەکان و شارانی ئەسپ
سوارەکان و هەموو ئەوانەی سلێمان ئارەزووی کرد لە ئۆرشەلیم
و لوبنان و لە هەموو زەوی فەرمانڕەوایەتییەکەیدا بنیادیان بنێت.
٢٠ هەروەها هەموو ئەو خەڵکەی پاشماوەی ئامورییەکان و
حیسییەکان و فیرزییەکان و حوییەکان و یەبوسییەکان بوون،

ئەوانەی لە نەوەی ئیسرائیل نەبوون، ٢١ کوڕەکانیان ئەوانەی
لەپاش خۆیان لەزەوییەکەدا مابوونەوە، ئەوانەی نەوەی ئیسرائیل
نەیانتوانی بنبڕیان بکەن، سلێمان تا ئەمڕۆ بێگاری کۆیلەی
بەسەردا سەپاندن. ٢٢ بەڵام سلێمان کەسی لە نەوەی ئیسرائیل
نەکرد بە کۆیلە، چونکە ئەوان پیاوانی جەنگ و خزمەتکارەکانی
و سەرکردەکانی و فەرماندەکانی و سەرکردەی گالیسکەکانی و
ئەسپ سوارەکانی بوون.
٢٣ ئەمانە سەرکردە بریکارەکانن کە لەسەر کارەکانی سلێمان
بوون، پێنج سەدو پەنجا دەسەڵاتدار بەسەر ئەو خەڵکەی
کارەکەیان دەکرد.
٢٤ پاش ئەوەی کچەکەی فیرعەون لە شاری داودەوە بۆ ماڵەکەی
سەرکەوت کە بۆی بنیادنا، ئینجا میللۆکەی بنیادنا.
٢٥ سلێمان ساڵی سێ جار قوربانی سووتاو و قوربانی ئاشتی
سەردەخستە سەر ئەو قوربانگایەی بۆ خوداوەندی بنیادنا،
بخووریشی لەگەڵ ئەوە دەسووتاند کە لە بەردەم خوداوەند بوو و
ماڵەکەی تەواوکرد. ٢٦ هەروەها سلێمان پاشا چەند کەشتییەکی لە
عەچیۆن گەبەر ئەوەی لە نزیك ئێلۆتە لە سەر کەناری دەریای
سوف لە خاکی ئەدومدا دروستکرد. ٢٧ حیرامیش خزمەتکارەکانی
خۆی کە کەشتیوان بوون و لە دەریایان دەزانی نارده ناو
کەشتییەکان تا لەگەڵ خزمەتکارەکانی سلێماندا بن. ٢٨ جا هاتن بۆ
ئۆفیر و لەوێوە زێڕیان هەڵگرت، چوار سەدو بیست کێش،
هێنایان بۆ سلێمان پاشا.

## ١٠

١ کاتێ شاژنی شبا دەربارەی ناوبانگی سلێمانی بیست بەهۆی
ناوی خوداوەندەوە، هات تا بە چەند مەتەڵێك تاقی بکاتەوە. ٢ بە
کەژاوەیەکی زۆر گەورەوە، حوشتری بارکراو لە بۆنوبەرام و
زێڕی زۆر و بەردی گرانبەها. جا هات بۆ لای سلێمان و
لەبارەی هەموو ئەو شتانەی لەدڵیدا بوو قسەی لەگەڵ کرد.
٣ سلێمانیش وەڵامی هەموو پرسیارەکانی دایەوە و هیچ شتێکیش لە
پاشا شاراوە نەبوو وەڵامی نەداتەوە. ٤ کاتێ شاژنی شبا هەموو
دانایی سلێمان و ئەو ماڵەی بینی کە بنیادینابوو. ٥ هەروەها
خواردنی سەر خوانەکەی و هەمەجۆری دەستوپێوەندەکانی و
ڕێکوپێکی خزمەتکارەکانی و جلوبەرگەکانیان و ساقییەکانی و
ڕێگای چوونە ژوورەوەی کە پێیدا سەردەکەوت بۆ ماڵی خوداوەند
بینی، واقیوڕما و ٦ بە پاشای وت: ڕاستە ئەو هەواڵەی کە لە
خاکەکەمدا بیستم لەبارەی کاروبار و داناییەکەت. ٧ بڕوام بەو
هەواڵانە نەکرد تا نەهاتم و بە چاوی خۆم نەمبینی و ئەوەتا
نیوەیشیم پێڕانەگەیەندراوە، لە دانایی و چاکیدا زیاتر بوویت لەو
هەواڵەی کە بیستبووم. ٨ خۆزگە دەخوازرێ بە پیاوەکانت، خۆزگە
دەخوازرێ بە خزمەتکارەکانت، ئەمانە کە هەمیشە لەبەردەمت
ڕاوەستاون و داناییەکەت دەبیستن. ٩ با خوداوەند خوداکەت پیرۆز
بێت ئەوەی پێت دڵشادە و لەسەر تەختی ئیسرائیل دایناویت،
چونکە خوداوەند تاهەتایە ئیسرائیلی خۆشویستووە و تۆی کردووە
بە پاشا تا دادوەری و ڕاستودروستی پیادەبکەیت. ١٠ ئینجا سەدو
بیست کێش زێڕو بۆنوبەرامێکی زۆر و بەردی گرانبەهای دا بە
پاشا، جارێکی تر بۆنوبەرامی ئاوها زۆر نەهات هێندەی ئەوەی
شاژنی شبا بە سلێمان پاشای دا. ١١ هەروەها کەشتییەکانی
حیرامیش ئەوانەی لە ئوفیرەوە زێڕیان هەڵگرتبوو، لە ئوفیرەوە
دار ساجی زۆر زۆریان هێنا لەگەڵ بەردی گرانبەها. ١٢ جا پاشا
لەو دار ساجانە پێپلیکانەی بۆ ماڵی خوداوەند و بۆ ماڵی پاشا و
عود و ڕەبابەی بۆ گۆرانی بێژەکان دروستکرد، تا ئەمڕۆش
ئەوەندە دار ساج نەهاتووە و نەبیندراوە.
١٣ سلێمان پاشا هەموو ئەو شتانەی بە شاژنی شبا دا کە ئارەزووی
کردن، جگە لەو شتانەی کە سلێمان پاشا لە بەخشندەیی خۆی
پێیدا. ئینجا بەڕێکەوت و ڕۆیشتەوە بۆ خاکەکەی، خۆی و
خزمەتکارەکانی.
١٤ کێشی ئەو زێڕەش کە لە ساڵێکدا بۆ سلێمان هات، شەش سەدو
شەستو شەش کێش زێڕ بوو، ١٥ جگە لەوەی لەلای بازرگانەکان
و لە بازرگانیی بازرگانەکان و لە هەموو پاشایانی عەرەب و
فەرمانڕەوایانی زەوییەکەوە هات.
١٦ سلێمان پاشا دوو سەد قەڵغانی لە زێڕی کوتراو دروستکرد،
شەش سەد شاقل زێڕ بۆ هەر قەڵغانێك. ١٧ سێ سەد سپەریشی لە
زێڕی کوتراو دروستکرد، سێ مەنا زێڕ بۆ هەر سپەرێك. ئینجا
پاشا لە ماڵی دارستانی لوبناندا داینان.
١٨ هەروەها پاشا کورسییەکی گەورەی لە عاج دروستکرد و بە
زێڕی بێگەرد ڕووپۆشی کرد. ١٩ کورسییەکە شەش پێ پلەی
هەبوو لەگەڵ سەرێکی بازنەیی لەپشتەوە و دوو دەست لەملا و
لەولایەوە لەسەر شوێنی دانیشتنەکە و دوو شێری ڕاوەستاویش
لەتەنیشت دەستەکانەوە. ٢٠ دوانزە شێری ڕاوەستاویشی لەسەر
ئەملاو ئەولای شەش پێ پلەکە هەبوو. لەهیچ پاشایەتییەك شتی وا
دروست نەکرابوو.
٢١ هەموو قاپوقاچاخەکانی خواردنەوەی سلێمان پاشا زێڕ بوو،
هەروەها هەموو قاپوقاچاخەکانی ماڵی دارستانی لوبنان لە زێڕی
بێگەرد بوون، زیو لە ڕۆژانی سلێماندا هیچ بەهایەکی نەبوو.
٢٢ چونکە کەشتییەکانی تەرشیش لەدەریادا هی پاشا بوون لەگەڵ
کەشتییەکانی حیرام، سێ ساڵ جارێك کەشتییەکانی تەرشیش
دەهاتن و زێڕ و زیو و عاج و مەیمون و تاوسیان بارکردبوو
٢٣ سلێمان پاشا لە دانایی و لە دەوڵەمەندیدا لە هەموو پاشاکانی
زەوی مەزنتر بوو. ٢٤ هەموو زەوی بە ئاواتی بینینی ڕووی
سلێمان بوون تا گوێ لە داناییەکەی بگرن کە خودا لە دڵیدا
داینابوو. ٢٥ هەریەکەو ساڵ لەدوای ساڵ بە دیاری خۆیانەوە
دەهاتن، لە قاپوقاچاخی زیو و زێڕ و جلوبەرگ و چەك و بۆنوبرام
و ئەسپ و هێستر.
٢٦ ئینجا سلێمان گالیسکە و ئەسپ سواری کۆکردەوە، هەزارو
چوار سەد گالیسکە و دوانزە هەزار ئەسپ سواری هەبوو. جا لە
شارەکانی گالیسکەکان و لەگەڵ خۆیدا لە ئۆرشەلیمدا داینان.
٢٧ هەروەها پاشا وای کرد لە ئۆرشەلیمدا زیو وەك بەردی لێبێت
و دار ئورزیش وەك دار هەنجیری دەشت لە زۆریدا. ٢٨ ئەسپەکانی
سلێمان لە میسر و لە قیڤەوە دەهێنران. بازرگانەکانی پاشا لە
قیڤەوە بە نرخێکی دیاریکراو وەریاندەگرتن. ٢٩ گالیسکە لە
میسرەوە بە شەش سەد شاقل زیو و ئەسپیش بە سەدو پەنجا
سەردەخرا و دەهێنرا، بەو شێوەیەش بۆ هەموو پاشاکانی
حیسسییەکان و پاشاکانی ئارامییەکان، بە دەستی ئەمان دەهێنران.

## ١١

١ سلێمان پاشا زۆر ژنی بێگانەی خۆشویست لەگەڵ کچەکەی
فیرعەون، لە مۆئابییەکان و عەمونییەکان و ئەدۆمییەکان و
سەیدونییەکان و حیسسییەکان. ٢ لەو گەلانەی کە خوداوەند بە
نەوەی ئیسرائیلی فەرموو، داخوازی ژنیان لێمەکەن و ئەوانیش
لێتانی نەکەن، نەوەك دڵتان بەلای خوداکانیاندا ڕادەکێشن. سلێمان
بە خۆشەویستییەوە بەوانەوە نووسا. ٣ حەوت سەد ژنی خانەدان و
سێسەد کەنیزەی هەبوو، جا ژنەکانی دڵیان وەرگێڕا. ٤ ئەوە بوو
لە کاتی پیری سلێماندا، ژنەکانی دڵیان بە لای خوداکانی تردا
ڕاکێشا و دڵی وەك دڵی داودی باوکی لەگەڵ خوداوەند خودای
خۆیدا تەواو نەبوو. ٥ جا سلێمان دوای عەشتورەسی خودای
سەیدونییەکان و دوای مەلکومی قێزەوەندی عەمونییەکان کەوت.

٦ سلێمان لەبەرچاوی خوداوەنددا خراپەی کرد و وەك داودی
باوکی تەواو دوای خوداوەند نەکەوت.
٧ لەو کاتەدا سلێمان لەسەر چیاکەی بەرامبەر ئۆرشەلیم
بەرزاییەکی بۆ کەموشی قێزەوەنی مۆئابییەکان و هەروەها بۆ
مولەکی قێزەوەنی نەوەی عەمون بنیادنا. ٨ ئاوا شی کرد بۆ هەموو
ژنە بێگانەکانی، کە بوخووریان دەسوتاند و قوربانییان سەردەبڕی
بۆ خوداکانیان. ٩ جا خوداوەند لە سلێمان تووڕە بوو، چونکە دڵی
وەرگێڕا لە خوداوەند خودای ئیسرائیل، ئەوەی دووجار بۆی
دەرکەوت. ١٠ فەرمانی پێکرد کە دوای خودای تر نەکەوێت، بەڵام
ئەوەی خوداوەند فەرمانی پێی کرد، ئەو نەیپاراست.
١١ خوداوەند بە سلێمانی وت: لەبەرئەوەی ئەمەت لایە و پەیمان و
فەرزەکەمت نەپاراست کە فەرمانم پێ کردیت، پاشایەتییەکەت لێ
پارچەپارچە دەکەم و دەیدەم بە خزمەتکارەکەت، ١٢ بەڵام لە
ڕۆژانی خۆتدا نایکەم لەبەر داودی باوکت، لە دەستی کوڕەکەتدا
پارچەپارچەی دەکەم. ١٣ لەگەڵ ئەمەش هەموو پاشایەتییەکە پارچە
ناکەم، بەڵکو تیرەیەك دەدەم بە کوڕەکەت لەبەر داودی خزمەتکارم
و لەبەر ئۆرشەلیم کە هەڵمبژاردووە.
١٤ ئینجا خوداوەند ڕکابەرێکی لە سلێمان ڕاست کردەوە کە
هەدەدی ئەدومی بوو، لە وەچەی پاشا بوو لە ئەدوم. ١٥ ئەوە بوو
کاتێ داود لە ئەدوم بوو، کە یۆئابی سەرکردەی سوپا سەرکەوت
بۆ ئەوەی کوژراوەکان بنێژێ و هەرچی نێر لە ئەدۆم هەیە
بیانکوژێ. ١٦ چونکە یۆئاب و هەموو ئیسرائیل شەش مانگ لەوێدا
مانەوە تا هەموو نێرێکیان لە ئەدوم لەناوبرد. ١٧ بەڵام هەدەد کە
هێشتا مێردمنداڵێکی بچوك بوو، لەگەڵ چەند پیاوێکی ئەدومی لە
خزمەتکارانی باوکی بۆ میسر هەڵاتن. ١٨ ئینجا لە میدیانە هەستان
و چوون بۆ فاران، چەند پیاوێکیان لە فارانەوە لەگەڵ خۆیاندا برد
و چوون بۆ میسر بۆ لای فیرعەونی پاشای میسر، ئەویشماڵی
پێدا و فەرمانیدا خواردنی پێبدرێ و زەویشی پێدا. ١٩ هەدەد
لەبەرچاوی فیرعەون پەسەند بوو، جا ژنێکی پێی دا، خوشکی
ژنەکەی خۆی، خوشکی تەحفەنیسی شاژن. ٢٠ خوشکەکەی
تەحفەنیس گنوبەتی کوڕی بۆ بوو، تەحفەنیس لەنێو ماڵی
فیرعەوندا لە شیری بڕییەوە و گنوبەت لە ماڵی فیرعەوندا بوو
لەنێو کوڕەکانی فیرعەون. ٢١ هەدەد لە میسر بوو کاتێ بیستی کە
داود لەگەڵ باوباپیرانیدا سەری ناوەتەوە و یۆئابی سەرکردەی
سوپاش مردووە، جا هەدەد بە فیرعەونی وت: ڕێم بدە با بڕۆمەوە
بۆ خاکەکەم. ٢٢ فیرعەونیش پێی وت: لای من لە چیت کەمە تا
داوای ڕۆیشتن بۆ خاکەکەت بکەیت؟ ئەویش وتی: لە هیچ، تەنها
ڕێم بدە.
٢٣ خودا ڕکابەرێکی تری لێ ڕاست کردەوە کە ڕزۆنی کوڕی
ئەلیاداع بوو، ئەوەی لەلای گەورەکەیەوە هەڵاتبوو،
هەدەدعەزەرەی پاشای سوبە. ٢٤ لە کاتی کوشتارەکەی داود دژیان،
پیاوانی لە خۆی کۆکردەوە و بوو بە سەری دەستەیەك لە چەتە،
چوون بۆ دیمەشق و تیایدا نیشتەجێ بوون و لە دیمەشقدا
فەرمانڕەواییان کرد. ٢٥ جا بوو بە ڕکابەر بۆ ئیسرائیل لە هەموو
ڕۆژانی سلێماندا، لەگەڵ خراپەکەی هەدەد، ڕقی لە ئیسرائیل
بووەوە و بەسەر ئارامدا بوو بە فەرمانڕەوا.
٢٦ هەروەها یەربوعامی کوڕی ناباتی ئەفراتی کە خەڵکی چەردە
بوو و ناوی دایکی چروعە بوو و بێوەژن بوو، خزمەتکارێکی
سلێمان بوو و دەستی لە پاشا بەرزکردەوە.
٢٧ ئەمەش ئەو شتە بوو وای لێکرد دەست لە پاشا بەرزبکاتەوە،
سلێمان میللۆکەی بنیادنا و کەلێنەکانی شاری داودی باوکی گرت.
٢٨ ئەم پیاوەش یەربوعام، پاڵەوان و بەهێز بوو، کە سلێمان بینی
ئەم گەنجە کارا و چالاکە، بەسەر هەموو بێگارەکەی ماڵی
یوسفەوە داینا.
٢٩ ئەوە بوو لەو کاتەدا کە یەربوعام لە ئۆرشەلیمدا دەرچوو،
ئەخییا شیلونی پێغەمبەر عەبایەکی نوێی پۆشیبوو و لە ڕێگادا
تووشی بوو، بەتەنها هەردووکیان لە کێڵگەدا بوون. ٣٠ ئەخییا
عەبا نوێیەکەی گرت کە لەبەریبوو و کردی بە دوانزە پارچەوە.
٣١ بە یەربوعامی وت: دە پارچە بۆ خۆت ببە، چونکە خوداوەند
خودای ئیسرائیل ئاوای وتووە، ئەوەتا من پاشایەتییەکە لە دەستی
سلێمان پارچەپارچە دەکەم و دە تیرە بە تۆ دەدەم. ٣٢ یەك تیرەش
بۆ ئەو دەبێت لە هەموو تیرەکانی ئیسرائیل، لەبەر داودی
خزمەتکارم و لەبەر ئۆرشەلیم ئەو شارەی کە هەڵمبژاردووە.
٣٣ لەبەرئەوەی وازیان لێهێنام و کڕنۆشیان بۆ عەشتورەسی
خودای سەیدونییەکان و کەموشی خودای مۆئابییەکان و مەلکومی
خودای نەوەی عەمون برد و بە ڕێگاکانمدا نەڕۆیشتن تا ئەوەی
ڕاستە لەبەرچاوم و فەرزەکان و حوکمەکانم جێبەجێبکەن وەك
داودی باوکی. ٣٤ بەڵام هەموو پاشایەتییەکە لە دەستی ناسەنمەوە،
چونکە هەموو ڕۆژانی ژیانی دەیکەم بە سەرۆك لەبەر داودی
خزمەتکارم ئەوەی هەڵمبژارد، ئەوەی فەرمانەکان و فەرزەکانمی
پاراست. ٣٥ پاشایەتی لە دەست کوڕەکەی دەسەنمەوە و دەیدەم بە
تۆ، دە تیرەکە. ٣٦ بە کوڕەکەشی یەك تیرە دەدەم، تا ببێتە چرایەك
بۆ داودی خزمەتکارم، هەموو ڕۆژەکان لەبەردەممدا لە ئۆرشەلیم،
ئەو شارەی بۆ خۆمم هەڵبژارد تا ناوم لەوێدا دابنێم. ٣٧ ئینجا دەتبەم
و فەرمانڕەوایی دەکەیت بە سەر هەموو ئەوەی دڵت ئارەزووی
بکات و بەسەر ئیسرائیلدا دەبیت بە پاشا. ٣٨ گەر ببێ گوێڕایەڵی
هەموو ئەوە بیت کە فەرمانت پێدەکەم و بە ڕێگاکانمدا بڕۆیت و
ئەوەی ڕاستە لەبەرچاومدا بکەیت تا فەرزەکانم و فەرمانەکانم
بپارێزی، وەك داودی خزمەتکارم کردی، ئەوا لەگەڵتدا دەبم و
ماڵێکی ئاسودەت بۆ بنیاد دەنێم وەك بۆ داودم بنیادنا و ئیسرائیلت
دەدەمێ. ٣٩ نەوەی داودیش زەلیل دەکەم لەبەر ئەمە، بەڵام نەك بۆ
هەموو ڕۆژان.
٤٠ جا سلێمان داوای کوشتنی یەربوعامی کرد و یەربوعامیش
هەستا و هەڵات بۆ میسر بۆ لای شیشەقی پاشای میسر و تا کاتی
مردنی سلێمان لە میسردا مایەوە.
٤١ ئینجا پاشماوەی کاروبارەکانی سلێمان و هەموو ئەوەی کە
کردی و داناییەکەی، ئەوەتا لە پەرتووکی کاروباری سلێماندا
نووسراون. ٤٢ ئەو ڕۆژانەی کە سلێمان تیایدا لە ئۆرشەلیمدا
پاشایەتی بەسەر هەموو ئیسرائیلەوە کرد چل ساڵ بوون. ٤٣ پاشان
سلێمان لەگەڵ باوباپیرانیدا سەری نایەوە و لە شارەکەی داودی
باوکیدا نێژراو ڕەحوبعامی کوڕی لەدوای خۆی بوو بە پاشا.

# ١٢

١ ئینجا ڕەحوبعام چوو بۆ شەکیم، چونکە هەموو ئیسرائیل هاتن بۆ
شەکیم تا بیکەن بە پاشا. ٢ ئەوە بوو کە یەربوعامی کوڕی نابات
ئەمەی بیست، کاتێ هێشتا لە میسر بوو، ئەوەی لە ڕووی سلێمان
پاشا هەڵاتبوو و لە میسر جێگیربوو. ٣ جا ناردیان بەدوایدا و
بانگیان کرد، ئینجا یەربوعام و هەموو کۆمەڵی ئیسرائیل قسەیان
لەگەڵ ڕەحوبعامدا کرد و وتیان: ٤ باوکت نیرەکەمانی سەخت
کرد، بەڵام تۆ ئێستا لە ئەرکە سەختەکەی باوکت و لە نیرە
قورسەکەمان سووك بکەوە، ئێمەش خزمەتت دەکەین. ٥ ئەویش
پێی وتن: بڕۆن و پاش سێ ڕۆژ بگەڕێنەوە بۆ لام. گەلیش
ڕۆیشتن.
٦ ئینجا ڕەحوبعام پاشا ڕاوێژی بەو ڕیش سپییانە کرد کە لەبەردەم
سلێمانی باوکیدا کە هێشتا زیندوو بوو ڕادەوەستان، وتی:
تەکبیرتان چییە، چۆن وەڵامی ئەم گەلە بدەمەوە؟ ٧ ئەوانیش
قسەیان لەگەڵیدا کرد و وتیان: گەر ئەمڕۆ ببیت بە خزمەتکاری
ئەم گەلە و خزمەتیان بکەیت و وەڵامیان بدەیتەوە و قسەی چاکیان
لەگەڵدا بکەیت، ئەوا هەموو ڕۆژان دەبن بە خزمەتکارت.
٨ جا ڕاوێژی ڕیش سپییەکانی ڕەت کردەوە کە پێیاندا و ڕاوێژی
بەو گەنجانە کرد کە لەگەڵیدا گەورە بوون و لەبەردەمیدا

ڕادەوەستان. ٩ پێی وتن: ئێوە تەکبیرتان چییە و بەچی وەڵامی ئەم
گەلە بدەینەوە، کە قســـەیان لەگەڵدا کردووم و وتیان، ئەو نیرەی
باوکت کە لەســـەر مانی داناوە ســـووك بکەوە؟ ١٠ گەنجەکانیش
ئەوانەی لەگەڵیدا گەورەبوون، قســـەیان لەگەڵدا کرد و وتیان: ئاوا
بەم گەلە بڵێ، ئەوانەی قســـەیان لەگەڵدا کردی و وتیان، باوکت
نیرەکەمانی قورس کردووە، بەڵام تۆ نیرەکەمان لەســـەر ســـووك
بکە، ئاوا قســـەیان لەگەڵ بکە، پەنجە تووتەم لە کەمەری باوکم
ئەستوورترە. ١١ ئێستاش باوکم بە نیرێکی قورس باری کردوون،
منیش زیاتر دەخەمە ســـەر نیرەکەتان، باوکم بە قەمچی تەمبێی
کردوون، من بە دووپشك تەمبێتان دەکەم.
١٢ ئینجا یەروبعام و هەموو گەل هاتن بۆ لای ڕەحوبعام، هەروەك
پاشـــا قســـەی کرد و وتی، لە ڕۆژی ســـێیەمدا بگەڕێنەوە بۆلام.
١٣ پاشا بەتوندی وەڵامی گەلی دایەوە و تەکبیری ڕیش سپییەکانی
پشت گوێ خست کە پێیاندا و ١٤ بە پێی تەکبیری گەنجەکان قسەی
لەگەڵدا کردن و وتی: باوکم نیرەکەتانی قورس کرد، منیش زیاتر
دەخەمە ســـەر نیرەکەتان، باوکم بە قەمچی تەمبێی کردن، من بە
دووپشك تەمبێتان دەکەم. ١٥ پاشا گوێی لە گەل نەگرت، چونکە ئەم
هەڵگەڕانەوەیە لەلای خوداوەندەوە بوو، تـا وتەکەی بهێنێتەدی،
ئەوەی خوداوەند بە دەستی ئەخییای شیلونی بە یەروبعامی کوڕی
نایاتی فەرموو بوو.
١٦ کاتێ هەموو ئیســـڕائیل بینییان پاشـــا گوێی لێ نەگرتن، گەل
وەڵامی پاشایان دایەوە و وتیان:
چ بەشێکمان لە داود هەیە و
چ میراتێك لە کوڕی یەسسا؟
بۆ چادرەکانتان ئەی ئیسڕائیل،
ئێستاش تەماشای ماڵەکەت بکە داود!
جا ئیســـڕائیل بۆ چادرەکانیان ڕۆیشـتن. ١٧ بەڵام نەوەی ئیســـڕائیل
ئەوانەی نیشتەجێی شارەکانی یەهوزا بوون، ڕەحوبعام پاشـایەتی
بەسەردا دەکردن.
١٨ ڕەحوبعام پاشـــا ئەدۆرامی نارد ئەوەی بەســـەر کاری بێگارەوە
بوو، بەڵام هەموو ئیســـڕائیل بەردبـارانیـان کرد و مرد. جـا
ڕەحوبعام پاشا بەپەلە سواری گلیسکەیەك بوو تا بەرەو ئۆرشەلیم
هەڵبێت. ١٩ بەو شێوەیە ئیسڕائیل تا ئەمڕۆ لە ماڵی داود یاخی بوو.
٢٠ ئەوە بوو کـاتێ هەموو ئیســـڕائیل بیســـتییـان کە یەروبعـام
گەڕاوەتەوە، ناردیان بەدوایدا و بانگیان کرد بۆلای کۆمەڵەکە و
کردیان بە پاشا بەسەر هەموو ئیسڕائیلەوە.
کەســـیش دوای ماڵی داود نەکەوت، تەنها تیرەی یەهوزا نەبێت.
٢١ کاتێ ڕەحوبعام گەیشـــتە ئۆرشـــەلیم، هەموو ماڵی یەهوزا و
تیرەی بنیامینی کۆکردەوە، ســـەدو هەشـــتا هەزار هەڵبژاردەی
جەنگاوەر، تا دژ بە ماڵی ئیســـڕائیل بجەنگێن و پاشـــایەتییەکە بۆ
ڕەحوبعامی کوڕی سلێمان بگێڕنەوە.
٢٢ ئەوە بوو وشـــەی خودا بۆ شـــیمعیای پیاوی خودا هات و وتی:
٢٣ بە ڕەحوبعامی کوڕی ســـلێمان، پاشـــای یەهوزا و هەموو ماڵی
یەهوزا و بنیامین و پاشـــماوەی گەل بڵێ، ٢٤ خوداوەند ئاوای
فەرمووە، ســـەرمەکەون و لە دژی براکـانتـان، لەدژی نەوەی
ئیســـڕائیل مەجەنگن. هەریەکەو بۆ ماڵی خۆی بگەڕێتەوە، چونکە
ئەمە لە لایەن منەوەیە. ئەوانیش گوێیان لە قســـەی خوداوەند گرت
و گەڕانەوە تا بە پێی وشەی خوداوەند بڕۆن.
٢٥ ئینجا یەروبعام شـــەکیمی لە چیای ئەفرایمدا بنیادنا و تیایدا
نیشتەجێ بوو و لەوێشەوە دەرچوو و فەنوئیلی بنیادنا. ٢٦ یەروبعام
لەدڵی خۆیدا وتی، ئێســـتا پاشـــایەتییەکە بۆ ماڵی داود دەگەڕێتەوە.
٢٧ گەر ئەم گەلە ســـەرکەون بۆ ئەوەی لە مـاڵی خوداوەنـد، لە
ئۆرشـــەلیمدا قوربانی پێشـــکەش بکەن، دڵی ئەم گەلە دەگەڕێتەوە
بەلای گەورەکەیاندا بەلای ڕەحوبعامی پاشـــای یەهوزا و منیش
دەکوژن و دەگەڕێنەوە بۆ لای ڕەحوبعامی پاشای یەهوزا. ٢٨ پاش
ڕاوێژ کردن پاشا دوو گوێرەکەی زێڕینی دروستکرد و پێی وتن:
زۆرە لەســـەرتان ســـەرکەون بۆ ئۆرشـــەلیم، ئەوەتا خوداکانت ئەی
ئیســـڕائیل، ئەوانەی لە زەوی میســـرەوە ســـەریانخســـتی .٢٩ ئینجا
یەکێکیانی لە بەیت ئیل دانا و ئەوی تریان لە دان. ٣٠ ئەم کارەش
بوو بە گوناهە و گەل بۆ بەردەم یەکێکیان تا دان دەڕۆیشتن.
٣١ ماڵی بەرزاییەکانیشـی دروستکرد و لە هەموو توێژێکی گەلیش
کـاهینی دانـا لەوانەی لە نەوەی لێڤی نەبوون. ٣٢ یەروبعـام
جەژنیشی دانا لە مانگی هەشت لە ڕۆژی پانزەی مانگ، وەك ئەو
جەژنەی لە یەهوزادا هەبوو و قوربانیشـی ســـەرخســـت بۆ ســـەر
قوربانگاکە. ئاوای کرد لەبەیت ئیل، قوربانی ســـەربڕی بۆ ئەو
دوو گوێرەکەیەی دروســـتیکردن، هەروەها لە بەیت ئیلدا کاهینانی
بەرزاییەکـانی ڕاگرت کە دروســـتی کردبوون. ٣٣ جـا قوربـانی
سەرخست بۆ سەر قوربانگاکە کە دروستی کردبوو لە بەیت ئیل،
لە ڕۆژی پانزەیەمین، لە مانگی هەشت، لەو مانگەی لە دڵی خۆی
دایهێنابوو. جەژنی دانا بۆ نەوەی ئیســـڕائیل و ســـەرکەوت بۆ
بخوور سوتاندن.

# ١٣

١ ئەوە بوو پیاوێکی خودا لە یەهوزاوە بە وشەی خوداوەندەوە هات
بۆ بەیت ئیل، یەربوعامیش لای قوربانگاکەوە ڕاوەســـتابوو بۆ
بخوور سوتاندن. ٢ پیاوەکە ڕووەو قوربانگاکە بە وشەی خوداوەند
هـاواری کرد و وتی: ئەی قوربـانگـا، ئەی قوربـانگـا، خوداوەند
ئاوای فەرموو، ئەوەتا کوڕێك بۆ ماڵی داود لەدایك دەبێت، ناوی
یوشـییایە، کاهینانی بەرزاییەکانت لەســـەر ســـەردەبڕێت، ئەوانەی
بخوورت لەســـەر دەســـووتێنن، ئێســـکی مرۆڤیشـــت لەســـەر
دەســـووتێنرێت. ٣ لەو ڕۆژەدا نیشـــانەیەکی داو وتی: ئەمەش ئەو
نیشـانەیەیە کە خوداوەند قسـەی کردووە، ئەوەتا قوربانگاکە شـەق
دەبات و خۆڵەمێشەکەی سەریشی پەرشوبڵاو دەکرێت. ٤ ئەوە بوو
کە پـاشـــا گوێی لە قســـەکەی پیاوەکەی خودا بوو، کە ڕووەو
قوربـانگـاکە کردی لە بەیـت ئیـل، ئیتر یەربوعـام دەســـتی لە
قوربانگاکەوە درێژکرد و وتی: بیگرن! بەڵام ئەو دەســـتەی کە
ڕووەو ئەو درێژی کرد ووشـــك بوو و نەیتوانی بیگێڕێتەوە لای
خۆی. ٥ ئینجا قوربانگاکە شـــەقی برد و خۆڵەمێشـــەکەی ســـەری
پەرشـــوبڵاو بووەوە، وەك ئەو نیشـــانەیەی پیاوەکەی خودا دای بە
قســـەی خوداوەند. ٦ ئینجا پاشـــا وەڵامی دایەوە و بە پیاوەکەی
خودای وت: تکـایە لەبەرامبەر خوداوەند خوداکەت داوابکە و لە
پێناومدا نوێژ بکە تا دەســـتم بگەڕێتەوە بۆلام. پیاوەکەی خوداش
لەبەرامبەر خوداوەند داوای کرد و دەستی پاشـا گەڕایەوە بۆ لای
وەك جاری جاران. ٧ پاشـا بە پیاوەکەی خودای وت: لە گەڵم وەرە
بۆ ماڵەوە، پشووبدە و پاداشتیشت دەدەمێ. ٨ پیاوەکەی خوداش بە
پاشـــای وت: گەر نیوەی ماڵەکەشـــتم بدەیتێ، لەگەڵتدا نایەم و لەم
شوێنەدا نان ناخۆم و ئاو ناخۆمەوە، ٩ چونکە ئاوا فەرمانم پێکراوە
بە وشـــەی خوداوەند کە فەرمووی، نە نان بخۆ و نە ئاو بخۆرەوە
و نە بەو ڕێگایەشدا بگەڕێوە کە پێی چووی. ١٠ ئینجا بە ڕێگایەکی
تردا ڕۆیشـــت و بەو ڕێگایەدا نەگەڕایەوە کە پیایدا هات بۆ بەیت
ئیل.
١١ پێغەمبەرێکی پیر هەبوو لە بەیت ئیل دەژیا، کوڕەکانی هاتن و
هەموو ئەو کارەیان بۆ گێڕایەوە کە پیاوەکەی خودا لەو ڕۆژەدا لە
بەیت ئیل کردی، ئەو قســـانەش کە بە پاشـــای وتبوو، بۆ باوکیان
گێڕایەوە. ١٢ بـاوکیشـــیـان پێی وتن: بەکـام ڕێگـادا ڕۆیشـــت؟
کوڕەکـانی ئەو ڕێگـایەیـان بینیبوو کە پیـاوەکەی خودا ئەوەی لە
یەهوزاوە هـاتبوو پیـایدا ڕۆیشـــت. ١٣ ئینجـا بە کوڕەکـانی وت:
گوێـدرێژەکەم بۆ کورتـان بکەن، ئەوانیش گوێـدرێژەکەیـان بۆی
کورتان کرد و سواری بوو. ١٤ بەدوای پیاوەکەی خودا ڕۆیشت و
بینییەوە لەژێر دار بەڕوویەکدا دانیشـــتووە، پێی وت: ئـایـا تۆ
پیـاوەکەی خودایـت، ئەوەی لە یەهوزاوە هـاتووە؟ ئەویش وتـی:

بەڵێ ئەوم. ١٥ پێی وت: لەگەڵمدا بڕۆ بۆ ماڵەوە و نان بخۆ.
١٦ ئەویش وتی: ناتوانم لەگەڵت بگەڕێمەوە و لەگەڵت نایەمە
ژوورەوە و لەم شوێنەدا لەگەڵت نان ناخۆم و ئاو ناخۆمەوە.
١٧ چونکە بە وشەی خوداوەند پێم وتراوە، لەوێدا نان مەخۆ و ئاو
مەخۆرەوە و بەو ڕێگایەدا مەگەڕێوە کە پیایدا ڕۆیشتی. ١٨ ئەویش
پێی وت: هەروەها منیش وەك تۆ پێغەمبەرم و فریشتەیەك بە
وشەی خوداوەند قسەی لەگەڵدا کردم و فەرمووی، لەگەڵ خۆتدا
بیگەڕێنەوە بۆ ماڵەکەت نان بخوات و ئاو بخواتەوە. درۆی لەگەڵدا
کرد، ١٩ ئەویش لەگەڵیدا گەڕایەوە و لەماڵەکەیدا نانی خوارد و
ئاوی خواردەوە. ٢٠ لەکاتێکدا کە لەسەر خوانەکە دانیشتبوون،
ئەوەبوو وشەی خوداوەند هات بۆ پێغەمبەرەکەی کە گێڕایەوە.
٢١ بانگی لە پیاوەکەی خودا کرد، ئەوەی لە یەهوزاوە هاتبوو،
وتی: خوداوەند ئاوای فەرموو، لەبەرئەوەی سەرپێچی وشەی
خوداوەندت کرد و ئەو فەرمانەت نەپاراست کە خوداوەند
خوداکەت فەرمانی پێدا و ٢٢ گەڕایتەوە و نانت خوارد و ئاوت
خواردەوە لەو شوێنەی کە پێت وترا نانی تیادا مەخۆ و ئاوی تیادا
مەخۆرەوە، لاشەکەت ناچێتە ناو گۆڕی باوباپیرانتەوە.
٢٣ ئەوە بوو پاش ئەوەی نانیان خوارد و خواردیانەوە،
گوێدرێژەکەی بۆ کورتانکرد، بۆ پێغەمبەرەکە و گەڕایەوە. ٢٤ جا
ڕۆیشت و لە ڕێگا شێرێکی لێ پەیدابوو و کوشتی. ئەوە بوو
لاشەکەی لە ڕێگاکەدا کەوتبوو و گوێ درێژەکەش لەلایەوە
وەستابوو و شێرەکەش لەلای لاشەکەوە وەستابوو.
٢٥ لەوکاتەدا چەند پیاوێك تێپەڕبوون و بینییان لاشەکە لەسەر
ڕێگاکەدا کەوتووە و شێرەکەش لەلای لاشەکەوە ڕاوەستاوە، ئینجا
هاتن و ئەو هەواڵەیان لەو شارەدا بڵاوکردەوە کە پێغەمبەرە
پیرەکە تیایدا دەژیا. ٢٦ کاتێ ئەو پێغەمبەرەی لە ڕێگاکە گێڕایەوە
بیستی، وتی: ئەوە پیاوەکەی خودایە ئەوەی سەرپێچی وشەی
خوداوەندی کرد و خوداوەندیش دایە دەست شێرەوە و پەلاماریدا
و کوشتی، وەك خوداوەند فەرمووی ئاوای بەسەرهات.
٢٧ ئینجا بە کوڕەکانی وت: گوێدرێژەکەم بۆ کورتان بکەن.
ئەوانیش کورتانیان کرد. ٢٨ ڕۆیشت و لاشەکەی بینییەوە لە
ڕێگاکەدا کەوتبوو، گوێدرێژەکە و شێرەکەش لەلای لاشەکەوە
ڕاوەستابوون. شێرەکە لاشەکەی نەخواردبوو و پەلاماری
گوێدرێژەکەشی نەدابوو. ٢٩ ئینجا پێغەمبەرەکە لاشەی پیاوەکەی
خودای هەڵگرت و خستییە سەر گوێدرێژەکە و بردییەوە،
پێغەمبەرە پیرەکە هاتە ناو شارەکەوە تا شیوەنی بۆ بگێڕێت و
بینێژێت. ٣٠ ئینجا لاشەکەیی خستە ناو گۆڕەکەی خۆیەوە و بە ئای
براکەم شیوەنیان بۆی گێڕا. ٣١ ئەوە بوو پاش ئەوەی کە ناشتیان،
قسەی لەگەڵ کوڕەکانیدا کرد و وتی: کە مردم لەو گۆڕەدا بمنێژن
کە پیاوەکەی خودای تیادا نێژرا و لەتەنیشت ئێسکەکانی
ئێسکەکانی منیش دابنێن. ٣٢ چونکە بەتەواوی ئەو وشەیە دێتە دی،
کە بە وشەی خوداوەند ڕووەو قوربانگاکەی بەیت ئێل و ڕووەو
هەموو ماڵی بەرزاییەکان ئەوانەی لە شارەکانی سامیرەدان
کردی.
٣٣ دوای ئەم شتەش، یەروبعام لە ڕێگا خراپەکەی پاشگەز
نەبووەوە، بەڵکو دووبارە کاهینی بەرزاییەکانی لەهەموو لایەکی
گەلەوە دیاریکرد و هەرکەسێك بیویستایە ئەرکی پێدەسپارد و
دەبوو بە یەکێك لە کاهینانی بەرزاییەکان. ٣٤ ئەم کارە بووە گوناهە
بۆ ماڵی یەروبعام و بووە هۆی وێران بوون و لەناوچوونیان
لەسەر ڕووی زەوی.

# ١٤

١ لەو کاتەدا ئەبییای کوڕی یەروبعام نەخۆشکەوت. ٢ یەروبعام بە
ژنەکەی وت هەستە و شێوەی خۆت بگۆڕە تا نەزانن کە تۆ ژنی
یەروبعامیت و بچۆ بۆ شیلوە، ئەوەتا لەوێ ئەخیای پێغەمبەری
لێیە، ئەو دەربارەی من وتی کە دەبم بە پاشا بەسەر ئەم گەلەوە.
٣ لەگەڵ دەستت دە نان و هەندێك گاڵگاڵی و گۆزەیەك هەنگوین
ببە و بڕۆ بۆلای، ئەو پێت ڕادەگەیەنێت کوڕەکە چی لێدێت.
٤ ژنەکەی یەروبعامیش ئاوای کرد و هەستا و چوو بۆ شیلوە و
هاتە ناو ماڵی ئەخیا. ئەخیاش نەیدەتوانی ببینێ، چونکە بەهۆی
پیرییەوە چاوەکانی کزببوون.
٥ خوداوەندیش بە ئەخییای فەرموو: ئەوەتا ژنەکەی یەروبعام دێت
بۆلات تا شتێکت لەبارەی کوڕەکەیەوە لێ بپرسێت، چونکە
نەخۆشە. تۆش ئاوا و ئاوای پێ بڵێ، کە دێتە ژوورەوەش خۆی
گۆڕیوە.
٦ ئەوە بوو کە ئەخییا گوێی لە دەنگی پێی بوو لە دەرگاکەوە دەهاتە
ژوورەوە وتی: وەرە ژوورەوە ژنەکەی یەروبعام، بۆچی وا خۆت
گۆڕیوە، من نێرراوی هەواڵێکی ناخۆشم بۆت. ٧ بڕۆ و بە
یەروبعام بڵێ، خوداوەندی خودای ئیسڕائیل ئاوای فەرمووە،
لەبەر ئەوەی لەنێو گەلەوە بەرزم کردیت و تۆم کرد بە فەرمانڕەوا
بەسەر گەلەکەم ئیسڕائیل. ٨ پاشایەتییەکەشم لە ماڵی داود لەتوپەت
کرد و دام بە تۆ، تۆش وەك داودی خزمەتکارم نەبوویت، ئەوەی
فەرمانەکانی پاراستم و ئەوەی بە هەموو دڵیەوە دوامکەوت، تا
تەنها ئەوەی لەبەر چاومدا ڕاستە بیکات. ٩ بەڵام تۆ خراپ بوویت
تا لە هەموو ئەوانەی پێش خۆت زیاترت کرد، چوویت و خودای
ترت لەگەڵ بتە داڕێژراوەکان بۆ خۆت دروست کرد، تا ڕقم
هەستێنی، منیشت پشتگوێ خست.
١٠ لەبەرئەوە، ئەوەتا خراپە بەسەر ماڵی یەروبعامدا دەهێنم و
هەموو نێرینەیەکی کۆیلە یان ئازادی یەروبعام لە ئیسڕائیلدا
بنبڕدەکەم و پاشینی ماڵی یەروبعام دەسووتێنم هەروەك چۆن
تەپاڵە دەسووتێنرێت تا تەواودەبێت. ١١ مردووی یەروبعام لەناو
شار سەگ دەیخوات و مردووشی لە دەشتودەر باڵندەی ئاسمان
دەیخوات، چونکە خوداوەند فەرمووی. ١٢ تۆش هەستەو بڕۆ بۆ
ماڵەکەت، کە پێ دەخەیتە ناو شارەکەوە کوڕەکەت دەمرێت.
١٣ هەموو ئیسڕائیلیش شیوەنی بۆ دەگێڕن و دەینێژن، چونکە تەنها
ئەمە لە یەروبعام دەچێتە ناو گۆڕەوە، لەبەر ئەوەی کارێکی چاکی
لێ بەدیکراوە سەبارەت بە خوداوەند خودای ئیسڕائیل، لە ماڵی
یەروبعام. ١٤ خوداوەندیش پاشایەك بۆ خۆی بەسەر ئیسڕائیلەوە
ڕاست دەکاتەوە کە ماڵی یەروبعام بنبڕ دەکات. ئەمە ڕۆژەکەیە!
بەڵێ، ئەمە ڕۆژەکەیە. ١٥ خوداوەند لە ئیسڕائیلیش دەدات وەك
لەرینی قامیش لەناو ئاو و ئیسڕائیل ڕیشەکێش دەکات لەم زەوییە
چاکە، ئەوەی بە باوباپیرانیانی داوە و پەرتیان دەکات بۆ ئەوبەری
ڕووبار، لەبەر ئەوەی ئەشێرەکانیان دروست کرد و ڕقی
خوداوەندیان هەستاند. ١٦ وازیش لە ئیسڕائیل دەهێنێت بە هۆی
گوناهەکانی یەروبعامەوە، کە گوناهەی کرد و وای لە ئیسڕائیلیش
کرد گوناهە بکات.
١٧ ئینجا ژنەکەی یەروبعام هەستا و ڕۆیشت و هات بۆ تیرسە و
کە گەیشتە نزیك دەرگاکە کوڕەکە مرد. ١٨ جا ناشتیان و هەموو
ئیسڕائیل شیوەنی بۆ گێڕا، هەروەك خوداوەند فەرمووی لەسەر
دەستی خزمەتکارەکەی، ئەخییای پێغەمبەر.
١٩ پاشماوەی کاروبارەکانی یەروبعامیش کە چۆن جەنگاوە و
چۆن پاشایەتی کردووە، ئەوەتان لە پەرتووکی هەواڵی ڕۆژانی
پاشاکانی ئیسڕائیلدا نووسراون. ٢٠ ئەو ڕۆژانەش کە یەروبعام
پاشایەتی تیاداکرد، بیستو دوو ساڵ بوون، ئینجا لەگەڵ
باوباپیرانیدا سەری نایەوە و نادابی کوڕی لەجێی ئەو پاشایەتی
کرد.
٢١ ڕەحوبعامی کوڕی سلێمانیش لە یەهوزادا پاشایەتی کرد لە
تەمەنی چلو یەك ساڵیدا، حەڤدە ساڵ لە ئۆرشەلیمدا پاشایەتی کرد،
ئەو شارەی خوداوەند لەناو هەموو تیرەکانی ئیسڕائیلدا هەڵیبژارد
تا ناوی خۆی تیادا دابنێت، ناوی دایکیشی نەعەمەی عەمۆنی بوو.
٢٢ یەهوزاش لەبەرچاوی خوداوەنددا خراپەیان کرد زیاتر لە
هەموو ئەوەی باوباپیرانیان کردبوویان، جا دڵگەرم و تووڕەیان

کرد بەو گوناهانەی کە کردیان. ٢٣ هەروەها ئەوانیش بۆ خۆیان
بەرزایی و کۆڵەکە و ئەشـێرەکانیان بنیادنا لەسـەر هەر گردێکی
بەرز و لەژێر هەر دارێکی سـەوزدا. ٢٤ هەروەهـا دوودەکی
هەبوون لە خاکەکەدا، وەك هەموو گڵاوی ئەو گەلانەیان کرد کە
خوداوەند لەبەردەم نەوەی ئیسڕائیلدا وەدەرینان.
٢٥ ئەوە بوو لە پێنجەمین ساڵی ڕەحوبعام پاشادا، شیشەقی پاشای
میسر بەرەو ئۆرشەلیم سەرکەوت. ٢٦ گەنجینەکانی ماڵی خوداوەند
و ماڵی پاشا و هەموو شتێکی برد، هەموو قەڵغانە زێڕینەکانیشی
برد، ئەوانەی سلێمان دروستی کردبوون. ٢٧ جا ڕەحوبعام پاشا لە
جێی ئەوان قەڵغانی مسی دروستکرد و دانی بە دەست پاسەوانانی
تایبەت، پارێزەرانی دەرگای ماڵی پاشـا. ٢٨ هەرکاتێك پاشـا بۆ
ماڵی خوداوەند بچووبایە، پاسـەوانەکان هەڵیاندەگرتن و پاشـان
دەیانبردنەوە بۆ ژووری پاسەوانەکان.
٢٩ پاشـماوەی کاروبارەکانی ڕەحوبعام و هەموو ئەوەی کردی،
ئەوەتـا لە پەرتووکی هەواڵی ڕۆژانی پاشـاکانی یەهوزادا
نووسـراون. ٣٠ هەموو ڕۆژانیش جەنگ لە نێوان ڕەحوبعام و
یەروبعامدا هەبوو. ٣١ ئینجا ڕەحوبعام لەگەڵ باوباپیرانیدا سـەری
نایەوە و لەگەڵ باوباپیرانیدا لە شـاری داوددا بە خاك سـپێردرا و
دایکی ناوی نەعەمەی عەمونی بوو، ئینجا ئەبیامی کوڕی لە جێی
ئەو پاشایەتی کرد.

# ١٥

١ لە هەژدەیەمین ساڵی یەروبعام پاشای کوڕی نبات، ئەبیام بوو بە
پاشای یەهوزا. ٢ سێ ساڵ لە ئۆرشـەلیمدا پاشایەتی کرد و ناوی
دایکی مەعکەی کچی ئەبیشـالۆم بوو. ٣ بە هەموو گوناهەکانی
باوکیدا ڕۆیشت کە لە پێش ئەوەوە کردبوونی و دڵی ڕاست نەبوو
لەگەڵ خوداوەند خودای، وەك دڵی داودی باوکی. ٤ بەڵام لەبەر
داود خوداوەند خوداکەی چرایەکی لە ئۆرشـەلیمدا پێدا، بەوەی کە
کوڕەکەی لە پاش خۆی ڕاسـتکردەوە و ئۆرشـەلیمیشـی ڕاگرت.
٥ چونکە داود لەبەرچاوی خوداوەندا ئەوەی کرد کە ڕاسـتە و لە
هیچ لاینەدا لە هەموو ئەوەی فەرمانی پێکرابوو لە هەموو ڕۆژانی
ژیانی، تەنها لە مەسـەلەکەی ئوریای خیتی نەبێت. ٦ جەنگیش
هەبوو لەنێوان ڕەحوبعام و یەروبعامدا بە درێژایی ڕۆژەکانی
ژیانی.
٧ پاشـماوەی کاروبارەکانی ئەبیام و هەموو ئەوەی کردی، ئەوەتا
لە پەرتووکی هەواڵی ڕۆژانی پاشـاکانی یەهوزادا نووسـراون.
جەنگ لەنێوان ئەبیام و یەروبعامیشـدا هەبوو. ٨ جا ئەبیام لەگەڵ
باوباپیرانیدا سەری نایەوە و لە شاری داوددا نێژرا، ئینجا ئاسای
کوڕی لە جێی ئەو پاشایەتی کرد.
٩ لە بیستەیەمین ساڵی یەروبعامی پاشای ئیسڕائیلدا، ئاسا بوو بە
پاشای یەهوزا. ١٠ چلو یەك ساڵ لە ئۆرشـەلیمدا پاشایەتی کرد و
ناوی دایکی مەعکەی کچی ئەبیشـالۆم بوو. ١١ ئاسـا وەك داودی
بـاوکی، ئەوەی کرد کە ڕاسـتە لەبەر چـاوی خوداوەنـددا و
دوودەکییەکانی لە زەوییەکەدا ڕاماڵی و هەموو ئەو بتانەشی لابرد
کە باوباپیرانی دروستیان کردبوون. ١٣ تەنانەت مەعکەی دایکیشی
لە پلەی شـاژنە دایك لابرد، لەبەرئەوەی پەیکەری بۆ ئەشـێرە
دروسـت کرد، ئاسـا پەیکەرەکەیی بڕییەوە و لە دۆڵی قەدروندا
سـووتاندی. ١٤ بەڵام بەرزاییەکان لانەبران، لەگەڵ ئەمەش دڵی
ئـاسـا بە تەواوی لەگەڵ خوداوەنددا بوو هەموو ڕۆژەکـانی.
١٥ پیرۆزکراوەکانی باوکی و پیرۆزکراوەکانی خۆشـی لە زیو و
زێڕ و قاپوقاچاخ هینا بۆ ماڵی خوداوەند.
١٦ بەدرێژایی ڕۆژەکانیشـیان جەنگ لە نێوان ئاسـا و بەعشـای
پاشای ئیسڕائیلدا هەبوو.
١٧ جا بەعشـای پاشـای ئیسـڕائیل سـەرکەوت بۆ سـەر یەهوزا و
ڕامەی بنیادنـا تـا نـەهێڵێ کەس بێتەدەرەوە یـان بچێتەژوورەوە بۆ
لای ئاسای پاشای یەهوزا. ١٨ ئاساش هەموو زیو و زێڕەکانی کە
مـابووەوە لەنـاو گەنجینەکـانی مـاڵی خوداوەنـد و مـاڵی پـاشـادا
هەڵیگرت و دای بە دەست خزمەتکارەکانی، ئاسا پاشا ناردنی بۆ
بنهەدەدی کوڕی تەبڕیمۆنی کوڕی خەزیۆنی پاشـای ئارام کە لە
دیمەشـق دادەنیشـت و وتی: ١٩ پەیمانێك لەنێوان من و تۆدا و
لەنێوان بـاوکم و بـاوکتـدا هەیە، ئەوەتـا دیـاری زیو و زێڕم بۆ
ناردووی، جا وەرە پەیمانەکەت لەگەڵ بەعشـای پاشـای ئیسـڕائیل
هەڵوەشـێنەوە، تا لە کۆڵم ببێتەوە. ٢٠ بەنهەدەد گوێی لە ئاسـا پاشـا
گرت و سـەرکردەی هێزەکـانی کە هەیبوو نـاردنی بۆ سـەر
شـارەکانی ئیسـڕائیل و دای لە عیون و لە دان و لە ئابێلی بەیت
مەعکە و لە هەموو کینرۆت و هەموو زەوی نەفتالی. ٢١ ئەوەبوو
کە بەعشا ئەمەی بیستەوە دەستی هەڵگرت لە بنیادنانی ڕامە و لە
تیرسە دانیشت. ٢٢ ئاسا پاشاش بێ ئەوەی کەسیان لێ بەدەر بکات،
هەموو یەهوزای بانگکرد و داروبەردەکەی ڕامەیان هەڵگرت کە
بەعشـا بنیادینابوون، ئینجا ئاسـا پاشـا بەوان گبەع بنیامین و
میسفاتی بنیادنا.
٢٣ پاشـماوەی کاروبارەکانی ئاسـا و هەموو پاڵەوانێتییەکەی و
هەموو ئەو شـتانەی کردنی و هەموو ئەو شـارانەی بنیادینان،
ئەوەتـان لە پەرتووکی هەواڵی ڕۆژانی پـاشـاکـانی یەهوزادا
نووسراون. بەڵام لەسـەردەمی پیریدا قاچەکانی تووشی نەخۆشی
بوون. ٢٤ ئاسـاش لەگەڵ باوباپیرانیدا سـەری نایەوە و لەگەڵ
باوباپیرانیدا لە شـاری داودی باوکیدا نێژرا، ئینجا یەهوشـافاتی
کوڕی لەجێی ئەو بوو بە پاشا.
٢٥ نادابی کوڕی یەروبعامیش لە سـاڵی دووەمی ئاسـای پاشـای
یەهوزادا، بوو بە پاشـا بەسـەر ئیسـڕائیل و دوو سـاڵ پاشـایەتی
بەسـەر ئیسـڕائیلەوە کرد. ٢٦ لەبەرچاوی خوداوەنددا خراپەی کرد
و بە ڕێگاکەی باوکیدا ڕۆیشـت و بەو گوناهەیەی کە بەهۆیەوە
ئیسـڕائیل گوناهەی کرد. ٢٧ ئینجا بەعشـای کوڕی ئەخییای ماڵی
یەسـاکر پیلانی دژی گێڕا و بەعشـا لە گبتۆن کە هی
فەلەسـتینییەکانە لێیدا، کاتێ ناداب و هەموو ئیسـڕائیل گەمارۆی
گبتۆنیان دابوو. ٢٨ جا بەعشـا لە سـێیەمین سـاڵی ئاسـای پاشـای
یەهوزادا کوشتی و لەجێی ئەو بوو بە پاشـا. ٢٩ کە بوو بە پاشـا لە
هەموو ماڵی یەروبعامی دا و هیچ هەناسـەیەکی لە یەروبعامدا
نەهێشـت تا لەناوینەبرد، بە پێی وشـەی خوداوەند کە بە دەسـتی
خزمەتکـارەکەی ئەخییـای شـیلونی فەرمووبووی. ٣٠ لەبەر
گوناهەکانی یەروبعام کە کردنی و بەهۆیانەوە وای لە ئیسـڕائیل
کـرد گـونـاه بـکەن بەو تـووڕەکـردنەی کە خـوداوەنـد خـودای
ئیسڕائیلیان پێ تووڕە کرد.
٣١ پاشـماوەی کاروبارەکانی ناداب و هەموو ئەو شـتانەی کردنی
ئەوەتان لە پەرتووکی هەواڵی ڕۆژانی پاشـاکانی ئیسـڕائیلدا
نووسراون. ٣٢ بە درێژایی ڕۆژەکانیشیان جەنگ لە نێوان ئاسا و
بەعشای پاشای ئیسڕائیلدا هەبوو.
٣٣ لە سێیەمین ساڵی ئاسای پاشای یەهوزدا بەعشای کوڕی ئەخییا
لەتیرسەدا بۆ بیستو چوار ساڵ پاشایەتی بەسەر هەموو ئیسڕایلدا
کرد. ٣٤ لەبەر چـاوی خوداوەنـددا خراپەی کرد و بە ڕێگـاکەی
یەروبعامدا ڕۆیشـت و بە گوناهەکانیدا کە بەهۆیەوە ئیسـڕائیل
گوناهەی کرد.

# ١٦

١ وشەی خوداوەند لەسەر بەعشا بۆ یاهوی کوڕی حەنانی هات و
فەرمووی: ٢ لەبەرئەوەی لە خۆڵەوە تۆم بەرزکردەوەو تۆم کرد
بە فەرمانڕەوا بەسـەر گەلەکەم ئیسـڕائیلەوە، تۆش بە ڕێگاکەی

یەروبعامدا ڕۆیشتیت و وات لە گەلەکەم ئیسڕائیل کرد گوناهە
بکەن و تووڕەم بکەن بە گوناهەکانیان، ٣ ئەوەتا دوای بەعشا و
دوای ماڵەکەی دەبڕمەوە و ماڵەکەت وەك ماڵەکەی یەروبعامی
کوڕی نابات لێ دەکەم. ٤ ئەوەی لە بەعشا لە شاردا بمرێت سەگ
دەیخوات و ئەوەشی لە کێڵگەدا بمرێت باڵندەی ئاسمان.
٥ پاشماوەی کاروبارەکانی بەعشا و ئەوانەی کردنی و
پاڵەوانێتییەکەی ئەوەتان لە پەرتووکی هەواڵی ڕۆژانی پاشاکانی
ئیسڕائیلدا نووسراون. ٦ ئینجا بەعشا لەگەڵ باوباپیرانیدا سەری
نایەوە و لەتیرسەدا نێژرا، ئەیلەی کوڕیشی لە جێی ئەو بوو بە
پاشا. ٧ جارێکی کەش بەدەستی یاهو پێغەمبەری کوڕی حەنانی
وشەی خوداوەند هات سەبارەت بە بەعشا و بە ماڵەکەی و لەسەر
هەموو ئەو خراپانەی کە کردنی لەبەرچاوی خوداوەند بەوەی کە
تووڕەی کرد بە کردەوەکانی دەستی و وەك ماڵی یەروبعامی
لێهات و لەبەرئەوەی کە کوشتی.
٨ لەبیستو شەشەمینساڵی ئاسای پاشای یەهوزادا ئەیلەی کوڕی
بەعشا لە تیرسەدا دوو ساڵ بوو بە پاشای ئیسڕائیل. ٩ زیمری
خزمەتکاری کە سەرۆکی نیوەی گالیسکەکان بوو، پیلانی دژی
گێڕا کاتێ لە تیرزە بوو دەیخواردەوە و سەرخۆش دەبوو لە ماڵی
ئەرسا ئەوەی بەسەر ماڵەکەوە بوو لە تیرسە. ١٠ زیمری هاتە
ژوورەوە و لێیدا و لەبیستو حەوتەمین ساڵی ئاسای پاشای
یەهوزادا کوشتی و لەجێی ئەو بوو بە پاشا. ١١ لەکاتی بە پاشا
بوونی و دانیشتنی لەسەر تەختەکەی لە هەموو ماڵی بەعشای دا،
نە نێرینەی بۆ هێشتەوە و نە کەسوکار و نە برادەر. ١٢ زیمری
هەموو ماڵی بەعشای لەناوبرد بەپێی وشەی خوداوەند کە بە
دەستی یاهو پێغەمبەر سەبارەت بە بەعشا فەرمووبووی. ١٣ لەبەر
هەموو گوناهەکانی بەعشا و گوناهەکانی ئەیلەی کوڕی کە
کردیان و بەهۆیانەوە وایان لە ئیسڕائیل کرد گوناهە بکەن و بە
شتە پووچەکانیان خوداوەند خودای ئیسڕائیل تووڕەبکەن.
١٤ پاشماوەی کاروبارەکانی ئەیلە و هەموو ئەوەی کردنی ئەوەتان
لە پەرتووکی هەواڵی ڕۆژانی پاشاکانی ئیسڕائیلدا نووسراون.
١٥ لەبیستو حەوتەمین ساڵی ئاسای پاشای یەهوزادا زیمری حەوت
ڕۆژ لەتیرسەدا بوو بە پاشا، گەلیش گەمارۆی گبتۆنی
فەلەستینییەکانیان دابوو. ١٦ جا گەلەکە کە گەمارۆیان دابوو
بیستیان دەوترا، زیمری پیلانی گێڕاوە و هەروەها پاشاشی
کوشتووە. ئینجا هەموو ئیسڕائیل لەو ڕۆژەدا لە ئۆردوگاکە
عومریی سەرکردەی سوپایان کرد بە پاشا بەسەر ئیسڕائیلەوە.
١٧ ئینجا عومری و هەموو ئیسڕائیل لەگەڵیدا لە گبتۆنەوە
سەرکەوتن و تیرسەیان گەمارۆدا. ١٨ ئەوە بوو کە زیمری بینی
شارەکە گیرا، چووە ناو کوشکی ماڵی پاشاوە و ماڵی پاشای بە
ئاگر بەسەر خۆیدا سووتاند و مرد، ١٩ لەسەر گوناهەکانی کە
کردی، بەوەی خراپەی کرد لەبەرچاوی خوداوەند، بە ڕۆیشتنی
بە ڕێگای یەروبعامدا و بە گوناهەکانی کە کردنی و بوونە هۆی
گوناهە کردنی ئیسڕائیل.
٢٠ پاشماوەی کاروبارەکانی زیمری و ئەو پیلانەی کە گێڕای
ئەوەتان لە پەرتووکی هەواڵی ڕۆژانی پاشاکانی ئیسڕائیلدا
نووسراون.
٢١ لەو کاتەدا گەلی ئیسڕائیل بوو بە دوو بەشەوە، نیوەی گەلەکە
بە دوای تیبنی کوڕی گینەتەوە بوون تا بیکەن بە پاشا، نیوەکەی
تریش بە دوای عومرییەوە بوون. ٢٢ ئەو گەلەی بە دوای
عومرییەوە بوون زاڵبوون بەسەر ئەو گەلەی بە دوای تیبنی
کوڕی گینەتەوە بوون، جا تیبنی مرد و عومری بوو بە پاشا.
٢٣ لەسی و یەکەمین ساڵی ئاسای پاشای یەهوزادا عومری بوو بە
پاشای ئیسڕائیل بۆ ماوەی دوانزە ساڵ و شەش ساڵ لە تیرسەدا
پاشایەتی کرد. ٢٤ ئینجا چیای سامیرەی لە شامیر بە دوو کێش زیو
کڕی و دەستی کرد بە بنیادنان لە چیاکە و ئەو شارەی کە بنیادی
نا، ناوی نا شامیر بە ناوی شامیری خاوەنی چیای سامیرەوە.
٢٥ عومریش لەبەرچاوی خوداوەنددا خراپەی کرد و لەهەموو
ئەوانەی پێش خۆی زیاتر خراپەی کرد. ٢٦ بە هەموو ڕێگاکانی
یەروبعامی کوڕی ناباتدا و بە گوناهەکانیدا ڕۆیشت کە ئیسڕائیلی
تووشی گوناهە کرد بە تووڕەکردنی خوداوەند خودای ئیسڕائیل
بە شتە پڕوپووچەکانیان.
٢٧ پاشماوەی کاروبارەکانی عومری کە کردنی و پاڵەوانێتییەکەی
کە کردی ئەوەتان لە پەرتووکی هەواڵی ڕۆژانی پاشاکانی
ئیسڕائیلدا نووسراون. ٢٨ ئینجا عومری لەگەڵ باوباپیرانیدا سەری
نایەوە و لە سامیرەدا نێژرا و ئاخابی کوڕی لەجێی ئەو بوو بە
پاشا.
٢٩ ئاخابی کوڕی عومری لەسی و هەشتەمین ساڵی ئاسای پاشای
یەهوزادا بوو بە پاشا بەسەر ئیسڕائیلەوەو بیستو دوو ساڵ لە
سامیرەدا پاشایەتی بەسەر ئیسڕائیلەوە کرد. ٣٠ ئاخابی کوڕی
عومریش لە هەموو ئەوانەی پێش خۆی زیاتر خراپەی
لەبەرچاوی خوداوەندا کرد. ٣١ ئەوە بوو کەم بوو بەلایەوە
ڕۆیشتنی بە گوناهەکانی یەروبعامی کوڕی نباتەوە، ئینجا
ئیزابەلی کچی ئەسبەعلی پاشای سەیدونییەکانی هێنا و چوو
بەعلی پەرست و کڕنۆشی بۆ برد. ٣٢ قوربانگایەکیشی بۆ بەعل
ڕاست کردەوە لە ماڵی بەعل، ئەوەی لە سامیرەدا بنیادینا .
٣٣ هەروەها ئاخاب ئەشێرەی دروستکرد و ئاخاب زیاتری کرد بۆ
تووڕەکردنی خوداوەند خودای ئیسڕائیل لە هەموو پاشاکانی
ئیسڕائیل زیاتر لەوانەی پێش خۆی.
٣٤ لە ڕۆژەکانیدا خێیئیلی بەیتئیلی ئەریحای بنیادنا، بە ئەبیرامی
کوڕە نۆبەرەکەی بناغەکەی دانا و بەسگیبی کوڕە بچکۆلەکەشی
دەرگاکانی چەقاند، هەروەك چۆن وشەی خوداوەند لەسەر دەستی
یەشوعی کوڕی نون فەرمووبووی.

# ١٧

١ ئینجا ئیلییای تشبی دانیشتووی جیلعاد بە ئاخابی وت: زیندووە
خوداوەند خودای ئیسڕائیل ئەوەی لەبەردەمی ڕاوەستام، لەم چەند
ساڵەی داهاتوودا نە شەونم دەبێت و نە باران تا لە دەمی منەوە
نەوترێ!
٢ پاشان وشەی خوداوەندی بۆ هات و فەرمووی: ٣ لێرە بڕۆ و
ڕووبکەرە خۆرهەڵات، لەلای ڕووباری کریت ئەوەی بەرامبەر
بە ڕووباری ئوردونە خۆت بشارەوە. ٤ ئاو خواردنەوەت لە
ڕووبارەکە دەبێت و فەرمانیشم بە قەلەڕەشەکان داوە لەوێ
خواردنت بۆ دابین بکەن. ٥ ئەویش ڕۆیشت و بە پێی وشەی
خوداوەندی کرد، ڕۆیشت و لەلای ڕووباری کریت ئەوەی
بەرامبەر ڕووباری ئوردونە مایەوە. ٦ قەلەڕەشەکانیش نان و
گۆشتیان بۆی دەهێنا بە بەیانیان و نان و گۆشتیش بە ئێواران، لە
ڕووبارەکەش ئاوی دەخواردەوە. ٧ ئەوە بوو پاش ماوەیەك
ڕووبارەکە وشکی کرد، چونکە باران لە زەویەکەدا نەبوو.
٨ ئینجا وشەی خوداوەندی بۆ هات و فەرمووی: ٩ هەستە و بڕۆ
بۆ سیڕفەی سەیدون و لەوێ بمێنەوە، ئەوەتا لەوێ فەرمانم بە
بێوەژنێك داوە خواردنت بۆ دابین بکات. ١٠ ئەویش هەستا و چوو
بۆ سیڕفە، هاتە لای دەروازەی شارەکە و بێوەژنێکی بینی لەوێدا
پوشوپەڵاش کۆدەکاتەوە، بانگی کرد و وتی: بێزەحمەت جامێ
ئاوم بۆ بهێنە با بیخۆمەوە. ١١ کاتێك کە ڕۆیشت بیهێنێت، بانگی
کردەوە و وتی: لەگەڵ دەستتا پارچۆکەیەك نانم بۆ بهێنە. ١٢ ئەویش
وتی: زیندووە خوداوەند خوداکەت، ئەگەر نانم هەبێت، مشتێك
ئارد نەبێت لە کوپەیەکدا و تۆزێك ڕۆن لە گۆزەیەکدا، ئەوەتا دوو
دارم کۆکردۆتەوە تا بیانبەمەوە و ژەمێك بۆ خۆم و کوڕەکەم
دروست بکەم و بیخۆین و بمرین. ١٣ ئیلییاش پێی وت: مەترسە،
بڕۆرەوە و ئەوە بکە کە وتت، بەڵام یەکەم جار کولێرەیەکی

بچکۆلەم لەوان بۆ دروست بکە و بیهێنەدەرەوە بۆم، پاشانیش بۆ
خۆت و کوڕەکەتی بکە.
١٤ چونکە خوداوەند خودای ئیسڕائیل وای فەرمووە، کوپەی
ئاردەکە بەتاڵ نابێت و گۆزەی ڕۆنەکەش لێی کەم ناکات تا ئەو
ڕۆژەی خوداوەند تیایدا باران بەسەر ڕووی زەویدا دەبارێنێت.
١٥ ئەویش ڕۆیشت و بەپێی قسەکەی ئێلییای کرد و خۆیی و ئەو و
ماڵەکەی چەند ڕۆژێك خواردیان. ١٦ کوپەی ئاردەکە بەتاڵ نەبوو
و گۆزەی ڕۆنەکەش لێی کەم نەبووەوە، وەك ئەوەی وشەی
خوداوەند لەسەر ئێلییا فەرمووی.
١٧ ئەوە بوو پاش ئەم شتانە، کوڕی ئەو ژنەی خاوەن ماڵەکە بوو
نەخۆشکەوت، نەخۆشییەکەی بەجۆرێك سەخت بوو کە هەناسەی
تیادا نەما. ١٨ جا بە ئێلییای وت: چیت هەیە لەسەرم ئەی پیاوی
خودا، هاتوویت بۆ لام تا تاوانەکەم بەبیر بهێنیتەوە و کوڕەکەم
بمرێنیت؟ ١٩ ئەویش پێی وت: کوڕەکەتم بدەرێ، جا لە باوەشیەوە
بردی و سەری خست بۆ ژوورەکەی سەرەوە کە تیایدا دەمایەوە و
لەسەر جێگاکەی خۆی پاڵیخست. ٢٠ هاواری بۆ خوداوەند کرد و
وتی: خوداوەند خودام، ئایا هەروەها بەسەر ئەم بێوەژنەش کە من
لەلای ئاوارەم خراپەت هێنا، بەوەی کوڕەکەیت کوشت؟ ٢١ ئینجا
سێ جار لەسەر کوڕەکە پاڵکەوت و هاواری بۆ خوداوەند کرد و
وتی: خوداوەند خودام، با گیانی ئەم کوڕە بگەڕێتەوە ناوی.
٢٢ خوداوەندیش گوێی لە دەنگی ئێلییا گرت و گیانی کوڕەکە
گەڕایەوە ناوی و زیندوو بووەوە. ٢٣ ئینجا ئێلییا کوڕەکەی برد و
لە ژوورەکەی سەرەوە دایبەزاند بۆ ناو ماڵەکە و دای بە دایکی.
ئێلییا وتی: ببینە کوڕەکەت زیندووە! ٢٤ ژنەکەش بە ئێلییای وت:
ئێستا زانیم کە تۆ پیاوی خودایت و وشەی خوداوەندیش لە دەمتدا
ڕاستیە.

# ١٨

١ ئەوە بوو پاش ڕۆژانێکی زۆر، وشەی خوداوەند بۆ ئێلییا هات
لە ساڵی سێیەمدا، فەرمووی: بڕۆ و خۆت پیشانی ئاخاب بدە،
منیش باران بۆ سەر زەوییەکە دەبارێنم. ٢ جا ئێلییا چوو خۆی
پیشانی ئاخاب بدات، برسێتییەکەش لە سامیرەدا زۆر توند بوو.
٣ ئاخاب عوبەدیای بانگکرد ئەوەی بەسەر ماڵەکەوە بوو،
عوبەدیاش زۆر لە خوداوەند دەترسا. ٤ ئەوە بوو کاتێ کە ئیزابەل
پێغەمبەرەکانی خوداوەندی قڕ دەکرد، عوبەدیا سەد پێغەمبەری
برد و شاردیانیەوە، هەر پەنجاو لە ئەشکەوتێك و نان و ئاوی بۆ
دابینکردن . ٥ ئاخاب بە عوبەدیای وت: بەناو زەویەکەدا بڕۆ بۆ
هەموو کانیاوەکان و بۆ هەموو دۆڵەکان، بەڵکو گیا پەیدا بکەین و
ئەسپەکان و ئێسترەکان بەزیندوویی بهێڵینەوە و لە ئاژەڵ
نەبڕێینەوە. ٦ ئینجا زەوییەکەیان لەنێوانیاندا دابەش کرد تا بە
ناویدا بڕۆن، ئاخاب بە ڕێگایەکدا بە تەنیا ڕۆیشت و عوبەدیاش
بە ڕێگایەکی تردا بە تەنیا ڕۆیشت.
٧ ئەوە بوو کاتێ عوبەدیا بە ڕێگاوە بوو، تووشی ئێلییا بوو، جا
ناسییەوە و بەسەر ڕوویدا کەوت و وتی: ئەوە تۆی گەورەم،
ئێلییا؟ ٨ ئەویش وتی: منم، بڕۆ بە گەورەکەت بڵێ ئەوەتا ئێلییا
لێرەیە. ٩ ئەویش وتی: گوناهم چییە؟ تا خزمەتکارەکەت بدەیت بە
دەست ئاخابەوە بمکوژێت. ١٠ زیندووە خوداوەند خوداکەت، گەلێك
و پاشایەتییەك نەماوە گەورەم کەسێکی بە دواتا نەناردبێت و
دەیانووت نییە، جا سوێندی دەدان کە تۆیان نەبینیوەتەوە. ١١ تۆش
ئێستا دەڵێیت بڕۆ بە گەورەکەت بڵێ، ئەوەتا ئێلییا لێرەیە.
١٢ ئەوەش دەبێت کە من لەلات دەڕۆم و ڕۆحی خوداوەند
هەڵتدەگرێت بۆ شوێنێك کە من نایزانم، جا کە دێم و بە ئاخاب
ڕادەگەیەنم و ئەویش ناتدۆزێتەوە و دەمکوژێت، خزمەتکارەکەشت
لە منداڵییەوە لە خوداوەند دەترسێت. ١٣ ئایا بە گەورەم
ڕانەگەیەندراوە ئەوەی کە کردم، کاتێك ئیزابەل پێغەمبەرەکانی
خوداوەندی کوشت، منیش سەد لە پیغەمبەرانی خوداوەندم
شاردەوە هەر پەنجاو لە ئەشکەوتێك و نان و ئاوم بۆ دابینکردن .
١٤ ئێستاش تۆ پێم دەڵێیت بڕۆ بە گەورەکەت بڵێ ئەوەتا ئێلییا
لێرەیە، ئەویش دەمکوژێت.
١٥ ئێلییاش وتی: زیندووە خوداوەندی سوپاسالار ئەوەی
لەبەردەمی وەستاوم، من ئەمڕۆ خۆم پیشانی ئاخاب دەدەم. ١٦ ئینجا
عوبەدیا بەرەو لای ئاخاب چوو و پێی ڕاگەیاند، ئاخابیش بەرەو
لای ئێلییا چوو. ١٧ ئەوە بوو کە ئاخاب ئێلییا بینی، ئاخاب پێی
وت: ئەوە تۆی، تێکدەری ئیسڕائیل؟ ١٨ ئەویش وتی: من ئیسڕائیلم
تێك نەداوە، بەڵکو تۆ و ماڵی باوکت بە وازهێنانتان لە فەرمانەکانی
خوداوەند و ڕۆیشتنتان بە دوای بەعلیمەوە. ١٩ ئێستاش بنێرە و
هەموو ئیسڕائیلم لێ کۆبکەوە لە چیای کەرملدا، لەگەڵ
پێغەمبەرەکانی بەعل کە چوار سەدو پەنجان و پێغەمبەرەکانی
ئەشێرەش کە چوار سەدن و لەسەر خوانەکەی ئیزابەل نان
دەخۆن.
٢٠ جا ئاخاب ناردی بە ناو هەموو نەوەی ئیسڕائیلدا و
پێغەمبەرەکانی بۆ چیای کەرمل کۆکردەوە. ٢١ ئێلییاش لە هەموو
گەل چووە پێشەوە و وتی: تا کەی لەسەر هەردوو پەتەکە یاری
دەکەن؟ ئەگەر خوداوەند خودایە دوایکەون، ئەگەر بەعلیش خودایە
دوای ئەو بکەون. بەڵام گەلەکە بە یەك وشەش وەڵامیان نەدایەوە.
٢٢ پاشان ئێلییا بە گەلەکەی وت: من بە پێغەمبەری خوداوەند
ماومەتەوە بە تەنها، پێغەمبەرەکانی بەعلیش چوار سەدو پەنجا
پیاون. ٢٣ دوو گامان بدەنێ، با ئەوان گایەك بۆ خۆیان هەڵبژێرن
و لەتی بکەن و لەسەر تەختەدارەکانی دابنێن، بەڵام با ئاگری
تێبەرنەدەن. منیش گایەکەی تر والێدەکەم و لەسەر تەختەدارەکان
دایدەنێم و ئاگری تێبەرنادەم . ٢٤ ئینجا بە ناوی خوداکانتانەوە بانگ
بکەن و منیش بە ناوی خوداوەندەوە بانگ دەکەم، ئەو خودایەی
کە بە ئاگر وەڵام دەداتەوە ئەوە خودایە. هەموو گەل وەڵامیان
دایەوە و وتیان: قسەیەکی جوانە.
٢٥ ئینجا ئێلییا بە پێغەمبەرەکانی بەعلی وت: گایەك بۆ خۆتان
هەڵبژێرن و یەکەمجار ئێوە بیکەن لەبەر ئەوەی ئێوە زۆرترن،
بەناوی خوداکانتانەوەش بانگ بکەن، بەڵام ئاگری تێبەرمەدەن .
٢٦ جا گایەکەیان برد ئەوەی پێیان درا و ئامادەیان کرد، بە ناوی
بەعلیشەوە لە بەیانییەوە تا نیوەڕۆ بانگیان کرد و وتیان: ئەی
بەعل وەڵاممان بدەرەوە. بەڵام کوا دەنگ و کوا وەڵام. هەروەها
هەڵدەبەزینەوە بە دەوری قوربانگاکەدا کە دروستیانکردبوو.
٢٧ ئەوە بوو لەنیوەڕۆدا ئێلییا گاڵتەی پێکردن و وتی: بە دەنگی
بەرز هاوار بکەن، چونکە ئەو خودایە، لەوانەیە داڵغەی لێدابێت،
یان لەخەڵوەتدا بێت، یان لەگەشت بێت یان لەوانەیە خەوتووبێت و
بەئاگا بێتەوە. ٢٨ ئەوانیش بە دەنگی بەرز هاواریان کرد و وەك
پیشەی خۆیان بە شمشێر و ڕم لەخۆیان دا تا خوێنیان لێ چۆڕا.
٢٩ ئەوە بوو کە نیوەڕۆ بەسەرچوو و تا کاتی سەرخستنی
قوربانییەکە پێشبینییان کرد، بەڵام کوا دەنگ و کوا وەڵام و کوا
گوێگر؟
٣٠ ئێلییا بە هەموو گەلی وت: وەرنە پێشەوە بۆلام. ئەوانیش
چوونە پێشەوە بۆ لای. ئینجا قوربانگا وێرانکراوەکەی خوداوەندی
چاك کردەوە. ٣١ پاشان دوانزە بەردی برد، هێندەی ژمارەی
تیرەکانی نەوەی یاقوب ئەوەی وشەی خوداوەندی بۆ هات، پێی
وت ناوت ئیسڕائیل دەبێت. ٣٢ لەو بەردانە قوربانگایەکی بە ناوی
خوداوەند بنیادنا و بەدەوری قوربانگاکەدا جۆگەلەیەکی دروستکرد
کە جێگای دوو پێوانە تۆوی تێدا دەبووەوە. ٣٣ ئینجا تەختەدارەکانی
ڕێکخست و گایەکەی لەتوپەت کرد و لەسەر تەختەدارەکان داینا.
٣٤ ئینجا وتی: چوار گۆزە ئاو پڕبکەن و بیکەن بەسەر قوربانیەکە
و بەسەر دارەکان. وتی: دووبارەی بکەنەوە. دووبارەیان کردەوە.
وتی: سێ بارەی بکەنەوە. سێ بارەیان کردوە. ٣٥ جا ئاو بەدەوری
قوربانگاکەدا ڕۆیشت و جۆگەلەکەش پڕبوو لە ئاو.

٣٦ ئەوەبوو لە کاتی سەرخستنی پێشکەشکراوەکە ئیلییای پێغەمبەر
هاتە پێشـــەوە و وتی: خوداوەند، خودای ئیبراهیم و ئیســحاق و
ئیسـرائیل ئەمڕۆ با بزانرێت کە تۆ خودایت لە ئیسـرائیلدا، منیش
خزمەتکاری تۆم و بە وشـــەی تۆ هەموو ئەم کارانەم کردووە.
٣٧ وەڵامم بدەرەوە خوداوەند، وەڵامم بدەرەوە، بـا ئەم گەلە بزانن
کە تۆ خوداوەنـد خودایت و تۆ دڵیـانت بەرەو دواوە گێڕاوەتەوە.
٣٨ ئینجا ئـاگری خوداوەنـد کەوتە خوارەوە و قوربـانییەکە و
تەختەدارەکـان و بەردەکـان و خۆڵەکەی خوارد و ئـاوی نـاو
جۆگەلەکەشی ووشك كرد
٣٩ هەموو گەل ئەوەیان بینی و بەڕوودا کەوتن و وتیان: خوداوەند
خودایە، خوداوەند خودایە! ٤٠ ئینجا ئیلییا پێی وتن: پێغەمبەرەکانی
بەعل بگرن و مەیەڵن پیاوێکیان لێ دەرباز بێت. ئەوانیش گرتیانن
و ئیلییا بردینیە خوارەوە بۆ ڕووباری قیشـــۆن و لەوێ ســـەری
برین.
٤١ پاشـان ئیلییا بە ئاخابی وت: سـەرکەوە بخۆ و بخۆرەوە، چونکە
دەنگی گرمەی بـارانە. ٤٢ جـا ئـاخـاب ســـەرکەوت بخوات و
بخواتەوە، بەڵام ئیلییا ســـەرکەوت بۆ ســـەر لوتکەی کەرمل و
داچەمییەوە سـەر زەوی و دەموچاوی خستە نێو ئەژنۆکانییەوە .
٤٣ بە خزمەتکارەکەی وت: هەســـتە ڕووەو دەریا بڕوانە. ئەویش
هەسـتـاو ڕووەو دەریـا ڕوانی و وتی: هیچ نییە. ئەویش وتی:
حەوت جـار بگەڕێرەوە. ٤٤ ئەوە بوو لەجـاری حەوتەمدا وتی:
ئەوەتا پەڵە هەورێکی بچکۆلە کە هێندەی لەپی دەســـتی پیاوێك
دەبێت لە دەریاوە بەرز دەبێتەوە. ئینجا وتی: ســەرکەوە بە ئاخاب
بڵێ، گـالیســـکەکەت ببەســـتەوە و دابەزە بـا بـارانەکە ڕێت لێ
نەگرێت. ٤٥ ئەوەبوو ئاسمان لەملاوە بۆ ئەولا بە هەور و با ڕەش
داگەڕا و بارانێکی زۆر باری و ئاخاب سـواری گلیسکەکەی بوو
و چوو بۆ یەزرەعیل. ٤٦ دەستی خوداوەندیش بەسـەر ئیلییادا بوو،
جا کەمەری توند کرد و لەبەردەم ئاخابەوە ڕای کرد تا دەگەیتە
یەزرەعیل.

# ١٩

١ ئاخاب بە ئیزابەلی ڕاگەیاند سەبارەت بە هەموو ئەو شتانەی کە
ئیلییا کردی، هەروەها کە چۆن هەموو پێغەمبەرەکانی بە شمشێر
کوشـــتووە. ٢ جا ئیزابەل نێرراوێکی بۆ لای ئیلییا نـارد و وتی:
خوداکان وا بکەن و زیاتریش ئەگەر ســبەینی لەدەوروبەری ئەم
کاتەدا گیانت وەك گیانی یەکێك لەوانە لێ نەکەم. ٣ کاتێك ئەوەی
بینی هەسـتا و ڕۆیشـت لەبەر گیانی خۆی، چوو بۆ بئێر شـەبەع
ئەوەی هی یەهوزایە و خزمەتکارەکەی لەوێ بەجێهێشـــــت.
٤ خۆشـی ڕۆژە ڕێیەك بە دەشـتودەردا ڕۆیشـت تا هات و لەژێر
دەوەنێکدا دانیشـــت و داوای مەرگی بۆ گیانی خۆی کرد و وتی:
بەسە ئیتر خوداوەند، گیانم بکێشە، چونکە من لە باوباپیرانم باشتر
نیم. ٥ ئینجا لەژێر دەوەنێکدا پـاڵکەوت و نووســـت، لەنـاکـاودا
فریشـــتەیەك دەســـتی لێدا و فەرمووی: هەســـتە بخۆ. ٦ ئەویش
تەماشـای کرد ئەوەتا لەلای ســەریەوە کولێرەیەکی بە بەردی داغ
برژاو و گۆزەیەك ئاوی لێیە، جا خواردی و خواردیەوە و دیسان
پاڵکەوتەوە. ٧ دووبارە فریشـتەکەی خوداوەند گەڕایەوە و دەسـتی
لێدایەوە و فەرمووی: هەســـتە بخۆ، چونکە ڕێگاکە لە توانای تۆ
زیاترە. ٨ ئەویش هەسـتا و خواردی و خواردیەوە و بە هێزی ئەو
خواردنە چل شەو و چل ڕۆژ ڕۆیشت تا حۆرێبی چیای خودا.
٩ لەوێ چووە ناو ئەشکەوتێکەوە و شەوی تیادا بەسەربرد. لەناکاو
وشـــەی خوداوەندی بۆ هـات و پێی فەرموو: چی دەکەیت لێرە
ئیلییا؟ ١٠ ئەویش وتی: دڵگەرمییەکی زۆر دایگرتم بۆ خوداوەند
خودای ســوپاســالار، چونکە نەوەی ئیســرائیل وازیان هێناوە لە
پەیمانەکەت، قوربانگاکانی تۆیان وێران کردووە و پێغەمبەرەکانی
تۆیان بە شـمشـێر کوشـتووە و منیش بەتەنها ماومەتەوە و ئەوان
بەدوام دەگەڕێن تا بمکوژن. ١١ ئەویش فەرمووی: وەرە دەرەوە و
لەســەر چیاکە لەبەردەم خوداوەند ڕاوەســتە. جا لەناکاو خوداوەند
تێپەڕی و بـایەکی مەزن و بەهێز چیـاکـانی دووکەرت کرد و
بەردەکانی شـــکان لەبەردەم خوداوەنددا، بەڵام خوداوەند لە باکەدا
نەبـوو. دوای بـاکەش بـوومەلەرزە بـوو، خـوداوەنـد لە
بوومەلەرزەکەشـــدا نەبوو. ١٢ دوای بوومەلەرزەکەش ئاگر بوو،
خوداوەند لە ئاگرەکەشـدا نەبوو، دوای ئاگرەکەش دەنگێکی نزمی
هێواش بوو. ١٣ ئەوە بوو کە ئیلییـا گوێی لێبوو، دەموچـاوی بە
جلەکەی داپۆشی و چووە دەرەوە و لە دەمی ئەشکەوتەکەدا ڕاوەستا،
لەناکاو دەنگێك هاتە بەرگوێی و پێی فەرموو: چی دەکەیت لێرە
ئیلییا؟ ١٤ ئەویش وتی: دڵگەرمییەکی زۆر دایگرتم بۆ خوداوەند
خودای ســوپاســالار، چونکە نەوەی ئیســرائیل وازیان هێناوە لە
پەیمانەکەت، قوربانگاکانی تۆیان وێران کردووە و پێغەمبەرەکانی
تۆیان بە شمشێر کوشتووە و منیش بەتەنها ماومەتەوە و ئەوانیش
بەدوامدا دەگەڕێن تا بمکوژن.
١٥ ئینجـا خوداوەنـد پێی وت: بڕۆ و بە ڕێگـاکەتـدا بگەڕێوە بۆ
دەشتودەری دیمەشق و بچۆ ژوورەوە و حەزائیل دەستنیشان بکە
بە پاشا بەسەر ئارامدا. ١٦ یاهوی کوڕی نەمشیش دەستنیشان بکە
بە پاشا بەسەر ئیسرائیل و ئەلیشەعی کوڕی شافاتیش کە خەڵکی
ئابەلی مخۆلەیە دەستنیشـان بکە بە پێغەمبەر لە جێی خۆت. ١٧ جا
ئەوە دەبێت، دەربازبوو لە شـمشـێری حەزائیل یاهو دەیکوژێت و
دەربازبووش لە شـــمشـــێری یاهو ئەلیشـــەع دەیکوژێت. ١٨ لە
ئیسرائیلیشدا حەوت هەزارم هێشتوتەوە، هەموو ئەژنۆکان کە بۆ
بەعل نەچەماونەتەوە و هەموو دەمێکیش کە ماچی نەکردووە.
١٩ ئینجا لەوێ ڕۆیشـــت و ئەلیشـــەعی کوڕی شـــافاتی دۆزییەوە
زەوی دەکێڵا و دوانزە جووت لە پێشـــیەوە بوون و ئەو لە
دوانزەیەمین بوو. جـا ئیلییا بەلایدا تێپەڕی و جلەکەی فڕێدایە
سـەری. ٢٠ ئەویش گایەکانی بەجێهێشـت و بەدوای ئیلییادا ڕایکرد
و وتی: ماچی باوك و دایکم دەکەم و دوات دەکەوم. ئەویش پێی
وتی: بڕۆ و بگەڕێرەوە، چونکە من چیم لێ کردووی؟ ٢١ ئەویش
بەدوایدا گەڕایەوە و جووتە گایەکەی برد و ســـەری برین و بە
کەلوپەلی گـایەکە گۆشـــتەکەی کوڵانـد و بە خەڵکەکەی دا و
خواردیان، ئینجا هەستا و دوای ئیلییا کەوت و خزمەتی دەکرد.

# ٢٠

١ ئینجا بەنهەدەدی پاشای ئارام هەموو هێزەکەی کۆکردەوە و سی
و دوو پاشاش لەگەڵی بوون بە ئەسپ و گالیسکەوە، سەرکەوت و
ســامیرەی گەمارۆدا و دژی جەنگا. ٢ چەند نێرراوێکی بۆلای
ئاخابی پاشـای ئیسـرائیل بۆ شـارەکە نارد. ٣ پێی وت: بەنهەدەد
ئـاوهـا دەڵێت، زیو و زێڕەکەت هی منە، ژنەکـانـت و کوڕە
چاکەکانت هی منن. ٤ پاشـای ئیسـرائیلیش وەڵامی دایەوە و وتی:
وەك قسـەکەت گەورەم پاشـا، خۆم و هەموو ئەوانەشـی کە هەمە
هی تۆن.
٥ ئینجا نێرراوەکان هاتنەوە و وتیان: بەنهەدەد وای وت و دەڵێت،
من چەند نێرراوێکم بۆ لات نارد و وتم، زیو و زێڕ و ژنەکانت و
کوڕەکـانـت بە من دەدەی، ٦ لەبەرئەوە ســبەینێ لەم کـاتەدا
خزمەتکارەکانم دەنێرمە لات و ماڵەکەت و ماڵی خزمەتکارەکانت
دەپشـــکنن. جـا هەموو ئەوەی پەســـەنـدە لەچاوی تۆ دەیخەنە
دەســـتیانەوە و دەیبەن. ٧ لەبەرئەوە پاشـــای ئیســرائیل هەموو
ڕیشـــســـپییانی زەویەکەی بانگکرد و وتی: بزانن و ببینن، ئەمە
داوای خراپە دەکـات، چونکە نـاردی بۆ داواکردنی ژنەکـان و
کوڕەکـان و زیو و زێڕەکەم و لێم قەدەغە نەکرد. ٨ هەموو
ڕیشـــســـپییان و هەموو گەل پێیان وت: گوێی لێ مەگرە و ڕازی

مەبە. ٩ ئینجا ئەویش بە نێراوەکانی بەنهەدەدی وت: بە گەورەم
پاشـــا بڵێن، هەموو ئەوەی ناردت بۆ لای خزمەتکارەکەت
لەســـەرەتادا دەیکەم، بەڵام ناتوانم ئەم کارە بکەم. جا نێرراوەکان
گەڕانەوە و وەڵامەکەیان بۆی گێڕایەوە.
١٠ ئینجا بەنهەدەد ناردی بۆلای و وتی: خوداکان ئاوام لێ بکەن و
زیاتریش، گەر خۆڵی سامیرە بەشی مشتی هەموو ئەو گەلە بکات
کە دوامکەوتوون. ١١ پاشـــای ئیسـڕائیلیش وەڵامی دایەوە و وتی:
بڵێن، شەڕکردن شانازی نییە، بەڵکو سەرکەوتن.
١٢ ئەوە بوو کە گوێی لەم قســـەیە بوو کاتێ لەگەڵ پاشـــاکاندا لە
چادرەکـانـدا دەیخواردەوە، بە خزمەتکـارەکـانی وت: ڕیزبگرن.
ئەوانیش لەسەر شارەکە ڕیزیان گرت.
١٣ ئەوە بوو پێغەمبەرێك لە ئاخابی پاشای ئیسڕائیل هاتەپێشەوە و
وتی: خوداوەنـد وای فەرمووە، هەموو ئەو کۆمەڵە گەورەیەت
بینی؟ ئەوەتـا من ئەمڕۆ دەیـدەم بەدەســـتەوە و دەزانیت کە من
خوداوەندم! ١٤ ئاخابیش وتی: بەکێ؟ ئەویش وتی: خوداوەند وای
فەرمووە، بە کوڕانی ســـەرکردەکانی هەرێمەکان. ئەویش وتی:
کێ دەست بە جەنگەکە دەکات؟ ئەویش وتی: تۆ.
١٥ ئینجا کوڕانی سەرکردەکانی هەرێمەکانی بەسەرکردەوە و دوو
ســـەدو ســـی و دوو کەس بوون و پاش ئەوانیش هەموو گەلی
بەســـەرکردەوە، هەموو نەوەی ئیسـڕائیل، حەوت هەزار بوون.
١٦ جا لە نیوەڕۆدا دەرچوون و بەنهەدەدیش لە چادرەکاندا لەگەڵ
ئەو ســی و دوو پاشـــایەی یارمەتیاندا دەیخواردەوە و ســـەرخۆش
دەبوو. ١٧ یەکەمجـار کوڕانی ســـەرکردەکـانی هەرێمەکـان
دەرچوون. جا ناردیان بۆ لای بەنهەدەد و پێیان ڕاگەیاند و وتیان:
چەند پیاوێك لە ســـامیرەوە دەرچوون. ١٨ ئەویش وتی: گەر بۆ
ئاشـــتییە، دەرچن و بیانگرن بە زیندوویێتی، گەر بۆ شـــەڕیشـــە،
دەرچن و بە زیندوویێتی بیانگرن.
١٩ ئەمـانە لە شـــارەکە دەرچوون، کوڕانی ســـەرکردەکـانی
هەرێمەکان و ئەو هێزەی بە دوایانەوە بوو. ٢٠ ئینجا هەر پیاوەو
لە پیاوی خۆی دا، ئارامییەکان هەڵاتن و ئیسـڕائیلیش ڕاویاننان،
بەنهەدەدی پاشای ئارامیش بە ئەسپ لەگەڵ سوارەکان دەربازبوو.
٢١ پاشای ئیسڕائیلیش هاتە دەرەوە و لە ئەسپ و گالیسکەکانی دا و
لێدانێکی گەورەی لە ئارام دا.
٢٢ پاشان پێغەمبەرەکە لە پاشای ئیسڕائیل هاتە پێشەوە و پێی وت:
بڕۆ خۆت بەهێز بکە و بزانە و ببینە چی دەکەیت، چونکە لەگەڵ
سوڕانەوەی ساڵ، پاشای ئارام پەلامارت دەداتەوە.
٢٣ خزمەتکارەکانی پاشای ئارامیش پێیان وت: خوداکانیان خودای
شاخن، لەبەرئەوە لە ئێمە بەهێزتر بوون. بەڵام با لە دەشتدا دژیان
بجەنگێین و لەوان بەهێزتر ئەبین! ٢٤ بۆ ئەم کـارەش ئەمە بکە،
پاشـــاکان لە شـــوێنەکانیان لاببە و ســـەرکردەکان لە جێیاندا دابنێ.
٢٥ جا بۆ خۆت سوپایەك وەك ئەو سوپایەی لەدەستتدا کۆدەکەیتەوە،
ئەسپ لە جێی ئەسپ و گالیسکە لەجێی گالیسکە. جا با لەدەشتدا
دژیـان بجەنگێین و لەوان بەهێزتر ئەبین! ئەویش گوێی لە
قسەکەیان گرت و وای کرد.
٢٦ ئەوە بوو لەگەڵ سووڕانی ساڵدا، بەنهەدەد ئارامی کۆکردەوە و
ســـەرکەوت بۆ ئەفیقە بۆ جەنـگ دژ بە ئیســـڕائیل. ٢٧ نەوەی
ئیســـڕائیلیش کۆکرانەوە و پێداویســـتییان پێدرا و ڕۆیشـــتن بۆ
بەرەنگاربوونەوەیان، نەوەی ئیسڕائیل وەك دوو مێگەلی بچووکی
بزن وابوون بەرامبەریان، ئارامییەکانیش زەوییەکەیان پڕکردبوو.
٢٨ ئینجا پیاوەکەی خودا هاتە پێشـەوە و بە پاشـای ئیسڕائیلی وت:
خـوداوەنـد وای فەرمووە: لەبەرئەوەی ئـارامییەکـان وتیـان،
خوداوەند خودای شـــاخەکانە و خودای دۆڵەکان نییە، ئەم هەموو
کۆمەڵە گەورەیە دەدەم بەدەستەوە و دەزانن من خوداوەندم.
٢٩ حەوت ڕۆژ بەرامبەر بەیەکتر دامەزران و لە ڕۆژی حەوتەمدا
جەنگەکە هەڵگیرسا، نەوەی ئیسڕائیل لە ئارامییەکانیان دا، سەد
هەزار پیادەیـان لە یەك ڕۆژدا لێکوشـــتن. ٣٠ ئەوانی مـانەوەش
هەڵاتن بۆ ئەفیق بۆ شارەکە و دیواری شارەکە بە سەر ئەو بیستو
حەوت هەزار پیاوەدا کەوت کە مابوونەوە، بەنهەدەدیش هەڵات و
هاتە ناو شارەکەوە، لەژووری دواوەی ماڵێك خۆی شاردبووەوە.
٣١ خزمەتکارەکانی پێیان وت: ئەوەتا بیســـتوومانە کە پاشـــاکانی
ماڵی ئیســـڕائیل پاشـــای بەخشـــندەن، با بەرگی ماتەم بە کەمەر و
گوریس بە ســـەرمانەوە بنێین و بچینە دەرەوە بۆ لای پاشـــای
ئیسڕائیل، بەڵکو نەتکوژێت. ٣٢ ئینجا بەرگی ماتەمیان لە کەمەر و
گوریسیان لەسەر سەریان بەست و هاتن بۆ لای پاشای ئیسڕائیل
و وتیان: بەنهەدەدی خزمەتکارت دەڵێت، با گیانم پارێزراوبێت.
ئەویش وتی: هێشـتا زیندووە؟ ئەو برامە! ٣٣ پیاوەکانیش گەشـبین
بوون و بەپەلە دەســـتیان بەم وشـــەیەوە گرت و وتیان: بەنهەدەد
براتە! ئەویش وتی: بڕۆنە ژوورەوە و بیهێنن. کە بەنهەدەد هاتە
دەرەوە بۆلای، سەری خستە سەر گالیسکەکە. ٣٤ ئەویش پێی وت:
ئەو شـــارانەی باوکم لە باوکتی ســـەندبوو دەگێڕمەوە، بازاڕیش
دابنێ بۆ خۆت لە دیمەشـــق، وەك ئەوەی باوکم لەســـامیرەدا داینا.
ئەویش وتی: منیش بەم پەیمـانە ئـازادت دەکەم. ئەویش پەیمـانی
لەگەڵدا بەست و ئازادی کرد.
٣٥ پیاوێك لە نەوەی پێغەمبەرەکان بە هاوڕێکەی وت: بە وشـــەی
خوداوەند لێم بدە. پیاوەکەش ڕازی نەبوو لێی بدات. ٣٦ ئەویش پێی
وت: لەبەرئەوەی گوێت لە وشەی خوداوەند نەگرت، ئەوەتا لەلای
من دەڕۆیت و شێرێك پەلامارت دەدات. ئەویش لەلای ڕۆیشت و
شـــێرێکی لێ پەیدابوو و پەلاماری دا. ٣٧ پاشـــان پیاوێکی تری
بینییەوە و پێی وت: لێم بدە! پیاوەکەش لێدانێك لێی دا بریندااری
کرد. ٣٨ ئینجا پێغەمبەرەکە ڕۆیشـــت و لەســـەر ڕێگاکە بۆ پاشـــا
ڕاوەســـتا و خۆی گۆڕی بە بەســـتنی پەڕۆیەك بەســـەر چاویەوە.
٣٩ ئەوە بوو کە پاشـــا تێپەڕی هاواری بۆ پاشـــا کرد و وتی:
خزمەتکارت دەرچووە بۆ ناوجەرگەی شـــەڕەکە، لەناکاو پیاوێك
پیاوێکی بۆ هێنام و وتی، ئاگات لەم پیاوە بێت! گەر بزر بێت،
ئەوا گیانت لەجیاتی گیانی دەبێت یان کێشـــانەیەك زیو دەدەیت.
٤٠ ئەوە بوو خزمەتکارت لەملاو ئەولاوە ســـەرقاڵ بوو و پیاوەکە
دیار نەما. پاشای ئیسڕائیلیش پێی وت: حوکمت وەك ئەمە دەبێت،
تۆ خۆت بڕیارت دا. ٤١ ئەویش خێرا پەڕۆکەی لەســـەر چاوی
لابرد، پاشـــای ئیســـڕائیلیش ناســـییەوە کە لە پێغەمبەرەکانە.
٤٢ ئەویش پێی وت: خوداوەند وای فەرموو، لەبەرئەوەی هێشـــتت
پیاوێك لەدەســـت بڕوات کە من بۆ لەناوبردنم دانا، گیانت لەجیاتی
گیانی دەبێت و گەلەکەشـــت لەجیاتی گەلەکەی. ٤٣ ئینجا پاشـــای
ئیسـڕائیل بە دڵتەنگی و مۆنییەوە ڕۆیشت بۆ ماڵەکەیی و هات بۆ
سامیرە.

# ٢١

١ ئەوە بوو پاش ئەم شـــتانە نابۆتی یەزرەعیل ڕەزەمێوێکی هەبوو
لە یەزرەعیل لە تەنیشـــت کۆشـــکەکەی ئاخابی پاشـــای ســـامیرە.
٢ ئاخابیش لەگەڵ نابۆتدا قســـەی کرد و وتی: ڕەزەمێوەکەی خۆتم
بدەری تا ببێتە باخی سەوزەوات بۆم، چونکە نزیکە و لە تەنیشتی
مـاڵەکەمەوەیە، منیش لەجیـاتی ئەوە ڕەزەمێوێکی بـاشـــترت پێ
دەدەم، یان ئەگەر باشـــترە بۆت بەپێی نرخەکەی زیوت دەدەمێ.
٣ نـابۆتیش بە ئـاخـابی وت: خوداوەند لێی حەرام کردووم میراتی
باوباپیرانمت بدەمێ! ٤ جا ئاخاب بە دڵتەنگی و مۆنییەوە هاتە ناو
ماڵەکەی خۆی، لەبەرئەو قسەیەی کە نابۆتی یەزرەعیلی پێی وت،
کە وتی، میراتی باوباپیرانمت نادەمێ، ئیتر لەســـەر جێگاکەی
پاڵکەوت و ڕووی خۆی وەرگێڕا و نانی نەخوارد.
٥ جا ئیزابەلی ژنی هاتە ژوورەوە بۆ لای و پێی وت: ئەوە چییە،
بۆچی دڵتەنگیت و نان ناخۆیت؟ ٦ ئەویش پێی وت: لەبەرئەوەی
قســـەم لەگەڵ نابۆتی یەزرەعیلی کرد و پێم وت، ڕەزەکەتم پێ بدە
بە زیو یان ئەگەر حەزدەکەیت ڕەزێکت لەجیاتی دەدەمێ، بەڵام

وتی، ڕەزەکەمت پێ نادەم. ٧ ئیزابەلی ژنیشی پێی وت: تۆ ئێستا
پاشایەتی بەسەر ئیسڕائیلەوە دەکەیت! هەستە نان بخۆ و دڵخۆشبە،
من ڕەزەکەی نابۆتی یەزرەعیلیت پێ دەدەم. ٨ ئینجا چەند
نامەیەکی بە ناوی ئاخابەوە نووسی و بە مۆرەکەی مۆری کردن،
نامەکانیشی بۆ ئەو پیر و پیاوماقوڵانەی نارد ئەوانەی لە
شارەکەیدان و لەگەڵ نابۆت نیشتەجێن. ٩ لەو نامانەشدا
نووسیبووی و دەیوت، بانگەوازی ڕۆژووگرتن بکەن و نابۆت
لەسەروو گەلەوە دابنیشێنن. ١٠ دوو پیاوی سوك وچروكیش
بەرامبەری دابنیشێنن، تا شایەتی بدەن و بڵێن، نەفرەتت لە خودا و
لە پاشا کردووە، پاشان بیهێننە دەرەوە و بەردبارانی بکەن و تا
دەمرێت. ١١ جا پیاوانی شارەکەی، پیر و پیاوماقوڵەکانی
دانیشتووانی شارەکەی ئەوەیان کرد، وەك ئەوەی ئیزابەل بۆی
ناردن، وەك ئەوەی نووسرابوو لە نامەکاندا کە بۆیان نێردرابوون.
١٢ بانگەوازیان کرد بۆ ڕۆژووگرتن و نابۆتیان لەسەروو گەلەوە
دانیشاند. ١٣ دوو پیاوی سوك وچروكیشیان هێنا و لەبەرامبەری
دانیشتن، پیاوە سوك وچروكەکانیش لەبەردەم گەلدا شایەتییان
لەسەر نابۆت دا و وتیان، نابۆت نەفرەتی لە خودا و لە پاشا
کردووە. جا بردیانە دەرەوەی شار و بەردبارانیان کرد و مرد.
١٤ ئینجا ناردیان بۆ ئیزابەل و وتیان، نابۆت بەردباران کراوە و
مردووە.
١٥ ئەوە بوو کە ئیزابەل بیستیەوە نابۆت بەردباران کراوە و
مردووە، بە ئاخابی وت: هەستە ئەو ڕەزەمێوەی نابۆتی
یەزرەعیلی بە میرات بگرە کە ڕازی نەبوو بە زیو بتداتێ، چونکە
نابۆت مردووە و زیندوو نییە. ١٦ ئەوە بوو کە ئاخاب بیستیەوە
نابۆت مردووە، هەستا تا بەرەوخوار بێتەوە بۆ ڕەزەکەی نابۆتی
یەزرەعیلی و تا بەمیراتی بگرێت.
١٧ ئینجا وشەی خوداوەند بۆ ئیلییای تەشبی هات و فەرمووی:
١٨ هەستە بەرەوخواربەوە بۆ بینینی ئاخابی پاشای ئیسڕائیل،
ئەوەی لە سامیرەیە. ئەوەتا لە ڕەزەکەی نابۆتە، ئەوەی دابەزی بۆ
ئەوێ تا بەمیراتی بگرێت. ١٩ قسەی لەگەڵدا بکە و بڵێ، خوداوەند
وای فەرمووە: ئایا پیاوکوژیت کرد و هەروەها میراتیش دەگریت؟
پێشی دەڵێیت، خوداوەند وای فەرمووە: لەوشوێنەدا کە سەگ
خوێنەکەی نابۆتیان لێستەوە، لەهەمان شوێندا خوێنەکەی تۆش
دەلێسنەوە. ٢٠ ئاخاب بە ئیلییای وت: منت دۆزییەوە دوژمنەکەم!
ئەویش وتی: تۆم دۆزییەوە، لەبەرئەوەی خۆت فرۆشتووە بە
خراپەکاری لەبەرچاوی خوداوەنددا. ٢١ ئەوەتا من بەڵات بەسەردا
دەهێنم و دوات دەبڕمەوە، هەرچی نێرینە و کۆیلە و ئازادی ئاخابە
لە ئیسڕائیلدا قڕی دەکەم. ٢٢ماڵەکەشت وەك ماڵی یەروبعامی
کوڕی نابات و بەعشای کوڕی ئەخییا لێدەکەم، لەبەر ئەوەی
تووڕەت کردم و ئیسڕائیلت تووشی گوناه کرد. ٢٣ هەروەها
خوداوەند لەبارەی ئیزابەلیشەوە فەرمووی: سەگ لەنزیك
مەتەرێزەکەی یەزرەعیلەوە ئیزابەل دەخۆن. ٢٤ ئەوەی لە ئاخاب
بێت و لە شاردا بمرێت سەگ دەیخوات، ئەوەشی لە کێڵگەدا
بمرێت باڵندەکانی ئاسمان دەیخۆن. ٢٥ کەس نەبوو وەك ئاخاب
خۆی بفرۆشێ بە خراپەکاری لەبەر چاوی خوداوەند، چونکە
ئیزابەلی ژنی فریوی دا. ٢٦ قێزەوەن بوو بە ڕۆیشتنی بە دوای
بتەکاندا وەك هەموو ئەوەی ئامورییەکان کردیان، ئەوەی خوداوەند
لەبەردەم نەوەی ئیسڕائیلدا وەدەری نان.
٢٧ ئەوە بوو کە ئاخاب گوێی لەم قسانە بوو، جلەکانی دادڕی و
بەرگی ماتەمی پۆشی بەسەر لەشییەوە و بەڕۆژوو بوو و بە
بەرگی ماتەمەوە پاڵکەوت و بەبێ دەنگییەوە ڕۆیشت.
٢٨ ئینجا وشەی خوداوەند بۆ ئیلییای تشبی هات و فەرمووی:
٢٩ بینیت ئاخاب چۆن لەبەردەممدا خۆی بچووك کردەوە؟
لەبەرئەوەی لەبەردەممدا خۆی بچووك کردەوە، لە ڕۆژانی ئەودا
ئەم بەڵایە ناهێنم، بەڵکو لە ڕۆژانی کوڕەکەیدا بەڵاکە بەسەر
ماڵەکەیدا دەهێنم.

# ٢٢

١ سێ ساڵ تێپەڕی و جەنگ لە نێوان ئارام و ئیسڕائیلدا ڕوووینەدا.
٢ ئەوە بوو لە ساڵی سێیەمدا، یەهوشافاتی پاشای یەهوزا دابەزی
بەرەو لای پاشای ئیسڕائیل. ٣ پاشای ئیسڕائیل بە خزمەتکارەکانی
وت: ئایا دەزانن ڕاموت جیلعاد هی ئێمەیە و ئێمەش بێ دەنگین
لەوەی لەدەست پاشای ئارامی وەرگرینەوە. ٤ ئینجا بە یەهوشافاتی
وت: لەگەڵمدا دێیت بۆ ڕاموت جیلعاد بۆ جەنگ؟ یەهوشافاتیش
بە پاشای ئیسڕائیلی وت: خۆم وەك خۆت و گەلەکەم وەك
گەلەکەت و ئەسپەکانیشم وەك ئەسپەکانت.
٥ یەهوشافات بە پاشای ئیسڕائیلیشی وت: ئەمڕۆ داوای وشەی
خوداوەند بکە. ٦ جا پاشای ئیسڕائیل پێغەمبەرەکانی کۆکردەوە،
نزیکەی چوار سەد پیاو، پێی وتن: ئایا بچم بۆ ڕاموت جیلعاد بۆ
جەنگ یان نا؟ ئەوانیش وتیان: سەرکەوە و خوداوەند دەیدات
بەدەست پاشاوە. ٧ ئینجا یەهوشافات وتی: هیچ پێغەمبەرێکی تر
لێرە نەماوە لێی بپرسین؟ ٨ پاشای ئیسڕائیلیش بە یەهوشافاتی وت:
پیاوێکی تر ماوە پرسی خوداوەندی پێ بکەین، بەڵام من ڕقم
لێیەتی، چونکە ئەو سەبارەت بە من پێشبینی چاك ناکات بەڵکو
خراپ، میخای کوڕی یەملەیە. یەهوشافاتیش وتی: با پاشا وا
نەڵێت.
٩ ئینجا پاشای ئیسڕائیل خەساوێکی بانگکرد و وتی: بەپەلە میخای
کوڕی یەملەم بۆ بهێنە! ١٠ لەو کاتەدا پاشای ئیسڕائیل و
یەهوشافاتی پاشای یەهوزا جلەکانیان لەبەرکردبوو و هەریەکەو
لەسەر تەختەکەی خۆی دانیشتبوو لە گۆڕەپانەکەی دەروازەی
سامیرە، هەموو پێغەمبەرەکانیش لەبەردەمیان پێشبینییان دەکرد.
١١ سەدقیای کوڕی کەنعەنەش دوو قۆچی ئاسنی بۆ خۆی
دروستکرد و وتی: خوداوەند وای فەرموو: بەمە وورگی
ئارامییەکان دەدڕیت تا تەواودەبن. ١٢ هەموو پێغەمبەرەکانیش
ئاوها پێشبینییان کرد و وتیان، پەلاماری ڕاموت جیلعاد بدە و
سەرکەوتووبە و خوداوەند دەیدات بەدەست پاشاوە.
١٣ بەڵام ئەو نێردراوەی چوو میخا بانگ بکات قسەی لەگەڵدا کرد
و وتی: ئەوەتا قسەی هەموو پێغەمبەرەکان بەیەك دەنگ لە باشی
پاشایە، با قسەی تۆش وەك قسەی یەکێك لەوان بێت و بە باشە
قسە بکە. ١٤ میخاش وتی: زیندووە خوداوەند، ئەوەی خوداوەند پێم
بفەرمووێت ئەوە دەڵێم. ١٥ ئینجا هات بۆ لای پاشا و پاشا پێی وت:
میخا، بڕۆین بۆ ڕاموت جیلعاد بۆ جەنگ یان نا؟ ئەویش پێی
وت: سەرکەوە و سەرکەوتووبە و خوداوەند دەیدات بەدەست
پاشاوە. ١٦ پاشاش پێی وت: چەند جار من سوێندم داوی، کە جگە
لەڕاستی بەناوی خوداوەندەوە هیچی ترم پێ نەڵێیت؟ ١٧ ئەویش
وتی: هەموو ئیسڕائیلم بینی پەرتوبڵاوببوونەوە لەسەر چیاکان
وەك مەڕی بێ شوان، خوداوەند فەرمووی، ئەوانە خاوەنیان نییە
و با هەریەکەو بە سەلامەتی بۆ ماڵەکەی بگەڕێتەوە!
١٨ پاشای ئیسڕائیلیش بە یەهوشافاتی وت: پێم نەوتی ئەو پێشبینی
چاك سەبارەت بە من ناکات، بەڵکو خراپ؟ ١٩ ئەویش وتی: بۆیە
گوێ لە وشەی خوداوەند بگرە، خوداوەندم بینی لەسەر تەختەکەی
دانیشتبوو، هەموو هێزەکانی ئاسمانیش لەلای ڕاست و لەلای
چەپیەوە ڕاوەستابوون. ٢٠ خوداوەند فەرمووی، کێ ئاخاب
فریودەدات تا بۆ ڕاموت جلعاد سەرکەوێت و لەوێدا بکەوێت؟ ئەم
وتی ئاوا و ئەو وتی ئاوا. ٢١ ئینجا ڕۆح هات و لەبەردەم
خوداوەنددا وەستا و وتی، من فریوی دەدەم. خوداوەندیش پێی
فەرموو بەچی؟ ٢٢ ئەویش وتی، دەچمە دەرەوە و دەبم بە ڕۆحی
درۆ لەدەمی هەموو پێغەمبەرەکانیدا. ئەویش فەرمووی، فریوی
دەدەیت و دەتوانیت، بڕۆ دەرەوە و ئەوە بکە. ٢٣ ئێستاش ئەوەتا
خوداوەند ڕۆحی درۆی خستۆتە ناو دەمی هەموو پێغەمبەرەکانتەوە
و خوداوەندیش بە خراپ قسەی لەسەر فەرموویت.

٢٤ ئینجا سدقیای کوڕی کەنعەنە هاتە پێشەوە و کێشای بە
ڕوومەتی میخادا و وتی: لە کوێوە ڕۆحی خوداوەند لە منەوە
پەڕییەوە تا قسەت لەگەڵدا بکات؟ ٢٥ میخاش وتی: ئەوەتا دەبینیت
لەو ڕۆژەدا لە ژوورێکەوە دەچیت بۆ ژوورێکی تر بۆ
خۆشاردنەوە. ٢٦ ئینجا پاشای ئیسرائیل وتی: میخا ببە و
بیگەڕێنەوە بۆ لای ئامونی سەرۆکی شارەکە و یوئاشی کوڕی
پاشا و ٢٧ بڵێ پاشا وای وت، ئەمە بخەنە زیندانەوە و نانی تەنگانە
و ئاوی تەنگانەی بدەنێ تا هاتنەوەم بە سەلامەتی. ٢٨ میخاش وتی:
گەر تۆ بە سەلامەتی بگەڕێیتەوە، خوداوەند لەڕێگای منەوە قسەی
نەفەرمووە! ئینجا وتی: ئەی گەل هەمووتان گوێ بگرن!
٢٩ جا پاشای ئیسرائیل و یەهوشافاتی پاشای یەهوزا سەرکەوتن بۆ
ڕاموت جلعاد. ٣٠ پاشای ئیسرائیل بە یەهوشافاتی وت: من خۆم
دەگۆڕم و دەچمە ناو جەنگەکەوە، بەڵام تۆ جلەکانت لەبەربکە.
ئینجا پاشای ئیسرائیل خۆی گۆڕی و چووە ناو جەنگەکەوە.
٣١ پاشای ئارام فەرمانی بە سی و دوو سەرکردەی گالیسکەکانی دا
و وتی: جەنگ دژی هیچ گەورە و بچووکێك مەکەن، بە تەنها
دژی پاشای ئیسرائیل نەبێت. ٣٢ ئەوە بوو کە سەرکردەکانی
گالیسکەکان یەهوشافاتیان بینی، وتیان ئەوە پاشای ئیسرائیلە و
داگەڕانە سەری تا شەڕی لەگەڵدا بکەن، یەهوشافاتیش هاواری
کرد. ٣٣ ئەوە بوو کە سەرکردەکانی گالیسکەکان بینییان ئەوە
پاشای ئیسرائیل نییە، لەدوایەوە گەڕانەوە.
٣٤ پیاوێکیش کوێرانە تیروکەوانەکەی ڕاکێشا و پاشای ئیسرائیلی
لەنێو پارچەکانی سپەرەکەیەوە بریندار کرد، ئەویش بە
گالیسکەوانەکەی وت: دەستت بکێشەرەوە لە ناو سوپاکە بمبەرە
دەرەوە، چونکە بریندار بووم. ٣٥ شەڕەکە لەو ڕۆژەدا زۆر توند
بوو و پاشا لەناو گالیسکەکەیدا بەرامبەر بە ئارام ڕاگیراو بۆ
ئێوارە مرد و خوێنی برینەکە بۆ ناو بنی گالیسکەکە ڕێچکەی
گرت. ٣٦ کاتێ خۆر لەئاوابوون بوو، هاوارێك بەناو سوپاکەدا
بڵاو بووەوە و وتی: هەر پیاوەو بۆ شارەکەی و هەر پیاوەو بۆ
زەوییەکەی!
٣٧ جا پاشا مرد و هێنایانەوە بۆ سامیرە و لە سامیرەدا ناشتیان.
٣٨ گالیسکەکە لە گۆمەکەی سامیرەدا شۆردرا لەو شوێنەی داوێن
پیسەکان خۆیان دەشوشت و سەگ خوێنەکەیان لێستەوە، هەروەك
چۆن خوداوەند فەرمووبووی.
٣٩ پاشماوەی کاروبارەکانی ئاخاب و هەموو ئەوانەی کردی و
ماڵە عاجەکەی کە بنیادینا و هەموو ئەو شارانەی بنیادینان،
ئەوەتان لە پەرتووکی هەواڵی ڕۆژانی پاشاکانی ئیسرائیلدا
نووسراون. ٤٠ ئینجا ئاخاب لەگەڵ باوباپیرانیدا سەری نایەوە و
ئەخەزیای کوڕی لەجێی ئەو بوو بە پاشا.
٤١ لە چوارەمین ساڵی ئاخابی پاشای ئیسرائیلدا یەهوشافاتی کوڕی
ئاسا بوو بە پاشای یەهوزا. ٤٢ یەهوشافاتیش لە تەمەنی سی و پێنج
ساڵی بوو بە پاشا و بۆ بیستو پێنج ساڵ لە ئۆرشەلیمدا پاشایەتی
کرد و دایکی ناوی عەزوبەی کچی شلخی بوو. ٤٣ بە هەموو
ڕێگاکانی ئاسای باوکیدا ڕۆیشت و لای نەدا لێیان، بەوەی لە
بەرچاوی خوداوەندا کاری ڕاستی کرد. بەڵام هێشتا بەرزاییەکان
لانەبران و گەل لە بەرزاییەکاندا قوربانییان سەردەبڕی و
بخووریان دەسووتاند. ٤٤ هەروەها یەهوشافات پاشای ئیسرائیلی
ئاشت کردەوە.
٤٥ پاشماوەی کارەکانی یەهوشافات و پاڵەوانێتییەکەی کە کردی و
چۆن جەنگی کرد، ئەوەتان لە پەرتووکی هەواڵی ڕۆژانی
پاشاکانی یەهوزادا نووسراون. ٤٦ پاشماوەی ئەو پیاوە
لەشفرۆشانەش کە لە ڕۆژەکانی ئاسای باوکیدا مابوونەوە، لە
زەوییەکەدا ڕایماڵین.
٤٧ لەو کاتەدا لە ئەدوم پاشا نەبوو، بەڵکو بریکاری پاشا.
٤٨ یەهوشافات کەشتی تەرشیشی دروستکرد بۆ ئەوەی بچن بۆ
ئۆفیر بۆ زێڕ، بەڵام کەشتییەکان نەچوون، چونکە لە عسیون
جابەردا تێکشکان. ٤٩ ئینجا ئەخەزیای کوڕی ئاخاب بە
یەهوشافاتی وت: با خزمەتکارەکانم لەگەڵ خزمەتکارەکانتدا لەناو
کەشتییەکاندا بڕۆن، بەڵام یەهوشافات ڕازی نەبوو. ٥٠ ئینجا
یەهوشافات لەگەڵ باوباپیرانیدا سەری نایەوە و لەگەڵ باوباپیرانی
لە شاری داودی باوکی نێژرا و یەهورامی کوڕی لە جێی ئەو بوو
بە پاشا.
٥١ لە حەڤدەیەمین ساڵی یەهوشافاتی پاشای یەهوزادا، ئەخەزیای
کوڕی ئاخاب لە سامیرەدا بوو بە پاشای ئیسرائیل و دوو ساڵ
پاشایەتی بەسەر ئیسرائیلەوە کرد. ٥٢ لەبەرچاوی خوداوەنددا
خراپەی کرد و بە ڕێگاکەی باوکی و دایکیدا ڕۆیشت، هەروەها
بە ڕێگاکەی یەروبعامی کوڕی ناباتدا ئەوەی وای کرد ئیسرائیلی
تووشی گوناه کرد. ٥٣ بەعلی پەرست و کڕنۆشی بۆ برد و
خوداوەند خودای ئیسرائیلی تووڕە کرد، وەك هەموو ئەوەی
باوکی کردی.

# دووەم پاشایان

## ١

١ پاش مردنی ئاخاب، مۆئاب لە ئیسرائیل یاخی بوو. ٢ ئەخەزیاش
لە پەنجەرەی ژوورەکەی سەرەوەی لە سامیرە کەوتە خوارەوە و
نەخۆشکەوت و چەند نێرراوێکی نارد و پێی وتن: بڕۆن پرسیار
لە بەعل زەبوبی خودای عەقرون بکەن، ئایا لەم نەخۆشییەم چاك
دەبمەوە؟
٣ فریشتەی خوداوەندیش بە ئێلییای تەشبی فەرموو: هەستە
سەرکەوە بۆ بینینی نێرراوەکانی پاشای سامیرە و پێیان بڵێ، ئایا
لە ئیسرائیلدا خودا نییە، ئێوە دەڕۆن بۆ پرسیارکردن لە بەعل
زەبوبی خودای عەقرون؟ ٤ لەبەرئەوە خوداوەند دەفەرموویت،
ئەو نوێنەی سەرکەوتیە سەری لێی دانابەزیت، چونکە دڵنیابە کە
دەمریت! ئینجا ئێلییا ڕۆیشت.
٥ نێرراوەکانیش گەڕانەوە بۆلای و ئەویش پێی وتن: بۆچی
گەڕانەوە؟ ٦ ئەوانیش وتیان: پیاوێك بۆ بینینمان سەرکەوت و پێی
وتین، بڕۆن و بگەڕێنەوە بۆلای ئەو پاشایەی کە ئێوەی ناردووە
و پێی بڵێن، خوداوەند وای فەرمووە، ئایا لە ئیسرائیلدا خودا نییە،
تۆ دەنێریت بۆ پرسیار کردن لە بەعل زەبوبی خودای عەقرون؟
لەبەرئەوە ئەو نوێنەی سەرکەوتیتە سەری لێی دانابەزیت،
چونکە دڵنیابە کە دەمریت! ٧ ئەویش پێی وتن: شێوەی ئەو پیاوەی
سەرکەوت بۆ بینینتان و ئەم قسانەی پێ وتن چۆن بوو؟ ٨ ئەوانیش
پێیان وت: پیاوێکی تووکن بوو و پشتێنێکی چەرمیشی لەکەمەری
بەستبوو. ئەویش وتی: ئەوە ئێلییای تشبییە.
٩ ئینجا سەرۆکێکی پەنجای لەگەڵ پەنجا پیاوەکەیدا نارد بۆلای و
ئەویش سەرکەوت بۆلای و بینی ئەوەتا لەسەر لووتکەی چیایەك
دانیشتووە، پێی وت: ئەی پیاوی خودا، پاشا دەڵێ وەرە خوارەوە!
١٠ ئێلییاش وەڵامی دایەوە و بە سەرۆکی پەنجاکەی وت: گەر من
پیاوی خودام، با ئاگر لە ئاسمانەوە بێتە خوارەوە و خۆت و پەنجا
پیاوەکەت بخوات! ئینجا ئاگر لە ئاسمانەوە هاتە خوارەوە و خۆی
و پەنجا پیاوەکەی خوارد. ١١ دووبارە سەرۆکێکی تری پەنجای
لەگەڵ پەنجا پیاوەکەیدا نارد بۆلای، وەڵامی دایەوە و پێی وت:
ئەی پیاوی خودا، پاشا وای وت، پەلەبکە و وەرە خوارەوە!
١٢ ئێلییاش وەڵامی دایەوە و پێیانی وت: گەر من پیاوی خودابم، با
ئاگر لە ئاسمانەوە بێتە خوارەوە و خۆت و پەنجا پیاوەکەت
بخوات! ئینجا ئاگری خودا لە ئاسمانەوە هاتە خوارەوە و خۆی و
پەنجا پیاوەکەیی خوارد. ١٣ بۆ جاری سێیەم سەرۆکێکی پەنجای
لەگەڵ پەنجا پیاوەکەیدا نارد، جا سەرۆکی پەنجاکەی سێیەم
سەرکەوت و هات و لەبەردەم ئێلییادا کەوتە سەر چۆك و لێی
پاڕایەوە و پێی وت: ئەی پیاوی خودا، با گیانی خۆم و گیانی ئەم
پەنجا خزمەتکارەت بە نرخ بێ لەبەر چاوت. ١٤ ئەوەتا ئاگر لە
ئاسمانەوە هاتە خوارەوە و دوو سەرۆکە پەنجاکانی یەکەمی
لەگەڵ پەنجاکانیدا خوارد و ئێستاش با گیانم بەنرخ بێ
لەبەرچاوت.
١٥ ئینجا فریشتەی خوداوەند بە ئێلییای فەرموو: لەگەڵیدا بچۆ
خوارەوە و لێی مەترسە. ئەویش هەستا و لەگەڵیدا چووە خوارەوە
بۆلای پاشا. ١٦ پێی وت: خوداوەند وا دەفەرموویت، لەبەرئەوەی
نێرراوانت نارد تا پرسیار لە بەعل زەبوبی خودای عەقرۆن
بکەن، ئایا لە ئیسرائیلدا خودا نییە تا پرس بەو بکەیت؟ لەبەر ئەمە
ئەو نوێنەی سەرکەوتیتە سەری لێی دانەبەزیت و دڵنیابە کە
دەمریت! ١٧ جا مرد بە پێی وشەکەی خوداوەند، کە ئێلییا وتی،
یەهورامیش لە جێی ئەو بوو بە پاشا، چونکە کوڕی نەبوو، لە
ساڵی دووەمی یەهورامی کوڕی یەهوشافاتی پاشای یەهوزادا.
١٨ پاشماوەی کارەکانی ئەخەزیاش ئەوەی کە کردنی، ئەوەتان لە
پەرتووکی هەواڵی ڕۆژانی پاشاکانی ئیسرائیلدا نووسراون.

## ٢

١ ئەوە بوو کاتێ کە خوداوەند خەریك بوو ئێلییا لە گەردەلولێکدا
بۆ ئاسمان بەرز بکاتەوە، ئێلییا و ئەلیشەع لە جلجالەوە ڕۆیشتن.
٢ ئێلییا بە ئەلیشەعی وت: لێرە بمێنەوە، چونکە خوداوەند بۆ بەیت
ئێلی ناردووم. ئەلیشەعیش وتی: زیندووە خوداوەند و زیندووە
گیانت، بەجێت ناهێڵم. ئینجا دابەزین بەرەو بەیت ئێل. ٣ نەوەی
پێغەمبەرەکانی بەیت ئێل هاتنە دەرەوە بۆلای ئەلیشەع و پێیان
وت: دەزانیت ئەمڕۆ خوداوەند گەورەکەت لێ دەبات؟ ئەویش
وتی: بەڵێ دەزانم، بێ دەنگ بن. ٤ ئینجا ئێلییا پێی وت: ئەلیشەع،
لێرە بمێنەوە، چونکە خوداوەند ناردوومی بۆ ئەریحا. ئەویش وتی:
زیندووە خوداوەند و زیندووە گیانت، بەجێت ناهێڵم. ئینجا چوون
بۆ ئەریحا. ٥ نەوەی پێغەمبەرەکانی ئەریحاش لە ئەلیشەع هاتنە
پێشەوە و پێیان وت: دەزانیت ئەمڕۆ خوداوەند گەورەکەت لێ
دەبات؟ ئەویش وتی: بەڵێ دەزانم، بێ دەنگ بن.
٦ پاشان ئێلییا پێی وت: لێرە بمێنەوە، چونکە خوداوەند بۆ ئوردونی
ناردووم. ئەویش وتی: زیندووە خوداوەند و زیندووە گیانت،
بەجێت ناهێڵم. ئینجا هەردووکیان ڕۆیشتن.
٧ پەنجا پیاویش لە نەوەی پێغەمبەرەکان ڕۆیشتن و لە دوورەوە لە
بەرامبەر وەستان، ئەوانیش هەردووکیان لەسەر ڕووباری
ئوردون وەستان. ٨ ئێلییاش جلەکەی گرت و پێچایەوە و لەئاوەکەی
دا، جا بەملاو ئەولادا لەت بوو و هەردووکیان بە وشکانیدا
پەڕینەوە.
٩ ئەوە بوو کە پەڕینەوە، ئێلییا بە ئەلیشەعی وت: داوا بکە چیت
بۆ بکەم، بەرلەوەی لەلات ببڕێم؟ ئەلیشەعیش وتی: با دوو بەشی
ڕۆحت بەرمن بکەوێت. ١٠ ئەویش وتی: داوای شتێکی گرانت
کرد. گەر منت بینی کاتێ لەلات دەبڕێم، ئەوا بۆ تۆ دەبێت، ئەگەر
نا بۆت نابێت. ١١ ئەوە بوو کاتێ دەڕۆیشتن و قسەیان دەکرد، لە
ناکاو گالیسکەیەکی ئاگرین و چەند ئەسپێکی ئاگرین
هەردووکیانیان جیاکردنەوە و ئێلییا لە گەردەلولەکەدا سەرکەوت
بۆ ئاسمان.
١٢ ئەلیشەع بینی و هاواری کرد: باوکە! باوکە! گالیسکەکەی
ئیسرائیل و سوارەکاني! ئیتر نەیبینییەوە و جلەکەی گرت و لەتی
کرد بۆ دوو پارچە. ١٣ ئینجا جلەکەی ئێلییا هەڵگرتەوە ئەوەی لێی
بەربووەوە و گەڕایەوە و لەسەر کەناری ئوردون ڕاوەستا.
١٤ ئینجا جلەکەی ئێلییای گرت ئەوەی لێی بەربووەوە، لە ئاوەکەی
دا و وتی: خوداوەند خودای ئێلییا لە کوێیە؟ ئینجا ئەویش لە
ئاوەکەی دا و بەملا و ئەولادا لەت بوو و ئەلیشەع پەڕییەوە.
١٥ کاتێ نەوەی پێغەمبەرەکانی ئەریحا ئەوانەی لەبەرامبەری
بوون بینییان، وتیان: ڕۆحی ئێلییا لە لەسەر ئەلیشەعدا جێگیر
بووە. ئینجا بەرەو پیری چوون و بەرەو زەوی کڕنۆشیان بۆ برد.

١٦ پێیان وت: ئەوەتا خزمەتکارەکانت پەنجا پیاوی بەهێزیان
لەگەڵدایە و لێیانگەڕێ با بڕۆن و بەدوای گەورەکەتدا بگەڕێن،
نەوەك ڕۆحی خوداوەند هەڵیگرتبێ و لەسەر چیایەك یاخود لەناو
یەکێك لە دۆڵەکاندا فڕێیدابێت. ئەویش وتی: مەنێرن. ١٧ بەڵام
زۆریان لێ کرد تا شەرم دایگرت و وتی: بنێرن. ئەوانیش پەنجا
پیاویان نارد و سێ ڕۆژ بە دوایدا گەڕان و نەیاندۆزییەوە. ١٨ ئینجا
گەڕانەوە بۆلای و ئەویش لە ئەریحادا مابۆوە، پێی وتن: پێم نەوتن
مەچن؟
١٩ پیاوانی شارەکە بە ئەلیشەعیان وت: ئەوەتا هەروەك گەورەم
دەبینێت شوێنی شارەکە باشە، بەڵام ئاوەکە خراپە و زەوییەکەشی
ڕووتە. ٢٠ ئەویش وتی: قاپێکی نوێم بۆ بهێنن و خوێی تێبکەن.
ئەوانیش بۆیان هێنا. ٢١ ئینجا چووە دەرەوە بۆ سەرچاوەی ئاوەکە
و خوێیەکەی تێ فڕێدا و وتی: خوداوەند ئاوا دەفەرموێت، ئەم
ئاوەم چاککردەوە و جارێکی تر نە مردنی تێدا بێت و نە ڕووتی.
٢٢ ئینجا ئاوەکە چاکبووەوە تا ئەمڕۆش وایە بە پێی ئەو قسەیەی
ئەلیشەع کردی.
٢٣ ئینجا لەوێوە سەرکەوت بۆ بەیت ئێل، لەکاتێکدا بە ڕێگاکەدا
سەردەکەوت، چەند مێردمنداڵێك لە شارەکەوە هاتنە دەرەوە
گاڵتەیان پێ کرد و پێیان وت: کەچەڵ سەرکەوە! کەچەڵ
سەرکەوە! ٢٤ ئەویش ئاوڕی بۆ دوایەوە دایەوە و تەماشای کردن
و بە ناوی خوداوەندەوە نەفرەتی لێکردن، جا دوو ورچ لە
دارستانەکەوە هاتنە دەرەوە و چلو دوو کوڕیان پارچەپارچە کرد.
٢٥ ئینجا لەوێوە چوو بۆ چیای کەرمل و لەوێشەوە گەڕایەوە بۆ
سامیرە.

# ٣

١ یەهۆرامی کوڕی ئاخاب لە هەژدەمین ساڵی یەهۆشافاتی پاشای
یەهوزادا، بوو بە پاشای ئیسڕائیل لە سامیرەدا و دوانزە ساڵ
پاشایەتی کرد. ٢ ئەمیش لەبەرچاوی خوداوەنددا خراپەی کرد،
بەڵام نەك وەك باوك و دایکی، ئەو کۆڵەکەیەی بەعلی لەناوبرد کە
باوکی دروستی کردبوو. ٣ بەڵام خۆی بەو گوناهانەی یەربوبعامی
کوڕی ناباتەوە چەسپاند، کە ئیسڕائیلی تووشی گوناە کرد و خۆی
لانەدا لێیان.
٤ میشەعی پاشای مۆئابیش خاوەنی مەڕوماڵات بوو و سەد هەزار
بەرخ و سەد هەزار بەرانی بە خورییەکانیانەوە بە پاشای
ئیسڕائیلی دەدا. ٥ ئەوە بوو پاش مردنی ئاخاب، پاشای مۆئاب لە
پاشای ئیسڕائیل یاخی بوو. ٦ جا یەهۆرام پاشا لەو ڕۆژەدا لە
سامیرەوە چووە دەرەوە و هەموو ئیسڕائیلی بەسەرکردەوە.
٧ ڕۆیشت و ناردی بۆ یەهۆشافاتی پاشای یەهوزا و وتی: پاشای
مۆئاب لێم یاخی بووە، لەگەڵمدا دێیت بۆ مۆئاب بۆ جەنگ؟
ئەویش وتی: دێم، خۆم وەك خۆت و گەلەکەم وەك گەلەکەت و
ئەسپەکانیشم وەك ئەسپەکانت. ٨ ئینجا وتی: لەکام ڕێگاوە
سەرکەوین؟ ئەویش وتی: لە ڕێگای دەشتودەری ئەدومەوە.
٩ ئینجا پاشای ئیسڕائیل و پاشای یەهوزا و پاشای ئەدوم ڕۆیشتن
و حەوت ڕۆژەڕێ سووڕانەوە، جا ئاو نەبوو بۆ سوپاکە و ئەو
ئاژەڵانەی بەدوایانەوە بوون. ١٠ پاشای ئیسڕائیلیش وتی: ئای بۆیە
خوداوەند ئەم سێ پاشایەی بانگ کردووە، تا بیاندات بەدەست
پاشای مۆئابەوە! ١١ یەهۆشافاتیش وتی: ئایا لێرە هیچ پێغەمبەرێکی
خوداوەند نییە، تا بە هۆیەوە پرسیار لە خوداوەند بکەین؟ یەکێك لە
خزمەتکارەکانی پاشای ئیسڕائیل وەڵامی دایەوە و وتی: ئەلیشەعی
کوڕی شافات لێرەیە، ئەوەی ئاوی بە دەستەکانی ئیلیادا دەکرد.
١٢ یەهۆشافاتیش وتی: وتەی خوداوەندی لەلایە. ئینجا پاشای
ئیسڕائیل و یەهۆشافات و پاشای ئەدوم چوونە خوارەوە بۆلای.
١٣ ئەلیشەع بە پاشای ئیسڕائیلی وت: ئیشی چیت بە منە؟ بڕۆ
بۆلای پێغەمبەرەکانی باوکت و پێغەمبەرەکانی دایکت. پاشای
ئیسڕائیلیش وتی: نەخێر، چونکە خوداوەند ئەم سی پاشایەی بانگ
کردووە تا بیاندات بەدەست مۆئابەوە. ١٤ ئەلیشەعیش وتی:
زیندووە خوداوەندی سوپاسالار، ئەوەی ڕاوەستاوم لەبەردەمی،
گەر لەبەر خاتری یەهۆشافاتی پاشای یەهوزا نەبوایە، نە ئاوڕم
لێت دەدایەوە و نە سەیرم دەکردیت. ١٥ بەڵام ئێستا مۆسیقاژەنێکم
بۆ بهێنن. ئەوە بوو کە مۆسیقاژەنەکە مۆسیقاکەی لێدا، دەستی
خوداوەند هاتە سەری. ١٦ وتی: خوداوەند ئاوا دەفەرموێت: ئەم
دۆڵە چاڵ چاڵ بکەن، ١٧ چونکە خوداوەند دەفەرموێت، نە با
دەبینن و نە باران، بەڵام ئەم دۆڵە پڕ دەبێت لە ئاو و خۆتان و
مەڕوماڵاتەکانتان و ئاژەڵەکانتان لێی دەخۆنەوە.١٨ ئەوەش لەلای
خوداوەند کارێکی ئاسانە و مۆئاب بەدەستانەوە دەدات. ١٩ ئێوەش
لە هەموو شارێکی شورابەند و هەموو باشترینی شارەکان دەدەن
و هەموو دارێکی چاك دەبڕنەوە و هەموو کانیاوەکان کوێر
دەکەنەوە و هەموو کێڵگەیەکی چاکیش بە بەرد تێك دەدەن. ٢٠ ئەوە
بوو لە بەیانیدا لە کاتی سەرخستنی پێشکەشکراوەکەدا، لەناکاو
ئاو لەڕێگای ئەدومەوە هات و زەوییەکە پڕ بوو لە ئاو.
٢١ هەموو مۆئابیش بیستیان کە پاشاکان سەرکەوتوون بۆ جەنگ
کردن دژیان، جا هەموو ئەوەی توانای چەك هەڵگرتنی هەبوو و
لەگەنجەوە هەتا پیر، کۆیان کردنەوە و لەسەر سنوورەکە وەستان.
٢٢ کە بەیانی زوو لە خەو هەڵسان، خۆر لەسەر ئاوەکە
دەدرەوشایەوە، مۆئابییەکانیش لەوبەرەوە تەماشایان کرد ئاوەکە
سووورە وەك خوێن. ٢٣ وتیان: ئەمە خوێنە! پاشاکان لەناو خۆیاندا
بووە بەشەڕیان و هەریەکە و لە هاوڕێیەکەی داوە، ئێستاش بەرەو
تاڵان، ئەی مۆئاب! ٢٤ جا هاتن بەرەو ئۆردوگاکەی ئیسڕائیل و
ئیسڕائیلییەکانیش هەستان و لە موئابییەکانیان دا و لەبەردەمیاندا
هەڵاتن، ئەوانیش هاتنە ناویەوە و لە موئابییەکانیان دەدا. ٢٥ ئینجا
شارەکانیان ڕووخاند و هەریەکە بەردێکی فڕێدایە ناو هەموو
کێڵگەیەکی چاکەوە تا پڕیان کردنەوە، هەموو کانیاوەکانیشیان
کوێر کردەوە و هەموو دارێکی چاکیان بڕییەوە، بەتەنها
بەردەکانی قیر حاریسەیان هێشتەوە و قۆچەقانی وەشێنەکان بۆی
سووڕانەوە و لێیان دا. ٢٦ کاتێ پاشای مۆئاب بینی کە جەنگەکە
توندبووە لەسەری، حەوت سەد شمشێر بەدەستی لەگەڵ خۆیدا
برد تا ڕێگای بۆ بکەنەوە بەرەو پاشای ئەدوم، بەڵام نەیانتوانی.
٢٧ ئینجا کۆڕە نۆبەرەکەی، ئەوەی لەجێی ئەو دەبوو بە پاشا بردی
و سەریخست تا ببێت بە قوربانی سووتاو لەسەر شوورای
شارەکە، ئەوە بووە تووڕەییەکی گەورە دژ بە ئیسڕائیل، جا
پاشەکشەیان لێی کرد و گەڕانەوە بۆ زەوییەکە.

# ٤

١ ژنێك لە ژنەکانی نەوەی پێغەمبەران هاواری بۆ ئەلیشەع کرد و
وتی: خزمەتکارەکەت، مێردەکەم، مردووە و تۆ دەزانیت کە
خزمەتکارەکەت لە خوداوەند دەترسا، بەڵام ئێستا سووخۆرەکەی
هاتووە تا دوو کوڕەکەم بۆ خۆی ببات بە کۆیلە. ٢ ئەلیشەع پێی
وت: چیت بۆ بکەم؟ پێم بڵێ لە ماڵەوە چی شك دەبەیت؟ ئەویش
وتی: کەنیزەکەت لە ماڵەوە جگە لە گۆزەیەك ڕۆن هیچی تر شك
نابات. ٣ ئەویش وتی: بڕۆ لە دەرەوە لە هەموو دراوسێیەکانت
داوای قاپوقاچاغ بکە، قاپوقاچاغی بەتاڵ، کەمی مەکەوە. ٤ پاشان
بچۆ ژوورەوە و دەرگاکە لەسەر خۆت و کوڕەکانت دابخە و ڕۆن
بکەرە ناو هەموو قاپەکانەوە و ئەوەی پڕبوو لەلایەکەوە دایبنێ.
٥ ئەویش لەلای ڕۆیشت و دەرگاکەی لەسەر خۆی و کوڕەکانی
داخست و ئەوان قاپەکانیان بۆی دەهێنایە پێشەوە و ئەویش تێی

دەکردن. ٦ ئەوە بوو کە قاپەکان پڕبوون، بە کوڕەکەی وت: قاپێکی
ترم بۆ بهێنە. ئەویش پێی وت: هیچ قاپێك نەماوە. ئیتر ڕۆنەکە
وەستا. ٧ ئینجا هات و بە پیاوەکەی خودای ڕاگەیاند، ئەویش وتی:
بڕۆ ڕۆنەکە بفرۆشە و قەرزەکەت بدەرەوە و ئەوەی دەمێنێتەوە
خۆت و کوڕەکانت پێی بژین.
٨ ئەوە بوو ڕۆژێکیان ئەلیشەع پەڕییەوە بۆ شونەم، لەوێ ژنێکی
ناودار هەبوو زۆری لێکرد نان بخوات، ئیتر هەر کاتێ
بپەڕیبایەوە لایدەدایە ئەوێ بۆ نان خواردن. ٩ ژنەکە بە پیاوەکەی
خۆی وت: ئەوەتا زانیومە ئەو پیاوەی کە هەمیشە بەلاماندا
تێدەپەڕێت، پیاوێکی پیرۆزی خودایە. ١٠ با ژوورێکی بچووك
لەسەربان دروست بکەین و تیایدا جێیەکی نووستن و خوانێك و
کورسییەك و چرایەکی بۆ دابنێین، تا ئەگەر هات لابداتە ئەوێ.
١١ ئەوە بوو ڕۆژێکیان هات بۆ ئەوێ و چووە ژوورەکەی سەرەوە
و تیایدا پاڵکەوت. ١٢ ئینجا بە گیحەزی خزمەتکاری وت: ئەو ژنە
شونەمییەم بۆ بانگ بکە. ئەویش بانگی کرد و ژنەکە لەبەردەمیدا
ڕاوەستا. ١٣ ئینجا پێی وت: پێی بڵێ، ئەوەتا تۆ ئەو هەموو
زەحمەتەت لەگەڵ ئێمەدا کێشاوە. چیت بۆ بکرێت؟ هیچت هەیە تا
لەبارەیەوە قسە لەگەڵ پاشا یاخود سەرکردەی سوپادا بکرێت؟
ژنەکەش وتی: من لەنێو گەلی خۆمدا نیشتەجێم. ١٤ ئەویش وتی:
ئەی چی بۆ بکرێت؟ گیحەزیش وتی: منداڵی نیە و مێردەکەشی
بەساڵا چووە. ١٥ ئینجا وتی: بانگی بکە. ئەویش بانگی کرد و
لەناو دەرگاکە ڕاوەستا . ١٦ ئەویش ووتی: ساڵی داهاتوو لەم کاتەدا
کوڕێك لە باوەش دەگریت. ژنەکەش وتی: نەخێر گەورەم، ئەی
پیاوی خودا، درۆ لەگەڵ کەنیزەکەتدا مەکە! ١٧ ئینجا ژنەکە سکی
پڕبوو و کوڕێکی بوو، لە ساڵی داهاتوو لەو کاتەدا هەروەك
ئەلیشەع پێی وت.
١٨ کوڕەکە گەورە بوو. ڕۆژێك کوڕەکە چووە دەرەوە بۆلای
باوکی بۆلای دروێنەکەرەکان. ١٩ بە باوکی وت: ئای سەرم!ئای
سەرم! ئەویش بە خزمەتکارەکەی وت: بیبەرەوە بۆلای دایکی.
٢٠ خزمەتکارەکەش هەڵی گرت و هێنایەوە بۆلای دایکی. تا
نیوەڕۆ لەسەر ئەژنۆکانی دانیشت و مرد. ٢١ ئەویش چووە
سەرەوە لەسەر جێی نووستنەکەی پیاوەکەی خودا داینا و
دەرگاکەی لەسەر داخست و هاتە دەرەوە. ٢٢ ئینجا مێردەکەی
بانگ کرد و وتی: خزمەتکارێك و ماکەرێکم بۆ بنێرە، تا بەپەلە
بچم بۆلای پیاوەکەی خودا و بگەڕێمەوە. ٢٣ ئەویش وتی: بۆچی
ئەمڕۆ دەچیت بۆلای؟ خۆ ئەمڕۆ نە سەری مانگە و نە شەممەیە.
ژنەکەش وتی: هیچ نییە.
٢٤ ئینجا کورتانی لە ماکەرەکە بەست و بە خزمەتکارەکەی وت
لێخوڕە و بڕۆ، لەبەر من کاروانەکە خاو مەکەوە تا خۆم پێت
نەڵێم. ٢٥ ئینجا ڕۆیشت و هات بۆلای پیاوەکەی خودا لە چیای
کەرمەلدا. ئەوە بوو کە پیاوەکەی خودا لە دوورەوە بینی بە
گیحەزی خزمەتکاری وت: ئەوەتا ئەوە شونمییەکەیە. ٢٦ ئێستا
بەرەوپیری ڕابکە و پرسیاری سەلامەتی خۆی و مێردەکەی و
کوڕەکەی لێ بکە ژنەکەش وتی: باشین. ٢٧ کاتێك ژنەکە گەیشتە
لای پیاوەکەی خودا لە چیاکە قاچەکانی گرت و گیحەزیش هاتە
پێشەوە تا دووری بخاتەوە. پیاوەکەی خوداش وتی: لێیگەڕێ،
چونکە زۆر دڵی تەنگە و خوداوەندیش ئەو کارەی لێم شاردەوە و
پێی ڕانەگەیاندم. ٢٨ ئینجا ژنەکە وتی: من داوای کوڕم لە گەورەم
کرد؟ نەمووت هەڵممەخەڵەتێنە؟
٢٩ ئەویش بە گیحەزی وت: کەمەرت توند ببەستە و گۆچانەکەم
بگرە بەدەستەوە و بڕۆ، گەر چاوت بە یەکێك کەوت سڵاوی لێ
مەکە و گەر یەکێکیش سڵاوی لێ کردی، وەڵامی مەدەرەوە و
گۆچانەکەم لەسەر دەموچاوی کوڕەکە دابنێ. ٣٠ دایکی کوڕەکەش
وتی: خوداوەند زیندووە و گیانت زیندووە، بەجێت ناهێڵم. ئیتر
هەستا و دوایکەوت .٣١ گیحەزی لە پێشیانەوە ڕۆیشت و
گۆچانەکەی لەسەر دەموچاوی کوڕەکە دانا، بەڵام نە دەنگ هەبوو
نە بیستن، ئینجا گەڕایەوە بۆلای و پێی ڕاگەیاند و وتی: کوڕەکە
بەئاگا نە هاتووە. ٣٢ ئینجا ئەلیشەع چووە ناو ماڵەکەوە و بینی
کوڕەکە مردووە و لەسەر جێگاکەی پاڵکەوتووە. ٣٣ جا چووە
ژوورەوە و دەرگاکەی لەسەر هەردووکیان داخست و نوێژی بۆ
خوداوەند کرد. ٣٤ پاشان سەرکەوت و لەسەر کوڕەکە پاڵکەوت،
دەمی خستە سەر دەمی و چاوەکانی لەسەر چاوەکانی و دەستەکانی
لەسەر دەستەکانی و لەسەری درێژ بوو، جەستەی کوڕەکە گەرم
داهات. ٣٥ ئینجا گەڕایەوە و بەناو ماڵەکەدا هاتووچۆی کرد،
جارێك بەملایە و جارێکی تر بەولایە و سەرکەوتەوە و لەسەری
درێژ بووەوە و کوڕەکە حەوت جار پژمی و ئینجا کوڕەکە
چاوەکانی کردەوە. ٣٦ ئینجا گیحەزی بانگکرد و وتی: ئەو
شونەمییە بانگ بکە. ئەویش بانگی کرد و هاتە ژوورەوە بۆلای،
ئەویش وتی: کوڕەکەت هەڵگرە. ٣٧ ئینجا هات و کەوت بەسەر
پێیەکانی و کڕنۆشی بۆ برد بەرەو زەوی و کوڕەکەی هەڵگرت و
چووە دەرەوە.
٣٨ پاشان ئەلیشەع گەڕایەوە بۆ جەلجال و لە زەوییەکە برسێتی
ڕوویدا، کاتێك نەوەی پێغەمبەرەکان لەبەردەمی دانیشتبوون، بە
خزمەتکارەکەی وت: مەنجەڵە گەورەکە بخەرە سەر ئاگر و
چێشتێك بۆ نەوەی پێغەمبەران لێبنێ .٣٩ ئینجا یەکێك بۆ تۆڵەکە
چنینەوە چووە دەرەوە بۆ کێڵگە و بڕکێکی کێوی بینیەوە و پڕ بە
دامێنی کولەکە زەردەی کێوی چنییەوە و هات و پارچەپارچەی
کرد بۆ ناو مەنجەڵەکە و کەسیشیان نەیزانی. ٤٠ ئینجا بۆ
پیاوەکانیان تێکرد تا بخۆن. ئەوە بوو کە لە چێشتەکەیان خوارد،
هاواریان کرد و وتیان: ئەی پیاوی خودا، مەنجەڵەکە مەرگی
تێدایە! ئیتر نەیانتوانی بیخۆن. ٤١ ئەویش وتی: ئارد بهێنن. ڕشتییە
ناو مەنجەڵەکەوە و وتی: بۆ خەڵکەکە تێبکە، با بخۆن. ئیتر
مەنجەڵەکە هیچ شتێکی خراپی تیادا نەما.
٤٢ پیاوێك لە بەعل شەلیشەوە هات و بۆ پیاوی خودا نانی نۆبەرەی
هێنا، بیست نانی جۆ لەگەڵ گەنمی تازە لەناو توورەکەیدا.
ئەویش وتی: بیدە بە خەڵکەکە با بخۆن. ٤٣ بەڵام خزمەتکارەکەی
وتی: چییە! ئەمە لەبەردەم سەد پیاودا دابینێم. ئەویش وتی: بیدە بە
خەڵکەکە با بیخۆن، چونکە خوداوەند ئاوای فەرمووە، دەخۆن و
لەبەریشیان دەمێنێتەوە. ٤٤ ئینجا لەبەردەمیاندا داینا و خواردیان و
لەبەریشیان مایەوە، بە پێی وشەی خوداوەند.

# ٥

١ نوعمانی سەرکردەی سوپای پاشای ئارام پیاوێکی مەزن بوو
لەلای گەورەکەی و سەر بڵند بوو، چونکە خوداوەند لەڕێگای
ئەوەوە ڕزگاری بە ئارام دا. ئەم پیاوەش پاڵەوانێکی بەهێز بوو،
بەڵام گەڕ بوو. ٢ ئارامییەکان بۆ تاڵان دەرچووبوون و لە زەوی
ئیسرائیلەوە کچێکی گەنجیان لەگەڵ خۆیان هێنابووەوە، خزمەتی
ژنەکەی نوعمانی دەکرد. ٣ کچەکە بە خانمەکەی وت: خۆزگە
گەورەم پێغەمبەرەکەی سامیرەی دەبینی! چونکە ئەو لە
گەڕییەکەی چاکی دەکردەوە. ٤ ئینجا نوعمان چووە ژوورەوە و بە
گەورەکەی وت: ئەو کچە، ئەوەی خەڵکی ئیسرائیلە، ئەمە و
ئەوەی وتووە. ٥ پاشای ئارامیش وتی: بڕۆ و بەڕێکەوە، منیش
نامەیەك بۆ پاشای ئیسرائیل دەنێرم. ئینجا ڕۆیشت و لەگەڵ
دەستیدا دە کێش زیو و شەش هەزار شاقل زێڕ و دە دەستە جلی
برد. ٦ نامەکەی بۆ پاشای ئیسرائیل هێنا و تییایدا دەیوت: ئێستاش
کە ئەم نامەیەت پێدەگات، ئەوەتا نوعمانی خزمەتکارم دەنێرمە
لات و لە گەڕییەکەی چاکی بکەوە. ٧ ئەوە بوو کە پاشای ئیسرائیل
نامەکەی خوێندەوە، جلەکانی لەبەرخۆیدا دادڕی و وتی: ئایا من
خودام؟ بمرێنم و زیندوو بکەمەوە، تا ئەمە پیاوێکم بۆ بنێرێت لە

گولییەکەی چاکی بکەمەوە؟ بزانن و سەیرکەن چۆن شەڕم پێ
دەفرۆشێت!
٨ ئەوە بوو کە ئەلیشەعی پیاوی خودا بیستیەوە پاشای ئیسرائیل
جلەکانی لەبەرخۆیدا دادڕی وە، ناردی بۆلای پاشا و وتی: بۆچی
جلەکانت لەبەرخۆتدا دادڕیوە؟ با بێت بۆلام و بزانێت کە لە
ئیسرائیلدا پێغەمبەرێك هەیە. ٩ ئینجا نوعمان هات و بە ئەسپ و
گالیسکەکانییەوە لەبەردەرگای ماڵی ئەلیشەع وەستا.
١٠ ئەلیشەعیش نێرراوێکی نارد بۆلای و وتی: بڕۆ و حەوت جار
لە ڕووباری ئوردون خۆت بشۆ، تا گۆشتەکەت بگەڕێتەوە بۆت
و پاك ببێتەوە. ١١ نوعمانیش تووڕە بوو و ڕۆیشت و وتی: ئەوەتا
وتم، دێتە دەرەوە بۆلام و ڕادەوەستێت و بە ناوی خوداوەند
خوداکەیەوە بانگ دەکات و دەستی بەسەر شوێنەکەدا دەهێنێت و
گەڕییەکە چاك دەبێتەوە. ١٢ ئایا ئەبانە و فەرفەر، دوو ڕووبارەکەی
دیمەشق، لەهەموو ئاوەکانی ئیسرائیل چاکتر نین؟ ئایا نەمدەتوانی
خۆمیان تیا بشۆم و پاك ببمەوە؟ لەبەرئەوە گەڕایەوە و بە
تووڕەییەوە ڕۆیشت. ١٣ ئینجا خزمەتکارەکانی هاتنە پێشەوە و
پێیان وت: ئەی باوکمان، گەر پێغەمبەرەکە شتێکی گەورەی پێت
بووتبایە نەتدەکرد؟ بەڵام چونکە وتی، خۆت بشۆ و پاك ببەوە!
١٤ ئینجا چووە خوارەوە و بەپێی قسەی پیاوەکەی خودا، حەوت
جار خۆی لە ڕووباری ئوردون نوقم کرد و گۆشتەکەی گەڕایەوە
وەك گۆشتی کوڕیکی گەنج و پاك بووەوە.
١٥ ئینجا لەگەڵ هەموو سوپاکەیدا گەڕایەوە بۆلای پیاوەکەی خودا
و لەبەردەمیدا ڕاوەستا و وتی: ئەوەتا دەزانم خودا لە هیچ شوێنێك
نییە تەنها لە ئیسرائیلدا نەبێت. ئێستاش ئەم بەرەکەتە لە
خزمەتکارەکەت وەرگرە. ١٦ ئەویش وتی: زیندووە خوداوەند
ئەوەی خزمەتی دەکەم، وەریناگرم. ئینجا زۆری لێکرد تا
وەریبگرێت، بەڵام ڕازی نەبوو. ١٧ ئینجا نوعمان وتی: ئەی
ناکرێ بە خزمەتکارەکەت باری دوو ئێستر خۆڵ بدرێ؟ چونکە
ئیتر خزمەتکارەکەت قوربانی ناسووتێنێ و سەرنابڕێ بۆ هیچ
خودایەك، تەنها بۆ خوداوەند. ١٨ بەڵام لەم کارە خوداوەند لە
خزمەتکارت خۆشبێت، لەکاتی چوونە ژوورەوەی گەورەم بۆ
بەیت ڕمون بۆ ئەوەی لەوێدا کڕنۆش ببات، خۆی بەسەر قۆڵمدا
دەچەمێنێتەوە و منیش لەبەیت ڕموندا کڕنۆش دەبەم، لە کڕنۆش
بردنمدا لە بەیت ڕمون خوداوەند لە خزمەتکارت خۆشببێت لەم
کارە. ١٩ ئەویش وتی: بەخێر بچیت. ئیتر لە لای ڕۆیشت و کەمێك
لێی دوورکەوتەوە.
٢٠ گیخەزی خزمەتکارەکەی ئەلیشەعی پیاوی خوداش وتی: ئەوەتا
گەورەم ڕازی نەبوو ئەو شتە لەدەست نوعمانی ئارامی
وەربگرێت کە هێنابووی، بەڵام زیندووە خوداوەند من بە دوایدا
ڕادەکەم و شتێکی لێ وەردەگرم. ٢١ ئینجا گیخەزی دوای نوعمان
کەوت، نوعمانیش بینی بەدوایدا ڕادەکات، لە گالیسکەکە دابەزی
و وتی: ها خێرە؟ ٢٢ ئەویش وتی: خێرە، گەورەم ناردوومی و
دەڵێت، ئەوەتا لەم کاتەدا دوو کوڕی گەنج لە چیای ئەفرایمەوە لە
نەوەی پێغەمبەرانەوە هاتوون بۆلام، کێشێك زیو و دوو دەستە
جلیان پێ بدە. ٢٣ نوعمانیش وتی: وەرەپێشەوە، دوو کێش زیو ببە.
ئینجا زۆری لێکرد و دوو کێش زیوی لە دوو توورەکەدا لەگەڵ
دوو دەستە جلدا پێچایەوە و دانی بە دەست دوو خزمەتکاریەوە و
لەپێشیەوە هەڵیانگرت. ٢٤ هاتن تا قەڵاکە، لەوێ لە دەستیانی
وەرگرت و لە ماڵەوە داینان و دوو پیاوەکەی ڕەوانەکرد. ئەوانیش
ڕۆیشتن. ٢٥ ئینجا ئەو هات و لەبەردەم گەورەکەیدا ڕاوەستا.
ئەلیشەعیش پێی وت: لە کوێ بووی ئەی گیخەزی؟ ئەویش وتی:
خزمەتکارت بەملا و بەولادا نەچووە. ٢٦ ئەویش پێی وت: ئایا دڵم
لەگەڵتا نەبوو کاتێك پیاوەکە لە گالیسکەکەیەوە گەڕایەوە بۆ
بینینت؟ ئێستا کاتی وەرگرتنی زیو و جل و زەیتون و ترێ و
مانگا و مەڕ و خزمەتکار و کەنیزەیە؟ ٢٧ گەڕییەکەی نوعمان
تاهەتایە بە خۆتو وەچەکەتەوە دەنووسێت. پاشان گیخەزی
لەبەردەمیدا بە گەڕی وەك بەفر چووە دەرەوە.

# ٦

١ نەوەی پێغەمبەرەکان بە ئەلیشەعیان وت: ئەوەتا ئەو شوێنەی
ئێمە تیایدا دانیشتووین لەبەردەمت، تەنگە بۆ ئێمە. ٢ با بڕۆین تا
ڕووباری ئوردون و لەوێ هەریەکەو کاریتەیەك دەبەین و
بۆخۆمان لەوێ شوێنێك دروست دەکەین تا تیایدا بژین. ئەویش
وتی: بڕۆن. ٣ یەکێکیان وتی: ڕازییە و لەگەڵ خزمەتکارەکانت
بڕۆ. ئەویش وتی: دەڕۆم. ٤ ئینجا لەگەڵیاندا ڕۆیشت و هاتن بۆلای
ڕووباری ئوردون و داریان بڕییەوە. ٥ ئەوە بوو کاتێ یەکێکیان
کاریتەی دەبڕییەوە، سەری تەورەکە کەوتە ناو ئاوەکەوە، جا
قیژاندی و وتی: ئای گەورەم، ئەوە ئەمانەتە! ٦ پیاوەکەی خوداش
وتی: کەوتە کوێوە؟ ئەویش شوێنەکەی پیشاندا، جا چیلکەیەکی
بڕییەوە و فڕێیدایە ئەوێ و سەری تەورەکەی سەر ئاو خست.
٧ ئینجا وتی: هەڵیگرەوە. ئەویش دەستی درێژکرد و بردی.
٨ پاشای ئارام دژی ئیسرائیل دەجەنگا و لەگەڵ خزمەتکارەکانیدا
ڕاوێژی کرد و وتی: ئۆردوگاکەم لە فڵانە شوێندا دەبێت. ٩ ئینجا
پیاوەکەی خودا ناردی بۆلای پاشای ئیسرائیل و وتی: ئاگات لە
خۆت بێت و لەم شوێنەوە نەپەڕیتەوە، چونکە ئارامییەکان لەوێدا
دامەزراون. ١٠ پاشای ئیسرائیلیش ئەو شوێنەی کە پیاوەکەی خودا
پێی وت و لێی ئاگاداری کردەوە پشکنی، ئیتر خۆی لێ پاراست،
نە جارێك و نە دووجار. ١١ جا ئەم کارە پاشای ئارامی تووشی
دڵەکوتێ کرد، بۆیە خزمەتکارەکانی بانگکرد و پێی وتن: پێم
ناڵێن کێ لە ئێمە لەگەڵ پاشای ئیسرائیلە. ١٢ یەکێك لە
خزمەتکارەکانی وتی: کەسمان پاشای گەورەم، چونکە ئەلیشەعی
پێغەمبەرە ئەوەی لە ئیسرائیلدایە، ئەو قسانەی لە ناو ژووری
نووستنەکەتدا دەیکەیت بە پاشای ئیسرائیلی ڕادەگەیەنێ. ١٣ ئەویش
وتی: بڕۆن و ببینن لە کوێیە، تا بنێرم و بیگرن. ئینجا پێیان
ڕاگەیاند و وتیان: ئەوەتا لە دۆتانە. ١٤ ئەویش ئەسپ و گالیسکە و
سوپایەکی گەورەی بۆ ئەوێ نارد و بەشەو هاتن و شارەکەیان
گەمارۆدا. ١٥ خزمەتکاری پیاوەکەی خوداش زوو لەخەو هەستاو
چووە دەرەوە و بینی ئەوەتا سوپایەك بە ئەسپ و گالیسکەوە
شارەکەیان گەمارۆداوە، جا خزمەتکارەکەی پێی وت: ئای گەورەم
چی بکەین؟ ١٦ ئەویش وتی: مەترسە، چونکە ئەوانەی لەگەڵ
ئێمەدان زۆرترن لەوانەی لەگەڵ ئەواندان. ١٧ ئینجا ئەلیشەع
نوێژی کرد و وتی: خوداوەند چاوی بکەوە با ببینێت. خوداوەندیش
چاوی خزمەتکارەکەی کردەوە و بینی ئەوەتا چیاکە پڕە لە ئەسپ
و گالیسکەی ئاگرین لە چواردەوری ئەلیشەع. ١٨ جا بۆی دابەزین
و ئەلیشەعیش نوێژی بۆ خوداوەند کرد و وتی: لەو گەلانە بدە و
کوێریان بکە. ئەویش لێیدان و کوێری کردن، هەروەك ئەلیشەع
وتی. ١٩ ئینجا ئەلیشەع پێی وتن: نە ئەمە ڕێگاکەیە و نە ئەمەش
شارەکەیە. دوامکەون با بتانبەم بۆ لای ئەو پیاوەی بەدوایدا
دەگەڕێن. ئیتر هەموویانی برد بۆ سامیرە. ٢٠ ئەوە بوو کە چوونە
ناو سامیرەوە، ئەلیشەع وتی: خوداوەند چاوی ئەمانە بکەوە با
ببینن. خوداوەندیش چاوی کردنەوە و بینیان وا لەناوەڕاستی
سامیرەدان. ٢١ کاتێ پاشای ئیسرائیل بینیانی، بە ئەلیشەعی وت:
لێیدەم، باوکە لێیدەم؟ ٢٢ ئەویش وتی: لێمەدە. لەوانە بدە کە بە
شمشێرەکەت و تیروکەوانەکەت دەستگیرت کردوون. نان و ئاو
لە پێشیان دابنێ، با بخۆن و بخۆنەوە و بڕۆنەوە بۆلای
گەورەکەیان. ٢٣ ئەویش خوانێکی گەورەی بۆ ئامادەکردن و
خواردیان و خواردیانەوە و ناردنییەوە و ڕۆیشتنەوە بۆلای
گەورەکەیان و ئیتر چەتەکانی ئارام نەهاتنەوە ناو زەوی ئیسرائیل.
٢٤ ئەوە بوو پاش ئەمە بەنهەدەدی پاشای ئارام هەموو سوپاکەی

کۆکردەوە و سەرکەوت و سامیرەی گەمارۆدا. ٢٥ ئەوە بوو
برسێتییەکی گەورە لە شارەکەدا بوو و گەمارۆ لەسەری بوو تا
وای لێهات سەری گوێدرێژێك بە هەشتا پارچە زیو و چارەکە
قاپێکی ڕیقنەی کۆتریش بە پێنج پارچە زیو دەفرۆشرا.
٢٦ لەکاتێکدا پاشای ئیسڕائیل لەسەر دیوارەکە تێدەپەڕی، ژنێك
هاواری لێ کرد و وتی: ڕزگارمان بکە ئەی گەورەی پاشام!
٢٧ ئەویش وتی: ئەگەر خوداوەند ڕزگارت نەکات! من لەکوێوە
ڕزگارت کەم؟ لەشوێن خەرمانەکەوە یان لەمەی گووشەکەوە؟
٢٨ ئینجا پاشا پێی وت: چیتە؟ ئەویش وتی: ئەم ژنە پێی وتم:
کوڕەکەت بهێنە با ئەمڕۆ بیخۆین و سبەینێش کوڕەکەی من
دەخۆین .٢٩ ئینجا کوڕەکەممان لێنا و خواردمان، بۆ ڕۆژی دوایی
کە پێم وت، کوڕەکەت بهێنە با بیخۆین، کوڕەکەی خۆی شاردەوە.
٣٠ ئەوە بوو کە پاشا گوێی لە قسەکانی ئەم ژنە بوو، جلەکانی
لەبەرخۆیدا دادڕی کاتێ بەسەر دیوارەکەدا تێدەپەڕی، گەلیش
بینییان ئەوەتا لەژێرەوە بەرگی ماتەمی لەبەردایە. ٣١ ئینجا وتی:
خودا وام لێبکات و زیاتریش، گەر ئەمڕۆ سەری ئەلیشەعی
کوڕی شافات بەسەریەوە بمێنێتەوە.
٣٢ لەو کاتەدا ئەلیشەع لە ماڵەکەی خۆیدا دانیشتبوو و
ڕیشسپیەکانیش لەلای دانیشتبوون، پاشا پیاوێکی لەپێش خۆیەوە
نارد و بەرلەوەی نێرراوەکە بگاتە لای، بە پیرەکانی وت، بینیتان
چۆن ئەو پیاوکوژ زادەیە پیاوێکی ناردووە تا سەرم لێ بکاتەوە.
ببینن گەر پیاوەکە گەیشت دەرگاکە داخەن و لەنزیك دەرگاکەوە
گەمارۆی بدەن. ئایا دەنگی پێی گەورەکەی لەدوایەوە نییە؟
٣٣ هێشتا قسەی لەگەڵدا دەکردن، لەناکاو نێرراوەکە هاتە خوارەوە
بۆلای. ئینجا وتی: ئەوەتا ئەو بەڵایە لەلایەن خوداوەندەوەیە، ئیتر
بۆچی چاوەڕێی خوداوەند بکەم؟

# ٧

١ ئینجا ئەلیشەع وتی: گوێ لە وشەی خوداوەند بگرن. خوداوەند
ئاوای فەرموو، سبەینێ وەك ئەم کاتە، پێوانەیەك ئاردی سفر بە
شاقلێك و دوو پێوانە جۆ بە شاقلێك دەبێت لە دەروازەی سامیرەدا.
٢ سەربازێکی پاشاش ئەوەی دەستی دەگرت، وەڵامی پیاوەکەی
خودای دایەوە و وتی: ئەوەتا خوداوەند لە ئاسماندا پەنجەرە
دروست دەکات، ئایا شتی وا ڕوودەدات؟ ئەویش وتی: تۆ بە
چاوی خۆت دەیبینیت، بەڵام لێی ناخۆیت. ٣ چوار پیاوی گەڕ لە
دەروازەی شارەکەدا بوون، بە یەکتریان وت، بۆ لێرە بمێنینەوە تا
دەمرین؟ ٤ گەر بڵێین با بچینە ناو شارەکەوە شارەکە برسێتی
تێدایە و لەوێ دەمرین، گەر لێرەش دابنیشین هەر دەمرین. ئێستا
با بڕۆین و بکەوینە ناو ئۆردوگای ئارامییەکان، گەر هێشتیانینەوە
ئەوا دەژین و گەر کوشتیانین ئەوا دەمرین. ٥ ئینجا پاش
ڕۆژئاوابوون هەستان بۆ ئەوەی بڕۆن بۆ ئۆردوگای ئارامییەکان
و هاتن تا گەیشتنە قەراغ ئۆردوگای ئارامییەکان و بینییان کەسی
لەوێ نییە. ٦ لەبەرئەوەی خوداوەند دەنگی گالیسکە و دەنگی
ئەسپ و دەنگی سوپایەکی گەورەی خستبووە بەرگوێی ئۆردوگای
ئارامییەکان و ئیتر هەریەکەو بە براکەی وتبوو، ئەوەتا پاشای
ئیسڕائیل پاشاکانی حیسسییەکان و پاشاکانی میسرییەکانی بەکرێ
گرتووە دژمان تا بێنە سەرمان. ٧ لەبەرئەوە هەستان و پاش
ڕۆژئاوابوون هەڵاتن و چادرەکانیان و ئەسپەکانیان و
گوێدرێژەکانیان وەك خۆیان لەناو ئۆردوگاکەدا بەجێهێشت و بۆ
دەربازبوونی خۆیان هەڵاتن. ٨ ئینجا ئەو گەڕانە هاتن تا قەراغ
ئۆردوگا و چوونە ناو چادرێکەوە و خواردیان و خواردیانەوە و
لەوێ زیو و زێڕ و جلوبەرگیان هەڵگرت و ڕۆیشتن شاردیانەوە،
پاشان گەڕانەوە و چوونە ناو چادرێکی ترەوە و لەوێش
هەڵیانگرت و ڕۆیشتن و شاردیانەوە.
٩ ئینجا بە یەکترییان وت، ئەوەی ئێمە دەیکەین ڕاست نییە. ئەمڕۆ
ڕۆژی مژدەیە و ئێمەش بێ دەنگین، گەر تا بەرەبەیان چاوەڕێ
بکەین تووشی تاوان دەبین. ئێستاش بڕۆن با بچین و بە ماڵی
پاشای ڕابگەیەنین .١٠ ئینجا هاتن و دەرگاوانی شارەکەیان
بانگکرد و پێیان وت: ئێمە چووینە ناو ئۆردوگای ئارامییەکانەوە
و نەکەس لەوێ بوو و نەدەنگی کەسیش دەبیسترا، تەنها ئەسپی
بەستراو و گوێدرێژی بەستراو و چادرەکان وەك خۆیان.
١١ ئەویش دەرگاوانەکانی بانگکرد و لە ژوورەوە بە ماڵی پاشایان
ڕاگەیاند.
١٢ پاشا شەو هەستاو بە خزمەتکارەکانی وت: من پێتان ڕادەگەیەنم
ئارامییەکان چیان لێکردووین، دەزانن ئێمە برسین، لە ئۆردوگاکە
چوونەتە دەرەوە و خۆیان لە کێڵگەدا شاردۆتەوە و وتوویانە، گەر
لەشارەکە هاتنە دەرەوە بەزیندوویی دەیانگرین و دەچینە ناو
شارەکەوە.
١٣ یەکێك لە خزمەتکارەکانی وەڵامی دایەوە و وتی: با پێنج لەو
ئەسپانەی ماونەتەوە ببەن کە تیایدا ماونەتەوە، ئەوان وەك هەموو
کۆمەڵی ئیسڕائیلن کە تێیدا ماونەتەوە و وەك هەموو کۆمەڵی
ئیسڕائیلیشن کە تەواوبوون، با بنێرین و ببینین. ١٤ ئینجا دوو
گالیسکەی ئەسپیان برد و پاشا بەدوای سوپای ئارامییەکاندا
ناردینی و وتی: بڕۆن و ببینن. ١٥ ئەوانیش بەدوایاندا بەرەو
ڕووباری ئوردن ڕۆیشتن و ئەوەتا هەموو ڕێگاکە پڕە لە
جلوبەرگ و قاپوقاچاخ ئەوەی ئارامییەکان لە پەلەپەلیان
فڕێیانداوە. ئینجا نێرراوەکان گەڕانەوە و بە پاشایان ڕاگەیاند.
١٦ پاشان گەل چوونە دەرەوە و ئۆردوگای ئارامییەکانیان تاڵانکرد
و پێوانەیەك ئاردی سفر بوو بە شاقلێك و دوو پێوانە جۆش بە
شاقلێك، بەپێی وشەکەی خوداوەند. ١٧ پاشا ئەو سەربازەی کە
دەستی دەگرت لەسەر دەروازەکەی دانا، گەلیش لە دەروازەکەدا
پێشێلیان کرد و مرد، وەك چۆن پیاوەکەی خودا وتی لە کاتی
هاتنە خوارەوەی پاشادا بۆلای. ١٨ جا وەك قسەکەی پیاوی خودا
بۆ پاشا کردی وا بوو، کە وتی دوو پێوانە جۆ بە شاقلێك و
پێوانەیەك ئاردی سفریش بە شاقلێك دەبێت سبەینێ ئەم کاتە لە
دەروازەی سامیرەدا. ١٩ کە سەربازەکەش وەڵامی پیاوەکەی
خودای دایەوە و وتی، ئەوەتا خوداوەند لە ئاسماندا پەنجەرە
دروست دەکات، ئایا شتی وا ڕوودەدات؟ ئەویش وتی، تۆ بە
چاوی خۆت دەیبینیت، بەڵام لێی ناخۆیت. ٢٠ ئیتر وای بەسەر
هات، گەل لەدەروازەکەدا پێشێلیان کرد و مرد.

# ٨

١ ئینجا ئەلیشەع قسەی لەگەڵ ئەو ژنە کرد کە کوڕەکەی بۆ
زیندوو کردەوە و وتی: هەستە، خۆت و ماڵەکەت بڕۆن و لە کوێ
ئاوارە دەبن ئاوارە بن، چونکە خوداوەند بانگی برسێتی داوە و
ئەوا بەسەر زەوییەکەدا دێت و حەوت ساڵ درێژە دەکێشێت.
٢ ژنەکەش هەستاو وای کرد، وەك قسەکەی پیاوەکەی خودا، جا
خۆی و ماڵەکەی ڕۆیشتن و لە زەوی فەلەستینییەکان حەوت ساڵ
ئاوارە بوون. ٣ ئەوە بوو لە کۆتایی حەوت ساڵەکەدا ژنەکە لە
زەوی فەلەستینییەکانەوە گەڕایەوە و بە هاوارەوە دەرچوو بۆلای
پاشا، لەبەر ماڵەکەی و کێڵگەکەی. ٤ پاشاش قسەی لەگەڵ
گیحەزی خزمەتکاری پیاوەکەی خودا دەکرد و پێی وت: باسی
هەموو ئەو کارە گەورانەم بۆ بکە کە ئەلیشەع کردنی. ٥ ئەوە بوو
کاتێ بۆ پاشا باسی ئەوەی دەکرد کە چۆن مردووی
زیندووکردووەتەوە، لەناکاو ئەو ژنەی کە کوڕەکەی بۆ زیندوو
کردبووەوە لەبەر ماڵەکەی و کێڵگەکەی هاواری بۆ پاشا کرد.

گیخەزیش وتی: گەورەم پاشا، ئەوە ژنەکەیە و ئەوەش
کوڕەکەیەتی کە ئەلیشەع زیندووی کردەوە. ٦ پاشاش لە ژنەکەی
پرسی و ئەویش ئەوەی بۆی گێڕایەوە، ئینجا پاشا خزمەتکارێکی
خەساوی پێدا و وتی: هەموو ئەوەی هی ئەوە بۆی بگێڕەرەوە،
لەگەڵ داهاتی کێڵگەکەی لەو ڕۆژەوەی زەوییەکەی بەجێهێشتووە
و تا ئێستا.
٧ ئەلیشەع هات بۆ دیمەشق، بەنهەدەدی پاشای ئارامیش نەخۆش
بوو و پێی ڕاگەیەندرا و وترا، پیاوەکەی خودا هاتووە بۆ ئێرە.
٨ پاشاش بە خەزائیلی وت: دیارییەك لەگەڵ دەستا ببەو بڕۆ
بەرەوپیری پیاوەکەی خودا و لە ڕێگای ئەوەوە لە خوداوەند
پرسیار بکە و بزانە لەم نەخۆشییەم چاك دەبمەوە؟ ٩ خەزائیلیش
چوو بۆ بینینی و لەگەڵ دەستیدا دیارییەك و لە هەموو
خێروبێرەکانی دیمەشقیش چل بار حوشتری برد و هات
لەبەردەمیدا ڕاوەستا و وتی: کوڕەکەت، بەنهەدەدی پاشای ئارام،
ناردوومی بۆلات و دەڵێت، ئایا لەم نەخۆشییەم چاك دەبمەوە؟
١٠ ئەلیشەعیش پێی وت: بڕۆ و پێی بڵێ، بە دڵنیایی چاك دەبێتەوە،
خوداوەندیش پیشانی داوم کە دەمرێت! ١١ ئینجا چاوی تێبڕی تا
خەزائیل شەرمەزار بوو، ئینجا پیاوەکەی خودا دەستی کرد بە
گریان. ١٢ خەزائیلیش وتی: گەورەم بۆچی دەگری؟ ئەویش وتی:
چونکە ئەوەم زانی کە بەسەر نەوەی ئیسرائیلدا دەهێنیت،
خراپەیە، ئاگر لە قەڵاکانیان بەردەدەیت و گەنجەکانیان بە شمشێر
دەکوژیتو منداڵەکانیان وردوخاش دەکەیت و ورگی سك
پڕەکانشیان دەدڕێنی. ١٣ خەزائیلیش وتی: سەگەکەی خزمەتکارت
کێیە، کە ئەم کارە گەورەیە بکات؟ ئەلیشەعیش وتی: خوداوەند
تۆی پیشاندام، پاشای بەسەر ئارامەوە. ١٤ پاشان لەلای ئەلیشەع
ڕۆیشت و چووە ژوورەوە بۆ لای گەورەکەی، ئەویش پێی وت:
ئەلیشەع چی پێ وتی؟ ئەویش وتی: پێی وتم، دڵنیابە چاك
دەبیتەوە. ١٥ ئەوە بوو لە ڕۆژی پاشتر، جاجمەکەی برد و لەئاوی
هەڵکێشا و دای بەسەر دەموچاویدا و مرد. خەزائیلیش لە جێی ئەو
بوو بە پاشا. ١٦ لە ساڵی پێنجەمی یورامی کوڕی ئاخابی پاشای
ئیسرائیل و یەهوشافاتیش پاشای یەهوزا، یەهورامی کوڕی
یەهوشافات بوو بە پاشای یەهوزا. ١٧ پیاوێکی سی و دوو ساڵان
بوو کاتێ بوو بە پاشا و هەشت ساڵ لە ئورشەلیم پاشایەتی کرد.
١٨ بە ڕێگای پاشاکانی ئیسرائیلدا ڕۆیشت، وەك ئەوەی ماڵی
ئاخاب کردیان، چونکە کچەکەی ئاخاب ژنی بوو. ئەویش خراپەی
لەبەرچاوی خوداوەندا کرد. ١٩ خوداوەند نەیویست یەهوزا
لەناوببات لەبەر داودی خزمەتکاری، هەروەك پێی فەرموو،
چرایەکی پێدەدات، بە کوڕەکانی هەموو ڕۆژان. ٢٠ لە ڕۆژێکدا
ئەدوم لەژێر دەستی یەهوزا یاخی بوو و پاشایەکیان بەسەر
خۆیانەوە دانا. ٢١ جا یورام پەڕییەوە بۆ چەعیرو هەموو
گالیسکەکانیش لەگەڵیدا بوون. ئەوە بوو لە شەودا هەستا و لە
ئەدومی دا کە لە دەوروبەری بوون و هەروەها لە سەرکردەکانی
گالیسکەکان و خەڵکەکە بۆ چادرەکانیان هەڵاتن. ٢٢ ئەدومیش
لەژێر دەستی یەهوزا یاخی بوو تا ئەمڕۆ، ئینجا لەو کاتەدا لیبنە
یاخی بوو.
٢٣ پاشماوەی کارەکانی یورام و هەموو ئەو شتانەی کردی ئەوەتان
لە پەرتووکی هەواڵی ڕۆژانی پاشاکانی یەهوزادا نووسراون.
٢٤ ئینجا یورام لەگەڵ باوباپیرانیدا سەرینایەوە و لەگەڵ
باوباپیرانیدا لە شاری داود نێژرا، ئەخزیای کوڕیشی لە جێی ئەو
بوو بە پاشا.
٢٥ لە ساڵی دوانزەیەمینی یورامی کوڕی ئاخابی پاشای ئیسرائیل،
ئەخەزیای کوڕی یەهورام بوو بە پاشای یەهوزا. ٢٦ کوڕی بیست
و دوو ساڵان بوو کە بوو بە پاشا و یەك ساڵ لە ئورشەلیمدا
پاشایەتی کرد و ناوی دایکی عەسەلیای کچی عەمری پاشای
ئیسرائیل بوو. ٢٧ بە ڕێگای ماڵی ئاخابدا ڕۆیشت و خراپەی لەبەر
چاوی خوداوەنددا کرد وەك ماڵی ئاخاب، چونکە زاوای ماڵی
ئاخاب بوو. ٢٨ لەگەڵ یورامی کوڕی ئاخابدا چوو بۆ جەنگ دژی
خەزائیلی پاشای ئارام لە ڕاموت جیلعاد و ئارامییەکان لە
یورامیان دا. ٢٩ ئینجا یورام پاشا گەڕایەوە تا لە یەزرعیلدا
چاکبێتەوە لەو برینانەی ئارامییەکان لێیاندا لە ڕامە لە کاتی
جەنگینی دژی خەزائیلی پاشای ئارام. ئەخەزیای کوڕی
یەهورامی پاشای یەهوزاش دابەزی بۆ یەزرەعیل تا چاوی بە
یورامی کوڕی ئاخاب بکەوێت، چونکە نەخۆش بوو.

# ٩

١ ئینجا ئەلیشەع پێغەمبەر یەکێکی بانگکرد لە نەوەی پێغەمبەرەکان
و پێی وت: کەمەرت توند بکە و هەندێ ڕۆن لەگەڵ دەستتدا
هەڵگرە و بڕۆ بۆ ڕاموت جلعاد. ٢ کە گەیشتیتە ئەوێ بەدوای
یاهوی کوڕی یەهوشافاتی کوڕی نەمشی بگەڕێ و لەنێو براکانیدا
هەڵییستێنە و بەتەنیا لە ژوورێکەوە بیبە بۆ ژوورێکی تر. ٣ پاشان
ڕۆنەکە بگرە و بیکە بەسەر سەریدا و بڵێ، خوداوەند وای
فەرمووە، دەستنیشانم کردی بە پاشای ئیسرائیل. ئینجا دەرگاکە
بکەوە و ڕاکە و چاوەڕێ مەکە. ٤ ئیتر خزمەتکارەکە، واتە
خزمەتکاری پێغەمبەرەکە ڕۆیشت بۆ ڕاموت جیلعاد. ٥ جا هات و
بینی ئەوەتا سەرکردەکانی سوپا دانیشتوون. ئینجا وتی: قسەیەکم
پێیە، ئەی سەرکردە. یاهوش وتی: لەگەڵ کێ لە ئێمە؟ ئەویش
وتی: لەگەڵ تۆ، ئەی سەرکردە. ٦ ئینجا هەستاو چووە ناو
ماڵەکەوە و ڕۆنەکەی کرد بەسەریدا و پێی وت: خوداوەند خودای
ئیسرائیل وای فەرمووە، دەستنیشانم کردووی بە پاشا بۆ گەلی
خوداوەند بۆ ئیسرائیل. ٧ لە ماڵی ئاخابی گەورەشت دەدەیت و
تۆڵەی خوێنی خزمەتکارەکانم پێغەمبەرەکان و خوێنی هەموو
خزمەتکارەکانی خوداوەند دەکەمەوە لە دەستی ئیزابەل. ٨ هەموو
ماڵی ئاخابیش لەناو دەبرێت و هەموو نێرینەیەك لە ئاخاب، کۆیلە
و ئازاد، لە ئیسرائیل دەبڕمەوە. ٩ ماڵی ئاخابیش وەك ماڵی
یەروبعامی کوڕی نابات و ماڵی بەعشای کوڕی ئەخییا لێ دەکەم.
١٠ ئیزابەلیش سەگ دەیخوات لە کێڵگەکەی یەزرەعیل و کەسیش
نابێت بینێژێت. ئینجا دەرگاکەی کردەوە و ڕایکرد.
١١ یاهوش چووە دەرەوە بۆلای خزمەتکارەکانی گەورەکەی و پێی
وترا: خێرە، ئەو شێتە بۆ هات بۆلات؟ ئەویش پێی وتن: ئێوە
پیاوەکە دەناسن و دەشزانن چ قسەیەك دەکات. ١٢ وتیان: درۆیە!
جا پێمانی بڵێ. ئەویش وتی: ئەمەو ئەوەی پێ وتم، وتی خوداوەند
فەرموویەتی، دەستنیشانم کردوی بە پاشا بۆ ئیسرائیل. ١٣ ئینجا
هەریەکە کەوتەخۆی و جلەکەی خستە ژێر خۆی لەسەر هەمان
پێپلە و فوویان بەکەڕەنادا کرد و وتیان، یاهو بووە بە پاشا!
١٤ جا یاهوی کوڕی یەهوشافاتی کوڕی نەمشی پیلانی گێڕا دژ بە
یورام، یورامیش چاودێری ڕامۆت گلعادی دەکرد، خۆی و
هەموو ئیسرائیل دژی خەزائیلی پاشای ئارام. ١٥ یەهورام پاشاش
گەڕابووەوە بۆ یەزرەعیل تا لەو برینانە چاکبێتەوە کە ئارامییەکان
لێیاندا لە کاتی جەنگینی دژی خەزائیلی پاشای ئارام.
ئینجا یاهو وتی: گەر لەدڵتانە، مەیەڵن کەس لە شارەکە دەربازبێت
و بڕوات لە یەزرەعیل ڕاییگەیەنێت. ١٦ ئینجا یاهو سواری
گالیسکە بوو و چوو بۆ یەزرەعیل، چونکە یورام لەوێ پاڵکەوتبوو.
ئەخەزیای پاشای یەهوزاش دابەزی بۆ بینینی یورام.
١٧ چاودێرێکیش لەسەر قولەکەی یەزرەعیل ڕاوەستابوو چاوی بە
کۆمەڵەکەی یاهو کەوت کاتێ بەرەوپێش دەهاتن، وتی: من
کۆمەڵێك دەبینم. یەهورامیش وتی: سوارێك ببە و بینێرە بۆ
بینینیان و با بزانێ بۆ ئاشتین؟ ١٨ ئینجا ئەسپ سوارەکە چوو بۆ
بینینی و وتی: پاشا وا دەڵێت، ئایا بۆ ئاشتین؟ یاهوش وتی: تۆ

ئیشت چییە بە ئاشتییەوە؟ بسوڕێرەوە بۆ دواوەم. ئینجا چاودێرەکە
ڕایگەیاند و وتی: نێرراوەکە گەیشتە لایان بەڵام نەگەڕایەوە.
١٩ ئینجا ئەسپ سوارێکی تری نارد و هات بۆلایان و وتی: پاشا
وا دەڵێت، ئایا بۆ ئاشتین؟ یاهوش وتی: تۆ ئیشت چییە بە
ئاشتییەوە؟ بسوڕێرەوە بۆ دواوەم. ٢٠ ئینجا چاودێرەکە ڕایگەیاند و
وتی: گەیشتە لایان بەڵام نەگەڕایەوە. لێخوڕینەکە وەك لێخوڕینی
یاهوی کوڕی نەمشی وایە، چونکە شێتانە لێدەخوڕێت.
٢١ یەهورام وتی: بۆمی ببەستن. جا گالیسکەکەی بەسترا.
یەهورامی پاشای ئیسرائیل و ئەخەزیای پاشای یەهوزا هەریەکە
بە گالیسکەکەی خۆی چوونە دەرەوە بۆ بینینی یاهو و لەسەر
پارچە زەوییەکەی نابۆتی یەزرەعیلی تووشی بوون. ٢٢ ئەوە بوو
کە یەهورام یاهوی بینی، وتی: ها یاهو بۆ ئاشتی؟ ئەویش وتی:
ئاشتی چی، تا داوێن پیسی و جادوگەری ئیزابەلی دایکت زۆربێ!
٢٣ ئینجا یەهورام دەستی کێشایەوە و ڕایکرد و بە ئەخەزیای وت:
ناپاکییە، ئەخەزیا! ٢٤ یاهوش کەوانەکەی بەدەستەوە گرت و
تیرێکی لە نێو شانەکانی یەهورام داو تیرەکە لە دڵیەوە دەرچوو و
لەناو گالیسکەکەی کەوت. ٢٥ ئینجا بە بدقەری ئەفسەری وت:
هەڵیگرە و فڕێیدە ناو پارچە زەوی کێڵگەکەی نابۆتی یەزرەعیلی.
چونکە لەبیرت بێ کاتێك من و تۆ بە یەکەوە بە دوای ئاخابی
باوکیدا سواری گالیسکە بووین، خوداوەند ئەم بارەی خستە
سەری. ٢٦ مەگەر دوێنێ خوێنی نابۆتی یەزرەعیلی و خوێنی
کوڕەکانیم نەبینی، خوداوەند فەرمووی، لەم پارچە زەوییەدا
پاداشتت دەدەمەوە، خوداوەند فەرمووی. ئێستاش بە پێی وشەی
خوداوەند هەڵیگرە و فڕێی بدە ناو پارچە زەوییەکە. ٢٧ ئەخەزیای
پاشای یەهوزاش کە بینی، بە ڕێگای ماڵی باخچەدا ڕای کرد،
یاهوش ڕاوینا و وتی: لەویش بدەن! ئەوانیش لێیاندا لەناو
گالیسکەکەی لە بەرەوژوورەکەی گور ئەوەی لەلای یبلعامە، جا
ڕایکرد بۆ مگیدۆ و لەوێ مرد. ٢٨ خزمەتکارەکانیشی سواری
گالیسکەیان کرد بەرەو ئۆرشەلیم و لەوێ لە گۆڕەکەیدا ناشتیان
لەگەڵ باوباپیرانیدا لە شاری داود.
٢٩ لە ساڵی یانزەمینی یورامی کوڕی ئاخاب، ئەخەزیا بوو بە
پاشای یەهوزا.
٣٠ ئینجا یاهو هات بۆ یەزرەعیل، ئیزابەلیش ئەمەی بیستەوە و
چاوەکانی کل کرد و سەری چاك کرد و لە پەنجەرەکەوە تەماشای
خوارەوەی کرد. ٣١ کە یاهو لە دەروازەکەوە هاتە ژوورەوە، وتی:
ئایا بۆ ئاشتییە بۆ زیمری بکوژی گەورەکەی؟ ٣٢ ئەویش چاوی
هەڵبڕی بۆ لای پەنجەرەکە و وتی: کێ لەگەڵ منە، کێ؟ جا دووان
یان سیان لە خزمەتکارە خەساوەکان تەماشای خوارەوەیان کرد.
٣٣ ئەویش وتی: فڕێی بدەنە خوارەوە! ئەوانیش فڕێیاندایە خوارەوە
و هەندێ لە خوێنەکەی بە دیوارەکە و بە ئەسپەکاندا هاتە خوارەوە
و ئینجا پێشێلی کرد. ٣٤ پاشان هاتە ژوورەوە و خواردی و
خواردییەوە، ئینجا وتی: ئەو نەفرەت لێ کراوە بەسەر بکەنەوە و
بینێژن چونکە کچی پاشایە. ٣٥ ئەوانیش ڕۆیشتن بینێژن، بەڵام
جگە لە کەلەسەری و قاچەکانی و لەپەکانی دەستی هیچی تریان
نەدۆزییەوە. ٣٦ ئینجا گەڕانەوە و بە یاهویان ڕاگەیاند. ئەویش
وتی: ئەوە وشەی خوداوەندە کە لەسەر دەستی ئێلییای تشبی
خزمەتکاری فەرمووی، لە پارچە زەوییەکەی یەزرەعیلدا سەگ
گۆشتی ئیزابەل دەخۆن. ٣٧ لاشەکەی ئیزابەلیش وەك زبڵ دەبێت
بەسەر ڕووی کێڵگەکەوە لە پارچە زەوییەکەی یەزرەعیل، تا
نەڵێن ئەمە ئیزابەلە.

# ١٠

١ ئاخاب حەفتا کوڕی لە سامیرەدا هەبوو. جا یاهو چەند نامەیەکی
نووسی و ناردنی بۆ سامیرە بۆ سەرانی یەزرەعیل، ڕیش سپییان
و دڵسۆزانی ئاخاب و وتی:
٢ ئێستاش بە گەیشتنی ئەم نامەیە پێتان و لەبەرئەوەی کوڕانی
گەورەکەتان لەگەڵتانن و گالیسکە و ئەسپەکان و شاری شورابەند
و چەك لەلاتانە، ٣ تەماشای چاکترین و شایستەترین لە کوڕانی
گەورەکەتان بکەن و لەسەر تەختی باوکی داینێن و بجەنگن بۆ
ماڵی گەورەکەتان.
٤ بەڵام ئەوان زۆر زۆر ترسان و وتیان: ئەوەتا دوو پاشا
لەبەردەمی نەوەستان، ئیتر ئێمە چۆن دەوەستین؟ ٥ ئینجا ئەوەی
لەسەر ماڵەکە بوو و ئەوەی لەسەر شارەکەبوو و لەگەڵ ڕیش
سپییان و دڵسۆزەکان، ناردیان بۆلای یاهو و وتیان: ئێمە
خزمەتکاری تۆین و هەموو ئەوەی پێمانی بڵێی دەیکەین، کەس
ناکەین بە پاشا و ئەوەی پەسەندە لەبەر چاوت بیکە.
٦ ئینجا نامەیەکی تری بۆ ناردن و وتی:
ئەگەر ئێوە لەگەڵ مندان و گوێ لە قسەی من دەگرن، کەلەسەری
پیاوەکان، کوڕەکانی گەورەکەتان ببەن و سبەینێ لەم کاتەدا وەرن
بۆلام بۆ یەزرەعیل. کوڕانی پاشاش حەفتا پیاو بوون و لەگەڵ
گەورە پیاوانی شارەکەدا بوون، ئەوانەی کە بەخێویان کردبوون.
٧ ئەوە بوو کە نامەکە گەیشت پێیان، کوڕەکانی پاشایان برد و
حەفتا پیاویان سەربڕی و کەلەسەرەکانیان لەناوچەند سەبەتەیەکدا
دانا و ناردیان بۆلای بۆ یەزرەعیل. ٨ ئیتر هاتن بۆ لای پاشا و
پێیان ڕاگەیاند و وتیان: کەلەسەری کوڕەکانی پاشایان هێناوە.
ئەویش وتی: بیانکەن بە دوو کۆمەڵ و لە دەروازەی شارەکەدا
دایانبنێن تا بەیانی. ٩ ئەوە بوو بۆ بەیانی چووە دەرەوە و ڕاوەستا
و بە هەموو گەلی وت: ئێوە بێ تاوانن. ئەوەتا من لە گەورەکەم
یاخی بووم و کوشتم، ئەی کێ لە هەموو ئەمانەی دا؟ ١٠ ئیتر
بزانن کە هیچ لە وشەکانی خوداوەند ناکەوێتە سەر زەوی، ئەوەی
خوداوەند لەسەر ماڵی ئاخاب فەرموویەتی، خوداوەندیش ئەوەی
کرد کە لەسەر دەستی ئێلییای خزمەتکاری فەرمووی. ١١ ئینجا
یاهو لە هەموو پاشماوەی ماڵی ئاخابی دا لە یەزرەعیل، لە هەموو
گەورە پیاوەکانی و ناسیاوەکانی و کاهینەکانی، تا کەسیانی لێ
نەهێشتەوە.
١٢ پاشان هەستا و هات و چوو بۆ سامیرە، لەڕێگادا، لە بەیت
عێقەدی شوانەکان، ١٣ یاهو تووشی براکانی ئەخەزیای پاشای
یەهوزا بوو، جا وتی: ئێوە کێن؟ ئەوانیش وتیان: ئێمە براکانی
ئەخەزیاین و هاتووینەتە خوارەوە تا سڵاو لە کوڕەکانی پاشا و
کوڕەکانی شاژن بکەین. ١٤ ئەویش وتی: بەزیندوویی بیانگرن!
ئەوانیش بە زیندوویی گرتیانن و لە لای بیرەکەی بەیت عێقەد
سەریان بڕین، چلو دوو پیاو، کەسیان لێ نەهێشتنەوە.
١٥ ئینجا لەوێ ڕۆیشت و تووشی یەهونادابی کوڕی ڕێکاب بوو
کە بۆ بینینی هاتبوو. سڵاوی لێ کرد و پێی وت: ئایا دڵت ڕاستە
هەروەك دڵی من لەگەڵ دڵی تۆدا؟ یەهونادابیش وتی: بەڵێ.
ئەویش وتی: ئەگەر بەڵێ، دەستم بدەرێ. ئینجا دەستی دایێ و
سەری خست بۆ ناو گالیسکەکە. ١٦ ئینجا وتی: وەرە لەگەڵمدا و
تەماشای دڵ گەرمیم بۆ خوداوەند بکە. جا لەگەڵ خۆیدا لە
گالیسکەکەی سواری کرد. ١٧ پاشان هات بۆ سامیرە و لە هەموو
پاشماوەی ئاخابی دا لە سامیرە، تا لەناوی بردن، بە پێی وشەی
خوداوەند کە بە ئێلییای فەرموو.
١٨ ئینجا یاهو هەموو گەلی کۆکردەوە و پێی وتن: ئاخاب بەعلی
کەم پەرست، بەڵام یاهو زۆری دەپەرستێ. ١٩ ئێستاش هەموو

پێغەمبەرەکانی بەعل و هەموو خزمەتکارەکانی و هەموو
کاهینەکانیم بۆ بانگ بکەن، کەس بزر نەبێت، چونکە قوربانییەکی
گەورەم هەیە بۆ بەعل. ئەوەی بزر بێت ناژیت. بەڵام یاهو فێڵی
کرد، بۆ ئەوەی خزمەتکارەکانی بەعل لەناو ببات. ٢٠ ئینجا یاهو
وتی: کۆبوونەوەیەك پیرۆز بکەن بۆ بەعل. ئەوانیش بانگەوازیان
کرد. ٢١ یاهوش بەناو هەموو ئیسرائیلدا ناردی و هەموو بەعل
پەرستەکان هاتن و کەس نەما نەیەت. هاتن بۆ ماڵی بەعل و ماڵی
بەعلیان پڕ کرد، لەم سەرەوە بۆ ئەو سەر. ٢٢ ئینجا یاهو بەوەی
وت کە لێپرساوی جلوبەرگەکان بوو: جلوبەرگ بۆ هەموو
بەعل پەرستەکان بهێنە دەرەوە. ئەویش جلوبەرگی بۆ هێنانە
دەرەوە. ٢٣ پاشان یاهو و یەهونادابی کوڕی ڕێکاب هاتنە ناو ماڵی
بەعلەوە و بە بەعل پەرستەکانی وت: بگەڕێن و ببینن نەوەك
یەکێك لە خزمەتکارەکانی خوداوەند لێرە لەگەڵتاندا بێت، بەڵکو بە
تەنها بەعل پەرستان. ٢٤ ئینجا چوونە ژورەوە تا قوربانی و
قوربانی سووتاندن پێشکەش بکەن. یاهوش لە دەرەوە هەشتا پیاوی
بۆ خۆی دانا و وتی: پیاوێك لەو پیاوانەی کە من بەدەستانەوەم
داوە دەرباز بێت، گیانتان لەباتی گیانی ئەو دەبێت. ٢٥ ئەوە بوو کە
لە پێشکەش کردنی قوربانی سووتاندن بوونەوە، یاهو بە پاسەوانە
تایبەتەکان و ئەفسەرەکانی وت: بڕۆنە ژوورەوە و لێدەن، مەیەڵن
کەس بێتە دەرەوە. ئەوانیش بەنووکی شمشێر لێیان دان، ئینجا
پاسەوانە تایبەتەکان و ئەفسەرەکان فڕێیان دانە دەرەوە و بەرەو
شاری ماڵی بەعل ڕۆیشت. ٢٦ کۆڵەکەکانی ماڵی بەعلیان هێنانە
دەرەوە و سووتاندیانن. ٢٧ کۆڵەکەی بەعلیان تێکشکاند و ماڵی
بەعلیان تێك شکاند و کردیان بە زبڵدان، تا ئەمڕۆش.
٢٨ ئیتر یاهو بەعلی لە ئیسرائیلدا لەناوبرد. ٢٩ بەڵام یاهو لاینەدا لە
گوناهەکانی یەروبعامی کوڕی نابات ئەوەی ئیسرائیلی تووشی
گوناه کرد، لە دوو گوێرەکە زێڕینەکە ئەوەی لە بەیت ئیل و
ئەوەی لە دان بوو.
٣٠ خوداوەندیش بە یاهوی فەرموو: لەبەرئەوەی کارێکی باشت
کرد، ئەوەی لەبەرچاوی مندا ڕاست بوو، وەك هەموو ئەوەی کە
لەدڵمدا بوو دەرهەق بە ماڵی ئاخاب کردت، کوڕانت تا نەوەی
چوارەم لەسەر تەختی ئیسرائیل دادەنیشن. ٣١ بەڵام یاهو چاودێری
ئەوەی نەکرد کە بە پێی فێرکردنەکانی خوداوەند خودای ئیسرائیل
بڕوات بە هەموو دڵیەوە، لە گوناهەکانی یەروبعام لای نەدا کە
ئیسرائیلی تووشی گوناه کرد.
٣٢ لەو ڕۆژانەدا خوداوەند دەستی کرد بە داتاشینی ئیسرائیل، جا
خەزائیل لە هەموو سنوورەکانی ئیسرائیلەوە لێیدان. ٣٣ لە ڕوباری
ئوردونەوە لە لای خۆرهەڵاتەوە، هەموو زەوی جیلعاد، جادییەکان
و ڕەئوبێنییەکان و مەنەسسییەکان، لە عەروعیر ئەوەی لەسەر
دۆڵی ئەرنونە و لە جیلعاد و باشاندا.
٣٤ پاشماوەی کارەکانی یاهو و هەموو ئەوەی کردی و هەموو
پاڵەوانییەکەی ئەوەتان لە پەرتووکی هەواڵی ڕۆژانی پاشاکانی
ئیسرائیلدا نووسراون. ٣٥ ئینجا یاهو لەگەڵ باوباپیرانیدا
سەرینایەوە و لە سامیرەدا ناشتیان،
یەهوئەحازی کوڕیشی لە جێی ئەو بوو بە پاشا. ٣٦ ئەو ڕۆژانەش
کە یاهو لە سامیرەدا پاشایەتی بەسەر ئیسرائیلەوە کرد، بیستو
هەشت ساڵ بوون.

# ١١

١ عەسەلیای دایکی ئەخەزیاش کە بینی کوڕەکەی مردووە،
هەستاو هەموو وەچەکانی پاشای لەناوبرد. ٢ بەڵام یەهوشەبەعی
کچی یەهورام پاشا و خوشکی ئەخەزیا، یوئاشی کوڕی ئەخەزیای
برد و شاردییەوە لە نێو کوڕەکانی پاشا کە کوژران. خۆی و
دایەنەکەی لە ژووری نووستنەوە لە ڕووی عەسەلیا شاردیانەوە،
جا نەکوژرا. ٣ ئەوە بوو لە ماڵی خوداوەند بە شاراوەیی لە گەڵیدا
بوو بۆ شەش ساڵ، عەسەلیاش پاشا بوو بەسەر زەوییەکەدا.
٤ لە ساڵی حەوتەمدا یەهودایاع ناردی بەدوای سەرکردەی
سەدەکان، پاسەوانەکان و پاسەوانە تایبەتەکان، هێنایانی بۆلای
خۆی بۆ ماڵی خوداوەند و پەیمانێکی لەگەڵدا بەستن و لە ماڵی
خوداوەنددا سوێندی دان و کوڕەکەی پاشای پیشاندان .٥ ئینجا
فەرمانی پێ کردن و وتی: ئەمە ئەو کارەیە کە ئێوە دەیکەن،
سێیەکتان ئەوانەی لەشەممەدا دێنە ژوورەوە، چاویان لە چاودێری
ماڵی پاشا دەبێ. ٦ سێیەکیش لەسەر دەروازەی سوڕو سێیەکەکەی
تریش لەسەر دەروازەکەی پشت پاسەوانە تایبەتەکان بن و بە
نۆرە چاودێری ماڵەکە دەکەن. ٧ دوو تیپەکەی تریشتان کە
لەشەممەدا دەچنە دەرەوە، بۆ پاسەوانی پاشا چاودێری ماڵی
خوداوەند دەکەن. ٨ چواردەوری پاشا دەگرن، هەر کەسەو
چەکەکەی بەدەستیەوە و ئەوەی بێتە ناو ڕیزەکانتانەوە دەکوژرێت.
لەگەڵ پاشاش بن لە چوونەدەرەوە و هاتنەژوورەوەی.
٩ سەرکردەی سەدەکانیش ئەوەیان کرد کە یەهودایاعی کاهین
فەرمانی پێکردن، هەریەکەو پیاوەکانی خۆی ئەوانەی لە شەممەدا
دەچوونە ژوورەوە لەگەڵ ئەوانەی لە شەممەدا دەهاتنە دەرەوە و
هاتن بۆلای یەهودایاعی کاهین. ١٠ کاهینەکەش ئەو ڕم و
قەڵغانانەی دا بە سەرکردەی سەدەکان کە هی داود پاشا بوون،
ئەوانەی لە ماڵی خوداوەنددا بوون. ١١ ئینجا پاسەوانە تایبەتەکان
هەریەکەو چەکەکەی بەدەستیەوە ڕاوەستان، لە شانی ڕاستەوە تا
شانی چەپی ماڵەکە، لەدەوروبەری قوربانگاکە و ماڵەکە و لە
دەوروبەری پاشا لە هەرچوار لایەوە. ١٢ ئینجا کوڕەکەی پاشای
هێنایە دەرەوە و تاجەکەی لەسەر سەری دانا و شایەتییەکەی پێدا
و کردیان بە پاشا و دەستنیشانیان کرد و چەپڵەیان بۆ لێدا و وتیان:
بژی پاشا!
١٣ کاتێ عەسەلیا گوێی لە دەنگی پاسەوانە تایبەتەکان و گەل بوو،
هاتە ژوورەوە بۆ ماڵی خوداوەند بۆ لای گەل و ١٤ بینی ئەوەتا
پاشا هەروەك باوە لەلای کۆڵەکەکە ڕاوەستاوە و سەرکردەکان و
کەڕەناڵێدەرەکان لە تەنیشت پاشاوەن و هەموو گەلی زەوییەکە
دڵخۆشن و کەڕەنا لێ دەدەن، عەسەلیاش جلەکانی لەبەرخۆی
دادڕی و هاواریکرد: ناپاکییە! ناپاکییە!
١٥ یەهودایاعیش فەرمانی بە سەرکردەکان، ئەفسەرانی سوپا کرد
و پێی وتن: بیبەنە دەرەوەی ڕیزەکان و ئەوەشی دوای کەوت بە
شمشێر بیکوژن، چونکە کاهینەکە وتی، لە ماڵی خوداوەنددا
ناکوژرێت. ١٦ ئینجا دەستیان خستە سەری و ڕۆیشت لە ڕێگای
هاتنە ژوورەوەی ئەسپەکان بۆ ناو ماڵی پاشا، لەوێدا کوژرا.
١٧ یەهودایاعیش پەیمانی لەنێوان خوداوەند و پاشا و گەلدا بەست
تا ببن بە گەلی خوداوەند. هەروەها لەنێوان پاشا و گەلدا. ١٨ ئینجا
هەموو گەلی زەوییەکە هاتنە ناو ماڵی بەعلەوە و قوربانگەکانیان
تێکدا و کۆڵەکەکانیان بە تەواوەتی شکاند و مەتتانی کاهینی
بەعلیان لەبەردەم قوربانگاکاندا کوشت. کاهینەکەش چەند
ئەفسەرێکی بەسەر ماڵی خوداوەندەوە دانا.
١٩ پاشان سەرکردەی سەدەکان و پاسەوانەکان و پاسەوانە
تایبەتەکان و هەموو گەلی زەویەکەی برد و پاشایان لە ماڵی
خوداوەندەوە هێنایە خوارەوە و بە ڕێگای دەروازەی پاسەوانە
تایبەتەکاندا چوونە ژوورەوە بۆ ماڵی پاشا و پاشاش لەسەر تەختی
پاشاکان دانیشت. ٢٠ هەموو گەلی زەوییەکەش دڵخۆش بوون و
شارەکە حەوایەوە و عەسەلیاشیان لەنزیك ماڵی پاشاوە بە شمشێر
کوشت. ٢١ یوئاش کە بوو بە پاشا، تەمەنی حەوت ساڵان بوو.

# ١٢

١ لە ساڵی حەوتەمی یاهودا، یوئاش بوو بە پاشا و چل ساڵ لە
ئۆرشەلیمدا پاشایەتی کرد و دایکی ناوی زەبیە بوو و خەڵکی بیئر
شەبع بوو. ٢ یوئاش لەبەرچاوی خوداوەنددا ئەوەی ڕاست بوو
کردی لە هەموو ڕۆژەکانی، چونکە یەهودایاعی کاهین فێری
کردبوو. ٣ بەڵام بەرزاییەکان لەناونەبران و گەل هێشتا لەسەر
بەرزاییەکان قوربانیان سەردەبڕی و بخووریان دەسووتاند.
٤ یوئاش بە کاهینەکانی وت: هەموو زیوە پیرۆزکراوەکانی
هاتووەتە ناو ماڵی خوداوەند، زیوی داهاتەکان و زیوە
نەزرکراوەکان و زیوە بەخشراوەکان کۆبکەنەوە و ٥ با کاهینەکان
بە خۆیان هەریەکە و لەوانەی مامەڵەیان لەگەڵ دەکەن وەربگرن
و بە خۆیان داڕوخاوییەکانی ماڵەکە چاك بکەنەوە، هەر
داڕوخاوییەك لەوێ دۆزرایەوە.
٦ ئەوە بوو لە ساڵی بیستو سێیەمی یوئاش پاشادا هێشتا کاهینەکان
داڕوخاوییەکانی ماڵەکەیان چاك نەکردبووەوە. ٧ لەبەرئەوە یوئاش
پاشا یەهویاداعی کاهین و کاهینەکانی بانگکرد و پێی وتن: بۆچی
داڕوخاوی ماڵەکەتان چاك نەکردووەتەوە؟ ئێستاش زیو لەوانە
وەرمەگرن کە مامەڵەیان لەگەڵ دەکەن، بەڵکو دایبنێن بۆ چاك
کردنەوەی داڕوخاوی ماڵەکە. ٨ ئینجا کاهینەکان ڕازی بوون
لەسەر ئەوەی زیو لە گەل وەرنەگرن بە مەبەستی چاك کردنەوەی
داڕوخاوی ماڵەکە.
٩ ئینجا یەهودایاعی کاهین سندوقێکی برد و کونێکی لە قەپاغەکەی
کرد و لەنزیك قوربانگاکەوە داینا، لە لای ڕاستی شوێنی هاتنە
ژوورەوەی خەڵکەکەوە بۆ ناو ماڵی خوداوەند. کاهینەکانیش
ئەوانەی چاودێری دەروازەکەیان دەکرد، هەموو ئەو زیوەی
هاتبووە ماڵی خوداوەنەوە تیایدا دایاننا. ١٠ ئەوە بوو کاتێ بینییان
زیوەکە لە سندوقەکەدا زۆر بووە، نووسەری پاشا و کاهینی
گەورە سەرکەوتن و زیوەکەیان لە کیسە کرد و ژماردیان، ئەوەی
لە ماڵی خوداوەند بوو. ١١ ئینجا زیوە ژمێردراوەکەیان دایە دەست
ئەوانەی بەکارەکە هەڵدەستان، بە سەرپەرشتیارانی ماڵی
خوداوەند، ئەوانیش خەرجیان کرد بۆ دارتاشەکان و بیناسازەکان
کە لە ماڵی خوداوەند کاریان دەکرد. ١٢ هەروەها ئەوانەی
دیوارەکانیان دەکرد و بەردبڕەکان و بۆ کڕینی دار و بەردی بڕاو
بۆ چاککردنەوەی داڕوخاوی ماڵی خوداوەند و بۆ هەموو ئەوەی
خەرج دەکرێت لە چاککردنەوەی ماڵەکە. ١٣ بەڵام بۆ ماڵی
خوداوەند تاسی زیو و مەقەس و کاسەی ئاوپرژێن و کەڕەنا
دروست نەکران، نە هیچ کەلوپەلێکی زێڕ و زیو، لەو زیوەی
هاتبووە ناو ماڵی خوداوەندەوە. ١٤ بەڵکو بەوانە دران کە بە کارەکە
هەڵدەستان و ماڵی خوداوەندیان پێ چاك دەکردەوە. ١٥ لەو
پیاوانەشیان نەدەکۆڵییەوە کە زیوەکەیان دەدانەدەست تا بەوانەی
بدەن کە بە کارەکە هەڵدەستان، چونکە بە دڵسۆزی کاریان دەکرد.
١٦ بەڵام زیوی قوربانی تاوان و زیوی قوربانی گوناه، نەخرایە
ناوماڵی خوداوەندەوە بەڵکو بۆ کاهینەکان بوو.
١٧ لەو کاتەدا حەزائیلی پاشای ئارام سەرکەوتە سەر گەت و
گرتی. ئینجا ڕووی لە ئورشەلیم کرد تا بێتە سەری. ١٨ یوئاشی
پاشای یەهوزاش هەموو شتە پیرۆزکراوەکانی یەهوشافات و
یەهورام و ئەخەزیای باوباپیرانی، پاشایانی یەهوزا، لەگەڵ شتە
پیرۆزکراوەکانی خۆی و هەموو زێڕی ناو گەنجینەکانی ماڵی
خوداوەند و ماڵی پاشای برد و ناردنی بۆ حەزائیلی پاشای ئارام
ئەویش دەستی لە ئورشەلیم گێڕایەوە.
١٩ پاشماوەی کارەکانی یوئاش و هەموو ئەو شتانەی کردی
ئەوەتان لە پەرتووکی هەواڵی ڕۆژانی پاشاکانی یەهوزادا
نووسراون. ٢٠ پاشان خزمەتکارەکانی هەستان و پیلانێکیان گێڕاو
لە بەیت میلوە کە بەرەوخوارە بۆ سیلا لە یوئاشیان دا. ٢١ هەردوو
خزمەتکارەکەی، یوزاکاری کوڕی شیمعە و یەهوزابادی کوڕی
شومیر لێیان دا و مرد. ئینجا لەگەڵ باوباپیرانی لە شاری داوددا
ناشتیان و ئەمسیای کوڕی لەجێی ئەو بوو بە پاشا.

# ١٣

١ لە ساڵی بیستو سێیەمی یوئاشی کوڕی ئەخەزیادا، یەهوئاخازی
کوڕی یاهو لە سامیرە بوو بە پاشا بەسەر ئیسرائیلەوە بۆ حەڤدە
ساڵ. ٢ لەبەرچاوی خوداوەنددا خراپەی کرد و بە دوای
گوناهەکانی یەربوبعامی کوڕی نابات کەوت، کە ئیسرائیل
تووشی گوناه کرد، لێی لانەدا. ٣ جا تووڕەیی خوداوەند لەسەر
ئیسرائیلدا جۆشا و دایانی بە دەست خەزائێلی پاشای ئارام و بە
دەست بن هەدەدی کوڕی خەزائێل هەموو ڕۆژەکان. ٤ ئینجا
یەهوئاخاز بە دڵتەنگییەوە لە ڕووی خوداوەنددا پاڕایەوە و
خوداوەندیش گوێی لێگرت، چونکە تەنگانەی ئیسرائیلی بینی،
چونکە پاشای ئارام تەنگی پێ هەڵچنیبوون. ٥ ئینجا خوداوەند
ڕزگارکەرێکی دا بە ئیسرائیل و لەژێر دەستی ئارامییەکان
دەرچوون و وەك جاران لەناو چادرەکانیان نیشتەجێ بوون.
٦ بەڵام خۆیان لە گوناهەکانی ماڵی یەروبعام لانەدا، کە ئیسرائیلی
تووشی گوناه کرد، بەڵکو پێیدا چوون، هەروەها ئەشێرەش لە
سامیرەدا قیت کرایەوە. ٧ چونکە یەهوئاخاز گەلی بۆ نەمابووەوە،
جگە لە پەنجا سوار و دە گالیسکە و دە هەزار پیادەڕەو، چونکە
پاشای ئارام لەناوی بردبوون و وەك خۆڵی ژێر پێی لێکردبوون.
٨ پاشماوەی کارەکانی یەهوئاخاز و هەموو ئەوەی کردی و هەموو
پاڵەوەنییەکەی ئەوەتان لە پەرتووکی هەواڵی ڕۆژانی پاشاکانی
ئیسرائیلدا نووسراون. ٩ ئینجا یەهوئاخاز لەگەڵ باوباپیرانیدا
سەری نایەوە و لە سامیرەدا ناشتیان، یوئاشی کوڕیشی لە جێی
ئەو بوو بە پاشا.
١٠ لە ساڵی سی و حەوتەمی یوئاشی پاشای یەهوزا، یەهوئاشی
کوڕی یەهوئاخاز لە سامیرەدا بوو بە پاشا بەسەر ئیسرائیلەوە بۆ
شانزە ساڵ. ١١ لەبەرچاوی خوداوەنددا خراپەی کرد و لە هیچ
گوناهێکی یەروبعامی کوڕی نابات خۆی لانەدا، کە ئیسرائیلی
تووشی گوناه کرد، بەڵکو پێیاندا چوو.
١٢ پاشماوەی کارەکانی یوئاش و هەموو ئەوەی کردی و
پاڵەوانییەکەی کە چۆن دژ بە ئەمەسیای پاشای یەهوزا جەنگا،
ئەوەتان لە پەرتووکی هەواڵی ڕۆژانی پاشاکانی ئیسرائیلدا
نووسراون. ١٣ ئینجا یوئاش لەگەڵ باوباپیرانیدا سەری نایەوە و
یەروبعام لەسەر تەختەکەی دانیشت، یوئاشیش لە سامیرەدا نێژرا،
لەگەڵ پاشاکانی ئیسرائیل.
١٤ ئەلیشەعیش نەخۆشکەوت بەو نەخۆشییەی کە پێی مرد، جا
یوئاشی پاشای ئیسرائیل دابەزی بۆلای و لەسەر ڕووی گریا و
وتی: ئەی باوکم! ئەی باوکم! ئەی گالیسکەی ئیسرائیل و
سوارەکانی. ١٥ ئەلیشەعیش پێی وت: کەوانێك و چەند تیرێك ببە.
ئەویش کەوانێك و چەند تیرێکی بۆ خۆی برد. ١٦ ئینجا بە پاشای
ئیسرائیلی وت: دەستت لەسەر کەوانەکە سواربکە. ئەویش دەستی
سوارکرد، ئەلیشەعیش دەستی خستە سەر دەستی پاشا. ١٧ ئینجا
وتی: پەنجەرەکەی بەلای خۆرهەڵاتە بکەرەوە. ئەویش کردیەوە.
ئەلیشەع وتی: بیهاوە! ئەویش هاوێشتی. ئینجا ئەلیشەع وتی: ئەمە
تیری ڕزگارییە بۆ خوداوەند، تیری ڕزگارییە لە ئارام، لە ئارام
دەدەیت لە ئەفیقدا، تا لەناودەچێت. ١٨ هەروەها وتی: تیرەکان ببە.
ئەویش بردنی، ئینجا بە پاشای ئیسرائیلی وت: لە زەوییەکە بدە.
ئەویش سێ جار لێیدا و وەستا. ١٩ جا پیاوەکەی خودا لێی تووڕە
بوو و وتی: ئەگەر پێنج یان شەش جار لێتبدابایە، ئینجا لە ئارامت

دەدا تا لەناوچوون، ئێستاش تەنها سێ جار لە ئارام دەدەیت.
٢٠ پاشان ئەلیشەع مرد و ناشتیان، پەلاماردەرانی مۆئابیش دەهاتنە
ناو خاکەکەوە لەگەڵ هاتنی ساڵی نوێ. ٢١ ئەوە بوو کاتێ پیاوێکیان
دەناشت، لەناکاو پەلاماردەرەکانیان بینی، ئیتر پیاوەکەیان فڕێدایە
ناو گۆڕەکەی ئەلیشەعەوە، جا کە پیاوەکە بە ئێسکەکانی ئەلیشەع
کەوت، زیندوو بووەوە و هەستایەوە سەر پێیەکانی.
٢٢ حەزائێلی پاشای ئارامیش هەموو ڕۆژانی یەهوئاخاز تەنگی بە
ئیسڕائیل هەڵچنی. ٢٣ ئیتر خوداوەند میهرەبان بوو لەگەڵیان و بە
بەزەیی بوو، ئاووڕی لێدانەوە لەبەر پەیمانەکەی لەگەڵ ئیبراهیم
و ئیسحاق و یەعقوبدا و نەیویست ڕیشەکێشیان بکات و لە بەردەم
خۆی فڕێیان بدات تا ئێستاش. ٢٤ پاشان حەزائێلی پاشای ئارام
مرد و بەنهەدەدی کوڕی لە جێی ئەو بوو بە پاشا. ٢٥ ئینجا یوئاشی
کوڕی یەهوئاخاز گەڕایەوە و بە جەنگ شارەکانی لە دەست
بەنهەدەدی کوڕی حەزائێل وەرگرتەوە، ئەوەی لە دەستی
یەهوئاخازی باوکی بردبووی، یوئاش سێ جار لێیدا و شارەکانی
ئیسڕائیلی گەڕاندەوە.

# ١٤

١ لە ساڵی دووەمی یوئاشی کوڕی یەهوئاخازی پاشای ئیسڕائیل،
ئەمەسیای کوڕی یوئاش بوو بە پاشای یەهوزا. ٢ کوڕی بیستو
پێنج سڵان بوو، کاتێ بوو بە پاشا و بیستو نۆ ساڵ لە ئۆرشەلیمدا
پاشایەتی کرد، دایکیشی ناوی یەهوعەداین بوو و خەڵکی
ئۆرشەلیم بوو. ٣ ئەوەی کرد کە ڕاستە لەبەرچاوی خوداوەنددا،
بەڵام نەك وەك داودی باوکی، بەڵکو وەك هەموو ئەوەی یوئاشی
باوکی کردی ئەویش کردی. ٤ تەنها ئەوە نەبێت کە بەرزاییەکان
لانەبران و گەل هێشتا لەسەر بەرزاییەکان قوربانیان سەردەبڕی
و بخووریان دەسووتاند. ٥ ئەوە بوو کاتێ جڵەوی پاشایەتییەکە
لەدەستی توند بوو، خزمەتکارەکانی کوشت، ئەوانەی پاشای
باوکیان کوشتبوو. ٦ بەڵام کوڕانی بکوژەکانی نەکوشت بەپێی
ئەوەی لە پەرتووکی فێرکردنەکانی موسادا نووسراوە، کە
خوداوەند فەرمانی کردووە و وتوویەتی، باوکان لەباتی
کوڕەکانیان ناکوژرێن و کوڕانیش لەباتی باوکانیان ناکوژرێن.
بەڵکو هەرکەسە بە گوناهی خۆی دەکوژرێت. ٧ ئەو بوو لە دۆڵی
خوێدا دە هەزار کەسی لە ئەدۆم کوشت و بە جەنگ سالیعی گرت
و ناوی لێنا یەقتئێل، تا ئەمڕۆش ئەوە ناویەتی.
٨ پاشان ئەمەسیا نێرراوی بۆلای یوئاشی کوڕی یەهوئاخازی
کوڕی یاهوی پاشای ئیسڕائیل نارد و پێی وت: وەرە، با
ڕووبەڕووی یەکتر ببینەوە. ٩ یوئاشی پاشای ئیسڕائیلیش ناردی
بۆ لای ئەمەسیای پاشای یەهوزا و وتی: خڕنووکی لوبنانی
ناردی بۆلای دار ئۆرزی لوبنانی و وتی، کچەکەت بدە بە
کوڕەکەم تا ببێت بە ژنی، ئینجا ئاژەڵێکی کێوی لە لوبناندا بەسەر
خڕنووکەکەدا ڕۆیشت و پانی کردەوە. ١٠ لە ڕاستیدا تۆ لە
ئەدومت دا و شانازیت کرد، بەڕێزبە و لەماڵی خۆت بمێنەوە!
بۆچی بەڵا بەسەر خۆتدا دەهێنیت؟ جا دەکەویت، خۆت و
یەهوزاش لەگەڵت. ١١ بەڵام ئەمەسیا گوێی نەگرت، بۆیە یوئاشی
پاشای ئیسڕائیل سەرکەوت و لەگەڵ ئەمەسیای پاشای یەهوزادا
لە بەیت شەمەشی یەهوزا ڕووبەڕوو بوونەوە. ١٢ ئینجا یەهوزا
لەبەردەم ئیسڕائیلدا بەزی و هەرکەسەو بەرەو چادرەکەی خۆی
ڕایکرد. ١٣ ئەمەسیای پاشای یەهوزاش کوڕی یەهوئاشی کوڕی
ئەخەزیا، لەلایەن یەهوئاشی پاشای ئیسڕائیلەوە دەستگیر کرا لە
بێت شەمەش و ئینجا هات بۆ ئۆرشەلیم و شورەی ئۆرشەلیمی لە
دەروازەی ئەفرایمەوە تا دەروازەی گۆشەکە وێرانکرد،
درێژییەکەی چوارسەد باڵ بوو. ١٤ ئینجا هەموو زێڕو زیو و
هەموو قاپو قاچاخەکانی ناو ماڵی خوداوەند و ناو گەنجینەکانی
ماڵی پاشای لەگەڵ چەند بارمەتەیەکدا برد و گەڕایەوە بۆ سامیرە.
١٥ پاشماوەی ئەو کارانەی یەهوئاش کردی و پاڵەوانیەتییەکەی کە
چۆن دژی ئەمەسیای پاشای یەهوزادا جەنگا، ئەوەتان لە
پەرتووکی هەواڵی ڕۆژانی پاشایانی ئیسڕائیلدا نووسراون.
١٦ ئینجا یوئاش لەگەڵ باوباپیرانیدا سەرینایەوە و لە سامیرەدا
لەگەڵ پاشاکانی ئیسڕائیلدا نێژرا و یەروبعامی کوڕی لە جێی ئەو
بوو بە پاشا.
١٧ ئەمەسیای کوڕی یوئاشی پاشای یەهوزاش پاش مردنی یوئاشی
کوڕی یەهوئاخازی پاشای ئیسڕائیل، پانزە ساڵ ژیا.
١٨ پاشماوەی کارەکانی ئەمەسیاش ئەوەتان لە پەرتووکی هەواڵی
ڕۆژانی پاشاکانی یەهوزادا نووسراون. ١٩ ئینجا لە ئۆرشەلیمدا
پیلانیان دژی گێڕا و ڕایکرد بۆ لەخیش، جا بەدوایدا ناردیان بۆ
لەخیش و لەوێ کوشتیان. ٢٠ ئینجا خستیانە سەر ئەسپ و لە
ئۆرشەلیمدا لەگەڵ باوباپیرانی لە شاری داوددا نێژرا. ٢١ پاشان
هەموو گەلی یەهوزا عەزەریای تەمەن شانزە ساڵانیان برد و لە
جێی ئەمەسیای باوکی کردیان بە پاشا. ٢٢ ئەو ئێلەی بنیادنا و
گێڕایەوە بۆ یەهوزا پاش ئەوەی پاشا لەگەڵ باوباپیرانی
سەرینایەوە.
٢٣ لە ساڵی پانزەیەمینی ئەمەسیای کوڕی یوئاشی پاشای یەهوزا،
یەروبعامی کوڕی یوئاشی پاشای ئیسڕائیل بوو بە پاشا لە سامیرە
بۆ چلو یەك ساڵ. ٢٤ لەبەرچاوی خوداوەنددا خراپەی کرد و لای
نەدا لە هیچ گوناهێکی یەروبعامی کوڕی نابات، کە ئیسڕائیلی
تووشی گوناه کرد. ٢٥ ئەو بوو کە سنوورەکانی ئیسڕائیلی
گێڕایەوە، لە دەروازەی حەماتەوە تا دەریای عەرەبە بەپێی وشەی
خوداوەند کە بە دەستی خزمەتکارەکەی، بە دەستی یونسی کوڕی
ئەمەتای فەرمووبووی، ئەو پێغەمبەرەی خەڵکی گەت حافرە.
٢٦ چونکە خوداوەند زەلیلی ئیسڕائیلی بینی کە زۆر تاڵە و نە کۆیلە
و نە ئازاد، کەس نییە یارمەتی ئیسڕائیل بدات. ٢٧ خوداوەندیش
نەیفەرموو بوو کە ناوی ئیسڕائیل لەژێر ئاسماندا دەسڕێتەوە، جا
بە دەستی یەروبعامی کوڕی یوئاش ڕزگاری کردن.
٢٨ پاشماوەی کارەکانی یەروبعام و هەموو ئەوەی کردی و
پاڵەوانیەتییەکەی کە چۆن جەنگا و چۆن دیمەشق و حەماتی
یەهوزای بۆ ئیسڕائیل گێڕایەوە، ئەوەتان لە پەرتووکی هەواڵی
ڕۆژانی پاشاکانی ئیسڕائیلدا نووسراون. ٢٩ ئینجا یەروبعام لەگەڵ
باوباپیرانیدا لەگەڵ پاشاکانی ئیسڕائیلدا سەرینایەوە و زەکەریای
کوڕی لە جێی ئەو بوو بە پاشا.

# ١٥

١ لە ساڵی بیستو حەوتەمی یەروبعامی پاشای ئیسڕائیل،
عەزەریای کوڕی ئەمەسیا پاشای یەهوزا بوو بە پاشا. ٢ کوڕی
شانزە ساڵان بوو کە بوو بە پاشا و پەنجاو دوو ساڵ لە ئۆرشەلیمدا
پاشایەتی کرد. دایکیشی ناوی یەکلیا بوو و خەڵکی ئۆرشەلیم بوو.
٣ ئەوەی ڕاست بوو لەبەرچاوی خوداوەنددا کردی وەك هەموو
ئەوەی ئەمەسیای باوکی کردی. ٤ تەنها ئەوە نەبێت بەرزاییەکان
لانەبران و گەل هێشتا لە بەرزاییەکان قوربانییان سەردەبڕی و
بخووریان دەسووتاند. ٥ جا خوداوەند لە پاشای دا و تا ڕۆژی
مردنی گەڕ بوو، ئیتر لە ماڵە جیاکراوەکە دانیشت، یۆسامی
کوڕی پاشاش بەسەر ماڵەکەوە بوو و فەرمانڕەوایی گەلی
زەوییەکەی دەکرد.
٦ پاشماوەی کارەکانی عەزەریا و هەموو ئەوەی کردی ئەوەتان لە
پەرتووکی هەواڵی ڕۆژانی پاشاکانی یەهوزادا نووسراون. ٧ ئینجا
عەزەریا لەگەڵ باوباپیرانیدا سەرینایەوە و لەگەڵ باوباپیرانیدا لە

شاری داود ناشتیان، یۆسامی کوڕیشی لە جێی ئەو بوو بە پاشا.
٨ لەساڵی سی و هەشتەمی عەزەریای پاشای یەهوزادا، زەکەریای
کوڕی یەروبعام بوو بە پاشای ئیسڕائیل لە سامیرە بۆ شەش
مانگ. ٩ لەبەرچاوی خوداوەنددا خراپەی کرد وەك چۆن
باوباپیرانی کردیان و لە گوناهەکانی یەروبعامی کوڕی نابات
لاینەدا، کە ئیسڕائیلی تووشی گوناە کرد. ١٠ جا شەلومی کوڕی
یابیش پیلانی دژی گێڕا و لەبەردەم گەل لێیدا و کوشتی و لە جێی
ئەو بوو بە پاشا.
١١ پاشماوەی کارەکانی زەکەریاش ئەوەتان لە پەرتووکی هەواڵی
ڕۆژانی پاشاکانی ئیسڕائیلدا نووسراون. ١٢ ئەوە وشەکەی
خوداوەند بوو، ئەوەی لەگەڵ یاهو دوا و فەرمووی، نەوەکانی
نەوەی چوارەمت لەسەر تەختی ئیسڕائیل دادەنیشن. جا وا بوو.
١٣ شەلۆمی کوڕی یابیش لە ساڵی سی و نۆیەمی عزەیای پاشای
یەهوزدا بوو بە پاشا و لە سامیرەدا یەك مانگ پاشایەتی کرد.
١٤ ئینجا منەخیمی کوڕی گادی لە تیرسەوە سەرکەوت و هات بۆ
سامیرە و لە سامیرە لە شەلۆمی کوڕی یابیشی دا و کوشتی و لە
جێی ئەو بوو بە پاشا.
١٥ پاشماوەی کارەکانی شەلۆم و ئەو پیلانەی کە گێڕای ئەوەتان لە
پەرتووکی هەواڵی ڕۆژانی پاشاکانی ئیسڕائیلدا نووسراون.
١٦ لەو کاتەدا منەخیم لە تیرسەوە دای لە تەفسەخ و هەموو ئەوەی
تیایدا بوو، هەروەها لە هەموو سنوورەکانی، چونکە شارەکەیان
بۆی نەکردەوە، سکی هەموو ژنە سك پڕەکانیشی هەڵدڕی.
١٧ لە ساڵی سی و نۆیەمی عەزریای پاشای یەهوزا، منەخیمی
کوڕی گادی لە سامیرەدا دە ساڵ بوو بە پاشای ئیسڕائیل.
١٨ لەبەرچاوی خوداوەنددا خراپەی کرد و بە درێژایی ڕۆژەکانی
لە گوناهەکانی یەروبعامی کوڕی نابات لاینەدا، کە ئیسڕائیلی
تووشی گوناە کرد.
١٩ پاشان پولی پاشای ئاشوور هاتە سەر زەوییەکەوە و منەخیمیش
هەزار کێش زیوی بە پول دا، تا پاڵپشتی بکات بۆ ئەوەی جڵەوی
پاشایەتییەکەی بگرێتە دەست. ٢٠ منەخیم زیوەکەی سەپاند بەسەر
ئیسڕائیلدا، بەسەر هەموو بەتوانا و دەوڵەمەندەکان، تا بدرێت بە
پاشای ئاشوور، پەنجا شاقل زیو لەسەر هەر پیاوێك، جا پاشای
ئاشوور گەڕایەوە و لەوێ لە خاکەکە نەمایەوە.
٢١ پاشماوەی کارەکانی منەخیم و هەموو ئەوەی کردی ئەوەتان لە
پەرتووکی هەواڵی ڕۆژانی پاشاکانی ئیسڕائیلدا نووسراون.
٢٢ ئینجا منەخیم لەگەڵ باوباپیرانیدا سەرینایەوە و پقەخیای کوڕی
لە جێی ئەو بوو بە پاشا.
٢٣ لە ساڵی پەنجایەمی عەزەریای پاشای یەهوزا، پقەخیای کوڕی
منەخیەم لە سامیرەدا دوو ساڵ بەسەر ئیسڕائیلەوە بوو بە پاشا.
٢٤ لەبەرچاوی خوداوەنددا خراپەی کرد و لە گوناهەکانی
یەروبعامی کوڕی نابات لاینەدا، کە ئیسڕائیلی تووشی گوناە کرد.
٢٥ جا پقەخی کوڕی ڕمەلیا کە قەڵغان هەڵگری بوو پیلانی دژی
گێڕا و لە سامیرە لە کۆشکی ماڵی پاشا لێیدا، لەگەڵ ئەرگۆب و
ئەریە و پەنجا پیاویشی لەگەڵ بوو لە گلعادییەکان، جا کوشتی و
لە جێی ئەو بوو بە پاشا.
٢٦ پاشماوەی کارەکانی پقەخیا و هەموو ئەوەی کردی ئەوەتان لە
پەرتووکی هەواڵی ڕۆژانی پاشاکانی ئیسڕائیلدا نووسراون.
٢٧ لە ساڵی پەنجاو دووەمی عەزەریای پاشای یەهوزادا، پقەخی
کوڕی ڕملیا لە سامیرەدا بیست ساڵ بوو بە پاشای ئیسڕائیل.
٢٨ ئەمیش لەبەرچاوی خوداوەنددا خراپەی کرد و لە گوناهەکانی
یەروبعامی کوڕی نابات لاینەدا، کە ئیسڕائیلی تووشی گوناە کرد.
٢٩ لە ڕۆژانی پقەخی پاشای ئیسڕائیلدا، تگلەت پلئەسەری پاشای
ئاشوور هات و عیۆن و ئابەلی بێت مەعکە و یانۆخ و قادەش و
خاچۆر و گیلعاد و جەلیل و هەموو زەوی نەفتالی داگیرکرد و
ڕاپێچی کردن بۆ ئاشوور. ٣٠ ئینجا هۆشەعی کوڕی ئەیلە پیلانی
دژی پقەخی کوڕی ڕملیا گێڕا و لێیدا و کوشتی و لەجێی ئەو بوو
بە پاشا لە ساڵی بیستەمی یۆسامی کوڕی عوزییا.
٣١ پاشماوەی کارەکانی پقەخ و هەموو ئەوەی کردی ئەوەتان لە
پەرتووکی هەواڵی ڕۆژانی پاشاکانی ئیسڕائیلدا نووسراون.
٣٢ لە ساڵی دووەمی پقەخی کوڕی ڕملیای پاشای ئیسڕائیلدا،
یۆسامی کوڕی عوزییا بوو بە پاشای یەهوزا. ٣٣ کوڕی بیستو
پێنج ساڵان بوو کاتێ بوو بە پاشا، شانزە ساڵیش لە ئۆرشەلیمدا
پاشایەتی کرد و ناوی دایکیشی یەروشای کچی سادوق بوو.
٣٤ لەبەرچاوی خوداوەنددا ئەوەی ڕاست بوو کردی، وەك هەموو
ئەوەی عوزییای باوکی کردی، ئەمیش کردی. ٣٥ تەنها ئەوە
نەبێت بەرزاییەکان لانەبران، گەل هێشتا لەسەر بەرزاییەکان
قوربانییان سەردەبڕی و بخووریان دەسووتاند. ئەو بوو دەروازە
بەرزەکەی ماڵی خوداوەندی بنیادنا.
٣٦ پاشماوەی کارەکانی یۆسام و ئەوەی کە کردی ئەوەتان لە
پەرتووکی هەواڵی ڕۆژانی پاشاکانی یەهوزادا نووسراون. ٣٧ لەو
ڕۆژانەدا خوداوەند دەستی کرد بەناردنی ڕەسینی پاشای ئارام و
پقەخی کوڕی ڕملیا بۆ سەر یەهوزا. ٣٨ ئینجا یۆسام لەگەڵ
باوباپیرانیدا سەرینایەوە و لەگەڵ باوباپیرانیدا لە شاری داودی
باوکیدا نێژرا، ئاخازی کوڕیشی لە جێی ئەو بوو بە پاشا.

# ١٦

١ لە ساڵی حەڤدەیەمی پقەخی کوڕی ڕملیا، ئاخازی کوڕی یۆسام
بوو بە پاشای یەهوزا. ٢ کوڕی بیست ساڵان بوو کاتێ بوو بە
پاشا، شانزە ساڵیش لە ئۆرشەلیمدا پاشایەتی کرد. بە پێچەوانەی
داودی باوکی، کاری ڕاستی لەبەرچاوی خوداوەند خودایدا نەکرد.
٣ بەڵکو بە ڕێگای پاشاکانی ئیسڕائیلدا ڕۆیشت و تەنانەت
کوڕەکەشی وەك قوربانی سووتاند و وەك شتە قێزەوەندەکانی ئەو
گەلانەی کرد کە خوداوەند دەریکردن لەبەردەم نەوەی ئیسڕائیلدا.
٤ هەروەها لەسەر بەرزاییەکان و لەسەر گردەکان و لەژێر هەموو
دارێکی سەوزدا قوربانی سەربڕی و بخووری سووتاند.
٥ پاشان ڕەسینی پاشای ئارام و پقەخی کوڕی ڕملیای پاشای
ئیسڕائیل بۆ جەنگ سەرکەوتن بۆ ئۆرشەلیم و ئاخازیان
گەمارۆدا، بەڵام نەیانتوانی بەسەریدا زاڵبن. ٦ لەو کاتەدا ڕەسینی
پاشای ئارام ئەیلەی بۆ ئارامییەکان گەڕاندەوە و پیاوانی یەهوزای
لە ئەیلە دەرکرد و ئارامییەکانیش هاتن بۆ ئەیلە و لەوێ نیشتەجێ
بوون تا ئەمڕۆ.
٧ ئینجا ئاخاز نێرراوی بۆلای تگلەت پلئەسەر پاشای ئاشوور
نارد و وتی، من خزمەتکار و کوڕی تۆم، سەرکەوە و لە دەستی
پاشای ئارام و پاشای ئیسڕائیل ڕزگارم بکە کە لێم ڕاست
بوونەتەوە. ٨ هەروەها ئاخاز ئەو زیو و زێڕەی لەناو ماڵی
خوداوەند و لەناو گەنجینەکانی ماڵی پاشا بوو بردی و بە دیاری
بۆ پاشای ئاشووری نارد. ٩ پاشای ئاشووریش بەقسەی کرد و
پاشای ئاشوور سەرکەوت بۆ دیمەشق و داگیری کرد و بۆ قیرە
ڕاپێچی کرد، ڕەسینیشی کوشت. ١٠ پاشان ئاخاز پاشا چوو بۆ
دیمەشق بۆ بینینی تگلەت پلەسەری پاشای ئاشوور، جا ئەو
قوربانگایەی بینی کە لە دیمەشقە، ئیتر ئاخاز پاشا نەخشەی
قوربانگاکە و بیناسازییەکەی بە گوێرەی هەموو
دروستکارییەکەی، بۆ ئوریای کاهینی نارد. ١١ ئوریای کاهینیش
قوربانگایەکی بنیادنا وەك هەموو ئەوەی ئاخاز پاشا لە دیمەشقەوە
ناردی، ئوریای کاهین ئاوای کرد تا ئاخاز پاشا لە دیمەشق
هاتەوە. ١٢ کاتێ پاشا لە دیمەشق هاتەوە، پاشا قوربانگاکەی بینی
و لێی نزیك بووەوە و قوربانی لەسەر پێشکەش کرد. ١٣ قوربانییە
سووتاوەکەی و پێشکەشکراوەکەی لەسەر سوتاند و پێشکەشکراوی
خواردنەوەکەی ڕشت و خوێنی قوربانی ئاشتیش کە هی ئەو بوو

بەسەر قوربانگاکەدا پرژاندی. ١٤ قوربانگا مسەکەی بەردەم
خوداوەندیش، ئەوەی لەبەردەم ماڵەکە بوو لەنێوان قوربانگاکە و
ماڵی خوداوەندا، هێنایە پێشەوە و لەلای باکووری قوربانگا
نوێیەکەوە داینا. ١٥ ئینجا ئاخاز پاشا فەرمانی بە ئوریای کاهین
کرد و وتی: لەسەر قوربانگا گەورەکە، قوربانی سووتاوی
بەیانیان و پێشکەش کراوی ئێواران و قوربانی سووتاوی پاشا و
پێشکەش کراوەکانی و قوربانی سووتاوی هەموو خەڵکی خاکەکە
و پێشکەش کراوەکانیان لەسەری دەسووتێنی، هەروەها
پێشکەشکراوی خواردنەوەیان و خوێنی هەموو قوربانی
سووتاوێك و هەموو قوربانی سەربڕاوێکی لەسەر دەپرژێنی،
قوربانگا مسەکەش بۆم دەبێت بۆ داواکردن. ١٦ ئوریای کاهینیش
وەك هەموو ئەوەی ئاخاز پاشا فەرمانی پێکرد، ئاوای کرد.
١٧ پاشان ئاخاز پاشا تەختەداری عەرەبانەکانی ئاو گواستنەوەشی
بڕییەوە و حەوزەکەی لەسەری لابرد، حەوزەکەشی لەسەر گایە
مسەکان داگرت ئەوانەی لە ژێری بوون و لەسەر بەردڕێژێکی
دانا. ١٨ هەروەها هەیوانی پشووی پیرۆز، ئەوەی لە ماڵەکەدا
بنیادیاننا و شوێنی هاتنە ژوورەوەی پاشایە لە دەرەوە، ئەوانەی
گۆڕی لەناو ماڵی خوداوەند، لەبەر پاشای ئاشوور. ١٩ پاشماوەی
کارەکانی ئاخاز ئەوەی کردی، ئەوەتان لە پەرتووکی هەواڵی
ڕۆژانی پاشاکانی یەهوزادا نووسراون. ٢٠ ئینجا ئاخاز لەگەڵ
باوباپیرانیدا سەرینایەوە و لەگەڵ باوباپیرانی لە شاری داود نێژرا
و خزقییای کوڕی لە جێی ئەو بوو بە پاشا.

# ١٧

١ لەساڵی دوانزەیەمی ئاخازی پاشای یەهوزا، هۆشەعی کوڕی
ئەیلە لە سامیرەدا بۆ نۆ ساڵ بوو بە پاشای ئیسڕائیل و
٢ لەبەرچاوی خوداوەندا خراپەی کرد، بەڵام نەك وەك پاشاکانی
ئیسڕائیل ئەوانەی لە پێش خۆی بوون. ٣ ئینجا شەلمەنئەسەری
پاشای ئاشوور بەسەریدا دا و هۆشەع ملکەچی بوو و دیاری پێدا.
٤ پاشان پاشای ئاشوور ناپاکی لە هۆشەع بینی، لەبەرئەوەی چەند
نێرراوێکی بۆ سۆئای پاشای میسر نارد و وەك بڕیار بوو هەموو
ساڵێك دیاری بە پاشای ئاشوور بدات نەیدا. جا پاشای ئاشوور
گرتی و خستییە زیندانەوە. ٥ ئینجا پاشای ئاشوور دای بەسەر
هەموو زەوییەکە و دای بەسەر سامیرەدا و سێ ساڵ گەمارۆیدا .
٦ لە ساڵی نویەمی هۆشەعدا، پاشای ئاشوور سامیرەی داگیرکرد
و ئیسڕائیلی بۆ ئاشوور ڕاپێچ کرد و لە خلەخ و خابووری
ڕووباری گۆزان و شارەکانی مادیدا نیشتەجێی کردن.
٧ ئەوە بوو کاتێ نەوەی ئیسڕائیل گوناهەیان کرد بەرامبەر بە
خوداوەند خودایان، ئەوەی لە خاکی میسرەوە دەریهێنان لە ژێر
دەستی فیرعەونی پاشای میسر، بەڵام لە خودایانی تر ترسان و
٨ ڕێگای فەرزەکانی ئەو گەلانەیان گرتەبەر کە خوداوەند لەبەردەم
نەوەی ئیسڕائیل دەریکردبوون و پەیڕەوی کاروکردەوەی
پاشاکانی ئیسڕائیلیان کرد. ٩ هەروەها نەوەی ئیسڕائیل ئەو
کردارانەیان کە ڕاست نەبوون لە خوداوەند خودایان شاردەوە و
بەرزاییەکان لە هەموو شارەکانیان بۆ خۆیان بنیادنا، لە قولەی
چاودێرەکانەوە تا شاری شورابەند. ١٠ لەسەر هەموو گردێکی
بەرز و لەژێر هەموو دارێکی سەوزدا کۆڵەکە و ئەشێرەکانیان بۆ
خۆیان قیتکردەوە .١١ لەوێ لەسەر هەموو بەرزاییەکان بخووریان
سووتاند، وەك ئەو گەلانەی خوداوەند ڕایماڵین لە پێشیان و کاری
خراپیان کرد تا خوداوەند تووڕە بکەن. ١٢ ئەو بتانەشیان پەرست
کە خوداوەند پێی فەرمووبوون ئەم شتە نەکەن. ١٣ خوداوەندیش
لەسەر دەستی هەموو پێغەمبەرەکان و هەموو ئەوانەی پێشبینییان
دەکرد، شایەتی دا لەسەر ئیسڕائیل و یەهوزا و فەرمووی، لە
ڕێگا خراپەکانتان بگەڕێنەوە و فەرمانەکان و فەرزەکانم بپارێزن
وەك هەموو ئەو فێرکردنانەی کە فەرمانم پێیدا بۆ باوباپیرانتان و
ئەوەی بە دەستی پێغەمبەرە خزمەتکارەکانم بۆم ناردن. ١٤ بەڵام
گوێیان نەگرت و کەلەیان ڕەق کرد وەك کەلەی باوباپیرانیان،
ئەوانەی بڕوایان بە خوداوەندی خودایان نەکرد. ١٥ فەرزەکان و
ئەو پەیمانەی لەگەڵ باوباپیرانیان بەستبووی و ئەو شایەتییانەی
لەناویان شایەتی پێدابوو ڕەتیان کردەوە و دوای شتی پووچ کەوتن
و پووچ بوون بەدوای ئەو گەلانەی دەوروبەریان، کە خوداوەند
فەرمانی پێ کردبوون وەك ئەوان نەکەن. ١٦ وازیان هێنا لە
هەموو فەرمانەکانی خوداوەند خودایان و بۆخۆیان دوو گوێرەکەی
لەقاڵبدراویان دروستکرد و ئەشێرەیان دروستکرد و بۆ هەموو
هێزەکانی ئاسمان کڕنۆشیان برد و بەعلیان پەرست. ١٧ کوڕان و
کچەکانیان وەك قوربانی سووتاند و جادو و فاڵچێتییان کرد و
خۆیان فرۆشت بۆ ئەنجامدانی خراپەکاری لەبەرچاوی خوداوەندا
بۆ تووڕەکردنی. ١٨ لەبەرئەوە خوداوەند زۆر لە ئیسڕائیل
تووڕەبوو و لەبەردەمی خۆیدا دووری خستنەوە و تەنها هۆزی
یەهوزا مایەوە. ١٩ هەروەها یەهوزاش فەرمانەکانی خوداوەند
خودای خۆیان نەپاراست و فەرزەکانی ئیسڕائیلیان گرتەبەر کە
کردیان. ٢٠ لەبەرئەوە خوداوەند هەموو وەچەی ئیسڕائیلی
ڕەتکردەوە و زەلیلی کردن و دانی بەدەست تاڵانکەرانەوە تا
لەبەردەم خۆیدا دووری خستنەوە. ٢١ لەبەرئەوەی ئیسڕائیل لە
ماڵی داود جیابووەوە و یەرۆبعامی کوڕی نباتیان کرد بە پاشای
خۆیان و یەرۆبعامیش ئیسڕائیلی دوورخستەوە لە بەدواکەوتنی
خوداوەند و وای کرد گوناهەیەکی گەورە بکەن. ٢٢ نەوەی
ئیسڕائیلیش هەموو ئەو گوناهانەی یەرۆبعامیان گرتەبەر کە
کردنی و خۆیان لێی لانەدا. ٢٣ تا خوداوەند ئیسڕائیلی لەبەردەم
خۆی دوور خستەوە، هەروەك چۆن لەسەر دەستی هەموو
پێغەمبەرە خزمەتکارەکانی فەرمووبووی، جا ئیسڕائیل لە
خاکەکەی خۆیانەوە ڕاپێچ کران بۆ ئاشوور تا ئەمڕۆش.
٢٤ ئینجا پاشای ئاشوور خەڵکی لە بابل و کووتا و عەووا و حەمات
و سفەرڤەیمەوە هێنا و لە شارەکانی سالەمیرەدا لە جێی نەوەی
ئیسڕائیل نیشتەجێی کردن و سامیرە بوو بە موڵکیان و لە
شارەکانیدا نیشتەجێ بوون. ٢٥ ئەوە بوو لەسەرەتای حەوانەوەیان
لەوێ، لە خوداوەند نەترسان، جا خوداوەند شێری ناردە سەریان
و لێ دەکوشتن. ٢٦ ئینجا لەگەڵ پاشای ئاشوور قسەیان کرد و
وتیان: ئەو گەلانەی ڕاپێچت کردوون و لە شارەکانی سامیرەدا
نیشتەجێت کردوون، حوکمەکانی خودای زەوییەکە نازانن و
ئەویش شێری ناردۆتە سەریان و لێیان دەکوژن، چونکە
حوکمەکانی خودای زەوییەکە نازانن.
٢٧ پاشای ئاشوور فەرمانیدا و وتی: یەکێك لەو کاهینانەی لەوێوە
ڕاپێچتان کردوون بنێرن بۆ ئەوێ، با بڕوات و لەوێ نیشتەجێ
بێت و حوکمەکانی خودای زەوییەکەیان فێربکات .٢٨ ئینجا یەکێك
لەو کاهینانەی کە لە سامیرەوە ڕاپێچیان کردبوون هات و لە بەیت
ئیلدا نیشتەجێ بوو و فێری کردن چۆن لە خوداوەند بترسن.
٢٩ ئەوە بوون هەر گەلەو خودایان بۆ خۆیان دروستکرد و لە ماڵی
بەرزاییەکان دایاننان، کە سامرییەکان دروستیان کردبوون، هەر
گەلەو لە شارەکانیان کە تیایدا نیشتەجێ ببوون. ٣٠ جا خەڵکی بابل
سکۆت بنۆتیان دروستکرد و خەڵکی کووتا نێرگەلیان دروستکرد
و خەڵکی حەمات ئەشیمایان دروستکرد و ٣١ عەوواییەکان نیبخەز
و تەرتەقیان دروستکرد و سفەرڤەیمییەکانیش کوڕەکانی خۆیان
دەسووتان بۆ ئەدرەمەلەك و عەنەمەلەك، دوو خودای
سفەرڤەیمییەکان .٣٢ جا لە خوداوەند دەترسان و لە دەوروبەری
خۆشیان کاهینیان بۆ بەرزاییەکان دیاری دەکرد، تا لە ماڵی
بەرزاییەکاندا قوربانییەکانیان بۆ پێشکەش بکەن. ٣٣ ئەوە بوون لە
خوداوەند دەترسان و خوداکانی خۆشیان دەپەرست وەك نەریتی
ئەو گەلانەی لەناوەندیان ڕاپێچ کرابوون. ٣٤ تا ئەمڕۆش وەك

نەریتی یەکەمجاریان دەکەن، نە لە خوداوەند دەترسن و نە وەك فەرز و حوکمەکانی خۆیان دەکەن و نە وەك فێرکردنەکان و فەرمانەکان کە خوداوەند فەرمانی پێداون بۆ نەوەی یاقوب کە ناوی لێنا ئیسرائیل، ٣٥ کە خوداوەند پەیمانی لەگەڵدا بەستن و فەرمانی پێکردن و فەرمووی، لە خودای تر مەترسن و کڕنۆشیان بۆ مەبەن و مەیانپەرستن و قوربانییان بۆ سەرمەبڕن. ٣٦ بەڵکو دەبێت لە خوداوەند ئەوەی لە زەوی میسرەوە دەریهێنان بە توانایەکی گەورە و بازوویەکی بەهێزەوە، لەو بترسن و کڕنۆش بۆ ئەو ببەن و قوربانی بۆ ئەو سەربڕن. ٣٧ فەرزەکان و حوکمەکان و فێرکردنەکان و فەرمانەکان کە بۆی نووسین بیپارێزن، تا هەموو ڕۆژان کاری پێ بکەن و لە خودایانی تر نەترسن. ٣٨ ئەو پەیمانەش کە لەگەڵتان بەستم، لەیاد مەکەن و لە خودایانی تر نەترسن. ٣٩ چونکە گەر لە خوداوەند خودای خۆتان بترسن، ئەوا ئەو لە دەست هەموو دوژمنەکانتان فریاتان دەکەوێت. ٤٠ بەڵام گوێیان نەگرت، بەڵکو وەك نەریتی یەکەمجاریان کرد. ٤١ ئەوە بوو ئەو گەلانە لە خوداوەند دەترسان و بتەکانی خۆشیان دەپەرست هەروەها کوڕەکانیان و کوڕی کوڕەکانیشیان وەك باوباپیرانیان دەکەن، تا ئەمڕۆش.

# ١٨

١ ئەوەبوو لە ساڵی سێیەمی هۆشەعی کوڕی ئەیلەی پاشای ئیسرائیلدا، خزقییای کوڕی ئاخاز بوو بە پاشای یەهوزا. ٢ کوڕی بیستوپێنج ساڵان بوو کە بوو بە پاشا و بیستو نۆ ساڵ لە ئۆرشەلیمدا پاشایەتی کرد و ناوی دایکی ئابی کچی زەکەریا بوو.
٣ ئەوەی ڕاست بوو لەبەرچاوی خوداوەنددا کردی وەك هەموو ئەوەی داودی باوکی کردی. ٤ ئەو بەرزاییەکانی لابرد و کۆڵەکەکانی شکاند و ئەشێرەکەی بڕییەوە و مارە مسەکەی ووردوخاش کرد ئەوەی موسا دروستی کرد، چونکە تا ئەو ڕۆژانەش نەوەی ئیسرائیل قوربانییان بۆ دەسووتاند و ناویان لێنابوو نخشتان. ٥ پشتی بە خوداوەند خودای ئیسرائیل بەست، لەناو هەموو پاشاکانی یەهوزادا کەسی وەك ئەو نەبوو، هەتا لەوانەی لە پێش ئەویش بوون. ٦ بە خوداوەندەوە نووسا و لێی لانەدا و فەرمانەکانی پاراست، ئەوانەی خوداوەند بە موسا فەرمانی پێکردبوون. ٧ جا خوداوەند لەگەڵیدا بوو و بۆ هەرکوێ دەربچووایە سەرکەوتوو دەبوو، هەروەها لە پاشای ئاشوور یاخی بوو و ملکەچی نەبوو. ٨ ئەو بوو لە فەلەستینییەکانی دا تا غەززە و سنوورەکانی، لە قوڵەی چاودێرەکانەوە تا شاری شووربەند.
٩ ئەوە بوو لە ساڵی چوارەمی خزقییا پاشا، کە ساڵی حەوتەمی هۆشەعی کوڕی ئەیلەی پاشای ئیسرائیل دەکات، شەلمەنئەسەری پاشای ئاشوور دای بەسەر سامیرە و گەمارۆیدا. ١٠ لە کۆتایی سێ ساڵەکەدا گرتیان، لە ساڵی شەشەمی خزقییا کە ساڵی نۆیەمی هۆشەعی پاشای ئیسرائیل دەکات، سامیرە داگیرکرا. ١١ ئینجا پاشای ئاشوور ئیسرائیلی بۆ ئاشوور ڕاپێچ کرد و لە خلەخ و خابووری ڕووباری گۆزان و شارەکانی مادیدا داینان.
١٢ لەبەرئەوەی گوێڕایەڵی خوداوەند خودای خۆیان نەبوون، بەڵکو پەیمانەکەیان پێشێل کرد و هەموو ئەو شتانەی کە موسای خزمەتکاری خوداوەند فەرمانی پێ کرد، نە گوێیان لێگرت و نە کاریشیان پێ کرد.
١٣ لە ساڵی چواردەیەمی خزقییا پاشادا، سەنحاریبی پاشای ئاشوور دای بەسەر هەموو شارە شووربەندەکانی یەهوزا و داگیری کردن. ١٤ جا خزقییای پاشای یەهوزا پەیامی نارد بۆ پاشای ئاشوور لە لەخیشدا و وتی: من هەڵەیەکی گەورەم کرد. لێم بگەڕێوە و ئەوەی دەیخەیتە سەرم هەڵی دەگرم. جا پاشای ئاشوور سێ سەد کێش زیو و سی کێش زێڕی خستە سەر خزقییای پاشای یەهوزا. ١٥ خزقییاش هەموو زیوەکانی ناو ماڵی خوداوەند و ناو گەنجینەکانی ماڵی پاشای پێدا. ١٦ لەو کاتەدا خزقییا زێڕی سەر دەروازەکانی پەرستگای خوداوەند و زێڕی سەر ئەو کۆڵەکانەی کە خزقییای پاشای یەهوزا ڕووکەشی کردبوون، ڕنی و دای بە پاشای ئاشوور.
١٧ پاشان پاشای ئاشوور سێ فەرماندەی بەرزی لە لەخیشەوە بە سوپایەکی گەورەوە بۆ خزقییا پاشا لە ئۆرشەلیمدا نارد، جا سەرکەوتن و هاتن لەلای جۆگەڵەی گۆمەکەی سەرەوە کە لەسەر ڕێگای کێڵگەی جل شۆرە ڕاوەستان. ١٨ ئینجا بانگی پاشایان کرد و ئەلیاقیمی کوڕی خلقیا ئەوەی لێپرسراوی ماڵەکەیە و شێبنەی نووسەر و یوئاخی تۆمارکار کوڕی ئاساف چوونە دەرەوە بۆیان.
١٩ ئینجا یەکێك لە فەرماندەکان پێی وتن: بە خزقییا بڵێن، پاشای گەورە، پاشای ئاشوور ئاوا دەڵێت، ئەو پشت بەستنەت بە کێیە؟
٢٠ وتت قسەی لێوان ڕاوێژ و پاڵەوانییەتییە بۆ جەنگ، ئێستاش پشتت بە کێ بەستووە تا لێم یاخی بیت؟ ٢١ ئێستاش ئەوەتا پشتت بە پاڵپشتی ئەو قامیشە شکاوەی میسر بەستووە، ئەوەی کە هەر کەسێك خۆی بەسەردا بچەمێنێتەوە لەپی دەستی بریندار و کون دەکات! فیرعەونی پاشای میسر ئاوایە بۆ هەموو ئەوانەی پشتی پێ دەبەستن. ٢٢ گەر پێشم بڵێن پشتمان بە خوداوەند خودای خۆمان بەستووە، ئایا ئەوە ئەو نەبوو کە خزقییا بەرزاییەکانی و قوربانگاکانی لابرد و بە یەهوزا و ئۆرشەلیمی وت، لەبەردەم ئەم قوربانگایەی کڕنۆش دەبەن کە لە ئۆرشەلیمە؟ ٢٣ ئێستاش گرەو لەگەڵ گەورەم پاشای ئاشووردا بکە و من دوو هەزار ئەسپت دەدەمێ و تۆش بتوانە سوار بۆ خۆت لەسەریان دابنێ! ٢٤ ئیتر چۆن دەست دەنێی بە ڕووی پارێزگارێك لە خزمەتکارە بچووکەکانی گەورەکەم و پشت دەبەستیت بە میسر بۆ گالیسکە و بۆ سوار؟ ٢٥ ئێستاش ئایا من بەبێ خوداوەند هاتوومەتە سەر ئەم شوێنە تا وێرانی بکەم؟ خوداوەند پێی وتم، بەسەر ئەو زەوییەدا بدەو وێرانی بکە.
٢٦ ئینجا ئەلیاقیمی کوڕی خلقیا و شەبنە و یوئاخ بە فەرماندەکەیان وت: لەگەڵ خزمەتکارەکانت بە ئارامی قسە بکە، چونکە لێی تێدەگەین، بە عیبری قسەمان لەگەڵ مەکە لەبەر چاوی خەڵکەکەی سەردیوارەکە. ٢٧ فەرماندەکەش پێی وتن: ئایا گەورەم تەنها بۆ لای گەورەکەت و تۆی ناردووین تا ئەم قسانە بکەین؟ ئایا بۆ لای ئەو پیاوانەی سەر دیوارەکەی نەناردووین، تا پیسایی خۆیان بخۆن و میزی خۆیان بخۆنەوە لەگەڵتان؟ ٢٨ ئینجا فەرماندەکە وەستا و بە دەنگێکی بەرز بە عیبری هاواری کرد و قسەی کرد و وتی: گوێ لە قسەی پاشای گەورە، پاشای ئاشوور بگرن. ٢٩ پاشا ئاوا دەڵێت، مەهێڵن خزقییا فریوتان بدات، چونکە ناتوانێت لەدەستم فریاتان بکەوێت. ٣٠ مەهێڵن خزقییا واتان لێ بکات پشت بە خوداوەند ببەستن و بڵێت بێگومان خوداوەند فریامان دەکەوێت و ئەم شارە بە دەست پاشای ئاشوورەوە نادات. ٣١ گوێ لە خزقییا مەگرن، چونکە پاشای ئاشوور وا دەڵێت، ڕازی بن بە ملکەچبوون بۆ من و وەرنە دەرەوە بۆلام، با هەر کەسەو لە مێوەکەی خۆی و لە هەنجیرەکەی خۆی بخوات و ئاو لە بیرەکەی خۆی بخواتەوە.
٣٢ تا ئەو کاتەی دێم و دەتانبەم بۆ زەوییەکی وەك زەوییەکەی خۆتان، زەوی گەنم و مەی، زەوی نان و ڕەزە مێو، زەوی زەیتون و هەنگوین. بژین و مەمرن، گوێ لە خزقییا مەگرن، چونکە فریوتان دەدات کە دەڵێت، خوداوەند فریامان دەکەوێت. ٣٣ ئایا خوداکانی گەلان هیچیان فریای زەوییەکەی خۆی کەوت لەدەست پاشای ئاشوور؟ ٣٤ کوان خوداکانی حەمات و ئەرفاد؟ کوان خوداکانی سەفرڤەیم و هێنەع و عووا؟ ئایا فریای سامیرە کەوتن لەدەستم؟ ٣٥ کام لە هەموو خوداکانی ئەو زەوییانە فریای زەوییەکەیان کەوتن لە دەستم، تا خوداوەند فریای ئۆرشەلیم بکەوێت لە دەستم؟ ٣٦ بەڵام گەل بێ دەنگ بوون و بەیەك وشە

وەڵامیان نەدایەوە، چونکە فەرمانی پاشا ئەوە بوو کە وەڵامی
نەدەنەوە. ٣٧ ئینجا ئەلیاقیمی کوڕی خلقییای لێپرسراوی ماڵەکە و
شەبنەی نووسەر و یۆئاخی تۆمارکار کوڕی ئاساف هاتن بۆ لای
خزقییا و جلەکانیان دادڕیبوو، قسەکانی فەرماندەکەیان پێی
ڕاگەیاند.

# ١٩

١ ئەوە بوو کە خزقییا پاشا گوێی لەمە بوو، جلەکانی لەبەرخۆیدا
دادڕی و بەرگی ماتەمی پۆشی و چووە ناو ماڵی خوداوەندەوە.
٢ ئینجا ئەلیاقیمی لێپرسراوی ماڵەکە و شەبنەی نووسەر و
ڕیشسپیانی کاهینەکان کە هەموویان بەرگی ماتەمیان پۆشیبوو بۆ
لای ئیشەعیای پێغەمبەر، کوڕی ئامۆس نارد و. ٣ پێیان وت:
خزقییا وا دەڵێت، ئەمڕۆ ڕۆژی تەنگانە و سەرزەنشت و
سووکایەتییە، چونکە کۆرپەکان لە لەدایك بوون نزیك بوونەتەوە،
بەڵام هێزی لەدایك بوون نییە. ٤ بەڵکو خوداوەند خودات گوێی لە
هەموو قسەکانی فەرماندەکە بێت، کە گەورەکەی، پاشای ئاشوور
ناردی، تا سووکایەتی بە خودای زیندوو بکات، با خوداوەند
خودات سەرزەنشتی بکات لەسەر ئەو قسانەی خوداوەند خودات
گوێی لێ بوو، نوێژ بەرزبکەوە لەپێناو ئەوانەی ماونەتەوە.
٥ ئینجا خزمەتکارەکانی خزقییا پاشا هاتن بۆلای ئیشەعیا.
٦ ئیشەعیاش پێی وتن: ئاوا بە گەورەکەتان بڵێن، خوداوەند ئاوا
دەفەرموێت، لەو قسانە مەترسە کە گوێت لێیان بوو، کە
غوڵامەکانی پاشای ئاشوور کفریان بە من کرد. ٧ ئەوەتا من
ڕۆحێکی دەخەمە ناو کە هەواڵێکی بداتێ و بۆ زەوییەکەی خۆی
بگەڕێتەوە و لە زەوییەکەی خۆیدا بە شمشێر دەیخەم.
٨ ئینجا فەرماندەکە گەڕایەوە و بینی پاشای ئاشوور دژی لبنە
دەجەنگێت، چونکە بیستبووی کە لەخیشی بەجێهێشتووە.
٩ دەربارەی تر هاقەی پاشای کوش بیستییەوە وتیان، ئەوەتا بۆ
جەنگ دژ بە تۆ دەرچووە، جا گەڕایەوە و نێرراوی بۆلای خزقییا
نارد و وتی: ١٠ ئاوا قسە لەگەڵ خزقییای پاشای یەهوزا دەکەن و
دەڵێن، با خوداکەت فریوت نەدات، ئەوەی پشتت پێی بەستووە و
دەڵێت ئۆرشەلیم بەدەست پاشای ئاشوورەوە نادرێت. ١١ ئەوەتا تۆ
خۆت بیستووتە کە پاشاکانی ئاشوور چییان بە هەموو زەوییەکان
کردووە بۆ لەناوبردنیان. ئایا تۆ دەرباز دەبیت؟ ١٢ ئایا خوداکانی
ئەو گەلانە فریای ئەوان کەوتن، ئەو گەلانەی باوباپیرانم لەناویان
بردن، گۆزان و حاران و ڕەسەف و نەوەی عەدەن ئەوەی لە
تەلاسارە؟ ١٣ کوان پاشای حەمات و پاشای ئەرفاد و پاشای
شارەکانی سفەرڤەیم، هەینەع و عووا؟
١٤ ئینجا خزقییا نامەکانی لە دەستی نێرراوەکان وەرگرت و
خوێندنییەوە و سەرکەوت بۆ ماڵی خوداوەند و خزقییا لەبەردەم
خوداوەندا بڵاوی کردنەوە. ١٥ خزقییا لەبەردەم خوداوەندا
نوێژی کرد و وتی: ئەی خوداوەند خودای ئیسرائیل، دانیشتوو
لەسەر کروبەکان، تۆ بە تەنها خودای هەموو پاشایەتییەکانی
زەویت، تۆ دروستکەری ئاسمان و زەویت. ١٦ ئەی خوداوەند
گوێت شلکە و گوێ بگرە، ئەی خوداوەند چاوەکانت بکەرەوە و
ببینە، گوێ لە وشەکانی سەنحاریب بگرە کە ناردوونی، تا
سووکایەتی بە خودای زیندوو بکات. ١٧ ڕاستە ئەی خوداوەند،
پاشاکانی ئاشوور گەلان و زەوییەکانیان لەناو بردوون.
١٨ خوداکانیشیان فڕێدایە ناو ئاگرەوە، چونکە ئەوانە خودا نەبوون،
بەڵکو دروستکراوی دەستی مرۆڤ، دارو بەرد بوون و
لەناوچوون. ١٩ ئێستاش ئەی خوداوەند خودامان، ڕزگارمان بکە
لە دەستی و جا هەموو پاشایەتییەکانی سەر زەوی دەزانن کە بە
تەنها تۆ ئەی خوداوەند خودایت.

٢٠ ئینجا ئیشەعیای کوڕی ئامۆس ناردی بۆلای خزقییا و وتی:
خوداوەندی خودای ئیسرائیل ئەوەی نوێژت بۆ کرد سەبارەت بە
سەنحاریبی پاشای ئاشوور وا دەفەرموێت، گوێم لێبوو. ٢١ ئەمە
ئەو قسەیەیە کە خوداوەند لەسەر ئەو وتوویەتی،
پاکیزە، کچی سیۆن،
بێزی لێکردیەوە و گاڵتەی پێ کردیت.
کچی ئۆرشەلیم،
بەدواتدا سەری لەقاند.
٢٢ بە کێ سووکایەتیت کرد و کفرت کرد،
بەسەر کێوە دەنگت بەرزکردەوە؟
چاوەکانت بۆ باڵا بەرز دەکەیتەوە،
بەسەر پاکوپیرۆزی ئیسرائیلەوە!
٢٣ لەسەر دەستی نێرراوەکانت سووکایەتیت بە خوداوەندم کرد و
دەڵێیت،
بە زۆری گالیسکەکانمەوە،
من سەرکەوتمە سەر بەرزیی چیاکان،
تا ئەوپەڕی لوبنان،
لە دارئورزەکانی بەرزترینم بڕیەوە،
لە دار سەروەکانی هەڵبژاردەیان،
چوومە ناو قوڵایی سنوورەکانی،
ناو چڕی دارستانەکانی.
٢٤ من بیرم لێدا و
لە ئاوە بێگانەکانم خواردەوە،
هەموو جۆگەلەکانی میسرم،
بە بنی پێیەکانم کوێر کردەوە.
٢٥ ئەی گوێت لێ نەبووە؟
من لەمێژە کردوومە،
لە ڕۆژگاری کۆنەوە نەخشەم کێشاوە،
ئێستاش دەیهێنمەدی،
کە تۆ ببیت شارە شورابەندەکان ووردوخاش بکەیت،
تا ببنە تەپۆلکە وێران کراوەکان.
٢٦ دانیشتووانەکانیان بێدەسەڵاتن،
ڕەنگ زەرد و سەرلێشێواون،
بوون بە گیای کێڵگە، بە ڕووەکی سەوز،
بە گژوگیای سەربان،
هەڵبزرکاو بەرلەوەی باڵا بکات.
٢٧ بەڵام من دانیشتن و دەرچوون و هاتنە ژوورەوەت دەزانم،
هەروەها هەڵچوونت دژ بەمن.
٢٨ چونکە خۆبەزل زانی و هەڵچوونت لێم،
بەرزبوونەوە بۆ بەر گوێم،
بۆیە قولاپەکەم دەخەمە لوتت و
لغاوەکەم لە لێوەکانت و
بەو ڕێگایەدا دەتنێرمەوە کە لێوەوەی هاتوویت.
٢٩ ئەمەش نیشانەیە بۆت،
ئەمساڵ دەغڵی خۆرسك و ساڵی دووەم ئەوەی لەوە بەردەگرێت
دەخۆن، بەڵام لە ساڵی سێیەمدا دەکێڵن و دەدوورنەوە و مێو
دەنێژن و لەبەرەکەی دەخۆن. ٣٠ جارێکی تر دەربازبووانی ماڵی
یەهوزا ئەوانەی ماونەتەوە، لەژێرەوە ڕەگ دادەکوتن و
لەسەرەوەش بەردەگرن. ٣١ چونکە ئەوانەی ماونەتەوە لە
ئۆرشەلیمەوە دێنەدەرەوە و دەربازبووانیش لە چیای سیۆنەوە،
دڵگەرمی خوداوەند ئەمە دەکات.
٣٢ لەبەرئەوە خوداوەند لەبارەی پاشای ئاشوورەوە ئاوای فەرموو،
نایەتە ناو ئەم شارەوە و تیرێکیش بۆ ئەوێ ناهاوێت و بە
قەڵغانەوەش لێی نایەتە پێشەوە و سەنگەریشی لێناگرێت. ٣٣ نایەتە
ناو ئەم شارەوە و بەو ڕێگایەدا دەگەڕێتەوە کە پێیدا هاتووە،
خوداوەند دەفەرموێت. ٣٤ بەرگری لەم شارە دەکەم بۆ

ڕزگارکردنی لەپێناوی خۆم و لەپێناوی داودی خزمەتکارم.
٣٥ ئەوە بوو لەو شەوەدا فریشتەی خوداوەند دەرچووە و سەدو
هەشتاو پێنج هەزاری لە سوپای ئاشوور کوشت، بەیانی زوو کە
هەستان بینییان هەموو لاشەی مردوون. ٣٦ ئینجا سەنحاریبی
پاشای ئاشوور دەستی کێشایەوە و ڕۆیشت و گەڕایەوە و لە
نەینەوادا مایەوە. ٣٧ ئەوە بوو کاتێ لە پەرستگای نیسرۆخی
خودایدا کڕنۆشی بردبوو، هەردوو کوڕەکەی، ئەدرەمەلەك و
سەرئەسەر، بە شمشێر لێیاندا و خۆشیان بۆ زەوی ئارارات
دەرباز بوون. ئینجا ئەسارخەدونی کوڕی لە جێی ئەو بوو بە
پاشا.

## ٢٠

١ لەو ڕۆژانەدا خزقییا نەخۆشکەوت و لە مردن نزیك بووەوە، جا
ئیشعیا پێغەمبەر کوڕی ئاموس هات بۆلای و پێی وت: خوداوەند
ئاوا دەفەرموێت، بۆ ماڵەکەت وەسیەت بکە، چونکە دەمریت و
ناژیت. ٢ جا خزقییا ڕووی کردە دیوارەکە و نوێژی بۆ خوداوەند
کرد و وتی: ٣ ئای خوداوەند، ئەوەت لەیادت بێت کە چۆن بە
دڵسۆزی و دڵێکی تەواوەوە لەبەردەمتدا هاتوچووم و ئەوەی باش
بوو لەبەرچاوتدا کردم. ئینجا خزقییا گریا، گریانێکی بەکوڵ.
٤ ئەوە بوو ئیشعیا هێشتا دەرنەچووبوو بۆ گۆڕەپانی شارەکە،
وشەی خوداوەندی بۆهات و فەرمووی: ٥ بگەڕێوە و بە خزقییای
سەرۆکی گەلەکەم بڵێ، خوداوەند خودای داودی باوکت ئاوای
فەرموو، گوێم لە نوێژەکەت بوو و فرمێسکەکانتم بینی، ئەوەتا
چاکت دەکەمەوە و لە ڕۆژی سێیەمدا بۆ ماڵی خوداوەند
سەردەکەویت. ٦ پانزە ساڵ لە تەمەنت زیاد دەکەم و لەدەستی
پاشای ئاشوور فریای خۆت و ئەم شارەش دەکەوم، بەرگری لەم
شارە دەکەم لەپێناوی خۆم و لەپێناوی داودی خزمەتکارم. ٧ ئینجا
ئیشعیا وتی: هەویری هەنجیر بهێنن، ئەوانیش هێنایان و خستیانە
سەر دوومەڵەکە و چاك بووەوە. ٨ ئینجا خزقییا بە ئیشعیای وت:
ئەو نیشانەیە چییە کە خوداوەند چاکم دەکاتەوە و لە ڕۆژی سێیەمدا
بۆ ماڵی خوداوەند سەردەکەوم؟ ٩ ئیشعیاش وتی: ئەمە لەلای
خوداوەندەوە نیشانەیە بۆت، کە خوداوەند ئەو شتە دەکات کە پێی
فەرمووی، ئایا سێبەر دە پلە دەڕوات یان دە پلە دەگەڕێتەوە؟
١٠ خزقییاش وتی: بۆ سێبەر ئاسانترە دە پلە درێژبێتەوە، نەك بۆ
دواوە بگەڕێتەوە. ١١ ئینجا ئیشعیای پێغەمبەر هاواری بۆ خوداوەند
کرد و ئەویش دە پلە سێبەری گێڕایەوە، بەو پلانەی پێی هاتبووە
خوار، بە پلەکانی ئاخاز.
١٢ لەو کاتەدا برۆدەخ بەلادانی کوڕی بەلادانی پاشای بابل نامە و
دیاری نارد بۆ خزقییا، چونکە بیستی کە خزقییا نەخۆشکەوتووە .
١٣ جا خزقییا گوێی لێگرتن و هەموو ماڵ و سامانەکەی پیشاندان،
لە زیو و زێڕ و بۆن و ڕۆنی چاك و جبەخانەکەی و هەموو ئەو
شتانەی لە گەنجینەکانیدا بوون. هیچ شتێك نەمایەوە لە ماڵەکەیدا و
لە فەرمانڕەوایەتییەکەیدا کە خزقییا پیشانیان نەدات. ١٤ ئینجا
ئیشعیا پێغەمبەر هات بۆلای خزقییا پاشا و پێی وت: ئەو پیاوانە
چییان وت و لە کوێوە هاتوون بۆلات؟ خزقییاش وتی: لە
زەوییەکی دوورەوە، لە بابلەوە هاتوون. ١٥ ئینجا وتی: چییان لە
ماڵەکەتدا بینی؟ خزقییاش وتی: هەموو شتەکانی ناو ماڵەکەمیان
بینی، لە گەنجینەکانمدا هیچ نەمایەوە پیشانیان نەدەم. ١٦ ئینجا
ئیشعیا بە خزقییای وت: گوێ لە وشەی خوداوەند بگرە، ١٧ ئەوەتا
ڕۆژانێك دێت هەموو ئەوەی لە ماڵەکەتدایە و هەموو ئەوەی
باوباپیرانت تا ئەمڕۆ پاشەکەوتیان کردووە بۆ بابل باردەکرێن،
خوداوەند دەفەرمووی، هیچ شتێك بەجێنا هێڵدرێ .١٨ لە
نەوەکانیشت ئەوانەی لە تۆوە دەردەچن، ئەوانەی لە تۆوە دەبن،
لێیاندەبرێت و دەبن بە خەسا و لە کۆشکی پاشای بابلدا.
١٩ خزقییاش بە ئیشعیای وت: ئەو قسەیەی خوداوەند کە کردت
قسەیەکی باشە، ئەگەر ئاشتی و ئاسوودەیی لە ڕۆژانی خۆمدا
هەبێ؟ ٢٠ پاشماوەی کارەکانی خزقییا و هەموو پاڵەوانییەکەی و
چۆن گۆمەکە و جۆگەلەکەی دروستکرد و ئاوی هێنایە ناو
شارەکەوە، ئەوەتان لە پەرتووکی هەواڵی ڕۆژانی پاشاکانی
یەهوزادا نووسراون. ٢١ ئینجا خزقییا لەگەڵ باوباپیرانیدا
سەرینایەوە و مەنەسسای کوڕی لە جێی ئەو بوو بە پاشا.

## ٢١

١ مەنەسسای کوڕی دوانزە ساڵان بوو کە بوو بە پاشا، بۆ پەنجاو
پێنج ساڵ لە ئۆرشەلیمدا پاشایەتی کرد و ناوی دایکیشی حەفسیبە
بوو. ٢ لەبەرچاوی خوداوەنددا خراپەی کرد، وەك هەموو شتە
قێزەوەندەکانی ئەو گەلانەی کە خوداوەند لەبەردەم نەوەی ئیسڕائیل
دەریکردبوون. ٣ جا گەڕایەوە و ئەو بەرزاییانەی بنیادنایەوە کە
خزقییای باوکی لەناوییردبوون، هەروەها قوربانگاکانی بەعلی
دانا و ئەشێرەی دروستکرد وەك ئەوەی ئاخابی پاشای ئیسڕائیل
دروستیکرد و کڕنۆشی بۆ هەموو هێزەکانی ئاسمان برد و ئەوانی
پەرست. ٤ قوربانگاکانیشی لە ماڵی خوداوەنددا بنیادنا، ئەوەی
خوداوەند فەرمووی، لە ئۆرشەلیمدا ناوی خۆم دادەنێم. ٥ بۆ
هەموو هێزەکانی ئاسمانیش قوربانگای بنیادنا لەهەردوو
حەوشەکەی ماڵی خوداوەنددا .٦ کوڕەکەشی وەك قوربانی سووتاند
و بەخت خوێندنەوە و جادوگەری کرد و جنۆکە و ڕۆح
ئامادەکاری بەکارهێنا، خراپەی زیاتریشی کرد لەبەرچاوی
خوداوەند بۆ تووڕەکردنی. ٧ پەیکەری ئەو ئەشێرەیەش کە
دروستی کرد، لەناو ئەو ماڵەدا داینا کە خوداوەند لەبارەیەوە بە
داود و سلێمانی کوڕی فەرمووبوو، لەم ماڵەدا و لە ئۆرشەلیمدا
کە لەناو تیرەکانی ئیسڕائیلدا هەڵمبژاردووە بۆ هەتاهەتایە ناوی
خۆمی تیادا دادەنێم. ٨ جارێکی تر ئیسڕائیل لەو خاکەدا دەربەدەر
ناکەم کە بە باوباپیرانیانم داوە، بەمەرجێ ئەگەر ئاگاداربن لە
جێبەجێکردنی هەموو ئەوەی فەرمانم پێکردوون و لەگەڵ هەموو
ئەو فێرکردنەی کە موسای خزمەتکارم فەرمانی پێکردوون .
٩ بەڵام گوێیان نەگرت و مەنەسسا گومڕای کردن، تا لەو گەلانە
خراپتر بکەن کە خوداوەند لەبەردەم نەوەی ئیسڕائیلدا قڕی کردن.
١٠ ئینجا خوداوەند لە ڕێگای پێغەمبەرە خزمەتکارەکانییەوە
فەرمووی: ١١ لەبەرئەوەی مەنەسسای پاشای یەهوزا ئەم شتە
قێزەوەندانەی کردووە، خراپتریشی کرد لە هەموو ئەوەی
ئامورییەکانی پێش خۆی کردیان و وایکرد هەروەها یەهوزاشی
تووشی گوناهە کرد بەهۆی بتەکانییەوە.
١٢ بۆیە خوداوەند خودای ئیسڕائیل وای فەرموو، ئەوەتا من
بەڵایەك بەسەر ئۆرشەلیم و یەهوزادا دەهێنم کە هەرکەس
بیبیستێتەوە هەردوو چاوی زەقبێتەوە. ١٣ دەزووی پێوانەی سامیرە
و شاقوڵی ماڵی ئاخاب بەسەر ئۆرشەلیمدا درێژ دەکەمەوە و
ئۆرشەلیم دەسڕمەوە هەروەك چۆن یەکێك قاپێك دەسڕێتەوە و
سەرەونخوونی دەکات. ١٤ پاشماوەی میراتەکەم ڕەتدەکەمەوە و
دەیاندەم بە دەست دوژمنەکانیانەوە و دەبن بە دەسکەوت و تاڵان
بۆ هەموو دوژمنانیان. ١٥ لەبەرئەوەی لەبەرچاوی مندا خراپەیان
کرد و لەو ڕۆژەوەی کە باوباپیرانیان لە میسرەوە دەرچوون تا
ئەمڕۆ تووڕەم دەکەن. ١٦ هەروەها مەنەسسا خوێنێکی بێتاوانی
زۆر زۆری ڕشت، هەتا ئۆرشەلیمی پڕ کرد، لەمبەرەوە بۆ
ئەوبەر، بێجگە لەو گوناهەیەی کە وای لە یەهوزا کرد لەبەرچاوی
خوداوەنددا خراپە بکەن.
١٧ پاشماوەی کارەکانی مەنەسسا و هەموو ئەوەی کردی و

گوناهەکەی کە کردی ئەوەتان لە پەرتووکی هەواڵی ڕۆژانی
پاشاکانی یەهوزادا نووسراون. ١٨ ئینجا مەنەسا لەگەڵ
باوباپیرانیدا سەرینایەوە و لە باخچەی ماڵەکەیدا، لە باخچەی
عوزادا نێژرا و ئامونی کوڕی لە جێی ئەو بوو بە پاشا.
١٩ ئامونی کوڕی بیستو دوو ساڵان بوو کاتێ بوو بە پاشا، دوو
ساڵ لە ئۆرشەلیمدا پاشایەتی کرد و ناوی دایکی مەشولەمەی
کچی حاروسی خەڵکی یەتبە بوو. ٢٠ ئەمیش وەك مەنەسای
باوکی لەبەرچاوی خوداوەنددا خراپەی کرد و ٢١ بە هەموو ئەو
ڕێگایەدا چوو کە باوکی پێیدا چوو و ئەو بتانەی پەرست کە
باوکی دەیپەرستن و کڕنۆشی بۆ بردن. ٢٢ وازی لە خوداوەند
خودای باوباپیرانی هێنا و بە ڕێگای خوداوەنددا نەچوو. ٢٣ پاشان
خزمەتکارەکانی ئامون پیلانیان لێ گێڕا و پاشایان لە ماڵەکەی
خۆیدا کوشت. ٢٤ ئینجا هەموو گەلی زەوییەکە لە هەموو
پیلانگێڕەکانی ئامون پاشایان داو گەلی زەوییەکە یوشییای کوڕیان
لە جێیەکەی کرد بە پاشا.
٢٥ پاشماوەی کارەکانی ئامونیش ئەوەتان لە پەرتووکی هەواڵی
ڕۆژانی پاشاکانی یەهوزادا نووسراون. ٢٦ ئینجا لە گۆڕەکەی
خۆیدا لە باخچەی عوزا ناشتیان و یوشییای کوڕی لە جێی ئەو
بوو بە پاشا.

## ٢٢

١ یوشییا کوڕی هەشت ساڵان بوو کە بوو بە پاشا و سی و یەك
ساڵ لە ئۆرشەلیمدا پاشایەتی کرد و ناوی دایکی یەدیدەی کچی
عەدایەی خەڵکی بوسقە بوو. ٢ یوشییا ئەوەی ڕاست بوو
لەبەرچاوی خوداوەنددا کردی و بە هەموو ڕێگاکانی داودی
باوکیدا ڕۆیشت و بەلای ڕاست و چەپدا لاینەدا.
٣ ئەوە بوو لە ساڵی هەژدەیەمی یوشییا پاشادا، پاشا شافانی
نووسەر کوڕی ئەسەڵیای کوڕی موشەللامی نارد بۆ ماڵی
خوداوەند و وتی: ٤ سەرکەوە بۆلای خلقییای کاهینی گەورە با ئەو
زیوە بژمێریت کە خراوەتە ناو ماڵی خوداوەندەوە، ئەوەی
دەرگاوانەکان لە گەل کۆیان کردووەتەوە. ٥ بیدەن بەدەست
سەرپەرشتیارەکانی کارەکەی ماڵی خوداوەند، ئەوانیش بیدەن بەو
کرێکارانەی لە ماڵی خوداوەنددا شوێنە ڕوخاوەکانی ماڵەکە
چاکدەکەنەوە .٦ بە دارتاشەکان و وەستاکان و بەردتاشەکان و بۆ
کڕینی دار و بەردی تاشراو بۆ چاکسازییەکانی ماڵەکە. ٧ بەڵام
هیچ حیسابێکیان لەگەڵ نەکرا سەبارەت بەو زیوەی خرایە
دەستیانەوە، چونکە بە دەستپاکییەوە کاریان کرد.
٨ ئینجا خلقییای کاهینی گەورە بە شافانی نووسەری وت: لە ماڵی
خوداوەنددا پەرتووکی فێرکردنەکانم دۆزیوەتەوە. ئینجا خلقییا
پەرتووکەکەی دا بە شافان و ئەویش خوێندییەوە. ٩ پاشان شافانی
نووسەر هات بۆلای پاشا و هەواڵی لە پاشا گێڕایەوە و وتی:
خزمەتکارەکانت زیوی ناو ماڵەکەیان بەتاڵ کرد و دایان بە دەست
ئەوانەی کارەکە دەکەن، بە سەرپەرشتیارانی ماڵی خوداوەند.
١٠ هەروەها شافانی نووسەر بە پاشای ڕاگەیاند و وتی: خلقییای
کاهین پەرتووکێکی پێدام. ئینجا شافان لەبەردەم پاشادا خوێندیەوە.
١١ ئەوە بوو کە پاشا گوێی لە وشەکانی پەرتووکی فێرکردنەکان
بوو، جلەکانی لەبەرخۆی دادڕی. ١٢ ئینجا پاشا فەرمانی دا بە
خلقییای کاهین و ئەخیقامی کوڕی شافان و عەکبۆری کوڕی میخا
و شافانی نووسەر و عەسایای خزمەتکاری پاشا و وتی: ١٣ بڕۆن
داوا لە خوداوەند بکەن لەبەر من و لەبەر ئەم خەڵکە و لەبەر
هەموو یەهوزا، لەسەر وشەکانی ئەم پەرتووکەی دۆزراوەتەوە،
چونکە ئەو تووڕەییەی خوداوەند کە بەسەرماندا گڕی گرتووە
مەزنە، لەبەرئەوەی باوباپیرانمان گوێیان نەگرت لە وشەکانی ئەم
پەرتووکە تا کاربکەن بەپێی هەموو ئەوەی لەسەرمان نووسراوە.
١٤ ئینجا خلقییای کاهین و ئەخیقام و عەکبۆر و شافان و عەسایا
چوون بۆ لای خولدەی پێغەمبەر ژنی شەللۆمی کوڕی تەقوەی
کوڕی خەرخەسی پاسەوانی جلوبەرگەکان، ئەو لە ئۆرشەلیمدا
دەژیا لە بەشی دووەم، جا قسەیان لەگەڵی کرد. ١٥ ئەویش پێی
وتن: خوداوەند خودای ئیسرائیل وای فەرموو، بەو پیاوە بڵێن کە
ئێوەی بۆ لای من نارد، ١٦ خوداوەند وای فەرموو، ئەوەتا خراپە
بەسەر ئەم شوێنە و بەسەر دانیشتووانەکەی دەهێنم بەپێی هەموو
وشەکانی ئەو پەرتووکەی پاشای یەهوزا خوێندییەوە،
١٧ لەبەرئەوەی وازیان لێهێنام و بۆ خودایانی تر بخووریان
سووتاند تا بە هەموو کارەکانی دەستیان تووڕەم بکەن، جا
تووڕەییم بەسەر ئەم شوێنەدا گڕ دەگرێت و ناکوژێتەوە. ١٨ بەڵام
بە پاشای یەهوزا ئەوەی ناردوونی تا داوا لە خوداوەند بکەن، پێی
بڵێن، خوداوەند خودای ئیسرائیل وای فەرموو، ئەو شتانەی
بیستت، ١٩ لەبەرئەوەی لەبەردەم خوداوەنددا دڵت نەرم بوو و
خۆت نزم کردەوە کاتێ کە گوێت لە وشەکەم بوو دژ بەم شوێنە و
بە دانیشتووانەکەی کە دەبنە وێرانە و نەفرەت و لەبەرئەوەی
جلەکانت لەبەرخۆتدا دادڕی و لەبەردەممدا گریایت، هەروەها
منیش گوێم لێبوو، خوداوەند دەفەرمووێت. ٢٠ لەبەرئەوە ئەوەتا من
دەتخەمە پاڵ باوباپیرانت و بە ئاشتییەوە دەخرێیتە ناو گۆڕەکەت
و چاوەکانت هیچ لەو خراپەیە نابینن کە من بەسەر ئەم شوێنەدا
دەیهێنم. ئەوانیش هەواڵەکەیان لە پاشا گێڕایەوە.

## ٢٣

١ پاشان پاشا ناردی و هەموو ڕیشسپیانی یەهوزا و ئۆرشەلیمیان
بۆی کۆکردەوە. ٢ ئینجا پاشا سەرکەوت بۆ ماڵی خوداوەند و
هەموو پیاوانی یەهوزا و هەموو دانیشتووانی ئۆرشەلیمی لەگەڵ
بوو لەگەڵ کاهینەکان و پێغەمبەرەکان و هەموو گەل لە بچووکەوە
تا گەورە، ئینجا هەموو وشەکانی پەرتووکی پەیمانەکە ئەوەی لە
ماڵی خوداوەنددا دۆزرایەوە بە گوێیاندا خوێندییەوە .٣ ئینجا پاشا
لەسەر لای کۆڵەکەکە ڕاوەستا و لەبەردەم خوداوەنددا پەیمانی
بەست کە بە دوای خوداوەنددا بڕوات و فەرمانەکانی و
شایەتییەکانی و فەرزەکانی بەهەموو دڵیەوە و بەهەموو گیانییەوە
بپارێزێت تا وشەکانی ئەم پەیمانەی لەم پەرتووکەدا نووسراوە
پەیڕەوبکرێت، هەموو گەلیش پابەندی پەیمانەکە بوون.
٤ ئینجا پاشا فەرمانی دا بە خلقییای کاهینی گەورە و کاهینەکانی
کۆمەڵی دووەم و دەرگاوانەکان کە هەموو ئەو قاپوقاچاخانەی بۆ
بەعل و ئەشێرەکە و هەموو هێزەکانی ئاسمان دروستکراون، لە
پەرستگای خوداوەند ببەنە دەرەوە و لە دەرەوەی ئۆرشەلیم لە
کێڵگەکانی قدروندا بسووتێنن و خۆڵەمێشەکەشی بۆ بەیت ئێل
ببەن. ٥ خزمەتکارانی بتەکانیشی نەهێشت کە پاشاکانی یەهوزا
دایاننابوون و تا لەبەرزاییەکان و لە شارەکانی یەهوزا و
دەوروبەری ئۆرشەلیمدا بخوور بسوتێنن، ئەوانەی بۆ بەعل و بۆ
خۆر و مانگ و بۆ کەلوەکان و هەموو هێزەکانی ئاسمان
بخووریان دەسووتاند. ٦ ئەو ئەشێرەیەشی لە ماڵی خوداوەند
دەرکرد بۆ دەرەوەی ئۆرشەلیم بۆ دۆڵی قدرون و لە دۆڵی قدروندا
سووتاندی و کووتی تا بوو بە خۆڵ، خۆڵەکەشی بەسەر گۆڕی
مردووانی خەڵکەکە بە هەوادا کرد. ٧ ماڵی دوودەکیەکانیشی
ڕووخاند کە لەناو ماڵی خوداوەندەوە بوون، ئەوەی کە ژنان لەوێدا
پەردەیان بۆ بتە ئەشێرەکە دەچنی. ٨ ئینجا هەموو کاهینەکانی لە
شارەکانی یەهوزاوە هێنا و ئەو بەرزاییانەی گڵاو کرد کە
کاهینەکان لەوێدا بخووریان دەسووتاند لە گبعەوە تا بئێر شابەع،
بەرزاییەکانی دەروازەکانیش ئەوەی لە دەروازەی دەرگای

یەشوعی فەرمانڕەوای شارەکەیە کە دەکەوتە لای چەپی
دەروازەی شارەکەوە ڕووخاند. ٩ بەڵام کاهینی بەرزاییەکان
سەرنەکەوتن بۆ قوربانگای خوداوەند لە ئۆرشەلیم، بەڵکو لەنێو
براکانیاندا نانی فەتیریان خوارد. ١٠ ئینجا توفەی دۆڵی نەوەی
هەنومی گڵاوکرد بۆ ئەوەی کەس کوڕەکەی یان کچەکەی بۆ
مۆلەك وەك قوربانی نە سووتێنێ. ١١ ئەو ئەسپانەشی نەهێشت کە
پاشاکانی یەهوزا دایاننابوون بۆ خۆر لەلای دەروازەی ماڵی
خوداوەندەوە، لەنزیك ژوورەکەی نتەنمەلەکی خەساو کە لە
هەیوانەکاندابوو، هەروەها گالیسکەکانی خۆری بە ئاگر سووتاند.
١٢ ئەو قوربانگایانەش لە سەربانی ژوورەکەی سەرەوەی ئاخاز
کە پاشاکانی یەهوزا دروستیان کردبوو لەگەڵ ئەو قوربانگایانەی
کە مەنەسسا لە هەردوو حەوشەکەی ماڵی خوداوەنددا دروستیانی
کردبوو، پاشا ڕووخاندیانی و لەوێشەوە ڕایکرد و خۆڵەکەی لە
دۆڵی قدروندا بە با کرد. ١٣ ئەو بەرزاییانەش کە بەرامبەر
ئۆرشەلیمن لەلای ڕاستی چیای گەندەڵن، ئەوانەی کە سلێمانی
پاشای ئیسڕائیل بنیادینان بۆ عەشتۆرەتی بێلەزەتی سەیدونییەکان
و کمۆشی بێلەزەتی موئابییەکان و ملکۆمی قێزەوەندی نەوەی
عەمۆن، پاشا هەموویانی گڵاوکرد. ١٤ کۆڵەکەکانی شکاند و
ئەشێرەکانی بڕییەوە و شوێنەکانیانی بە ئێسکی خەڵك پڕکردەوە.
١٥ هەروەها ئەو قوربانگایەی لە بەیت ئێلە، ئەو بەرزاییەی
یەروبعامی کوڕی نابات دروستی کرد، ئەوەی بەهۆیەوە
ئیسڕائیلی تووشی گوناه کرد، یوشییا ئەو قوربانگایە و ئەو
بەرزاییەشی ڕووخاند و بەرزاییەکەی سووتاند و کووتای تا بوو
بە خۆڵ و ئەشێرەکەشی سووتاند. ١٦ ئینجا یوشییا ئاوڕیدایەوە و
ئەو گۆڕانەی بینی کە لەوێ بوون لە چیاکە، ئیتر ناردی و
ئێسکەکانی لە گۆڕەکانەوە برد و لەسەر قوربانگاکە سووتاندنی و
گڵاویکردن، بەپێی ئەو وشەیەی خوداوەند کە پیاوەکەی خودا
بانگەوازی پێیکرد، ئەوەی بانگەوازی بەم وشانە کرد. ١٧ ئینجا
پاشا وتی: ئەو کێلە قەبرە چییە لەوێ کە دەیبینم؟ پیاوانی
شارەکەش وتیان: ئەوە گۆڕی ئەو پیاوەی خودایە کە لە یەهوزاوە
هات و هەموو ئەو شتانەی ڕاگەیاند کە تۆ دژی قوربانگاکەی
بەیت ئێل کردت. ١٨ پاشاش وتی: لێیگەڕێن، کەس ئێسکەکانی
نەجوولێنێت. جا وازیان لە ئێسکەکانی هێنا لەگەڵ ئێسکەکانی ئەو
پێغەمبەرەی کە لە سامیرەوە هاتبوو.
١٩ هەروەها یوشییا هەموو مەزارگەکان ئەوانەی لە شارەکانی
سامیرە بوون، ئەوانەی پاشاکانی ئیسڕائیل بۆ تووڕەکردنی
خوداوەند دروستیان کردبوو، لایبردن و هەموو ئەوەی پێکردن
کە لە بەیت ئێل کردبووی. ٢٠ هەموو کاهینەکانی بەرزاییەکانیش
کە لەوێ بوون سەریبڕین لەسەر قوربانگاکان و ئێسکی خەڵکی
لەسەر سووتاندن و پاشان گەڕایەوە بۆ ئۆرشەلیم.
٢١ ئینجا پاشا فەرمانی دا بە هەموو گەل و وتی: جەژنی تێپەڕبوون
بۆ خوداوەند خودای خۆتان بکەن، وەك ئەوەی لەم پەرتووکی
پەیمانە نووسراوە. ٢٢ چونکە وەك ئەم جەژنی تێپەڕبوونە
نەکراوە، نە لە ڕۆژانی دادوەرانەوە کە دادوەری ئیسڕائیلیان
کردووە و نە لە هەموو ڕۆژانی پاشاکانی ئیسڕائیل پاشاکانی
یەهوزادا. ٢٣ بەڵام لە ساڵی هەژدەیەمی یوشییا پاشادا ئەم چەژنی
تێپەڕبوونە بۆ خوداوەند لە ئۆرشەلیمدا کرا. ٢٤ هەروەها یوشییا
هەموو ئەوانەی جنۆکە بەکاردەهێنن و ڕۆح ئامادەکارەکان و
پەیکەرەکان و بتەکان و هەموو بێلەزەتەکان کە لە زەوی یەهوزا
و لە ئۆرشەلیمدا بینران لەناویدان، بۆ ئەوەی وشەکانی
فێرکردنەکان کە نووسراون لەناو ئەو پەرتووکەی خلقییای کاهین
لە ماڵی خوداوەند دۆزییەوە پەیڕەو بکات.
٢٥ هیچ پاشایەك وەکو ئەو نەبوو لەپێش خۆیی، کە بە هەموو دڵ و
گیان و هێزیەوە بگەڕێتەوە بۆ لای خوداوەند، بەپێی هەموو
فێرکردنەکانی موسا، لە پاش ئەویش کەسی وەك خۆی نەبوو.
٢٦ بەڵام خوداوەند لە گڕی تووڕەییە مەزنەکەی پاشگەزنەبووەوە،
چونکە تووڕەییەکەی گڕی گرتبوو بەسەر یەهوزاوە بەهۆی
هەموو ئەو شتانەی کە مەنەسسا خوداوەندی پێ تووڕە کردبوو.
٢٧ ئینجا خوداوەند فەرمووی: هەروەها یەهوزاش لەبەردەمم
لادەبەم، هەروەك چۆن ئیسڕائیلم لابرد و ئەم شارەش کە
هەڵمبژارد، ئۆرشەلیم، لەگەڵ ئەو ماڵەی کە وتم ناوی من لەوێ
دەبێت، ڕەتیان دەکەمەوە.
٢٨ پاشماوەی کارەکانی یوشییا و هەموو ئەوەی کە کردی ئەوەتان
لە پەرتووکی هەواڵی ڕۆژانی پاشاکانی یەهوزادا نووسراون.
٢٩ لەو ڕۆژانەدا، فیرعەون نخۆی پاشای میسر دای بەسەر
پاشای ئاشووردا لەلای ڕووباری فورات، جا یوشییا بۆ
بەرەنگاربوونەوەی دەرچوو، بەڵام لە مگیدۆ کە بینی کوشتی.
٣٠ جا خزمەتکارەکانی بە مردوویی لە مگیدۆوە سواریانکرد و
هێنایان بۆ ئۆرشەلیم و لە گۆڕەکەی خۆیدا ناشتیان. ئینجا گەلی
زەوییەکە یەهوئاخازی کوڕی یوشییایان برد و دەستنیشانیان کرد
و لە جێی باوکی کردیان بە پاشا.
٣١ یەهوئاخاز کوڕی بیستو سێ ساڵان بوو کە بوو بە پاشا، سێ
مانگ لە ئۆرشەلیمدا پاشایەتی کرد و ناوی دایکی خەموتەڵی
کچی ئیرمیا بوو و خەڵکی لیبنە بوو. ٣٢ خراپەی لەبەرچاوی
خوداوەدندا کرد وەك هەموو ئەوەی باوباپیرانی کردیان. ٣٣ جا
فیرعەون نخۆ لە ڕبلەدا لە زەوی حەمات دیلی کرد، تا لە
ئۆرشەلیم پاشایەتی نەکات. هەروەها باجی خستە سەر زەوییەکە،
سەد کێش زیو و کێشێك زێڕ. ٣٤ هەروەها فیرعەون نخۆ ئەلقایمی
کوڕی یوشییای لە جێی یوشییای باوکی کرد بە پاشا و ناوەکەی
گۆڕی بۆ یەهویاقیم و یەهوئاخازیشی بۆ میسر برد و لەوێ مرد.
٣٥ یەهویاقیم زێڕ و زیوەکەی بە فیرعەون دا، بەڵام باجی خستە
سەر زەوییەکە بۆ دانی زیوەکە بەپێی قسەی فیرعەون، هەر
کەسەو بەپێی باجەکەی و زۆری لە گەلی زەوییەکە کرد ئەو زیو
و زێڕە بە فیرعەون نخۆ بدەن.
٣٦ یەهویاقیم کوڕی بیستو پێنج ساڵان بوو کە بوو بە پاشا و یانزە
ساڵ لە ئۆرشەلیمدا پاشایەتی کرد و ناوی دایکی زەبیدەی کچی
پدایە بوو و خەڵکی ڕومە بوو. ٣٧ لەبەرچاوی خوداوەندا خراپەی
کرد وەك هەموو ئەوەی باوباپیرانی کردیان.

# ٢٤

١ لەوڕۆژانەدا نەبوخوزنەسری پاشای بابل هاتەسەری و
یەهویاقیم سێ ساڵ ملکەچی بوو، بەڵام پاشان گەڕایەوە و لێی
یاخی بوو. ٢ جا خوداوەند پەلاماردەرانی کلدانی و پەلاماردەرانی
ئارامی و پەلاماردەرانی مۆئابی و پەلاماردەرانی نەوەی
عەممۆنی نارده سەری، ناردیانیە سەر یەهوزا تا لەناوی ببەن
بەپێی ئەو وشەیەی خوداوەند کە لە سەردەستی پێغەمبەرە
خزمەتکارەکانی فەرمووبووی. ٣ بێ گومان ئەوەش بەپێی
فەرمانی خوداوەند بوو لەسەر یەهوزا، تا لەبەردەمی خۆی
لایانببات بەهۆی گوناهەکانی مەنەسسا، وەك هەموو ئەوەی کە
کردی. ٤ هەروەها بەهۆی ئەو خوێنە بێتاوانەوە کە ڕشتی و
ئۆرشەلیمی پڕکرد لە خوێنی بێتاوان، جا خوداوەند نەیویست
ببەخشێت.
٥ پاشماوەی کارەکانی یەهویاقیم و هەموو ئەوەی کردی ئەوەتان
لە پەرتووکی هەواڵی ڕۆژانی پاشاکانی یەهوزادا نووسراون.
٦ ئینجا یەهویاقیم لەگەڵ باوباپیرانیدا سەرینایەوە و یەهویاکینی
کوڕی لە جێی ئەو بوو بە پاشا.
٧ پاشای میسریش جارێکی تر لە زەوییەکەی خۆی دەرنەچوو،
چونکە پاشای بابل لە ڕووباری میسرەوە تا ڕووباری فوراتی
داگیری کردبوو، هەموو ئەوەی هی پاشای میسر بوو.

٨ یەهویاکین کوڕی هەژدە ساڵان بوو کە بوو بە پاشا و سێ مانگ
لە ئۆرشەلیمدا پاشایەتی کرد، ناوی دایکیشی نخۆشتای کچی
ئەلناتان بوو و خەڵکی ئۆرشەلیم بوو. ٩ ئەمیش لەبەرچاوی
خوداوەنددا خراپەی کرد، وەك هەموو ئەوەی باوکی کردی.
١٠ لەو کاتەدا خزمەتکارەکانی نەبوخوزنەسری پاشای بابل
سەرکەوتن بۆ سەر ئۆرشەلیم و شارەکە کەوتە ژێر گەمارۆوە.
١١ ئینجا نەبوخوزنەسری پاشای بابل هاتە سەر شارەکە و
خزمەتکارەکانیشی گەمارۆیان دابوو. ١٢ جا یەهویاکینی پاشای
یەهوزا لەگەڵ دایکی و خزمەتکارەکانی و میرەکانی و
خەساوەکانیدا دەرچوو بۆ لای پاشای بابل، پاشای بابلیش لە ساڵی
هەشتەمی پاشایەتییەکەیدا گرتی. ١٣ پاشان هەموو گەنجینەکانی
ماڵی خوداوەند و ماڵی پاشای لەوێوە هێنایە دەرەوە و هەموو ئەو
قاپوقاچاخە زێڕینانەشی برد کە سلێمانی پاشای ئیسرائیل لە
پەرستگای خوداوەندا دروستی کردبوون، وەك خوداوەند
فەرمووی. ١٤ هەروەها هەموو ئۆرشەلیم و هەموو میرەکان و
هەموو پاڵەوانەکانی ڕاپێچ کرد، دە هەزار ڕاپێچ کراو لەگەڵ
هەموو خاوەن پیشە و زێڕنگەرەکان، کەس نەمایەوە جگە لە
ڕەشوڕووتەکانی گەلی زەوییەکە. ١٥ یەهویاکینیشی بۆ بابل ڕاپێچ
کرد، لەگەڵ دایکی پاشا و ژنەکانی پاشا و خەساوەکانی و
پیاوماقوڵانی زەوییەکە، لە ئۆرشەلیمەوە بۆ بابل بە ڕاپێچی بەڕێی
کردن. ١٦ هەروەها پاشای بابل هەموو بەهێزەکان حەوت هەزار
و لە خاوەن پیشە و زێڕنگەرەکان هەزارو هەموو پاڵەوانەکانی
پیاوانی جەنگی بە ڕاپێچی هێنا بۆ بابل. ١٧ ئینجا پاشای بابل
مەتەنیای مامی یەهویاکینی لە جێیەکەی کرد بە پاشا و ناوەکەشی
گۆڕی بۆ سدقیا.
١٨ سدقیا کوڕی بیستو یەك ساڵان بوو کە بوو بە پاشا و یانزە ساڵ
لە ئۆرشەلیمدا پاشایەتی کرد و ناوی دایکی حەمیتەڵی کچی ئیرمیا
بوو وخەڵکی لیبنە بوو. ١٩ ئەمیش لەبەرچاوی خوداوەنددا خراپەی
کرد، وەك هەموو ئەوەی یەهویاقیم کردی. ٢٠ چونکە لەبەر
تووڕەیی خوداوەند بوو کە ئەمانە لە ئۆرشەلیم و لە یەهوزادا
ڕوویدا، تا لەبەردەم خۆیدا فڕێیدان. پاشان سدقیا لە پاشای بابل
یاخی بوو.

# ٢٥

١ ئەوە بوو لە ساڵی نۆیەمی پاشایەتییەکەیدا، لە مانگی دە، لە دەی
مانگدا، نەبوخوزنەسری پاشای بابل بەخۆی و هەموو سوپاکەیەوە
هاتە سەر ئۆرشەلیم و ئوردوگای کرد و بەچواردەوریدا قولەی
بنیادنا. ٢ جا شارەکە کەوتە ژێر گەمارۆوە تا ساڵی یانزەیەمی
پاشایەتی سدقیا. ٣ لە نۆی مانگدا برسێتی لە شارەکەدا هێندە
سەخت بوو کە گەلی زەوییەکە نان نەبوو بیخۆن. ٤ جا کەلێن لە
شارەکە کرایەوە و هەموو جەنگاوەرەکان بە شەو بە ڕێگای
دەروازەکەی نێوان دوو شوراکەی بەرامبەر باخچەی پاشادا بە
ڕێگای عەرابادا هەڵاتن، کلدانییەکانیش بەسەر شارەکەوە بوون
بەچواردەوریدا. ٥ ئینجا سوپای کلدانییەکان دوای پاشا کەوتن و لە
دەشتی ئەریحا پێیگەیشتن و هەموو سوپاکەی لێی پەرت بوون.
٦ جا پاشایان گرت و سەریانخست بۆلای پاشای بابل بۆ ڕەبلە و
لەوێدا دادگاییان کرد. ٧ کوڕەکانی سدقیاشیان لە پێش چاویدا
کوشت و هەردوو چاوی سدقیاشیان هەڵکۆڵی و بە دوو زنجیری
مس کۆتیان کرد و هێنایان بۆ بابل.
٨ لە مانگی پێنجدا، لە حەوتی مانگدا، کە ساڵی نۆزدەیەمی
نەبوخوزنەسری پاشای بابل بوو، نەبوزەرئادانی فەرماندەی
پاسەوانانی پاشا و خزمەتکاری پاشای بابل هات بۆ ئۆرشەلیم و
٩ ماڵی خوداوەند و ماڵی پاشا و هەموو ماڵەکانی ئۆرشەلیم و
هەموو ماڵی ناودارەکانی بە ئاگر سووتاند. ١٠ شوراکانی
ئۆرشەلیمیش بەچواردەوریدا، لەلایەن سوپای کلدانییەکانەوە
ئەوانەی لەگەڵ فەرماندەی پاسەوانانی پاشادا بوون، ڕووخێندران .
١١ پاشماوەکەی گەلیش ئەوانەی لە شارەکەدا مابوونەوە و ئەوانەی
بۆ لای پاشای بابل هەڵاتبوون لەگەڵ پاشماوەی خەڵکەکە،
نەبوزەرئادانی ەرماندەی پاسەوانانی پاشا ڕاپێچی کردن. ١٢ بەڵام
فەرماندەی پاسەوانانی پاشا لە ڕەشوڕووتی زەوییەکەی هێشتەوە
بۆ ڕەزەمێوەکان و بۆ کێڵگەکان. ١٣ کۆڵەکە مسەکانیش ئەوانەی لە
ماڵی خوداوەند بوون و عەرەبانەکانی ئاو گواستنەوە و حەوزە
مسەکە ئەوەی لەماڵی خوداوەندە، کلدانییەکان پارچەپارچەیان کرد
و مسەکەیان بارکرد بۆ بابل.
١٤ هەروەها مەنجەڵەکان و ماشەکان و مەقەسەکان و
کاسەئاوپرژێنەکان و چەمچەکان و هەموو ئەو قاپوقاچاخە
مسانەی خزمەتیان پێی دەکرد بردیان. ١٥ لەگەڵ مقلیەکان و کاسە
ئاوپرژێنەکان، ئەوەی زێڕو زیو بوون، فەرماندەی پاسەوانانی
پاشا بردنی. ١٦ دوو کۆڵەکە و یەك حەوز عەرەبانەکانی ئاو
گواستنەوە کە سلێمان بۆ ماڵی خوداوەند دروستی کردبوون،
کێشی مسی هەموو ئەمانە دیار نەبوو لەبەر زۆری. ١٧ هەر
کۆڵەکەیەك هەژدە باڵ درێژییەکەی بوو و تاجێکی مسیشی لەسەر
بوو و بەرزی تاجەکە سێ باڵ بوو و کەتیبە و هەنارەکانیش
لەسەر تاجەکە و بەچواردەوریدا هەموو لە مس بوون و بۆ
کۆڵەکەکەی دووەمیش هەمان شت لەسەر کەتیبەکەی بوو.
١٨ ئینجا فەرماندەکەی پاسەوانانی پاشا سرایای سەرکاهین و
سفەنیای کاهینی دووەم و سێ دەرگاوانەکەی برد. ١٩ لە شارەکەش
خەساوێکی برد کە لێپرسراوی جەنگاوەرەکان بوو، هەروەها پێنج
پیاویش کە ڕووی پاشایان دەبینی، کە لە شارەکەدا بەرچاوکەوتن
و نووسەری سەرکردەی سەربازەکان ئەوەی گەلی زەوییەکەی
کۆکردەوە لەگەڵ شەست پیاوی خەڵکی شارەکە کە بەرچاوکەوتن.
٢٠ جا نەبوزەرئادانی فەرماندەی پاسەوانانی پاشا بردنی بۆ ڕەبلە
بۆ لای پاشای بابل. ٢١ پاشای بابلیش لە ڕەبلە لە زەوی حەماتدا
لێیدان و کوشتنی، ئینجا یەهوزا لە خاکەکەی خۆی ڕاپێچ کرا.
٢٢ بەڵام ئەو خەڵکەی لە زەوی یەهوزادا مانەوە، ئەوانەی
نەبوخوزنەسری پاشای بابل هێشتنیەوە، گەدەلیای کوڕی ئەخیقامی
کوڕی شافانی کرد بە لێپرسراو بەسەریانەوە.
٢٣ ئینجا هەموو سەرکردەکانی سوپا خۆیان و پیاوەکانیان
بیستیانەوە کە پاشای بابل گەدەلیای کردووە بە لێپرسراو، هاتن بۆ
لای گەدەلیا بۆ میسفە، ئەوانیش ئیسماعیلی کوڕی نتەنیا و
یۆحەنانی کوڕی قارێخ و سرایای کوڕی تەنحومەتی نەتوفاتی و
یازەنیای کوڕی مەعکی خۆیان و پیاوەکانیان. ٢٤ گەدەلیاش سوێندی
بۆ خۆیان و پیاوەکانیان خوارد و پێی وتن: لە خزمەتکارانی
کلدانییەکان مەترسن، لە زەویەکەدا نیشتەجێ بن و خزمەتی
پاشای بابل بکەن و ئەوەی باشە بۆتان دەبێت.
٢٥ ئەوە بوو لە مانگی حەوتەمدا ئیسماعیلی کوڕی نتەنیای کوڕی
ئەلیشەمەع کە شازادە بوو، لەگەڵ دە پیاودا هات و لە گەدەلیایان دا
و مرد، هەروەها لەو جولەکە و کلدانییانەی لەگەڵیدا بوون لە
میسفات. ٢٦ ئینجا هەموو گەل لە بچووکەوە تا گەورە و
سەرکردەی سوپاکان هەستان و هاتن بۆ میسر، چونکە لە
کلدانییەکان ترسان.
٢٧ ئەوە بوو لە ساڵی سی و حەوتەمی ڕاپێچ کردنی یەهویاکینی
پاشای یەهوزا، لە مانگی دوانزەدا، لە بیستو حەوتی مانگدا، ئەڤیل
مرۆدەخی پاشای بابل لە ساڵی بە پاشا بوونیدا ، سەری
یەهویاکینی پاشای یەهوزای لە زیندان بەرزکردەوە. ٢٨ بە باشی
قسەی لەگەڵدا کرد و کورسییەکەی لەسەرووی کورسییەکانی ئەو
پاشایانەوە دانا کە لە بابل لەگەڵیادا بوون. ٢٩ جا بەرگی
زیندانییەکەی گۆڕی و بە درێژایی ڕۆژانی ژیانی هەمیشە نانی

لەسەر خوانی پاشا دەخوارد. ٣٠ بەشەکەشی بەشێکی هەمیشەیی بوو و لەلایەن پاشــــاوە پێی دەدرا، شـــتی هەر ڕۆژە لە ڕۆژی خۆیدا، بە درێژایی ڕۆژانی ژیانی.

# هەواڵەکانی ڕۆژانی یەکەم

## ١

١ ئادەم، شـــیت، ئەنوش، ٢ قێینان، مەهەلەلئێل، یارەد، ٣ خەنوك،
متوشالەخ، لامەك، ٤ نوح، شێم، خام، یافێت.
٥ کوڕانی یافێت، گۆمەر و ماگۆگ و مادەی و یاڤان و توباڵ و
مەشەك و تیراس.
٦ کوڕانی گۆمەریش، ئەشکەنەنەز و ریفەت و تۆگەرما. ٧ کوڕانی
یاڤانیش، ئەلیشا و تەرشیش و کتیم و ڕۆدانیم.
٨ کوڕانی خامیش، کووش و میسرایم و فوت و کەنعان. ٩ کوڕانی
کووشـیش، سـبا و خەڤیلا و سـەبتا و ڕەعما و سـەبتکا. کوڕانی
ڕەعماش، شبا ودیدان.
١٠ کووش نەمرودی بوو، ئەوەی دەستی پێکرد ببێتە پاڵەوان لەسەر
زەوی.
١١ میسـرایمیش، لوودییەکان و عەنامییەکان و لەهابییەکان و
نەفتوخییەکانی بوو، ١٢ هەروەها فەترووسییەکان و
کەسلوخییەکانیش، کە لەمانیشەوە فەلەستییەکان و کەفتورییەکان
کەوتنەوە.
١٣ کەنعانیش سیدۆنی بوو، کە نۆبەرەکەی بوو، لەگەڵ خێت،
١٤ هەروەها یەبوسییەکان و ئەمۆرییەکان و گرگاشییەکان و
١٥ خیڤییەکان و عەرقییەکان و سینییەکان و ١٦ ئەرڤادییەکان و
چیمارییەکان و خەماتییەکانیشی بوو.
١٧ کوڕانی شێم، عیلام و ئاشوور و ئەرفەکشەد و لود و ئارام و
عوچ و خول و گەتەر و مەشەك. ١٨ ئەرفەکشەدیش شەلەخی بوو
و شەلەخیش عێبەری بوو و ١٩ عێبەریش دوو کوڕی بوو،
یەکێکیان ناوی پەلەگ بوو، چونکە لە ڕۆژانی ئەودا زەوی
دابەشکرا. براکەشی ناوی یەقتان بوو. ٢٠ یەقتانیش، ئەلموداد و
شالەف و خەچەرماڤەت و یارەخ و ٢١ هەدۆرام و ئووزال و دیقلە
و ٢٢ عیبال و ئەبیمائێل و شبا و ٢٣ ئۆفیر و خەڤیلا و یۆبابی بوو.
هەموو ئەمانە نەوەی یەقتان بوون.
٢٤ شێم، ئەرفەکشەد، شالەخ، ٢٥ عێبەر، پەلەگ، ڕعوو،
٢٦ سرووگ، ناخۆر، تەرەخ، ٢٧ ئەبرام، کە ئیبراهیمە.
٢٨ کوڕانی ئیبراهیم، ئیسحاق و ئیسماعیل، ٢٩ ئەمانەش
نەوەکانیانن، نبایۆت کە نۆبەرەی ئیسماعیل بوو، هەروەها قێدار
و ئەدبئێل و مبسام، ٣٠ مشماع و دوما، مەسسا، خەدەد، تێیما،
٣١ یتور، نافیش و قێدمە، ئەمانە کوڕانی ئیسماعیل بوون.
٣٢ کوڕانی قتورە، کەنیزەی ئیبراهیم، ئەویش ئەمانەی بوو،
زمران و یاقشان ومدان ومدیان و یشباق و شوخە. کوڕانی
یەقشانیش، شبا و دیدان.
٣٣ کوڕانی مدیانیش، عێیفە و عێفەر و خەنوك و ئەبیداع و ئەلداعە
بوون، هەموو ئەمانە کوڕی قتورە بوون.
٣٤ ئینجا ئیبراهیم ئیسحاقی بوو و کوڕەکانی ئیسحاقیش عیسۆ و
ئیسرائیل بوون.
٣٥ کوڕانی عیسۆ، ئەلیفاز و ڕاعوئێل و یعوش و یەعلام و قۆرەخ.
٣٦ کوڕانی ئەلیفاز، تێیمان و ئۆمار، چفی و گەعتام، قنەز و تیمناع
و عەمالیق.
٣٧ کوڕانی ڕاعوئێل، نەخەت، زەرەخ، شەممە، میززە.
٣٨ کوڕانی سێعیریش، لۆتان و شۆبال و چیبعۆن و عەنە و دیشۆن
و ئێچەر و دیشان. ٣٩ کوڕانی لۆتانیش، حۆری و هۆمام،
تیمناعیش خوشکی لۆتان بوو.
٤٠ کوڕانی شۆبالیش، عەلیان و مەناخەت و عێبال، شفی و ئونام.
کوڕانی چیبعۆنیش، ئەییا و عەنە. ٤١ کوڕەکەی عەنەش دیشۆن و
کوڕانی دیشۆنیش، خەمران و ئەشبان و یتران و کران.
٤٢ کوڕانی ئێچەریش، بلهان و زەعەڤان و یەعەقان، کوڕانی
دیشۆنیش عۆچ و ئاران.
٤٣ ئەمانەش ئەو پاشایانەن کە لە خاکی ئەدۆمدا پاشایەتییان کرد
پێش ئەوەی هیچ پاشایەکی ئیسرائیل پاشایەتی بکات. بەلەعی
کوڕی بعۆر، ناوی شارەکەشی دینهابە بوو. ٤٤ کە بەلەع مرد،
یۆبابی کوڕی زەرەخی خەڵکی بوسرە جێگەی گرتەوە. ٤٥ کە
یۆباب مرد، خوشامی خەڵکی خاکی تێیمانییەکان جێگەی گرتەوە.
٤٦ کە خوشام مرد، هەدەدی کوڕی بیدەد جێگەی گرتەوە، لە
وڵاتی مۆئابدا شکستی بە میدیان هێنا، ناوی شارەکەشی عەڤیت
بوو. ٤٧ کە هەدەد مرد، سەملەی خەڵکی مەسریقە جێگەی گرتەوە.
٤٨ کە سەملە مرد، شائولی خەڵکی ڕەخوبۆت کە لەسەر ڕووبارە،
جێگەکەی گرتەوە. ٤٩ کە شائول مرد، بەعل خەنانی کوڕی
عەکبۆر جێگەکەی گرتەوە. ٥٠ کە بەعل خەنان مرد، هەدەد
جێگەی گرتەوە و ناوی شارەکەشی پاعی بوو، ژنەکەشی ناوی
مێهێتەبێل بوو، کچی مەترێدی کچی مێزەهەب بوو. ٥١ ئینجا
هەدەدیش مرد. جا میرەکانی ئەدۆم ئەمانە بوون، میر تیمناع، میر
عەلیا، میر یتێت، ٥٢ میر ئەهۆلیبامە، میر ئێلە، میر پینۆن، ٥٣ میر
قنەز، میر تێیمان، میر میبچار، میر مەگدئێل لەگەڵ میر عیرام.
ئەمانە میرەکانی ئەدۆم بوون.

## ٢

ئەمانەش کوڕەکانی ئیسرائیلن، ڕەئوبین، شەمعۆن، لێڤی و
یەهوزا، یسساکار و زەبولۆن، ٢ دان، یوسف و بنیامین، نەفتالی،
گاد و ئەشێر.
٣ کوڕەکانی یەهوزا، عێر و ئۆنان و شێلە، کە هەر سێکیان لە
کچەکەی شوەعی کەنعانی بۆی لەدایك بوون. عێر کوڕە
نۆبەرەکەی یەهوزا لەبەردەم خوداوەنددا خراپەکار بوو، جا
خوداوەند مراندی.
٤ تاماری بووکیشی، پارەچ و زارەخی بۆ لەدایك بوو. ئەمانە هەر
پێنج کوڕەکەی یەهوزا بوون.
٥ کوڕانی پارەچ، خەچرۆن و خامول.
٦ کوڕانی زارەخ، زیمری و ئێیتان و هێیمان و کەلکول و دارەع،
هەموویان پێنج بوون.
٧ کوڕەکەی کەرمی، عەخاری تێکدەری ئیسرائیل بوو ئەوەی کە
ناپاکی لە قەدەغەکراوەکە کرد.
٨ کوڕەکەی ئێیتانیش عەزەریا بوو.
٩ کوڕەکانی خەچرۆنیش کە بۆی لەدایك بوون، یەرخەمئێل و ڕام
و کلوبای بوون. ١٠ ڕامیش عەمینادابی بۆ لەدایك بوو و
عەمینادابیش نەخشۆنی بۆ لەدایك بوو کە سەرۆکی نەوەی یەهوزا
بوو، ١١ نەخشۆن سەلمای بۆ لەدایك بوو و سەلما بوعەزی بۆ
لەدایك بوو و ١٢ بوعەز عوبێدی بۆ لەدایك بوو و عوبێدیش

یەسسای بۆ لەدایك بوو. ١٣ یەسساش نۆبەرەکەی ئەلیاب و دووەمین ئەبیناداب و سێیەمین شیمعا و ١٤ چوارەمین نەسنەئیل و پێنجەمین ڕەددەی و ١٥ شەشەمین ئۆچەم و حەوتەمین داودی بۆ لەدایك بوو. ١٦ هەروەها خوشکەکانیان چەڕویە و ئەبیگایل بوون و سێ کوڕەکەی چەڕویەش، ئەبیشای و یوئاب و عەسائێل بوون. ١٧ ئەبیگایلیش عەماسا لێ بوو و باوکی عەماساش یەسەری ئیسماعیلی بوو.

١٨ کالیبی کوڕی خەچرۆنیش لە عەزوبەی ژنی و لە یەریعوس منداڵی بۆ بوو و ئەمانەش کوڕانی ئەون*، یێشەر و شۆباب و ئەردۆن. ١٩ کە عەزوبە مرد، کالیب ئەفراتی هێنا و حووری بۆ خستەوە. ٢٠ حووریش ئووری بۆ لەدایك بوو و ئووریش بەچلەئێلی بۆ لەدایك بوو.

٢١ پاشان خەچرۆن لەگەڵ کچەکەی ماکیری باوکی گلعاددا کە لە شەست ساڵیدا هێنای جووت بوو و ئەویش سگوبی بۆ خستەوە. ٢٢ سگوبیش یائیری بۆ لەدایك بوو کە بیست و سێ شاری لە زەوی گلعاددا هەبوو. ٢٣ بەڵام گشوور و ئارام خووت یائیریان لێیان گرت لەگەڵ قەنات و شارۆچکەکانی کە شەست شار بوون. هەموو ئەمانە نەوەی ماکیری باوکی گلعاد بوون. ٢٤ پاش مردنی خەچرۆنیش لە کالیب ئەفراتەدا، ئەبییای ژنی خەچرۆن ئەشخووری باوکی تقوعی بۆ خستەوە.

٢٥ کوڕەکانی یەرخەمئێلی نۆبەرەی خەچرۆنیش، نۆبەرەکەی ڕام و ئیجا بونە و ئۆڕەن و ئۆچەم و ئەخییا بوون. ٢٦ جا یەرخەمئێل ژنێکی دیکەی هەبوو ناوی عەتارە بوو و دایکی ئۆنام بوو.

٢٧ کوڕەکانی ڕامی نۆبەرەی یەرخەمئێلیش، مەعەچ و یەمین و عێقەر بوون. ٢٨ کوڕەکانی ئۆنامیش، شەممەی و یاداع بوون، کوڕەکانی شەممەیش، ناداب و ئەبیشوور بوون. ٢٩ ناوی ژنەکەی ئەبیشووریش لە ئەبیهایل بوو و ئەخبان و مولیدی بۆ خستەوە. ٣٠ کوڕەکانی نادابیش، سەلەد و ئەفایم بوون. سەلەد بە وەجاخکوێری مرد. ٣١ کوڕەکەی ئەفایمیش یەشعی و کوڕەکەی یەشعیش شیشان و کوڕەکەی شیشانیش ئەخلای بوو. ٣٢ کوڕەکانی یاداعی براي شەممەیش، یەتەر و یۆناسان بوون و یەتەر بە وەجاخکوێری مرد. ٣٣ کوڕەکانی یۆناسانیش، فەلەت و زازا بوون. ئەمانە نەوەی یەرخەمئێل بوون.

٣٤ شیشانیش هیچ کوڕی نەبوو و تەنها کچی هەبوو. شیشان خزمەتکارێکی میسری هەبوو ناوی یەرخەع بوو. ٣٥ شیشان کچێکی خۆی دا بە یەرخەعی خزمەتکاری ببێت بە ژنی، جا عەتتای بۆ خستەوە. ٣٦ عەتتایش ناسانی بۆ لەدایك بوو و ناسانیش زابادی بۆ لەدایك بوو و ٣٧ زابادیش ئەفلالی بۆ لەدایك بوو و ئەفلالیش عوبێدی بۆ لەدایك بوو و ٣٨ عوبێدیش یاهوی بۆ لەدایك بوو و یاهوش عەزەریای بۆ لەدایك بوو و ٣٩ عەزەریاش خالەچی بۆ لەدایك بوو و خالەچیش ئیلعاسەی بۆ لەدایك بوو و ٤٠ ئیلعاسەش سیسمایی بۆ لەدایك بوو و سیسمایش شەللومی بۆ لەدایك بوو و ٤١ شەللومیش یقمیەی بۆ لەدایك بوو و یقەمیەش ئەلیشاماعی بۆ لەدایك بوو.

٤٢ کوڕەکانی کالیبی برای یەرخەمئێلیش، میشاعی نۆبەرەی کە باوکی زیفە و نەوەی مەریشەش باوکی خەبرۆن. ٤٣ کوڕانی خەبرۆنیش، قۆرەخ و تەفوخ و ڕەقەم و شامەع بوون. ٤٤ شامەع ڕەخەمی بۆ لەدایك بوو کە باوکی یەرقەعامە و ڕەقەمیش شەممای بۆ لەدایك بوو. ٤٥ کوڕەکەی شەممایش مەعۆن بوو و مەعۆنیش باوکی بێیت چووڕ بوو. ٤٦ هەروەها عیفەی کەنیزەی کالیبی خاران و مۆچای بۆ بوو لەگەڵ گەزیز و خارانیش گەزیزی بۆ لەدایك بوو.

٤٧ کوڕەکانی یەهدایش، ڕەگەم و یۆسام و گیشان و فەلەت و عیفە و شاعەف بوون. ٤٨ مەعکەی کەنیزەی کالیبیش، شەبەر و ترخەنەی بۆ بوو، ٤٩ هەروەها شاعەفی باوکی مدمەنە و شڤای باوکی مەکبینا و باوکی گبعا و کچەکەی کالیبیش کە ناوی عەکسە بوو.

٥٠ ئەمانە نەوەی کالیبی کوڕی حوور بوون کە نۆبەرەی ئەفراتە بوو، شۆبالی باوکی قەریەت یەعاریم، ٥١ سەلمای باوکی بێتلەحم و خارێفی باوکی بێیت گادێر. ٥٢ شۆبالی باوکی قەریەت یەعاریمیش کوڕانی بۆ بوو، هەروئە، خەچی، هەمنوخوت. ٥٣ خێڵەکانی قەریەت یەعاریمیش، یەسری و فوتی و شوماتی و مشراعی بوون و لەمانەوە چەڕعەتی و ئەشتاولییەکان دەرچوون. ٥٤ نەوەی سەلماش، بێتلەحم و نتوفاتی، عەتروت بێیت یوئاب و خەچی و مەنەختی و چەرعی بوون. ٥٥ خێڵەکانی نووسەرەکانیش دانیشتووانی یەعبیچ، ترعاتیم، شمعاتیم، سوکاتیم. ئەمانە ئەو قینییانە بوون کە لە خەممەتی باوکی بێیت ڕێکابەوە هاتبوون.

# ٣

ئەمانەش کوڕەکانی داودن کە لە خەبرۆندا بۆی لەدایك بوون، نۆبەرەکەی ئەمنون لە ئەخینوعەمی یەزرەعیلیەوە، دووەمیان دانییێل لە ئەبیگایلی کەرمەلیەوە، ٢ سێیەمیان ئەبشالۆمی کوڕی مەعکەی کچی تەلمای پاشای گشوور، چوارەمیان ئەدۆنیای کوڕی خەگیت، ٣ پێنجەمیان شەفتیای لە ئەبیتالەوە، شەشەمیان یەترعام لە عەگلەی ژنیەوە. ٤ لە خەبرۆندا شەشی بۆ لە دایك بوو و لەوێدا حەوت ساڵ و شەش مانگ پاشایەتی کرد و سی وسێ ساڵیش لە ئۆرشەلیمدا پاشایەتی کرد. ٥ ئەمانەش لە ئۆرشەلیمدا بۆی لەدایك بوون، شمعا و شۆباب و ناسان و سلێمان هەر چواریان لە بەسشوعی کچی عەممیئێلەوە بوون. ٦ هەروەها یبخار و ئەلیشاماع و ئەلیفالەت، ٧ نوگە و نەفەگ و یافیع، ٨ ئەلیشاماع و ئەلیاداع و ئەلیفەلەت کە نۆ بوون، ٩ هەموو کوڕەکانی داود جگە لە کوڕانی کەنیزەکان و ساماری خوشکیان.

١٠ کوڕەکەی سلێمانیش ڕەحوبعام و کوڕەکەی ئەو ئەبییا و کوڕەکەی ئەو ئاسا و کوڕەکەی ئەو یەهوشافات و ١١ کوڕەکەی ئەو یۆرام و کوڕەکەی ئەو ئەخەزیا و کوڕەکەی ئەو یوئاش و ١٢ کوڕەکەی ئەو ئەمەچیا و کوڕەکەی ئەو عەزەریا و کوڕەکەی ئەو یوسام و ١٣ کوڕەکە ئەو ئاخاز و کوڕەکەی ئەو خزقیا و کوڕەکەی ئەو مەنەسسا و ١٤ کوڕەکەی ئەو ئامۆن و کوڕەکەی ئەو یوشییا بوو. ١٥ کوڕەکانی یوشییاش، نۆبەرەکەی یوخانان و دووەمەیان یەهویاقیم و سێیەمیان چیدقییا و چوارەمیشیان شەللوم بوو. ١٦ کوڕەکانی یەهویاقیمیش، یکانیا و چیدقییا بوون. ١٧ کوڕەکاني یکانیاش ئەسیر و شەئەلتیئێلی کوڕی. ١٨ هەروەها مەلکیرام و فدایا و شنئەچەر و یقەمیا و هوشاماع و ندەبیا. ١٩ کوڕەکانی فدایاش، زروبابل و شمعی، کوڕەکانی زەروبابلیش، مشوللام و خەنەنیا و شەلومیتی خوشکیان، ٢٠ هەروەها خەشوبە و ئوهەل و بەرەخیا و خەسەدیا و یوشەب خەسەد، پێنج بوو. ٢١ کوڕەکانی خەنەنیاش، فلەتیا و یشەعیا و کوڕەکانی ڕفایا و کوڕەکانی ئەرنان و کوڕەکانی عوبەدیا و کوڕەکانی شخەنیا.

٢٢ کوڕەکانی شخەنیاش، شمەعیا و کوڕەکانی شمەعیاش، خەتوش و یەگئەل و باریەخ و نعەریا و شافات، شەش بوون. ٢٣ کوڕەکانی نعەریاش، ئەلیۆعینەی و خزقییا و عەزریقام، سێ بوون. ٢٤ کوڕەکانی ئەلیۆعینەیش، هودەیواه و ئەلیاشیب و فلایا و عەقوب و یوخانان و دلایا و عەنانی، حەوت بوون.

# ٤

کوڕەکانی یەهوزا، پارەچ و خەچرۆن و کەرمی و حوور و شۆبال
بوون. ٢ ڕئایای کوڕی شۆبالیش یەخەسی بۆ لەدایك بوو و
یەخەسیش ئەخومەی و لاهەدی بۆ لەدایك بوو، ئەمانەش خێڵەکانی
چەرعاتی بوون.
٣ ئەمانەش کوڕەکانی باوکی عیتەم بوون، یزرعال و یەشما و
یدباش، ناوی خوشکەکەشیان هەچلەلپۆنی بوو. ٤ پەنوئێلیش باوکی
گدۆر و عێزەریش باوکی خوشە بوو. ئەمانە کوڕانی حووری
نۆبەرەی ئەفراتەی باوکی بێتلەحم بوون.
٥ ئەشخووری باوکی تقوەعیش دوو ژنی هەبوو، خەلئە و نەعرە.
٦ نەعرەش ئەخوزام و خێفەر و تیمنی و ئەخەشتاری بۆ خستەوە،
ئەمانە کوڕەکانی نەعرە بوون. ٧ کوڕەکانی خەلئەیش، چەرەس و
یچوخەر و ئەسنان. ٨ قۆچیش عانووب و هەچوبێبە و خێڵەکانی
ئەخەرخێلی کوڕی هارومی بۆ لەدایك بوو. ٩ یەعبیچیش لە
براکانی پایەدارتر بوو و دایکیشی ناوی لێنا یەعبیچ، وتی: چونکە
بە ئازارەوە بۆم بوو. ١٠ یەعبیچ بانگی خودای ئیسڕائیلی کرد و
وتی: خۆزگە بەڕاستی پیرۆزم دەکەیت و سنوورەکانم فراوان
دەکەیت و دەستت لەگەڵمدا دەبێت تا لە خراپە بمپارێزیت و ئازارم
نەدات. خوداش ئەوەی بۆ هێنا کە داوای کرد. ١١ کلووبی برای
شوخەش مخیری بۆ لەدایك بوو، ئەو باوکی ئەشتونە،
١٢ ئەشتونیش بەیت ڕافا و پاسێخ و تخونەی باوکی شاری ناخاشی
بۆ لەدایك بوو. ئەمانە پیاوەکانی ڕەیکە بوون.
١٣ کوڕەکانی قنازیش، عوسنیئێل و سرایا بوون و کوڕەکەی
عوسنیئێلیش خەسەس بوو. ١٤ معۆنوسەیش عەفرەی بۆ لەدایك
بوو و سەرایاش یوئابی بۆ لەدایك بوو کە باوکی گێی خەراشیم،
چونکە پیشەکار بوون.
١٥ کوڕەکانی کالێبی کوڕی یفوننەش، عیر و ئێلە و ناعەم بوون،
کوڕەکەی ئێلەش قناز. ١٦ کوڕەکانی یەهەللئێلیش، زیف و زیفە و
تیریا و ئەسەرئێل بوون. ١٧ کوڕەکانی عەزرەش، یەسەر و مەرەد
و عێفەر و یالۆن بوون. یەکێك لە ژنەکانی مەرەد بە مەریەم و
شەممەی و یەشبەخی باوکی ئەشتەموی سکی پڕبوو. ١٨ ژنە
جولەکەکەشی، یارەدی باوکی گدۆر و خابەری باوکی سۆکۆ و
یەقوتیئێلی باوکی زانۆخی خستەوە. ئەمانەش کوڕەکانی بیسیای
کچی فیرعەون بوون، کە مەرەد هێنای. ١٩ کوڕەکانی ژنە
جولەکەکەشی کە خوشکی نەخەم بوو، باوکی قەعیلەی گەرمی و
ئەشتموعی مەعکی بوون. ٢٠ کوڕەکانی شیمۆنیش، ئەمنۆن و
ڕیننەی کوڕی خانان و تیلۆن بوون. کوڕەکانی یەشعیش، زۆخێت
و بنزۆخێت بوون. ٢١ کوڕەکانی شێلەی کوڕی یەهوزاش، عێری
باوکی لێکە و لەعدەی باوکی مەرێشە و خێڵەکانی ئەوانەی لە
کەتان کاردەکەن لە بەیت ئەشبیع و ٢٢ یۆقیم و خەڵکی کزیبا و
یۆئاش و ساراف بوون، ئەوانەی کە خاوەنی مۆئاب و یەشوبی
لەحم بوون. ئەم شتانەش لە دێرزەمانەوەن. ٢٣ ئەوانە گۆزەچیەکان
و دانیشتووانی نتاعیم و گدێرە بوون، لەوێدا لەگەڵ پاشا نیشتەجێ
بوون و کاریان بۆی دەکرد.
٢٤ کوڕەکانی شمعۆن، نموئێل و یامین و یارێب و زارەح و شائول
بوون. ٢٥ شەللومی کوڕی و میبسامی کوڕی و میشماعی کوڕی.
٢٦ کوڕەکانی میشماعیش، خەموئێلی کوڕی و زەکووری کوڕی و
شیمعی کوڕی. ٢٧ شیمعیش شانزە کوڕ و شەش کچی هەبوو،
بەڵام براکانی کوڕی زۆریان نەبوو و هەموو خێڵەکانیشیان وەك
نەوەی یەهوزا زیادیان نەکرد. ٢٨ لە بئێر شەبەع و لە مۆلادا و لە
خەچەر شووعال و ٢٩ لە بلهە و لە عەچەم و لە تولاد و ٣٠ لە
بتوئێل و لە خورمە و لە چەقلگ و ٣١ لە بەیت مەرکەبوت و لە
خەچەر سوسیم و لە بێیت برئی و لە شەعەرایم نیشتەجێ بوون.
ئەمانە شارەکانیان بوون، تا کاتی بە پاشابوونی داود.
٣٢ شارۆچکەکانیشیان عێیتام و عەین و ڕمون و توکەن و عاشان،
پێنج شار بوون. ٣٣ لەگەڵ هەموو شارۆچکەکانیان بە چواردەوری
ئەو شارانە تا بەعل. ئەمانە نیشینگەکانیان و وەچەکانیان بوون.
٣٤ مشۆباب و یملێك و یوشای کوڕی ئەمەچیا و ٣٥ یۆئێل و یاهوی
کوڕی یۆشبیای کوڕی سرایای کوڕی عەسیئێل و ٣٦ ئەلیۆعێینای
و یەعقوبا و یەشوخایا و عەسایا و عەدیئێل و یەسیمیئێل و بنایا و
٣٧ زیزای کوڕی شیفعی کوڕی ئەلۆنی کوڕی یەدایای کوڕی
شیمری کوڕی شمعیا. ٣٨ ئەمانە کە ناویان هاتووە، لە خێڵەکانیان
سەرکردە بوون و ماڵە باوانیان زۆر پەلیان کێشا و ٣٩ بۆ گەڕان
بە دوای لەوەڕگا بۆ مەڕوماڵاتەکانیان ڕۆیشتن تا گەیشتنە گدور
تا خۆرهەڵاتی دۆڵەکە. ٤٠ جا لەوەڕگایەکی بە پیت و چاکیان
دۆزییەوە و زەوییەکەش بەرفراوان و حەساوە و ئارام بوو،
چونکە هەندێك لە خامییەکان لە دێرزەماندا لەوێ نیشتەجێ بوون.
٤١ ئەوانەی ناویان نووسراوە، لە ڕۆژانی خزقییای پاشای
یەهوزادا هاتن و لە پەلاماری چادرەکانییان و ئەو مەعونییانەیان
دا کە لەوێدا بوون و قڕیان کردن تا ئەمڕۆش، ئینجا لە جێی ئەوان
نیشتەجێ بوون، چونکە لەوێدا لەوەڕگای لێبوو بۆ
مەڕوماڵاتەکانیان. ٤٢ هەروەها لەوان لە نەوەی شمعۆن پێنج سەد
پیاو بە ڕابەری فلتیا و نەعریا و ڕفایا و عوزیئێل و کوڕانی
یەشعی چوون بۆ چیای سەعیر و ٤٣ لە پاشماوەی عەمالیقییە
هەڵاتووەکانیان دا و لەوێدا نیشتەجێ بوون تا ئەمڕۆ.

# ٥

کوڕانی ڕئوبینی نۆبەرەی ئیسڕائیل، ئەو نۆبەرە بوو، بەڵام کاتێ
کە پێخەفی باوکی گڵاو کرد، نۆبەرایەتییەکەی درا بە نەوەی
یوسفی کوڕی ئیسڕائیل و بە نۆبەرە تۆمارنەکرا. ٢ هەرچەندە
یەهوزا لە هەموو براکانی باڵادەستتر بوو و فەرمانڕەواش لەوەوە
بوو، بەڵام نۆبەرایەتییەکە بۆ یوسف بوو.
٣ کوڕانی ڕەئوبینی نۆبەرەی ئیسڕائیل، خەنوك و فەلوا و
خەچرۆن و کەرمی بوون. ٤ کوڕانی یۆئێل، شەمەعیای کوڕی،
گۆگی کوڕی، شیمعی کوڕی، ٥ میخای کوڕی، ڕئایای کوڕی،
بەعلی کوڕی، ٦ بئێرای کوڕی ئەوەی کە تیلگەس پیلنەسەری
پاشای ئاشوور ڕاپێچی کرد. ئەو سەرۆکی ڕەئوبینییەکان بوو.
٧ براکانیان بەپێی خێڵەکانیان و بەپێی ڕەچەڵەکیان و لەدایك
بوونیان، یەعیئێلی سەرکردە و زەکەریا و ٨ بەلەعی کوڕی
عەزازی کوڕی شەمەعی کوڕی یۆئێل، کە لە عەروعیرەوە تا
نبوو و بەعل مەعون نیشتەجێ بوو. ٩ لە خۆرهەڵاتیش تا دەهاتیە
چۆڵەوانی دەم ڕووباری فورات، چونکە ئاژەڵەکانیان لە زەوی
گلعاددا زۆر بوون. ١٠ لە ڕۆژانی شائولدا، جەنگیان دژی
هاجەرییەکان بەرپاکرد و بەزاندنیان و لە چادرگەکانیان نیشتەجێ
بوون لە تەواوی خۆرهەڵاتی جلعاددا.
١١ نەوەی گادیش لەبەرامبەریاندا نیشتەجێ بوون لە زەوی باشاندا
تا سەلخە. ١٢ یۆئێل سەرکردە و شافام دووەم و یەعنای و شافاتیش
لە باشان. ١٣ براکانیان بەپێی ماڵە باوانیان، میخائێل و مشولام و
شەبەع و یۆرای و یەعکان و زیع و عێبەر بوون، حەوت بوون.
١٤ ئەمانەش کوڕەکانی ئەبیخەیلی کوڕی حووری کوڕی یاروخی
کوڕی گلعادی کوڕی میخائێلی کوڕی یەشیشای کوڕی یەخدووی
کوڕی بوز بوون، ١٥ ئەخی کوڕی عەبدیئێلی کوڕی گوونی
سەرۆکی ماڵە باوانیان بوو. ١٦ جا لە گلعاد و لە باشان و لە
گوندەکانیدا و لە هەموو دەشتاییەکانی شارون لەسەر سنوورەکانیدا
نیشتەجێ بوون. ١٧ ڕەچەڵەکی هەموو ئەمانە لە ڕۆژانی یوسامی

پاشای یەهوزا و لە ڕۆژانی یەرۆبعامی پاشای ئیسڕائیلدا تۆمار کران.
١٨ نەوەی ڕەئوبین و گادییەکان و نیوەی هۆزی مەنەسسا، لە ئازاکان ئەو پیاوانەی قەڵغان و شمشێریان بەدەستەوە بوو و کەوانیان ڕادەکێشا و مەشقی جەنگیان کردبوو، چل و چوار هەزار و حەوت سەد و شەست جەنگاوەر بوون. ١٩ جا جەنگیان دژی هاجەرییەکان و یەتوڕ و نافیش و نوداب بەرپاکرد و ٢٠ بەسەریاندا زاڵ بوون و هاجەرییەکان و هەموو ئەوانەی لەگەڵیاندا بوون درانە دەستیانەوە، چونکە لە جەنگەکەدا هاواریان بۆ خودا کرد، ئەویش وەڵامی دانەوە، چونکە پشتیان پێی بەست. ٢١ جا دەستیان بەسەر مەڕوماڵاتەکانیاندا گرت، پەنجا هەزار حوشتر و دوو سەد و پەنجا هەزار سەر مەڕ و دوو هەزار گوێدرێژ و لە مرۆڤیش سەد هەزار کەس. ٢٢ چونکە ژمارەیەکی زۆر کوژران، لەبەرئەوەی جەنگەکە لە خوداوە بوو. ئیتر تا ڕاپێچەکە لەجێی ئەوان نیشتەجێ بوون.
٢٣ نەوەی نیوەی هۆزی مەنەسساش لە زەوییەکەدا نیشتەجێ بوون، لە باشانەوە تا بەعل خەرمۆن و سنیر و چیای خەرمۆن پەلیان کێشا. ٢٤ ئەمانەش سەرکردەکانی ماڵە باوانیان بوون، عێفەر و یەشعی و ئەلیئێل و عەزریئێل و یرمیا و هۆدەویا و یەحدیئێل، پیاوانی پاڵەوانی جەنگ و پیاوانی ناودار و سەرکردەی ماڵە باوانیان بوون. ٢٥ بەڵام ناپاکییان لە خودای باوو باپیرانیان کرد و بەدوای خوداکانی گەلانی زەوییەکەوە داوێن پیسییان کرد، ئەوانەی خودا لەبەردەمیاندا فەوتاندنی. ٢٦ لەبەرئەوە خودای ئیسرائیل ڕۆحی فولی پاشای ئاشوور و ڕۆحی تلگەس فلنەسەری پاشای ئاشووری هەژاند و ڕەئوبینییەکان و گادییەکان و نیوەی هۆزی مەنەسسایان ڕاپێچ کرد و بردنی بۆ خەلەخ و خابور و هارا و ڕووباری گۆزان، تا ئەمڕۆش.

# ٦

کورانی لێڤی، گێرشۆن و قەهات و مەراری. ٢ کورانی قەهات، عەمرام و یچهار و خەبرۆن و عوزیئیل. ٣ کورانی عەمرام، هارون و موسا و مریەم. کورانی هارون، ناداب و ئەبیهو و ئەلیعازار و ئیسامار.
٤ ئەلیعازار پینخاسی بۆ لەدایك بوو، پینخاس ئەبیشوعی بۆ لەدایك بوو، ٥ ئەبیشوع بوقی بۆ لەدایك بوو، بوقی عوززی بۆ لەدایك بوو، ٦ عوززی زەرەخیای بۆ لەدایك بوو، زەرەخیا مرایۆسی بۆ لەدایك بوو، ٧ مرایۆس ئەمەریای بۆ لەدایك بوو، ئەمەریا ئەخیتوبی بۆ لەدایك بوو، ٨ ئەخیتوب چادوقی بۆ لەدایك بوو، چادوق ئەخیماعەچی بۆ لەدایك بوو، ٩ ئەخیماعەچ عەزەریای بۆ لەدایك بوو، عەزەریا یۆخانانی بۆ لەدایك بوو، ١٠ یۆخانانیش عەزەریای بۆ لەدایك بوو ئەوەی کە لەو ماڵەدا کە سلێمان لە ئۆرشەلیم بنیادینا کاهینایەتی کرد. ١١ هەروەها عەزەریا ئەمەریای بۆ لەدایك بوو، ئەمەریا ئەخیتوبی بۆ لەدایك بوو، ١٢ ئەخیتوب چادوقی بۆ لەدایك بوو، چادوق شەللومی بۆ لەدایك بوو، ١٣ شەللوم خلقییای بۆ لەدایك بوو، خلقییا عەزەریای بۆ لەدایك بوو، ١٤ عەزەریا سەرایای بۆ لەدایك بوو، سەرایا یەهۆچاداقی بۆ لەدایك بوو، ١٥ یەهۆچاداقیش لەگەڵ ئەو ڕاپێچەدا ڕۆیشت کە خوداوەند بە یەهوزا و ئۆرشەلیمی کرد، لەسەر دەستی نەبوخوزنەسردا.
١٦ کورانی لێڤی، گێرشۆن و قەهات و مەراری. ١٧ ئەمەش ناوی دوو کوڕەکەی گێرشۆنە، لیبنی وشیمعی. ١٨ کورانی قەهاتیش، عەمرام و یچهار و خەبرۆن و عوززیئیل. ١٩ کورانی مەراریش، مەخلی و موشی. ئەمانەش خێڵەکانی لێڤین بەپێی باووباپیرانیان:
٢٠ لە گێرشۆن بەرەو خوارەوە، لیبنی، یەخەس، زیممە، ٢١ یۆئاخ عیدۆ زارەح یئسرەی. ٢٢ نەوەی قەهات، عەمیناداب، قورەخ، ئەسسیر، ٢٣ ئەلقانە، ئەبییەسەف، ئەسسیر، ٢٤ تەخەس، ئوریئێل، عوززیا، شائول، ٢٥ کوڕەکانی ئەلقانە، عەماسای و ئەخیمۆت، ٢٦ نەوەی ئەخیمۆت، ئەلقانە، چۆفای، نەخەس، ٢٧ ئەلیاب، یەرۆخام، ئەلقانە. ٢٨ کوڕەکانی ساموئێلیش، نۆبەرەکەی وەشنی و ئینجا ئەبییا. ٢٩ کوڕەکانی مەراری، مەخلی، لیبنی، نەوەی لیبنی، ٣٠ شیمعی، عوززە، شیمعا، خەگییا، عەسایا.
٣١ ئەمانە ئەوانە بوون کە داود بەسەر گۆرانی وتنەوە داینان لە ماڵی خوداوەند، پاش ئەوەی سندوقەکە جێگیر بوو. ٣٢ جا لەبەردەم جێنشینی چادری ژواندا بە گۆرانی خزمەتیان دەکرد، تا ئەو کاتەی سلێمان ماڵی خوداوەندی لە ئۆرشەلیمدا بنیادنا، بەپێی ڕێکخستنی خۆیان بەسەر خزمەتەکەیانەوە بوون. ٣٣ ئەمانە ئەوانەن لەگەڵ کوڕەکانیاندا خزمەتیان کرد، لە نەوەی قەهاتییەکان، هێیمانی گۆرانی بێژ، کوڕی یۆئێل، کوڕی ساموئێل، ٣٤ کوڕی ئەلقانە، کوڕی یەرۆخام، کوڕی ئەلیئێل، کوڕی تۆخ، ٣٥ کوڕی چیف، کوڕی ئەلقانە، کوڕی مەخەس، کوڕی عەماسای، ٣٦ کوڕی ئەلقانە، کوڕی یۆئێل، کوڕی عەزەریا، کوڕی چەفنیا، ٣٧ کوڕی تەخەس، کوڕی ئەسسیر، کوڕی ئەبیاساف، کوڕی قورەخ، ٣٨ کوڕی یچهار، کوڕی قەهات، کوڕی لێڤی، کوڕی ئیسرائیل.
٣٩ ئاسافی برایشی کە لەلای ڕاستیەوە ڕادەوەستا، ئاساف کوڕی بەرەخیاهو، کوڕی شیمعا، ٤٠ کوڕی میخائێل، کوڕی بەعەسیا، کوڕی مەلکیا، ٤١ کوڕی ئەسنی، کوڕی زارەخ، کوڕی عەدایا، ٤٢ کوڕی ئیسان، کوڕی زیممە، کوڕی شیمعی، ٤٣ کوڕی یەخەس، کوڕی گێرشۆن، کوڕی لێڤی. ٤٤ نەوەی مەراریش لەلای چەپیانەوە، ئیسانی کوڕی قیشی، کوڕی عەبدی، کوڕی مەللوخ، ٤٥ کوڕی خەشەبیا، کوڕی ئەمەچیا، کوڕی خلقیا، ٤٦ کوڕی ئەمچی، کوڕی بانی، کوڕی شامەر، ٤٧ کوڕی مەخلی، کوڕی موشی، کوڕی مراری، کوڕی لێڤی. ٤٨ برا لێڤییەکانیشیان هەموو خزمەتەکانی نیشینگەی ماڵی خودایان پێ سپێردرابوو. ٤٩ هارون و کوڕەکانیشی لەسەر قوربانگای قوربانی سووتاو و قوربانگای بخوور ئاگریان دەکردەوە، بۆ هەموو کارەکانی شوێنی هەرەپیرۆز و هەروەها بۆ کەفارەت کردن بۆ ئیسرائیل بە پێی هەموو ئەوەی موسای خزمەتکاری خودا فەرمانی پێی کرد.
٥٠ ئەمانەش نەوەی هارونن، ئەلعازار، پینخاس، ئەبیشوع، ٥١ بوقی، عوززی، زەرەخیا، ٥٢ مرایۆس، ئەمەریا، ئەخیتوب، ٥٣ چادوق، ئەخیمەعەچ. ٥٤ ئەمانەش جێنشینەکانیانە بە پێی دانیشتنیان لە سنوورەکانیان، بۆ نەوەی هارون بۆ خێڵی قەهاتییەکان، چونکە تیروپشك بۆ ئەوان دەرچوو. ٥٥ جا خەبرۆنیان پێدان لە زەوی یەهوزا لەگەڵ لەوەڕگاکانی دەوروبەریدا. ٥٦ بەڵام کێڵگەی شارەکە و دەوروبەرەکەیان بە کالێبی کوڕی یەفونە درا. ٥٧ بە نەوەی هارونیش شاری پەناگەیان دا، خەبرۆن و لیبنە و لەوەڕگاکانی و یەتەر و ئەشتموع و لەوەڕگاکانی و ٥٨ خیلێن و لەوەڕگاکانی و دبیر و لەوەڕگاکانی و ٥٩ عاشان و لەوەڕگاکانی و بێیت شەمێش و لەوەڕگاکانی. ٦٠ لە هۆزی بنیامینیش، گێبەع و لەوەڕگاکانی و عەلەمەس و لەوەڕگاکانی و عەناسوس و لەوەڕگاکانییان پێ دان، هەموو شارەکانیان سیانزە شار بوون، بەپێی خێڵەکانیان. ٦١ بە پاشماوەی نەوەی قەهاتیش لە خێڵی هۆزەکە، لە نیوەی هۆزەکە لە هۆزی مەنەسسا بە تیروپشك، دە شار درا.
٦٢ بە نەوەی گێرشۆمیش، بە پێی خێڵەکانیان، لە هۆزی یەسساکار و لە هۆزی ئەشێر و لە هۆزی نەفتالی و لە هۆزی مەنەسسا لە باشان، سیانزە شار درا. ٦٣ بە نەوەی مراریش بە پێی خێڵەکانیان، لە هۆزی ڕەئوبین و لە هۆزی گاد و لە هۆزی زەبولون بە تیروپشك دوانزە شار درا. ٦٤ جا نەوەی ئیسرائیل ئەم شارانەیان

بە لەوەڕگاکانیانەوە بە لێڤییەکان دا. ٦٥ هەروەها بە تیروپشك لە هۆزی نەوەی یەهوزا و لە هۆزی نەوەی شمعۆن و لە هۆزی نەوەی بنیامین ئەو شارانەیان دا کە پێشتر ناویان برا.

٦٦ هەندێك لە خێڵەکانی قەهاتییەکانیش شارەکانی سنوووریان لە هۆزی ئەفرایم بوو. ٦٧ جا شارەکانی پەناگەیان پێدان، شخەم و لەوەڕگاکانی لە چیای ئەفرایم و گازەر و لەوەڕگاکانی و ٦٨ یەقمەعام و لەوەڕگاکانی و بەیت خۆرۆن و لەوەڕگاکانی و ٦٩ ئەیلۆن و لەوەڕگاکانی و گەت ڕمۆن و لەوەڕگاکانی.

٧٠ لە نیوەی هۆزی مەنەسساش، عانێر و لەوەڕگاکانی و بلعام و لەوەڕگاکانی، بە پاشماوەی خێڵی نەوەی قەهات دران.

٧١ بە نەوەی گێرشۆمیش، لە نیوەی هۆزی مەنەسسا، گۆلان لە باشان لەگەڵ لەوەڕگاکانی و عەشتاروت و لەوەڕگاکانی درا، ٧٢ لە هۆزی یەسساکاریش، قادەش و لەوەڕگاکانی و دەبرە و لەوەڕگاکانی و ٧٣ ڕاموت و لەوەڕگاکانی و عانیم و لەوەڕگاکانی و ٧٤ لە هۆزی ئەشێریش، ماشال و لەوەڕگاکانی و عەبدۆن و لەوەڕگاکانی و ٧٥ خوقوق و لەوەڕگاکانی و ڕخۆب و لەوەڕگاکانی. ٧٦ لە هۆزی نەفتالیش، قادەش لە گەلیل و لەوەڕگاکانی و خەممۆن و لەوەڕگاکانی و قریاتایم و لەوەڕگاکانی درا.

٧٧ بە پاشماوەی نەوەی مراریش، لە هۆزی زەبولون، ڕمۆنۆ و لەوەڕگاکانی و تابور و لەوەڕگاکانی درا. ٧٨ لەوبەر ڕوباری ئوردونیش بەرامبەر بە ئەریحا، لە خۆرهەڵاتی ئوردوندا، لە هۆزی ڕەئوبین باچەر لە چۆڵەوانی لەگەڵ لەوەڕگاکانی و یەهچە و لەوەڕگاکانی و ٧٩ قدیمۆت و لەوەڕگاکانی و مەیفەعەس و لەوەڕگاکانی درا. ٨٠ لە هۆزی گادیش، ڕاموت لە گلعاد لەگەڵ لەوەڕگاکانی و مەخەنایم و لەوەڕگاکانی و خەشبۆن و لەوەڕگاکانی و یەعزیر و لەوەڕگاکانی درا.

# ٧

کوڕەکانی یەسساکاریش، تولاع و فووئە و یاشیب و شمرۆن، چوار بوون. ٢ کوڕەکانی تولاع، عوززی و رفایا و یەریئێل و یەخمەی و یبسام و شمۆئێل، کە سەرکردەی ماڵە باوانیان واتە تولاع بوون و پاڵەوانی ئازا بوون بە پێی ڕەچەڵەکیان و لە ڕۆژانی داوددا ژمارەیان بیست و دوو هەزار و شەش سەد پیاو بوو. ٣ کوڕەکەی عوززی یەزرەخیا بوو و کوڕەکانی یەزرەخیاش، میخائێل و عوبەدیا و یۆئێل و یەشییا، پێنج بوون و هەمووشیان سەرکردە بوون. ٤ لەگەڵیشیان بەپێی ڕەچەڵەکیان و بە پێی ماڵە باوانیان، سی و شەش هەزار جەنگاوەری ئامادە بۆ جەنگ هەبوو، چونکە ژن و منداڵیان زۆر بوو. ٥ براکانیشیان لە هەموو خێڵەکانی یەسساکار، جەنگاوەری ئازا بوون، بە پێی ڕەچەڵەکیان بە هەموویانەوە هەشتا و حەوت هەزار کەس بوون.

٦ بنیامینیش، بالەع و باکر و یەدیعئێلی هەبوو، سێ بوون.

٧ کوڕەکانی بالەع، ئەچبۆن و عوززی و عوزیئێل و یەریمۆت و عیری، پێنج بوون و سەرکردەی ماڵە باوانیان بوون و پاڵەوانی ئازا بوون و بە پێی ڕەچەڵەك، بیست و دوو هەزار و سی و چوار کەس بوون. ٨ کوڕەکانی باکریش، زمیرە و یۆعاش و ئەلیعەزەر و ئەلیۆعێنەی و عومری و یەریمۆت و ئەبیا و عەناسوس و عەلامەس، هەموو ئەمانە کوڕی باکەر بوون، ٩ بە پێی ڕەچەڵەك و سەرکردەی ماڵە باوانیان تۆمارکران و بیست و دوو هەزار و دوو سەد پاڵەوانی ئازا بوون. ١٠ کوڕەکەی یەدیعئێلیش، بلهان و کوڕەکانی بلهانیش، یەعیش و بنیامین و ئێهود و کەنعەنە و زیتان و تەرشیش و ئەخیشاخەر بوون.

١١ هەموو ئەوانە نەوەی یەدیعئێل بوون کە سەرکردەی ماڵە باوانیان بوون و پاڵەوانی ئازا بوون، حەڤدە هەزار و دوو سەد جەنگاوەری ئامادەباش بۆ جەنگ بوون.

١٢ شوفیم و خوفیم کوڕی عیر بوون و خوشیمیش کوڕی ئەخێر بوو.

١٣ کوڕەکانی نەفتالیش، یەخچیئێل و گونی و یێچەر و شەللوم کە کوڕی بلهە بوو.

١٤ کوڕەکانی مەنەسساش، ئەسریئێل و ماکیری باوکی گلعاد، ئەوەی کەنیزە ئارامییەکەی بۆی خستنەوە، ١٥ ماکیریش خوشکەکەی خوفیم و شوفیمی هێنا کە ناوی مەعکە بوو. کوڕی دووەمی ناوی چلخفاد بوو کە تەنها کچی هەبوو. ١٦ مەعکەی ژنی ماکیر کوڕێکی بوو ناوی لێنا پەرەش و براکەشی ناوی شارەش بوو، کوڕەکانیشی ئولام و ڕاقەم بوون، ١٧ کوڕەکەی ئولامیش بدان بوو. ئەوانە نەوەی گلعادی کوڕی ماکیری کوڕی مەنەسسا بوون. ١٨ هەمولەکەی خوشکیشی ئیشهود و ئەبیعەزەر و مەخلەی بوو. کوڕەکانی شەمیداعیش، ئەخیان و شەخەم و لقخی و ئەنیعام بوون.

٢٠ نەوەی ئەفرایمیش بەرەو خوارەوە، شوتالەخ و بەرەد و تەخەس و ئەلیعادە و تەخەس و ٢١ زاباد و شوتالەخ و عێزەر و ئەلعاد بوون و لەلایەن پیاوانی گەت کە لەدایك بووی ئەو زەوییە بوون کوژران، چونکە داگەڕان تا مەڕوماڵاتەکانیان ببەن. ٢٢ جا ئەفرایمی باوکیان ڕۆژانێکی زۆر ماتەمی بۆ گێڕان و براکانیشی هاتن تا سەرەخۆشی لێ بکەن. ٢٣ پاشان لەگەڵ ژنەکەیدا جووتبووەوە و ژنەکەی سکی پڕ بوو و کوڕێکی بوو و ناوی نا بەریعە، چونکە بەڵایەك بەسەر ماڵەکەیدا هاتبوو. ٢٤ هەروەها کچەکەی ناوی شیرە بوو کە بەیت خۆرۆنی خوار و سەروو و ئوزێن شیرەی بنیادنا. ٢٥ ڕەفەخیش کوڕی ئەفرایم بوو و بەرەوخواریش، ڕەشەف، تەلەخ، تەخەن، ٢٦ لەعدان، عەمیهود، ئەلیشەمەع، ٢٧ نون، یەهوشەع. ٢٨ زەوی و زار و جێنشینەکانیشیان بەیت ئێل و شارۆچکەکانی بوون بەرەو خۆرهەڵاتیش نەعەران و بەرەو خۆرئاواش گازەر و شارۆچکەکانی، هەروەها شخەم و شارۆچکەکانی تا عەیە و شارۆچکەکانی. ٢٩ بە لای سنوورەکانی نەوەی مەنەسساشدا، بەیت شان و شارۆچکەکانی، تەعنەك و شارۆچکەکانی، مگددۆ و شارۆچکەکانی و دۆر و شارۆچکەکانی بوون، لەناو ئەمانەدا نەوەی یوسفی کوڕی ئیسرائیل نیشتەجێ بوون.

٣٠ کوڕەکانی ئەشیر، یمنە و یشوە و یشوی و بەریعە و سەرەخیش خوشکیان بوو. ٣١ کوڕەکانی بەریعە، خەبەر و مەلکیئێل، مەلکیئێلیش باوکی بیرزاویس بوو، ٣٢ خەبەریش یەفلێت و شومێر و خۆسام و شوعای خوشکیانی بۆ لەدایك بوو. ٣٣ کوڕەکانی یەفلێتیش، پاسەك و بیمهال و عەشوەت، ئەمانە کوڕەکانی یەفلێت بوون. ٣٤ کوڕەکانی شامەریش، ئەخی و ڕوهگە و یخوبە و ئارام بوون. ٣٥ کوڕەکانی هیلامی براشی، چوفەخ و یمناع و شێلەش و عامال بوون. ٣٦ کوڕەکانی چوفەخ، سووەخ و خەرنەفەر و شوعال و بێری و یمرە و ٣٧ باچەر و هود و شەمما و شلیشە و یەسران و بئێرا بوون. ٣٨ کوڕەکانی یەسەریش، یفوننە و فیسپە و ئارا بوون. ٣٩ کوڕەکانی عوللاش، ئارەخ و خەنیئێل و ڕیچیا بوون. ٤٠ هەموو ئەوانە نەوەی ئەشیر بوون و سەرکردەی ماڵە باوانیان بوون هەڵبژێردرا و پاڵەوانی ئازا بوون، سەری سەرکردەکان و بەپێی ڕەچەڵەك ژمارەیان لە پیاوان بیست و شەش هەزار جەنگاوەری ئامادەباش بۆ جەنگ بوون.

# ٨

بنیامین بالەعی بۆ لەدایك بوو کە کوڕە نۆبەرەیی بوو و ئینجا
ئەشبێل دووەم و ئەخرەخ سێیەم و ٢ نوخە چوارەم و ڕافا پێنجەم
بوو. ٣ بالەعیش کوڕانی بۆ بوو، ئەدار و گێرا و ئەبیهود و
٤ ئەبیشوع و نەعەمان و ئەخوخ و ٥ گێرا و شەفوفان و خورام.
٦ ئەمانەش کوڕەکانی ئێخودن، ئەمانە سەرکردەی ماڵە باوانی
دانیشتووانی گبعە بوون کە بۆ مەناخە ڕاگوێزران، ٧ نەعەمان و
ئەخیا، گێرا بوو کە ڕایگواستن و گیرا عوززا و ئەخیخودی بۆ
لەدایك بوو. ٨ شەخەرایم لە وڵاتی مۆئابدا کوڕانی بۆ لەدایك بوو،
پاش ئەوەی هەردوو ژنەکەی، خوشیم و بەعرای تەڵاقدا، ٩ لە
خودەشی ژنی، یوباب و چیبیا و میشا و مەلکام و ١٠ یعوچ و
شەخیا و میرمەی بۆ لەدایك بوو، ئەوانە کوڕەکانی بوون و
سەرکردەی ماڵە باوانیان بوون. ١١ لە خۆشیمیش، ئەبیتوب و
ئەلفەعەلی بۆ لەدایك بوو. ١٢ کوڕەکانی ئەلفەعەلیش، عێبەر و
میشعام و شامەر ئەو بوو ئۆنۆ و لۆد و شارۆچکەکانی بنیادنا.
١٣ هەروەها بریعە و شەمەع، ئەوان سەرکردەی ماڵە باوانی
دانیشتووانی ئەیەلون بوون و ئەوان بوون دانیشتووانی گەتیان
وەدەرنا. ١٤ هەروەها ئەخیو و شاشەق و یەرموت و ١٥ زبەدیا و
عەراد و عادەر و ١٦ میخائێل و یەشفە و یۆخا، کوڕی بەریعە
بوون. ١٧ زبەدیا و مشولام و خزقی و خابەر و ١٨ یشمرەی و یزلیا
و یۆباب، کوڕی ئەلفەعەل بوون. ١٩ یاقیم و زکری و زەبدی و
٢٠ ئەلیعینەی و چیلتەی و ئەلیئێل و ٢١ عەدایا و برایا و شمرە،
کوڕی شیمعی بوون. ٢٢ یشفان و عێبەر و ئەلیئێل و ٢٣ عەبدۆن و
زکری و خانان و ٢٤ خەنەنیا و عیلام و عەنتوتیا و ٢٥ یفدیا و
پەنیئێل، کوڕی شاشەق بوون. ٢٦ شەمشرەی و شخەریا و عەسەلیا
و ٢٧ یەعرەشیا و ئیلییا و زکری، کوڕی یەروخام بوون. ٢٨ ئەمانە
بەپێی ڕەچەڵەك سەرکردە بوون، سەرکردەی ماڵە باوانیان بوون
و لە ئۆرشەلیمدا نیشتەجێ بوون.
٢٩ باوکی گبعۆنیش لە گبعۆدا نیشتەجێ بوو و ژنەکەشی ناوی
مەعکە بوو، ٣٠ کوڕە نۆبەرەکەشی عەبدۆن و پاشان چوور و قیش
و بەعەل و ناداب و ٣١ گدۆر و ئەخیو و زاکەر. ٣٢ میقلۆتیش
شمەی بۆ لەدایك بوو و ئەوانیش لەگەڵ براکانیاندا، لەبەرامبەریاندا
لە ئۆرشەلیم نیشتەجێ بوون.
٣٣ نێر قیشی بۆ لەدایك بوو، قیش شائولی بۆ لەدایك بوو، شائول
یۆناسان و مەلکیشوع و ئەبیناداب و ئەشبەعلی بۆ لەدایك بوو.
٣٤ کوڕەکەی یۆناسانیش مەریب بەعل بوو و مەریب بەعلیش
میخای بۆ لەدایك بوو. ٣٥ کوڕەکانی میخاش، پیسۆن و مالیك و
تارێع و ئاخاز بوون. ٣٦ ئاخازیش یەهوعەدەی بۆ لەدایك بوو و
یەهوعەدەش عەلمەس و عەزمەوت و زیمری بۆ لەدایك بوو،
زیمریش مۆچای بۆ لەدایك بوو، ٣٧ لە مۆچاش بەرەوخوارەوە،
بینعە و ڕافا و ئاچێل. ٣٨ ئاچێلیش شەش کوڕی هەبوو، ئەمەش
ناوەکانیانە، عەزریقام و بۆکور و ئیسماعیل و شەعەریا و
عوبەدیا و خانان بوون. هەموو ئەمانە کوڕی ئاچێل بوون.
٣٩ کوڕەکانی عێشەقی برای، ئولامی کوڕە نۆبەرەیی و یعوش
دووەم و ئەلیفەلەتیش سێیەم بوو. ٤٠ کوڕەکانی ئولامیش پاڵەوانی
ئازا و تیرهاوێژ بوون و کوڕ و کوڕەزایەکی زۆریان هەبوو و
هەموویان سەد و پەنجا کەس بوون لە نەوەی بنیامین.

# ٩

ڕەچەڵەکی هەموو ئیسڕائیلیش تۆمارکرا و ئەوەتان لە پەرتووکی
پاشاکانی ئیسڕائیلدا نووسراون. یەهوزاش بەهۆی ناپاکییانەوە بۆ
بابل ڕاپێچ کران و ٢ ئەوانەشی یەکەمجار لەناو زەویوزار و
شارەکانیاندا نیشتەجێ بوون، ئیسڕائیل و کاهینەکان و لێڤییەکان و
نەسینیمییەکان بوون. ٣ ئەوانەی لە نەوەی یەهوزا و لە نەوەی
بنیامین و لە نەوەی ئەفرایم و مەنەسسا لە ئۆرشەلیمدا نیشتەجێ
بوون، ٤ عوسایی کوڕی عەمیهودی کوڕی عومری کوڕی
ئیمری کوڕی بانی لە نەوەی پارەچی کوڕی یەهوزا بوو. ٥ لە
شیلۆنییەکانیش، عەسایای نۆبەرە و کوڕەکانی. ٦ لە نەوەی
زارەخیش، یەعوئێل و براکانیان کە شەش سەد و نەوەد کەس
بوون. ٧ لە نەوەی بنیامینیش، سەلوی کوڕی مشوللامی کوڕی
هودویای کوڕی هەسنوئە و ٨ یبنیای کوڕی یەروخام و ئێلەی
کوڕی عوززی کوڕی میکری و مشوللامی کوڕی شفەتیای
کوڕی ڕەعوئێلی کوڕی یبنیا بوون. ٩ براکانیشیان بەپێی
ڕەچەڵەکیان، نۆ سەد و پەنجا و شەش بوون، هەموو ئەمانە
پیاوانی سەرکردەی ماڵە باوان بوون لە ماڵە باوانیان.
١٠ لە کاهینەکانیش، یدەعیا و یهویاریب و یاکین و ١١ عەزەریای
کوڕی خلقییای کوڕی مشوللامی کوڕی چادوقی کوڕی مرایۆسی
کوڕی ئەخیتوبی سەرۆکی ماڵی خودا و ١٢ عەدایای کوڕی
یەروخامی کوڕی پەشخوری کوڕی مەلکیا و مەعسای کوڕی
عەدیئێلی کوڕی یەخزێرەی کوڕی مشوللامی کوڕی میشلیمیتی
کوڕی ئیمێر، ١٣ براکانیشیان سەرکردەکانی ماڵە باوانیان هەزار
و حەوت سەد و شەست کەس بوون. پاڵەوانی ئازا بوون بۆ
ئەنجامدانی خزمەتەکەی ماڵی خودا. ١٤ لە لێڤییەکانیش،
٠ شمەعیای کوڕی خەشوبی کوڕی عەزریقامی کوڕی خەشەبیای
لە نەوەی مەراری و ١٥ بەقبەقەڕ و خەرەش و گەلال و مەتەنیای
کوڕی میخای کوڕی زکری کوڕی ئاساف و ١٦ عوبەدیای کوڕی
شمەعیای کوڕی گەلالی کوڕی یەدوسون و بەرەخیای کوڕی
ئاسای کوڕی ئەلقانە بوون. کە لە گوندەکانی نتوفاتی نیشتەجێ
بوو. ١٧ دەرگاوانەکانیش، شەللوم و عەقوب و تەڵمون و ئەخیمان
و براکانیان، شەللوم سەرگەورەیان بوو. ١٨ تا ئەو کاتەش لەلای
خۆرهەڵاتی دەروازەی پاشا، ئەوان دەرگاوانی ئۆردوگای نەوەی
لێڤی بوون. ١٩ شەللومی کوڕی قۆڕێ کوڕی ئەبیاسافی کوڕی
قۆرەخ و براکانی ئەوانەی سەر بە ماڵە باوانی بوون،
قۆرەخییەکان، لێپرسراوی ئەنجامدانی خزمەتی پاسەوانی
دەرگای چادرەکە بوون، باوباپیرانیشیان لێپرسراوی پاسەوانی
دەروازەی ئۆردوگای خوداوەند بوون. ٢٠ پێشتر پێنخاسی کوڕی
ئەلعازار سەرۆك بوو بەسەریانەوە و خوداوەندیش لەگەڵیدا بوو.
٢١ زەکەریای کوڕی میشەلەمیاش دەرگاوانی دەرگای چادری
ژووان بوو. ٢٢ هەموو ئەوانە بە دەرگاوانی دەرگاکان
هەڵبژێردرابوون و دوو سەد و دوانزە بوون و بەپێی ڕەچەڵەکیان
لە گوندەکانیاندا تۆمارکرابوون و لە لایەن داود و ساموئێلی
بینەرەوە لەسەر ئەمینداریەتیەکانیان داندرابوون .٢٣ خۆیان و
کورەکانیان لێپرسراوی پاسەوانیی دەرگاکانی ماڵی خوداوەند،
ماڵی چادرەکە بوون. ٢٤ دەرگاوانەکان لەهەر چوار لادا بوون،
خۆرهەڵات و خۆرئاوا و باکوور و باشوور. ٢٥ براکانیشیان لە
گوندەکانیاندا، دەبووایە لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی تر لەگەڵیاندا بهاتنایە
بۆ ماوەی حەوت ڕۆژ. ٢٦ چونکە لە ئەمینداریەتیەکە چوار
هەبوون کە سەرۆکی دەرگاوانەکان بوون و لێڤی بوون، ئەمانە
لێپرسراوی ژوورەکان و خەزێنەکانی ماڵی خودا بوون. ٢٧ جا لە
چواردەوری ماڵی خودا شەویان بەسەردەبرد، چونکە پاسەوانێتیان
لەسەر بوو، هەروەها لێپرسراوی کردنەوەی بوون، هەموو

بەیانییەك. ٢٨ هەندێکیانیشیان لێپرسراوی قاپوقاچاخەکانی
خزمەتکردن بوون، چونکە بە ژمارە دەیانهێنانە دەرەوە و بە
ژمارەش دەیانبردنەوە ژوورەوە. ٢٩ هەندێکی دیکەشیان ئەمینداری
قاپوقاچاخەکان و هەموو کەلوپەلەکانی پیرۆزگا و ئاردی سفر و
مەی و زەیت و بخووری ساف و بۆنوبەرامەکان بوون. ٣٠ هەندێك
لە نەوەی کاهینەکانیش بۆنوبەرامەکانیان دەگرتەوە. ٣١ میتیسیاش
یەکێك بوو لە لێڤییەکان، ئەو نۆبەرەی شەللومی قۆرەخی بوو،
ئەمیندار بوو بەسەر کاری نان کردنەوە. ٣٢ هەندێکیش لە نەوەی
قەهاتییەکان، لە براکانیان، لێپرسراو بوون بەسەر نانی
تەرخانکراوەوە، تا شەممە لەدوای شەممە ئامادەی بکەن. ٣٣ ئەمانە
گۆرانی بێژەکان، سەرکردەکانی ماڵە باوانی لێڤییەکان و لە
ژوورەکاندا بوون و لە کاری دیکە بەخشرابوون، چونکە بە ڕۆژ
و بە شەو کاریان لەسەر بوو. ٣٤ ئەمانە سەرکردەی ماڵە باوانی
لێڤییەکان بوون، بەپێی ڕەچەڵەکیان سەرکردەبوون، ئەمانە لە
ئۆرشەلیمدا نیشتەجێ بوون.

٣٥ یەعوئیلی باوکی گبعۆنیش لە گبعۆندا نیشتەجێ بوو و
ژنەکەشی ناوی مەعەکە بوو، ٣٦ کوڕە نۆبەرەکەشی عەبدۆن و
ئینجا چوور و قیش و بەعەل نێر و ناداب و ٣٧ گدۆر و ئەخیۆ و
زەکەریا و میقلوت. ٣٨ میقلوتیش شمئامی بۆ لەدایك بوو. ئەوانیش
بەرامبەر بە براکانیان لە ئۆرشەلیمدا لەگەڵ براکانیان نیشتەجێ
بوون. ٣٩ نێر قیشی بۆ لەدایك بوو و قیش شائولی بۆ لەدایك بوو و
شائول یۆناسان و مەلکیشوع و ئەبیناداب و ئیشبەعلی بۆ لەدایك
بوو. ٤٠ کوڕەکەی یۆناسانیش مەریببەعل بوو، مریببەعلیش
میخای بۆ لەدایك بوو. ٤١ کوڕەکانی میخاش، پیسۆن و مالیك و
تەحریع و ئاحاز بوون. ٤٢ ئاحازیش یەعرەی بۆ لەدایك بوو و
یەعرەش عەلەمەس و عەزموت و زیمری بۆ لەدایك بوو و
زیمریش مۆچای بۆ لەدایك بوو، ٤٣ مۆچاش بنعا و ڕفایای بۆ
لەدایك بوو و ئەلعەسەش کوڕی ڕفایا بوو و ئاچێلیش کوڕی
ئەلعەس بوو. ٤٤ ئاچێل شەش کوڕی هەبوو، ئەمەش ناوەکانیانە،
عەزریقام و بوکرو و ئیسماعیل و شەعەریا و عوبەدیا و خانان.
ئەمانە کوڕەکانی ئاچێل بوون.

# ١٠

فەلەستییەکان دژی ئیسرائیل جەنگان و پیاوانی ئیسرائیل لەبەردەم
فەلەستییەکاندا هەڵاتن و لە چیای گلبوعدا بەکوژراوی کەوتن.
٢ فەلەستییەکان بەگوڕەوە بەدوای شائول و کوڕەکانیدا کەوتن و
فەلەستییەکان کوڕەکانی شائول، یۆناسان و ئەبیناداب و
مەلکیشوعیان کوشت. ٣ ئینجا جەنگەکە لەسەر شائول توندتر بوو
و تیروکەوان بەدەستەکان پێکایان و بریندار بوو. ٤ جا شائول بە
هەڵگری چەکەکەی وت: شمشێرەکەت هەڵکێشە و بیکە بە
ورگمدا، نەوەك ئەو خەتەنەنەکراوانە بێن و سووکایەتیم پێ بکەن.
بەڵام هەڵگری چەکەکەی ڕازی نەبوو، چونکە زۆر ترسا. جا
شائول شمشێرەکەی گرت و کەوت بەسەریدا. ٥ کاتێ هەڵگری
چەکەکەی بینی شائول مردووە، ئەویش کەوت بەسەر شمشێرەکەدا
و مرد. ٦ جا شائول و هەر سێ کوڕەکەی و هەموو ماڵەکەی بە
یەکجار مردن. ٧ کاتێ هەموو پیاوانی ئیسرائیل، ئەوانەی لەناو
دۆڵەکەدا بوون بینییان کە هەڵاتوون و کە شائول و کوڕەکانی
مردوون، شارەکانیان بەجێهێشت و فەلەستییەکانیش هاتن و
تیایاندا نیشتەجێ بوون.

٨ بۆ سبەینێ کاتێ فەلەستییەکان هاتن بۆ ڕووتکردنەوەی
کوژراوەکان، شائول و کوڕەکانیان بینییەوە لە چیای گلبوعدا
کەوتوون. ٩ ئینجا ڕووتیان کردەوە و کەللەسەر و چەکەکەیان
هەڵگرت و بۆ هەموو لایەکی زەوی فەلەستییەکانیان نارد، تا
مژدە بە بتەکانیان و گەلەکەیان بدەن. ١٠ ئینجا چەکەکەیان لەناو
ماڵی خوداکانیاندا دانا و کەللەسەریشیان لەناو ماڵی داجۆندا
هەڵواسی.

١١ کاتێ هەموو یابیش گیلعاد هەموو ئەو شتانەیان بیستەوە کە
فەلەستییەکان بە شائولیان کرد، ١٢ هەموو پیاوە دلێرەکان هەستان
و تەرمی شائول و تەرمی کوڕەکانییان هەڵگرت و هێنایانن بۆ
یابیش و لەژێر دار بەڕووەکەی یابیشدا ئێسقانەکانیان ناشت و
حەوت ڕۆژ بەڕۆژوو بوون. ١٣ شائول مرد بەهۆی ناپاکییەکەی
کە لەگەڵ خوداوەندا کردی، کە وشەی خوداوەندی نەپاراست و
هەروەها پرسوڕای بە جنۆکە کرد بۆ ڕێنمایی و ١٤ داوای ڕێنمایی
لە خوداوەند نەکرد، جا کوشتی و پاشایەتییەکەشی دایە دەست
داودی کوڕی یەسسا.

# ١١

ئینجا هەموو ئیسرائیل لە حەبرۆندا لە داود کۆبوونەوە و وتیان:
ئەوەتا ئێمە ئێسك و گۆشتی تۆین. ٢ هەروەها لە ڕابردوودا و
تەنانەت کاتێ کە شائولیش پاشا بوو، تۆ ڕابەرایەتی ئیسرائیلت
دەکرد و خوداوەندی خوداشت پێی فەرموویت تۆ شوانیی
ئیسرائیلی گەلم دەکەیت و تۆ دەبیت بە سەرۆك بەسەر ئیسرائیلی
گەلم. ٣ هەروەها هەموو پیرانی ئیسرائیل چوون بۆلای پاشا لە
حەبرۆندا و داودیش لە حەبرۆندا لەبەردەم خوداوەندا پەیمانی
لەگەڵیاندا بەست و ئەوانیش بەپێی وشەی خوداوەند لە ڕێگای
ساموئێلەوە، داودیان بە پاشای ئیسرائیل دەستنیشان کرد.
٤ جا داود و هەموو ئیسرائیل چوون بۆ ئۆرشەلیم کە یەبوسە و
یەبوسییەکانی دانیشتووانی خاکەکەش لەوێ بوون. ٥ دانیشتووانی
یەبوس بە داودیان وت: نایەیتە ژوورەوە بۆ ئێرە. بەڵام داود
قەڵای سیۆنی گرت کە شاری داودە. ٦ ئینجا داود وتی: ئەوەی
یەکەمجار لە یەبوسییەکان بدات دەبێتە سەرکردە و فەرماندە. جا
یوئابی کوڕی چەرویە یەکەمجار سەرکەوت و بوو بە سەرکردە.
٧ ئینجا داود لە قەڵاکەدا نیشتەجێ بوو، لەبەرئەوە ناویاننا شاری
داود. ٨ شارەکەی بەچواردەوریدا بنیادنا، لە قەڵاکەوە و تا هەر
چواردەوری. یوئابیش پاشماوەی شارەکەی نوێ کردەوە.
٩ هەروەها داود تا دەهات مەزنتر دەبوو و خوداوەندی
سوپاسالاریش لەگەڵیدا بوو.
١٠ ئەمانەش سەرکردەکانی پاڵەوانەکانی داود بوون، ئەوانەی
هێزیان دایە بەرخۆیان لەگەڵیدا لە پاشایەتییەکەیدا لەگەڵ هەموو
ئیسرائیل، تا بیکەن بە پاشا بەپێی وشەی خوداوەند سەبارەت بە
ئیسرائیل. ١١ ئەمەش ژمارەی پاڵەوانەکانی داودن، یەشوبعامی
کوڕی خەکمۆنی سەرۆکی فەرماندەکان. ئەو بوو ڕمەکەی بەسەر
سێ سەد کەسدا ڕاوەشاند و هەموویانی بە یەکجار کوشت. ١٢ پاش
ئەو ئەلیعازاری کوڕی دودوی ئەخوخی، یەکێك بوو لە سێ
پاڵەوانەکە. ١٣ ئەو لەگەڵ داوددا بوو لە پەسدەمیم، کاتێ
فەلەستییەکان لەوێدا بۆ جەنگ کۆبوونەوە، جا پارچە کێڵگەیەك
هەبوو پڕ لە جۆ بوو، گەلیش لەبەردەم فەلەستییەکاندا هەڵاتن.
١٤ بەڵام ئەوان لە ناوەڕاستی کێڵگەکەدا وەستان و بەرگرییان کرد
و لە فەلەستییەکانیان دا و خوداوەندیش ڕزگارییەکی گەورەی
ئەنجامدا.
١٥ ئینجا سێ لە سی پیاوە سەرۆکەکان داگەڕان بۆ سەر بەردەکە
بۆلای داود بۆ ئەشکەوتی عەدوللامدا، سوپای فەلەستییەکانیش لە
دۆڵی ڕەفائییەکاندا دامەزرابوون. ١٦ لەو کاتەدا داود لە قەڵاکە بوو
و سەربازگەی فەلەستییەکانیش لە بەیتلەحمدا بوو. ١٧ جا داود

ئاهی هەڵکێشـــا و وتی: کێ لە بیرەکەی بەیتلەحم، ئەوەی لەلای
دەروازەکەیە ئاوم دەرخوارد دەدات؟ ١٨ ئینجا ئەو سـێیە دڕیان بە
ئۆردوگای فەلەسـتییەکاندا دا و لە بیرەکەی بەیتلەحمەوە ئەوەی
لەلای دەروازەکەیە ئاویان کێشـــایەوە و هەڵیانگرت و هێنایان بۆ
داود، ئەویش نەیویسـت بیخواتەوە بەڵکو بۆ خوداوەندی ڕشـت و
١٩ وتی: ئەی خودام، لە من بە دوور بێت، ئەمە بکەم. ئایا خوێنی
ئەم پیاوانە بخۆمەوە کە ژیانی خۆیان خستە مەترسییەوە، چونکە
بە گیان لەسەر دەستی هێنایان. جا نەیویست بیخواتەوە. ئەمە ئەوە
بوو کە سێ پاڵەوانەکە کردیان. ٢٠ هەروەها ئەبیشایی برای یوئاب
لە سـەرکردەی سـێیەکەیە. ئەمیش ڕمەکەی بەسـەر سـێ سـەد
کەسـەوە ڕاوەشـاند و کوشـتنی، جا لەنێو سـێیەکەدا ناوی هەبوو.
٢١ لە سـێیەکەدا لە دووانەکەی دیکە زیاتر ڕێزی لێ دەگیرا و بوو
بەسەرکردەیان، بەڵام بە سێیەکەی یەکەم نەدەگەیشت.
٢٢ بنایای کوڕی یەهویاداعیش کوڕیکی بەجەرگ بوو و کردەوەی
زۆر بوو لە قەبچەئێل بوو. ئەو بوو لە دوو شێرەکەی موئابی دا و
ئەو بوو لەڕۆژێکی بەفراویدا دابەزییە ناو چاڵێك وشـێرێکی
کوشـت. ٢٣ ئەویش بوو لە پیاوێکی میسـری زەبەلاحی دا، باڵای
پێنج قۆڵ بوو، پیاوە میسـرییەکە ڕمێکی بە دەسـتەوە بوو وەك
نۆردی جۆلاکـان بوو، ئەویش بە گۆچـانێکەوە بۆی دابەزی و
ڕمەکەی لە دەست میسرییەکە ڕفاند و بە ڕمەکەی خۆی کوشتی.
٢٤ ئەمە بوو بنیاهوی کوڕی یەهویاداع کردی، جا لەنێو سـێ
پاڵەوانەکەدا ناوی هەبوو. ٢٥ لە سـێیەکە زیاتر ڕێزی لێ دەگیرا،
بەڵام نەگەیشـتە سـێیەکە، جا داود بەسـەر پاسـەوانەکانی خۆیەوە
داینا.
٢٦ پاڵەوانە ئازاکانیش، عەسـائێلی برای یۆئاب و ئەلخانانی کوڕی
دودو خەڵکی بەیتلەحم و ٢٧ شـەممۆتی هەراری و خێلێچی فەللونی
و ٢٨ عیرای کوڕی عیقێشـی تقۆعی و ئەبیعەزەری عەنسوسـی و
٢٩ سـبکای خوشـاتی و عیلای ئەخوخی و ٣٠ مەهرەی نەتوفاتی و
خێلێدی کوڕی بەعنەی نەتوفاتی و ٣١ ئیتای کوڕی ڕیبای خەڵکی
گبعەی نەوەی بنیامین و بنـایای پەرعەتونی و ٣٢ خورای خەڵکی
دۆڵەکانی گاعەش و ئەبیئێلی عەرەباتی و ٣٣ عەزمەوتی بەخرومی
و ئەلیخبای شـەعلبونی و ٣٤ نەوەی هاشـمی گیزۆنی و یۆناسـانی
کوڕی شاگەی هەراری و ٣٥ ئەخیامی کوڕی ساکاری هەراری و
ئەلیفالی کوڕی ئوور و ٣٦ خێفەری میکراتی و ئەخیای فەللونی و
٣٧ خەچروی کەرمەلی و نەعرای کوڕی ئەزبـای و ٣٨ یوئێلی
برای ناسـان و میبخاری کوڕی هەگری و ٣٩ چێلێقی عەمونی و
نەخرەی بیئروتی، هەڵگری چەکەکەی یوئـابی کوڕی چەڕویە و
٤٠ عیرای یتری و گـارێبی یتری و ٤١ ئۆریـای خیتی و زابـادی
کوڕی ئەخلای و ٤٢ عەدینای کوڕی شـیزای ڕئوبینی، سـەرۆکی
ڕئوبینییەکان بوو و سـی پیاوی لەگەڵدا بوو، ٤٣ خانانی کوڕی
مەعکە و یوشافاتی میسنی و ٤٤ عوزیای عەشتەروتی و کوڕەکانی
خوسـامی عەروعیری، شـاماع و یەعوئێل، ٤٥ یدیعەئێلی کوڕی
شـیمری و یۆخای تیچی برایی و ٤٦ ئەلیئێلی مەحویم و هەردوو
کوڕەکەی ئەلناعەم، یەریبای و یوشویا، هەروەها یەسمەی موئابی
و ٤٧ ئەلیئێل و عوبێد و یەعسیئێلی مچوبەیی.

# ١٢

ئەمانە بوون کە هاتن بۆ لای داود بۆ چیقلەگ کاتێ کە هێشـتا لە
ڕووی شـائولی کوڕی قیش هەڵاتبوو. ئەوانە لەو پاڵەوانانە بوون
کە لە جەنگدا یارمەتیدەر بوون. ٢ کەوان بەدەست بوون، بە دەستە
ڕاسـت و بە دەسـتە چەپیان بەردیان تێدەگرت و تیریان بە
کەوانەکانیان دەهاوێشـت، لە براکانی شـائول بوون و بنیامینی
بوون، ٣ هەردوو کوڕەکەی شـیمـاعەی گبعەتی، ئەخیعەزەر
سـەرکردە بوو ئینجا یوئـاش، هەردوو کوڕەکەی عەزمەوت،
یەزوئێل و فەڵەت، براخە و یاهوی عەناسـوسـی، ٤ یەشـمەعیای
گبعۆنی پاڵەوانێك بوو لە نێو سـێیەکە و بەسـەر سـێیەکەوە بوو.
هەروەها یەرمیا و یەخزیئێل و یۆخانان و یوزابادی گدێرەتی و
٥ ئەلعوزەی و یەریمۆت و بعەلیا و شـەمەریاهو و شـەفتیاهوی
خەروفی و ٦ ئەلقانە و یەشـییاهو و عەزەرئێل و یوعەزەر و
یەشـوبعام، قۆرەخییەکان، ٧ هەروەها یۆعێلە و زبەدیا، هەردوو
کوڕەکەی یەروخامی خەڵکی گدۆر.
٨ هەندێك لە گـادییەکـانیش بەلای داوددا وەرگەڕان لە قەڵاکەی
چۆڵەوانی، پاڵەوانی ئازا و پیاوی مەشـق پێکراو بۆ جەنگ و
قەڵغان و ڕم بەدەسـت بوون و ڕوویان وەك ڕووی شـێر و وەك
ئاسك خێرا بوون لەسـەر چیادا، ٩ عێزەر یەکەم و عوبدیا دووەم و
ئەلیاب سێیەم و ١٠ میشمەننە چوارەم و یەرمیا پێنجەم و ١١ عەتای
شەشەم و ئیلیئێل حەوتەم و ١٢ یۆخانان هەشتەم و ئەلزاباد نۆیەم و
١٣ یەرمیاهو دەیەم و مەخبەنای یانزەیەم بوو. ١٤ ئەمانە لە نەوەی
گاد بوون سەرکردەی سوپا بوون، بچووکەکەیان بەرامبەر بە سەد
و گەورەکەشـیـان بەرامبەر بە هەزار بوو. ١٥ ئەمـان بوون لە
مـانگی یەکـدا لە ڕوبـاری ئوردون پەڕینەوە کـاتێ هەموو
کەنـارەکـانی پڕببوون و هەموو خەڵکی دۆڵەکـانیـان بەزانـد، لە
خۆرهەڵات و خۆرئاوادا.
١٦ هەروەها هەندێك لە نەوەی بنیامین و یەهوزاش هاتن بۆ لای
داود بۆ قەڵاکە، ١٧ جا داود دەرچوو بۆ پێشـوازی لێکردنیان و
وەڵامی دانەوە و پێی وتن: گەر بۆ ئـاشـتی هـاتوون بۆ لام بۆ
یارمەتیدانم، یەك دڵم دەبێت لەگەڵتاندا، بەڵام گەر بۆ بەدەستەوەدانم
بە دوژمنەکەم و لە کاتێکدا هیچ سـتەمێکم نەکردووە، با خودای
باووباپیرانمان تەماشـا بکات و دادوەری بکات. ١٨ ئینجا ڕۆح
دابەزییە سەر عەماسای سەرۆکی سییەکە و وتی:
بۆ تۆین داود،
لەگەڵتداین کوڕەکەی یەسسا،
ئاشتی، ئاشتیت بۆ ببێت،
ئاشتی بۆ یارمەتیدەرانت بێت،
چونکە خودات یارمەتیدەرتە.
ئینجا داود وەریگرتن و کردنی بە سەرکردەی سوپاکان.
١٩ هەندێك لە مەنەسـاش چوونە پاڵ داود، کـاتێ لەگەڵ
فەلەسـتییەکاندا بۆ جەنگ دژ بە شـائول هات، بەڵام یارمەتییان
نەدان، چونکە سـەرۆك هێزی فەلەسـتییەکان پاش ڕاوێژکردن،
ناردیانەوە و وتیان: بە کەلەسەری ئێمەوە دەگەڕێتەوە پاڵ شائوڵی
گەورەی. ٢٠ کاتێ بۆ چیقلەگ دەچوو، هەندێك لە مەنەسسا چوونە
پـاڵی، عەدنەخ و یوزابـاد و یەدیعەئێل و میخـائێل و یوزابـاد و
ئەلیهو و چیڵتای، سـەرکردەی هەزارەکانی مەنەسـا بوون.
٢١ ئەوان یـارمەتی داودیـان دا دژ بە پەلامـاردەرەکـان، چونکە
هەموویـان پـاڵەوانی ئازا بوون و سـەرکردەی سـوپـا بوون.
٢٢ چونکە ئەو کـاتە ڕۆژ بە ڕۆژ دەهـاتن بۆ یـارمەتیدانی داود تـا
بوون بە سوپایەکی گەورە وەك سوپای خودا.
٢٣ ئەمەش ژمـارەی ئەو سـەرکردانەیە کە خۆیـان بۆ جەنـگ
تەرخانکرد و هاتن بۆ خەبرۆن بۆ لای داود تا بە پێی فەرموودەی
خوداوەند پاشـایەتییەکەی شـائول بدەنە دەسـتیەوە، ٢٤ لە نەوەی
یەهوزا، قەڵغان و ڕم هەڵگران، شـەش هەزار و هەشـت سـەد
پیاوی بۆ جەنـگ تەرخـان کراو. ٢٥ لە نەوەی شـمعۆن، حەوت
هەزار و سـەد پاڵەوانی ئازای ئامادەباش. ٢٦ لە نەوەی لێڤی چوار
هەزار و شـەش سـەد. ٢٧ یەهویاداع سـەرکردەی هاڕونییەکان بوو
سێ هەزار و حەوت سەد پیاوی لەگەڵدا بوو. ٢٨ چادوقیش لاوێکی
پاڵەوانی ئازا بوو،ماڵە باوانیشـی بیسـت و دوو سـەرکردە بوون.
٢٩ لە نەوەی بنیامینیش، براکانی شـائول، سـێ هەزار کە تا ئەو
کاتەش زۆربەیان پاسـەوانی ماڵی شـائولیان دەکرد. ٣٠ لە نەوەی
ئەفرایم، بیست هەزار و هەشت سەد پاڵەوانی ئازا و ناوداری ماڵە

باوانیان. ٣١ لە نیوەی هۆزی مەنەسساش، هەژدە هەزار پیاو کە
بە ناو دیاری کرابوون تا بێن و داود بکەن بە پاشا. ٣٢ لە نەوەی
یەسساکار، شارەزایان لە کاتەکان، تا بزانن ئیسرائیل دەبێت چی
بکات، سەرکردەکانیان دوو سەد بوون و هەموو براکانیشیان
لەژێر فەرمانی ئەواندا بوون. ٣٣ لە زەبولونیش، ئامادەبووان بۆ
شەڕ و مەشق پێکراوان بۆ جەنگ بە هەموو جۆرە چەکێکی
جەنگ، پەنجا هەزاری ئامادە بۆ یارمەتیدان بەبێ دوو دڵی. ٣٤ لە
نەفتالی، هەزار سەرکردە و سی و حەوت هەزار هەڵگری قەڵغان
و ڕمیشیان لەگەڵدا بوو. ٣٥ لە دانیش، بیست و هەشت هەزار و
شەش سەد مەشق پێکراو بۆ جەنگ. ٣٦ لە ئەشێریش، چل هەزار
ئامادەباش بۆ شەڕ و مەشق پێکراو بۆ جەنگ. ٣٧ لەوبەری
ڕوباری ئوردونیش، لە ڕئوبێن و گادییەکان و نیوەی هۆزی
مەنەسسا، بە هەموو جۆرەکانی چەکی سوپا بۆ جەنگ، سەد و
بیست هەزار. ٣٨ هەموو ئەمانە جەنگاوەر بوون و یارمەتیدەربوون
لە ڕیزەکاندا و بە دڵێکی تەواوەوە هاتبوون بۆ خەبرۆن تا داود
بکەن بە پاشا بەسەر هەموو ئیسرائیلەوە، هەروەها هەموو
پاشماوەی ئیسرائیلیش یەك دڵ بوون بۆ ئەوەی داود بکەن بە پاشا.
٣٩ جا لەوێ بۆ سێ ڕۆژ لەگەڵ داوددا مانەوە و دەیانخوارد و
دەیانخواردەوە چونکە براکانیان بۆیان ئامادە کردبوون،
٤٠ هەروەها نزیکەکانیشیان تا یەسساکار و زەبولون و نەفتالیش،
نانیان لەسەر گوێدرێژ و حوشتر و ئێستر و مانگا دەهێنا و
خواردنێکی زۆریان لە ئارد و هەنجیر و مێووژ و مەی و ڕۆن و
مانگا و مەڕ، چونکە لە ناو ئیسرائیلدا خۆشی هەبوو.

## ١٣

ئینجا داود ڕاوێژی لەگەڵ سەرکردەی هەزارەکان و سەدەکان و
هەموو فەرماندەکان کرد و ٢ داود بە هەموو کۆمەڵی ئیسرائیلی
وت: ئەگەر پێتان باشە و لە خوداوەند خودامانەوەیە، با بە هەموو
لایەکدا بەشوێن براکانمان لە هەموو خاکی ئیسرائیلدا بنێرین و
لەگەڵ ئەوانیش کاهینەکان و لێڤییەکان لە شارەکانی لەوەڕگاکانیان
تا لەگەڵمان کۆببنەوە و ٣ تا سندوقی خودامان بهێنینەوە لای
خۆمان، چونکە لە ڕۆژانی شائولەوە لێمان نەپرسیوە. ٤ هەموو
کۆمەڵەکەش وتیان ئاوا دەکەن، چونکە بەلای هەموو گەلەوە
ڕاست بوو.
٥ جا داود هەموو ئیسرائیلی لە شیخۆری میسرەوە تا دەگەیتە
حەمات کۆکردەوە، تا سندوقی خودا لە قریەت یەعاریمەوە بهێنن.
٦ ئینجا داود و هەموو ئیسرائیل سەرکەوتن بۆ بەعەلە بۆ قریەت
یەعاریمی یەهوزا تا لەوێوە سندوقی خودا، خوداوەندی دانیشتووی
سەر کروبەکان سەرخەن کە بەو ناوەوە بانگ کراوە. ٧ ئینجا لە
ماڵی ئەبینادابەوە سندوقی خودایان سواری عەرەبانەیەکی نوێ
کرد و عوززا و ئەخیو عەرەبانەکەیان لێدەخوڕی و ٨ داود و
هەموو ئیسرائیلیش بە هەموو توانایانەوە بە گۆرانی و بەقیسارە و
بە عود و بە دەف و بە سەنج و زووڕناوە ئاهەنگیان دەگێڕا.
٩ کاتێ گەیشتنە خەرمانەکەی کیدون، عوززا دەستی بۆ سندوقەکە
درێژ کرد و گرتی، چونکە گاکان خزان. ١٠ جا تووڕەیی خوداوەند
لەسەر عوززا جۆشا و لێیدا، لەبەرئەوەی دەستی بۆ سندوقەکە
درێژ کرد و لەوێدا لەبەردەم خودا مرد. ١١ داودیش تووڕە بوو،
چونکە خوداوەند بەتەواوی دڕیدا بە عوززا و ئەو شوێنەی ناونا
پێرێچ عوززا، تا ئەمڕۆش ئەوە ناویەتی. ١٢ جا داود لەو ڕۆژەدا
لە خودا ترسا و وتی: چۆن سندوقی خودا بۆلای خۆم بهێنم؟
١٣ لەبەرئەوە داود سندوقەکەی نەگواستەوە بۆلای خۆی بۆ شاری
داود، بەڵکو بۆ ماڵی عوبێد ئەدومی گتی وەری چەرخاند و
١٤ سندوقی خودا سێ مانگ لە ماڵی عوبێد ئەدومی گتیدا مایەوە و
خوداوەندیش ماڵی عوبێد ئەدوم و هەموو ئەو شتانەی کە هی ئەو
بوون پیرۆزی کردن.

## ١٤

پاشان حیرامی پاشای چور چەند نێردراوێکی بۆ لای داود نارد
لەگەڵ دارئورز و وەستای بینا و دارتاش و ماڵێکیان بۆی بنیادنا.
٢ جا داود زانی کە خوداوەند بە پاشا بەسەر ئیسرائیلەوە جێگری
کردووە و پاشایەتییەکەشی لەپێناو ئیسرائیلی گەلەکەیدا پایەدار
کردووە.
٣ هەروەها داود چەند ژنێکی لە ئۆرشەلیم بۆ خۆی هێنا و جا کوڕ
و کچی دیکە بۆ داود لەدایك بوون. ٤ ئەمەش ناوی ئەو منداڵانەیە
کە لە ئۆرشەلیمدا بۆی لەدایك بوون، شەموع و شۆباب و ناسان و
سلێمان و ٥ یبخار و ئەلیشوع و ئەلیفالەت و ٦ نوگە و نەفەگ و
یافیع و ٧ ئەلیشەمەع و بەعەلیاداع و ئەلیفالەت. ٨ کاتێ
فەلەستییەکان بیستیانەوە کە داود بە پاشای هەموو ئیسرائیل
دەستنیشانکراوە، هەموو فەلەستییەکان بۆ گەڕان بە دوای داوددا
سەرکەوتن و کاتێ داود ئەمەی بیستەوە دەرچوو بۆ
بەرەنگاربوونەوەیان .٩ ئینجا فەلەستییەکان هاتن بۆ ڕووتاندنەوەی
دۆڵی ڕەفائییەکان. ١٠ داودیش پرسیاری لە خودا کرد و وتی: ئایا
سەرکەوم بۆ سەر فەلەستییەکان؟ ئایا دەیاندەیتە دەستمەوە؟
خوداوەندیش بە داودی فەرموو: سەرکەوە و دەیاندەم بە دەستتەوە.
١١ ئینجا سەرکەوتن بۆ بەعل پراچیم و داود لەوێدا لێیدان و داود
وتی: خودا بە دەستم دڕیدا بە دوژمنەکانم وەك دڕپێدادانی ئاو.
لەبەرئەوە ئەو شوێنە بە بەعل پراچیم ناوبرا. ١٢ هەروەها لەوێدا
خوداکانیان بەجێهێشت و داود فەرمانی کرد و بە ئاگر
سووتێندران .١٣ ئینجا سەرلەنوێ فەلەستییەکان سەرکەوتنەوە بۆ
ڕووتاندنەوەی دۆڵەکە. ١٤ داودیش پرسیاری لە خودا کرد و
خوداش پێی فەرموو: بەدوایاندا سەرمەکەوە، بەڵکو بەسەریاندا
بسووڕێوە و بەرامبەر بە دارە وشکەکان بۆیان وەرە و ١٥ کاتێ
لەسەر دارەکانەوە گوێت لە دەنگی پێ بوو، لەو کاتەدا وەرەدەرەوە
بۆ جەنگ، چونکە خودا بۆ لێدانی ئۆردوگای فەلەستییەکان
لەپێشەوە دەردەچێت. ١٦ داودیش بەو جۆرەی کرد کە خودا
فەرمانی پێکرد و لە گبعۆنەوە تا گازەر لە ئۆردوگای
فەلەستییەکانیان دا. ١٧ بەو شێوەیە ناوبانگی داود بەناو هەموو
زەوییەکاندا بڵاوبووەوە و خوداوەندیش ترسی ئەوی خستە ناو
دڵی هەموو میللەتانەوە.

## ١٥

داود چەند ماڵێکی بۆ خۆی لە شاری داوددا دروستکرد و شوێنێکی
بۆ سندوقی خودا ئامادە کرد و چادرێکی بۆ هەڵدا .٢ ئینجا داود
وتی: کەس بۆی نییە سندوقی خودا هەڵگرێت، تەنها لێڤییەکان،
چونکە خوداوەند ئەوانی هەڵبژاردووە بۆ هەڵگرتنی سندوقی
خوداوەند و خزمەتکردنی تا هەتایە. ٣ جا داود هەموو ئیسرائیلی
لە ئۆرشەلیمدا کۆکردەوە بۆ سەرخستنی سندوقی خوداوەند بۆ ئەو
شوێنەی کە بۆی ئامادە کردبوو. ٤ هەروەها داود نەوەی هارون و
لێڤییەکانی کۆکردەوە. ٥ لە نەوەی قەهات ئوریئێلی سەرکردە و
براکانی سەد و بیست. ٦ لە نەوەی مەراری عەسایای سەرکردە و
براکانی دوو سەد و بیست. ٧ لە نەوەی گێرشۆم یۆئێلی سەرکردە
و براکانی سەد و سی. ٨ لە نەوەی ئەلیچافان شمەعیای سەرکردە

و براکانی دوو سەد. ٩ لە نەوەی خەبرۆن ئەلیئێلی سەرکردە و
براکانی هەشتا. ١٠ لە نەوەی عوزیئێل عەمینادابی سەرکردە و
براکانی سەد و دوانزە. ١١ ئینجا داود هەر دوو کاهینەکە، چادوق
و ئەبیسار و لێڤییەکان و ئوریئێل و عەسایا و یۆئێل و شەمەعیا و
ئەلیئێل و عەمینادابی بانگ کرد و ١٢ پێی وتن: ئێوە سەرکردەی
ماڵە باوانی لێڤییەکانن، جا خۆتان و براکانتان پاکوپیرۆزبکەن و
سندوقی خوداوەند خودای ئیسرائیل بۆ ئەو شوێنە سەرخەن کە
بۆم ئامادە کردووە، ١٣ چونکە یەکەمجار ئێوە نەبوون، جا
خوداوەند خودامان دڕیپێداین، چونکە بە پێی ڕێسا پرسمان پێی
نەکرد. ١٤ ئینجا کاهینەکان و لێڤییەکان خۆیان پاکوپیرۆز کرد بۆ
سەرخستنی سندوقی خوداوەند خودای ئیسرائیل. ١٥ جا نەوەی
لێڤییەکان هەروەك چۆن موسا بەپێی وشەی خوداوەند فەرمانی
کردبوو ئاوا سندوقي خودایان بە دوو دارەکە لەسەر شانیان
هەڵگرت.
١٦ ئینجا داود بە سەرکردەکانی لێڤییەکانی وت کە برا گۆرانی
بێژەکانیان بە ئامێرەکانی مۆسیقاوە ڕاوەستێنن، بە عوود و قیسارە
و سەنج تا دەنگ بدەنەوە کاتێ بە خۆشی دەنگ بەرزدەکەنەوە.
١٧ جا لێڤییەکانیش هێیمانی کوڕی یۆئێل و لە براکانیشی ئاسافی
کوڕی بەرەخیا و لە نەوەی مەراریش لە براکانیان، ئیسانی کوڕی
قوشایا ڕاوەستاند و ١٨ لەگەڵیشیاندا براکانیان، بە پلەی دووەم،
زەکەریا و بێن و یەعزیئێل و شمیراموت و یەحیئێل و عوننی و
ئەلیاب و بنایا و مەعەسیا و مەتیسیا و ئەلیفەلیا و میقەنیا و
هەردوو دەرگاوانەکان، عوبێد ئەدوم و یعیئێل. ١٩ گۆرانی
بێژەکانیش، هێیمان و ئاساف و ئیسان بە سەنجی مس بۆ
دەنگدانەوە. ٢٠ زەکریا و عەزیئێل و شەمیراموت و یەحیئێل و
عوننی و ئەلیاب و مەعەسیا و بنایا بە عوود بە شێوەی
عەلامۆت*. ٢١ مەتیسیا و ئەلیفەلیا و میقەنیا و عوبێد ئەدوم و
یعیئێل و عەزەریا بە قیسارە بۆ ڕابەرایەتی کردن بە هەشت ژێ.
٢٢ کنەنیای سەرکردەی لێڤییەکانیش لە گۆرانی، لێپرسراوی
گۆرانی بوو، چونکە شارەزا بوو. ٢٣ بەرەخیا و ئەلقانەش
دەرگاوانی سندوقەکە بوون. ٢٤ کاهینەکانیش شبەنیا و یۆشافات و
نەسنەئیل و عەماسای و زەکەریا و بنایا و ئەلیعەزەر لەبەردەم
سندوقی خودادا فوویان بە زووڕنادا دەکرد و عوبێد ئەدوم و
یەحیاش دەرگاوانی سندووقەکە بوون.
٢٥ جا داود و پیرانی ئیسرائیل و سەرکردەکانی هەزارەکان چوون
بۆ سەرخستنی سندوقی پەیمانی خوداوەند لە ماڵی عوبێد ئەدومەوە
بە خۆشییەوە. ٢٦ کاتێ خودا یارمەتی لێڤییەکانی هەڵگرانی
سندوقی پەیمانی خوداوەندی دا، حەوت گوێرەکە و حەوت
بەرانیان سەربڕی. ٢٧ داودیش عەبایەکی کەتانی لەبەرکردبوو،
هەروەها هەموو لێڤییەکانی هەڵگرانی سندوقەکە و گۆرانی
بێژەکان و کنەنیای سەرۆکی گۆرانی بێژەکان. داود ئێفۆدێکی
کەتانیشی لەبەربوو. ٢٨ جا هەموو ئیسرائیل بە هاواری خۆشی و
بە دەنگی کەڕەنا و بە زووڕنا و بە سەنج، هەروەها دەنگی عوود
و قیسارەیان دەهات و سندوقی پەیمانی خوداوەندیان سەردەخست.
٢٩ ئەوەبوو کاتێ سندوقی پەیمانی خوداوەند هاتە ناو شاری
داودەوە، میکالی کچی شائول لە پەنجەرەکەوە سەری دەرهێنا و
بینی داود پاشا دەخوولێتەوە و سەما دەکات، جا لە دڵی خۆیدا بە
سووکی زانی.

# ١٦

ئینجا سندوقی خودایان بردە ژوورەوە و لە ناوەڕاستی ئەو
چادرەدا کە داود بۆی دامەزراندبوو، هەروەها قوربانی سووتاو
و قوربانی ئاشتییان لەبەردەم خودادا سەرخست. ٢ کاتێ داود لە
پێشکەشکردنی قوربانییە سووتاوەکان و قوربانییەکانی ئاشتی
بووەوە، گەلی بەناوی خوداوەندەوە پیرۆزکرد. ٣ بەسەر هەموو
ئیسرائیلدا لە ژن و لە پیاو، نانێك و نانە خورمایەك و نانە
کشمیشێکی دابەشکرد. ٤ چەند خزمەتکارێکیشی لە لێڤییەکان
لەبەردەم سندوقی خوداوەند بۆ زکرکردن و سوپاس کردن و
ستایش کردنی خوداوەند خودای ئیسرائیل دانا.
٥ ئاساف سەرکردە و زەکەریا دووەم و یعیئێل و شمیراموت و
یەحیئێل و مەتیسیا و ئەلیاب و بنایا و عوبێد ئەدوم و یعیئێل بە
ئامێرەکانی عوود و قیسارە. ئاسافیش بە سەنج دەنگی دەدایەوە و
٦ بنایا و یەخزیئێلی هەر دوو کاهینیش بە زوورنا و بە بەردەوامی
لەبەردەم سندوقی پەیمانی خودادا. ٧ ئینجا لەو ڕۆژەدا یەکەمجار
داود گۆرانی سوپاسی بۆ خوداوەند وت، بە دەست ئاساف و
براکانی:
٨ ستایشی خوداوەند بکەن و بە ناوی ئەوەوە بانگ بکەن،
کردەوەکانی بە گەلان بناسێنن.
٩ گۆرانی بۆ بڵێن، سروودی بۆ بڵێن،
لە کارە سەرسوڕهێنەرەکانی وردببنەوە،
١٠ شانازی بە ناوی پیرۆزیەوە بکەن،
با دڵخۆش بن ئەوانەی دوای خوداوەند کەوتوون.
١١ خوداوەند و هێزیتان مەبەست بێت،
هەمیشە بە دوای ڕوخساریدا بگەڕێن.
١٢ باسی ئەو کارە سەرسوڕهێنەرانەی بکەن کە کردوونی،
نیشانەکانی و حوکمەکانی دەمی.
١٣ ئەی نەوەی ئیسرائیلی خزمەتکاری خۆی،
ئەی ڕۆڵەکانی یاقوب، هەڵبژاردەکانی.
١٤ خوداوەند خودامانە،
حوکمەکانی لە سەراپای زەوییە.
١٥ پەیمانەکەی تاهەتایە باس دەکرێت،
ئەو وشەیەی فەرمانی پێدا بۆ هەزار پشتە،
١٦ ئەوەی لەگەڵ ئیبراهیم بەستی،
ئەو سوێندەی بۆ ئیسحاقی خوارد،
١٧ وەك فەرز بۆ یاقوب چەسپاندی،
پەیمانێکي هەمیشەییە بۆ ئیسرائیل.
١٨ فەرموویەتی: خاکی کەنعان بە تۆ دەدەم،
بەشە میراتی خۆتانە.
١٩ ئەو کاتەی ژمارەیان کەم بوو،
کەم و نامۆ بوون لەو خاکە،
٢٠ لە نەتەوەیەکەوە دەچوونە نەتەوەیەکی تر،
لە پاشایەتییەکەوە بۆ گەلێکی تر.
٢١ لێ نەگەڕا کەس زوڵمیان لێ بکات،
بەڵکو لەسەر ئەوان، پاشایانی سەرزەنشت کرد.
٢٢ دەست لە دەستنیشانکراوەکانم مەدەن،
خراپە لەگەڵ پێغەمبەرەکانم مەکەن.
٢٣ گۆرانی بۆ خوداوەند بڵێن ئەی هەموو زەوی،
ڕۆژ بە ڕۆژ مزگێنی ڕزگاریی ئەو ڕابگەیەنن.
٢٤ لەناو نەتەوەکاندا باسی شکۆمەندی ئەو بکەن،
لەناو هەموو گەلاندا کارە سەرسوڕهێنەرەکانی ڕابگەیەنن.
٢٥ چونکە خوداوەند مەزنە و ستایشی بێ کۆتاییە،
سامناکە بەسەر هەموو خوداکانەوە.
٢٦ چونکە هەموو خوداکانی گەلان شتی هیچوپوچن،
بەڵام خوداوەند ئاسمانی دروستکردووە.
٢٧ شکۆ و سەربەرزی لەبەردەمیدان،
هێز و شادمانی لە شوێنەکەیدان.
٢٨ پێشکەشی بکەن بە خوداوەند ئەی هەموو خێڵی گەلان،
وەرن هێز و شکۆمەندی بە هی خوداوەند بزانن.
٢٩ وەرن بە هی خوداوەندی بزانن شکۆمەندی ناوی خۆی،

دیاری بهێنن و وەرنە بەردەمی،
بە پیرۆزییەکي ڕازاوەوە کڕنۆش بۆ خوداوەند ببەن.
٣٠ ئەی هەموو خەڵکی زەوی لەبەردەمی بلەرزن،
جیهان چەسپاوە و هەرگیز نالەقێت.
٣١ با ئاسمان شادبێت و زەوی دڵخۆش بێت،
لەناو نەتەوەکاندا بڵێن: خوداوەند بوو بە پاشا!
٣٢ با دەریا و هەرچی تیایەتی بجۆشێت،
با کێڵگە و هەرچی تیایەتی شاد بن،
٣٣ ئینجا هەموو درەختەکانی دارستان گۆرانی دەڵێن،
لەبەردەم خوداوەند، چونکە هات تا دادوەری زەوی بکات.
٣٤ ستایشی خوداوەند بکەن چونکە چاکە،
چونکە خۆشەویستییە بێ سنوورەکەی تاهەتایە.
٣٥ بڵێن، ڕزگارمان بکە ئەی خودای ڕزگاریمان،
کۆمان بکەوە و فریامان بکەوە لەناو نەتەوەکان،
بۆ دانپیانان بە ناوی پیرۆزت،
بۆ شانازی کردن بە ستایشت.
٣٦ پیرۆزە خوداوەند خودای ئیسرائیل،
لە هەتاهەتاوە و تا هەتاهەتایە.
جا هەموو گەل وتیان: ئامین! ستایشی خوداوەند بکەن.
٣٧ ئینجا لەوێدا لەبەردەم سندوقی پەیمانی خوداوەند، ئاساف و
براکانی بەجێهێشت تا بەبەردەوامی لەبەردەم سندوقەکە خزمەت
بکەن، خزمەتی هەر ڕۆژە و لە ڕۆژی خۆیدا. ٣٨ عوبێد ئەدوم و
براکانیشی کە شەست و هەشت کەس بوون، عوبێد ئەدومی
کوڕی یەدیسون و خوسەش هەردووکیان دەرگاوان بوون.
٣٩ چادوقی کاهین و برا کاهینەکانیشی لەبەردەم نیشینگەی
خوداوەند لەو بەرزاییەی لە گبعۆنە، ٤٠ تا بەبەردەوامی قوربانی
سووتاو لەسەر قوربانگاکەی قوربانی سووتاو پێشکەش بکەن،
بەیانیان و ئێواران بەپێی هەموو ئەوەی لە پەرتووکی
فێرکردنەکانی خوداوەنددا نووسراوە، ئەوەی فەرمانی بە ئیسرائیل
پێی کرد. ٤١ لەگەڵ ئەوانیش، هێیمان و یەدوسون و پاشماوەی
هەڵبژێردراوەکان ئەوانەی ناویان هات تا سوپاسی خوداوەند
بکەن، چونکە خۆشەویستییە بێ سنوورەکەی تا هەتایە. ٤٢ لەگەڵ
ئەوانیش هێیمان و یەدوسون بە زوورنا و سەنج بۆ دەنگدانەوەکان
و ئامێری مۆسیقا بۆ خودا، کوڕەکانی یەدوسونیش دەرگاوان
بوون. ٤٣ پاشان هەموو گەل هەر کەسە و بۆ ماڵی خۆی بە
ڕێکەوت و داودیش بۆ پیرۆزکردنی ماڵەکەی خۆی گەڕایەوە.

## ١٧

پاش ئەوەی داود لە ماڵەکەیدا نیشتەجێ بوو، داود بە ناسان
پێغەمبەری وت: ئەوەتا من لە ماڵێکی دارئورزدا نیشتەجێم و
سندوقی پەیمانی خوداوەندیش لەژێرپەردەدایە. ٢ ناسانیش بە
داودی وت: هەموو ئەوەی لە دڵتدایە بیکە، چونکە خودا لەگەڵتدایە.
٣ ئەوەبوو لەو شەوەدا وشەی خوداوەند بۆ ناسان بوو و
فەرمووی: ٤ بڕۆ بە داودی خزمەتکارم بڵێ، خوداوەند ئاوای
فەرموو: تۆ ماڵێك بۆ نیشتەجێ بوونم بنیاد نانێیت، ٥ چونکە لەو
ڕۆژەوەی کە ئیسرائیلم سەرخستووە تا ئەمڕۆ لە ماڵدا نیشتەجێ
نەبووم، بەڵکو لە چادرێکەوە بۆ چادرێك و لە نیشینگەیەکەوە بۆ
نیشینگەیەك ڕۆیشتووم. ٦ لەگەڵ هەموو ئیسرائیلدا بۆ هەر
شوێنێك ڕۆیشتبێتم، ئایا بە هیچ کام لەو دادوەرانەی ئیسرائیل
ئەوانەی کە فەرمانم پێ کردن شوانکاری گەلەکەم بکەن،
فەرمووم: بۆچی ماڵێکتان لە دارئورز بۆ بنیاد نەناوم؟ ٧ ئێستاش
ئاوا بە خزمەتکارەکەم بە داود دەڵێیت، خوداوەندی سوپاسالار
ئاوای فەرموو: من لە لەوەڕگاوە لە دوای مەڕەکانەوە هەڵمگرتیت
تا ببیت بە فەرمانڕەوا بەسەر ئیسرائیلی گەلمەوە و ٨ لەگەڵتدا
بووم بۆ هەر شوێنێك چووبیت و هەموو دوژمنەکانتم لەبەردەمتدا
بڕییەوە و ناوێکم بۆ دروستکردیت وەك ناوی گەورەکان کە
لەسەر زەویدان. ٩ شوێنێکیشم بۆ گەلەکەم بۆ ئیسرائیل دیاری
کرد و چاندم و لە جێی خۆی نیشتەجێ بوو و ئیتر بێزار ناکرێن و
ئیتر نەوەی ناڕەوایی گرفتاریان ناکەن وەك چۆن لەپێشدا. ١٠ لەو
ڕۆژەوەش کە فەرمانم بە دادوەران کردووە بەسەر گەلەکەم
ئیسرائیلەوە بن، هەموو دوژمنەکانتم زەلیل کردووە و پێت
ڕادەگەیەنم کە خوداوەند ماڵت بۆ بنیاددەنێت. ١١ کاتێ ڕۆژانت
تەواودەبێت و تا بچیتە پاڵ باووباپیرانت، من وەچەکەت ئەوەی لە
دوای خۆت و لە کوڕەکانت دەبێت، دایدەمەزرێنم و پاشایەتییەکەی
جێگیر دەکەم. ١٢ ئەو ماڵێکم بۆ بنیاد دەنێت و منیش تا هەتاهەتایە
تەختەکەی جێگیر دەکەم. ١٣ من دەبم بە باوکی و ئەویش دەبێت بە
کوڕم، بەڵام خۆشەویستییە بێ سنوورەکەم لەگەڵ ئەو دانامالدرێت
وەك چۆن داممالی لەوەی لەپێشت بوو. ١٤ تا هەتایەش لە ماڵەکەم
و لەناو پاشایەتییەکەمدا دایدەنێم و تاهەتایەش تەختەکەی جێگیر
دەکەم. ١٥ ئینجا ناسان بەپێی هەموو ئەم وشانە و هەموو ئەم
بینینانە قسەی لەگەڵ داود کرد.
١٦ ئینجا داود پاشا هات و لەبەردەم خوداوەنددا دانیشت و وتی:
خوداوەند خودا، من کێم و ماڵەکەم کێیە کە تۆ بەم پایەیەت
گەیاندووم؟ ١٧ هەروەها ئەمەش لەلات کەم بوو ئەی خودا ، تا
سەبارەت بە ئایندەی دووری ماڵی خزمەتکارەکەت بدوێت و بە
مرۆڤێکی پایەبەرز داتنام و تەماشات کردم خوداوەند خودا. ١٨ ئیتر
داود چی زیاتر بە تۆ بڵێت کە خزمەتکارەکەت پایەدار کردووە؟
چونکە تۆ خزمەتکارەکەی خۆت دەناسیت. ١٩ ئەی خوداوەند، تۆ
لەپێناو خزمەتکارەکەت و بە دڵی خۆت ئەم کارە گەورانەت
کردووە تا هەموو ئەم کارە گەورانە زانراوبن. ٢٠ خوداوەند، کوا
هاوتای تۆ و کوا خودا بێجگە لە تۆ لە هەموو ئەوەی بە گوێی
خۆمان گوێمان لێبووە؟ ٢١ هەروەها کێ وەك گەلەکەت وەك
ئیسرائیلە؟ تەنها نەتەوەیەك لە زەویدا کە خودا ڕۆیشت تا بە گەل
بۆ خۆی کڕییەوە و تا ناوێك بۆ خۆت دابنێیت بەهۆی کاری مەزن
و ترسناکەوە، بەهۆی ڕامالینی نەتەوەکان لەبەردەم گەلەکەت
ئەوەی بۆ خۆت لە میسر کڕیتەوە. ٢٢ ئیتر ئیسرائیلت تا هەتایە
کرد بە گەلی خۆت و تۆش ئەی خوداوەند بووی بە خودایان.
٢٣ ئێستاش خوداوەند، ئەو وشەیەی سەبارەت بە خزمەتکارەکەت
و بە ماڵەکەی فەرمووت، تا هەتایە بچەسپێت و وەك فەرمووت وا
بکە. ٢٤ با ناوت تا هەتایە بچەسپێت و مەزن بێت و بووترێت
خوداوەندی سوپاسالار خودای ئیسرائیلە، خودای ئیسرائیلە و با
ماڵی داودی خزمەتکاریشت لەبەردەمتدا جێگیربێت. ٢٥ چونکە تۆ
ئەی خودام بە گوێی خزمەتکارەکەتدا خوێندت کە ماڵێکی بۆ
بنیاددەنێیت، لەبەر ئەمە خزمەتکارەکەت وای بینی کە نوێژت بۆ
بکات. ٢٦ ئێستاش خوداوەند تۆ خودایت و ئەم چاکەیەت سەبارەت
بە خزمەتکارەکەت فەرمووە. ٢٧ ئێستاش مایەی دڵخۆشیتە ماڵی
خزمەتکارەکەت پیرۆز بکەیت، تا بۆ هەتاهەتایە لەبەردەمتدا بێت،
چونکە تۆ خوداوەند، پیرۆزت کرد و پیرۆز دەبێت تا هەتایە.

## ١٨

ئەوەبوو پاش ئەمە داود لە فەلەستییەکانی دا و زەلیلی کردن و
گەت و شارۆچکەکانی لە دەست فەلەستییەکان سەند. ٢ هەروەها لە
مۆئابییەکانی دا و مۆئابییەکان بوون بە خزمەتکاری داود و
دیارییان بۆ دەهێنا. ٣ هەروەها داود لە هەدەدعێزێری پاشای
چوبەی خەماتی دا کاتێ ڕۆیشت بۆ ئەوەی دەسەڵاتی بەسەر
ڕووباری فوراتدا بچەسپێنێت. ٤ جا داود هەزار گالیسکە و حەوت

هەزار سوار و بیست هەزار پیادەی لێ برد و داود جوومگەی پێی ئەسپەی گالیسکەکانیانی بڕییەوە و تەنها سەد گالیسکەی هێشتەوە. ٥ ئینجا ئارامییەکانی دیمەشق بۆ یارمەتیدانی هەدەدعێزێری پاشای چوبە هاتن و داودیش لە ئارامییەکان بیست و دوو هەزار پیاوی کوشت. ٦ ئینجا داود پارێزگارانی بەسەر ئارامییەکانی دیمەشقەوە دانا و ئارامییەکان بوون بە خزمەتکاری داود و دیارییان بۆ دەهێنا. داودیش ڕووی لەهەر کوێ بکردایە، خوداوەند ڕزگاری دەکرد. ٧ پاشان داود قەڵغانە زێڕینەکان ئەوەی هی خزمەتکارەکانی هەدەدعێزێر بوون بردی و بۆ ئۆرشەلیمی هێنان. ٨ هەروەها مسێکی زۆریشی لە تبخەت و کوون، هەردوو شارەکەی هەدەدعێزێرەوە برد و سلێمان بەوە بوو حەوزە مسەکە و کۆڵەکەکان و قاپوقاجاغە مسەکانی دروست کرد.

٩ کاتێ تۆعوی پاشای حەمات بیستی کە داود لە هەموو سوپاکەی هەدەدعێزێری پاشای چوبەی داوە. ١٠ ئینجا هەدۆرامی کوڕی نارد بۆ لای داود پاشا تا لە سەلامەتی بپرسێت و پیرۆزبایی لێبکات کە لەگەڵ هەدەدعێزێر جەنگاوە و لێیداوە، چونکە هەدەدعێزێر لە جەنگدا بوو دژ بە تۆعی. هەدۆرامیش لەگەڵ دەستی خۆیدا هەموو کەلوپەلێکی زێڕ و زیو مسی هێنابوو .

١١ هەروەها داود پاشا ئەوانەشی بۆ خوداوەند پیرۆز کرد لەگەڵ ئەو زیو و زێڕانەی لە هەموو ئەو نەتەوانە، لە ئارامییەکان و لە مۆئابییەکان و لە نەوەی عەممون و لە فەلەستییەکان و لە عەمالیقەکان بردبووی. ١٢ ئەبشایی کوڕی چەرویەش لە دۆڵی خوێدا هەژدە هەزاری لە ئەدۆمییەکان کوشت. ١٣ لە ئەدۆمدا پارێزگارانی دانا و هەموو ئەدۆمییەکان بوون بە خزمەتکاری داود و داود ڕووی لە هەرکوێ بکردایە خوداوەند ڕزگاری دەکرد.

١٤ جا داود پاشایەتی بەسەر هەموو ئیسڕائیلەوە کرد و داود دادوەری و ڕاستودروستی بۆ هەموو گەلەکەی ئەنجامدا.

١٦ یوئابی کوڕی چرویەش سەرپەرشتی سوپای دەکرد و یەهوشافاتی کوڕی ئەخیلودیش تۆمارکار بوو و ١٧ چادوقی کوڕی ئەخیتوب و ئەبیمالیکی کوڕی ئەبیاسار کاهین بوون و شوشاش نووسەر بوو و ١٨ بەنایاهوی کوڕی یەهویاداع بەسەر کرێتی و پلێتییەکانەوە بوون و کوڕەکانی داودیش لە ڕیزی پێشەوە بوون لەبەردەستی پاشا.

# ١٩

ئەوەبوو پاش ئەمانە ناخاشی پاشای نەوەی عەمون مرد و کوڕی لە جێی ئەو بوو بە پاشا و ٢ داودیش وتی: چاکەیەك لەگەڵ خانونی کوڕی ناخاشدا دەکەم، وەك ئەوەی باوکی چاکەی لەگەڵدا کردم. لەبەر ئەوە داود چەند خزمەتکارێکی بۆ سەرەخۆشی لێکردنی لە بارەی باوکیەوە ڕەوانەکرد. ئینجا خزمەتکارەکانی داود هاتن بۆ زەوی نەوەی عەمون بۆ لای خانون بۆ سەرەخۆشی لێکردنی.

٣ جا میرەکانی نەوەی عەمون بە خانونیان وت: تۆ لەو باوەڕەدای داود لەبەر تۆ ڕێز لە باوکت دەگرێت، تا سەرەخۆشی لێکەرانەت بۆ بنێرێت؟ ئایا بۆ پشکنین و سەروژێرکردن و سیخوڕی کردنی خاکەکە خزمەتکارەکانی نەهاتوون بۆلات؟

٤ بۆیە خانون خزمەتکارەکانی داودی گرت و ڕیشی تاشین و جلەکانیانی لەنیوەوە تا دەرقندیانی دادڕی و بەڕەڵای کردن. ٥ جا هەندێ کەس ڕۆیشتن و سەبارەت بەو پیاوانە بە داودیان ڕاگەیاند، ئەویش چەند کەسێکی نارد بۆ پێشوازییان، چونکە پیاوەکان زۆر شەرمیان دەکرد، پاشاش وتی: لە ئەریحادا بمێننەوە تا ڕیشتان دێتەوە، ئینجا بگەڕێنەوە. ٦ جا نەوەی عەمون بینییان لەلایەن داود بۆگەن بوون، بۆیە خانون و نەوەی عەمون هەزار کێش زیویان نارد تا لە ئارامییەکانی دوو ڕووبار و لە ئارامییەکانی مەعەکە و لە چوبا گالیسکە و سوار بۆ خۆیان بەکرێ بگرن. ٧ جا سی و دوو هەزار گالیسکە و پاشای مەعەکە و گەلەکەییان بۆ خۆیان بە کرێ گرت و هاتن و لەبەرامبەر میدبا دامەزران و نەوەی عەمونیش لە شارەکانیانەوە کۆبوونەوە و هاتن بۆ جەنگ. ٨ کاتێ داود ئەمەی بیستەوە یۆئاب و هەموو سوپا پاڵەوانەکانی نارد. ٩ ئینجا نەوەی عەمون هاتنە دەرەوە لە دەمی دەروازەکەدا بۆ جەنگ ڕیزیان بەست و ئەو پاشایانەی کە هاتبوون بە تەنها لە کێڵگەکەدا بوون.

١٠ کاتێ یۆئاب بینی کە بەرەکانی جەنگ لەپێشیەوە و لەپاشیەوەن، لە هەموو هەڵبژێردراوەکانی ئیسڕائیل چەند هێزێکی هەڵبژراد و بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئارامییەکان ڕیزی کردن و ١١ پاشماوەی گەلیشی دایە دەست ئەبیشایی برای و ئەویش بۆ بەرەنگاربوونەوەی نەوەی عەمون ڕیزی کردن. ١٢ جا وتی: گەر ئارامییەکان لە من بەهێزتر بوون، ئەوا تۆ دێیت بەهانامەوە، گەر نەوەی عەمونیش بەهێزتر بوون لە تۆ، ئەوا من دێم بەهاناتەوە.

١٣ جا ئازابە و با بەهێزبین لە پێناو گەلەکەمان و لەپێناو شارەکانی خوداکەمان و خوداوەندیش چی پێ باشە ئەوە دەکات. ١٤ ئینجا یۆئاب و ئەو گەلەی لەگەڵیدابوون بۆ بۆ جەنگ دژ بە ئارامییەکان چوونە پێشەوە و ئەوانیش لەبەردەمیدا هەڵاتن و ١٥ کاتێ نەوەی عەمون بینییان ئارامییەکان هەڵاتوون، ئەوانیش لەبەردەم ئەبیشایدا هەڵاتن و چوونە ناو شارەکە. ئینجا یۆئاب هات بۆ ئۆرشەلیم.

١٦ کاتێ ئارامییەکان بینییان لەبەردەم ئیسڕائیلدا تێکشکاون، چەند نێردراوێکیان نارد و ئەو ئارامییانەیان بەدەرخست کە لەوبەری ڕووبار بوون و شۆپەکی سەرکردەی سوپاکەی هەدەدعێزێریش لەپێشیانەوە بوو. ١٧ جا بە داود ڕاگەیەندرا و ئەویش هەموو ئیسڕائیلی کۆکردەوە و لە ڕوباری ئۆردونەوە پەڕییەوە و بۆیان هات و ڕیزی لێیان بەست، داود بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئارامییەکان ڕیزی بەست بۆ جەنگ و ئەوانیش دژی جەنگان.

١٨ ئینجا ئارامییەکان لەبەردەم ئیسڕائیلدا هەڵاتن و داودیش حەوت هەزار گالیسکەسوار و چل هەزار پیادەی لە ئارامییەکان کوشت و شۆپەکی سەرکردەی سوپاکەشی کوشت. ١٩ جا خزمەتکارەکانی هەدەدعێزێر بینییان کە ئەوان لەبەردەم ئیسڕائیلدا تێکشکاون، لەگەڵ داوددا ئاشت بوونەوە و بوون بە خزمەتکاری و ئیتر ئارامییەکان نەیانوێرا بەهانای نەوەی عەمونەوە بچن.

# ٢٠

ئەوەبوو لە بەهاری ساڵدا لە کاتی دەرچوونی پاشاکان بۆ جەنگ، یۆئاب ڕابەرایەتی هێزە چەکدارەکانی کرد خاکی نەوەی عەمونی تێکشکاند و ڕەببەی گەمارۆدا، داودیش لە ئۆرشەلیمدا مایەوە، جا یۆئاب لە ڕەببەی دا و وێرانی کرد. ٢ ئینجا داود تاجی پاشاکەیانی لەسەر سەری برد، کێشەکەی نزیکەی کیکەریك زێڕە و بەردی گرانبەهاشی تیادابوو، جا لەسەر داود دانرا. دەستکەوتێکی زۆریش لە شارەکە دەرکرا. ٣ ئەو گەلەش کە تیایدا بوو هێنایانیە دەرەوە و خستیانیە ژێر كاري مشار و پاچی ئاسنین و تەور و داود ئەم کارەی بە هەموو شارەکانی نەوەی عەمون کرد. پاشان داود و هەموو گەل بۆ ئۆرشەلیم گەڕانەوە.

٤ ئەوەبوو پاش ئەمانە لە گازەردا جەنگ لەگەڵ فەلەستییەکاندا هەڵگیرسا و لەو کاتەدا سبخای خوشەتی، سافای کوشت کە یەکێك بوو لە کوڕەكاني ڕافا و زەلیل بوون. ٥ دووباره جەنگ لەگەڵ فەلەستییەکاندا هەڵگیرسایەوە و ئەلخانانی کوڕی یەعور، لەخمایی برای گولیاتی گەتی کوشت کە داری ڕمەکەی وەك نۆردی جۆلاکان بوو. ٦ پاشان دووباره جەنگ لە گەتدا هەڵگیرسا و پیاوێکی زەبەلاح هەبوو پەنجەكاني شەش بە شەش، بیست و

چوار پەنجە بوون و ئەویش لە کوڕەکانی ڕافا بوو. ٧ کاتێ
سووکایەتی بە ئیسرائیل کرد، یەهوناسانی کوڕی شمعای برای
داود کوشتی. ٨ ئەمانە لە گەتدا بۆ ڕافا لەدایك بوون و بە دەستی
داود و خزمەتکارەکانی کوژران.

# ٢١

ئینجا شەیتان دژ بە ئیسرائیل ڕاوەستا و داودی هاندا بۆ
سەرژمێرکردنی ئیسرائیل. ٢ جا داود بە یۆئاب و سەرکردەکانی
گەلی وت: بڕۆن و سەرژمێری ئیسرائیل بکەن لە بئێر شەبەعەوە
تا دان و بێنەوە بۆلام تا ژمارەیان بزانم. ٣ یۆئابیش وتی: با
خوداوەند گەلەکەی سەد ئەوەندە زیاتر بکات، ئایا پاشای گەورەم
هەموویان خزمەتکاری گەورەم نین؟ ئیتر بۆ گەورەم داوای ئەمە
دەکات، بۆ ببێتە هۆی تاوان بۆ ئیسرائیل؟ ٤ بەڵام قسەی پاشا
لەسەر یۆئاب توندتر بوو، جا یۆئاب دەرچوو و بە هەموو
ئیسرائیلدا گەڕا و ئینجا هاتەوە بۆ ئۆرشەلیم. ٥ جا یۆئاب ژمارەی
سەرجەم ژمارەی گەلی بە داود دا و هەموو ئیسرائیل ملیۆنێك و
سەد هەزار پیاوی شمشێر بەدەست بوون و یەهوزاش چوار سەد
و حەفتا هەزار پیاوی شمشێر بە دەست بوون.
٦ بەڵام لێڤییەکان و بنیامینییەکانی لەگەڵیاندا نەژمارد، چونکە
قسەکەی پاشا قێزەوەند بوو لەلای یۆئاب. ٧ ئەم شتە لەلای خوداش
خراپ بوو، جا لە ئیسرائیلی دا.
٨ داودیش بە خودای وت: زۆر گوناهم کرد کە ئەم کارەکم کرد،
ئێستاش تکایە لە تاوانی خزمەتکارەکەت خۆشبە، چونکە زۆر گێل
بووم.
٩ خوداوەندیش لەگەڵ گاد، بینەرەکەی داوددا دوا و فەرمووی:
١٠ بڕۆ لەگەڵ داود بدوێ و بڵێ، خوداوەند ئاوا دەفەرمووێت، من
سێ شت دەخەمە بەردەمت و تۆش یەکێکیان هەڵبژێرە تا پێتی
بکەم. ١١ ئینجا گاد هات بۆلای داود و پێی وت: خوداوەند ئاوای
فەرموو، بۆ خۆت هەڵبژێرە، ١٢ یان سێ ساڵ برسێتی، یان سێ
مانگ هەڵاتن لەبەردەم ئەوەی تەنگت پێهەڵدەچنێت و شمشێری
دوژمنەکەشت بەدواتەوە دەبێت، یان سێ ڕۆژ شمشێری
خوداوەند، دەرد لە زەوییەکەدا و فریشتەی خوداوەندیش لە هەموو
سنوورەکانی ئیسرائیلدا وێرانکاری دەکات. ئێستاش ببینە چ
وەڵامێك بدەمەوە بەوەی کە ناردوومی.
١٣ داودیش بە گادی وت: زۆر لە تەنگانەدام، تکایە با بکەوینە
دەستی خوداوەندەوە، چونکە ئەو بەزەیی زۆرە، بەڵام با نەکەومە
دەستی مرۆڤەوە. ١٤ ئینجا خوداوەند دەردی بۆ ئیسرائیل نارد و
حەفتا هەزار پیاو لە ئیسرائیلدا مردن. ١٥ ئینجا خودا فریشتەیەکی
بۆ سەر ئۆرشەلیم نارد تا وێرانی بکات، کاتێ وێرانی دەکرد،
خوداوەند تەماشای کرد و کارەساتەکەی ڕاگرت و بە فریشتە
وێرانکارەکەی فەرموو: بەسە! ئێستا دەستت بکێشەرەوە!
فریشتەکەی خوداوەند لەو کاتەدا لەلای شوێن خەرمانەکەی
ئەرنانی یەبوسی ڕاوەستابوو.
١٦ جا داود سەری هەڵبڕی و بینی فریشتەکەی خوداوەند لەنێوان
زەوی و ئاسماندا ڕاوەستاوە و شمشێرەکەی بە دەستەوەیە و
بەسەر ئۆرشەلیمدا درێژ بووەتەوە. ئینجا داود و پیرانەی کە
بەرگی ماتەمیان پۆشیبوو بەسەر ڕوویاندا کەوتن. ١٧ ئینجا داود
بە خودای وت: ئایا من نەبووم کە فەرمانم دا سەرژمێری گەل
بکەن؟ منم ئەوەی کە گوناهم کردووە و لە ڕاستیدا من خراپەم
کرد، بەڵام ئەم مەڕانە چییان کردووە؟ خوداوەند خودام، تکایە با
دەستت لەسەر خۆم و ماڵە باوانم بێت، نەك لەسەر گەلەکەت بۆ
لێدانیان.
١٨ ئینجا فریشتەکەی خوداوەند بە گادی فەرموو، کە بە داود بڵێت،
با داود سەرکەوێت و لە شوێن خەرمانەکەی ئەرنانی یەبوسیدا
قوربانگایەك بۆ خوداوەند دامەزرێنێت. ١٩ داودیش بەپێی قسەکەی
گاد کە بە ناوی خوداوەندەوە وتی، سەرکەوت. ٢٠ لەوکاتەدا
ئەرنان ئاوڕی دایەوە و فریشتەکەی بینی لەگەڵ چوار کوڕەکەی
لەگێڵیدا بوون و خۆیان شاردەوە، ئەرنانیش گەنمی دەکوتییەوە.
٢١ پاشان داود هات بۆ لای ئەرنان و ئەرنان سەری هەڵبڕی و
داودی بینی، جا لە خەرمانەکە هاتە دەرەوە و ڕووەو زەوی
کڕنۆشی بۆ داود برد. ٢٢ ئینجا داود بە ئەرنانی وت: شوێنی
خەرمانەکەم بدەرێ تا تیایدا قوربانگایەك بۆ خوداوەند بنیاد بنێم،
بە نرخی تەواوی خۆی بمدەرێ، تا دەردەکە لەکۆڵ گەل ببێتەوە.
٢٣ ئەرنانیش بە داودی وت: بۆ خۆتی ببە و با پاشای گەورەم چی
بە چاك دەزانێت ئەوە بکات. تەماشەکە. ئەوە مانگا بۆ قوربانی
سووتاو و جەنجەڕ بۆ دار و گەنمەکەش بۆ پێشکەشکردن.
هەمووی دەدەم. ٢٤ بەڵام داود پاشا بە ئەرنانی وت: نەخێر، بەڵکو
بە کڕین دەیکڕم بە زیو بە تەواوی، چونکە ئەوەی هی تۆیە نایبەم
بۆ خوداوەند و قوربانی سووتاوی بە خۆڕایی سەرناخەم.
٢٥ لەبەرئەوە داود بەرامبەر بە شوێنەکە شەش سەد شاقل زێڕی
بە ئەرنان دا و ٢٦ لەوێدا داود قوربانگایەکی بۆ خوداوەند بنیادنا و
قوربانی سووتاو و قوربانی ئاشتی سەرخست و بانگی خوداوەندی
کرد و ئەویش بە ئاگر لە ئاسمانەوە بۆ سەر قوربانگاکەی قوربانی
سووتاو وەڵامی دایەوە.
٢٧ پاشان خوداوەند فەرمانی بە فریشتەکە کرد و ئەویش
شمشێرەکەی بۆ ناو کێلانەکەی گێڕایەوە. ٢٨ لەوکاتەدا کە داود
بینی خوداوەند لەناو خەرمانەکەی ئەرنانی یەبوسیدا وەڵامی
دایەوە، لەوێدا قوربانی سەربڕی. ٢٩ نیشینگەکەی خوداوەندیش کە
موسا لە چۆڵەوانیدا دروستی کرد لەگەڵ قوربانگاکەی قوربانی
سووتاو، لەوکاتەدا لە بەرزاییەکە بوون لە گبعۆندا. ٣٠ بەڵام داود
نەیتوانی بچێتە بەردەمی تا پرسیار لە خودا بکات، چونکە لە
شمشێرەکەی فریشتەی خوداوەند ترسا.

# ٢٢

ئینجا داود وتی: ئەمە ماڵی خوداوەند خودایە و ئەمە قوربانگای
قوربانی سووتاوی ئیسرائیلە. ٢ ئینجا داود فەرمانی دا بە
کۆکردنەوەی ئەو غەریبانەی لە زەوی ئیسرائیلدان و بەردتاشی
دانا بۆ تاشینی بەردی چوارگۆشەیی بۆ بنیادنانی ماڵی خودا.
٣ هەروەها داود ئاسنێکی زۆری بۆ بزماری ئەڵقەڕیزی دەرگاکان
و بەستنیان ئامادەکرد و مسێکی زۆری لەکێش نەهاتووش. ٤ داری
ئورزیش لە ژمارە نەهاتوو، چونکە چیدونییەکان و چوڕییەکان
دارئورزێکی زۆریان بۆ داود هێنا.
٥ ئینجا داود وتی: سلێمانی کوڕم منداڵە و پێنەگەیشتووە و ئەم
ماڵەش کە بۆ خوداوەند بنیاد دەندرێت دەبێت زۆر گەورە و
بەناوبانگ و شکۆداربێت لەناو هەموو خاکەکاندا، لەبەرئەوە من
ئێستا ئامادەکاری بۆ دەکەم. جا داود بەر لەمردنی ئامادەکارییەکی
زۆری بۆ کرد. ٦ پاشان سلێمانی کوڕی بانگ کرد و فەرمانی پێی
کرد کە ماڵێك بۆ خوداوەند خودای ئیسرائیل بنیاد بنێت. ٧ ئینجا
داود بە سلێمانی وت: کوڕی خۆم، من لەدڵمدا بوو ماڵێك بۆ ناوی
خوداوەند خودام بنیاد بنێم. ٨ بەڵام وشەی خوداوەندم بۆ بوو و
فەرمووی: تۆ خوێنێکی زۆرت ڕشتووە و جەنگی گەورەشت
کردووە، لەبەرئەوە ماڵ بۆ ناوەکەم دروست ناکەیت، چونکە
خوێنێکی زۆرت ڕشتووەتە سەر زەوی لەبەردەممدا. ٩ ئەوەتا
کوڕێکت بۆ لەدایك دەبێت، ئەو دەبێتە پیاوی حەوانەوە و لە هەموو
دوژمنەکانی دەوروبەری دەیحەوێنمەوە و چونکە ناوی سلێمان

دەبێت، ئاشتی و ئارامی دەخەمە ناو ئیسرائیلەوە لە ڕۆژانی ئەودا.
١٠ ئەو ماڵێك بۆ ناوەکەم بنیاد دەنێت و ئەو بۆ من دەبێت بە کوڕ و
منیش بۆ ئەو دەبم بە باوك تەختی پاشایەتییەکەشی تاهەتایە لەسەر
ئیسرائیل جێگیر دەکەم. ١١ ئێستاش کوڕی خۆم، خوداوەندت
لەگەڵدا بێت و سەرکەوتوو بیت و ماڵەکەی خوداوەند خودات بنیاد
بنێیت وەك ئەوەی سەبارەت بە تۆ فەرمووی. ١٢ تەنها ئەوەندە کە
خوداوەند وریایی و تێگەیشتنت بداتێ و ڕاتسپێرێت سەبارەت بە
ئیسرائیل بۆ پاراستنی فێرکردنەکانی خوداوەند خودات. ١٣ ئەو
کاتە سەرکەوتوو دەبیت، گەر ئاگادار بیت بۆ جێبەجێکردنی
فەرزەکان و حوکمەکان ئەوانەی کە خوداوەند فەرمانی بە موسا
پێیان کرد بەسەر ئیسرائیلەوە، بە هێزبە و ئازابە و مەترسە و
وورە بەرمەدە. ١٤ ئەوەتا من ناخۆشی زۆرم چەشتووە بۆ
دابینکردنی ئەمانە بۆ ماڵی خوداوەند، سەد هەزار کەکیر زێڕ و
هەزار هەزار کەکیر زیو و مس و ئاسنیش لە کێش نەهاتوو لەبەر
زۆری، دار و بەردیشم ئامادەکردووە و تۆش زۆرتر بخە سەریان.
١٥ هەروەها کرێکارێکی زۆرت لەلایە، لە بەردبڕ و بەنا و دارتاش
و کەسانی شارەزا لە هەموو کارێك. ١٦ زێڕ و زیو و مس و ئاسن
لەکێش نایەن، جا هەستە و دەستبەکاربە و خوداوەندت لەگەڵدا
بێت. ١٧ هەروەها داود فەرمانی بە هەموو سەرکردەکانی ئیسرائیل
کرد هاریکاری سلێمانی کوڕی بکەن: ١٨ ئایا خوداوەندی خوداتان
لە گەڵتاندا نییە؟ ئایا لە هەموو لایەکەوە نەیحەواندونەتەوە؟ کە
دانیشتووی زەوییەکەی داوەتە دەستم و زەوییەکەی ژێردەستەی
خوداوەند و گەلەکەی کردووە. ١٩ ئێستاش با دڵ و گیانتان بۆ
داواکردنی خوداوەند خوداتان بێت و تەرخان بکەن و هەستن و
پیرۆزگای خوداوەند خودا بنیاد بنێن تا سندوقی پەیمانی خوداوەند
و قاپوقاچاخی پیرۆزگای خودا بهێندرێتە ناو ئەو ماڵەی کە بۆ
ناوی خوداوەند بنیاددەنرێت.

# ٢٣

پاش ئەوەی داود پیربوو و بە ساڵا چوو، سلێمانی کوڕی کرد بە
پاشای ئیسرائیل و ٢ هەموو سەرکردەکانی ئیسرائیل و کاهینەکان
و لێڤییەکانی کۆکردەوە و ٣ لێڤییەکان ئەوانەی تەمەنیان سی ساڵ
و بەرە و ژوور بوو ژمێردران و کۆی ژمارەیان سی و هەشت
هەزار پیاو بوون و ٤ بیست و چوار هەزار لەمانە بۆ
سەرپەرشتیکردنی کارەکەی ماڵی خوداوەند و شەش هەزاریان
بەڕێوەبەر و دادوەر و ٥ چوار هەزاریان دەرگاوان و چوار
هەزاریشیان بۆ ستایشکردنی خوداوەند بەو ئامێرانەی کە بۆ
ستایش کردن دروست کراوە. ٦ جا داود کۆمەڵ کۆمەڵ دابەشی
کردن، بەپێی کوڕەکانی لێڤی، گێرشۆن و قەهات و مەراری.
٧ لە گێرشونییەکان، لەعدان و شیمعی، ٨ کوڕەکانی لەعدان، یەکەم
یەحیئێل و ئینجا زێسام و یۆئێل، سێ بوو. ٩ کوڕەکانی شیمعی،
شلوموس و خەزیئێل و هاران، سێ بوون، ئەوانە سەرکردەی
ماڵە باوانی لەعدان بوون. ١٠ کوڕەکانی شیمعیش، یەخەس و زینا
و یەعوش و بریعە، ئەمانە کوڕەکانی شیمعن، چوار بوون.
١١ یەخەس یەکەم و زیزە دووەم بوو، بەڵام یەعوش و بریعە کوڕی
زۆریان نەبوو، لەبەرئەوە وەك بە ماڵە باوان ژمێردران.
١٢ کوڕەکانی قەهات، عەمرام و یچهار و خەبرۆن و عوزیئێل،
چوار بوون. ١٣ کوڕەکانی عەمرام، هارون و موسا. هارون
جیاکرایەوە بۆ پیرۆزکردنی شوێنی هەرە پیرۆز، خۆی و
کوڕەکانی تا هەتایە، بۆ بخوور سووتاندن لەبەردەم خوداوەند و بۆ
خزمەتکردنی و پیرۆزکردن بە ناوی ئەوەوە تاهەتایە. ١٤ بەڵام
کوڕەکانی موسای پیاوی خودا لەگەڵ هۆزی لێڤی بانگکران .
١٥ کوڕەکانی موسا، گێرشوم و ئەلیعەزەر. ١٦ کوڕەکانی گێرشوم،
شەبوئێل یەکەم بوو. ١٧ کوڕەکانی ئەلیعەزەریش، ڕەحەبیا یەکەم
بوو و ئەلیعەزەر کوڕی دیکەی نەبوو، بەڵام ڕەحەبیا کوڕی زۆر
بوو. ١٨ کوڕەکانی یچهار، شلومیس یەکەم بوو. ١٩ کوڕەکانی
خەبرۆن، یەریا یەکەم و ئەمەریا دووەم و یەحزیئێل سێیەم و
یەقەمعام چوارەم بوو.
٢٠ کوڕەکانی عوزیئێل، میخا یەکەم و یشییا دووەم. ٢١ کوڕەکانی
مەراری، مەخلی و موشی. کوڕەکانی مەخلی، ئەلیعازەر و قیش.
٢٢ ئەلیعازەر مرد و کوڕی نەبوو، تەنها کچی هەبوو، جا
کوڕەکانی قیشی برای هێنایان. ٢٣ کوڕەکانی موشی، مەخلی و
عێدەر و یەریموس، سێ بوون. ٢٤ ئەوانە نەوەی لێڤی بوون بەپێی
ماڵە باوانیان، سەرکردەی ماڵە باوانەکان کە یەك بەیەك بەپێی
ناوەکانیان ژمێردرابوون، ئەوانەی کاری خزمەتکردنیان دەکرد
لە ماڵی خوداوەند، لە تەمەن بیست ساڵ بۆ سەرەوە. ٢٥ چونکە
داود وتی: لەبەرئەوەی خوداوەند خودای ئیسرائیل گەلەکەی
حەساندۆتەوە و لە ئۆرشەلیمدا تاهەتایە نیشتەجێ بووە. ٢٦ ئیتر
پێویست ناکات لێڤییەکان نیشینگەکە و هەموو قاپوقاچاخەکەی
هەڵگرن بۆ خزمەتکردنی. ٢٧ چونکە بەپێی دوایین قسەی داود،
لێڤییەکان لە تەمەنی بیست ساڵ بۆ سەرەوە ژمێردران، ٢٨ چونکە
لەبەردەست نەوەی هارون دەوەستان بۆ خزمەتکردنی ماڵی
خوداوەند لە حەوشەکان و لە ژوورەکان و لە پاککردنەوەی شتە
پیرۆزەکان و خزمەتکردنی ماڵی خودا، ٢٩ لەگەڵ نانی تەرخانکراو
و ئاردی سفری پێشکەشکراو و نانی تیری و خۆراکی سەر
ساج و هەرچی تێکەڵ دەکرێت و هەموو قەبارە و پێوانەیەك.
٣٠ هەروەها بۆ ڕاوەستان هەموو بەیانییەك بۆ سوپاس کردن و
ستایشکردنی خوداوەند بەهەمان شێوەش ئێواران. ٣١ هەروەها بۆ
هەموو سەرخستنێکی قوربانی سووتاو لە ڕۆژەکانی پشوودان و
لە سەرەمانگەکان و لە جەژنە دیاریکراوەکان بە ژمارە وەك
ڕێسایە لەسەریان، بە بەردەوامی لەبەردەم خوداوەند. ٣٢ هەروەها
بۆ پارێزگاری چادری ژوان و پارێزگاری پیرۆزگا و پارێزگاری
نەوەی هارونی برایان لە کاتی خزمەتکردنی ماڵی خوداوەندا.

# ٢٤

ئەمانەش کۆمەڵەکانی نەوەی هارون بوون، کوڕەکانی هارون،
ناداب و ئەبیهو و ئەلیعازار و ئیسامار. ٢ ناداب و ئەبیهو پێش
باوکیان مردن و کوڕیان نەبوو، لەبەرئەوە ئەلیعازار و ئیسامار
بوون بە کاهین. ٣ ئینجا داود لەگەڵ چادوق کە لە نەوەی ئەلیعازار
بوو و ئەخیمالیك لە نەوەی ئیسامار، کۆمەڵ کۆمەڵی کردن بەپێی
خشتەی خزمەتکردنەکانیان. ٤ جا بینییان نەوەی ئەلیعازار
ژمارەی پیاوانیان زیاترە لە نەوەی ئیسامار، بۆیە نەوەی
ئەلیعازاریان دابەشکرد بە شانزە سەرکردەی ماڵە باوان و لە
نەوەی ئیساماریش هەشت ماڵە باوان. ٥ ئینجا ئەمان لەگەڵ ئەوان
بە تیروپشك دابەشکران، چونکە سەرانی پیرۆزگا و سەرانی ماڵی
خودا لە نەوەی ئەلیعازار و لە نەوەی ئیسامار بوون. ٦ ئینجا
شەمەعیای نووسەر، کوڕی نەسنائێل بوو و لە لێڤییەکان بوو
ناونووسی کردن لەبەردەم پاشا و سەرکردەکان و چادوقی کاهین
و ئەخیمالیکی کوڕی ئەبیسامار و سەرکردەکانی ماڵە باوانی
کاهینەکان و لێڤییەکان، یەك ماڵە باوان سەر بە ئەلیعازار و
یەکێکیش سەر بە ئیسامار بوو.
٧ یەکەم تیروپشك بۆ یەهویاریب دەرچوو و دووەم بۆ یەدعیا و
٨ سێیەم بۆ خاریم و چوارەم بۆ سعوریم و ٩ پێنجەم بۆ ملکیا و
شەشەم بۆ میامین و ١٠ حەوتەم بۆ هەقۆچ و هەشتەم بۆ ئەبیا و
١١ نۆیەم بۆ یەشوع و دەیەم بۆ شکەنییا و ١٢ یانزەیەم بۆ ئەلیاشیب
و دوانزەیەم بۆ یاقیم و ١٣ سیانزەیەم بۆ خۆفە و چواردەیەم بۆ

یەشباب و ١٤ پانزەیەم بۆ بلگاو و شانزەیەم بۆ ئیمێر و ١٥ حەڤدەیەم
بۆ خێزیر و هەژدەیەم بۆ هەفچێچ و ١٦ نۆزدەیەم بۆ فەتخیا و
بیستەم بۆ یخزقال و ١٧ بیست و یەکەم بۆ یاکین و بیست و دووەم
بۆ گامول و ١٨ بیست و سێیەم بۆ دەلایا و بیست و چوارەمیش بۆ
مەعەزیا دەرچوو.
١٩ ئەمە خشتەکەیانە بۆ خزمەتەکەیان بۆ هاتنە ژوورەوەیان بۆ ناو
ماڵی خوداوەند بە پێی ڕێساکەیان بە دەستی هارونی باوکیان
بەپێی ئەوەی خوداوەند خودای ئیسرائیل فەرمانی پێی کرد.
٢٠ بۆ ئەوانەش کە ماونەتەوە لە نەوەی لێڤی، لە نەوەی عەمرام
شوبائێل و لە نەوەی شوبائێل یەخدیا. ٢١ لە ڕەخەبیا، لە نەوەی
ڕەخەبیا، یشیا یەکەم بوو. ٢٢ لە یچهارییەکان، شلومۆس و لە
نەوەی شلومۆس یەحەس. ٢٣ لە نەوەی خەبرۆن، یەریا و ئەمەریا
دووەم و یەخەزیئێل سێیەم و یقەمعام چوارەم. ٢٤ لە نەوەی
عوزیئێل میخا و لە نەوەی میخا شامور و ٢٥ یەشییای برای میخا
و لە نەوەی یەشیا زەکەریا. ٢٦ کوڕەکانی مەراری، مەخلی و
موشی. کوڕەکەی یەعزیا بەنۆ. ٢٧ لە نەوەی مەراری لە یەعزیا،
بەنۆ و شوهەم و زەکور و عیبری. ٢٨ لە مەخلی، ئەلیعازار و
ئەلیعازاریش کوڕی نەبوو. ٢٩ لە قیش، یەرخەمئێلی کوڕی قیش
و ٣٠ نەوەی موشی، مەخلی و عێدەر و یەریمۆس، ئەمانە نەوەی
لێڤی بوون بەپێی ماڵە باوانیان. ٣١ هەروەها ئەمانیش وەك
براکانیان لە نەوەی هارون تیروپشکیان هەڵدا، لەبەردەم داود پاشا
و چادوق و ئەخیمالیك و سەرکردەکانی ماڵە باوانی کاهینەکان و
لێڤییەکاندا، ماڵەباوانی سەرکردەکان وەك برا بچووکەکانیان کرد.

# ٢٥

ئینجا داود و سەرکردەکانی سوپا هەندێك لە کوڕەکانی ئاساف
لەگەڵ هێیمان و یەدوسون جیاکردەوە بۆ خزمەتکردن، ئەوانەی
بە قیسارە و عوود و سەنج پێشبینیان دەکرد. تۆماری پیاوە
کارکەرەکانیش بە پێی خزمەتەکەیان: ٢ لە کوڕەکانی ئاساف،
زەکور و یوسف و نسەنیا و ئەشەرئێلە. کوڕەکانی ئاساف لەژێر
دەستی ئاسافدا بوون کە لەبەر دەستی پاشادا پێشبینی دەکرد. ٣ لە
یەدوسون، کوڕەکانی یەدوسون، گدەلیا و چڕی و یەشعیا و
خەشەبیا و مەتەسیا، شەش بوون و لەژێر دەستی یەدوسونی
باوکیاندا بوون، کە قیسارە پێشبینی دەکرد بۆ سوپاس و ستایش
کردنی خوداوەند.
٤ لە هێیمان، کوڕەکانی هێیمان، بوقییا و مەتەنیا و عوزیئێل و
شەبوئێل و یەریمۆس و خەنەنیا و خەنانی و ئیلیاسە و گدەلتی و
ڕۆمەمتی عەزەر و یەشبقاشە و مەلوسی و هۆسیر و مەخەزیۆس.
٥ هەموو ئەمانە کوڕانی هێیمان بوون کە بینەری پاشا بوو، بە
وشەی خودا بۆ سەربەرزی ئەو، خودا چواردە کوڕ و سێ کچی
بە هێیمان دا. ٦ هەموو ئەمانە لەژێر دەستی باوکیاندا بوون بۆ
گۆرانی وتن بۆ ماڵی خودا بە سەنج و عوود و قیسارە بۆ
خزمەتکردنی ماڵی خودا. ئاساف و یەدوسون و و هێیمان لەژێر
دەستی پاشادا بوون. ٧ جا ژمارەیان لەگەڵ براکانیاندا، ئەوانەی
فێری گۆرانی وتن ببوون بۆ خوداوەند، هەموو شارەزاکان، دوو
سەد و هەشتا و هەشت بوون. ٨ جا تیروپشکی ئەرکەکانیان هەڵدا،
بچووك و گەورە وەك یەك و قووتابی و مامۆستا وەك یەك.
٩ تیروپشکی یەکەم کە هی ئاساف بوو بۆ یوسف دەرچوو.
دووەم بۆ گدەلیا، خۆی و براکانی و کوڕەکانی کە دوانزە بوون.
١٠ سێیەم بۆ زەکور، کوڕەکانی و براکانی، دوانزە بوون.
١١ چوارەم بۆ یچڕی، کوڕەکانی و براکانی، دوانزە بوون.
١٢ پێنجەم بۆ نسەنیا، کوڕەکانی و براکانی، دوانزە بوون.
١٣ شەشەم بۆ بوقییا، کوڕەکانی و براکانی، دوانزە بوون.
١٤ حەوتەم بۆ یەشەرئێلە، کوڕەکانی و براکانی، دوانزە بوون.
١٥ هەشتەم بۆ یەشعیا، کوڕەکانی و براکانی، دوانزە بوون.
١٦ نۆیەم بۆ مەتەنیا، کوڕەکانی و براکانی، دوانزە بوون.
١٧ دەیەم بۆ شیمعی، کوڕەکانی و براکانی، دوانزە بوون.
١٨ یانزەیەم بۆ عەزرئێل، کوڕەکانی و براکانی، دوانزە بوون.
١٩ دوانزەیەم بۆ خەشەبیا، کوڕەکانی و براکانی، دوانزە بوون.
٢٠ بۆ سیانزەیەم شوبائێل، کوڕەکانی و براکانی، دوانزە بوون.
٢١ بۆ چواردەیەم مەتیسیا، کوڕەکانی و براکانی، دوانزە بوون.
٢٢ بۆ پانزەیەم یەریمۆس، کوڕەکانی و براکانی، دوانزە بوون.
٢٣ بۆ شانزەیەم خەنەنیا، کوڕەکانی و براکانی، دوانزە بوون.
٢٤ بۆ حەڤدەیەم یەشبقاشە، کوڕەکانی و براکانی، دوانزە بوون.
٢٥ بۆ هەژدەیەم خەنانی، کوڕەکانی و براکانی، دوانزە بوون.
٢٦ بۆ نۆزدەیەم مەلۆسی، کوڕەکانی و براکانی، دوانزە بوون.
٢٧ بۆ بیستەم ئیلییەسە، کوڕەکانی و براکانی، دوانزە بوون.
٢٨ بۆ بیست و یەکەم هۆسیر، کوڕەکانی و براکانی، دوانزە بوون.
٢٩ بۆ بیست و دووەم گیدەلتی، کوڕەکانی و براکانی، دوانزە بوون.
٣٠ بۆ بیست و سێیەم مەخەزیۆس، کوڕەکانی و براکانی، دوانزە
بوون.
٣١ بۆ بیست و چوارەمیش ڕۆمەمتی عەزەر، کوڕەکانی و
براکانی، دوانزە بوون.

# ٢٦

بۆ کۆمەڵەکانی دەرگاوانەکانیش، لە قورخییەکان، مەشەلمیای
کوڕی قوڕێ لە نەوەی ئاساف. ٢ مەشەلمیا چەند کوڕێکی هەبوو،
زەکەریا نۆبەرە و یدیعەئێل دووەم و زبەدیا سێیەم و یەسنیئێل
چوارەم و ٣ عیلام پێنجەم و یەهوخانان شەشەم و ئەلیهوعینای
حەوتەم. ٤ عوبێد ئەدومیش چەند کوڕێکی هەبوو، شمەعیا نۆبەرە
و یەهوزاباد دووەم و یوئاخ سێیەم و ساکار چوارەم و نسەنئێل
پێنجەم و ٥ عەمیئێل شەشەم و یەسساکار حەوتەم و فعولەتای
هەشتەم، چونکە خودا عوبێد ئەدومی پیرۆزکردبوو.
٦ بۆ شمەعیای کوڕیشی کوڕان لەدایك بوون، فەرمانڕەوای ماڵە
باوانیان بوون، چونکە پاڵەوانی بەهێز بوون. ٧ کوڕەکانی شمەعیا،
عەسنی و ڕفائێل و عوبێد و ئەلزاباد کە براکانی ئەلیهو و سەمەکیا
لە بەهێزەکان بوون. ٨ هەموو ئەمانە نەوەی عوبێد ئەدوم بوون و
خۆیان و کوڕەکانیان و براکانیان پیاوانی بەهێز و بەتوانا بوون لە
خزمەتەکەیان، شەست و دوو کەس سەر بە عوبێد ئەدوم بوون.
٩ مەشەلمیاش کوڕان و برایانی هەبوو و لە بەهێزەکان بوون و
هەژدە کەس بوون.
١٠ خوسەش لە نەوەی مەراری چەند کوڕێکی هەبوو، شیمری
سەرگەورە، لەگەڵ ئەوەی نۆبەرەش نەبوو، بەڵام باوکی کردی بە
سەرگەورە، ١١ خیلقیا دووەم و تبەڵیا سێیەم و زەکەریا چوارەم.
هەموو کوڕان و براکانی خوسە سیانزە کەس بوون. ١٢ بۆ ئەم
کۆمەڵانی دەرگاوانانەش بەپێی سەرکردە پاڵەوانەکانیان ئەرك
هەبوو، وەك براکانیان لە خزمەتکردنیان لە ماڵی خوداوەندداە .
١٣ جا تیروپشك هەڵدرا، بچووك وەك گەورە بە پێی ماڵە باوانیان
بۆ هەموو دەروازەکان.
١٤ تیروپشکی دەروازەی خۆرهەڵات بۆ شەلەمیا دەرچوو، بۆ
زەکەریای کوڕیشی کە ڕاوێژکارێکی وریا بوو، تیروپشك هەڵدرا
و باکووری بەرکەوت. ١٥ بۆ عوبێد ئەدوم باشوور و بۆ
کوڕەکانیشی کۆگاکان. ١٦ بۆ شوفیم و خوسە، دەروازەی خۆرئاوا
لەگەڵ دەروازەی شەلکە، لەسەر ڕێگاکە، پاسەوان بەرامبەر بە
پاسەوان.

١٧ ڕۆژانە شەش لە لێڤییەکان لەلای خۆرهەڵات و چوار لەلای
باکوور و چوار لەلای باشوور و لەلای کۆگاکانیش دوو دوو
بوون. ١٨ بۆ هەیوانەکەش لەلای خۆرئاوا، چوار لەسەر ڕێگاکە و
دوانیش لەناو هەیوانەکەدا بوون. ١٩ ئەمانە کۆمەڵەکانی
دەرگاوانەکان بوون، لە نەوەی قورەخییەکان و لەنەوەی مەراری.
٢٠ لاوییەکانیش، ئەخیا لێپرسراوی خەزێنەکانی ماڵی خودا و
خەزێنەکانی شتە تەرخانکراوەکان بوون. ٢١ کوڕەکانی لەعدانیش،
نەوەی گێرشۆنییەکان، لە لەعدان، سەرکردەی ماڵە باوانی
لەعدانی گێرشۆنی یخیئێلی بوو، ٢٢ کوڕەکانی یخیئێلی، زێسام و
یۆئێلی برای کە لێپرسراوی خەزێنەکانی ماڵی خوداوەند بوون.
٢٣ لە عەمرامییەکان و یچهاڕییەکان و خەبرۆنییەکان و
عوزیئێلییەکان، ٢٤ شبوبئێلی لە نەوەی گێرشومی کوڕی موسا،
لێپرسراوی خەزێنەکان بوو. ٢٥ براکانی لە ئەلیعازارەوە،
ڕخەبیای کوڕی ئەو بوو و یشەعیای کوڕی و یۆرامی کوڕی و
زکری کوڕی و شەلموسی کوڕی .٢٦ ئەو شەلموسەیە کە لەگەڵ
براکانی لێپرسراوی هەموو خەزێنەکانی شتە تەرخانکراوەکان
بوون کە داود پاشا و سەرکردەکانی ماڵە باوانەکان، فەرماندەی
هەزارەکان و سەدەکان و فەرماندەکانی سوپا تەرخانیان کردبوون.
٢٧ لە جەنگ و لە دەسکەوتەکان تەرخانیان کردبوو، بۆ
چاککردنەوەی ماڵی خوداوەند. ٢٨ هەروەها هەموو ئەو شتانەی
ساموئێلی بینەر و شائولی کوڕی قەیس و ئەبنێری کوڕی نێر و
یوئابی کوڕی چڕویە تەرخانیان کردبوون، هەموو شتە
تەرخانکراوەکان شەلمۆس و براکانی لێی بەرپرس بوون.
٢٩ لە یچهاڕییەکانیش، کنەنیا و کوڕەکانی بۆ کارەکانی دەرەوەی
ماڵی خودا، بەڕێوەبەران و دادوەران بوون بەسەر ئیسڕائیلەوە.
٣٠ لە خەبرۆنییەکان، خەشەبیا و براکانی لە بەهێزەکان بوون،
هەزار و حەوت سەد کەس سەرپەرشتیاری ئیسڕائیل بوون
لەوبەری ڕوباری ئوردون بەلای خۆرئاوادا لە هەموو کارەکانی
خوداوەند و خزمەتەکانی پاشادا. ٣١ لە خەبرۆنییەکانیش، یەرییا
سەرگەورەی خەبرۆنییەکان بوو بە پێی ڕەچەڵەکی باووباپیرانی
لە چلەم ساڵی داود پاشادا داواکراون و پاڵەوانانی ئازایان تێدا
بەدیکران، لە یەعزێر گلعاددا. ٣٢ براکانیشی لە بەهێزەکان بوون،
دوو هەزار و حەوت سەد سەرکردەی ماڵە باوانیان بوون و داود
پاشا ئەوانی کرد بە سەرپەرشتیار بەسەر ڕەئوبینییەکان و
گادییەکان و نیوەی هۆزی مەنەسسا، لە هەموو شتەکانی خودا و
شتەکانی پاشا.

# ٢٧

نەوەی ئیسڕائیلیش بەپێی ژمارەیان، سەرکردەکانی ماڵە باوان و
فەرماندەکانی هەزارەکان و سەدەکان و بەڕێوەبەرەکانیان
خزمەتی پاشایان دەکرد لە هەموو کاروباری کۆمەڵە
سەربازییەکان، هاتووان و دەرچووان، مانگ بە مانگ، بە
درێژایی ساڵ. هەر کۆمەڵێك بیست و چوار هەزار بوون.
٢ یاشابعامی کوڕی زەبدیئێل بەسەر کۆمەڵی یەکەمەوە بوو بۆ
مانگی یەکەم و کۆمەڵەکەی بیست و چوار هەزار بوون. ٣ لە
نەوەی پێرێچ سەرگەورەی هەموو فەرماندەکانی سوپا بوو بۆ
مانگی یەکەم. ٤ دودی ئەخوخیش بەسەر کۆمەڵی مانگی دووەم
بوو، لە کۆمەڵەکەی ئەودا مەقلوس سەرکردە بوو و کۆمەڵەکەی
بیست و چوار هەزار بوون.
٥ بەسەر سوپای سێیەمیشەوە بۆ مانگی سێیەم، بنایاهوی کوڕی
یەهویاداعی کاهین سەرکردە بوو، کۆمەڵەکەشی بیست و چوار
هەزار بوون. ٦ ئەمە ئەو بنایاهویەیە کە پاڵەوان بوو لە نێو سییەکە
و بەسەر سییەکەشەوە بوو، عەمیزابادی کوڕیشی لە کۆمەڵەکەی
بوو.
٧ چوارەم بۆ مانگی چوارەم، عەسائێلی برای یوئاب کە زەبەدیای
کوڕی جێگیری بوو.
٨ پێنجەم بۆ مانگی پێنجەم، شەمهوسی یەزراخی فەرماندە بوو و
کۆمەڵەکەشی بیست و چوار هەزار بوون.
٩ شەشەم بۆ مانگی شەشەم، عیرای کوڕی عیقێشی تەقوعی،
کۆمەڵەکەشی بیست و چوار هەزار بوون.
١٠ حەوتەم بۆ مانگی حەوتەم، خێلێچی فللونی لە نەوەی ئەفرایم،
کۆمەڵەکەشی بیست و چوار هەزار بوون.
١١ هەشتەم بۆ مانگی هەشتەم، سەبکای خوشاتی کە لە
زارەخییەکان بوو، کۆمەڵەکەشی بیست و چوار هەزار بوون.
١٢ نۆیەم بۆ مانگی نۆیەم، ئەبیعەزەری عەنسۆسی کە لە بنیامین
بوو، کۆمەڵەکەشی بیست و چوار هەزار بوون.
١٣ دەیەم بۆ مانگی دەیەم، مەهرای نەتوفاتی کە لە زارەخییەکان
بوو، کۆمەڵەکەشی بیست و چوار هەزار بوون.
١٤ یانزەیەم بۆ مانگی یانزەیەم، بنایای فرعەسونی لە نەوەی
ئەفرایمي بوو، کۆمەڵەکەشی بیست و چوار هەزار بوون.
١٥ دوانزەیەم بۆ مانگی دوانزەیەم، خەلدەی نەتوفاتی لە عوسنەئیل
بوو، کۆمەڵەکەشی بیست و چوار هەزار بوون.
١٦ بۆ هۆزەکانی ئیسڕائیلیش، سەرۆك بەسەر ڕەئوبینییەکانەوە،
ئەلیعەزەری کوڕی زکری.
بۆ شیمعونییەکان، شەفەتیای کوڕی مەعکە.
١٧ بۆ لێڤییەکان، خەشەبیای کوڕی قموئێل. بۆ هارون چادوق.
١٨ بۆ یەهوزا، ئەلیهو لە براکانی داود. بۆ یسساکار
عەمری کوڕی میخائیل.
١٩ بۆ زەبولون، یشمەعیای کوڕی عوبەدیا. بۆ نەفتالی، یریمۆسی
کوڕی عەزریئێل.
٢٠ بۆ نەوەی ئەفرایم، هوشەعی کوڕی عەزەزیا. بۆ نیوەی هۆزی
مەنەسسا، یۆئێلی کوڕی فەدایا.
٢١ بۆ نیوەکەی دیکەی هۆزی مەنەسسا لە گلعاد، یدۆی کوڕی
زەکەریا. بۆ بنیامین، یعسائێلی کوڕی ئەبنێر.
٢٢ بۆ دان، عەزرەئێلی کوڕی یەروخام. ئەمانە فەرماندەی
هۆزەکانی ئیسڕائیل بوون.
٢٣ داودیش ژمارەی ئەوانەی وەرنەگرت کە بیست ساڵ و کەمتر
بوون، چونکە خوداوەند فەرمووی کە ئیسڕائیل وەك ئەستێرەکانی
ئاسمان زۆر دەکات. ٢٤ یوئابی کوڕی چڕویەش دەستی بە
سەرژمێرەکە کرد، بەڵام تەواوی نەکرد، چونکە ئەمە بوو
تووڕەیی هێنا بەسەر ئیسڕائیلدا، هەروەها ژمارەکەش لە
پەرتووکی هەواڵی ڕۆژانی داود پاشادا تۆمارنەکرا.
٢٥ عەزمۆسی کوڕی عەدیئێل لێپرسراوی خەزێنەکانی پاشا بوو،
یوناسانی کوڕی عوزیاش لێپرسراوی عەمبارەکانی کێڵگە و
شارەکان و گوندەکان و قەڵاکان بوو. ٢٦ عەزری کوڕی کلوبیش
لێپرسراوی کارکەرانی کێڵگە بوو کە زەویان دەکێڵا. ٢٧ شیمعی
ڕەمەسیش لێپرسراوی ڕەزە مێوەکان بوو و زەبدی شەفەمیش
لێپرسراوی بەرووبوومەکانی ڕەز بوو بۆ عەمبارەکانی مەی.
٢٨ بەعل خانانی گدێریش لێپرسراوی دار زەیتون و دار
هەنجیرەڕەشەکانی پێدەشتەکان بوو. یوعاشیش بەسەر
عەمبارەکانی زەیتەوە بوو.
٢٨ یوئاش لێپرسراوی بەرووبوومەکانی ڕۆن زەیتون بوو.
٢٩ شترای شارونیش لێپرسراوی ئەو مانگایانە بوو لە شاروندا
دەلەوەڕان. شافاتی کوڕی عەدلایش لێپرسراوی مانگاکانی ناو
دۆڵەکان بوو.
٣٠ ئۆبێلی ئیسماعیلیش لێپرسراوی حوشترەکان بوو و یخەدیای
میرونوسیش لێپرسراوی گوێدرێژەکان بوو.

٣١ یازیزی هاجەریش لێپرسراوی مەڕەکان بوو. هەموو ئەمانە
لێپرسراوی موڵکەکانی داود پاشا بوون. ٣٢ یۆناسانی مامی
داودیش ڕاوێژکار بوو و پیاوێکي تێگەیشتوو و خوێندەوار بوو.
یەخیئێلی کوڕی حەکیمۆنیش لەگەڵ کوڕەکانی پاشا بوو.
٣٣ ئەخیتۆفلیش ڕاوێژکاری پاشا بوو و خوشای ئەرکیش هاوڕێی
پاشا بوو. ٣٤ لەپاش ئەخیتۆفلیش یهویاداعی کوڕی بنایاهو و ئینجا
ئەبیسار بوو. فەرماندەی سوپاکەی پاشاش یوئاب بوو.

## ٢٨

داود هەموو سەرکردەکانی ئیسڕائیل و سەرکردەکانی هۆزەکان و
سەرکردەکانی کۆمەڵەکان ئەوانەی خزمەتی پاشا دەکەن و
سەرکردەکانی هەزاران و سەرکردەکانی سەدان و
سەرپەرشتیارانی موڵك و ماڵی پاشا و کوڕەکانی لەگەڵ
کاربەدەستان و پاڵەوانەکان و هەموو بەهێزەکانی لە ئۆرشەلیمدا
کۆکردەوە. ٢ ئینجا داود پاشا هەستایە سەر پێ و وتی: گوێم لێ
بگرن برایان و گەلی من، من لە دڵمدا بوو ماڵێکی حەوانەوە بۆ
سندوقی پەیمانی خوداوەند و بۆ شوێن پێی خودامان بنیادبنێم و
خۆم بۆ بنیادنان ئامادەکرد. ٣ بەڵام خودا پێی فەرمووم: ماڵ بۆ
ناوەکەم بنیاد مەنێ، چونکە تۆ پیاوی جەنگیت و خوێنت ڕشتووە.
٤ هەروەها خوداوەند خودای ئیسڕائیل لە هەموو ماڵی باوکمدا
منی هەڵبژارد تا ببم بە پاشای ئیسڕائیل بۆ هەتاهەتایە، چونکە
یەهوزای بە سەرکردە هەڵبژارد و لە ماڵی یەهوزاشدا ماڵی باوکم
و لە کوڕەکانی باوکیشمدا بە من خۆشحاڵ بوو تا بمکات بە پاشای
هەموو ئیسڕائیل .٥ لە هەموو کوڕەکانیشمدا، چونکە خوداوەند
کوڕی زۆری پێداوم، سلێمانی کوڕمی هەڵبژاردووە تا لەسەر
تەختی پاشایەتی خوداوەند بەسەر ئیسڕائیلەوە دابنیشێت و ٦ پێی
فەرمووم: سلێمانی کوڕت ماڵەکەم وحەوشەکەم بۆ بنیاد دەنێت،
چونکە ئەوم بە کوڕی خۆم هەڵبژاردووە و منیش دەبم بە باوکی
ئەو، ٧ ئەگەر ئازا بێت بۆ کارکردن بە فەرمانەکان و حوکمەکانم،
ئەوا پاشایەتییەکەی تاهەتایە جێگیر دەکەم. ٨ ئێستاش لەبەرچاوی
هەموو ئیسڕائیل کە کۆمەڵی خوداوەندە و لەبەردەم خودامان،
ئاگادار و داواکاری هەموو فەرمانەکانی خوداوەند خوداتان بن،
بۆ ئەوەی ئەم زەوییە چاکە داگیر بکەن و بیکەن بە میرات بۆ
کوڕەکانتان تاهەتایە.
٩ تۆش کوڕی خۆم سلێمان، خودای باوکت بناسە و بە دڵێکی
تەواو و گیانێکی ئارەزوومەندەوە خزمەتی بکە، چونکە خوداوەند
هەموو دڵەکان دەپشکنێت و هەموو شێوەکانی بیرکردنەوە
تێدەگات، ئەگەر ڕووی لێ بکەیت دەیدۆزیتەوە و ئەگەر
فەرامۆشی بکەیت تا هەتایە ڕەتت دەکاتەوە. ١٠ ئێستاش ببینە،
چونکە خوداوەند هەڵی بژاردوویت تا ماڵێك بۆ پیرۆزگا بنیاد
بنێیت، جا ئازابە و بیکە.
١١ پاشان داود نەخشەی هەیوانەکە و ماڵەکانی و گەنجینەکانی و
ژوورەکانی سەرەوەیی و ژوورەکانی ناوەوەیی و شوێنی بەزەیی
پێیدا، ١٢ هەروەها نەخشەکانی هەموو ئەو شتانەش کە بەهۆی
ڕۆحەوە لە دڵیدا بوو، هی حەوشەکانی ماڵی خوداوەند و هی
هەموو ژوورەکانی دەوروبەری و خەزێنەکانی ماڵی خودا و
خەزێنەکانی شتە پیرۆزکراوەکان. ١٣ هەروەها بۆ کومەڵەکانی
کاهینەکان و لێڤییەکان و هەموو کارەکانی خزمەتکردنی ماڵی
خوداوەند و هەموو قاپوقاجاغەکانی خزمەتکردنی ماڵی خوداوەند.
١٤ هەروەها کێشی زێڕ و زیوی ئەو قاپوقاچاغە زێڕ و زیوەی
دیاریکرد کە لە خزمەت جۆراوجۆرەکاندا بەکار دەهێنران.
١٥ کێشی چرادانە زێڕەکە و چراکانیشیان لە زێڕ بوو، بە کێش بۆ
هەر چرادانێك و چراکانی، بۆ چرادانە زیوەکانیش بە کێش بۆ
هەر چرادانێك و چراکانی، بە پێی جۆری خزمەتی هەر
چرادانێك. ١٦ هەروەها کێشی زێڕ بۆ هەر مێزێکی نانی
تەرخانکراو و کێشی زیویش بۆ مێزە زیوەکان. ١٧ چنگاڵەکان و
دەستشۆرەکان و پەرداخەکانی لە زێڕی بێگەرد و بۆ جامە
زێڕەکانیش بە کێش بۆ هەر جامێك و بۆ جامە زیوەکانیش بە کێش
بۆ هەر جامێك. ١٨ بۆ قوربانگای بخوورەکەش زێڕی پوختەکراو
بە کێش و زێڕیش بۆ نەخشەی گالیسکەی کروبەکان کە باڵیان
کردووەتەوە و سێبەریان بۆ سندوقی پەیمانی خوداوەند کردووە.
١٩ داود وتی: هەموو ئەمانە خوداوەند تێیگەیاندم، بە نووسین بە
دەستی خۆی لەسەر من، هەموو کارەکانی ئەم نەخشەیە.
٢٠ هەروەها داود بە سلێمانی کوڕی وت: بەهێزبە و ئازابە و
بیکەن مەترسە و ورە بەرمەدە، چونکە خوداوەند خودا، خودای
من لەگەڵتدایە. ئەو شەرمەزارت ناکات و بەجێتناهێڵێت تا هەموو
کارەکانی خزمەتکردنی ماڵی خوداوەند تەواو دەکەیت. ٢١ ئەوەتا
کۆمەڵەکانی کاهینەکان و لێڤییەکان بۆ هەموو خزمەتەکانی ماڵی
خودا، هەموو وەستایەکی شارەزاشت لەگەڵدایە بۆ هەموو
خزمەتێك و سەرکردەکان و هەموو گەلیش لە ژێر هەموو
فەرمانێکی تۆدان.

## ٢٩

پاشان داود پاشا بە هەموو کومەڵەکەی وت: سلێمانی کوڕم کە
خودا بە تەنها هەڵیبژاردووە، منداڵە و پێنەگەیشتووە و کارەکەش
گەورەیە، چونکە پەرستگاکە بۆ مرۆڤ نییە، بەڵکو بۆ خوداوەند
خودایە. ٢ منیش بە هەموو توانامەوە ئەمانەم بۆ ماڵی خودام
ئامادەکردووە، زێڕ بۆ کاری زێڕ و زیو بۆ کاری زیو و مس بۆ
کاری مس و ئاسن بۆ کاری ئاسن و تەختە بۆ کاری تەختە و
بڕێکی زۆر لە بەردی یەشب و بەردی پڕکردنەوە و بەردی
بریقەدار و ڕەنگاوڕەگ و هەموو بەردێکی گرانبەها و مەڕمەڕ.
٣ هەروەها لەبەر خۆشحاڵیم بە ماڵی خوداکەم، زێڕ و زیوی
تایبەتی خۆم هەبوو ئەویشم دا لەسەر هەموو ئەوەی بۆ ماڵی
پیرۆزگا ئامادەم کردووە، ٤ سێ هەزار کیکەر زێڕ لە زێڕی ئۆفیر
و حەوت هەزار کیکەر زیوی پوختەکراو بۆ زاخاوکردنی دیواری
ماڵەکان، ٥ زێڕ بۆ زێڕ و زیو بۆ زیو و بۆ هەموو کارێك بە
دەست وەستا خاوەن پیشەکان، جا ئەمڕۆ کێ خوازیارە خۆی بۆ
خوداوەند تەرخانبکات؟
٦ ئینجا سەرکردەکانی ماڵە باوانەکان و سەرکردەکانی هۆزەکانی
ئیسڕائیل و فەرماندەکانی هەزاران و سەدان و لێپراسراوانی
کارەکانی پاشا هەموویان خواستی خۆیان نیشان دا و ٧ بۆ
خزمەتەکانی ماڵی خودا پێنج هەزار کیکەر و دە هەزار درهەمی
زێڕ و دە هەزار کیکەر زیو و هەژدە هەزار کیکەر مس و سەد
هەزار کیکەر ئاسنیان بەخشی و ٨ ئەوەی بەردی گرانبەهای لەلا
بوو دای بە خەزێنەی ماڵی خوداوەند بە دەستی یەحیئێلی
گێرشونی. ٩ گەل دڵخۆش بوون بە خوازیاربوونەکەیان، چونکە بە
دڵێکی تەواوەوە خوازیاربوون بۆ خوداوەند، داود پاشاش زۆر
دڵی خۆشبوو.
١٠ ئینجا داود لەبەردەم هەموو کۆمەڵەکەدا خوداوەندی پیرۆز کرد
و داود وتی: پیرۆزی تۆ ئەی خوداوەند، خودای ئیسڕائیل،
باوکمانی لە هەتاهەتاوە و تا هەتاهەتایە. ١١ گەورەیی و توانا و
جوانی و سەرکەوتن و شکۆ بۆ تۆیە ئەی خوداوەند، چونکە
هەموو ئەوەی لە ئاسمان و لە زەویدایە هی تۆیە ئەی خوداوەند،
پاشایەتی هی تۆیە و وەك سەر بەسەر هەمووان بەرزبوویتەوە.
١٢ دەوڵەمەندی و ڕێز لەبەردەمتن و تۆ فەرمانڕەوای بەسەر
هەموانەوە و هێز لە دەستی تۆدایە و بەدەستی تۆیە گەورەیی و

ووره بدەیت بە هەمووان. ١٣ ئێستاش ئەی خودامان، سوپاست
دەکەین و ستایشی ناوە شکۆدارەکەت دەکەین. ١٤ بەڵام من کێم و
گەلەکەم کێیە تا بەم شێوەیە خوازیار بین؟ چونکە هەموو شتێك لە
تۆوەیە و لە دەستی خۆتەوە بە تۆمان داوە. ١٥ چونکە ئێمە غەریبین
لەبەر چاوی تۆدا و وەك باوباپیرانمان میوانین. ڕۆژانمان لەسەر
زەوی وەك سێبەر وان و ئومێدیش نییە. ١٦ ئەی خوداوەند
خودامان، هەموو ئەم سامانەی کە ئامادەمانکردووە تاماڵێکت بۆ
بنیاد بنێین بۆ ناوی پیرۆزت، تەنها لە دەستی تۆوەیە و هەموو
شتێکیش هی تۆیە. ١٧ من زانیوومە خودایە کە تۆ دڵەکان تاقی
دەکەیتەوە و بە ڕاستوڕێکی دڵخۆش دەبێت، من بە ڕاستوڕێکی
دڵم هەموو ئەم شتانەم بە خواستی خۆم بەخشیوە. ئێستاش
گەلەکەت لێرەیە و بینیم بە دڵخۆشییەوە و بە خواستی خۆیان
دەبەخشن. ١٨ ئەی خوداوەند، خودای ئیبراهیم و ئیسحاق و
ئیسرائیلی باوباپیرانمان، ئەمە تاهەتایە لە شێوەی بیرکردنەوەی
دڵی گەلەکەت بپارێزە و دڵیان بەلای خۆتدا ئامادەبکە. ١٩ بەڵام
سلێمانی کوڕم، دڵێکی تەواوی بدەرێ تا فەرمانەکانت،
شایەتییەکانت و فەرزەکانت بپارێزێت و هەموویان بکات و ئەو
پەرستگایە بنیاد بنێت کە بۆیم ئامادەکردووە.
٢٠ پاشان داود بە هەموو کۆمەڵەکەی وت: تکایە خوداوەند خوداتان
پیرۆز بکەن. ئینجا هەموو کۆمەڵەکە خوداوەند خودای
باوباپیرانیان پیرۆز کرد و بە چۆکداهاتن و کڕنۆشیان بۆ
خوداوەند و پاشا برد. ٢١ پاشان لە سبەینێ لەو ڕۆژەدا قوربانییان
بۆ خوداوەند سەربڕی و قوربانی سووتاویان بۆ خوداوەند
سەرخست، هەزار گا و هەزار بەران و هەزار بەرخ لەگەڵ مەیە
پێشکەشکراوەکانیان و قوربانی سەربڕاوی زۆر بۆ هەموو
ئیسرائیل. ٢٢ جا لەو ڕۆژەدا بە خۆشییەکی گەورەوە لەبەردەم
خوداوەنددا خواردیان و خواردیانەوە.
پاشان دووبارە سلێمانی کوڕی داودیان بە پاشا دانا و بۆ خوداوەند
بە سەرۆك دەستنیشانیان کرد و چادوقیش بە کاهین. ٢٣ ئینجا
سلێمان لەسەر کورسی خوداوەند بە پاشایی لە جێی باوکی
دانیشت. جا سەرکەوتوو بوو و هەموو ئیسرائیلیش گوێڕایەڵی
بوون. ٢٤ هەروەها هەموو سەرکردەکان و پاڵەوانەکان و سەرجەم
کوڕەکانی داود پاشا ژێردەستەی سلێمان پاشا بوون.
٢٥ خوداوەندیش سلێمانی لەبەرچاوی هەموو ئیسرائیلدا مەزن کرد
و شکۆیەکی پاشایانەی وای خستەسەری کە لەسەر هیچ پاشایەك
نەبوو پێش خۆی لە ئیسرائیلدا.
٢٦ داودی کوڕی یەسسا پاشایەتی بەسەر هەموو ئیسرائیلەوە کرد
و ٢٧ ئەو ماوەیەش کە پاشایەتی بەسەر ئیسرائیلەوە کرد چل ساڵ
بوو، حەوت ساڵ لە حەبرون پاشا بوو و سی و سێ ساڵیش لە
ئۆرشەلیمدا پاشا بوو. ٢٨ لە تەمەنێکی پیری چاکدا مرد و لە ڕۆژان
ودەوڵەمەندی و ڕێز تێری خواردبوو. پاشان سلێمانی کوڕی لە
جێی ئەو بوو بە پاشا. ٢٩ کاروبارەکانی یەکەم و کۆتایی داود
پاشاش لە پەرتووکی هەواڵەکانی ساموئێلی بینەر و هەواڵەکانی
ناسانی پێغەمبەر و هەواڵەکانی گادی بینەردا نووسراون.
٣٠ لەگەڵ هەموو پاشایەتییەکەی و پاڵەوانێتییەکەی و ئەو کاتانەی
بەسەر خۆی و بەسەر ئیسرائیل و هەموو پاشایەتییەکانی
خاکەکاندا تێپەڕین.

# هەواڵەکانی ڕۆژانی دووەم

## ١

١ ئینجا سلێمانی کوڕی داود لە پاشایەتییەکەیدا بەهێز بوو و
خوداوەند خوداشی لەگەڵیدا بوو و زۆر مەزنی کرد. ٢ پاشان
سلێمان قسەی لەگەڵ هەموو ئیسڕائیلدا کرد، لەگەڵ سەرکردەکانی
هەزاران و سەدان و دادوەرەکان و هەموو سەرکردەکان لە هەموو
ئیسڕائیلدا، سەرکردەکانی ماڵە باوانەکان. ٣ جا سلێمان و هەموو
کۆمەڵەکە لەگەڵیدا چوون بۆ بەرزاییەکە ئەوەی لە گبعونە، چونکە
چادری ژوانی خودا ئەوەی موسای خزمەتکاری خوداوەند لە
چۆڵەوانیدا دروستی کرد، لەوێدا بوو. ٤ داود تەنها سندوقی خودای
لە قەریەت یەعاریمەوە بۆ ئەو شوێنە سەرخست، کە بۆی
ئامادەکرد، چونکە لە ئۆرشەلیمدا چادرێکی بۆ هەڵدا. ٥ بەڵام ئەو
قوربانگا مسەی کە بەسەلئیلی کوڕی ئوری کوڕی حور دروستی
کرد، لەبەردەم نیشینگەکەی خوداوەندا داینا، جا سلێمان و
کۆمەڵەکە پرسیاریان لە خودا کرد. ٦ ئینجا سلێمان لەوێدا لەبەردەم
خوداوەندا هەزار قوربانی سووتاوی سەرخستە سەر قوربانگا
مسکە ئەوەی لەناو چادری ژواندا بوو. ٧ لەو شەوەدا خودا خۆی
بۆ سلێمان دەرخست و پێی فەرموو: داوا بکە، چیت بدەمێ؟
٨ سلێمانیش بە خودای وت: تۆ چاکەیەکی گەورەت لەگەڵ داودی
باوکمدا کردووە و منت لە جێی ئەو کردووە بە پاشا. ٩ ئێستاش
ئەی خوداوەندی خودا با گفتەکەت لەگەڵ داودی باوکمدا
بچەسپێت، چونکە تۆ منت کردووە بە پاشا بەسەر گەلێکی زۆرەوە
کە وەك خۆڵی زەوییە. ١٠ ئێستا دانایی و زانینم پێ ببەخشە تا
ڕابەری ئەم گەلە بکەم، چونکە کێ دەتوانێت دادوەری ئەم گەلە
گەورەیەی تۆ بکات؟
١١ خوداش بە سلێمانی فەرموو: لەبەر ئەوەی ئەمە لە دڵتدا بوو و
داوای دەوڵەمەندی و پارەوپوول و پایەداری و گیانی دوژمنەکانت
نەکرد و داوای تەمەن درێژیت نەکرد، بەڵکو داوای دانایی و
زانینت بۆ خۆت کرد، تا دادوەری گەلەکەم بکەیت، ئەوەی تۆم
کردووە بە پاشا بەسەریەوە، ١٢ دانایی و زانینت پێ دەبەخشم و
هەروەها دەوڵەمەندی و پارەوپوول و پایەدارییەکی وات پێ
دەبەخشم کە شتی وا نەبووبێت بۆ پاشاکانی پێش خۆت و بۆ
ئەوانەی دوای خۆشت نەبێت.
١٣ پاشان سلێمان لە بەرزاییەکەوە ئەوەی لە گبعونە لەبەردەم
چادری ژوانەوە هات بۆ ئۆرشەلیم و بوو بە پاشا بەسەر
ئیسڕائیلەوە. ١٤ ئینجا سلێمان گالیسکە و ئەسپسواری کۆکردەوە،
هەزار و چوار سەد گالیسکە و دوانزە هەزار ئەسپسواری هەبوو.
جا لە شارەکانی گالیسکەکان و لەگەڵ پاشادا لە ئۆرشەلیم داینان.
١٥ هەروەها پاشا وای کرد لە ئۆرشەلیمدا زیو و زێڕ وەك بەردیان
لێبێت و دار ئورزیش وەك دار هەنجیری دەشت لە زۆریدا.
١٦ ئەسپەکانی سلێمان لە میسر و لە قیڤەوە دەهێنران. بازرگانەکانی
پاشا لە قیڤەوە بە نرخێکی دیاریکراو وەریاندەگرتن. ١٧ گالیسکە لە
میسرەوە بە شەش سەد شاقل زیو و ئەسپیش بە سەد و پەنجا
سەردەخرا و دەهێنرا، بەو شێوەیەش بۆ هەموو پاشاکانی
حیسسییەکان و پاشاکانی ئارامییەکان، بە دەستی ئەمان دەهێنران.

## ٢

١ ئینجا سلێمان بڕیاریدا بۆ بنیادنانی ماڵێك بۆ ناوی خوداوەند و
ماڵێکیش بۆ پاشایەتییەکەی. ٢ جا سلێمان حەفتا هەزار پیاوی بار
هەڵگر و هەشتا هەزار پیاوی بەرد هەڵکۆڵەری لە چیادا ژمارد و
چاودێرانیش لەسەریان سێ هەزار و شەش سەد بوون.
٣ ئینجا سلێمان ناردی بۆ حورامی پاشای چوڕ و وتی: وەك
ئەوەی لەگەڵ داودی باوکمدا کردت، کە دارئورزت بۆی نارد تا
ماڵێك بۆ خۆی بنیاد بنێت و تێیدا دانیشێت، ٤ ئەوەتا من ماڵێك بۆ
ناوی خوداوەند خودام بنیاد دەنێم، تا بۆی تەرخان بکەم بۆ
سووتاندنی بخووری بۆندار لەبەردەمیدا و بۆ نانی تەرخانکراوی
هەمیشەیی و قوربانی سووتاو لە بەیانیان و لە ئێواران، لە
پشوودانەکان و لە سەرەمانگان و لە جەژنە دیاریکراوەکانی
خوداوەند خودامان، ئەمە تاهەتایە بەسەر ئیسڕائیلەوەیە. ٥ ئەو
ماڵەش کە من بنیادی دەنێم گەورەیە، چونکە خودامان لە هەموو
خوداکان گەورەترە. ٦ بەڵام کێ دەتوانێت ماڵێکی بۆ بنیاد بنێت،
چونکە ئاسمانەکان و ئاسمانی ئاسمانەکانیش جێگای ئەویان تیادا
نابێتەوە! ئیتر من کێم تا ماڵێکی بۆ بنیاد بنێم، گەر تەنها بۆ
سووتاندنی بخوور نەبێت لەبەردەمیدا؟ ٧ ئێستاش پیاوێکم بۆ بنێرە
دانا بێت لە کاری زێڕ و زیو و مس و ئاسن و ڕێسی باینجانی و
سووری تۆخ و مۆر و کارامە لە پیشەی هەڵکۆڵیندا، تا لەگەڵ
پیاوە داناکانی لای خۆم لە یەهوزا و ئۆرشەلیمدا بێت ئەوانەی
داودی باوکم ئامادەی کردن. ٨ هەروەها لە لوبنانەوە داری ئورز
و سەروو و سەندەڵم بۆ بنێرە، چونکە دەزانم کە خزمەتکارەکانت
لە بڕینی داری لوبناندا کارامەن. ئەوەتا خزمەتکارەکانم لەگەڵ
خزمەتکارەکانتدان، ٩ با دارێکی زۆرم بۆ ئامادەبکەن، چونکە ئەو
ماڵەی بنیادی دەنێم گەورە و سەرسوڕهێنەرە. ١٠ ئەوەتا من بە
داربڕەکان، بە خزمەتکارەکانت بەوانەی دارەکان دەبڕنەوە، بیست
هەزار کۆر گەنم و بیست هەزار کۆر جۆ و بیست هەزار بەت
مەی و بیست هەزار بەت زەیتیان دەدەمێ.
١١ حیرامی پاشای چوڕیش لە نووسراوێکدا کە بۆ سلێمانی نارد
وتی: لەبەرئەوەی خوداوەند گەلەکەی خۆی خۆش دەوێت، تۆی
کردووە بە پاشایان. ١٢ هەروەها حورام وتی: پیرۆزە خوداوەند
خودای ئیسڕائیل ئەوەی ئاسمان و زەوی دروست کردووە! ئەوەی
کوڕێکی دانا و زانا و وریا و تێگەیشتووی بە داود پاشا داوە،
ئەوەی ماڵێك بۆ خوداوەند و ماڵێك بۆ پاشایەتییەکەی بنیاد دەنێت.
١٣ ئێستاش من پیاوێکی دانا و شارەزای تێگەیشتووت بۆ دەنێرم،
حیرام ئابی، ١٤ کوڕی ژنێکە لە نەوەی دان و باوکیشی پیاوێکی
چوڕییە. شارەزاییە لە کاری زێڕ و زیو و مس و ئاسن و بەرد و
دار و ڕێسی باینجانی و مۆر و کەتان و سووری تۆخ و هەڵکۆڵینی
هەموو جۆرە نەخشێك و داهێنانی هەموو داهێنانێك و کە پێی
بسپێردرێت با لەگەڵ پیاوە داناکانت و لە گەڵ پیاوە داناکانی
گەورەم داودی باوکت بێت. ١٥ ئێستاش ئەو گەنم و جۆ و ڕۆن و
مەیەی کە گەورەم باسی کردوون با بۆ خزمەتکارەکانی بینێرێت
و ١٦ ئێمەش لە لوبنانەوە بەپێی پێویستیت دارت بۆ دەبڕین و بە
کەڵەکەکراوی دەیدەین بە دەم دەریاوە بۆ یافا و تۆش بۆ ئۆرشەلیم
سەری بخە.

١٧ سلێمان پاش ئەو سەرژمێرەی کە باوکی ئەنجامیدا، هەموو
پیاوە بێگانەکانی ناو زەوی ئیسرائیلی سەرژمێرکرد و ژمارەیان
سەد و پەنجا و سێ هەزار و شەش سەد پیاوبوون، ١٨ جا حەفتا
هەزاریانی کرد بە بارهەڵگر و هەشتا هەزاریش لە چیادا بە
بەردبڕ و سێ هەزار و شەش سەدەکەی تریشی کرد بە چاودێر
بۆ بەگەڕخستنی گەل.

## ٣

١ ئینجا سلێمان دەستی کرد بە بنیادنانی ماڵی خوداوەند، لە
ئۆرشەلیم لە چیای مورییا کە تێیدا خوداوەند خۆی بۆ داودی
باوکی دەرخست، کە لەوێ داود لەناو خەرمانەکەی ئەرنانی
یەبوسیدا شوێنێکی ئامادەکرد. ٢ لە ڕۆژی دووەمی مانگی دوودا لە
چوارەم ساڵی پاشایەتییەکەیدا دەستی بە بنیادنان کرد. ٣ سلێمان ئەم
بناغەیەی لێدا بۆ بنیادنانی ماڵی خودا، درێژییەکەی بە باڵ بەپێی
پێوانە کۆنەکە، شەست باڵ و پانییەکەی بیست باڵ. ٤ هەیوانی
بەردەم درێژییەکەش وەك پانی ماڵەکە بیست باڵ بوو و
بەرزییەکەشی سەد و بیست بوو و لە ناوەوەش بە زێڕی بێگەرد
ڕووکەشی کرد. ٥ ماڵە گەورەکەشی بە دار سەروو و داپۆشی و
بە زێڕی بێگەردیش ڕووکەشی کرد و وێنەی دارخورما و
زنجیری لەسەر هەڵکۆڵین و ٦ ماڵەکەی بە بەردی گرانبەها
ڕازاندەوە بۆ جوانی و زێڕەکەش زێڕی پەراڤیم بوو. ٧ هەروەها
ماڵەکە و کاریتەکانی و چوارچێوەی دەرگاکانی و دیوارەکانی و
دەرگاکانی بە زێڕ ڕووکەش کرد و وێنەی کروبەکانی لەسەر
دیوارەکان هەڵکۆڵی.
٨ شوێنی هەرە پیرۆزیشی دروستکرد کە درێژییەکەی وەك پانی
ماڵەکە بیست باڵ بوو و پانییەکەشی بیست باڵ بوو و بە زێڕێکی
باش ڕووکەشی کرد، شەش سەد کیکەر. ٩ کێشی بزمارەکانیش
پەنجا شاقل زێڕ بوو و بەشەکانی سەرەوەشی بە زێڕ ڕووکەش
کرد. ١٠ هەروەها لە شوێنی هەرە پیرۆزدا پەیکەری دوو کروبی
تاشی و بە زێڕ ڕووکەشی کردن. ١١ درێژی باڵەکانی دوو
کروبەکەش بیست باڵ بوون، باڵێکیان درێژییەکەی پێنج باڵ بوو
و بەر دیواری ماڵەکە دەکەوت و باڵەکەی تریشیان پێنج قۆڵ بوو
و بەر باڵی کروبەکەی تر دەکەوت. ١٢ بەهەمان شێوە درێژی باڵی
کروبەکەی تر پێنج قۆڵ بوو و بەر دیواری ماڵەکە دەکەوت و
باڵەکەی تریشی پێنج قۆڵ بوو و بە باڵی کروبەکەی تر
دەگەیشتەوە. ١٣ باڵەکانی ئەم دوو کروبە کرابوونەوە و بیست باڵ
درێژ بوون و لە سەر پێیەکانیان ڕاوەستابوون و ڕووشیان ڕووەو
ناوەوە بوو.
١٤ هەروەها پەردەکەی لە ڕیسی مۆر و باینجانی و سووری تۆخ
و کەتان دروستکرد و وێنەی کروبەکانی لەسەر چنی. ١٥ ئینجا
لەبەردەم ماڵەکەدا دوو کۆڵەکەی دروستکرد کە درێژی
هەریەکەیان سی و پێنج باڵ بوو و ئەو تاجەی کە لەسەر هەر
یەکێکیان بوو پێنج باڵ بوو. ١٦ ئینجا زنجیری دروست کرد وەك
زنجیرەکانی بەشی ناوەوە و لەسەر سەری دوو کۆڵەکە دایانان و
سەد گوڵێنگیشی دروستکرد و بە زنجیرەکانەوە هەڵیواسین.
١٧ دوو کۆڵەکەشی لەبەردەم پەرستگاکەدا ڕاگرت، یەکێکیان
لەلای ڕاست و ئەویتریان لەلای چەپ، ئەوەی لای ڕاستی ناونا
یاکین و ئەوەی لای چەپیش بوعەز.

## ٤

١ ئینجا قوربانگایەکی مسی دروستکرد کە درێژییەکەی بیست باڵ
و پانییەکەی بیست باڵ و بەرزییەکەی دە باڵ بوو. ٢ حەوزەکەشی
بە لەقاڵبدراوی دروستکرد، دە باڵ لە لێوەوە بۆ لێو، بە بازنەیی بە
خڕی. پێنج باڵیش بەرزییەکەی بوو و پەتێکی سێ باڵیش دەوری
دەدا بە خڕی. ٣ لەشێوەی مانگاش لەژێریەوە بە خڕی بە هەموو
لایەکدا چواردەوری دابوو، دە بۆ هەر باڵێك، بە دەوری حەوزەکە
بە دوو ڕیز، مانگاکان لەگەڵ لەقاڵبدانی حەوزەکە لەقاڵبدرابوون.
٤ لەسەر دوانزە گا ڕاوەستابوو و سیانیان ڕوویان لە باکوور و
سیانیان ڕوویان لە خۆرئاوا و سیانیان ڕوویان لە باشوور و
سیانیان ڕوویان لە خۆرهەڵات بوون، حەوزەکەش لەسەریان بوو
لەسەرەوە و هەمووشیان پاشەڵیان ڕوو لە ناوەوە بوو.
٥ ئەستوورییەکەی چوار پەنجە بوو و لێوارەکەی وەك لێواری
پەرداخ دروستکرابوو وەك گوڵی سەوسەن، هەروەها جێی دوو
هەزار بەتی تیادەبووەوە.
٦ هەروەها دە حەوزی دروست کرد، پێنجیانی لەلای ڕاست و
پێنجیشیانی لەلای چەپ دانا بۆ شوشتن لەناویاندا، ئەو شتەی
دەکرا بە قوربانی سووتاو لەناویاندا دەشۆرا. ٧ چرادانی زێڕیش
دەی دروست کرد بە پێی نەخشەکانیان و لە ناو پەرستگاکە
دایانان، پێنج لەلای ڕاست و پێنج لەلای چەپ. ٨ دە مێزیشی
دروست کرد و لە پەرستگاکە دایانان، پێنج لە لای ڕاست و
پێنجیش لەلای چەپ. سەد دەستشۆری زێڕیشی دروست کرد.
٩ ئینجا ماڵی کاهینەکان و ماڵە گەورەکەی دروست کرد لەگەڵ
دەرگاکانی ماڵەکە و دەرگاکانیشی بە مس ڕووکەش کرد.
١٠ حەوزەکەشی لەلای ڕاست بەرەو ڕۆژهەڵات لەلای باشوورەوە
دانا.
١١ هەروەها حورام مەنجەڵەکان و خاکەناسەکان و کاسە ئاو
پرژێنەکانی دروستکرد. جا حیرام تەواوبوو لە دروستکردنی
کارەکان ئەوەی بۆ سلێمان پاشا کردی لە ماڵی خودا، ١٢ دوو
کۆڵەکەکە و دوو تۆپە تاجەکە کە لەسەر دوو کۆڵەکەکە بوون و
دوو تۆڕەکە بۆ داپۆشینی دوو تۆپە تاجەکە بوون کە لەسەر دوو
کۆڵەکەکە بوون. ١٣ چوار سەد گوڵێنگەکەش بۆ دوو تۆڕەکە
بوون، دوو ڕیز گوڵێنگ بۆ هەر تۆڕێك بۆ داپۆشینی دوو تۆپە
تاجەکان کە لەسەر دوو کۆڵەکەکەن. ١٤ هەروەها عەرەبانەکان و
حەوزەکانی سەر عەرەبانەکانیشی دروستکرد و ١٥ حەوزەکە و
دوانزە گاکەی ژێری و ١٦ مەنجەڵەکان و خاکەناسەکان و
چنگاڵەکان و هەموو قاپوقاچاخەکانی، حورام ئابی بۆ سلێمان پاشا
لە ماڵی خوداوەند دروستی کردن و لە مسی ساف و لوسکراو
بوون. ١٧ پاشا لە دەشتی ڕووباری ئوردن لە قاڵبی قوڕدا دایڕشتن،
لەنێوان سوکوتو چەڕدەتدا. ١٨ سلێمانیش ئەو قاپوقاچاخانەی هێندە
زۆر دروستکرد، کە کێشی مسەکەی نەزانرا.
١٩ هەروەها سلێمان هەموو قاپوقاچاغەکان ئەوەی لە ماڵی خودایە،
قوربانگا زێڕنەکە و ئەو مێزانەی کە نانی تەرخانکراویان
لەسەربوو، ٢٠ چرادانەکانیش و چراکانیان تا بەپێی ڕێسا لەبەردەم
بەشی ناوەوەی پیرۆزگاکە داگیرسێن، لە زێڕی بێگەرد دروستی
کردن، ٢١ هەروەها گوڵەکان و چراکان و ماشەکان زێڕ بوون و
بە تەواوی زێڕ بوون. ٢٢ مەقەستەکان و کاسە ئاوپرژێنەکان و
چەمچەکان و مەقاڵەکان لە زێڕی بێگەرد بوون، هەروەها دەرگای
ماڵەکە و ڕووەکانی ناوەوەی دەرگاکە و بە دیوی شوێنی هەرە
پیرۆز و دەرگاکانی ماڵی پەرستگاکە لە زێڕ بوون.

# ٥

١ هەموو کارەکان تەواو بوو ئەوەی سلێمان پاشا بۆ ماڵی خوداوەند کردی. هەروەها سلێمان شتە پیرۆزکراوەکانی داودی باوکی و زیو و زێڕ و هەموو قاپوقاچاخەکانی هێنا و دای بە خەزێنەکانی ماڵی خوداوەند.
٢ ئینجا سلێمان هەموو پیرانی ئیسرائیل و هەموو سەرکردەکانی تیرەکان و سەرۆکەکانی ماڵە باوانەکانی نەوەی ئیسرائیلی لە ئۆرشەلیمدا کۆکردەوە بۆ سەرخستنی سندوقی پەیمانی خوداوەند لە شاری داودەوە، ئەویش سییۆنە. ٣ جا هەموو پیاوانی ئیسرائیل لە جەژن کە لە مانگی حەوتەمدا بوو لەلای پاشا کۆبوونەوە. ٤ ئینجا هەموو پیرانی ئیسرائیل هاتن و لێڤییەکان سندوقەکەیان هەڵگرت و ٥ سندوقەکە و چادری ژوان و هەموو قاپوقاچاخەکانی پیرۆزگا کە لە ناو چادرەکەبوو سەریانخست، کاهینە لێڤییەکان سەریانخستن. ٦ سلێمان پاشا و هەموو کۆمەڵی ئیسرائیل کە لێی کۆببوونەوە لەبەردەم سندوقەکەدا، مەڕ و مانگایان سەردەبڕی کە لەبەر زۆری نە دەژمێردران و نە تۆماردەکران. ٧ ئینجا کاهینەکان سندوقی پەیمانی خوداوەندیان هێنایە شوێنەکەی خۆی بۆ ناوەوەی ماڵەکە، بۆ شوێنی هەرە پیرۆز، بۆ ژێر باڵی دوو کروبەکە. ٨ دوو کروبەکە باڵەکانیان بەسەر شوێنی سندوقەکەدا بڵاوکردبووەوە و کروبەکان سێبەریان کردبوو بەسەر سندوقەکە و بەسەر دوو دارەکەی کە بۆ هەڵگرتنە. ٩ جا دارەکان درێژکرابوونەوە و سەری دارەکان لە سندوقەکەوە لەبەردەم بەشی ناوەوە دەبینران بەڵام لە دەرەوە نەدەبینران، تا ئەمڕۆش هەر لەو شوێنەدان. ١٠ ناو سندوقەکەش هیچی تیادا نەبوو، جگە لەو دوو تەختەبەردەی کە موسا لە حۆرێب تیایدا دایانابوون کاتێك خوداوەند لەگەڵ نەوەی ئیسرائیلدا لە کاتی دەرچوونیان لە میسرەوە پەیمانی لەگەڵدا بەستن.
١١ ئینجا کاتێ کاهینەکان لە شوێنی پیرۆزەوە دەرچوون، چونکە هەموو کاهینە ئامادەبووەکان خۆیان پیرۆزکردبوو بێ ڕەچاوکردنی کۆمەڵەکانیان. ١٢ لێڤییە گۆرانی بێژەکانیش هەموویان، ئاساف و هێیمان و یەدوسون و کوڕەکانیان و براکانیان، کەتانیان لەبەرکردبوو  بە سەنج بە عود و بە قیسارەوە ڕاوەستابوون و لەلای خۆرهەڵاتی قوربانگاکەوە، سەد و بیست کاهینیشیان لەگەڵدا بوو زوورنایان لێدەدا. ١٣ جا کاتێ زوورنا لێدەرەکان و گۆرانی بێژەکان بە یەك دەنگ ستایش و سوپاسی خوداوەندیان کرد و کە دەنگیان بەرز کردەوە بە زوورنا و سەنج و ئامێرەکانی گۆرانییەوە و بە ستایشی خوداوەندەوە و وتیان:
چونکە چاکە،
چونکە خۆشەویستییە بێ سنوورەکەی تاهەتایە.
ئینجا ماڵەکە، ماڵی خوداوەند پڕبوو لە دووکەڵ و ١٤ کاهینەکانیش بە هۆی هەورەکەوە نەیانتوانی بۆ خزمەتکردن ڕاوەستن، چونکە شکۆی خوداوەند ماڵی خودای پڕکردەوە.

# ٦

١ ئینجا سلێمان وتی:
خوداوەند فەرموویەتي، کە لەناو هەوری تاردا نیشتەجێ دەبێت.
١٣ ئەوەتا من ماڵێکی شکۆدارم بۆ بنیادنای، شوێنێك بۆ نیشتەجێ بوونت تاهەتایە.
٣ ئینجا پاشا ڕووی خۆی وەرگێڕا و هەموو کۆمەڵی ئیسرائیلی پیرۆزکرد، هەموو کۆمەڵی ئیسرائیلیش ڕاوەستا بوون. ٤ و وتی: پیرۆزە خوداوەند خودای ئیسرائیل ئەوەی بە دەمی خۆی لەگەڵ داودی باوکمدا قسەی کرد و بە دەستی خۆی هێنایەدی کە فەرمووی: ٥ لەو ڕۆژەوەی ئیسرائیلی گەلی خۆمم لە میسرەوە هێناوەتە دەر، هیچ شارێکم لەناو هەموو تیرەکانی ئیسرائیلدا هەڵنەبژاردووە تا ماڵێك بنیادبنێن بۆ ئەوەی ناوەکەم لەوێدا بێت و هیچ پیاوێکیشم هەڵنەبژاردووە ببێت بە فەرمانڕەوا بەسەر ئیسرائیلی گەلم، ٦ بەڵام ئۆرشەلیمم هەڵبژارد تا ناوەکەم لەوێ بێت و داودم هەڵبژارد تا بەسەر ئیسرائیلی گەلمەوە بێت. ٧ جا لە دڵی داودی باوکمدا بوو ماڵێك بۆ ناوی خوداوەند خودای ئیسرائیل بنیاد بنێت. ٨ بەڵام خوداوەند بە داودی باوکمی فەرموو، لەبەر ئەوەی لە دڵتدا بوو ماڵێك بۆ ناوەکەم بنیاد بنێیت، باشت کرد کە ئەمە لە دڵتدا بوو، ٩ بەڵام تۆ ئەو ماڵە بنیاد نانێیت، بەڵکو کوڕەکەت ئەوەی لە بڕبڕەی پشتتەوە دەردەچێت، ئەو ئەم ماڵە بۆ ناوەکەم بنیاد دەنێت. ١٠ جا خوداوەند قسەکەی کە کردی بەجێیهێنا و من شوێنی داودی باوکمم گرتەوە و لەسەر تەختی ئیسرائیلدا دانیشتم، هەروەك خوداوەند فەرمووی و ئەم ماڵەشم بۆ ناوی خوداوەند خودای ئیسرائیل بنیادنا. ١١ ئەو سندوقەم لەوێدا دانا کە ئەو پەیمانەی خوداوەندی تێدایە کە لەگەڵ ئیسرائیلدا بەستی.
١٢ ئینجا لەبەردەم قوربانگاکەی خوداوەند بەرامبەر بە هەموو کۆمەڵی ئیسرائیلدا وەستا و دەستەکانی بەرز کردەوە. ١٣ چونکە سلێمان سەکۆیەکی لە مس دروستکردبوو و لە ناوەڕاستی ماڵەکەدا داینابوو، درێژییەکەی پێنج باڵ و پانییەکەی پێنج باڵ و بەرزییەکەی سێ باڵ بوو، جا لەسەریدا ڕاوەستا بەرامبەر بە هەموو کۆمەڵی ئیسرائیل چۆکی دادا دەستی بۆ ئاسمان بەرزکردەوە و ١٤ وتی: خوداوەند خودای ئیسرائیل، هیچ خودایەك لە ئاسمان و لە زەویدا لە وێنەی تۆ نییە، تۆ پەیمان و خۆشەویستی بێ سنوورت دەپارێزیت بۆ خزمەتکارەکانت، ئەوانەی بە تەواوی دڵیانەوە لەبەردەمت دێن و دەچن. ١٥ تۆ بۆ خزمەتکارەکەت، بۆ داودی باوکم ئەوەت پاراست کە لەگەڵیدا دوایت، بە دەمت دەفەرمووی و بە دەستت بەجێی دەهێنیت، وەك ئەمڕۆ. ١٦ ئێستاش خوداوەند خودای ئیسرائیل ئەوە بپارێزە بۆ خزمەتکارەکەت، بۆ داودی باوکم کە لەگەڵیدا دوایت و فەرمووت، پیاو لە تۆ نابڕێت لەبەردەمم بۆ دانیشتن لەسەر تەختی ئیسرائیل، ئەگەر کوڕەکانت ئاگاداری ڕێگای خۆیان بن تا بەپێی فێرکردنەکانم بڕۆن و وەك چۆن تۆ لەبەردەممدا هاتوچوویت. ١٧ ئێستاش خوداوەند خودای ئیسرائیل با قسەکەت بێتە دی کە بە خزمەتکارەکەت بە داودت فەرموو.
١٨ بەڵام ئایا بەڕاستی خودا لەگەڵ مرۆڤ لەسەر زەویدا نیشتەجێ دەبێت؟ ئەوەتا ئاسمانەکان و ئاسمانی ئاسمانەکان جێی تۆیان تیادا نابێتەوە، ئیتر چۆن ئەم ماڵە کە من بنیادم ناوە! ١٩ جا ئاوڕ لە نوێژی خزمەتکارەکەت و لە پاڕانەوەکەی بدەرەوە، ئەی خوداوەند خودام و گوێ لە هاوار و ئەو نوێژە بگرە کە خزمەتکارەکەت لەبەردەمت بۆتی دەکات. ٢٠ با چاوەکانت بە ڕۆژ و بە شەو کراوەبن لەسەر ئەم ماڵە لەسەر ئەو شوێنەی کە فەرمووت، ناوەکەتی تیادا دادەنێیت لەوێ تا گوێت لەو نوێژە بێت کە خزمەتکارەکەت لەم شوێنە بۆتی دەکات. ٢١ هەروەها گوێ لە پاڕانەوەی خزمەتکارەکەت و ئیسرائیلی گەلت بگرە ئەوانەی لەم شوێنەدا نوێژ دەکەن و تۆش لە شوێنی نیشتەجێ بوونتەوە ببیستە، لە ئاسمانەوە، جا ببیستە و لێخۆشبە.
٢٢ گەر کەسێك گوناهی دەرهەق بە برادەرەکەی کرد و سوێند خواردنی بەسەردا سەپێنرا و هات بۆ ئەوەی لەبەردەم قوربانگاکەت لەم ماڵەدا سوێندەکەی بخوات، ٢٣ تۆ لە ئاسمانەوە گوێ بگرە و دەستبەکاربە و دادوەری لەنێوان خزمەتکارەکانتدا

بكە، جا بەدكار سزابدە بەوەی ڕێگاكەی خۆی بەسەریدا بهێنەوە
و ڕاستودروستیش بێ تاوان بكە بە پێی ڕاستودروستییەكەی.
٢٤ هەروەها ئەگەر ئیسرائیلی گەلت بەزاند لەبەردەم دوژمنەكانیان،
كە گوناهت دەرهەق دەكەن، پاشان گەڕانەوە و دانیان بە ناوەكەتدا
هێنا و لەبەردەمتدا و لەم ماڵەدا نوێژیان كرد و پاڕانەوە، ٢٥ تۆش
لە ئاسمانەوە گوێ بگرە و لە گوناهی ئیسرائیلی گەلت خۆشبە و
بیانگێڕەوە بۆ ئەو زەوییەی كە بە خۆیان و باووباپیرانیانت داوە.
٢٦ گەر ئاسمان داخرا و باران نەباری بە هۆی ئەوەی گوناهیان
دەرهەق بە تۆ كرد، پاشان نوێژیان ڕووەو ئەم شوێنە كرد و
دانیان بە ناوەكەتدا ناو و لە گوناهەكەیان پاشگەز بوونەوە، چونكە
گرفتارت كردن. ٢٧ تۆ لە ئاسمانەوە گوێ بگرە و لە گوناهی
خزمەتكارەكانت و ئیسرائیلی گەلت خۆشبە، جا ئەو ڕێگا چاكەیان
فێر دەكەیت كە پێیدا دەڕۆن و باران بەسەر زەوییەكەتدا ببارێنە
كە بە میرات داوتە بە گەلەكەت.
٢٨ كە برسێتی لە زەویەكەدا دەبێت، كە پەتا دەبێت، كە بای
گەرمەسێر و كولە و كولەی بێباڵ دەبێت، كە دوژمن گەمارۆیان
دەدات لەدەوروبەری شارەكانیان، هەموو بەڵایەك و هەموو
دەردێك، ٢٩ ئینجا هەموو نوێژێك و هەموو داواكارییەك لەلایەن
هەر كەسێكەوە بێت لەناو هەموو گەلەكەت ئیسرائیل لەلایەن
ئەوانەی كە هەریەكەیان دەرد و ئازاری خۆی دەزانێت و دەستی
بەرزدەكاتەوە بەرامبەر بەم ماڵە. ٣٠ ئەوا تۆ لە ئاسمانەوە لە
شوێنی نیشتەجێ بوونتەوە گوێ بگرە و لێ خۆشبە و بە هەر
كەسێك بدە بە پێی هەموو هەڵسوكەوتی، بە پێی دڵی كە دەیزانیت،
چونكە تەنها تۆی دڵی ئادەمیزادت ناسیووە. ٣١ تا بەدرێژایی
ڕۆژانی ژیانیان لەسەر ڕووی ئەم زەوییەی بە باوباپیرانمانت
داوە لێت بترسن و ڕێگاكانت بگرنەبەر.
٣٢ هەروەها ئەو بێگانەیەی كە لە گەلەكەت ئیسرائیل نییە و لە
زەوییەكی دوورەوە هاتووە، لەپێناوی ناوە مەزنەكەت و دەستی
پۆڵاینت و بازووی بەهێزت، جا كە هاتن و بەرەو ئەم ماڵە
نوێژیان كرد. ٣٣ تۆ لە ئاسمانەوە لە شوێنی نیشتەجێ بوونتەوە
گوێ بگرە و دەست بەكاربە، بەپێی هەموو ئەوەی ئەم بێگانەیە
بانگت دەكات بۆی، تا هەموو گەلانی زەوی ناوەكەت بزانن و
وەك گەلەكەت ئیسرائیل لێت بترسن، هەروەها بۆ ئەوەی بزانن
كە ناوی تۆ دراوە بەسەر ئەم ماڵەدا كە بنیادم ناوە.
٣٤ كە گەلەكەت بۆ جەنگ دژ بە دوژمنەكەی دەردەچێت بەو
ڕێگایەی كە پێیدا دەیاننێریت، كە نوێژیان كرد بۆت ڕووەو ئەو
شارەی كە هەڵتبژاردووە و ئەو ماڵەی بۆ ناوەكەت بنیادم ناوە،
٣٥ تۆ لە ئاسمانەوە گوێ لە نوێژ و داواكاریەكانیان بگرە و
دادوەرییان بۆ بكە. ٣٦ كە گوناهەت بەرامبەر دەكەن، چونكە كەس
نییە گوناهە نەكات، جا كە لێیان توڕە دەبیت و دەیانخەیتە بەردەم
دوژمنەوە و ڕاپێچ كارانیان ڕاپێچیان دەكەن بۆ زەوییەك دوور
بێ یان نزیك. ٣٧ گەر گەڕانەوە هۆش خۆیان لەو زەوی ڕاپێچ
كراون بۆی و گەڕانەوە و داوایان لێت كرد لەو زەوییەوەی ڕاپێچ
كراون بۆی و وتیان: گوناهەمان كرد و تاوانمان كرد و خراپەمان
كرد. ٣٨ ئینجا گەڕانەوە بۆ لات بە هەموو دڵیانەوەو بە هەموو
گیانیانەوە لە زەوی ڕاپێچكەرانیانەوە كە ڕاپێچیان كردون، كە
نوێژیان كرد ڕووەو ئەو زەوییەی داوتە بە باوباپیرانیان و ئەو
شارەی هەڵتبژاردووە و ئەو ماڵەی بۆ ناوەكەتم بنیاد ناوە. ٣٩ تۆ لە
ئاسمانەوە لە شوێنی نیشتەجێ بوونتەوە گوێ لە نوێژ و
داواكارییان بگرە و دادوەرییان بۆ بكە و لە گەلەكەت خۆشبە، لەو
گوناهانەی بەرامبەرت كردوویانە. ٤٠ ئێستاش خوداكەم، تكایە با
چاوەكانت كراوە و گوێكانت شل بن بۆ نوێژەكانی ئەم شوێنە.
٤١ ئێستا خوداوەندی خودا هەستە بۆ شوێنی حەوانەت، خۆت و
سندوقەكەی توانات. كاهینەكانت ئەی خوداوەندی خودا بەرگی
ڕزگاری دەپۆشن و خۆشەویستانت بە چاكە شاد دەبن. ٤٢ ئەی
خوداوەندی خودا، دەست مەنێ بە ڕووی دەستنیشانكراوەكەت،
خۆشەویستییە بێ سنوورەكەی داودی خزمەتكاری خۆت
لەیادبێت.

# ٧

١ كاتێ سلێمان لە نوێژكردن بووەوە، ئاگرێك لە ئاسمانەوە هاتە
خوارەوە و قوربانییە سووتاوەكە و قوربانییەكانی خوارد و شكۆی
خوداوەند ماڵەكەی پڕكرد و ٢ كاهینەكان نەیانتوانی بچنە ناو ماڵی
خوداوەندەوە، چونكە شكۆی خوداوەند ماڵەكەی پڕكردبوو.
٣ هەموو نەوەی ئیسرائیلیش تەماشایان دەكرد، كاتێ ئاگرەكە هاتە
خوارەوە و شكۆی خوداوەند بەسەر ماڵەكەوە بوو، جا بەڕوودا
بەسەر زەوییە بەردڕێژەكەدا بەچۆكداهاتن و كڕنۆشیان برد و
سوپاسی خوداوەندیان كرد و وتیان:
چونكە چاكە،
چونكە خۆشەویستییە بێ سنوورەكەی تاهەتایە.
٤ پاشا و هەموو گەلیش لەبەردەم خوداوەندا قوربانییان سەربڕی.
٥ سلێمان پاشا بیست و دوو هەزار مانگا و سەد و بیست هەزار
مەڕی سەربڕی و پاشا و هەموو گەل ماڵی خودایان تەرخانكرد.
٦ كاهینەكانیش لەسەر خزمەتەكەی خۆیان ڕاوەستابوون و
لێڤییەكانیش بە ئامێرەكانی گۆرانی خوداوەندەوە كە داود پاشا
دروستی كردبوون بۆ سوپاس كردنی خوداوەند و داود ستایشی
پێ دەكردن، چونكە خۆشەویستییە بێ سنوورەكەی تاهەتایە،
كاهینەكان بەرامبەریان زووڕنایان لێدەدا و هەموو گەلیش
ڕاوەستابوون.
٧ هەروەها سلێمان ناوەڕاستی حەوشەی بەردەم ماڵەكەی
خوداوەندی پیرۆزكرد، چونكە لەوێدا قوربانی سووتاو و بەزی
قوربانییەكانی ئاشتی پێشكەش كرد، چونكە ئەو قوربانگا مسەی
كە سلێمان دروستی كرد بەس نەبوو تا جێی قوربانیە سووتاوەكان
و پێشكەشكراوەكان و بەزەكانی لێببێتەوە. ٨ ئینجا سلێمان لەو
كاتەدا بە درێژایی حەوت ڕۆژ كردی بە جەژن و هەموو
ئیسرائیلیش لەگەڵیدا بوون، كۆمەڵێكی زۆر گەورە بوون لە
دەروازەی حەماتەوە تا دێیتە دۆڵی میسر. ٩ لە ڕۆژی هەشتەمدا
كردیان بە خۆتەرخانكردن، چونكە لە حەوت ڕۆژدا تەخانكردنی
قوربانگاكەیان ئەنجامدا و جەژنیش حەوت ڕۆژ بوو. ١٠ ئینجا لە
بیست و سێیەمین ڕۆژی مانگی حەوتدا گەلی بە شادی و
دڵخۆشییەوە بەڕێكرد بۆ چادرەكانیان، لەسەر ئەو چاكەیەی كە
خوداوەند لەگەڵ داود و سلێمان و ئیسرائیلی گەلی خۆیدا كردی.
١١ بەو شێوەیە سلێمان ماڵی خوداوەند و ماڵی پاشای تەواو كرد،
هەروەها هەموو ئەوەی بە بیریدا هات لە ماڵی خوداوەند و
ماڵەكەی خۆیدا بیكات سەركەوتوو بوو تێیدا.
١٢ پاشان خوداوەند لە شەودا خۆی بۆ سلێمان دەرخست و
فەرمووی: گوێم لە نوێژەكەت بوو و ئەم شوێنەم هەڵبژارد تا ببێت
بە ماڵی قوربانی بۆم. ١٣ كاتێ ڕووی ئاسمان دەگرم و باران
نابارێت و كاتێ فەرمان بە كولە دەكەم زەوییەكە بخوات یان پەتام
دەنێرمە ناو گەلەكەم، ١٤ ئینجا كە گەلەكەم ئەوەی بەناوی منەوە
بانگ دەكرێت، بێ فیز بوون و نوێژیان كرد و داوای ڕووی
منیان كرد و لە ڕێگا خراپەكانیان گەڕانەوە، من لە ئاسمانەوە
گوێ دەگرم و لە خراپەكانیان خۆش دەبم و زەوییەكەیان چاك
دەكەمەوە. ١٥ ئێستاش چاوەكانم كراوە دەبن و گوێكانیشم شل دەبن
بۆ نوێژی ئەم شوێنە. ١٦ ئێستاش ئەم ماڵەم هەڵبژاردوە و پیرۆزم
كردووە بۆ ئەوەی تاهەتایە ناوەكەمی تێدابێت و دڵ و چاوم بە
درێژی هەموو ڕۆژان لەوێدا دەبن. ١٧ تۆش گەر لەبەردەممدا
هاتوچۆ بكەیت وەك چۆن داودی باوكت هاتوچۆی كرد و هەموو
ئەوانە بكەیت كەفەرمانم پێ كردیت و فەرز و حوكمەكانم

بپارێزیت، ١٨ تەختی پاشـایەتییەکەت جێگیر دەکەم هەروەك چۆن
پەیمانم لەگەڵ داودی باوکتدا بەست و فەرمووم: پیاوت لێ نابڕێت
بۆ فەرمـانڕەوایەتی کردنی ئیسـڕائیل. ١٩ بەڵام گەر لاتـانـدا و
وازتـان لە فەرزەکـان و فەرمـانکـانم هێنـا ئەوەی لەبەردەمتـانـدا
دامناوە و ڕۆیشـتن و خودای دیکەتان خزمەت کرد و کڕنۆشـتان
بۆ بردن، ٢٠ ئەوا لەو زەوییەدا ڕیشـەکێشتان دەکەم کە پێم داون و
ئەم ماڵەش کە بۆ ناوەکەی خۆمم پیرۆزکردووە لەبەردەمم لایدەدەم
و دەیکەم بە پەند و قسەی سەر زار لە نێوان هەموو گەلاندا. ٢١ ئەم
ماڵەش کە پایەدار بوو، هەموو ئەوەی بەلایدا تێدەپەڕێت سـەری
سـوڕدەمێنێت و دەڵێت: بۆچی خوداوەند ئاوای بەم زەوییە و بەم
ماڵە کرد؟ ٢٢ جا دەڵێن: لەبەرئەوەی وازیان لە خوداوەند خودای
باوو باپیرانیان هێناوە، ئەوەی لە خاکی میسـرەوە دەریهێنان و
دەسـتیان بە خودایانی دیکەوە گرت و کڕنۆشـیان بۆ بردن و
خزمەتیان کردن، لەبەرئەوە ئەم هەموو خراپەیەی بەسـەریاندا
هێناوە.

# ٨

١ ئینجا لە کۆتایی ئەو بیسـت سـاڵەی کە سـلێمان تیایدا ماڵی
خوداوەند و ماڵەکەی خۆی بنیادنا، ٢ سـلێمان ئەو شـارانەی بنیادنا
کە حۆرام پاشا پێی دا و نەوەی ئیسڕائیلی تیایاندا نیشتەجێ کرد.
٣ ئینجا سلێمان چوو بۆ حەمات چوبە و زاڵ بوو بەسەریدا. ٤ ئینجا
تەدموری لە چۆڵەوانیدا بنیادنا و هەموو شـارەکانی عەمبار و لە
حەماتدا بنیادنا. ٥ ئینجا بێیت خۆرۆنی سـەروو و بێیت خۆرۆنی
خواروی بنیادنا کە شاری قەڵابەند بوون بە شورا و دەروازە و
شیش بەند. ٦ هەروەها بەعلە و هەموو شارەکانی عەمبار کە هی
سلێمان بوون و شارەکانی گالیسکەکان و ئەسپسوارەکان و هەموو
ئەوەی سـلێمان ئارەزووی کرد بنیادی بنێت لە ئۆرشـەلیم و لە
لوبنان و لە هەموو زەوی دەسەڵاتەکەی. ٧ بەڵام هەموو ئەو گەلەی
مـابوونەوە لە حسـییەکـان و ئامورییەکـان و فیرزییەکـان و
حوییەکان و یەبوسـییەکان، ئەوانەی لە ئیسـڕائیل نەبوون، ٨ لە
نەوەکـانیـان ئەوانەی لە پـاش خۆیـان لە زەوییەکەدا مـابوونەوە،
ئەوانەی نەوەی ئیسـڕائیل لەناویان نەبردن، سـلێمان تا ئەمڕۆ
کاری بێگاری بەسەردا سەپاندن. ٩ بەڵام سلێمان کەسی لە نەوەی
ئیسـڕائیل نەکرد بە کۆیلە بۆ کـارەکەی، چونکە ئەوان پیـاوانی
جەنگ و سەرکردەی فەرماندەکانی و سەرکردەی گالیسکەکانی و
ئەسـپ سـوارەکانی بوون. ١٠ ئەمانە سـەرکردە بریکارەکانن کە
لەسـەر کارەکانی سـلێمان بوون، دوو سـەد و پەنجا دەسـەڵاتدار
بەسـەر ئەو خەڵکەی کارەکەیان دەکرد. ١١ بەڵام سـلێمان کچەکەی
فیرعەونی لە شـاری داودەوە سـەرخسـت بۆ ئەو ماڵەی کە بۆی
بنیادنا، چونکە وتی: ژنی من لە ماڵی داودی پاشـای ئیسـڕائیلدا
دانانیشـێت، لەبەرئەوەی ئەو شـوێنانەی سـندوقی خوداوەندی
چووەتە ناو شوێنی پیرۆزن.
١٢ ئینجا سلێمان قوربانی سووتاوی بۆ خوداوەند سەرخستە سەر
ئەو قوربـانگـایەی خوداوەنـد کە لەبەردەم هەیوانەکە بنیـادینـا.
١٣ قوربـانییە سـووتـاوەکان هەریەکەو لە ڕۆژی خۆیدا، بە پێی
فەرمانەکەی موسـا، لە ڕۆژەکانی پشـوودان و سـەرەمانگەکان و
جەژنە دیاریکراوەکان، سێ جار لە سـاڵێکدا، لە جەژنی فەتیرە و
لە جەژنی هەفتەکـان و لە جەژنی کەپرە شـینە. ١٤ ئینجا بە پێی
بڕیاری داودی باوکی، کۆمەڵی کاهینەکان لەسـەر خزمەتەکەی
خۆیان و لێڤییەکان لەسـەر ئەرکی خۆیان بۆ سـتایش کردن و بۆ
خزمەتکردن لەبەردەم کـاهینەکـان هەریەکەو لە ڕۆژی خۆیدا و
دەرگاوانەکانیش لە کۆمەڵەکانی خۆیان لەسـەر هەموو دەرگاکان،
چونکە ئەمە فەرمـانەکەی داودی پیـاوی خودا بوو. ١٥ جـا لە
فەرمانی پاشا لایاننەدا سەبارەت بە کاهینەکان و لێڤییەکان لە هیچ
کارێك و لە خەزێنەکانیش.
١٦ بەم شـێوەیە هەموو کارەکانی سـلێمان ئامادەکرا، لە ڕۆژی
بناغەدانانیەوە تا تەواو بوونی، جا ماڵی خوداوەند تەواو بوو.
١٧ ئینجا سلێمان چوو بۆ عەچێون گێبەر و ئەیلۆت لەسەر کەناری
دەریا لە خاکی ئەدۆمدا. ١٨ حورامیش بەدەسـت خزمەتکارەکانی
کەشـتی و خزمەتکارانی نارد کە لە دەریایان دەزانی و لەگەڵ
خزمەتکارەکانی سـلێماندا هاتن بۆ ئۆفیر و لەوێوە چوار سـەد و
پەنجا کیکەر زێڕیان هەڵگرت و هێنایان بۆ سلێمان پاشا.

# ٩

١ کاتێ شـاژنی شبا دەربارەی ناوبانگی سلێمانی بیست، هات تا
سـلێمان بە چەند مەتەڵێك تاقی بکاتەوە. بە کەژاوەیەکی زۆر
گەورەوە، حوشتری بارکراو لە بۆنوبەرام و زێڕی زۆر و بەردی
گرانبەها. جا هات بۆ لای سلێمان و لەبارەی هەموو ئەو شتانەی
لەدڵیدا بوو قسـەی لەگەڵ کرد. ٢ سـلێمـانیش وەڵامی هەموو
پرسیارەکانی دایەوە و هیچ شتێك لە سلێمان شاراوە نەبوو وەڵامی
نەداتەوە. ٣ کاتێ شـاژنی شبا دانایی سلێمان و ئەو ماڵەی بینی کە
بنیادی نابوو. ٤ هەروەها خواردنی سەر خوانەکەی و هەمەجۆری
دەستوپێوەندەکانی و ڕێکوپێکی خزمەتکارەکانی و جلوبەرگاکانیان
و سـاقییەکانی جلوبەرگاکانیان و ڕێگای چوونە ژوورەوەی کە
پێیدا سەردەکەوت بۆ ماڵی خوداوەند بینی، واقیوڕما و ٥ بە پاشای
وت: ڕاستە ئەو هەواڵەی کە لە خاکەکەمدا بیستم لەبارەی کاروبار
و داناییەکەت، ٦ بڕوام بەو هەواڵانە نەکرد تا نەهاتم و بە چاوی
خۆم نەمبینی و ئەوەتا نیوەی زۆری داناییەکەتم پێڕانەگەیەنراوە،
زیاتر بوویت لەو هەواڵەی کە بیستبووم. ٧ خۆزگە دەخوازرێ بە
پیاوەکانت، خۆزگە دەخوازرێ بە خزمەتکارەکانت، ئەمانە کە
هەمیشـە لەبەردەمت ڕاوەسـتاون و داناییەکەت دەبیسـتن. ٨ با
خوداوەند خوداکەت پیرۆز بێت ئەوەی پێت دڵشـادە و لەسـەر
تەخت دایناویت ببیت بە پاشا بۆ خوداوەند خودات، چونکە خودات
ئیسڕائیلی خۆشویستووە بۆ ئەوەی تا هەتایە جێگیری بکات و تۆی
کردووە بە پاشـا بەسـەریانەوە تا دادوەری و ڕاسـتودروسـتی
پیادەبکەیت.
٩ ئینجا سـەد و بیسـت کێش زێڕ و بۆنوبەرامێکی زۆر و بەردی
گرانبەهای دا بە پاشـا، جارێکی تر بۆنوبەرامی ئاوها زۆر نەهات
هێندەی ئەوەی شـاژنی شـبا بە سـلێمان پاشـای دا. ١٠ هەروەها
خزمەتکارەکانی حیرام و خزمەتکارەکانی سـلێمان، ئەوانەی لە
ئۆفیرەوە زێڕیان هێنابوو، دار سـاج و بەردی گرانبەهاشـیان
هێنابوو. ١١ پاشا لەو دار ساجانە پێپلیکانەی بۆ ماڵی خوداوەند و بۆ
ماڵی پاشا و قیسارە و عودی بۆ گۆرانی بێژەکان دروستکرد، وەك
ئەو دارانە پێشتر لە خاکی یەهوزادا نەبینرابوو.
١٢ سلێمان پاشا هەموو ئەو شتانەی بە شاژنی شبا دا کە ئارەزووی
کردن، جگە لەوەی بەرامبەر بەوەی بۆ پاشـا هێنابووی. ئینجا
بەڕێکەوت و ڕۆیشتەوە بۆ خاکەکەی، خۆی و خزمەتکارەکانی.
١٣ کێشی ئەو زێڕەش کە لە ساڵێکدا بۆ سلێمان هات، شەش سەد و
شـەسـت و شـەش کیکەر زێڕ بوو، ١٤ جگە لەوەی لەلای
بازرگانەکان و لە فرۆشـیارەکان و هەموو پاشـایانی عەرەب و
فەرمـانڕەوایـانی زەوییەکەوە زێڕ و زیو بۆ سـلێمـان دەهـات.
١٥ سلێمان پاشـا دوو سـەد قەڵغانی لە زێڕی کوتراو دروسـتکرد،
شـەش سـەد شـاقل زێڕی کوتراو بۆ هەر قەڵغانێك. ١٦ سـێ سـەد
سپەریشـی لە زێڕی کوتراو دروسـتکرد، سێ سەد شـاقل زێڕ بۆ
هەر سپەرێك. ئینجا پاشا لە ماڵی دارستانی لوبناندا داینان.

١٧ هەروەها پاشا کورسییەکی گەورەی لە عاج دروستکرد و بە
زێڕی بێگەرد ڕووپۆشی کرد. ١٨ کورسییەکە شەش پێ پلەی
هەبوو لەگەڵ جێ پێیەك و هەمووی بەیەکەوە بەسترابوون و دوو
دەست لەملا و لەولایەوە لەسەر شوێنی دانیشتنەکە و دوو شێری
ڕاوەستاویش لەتەنیشت دەستەکانەوە. ١٩ دوانزە شێری
ڕاوەستاویشی لەسەر ئەم لاو ئەو لای شەش پێ پلەکە هەبوو.
لەهیچ پاشایەتییەك شتی وا دروست نەکرابوو.
٢٠ هەموو قاپوقاچاخەکانی خواردنەوەی سلێمان پاشا زێڕ بوو،
هەروەها هەموو قاپوقاچاخەکانی ماڵی دارستانی لوبنان لە زێڕی
بێگەرد بوون، زیوو لە ڕۆژانی سلێماندا هیچ بەهایەکی نەبوو.
٢١ چونکە کەشتییەکانی پاشا بۆ تەرشیش دەچوون لەگەڵ
خزمەتکارەکانی حۆرام، سێ ساڵ جارێك کەشتییەکانی تەرشیش
دەهاتن و زێڕ و زیو و عاج و مەیمون و تاوسیان بارکردبوو.
٢٢ سلێمان پاشا لە دانایی و لە دەوڵەمەندیدا لە هەموو پاشاکانی
زەوی مەزنتربوو. ٢٣ هەموو پاشایانی زەوی بە ئاواتی بینینی
ڕووی سلێمان بوون تا گوێ لە داناییەکەی بگرن کە خودا لەدڵیدا
دایnابوو. ٢٤ هەریەکەو ساڵ لەدوای ساڵ بە دیاری خۆیانەوە
دەهاتن، لە قاپوقاچاخی زیو و زێڕ و جلوبەرگ و چەك و بۆنوبرام
و ئەسپ و هێستر. ٢٥ سلێمان چوار هەزار ئاخوڕی ئەسپ و
گالیسکە و دوانزە هەزار ئەسپسواری هەبوو. جا لە شارەکانی
گالیسکەکان و لەگەڵ پاشا لە ئۆرشەلیمدا داینان. ٢٦ جا بەسەر
هەموو پاشایەکاندا دەسەڵاتدار بوو، لە ڕووبارەوە تا خاکی
فەلەستین و سنووری میسر. ٢٧ هەروەها پاشا وای کرد لە
ئۆرشەلیمدا زیو وەك بەردی لێبێ و دار ئورزیش وەك دار
هەنجیری دەشت لە زۆریدا. ٢٨ ئەسپیان لە میسرە و هەموو
وڵاتێکەوە بۆ سلێمان دەهێنا.
٢٩ پاشماوەی کاروبارەکانی سلێمان لە سەرەتاوە تا کۆتایی ئایا لە
هەواڵەکانی ناسانی پێغەمبەر و لە پێشبینییەکەی ئەخیای شیلۆنی و
لە بینینەکەی یەعدۆی بینەر سەبارەت بە یەروبعامی کوڕی نابات
نەنووسراون؟ ٣٠ ئەو ڕۆژانەی کە سلێمان تیایدا لە ئۆرشەلیمدا
پاشایەتی بەسەر هەموو ئیسرائیلەوە کرد چل ساڵ بوون. ٣١ پاشان
سلێمان لەگەڵ باووباپیرانیدا سەری نایەوە و لە شارەکەی داودی
باوکیدا نێژرا و ڕەحوبعامی کوڕی لەدوای خۆیدا بوو بە پاشا.

## ١٠

١ ئینجا ڕەحوبعام چوو بۆ شەکیم، چونکە هەموو ئیسرائیل هاتن بۆ
شەکیم تا بیکەن بە پاشا. ٢ ئەوە بوو کە یەربوعامی کوڕی نابات
ئەمەی بیست، کاتێ لە میسر بوو، ئەوەی لە ڕووی سلێمان پاشا
هەڵاتبوو. جا یەربوعام لە میسرەوە گەڕایەوە. ٣ جا ناردیان
بەدوایدا و بانگیان کرد، ئینجا یەربوعام و هەموو ئیسرائیل
قسەیان لەگەڵ ڕەحوبعامدا کرد و وتیان: ٤ باوکت نیرەکەمانی
سەخت کرد، بەڵام ئێستا لە ئەرکە سەختەکەی باوکت و لە نیرە
قورسەکەمان سووك بکەوە، ئێمەش خزمەتت دەکەین. ٥ ئەویش
پێی وتن: پاش سێ ڕۆژ بگەڕێنەوە بۆ لام. گەلیش ڕۆیشتن.
٦ ئینجا ڕەحوبعام پاشا ڕاوێژی بەو ڕیش سپییانە کرد کە لەبەردەم
سلێمانی باوکیدا کە هێشتا زیندوو بوو ڕادەوەستان، وتی:
تەکبیرتان چییە، چۆن وەڵامی ئەم گەلە بدەمەوە؟ ٧ ئەوانیش
قسەیان لەگەڵیدا کرد و وتیان: گەر لەگەڵ ئەم گەلە چاك بیت و
ڕازییان بکەیت و قسەی چاکیان لەگەڵدا بکەیت، ئەوا هەموو
ڕۆژان دەبن بە خزمەتکارت.
٨ جا ڕاوێژی ڕیش سپییەکانی ڕەتکردەوە کە پێیان دا و ڕاوێژی
بەو گەنجانە کرد کە لەگەڵیدا گەورە بوون و لەبەردەمیدا
ڕادەوەستان. ٩ پێی وتن: ئێوە تەکبیرتان چییە و بە چی وەڵامی ئەم
گەلە بدەینەوە، کە قسەیان لەگەڵدا کردووم و وتیان، ئەو نیرەی
باوکت کە لەسەرمانی داناوە سووکی بکەوە؟ ١٠ گەنجەکانیش
ئەوانەی لەگەڵیدا گەورەبوون، قسەیان لەگەڵدا کرد و وتیان: ئاوا
بەم گەلە بڵێ، ئەوانەی قسەیان لەگەڵدا کردی و وتیان،
باوکت نیرەکەمانی قورس کردووە،
بەڵام تۆ لەسەرمان سووکی بکەوە.
ئاوا قسەیان لەگەڵدا بکە، پەنجە تووتەم لە کەمەری باوکم
ئەستوورترە. ١١ ئێستاش باوکم بە نیرێکی قورس باری کردوون،
منیش زیاتر دەخەمە سەر نیرەکەتان،
باوکم بە قەمچی تەمێی کردوون،
من بە دووپشك.
١٢ ئینجا یەروبعام و هەموو گەل لە ڕۆژی سێیەمدا هاتن بۆ لای
ڕەحوبعام، هەروەك پاشا قسەی کرد و وتی، لە ڕۆژی سێیەمدا
بگەڕێنەوە بۆلام. ١٣ پاشا بەتوندی وەڵامی دانەوە و تەکبیری ڕیش
سپییەکانی پشتگوێ خست و ١٤ بە پێی تەکبیری گەنجەکان قسەی
لەگەڵدا کردن و وتی:
باوکم نیرەکەتانی قورس کرد،
منیش زیاتری دەخەمە سەر،
باوکم بە قامچی تەمبێی کردن،
من بە دووپشك.
١٥ پاشا گوێی لە گەل نەگرت، چونکە ئەم هەڵگەڕانەوەیە لەلای
خوداوە بوو، تا خوداوەند وتەکەی بهێنێتە دی، ئەوەی بە دەستی
ئەخییای شیلونی بە یەروبعامی کوڕی ناباتی فەرمووبوو.
١٦ کاتێ هەموو ئیسرائیل بینییان پاشا گوێی لێ نەگرتن، گەل
وەڵامی پاشایان دایەوە و وتیان:
چ بەشێکمان لە داوددا هەیە و
چ میراتێك لە کوڕی یەسسا؟
بۆ چادرەکانتان ئەی ئیسرائیل،
ئێستاش تەماشای ماڵەکەت بکە داود!
جا ئیسرائیل بۆ چادرەکانیان ڕۆیشتن.
١٧ بەڵام نەوەی ئیسرائیل ئەوانەی نیشتەجێی شارەکانی یەهوزا
بوون، ڕەحوبعام پاشایەتی بەسەر کردن.
١٨ ڕەحوبعام پاشا ئەدۆرامی نارد ئەوەی بەسەر کاری بێگارەوە
بوو، بەڵام نەوەی ئیسرائیل بەرد بارانیان کرد و مرد. جا
ڕەحوبعام پاشا بەپەلە سواری گالیسکەیەك بوو تا بەرەو ئۆرشەلیم
هەڵبێت. ١٩ بەو شێوەیە ئیسرائیل تا ئەمڕۆ لە ماڵی داود یاخی بوو.

## ١١

١ کاتێ ڕەحوبعام گەیشتە ئۆرشەلیم، ماڵی یەهوزا و بنیامینی
کۆکردەوە، سەد و هەشتا هەزار هەڵبژاردەی جەنگاوەر، تا دژ بە
ئیسرائیل بجەنگێن و پاشایەتییەکە بۆ ڕەحوبعام بگێڕنەوە.
٢ ئەوە بوو وشەی خوداوەند بۆ شیمعیای پیاوی خودا هات و
فەرمووی: ٣ بە ڕەحوبعامی کوڕی سلێمان، پاشای یەهوزا و بە
هەموو ئیسرائیل لە یەهوزا و بنیامین بڵێ، ٤ خوداوەند ئاوای
فەرمووە، سەرمەکەون و لە دژی براکانتان مەجەنگن. هەریەکەو
بۆ ماڵی خۆی بگەڕێتەوە، چونکە ئەمە لە لایەن منەوەیە. ئەوانیش
گوێیان لە قسەی خوداوەند گرت و نەڕۆیشتن دژ بە یەروبعام
گەڕانەوە.
٥ ئینجا ڕەحوبعام لە ئۆرشەلیمدا نیشتەجێ بوو و لە یەهوزادا چەند
شارێکی قەڵابەندی بنیادنا، ٦ جا بێتلەحم و عیتام تەقوع و ٧ بێیت
چوڕ و سوکۆ و عەدوللام و ٨ گەت و مەریشە و زیف و
٩ ئەدورایم و لەخیش و عەزیقە و ١٠ چەڕعە و ئەیەلون و خەبرۆن،
ئەو شارە قەڵابەندانەی لەناو یەهوزا و بنیامین بوون. ١١ جا

قەڵاکانی بەهێزکرد و فەرماندەکان و عەمبارەکانی خواردن و زەیت و مەییان تێدا دانا. ١٢ لە هەموو شارێکیش قەڵغان و ڕمی دانا و زۆر بەهێزی کردن و یەهوزا و بنیامین هی ئەو بوون.
١٣ کاهینەکان و لێڤییەکانیش لە هەموو سنوورەکانیان لە هەموو ئیسڕائیلدا لای ئەمیان گرت. ١٤ چونکە لێڤییەکان لەوەڕگاکانیان و موڵکەکانیان بەجێهێشت و چوون بۆ یەهوزا و بۆ ئۆرشەلیم، لەبەر ئەوەی یەروبعام و کوڕەکانی ڕەتیان کردنەوە کە کاهینێتی بۆ خوداوەند بکەن. ١٥ جا بۆ خۆی چەند کاهینێکی دانا بۆ بەرزاییەکان و بۆ ئەو ڕۆحە پیسانەی لەشێوەی کارەبزنن و گوێرەکەکان کە دروستی کردن. ١٦ پاش ئەوان لە هەموو هۆزەکانی ئیسڕائیلەوە ئەوانە هاتن بۆ ئۆرشەلیم کە دڵیان بەدوای داواکردنی خوداوەند خودای ئیسڕائیلەوە بوو، تا قوربانی بۆ خوداوەند خودای باووباپیرانیان سەرببڕن. ١٧ جا پاشایەتییەکەی یەهوزایان بەهێزکرد و سێ ساڵ پاڵپشتی ڕەحوبعامی کوڕی سلێمانیان کرد، چونکە سێ ساڵ ڕێگای داود و سلێمانیان گرتەبەر.
١٨ ئینجا ڕەحوبعام مەحلەی کچی یەریموسی کوڕی داود و ئەبیهایلی کچی ئەلیابی کوڕی یەسسای هێنا و ١٩ ئەویش کوڕانی بۆ خستەوە، یەعوش و شەمریا و زەهام. ٢٠ ئینجا مەعکەی کچی ئەبشالۆمی هێنا و ئەویش ئەبیا و عەتای و زیزا و شلومیسی بۆ خستەوە. ٢١ جا ڕەحوبعام مەعکەی کچی ئەبشالۆمی لە هەموو ژن و کەنیزەکانی زیاتر خۆش دەویست، چونکە هەژدە ژن و شەست کەنیزەی هەبوو و بیست و هەشت کوڕ و شەست کچیشی بۆ لەدایك بوو. ٢٢ ئینجا ڕەحوبعام ئەبییای کوڕی مەعکەی کرد بە سەرۆك تا فەرماندە بێت لەنێو براکانی تا لەجێی خۆی بیکات بە پاشا. ٢٣ جا تێگەیشتوو بوو و لە هەموو کوڕەکانی بەناو هەموو زەوییەکانی یەهوزا و بنیامیندا لە هەموو شارە قەڵا بەندەکاندا بڵاوکردەوە و خواردنی زۆری پێدان و ژنی زۆریشی بۆ هێنان.

# ١٢

١ ئەوەبوو کە پاشایەتییەکەی ڕەحوبعام جێگیر بوو و بەهێز بوو، وازی لە فێرکردنەکانی خوداوەند هێنا و هەموو ئیسڕائیلیش لەگەڵیدا بوون.
٢ ئەوەبوو لە پێنجەمین ساڵی ڕەحوبعام پاشادا، شیشەقی پاشای میسر پەلاماری ئۆرشەلیمیدا، چونکە ناپاکییان لەگەڵ خوداوەندا کرد. ٣ بە هەزار و دوو سەد گالیسکە و شەست هەزار سوار و ئەو گەلەش کە لە میسرەوە لەگەڵیدا هاتبوون بێ شومار بوون، لوبییەکان و سوکییەکان و کوشییەکان. ٤ شارە قەڵابەندەکانی یەهوزای گرت و تا ئۆرشەلیم هات.
٥ ئینجا شەمعیا پێغەمبەر هات بۆ لای ڕەحوبعام و ئەو سەرکردانەی یەهوزا کە لەبەردەم شیشەق هەڵاتبوون بۆ ئۆرشەلیم و پێی وتن: خوداوەند ئاوای فەرمووە، ئێوە وازتان لە من هێنا، بۆیە منیش لەناو دەستی شیشەقدا وازم لێهێنان. ٦ ئینجا سەرکردەکانی ئیسڕائیل و پاشاش خۆیان زەلیل کرد و وتیان: خوداوەند ڕاستودروستە. ٧ کە خوداوەند بینی زەلیل بوون، وشەی خوداوەند بۆ شەمعیا هات و فەرمووی: خۆیان زەلیل کرد، بۆیە لەناویان نابەم، بەڵکو سووکە دەربازبوونێکیان پێ دەدەم و لەسەر دەستی شیشەق تووڕەییم بەسەر ئۆرشەلیمدا نابارێنم، ٨ چونکە دەبن بە کۆیلەی ئەو تا جیاوازی نێوان خزمەتکردنی من و خزمەتکردنی پاشایەتییەکانی وڵاتانی دیکە بزانن.
٩ ئینجا شیشەقی پاشای میسر پەلاماری ئۆرشەلیمی دا و خەزێنەکانی ماڵی خوداوەند و خەزێنەکانی ماڵی پاشای برد، هەر هەمووی برد، هەروەها ئەو قەڵغانە زێڕینانەشی برد کە سلێمان دروستی کردبوون. ١٠ لەبەرئەوە ڕەحوبعام پاشا لەباتی ئەوانە قەڵغانی مسی دروستکرد و دانی بەدەست سەرکردەکانی پاسەوانەکان، ئەوانەی پاسەوانی دەروازەی ماڵی پاشایان دەکرد.
١١ جا کاتێ پاشا بهاتبایە بۆ ماڵی خوداوەند پاسەوانەکان دەهاتن و هەڵیاندەگرتن، پاشان دەیانگێڕانەوە بۆ ژووری پاسەوانەکان.
١٢ کە خۆی زەلیل کرد، تووڕەیی خوداوەند لێی گەڕایەوە و بەتەواوی لەناوی نەبرد، هەروەها لە یەهوزادا شتی باش هەبوو.
١٣ ئینجا ڕەحوبعام پاشا لە ئۆرشەلیمدا بەهێز بوو و پاشایەتی کرد، چونکە تەمەنی چل و یەك ساڵ بوو کاتێ بوو بە پاشا و حەڤدە ساڵ لە ئۆرشەلیمدا پاشایەتی کرد، ئەو شارەی کە خوداوەند هەڵیبژارد لەناو هەموو هۆزەکانی ئیسڕائیلدا تا ناوی خۆیی تێدا دابنێت. دایکیشی ناوی نەعمەی عەمونی بوو. ١٤ ئەو خراپەی کرد، چونکە دڵی ئامادە نەکرد بۆ داواکردنی خوداوەند.
١٥ کاروبارەکانی ڕەحوبعامیش لەسەرەتاوە تا کۆتایی، ئایا لە پەرتووکی هەواڵەکانی شەمعیا پێغەمبەر و عیددوی بینەردا دەربارەی ڕەچەڵەك نەنووسراون؟ بە درێژایی ڕۆژانیش جەنگ هەبوو لەنێوان ڕەحوبعام و یەروبعام. ١٦ ئینجا ڕەحوبعام لەگەڵ باووباپیرانیدا سەری نایەوە و لە شاری داوددا نێژرا و ئەبییای کوڕی لە جێی ئەو بوو بە پاشا.

# ١٣

١ لە هەژدەیەمین ساڵی یەروبعام پاشادا، ئەبیا بوو بە پاشای یەهوزا. ٢ سێ ساڵ لە ئۆرشەلیمدا پاشایەتی کرد و دایکیشی ناوی میخایای کچی ئوریئیل بوو و خەڵکی گبعە بوو. هەروەها جەنگ لەنێوان ئەبیا و یەروبعامدا هەڵگیرسا و ٣ ئەبیا جەنگەکەی بە سوپای پاڵەوانە جەنگاوەرەکان دەست پێکرد، بە چوار سەد هەزار پیاوی هەڵبژاردە و یەروبعامیش بەرامبەری ڕیزی بەست بۆ جەنگ بە هەشت سەد هەزار پیاوی هەڵبژاردە، کە پاڵەوانی بەتوانا بوون.
٤ ئینجا ئەبیا لەسەر چیای چمارایم کە لە چیای ئەفرایمە ڕاوەستا و وتی: یەروبعام و هەموو ئیسڕائیل گوێم لێ بگرن: ٥ ئایا نازانن کە خوداوەند خودای ئیسڕائیل پاشایەتی ئیسڕائیلی تاهەتایە بە پەیمانی خوێ بە داود و کوڕەکانی داوە؟ ٦ کەچی یەروبعامی کوڕی نابات، خزمەتکاری سلێمانی کوڕی داود هەستا و لە گەورەکەی یاخی بوو، ٧ جا پیاوانی هیچوپووچ و سووکوچروك لێی کۆبوونەوە و خۆیان دژ بە ڕەحوبعامی کوڕی سلێمان بەهێز کرد و ڕەحوبعامیش گەنجێکی پێنەگەیشتوو بوو و خۆی لەبەردەمیاندا نەگرت. ٨ ئێستاش ئێوە دەڵێن کە خۆتان لەبەردەم پاشایەتی خوداوەنددا ڕادەگرن کە بە دەستی نەوەی داودەوەیە. ڕاستە ئێوە کۆمەڵێکی زۆرن و گوێرەکەی زێڕەکانیشتان لەگەڵدایە کە یەروبعام کردونی بە خوداکانتان. ٩ ئایا ئێوە کاهینەکانی خوداوەند، نەوەکانی هارون و لێڤییەکانتان دەرنەکرد و وەك گەلانی خاکەکان کاهینتان بۆ خۆتان دانەنا؟ ئەوەی بێت بۆ خۆتەرخان کردن بە گوێرەکەیەك و حەوت بەرانەوە، بوو بە کاهینی ئەوانەی کە خودا نین.
١٠ بەڵام ئێمە خوداوەند خودامانە و وازمان لێ نەهێناوە و ئەو کاهینانەی خزمەتی خوداوەندیش دەکەن نەوەی هارون و لێڤییەکانن لە کاردا و ١١ هەموو بەیانیەك و ئێوارەیەك قوربانی سووتاو بۆ خوداوەند دەکەین، هەروەها بخووری بۆندار و نانی تەرخانکراویش لەسەر مێزە بێگەردەکە و چرادانە زێڕەکە و چراکانیشی هەموو ئێوارەیەك دادەگیرسێنین، چونکە ئێمە فەرمانەکانی خوداوەند خودای خۆمان پاراستووە، بەڵام ئێوە وازتان لێ هێناوە. ١٢ ئەوەتا خودا وەك سەرۆك لەگەڵماندایە و کاهینەکانی زووڕناکانی هوتاف کێشان بۆ هوتاف کێشان

بەسەرتاندا، جا ئەی نەوەی ئیسڕائیل جەنگ دژ بە خوداوەند
خودای باوباپیرانتان مەکەن، چونکە سەرکەوتوو نابن.
١٣ بەڵام یەرۆبعام وای کرد بۆسەکە لە دواوە بۆیان بێن، بەو
شێوەیە لەبەردەم یەهوزادا بوون و بۆسەکەش لە پشتیانەوە بوو.
١٤ جا کاتێ نەوەی یەهوزا ئاوڕیاندایەوە، بینیان ئەوەتا جەنگ لە
پێش و پاشەوە دژیانە. جا هاواریان بۆ خوداوەند کرد و
کاهینەکانیش زووڕنایان لێدا. ١٥ ئینجا پیاوانی یەهوزا هاواریان
کرد. کاتێ پیاوانی یەهوزا هاواریان کرد، خودا لەبەردەم ئەبییا و
یەهوزادا لە یەرۆبعام و هەموو ئیسڕائیلی دا. ١٦ جا ئیسڕائیل
لەبەردەم یەهوزادا شکان و خودا دایانی بەدەستیانەوە. ١٧ ئینجا
ئەبییا و گەلەکەی لێدانێکی گەورەیان لێدان و پێنج سەد هەزار
پیاوی هەڵبژاردە لە ئیسڕائیل بە کوژراوی کەوتن. ١٨ جا لەو
کاتەدا نەوەی ئیسڕائیل زەلیل بوون و نەوەی یەهوزا ورەیان
بەرز بوو، چونکە پشتیان بە خوداوەند خودای باوباپیرانیان
بەست. ١٩ ئینجا ئەبییا یەرۆبعامی ڕاونا و شارەکانی بێیت ئێل و
گوندەکانی و یشانە و گوندەکانی و عەفرون و گوندەکانی لێسەند .
٢٠ جا یەرۆبعام چیتر لە ڕۆژەکانی ئەبییادا هێزدار نەبوو و
خوداوەندیش لێیدا و مرد.
٢١ بەڵام ئەبییا بەهێز بوو و چواردە ژنی هێنا و بیست و دوو کوڕ
و شانزە کچی بۆ لەدایك بوو. ٢٢ پاشماوەی کارەکانی ئەبییا و ڕێگا
و وتەکانی لە مێژووی ژیانی عیدۆ پێغەمبەردا نووسراون.

# ١٤

١ ئینجا ئەبییا لەگەڵ باوباپیرانیدا سەری نایەوە و لە شاری داوددا
ناشتیان و ئاسای کوڕی لەجێی ئەو بوو بە پاشا. لە ڕۆژانی ئەودا
زەوی بۆ ماوەی دە ساڵ حەسایەوە.
٢ ئاساش لەبەرچاوی خوداوەندی خودایدا کرداری چاك و ڕاستی
کرد و ٣ قوربانگا نامۆکان و بەرزاییەکانی داماڵی و ستوونە
بەردینەکانی شکاند و ئەشێرەکانی بڕییەوە و ٤ بە یەهوزای وت
کە داوای خوداوەند خودای باوباپیرانیان بکەن و کار بە فێرکردن
و فەرمانەکان بکەن. ٥ لە هەموو شارەکانی یەهوزاشدا
بەرزاییەکان و قوربانگاکانی بخووری داماڵی و پاشایەتییەکە
لەبەردەمی حەسایەوە. ٦ هەروەها لە یەهوزادا چەند شارێکی
قەڵابەندی بنیادنا، چونکە زەوییەکە حەسایەوە، جا لە ساڵانی ئەودا
جەنگ نەبوو، چونکە خوداوەند حەساندبییەوە. ٧ هەروەها بە
یەهوزای وت: با ئەم شارانە بنیاد بنێین و بە دیوار و قوڵە و
دەروازە و کەتییە دەوریان بدەین، تا زەوییەکە لەبەردەممانە،
چونکە داوای خوداوەند خودای خۆمان کرد، داوامان کرد ئەویش
لە هەموو لایەکەوە ئێمەی حەساندەوە. جا بنیادیاننا و سەرکەوتوو
بوون.
٨ ئاسا سوپایەکی هەبوو هەڵگری قەڵغان و ڕم بوون و سێ سەد
هەزار کەس دەبوون لە یەهوزا، لە بنیامینیش قەڵغان هەڵگر و تیر
هاوێژ، دوو سەد و هەشتا هەزار کە هەموویان پاڵەوانی بەهێز
بوون.
٩ ئینجا زارەحی کوشی بە سوپایەکی هەزار هەزارە و بە سێ سەد
گالیسکەوە بۆیان دەرچوو و هات تا مەریشە. ١٠ ئاساش بۆ
بەرەنگاربوونەوەی دەرچوو و لە دۆڵی چفاتە لەلای مەریشەدا بۆ
جەنگ ڕیزیان بەست. ١١ ئینجا ئاسا هاواری بۆ خوداوەند خودای
کرد و وتی: خوداوەند، جیاوازیی نییە بۆ تۆ یارمەتی ئەوانە
بدەیت کە زۆرن یان ئەوانەی هێزیان نییە. یارمەتیمان بدە ئەی
خوداوەندی خودامان چونکە ئێمە پشتمان بە تۆ بەستووە و بەناوی
تۆوە هاتووین بۆ شەڕ لەگەڵ ئەم سوپایە. ئەی خوداوەند تۆ
خودامانی و مرۆڤ نییە دەرەقەتت بێت.
١٢ ئینجا خوداوەند لەبەردەم ئاسا و یەهوزادا لە کوشییەکانی دا، جا
کوشییەکان هەڵاتن و ١٣ ئاسا و ئەو گەلەش کە لەگەڵی بوون تا
گرار ڕاویانان لە کوشییەکان ئەوەندە کەوت کە زیندوویان تێدا
نەمایەوە، چونکە لەبەردەم خوداوەند و سوپاکەی شکانەوە، جا
تاڵانێکی زۆریان دەستکەوت.
١٤ پاشان لە هەموو شارەکانی دەوروبەری گراریان دا، چونکە
ترسی خوداوەند باڵی بەسەریاندا کێشابوو. هەموو شارەکانیشیان
تاڵانکرد، چونکە تاڵانێکی زۆریان تیادا بوو. ١٥ هەروەها لە
چادرەکانی مەڕوماڵاتەکانیان دا و مەڕ و حوشتری زۆریان دایە
پێش خۆیان و گەڕانەوە بۆ ئۆرشەلیم.

# ١٥

١ عەزەریای کوڕی عۆدید ڕۆحی خودا هاتە سەری و ٢ ئەویش
دەرچوو بۆ بەردەم ئاسا و پێی وت: ئەی ئاسا و هەموو یەهوزا و
بنیامین گوێم لێ بگرن، خوداوەند تا لەگەڵیدا بن لەگەڵتاندا دەبێت،
ئەگەر بەدوایدا بگەڕێن دەیدۆزنەوە و ئەگەر بەجێی بهێڵن بەجێتان
دەهێڵێت. ٣ ئیسرائیل ڕۆژانێکی زۆر بێ خودای ڕاستەقینە و بێ
کاهینی مامۆستا و بێ فێرکردن بوو. ٤ بەڵام کە لە تەنگانەکەیاندا
گەڕانەوە بۆ لای خوداوەند خودای ئیسڕائیل و بەدوایدا گەڕان،
بۆیان پەیدا بوو. ٥ لەو سەردەمانەشدا کەس لە چوونە ژوورەوە و
هاتنە دەرەوەی خۆیدا دڵنیا نەبوو، چونکە نائارامییەکی زۆر باڵی
بەسەر هەموو دانیشتوانی زەوییەکاندا کێشابوو. ٦ جا میللەتێك بە
میللەتێك لەناوبرا و شارێك بە شارێك، چونکە خودا بە هەموو
تەنگانەیەك هەراسانی کردبوون. ٧ بەڵام ئێوە بەهێز بن و دەستتان
شل مەکەن، چونکە پاداشت هەیە بۆ کارەکەتان.
٨ کە ئاسا گوێی لەم قسانە و لە پێشبینییەکەی عۆدید پێغەمبەر بوو،
بەهێز بوو و بتە گڵاوەکانی لە هەموو زەوی یەهوزا و بنیامین و
ئەو شارانەی کە لە چیای ئەفرایمدا گرتنی و ڕیشەکێش کرد و
قوربانگاکەی خوداوەند ئەوەی بەردەم هەیوانەکەی خوداوەندی
نوێ کردەوە. ٩ ئینجا هەموو یەهوزا و بنیامین و ئەو غەریبانەی
کۆکردنەوە کە لەگەڵیاندا بوون لە ئەفرایم و مەنەسسا و شەمعون،
چونکە لە ئیسڕائیلەوە خەڵکێکی زۆر هاتبونە لایان کاتێ
بینیبوویان خوداوەند خودای لەگەڵیدایە.
١٠ ئینجا لە مانگی سێی پانزەیەمین ساڵی پاشایەتی ئاسادا لە
ئۆرشەلیم کۆبوونەوە و ١١ لەو ڕۆژەدا لەو دەستکەوتەی کە هێنایان
حەوت سەد مانگا و حەوت هەزار مەڕیان بۆ خوداوەند سەرپڕی و
١٢ پەیمانێکیان بەست کە بە هەموو دڵ و بە هەموو گیانیانەوە
داوای خوداوەند خودای باوباپیرانیان بکەن و ١٣ هەموو ئەوەی
داوای خوداوەند خودای ئیسرائیل ناکات، لە گەورە و بچووك و لە
پیاو و لە ژن، دەکوژرێت. ١٤ ئینجا سوێندیان بۆ خوداوەند خوارد،
بە دەنگی بەرز و بە هاوتاف و زوڕنا و کەڕەنا لێدان. ١٥ جا
هەموو یەهوزا دڵیان بەو سوێندە خۆشبوو، چونکە بە هەموو
دڵیانەوە سوێندیان خوارد و بەوپەڕی ڕەزامەندییانەوە داوایان کرد
و ئەویش بۆیان پەیدابوو و خوداوەند لەهەموو لایەکەوە
حەواندنیەوە.
١٦ تەنانەت ئاسا مەعکەی دایکی لە شاژنی خست، چونکە پەیکەری
بۆ ئەشێرەیەك دروستکردبوو. ئاسا پەیکەرەکەی بڕییەوە و
کوتییەوە و لە دۆڵی قەدروندا سووتاندی.
١٧ هەرچەندە بەرزاییەکان لە ئیسڕائیلدا دانەماڵران، بەڵام دڵی
ئاسا بە درێژایی ڕۆژەکانی تەواو بوو. ١٨ ئینجا شتە
تەرخانکراوەکانی خۆیی و باوکی لە زیو و زێڕ و قاپوقاچاخ

هێنایە ناو ماڵی خوداوە. ١٩ تا ساڵی سی و پێنجەمینی پاشایەتی ئاسا هیچ جەنگێکی تر هەڵنەگیرسا.

# ١٦

١ لە سی و شەشەمین ساڵی پاشایەتی ئاسادا، بەعشای پاشای ئیسرائیل بەرەو یەهوزا سەرکەوت و ڕامەی بنیادنا تا ڕێگا بە کەس نەدات هاتوچۆی ئاسای پاشای یەهوزا بکات. ٢ ئینجا ئاسا زێڕ و زیوی لە خەزێنەکانی ماڵی خوداوەند و ماڵی پاشا دەرکرد و ناردی بۆ بەنهەدەدی پاشای ئارام کە لە دیمەشق نیشتەجێ بوو و وتی: ٣ لەنێوان من و تۆدا و لەنێوان باوکت و باوکمدا پەیمانێك هەیە، ئەوەتا زیو و زێڕم بۆ ناردوویت، جا تۆش وەرە و پەیمانەکەت لەگەڵ بەعشای پاشای ئیسرائیلدا هەڵوەشێنەرەوە بۆئەوەی دەستم لێ بکێشێتەوە. ٤ بەنهەدەدیش بە قسەی ئاسا پاشای کرد و سەرکردەکانی سوپاکەی ناردە سەر شارەکانی ئیسرائیل و لە عیون و دان و ئابێل میام و هەموو عەمبارەکانی شارەکانی نەفتالی دا. ٥ کە بەعشای ئەمەی بیستەوە، دەستی لە بنیادنانی ڕامە هەڵگرت و کارەکەی بەجێهێشت. ٦ ئینجا ئاسا پاشاش هەموو یەهوزای برد و ئەو بەرد و دارانەی ڕامەی هەڵگرت کە بەعشای بنیادی دەنا، جا گەبەع و میچفاتی پێ بنیادنا.
٧ لەو کاتەدا حەنانی بینەر هات بۆ لای ئاسای پاشای یەهوزا و پێی وت: لەبەرئەوەی پشتت بە پاشای ئارام بەست و پشتت بە خوداوەندی خودات نەبەست، لەبەر ئەمە سوپای پاشای ئارام لە دەستت دەرباز بوو. ٨ ئایا کوشییەکان و لوبییەکان سوپایەکی زۆر نەبوون بە گالیسکە و ئەسپ سواری زۆر زۆرەوە؟ بەڵام کە پشتت بە خوداوەند بەست ئەوانی دا بەدەستتەوە. ٩ چونکە چاوەکانی خوداوەند بەسەر هەموو زەویدا دەگەڕێن بۆ ئەوەی ئەوانە بەهێز بکات کە دڵیان تەواوە لەگەڵیدا، تۆ لەمەدا گێلایەتیت کرد لەبەرئەوە لە ئێستا بەدواوە جەنگ دژت هەڵدەگیرسێت.
١٠ ئینجا ئاسا لەبینەرەکە تووڕە بوو و خستییە زیندانەوە، چونکە لەبەر ئەمە لێی تووڕە بوو. هەروەها ئاسا لەو کاتەدا هەندێك کەسی لە گەل چەوساندەوە و ١١ ئەوەتا کاروبارەکانی ئاسا لە سەرەتاوە تا کۆتایی لە پەرتووکی پاشاکانی یەهوزا و ئیسرائیل دا نووسراون. ١٢ لە سی و نۆیەمین ساڵی پاشایەتییەکەیدا پێی ئاسا تووشی نەخۆشی بوو و تا نەخۆشییەکەی توند بوو، بەڵام لە نەخۆشییەکەشیدا داوای خوداوەندی نەکرد بەڵکو پزیشکەکان.
١٣ ئینجا ئاسا لەگەڵ باووباپیرانیدا سەری نایەوە و لە چل و یەکەمین ساڵی پاشایەتییەکەیدا مرد. ١٤ جا لەو گۆڕانەی بۆ خۆی هەڵیکەندبوو لە شاری داودا ناشتیان و لەسەر نوێنێك دایاننا کە پڕ بوو لە بۆنوبەرام و پێکهاتووی جۆراوجۆری بۆندار بەپێی تێکەڵکردنەکەی. ئینجا ئاگرێکی گەورەیان بۆ کردەوە.

# ١٧

١ ئینجا یەهوشافاتی کوڕی لەجێی ئەو بوو بەپاشا و بەسەر ئیسرائیلدا بەهێز بوو. ٢ جا سوپای لە هەموو شارە قەڵابەندەکانی یەهوزادا دانا و سەرپەرشتیارانی بەسەر خاکی یەهوزا و شارەکانی ئەفرایم کە ئاسای باوکی گرتبووی، دانا. ٣ خوداوەندیش لەگەڵ یەهوشافات بوو، چونکە بە ڕێگاکانی داودی باوکیدا ڕۆیشت و داوای بەعلیمی نەکرد، ٤ بەڵکو داوای خودای باوکی کرد و بە دوای فەرمانەکانی ئەو کەوت، نەك کردارەکانی ئیسرائیل. ٥ لەبەرئەوە خوداوەند جڵەوی پاشایەتییەکەی لە دەستیدا جێگیر کرد و هەموو یەهوزا دیارییان پێشکەش بە یەهوشافات کرد و دەوڵەمەندی و ڕێزی زۆری هەبوو. ٦ هەروەها دڵی بە ڕێگاکانی خوداوەند بەهێز بوو و ئەویش بەرزاییەکان و ئەشێرەکانی لە یەهوزادا داماڵی.
٧ لە سێیەم ساڵی پاشایەتییەکەیدا پەیامی نارد بۆ سەرکردەکانی بۆ بنخەیل و عوبەدیا و زەکەریا و نەسنەئیل و میخایا تا لە شارەکانی یەهوزادا فێرکردن بکەن، ٨ لێڤییەکانیش لەگەڵتاندان، شەمەعیا و نەسەنیا و زەبەدیا و عەسائیل و شەمیراموس و یەهوناسان و ئەدۆنیا و تۆبیا و توب ئەدونیا، لێڤییەکان و هەردوو کاهینەکە، ئەلیشەمەع و یەهورامیش لەگەڵیاندا. ٩ ئینجا لە یەهوزادا گەلیان فێردەکرد و پەرتووکی فێرکردنەکانی خوداوەندیشیان پێبوو و بەناو هەموو شارەکانی یەهوزادا گەڕان و گەلیان فێردەکرد.
١٠ ترسی خوداوەند باڵی بەسەر هەموو پاشایەتییەکانی خاکەکانی دەوروبەری یەهوزادا کێشا، جا دژ بە یەهوشافات نەجەنگان. ١١ هەندێ لە فەلەستییەکانیش دیاری و زیویان بۆ یەهوشافات هێنا، هەروەها عەرەبەکانیش مەڕومالاتیان بۆ هێنا، حەوت هەزار و حەوت سەد بەران و حەوت هەزار و حەوت سەد تەگە.
١٢ تا دەهات یەهوشافات مەزن تر دەبوو، جا لە یەهوزادا قەڵا و شارە عەمبارەکانی بنیادنا. ١٣ ئیتر لە شارەکانی یەهوزادا ئیشوکارێکی زۆری هەبوو لە ئۆرشەلیمیش جەنگاوەرە پاڵەوانە بەهێزەکان. ١٤ ئەمەش سەرژمێریانە بەپێی ماڵە باوانیان، لە یەهوزا، سەرکردەی هەزارەکان، عەدنە سەرکردە بوو و سێ سەد هەزار پاڵەوانی بەهێزی لەگەڵدا بوو، ١٥ لە تەنیشتیشی، یەهوخانانی سەرکردە و دوو سەد و هەشتا هەزاری لەگەڵدا بوو، ١٦ لە تەنیشتیشی، عەمەسیای کوڕی زکری، بەخشراو بە خوداوەند، دوو سەد هەزار پاڵەوانی بەهێزی لەگەڵدا بوو. ١٧ لە بنیامینیش، پاڵەوانی بەهێز، ئەلیاداع، دوو سەد هەزار بە کەوان و قەڵغانەوە. ١٨ لە تەنیشتیشی، یەهوزاباد، سەد و هەشتا هەزار پیاوی ئامادەباش بۆ جەنگی لەگەڵدا بوو. ١٩ ئەمانە خزمەتکارەکانی پاشا بوون، جگە لەوانەی پاشا لەناو شارە قەڵابەندەکان لە هەموو یەهوزادا دایانان.

# ١٨

١ یەهوشافات دەوڵەمەندی و ڕێزی زۆری هەبوو و لەگەڵ ئاخابدا ژنوژنخوازی کرد. ٢ ئینجا دوای چەند ساڵێك چوو بۆ لای ئاخاب بۆ سامیرە. ئاخابیش مەڕ و مانگای زۆری بۆ سەربڕی بۆ خۆی بۆ ئەو گەلەی لەگەڵیدا بوون و هانی دا پەلاماری ڕاموت گلعاد بدات. ٣ جا ئاخابی پاشای ئیسرائیل بە یەهوشافاتی پاشای یەهوزای وت: لەگەڵمدا دێیت بۆ ڕاموت گلعاد؟ ئەویش پێی وت: خۆم وەك خۆت و گەلەکەم وەك گەلەکەت و لەگەڵتدام بۆ جەنگ.
٤ ئینجا یەهوشافات بە پاشای ئیسرائیلی وت: تکایە ئەمڕۆ داوای وشەی خوداوەند بکە. ٥ جا پاشای ئیسرائیل پێغەمبەرەکانی کۆکردەوە، نزیکەی چوار سەد پیاو، پێی وتن: ئایا بچم بۆ ڕاموت گلعاد بۆ جەنگ یان نا؟ ئەوانیش وتیان: سەرکەوە و خوداوەند دەیدات بەدەست پاشاوە.
٦ ئینجا یەهوشافات وتی: هیچ پێغەمبەرێکی تر لێرە نەماوە لێی بپرسین؟ ٧ پاشای ئیسرائیلیش بە یەهوشافاتی وت: پیاوێکی تر ماوە پرسی خوداوەندی پێ بکەین، بەڵام من ڕقم لێیەتی، چونکە ئەو سەبارەت بە من پێشبینی چاك ناکات بەڵکو هەموو ڕۆژانی بە خراپ، میخای کوڕی یەملەیە. یەهوشافاتیش وتی: با پاشا ئاوها نەڵێت. ٨ ئینجا پاشای ئیسرائیل خەساوێکی بانگکرد و وتی: بەپەلە میخای کوڕی یەملەم بۆ بهێنە! ٩ لەو کاتەدا پاشای ئیسرائیل و

یەهوشافاتی پاشای یەهوزا جلەکانیان لەبەرکردبوو و هەریەکە و
لەسەر تەختەکەی خۆی دانیشتبوو لە گۆڕەپانەکەی دەروازەی
سامیرە، هەموو پێغەمبەرەکانیش لەبەردەمیان پێشبینییان دەکرد.
١٠ سەدقیای کوڕی کەنعەنەش دوو قۆچی ئاسنی بۆ خۆی
دروستکرد و وتی: خوداوەند وای فەرموو: بەمە ورگی
ئارامییەکان دەدڕیت تا تەواودەبن. ١١ هەموو پێغەمبەرەکانیش
ئاو ها پێشبینییان کرد و وتیان: پەلاماری ڕاموت گلعاد بدە و
سەرکەوتووبە و خوداوەند دەیدات بەدەست پاشاوە.
١٢ بەڵام ئەو نێردراوەی چوو میخا بانگ بکات قسەی لەگەڵدا کرد
و وتی: ئەوەتا قسەی هەموو پێغەمبەرەکان بەیەك دەنگ لە باشی
پاشایە، تکایە با قسەی تۆش وەك قسەی یەکێك لەوان بێت و بە
باشە قسە بکە. ١٣ میخاش وتی: بە گیانی خوداوەند، ئەوەی خودام
بفەرمووێت ئەوە دەڵێم. ١٤ ئینجا هات بۆ لای پاشا و پاشا پێی وت:
میخا، بڕۆین بۆ ڕاموت گلعاد بۆ جەنگ یان نا؟ ئەویش پێی وت:
سەرکەون و سەرکەوتووبن و خوداوەند دەیدات بەدەستتانەوە.
١٥ پاشاش پێی وت: چەند جار من سوێندم داوی، کە جگە لە
ڕاستی بەناوی خوداوەندەوە هیچی ترم پێ نەڵێیت؟ ١٦ ئەویش
وتی: هەموو ئیسڕائیلم بینی پەرتوبڵاوببوونەوە لەسەر چیاکان
وەك مەڕی بێ شوان، خوداوەندیش فەرمووی، ئەوانە خاوەنیان
نییە و با هەریەکەو بە سەلامەتی بۆ ماڵەکەی بگەڕێتەوە!
١٧ ئینجا پاشای ئیسڕائیلیش بە یەهوشافاتی وت: پێم نەوتی ئەو
پێشبینی چاك سەبارەت بە من ناکات، بەڵکو خراپ؟ ١٨ ئەویش
وتی: بۆیە گوێ لە وشەی خوداوەند بگرن، خوداوەندم بینی لەسەر
تەختەکەی دانیشتبوو، هەموو هێزەکانی ئاسمانیش لەلای ڕاست
و چەپیەوە ڕاوەستابوون. ١٩ خوداوەند فەرمووی، کێ ئاخابی
پاشای ئیسڕائیل فریو دەدات تا بۆ ڕاموت گلعاد سەربکەوێت و
لەوێدا بکەوێت؟ جا ئەم وتی ئاوا و ئەو وتی ئاوا. ٢٠ ئینجا ڕۆحێك
هاتوو لەبەردەم خوداوەنددا وەستا و وتی، من فریوی دەدەم.
خوداوەندیش پێی فەرموو بەچی؟ ٢١ ئەویش وتی، دەچمە دەرەوە
و دەبم بە ڕۆحی درۆ لە دەمی هەموو پێغەمبەرەکانیدا. ئەویش
فەرمووی، فریوی دەدەیت و دەتوانیت، بڕۆ دەرەوە و ئەوە بکە.
٢٢ ئێستاش ئەوەتا خوداوەند ڕۆحی درۆی خستۆتە ناو دەمی ئەم
پێغەمبەرانتەوە و خوداوەندیش بە خراپ قسەی لەسەر فەرموویت.
٢٣ ئینجا سدقیای کوڕی کەنعەنە هاتە پێشەوە و کێشای بە
ڕوومەتی میخادا و وتی: لە کوێوە ڕۆحی خوداوەند لە منەوە
پەڕییەوە تا قسەت لەگەڵدا بکات؟ ٢٤ میخاش وتی: ئەوەتا دەبینیت
لەو ڕۆژەدا لە ژوورێکەوە دەچیت بۆ ژوورێکی تر بۆ
خۆشاردنەوە. ٢٥ ئینجا پاشای ئیسڕائیل وتی: میخا ببەن و
بیگەڕێنەوە بۆ لای ئامونی سەرۆکی شارەکە و یوئاشی کوڕی
پاشا و ٢٦ بڵێن، پاشا وای وت، ئەمە بخەنە زیندانەوە و نانی
تەنگانە و ئاوی تەنگانەی بدەنێ تا هاتنەوەم بە سەلامەتی.
٢٧ میخاش وتی: گەر تۆ بە سەلامەتی بگەڕێیتەوە، خوداوەند
لەڕێگای منەوە قسەی نەفەرمووە! ئینجا وتی: ئەی گەل هەمووتان
گوێ بگرن!
٢٨ جا پاشای ئیسڕائیل و یەهوشافاتی پاشای یەهوزا سەرکەوتن
بۆ ڕاموت گلعاد. ٢٩ پاشای ئیسڕائیل بە یەهوشافاتی وت: من خۆم
دەگۆڕم و دەچمە ناو جەنگەکەوە، بەڵام تۆ جلەکانت لەبەربکە.
ئینجا پاشای ئیسڕائیل خۆی گۆڕی و چووە ناو جەنگەکەوە.
٣٠ پاشای ئارام فەرمانی بە سەرکردەی گالیسکەکانیدا و وتی:
جەنگ دژی هیچ گەورە و بچووکێك مەکەن، بە تەنها دژی پاشای
ئیسڕائیل نەبێت. ٣١ ئەوە بوو کە سەرکردەکانی گالیسکەکان
یەهوشافاتیان بینی، وتیان، ئەوە پاشای ئیسڕائیلە و داگەڕانە
سەری تا شەڕی لەگەڵدا بکەن، یەهوشافاتیش هاواری کرد و
خوداوەندیش یارمەتیدا و خودا لایدان لە ڕاوەنانی. ٣٢ ئەوە بوو کە
سەرکردەکانی گالیسکەکان بینییان ئەوە پاشای ئیسڕائیل نییە،
لەدوایەوە گەڕانەوە. ٣٣ پیاوێکیش کوێرانە تیروکەوانەکەی ڕاکێشا
و پاشای ئیسڕائیلی لەنێو پارچەکانی سپەرەکەیەوە بریندار کرد،
ئەویش بە گالیسکەوانەکەی وت: دەستت بکێشەرەوە لە ناو سوپاکە
بمبەرە دەرەوە، چونکە بریندار بووم. ٣٤ شەڕەکە لەو ڕۆژەدا زۆر
توند بوو و پاشا لەناو گالیسکەکەیدا بەرامبەر بە ئارام تا ئێوارە
ڕاگیرا و کاتی خۆر ئاوابوون مرد.

# ١٩

١ ئینجا یەهوشافاتی پاشای یەهوزا بە سەلامەتی گەڕایەوە بۆ
ماڵەکەی لە ئۆرشەلیم و ٢ یاهوی کوڕی خەنانی بینەر دەرچوو بۆ
بەردەمی و بە یەهوشافاتی پاشای وت: ئایا یارمەتی خراپەکار
دەدەیت و ئەوانەت خۆش دەوێت کە ڕقیان لە خوداوەندە؟
لەبەرئەمە تووڕەییت لەسەرە لەلایەن خوداوەندەوە. ٣ بەڵام هەندێك
کاری چاکت لێ بەدی کراوە، چونکە ئەشێرەکانت لە زەوییەکەدا
داماڵی و دڵت بۆ داواکردنی خودا ئامادەکردووە.
٤ جا یەهوشافات لە ئۆرشەلیمدا نیشتەجێ بوو، ئینجا دووبارە
دەرچوو بە ناو گەلدا لە بئێر شەبەعەوە تا چیای ئەفرایم و بۆ
خوداوەند خودای باوباپیرانیان گێڕایانیەوە. ٥ هەروەها دادوەری
لە هەموو شارە قەڵابەندەکانی یەهوزادا دانا و ٦ بە دادوەرەکانی
وت: ببینن ئێوە چی دەکەن، چونکە ئێوە دادوەری بۆ مرۆڤ
ناکەن، بەڵکو بۆ خوداوەند، ئەویش لەگەڵتاندا دەبێت لەکاروباری
دادوەری. ٧ ئێستاش با ترسی خوداوەندتان لەسەر بێت و
ئاگاداربن و کاربکەن، چونکە لەلای خوداوەندی خودامان
ناڕەوایی و لایەنگیری و بەرتیل خواردن نییە. ٨ هەروەها
یەهوشافات لە ئۆرشەلیمیشدا لە لێڤییەکان و کاهینەکان و لە
سەرکردەکانی ماڵە باوانی ئیسڕائیل چەند کەسێکی دانا بۆ
دادوەریی خوداوەند و بۆ ناکۆکییەکان، ئینجا گەڕانەوە بۆ
ئۆرشەلیم و ٩ فەرمانی پێ کردن و وتی: ئاوا کاردەکەن، بە ترسی
خوداوەند و بەدڵسۆزی و بە دڵێکی تەواوەوە. ١٠ هەر ناکۆکییەك
کە بۆتان دێت، لەلای براکانتانەوە ئەوانەی لەشارەکانیاندا
نیشتەجێن، لە خوێن ڕشتن، لە فێرکردنەکان سەبارەت بە فەرمان
و فەرز و حوکمەکان، ئاگاداریان بکەنەوە تاوان دەرهەق بە
خوداوەند نەکەن و با تووڕەیی لەسەر خۆتان و براکانتان نەبێت.
ئاوا بکەن و تاوان مەکەن. ١١ ئەوەتا ئەمەریای گەورە کاهین
بەسەرتانەوەیە لە هەموو کاروبارەکانی خوداوەند و زەبەدیای
کوڕی یشمەعیلیش سەرۆکی هۆزی یەهوزایە و لە هەموو
کاروبارەکانی پاشا و بەڕێوەبەرەکان و لێڤییەکان لەبەردەمتاندایە،
جا ئازابن و دەست بەکاربن و خوداوەندیش لەگەڵ چاکەکار بێت.

# ٢٠

١ پاش ئەوە نەوەی مۆئاب و نەوەی عەممۆن و عەممۆنییەکانیش
لەگەڵیاندا بوون هاتن بۆ ئەوەی لەگەڵ یەهوشافاتدا بجەنگن.
٢ ئینجا هاتن و بە یەهوشافاتیان ڕاگەیاند و وتیان: خەڵکێکی زۆر
لەوبەری دەریاوە لە ئارامەوە هاتوونەتە سەرت، ئەوەتا لە
قەڵاکانی تامارن کە عەین گەدییە. ٣ یەهوشافاتیش ترسا و
ڕوویکردە خوداوەند و لە هەموو یەهوزادا ڕۆژووی ڕاگەیاند و
٤ یەهوزا کۆبوونەوە بۆ داواکردنی یارمەتی لە خوداوەند و
هەروەها لە هەموو شارەکانی یەهوزاوە هاتن بۆ داواکردنی
یارمەتی لە خوداوەند.

٥ ئینجا یەهوشافات لەناو کۆمەڵی یەهوزا و ئۆرشەلیمدا لەماڵی
خوداوەنددا بەرامبەر بە حەوشە نوێیەکە وەستا و ٦ وتی: ئەی
خوداوەند خودای باووباپیرانمان، ئایا تۆ خودا نیت لە ئاسمان دا و
تۆ فەرمانڕەوا نیت بەسەر هەموو پاشایەتییەکانی گەلاندا و هێز و
توانا لە دەستی تۆدایە و کەس نییە شان لە شانت بدات. ٧ ئایا تۆ
خودامان نیت، کە دانیشتووانی ئەم زەوییەت لەبەردەم ئیسڕائیلی
گەل وەدەرنا و دات بە وەچەی ئیبراهیمی خۆشەویستت تاهەتایە؟
٨ جا تیایدا نیشتەجێ بوون و لەناویدا پیرۆزگایەکیان بۆ ناوت
بنیادنا و وتیان، ٩ ئەگەر خراپە بێت بەسەرماندا، شمشێر و حوکم
بەسەردا دان و پەتا و برسێتی، لەبەردەم ئەم ماڵە و لەبەردەمتدا
ڕادەوەستین، چونکە ناوەکەت لەم ماڵەدایە و لە تەنگانەماندا
هاوارت بۆ دەکەین و گوێت لێ دەبێت و ڕزگارمان دەکەیت.
١٠ ئێستاش ئەوەتا نەوەی عەممۆن و مۆئاب و چیای سێعیر،
ئەوانەی ڕێگات بە ئیسڕائیل نەدا داگیریان بکەن کاتێك لە زەوی
میسرەوە هاتن، بەڵکو لێیان لاداو لەناویان نەبردن، ١١ ئەوەتا
ئەوان پاداشتمان دەدەنەوە بەوەی دەرمانکەن لەو موڵکەی کە بە
میرات پێت داین. ١٢ ئەی خودامان، ئایا حوکمیان بەسەردا
نادەیت؟چونکە ئێمە توانامان نییە بەرامبەر ئەو خەڵکە زۆرەی
هاتوونەتە سەرمان و ئێمە نازانین چی بکەین بەڵام چاومان لە
تۆیە. ١٣ هەموو یەهوزاش لەبەردەم خوداوەنددا ڕاوەستابوون،
هەروەها منداڵەکانیان و ژنەکانیان و کوڕەکانیان.
١٤ ئینجا لەنێو کومەڵەکەدا ڕۆحی خوداوەند هاتە سەر یەخەزیئێلی
کوڕی زەکریای کوڕی بەنایای کوڕی یەعیئێلی کوڕی مەتەنیا
لێڤییە و لە نەوەی ئاساف بوو، ١٥ وتی: ئەی هەموو یەهوزا و
دانیشتووانی ئۆرشەلیم و یەهوشافات پاشا گوێبگرن، خوداوەند
ئاوا بە ئێوە دەفەرموێت: مەترسن و ورە بەرمەدەن لەبەردەم ئەو
خەڵکە زۆرە، چونکە جەنگەکە هی ئێوە نییە بەڵکو هی خودایە.
١٦ سبەینێ دابەزنە سەریان، ئەوەتا ئەوان لە سەرەوژوورەکەی
چیچ سەردەکەون، جا لەوپەڕی دۆڵەکە بەرامبەر بە چۆڵەوانی
یەروئێلدا دەیاندۆزنەوە. ١٧ پێویست ناکات لەم شەڕەدا بجەنگن،
ئەی یەهوزا و ئۆرشەلیم، ڕاوەستن و مەجوڵێن و تەماشای
ڕزگاری خوداوەند بکەن لەگەڵتاندا، مەترسن و ورە بەرمەدەن،
سبەینێ دەرچن بۆ بەرەنگاربوونەوەیان و خوداوەندتان لەگەڵدا
بێت. ١٨ ئینجا یەهوشافات چەمایەوە و ڕووی لە زەوییەکەدا و
هەموو یەهوزا و دانیشتووانی ئۆرشەلیمیش لەبەردەم خوداوەندا
کەوتن و کڕنۆشیان بۆ خوداوەند برد، ١٩ ئینجا لێڤییەکان لە نەوەی
قەهاتییەکان و قۆڕەخییەکان هەستانەوە بۆ ستایش کردنی
خوداوەند خودای ئیسڕائیل بە دەنگێکی زۆر بەرز.
٢٠ ئینجا بەیانی زوو لەخەو هەستان و دەرچوون بۆ چۆڵەوانی
تقۆع و لە کاتی دەرچوونیان یەهوشافات ڕاوەستا و وتی: ئەی
یەهوزا و دانیشتووانی ئۆرشەلیم گوێم لێ بگرن، بڕواتان بە
خوداوەند خودای خۆتان هەبێت بێوەی دەبن و بڕواتان بە
پێغەمبەرەکانی هەبێت سەرکەوتوو دەبن. ٢١ جا ڕاوێژی لەگەڵ
گەلدا کرد و گۆرانی بێژان بۆ خوداوەند و ستایشکاران لە
جلوبەرگێکی پیرۆزدا ڕایگرتن، تا لەپێش ئەوانەوە کە خۆیان بۆ
جەنگ ئامادەکردووە دەرچن و بڵێن:
سوپاسی خوداوەند بکەن
چونکە خۆشەویستییە بێ سنوورەکەی تاهەتایە
٢٢ کاتێ دەستیان بە گۆرانی و ستایش کردن کرد، خوداوەند چەند
بۆسەیەکی بۆ نەوەی عەممۆن و مۆئاب و چیای سێعیر دانا کە
هاتبوون بۆ سەر یەهوزا، جا شکانەوە و ٢٣ نەوەی عەممۆن و
مۆئاب هەستانە سەر دانیشتووانی چیای سێعیر تا قڕیان بکەن و
کە لە دانیشتووانی سێعیر بوونەوە، بەربوونە یەکتری و یەکترییان
لەناوبرد. ٢٤ کاتێ یەهوزا گەیشتە شوێنی چاودێری کردن لە
چۆڵەوانیدا، تەماشای خەڵکەکەیان کرد هەموو لاشەن و لەسەر
زەوییەکە کەوتوون و کەس دەرباز نەبووە. ٢٥ ئینجا یەهوشافات و
گەلەکەی هاتن بۆ تاڵانکردنی دەسکەوتەکان، جا پارە و لاشە و
کەلوپەلێکی گرانبەهای زۆریان دۆزییەوە و بردیانن بۆخۆیان تا
نەیانتوانی باریان بکەن، سێ ڕۆژ خەریکی تاڵان بردن بوون،
چونکە زۆر بوو. ٢٦ ئینجا لە ڕۆژی چوارەمدا لە دۆڵی بەرەکەتدا
کۆبوونەوە، چونکە لەوێدا خوداوەندیان پیرۆز کرد، بۆیە ئەو
شوێنەیان ناونا دۆڵی بەرەکەت کە تا ئەمڕۆش بەو ناوەوە
ناودەبرێت. ٢٧ ئینجا هەموو پیاوانی یەهوزا و ئۆرشەلیم بە
ڕابەری یەهوشافات بەخۆشییەوە گەڕانەوە بۆ ئۆرشەلیم، چونکە
خوداوەند بە دوژمنەکانیان خۆشی کردن. ٢٨ ئینجا بە عود و
قیسارەوە و زوڕناوە چوونە ناو ئۆرشەلیمەوە بۆ ماڵی خوداوەند.
٢٩ بەو شێوەیە ترسی خوداوەند بەسەر هەموو پاشایەتییەکانی
خاکەکانەوە نیشت، کە بیستیانەوە خوداوەند شەڕی لەگەڵ
دوژمنەکانی ئیسڕائیلدا کردووە. ٣٠ ئینجا پاشایەتییەکەی
یەهوشافات حەسایەوە و خودا لە هەموو لایەکەوە حەساندیەوە.
٣١ یەهوشافات لە تەمەنی سی و پێنج ساڵیدا بوو بە پاشای یەهوزا
و بیست و پێنج ساڵ لە ئۆرشەلیمدا پاشایەتی کرد و دایکی ناوی
عەزوبەی کچی شلخی بوو. ٣٢ یەهوشافات ڕێگای ئاسای باوکی
گرتەبەر و لێی لانەدا و ئەوەی کرد کە لەبەرچاوی خوداوەنددا
ڕاست بوو. ٣٣ تەنها ئەوە نەبێت کە بەرزاییەکان لانەبران و هێشتا
گەل دڵیان بۆ خودای باووباپیرانیان ئامادە نەکردبوو. ٣٤ پاشماوەی
کاروبارەکانی یەهوشافات لە سەرەتا و کۆتایی لە پەرتووکی
هەواڵەکانی یاهوی کوڕی خەنانیدا نووسراوە، ئەوەی کە لە
پەرتووکی پاشاکانی ئیسڕائیلدا باسکراوە. ٣٥ پاش ئەمانە
یەهوشافاتی پاشای یەهوزا لەگەڵ ئەخەزیای پاشای ئیسڕائیلدا کە
خراپەکار بوو یەکی گرت، ٣٦ جا یەکیان گرت لە دروست کردنی
کەشتی کە بۆ تەرشیش بڕوات و لە عچیۆن گابەردا چەند
کەشتییەکیان دروستکرد. ٣٧ بەڵام ئەلیعەزەری کوڕی دوداواهو
کە خەڵکی مەریشە بوو لەسەر یەهوشافات پێشبینی کرد و وتی:
لەبەرئەوەی لەگەڵ ئەخەزیادا یەکتان گرت، خوداوەند دڕیدا بە
کردارەکانت. جا کەشتییەکان شکان و نەیانتوانی بڕۆن بۆ
تەرشیش.

# ٢١

١ ئینجا یەهوشافات لەگەڵ باووباپیرانیدا سەرینایەوە و لەگەڵ
باووباپیرانیدا لە شاری داود نێژرا و یەهورامی کوڕی لە جێی
ئەو بوو بە پاشا. ٢ یەهورام چەند برایەکی هەبوو، کوڕەکانی
یەهوشافات، عەزەریا و یەخیئێل و زەکەریا و عەزرەیاهو و
میخائێل و شەفەتیا، هەموو ئەمانە کوڕی یەهوشافاتی پاشای
ئیسڕائیل بوون. ٣ باوکیان زۆری پێدابوون لە زیو و زێڕ و شتی
گرانبەها، لەگەڵ شارە قەڵابەندەکان لە یەهوزا، بەڵام
پاشایەتییەکەی بە یەهورام دا، چونکە نۆبەرە بوو.
٤ جا یەهورام جڵەوی پاشایەتییەکەی باوکی گرتەدەست و بەهێز
بوو و هەموو براکانی و هەندێك لە سەرکردەکانی ئیسڕائیلی بە
شمشێر کوشت. ٥ یەهورام تەمەنی سی و دوو ساڵ بوو کە بوو بە
پاشا و هەشت ساڵ لە ئۆرشەلیمدا پاشایەتی کرد و ٦ هەمان
ڕێگای پاشاکانی ئیسڕائیلی گرتەبەر وەك ئەوەی ماڵی ئاخاب
کردیان، چونکە کچەکەی ئاخاب بوو بە ژنی و لەبەرچاوی
خوداوەنددا خراپەی کرد. ٧ بەڵام خوداوەند نەیویست ماڵی داود
لەناوببات، لەبەرئەو پەیمانەی لەگەڵ داودی بەست کە فەرمووی،
هەموو ڕۆژان چرایەك بەخۆیی و بە کوڕەکانی دەدات. ٨ لە
ڕۆژانی ئەودا، ئەدوم لە یەهوزا یاخی بوو و پاشایەکیان بۆ خۆیان
دانا. ٩ جا یەهورام لەگەڵ سەرکردەکانی و هەموو گالیسکەکانی
پەڕییەوە و لە شەودا هەستا و لە ئەدۆم و دەوروبەرەکەی و

سەرکردەکانی گالیسکەکانی دا. ١٠ جا ئەدۆم لەو ڕۆژەوە تا ئەمڕۆ
لە یەهوزا یاخی بوون، ئینجا لەو کاتەدا لبنەش یاخی بوو، چونکە
وازی لە خوداوەند خودای باووباپیرانی هێنا. ١١ هەروەها ئەویش
بەرزاییەکانی لە چیاکانی یەهوزادا دروستکرد و وای لە
دانیشتووانی ئۆرشەلیم کرد داوێن پیسی بکەن و یەهوزای
گومڕاکرد.
١٢ ئینجا نووسراوێکی لەلایەن ئیلییا پێغەمبەرەوە بۆ هات و تیایدا
وتی: خوداوەند خودای داودی باوکت ئاوا دەفەرمووێت:
لەبەرئەوەی تۆ ڕێگاکانی یەهوشافاتی باوکت و ئاسای پاشای
یەهوزات نەگرتەبەر، ١٣ بەڵکو ڕێگاکانی پاشاکانی ئیسرائیلت
گرتەبەر و وات لە یەهوزا و دانیشتووانی ئۆرشەلیم کرد وەك
ماڵی ئاخاب داوێن پیسی بکەن، هەروەها براکانی خۆت کوشت،
ماڵی باوکت، ئەوانەی لە تۆ باشتربوون. ١٤ ئەوەتا خوداوەند
گورزێکی جەرگبڕ دەوەشێنێت لە گەلەکەت و کوڕەکانت و
ژنەکانت و هەموو ئەوەی هەتە، ١٥ بۆ خۆشت بە چەندەها
نەخۆشی، بە نەخۆشی ڕیخۆڵەکانت، تا ڕۆژ لەدوای ڕۆژ بە
نەخۆشییەوە ڕیخۆڵەکانت دەردەچێت.
١٦ ئینجا خوداوەند ڕۆحی فەلەستییەکان و عەرەبەکانی لای
کوشییەکانی لە یەهورام وروورژاند و ١٧ پەلاماری یەهوزایان دا و
داگیران کرد و هەرچی هەبوو لە ماڵی پاشا لەگەڵ کوڕەکانی و
ژنەکانیدا بردیان و هیچی بۆ نەمایەوە جگە لە یەهوئاخازی کوڕە
بچکۆلەی. ١٨ پاش هەموو ئەمانەش خوداوەند بە نەخۆشی لە
ڕیخۆڵەکانی دا و چارەسەریشی نەبوو. ١٩ ئینجا ڕۆژ لە دوای
ڕۆژ بەپێی تێپەڕبوونی ماوەکە، پاش دوو ساڵ ڕیخۆڵەکانی
بەهۆی نەخۆشییەکەیەوە دەرچوون و بە نەخۆشی پیسەوە مرد،
گەلەکەیشی ئاگرێکی وەك ئاگری باووباپیرانییان بۆ نەکردەوە.
٢٠ لە تەمەنی سی و دوو ساڵیدا بوو بە پاشا و هەشت ساڵ لە
ئۆرشەلیمدا پاشایەتی کرد و کە ڕۆیشت کەس بۆی بەداخ نەبوو و
لە شاری داوددا ناشتیان، بەڵام لە گۆڕستانی پاشاکاندا نا.

## ٢٢

١ ئینجا دانیشتووانی ئۆرشەلیم ئەخەزیای کوڕە بچکۆلەیان لە جێی
ئەو کرد بە پاشا، چونکە هەموو ئەوانی پێش ئەم کوژران بەدەست
پەلاماردەرەکان ئەوانەی لەگەڵ عەرەبەکاندا هاتنە ناو
ئۆردوگاکەوە. لەبەرئەوە ئەخەزیای کوڕی یەهورامی پاشای
یەهوزا بوو بە پاشا.
٢ ئەخەزیا لە تەمەنی چل و دوو ساڵیدا بوو بە پاشا و ساڵێك لە
ئۆرشەلیمدا پاشایەتی کرد و دایکی ناوی عەسەلیای کچی عومری
بوو. ٣ ئەویش ڕێگاکانی ماڵی ئاخابی گرتەبەر، چونکە دایکی
هانی دەدا کاری خراپە بکات. ٤ جا وەك ماڵی ئاخاب لەبەرچاوی
خوداوەندا خراپەی کرد، چونکە دوای مردنی باوکی ئەوان
ڕاوێژکاری بوون بۆ لەناوبردنی. ٥ هەروەها بە ڕاوێژی ئەوانی
کرد و لەگەڵ یەهورامی کوڕی ئاخابی پاشای ئیسرائیلدا چوو بۆ
جەنگ دژ بە خەزائێلی پاشای ئارام لە ڕاموت گلعاد. جا
ئارامییەکان لە یورامیاندا و ٦ ئەویش گەڕایەوە بۆ یەزرەعیل تا
لەوێ چاك ببێتەوە لەو لێدانەی کە لە ڕامەدا لێیاندا کاتێ جەنگی
لەگەڵ خەزائێلی پاشای ئارامدا کرد. ئینجا عەزەریای کوڕی
یەهورامی پاشای یەهوزا، چوو بۆ بینینی ئاخاب لە یەزرەعیل،
چونکە نەخۆش بوو. ٧ جا لەناوچوونی ئەخەزیا لەلای خوداوە بوو
بە هاتنی بۆ لای یورام. کاتێ کە هات لەگەڵ یەهورامدا چوون بۆ
لای یاهوی کوڕی نمشی، ئەوەی خوداوەند بۆ بنبڕکردنی ماڵی
ئاخاب دەستنیشانی کرد.
٨ ئەوەبوو کاتێ یاهو سزای دادوەرانەی بەسەر ماڵی ئاخابدا دەدا،
تووشی بوو بە تووش سەرکردەکانی یەهوزا و برازاکانی
ئەخەزیاوە ئەوانەی خزمەتی ئەخەزیایان دەکرد و کوشتنی.
٩ ئینجا داوای ئەخەزیای کرد و لە سامیرەدا کە خۆی شاردبووەوە
دەستگیریان کرد و هێنایان بۆ لای یاهو و ئینجا کوشتیان و
ناشتیان، چونکە وتیان: ئەو لە نەوەی یەهوشافاتە ئەوەی بە هەموو
دڵیەوە داوای خوداوەندی کرد. ئیتر کەس لە ماڵی ئەخەزیادا نەبوو
توانای پاشایەتییەکەی هەبێت.
١٠ ئینجا کاتێ عەسەلیای دایکی ئەخەزیا بینی کوڕەکەی مردووە،
هەستا و هەموو شازادەکانی ماڵی یەهوزای لەناو برد. ١١ بەڵام
یەهوشەبعەی کچی یەهورام پاشا، یوئاشی کوڕی ئەخەزیای لەنێو
ئەو شازادانەدا ڕفاند کە کوژران، جا خۆیی و دایانەکەی لە
ژووری نوستندا دانا، یەهوشەبعەی کچی یەهورام پاشا، ژنی
یەهویاداعی کاهین، چونکە خوشکی ئەخەزیا بوو، لە عەسەلیای
شاردەوە بۆ ئەوەی نەکوژرێت. ١٢ یوئاش لە ماڵی خودادا شەش
ساڵ بەدزییەوە لەگەڵیاندا مایەوە و عەسەلیاش شاژن بوو بەسەر
خاکەکەوە.

## ٢٣

١ لە ساڵی حەوتەمدا یەهودایاع خۆی بەهێزکرد و پەیمانی بەست
لەگەڵ سەرکردەی سەدەکاندا، عەزەریای کوڕی یەروحام و
ئیسماعیلی کوڕی یەهوخانان و عەزەریای کوڕی عوبێد و
مەعەسیای کوڕی عەدایا و ئەلیشافاتی کوڕی زکری. ٢ ئەوانیش
بەناو یەهوزادا گەڕان و لێڤییەکانیان لە هەموو شارەکانی
یەهوزادا کۆکردەوە، لەگەڵ سەرکردەکانی ماڵەباوانی ئیسرائیل و
هاتن بۆ ئۆرشەلیم. ٣ ئینجا هەموو کۆمەڵەکە لەناو ماڵی خودادا
پەیمانێکیان لەگەڵ پاشادا بەست و یەهودایاع پێی وتن: ئەوەتا
کوڕەکەی پاشا دەبێت بە پاشا هەروەك چۆن خوداوەند لەبارەی
نەوەی داودەوە فەرمووی. ٤ جا پێویستە ئەم کارە بکەن، سێیەکی
ئێوە لە کاهینەکان و لێڤییەکان کاتێ لە ڕۆژی پشوودا دەچنە
ژوورەوە، با دەرگاوانی دەرگاکان بن، ٥ سێیەکیش لە ماڵی پاشا و
سێیەکیش لە دەروازەی بناغەکەدا و هەموو گەلیش لە حەوشەکانی
ماڵی خوداوەنددا دەبن. ٦ هەروەها جگە لە کاهینەکان و ئەو
لێڤییانەی خزمەت دەکەن، با کەس نەچێتە ناو ماڵی خوداوەندەوە،
چونکە ئەوان پیرۆزن و هەموو گەلیش با ئەوە بکەن کە خوداوەند
فەرمانی پێ کردوون. ٧ ئینجا لێڤییەکان با چواردەوری پاشا بگرن
و هەریەکە و چەکەکەی بە دەستیەوە بێت و ئەوەی بێتە ماڵەکەوە
دەکوژرێت، جا لەگەڵ پاشادا بن لە هاتنە ژوورەوە و
چوونەدەرەوەی.
٨ ئینجا لێڤییەکان و هەموو یەهوزا بە پێی هەموو فەرمانەکانی
یەهویاداعی کاهینیان کرد و هەر کەسە و پیاوەکانی خۆی برد،
ئەوانەی دەچوونە ناو ئەرکی ڕۆژی پشوودان لەگەڵ ئەوانەش کە
دەردەچوون لە ئەرکی ڕۆژی پشوودان، چونکە یەهویاداعی
کاهین کومەڵەکانی بەڕێ نەکرد. ٩ هەروەها یەهویاداع ڕمەکان و
قەڵغانە گەورە و بچووکەکان کە هی داود پاشا بوون، ئەوانەی لە
ماڵی خودا بوون دای بە سەرکردەی سەدەکان و ١٠ هەموو گەلیشی
ڕاگرت، هەریەکە و چەك بەدەستییەوە لەلای ڕاستی ماڵەکەوە بۆ
لای چەپ بە چواردەوری قوربانگاکە و ماڵەکە، بە خڕی بە
چواردەوری پاشادا. ١١ پاشان کوڕەکەی پاشایان هێنایە دەرەوە و
تاجەکەیان لەسەر سەری دانا و شایەتییەکەیان پێ دا و کردیان بە
پاشا و یەهویاداع و کوڕەکانیشی دەستنیشانیان کرد و وتیان: بژی
پاشا.

١٢ کاتێ عەسەلیا گوێی لە دەنگی گەل بوو ڕادەکەن و ستایشی
پاشا دەکەن، چووە ناو گەلەوە لە ماڵی خوداوەند و ١٣ تەماشای
کرد پاشا لە دەروازەکەدا لەسەر سەکۆکەی ڕاوەستاوە و
سەرکردەکان و زوڕنا لێدەرەکان لەلای پاشادان و هەموو گەلی
زەوییەکەش ئاهەنگ دەگێڕن و زوڕنا لێدەدەن و گۆرانی بێژەکان
بە ئامێرەکانی مۆسیقا لەگەڵ مامۆستایانی ستایش کردن. جا
عەسەلیا جلەکانی لەبەرخۆیدا دادڕی و وتی: ناپاکي! ناپاکي!
١٤ یەهودایاعی کاهینیش فەرمانی بە سەرکردەی سەدەکان،
ئەفسەرانی سوپا کرد و پێی وتن: بیبەنە دەرەوەی ڕیزەکان و
ئەوەشی دوایکەوت بە شمشێر بیکوژن، چونکە کاهینەکە وتی، لە
ماڵی خوداوەنددا ناکوژرێت. ١٥ ئینجا دەستیان خستە سەری و
ڕۆیشت لە دەروازەی هاتنە ژوورەوەی ئەسپەکان بۆ ناو ماڵی
پاشا، لەوێدا کوشتیان.
١٦ یەهویاداع پەیمانی لەنێوان خۆی و هەموو گەلدا و لەگەڵ پاشادا
بەست،کە ببن بە گەلی خوداوەند. ١٧ ئینجا هەموو گەل هاتنە ناو
ماڵی بەعلەوە و تێکیاندا و قوربانگا و کۆڵەکەکانیان شکاند و
مەتتانی کاهینی بەعلیان لەبەردەم قوربانگەکاندا کوشت.
١٨ هەروەها یەهویاداع چاودێرێتی ماڵی خوداوەندی دایە دەست
کاهینە لێڤییەکانەوە، ئەوانەی داود دابەشی کردن بەسەر ماڵی
خوداوەنددا بۆ سەرخستنی قوربانییە سووتاوەکانی خوداوەند، وەك
لە فێرکردنەکانی موسادا نووسراوە، بە خۆشی و گۆرانییەوە
بەپێی فەرمانی داود. ١٩ هەروەها دەرگاوانی بۆ دەرگاکانی ماڵی
خوداوەندەوە دانا بۆ ئەوەی ڕێگا نەدەن بە هیچ گڵاوبوویەك لە
هەر شتێك بێتە ژوورەوە. ٢٠ پاشان سەرکردەی سەدەکان و
گەورەپیاوان و دەسەڵاتداران بەسەر گەل و هەموو گەلی
زەوییەکەی برد و پاشای لە ماڵی خوداوەندەوە هێنایە خوارەوە و
بە ناو دەروازەی سەرەوەدا چوونە ژوورەوە بۆ ماڵی پاشا و
پاشایان لەسەر تەختی پاشایەتییەکە دانیشاند و ٢١ هەموو گەلی
زەوییەکە دڵخۆش بوون و شارەکە حەسایەوە و عەسەلیایان بە
شمشێر کوشت.

# ٢٤

١ یوئاش کە بوو بە پاشا، تەمەن حەوت ساڵان بوو و چل ساڵ لە
ئۆرشەلیمدا پاشایەتی کرد و دایکی ناوی زەبیە بوو و خەڵکی بیئر
شەبع بوو. ٢ یوئاش لەبەرچاوی خوداوەنددا ئەوەی ڕاست بوو
کردی لە هەموو ڕۆژەکانی یەهویاداعی کاهیندا. ٣ یەهویاداع دوو
ژنی هێنا و کوڕان و کچانی بۆ لەدایك بوو.
٤ ئەوە بوو پاش ئەمانە لە دڵی یوئاشدا بوو کە ماڵی خوداوەند نوێ
بکاتەوە. ٥ جا یوئاش کاهینە لێڤییەکانی کۆکردەوە و پێی وتن:
دەرچن بۆ شارەکانی یەهوزا و لە هەموو ئیسڕائیل زیو کۆبکەنەوە
بۆ چاککردنەوەی ماڵی خوداتان، لە ساڵێکەوە بۆ ساڵێك و ئێوە
بەپەلە بن لەم کارە. بەڵام لێڤییەکان پەلەیان نەکرد. ٦ ئینجا پاشا
یەهویاداعی سەرگەورەی بانگ کرد و پێی وت: بۆچی داوات لە
لێڤییەکان نەکردووە تا لە یەهوزا و ئۆرشەلیمەوە باجەکەی موسای
خزمەتکاری خوداوەند و کۆمەڵی ئیسڕائیل بۆ چادری شایەتی
بهێنن؟ ٧ چونکە کوڕەکانی عەسەلیای خراپەکار دڕیاندابوو بە
ماڵی خودا و هەروەها هەموو تەرخانکراوەکانی ماڵی خوداوەندیان
کردبووە هی بەعلیم. ٨ ئینجا پاشا فەرمانیدا و سندوقێکیان دروست
کرد و لەلای دەروازەی ماڵی خوداوەند بۆ دەرەوە دایاننا و
٩ بانگەوازیان بەناو یەهوزا و ئۆرشەلیمدا بڵاوکردەوە کە
باجەکەی موسای خزمەتکاری خودا ئەوەی لەسەر ئیسڕائیل
داندرا لە چۆڵەوانی، بۆ خوداوەندی بهێنن. ١٠ ئینجا هەموو
سەرکردەکان و هەموو گەل پێیان خۆش بوو و هاتن و کردیانە
ناو سندوقەکەوە تا پڕ بوو. ١١ ئینجا کاتێ سندوقەکەیان دەهێنا بۆ
لای بریکارییەکەی پاشا کە بەدەست لێڤییەکانەوە بوو و کە بینیان
زیوەکە زۆرە، نووسەری پاشا و بریکاری کاهینی گەورەش
دەهاتن و سندوقەکەیان بەتاڵ دەکرد و دەیان بردەوە بۆ شوێنەکەی
خۆی، هەموو ڕۆژێك ئاوایان دەکرد، هەتا زیوێکی زۆریان
کۆکردەوە. ١٢ ئینجا پاشا و یەهویاداع دایان بەوانەی بەکارەکە
هەڵدەستان، بە خزمەتکارانی ماڵی خوداوەند، ئەوانیش بەردبڕ و
دارتاشیان بەکرێ دەگرت بۆ نوێکردنەوەی ماڵی خوداوەند و
هەروەها بۆ ئەوانەی لە ئاسن و مس کاریان دەکرد بۆ
چاککردنەوەی ماڵی خوداوەند. ١٣ جا ئەوانەی بەکارەکە هەڵدەستان
کارەکەیان کرد و کارەکە لە دەستیاندا سەرکەوتوو بوو و ماڵی
خودایان لەسەر شێوەکەی خۆی دامەزراندەوە و تۆکمەیان کرد.
١٤ کاتێ تەواوبوون، ئەوەی مابووەوە لە زیوەکە هێنایانە بەردەم
پاشا و یەهویاداع، جا قاپوقاجاغیان بۆ ماڵی خوداوەند دروستکرد،
قاپوقاجاغی خزمەتکردن و پێشکەشکردن و کەوچکەکان و
قاپوقاجاغی زێڕ و زیو و ئینجا بەردەوام قوربانی سووتاویان لە
ماڵی خوداوەنددا پێشکەش دەکرد لە هەموو ڕۆژانی یەهویاداعدا.
١٥ یەهویاداع پیر بوو و چووە ساڵەوە و لەتەمەنی سەد و سی
ساڵیدا مرد. ١٦ جا لە شاری داود لەگەڵ پاشاکاندا ناشتیان، چونکە
لە ئیسڕائیلدا و لەگەڵ خودا و ماڵەکەی چاکەی کرد. ١٧ پاش
مردنی یەهویاداع سەرانی یەهوزا هاتن و کڕنۆشیان بۆ پاشا برد،
ئینجا پاشا گوێی لێگرتن. ١٨ جا وازیان لە ماڵی خوداوەند خودای
باووباپیرانیان هێنا و خزمەتی ئەشێرە و بتەکانیان کرد، جا
تووڕەیی بەسەر یەهوزا و ئۆرشەلیمەوە بوو لەبەر ئەم
سەرپێچییەیان. ١٩ ئینجا پێغەمبەرانیان بۆ نێردرا تا بۆ خوداوەندیان
بگێڕنەوە و شایەتییان لەسەر بدەن، بەڵام گوێیان نەگرت.
٢٠ ئینجا ڕۆحی خودا چووە ناو زەکەریای کوڕی یەهویاداعی
کاهین و لەسەرووی گەل ڕاوەستا و پێی وتن: خوداوەند وای
فەرموو، بۆچی سەرپێچی فەرمانەکانی خوداوەند دەکەن، بۆیە
سەرکەوتوو نابن. چونکە وازتان لە خوداوەند هێنا، وازی لێ
هێنان. ٢١ ئینجا پیلانیان لێی گێڕا و بەردبارانیان کرد، بە فەرمانی
پاشا و لە حەوشەی ماڵی خوداوەند. ٢٢ یوئاش پاشا ئەو چاکەیەی
لەبیر چوو کە یەهویاداعی باوکی زەکەریا لەگەڵیدا کردی و
کوڕەکەیی کوشت، ئەویش لەسەرەمەرگیدا وتی: خوداوەند
دەبینێت و داوادەکات.
٢٣ ئەوە بوو لەگەڵ سووڕانەوەی ساڵدا، سوپای ئارامییەکان هاتە
سەری و هاتن بۆ یەهوزا و ئۆرشەلیم و هەموو سەرکردەکانی
گەلیان لەناو گەلدا لەناوبرد و هەموو دەسکەوتەکانیان بۆ پاشای
دیمەشق نارد. ٢٤ چونکە سوپای ئارامییەکان بە کومەڵێکی کەمەوە
هاتبوون و خوداوەند سوپایەکی زۆری بەدەستیانەوە دا، چونکە
وازیان لە خوداوەند خودای باووباپیرانیان هێنا، سەبارەت بە
یوئاشیش دادوەریان بەجێگەیاند. ٢٥ کاتێ وازیان لێی هێنا، چونکە
بە نەخۆشی زۆرەوە بەجێیان هێشت، خزمەتکارەکانی پیلانیان
لێی گێڕا لەبەر خوێنی کوڕەکانی یەهویاداعی کاهین، جا لەسەر
چوارپایەکەی کوشتیان و مرد و لەشاری داوددا ناشتیان بەڵام لە
گۆرستانی پاشاکان نا. ٢٦ ئەمانەش ئەو دوو پیلان گێڕەن دژی،
زابادی کوڕی شمعەی عەمونی و یەهوزابادی کوڕی شیمریتەی
مۆئابی. ٢٧ هەروەها کوڕەکانی و زۆری ئەو پێشبینییانەی
دەربارەی کران و چاککردنەوەی ماڵی خودا، ئەوەتان لە
پەرتووکی ژیاننامەی پاشاکاندا نووسراون. ئینجا ئەمەسیای
کوڕی لە جێی ئەو بوو بە پاشا.

# ٢٥

١ ئەمەسیا لە تەمەنی بیست و پێنج ساڵیدا بوو بە پاشا و بیست و نۆ
ساڵ لە ئۆرشەلیمدا پاشایەتی کرد و دایکی ناوی یەهوعەدان بوو
و خەڵکی ئۆرشەلیم بوو و ٢ لەبەرچاوی خوداوەندا کاری ڕاستی
کرد، بەڵام بە دڵێکی تەواوەوە نا. ٣ کاتێ جڵەوی پاشایەتی جێگیر
بوو لە دەستی، ئەو خزمەتکارانەی کوشت کە پاشای باوکیان
کوشت. ٤ بەڵام کوڕەکانیانی نەکوشت، بەڵکو هەروەك ئەوەی لە
فێرکردنەکان نووسراوە لە پەرتووکی موسا، کە خوداوەند
فەرمانی کردووە و فەرموویەتی، باوك لەجیاتی کوڕ ناکوژرێت
و کوڕ لەجیاتی باوك ناکوژرێت، بەڵکو هەر یەکێك لەسەر
گوناهی خۆی دەکوژرێت.
٥ ئینجا ئەمەسیا یەهوزای کۆکردەوە و بەپێی ماڵە باوان داینان بە
سەرکردەکانی هەزارەکان و سەرکردەکانی سەدەکان لە هەموو
یەهوزادا، لە تەمەنی بیست ساڵ بەسەرەوە، جا بینی سێ سەد
هەزار هەڵبژاردەی ئامادەباش بۆ جەنگ، هەڵگری ڕم و قەڵغان.
٦ هەروەها سەد هەزار پاڵەوانی بەهێزی لە ئیسرائیل بە سەد
کیکەر زیو بەکرێ گرت. ٧ ئینجا پیاوێکی خودا هات بۆلای و
وتی: ئەی پاشا، با سوپای ئیسرائیل لەگەڵتدا نەیەت، چونکە
خوداوەند لەگەڵ ئیسرائیلدا نییە، لەگەڵ هەموو نەوەی ئەفرایم،
٨ ئەگەر تۆش دەچیت، ئەوا دەست بەکاربە و خۆت بۆ شەڕ بەهێز
بکە، چونکە خودا لەبەردەم دوژمن دەتخات، چونکە لەلای خودا
هێز هەیە بۆ یارمەتیدان و بۆ خستنیش. ٩ ئینجا ئەمەسیا بە
پیاوەکەی خودای وت: ئەی چی بکرێت بۆ ئەو سەد کیکەرەی کە
بە پەلامارەدەرەکانی ئیسرائیلم داوە؟ پیاوەکەی خوداش وتی
خوداوەند دەتوانێت لەوە زیاترت پێ بدات. ١٠ ئینجا ئەمەسیا ئەو
پەلامارەدەرانەی جیاکردەوە کە لە ئەفرایمەوە هاتبوون تا بۆ
شوێنەکەی خۆیان بڕۆن، ئەوانیش لە یەهوزا زۆر تووڕە بوون و
بە گڕی تووڕەییەوە گەڕانەوە بۆ شوێنەکەی خۆیان.
١١ بەڵام ئەمەسیا وەرەی دایە بەرخۆیی و ڕابەری گەلەکەی کرد و
چوو بۆ دۆڵی خوێ و دە هەزار کەسی لە نەوەی ساعیر کوشت و
١٢ نەوەی یەهوزاش دە هەزاریان بە زیندوویی لێ ڕاپێچ کردن و
هێنایانن بۆ سەر لووتکەی چیاکە و لە لووتکەی چیاکەوە فڕێیاندانە
خوارەوە و هەموویان تێکشکان. ١٣ بەڵام ئەو پیاوە پەلامارەدەرانەی
کە ئەمەسیا نەیهێشت لەگەڵیدا بڕۆن بۆ جەنگەکە، دریاندا بە
شارەکانی یەهوزا، لە سامیرەوە تا بێیت حورون و سێ هەزاریان
لێ کوشتن و تاڵانێکی زۆریشیان بە تاڵان برد.
١٤ پاش ئەوەی ئەمەسیا لە لێدانی ئەدۆمییەکان گەڕایەوە، خوداکانی
نەوەی ساعیری هێنا و کردنی بە خودای خۆیی و کڕنۆشی بۆ
بردن و بخووری بۆ سووتاندن. ١٥ جا تووڕەیی خوداوەند گڕی
گرت لەسەر ئەمەسیا و پێغەمبەرێکی بۆ نارد و پێی وت: بۆچی
داوای خوداکانی ئەو گەلەت کرد کە نەیانتوانی گەلەکەی خۆیان
لە دەستت دەرباز بکەن؟ ١٦ کاتێ هێشتا قسەی لەگەڵ دەکرد، پێی
وت ئایا تۆیان کردووە بە ڕاوێژکاری پاشا؟ بێ دەنگبە با
نەتکوژن! ئینجا پێغەمبەرەکە بێ دەنگ بوو و وتی: زانیم کە خودا
بڕیاری داوە بە لەناوبردنت، چونکە ئەمەت کرد و گوێت لە
ڕاوێژم نەگرت.
١٧ پاش ئەوەی ئەمەسیای پاشای ڕاوێژی کرد، ناردی بە دوای
یوئاشی کوڕی یەهوئاخازی کوڕی یاهوی پاشای ئیسرائیلدا و
وتی: وەرە، با ڕووبەڕووی یەکتر ببینەوە. ١٨ یوئاشی پاشای
ئیسرائیلیش ناردی بۆ لای ئەمەسیای پاشای یەهوزا و وتی:
خڕنووکی لوبنانی ناردی بۆلای دار ئورزی لوبنانی و وتی،
کچەکەت بدە بە کوڕەکەم تا ببێت بە ژنی، ئینجا ئاژەڵێکی کێوی لە
لوبناندا بەسەر خڕنووکەکەدا ڕۆیشت و پانی کردەوە. ١٩ تۆ وتت
ئەوەتا لە ئەدومم دا، جا شانازیت کرد تا ڕێزداربیت، ئێستا لە
ماڵی خۆت بمێنەوە! بۆچی بەڵا بەسەر خۆتدا دەهێنیت؟ جا
دەکەویت، خۆت و یەهوزاش لەگەڵت. ٢٠ بەڵام ئەمەسیا گوێی
نەگرت، چونکە لەلایەن خوداوە بوو کە بەدەستیانەوە بدات،
لەبەرئەوەی داوای خوداکانی ئەدومیان کرد. ٢١ جا یوئاشی پاشای
ئیسرائیل سەرکەوت و لەگەڵ ئەمەسیای پاشای یەهوزادا لە بێت
شەمەشی یەهوزا ڕووبەڕوو بوونەوە. ٢٢ ئینجا یەهوزا لەبەردەم
ئیسرائیلدا بەزی و هەرکەسە و بەرەو چادرەکەی خۆی ڕایکرد.
٢٣ بەڵام ئەمەسیای پاشای یەهوزا، کوڕی یوئاشی کوڕی
یەهوئاخاز، لەلایەن یوئاشی پاشای ئیسرائیلەوە دەستگیرکرا لە
بێت شەمەش و ئینجا هێنای بۆ ئۆرشەلیم و شورەی ئۆرشەلیمی
لە دەروازەی ئەفرایمەوە تا دەروازەی گۆشەکە وێرانکرد،
چوارسەد باڵ بوو. ٢٤ ئینجا هەموو زێڕ و زیو و هەموو
قاپوقاچاخەکانی ناو ماڵی خودا کە لەلای عوبێد ئەدۆم بوو،
هەروەها خەزێنەکانی ماڵی پاشا و بارمتەکانی برد و گەڕایەوە بۆ
سامیرە.
٢٥ ئەمەسیای کوڕی یوئاشی پاشای یەهوزا، پانزە ساڵ پاش
مردنی یوئاشی کوڕی یەهوئاخازی پاشای ئیسرائیل ژیا و
٢٦ پاشماوەی کاروبارەکانی ئەمەسیا لە سەرەتاوە تا کۆتایی، ئایا
لە پەرتووکی پاشاکانی یەهوزا و ئیسرائیل دا نەنووسراون؟
٢٧ لەو کاتەوەی کە ئەمەسیا لە خوداوەند هەڵگەڕایەوە، لە
ئۆرشەلیمدا پیلانیان لێی گێڕا، جا ڕایکرد بۆ لەخیش، بەڵام چەند
کەسێکیان بەدوایدا نارد بۆ لەخیش و لەوێدا کوشتیان و ٢٨ لەسەر
ئەسپ باریانکرد و لە شاری یەهوزا لەگەڵ باووباپیرانیدا ناشتیان.

# ٢٦

١ ئینجا هەموو گەلی یەهوزا عوزیایان برد کە تەمەنی شانزە
ساڵ بوو و لە جێی ئەمەسیای باوکی کردیان بە پاشا. ٢ ئەو ئەیلەی
بنیادنا و بۆ یەهوزای گێڕایەوە پاش ئەوەی پاشا لەگەڵ
باووباپیرانیدا سەرینایەوە.
٣ عوزیا لە تەمەنی شانزە ساڵیدا بوو بە پاشا و پەنجا و دوو ساڵ
لە ئۆرشەلیمدا پاشایەتی کرد و دایکی ناوی یەکولیا بوو و خەڵکی
ئۆرشەلیم بوو. ٤ بەهەمان شێوەی ئەمەسیای باوکی لەبەرچاوی
خوداوەندا کاری ڕاستی کرد و ٥ داوای خودای دەکرد لە ڕۆژانی
زەکەریای تێگەیشتوو لە دیمەنەکانی خودا، جا لەو ڕۆژانەی
داوای خوداوەندی دەکرد، خودا سەرکەوتووی کرد.
٦ ئینجا دەرچوو و دژی فەلەستییەکان جەنگا و دیوارەکانی گەت و
دیوارەکانی یەبنە و دیوارەکانی ئەشدودی ڕوخاند و لە زەوی
ئەشدود و فەلەستییەکاندا چەند شارێکی بنیادنا. ٧ خوداش بەسەر
فەلەستییەکان و عەرەبەکانی گور بەعل و مەعونییەکاندا یارمەتیدا
و ٨ عەمونییەکانیش دیارییان پێشکەش بە عەزمیا کرد و ناوبانگی
تا دەروازەی میسر بڵاوبووەوە، چونکە زۆر بەهێز بوو.
٩ هەروەها عوزمیا چەند قولەیەکی لە ئۆرشەلیم لەسەر دەروازەی
گۆشەکە و دەروازەی دۆڵەکە و لەلای گۆشەکەوە بنیادنا و قایمی
کردن. ١٠ هەروەها چەند قولەیەکی لە چۆڵەوانیدا بنیادنا و بیری
زۆریشی لێدا، چونکە مەڕوماڵاتێکی زۆری لە کەنار و لە دەشتدا
هەبوو لەگەڵ جووتیار و ڕەزەوانی زۆریشی لە چیا و لە کەرملدا،
چونکە زۆر حەزی لە کشتوکاڵ بوو.
١١ هەروەها عوزمیا سوپایەکی لە جەنگاوەران هەبوو کە بەش
بەش دەردەچوون بۆ پەلاماردان، بەپێی ژمارەی سەرژمێرییان
لەلایەن یەعیئێلی تۆمارکار و مەعەسیای بەرێوەبەر، لەژێر
سەرپەرشتی خەنانیا کە یەکێك بوو لە سەرکردەکانی پاشا. ١٢ کوێ

ژمارەی سەرگەورەکانی ماڵە باوانەکان، لە پاڵەوانە
جەنگاوەرەکان، دوو هەزار و شەش سەد بوون و ١٣ سوپایەکی
سەربازانی سێ سەد و حەوت هەزار و پێنج سەد کەسییان لە ژێر
دەست بوو لە جەنگاوەرانی زۆر بەهێز بۆ یارمەتیدانی پاشا
بەسەر دوژمنەکانیدا. ١٤ هەروەها عوزەییا بۆ هەموو سەربازەکان
قەڵغان و ڕم و کڵاوی ئاسن و سپەر و کەوان و بەردی قۆچەقانی
بۆ دابینکرد. ١٥ لە ئۆرشەلیمدا مەنجەنیقی داهێنانی داهێنەرەکانی
دروستکرد بۆ ئەوەی لەسەر قولەکان و لەسەر گۆشەکان بن بۆ
هاوێشتنی تیر و بەردی گەورە، بەو شێوەیە ناوبانگی تا دوور
بڵاوبووەوە چونکە سەرنج ڕاکێشەرانە یارمەتیدرا تا بەهێز بوو.
١٦ بەڵام پاش ئەوەی بەهێز بوو، دڵی لەخۆبایی بوو تا لەناوچوون
و ناپاکی لەگەڵ خوداوەند خودایدا کرد و هاتە ناو پەرستگای
خوداوەندەوە بۆ ئەوەی بخوور لەسەر قوربانگاکەی بخوور
بسووتێنێت. ١٧ ئینجا عەزەریای کاهین بە دوایدا هاتە ژوورەوە
لەگەڵ کاهینەکانی خوداوەند، هەشتا کاهینی چاونەترس، ١٨ جا
بەرەنگاری عوزەییا پاشا بوونەوە و پێیان وت: بۆت نییە، ئەی
عوزەییا بخوور بۆ خوداوەند بسووتێنیت، چونکە بۆ کاهینە
پیرۆزەکانی نەوەی هارونە بخوور سووتاندن. لە پیرۆزگاکە بچۆ
دەرەوە، چونکە تۆ ناپاکیت کرد و هیچ ڕێزێکت لەلای خوداوەند
خودا نییە. ١٩ جا عوزەییا پەست بوو و بخووردانەکەی بەدەستەوە
بوو بۆ بخوور سووتاندن و لە کاتی پەست بوونی لە کاهینەکان
گولی لەناوچەوانیدا دەرکەوت لەبەردەم کاهینەکان لەناو ماڵی
خوداوەنددا، لەلای قوربانگاکەی بخوور سووتاندن. ٢٠ کە
عەزەریاهوی گەورە کاهین و کاهینەکانی دیکە ئاوڕیان لێی
دایەوە و بینییان ناوچەوانی گول بووە، لەوێ دەریانکرد، تەنانەت
خۆی دەست پێشخەر بوو لە دەرچوون، چونکە خوداوەند لێیدا.
٢١ جا عوزەییا پاشا گول بوو تا ڕۆژی مردنی و لە ماڵێکی
دابڕاودا دانیشت لەبەر گولی، چونکە لە ماڵی خوداوەند دەرکرا و
یۆسامی کوڕی لە جیاتی ئەو دادوەری گەلی زەوییەکەی دەکرد.
٢٢ پاشماوەی کاروبارەکانی عوزەییا لە سەرەتاوە تا کۆتایی،
یەشەعیای کوڕی ئامۆچ پێغەمبەر نووسییەوە. ٢٣ ئینجا عوزەییا
لەگەڵ باوباپیرانیدا سەری نایەوە و لەگەڵ باوباپیرانیدا لە
کێڵگەی گۆڕستانی پاشاکاندا ناشتیان، چونکە وتیان: گول بوو.
ئینجا یۆسامی کوڕی لە جێی ئەو بوو بە پاشا.

# ٢٧

١ یۆسام لە تەمەنی بیست و پێنج ساڵیدا بوو بە پاشا و شانزە ساڵ
لە ئۆرشەلیمدا پاشایەتی کرد و دایکی ناوی یەروشەی کچی
سادوق بوو. ٢ ئەوەی ڕاست بوو لەبەرچاوی خوداوەنددا کردی،
وەك هەموو ئەوەی عوزەییای باوکی کردی، تەنها ئەوە نەبێت کە
نەچووە ناو پەرستگای خوداوەندەوە و گەل هێشتا گەندەڵییان
دەکرد.
٣ ئەو دەروازە بەرزەکەی ماڵی خوداوەندی بنیادنا و لەسەر
دیوارەکەی عۆفەلیش زۆری بنیادنا و ٤ چەند شارێکیشی لە چیای
یەهوزادا بنیادنا و لە دارستانەکانیشدا قەڵا و قولەی بنیادنا. ٥ ئەو
بوو دژی پاشای نەوەی عەممون جەنگا و زاڵ بوو بە سەریاندا و
نەوەی عەممون لەو ساڵەدا سەد کیکەر زیو و دە هەزار کۆر گەنم
و دە هەزاریشیان لە جۆ پێی دا. نەوەی عەممون ئەمەیان پێیدا
لەساڵی دووەم و سێیەمیشدا. ٦ جا سۆسام بەهێز بوو، چونکە
ڕێگاکانی خۆی ئامادەکرد لەبەردەم خوداوەند خودای.
٧ پاشماوەی کاروبارەکانی یۆسامیش لەگەڵ هەموو جەنگەکانی و
ڕێگاکانی، ئەوەتا لە پەرتووکی پاشاکانی ئیسرائیل و یەهوزادا
نووسراون. ٨ یۆسام لە تەمەنی بیست و پێنج ساڵیدا بوو بە پاشا و
شانزە ساڵ لە ئۆرشەلیمدا پاشایەتی کرد و ٩ ئینجا یۆسام لەگەڵ
باووباپیرانیدا سەری نایەوە، جا لە شاری داوددا ناشتیان و
ئاخازی کوڕی لە جێی ئەو بوو بە پاشا.

# ٢٨

١ ئاخاز لە تەمەنی بیست ساڵیدا بوو بە پاشا و شانزە ساڵ لە
ئۆرشەلیمدا پاشایەتی کرد و وەك داودی باوکی نەبوو، کاری
ڕاست بکات لەبەرچاوی خوداوەنددا، ٢ بەڵکو ڕێگاکانی پاشاکانی
ئیسرائیلی گرتەبەر و چەند بتێکی داڕێژراویشی بۆ بەعلیم
دروستکرد. ٣ ئەو بوو لە دۆڵی بن هەنومدا بخووری سووتاند و
کوڕەکانی خۆی بە ئاگر سووتاند، بەپێی گڵاوییەکانی ئەو گەلانەی
کە خوداوەند لەبەردەم ئیسرائیلدا دەریکردن . ٤ هەروەها لەسەر
بەرزاییەکان و گردەکان و لەژێر هەموو دارێکی سەوزدا
قوربانی سەربڕی و بخووری سووتاند. ٥ جا خوداوەند خودای
دای بەدەستی پاشای ئارامەوە و ئەوانیش لێیاندا و ڕاپێچێکی
زۆریان لێ ڕاپێچکردن و هێنایانن بۆ دیمەشق. هەروەها درا
بەدەست پاشای ئیسرائیلەوە و ئەویش گورزێکی گەورەی لێ
وەشاند و ٦ پەقەخی کوڕی ڕەمەلیا بە یەك ڕۆژ سەد و بیست
هەزاری لە یەهوزادا کوشت، کە هەموو بەهێز بوون. چونکە
خوداوەند خودای باووباپیرانیان بەجێهێشت.
٧ هەروەها زیکری پاڵەوانی ئەفرایم مەعەسیای کوڕی پاشا و
عەزریقامی سەرپەرشتیاری ماڵەکە و ئەلقانەی جێگری پاشای
کوشت.
٨ نەوەی ئیسرائیل لە براکانی خۆیان دوو سەد هەزاریان لە ژن و
کوڕ و کچ ڕاپێچ کرد و دەستکەوتێکی زۆریان لێ تاڵان کردن و
دەستکەوتەکەیان هێنا بۆ سامیرە. ٩ لەوێ پێغەمبەرێکی خوداوەند
هەبوو ناوی عۆدید بوو چووە دەرەوە بۆ بەردەم ئەو سوپایەی کە
دەهات بۆ سامیرە و پێی وتن: ئەوەتا لەبەر تووڕەیی خوداوەند
خودای باووباپیرانتان لەسەر یەهوزا، ئەوانی بەدەستانەوە دا،
ئێوەش بە تووڕەییەکەوە کە گەیشتە ئاسمان ئەوانتان کوشت.
١٠ ئێستاش ئێوە بە نیازن نەوەی یەهوزا و ئۆرشەلیم بکەن بە
کۆیلە و کەنیزەی خۆتان، ئایا ئێوەش دەرهەق بە خوداوەند خودای
خۆتان تاوانتان نییە؟ ١١ ئێستاش گوێم لێ بگرن و ئەو ڕاپێچەی لە
براکانتان ڕاپێچتان کردووە بگێڕنەوە، چونکە گڕی تووڕەیی
خوداوەند بەسەرتانەوەیە. ١٢ ئینجا چەند پیاوێك لە گەورەپیاوانی
نەوەی ئەفرایم کە عەزەریای کوڕی یەهوخانان و بەرخیای کوڕی
مەشلیموت و یەخەزقیای کوڕی شەللوم و عەماسای کوڕی
حیدلای بوون، هەستانە سەر پێشەنگی سوپاکە و ١٣ پێیان وتن:
ڕاپێچەکە ناهێنن بۆ ئێرە، چونکە ئێمە خۆمان دەرهەق بە
خوداوەند تاوانمان لەسەرە و ئێوەش بەنیازن گوناهەکانمان و
تاوانەکانمان زۆر بکەن. چونکە خۆمان ئەوەندە تاوانمان زۆرە کە
گڕی تووڕەیی بە سەر ئیسرائیلەوەیە. ١٤ ئینجا چەك بەدەستەکان
لەبەردەم سەرکردەکان و هەموو کۆمەڵەکەدا ڕاپێچ و تاڵانەکەیان
بەجێهێشت و ١٥ ئینجا ئەو پیاوانەی ناویان دیاریکرا، هەستان و
ڕاپێچ کراوەکانیان برد و لە تاڵانەکە جلیان لەبەر هەموو
ڕووتەکانیان کرد و دایانپۆشین و پێڵاویان لەپێ کردن و نانیان
دەرخوارد دان و ئاویان دەرخوارد دانەوە و بریندارەکانیان بە
ڕۆن چارەسەرکرد و هەموو لاوازەکانیان سواری گوێدرێژ کرد
و هێنایانن بۆ ئەریحا، شاری دارخورما، بۆلای براکانیان، ئینجا
گەڕانەوە بۆ سامیرە.
١٦ لەو کاتەدا ئاخاز پاشا هانای بۆ پاشاکانی ئاشور برد، تا
یارمەتی بدەن، ١٧ چونکە ئەدومییەکانیش هاتن و لە یەهوزایان دا

و ڕاپێچیان ڕاپێچ کرد. ١٨ هەروەها فەلەستییەکانیش دڕایاندا بە شارەکانی کەنارەکان و باشووری یەهوزا و بێیت شەمش و ئەیەلون و گەدیروت و سوکو و شارۆچکەکانی و تیمنە و شارۆچکەکانی و گیمزۆ و شارۆچکەکانی و لەوێدا نیشتەجێ بوون. ١٩ چونکە خوداوەند یەهوزای زەلیل کرد بەهۆی ئاخازی پاشای ئیسڕائیلەوە، چونکە ئەو یەهوزای لەدەست دەرکرد و بە تەواوی ناپاکی لە خوداوەند کرد. ٢٠ جا تیلگەس پیلنئەسەری پاشای ئاشوور هاتە سەری و تەنگی پێهەڵچنی لەجیاتی ئەوەی پاڵپشتی بکات. ٢١ چونکە ئاخاز بەشێکی لە ماڵی خوداوەند و لە ماڵی پاشا و لە سەرگەورەکان برد و دای بە پاشای ئاشوور، بەڵام ئەو یارمەتی نەدا. ٢٢ جا ئەم ئاخاز پاشایە لە کاتی تەنگانەکەیدا زیاتر ناپاکی لەگەڵ خوداوەند کرد و ٢٣ قوربانی بۆ خوداکانی دیمەشق ئەوانەی لێیاندان سەربڕی و وتی: چونکە خوداکانی پاشاکانی ئارامییەکان یارمەتییان دەدات، منیش قوربانییان بۆ سەردەبڕم بەڵکو یارمەتی منیش دەدەن. بەڵام ئەوان هۆی ڕوخانی ئەو و هەموو ئیسڕائیل بوون. ٢٤ ئینجا ئاخاز قاپوقاچاخەکانی ماڵی خودای کۆکردەوە و قاپوپاخاخەکانی ماڵی خودای پارچەپارچە کرد و دەرگاکانی ماڵی خوداوەندی داخست و لەهەموو گۆشەیەکی ئۆرشەلیمدا قوربانگای بۆ خۆی دروستکرد و ٢٥ لەناو هەموو شارەکانی یەهوزاشدا بەرزاییەکانی بۆ بخوور سووتاندن بۆ خوداکانی تر دروستکرد و خوداوەند خودای باووباپیرانی تووڕە کرد.

٢٦ پاشماوەی کاروبارەکانی و هەموو ڕێگاکانی لە سەرەتاوە تا کۆتایی، ئەوەتان لە پەرتووکی پاشاکانی یەهوزا و ئیسڕائیلدا نووسراون. ٢٧ ئینجا ئاخاز لەگەڵ باوباپیرانیدا سەری نایەوە و لە شاری ئۆرشەلیمدا ناشتیان، چونکە نەیانبرد بۆ گۆڕستانی پاشاکانی ئیسڕائیل. ئینجا یخزقییای کوڕی لە جێی ئەو بوو بە پاشا.

# ٢٩

١ یخزقییا لە تەمەنی بیست و پێنج ساڵیدا بوو بە پاشا و بیست و نۆ ساڵ لە ئۆرشەلیمدا پاشایەتی کرد و دایکی ناوی ئەبییەی کچی زەکەریا بوو. ٢ لەبەرچاوی خوداوەندا کاری ڕاستی کرد وەك هەموو ئەوەی داودی باوکی کردی. ٣ لە یەکەم مانگی ساڵی یەکەمی پاشایەتییەکەیدا دەرگاکانی ماڵی خوداوەندی کردەوە و چاکی کردەوە و ٤ کاهینەکان و لێڤییەکانی بردە ژوورەوە و لە گۆڕەپانەکەی خۆرهەڵاتدا کۆیکردنەوە و ٥ پێی وتن: ئەی لێڤییەکان گوێم لێ بگرن، ئێستا خۆتان پیرۆزبکەن و ماڵی خوداوەند خودای خۆتان پیرۆزبکەن و گڵاوی لە پیرۆزگا دەربکەن، ٦ چونکە باووباپیرانمان ناپاکییان کرد و لەبەرچاوی خوداوەند خوداماندا خراپەیان کرد و بەجێیانهێشت و ڕوویان لە نشینگەی خوداوەند وەرگێڕا و پشتیان تێکرد و ٧ هەروەها دەرگاکانی هەیوانەکەیان داخست و چراکەیان کوژاندەوە و بخووریان نەسووتاند و قوربانییان لە پیرۆزگادا بۆ خودای ئیسڕائیل پێشکەش نەکرد. ٨ لەبەرئەوە تووڕەیی خوداوەند بەسەر یەهوزا و ئۆرشەلیمەوە بوو و دایانییە دەست دڵەڕاوکێ و سەرسوڕمان و واق وڕمان، هەروەك بە چاوی خۆتان دەبینن.
٩ ئەوەتا باووباپیرانمان بە شمشێر کەوتن و کوڕەکانمان و کچەکانمان و ژنەکانمان لە ڕاپێچن لەبەر ئەمە. ١٠ ئێستاش لە دڵمدایە پەیمانێك لەگەڵ خوداوەند خودای ئیسڕائیلدا ببەستم، بەڵکو گڕی تووڕەییەکەیمان لێ بگێڕێتەوە. ١١ کوڕەکانم، ئێستا پێتان نەخزێت، چونکە خوداوەند ئێوەی هەڵبژارد تا لەبەردەمی ڕاوەستن و خزمەتی بکەن و ببن بە خزمەتکار و بخوور سووتێن بۆی.

١٢ ئینجا لێڤییەکان هەستان، مەحسی کوڕی عەماسای و یوئێلی کوڕی عەزەریا و لە نەوەی قەهاتییەکان و لە نەوەی مەراری قەیسی کوڕی عەبدی و عەزەریای کوڕی یەهلەلئێل، لە گێرشونییەکانیش یۆئاخی کوڕی زیممە و عیدەنی کوڕی یۆئاخ، ١٣ لە نەوەی ئەلیسافان، شیمری و یەعیئێل و لە نەوەی ئاساف، زەکەریا و مەتەنیا، ١٤ لە نەوەی هەیمان، یەحیئێل و شیمعی و لە نەوەی یەدوسون، شەمعیا و عوزیئێل. ١٥ جا براکانیان کۆکردەوە و خۆیان پیرۆزکرد و بەپێی فەرمانی پاشا، بە قسەی خوداوەند هاتن بۆ پاککردنەوەی ماڵی خوداوەند. ١٦ ئینجا کاهینەکان چوونە ناو ماڵی خوداوەندەوە بۆئەوەی پاکی بکەنەوە و هەموو ئەو گڵاوییەی لەناو پەرستگای خوداوەنددا دۆزییانەوە، بردیانە دەرەوە بۆ حەوشەی ماڵی خوداوەند و لێڤییەکان دەستیان دایێ بۆ ئەوەی دەرییکەنە دەرەوە بۆ دۆڵی قەدرون. ١٧ لە ڕۆژی یەکەمی مانگی یەکەمدا دەستیان بە پیرۆزکردنەکە کرد و لە ڕۆژی هەشتی مانگدا گەیشتنە هەیوانەکەی خوداوەند و لە هەشت ڕۆژدا ماڵی خوداوەندیان پیرۆز کرد و لە ڕۆژی شانزەی مانگی یەکدا کۆتاییان پێهێنا. ١٨ ئینجا چوونە ژوورەوە بۆلای یخزقییا پاشا و وتیان: هەموو ماڵی خوداوەند و قوربانگاکەی قوربانی سووتا و هەموو قاپوقاچاخەکانی و مێزی نانی تەرخانکراو و هەموو قاپوقاچاخەکانیمان پاککردەوە، ١٩ لەگەڵ هەموو ئەو قاپوقاچاخانەی کە ئاخاز پاشا فڕێیدا لەسەردەمی پاشایەتییەکەی لە ناپاکییەکەی، ئامادەیە و پیرۆزمان کردووە و ئەوەتا لەبەردەم قوربانگاکەی خوداوەندە.

٢٠ ئینجا یخزقییا پاشا بەیانی زوو هەستا و سەرگەورەکانی شاری کۆکردەوە و چووە سەرەوە بۆ ماڵی خوداوەند. ٢١ جا حەوت گا و حەوت بەران و حەوت بەرخ و حەوت گیسکیان هێنا بۆ قوربانی گوناهە بۆ پاشایەتییەکە و پیرۆزگا و بۆ یەهوزا. ئینجا وتی بە نەوەی هارون کە کاهینەکانن، کە سەریخەنە سەر قوربانگاکەی خوداوەند. ٢٢ جا گاکانیان سەربڕی و کاهینەکان خوێنەکەیان وەرگرت و بەسەر قوربانگاکەدا پرژاندیان، ئینجا بەرانەکانیان سەربڕی و خوێنەکەیان پرژاندە سەر قوربانگاکە، ئینجا بەرخەکانیان سەربڕی و خوێنەکەیان پرژاندە سەر قوربانگاکە.
٢٣ پاشان گیسکەکانی قوربانی گوناهەیان بردە بەردەم پاشا و و کۆمەڵ و ئەوانیش دەستیان لەسەر دانان. ٢٤ ئینجا کاهینەکان سەریان بڕین و خوێنەکەیانیان پێشکەش کردە سەر قوربانگاکە وەك قوربانی گوناهە و کەفارەتیان بۆ هەموو ئیسڕائیل کرد، چونکە پاشا وتی، قوربانی سووتا و قوربانییەکەی گوناهە بۆ هەموو ئیسڕائیلە. ٢٥ ئینجا لێڤییەکانی لە ماڵی خوداوەنددا ڕاگرت، بە سەنج و عود و قیسارەوە، بەپێی فەرمانی داود، گادی بینەری پاشا و ناسان پێغەمبەریش، چونکە فەرمانەکە لە لایەن خوداوەندەوە بوو لەسەر زمانی پێغەمبەرەکانییەوە. ٢٦ ئینجا لێڤییەکان بە ئامێرەکانی داودەوە و کاهینەکانیش بە زوڕناوە ڕاوەستان. ٢٧ یخزقییاش فەرمانی دا بە سەرخستنی قوربانییە سووتاوەکە بۆ سەر قوربانگاکە و لە کاتی دەستپێکردنی قوربانی سووتاندنەکەدا، گۆرانی خوداوەند دەستی پێکرد لەگەڵ لێدانی زوڕنا و ئامێرەکانی داودی پاشای ئیسڕائیل. ٢٨ هەموو کۆمەڵەکەش کڕنۆشیان دەبرد و گۆرانی بێژەکان گۆرانییان دەوت و زوڕنا لێدەرەکانیش فوویان بە زوڕناکانیاندا دەکرد، هەر هەموو تا قوربانی سووتاندنەکە کۆتایی پێ هات. ٢٩ لەکاتی تەواو بوونی قوربانییە سووتاوەکە، پاشا و هەموو ئەوانەی لەگەڵیدا بوون چەمانەوە و کڕنۆشیان برد و ٣٠ یخزقییا پاشا و سەرگەورەکان بە لێڤییەکانیان وت کە بە وشەکانی داود و ئاسافی بینەر ستایشی خوداوەند بکەن، ئەوانیش بەخۆشییەوە ستایشیان کرد و چەمانەوە و کڕنۆشیان برد.

٣١ ئینجا یحزقیا وەڵامی دایەوە و وتی: ئێستا خۆتان بۆ خوداوەند
تەرخانکردووە، وەرنە پێش و قوربانی سەربڕاو و قوربانی
سوپاس کردن بۆ ماڵی خوداوەند بهێنن. ئینجا کۆمەڵەکە قوربانی
سەربڕاو و قوربانی سوپاسکردنیان هێنا و هەموو دەست
فراوانێکیش قوربانی سووتاوی هێنا. ٣٢ ژمارەی ئەو قوربانییە
سووتاوانەی کە کۆمەڵەکە هێنایان، حەفتا گا و سەد بەران و دوو
بەرخ بوو، هەموو ئەمە قوربانی سووتاو بوو بۆ خوداوەند.
٣٣ پیرۆزکراوەکانیش، شەش سەد مانگا و سێ هەزار مەڕ بوو.
٣٤ بەڵام کاهینەکان کەم بوون و نەیانتوانی هەموو قوربانییە
سووتاوەکان کەوڵ بکەن، لەبەرئەوە برا لێڤییەکانیان یارمەتییان
دان، تا کارەکە تەواو بوو و تا کاهینەکان خۆیان پیرۆزکرد،
چونکە لێڤییەکان زیاتر دڵراستتر بوون لە کاهینەکان لە
خۆپیرۆزکردن. ٣٥ هەروەها قوربانیە سووتاوەکان زۆر بوون بە
بەزی قوربانییەکانی ئاشتی و بە مەیی پێشکەشکراوی قوربانییە
سووتاوەکان، جا خزمەتکردنی ماڵی خوداوەند ڕێك بووەوە.
٣٦ یحزقیا و هەموو گەلیش دڵشاد بوون لەبەرئەوەی خودا گەلی
ئامادەکرد، چونکە کارەکە کتوپڕ بوو.

# ٣٠

١ ئینجا یحزقیا ناردی بەدوای هەموو ئیسرائیل و یەهوزادا و
هەروەها نامەشی بۆ ئەفرایم و مەنەسا نووسی تا بێن بۆ ماڵی
خوداوەند لە ئۆرشەلیم بۆ ئەوەی جەژنی تێپەڕبوون بۆ خوداوەند
خودای ئیسرائیل بکەن. ٢ جا پاشا و سەرکردەکانی و هەموو
کۆمەڵەکە ڕاوێژیان کرد کە لە مانگی دووەدا جەژنی تێپەڕبوون
بکەن، ٣ چونکە نەیانتوانی لەو کاتەدا بیکەن، لەبەرئەوەی هێشتا
کاهینەکان بەتەواوەتی خۆیان پیرۆزنەکردبوو و گەلیش لە
ئۆرشەلیمدا کۆنەبووبوونەوە. ٤ جا کارەکە لەبەرچاوی پاشا و
هەموو کۆمەڵەکەدا پەسەند بوو. ٥ بۆیە بڕیاریان دا لەناو هەموو
ئیسرائیلدا لە بیئر شەبەعەوە تا دان بانگەوازبکەن، بۆئەوەی بێن
و لە ئۆرشەلیمدا جەژنی تێپەڕبوون بۆ خوداوەند خودای ئیسرائیل
بکەن، چونکە زۆر دەمێك بوو وەك ئەوەی نووسراوە نەیانکردبوو.
٦ جا پەیامبەرەکان بە نامەکانەوە لە دەستی پاشا و سەرکردەکانییەوە
ڕۆیشتن بەناو هەموو ئیسرائیل و یەهوزادا بەپێی فەرمانی پاشا
دەیانووت: ئەی نەوەی ئیسرائیل بگەڕێنەوە بۆلای خوداوەند
خودای ئیبراهیم و ئیسحاق و ئیسرائیل، ئینجا ئەویش دەگەڕێتەوە
بۆلای دەربازبووان ئەوانەی لێتان ماونەتەوە لە چنگ پاشاکانی
ئاشوور. ٧ وەك باووباپیرانتان و براکانتان مەبن ئەوانەی ناپاکییان
لەگەڵ خوداوەند خودای باووباپیرانیاندا کرد و ئەویش وەك
دەیبینن کردنی بەمایەی سەرسوڕمان. ٨ ئێستا وەك باووباپیرانتان
کەلە ڕەقی مەکەن، بەڵکو ملکەچ بن بۆ خوداوەند و بچنە ناو
پیرۆزگاکەیەوە، ئەوەی تاهەتایە پیرۆزی کردووە و خزمەتی
خوداوەند خودای خۆتان بکەن، بۆ ئەوەی گڕی تووڕەییەکەی
بگێڕێتەوە لێتان. ٩ چونکە بە گەڕانەوەتان بۆلای خوداوەند،
براکانتان و کوڕەکانتان لەبەردەم ڕاپێچکارانیان بەزەییان پێ
دەکرێت، جا دەگەڕێنەوە بۆ ئەم خاکە، چونکە خوداوەند خوداتان
میهرەبان و بە بەزەییە و ڕووی خۆی وەرناگێڕێ لێتان ئەگەر
بگەڕێنەوە بۆلای.
١٠ پەیامبەرەکان لە شارێکەوە دەچوون بۆ شارێکی دیکە، لە خاکی
ئەفرایم و مەنەسەدا تا زەبولون، جا خەڵك پێیان پێدەکەنین و
گاڵتەیان پێ دەکردن. ١١ بەڵام هەندێ کەس لە ئەشێر و مەنەسا
و زەبولون بێ فیز بوون و هاتن بۆ ئۆرشەلیم. ١٢ هەروەها دەستی
خودا لە یەهوزادا بوو، جا یەك دڵی دانێ، تا بە فەرمانی پاشا و
سەرکردەکان بکەن، بەپێی وشەی خوداوەند. ١٣ جا گەلێکی زۆر
لە مانگی دووەدا لە ئۆرشەلیمدا کۆبوونەوە تا جەژنی نانی فەتیر
بگێڕن، کۆمەڵێکی زۆر زۆر. ١٤ ئینجا هەستان و ئەو
قوربانگایانەی لە ئۆرشەلیمدا بوون لایان بردن، هەروەها هەموو
قوربانگاکانی بخوور سووتاندیان لابرد و فڕێیان دانە دۆڵی
قەدرونەوە. ١٥ ئینجا لە ڕۆژی چواردەی مانگی دووەدا، قوربانی
تێپەڕبوونیان سەربڕی و کاهینەکان و لێڤییەکان شەرم دایگرتن و
خۆیان پیرۆزکرد و قوربانییە سووتاوەکانیان بردە ناو ماڵی
خوداوەندەوە و ١٦ شوێنەکانی خۆیان گرت بەپێی ئەوی بڕیاردراوە
بۆیان، بەپێی فێرکردنەکانی موسای پیاوی خودا، جا کاهینەکان
خوێنەکەیان لە دەستی لێڤییەکان وەرگرت و دەیان پرژاند.
١٧ چونکە ژمارەیەکی زۆر لە کۆمەڵەکە خۆیان پیرۆزنەکردبوو،
جا لێڤییەکان بەسەر سەربڕاوی تێپەڕبوونەوە بوون لەجیاتی
هەموو ئەوانەی پاك نەبوون بۆ پیرۆزکردنیان بۆ خوداوەند.
١٨ چونکە زۆربەی گەل، زۆر لە ئەفرایم و مەنەسا و یەساکار
و زەبولون خۆیان پاك نەکردبووەوە، بەڵکو لە قوربانییەکەی
تێپەڕبوونیان خوارد ، نەك وەك ئەوەی نووسراوە، بەڵام یحزقیا
نوێژی بۆ کردن و وتی: خوداوەندی چاك خۆش دەبێت لە
١٩ هەموو کەسێك کە دڵی ئامادەکردووە بۆ داواکردنی خودا،
خوداوەند خودای باووباپیرانی، نەك وەك پاکی پیرۆزگا. ٢٠ ئینجا
خوداوەند گوێی لە یحزقیا گرت و گەلی چاککردەوە.
٢١ ئینجا نەوەی ئیسرائیل ئەوانەی لە ئۆرشەلیمدا بوون حەوت
ڕۆژ بە خۆشییەکی مەزنەوە جەژنی نانی فەتیریان گێڕا و
لێڤییەکان و کاهینەکانیش ڕۆژ بە ڕۆژ بە ئامێری ستایش کردنی
خوداوەند، ستایشی خوداوەندیان کرد. ٢٢ یحزقیاش دڵی هەموو
ئەو لێڤییانەی خۆشکرد کە زیرەکییان نواند لە خزمەتکردنی
خوداوەند و حەوت ڕۆژ لە نانی جەژنیان خوارد و قوربانی
ئاشتییان سەربڕی و ستایشی خوداوەند خودای باووباپیرانیان
دەکرد. ٢٣ پاشان هەموو کۆمەڵ ڕاوێژیان کرد کە حەوت ڕۆژی
تر درێژە بە جەژنەکە بدەن، جا بە خۆشییەوە حەوت ڕۆژ
جەژنیان کرد. ٢٤ چونکە یحزقیای پاشای یەهوزا هەزار گا و
حەوت هەزار مەڕی بە کۆمەڵەکە بەخشی و سەرکردەکانیش
هەزار گا و دە هەزار مەڕیان بە کۆمەڵەکە بەخشی و زۆر لە
کاهینەکانیش خۆیان تەرخانکرد. ٢٥ بەو شێوەیە هەموو کۆمەڵی
یەهوزا و کاهینەکان و لێڤییەکان و هەموو ئەو کۆمەڵەی لە
ئیسرائیلەوە هاتبوون دڵخۆش بوون، لەگەڵ ئەو بێگانانەی لە
زەوی ئیسرائیلەوە هاتبوون و ئەوانەش کە لە یەهوزادا نیشتەجێ
بوون. ٢٦ جا لە ئۆرشەلیمدا خۆشییەکی گەورە بوو، چونکە لە
ڕۆژەکانی سلێمانی کوڕی داودی پاشای ئیسرائیلەوە، شتی ئاوا لە
ئۆرشەلیمدا نەکرابوو. ٢٧ ئینجا کاهینە لێڤییەکان هەستان و گەلیان
پیرۆزکرد، جا دەنگیان بیسترا و نوێژەکانیان چووە ژوورەوە بۆ
ناو نشینگەی پیرۆز لە ئاسمان.

# ٣١

١ پاش تەواو بوونی هەموو ئەمانە، هەموو ئیسرائیل ئەوانەی
ئامادەبووان دەرچوون بۆ ناو شارەکانی یەهوزا و بتەکانیان شکاند
و ئەشێرەکانیان بڕییەوە و بەرزاییەکان و قوربانگاکانیان لە ناو
هەموو یەهوزا و بنیامین و ئەفرایم و مەنەسادا ڕووخاند تا
تەواو بوون، پاشان هەموو ئیسرائیل هەریەکە و گەڕایەوە بۆ
موڵکەکەی خۆی لە شارەکانیاندا. ٢ ئینجا یحزقیا کۆمەڵی
کاهینەکان و لێڤییەکانی بەپێی کۆمەڵەکانیان دامەزراندەوە،
هەرکەسەو بەپێی خزمەتەکەی، کاهینەکان و لێڤییەکان بۆ
قوربانی سووتاو و قوربانییەکانی ئاشتی بۆ خزمەت و بۆ سوپاس
کردن و ستایش کردن لە دەروازەکانی ئۆردوگاکانی خوداوەنددا .

٣ هەروەها پاشا بەشێکی لە سامانەکەی خۆی دا بۆ قوربانییە
سووتاوەکان، قوربانییە سووتاوەکانی بەیانیان و ئێواران و
قوربانییە سووتاوەکانی ڕۆژانی پشوودان و سەرەمانگەکان و
جەژنە دیاریکراوەکان بەپێی ئەوەی لە فێرکردنەکانی خوداوەنددا
نووسراوە. ٤ هەروەها بە گەل، بە دانیشتوانی ئۆرشەلیمی وت، کە
بەشی کاهینەکان و لێڤییەکان بدەن بۆ ئەوەی دەست بگرن بە
فێرکردەکانی خوداوەندەوە. ٥ پاش ئەوەی ئەم قسەیە بڵاوبووەوە،
نەوەی ئیسڕائیل بڕی نۆبەرەی گەنم و مەی و زەیت و هەنگوینیان
و هەموو بەروبوومی کێڵگەیان زۆرکرد و هەموویان دەیەك کرد
و بە زیادەوە هێنایان. ٦ هەروەها نەوەی ئیسڕائیل و یەهوزا
ئەوانەی لە شارەکانی یەهوزادا نیشتەجێ بوون، ئەوانیش مانگا و
مەڕەکانیان دەیەك کرد و دەیەکی شتە پیرۆزەکان کە بۆ خوداوەند
خودایان تەرخانکراوە، هێنایان و کۆمەڵ کۆمەڵیان کرد. ٧ لە
مانگی سێدا دەستیان بە کۆمەڵ کردنیان کرد و لە مانگی حەوتدا
کۆتاییان پێهێنا. ٨ ئینجا یخزقییا و سەرکردەکان هاتن و
کۆمەڵەکانیان بینی و خوداوەند و ئیسڕائیلی گەلیان پیرۆز کرد.
٩ کاتێ یخزقییا لەبارەی کۆمەڵ کراوەکانەوە پرسیاری لە
کاهینەکان و لێڤییەکان کرد. ١٠ عەزەریای گەورە کاهینیش کە
سەر بە ماڵی چادوق بوو پێی وت: لەو کاتەوەی دەستکراوە بە
هێنانی پێشکەشکراو بۆماڵی خوداوەند، خواردوومانە و تێر بووین
و زۆرمان لەبەرماوەتەوە، چونکە خوداوەند گەلەکەی خۆی
پیرۆزکردووە و ئەوەشی ماوەتەوە بەشێکی زۆرە.
١١ یخزقییاش بە کاهینەکەی وت، کە ژوورەکان لە ماڵی
خوداوەنددا ئامادەبکەن، ئەوانیش ئامادەیان کردن. ١٢ ئینجا
پێشکەشکراوەکان و دەیەکەکان و شتە تەرخانکراوەکانیان بەدەست
پاکییەوە هێنا و کونەنیای لێڤیش سەرۆك بوو بەسەریانەوە و
شیمعی براشی جێگر بوو. ١٣ یەحیئێل و عەزەریا و نەخەس و
عەسائیل و یەریموت و یوزاباد و ئیلیئێل و یەسمەخیا و مەخەس
و بەنایا سەرپەرشتیار بوون لەژێر دەست کونەنیا و شیمعی
برای، بەپێی ئەو ڕێکخستنەی کە یخزقییا پاشا و عەزرەیای
سەرۆکی ماڵی خودا دایاننا. ١٤ قۆرێی کوڕی یەمنەی لێڤیش
دەرگاوانی خۆرهەڵات بوو لەسەر ئەو شتانە بوو کە بە خودا
دەبەخشران بۆ دابەشکردنی پێشکەشکراوەکانی خوداوەند و شتە
هەرە پیرۆزەکان. ١٥ عەدەن و مەنیامین و یەشوع و شەمعیا و
ئەمەریا و شەکەنیا لەژێر دەستی بوون، بەدەست پاکییەوە لە
شارەکانی کاهینەکان، تا بەپێی کۆمەڵەکان بەسەر براکانیان
دابەشی بکەن بێ جیاوازی لە نێوان گەورە و بچووکدا، ١٦ جگە لە
نێرینەکانیان کە تەمەنیان لە سێ ساڵ بەسەرەوەیە، ئەوانەی لە
تۆماری ڕەچەڵەکدا نووسراون، بۆ هەموو ئەوانەی دەچنە ناو
ماڵی خوداوەندەوە، هەر شتەو لە ڕۆژی خۆیدا بە پێی
خزمەتەکەیان لە چاودێرییەکەیان لە بەشەکانیان.
١٧ تۆماری ڕەچەڵەکی کاهینەکانیش بە پێی ماڵە باوانەکانیان و
لێڤییەکانیش لە تەمەن بیست ساڵ بەسەرەوە بە پێی چاودێرییەکەیان
و بەشەکانیان. ١٨ هەروەها تۆماری ڕەچەڵەکی هەموو منداڵەکانیان
و ژنەکانیان و کوڕەکانیان و کچەکانیان لەناو هەموو کۆمەڵەکەدا،
چونکە بە دەست پاکییان خۆیان لە پیرۆزیدا تەرخانکرد.
١٩ هەروەها لەنەوەی هارون، لە کاهینەکان لەناو کێڵگەکانی
لەوەڕگاکانی شارەکانیان، لەناو هەموو شارەکاندا، ئەو پیاوانەی
ناویان دیاریکراوە تا بەشی هەموو نێرینەیەك لە کاهینەکان و
هەریەك لە لێڤییەکان کە تۆماری ڕەچەڵەکی کرابێت، بدەن.
٢٠ یخزقییا ئەمەی لە هەموو یەهوزادا کرد و لەبەرچاوی خوداوەند
خودای خۆیدا ئەوەی کرد کە چاکە و ڕێك و ڕاستە. ٢١ هەروەها
هەموو کارێك کە دەستی پێکردووە لە خزمەتی ماڵی خودا و لە
فێرکردنەکان و لە فەرمانەکان تا داوای خودای خۆی بکات، بە
هەموو دڵیەوە کردوویەتی و سەرکەوتوو بووە.

# ٣٢

١ پاش ئەم شتانە و ئەم دەست پاکییە، سەنحاریبی پاشای ئاشوور
هات و چووە ناو یەهوزاوە و شارە قەڵابەندەکانی گەمارۆدا،
بەنیازی ئەوەی بۆ خۆی دایانبڕێت. ٢ کاتێ یخزقییا بینی کە
سەنحاریب هاتووە چاوی لەوەیە شەڕ لەگەڵ ئۆرشەلیم بکات،
٣ ڕاوێژی لەگەڵ سەرکردەکان و پاڵەوانەکانی کرد بۆ
پڕکردنەوەی ئاوی ئەو کانییانەی کە لەدەرەوەی شارەکەن،
ئەوانیش یارمەتیان دا. ٤ جا گەلێکی زۆر کۆبوونەوە و هەموو
کانیاوەکان و ئەو ڕووبارەی بە ناوەڕاستی زەوییەکەدا تێپەڕدەبوو
پڕیان کردنەوە، وتیان: بۆچی پاشاکانی ئاشوور بێن و ئاوێکی
زۆر ببیننەوە؟
٥ پاشان ورەی دایە بەرخۆیی و هەموو شوورا ڕووخاوەکەی
بنیادنایەوە و بەرزی کردەوە تا قولەکان و شوورایەکی دیکەشی
لە دەرەوە بنیادنا و قەڵاکە کە شاری داودە تۆکمەی کرد و چەکێکی
زۆری دروست کرد لەگەڵ قەڵغان. ٦ سەرکردەکانی جەنگی
بەسەر گەلەوە دانا و بۆ گۆڕەپانی دەروازەی شارەکە کۆیکردنەوە
و ورەی بەرزکردنەوە و وتی: ٧ بەهێزبن و ئازابن و مەترسن و
ورە بەرمەدەن لەبەردەم پاشای ئاشوور و هەموو ئەو کۆمەڵەی
لەگەڵیدایە، چونکە ئەوەی لەگەڵ ئێمەدایە زیاترە لەوەی لەگەڵ
ئەودایە. ٨ ئەو قۆڵی مرۆڤی لەگەڵدایە و ئێمەش خوداوەندی
خودامان لەگەڵدایە تا یارمەتیمان بدات و لە جەنگەکانمان
بجەنگێت. جا گەل پشتیان بە قسەی یخزقییای پاشای یەهوزا
بەست.
٩ پاش ئەمە سەنحاریبی پاشای ئاشوور خزمەتکارەکانی نارد بۆ
ئۆرشەلیم، خۆیشی گەمارۆی لەخیشی دابوو و هەموو
فەرمانڕەواییەکەشی لەگەڵیدا بوو، بۆ لای یخزقییای پاشای
یەهوزا و بۆ هەموو یەهوزا کە لە ئۆرشەلیمدا بوون و وتیان:
١٠ سەنحاریبی پاشای ئاشور ئاوا دەڵێت، پشتتان بەچی دەبەستن و
لەژێر گەمارۆدا لە ئۆرشەلیم دەمێننەوە؟ ١١ ئایا یخزقییا فریوتان
نادات بۆ ئەوەی بە برسێتی و بە تینویەتی بتاندات بە دەست
بمرنەوە، دەڵێت، خوداوەند خودامان لە دەست پاشای ئاشوور
دەربازمان دەکات. ١٢ ئایا یخزقییا نەبوو کە بەرزاییەکان و
قوربانگاکانی داماڵی و بە یەهوزا و ئۆرشەلیمی وت، لەبەردەم
یەك قوربانگادا کڕنۆش دەبەن و لەسەری بخوور دەسووتێنن؟
١٣ ئایا نازانن من و باووباپیرانم چیمان بەسەر هەموو گەلانی
زەوییەکاندا هێناوە، ئایا خوداکانی میللەتانی ئەو زەوییانە توانییان
زەوییەکانیان لە دەست من دەرباز بکەن؟ ١٤ کام لە هەموو
خوداکانی ئەو میللەتانەی کە باووباپیرانم قڕیان کردن، توانی
گەلەکەی لە دەست من دەرباز بکات؟ تا خوداکەتان بتوانێت لە
دەستم دەربازتان بکات؟ ١٥ ئێستا با یخزقییا هەڵتان نەخەڵەتێنێت و
ئاوا فریوتان نەدات و بڕوای پێ مەکەن، چونکە خودای هیچ
میللەتێك و هیچ پاشایەتییەك نەیتوانیوە گەلەکەی لە دەست من و
لەدەست باووباپیرانم دەرباز بکات. ئیتر چۆن خوداکەتان دەتوانێت
لەدەستم دەربازتان بکات؟ ١٦ هێشتا خزمەتکارەکانی قسەی
زیاتریان دژ بە خوداوەند و دژ بە یخزقییای خزمەتکاری وت.
١٧ هەروەها چەند نامەیەکی نووسی بۆ سووکایەتی کردن بە
خوداوەند خودای ئیسڕائیل و بۆ قسەکردن دژی، وتی: چۆن
خوداکانی میللەتانی زەوییەکان گەلەکانیان لە دەست من دەرباز
نەکرد، ئاواش خوداکەی یخزقییا گەلەکەی لە دەست من دەرباز
ناکات. ١٨ ئینجا بە دەنگی بەرز بە عیبری هاواریان کرد بەسەر
دانیشتوانی ئۆرشەلیم کە لەسەر دیوارەکە بوون، بۆ ئەوەی

بیانترسێنن و وورەیان بەردەن تا شارەکە بگرن. ١٩ هەروەها
قەسەیان بە خودای ئۆرشەلیم وت، هەروەك بە خوداکانی گەلانی
زەوییەکە کە دروستکراوی دەستی مرۆڤ بوون.
٢٠ ئینجا یخزقییا پاشا و ئەشعیا پێغەمبەری کوڕی ئاموچ بۆ ئەوە
نوێژیان کرد و هاواریان بۆ ئاسمان کرد. ٢١ خوداوەندیش
فریشتەیەکی نارد و هەموو پاڵەوانێکی بەهێز و فەرماندە و
سەرکردەیەکی لەناو ئۆردوگاکەی پاشای ئاشووردا لەناوبرد،
ئەویش بە سەرشۆڕییەوە گەڕایەوە بۆ زەوییەکەی خۆی و کە
چووە ناو پەرستگای خوداکەیەوە، لەوێ ئەوانەی لە پشتییەوە
دەرچووبوون بە شمشێر کوشتیان. ٢٢ بەو شێوەیە خوداوەند
یخزقییا و دانیشتوانی ئۆرشەلیمی لە سەنحاریبی پاشای ئاشوور و
لە دەستی هەمووان ڕزگارکرد و لە هەموو لایەکەوە پاراستنی.
٢٣ ئینجا خەڵکانێکی زۆر پێشکەشکراویان دەهێنا بۆ خوداوەند بۆ
ئۆرشەلیم و دیاری گرانبەهاش بۆ یخزقییای پاشای یەهوزا و پاش
ئەمە لەبەرچاوی هەموو میللەتاندا پلەوپایەی بەرزبووەوە.
٢٤ لەو ڕۆژانەدا یخزقییا تا سەرە مەرگ نەخۆشکەوت جا نوێژی
بۆ خوداوەند کرد و ئەویش قسەی لەگەڵ کرد و نیشانەیەکی پێدا.
٢٥ بەڵام یخزقییا بەو شێوەیەی چاکەی لەگەڵدا کرابوو پاداشتی
نەدایەوە، چونکە دڵی لەخۆ بایی ببوو، جا تووڕەیی بەسەر خۆی
و یەهوزا و ئۆرشەلیمەوە بوو. ٢٦ ئینجا یخزقییا خۆی بێ فیز کرد
لەبەر لە خۆبایی بوونەکەی، خۆی و دانیشتوانی ئۆرشەلیمیش،
جا لە ڕۆژانی یخزقییادا تووڕەییەکەی خوداوەند بەسەریاندا
نەهات. ٢٧ یخزقییا دەوڵەمەندی و ڕێزێکی زۆری هەبوو و بۆ
خۆی خەزێنەی بۆ زیو و زێڕ و بەردی گرانبەها و بۆنوبەرام و
قەڵغان و هەموو قاپوقاجاخێکی بەنرخ دروست کرد. ٢٨ هەروەها
کۆگا بۆ بەروبوومەکانی گەنم و مەی و زەیت، خانیش بۆ هەموو
جۆرە ئاژەڵێك بۆ مێگەلەکانیش خان. ٢٩ هەروەها چەند شارێکی
بۆ خۆی دروستکرد لەگەڵ ماڵات و مەڕ و مانگایەکی زۆر،
چونکە خودا سامانێکی زۆری پێدابوو. ٣٠ ئەم یخزقییایە بوو کە
سەرچاوەی ئاوی گیخۆنی سەرووی گرتەوە بە کارێز لە ژێرەوە
بردی بۆ بەری خۆرئاوای شاری داود، هەروەها لە هەموو
کارەکانی سەرکەوتوو بوو. ٣١ بەم شێوەیە کاتێ وەرگێڕەکانی
سەرکردەکانی بابل کە ناردرابوون بۆ لای تا سەبارەت بەو کارە
سەرسوڕهێنەرە لێی بپرسن کە لە زەوییەکەدا ڕوویدا بوو، خودا
وازی لێهێنا بۆ ئەوەی تاقی بکاتەوە تا هەموو ئەوەی لە دڵیدایە
بیزانێت.
٣٢ پاشماوەی کاروبارەکانی یخزقییا و چاکەکانی، ئەوەتان لە
بینینەکەی ئەشعیا پێغەمبەری کوڕی ئامۆچ، لە پەرتووکی
پاشاکانی یەهوزا و ئیسڕائیلدا نووسراون. ٣٣ ئینجا یخزقییا لەگەڵ
باووباپیرانیدا سەری نایەوە و لە بەشی سەرەوەی گۆڕستانی
نەوەی داوددا ناشتیان و لە مردنیدا هەموو یەهوزا و دانیشتووانی
ئۆرشەلیم ڕێزیان لێگرت و مەنەسسای کوڕی لە جێی ئەو بوو بە
پاشا.

# ٣٣

١ مەنەسسا لە تەمەنی دوانزەساڵیدا بوو بە پاشا و پەنجا و پێنج
ساڵ لە ئۆرشەلیمدا پاشایەتی کرد و ٢ لەبەرچاوی خوداوەنددا
خراپەی کرد وەك گڵاوییەکانی ئەو گەلانەی کە خوداوەند لەبەردەم
نەوەی ئیسڕائیلدا دەریکردن. ٣ گەڕایەوە و بەرزاییەکانی
بنیادنایەوە کە یخزقییای باوکی ڕووخاندنی، هەروەها چەند
قوربانگایەکی بۆ بەعلیم دانا و ئەشێرەکانی دروست کرد و بۆ
هەموو هێزەکانی ئاسمان کڕنۆشی برد و خزمەتی کردن. ٥ لە
هەر دوو حەوشەکەی ماڵی خوداوەنددا چەند قوربانگایەکی بۆ
هەموو هێزەکانی ئاسمان بنیادنا. ٦ ئەو بوو لە دۆڵی بن هەنوم
کوڕەکانی خۆی بەناو ئاگردا تێپەڕاند و بەخت خوێندنەوە و
جادوگەری و فاڵچێتی کرد و جنۆکە و ڕۆح ئامادەکردنی
بەکارهێنا و کاری خراپی زۆرتری کرد لەبەرچاوی خوداوەنددا
بۆ تووڕەکردنی. ٧ هەروەها پەیکەری ئەو بتەی کە دروستی کرد
لەناو ماڵی خودا داینا، ئەو ماڵەی کە خودا بە داود و سلێمانی
کوڕی فەرموو: لەم ماڵە و لە ئۆرشەلیم ئەوەی لەناو هەموو
هۆزەکانی ئیسڕائیلدا هەڵمبژارد ناوی خۆم بۆ هەتاهەتایە دادەنێم
و ٨ ئیتر پێی ئیسڕائیل جێ لەق ناکەم لەو خاکەی کە بۆ
باووباپیرانیان دیاریم کرد، تەنها ئەوەندە کە ئاگاداربن بۆ
کارکردن بە هەموو ئەوەی فەرمانم پێ کردوون لە هەموو
فێرکردنەکان و فەرزەکان و حوکمەکان بە دەستی موسا. ٩ بەڵام
مەنەسسا یەهوزا و دانیشتووانی ئۆرشەلیمی فریودا تا خراپە
بکەن، خراپتر لەو میللەتانەی کە خوداوەند لە بەردەم نەوەی
ئیسڕائیلدا دەریکردن.
١٠ ئینجا خوداوەند لەگەڵ مەنەسسا و گەلەکەیدا دوا، بەڵام گوێیان
نەگرت. ١١ جا خوداوەند سەرکردەکانی هێزەکانی پاشای ئاشووری
هێنایە سەریان، ئەوانیش مەنەسسایان بە قولاب گرت و بە
زنجیری مس کۆتیان کرد و بردیان بۆ بابل. ١٢ ئینجا لە
تەنگانەکەیدا لە ڕووی خوداوەند خودای خۆی پاڕایەوە و لەبەردەم
خودای باووباپیرانیدا خۆی زۆر نزم کردەوە و ١٣ نوێژی بۆی
کرد و ئەویش وەڵامی دایەوە و گوێی لە پاڕانەوەکەی گرت و
گێڕایەوە بۆ ئۆرشەلیم بۆ پاشایەتییەکەی خۆی. جا مەنەسسا زانی
کە خوداوەند خودایە.
١٤ دوای ئەوە شورایەکی بنیادنا لە دەرەوەی شاری داود بەلای
خۆرئاوای گیخۆن لە دۆڵەکە تا دێتە دەروازەی ماسی، بەدەوری
عۆفەل و زۆر بەرزی کردەوە و سەرکردەکانی سوپای لە هەموو
شارە قەڵابەندەکان لە یەهوزادا دانا. ١٥ هەروەها خودا نامۆکان و
بتەکانی ناو ماڵی خوداوەند و هەموو ئەو قوربانگایانەی لە چیای
ماڵی خوداوند و ئۆرشەلیمدا بنیادی نا، لایبردن و فڕێیدانە
دەرەوەی شارەکە. ١٦ ئینجا قوربانگاکەی خوداوەندی چاك کردەوە
و قوربانی ئاشتی و سوپاس کردنی لەسەر سەربڕی و بە
یەهوزای وت کە خزمەتی خوداوەند خودای ئیسڕائیل بکەن.
١٧ لەگەڵ ئەمەش گەل هێشتا لەسەر بەرزاییەکان قوربانییان
سەردەبڕی، بەڵام بۆ خوداوەند خودای خۆیان.
١٨ پاشماوەی کاروبارەکانی مەنەسسا و نوێژەکەی بۆ خودای
خۆیی و قسەکانی ئەو بینەرانەی کە بەناوی خوداوەند خودای
ئیسڕائیلەوە لەگەڵی کردیان، ئەوەتان لە هەواڵەکانی پاشاکانی
ئیسڕائیلدان. ١٩ هەروەها نوێژەکەیی و وەڵامدانەوەیی و هەموو
گوناهەکانی و ناپاکییەکەیی و ئەو شوێنانەی بەرزاییەکانی تێدا
بنیادنان و ئەشێرەی و پەیکەری بتی دانا پێش خۆ نزم کردنەوەی،
ئەوەتان لە هەواڵەکانی بینەرەکاندا نووسراون. ٢٠ ئینجا مەنەسسا
لەگەڵ باووباپیرانیدا سەرینایەوە و لە ماڵەکەی خۆیدا ناشتیان و
ئامۆنی کوڕی لە جێی ئەو بوو بە پاشا.
٢١ ئامۆن لە تەمەنی بیست و دوو ساڵیدا بوو بە پاشا و دوو ساڵ لە
ئۆرشەلیمدا پاشایەتی کرد و ٢٢ خراپەی لەبەرچاوی خوداوەنددا
کرد، وەك ئەوەی مەنەسسای باوکی کردی و قوربانی بۆ هەموو
ئەو بتانە سەربڕی کە مەنەسسای باوکی دروستی کردن و
خزمەتی هەموویانی کرد و ٢٣ لەبەردەم خوداوەنددا خۆی نزم
نەکردەوە، وەك مەنەسسای باوکی خۆی نزم کردەوە، بەڵکو ئامۆن
زیاتر سەرپێچی ئەنجام دا. ٢٤ ئینجا خزمەتکارەکانی پیلانیان لێی
گێڕا و لە ماڵەکەی خۆیدا کوشتیان و ٢٥ گەلی زەوییەکەش هەموو
پیلان گێڕەکانی ئامۆن پاشایان کوشت و گەلی زەوییەکە یوشیای
کوڕیان لە جێی ئەو کرد بە پاشا.

# ٣٤

١ یوشیا لە تەمەنی هەشتساڵیدا بوو بە پاشا و سی و یەك ساڵ لە ئۆرشەلیمدا پاشایەتی کرد. ٢ ئەوەی ڕاست بوو لەبەرچاوی خوداوەندda کردی و بە ڕێگاکانی داودی باوکیدا ڕۆیشت و بەلای ڕاست و چەپدا لاینەدا .٣ لە هەشتەمین ساڵی پاشایەتییەکەیدا کە هێشتا مێردمنداڵ بوو، دەستی کرد بە هەوڵدان بە دوای خودای داودی باوکی و لە دوانزەیەمین ساڵیدا دەستی بە پاککردنەوەی یەهوزا و ئۆرشەلیم لە بەرزاییەکان و ئەشێرەکان و پەیکەری بتەکان و بتە لەقاڵبدراوەکان و ٤ لەبەردەمیدا قوربانگاکانی بەعلیمیان ڕوخاند و قوربانگاکانی بخوور کە لەسەرەوە لەسەریان بوون پارچەپارچەی کردن و ئەشێرەکان و پەیکەری بتەکان و بتە لەقاڵبدراوەکانی شکاند و کوتیانی و بەسەر گۆڕی ئەوانەی قوربانییان بۆ سەردەبڕین بە بای کرد. ٥ ئێسقانی کاهینەکانیشی لەسەر قوربانگاکانیان سووتاند و یەهوزا و ئۆرشەلیمی پاککردەوە و ٦ هەروەها لە شارەکانی مەنەسسا و ئەفرایم و شمعۆن و تا نەفتالی ئاوای کرد. ٧ لە هەموو زەوی ئیسڕائیلدا قوربانگاکان و ئەشێرەکانی ڕوخاند و پەیکەری بتەکانی وورد کوتی و هەموو قوربانگاکانی بخووریشی پارچە پارچە کرد، ئینجا گەڕایەوە بۆ ئۆرشەلیم.

٨ هەروەها لە هەژدەیەمین ساڵی پاشایەتییەکەیدا، پاش ئەوەی زەوییەکە و ماڵەکەی پاککردەوە، شافانی کوڕی ئەچەڵیا و مەعەسیای سەرگەورەی شارەکە و یوئاخی کوڕی یوئاخازی تۆمارکاری نارد، بۆ تۆکمە کردنەوەی ماڵی خوداوەند خودای خۆی. ٩ ئەوانیش هاتن بۆلای خیلقیای گەورەکاهین و ئەو زیوەیان پێیدا کە هاتووەتە ناو ماڵی خوداوە، ئەوەی لێڤییەکانی چاودێرانی دەرگاکان لە دەست مەنەسسا و ئەفرایم و ئەوانەی لە ئیسڕائیل مابوونەوە و هەروەها لە یەهوزا و بنیامین کۆیان کردبوونەوە، ئینجا گەڕانەوە بۆ ئۆرشەلیم. ١٠ ئینجا دایان بە دەست ئەوانەی بە کارەکە هەڵدەستن، سەرپەرشتیاران لە ماڵی خوداوەند، ئەوانیش دایان بەوانەی بە کارەکە هەڵدەستن، ئەوانەی لە ماڵی خوداوەنددا کاریان دەکرد، بۆ چاك کردنەوە و تۆکمە کردنی ماڵەکە. ١١ جا دایان بە دارتاش و بەنناکان تا بەردی داتاشراو و داری پێ بکڕن بۆ کاریتەکان و بنمیچی ئەو ماڵانەی کە پاشاکانی یەهوزا وێرانیان کردبوو. ١٢ جا پیاوەکان بەدەست پاکییەوە کارەکەیان دەکرد، لەژێر سەرپەرشتی یەحەس و عوبەدیا کە هەر دوو لێڤی و سەر بە نەوەی مەراری بوون و زەکەریا و مشولاوم سەر بە نەوەی قەهاتییەکان بۆ سەرپەرشتی و لە لێڤییەکانیش هەموو ئەوانەی شارەزابوون لە ئامێرە مۆسیقاییەکان، ١٣ بەسەر بارهەڵگرەکان و سەرپەرشتیار بوون بەسەر هەموو ئەوانەی کارەکەیان دەکرد، لە خزمەتە جۆراوجۆرەکان، هەروەها لە لێڤییەکان نووسەر و بەڕێوەبەر و دەرگاوانیان تێدابوو.

١٤ کاتێ خەریکی دەرهێنانی ئەو زیوە بوون کە هاتبووە ناو ماڵی خوداوەندەوە، خیلقیای کاهین پەرتووکی فێرکردنەکانی خوداوەندی دۆزییەوە کە بە دەست موساوە دابووی .١٥ جا خیلقیا وەڵامی دایەوە و بە شافانی نووسەری وت: پەرتووکی فێرکردنەکانم لەناو ماڵی خوداوەنددا دۆزیوەتەوە. ١٦ ئینجا شافان پەرتووکەکەی بۆ لای پاشا برد و وەڵامی دایەوە بە پاشا و وتی: هەموو ئەوەی بە دەست خزمەتکارەکانت سپێردراوە دەیکەن. ١٧ ئەو زیوەی لەناو ماڵی خوداوەنددا هەبوو بەتاڵیان کردووە و داویانەتە دەست سەرپەرشتیارەکان و ئەوانەی بەکارەکە هەڵدەستن. ١٨ هەروەها شافانی نووسەر بە پاشای وت: خیلقیای کاهین پەرتووکێکی پێ داوم. ئینجا شافان لەبەردەم پاشادا لە پەرتووکەکەی خوێندەوە. ١٩ کە پاشا گوێی لە وشەکانی فێرکردنەکان بوو، جلەکانی لەبەرخۆی دادڕی و ٢٠ پاشا فەرمانی بە خیلقیا و ئەخیقامی کوڕی شافان و عەبدونی کوڕی میخا و شافانی نووسەر و عەسایای خزمەتکاری خۆی کرد و پێی وتن: ٢١ بڕۆن و لە خودا داوابکەن لە پێناو من و لە پێناو ئەوانەی لە ئیسڕائیل و یەهوزادا ماونەتەوە، دەربارەی وشەکانی ئەم پەرتەکەی دۆزراوەتەوە، چونکە ئەو تووڕەییەی خوداوەند مەزنە کە بەسەرماندا ڕژاوە، لەبەر ئەوەی باووباپیرانمان وشەکانی خوداوەندیان نەپاراستووە تا کاربکەن بە پێی هەموو ئەوەی لەم پەرتووکەدا هاتووە.

٢٢ ئینجا خیلقیا لەگەڵ ئەوانەی پاشا فەرمانی پێکردن چوون بۆ لای خولدەی پێغەمبەر کە ژنی شەللومی کوڕی توقەهەی کوڕی حەسرەی پاسەوانی جلوبەرگەکان بوو، ئەو لە بەشی دووەمی ئۆرشەلیمدا نیشتەجێ بوو، جا ئاوا قسەیان لەگەڵیدا کرد. ٢٣ ئەویش پێی وتن: خوداوەند خودای ئیسڕائیل ئاوا دەفەرموێت، بەو پیاوە بڵێن کە بۆ لای من ناردنی، ٢٤ خوداوەند ئاوا دەفەرموێت، ئەوەتا من خراپە بەسەر ئەم شوێنە و دانیشتووانەکەی دەهێنم، هەموو ئەو نەفرەتانەی لەم پەرتووکەدا نووسراون، ئەوەی لەبەردەم پاشای یەهوزادا خوێندیانەوە، ٢٥ لەبەرئەوەی وازیان لێهێنام و بخووریان بۆ چەند خودایەکی دیکە سووتاند تا پەستم بکەن بە هەموو کارەکانی دەستیان و تووڕەیم بەسەر ئەم شوێنەدا بڕژێت و نە کوژێتەوە. ٢٦ بەڵام پاشای یەهوزا، ئەوەی ناردنی بۆ ئەوەی پرسیار لە خوداوەند بکەن، ئاوای پێ دەڵێن، خوداوەند خودای ئیسڕائیل ئاوا دەفەرموێت، لەبارەی ئەو قسەیەی کە گوێت لێی بوو، ٢٧ لەبەرئەوەی دڵت نەرم بوو و لەبەردەم خودا خۆت نزم کرد، کاتێ گوێت لە قسەکانی بوو، لەسەر ئەم شوێنە و لەسەر دانیشتووانەکەی و لەبەردەمم خۆت نزم کردەوە و جلەکانت لەبەر خۆت دادڕی و لەبەردەمم گریایت، خوداوەند دەفەرموێت، هەروەها منیش بیستم. ٢٨ ئەوەتا من دەتخەمە پاڵ باووباپیرانت، جا بە ئاشتییەوە دەخرێیتە ناو گۆڕەکەتەوە و هەموو ئەو خراپەیەی بەسەر ئەم شوێنە و بەسەر دانیشتووانەکەی دەیهێنم، چاوەکانت نایبینێت. جا وەڵامەکەیان بۆ پاشا گێڕایەوە.

٢٩ ئینجا پاشا ناردی و هەموو پیرانی یەهوزا و ئیسڕائیلی کۆکردەوە و ٣٠ پاش لەگەڵ هەموو پیاوانی یەهوزا و دانیشتووانی ئۆرشەلیم و کاهینەکان و لێڤییەکان و هەموو گەل لە گەورەوە تا بچووك سەرکەوتن بۆ ماڵی خوداوەند و لەبەر گوێیاندا هەموو وشەکانی پەرتووکی پەیمانی خوێندەوە، ئەوەی لە ماڵی خوداوەنددا دۆزرایەوە. ٣١ ئینجا پاشا لەسەر سەکۆکەی ڕاوەستا و لەبەردەم خوداوەنددا پەیمانی دا کە دوای خوداوەند بکەوێت و فەرمانەکانی و شایەتییەکانی و فەرزەکانی بە هەموو دڵ و دەروونییەوە بپارێزێت، بۆ ئەوەی کار بە وشەکانی ئەو پەیمانە بکات کە لەم پەرتووکەدا نووسراوە. ٣٢ ئینجا هەموو ئەوانەی لە ئامادەبووان لە ئۆرشەلیم و بنیامیندا ڕایوەستاندن، جا دانیشتووانی ئۆرشەلیمیش بەپێی پەیمانی خودا خودای باووباپیرانیان کرد. ٣٣ هەروەها یوشییا هەموو گڵاوییەکانی لە هەموو زەوییەکان کە هی نەوەی ئیسڕائیلە داماڵی و وای لە هەموو ئەوانە کرد کە لە ئۆرشەلیمدا بوون خزمەتی خوداوەند خودای خۆیان بکەن، بە درێژایی ڕۆژەکانی لایان نەدا لە دوای خوداوەند خودای باووباپیرانیان.

# ٣٥

١ ئینجا یوشییا لە ئۆرشەلیمدا جەژنی تێپەڕبوونی بۆ خوداوەند گێڕا و قوربانی ئەو جەژنەیان لە چواردەی مانگی یەکدا سەربڕی. ٢ کاهینەکانی بەسەر ئەرکەکانی خۆیانەوە ڕاگرت و هانیدان بۆ خزمەتکردنی ماڵی خوداوەند و ٣ بەو لێڤییانەی وت کە هەموو

ئیسرائیلیان فێردەکرد، ئەوانەی خۆیان بۆ خوداوەند پیرۆزکردبوو:
سندوقی پیرۆز لەناو ئەو ماڵەدا دابنێن کە سلێمانی کوڕی داودی
پاشای ئیسرائیل بنیادی نا، چیتر بەشان هەڵی مەگرن، ئێستاش
خزمەتی خوداوەند خودای خۆتان و ئیسرائیلی گەلی بکەن و
٤ ماڵەباوانەکانتان ئامادە بکەن بەپێی کۆمەڵەکانتان، بەپێی
نووسراوەکەی داودی پاشای ئیسرائیل و بەپێی نووسراوەکەی
سلێمانی کوڕی و ٥ لە پیرۆزگادا ڕابوەستن بەپێی کۆمەڵەکانی
ماڵە باوانەکانی براکانتان لە ڕۆڵەکانی گەل و کۆمەڵەکانی ماڵە
باوانەکانی لێڤییەکان. ٦ ئینجا قوربانی تێپەڕبوون سەربڕن و
خۆتان پیرۆزبکەن و براکانتان ئامادە بکەن بۆ ئەوەی بەپێی وشەی
خودا لە ڕێگەی موساوە، کاربکەن.
٧ یوشییا لە مێگەل بەرخ و گیسکی بە ڕۆڵەکانی گەل پیتاکی
بەخشی، هەر هەموو ئەوە بۆ جەژنی تێپەڕبوون، بە هەموو
ئامادەبووان، تا ژمارەی سی هەزار و لە گاگەلیش سێ هەزار،
ئەمە لە سامانی پاشا بوو. ٨ هەروەها سەرکردەکانی بۆ بەخشین بە
گەل، بە کاهینەکان و لێڤییەکان پیتاکیان بەخشی، خیلقیا و زەکەریا
و یەخیئێل، فەرمانڕەواکانی ماڵی خودا، دوو هەزار و شەش سەد
لە مێگەل و لە گاگەلیش سێ سەدیان دا بە کاهینەکان بۆ جەژنی
تێپەڕبوون. ٩ کونەنیا و براکانیشی، شەمعیا و نەسنەئیل، لەگەڵ
حەشەبیا و یەعیئێل و یوزاباد سەرکردەکانی لێڤییەکان، پێنج
هەزار لە مێگەل و پێنج سەد لە گاگەلیان کرد بە پیتاك بۆ لێڤییەکان
بۆ جەژنی تێپەڕبوون.
١٠ بەو شێوەیە خزمەتەکە ئامادەکرا و کاهینەکان شوێنەکانی
خۆیان گرت و لێڤییەکانیش لە کۆمەڵەکانی خۆیان بەپێی فەرمانی
پاشا. ١١ ئینجا قوربانیەکانی تێپەڕبوونیان سەربڕی و کاهینەکان
خوێنەکەیان بەدەستیان دەپرژاند، بەڵام لێڤییەکان کەوڵیان دەکرد.
١٢ ئینجا قوربانییە سووتاوەکەیان جیاکردەوە تا بە پێی بەشەکانی
ماڵە باوانەکان بە ڕۆڵەکانی گەلی بدەن، بۆ ئەوەی بۆ خوداوەندی
پێشکەش بکەن بەپێی ئەوەی لە پەرتووکی موسادا نووسراوە، بە
هەمان شێوە بۆ گاگەلەکەش. ١٣ ئینجا بەپێی ڕێوڕەسم
قوربانییەکانی تێپەڕبوونیان بە ئاگر برژاند، بەڵام قوربانییە
پیرۆزەکانی دیکەیان لەناو مەنجەڵ و مەنجەڵی گەورە و تاوە
کوڵاند و دەستوبرد بەسەر گەلدا دابەشیان کرد. ١٤ پاشان ئەوە بۆ
خۆیان و بۆ کاهینەکان، چونکە کاهینەکان لە نەوەی هارون
خەریکی پێشکەش کردنی قوربانییە سووتاوەکان و بەزەکە بوون
تا شەو، ئینجا لێڤییەکان بەشیان بۆ خۆیان و بۆ کاهینەکان لە
نەوەی هارون ئامادە کرد. ١٥ گۆرانی بێژەکانیش لە نەوەی ئاساف
لە شوێنی خۆیان بوون بەپێی فەرمانەکەی داود و ئاساف و
هەیمان و یەدسونی بینەری پاشا، دەرگاوانەکانیش بەسەر
دەرگاکانەوە بوون، بۆیان نەبوو لە خزمەتەکەی خۆیان لابدەن،
چونکە برا لێڤییەکانیان بەشیان بۆ ئامادە کردن. ١٦ بەو شێوەیە
هەموو خزمەتەکەی خوداوەند لەو ڕۆژەدا ئامادەکرا بۆ سازدانی
جەژنی تێپەڕبوون و سەرخستنی قوربانییە سووتاوەکان لەسەر
قوربانگاکەی خوداوەند بەپێی فەرمانی یوشییا پاشا. ١٧ ئینجا
هەموو نەوەی ئیسرائیل، ئامادەبووان لەوکاتەدا جەژنی
تێپەڕبوونیان کرد و حەوت ڕۆژیش جەژنی نانی فەتیرییان کرد.
١٨ جا لە ڕۆژەکانی ساموئێلی پێغەمبەرەوە جەژنی تێپەڕبوونی
ئاوا لە ئیسرائیلدا سازنەکرابوو، هەموو پاشاکانی ئیسرائیلیش
جەژنێکی تێپەڕبوونی وەك ئەوەی یوشییا و کاهینەکان و لێڤییەکان
و هەموو یەهوزا و ئامادەبووەکان لە ئیسرائیل و دانیشتووانی
ئۆرشەلیمان سازنەکردبوو. ١٩ لە هەژدەیەمین ساڵی پاشایەتی
یوشییادا ئەم جەژنی تێپەڕبوونە سازکرا.
٢٠ پاش هەموو ئەمە کە یوشییا ماڵەکەی ئامادەکرد، نحۆی پاشای
میسر سەرکەوت بۆ کەرکەمیش تا لەلای فوراتەوە بجەنگێت،
یوشییاش بۆ بەرەنگاربوونەوەی دەرچوو. ٢١ جا نێرراوی بۆ نارد
و وتی: چیم بەسەر تۆوە هەیە ئەی پاشای یەهوزا؟ ئەمڕۆ دژ بە
تۆ نەهاتووەم، بەڵکو دژ بەو ماڵەی جەنگی لەگەڵ دەکەم و خودا
فەرموویەتی پەلە بکەم. لەبەرئەوە واز لە خودا بهێنە کە
لەگەڵمدایە، با لەناوت نەبات. ٢٢ بەڵام یوشییا ڕووی لێ
وەرنەگێڕا، بەڵکو بەدزییەوە چوو شەڕی لەگەڵدا بکات و گوێی لە
قسەکانی نخۆ نەگرت کە لە دەمی خوداوە بوو، بەڵکو هات تا لە
ناوچەی میگدۆ بجەنگێت. ٢٣ ئینجا تیر هاوێژەکان یوشییا پاشایان
پێکا و پاشاش بە خزمەتکارەکانی وت: بمگوازنەوە، چونکە
برینەکەم سەختە. ٢٤ ئینجا خزمەتکارەکانی لە گالیسکەکەوە بۆ
گالیسکەیەکی دووەم کە هی ئەو بوو گواستیانەوە و بردیان بۆ
ئۆرشەلیم، جا مرد و لە گۆڕستانی باوباپیرانیدا نێژرا و هەموو
یەهوزا و ئۆرشەلیمیش شیوەنیان بۆ گێڕا و ٢٥ ئیرمیاش بۆ
یوشییای لاواندەوە و هەموو پیا و ژنە گۆرانی بێژەکانیش
ئەمڕۆشی لەگەڵدا بێت لە لاواندنەوەکانیان شیوەن بۆ یوشییا
دەگێڕن و کردیان بە فەرز بەسەر ئیسرائیلەوە و ئەوەتا لە
پەرتووکی لاواندنەوە نووسراوە.
٢٦ پاشماوەی کاروبارەکانی یوشییا و کردەوە چاکەکانی بەپێی
ئەوەی لە فێرکردنەکانی خوداوەنددا نووسراوە و کاروبارەکانی لە
سەرەتاوە تا کۆتایی، ئەوەتان لە پەرتووکی پاشاکانی ئیسرائیل و
یەهوزادا نووسراون.

# ٣٦

١ ئینجا گەلی زەوییەکە یەهوئاخازی کوڕی یوشییایان برد و لە
جێی باوکی لە ئۆرشەلیمدا کردیان بە پاشا. ٢ یەهوئاخاز لە تەمەنی
بیست و سێ ساڵیدا بوو بە پاشا و سێ مانگ لە ئۆرشەلیمدا
پاشایەتی کرد. ٣ پاشان پاشای میسر لایبرد و سەرانەی بەسەر
زەوییەکەدا سەپاند، سەد کیکەر زیو و کیکەرێك زێڕ. ٤ ئینجا
پاشای میسر ئەلیاقیمی برای یەهوئاخازی کرد بە پاشای یەهوزا
و ئۆرشەلیم و ناوەکەی گۆڕی بۆ یەهویاقیم بەڵام یەهوئاخازی
برای، نەخۆ بردی و هێنای بۆ میسر.
٥ یەهو یاقیم لە تەمەنی بیست و پێنج ساڵیدا بوو بە پاشا و یانزە
ساڵ لە ئۆرشەلیمدا پاشایەتی کرد و لەبەرچاوی خوداوەند خودای
خۆیدا خراپەی کرد. ٦ نەبوخوزنەسری پاشای بابل پەلاماری دا و
بە زنجیری مس کۆتی کرد تا بۆ بابلی ببات. ٧ هەروەها
نەبوخوزنەسر هەندێك لە قاپوقاچاخەکانی ماڵی خوداوەندی هێنا
بۆ بابل و خستینیە ناو پەرستگاکەی خۆیەوە لە بابل. ٨ پاشماوەی
کاروبارەکانی یەهویاقیم و گڵاوییەکانی کە کردی و ئەوەی لەودا
بینرا، ئەوەتان لە پەرتووکی پاشاکانی ئیسرائیل و یەهوزادا
نووسراون. ئینجا یەهویاکینی کوڕی لە جێی ئەو بوو بە پاشا.
٩ یەهویاکین لە تەمەنی هەشت ساڵیدا بوو بە پاشا و سێ مانگ و
دە ڕۆژ لە ئۆرشەلیمدا پاشایەتی کرد و لەبەرچاوی خوداوەنددا
خراپەی کرد. ١٠ کاتێ ساڵ سووڕایەوە، نەبوخوزنەسر پاشا
ناردی بە دوایدا و لەگەڵ قاپوقاچاخە بەنرخانەکانی ماڵی
خوداوەنددا هێنای بۆ بابل و چدقیای برای بوو بە پاشا بەسەر
یەهوزا و ئۆرشەلیمەوە.
١١ چدقیا لە تەمەنی بیست و یەك ساڵیدا بوو بە پاشا و یانزە ساڵ
لە ئۆرشەلیمدا پاشایەتی کرد و ١٢ لەبەرچاوی خوداوەند خودای
خۆیدا خراپەی کرد و خۆی نزم نەکردەوە لەبەردەم ئیرمیا
پێغەمبەردا کە لەسەر زاری خوداوەندەوە ئاگاداری کردەوە .
١٣ هەروەها لە نبوخوزنەسر پاشا هەڵگەڕایەوە پاش ئەوەی بە
خودا سوێندی دا، جا کەلەی ڕەق کرد و دڵی کرد بە بەرد لە ئاست
گەڕانەوە بۆلای خوداوەند خودای ئیسرائیلدا. ١٤ تەنانەت هەموو
سەرکردەکانی کاهینەکان و گەل ناپاکی زۆریان کرد بەپێی

هەموو گڵاوییەکانی میللەتان و ماڵی خوداوەندیان گڵاو کرد کە
لە ئۆرشەلیمدا پیرۆزی کرد. ١٥ ئینجا خوداوەند خودای
باووباپیرانیان زوو بەدەست نێرراوەکانی بۆی ناردن، چونکە
بەزەیی بە گەلەکەی و بە ماڵەکەیدا هاتەوە. ١٦ بەڵام گاڵتەیان بە
نێردراوەکانی خودا کرد و نرخیان بۆ وشەکانی دانەنا و
سووکایەتییان بە پێغەمبەرەکانی کرد، تا تووڕەیی خوداوەند لە
گەلەکەی وروووژا، تا ڕادەیەك کە چارەسەر نەبوو! ١٧ جا پاشای
کلدانییەکانی ناردە سەریان و لە ماڵە پیرۆزەکەیاندا
هەڵبژاردەکانیانی بە شمشێر کوشت و بەزەیی بە کوڕ و کچی
گەنج و پیر و ڕیش سپیدا نەهاتەوە، بەڵکو هەموویانی دا
بەدەستیەوە. ١٨ هەموو قاپوقاچاخەکانی ماڵی خودا، گەورە و
بچووك و خەزێنەکانی ماڵی خوداوەند و خەزێنەکانی پاشا و
سەرکردەکانی، هەمووی بۆ بابل هێنا. ١٩ ئینجا ماڵی خودایان
سووتاند و شوراکەی ئۆرشەلیمیان وێران کرد و هەموو
کۆشکەکانییان بە ئاگر سووتاند و هەموو قاپوقاچاخە
بەنرخەکانییان لەناوبرد و ٢٠ ئەوانەی مانەوە و بە شمشێر
نەکوژران ڕاپێچی کردن بۆ بابل، جا بۆ خۆی و بۆ کوڕەکانی
بوون بە خزمەتکار تا کاتی پاشایەتی بوونی پاشایەتی فارس. ٢١ تا
هاتنە دی وشەی خوداوەند لەسەر زاری ئیرمیا، تا زەوییەکە بە
تەواوی پشوویدا، چونکە لە هەموو ڕۆژەکانی کاول بوونیدا
پشوویدا تا تەواو بوونی حەفتا ساڵ.
٢٢ لە ساڵی یەکەمی کۆرشی پاشای فارسدا، بۆ بەجێ هێنانی
وشەی خوداوەند لەسەر زاری ئیرمیا، خودا ڕۆحی کۆرشی
پاشای فارسی ئاگادارکردەوە، جا بانگەوازێکی بە ناو هەموو
پاشایەتییەکەیدا ڕاگەیاند، هەروەها بە نووسراویش و وتی:
٢٣ کۆرشی پاشای فارس ئاوا دەڵێت، خوداوەند خودای ئاسمان
هەموو پاشایەتییەکانی زەوی پێ داوم و ئەو ڕای سپاردووم لە
ئۆرشەلیم کە لە یەهوزادایە ماڵێکی بۆ بنیادبنێم. کێ لە ئێوە لە
هەموو گەلەکەیەتی، خوداوەند خودای خۆی لە گەڵیدایە با
سەربکەوێت.

# عەزرا

## ١

١ لەساڵی یەکەمی کۆرشی پاشای فارس دا بۆ هێنانە دی ئەو
وتەیەی خوداوەند لەسەر زاری ئیرمیاوە فەرمووبوی، خوداوەند
ڕۆحی کۆرشی پاشای فارسی ئاگادار کردەوە و بانگەوازێکی
نووسراوی بەناو هەموو ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتیدا بڵاوکردەوە و
ئەمەی تیادا هات ٢ کۆرشی پاشای فارس دەڵێت: خوداوەند خودای
ئاسمان هەموو شانشینێتییەکانی زەوی داوەتە دەستم و ئەو
ڕایسپاردوم لە ئۆرشەلیمی یەهوزادا ماڵێکی بۆ دروست بکەم.
٣ لەبەرئەوە با هەریەکەو لە ئێوە لە ڕۆڵەکانی گەلەکەی،خودای لە
گەڵدابێت،سەرکەوێت بۆ ئۆرشەلیمی یەهوزا و ماڵی خوداوەند
خودای ئیسرائیل ئەو خودا ڕاستەقینەیەی لە ئۆرشەلیمدایە
دروست بکات. ٤ هەروەها هەرکەسێك لە هەر شوێنێکدا ماوەتەوە
کە تیایدا ئاوارەیە با دانیشتوانی شوێنەکەی بە زیو و زێڕ و
کەلوپەل و ئاژەڵ یارمەتی بدەن لەگەڵ ئەو شتانەشی کە دەیبەخشن
لە دروستکردنی ماڵەکەی خوداوەنددا ئەوەی لە ئۆرشەلیمدایە.
٥ ئینجا سەر گەورەکانی ماڵە باوانی یەهوزا و بنیامین لەگەڵ
کاهینەکان و لاوییەکان و هەموو ئەوانەی خودا دڵیانی ئاگادار
کردەوە هەستان و خۆیان بۆ چوونە سەرەوەو دروستکردنی ماڵی
خوداوەند لە ئۆرشەلیمدا ئامادەکرد و ٦ هەموو ئەوانەشی لە
دەوروبەریاندا دەژیان بە قاپ و قاچاخی زیو و زێڕ و کەلوپەل و
ئاژەڵ و دیاری گرانبەها یارمەتییان دان جگە لە و شتانەشی کە بە
ویستی خۆیان بەخشییان. ٧ ئینجا کۆرش پاشا قاپ و قاچاخەکانی
ماڵی خوداوەند ئەوانەی نەبوخوزنەسر لە ئۆرشەلیمەوە
دەریهێنابوون دەرهێنا و لە ناو ماڵی خوداکانیدا دایان. ٨ کۆرشی
پاشای فارس ئەو قاپ وقاچاخانەی لەسەر دەستی میسردا سی
گەنجینە دارەوە دەرهێنا و بۆ شیشبەسری سەرۆکی یەهوزای
ژماردن و ٩ ژمارەیان بەم شێوەیە بوو: سی قاپی زێڕ و،هەزار
قاپی زیو،بیستو نۆ چەقۆ، ١٠ سی پەرداخی زێڕ و،چوارسەدو دە
پەرداخی زێڕی پلە دوو لەگەڵ هەزار پارچە قاپ و قاچاخی
تردا. ١١ هەموو قاپ و قاچاخە زیو و زێڕەکان پێنج هەزار و چوار
سەد پارچە بوون و شیشبەسر هەموویانی لەگەڵ خۆی دا لە کاتی
سەرکەوتنی ڕاپێچکراوەکانەوە لە بابلەوە بۆ ئۆرشەلیم سەرخست.

## ٢

ئەمانەی خوارەوە خەڵکی ناو چەکەن ئەوانەی لە دیلی
تاراوگەکانەوە سەرکەوتن و ئەوانەی
نەبوخوزنەسری پاشای بابل بەرەو بابل ڕاپێچی کردن. ٢ ئەوانە
لەگەڵ زەرو بابل و یەشوع و نەحمیا و سەرایاو ڕەعلایاو
موردخای و بلیشان و میسفار و بخوای وڕەحوم و بەعنەدا
هەریەکەو گەڕایەوە بۆ ماڵەکەی خۆی لە ئۆرشەلیم و یەهوزادا.
ژمارەی پیاوانی گەلی ئیسرائیل: ٣ نەوەی
فەرعوش:دووهەزارودووسەدوحەفتاودوو. ٤ نەوەی شەفەتیا:سێ
سەدوحەفتاودوو. ٥ نەوەی ئارەح:حەوت سەدوحەفتاوپێنج. ٦ نەوەی
فەحەس موئاب لەوەچەی یەشوع ویوئاب:دووهەزاروهەشت
سەدودوانزە. ٧ نەوەی عیلام:هەزارودووسەدوپەنجاوچوار.نەوەی
زەتو:نۆسەدوچل وپێنج. ٩ نەوەی زەککاوی:حەوت سەدو شەست.
١٠ نەوەی بانی، شەش سەد و چل و دوو. ١١ نەوەی بابای: شەش
سەدو بیست و سێ. ١٢ نەوەی عەرجەد: هەزارو دووسەدوبیست
و دوو. ١٣ نەوەی ئەدۆنیقام: شەش سەدو شەست و شەش.
١٤ نەوەی بخوای: دووهەزارو پەنجاو شەش. ١٥ نەوەی عادین:
چوار سەدو پەنجاو چوار. ١٦ نەوەی ئاتیر لە حەزقیا:
نەوەدوهەشت. ١٧ نەوەی بیسای: سێ سەدو بیست و سێ.
١٨ نەوەی یورە: سەدو دوانزە. ١٩ نەوەی حەشوم: دووسەدو بیست
و سێ. ٢٠ نەوەی جیببار: نەوەدوپێنج. ٢١ نەوەی بەیتلەحم: سەدو
بیستوسێ. ٢٢ پیاوانی نەتوفە: پەنجاو شەش. ٢٣ پیاوانی عەناسوسە:
سەدو بیست و هەشت. ٢٤ نەوەی عەزموتە: چل و دوو. ٢٥ نەوەی
قەریەت عاریم کەفیرە و بەئیروت:حەوت سەدو چل و سێ.
٢٦ نەوەی ڕامە و جەبەع: شەش سەدو بیست ویەك. ٢٧ پیاوانی
میخماس: سەدوبیست و دوو . ٢٨ پیاوانی بەیت ئیل و عای:
دووسەدو بیست وسێ. ٢٩ نەوەی نەبو: پەنجاو دوو. ٣٠ نەوەی
مەغیش: سەدوپەنجاوشەش. ٣١ نەوەی عیلامەکەی
تر:هەزارودووسەدو پەنجاو چوار. ٣٢ نەوەی حاریم: سێ سەدو
بیست. ٣٣ نەوەی لودەو حادیدەو ئونو: حەوت سەدو بیست و
پێنج. ٣٤ نەوەی ئەریحا: سێ سەدو چل و پێنج. ٣٥ نەوەی سەنائە:
سێ هەزارو شەش سەدوسی.
٣٦ بەڵام کاهینە گەڕاوەکان ئەمانە بوون: نەوەی یەدعیا لە ماڵی
یەشوع: نۆسەد و حەفتاو سێ. ٣٧ نەوەی ئیمیر: هەزاروپەنجاو
دوو. ٣٨ نەوەی فەشحور:هەزارو دووسەدو چل و حەوت. ٣٩ نەوەی
حاریم: هەزارو حەڤدە.
٤٠ بەڵام لاوییەکان: نەوەی یەشوع و قەدمیئیل لە نەوەی
هودیا:حەفتاو چوار. ٤١ گۆرانی بێژەکان: نەوەی ئاساف: سەدو
بیست و هەشت. ٤٢ نەوەی دەرگاوانەکان: نەوەی شەللوم و نەوەی
ئاتیرو نەوەی تەلمون و نەوەی عەققوب و نەوەی حەتیتا ونەوەی
شوبای : هەموویان سەدو سی و نۆ.
٤٣ خزمەتکارەکانی پەرستگاکە: نەوەکانی سیحا و حەسوفا و
تەباعوت و ٤٤ قیروس و سیعها و فادون و ٤٥ لەبانەوحەجابە و
عەقوب و ٤٦ حاجاب و شەملای و حانان و ٤٧ جەدیل و حەجەر و
ئایا و ٤٨ ڕەسین و نەقودا و جەززام و ٤٩ عوززا و فاسیح ز یسای
و ٥٠ ئەسنە و مەعونیم و نەفوسیم و ٥١ بەقبوق و حەقوقا وحەرحور
و ٥٢ بەسلوت و مەحیدا و حەرشا و ٥٣ بەرقوس و سیسراو سامەح
و ٥٤ نەسیح وحەتیفا.
٥٥ نەوەی خزمەتکارەکانی سلێمان: نەوەکانی سوتای و
هەسوفەرەس و فەرودا و ٥٦ یەعلە و دەرقون و جەدیل و ٥٧ شەفەتیا
و حەتیل و فوخرەزەباوئامی. ٥٨ سەرجەم خزمەتکارەکانی
پەرستگاکە و نەوەی خزمەتکارەکانی سلێمان: سێ سەدو نەوەدو
دوو.
٥٩ ئەمانەی خوارەوەش لە شارەکانی تەل ملح وتەل
حەرشاوکەروب وئەددان و ئیمیرەوە سەرکەوتن بەڵام نەیانتوانی
بیسەلمێنن کە خێزانەکانیان سە ربە نەوەی ئیسرائیلن: ٦٠ نەوەکانی
دەلایا و توبییا و نەقودا: شەش سەدو پەنجاو دوو. ٦١ وە لە نەوەی
کاهینەکان: نەوەکانی حەبایا و هەققوس و بەرزەلای ئەو پیاوەی
کە کچێکی بەرزەلای هێنابوو بەناوی ئەوانەوە بانگ دەکرا.
٦٢ ئەمانە بەدوای ڕەچەڵەك نامەی خێزانەکانیاندا گەڕان بەڵام
نەیاندۆزینەوە لەبەرئەوە لە خزمەتی کاهینێتی دوورخرانەوە و
٦٣ تیرشاسا پێی وتن کە نابێت لە شتە هەرە پیرۆزەکان بخۆن تا

ئەو کاتەی کاهینێك دێت و دەتوانێت ئوریم و تومیم بەکار بهێنێت. ٦٤ هەموو ئەو کۆمەڵە ژمارەیان چل و دووهەزار و سێ سەدو شەست کەس بوون ٦٥ جگە لە خزمەتکارەکانیان و کەنیزەکانیان کە ژمارەیان حەوت هەزار و سێ سەدو سی و حەوت بوو لەگەڵ گۆرانی بێژەکانیان لە ژن و لە پیاو و کە ژمارەیان دووسەد گۆرانی بیژ بوون. ٦٦ هەروەها حەوت سەدو سی وشەش ئەسپ و دووسەدوچل و پێنج ئێستر وچوار سەد و سی و پێنج حوشتر و شەش هەزار و حەوت سەدو بیست گوێ درێژیشیان لەگەڵدا بوو.

٦٨ هەندێك لەسەر گەورەکانی ماڵە باوانەکان لە کاتی گەیشتنیان بۆ ماڵی خوداوەند لە ئۆرشەلیمدا،پارەیان بۆ دروستکردنەوەی ماڵی خوداوەند لەشوێنەکەی خۆیدا بەخشی و ٦٩ بەپێی توانای خۆیان شەست و یەك هەزار درهەم زێڕ و پێنج هەزار مەن زیو و سەد کراسی کاهینییان بە گەنجینەی کارەکە بەخشی.

٧٠ کاهینەکان و لاوییەکان و گۆرانی بێژەکان و دەرگاوانەکان وخزمەتکارانی پەرستگاکە لەگەڵ خەڵکانێکی تردا لەناو شارەکانی خۆیاندا نیشتەجێ بوون و هەموو ئیسڕائیلیش لەناو شارەکانی خۆیاندا نیشتەجێ بوون.

# ٣

لەو کاتەدا کە مانگی حەوت داهات و نەوەی ئیسڕائیلیش لەناو شارەکانیاندا نیشتەجێ بوو بوون،گەل وەکو یەك پیاو لە ئۆرشەلیمدا کۆبونەوە. ٢ پاشان یەشوعی کوڕی یوساداق و خزمە کاهینەکانی و زەروبابلی کوڕی شەئەلتیئیل و یاوەرەکانی هەستان و قوربانگای خودای ئیسڕائیلیان دروستکرد بۆ ئەوەی قوربانی سووتاندنی لە سەر پێشکەش بکەن هەروەك لە شەریعەتی مووسای پیاوی خودادا نووسراوە. ٣ سەرباری ئەوەی ترسی گەلانی زەوییەکانی دەوروبەریان لەدڵدا بوو، قوربانگاکەیان لە شوێنەکەی خۆیدا دروستکرد و قوربانی سووتاندنی بەیانیان و ئێوارانیان بۆ خوداوەند لەسەری پێشکەش کرد. ٤ پاشان بەپێی ئەوەی کە نووسراوە،جەژنی کەپرشینەیان گێڕا و بەپێی ژمارەی داواکراوی قوربانییەکانی سووتاندن قوربانی هەر ڕۆژێکیان لە ڕۆژی خۆیدا پێشکەش کرد. ٥ ئینجا بەردەوام قوربانی سووتاندن و قوربانییەکانی سەرە مانگان و قوربانییەکانی وەرزەکانی جەژنە پیرۆزەکانی خوداوەندیان هەریەکەو لە کاتی خۆیدا پێشکەش کرد جگە لە و قوربانییانەی کە بە ویستی خۆیان پێشکەشی خوداوەندیان دەکرد. ٦ لەڕۆژی یەکەمی مانگی حەوت دا کە هێشتا پەرستگاکەی خوداوەند دروست نەکرابۆوە، دەستیان بە پێشکەش کردنی قوربانییەکانی سووتاندن بۆ خوداوەند کرد. ٧ هەروەها زیویان بە بەننا و دارتاشەکان دا و خواردن و خواردنەوە و ڕۆنیان بە سیدونییەکان و سورییەکان دا تا لە لوبنانەوە بە پێی ئەو مۆڵەتەی کۆرشی پاشای فارس پێی دابوون،تەختەی دار حەیزەران بۆ دەریای یافا بهێنن.

٨ لەمانگی دووەمی دووەم ساڵی گەیشتنیان بۆ ماڵی خودا لە ئۆرشەلیم دا،زەروبابلی کوڕی شەئەلتیئیل و یەشوعی کوڕی یوساداق و پاشماوەی خزمەکانیان کاهینەکان ولاوییەکان و هەموو ئەوانەی لە دیلییەوە گەڕابوونەوە بۆ ئۆرشەلیم دەستیان بە کارکرد و ئەو لاوییانەیان بۆ چاودێری کردنی کارەکەی ماڵی خوداوەند دیاری کرد کە تەمەنیان بیست ساڵ و بەرەو ژوور بوو. ٩ هەروەها یەشوع وکوڕەکانی و خزمەکانی و قەدمیئیل و کوڕەکانی لە نەوەی یەهوزا لەگەڵ نەوەی حینادا دوو کوڕەکانیان و خزمە لاوییەکانیان سەرپەرشتی کرێکارەکانی ماڵی خوداوەندیان کرد و ١٠ کە بەنناکان بناغەی پەرستگاکەی خوداوەندیان دامەزراند، کاهینەکان پاش ئەوەی جل و بەرگە تایبەتەکانی خۆیانیان لەبەرکرد شوێنەکانی خۆیانیان گرت و زوڕناکانیان هەڵگرت و لاوییەکانی نەوەی ئاسافیش بە پێی ڕێکخستنەکەی داودی پاشای ئیسڕائیل بە ئامێرە مۆسیقییەکانیانەوە بۆ ستایش کردنی خوداوەند ڕاوەستان و ١١ سروودی ستایش و سوپاسگوزارییان بۆ خوداوەند چڕی چونکە بەزەییەکەی لەگەڵ ئیسڕائیلدا هەتاهەتاییە. ئینجا هەموو گەل لەبەر دامەزراندنی ماڵی خوداوەند بە دەنگی بەرز ستایشی خوداوەندیان کرد. ١٢ بەڵام زۆربەی کاهینەکان و لاوییەکان و سەرگەورە ڕیشسپییەکان ئەوانەی ماڵەکەی یەکەمیان بینی و لە کاتی دامەزراندنی ئەم ماڵە لەپێش چاویاندا بە دەنگێکی بەرز گریان لە کاتێکدا کە پاشماوەی گەل هاواری خۆشی و شادییان لێ بەرزدەبووەوە ١٣ بەشێوەیەك کە گەل نەیتوانی هاواری خۆشی لەدەنگی گریانەکە جیابکاتەوە چونکە هاواری گەل هێندە گەورەبوو کە لە دوورەوە دەبیسترا.

# ٤

لە کاتێکدا دوژمنەکانی یەهوزا و بنیامین بیستیانەوە کە نەوەی ڕاپێچکراوەکان پەرستگایەك بۆ خوداوەند خودای ئیسڕائیل دروست دەکەن، ٢ هاتن بۆ لای زەروبابل و سەرگەورەی خێڵەکان و پێیان وتنڕێگامان بدەن لەگەڵتاندا دروستی بکەین چونکە ئێمەش خوداکەی ئێوە دەپەرستین و لە ڕۆژەکانی ئەسەرحەدونی پاشای ئاشوورەوە ئەوەی سەریخستین بۆ ئێرە قوربانیمان بۆ ئەو سەربڕیوە. ٣ بەڵام زەروبابل و یەشوع و پاشماوەی سەرگەورەکانی ماڵە باوانەکانی ئیسڕائیل پێیان وتنئێوە هیچ پەیوەندییەکتان لەگەڵ ئێمەدا نییە لە دروستکردنی پەرستگایەك بۆ خوداکەمان

بەڵکو ئێمە بە تەنها بۆ خوداوەند خودای ئیسڕائیلی دروست دەکەین بەو شێوەیەی کە کۆرش پاشا پاشای فارس فەرمانی پێکردوین. ٤ پاشان گەلەکانی دەوروبەریان دەستیان بە ساردکردنەوەی گەلی یەهوزا و ترساندنیان لە دروستکردنی پەرستگاکەدا کرد و ٥ بەدرێژایی ڕۆژەکانی کۆرشی پاشای فارس تاسەردەمی داریوس پاشا پاشای فارس چەند ڕاوێژکارێکیان بۆ پووچەڵ کردنەوەی تەگبیرەکەیان بەکرێ گرت و ٦ لە سەرەتای فەرمانڕەوایەتی ئەحەشرویرۆش پاشادا سکاڵانامەیەکیان دژی دانیشتوانی یەهوزا و ئۆرشەلیم نووسي.

٧ هەروەها لە ڕۆژەکانی ئەرتەحشەشتادا،بیشلام ومیسەرداس و تەبئیل و سەرجەم یاوەرەکانیان نامەیەکیان بە زمانی ئارامی کە وەرگێڕدرابووە سەر ئارامی بۆ ئەرتەحشەشتای پاشای فارس نووسی. ٨ هەروەها ڕەحومی فەرمانڕەوا و شیمشای نووسەر نامەیەکیان دژی ئۆرشەلیم بۆ ئەرتەحشەشتا پاشا بەم شێوە نووسی: ٩ لە ڕەحومی فەرمانڕەوا و شیمشای نووسەر و سەرجەم یاوەرەکانیانەوە لە دینییەکان و ئەفەرستیکییەکان و تەرفیلییەکان و ئەفرەسییەکان و ئەرکوییەکان و بابلییەکان و شوشە نییەکان و دەهوییەکان و عیلامییەکان ١٠ لەگەڵ سەرجەم ئەو گەلانەی کە ئەسنەفەری گەورە و خاوەن شکۆ ڕاپێچی کردن و لە شارەکانی سامیرەدا نیشتەجێی کردن لەگەڵ هەموو ئەوانەی لەوبەری دەریای فوراتەوە نیشتەجێن. ١١ ئەمەش وێنەیەکی ئەو نامەیەیە کە بۆ ئەرتەحشەشتا پاشایان نارد لە خزمەتکارەکانتەوە، دانیشتوانی ئەوبەری ڕوباری فورات: ١٢ با پاشا بزانێت کە ئەو جوولەکانەی لەلای تۆوە سەرکەوتن بۆلامان ڕۆیشتوون بۆ ئۆرشەلیم و ئێستاش خەریکی چاککردنەوەی ئەو شارە خراپەکار و یاخی بووەن و دیوارەکانی شارەکەیان دروست کردۆتەوە و بناغەکانیشیان چاك کردۆتەوە.جگە لەوەی، ١٣ پێویستە پاشا بزانێت

کە ئەگەر ئەم شارەدروست بکرێت و دیوارەکانی تەواو بکرێن،
چیتر باج و سەرانە و باجی داهات نادرێن و کارەکە بە زیانی
گەنجینەکانی پاشا کۆتایی پێدێت.١٤ ئێستاش لەبەرئەوەی ئێمە
نمەکی ماڵی پاشا دەکەین و شیاویش نییە چاو لە زیانی پاشا
بپۆشین،ئەم نامەیەمان بۆ ناردیت تا ئاگادارت بکەینەوە١٥ بۆئەوەی
بەناو پەرتووکی مێژووی باووباپیرانتدا بگەڕێیت و بۆت
دەربکەوێت کە ئەم شارە شارێکی یاخی بووە و زیانی بە پاشایان
و وڵاتان گەیاندووە و لە دێرزەمانەوە یاخی بوونیان لە ناویدا
بەرپاکردووە بۆیە کاول کراوە.١٦ لەبەرئەوە ئێمە پاشا ئاگادار
دەکەینەوە گەر ئەم شارە دروست بکرێت و دیوارەکانی تەواو
بکرێن،لەوبەری فوراتەوە هیچ شتێکت بەدەستەوە نامێنێتەوە.
١٧ ئینجا پاشا وەڵامێکی بۆ ڕەحومی فەرمانڕەوا و شیمشەیای
نووسەر و سەرجەم یاوەرەکانیان و هەموو ئەوانەی لە سامیرە و
لەوبەری ڕووباری فوراتەوە نیشتەجێ بووبوون نارد و تیایدا
وتی پاش سڵاو،١٨ ئەو نامەیەی بۆتان ناردین بە ڕوونی
لەبەردەممدا خوێندرایەوە.١٩ من فەرمانێکم دەرکرد و
لێکۆڵینەوەیەك کرا و دەرکەوت کە ئەم شارە لە دێرزەمانەوە دژی
پاشایان وەستاوەتەوە و یاخی بوون و سەرپێچی کردنی تیادا
بەرپاکراوە.٢٠ ئۆرشەلیم پاشای بەتوانای هەبووە و دەسەڵاتیان
بەسەر هەموو ئەوبەری ڕووباردا ڕۆیشتووە و باج و سەرانە و
باجی داهاتیان پێ دراوە.٢١ ئێستاش فەرمانێك بۆ وەستاندنی ئەو
پیاوە لە کارەکە دەربکە بۆ ئەوەی تامن بڕیار نەدەم ئەم شارە
دروست نەکرێتەوە.٢٢ وریابن و ئەم مەسەلەیە فەرامۆش مەکەن.
بۆچی زیان دژ بە بەرژەوەندی پاشاکان زیاد بکات.
٢٣ لەو کاتەدا کە نامەکەی ئەرتەحشەشتا پاشا لەبەردەم ڕەحوم و
شیمشای نووسەر و یاوەرەکانیاندا خوێندرایەوە، بەپەلە چوون
بۆلای جوولەکەکان بۆ ئۆرشەلیم و بە زۆر ناچاریان کردن دەست
لەکارەکە هەڵگرن.٢٤ بەو شێوەیە کارەکەی ماڵی خودا ئەوەی لە
ئۆرشەلیمدایە ڕاوەستا و تا دووەم ساڵی سەردەمی داریوس پاشا
پاشای فارس بەو شێوەیە مایەوە.

# ٥

لەو کاتەدا هەردوو پێغەمبەرەکە حەججی پێغەمبەر و زەکەریای
کوڕی عیددو پێشبینییان بۆ جولەکەکانی یەهوزا و ئۆرشەلیم کرد
بەناوی خودای ئیسرائیلەوە ،ئەو خودایەی بەسەریانەوە
بوو.٢ پاشان زەروببابلی کوڕی شەئەلتیئیل و یەشوعی کوڕی
یوساداق هەستان و دەستیان بە دروستکردنەوەی ماڵەکەی خودا
کرد ئەوەی لە ئۆرشەلیمدایە و پێغەمبەرەکانی خوداش لەگەڵیاندا
بوون و یارمەتییان دەدان.٣ لەو کاتەدا تەتنای فەرمانڕەوای
ئەوبەری ڕووبار و شەتەر بوزنای ویاوەرەکانیان هاتن بۆلایان و
ئەمەیان پێی وتن کێ ڕێگای پێ داون ئەم ماڵە دروست بکەنەوە
وئەم دیوارە چاك بکەنەوە؟٤ هەروەها لێیان پرسین کێن ئەو
پیاوانەی ماڵەکە دروست دەکەنەوە؟٥ بەڵام ڕیشسپییەکانی
جوولەکەکان چاوی خوداکەیان چاودێری دەکردن و نەیانتوانی لە
کارەکە ڕایانبگرن تا ئەو کاتەی کارەکە دەگاتەوە و لای داریوس
و وەڵامەکەیان پێ دەگاتەوە.
٦ ئەمە وێنەی ئەو نامەیەیە کە تەتنای فەرمانڕەوای ئەوبەری
ڕووبار و شەتەر بوزنای و یاوەرە ئەفەرسەکییەکانیان ئەوانەی
لەوبەری ڕووبارەوە بوون بۆ داریوس پاشایان نووسی٧ نامەکەیان
بۆ نارد وئەمەی تیادا نووسرابوو:
بۆ داریوس پاشا: سڵاوێکی گەرم،٨ با پاشا بزانێت کە ئێمە چووین
بۆ وڵاتی یەهوزا و، بۆ ماڵی خودای گەورە و تەماشامان کرد
ماڵەکە بە بەردی گەورە دروست دەکرێت و دار لە ناو دیوارەکانیدا
دادەنرێت و کارەکە بەپەلە دەکرێت و سەرکەوتووانەش لەسەر
دەستیان ئەنجام دەدرێت.٩ ئینجا پرسیارمان لەو ڕیشسپییانە کرد و
ئاوامان پێ وتن کێ ڕێگای دروست کردنەوەی ئەم ماڵە و
تەواوکردنی ئەم دیوارانەی پێداون؟١٠ هەروەها پرسیاری
ناوەکانیانمان لێکردن و بۆ ئاگاداریتان ناوی سەرگەورەکانیانمان
نووسی و١١ بەم شێوەیە وەڵامیان داینەوە: ئێمە خزمەتکاری
خودای ئاسمان و زەوین و ئەو ماڵە دروست دەکەینەوە کە
ساڵانێکی زۆری لەمەوبەر دروستکراوە و پاشایەکی گەورەی
ئیسرائیل دروستی کردووە و تەواوی کردووە.١٢ بەڵام
لەبەرئەوەی باووباپیرانمان خودای ئاسمانیان تووڕەکرد، دانی
بەدەست نەبوخوزنەسری پاشای بابلی کلدانییەوە و ئەوەی کە ئەم
ماڵەی وێران کرد و گەلەکەی بۆ بابل ڕاپێچ کرد.١٣ وە لە یەکەم
ساڵی کۆرشی پاشای بابلدا، کۆرشی پاشا فەرمانێکی بۆ
دروستکرنەوەی ئەم ماڵەی خودا دەرکرد و١٤ تەنانەت ئەو
قاپوقاچاخە زێڕ و زیوانەشی کە نەبوخوزنەسر لە پەرستگاکەدا
هێنانیە دەرەوە و بردینی بۆ پەرستگاکەی بابل ،کۆرش پاشا لە
پەرستگاکەوە هێنانیە دەرەوە و دران بە یەکێك کە ناوی شیشبەسرە
و دواتر کردی بە فەرمانڕەوا و١٥ پێی وت ئەم قاپوقاچاخە بگرە و
بڕۆ و بیبە بۆ پەرستگاکەی ئۆرشەلیم و ماڵی خودا لە شوێنەکەی
خۆیدا دروست بکە.١٦ پاشان ئەم شیشبەسرە هات و بناغەکەی
ماڵی خودای دانا و ئەوەی لە ئۆرشەلیمدایە. هەروەها لەوکاتەوە
دەست بە دروستکردنی کراوە و تا ئێستا تەواو نەکراوە.١٧ ئێستاش
گەر پاشا پێی خۆشە با بە ناو گەنجینەی بەڵگەنامەکانی پاشای
بابلدا بگەڕێت و بۆی دەربکەوێت کە ئایا فەرمانێك لە لایەن
کۆرش پاشاوە بۆ دروستکردنی ئەم ماڵەی خودا کە لە
ئۆرشەلیمدایە دەرچووە و با پاشا لەوەدا لەبڕیاری خۆی
ئاگادارمان بکاتەوە.

# ٦

لەو کاتەدا داریوس پاشا فەرمانێکی بۆ گەڕان بەناو گەنجینەی
پەرتووکەکانی بابلدا دەرکرد
کە تیایدا بەڵگەنامەکان هەڵگیرابوون
و٢ لە ئەحمەسادا لەناو کۆشکی وڵاتی مادیدا نووسراوێك
دۆزرایەوە کە ئەمەی تیادا نووسرابوو
یاداشت:٣ لەساڵی یەکەمی کۆرش پاشادا، کۆرش پاشا بڕیارێکی
سەبارەت بە ماڵی خوداوەند ئەوەی لە ئۆرشەلیمدایە بەم شێوەیەی
خوارەوە دەرکرد: با ئەو ماڵەی قوربانی تیادا سەردەبڕن دروست
بکرێتەوە و بناغەکانی دابمەزرێنەوە بەشێوەیەك کە بەرزییەکەی
شەست قۆڵ و پانییەکەشی شەست قۆڵ بێت و٤ لەسەر سێ ڕیز لە
بەردی گەورە و ڕیزێك لە تەختەی نوێ دروست بکرێتەوە و
گەنجینەی پاشا خەرجی دروستکردنەوەکەشی لە ئەستۆ
دەگرێت.٥ هەروەها ئەو قاپ و قاچاخە زێڕ و زیوانەی ماڵی خودا
کە نەبوخوزنەسر لە پەرستگاکەی ئۆرشەلیمەوە هێنانیە دەرەوە بۆ
بابلی بردن،با بۆ شوێنەکانی خۆیان بۆ پەرستگاکەی ئۆرشەلیم
بگێڕدرێنەوە ولەناو ماڵی خودادا دابندرێن.
٦ ئێستاش ئەی تەتنای فەرمانڕەوای ئەوبەری ڕووبار و ئەی
شەتەربوزنای لەگەڵ یاوەرە ئەفەرسەکییەکانتاندا ئەوانەی
لەوبەری ڕووبارەوەن دوورکەونەوە لەوێ و ٧ واز لەم کارەی
ماڵی خودا بهێنن و با فەرمانڕەوای جوولەکەکان و ڕیشسپییەکانی
جوولەکەکان ئەم ماڵەی خودا لە شوێنەکەی خۆیدا دروست
بکەنەوە.٨ هەروەها لە منەوە بڕیارێك لە بارەی ئەوەی چی لەگەڵ
ئەو ڕیشسپییانەی جوولەکەکاندا بکەن سەبارەت بە
دروستکردنەوەی ئەم ماڵەی خودا دەرچووە:

پێویستە بەپەلە خەرجیی ئەو پیاوانە لە گەنجینەی پاشا و لە
داهاتەکانی ئەوبەری ڕووبار بدرێت بۆ ئەوەی دەست لە کارەکە
هەڵنەگرن.٩ هەروەها پێویستە پێویستییەکانی تریشیان لە گا و
بەران و مەڕ بۆ قوربانییەکانی سووتاندن بۆ خودای ئاسمان پێ
بدرێن و گەنم و خوێ و مەی و ڕۆنیشیان بەپێی داواکاری
کاهینەکانی ئۆرشەلیم ڕۆژ لە دوای ڕۆژ پێ بدرێن بۆ ئەوەی
ساردنەبنەوە و١٠ بەردەوام دیاری بۆنخۆش بە خودای ئاسمان
پێشکەش بکەن و بەردەوام نوێژ بۆ ژیانی پاشا و کوڕەکانی
بکەن.١١ هەروەها بڕیارێکم دەرکردووە گەر هەرکەسێك ئەم وتەیە
بگۆڕێت، تەختەیەك لەماڵەکەی ڕادەکێشرێت و بە لەخاچدراوی
لە سەری هەڵدەواسرێت و لە سزای تاوانەکەشی ماڵەکەی وەك
پاشماوەی وێرانەبوویەکی لێ دەکرێت.١٢ یاخوا خودا ئەوەی
ناوەکەی لە وێدا نیشتەجێ کردووە هەموو پاشا و گەلێك لەناو
ببات کە دەستی بۆ گۆڕینی ئەم بڕیارە یان وێرانکردنی ئەم ماڵەی
خودا لە ئۆرشەلیم دا درێژ دەکات. داریوس ئەم بڕیارەی
دەرکردووە و بابە پەلە جێبەجێ بکرێت.
١٣ پاشان تەتنای فەرمانڕەوای ئەوبەری ڕووبار و شەتەربوزنای
لەگەڵ یاوەرەکانیاندا ئەو بڕیارەیان بەپەلە جێبەجێ کرد کە
داریوس پاشا دەریکردبوو.١٤ بەو شێوەیە ڕیشسپییەکانی
جوولەکەکان بەپێی پێشبینییەکەی حەجی پێغەمبەر و زەکەریای
کوڕی عیددو سەرکەوتووانە درێژەیان بە دروستکردنەکە دا و
بەپێی بڕیاری خودای ئیسڕائیل و بڕیاری پاشاکانی فارس،
کۆرش وداریوس و ئەرتەحشەشتا کۆتاییان پێ هێنا و١٥ لە سێی
مانگی ئازاری ساڵی شەشەمی سەردەمی داریوس پاشادا ماڵەکە
دروستکرا و١٦ کاهینەکانی نەوەی ئیسڕائیل و لاوییەکان و
پاشماوەی ڕاپێچکراوەکان بەخۆشییەوە ئاهەنگیان بە بۆنەی
کردنەوەی ئەم ماڵەی خوداوە گێڕا و١٧ لە کردنەوەی ئەم ماڵەی
خودا دا، سەد گا و دوو سەد بەران و چوار سەد مەڕیان سەربڕی
و دوانزە قوربانی بزنیشیان لە ڕێی تاوانی هەموو ئیسڕائیل بەپێی
ی ژمارەی تیرەکانی ئیسڕائیل سەربڕي.
١٨ ئینجا کاهینەکان و لاوییەکان بەپێی کۆمەڵەکانیان و بەپێی
ئەوەی لە پەڕتووکی مووسادا نووسراوە بۆ خزمەتکردنی خودا
دابەش بوون و١٩ نەوەی ڕاپێچکراوەکان لە چواردەی مانگی یەکدا
جەژنی تێپەڕبوونیان گێڕا و٢٠ لەبەر ئەوەی کاهینەکان ولاوییەکان
هەموویان پاککردبووەوە و هەموویان پاك بوون، قوربانی
تێپەڕبوونیان بۆ هەموو نەوەی ڕاپێچکراوەکان و بۆ کاهینەکانیان
و خۆیان سەربڕی و٢١ هەموو نەوەی ئیسڕائیل ئەوانەی لە
تاراوگەوە گەڕابوونەوە لەگەڵ هەموو ئەوانەی خۆیان لە
گڵاوییەکانی گەلانی زەوی دابڕیبووە و هاتبوون خوداوەند خودای
ئیسڕائیل بپەرستن لێیان خوارد.٢٢ هەروەها حەوت ڕۆژ ئاهەنگی
نانی فەتیریان بە خۆشییەوە گێڕا چونکە خوداوەند دڵی خۆش
کردبوون و دڵی پاشای ئاشووری بۆ بەهێزکردنی دەستەکانیان لە
کارەکەی ماڵی خودا خودای ئیسڕائیل بەلایاندا وەرگێڕابوو.

# ٧

پاش ئەم شتانە و لەسەردەمی ئەرتەحشەشتای پاشای فارسدا
پیاوێك لە بابلەوە گەڕایەوە کە ناوی عەزرای کوڕی سەرایای
کوڕی عەزەریای کوڕی حیلقیا ٢ کوڕی شەللومی کوڕی سادوقی
کوڕی ئەخیتوبی٣ کوڕی ئەمەریای کوڕی عەزەریای کوڕی
مەرایوسی٤ کوڕی زەرەحیای کوڕی عوززی کوڕی
بوققی٥ کوڕی ئەبیشوعی کوڕی فینحاسی کوڕی ئەلعازاری
کوڕی هارونی گەورەکاهین بوو.٦ ئەم عەزرایە مامۆستایەکی بە
توانا بوو لە شەریعەتی مووسادا کە خوداوەند خودای ئیسڕائیل
ڕایگەیاندبوو و پاشا هەموو ئەو شتانەی پێ دابوو کە داوای
کردبوو چونکە دەستی خوداوەندی خودای لەسەربوو.٧ لە
حەوتەمین ساڵی ئەرتەحشەشتا پاشادا،هەندێك لە نەوەی ئیسڕائیل
لەگەڵ کاهینەکان و لاوییەکان و گۆرانی بێژەکان و دەرگاوانەکان
و خزمەتکارانی پەرستگا لەگەڵیدا سەرکەوتن بۆ ئۆرشەلیم.
٨ عەزرا لە پێنجەمین مانگی حەوتەمین ساڵی پاشادا گەیشتە
ئۆرشەلیم ٩ چونکە لە مانگی یەکدا لە بابلەوە دەستی بە سەرکەوتن
کرد و لە سەرەتای مانگی پێنجدا گەیشتە ئۆرشەلیم لەبەرئەوەی
دەستی بەخشندەی خوداکەی لەسەری بوو١٠ لەبەرئەوەی عەزرا
دڵی بۆ داوای شەریعەتی خوداوەند و ڕەچاوکردنی و فێرکردنی
گەل بۆ بڕیارەکانی و ئەرکە ئایینییەکانی تەرخان کردبوو.
١١ ئەمە وێنەی ئەو نامەیە کە ئەرتەحشەشتا پاشا دای بە
عەزرای کاهین و نووسەر، نووسەری وتەی ڕاسپاردەکانی
خوداوەند و ئەرکە ئایینییەکانی لە سەر ئیسڕائیل:
١٢ لە ئەرتەحشەشتای پاشای پاشایانەوە بۆ عەزرای کاهین و
نووسەری شەریعەتی خودای ئاسمان:
پاش سڵاو:١٣ لەلایەن منەوە بڕیاریك دەرچووەکە هەرکەسێك لە
گەلی ئیسڕائیل و لە کاهینەکان و لە لاوییەکان لە ناو
شانشینێتییەکەی مندا دەیەوێت بگەڕێتەوە بۆ ئۆرشەلیم با
بگەڕێتەوە.١٤ تۆ لەلایەن پاشا و حەوت ڕاوێژکارەکەیەوە
نێردراویت تا بەپێی ئەو شەریعەتەی خوداکەت کە بەدەستیەوەیە
لە یەهوزا و ئۆرشەلیم بکۆڵیتەوە و١٥ ئەو زێڕ و زیوە باربکەیت
کە پاشا و ڕاوێژکارەکانی بە خودای ئیسڕائیلیان بەخشیووە ئەوەی
نیشینگەکەی لە ئۆرشەلیمدایە١٦ جگە لەو زێڕ و زیوەی کە لە
وڵاتی بابلدا بە دەستت دەکەوێت لەگەڵ ئەو بەخشینانەی کە گەل و
کاهینەکان بە ماڵی خوداکەیانی دەبەخشن ئەوەی کە لە
ئۆرشەلیمدایە ١٧ بۆ ئەوەی بە پەلە بم بەم زیوە گا و بەران و مەڕ
و قوربانییەکانی دانەوێڵە و قوربانییەکانی خواردنەوەی پێ بکڕێت
و لەسەر قوربانگاکەی ماڵی خوداکەتان ئەوەی لە ئۆرشەلیمدایە
پێشکەشیان بکەیت.١٨ خۆت و برا جوولەکەکانت ئەوەی لە زیوەکە
دەمێنێتەوە بەو شێوەیە بەکاریبهێنن کە خۆتان پێتان باشە بەپێی
ویستی خوداکەتان.١٩ هەروەها ئەو قاپوقاچاخەی پێت دەدرێت بۆ
ئەوەی ماڵی خوداکەتی پێ خزمەت بکرێت لەبەردەم خودای
ئۆرشەلیم دا دایبنێ و ٢٠ پاشماوەی پێویستی ماڵی خوداکەت لە
گەنجینەی پاشا ببە. هەروەها٢١ من، ئەرتەحشەشتا پاشا، بڕیارێکم
بۆ هەموو گەنجینەدارەکانی ئەوبەری ڕووبار دەرکردووە کە
بەپەلە هەموو داواکارییەکانی عەزرای کاهین ونووسەری
شەریعەتی خودای ئاسمان٢٢ لە سەد وەزنە زیو و سەد کوڕڕە
گەنم و سەد بەسسە مەی و سەد بەسسە ڕۆن و هەرچەند خوێ
داوا دەکات دابین بکەن.٢٣ با هەموو فەرمانەکانی خودای ئاسمان
بە زووترین کات جێبەجێ بکرێن چونکە بۆچی تووڕەیی لەسەر
ماڵی پاشا و کوڕەکانی بێت؟٢٤ هەروەها پێتان ڕادەگەیەنین کە
هەموو کاهینەکان ولاوییەکان و گۆرانی بێژەکان و دەرگاوانەکان
وخزمەتکارەکانی پەرستگاکە و ماڵی خودا بەخشراون لە هەموو
باج و سەرانە و باجی دا هاتێك.٢٥ بەڵام تۆ ئەی عەزرا، بەپێی
دانایی خوداکەت کە بەدەستەوەیە چەند فەرمانڕەوا و دادوەرێك
لەوانەی شارەزاییان لە شەریعەتەکانی خوداکەت دا هەیە دیاری
بکە تا دادوەری بۆ هەموو گەل پیادە بکەن و ئەو شەریعەتانەش
فێری ئەوانە بکەن کە نایزانن.
٢٦ هەروەها هەر کەسێك کار بە شەریعەتی خوداکەت و
شەریعەتی پاشانەکات، بابە پەلە بڕیاری مردن یان دوورخستنەوە
یان پارەدان یان زیندانی کردنی بەسەردا بسەپێندرێت.
٢٧ ئینجا عەزرا وتی خوداوەند خودای باووباپیرانمان پیرۆزبێت
ئەوەی کە ئەم شتەی خستە دڵی پاشاوە بۆ ڕازاندنەوەی ماڵی
خوداوەند ئەوەی لە ئۆرشەلیمدایە.٢٨ ئەو لەبەردەم پاشا و
ڕاوێژکارەکانی و لەبەردەم هەموو سەرکردە بەتواناکانی پاشا

بەبەزەیی داپپۆشیم ومنیش بەهۆی ئەو دەستەی خوداوەندی خودام
کە لەسەرمە بەهێز بووم و چەند سەرگەورەیەکم لە ئیسڕائیل
کۆکردەوە و تا سەرکەون لەگەڵمدا.

# ٨

ئەمانەش سەرۆکەکانی ماڵە باوانەکان و ئەوانەی کەلەگەڵیاندا
تۆمار کراون و لەگەڵ مندا لە سەردەمی ئەرتەحشەشتا پاشادا لە
بابلەوە سەرکەوتن:٢ لە نەوەی فینحاس: جرشوم. لە نەوەی
ئیسامار: دانیال. لە نەوەی داوود: حەتوش.٣ لە نەوەی شەکەنیای
نەوەی فەرعوش:زەکەریا و ئەو سەدو پەنجا نێرینەیەی لەگەڵیدا
تۆمارکران.٤ لەنەوەی فەحەس مۆئاب: ئەلیهوعینای کوڕی
زەرەحیا لەگەڵ سێ سەد نێرینەدا.٥ لە نەوەی شەکەنیا: کوڕی
یەحزیئیل لەگەڵ سێ سەد نێرێنەدا.٦ لەنەوەی عادین: عابدی
کوڕی یوناسان لەگەڵ پەنجا نێرینەدا.٧ لەنەوەی عیلام: یەشعیای
کوڕی عەسەلیا لەگەڵ حەفتا نێرینەدا.٨ لەنەوەی شەفەتیا:
زەبەدیای کوڕی میخائیل: لەگەڵ هەشتا نێرینەدا.٩ لەنەوەی یۆئاب
عوبەدیا: کوڕی یەحیئیل و لەگەڵ دووسەدو هەشتا نێرینەدا.١٠ لە
نەوەی شەلومیس: کوڕی یوشەفیا لەگەڵ سەدو شەست
نێرینەدا.١١ لە نەوەی بابای: زەکەریای کوڕی بابای لەگەڵ بیست
و هەشت نێرینەدا.١٢ لە نەوەی عەزجەد: یوحانانی کوڕی هیققاتان
لەگەڵ سەدو دە نێرینەدا.١٣ لە نەوەکانی تری ئەدۆنیقام ئەمانە
ناوەکانیانە: ئەلیفەڵەت و یەعیئیل و شەمعیا لەگەڵ شەست
نێرینەدا.١٤ هەروەها لە نەوەی بەغوای :عوتای و زەببود لەگەڵ
حەفتا نێرینەدا.
١٥ من ئەوانەم لەلای ئەو ڕووبارەی بەرەو ئەهوا دەڕوات
کۆکردەوەو سێ ڕۆژ لەوێدا دامەزراین و لە گەل و لە کاهینەکان
ورد بوومەوە بەڵام کەسم لە لاوییەکان بەدی نەکرد١٦ لەبەرئەوە
ئەلیعەزەر و شەمعیا و ئەلناسان ویاریب و ئەلناسان و ناسان و
زەکەریا و مەشوللامم بانگ کرد کە هەموویان سەرگەورەبوون.
هەروەها یویاریب و ئەلناسانم بانگ کرد کە دوو پیاوی تێگەیشتوو
بوون و ١٧ هەموویانم نارد بۆلای ئیدوی سەرگەورەی کە
سیفیاوپێم وتن کە چی بە ئیدو و خزمەکانی بڵێن تا چەند
خزمەتکارێکمان بۆ ماڵی خوداکەمان بۆ بهێنن.١٨ لەبەرئەوەی
دەستی بەخشندەیی خوداوەندی خودامان لەسەرمان بوو، پیاوێکی
زیرەکیان لە نەوەی مەحلی نەوەی لاوی نەوەی ئیسڕائیل و
شەربیا و کوڕەکانی و خزمەکانییان بۆ هێنان کە هەموویان هەژدە
پیاو بوون.١٩ هەروەها حەشەبیا لەگەڵ یەشەعیای نەوەی مەراری
و خزمەکانی وکوڕەکانیان کە هەموویان بیست پیاو
بوون.٢٠ هەروەها لەو خزمەتکارانەی پەرستگاکە داوود لەگەڵ
سەرگەورەکاندا بۆ خزمەتکردنی ئەو لاوییانەی لە پەرستگاکە دا
کاریان دەکرد دووسەدوبیست پیاو بوون و بە ناوەکانیان دیاری
کران.٢١ هەروەها لەوێ لەسەر ڕووباری ئەهوا بانگەوازی
ڕۆژووم کرد تا لەبەردەم خوداکەماندا ملکەچ بین و داوای
ڕێگایەکی ڕاستی بۆ خۆمان و منداڵەکانمان و هەموو شتەکانمانی
لێ بکەین چونکە پێم شەرم بوو سوپا و سوار لە پاشا داوابکەم بۆ
ئەوەی لە ڕێگاکەدا لە دوژمنەکانمان ڕزگارمان بکەن.٢٢ پاش
ئەوەی قسەمان لەگەڵ پاشادا کرد و وتمان دەستی خوداکەمان
لەسەر هەموو ئەوانەیە کە داوای چاکەی لێ دەکەن و تووڕەیی
گەورەشی لەسەر هەموو ئەوانەیە کە بەجێ ی دەهێڵن.٢٣ وەپاش
ئەوەی ڕۆژوومان گرت و لە خوداکەمان پاڕاینەوە ،وەڵامی
داینەوە.٢٤ ئینجا دوانزە کاهینم لە کاهینە سەرگەورەکان هەڵبژارد
کە شەرەبیا و حەشەبیا و دە کاهین لە خزمەکانیان بوون.٢٥ ئینجا
ئەو زێڕ و زیو و قاپوقاچاخەی کە پێشکەش بە ماڵی خوداکەمان
کرابوون و پاشا و ڕاوێژکارەکانی و سەرکردەکانی و سەرجەم
ئیسڕائیلییەکان بەخشیبوویان، پێم سپاردن و ٢٦ سەرجەم ئەوانەی
پێم سپاردن ئەمانە بوون: شەش سەدو پەنجا وەزنە زیو سەد
وەزنە لە قاپ و قاچاخی زیو سەد وەزنە زێڕ و٢٧ بیست پەرداخی
زێڕ کە بەهاکەیان هەزار درهەم بوو لەگەڵ دووقاپی مسی
پوختەکراو کە بەهاکەی لە زێڕ کەمتر نەبوو. ئینجا٢٨ پێم وتن ئێوە
پیرۆزن بۆ خوداوەند و قاپ وقاچاخەکەش پیرۆزە بەڵام زێڕ و
زیوەکە بە خوداوەندی خودای باووباپیرانتان
بەخشراون٢٩ لەبەرئەوە ئاگاتان لێیان بێت و بیانپارێزن تا لەبەردەم
کاهینەکان و لاوییەکان وسەرگەورەکانی ماڵە باوانەکانی
ئیسڕائیلدا لەناو ژوورەکانی پەرستگاکەی خوداوەنددا
دەکێشرێن.٣٠ ئینجا کاهینەکان و لاوییەکان زیو و زێڕەکەیان
وەرگرت تا بۆ ئۆرشەلیم بۆ پەرستگای خوداکەمان باری بکەن.
٣١ پاشان لە دوانزەی مانگی یەکدا لە ڕووباری ئەهواوە کۆچمان
کرد بۆ ئەوەی بچین بۆ ئۆرشەلیم ودەستی خوداکەمان لەسەرمان
بوو و لە دەستی دوژمنی شاراوەی سەر ڕێگاکە ڕزگاری
کردین.٣٢ ئینجا گەیشتنە ئۆرشەلیم وسێ ڕۆژ لەوێداماینەوە و٣٣ لە
ڕۆژی چوارەمدا زێڕ و زیو و قاپوقاچاخەکە لەناو ماڵی
خوداکەماندا لەسەر دەستی مەریموسی کوڕی ئوریای کاهین و
ئەلعازاری کوڕی فینحاس دا کێشران کە یوزابادی کوڕی یەشوع
و نوعەدیای کوڕی بینییان لەگەڵدا بوو کە هەردووکیان لاوی
بوون.٣٤ هەروەها لە وکاتەدا ژمارەکانی وکێشەکانی
تۆمارکران.٣٥ پاشان نەوی ڕاپێچکراوەکان ئەوانەی لە تاراوگەوە
گەڕابوونەوە قوربانییان بۆ خودای ئیسڕائیل سووتاند: دوانزە گا
لە جیاتی هەموو ئیسڕائیل لەگەڵ نەوەدو شەش بەران و حەفتاو
حەوت مەڕ و دوانزە بزن وەك قوربانی تاوان کە هەموویان
قوربانی سووتاندن بوون بۆ خوداوەند.٣٦ ئینجا فەرمانەکانی
پاشایان دایە دەست فەرمانڕەواکانی پاشا لەوبەری ڕووبارەوە و
ئەوانیش پاڵپشتی گەل و ماڵی خودایان کرد.

# ٩

پاش تەواو بوونی ئەم شتانە،سەرگەورەکان هاتن بۆلام و ووتیان
گەلی ئیسرائیل و کاهینەکان و لاوی یەکان خۆیان لە گڵاوی
یەکانی گەلانی زەوی وەك کەنعانی یەکان و حسسی یەکان و
فیرزی یەکان ویەبوسی یەکان و عەمونی یەکان و موئابی یەکان
و میسری یەکان و ئاموری یەکان دانەبڕیوە٢ چونکە لە کچەکانیان
ژنیان بۆ خۆیان و کوڕەکانیان هێناوەو نەوە پیرۆزەکە تێکەڵ بە
گەلانی زەوییەکان بووە و سەرگەورەکان و فەرمانڕەواکان یەکەم
کەس بوون لەم ناپاکی یەدا.٣ کە گوێم لەمەبوو،جلەکەم و عەباکەم
دادڕی و مووی سەرم وڕیشم هەڵکێشاو بەسەر سوڕمانەوە
دانیشتم و ٤ هەموو ئەوانەی بەهۆی ناپاکی ڕاپێچکراوەکانەوە
لەووتەی خودای ئیسرائیل ترسابوون لەدەورم کۆبوونەوەو منیش
تا قوربانی ئێوارە بەسەر سووڕمانەوە دانیشتم و٥ لەکاتی قوربانی
ئێوارەدا لەسەر شۆڕی یەکەمەوە ڕاپەڕیم و بەجل
وعەبادڕاوەکەمەوە کەوتمە سەرچۆك و دەستم بۆ خوداوەندی
خودام درێژ کردو ٦ ووتمخودایە،من زۆر شەرمەزارو
سەرشۆڕترم لەوەی ڕووم ڕووەو تۆ بەرزبکەمەوە چونکە ئەی
خودا تاوانەکانمان لەسەرمان بەرزترن و گوناهەکانیشمان بۆ
ئاسمان بەرزبونەتەوە٧ ئێمە لەکاتی باووباپیرانمانەوە تا ئەمڕۆ
نغرۆی تاوانێکی گەورەین و لەبەرتاوانەکانمان شمشێری گەلانی
دەوروبەرمان بەسەر خۆمان و پاشاکانمان و کاهینەکانماندا زاڵ
بووە و تا ئەمڕۆ دووچاری ڕاپێچ کردن و تاڵان کردن و
سەر شۆڕی بووینەتەوە.٨ بەڵام تۆ لە ساتێکدا بەخشندەییت لەگەڵدا

نواندین و بەزەییت پیاماندا هاتەوەو پاشماوەیەکت لێ هێشتینەوە
بۆ ئەوەی لەشوێنە پیرۆزەکەتدا شوێن پێ یەکمان پێ بدەیت تا
چاومان ڕووناك بکەیتەوەو ژیانێکی کەممان لە کۆیلایەتی
یەکەماندا پێ بدەیت. ٩ لەگەڵ ئەوەی ئێمە کۆیلەین خوداکەمان لە
کۆیلایەتییمان دا وازی لێ نەهێنایین بەڵکو لەبەردەم پاشاکانی
فارسدا بەبەزەیی داپپۆشین تا ژیانمان پێ بدات بۆ ئەوەی ماڵێك بۆ
خوداکەمان دروست بکەین و کاولکارییەکانی چاك بکەینەوە و لە
یەهوزا و ئۆرشەلیمدا پارێزراو بین. ١٠ ئێستاش ئەی خودامان ئێمە
پاش ئەمە چی بڵێین؟چونکە ئێمە وازمان لەو ڕاسپاردانەت ١١ هێنا
کەلەسەر دەستی پێغەمبەرە خزمەتکارەکانتەوە فەرمانت پێ
کردین و فەرمووتئەو زەوییەی دەچنە ناوییەوە بۆ ئەوەی ببن بە
خاوەنی زەوییەکی گڵاوە و گەلەکانی بە گڵاوییەکانیان لەم سەرەوە
بۆ ئەوسەر گڵاویان کردووە. ١٢ ئێستاش کچەکانتان مەدەن بە
کوڕەکانیان و کچەکانیشیان بۆ کوڕەکانیان مەهێنن و هەوڵی خێر
و خۆشییان مەدەن بۆ ئەوەی بەهێز بن و لەبەرەکەتی زەوییەکە
بخۆن و تاهەتایە بە میرات بۆ کوڕەکانتانی بەجێ بهێڵن. ١٣ ئێستاش
پاش هەموو ئەو شتانەی بەسەرماندا هات بەهۆی کارە
خراپەکانمان و تاوانە گەورەکانمانەوە، ئێمە دەزانین کە تۆ ئەی
خودامان لە ئەندازەی تاوانەکانمان کەمتر سزات داوین و
ڕزگارییەکی ئاوهات پێ داوین. ١٤ ئایا پاش ئەوە دووبارە
سەرپێچی لە ڕاسپاردەکانت دەکەین و خزمایەتی لەگەڵ ئەو
گەلانەدا دەکەین کە ئەم کارەگڵاوانە دەکەن؟ئایا لێمان تووڕە نابیت
و لەناومان نابەیت بە شێوەیەك کە هیچ پاشماوەیەك و
ڕزگارکەرێکمان بۆ نەهێڵیتەوە؟ ١٥ ئەی خوداوەندی خودای
ئیسڕائیل ،تۆ دادپەروەری چونکە ئێمە هێشتا تا ئەمڕۆ
پاشماوەیەکی ڕزگار بووین و ئەوەتا ئێمە لە تاوانەکانماندا لەبەر
دەمتدا ڕاوەستاوین لەگەڵ ئەوەی ئێمە هیچ مافێکی ئەوەمان نی یە.

# ١٠

لەکاتێکدا کە عەزرا بە گریانەوە نوێژی دەکرد و بە کەوتوویی
لەبەردەم ماڵی خودادا خەریکی دان پیانان بوو،کۆمەڵێکی یەکجار
زۆر لە ئیسڕائیل لە ژن و لە پیاو لە دەوری کۆبوونەوە چونکە
گەل گریانێکی بە کوڵ گریا. ٢ ئینجا شەکەنیای کوڕی یەحیئیل لە
نەوەی عیلام وەڵامی دایەوە و بە عەزرای وت ئێمە ناپاکیمان
لەگەڵ خوداکەماندا کردووە و ژنی بێگانەمان لە گەلانی زەوی
هێناوە. بەڵام ئێستا لەمەودوا هیوایەك بۆ ئیسڕائیل هەیە: ٣ با
پەیمانێك لەگەڵ خوداکەماندا ببەستین بەوەی کە بەپێی تەگبیری
گەورەم و تەگبیری ئەوانەی لە ڕاسپاردەی خوداکەمان دەترسن
ژنە بێگانەکان و ئەو منداڵانەی خستوویانەتەوە بکەینە دەرەوە و
بەپێی شەریعەت کاربکەین و جێبەجێی بکەین. ٤ هەستە چونکە ئەم
کارە دەکەوێتە سەر تۆ و ئێمەش لە گەڵتداین. ئازابە و دەستبەکاربە.
٥ ئینجا عەزرا هەستا و سەرگەورەکانی کاهینەکان و لاوییەکان و
هەموو ئیسڕائیلی سوێند دا کە ئەو کارە جێبەجێ بکەن و ئەوانیش
سوێندیان خوارد. ٦ پاشان عەزرا لەبەردەم ماڵی خوداوە هەستا و
چوو بۆ ژوورەکەی یەهوحانانی کوڕی ئەلیاشیب و بێ ئەوەی نان
بخوات و ئاو بخواتەوە چوو بۆ ئەوێ چونکە ئەو بەهۆی ناپاکی
دانیشتوانە ڕاپێچکراوەکەوە دەیناڵاند. ٧ پاشان لە یەهوزا و
ئۆرشەلیمدا بانگەوازێکیان بۆ هەموو نەوەی ڕاپێچکراوەکان
ڕاگەیاند بۆ ئەوەی لە ئۆرشەلیمدا کۆببنەوە و ٨ ئەوەشی لەماوەی
سێ ڕۆژدا ئامادە نەبێت بەپێی بڕیاری سەرگەورەکان و
ڕیشسپییەکان دەست بەسەر ماڵەکەیدا دەگیرێت و لەنێو دانیشتوانە
ڕاپێچکراوەکەدا وەدەردەنرێت.

٩ ئینجا هەموو پیاوانی یەهوزا و بنیامین لە ماوەی سێ ڕۆژەکەدا
واتە لە بیستی مانگی نۆدا لە ئۆرشەلیمدا کۆبوونەوە و هەموو
گەل لە ناو مەیدانی ماڵی خودادا بە ترسەوە بەهۆی ترسناکی
کارەکە و بارانی زۆرە دانیشتن. ١٠ ئینجا عەزرای کاهین هەستاو
پێی وتن ئێوە ناپاکیتان کرد و ژنانی بێگانەتان هێنا بۆ ئەوەی لە
تاوانەکەی ئیسڕائیل زیاد بکەن. ١١ لەبەرئەوە بۆ خوداوەندی
خودای باووباپیرانتان دان بە تاوانەکەتاندا بنێن و چی پێخۆشە
ئەوە بکەن و خۆتان لە گەلانی زەوی و لە ژنە بێگانەکان دابڕن.
١٢ ئینجا هەموو کۆمەڵەکە بە دەنگێکی بەرز وەڵامیان دایەوە و
وتیان ئەوە دەکەین کە پێت وتین ١٣ بەڵام گەلەکە گەلێکی زۆرن و
کاتەکەش کاتی بارانە و توانای وەستانمان لەدەرەوە نییە و کارەکە
کاری ڕۆژ و دوان نییە چونکە لەم کارەدا تاوانی زۆرمان کردووە
١٤ لەبەرئەوە با سەرگەورەکانمان دادوەری بۆ هەموو کۆمەڵەکە
بکەن و با لە چەند کاتێکی دیاری کراودا هەموو ئەوانەی ژنی
بێگانەیان هێناوە لە شارەکانمانەوە بە یاوەری ڕیشسپییەکانی
شارەکەیی و دادوەرەکانیەوە بێن تا گڕی تووڕەیی خوداکەمان کە
بە هۆی تاوانەکەمانەوە لەسەرمانە لەسەرمان پاشگەز ببێتەوە.
١٥ جگە لە یوناسانی کوڕی عەسائیل و یەحەزیای کوڕی تیقوە
کەس دژی ئەو کارە ڕانەوەستا کە لەوەدا مەشلام و شەبتای
هەردوو لاوی پیشتگیرییان کردن. ١٦ ئینجا نەوەی ڕاپێچکراوەکان
ئەم کارەیان جێبەجێ کرد و عەزرای کاهین سەرگەورەی ماڵە
باوانەکانی بە پێی خێڵەکانیان هەڵبژارد و لە کۆمەڵەکە جیابوونەوە
و لە یەکەم ڕۆژی مانگی دەدا بۆ لێکۆڵینەوە لە کارەکە دانیشتن
و ١٧ لە یەکەم ڕۆژی مانگی یەکدا لەمەسەلەی هەموو ئەو پیاوانە
بوونەوە کە ژنانی بێگانەیان هێنابوو.
١٨ هەروەها لە نێو کاهینەکاندا چەند کەسێکیان لێ بەدیکرا کە
ژنانی بێگانەیان هێنابوو: لە نەوەی یەشوعی کوڕی یوساداق و
خزمەکانی: مەعەشیا و ئەلیعەزەر و یاریب و جەدلیا. ١٩ ئەوانە
پەیمانیان دا ژنە بێگانەکانیان دەربکەن و بۆ پاك بوونەوە لە
تاوانەکەشیان بەرانێك سەرببڕن. ٢٠ هەروەها لە نەوەی ئیمیر:
حەنانی و زبەدیا. ٢١ لە نەوەی حاریم: مەعەسیا و ئیلییا و شەمعیا و
یەحیئیل و عوزەییا. ٢٢ لەنەوەی فەشحور: ئەلیوعینای و مەعەسیا و
ئیسماعیل و نەسنەئیل و یوزاباد و ئەلعاسە. ٢٣ لەلاوییەکان: یوزاباد
و شیمعی وقەلایا قەلتیا وفەتەحیا و یەهوزاو ئەلیعەزەر. ٢٤ لە
گۆرانی بێژەکان: ئەلیاشیب لە پاسەوانەکانی دەروازەی
پەرستگاکە: شەللوم و تالەم و ئوري. ٢٥ وە لە ئیسڕائیل لە نەوەی
فەرعوش: ڕەمیا و یەزییا و مەلکیا و مەیامین و ئەلعازار و
مەلکییا و بەنایا. ٢٦ وە لە نەوەی عیلام: مەتەنیا و زەکەریا و
یەحیئیل و عەبدی و یەریموس و ئیلییا.
٢٧ نەوەی زەتتو: ئەلیوعینای و ئەلیاشیب و مەتەنیا و یەرموس
وزاباد و عەزیزا. ٢٨ وە لە نەوەی بابای: یەهوحانان و حەنەنیا و
زەبای وعەسلای. ٢٩ وە لە نەوەی بانی: مەشلام و مەللوخ وعەدایا
و یاشوب و شەئال و ڕاموس. ٣٠ وە لە نەوەی فەحەس مۆئاب:
عەدنا و کەلال و بەنایا ومەعەسیا ومەتەنیا و بەسلەئیل و بەنوی
ومەنەسسا. ٣١ وە لە نەوەی حاریم: ئەلیعەزەر و یەشییا و مەلکیا و
شیمعیا و شیمعون و ٣٢ بنیامین و مەللوخ وشەمەریا. ٣٣ وە لە نەوەی
حەشوم: مەتەنای و مەتاسا و زاباد وئەلیفەلەت و یەریمای و
مەنەسسا و شیمعي. ٣٤ وە لە نەوەی بانی : مەعدای و عەمرام و
ئوئیل و ٣٥ بەنایا و بیدیا و کەلوهی ٣٦ وەنیا و مەریموس و
ئەلیاشیب و ٣٧ مەتەنیا و مەتنای و یەعو و ٣٨ بانی و بەنوی و
شیمعی و ٣٩ شەلەمیا و ناسان و عەدایا و ٤٠ مەکنەدبای و شاشای و
شارای و ٤١ عەزرەئیل و شیلمیا و شەمەریا و ٤٢ شەللوم و ئەمەریا
و یوسف. ٤٣ وە لە نەوەی نەبو: یەعیئیل و مەتەسیا و زاباد و
زەبینا و یەدد و و یوئیل و بەنایا. ٤٤ هەموو ئەوانە ژنانی بێگانەیان
هێنابوو کە هەندێکیان منداڵیان بۆ خستبوونەوە.

# نەحەمیا

## ١

١ وشەکانی نەحەمیای کوڕی خەکەلیا.
ئەوەبوو لە مانگی کسلێو لە ساڵی بیستەمدا، کاتێ لە قەڵای
شوشاندا بووم .٢ خەنانی کە یەکێکە لە براکانم لەگەڵ چەند
پیاوێك لە یەهوزاوە هاتن و منیش لەبارەی ئەو جوولەکانەی
دەربازبوون، ئەوانەی لە ڕاپێچەکە مانەوە و لە بارەی
ئۆرشەلیمەوە پرسیارم لێکردن .٣ جا پێیان وتم کە ئەوانەی لە
ڕاپێچەکە مانەوە لەوێ لە ناوچەکە لە تەنگانەیەکی گەورە و
لە ڕسوایی دان و دیوارەکانی ئۆرشەلیم ڕووخاون و
دەروازەکانیشی بە ئاگر سووتێندراون
٤ کاتێ گوێم لەم قسانە بوو، دانیشتم و گریام و بۆ چەند
ڕۆژێك شینم کرد و لە ڕۆژووگرتن و نوێژکردندا بووم
لەبەردەم خودای ئاسمانەکان .٥ وتم: دەپاڕێمەوە، ئەی
خوداوەند خودای ئاسمانەکان، ئەی خودای گەورە و ترسێنەر،
ئەوەی پەیمان و خۆشەویستی دەپارێزێت بۆ خۆشەویستانی و
بۆ ئەوانەی فەرمانەکانی دەپارێزن .٦ تکایە، با گوێیەکانت شل
و چاوەکانت کراوەبن بۆ گوێگرتن لە نوێژی خزمەتکارەکەت
ئەوەی من لەبەردەمت ئەمڕۆ بە ڕۆژ و بە شەو دەیکەم لە
پێناو نەوەی ئیسڕائیل خزمەتکارەکانت، دان پیانانی بە
گوناهەکانی نەوەی ئیسڕائیل کە گوناهەیان پێ کرد دژ بە تۆ
و من و ماڵی باوکیشم گوناهمان کرد .٧ بەتەواوی گەندەڵ
بووین دژ بە تۆ و فەرمانەکان و فەرزەکان و حوکمەکانی
تۆمان نەپاراست کە فەرمانت پێکردن بە موسای
خزمەتکارت .٨ تکایە ئەو وشەیەت بەبیربهێنەوە کە فەرمانت
پێی کرد بە موسای خزمەتکارت و فەرمووت، گەر ئێوە
ناپاکی بکەن من بەناو گەلاندا پەرتوبڵاوتان دەکەم، ٩ بەڵام
گەر بگەڕێنەوە بۆ لام و فەرمانەکانم بپارێزن و کاریان
پێبکەن، ئەگەر دوورخراوەکانتان لەوپەڕی ئاسمان بن، ئەوا
لەوێوە کۆیان دەکەمەوە و دەیانهێنم بۆ ئەم شوێنە کە
هەڵمبژارد تا ناوەکەم تێیدا نیشتەجێ بێت .١٠ ئەوانە
خزمەتکاران و گەلی تۆن کە بە هێزی گەورە و دەستە
توندەکەت کڕیتنەوە .١١ دەپاڕێمەوە ئەی خوداوەندم، تکایە با
گوێت شل بێت بۆ نوێژی خزمەتکارت و نوێژی
خزمەتکارانت ئەوانەی ئارەزوومەندن لە ناوەکەت بترسن.
تکایە ئەمڕۆ سەرکەوتن بە خزمەتکارەکەت بدە و لەبەردەم
ئەم پیاوەدا بەزەیی پێ ببەخشە. منیش مەی گێڕی پاشا بووم.

## ٢

١ ئەوە بوو لە مانگی نیسان، لە بیستەمین ساڵی ئەرتەخشەستا
پاشادا، مەی لە پێشی بوو و منیش مەیەکەم هەڵگرت و دام بە
پاشا و لەوەوپێش لە بەردەمیدا خەمبار نەبووبووم. ٢ پاشا پێی
وتم: بۆچی ڕووت خەمبارە لە کاتێکدا کە نەخۆش نیت؟ ئەمە
هەبێت و نەبێت خەمۆکیی دڵە. جا من زۆر ترسام و ٣ بە
پاشام وت: پاشا تاهەتایە هەر بژیت! چۆن ڕووم خەمبارنەبێت
کە ئەو شارە ماڵی گۆڕستانی باووباپیرانمە کاول بووە و
دەروازەکانیشی بە ئاگر سووتێنراون؟
٤ ئینجا پاشا پێی وتم: داواکاریت چییە؟ منیش نوێژم بۆ
خودای ئاسمانەکان کرد و ٥ بە پاشام وت: گەر پاشا پێی باش
بێت و گەر خزمەتکارەکەت لەبەردەمت پەسەندە، بمنێرە بۆ
یەهوزا بۆ شاری گۆڕستانی باووباپیرانم بۆ ئەوەی بنیادی
بنێمەوە. ٦ ئینجا پاشا پێی وتم، شاژنیش لە تەنیشتیەوە
دانیشتبوو، گەشتەکەت چەندی پێ دەچێت و کەی
دەگەڕێیتەوە؟ جا پاشا پێی خۆش بوو و ناردمی، منیش کاتێکم
بۆ دیاری کرد و ٧ بە پاشام وت: گەر پاشا پێی باش بێت، با
چەند نامەیەکم بۆ فەرمانڕەواکانی ئەوبەری ڕووبار پێ بدات
بۆ ئەوەی ڕێگام بدەن تا دەگەمە یەهوزا. ٨ نامەیەکیش بۆ
ئاسافی چاودێری دارستانەکانی پاشا تا دارم پێ بدات بۆ
کاریتەی سەر دەروازەکانی پەرستگاکە و بۆ شووراکانی
شارەکە بۆ ئەو ماڵەی بۆی دەچم. پاشا پێی دام، چونکە دەستی
باشی خوداکەم بەسەرمەوە بوو.
٩ ئینجا هاتم بۆ لای فەرمانڕەواکانی ئەوبەری ڕووبار و
نامەکانی پاشام پێ دان و پاشا چەند ئەفسەرێکی سوپا و چەند
سوارێکی لەگەڵمدا نارد.
١٠ جا سەنبەڵەت خورونی و توبیا کە خزمەتکارێکی عەمونی
بوو ئەمەیان بیستەوە و زۆریان پێ ناخۆش بوو کە مرۆڤێك
هاتووە و هەوڵی چاکەی نەوەی ئیسڕائیل دەدات. ١١ پاشان
هاتم بۆ ئۆرشەلیم و سێ ڕۆژ لەوێ بووم، ١٢ ئینجا بە شەو
هەستام لەگەڵ چەند پیاوێکی کەم لەگەڵمدا و بەکەسیشم
ڕانەگەیاند خودام چی خستووەتە دڵمەوە تا لە ئۆرشەلیمدا
بیکەم و جگە لەو ئاژەڵەی سواری بووبووم هیچ ئاژەڵێکی ترم
لەگەڵدا نەبوو. ١٣ پاشان بە شەو لە دەروازەی دۆڵەکەدا
بەبەردەم کانی ئەشدیهاکاندا چوومە دەرەوە بۆلای دەروازەی
زبڵ و سەرنجمدایە دیوارەکانی ئۆرشەلیم کە ڕووخابوون و
دەروازەکانی کە بە ئاگر سووتابوون. ١٤ پاشان پەڕیمەوە بۆ
دەروازەی کانی و بۆ گۆمی پاشا، بەڵام جێ نەبوو بۆ
پەڕینەوەی ئەو ئاژەڵەی لە ژێرم دابوو، ١٥ بۆیە بە شەو بە
دۆڵەکەدا سەرکەوتم و سەرنجمدایە دیوارەکە و گەڕامەوە و
بە دەروازەی دۆڵەکەدا هاتمەژوورەوە و گەڕامەوە.
١٦ فەرمانڕەواکان نەیانزانی بۆ کوێ چووم و چیم کرد، تا ئەو
کاتەش بە جوولەکەکان و کاهینەکان و پیاو ماقوڵان و
فەرمانڕەواکان و بەوانی دیکە کە کارەکە دەکەن
ڕامنەگەیاندبوو.
١٧ ئینجا پێم وتن: ئێوە ئەو خراپەی دەبینن کە ئێمەی تیاداین،
کە ئۆرشەلیم کاولە و دەروازەکانی بە ئاگر سووتێنراون.
وەرن با دیواری ئۆرشەلیم چاك بکەینەوە و چیتر نەبین بە
مایەی ڕسوایی.
١٨ لەبارەی دەستی خوداشەوە کە بوو بە باشی بەسەرمەوە پێم
ڕاگەیاندن و هەروەها قسەکانی پاشا کە پێی وتم، ئەوانیش
وتیان: با هەڵسین و بنیادی بنێینەوە. جا بازوویان لێی هەڵکرد
بۆ چاکە.
١٩ جا کە سەنبەڵەت خورونی و توبیا کە خزمەتکارێکی
عەمونی بوو و گەشەمی عەرەبی ئەمەیان بیستەوە گاڵتەیان
پێ کردین و سووکایەتیان پێ کردین و وتیان: ئەمە چییە ئێوە
دەیکەن؟ ئایا لە پاشا هەڵدەگەڕێنەوە؟ ٢٠ منیش وەڵامم دانەوە و
پێم وتن: خودای ئاسمانەکان سەرکەوتوومان دەکات و ئێمەش

خزمەتکاری ئەوین، هەڵدەستین و بنیادی دەنێین، بەڵام ئێوە
هیچ بەش و ماف و یادکردنەوەیەکتان لە ئۆرشەلیمدا نییە.

# ٣

١ ئینجا ئەلیاشیبی کاهینی گەورە و برا کاهینەکانی هەستان و
دەروازەی مەڕیان بنیادنا و ئەوان تەرخانیان کرد و
دەرگاکانیان بەپێوە ڕاگرت و تا قولەی سەد و تا قولەی
خەنەنئێل تەرخانیان کرد.
٢ لە تەنیشت ئەوەوە پیاوانی ئەریحا بنیادیان نا و لە تەنیشت
ئەوانیش زەکوڕی کوڕی ئیمری بنیادی نا.
٣ دەروازەی ماسیش نەوەی هەسنائە بنیادیان نا و سەریان
گرت و دەرگاکانیان بەپێوە ڕاگرت لەگەڵ قوفڵ و کاریتەکانی.
٤ لەتەنیشت ئەوانیشەوە مەریمۆسی کوڕی ئوریای هەققوچ
ڕووخاوییەکانی چاککردەوە.
لەتەنیشت ئەوانیشەوە مشوللامی کوڕی بەرەخیا کوڕی
مشیزەبئێل ڕووخاوییەکانی چاککردەوە.
لەتەنیشت ئەوانیشەوە چادوقی کوڕی بەعەنا ڕووخاوییەکانی
چاککردەوە.
٥ لەتەنیشت ئەوانیشەوە تەقوعییەکان ڕووخاوییەکانیان
چاککردەوە، بەڵام پیاوماقوڵەکانیان شانیان نەدایە پاڵ
خزمەتەکەی خوداوەندیان.
٦ بۆ دەروازە کۆنەکەش، یۆیاداعی کوڕی پاسێەخ و
مشوللامی کوڕی بسۆدیا ڕووخاوییەکانیان چاککردەوە و
ئەوان سەریان گرت و دەرگاکانیان بەپێوە ڕاگرت لەگەڵ
قوفڵ و کاریتەکانی.
٧ لە تەنیشت ئەوانیشەوە مەڵەتیای گبعۆنی و یادۆنی
مەیرونۆسی کە خەڵکی گبعۆن و میچفات بوون
ڕووخاوییەکانیان چاککردەوە تا تەختی فەرمانڕەوای
ئەوبەری ڕووبار.
٨ لە تەنیشت ئەویشەوە عوزیئێلی کوڕی خەرهایا لە
زێڕنگەرەکان بوو، ڕووخاوییەکانی چاککردەوە.
لەتەنیشت ئەویشەوە خەنانیا لە نەوەی عەتارەکان
ڕووخاوییەکانی چاککردەوە و ئینجا ئۆرشەلیمیان بە جێهێشت
تا دیوارە بەرینەکە.
٩ لە تەنیشت ئەوانیشەوە ڕەفایای کوڕی خور، سەرۆکی
نیوەی ناوچەی ئۆرشەلیم ڕووخاوییەکانی چاککردەوە.
١٠ لەتەنیشت ئەوانیشەوە یدایای کوڕی خەروماف
ڕووخاوییەکەی چاککردەوە لەبەردەم ماڵەکەی خۆی.
لە تەنیشت ئەویشەوە خەتوشی کوڕی خەشەبنیا
ڕووخاوییەکەی چاککردەوە. ١١ بەشێکی دیکەش مەلکیای
کوڕی خاریم و خەشوبی کوڕی پەخەس مۆئاب چاکیان
کردەوە لەگەڵ قولەی تەندورەکان.
١٢ لەتەنیشت ئەویشەوە شەللومی کوڕی هالوخێش، سەرۆکی
نیوەی ناوچەی ئۆرشەلیم، خۆی و کچەکانی ڕووخاوییەکانیان
چاککردەوە.
١٣ دەروازەی دۆڵەکەش خانون و دانیشتوانی زانوخ چاکیان
کردەوە، ئەوان بنیادیان نا و دەرگاکانیان بەپێوە ڕاگرت لەگەڵ
قوفڵ و کاریتەکانی و هەزار باڵیش لە دیوارەکە تا دەروازەی
زبڵ.
١٤ دەروازەی زبڵیش مەلکیای کوڕی ڕێکابی سەرۆکی
ناوچەی بێیت هاکارێم ڕووخاوییەکانی چاککردەوە و ئەو
بنیادینا و دەرگاکەی بەپێوە ڕاگرت لەگەڵ قوفڵ و کاریتەکانی.
١٥ دەروازەی عەینیش شەللونی کوڕی کەلخوزێ سەرۆکی
ناوچەی میچفات ڕووخاوییەکانی چاککردەوە ئەو بنیادینا و
سەری گرت و دەرگاکانی بە پێوە ڕاگرت لەگەڵ قوفڵ و
کاریتەکانی و لەگەڵ دیوارەکەی گۆمی شێلەخ تا باخچەی پاشا
و تا پلیکانەکەی بەرەو خواردەبێتەوە بۆ شاری داود.
١٦ پاش ئەویش نخەمیای کوڕی عەزبوقی سەرۆکی نیوەی
ناوچەی بێیت چوڕ ڕووخاوییەکەی بەرامبەر گۆڕەکانی
داودی چاککردەوە تا گۆمە دەستکردەکە و تا ماڵی پاڵەوانەکان.
١٧ پاش ئەویش لێڤییەکان، ڕەخومی کوڕی بانی
ڕووخاوییەکانی چاککردەوە و لە تەنیشت ئەویشەوە خەشەبیای
سەرۆکی نیوەی ناوچەی قعیلە لە بەشەکەی خۆی
ڕووخاوییەکانی چاککردەوە.
١٨ پاش ئەویش براکانیان، بەڤای کوڕی خیناداد، سەرۆکی
نیوەی ناوچەی قعیلە ڕووخاوییەکەیان چاککردەوە.
١٩ لە تەنیشت ئەویشەوە عێزەری کوڕی یەشوعی سەرۆکی
میچفات بەشێکی دیکەی چاککردەوە لەبەردەم
سەرەوژوورەکەی جبەخانەکەوە لەلای گۆشەکە.
٢٠ پاش ئەو بە گوڕەوە باروخی کوڕی زەببای بەشێکی دیکەی
لە گۆشەکەوە تا دەرگای ماڵی ئەلیاشیبی کاهینی گەورە
ڕووخاوییەکانی چاککردەوە.
٢١ دوای ئەویش مریمۆسی کوڕی ئوریای کوڕی هەققوچ
بەشێکی دیکەی لە دەرگای ماڵی ئەلیاشیبەوە تا کۆتایی ماڵی
ئەلیاشیبی چاککردەوە.
٢٢ پاش ئەویش کاهینەکانی خەڵکی دەشتەکە ڕووخاوییەکەیان
چاککردەوە. ٢٣ پاش ئەوانیش بنیامین و خەششوب بەرامبەر
بە ماڵەکانی خۆیانیان چاککردەوە.
پاش ئەمانیش عەزەریای کوڕی مەعەسیای کوڕی عەنەنیاش
لە تەنیشت ماڵەکەی خۆی چاکی کردەوە.
٢٤ پاش ئەویش بینوی کوڕی خیناداد بەشێکی دیکەی
چاککردەوە لە ماڵی عەزەریاوە تا گۆشەکە و پەناکە. ٢٥ پالالی
کوڕی ئوزایش لەبەردەم گۆشەکە و قولەکە کە لە دەرەوەی
ماڵی باڵای پاشایە ئەوەی هی حەوشەی زیندانەکەیە و لە پاش
ئەویشەوە پەدایای کوڕی پەرعوش.
٢٦ ئینجا خزمەتکارانی پەرستگا ئەوانەی دانیشتووی عۆڤێل
بوون چاکیان کردەوە تا بەردەم دەروازەی ئاو ڕووەو
خۆرهەڵات لەگەڵ قولە دەرەکییەکە.
٢٧ پاش ئەوانیش تقوعییەکان بەشێکی دیکەیان چاککردەوە،
لەبەرامبەر قولە دەرەکییە گەورەکە تا دیواری عۆفێل.
٢٨ لەسەر دەروازەی ئەسپەکانیش، کاهینەکان چاکیان کردەوە،
هەریەکەو بەرامبەر بە ماڵی خۆی.
٢٩ پاش ئەوانیش چادوقی کوڕی ئیمێر بەرامبەر بە ماڵەکەی
خۆی چاکی کردەوە. پاش ئەویش شەمەعیای کوڕی شکەنیا،
چاودێری دەروازەی خۆرهەڵات چاکی کردەوە.
٣٠ پاش ئەویش خەنەنیای کوڕی شێلێمیا و خانونی کوڕی
شەشەمی چالاف بەشێکی دیکەیان چاککردەوە. پاش ئەوانیش
مشوللامی کوڕی بێرێخیا بەرامبەر بە ژوورەکەی خۆی
چاککردەوە.
٣١ پاش ئەویش مەلکیا یەکێك بوو لە زێڕنگەرەکان تا ماڵی
خزمەتکارانی پەرستگای چاککردەوە و بازرگانەکانیش
بەرامبەر بە دەروازەی پشکنین و سەربانی پەناکە. ٣٢ لە نێوان
سەربانی پەناکە و تا دەروازەی مەڕ زێڕنگەرەکان و
بازرگانەکان چاکیان کردەوە.

# ٤

١ ئەوە بوو کە سەنبەڵەت بیستیەوە ئێمە دیوارەکە بنیاد
دەنێینەوە، ڕقی هەڵسا و زۆر تووڕە بوو و گاڵتەی بە
جوولەکەکان کرد و ٢ لەبەردەم براکانی و سوپای سامیرەدا
قسەی کرد و وتی: ئەو جوولەکە لاوازانە چی دەکەن؟ ئایا
وازیان لێدەهێنن؟ ئایا قوربانی سەردەبڕن؟ ئایا بە ڕۆژێك
تەواو دەبن؟ ئایا بەردەکان دەژیەننەوە لەناو گردە خۆڵەکان کە
سووتێنراون؟ ٣ توبیای عەمونیش لەلایەوە بوو و وتی:
ئەوەی ئەوان بنیادی دەنێن، گەر ڕێوییەك سەربکەوێتە سەری
دیوارە بەردەکەیان دەڕۆخێنێت!
٤ گوێت لێ بێت ئەی خودامان، چونکە ئێمە بووینە مایەی
سووکایەتی، توانجەکانیان بەسەر خۆیاندا بگەڕێنەوە و با
وەك تاڵانی بۆ خاکی دیکە ڕاپێچ بکرێن. ٥ تاوانەکانیان
دامەپۆشە و گوناهەکانیان لەبەردەمتدا مەسڕەوە، چونکە
ئەوان لەبەردەم بنیادنەراندا تووڕەیان کردیت. ٦ جا
دیوارەکەمان بنیادنا و هەموو دیوارەکە تا نیوەی بەیەك
گەیشت. گەلیش دڵیان لەسەر کارەکە بوو.
٧ ئەوە بوو کاتێ سەنبەڵەت و توبیا و عەرەبەکان و
عەمونییەکان و ئەشدودییەکان بیستیانەوە کە چاککردنەوەی
دیوارەکانی ئۆرشەلیم بەرەوپێش دەچێت و کەلێنەکان خەریکە
پڕدەکرێنەوە، ڕقیان زۆر هەستا. ٨ جا هەموو پێکەوە پیلانیان
گێڕا تا بێن و دژ بە ئۆرشەلیم بجەنگێن و گرفتی بۆ بنێنەوە.
٩ ئێمەش نوێژمان بۆ خودامان کرد و پاسەوانمان ڕاگرت
دژیان بە ڕۆژ و بە شەو بەهۆی ئەوانەوە.
١٠ ئینجا یەهوزا وتی: بارهەڵگرەکان توانایان لەبەربڕاوە
خۆڵەکەش زۆرە ئێمەش ناتوانین دیوارەکە بنیاد بنێین!
١١ ناحەزەکانیشمان وتیان: پێش ئەوەی بزانن و بینن، دەچینە
ناویان و دەیانکوژین و کارەکە ڕادەگرین. ١٢ ئەوە بوو کاتێ
ئەو جوولەکانەی لە نزیکیانەوە نیشتەجێ بوون، هاتن و دە
جار پێیان وتین، ئاوڕ لە هەرکوێ دەدەنەوە لەسەرمانن. ١٣ جا
گەلم لە خوار شوێنەکەوە لە پشت دیوارەکە لە شوێنە
بەرچاوەکان ڕاگرت، گەلم ڕاگرت بە پێی خێڵەکانیان بە
شمشێر و ڕم و تیروکەوانەکانیانەوە. ١٤ ئینجا سەیرم کرد و
هەستام و بە پیاوماقوڵان و فەرمانڕەواکان و پاشماوەی گەلم
وت: لێیان مەترسن، بەڵکو خوداوەندی گەورە و سامناکم
بەبیرتان بهێننەوە و لەپێناو برا و کوڕ و کچەکانتان و
ژنەکانتان و ماڵەکانتان بجەنگن.
١٥ ئەوە بوو کە دوژمنەکانمان بیستیانەوە کە ئێمە زانیومانە و
خودا پیلانەکەیانی پووچەڵ کردووەتەوە، هەموو گەڕاینەوە
بۆ دیوارەکە، هەریەکە بۆ سەر کارەکەی خۆی. ١٦ ئەوە بوو
لەو ڕۆژەوە نیوەی خزمەتکارەکانم کارەکەیان دەکرد و
نیوەشیان ڕم و قەڵغان و تیروکەوانیان هەڵگرتبوو و سپەریان
پۆشیبوو، سەرکردەکانیش پشتگیری هەموو ماڵی یەهوزا
بوون. ١٧ بەناکان لەسەر دیوارەکە بوون و بارهەڵگرەکانیش
باریان هەڵگرت، بە دەستێك کارەکەیان دەکرد و بەدەستەکەی
تریش چەکیان هەڵدەگرت. ١٨ بەناکانیش هەریەکە
شمشێرەکەی بە ناوقەدیەوە بەستبوو و بنیادی دەنا، ئەوەش
فووی بە کەڕەنادا دەکرد لەتەنیشتمەوە بوو. ١٩ جا بە
پیاوماقوڵان و فەرمانڕەواکان و پاشماوەی گەلم وت: ئیشەکە
زۆرە و بەربڵاوە و ئێمەش پەرتین بەسەر دیوارەکە و
لەیەکەوە دوورین. ٢٠ لەبەرئەوە لەو شوێنەی گوێتان لە دەنگی
کەڕەناکە بوو، بگەنە لامان بۆ ئەوێ، خودامان لەجیاتی ئێمە
دەجەنگێت.
٢١ جا ئێمە کارەکەمان دەکرد و نیوەیان لە بەرەبەیانەوە تا
دەرکەوتنی ئەستێرەکان ڕمەکانیان بە دەستیانەوە دەگرت.
٢٢ هەروەها لەو کاتەدا بە هەموو گەلم وت: با هەریەکە لەگەڵ
خزمەتکارەکەیدا لە ناوەڕاستی ئۆرشەلیمدا بمێنێتەوە بۆ
ئەوەی بە شەو پاسەوانمان بن و بە ڕۆژیش کار بکەن. ٢٣ جا
نە من و نە براکانم و نەخزمەتکارەکانم و نە پاسەوانەکانی
دوامەوە، ئێمە جلەکانمان دانەکەند بەڵکو هەریەکەو بە
چەکەکەیەوە دەچووین بۆ ئاوکێشانەوە دەرچووین.

# ٥

١ جا هاواری گەل و ژنەکانیان لەدەست برا جوولەکەکانیان
گەورە بوو. ٢ هەبوو دەیان وت: کوڕ و کچەکانمان زۆرن و
لێمانگەڕێن گەنم ببەین تا بخۆین و بژین. ٣ هەبوو دەیان وت:
کێڵگەکانمان و ڕەزەکانمان و ماڵەکانمان ڕەهن کردووە بۆ
وەرگرتنی گەنم لەبرسێتیدا. ٤ هەروەها هەبوو دەیان وت:
زیومان قەرزکردووە تا باجی کێڵگەکانمان و ڕەزەکانمان
بدەین بە پاشا. ٥ ئێستاش هەرچەندە لە گۆشت و خوێنی یەکین
و وەك کوڕەکانیانن کوڕەکانمان و ئەوەتا ئێمە زۆر لە
کوڕەکانمان و کچەکانمان دەکەین ببن بە کۆیلە و هەیە لە
کچەکانمان ژێردەستەن و لەدەسەڵاتی ئێمە نییە و کێڵگەکانمان
و ڕەزەکانمان بۆ کەسانی دیکەن.
٦ زۆر تووڕە بووم کاتێ گوێم لە هاوارەکەیان و لەم قسانە
بوو، ٧ لەدڵی خۆمدا لێکمدانەوە و مشتومڕم لەگەڵ پیاو
ماقوڵان و فەرمانڕەواکان کرد و پێم وتن: ئێوە سوو لە
براکانتان وەردەگرن. ئینجا کۆمەڵێکی گەورەم دژیان
کۆکردەوە و ٨ پێم وتن: ئێمە بە پێی توانامان برا
جوولەکەکانمان ئەوانەی بە گەلان فرۆشرابوون کڕیونەتەوە
کەچی ئێوە براکانتان دەفرۆشن و پاشان بە ئێمە
دەفرۆشرێنەوە! جا لاڵ بوون و یەك وشەیان نەبوو وەڵامی
پێ بدەنەوە.
٩ ئینجا وتم: ئەوەی ئێوە دەیکەن کارێکی باش نییە. ئایا
پێویست نییە ئێوە بە ترسی خودامانەوە هەڵسوکەوت بکەن
لەبەر گاڵتە پێکردنی ئەو میللەتانەی دوژمنمانن؟ ١٠ من و
براکانم و خزمەتکارەکانم بەهەمان شێوە زیو و گەنممان بە
قەرز داونەتێ، تکایە ئیتر با واز لەم سووە بهێنین! ١١ تکایە
هەر ئەمڕۆ کێڵگەکانیان و ڕەزەکانیان و باخە زەیتونەکانیان
و ماڵەکانیان و یەك لە سەدی ئەو زیو و گەنم و مەی نوێ و
زەیتەی کە لێتان وەرگرتوون، بۆیانی بگێڕنەوە. ١٢ ئەوانیش
وتیان: دەیگێڕینەوە و داوایان لێ ناکەین، ئاوا دەکەین وەك
ئەوەی تۆ وتت. ئینجا کاهینەکانم بانگ کرد و سوێندم دان کە
بەپێی ئەم قسەیە بکەن. ١٣ پاشان سینگی گراسەکەم تەکاند و
وتم: خودا ئاوا هەر کەسێك بتەکێنێت کە ئەم قسەیە نەباتە
سەر، لە ماڵەکەی و لە ڕەنجەکەی با وا تەکێنراو و بەتاڵ
بێت. ئینجا هەموو کۆمەڵەکە وتیان: ئامین و ستایشی
خوداوەندیان کرد و گەل وایان کرد بە پێی ئەم قسەیە.
١٤ هەروەها لەو ڕۆژەوەی کە فەرمانم پێ کرا ببم بە
فەرمانڕەوایان لە زەوی یەهوزادا، لە بیستەمین ساڵەوە تا سی
و دووەمین ساڵی ئەرتەخشەستا پاشادا، دوانزە ساڵ نە من و
نە براکانم نانی فەرمانڕەوایمان نەخوارد. ١٥ بەڵام
فەرمانڕەواکانی پێشوو ئەوانەی لە پێش من بوون باری
گەلیان گران کردبوو و نان و مەییان لێ دەسەندن بێجگە لە
چل شاقل زیو و هەروەها خزمەتکارەکانیشیان بەسەر گەلدا
زاڵ ببوون. بەڵام من لەبەر ترسی خودا وام نەکرد و

١٦ هەروەها لە کاری ئەم دیوارە بەشداربووم و کێڵگەمان
نەکڕی و هەموو خزمەتکارەکانیشم لەوێ لەسەر کارەکە
کۆببوونەوە. ١٧ هەروەها لە جوولەکەکان و فەرمانڕەواکان
سەد و پەنجا پیاو لەگەڵ ئەوانەی لە گەلەکانی دەوروبەرمانەوە
دەهاتن لەسەر خوانەکەم بوون. ١٨ ئەوەی بۆ یەك ڕۆژ دەکرا،
گایەك و شەش مەڕی هەڵبژاردە و بۆ منیش باڵندە دەکرا و
هەموو دە ڕۆژێکیش لە هەموو جۆرێکی مەی بە بڕێکی زۆر،
لەگەڵ ئەمەشدا داوای نانی فەرمانڕەواییم نەکرد، چونکە
کۆیلایەتییەکە لەسەر ئەم گەلە زۆر گران بوو. ١٩ خودایە
هەرچیم بۆ ئەم گەلە کردووە بۆ چاکە بۆ من بە بیری خۆتی
بهێنەوە.

# ٦

١ ئەوە بوو کە سەنبەڵەت و توبیا و گەشەمی عەرەبی و
پاشماوەی دوژمنەکانمان بیستیانەوە کە دیوارەکەم
بنیادناوەتەوە و هیچ کەلێنێکی تیادا نەماوە، هەرچەندە تا ئەو
کاتە هێشتا دەرگام لە دەروازەکاندا دانەنابوو، ٢ سەنبەڵەت و
گەشەم پەیامیان بۆ ناردم و وتیان: وەرە با پێکەوە کۆببینەوە
لە یەکێك لە گوندەکانی دەشتی ئۆنۆدا. ئەوان بیریان لەوە
دەکردەوە خراپەم لەگەڵدا بکەن. ٣ منیش چەند نێرراوێکم بۆ
لایان نارد و وتم: من خەریکی کارێکی گەورەم و ناتوانم
دابەزم بۆ لاتان. بۆچی کارەکە بوەستێت کە دەستی لێ
هەڵگرم و بێم بۆ لاتان؟
٤ جا چوار جار هەمان پەیامیان بۆم نارد، منیش هەمان وەڵامم
دانەوە.
٥ پاشان بۆ جاری پێنجەم، سەنبەڵەت خزمەتکارەکەی بە
هەمان پەیامەوە نارد بۆلام و نامەیەکی کراوەی بە دەستەوە
بوو و ٦ تیایدا نووسرابوو:
لەنێو میللەتاندا بیستراوە و گەشەم دەڵێت، تۆ و جوولەکەکان
بیر لە یاخی بوون دەکەنەوە، بۆیە دیوارەکە بنیاد دەنێیت و تۆ
دەبیت بە پاشایان، بەپێی ئەم هەواڵانە، ٧ هەروەها چەند
پێغەمبەرێکت بۆ خۆت ڕاگرتووە تا بەناو ئۆرشەلیمدا
بانگەوازت بۆ بکەن و بڵێن لە یەهوزادا پاشا هەیە! ئێستاش
ئەم هەواڵانە بە پاشا ڕادەگەیەندرێت و ئێستا وەرە با پێکەوە
ڕاوێژ بکەین.
٨ منیش ناردم بۆ لای و وتم: هیچ لەم شتانەی تۆ باسیان
دەکەیت ڕووینەداوە، بەڵکو هەڵبەستەی دڵی خۆتە. ٩ چونکە
هەمووان دەیانترساندین و دەیانوت، دەستیان لە کارەکە سارد
بووەتەوە و کارەکە ناکرێت. ئێستاش ئەی خودا دەستم
بەهێزبکە.
١٠ ئینجا هاتم بۆ ماڵی شەمەعیای کوڕی دلایای کوڕی
مهێتەبئێل کە لە ماڵەکەی خۆی دەست بەسەر بوو و وتی:
با لە ناو ماڵی خودا کۆببینەوە لە ناوەڕاستی پەرستگادا و
دەرگاکانی پەرستگا دابخەین چونکە بۆ کوشتنت دێن بە شەو
بۆ کوشتنت دێن.
١١ منیش وتم: ئایا پیاوێکی وەك من هەڵدێت؟ ئایا کەسێکی
وەك من دەچێتە ناو پەرستگاوە تا بژیت؟ ناچمە ژوورەوە!
١٢ ئینجا بۆم دەرکەوت کە خودا نەیناردووە، بەڵکو دژی من
پێشبینی کردووە، چونکە توبیا و سەنبەڵەت بەکرێیان گرتووە.
١٣ بۆیە بەکرێ گیرابوو تا بمترسێنێت و ئاوا بکەم و گوناهە
بکەم، جا بۆیان ببێتە ناوزڕان بۆم و ئابڕووم ببەن. ١٤ ئەی
خودام، توبیا و سەنبەڵەتت لەبیر بێت بە پێی ئەم کردەوانەیان.
هەروەها نوعەدیای ژنە پێغەمبەر و پاشماوەی ئەو
پێغەمبەرانە کە دەمترسێنن!
١٥ ئینجا دیوارەکە لە بیست و پێنجی ئەیلولدا و لە پەنجا و
دوو ڕۆژدا تەواو بوو.
١٦ ئەوە بوو کە هەموو دوژمنەکانمان بیستیان و هەموو
میللەتانی دەوروبەرمان بینییان زۆر لەبەر چاو خۆیان
کەوتن و زانییان کە ئەم کارە لەلایەن خودامانەوە کراوە.
١٧ هەروەها لەو ڕۆژانەدا زۆربەی پیاو ماقوڵانی یەهوزا
نامەیان بۆ توبیا دەچوو و لە ئەوانەی توبیاش بۆ ئەمان
دەهات. ١٨ چونکە زۆر لە یەهوزا هاوپەیمانی بوون،
لەبەرئەوەی ئەو زاوای شەکەنیای کوڕی ئارەخ بوو و
یەهوخانانی کوڕیشی کچی مشولامی کوڕی بەرەخیای
هێنابوو. ١٩ هەروەها لەبەردەممدا باسیان لە کارە چاکەکانی
دەکرد و قسەکانی منیان بۆ دەگێڕایەوە. جا توبیا چەند
نامەیەکی نارد بۆئەوەی بمترسێنێت.

# ٧

١ ئەوە بوو کە دیوارەکە بنیادنرایەوە و دەرگاکانم دانا،
دەرگاوانەکان و گۆرانی بێژەکان و لێڤییەکان دانران.
٢ فەرمانم کرد خەنانی برام و خەنەنیای سەرۆکی کۆشکەکە
بەسەر ئۆرشەلیمەوە بن، چونکە پیاوێکی دەستپاك بوو و
لەوانی دیکە زیاتر لە خودا دەترسا. ٣ پێم وتن: تا خۆر گەرم
نەبێت، نابێت دەروازەکانی ئۆرشەلیم بکرێنەوە و تا بە پێوەن
با دەرگاکان دابخەن و قوفڵیان لێبدەن. هەروەها لە دانیشتووانی
ئۆرشەلیم پاسەوان دانران، هەریەکە لە شوێنی پاسەوانی
خۆی و هەریەکە بەرامبەر بە ماڵەکەی خۆی. ٤ شارەکە
بەرفراوان و گەورەبوو و گەلێکی کەمیش لەناویدا بوو و
هێشتا ماڵەکان بنیاد نەنرابوون. ٥ ئینجا خودام خستیە دڵمەوە
کە پیاوماقوڵان و فەرمانڕەواکان و گەل کۆبکەمەوە بۆ
تۆمارکردنی ڕەچەڵەکیان، جا پەرتووکی ڕەچەڵەکنامەی
ئەوانەم دۆزییەوە کە یەکەمجار گەڕانەوە، بینیم ئەمەی تیادا
نووسراوە:
٦ ئەمانە ڕۆڵەکانی ناوچەکەن ئەوانەی لە ڕاپێچ گەڕاونەتەوە
ئەوانەی دوورخرابوونەوە، نەبوخوزنەسری پاشا بابل
دووری خستبوونەوە، ئەوانەی گەڕانەوە بۆ ئۆرشەلیم و
یەهوزا، هەریەکە بۆ شارەکەی خۆی. ٧ ئەوانەی لەگەڵ
زەروبابل هاتنەوە، یەشوع و نخەمیا و عەزەریا و ڕەعەمیا و
نەخمانی و موردەخای و بلشان و میسپێرەس و بەگوای و
نخوم و بەعنا.
ژمارەی پیاوانی گەلی ئیسڕائیل:
٨ نەوەی پەرعوش، دوو هەزار و سەد و حەفتا و دوو.
٩ نەوەی شفەتیا، سێ سەد و حەفتا و دوو.
١٠ نەوەی ئارەخ، شەش سەد و پەنجا و دوو.
١١ نەوەی فەخەس مۆئاب لە نەوەی یەشوع و یوئاب، دوو
هەزار و هەشت سەد و هەژدە.
١٢ نەوەی عیلام، هەزار و دوو سەد و پەنجا و چوار.
١٣ نەوەی زەتتوا، هەشت سەد و چل و پێنج.
١٤ نەوەی زەککای، حەوت سەد و شەست.
١٥ نەوەی بنوی، شەش سەد و چل و هەشت.
١٦ نەوەی بێبای، شەش سەد و بیست و هەشت.
١٧ نەوەی عەزگەد، دوو هەزار و سێ سەد و بیست و دوو.
١٨ نەوەی ئەدۆنیقام، شەش سەد و شەست و حەوت.
١٩ نەوەی بگوای، دوو هەزار و شەست و حەوت.

٢٠ نەوەی عادین، شەش سەد و پەنجا و پێنج.
٢١ نەوەی ئاتێر لە خیزقییا، نەوەد و هەشت.
٢٢ نەوەی خاشوم، سێ سەد و بیست و هەشت.
٢٣ نەوەی بێچای، سێ سەد و بیست و چوار.
٢٤ نەوەی خاریف، سەد و دوانزە.
٢٥ نەوەی گبعۆن، نەوەد و پێنج.
٢٦ پیاوانی بێتلەحم و نتوفە، سەد و هەشتا و هەشت.
٢٧ پیاوانی عەناسوس، سەد و بیست و هەشت.
٢٨ پیاوانی بێیت عەزمەوت، چل و دوو.
٢٩ پیاوانی قەریەت یعاریم، کەفیرە و بئێرۆت، حەوت سەد و
چل و سێ.
٣٠ پیاوانی ڕامە و گەبەع، شەش سەد و بیست و یەك.
٣١ پیاوانی مخماس، سەد و بیست و دوو.
٣٢ پیاوانی بێیت ئێل و عای، سەد و بیست و سێ.
٣٣ پیاوانی نەبوەکەی دیکە، پەنجا و دوو.
٣٤ نەوەی عیلامەکەی دیکە، هەزار و دوو سەد و پەنجا و
چوار.
٣٥ نەوەی خاریم، سێ سەد و بیست.
٣٦ نەوەی ئەریحا، سێ سەد و چل و پێنج. ٣٧ نەوەی لود،
خادید و ئۆنۆ، حەوت سەد و بیست و یەك.
٣٨ نەوەی سنائە، سێ هەزار و نۆ سەد و سی.
٣٩ کاهینەکان، نەوەی یدەعیا لە ماڵی یەشوع، نۆ سەد و حەفتا
و سێ.
٤٠ نەوەی ئیممێر، هەزار و پەنجا و دوو.
٤١ نەوەی فەشخور، هەزار و دوو سەد و چل و حەوت.
٤٢ نەوەی خاریم، هەزار و حەڤدە.
٤٣ لێڤییەکان، نەوەی یەشوع لە قەدمیئێل، لە نەوەی هۆدیڤا،
حەفتا و چوار.
٤٤ گۆرانیبێژەکان، نەوەی ئاساف، سەد و چل و هەشت.
٤٥ دەرگاوانەکان، نەوەی شەللوم، نەوەی ئاتێر و نەوەی
تەللمون، نەوەی عەقوب، نەوەی خەتیتا، نەوەی شوبای، سەد
و سی و هەشت.
٤٦ نسینیم، نەوەی چیخا، نەوەی خەسوفا، نەوەی تەباعۆت،
٤٧ نەوەی قێیروس، نەوەی سیعا، نەوەی فادۆن،
٤٨ نەوەی لبانە، نەوەی خەگابا، نەوەی شەلمای،
٤٩ نەوەی خانان، نەوەی گیدێل، نەوەی کاخەر،
٥٠ نەوەی ڕئایا، نەوەی ڕچین، نەوەی نقۆدا،
٥١ نەوەی گەزام، نەوەی عوزا، نەوەی فاسیخ، ٥٢ نەوەی
بێسەی، نەوەی معونیم، نەوەی نفوشسیم،
٥٣ نەوەی بەقبوق، نەوەی خەقوفە، نەوەی خەرخور،
٥٤ نەوەی بەسلێیت، نەوەی مخیدا، نەوەی خەرشا،
٥٥ نەوەی بەرقۆس، نەوەی سیسرا، نەوەی تامەخ،
٥٦ نەوەی نچیخ، نەوەی خەتیفا،
٥٧ نەوەی خزمەتکارەکانی سلێمان، نەوەی سۆتەی، نەوەی
سوفەرەت، نەوەی فریدا،
٥٨ نەوەی یەعلا، نەوەی دەرقۆن، نەوەی گیدێل،
٥٩ نەوەی شەفەتیا، نەوەی خەتتیل، نەوەی پوخەرەت، نەوەی
چیبایم، نەوەی ئامۆن،
٦٠ هەموو نسینیم و نەوەی خزمەتکارەکانی سلێمان، سێ سەد
و نەوەد و دوو.
٦١ ئەمانەش لە تێل مەلەخ و تێل خەرشا، کروب، ئەدۆن و
ئیممێرەوە سەرکەوتن، بەڵام ناتوانن پێناسەی ماڵە باوانیان و
ڕەچەڵەکیان بکەن ئایا ئەوان ئیسرائیلین:
٦٢ نەوەی دلایا، نەوەی توبیا، نەوەی نقۆدا، شەش سەد و چل
و دوو.
٦٣ لە کاهینەکانیش، نەوەی خابەیا، نەوەی قۆچ، نەوەی
بەرزەلای ئەوەی لە کچەکانی بەرزەلای گلعادی ژنی هێنا و
بەناوی ئەوانەوە ناونرا. ٦٤ ئەمانە بە دوای ڕەچەڵەکنامەکەیاندا
گەڕان، بەڵام نەدۆزرایەوە لەبەرئەوە لە کاهینێتی
قەدەغەکران. ٦٥ تیرشاسا پێی وتن، کە نابێت لە هەرە
پیرۆزەکان بخۆن تا ئەو کاتەی کاهینێك بۆ ئوریم و تەمیم
دادەنرێت.
٦٦ هەموو کۆمەڵەکە پێکەوە چل و دوو هەزار و سێ سەد و
شەشت کەس بوون، ٦٧ جگە لە خزمەتکارەکانیان و
کارەکەرەکانیان کە حەوت هەزار و سێ سەد و سی و حەوت
کەس بوون، هەروەها دوو سەد و چل و پێنج گۆرانی بێژی
پیاو و ژنیان هەبوو.
٦٨ ئەسپەکان، حەوت سەد و سی و شەش، هێسترەکان، دوو
سەد و چل و پێنج، ٦٩ حوشترەکان، چوار سەد و سی و پێنج،
گوێدرێژەکان، شەش هەزار و حەوت سەد و بیست.
٧٠ هەندێك لە سەرۆکی ماڵەباوانەکان بەخشینیان دا بۆ
کارەکە، تیرشاسا هەزار درهەمی زێڕی بە گەنجینەکە دا
لەگەڵ پەنجا دەست شۆر و سی وپێنج کراسی کاهینان.
٧١ هەندێ لە سەرۆکی ماڵەباوانەکانیش بەخشینیان دا بە
گەنجینەی کارەکە، درهەمی زێڕ، بیست هەزار و و مانیمی
زیویش دوو هەزار و دوو سەد. ٧٢ ئەوەی پاشماوەی گەل
بەخشییان، درهەمی زێڕ، بیست هەزار و مانیمی زیویش
دوو هەزار و کراسی کاهینانە شەست و حەوت.
٧٣ جا کاهینەکان و لێڤییەکان و دەرگاوانەکان و گۆرانیبێژەکان
و بەشێك لە گەل و نسینیەکان و هەموو ئیسرائیل لە شارەکانی
خۆیان دانیشتن.
کاتێ مانگی حەوت هات، نەوەی ئیسرائیل لە شارەکانی
خۆیان بوون.

# ٨

١ ئینجا هەموو گەل وەك یەك پیاو لە گۆڕەپانەکەی بەردەم
دەروازەی ئاودا کۆبوونەوە و بە عیزرای نووسەریان وت،
پەرتووکی فێرکردنەکانی موسا بهێنێت کە خوداوەند فەرمانی
پێکردبوو بۆ ئیسرائیل. ٢ عیزرای کاهینیش پەرتووکی
فێرکردنەکانی هێنایە بەردەم کۆمەڵەکە لە پیاو و ژن و هەموو
ئەوانەی بە تێگەیشتنەوە گوێدەگرن، لە ڕۆژی یەکەمی مانگی
حەوتدا. ٣ ئینجا تیایدا خوێندیەوە، لەبەردەم گۆڕەپانەکەی
بەردەم دەروازەی ئاودا، لە بەیانییەوە تا نیوەڕۆ، لەبەردەم
پیاو و ژن و تێگەیشتووان، هەموو گەلیش گوێیان بۆ
پەرتووکی فێرکردنەکان شل کردبوو. ٤ عەزرای نووسەر
لەسەر ئەو قوولە دارەی کە بۆ ئەو کارە دروستیان کردبوو
ڕاوەستا و مەتیسیا و شێمەع و عەنایا و ئوریا و خیلقیا و
مەعەسیا لەلای ڕاستیەوە ڕاوەستان و لەلای چەپیشیەوە فەدایا
و میشائیل و مەلکیا و خاشوم و خەشبەدانا و زەکەریا و
مەشوللام ڕاوەستان.
٥ ئینجا عەزرا پەرتووکەکەی لەبەرچاو هەموو گەلدا کردەوە،
چونکە لەسەروو هەموو گەلەوە بوو و کە پەرتووکەکەی
کردەوە هەموو گەل هەستانە سەرپێ. ٦ عەزرا خوداوەند
خودای گەورەی پیرۆزکرد و هەموو گەلیش وەڵامیان دایەوە:
ئامین! ئامین! دەستیان بەرزکردبووەوە و کەوتنە سەر چۆك
و ڕووەو زەوی بۆ خوداوەند کڕنۆشیان برد. ٧ یەشوع و بانی
و شێرێبیا و یامین و عەققوب و شەبتای و هودییا و مەعەسیا
و قلیتا و عەزرەیا و یوزاباد و خانان و پلایا و لێڤییەکان،
گەلیان تێدەگەیاند سەبارەت بە فێرکردنەکان و گەلیش لە جێی
خۆیان بوون. ٨ جا بە ڕوونی لە پەرتووکەکە، لە فێرکردنەکانی
خودایان خوێندەوە و ماناکەیان لێکدایەوە بۆ ئەوەی گەل لەوە
بگات کە دەخوێندرایەوە.

٩ پاشان نەخەمیا کە پارێزگاربوو لەگەڵ عەزرای کاهین و
نووسەر و ئەو لێڤییانەی گەلیان تێدەگەیاند بە هەموو گەلی
وت: ئەمڕۆ ڕۆژێکی پیرۆزە بۆ خوداوەند خوداتان، لەبەرئەوە
شیوەن مەگێڕن و مەگرین. چونکە هەموو گەل گریان کاتێك
گوێیان لە وشەکانی فێرکردنەکە بوو. ١٠ ئینجا پێی وتن: بڕۆن
لە قەڵەوەکان بخۆن و لە شیرینەکان بخۆنەوە و بەشی
ئەوانەش بنێرن کە بۆیان ئامادەنەکراوە. چونکە ئەمڕۆ پیرۆزە
بۆ خوداوەندمان، دڵتەنگ مەبن چونکە خۆشی خوداوەند
هێزتانە. ١١ لێڤییەکانیش هەموو گەلیان هێور دەکردەوە و
دەیان وت: بێدەنگ بن چونکە ئەمڕۆ پیرۆزە، دڵتەنگ مەبن.
١٢ پاشان هەموو گەل ڕۆیشتن بۆ ئەوەی بخۆن و بخۆنەوە و
بەشە خواردن بنێرن و ئاهەنگێکی گەورە بگێڕن، چونکە لەو
وشانە تێگەیشتن کە فێرکران.
١٣ لە ڕۆژی دووەمدا سەرۆکەکانی ماڵە باوانەکانی هەموو
گەل و کاهینەکان و لێڤییەکان لەلای عەزرای نووسەر
کۆبوونەوە تا وشەکانی فێرکردنەکانیان تێبگەیەنێت .١٤ جا
بینییان لەو فێرکردنەی کە خوداوەند لەسەر دەستی موسا
فەرمانی پێ کردووە، نووسراوە کە نەوەی ئیسرائیل
کەپرنشین دەبن لە چەژن لە مانگی حەوتدا و ١٥ پێویستە لەناو
هەموو شارەکانیان و لە ئۆرشەلیمدا بانگەواز بکەن و بڵێن،
دەرچن بۆ چیا و چڵی زەیتون و چڵی داری ڕۆندار و چڵی
هاداس و چڵی دارخورما و چڵی داری گەڵادار بهێنن بۆ
دروستکردنی کەپر، هەروەك نووسراوە.
١٦ جا گەل دەرچوون و هێنایان و کەپریان بۆ خۆیان
دروستکرد، هەریەکەو لە سەربانی ماڵەکەی و لەناو
حەوشەکانیان و حەوشەکانی ماڵی خودا و گۆڕەپانەکەی
دەروازەی ئاو و گۆڕەپانەکەی دەروازەی ئەفرایم. ١٧ هەموو
ئەو کۆمەڵەی لە ڕاپێچ گەڕابوونەوە کەپریان دروستکرد و
لەناو کەپردا دانیشتن، چونکە لە ڕۆژەکانی یەشوعی کوڕی
نونەوە تا ئەو ڕۆژە نەوەی ئیسرائیل ئاهەنگێکی گەورەی لەو
جۆرەیان نەگێڕابوو. ١٨ ڕۆژ لە دوای ڕۆژیش لە پەرتووکی
فێرکردنەکانی خودا دەخوێندرایەوە، لە ڕۆژی یەکەمەوە تا
ڕۆژی کۆتایی و حەوت ڕۆژ جەژنیان گێڕا و لە ڕۆژی
هەشتەمدا کۆبوونەوە و پیرۆزکردن بوو بە پێی ڕێوڕەسم.

# ٩

١ لە بیست و چواری ئەم مانگەدا نەوەی ئیسرائیل
بەڕۆژووبوون و بەرگی ماتەم پۆشین و خۆڵ بە سەرەوە،
کۆبوونەوە و ٢ نەوەی ئیسرائیل لە هەموو نەوەی بێگانەکان
جیابوونەوە و ڕاوەستان و دانیان بە گوناهەکانی خۆیان و
تاوانەکانی باووباپیرانیاندا هێنا و ٣ لە شوێنەکانی خۆیاندا
ڕاوەستان و چارەکە ڕۆژێك لە پەرتووکی فێرکردنەکانی
خوداوەند خودایان خوێندەوە و چارەکە ڕۆژێکیش ستایشیان
دەکرد و کڕنۆشیان بۆ خوداوەند خودایان دەبرد کڕنۆشیان بۆ
دەبرد.
٤ ئینجا لەسەر پلیکانەکە، لێڤییەکان، یەشوع و بانی و قەدمیئێل
و شەبەنیا و بوننی، شێرێبیا و بانی و کنانی ڕاوەستان و بە
دەنگێکی گەورە هاواریان بۆ خوداوەند خودایان کرد و
٥ لێڤییەکان، یەشوع و قەدمیئێل، بانی، خەشەبنیا، شێرێبیا،
هودیا، شەبەنیا، فەتەخیا وتیان: هەستن و خوداوەند خوداتان
پیرۆز بکەن.
لە هەتاهەتاوە و تا هەتاهەتایە، با ناوی شکۆدارت پیرۆز بێت
بەرزە بەسەر هەموو پیرۆزی و ستایشێکەوە.

٦ تۆ خۆت بە تەنها خوداوەندیت تۆ ئاسمانەکانت دروستکرد
ئاسمانی ئاسمانەکان و هەموو هێزەکانیان زەوی و هەموو
ئەوەی لەسەریەتی دەریاکان و هەموو ئەوەی تیایاندان
تۆ ژیان بە هەموویان دەدەیت و هێزەکانی ئاسمان کڕنۆشت
بۆ دەبەن.
٧ تۆ ئەو خوداوەندی خودایەیت کە ئەبرامت هەڵبژارد و
لە ئووری کلدانییەکانەوە دەرتهێنا و ناوتنا ئیبراهیم.
٨ بینیت دڵسۆزە لەبەردەمت پەیمانت لەگەڵیدا بەست
کە بیدەیتێ زەوی کەنعانییەکان و خیتی و ئەمورییەکان و
فەرزییەکان و یەبوسییەکان و گرگاشییەکان کە بیدەیت بە
نەوەکەی جا وشەکەی خۆت بەجێگەیاند چونکە تۆ
ڕاستودروستیت.
٩ تۆ زەلیلی باووباپیرانمانت لە میسردا بینی و گوێت لە
هاواریان بوو لەلای دەریای سوف.
١٠ نیشانە و کاری سەرسوڕهێنەرت بە فیرعەون کرد بە
هەموو خزمەتکارەکانی و گەلی زەوییەکەی چونکە زانیت
ئەوان زۆریان لێکردن جا ناوێکت بۆ خۆت دروستکرد وەك
ئەوەی ئەمڕۆیە.
١١ دەریاکەت لە بەردەمیاندا دووکەرت کرد بەناو دەریاکەدا
بەسەر وشکایی پەڕینەوە ڕاونەرانیشت فڕێدایە ناو قوڵاییەوە
وەك بەردێك لەناو ئاوە بەهێزەکان.
١٢ بە ستونی هەور بە ڕۆژ ڕێت نیشان دان بە ستونی ئاگریش
بە شەو تا ئەو ڕێگایەیان بۆ ڕوناك بکەیتەوە
کە پێیدا دەڕۆن.
١٣ لەسەر چیای سینا دابەزیت لە ئاسمانەوە لەگەڵیان دوایت
دات پێیان حوکمە ڕێکەکان و فێرکردنە ڕاستەکان
فەرز و فەرمانە باشەکان.
١٤ ڕۆژی پشووی پیرۆزی خۆتت پێناساندن فەرمان و فەرز
و فێرکردنەکانت پێدان لەسەر دەستی موسای خزمەتکارت.
١٥ لە ئاسمانەوە نانت پێ دان لە برسێتیاندا
لە بەردەوە ئاوت بۆ دەرهێنان لە تینوێتییاندا پێت فەرموون:
وەرنە ژوورەوە بۆ داگیرکردنی ئەم خاکە. ئەوەی سوێندت
خوارد کە بیاندەیتێ.
١٦ بەڵام ئەوان و باووباپیرانمان لە خۆبایی و مل ڕەق بوون و
گوێیان نەگرت لە فەرمانەکانت.
١٧ گوێ گرتنیان ڕەت کردەوە و کارە سەرسوڕهێنەرکانی
تۆیان لەیاد کرد کە لەگەڵیاندا کردت، ملیان ڕەق کرد و لە
یاخی بوونەکەیان سەرۆکیان دانا تا بگەڕێنەوە بۆ
کۆیلایەتیەکەیان، بەڵام تۆ خودایەکی لێبووردەی میهرەبان و
بەبەزەیی درەنگ تووڕە دەبیت، پەیمانی خۆشەویستیت
گەورەیە و وازت لێنەهێنان.
١٨ لەگەڵ ئەوەی دروستیان کرد بۆ خۆیان گوێرەکەیەکی
لەقاڵبدراو و وتیان: ئەمە خوداکەتە ئەوەی لە میسرەوە
دەریهێنای .جا سوکایەتییەکی گەورەیان کرد.
١٩ بەڵام تۆ بە بەزەییە زۆرەکەت وازت لێنەهێنان لە
چۆڵەوانی ستوونە هەورەکە لانەچوو لەسەریان بەڕۆژ تا
ڕێگایان پیشان بدات و ستوونە ئاگرەکەش بە شەو تا
ڕووناکی بکاتەوە ئەو ڕێگایەی پێیدا دەڕۆن.
٢٠ ڕۆحە چاکەکەی خۆشت پێدان بۆ فێرکردنیان و مەنی
خۆت لە دەمیان نەگرتەوە و ئاوت پێدان بۆ تینوێتیان.
٢١ چل ساڵ بەخێوت کردن لە چۆڵەوانی و لە هیچیان کەم
نەبوو جلەکانیان دانەڕزا و پێیەکانیان نە ئاوسا.
٢٢ پاشایەتی و گەلانت پێدان بەسەر هەرێمەکاندا دابەشتکردن
داگیریان کرد زەوی سیخۆن لەگەڵ زەوی پاشای خەشبۆن
هەروەها زەوی عۆگی پاشای باشان.

٢٣ کوڕەکانیانت زۆر کرد وەك ئەستێرەکانی ئاسمان هێناتن
بۆ ئەو زەوییەی کە بە باووباپیرانیانت فەرموو، وەرنە
ناویەوە داگیری بکەن.
٢٤ جا کوڕان هاتن و خاکەکەیان داگیر کرد تۆش ژێردەستەت
کرد لەبەردەمیان کەنعانییەکانی دانیشتووانی خاکەکە دایانت
بە دەستیانەوە لەگەڵ پاشاکانیان و گەلانی خاکەکە تا ئەوەیان
پێ بکەن کە پێیان باشە.
٢٥ شارانی قەڵابەند و زەوی بەپیتیان گرت، ماڵانیان
داگیرکرد پڕبوون لە هەموو شتێکی باش بیرە هەڵکەنراوەکان
و ڕەزە مێو و ڕەزی زەیتون و داری بەرداری زۆر جا
خواردیان و تێربوون و قەڵەوبوون چێژیان لە چاکەی
گەورەی تۆ وەرگرت.
٢٦ بەڵام یاخی بوون و لێت هەڵگەڕانەوە و فێرکردنەکانی
تۆیان فڕێدایە پشتیانەوە پێغەمبەرەکانی تۆیان کوشت
ئەوانەی شایەتیان لەسەر دان تا بیانگێڕنەوە بۆ لای تۆ
سووکایەتییەکی گەورەیان ئەنجامدا.
٢٧ جا داتن بەدەست دوژمنەکانیانەوە، ئەوانیش تەنگیان پێ
هەڵچنین کاتێ لەتەنگانەدابوون هاواریان بۆ کردیت تۆش لە
ئاسمانەوە گوێت لێ بوو جا بەپێی بەزەییە زۆرەکەت پێت دان
ڕزگارکەران ڕزگاریان کردن لەدەست دوژمنانیان.
٢٨ کاتێ حەسانەوە، گەڕانەوە بۆ خراپە ئەنجامدان لەبەردەمت
تۆش وازت لێهێنان لەناو دەستی دوژمنەکانیان تا بەسەریاندا
زاڵبن، جا گەڕانەوە و هاواریان بۆت کرد تۆش لە ئاسمانەوە
گوێت لێ بوو فریایان کەوتیت بە پێی بەزەییەکەت زۆر جار.
٢٩ شایەتیت لەسەردان تا بیانگێڕیتەوە بۆ سەر فێرکردنەکانت.
بەڵام ئەوان لەخۆبایی بوون و گوێیان لە فەرمانەکانت نەگرت
دژ بە حوکمەکانت گوناهەیان کرد ئەوانەی مرۆڤ کاریان پێ
بکات پێیان دەژیت ئەوان کەلەڕەقانە پشتیان تێکردیت و
ملیان ڕق کرد و گوێیان نەگرت.
٣٠ بە ئارام بوویت لەگەڵیان ساڵانێکی زۆر بە ڕۆحی خۆت
شایەتیت لەسەر دان بە دەستی پێغەمبەرەکانت بەڵام گوێیان
نەگرت تۆش داتن بەدەست گەلانی خاکەکانەوە.
٣١ بەڵام لەبەر بەزەییە زۆرەکەت کۆتاییت پێ نەهێنان،
وازت لێ نەهێنان چونکە خودایەکی میهرەبان و بەبەزەیت
تۆ.
٣٢ ئێستاش ئەی خودامان، خودای گەورە ئەی پاڵەوان و ئەی
سامناك ئەی پارێزەری پەیمان و خۆشەویستی با بەلاتەوە کەم
نەبێت هەموو ناخۆشییەکان ئەوەی تووشمان بووە، تووشی
پاشاکان و سەرۆکەکانمان بووە، تووشی کاهینەکان و
پێغەمبەرەکانمان بووە تووشی باووباپیرانمان و هەموو
گەلەکەت بووە لە ڕۆژانی پاشاکانی ئاشوورەوە و تا ئەمڕۆ.
٣٣ تۆ ڕاستودروستیت لە هەموو ئەوەی بەسەرماندا هاتووە،
چونکە تۆ دڵسۆزیت ئەنجامدا ئێمەش خراپە.
٣٤ پاشاکانمان و سەرۆکەکانمان و کاهینەکانمان و
باووباپیرانمان کاریان بە فێرکردنەکانت نەکرد و گوێیان نەدا
بە فەرمانەکان و شایەتیەکانت ئەوەی شایەتیت پێدان
لەسەریان.
٣٥ تەنانەت لە پاشایەتییەکەی خۆیان و لەو چاکە زۆرەی تۆ
کە بەوانت دا لەو زەوییە پان و بە پیتە کە خستتە بەردەمیان
خزمەتی تۆیان نەکرد و لە کردەوە خراپەکانیان نەگەڕانەوە.
٣٦ ئەوەتا ئەمڕۆ ئێمە کۆیلەین ئەو خاکەش کە بە
باووباپیرانمانت دا تا لە بەروبووم و خێروبێرەکەی بخۆن
ئەوەتا ئێمە کۆیلەین لەسەری.
٣٧ بەروبوومە زۆرەکەشی بۆ ئەو پاشایانەیە کە لەسەرمانت
داناوە لەبەر گوناهەکانمان بەسەر لەشماندا زاڵن و بەسەر
ئاژەڵەکانمان بەپێی ئارەزووی خۆیان ئێمە لە تەنگانەیەکی
گەورەداین. ٣٨ لەبەر هەموو ئەمانە، ئێمە پەیمانێك دەبەستین
و دەینووسینەوە، سەرۆکەکانمان و لێڤییەکانمان و
کاهینەکانمانیش مۆری دەکەن.

# ١٠

١ ئەوانەی مۆریان کرد، نخەمیای تیرشاسا کوڕی خەکەلیا و
چدقیا،
٢ سرایا، عەزەریا، یرمیا،
٣ فەشخور، ئەمەریا، مەلکیا،
٤ خەتتوش، شبەنیا، مەللوخ،
٥ خاریم، مرێموس، عوبەدیا،
٦ دانیال، گینسۆن، باروخ،
٧ مشوللام، ئەبیا، میامین،
٨ مەعەزیا، بلگای، شمەعیا. ئەمانە کاهینەکان بوون.
٩ لێڤییەکانیش، یەشوعی کوڕی ئەزەنیا، بینوی لە نەوەی
خێناداد و قەدمیئێل،
١٠ براکانیان، شبەنیا، هودییا، قەلیتا، پلایا، خانان،
١١ میخا، ڕخۆب، خەشەبیا،
١٢ زەکوور، شێرێبیا، شبەنیا،
١٣ هودیا، بانی، بنینۆ.
١٤ سەرۆکەکانی گەل، پەرعۆش، پەخەس، مۆئاب، عیلام،
زەتوا، بانی،
١٥ بۆننی، عەزگەد، بێبای،
١٦ ئەدونیا، بگوای، عادین،
١٧ ئاتێر، خیزقیا، عەزور،
١٨ هودیا، خاشوم، بێچای،
١٩ خاریف، عەناسۆس، نێڤبای،
٢٠ مەگپیعاش، مشوللام، خێزیر،
٢١ میشێزەبئێل، چادۆق، یەدوەع،
٢٢ پلەتیا، خانان، عەنایا،
٢٣ هۆشێیەع، خەنانیا، خەشوب،
٢٤ هەلوخیش، پیلخا، شۆبێق،
٢٥ ڕخوم، خەشەبنا، مەعەسیا،
٢٦ ئەخیا، خانان، عانان
٢٧ مەللوخ، خاریم، بەعەنا.
٢٨ پاشماوەی گەلیش، کاهینەکان و لێڤییەکان و دەرگاوانەکان
و گۆرانی بێژەکان و نیسینیەکان و هەموو جیاببوونەوە لە
گەلانی خاکەکان بۆ فێرکردنەکانی خودا، ژنەکانیان و
کوڕەکانیان و کچەکانیان، هەموو ئەوانەی زانین و
تێگەیشتنیان هەبوو. ٢٩ چوونە پاڵ براکانیانەوە،
پیاوماقوڵەکانیان، هاتنە ناو نەفرەت و سوێندخواردنەکەوە کە
بە پێی فێرکردنەکانی خودایان بڕۆن ئەوەی بەدەستی موسای
خزمەتکاری خودا پێی داون و هەموو فەرمانەکانی خوداوەند
خوداوەندمان و حوکمەکان و فەرزەکانی بپارێزن و کاری پێ
بکەن. ٣٠ هەروەها کە کچانمان نەدەین بە گەلانی خاکەکە و
کچانیشیان نەهێنین بۆ کوڕانمان. ٣١ کاتێ گەلانی خاکەکەش
کەلوپەل و هەر خۆراکێك لە ڕۆژی پشووی پیرۆزدا بهێنن
بۆ فرۆشتن، لێیان نەکڕین، نە لە ڕۆژی پشووی پیرۆز و نە
لە ڕۆژی پیرۆزدا. هەروەها واز لە ساڵی حەوتەم داواکردنەوە
هەموو قەرزێك بهێنین. ٣٢ فەرمانیشمان لەسەر خۆمان دانا
کە ساڵی سێ یەکی شاقڵێك بخەینە ئەستۆی خۆمان بۆ
خزمەتی ماڵی خودا مان، ٣٣ بۆ نانی تەرخانکراو و قوربانی
خۆراکی هەمیشەیی و بۆ قوربانی سووتاندنی هەمیشەیی و بۆ
پشووە پیرۆزەکان و بۆ سەرەمانگەکان و بۆ جەژنە دیاری

کراوەکان و بۆ پیرۆزکراوەکان و بۆ قوربانییەکانی گوناهە بۆ
کەفارەتی ئیسڕائیل و هەموو کارەکانی ماڵی خودامان.
٣٤ هەروەها تیروپشکمان کرد لە نێوان کاهینەکان و لێڤییەکان
و گەلدا بەپێی ماڵە باوانەکانمان بۆ هێنانی دارەکان بۆ قوربانی
لە ماڵی خودامان، لە کاتی دیاریکراو ساڵ بە ساڵ، بۆ
سووتاندنی لەسەر قوربانگای خوداوەند خودامان هەر وەك لە
فێرکردنەکان نووسراوە. ٣٥ هەروەها بۆ هێنانی یەکەم بەری
خاکەکەمان و یەکەم بەری هەموو بەروبوومی هەموو دارێك
ساڵ بە ساڵ بۆ ماڵی خوداوەند.
٣٦ لەگەڵ نۆبەرەی کوڕەکانمان و ئاژەڵەکانمان هەروەك لە
فێرکردنەکان نووسراوە لەگەڵ نۆبەرەی مانگاکانمان و
مەڕەکانمان تا بیانهێنین بۆ ماڵی خوداکەمان بۆ ئەو کاهینانەی
لە ماڵی خوداکەماندا خزمەت دەکەن. ٣٧ هەروەها یەکەمین
هەویرەکانمان و دیارییەکانمان و بەروبوومی هەموو دارێك
لە مەیی و زەیت دەهێنن بۆ کاهینەکان بۆ ناو ژوورەکانی
ماڵی خودامان و دەیەکی خاکەکەمان بۆ لێڤییەکان و لێڤییەکان
لە هەموو شارەکانی کشتوکاڵەکانمان دەیەك دەکەن. ٣٨ ئەو
کاهینەی لە نەوەی هارون بێت لەگەڵ لێڤییەکاندا دەبێت کاتێك
لێڤییەکان دەیەك دەکەن، لێڤییەکانیش دەیەکی دەیەك دەدەن بە
ماڵی خودامان بۆ ژوورەکانی ماڵی خەزێنە. ٣٩ چونکە نەوەی
ئیسڕائیل و نەوەی لێڤی، دیاری گەنم و مەی و زەیت دەهێنن
بۆ ژوورەکان، لەوێ کە قاپوقاجاغەکانی پیرۆزگای لێیە و
کاهینە خزمەتکارەکان و دەرگاوانەکان و گۆرانی بێژەکان،
واز لە ماڵی خودای خۆمان ناهێنین.

# ١١

١ ئینجا سەرۆکەکانی گەل لە ئۆرشەلیمدا نیشتەجێ بوون و
پاشماوەی گەلیش تیروپشکیان کرد تا یەك لە دەیان بێت بۆ
نیشتەجێ بوون لە ئۆرشەلیم شاری پیرۆز و نۆ بەشەکەش لە
شارەکان. ٢ گەل هەموو ئەوانەیان پیرۆز کرد کە خۆیان
بەخشیبوو بۆ نیشتەجێ بوون لە ئۆرشەلیم.
٣ ئەمانەش سەرۆکەکانی ناوچەکەن، ئەوانەی لە ئۆرشەلیم و
لە شارەکانی یەهوزادا نیشتەجێ بوون، هەریەکەو لە
موڵکەکەی خۆی لەناو شارەکانیان لە ئیسڕائیل، کاهینەکان و
لێڤییەکان و نیسینییەکان و نەوەی خزمەتکارەکانی سلێمان.
٤ لە ئۆرشەلیمیش لە نەوەی یەهوزا و نەوەی بنیامین نیشتەجێ
بوون، لە نەوەی یەهوزا، عەتایا کوڕی عوزییا کوڕی
زەکەریا کوڕی ئەمەریا کوڕی شەفەتیا کوڕی مەهەلەلئێل لە
نەوەی پارەچ. ٥ مەعەسیای کوڕی باروخیش کوڕی
کولخوزێ کوڕی خەزایا کوڕی عەدایا کوڕی یویاریب
کوڕی زەکەریای خەڵکی شیلون. ٦ هەموو نەوەی پارەچ
دانیشتووان لە ئۆرشەلیم، چوار سەد و شەست و هەشت
پیاوی ئازابوون.
٧ ئەمانەش نەوەی بنیامینن، سەلوا کوڕی مشوللام کوڕی
یۆعێد کوڕی پدایا کوڕی قۆلایای کوڕی مەعەسیای کوڕی
ئیسیئێل کوڕی یەشەعیا. ٨ پاش ئەویش گەبەی و سەلای، نۆ
سەد و بیست و هەشت کەس بوون، ٩ یوئێلی کوڕی زیکری
سەرپەرشتیار بوو بە سەریانەوە و یەهوزای کوڕی سەنواش
دووەم بوو بەسەر شارەکەوە.
١٠ لە کاهینەکان، یەدەعیای کوڕی یۆیاریب و یاکین،
١١ سرایای کوڕی خیلقیا کوڕی مشوللام کوڕی چادۆق کوڕی
مرایۆس کوڕی ئەخیتوبی سەرکردەی ماڵی خودا بوو.
١٢ براکانیشیان ئەوانەی کاری ماڵەکەیان دەکرد، هەشت سەد
و بیست و دوو بوون، لەگەڵ عەدایای کوڕی یەروخام کوڕی
پلەلیا کوڕی ئەمچی کوڕی زەکەریا کوڕی پەشخور کوڕی
مەلکیا.
١٣ براکانیشی سەرۆکەکانی ماڵە باوانەکان بوون، دوو سەد و
چل و دوو بوون، لەگەڵ عەمشسەی کوڕی عەزەرئێل کوڕی
ئەخزای کوڕی مشلیموس کوڕی ئیمێر.
١٤ براکانیشیان پاڵەوانە بەجەرگەکان بوون، سەد و بیست و
هەشت بوون، سەرپەرشتیاریش بەسەریانەوە زەبدیئێلی
کوڕی گیدۆلیم بوو.
١٥ لە لێڤییەکانیش، شەمەعیای کوڕی خەشوب کوڕی
عەزریقام کوڕی خەشەبیای کوڕی بونی و
١٦ شەبتای و یوزاباد بەسەر کارەکەی دەرەوەی ماڵی خودا
بوون و لە سەرۆکەکانی لێڤییەکان بوون.
١٧ هەروەها مەتەنیای کوڕی میخا کوڕی زەبدی کوڕی
ئاسافی سەرۆکی ستایش کردن کە لە نوێژدا سوپاس بژێری
دەکرد و بەقبوقیا کە دووەم بوو لە نێو براکانی و عەبدای
کوڕی شەموەع کوڕی گەلال کوڕی یەدوسون. ١٨ هەموو
لێڤییەکان لەناو شاری پیرۆزدا، دوو سەد و چل و دوو بوون.
١٩ دەرگاوانەکانیش، عەققوب و تەڵمون و برا
دەرگاوانەکانیان، سەد و حەفتا و دوو بوون.
٢٠ پاشماوەی ئیسڕائیلیش لە کاهینەکان و لێڤییەکان لە هەموو
شارەکانی یەهوزادا بوون هەریەکە لە میراتەکەی خۆیدا.
٢١ بەڵام نسینییەکان لە عۆفێل نیشتەجێ بوون، چیخا و گشپا
بەسەر نسینییەکانەوە بوون. ٢٢ سەرپەرشتیاری لێڤییەکانیش
لە ئۆرشەلیم عوززی کوڕی بانی کوڕی خەشەبیا کوڕی
مەتەنیا کوڕی میخا لە نەوەی ئاساف لە گۆرانی بێژەکان،
بەسەر کارەکەی ماڵی خوداوە بوو. ٢٣ چونکە فەرمانی پاشا
لەسەریان بوو و یاسا بوو بۆ گۆرانی بێژەکان دەربارەی
ئەرکی ڕۆژانەیان. ٢٤ هەروەها فەتەخیای کوڕی مشێزەبئێل
لە نەوەی زارەخی کوڕی یەهوزا، لە بەردەستی پاشادا بوو
بۆ هەموو کاروبارەکانی گەل. ٢٥ لە گوندەکانیش لەگەڵ
کێڵگەکانی هەندێك لە نەوەی یەهوزا نیشتەجێ بوون، لە
قەریەت ئەربەع و شارۆچکەکانی و لە دیبۆن و شارۆچکەکانی
و یەقبەچئێل و گوندەکانی. ٢٦ لە یەشوع و مولادە و پالەت و
٢٧ لە خەچەر شوعال و بئێر شەبەع و شارۆچکەکانی و ٢٨ لە
چیقلەگ و مەکونە و شارۆچکەکانی و ٢٩ لە عەین ڕممون و
چەرعە و یەرموس و ٣٠ زانوخ و عەدوللام و گوندەکانی،
لەخیش و کێڵگەکانی و عەزیقە و شارۆچکەکانی و لە بئێر
شەبەعەوە تا دۆڵی هەننوم نیشتەجێ بوون.
٣١ نەوەی بنیامینیش لە گەبەع، میخماس و عەیا و بێیت ئێل و
شارۆچکەکانی، ٣٢ عەناسوس، نوب، عەنەنیا، ٣٣ خاچۆر،
ڕامە، گتتایم، ٣٤ خادید، چبوعیم، نبەڵات، ٣٥ لود و ئونو،
دۆڵی پیشەکارەکان. ٣٦ هەندێك لە لێڤییەکانی یەهوزا بەشیان
لە بنیامیندا هەبوو.

# ١٢

١ ئەمانەش ئەو کاهین و لێڤییانەن کە لەگەڵ زەروبابلی کوڕی
شئەلتیئێل و یەشوعدا سەرکەوتن، سرایا، یرمیا، عەزرا،
٢ ئەمەریا، مەللوخ، خەتتوش،
٣ شکەنیا، ڕخوم، مرێموس،
٤ عیدۆ، گیتۆی، ئەبییا،
٥ میامین، مەعدەیا، بیلگە،
٦ شمەعیا، یۆیاریب، یدەعیا،
٧ سەللو، عامۆق، خیلقیا، یەدەعیا. ئەمانە سەرۆکەکانی
کاهینەکان و براکانیان بوون لە ڕۆژانی یەشوعدا.

٨ لێڤییەکانیش، یەشوع، بنوی، قەدمیئێل، شێرێبیا، یەهوزا،
مەتەنیا کە لەسەر سوپاس بژێری بوو خۆی و براکانی.
٩ هەروەها بەقوبەقیا و عوننی، براکانی بەرامبەریان لە
پاسەوانی بوون. ١٠ یەشوع یۆیاقیمی بوو و یۆیاقیم ئەلیاشیبی
بوو و ئەلیاشیب یۆیاداعی بوو و ١١ یۆیاداع یوناسانی بوو و
یوناسان یەدوەعی بوو. ١٢ لە ڕۆژانی یۆیاقیمدا کاهینەکان
بوون بە سەرۆکی ماڵەباوانەکان بوون، هی سرایا مرایا بوو،
هی یرمیا خەنانیا بوو،
١٣ هی عەزررا مشوللام، هی ئەمەریا یەهوخانان،
١٤ هی ملیوکی یۆناسان بوو، هی شبەنیا یوسف بوو،
١٥ هی خاریم عەدنا بوو، هی مرایۆس خەلقای بوو،
١٦ هی عیدیا زەکەریا بوو، هی گنتۆن مشوللام بوو،
١٧ هی ئەبیا زیکری بوو هی منیامین، هی مۆعەدیا پلتای
بوو،
١٨ هی بیلگە شەمموەع بوو، هی شەمعیا یەهوناسان بوو،
١٩ هی یۆیاریب مەتنای بوو، هی یدەعیا عوززی بوو،
٢٠ هی سەللای قەللای، هی عامۆق عێبەر،
٢١ هی خەلەقیا خەشەبیا، هی یەدەعیا نەسەنئێل.
٢٢ لێڤییەکانیش لە ڕۆژانی ئەلیاشیب، یۆیاداع و یۆخانان و
یەدوەع بە سەرۆکەکانی ماڵەباوانەکان نووسرابوون،
هەروەها کاهینەکانیش لە پاشایەتییەکەی داریوسی فارسدا.
٢٣ نەوەکانی لێڤی، سەرۆکەکانی ماڵەباوانەکان، ئەوانەی
نووسراون لە پەرتووکی هەواڵی ڕۆژان و تا ڕۆژانی
یۆخانانی کوڕی ئەلیاشیب، ٢٤ هەروەها سەرۆکەکانی
لێڤییەکان، خەشەبیا، شێرێبیا و یەشوعی کوڕی قەدمیئێل
لەگەڵ براکانیان بەرامبەریان بۆ ستایش کردن و سوپاس
بژێری، بەپێی فەرمانی داودی پیاوی خودا، نۆبەت بە نۆبەت.
٢٥ مەتەنیا و بەقبوقیا و مشوللام و تەلمۆن و عەققوب
پاسەوانی دەروازەکان بوون، پاسەوانی کۆگاکانی
دەروازەکانیان دەکرد. ٢٦ ئەمانە بوون لە ڕۆژانی یۆیاقیمی
کوڕی یەشوعی کوڕی یۆچاداق و لە ڕۆژانی نخەمیای
فەرمانڕەوا و عەزرای کاهین و نووسەردا.
٢٧ لەکاتی تەرخانکردنی دیواری ئۆرشەلیمدا، داوای
لێڤییەکانیان کرد لە هەموو شوێنەکانیانەوە بێن بۆ ئۆرشەلیم
بۆ گێڕانی ئاهەنگی تەرخانکردن بە خۆشی و سوپاس کردن
و گۆرانی بە سەنج و عود و قیسارەوە. ٢٨ جا نەوەی گۆرانی
بێژان کۆبوونەوە، لە ناوچەکانی دەوروبەری ئۆرشەلیمەوە و
لە گوندەکانی نتوفاتییەوە و ٢٩ لە بێیت گلگال و لە کێڵگەکانی
گەبەع و عەزمەوتەوە، چونکە گۆرانی بێژەکان گوندیان
بۆخۆیان بنیادنا لە چواردەوری ئۆرشەلیم.
٣٠ ئینجا کاهینەکان و لێڤییەکان خۆیان پاککردەوە و گەل و
دەروازەکان و دیوارەکەیان پاککردەوە .
٣١ ئینجا سەرۆکەکانی یەهوزام سەرخستە سەر دیوارەکە و
دوو کۆرسی گەورەی سوپاسکارانم ڕاگرت، یەکێکیان بەلای
ڕاستدا ڕۆیشت بەرەو دەروازەی زبڵ، ٣٢ هوشەعیا و نیوەی
سەرۆکەکانی یەهوزا بەدوایدا ڕۆیشتن، ٣٣ عەزەریا و عەزرا
و مشوللام، ٣٤ یەهوزا و بنیامین و شەمەعیا و یرمیا. ٣٥ لە
نەوەی کاهینەکانیش بە زووڕناوە، زەکەریای کوڕی یۆناسان
کوڕی شەمەعیا کوڕە مەتەنیا کوڕی میخایا کوڕی زەکوڕ
کوڕی ئاساف. ٣٦ براکانیشیان، شمەعیا و عەزرەئێل، میللای،
گیللای، ماعەی، نەسەنئێل و یەهوزا و خەنانی بە ئامێرە
مۆسیقاکانی داودی پیاوی خوداوە و عەزرای نووسەریش لە
پێشیانەوە. ٣٧ لەلای دەروازەی کانی بەرامبەریان بەسەر
پلیکانەکانی شاری داود سەرکەوتن لەلای پلیکانەکانی
دیوارەکە ئەوەی لەسەر ماڵی داودە تا دەروازەی ئاو بەرەو
خۆرهەڵات. ٣٨ کۆرسی دووەمی سوپاسکارانیش بۆ
بەرامبەریان ڕۆیشتن و منیش لە دوایانەوە بووم و نیوەی
گەلیش لەسەر دیوارەکە لەلای قولەی تەنورەکانەوە و تا
دیوارە پانەکە و ٣٩ لەسەر دەروازەی ئەفرایم و لەسەر
دەروازەی دێرین و لەسەر دەروازەی ماسی و قولەی
خەنانئێل و قولەی سەد و تا دەروازەی مەڕ و لەلای دەروازەی
زینداندا ڕاوەستان. ٤٠ پاشان هەر دوو کۆرسە سوپاسکارەکە
لەلای ماڵی خودا ڕاوەستان و من و نیوەی فەرمانڕەواکان
لەگەڵم بوون، ٤١ هەروەها کاهینەکانیش، ئەلیاقیم، مەعەسیا،
منیامین، میخایا، ئەلیوعینای، زەکەریا، خەنەنیا بە زوڕناوە،
٤٢ مەعەسیا و شمەعیا و ئەلعازار و عوززی و یەهوخانان و
مەلکیا و عیلام و عازەر و گۆرانی بێژەکان بە سەرپەرشتی
یەزرەخیا بە دەنگی بەرز گۆرانیان وت. ٤٣ لەو ڕۆژەدا
قوربانی زۆریان سەربڕی و دڵیان خۆش بوو کە خودا دڵی
خۆش کردوون بە دڵخۆشیەکی گەورە، هەروەها ژنان و
منداڵەکانیش دڵخۆش بوون و دڵخۆشی ئۆرشەلیم لە دوورەوە
دەبیسترا.
٤٤ لەو ڕۆژەدا خەڵکانێك کران بە سەرپەرشتیار بەسەر
ژوورەکانی عەمبارەکانەوە، بۆ دیارییەکان و یەکەم بەرەکان
و دەیەکەکان و تا تیایاندا کۆی بکەنەوە لە کێڵگەکانی
شارەکانەوە بەشەکان بە پێی فێرکردنەکان بۆ کاهینەکان و
لێڤییەکان، چونکە یەهوزا دڵخۆش بوو بە کاهینەکان و
لێڤییەکان کە ڕاوەستابوون و ٤٥ ئەرکەکانی خودای خۆیان و
ئەرکەکانی پاککردنەوەیان پاراست و گۆرانی بێژەکان و
دەرگاوانەکان بە گوێرەی فەرمانی داود و سلێمانی کوڕی،
٤٦ چونکە لە ڕۆژانی داود و ئاسافەوە، لە دێر زەمانەوە،
سەرانی گۆرانی بێژان و گۆرانی ستایش و سوپاس کردنی
خودا هەبوو.
٤٧ هەموو نەوەی ئیسڕائیلیش لە ڕۆژانی زەروبابل و نخەمیا
بەشی گۆرانی بێژەکانیان و دەرگاوانەکانیان دەدا، بەشی هەر
ڕۆژە لە ڕۆژی خۆیدا، ئەوان تەرخانیان دەکرد بۆ لێڤییەکان
و لێڤییەکانیش بۆ نەوەی هاڕونیان تەرخان دەکرد.

# ١٣

١ لەو ڕۆژەدا لەپەرتووکی موسا لەبەرگوێی گەلدا خوێندرایەوە
و بینرا تێیدا نووسراوە، کە هیچ عەمونی و مۆئابییەك تا
هەتایە نایەتە ناو کۆمەڵی خوداوە، ٢ چونکە بە نان و ئاوەوە
پێشوازییان لە نەوەی ئیسڕائیل نەکرد، بەڵکو بەلعامیان لە
دژیان بەکرێ گرت تا نەفرەتیان لێ بکات، بەڵام خودامان
نەفرەتەکەی گۆڕی بۆ پیرۆزی. ٣ کاتێ گوێیان لە
فێرکردنەکە بوو هەموو ئەوانەیان جیاکردەوە کە لەگەڵ
ئیسڕائیل تێکەڵ ببوون.
٤ پێش ئەمە، ئەلیاشیبی کاهین فەرماندار بەسەر ژوورە
عەمبارەکانی ماڵی خودامان، لە تۆبیاوە نزیك بوو، ٥ جا
ژوورێکی گەورەی بۆ دابین کردبوو، کە پێشتر ئەمانەیان
تێیدا دادەنا، قوربانییەکانی خۆراك و بخوور و قاپوپاجاغەکان
و دەیەکی گەنم و مەیی و زەیت کە فەرمانی پێکرابوو بۆ
لێڤییەکان و گۆرانی بێژەکان و دەرگاوانەکان لەگەڵ پیتاکی
بەرزکراوەی کاهینەکان. ٦ لە هەمو ئەمەدا من لە ئۆرشەلیم
نەبووم، چونکە لە ساڵی کاتی ئەو هەموو شتانەدا من لە
ئۆرشەلیمدا نەبووم چونکە لە سی و دووەمین ساڵی
ئەرتەخشەستای پاشای بابلدا چوومە ژوورەوە بۆلای پاشا و
دوای چەند ڕۆژێك مۆڵەتم لە پاشا خواست و
٧ هاتم بۆ ئۆرشەلیم، تێگەیشتم ئەو خراپەیەی کە ئەلیاشیب
کردوویەتی لەبەر تۆبیا کە لە حەوشەی ماڵی خودا ژوورێکی

بۆ دابین کردووە. ٨ جا زۆر بەلامەوە خراپ بوو، بۆیە هەموو قاپوقاجاغەکانی ماڵی تۆبیام فڕێدایە دەرەوەی ژوورەکە و ٩ فەرمانم دا و ژوورەکەیان پاککردەوە قاپوقاجاغەکەی ماڵی خودا و قوربانییەکانی خۆراك و بخوورەکەم گەڕاندەوە ئەوێ.
١٠ پاشـــان زانیم کە بەشـــی لێڤییەکان نەدراوە و لێڤییەکان و گۆرانی بێژەکـان ئەوانەی کـارەکەیـان دەکرد، هەڵهـاتوون هەریەکەو بۆ کێڵگەکەی خۆی.
١١ جا دەمەقاڵێم بوو لەگەڵ فەرمانڕەواکان و وتم: بۆچی ماڵی خودا وازی لێهێنراوە؟ ئینجا کۆیـانم کردەوە و هەریەکەم لە شوێنەکەی خۆی دانا.
١٢ هەموو یەهوزاش دەیەکی گەنم و مەی و زەیتیان هێنا بۆ عەمبارەکان. ١٣ ئینجا خەزنەدارم لەســـەر عەمبارەکان دانا، شـــەلەمیای کاهین و چادۆقی نووســـەر و فدایا لە لێڤییەکان لە دەســـتی ئەوانیش خانانی کوڕی زەکوڕی مەتەنیا، چونکە بە دەســـت پاك دادەنران و پێویســـت بوو لەســـەریان بەســـەر براکانیان دابەش بکەن. ١٤ ئەی خودا لەبەر ئەمە بەیادی خۆتم بهێنەوە و چاکەکانم مەســـڕەوە کە بەرامبەر بە ماڵی خودای خۆم و داواکارییەکانی کردوومە.
١٥ لەو ڕۆژانەدا لە یەهوزادا خەڵکێکم بینی لە ڕۆژی پشـــووی پیرۆزدا گوشـــەرەکـان دەپەســـتنەوە و کۆڵە دار دەهێنن و گوێدرێژەکـانیـان بـار دەکەن و هەروەهـا بە مەی و ترێ و هەنجیر و هەموو ئەوەی بار دەکرێت دێنە ناو ئۆرشـــەلیمەوە لە ڕۆژی شـــەبەتدا، جا لە ڕۆژی فرۆشـــتنی خواردنەکەدا شـایەتیم لەسـەریان دا. ١٦ هەروەها خەڵکی بەندەری سور کە لە ئۆرشـەلیمەوە نیشـتەجێ بوون لە ڕۆژی شـەمەدا ماسـی و هەموو کەلوپەلێکیان دەهێنا و لە ڕۆژی پشـووی پیرۆزدا و لە ئۆرشـەلیمدا بە نەوەی یەهوزایان دەفرۆشـت. ١٧ جا دەمەقاڵێم لەگەڵ پیـاوماقوڵانی یەهوزادا کرد و وتم: ئەم خراپەیە چییە کە ئێوە دەیکەن و ڕۆژی پشـووی پیرۆز گڵاو دەکەن؟ ١٨ ئایا بـاووبـاپیرانتـان ئەمەیـان نەکرد، جـا خودامـان هەموو ئەم خراپەیەی بەســـەرماندا هێنا و بەســـەر ئەم شـــارەش؟ ئێوە تووڕەیی زیاتر دەکەن لەســـەر ئیسـڕائیل کە ڕۆژی پشـووی پیرۆز گڵاو دەکەن.
١٩ جـا ئەوە بوو کـاتێ تـاریکی بـاڵی بەســـەر دەروازەکـانی ئۆرشەلیمدا کێشا پێش ڕۆژی پشووی پیرۆز، فەرمانم دا کە دەروازەکان دابخرێن و نەکرێنەوە تا دوای ڕۆژی پشـــووی پیرۆز، لە خزمەتکارەکانی خۆم بەسـەر دەروازەکانەوە دانا تا هیچ بـارێـك لە ڕۆژی پشـــووی پیرۆزدا نەیەتە ژوورەوە.
٢٠ بۆیە بازرگانەکان و فرۆشـیاری هەموو کەلوپەلێك جارێك و دووان لە دەرەوەی ئۆرشەلیم شەویان بەسەر برد. ٢١ منیش شایەتیم لەسەردان و وتم: بۆچی لەلای دیوارەکەوە ماونەتەوە، گەر دووبارەی بکەنەوە دەســـتگیرتان دەکەم. ئیتر لەو کاتەوە لە پشـــووی پیرۆز نەهاتن. ٢٢ هەروەها بە لێڤییەکانی وت، کە خۆیان پاك بکەنەوە و بێن و پاســـەوانی دەروازەکان بکەن بۆ تەرخـانکردنی ڕۆژی پشـــووی پیرۆز، هەروەهـا بەمەش بە یـادی خۆتم بهێنەوە ئەی خودام، میهرەبـان بە لەگەڵم بە گوێرەی پەیمانی خۆشەویستییەکەت.
٢٣ هەروەها لەو ڕۆژانەدا ئەو جوولەکانەم بینی کە لەگەڵ ژنی ئەشـدودی و عەممونی و مۆئابی نیشـتەجێن، ٢٤ منداڵەکانیان نیوە ئەشدودی قسە دەکەن و تێیاندا نەبوو بتوانێت بە یەهودی قســـە بکات، بەڵکو وەك زمانی گەلێکی دیکە. ٢٥ جا دەمەقاڵێم کرد لەگەڵیان ونەفرەتم لێکردن و لە هەندێکیانم دا و پرچیانم ڕنییەوە و بە خودا ســـوێندم دان و وتم: کچەکانتان نەدەن بە کوڕەکانیان و لە کچەکانیان مەهێنن نە بۆ کوڕەکانتان و نە بۆ خۆتان. ٢٦ ئایا لەبەر ئەمانە نەبوو سلێمانی پاشای ئیسڕائیل گوناهەی کرد، کاتێ لەناو زۆربەی میللەتان پاشـایەکی وەك ئەو نەبوو و خۆشـــەویســـت بوو لەلای خودای خۆی و خودا کردی بە پاشـا بەسـەر هەموو ئیسـڕائیل. تەنانەت گوناهەیان بەویش کرد، ژنە بێگانەکان.
٢٧ ئیتر ئـایـا گوێ لە ئێوە بگرین ئەم هەموو خراپە گەورەیە بکەن، بە ناپاکیتان دژ بە خودامان بەوەی لەگەڵ ژنی بێگانە نیشـــتەجێ بن. ٢٨ یەکێـك لە کوڕەکـانی یۆیـاداعی کوڕی ئەلیاشیبی سەرۆك کاهین، زاوای سەنبەڵەتی خورونی بوو و منیش لەلای خۆم دەرمکرد .٢٩ بەیـادی خۆتیـان بهێنەوە ئەی خودام کە کـاهینێتی و پەیمـانی کـاهینێتی و لێڤییەکـانیـان گڵاو کرد. ٣٠ بەو شـــێوەیە لە هەموو بێگـانەیەك پـاکم کردنەوە و ئەرکەکـانی کـاهینەکـان و لێڤییەکـانم دیـاری کرد، هەریەکەو لەســـەر کـاری خۆی و ٣١ بۆ داریش بۆ قوربـانی لە کـاتی دیاریکراودا و بۆ یەکەم بەرەکانیش. جا ئەی خوداکەم بە چاکە بە یادی خۆتم بهێنەوە.

# ئەستێر

## ١

١ لە ڕۆژانی ئەخشورۆش ، ئەو ئەخشورۆشەی کە لە
هندستانەوە تا کۆش فەرمانڕەوایەتی سەدو بیست و حەوت
هەرێمی دەکرد. ٢ لەو ڕۆژانەدا کاتێ ئەخشورۆش لەسەر
تەختی پاشایەتییەکەی دانیشت ئەوەی لە قەڵای شوشانە. ٣ لە
ساڵی سێیەمی پاشایەتییەکەیدا، خوانێکی بۆ هەموو
سەرکردەکانی و خزمەتکارەکانی، هەروەها هێزدارانی فارس
و مادی سازکرد و میران و سەرکردەکانی هەرێمەکانیش
تیایدا ئامادەبوون. ٤ تیایدا پاشا دەوڵەمەندی شکۆی
پاشایەتییەکەی و بێهاوتایی جوانی مەزنایەتییەکەی نمایش
کرد بۆ ڕۆژانێکی زۆر، بۆ ماوەی سەدو هەشتا ڕۆژ. ٥ پاش
بەسەرچوونی ئەو ڕۆژانە، پاشا خوانێکی بۆ ماوەی حەوت
ڕۆژ بۆ گەورە و بچووکی گەل، ئەوانەی لە قەڵای شوشاندا
دەژیان لە باخچەی داخراوی کۆشکی پاشادا سازکرد. ٦ کە بە
کشمیری سپی و مۆر، هەڵواسراو بە گوریسی لە کشمیر
دروستکراوی سپی و باینجانی بەسەر بازنەی زیوەوە و
کۆڵەکەی مەڕمەڕ و سەکۆی زێڕ و زیو، لەسەر زەوییەکی
بەردڕێژکراو بە بەردی حەلان و مەڕمەڕ و دوڕ و بەردی
گرانبەها. ٧ خواردنەوەش بە جامی زێڕینی جۆراوجۆر
پێشکەش دەکرا و مەی شاهانەش زۆر بوو بەقەد دەست
فراوانی پاشا. ٨ بەپێی یاساش نەدەبوایە کەس گلەیی لە
خواردنەوە هەبێ، چونکە پاشا فەرمانی دابوو بە لێپرسراوانی
ماڵەکەی کە بێ دڵی کەس نەکەن. ٩ هەروەها قەشتی شاژنیش
خوانێکی تری بۆ ژنان لە کۆشکی شاهانە ئەوەی هی
ئەخەشورۆش پاشا بوو سازکرد. ١٠ لەڕۆژی حەوتەمدا کاتێك
پاشا بەمەی مەست بوو، بە حەوت خزمەتکارە خەساوەکەی
وت، کە لەبەردەم پاشا خزمەتیان دەکرد، مێهومان و بیزتا و
حەربونا و بیغسا و ئەبەگسا و زیتار و کەرکەسی، ١١ کە
قەشتی شاژن بە تاجی شاهانەکەوە بهێنن بۆ بەردەم پاشا، تا
جوانییەکەی پێشانی گەل و سەرکردەکان بدرێت، چونکە
ڕووخساری جوان بوو. ١٢ بەڵام شاژن ڕازی نەبوو بێت
بەپێی ئەو فەرمانەی پاشا کە لەسەر دەستی خزمەتکارە
خەساوەکان پێیان وت. لەبەرئەوە پاشا زۆر ڕقی هەستا و لە
تووڕەیی خۆیدا گڕی گرت. ١٣ جا پاشا پرسی کرد بە داناکان
ئەوانەی شارەزای بارودۆخی ڕۆژگاربوون، چونکە ئەمە
پیشەی پاشا بوو بەرامبەر هەموو ئەوانەی شارەزای یاسا و
حوکمەکان بوون. ١٤ جا ئەوانەی لێی نزیك بوون ئەمانە
بوون، کەرشەنا و شیسار و ئەدماتا و تەرشیش و مەرەس و
مەرسەنا و مەموکان، کە حەوت سەرکردەی فارس و مادی
بوون و هەمیشە چاویان بە پاشا دەکەوت و بەرزترین
پلەوپایەیان هەبوو لە پاشایەتییەکەدا .١٥ بەپێی یاسا چی لە
شاژنە قەشتی بکرێت لەبەرئەوەی بە پێی ئەو فەرمانەی
پاشای نەکرد کە بە دەست خزمەتکارە خەساوەکان پێیدرا ؟
١٦ مەموکان لەبەردەم پاشا و سەرکردەکاندا وتی: شاژنە
قەشتی بە تەنها هەڵەی دەرهەق بە پاشا نەکردووە، بەڵکو
دەرهەق بە هەموو سەرکردەکان و هەموو ئەو گەلانەی کە لە
هەرێمەکانی ئەخشورۆش پاشادان. ١٧ چونکە هەواڵی شاژن
بە هەموو ژنەکان دەگاتەوە و بەو شێوەیە بێزیان لە
مێردەکانیان دەبێتەوە و دەوترێ، ئەخشورۆش پاشا فەرمانی
دا شاژنە قەشتی بهێنن بۆ بەردەمی، کەچی ئەو نەهاتووە.
١٨ هەروەها هەر لەو ڕۆژەدا خانمەکانی فارس و مادی
ئەوانەی هەواڵی شاژنیان پێ گەیشتۆتەوە هەمان شت بە
هەموو سەرکردەکانی پاشا دەڵێن و بەمەش بێزلێبوونەوە و
تووڕەیی بڵاودەبێتەوە. ١٩ لەبەرئەوە گەر پاشا پێی خۆشە با
بڕیارێکی شاهانە لەلای خۆیەوە دەربکات و بڕیارەکە لە
یاساکانی فارس و مادیدا بنووسرێت بۆ ئەوەی دەستکاری
نەکرێت، بەوەی کە: نابێت چیتر قەشتی بێتە بەردەم
ئەخشورۆش پاشا و پاشاش پلەی شاژنێتی بە یەکێکی چاکتر
لەو بدات. ٢٠ بەو شێوەیە بڕیارەکەی پاشا لەناو هەموو
پاشایەتییەکەیدا کە چەند مەزنە، دەبیسترێتەوە و هەموو
ژنانیش بەرێزەوە مامەڵە لەگەڵ مێردەکانیاندا دەکەن لە
گەورەیانەوە تا دەگاتە بچووکیان. ٢١ پاشا و سەرکردەکان ئەو
قسەیەیان پێ باش بوو و پاشا بەپێی قسەکەی مەموکانی کرد
و ٢٢ نامەی بۆ هەموو هەرێمەکان و هەموو گەلەکانی
پاشایەتییەکەی نارد، هەر یەکەو بە زمان و ڕێنووسی خۆیان،
بۆ ئەوەی هەموو پیاوێك گەورەی ماڵەکەی خۆی بێت و بە
زمانی گەلەکەی خۆی بڵاوی بکاتەوە.

## ٢

١ پاش ئەم شتانە و پاش ئەوەی تووڕەیی ئەخشورۆش پاشا
دامرکایەوە، قەشتی و ئەوەی کە کردی و ئەو بڕیارەی کە
دژی دەریکرد بە بیر هاتەوە. ٢ ئینجا خزمەتکارەکانی پاشا
ئەوانەی خزمەتیان دەکرد وتیان: با بگەڕێن بۆ کچانی پاکیزە
و ڕووخسار جوان بۆ پاشا و ٣ با پاشا بریکار دابنێت لە ناو
هەموو هەرێمەکانی پاشایەتییەکەی، هەموو کچە پاکیزە و
ڕوخسار جوانەکان بۆ شوێنی ژنان لە قەڵای شوشان
کۆبکەنەوە و با لەژێر سەرپەرشتی هیگای دابن، خزمەتکارە
خەساوەکەی پاشا و پاسەوانی ژنانە، تا بۆن و ئارایشی خۆیان
پێ بدرێت، ٤ ئەو کچەش کە پاشا پەسەندی دەکات با ببێت بە
شاژن و شوێنی قەشتی بگرێتەوە. پاشا ئەو قسەیەی پێ باش
بوو کاری پێکرد. ٥ پیاوێکی جوولەکە لەناو قەڵای شوشاندا
هەبوو، ناوی موردەخای کوڕی یائیری کوڕی شەمعی کوڕی
قەیس بوو، بنیامینی بوو. ٦ یەکێك بوو لەو ڕاپێچکراوانەی لە
ئۆرشەلیمەوە ڕاپێچکرابوون لەگەڵ یەکونیای پاشای یەهوزا،
کە نەبوخوزنەسری پاشای بابل ڕاپێچیکردبوون .٧ ئەو پیاوە
کچە مامی بوو چونکە نە باوکی هەبوو نە دایك. ئەم کچە
کچێکی نازدار و ڕووخسار جوان بوو و پاش مردنی دایك و
باوکی موردەخای کردی بە کچی خۆی .٨ جا بە بیستنی
فەرمانەکەی پاشا و یاساکەی و بە کۆکردنەوەی کچانی زۆر
بۆ قەڵای شوشان و سپاردنیان بە دەستی هیگای، ئەستێریش
بۆ ماڵی پاشا بردرا و بە هیگای پاسەوانی ژنان سپێردرا.
٩ کچەکە لەبەرچاویدا پەسەند بوو و بە دڵی بوو، لەبەرئەوە
بە زوویی بۆن و ئارایش و پێداویستییەکانی لەگەڵ حەوت
کچی هەڵبژاردە پێدرا و لە ماڵی پاشاوە بۆ باشترین شوێنی
ماڵی ژنانی گواستەوە. ١٠ ئەستێر هیچی لە بارەی گەل و
ڕەگەزەکەیەوە ئاشکرانەکرد چونکە موردەخای ڕایسپاردبوو

کە ئەوە نەکات. [11] موردەخای هەموو ڕۆژێك لەبەردەم حەوشەیماڵی ژناندا دەهات و دەچوو بۆ ئەوەی لە سەلامەتی ئەستێر و لەوەی چی بەسەر دێت ئاگادار بێت. [12] جا کچان یەك لە دوای یەك نۆرەیان دەهات بۆ چوونە لای ئەخشورۆش پاشا، پاش ئەوەی بە پێی یاسای ژنان دەبوایە دوانزە مانگیان بۆ ببێ، چونکە بەم شێوەیە ڕۆژانی ئارایشکردن و بۆن لەخۆدانیان تەواو دەبوو. شەش مانگ بە بۆنی موڕ و شەش مانگیش بە کرێم و بۆن و ئارایشی ژنانە. [13] جا بەم شێوەیە ئەو کچەی بچووبایە ژوورەوە بۆ لای پاشا، هەرچی بووتبایە پێی دەدرا بۆ ئەوەی بیباتە ژوورەوە لە ماڵی ژنانەوە بۆ ماڵی پاشا. [14] ئێوارە دەچووە ژوورەوە و بەیانی دەگەڕایەوە بۆ ماڵی ژنانی دووەم بۆ دەست شەعشەگازی خزمەتکاری خساوی پاشا و پاسەوانی کەنیزەکان. ئیتر نەدەچووە ژوورەوە بۆ لای پاشا، تەنیا ئەگەر پاشا دڵخۆش بووایە پێی و بەناوی خۆیەوە بانگ بکرایە. [15] جا کاتێ نۆرەی ئەستێر هات، کچی ئەبیخەیلی مامی موردەخای، ئەوەی موردەخای کردی بە کچی خۆی، بۆ ئەوەی بچێتە ژوورەوە بۆ لای پاشا، هیچ شتێکی داوانەکرد جگە لەوەی هیگای خزمەتکاری خەساوی پاشا و پاسەوانی ژنان پێشنیاری کردبوو. ئەستێریش هەر کەسێك بیبینیبا دەچووە دڵیەوە. [16] جا ئەستێر لە مانگی دەدا واتە لە مانگی تیبیتدا برایە ژوورەوە بۆ لای ئەخشورۆش پاشا لە کۆشکی شاهانە، لە حەوتەمین ساڵی پاشایەتییەکەیدا.
[17] پاشا ئەستێری لە هەموو ژنەکان زیاتر خۆشویست و لە هەموو پاکیزەکانی تر زیاتر پەسەندی کرد و چووە دڵیەوە و تاجی شاهانەی لەسەر سەری دانا و لە شوێنی ڤەشتیدا کردی بە شاژن. [18] ئینجا پاشا خوانێکی گەورەی بۆ هەموو سەرکردەکانی و خزمەتکارەکانی سازکرد و ناوی نا جەژنی ئەستێر و پشووی لە هەرێمەکاندا ڕاگەیاند و دیاری بەخشرا بەقەد دەست فراوانی پاشا. [19] کاتێك پاکیزەکان بۆ جاری دووەم کۆکرانەوە، موردەخای لەلای دەروازەی پاشاوە دانیشتبوو. [20] ئەستێریش هەروەك موردەخای ڕایسپاردبوو هیچ شتێکی لە بارەی گەل و ڕەگەزەکەیەوە ئاشکرا نەکردبوو، چونکە ئەستێر هەروەك ئەو ڕۆژانەی موردەخای بەخێوی دەکرد بە قسەی ئەو دەجووڵایەوە. [21] لەو ڕۆژانەدا لە کاتێکدا موردەخای لە دەروازەی پاشادا دانیشتبوو، بیگسان و تەرەش کە خزمەتکاری پاشا بوون و پاسەوانی دەروازەکە بوون تووڕەبوون و ویستیان دەستیان بۆ ئەخشورۆش پاشا درێژ بکەن. [22] جا موردەخای بەو کارەی زانی و بە شاژنە ئەستێری گەیاند و ئەویش بە ناوی موردەخایەوە بە پاشای وت. [23] جا پاش ئەوەی کارەکە لێی کۆڵدرایەوە و ڕاستیەکەی زانرا، هەردووکیان بەدارەوە هەڵواسران و ئەو ڕووداوەش لە پەرتووکی هەواڵی ڕۆژاندا لەبەردەم پاشادا نووسرا.

# ٣

[1] پاش ئەم شتانە ئەخشورۆش پاشا هامانی کوڕی هەمەداسای ئەگاگی گەورە کرد و بەرزی کردەوە و پایەیەکی بەرزتری لە پایەی هەموو سەرکردەکانی تر کە لەگەڵین پێ بەخشی.
[2] جا هەموو خزمەتکارەکانی پاشا ئەوانەی لەلای دەروازەی پاشاوەن بەپێی فەرمانی پاشا سەریان بۆ هامان دادەخست و کڕنۆشیان بۆ دەبرد، بەڵام موردەخای سەری بۆ دانەخست و کڕنۆشی بۆ نەبرد. [3] لەبەرئەوە خزمەتکارەکانی پاشا ئەوانەی لە دەروازەکەی پاشادا بوون بە موردەخاییان وت: بۆچی سەرپێچی لە فەرمانی پاشا دەکەیت؟ [4] ڕۆژ لە دوای ڕۆژ قسەیان لەگەڵ دەکرد و ئەو هەر گوێی لێ نەدەگرتن، لەبەرئەوە بە هامانیان وت بۆ ئەوەی بزانن ئەو قسەیەی موردەخای خۆی ڕادەگرێت، چونکە پێی ڕاگەیاندن کە ئەو جوولەکەیە. [5] جا کە هامان بینی موردەخای سەری بۆ داناخات و کڕنۆشی بۆ نابات، پڕ بوو لە تووڕەیی. [6] پێی کەم بوو بە تەنها دەست بۆ موردەخای درێژبکات، پاش ئەوەی گەلەکەی موردەخاییان پێ ڕاگەیاند بوو. بە دوای ئەوە دەگەڕا هەموو جوولەکەکان کە لە پاشایەتی ئەخشورۆش بوون و گەلی موردەخای بوون لەناوببات. [7] لە مانگی یەکەمدا کە مانگی نیسانە، لە ساڵی دوانزەیەمینی ئەخشورۆش پاشادا. لەبەردەم هامان پوریان فڕێدەدا کە تیروپشکە، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ و مانگ لەدوای مانگ تا کەوتە سەر مانگی دوانزە واتە مانگی ئازار
[8] ئینجا هامان بە ئەخشورۆش پاشای وت: گەلێك هەیە پەرتوبڵاوبوونەتەوە لەناو هەموو گەلانی هەرێمەکانی پاشایەتییەکەدا، یاساکانیان لەگەڵ یاساکانی هەموو گەلاندا جیاوازە و یاساکانی پاشا جێبەجێ ناکەن، جا بۆ پاشا پەسەند نییە بهێڵێ بە ئاسوودەیی دانیشن. [9] گەر پاشا پێی باشە با یاسایەك بۆ لەناوبردنیان بنووسێت و منیش دەهەزار بەشە زیو لەسەر دەستی ئەنجامدەرانی ئەم کارە دەکێشم تا بیهێنن بۆ گەنجینەکانی پاشا. [10] ئینجا پاشا ئەنگوستیلەکەی کە مۆری شاهانەی پێوەبوو، لە دەستی خۆی داکەند و دای بە هامانی کوڕی هەمەداسای ئەجاجی دوژمنی جوولەکەکان. [11] پاشا بە هامانی وت: زیوەکە و گەلەکە بە تۆ دران، تا چیت پێ باشە وایان لێ بکەیت. [12] لە ڕۆژی سیانزەی مانگی یەکدا نووسەرەکانی پاشا بانگکران و هەموو ئەوەی هامان فەرمانی پێیدا نووسرایەوە بۆ میرزاکانی پاشا و فەرمانڕەواکانی هەرێمە جیاجیاکان و سەرکردەکانی گەلە جیاجیاکان، هەر هەرێمەو بە ڕێنووسی خۆی و هەر گەلەو بە زمانی خۆی نامەکانیش بە ناوی ئەخشورۆش پاشاوە نووسراون و بە ئەنگوستیلەکەی ئەویش مۆرکران. [13] بەدەستی پەیامبەرەکانیشدا بۆ هەموو هەرێمەکانی پاشا نێردران و تیایاندا فەرمانی کردبوو کە لەیەك ڕۆژدا لە سیانزەی مانگی دوانزەدا واتە لە مانگی ئازاردا هەموو جوولەکەکان بە گەنج و پیر و ژن و منداڵەوە قڕبکرێن و بکوژرێن و لەناوببردرێن و کەلوپەلەکانیشیان بە تاڵان ببردرێن. [14] وێنەی نووسراوەکەش وەك یاسایەك درا بە هەموو هەرێمەکاندا و لە ناو هەموو گەلەکاندا بڵاوکرایەوە بۆ ئەوەی خۆیان بۆ ئەم ڕۆژە ئامادەبکەن. [15] جا پەیامبەرەکان بۆی دەرچوون و فەرمانەکەی پاشاش پاڵنەریان بوو. لە قەڵای شوشانیشدا فەرمان درا، ئینجا پاشا و هامان بۆ خواردنەوە دانیشتن، بەڵام شاری شوشان شڵەژا.

# ٤

[1] پاش ئەوەی موردەخای هەموو ئەو شتانەی زانی کە کران، موردەخای جلەکەی دادڕی و بەرگی ماتەمی پۆشی و چووە دەرەوە بۆ ناوەڕاستی شار و هاوارێکی گەورە و تاڵی کرد.
[2] پاشان چوو بۆ بەردەم دەروازەی پاشا، چونکە ڕێگا بە کەس نەدەدرا بە پۆشینی بەرگی ماتەمەوە بچێتە ناو دەروازەی پاشا
[3] هەروەها هەر هەرێمێك فەرمانەکەی پاشا و یاساکەی پێگەیشتبایە، شیوەنێکی گەورە و ڕۆژووگرتن و گریان و لاڵانەوە و بەرگی ماتەم پۆشین و سەر لە خۆڵ گرتن جوولەکەکانی ئەو هەرێمەی دەگرتەوە. [4] جا پاش ئەوەی کچە خزمەتکارەکانی ئەستێر و خزمەتکارە خەساوەکانی چوونە ژوورەوە و پێیان ڕاگەیاند، شاژن زۆر دڵتەنگ بوو و دەستە

جلێکی بۆ نارد تا لەجیاتی بەرگە ماتەمەکەی لەبەر موردەخای
بکرێت، بەڵام ئەو قبوڵی نەکرد. ٥ پاشان ئەستێر یەکێك لە
خزمەتکارە خەساوەکانی پاشا کە ناوی هەتاخ بوو و بۆ
خزمەتکردنی ئەرخانکرابوو بانگکرد و فەرمانی پێکرد
بڕوات بۆ لای موردەخای و بزانێت ئەمە چییە و لەسەر چی؟
٦ ئینجا هەتاخ چووە دەرەوە بۆ لای موردەخای بۆ مەیدانی
شارەکە ئەوەی لەبەردەم دەروازەی پاشایە. ٧ موردەخای
هەموو ئەوەی ڕوویدابوو لێی و ئەو بڕە زیوەی کە هامان
وتبووی دەیکێشێ بۆ گەنجینەی پاشا بە لەناوبردنی
جوولەکەکان پێی ڕاگەیاند. ٨ وێنەیەکیشی لەو یاسا
نووسراوەی کە لە شوشانەوە بۆ لەناوبردنیان دەرکرابوو پێدا،
تا پیشانی ئەستێری بدات و پێی ڕابگەیەنێت و ڕاسپێرێت کە
بچێتە ژوورەوە بۆ لای پاشا و لەپێناوی گەلەکەیدا داوای
لێبکات و لێی بپاڕێتەوە. ٩ ئینجا هەتاخ گەڕایەوە و قسەکانی
موردەخای بە ئەستێر ڕاگەیاند. ١٠ ئەستێریش هەتاخی
ڕاسپارد بە موردەخای بڵێت کە، ١١ هەموو خزمەتکارەکانی
پاشا و هەموو گەلانی هەرێمەکانی پاشا دەزانن، کە هەر
پیاوێك یان هەر ژنێك بچێتە ژوورەوە بۆ لای پاشا بە بێ
ئەوەی بانگ بکرێت بۆ هۆڵەکەی ژوورەوە، یەك یاسای
بەسەردا دەسەپێندرێت کە ئەویش مردنە، تەنها ئەو کەسە
نەبێت کە پاشا داردەستە زێڕینەکەی خۆی بۆ درێژ دەکات و
ئەو کەسە دەژی. منیش ئەم سێ ڕۆژە بانگ نەکراوم بۆ
ئەوەی بچمە ژوورەوە بۆ لای پاشا. ١٢ کاتێك قسەکەی
ئەستێریان بە موردەخای ڕاگەیاند
١٣ موردەخای وتی: ئەم وەڵامە بە ئەستێر بدەنەوە، وامەزانە
کە تۆ لە ماڵی پاشادا بەدەر لە هەموو جوولەکەکان دەرباز
دەبی، ١٤ چونکە گەر تۆ لەم کاتەدا لاڵ بیت، ژیانەوە و
دەربازبوون بۆ جوولەکەکان لە شوێنێکی ترەوە
سەرهەڵدەدات، بەڵام خۆت و ماڵی باوکت لە ناو دەبرێن.
هەروەها کێ دەزانێت، لەوانەیە بۆ کاتێکی وەك ئەمە
گەیشتووی بە پاشایەتی؟ ١٥ ئینجا ئەستێر وتی: ئەم وەڵامە بە
موردەخای بدەنەوە، ١٦ بڕۆ هەموو جوولەکەکانی ناو شوشان
کۆبکەرەوە و لەپێناوی من ڕۆژوو بگرن و سێ شەو و سێ
ڕۆژ هیچ مەخۆن و هیچ مەخۆنەوە و خۆم و
کچەخزمەتکارەکانیشم ڕۆژوو دەگرین و بەو شێوەیە بە
پێچەوانەی یاساوە دەچمە ژوورەوە بۆ لای پاشا و گەر
تیاشچووم با تیا بچم. ١٧ ئینجا موردەخای بۆی دەرچوو و
هەموو ئەو شتانەی کرد کە ئەستێر ڕایسپاردبوو.

# ٥

١ لە ڕۆژی سێیەمدا ئەستێر جلوبەرگی شاهانەی لەبەرکرد و
لە هۆڵی ناوەوەی ماڵی پاشا بەرامبەر دیوەخانی پاشا ڕاوەستا،
پاشاش لە دیوەخانەکەدا لە بەرامبەر دەروازەکەدا لەسەر
تەختەکەی دانیشتبوو
٢ کاتێك پاشا ئەستێری بینی لە هۆڵەکەدا ڕاوەستاوە، لەبەر
چاوی دڵگیربوو و پاشا داردەستە زێڕینەکەی دەستی بۆ
ئەستێر درێژکرد و ئەستێریش چووە پێشەوە و دەستی
لەسەری دار دەستەکە دا. ٣ ئینجا پاشا پێی وت: ئەی شاژنە
ئەستێر چیتە و داواکاریت چییە؟ تا نیوەی پاشایەتییەکەش داوا
بکەیت پێت دەدرێت. ٤ ئەستێر وتی: گەر پاشا پێی خۆشە، با
ئەمڕۆ پاشا لەگەڵ هاماندا بێن بۆ خوانەکەی کە بۆم
ئامادەکردووە. ٥ پاشاش وتی: بەپەلە هامان بهێنن تا داواکەی
ئەستێر جێبەجێ بکات. ئینجا پاشا و هامان چوون بۆ ئەو
خوانەی کە ئەستێر ئامادەی کرد. ٦ جا پاشا لە کاتی مەی
خواردنەوەدا بە ئەستێری وت: پرسیارەکەت چییە و
داواکاریت چییە تا پێت بدرێت، تا نیوەی پاشایەتییەکەش داوا
بکەیت پێت دەدرێت؟ ٧ ئەستێر وەڵامی دایەوە و وتی:
پرسیارەکەم و داواکارییەکەم ئەمەیە، ٨ گەر پاشا لێم ڕازی
بێت و پێی خۆش بێت پرسیارەکەم و داواکارییەکەم بۆ
جێبەجێ بکات، با سبەینێ پاشا لەگەڵ هاماندا بێت بۆ ئەو
خوانەی کە بۆیان ئامادە دەکەم، جا وەك ئەوەی پاشا فەرمانی
پێدا دەیکەم. ٩ لەو ڕۆژەدا هامان بە شادی و دڵخۆشییەوە
چووە دەرەوە، بەڵام کاتێك هامان موردەخای لە دەروازەی
پاشادا بینی لەبەری هەڵنەستا و خۆی تێك نەدا، هامان زۆر
ڕقی لە موردەخای هەستا. ١٠ بەڵام هامان خۆی گرت و
گەڕایەوە ماڵەوە و دۆستەکانی و زەرەشی ژنی بانگ کرد.
١١ هامان گەورەیی دەوڵەمەندییەکەی و زۆری کوڕەکانی و
هەموو ئەو شتانەی کە پاشا پێی گەورە کرد بەسەر
سەرکردەکان و خزمەتکارەکانی پاشادا بۆی ژماردن.
١٢ هەروەها هامان وتی: تەنانەت شاژنە ئەستێر جگە لەمن
کەسی تری لەگەڵ پاشادا بۆ ئەو خوانە داوەت نەکرد کە
ئامادەی کرد و بۆ سبەینێ منیشی لەگەڵ پاشادا داوەت
کردووە. ١٣ بەڵام ئەمانە هەموویان هیچ بە هایەکیان لای من
نییە هەر کاتێ موردەخای جوولەکە دەبینم لە دەروازەی پاشادا
دانیشتووە. ١٤ ئینجا زەرەشی ژنی و دۆستەکانی پێیان وت: با
تەختەیەك بە بەرزی پەنجا قۆڵ دروست بکەن و بۆ بەیانی بە
پاشا بڵێ با موردەخای لەسەر هەڵواسن، پاشان بە خۆشییەوە
لەگەڵ پاشادا بچۆ بۆ خوانەکە. هامان ئەو قسەیەی پێ باش
بوو و تەختەکەی دا بەدروستکردن.

# ٦

١ لەو شەوەدا خەوی پاشا زڕاو فەرمانی کرد پەرتووکی
هەواڵی ڕۆژانی بۆ بهێنن، جا لەبەردەمیدا خوێندرایەوە و
٢ بینیدرا ئەوەی تیادا نووسراوە کە موردەخای لە بارەی
بیگسانا وتەرەشەوە ئاشکرای کردبوو، هەردوو خزمەتکارە
خەساوەکەی پاشا، کە پاسەوانی دەروازەکە بوون و ویستیان
دەستیان بۆ ئەخشوروش پاشا درێژبکەن. ٣ ئینجا پاشا وتی: چ
ڕێز و گەورەییەك بەرامبەر بەمە بۆ موردەخای کراوە؟
خزمەتکارەکانی پاشا ئەوانەی لەبەر دەستی بوون وتیان:
هیچی بۆ نەکراوە. ٤ ئینجا پاشا وتی: کێ لە هۆڵەکەدایە؟ جا
لەو کاتەدا هامان چووبووە ناو هۆڵەکەی دەرەوەی ماڵی
پاشاوە بۆ ئەوەی بە پاشا بڵێت موردەخای لەسەر ئەو تەختەیە
هەڵواسێت کە بۆی ئامادە کردبوو. ٥ ئینجا خزمەتکارەکانی
پاشا وتیان: ئەوەتا هامان لە هۆڵەکەدا ڕاوەستاوە. پاشاش
وتی: با بێتە ژوورەوە. ٦ کە هامان چووە ژوورەوە، پاشا پێی
وت: چی بۆ پیاوێك بکرێت پاشا پێی خۆش بێت ڕێزی لێ
بگرێت؟ هامان لە دڵی خۆیدا وتی: کێ لەمن زیاتر پاشا پێی
خۆشە ڕێزی لێ بگرێت؟ ٧ ئینجا هامان بە پاشای وت: بۆ ئەو
پیاوەی کە پێی خۆشە پاشا ڕێزی لێ بگرێت، ٨ با ئەو جل و
بەرگە شاهانەیەی کە پاشا لەبەری دەکات و ئەو ئەسپەی کە
پاشا سواری دەبێت لەگەڵ ئەو تاجی شاهانەیەی کە لەسەر
سەری ئەسپەکە دادەندرێت بهێنرێت. ٩ ئینجا جلوبەرگەکە و
ئەسپەکە بدرێن بە پیاوێك لە سەرکردەکانی پاشا لە میران، تا
لەبەری ئەو پیاوەی بکات کە پاشا پێی خۆشە ڕێزی لێ
بگرێت و لە مەیدانی شاردا سواری ئەسپەکەی بکەن و
لەبەردەمیەوە هاواربکەن و بڵێن: ئەو پیاوەی پاشا پێی خۆش
بێت ڕێزی لێ بگرێت ئاوای بۆ دەکرێت! ١٠ ئینجا پاشا بە
هامانی وت: پەلەکە و جلوبەرگەکە و ئەسپەکە، هەروەك وتت

ببە و هەموو ئەو شتانەی پێشنیارت کردن لەگەڵ موردەخای جوولەکەدا ئەوەی لە دەروازەی پاشادا دانیشتووە بکە و هیچیان فەرامۆش مەکە. ١١ ئینجا هامان جلوبەرگەکە و ئەسپەکەی برد و جلەکەی کردە بەر موردەخای و لە مەیدانی شاردا سواری ئەسپەکەی کرد و لەبەردەمیەوە هاواری کرد و وتی: ئەو پیاوەی پاشا پێی خۆشبێت ڕێزی لێ بگرێت ئەمەی بۆ دەکرێت. ١٢ پاشان موردەخای گەڕایەوە بۆ دەروازەی پاشا، بەڵام هامان بە شیوەن و بەسەری داپۆشراوەوە گەڕایەوە بۆ ماڵەکەی. ١٣ هامان هەموو ئەوەی لێی ڕوویدا بۆ زەرەشی ژنی و بۆ دۆستەکانی گێڕایەوەو ڕاوێژکارەکانی و زەرەشی ژنی پێیان وت: لەبەرئەوەی موردەخای بە ڕەچەڵەك جوولەکەیە ئەوەی کە خەریکە لەبەردەمی دەکەویت، ناتوانیت بە سەریدا زاڵ بیت، بەڵکو بەتەواوی لەبەردەمی دەکەویت! ١٤ لە کاتێکدا کە هێشتا قسەیان لەگەڵدا دەکرد، خزمەتکارە خەساوەکانی پاشا پەیدابوون بۆ ئەوەی بەپەلە هامان ببەن بۆ ئەو خوانەی کە ئەستێر ئامادەی کردووە.

# ٧

١ ئینجا پاشا و هامان هاتن تا لای شاژنە ئەستێر بخۆنەوە و ٢ پاشا لە ڕۆژی دووەمدا دووبارە لە ژەمی مەی خواردنەوەدا بە ئەستێری وت: پرسیارەکەت و داواکارییەکەت چییە تا بۆت جێبەجێ بکەم، تا نیوەی پاشایەتییەکەش داوا بکەیت پێت دەدرێت؟ ٣ شاژنە ئەستێر وەڵامی دایەوە و وتی: گەر پاشا لێم ڕازی بیت و پاشا پێی خۆشبێت، با ژیانم پێبدرێتەوە بە پێی پرسیارەکەم و گەلەکەم بە پێی داواکارییەکەم، ٤ چونکە خۆم و گەلەکەم بۆ لەناوبردن و کوشتن و قڕکردن فرۆشراوین و گەر ئەوان وەك کۆیلەو کەنیزە بیانفرۆشتینایە من دەنگم نەدەکرد، بەڵام ئەو زەرەرەی لە پاشا دەکەوێت دوژمنەکەمان ناتوانێت قەرەبووی بکات. ٥ ئینجا ئەخشورۆش پاشا قسەی کرد و بە شاژنە ئەستێری وت: کێیە و لەکوێیە ئەو پیاوەی کە دەوێرێت بیر لەشتی وا بکاتەوە؟ ٦ ئەستێریش وتی: ئەو دوژمن و ناحەزە ئەم هامانە خراپکارەیە! جا هامان لەبەردەم پاشا و شاژندا ترسی لێ نیشت و ٧ پاشا بە ڕقەوە دەستی لە مەی خواردنەوەکە هەڵگرت و ڕووەو باخچەکەی کۆشك ڕۆیشت و هامانیش ڕاوەستا و بۆ گیانی خۆی لە شاژنە ئەستێر پاڕایەوە، چونکە بینی کە لەلایەن پاشاوە بەڵای بەسەردا دەهێندرێت. ٨ لەو کاتەدا کە پاشا لە باخچەی کۆشکەوە بۆ شوێنی مەی خواردنەوەکە گەڕایەوە، هامان خۆی بەسەر ئەو تەختەدا دابوو کە ئەستێر لەسەری بوو، پاشا وتی: ئایا تەنانەت لەگەڵ شاژنیشدا کە لەگەڵمدایە لە ماڵەکەدا لاساری دەکات؟ جا هەر کە وشەکە لە دەمی پاشاوە دەرچوو، دەموچاوی هامانیان داپۆشی. ٩ ئینجا حەربونا، یەکێك لە خزمەتکارە خەساوەکان ئەوانەی خزمەتی پاشایان دەکرد وتی: ئەوەتا ئەو تەختەیەی کە هامان بۆ هەڵواسینی ئەو موردەخایە ئامادەی کردووە کە بە مەبەستی چاکەی پاشا قسەی کرد، تەختەکە لەماڵی هامان داندراوە و بەرزییەکەی پەنجا قۆلە. ئینجا پاشا وتی: لە سەری هەڵیواسن! ١٠ بەو شێوەیە هامانیان لە سەر ئەو تەختەیە هەڵواسی کە بۆ موردەخای ئامادەکردبوو. پاشان تووڕەیی پاشا هێمن بووەوە.

# ٨

١ لەو ڕۆژەدا ئەخشورۆش پاشا ماڵی هامانی دوژمنی جوولەکەکانی بە شاژن ئەستێر دا و موردەخای هاتە بەردەم پاشا، چونکە ئەستێر پێی وتبوو کە ئەو چیی دەبێت. ٢ ئینجا پاشا ئەو ئەنگوستیلەیەی لە هامانی سەندەوە لە دەستی خۆی داکەند و دای بە موردەخای و ئەستێریش موردەخای بەسەر ماڵی هامانەوە دانا. ٣ پاشان ئەستێر گەڕایەوە و لەبەردەم پاشادا قسەی کرد و کەوت بەسەر قاچەکانی دا و گریا و لێی پاڕایەوە کە خراپەی هامانی ئەگاگی و پیلانەکەی بسڕێتەوە کە دژی جوولەکەکان نەخشەی بۆ کێشابوو. ٤ ئینجا پاشا داردەستە زێڕینەکەی بۆ ئەستێر درێژکرد و ئەستێر هەستا و لەبەردەم پاشادا ڕاوەستا و ٥ وتی: گەر پاشا پێی خۆشبێت و خاتری منی بوێت و منی بە دڵ بێت و کارەکەی پێ باش بێت، با بنووسێت بۆ گێڕانەوەی ئەو نامە پیلانگێڕیانەی هامانی کوڕی هەمەداسای ئەگاگی، کە بۆ لەناوبردنی ئەو جوولەکانەی لەناو هەموو هەرێمەکانی پاشادا نووسینی، ٦ چونکە من چۆن دەتوانم تەماشای ئەو خراپەیە بکەم کە تووشی گەلەکەم دەبێت و چۆن دەتوانم تەماشای لەناوچوونی ڕەگەزەکەم بکەم؟ ٧ پاشان ئەخشورۆش پاشا بە شاژنە ئەستێر و موردەخای جوولەکەی وت: ئەوەتا ماڵی هامانم بە ئەستێر داوە، هامانیش لەبەرئەوەی دەستی بۆ جوولەکەکان درێژکرد، لە سەر تەختەکە هەڵیانواسی. ٨ ئێوەش ئەوەی پێتان باشە بە ناوی پاشاوە بۆ جوولەکەکانی بنووسن و بە ئەنگوستیلەکەی پاشا مۆری بکەن، چونکە ئەو نووسینەی بە ناوی پاشاوە دەنووسرێت و بە ئەنگوستیلەکەی مۆربکرێت ناگێڕدرێتەوە. ٩ ئینجا لەو کاتەدا لە مانگی سێدا واتە لە بیست و سێی مانگی سیواندا، نووسەرەکانی پاشا بانگکران و هەموو ئەو شتانەی کە موردەخای فەرمانی پێ کردن بۆ جوولەکەکان و میرزاکان و فەرمانڕەواکان و سەرکردەکانی هەرێمەکان نووسین، کە لە هیندستانەوە تا کۆش درێژدەبوونەوە و ژمارەیان سەدو بیست و حەوت هەرێم بوو، بۆ هەر هەرێمێك بە زمان و ڕێنووسی خۆیی و بۆ جوولەکەکانیش بە زمان و ڕێنووسی خۆیان. ١٠ ئەو نامانە بە ناوی ئەخشورۆش پاشاوە نووسراون و بە ئەنگوستیلەکەی مۆرکران و بە دەستی ئەسپ سوارە پەیامبەرەکان، بە سواری ئەسپەکانی پاشا ئەوانەی لە ئەسپی ڕەسەنەوە بەدەست هاتبوون نێردران. ١١ تیایاندا پاشا مافی ئەوەی بە جوولەکەکان دابوو کە بۆ بەرگری کردن لە خۆیان کۆببنەوە و هێزی هەموو گەلێك و هەرێمێك کە دژایەتییان دەکەن بە ژن و منداڵیانەوە لەناوببەن و بیانکوژن و قڕیان بکەن و ماڵیان تاڵان بکەن. ١٢ ئەوەش لەیەك ڕۆژدا، لە سیانزەی مانگی دوانزە واتە لە مانگی ئازاردا، لەناو هەموو هەرێمەکانی ئەخشورۆش پاشادا. ١٣ هەروەها وێنەی نووسراوەکە وەك یاسا داڕێژرابوو و بەسەر هەموو هەرێمەکاندا دابەشکرا و لەناو هەموو گەلەکاندا بڵاوکرایەوە، بۆ ئەوەی جوولەکەکان خۆیان بۆ ئەم ڕۆژە ئامادەبکەن و تۆڵە لە دوژمنەکانیان بکەنەوە

١٤ ئینجا ئەسپ سوارە پەیامبەرەکان بە سواری ئەسپە شاهانەکانەوە بۆی دەرچوون و فەرمانەکەی پاشاش پاڵی پێوەدەنان پەلەی لێ دەکردن، لە قەڵای شوشانیشدا یاساکە دەرچوو. ١٥ ئینجا موردەخای بە بەرگی شاهانەی مۆر و سپییەوە لەبەردەم پاشاوە هاتە دەرەوە و تاجێکی گەورەی زێڕین لەسەر ناوچەوانی بوو و عەبایەکی باینجانی لە کشمیر دروستکراویشی لەسەر شان بوو و شادی و خۆشیش شاری شوشانی گرتەوە. ١٦ بۆ جوولەکەکانیش ڕووناکی و خۆشی و

شادی و ڕێز بوو. ١٧ جا هەر هەرێم و شارێ کە فەرمانەکەی
پاشاو یاساکەیان پێ دەگەیشت، دەبوو بە شادی و خۆشی بۆ
جوولەکەکان و خوان ئامادەکردن و ڕۆژی خۆشی، زۆریش
لە گەلانی خاکەکە لەبەرئەوەی ترسی جوولەکەکان نیشتبووە
سەریان بوون بە جوولەکە.

## ٩

١ جا لە ڕۆژی سیانزەی مانگی دوانزەدا واتە لە مانگی
ئازاردا، کاتێ فەرمانی پاشا و یاساکەی نزیك ببووەوە لە
جێبەجێکردن، لەو ڕۆژەدا کە دوژمنەکانی جوولەکەکان
چاوەڕوان بوون تیایدا بەسەریاندا زاڵبن، دۆخەکە لە دژیان
سوڕایەوە بە شێوەیەك کە جوولەکەکان بەسەر ناحەزەکانیاندا
زاڵ بوون
٢ جوولەکەکان لەناو شارەکانیاندا لە ناو هەموو هەرێمەکانی
ئەخشورۆش پاشادا کۆبوونەوە، بۆ ئەوەی دەست درێژ بکەنە
سەر ئەوانەی داواکاری خراپە بوون بۆیان، بەڵام کەس
لەبەردەمیاندا خۆی ڕانەگرت چونکە ترسیان بەسەر هەموو
گەلەکان نیشتبوو
٣ هەموو سەرکردەکانی هەرێمەکان و میرزاکان و
فەرمانڕەواکان و لێپرسراوەکانی پاشاش یارمەتی
جوولەکەکانیان دا، چونکە ترسی موردەخای نیشتبوو لە
سەریان. ٤ لەبەرئەوەی موردەخای لە ماڵی پاشادا گەورەبوو
و ناوبانگی لە ناو هەموو هەرێمەکاندا بڵاوبووبووەوە، چونکە
ئەو پیاوە، موردەخای گەورەیی زیاتر دەبوو. ٥ جا
جوولەکەکان لە هەموو دوژمنەکانیان دا، لێدانی شمشێر و
کوشتن و لەناوبردن، ئەوەی ویستیان بە ناحەزەکانیان کرد.
٦ جوولەکەکان لە قەڵای شوشان پێنج سەد پیاویان کوشت و
لەناویان بردن. ٧ هەروەها فەرشەنداسا و دەلفون و ئەسفاتا و
٨ فوراسا و ئەدەلیا و ئەریداساو
٩ فەرمەشتا و ئەریسای و ئەریدا و یەزاتا ١٠ کە دە کوڕەکەی
هامانی کوڕی هەمەداسای دوژمنی جوولەکەکان بوون
کوشت، بەڵام دەستیان بۆ تاڵانی درێژ نەکرد. ١١ لەو ڕۆژەدا
ژمارەی کوژراوەکان لە قەڵای شوشاندا هێنرایە بەردەستی
پاشا. ١٢ جا پاشا بە شاژنە ئەستێری وت: جوولەکەکان لە
قەڵای شوشاندا پێنج سەد پیاویان لەگەڵ دە کوڕەکەی هاماندا
کوشتووە و لەناوبردووە و دەبێ لە هەرێمەکانی تری پاشادا
چییان کردبێت؟ ئێستاش پرسیارەکەت چییە تا پێت بدرێت و
داوای چی تریش دەکەیت تا بۆت جێبەجێبکرێت؟
١٣ ئەستێریش وتی: گەر پاشا پێی خۆش بێت با سبەینێش
بدرێت بە جوولەکەکان تا لە قەڵای شوشاندا ئەوە بکەن کە
ئەمڕۆ کردیان و هەر دە کوڕەکەی هامان بە دارەوە هەڵواسن.
١٤ جا پاشا فەرمانی دا ئەوە بکەن و یاسا لە شوشاندا دراو دە
کوڕەکەی هامان هەڵواسران.
١٥ پاشان جوولەکەکانی ناو شوشان لە ڕۆژی چواردەی
مانگی ئازاردا دووبارە کۆبوونەوە و لە شوشاندا سێ سەد
پیاویان کوشت، بەڵام دەستیان بۆ تاڵانی درێژ نەکرد.
١٦ هەروەها جوولەکەکانی تریش ئەوانەی لە هەرێمەکانی
پاشادا بوون، کۆبوونەوە و بۆ بەرگری کردن لە خۆیان و
رزگاربوونیان لە دوژمنەکانیان حەفتاو پێنج هەزاریان لە
ناحەزەکانیان کوشت، بەڵام دەستیان بۆ تاڵانی درێژ نەکرد.
١٧ ئەمە لە ڕۆژی سیانزەی مانگی ئازاردا ڕوویدا و لە ڕۆژی
چواردەی مانگدا پشوویان داو کردیان بە ئاهەنگ گێڕان و
خۆشی. ١٨ هەروەها جوولەکەکانی ناو شوشان لە سیانزە و
چواردەی مانگدا کۆبوونەوە و لە پانزەدا پشوویان دا و
کردیان بە ڕۆژی ئاهەنگ گێڕان و خۆشی. ١٩ لەبەرئەوە ئەو
جوولەکانەی لە شارە بێ شوراکاندا دەژین ڕۆژی چواردەی
مانگی ئازاریان کردووە بە شادی و ئاهەنگ گێڕان و ڕۆژی
خۆشی و پێشکەش کردنی دیاری بە یەکتری. ٢٠ ئینجا
موردەخای ئەم شتانەی نووسییەوە و ناردی بۆ هەمو
جوولەکەکانی ناو هەموو هەرێمەکانی ئەخشورۆش پاشا، جا
چ نزیك و چ دوور. ٢١ داوای لێکردن کە هەموو ساڵێك
ڕۆژی چواردە و پانزەی مانگی ئازار یادبکەنەوە. ٢٢ بەپێی
ئەو ڕۆژانەی کە جوولەکەکان تیایاندا دوژمنەکانیان
لەکۆڵبوونەوە و ئەو مانگەی کە لەلایان لە ناخۆشییەوە بۆ بوو
بە خۆشی و لە شیوەن گێڕانەوە بۆ بوو بە ئاهەنگ گێڕان، بۆ
ئەوەی بیانکەن بە ڕۆژی ئاهەنگ گێڕان و خۆشی و بەخشینی
خواردن بە یەکتری و پێشکەشکردنی دیاری بە هەژاران.
٢٣ جا جوولەکەکان قبوڵیان کرد و دەستیان پێکرد بەوەی
موردەخای بۆی نووسیبوون. ٢٤ چونکە هامانی کوڕی
هەمەداسای ئەگاگی دوژمنی هەموو جوولەکەکان پیلانی گێڕا
دژی جوولەکەکان، تا لەناویان ببات، پوری فڕێدا واتە
تیروپشك تا قڕیان بکات و لەناویان ببات. ٢٥ بەڵام لە کاتی
چوونە ژوورەوەی ئەستێر بۆ بەردەم پاشا، پاشا بە
نووسراوێك فەرمانی کرد، ئەو پیلانە خراپەی کە هامان دژی
جوولەکەکان دایڕشتبوو بگێڕدرێتەوە بۆ سەر سەری خۆی و
کوڕەکانی لەسەر دار هەڵواسرێن
٢٦ لەبەرئەوە ئەو ڕۆژانە ناونران پوریم لەسەر ناوی پور.
بۆیە لەبەر هەموو وشەکانی ئەم نامەیە و ئەوەی بینیان و
بەسەریان هات. ٢٧ کردیان بە ئەرك و قبوڵیان کرد لەسەر
خۆیان و نەوەکانیان و ئەوانەشی دەچنە پاڵیان، تا لە یاد
نەکرێن، هەمیشە لەو دوو ڕۆژەدا بە پێی ئەوەی کە نووسراوە
و لە کاتی خۆیاندا هەموو ساڵێك ئاهەنگ بگێڕن. ٢٨ هەروەها
ئەم ڕۆژانە یاد بکرێنەوە لە هەموو نەوەیەك و لەناو هەموو
هۆزێك و هەموو هەرێمێك و هەموو شارێکدا ئاهەنگیان بۆ
سازبکرێت و ڕۆژانی پوریم هەرگیز لەناو جوولەکەکان
لەبیرنەکرێن و ناشبێت لەلایەن نەوەکانیانەوە لەیادبکرێن.
٢٩ ئینجا شاژنە ئەستێری کچی ئەبیخائیل و موردەخای
جوولەکە بەهەموو دەسەڵاتێکەوە نامەیەکی تریان نووسی تا
ئەم نامەیەی دووەم سەبارەت بە پوریم بچەسپێنن. ٣٠ نامەکان
لەگەڵ وشەی ئاشتی و ڕاستیدا بۆ هەموو جوولەکەکانی ناو
سەدو بیست و حەوت هەرێمەکەی پاشایەتی ئەخشورۆش
نێردران. ٣١ تا ڕۆژانی پوریم ببێت بە ئەرك بەسەریاندا کە لە
کاتی خۆیاندا هەروەك موردەخای جوولەکە و شاژنە ئەستێر
کردیان بە ئەرك بە سەریاندا و هەروەك خۆیان کاروباری
ڕۆژووگرتن و شیوەن گێڕانیان کردبوو بە ئەرك بەسەر
خۆیان و نەوەکانیاندا. ٣٢ بەو شێوەیە ئەستێر بڕیاریدا و
کاروباری ئەم پوریمە سەپێندرا و لە پەرتووکدا نووسرانەوە.

## ١٠

١ ئینجا ئەخشورۆش پاشا سەرانەی بەسەر زەوییەکە و
دوورگەکانی دەریادا سەپاند و ٢ هەموو کاری دەسەڵاتەکەی و
تواناکەی و بڵاو بوونەوەی گەورەیی موردەخای ئەوەی کە
پاشا بەرزی کرد، ئایا لە پەرتووکی هەواڵی ڕۆژانی پاشاکانی
مادی و فارسدا نەنووسراون؟ ٣ لەبەرئەوەی موردەخای
جوولەکە لەدوای پاشاوە بە پلەی دووەم دەهات و لە نێو
جوولەکەکاندا گەورەبوو و لەلایەن زۆرینەی براکانییەوە
پەسەند بوو و داوای چاکەی بۆ گەلەکەی دەکرد و بە ئاشتی
دەدوا بۆ هەموو ڕەگەزەکەی .

# ئەیوب

## ١

١ پیاوێك هەبوو لە خاکی عووس ناوی ئەیوب بوو، ئەم پیاوە
تەواو و ڕاسـت بوو، لە خودا دەترسـا و لە خراپە لایدەدا .
٢ حەوت کوڕ و سێ کچی بۆ لەدایك بوو ٣ مەڕ و ماڵاتەکەشی،
حەوت هەزار مەڕ و سێ هەزار وشتر و پێنج سەد جووت
مانگا و پێنج سەد ماکەر بوو، خزمەتکارەکانیشی زۆر زۆر
بوون، جا ئەم پیاوە لە هەموو خەڵکی ڕۆژهەڵات مەزنتر بوو
٤ کوڕەکانیشـی دەچوون و بە نۆرە هەر جارەی لە ماڵی
یەکێکیان خوانیان سـازدەکرد، ئینجا دەیاننارد و بانگی سـێ
خوشـکەکەیان دەکرد تا لەگەڵیان بخۆن و بخۆنەوە. ٥ کاتێ کە
ڕۆژانی خوان سازکردنەکە دەسووڕایەوە، ئەیوب دەینارد و
پاکوپیرۆزی دەکردن و بۆ ڕۆژی پاشتر بەیانی زوو هەڵدەستا
و بە پێی ژمارەیان قوربانی سـووتاندنی پێشـکەش دەکرد،
چونکە ئەیوب دەیوت، ڕەنگە کوڕەکانم گوناهەیان کردبێت و
لە دڵیاندا نەفرەتیان لە خودا کردبێت، ئەیوب هەموو ڕۆژان
وای دەکرد.
٦ ئەوە بوو ڕۆژێکیـان ڕۆڵەکـانی[أ] خودا هـاتن تـا لەبەردەم
خوداوەند بوەستن، شـەیتانیش لەگەڵیاندا هات. ٧ جا خوداوەند
بە شـەیتانی فەرموو: (لە کوێوە هاتیت؟) شـەیتانیش وەڵامی
خـوداوەنـدی دایەوە و وتـی: (لە گەڕان لە زەویـدا و لە
هاتوچۆکردن تیایدا.) ٨ خوداوەندیش بە شەیتانی فەرموو: (خۆ
چـاوت نەبڕییە ئەیوبی خزمەتکـارم؟ چونکە کەس نییە لە
زەویدا وەك ئەو، پیاوێکی تەواو و ڕاست، لە خودا دەترسێت
و لە خراپە لادەدات.) ٩ شـەیتانیش وەڵامی خوداوەندی دایەوە
و وتی: (ئایا ئەیوب بە خۆڕایی لە خودا دەترسـێت؟ ١٠ ئایا
لەبەر ئەوە نییە کە تۆ لە دەوری خۆی و ماڵەکەی و هەرچی
هەیەتی لە هەموو لایەکەوە پەرژینت لێداوە؟ کرداری دەستیت
پیرۆز کردووە، جا مەڕو ماڵاتی بەناو زەویدا بڵاوبووەتەوە،
١١ بەڵام ئێستا دەست درێژ بکە و لەهەموو ئەوەی هەیەتی بدە،
بزانە چۆن بەرەوڕووت نەفرەتت لێ دەکات.) ١٢ جا خوداوەند
بە شـەیتانی فەرموو: (ئەوەتا هەرچی هەیەتی لە دەسـتتدایە،
بەڵام دەست بۆ خۆی مەبە.) ئینجا شەیتان لەبەردەم خوداوەند
دەرچوو.
١٣ ئەوە بوو ڕۆژێکیان کوڕ و کچەکانی دەیان خوارد و مەییان
دەخواردەوە لە ماڵی برا گەورەکەیان. ١٤ جا نێردراوێك هات
بۆ لای ئەیوب و وتی: (مـانگـاکـان جووتیـان دەکرد و
ماکەرەکانیش بە لایانەوە دەلەوەڕین، ١٥ جا سـەبئییەکان دایان
بەسـەریاندا و بردیانن و خزمەتکارەکانیان دایە بە شـمشـێر،
تەنها من دەرباز بووم تا هەواڵت بدەمێ.) ١٦ هێشتا ئەم قسەی
دەکرد، یەکێکی تر هات و وتی:
(ئاگری خودا لە ئاسـمانەوە هاتە خوارەوە و مەڕەکان و
خزمەتکارەکانی سـووتاند و تەنها من دەربازبووم تا هەواڵت
بدەمێ.)
١٧ هێشتا ئەم قسەی دەکرد، یەکێکی تر هات و وتی:
( کلدانییەکان بە سـێ کۆمەڵەوە پەلاماری وشـترەکانیان دا و
بردیانن و خزمەتکارەکانیان دایە بە شمشێر، تەنها من دەرباز
بووم تا هەواڵت بدەمێ.
١٨ هێشتا ئەم قسەی دەکرد، یەکێکی تر هات و وتی:
(کوڕ و کچەکـانـت لە مـاڵی برا گەورەکەیـان دەیـانخوارد و
مەییان دەخواردەوە،
١٩ لەناکاو بایەکی بەهێز لە چۆڵەوانییەوە هات و لەهەر چوار
گۆشـەی ماڵەکەی دا و کەوت بەسـەر خزمەتکارەکاندا و
مردن، تەنها من دەربازبووم تا هەواڵت بدەمێ.
٢٠ جا ئەیوب هەستا و جلەکەی دادڕی و سەری خۆی ڕنییەوە
و کەوت بەسەر زەویدا و کڕنۆشی برد و ٢١ وتی: (بەڕووتی
لە سکی دایکمەوە دەرچووم و بە ڕووتیش دەگەڕێمەوە ئەوێ.
خوداوەند دای و خوداوەند بردی، با ناوی خوداوەند پیرۆز
بێت.)
٢٢ لە هەموو ئەمەدا ئەیوب گوناهەی نەکرد و خودای خەتابار
نەکرد.

## ٢

١ ئەوە بوو ڕۆژێکیـان ڕۆڵەکـانی خودا هـاتن تـا لەبەردەم
خوداوەند بوەسـتن، شـەیتانیش لەگەڵیاندا هات. ٢ جا خوداوەند
بە شـەیتانی فەرموو: (لە کوێوە هاتیت؟) شـەیتانیش وەڵامی
خـوداوەنـدی دایەوە و وتـی: (لە گەڕان لە زەویـدا و لە
هاتوچۆکردن تیایدا.) ٣ جا خوداوەند بە شـەیتانی وت: (خۆ
چـاوت نەبڕییە ئەیوبی خزمەتکـارم؟ چونکە کەس نییە لە
زەویدا وەك ئەو، پیاوێکی تەواو و ڕاست، لە خودا دەترسێت
و لە خراپە لادەدات. تا ئێستاش ئەو دەستی بە تەواوی خۆیەوە
گرتووە، لە کاتێکدا هانت دام تا بە خۆڕایی لووشـی بدەم.)
٤ شـەیتانیش وەڵامی خوداوەندی دایەوە و وتی: (پێسـت بە
پێسـت، مرۆڤ هەرچی هەیبێت لە پێناوی خۆی دەیدات.
٥ بەڵام ئێستا دەست درێژبکە و لە ئێسك و گۆشتی خۆی بدە،
بزانە چۆن بەرەوڕووت نەفرەتت لێ دەکات.) ٦ خوداوەندیش
بە شـەیتانی فەرموو: (ئەوەتا لەناو دەسـتتە، بەڵام گیانی
بپارێزە.) ٧ جا شەیتان لەبەردەم خوداوەند دەرچوو و بە برینی
پیس لە ئەیوبی دا، لە بنی پێیەوە تا تەپڵی سـەری. ٨ ئەویش
چیلکەیەکی بەدەسـتەوە گرت بۆ خۆ خوراندن و لەناو
خۆڵەمێش دانیشـتبوو. ٩ جا ژنەکەی پێی وت: (تا ئێسـتاش
دەسـتت بە تەواویەکەتەوە گرتووە، نەفرەت لە خودا بکە و
بمرە.) ١٠ ئەویش پێی وت: (وەك نەزانێك قسـە دەکەیت، ئایا
چـاکە لە خودا قبوڵ بکەین، بەڵام خراپە قبوڵ نەکەین؟) لە
هەمو ئەمەدا ئەیوب بە لێوەکانی گوناهەی نەکرد.
١١ سێ برادەرەکەی ئەیوب هەموو ئەو خراپەیەیان بیست کە
بەسەری هاتووە، جا هەریەکە لە جێی خۆیەوە هات، ئەلیفازی
تیمانی و بەلدەدی شـوحی و سـۆفەری نەعماتی، ڕێککەوتن
لەسـەر ئەوەی بێن و دڵنەوایی بکەن و دڵی بدەنەوە. ١٢ جا لە
دوورەوە چاویان هەڵبڕی، بەڵام نەیان ناسـییەوە، بۆیە دەنگی
بەرزکردەوە و گریـان و هەریەکە جلەکەی خۆی دادڕی و

[أ] مەبەست لە فریشتەکانە کە لە خزمەت خودان.

بەرەو ئاسمان خۆڵیان بەسەر خۆیاندا کرد. ١٣ لەسەر زەوی
لەگەڵی دانیشتن، حەوت ڕۆژ و حەوت شەو، کەسیش بە
وشەیەك نەی دواند، چونکە بینیان خەمۆکییەکەی لە
ڕادەبەدەرە.

# ٣

١ دوای ئەمە ئەیوب دەمی کردەوە و نەفرەتی لە ڕۆژی خۆی
کرد.
٢ جا ئەیوب دەستی بە قسە کرد و وتی:
٣) لەناوبچێت ئەو ڕۆژەی تیایدا لە دایك بووم، ئەو شەوەش
کە وترا کوڕێك لەدایك بوو.
٤ با ئەو ڕۆژە تاریك بێت، نە خودا لەسەرەوە بایەخی پێ
بدات و نە ڕۆژی بەسەردا هەڵبێت.
٥ با تاریکی و سێبەری مەرگ داوای بکەنەوە. با هەور
دایبگرێت با ئەوەی ڕۆژ ڕەش دەکات بیتۆقێنێت.
٦ ئەو شەوە، با شەوەزەنگ بیگرێت لە ناو ڕۆژانی ساڵ
دڵخۆش نەبێت نەیەتە ناو ژمارەی مانگەکان.
٧ ئەوەتا ئەو شەوە با نەزۆك بێت، هاواری خۆشی تیادا
نەبێت.
٨ بەر نەفرەتی ئەوانە بکەوێت کە نەفرەت لە دەریا دەکەن،
ئەوانەی ئامادەن لیڤیاتان بە ئاگابهێنن.
٩ با ئەستێرەکانی تاریکوروونی تاریك دابێن، چاوەڕوانی
ڕووناکی بێت و نەیەت، با تریسکاییەکانی بەرەبەیان نەبینێت.
١٠ چونکە دەرگاکانی سکی لەسەر من دانەخست و
مەرگەسەری لە چاوەکانم نەشاردەوە.
١١ بۆ لە زاماڵەوە نەمردم، کە لە سك دەرچووم، بۆ ڕۆحم
بەدەستەوە نەدا؟
١٢ بۆچی ئەژنۆکان هەڵیانگرتم، بۆ مەمك بۆ هەبوو هەتا
شیربدرێم.
١٣ چونکە ئێستا ڕاکشابووم و بێ دەنگ بووم، ئەوکاتە بە
ئاسودەیی دەخەوتم،
١٤ لەگەڵ پاشایان و ڕاوێژکارانی زەوی، ئەوانەی
کەلاوەکانیان بۆ خۆیان بنیادنایەوە،
١٥ یان لەگەڵ میران کە زێڕیان هەیە، ئەوانەی ماڵەکانیان لە
زیو پڕکردووە،
١٦ یان وەك لەبارچوویەکی ژێر خاك کراو، جا نەدەبووم،
وەك ئەو مەلۆتکانەی ڕووناکییان نەبینیوە.
١٧ لەوێ خراپەکاران لە ئاژاوەنانەوە دەوەستن لەوێ ماندووان
پشوو دەدەن،
١٨ دیلەکان تێکڕا ئاسوودە دەبن، گوێیان لە دەنگی سەرکاری
بێگار نابێت،
١٩ بچووك وەك گەورە وایە لەوێ، کۆیلەش ئازادە لە
گەورەکەی.
٢٠ بۆ بە چەقاوەسوو ڕووناکی دەدرێت و ژیانیش بەوەی
تاڵاوی تیادایە.
٢١ ئەوانەی چاوەڕوانی مردن دەکەن و نییە لە گەنجینە زیاتر
بە دوایدا هەڵدەکۆڵن.
٢٢ دڵخۆشن تا ئەوپەڕی شادومانی دڵشادن کە قەبرێك
دەبیننەوە.
٢٣ بۆ پیاوێك کە ڕێگای شاردراوەتەوە خوداش بەچواردەوریدا
پەرژینی لێداوە.
٢٤ چونکە ئاخ هەڵکێشانم بۆتە نانی ڕۆژانە، هەنسکیشم وەك
ئاو دەڕژێت.
٢٥ چونکە بە توقان توقیم و بۆم هات، ئەوەی لێی دەترسام
بەسەرمدا هات.
٢٦ ئاسوودە نەبووم و بێ دەنگ نەبووم پشووم نەدا و ئاژاوە
هات.

# ٤

١ جا ئەلیفازی تیمانی وەڵامی دایەوە و وتی:
٢ (گەر یەکێك قسەیەك بکات دڵگران دەبیت؟ بەڵام کێ
دەتوانێت لە قسەکردن ڕاوەستێت؟
٣ ئەوەتا تۆ زۆر کەست ڕێنماکردووە و
دەستە شل بووەکانت توونید کردووە.
٤ قسەکانت ساتمەکردوویان هەستاندووەتەوە و ئەژنۆ
لەرزۆکەکانی چەسپاندووە.
٥ بەڵام ئێستا کە بەسەر خۆت هاتووە، بێزاربوویت، کە لە
خۆت کەوت توقیت.
٦ ئایا لە خواترسیت متمانەت نەبوو، تەواوی ڕێگات هیوات
نەبوو؟
٧ تکایە بە بیری خۆتی بهێنەوە، کێ بێتاوان بووە و فەوتاوە،
لە کوێ ڕاستەکان لە ناوچوون؟
٨ وەك بینیووتە، ئەوانەی خراپە دەکێڵن و مەرگەسەری
دەچێنن، خۆیان دروێنەی دەکەن.
٩ بە هەناسەی خودا لەناودەچن و بە بای تووڕەییەکەی نامێنن.
١٠ مڕەی شێر و دەنگی نەڕە و کەڵبەی بەچکە شێرەکان
تێکشکێندران.
١١ شێر دەفەوتێت لەبەر نەبوونی نێچیر و بەچکەی شێرەکان
پەرتوبڵاو بوون.
١٢ وشەیەك بۆلای من دزەی کرد گوێم چرپەیەکی لێ
وەرگرت.
١٣ لە قوڵاییەکانی خەونەکانی شەودا کە سڕبوون بەسەر
خەوتووەکان دەکەوێت.
١٤ ترس و توقینێك گرتمی و هەموو ئێسقانەکانم لەرزین.
١٥ ڕۆحێك بەسەر ڕوومدا تێپەڕی و مووەکانی لەشم
مووچڕکەیان پێدا هات.
١٦ ڕاوەستا بەڵام ڕوخساریم نەزانی، شێوەیەك لەبەرچاوم بوو
چرپەیەك و دەنگێکم بیست،
١٧ ئایا مرۆڤ لە خودا ڕاستودروستترە، یان پیاو لە
بەدیهێنەرەکەی بێگەردتر دەبێت؟
١٨ ئەوەتا متمانە بە خزمەتکارەکانی ناکات و گێلێتی دەخاتە
پاڵ فریشتەکانی.
١٩ ئەی چەند کەمتر دانیشتووانی خانووی قوڕ ئەوانەی
بنەچەیان لە خۆڵە و مۆرانە پان دەکرێنەوە.
٢٠ لەنێوان بەیانی و ئێوارەدا تێکدەشکێندرێن، بێ ئەوەی کەس
ئاگای لێیان بێت تا هەتایە لەناودەچن.
٢١ ئایا گوریسەکانیان هەڵنەکێشراوە جا بەبێ دانایی دەمرن؟

# ٥

١ ئێستا بانگ بکە، ئایا هەیە وەڵامت بداتەوە؟ یان ڕوو لە کام
لە پاکوپیرۆزان دەکەیت؟
٢ چونکە قین گێل دەکوژێت و ئیرەییش ساویلکە دەمرێنێت.

٣ من گێلم بینی ڕەگی داکوتا، بەڵام لەناکاو ماڵەکەیم بەنەفرەت
کرد:
٤ با کوڕانی دووربن لە ڕزگاری لە دەروازەدا تێکبشکێندرێن
و کەس فریایان نەکەوێت
٥ ئەوەی برسی دروێنەی دەخوات، تەنانەت ئەوەی ناو دڕکیش
دەبات، تینووش سامانیان هەڵدەقوڕێنێت.
٦ چونکە بەڵا لەناو خۆڵەوە دەرناچێت و چەرمەسەریش لە
زەوییەوە نارووێت.
٧ بەڵام مرۆڤ بۆ چەرمەسەری لەدایك دەبێت، وەك چۆن
باڵندە بەرەوژوور دەفڕن.
٨ بەڵام من لە خودام داوادەکرد و کێشەی خۆم دەدەمە دەست
خودا.
٩ ئەوەی کارە مەزنەکانی کردووە کە ناپشکێنرێن و کارە
سەرسوڕهێنەرەکان کە لە ژماردن نایەن.
١٠ ئەوەی باران بەسەر ڕووی زەویدا دەبارێنێت و ئاو بۆ
سەر ڕووی دەشتودەر دەنێرێت.
١١ ئەوەی بێفیزەکان دەخاتە بەرزایی، جا غەمبارەکان
بەرزدەبنەوە بۆ دڵنیایی.
١٢ ئەوەی بیروڕاکانی تەڵەکەبازان پوچەڵدەکاتەوە، جا
دەستەکانیان ئەوەی مەبەستە ئەنجامی نادەن.
١٣ ئەوەی دانایان بە داوی زۆرزانی خۆیانەوە دەکات جا
ڕاوێژی فێڵبازان پەلەی لێ دەکرێت.
١٤ لە ڕۆژدا لە تاریکی دەکەون لە نیوەڕۆشدا دەست بە
دیوارەوە دەگرن وەك لە شەو.
١٥ ئەوەی بەستەزمان لە شمشێر و لە دەمیان و لە دەستی
بەهێز ڕزگار دەکات.
١٦ جا زەلیل هیوای دەبێت و دەمی ئەوانەی ناڕەوان
دادەخرێت.
١٧ ئەوەتا خۆزگە بەو پیاوەی خودا تەمبێی دەکات. جا تەمبێی
تواناداری ڕەت مەکەرەوە.
١٨ چونکە ئەو بریندار دەکات و برینیش دەپێچێتەوە وردوخاش
دەکات و دەستەکانی چارەدەکەن.
١٩ لە شەش تەنگانە ڕزگارت دەکات و لە حەوتەمیش خراپە
لێت ناکەوێت.
٢٠ لە برسێتیدا لە مردن دەتکڕێتەوە و لەجەنگیشدا لە دەمی
شمشێر.
٢١ لە قامچی زمان دەشاردرێیتەوە، جا لە وێرانی ناترسیت کە
دێت.
٢٢ بە وێرانی و برسێتی پێدەکەنیت و لە گیانلەبەرەکانی زەوی
ناترسیت.
٢٣ چونکە لەگەڵ بەردەکانی دەشتودەر پەیمانت دەبێت و
گیانلەبەرەکانی دەشتودەر ئاشتیت لەگەڵ دەبەستن.
٢٤ جا دەزانیت کە ڕەشماڵەکەت سەلامەتە و ماڵەکەت
بەسەردەکەیتەوە و هیچت ون نەبووە.
٢٥ جا دەزانیت کە نەوەت زۆرە و وەچەت وەك گیای زەوییە.
٢٦ لە پیریدا دەچیتە ناو گۆڕەوە وەك هەڵگرتنی کۆڵێك لەکاتی
خۆیدا.
٢٧ ئەوەتا ئێمە لەمە وردبووینەوە و وایە، جا تۆش گوێ بگرە
و بۆ خۆت بزانە.)

# ٦

١ ئەیوبیش وەڵامی دایەوە و وتی:
٢ (خۆزگە بێزارییەکەم بە کێشان دەکێشرا و هەموو
دەردوبەڵاکەم دەخرایە تای تەرازووەوە،
٣ چونکە ئێستا لە لمی دەریا قورسترە، لەبەر ئەوە قسەکەم بە
سەرەڕۆییە.
٤ چونکە تیرەکانی توانادار لەمندایە و ڕۆحم لە ژاراوەکەی
دەخواتەوە. بەڵاکانی خودا دژ بە من ڕیزیان بەستووە.
٥ ئایا کەرەکێوی دەزەڕێنێت کە گیای هەبێت، یان گا
دەباڕێنێت لەسەر ئالیکەکەی.
٦ ئایا خواردنێکی بێتام بەبێ خوێ دەخورێت، یان سپێنەی
هێلکە تامی هەیە.
٧ نامەوێت دەستیان لێبدەم ئەوانە وەك نانی کاتی نەخۆشین بۆ
من.
٨ خۆزگە داواکارییەکەم دەهاتەدی و ئەوەی چاوەڕێم دەکرد
خودا پێی دەدام،
٩ کە خودا ڕازی بێت وردوخاشم بکات و دەستی لێم بکاتەوە
تا پارچەپارچەم بکات.
١٠ تا ئێستاش دڵنەوایم و خۆشحاڵیم لە ئازارێکی بێ بەزەیی
ئەوەیە کە نکۆڵیم لە وشەکانی پاکوپیرۆز نەکردووەتەوە.
١١ هێزی من چییە تا چاوەڕوان بم و کۆتایم چییە تا دان بەخۆم
بگرم.
١٢ ئایا هێزم هێزی بەردە؟ یان گۆشتم مسە؟
١٣ نەخێر، بەڵکو لە توانامدا نییە و یارمەتیش لێم ڕایکردووە.
١٤ مافی ئەوەی بێ هیوایە، لەسەر برادەرەکەیەتی کە دڵسۆزی
بێت ئەگەر وازی لە ترسی تواناداریش هێنابێت!
١٥ بەڵام براکانم وەك جۆگەی ئاو پشتیان لێکردم، وەك جۆگەی
ناو دۆڵەکان تێدەپەڕن.
١٦ لێڵن لەبەر شەختە بەفر تیایاندا دەتوێتەوە،
١٧ کاتێ کە دەڕۆن کۆتاییان پێ دێت کە گەرما داهات لە
شوێنی خۆیان وشك دەبنەوە.
١٨ کاروانەکان ڕێگایان بادەدەنەوە دەچنە ناو چۆڵەوانی و
لەناودەچن.
١٩ کاروانەکانی تیما سەیریان دەکەن کەژاوەکانی شەبا
چاوەڕێی بوون.
٢٠ شەرمەزاربوون لەوەی متمانەیان پێیکردبوو بۆ لای هاتن
ڕسوابوون.
٢١ ئێستا ئێوەش وەك ئەوتان لێهاتووە، لێدانێکتان بینی و
ترسان.
٢٢ ئایا وتم شتێکم بدەنێ، یان لە سامانی خۆتان بەرتیلم بۆ
بدەن؟
٢٣ یان لە دەست دوژمن دەربازم بکەن، یان لە دەست زۆردار
بمکڕنەوە؟
٢٤ فێرم بکەن، من بێدەنگ دەبم تێمبگەیەنن لە چ شتێك گومڕا
بووم!
٢٥ قسەی ڕاست چەند ڕەقە، بەڵام سەرزەنشتی ئێوە بۆ من
چی دەسەلمێنێت؟
٢٦ ئایا سەرزەنشت بە قسەکردن دادەنێن بەڵام قسەکانی
نائومێد بایە؟
٢٧ بەڵکو ئێوە هەتیو دەفرۆشن و چاڵ بۆ برادەری خۆتان
هەڵدەکەنن.
٢٨ ئێستا باش تێم بڕوانن، چونکە من لە ڕووی ئێوە درۆ ناکەم.
٢٩ تکایە پاشگەزبنەوە! با زوڵم نەبێت، پاشگەزبنەوە! هێشتا
ڕاستودروستم.
٣٠ ئایا زوڵم لەسەر زاری منە، یان مەڵاشوم بۆگەنی
جیاناکاتەوە؟

# ٧

١ ئایا مرۆڤ لەسەر زەوی ڕەنجکێشانی نییە، ڕۆژانیشی وەك
ڕۆژانی کرێگرتەیەك نییە؟
٢ وەك چۆن خزمەتکار تامەزرۆی سێبەرە و کرێگرتە
چاوەڕێی کرێکەیەتی،
٣ ئاواش مانگەکانی بێ ئومێدی بۆم بووە بە میرات و شەوانی
چەرمەسەری بووە بە بەشم.
٤ کە ڕابکشێم، دەڵێم کەی بێت هەستم، شەو درێژە دەکێشیت و
تا بەیانی دڵەڕاوکێ دەمگرێت.
٥ گۆشتم کرمی لەبەرکردووە لەگەڵ قەتماغەی خۆڵ،
پێستم شەقاربووە و کێمی کردووە.
٦ ڕۆژگارم لە تەون خێراترە و بێ هیوا کۆتای دێت.
٧ بەخەیاڵمدا دێت کە ژیانم بایە و ئیتر چاوەکانم خۆشی نابینن.
٨ چاوەکانی تەماشاکارم نامبینن، چاوەکانت لەمنە، بەڵام من
نەماوم.
٩ هەور پەرت دەبێت و نامێنێت، بە هەمان شێوەیە ئەوەی
دادەبەزێتە ناو دونیای مردووان سەرناکەوێتەوە.
١٠ ئیتر ناگەڕێتەوە ماڵەکەی خۆی و ئیتر نازانرێت شوێنی
لەکوێیە.
١١ هەروەها منیش دەمم ناگرم، لە تەنگی ڕۆحمەوە قسەدەکەم،
سکاڵای تاڵی گیانم دەکەم.
١٢ ئایا من دەریام یان ئەژدیهام تا پاسەوانێکت لەسەر دانام؟
١٣ گەر بڵێم نوێنەکەم دڵنەوایم دەکات، شوێنی ڕاکشانم
دڵتەنگییەکەم دادەماڵێت.
١٤ بە خەونەکان دەمترسێنیت و بە بینینەکان دەمتۆقێنیت.
١٥ بۆیە گیانم خنکان هەڵدەبژێرێت، مردن نەك ئەم ئازارە.
١٦ تووامەوە، بۆ هەتاهەتایە ناژیم، وازم لێبهێنە، چونکە
ڕۆژگارم هیچە.
١٧ مرۆڤ چییە تا بایەخی پێبدەیت و تا مێشکت بخەیتە سەر
ئەو.
١٨ هەموو بەیانییەك بەسەریکەیتەوە و هەموو چرکەیەك
تاقییکەیتەوە.
١٩ تا کەی ڕووت لێم وەرناگێڕیت و مۆڵەتم نادەیت تا تفم
قوتبدەم.
٢٠ ئەگەر گوناهم کردووە، چیم بەرامبەر تۆ کردووە ئەی
چاودێری مرۆڤ؟ بۆچی منت کردووە بە نیشانی خۆت،
تا ببم بە بار بەسەر تۆوە؟
٢١ ئەی بۆ لە یاخی بوونم خۆش نابیت و تاوانم ناسڕیتەوە،
چونکە ئێستا لەناو خۆڵ ڕادەکشێم و داوام دەکەیت، بەڵام
نەماوم.)

# ٨

١ جا بەلدەدی شوحی وەڵامیدایەوە و وتی:
٢ (تا کەی ئەمە دەڵێیت و قسەکانی دەمت ڕەشەبایە؟
٣ ئایا خودا دادوەری خواردەکاتەوە؟ یان تواندار
ڕاستودروستی خواردەکاتەوە؟
٤ ئەگەر کوڕەکانت گوناهەیان بەرامبەری کردبێت، ئەوا
ئەوانی داوەتە دەست یاخیبوونەکەیان.
٥ بەڵام گەر تۆ بەیانیان زوو ڕوو لە خودا بکەیت و لە تواندار
بپاڕێیتەوە،
٦ ئەگەر تۆ بێگەرد و ڕاست بیت، ئەوا هەر ئێستا ئاوڕت
لێدەداتەوە و ماڵەکەی خۆت بۆ دەگێڕێتەوە وەك پاداشت.
٧ ئەگەر سەرەتات کەم بێت، ئەوا کۆتایت زۆر زیاد دەبێت.
٨ چونکە پرسیار لە نەوەکانی پێشوو بکە و دڵنیابە لە
لێکۆڵینەوەکانی باوکانیان؟
٩ چونکە ئێمە منداڵی دوێنێین و نازانین، چونکە ڕۆژگارمان
لەسەر زەوی سێبەرە.
١٠ ئای فێرت ناکەن؟ بێگومان پێت دەڵێن و لە دڵیانەوە قسە
دەردەهێنن،
١١ ئایا بەبێ زۆنگاو زەل گەورە دەبێت، یان بەبێ ئاو قامیش
دەڕوێت؟ ١٢ بەڵکو هێشتا لە تەڕێتیی پێش ئەوەی ببڕێت، پێش
هەموو گیایەك وشك دەبێت.
١٣ ئاوایە ڕێگاکانی هەموو ئەوانەی خودایان لەبیرکردووە و
هیوای گەندەڵ لەناو دەچێت.
١٤ ئەوی پشتی پێ بەستوو دەبڕێتەوە و ماڵی جاڵجاڵۆکەیە
پاڵپشتی.
١٥ خۆی بە ماڵەکەیەوە ڕادەگرێت و ماڵەکەی خۆی ڕاناگرێت،
دەستی پێوەدەگرێت و بەپێوە ناوەستێت.
١٦ تەڕە لەبەردەم خۆر و بەناو باخچەکەیدا چڵی تازە
دەردەکات.
١٧ ڕەگ بەدەوری کۆمەڵە بەرددا دەئاڵێنێت و بە تاشە
بەردەکانەوە توند خۆیان دەگرن.
١٨ بەڵام کە لە شوێنی خۆی هەڵکەنرا، کەس نازانێت لە کوێ
ڕوابوو.
١٩ ئەمە خۆشی ڕێگاکەیەتی لە خۆڵەوە یەکێکی تر
سەر هەڵدەدات.
٢٠ ئەوەتا خودا ئەو کەسە ڕەت ناکاتەوە کە تەواوە و دەستی
خراپەکاران ناگرێت.
٢١ کاتێ دەمت پڕ لە پێکەنین دەکات و لێوەکانت پڕ لە هوتاف،
٢٢ ناحەزانت شەرمەزاری لەبەردەکەن و چادری
خراپەکارانیش نامێنێت.)

# ٩

١ ئەیوبیش وەڵامیدایەوە و وتی:
٢ (ڕاستە، زانیومە کە وایە جا چۆن مرۆڤ لەلای خودا
ڕاستودروست دەبێت؟
٣ گەر بیەوێت مشتومڕی لەگەڵ بکات، ناتوانێت وەڵامی یەك
لە هەزار بداتەوە.
٤ دڵی دانایە و زۆر بەهێزە، کێ لەگەڵی ڕەق بووە و سەلامەت
بووە؟
٥ هەژێنەری چیاکانە و بێ ئەوەی بزانن ئەوەی لە کاتی
تووڕەییدا سەرەوژێریان دەکات.
٦ زەوی لەجێی خۆی جێلەق دەکات، جا کۆڵەکەکانی دەخاتە
بومەلەرزە.
٧ فەرمان بە خۆر دەکات، جا هەڵنایەت، مۆر لە ئەستێرەکان
دەدات.
٨ خۆی بە تەنها ئاسمانەکانی لێککردووەتەوە بەسەر
شەپۆلەکانی دەریادا ڕۆیشتووە.
٩ دروستکەری ورچی گەورە و ڕاوچی و حەوتەوانە و
ئەستێرەی باشوور.
١٠ کاری مەزنی وای کردووە لەسەرووی بیرکردنەوەن و
ئەوەندە کاری سەرسوڕهێنەرە لە ژماردن نایەن.
١١ ئەوەتا بەسەرمدا دەڕوات و نایبینم، تێدەپەڕێت و هەستی
پێناکەم!

١٢ ئەوەتا دەڕفێنێت کێ دەیگێڕێتەوە کێ پێی دەڵێت، ئەوە چی دەکەیت؟
١٣ خودایە تووڕەیی ناگەڕێتەوە یارمەتیدەرانی ڕەهەب[ب] لەژێریدا دەچەمێنەوە.
١٤ ئیتر من چۆن وەڵامی بدەمەوە و چۆن وشەکانم لەگەڵیدا هەڵبژێرم؟
١٥ چونکە گەر ڕاستودروستیش بم، وەڵام نادەمەوە، بەڵکو داوای بەزەیی لە دادوەرم دەکەم.
١٦ گەر بانگ بکەم و وەڵامم بداتەوە، باوەڕناکەم کە گوێی لەدەنگم بووە.
١٧ ئەو کەسەی بە ڕەشەبا پانم دەکاتەوە و بەبێ هۆ برینەکانم زۆر دەکات.
١٨ ناهێڵێت هەناسەم بدەم، بەڵام لە تاڵی تێرم دەکات.
١٩ ئەگەر تاقیکردنەوەی هێز بێت، ئەو بەهێزترینە!
ئەگەر کێشەی دادگا بێت، کێ کاتم بۆ تەرخان دەکات؟
٢٠ گەر بێتاوان بم دەمم تاوانبارم دەکات تەواویش بم، دەیسەلمێنێت خواروخێچم.
٢١ من تەواوم، بەخۆم نازانم ژیانم لەبەرچاوم کەوتووە.
٢٢ هەر یەکە، بۆیە وتم، تەواو و بەدکار ئەو کۆتاییان پێ دێنێت.
٢٣ گەر قامچی لەناکاو بکوژێت، گاڵتە بە تاقیکردنەوەی بێتاوانان دەکات.
٢٤ زەوی دراوەتە دەست بەدکارەوە، ڕووی دادوەرەکانی دادەپۆشێت، ئەگەر ئەو نەبێت، ئەی کێیە؟
٢٥ ڕۆژگارم لە ڕاکەر خێراترە،
هەڵدێت و خۆشی نابینێت.
٢٦ لەگەڵ کەشتییە زەل تێدەپەڕێت، وەك داڵێك بنیشێتە سەر نێچیرەکەی.
٢٧ گەر بڵێم، غەمباریەکەم لەبیرخۆم دەبەمەوە و واز لە ڕووی تاڵم دەهێنم و زەردەخەنەی دەخەمە سەر.
٢٨ لە هەموو ئازارەکانم دەترسم، دەزانم کە بێتاوانم ناکەیت.
٢٩ من تاوانبار دەکرێم ئیتر بۆ بە خۆڕایی خۆم ماندووکەم.
٣٠ گەر لەناو بەفر خۆم بشۆم و دەستەکانم بە سابون پاکبکەمەوە.
٣١ لەناو ڕیخ نووقمم دەکەیت وام لێ دەکەیت ڕقم لە جلەکانم بێتەوە.
٣٢ چونکە ئەو مرۆڤ نییە وەك من تا وەڵامی بدەمەوە و پێکەوە بێینە دادگا.
٣٣ ناوبژیوان نییە لەنێوانمان دەستی بخاتە سەر هەردووکمان.
٣٤ تا داردەستەکەیم لەسەر هەڵگرێت و ترسەکەی نەمتۆقێنێت.
٣٥ کە قسەم دەکەم و لێی ناترسم، چونکە لەلای خۆم ئاوا نیم.
کە ئەو لێم تێگەیشتووە.

# ١٠

١ ناخم قێزی لە ژیانم دەبێتەوە، جڵەوی سکاڵای خۆم بەردەدەم، لە تاڵی گیانمەوە قسەدەکەم.
٢ بە خودا دەڵێم: تاوانبارم مەکە! تێمبگەیەنە بۆچی مشتومڕم لەگەڵ دەکەیت.
٣ ئایا بەلاتەوە باشە زوڵم بکەیت، ئەوەی بەدەستی خۆت دروستت کرد، زەلیلی بکەیت؟ بەسەر ڕاوێژی بەدکاران بدرەوشێیتەوە؟
٤ ئایا چاوی ئادەمیزادت هەیە، یان وەك تەماشاکردنی مرۆڤ تەماشادەکەیت؟
٥ ئایا ڕۆژگارت وەك ڕۆژگاری مرۆڤە، یان ساڵانت وەك ڕۆژگاری پاڵەوانە؟
٦ تا بەدوای تاوانم بەگەڕێیت و چاو بۆ گوناهەم بگێڕیت.
٧ تۆ دەزانیت کە من یاخی نیم و کەسیش نییە لەدەستی تۆ فریامکەوێت.
٨ دەستەکانی تۆ منیان پێکهانی و دروستیان کردم ئایا دەست دەگێڕیتەوە سەرم، ئایا قووتم دەدەیت؟
٩ تکایە لە بیرت بێت کە وەك قوڕ منت دروست کرد و ئایا بۆ خۆڵ دەمگەڕێنیتەوە؟
١٠ ئایا وەك شیر منت تێنەکرد و وەك پەنیر منت نەمەیاند؟
١١ بە پێست و گۆشت منت پۆشی و بە ئێسك و دەمار منت چنی.
١٢ ژیان و پەیمانی خۆشەویستیت پێم بەخشی، بەسەرکردنەوەت بۆ من ڕۆحی پاراستم.
١٣ بەڵام ئەمەت لە دڵی خۆتدا شاردەوە، من زانیم کە ئەمەت لە لایە.
١٤ ئەگەر گوناهە بکەم، چاوت لێمە و لە تاوانەکەم بێبەریم ناکەیت.
١٥ ئەگەر خراپە بکەم، قوڕبەسەرم! ئەگەر ڕاستودروستیش بم سەر بەرز ناکەمەوە. من تێرم لە شەرمەزاری و زەلیلی خۆم بینی.
١٦ ئەگەر بەرز بووەوە وەك شێر ڕاوم بکەیت؟ دەگەڕێیتەوە و سامی خۆتم بەسەردا دەردەخەیت.
١٧ شایەتەکانت دژم نوێ دەکەیتەوە و تووڕەیی خۆت لە من زیاد دەکەیت و بەنۆرە سوپا لە سەرمە.
١٨ ئیتر بۆچی لە زاماڵەوە دەرتهێنام؟ دەفەوتام و هیچ چاوێکیش نەیدەبینیم.
١٩ وەك ئەوەی نەبووبم، وا دەبووم، لە زاماڵەوە بۆ گۆڕ دەبرام.
٢٠ ئایا ڕۆژگارم کەم نییە؟ بەرمبدە! وازم لێ بهێنە! با تاوێ زەردەخەنە بێتە سەر لێوم،
٢١ پێش ئەوەی بڕۆم و ئیتر نەیەمەوە،
بۆ خاکی تاریکی و سێبەری مەرگ.
٢٢ خاکی تاریکی، وەك تاریکە شەو، سێبەری مەرگ و ناڕێکی، خۆرهەڵهاتنیشی وەك تاریکە شەوە.)

# ١١

١ سۆفەری نەعماتیش وەڵامیدایەوە و وتی:
٢ (ئایا زۆر وتن بێ وەڵام دەبێت، یان پیاوی زۆربڵێ ڕاست دەبێت؟
٣ ئایا قسە پووچەکانت خەڵکی بێ دەنگ دەکات، یان گاڵتە دەکەیت و کەس نییە ڕسوات بکات؟
٤ کە دەڵێیت باوەڕم بێگەردە و من لەچاوەکانتدا پاکم.
٥ بەڵام خۆزگە خودا دەدوا و لێوەکانی لێت دەکردەوە و
٦ نهێنییەکانی دانایی بۆت ئاشکرا دەکرد، کە دووقاتی تێگەیشتنە، جا دەتزانی کە خودا لە تاوانەکەی خۆت کەمتر سزای داویت.
٧ ئایا بە قوڵای خودا دەگەیت، یان بە کۆتایی توانادار دەگەیت؟
٨ ئەو لە ئاسمانەکان بەرزترە، ئیتر چی دەکەیت، لە دونیای مردووان قوڵترە، ئیتر چی دەزانیت؟
٩ درێژییەکەی لە زەوی درێژترە و لە دەریا پانترە.

[ب] هێمایە بۆ میسر

١٠ گەر دڕبدا یان دابخات یان کۆ بکاتەوە، کێ ڕێی لێ دەگرێت؟
١١ چونکە ئەو دەزانێت خراپەکاران کێن و خراپەکاری دەبینێت، ئایا ئاگای لێنابێت؟
١٢ بەڵام پیاو پووچە و تێنەگەیشتووە و مرۆڤ وەك جاشکی کەرەکێوی لەدایك دەبێت.
١٣ ئەگەر تۆ دڵی خۆت ئامادەبکەیت و دەستتی خۆتی بۆ بەرز بکەیتەوە،
١٤ ئەگەر ئەو خراپەیەی لە دەستتدایە دووری بخەیتەوە و ستەم لەناو چادرەکەت نیشتەجێ نەبێت.
١٥ ئەوسا بێ کەموکوڕی ڕووت بەرزدەکەیتەوە و چەسپاو دەبیت و ناترسیت.
١٦ چونکە چەرمەسەری لەبیر دەکەیت و وەك ئاوێك تێپەڕبوو بێت یادی دەکەیتەوە.
١٧ ژیانت لە نیوەڕۆ ڕۆشنتر دەبێت و تاریکی بۆ بەرەبەیان دەگۆڕێت.
١٨ دڵنیا دەبیت چونکە هیوا هەیە، دەست لە دەوروبەرەکەت دەدەیت و بە ئاسوودەییەوە ڕادەکشێیت.
١٩ خۆت مات دەکەیت و کەس نییە هەراسانت بکات و زۆر کەس لە ڕووی تۆ دەپاڕێنەوە.
٢٠ بەڵام چاوی بەدکاران دەفەوتێت و پەناگا لەوان تێك دەچێت و هیوایان گیان بەدەستەوەدان دەبێت.)

# ١٢

١ ئەیوبیش وەڵامیدایەوە و وتی:
٢ (ڕاستە ئێوە گەلێکن، بە مردنتان دانایش دەمرێت،
٣ بەڵام منیش وەك ئێوە تێگەیشتنم هەیە، من لە ئێوە کەمتر نیم، لەلای کێ ئەمە نییە؟
٤ بووم بە گاڵتەجاڕی هاوڕێکەم، (لە خودا پاڕایەوە و ئەویش وەڵامیدایەوە (.ڕاستودروستی تەواو مایەی گاڵتەجاڕییە.
٥ لە بیری مرۆڤی ئاسوودە ڕووخان سووکایەتی تیادایە ئامادەکراوە بۆ ئەوانەی پێیان هەڵخلیسکاوە.
٦ چادری تێکدەران ئارامە و ئاسوودەیش بۆ ئەوانەی خودا تووڕەدەکەن، بۆ ئەوەی بە دەستی خۆی خودا دەهێنێت.
٧ بەڵام ئێستا پرسیار لە ئاژەڵەکان بکە و فێرت دەکەن باڵندەکانی ئاسمانیش پێت ڕادەگەیەنن.
٨ یان لەگەڵ زەوی بدوێ و فێرت دەکات ماسی دەریاش باسی دەکات بۆت.
٩ کێ لە هەموو ئەمانە نازانێت کە دەستی خودا ئەمەی کردووە؟
١٠ ئەوەی گیانی هەموو زیندوویەك و ڕۆحی هەموو مرۆڤێکی لەناو دەستیدایە.
١١ ئایا گوێ قسەکان تاقی ناکاتەوە و مەڵاشوو تامی خواردن ناکات؟
١٢ لە ڕیش سپێتی دانایی و لە تەمەن درێژیش تێگەیشتن.
١٣ دانایی و پاڵەوانێتی لەلای ئەوە، ڕاوێژ و تێگەیشتن هی ئەون.
١٤ ئەوەتا دەڕوخێنێت و بنیادنانرێتەوە، بەسەر مرۆڤدا دادەخات و ئیتر ناکرێتەوە.
١٥ ڕێ لە ئاو دەگرێت، وشك دەبێت، بەرەڵای دەکات زەوی سەرەوژێر دەکات.
١٦ هێز و زۆرزانی لەلای ئەوە چەواشەکار و چەواشەبوو هی ئەون.
١٧ ڕاوێژکاران بە پێ خاوسی دەبات دادوەران تووشی شێتی دەکات.
١٨ پشتێنی پاشایان دەکاتەوە و ناوقەدیان بە پەڕۆ دەبەستێتەوە.
١٩ کاهینەکان بە پێ خاوسی دەبات و چەسپاوەکان سەرەوژێر دەکات.
٢٠ قسەکردن قەدەغە دەکات لە ڕاستگۆیان تامکردن لە پیران دەسێنێتەوە.
٢١ سووکایەتی بەسەر پایەداران دەبارێنێت و پشتێنی بەهێزان شل دەکاتەوە.
٢٢ قووڵاییەکان لە تاریکی ئاشکرا دەکات و سێبەری مەرگ بۆ ڕووناکی دەردەخات.
٢٣ میللەتان زیاد دەکات و لەناویان دەبات میللەتان بەرفراوان دەکات و پێیان چۆڵدەکات.
٢٤ مێشك لە سەرکردەکانی گەلی زەوی دەسێنێتەوە و لە چۆڵەوانییەکی بێ ڕێگا وێڵیان دەکات.
٢٥ لە تاریکیدا پەل دەهاوێژن و ڕووناکی نییە، وەك سەرخۆش وێڵیان دەکات.

# ١٣

١ ئەوەتا چاوەکانم هەموو ئەمانەی بینیوە، گوێیەکانم بیستوویانن و تێیان گەیشتووم.
٢ وەك زانینی ئێوە منیش زانیوومە. لە ئێوە کەمتر نیم.
٣ بەڵام من لەگەڵ تواناداردا قسەدەکەم و دەمەوێت لەلای خودا دادگایی بکرێم.
٤ بەڵام ئێوە درۆ هەڵبەستن، هەمووتان پزیشکی بێ کەڵکن.
٥ خۆزگە بەتەواوی بێدەنگ دەبوون، ئەوە بۆتان دەبوو بە دانایی.
٦ ئێستا گوێ لە بەهانەم بگرن و بۆ شکاتەکانی لێوەکانم گوێ شلکەن.
٧ ئایا لەبەر خودا زوڵم دەڵێن و بۆ ئەو بە ناڕەوا قسەدەکەن؟
٨ ئایا لایەنگیری دەکەن، یان بۆ خودا مشتومڕ دەکەن؟
٩ ئایا باشترە کە تاقیتان بکاتەوە، یان وەك گێل کردنی مرۆڤ گێلی دەکەن؟
١٠ بێ گومان سەرزەنشتتان دەکات ئەگەر لەبنەوە لایەنگیری بکەن.
١١ جا ئایا شکۆمەندییەکەی ناتانترسێنێت و ترسی ئەو بەسەرتاندا ناکەوێت؟
١٢ دانایی پێشینانتان وەك خۆڵەمێشە و بەرگرییەکانتان بەرگری قوڕە.
١٣ لێم بێدەنگ بن، من قسەدەکەم و ئەوەی بەسەرم دێت با بێت!
١٤ بۆچی گۆشتی خۆم بە ددانی خۆم ببەم و گیانم بخەمە سەر دەستم.
١٥ ئەوەتا دەمکوژێت و هێشتا پشت بەو دەبەستم، تەنها مشتومڕ لەسەر هەڵسوکەوتم دەکەم لەبەردەمی.
١٦ هەروەها ئەمە بۆ ڕزگاریمە، کە گەندەڵ نایەتە بەردەمی.
١٧ بەتەواوی گوێ لە قسەکانم بگرن و ئەوەی ڕایدەگەیەنم با لە گوێتان بێت.
١٨ ئەوەتا من بە باشی شکایەتی خۆم خستووەتە ڕوو، دەزانم بێتاوان دەبم،
١٩ کێیە ئەوەی مشتومڕم لەگەڵ دەکات، تا هەر ئێستا بێدەنگبم و ڕۆح بەدەستەوە بدەم.
٢٠ تەنها دوو شتم پێ مەکە، ئەوسا لەبەردەمت ون نابم.
٢١ دەستت لێم دووربخەوە و با سامی تۆ نەمترسێنێت.

٢٢ ئینجا بانگ بکە و من وەڵام دەدەمەوە، یان من قسەدەکەم و
تۆ وەڵامم بدەوە.
٢٣ چەند تاوان و گوناهەم هەیە؟ یاخی بوون و گوناهەکەی
خۆمم پێبناسێنە.
٢٤ بۆچی ڕووی خۆت دەشاریتەوە و بە دوژمنی خۆت
دامدەنێیت؟
٢٥ ئایا گەڵایەکی هەڵکرد و دەترسێنیت و ڕاوی پووشێکی
وشك دەنێیت؟
٢٦ چونکە شتی تاڵت دژم نووسیوە و تاوانەکانی کاتی
لاویەتیت کردووە بە میراتم.
٢٧ جا پێیەکانمت خستووەتە ناو کۆتەوە و چاوت بڕیوەتە
هەموو ڕێڕەوەکانم و شوێن پێیەکانم هەڵدەکۆڵیت.
٢٨ منیش وەك کلۆربوویەك لەناو دەچم، وەك جلێك کە مۆرانە
لێیدابێت.

# ١٤

١ مرۆڤی لەدایك بوو لە ژن ڕۆژگاری کەمە و تێرخواردوو
لە تەنگوچەڵەمەیە.
٢ وەك گوڵ دەردەکەوێت و سیس دەبێت وەك سێبەر دەڕوات
و ناوەستێت،
٣ جا لەسەر شتێکی وەك ئەمە چاو زەق کردووە و منت لەگەڵ
خۆتدا بۆ دادگایی هێناوە.
٤ کێ شتی پاك لە شتی گڵاو دەردەهێنێت؟ کەس!
٥ جا گەر ڕۆژانی دیاریکراوبێت و ژمارەی مانگەکانی لای
تۆ بێت و کاتێکت بۆی دیاریکردبێت کە لێی تێنەپەڕێت،
٦ ئێتر لێیگەڕێ با پشوو بدات، تا وەك کرێگرتەیەك
دڵخۆشبێت بە تەواوبوونی ڕۆژەکەی.
٧ چونکە دار هیوایەکی هەیە، کە بڕایەوە وازی لێ بهێنرێت
و
کۆتایی بە لقوپۆپەکانی نەهێنرێت.
٨ ئەگەر ڕەگەکەی لەناو زەویدا کۆنیش بێت قەدەکەی لەناو
خۆڵدا بمرێت،
٩ لە بۆنی ئاو چەکەرە دەکات و وەك ڕووەکێکی ڕواو لق
دەردەکات.
١٠ بەڵام پیاو دەمرێت و لەناودەچێت مرۆڤ ڕۆح بەدەستەوە
دەدات و ئێتر کوا؟
١١ ئاوەکان لەناو دەریاچە نامێنن ڕووبار چۆڵ و وشك دەبن،
١٢ مرۆڤیش ڕادەکشێت و هەڵناستێتەوە، هەڵناستن تا
ئاسمانەکان نامێنێت و لەخەوەکەیان بەئاگا نایەن.
١٣ خۆزگە لەناو دونیای مردووان لەچاو ونت دەکردم
دەتشاردمەوە تا تووڕەییەکەت بەسەردەچوو و کاتێکت بۆ
دیاری دەکردم و بەبیرت دەهاتمەوە.
١٤ ئەگەر پیاوێك بمرێت، ئایا زیندوو دەبێتەوە؟ هەموو
ڕۆژانی تێکۆشانم ئارام دەگرم تا جێگرم دێت.
١٥ بانگ دەکەیت من وەڵامت دەدەمەوە، بۆ دەستکردی دەستت
تامەزرۆ دەبیت.
١٦ چونکە ئێستا هەنگاوەکانم دەژمێریت، بەڵام گوناهەکەم
لەلای خۆت هەڵناگریت.
١٧ یاخی بوونەکەم گرێی لێدراوە لەناو بوخچەیەك، تاوانەکەم
دەشاریتەوە.
١٨ چیای کەوتوو پارچەپارچە دەبێت و تاشەبەرد لەجێی خۆی
دەلەقێت.
١٩ ئاو بەرد دەسوی و لافاو خۆڵی زەوی ڕادەماڵێت، هیوای
مرۆڤیش تۆ لەناوی دەبەیت.
٢٠ بۆ هەتاهەتایە بەسەریدا زاڵدەبیت و دەڕوات، ڕووی
دەگۆڕیت و دەریدەکەیت.
٢١ کوڕەکانی ڕێزیان لێدەگیرێت، پێی نازانێت، گەر لە
پلەوپایەشیان نزم بکرێنەوە، ئاگای لێ نییە.
٢٢ بەڵام بۆ خۆی گۆشتی بە ئازار دێت و گیانی بۆ خۆی
شیوەن دەگێڕێت.)

# ١٥

١ ئەلیفازی تیمانیش وەڵامی دایەوە و وتی:
٢ (ئایا مرۆڤی دانا بە نەزانی وەڵامدەداتەوە و مێشکی بە شتی
هیچوپووچ پڕدەکات؟
٣ ئایا بە قسەی بێسوود بەڵگە دێنێتەوە و بەو لێدوانانەی
قازانجی لێ ناکات؟
٤ بەڵام تۆ ترس پێشێل دەکەیت و نوێژکردن لەبەردەم
ڕادەگریت.
٥ چونکە دەمت تاوانەکەت پەخش دەکات و زمانی زۆرزانان
هەڵدەبژێریت.
٦ زمانی خۆت تاوانبارت دەکات، نەك من، لێوەکانت دژت
شایەتی دەدەن.
٧ ئایا تۆ یەکەم مرۆڤ بووی لەدایکبووی؟ یان لە پێش
گردەکان دەستت پێکرا؟
٨ ئایا لە ئەنجومەنی خودا گوێت گرتبوو؟ ئایا دانایی بە باڵای
خۆتدا بڕاندووەتەوە؟
٩ چی دەزانیت کە ئێمە نەیزانین، چی تێدەگەیت کە لەلای ئێمە
نەبێت؟
١٠ پیرو ڕیش سپی وامان لەناوە تەمەنی لە باوکت گەورەترە.
١١ ئایا دڵنەواییەکانی خودا و بەنەرمی قسەکردن لەگەڵت
کەمە؟
١٢ بۆچی دڵت دەتبات و بۆچی چاوەکانت دەبریسکێنەوە؟
١٣ تا ڕۆحت دژ بە خودا وەرگێڕیت و قسەی وا لە دەمت
بهێنیتەدەرەوە؟!
١٤ مرۆڤ کێیە تا بێگەرد بێت و لەدایکبوو لە ژن کێیە تا
ڕاستودروست بێت؟
١٥ ئەوەتا متمانە بە پاکوپیرۆزەکانی خۆی ناکات وئاسمانەکان
لەبەرچاوی بێگەرد نین.
١٦ ئێتر مرۆڤ کە ناڕەوایی وەك ئاو دەخواتەوە دەبێت چەند
قێزەوەن و بۆگەن بێت؟
١٧ من پێت دەڵێم گوێم لێ بگرە، باسی ئەوە دەکەم کە بینیم،
١٨ ئەوەی دانایان لە باووباپیرانیانەوە پێیان ڕاگەیەندراوە و
ئەوانیش نەیانشاردۆتەوە.
١٩ ئەوانەی خاکەکە تەنها بەوان دراوە و هیچ نامۆیەك
بەناویاندا تێنەپەڕیوە.
٢٠ بەدکار هەموو ڕۆژانی دەتلێتەوە و ژمارەی ساڵانیش لە
ستەمکار شاردراونەتەوە.
٢١ دەنگێکی ترسناك لە گوێیەکانیەتی و لە ساتی ئاشتیدا تێکدەر
بۆی دێت.
٢٢ لەوباوەڕەدا نییە لە تاریکی دەگەڕێتەوە چاوەڕوانی
شمشێرە.
٢٣ ئەو وێڵی دوای نانە، لە کوێیە؟ دەزانێت کە ڕۆژی تاریکی
ئامادەیە لەناو دەستی.
٢٤ تەنگانە و ئازار دەیتۆقێنن و بەسەریدا زاڵن وەك پاشایەکی
ئامادە بۆ پەلاماردان.
٢٥ چونکە دەستی بۆ خودا درێژ کرد و دژ بەتوانادار
پاڵەوانیەتی نواند.

٢٦ بە کەڵە ڕەقییەوە بەرەو ئەو ڕایکرد بە قەڵغانە ئەستوور و بەهێزەکەیەوە.
٢٧ چونکە دەموو چاوی بە چەوری داپۆشی و ناوقەدی خۆی بە پیو قەڵەو کرد.
٢٨ جا لە شاری کاول بوو نیشتەجێ دەبێت، لەو ماڵانەی کەسی تیادا ناژیت و خەریکە ببن بە کەلاوە.
٢٩ نە دەوڵەمەند دەبێت و نە سامانەکەی جێگیر دەبێت، ئەوی هەیەتی لەناو زەویدا بەرفراوان نابێت.
٣٠ تاریکی لێ نابڕێتەوە ئاگر پۆپەکانی وشك دەکات و بە فوویەکی دەمی نامێنێت.
٣١ جێی باوەڕ نابێت بە درۆ وێڵ دەبێت چونکە درۆ دەبێت بە کرێکەی.
٣٢ پێش ڕۆژی خۆی نامێنێت و گەڵاکەی سەوز نابێت.
٣٣ وەك ترێ بەرسیلەکانی دەکەوێت و وەك زەیتون گوڵەکەی هەڵدەوەرێت.
٣٤ چونکە کۆمەڵی گەندەڵان چۆلوهۆڵە ئاگریش ڕەشماڵی بەرتیل دەسوتێنێت.
٣٥ چەرمەسەری سکی پڕبوو خراپەی بوو سکیشی فێڵی پێکهێنا.)

# ١٦

١ ئەیوبیش وەڵامیدایەوە و وتی:
٢ (زۆرم لەمانە گوێ لێ بووە، هەمووتان دڵنەوایکاری ماندووکارن.
٣ ئایا قسەی پووچ کۆتایی هەیە؟ یان چی دەتوروژێنێت تا وەڵام بدەیتەوە؟
٤ منیش وەك ئێوە قسەم دەکرد گەر ئێوە لە جێی من بوونایە قسەم بۆ دەگێڕانەوە و سەرم لەئاستتان دەلەقاند.
٥ بەڵکو بە دەمم هانمدەدان و جووڵەی لێوەکانم ڕایدەگرتن.
٦ گەر قسەبکەم خەمۆکییەکەم ڕاناوەستێت، گەر بێدەنگیش بم چی لێم دەڕوات.
٧ ئەو ئێستا بێزاری کردووم، هەموو کۆمەڵەکەمی تێکداوە.
٨ دەستت بەسەردا گرتم، بوو بە شایەت بەسەرمەوە، لاوازییەکەم لێم هەستاوە، بەرەوڕووم وەڵامم دەداتەوە.
٩ تووڕەییەکەی پەلاماریدام و چەوساندمیەوە، ددانەکانی لێم جیڕکردەوە، دوژمنەکەم چاوی تێبڕیووم.
١٠ دەمیان لێ داچەقاندووم، بە گاڵتە پێکردنەوە کێشایان بە شەویلگەمدا .پێکەوە گەلەکۆمەیان لێکردم.
١١ خودا منی دایە دەست زۆردارەوە و بۆ بەردەستی خراپەکار فڕێیدام.
١٢ من ئاسوودە بووم و ئەو جێلەقی کردم، پشتەملی گرتم و وردخاشیکردم، منی کرد بە نیشانی خۆی.
١٣ تیرهاوێژەکانی دەووریان دام، دوولەتی کردم و دڵی نەسووتا، زراوەمی بەسەر زەویدا ڕشت.
١٤ درم پێدەدات درپێدان لەسەر درپێدان، وەك پاڵەوانێك بەدوامدا ڕادەکات.
١٥ جلی ماتەمم بە پێستمەوە دووری و سەری خۆم خستە ناو خۆڵەوە.
١٦ دەموچاوم لەبەر گریان سوورهەڵگەڕا و سێبەری مردن بەسەر برژانگمەوەیە.
١٧ لەگەڵ ئەوەی زۆرداری لەدەستی مندا نییە و نوێژەکەم بێگەردە.
١٨ ئەی زەوی خوێنەکەم دامەپۆشە و با جێیەك نەبێت بۆ هاوارم!
١٩ لە ئێستاوە لە ئاسمانەکان ئەوەتا شایەتم و ئەوەی شایەتیم بۆ دەدات لە بەرزاییەکانە.
٢٠ گاڵتەپێکارانم هاوڕێکانمن، لەبەردەم خودا چاوەکانم فرمێسك دەڕێژن.
٢١ با دادگایی لە نێوان مرۆڤ و خودا بکات وەك لە نێوان ئادەمیزاد و هاوڕێکەی.
٢٢ چونکە چەند ساڵێکی کەم بەسەردەچن و ڕێگایەك دەگرمەبەر لێی ناگەڕێمەوە.

# ١٧

١ ڕۆحم بێکەڵك بوو،ڕۆژگارم کوژایەوە،گۆڕستان بۆ منە.
٢ گەر گاڵتەجاڕان لە دەورم نەبوونایە و بەسەر کێشمەکێشیان چاوم لێك نەنایە.
٣ تکایە لەلای خۆت ببە پشتگیریم، کێیە ئەوەی بۆ لایەنگیرم دەست بەرزدەکاتەوە.
٤ چونکە تێگەیشتنت لە مێشکیان شاردووەتەوە، بۆیە بەرزیان ناکەیتەوە.
٥ ئەوەی پارەی خۆی لە هاوڕێکانی خەرج دەکات، نەبوونی چاوی منداڵەکانی دەپوکێنێتەوە.
٦ منی کرد بە پەندی گەلان و بووم بەوەی تف لە ڕووم بکرێت.
٧ چاوەکانم لەبەر غەم کزبوون، هەموو ئەندامەکانم وەك سێبەرن.
٨ ئەوانەی ڕاستن بەمە سەرسام دەبن و بێتاوان بەسەر گەندەڵدا ڕادەپەڕێت.
٩ بەڵام ڕاستودروست ڕێگای خۆی دەگرێت و ئەوەی دەست پاکە هێزی بۆ زیاد دەکرێت.
١٠ بەڵام هەموو بگەڕێنەوە و ئێستا وەرن، من هیچ داناییەکتان تیادا نابینم.
١١ ڕۆژگارم بەسەرچوو، مەبەستەکانم هەڵکەندران ئارەزووەکانی دڵم.
١٢ شەو دەکەن بە ڕۆژ ڕووناکی نزیك دەکەن لە ڕووی تاریکی.
١٣ گەر هیوا بخوازم شوێنی مردووان ببێت بە ماڵم و لە تاریکیدا نوێنەکەم ڕاخەم.
١٤ بە گۆڕم وت: تۆ باوکمی، بە کرمیش: تۆ دایك و خوشکمی.
١٥ ئێتر ئومێدم کوا؟ کێ تەماشای ئومێدم دەکات؟
١٦ بەرەو قوڵایی شوێنی مردووان دەچێتە خوارەوە ئایا پێکەوە لەناو خۆڵ پشوو دەدەین؟)

# ١٨

١ بلدەدی شوحیش وەڵامیدایەوە و وتی:
٢ (تاکەی تەڵە بۆ قسە دەنێنەوە؟ تێبگەن ئینجا قسە دەکەین.
٣ بۆچی بە ئاژەڵ دانراین و لەبەرچاوتان گلاو بووین.
٤ ئەی ئەوەی لە ڕقی خۆی خۆی دەخواتەوە، ئایا لەبەر تۆ زەوی چۆڵ بکرێت و چیا لەجێی خۆی بجووڵێت؟
٥ بەڵێ ڕووناکی بەدکاران دەکوژێتەوە و گڕی ئاگرەکەی ڕووناکی نابەخشێت.

٦ لەناو چادرەکەی ڕووناکی تاریك دەبێت و چراکەی بەسەریەوە دەکوژێتەوە.
٧ هەنگاوەکانی هێزی کورت دەبن و ڕاوێژەکەی خۆی دەیخات.
٨ چونکە پێیەکانی بەرەو داوی دەبەن، جا بەرەو تۆڕ دەڕوات.
٩ تەڵە پاشنەی دەگرێت و فاقە توند دەیگرێت.
١٠ داوەکانی لە زەوی شاردراونەتەوە و تەڵەکەی لەسەر ڕێگایە.
١١ بەڵاکان لە هەموو لایەکەوە دەیتۆقێنن و هەنگاوبەهەنگاو دوایکەوتوون.
١٢ هێزی برسی دەبێت و کارەسات لەتەنیشتی ئامادەیە.
١٣ ئەندامەکانی لەشی دەخوات، یەکەم بەری مەرگ ئەندامەکانی دەخوات.
١٤ لە چادرەکەی، لە پاڵپشتەکەی دەبڕێتەوە بەرەو لای پاشای بەڵاکان پەلکێش دەکرێت.
١٥ ئەوەی هی ئەو نییە لەناو چادرەکەی نیشتەجێ دەبێت، گۆگرد بەسەر جێی مانەوەی پەخشاندەکرێت.
١٦ لەژێرەوە ڕەگوڕیشەی وشك دەبێت و لەسەرەوەش لقەکانی دەبڕێتەوە.
١٧ ناوونیشانی لە زەوی نامێنێت و لەسەر ڕووی وشکایش هیچ ناوێکی نییە.
١٨ لە ڕوناکیەوە پاڵدەدرێت بۆ تاریکی و لە جیهان دەردەکرێت.
١٩ نە نەوە و نە پاشماوەی لەناو گەلەکەی دەبێت، نە دەربازبوو لەنێو هەوارەکانی.
٢٠ خەڵکی خۆرئاوا سەریان سوڕدەمێنێت لە ڕۆژی ئەو، خەڵکی خۆرهەڵات مووچرکەیان پێدا دێت.
٢١ ئەوە جێنشینی بەدکارانە و ئەمە شوێنی ئەوانەیە کە خودا ناناسن.)

# ١٩

١ ئەیوبیش وەڵامیدایەوە و وتی:
٢ (تاکەی گیانم ئازار دەدەن و بە قسە وردم دەکەن.
٣ ئەمە دەیەم جارە ڕسوام دەکەن، شەرمتان نەکرد بە خراپە مامەڵەتان لەگەڵ کردم
٤ گریمان بەڕاستی گومڕابووم، گومڕایەکەم بەسەر خۆم دەشکێتەوە.
٥ گەر بەڕاستی ئێوە خۆتان لە من بە گەورەتر دادەنێن، شەرمەزارییەکەی من بسەلمێنن.
٦ جا بزانن کە خودا خۆی منی خوارکردووەتەوە و داوەکەی بەدەورمدا ئاڵاندووە.
٧ ئەوەتا لەبەر ستەم هاواردەکەم، بەڵام وەڵامم نادرێتەوە، بانگ دەکەم، بەڵام دادوەری نییە.
٨ دەوری ڕێگاکەی داوم و ناپەڕمەوە تاریکی خستووەتە سەر ڕێرەوم.
٩ شکۆمەندییەکەمی لێم داماڵی تاجەکەی سەرمی لێکردەوە.
١٠ لەهەموو لایەکەوە ڕوخاندمی، جا ڕۆیشتم و هیوامی وەك دار هەڵکەند.
١١ توڕەیی خۆی بەسەرمدا داگیرساند و وەك دوژمنی خۆی حیسابی بۆ کردم.
١٢ پەلاماردەرەکانی پێکەوە هاتن و بەرەو من ڕێگایان گرتەبەر و لەدەوەری چادرەکەم خۆیان دامەزراند.
١٣ براکانمی لێم دوورخستەوە و ناسیاوەکانم لێم بوون بە بێگانە.
١٤ خزمەکانم وازیان لێهێنام و ئەوانەی منیان ناسی لەبیریان کردم.
١٥ میوانەکان و کارەکەرانم حیسابی بێگانەم بۆ دەکەن لەچاو ئەوان بووم بە نامۆ.
١٦ بانگی خزمەتکارەکەمم کرد وەڵامی نەدایەوە، بەدەمی خۆم لێی پاڕامەوە.
١٧ بۆنم ناخۆش بووە لەلای ژنەکەم و قێزەوەنم لەلای جگەرگۆشەکانم.
١٨ تەنانەت منداڵانیش سووکایەتییان پێکردم، کە هەستم باسی من دەکەن.
١٩ هەموو پیاوەکانم ڕقیان لێم بووەوە و ئەوانەی خۆشم دەویستن دژم هەڵگەڕانەوە.
٢٠ ئێسقانم بە پێست و گۆشتمەوە نووساوە و بە خۆم و پێستمەوە دەرباز بووم.
٢١ بەزەییتان پێم بێتەوە، بەزەییتان پێم بێتەوە ئەی هاوڕێیان، چونکە دەستی خودا لێیداوم.
٢٢ بۆچی ئێوەش وەك خودا ڕاوم دەنێن و لە گۆشتم تێر نابن.
٢٣ خۆزگە وشەکانم دەنووسرانەوە، خۆزگە لەناو پەڕتووکێکدا وێنەیان دەکێشرا.
٢٤ خۆزگە پێنووسی ئاسن و قورقوشم بۆ هەتاهەتایە لەسەر بەرد هەڵدەکۆڵدران.
٢٥ بەڵام من زانیم ئەوەی دەمکڕێتەوە زیندووە و لەکۆتاییدا لەسەر زەوی ڕاستدەبێتەوە.
٢٦ پاش ئەوەی ئەم پێستەم لەناودەچێت، بەبێ لەشم خودا دەبینم.
٢٧ ئەوەی من بۆ خۆم دەیبینم و چاوەکانم تەماشا دەکەن، نەك یەکێکی دیکە،
لەناخمەوە تامەزرۆی ئەوەم.
٢٨ ئێوە دەڵێن، چۆن ڕاوی بنێین؟ ڕەگی کێشەکە لەلای منە.
٢٩ لەخۆتان بترسن لە ڕووی شمشێر چونکە تووڕەیی سزای شمشێر دەهێنێت، تا بزانن دادوەری چییە.)

# ٢٠

١ سۆفەری نەعماتیش وەڵامیدایەوە و وتی:
٢ (بۆیە بیرکردنەوەکانم هانم دەدەن وەڵام بدەمەوە و لەبەر جۆشانی ناخم،
٣ سەرزەنشتی گاڵتەپێکردنی خۆم گوێ لێ بوو ڕۆحی تێگەیشتنم وام لێدەکات وەڵام بدەمەوە.
٤ ئایا لە کۆنەوە ئەمەت نەزانیووە، لەو کاتەوەی مرۆڤ لەسەر زەوی دانراوە.
٥ هاواری خۆشی خراپەکاران کورتە و خۆشی گەندەڵ بۆ چرکەیەکە.
٦ گەر باڵای بگات بە ئاسمان و سەریشی لە هەور بدات.
٧ وەك تەپاڵە خۆی بۆ هەتایە لەناودەچێت و ئەوانەی بینیویانە دەڵێن، کوا؟
٨ وەك خەون دەفڕێت و ئیتر نامێنێت، وەك تارمایی شەو دەردەکرێت.
٩ چاوێك کە بینیوویەتی دیسان نایبینێتەوە، جارێکی دیکە شوێنەکەشی نابینرێت.
١٠ کوڕەکانی هەوڵدەدەن هەژاران ڕازی بکەن دەستەکانی سامانەکەی دەدەنەوە.
١١ ئێسقانەکانی پڕ لە گەنجێتین بەڵام لەگەڵیدا لەناو خاك ڕادەکشێن.

١٢ کە خراپە لەناو دەمی شیرین بێت و لە ژێر زمانی
بیشارێتەوە.
١٣ دڵی پێی سووتاو و بەجێی نەهێشت، بەڵکو لەناو گەرووی
بەندی کرد.
١٤ نانەکەی لەناو ڕیخۆڵەکانی دەگۆڕێت، دەبێت بە تاڵی
ژەهری مار لەناو سکی.
١٥ سامانێکی قووتدا و دەیڕشێنێتەوە، خودا لەناو سکی وەدەری
دەنێت.
١٦ ژەهری مار دەمژێت، زمانی مار دەیکوژێت.
١٧ جوگاکان نابینێت ڕووبارە ڕۆیشتووەکانی هەنگوین و
قەیماغ.
١٨ بەری ماندووبوونەکەی دێنێتەوە و قووتی نادات لە قازانجی
بازرگانییەکەی خۆشی نابینێت.
١٩ چونکە هەژارانی وردوخاش کرد و بەجێی هێشتن دەستی
بەسەر ماڵێکدا گرت کە بنیادی نەنابوو.
٢٠ چونکە لە ناخیدا نەیزانی بەس چییە ئەوەی ئارەزووی
دەکات دەربازی ناکات.
٢١ خواردنەکەی پاشماوەی نییە بۆیە خێروخۆشییەکەی
بەردەوام نابێت.
٢٢ لەوپەڕی سەڵتەنەتی تووشی تەنگانە دەبێت دەستی هەموو
چەقاوەسوویەکی دێتە سەر
٢٣ لە کاتێکدا سکی خۆی پڕدەکات خودا گڕی تووڕەیی خۆی
بۆ دەنێرێت و لە کاتی خواردنی بەسەریدا دەیبارێنێت
٢٤ لە چەکی ئاسن ڕادەکات کەوانی مس دەیبڕێت
٢٥ ڕایکێشا و لە لەشی دەرچوو نووکی بریسکەدار لە
زراویەوە دەرچوو ترسی بەسەرەوەیە
٢٦ هەموو تاریکییەکی بۆ شاردراوەتەوە بۆ خەزێنەکراوەکانی
ئاگرێك دەیخوات فووی لێ نەکراوە ئەوەی لە چادرەکەی
مابێتەوە لووشی دەدات.
٢٧ ئاسمانەکان تاوانەکەی ئاشکرا دەکەن زەوی لێی ڕادەپەڕێت
٢٨ بەروبوومی ماڵەکەی نامێنێت لە ڕۆژیی تووڕەییەکەی
دەڕژێت
٢٩ ئەمە بەشی مرۆڤی خراپە لە خوداوە میراتی ڕاگەیەندراوی
لە خوداوە.

# ٢١

١ ئەیوبیش وەڵامیدایەوە و وتی:
٢ بە گوێ گرتن گوێ لە قسەکانم بگرن با ئەمە ببێتە
دڵنەواییتان
٣ بەرگەم بگرن کە قسە دەکەم و پاش قسەکانم گاڵتە بکەن
٤ ئایا من شکایەتەکەم لە مرۆڤە؟ ئەگەر وایە بۆچی چیقڵدانەم
تەنگ نەبێت؟
٥ ڕووم لێ بکەن، واقتان وڕبمێنێت و دەست بخەنە سەر
دەمتان
٦ کاتێ بە بیرم دێتەوە دەتۆقم موچڕکە بە لەشمدا دێت
٧ بۆچی بەدکاران دەژین و پیر دەبن هەروەها بە هێزەوە زاڵ
دەبن
٨ نەوەیان لەبەردەمیان ڕاوەستاوە لەگەڵیان وەچەیان
لەبەرچاویانە
٩ ماڵەکانیان لە ترس دڵنیایە داری خودا بەسەریانەوە نییە
١٠ گاکەیان دەپەڕێت و هەڵە ناکات مانگاکەیان ئاوس دەبێت و
لەباری ناچێت
١١ وەك مەڕ بەرەڵادەکرێن شیرەخۆرە و منداڵەکانیان سەما
دەکەن
١٢ دەف و قیسارە بەدەستەوە دەگرن بە دەنگی دووزەلە
دڵخۆش دەبن.
١٣ ڕۆژگاریان بە خێروخۆشی بەسەر دەبەن لە چرکەیەکدا
دەکەونە خوارەوە بۆ ناو دوونیای مردووان
١٤ جا بە خودا دەڵێن، لێمان دوورکەوە دڵخۆش نابین بە ناسینی
ڕێگاکانت
١٥ توانادار کێیە تا خزمەتی بکەین؟ سوودی چی دەبینین کە
لێی بپاڕێینەوە؟
١٦ ئەوەتا خێروخۆشییان لەدەستی خۆیان نییە با ڕاوێژی
بەدکاران لێم دوور بێت
١٧ چەند کەم چرای بەدکاران دەکوژێتەوە و کارەساتیان
بەسەردا دێت یان لە تووڕەیی خۆیدا ئازاری کردووە بە
بەشیان
١٨ یان وەك کا بن لەبەردەم با و وەك ئەو پووشەی گەردەلوول
دەیدزێت
١٩ خودا خراپەکارییەکەی بۆ کوڕەکانی هەڵدەگرێت با پاداشتی
گیانی خۆی بدات تا بزانێت
٢٠ با چاوەکانی لەناوچوونەکەی ببینێت و لە ژاری توانادار
بخواتەوە
٢١ ئیتر خۆشییەکەی چییە لە ماڵەکەی کە ژمارەی مانگەکانی
دیاریکرابێت
٢٢ ئایا خودا فێری زانین دەکرێت ئەو کە دادوەری بەرزەکان
دەکات
٢٣ ئەمە لە هەڕەتی تەواوییدا دەمرێت هەمووی دڵنیا و ئارامە
٢٤ حەوزەکانی پڕ لە شیرن و مۆخی ئێسقانەکانی نەرمە
٢٥ ئەوەش بە گیانێکی تاڵەوە دەمرێت و تامی خێروخۆشی
نەکردووە
٢٦ هەر دووکیان پێکەوە لەناو گڵ ڕادەکشێن و کرم
دایاندەپۆشێت
٢٧ ئەوەتا بیرکردنەوەکانی ئێوەم زانی و ئەو پلانانەی بۆ زوڵم
لێکردنم داتاننناوە
٢٨ چونکە دەڵێن، کوا ماڵی ستەمکار؟ کوا چادری نشینگەی
خراپەکاران
٢٩ ئایا پرسیارتان لە ڕێبواران نەکردووە و پەیتان بە
بەڵگەکانیان نەبردووە؟
٣٠ ئەو بۆ ڕۆژی کارەسات بەدکار دەگرێت بۆ ڕۆژی
تووڕەیی پەلکێش دەکرێن
٣١ کێ بەرەو ڕوو ڕێگاکەیی بۆ ڕادەگەیەنێت؟ کێ پاداشتی
دەدات لەسەر ئەوەی کردوویەتی؟
٣٢ ئەو بەرەو گۆڕەکان دەبردرێت و لەسەر گۆڕستان شەوارە
دەگرێت
٣٣ قوڕی دۆڵەکە شیرینە بۆ ئەو هەموو مرۆڤ بەدوایەوە
دەڕۆن و لە پێشیشیەوە بە بێ ژمارە
٣٤ ئیتر چۆن بە درۆ دڵنەوایم دەکەن و وەڵامەکانیشتان بە
ناپاکی مایەوە.

# ٢٢

١ ئەلیفلزی تیمانیش وەڵامیدایەوە و وتی:
٢ ئایا مرۆڤ سوودی بۆ خودا هەیە؟ بێ گومان مرۆڤی دانا
سوودی بۆی خۆیەتی.
٣ ئایا خۆشی تیادایە بۆ توانادار کە تۆ ڕاستودروست بیت؟
یان قازانجی هەیە کە ڕێگات تەواو بێت؟
٤ ئایا لەسەر لەخواترسیەکەت سەرزەنشتت دەکات و دێتە ناو
دادگایی کردنەوە لەگەڵت؟

٥ ئایا خراپەکانت زۆر نین و تاوانەکانیشت بێ کۆتایی نین؟
٦ چونکە بەبێ هۆ ڕەهنت لە برای خۆت وەرگرت و جل لەبەر ڕووتەکانت داکەند
٧ ئاوت نەدا بە تینوو و نانت قەدەغەکرد لە برسی
٨ بەڵام خاوەن هێز زەوی بۆ ئەوە پایەدارەکانیش تیایدا نیشتەجێ دەبن
٩ بێوەژنانت بە دەست بەتاڵی ناردەوە و دەستی هەتیوانت وردکرد
١٠ بۆیە چواردەوەرت تەڵەیە و ترسی لەناکاو دەتتۆقێنێت،
١١ یان تاریکی، جا نابینیت ئاوی زۆر داتدەپۆشێت.
١٢ ئەوەتا خودا لە بەرزی ئاسمانەکانە و تەماشای سەری ئەستێرەکان بکە چەند بەرزن
١٣ جا وتم خودا چۆن دەزانێت! ئایا لە پشت هەوری ڕەشەوە دادوەری دەکات؟
١٤ هەورەکان پەردەن بۆ ئەو جا نابینێت بەسەر بازنەی ئاسمانەکان هاتوچۆ دەکات.
١٥ ئایا ڕێگاکانی پێشینان دەپارێزیت کە پیاو خراپان پێیدا ڕۆیشتوون.
١٦ ئەوانەی پێش وەخت دەستیان بەسەردا گیرا ڕووبار بەسەر بناغەکەیاندا ڕژا
١٧ ئەوانەی بە خودا دەڵێن لێمان دوورکەوە تواناداریش چییان بۆ دەکات؟
١٨ ئەو ماڵەکانیانی پڕکردووە لە خێروخۆشی با ڕاوێژی بەدکاران لێم دووربێت.
١٩ ڕاستودروستان دەبینن و دڵخۆش دەبن بێگەردیش گاڵتەیان پێدەکات:
٢٠ ئایا بەرهەڵستکارانمان لەناو نەچوون و پاشماوەکەشیان ئاگر خواردی
٢١ تکایە ڕێك بکەوە لەگەڵی و لە ئاشتیبە بەوە خێرۆخۆشیت بۆ دێت
٢٢ تکایە فێرکردنەکان لە دەمییەوە وەرگرە و قسەکانی بخە دڵتەوە
٢٣ ئەگەر بگەڕێیتەوە بۆ لای توانادار بنیاد دەنرێیتەوە گەر ستەم لە چادرەکەت دوورخەیتەوە
٢٤ زێر فڕێدەیتە سەر خۆڵ و زێڕی ئۆفیر لە ناو بەردی دۆڵەکان
٢٥ توانادار دەبێت بە زێڕەکەت و بە زیوی گران بەها بۆ تۆ
٢٦ چونکە ئەوسا خۆشی لە تونادار دەبینیت و ڕووی خۆت بۆ خودا بەرزدەکەیتەوە
٢٧ نوێژی بۆ دەکەیت و گوێت لێ دەگرێت نەزرەکانت بەجێ دەهێنێت
٢٨ بڕیار دەدەیت و بۆت جێبەجێ دەبێت بەسەر ڕێگاکانت ڕووناکی دەدرەوشێتەوە
٢٩ کاتێ بەرەوخوار دەچن، دەڵێیت، بەرزییە ئەوەی چاو بەرەو خوار بێت، ڕزگاری دەکات
٣٠ بێگەردیش نەبێت دەربازی دەکات بە پاکی دەستەکانت دەرباز دەکات.

# ٢٣

١ ئەیوبیش وەڵامیدایەوە و وتی:
٢ هەروەها ئەمڕۆش شکاتەکەم تاڵە ئەو دەستەی لەسەرمە لە هەنسکم قورسترە
٣ خۆزگە دەمزانی و دەمدۆزییەوە دەهاتمە لای جێنشینەکەی
٤ بەڕێکوپێکی کێشە دەخەمە بەردەمی دەمم پڕدەکەم لە بەهانە
٥ جا ئەو قسە و وتانەی وەڵام پێ دەداتەوە دەیزانم و ئەوەی پێم دەڵێت تێی دەگەم
٦ ئایا بە زۆری هێز مشتومڕم لەگەڵ دەکات؟ نا، بەڵکو ئاگای لێمە.
٧ لەوێ مرۆڤی ڕاست بەهانەی بۆ دەهێنایەوە و بۆ هەتاهەتایە لەدەست دادەورەکەم دەربازدەبووم
٨ ئەوەتا بەرەو خۆرهەڵات دەڕۆم و لەوێ نییە بەرەو خۆرئاوا و هەستی پێ ناکەم
٩ بەرەو چەپ بۆ کارەکەی، بەرچاوم ناکەوێت بادەداتەوە بەرەو ڕاست و نایبینم
١٠ چونکە ڕێگام دەزانێت گەر تاقیم بکاتەوە وەك زێڕ دەردەچم
١١ پێیەکانم بە هەنگاوەکانی ئەوەوە نووسان ڕێگای ئەوم گرتەبەر و لام نەدا
١٢ لە فەرمانی لێوەکانی دەرنەچووم لەفەرزی خۆم زیاتر قسەکانی دەمی ئەوم عەمبارکرد
١٣ ئەو تاکوتەنیایە و کێ ڕێی لێدەگرێت؟ ئەوەی ئارەزووی لێبێت، دەیکات
١٤ چونکە ئەوەی بۆ من فەرزکرابوو تەواوی کرد وەك ئەمانەش زۆرە لەلای
١٥ لەبەر ئەوە لەبەردەمی دەتۆقم سەرنج دەدەم و لێی دەترسم
١٦ خودا دڵی بێ هێز کردم توانادار تۆقاندمی
١٧ چونکە لەبەردەم تاریکی نەبڕامەوە و لەبەردەمم تاریکی ئەنگوستەچاوی داپۆشی.

# ٢٤

١ بۆچی کاتەکان لە توانادار نەشاردراونەتەوە؟ ئەوانەی دەیناسن ڕۆژەکانی نابینن
٢ سنوورەکان دەگوازنەوە دەست بەسەر مێگەلێکدا دەگرن و دەیلەوەڕێنن
٣ گوێدرێژی هەتیووان دەدەنە پێش خۆیان گای بێوەژن وەك بارمەتە دەبەن
٤ پاڵ بە نەدارانەوە دەنێن لەسەر ڕێگا هەژارانی زەوی هەموو خۆیان دەشارنەوە
٥ ئەوەتا وەك کەرەکێوی لە چۆڵەوانی بەرەو کارەکانیان دەردەچن، زوو هەڵدەستن بۆ خواردن، دەشتودەر نانە بۆ ئەو، بۆ منداڵەکانی
٦ لە کێڵگە ئالیکی خۆیان دروێنە دەکەن لە ڕەزی خراپەکار هەڵدەگرنەوە
٧ بە ڕووتی بە بێ جل سەردەنێنەوە هیچ بەرگێکیان نییە لە سەرمادا
٨ بە بارانی چیاکان تەڕ دەبن لەبەرنەبوونی پەناگا، خۆیان بە تاشەبەردەوە دەگرن
٩ هەتیو لەبەر مەمکان دەڕفێنن لە هەژار بارمتە وەردەگرن
١٠ بە ڕووتی دەڕۆن بە بێ جل بە برسێتی بار هەڵدەگرن
١١ لە نێو شوراکانیان زەیت دەگوشن بە پێیان گوشەرەکان دەپەستن و تینوو دەبن

١٢ پیاوان لە ئازارا دەناڵێنن گیانی برینداران هاواردەکات بۆ
فریاکەوتن خوداش ئەمە بە هەڵە دانانێت.[ت]
١٣ ئەوانە لەنێو یاخی بووان لە ڕووناکی دەبن نە ڕێگاکانی
دەزانن و نە لە ڕێڕەوەکانی دەمێننەوە
١٤ بکوژ لەگەڵ ڕوناکی هەڵدەستێت و بەستەزمان و نەدار
دەکوژێت لە شەویشدا وەك دز دەبێت
١٥ چاوی داوێن پیسیش تێبینی تاریکوڕون دەکات دەڵێت: هیچ
چاوێك چاودێریم ناکات ڕووپۆشێك لەسەر ڕووی دادەنێت
١٦ لە تاریکیدا ماڵان دەبڕن
لە ڕۆژیشدا دەرگا لەسەر خۆیان دادەخەن ڕووناکی ناناسن.
١٧ چونکە بەیانی و سێبەری مەرگ وەك یەك وایە لەلایان
چونکە کارەساتەکانی سێبەری مەرگ دەناسنەوە
١٨ سووکە لەسەر ڕووی ئاوەکان بەشیان لە زەوی نەفرەت
لێکراوە ڕوو لە ڕێگای ڕەزەکان ناکات
١٩ وشکێتی و گەرما ئاوی بەفر ناهێڵن
بەهەمان شێوە دوونیای مردووانیش گوناهباران ناهێڵێت
٢٠ زاماڵ لە بیری دەکات وکرم تامی دەمی پێ خۆش دەکات
ئیتر یاد ناکرێتەوە و خراپەکار وەك دار دەشکێت
٢١ لەگەڵ نەزۆك کە منداڵی نەبووە بە خراپی مامەڵە دەکات
لەگەڵ بێوەژن مامەڵەی باش نییە
٢٢ بە هێزی خۆی ئازایان دەگرێت هەڵدەستێت و کەس لە
ژیانی خۆی دڵنیا نابێت
٢٣ ئاسودەیی دەداتێ و پشت دەبەستێت بەڵام چاوی لەسەر
ڕێگاکانیانە
٢٤ کەمێك بەرزدەبن و ئیتر نین نزم دەبن و وەك هەمووان
کۆدەکرێنەوە وەك سەری گوڵەگەنم دەبڕێنەوە
٢٥ ئەگەر وانییە، کێ بەدرۆم دەخاتەوە و قسەکانم وەك هیچ لێ
دەکات؟

# ٢٥

١ بەلدەدی شوحیش وەڵامیدایەوە و وتی:
٢ دەسەڵات و شەوکەت لەلای ئەوە ئەو دروستکاری ئاشتییە
لە بەرزاییەکانی
٣ ئایا سەربازەکانی ژمارەیان هەیە ڕووناکییەکەی بەسەر کێدا
هەڵنایەت؟ ٤ جا چۆن مرۆڤ لە لای خودا ڕاستودروست
دەردەچێت لەدایکبوو لە ژن چۆن بێتاوان دەبێت
٥ ئەوەتا مانگ خۆی نادرەوشێتەوە و ئەستێرەکان لە چاوی
ئەودا بێگەرد نین
٦ ئیتر چەند کەمتر مرۆڤ کە کرمە ئادەمیزاد کە قۆزاخەیە.

# ٢٦

١ ئەیوبیش وەڵامیدایەوە و وتی:
٢ چۆن یارمەتی ئەوەت دا کە هێزی نییە؟ چۆن بازووی بێ
توانات ڕزگارکرد؟
٣ چۆن ڕاوێژت کرد بۆ ئەوەی دانایی نییە؟ چۆن زانینی
زۆرت دەرخست؟
٤ بۆ کێ وتەکانت ڕاگەیاند و هەناسەی کێ لە تۆوە دەرچوو؟
٥ تارماییەکان لەژێر ئاوەکان و دانیشتووانەکەی دەلەرزن
٦ دونیای مردووان لەبەردەمی ڕووتە و لەناوچوون پۆشەری
نییە
٧ باکوور بەسەر بەتاڵیدا لێکدەکاتەوە و زەوی لەسەر هیچ
هەڵدەواسێت
٨ ئاو لەناو هەورەکانی دەپێچێتەوە و هەور لەژێری نادڕێت
٩ ڕووی تەختەکەی خۆی دەشارێتەوە هەوری خۆی بەسەردا
بڵاو دەکاتەوە
١٠ سنوورێکی لەسەر ڕووی ئاوەکان کێشاوە لە شوێنی بەیەك
گەیشتنی ڕووناکی بە تاریکی
١١ کۆڵەکەکانی ئاسمان دەلەرزن و لە ڕاخوڕینەکەی دەتۆقن
١٢ بە هێزی خۆی دەریا بێزار دەکات و بە تێگەیشتنی خۆی
زەبر لە ڕەهەب[ث] دەوەشێنێت
١٣ بە هەناسەی ئەو ئاسمانەکان ساماڵن و دەستەکانی ئەو مارە
هەڵهاتووەکەی بریندار کرد
١٤ ئەوەتا ئەمانە شتە دەرەکییەکانی ڕێگاکانی ئەون چەند
دەنگ نزمە ئەو وشەیە لەوەوە دەیبیستین کێ لە هەورە
تریشقەی هێزی تێدەگات؟

# ٢٧

١ ئەیوب دیسان بەهەمان شێوە قسەی کردەوە و وتی:
٢ بە گیانی خودا کە مافی خۆمی لێم داماڵیوە و بە توانادار کە
ناخمی تاڵ کردووە
٣ کە تا ئەو کاتەی گیانم لەبەر بێت و هەناسەی خودا لە
لووتمدا بێت
٤ لێوەکانم بە خراپە نادوێن و زمانم بە فێڵ ناگەڕێت.
٥ لە من بە دوور بێت کە بەڕاستودروستتان دابنێم تا ئەوکاتەی
گیان بەدەستەوە دەدەم تەواوی خۆم لە خۆم دانابڕم
٦ دەستم بە ڕاستودروستی خۆمەوە گرتووە و شلی ناکەم دڵم
سووکایەتی بە ڕۆژێك لە ڕۆژەکانم ناکات
٧ با دوژمنم وەك بەدکار بێت و بەرهەڵستکارم وەك خراپەکار
بێت
٨ چونکە گەندەڵ کە دەبڕێتەوە چ هیوایەکی هەیە کاتێ خودا
گیانی دەرفێنێت
٩ ئایا خودا گوێی لە هاواری دەبێت کە تەنگانەی بەسەردا
دێت
١٠ یان ئایا بە توانادار دڵخۆشە ئایا هەموو کاتێك بانگی خودا
دەکات؟
١١ من دەستی خوداتان پێ دەناسێنم ئەوەی لەلای توانادارە
نایشارمەوە
١٢ ئەوەتا ئێوە هەمووتان بینیتان ئیتر بۆچی بە پووچی
دەدوێن:
١٣ ئەمە بەشی مرۆڤی بەدکارە لەلایەن خوداوە و میراتی
ستەمکارانە کە لە تواناداەوە وەریدەگرن
١٤ گەر کوڕانی زۆر بوون ئەوا بۆ شمشێرن و نەوەکەشی تێر
نان نابن
١٥ پاشماوەکەی بە مردن لە گۆڕ دەکرێن بێوەژنەکانی ناگرین
١٦ گەر وەك خۆڵ زیو لەگەنجینە بکات و وەك قوڕ جلوبەرگ
ئامادەبکات
١٧ ئەو ئامادەی دەکات و ڕاستودروست لەبەری دەکات
بێتاوانیش زیو دابەش دەکات.

[ت] واتە هاوارکردن بۆ خودا بۆ یارمەتیدان و سکاڵاکردن لە دەست
بارودۆخ، لە لای خودا بە هەڵە دانانرێت.

[ث] هێمایە بۆ میسر

١٨ وەک ماڵی جاڵجاڵۆکە ماڵەکەی خۆی بنیادنا و وەک کەپرێک
چاودێر دروستی کردبێت
١٩ بە دەوڵەمەندی ڕادەکشێت و دەچێتە پاڵ باووباپیرانی کە
چاوی دەکاتەوە هیچی نەماوە
٢٠ کارەساتەکان وەک ئاو پێی دەگەن گەردەلوول بە شەو
دەیرفێنێت
٢١ بای ڕۆژ هەڵات هەڵیدەگرێت و دەڕوات لە شوێنی خۆی
ڕایدەماڵێت
٢٢ دەینێرێتە سەری و دڵی ناسووتێت بە هەڵهاتن لە دەستی
هەڵدێت
٢٣ بە دەستەکانی چەپڵەی بۆ لێدەدات لە جێی خۆیەوە فیکەی
بۆ لێ دەدات.

# ٢٨

١ چونکە زیو کانگای هەیە و بۆ زێڕیش شوێنێک هەیە تا
تاقیبکرێتەوە
٢ ئاسن لە خۆڵەوە دەردەکرێت مسیش لە بەردەوە دەتوێتەوە
٣ کۆتایی بۆ تاریکی داناوە و بەرەو هەموو لایەک دەیپشکنێت
بەردی ئەنگوستەچاو و سێبەری مەرگ
٤ کانگایەکی هەڵکۆڵی دوور لە خەڵکی لە شوێنێکی لەبیرکراو
لەلایەن ڕێبوارانەوە شۆڕکرانەوە و دوور لە خەڵکی
جۆلانەیان پێکرا
٥ خاکێک نانی لێوە دەردەهێنێت ژێرەوەی وەردەگێڕێت وەک بە
ئاگر
٦ بەردەکانی شوێنی یاقوتی شینن و خۆڵی زێڕی لێیە
٧ ڕێگایەکە داڵەکان پێی نازانن و چاوی هەڵۆ نەیبینیوە
٨ بەچکە شێران پێیدا نە ڕۆیشتوون شێر بەسەریدا تێنەپەڕیوە
٩ دەست بۆ بەردەستێ درێژ دەکات چیاکان لە بناغەیانەوە
ژێروژوور دەکات
١٠ لە بەردەکان جۆگەکان هەڵدەکۆڵێت چاوەکانی هەموو
گرانبەهایەک دەبینێت
١١ ئاودزی ڕووبارەکان ڕادەگرێت شاراوەکانی بەدەرخست
بۆ ڕووناکی
١٢ بەڵام دانایی لەکوێ دەست دەکەوێت و کوا شوێنی
تێگەیشتن؟
١٣ مرۆڤ نرخەکەی نازانێت و لە خاکی زیندوواندا دەست
ناکەوێت
١٤ قووڵایی دەڵێت، لەناو مندا نییە دەریا دەڵێت، لەلای من نییە
١٥ نە زێڕی بێگەرد لەجیاتی ئەو دەدرێت و نە زیو وەک
نرخی ئەو دەکێشرێت
١٦ نە بە زێڕی ئۆفیر دەکێشرێت و نە بە بەردی گرانبەها و نە
بە یاقوتی شین
١٧ نە زێر هاوتایەتی و نە شووشە و نە بە دەفرێکی زێڕی
ساف دەگۆڕدرێتەوە
١٨ نە مەرجان و نە کریستاڵ باسیان دەکرێت و بەدەست
هێنانی دانایی لە مرواری باشترە
١٩ یاقوتی زەردی کوش هاوتای نابێت و بە زێڕی ساف
ناکێشرێت
٢٠ جا دانایی لەکوێوە دێت و شوێنی تێگەیشتن لە کوێیە؟
٢١ ئەگەر لە چاوی هەموو زیندوویەک شاردرابێتەوە و لە
باڵندەکانی ئاسمان پۆشرابێت
٢٢ لەناوچوون و مردن دەڵێن، بە گوێی خۆمان هەواڵی ئەومان
بیست.
٢٣ خودا ڕێگاکەی تێدەگات و ئەو شوێنەکەی پێ دەزانێت
٢٤ چونکە ئەو تەماشای ئەوپەڕی زەوی دەکات هەموو ژێر
ئاسمانەکان دەبینێت
٢٥ تا کێش بۆ با دروست بکات و ئاوەکان بە پێوانە ڕێک بخات
٢٦ کاتێ بۆ باران فەرزی دانا و بۆ دەنگی هەورە تریشقەش
ڕێگا
٢٧ ئەوسا بینی و باسی کرد ئامادەی کرد و هەروەها پشکنی
٢٨ بە مرۆڤی وت: ئەوەتا ترسی خوداوەند داناییە و لە خراپە
لادانیش تێگەیشتنە.

# ٢٩

١ ئەیوب دیسان بەهەمان شێوە قسەی کردەوە و وتی:
٢ خۆزگەم بە مانگەکانی پێشوو بەو ڕۆژانەی خودا پاراستمی
٣ کاتێ چراکەی خۆی لەسەر سەرم هەڵکرد بە ڕووناکی ئەو
بە ناو تاریکیدا ڕۆیشتم
٤ وەک لە ڕۆژانی لاویم بووم و ڕەزامەندی خوداش لەسەر
چادرەکەم بوو
٥ تواناداریش هێشتا لەگەڵم بوو و خزمەتکارەکانیشم
لەچواردەورم بوون
٦ کە پێکانم بە شیر شووشت و بەردیش جۆگاکانی زەیتی بۆ
هەڵڕشتم
٧ کاتێ لە گونددا بۆ لای دەروازەکە دەردەچووم لە
گۆڕەپانەکەدا دیوەخانی خۆم ئامادە دەکرد
٨ خزمەتکارەکان منیان بینی و خۆیان شاردەوە پیرانیش
هەستان و ڕاوەستان
٩ میران لە قسەکردن ڕاوەستان دەستیان خستە سەر دەمیان
١٠ دەنگی پیاو ماقوڵان کزبوو زمانیان بە مەلاشوویانەوە
نووسا
١١ چونکە گوێ بیستی و خۆزگەی پێم خواست چاویش بینی و
شایەتی بۆم دا
١٢ چونکە فریای زەلیلەکان کەوتم و هەتیوو و بێ کەسم
دەربازکرد
١٣ پیرۆزی لەناچوون هاتە سەرم و دڵی بێوەژنم خۆشکرد
١٤ ڕاستودروستیم لەبەرکرد و پۆشیمی وەک کەوا و مێزەر
بوو دادپەروەریم
١٥ بووم بە چاو بۆ کوێران و بە پێ بۆ شەلان
١٦ باوکم بۆ نەداران و کێشەیەک کە نەمدەناسی پشکنیم
١٧ کەڵبەی ستەمکارم وردوخاش کرد و لەنێو ددانەکانی
نێچیرم ڕفاند
١٨ جا وتم، لەناو لانەکەی خۆم ڕۆح بەدەستەوە دەدەم و وەک
لم ڕۆژگارم زۆر دەبێت
١٩ ڕەگم بەرەو ئاوەکان لێککرابوونەوە شەونم بەسەر
چڵەکانمەوە بوو
٢٠ شکۆمەندیم بە نوێی لەگەڵم بوو کەوانەکەم لە دەستم نوێ
بووەوە
٢١ گوێیان لە من گرت و چاوەڕێیان کرد لە کاتی ڕاوێژکردنم
گوێیان شل کرد
٢٢ دوای قسەکانم سێ و دوویان نەکرد قسەکانم دڵۆپەی کرد
بەسەریاندا
٢٣ وەک بۆ باران چاوەڕێیان کردم دەمیان کردەوە وەک بۆ
بەهارە باران
٢٤ باوەڕناکەن کە بۆ یان پێبکەنم دەڕوانن ڕووم بۆ بەدیکردنی
نیشانەی ڕەزامەندی.

٢٥ ڕێگام بۆیان هەڵدەبژارد و وەك سەرۆك دادەنیشتم وەك
پاشایەك لەناو سوپا نیشتەجێ دەبووم وەك ئەوەی دڵنەوایی
شیوەنگێڕان دەكات.

# ٣٠

١ بەڵام ئێستا پێم پێدەكەنن ئەوانە لە من منداڵترن ئەوانەی بێزم
نەدەهات باوكانیان لەگەڵ سەگەكانی مەڕەكانم دابنێم
٢ هێزی دەستیشیان بۆ من نییە چالاكییان لەدەست چوو
٣ لە دەست كورتی و لە برسێتی لەڕ بوون بە ناو زەوی وشكدا
دەگەڕێن كە لە دوێنێوە وێرانە و كاولە
٤ ئەوانەی شۆرەگیا[ج] و گەڵای دەوەنەكان دەچننەوە ڕەگی
سیواك بۆ گەرم كردنەوەیانە
٥ لەناو خەڵكدا دەردەكرێن وەك بەسەر دزدا هاواریان بەسەر
دەكەن
٦ لەناو دۆڵە ترسناكەكان نیشتەجێ دەبن لەناو كوونی خۆڵ و
بەردەكان
٧ لەناو دەوەنەكان دەزەڕێنن لە ژێر دڕكەكان خۆیان مات
دەكەن
٨ كوڕانی گێلێتی هەروەها كوڕانی ئەوانەی بێ ناون داركاری
كراون لەلایەن زەوییەوە
٩ بەڵام ئێستا بووم بە گۆرانی ئەوان بۆیان بووم بە پەند
١٠ ڕقیان لێمە، لێم دووردەكەونەوە ڕاناوەستن لە تفكردن لە
ڕووم
١١ چونكە جڵەوی بەردا و زەلیلی كردم لغاویان لەبەردەمم
فڕێدا
١٢ لەلای ڕاستم ئاژاوەچییان هەڵدەستن پاڵم پێوە دەنێن و پانم
دەكەنەوە و ڕێگاكانی خۆیان بۆ كارەسات دژ بە من
ئامادەدەكەن
١٣ ڕێگاكانی منیان تێكدا بۆ ڕووخانم هاریكاریان كرد بێ
ئەوەی كەس یارمەتییان بدات
١٤ وەك شەقبوونێكی پان دێن لە ژێر وێرانیەوە خلۆردەبنەوە
١٥ نەهامەتی بەسەرمدا وەرگەڕا وەك با ڕێزی منی ڕاونا
شادومانیم وەك هەور تێپەڕی
١٦ ئێستا گیانم بەسەرمدا ڕژا ڕۆژانی زەلیلی گرتمی
١٧ شەو ئێسقانەكانم لەناومدا كلۆر دەكات ئەوەی دەمجووێ
پشوونادات
١٨ بە زۆری هێز جلەكەمی گرت وەك دەمی كراسەكەم منی
پێچایەوە
١٩ فڕێیدامە ناو قوڕەوە ڕەنگی خۆڵ و خۆڵەمێشم گرت
٢٠ بۆ تۆ هاوار دەكەم و وەڵامم نادەیتەوە ڕادەوەستم و ئاوڕم
لێ نادەیتەوە
٢١ لەگەڵم ڕەق دەبیت بە توانای دەستەكانت دژایەتیم دەكەیت
٢٢ هەڵتگرتم و سواری بات كردم منت تواندەوە و شێواندمت
٢٣ چونكە دەزانم بۆ مردن دەمگەڕێنیتەوە بۆ ماڵی
چاوەڕوانكراوی هەموو زیندوویەك
٢٤ بێ گومان دەست درێژ ناكاتە سەر كاولگایەك ئەگەر
هاواری فریاكەوتن بكەن كە دەیڕوخێنێت
٢٥ ئایا نەگریام بۆ ئەوەی ڕۆژی ڕەش بوو؟ ئایا بۆ نەدار گیانم
غەمبار نەبوو؟
٢٦ كە ئاواتەخوازی چاكە بووم، خراپە هات چاوەڕوانی
ڕووناكی بووم، تاریكی ئەنگوستە چاو هات
٢٧ هەناوم گڕی گرتووە و ناوەستێت ڕۆژانی زەلیلی بەرەو
پیرم دێن
٢٨ ڕەش هەڵگەڕام بەڵام بەبێ خۆر لەناو كۆمەڵ هەستام
هاوارم كرد
٢٩ بووم بە برای كەمتیارەكان و هاوڕێی وشترمورغەكان
٣٠ پێستم ڕەش و هەڵوەری لەبەرم ئێسقانم لەبەر گەرما گەرم
داهات لەناوم
٣١ قیسارەكەم بۆ لاوانەوەیە و شمشاڵەكەم بۆ دەنگی
گریاوەكان.

# ٣١

١ پەیمانم لەگەڵ چاوەكانم بەست ئیتر چۆن تەماشای
پاكیزەیەك بكەم
٢ جا بەشی خودا چییە لە بڵندایی و میراتی توانادار چییە لە
بەرزایی؟
٣ ئایا كارەسات بۆ بەدكار و بەڵا بۆ خراپەكار نییە؟
٤ ئایا ئەو تەماشای ڕێگام ناكات و هەموو هەنگاوەكانم
ناژمێرێت؟
٥ ئەگەر لەگەڵ درۆ ملی ڕێم گرتبێتە بەر یان پێیەكانم پەلەیان
كردبێت بەرەو فێڵ
٦ با لە تەرازووی ڕاستودروستیدا بمكێشێت با خودا تەواویم
بزانێت
٧ ئەگەر هەنگاوەكانم لە ڕێگا لایانداوە دڵم دوای چاوم
كەوتووە یان لەككە بە دەستمەوە بووە
٨ با من بچێنم و كەسێكی تر بیخوات با لقەكانم ڕیشەكێش
بكرێن
٩ ئەگەر دڵم بەلای ژنێكدا فریوی خواردووە یان لەبەر دەرگای
نزیكەكەم بۆسەم داناوە
١٠ با ژنەكەم بۆ كەسێكی تر بهاڕێت و با خەڵكانی تر
بەسەریدا بچەمێنەوە
١١ چونكە ئەمە بێ ناموسییە تاوانە و پێویستە دادگایی بكرێت
١٢ چونكە ئاگرێكە تا لەناوچوون دەخوات و هەموو داهاتم
ڕیشەكیش دەكات
١٣ ئەگەر مافی خزمەتكار و كارەكەرەكەم ڕەتم كردووەتەوە
كاتێ دژ بە من سكاڵایان كردووە
١٤ جا چی بكەم كاتێ خودا هەڵدەستێت ئەگەر بەسەری كردەوە
بەچی وەڵامی بدەمەوە
١٥ ئایا دروستكاری من لە سكدا دروستكاری ئەویش نییە؟
ئایا ئامادەكارمان لە زاماڵ یەك نییە؟
١٦ ئەگەر هەژارانم لە مرازی خۆیان قەدەغەكردبێت یان
چاوی بێوەژنم فەوتاندبێت
١٧ یان پارووەكەی خۆم بەتەنیا خواردبێت كە هەتیو لێی
نەخواردبێت
١٨ بەڵكو لە گەنجیمەوە هەتیو لەلام بەخێو كراوە وەك باوك و
لە سكی دایكمەوە ڕێنمایی بێوەژنم كردووە
١٩ گەر فەوتاوێكم بینیبێت لەبەر نەبوونی جل و یان نەدارێكی
بێ بەرگ

---

[ج] جۆرە ڕووەكێكی دەریایە لە نزیك دەریای مردو و دەریای سپی ناوەڕاست هەیە، درێژییەكەی هەندێ كات دەگاتە ٣ مەتر. گەڵا سوێرەكانی هەندێ كات هەژارن وەك خۆراك دەیخۆن.

٢٠ ئەگەر ناوقەدی دوعای خێری بۆ نەکردووم کە بە کەوڵی
مەڕەکەم گەرم بووەتەوە
٢١ ئەگەر دەستم بەسەر هەتیو ڕاوەشاندووە یارمەتی خۆمم
لەبەر دەرگا نەدەبینی
٢٢ با شانم لە ئەستۆم بەربێتەوە و با قۆڵم لە جومگەکەیەوە
بشکایە
٢٣ چونکە کارەسات لە خوداوە ترسە بۆ من و لە شکۆی ئەو
نەمتوانی
٢٤ ئەگەر زێرم کردووە بە کۆڵەکەی خۆم و ئەگەر زێڕی
بێگەردم کردووە بە پاڵپشتم
٢٥ ئەگەر دڵخۆش بووم کە سامانەکەم زۆر بوو و لەبەر
ئەوەی دەستەکانم زۆریان بینییەوە
٢٦ ئەگەر تەماشای ڕووناکی خۆرم کردووە کاتێ
درەوشاوەتەوە یان مانگ کاتێ بە جوانییەوە دەڕوات
٢٧ دڵم بە نهێنی فریودرا و دەستم دەممی داپۆشی
٢٨ هەروەها ئەمەش تاوانە و دەدرێت بە دادگا چونکە ناپاك
بووم بەرامبەر بە خودا لە سەرەوە
٢٩ ئەگەر بە بەڵای ناحەزەکەم دڵخۆش بووم یان بزەم گرت کە
توشی خراپە بوو
٣٠ بەڵکو نەمهێشت مەڵاشووم گوناهە بکات کە بە نەفرەتەوە
داوای گیانی بکەم
٣١ ئەگەر کەسانی ناو چادرەکەم نەیانوتایە، کێ یەکێك
دەهێنێت لە خواردنەکەی تێری نەخواردبێت؟
٣٢ ئاوارەیەك لە دەرەوە شەوی بەسەر نەبرد دەرگای ماڵەکەم
بۆ ڕێبوار کردەوە
٣٣ ئەگەر وەك خەڵکی یاخی بوونی خۆم داپۆشیبێت
تا تاوانی خۆم لە باوەشی خۆم بشارمەوە
٣٤ گەر لە حەشاماتێکی زۆر ترسابم و سووکایەتیکردنی
هۆزەکان تۆقاندبوومی جا وازم هێنابێت و لە دەرگا
نەهاتوومەتە دەرەوە
٣٥ خۆزگە یەکێکم هەبووایە گوێی لێم بگرتایە ئەوەتا مۆری
من، خۆزگە ئەو سکاڵانامەیەم هەبووایە کە دژەکەم
نووسیویەتی
٣٦ جا لەسەر شانم هەڵمدەگرت دەمبەست وەك تاج بەسەرمەوە
٣٧ ژمارەی هەنگاوەکانی خۆم پێی دەوت وەك پیاوماقوڵێك
لێی نزیك دەبوومەوە
٣٨ ئەگەر زەوییەکەم هاواری کردووە دژ بە من هەموو خەتە
جووتەکانی بگریانایە
٣٩ ئەگەر بەروبوومەکەیم بە بێ پارە خواردووە یان گیانی
خاوەنەکانیم کوژاندۆتەوە
٤٠ با لە جێی گەنم دڕك بڕوێت و لە جێی جۆ زیوان. وشەکانی
ئەیوب تەواو بوون.

# ٣٢

١ ئیتر ئەو سێ پیاوە وازیان هێنا لە وەڵامدانەوەی ئەیوب،
چونکە ئەو خۆی بە ڕاست دەزانی. ٢ جا ئەلیهوی کوڕی
بەرخئێلی بوزی لە هۆزی ڕام لە ئەیوب تووڕەبوو. تووڕەیی
جۆشا، چونکە ئەیوب خۆی لە خودا بە ڕاستتر دەزانی. ٣ لە
سێ هاوڕێکەشی تووڕە بوو چونکە هیچ وەڵامێکیان نەبینییەوە
و ئەیوبیان تاوانبارکرد. ٤ ئەلیهوش لەسەر ئەیوب ئارامی
گرت، چونکە ئەوان لەو بەتەمەنتر بوون. ٥ کاتێ ئەلیهو بینی
هیچ وەڵامێك لەدەمی ئەو سێ پیاوەدا نییە، تووڕەبوو.
٦ جا ئەلیهوی کوڕی بەرخئێلی بوزی وەڵامیدایەوە و وتی:
من تەمەنم کەمە و ئێوەش پیرن بۆیە نەموێرا و ترسام
بیروڕای خۆمتان پێ بڵێم
٧ وتم، با تەمەن قسە بکات و با زۆری ساڵانی دانایی
ڕابگەیەنن
٨ بەڵام مرۆڤ ڕۆحی تیادایە و هەناسەی توانادار تێیان
دەگەیەنێت
٩ ئەوانەی تەمەن درێژن دانا نین و پیران دادوەری تێناگەن
١٠ بۆیە وتم گوێم لێ بگرن منیش بیروڕای خۆم ڕادەگەیەنم
١١ ئەوەتا من ئارامم گرت لەسەر قسەکانتان گوێم شل کرد بۆ
بەهانەکانتان تا قسەکانتان تاقیکردەوە
١٢ لێتان وردبوومەوە و ئەوەتا کەس نییە بەهانە دژ بە ئەیوب
بهێنێتەوە و وەڵامتان نییە بۆ قسەکانی
١٣ جا نەڵێن داناییمان دۆزیەوە خودا بەرپەرچی دەداتەوە نەك
مرۆڤ
١٤ ئەو قسەکانی ئاڕاستەی من نەکرد و منیش بە قسەکانی
ئێوە وەڵامی نادەمەوە
١٥ واقیان وڕما هیچیشتان وەڵامتان نەدایەوە قسەیان لێ
داماڵرا
١٦ جا چاوەڕێم کرد، چونکە قسەیان نەکرد چونکە ڕاوەستان
هێشتا وەڵامیان نەدایەوە
١٧ جا منیش بەشی خۆم وەڵام دەدەمەوە منیش بیروڕای خۆم
ڕادەگەیەنم
١٨ چونکە پڕم لە قسەکردن ڕۆحی ناخم تەنگاوم دەکات
١٩ ئەوەتا ناخم وەك مەیەکە سەرەکەی نەکرابێتەوە وەك
مەشکەیەکی نوێیە خەریکە بدڕێت
٢٠ قسەدەکەم با ئاهێکم بەبەردا بێتەوە لێوەکانم دەکەمەوە و
وەڵام دەدەمەوە
٢١ لایەنگیری کەس ناکەم و مەرایی هیچ مرۆڤێك ناکەم
٢٢ چونکە مەرایی کرد نازانم و کەمێکی تر دروستکارەکەم
دەمبات.

# ٣٣

١ بەڵام ئێستا گوێ لە قسەکانم بگرە ئەیوب! گوێ شلکە بۆ
هەموو وشەکانم
٢ ئەوەتا من دەمم کردەوە زمانم لە دەمم دەنگی دەرکرد
٣ وشەکانم لە ڕاستی دڵمەوەیە زانینی لێوەکانیشم ئەوان بە
دڵسۆزی دەیڵێن
٤ ڕۆحی خودا دروستی کردم و هەناسەی توانادار زیندووی
کردم
٥ ئەگەر دەتوانیت وەڵامم بدەوە و بە باشی کێشەکەت بخەرە
بەردەمم و هەستە سەرپێ.
٦ ئەوەتا وەك قسەکەت منیش لەبەردەم خودا لە قوڕ وەرگیراوم
٧ ئەوەتا شەوکەتم ناتترسێنێت و زۆرکردنم لێت بارت گران
ناکات
٨ تۆ لە گوێمدا وتت و گوێم لە دەنگی قسەکانت بوو
٩ وتت، من بێ تاوانم بە بێ یاخی بوون بێگەردم و تاوانم نییە
١٠ ئەوەتا دەگەڕێت دوژمندارێتیم لێ بدۆزێتەوە و بە دوژمنی
خۆی دادەنێت
١١ پێیەکانمی لەناو کۆت داناوە چاودێری هەموو ڕێگاکانم
دەکات
١٢ ئەوەتا لەمەدا ڕاست ناکەیت من وەڵامت دەدەمەوە
چونکە خودا لە مرۆڤ مەزنترە
١٣ بۆچی ڕکابەری لەگەڵ دەکەیت چونکە وەڵامی هیچ کام لە
وشەکانی مرۆڤ ناداتەوە

١٤ بەڵام خودا جارێك و دووان قسەدەكات و مرۆڤ تێبینی ناكات

١٥ لە خەون لە بینینی شەو كاتێ هەموو خەڵك خەوی قورسیان لێ دەكەوێت لەكاتی خەواڵوبوون لە ناو جێگا

١٦ ئەو كاتە گوێی خەڵك دەكاتەوە و مۆری خۆی دەدات لە تەمبێ كردنەكانیان

١٧ تا مرۆڤ لە كردەوەكانی لابدات و لووتبەرزیش لە پیاو بشارێتەوە

١٨ تا گیانی بگرێت لە كەوتنە ناو چاڵ و ژیانیشی لە نەمان بە شمشێر

١٩ بە ئازاریش تەمبێ دەكات لەسەر جێی ڕاكشانەكەی و كێشەبەرەی ئێسقانەكانیشی بەردەوامە

٢٠ جا گیانی ڕقی لە نان دەبێتەوە و نەوسیشی لە خواردنی خۆش

٢١ گۆشتی وا دەفەوتێت كە ئیتر نەبینرێت ئێسقانەكانی دەرووتێنەوە و نابینرێن

٢٢ گیانی لە گۆڕ نزیك دەبێتەوە و ژیانیشی لەوانەی مردن دەهێنن

٢٣ ئەگەر هەبێت نێردراوێك، پەیوەندی ڕێكخەرێك، یەك لە هەزار تا بۆ مرۆڤ ڕاستوڕێكییەكەی ڕابگەیەنێت

٢٤ میهرەبان دەبێت لەگەڵی و دەڵێت، بەڕەڵای بكە با نەكەوێتە چاڵەكەوە كەفارەتم دۆزییەوە

٢٥ گۆشتی لە گۆشتی منداڵ ناسكتر دەبێت دەگەڕێتەوە ڕۆژانی گەنجییەتی

٢٦ نوێژ بۆ خودا دەكات و لێی ڕازی دەبێت بە هاواری خۆشییەوە ڕووی خودا دەبینێت ئەویش پاداشتی ڕاستودروستی مرۆڤ دەداتەوە

٢٧ لەناو خەڵك گۆرانی دەڵێت و دەڵێت، گوناهەم كرد و ڕاستیم خواروخێچ كرد و سزا نەدرام لەسەری

٢٨ گیانمی كڕییەوە لە پەڕینەوە بۆ ناو چاڵ جا ژیانم ڕووناكی دەبینێت

٢٩ ئەوەتا خودا هەموو ئەمانە دەكات دووجار و سێ جار لەگەڵ مرۆڤ

٣٠ تا گیانی لە چاڵ بگەڕێنێتەوە و تا بە ڕووناكی زیندووان ڕووناك بێتەوە

٣١ جا گوێ شلكە و گوێم لێ بگرە ئەیوب! گوێ سووككە من قسە دەكەم

٣٢ گەر قسەت لەلایە وەڵامم بدەوە قسەبكە! چونكە حەز دەكەم ڕاستودروست بیت

٣٣ ئەگەر نا، تۆ گوێم لێ بگرە گوێت سووككە دانایت فێردەكەم.

# ٣٤

١ ئەلیهو وەڵامیدایەوە و وتی:

٢ گوێ لە قسەكانم بگرن دانایان گوێم بۆ شلكەن ئەی ئەوانەی دەزانن

٣ چونكە گوێ قسە تاقی دەكاتەوە وەك چۆن مەڵاشوو خواردن تام دەكات

٤ با بۆ خۆمان داد تاقی بكەینەوە و لەناو خۆمان بزانین چی باشە

٥ چونكە ئەیوب وتی، من ڕاستوردروست بووم و خودا دادی منی داماڵی

٦ لە كاتی دادگایم بە درۆ دەخرێمەوە و برینەكەم سارێژ نابێت لەگەڵ ئەوەی بێ یاخی بوونم

٧ چ مرۆڤێك وەك ئەیوبە سوكایەتی كردن وەك ئاو دەخواتەوە و

٨ پێكەوە لەگەڵ بەدكاران ملی ڕێ دەگرێت و لەگەڵ خراپەكاران دەڕوات؟

٩ چونكە وتی سوودی نییە بۆ مرۆڤ جێی ڕەزامەندی بێت لەلای خودا

١٠ بۆیە گوێم لێ بگرن ئەی تێگەیشتووان خراپە لە خوداوەند بەدوورە و ستەمیش لە خودای بەتوانا

١١ چونكە مرۆڤ بە گوێرەی كردەوەكانی پاداشت دەداتەوە و پیاویش بە پێی ڕێگاكەی تووش دەكات

١٢ جا بە ڕاستی خودا خراپە ناكات و تواناداریش دادوەری خوار ناكاتەوە

١٣ كێ كردی بە لێپرسراو لەسەر زەوی و كێ لەسەر هەموو جیهان داینا؟

١٤ ئەگەر بیخاتە دڵی خۆیەوە ڕۆح و هەناسەی بۆ خۆی كۆبكاتەوە

١٥ هەموو مرۆڤ پێكەوە ڕۆح بەدەستەوە دەدەن و مرۆڤ بۆ خۆڵ دەگەڕێتەوە

١٦ جا ئەگەر تێگەیشتنت هەیە ئەمە ببیستە و بۆ دەنگی وشەكانم گوێ شلكە

١٧ ئایا ئەوەی ڕقی لە دادوەرییە فەرمانڕەوایی بكات یان ئەوەی ڕاستودروست و مەزنە تاوانبار دەكەیت؟

١٨ ئایا بە پاشا دەوترێت، ئەی هیچوپووچ! یان بە پیاوماقوڵان، ئەی خراپەكاران!

١٩ ئەوەی لایەنگیری میران ناكات و دەوڵەمەند لە هەژار بە زیاتر دانانێت چونكە هەمووان كاری دەستی ئەون

٢٠ لەناكاو دەمرن، لە نیوەشەودا گەل دەهەژێن و بەسەردەچن دلێران دادەماڵرێن، بەڵام نەك بە دەست

٢١ چونكە چاوەكانی لەسەر ڕێگاكانی مرۆڤە ئەو هەموو هەنگاوەكانی دەبینێت

٢٢ نە تاریكی هەیە و نە سێبەری مەرگ كە بەدكاران خۆیانی تیادا بشارنەوە

٢٣ پێویست ناكات خودا زیاتر لێكۆڵینەوە لەگەڵ مرۆڤ بكات.

٢٤ دلێران بە بێ پشكنین تێكدەشكێنێت خەڵكی تر لە جێی ئەوان ڕادەگرێت

٢٥ بەڵام كردارەكانیان دەزانێت و بەشەو سەرەوژێریان دەكات و وردوخاش دەبن

٢٦ لەبەر ئەوەی خراپەكارن لەبەرچاوی بینەران پێیان دەكێشێت

٢٧ چونكە لەدوای ئەو لایاندا و لە هیچ كام لە ڕێگاكانی ئەو وردنەبوونەوە

٢٨ تا وایان كرد هاواری هەژار پێی بگات جا گوێی لە قیژەی زەلیلان بوو

٢٩ كە ئەو بێ دەنگ بێت كێ هەیە تاوانبار بكات؟ كە ڕووی خۆی بشارێتەوە، كێ دەیبینێت؟ جا میللەت بێت یان تاكە كەس

٣٠ تا گەندەڵ پاشایەتی نەكات و نەبێت بە تەڵە بۆ گەل

٣١ چونكە ئایا بە خودای وت، سزای خۆم هەڵدەگرم و ئیتر گەندەڵی ناكەم

٣٢ ئەوەی نەمبینیوە تۆ پیشانمی بدە ئەگەر خراپەم كردووە، چیتر نایكەمەوە

٣٣ ئایا وەك ئەوەی تۆ پێت باشە پاداشتی بداتەوە لەبەر ئەوەی ڕەتت كردەوە، تۆ هەڵدەبژێریت نەك من ئەوەی دەیزانیت دەیڵێیت

٣٤ تێگەیشتووان پێم دەڵێن، بەڵكو ئەو پیاوە دانایەی گوێی لێمە دەڵێت،

٣٥ ئەیوب بە بێ زانین قسە دەكات و قسەكانی بە بێ وریاین

٣٦ خۆزگە ئەیوب تا سەر تاقی دەکرایەوە لەبەر وەڵامەکانی
وەك بەدکاران
٣٧ بەڵام یاخی بوونی بۆ سەر گوناهەکەی زیاد کرد لەناوماندا
چەپڵە لێدەدات و زیادەڕەوی لەسەر خودا دەکات.

# ٣٥

١ ئەلیهوش وەڵامیدایەوە و وتی،
٢ ئایا ئەمە بەڕاست دادەنێیت وتت، من لە خودا
ڕاستودروستترم
٣ چونکە وتت، چ سوودێکی بۆت هەیە قازانجی چیم کرد لە
گوناهە نەکردن
٤ من وەڵامی خۆت و برادەرەکانت لەگەڵت دەدەمەوە
٥ تەماشای ئاسمانەکان بکە و ببینە تێبینی هەورەکان بکە لە تۆ
بەرزترن
٦ ئەگەر گوناهە بکەیت چیت لێ کردووە و ئەگەر یاخی
بوونەکانت زۆر بکەیت چیت پێ کردووە؟
٧ ئەگەر ڕاستودروست بیت چیت پێی داوە یان چی لە دەستت
وەردەگرێت؟
٨ خراپەکەت بۆ پیاوێك دەبێت کە وەك خۆتە و
ڕاستودروستیشت بۆ ئادەمیزادە
٩ لەبەر زۆری زوڵموزۆر هاوار دەکەن لەبەر بازووی دڵێران
هاواری فریاکەوتن دەکەن
١٠ نەیانوت، کوا خودای دروستکارم ئەوەی لە شەودا گۆرانی
دەدات
١١ ئەوەی فێرمان دەکات زیاتر لە ئاژەڵەکانی زەوی و لە
باڵندەکانی ئاسمان داناترمان دەکات
١٢ ئینجا لەدەست لووتبەرزی خراپەکارن هاواردەکەن و
وەڵام ناداتەوە
١٣ بەڵام خودا گوێ لە درۆ ناگرێت و توانادار تەماشای ناکات
١٤ ئەگەر بڵێیت، نایبینم حوکمدانەکە لەبەردەمیدایە، ئارامی بۆ
بگرە
١٥ بەڵام ئێستا لەبەر ئەوەی تووڕەییەکەی ئەو داواکار نییە و
گوێ نادات بە زۆری گێلایەتی
١٦ ئەیوب لە هیچە دەمی کردووەتەوە و بەبێ زانین قسەی زل
دەکات.

# ٣٦

١ دیسان ئەلیهو وتی:
٢ تۆزێ ئارامم لەگەڵ بگرە جا پێتی پیشان دەدەم کە هێشتا
قسە هەیە لەبەر خودا بووترێت
٣ زانینم لە دوورەوە هەڵدەگرم و ڕاستودروستی دەدەمە پاڵ
دروستکارەکەم
٤ بەڕاستی قسەکانم درۆنین تەواوی زانین لەلای تویە
٥ ئەوەتا خودا مەزنە و بە چاوی سووك تەماشای کەس ناکات
مەزنە لە هێزی تێگەیشتن
٦ خراپەکار ناژێنێت و مافی زەلیلان دەدات
٧ چاوەکانی لەسەر ڕاستودروست لانادات بەڵکو لەگەڵ
پاشایان لەسەر تەخت دایاندەنیشێنێت تا سەر جا بەرزدەبنەوە
٨ ئەگەر بە زنجیر ببەسترێنەوە ئەگەر بە پەتی زەلیلی
ببردرێن
٩ کردەوە و یاخی بوونەکانی خۆیانیان بۆ دەردەخات چونکە
لووتبەرز بوون
١٠ گوێیەکانیان بۆ ئاگادارکردنەوە دەکاتەوە و فەرمانیان پێ
دەکات لە خراپە بگەڕێنەوە
١١ ئەگەر گوێ بگرن و گوێڕایەڵ بن ڕۆژگاریان بە باشە و
ساڵانیان بە خۆشی بەسەر دەبەن
١٢ ئەگەر گوێش نەگرن بە شمشێر لەناودەچن و بە نەزانی
دەمرن
١٣ بەڵام دڵ گەندەڵەکان تووڕەیی کۆدەکەنەوە هاواری
فریاکەوتن ناکەن کە بیانبەستێتەوە
١٤ لە گەنجێتیدا گیانیان دەمرێت و ژیانیان لەناو هەتیوبازان
دەبێت
١٥ فریای کڵۆڵ دەکەوێت لە زەلیلیەکەی و لەکاتی تەنگانە
گوێیان دەکاتەوە
١٦ هەروەها لەڕووی تەنگانە دەتبات بەرەو پانوبەرینی بێ
بەربەست و سەر خوانەکەت پڕ دەبێت لە خواردنی بەتام
١٧ حوکمدانی خراپەکارت تەواوکرد حوکمدان و دادوەری
دەتگرن
١٨ چونکە تووڕەیە نەوەك بە پیاکێشانێك بتبات زۆری
کەفارەت بەرەڵات ناکات
١٩ ئایا هاوارت بۆ فریاکەوتن لە تەنگانە دەتپارێزێت یان
هەموو ئەو هێزەی لەتواناتدایە؟
٢٠ تامەزرۆی شەو مەبە کە گەلان لە شوێنی خۆیان
بەرزدەکاتەوە
٢١ ئاگاداربە! ئاوڕ لە خراپە مەدەوە چونکە ئەمەت هەڵبژارد
نەك زەلیلی
٢٢ ئەوەتا خودا بە توانای خۆی بەرزدەبێتەوە کێ وەك ئەو
مامۆستایە؟
٢٣ کێ ڕێگای ئەوی بەسەردا سەپاندووە؟ یان کێ پێی دەڵێت
خراپەت کردووە؟
٢٤ لەبیرت بێت کە کارەکەی بە مەزن بزانیت کە خەڵکی
گۆرانی بەسەردا دەڵێن
٢٥ هەموو مرۆڤ دەیبینێت خەڵکی لە دوورەوە تەماشای
دەکەن
٢٦ ئەوەتا خودا مەزنە و ئێمەش نایناسین و ژمارەی ساڵەکانی
ناپشکێنرێن
٢٧ چونکە دڵۆپەکانی ئاو ڕادەکێشێت باران لە تەمەکانی
دەپاڵێوێت
٢٨ ئەوەی هەورەکان دایدەبارێنن و بەسەر خەڵکێکی زۆردا
دەیدڵۆپێنن
٢٩ ئایا کەس پەرتبوونی هەورەکان تێدەگات یان
هەورەتریشقەی لە کەپرەکەیەوە
٣٠ ئەوەتا ڕووناکی خۆی بەسەر خۆیدا پەرتوبڵاو کرد و بە
ڕەگوڕیشەی دەریا خۆی داپۆشی
٣١ چونکە بەمە حوکمڕانی گەلان دەکات و بە پڕی خواردن
دەدات
٣٢ دەستەکانی بە ڕووناکی دەپۆشێت و بۆ سەر دوژمن
فەرمانی پێدەکات
٣٣ گرمەکەی ڕادەگەیەنێت مەڕوماڵاتیش بە هاتنی دەزانن.

# ٣٧

١ لەبەر ئەمە دڵم پەشۆکا و لەجێی خۆی دەستی کرد بە کووتان
٢ بە بیستن ببیستن دەنگی گرمەی و نەڕەی دەرچوو لە دەمی

٣ لەژێر هەموو ئاسمانەکان دەریدەبڕێت هەروەها ڕووناکیشی
تا ئەوپەڕی زەوی
٤ هێشتا دەنگی نەڕەیەتی بە دەنگی شانازییەکەی دەگرمێنێت
دوای ناخات کە گوێی لە دەنگی بێت
٥ خودا بە دەنگی کاری سەرسوڕهێنەر دەگرمێنێت کاری
مەزنی وا دەکات کە ئێمە تێیناگەین
٦ چونکە بە بەفر دەڵێت بکەوە سەر زەوی هەروەها بە لێزمەی
باران، لێزمەی بارانەکانی هێزی
٧ مۆر لەسەر دەستی هەموو مرۆڤێك دەدات تا هەموو خەڵکی
دروستکاری خۆیان بناسن
٨ گیانلەبەران دەچنە ناو لانەکانی خۆیانەوە و لەناو کونەکانی
خۆیان نیشتەجێ دەبن
٩ لە باشوورەوە گەردەلول دێت و لە باکووریشەوە تەرزە
١٠ لە هەناسەی خوداوە بەستەڵەك پەیدا دەبێت و پانی ئاوەکان
تەنگ دەبێت
١١ هەروەها هەورەکان بە شێ باردەکات هەور ڕووناکییەکەی
پەرت دەکات
١٢ ئەو خڕ و هەڵگەڕاوە وەك بە خواستی ئەو تا هەموو ئەوە
بکات کە فەرمانی پێ دەکرێت لەسەر ڕووی زەوی ئاوەدان
کراو
١٣ ئەگەر بۆ تەمبێ کردن بێت یان بۆ خاکەکەی بێت یان بۆ
پەیمانی خۆشەویستی بێت، پەیدای دەکات
١٤ گوێ بۆ ئەمە شل بکە ئەیوب! هەستە و لە کارە
سەرسوڕهێنەرەکانی خودا وردبەرەوە
١٥ ئایا دەزانیت خودا چۆن فەرمانییان پێ دەکات یان
درەوشانەوەی ڕوناکی هەورەکانی چۆنە؟
١٦ ئایا هاوسەنگی هەورەکان دەزانیت کارە
سەرسوڕهێنەرەکانی ئەو کەسەی زانیاریی تەواوە
١٧ ئەی ئەوەی جلوبەرگەکەت گەرم دەبێت بە کپ بوونی
زەوی بە بای باشوور
١٨ دەتوانیت لەگەڵ ئاسمانەکان لێك بکەیتەوە وەك ئاوێنەی
داڕێژراو
١٩ زانیمان چی پێ دەڵێین ئێمە قسەی باش ناکەین بەهۆی
تاریکی
٢٠ ئایا قسەکانی منی بۆ باس دەکرێت ئەگەر قسە بکەم؟ ئایا
مرۆڤ قسە دەکات بۆ ئەوەی قووت بدرێت؟
٢١ ئێستاش ئەو ڕووناکییە بە هێزە نابینرێت کە لە ئاسمانە
ئینجا با هەڵدەکات و بێگەردی دەکات
٢٢ لە باکوورەوە زێڕ دێت لەلای خوداوەند ترسێکی شکۆدار
هەیە
٢٣ ئێمە لە توانادار تێناگەین ئەوەی هێز و دادوەری مەزنە و
ڕاستودروستی زۆرە زوڵم ناکات
٢٤ بۆیە خەڵکی لێی دەترسن ئاوڕ ناداتەوە لەوانەی خۆیان بە
دانا دادەنێن.

# ٣٨

١ خوداوەندیش لە گەردەلوولەکەوە وەڵامی ئەیوبی دایەوە و
فەرمووی:
٢ ئەمە کێیە ڕاوێژ تاریك دەکات بە قسەی بە بێ زانین
٣ ئێستا وەك پیاو ناوقەدی خۆت توووند بکە پرسیارت لێدەکەم
و وەڵامم بدەوە
٤ کاتێ زەویم دامەزراند لە کوێ بوویت؟ ڕاییگەیەنە ئەگەر
تێگەیشتنت هەیە.
٥ کێ پێوانەکانی دانا؟ چونکە دەزانیت! یان کێ پەتی شاقولی
بەسەردا هێنا؟
٦ لەسەر چی بناغەکانی چەسپان؟ یان کێ بەردی بناغەکەی
دانا؟
٧ کاتێ ئەستێرەکانی بەرەبەیان پێکەوە هاواری خۆشیان کرد
و هەموو ڕۆڵەکانی خودا هوتافیان کێشا.
٨ کێ بە دەروازەکان دەریای بەند کرد کاتێ دەرپەڕی و لە
زاماڵ دەرچوو؟
٩ کە هەورم کرد بە بەرگی و هەوری تاریکم کرد بە قۆنداغی
١٠ فەرزی خۆم بەسەریدا سەپاند و شەوبەند و دەروازەم بۆ
دانا
١١ فەرمووم، تا ئێرە دێیت و تێناپەڕیت لێرە شەپۆڵەکانی
لووتبەرزیت سنووردار دەبن
١٢ ئایا بە درێژایی ڕۆژانت فەرمانت بە بەیان کردووە
یان وات کردووە بەرەبەیان شوێنی خۆی بزانێت
١٣ تا ڕۆخەکانی زەوی بگرێت و بەدکارانی لێ بتەکێنێت؟
١٤ وەك قوڕی ژێر مۆر شێوەی دەگۆڕێت وەك جلوبەرگ قەد
دەگرێت
١٥ لە بەدکاران ڕووناکیان قەدەغە دەکات بازووی بەرزکراو
دەشکێت
١٦ ئایا گەیشتیتە سەرچاوەکانی دەریا و بەناو
کونوکەلەبەرەکانی قوڵاییدا هاتوچۆت کردووە؟
١٧ ئایا دەروازەکانی مردن بۆت ئاشکرابووە یان لە
دەروازەکانی سێبەری مەرگت وردبوویتەوە؟
١٨ ئایا لە پانی زەوی تێگەیشتووی؟ ڕاییگەیەنە ئەگەر
هەمویت زانیووە
١٩ کوا ڕێگا بۆ شوێنی نیشتەجێی ڕووناکی و تاریکیش شوێنی
لە کوێیە؟
٢٠ تا بۆ سنوورەکانی خۆیی ببەیت و ڕێگاکانی ماڵەکەی
شارەزا بیت
٢١ دەزانیت، چونکە ئەوسا لەدایك بوویت و ژمارەی ڕۆژانت
زۆرن
٢٢ ئایا چووی بۆ ناو عەمبارەکانی بەفر یان کۆگاکانی
تەرزەت بینی؟
٢٣ ئەوەی هەڵمگرتووە بۆ کاتی تەنگانە بۆ ڕۆژی شەڕ و
جەنگ
٢٤ لە چ ڕێگایەکەوە ڕووناکی دابەش دەبێت و لە ڕۆژهەڵاتەوە
لە زەوی جیادەبێتەوە؟

٢٥ کێ لێکی جیاکردەوە جۆگەکان بۆدابارین و ڕێگا بۆ
بروسکەکان؟
٢٦ تا بەسەر زەوییەکدا بیبارێنێت کە مرۆڤی تیا نییە
چۆڵەوانییەك کە ئادەمیزادی تیا نییە
٢٧ تا خاکی کاول و وێران تێر بکات وا بکات گیای لێ بڕوێت
٢٨ ئایا باران باوکی هەیە ئەی کێ دڵۆپەکانی شەونمی بۆ
لەدایك بوو؟
٢٩ بەستەڵەك لە سکی کێوە دەرچوو؟ شەختەی ئاسمان کێ
بۆی لەدایك بوو؟
٣٠ وەك بەردی لێهات ئاوەکان خۆی شاردەوە و ڕووی
قووڵاییەکان گیرا
٣١ ئایا تۆ گرێکانی حەوتەوانە دەبەستیت یان گرێ
بەستراوەکانی ڕاوچی دەکەیتەوە؟
٣٢ ئایا تۆ کەلووەکان لە کاتەکانی خۆی دەردەکەیت یان
ڕێنمایی ورچی گەورە دەکەیت لەگەڵ بەچکەکانی.
٣٣ ئایا فەرزەکانی ئاسمانت زانیوە یان بەسەر زەویدا
دەسەڵاتدارت کردووە؟

٣٤ ئایا دەنگت بۆ هەورەکان بەرز دەکەیتەوە تا لافاوی بارانت بداتێ؟
٣٥ ئایا بروسکەکان دەنێریت جا دەڕۆن و دەڵێن، ئەوەتاین؟
٣٦ کێ دانایی خستە بەشە شاراوەکانەوە یان تێگەیشتنی بە مێشکدا؟
٣٧ کێ بە داناییەوە هەورەکان دەژمێرێت یان مەشکەکانی ئاسمان دەڕژێنێت؟
٣٨ کە خۆڵ بە تەواوی دادەڕێشرێت و تۆپەڵە قوڕ یەك دەگرێت
٣٩ ئایا تۆ نێچیر بۆ شێرە مێ ڕاودەکەیت یان گیانی بەچکە شێرەکان تێردەکەیت؟
٤٠ کاتێ لەناو لانەکەی دەنەڕێنێت و لەناو بێشەکەی دادەنیشێت بۆ بۆسە

٤١ کێ ڕاو بۆ قەلەڕەش ئامادە دەکات کە بەچکەکانی دەقیڕێنن بۆ خودا و وێڵ دەبن لە نەبوونی خواردن؟

# ٣٩

١ ئایا کاتی لەدایکبوونی بزنە کێویەکان دەزانیت یان تێبینی ژانی ئاسکەکان دەکەیت؟
٢ ئایا ئەو مانگانەی تەواوی دەکات دەژمێریت یان کاتی لە دایکبوونیان دەزانیت؟
٣ چۆك دادەدەن و بەچکەکانیان دەبێت پاڵ بە ئازارەکانیانەوە دەنێن
٤ بەچکەکانیان پێدەگەن، لە چۆڵەوانی گەورەدەبن دەردەچن و ناگەڕێنەوە لایان
٥ کێ کەرەکێوی بەرەڵا کرد و مێخ زنجیری گوێدرێژی کردەوە؟
٦ ئەوەی چۆڵەوانیم کرد بەماڵی و خوێڵێنم کرد بە نشینگەی
٧ بە حەشاماتی گوند پێدەکەنێت گوێی لە ڕاخوڕینی لێخوڕ نابێت
٨ دەوروبەری چیا لەوەڕگایەتی و بەسەر هەموو سەوزاییەکدا دەگەڕێت
٩ ئایا گای کێوی ڕازی دەبێت خزمەتت بکات یان لەلای ئاخوڕەکەت دەمێنێتەوە؟
١٠ ئایا گای کێوی بە مێخ زنجیرەکەیەوە لەناو خەتی جووت دەبەستیتەوە یان بەدواتدا دۆڵەکان تەخت دەکات؟
١١ ئایا پشتی پێ دەبەستیت چونکە هێزەکەی مەزنە یان کارەکەی خۆتی بۆ بەجێدەهێڵیت؟
١٢ ئایا متمانەی پێدەکەیت کە دەغڵودانەکەت بهێنێت و بۆ خەرمانەکەت کۆی بکاتەوە؟
١٣ باڵەکانی وشترمرغ باڵەفرکێیانە ئایا باڵەکان بە نەرمی لە شەقەی باڵ دەدەن؟
١٤ چونکە لەناو خۆڵ هێلکەکەی بەجێدەهێڵێت و دەپارێزرێت
١٥ لە بیری دەچێت کە پێ دەیپەستێت و ئاژەڵی کێوی پێی پیادەنێت
١٦ لەگەڵ بەچکەکانی دڵڕەقە وەك ئەوەی هی ئەو نەبن ماندووبوونەکەی پووچە، بێهودە دەڕوات
١٧ چونکە خودا دانایی لەبیربردووەتەوە لە تێگەیشتن بەشی نەداوە
١٨ کاتێ پەڕەکانی فش دەکاتەوە بۆ ڕاکردن بە ئەسپ و بە سوارەکەشی پێدەکەنێت
١٩ ئایا تۆ هێز بە ئەسپ دەدەیت یان ملی بە یاڵ دادەپۆشیت؟

٢٠ ئایا وەك کولە قەڵەمبازی پێ دەدەیت؟ حیلەی بەسامی ترسناکە
٢١ بەتووندی سم بە زەویدا دەکوتێ بە هێزەوە دەردەپەڕێت بۆ بەرەنگاربوونی چەکەکان دەردەچێت
٢٢ بە ترس پێدەکەنێت و ناتۆقێت لەڕووی شمشێر ناگەڕێتەوە
٢٣ تیر و نووکی ڕم و خەنجەرەکانی پێدەگەن
٢٤ لە بازدان و لە ڕاخوڕینی زەوی هەڵدەلووشێت باوەڕناکات کە دەنگی کەڕەنایە
٢٥ لەکاتی فووکردن بە کەڕەنادا دەڵێت، ئاها! لە دوورەوە بۆنی شەڕ دەکات هاواری سەرکردەکان و هوتاف کێشان
٢٦ ئایا لە تێگەیشتنی تۆیە هەڵۆ دەفڕێت ڕووەو باشوور باڵەکانی دەکاتەوە؟
٢٧ یان بە فەرمانی تۆیە داڵ بەرز دەفڕێت و هێلانەکەی لە بەرزی دادەنێت؟
٢٨ لە چیا نیشتەجێ دەبێت و لەسەر لووتکەی چیا و کێو دەمێنێتەوە
٢٩ لەوێوە هەست بە هێزی خۆی دەکات و چاوەکانی لەدوورەوە دەبینن
٣٠ بەچکەکانی خوێن هەڵدەمژن لەهەرکوێ کوژراوی لێ بێت، ئەو لەوێیە.

# ٤٠

١ خوداوەند وەڵامی ئەیوبی دایەوە و فەرمووی:
٢ ئایا تەمبێکراو مشتومڕ لەگەڵ توانادارادا دەکات ئەوەی خوداوەند تاوانبار دەکات با وەڵام بداتەوە
٣ ئەیوبیش وەڵامی خوداوەندی دایەوە و وتی:
٤ ئەوەتا من سووکوچروکم چیت وەڵام بدەمەوە دەستم خستووەتە سەر دەمم
٥ جارێك قسەم کرد و وەڵامم نەبوو دووجار و زیادی ناکەم
٦ خوداوەندیش لە گەردەلوولەکەوە وەڵامی ئەیوبی دایەوە و فەرمووی:
٧ ئێستا وەك پیاو ناوقەدی خۆت توند بکە پرسیارت لێدەکەم و وەڵامم بدەوە
٨ ئایا دادەوەریم بە درۆ دەخەیتەوە تاوانبارم دەکەیت تا خۆت ڕاستودروست بیت
٩ یان بازوویەکی وەك خودات هەیە و بە دەنگێکی وەك دەنگی ئەو دەگرمێنیت
١٠ ئێستا بە بەرزی و سەرفرازی خۆت برازێنەوە شکۆمەندی و جوانی لەبەرکە
١١ لافاوی تووڕەییەکەت بڵاوبکەوە و تەماشای هەموو لووتبەرزێك بکە و نزمی بکەرەوە
١٢ تەماشای هەموو لووتبەرزێك بکە و زەلیلی بکە پێ بە خراپەکاراندا بنێ لە جێی خۆیان
١٣ تێکڕا لەناو خۆڵ نووقمیان بکە لە تاریکیدا ڕوویان بەند بکە
١٤ هەروەها منیش ستایشت دەکەم چونکە دەستە ڕاستت ڕزگارت دەکات
١٥ ئەوەتا بەهیمۆتج کە لەگەڵ تۆ دروستم کرد وەك مانگا گیا دەخوات
١٦ ئەوەتا هێزی لە دوو کەلەکەیەتی توونديیەکەی لە ماسوولکەی سکیەتی

ج گیانلەبەرێکی زۆر زۆر گەورە بووە.

١٧ کلکی وەك ئورز شۆڕدەکاتەوە دەماری ڕانەکانی یەکیان
گرتووەتەوە
١٨ ئێسقانەکانی بۆڕی مسن چوارپەلی لوولەی ئاسنە
١٩ ئەو سەرەتای کارەکانی خودایە تەنها دروستکارەکەی
شمشێری لێ نزیك دەکاتەوە
٢٠ چونکە چیاکان لەوەڕگای بۆ [خ] دەردەخەن و هەموو
گیانلەبەرانی چۆڵەوانی لەوێ یاری دەکەن
٢١ لەژێر درەختەکانی لۆتس ڕادەکشێت لە پەنای قامیش و
زەلدا
٢٢ درەختەکانی کەنار بە سێبەرەکانیان دایدەپۆشن شۆڕەبیی
کەنار جۆگەکان دەوری دەدەن
٢٣ ڕوبار هەڵدەستێت و ئەو ڕاناکات دڵنیایە ئەگەر ڕوباری
ئوردنیش بەرو دەمی خوڕەی بێت
٢٤ ئایا لەبەرچاوی دەبردرێت ئایا لووتی بە لووتەوانە کون
دەکرێت؟

# ٤١

١ ئایا لیڤیاتان[د] بە قولاب ڕاو دەکەیت یان زمانی بە پەت
دەبەستیتەوە
٢ ئایا ئەڵقە دەخەیتە لووتیەوە یان شەویلاکی بە لووتەوانە کون
دەکەیت؟
٣ ئایا زۆر لێت دەپاڕێتەوە یان بەنەرمی قسەت لەگەڵ دەکات؟
٤ ئایا پەیمانت لەگەڵ دەبەستێت کە بە درێژایی ژیانی بیکەیت
بە کۆیلەی خۆت؟
٥ ئایا وەك چۆلەکە یاری لەگەڵ دەکەیت یان بۆ کچە
منداڵەکانت دەیبەستیتەوە؟
٦ ئایا هاوکارەکان کڕین وفرۆشتنی لەسەر دەکەن یان لەنێو
بازرگانەکان دابەشی دەکەن؟
٧ ئایا پێستی پڕ دەکەیت لە ڕم و سەریشی بە ڕمی ماسی؟
٨ دەستت لەسەری دابنێ جارێکی تر بیر لە جەنگ ناکەیتەوە!
٩ ئەوەتا هیوا کردن بە گرتنی درۆیە ئایا هەروەها بە
تەماشاکردنی ناحەپەسێت
١٠ کەسێکی ئەوەندە ئازا نییە بەخەبەری بهێنێت ئیتر کێ لە
ڕووی من دەوەستێت؟
١١ کێ پێش من کەوتووە تا پاداشتی بدەمەوە ئەوەی لە ژێر
هەموو ئاسمانەکانە هی منە
١٢ بێ دەنگ نابم لە باسکردنی پەلەکانی و لە ڕاگەیاندنی
هێزی و لە جوانی ڕێکخستنی
١٣ کێ ڕووی بەرگەکەی ئاشکرا دەکات و کێ لە دوولای
لغاوەکەی نزیك دەبێتەوە؟
١٤ کێ دوو لاقەی دەمی دەکاتەوە ڕیزی ددانەکانی ترسێنەرە
١٥ شانازییەکەی سپەری پارێزەرە پتەو و بە مۆر پەستێنراوە
١٦ یەك بە یەکەوەیە و تەنانەت باش بە بەینیاندا ناڕوات
١٧ هەریەکەیان بەوی تەنیشتیەوە نووساوە پێکەوە بەستراون
لێك نابنەوە
١٨ پژمینی بروسکەی ڕووناکی دەدات چاوەکانی وەك گزنگی
بەیانن
١٩ لە دەمیەوە چراکان دەردەچن پشکۆی ئاگری لێوە دەبێتەوە
٢٠ لە کوونە لووتیەوە دوکەڵ دەردەچێت وەك ئەوەی لە
مەنجەڵێکی کوڵاو بێت یان لە کتریەوە بێت
٢١ هەناسەی خەڵوز دادەگیرسێنێت گڕیش لە دەمیەوە
دەردەچێت
٢٢ هێز لە ملی دەمێنێتەوە و کارەسات لە بەردەمی پێپەست
دەکرێت
٢٣ قەدقەدی گۆشتی پێکەوە نووساوە بەسەریدا داڕێژراوە
ناجووڵێتەوە
٢٤ دڵی وەك بەرد ڕەقە سەختە وەك بەرداش
٢٥ کە هەڵدەستێت بەهێزان دەتۆقن لە ترسا وێڵ دەبن
٢٦ شمشێری ئەوەی دوای دەکەوێت هەڵناستێتەوە نە ڕم و نە
ڕمی کورت و نە ڕمی درێژ
٢٧ ئاسن لەلای وەك کا وایە مسیش وەك داری کلۆر
٢٨ تیری کەوانەکان بێزاری ناکەن بەردی بەردەقانیەکان وەك
پووش لێی دەگەڕێنەوە
٢٩ گورز لەلای وەك پووشە بە ڕاوەشانی ڕم پێدەکەنێت
٣٠ ژێری پارچە گۆزی تیژە
جەنجەڕ بەسەر قوڕدا ڕادەکێشێت
٣١ وا دەکات قوڵایی وەك مەنجەڵ بکوڵێت دەریا وەك مەنجەڵی
عەتار لێدەکات
٣٢ بە دوای خۆیدا ڕێگا ڕووناك دەکاتەوە شەپۆڵەکان وەك
پرچی سپی لێدەکات
٣٣ لەسەر زەویدا هاوشێوەی نییە بۆ نەترسان دروست کراوە
٣٤ بەسەر هەموو ئەوانەوەیە خۆیان بڵند دەکەنەوە پاشایە
بەسەر هەموو لووتبەرزانەوە

# ٤٢

١ ئەیوبیش وەڵامی خوداوەندی دایەوە و وتی:
٢ زانیم کە هەموو شتێك دەتوانیت هیچ شتێك لێت عاسی نابیت
٣ ئیتر کێیە بە بێ زانین ڕاوێژ دەشارێتەوە بەڵام من ئەوەی
تێینەگەیشتم بە دەممدا هات
بە کارە سەرسوڕهێنەرەکان لەسەرمەوە کە نەمدەزانین
٤ ئێستا گوێ بگرە من قسە دەکەم لێت دەپرسم و پێم دەڵێیت
٥ بە بیستنی گوێ دەربارەی تۆ بیستم ئێستاش چاوەکانم تۆیان
بینی
٦ بۆیە خۆم ڕەت دەکەمەوە و پاشگەز دەبمەوە لەناو خۆڵ و
خۆڵەمێشدا.
٧ جا دوای ئەوەی خوداوەند بەم وشانە قسەی لەگەڵ ئەیوبدا
کرد، خوداوەند بە ئەلیفازی تیمانی فەرموو: (تووڕەیم لە تۆ و
لە هاوڕێکانت جۆشا، چونکە بە ڕاستی قسەتان نەکرد وەك
ئەیوبی خزمەتکارم. ٨ ئێستاش بۆخۆتان حەوت گا و حەوت
بەران ببەن و بڕۆن بۆلای ئەیوبی خزمەتکارم و قوربانی
سووتاندن لە پێناو خۆتان پێشکەش بکەن و ئەیوبی
خزمەتکاریشم لە پێناوتان نوێژ دەکات، چونکە ڕێزداری
دەکەم نەوەك بە پێی گێلایەتیەکەی خۆتان لەگەڵتان بکەم،
چونکە بە ڕاستی قسەتان نەکرد وەك ئەیوبی خزمەتکارم.)
٩ جا ئەلیفازی تیمانی و بەلدەدی شوحی و سۆفەری نەعماتی
ڕۆیشتن و ئەوەیان کرد کە خوداوەند پێی وتن، خوداوەندیش
ئەیوبی ڕێزدارکرد. ١٠ خوداوەند ئەوەی هی ئەیوب بوو بۆی
گەڕاندەوە، کاتێ لەپێناو برادەرەکانی نوێژی کرد و خوداوەند
دووقتی ئەوەی هەیبوو بۆی زیاد کرد. ١١ جا هەموو برا و
خوشك و ناسیاوەکانی پێشووی بۆلای هاتن و لە ماڵەکەی

[خ] درەختێکی دڕکاوییە لە ڕۆژهەڵاتی دەریای سپی ناوەڕاست و باکووری
ئەفریقیا هەیە، لە ناوچەی گەرم و شێدار دەڕوێت و بە پڕی لە دەوروبەری
دەریای جەلیل هەیە.

[د] گیانلەبەرێکی گەورەیە لەناو دەریا دەژیت.

نانیان لەگەڵی خوارد و سەرەخۆشیان لێ کرد و دڵیان دایەوە
لەسەر هەموو ئەو خراپەیەی خوداوەند بەسەریدا هێنا و
هەریەکە پارچە زیوێک و یەك ئەنگوستیلەی زێڕیان پێدا.
١٢ خوداوەندیش کۆتایی ئەیوبی لە سەرەتای زیاتر پیرۆز کرد
و چواردە هەزار سەر مەڕ و شەش هەزار وشتر و هەزار
جووت مانگا و هەزار ماکەری هەبوو. ١٣ حەوت کوڕ و سێ
کچیشی هەبوو. ١٤ کچی یەکەمی ناونا، یەمیمە و دووەم
قەسیعە و سێیەم قەرن هەفوك. ١٥ لە هەموو زەویشدا ژنی
جوان نەبوو وەك کچەکانی ئەیوب، باوکیشیان لەنێو براکانیان
میراتی پێدان. ١٦ ئەیوبیش پاش ئەمە سەد و چلساڵ ژیا و
کوڕەکانی خۆی و کوڕی کوڕەکانی بینی تا چوار نەوە.
١٧ ئینجا ئەیوب بە پیری و تێر لە تەمەن خوارد و مرد.

# زەبوورەکان

کۆکراوەی بەشی یەکەم

## ١

١ خۆزگە دەخوازرێت بەو کەسەی بە پێی ڕاوێژی بەدکاران
نارِوا و لە ڕێگای گوناهکاران ڕاناوەستێت و لە کۆڕی
گاڵتەجاران دانانیشێت.
٢ بەڵکو ئارەزووی ئەو لە فێرکردنەکانی خوداوەندە، شەو و ڕۆژ
لێی وورد دەبێتەوە.
٣ وەك دارێك وایە کە لەدەم جۆگەی ئاو ڕوابێت و لە وەرزی
خۆیدا بەرهەم بدات و گەڵاکانی هەرگیز وشك نەبن، لە هەموو
ئەو شتانەی کە دەیکات سەرکەوتوو دەبێت.
٤ بێ گومان بەدکاران وانین، بەڵکو وەك ئەو کایەن، کە با
پەرشوبڵاوی دەکاتەوە.
٥ بۆیە نە بەدکاران لە دادوەری دەوەستن و نە گوناهکاران لە
کۆڕی ڕاست ودروستان.
٦ چونکە خوداوەند ڕێگای ڕاست ودروستان چاودێری دەکات،
بەڵام ڕێگای بەدکاران لەناو دەچێت.

## ٢

١ بۆچی میللەتان ووروژاون و گەلان بیر لە شتی پووچ دەکەنەوە؟
٢ پاشایانی سەر زەوی خۆیان ڕێکخستووە، سەرۆکەکانیان
کۆبوونەوە و یەکیان گرت، تا بەرهەڵستی خوداوەند و
مەسیحەکەی بکەن و دەڵێن:
٣ وەرن با کۆتەکانیان بشکێنین و زنجیرەکانیان لە خۆمان
بکەینەوە.
٤ ئەوەی لە ئاسمان دانیشتووە پێدەکەنێت، خوداوەند گاڵتەیان پێ
دەکات.
٥ ئینجا لە کاتی تووڕەییدا سەرزەنشتیان دەکات و بە قینی خۆی
دەیانتۆقێنێت.
٦ من پاشای خۆم لەسەر چیای پیرۆزی خۆم، چیای سییۆن داناوە.
٧ من بڕیاری خوداوەندتان پێ ڕادەگەیەنم .خوداوەند پێی وتم: تۆ
ڕۆڵەی منی، من ئەمڕۆ بووم بە باوکی تۆ.
٨ داوام لێ بکە. میللەتان دەکەم بە میراتت، ئەوپەڕی زەوی دەکەم
بە موڵکی تۆ.
٩ بە داردەستێکی ئاسنین دەیانشکێنیت و وەك گۆزەیەکی گڵین
ووردوخاشیان دەکەیت.
١٠ جا بۆیە، ئەی پاشایان هۆشمەندبن، سەرۆکەکانی زەوی
ئاگاداربن.
١١ بە ترسەوە خوداوەند بپەرستن، بە لەرزەوە دڵخۆشبن.
١٢ پێی ڕۆڵە ماچ بکەن، نەوەك تووڕە ببێت و لە ڕێگای خۆتان
بفەوتێن،
چونکە تووڕەیی ئەو زوو دێتەجۆش. خۆزگە دەخوازرێت بە
هەموو ئەوانەی پشتی پێ دەبەستن.

## ٣

زەبوورێکی داودە کاتێ لە دەستی ئەبشالۆمی[أ] کوڕی هەڵات.
١ ئەی خوداوەند، دوژمنانم چەند زۆرن! چەند زۆرن دژم
هەڵساون!
٢ زۆر کەس لەبارەی منەوە دەڵێن: خودا ڕزگاری ناکات.
٣ بەڵام تۆ ئەی خوداوەند قەڵغانی منیت، شکۆمەندیی منیت و
سەرم بەرز دەکەیتەوە.
٤ پڕ بە دەنگم هاوار بۆ خوداوەند دەکەم، ئەویش لەچیای پیرۆزی
خۆیەوە وەڵامم دەداتەوە.
٥ ڕادەکشێم و دەخەوم و بەئاگادێمەوە، چونکە خوداوەند پشت و
پەنامە.
٦ لە دەیان هەزار کەس ناترسم، ئەوانەی دەوریان گرتووم.
٧ ڕاپەڕە ئەی خوداوەند! ئەی خوداکەم ڕزگارم بکە! لە بناگوێی
دوژمنەکانم بدە و کەڵبەی بەدکاران ووردوخاش بکە.
٨ ڕزگاری لە خوداوەندەوەیە، بەرەکەتت لەسەر گەلەکەتە.

## ٤

بۆ سەرۆکی گۆرانی بێژان بە ئامێرە ژێدارەکان زەبوورێکی داود
١ ئەی خودای ڕاستودروستم، کە بانگت دەکەم بەدەنگمەوە وەرە!
لە تەنگانەدا بە هانامەوە هاتی، ئێستاش بەزەییت پێمدابێتەوە و
گوێ لە نوێژەکەم بگرە.
٢ تا کەی ئەی ڕۆڵەکانی مرۆڤ، شکۆمەندی من دەگۆڕن بە
شورەیی؟ ئێوە تا کەی حەز لە قسەی پووچ دەکەن و بە دوای
درۆدا دەگەڕێن؟
٣ بەڵام بزانن کە خوداوەند خوداناسەکانی بۆ خۆی جیاکردۆتەوە.
هەر کاتێ بانگی بکەم گوێم لێ دەگرێ.
٤ تووڕە بن بەڵام گوناە مەکەن. لە دڵی خۆتاندا لێکی بدەنەوە،
بەڵام کە دەچنە ناو نوێنەوە، خامۆشبن.
٥ قوربانی ڕاست ودروست پێشکەش بکەن و پشت بە خوداوەند
ببەستن.
٦ زۆر کەس دەڵێن: کێ چاکەمان نیشان دەدات؟ ئەی خوداوەند با
ڕووناکی ڕووی تۆ بەسەرماندا هەڵبێت.
٧ تۆ خۆشییەکی وات خستۆتە دڵی منەوە زۆر لە خۆشی ئەوانە
زیاترە،

[أ] ناوێکی عیبرییە بەمانای باوکی ئاشتی، سێیەم کوڕی داود بوو، ناکۆکی لەگەڵ
داودی باوکی هەبوو و سەرکردایەتی یاخی بوونێکی کرد دژی. بۆ زانیاری
زیاتر بڕوانە پەرتووکی ٢ساموئێل بەشەکانی ١٣-١٨.

که گەنم و شەڕابیان زۆرە.
٨ جا بەئاشـــتی پاڵ دەدەمەوە و دەخەوم، چونکە تەنها تۆ ئەی
خوداوەند، لە ئاسوودەیی نیشتەجێم دەکەیت.

# ٥

بۆ سەرۆکی گۆرانی بێژان بە شمشاڵ. زەبوورێکی داود.
١ ئەی خوداوەند گوێ بدە قسەکانم، لە ناڵەم ووردبەرەوە.
٢ گوێ لە دەنگی هاوارم بگرە،
ئەی پاشا و ئەی خودای خۆم، چونکە بۆ تۆ نوێژ دەکەم.
٣ ئەی خوداوەند بەیانیان گوێ لە دەنگم بگرە، بەیانیان
داواکاریەکانم بەرەو ڕووی تۆ دەکەمەوە چاوەڕێ دەکەم.
٤ چونکە تۆ خودایەك نیت خراپەت پێخۆشبێت، گوناهکاران بۆیان
نییە لەگەڵت نیشتەجێ بن.
٥ لووت بەرزەکان لەبەر چاوت ناوەســتن، نەفرەت لە هەموو
بەدکارێك دەکەیت،
٦ ئەوانەی درۆ بکەن تۆ لەناویان دەبەیت .خوداوەند ڕقی لە
مرۆڤی خوێنڕێژ و فێڵباز دەبێتەوە.
٧ بەڵام من بە هۆی پەیمانی خۆشەویستییەکەت، دێمە ناو ماڵی
تۆ، بە ترسی تۆوە کڕنۆش دەبەم، بەرامبەر پەرستگای پیرۆزی
تۆ.
٨ ئەی خوداوەند لەبەر دوژمنەکانم، بە ڕاستودروستی خۆت
ڕێنمایم بکە، ڕێگای خۆت تەخت بکە لە پێشم.
٩ چونکە لە سەر زمانی ئەوان قسەی ڕاست نییە، ناوەڕۆکیان
لەناوچوونە، قوڕگیان گۆڕێکی کراوەیە، زمانیان فێڵی لێدەڕژێت.
١٠ ئەی خودا تاوانباریان بکە! با بکەونە ناو تۆڕی پیلانی
خۆیانەوە، تووڕیان بدە لەبەر زۆری گوناهەکانیان،
چونکە دژی تۆ یاخی بوون.
١١ بەڵام هەموو ئەوانەی پشتت پێ دەبەستن دڵخۆش دەبن،
تاهەتایە گۆرانی شادی دەڵێن. دەیانخەیتە ژێر سێبەری خۆتەوە،
تا هەموو ئەوانەی ناوی تۆیان خۆشدەوێت بە تۆ شادبن.
١٢ چونکە ئەی خوداوەند تۆ ڕاستودروستان پیرۆز دەکەیت،
بە ڕەزامەندی خۆت دەوریان دەدەیت وەك قەڵغان.

# ٦

بۆ سەرۆکی گۆرانی بێژان بە قیسارە بە شێوەی شیمینیت.
زەبوورێکی داود.
١ ئەی خوداوەند لە کاتی تووڕەیی خۆت سەرزەنشتم مەکە،
لە کاتی ڕق هەستانت سزام مەدە.
٢ ئەی خوداوەند بەزەییت پێمدا بێتەوە، چونکە داهێزراوم،
ئەی خوداوەند چاکم بکەرەوە، ئێسقانەکانم پەشۆکاون.
٣ هەموو گیانم پەرێشانە، تا کەی ئەی خوداوەند، تا کەی؟
٤ بگەڕێوە ئەی خوداوەند، ژیانم ڕزگاربکە، بە پەیمانی
خۆشەویستییەکەت دەربازم بکە.
٥ چونکە یادکردنەوەی تۆ لە مردندا نییە. لە شوێنی مردوواندا کێ
ستایشت دەکات؟
٦ ئەوەندەم ناڵاند شەکەت بووم! هەموو شەوێ نوێنەکەم نووقمی
گریان دەکەم، بە فرمێسك جێگاکەم تەڕ دەکەم.
٧ چاوەکانم لە خەفەتان کز بوون، بە هۆی دوژمنەکانمەوە بێهێز
بوون.
٨ ئەی هەموو بەدکاران لێم دوور کەونەوە، چونکە خوداوەند گوێی
لە دەنگی گریانم بووە،
٩ خوداوەند گوێی لە پاڕانەوەم بووە، خوداوەند وەڵامی نوێژەکانم
دەداتەوە.
١٠ هەموو دوژمنەکانم بەتوندی شەرمەزار و پەرێشان دەبن،
لەناکاو سەرشۆڕی دایاندەگرێت و بەرەوپاش دەبنەوە.

# ٧

پاڕانەوەیەکی داودە دەرهەق بە وتەکانی کووشی بنیامینی[أ] بۆ
خوداوەند وتویەتی.
١ ئەی خوداوەند خودای من، من پەنا دەبەمە بەر تۆ، لەوانەی
ڕاوم دەنێن دەربازم بکە و ڕزگارم بکە.
٢ ئەگینا وەك شێر پەلامارم دەدەن، ڕامدەکێشن و دەمبەن و
کەسیش نییە ڕزگارم بکات.
٣ ئەی خوداوەند خودای من، ئەگەر من وام کردووە، ئەگەر
دەستەکانم خراپەیان کردووە،
٤ ئەگەر ئەوەی بە ئاشتی لەگەڵمدا دەژیت، بە خراپە پاداشتم
داوەتەوە، یان بە بێ هۆ دوژمنەکەمم تاڵان کردووە،
٥ با دوژمن ڕاوم بنێت و پێشم لێبگرێت، با ژیانم پێشێل بکات
لەسەر زەوی و گیانم لەناو خۆڵ بگەوزێنێت.
٦ ئەی خوداوەند لە تووڕەیی خۆتا ڕاپەڕە، دژی قینی دوژمنەکانم
ڕاستبەرەوە.
هەستە ئەی خودای من، تۆ کە فەرمانت داوە دادپەروەری
پەیڕەوبکرێت.
٧ کۆڕی گەلان لە دەوری خۆت ببەستە و لە بەرزاییەوە
فەرمانڕەواییان بەسەردا بکە.
٨ خوداوەند دادوەری گەلان دەکات. ئەی خوداوەند بەگوێرەی
ڕاستی خۆم دادگایم بکە، بەگوێرەی بێتاوانییەکەم.
٩ خراپەی خراپەکاران نابود بکە، بەڵام ڕاست ودروستان پایەدار
بکە،
ئەی خودای ڕاست ودروست، کە مێشك و دڵەکان دەپشکنی،
١٠ خودا قەڵغانی منە، خودا دڵڕاستەکان ڕزگار دەکات،
١١ خودا دادوەرێکی ڕاست ودروستە و هەموو ڕۆژێکیش [لە
خراپەکار] تووڕە دەبێت.
١٢ ئەگەر تۆبە نەکات، خودا شمشێرەکەی خۆی تیژ دەکات،
کەوانەکەی دەچەمێنێتەوەو ژێیەکەی توند دەکات.
١٣ چەکی کوشندەی خۆی ئامادە کردووە و تیرەکانی کردۆتە تیری
ئاگرین.
١٤ ببینە مرۆڤی بەدکار بەخراپەوە ژانی گرتووە، بە ئاژاوە سکی
پڕبووە و درۆی دەبێت.
١٥ چاڵێك هەڵدەکەنێت و قووڵی دەکات، بەڵام خۆی دەکەوێتە ئەو
چاڵەی کە هەڵیکەندووە.
١٦ ئاژاوەکەی بەسەر سەری خۆیدا دەڕژێت و زۆرداریەکەیشی
بە باڵای خۆیدا دەبارێت.

[أ] ٧: یەکێك بوو لە دوژمنەکانی داود.

^١٧ سوپاسی خوداوەند دەکەم بۆ ڕاستودروستییەکەی، هەروەها
گۆرانی ستایش دەڵێم بۆ ناوی خوداوەندی هەرە بەرز.

# ٨

بۆ سەرۆکی گۆرانی بێژان لەسەر گتیت. زەبوورێکی داود.
١ ئەی خوداوەندی گەورەمان، ناوت لە سەراپای زەویدا چەند
شکۆدارە! تۆ شکۆمەندی خۆت خستۆتە سەرووی هەموو
ئاسمانەکان.
٢ لەسەر لێوی منداڵان و شیرەخۆرەکان،
هێز دادەمەزرێنیت بە هۆی ناحەزەکانتەوە، تا دوژمنە
تۆڵەسێنەرەکانی پێ دەمکوت بکەیتەوە.
٣ کاتێ تەماشای ئاسمان دەکەم، کە پەنجەکانی تۆ دروستیان
کردووە، مانگ و ئەستێرەکان، کە تۆ لەوێ داتناون،
٤ مرۆڤ چییە تا تۆ ناوی بهێنیت؟ ڕۆڵەی مرۆڤ چییە تا تۆ
ئەوەندە بایەخی پێبدەیت؟
٥ کەمێ لە فریشتەکان کەمتری دابنێیت و تاجی شکۆمەندی و
سەربەرزیی بخەیتەسەر.
٦ دەسەڵاتت داوەتێ بەسەر هەموو دەستکردی خۆتدا، تۆ هەموو
شتێکت خستۆتە ژێر پێی ئەم.
٧ هەموو مەڕو مانگاکان، هەروەها ئاژەڵی دەشتودەر،
٨ باڵندەی ئاسمان و ماسی دەریا و هەرچی لەناو دەریا بژی.
٩ ئەی خوداوەندی گەورەمان، ناوت لەسەراپای زەویدا چەند
شکۆدارە!

# ٩

بۆ سەرۆکی گۆرانی بێژان. لەسەر ئاوازی مردنی کوڕ.
زەبوورێکی داود.
١ بەهەموو دڵەوە سوپاست دەکەم ئەی خوداوەند، باسی هەموو
کردەوە سەرسوڕهێنەرەکانت دەکەم.
٢ بە تۆوە شاد و دڵخۆش دەبم، گۆرانی ستایش بۆ ناوی تۆ دەڵێم
ئەی هەرە بەرز.
٣ کاتێ دوژمنەکانم بەرەو پاش هەڵدێن، لەبەردەمی تۆدا ساتمە
دەکەن و لەناودەچن.
٤ چونکە تۆ دادپەروەرانە دادوەری منت کردووە، تۆ لەسەر
تەختی خۆت دانیشتووی ، دادوەرێکی ڕاستودروستی.
٥ تۆ نەتەوەکانت سەرزەنشت کردووە و بەدکارانت لەناوبردووە،
تاهەتایە ناویانت سڕیوەتەوە.
٦ دوژمنان تووشی لەناوچوونی بێ کۆتایی دەکەیت، شارەکانیان
وێران دەکەیت، تەنانەت بیرەوەریان نامێنێت.
٧ بەڵام خوداوەند تاهەتایە لەسەر تەخت دادەنیشێت، تەختی خۆی
بۆ دادوەری دامەزراندوە.
٨ بە دادپەروەری دادوەری جیهان دەکات، بە یەکسانی
فەرمانڕەوایی گەلان دەکات.
٩ خوداوەند قەڵای زۆرلێکراوانە، پەناگەیە لە کاتی تەنگانە.

[أ] ٩: ١٤ مەبەست شاری سییۆنە

١٠ ئەوانەی تۆ دەناسن پشتت پێدەبەستن، چونکە ئەی خوداوەند تۆ
واز لەوانە ناهێنیت کە داوات دەکەن.
١١ سروودی ستایش بڵێن بۆ خوداوەند کە لە چیای سییۆن
نیشتەجێیە. لەناو نەتەوەکان کردەوەکانی ڕابگەیەنن.
١٢ چونکە ئەوەی تۆڵەی خوێن دەکاتەوە لەبیرناکات، هاواری
هەژاران لەبیرناکات.
١٣ ئەی خوداوەند ببینە چ ئازارێك بەدەست دوژمنەکانمەوە
دەکێشم! بەزەییت پێمابێتەوە و لەبەر دەرگای مردن
دوورمبخەرەوە،
١٤ بۆ ئەوەی ستایشت بکەم لەبەر دەروازەکانی کچی[أ] سییۆن،
هەروەها بە ڕزگاری تۆ شادبم.
١٥ نەتەوەکان کەوتوونەتە ئەو چاڵەی کە خۆیان هەڵیانکەندبوو،
پێیان بەو تۆڕەوە بووە کە نابوویانەوە.
١٦ خوداوەند بە دادپەروەری حوکمەکانی ناسراوە، بەدکارەکان
دەکەونە داوی کردەوەی دەستی خۆیان. هیگایۆن[ب].
١٧ بەدکارەکان بەرەو شوێنی مردووان دەڕۆن، هەموو ئەو
نەتەوانەی کە خودا لەبیردەکەن.
١٨ بەڵام نەداران تاسەر لەبیرناکرێن، ئومێدی هەژاران تاهەتایە
لەناوناچێت.
١٩ هەستە ئەی خوداوەند، مەهێڵە مرۆڤ سەربکەوێت، وابکە
نەتەوەکان لەپێش تۆ دادگایی بکرێن.
٢٠ ئەی خوداوەند ترس بخەرە دڵیانەوە، با نەتەوەکان بزانن کە
تەنها مرۆڤن.

# ١٠

١ ئەی خوداوەند بۆچی لە دوورەوە وەستاویت؟ بۆچی لە کاتی
تەنگانە خۆت دەشاریتەوە؟
٢ بەدکاران لە لووتبەرزییان ڕاوی هەژار دەکەن، گرفتاری ئەو
پیلانەیان دەکەن کە بۆیان دادەنێن.
٣ چونکە مرۆڤی بەدکار شانازی بە هەوەسەکانی دڵییەوە دەکات،
مرۆڤی چاو برسی نەفرەت لە خوداوەند دەکات و ڕەتی دەکاتەوە.
٤ مرۆڤی بەدکار لە لووتبەرزی خۆی باکی بە خوداوەند نییە،
هەموو بیر کردنەوەی ئەوەیە کە: خودا نییە.
٥ هەمیشە ڕێگاکانی خواروخێچە، لە حوکمەکانی خودا ناگات ،
ناحەزەکانی خۆی بە هیچ دەزانێت.
٦ لە دڵی خۆیدا دەڵێت: هیچ شتێ ناملەقێنێت، هەموو کاتێ دڵخۆش
دەبم و هەرگیز تووشی بەڵا نایەم.
٧ دەمی پڕ نەفرەت و درۆ و هەڕەشەیە، بەڵاو گوناه لە بن
زمانیەتی.
٨ بۆسە دادەنێ نزیك گوندەکان، خۆی دەشارێتەوە بۆ کوشتنی
بێتاوانان.
٩ وەك شێر خۆی مات دەکات، خۆی مات دەکا بۆ گرتنی
بەستەزمانان، بەستەزمانان گرفتاری ئەو داوە دەکات کە بۆی
ناونەتەوە و ڕایپێچیان دەکات.
١٠ نێچیرەکانی ووردوخاش دەکات، دەڕوخێن، دەکەونە ژێر
هێزی ئەوەوە.
١١ لە دڵی خۆیدا دەڵێت: خودا ئاگای لێ نییە، چاوی خۆی نوقاندوە
و هەرگیز نامبینێت.

[ب] ٩: ١٦ ئەم وشەیە لە ١٩: ٤٩ بە مانای لێکدانەوەی دڵ یان بیرکردنەوە بە بێدەنگی، هەروەها لە ٩٢: ٣ بە مانای ئاواز هاتووە. ڕەنگە لێرەش وەك هێمایەکی مۆسیقی بە مانای بێدەنگی ئاواز بێت.

١٢ ڕاپەڕە ئەی خوداوەند، دەسـتت بەرزکەوە، بەسـتەزمانەکان لەبیر مەکە.
١٣ چۆن دەبێت مرۆڤی بەدکار سـووکایەتی بە خودا بکات؟ بۆچی لە دڵی خۆیدا بڵێت: خودا سزام نادات؟
١٤ بەڵام تۆ ئەی خودا دەبینیت، ئـازار و تەنگـانەت لێ دیـارە، هەمیشـە ئامادەیت بۆ یارمەتیدان، بەسـتەزمانەکان خۆیان داوەتە دەستی تۆ، تۆیش هەمیشە یارمەتیدەری بێ باوکانیت.
١٥ هێزی بازووی بەدکاران و خراپەکاران بشـکێنە، لەسـەر ئەو خراپەیەی کردویانە سزایان بدە، تا جارێکی تر وا نەکەن.
١٦ خوداوەند پاشایە تاهەتایە، میللەتان لە خاکی ئەو لەناو دەچن.
١٧ ئەی خوداوەند تۆ گوێ لە داواکاری بەستەزمانەکان دەگریت، هانیان دەدەیت و گوێ لە هاوارەکانیان دەگریت.
١٨ بۆ دادوەریکردنی چەوسـاوە و بێباوکان، بۆ ئەوەی مرۆڤ کە لەسەر زەوییە، ئیتر نەیانترسێنێت.

# ١١

بۆ سەرۆکی گۆرانی بێژان، زەبوورێکی داود.
١ من پشتم بە خوداوەند بەستووە، ئیتر چۆن پێم دەڵێن: وەك باڵدار بفڕە بۆ چیاکانت.
٢ چونکە ئا ئەوەتا بەدکاران کەوان ڕادەکێشـن و تیر دەخەنە بەر کەوان، تا لە تاریکیەوە دڵڕاستان بپێکن.
٣ کاتێ بنچینەکان بڕوخێن، مرۆڤی ڕاسـت ودروسـت چی پێ دەکرێت؟
٤ خوداوەند لە پەرسـتگای پیرۆزی خۆیەتی، تەختی خوداوەند لە ئاسـمانە. چاوەکانی تەماشـای ڕۆڵەکانی مرۆڤ دەکەن و لێیان وورد دەبێتەوە و تاقیان دەکاتەوە.
٥ خوداوەند مرۆڤی ڕاستودروست تاقی دەکاتەوە، بەڵام لە دڵەوە ڕقی لە بەدکار و زۆردارە.
٦ پشـکۆی ئاگر و گۆگرد بەسـەر بەدکارەکاندا دەبارێنێت، گڕەی بای سووتێنەر بەشیانە.
٧ لەبەر ئەوەی خوداوەنـد ڕاسـت ودروسـتە و حەزی لە دادپەروەرییە، مرۆڤی سەرڕاست بە دیداریی شاد دەبێت.

# ١٢

بۆ سەرۆکی گۆرانی بێژان بە هەشت ژێ. زەبوورێکی داود.
١ ئەی خوداوەند ڕزگارمان بکە، چونکە مرۆڤی خواناس نەماوە، چونکە لەناو ئادەمیزاددا دڵسۆز نەماوە.
٢ هەموو درۆ لەگەڵ یەکتر دەکەن، بە لێوی ڕیایی و دڵی ساختەوە قسەدەکەن.
٣ خوداوەنـد هەموو لێوە ڕیـاییکەرەکـان دەبڕێـت، هەموو ئەو زمانانەی بە فیزەوە دەدوێن.
٤ ئەوانەی دەڵێن: بە زمـانی خۆمـان زاڵ دەبین، لێوی خۆمـان لەگەڵ خۆمانە، کێ هەیە ببێت بە گەورەمان؟
٥ خوداوەند دەڵێت: لەبەر زۆرلێکرانی هەژاران و ناڵەی کڵۆڵان، ئێسـتا ڕادەپەڕم، ئەو ئـاسـوودەییەیـان دەدەمێ کە ئـاهی بۆ هەڵدەکێشن.
٦ وشـەی خوداوەند جێی متمانەیە، وەك ئەو زیوە وایە کە حەوت جار لە بۆتەی گڵین پاڵێورابێ.
٧ ئەی خوداوەنـد دەیـانپـارێزیـت و تـاهەتـایە لەم جۆرە مرۆڤـانە پاسیان دەکەیت.
٨ بەدکارەکان بە هەموو لایەکدا بە ئازادی دەگەڕێن ، کاتێ خەڵکی بە شان و باڵی خراپەدا هەڵدەدەن.

# ١٣

بۆ سەرۆکی گۆرانی بێژان. زەبوورێکی داود.
١ ئەی خوداوەند تاکەی بە تەواوی لەبیرم دەکەیت؟ تا کەی ڕووی خۆتم لێ وەردەگێڕیت؟
٢ تـا کەی ڕۆژانە دەروونم پڕ خەم بێـت و خەفەت لەنـاو دڵم کۆبکەمەوە؟ تا کەی دوژمنم بەسەرمدا زاڵبێت؟
٣ ئەی خوداوەند خودای من، سـەیرم بکە و بە دەنگمەوە وەرە، چاوم ڕۆشن بکەوە نەوەك خەوی مەرگم لێبکەوێت.
٤ نەوەك دوژمن بڵێت: بە سەریدا زاڵ بووم، نەوەك ناحەزەکانم بە پەرێشانی من شادومان بن.
٥ بەڵام من پشتم بە پەیمانی خۆشـەویستییەکەت بەستووە، دڵم بە ڕزگاریی تۆوە خۆشە.
٦ سروود بۆ خوداوەند دەڵێم، چونکە چاکەی لەگەڵ کردووم.

# ١٤

بۆ سەرۆکی گۆرانی بێژان. زەبوورێکی داود.
١ نەزان لە دڵی خۆیـدا دەڵێـت: خودا نییە. هەموو بۆگەنن و کردەوەکانیان پیسە، کەس نییە چاکە بکات.
٢ خوداوەند لە ئاسمانەوە سـەیری ئادەمیزادان دەکات، تا بزانێت کەس هەیە تێگەیشتوو بێت، کەس هەیە داوای خوداوەند بکات.
٣ هەموو چەواشـە بوون، هەموو بۆگەن بوون، کەس نییە چاکە بکات، تەنانەت یەکێکیش نییە.
٤ ئایا گوناهکاران نازانن، ئەوانەی وەك نان گەلەکەی من دەخۆن و ئەوانەی خوداوەندیان ناوێت؟
٥ لەوێ ترسـێکی گەورەیان لێنیشـت، چونکە خودا لەناو کۆڕی ڕاستودروستان ئامادەیە.
٦ سووکایەتی بە بۆچوونی هەژار دەکەن، بەڵام خوداوەند پەناگەی ئەوە.
٧ خۆزگە ڕزگاری ئیسـرائیل لە سـییۆنەوە دەرکەوێت! کاتێ خوداوەند گەلەکەی خۆی لە دیلی دەگێڕێتەوە، یاقوب شـاد و ئیسرائیل دڵخۆش دەبێت.

# ١٥

زەبوورێکی داود.
١ ئەی خوداوەند کێ لە ماڵی تۆ نیشتەجێ دەبێت؟ کێ لەسەر کێوی پیرۆزی تۆ دەژیێت؟
٢ ئەو کەسـەی ڕێگـای تەواو دەگـرێـتەبەر، ئەو کەسـەی ڕاستودروستی بە ئەنجام دەگەیەنێت، ئەو کەسەی لە دڵەوە درۆ ناکا ت و

٣ بەزمانی غەیبەتی کەس ناکات، خراپە لەگەڵ برادەرەکەی ناکات
و هاوڕێکەی خۆی شەرمەزار ناکات.
٤ ئەو کەسەی بە سووکییەوە دەڕوانێتە خراپەکاران، بەڵام ڕێزی
ئەوانە دەگرێت کە ترسی خوداوەندیان لە دڵدایە، سوێندی خۆی
بەجێ دەهێنێت، ئەگەر ببێتە مایەی زەرەریش بۆی.
٥ پارە بە سوود نادات و بەرتیل وەرناگرێ دژی بێتاوانان.
ئەوەی ئەم شتانە بکات، تاهەتایە جێلەق نابێت.

# ١٦

پاڕانەوەیەکی داود.
١ خودایە بمپارێزە، چونکە پشتم بە تۆ بەستووە.
٢ بە خوداوەندم وت: تۆ گەورەی منی، بێجگە لە تۆ هیچ شتێکی
چاکم نییە.
٣ بە پیاوە پیرۆزەکانە کە لەسەر زەوین و بە پیاوچاکان، هەموو
خۆشییەکم بەوانە.
٤ ئەوانەی دوای خودای دیکە بکەون، دەردیان زۆر دەبێت. خوێنی
قوربانی بۆ نارێژم و ناویشی لەسەر لێوم نابێت.
٥ خوداوەند تۆ، بەش و بەخت و کاسەی منی، ژیانم بە دەستی
تۆیە.
٦ خاکێکی چاك بوو بە بەشم، میراتێکی دڵخۆشکەرم هەیە.
٧ ستایشی خوداوەند دەکەم کە ئامۆژگاریم دەکات، تەنانەت بە
شەویش بە دڵم ڕێنمایم دەکات.
٨ هەمیشە خوداوەندم لەبەر چاوە، ئەو لەلای دەستە ڕاستمەوەیە،
نەوەك باوەڕم بێهێز بێت.
٩ بۆیە دڵشادم و زارم لە هەڵهەڵەدایە، تەنانەت لەشیشم لە هیوادا
نیشتەجێیە.
١٠ چونکە تۆ دەرونم لە شوێنی مردووان بە جێ ناهێڵیت، هەروەها
ناهێڵیت تاقانە پیرۆزی خۆت گەندەڵی ببینێت.
١١ ڕێگای ژیانت پێناساندم، تێربوون لە شادی لە ئامادەبوونی
تۆدایە !شادی هەتاهەتایی لە دەستە ڕاستی تۆ دایە.

# ١٧

نوێژێکی داود.
١ ئەی خوداوەند، گوێ لە ڕاستی بگرە! گوێ لە هاوارم بگرە،
گوێ شلکە بۆ نوێژەکەم، کە لە دوو لێوی بێفێڵ دێتە دەرەوە.
٢ دادگەری من لەلای تۆوە دێت، چاوەکانت ڕاست وڕێکی
دەبینێت.
٣ ئەگەر دڵم بپشکنیتو بە شەو تاقییکەیەوە، ئەگەر لێم ووردبیتەوە،
هیچ خراپەم تیادا نابینیت. بڕیارم داوە بەخراپە نەدوێم،
٤ دەرهەق بە کاری خەڵك. بە وشەی سەر لێوی تۆ، خۆم لە
ڕێگای توندوتیژی لاداوە.
٥ هەنگاوم بە شوێن پێی تۆوە جێگیر بوو، قەت پێم نەخلیسکاوە.
٦ ئەی خودا هاوار هەر بۆ تۆ دەهێنم، چونکە تۆ بە دەنگمەوە
دێیت. گوێم بۆ شلکە و گوێ لە نوێژەکەم بگرە.
٧ پەیمانی خۆشەویستی خۆت دەرخە، ئەی ئەوەی بە دەستە
ڕاستت ئەوانە ڕزگار دەکەیت، کە لە ترسی دوژمنەکانیان پەنات
بۆ دەهێنن.
٨ وەك گلێنەی چاوت بمپارێزە، لە ژێر سێبەری باڵەکانت
بمشارەوە،
٩ لەو بەدکارانەی تاڵانم دەکەن، لەو دوژمنە پیاوکوژانەی
دەوریانداوم.
١٠ دڵە بەردینەکانیان داخستووە، بە دەمیش لاف وگەزاف لێدەدەن.
١١ شوێن پێم دەکەون، وا دەوریان داوم، چاویان لەوەیە بە زەویم
دا بدەن.
١٢ وەك شێرێکن کە برسی پەلاماردانە، وەك بەچکە شێرێ کە
خۆی لە بۆسە نابێت.
١٣ ڕاپەڕە ئەی خوداوەند، لە ڕوویان بوەستە، بەریان بدەوە!
بە شمشێری خۆت گیانم لە بەدکار ڕزگاربکە!
١٤ ئەی خوداوەند بە دەستی خۆت لەم جۆرە مرۆڤانە ڕزگارم
بکە، لە خەڵکی ئەم جیهانە کە بەشیان لەم ژیانەیە.
ورگیانت پڕ کردووە لەو شتەی هەڵتگرتووە بۆیان، کوڕەکانیان
تێردەخۆن، ئەوەی دەمێنێتەوە بۆ منداڵەکانیان جێی دەهێڵن.
١٥ بەڵام من لە ڕاست ودروستیدا ڕووی تۆ دەبینم، کە بەئاگادێم
تێر دەبم لە بینینی شێوەت.

# ١٨

بۆ سەرۆکی گۆرانی بێژان. زەبوورێکی داودی خزمەتکاری
خوداوەند. ئەم سروودەی بۆ خوداوەند وت لەو ڕۆژەی کە
خوداوەند لە دەستی هەموو دوژمنەکانی و لە دەستی شاول
ڕزگاری کرد. وتی:
١ خۆشمدەوێیت خوداوەند، ئەی هێزی من.
٢ خوداوەند چیای منە، قەڵامە و ڕزگارکەرمە، خودام ئەو چیایەمە
کە پەنای بۆ دەبەم، قەڵغانمە، شاخی ڕزگاریمە، پەناگامە.
٣ هاواری خوداوەند دەکەم کە شایانی ستایشە، لە دوژمنەکانم
ڕزگارم دەکات.
٤ پەتی مەرگ شەتەکی دام، لێشاوی لەناوچوون زەندەقی بردم.
٥ پەتی دونیای مردووان بە دەورمدا تەنراوە، داوی مردن
لەبەردەمم دانراوە.
٦ لە تەنگانەدا هاواری خوداوەندم کرد، هاواری یارمەتیم بردە
بەر خودام، لە پەرستگاکەی گوێی لەدەنگم بوو، هاوارم گەیشتە
بەر گوێی.
٧ ئینجا زەوی لەرزی و هەژا، بناغەی چیاکانیش هەژان و
ڕاژەنین چونکە تووڕە بوو.
٨ دووکەڵ لە لووتی هاتە دەرەوە، ئاگر لە دەمی هاتە دەرەوە،
پشکۆی داگیرساوی لێوە دەرچوو.
٩ ئاسمانەکانی لێککردەوە و دابەزییە خوارەوە، هەوری تاریك
لەژێر پێی بوون.
١٠ سواری کروب بوو و فڕی، بە سەر باڵی بادا بەرز بووەوە.
١١ تاریکی کردە پەردە لە دەوری خۆیدا، هەوری تاری پڕبارانی
ئاسمانی کرد بە چەتری خۆی.
١٢ لە بلاچەی بەردەمی هەورەکان شەقبوون، تەرزە و پشکۆی
ئاگریان لێ هاتە دەرێ.
١٣ خوداوەند لە ئاسمان گرمەی هات، خودای هەرە بەرز دەنگی
هات، وەك تەرزە و پشکۆی ئاگر.
١٤ تیرەکانی هاویشت و بڵاوەی بە دوژمنەکانی کرد، بە
برووسکەی گەورە پەرێشانی کردن.
١٥ بنی دەریاکان دەرکەوتن، بناغەکانی زەوی دەرکەوتن، لە
سەرزەنشتی تۆ ئەی خوداوەند، لە هەڵکردنی هەناسەی لووتی تۆ.

١٦ لە بەرزاییەوە دەستی درێژ کرد و گرتمی، لەناو ئاوە قووڵەکان دەریکردم.
١٧ لە دوژمنە بە تواناکەم ڕزگاری کردم، لە ناحەزەکانم کە زۆر لە من بەهێزترن.
١٨ لە ڕۆژی لێقەومانم هاتنە سەرم، بەڵام خوداوەند پشت و پەنام بوو.
١٩ هێنامیە جێگایەکی پان وفراوان، ڕزگاری کردم، چونکە دڵخۆشە پێم.
٢٠ خوداوەند بەگوێرەی ڕاستودروستیم پاداشتی دامەوە، ڕێزداری کردم بەگوێرەی پاکی دەستم.
٢١ چونکە ڕێگاکانی خوداوەندم بەرنەداوە، لە خودای خۆم یاخی نەبووم.
٢٢ هەموو حوکمەکانی لە بەردەمم بووە، سەرپێچی فەرزەکانیم نەکردووە.
٢٣ لە بەردەمیدا تەواو بووم و خۆم لە خراپە پاراستووە.
٢٤ خوداوەند بەگوێرەی ڕاست ودروستیم، بەگوێرەی دەست پاکیم لەبەر دەمیدا، پاداشتی داومەتەوە.
٢٥ لەگەڵ دڵسۆزەکاندا دڵسۆزی دەنوێنیت، لەگەڵ تەواوەکان تەواوی دەنوێنیت،
٢٦ لەگەڵ دڵنەرمەکان دڵنەرمی نیشان دەدەیت، لەگەڵ خوارەکانیش ووریایی نیشان دەدەیت.
٢٧ تۆ خەڵکی بێفیز ڕزگار دەکەیت، بەڵام لووتی لووتبەرزان دەشکێنیت.
٢٨ تۆ ئەی خوداوەند چراکەم دادەگیرسێنیت، خودام، تاریکیم بۆ ڕووناکی دەگۆڕێت.
٢٩ بە یارمەتی تۆ دەتوانم لەشکرێك تێکبشکێنم، لەگەڵ خودای خۆم دەتوانم بەسەر شووراکاندا سەربکەوم.
٣٠ ڕێگای خودا تەواوە، ووتەی خوداوەند بێگەردە. ئەو قەڵغانە، بۆ هەموو ئەوانەی پەنای بۆ دەبەن.
٣١ چونکە لە خوداوەند بەولاوە کێ خودایە؟ لەخودا بەولاوە کێ پەنادەرە؟
٣٢ خودایە، کە کەمەرمی بە هێز بەستووە، ڕێگای من تەواودەکات.
٣٣ پێیەکانم وەك پێی ئاسك لێدەکات، لەسەر بەرزایی ڕامدەگرێت.
٣٤ مەشق بە دەستەکانم دەکات بۆ جەنگ، تا بتوانم بە بازووم کەوانی مس بچەمێنمەوە.
٣٥ قەڵغانی ڕزگاری خۆت پێ بەخشیوم، بەدەستی ڕاستت پشتم دەگریت، بە میهرەبانی خۆت گەورەم دەکەیت.
٣٦ جێی هەنگاوەکانم تەخت و فراوان دەکەیت، تا پێم نەخلیسکێت.
٣٧ دوژمنەکانم ڕاوناو پێشم لێ گرتن، تا لەناونەبردن نەگەڕامەوە.
٣٨ ووردوخاشیان دەکەم کە نەتوانن هەستنەوە، لە ژێر پێم دەکەون.
٣٩ کەمەرم بە هێز دەبەستیت بۆ جەنگ، وا لە دوژمنەکانم دەکەی لەبەر پێم بکەون.
٤٠ دوژمنەکانم پشتم تێدەکەن و ڕادەکەن، ناحەزانم لەناو دەبەم.
٤١ هاواریان کرد، بەڵام کەس بە هاواریانەوە نەچوو. هاواری خوداوەندیان کرد بەڵام بە دەنگیانەوە نەچوو.
٤٢ وەك تۆزی بەر با ووردیان دەکەم، وەك قوڕی سەر ڕێگا فڕێیاندەدەم.
٤٣ لە هێرشی گەل ڕزگارت کردم، تۆ منت کرد بە سەرۆکی نەتەوەکان، گەلێك کە نەمدەناسین بوون بە کۆیلە و خزمەتکارم.
٤٤ هەر کە دەنگم دەبیستن یەکسەر گوێڕایەڵم دەبن، بێگانەکان لێم دەپاڕێنەوە.
٤٥ بێگانەکان ورەیان بەرداو بە لەرزەوە لە قەڵاکانیان هاتنە دەرەوە.
٤٦ خوداوەند زیندووە، پیرۆزە پەناگام. خودای ڕزگارکەرم بەرزە.
٤٧ خودایە کە تۆڵەم بۆ دەکاتەوە، گەلانی ملکەچی من کرد،
٤٨ لە دوژمنەکانم ڕزگاری کردم. بەرزی کردمەوە بەسەر ناحەزانم، لە دەست مرۆڤە توندوتیژەکان ڕزگارت کردم.
٤٩ بۆیە ئەی خوداوەند لەناو نەتەوەکان ستایشت دەکەم، سروودی ستایش بۆ ناوت دەڵێم.
٥٠ سەرکەوتنێکی گەورە بە پاشای خۆی دەبەخشێت، پەیمانی خۆشەویستی بەسەر دەستنیشانکراوەکەی دەبارێنێت، بەسەر داود و نەوەکانی تاهەتایە.

# ١٩

بۆ سەرۆکی گۆرانی بێژان. زەبوورێکی داود.
١ ئاسمان باسی شکۆمەندی خودا دەکات، گەردوون کارەکانی دەستی ڕادەگەیەنێت.
٢ ڕۆژ تا ڕۆژ ووتەی بەرز دەبارێنن ، شەو تا شەو زانین ڕادەگەیەنن.
٣ بەبێ قسە و ئاخافتن، بێ هیچ دەنگێك.
٤ دەنگیان دەگاتە هەموو زەوی، ووتەکانیان دەگاتە بنی دونیا. جێگایەکی ئامادەکردووە بۆ خۆر تیایاندا،
٥ کە وەك زاوایە لەناو پەردەکەی بێتە دەرەوە، وەك پاڵەوانێ کە شادە بە ڕاکردن لە گۆڕەپان.
٦ لەوسەری ئاسمانەوە هەڵدێت و دەسوورێتەوە تا ئەو سەری، هیچ شتێ لەبەر گەرماییەکەی ناشاردرێتەوە.
٧ فێرکردنەکانی خوداوەند تەواوە، دەروون دەژێنێتەوە. شایەتییەکانی ڕاستن ، گێل دەکەن بە دانا.
٨ ئامۆژگارییەکانی خوداوەند دروستن، دڵ خۆش دەکەن. ڕاسپاردەکانی پاکن ، چاو ڕۆشن دەکەنەوە.
٩ ترسی خوداوەند بێگەردە، تاهەتایە سەقامگیرە. حوکمەکانی ڕاست و ڕەوانن،
١٠ لە زێڕ دڵگیرترن، لە زێڕی سافی زۆر، لە هەنگوین شیرینترن، لە دڵۆپی شانەی هەنگوین.
١١ بەوانە، خزمەتکاری خۆت ئاگادار دەکەیتەوە، پەیڕەوکردنیان پاداشتی زۆرە.
١٢ کێ لە هەڵەکانی خۆی تێدەگات؟ گوناهە شاراوەکانم ببەخشە.
١٣ خزمەتکاری خۆت بپارێزە لە گوناهی یاخیبوون، وامەکە بەسەرمدا زاڵبێت. ئەوسا بێکەموکوڕی دەبم ، لە گوناهی گەورە بێبەری دەبم.
١٤ قسەی زمان و لێکدانەوەی دڵم، جێی ڕەزامەندی تۆ بێت، ئەی خوداوەند، ئەی چیا و ئەی ئەوەی دەمکڕیتەوە.

# ٢٠

بۆ سەرۆکی گۆرانی بێژان. زەبوورێکی داود.
١ با خوداوەند لە ڕۆژی تەنگانەدا بە دەنگتەوە بێت، با ناوی خودای یاقوب بتپارێزێت.
٢ با لە پیرۆزگاکەیەوە یارمەتیت بۆ بنێرێت و لە سییۆنەوە پشتگیریت بکات.

٣ با هەموو قوربانییەکانی تۆی لەبیربێت و هەموو قوربانی
سووتاندنەکانی تۆ قبووڵ بکات.
٤ با ئارەزووی دڵت بهێنێتە دی، هەموو ڕاوێژەکانت بە ئەنجام
بگەیەنێت.
٥ هەلهەلە لێدەدەین بۆ ڕزگاربوونت و بە ناوی خودامانەوە ئاڵا
بەرز دەکەینەوە. با خوداوەند هەموو داخوازیەکانت بەجێبهێنێت.
٦ ئێستا زانیم خوداوەند دەستنیشانکراوی خۆی ڕزگار دەکات، لە
ئاسمانی پیرۆزی خۆیەوە بە دەنگییەوە دێت، بە توانای ڕزگاری
بەخشی دەستە ڕاستی.
٧ هەندێك شانازی بە گالیسکە دەکەن و هەندێك بە ئەسپ، بەڵام
ئێمە شانازی بە ناوی خوداوەندی خودامان دەکەین.
٨ ئەوان چەمانەوەو کەوتن، بەڵام ئێمە هەڵدەستین و ڕاست
دەبینەوە.
٩ ئەی خوداوەند، پاشا ڕزگار بکە! کە هاوارت بۆ دەکەین
بەدەنگمانەوە وەرە!

# ٢١

بۆ سەرۆکی گۆرانی بێژان. زەبوورێکی داود.
١ ئەی خوداوەند پاشا بە هێزی تۆ شادومان دەبێت، چەند دڵخۆشە
بەو ڕزگارییەی پێت بەخشیووە.
٢ ئارەزووی دڵیت پێ بەخشیووە و دریغیت نەکردوە لە
داواکاریەکانی زمانی.
٣ بە بەرەکەتێکی زۆرەوە پێشوازیت کرد و تاجێکی زێری سافت
لەسەر سەری دانا.
٤ داوای ژیانی لێکردیت، پێت بەخشی، ڕۆژگاری درێژی
تاهەتایە.
٥ بەو ڕزگارییەی کە پێتداوە، شکۆمەندییەکەی مەزنە، تۆ
گەورەیی و شکۆت بەسەردا باراندووە.
٦ چونکە بەرەکەتێکی بێکۆتایت پێ بەخشیووە، بە خۆشی دیداری
خۆت شادی دەکەیت.
٧ چونکە پاشا پشت بە خوداوەند دەبەستێت، بە پەیمانی
خۆشەویستی ئەوەی کە هەرەبەرزە و هەرگیز نالەقێت.
٨ دەستت بەسەر هەموو دوژمنەکانتدا دەڕوات، دەستی ڕاستەت
بەسەر ناحەزانتدا.
٩ کە دەردەکەویت وەك تەنوورێکی بڵێسەداریان لێدەکەیت، لە
تووڕەیدا خوداوەند هەڵیاندەلووشێت، ئاگریش دەیانخوات.
١٠ ڕەچەڵەکیان لەسەر زەوی دەبڕێتەوە، نەوەیان لەناو
ئادەمیزادان.
١١ سەرناکەون، چونکە پیلانیان دژت دانا و بیریان لە خراپە
کردەوە.
١٢ چونکە تۆ وایان لێدەکەیت ڕابکەن، کاتێ بە تیروکەوان نیشانیان
لێدەگریت.
١٣ بە هێزی خۆت بەرزببەرەوە ئەی خوداوەند، سروود و ستایش
بۆ توانات دەڵێین.

# ٢٢

بۆ سەرۆکی گۆرانی بێژان بەگوێرەی ئاسکی بەربەیان.
زەبوورێکی داود.
١ خودای من، خودای من، بۆچی وازت لێهێنام؟ بۆچی وا دووری
لە ڕزگارکردنم، لە بیستنی ئاهم؟
٢ ئەی خودای من بە ڕۆژ هانات بۆ دەهێنم، وەڵامم نادەیتەوە،
بە شەو بانگت دەکەم، هیچ ئارامم نییە.
٣ تۆش ئەو پاك وپیرۆزەی، کە لەسەر تەخت دانیشتوویت لەناو
ستایشی ئیسرائیل.
٤ باوباپیرانمان پشتیان بە تۆ بەست، پشتیان بە تۆ بەست و تۆش
ڕزگارت کردن.
٥ هاواریان بۆ تۆ کرد و تۆش ڕزگارت کردن، پشتیان بە تۆ
بەست و تۆش نائومێدت نەکردن.
٦ بەڵام من کرمێکم نەك مرۆڤ. مایەی ڕسوایی ئادەمیزادان و
سووکایەتی میللەتم.
٧ هەموو ئەوانەی دەمبینن گاڵتەم پێ دەکەن، توانجم لێدەگرن و
سەر بادەدەن و دەڵێن:
٨ پشتی بە خوداوەند بەست، با خوداوەند ڕزگاری بکات. با
ئازادی بکات، ئەگەر خوداوەند دڵخۆشە پێی؟
٩ تۆ لەناو سکی دایکمدا دەرتهێنام، کاتێ لە باوەشی دایکم بووم،
دڵنیات کردم.
١٠ من لە کاتی لە دایکبوونمەوە بە تۆ سپێردراوم، لە سکی
دایکمەوە تۆ خودای منی.
١١ لێم دوورمەکەوە، چونکە تەنگانە نزیك بووەتەوە و کەس نییە
یارمەتیم بدات.
١٢ گای زۆر دەوریان داوم، گایە بەهێزەکانی باشان ئابڵۆقەیان
داوم.
١٣ وەك شێری دڕندەی بە نەڕەنەڕ، دانیان لێ تیژکردووم.
١٤ وەك ئاو ڕژام، هەموو ئێسقانەکانم لێك جیابوونەتەوە.
دڵم بووە بە مۆم، لە ناوەڕۆکمدا تواوەتەوە.
١٥ هێزم وەك پارچە فەخفووری ووشك بووە، زمانم بە
مەڵاشوومەوە نووساوە، شۆڕت کردمەوە ناو خاکی مەرگ.
١٦ سەگ دەوریان داوم، تاقمە بەدکارێك ئابڵۆقەیان داوم،
دەست و پێیان کوونکردووم.
١٧ هەموو ئێسقانەکانم دەژمێرم، ئەمانە تەماشام دەکەن
تێمدەڕوانن.
١٨ جل وبەرگەکەم لەناو خۆیان بەش دەکەن، شێروخەت لەسەر
کراسەکەم دەکەن.
١٩ بەڵام تۆ ئەی خوداوەند لێم دوور مەکەوە، ئەی هێزی من زوو
بگە فریام.
٢٠ گیانم لە شمشێر ڕزگار بکە، ژیانم لە چنگی سەگان.
٢١ لە دەمی شێر ڕزگارم بکە، لە قۆچی گای کێوی دوورمبخەرەوە.
٢٢ ناوی تۆ بە براکانم ڕادەگەیەنم، لەناو کۆڕوکۆمەڵیان ستایشت
دەکەم.
٢٣ ئەی ئەوانەی ترسی خوداوەندتان لە دڵدایە، ستایشی خوداوەند
بکەن! ئەی هەموو نەوەکانی یاقوب، خوداوەند شکۆدار بکەن!
ئەی هەموو نەوەکانی ئیسرائیل، لە خوداوەند بترسن!
٢٤ چونکە خوداوەند پشت لە ئێش وئازاری هەژاران ناکات و بە
کەمیان نازانێت،
ڕوویان لێ وەرناگێڕێت، بەڵکو گوێ لە هاواریان دەگرێت و بە
دەنگیانەوە دەچێت.
٢٥ لەناو کۆمەڵێکی زۆردا، لەبەر تۆ ستایشت دەکەم. نەزرەکانم
بەجێدەهێنم لەپێش ئەوانەی ترسی تۆیان لایە.
٢٦ هەژارەکان خواردن دەخۆن و تێر دەبن، ئەوانەی خوداوەندیان
دەوێت ستایشی دەکەن. تاهەتایە گیانتان هەر زیندوو بێت.
٢٧ سەرانسەری زەوی خوداوەندیان بەبیر دێتەوە و دەگەڕێنەوە
لای ئەو، هەروەها هەموو هۆزی نەتەوەکان کڕنۆش لەبەر دەمیدا
دەبەن.

٢٨ چونکە پاشایەتی بۆ خوداوەندە و ئەو فەرمانڕەوایی نەتەوەکان دەکات.
٢٩ هەموو بەتوانایانی سەر زەوی بە ڕاستی کڕنۆشت بۆ دەبەن، هەموو ئەوانەی بەرەو خاك شۆڕ دەبنەوە لەبەر دەمیدا چۆك دادەدەن، ئەوانەی ناتوانن خۆیان بە زیندوویی بهێڵنەوە.
٣٠ نەوەکان دەیپەرستن، باسی خوداوەند بۆ نەوەکانی داهاتوو دەکرێت.
٣١ ڕاست ودروستی خوداوەند بەو خەڵکانە ڕادەگەیەنن کە هێشتا لەدایك نەبوون، چونکە ئەم کارەی کردووە.

# ٢٣

زەبوورێکی داود.
١ خوداوەند شوانی منە، پێویستم بە هیچ نابێت.
٢ لە لەوەڕگای سەوزدا دەملەوەڕێنێت و دەمباتە سەر ئاوی هێمن و سازگار،
٣ گیانم دەبووژێنێتەوە، ڕێنمای ڕێگای ڕاست ودروستیم دەکات، لە پێناوی ناوی خۆی.
٤ ئەگەر بەناو دۆڵی سێبەری مەرگیشدا بڕۆم، لە هیچ خراپەیەك ناترسم. لەبەر ئەوەی تۆ لەگەڵمدای، گۆچان و داردەستەکەت، دڵنەوایم دەکەن.
٥ سفرەم بۆ ئامادە دەکەیت لەپێش دوژمنانم، سەرم بە ڕۆن چەور دەکەیت، جامەکەم تا لێو پڕ دەکەی.
٦ بێگومان چاکە و پەیمانی خۆشەویستی لەگەڵمدا دەبێت بە درێژایی ژیانم، لە ماڵی خوداوەند دەژیم تاهەتایە.

# ٢٤

زەبوورێکی داود.
١ زەوی و هەرچی لەسەریەتی هی خوداوەندە، جیهان و هەموو ئەوانەی تێیدا دەژین.
٢ چونکە لەسەر ڕووبارەکان بناغەی داناوە و لەسەر ئاوەکان دایمەزراندووە.
٣ کێ سەردەکەوێتە سەر کێوی خوداوەند؟ کێ لە جێگای پاك وپیرۆزی ئەو دەوەستێت؟
٤ ئەوەی دەست پاك و دڵ ساف بێت، ئەوەی مەیلی شتی پووچ نەکات و بە درۆ سوێند نەخوات.
٥ لە خوداوەندەوە بەرەکەتی پێدەگات، لە خودای ڕزگارکەری بێتاوانکردن.
٦ ئەمەیە ئەو نەوەیەی بە دوای خوداوەند دەگەڕێت، ئەوەی بە دوای ڕووی تۆ دەگەڕێت ئەی خودای یاقوب.
٧ ئەی دەروازەکان سەر هەڵبڕن! ئەی دەرگا هەتاهەتاییەکان بەرزبنەوە! تا پاشای شکۆمەندیی بێتە ژوورەوە.
٨ ئەم پاشای شکۆمەندییە کێیە؟ خوداوەندی بەهێزو دەسەڵاتدارە، خوداوەندی پاڵەوان لە جەنگ.
٩ ئەی دەروازەکان سەر هەڵبڕن! ئەی دەرگا هەتاهەتاییەکان بەرزبنەوە! تا پاشای شکۆمەندیی بێتە ژوورەوە.
١٠ ئەم پاشای شکۆمەندییە کێیە؟ خوداوەندی سوپاسالار پاشای شکۆمەندییە.

# ٢٥

زەبوورێکی داود.
١ ئەی خوداوەند گیانی خۆم بۆ تۆ بەرزدەکەمەوە،
٢ پشتم بە تۆ بەستووە ئەی خودام. شەرمەزارم مەکە، دوژمنانم پێ خۆش مەکە.
٣ ئەوەی ئومێدی بە تۆ بێت، شەرمەزار نابێت. بەڵکو ئەوانە شەرمەزار دەبن، کە بە بێ هۆ ناپاکی دەکەن.
٤ ئەی خوداوەند ڕێگاکانی خۆتم نیشان بدە، ڕێڕەوەکانی خۆتم فێربکە.
٥ لە ڕاستی خۆت ڕێنمایم بکە و فێرم بکە، چونکە تۆ خودای ڕزگارکەری منی، شەو و ڕۆژ ئومێدم هەر بە تۆیە.
٦ ئەی خوداوەند بەزەیی و پەیمانی خۆشەویستییەکەی خۆت لە بیر بێت، چونکە لە ڕۆژانی کۆنەوە ئەمانە هەن.
٧ گوناهەکانی کاتی گەنجیم و یاخی بوونەکانم بە بیری خۆت مەهێنەوە، بەڵکو بە گوێرەی پەیمانی خۆشەویستییەکەت یادم بکەوە، لەپێناوی چاکی خۆت ئەی خوداوەند.
٨ خوداوەند چاك و سەرڕاستە، بۆیە گوناهکاران دەخاتەوە سەر ڕاستەڕێ،
٩ دڵنەرمەکان ڕێنمای دەکات لە حوکمەکانیان، ئەوان فێری ڕێگای خۆی دەکات.
١٠ هەموو ڕێگاکانی خوداوەند ڕاست و پەیمانی خۆشەویستین، بۆ ئەو کەسانەی پەیمان و شایەتییەکانی ناشکێنن.
١١ ئەی خوداوەند لەپێناوی ناوی خۆت، لە گوناهم خۆش بە، چونکە گەورەیە.
١٢ کێیە ئەو کەسەی لە خوداوەند دەترسێت؟ خودا فێری ئەو ڕێگایەی دەکات کە بۆی هەڵبژاردووە.
١٣ گیانی لە خۆشیدا دەبێت و زەوی بە میرات بۆ نەوەکانی دەمێنێتەوە.
١٤ نهێنی خوداوەند لای ئەوانەیە کە لێی دەترسن، وا دەکات پەیمانەکەی زانراو بێت لایان.
١٥ من هەمیشە چاوم ئاراستەی خوداوەند کردووە، چونکە تەنها ئەو پێم لە تەڵە دەکاتەوە.
١٦ ئاوڕم لێ بدەرەوە و بەزەییت پێمدا بێتەوە، چونکە تەنیا و کڵۆڵم.
١٧ دڵتەنگیم زیاد بووە، لە تەنگانەکانم ڕزگارم بکە.
١٨ تەماشای داماوی و ڕەنجکێشانم بکە و لە هەموو گوناهەکانم خۆشبە.
١٩ تەماشای دوژمنەکانم بکە چەند زۆر بوون و چەند بە کینەوە ڕقیان لێمە.
٢٠ ژیانم بپارێزە و ڕزگارم بکە، شەرمەزارم مەکە، چونکە پشتم بە تۆ بەستووە.
٢١ بێتاوانی و سەرڕاستیم پارێزگاریم دەکات، چونکە ئومێدم بە تۆیە.
٢٢ ئەی خودا، ئیسرائیل بکڕەوە، لە هەموو تەنگانەکانی!

# ٢٦

زەبوورێکی داود.
١ ئەی خوداوەند دادم بدە، چونکە بە بێتاوانی خۆم ڕەفتارم کردووە، پشتم بە خوداوەند بەستووە، بە بێ دوودڵی.

٢ ئەی خوداوەند تاقیم بکەوە، بمخەرە ناو ئەزموون، مێشك و دڵم
بپشکنە.
٣ چونکە پەیمانی خۆشەویستی تۆم لەبەر چاوە، بە دڵسۆزی تۆ
ڕەفتار دەکەم.
٤ لەگەڵ فێڵبازان دانانیشم، تێکەڵی دووڕووان نابم.
٥ ڕقم لە کۆمەڵی بەدکاران دەبێتەوە و لەگەڵ خراپەکار دانانیشم.
٦ دەستەکانم بە بێگەردی دەشۆم و بە دەوری قوربانگاکەتدا
دەسووڕێمەوە ئەی خوداوەند،
٧ بە دەنگی بەرز ستایشت دەکەم و باسی هەموو کردەوە
سەرسوڕهێنەرەکانت دەکەم.
٨ ئەی خوداوەند ئەو ماڵەم خۆشدەوێت کە تۆ تێیدا دەژیت، ئەو
شوێنەی کە شکۆمەندی تۆ تێیدا نیشتەجێیە.
٩ گیانم لەگەڵ گوناهکاران کۆمەکەوە، ژیانم لەگەڵ خوێن ڕێژان،
١٠ ئەوانەی کە دەستیان بە خراپە پیس بووە، ئەوانەی دەستی
ڕاستەیان پڕ لە بەرتیلە.
١١ بەڵام من بە بێتاوانی ڕەفتارم کردووە، بمکڕەوە و بە بەزەییبە
لەگەڵم،
١٢ پێم لەسەر زەوییەکی تەختە، لە کۆڕوکۆمەڵی گەورەدا
خوداوەند پیرۆز دەکەم.

# ٢٧

زەبوورێکی داود.
١ خوداوەند ڕووناکی و ڕزگاری منە، لە کێ بترسم؟ خوداوەند
قەڵای ژیانی منە، لە کێ بتۆقم؟
٢ کاتێ بەدکاران لێم نزیك ببنەوە بۆ ئەوەی گۆشتم بخۆن،
کاتێ دوژمنان و ناحەزانم پەلامارم بدەن، ستەمە دەکەن و
دەکەون.
٣ ئەگەر لەشکرێکیش دەورم بدات، دڵم نالەرزێت. ئەگەر جەنگ
بەرپا بکەن دژم، ئەو کاتەش هەر ئاسوودە دەبم.
٤ یەك شتم لە خوداوەند دەوێت، ئەوەی لێ داوا دەکەم: کە هەموو
ڕۆژانی ژیانم لە ماڵی خوداوەند نیشتەجێبم، تا تەماشای جوانی
خوداوەند بکەم و لە پەرستگاکەی وورد ببمەوە.
٥ چونکە لە ڕۆژی بەڵا، لە ژێرسێبەری خۆی دەمشارێتەوە،
بە پەردەی خێوەتەکەی دامدەپۆشێت. بڵندم دەکاتەوە سەر
تاشەبەردێك.
٦ ئێستاش سەرفرازم بەسەر دوژمنانی دەوروبەرم، لەناو
خێوەتەکەیدا بە هاوارو خۆشییەوە قوربانی پێشکەش دەکەم،
گۆرانی و سروود بۆ خوداوەند دەڵێم.
٧ گوێت لە دەنگم بێ ئەی خوداوەند کاتێ بانگت دەکەم، بەزەییت
پێمدا بێتەوە و وەڵام بدەوە.
٨ دڵم پێت دەڵێت، خۆت وتووتە: ڕووی من داوا بکەن! داوای
ڕووی تۆ دەکەم ئەی خوداوەند.
٩ ڕووی خۆتم لێ مەشارەوە، خزمەتکاری خۆت لەکاتی تووڕەیت
مەگەڕێنەوە. تۆ یارمەتیدەری من بوویت. ئەی خودای
ڕزگارکەرم، ڕەتم مەکەوەوجێم مەهێڵە.
١٠ تەنانەت دایك وباوکیشم وازم لێبهێنن، خوداوەند دەمگرێتە
خۆی.
١١ ئەی خوداوەند ڕێگای خۆتم فێر بکە، بۆ ڕێگای ڕاست ڕێنمایم
بکە، لەبەر دوژمنەکانم.
١٢ بە مەرامی ناحەزەکانم مەمسپێرە، چونکە شایەتانی درۆ لێم
ڕاست بوونەتەوە، گڕی زۆرداری لە سنگیان دێتە دەرەوە.
١٣ من هێشتا باوەڕم بەوە هەیە، کە لە خاکی زیندووان چاکەی
خوداوەند دەبینم.
١٤ چاوەڕێی خوداوەند بە، خۆت ئازا بکە و دڵت بەهێز بکە،
چاوەڕێی خوداوەند بە.

# ٢٨

زەبوورێکی داود.
١ ئەی خوداوەند من هاوار بۆ تۆ دەکەم. ئەی چیاکەم گوێی خۆتم
لێ کەڕ مەکە، چونکە ئەگەر تۆ خۆتم لێ بێدەنگ بکەیت، وەك
ئەوانەم لێدێت کە شۆڕ دەبنەوە ناو گۆڕ.
٢ گوێ لە دەنگی پاڕانەوەم بگرە، کاتێ کە هاوار دەکەم بۆ
یارمەتی تۆ، دەستەکانم بەرز دەکەمەوە بەرەو شوێنی هەرە
پیرۆزی تۆ.
٣ لەگەڵ بەدکارەکان ڕامەکێشە، ئەوانەی ئیشی خراپە دەکەن،
بە دراوسێکانیان دەڵێن: ئاشتی، ئاشتی، بەڵام دڵیان پڕ لە کینەیە.
٤ بە گوێرەی کردەوە خراپەکانیان پاداشتیان بدەرەوە، بە گوێرەی
کردەوەکانی دەستیان پاداشتیان بدەرەوە و ڕەفتارەکانی خۆیان
بگێڕەوە سەر خۆیان.
٥ چونکە گوێ نادەن بە کارەکانی خوداوەند و بە کردەوەکانی
دەستی، تێکیان دەشکێنێت و جارێکی تر دروستیان ناکاتەوە.
٦ پیرۆز بێت خوداوەند، چونکە گوێی لە هاواری پاڕانەوەم بوو.
٧ خوداوەند هێزو قەڵغانی منە، دڵم متمانەی بەو کرد و یارمەتیم
وەرگرت، دڵم شاد دەبێت و بە گۆرانی خۆم سوپاسی دەکەم.
٨ خوداوەند هێزی گەلەکەیەتی، قەڵای ڕزگاری
دەستنیشانکراوەکەیەتی.
٩ گەلەکەت ڕزگار بکە و میراتەکەت پیرۆز بکە، ببە بە شوانیان
و تاهەتایە لە باوەشیان بکە.

# ٢٩

زەبوورێکی داود لەجەژنی کەپرەشینە.
١ پێشکەشی بکەن بە خوداوەند ئەی هێزەکانی ئاسمان، شکۆمەندی
و هێز پێشکەش بکەن بە خوداوەند.
٢ پێشکەش بکەن بە خوداوەند، شکۆمەندی ناوەکەی، کڕنۆش بۆ
خوداوەند ببەن لە بەرگی جوانی پیرۆزیدا.
٣ دەنگی خوداوەند لەسەر ئاوەکانە، خودای شکۆمەندی تریشقە
دەدات، خوداوەند لەسەر ئاوە زۆرەکان تریشقە دەدات.
٤ دەنگی خوداوەند بە هێزە، دەنگی خوداوەند بە شکۆیە.
٥ دەنگی خوداوەند ئورز دەشکێنێت، خوداوەند ئورزەکانی لوبنان
دەشکێنێت،
٦ وا دەکات لوبنان وەك گوێرەکە ڕابکات و کێوی خەرمۆنیش
وەك جوانەگای کێوی.
٧ دەنگی خوداوەند چەخماخە دەدات بە بروسکە و بڵاچەوە.

٨ دەنگی خوداوەند بیابان دەلەرزێنێت، خوداوەند بیابانی قادیش[أ]
دەلەرزێنێت.
٩ دەنگی خوداوەند دار بەڕو لوول دەکات و دارستانەکان ڕووت
دەکاتەوە. لەناو پەرستگاکەیدا هەموو هاواردەکەن: شکۆمەندی!
١٠ خوداوەند بە تەختی پاشاییەوە، لەسەر تۆفان دادەنیشێت،
خوداوەند وەك پاشا تاهەتایە لەسەر تەخت دادەنیشێت.
١١ خوداوەند هێز بە گەلەکەی دەبەخشێت، خوداوەند بەرەکەتی
ئاشتی بەسەر گەلەکەیدا دەبارێنێت.

# ٣٠

زەبوورێکی داود. گۆرانییەکە بۆ پیرۆزکردنی پەرستگا.
١ ئەی خوداوەند بە گەورەت دەزانم، چونکە هەڵتکێشام و
نەتهێشت دوژمنەکانم شانازیم بەسەردا بکەن.
٢ ئەی خوداوەند خوداکەم، هاوارم بۆ تۆ هێنا ڕزگارم بکەیت،
تۆش چاکت کردمەوە.
٣ ئەی خوداوەند تۆ گیانی منت لەناو دونیای مردووان هێنایە
دەرەوە، زیندووت کردمەوە تا شۆڕنەبمەوە بۆ گۆڕ.
٤ گۆرانی بۆ بڵێن ئەی خۆشەویستانی خوداوەند، یادی پاك
وپیرۆزییەکەی بکەن و سوپاسی بکەن.
٥ چونکە تووڕەبوونی تەنها چرکەیەکە، بەڵام ڕەزامەندی
بەدرێژایی ژیانە. ڕەنگە گریان بۆ شەوێ بمێنێت، بەڵام بۆ
بەیانییەکەی هەلهەلە دەهێنێت.
٦ کاتێ هەستم بە دڵنیایی کرد وتم: هەرگیزاو هەرگیز نالەقێم.
٧ ئەی خوداوەند بە ڕەزامەندی خۆت، وەك چیایەکی بە هێز
چەسپاندمت، بەڵام کە ڕووی خۆت لە من شاردەوە،
پەرێشان بووم.
٨ من هاوارم بۆ تۆ کرد ئەی خوداوەند، من لە خوداوەند
دەپاڕێمەوە:
٩ مەرگی من سوودی چی تێدایە، ئەگەر من شۆڕببمەوە ناو
گۆڕ؟ ئایا خۆڵ ستایشت دەکات؟ ئایا دڵسۆزیت ڕادەگەیەنێت؟
١٠ ئەی خوداوەند گوێ بگرە و بەزەییت پێمدا بێتەوە! ئەی
خوداوەند ببە بە یارمەتیدەرم!
١١ تۆ شینم دەگۆڕیت بە شایی، بەرگی ماتەمت لەبەر داماڵیم و
بەرگی شادیت لەبەرکردم،
١٢ بۆ ئەوەی دڵم گۆرانیت بۆ بڵێت و بێ دەنگ نەبێت. ئەی
خوداوەند خودام، تاهەتایە هەر سوپاست دەکەم.

# ٣١

بۆ سەرۆکی گۆرانی بێژان. زەبوورێکی داود.
١ ئەی خوداوەند من پەنا دەبەمە بەر تۆ، با هەرگیز شەرمەزار
نەبم، بە ڕاست ودروستی خۆت دەربازم بکە.
٢ گوێت بۆم شل بکە، بە زوویی فریام بکەوە، ببە بەو چیایەی
پەنای بۆ دەبەم، بەو قەڵا سەختە بۆ ڕزگارکردنم.
٣ لەبەر ئەوەی پەنادەرو قەڵای منی، لەپێناوی ناوی خۆت
ڕابەرایەتی و ڕێنمایم بکە.
٤ لەو تەڵەیەی بۆم نراوەتەوە ئازادم بکە، چونکە تۆ پەناگای منی.
٥ ڕۆحی خۆم بە دەستی تۆ دەسپێرم، ئەی خوداوەند خودای
ڕاستی، تۆ منت کڕییەوە.
٦ من ڕقم لەوانە دەبێتەوە کە بتی پووچ دەپەرستن، من متمانەم بە
خوداوەندە.
٧ من بە پەیمانی خۆشەویستیی تۆ شاد و دڵخۆش دەبم، چونکە تۆ
دەردی منت دیووە و لە تەنگانەدا گیانی منت ناسیووە.
٨ نەتخستوومەتە بەر دەستی دوژمنان، بەڵکو لەسەر شوێنێکی پان
و بەرین ڕاتگرتووم.
٩ ئەی خوداوەند بەزەییت پێمدا بێتەوە، چونکە لە تەنگانەدام.
چاوەکانم کزبوون لە خەفەتا، ڕۆح و لەشم لە خەما.
١٠ ژیانم بە خەم و خەفەت فەوتاوە، ساڵانی تەمەنم بە ئاخ
هەڵکێشان، لەبەر دەرد و بەڵا هێزم لێ بڕاوە، ئێسقانەکانم
پووکاونەتەوە.
١١ بە هۆی دوژمنەکانمەوە، بەتەواوی بوومەتە مایەی
شەرمەزاری لای هاوسێکانم، بوومەتە مایەی ترس بۆ ئاشناکانم،
ئەوانەی لە شەقامدا دەمبینن، لێم دوور دەکەونەوە.
١٢ لە بیرکراوم وەك ئەوەی مردبم، وەك قاپێکی شکاوم بەسەر
هاتووە.
١٣ چونکە گوێم لە چرپەچرپی زۆرکەس بووە، ترس لە هەموو
لایەکەوە دەوریداوم، هەموو پێکەوە پیلان دژم دەنێنەوە،
بیر لەوە دەکەنەوە ژیانم لەناو ببەن.
١٤ بەڵام ئەی خوداوەند من پشتم بە تۆ بەستووە، دەڵێم: تۆ خودای
منیت.
١٥ ڕۆژگارم لەناو دەستی تۆدایە، لە دەستی دوژمنان و ئەوانەی
ڕاومدەنێن دەربازم بکە.
١٦ با ڕوخسارت بەسەر خزمەتکاری خۆتدا بدرەوشێتەوە، بە
پەیمانی خۆشەویستی خۆت ڕزگارم بکە.
١٧ با شەرمەزار نەبم ئەی خوداوەند، چونکە هاوار بۆ تۆ دەکەم،
با بەدکاران شەرمەزاربن، لەناو دونیای مردووان خامۆشبن.
١٨ با زمانە درۆزنەکانیان لاڵبێت، چونکە بە فیزو وشەی
ناشرینەوە، سووکایەتی بە سەرڕاستان دەکەن.
١٩ چاکەت چەند مەزنە، کە هەڵتگرتووە بۆ ئەوانەی ترسی تۆیان
لە دڵدایە، ئەوەی بە بەرچاوی خەڵکەوە، بەوانەی دەبەخشیت کە
پەنات بۆ دەهێنن.
٢٠ لەناو پەردەی ڕووی خۆت دەیانشاریتەوە، لە پیلانەکانی
خەڵکی، لە ژێر سێبەری خۆت دەیانپارێزیت، لە زمانی بەد.
٢١ پیرۆزبێت خوداوەند، چونکە پەیمانی خۆشەویستییە سەر
سووڕهێنەرەکەی خۆی نیشاندام، کاتێ لە شارێکی ئابڵووقەدار
بووم.
٢٢ لە کاتی سەر لێشێوانم وتم: لە بەر چاوت نەماوم! بەڵام تۆ
گوێت لە دەنگی پاڕانەوەم گرت، کە هاوارم کرد بۆت، بۆ
ڕزگاری.
٢٣ خوداوەندتان خۆشبوێت ئەی هەموو خۆشەویستانی! خوداوەند
دڵسۆزەکان دەپارێزێت، بەڵام بەتەواوی سزای لووتبەرزەکان
دەدات.
٢٤ ئازابن و دڵتان بە هێز بکەن، ئەی هەموو ئەوانەی چاوەڕوانی
خوداوەندن.

---

[أ]1 ٢٩: ٨ ئەو شوێنەیە کە گەلی ئیسڕائیل تیایدا مانەوە ئەو ماوەی چل ساڵەی دوای دەرچوونیان لە میسر. تائێستاش بەتەواوی دەرنەکەوتووە کوێیە بەڵام مەزەندە دەکرێت کەوتبێتە دووری یازدە ڕۆژەڕێ بەگوێرەی خێرایی گەلی ئیسڕائیل لەو ڕۆژانە، لە چیای سیناوە بەرەو چیای سێعیر.

# ٣٢

هۆنراوەیەکی داود.
١ خۆزگە بەو کەسە دەخوازرێت، کە لە یاخیبوونەکانی
بەخشراوە، کە گوناهەکانی داپۆشراون.
٢ خۆزگە بەو مرۆڤە دەخوازرێت، کە خوداوەند بە گوناهکاری
دانانێت و ڕۆحی بێ فێڵە.
٣ کاتێ کە خۆم بێدەنگ کرد، ئێسقانەکانم پووکانەوە، لە ناڵینم بە
درێژایی ڕۆژ.
٤ چونکە بە شەو و بە ڕۆژ، دەستت بەسەر سەرمەوە قورس بوو،
تەڕێتیم گۆڕا بۆ وشکی هاوین.
٥ لەلای تۆدا داندەنێم بە تاوانەکانم و یاخیبوونەکانم ناشارمەوە.
وتم: لای خوداوەند داندەنێم بە یاخیبوونەکانم .تۆش لە تاوانی
گوناهەکانم خۆشبوویت.
٦ بۆیە با هەموو خواناسێ لە کاتی خۆی بتدۆزێتەوە و لێت
بپاڕێتەوە. بێگومان کە لافاو هەستا، نایگاتێ.
٧ تۆ حەشارگای منیت، لە تەنگانە دەمپارێزی و بە سروودی
دەربازبوون دەورم دەدەیت.
٨ فێرت دەکەم و ڕێگات نیشان دەدەم، بۆ ئەو ڕێگایەی کە دەبێت
پێیدا بڕۆیت. ئامۆژگاریت دەکەم و چاودێریت دەکەم.
٩ وەك ئەسپ و هێستر مەبە، کە هیچ تێناگەن، بەڵکو دەبێت لغاوی
لەدەم بکرێت و جڵەوی ڕابکێشرێت، بۆ ئەوەی لێت نزیك ببێتەوە.
١٠ بەدکارەکان خەمیان زۆرە، بەڵام ئەوەی پشت بە خوداوەند
ببەستێت، بە پەیمانی خۆشەویستی ئەو دەوردەدرێت.
١١ شادبن بە خوداوەند و دڵخۆشبن ئەی سەرڕاستەکان، گۆرانی
بڵێن ئەی دڵڕاستەکان!

# ٣٣

١ ئەی سەرڕاستان گۆرانی شادی بۆ خوداوەند بڵێن، ستایشکردن
لە دڵڕاستان دەوەشێتەوە.
٢ بە عوود ستایشی خوداوەند بکەن، بە قیسارەی دەژێیی مۆسیقای
بۆ لێبدەن.
٣ سروودێکی نوێی بۆ بڵێن، بە کارامەیی مۆسیقا لێبدەن ، بە
هەلهەلەوە.
٤ چونکە وشەی خوداوەند ڕاستە، دەست پاکە لە هەموو
کردەوەکانی.
٥ خوداوەند ڕاستودروستی و دادپەروەری خۆشدەوێت، زەوی
پڕبووە لە پەیمانی خۆشەویستییەکەی.
٦ بە وشەی خوداوەند ئاسمان دروستکرا، بە هەناسەی دەمی
هەموو ئەستێرەکانی ئاسمان.
٧ ئاوی دەریا وەك گرد کۆدەکاتەوە و بنی دەریاکان دەخاتە ناو
عەمارەوە.
٨ با هەموو زەوی لە خوداوەند بترسێت، با هەموو خەڵکی دونیا
سام بیانگرێت!
٩ چونکە کە فەرمووی، پەیدابوو، فەرمانی دا، قیت بوو.
١٠ خوداوەند پیلانی نەتەوەکانی پووچ کردەوە، تەگبیری گەلانی
هەڵوەشاندەوە.
١١ بەڵام پلانی خوداوەند تاهەتایە دەمێنێت، تەگبیری دڵی بۆ
هەموو نەوەکانە.
١٢ خۆزگە دەخوازرێت بەو نەتەوەیەی کە خوداوەند خودایانە،
بەو گەلەی هەڵیبژاردووە بۆ میراتی خۆی.
١٣ خوداوەند لە ئاسمانەوە دەڕوانێتە خوارێ، هەموو ڕۆڵەکانی
مرۆڤ دەبینێت.
١٤ لەسەر شوێنی نیشتەجێیی خۆیەوە چاودێری هەموو دانیشتوانی
زەوی دەکات.
١٥ ئەو کە شێوەی دڵی هەمووانی دروست کردووە، ئاگاداری
هەموو کردەوەکانیانە.
١٦ هیچ پاشایەك بە گەورەیی سوپاکەی ڕزگاری نابێت، هیچ
پاڵەوانێ بە هێزی بازووی دەرباز نابێت.
١٧ ئەسپ ئومێدێکی دۆڕاوە بۆ ڕزگاربوون، بە تووندی هێزی
ناتوانێت کەس دەرباز بکات.
١٨ بەڵام خوداوەند چاوی لەوانەیە کە ترسی ئەویان لە دڵدایە،
ئەوانەی ئومێدیان بە پەیمانی خۆشەویستی ئەوە.
١٩ بۆ ئەوەی لە مردندا فریایان بکەوێت و لە برسێتیدا ژیانیان
دابین بکات.
٢٠ ئێمە بە ئومێدی چاوەڕوانی خوداوەندین، خوداوەند یارمەتیدەر
و قەڵغانمانە.
٢١ دڵمان بەو خۆشە، چونکە بڕوامان بە ناوی پیرۆزی ئەوە.
٢٢ ئەی خوداوەند با پەیمانی خۆشەویستیت بەسەرمانەوە بێت، بە
گوێرەی ئومێدەواریمان بە تۆ.

# ٣٤

زەبوورێکی داود، کاتێ لەبەردەم ئەبیمەلەك[أ] خۆی کرد بە شێت
ئەویش دەری کرد.
١ هەموو کاتێ خوداوەند پیرۆز دەکەم، هەمیشە ستایشی ئەو
لەسەر لێوەکانمە.
٢ گیانم شانازی بە خوداوەندوە دەکات، با هەژارەکان گوێیان
لێبێت و شادبن.
٣ لەگەڵ مندا خوداوەند شکۆدار بکەن، با بە یەکەوە ناوی
بەرزبکەینەوە.
٤ هانام بردە بەر خوداوەند، خوداوەند بە دەنگمەوە هات، لە
هەموو ترسەکانمدا فریامکەوت.
٥ ئەوانەی سەیریان کرد و ڕووناکییان لێباری، ڕوویان هەرگیز
شەرمەزای پێوەنابێت.
٦ ئەم پیاوە هەژارە هاواری بۆ کرد، خوداوەند گوێی لێبوو، لە
هەموو گرفتەکانی ڕزگاری کرد. ٧ فریشتەی خوداوەند لە دەوری
ئەو کەسانە دەگرێت کە ترسی ئەویان لە دڵدایە، دەربازیان
دەکات.
٨ تامی بکەن و ببینن خوداوەند چاکە! خۆزگە دەخوازرێت بەو
کەسەی پەنای بۆ دەبات.
٩ لە خوداوەند بترسن ئەی پیرۆزەکانی، چونکە ئەوانەی لێی
دەترسن پێویستیان بە هیچ نابێت.

[أ] ٣٤: ناوێکی تری ئەخیشی پاشای گەت بوو، کاتێ داود لە ڕووی ئەبشالومی
کوڕی هەڵات، ڕوویکردە لای ئەم پاشایە.

١٠ ڕەنگە شێرەکان تووشی برسێتی و لاوازی بن، بەڵام ئەوانەی داوای خوداوەند دەکەن شتی چاکیان لێ نابڕێت.
١١ ڕۆڵەکانم وەرن گوێ لە من بگرن، ترسی خوداوەندتان فێر دەکەم.
١٢ کێ لە ئێوە ژیانی خۆش دەوێت و ئارەزوو دەکات زۆر ڕۆژگاری خۆشی ببینێت؟
١٣ زمانت لە خراپە بپارێزە و لێوەکانت لە قسەی درۆ.
١٤ لە خراپە دووربەو چاکە بکە، داوای ئاشتی بکە و هەوڵی بۆ بدە.
١٥ چاوی خوداوەند ڕووەو سەرڕاستانە و گوێی بۆ هاوارەکانیان شل کردووە.
١٦ ڕووی خوداوەند دژی خراپەکارانە، تا یادیان لەسەر زەوی بسڕێتەوە.
١٧ سەرڕاستان هاوار دەکەن و خوداوەند گوێی لە هاواریان دەبێت، لە هەموو تەنگانەکانیان دەربازیان دەکات.
١٨ خوداوەند لە دڵشکاوان نزیکە و ئەوانە ڕزگاردەکات کە ڕۆحیان وردوخاش بووە.
١٩ مرۆڤی سەرڕاست گرفتی زۆر دەبێت، بەڵام خوداوەند لە هەمووی دەربازی دەکات،
٢٠ هەموو ئێسقانەکانی دەپارێزێت، هیچیان ناشکێت.
٢١ بەدکاری بەدکاران لە ناو دەبات، ئەوانەی ڕقیان لە سەرڕاستانە، سزا دەدرێن.
٢٢ خوداوەند گیانی خزمەتکارکانی خۆی دەکڕێتەوە و ئەوانەی پەنا دەبەنە بەر خوداوەند تووشی سزا نابن.

# ٣٥

زەبوورێکی داود.
١ ئەی خوداوەند ململانێی ئەوانە بکە کە ململانێم لەگەڵ دەکەن، جەنگ دژی ئەوانە بکە کە جەنگ دژی من دەکەن.
٢ سپەر[أ] بپۆشە و قەڵغان هەڵگرە، ڕاپەڕە و بگەرە فریام.
٣ ڕم ڕاستکەوە و تەور هەڵگرە، لە ڕووی ئەوانەی ڕاوم دەنێن.
بە گیانم بڵێ: من ڕزگاری تۆم.
٤ با ڕسوا و شەرمەزار بن ئەوانەی هەوڵی کوشتم دەدەن، با بەرەو پاش ببنەوە و ڕسوا بن ئەوانەی پیلان دادەنێن بۆ ڕاوکردنم.
٥ با وەك کای بەر بایان لێبێت، فریشتەی خوداوەند ڕایانبماڵێت.
٦ با ڕێگایان تاریك و خلیسك بێت، فریشتەی خوداوەند ڕاویان بنێت.
٧ چونکە بە بێ هۆ داویان بۆ نامەوە، بە بێ هۆ چاڵیان بۆ هەڵکەندم.
٨ با ماڵ وێرانی لەناکاو بەسەریاندا بدات، با بەو داوەوە بن کە خۆیان ناویانەتەوە، با بکەونە ئەو چاڵەوە بۆ لەناوچوونیان.
٩ ئەوسا گیانم بە خوداوەند شاد دەبێت، بە ڕزگارییەکەی دڵخۆش دەبێت.
١٠ هەموو ئێسقانەکانم هاوار دەکەن: ئەی خوداوەند، کێ وەك تۆیە؟ تۆ داماو لە دەست ئەوانەی کە لەو بە هێزترن دەرباز دەکەیت، هەژار و نەبوون لە دەست ئەوانەی دەیانڕووتێننەوە.
١١ شایەتە دڵڕەقەکان ڕاست دەبنەوە، پرسیاری شتی وا دەکەن کە ئاگام لێی نییە.
١٢ بەرامبەر بە چاکە خراپەم دەدەنەوە، گیانم بە بێکەسی جێدەهێڵن.
١٣ بەڵام کە ئەوان نەخۆش دەکەوتن، بەرگی ماتەمم دەپۆشی.
خۆم دەڕەنجاند بە ڕۆژو گرتن، کاتێ نوێژەکانم بە بێ وەڵام دەگەڕانەوە.
١٤ وەك ئەوەی دۆست و برام بێت، پرسەدار بووم بۆی. وەك ئەوەی بۆ دایکم بلاوێنمەوە، لە خەفەتا سەرم دانەواند بوو.
١٥ بەڵام کە کەوتم، ئەوان بە خۆشیەوە کۆبوونەوە دژی من، کەسانێك بێئەوەی بیانناسم هێرشیان هێنایە سەرم و بە بێ وەستان ئابڕوویان بردم.
١٦ وەك خوانەناسانی گاڵتەجاڕ لە دەوری نان کۆببنەوە، دانیان لێ جیپڕ دەکردمەوە.
١٧ ئەی خوداوەند تاکەی تەماشا دەکەیت؟ گیانم دەرباز بکە لە دەست تێکدەرییان، ژیانم لەو بەچکە شێرانە.
١٨ لەناو کۆڕی گەورە سوپاست دەکەم، لەناو خەڵکێکی زۆر ستایشت دەکەم.
١٩ مەهێڵە ئەوانە شادبن پێم، کە بە بێ هۆ بوونەتە دوژمنم.
مەهێڵە ئەوانەی بە بێ هۆ ڕقیان لێمە، بە مەکرەوە چاو لەیەك دابگرن.
٢٠ ئەوانە قسە بۆ ئاشتی ناکەن، بەڵکو تاوانی درۆ دادەڕێژن، دژ بەوانەی بە ئارامی دەژین لەسەر زەوی.
٢١ دەمیان دەکەنەوە لێم و دەڵێن: ئەها! بە چاوی خۆمان بینیمان.
٢٢ ئەی خوداوەند تۆ ئەمەت بینی، بێدەنگ مەبە. ئەی خوداوەند دوور مەبە لێم.
٢٣ هەستە و ڕاپەڕە بۆ دادم، بۆ مافم ئەی خودا و خوداوەندی من.
٢٤ بە پێی ڕاستودروستی خۆت بێ تاوانم بکە، ئەی خوداوەند خودام، مەهێڵە ئەوانە شادبن پێم.
٢٥ مەهێڵە لە دڵی خۆیان بڵێن: ئەمە مرازی ئێمەیە، یان بڵێن: هەڵمانلووشی.
٢٦ با هەموو ئەوانەی بەگرفتی من شاد دەبن، تووشی شەرمەزاری و سەر لێشێواوی بن. با هەموو ئەوانەی پۆز بەسەر مندا لێدەدەن، بەرگی شەرمەزاری و ڕسوایی بپۆشن.
٢٧ با ئەوانەی داوای دادی من دەکەن، گۆرانی خۆشی و شادی بڵێن. با هەمیشە بڵێن: خوداوەند پایەبەرز بێت، کە دڵخۆش دەبێت بە خۆشحاڵی خزمەتکارکەی.
٢٨ زمانم باسی ڕاستودروستی تۆ دەکات و بە درێژایی ڕۆژ ستایشت دەکات.

# ٣٦

بۆ سەرۆکی گۆرانی بێژان، زەبوورێکی داودی خزمەتکاری خوداوەندە.
١ ڕۆحی یاخیبوون لە ناخی بەدکار هانی دەدات، ترسی خودا لەبەر چاوی نییە.
٢ چونکە بە بەرچاوی خۆیەوە ڕیایی خۆی دەکات، تا گوناهەکانی بەدەرنەکەون و ناپەسەند نەبن.
٣ قسەی دەمی خراپە و تەفرەدانە، دەستبەرداری وریای و چاکی بووە.
٤ تەنانەت لەناو نوێنیش بیر لە پیلانی خراپە دەکاتەوە، خۆی دەخاتە سەر ڕێگایەك کە باش نییە، هەڵە ڕەت ناکاتەوە.
٥ ئەی خوداوەند پەیمانی خۆشەویستییەکەت دەگاتە ئاسمان، دڵسۆزیت دەگاتە هەورەکان.

[أ] ٣٥: ٢ یان زری، بە عەرەبی درع.

٦ ڕاستودروستیت وەك چیا سەرکەشەکانە، دادپەروەریت وەك دەریای قووڵە. ئەی خوداوەند تۆ مرۆڤ و ئاژەڵەکانیش ڕزگاردەکەیت.
٧ پەیمانی خۆشەویستییەکەت چەند بەنرخە! ئادەمیزادان بە بەرز و نزمەوە، لە ژێر سایەی باڵەکانتدا خۆیان دەشارنەوە.
٨ بە تێروتەسەلی ماڵەکەت ئاهەنگ دەگێڕن، تۆیش پێیان دەدەیت لە ڕووباری شادومانیت بنۆشن.
٩ چونکە کانی ژیان لای تۆیە، بە ڕووناکی تۆ ئێمە ڕووناکی دەبینین.
١٠ بەردەوامی بدە بە پەیمانی خۆشەویستییەکەت بۆ ئەوانەی دەتناسن، بە ڕاستودروستیەکەت بۆ ئەوانەی دڵڕاستن.
١١ با نەکەومە ژێر پێی پیاوی لووتبەرز، دەستی بەدکاران وێڵم نەکات.
١٢ ببینە بەدکاران چۆن دەڕوخێن، دەکەون و ناتوانن هەستنەوە.

# ٣٧

زەبوورێکی داود.
١ بە هۆی خراپەکارانەوە مەشڵەژێ، حەسودی بە بەدکاران مەبە.
٢ چونکە وەك گیان زوو دەبڕێنەوە، وەك گژو گیای سەوز زوو سیس دەبن.
٣ پشت بە خوداوەند ببەستە و چاکە بکە، لەسەر زەوی نیشتەجێ بەو بە لەوەڕگای ئاسوودە خۆشبە.
٤ خۆشی لە خوداوەند ببینە، ئارەزووەکانی دڵت پێ دەبەخشێت.
٥ ڕێگای خۆت بە خوداوەند بسپێرە و متمانەی پێ بکە، ئەو بە ئەنجامی دەگەیەنێت.
٦ ڕاستودروستیت وەك ڕووناکی دەردەخات، مافت وەك خۆری نیوەڕۆ.
٧ لە بەردەم خوداوەند بە و بە سەبرەوە چاوەڕێی بکە، مەشڵەژێ کاتێ ئەوانە لە ڕێگاکانیان سەردەکەون، کاتێ فرت و فێڵەکانیان جێبەجێ دەکەن.
٨ لە تووڕەیی خۆت بپارێزە و لە کینە خۆت لادە، مەشڵەژێ دەنا بەرەو خراپەت دەبات.
٩ چونکە بەدکاران دوایان دەبڕێتەوە، بەڵام ئەوانەی ئومێدیان بە خوداوەندە، دەبن بە میراتگری زەوی.
١٠ پاش ماوەیەکی کەم بەدکار نامێنێت، دەڕوانیتە شوێنەکەی، لەوێ نەماوە.
١١ بەڵام دڵنەرمەکان دەبن بە میراتگری زەوی و خۆشی لە زۆری ئاشتی دەبینن.
١٢ بەدکار پیلان دژی ڕاستودروست دەنێتەوە و ددانی لێ جیڕ دەکاتەوە،
١٣ بەڵام خوداوەند پێی پێدەکەنێت، چونکە دەزانێ ڕۆژی هاتووە.
١٤ بەدکاران شمشێر هەڵدەکێشن و کەوانەکانیان دەچەمێننەوە،
بۆ ئەوەی هەژار و نەدارەکان بپێکن، بۆ سەربڕینی ئەوانەی ڕێگایان ڕاستە.
١٥ بەڵام شمشێرەکانیان دەچێتە ناو دڵێ خۆیان ، کەوانەکانیان تێکدەشکێت.
١٦ ئەو کەمەی کە ڕاستودروست هەیەتی، لە سامانی بەدکارانی زۆر باشترە،
١٧ چونکە بەدکارەکان بازوویان دەشکێت، بەڵام خوداوەند پشتی ڕاست ودروستان دەگرێت.
١٨ خوداوەند ڕۆژانی بێتاوانەکان دەزانێت، میراتیان تاهەتایە دەمێنێت.
١٩ لە ڕۆژگاری بەڵا شەرمەزار نابن، لە ڕۆژگاری برسێتی تێردەبن.
٢٠ بەڵام بەدکاران دەفەوتێن، دوژمنەکانی خوداوەندیش وەك جوانی لەوەڕگا لەناوچوون، وەك دووکەڵ لەناوچوون.
٢١ بەدکاران قەرز دەکەن و پێیان نادرێتەوە، بەڵام ڕاستودروستەکان بە دڵفراوانییەوە دەبەخشن،
٢٢ ئەوانەی خوداوەند پیرۆزی کردوون دەبن بە میراتگری زەوی، بەڵام ئەوانەی بەر نەفرەتی کەوتوون دوایان دەبڕێتەوە.
٢٣ ئەگەر خوداوەند دڵخۆش بێت بە ڕێگای مرۆڤێك، هەنگاوەکانی پتەو دەکات،
٢٤ ئەگەر ساتمە بکات، ناکەوێت، چونکە خوداوەند دەستی دەگرێت.
٢٥ من گەنج بووم و ئێستا پیرم، هەرگیز نەمدی ڕاستودروست وازی لێبهێنرێت، یان منداڵەکانی سواڵی نان بکەن.
٢٦ هەردەم دڵفراوانە و قەرز دەدات، منداڵەکانیشی دەبن بە پیرۆزی.
٢٧ لە بەدکاری لادە و چاکە بکە، ئینجا تاهەتایە لە زەوی نیشتەجێ دەبیت.
٢٨ چونکە خوداوەند حەز لە دادپەروەری دەکات، واز لە خۆشەویستانی ناهێنێت. تاهەتایە دەپارێزرێن، بەڵام توخمی بەدکاران دوایان دەبڕێتەوە،
٢٩ ڕاست ودروستان دەبن بە میراتگری زەوی و تاهەتایە لە سەری نیشتەجێ دەبن.
٣٠ دەمی مرۆڤی ڕاست ودروست دانایی ڕادەگەیەنێت، زمانیشی باسی دادپەروەری دەکات.
٣١ فێرکردنەکانی خودای خۆی لەناو دڵدایە، بۆیە پێی ناخلیسکێت.
٣٢ بەدکار خۆی مات دەکات بۆ ڕاست ودروست، هەوڵدەدات بیکوژێت،
٣٣ بەڵام خوداوەند لەبەر دەستی بەجێی ناهێڵێت، ناهێڵێ تاوانبار بکرێت لە دادگاش.
٣٤ چاوەڕێی خوداوەند بکە و ڕێگای ئەو بگرە. ئەویش بەرزت دەکاتەوە و دەتکات بە میراتگری زەوی، کاتێ بەدکاران دوایان دەبڕێتەوە، دەیانبینیت.
٣٥ بەدکارم دی زۆرداربوو، گەشەی دەکرد وەك دار ئورزێکی سەوز لە خاکێکی بەپیت،
٣٦ بەڵام زوو تێپەڕی و نەما، هەر چەند بۆی گەڕام بەڵام دیارنەبوو.
٣٧ بڕوانە مرۆڤی بێتاوان، سەیری مرۆڤی ڕاست بکە، مرۆڤی
ئاشتیخواز دوا ڕۆژی هەیە. ٣٨ بەڵام هەموو یاخیبووەکان
لەناودەچن ، دوا ڕۆژی بەدکاران دەبڕێتەوە.
٣٩ ڕزگاری ڕاست ودروستان لەلای خوداوەندەوە دێت، ئەو یارمەتیدەریانە لە کاتی تەنگانە.
٤٠ خوداوەند یارمەتیان دەدات و دەربازیان دەکات، لە بەدکاران دەربازیان دەکات و ڕزگاریان دەکات، چونکە پەنا بۆ ئەو دەبەن.

# ٣٨

زەبوورێکی داود، بۆ یادکردنەوە.
١ ئەی خوداوەند بە تووڕەیی خۆت سەرزەنشتم مەکە، بە ڕقی خۆت تەمبێم مەکە.

٢ چونکە تیرەکانت منیان پێکا، دەستت بەسەر من کەوت.
٣ تەندروستی لە لەشمدا نەماوە بەهۆی تووڕەیی تۆوە، ساغی لە ئێسقانەکانمکدا نەماوە بەهۆی گوناهمەوە.
٤ تاوانەکانم بەسەر سەرم کەوتوون، وەك بارێکی گران کە توانام نییە هەڵیبگرم.
٥ برینەکانم بۆگەن بوون و چڵکیان کردووە، بە هۆی گێلایەتی خۆم.
٦ پشتم چەماوەتەوە و کووڕ بوومەتەوە، بە درێژایی ڕۆژ ماتەم دەگێڕم.
٧ کەلەکەم پڕ بووە لە ژانێکی سووتێنەر، تەندروستی لە لەشم نەماوە.
٨ بە تەواوی تێکشکاوم و بێ هێز بووم، لەبەر نەهامەتی دڵم هەر دەناڵێنم.
٩ ئەی خوداوەند هەموو ئارەزوەکانم لە پێش چاوتە، هەنسکەکانم لە تۆ شاردراوە نین.
١٠ دڵەکوتێمە و هێزم لەبەر بڕاوە، تەنانەت ڕووناکیش لە چاوانم بڕاوە.
١١ دۆست و برادەرەکانم خۆیان لێم دەپارێزن لەبەر برینەکانم. خزمانم لێم دوور دەکەونەوە.
١٢ ئەوانەی دەیانەوێت بمکوژن تەڵە دەنێنەوە، ئەوانەی دەیانەوێت ئازارم بدەن باسی تێکشکانم دەکەن، بەدرێژایی ڕۆژ بیر لە فرتوفێڵ دەکەنەوە.
١٣ بەڵام من وەك کەڕ وام، گوێم لێ نابێت، وەك لاڵ وام، ناتوانم دەمم بکەمەوە.
١٤ وەك مرۆڤێکم لێ هاتووە کە ناتوانێت گوێی لێبێت، هیچ بەهانەیەکیش لە دەمیدا نەبێت.
١٥ چاوەڕێی تۆم کرد ئەی خوداوەند، تۆ وەڵام دەدەیەوە ئەی خودای من.
١٦ چونکە وتم: مەهێڵە پێم خۆش بن یان خۆیان بە گەورە بزانن لە سەرم کاتێ پێم خلیسکا.
١٧ چونکە خەریکە بکەوم، هەمیشە ئازارەکانم لەگەڵمە.
١٨ دان بە تاوانی خۆمدا دەنێم، بە گوناهی خۆم غەمگین دەبم.
١٩ دوژمن چالاك و زۆرن، فرەن ئەوانەی بە بێ هۆ ڕقیان لێمە.
٢٠ ئەوانەی بەرامبەری چاکە خراپەم دەدەنەوە، دژایەتیم دەکەن چونکە دوای چاکە کەوتووم.
٢١ ئەی خوداوەند پشت گوێم مەخە، ئەی خودای من، لێم دوور مەکەوە.
٢٢ خێرا بگەرە فریام، ئەی خوداوەندی ڕزگارکەرم.

# ٣٩

بۆ سەرۆکی گۆرانی بێژان، بۆ یەدیتون زەبوورێکی داود.
١ وتم: چاودێری ڕێگای خۆم دەکەم و زمانی خۆم لە گوناه دەپارێزم. تا بەدکار لەبەر دەمم بێت، دەمم بە لغاو دەگرم.
٢ بەڵام کاتێ کپ و بێ دەنگ بووم، تەنانەت شتی چاکیشم نەدەوت، ئێش و ئازارم زیاد بوو.
٣ دڵم لە ناخمدا قوڵپی دەدا، هەروەها کە نووقمی بیرکردنەوە دەبووم، گڕم دەگرت، ئەوسا بە زمانم هاتمە قسەکردن:
٤ ئەی خوداوەند بۆم ئاشکرا بکە کۆتایی ژیانم کەی دەبێت، هەروەها ڕۆژەکانی ژیانم چەندە، تا بزانم من چ فەوتاوێکم.

٥ بەڕاستی ڕۆژگاری منت کردووە بە بستێك، تەمەنم لەبەر چاوت وەك هیچە. بێگومان ژیانی هەموو مرۆڤێك تەنها یەك هەناسەیە.
٦ بەڕاستی مرۆڤ وەك سێبەر دێت و دەچێت، ڕەنج دەدات، بەڵام بێگومان بێهوودەیە، سامان کۆدەکاتەوە، نازانێت دوای خۆی بۆ کێ دەبێت.
٧ ئێستاش ئەی خوداوەند، من چاوەڕێی چی بکەم؟ هیوای من بە تۆیە.
٨ لە هەموو سەرپێچیەکانم ڕزگارم بکە، مەمکە بە گاڵتەجاڕی گێلەکان.
٩ بێ دەنگ بووم، دەمم ناکەمەوە، چونکە تۆ ئەوەی کە ئەمەت کردووە.
١٠ بەڵای خۆت لەسەر من لابە، بە زەبرەکانی دەستی تۆ فەوتام.
١١ کە مرۆڤ تەمبێ دەکەیت بە سەرزەنشتکردنی لەبەر گوناهەکانی، سامانی ئەو لەناودەبەیت وەك مۆرانە، بێگومان هەموو مرۆڤێك تەنها یەك هەناسەیە.
١٢ ئەی خوداوەند گوێ لە نوێژم بگرە، گوێ بگرە لە هاوارم، لە ئاست گریانم گوێت دامەخە. چونکە لەلای تۆ وەك غەریبێکم، نامۆیەکم وەك هەموو باوباپیرانم.
١٣ ڕووی گرژت لە من وەرگێڕە، تا شادومان ببمەوە پێش ئەوەی بڕۆم و نەمێنم.

# ٤٠

بۆ سەرۆکی گۆرانی بێژان زەبوورێکی داود.
١ بەپەرۆشەوە چاوەڕێی خوداوەندم کرد، ئاوڕی لێدامەوە و گوێی لە هاوارم بوو.
٢ لەناو چاڵی مردن هەڵیکێشامە دەرەوە، لە ناو قوڕو زەلکاو دەریهێنام .پێیەکانمی لەسەر بەرد دانا و هەنگاوەکانمی توندوتۆڵ کرد.
٣ گۆرانییەکی نوێی خستە ناو دەممان سروودێکی ستایش بۆ خودامان. زۆر کەس ئەمە دەبینن و دەترسن ، پشت بە خوداوەند دەبەستن.
٤ خۆزگە دەخوازرێت بەو مرۆڤەی پشت بە خوداوەند دەبەستێت، ڕوو لە لووتبەرزان ناکات، لە وانەی ڕوویان وەرگێڕاوە بەرەو درۆ.
٥ ئەی خوداوەند خودای من، زۆرن ئەو کارە جوان و مەزنانەی کە کردووتە. ئەو شتانەی بۆ ئێمە نەخشەت کێشاوە کەس ناتوانێت بیانژمێرێت بۆت، ئەگەر باسیان بکەم و بیانگێڕمەوە، ئەوەندە زۆرن نایەنە ژماردن.
٦ بە قوربانی و پێشکەشکراو شادومان نابیت، بەڵکو گوێی منت کردەوە، قوربانی سووتاندن و قوربانی گوناهەت نەویست.
٧ ئینجا وتم: ئەوەتا هاتم وەك لەو پەرتوکە[أ] لەسەرم نووسراوە.
٨ شادومانیم لەوەدایە کە خواستی تۆ جێبەجێ بکەم ئەی خودای من، فێرکردنەکانی تۆ لە ناخی دڵی مندایە.
٩ لەناو کۆمەڵی گەورە ڕاست ودروستی ڕادەگەیەنم، ئەی خوداوەند تۆ خۆت دەزانیت، دەمی خۆم ناگرم.
١٠ ڕاستودروستیت لەناو دڵم ناشارمەوە، باسی دڵسۆزی ڕزگاریت دەکەم. پەیمانی خۆشەویستییەکەی تۆو ڕاستی تۆ ناشارمەوە لەناو کۆمەڵی گەورە.

[أ] ٤٠:٧ بڕوانە پەرتووکی ڕاسپاردەکان ١٧:١٨- ٢٠

١١ ئەی خوداوەنـد بەزەیی خۆتم لەســەر لامەبە، بـا پەیمـانی
خۆشەویستییەکەی تۆ و ڕاستی تۆ هەمیشە بمپارێزێت.
١٢ چونکە بەڵای بێژمار دەوری داوم، گوناهەکانم بە شــێوەیەك
گرفتاریان کردووم کە هیچ نابینم. لە مووی سەرم زیاترن، وورەم
بەرداوە.
١٣ خوداوەنـد ڕازی بە، دەربـازم بکە، خوداوەنـد بۆ یـارمەتیـدانم
خێرا بە.
١٤ با هەموو شەرمەزار و سووك بن، ئەوانەی گیانی منیان دەوێ
بۆ لەناوبردنی. بەرەو دواوە بن و ڕسوابن ئەوانەی خراپەی منیان
دەوێت.
١٥ با هەڵبێن لە شــەرمان، ئەوانەی بە من دەڵێن: هۆی ها! هۆی
ها!
١٦ با هەموو ئەوانەی تۆیان دەوێت، شاد و دڵخۆش بن. با هەمیشە
بڵێن: مەزن بێت خوداوەند! ئەوانەی حەز لەڕزگاری تۆ دەکەن.
١٧ لەگەڵ ئەوەی من هەژار و کلۆڵم، خوداوەندم بایەخم پێدەدات.
یارمەتی و دەربازکەرم تۆی، ئەی خودای من، دوامەکەوە.

# ٤١

بۆ سەرۆکی گۆرانی بێژان زەبوورێکی داود.
١ خۆزگە دەخوازرێت بەوەی ئاوڕ لە هەژار دەداتەوە، خوداوەند
لە ڕۆژی خراپەدا ڕزگاری دەکات.
٢ خوداوەند دەیپارێزێت و ژیانی دەبووژێنێتەوە، لەســەر زەویدا
پیرۆزی دەکات و نایداتەدەست حەزی دوژمنەکانی.
٣ خوداوەند پاڵپشــتی دەکات لە کاتی بیماریدا و دەیبوژێنێتەوە لە
کاتی نەخۆشیدا.
٤ وتم: ئەی خوداوەند میهرەبانبە لەگەڵم، چارەســەرم بکە، چونکە
گوناهم دەرهەق بە تۆ کردووە.
٥ دوژمنەکانم دەربارەی من قســەی خراپ دەڵێن: کەی دەمرێ و
ناوی دەسڕێتەوە؟
٦ کاتێ یەکێکیان بۆ دیدەنیم بێت، قسەی درۆ دەکات ، بووختان لە
دڵیدا کۆدەکاتەوە، کە دەچێتە دەرەوەش بڵاوی دەکاتەوە.
٧ هەموو دوژمنەکـانم چرپە چرپ دەکەن، پیلان دژم دەگێڕن،
دەڵێن:
٨ دەردێکی کوشــنـدە تەنگی پێهەڵچنیوە، لە کوێ بکەوێ
هەڵسانەوەی نییە.
٩ تەنانەت ئەو برادەرە نزیکەشم کە متمانەم پێی هەبوو، ئەوەی کە
نمەکی کرد بووم، ناپاکی لەگەڵ کردم.
١٠ بەڵام تۆ ئەی خوداوەنـد میهرەبـانبە لەگەڵم، هەڵمســێنەوە تـا
پاداشتی خراپەیان بدەمەوە.
١١ بەمە دەزانم تۆ لێم ڕازیت، چونکە دوژمنەکەم دڵخۆش نـابێت
بەسەرم.
١٢ لە تەواویمدا پـاڵپشــتیم دەکەیت و لەپێش خۆتدا ڕامدەگریت
تاهەتایە.
١٣ پیرۆز بێت خوداوەنـد خودای ئیســڕائیل، لە هەتـاهەتـاوە تـا
هەتاهەتایە، ئامین و ئامین.

کۆکراوەی بەشی دووەم

# ٤٢

بۆ سەرۆکی گۆرانی بێژان هۆنراوەیەکی ڕۆڵەکانی قۆڕەخ.
١ چۆن ئاســك بە پەرۆشــە بۆ ئاوی ڕووبار، گیانی منیش بە
پەرۆشە بۆ تۆ، ئەی خودا.
٢ گیـانم تینووی خودایە، تینووی خودای زینـدووە، کەی دێم و بە
دیداری خودا شاد دەبم؟
٣ فرمێسکەکانم بوون بە خۆراکم بە شـەو و بە ڕۆژ لە کاتێکدا پێم
دەڵێن: کوا خوداکەت؟
٤ هەنــاوم دەتوێتەوە، ئەوکـاتەی دەێتەوە یـادم: کە چۆن لەگەڵ
کۆمەڵانی خەڵکدا دەڕۆیشــتین، بەرەو ماڵی خودا پێشــڕەویانم
دەکرد، بە هەلهەلە و ستایش کردنەوە لەناو کۆمەڵی جەژنگێڕان.
٥ ئەی گیانی من بۆچی غەمباریت؟ بۆ لە ناخمدا پەرێشانیت؟
ئومێدت بە خودا هەبێت، چونکە هەر ستایشی ئەو دەکەم،
ئەو ڕزگارکەر و خودامە.
٦ گیانم غەمبارە لەناخم، بۆیە یادت دەکەمەوە لە خاکی ئوردنەوە،
لە بەرزاییەکانی خەرمۆنەوە، لە چیای میچعارەوە.
٧ قوڵایی بانگی قوڵایی دەکات، بە دەم خوڕەی تاڤگەکانتەوە
هەموو شەپۆلەکانت و تەوژمەکانت بەسەرمدا کەوتوون.
٨ بە ڕۆژ خوداوەند پەیمانی خۆشەویستییەکەی ئاڕاستە دەکات، بە
شەویش سروودی ئەو لەلای منە، نوێژێکە بۆ خودای ژیانم.
٩ بەخودا دەڵێم: ئەی پەناگام بۆچی لە یادت کردووم؟ بۆچی دەبێت
بناڵێنم، بچەوسێمەوە بە دەست دوژمنانم؟
١٠ بە تێکشکانی ئێسقانەکانم ناحەزانم توانجم تێدەگرن، بە درێژایی
ڕۆژ پێم دەڵێن: کوا خوداکەت؟
١١ ئەی گیانی من بۆچی غەمباریت؟ بۆ لە ناخمدا پەرێشانیت؟
ئومێدت بە خودا هەبێت، چونکە من هەر ستایشی ئەو دەکەم، ئەو
ڕزگارکەر و خودامە.

# ٤٣

بۆ سەرۆکی گۆرانی بێژان، زەبوورێکی داود.
١ ئەی خودا دادوەریم بۆ بکە، ببە بەپارێزەرم دژ بە نەتەوەیەکی
خوانەناس، لە پیاوی فێڵباز و لەزۆردار دەربازم بکە.
٢ تۆ خودا و هێزی منی، بۆ وازت لێهێنام؟ بۆچی دەبێت بناڵێنم،
بچەوسێمەوە بە دەست دوژمنانم؟
٣ ڕووناکی و ڕاســتی خۆت بنێرە، ئەوان ڕابەریم دەکەن. ئەوان
دەمهێنن بۆ چیای پیرۆزت بۆ جێنشینەکانت.
٤ ئەوســا دێم بۆ قوربـانگـای خودای خۆم، خودای خۆشــی و
دڵشادیم،
بەقیسارەوە ستایشت دەکەم خودایە، خودای من.
٥ ئەی گیانی من بۆچی غەمباریت؟ بۆ لەناخمدا پەرێشانیت؟
ئومێدت بە خودا هەبێت، چونکە هەر ستایشی ئەو دەکەم،
ئەو ڕزگارکەر و خودامە.

# ٤٤

بۆ سەرۆکی گۆرانی بێژان، هۆنراوەیەکی ڕۆڵەکانی قۆرەخ.
١ خودایە بە گوێی خۆمان بیستمان، باوباپیرانمان پێیان ڕاگەیاندین تۆ لە ڕۆژگاری ئەواندا، لە ڕۆژ گاری کۆندا چیت کردووە.
٢ بەدەستی خۆت نەتەوەکانت ڕیشەکێش کرد و ئەوانت چاند، گەلانت ووردوخاش کرد و گەشەت بەواندا.
٣ ئەوان بە شمشێری خۆیان دەستیان بەسەر خاکدا نەگرت، بە بازووی خۆیان سەرکەوتنیان بەدەستنەهێنا .بەڵکو دەستە ڕاستەی تۆ بوو، بازووی تۆ بوو، هەروەها ڕووناکی ڕوخساری تۆ بوو، چونکە تۆ ئەوانت خۆشویست.
٤ تۆ پاشا و خودای منیت، تۆی فەرمانی سەرکەوتن دەدەیت بۆ یاقوب.
٥ بە هۆی تۆوە دوژمنەکانمان دەشکێنین، بە ناوی تۆوە ناحەزەکانمان پێشێل دەکەین.
٦ من پشت بە کەوانەکەم نابەستم، شمشێرەکەم ڕزگارم ناکات.
٧ بەڵام تۆ ڕزگارت کردین، تۆ ناحەزەکانمانت ڕسواکرد.
٨ بەدرێژایی ڕۆژ شانازی بە خوداوە دەکەین، تاهەتایە ستایشی ناوت دەکەین.
٩ بەڵام ئێستا وازت لێهێناوین و ڕسوات کردوین، لەگەڵ سوپاکانمان دەرناچیت.
١٠ وات لێکردین لەبەر دوژمنەکانمان ڕابکەین، دوژمنەکانمان تاڵانیان کردین.
١١ وەك مەڕ بۆ سەربڕین بە دەستەوەتداین، پەرشوبڵاوی ناو نەتەوەکانت کردین.
١٢ گەلی خۆت هەرزان فرۆش کردووە، قازانجت لە فرۆشتنەکەیان نەکردووە.
١٣ ئێمەت کردووە بە مایەی ڕسوایی لای هاوسێکانمان، بە مایەی گاڵتەجاڕی و سووکایەتی پێکردن لای ئەوانەی دەوروبەرمان.
١٤ ئێمەت کردووە بە پەندی نەتەوەکان، خەڵکی سەریان دەلەقێنن لە ئاستمان.
١٥ ڕسوایم بەدرێژایی ڕۆژ لە پێشمە، شەرمەزاریم ڕووی داپۆشیوم،
١٦ لەبەر دەنگی توانج لێدەر و جنێوپێدەرم، لە ڕووی دوژمن و تۆڵە سێنەر.
١٧ ئەمانەمان هەمووی بەسەر هاتووە، لەگەڵ ئەوەشدا تۆمان لە بیرنەکردووە، پەیمانی تۆمان نەشکاندووە.
١٨ دڵمان پاشگەز نەبووەتەوە، پێیەکانمان ڕێگای تۆیان بەرنەداوە.
١٩ بەڵام تۆ ووردوخاشت کردین و ئێمەت کرد بە نێچیری چەقەڵ، بەسێبەری مردن داتپۆشین.
٢٠ ئەگەر ناوی خودای خۆمان لەبیرکردبایە، یان دەستمان لەبەر خودایەکی بیانی پانکردبایەوە،
٢١ ئایا لای خودا ئاشکرا نەدەبوو؟ لەکاتێکدا ئەو ئاگاداری هەموو نهێنییەکانی دڵە!
٢٢ لەگەڵ ئەمەشدا لە پێناوی تۆ بە درێژایی ڕۆژ ڕووبەڕووی مردن دەبینەوە، وەك مەڕ بۆ سەربڕین دادەنرێین.
٢٣ ئەی خوداوەند بەئاگابە! بۆ خەو بردووتیەوە؟ هەستە! تاهەتایە وازمان لێمەهێنە.
٢٤ بۆچی ڕووی خۆتمان لێ دەشاریتەوە؟ بۆچی تەنگانە و چەوسانەوەمان لەبیردەکەیت؟
٢٥ گیانمان شۆڕ بووەتەوە بەرەو خاك، سکمان بە زەوییەوە نووساوە.
٢٦ ڕاپەڕە، بگەرە فریامان، بمانکڕەوە لەبەر پەیمانی خۆشەویستییەکەت.

# ٤٥

بۆ سەرۆکی گۆرانی بێژان، لەسەر سەوسەن. هۆنراوەیەکی ڕۆڵەکانی قۆرەخ. گۆرانی خۆشەویستی[أ].
١ دڵم بە قسەی باش دەجۆشێت کە هۆنراوەکانم بۆ پاشا دەخوێنمەوە، زمانم پێنووسی نووسەرێکی کارامەیە.
٢ تۆ جوانترینی لەناو ئادەمیزادان و بەرەکەت بەسەر لێوتدا باریووە، لەو کاتەوەی خودا تاهەتایە پیرۆزی کردوویت.
٣ شمشێرەکەت بەلای ڕانتەوە بکە، ئەی توانادار، شکۆمەندی و پایەبەرزی لەبەر بکە.
٤ بە شکۆمەندی خۆت سەرکەوتووانە سواربە، لەپێناوی ڕاستی و دڵنەرمی و دادپەروەری، با دەستی ڕاستت شتی ترسناك بخاتە پێش چاو.
٥ با تیرە تیژەکانت دڵی دوژمنانی پاشا کون بکەن، با گەلان لەبەر پێت بکەون.
٦ تەختی تۆ ئەی خودا تاهەتایە، گۆچانی دادپەروەری، گۆچانی پاشایەتی تۆیە.
٧ تۆ حەزت لە ڕاستودروستییە و ڕقت لە خراپەکاریە، بۆیە خودا، خودای خۆت، بە ڕۆنی شادومانی دەست نیشانیکردووی، لەسەرووی هەموو هاوەڵەکانتەوە دایناوی.
٨ جل وبەرگت هەمووی بە بۆنی موڕ[ب] و عود[ت] و مێخەك بۆنداربووە، لە کۆشکی بە عاج[ث] ڕازاوەوە دەنگی مۆسیقا دڵخۆشت دەکات.
٩ لەناو ژنە خانەدانەکانت شازادە هەن شاژنیش بە بەرگی زێڕی ئۆفیرەوە[ج] لە لای دەستە ڕاستتە.
١٠ ئەی کچ گوێ بگرە، لەبەر چاوتی بگرە و گوێ شل بکە، گەلەکەت و ماڵە باوانت لە بیرکە،
١١ تا پاشا تامەزرۆی جوانیت بێت، کڕنۆشی بۆ ببە، چونکە گەورەی تۆیە.
١٢ کچی شاری سوڕ[چ] بە دیارییەوە دێت، خاوەن سامانەکان ڕەزامەندی تۆیان دەوێت.
١٣ کچی پاشا لە ماڵی خۆیدا بە تەواوی شکۆدارە، جلوبەرگەکەی بە زێڕ چنراوە.
١٤ بە کراسێکی نەخشێنراوەوە بۆ لای پاشای دەبەن، یاوەرە پاکیزەکانی بەدوایەوە بۆلای تۆ دێنن.
١٥ بە شادی و خۆشییەوە دەیانهێنن، دێنە ناو کۆشکی پاشاوە.

[أ] ٤٥ : گۆرانی خۆشەویستی، یان گۆرانی شایی.
[ب] ٤٥ : ٨ موڕ ئاوێکی بۆن خۆشە لە گەڵای جۆرە گوڵێك دەردەچێ.
[ت] ٤٥ : ٨ عود بۆنێکی گرانبەهایە.
[ث] ٤٥ : ٨ عاج دوو ددانە گەورەکەی فیل، دەتاشرێن بۆ دروستکردنی پەیکەر و شتی تر بۆ ڕازاندنەوەی ناو ماڵ.
[ج] ٤٥ : ٩ ڕەنگە وولاتی یەمەن بێت، بە چاکی جۆری زێڕەکەی بەناوبانگ بووە.
[چ] ٤٥ : ١٢ شارێکی فینیقی زۆر بەناوبانگ و زۆر کۆنە.

١٦ کوڕەکانت جێی باوکانیان دەگرنەوە، دەیانکەی بە میری
سەرانسەری زەوی.
١٧ یادی ناوت دەکەمەوە نەوە دوای نەوە، بۆیە نەتەوەکان تاهەتایە
ستایشت دەکەن.

# ٤٦

بۆ سەرۆکی گۆرانی بێژان، بۆ ڕۆڵەکانی قۆرەخ، بە شێوەی
عەلامۆت[أ].
١ خودا هێز و پەنامانە، هەمیشە یارمەتیدەرە لە تەنگانە.
٢ بۆیە ترسمان نییە ئەگەر زەویش بلەرزێت، ئەگەر چیاکانیش
بکەونە ناو قووڵایی دەریاکانەوە،
٣ ئەگەر ئاوەکەشی بجۆشێت و کەف بکات، چیاکانیش
لەسەرکێشی ئەو بلەرزن.
٤ ڕووبارێك هەیە جۆگەکانی شاری خودا[ب] شاد دەکات، ئەو
شوێنە پیرۆزەی کە هەرەبەرز تێیدا نیشتەجێیە.
٥ خودا لەوێدایە، بۆیە هەرگیز ناکەوێت، لەگەڵ بەرەبەیاندا خودا
بەهانایەوە دێت.
٦ نەتەوەکان هەڵچوون و پاشایەتییەکان هەژان، خودا دەنگی
بەرزکردەوە زەوی تووایەوە.
٧ خوداوەندی سوپاسالار لەگەڵمانە، خودای یاقوب پەناگەمانە.
٨ وەرن سەیری کردەوەکانی خوداوەند بکەن، ئەو کارە
سەرسوڕهێنەرانەی بەسەر زەویدا هێناوە.
٩ جەنگەکان ڕادەگرێت تا ئەوپەڕی جیهان، کەوانەکان دەشکێنێت
و ڕمەکان پارچە پارچە دەکات، گالیسکەکان بەئاگر دەسووتێنێت.
١٠ بوەستن، بزانن کە من خودام، لەناو نەتەوەکاندا بەرزدەبمەوە،
لەسەر زەویدا بەرزدەبمەوە.
١١ خوداوەندی سوپاسالار لەگەڵمانە، خودای یاقوب پەناگەمانە.

# ٤٧

بۆ سەرۆکی گۆرانی بێژان، زەبوورێکی ڕۆڵەکان قۆرەخ.
١ چەپڵە لێدەن ئەی هەموو نەتەوەکان، بە گۆرانی شادی بۆ خودا
هاوار بکەن.
٢ چونکە خوداوەند هەرەبەرز و بەسامە، پاشایەکی گەورەیە
بەسەر هەموو زەویدا.
٣ نەتەوەکان دەخاتە ژێر دەستمان، گەلان دەخاتە ژێر پێمان.
٤ خاکی میراتمان بۆ هەڵدەبژێرێت، کە شانازی یاقوبە،
خۆشەویستی خۆی.
٥ خودا بەرز بووەوە لەناو هاواری شادی، خوداوەند لەگەڵ دەنگی
کەڕەنا.
٦ گۆرانی بۆ خودا بڵێن، گۆرانی بڵێن. گۆرانی بۆ پاشامان بڵێن،
گۆرانی بڵێن.
٧ چونکە خودا پاشای هەموو زەوییە، گۆرانی بۆ بڵێن.
٨ خودا فەرمانڕەوایی نەتەوەکان دەکات، خودا لەسەر تەختی
پیرۆزی خۆی دادەنیشێت.
٩ سەرۆکانی گەلان کۆبوونەوە لەگەڵ گەلی خودای ئیبراهیم،
چونکە سەرۆکانی زەوی هی خودان، ئەو زۆر بەرزە.

# ٤٨

زەبوورێکی ڕۆڵەکانی قۆرەخ.
١ خوداوەند مەزنە، شایانی ستایشکردنە، لە شاری خودامان، لە
چیای پیرۆزی خۆی.
٢ چیای سییۆن جوانە لە بەرزییدا، خۆشیی هەموو زەوییە تا ئەو
پەڕی باکوور. شاری پاشای گەورەیە[ت].
٣ خودا لەناو قەڵاکانی وەك دالدەیەکی بڵند ناسراوە.
٤ ئەوەتا پاشاکان هێزیان کۆکردەوە، ئەوەتا پێکەوە هاتنە پێشەوە،
٥ کە بینیان تاسان، بە ترسەوە هەڵاتن.
٦ لەوێ لەرزیان لێهات، ژانیان گرت وەك ژن لەکاتی منداڵ
بووندا.
٧ وەك کەشتییەکانی تەرشیش[ث] تێکتشکاندن، تەفروتوناتکردن بە
بای ڕۆژهەڵات.
٨ هەر وەك بیستمان، ئاواش بینیمان لە شاری خوداوەندی
سوپاسالار، لە شاری خودامان، خودا تاهەتایە دەیچەسپێنێت.
٩ لە ناوەندی پەرستگاکەتدا ئەی خودا، بیر لە پەیمانی
خۆشەویستییەکەت دەکەینەوە.
١٠ وەك ناوت ئەی خودا، ستایشت دەگاتە ئەوپەڕی زەوی، دەستە
ڕاستت پڕە لە ڕاستودروستی.
١١ چیای سییۆن شادومان دەبێت، کچانی یەهوودا دڵخۆش دەبن
بە هۆی دادوەرییەکانت.
١٢ لەناو سییۆن بگەڕێن، بە دەوریدا بسووڕێنەوە، تاوەرەکانی
بژمێرن،
١٣ لە شووراکانی ووردبنەوە، بڕواننە قەڵاکانی، تا بۆ نەوەی
داهاتووی باس بکەن.
١٤ چونکە ئەم خودایە خودامانە تاهەتایە، هەتا مردنیش ئەو
ڕابەرمانە.

# ٤٩

بۆ گەورەی گۆرانی بێژان، زەبوورێکی ڕۆڵەکانی قۆرەخ.
١ ئەمە ببیستن ئەی هەموو گەلان، گوێ بگرن ئەی هەموو
دانیشتوانی زەوی،
٢ بەرز و نزم، هەژار و دەوڵەمەند پێکەوە.
٣ دەمم باسی دانایی دەکات، لێکدانەوەی دڵم تێگەیشتنە.
٤ گوێ بۆ پەند شل دەکەم، بە قیسارە مەتەڵەکەم ڕوون دەکەمەوە.
٥ بۆ لەکاتی تەنگانەدا بترسم، کاتێ فێڵبازە خراپەکارەکان دەورم
دەگرن؟
٦ ئەوانەی پشت بە ماڵ و سامانیان دەبەستن، شانازی بە
دەوڵەمەندییەکەیان دەکەن.
٧ کەس ناتوانێت ژیانی براکەی بکڕێتەوە، یان کەفارەتی ئەو بە
خودا بدات.
٨ چونکە کڕینەوەی ژیان زۆر گران دەکەوێت، هەرگیز ناتوانرێت
نرخی تەواوی بدرێت،
٩ تاهەتایە بە زیندوویی بمێنێتەوە و گۆڕ نەبینێت.

---

أ ٤٦: جۆرە ئاوازێکە، واتە بەدەنگی کیژۆڵەکان.
ب ٤٦: ٤ بڕوانە بینین ٢١، حزقیال ٤٠
ت ٤٨: ٢ مەبەست لە پاشای گەورە، خودایە. بڕوانە ٤٧: ٢، ٤٨: ١.
ث ٤٨: ٧ ووڵاتی ئیسپانیا.

١٠ چونکە دەبینرێت مرۆڤە داناکان دەمرن، نەزانەکان و گێلەکان وەك یەك لەناودەچن و سامانیان بۆ ئەوانی تر جێدەهێڵن.
١١ وا دەزانن ماڵەکانیان تاهەتایە دەمێنێت، نیشتەجێیان دەبێت نەوە دوای نەوە، زەویشیان بە ناوی خۆیانەوە ناودەنا.
١٢ بەڵام پایەبەرزی مرۆڤ تاسەر نییە، وەك ئەو ئاژەڵانە وایە کە لەناودەچن.
١٣ ئەمە ڕێگای ئەوانەیە کە پشت بە خۆیان دەبەستن، ئەوانەش کە دوایان دەکەون و قسەکانیان پەسەند دەکەن.
١٤ وەك مەڕ بەرەو دونیای مردووان ڕادەدرێن، مەرگ دەبێت بە شوانیان. بەیانی سەرڕاستەکان فەرمانڕەواییان دەکەن، شێوەیان دادەڕزێت، دونیای مردووان جێنشینیانە.
١٥ بەڵام خودا گیانی من لە چنگی دونیای مردووان ئازاد دەکات، چونکە بۆ لای خۆی دەمبات.
١٦ ترسـت لێ نەنیشـێت گەر یەکێ دەوڵەمەند بوو، شـکۆمەندیی ماڵەکەی زیاد بوو.
١٧ چونکە کە مرد هیچ لەگەڵ خۆی نـابـات، شـکۆدارییەکەی بەدوایەوە نابێت.
١٨ لەگەڵ ئەوەی کاتێ کە زیندووە خۆی بە بەختەوەر دەزانێت: ستایش دەکرێیت کاتێ سەرکەوتوو بیت.
١٩ بەڵام ئەویش وەك بـاوبـاپیرانی دەکەوێت، ئەوانەی تـاهەتـایە چاویان بە ڕووناکی ناکەوێتەوە.
٢٠ مرۆڤێك پایەبەرزی هەبێت و تێگەیشـتنی نەبێت، وەك ئەو ئاژەڵانە وایە کە لەناودەچن.

# ٥٠

زەبوورێکی ئاساف.
١ خوداوەنـد خودای بە توانـا دەفەرمووێت، لە ڕۆژهەڵاتەوە تـا ڕۆژئاوا زەوی بانگ دەکات.
٢ لە سییۆنەوە کە لە جوانیدا تەواوە، خودا پرشنگ دەدات.
٣ خودامان دێت و بێدەنگ نابێت، ئاگر لە پێشـیەوە هەڵدەلووشـێت و گەردەلوولێکی هەڵچووش بە دەوریدایە.
٤ بـانگی ئـاسـمـان دەکـات لە بەرزایی، هەروەهـا زەوی، بۆ دادگاییکردنی خەڵکەکەی:
٥ بۆم کۆبکەنەوە خۆشـەویسـتانم، کە بە قوربانی پەیمانیان لەگەڵ بەستووم.
٦ ئاسمان ڕاستودروستی ئەو ڕادەگەیەنێت، چونکە خودا خۆی دادوەرە.
٧ ئەی گەلی من گوێ بگرن، تا قسەتان بۆ بکەم، ئەی ئیسرائیل تا شایەتیت لەسەر بدەم: من خودام، خودای تۆم.
٨ سـەرزەنشـتـت نـاکەم لەسـەر قوربـانییەکـانـت، قوربـانییە سوتاوەکانت هەمیشە لەبەر دەممدایە.
٩ من پێویسـتیم بە گای ماڵەکەی تۆ نییە، پێویسـتیم بە گیسـکی مێگەلەکەت نییە.
١٠ چونکە هەموو گیانەوەرانی دارسـتان، هەروەها مێگەلەکانی سەر هەزارەها گرد، هی منن .
١١ هەموو باڵندەی چیاکان دەناسم، هەموو زیندەوەرانی دەشتودەر هی منن.

١٢ گەر برسـی بم، بە تۆ ناڵێم، چونکە جیهان و هەرچی تیایدایە هی منە.
١٣ ئایا من گۆشتی گا دەخۆم، یان خوێنی گیسك دەخۆمەوە؟
١٤ با قوربانیت بۆ خودا سوپاس کردن بێت، بەڵێنەکانت بەرامبەر هەرەبەرز بهێنەدی،
١٥ هەروەهـا لە ڕۆژی تەنگانەدا بـانگم بکە، دەربـازت دەکەم و شکۆدارم دەکەیت.
١٦ بەڵام خودا بە بەدکار دەڵێ: تۆ کێیت باسی هەقی من دەکەیت، یان پەیمانی منت بەسەر زماندا دێت؟
١٧ تۆ کە ڕقت لە تەمبێکردنە و قسەی منت پشتگوێ خستووە.
١٨ کاتێ دزێ ببینیت، پەسەندی دەکەیت، هاووشۆی داوێن پیسان دەکەیت.
١٩ دەمت بە خراپە دەکەیتەوە، زمانت خەریکی فێڵبازییە.
٢٠ دادەنیشـیت و دژی براکەت قسـەدەکەیت، بوختان بۆ کوڕی دایکت هەڵدەبەستیت.
٢١ ئەمانەت کردووە و من بێدەنگ بووم، واتزانی منیش وەك تۆم. بەڵام من سەرزەنشتت دەکەم و ڕووبەڕوو تاوانبارت دەکەم.
٢٢ ئەمە لەبەرچاو بگرن ئەی ئەوانەی خوداتان لە بیرکردووە، دەنا پارچە پارچەتان دەکەم، کەسیش نایەتە فریاتان.
٢٣ ئەوەی بە سوپاسەوە قوربانیم پێشکەش بکات، شکۆدارم دەکات، ئەوەی ڕێگای خۆی ڕێك بکات، ڕزگاری خودای نیشان دەدەم.

# ٥١

بۆ گەورەی گۆرانی بێژان. زەبوورێکی داودە. کـاتێ نـاتـانی پێغەمبەر هاتە لای دوای ئەوەی داود چووە لای بەتشەبەع[أ].
١ میهرەبانبە لەگەڵم ئەی خودا بە پێی پەیمانی خۆشەویستییەکەت، بە پێی زۆری بەزەیی خۆت یاخیبوونم بسڕەوە.
٢ بە تەواوی لە تاوانم بمشۆرەوە و لە گوناهم پاکم بکەوە.
٣ چونکە من یاخیبوونم دەزانم، هەمیشە گوناهم لە بەردەممە.
٤ دژ بە تۆ، تەنها تۆ، گوناهم کرد، لەبەر چاوی تۆ خراپەم کرد، تا ڕاست بیت لە قسەکانتدا، دادپەروەر بیت لە حوکمەکانتدا.
٥ ئەوەتا من بە زگماکی تاوانبارم، گوناهبارم لەو کاتەوە کە دایکم سکی بە من پڕ بووە.
٦ ئەوەتا حەزت لەو ڕاستییەیە کە لە ناوەڕۆکدایە، لەناخدایە، فێری دانایم دەکەیت.
٧ بە زوفا[ب] پاکم بکەرەوە، بێگەرد دەبم، بمشۆرەوە، لە بەفر سپیتر دەبم.
٨ بـا گوێم لە شـــادی و خۆشــی بێت، بـا ئەو ئێســقـانـانەی وردوخاشتکردووە شاد بن.
٩ چاو لەگوناهەکانم بپۆشە و هەموو خراپەکانم بسڕەوە.
١٠ دڵێکی پاکم تیا دروسـت بکە ئەی خودا، ڕۆحێکی چەسـپاوی نوێ لەناخمدا دروست بکە.
١١ لە بەرچـاوی خۆت دەرممەکە، ڕۆحی پیرۆزی خۆتم لێ مەسێنەوە.
١٢ شادیی ڕزگاریی خۆتم پێ بدەرەوە، بە دڵێکی فراوان پشتگیریم بکە.
١٣ ئینجا ڕێگای تۆ بە یاخیبووان دەناسێنم، گوناهباران دەگەڕێنەوە لات.

[أ] ٥١: ژنی ئوورییای خیتی بوو، داود لەگەڵی جووت بوو، بەم جۆرە داود داوێن پیسی لەگەڵی کرد، بۆ داپۆشینی گوناهەکەی، داود پلانێکی دانا بۆ بەکوشتدانی ئوورییا. پاشان داود هێنای و کردی بە ژنی خۆی. دایکی سلێمانە.

[ب] ٥١: ٧ جۆرە ڕووەکێکە، جوولەکەکان بۆ پاککردنەوە بەکاریان دەهێنا.

١٤ خودایە، خودای ڕزگاریم، لەسزای خوێنڕشتن دەربازم بکە، تا
زمانم ستایشی ڕاستودروستیت بکات.
١٥ ئەی خوداوەند، دەمم بکەوە، تا لێوەکانم ستایشت ڕابگەیەنێت.
١٦ تۆ بە قوربانی شاد نابیت، بە پێشکەشکردنی قوربانی سووتاندن
ڕازی نابیت.
١٧ قوربانییەکان بۆ خودا ڕۆحی شکاوە، خودایە تۆ بە سووکییەوە
تەماشای دڵی شکاو و ووردوخاشکراو ناکەیت.
١٨ بە ڕەزامەندی خۆت چاکە لەگەڵ سییۆن بکە، شووراکانی
ئۆرشەلیم بنیاد بنێوە.
١٩ ئەوسا بە قوربانی ڕاستودروستی و بە قوربانی سووتاندن و
قوربانی تەواو شادومان دەبیت، ئەوسا گای زۆر لەسەر
قوربانگاکەت پێشکەش دەکرێت.

# ٥٢

بۆ گەورەی گۆرانی بێژان، سروودێکی داودە. کاتێ دۆئێگی[أ]
ئەدۆمی چوو بۆ لای شائوول و پێی ووت کە داود چووە بۆ ماڵی
ئەخیمەلەك.
١ بۆچی شانازی بە خراپەوە دەکەیت ئەی پاڵەوان؟ پەیمانی
خۆشەویستی خودا هەمیشەییە.
٢ زمانت کاولبوونی بەدواوەیە، وەك گوێزانێکی تیژ وایە،
خەریکی فێڵبازییە.
٣ زیاتر حەزت لە خراپەیە نەك لە چاکە، لە درۆ نەك لە
ڕاستگۆیی.
٤ حەزت لە هەموو ووشەیەکی زیان بەخشە، ئەی زمانی فێڵباز!
٥ بێگومان خودا تاهەتایە وێرانت دەکات، دەترفێنێت و
دەرتدەهێنێت لە ماڵەکەت، ڕیشەکێشت دەکات لە خاکی زیندووان.
٦ ڕاستودروستان ئەمە دەبینن و دەترسن، پێی پێدەکەنن و دەڵێن:
٧ ئا ئەوەتا ئەو مرۆڤەی کە خودا ناکات بە پەناگای خۆی، بەڵکو
پشتی بە زۆری سامانەکەی بەستبوو، لەئارەزووە خراپەکانی
هێزی وەرگرتبوو!
٨ بەڵام من لەماڵی خودادا وەك دار زەیتوونێکی سەوزم، تاهەتایە
پشت بە پەیمانی خۆشەویستیی خودا دەبەستم.
٩ تاهەتایە ستایشت دەکەم بۆ کردەوەکانت، لە پێش
خۆشەویستانت، بە پەرۆشم بۆ ناوی تۆ، چونکە باشە.

# ٥٣

بۆ سەرۆکی گۆرانی بێژان بە عوود، زەبوورێکی داود.
١ نەزان لە دڵی خۆیدا دەڵێت: خودا نییە. هەموو بۆگەنن و
خراپەکانیان پیسە، کەس نییە چاکە بکات.
٢ خودا لە ئاسمانەوە سەیری ئادەمیزادان دەکات، تا بزانێت کەس
هەیە تێگەیشتوو بێت، کەس هەیە داوای خودا بکات.
٣ هەموو چەواشە بوون، هەموو بۆگەن بوون، کەس نییە چاکە
بکات، تەنانەت یەکێکیش نییە.
٤ ئایا گوناهکاران نازانن ئەوانەی وەك نان گەلەکەی من دەخۆن
و ئەوانەی خودایان ناوێت؟
٥ لەوێ ترسێکی گەورەیان لێنیشت، کە هیچ ترسی لێنەبوو.
چونکە خودا ئێسقانی ئەوانەی گەمارۆیان داویت پەرش وبڵاو
دەکاتەوە، ئەوانە ڕسوا دەکەیت، چونکە خودا بە چاوێکی
سووکەوە تەماشایان دەکات.
٦ خۆزگە ڕزگاری ئیسرائیل لە سییۆنەوە دەربکەوێت، کاتێ
خوداوەند گەلەکەی خۆی لە دیلی دەگێڕێتەوە، یاقوب شاد و
ئیسرائیل دڵخۆش دەبێت.

# ٥٤

بۆ سەرۆکی گۆرانی بێژان. بە ئامێرە ژێدارەکان. گۆرانییەکی
داودە کاتێ زیفییەکان[ب] هاتن و بە شائوولیان ووت: داود لەلای
ئێمە خۆی شاردۆتەوە.
١ خودایە بە ناوی خۆت ڕزگارم بکە، بە هێزی خۆت دادوەریم
بکە.
٢ خودایە گوێ لە نوێژم بگرە، گوێ لە قسەکانی دەمم بگرە.
٣ چونکە بێگانان لێم هەستاون، دڵڕەقەکان دەیانەوێ بمکوژن،
ئەوانەی ڕوویان لە خودا نەکردووە.
٤ بە ڕاستی خودا یارمەتیدەری منە، خوداوەند لەگەڵ لایەنگرانی
گیانمە.
٥ خراپە بەسەر دوژمنەکانم دەگەڕێنێتەوە، بە دڵسۆزی خۆت
لەناویان ببە.
٦ پڕ بەدڵ قوربانیت پێشکەش دەکەم، ئەی خوداوەند ستایشی ناوت
دەکەم، چونکە چاکە.
٧ چونکە لە هەموو تەنگانەکان دەربازیکردووم، سەرکەواتوانە
چاوم بڕیوەتە دوژمنەکانم.

# ٥٥

بۆ گەورەی گورانی بێژان بە ئامێرە ژێدارەکان، گۆرانییەکی
داود.
١ خودایە گوێ لە نوێژم بگرە، پاڕانەوەم پشت گوێ مەخە.
٢ گوێم لێ بگرە و وەڵامم بدەوە. سەرم لێشێواوە لە نەگبەتی خۆم
و بێزارم،
٣ لە بیستنی دەنگی دوژمن، لە چاو لێسوورکردنەوەی بەدکاران،
چونکە ئەمانە تووشی گرفتم دەکەن و بە تووڕەییەوە تۆڵەم
لێدەکەنەوە.
٤ دڵم لە ناخمدا پڕ لە ئازارە، ترسی مەرگ داویەتی بەسەرمدا.
٥ ترس و لەرزم لێهاتووە، تۆقیین باڵی بەسەرمدا کێشاوە.

---

[أ] ٥٢: سەرۆك شوانەکانی شائوول بوو، کاتێ داود لە ڕووی شائوول هەڵات بۆ
نوب بۆ لای ئەخیمەلەك کە سەرۆك کاهین بوو، جا ئەخیمەلەك نانی قوربانی دا
بە داود و ئەوانەی لەگەڵی بوون. لەو کاتەدا دۆئێگ لە نوب بوو و هەواڵی برد
بۆ شائوول. ئینجا شائوول ئەخیمەلەك و کاهینەکانی گرت و فەرمانی دا بە
پاسەوانەکان بیانکوژن، بەڵام ئەوان ڕەتیانکردەوە. جا فەرمانی دا بە دۆئێگ،
ئەویش هەشتاو پێنج کاهینی کوشت.

[ب] ٥٤: دانیشتوانی زیفن، کە شارێك بوو لە ناوچە شاخاوییەکەی یەهوودا. ئێستا
بە گردی زیف بەناوبانگە. دەکەوێتە دووری شەش کیلۆمەتر لە باشووری
ڕۆژهەڵاتی خەبرۆن.

٦ دەڵێم: خۆزگە وەك کۆتر باڵم هەبووایە، دوور دەفڕیم و بۆ خۆم
دەحەسامەوە،
٧ بە ڕاستی دووردەکەوتمەوە و لە چۆڵەوانی دەمامەوە،
٨ بە پەلە دەبووم بۆ شوێنی پەناگای خۆم، دوور لە ڕەشەباو لە
گەردەلوول.
٩ ئەی خوداوەند سەریان لێبشێوێنە، زمانیان تێك بئاڵێنە، چونکە
زۆرداری و دووبەرەکی لە شاردا دەبینم.
١٠ شەو و ڕۆژ بەسەر شووراکانی دەسووڕێنەوە و خراپە و
زەحمەتی لەناویدایە.
١١ وێرانکاری لەناویدایە، دەستدرێژی و ساختەکاری هەرگیز
شەقامەکانی بەرنادەن.
١٢ گەر دوژمن سووکایەتی پێ کردبام، بەرگەم دەگرت، گەر
ناحەز بە سەرمدا زاڵ بوایە، دەمتوانی خۆمی لێبشارمەوە.
١٣ بەڵام تۆ بووی ئەی مرۆڤی هاوشێوەم، هاوڕێکەم، نزیکترین
برادەرم.
١٤ کە بەیەکەوە پەیوەندییەکی شیرینمان هەبوو، بە یەکەوە لەگەڵ
کۆمەڵانی خەڵکدا بەرەو ماڵی خودا دەچووین.
١٥ با مەرگ چەواشەیان بکات، با بە زیندوویی دابەزنە ناو دونیای
مردووانەوە، چونکە خراپە شوێنی خۆی کردۆتەوە لەناویاندا.
١٦ بەڵام هاواری من بۆ خودایە، خوداوەندیش ڕزگارم دەکات.
١٧ ئێواران و بەیانیان و نیوەڕوان گلەیی دەکەم و دەناڵێنم،
ئەویش گوێم لێدەگرێت.
١٨ گیانمی بە تەواوی کڕییەوە لەو جەنگەی دژم هەڵگیرساوە،
چونکە زۆرن گەمارۆدەر و بەرهەڵستکارانم.
١٩ خودا، ئەوەی لەسەرەتاوە لەسەر تەخت دانیشتووە، گوێی
لێدەبێت و سووکیان دەکات، ئەوانەی ناگۆڕێن و ترسی خودایان
لە دڵدا نییە.
٢٠ ئەوەی دەستدرێژی کردە سەر دۆستەکانی، پەیمانی خۆی
شکاند.
٢١ زمانی وەك کەرە لووسە، بەڵام دڵی پڕ لە شەڕە. قسەی لە
ڕۆن نەرمترە، بەڵام شمشێری هەڵکێشراوە.
٢٢ خەمەکانت بە خوداوەند بسپێرە، ئەو بەخێوت دەکات،
هەرگیز ناهێڵێت ڕاستودروستان بهەژێن.
٢٣ بەڵام تۆ ئەی خودا، فڕێیان بدە ناو قووڵترین بیر، مرۆڤە خوێن
ڕێژ و فێڵبازەکان، ڕۆژگاریان ناگات بە نیوە. بەڵام من پشت بە
تۆ دەبەستم.

# ٥٦

بۆ گەورەی گۆرانی بێژان لەسەر ئاوازی گۆرانی: کۆتر لەسەر
درەختی دوور. پاڕانەوەیەکی داودە کاتێ فەلەستینییەکان لە گەت[أ]
گرتیان.
١ بەزەییت پێم بێتەوە ئەی خودا، چونکە مرۆڤ پێشێلم دەکەن،
بەدرێژایی ڕۆژ چەوسێنەرانم ئازارم دەدەن.
٢ سیخوڕان بەدرێژایی ڕۆژ پێشێلم دەکەن، چونکە زۆرن ئەوانەی
بە لووتبەرزییەوە دەمچەوسێننەوە.
٣ کاتێ ترسم لێدەنیشێت، من پشت بە تۆ دەبەستم.
٤ بە خودا، کە ستایشی ووشەکەی دەکەم، بە خودا پشت دەبەستم ،
من ناترسم، مرۆڤ دەتوانێت چیم لێ بکات؟
٥ بە درێژایی ڕۆژ قسەکانم دەگۆڕن، هەمیشە پیلان بۆ خراپەم
دەگێڕن.
٦ گیروگرفت دەنێنەوە، خۆیان مات دەکەن، چاویان لە
هەنگاوەکانمە، بۆ ئەوەی لەناکاو فرسەتم لێبهێنن.
٧ ئایا دەربازیان دەبێت لەتاوانەکانیان؟ ئەی خودا بە تووڕەیی
خۆت گەلان ژێربخە.
٨ خۆت ئاگاداری سەرگەردانی منی، فرمێسکەکانم بخەرە
مەشکەی خۆتەوە، ئایا ئەوان لە کتێبی تۆدا نین؟
٩ لەو ڕۆژەی هاوار بۆ تۆ دەکەم، دوژمنەکانم بەرەوپاش دەبنەوە،
بەمە دەزانم کە خودا لەگەڵمە.
١٠ بە خودا، کە ستایشی ووشەکەی دەکەم بە خوداوەند، کە
ستایشی وتەکەی دەکەم،
١١ بە خودا پشت دەبەستم، من ناترسم. مرۆڤ دەتوانێت چیم
لێبکات؟
١٢ ئەی خودا نەزرەکانی تۆم لەسەرە، بە سوپاسەوە قوربانی
پێشکەش دەکەم،
١٣ چونکە تۆ فریای گیانی من کەوتی لە مردن، پێیەکانم لە
خلیسکان، تا لەبەردەم خودادا هاتوچۆ بکەم، لە ڕووناکی ژیان.

# ٥٧

بۆ سەرۆکی گورانی بێژان. لەسەر ئاوازی: مەفەوتێنە.
پاڕانەوەیەکی داودە کاتێ لەبەردەم شائوول هەڵات لە
ئەشکەوتەکە.
١ بەزەیت پێم بێتەوە ئەی خودا، بەزەیت پێم بێتەوە، چونکە گیانم
پەنا دەباتە بەر تۆ، من پەنا دەبەمە بەر سێبەری باڵەکانی تۆ،
تا ئەم بەڵایە بەسەر دەچێت.
٢ بۆ خودای هەرەبەرز هاوار دەکەم، بۆ ئەو خودایەی خواستەکانی
خۆی بۆ من بەجێدەهێنێت.
٣ لە ئاسمانەوە دەنێرێت و ڕزگارم دەکات، ئەوانە ڕسوا دەکات کە
پێشێلم دەکەن. خودا پەیمانی خۆشەویستییەکەی و دڵسوزییەکەی
دەنێرێت.
٤ گیانم لەناو شێرانە، لەناو ئەوانە ڕادەکشێم کە مرۆڤ قووت
دەدەن، ددانەکانیان ڕمو تیرن، زمانیشیان شمشێری تیژە.
٥ بەرزبەوە ئەی خودا بەسەر ئاسماندا، با شکومەندیت بەسەر
هەموو زەوییەوە بێت.
٦ تۆڕیان ناوەتەوە بۆ پێیەکانم، گیانم پەرێشانە. چاڵێکیان لە پێشم
هەڵکەند، بەڵام خۆیان تێیکەوتن.
٧ دڵم خۆڕاگرە ئەی خودا، دڵم خۆڕاگرە، گۆرانی دەڵێم و مۆسیقا
لێدەدەم.
٨ ئەی شکۆی من هەستە! ئەی عوود و ڕەبابە هەستن! من
بەرەبەیانان هەڵدەستم.
٩ ئەی خوداوەند من لەناو گەلان ستایشت دەکەم، لەناو نەتەوەکان
گۆرانیت بۆ دەڵێم.
١٠ چونکە پەیمانی خۆشەویستییەکەت دەگاتە ئاسمان، دڵسوزیت
دەگاتە هەورەکان.
١١ ئەی خودا بەسەر ئاسماندا بەرزبەوە، با شکۆمەندیت بەسەر
هەموو زەوییەوە بێت.

---

[أ] ٥٦: بڕوانە پەیدابوون ١٠: ١٤، یەکێك بوو لە پێنج شارە گەورەکەی
فەلەستینییەکان. شوێنی لە دایکبوونی گۆلیاتە کە پاڵەوانی فەلەستینییەکان بوو و
داود بە بەردەقانی کوشتی. بڕوانە یەکەم سەموئێل ١٧: ١ ـ ١٨: ٧و ٢١: ١١.

# ٥٨

بۆ سەرۆکی گۆرانی بێژان لەسەر ئاوازی: مەفەوتێنە. زەبوورێکی داود.

١ ئەی فەرمانڕەوایان، ئایا لە ڕاستیدا بە ڕاستودروستی بڕیار دەدەن؟ ئایا بە ڕاستی حوکمی ئادەمیزادان دەکەن؟

٢ بەڵکو ئێوە لە دڵەوە کار بە خراپە دەکەن، هەروەها دەستتان توندوتیژی لەسەر زەوی بڵاودەکاتەوە.

٣ بەدکاران لە کاتی لە دایك بوونەوە بە ڕێی هەڵەدا دەڕۆن، لە سکی دایکیانەوە درۆ دەکەن .

٤ ژەهریان وەك ژەهری مارە، وەك ماری کەڕ کە گوێی خۆی داخستووە،

٥ کە ئاوازی ئەفسونگەران نابیستێت، هەرچەندە بە شارەزایش ئەفسون بکەن.

٦ ئەی خودا ددانیان لە دەمیان بشکێنە،
ئەی خوداوەند کەڵبەی شێران ووردوخاش بکە!

٧ با بتوێنەوە و وەك ئاو بڕۆن، با تیرەکانیان بشکێت کاتێ کەوان ڕادەکێشن.

٨ وەك لولپێچ کە دەتوێتەوە کاتێ دەڕوات، وەك منداڵی لەبارچوو، با خۆر نەبینن.

٩ پێش ئەوەی مەنجەڵەکانتان هەست بە ئاگری دڕکەکان بکەن، تووڕەیی خودا، جا چ تەڕبن چ سوتاو ڕایاندەماڵێت.

١٠ ڕاستودروست کە تۆڵە دەبینێت شاد دەبێت، پێی خۆی بە خوێنی بەدکار دەشوات.

١١ ئینجا خەڵکی دەڵێن: بێگومان ڕاستودروست پاداشتی هەیە، بێگومان تەنها خودایە دادگایی زەوی دەکات.

# ٥٩

بۆ سەرۆکی گۆرانی بێژان لەسەر ئاوازی: مەفەوتێنە. زەبوورێکی داودە، کاتێ شائوول پیاوی نارد بۆ ئەوەی چاودێری ماڵی داود بکەن تا بیکوژن.

١ ئەی خودام فریام بکەوە لە دەست دوژمنەکانم، بمپارێزە لە بەر هەڵستکارانم.

٢ فریام بکەوە لە دەست خراپەکاران، ڕزگارم بکە لە دەست خوێن ڕێژ.

٣ ببینە چۆن خۆیان مات کردووە بۆم! زۆرداران گەمارۆیانداوم، نەك بەهۆی تاوان و گوناهم ئەی خوداوەند.

٤ لەگەڵ ئەوەی هیچ هەڵەیەکم نەکردووە، خۆیان ئامادەکردووە بۆ پەلاماردانم. ڕاپەڕە بۆ فریاکەوتنم، بڕوانە گرفتەکەم!

٥ تۆ ئەی خوداوەند، خودای سوپاسالار، خودای ئیسڕائیل، هەستە بۆ سزادانی هەموو نەتەوەکان، لەگەڵ خیانەتکارە بەدکارەکان میهرەبان مەبە.

٦ دەمەو ئێواران دەگەڕێنەوە، وەك سەگ دەمڕێنن و بەناو شاردا دەسووڕێنەوە.

٧ بێگومان تاڵاو لەدەمیانە و شمشێر لە لێویانە، دەڵێن: کێ گوێی لێمان دەبێت؟

٨ بەڵام تۆ ئەی خوداوەند، پێیان پێدەکەنیت، گاڵتە بە هەموو نەتەوەکان دەکەیت.

٩ ئەی هێزی من چاوەڕێی تۆ دەکەم، چونکە تۆ ئەی خودا، قەڵای منیت.

١٠ خودا بە پەیمانی خۆشەویستییەکەی دێتە لام، سەرکەوتنم نیشان دەدات بەسەر دوژمنەکانم.

١١ بەڵام مەیانکوژە، نەوەك گەلی من لەبیریان بچێت .بە هێزی خۆت پەرتوبڵاویان بکەوە و بەریانبدەوە، قەڵغانی ئێمەی ئەی خوداوەند.

١٢ لەبەر گوناهەکانی دەمیان، لەبەر ووتەکانی لێویان، با گرفتاری لووت بەرزی خۆیان بن، لەبەر ئەو درۆ و نەفرەتانەی کردوویانە.

١٣ لە تووڕەیدا بیانفەوتێنە، بیانفەوتێنە تا نەمێنن .ئەوسا دەزانن کە خودا فەرمانڕەوایی یاقوب دەکات، تا ئەوپەڕی زەوی.

١٤ دەمەو ئێواران دەگەڕێنەوە، وەك سەگ دەمڕێنن و بەناو شاردا دەسووڕێنەوە.

١٥ وێڵی دوای خواردن دەبن، دەمڕێنن ئەگەر تێرنەبن.

١٦ بەڵام من گۆرانی بۆ هێزی تۆ دەڵێم، بەیانیان گۆرانی بۆ پەیمانی خۆشەویستییەکەت دەڵێم، چونکە تۆ قەڵای منیت، پەناگای منیت لە ڕۆژی تەنگانەدا.

١٧ ئەی هێزی، من گۆرانی ستایشت بۆ دەڵێم، تۆ ئەی خودا، قەڵای منیت، خودای پەیمانی خۆشەویستیت بۆ من.

# ٦٠

بۆ سەرۆکی گۆرانی بێژان لەسەر سەوسەنی پەیمان. پاڕانەوەیەکی داودە بۆ فێرکردن. کاتی شەڕکردنی لەگەڵ ئارامییەکانی وولاتی دووڕووبار[أ] و ئارامییەکانی چۆبا[ب]، هەروەها کاتێ یۆئاب[ت] گەڕایەوە و لەدۆڵی خوێ[ث] دوانزەهەزاری لە ئەدۆمییەکان کوشت.

١ ئەی خودا، تۆ ئێمەت ڕەتکردەوە و ئێمەت شکاندەوە، تۆ تووڕە بووی، ئێستا بمانگەڕێنەوە!

٢ تۆ زەویت لەرزاندەوە و شەقت کرد، شکاوییەکانی چاك بکەوە، چونکە دەلەرزێتەوە.

٣ کاتی سەختت نیشانی گەلەکەت دا، بادەی سەرگەردانیت پێمان نۆشی.

٤ بەڵام بۆ ئەوانەی ترسی تۆیان لە دڵدایە، ئاڵات هەڵکرد، تا بۆ ڕاستی بشەکێتەوە.

٥ تا خۆشەویستانت ڕزگاریان بێت، بە دەستە ڕاستەت ڕزگارمان بکە و یارمەتیمان بدە.

٦ خودا لە پیرۆزگاکەی خۆیەوە دوواوە: بە هاواری خۆشییەوە شکەم[ج] دابەش دەکەم و دۆڵی سوکۆت دەپێوم.

---

[أ] ٦٠: میزۆپۆتامیا، یان وولاتی دجلە و فوڕات.

[ب] ٦٠: یەکێك بوو لە پاشایەتییەکانی ئارامییەکان، دەکەوتە ڕۆژئاوای فوڕاتەوە.

[ت] ٠: نۆبەرەی سرویەی خوشکی داود بوو، هەروەها سەرۆکی سوپاکەی داود بوو. بە ئازایەتی بەناوبانگ بوو.

[ث] ٦٠: دەکەوێتە باشووری دەریای مردوو.

[ج] ٦٠: ٦ ناوی دوو شاری کۆنن. شکەم شارێکی شوورا بەند بوو لە پاڵ چیای گریزیم، سوکۆتیش دەکەوتە دووری شەش کیلۆمەتر لە ڕۆژهەڵاتی ڕووباری ئوردن.

٧ گلعاد هی منە، مەنەشەش هی منە. ئەفرایم کڵاوی منە، یەهوودا[أ]
داری دەسەڵاتی منە.
٨ مۆئاب[ب] دەستشۆرمە، پێڵاوەکەم فڕێدەدەمە سەر ئەدۆم، لەسەر
فەلەستیەکان هاواری سەرکەوتن دەکەم.
٩ کێیە دەمباتە شاری شوورا بەند؟ کێیە ڕابەریم دەکات بۆ ئەدۆم؟
١٠ مەگەر تۆ نیت ئەی خودا، کە ئێمەت ڕەت کردۆتەوە و ئیتر
لەگەڵ لەشکرەکانمان دەرناچیت؟
١١ وەرە یارمەتیمان بدە لە تەنگانە، چونکە ڕزگاری لەلای
مرۆڤەوە بێت بێسوودە.
١٢ لەگەڵ خودا سەرکەوتن بەدەست دەهێنین، هەروەها ئەوە
دوژمنەکانمان دەخاتە ژێر پێی.

# ٦١

بۆ سەرۆکی گۆرانی بێژان لەسەر ئامێری ژێدار، زەبوورێکی
داودە. ١ ئەی خودا گوێت لە هاوارم بێت، گوێ لە نوێژەکەم بگرە.
٢ لەوپەڕی زەوییەوە هاوار بۆ تۆ دەکەم، کە دڵم لاواز دەبێت،
ڕێبەریم بکە بۆ سەر چیایەك لە خۆم بڵندتر.
٣ چونکە تۆ پەناگای منی، تاوەرێکی سەختی لە ڕووی دوژمن.
٤ تاهەتایە لەناو دیدارگەی تۆدا نیشتەجێ دەبم و پەنا دەبەمە ژێر
سێبەری باڵەکانت.
٥ چونکە تۆ ئەی خودا گوێت لە نەزرەکانم گرت، کردمت بە
میراتگر لەگەڵ ئەوانەی ترسی ناوی تۆ لە دڵیانە.
٦ درێژە بدە بە ڕۆژانی تەمەنی پاشا، بە ساڵانی تەمەنی بۆ نەوە
دوای نەوە.
٧ با تاهەتایە لە ئامادەبوونی خودا دانیشێت، دڵسۆزی و پەیمانی
خۆشەویستیەکەت ئەو بپارێزن.
٨ ئەوسا تاهەتایە گۆرانی بۆ ناوی تۆ دەڵێم، ڕۆژ بە ڕۆژیش
نەزرەکانم بەجێدەهێنم.

# ٦٢

بۆ یەدیتۆن، سەرۆکی گۆرانی بێژان. زەبوورێکی داود.
١ گیانم تەنها بە خودا دەحەسێتەوە، ڕزگاریشم لەلای ئەوەوە دێت.
٢ تەنها ئەو چیا و ڕزگاریمە، قەڵای منە، هەرگیز نالەقێم.
٣ تاکەی بە هەمووتان هێرش دەبەنە سەر مرۆڤێك؟ بۆ ئەوەی وەك
دیوارێکی لار، وەك شوورایەکی داڕووخاو تێکی بدەن.
٤ تەنها پیلان بۆ ئەوە دەگێڕن کە ئەو لەو پلەوپایەیە بخەن،
خۆشییان بە درۆ دێت. بە دەم پیرۆزبایی دەکەن، بەڵام لە دڵەوە
نەفرەت.
٥ ئەی گیانی من تەنها بە خودا بحەسێوە، چونکە ئومێدی من
لەلای ئەوەوە دێت.
٦ تەنها ئەو چیا و ڕزگاریمە، قەڵای منە، نالەقێم.
٧ ڕزگاری و شکۆمەندی من بە خوداوە بەندە، چیای بەهێزمە،
پەنای من لە خودایە.

٨ هۆ خەڵکینە، هەموو کاتێك پشت بەو ببەستن، دڵی خۆتانی
لەبەردەم هەڵڕێژن، چونکە خودا پەناگای ئێمەیە.
٩ ئادەمیزاد تەنها هەناسەیەکە، مرۆڤ تەنها درۆیەکە، ئەگەر
بخرێنە تای تەرازوو هیچ نین، هەموو پێکەوە تەنها هەناسەیەکن.
١٠ پشت بە زۆرداری مەبەستن، پۆز بە ماڵی دزراوەوە لێمەدەن.
ئەگەر سامانتان زیادی کرد، دڵی خۆتانی پێوە مەبەستن.
١١ زیاتر لە جارێك بیستوومە، خودا فەرموویەتی: کە هێز هەر
هی خودایە.
١٢ کە پەیمانی خۆشەویستی هەر هی تۆیە، ئەی خوداوەندم.
بێگومان تۆش، هەر کەسەو بە پێی کردەوەی خۆی پاداشتی
دەدەیتەوە.

# ٦٣

زەبوورێکی داودە کاتێ لە دەشتی یەهوودا بوو.
١ ئەی خودا تۆ خودامیت، بەرەبەیانان بە پەرۆشم بۆت، گیانم
تینووی تۆیە، لەشم بۆ تۆ بە پەرۆشە، لە خاکێکی ووشك و
تینوو و بێ ئاو.
٢ لە پیرۆزگاکەتدا سەیرم کردوویت و هێزو شکۆمەندیی تۆم
دیوە.
٣ چونکە پەیمانی خۆشەویستی تۆ لە ژیان باشترە، لێوەکانم
ستایشت دەکەن.
٤ تا لە ژیاندابم پیرۆزت دەکەم، بە ناوی تۆوە دەستم
بەرزدەکەمەوە.
٥ گیانم تێر دەبێت وەك ئەوەی بە پیو و چەوری، بە شادییەوە دەمم
ستایشت دەکات.
٦ لەناو نوێنەکەم یادی تۆ دەکەم، بە درێژایی شەو بیر لە تۆ
دەکەمەوە.
٧ چونکە تۆ هاریکارم بوویت، لەژێر سێبەری باڵەکانت هەلهەلە
لێدەدەم.
٨ گیانم بە تۆوە نووساوە، دەستە ڕاستی تۆ پشتم دەگرێت.
٩ بەڵام ئەوانەی گیانی منیان مەبەستە بۆ لەناوبردن، بەرەو ناخی
زەوی شۆڕ دەبنەوە.
١٠ ئەوانە بە دەمی شمشێر دەسپێردرێن و دەبن بە خۆراکی
چەقەڵ.
١١ بەڵام پاشا بە خودا دڵخۆش دەبێت، هەموو ئەوانەی سوێند بە
ناوی خودا دەخۆن شکۆمەند دەبن، چونکە دەمی درۆزنان قوڕی
پێدا دەدرێت.

# ٦٤

بۆ سەرۆکی گۆرانی بێژان، زەبوورێکی داودە.
١ ئەی خودا سکاڵا دەکەم گوێم لێ بگرە، ژیانم لە مەترسی
دوژمنانم بپارێزە.
٢ لە پیلانی بەدکاران بمشارەوە، لە کۆمەڵی گوناهکاران.

[أ] ٦٠: ٧ گلعاد کوڕی ماکیرە و کوڕەزای منەششێیە و منەششێش نۆبەرەی یوسفە، ئەفرایمیش کوڕی دووەمی یوسفە، یەهووداش کوڕی یاقوبە، بۆیە ئەم ناوانە بوون بە ناوی هۆز و عەشیرەتەکانی ئیسرائیل و هەروەها ناوی شار و ناوچەکانیان.

[ب] ٦٠: ٨ خاکی مۆئابییەکان، دەکەوتە بەشی ڕۆژهەڵاتی دەریای مردوو.

٣ کە زمانی خۆیان وەك شمشێر تیژ کردووە، ووشـە تاڵەکانیان
وەك تیری هاوێژراوە.
٤ تا لە بۆسەکانیانەوە مرۆڤی بێ تاوانی پێ بپێکن، لەناکاو دەیپێکن
و ناترسن.
٥ بۆ کاری خراپە هانی یەکتر دەدەن، دەربارەی شـاردنەوەی
داوەکانیان دەدوێن، دەڵێن: کێ دەمانبینێت؟
٦ تەگبیر بۆ تـاوان دەکەن ، پیلانێکی تەواویـان دانـاوە! دڵ و
دەروونی مرۆڤ قووڵە.
٧ بەڵام خودا تیریان تێدەگرێت، لەناکاو بریندایان دەکات.
٨ زمان درێژییان دەبێتە هۆی کەوتنیان، هەر کەسێ کە دەیانبینێت
سەری بادەدات.
٩ هەموو ئـادەمیزاد دەترسـن، کـاری خـودا ڕادەگەیەنن و
بیردەکەنەوە لەوەی کە کردی.
١٠ با ڕاسـتودروسـتان بەخوداوەند دڵخۆش بن و پەنا بدەنە بەر
ئەو، با هەموو دڵڕاستان ستایشی بکەن!

# ٦٥

بۆ سەرۆکی گۆرانی بێژان، زەبوورێك و سروودێکی داود.
١ ئەی خودا ستایشکردن لە سییۆن شایانی تۆیە، نەزرەکانمان بۆ
تۆ بەجێدەهێنین.
٢ ئەی ئەوەی گوێت لە نوێژ دەبێت، هەموو کەس بۆ لای تۆ دێت.
٣ کاتێ گوناە دامی بە زەویدا، تۆ کەفارەتی یاخیبوونەکانم دەکەیت.
٤ خۆزگە دەخوازرێـت بەوانەی هەڵیـانـدەبژێریـت و نزیکیـان
دەکەیتەوە بۆ ئەوەی لە کۆشـکەکەت بژین! تێربووین لە چاکی
ماڵەکەی تۆ، لە پەرستگای پیرۆزی تۆ.
٥ بە کردەوەی سـەیر و ترسـناك بە ڕاسـتودروسـتی وەڵاممان
دەدەیتەوە، ئەی خـودای ڕزگـارکەرمـان، ئەی ئەو کەسـەی
دانیشتوانی سەراپای زەوی و دەریا دوورەکان پشتت پێدەبەستن.
٦ کە بە هێزی خۆت چیاکانت چەسـپاندووە، توانات وەکو بەرگ
لەبەرکردووە.
٧ کە هەڵـچوونـی دەریـاکـان هێـمن دەکەیـتەوە، هەڵـچوونـی
شەپۆلەکانیان ، هەروەها ئاژاوەی گەلان.
٨ ئەوانەی لەوپەڕی جیهان دەژین، لە نیشانەکانی تۆ دەترسن.
شـوێنی بەدەرکەوتنی بەرەبەیان و ئاوابوونی ئێواران، گۆرانی
شادومانی دەڵێن.
٩ بایەخ بە زەوی دەدەیت و ئاوی دەدەیت، زۆر بەپیت و بەرەکەتی
دەکەیت، جۆگەکانی خودا پڕ ئاون، دەغڵودانیان ئامادەدەکەیت،
چونکە بەم شێوەیە ڕێکتخستووە.
١٠ خەتەجووتەکانی تێر ئاو دەکەیت و تەختوڕێکیان دەکەیت،
بە لێزمەی بـاران خۆشـەی دەکەیـت و بەرووبوومیـان پیرۆز
دەکەیت.
١١ بە دەسـت بڵاوی خۆت سـاڵ دەڕازێنیتەوە و ڕێڕەوەکانت
چەوری لێدەچۆڕێت.
١٢ لەوەڕگاکانی دەشـتودەر پڕ دەبن، ناوقەدی گردەکان بە شـادی
دەبەستییەوە.
١٣ مێرگەکـان بە ڕان ومێگەل دادەپۆشـرێن، دەغڵودان دەبن بە
پاڵتۆی دۆڵەکان، لە شادومانیدا هاواردەکەن و گۆرانی دەڵێن.

# ٦٦

بۆ سەرۆکی گۆرانی بێژان، گۆرانی و زەبوور.
١ ئەی سەراپای زەوی بە شادومانییەوە هاوار بۆ خودا بکەن!
٢ بە شکۆمەندی ناوی ئەودا گۆرانی بڵێن، ستایش کردنی شکۆدار
بکەن!
٣ بە خودا بڵێن: کردەوەکانت چەند ترسـناکن! هێزت ئەوەندە
گەورەیە، دوژمنانت لەبەردەمتدا گرمۆڵە دەبن.
٤ سـەراپای زەوی کڕنۆشـت بۆ دەبەن، سـروودی سـتایشـت بۆ
دەڵێن، سروودی ستایش بۆ ناوی تۆ دەڵێن.
٥ وەرن کردەوەکانی خودا ببینن، کردەوە ترسـناکەکەی لە نـاو
ئادەمیزادان!
٦ دەریای گۆڕی بۆ وشکایی، ئەوان بە پێیان لە ڕووبار پەڕینەوە.
لەوێ بە ئەو شادومان بووین.
٧ بە توانـای خۆی تـاهەتـایە فەرمـانڕەوایی دەکـات، چـاوەکـانی
چاودێری نەتەوەکان دەکەن،
یاخییەکان خۆیان هەڵناکێشن بەرامبەری.
٨ ئەی خەڵکینە خودامان پیرۆز بکەن، با دەنگی سـتایش کردنی
ببیسترێت،
٩ کە گیانی ئێمەی لە زیندووان پاراسـتووە و نەیهێشـتووە پێمان
بخلیسکێت.
١٠ چونکە تۆ ئەی خودا، ئێمەت تـاقیکردۆتەوە، وەك زیو ئێمەت
پاڵاوتووە.
١١ ئێمەت خستۆتە داوەوە و باری گرانت خستۆتە سەر شانمان.
١٢ تۆ هێشـتت خەڵکی سـواری سـەرمان بن، بە ناو ئاو و ئاگردا
ڕۆیشتین، بەڵام دواتر بۆ شوێنێکی بەپیت دەریکردین.
١٣ بە پێشکەشکردنی قوربانی سووتاندنەوە دێمە ماڵت، نەزرەکانم
بەجێ دەهێنم،
١٤ ئەو نەزرانەی کە لە کاتی تەنگانەدا، لێوەکانم بەڵێنی پێدابوون
و بە دەممدا هاتبوون.
١٥ ئاژەڵی قەڵەو دەکەم بە قوربانی، لەگەڵ بۆنی دووکەڵی قۆچی
قوربانی، تەگەو گات بۆ دەکەمە قوربانی.
١٦ وەرن گوێ بگرن ئەی هەموو لەخواترسـەکان، با پێتان بڵێم
چی بۆ من کردووە.
١٧ بە دەمی خۆم هاوارم بۆی کرد، سـتایش کردنی لەسـەر زمانم
بوو.
١٨ ئەگەر دڵم بە خراپەوە بەند بوایە، خوداوەند گوێی لێنەدەگرتم،
١٩ بەڵام بێگومان خودا گوێی لێگرتم ، گوێی لە دەنگم بوو لە کاتی
نوێژکردنم.
٢٠ پیرۆزبێت خودا، کە نە نوێژەکەی منی لە خۆی دوورخسـتەوە
و نە پەیمانی خۆشەویستییەکەی خۆی لە من.

# ٦٧

بۆ سـەرۆکی گۆرانی بێژان بە ئامێرە ژێدارەکان، زەبوور و
گۆرانی.
١ با خودا میهرەبان بێت لەگەڵمان و پیرۆزمان بکات، ڕوخسـاری
خۆیمان بەسەردا بدرەوشێنێتەوە.
٢ تا ڕێگات لەسـەر زەوی زانراوبێت، ڕزگاریت لەناو هەموو
نەتەوەکان.

٣ با گەلان ستایشت بکەن خودایە، با هەموو گەلان ستایشت بکەن.
٤ با نەتەوەکان دڵخۆشبن و گۆرانی شادی بڵێن. چونکە بە ڕێکی
حوکمی خەڵك دەکەیت و ڕێنمایی نەتەوەکانی سەر زەوی
دەکەیت.
٥ با گەلان ستایشت بکەن خودایە، با هەموو گەلان ستایشت بکەن
٦ زەوی بەرووبوومی داوە، پیرۆزمان دەکات خودا، خودای
خۆمان.
٧ پیرۆزمان دەکات خودا، سەرتاسەری زەوی لێیدەترسن.

# ٦٨

بۆ سەرۆکی گۆرانبێژان، بۆ داود، زەبوور و گۆرانی. ١ خودا
هەڵدەستێت، دوژمنانی پەرشوبڵاودەبنەوە !ناحەزانی لەڕووی
هەڵدێن!
٢ وەك بەباکردنی دووکەڵ بەبایان دەکەیت، وەك توانەوەی مۆم
لەبەردەم ئاگر، بەدکارانیش لەبەردەم خودا لەناودەچن.
٣ ڕاستودروستانیش دڵشاد دەبن و هاواری خۆشی دەکەن،
لەبەردەم خودا لەخۆشیان شاگەشکە دەبن.
٤ گۆرانی بۆ خودا بڵێن، مۆسیقا بۆ ناوی لێبدەن. سواری
گالیسکەی بەسەر هەورەکان بەرزکەنەوە، ناوی خوداوەندە،
لەبەردەمی بانگی سەرکەوتن بدەن.
٥ باوکی بێباوکانە و پارێزەری بێوەژنانە خودا، لەهەوارگەی
پیرۆزی خۆی.
٦ خودا ماڵ بۆ لانەوازان دابین دەکات، بەندکراوەکان ئازاد
دەکات. بەڵام یاخییەکان لە خاکێکی سووتاو نیشتەجێ دەبن.
٧ خودایە، کاتێ گەلەکەت وەك سوپا دەرچوو، تۆش
پێشیانکەوتیت، کاتێ بەسەرکەوتی بۆ بیابان،
٨ زەوی لەرزی و ئاسمان دڵۆپەی کرد لەبەردەم خودا، ئەم سینایە،
لەبەردەم خودا، خودای ئیسڕائیل.
٩ بارانێکی چاکت باراند ئەی خودا، میراتەکەت لاوازبوو، تۆ
بەهێزت کرد.
١٠ کۆمەڵەکەت تیایدا نیشتەجێدەبن، خودایە بە چاکەی خۆت، بۆ
هەژارانت دابینکرد.
١١ خوداوەندمان فەرمووی و سوپای مزگێنیدەران زۆرن:
١٢ پاشای لەشکران بەخێرایی هەڵدێن! ئەوەی لەماڵدا ماوەتەوە
تاڵان بەش دەکات،
١٣ ئەگەرچی ئێوە لەناو خۆڵەمێشدا ڕاکشان، بەڵام وەك باڵی
کۆترتان لێدێت کە بەزیو پۆشراوە و پەڕەکانی بە زێڕی ساف.
١٤ کە خودای هەرە بەتوانا پاشاکانی بڵاوە پێکرد، وەك بارینی
بەفر بوو لەسەر چیای چەلمۆن[أ].
١٥ چیای باشان چیای خودایە، چیای باشان چیای فرەلووتکەیە.
١٦ ئەی چیا فرەلووتکەکان، بۆچی چاو دەبڕنە ئەو چیایەی کە
خودا ئارەزوو دەکات تیایدا نیشتەجێ بێت. بەڵێ، ئەوەی خوداوەند
تاهەتایە تیایدا نیشتەجێیە.
١٧ گالیسکەکانی خودا دەیان هەزار و هەزارانە، خوداوەندمان
لەسیناوە هاتە شوێنی پیرۆز.
١٨ کاتێ بەرزبوویتەوە بۆ بەرزایی، ڕاپێچکراوانت ڕاپێچکرد،
سەرانەت لە مرۆڤ وەرگرت،
تەنانەت لە یاخییەکانیش، بۆ نیشتەجێبوون ئەی خوداوەند خودا.
١٩ پیرۆز بێت خوداوەندمان، ڕۆژ بە ڕۆژ بارمان هەڵدەگرێت
خودای ڕزگاریمان.
٢٠ خودا بۆ ئێمە خودای ڕزگارییە. لەمردن دەربازبوونیش لە
خوداوەندی گەورەمانەوەیە.
٢١ بێگومان خودا سەری ناحەزانی پان دەکاتەوە، تەوقی سەری
ئەوانەی بە ڕێگای گوناهدا دەڕۆن.
٢٢ خوداوەندمان وتی: لە باشانەوە دوژمنانت دەهێنمەوە، لە
قووڵایی دەریاکانەوە دەیانهێنمەوە.
٢٣ تا پێت بە خوێن سوور بێت، زمانی سەگەکانت بەشیان هەبێت
لێیان.
٢٤ ڕێپێوانی سەرکەوتووانەی تۆیان بینی ئەی خودا، ڕێپێوانەکانت
ئەی خودا و پاشای من، لەناو شوێنی پیرۆز.
٢٥ گۆرانی بێژەکان لە پێشەوەن و سازلێدەرەکان لە دواوە، کچۆڵە
دەف لێدەرەکان لەناوەندیان.
٢٦ خودای خوداوەند پیرۆز بکەن لە کۆڕی مەزندا. لە سەرچاوەی
ئیسڕائیلەوە،
٢٧ ئەوەتا بنیامینی بچکۆلە پێشەوایانە،
سەرانی حەشامەتی یەهوودا، سەرانی زەبوولون ، سەرانی
نەفتالی.
٢٨ خودات فەرمانی داوە بە هێزەکانت، ئەی خودا پاڵپشتی ئەمە بە
کە بۆ ئێمەت کرد.
٢٩ لە پەرستگاکەتەوە، لە ئۆرشەلیم، پاشاکان دیاریت پێشکەش
دەکەن.
٣٠ سەرزەنشتی گیانداری ناو قامیشەڵان بکە. ڕەوە گا و
گوێرەکەی گەلان، ئەوانەی یەکتری پێشێل دەکەن بەدوای پارچە
زیو، ئەو گەلانەی حەزیان لە شەڕە، پەرتیان بکە.
٣١ پیاوماقوڵان لە میسرەوە دێن، کووش دەستی خۆی بۆ خودا
درێژدەکات.
٣٢ ئەی وڵاتانی زەوی گۆرانی بۆ خودا بڵێن، مۆسیقا بۆ
خوداوەندمان لێدەن.
٣٣ بۆ سواری ئاسمان، ئاسمانی دێرین، ئەوەتا دەنگی
بەرزدەکاتەوە، بە دەنگێکی بەهێزەوە.
٣٤ با هێز بۆ خودا بێت، با شکۆمەندییەکەی بەسەر ئیسڕائیلەوە
بێت، با هێزی لەناو هەورەکان بێت.
٣٥ خودایە لە پیرۆزگاکەت سامدارتریت، خودای ئیسڕائیل هێز و
توانا دەدات بە گەلەکەی. خودا پیرۆزە!

# ٦٩

بۆ سەرۆکی گۆرانی بێژان. بە ئامێری سەوسەن، بۆ داود.
١ خودایە ڕزگارم بکە، چونکە ئاو تا لووتم هاتووە،
٢ لە زەلکاوێکی قووڵ نقووم دەبم، جێ پێی تێدانییە. چوومەتە ناو
قووڵایی ئاو، لافاو ڕایماڵیوم.
٣ ماندووبووم لە هاوار کردن، گەرووم ژان دەکات، چاوەکانم کز
بوون هێندە چاوەڕوانی خودام بکەن.
٤ لە مووی سەرم زۆرترن ناحەزانم بە بێ هۆ، زۆرتربوون
ئەوانەی دەیانەوێت تێکمبشکێنن، ئەوانەی بە ناڕەوا دژی منن.
ئەوەی نەمدزیوە، ئێستا دەبێت بیدەمەوە!
٥ خودایە تۆ دەبەنگی من دەزانیت، هەڵەکانم لە تۆ شاراوە نین.

[أ] ٦٨: ١٤ چیایەکی دارستانابییە لە نزیك شکەمەوە. بڕوانە دادوەران ٩: ٤٨،
٤٩.

٦ خوداوەندم، خوداوەندی سوپاسالار، با ئەوانەی هیوایان بە تۆیە، بە هۆی منەوە شەرمەزار نەبن. خودای ئیسرائیل، با ئەوانەی تۆیان دەوێت، بە هۆی منەوە ڕسوا نەبن.
٧ لە پێناوی تۆ بەرگەی جنێوپێدانم گرت، شەرمەزاری ڕووی داگرتم،
٨ لای براکانم بووم بە بیانی، لای ڕۆڵەکانی دایکم بووم بە بێگانە.
٩ دڵگەرمی بۆ ماڵەکەت دەمسووتێنێت، جنێوی ئەوانەی جنێوت پێدەدەن منیشی گرتەوە.
١٠ بە ڕۆژووگرتن گیانی خۆم هێنایە گریان، بوو بە سووکایەتی بۆم.
١١ بەرگی ماتەمم پۆشی، بووم بە پەند لایان،
١٢ بووم بە جێی سەرنجی ئەوانەی لەبەر دەروازە دادەنیشن، مەستەکانیش دەربارەی من گۆرانی هەڵدەبەستن.
١٣ بەڵام من نوێژەکانم بۆ تۆیە، ئەی خوداوەند لە کاتی ڕەزامەندیت، ئەی خودا بە گەورەیی پەیمانی خۆشەویستییەکەت، بە دڵسۆزی ڕزگاریەکەت وەڵامم بدەوە.
١٤ دەربازم بکە لە زەلکاو، ناخنکێم، لە دوژمنەکانم و لە قووڵایی ئاو دەرباز دەبم.
١٥ با لافاو ڕامنەماڵێت، قووڵایی ئاو هەڵمنەلووشێت،
زەوی قووتم نەدات.
١٦ ئەی خوداوەند بەدەنگمەوە وەرە، چونکە پەیمانی خۆشەویستییەکەت چاکە. وەك زۆری بەزەییەکەت ئاوڕم لێبدەوە،
١٧ ڕووت لە خزمەتکاری خۆت مەپۆشە، چونکە لە تەنگانەدام، زوو فریام بکەوە.
١٨ لێم نزیکبەوە و گیانم بکڕەوە، لە دوژمنانم بمکڕەوە.
١٩ تۆ بە سووکایەتی و شەرمەزاری و ڕیسوایی من دەزانیت، هەموو دوژمنانم لەبەردەمتن.
٢٠ جنێو دڵی شکاندووم، نەخۆش کەوتووم، چاوەڕێی سۆز بووم، نەبوو، چاوم لە دڵنەوایی گێڕا، دەست نەکەوت.
٢١ ژەهری تاڵیان لە خواردنم کرد، لە تینویەتیم سرکەیان دەرخواردمدا.
٢٢ با خوانی پێشیان ببێت بە داویان، ئاسوودەییان ببێت بە تەڵەیان.
٢٣ با بەرچاویان تاریك بێت تا نەبینن، هەمیشە پشتیان چەماوەبێت تاهەتایە.
٢٤ قینی خۆتیان بە سەردا بڕێژە، با ئاگری تووڕەیت بیانگاتێ،
٢٥ با ماڵیان چۆڵ ببێت، ڕەشماڵیان کەسی تێدا نەمێنێت!
٢٦ ئەوەی تۆ لێتداوە، ئەوان دەیچەوسێننەوە و ئەوەی تۆ بریندارتکردووە، باسی ئازارەکانی دەکەن.
٢٧ تاوان بخە سەر تاوانەکانیان، با نەیەنە ناو ڕاستودروستیت،
٢٨ لە پەرتووکی ژیاندا بیانسڕەوە، لەگەڵ ڕاستودروستان ناویان مەنووسە.
٢٩ بەڵام من هەژار و دڵتەنگم، با ڕزگاریت بەرزم بکاتەوە خودایە.
٣٠ ستایشی ناوی خوا دەکەم بە گۆرانی، بە گۆرانی سوپاسەوە گەورەی دەکەم،
٣١ ئەمە لای خوداوەند لە گا چاکترە، لە گوێرەکەی شاخ و سمدار.
٣٢ هەژاران دەبینن و شاد دەبن، ئەی ئەوانەی خوداتان دەوێت، دڵتان دەبووژێتەوە.
٣٣ خوداوەند بە دەنگ نەدارانەوە دەچێت، گەلی خۆی لە دیلێتیدا لەبیرناکات.
٣٤ ئاسمان و زەوی، دەریاکان و هەرچی تیایاندا دەجوڵێت ستایشی دەکەن،
٣٥ چونکە خودا سییۆن ڕزگار دەکات و شارەکانی یەهوودا بنیاد دەنێتەوە، لەوێ نیشتەجێ دەبن و دەبێت بە موڵکیان.
٣٦ دەبێت بە میرات بۆ منداڵی خزمەتکارەکانی، ئەوانەی ناوی ئەویان خۆشدەوێت تیایدا دەژین.

# ٧٠

بۆ گەورەی گۆرانی بێژان، بۆ داود، بۆ یادکردنەوە.
١ خودایە بۆ دەربازکردنم، ئەی خوداوەند بۆ یارمەتیدانم، خێرابە.
٢ با شەرمەزار و سووك بن ئەوانەی گیانی منیان دەوێت،
بەرەودواوەبن و ڕسوابن ئەوانەی خراپەی منیان دەوێت،
٣ با هەڵبێن لە شەرما ئەوانەی پێم دەڵێن: هۆی ها! هۆی ها!
٤ با هەموو ئەوانەی تۆیان دەوێت، شاد و دڵخۆش بن. با هەمیشە بڵێن: مەزن بێت خودا! ئەوانەی حەز لە ڕزگاری تۆ دەکەن.
٥ منیش هەژار و نەدارم، خودایە خێرابە بۆلام. یارمەتیدەر و ڕزگارکەرم تۆیت، ئەی خوداوەند دوامەکەوە.

# ٧١

١ ئەی خوداوەند تۆ پەناگای منیت، قەت شەرمەزار نابم.
٢ بەڕاستودروستیت فریام بکەوە و دەربازم بکە. گوێم بۆ ڕاگرە و ڕزگارم بکە.
٣ بۆم ببە بە بەردی پەنا، هەمیشە پەنای بۆ ببەم. فەرمانتدا بە ڕزگاریم، چونکە تۆ چیای منیت، تۆ قەڵای منیت.
٤ خودایە لە دەستی بەدکاران، لە چەپۆکی خراپەکاران و زۆرداران دەربازم بکە.
٥ چونکە تۆ هیوای منیت ئەی خوداوەندم، ئەی خوداوەند لە گەنجییەوە پشتوپەنای منیت.
٦ لە سکی دایکمەوە پشتم بە تۆ بەستووە، تۆ بووی لە هەناوی دایکمەوە دەرتهێنام، ستایشم هەمیشە بۆ تۆیە.
٧ بووم بە پەند لای زۆر کەس، بەڵام تۆ پەناگەی بەهێزی منیت.
٨ دەمم پڕە لە ستایشی تۆ، لە شکۆدارکردنت بە درێژایی ڕۆژ.
٩ لە کاتی پیریدا فڕێم مەدە، کە هێزم لەبەر نەما وازم لێمەهێنە،
١٠ چونکە دوژمنەکانم قسەم لەسەر دەکەن، ئەوانەی دەیانەوێت بمکوژن پێکەوە تەگبیر دەکەن و
١١ دەڵێن: خودا وازی لێ هێناوە، ڕاوی بنێن و بیگرن، چونکە دەربازکەری نییە.
١٢ ئەی خودا لێم دوور مەکەوە، خودایە زوو بگەرە فریام.
١٣ با شەرمەزاربن و لەناوبچن ئەوانەی شکاتم لێدەکەن، ئەوانەی خراپەی منیان دەوێت، ڕسوایی و سووکایەتییان بە باڵابپڕێت.
١٤ بەڵام من هەمیشە هەر بەهیوام، تا دێت زیاتر ستایشت دەکەم.
١٥ دەمم باسی ڕاستودروستیت دەکات، بەدرێژایی ڕۆژ باسی ڕزگاریت دەکات، لەبەر زۆرییان نازانم چەندن .
١٦ دان بەپاڵەوانێتی خوداوەند، خوداوەندم دەنێم، تەنها ڕاستودروستی تۆ دەهێنمەوە یاد.
١٧ خودایە لەسەردەمی گەنجییەوە فێرت کردووم، تا ئێستا من هەر کردەوە سەرسوڕهێنەرەکانت ڕادەگەیەنم.
١٨ هەروەها لەپیری و ڕیش سپێتیم، خودایە وازم لێ مەهێنە، تا توانات ڕابگەیەنم بۆ نەوەی دا هاتوو، هێزت بۆ هەموو ئەوانەی دێن.
١٩ خودایە ڕاستودروستیت تا بەرزاییە، ئەوەی تۆ کردت زۆر مەزنە، ئەی خودا کێ وەك تۆیە؟

٢٠ تۆ بووی تەنگانەی زۆر و تاڵت پشانداین، دەگەڕێیتەوە و
زیندوومان دەکەیتەوە، لەناخی زەویەوە دووبارە دەرماندێنیتەوە.
٢١ مەزنیم زیاتر دەکەیت، دەگەڕێیتەوە و دڵنەوایم دەکەیت.
٢٢ منیش بە قیسارە ستایشی دڵسۆزیت دەکەم، ئەی خودا،
بە عوودەوە گۆرانیت بۆ دەڵێم، ئەی پیرۆزی ئیسڕائیل.
٢٣ لێوەکانم هەلهەلە لێدەدەن، کە گۆرانیت بۆ دەڵێم، هەروەها
گیانم، ئەوەی کە کڕیتەوە،
٢٤ زمانیشم بە درێژایی ڕۆژ باسی ڕاستودروستیت دەکات،
چونکە شەرمەزار و سووك بوون، ئەوانەی گیانی منیان دەوێت.

# ٧٢

بۆ سلێمان.
١ خودایە دادپەروەری خۆت بدە بە پاشا، ڕاستودروستیت بە
کوڕی پاشا.
٢ بە ڕاستودروستی حوکمی گەلەکەت دەکات، بە دادپەروەریش
هەژارەکانت.
٣ چیاکان ئاشتی بۆ گەل دابین دەکەن، گردەکان ڕاستودروستی.
٤ دادوەری کڵۆڵانی گەل دەکات، ڕۆڵەی نەداران ڕزگار دەکات و
زۆردارانووردوخاش دەکات.
٥ نەوە دوای نەوە لێت دەترسن، هەتا خۆر و مانگ مابێت.
٦ وەك باران بە سەر گیادا ببارێت، وەك هەور زەوی ئاو بدات،
٧ ڕاست ودروستان لە ڕۆژانی ئەو شکۆفە دەکەن، ئاشتییەکی
زۆر دەبێت تا فەوتانی مانگ.
٨ لەدەریاوە تا دەریا و لە ڕووبارەوە تا ئەوپەڕی زەوی حوکمی
دەڕوات.
٩ بیابانییەکان کڕنۆشی بۆ دەبەن و ناحەزانی تۆز دەلێسنەوە.
١٠ پاشاکانی تەرشیش و دورگە دورەکان بەخشین دەنێرن،
پاشاکانی شباو سبا[أ] دیاری بۆ دێنن.
١١ هەموو پاشاکان کڕنۆشی بۆ دەبەن و هەموو نەتەوەکان
دەیپەرستن.
١٢ چونکە نەدار کە هاواری بۆ بکات، دەربازی دەکات،
هەژاریش کە لایەنگری نییە.
١٣ بەزەیی بە نەدار و بێدەسەڵاتەکاندا دێتەوە، گیانی هەژارەکان
ڕزگار دەکات،
١٤ گیانیان لە چەوساندنەوە و توندوتیژی دەکڕێتەوە، خوێنی ئەوان
لەلای بەنرخە.
١٥ دەژیت و لە زێڕی شبای پێدەدرێت، هەمیشە نوێژی بۆ
دەکرێت، بەدرێژایی ڕۆژ پیرۆز دەکرێت.
١٦ دانەوێڵەیەکی زۆر لەسەر زەوی دەبێت، لەسەر لووتکەی
چیاکان، بەرهەمی وەك لوبنان دەشەکێتەوە، ئەوانەی لەشارەکانن
چرۆ دەکەن وەك گیای کێڵگە.
١٧ ناوی دەبێت تاهەتایە، ناوی بەردەوام دەبێت تا خۆر مابێت.
لەوەوە پیرۆز دەبن، هەموو نەتەوەکان خۆزگەی پێدەخوازن.
١٨ پیرۆزبێت خوداوەند خودا، خودای ئیسڕائیل، بە تەنیا ئەوە
شتی سەرسوڕهێنەر دەکات،
١٩ پیرۆزبێت ناوی شکۆداری تاهەتایە، با شکۆمەندییەکەی هەموو
جیهان پڕ بکات، ئامین و ئامین.
٢٠ نوێژەکانی داودی کوڕی یشای تەواوبوون.

[أ] ٧٢: ١٠ ناوی هۆزو شوێنە، دەکەونە یەمەنو هەندێکیان کۆچیان کردووە بۆ
ئەسیوبیا. خەڵکەکەی بەناوبانگ بوون بە بازرگانی.

کۆکراوەی بەشی سێیەم

# ٧٣

زەبوورێکی ئاساف.
١ بێگومان خودا باشە بۆ ئیسڕائیل، بۆ دڵپاکەکان.
٢ بەڵام من خەریك بوو پێم بڕوات و زۆری نەمابوو هەنگاوم
بخلیسکێت،
٣ چونکە حەسوودیم بە لووتبەرزەکان برد، کە ئاسوودەیی
بەدکارانم بینی.
٤ چونکە ترسیان لە مردن نییە، لەشیان قەڵەوە.
٥ لە ڕەنجکێشانی مرۆڤ بەدەرن، وەك خەڵکی تێناکەون.
٦ بۆیە ملوانکەی شانازییان کردۆتە مل و بەرگی توندوتیژییان
پۆشیوە.
٧ چاویان بەهیچ تێر نابێت، لەبەر بەفیزی دڵیان.
٨ گاڵتەجاڕی دەکەن و بە خراپە دەدوێن ، قۆڵبڕی دەکەن و بە
لووتبەرزییەوە باسی دەکەن.
٩ ڕووی دەمیان لە ئاسمان کردووە و زمانیشیان بەسەر زەویدا
دەگێڕن.
١٠ بۆیە خەڵکی دێنە لایان و لە قسەکانیان دەخۆنەوە.
١١ دەڵێن: خودا لە کوێ دەزانێت؟ ئایا لای هەرەبەرز زانیاری
هەیە؟
١٢ ئەوەتا ئەمانە بەدکارن، هەمیشە لە خۆشیدان و سامانیان لە
زیادبووندایە.
١٣ بێگومان بە بێهوودە دڵی خۆم بە پاکی ڕاگرتووە، دەستی خۆم
بە بێگەردی شوشتووە.
١٤ بە درێژایی ڕۆژ لێدرابووم، تا بەرەبەیان تەمبێکرابووم.
١٥ ئەگەر بمووتبا: وەك ئەوان باس دەکەم، ئەوا بە ڕاستی لەگەڵ
نەوەی منداڵەکانت ناپاك دەبووم.
١٦ کاتێ ویستم لەمە بگەم، بە ئەرکێکی سەختم بینی،
١٧ تا چوومە ناو پیرۆزگای خودا، ئەوسا لە چارەنووسیان گەیشتم.
١٨ بە ڕاستی لە جێگایەکی خلیسك داتناون ، تووشی وێرانیت
کردوون.
١٩ چۆن بە چاوتروکانێك تووشی کارەسات بوون، لە ترسان بە
تەواوی لەناوچوون.
٢٠ وەك خەون، کاتی هۆشیار بوونەوە ئەی خوداوەندم،
حەزناکەیت بیر لە سێبەریشیان بکەیتەوە لەناو شار.
٢١ چونکە دڵم تاڵ بوو، گیانم غەمباربوو،
٢٢ گێل و نەزان بووم، وەك ئاژەڵم لێهات لەلای تۆ.
٢٣ لەگەڵ ئەوەشدا هەمیشە لەلای تۆم، دەستە ڕاستی منت گرت.
٢٤ بە ئامۆژگاری خۆت ڕێنماییم دەکەیت، پاشان بۆ شکۆمەندیم
دەبەیت.
٢٥ لە تۆ بەولاوە لە ئاسمان کێم هەیە؟ لەگەڵ تۆبم لەسەر زەویش
هیچ نییە ئارەزووی بکەم.
٢٦ لەش و دڵم کۆتاییان پێهات، هێزی دڵ و بەشی من خودایە
تاهەتایە.
٢٧ چونکە ئەوەتا ئەوانەی لە تۆ دوورن وێڵ دەبن، ئەوانەی ناپاکیت
لەگەڵ بکەن دوایان دەبڕیتەوە.

٢٨ بەڵام من نزیك بوونەوە لە خودا باشە بۆم، پەناگام لە خوداوەند
خوداوەندمە، تا باسی هەموو کردەوەکانی بکەم.

# ٧٤

شیعرێکی ئاساف.
١ خودایە بۆچی تاهەتایە ڕەتمان دەکەیتەوە؟ تووڕەیت دووکەڵ
دەکات بەسەر مەڕی لەوەڕگاکەت.
٢ کۆمەڵی خۆت لەبیر بێت، کە لە کۆنەوە هەڵتبژارد، هۆزی
میراتی خۆت کڕییەوە، ئەم چیای سییۆنە کە تیایدا نیشتەجێبوویت.
٣ هەنگاو هەڵبڕە بەرەو وێرانگای هەمیشەیی، دوژمنان
پیرۆزگایان بە تەواوی تێکداوە!
٤ ناحەزەکانت لەناوەندی شوێنی چاوپێکەوتنی تۆدا نەڕاندیان ،
ئاڵاکانیان وەك نیشانە چەقاند.
٥ لەوانە دەچوون کە تەورەکانیان بەرزکردۆتەوە، لەسەر داری
دارستانەکان.
٦ بە تەورو چەکوش تێکیان شکاند، هەموو دارە نەخشینەکان.
٧ ئاگریان لە شوێنی پیرۆزت بەردا، خانەی ناوی تۆیان تەخت و
گڵاو کرد.
٨ لە دڵی خۆیاندا وتیان: یەك پارچە لەناویان دەبەین! هەموو
دیدارگەیەکی خودایان لەسەر زەویدا سووتاند.
٩ نیشانەکانمان نابینین و هیچ پێغەمبەرێك نەماوە، کەسیشمان
نازانێت تا کەی وادەبێت؟
١٠ ئەی خودا تا کەی ناحەزان جنێو بدەن؟ دوژمن تاهەتایە بێزیان
لە ناوی تۆ بێت؟
١١ بۆچی دەستت دەگێڕیتەوە؟ دەستە ڕاستەت لە باخەڵت دەربێنە
و کۆتایی پێبهێنە!
١٢ بەڵام خودا هەر لە کۆنەوە پاشای منە، دروستکەری ڕزگارییە
لە ناوەڕاستی زەوی.
١٣ تۆ بە هێزی خۆت دەریات شەقکرد، سەری دڕندەکانی دەریات
لەسەر ئاو پانکردەوە،
١٤ تۆ سەری لیڤیاتانت ووردوخاشکرد، کردت بەخۆراکی
کەشتیوانەکان.
١٥ تۆ کانی و جۆگەکانت تەقاندەوە، تۆ ڕووبارە هەمیشە
ڕۆیشتووەکانت وشککرد،
١٦ ڕۆژ هی تۆیە و شەویش هی تۆیە، تۆ ڕووناکی و خۆرت
ئامادەکرد.
١٧ هەموو سنوورەکانی زەوی تۆ دیارت کردوون، تۆ هاوین و
پایزت داهێناوە.
١٨ ئەمەت لەبیر بێت، ناحەزان جنێویان بە خوداوەند دا، گەلێکی
گێل بێزیان لە ناوی تۆ کردەوە.
١٩ گیانی کۆترەکانت مەدە بە زیندەوەرەکان، ژیانی هەژارەکانی
خۆت قەت لەبیر مەکە.
٢٠ پەیمانی خۆت بەجێبهێنە، چونکە شوێنە تاریکەکانی زەوی
پڕبوون لە زۆرداری و توندوتیژی.
٢١ وامەکە مرۆڤی تێکشکاو بە شەرمەزاری بگەڕێتەوە، هەژار و
کڵۆڵان ستایشی ناوت دەکەن.
٢٢ ئەی خودا هەستە، دژایەتی دژەکانت بکە! لەبیرت بێت چۆن
گێلەکان بە درێژایی ڕۆژ جنێویان پێت دەدا.
٢٣ قسەی دژەکانت لەبیر مەکە، ژاوەژاوی نەیارانت کە بەردەوام
لە زیادبوونە.

# ٧٥

بۆ سەرۆکی گۆرانی بێژان. لەسەر ئاوازی: وێران مەکە.
زەبوورێکی ئاساف. گۆرانییەك.
١ ستایشت دەکەین ئەی خودا، ستایشت دەکەین و ناوت نزیکە،
باسی کردەوە سەرسوڕهێنەرەکانت دەکەین.
٢ چونکە کات دیار دەکەم، بە ڕاستی دادوەری دەکەم.
٣ کە زەوی و هەموو دانیشتووەکانی تووانەوە، منم کۆڵەکەکانی
دەپێوم و تەرازوو دەکەم.
٤ بە لووتبەرزان دەڵێم: لووتبەرز مەبن. بەخراپەکاران: قۆچتان
قیت مەکەنەوە.
٥ قۆچتان بەرەو ئاسمان قیت مەکەنەوە و بە کەلە ڕەقی مەدوێن.
٦ چونکە نە لە ڕۆژهەڵات و نە لە ڕۆژئاوا، نە لە باشوور شانازی
نییە،
٧ بەڵکو خودایە داپەروەری دەکات، ئەم بەرزدەکاتەوە و ئەو نزم
دەکات.
٨ چونکە جام بەدەست خوداوەندەوەیە،
مەیەکەی ترشاوە و پڕە لە شەڕابی تێکەڵاو، لەمە تێدەکات ،
هەموو بەدکارانی سەر زەوی تا خڵتەکەی دەیمژن و لێی
دەخۆنەوە.
٩ بەڵام من تاهەتایە ئەمە ڕادەگەیەنم، گۆرانی بۆ خودای یاقوب
دەڵێم.
١٠ هێزی هەموو بەدکارەکان ووردوخاش دەکەم، هێزی
ڕاستودروستانیش بەرز دەبێت.

# ٧٦

بۆ سەرۆکی گۆرانی بێژان. بە ئامێری ژێدار. زەبوورێکی
ئاساف. گۆرانی.
١ لە یەهوودا خودا ناسراوە. لە ئیسرائیل ناوی گەورەیە!
٢ کەپری لە شالیمە[أ]، هەواری لەسییۆنە.
٣ لەوێ تیرە گڕدارەکان و قەڵغان و شیر و جەنگەکانی تێکشکاند.
٤ تۆ ڕەوشەنی، لە چیای دوژمنانم بەهێزتری.
٥ دڵپتەوەکانماڵیان بە تاڵان چوو، خەوی خۆیان خەوتن،
هیچ جەنگاوەرێك نەیتوانی دەست بکاتەوە،
٦ ئەی خودای یاقوب بە سزای تۆ، ئەسپ و سوار پێکەوە تاسان!
٧ تۆ خۆت بەسامیت! کێ لەبەردەمت ڕادەوەستێت، لە کاتی
تووڕەیت؟
٨ لە ئاسمان حوکمت بیسترا، زەوی ترسا و کپ وەستا.
٩ بە هەستانی خودا بۆ دادوەری کردن، بۆ ڕزگارکردنی هەموو
هەژارانی زەوی.
١٠ چونکە تووڕەیی مرۆڤ ستایشت دەکات. پاشماوەی ڕقەکە
بەناوقەدتەوە دەبەستیت.
١١ نەزر بۆ خوداوەند خوداتان بکەن و بەجێیبهێنن. ئەی هەموو
ئەوانەی لە دەوریدان، دیاری پێشکەش بکەن بە سامناك.

---

[أ] ٧٦: ٢ واتە ئاشتی، مەبەست ئۆرشەلیمە شاری قودس.

١٢ ئەوەی ڕۆحی میرەکان درووێنە دەکات ، سامناکە بۆ پاشاکانی سەر زەوی.

## ٧٧

بۆ گەورەی گۆرانی بێژان. ئاوازی یەدیتون، زەبوورێکی ئاساف.
١ دەنگم بۆ خودایە، هاوار دەکەم، دەنگم بۆ خودایە، گوێم لێبگرە.
٢ لە ڕۆژی تەنگانەم ڕوو دەکەمە خوداوەند. بە درێژای شەو دەست پان دەکەمەوە، بێ ئەوەی سڕ بێت. گیانم نەوازش قبووڵ ناکات.
٣ بیر لەخودا دەکەمەوە و دەناڵێنم، وورد دەبمەوە و ڕۆحم دەبووژێتەوە.
٤ پێڵووی چاوەکانمت گرت، شپرزە بووم، قسەم پێ نەکرا.
٥ بیر لە ڕۆژگاری کۆن دەکەمەوە، ساڵانی ڕابردووم.
٦ شەوانە لە دڵی خۆمدا بیر لە ئاوازەکانم دەکەمەوە، وورددەبمەوە و ڕۆحم دەگەڕێت:
٧ ئایا خوداوەند تاهەتایە دەست بەڕوومانەوە دەنێت، چیتر ڕازی نابێت لێمان؟
٨ ئایا پەیمانی خۆشەویستییەکەی تاهەتایە نەماوە؟ بەڵێنەکانی بۆ نەوە دوای نەوە دواییان هاتووە؟
٩ ئایا خودا میهرەبانی لەبیرکردووە؟ یان لە ڕقا بەزەیی خۆی داخستووە؟
١٠ دەڵێم: ئەمە دەردی منە. ساڵانی دەستە ڕاستەی هەرەبەرز،
١١ کردەوەکانی خوداوەند دێنمەوە یادم،
بێگومان لەبیرمە کارە سەرسوڕهێنەرەکانت لەکۆنەوەیە!
١٢ لە هەموو کارە سەرسوڕهێنەرەکانت ووردەدەبمەوە و بیر لەکردەوە مەزنەکانت دەکەمەوە!
١٣ ئەی خودا ڕێگات پیرۆزە. چ خودایەك وەك خودا مەزنە؟
١٤ تۆ ئەو خودایەی کە کاری سەرسوڕهێنەرت کردووە و هێزی خۆت لەناو خەڵك دەرخستووە.
١٥ بە بازووی خۆت گەلی خۆت کڕییەوە، ڕۆڵەکانی یاقوب و یوسف.
١٦ کە ئاوەکان تۆیان بینی ئەی خودا، کە ئاوەکان تۆیان بینی ترسان، بگرە قووڵاییەکان هەژان.
١٧ هەورەکان ئاویان ڕشت و هەورەتریشقەکان دەنگیان دایەوە، هەروەها تیرەکانت بریسکانەوە.
١٨ گرمەی هەورەتریشقەی تۆ لە گەردەلوولی بروسکەکان، دونیای ڕووناك کردەوە، زەوی لەرزی و هەژا.
١٩ ڕێگات بە ناو دەریادایە، ڕێچکەکانت بە ناو ئاوە زۆرەکانە، شوێن پێیەکانت نەزانران.
٢٠ لەسەر دەستی موسا و هارون، وەك مێگەلە مەڕ ڕێنمایی گەلی خۆتکرد.

## ٧٨

شیعرێکی ئاساف.
١ ئەی گەلی من گوێ بدەنە فێرکردنەکانم، گوێ شل بکەن بۆ قسەکانی دەمم.
٢ من دەمم بە پەند دەکەمەوە، مەتەڵی ڕۆژگاری کۆن دەڵێمەوە.
٣ ئەو شتانەی بیستوومانە و زانیومانە، ئەوەی باوباپیرانمان پێیان وتووین.
٤ ئەو شتانە لە منداڵەکانیان ناشارینەوە، بەڵکو بە نەوەی داهاتوو، ستایشی خوداوەند ڕادەگەیەنین، هێز و کارە سەرسوڕهێنەرەکانی کە کردوویەتی.
٥ لەناو یاقوب شایەتیی دامەزراند، لەناو ئیسرائیل شەریعەت. باوباپیرانمانی ڕاسپارد کە فێری منداڵانی خۆیانی بکەن.
٦ بۆ ئەوەی نەوەی داهاتوو بیانزانێت، ئەو منداڵانەی لەدایك دەبن، ئەوانیش هەستن و بۆ منداڵانی خۆیانی باس بکەن.
٧ تا هیوایان بە خودا بێت، کردەوەکانی خودایان لەیادنەچێ، بەڵکو ڕاسپاردەکانی بپارێزن.
٨ تا وەك باوباپیرانیان نەبن، نەوەیەکی یاخی و کەلەڕەق، نەوەیەك دڵیان ڕاست نەبوو، ڕۆحیشیان دڵسۆزی خودا نەبوو.
٩ ئەفرایمییەکان کە چەکیان تیروکەوان بوو، لە ڕۆژی جەنگدا هەڵهاتن.
١٠ پەیمانی خودایان شکاند، بە پێی فێرکردنەکانی نەجووڵانەوە.
١١ کردەوەکانی خودایان لەبیرکرد، ئەو کارە سەرسوڕهێنەرانەی کە پیشانیدابوون.
١٢ لەبەرچاو باوباپیرانیان کاری سەرسوڕهێنەری کرد، لە خاکی میسر، لە وولاتی چۆعەن[أ].
١٣ دەریای شەق کرد و پەڕاندنیەوە، وەك بەربەست ئاوی ڕاگرت.
١٤ بە ڕۆژ بەهۆی هەورەوە ڕێبەریکردن، بە درێژایی شەویش بە ڕووناکی ئاگر.
١٥ لە بیابان بەردی لەتکرد و ئاوی پێدان، ئەوەندە زۆر وەك لە دەریاوە بێت.
١٦ جۆگەی لەناو بەرد هەڵقوڵاند، وەك ڕووبار ئاوی بەردایەوە.
١٧ بەڵام بەردەوام بوون لە گوناهەکردن دژی، بۆ یاخیبوون دژی هەرەبەرز لە خاکی وشکدا.
١٨ لە دڵی خۆیاندا خودایان تاقیکردەوە، بە داواکردنی ئەو خواردنەی دڵیان پێوەی بوو.
١٩ لە دژی خودا دوان ، وتیان: ئایا خودا دەتوانێت مێزێك لە چۆڵەوانی برازێنێتەوە؟
٢٠ ئەوەتا دای بە بەردێك و ئاوی لێهێنا، جۆگەکان ئاویان لێڕژا! ئایا دەتوانێت نان بدات و گۆشت بۆ گەلەکەی دابین بکات؟
٢١ کە خوداوەند ئەمەی بیست زۆر تووڕە بوو، ئاگری داگیرساند دژ بە یاقوب، هەروەها ڕقی هەستا لە ئیسرائیل.
٢٢ چونکە بڕوایان بەخودا نەهێنا و پشتیان بە ڕزگاری ئەو نەبەست.
٢٣ جا فەرمانیدا بە هەورەکان لە بەرزایی، دەرگای ئاسمانی کردەوە،
٢٤ مەنی بەسەریاندا باراند بۆ خواردن و دانەوێڵەی ئاسمانی پێدان.
٢٥ مرۆڤ نانی فریشتەکانیان خوارد، ئازوقەی بۆ ناردن تا تێربوون.
٢٦ لە ئاسمانەوە بای ڕۆژهەڵاتی هەڵکرد، بە هێزیشی بای باشووری بەرەوپێش برد.
٢٧ وەك خۆڵ گۆشتی بەسەریاندا باراند، وەك لمی دەریاکان پەلەوەری باڵدار.
٢٨ باراندیە ناو ئۆردوگاکەیان، لە دەوروبەری چادرەکانیان.
٢٩ خواردیان و زۆر تێربوون، ئەوەی دڵیان پێوەی بوو بۆی هێنان.

---

[أ] ٧٨: ١٢ شارێکی میسریە دەکەوتە ڕۆژهەڵاتی دەلتای نیلەوە.

٣٠ لایانندەدا لە حەزەکانیان، هێشتا خواردنەکەیان لەناو دەمدا بوو،
٣١ ڕقی خودا لێیان هەستا، هەرە بەهێزەکانی کوشتن و هەموو
پیاوە هەڵبژاردەکانی ئیسرائیلی خست.
٣٢ لەگەڵ ئەمەشدا گوناهەیان کردەوە، بڕوایان بە کارە
سەرسوڕهێنەرەکانی نەکرد.
٣٣ بە فوویەك ڕۆژگاری لەناوبردن ، بە تۆقین ساڵانیان.
٣٤ گەر بیانکوژێ بەدوایدا دەگەڕێن، بە زوویی دەگەڕێنەوە لای.
٣٥ بەبیریان دێتەوە کە خودا چیایانە، خودای هەرە بەرزیشە کە
دەیانکڕێتەوە.
٣٦ بەڵام بە دەم فێڵ دەکەن، بە زمان درۆی لەگەڵ دەکەن.
٣٧ دڵیان لای ناچەسپێت، دڵسۆز نین لەگەڵ پەیمانەکەی.
٣٨ ئەویش بەزەییدارە و لە گوناە خۆش دەبێت، نافەوتێنێت.
زۆرجار ڕقی خۆی دەگێڕێتەوە، هەموو قینی خۆی ناجۆشێنێت.
٣٩ بەبیری دێتەوە ئەمانە مرۆڤن، بایەکن هەڵدەکات و ناگەڕێتەوە.
٤٠ چەند جار لە دەشتودەر لێی یاخیبوون، لە چۆڵەوانی دڵتەنگیان
کرد.
٤١ گەڕانەوە و خودایان تاقیکردەوە، پیرۆزی ئیسرائیلیان ئەزیەتدا.
٤٢ دەستی ئەویان لەبیرچوو، ئەو ڕۆژەی لە دوژمن ئەوانی
کڕییەوە.
٤٣ ئەو ڕۆژەی کاری سەیری لە میسر کرد، لە وڵاتی چۆعەن
کارە سەرسوڕهێنەرەکانی پیشاندا،
٤٤ ڕووبار و جۆگەکانیانی گۆڕی بۆ خوێن، بۆ ئەوەی نەخۆنەوە.
٤٥ مێش ومەگەزی نارد پێوەیاندان، بۆقی نارد بۆگەنیان کردن.
٤٦ بەروبوومیانی دا بە کولەی بێباڵ، بەری ماندووبوونیان بە
کولە.
٤٧ بە تەرزە ڕەزە مێوەکانی کوتان و بە زوقم دارهەنجیرەکانی
وشککردن.
٤٨ ئاژەڵەکانیانی خستنە بەر تەرزە و ماڵاتی دانە بەر بروسکە.
٤٩ گڕی تووڕەیی خۆی ڕژاندە سەریان، ڕق و تۆڵەو بەڵای بە
فریشتەی لەناوبەر ڕەوانەکرد.
٥٠ ڕێگای بۆ تووڕەیی خۆی خۆشکرد، مردنی لێ نەگێڕانەوە،
ژیانیانی تووشی دەردوبەڵا کرد.
٥١ لە هەموو نۆبەرەکانی میسری دا، لە یەکەم دەرکەوتنی هێزی
دا لە وولاتی خام[أ].
٥٢ ئینجا وەك مەڕ گەلەکەی بەپێشدا، وەك ڕان لەچۆڵەوانی
ڕابەرێتی کردن.
٥٣ ڕێنماییکردن بۆ دڵنیایی و نەترسان، ترسیان نەما، دەریا بەسەر
دوژمنەکانیاندا هاتەوەیەك.
٥٤ بردنی بۆ چیای پیرۆزی، ئەو چیایەی دەستی ڕاستەی دەستی
کەوت.
٥٥ نەتەوەکانی لەبەردەم دەرکردن، میراتی بە گوریس بۆ
دابەشکردن، هۆزەکانی ئیسرائیلی لە خێوەتەکانیان نیشتەجێکرد.
٥٦ بەڵام خودای مەزنیان تاقیکردەوە و یاخیبوون،
ئامۆژگارییەکانیان نەپاراست.
٥٧ هەڵگەڕانەوە و فێڵبازییان کرد، وەك باپیرانیان لەڕێ لایاندا،
وەك کەوانێکی خوار.
٥٨ بە بەرزاییەکانیان تووڕەیانکرد، بە بتەکانیان قینیان جۆشاند.
٥٩ خودا ئەمەی بیست، پڕ تووڕەیی بوو، بە تەواوی ئیسرائیلی
ڕەتکردەوە.
٦٠ جێنشینی شیلۆی[ب] جێهێشت، ئەو چادرەی لەناو مرۆڤ
هەڵیدابوو.
٦١ هێزی خۆی دایە دیلێتی، شکۆمەندی خۆی دایە دەست
ناحەزەکانی.
٦٢ گەلی خۆی خستە بەردەمی شمشێر، لە میراتەکەی تووڕە بوو.
٦٣ لاوەکانیان ئاگر قووتیدان، کچەکانیان هەلهەلەیان لێنەدا.
٦٤ کاهینەکانیان بە شمشێر کەوتن، بێوەژنەکانیان شیوەنیان
نەگێڕا.
٦٥ ئەوسا خوداوەند وەك خەوتوویەك هەستا، وەك پاڵەوانێك لە
سەرخۆشی مەی هاوار بکات.
٦٦ لە دوژمنەکانی دا بۆ دواوە، کردنی بە ڕسوایی هەمیشەیی.
٦٧ خێوەتی یوسفی ڕەتکردەوە، هۆزی ئەفرایمی هەڵنەبژارد،
٦٨ بەڵکو هۆزی یەهوودای هەڵبژارد، چیای سییۆن کە
خۆشیدەوێت.
٦٩ وەك بەرزاییەکان پیرۆزگای خۆی بنیادنا، وەك زەوی تاهەتایە
چەسپاندی.
٧٠ داودی بە خزمەتکاری خۆی هەڵبژارد و لەناو مێگەلی مەڕ
دەریهێنا.
٧١ لەدوای مەڕە شیردەرەکانەوە هێنای، بۆ ئەوەی ببێ بە شوانی
یاقوبی گەلی خۆی، ئیسرائیلی میراتگری خۆی.
٧٢ ئەویش بە تەواوی دڵ بەخێویکردن ، بە دەستێکی کارامە
ئاڕاستەی کردن.

# ٧٩

زەبوورێکی ئاساف.
١ خودایە نەتەوەکان هاتوونەتە ناو میراتی تۆ، پەرستگای پیرۆزی
تۆیان گڵاوکردووە، ئۆرشەلیمیان کردووە بە کەلاوە،
٢ لاشەی خزمەتکارەکانی تۆیان کردووە بە خۆراکی باڵندەی
ئاسمان و گۆشتی خۆشەویستانت بۆ زیندەوەرانی زەوی.
٣ لە دەوروبەری ئۆرشەلیم وەك ئاو خوێنیان ڕشتن، کەس نەبوو
بیاننێژێت.
٤ بووین بە پەندی دراوسێکانمان، بووین بە سووکایەتی و
گاڵتەجاڕی دەورووبەرمان.
٥ تا کەی ئەی خوداوەند، ئایا تا سەر هەر تووڕە دەبیت؟ قینت
وەك ئاگر دەسووتێت؟
٦ ڕقی خۆت بەسەر ئەو نەتەوانەدا بڕێژە کە ناتناسن، بە سەر ئەو
پاشایەتیانەدا بیڕێژە کە ناوت ناهێنن.
٧ چونکە ئەوانە یاقوبیان هەڵلوشیوە، وڵاتەکەیان خاپوورکردووە.
٨ گوناهی ئەوانەی پێش خۆمان بەیادمەهێنەوە، با بەزەییت زوو
پێشمانکەوێت، چونکە ئێمە زۆر زەلیل بووین.
٩ ئەی خودای ڕزگارکەرمان یارمەتیمان بدە، لەبەر شکۆداری
ناوی خۆت. دەربازمان بکە و لە گوناهمان خۆشبە، لەبەر ناوی
خۆت.
١٠ بۆچی نەتەوەکان بڵێن:
کوانێ خوداکەیان؟ با هەموو نەتەوەکان بزانن کە تۆ لەبەر چاوی
هەموومان، تۆڵەی خوێنی ڕژاوی خزمەتکارەکانی خۆت
کردۆتەوە.
١١ با ناڵەوهاواری دیلەکانت پێ بگات، بە گەورەیی بازووی
خۆت بیانهێڵەوە، ئەوانەی بۆ مردنن.

[أ] ٧٨: ٥١ مەبەست وولاتی میسرە.

[ب] ٧٨: ٦٠ شارێك بوو لە باکووری بێیت ئێل. یهۆشع ئەو شوێنەی هەڵبژارد تا سندوقی پەیمان و چادری چاوپێکەوتنی تیادابنێن.

١٢ ئەی خوداوەند حەوت ئەوەندەی ئەو سووکایەتییەی دراوسێکانمان پێیانکردی، سووکایەتییان پێ بکە.
١٣ ئێمە گەلی تۆین، مەڕی لەوەڕگای تۆین، تاهەتایە دانت پیادەنێین، هەمیشە ستایشت دەکەین.

# ٨٠

بۆ سەرۆکی گۆرانی بێژان، لەسەر ئامێری سەوسەن. شایەتییەکی ئاساف، زەبوور.
١ ئەی شوانی ئیسڕائیل گوێ ڕادێرە، ئەی ڕابەری یوسف وەك مێگەل، ئەی دانیشتووی سەر کروبەکان بدرەوشێوە.
٢ لەبەردەم ئەفرایم و بنیامین و منەششێ پاڵەوانێتی خۆت بەدەرخە، وەرە بۆ ڕزگاری ئێمە.
٣ خودایە بمانگێڕەوە. ڕووی خۆتمان لێبکە با ڕزگارمان بێت.
٤ ئەی خوداوەند، خودای سوپاسالار، تاکەی لەسەر نوێژی گەلەکەتدا دووکەڵ دەکەیت؟
٥ تۆ نانی فرمێسکت دەرخوارد داون، فرمێسکت پڕ بە پێوانە پێنۆشیون،
٦ ئەمانکەی بە مایەی ناکۆکی لای دراوسێکانمان، ناحەزانمان لەناو خۆیان پێمان پێدەکەن.
٧ ئەی خودای سوپاسالار بمانگێڕەوە، ڕووی خۆتمان لێبکە با ڕزگارمان بێت.
٨ دار مێوێکت لە میسرەوە گواستەوە، نەتەوەکانت وەدەرنا و چاندت.
٩ بەرڕوویت ئامادەکرد، ڕەگ و ڕیشەیت داکوتا، زەوی پڕکرد.
١٠ سێبەرەکەی چیاکانی داپۆشی، چڵەکانی ئورزەکانی خودا.
١١ لقەکانی تا دەریا هاویشت، پۆپەکانی بۆ دەم ڕووبار.
١٢ بۆچی شووراکانیت ڕووخاند؟ کە هەر ڕێبوارێك بیچنێتەوە.
١٣ بەرازی دارستان وێرانی دەکات، هەموو زیندەوەرەکانی کێڵگە.
١٤ ئەی خودای سوپاسالار بمانگێڕەوە، لە ئاسمانەوە سەیر بکە و ببینە، ئەم دارمێوە بەسەر بکەوە،
١٥ ئەو قەدەی دەستە ڕاستەت چاندوویەتی، ئەو ڕۆڵەیەی بۆ خۆت بەهێزت کردووە.
١٦ سووتاوە و بە ئاگر براوەتەوە. بە سەرزەنشتی ڕووی تۆ لەناودەچن.
١٧ با دەستت لەسەر مرۆڤی دەستە ڕاستت بێت، لەسەر ئەو ڕۆڵەی مرۆڤەی بۆ خۆت هەڵتبژارد.
١٨ لێت هەڵناگەڕێینەوە، ژیانمان پێببەخشە بە ناوی تۆوە بانگ دەکەین.
١٩ ئەی خوداوەند، خودای سوپاسالار بمانگێڕەوە! ڕووی خۆتمان لێبکە با ڕزگارمان بێت.

# ٨١

بۆ سەرۆکی گۆرانی بێژان. سروودی میوەچنین. بۆ ئاساف.
١ هەلهەلە لێ بدەن بۆ خودا، بۆ هێزمان، هوتاف لێدەن بۆ خودای یاقوب.
٢ ئاوازێك بەرز بکەنەوە و دەف بهێنن، عوودێکی ناسك لەگەڵ قیسارە.
٣ کەڕەنا لێدەن لە دەرکەوتنی مانگ و لە پڕی مانگ بۆ ڕۆژی جەژنەکانمان.
٤ چونکە فەرزە لەسەر ئیسڕائیل، حوکمی خودای یاقوبە.
٥ لە یوسف دا کردی بە شایەتی، کە بەناو خاکی میسردا گێڕای.
گوێم لە دەنگێکە نایناسم:
٦ بارم لەسەر شانەکانی لادا، دەستەکانی ئازادبوون لە سەبەتە.
٧ لە تەنگانەدا هاوارت کرد، دەربازم کردیت، لەژێر سێبەری هەورەتریشقە بوویت، وەڵامم دایتەوە، لە ئاوی مریبا[أ] تاقیمکردیتەوە.
٨ ئەی گەلی من گوێ بگرە، ئاگادارت دەکەمەوە. ئەی ئیسڕائیل ئەگەر گوێ لە من بگریت،
٩ خودایەکی بێگانەت تیادا نەبێت، کڕنۆش بۆ خودای بیانی نەبەیت.
١٠ منم خوداوەند، خودات، کە لە خاکی میسر دەرمهێنای، دەمت بکەوە پڕی دەکەم.
١١ بەڵام گەلەکەم گوێی لە قسەم نەگرت، ئیسرائیل منی نەویست.
١٢ منیش دامنە دەست دڵڕەقی خۆیان، بە ڕاوێژی خۆیان هەڵسوکەوت بکەن.
١٣ خۆزگە گەلەکەم بە قسەی منیان بکردایە، ئیسڕائیل ڕێگای منیان بگرتایە.
١٤ هەر زوو دوژمنەکانم بۆ ملکەچ دەکردن ، دەستم درێژ دەکردە سەر ناحەزانیان.
١٥ ئەوانەی ڕقیان لە خوداوەندە، لەبەردەمی زەلیل دەبن. ڕۆژگاریان وادەبێت تاهەتایە.
١٦ باشترین گەنمم دەرخوارد دەدا، لە بەردەوە تێر هەنگوینم دەکردیت.

# ٨٢

زەبوورێکی ئاساف.
١ خودا لە کۆڕی هێزەکان ڕاوەستاوە، لەناو خوداکان[ب] دادوەری دەکات.
٢ تاکەی بە ناڕەوایی دادوەری دەکەن، لایەنگری بەدکاران دەکەن؟
٣ بەرگری لە لاوازو هەتیوان بکەن، دادی هەژارو کۆڵان بدەن.
٤ فریای لاوازو نەداران بکەون ، لە دەست بەدکاران دەربازیان بکەن.
٥ نازانن و تێناگەن، لە تاریکیدا دەڕۆن، هەموو بنچینەکانی زەوی دەشڵەژێن.
٦ من ووتم ئێوە خوداوەندەکانن، هەمووتان ڕۆڵەی خودای بەرزن،
٧ بەڵام وەك ئادەمیزاد دەمرن، وەك یەکێ لە میرەکان دەکەون.
٨ خودایە هەستە! دادوەری زەوی بکە، چونکە هەموو نەتەوەکان میراتی تۆن.

---

[أ] ٨١: ٧ کانییەکە نزیك ڕفیدیم لە بەردێکەوە هەڵقوڵا کاتێ موسا بە فەرمانی خودا لە بەردەکەی دا.

[ب] ٨٢: ١ ڕەنگە مەبەست لە بوونەوەرە ئاسمانییەکان فریشتەکان بێت، یان ئەوانەی ووشە و فەرمانەکانی خودایان بۆ دێت و جێبەجێی دەکەن. بڕوانە ٨٢: ٦و بەراوردی بکە لەگەڵ یۆحەننا ١٠: ٣٤-٣٦.

# ٨٣

گۆرانی، زەبوورێکی ئاساف.
١ خودایە بێدەنگ مەبە، کپ مەبە، هێدی مەبە خودایە.
٢ ئەوەتا دوژمنانت هەرایانە، ناحەزانت سەریان قیت کردۆتەوە.
٣ ڕاوێژ دەکەن دژ بە گەلەکەت، پیلان دەگێڕن دژ بە وانەی تۆ
پەنات داون.
٤ وتیان، با لەناو نەتەوەکان بیانسڕینەوە، لەمەودوا ناوی
ئیسرائیل باس ناکرێت.
٥ چونکە پێکەوە لە دڵەوە پیلان دەگێڕن، دژی تۆ پەیمانیان
بەستووە.
٦ دەوارەکانی ئەدۆم و ئیسماعیلییەکان[أ]، مۆئاب و هاجەرییەکان،
٧ گبال[ب] و عەممۆن و عەمالیق، فەلەستینیەکان لەگەڵ دانیشتووی
سور.
٨ هەروەها ئاشووریش[ت] چووەتە پاڵیان، بوونە بازووی بەهێزی
نەوەی لوت[ث].
٩ وەك میدیانیان[ج] لێبکە، وەك سیسرا[ح]، وەك یابین[خ] لە ڕووباری
قیشۆن[د].
١٠ کە لەعەیندۆر[ذ] فەوتان، بوون بە پەین بۆ زەوی.
١١ گەورەکانیان وەك عۆرێب و زئێب[ر] لێبکە، وەك زەبەخ و
چەلموننا[ز] و هەموو میرەکانیان.
١٢ ئەوانەی وتیان: لەوەرگاکانی خودا دەکەین بە موڵکی خۆمان.
١٣ خودایە بیانکە بە تەپ وتۆز، وەك کای دەم بایان لێبکە.
١٤ ئاگر چۆن دارستان دەسووتێنێت، گڕ چۆن چیا دەسووتێنێت،
١٥ ئاوا بە ڕەشەبای خۆت ڕاویانبنێ، بە گەردەلوولی خۆت وریان
بکە.
١٦ ڕوویان بە ڕسوایی بپۆشە، ئینجا بە دوای ناوت دەگەڕێن ئەی
خوداوەند.
١٧ شەرمەزار و شپرزەن تاهەتایە، ڕسوا دەبن و دەفەوتێن ،
١٨ با بزانن ناوت خوداوەندە! با بزانن تەنها تۆ بەرزی لەسەر
هەموو زەوی!

# ٨٤

بۆ گەورەی گۆرانی بێژان، لەسەر ئاوازی گتیت[س]، زەبوورێکی
ڕۆڵەکانی قۆرەخ.
١ ئەی خوداوەندی سوپاسالار، ماڵەکەت چەند خۆشە!
٢ گیانم شەیدایە، تەنانەت تامەزرۆی هەواری خوداوەندە. لەش و
دڵم هەلهەلە لێدەدەن بۆ خودای زیندوو.
٣ پاساری ماڵی دەست دەکەوێت و پەڕەسێلکەش هێلانە، تەنانەت
لە قوربانگای تۆدا، تا بێچووەکانی تیادا دابنێت، ئەی خوداوەندی
سوپاسالار، پاشا و خودام.
٤ خۆزگە دەخوازرێت بە وانەی لە ماڵی تۆدا نیشتەجێن، هەمیشە
ستایشی تۆ دەکەن.
٥ خۆزگە دەخوازرێت بە وانەی هێزیان لە تۆوەیە، ڕێگاکانت
لەناو دڵیاندایە،
٦ کە بە دۆڵی دارە وشکەکان تێدەپەڕن، دەیکەن بە کانیاو، پایزە
بارانیش پڕ بەرەکەتی دەکات.
٧ لە هێزێکەوە دەچنە هێزێکی تر، تا خودای خوداکان لە سییۆن
ببینن.
٨ ئەی خوداوەند، خودای سوپاسالار گوێت لە نوێژم بێت، خودای
یاقوب گوێ شل بکە.
٩ ئەی خودا بڕوانە قەڵغانەکەمان، سەیری ڕوخساری
دەستنیشانکراوەکەت بکە.
١٠ چونکە یەك ڕۆژ لە هەواری تۆ لە هەزار ڕۆژ باشترە.
ڕاوەستان لەبەر دەرگای ماڵی خودای خۆمم هەڵبژارد،
نەك نیشتەجێ بوون لەناو ڕەشماڵی بەدکاران.
١١ چونکە خۆر و قەڵغانە خوداوەند خودا، میهرەبانی و شکۆ
دەبەخشێت خوداوەند، ڕێ لە چاکە ناگرێت بۆ ئەوانەی ڕێگایان
تەواوە.
١٢ ئەی خوداوەندی سوپاسالار، خۆزگە دەخوازرێت بەوەی پشت
بە تۆ دەبەستێت.

# ٨٥

بۆ سەرۆکی گۆرانی بێژان، زەبوورێکی ڕۆڵەکانی قۆرەخ.
١ ئەی خوداوەند تۆ لە زەوی خۆت ڕازیت، دیلەکانی یاقوبت
گێڕاوەتەوە.
٢ لە تاوانەکانی گەلەکەت خۆشبوویت، هەموو گوناهەکانیت
داپۆشیوە.
٣ هەموو ڕقی خۆت گرتەوە، لە جۆشی تووڕەییت گەڕایتەوە.
٤ خودای ڕزگاریمان بمانگێڕەوە، ڕقی خۆتمان لەسەر لابەرە.
٥ ئایا تاهەتایە لێمان تووڕە دەبیت؟ نەوە دوای نەوە درێژە بە
تووڕەییت دەدەیت؟
٦ ئایا تۆ ناگەڕێیتەوە تا زیندوومان بکەیتەوە؟ تا گەلەکەت پێت شاد
بێت.

---

[أ] ٨٣: ٦ نەوەی ئیسماعیلی کوڕی ئیبراهیمن لە هاجەری کچە خزمەتکارەکەی. بەناوبانگ بوونە بە ژیانی کۆچەری و چادر نشینی، هەروەها لە بەکارهێنانی تیروکەوان.

[ب] ٨٣: ٧ مەبەست لە گبال بەشی باکورە لە چیاکانی ئەدۆم، عەممۆنیش ناوی گەلێکە لە ناوچەیەکی شاخاوی لە ڕۆژهەڵاتی ڕووباری ئوردن نیشتەجێ بوون، عەمالیقیش بە کۆنترین دانیشتوانی باشووری سوریا دادەنرێن، نەوەی ئەلیفازی کوڕی عیسۆ کوڕی ئیسحاقن.

[ت] ٨٣: ٨ مەبەست لە ئاشوورییەکانە کە لە ناوچەی میزۆپۆتامیا ژیاون و ئیمپراتۆریەتێکی بەهێزیان هەبووە. نەوەی دووەم کوڕی شێمی کوڕی نوحن. بڕوانە پەیدابوون ١٠: ٢٢.

[ث] ٨٣: ٨ مەبەست لۆتی برازای ئیبراهیمە.

[ج] ٨٣: ٩ شارێکی کۆنە دەکەوتە چۆڵەوانی بەهووداوە.

[ح] ٨٣: ٩ سیسرا سەرۆکی سوپاکەی یابینی پاشای کەنعانییەکان بوو لە خاچۆر. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە دادوەران ٤، ٥.

[خ] ٨٣: ٩ پاشای کەنعانییەکان بوو لە خاچۆر. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە دادوەران ٤.

[د] ٨٣: ٩ قیشۆن ڕووبارێکە بە دەشتی ابن عامر دەڕوات لە فەلەستین.

[ذ] ٨٣: ١٠ شارێکە دەکەوێتە دووری نۆ کیلۆمەتر لە باشووری ڕۆژهەڵاتی ناسیرە، ئێستاش ئەمە ناویەتی.

[ر] ٨٣: ١١ عۆرێبو زئێب ناوی دوو سەرکردەی میدیانییەکانن بە دەستی ئەفرایمییەکان کوژران دوای ئەوەی لەبەر گدعۆن هەڵهاتن.

[ز] ٨٣: ١١ زەبەخو چەلموننا دوو پاشای میدیانییەکان بوون گدعۆن کوشتنی.

[س] ٨٤: بڕوانە ٨.

٧ ئەی خوداوەند، پەیمانی خۆشەویستییەکەتمان پیشان بدە،
ڕزگاری خۆتمان پێ ببەخشە.
٨ ئەوەی خودا خوداوەندم دەیڵێت، گوێی لێدەگرم، چونکە باسی
ئاشتی دەکات بۆ گەلەکەی و بۆ خۆشەویستانی، تا نەگەڕێنەوە
سەر گێلی.
٩ چونکە ڕزگارییەکەی لەو کەسانە نزیکە کە لێی دەترسن، تا
شکۆمەندییەکەی لە خاکی ئێمەدا نیشتەجێ بێت.
١٠ پەیمانی خۆشەویستی و دڵسۆزی بەیەك گەیشتوون،
ڕاستودروستی و ئاشتی یەکتری ماچ دەکەن.
١١ دڵسۆزی لە زەوییەوە دەڕوێت و ڕاستودروستی لە ئاسمانەوە
سەر دەردێنێت.
١٢ هەروەها خوداوەند چاکە دەبەخشێت و زەوی ئێمەش دەغلودان
دەدات.
١٣ ڕاستودروستی لە پێشی دەڕوات، ڕێگای بۆ خۆشدەکات.

# ٨٦

نوێژێکی داود.
١ ئەی خوداوەند گوێ ڕادێرە و بەدەنگمەوە وەرە، من هەژار و
نەدارم.
٢ ژیانم بپارێزە، چونکە من خۆشەویستی تۆم، خزمەتکارەکەی
خۆت ڕزگار بکە کە پشتی پێت بەستووە، تۆ خودای منیت.
٣ ئەی خوداوەند میهرەبانبە لەگەڵم، بە درێژایی ڕۆژ هاوار بۆ تۆ
دەکەم.
٤ گیانی خزمەتکاری خۆت شاد بکە، چونکە ئەی خوداوەندم گیانی
خۆم بۆ تۆ بەرزدەکەمەوە.
٥ چونکە ئەی خوداوەندم تۆ چاك و لێبووردوویت، پڕ لە پەیمانی
خۆشەویستی بۆ ئەوانەی هاوارت بۆ دەکەن.
٦ ئەی خوداوەند گوێ لە نوێژم بگرە، گوێ لە پاڕانەوەم بگرە.
٧ لە ڕۆژی تەنگانەدا هاوار بۆ تۆ دەکەم، چونکە بە هاوارمەوە
دێیت.
٨ کوا هاوشێوەی تۆ لەناو خوداکان ئەی خوداوەندم؟ کوا
هاوشێوەی کردەوەکانت؟
٩ ئەی خوداوەندم هەموو ئەو نەتەوانەی دروستت کردوون،
دێن و لەبەردەم تۆدا کڕنۆش دەبەن و ناوت شکۆدار دەکەن.
١٠ چونکە تۆ مەزنیت و کاری سەرسوڕهێنەری گەورەت
کردووە، هەر تەنیا تۆ خودایت .
١١ ئەی خوداوەند ڕێگای خۆتم فێر بکە، بۆ ئەوەی ڕێگای
دڵسۆزیت بگرمە بەر، دڵم یەکخە، بۆ ترسی ناوەکەت.
١٢ ئەی خودا، خوداوەندم، بە هەموو دڵەوە ستایشت دەکەم، ناوت
شکۆدار دەکەم تاهەتایە.
١٣ چونکە پەیمانی خۆشەویستییەکەت گەورەیە بۆ من، گیانی منت
لە دونیای مردووانی ژێرەوە دەربازکرد.
١٤ خودایە لووتبەرزەکان لێم هەستاون، تاقمە زۆردارەکان
دەیانەوێت لەناوم ببەن ، تۆ لەبەرچاو ناگرن.
١٥ بەڵام تۆ ئەی خوداوەندم، خودایەکی میهرەبان و بەزەییداریت،
پشوودرێژیت و پڕ لە پەیمانی خۆشەویستی و دڵسۆزییت.
١٦ ئاوڕم لێبدەوە و میهرەبانبە لەگەڵم، هێزی خۆت بە
خزمەتکارەکەت ببەخشە و ڕۆڵەی کارەکەرەکەت ڕزگار بکە.

[أ] ٨٧: ٤ مەبەست لە رەهەب وڵاتی میسرە، هەروەها لە ئەفسانە کۆنەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ڕەهەب دڕندەیەکی دەریاییە و هێمای خراپەکاری و سەرلێشێوانە.

١٧ کاری سەیرم لەگەڵ بکە بۆ چاکە، بۆ ئەوەی ناحەزانم ببینن و
شەرمەزاربن، چونکە تۆ ئەی خوداوەند، یارمەتیداوم و
دڵنەواییت کردووم.

# ٨٧

زەبوورێکی ڕۆڵەکانی قۆرەخ. گۆرانی.
١ بناغەکانی لە چیای پیرۆزە،
٢ خوداوەند دەروازەکانی سییۆنی لە هەموو یاقوب خۆشتردەوێت.
٣ ئەی شاری خودا، بە شکۆمەندی باست کراوە،
٤ رەهەب[أ] و بابل دێنمەوە یادم، ئەوانەی دەمناسن، ئەوەتا فەلەستی
و سوڕو خەڵکی کووش، ئەمە لەوێ لەدایك بووە.
٥ دەربارەی سییۆن دەوترێت، ئەمەو ئەوەی تیادا لەدایك بووە و
هەرەبەرز خۆی دەیچەسپێنێت.
٦ خوداوەند لە پەرتووکی گەلاندا تۆماری دەکات، ئەمە لەوێ
لەدایك بووە.
٧ گۆرانی و سەماکانمان، هەموو سەرچاوەکانمان لە تۆوەیە.

# ٨٨

گۆرانی ڕۆڵەکانی قۆرەخ[ب] .بۆ گەورەی گۆرانی بێژان بە عوود
بۆ گۆرانی وتن. هۆنراوەیەکی هێیمانی ئەزراخی.
١ ئەی خوداوەند خودای ڕزگاریمان، شەو و ڕۆژ بەرامبەر بە تۆ
هاوارم کرد.
٢ با بگاتە بەردەمت نوێژەکانم، گوێ شل بکە بۆ هاوارم.
٣ چونکە گیانم پڕ بەڵابووە و ژیانم لە دونیای مردووان نزیك
بووەتەوە.
٤ وەك ئەوانە دانراوم کە شۆڕبوونەتەوە ناو چاڵی بێبن، وەك
پاڵەوانێکم لێهاتووە هێزی لەبەربڕابێت.
٥ لەناو مردووان وازلێهێنراو، وەك کوژراوەکانی ناو گۆڕ
ڕاکشاو. ئەوانەی ئیتر یادیان ناکەیتەوە، ئەوانەی دەستت لێیان
شتووە.
٦ لەناو قووڵترین گۆڕ داتناوم، لەناوجەرگەی تاریکی، لە قووڵایی.
٧ قینت قورسە بەسەرمەوە، شەپۆلەکانت ڕامدەماڵن.
٨ ناسیاوەکانمت لێ دوور خستمەوە، قێزم لێدەکەنەوە. گیراوم و
دەرچوونم بۆ نییە.
٩ بە هۆی ژێردەستەیی چاوم لە کزبوونە، ئەی خوداوەند بە
درێژایی ڕۆژ هاوار بۆ تۆ دەکەم، دەست لە تۆ پان دەکەمەوە.
١٠ ئایا کاری سەرسوڕهێنەر بۆ مردووان دەکەیت؟ یان خێوەکان
هەڵدەستنەوە ستایشت بکەن؟
١١ ئایا لەناو گۆڕ باسی پەیمانی خۆشەویستییەکەت دەکرێت، یان
لە لەناوچوون باسی دڵسۆزیەکەت؟
١٢ ئایا لە تاریکستان کارە سەرسوڕهێنەرەکانت دەناسرێت، یان لە
خاکی لەبیرچوون ڕاستودروستیت؟
١٣ ئەی خوداوەند هاوار بۆ تۆ دەکەم، بەیانیان نوێژەکانم بەرەو
ڕووت دێن.

[ب] ٨٨: لە هۆزی یەهوودا بوو، بەناوبانگ بوو بە دانایی. بڕوانە ١پاشایان ٤:٣١.

١٤ ئەی خوداوەند بۆچی گیانم ڕەتدەکەیتەوە، ڕووی خۆتم لێ دەشاریتەوە؟
١٥ من کڵۆڵم و لە سەردەمی لاویمەوە نزیکە مەرگم، بەرگەی ترسەکانی تۆم گرت و سەرم لێشێوا.
١٦ تووڕەیی تۆ بەسەر مندا تێپەڕی، ترسی کتوپڕی تۆ کپی کردم.
١٧ وەك ئاو بە درێژایی ڕۆژ دەوری داوم، لە هەموو لایەکەوە دەوری گرتووم.
١٨ دۆست و خۆشەویستەکانت لێ دوورخستمەوە، تاریکی بووە بە ناسیاوم.

# ٨٩

هۆنراوەیەکی ئێیتانی ئەزراخی[أ].
١ تاهەتایە پەیمانی خۆشەویستیی خوداوەند دەکەم بە گۆرانی، نەوە دوای نەوە دڵسۆزیت ڕادەگەیەنم بە دەمم.
٢ هەروەك ووتم، تاهەتایە پەیمانی خۆشەویستی بنیاد دەنرێت، لەناو ئاسمان دڵسۆزیت دەچەسپێت.
٣ پەیمانم لەگەڵ هەڵبژاردەی خۆم بەستووە، سوێندم بۆ داودی خزمەتکارم خواردووە،
٤ تاهەتایە وەچەت دەچەسپێنم ، نەوە دوای نەوە تەختت بنیاد دەنێم.
٥ ئەی خوداوەند ئاسمان ستایشی کارە سەرسوڕهێنەرەکانت دەکات، لەناو کۆمەڵی پاك وپیرۆزانیش دڵسۆزیت.
٦ چونکە کێ هاوتای خوداوەندە، یان کام لە ڕۆڵەکانی خودا لە خوداوەند دەکات؟
٧ خودا سامناکە لەناو کۆمەڵی پاك وپیرۆزان، لای ئەوانەی دەوروبەری مەزن و ترسناکە.
٨ خوداوەند، ئەی خودای سوپاسالار کێ وەك تۆ وایە؟ بەهێزیت، خوداوەندیت و دڵسۆزیت دەوری داویت.
٩ دەسەڵاتت بەسەر هەڵچوونی دەریادا هەیە، کە شەپۆڵەکانی بەرزدەبنەوە، هێمنیان دەکەیتەوە.
١٠ وەك برینداریێکی سەخت ڕەهەبت پان کردەوە، بە هێزی بازووت دوژمنەکانت پەرت کرد.
١١ ئاسمان هی تۆیە هەروەها زەویش، گەردوون و هەرچی تیایەتی تۆ داتمەزراندووە.
١٢ باکوور و باشوور تۆ دروستت کردوون، تابۆر[ب] و خەرمۆن بۆ ناوی تۆ هەلهەلە لێدەدەن.
١٣ بازووت هەیە لەگەڵ توانا، دەستت بەهێزە، دەستە ڕاستەت بەرزە.
١٤ ڕاستودروستی و دادپەروەری بناغەی تەختی تۆن، پەیمانی خۆشەویستی و ڕاستی لەبەردەمی تۆن.
١٥ خۆزگە دەخوازرێت بەو گەلەی دەزانن بە دەنگی بەرز هاواری شادی بکەن، ئەی خوداوەند بە ڕووناکی ڕوخساری تۆ ڕێ دەکەن.
١٦ بە هۆی ناوی تۆوە شادومان دەبن بە درێژایی ڕۆژ ، بە ڕاستودروستی تۆ بەرزدەبنەوە،

١٧ چونکە تۆ تاجی هێزی ئەوانیت. ئێمە بە ڕەزامەندیی تۆ هێزمان بەرز دەبێتەوە.
١٨ چونکە سپەرمان لە خوداوەندەوەیە، لە پیرۆزی ئیسڕائیلیشەوە پاشامان.
١٩ ئینجا لە خەودا قسەت لەگەڵ خۆشەویستی خۆت کرد و وتت: پاڵپشتی پاڵەوانم کرد، لەناو گەل هەڵبژاردەم بەرزکردەوە.
٢٠ داودم بە خزمەتکاری خۆم دۆزییەوە، بە ڕۆنی پیرۆزم دەستنیشانم کرد.
٢١ ئەوەی دەستم پێوەی دەچەسپێت، بازووم بەهێزی دەکات.
٢٢ دوژمن بەسەریدا زاڵ نابێت، نابێ بەژێردەستەی ڕۆڵەی زۆردار.
٢٣ لەبەردەمی خۆی دوژمنانی تێکدەشکێنم، ناحەزانی تووشی بەڵا دەکەم.
٢٤ دڵسۆزی و پەیمانی خۆشەویستی منی لەگەڵدایە، بە ناوی منەوە هێزی بەرز دەبێتەوە.
٢٥ وادەکەم دەستی بەسەر دەریاوە بێت، دەستە ڕاستی بەسەر ڕووبارەکان.
٢٦ بانگم دەکات: تۆ باوکمی، خودامی، چیای ڕزگاریی منیت.
٢٧ منیش دەیکەم بە نۆبەرەی خۆم و بەسەر پاشایانی زەویدا بەرزی دەکەمەوە.
٢٨ تاهەتایە پەیمانی خۆشەویستی خۆمی بۆ دەپارێزم، پەیمانی من بۆ ئەو ناگۆڕێت.
٢٩ وادەکەم تاهەتایە نەوەی هەبێت، تەختیشی وەك ڕۆژگاری ئاسمان بێت.
٣٠ ئەگەر ڕۆڵەکانی واز لە فێرکردنەکانم بهێنن، ڕێگای دادپەروەری من نەگرنەبەر،
٣١ ئەگەر سەرپێچی یاساکانم بکەن، فەرمانەکانم نەپارێزن.
٣٢ بە دار ڕاوی یاخیبوونەکانیان دەنێم، بە لێدان گوناهەکانیان.
٣٣ بەڵام پەیمانی خۆشەویستی خۆمی لێناکەمەوە، درۆ ناکەم دەربارەی دڵسۆزیەکەم.
٣٤ پەیمانی خۆم ناشکێنم و ئەوەی لە دەمم دەرچووە نایگۆڕم.
٣٥ جارێك سوێندم بە پاك وپیرۆزیی خۆم خوارد، درۆ لەگەڵ داود ناکەم.
٣٦ نەوەی تاهەتایە دەمێنێت و تەختی وەك خۆر لەبەردەممدایە.
٣٧ هەمیشە وەك مانگ دەچەسپێت، ئەو شایەتەی لە ئاسمانیشە سەرڕاستە.
٣٨ بەڵام تۆ ڕەتت کردەوە و وازت لێیهێنا، تووڕەییت بەسەر دەست نیشانکراوەکەتە.
٣٩ پەیمانی خۆت لەگەڵ خزمەتکارەکەت شکاند و تاجەکەیت لە خۆڵ وەردا و گڵاوت کرد.
٤٠ هەموو شوورەکانیت ڕووخاند، قەڵاکانیت کردە کاولگە.
٤١ تاڵانیان کرد ڕێبوارەکان، بوو بە ڕسوایی لەناو دراوسێکان.
٤٢ دەستی ڕاستی دوژمنەکانیت بەرزکردەوە، هەموو ناحەزەکانیت دڵشادکرد.
٤٣ دەمی شمشێرەکەیت هەڵگێڕایەوە و لە جەنگدا سەرتنەخست.
٤٤ شکۆمەندیەکەیت نەهێشت، تەختی ئەوت فڕێدایە سەر زەوی.
٤٥ ڕۆژگاری گەنجیت کورت کردەوە و بەرگی شەرمەزاریت کردە بەری.

[ب] ٨٩: ١٢ چیایەکە لە ناوچەی جەلیل ئێستا پێی دەوترێت الگور.

أ

**٨٩: لە هۆزی یەهوودا بوو، وەك هێیمانی برای بە دانایی بەناوبانگ بوو.**

**بڕوانە ١پاشایان ٤: ٣١**

٤٦ ئەی خوداوەند تا کەی بە تەواوی خۆت دەشـــاریتەوە، تا کەی
قینت وەك ئاگر دادەگیرسێت؟
٤٧ لەبیرت بێـت تەمەنم چییە، بۆ چ مەبەســـتێـك ئـادەمیزادت
دروستکردووە؟
٤٨ پـاڵەوان هەیە بژی و مردن نەبینێت، گیـانی خۆی لەدەســـت
دونیای مردووان دەرباز بکات؟
٤٩ ئەی خوداوەندم کوا پەیمانی خۆشەویستییەکەی جارانت؟ کە بە
دڵسۆزی خۆت سوێندت بۆ داود خوارد.
٥٠ خوداوەندم، شـــوورەیی خزمەتکاری خۆتت لەبیر بێت، چۆن
هی هەموو گەلانم لە باوەشی خۆم گرتووە.
٥١ ئەو ســـووکایەتییەی دوژمنەکانت ئەی خوداوەند، ئەوەی بە
ڕاستی بە نەوەکانی دەست نیشانکراوەکەت کرا.
٥٢ هەر پیرۆز بێت خوداوەند تاهەتایە. ئامین و ئامین.

کۆکراوەی بەشی چوارەم

# ٩٠

نوێژێکی مووسای پیاوی خودا.
١ ئەی خوداوەند نەوە دوای نەوە تۆ داڵدەمان بوویت.
٢ بەر لەوەی چیاکان پەیدا ببن، یان زەوی و جیهان دروست ببن،
لە هەتاهەتاوە و تا هەتاهەتایە، تۆ خودایت.
٣ تۆ مرۆڤ دەکەیتەوە بە تۆز، دەڵێیت: ئادەمیزادینە، بگەڕێنەوە.
٤ لەلای تۆ، هەزار ســـاڵ، وەك دوێنێ وایە کە تێپەڕیوە، وەك
ماوەیەکی کەمی شەو وایە.
٥ ســەر لە بەیانی ڕایاندەماڵیت وەك خەون، وەك ئەو گیایەی نوێ
دەبێتەوە،
٦ ســەر لە بەیانی دەبووژێتەوە و نوێ دەبێتەوە، بۆ ئێوارێ سـیس
دەبێت و دەفەوتێت.
٧ چونکە بەتووڕەیی تۆ لەناوچووین، بە ڕقی تۆ تۆقین.
٨ گوناهەکانی ئێمەت لەبەردەمی خۆت داناوە، شتە شاراوەکانمان
لەبەر ڕووناکی ڕوخسارت.
٩ چونکە هەموو ڕۆژگارمان بە ڕقی تۆ بەســـەرچوو، ســـاڵانی
تەمەنمان وەك هەناسەیەك بەسەر برد.
١٠ ساڵانی تەمەنمان حەفتا ساڵە، ئەگەر بە هێزەوە بێت هەشتا ساڵ
دەبێت. ئەوەی مایەی شانازیش بێت ڕەنج و ناخۆشییە،
چونکە بە پەلە دەڕەوێتەوە و باڵدەگرێت.
١١ کێ هێزی تووڕەیی تۆ دەزانێت؟ ڕقت چ ترسێکی تێدایە؟
١٢ ئێتر فێرمـان بکە ڕۆژانمـان بژمێرین، بۆ ئەوەی دڵێکی پڕ
دانایمان هەبێت.
١٣ تـا کەی ئەی خـوداوەنـد، بـگەڕێـوە؟ مـیـهـرەبـانـبە لەگەڵ
خزمەتکارەکانت.
١٤ سەر لە بەیانی لە پەیمانی خۆشەویستییەکەت تێرمان بکە،
تا هەلهەلە لێبدەین هەموو ڕۆژانی ژیانمان.
١٥ دڵشـــادمان بکە ئەوەندەی ئەو ڕۆژانەی تووشـــی ناخۆشـــیت
کردین، ئەو ساڵانەی خراپەمان بینی.
١٦ کردەوە مەزنەکانت دەربخە بۆ خزمەتکارەکانت، شـکۆمەندیت
بەسەر ڕۆڵەکانیان.
١٧ با جوانی خوداوەند خودامان بەســـەرمانەوە بێت، کردەوەکانی
دەستمان لەسەرمان بچەسپێنە، کردەوەکانی دەستمان بچەسپێنە.

# ٩١

١ دانیشتوو لە پەناگای هەرەبەرز، لە سێبەری بەتوانا دەمێنێتەوە.
٢ بە خوداوەند بڵێ: پەناگامی، قەڵامی، خودامی پشتت پێدەبەستم.
٣ چونکە لە تۆڕی ڕاوکەر دەربـازت دەکـات ، لە پەتـاو لێـدانی
کوشندە .
٤ بە پەڕی خۆی داتدەپۆشێت، لەژێر باڵەکانی پەنا دەگریت و
ڕاستی ئەو، قەڵغان و شوورایە.
٥ نە لە تۆقـانی شـــەو دەترســـیـت و نە لەو تیرەی بە ڕۆژ
دەهاوێژرێت،
٦ نە لەو پەتا و لێدانەی لە تاریکیدا ڕێدەکات، نە لەو ئافاتەی بە
ڕۆژی نیوەڕۆ زیان دەبەخشێت.
٧ هەزار کەس لە تەنیشـتت بەردەبنەوە و دە هەزار لەلای دەسـتە
ڕاستت، بەڵام لە تۆ نزیك ناکەوێتەوە.
٨ بەڵکو بە چاوی خۆت ســـەیر دەکەیت و پاداشـــتی بەدکاران
دەبینیت،
٩ چونکە تۆ ئەی خوداوەند پەناگامی. هەرەبەرزت کرد بە لانەی
خۆت،
١٠ هیچ خراپەت بەســـەر نـایەت و هیچ بەڵایەك لە ماڵت نزیك
ناکەوێتەوە.
١١ چونکە فەرمان بە فریشـــتەکانی دەدات، بۆ ئەوەی لە هەموو
ڕێگاکانت ئاگادارتبن،
١٢ لەسەر دەستیان هەڵتگرن، نەوەك پێت بە بەردێك بکەوێت.
١٣ پێ بە شێر و ماری ژەهراویدا دەنێیت، بەچکە شێر و ئەژدیها
پێشێل دەکەیت.
١٤ لەبەرئەوەی بـاوەشـــی پیـاکردووم، ئـازادی دەکەم، بەرزی
دەکەمەوە، چونکە ناوی من دەزانێت.
١٥ هاوارم بۆ دەکات، وەڵامی دەدەمەوە، لەگەڵیدام لە تەنگانە،
دەربازی دەکەم و ڕێزداری دەکەم.
١٦ بە ڕۆژگاری درێژ تێری دەکەم ، ڕزگاری خۆمی نیشان دەدەم.

# ٩٢

زەبوورو گۆرانی بۆ ڕۆژی شەممە.
١ چاکە ســـتایشـــی خوداوەند بکرێت، گۆرانی وتن بۆ ناوت ئەی
هەرەبەرز.
٢ بەیانیان پەیمانی خۆشـەویسـتیت ڕابگەیەنرێت و دڵسـۆزیت بە
شەوان.
٣ بە قیسارەی دەژێیی و بە عوود، بە ئاوازی ساز.
٤ چونکە ئەی خوداوەند بە کردەوە مەزنەکانت دڵخۆشت کردووم.
هەلهەلە لێدەدەم بۆ کردەوەکانی دەستت.
٥ ئەی خوداوەنـد کردەوەکانـت چەنـد مەزنە! بیروڕای تۆ چەنـد
قووڵە!
٦ مرۆڤی کێوی نازانێت و گێلیش ئەمە تێناگات.
٧ کە خراپەکـاران گوڵ بکەن وەك گیـا، هەموو بەدکـاران چرۆ
بکەن، بۆ لەناوچوونی هەتاهەتاییە.
٨ بەڵام تۆ ئەی خوداوەند، هەمیشە بەرزیت.
٩ چونکە ئەی خوداوەنـد بێگومـان دوژمنەکـانـت، بێگومـان
دوژمنەکانت دەفەوتێن و هەموو بەدکاران پەرت وبڵاودەبنەوە.

١٠ بەڵام وەك گای کێوی، هێزم زۆردەکەیت، بە ڕۆنی گرانبەها چەورم دەکەیت.
١١ چاوم بەسەر دوژمنانمەوە دەبێت، گوێم لە[ هاواری] ئەوانە دەبێت کە بە خراپە دژم هەستاون.
١٢ ڕاستودروست وەك دارخورما دەشنێتەوە، وەك ئورزی لوبنان گەشە دەکات.
١٣ لەماڵی خوداوەند ڕواون، لە بارەگای خودامان دەگەشێنەوە.
١٤ بە پیریش هەر بەریان هەیە، هەمیشە تەڕ و سەوزن.
١٥ تا ڕابگەیەنن خوداوەند ڕاستە، چیامە و هەڵە لە ئەودا نییە.

# ٩٣

١ خوداوەند حوکمڕانی دەکات، مەزنی لەبەر دەکات، خوداوەند هێزی لەبەر کردووە، لەخۆیی بەستووە، هەروەها جیهان چەسپاوە و ناهەژێت.
٢ لە دێرزەمانەوە تەختت چەسپاوە، تۆ لەسەرەتاوە و تاهەتایە هەیت.
٣ ئەی خوداوەند ڕووبارەکان بەرزیان کردەوە، ڕووبارەکان دەنگیان بەرزکردەوە، ڕووبارەکان شەپۆلەکانیان بەرزدەکەنەوە.
٤ لە دەنگی ئاوی زۆر، لە توانای شەپۆلەکانی دەریا، توانادارترە خوداوەند لە بەرزایی.
٥ شایەتیەکانت زۆر ڕاستن، پیرۆزی لە ماڵی تۆ دەوەشێتەوە ئەی خوداوەند، بە درێژایی ڕۆژگار.

# ٩٤

١ خودای تۆڵە، ئەی خوداوەند، خودای تۆڵە بدرەوشێوە.
٢ ئەی دادوەری زەوی هەستەوە، پاداشتی لووتبەرزەکان بدە.
٣ ئەی خوداوەند تا کەی بەدکاران، تا کەی بەدکاران بەفیزبن؟
٤ دەڕشێنەوە، بە زمانی بەد دەدوێن، بەدکاران شانازی بە خۆیانەوە دەکەن.
٥ ئەی خوداوەند، گەلەکەت ووردوخاش دەکەن ، میراتت ژێردەستە دەکەن.
٦ بێوەژن و غەریب دەکوژن، منداڵی بێباوك سەردەبڕن ،
٧ دەڵێن: خوداوەند نابینێت، خودای یاقوب ئاگای لێ نییە.
٨ ئەی گێژەکان لەناو گەل، ووریا بن! ئەی گێلەکان کەی تێدەگەن؟
٩ ئایا ئەوەی گوێی چاندووە، گوێی لێنییە؟ ئایا ئەوەی چاوی دروستکردووە، نابینێت؟
١٠ ئایا ئەوەی نەتەوەکان تەمبێ دەکات، سەرزەنشت ناکات؟ ئەوەی مرۆڤ فێری زانین دەکات؟
١١ خوداوەند بیرکردنەوەی مرۆڤ دەزانێت، کە هەمووی هیچە.
١٢ ئەی خوداوەند خۆزگە دەخوازرێت بەو مرۆڤەی تۆ تەمبێی دەکەیت، لە فێرکردنەکانی خۆت فێری دەکەیت.
١٣ تا حەوانەوەی بدەیتێ لە ڕۆژی بەد، کاتێ چاڵ هەڵکەنراوە بۆ بەدکار.
١٤ چونکە خوداوەند واز لە گەلی خۆی ناهێنێت، میراتی خۆی ڕەت ناکاتەوە.
١٥ چونکە دادوەری بۆ ڕاستودروستی دەگێڕێتەوە، هەموو دڵڕاستەکان شوێنی دەکەون.
١٦ کێ ڕاست دەبێتەوە بۆم دژ بە بەدکاران؟ کێ لایەنگیریم دەکات دژ بە خراپەکاران؟
١٧ ئەگەر خوداوەند هاریکارم نەبوایە، گیانم لە وڵاتی بێدەنگی نیشتەجێ دەبوو.
١٨ کاتێ وتم پێم خلیسکا، پەیمانی خۆشەویستییەکەت ئەی خوداوەند، منی گرتەوە.
١٩ کە خەم لەناخمدا زۆر بێت، دڵنەوایی تۆ گیانم شاد دەکات.
٢٠ ئایا تەختی بەدکاری هاوڕێیەتی لەگەڵ تۆ دەبەستێت، ئەوانەی بەگوێرەی زۆرداری خۆیان، شێوەی یاسا دادەڕێژن؟
٢١ دژ بەگیانی مرۆڤی ڕاستودروست کۆدەبنەوە، خوێنێکی بێگەرد تاوانبار دەکەن.
٢٢ بەڵام خوداوەند بۆم دەبێت بە قەڵا، خودا بۆم بووە بە چیا و پەناگا.
٢٣ ئەو خراپەیەی دەیکەن بەسەر خۆیانیدا دەداتەوە و لە سزای بەدکاری خۆیان، ڕایاندەماڵێت. خوداوەندی خودامان ڕایاندەماڵێت.

# ٩٥

١ وەرن هەلهەلە بۆ خوداوەند لێبدەین، هاواری شادی بکەین بۆ چیای ڕزگاریمان.
٢ بە ستایشەوە بچینە بەردەمی، بە مۆسیقاوە هاواری شادی بۆ بکەین.
٣ چونکە خوداوەند خودایەکی گەورەیە، پاشایەکی گەورەیە بەسەر هەموو خوداکان.
٤ نشێوەکانی زەوی بە دەستە و لوتکەی شاخەکان هی ئەون.
٥ دەریا هی ئەوە و ئەو دروستیکردووە، بە دەستی خۆی وێنەی ووشکایی کێشاوە.
٦ وەرن کڕنۆشی بۆ ببەین و بیپەرستین ، لەبەردەم خوداوەندی دروستکەرمان چۆك دابدەین.
٧ چونکە ئەو خودامانە و ئێمە گەلی لەوەڕگای ئەوین، مەڕی دەستی ئەوین. ئەمڕۆ کە گوێتان لە دەنگی دەبێت،
٨ دڵتان ڕەق مەکەن وەك لە مریبا، وەك ئەو ڕۆژەی مەسسا[أ] لە چۆڵەوانی.
٩ کە باوباپیرانتان تاقییان کردمەوە، ئەگەرچی کارە مەزنەکانی منیشیان دیبوو.
١٠ چل ساڵ لەو نەوەیە زویر بووم و وتم: ئەمانە گەلێکن دڵیان گومڕابووە و ڕێگای من شارەزانین.
١١ لە کاتی تووڕەیمدا سوێندم خوارد، نایەنە ناو حەسانەوەی من.

---

[أ] ٩٥: ٨ ناوێکی عیبرییە بە مانای تاقیکردنەوە، ناوی شوێنێکە لە چۆڵەوانی سینا، هەروەها پێی دەوترێت مریبا. بڕوانە ڕوونکردنەوە دەربارەی ئاوی مریبا لە ٨١: ٧.

# ٩٦

١ گۆرانی بڵێن بۆ خوداوەند، گۆرانییەکی نوێ. گۆرانی بۆ خوداوەند بڵێن ئەی هەموو زەوی.
٢ گۆرانی بۆ خوداوەند بڵێن، ناوی پیرۆز بکەن، ڕۆژ بە ڕۆژ مزگێنی ڕزگاریی ئەو ڕابگەیەنن.
٣ لەناو نەتەوەکاندا باسی شکۆمەندی ئەو بکەن ، لەناو هەموو گەلاندا کارە سەرسوڕهێنەرەکانی ڕابگەیەنن.
٤ چونکە خوداوەند مەزنە و ستایشی بێکۆتاییە، سامناکە بەسەر هەموو خوداکانەوە.
٥ چونکە هەموو خوداکانی گەلان شتی هیچ وپووچن، بەڵام خوداوەند ئاسمانی دروستکردووە.
٦ شکۆ و سەربەرزی لەبەردەمیدان ، هێز و جوانی لە پیرۆزگاکەیدان.
٧ پێشکەشی بکەن بە خوداوەند ئەی هەموو خێڵی گەلان، پێشکەشی بکەن بە خوداوەند هێز و شکۆمەندی.
٨ پێشکەشی بکەن بە خوداوەند شکۆمەندی ناوی خۆی، دیاری بهێنن و وەرنە ناو بارەگاکەی.
٩ بە پیرۆزییەکی ڕازاوەوە کڕنۆش بۆ خوداوەند ببەن ، ئەی هەموو خەڵکی زەوی لەبەردەمی بلەرزن.
١٠ لەناو نەتەوەکاندا بڵێن: خوداوەند پاشایەتی کرد! جیهان چەسپاوە و هەرگیز نالەقێت، بە دادپەروەری حوکم بەسەر گەلاندا دەدات.
١١ با ئاسمان شادبێت و زەوی دڵخۆش بێت، با دەریا و هەرچی تیایەتی بجۆشێت.
١٢ با کێڵگە و هەرچی تیایەتی شاگەشکە بن، ئینجا هەموو درەختەکانی دارستان گۆرانی بڵێن،
١٣ لەبەردەم خوداوەند، چونکە هات، چونکە هات تا دادوەری زەوی بکات، دادوەری جیهان دەکات بە ڕاستودروستی، گەلانیش بە دڵسۆزی.

# ٩٧

١ خوداوەند حوکم دەکات، با زەوی دڵخۆش بێت، دوورگە زۆرەکان شادومان بن.
٢ هەور و تەم لە دەوروپشتی ئەوە، ڕاستودروستی و دادپەروەری بنچینەی تەختی ئەوە.
٣ ئاگر لە پێشیەوە، دوژمنەکانی دەوروبەری دەسووتێنێت.
٤ بروسکەکانی جیهان ڕووناك دەکەنەوە، زەوی چاوی پێکەوت و لەرزی.
٥ چیاکان وەك مۆم تووانەوە لەبەردەم خوداوەند، لەبەردەم خوداوەندی هەموو زەوی.
٦ ئاسمان ڕاستودروستی ئەو ڕادەگەیەنێت، هەموو گەلان شکۆمەندی ئەویان بینی.
٧ بت پەرستان شەرمەزار دەبن، ئەوانەی شانازی بە شتی هیچ و پووچەوە دەکەن. ئەی هەموو خوداکان کڕنۆشی بۆ ببەن.
٨ سییۆن بیستی و شادومان بوو، کچانی ناوچەی یەهوودا دڵخۆش بوون، بە حوکمەکانت ئەی خوداوەند.
٩ چونکە تۆ ئەی خوداوەند هەرەبەرزی لەسەر هەموو زەوی. زۆر بەرزبوویتەوە لەسەر هەموو خوداکان.
١٠ دۆستانی خوداوەند ڕقیان لە بەدکاری دەبێتەوە، گیانی خۆشەویستانی دەپارێزێت، لە دەست خراپەکاران دەربازیان دەکات.
١١ ڕووناکی بۆ ڕاستودروستان چێنراوە، شادی بۆ دڵڕاستەکان.
١٢ ئەی ڕاستودروستان بە خوداوەند شادبن، ستایش بکەن لەیادکردنەوەی پیرۆزییەکەی.

# ٩٨

١ گۆرانی بۆ خوداوەند بڵێن، گۆرانییەکی نوێ، چونکە کاری سەرسوڕهێنەری کردووە. دەستە ڕاست و بازووی پیرۆزی، سەرکەوتنیان بۆ بەدەستهێناوە.
٢ خوداوەند ڕزگاریی خۆی ڕاگەیاند، ڕاستودروستیەکەی بۆ گەلان دەرخست.
٣ پەیمانی خۆشەویستییەکەی و دڵسۆزییەکەی، بەیادهێنایەوە بۆماڵی ئیسرائیل. هەموو زەوی تا ئەوپەڕی دونیا، ڕزگاری خودای ئێمەیان بینی.
٤ ئەی سەراپای زەوی هاواری شادی بۆ خوداوەند بکەن، بە دەنگی بەرز گۆرانی بڵێن و هەلهەلە لێبدەن .
٥ بە قیسارە گۆرانی بۆ خوداوەند بڵێن، بە قیسارە و دەنگی گۆرانی.
٦ بە زوڕنا و دەنگی کەڕەنا، هاواری شادی بکەن بەرامبەر بە خوداوەندی پاشا.
٧ با دەریا و هەرچی تیایەتی، با جیهان و دانیشتوانی بگرمێنن.
٨ با ڕووبارەکان چەپڵە لێ بدەن و هەموو چیاکان هەلهەلە لێبدەن.
٩ لەبەردەم خوداوەند، چونکە دێت تا دادوەری زەوی بکات، دادوەری جیهان دەکات بە ڕاستودروستی، گەلانیش بە ڕێکی.

# ٩٩

١ خوداوەند حوکم دەکات و گەلان دەلەرزن، لەسەر کروبەکان دانیشتووە و با زەوی بهەژێت.
٢ خوداوەند مەزنە لە سییۆن، بەرزە و بەسەر هەموو گەلانەوەیە.
٣ ستایشی ناوت دەکەن، مەزن و سامناکە، پاك و پیرۆزە ئەو.
٤ هێزی پاشا حەزکردنە لە دادپەروەری. تۆ ڕاستوڕێکیت چەسپاند، دادوەری و ڕاستودروستی لەناو یاقوب، تۆ دروستتکردووە.
٥ خوداوەند خودامان بەرزبکەنەوە، کڕنۆش بۆ جێی پێیەکانی ببەن، پاك وپیرۆزە ئەو.
٦ مووسا و هارون لەناو کاهینەکانی ئەون، سامۆئیل لەناو ئەوکەسانەیە بانگی ناوی دەکەن. بانگی خوداوەندیان کرد و ئەویش وەڵامی دانەوە،
٧ بە ستوونی هەور قسەی لەگەڵ کردن، شایەتیەکانیان پاراست، هەروەها ئەو فەرزەی پێیدان.
٨ ئەی خوداوەند خودامان، تۆ وەڵامت دانەوە، خودایەکی لێبووردوو بوویت و تۆڵە سێنەر بوویت لەسەر کردەوەکانیان.
٩ خوداوەند خودامان بەرز بکەنەوە، کڕنۆش بۆ چیای پیرۆزی ببەن، چونکە خوداوەند خودامان پیرۆزە.

# ١٠٠

زەبوورێکی ستایش کردن.
١ ئەی هەموو زەوی هاواری خۆشی بۆ خوداوەند بکەن،
٢ بە شادومانی خوداوەند بپەرستن، بە هەلهەلەوە وەرنە بەردەمی.
٣ بزانن کە خوداوەنـد خودایە، ئەوە ئێمەی دروسـتکردووە و ئێمەیش هی ئەوین. ئێمە گەل و مەڕی لەوەڕگای ئەوین.
٤ بە سوپاسـەوە بڕۆنە ناو دەروازەکانی، بە ستایشـەوە بڕۆنە ناو بارەگاکەی، سوپاسی بکەن و ناوی پیرۆز بکەن.
٥ چونکە خوداوەند چاکە و پەیمانی خۆشەویستییەکەی تاهەتایە، دڵسۆزیشی بۆ نەوە دوای نەوەیە.

# ١٠١

زەبوورێکی داود.
١ پەیمانی خۆشـەویسـتی و دادپەروەری دەکەم بە گۆرانی، ئەی خوداوەند بۆ تۆ گۆرانی دەڵێم.
٢ ووریـا دەبم لە ڕێگـای تەواوی، کەی دێیت بۆ لام؟ بە دڵێکی تەواوەوە هەڵسوکەوت دەکەم، لەناو ماڵی خۆم.
٣ شتی خراپ لەبەر چاوم دانانێم، ڕقم لە کاری یاخیبووانە، قەت بە منەوە نانووسێت.
٤ دڵی خواروخێچ لە من دوور دەبێت، پەیوەندیم بە بەدکارییەوە نابێت.
٥ ئەوەی بە دزییەوە غەیبەتی نزیکەکەی بکات، دەمکوتی دەکەم، لەگەڵ لووتبەرزو دڵ پڕ لە فیز دانانیشم.
٦ چاوم لە سەرڕاستانی زەوییە، تا لەگەڵ خۆم دایاننشێنم، ئەوانەی ڕێگای ڕاستیان گرتووە و خزمەتم دەکەن.
٧ ئەوەی بە فێڵ ئیش بکات، لە ماڵی من دانانیشـێت، ئەوەی درۆ بکات، لەبەر چاوی من ناوەستێت.
٨ بەیـانیـان زوو هەموو بەدکـارەکـانی زەوی دەمکوت دەکەم، لە شــاری خوداوەنـددا ڕیشــەیـان دەبڕێتەوە، هەموو ئەوانەی گوناهبارن.

# ١٠٢

نوێژی هەژارێکی وورەڕوخـاو، کە هـاواری دەبـاتە بەردەم خوداوەند.
١ ئەی خوداوەند گوێ لە نوێژم بگرە، با هاوارم بگاتە لات.
٢ لە ڕۆژی تەنگانەدا ڕووی خۆتم لێمەشـارەوە، گوێم بۆ شـل بکە لەو ڕۆژەی کە هاوارت بۆ دەکەم، زوو وەڵامم بدەوە.
٣ ڕۆژگارم وەك دووکەڵ ڕەوییەوە، ئێسکم وەك پشکۆ گڕیگرتووە.
٤ هەڵپڕووکاوە وەك گیا، ووشـك بووەتەوە دڵم، نان خواردنم لەبیر نەماوە.
٥ لە دەنگی ناڵەم ئێسکم بە پێستمەوە نووساوە.
٦ وەك حـاجی لەقلەقی چۆڵەوانیم لێ هـاتووە، وەك کوندەبەبووی کەلاوەم لێ هاتووە.
٧ ڕادەکشێم و وەك چۆلەکەیەکی تەنیای سەربانم لێ هاتووە.
٨ بە درێژایی ڕۆژ دوژمنەکانم سووکایەتیم پێدەکەن،
ئەوانەی دژ بە من وەك شێتیان لێ هاتووە، نەفرەتم لێدەکەن.
٩ بۆیە خۆڵەمێش دەخۆم وەك نان، فرمێسکم تێکەڵ بە خواردنەوەم بووە.
١٠ لەبەر تووڕەیی و نەفرەتی تۆ، چونکە هەڵتگرتم و فڕێتدام.
١١ ڕۆژگارم وەك سێبەری خوارە، خۆشم وەك گیا وشك دەبمەوە.
١٢ تۆش ئەی خوداوەند تاهەتایە لەسـەر تەختی، نەوە دوای نەوە یادت دەکەنەوە.
١٣ تۆ هەڵدەسـتیت و بەزەییت بە سـییۆن دێتەوە، چونکە ماوەی میهرەبانییە، چونکە کاتی هاتووە.
١٤ چونکە خزمەتکارەکانت بە تـاسـەوەن بۆ بەردەکانی، دڵیان دەسووتێ بۆ خۆڵەکەی.
١٥ هەموو نەتەوەکان لە ناوی خوداوەند دەترسن، هەموو پاشاکانی زەویش لە شکۆمەندیت.
١٦ چونکە کە خوداوەند سـییۆنی بنیادنا، بە شـکۆمەندی خۆی دەبینرێت.
١٧ ئاوڕ لە نوێژی ڕووتوڕەجاڵەکان دەداتەوە، نوێژەکانیان بە کەم نازانێت.
١٨ ئەمە بۆ نەوەی داهاتوو دەنووسـرێت، گەلێك بەدیدەهێنرێت ستایشی خوداوەند دەکات.
١٩ چونکە خوداوەنـد لە بەرزایی پیرۆزی خۆیەوە دەڕوانێتە خوارێ، لە ئاسمانەوە سەیری زەوی دەکات.
٢٠ تـا گوێی لە هەنسـکی دیلەکان بێت، ئەوانە ئـازاد بکـات کە دراونەتە دەست مردن.
٢١ تا لە سـییۆن باسـی ناوی خوداوەند بکرێت، لە ئۆرشـەلیم ستایشی.
٢٢ کاتێ گەلان پێکەوە کۆدەبنەوە، پاشـایەتییەکان بۆ پەرسـتنی خوداوەند.
٢٣ هێزی کزکردم لە ناوەڕاستی تەمەنم، ڕۆژگاری کورتکردم.
٢٤ دەڵێم خودایە، لە ناوەڕاسـتی ڕۆژگارم لاممەبە، سـاڵانی تۆ بۆ نەوە دوای نەوەیە.
٢٥ لە دێرزەمانەوە زەویت دامەزراندووە، ئاسـمانیش دەسـتکردی تۆیە.
٢٦ ئەوان لەناو دەچن، بەڵام تۆ دەمێنیت، هەموو وەك کراس کۆن دەبن، وەك جلوبەرگ دەیانگۆڕیت و دەگۆڕێن.
٢٧ بەڵام تۆ ناگۆڕێیت، ساڵانی تۆ کۆتایی نایە.
٢٨ ڕۆڵەی خزمەتکـارەکـانـت نیشـتەجێ دەبن و نەوەکـانیـان لەبەردەمت دەچەسپێن.

# ١٠٣

گۆرانییەکی داود.
١ ئەی گیـانی من خوداوەنـد پیرۆز بکە، هەموو نـاخیشـم نـاوی پیرۆزی.
٢ ئەی گیـانی من، خوداوەنـد پیرۆز بکە، هیچ چـاکەیەکی لە بیرمەکە.
٣ ئەوەی لە هەموو گوناهێکت خۆش دەبێت، لە هەموو نەخۆشییەك چاکت دەکاتەوە.
٤ ئەوەی ژیانت لە گۆڕ دەکڕێتەوە، پەیمانی خۆشـەویسـتی و بەزەیی دەکاتە تاجی سەرت.
٥ ئەوەی تەمەنت تێر دەکات بە چاکە، گەنجیت وەك هەڵۆ نوێ دەبێتەوە.

٦ خوداوەند ڕاستودروستی دەکات، دادوەری دەکات بۆ هەموو چەوساوەکان.
٧ ڕێگای خۆی بە موسا نیشاندا، کردەوەکانی بە نەوەکانی ئیسرائیل.
٨ خوداوەند میهرەبان و بە بەزەییە، پشوودرێژە و پەیمانی خۆشەویستیی زۆرە.
٩ دەمەقاڵێی تاسەر نییە، ڕقیشی تا هەتاهەتا نییە.
١٠ بە گوناهی خۆمان لەگەڵ ناکات و بە گوێرەی تاوانەکانمان پاداشتمان ناداتەوە.
١١ وەك بەرزی ئاسمان لەسەر زەوییەوە، پەیمانی خۆشەویستییەکەی هەڵداوە بەسەر ئەوانەی لێیدەترسن.
١٢ وەك دووری ڕۆژهەڵات لە ڕۆژئاواوە، یاخیبوونەکانمانی لێ دوور خستووینەتەوە.
١٣ وەك باوك چۆن بەزەیی بە منداڵەکانیدا دێتەوە، خوداوەندیش ئاوا بەزەیی بەوانە دێتەوە کە لێی دەترسن.
١٤ چونکە دەزانێت ئێمە چین، لەبیریەتی کە ئێمە خۆڵین.
١٥ مرۆڤ ڕۆژگاری ژیانی وەك گیا وایە، وەك گوڵی ناو کێڵگە گوڵ دەکات.
١٦ چونکە بایەك هەڵبکات بەسەری، ئیتر نامێنێت، ئاسەواریشی دیار نابێت.
١٧ بەڵام پەیمانی خۆشەویستی خودا لە هەتاهەتاوە و تا هەتاهەتایە بەسەر ئەوانەیە کە ترسی ئەویان لە دڵدایە، ڕاستودروستیشی بۆ کوڕی کوڕە.
١٨ بۆ ئەوانەی پەیمانی دەپارێزن ، ئەوانەی ڕاسپاردەکانی ئەویان لەبیرە و دەیکەن.
١٩ خوداوەند تەختی خۆی لە ئاسمان چەسپاندووە و پاشایەتییەکەشی بەسەر هەمووانەوەیە.
٢٠ خوداوەند پیرۆز بکەن ئەی فریشتەکانی، ئەی ئەو بەهێزانەی وشەی بەجێدەهێنن، ئەی ئەوانەی گوێڕایەڵی ووشەی دەبن.
٢١ خوداوەند پیرۆز بکەن ئەی هەموو سوپاکانی، ئەی خزمەتکارانی کە بە ڕەزامەندی ئەو دەکەن.
٢٢ خوداوەند پیرۆز بکەن ئەی هەموو کردەوەکانی، لە هەموو شوێنێکی دەسەڵاتی، ئەی گیانی من خوداوەند پیرۆز بکە.

# ١٠٤

١ ئەی گیانی من خوداوەند پیرۆز بکە. ئەی خوداوەند خودام زۆر مەزنیت! ڕێز و شکۆمەندیت لەبەرکردووە.
٢ وەك بەرگ ڕووناکی پۆشیوە، وەك خێوەت ئاسمانی هەڵداوە،
٣ ئاوی کردووە بە بنمیچی باڵاخانەکەی، هەوری ئاسمان بۆتە گالیسکەی، بەسەر باڵی باوە دەڕوات.
٤ ڕۆحەکانی کردووە بە فریشتەی خۆی، گڕی ئاگر بووە بە خزمەتکاری.
٥ زەویت لەسەر بناغەی خۆی چەسپاندووە، تاهەتایە نالەقێت.
٦ قووڵایی وەك کراس لەبەرکردووە، لەسەر چیاکان ئاو ڕادەوەستێت،
٧ لە سەرزەنشتی تۆ ڕادەکەن، لە دەنگی گرمەی تۆ هەڵدێن،
٨ بەسەر چیاکان دەکەون و شۆڕدەبنەوە ناو دۆڵەکان. بۆ ئەو شوێنەی تۆ بۆت دامەزراندووە.
٩ سنوورێکت دانا لێی تێنەپەڕن، نەگەڕێنەوە زەوی داپۆشن.
١٠ کانیاو دەتەقێنیەوە لەناو دۆڵەکان، تا لە نێوان چیاکاندا بڕۆن.
١١ هەموو زیندەوەرێکی دەشتودەر ئاودەدەن، کەرەکێوییەکان تینوویەتی خۆیانی پێ دەشکێنن.
١٢ باڵندەی ئاسمان دڵنیا دەبێت پێیان و هێلانە دەکات، لەناو چڵەکان دەخوێنێت.
١٣ لە باڵاخانەی خۆتەوە چیاکان ئاودەدەیت، زەوی لە بەروبوومی کردەوەکانت تێر دەبێت.
١٤ گیا بۆ ئاژەڵ دەڕوێنیت، سەوزە بۆ خزمەتی مرۆڤ، بۆ دەرهێنانی نان لە زەوییەوە.
١٥ مەییش دڵی مرۆڤ خۆشدەکات، بۆ درەوشانەوەی ڕووی زیاتر لە ڕۆن، نانێکە بۆ پتەوکردنی دڵی مرۆڤ.
١٦ درەختەکانی خوداوەند تێر دەبن، ئەو ئورزەی لوبنان کە چاندی،
١٧ ئەوەی چۆلەکە هێلانەی تێدا دەکات، حاجی لەقلەقیش دار سەرو ماڵیەتی،
١٨ چیای بەرزیش بۆ بزنە کێوی، بەردەکانیش پەناگای گۆڕهەڵکەنە.
١٩ مانگی دروستکرد بۆ کاتەکان، خۆریش ئاوابوونی خۆی دەزانێت.
٢٠ تاریکی دادێنێت دەبێت بە شەو، هەموو زیندەوەری دارستان تیای دەکەونە جموجۆڵ.
٢١ بەچکە شێر بۆ نێچیر دەنەڕێنن، بۆ داواکردنی خواردنیان لە خودا.
٢٢ کە ڕۆژ هەڵدێت کۆدەبنەوە، لەناو لانەکانیان خۆیان مات دەکەن.
٢٣ مرۆڤ دەردەچێت بۆ ئیش وکاری، بۆ خزمەتەکەی هەتا ئێوارە.
٢٤ ئەی خوداوەند کردەوەکانت چەند زۆرن! هەموویت بە دانایی دروستکردووە، زەوی پڕە لە ماڵ وموڵکی تۆ.
٢٥ ئەم دەریا گەورە و فراوانە، کە بێژمار گیانداری گەورە و بچووکی تیادا دەجمێت.
٢٦ لەوێ کەشتییەکان دەڕۆن، لیڤیاتان، ئەمەی خۆت خەڵقت کردووە تا یاری تیادا بکات.
٢٧ ئەمانە هەمووی چاویان لە تۆیە، تا لە کاتی خۆی خواردنیان پێبدەیت،
٢٨ پێیان دەدەیت و دەیقۆزنەوە، دەستت دەکەیتەوە تێر چاکە دەبن.
٢٩ ڕوو وەردەگێڕیت، دەتۆقن، هەناسەیان لێدەبڕیت، دەمرن، دەگەڕێنەوە بۆ خۆڵی خۆیان.
٣٠ ڕۆحی خۆت دەنێریت و خەڵقدەبنەوە، ڕووی زەوی نوێ دەبێتەوە.
٣١ شکۆمەندیی خوداوەند تاهەتایە بەردەوام دەبێت، خوداوەند بە کارەکانی خۆی دڵخۆش دەبێت.
٣٢ سەیری زەوی دەکات، زەوی لەرزەیگرێت، دەستت دەداتە چیاکان، دووکەڵ دەکەن.
٣٣ بە درێژایی ژیانم گۆرانی بۆ خوداوەند دەڵێم، هەتا ماوم سروود بۆ خودا دەڵێم،
٣٤ بەڵکو بیرکردنەوەم شیرین بێ لەلای، منیش بە خوداوەند دڵخۆشدەبم.
٣٥ گوناهکاران لەسەر زەوی دواییان دەبڕێتەوە. بەدکاران ئیتر نامێنن. ئەی گیانی من خوداوەند پیرۆز بکە. هەلیلویا.

# ١٠٥

١ ستایشی خوداوەند بکەن و بە ناوی ئەوەوە بانگ بکەن،
کردەوەکانی بە گەلان بناسێنن.
٢ گۆرانی بۆ بڵێن، سروودی بۆ بڵێن، لە کارە سەرسوڕهێنەرەکانی
ووردببنەوە،
٣ شانازی بە ناوی پیرۆزیەوە بکەن، با دڵخۆش بن ئەوانەی دوای
خوداوەند کەوتوون.
٤ خوداوەند و هێزیتان مەبەست بێت، هەمیشە بە دوای ڕوخساریدا
بگەڕێن.
٥ باسی ئەو کارە سەرسوڕهێنەرانەی بکەن کە کردوونی،
نیشانەکانی و حوکمەکانی دەمی.
٦ ئەی نەوەی ئیبراهیمی خزمەتکاری خۆی، ئەی ڕۆڵەکانی
یاقوب، هەڵبژاردەکانی.
٧ خوداوەند خودامانە، حوکمەکانی لە سەراپای زەوییە.
٨ بۆ هەتاهەتایە یادی پەیمانەکەی بکەن، ئەو وشەیەی فەرمانی
پێدا بۆ هەزار پشتە،
٩ ئەوەی لەگەڵ ئیبراهیم بەستی، ئەو سوێندەی بۆ ئیسحاقی
خوارد،
١٠ وەك فەرز بۆ یاقوب چەسپاندی، پەیمانێکی هەمیشەییە بۆ
ئیسرائیل.
١١ فەرموویەتی: خاکی کەنعان[أ] بە تۆ دەدەم، بەشە میراتی خۆتانە.
١٢ ئەو کاتەی ژمارەیان کەم بوو، کەم و نامۆ بوون لەو خاکە،
١٣ لە نەتەوەیەکەوە دەچوونە نەتەوەیەکی تر، لە پاشایەتییەکەوە بۆ
گەلێکی تر.
١٤ لێ نەگەڕا کەس زوڵمیان لێ بکات، بەڵکو لەسەر ئەوان،
پاشایانی سەرزەنشت کرد.
١٥ دەست لەدەستنیشانکراوەکانم مەدەن، خراپە لەگەڵ
پێغەمبەرەکانم مەکەن.
١٦ جاری برسێتی دا لەسەر زەوی، هەموو نانێکی لە زەوی بڕی.
١٧ مرۆڤێکی لە پێشیانەوە نارد، یوسف بە کۆیلە فرۆشرا،
١٨ بە کۆت ئازاری پێیان دا، زنجیری ئاسنیان لە ملی کرد.
١٩ تا ئەو کاتەی قسەی هاتەدی، وتەی خوداوەند تاقیکردەوە.
٢٠ پاشا ناردی کردیانەوە، فەرمانڕەوای گەلان ئازادی کرد.
٢١ کردی بە گەورەی ماڵی خۆی، کردی بە دەسەڵاتداری هەموو
موڵکی خۆی.
٢٢ تا بە دڵی خۆی میرەکانی بەند بکات، ڕیش سپییەکانی فێری
دانایی بکات.
٢٣ جا ئیسرائیل هاتە میسر، یاقوب لە خاکی خام بوو بە لانەواز.
٢٤ وای کرد گەلەکەی زۆر بە بەروبووم بن، لە هەموو
دوژمنەکانی بەهێزتری کردن.
٢٥ دڵی گۆڕین تا ڕقیان لە گەلەکەی بێت، تا فێڵ لە خزمەتکارەکانی
بکەن.
٢٦ موسای خزمەتکاری خۆی نارد و هارون ئەوەی هەڵیبژارد.
٢٧ هێنایانەدی لەنێوانیان وشەی نیشانەکانی، کارە
سەرسوڕهێنەرەکانی لە خاکی خام.
٢٨ تاریکی نارد و تاریك داهات، دژ بە وشەکەی نەوەستان،
٢٩ ئاویانی گۆڕی بۆ خوێن، ماسییەکانیانی کوشت.
٣٠ پڕبوو لە بۆق زەوییان، لەناو نوێنی پاشاکانیان.
٣١ بە ووشەی ئەو مێش و مەگەز هات، مێشوولە لە هەموو
سنوورەکانیان.
٣٢ بارانی کردن بە تەرزە، ئاگری بە گڕ لە زەوییەکانیان.
٣٣ لە هەنجیر و دارمێوەکانی دان، درەختی سنوورەکانیانی شکاند.
٣٤ بە وشەی ئەو کولە هات، کولەی بێباڵ بە بێژمار،
٣٥ هەموو سەوزایی زەویەکەیانی خوارد، بەرووبوومی
خاکەکەیانی خوارد.
٣٦ لە هەموو نۆبەرەیەکی دا لە خاکەکەیان، سەرەتای هەموو
توانایان.
٣٧ بە زێڕو زیوەوە دەریکردن، لە خێڵەکەی کەسی پەککەوتە
نەبوو.
٣٨ میسر بە دەرچوونیان دڵخۆش بوو، چونکە ترسی ئەوان
چووبووە دڵیانەوە.
٣٩ هەورێکی کشان بۆ داپۆشین، ئاگرێك بۆ ڕووناك کردنەوەی
شەو.
٤٠ داوایان کرد، پۆڕ هات، نانی ئاسمانی تێری کردن.
٤١ بەردی شەقکرد و ئاوی لێ هەڵقوڵا، وەك ڕووبار بەناو بیاباندا
ڕۆیی.
٤٢ چونکە گفتی پیرۆزی خۆی یادکردەوە، بۆ ئیبراهیمی
خزمەتکاری.
٤٣ هێنایە دەرەوە گەلەکەی بە شادییەوە، هەڵبژاردەکانی بە
هەلهەلەوە.
٤٤ خاکی نەتەوەکانی پێبەخشین، بەری ماندووبوونی گەلانیان بە
میرات بۆ مایەوە،
٤٥ تا فەرزەکانی بپارێزن، فێرکردنەکانی جێبەجێ بکەن. هەلیلویا.

# ١٠٦

هەلیلویا
١ ستایشی خوداوەند بکەن چونکە چاکە، چونکە پەیمانی
خۆشەویستیەکەی تاهەتایە.
٢ کێ باسی پاڵەوانێتی خوداوەند دەکات، هەموو ستایشی ئەو
ڕادەگەیەنێت؟
٣ خۆزگە دەخوازرێت بە پارێزەرانی دادوەری، بە
ڕاستودروستکار، هەموو کاتێ.
٤ ئەی خوداوەند، لە کاتی ڕەزامەندیت لە گەلەکەت یادم بکەوە،
لە ڕزگاریەکەت بەسەرمکەرەوە.
٥ تا خۆشگوزەرانی هەڵبژێراوانت ببینم، تا بە دڵخۆشی
نەتەوەکەت دڵخۆشبم، تا لەگەڵ میراتەکەت شانازی بکەم.
٦ گوناهمان کرد ئێمە و باوکانمان، خراپەمان کرد و بەدکاریمان
کرد.
٧ باوکانمان لە میسر، کردەوە سەرسوڕهێنەرەکانی تۆ
تێنەگەیشتن، یادی گەورەیی پەیمانی خۆشەویستییەکەی تۆیان
نەکردەوە. بەڵکو یاخیبوون لەلای دەریا، لەلای دەریای سوور.
٨ بەڵام ڕزگاری کردن لەبەر ناوی خۆی، تا پاڵەوانیەتی بزانرێت.
٩ لە دەریای سووری ڕاخوری، وشکبوو، بە ناو قووڵاییەکەیدا
بردنی، وەك لە بیاباندا.
١٠ لە دەست ناحەز ڕزگاری کردن، لە دەست دوژمن کڕینیەوە.
١١ ئاو ڕاونەرانیای داپۆشی، یەکیان دەرباز نەبوو.

[أ] ١٠٥: ١١ مەبەست لەو خاکەیە کە کەنعانییەکان تیایدا نیشتەجێ بوون،
ئێستاش پێی دەوترێت فەلەستین.

١٢ ئەوسا بڕوایان بە قسەی هێنا، گۆرانییان بۆ ستایشی وت.
١٣ بەڵام هەر زوو کردەوەکانییان لەیادچوو، چاوەڕێی ڕاوێژی ئەویان نەکرد.
١٤ بەڵکو لە دەشـــتودەر ئارەزوویان جوڵا و لە بیاباندا خودایان تاقیکردەوە،
١٥ ئەوەی داوایان کرد، پێیدان، بەڵام گیانیان تووشی لەڕی بوو.
١٦ حەسـوودیان بە موسـا برد لە ئۆردوگا و بە هارونی پیرۆزی خوداوەند.
١٧ زەوی لێکبووەوە و داتانی قووتدا، بەسـەر تاقمەکەی ئەبیرامدا[أ] هاتەوەیەك.
١٨ ئاگر بەربووە تاقمەکەیان، گڕ بەدکارانی سووتاند.
١٩ لە خۆرێب گوێرەکەیەکیـان دروسـتکرد، کڕنۆشـیـان بۆ پەیکەرێکی داڕژاو برد.
٢٠ شکۆمەندیی [خودایان] گۆڕییەوە بە پەیکەری گای گیا خۆر.
٢١ خودای ڕزگارکەری خۆیـان لەبیرکرد، کە لە میسـر کـاری مەزنی کردبوو،
٢٢ لە وڵاتی خام کردەوەی سەرسوڕهێنەر، لەلای دەریای سوور کاری ترسناك.
٢٣ ئینجا ووتی لەناودەچن، ئەگەر موسـای هەڵبژاردەی خۆی، لە کەلێنەکە لەبەردەمی نەوەسـتـایە، تـا نەهێڵێ تووڕەیی ئەو دایانڕزێنێ.
٢٤ خاکی پەسەندیان بەسووك زانی، باوەڕیان بە گفتی ئەو نەکرد.
٢٥ لەنـاو خێوەتەکـانیـانـدا کەوتنە بۆڵەبۆڵ ، گوێیـان لە قسـەی خوداوەند نەگرت.
٢٦ ئەویش دەستی بەرزکردەوە و هەڕەشـەی لێکردن، کە لە بیابان دەیانخات .
٢٧ نەوەکانیـان لەناو نەتەوەکاندا بخات و لە خاکەکاندا پەرتیان بکات.
٢٨ دەسـتیـانگرت بە بەعلی پەعۆرەوە[ب]، قوربـانی مردووانیـان خوارد[ت].
٢٩ بە کردەوەکانیان ڕقیان هەستاند، دەرد بەناویاندا بڵاوبووەوە.
٣٠ ئەوسا پینخاس[ث] هەستا و کەوتە بەینەوە، دەرد ڕاگیرا.
٣١ بە ڕاستودروستی بۆی دانرا، نەوە دوای نەوە تاهەتایە.
٣٢ لەلای ئـاوی مریبـا تووڕەیـان کرد، بە هۆی ئەوانەوە بوو بە ناخۆشی بۆ موسا.
٣٣ چونکە ڕۆحیان تاڵ کرد، دەمی خۆی لێیان نەگرت.
٣٤ گەلەکانیان لەناونەبرد، وەك خوداوەند فەرمانی پێکردبوون،
٣٥ بەڵکو لەگەڵ نەتەوەکـان بوون بەیەك، فێری کردەوەکـانیـان بوون.
٣٦ بتەکانی ئەوانیان پەرست و بوو بە داو بۆیان.
٣٧ کوڕ و کچانی خۆیان سەربڕی، بۆ ڕۆحە پیسەکان.
٣٨ خوێنێکی بێگەردیان ڕشت، خوێنی کوڕ و کچەکانیان، ئەوانەی بۆ بتەکانی کەنعان سەریان بڕین، زەوی پیس بوو بە خوێن.
٣٩ گلاو بوون بە کردەوەکانیان، داوێن پیس بوون بە کارەکانیان.
٤٠ تووڕەیی خوداوەند لە گەلەکەی جۆشـــا، ڕقی لە میراتەکەی بووەوە.
٤١ دەسـتبەسـەری نەتەوەکانی کردن، ناحەزانیان بە سـەریاندا زاڵبوون،
٤٢ دوژمنەکـانیـان تەنگیـان پێ هەڵچنین، زەلیلی ژێر دەسـتیـان بوون.
٤٣ زۆرجار دەربازی کردن، بەڵام یاخی بوون بە ڕاوێژەکانیان، داڕووخان بە گوناهەکانیان.
٤٤ لە تەنگانەیان ئاوڕی لێدانەوە، کە گوێی لە دەنگی هاواریان بوو.
٤٥ پەیمانی خۆی بۆیان هێنایەوە یاد، پاشـگەز بووەوە بە گوێرەی گەورەیی پەیمانی خۆشەویستییەکەی.
٤٦ وایکرد ئەوانەی بە دیل گرتوویانن، سکیان پێیان بسووتێت.
٤٧ ئەی خوداوەند خودامـان، ڕزگارمـان بکە، لەنـاو نەتەوەکـان کۆمان بکەوە، بۆ دانپیانان بە ناوی پیرۆزت، بۆ شانازی کردن بە ستایشت.
٤٨ پیرۆزە خوداوەند خودای ئیسـرائیل، لە هەتـاهەتـاوە و تـا هەتاهەتایە. با هەموو گەل بڵێن: ئامین! هەلیلویا!

کۆکراوەی بەشی پێنجەم

# ١٠٧

١ سـتـایشـی خوداوەند بکەن چونکە چـاکە، چونکە پەیمـانی خۆشەویستییەکەی تاهەتایە.
٢ بـا ئەوانەی خوداوەند بە خوێن کڕییـانیەوە، ئەوانەی بە خوێن کڕییانیەوە لە دەستی دوژمن.
٣ لە وڵاتانەوە کۆیکردنەوە، لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، لە باکوور و باشوورەوە.
٤ گومڕابوون لە چۆڵەوانی، لە بیـابـانی بێ ڕێگـا، شـــاری نیشتەجێبوونیان نەدۆزییەوە.
٥ برسی بوون هەروەها تینوو، گیانیان داهێزرا.
٦ ئینجـا لە تەنگـانەیـانـدا هـاواریـان کرد بۆ خوداوەند، ئەویش لە ناخۆشیەکانیان دەربازی کردن.
٧ ڕێبەرێتی کردن بۆ ڕێگای ڕاست، تا بڕۆن بۆ شاری نیشتەجێ بوون.
٨ ستایشی خوداوەند بکەن بۆ پەیمانی خۆشەویستییەکەی، بۆ کارە سەرسوڕهێنەرەکانی بۆ ئادەمیزادان،
٩ چونکە گیانێکی تینووی تێرکرد، گیانێکی برسی پڕکرد لە چاکە.
١٠ دانیشووانی تاریکی و سایەی مردن، دیلێتی ئازار و ئاسن.
١١ چونکە لە قسەکانی خودا یاخی بوون ، سووکایەتیان بە ڕاوێژی هەرەبەرزکرد.
١٢ پشتیان لە ژێر باردا چەمایەوە، کەوتن و کەس نەبوو یارمەتیان بدات.
١٣ ئینجا لە تەنگانەیاندا هاواریان کرد بۆ خوداوەند، ئەویش لە ناخۆشیەکانیان ڕزگاری کردن.
١٤ لە تاریکی و سـایەی مردن دەریهێنان، کۆت و زنجیرەکانی پارچە پارچە کردن.

[أ] ١٠٦: ١٧ دوو کوڕی ئەلیئاب بوون لە نەوەی ڕئووبێن، بەشداری ئۆنی کوڕی فالتیان کرد لە یاخیبوونەکەی قۆرەخ دژ بە موسا و هارون. بڕوانە پەرتووکی ژمارە بەشی ١٦.

[ب] ١٠٦: ٢٨ ناوێکی مۆئابییە بۆ ئەو خودایەی لە چیای پەعۆر دەیانپەرست. بڕوانە پەرتووکی ژمارە ٢٥: ١-٩.

[ت] ١٠٦: ٢٨ نەریتی کەنعانییەکان بوو، کاتێ یەکێکیان دەمرد، قوربانی پێشکەش بکەن و بخۆن و بخۆنەوە و سەما بکەن.

[ث] ١٠٦: ٣٠ کوڕی ئەلیعەزەری کوڕی هارونە، دڵگەرم بوو بۆ خوداوەند بۆیە کاتێ زەمری کوڕی سالووای شمعۆنی لەگەڵ ژنە میدیانێکە داوێن پیسی دەکرد هەردووکیانی کوشت، بەو شێوەیە ئەو بەڵایەی بەسەر جوولەکەکان هاتبوو بڕایەوە. بڕوانە لە دەشتودەر ٢٥: ١-٩.

١٥ ستایشی خوداوەند بکەن بۆ پەیمانی خۆشەویستییەکەی، بۆ کارە
سەرسوڕهێنەرەکانی بۆ ئادەمیزادان،
١٦ چونکە دەروازەی مسی تێکشکاند، شیشە ئاسنەکانی دوولەت
کرد.
١٧ گێلەکان لە ڕێگای یاخی بوونیان و لە گوناهەکانیان تووشـــی
ناخۆشی دەبن.
١٨ قێزیان لە هەموو خواردنێك بووەوە، لە دەروازەکانی مەرگ
نزیك بوونەوە.
١٩ ئینجا لە تەنگانەیاندا هاواریان کرد بۆ خوداوەند، ئەویش لە
ناخۆشیەکانیان ڕزگاری کردن.
٢٠ وشەی خۆی نارد و چاکی کردنەوە، لە فەوتان دەربازی کردن.
٢١ ستایشی خوداوەند بکەن بۆ پەیمانی خۆشەویستییەکەی، بۆ کارە
سەرسوڕهێنەرەکانی بۆ ئادەمیزادان،
٢٢ با قوربانی ســـتایش پێشـــکەش بکەن ، بە هەلهەلەوە باســـی
کردەوەکانی بکەن.
٢٣ دادەبەزنە ناو دەریا بە کەشـــتی، ئەوانەی لە ئاوە زۆرەکان
کاردەکەن.
٢٤ ئەوان کارەکانی خوداوەندیان بینی، کارە سەرسوڕهێنەرەکانی
لە قووڵایی.
٢٥ بە وشەی ئەو ڕەشەبا هەڵسا، شەپۆلەکانی بەرزکردەوە.
٢٦ بەرزدەبنەوە بۆ ئاسمانەکان، دادەبەزنە ناو قووڵاییەکان، گیانیان
لە مەترسیدا جۆلانە دەکات.
٢٧ شـــەپۆل دەدەن و بە لادادێن وەك ســـەرخۆش، هەموو دانایيان
قووتدرا.
٢٨ ئینجا لە تەنگانەیاندا هاواریان کرد بۆ خوداوەند، ئەویش لە
ناخۆشیەکانیان دەربازی کردن.
٢٩ ڕەشەبا هێدی دەکاتەوە بۆ ئارامی، شەپۆلەکانی بێدەنگ دەبێت.
٣٠ دڵخۆش بوون، چونکە شـــەپۆلەکان هێمن بوونەوە، گەیاندیانی
بەو بەندەرەی ئارەزوویان دەکرد.
٣١ ســـتایشـــی خوداوەند بکەن بۆ پەیمانی خۆشـــەویســـتییەکەی، بۆ
کارە سەرسوڕهێنەرەکانی بۆ ئادەمیزادان،
٣٢ لەناو کۆڕی خەڵك بەرزی بکەنەوە، لە ئەنجوومەنی پیرەکان
ستایشی بکەن.
٣٣ ڕووبار دەکات بە بیابان و سەرچاوەی ئاوەکان بە زەوی تینوو.
٣٤ خاکی بە پیت دەکات بە زەوی بێکەڵك، لەبەر خراپەی ئەوانەی
تیایدا دانیشتوون.
٣٥ بیابان دەکات بە گۆمەئاو و زەوی وشك بە سەرچاوەی ئاوەکان.
٣٦ برســـییەکان لەوێ نیشـــتەجێ دەکات، شـــاری نیشـــتەجێبوون
دادەمەزرێنن.
٣٧ کێڵگە دەچێنن و ڕەزەمێو دەڕوێنن ، دەغڵیـــان بە بەروبووم
دەبێت.
٣٨ پیرۆزیان دەکات و زۆر زیاد دەبن، ئاژەڵیان کەم ناکاتەوە.
٣٩ کەم دەبنەوە و دەچەمێنەوە، لەژێر بـــاری خراپەکـــاری و
ناخۆشی.
٤٠ ڕســـوایی دەڕێژێت بە ســـەر میرەکاندا، گومڕایان دەکات لە
چۆڵەوانییەکی بێڕێگادا.
٤١ بەڵام هەژار بەرز دەکاتەوە لە زەلیلی، بنەماڵەیان وەك ڕانە
مەڕ لێدەکات.

٤٢ سەرڕاستەکان ئەمە دەبینن و دڵخۆش دەبن ، هەموو خراپەیەك
دەمی دەگیرێت.
٤٣ کێ دانایە با بڕوانێتە ئەمەو پەیمانی خۆشـــەویســـتییەکەی
خوداوەند تێبگات.

# ١٠٨

گۆرانی و داود.
١ دڵم چەســـپاوە ئەی خودا، دڵم پتەوە، گۆرانی دەڵێم و مۆســـیقا
لێدەدەم، ئەمە شانازی منە.
٢ هەستە ئەی قیسارە، ئەی عوود، من بەرەبەیانان هەڵدەستم.
٣ ئەی خوداوەند لەناو گەلاندا ســـتایشـــت دەکەم ، لەناو نەتەوەکان
گۆرانیت بۆ دەڵێم.
٤ چونکە پەیمانی خۆشـــەویســـتییەکەت لە ئاســـمان مەزنترە،
دڵسۆزیشت لە هەورەکان.
٥ بەرزبەوە بەسەر ئاسمان خودایە، شکۆمەندیشت بەسەر هەموو
زەوییەوە.
٦ تا خۆشەویستانت دەربازبن، بە دەستە ڕاستەت ڕزگارم بکە و
بە دەنگمەوە وەرە.
٧ خودا بە پیرۆزیی خۆی فەرمووی: بە خۆشییەوە شکەم[أ] دابەش
دەکەم، دۆڵی سوکۆت دەپێوم.
٨ گلعاد هی منە، مەنەشـــەش هی منە، ئەفرایم کڵاوی ئاســـنینی
سەرمەو یەهوودا داردەستمە.
٩ مۆئاب دەستشۆرمە، پێڵاوەکەم فڕێدەدەمە سەر ئەدۆم،
لەسەر فەلەست هاواری سەرکەوتن دەکەم.
١٠ کێیە دەمباتە شاری شوورابەند؟ کێیە ڕابەریم دەکات بۆ ئەدۆم؟
١١ مەگەر تۆ نی ئەی خودا، کە ئێمەت ڕەت کردۆتەوە و ئیتر
لەگەڵ سوپاکانمان دەرناچیت؟
١٢ وەرە یـــارمەتیمـــان بـــدە لە تەنگـــانە، چونکە ڕزگـــاری لەلای
مرۆڤەوە بێت، بێسوودە.
١٣ لەگەڵ خودا ســـەرکەوتن بە دەســـت دەهێنین، هەروەها ئەو
دوژمنەکانمان دەخاتە ژێر پێی.

# ١٠٩

بۆ سەرۆکی گۆرانی بێژان. زەبوورێکی داود.
١ ئەی خودای ستایشم بێدەنگ مەبە!
٢ چونکە دەمی بەدکار و دەمی فریودەر کراونەتەوە لێم، بە زمانی
درۆ قسەم لەگەڵ دەکەن.
٣ بە قسەی ڕقەوە دەوریان گرتووم، بە بێ هۆ دەجەنگن دژم.
٤ لەجیاتی خۆشـــەویســـتییەکەم دژایەتیم دەکەن، بەڵام من نوێژ
دەکەم.
٥ لە پاداشـــتی چاکە خراپەم لەگەڵ دەکەن، ڕقیش لە پاداشـــتی
خۆشەویستیم.

---

أ

**١٠٨: ٧، ٨، ٩ بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ئەم ناوانە بڕوانە پەیدابوون ٣٣: ١٧ـ٢٠**

٦ بەدکارێکی بە سەردا زاڵ بکە، با شکاتکەر لەلای دەستە ڕاستی
ڕاوەستێت.
٧ با لە دادگایی کردنی تاوانبار دەربچێت، پاڕانەوەی ببێت بە
گوناهە بۆی.
٨ با ڕۆژگاری کورت بێت، یەکێکی تر جێی بگرێتەوە!
٩ با کوڕەکانی هەتیو بن، ژنی بێوەژن بێت.
١٠ با کوڕەکانی سەرگەردانبن و سواڵ بکەن، شوێنەواریان
بسڕێتەوە لە کەلاوەکانیان.
١١ با هەرچی هەیەتی خاوەن قەرز بیبات، بێگانەش بەری ڕەنجی
تاڵان بکەن.
١٢ با کەس نەبێت دەستی پەیمانی خۆشەویستی بۆ درێژ بکات،
کەس نەبێت دڵی بە هەتیوەکانی بسووتێت!
١٣ با دوای ببڕێتەوە، ناوی لە نەوەی داهاتوو بسڕێتەوە!
١٤ با تاوانەکانی باوباپیرانی بخرێنە بەردەم خوداوەند، با
گوناهەکانی دایکی نەسڕێنەوە!
١٥ هەمیشە لەبەردەم خوداوەند بن، با یادیان لە سەر زەوی
ببڕێتەوە!
١٦ لەبەرئەوەی بیری نەکردەوە خۆشەویستی بنوێنێت، بەڵکو
مرۆڤی هەژار و نەدار و دڵشکاوی ڕاوناوە و کوشتووە.
١٧ حەزی لە نەفرەت بوو، بۆی هات! دڵشاد نەبوو بە بەرەکەت،
لێی دوورکەوتەوە!
١٨ وەك کراسی بەری نەفرەتی کردبووە بەر، وەك ئاو چووە ناو
لەشی، وەك ڕۆن چووە ناو ئێسقانەکانی.
١٩ با وەك بەرگێك بێ لە خۆی بپێچێت، هەمیشە وەك پشتێنێك بێ
لە خۆی بیبەستێت!
٢٠ با ئەمە پاداشتی شکاتکارانم بێت لەلای خوداوەندمەوە، ئەوانەی
بە خراپە دەدوێن دژ بە گیانم.
٢١ بەڵام تۆ ئەی خوداوەند خوداوەندم، لە پێناوی ناوی خۆت
چاکەم لەگەڵ بکە. چونکە پەیمانی خۆشەویستییەکەت چاکە،
دەربازم بکە.
٢٢ چونکە من هەژار و نەدارم، دڵم لە ناخمدا بریندارە.
٢٣ وەك سێبەری ئێوارە دەڕۆم، وەك کولە هەڵدەوەرێم.
٢٤ ئەژنۆم شل بووە لەبەر ڕۆژووگرتن، لەشم لاواز بووە لە
کەمی چەوری.
٢٥ بوومە بە سووکایەتی بۆیان، دەمبینن سەر بادەدەن.
٢٦ ئەی خوداوەند خودام یارمەتیم بدە، بە گوێرەی پەیمانی
خۆشەویستییەکەت ڕزگارم بکە.
٢٧ با بزانن کە ئەمە دەستی تۆیە، تۆ ئەمەت کردووە ئەی
خوداوەند.
٢٨ ئەوان نەفرەت دەکەن، بەڵام تۆ پیرۆز دەکەیت، هەستان و
شەرمەزار بوون، بەڵام خزمەتکاری تۆ دڵخۆش بوو.
٢٩ با شکاتکارانم بەرگی نامەردی بکەنە بەر، با شەرمەزاری وەك
باڵتۆ لە خۆیان بپێچن.
٣٠ بە دەمی خۆم زۆر سوپاسی خوداوەند دەکەم، لەناو خەڵکێکی
زۆر ستایشی دەکەم.
٣١ چونکە ئەو لە دەستە ڕاستی نەدار ڕادەوەستێت، بۆ
ڕزگارکردنی لە وانەی حوکمی بەسەر دەدەن.

# ١١٠

زەبوورێکی داود.
١ خوداوەند بە خوداوەندمی وت: لە دەستە ڕاستی من دانیشە،
تا دوژمنەکانت بخەمە ژێر پێت.
٢ خوداوەند داردەستی توانات لە سییۆنەوە دەنێرێت، لەناو
دوژمنەکانت فەرمانڕەوایی بکە.
٣ گەلەکەت خۆیان وەك دیاری پێشکەش دەکەن لە ڕۆژی هێزت،
بە ئاڕایشتێکی پیرۆزەوە لە منداڵدانی بەرەبەیانەوە، بۆ تۆ شەونمی
گەنجەکانت.
٤ خوداوەند سوێندی خواردوە و پاشگەز نابێتەوە: تۆ تاهەتایە
کاهینی لە پلەی مەلکی سادق.
٥ خوداوەندم لەلای دەستە ڕاستتە، لە ڕۆژی تووڕەیی پاشایان
ووردوخاش دەکات.
٦ لەناو نەتەوەکاندا حوکم دەدات، دۆڵەکان پڕ تەرم دەکات،
سەرۆکەکان بە سەر زەوی پان وبەریندا بڵاودەکاتەوە.
٧ لە جۆگەی دەم ڕێگا دەخواتەوە، بۆیە سەری بەرز ڕادەگرێت.

# ١١١

هەلیلویا!
ئەلف ١ بە هەموو دڵەوە ستایشی خوداوەند دەکەم،
بێت لە کۆڕی سەرڕاستان و لە کۆبوونەوەکان.
گیمێل ٢ کردەوەکانی خوداوەند مەزنن،
دالێت فێرکردنن بۆ هەموو ئەوانەی خۆشی لێ دەبینن.
هێی ٣ بەرز و شکۆمەندە کردەوە مەزنەکانی،
ڤاڤ ڕاستودروستیەکەشی تاهەتایە بەردەوامە.
زاین ٤ وایکردووە کارە سەرسوڕهێنەرەکانی یادبکرێنەوە.
خێیت خوداوەند میهرەبان و بە بەزەییە.
تێیت ٥ خواردن دەدات بە وانەی لێی دەترسن،
یۆد هەمیشە پەیمانی خۆی لەبیرە.
کاف ٦ هێزی کردەوەکانی خۆی نیشانی گەلەکەی داوە،
لامد بەوەی کە میراتی نەتەوەکانی پێداون.
میم ٧ کردەوەکانی دەستی، دڵسۆزی و دادپەروەرییە،
نون ڕاسپاردەکانی جێی متمانەن.
سامخ ٨ چەسپاون تاهەتایە،
عەین بە دڵسۆزی و سەرڕاستی دروستکراون.
پێ ٩ خۆبەختکەری بۆ گەلی خۆی نارد،
چادێ تاهەتایە فەرمانی پەیمانی خۆی داوە،
قۆف پاك وپیرۆز و سامناکە ناوی.
ڕێیش ١٠ سەرەتای دانایی ترسی خوداوەندە،
شین تێگەیشتنێکی باشە بۆ هەموو ئەوانەی کاری پێ دەکەن،
تاو ستایشی تاهەتایە بەردەوامە.

# ١١٢

هەلیلویا!
ئەلف ١ خۆزگە دەخوازرێت بەو مرۆڤەی لە خوداوەند دەترسێت
و
بێت بە ڕاسپاردەکانی زۆر دڵخۆشە.
گیمێل ٢ وەچەی لە سەر زەوی بەهێز دەبن،
دالێت نەوەی سەرڕاستان پیرۆز دەبن.
هێی ٣ سامان و دەوڵەمەندی لە ماڵیەتی،
ڤاڤ ڕاستودروستیەکەی تاهەتایە بەردەوامە.

زاین ٤ لە تاریکیدا ڕووناکی بۆ سەرڕاستان درەوشایەوە،
خێیت میهرەبان و بە بەزەیی و ڕاستودروستە.
تێیت ٥ مرۆڤی چاك میهرەبانە و قەرز دەدات،
یۆد بەدادوەرییەوە ئیش وکاری خۆی ڕادەپەڕێنێت.
کاف ٦ چونکە تاهەتایە نالەقێت،
لامد ڕاستودروست تاهەتایە یادی دەکرێتەوە.
میم ٧ لە بیستنی هەواڵی خراپ ناترسێت،
نون دڵی پتەوە، پشتی بە خوداوەند بەستووە.
سامخ ٨ دڵی چەسپاوە و ناترسێت،
عەین تا سەرکەوتووانە دەڕوانێتە دوژمنەکانی.
پێ ٩ دەبەخشێتەوە و بە هەژاران دەدات،
چادێ ڕاستودروستییەکەی تاهەتایە بەردەوامە،
قۆف بە ڕێزەوە هێزی زۆردەبێت.
ڕێیش ١٠ بەدکار ئەمە دەبینێت و تووڕە دەبێت،
شین دانەکانی جیردەکاتەوە و دەتوێتەوە،
تاو ئارەزووی بەدکاران لەناو دەچێت.

## ١١٣

هەلیلویا!
١ ستایش بکەن ئەی خزمەتکارەکانی خوداوەند، ستایشی ناوی خوداوەند بکەن.
٢ پیرۆز بێت ناوی خوداوەند، لە ئێستاوە و تاهەتایە.
٣ لە ڕۆژهەڵاتنەوە تا ڕۆژئاوا بوون، ستایش دەکرێت ناوی خوداوەند.
٤ بەرزە بە سەر هەموو نەتەوەکان خوداوەند، بە سەر ئاسمانەوەیە شکۆمەندیی.
٥ کێ وەك خوداوەندی خودامانە، ئەوەی لە بەرزایی دانیشتووە،
٦ ئەوەی دەچەمێتەوە، تا بڕوانێتە ئاسمان و زەوی؟
٧ ئەوەی هەژار لەناو خۆڵ ڕاست دەکاتەوە، کڵۆڵ لەناو خۆڵەمێش بەرز دەکاتەوە.
٨ تا دایبنیشێنێت لەگەڵ پیاو ماقووڵان، لەگەڵ پیاو ماقووڵانی گەلی خۆی.
٩ ئافرەتی نەزۆك دەکات بە خاوەن ماڵ، دەیکات بە دایکی شادومانی منداڵان. هەلیلویا!

## ١١٤

١ بە دەرچوونی ئیسرائیل لە میسر و ماڵی یاقوب لەناو گەلێکی نامۆ زمان،
٢ یەهوودا بوو بە پیرۆزگای و ئیسرائیل بوو بە جێی فەرمانڕەوایی.
٣ دەریا بینی و ڕایکرد، ڕووباری ئوردن بەرەوپاش کشایەوە.
٤ چیاکان بازیاندا وەك بەران و گردەکان وەك بەرخۆڵە.
٥ چیتە ئەی دەریا، بۆ وا ڕادەکەی؟ ئەی ڕووباری ئوردن بۆ بەرەوپاش دەکشێیتەوە؟
٦ ئەی چیاکان بۆ وەك بەران بازدەدەن؟ ئەی گردەکان بۆ وەك بەرخۆڵە بازدەدەن؟
٧ لەبەردەم خوداوەند بلەرزە ئەی زەوی، لەبەردەم خودای یاقوب.
٨ ئەوەی بەردی کرد بە گۆمی ئاو، بەردەئەستیی کرد بە کانیاو.

## ١١٥

١ بە ئێمە نا ئەی خوداوەند، بە ئێمە نا، بەڵکو بە ناوی خۆت شکۆمەندی ببەخشە، لەبەر پەیمانی خۆشەویستییەکەت، لەبەر دڵسۆزییەکەت.
٢ بۆچی نەتەوەکان بڵێن: کوا خودایان، لە کوێیە؟
٣ خودامان لە ئاسمانە، هەرچی حەز بکات دەیکات.
٤ بتەکانیان زێڕ و زیوە، دەستکردی مرۆڤە.
٥ دەمیان هەیە بەڵام قسە ناکەن، چاویان هەیە بەڵام نابینن،
٦ گوێیان هەیە بەڵام نابیستن، لووتیان هەیە بەڵام بۆن ناکەن،
٧ دەستیان هەیە بەڵام دەست لە هیچ نادەن، پێیان هەیە بەڵام ناڕۆن ، دەنگ لە گەروویان نایەتەدەر.
٨ دروستکەرەکانیان وەك ئەوانن، هەروەها هەموو ئەوانەی پشتیان پێ دەبەستن.
٩ ئەی ئیسرائیل پشت بە خوداوەند ببەستە، ئەو یارمەتیدەر و قەڵغانیانە.
١٠ ئەی ماڵی هارون پشت بە خوداوەند ببەستن، ئەو یارمەتیدەر و قەڵغانیانە.
١١ ئەی ئەوانەی ترسی خوداوەندتان لە دڵە، پشت بە خوداوەند ببەستن. ئەو یارمەتیدەر و قەڵغانیانە.
١٢ خوداوەند ئێمەی لەبیرە و پیرۆزمان دەکات، پیرۆزی بە ماڵی ئیسرائیل دەبەخشێت، پیرۆزی بە ماڵی هارون دەبەخشێت.
١٣ پیرۆزی بە وانە دەبەخشێت کە ترسی خوداوەندیان لە دڵە، گەورە لەگەڵ بچووك.
١٤ با خوداوەند هەر زیادتان بکات، ئێوە و منداڵەکانتان.
١٥ پیرۆزن ئێوە بۆ خوداوەند، دروستکەری زەوی و ئاسمان.
١٦ ئاسمان ئاسمانی خوداوەندە، زەویشی بە ئادەمیزاد بەخشیووە.
١٧ نە مردووان ستایشی خوداوەند دەکەن، نە هەموو ئەوانەی شۆڕدەبنەوە ناو بێدەنگی.
١٨ بەڵام ئێمە خوداوەند پیرۆز دەکەین، لە ئێستاوە و تاهەتایە.
هەلیلویا!

## ١١٦

١ خوداوەندم خۆشدەوێت، چونکە گوێ لە دەنگ و لە پاڕانەوەم دەگرێت.
٢ چونکە گوێی خۆی شل کرد بۆم، تا ماوم هەر هاواری بۆ دەبەم.
٣ تۆڕی مەرگ دەوری دام، ناخۆشی دونیای مردووان کەوتە سەرم، دەرد و تەنگانەم چەشت.
٤ بە ناوی خوداوەندەوە هاوارم کرد: ئەی خوداوەند تکات لێ دەکەم، گیانم دەرباز بکە!
٥ خوداوەند میهرەبان و ڕاستودروستە، خودامان بە بەزەییە.
٦ خوداوەند چاودێری خەڵکی ساکار دەکات، زەلیل بووم ئەو ڕزگاری کردم.
٧ ئەی گیانی من بگەڕێوە بۆ ئارامی خۆت، چونکە خوداوەند چاکەی بەسەرتدا باراند.
٨ تۆ گیانی منت ڕزگارکرد لە مردن، چاوەکانم لە فرمێسك ، پێیەکانم لە خزان.
٩ لەبەردەم خوداوەنددا دەڕۆم لە خاکی زیندووان.
١٠ ڕاستی دەڵێم، کاتێ بڵێم: زۆر دەردەدارم!

١١ من لە کاتی لە ترس و هەڵهاتنم، وتم: مرۆڤ هەموو درۆزنن!
١٢ چی بە خوداوەند بدەمەوە، بەرامبەر هەموو ئەو چاکەیەی
بەسەر سەرم دایباراند.
١٣ جامی ڕزگاری بەرز دەکەمەوە و بە ناوی خوداوەندەوە هاوار
دەکەم.
١٤ نەزرەکانم بۆ خوداوەند بەجێ دەهێنم، بەرامبەر بە هەموو
گەلەکەی.
١٥ سەنگینە لەبەرچاوی خوداوەند، مردنی خۆشەویستانی.
١٦ ئەی خوداوەند من بە ڕاستی خزمەتکاری تۆم، من خزمەتکاری
تۆم و دایکم کارەکەری تۆیە. تۆ کۆتەکانی منت کردەوە.
١٧ قوربانی سوپاس کردن بۆ تۆ سەردەبڕم، بە ناوی خوداوەندەوە
هاواردەکەم.
١٨ نەزرەکانم بۆ خوداوەند بەجێدەهێنم، بەرامبەر بە هەموو
گەلەکەی.
١٩ لە بارەگاکانی ماڵی خوداوەنددا، لە ناوەندی تۆدا ئەی
ئۆرشەلیم. هەلیلویا!

# ١١٧

١ ئەی هەموو نەتەوەکان ستایشی خوداوەند بکەن! ئەی هەموو
گەلان شکۆمەندی بکەن!
٢ چونکە پەیمانی خۆشەویستییەکەی بە سەرمانەوە گەورەیە،
دڵسۆزی خوداوەندیش تاهەتایە. هەلیلویا!

# ١١٨

١ ستایشی خوداوەند بکەن، چونکە چاکە، چونکە پەیمانی
خۆشەویستییەکەی تاهەتایە.
٢ با ئیسرائیل بڵێ: چونکە پەیمانی خۆشەویستییەکەی تاهەتایە.
٣ با ماڵی هارون بڵێن: چونکە پەیمانی خۆشەویستییەکەی تاهەتایە.
٤ با ئەوانەی ترسی خوداوەندیان لە دڵدایە بڵێن: چونکە پەیمانی
خۆشەویستییەکەی تاهەتایە.
٥ لە تەنگانەدا هاواری خوداوەندم کرد، خوداوەند دەریهێنام بۆ
فراوانی.
٦ خوداوەند لەلای منە، ناترسم، مرۆڤ چی پێدەکرێ لەگەڵ من؟
٧ خوداوەند لەلای منە لەگەڵ یارمەتیدەرانم، سەرکەوتووانە
سەیری ئەوانە دەکەم کە ڕقیان لێمە.
٨ پەنابردنە بەر خوداوەند چاکترە، لە پشت بەستن بە مرۆڤ.
٩ پەنابردنە بەر خوداوەند چاکترە، لە پشت بەستن بە میران.
١٠ هەموو نەتەوەکان ئابڵووقەیان داوم، بە ناوی خوداوەند دوایان
دەبڕمەوە.
١١ ئابڵووقەیان داوم و دەوریان گرتووم، بەناوی خوداوەند دوایان
دەبڕمەوە.
١٢ وەك زەردەواڵە تێمئاڵاون، وەك ئاگری دڕك کوژانەوە، بە
ناوی خوداوەند دوایان دەبڕمەوە.
١٣ توند پاڵیان پێوەنام بۆ ئەوەی بکەوم، بەڵام خوداوەند
یارمەتیداوم.
١٤ خوداوەند هێز و گۆرانی منە، خوداوەند بووەتە ڕزگاریی من.
١٥ دەنگی هەلهەلە و ڕزگاری دێت، لە خێوەتی ڕاستودروستان:
دەستە ڕاستەی خوداوەند کاری ئازایانە دەکات،
١٦ دەستە ڕاستەی خوداوەند بەرز بووەتەوە، دەستە ڕاستەی
خوداوەند کاری ئازایانە دەکات.
١٧ من نامرم، بەڵکو دەژیم و باسی کردەوەکانی خوداوەند دەکەم.
١٨ خوداوەند بە توندی تەمبێی کردم، بەڵام نەیدامە دەست مەرگ.
١٩ دەرگای ڕاستودروستیم لێبکەنەوە، پێیدا دەچمە ژوورەوە و
ستایشی خوداوەند دەکەم.
٢٠ ئەم دەرگایە هی خوداوەندە، ڕاستودروستان پێیدا دەچنە
ژوورەوە.
٢١ ستایشت دەکەم کە فریامکەوتی، بۆم بووی بە ڕزگاری.
٢٢ ئەو بەردەی وەستاکان ڕەتیان کردەوە، بوو بە بەردی بناغە.
٢٣ ئەمە لەلایەن خوداوەندەوە بوو، چەند سەرسوڕهێنەرە لەبەر
چاومان.
٢٤ ئەمە ئەو ڕۆژەیە کە خوداوەند دروستی کردووە، با تێیدا شاد و
دڵخۆش بین.
٢٥ ئەی خوداوەند ڕزگارمان بکە، تکات لێ دەکەین ئەی خوداوەند،
دەربازمان بکە.
٢٦ پیرۆزە ئەوەی بە ناوی خوداوەندەوە دێت، لە ماڵی خوداوەندەوە
پیرۆزبایمان لێکردن.
٢٧ خوداوەند خودایە و ڕووناکی پێ بەخشیوین. قوربانی جەژن بە
گوریس ببەستنەوە، بە قۆچەکانی قوربانگا!
٢٨ تۆ خودای منیت و منیش ستایشت دەکەم، تۆ خودای منیت
بەرزت دەکەمەوە.
٢٩ ستایشی خوداوەند بکەن، چونکە چاکە، چونکە پەیمانی
خۆشەویستییەکەی تاهەتایە.

# ١١٩

ئەلف[أ]
١ خۆزگە دەخوازرێت بەوانەی ڕێگایان تەواوە، ئەوانەی بە پێی
فێرکردنەکانی خوداوەند دەڕۆن.
٢ خۆزگە دەخوازرێت بەوانەی شایەتییەکانی دەپارێزن، بە هەموو
دڵەوە بە دوایدا دەگەڕێن.
٣ هەروەها خراپە ناکەن و بە ڕێگای ئەودا دەڕۆن.
٤ تۆ فەرمانت داوە، ڕاسپاردەکانت بە تەواوی بپارێزرێن.
٥ خۆزگە ڕێگاکانم دەچەسپان لە پاراستنی فەرزەکانت.
٦ ئەو کاتە شەرمەزار نەدەبووم، کە دەمڕوانییە هەموو
فەرمانەکانت.
٧ بە دڵڕاستییەوە ستایشت دەکەم، کاتێ فێری ڕاستودروستی
حوکمەکانت دەبم.
٨ فەرزەکانت دەپارێزم، هەرگیز وازم لێمەهێنە. بێت
٩ گەنج بەچی هەڵسوکەوتی خۆی بێگەرد دەکات؟ بە پاراستنی بە
گوێرەی وشەکانت.
١٠ بە هەموو دڵەوە داوام کردی، مەهێڵە لە فەرمانەکانت گومڕابم.
١١ وشەکانتم لەناو دڵمدا شاردۆتەوە، هەتا گوناه بەرامبەر بە تۆ
نەکەم.
١٢ تۆ پیرۆزی ئەی خوداوەند! فێری فەرزەکانی خۆتم بکە.

---

[أ] ١١٩: تەرتیبی پیتەکان بەپێی تەرتیبی عیبریە، لە دەقە عیبرییەکە سەری دێڕەکان بەو پیتە دەستپێدەکەن کە لە ژێر بەشی ئەو پیتەن.

١٣ بە لێوەکانی خۆم، باسی هەموو حوکمەکانی دەمی تۆ دەکەم.
١٤ بە ڕێگای شایەتیەکانت شاد دەبم، زیاتر لە هەموو سامانێك.
١٥ لە ڕاسپاردەکانت وورد دەبمەوە، چاو دەبڕمە ڕێگاکانت.
١٦ بە فەرزەکانت دڵخۆش دەبم، وشەی تۆم لە یادناچێت.
گیمێل
١٧ چاکە لەگەڵ خزمەتکاری خۆت بکە، دەژیم و وشەکانت
دەپارێزم. ١٨ چاوم بکەرەوە، شتە سەرسوڕهێنەرەکانی
فێرکردنەکانت دەبینم.
١٩ من غەریبم لە زەویدا، فەرمانەکانی خۆتم لێمەشارەوە.
٢٠ گیانم ووردو خاش بوو، لە تامەزرۆ بوون بۆ دادوەرییەکانت هەموو کاتێك.
٢١ سەرزەنشتی لووت بەرزە نەفرەت لێکراوەکانت کرد، کە لە فەرمانەکانی تۆ گومڕا بوون.
٢٢ ڕسوایی و سووکایەتیم لە سەر لابە، چونکە شایەتیەکانی تۆم پاراستووە.
٢٣ لەگەڵ ئەوەی میرەکان دادەنیشن، پیلان دژم دەگێڕن، بەڵام خزمەتکارەکەت لە فەرزەکانت وورد دەبێتەوە.
٢٤ هەروەها شایەتیەکانت شادومانی منن، سەرچاوەی ڕاوێژی منن. دالێت
٢٥ گیانم بە خۆڵەوە نووساوە، بە پێی وشەی خۆت زیندووم بکەوە.
٢٦ باسی ڕێگاکانی خۆمم کرد، تۆ بەدەنگمەوە هاتیت، فەرزەکانی خۆتم فێر بکە،
٢٧ ڕێگای ڕاسپاردەکانی خۆتم تێبگەیەنە، وورد دەبمەوە لە کارە سەرسوڕهێنەرەکانت.
٢٨ گیانم لە خەفەتدا تووایەوە، بە پێی وشەی خۆت هەڵمسێنەوە.
٢٩ ڕێگای درۆم لێ دوورخەوە، فێرکردنەکانت بکە میهرەبانی بۆم.
٣٠ من ڕێگای ڕاستیم هەڵبژاردووە، حوکمەکانی تۆم خستۆتە بەرچاوم.
٣١ بە شایەتیەکانی تۆوە نووساوم، ئەی خوداوەند شەرمەزارم مەکە!
٣٢ بە ڕێگای فەرمانەکانت ڕادەکەم، چونکە تۆ مێشکم دەکەیەوە.
هێی
٣٣ ئەی خوداوەند ڕێگای فەرزەکانی خۆتم فێربکە، تا کۆتایی پەیڕەویان دەکەم.
٣٤ تێم بگەیەنە و فێرکردنەکانت پەیڕەو دەکەم ، بە هەموو دڵەوە دەیانپارێزم.
٣٥ بمخە سەر ڕێگای فەرمانەکانت، چونکە دڵخۆشم دەکەن.
٣٦ دڵم بخە سەر شایەتیەکانت، نەك سەر قازانج!
٣٧ چاوم وەرگێڕە لە تەماشاکردنی شتی پووچ، لە ڕێگای خۆتدا زیندوومکەرەوە.
٣٨ ووشەی خۆت بۆ خزتمەتکارەکەت بچەسپێنە، ئەوەی بەوانەت داوە کە لێت دەترسن.
٣٩ ئەو سووکایەتیەم لە سەر لابە کە لێی دەترسم، چونکە حوکمەکانت چاکن.
٤٠ ئەوەتا پەرۆشی ڕاسپاردەکانی تۆم، بە ڕاست ودروستی خۆت زیندووم بکەوە. ڤاف
٤١ ئەی خوداوەند با پەیمانی خۆشەویستییەکەتم بۆ بێت، با ڕزگاریەکەتم بۆ بێت بە گوێرەی وشەی خۆت.
٤٢ وەڵامی ئەوانە دەدەمەوە گاڵتەم پێدەکەن، چونکە پشتم بە وشەی تۆ بەستووە.
٤٣ وشەی ڕاست هەرگیز لە دەمم دوور مەخەوە، چونکە ئومێدم بە حوکمەکانی تۆ هەیە.
٤٤ بە بەردەوامی چاوم لە فێرکردنەکانتە، تاهەتایە و تاسەر.
٤٥ بە ئازادی دەڕۆم، چونکە داواکاری ڕاسپاردەکانی تۆم.
٤٦ لەبەردەم پاشاکانیش باسی شایەتیەکانی تۆ دەکەم ، شەرمەزاریش نابم.
٤٧ خۆشی لە ڕاسپاردەکانت دەبینم، چونکە حەزم لێیانە.
٤٨ دەست بەرز دەکەمەوە بۆ فەرمانەکانت ئەوەی خۆشم دەوێت، سەرنج دەدەمە فەرزەکانت. زاین
٤٩ ئەو وشەیەت لەبیر بێت کە بە خزمەتکارەکەی خۆت داوە، ئەوەی هیوادارت کردووم پێی.
٥٠ ئەمە فەرامۆشی کاتی تەنگانەی منە، چونکە وشەکەت منی ژیانەوە.
٥١ لووتبەرزەکان هەمیشە گاڵتەم پێ دەکەن، بەڵام من لە فێرکردنەکانی تۆ لامنەداوە.
٥٢ کاتێ حوکمەکانتم بەبیر هاتەوە کە لە مێژەوەن، فەرامۆشیم هاتەوە ئەی خوداوەند.
٥٣ قینم جۆشا لە بەدکاران، ئەوانەی وازیان لە فێرکردنەکانی تۆ هێناوە.
٥٤ فەرزەکانت بوون بە گۆرانی بۆم، لە ماڵی ئاوارەیم.
٥٥ ئەی خوداوەند بە شەو یادی ناوی تۆ دەکەم و فێرکردنەکانت دەپارێزم.
٥٦ ئەمە بۆ من بوو، چونکە چاودێری ڕاسپاردەکانی تۆم کرد.
خێیت
٥٧ وتم خوداوەند بەشی منە، تا وشەکانت بپارێزم.
٥٨ بە هەموو دڵەوە ڕووی تۆم ویست، بە پێی وشەی خۆت میهرەبانبە لەگەڵم.
٥٩ بیرم لە ڕێگای خۆم کردەوە، پێم بەرەو شایەتیەکانت وەرگێڕایەوە.
٦٠ خێرا بووم و دوانەکەوتم لە پاراستنی فەرمانەکانت.
٦١ گوریسی بەدکارەکان دەوریداوم، بەڵام فێرکردنەکانی تۆ لەبیرناکەم.
٦٢ لە نیوەشەودا هەڵدەستم بۆ ستایشکردنت، لە سەر ڕاستودروستی حوکمەکانت.
٦٣ من هاوڕێی هەموو ئەوانەم لە تۆ دەترسن، لە وانەی ڕاسپاردەکانت دەپارێزن.
٦٤ پەیمانی خۆشەویستییەکەت ئەی خوداوەند، زەوی پڕ کردووە، فەرزەکانی خۆتم فێر بکە! تێیت
٦٥ چاکەت کرد لەگەڵ خزمەتکارەکەت، ئەی خوداوەند بە پێی وشەی خۆت.
٦٦ هەستی باش و زانینم فێر بکە، چونکە باوەڕم بە فەرمانەکانت هەیە.
٦٧ بەر لەوەی زەلیل بم گومڕا بووم، بەڵام ئێستا وشەکەت دەپارێزم.
٦٨ تۆ چاکیت و چاکەکاری، فەرزەکانی خۆتم فێربکە.
٦٩ لووتبەرزان درۆم بۆ هەڵدەبەستن، بەڵام من بە هەموو دڵەوە ڕاسپاردەکانت دەپارێزم.
٧٠ دڵیان وەك پیو بێهەستە، بەڵام فێرکردنەکانت شادییە بۆ من.
٧١ چاك بوو زەلیل بووم، بۆ ئەوەی فێری فەرزەکانت بم.
٧٢ فێرکردنەکانی دەمی تۆ، لە هەزار زێڕ و زیو باشترە بۆ من.
یۆد
٧٣ دەستی تۆ دروستیکردم و دایڕشتم، تێمبگەیەنە فێری فەرمانەکانت دەبم.
٧٤ ئەوانەی لێت دەترسن چاویان بە من دەکەوێت شادومان دەبن، چونکە من هیوام بە وشەی تۆ هەیە.
٧٥ ئەی خوداوەند زانیم کە حوکمەکانت ڕاستودروستە، بە ڕەوا زەلیلیت کردم.
٧٦ با پەیمانی خۆشەویستییەکەت بۆ دڵنەوایم بێت، بە پێی وشەکەت بۆ خزمەتکارەکەت.

٧٧ با بەزەییت بێت بۆلام، تا بژیم، چونکە فێرکردنەکانی تۆ شادومانییە بۆ من.
٧٨ با لووتبەرزان شەرمەزاربن، چونکە بە درۆ بوختانیان پێکردم، منیش سەرنج دەدەمە ڕاسپاردەکانت.
٧٩ با ئەوانەی لێت دەترسن بگەڕێنەوە لای من، ئەوانەی شایەتییەکانی تۆ دەزانن.
٨٠ با دڵم تەواو بێت لە فەرزەکانت، بۆ ئەوەی شەرمەزار نەبم.
کاف
٨١ گیانم پەرۆشی ڕزگاری تۆیە، من ئومێدم بە وشەی تۆیە.
٨٢ چاوم شلبوو بۆ گفتەکەت، دەپرسم: کەی دڵنەوایم دەکەیت؟
٨٣ چونکە وەك کۆنە مەشکەم لێهاتووە و فەرزەکانی تۆم لە یادنەکردووە.
٨٤ چەندە ڕۆژگاری خزمەتکارەکەت؟ کەی حوکم دەدەیت بە سەر ئەوانەی من دەچەوسێننەوە؟
٨٥ لووتبەرزان چاڵیان بۆم هەڵکەندووە، ئەمەش وەك فێرکردنەکانی تۆ نییە!
٨٦ هەموو فەرمانەکانت ڕاستن، بە ناڕەوا دەمچەوسێننەوە، فریامبکەوە!
٨٧ وەختە لە سەر زەوی کۆتاییم پێبهێنن، بەڵام من دەستبەرداری ڕاسپاردەکانی تۆ نەبووم.
٨٨ بە پێی پەیمانی خۆشەویستییەکەی خۆت بمژێنەوە، شایەتیەکانی دەمت دەپارێزم.
لامد
٨٩ وشەت ئەی خوداوەند، تاهەتایە لە ئاسمان چەسپاوە.
٩٠ دڵسۆزیت نەوە دوای نەوەیە، زەویت دامەزراند و دەمێنێت.
٩١ ئەمڕۆش بە فەرمانی تۆ ماون، چونکە هەموو خزمەتکاری تۆن.
٩٢ ئەگەر فێرکردنەکانی تۆ سەرچاوەی شادیم نەبوایە، لە زەلیلی خۆم لەناودەچووم.
٩٣ هەرگیز ڕاسپاردەکانت لەبیرناکەم، چونکە بەوان زیندوودەبمەوە.
٩٤ من هی تۆم، ڕزگارم بکە، چونکە ڕاسپاردەکانی تۆم ویستووە.
٩٥ بەدکارەکان خۆیان ماتداوە بۆم تا بمفەوتێنن، بەڵام من هەوڵی تێگەیشتنی شایەتیەکانی تۆ دەدەم.
٩٦ بۆ هەموو تەواوییەك سنوورم بینی، بەڵام فەرمانی تۆ زۆر فراوانە. میم
٩٧ چەند حەزم لە فێرکردنەکانی تۆیە! بە درێژایی ڕۆژ لێی وورددەبمەوە.
٩٨ فەرمانەکەت لە دوژمنەکانم داناتری کردووم، چونکە تاهەتایە بۆ منە.
٩٩ لە هەموو مامۆستاکانم هۆشمەندتر بووم، چونکە لە شایەتیەکانت ووردەبمەوە.
١٠٠ لە پیرەکان زیاتر تێدەگەم، چونکە ڕاسپاردەکانت دەپارێزم.
١٠١ پێی خۆم قەدەغەکردووە لە هەموو ڕێگایەکی خراپ، تا وشەی تۆ بپارێزم.
١٠٢ لە حوکمەکانی تۆ لامنەداوە، چونکە تۆ خۆت فێرت کردووم.
١٠٣ وشەکانت چەند شیرینە بۆ گەرووم، لە هەنگوین شیرینترن بۆ دەمم.
١٠٤ لە ڕاسپاردەکانی تۆ تێدەگەم، بۆیە ڕقم لە هەموو ڕێگایەکی خوارە. نون
١٠٥ وشەکانت چرایە بۆ پێیەکانم، ڕووناکییە بۆ ڕێگام.
١٠٦ سوێندم خواردووە و بەجێی دەهێنم، کە ڕاستودروستی حوکمەکانت بپارێزم.
١٠٧ ئەی خوداوەند زۆر ئازارم چەشتووە، جا بە پێی وشەکەت زیندووم بکەوە.
١٠٨ ئەی خوداوەند ڕازیبە بە دیارییە پێشکەشکراوەکانی دەمم، حوکمەکانی خۆتم فێربکە.
١٠٩ هەمیشە گیانم لەناو دەستمایە، بەڵام فێرکردنەکانی تۆ لەبیرناکەم.
١١٠ بەدکاران تەڵەیان بۆم ناوەتەوە، بەڵام من لە ڕاسپاردەی تۆ گومڕا نەبووم.
١١١ شایەتیەکانت تاهەتایە میراتن بۆ من، چونکە ئەوان شادی دڵمن.
١١٢ دڵم بادایەوە بەلای بەجێهێنانی فەرزەکانت، تاهەتایە و تا کۆتایی. سامخ
١١٣ ڕقم لە مرۆڤە ڕاڕایەکانە، حەزم لە فێرکردنەکانی تۆیە.
١١٤ تۆ داڵدە و قەڵغانی منیت، هیوام بە وشەی تۆیە.
١١٥ ئەی بەدکارەکان لێم دوورکەونەوە، فەرمانەکانی خودای خۆم دەپارێزم.
١١٦ بە پێی وشەی خۆت پشتم بگرە تا بژیم، لە ئومێدی خۆم شەرمەزارم مەکە.
١١٧ پشتم بگرە و ڕزگاردەبم، هەمیشە چاوم لە فەرزەکانت دەبێت.
١١٨ گاڵتە دەکەیت بە هەموو ئەوانەی وێڵن لە فەرزەکانت، چونکە زۆرزانیەکەیان پووچە.
١١٩ هەموو بەدکارانی زەوی بە خڵتە دادەنێیت، بۆیە حەزم لە شایەتیەکانتە.
١٢٠ لەشم لە تۆقینی تۆ دەلەرزێت و لە حوکمەکانت دەترسم.
عەین
١٢١ دادپەروەری و ڕاستودروستیم کردووە، مەمبە بەردەست زۆردارم.
١٢٢ بەڵێن بدە چاکە لەگەڵ خزمەتکاری خۆت بکەیت، با لووتبەرزەکان نەمچەوسێننەوە.
١٢٣ چاوم شلبوو بۆ ڕزگارییەکەت، بۆ وشەی ڕاستودروستیت.
١٢٤ بە پێی پەیمانی خۆشەویستییەکەت لەگەڵ خزمەتکارەکەت بکە، فێری فەرزەکانی خۆتم بکە.
١٢٥ من خزمەتکاری تۆم، تێگەیشتنم بدەرێ، تا شایەتیەکانت بزانم.
١٢٦ کاتی کارکردنە بۆ خوداوەند، چونکە فێرکردنەکانت شکێنراون.
١٢٧ بۆیە حەزم لە فەرمانەکانتە، زیاتر لە زێر و لە زێڕی پوختەکراو.
١٢٨ بۆیە هەموو ڕاسپاردەکانت لە هەموو شتێك بە ڕاست دەزانم، ڕقم لە هەموو ڕێگایەکی خوارە. پێ
١٢٩ شایەتیەکانت سەرسوڕهێنەرن، بۆیە گیانم دەیانپارێزێت.
١٣٠ دەرکەوتنی وشەکانت ڕووناکی دەبەخشێت، تێگەیشتنیش بە نەزانەکان.
١٣١ دەمم کردەوە و هەناسەبڕکێمە، چونکە پەرۆشی فەرمانەکانتم.
١٣٢ ئاوڕم لێ بدەوە و میهرەبانبە لەگەڵم، وەك دادپەروەری بۆ ئەوانەی ناوی تۆیان خۆشدەوێت.
١٣٣ هەنگاوەکانم بچەسپێنە لە وشەکەت، مەهێڵە هیچ گوناهێك بە سەرمدا زاڵ بێت.
١٣٤ لە زۆرداری مرۆڤ ئازادم بکە، تا ڕاسپاردەکانت بپارێزم.
١٣٥ ڕووت بە سەر خزمەتکاری خۆتدا بدرەوشێنەوە، فێری فەرزەکانی خۆتم بکە.
١٣٦ جۆگەی ئاو لە چاوەکانم دادەڕژێت، چونکە فێرکردنەکانت پەیڕەو ناکرێن. چادێ
١٣٧ ئەی خوداوەند تۆ ڕاستودروستیت، حوکمەکانت ڕاستن.
١٣٨ ئەو شایەتیانەی فەرمانت پێداوە ڕاستودروست و بە تەواوی جێی باوەڕن.

١٣٩ دڵگەرمیم سووتاندمی، چونکە دوژمنانم وشەکانی تۆیان لەبیرکردووە.
١٤٠ وشەی تۆ زۆر بێگەردە، خزمەتکارەکەت حەزی لێیەتی.
١٤١ من بچووك و ڕەتکراوەم، بەڵام ڕاسپاردەکانت لە یادناکەم.
١٤٢ ڕاستودروستیت تاهەتایە، فێرکردنەکانت ڕاستن.
١٤٣ تەنگانە و ناخۆشیم تووشبووە، بەڵام فەرمانەکانت شادی منن.
١٤٤ شایەتیەکانت تاهەتایە ڕاستودروستن، تێمبگەیەنە تا بژیم.
قۆف
١٤٥ پڕ بە دڵ هاوار دەکەم ئەی خوداوەند، وەڵامم بدەرەوە، فەرزەکانت دەپارێزم.
١٤٦ هاوار بۆ تۆ دەکەم، ڕزگارم بکە! چاوم لە شایەتییەکانت دەبێت.
١٤٧ پێش بەرەبەیان هانات بۆ دەهێنم، چاوەڕێی وشەکانی تۆ دەکەم.
١٤٨ شەو تا بەیانی بەئاگام، تا لە وشەکانت ووردبیمەوە.
١٤٩ بە گوێرەی پەیمانی خۆشەویستییەکەت گوێ لە دەنگم بگرە، ئەی خوداوەند بە گوێرەی دادپەروەرییەکەت بمژیەنەوە.
١٥٠ ئەوانەی پیلان دژم دەگێڕن لێم نزیك بوونەوە، لە فێرکردنەکانی تۆ دوور کەوتوونەتەوە.
١٥١ بەڵام ئەی خوداوەند تۆ زۆر نزیکیت، هەموو فەرمانەکانت ڕاستن.
١٥٢ لە زووەوە شایەتیەکانی تۆ دەزانم، کە تاهەتایە داتناون. ڕێیش
١٥٣ سەیری زەلیلیم بکە و دەربازم بکە، چونکە فێرکردنەکانی تۆ لەبیر ناکەم.
١٥٤ پارێزەری لە کێشەم بکە و بمکڕەوە، لە پێناوی وشەکەت بمژیەنەوە.
١٥٥ ڕزگاری لە بەدکاران دوورە، چونکە فەرزەکانی تۆیان نەوویست.
١٥٦ بەزەییت زۆرە ئەی خوداوەند، بە گوێرەی دادپەروەریت بمژیەنەوە.
١٥٧ زۆرن ئەوانەی دوامکەوتوون و تەنگیان پێهەڵچنیووم، بەڵام لە شایەتیەکانی تۆ لامنەداوە.
١٥٨ خیانەتکارانم بینی بێزم هاتەوە، ئەوانەی وشەی تۆیان لەبەرچاو نەگرتووە.
١٥٩ ببینە کە حەز لە ڕاسپاردەکانت دەکەم، ئەی خوداوەند بەگوێرەی پەیمانی خۆشەویستیەکەت بمژیەنەوە،
١٦٠ سەراپای وشەکانت ڕاستییە، تاهەتایە هەموو حوکمەکانت ڕاستودروستن. شین
١٦١ میرەکان بە بێ هۆ دەمچەوسێننەوە، بەڵام دڵی من لە وشەکانی تۆ دەترسێت.
١٦٢ دڵشاد دەبم بە وشەکانت، وەك یەکێك دەسکەوتێکی زۆری دەستکەوتبێت.
١٦٣ ڕق و قینم لە درۆیە، حەزم لە فێرکردنەکانی تۆیە.
١٦٤ ڕۆژی حەوت جار ستایشت دەکەم، بۆ ڕاستودروستی حوکمەکانت.
١٦٥ ئەوانەی حەز لە فێرکردنەکانت دەکەن لەوپەڕی ئاشتیدان، ساتمە لە هیچ شتێ ناکەن.
١٦٦ هیوام بە ڕزگاری تۆیە ئەی خوداوەند، بە فەرمانەکانی تۆم کرد.
١٦٧ گیانم شایەتییەکانی تۆی لەبەرچاو گرت، زۆر حەزم لێیانە.
١٦٨ شایەتی و ڕاسپاردەکانی تۆ لەبەرچاو دەگرم، چونکە هەموو ڕێگاکانم لەبەردەمتن. تاو
١٦٩ با هاوارم بگاتە بەردەمت ئەی خوداوەند، بە گوێرەی وشەکانت تێگەیشتنم پێبدە.
١٧٠ با پاڕانەوەم بێتە بەردەمت، بە گوێرەی وشەکەت دەربازم بکە.
١٧١ لێوم ستایشی لێ دەڕژێت، چونکە فێری فەرزەکانی خۆتم دەکەیت.
١٧٢ وشەکانت بوون بە گۆرانی سەر زمانم، چونکە هەموو فەرمانەکانت ڕاستودروستن.
١٧٣ با دەستت ئامادەبێت بۆ یارمەتیم، چونکە ڕاسپاردەکانی تۆم هەڵبژاردووە.
١٧٤ ئەی خوداوەند من بە پەرۆشم بۆ ڕزگاری تۆ، فێرکردنەکانت شادی منن.
١٧٥ گیانم بژێنەوە ستایشت دەکات، دادپەروەریت یارمەتیم دەدات.
١٧٦ وەك بەرخی وێڵ وونبووم، بە دوای خزمەتکارەکەتدا بگەڕێ، چونکە فەرمانەکانتم لەبیر نەکردووە.

# ١٢٠

گۆرانی گەشتیاران.
١ لە تەنگانەمدا هاوارم بۆ خوداوەند کرد، بە دەنگمەوە هات.
٢ خوداوەند گیانم دەرباز دەکات، لە لێوی درۆزن و لە زمانی فێڵباز.
٣ چیت پێ دەدرێت، چیت بۆ زیاد دەکرێت، ئەی زمانی فێڵباز؟
٤ تیری تیژکراوی پاڵەوان، لەگەڵ پشکۆی خەڵووز!
٥ قوڕبەسەرم چونکە ئاوارەی مەشەکم[أ]، نیشتەجێم لە خێوەتەکانی قێدار[ب].
٦ زۆرە بۆ گیانم نیشتەجێ بوون، لەگەڵ ئەوانەی ڕقیان لە ئاشتییە.
٧ من ئاشتیخوازم و کاتێ قسە دەکەم، ئەوان شەڕخوازن.

# ١٢١

گۆرانی گەشتیاران.
١ چاو هەڵدەبڕم بەرەو چیاکان، یارمەتی من لە کوێوە دێت؟
٢ یارمەتی من لەلای خوداوەندەوەیە، دروستکەری ئاسمان و زەوی.
٣ لێناگەڕێت پێت بخزێت، خەو نایباتەوە ئەوەی دەتپارێزێت.
٤ بێگومان خەو نایباتەوە و نانوێت، ئەوەی ئیسرائیل دەپارێزێت.
٥ خوداوەند پارێزگاری تۆیە، خوداوەند سێبەری تۆیە، لە دەستە ڕاستی تۆیە.
٦ نە خۆر بە ڕۆژ ئەزیەتت دەدات، نە مانگ بە شەو.
٧ خوداوەند لە هەموو خراپەیەك دەتپارێزێت، گیانت دەپارێزێت.
٨ خوداوەند پارێزگاری هاتووچۆت دەکات، لە ئێستاوە و تاهەتایە.

# ١٢٢

گۆرانی گەشتیاران، بۆ داود.

---

أ ١٢٠: ٥ مەشەك ناوی دووەمی مەشی کوڕی ئارامی کوڕی شێمی کوڕی نوحە. بەراوردی نێوان پەیدابوون ١٠: ٢٣و ١هەواڵی ڕۆژان ١: ١٧ بکە.

ب ١٢٠: ٥ قێدار دووەم کوڕی ئیسماعیلە و باوکی بەناوبانگترین هۆزی عەرەبە.

١ شادومان بووم بە وانەی پێیان ووتم، با بچینەماڵی خوداوەند.
٢ ڕادەوەستین پێیەکانمان، لە دەروازەکانت ئەی ئۆرشەلیم.
٣ ئۆرشەلیم بنیادنراوە، وەك شارێکی یەکگرتوو.
٤ خێڵەکان بۆ ئەوێ سەردەکەون، هۆزەکانی خوداوەند، وەك شایەتی بۆ ئیسرائیل تا ستایشی ناوی خوداوەند بکەن.
٥ چونکە لەوێ دادەنرێت تەختەکان بۆ دادوەری، تەختەکانی بنەماڵەی داود.
٦ داوای ئاشتی بکەن بۆ ئۆرشەلیم، ئاسوودەبن ئەوانەی تۆیان خۆشدەوێت.
٧ با ئاشتی لە شووراکانت بێت و حەوانەوە لە کۆشکەکانت.
٨ لە پێناوی برا و هاوڕێکانم دەڵێم: ئاشتیت تیابێت!
٩ لەبەر ماڵی خوداوەندی خودامان، چاکەی تۆم دەوێت.

## ١٢٣

گۆرانی گەشتیاران.
١ چاوم بۆ تۆ هەڵبڕی، تۆ ئەی دانیشتوو لە ئاسمان.
٢ بێگومان وەك چۆن خزمەتکار چاوی لە دەست گەورەکەیەتی، وەك چۆن کچەکارەکەر چاوی لە دەست خاتوونەکەیەتی، ئاواش ئێمە چاومان لە دەستی خوداوەندی خودامانە، تا میهرەبان بێت لەگەڵمان.
٣ میهرەبانبە لەگەڵمان خوداوەند، میهرەبانبە! چونکە لەڕادەبەدەر تێربووین لە سووکایەتی.
٤ گیانمان زۆر تێر بووە، لە گاڵتەی بێخەمەکان، لە سووکایەتی لووتبەرزەکان.

## ١٢٤

گۆرانی گەشتیاران، بۆ داود.
١ ئەگەر خوداوەند لایەنگرمان نەبوایە، با ئێستا ئیسرائیل بڵێت،
٢ ئەگەر خوداوەند لایەنگرمان نەبوایە، کاتێ مرۆڤ لێمان هەستان،
٣ ئەوا بە زیندوویی قووتیان دەداین، کاتێ قینیان دژمان جۆشا،
٤ ئەوا لافاو ڕایدەماڵین، لێشاو بەسەر گیانماندا تێدەپەڕی،
٥ ئەوا ئاوی هەڵچوو بەسەر گیانماندا تێدەپەڕی.
٦ پیرۆز بێت خوداوەند، کە ئێمەی نەکردە نێچیری بەرکەڵبەیان.
٧ گیانمان وەك چۆلەکە لە تۆڕی ڕاوکەر دەربازبوو، تۆڕەکە پسا و ئێمە دەربازبووین.
٨ هانامان بە ناوی خوداوەندە، دروستکەری ئاسمان و زەوی.

## ١٢٥

گۆرانی گەشتیاران.
١ ئەوانەی پشتیان بە خوداوەند بەستووە، وەك چیای سییۆن وان، کە نالەقێت، بەڵکو تاهەتایە هەر چەسپاوە.
٢ وەك چۆن چیاکان دەوری ئۆرشەلیمیان داوە، خوداوەندیش دەوری گەلی خۆی داوە لە ئێستاوە و تاهەتایە.
٣ چونکە گۆچانی خراپەکاران، جێگیر نابێت لەسەر میراتی ڕاستودروستان، بۆ ئەوەی ڕاستودروستان دەستیان درێژ نەکەن بۆ خراپەکاری.
٤ ئەی خوداوەند چاکە بکە لەگەڵ پیاوچاکان، لەگەڵ دڵڕاستان.
٥ بەڵام ئەوانەی بادەدەنەوە و ڕێگای خوار دەگرن، خوداوەند لەگەڵ بەدکاران دەیانبات. ئاشتی بۆ ئیسرائیل!

## ١٢٦

گۆرانی گەشتیاران.
١ کە خوداوەند ڕاپێچی سییۆنی گێڕایەوە، وامان لێهات وەك خەون ببینین.
٢ ئەو کاتە دەممان پڕ پێکەنین و زمانمان پڕ هەلهەلە بوو، ئەوسا لەناو نەتەوەکان ووتیان: خوداوەند کارێکی گەورەی لەگەڵ ئەوان کرد!
٣ خوداوەند کارێکی گەورەی لەگەڵ کردین، شادومانی کردین.
٤ ئەی خوداوەند ڕاپێچەکەمان بگێڕەوە، وەك جۆگەکانی نەگەب[a].
٥ ئەوانەی بە فرمێسك دەچێنن، بە هەلهەلەوە دروێنە دەکەن.
٦ ئەوەی بە گریانەوە دەڕوا و هەڵیگرتووە تۆو بۆ چاندن، بە هەلهەلەوە دێتەوە و هەڵیگرتووە بەروبووم.

## ١٢٧

گۆرانی گەشتیاران، بۆ سلێمان.
١ ئەگەر خوداوەند خانووەکە دروست نەکات، وەستاکان بێسوود خۆیان ماندوو دەکەن. ئەگەر خوداوەند شارەکە چاودێری نەکات، پاسەوان بێسوود ئێشك دەگرێت.
٢ بێسوودە بۆتان زوو هەستان و درەنگ دانیشتن، خواردنی نانی ڕەنجکێشی، چونکە خەو بە خۆشەویستانی خۆی دەبەخشێت.
٣ بێگومان منداڵان میراتن لە خوداوەندەوە، پاداشتی بەری سکن.
٤ وەك تیری دەستی پاڵەوان، ئاوان کوڕانی مرۆڤی گەنج.
٥ خۆزگە دەخوازرێت بەو کەسەی تیردانی خۆی لەوان پڕکردووە، شەرمەزار نابێت کە لە دەروازە لەگەڵ دوژمنان دەکەوێتە دەمەقاڵێ.

## ١٢٨

گۆرانی گەشتیاران.
١ خۆزگە دەخوازرێت بەو کەسەی لە خوداوەند بترسێت، ڕێگای ئەو بگرێتە بەر.
٢ کە بەری ڕەنجی دەستی خۆت دەخۆیت، خۆزگەت پێدەخوازرێت و چاکیشە بۆت.
٣ ژنەکەت وەك دار مێوێکی بەردار دەبێت، لەناو ماڵەکەت. منداڵەکانت وەك شتڵە زەیتوون دەبن لە دەوری خوانەکەت.

[a] ١٢٦: ٤ دەکەوێتە خواروی فەلەستینەوە بۆیە لە زمانی عیبری مانای باشووریش دەدات.

٤ بەڵێ، ئەو کەسەی لە خوداوەند بترسێت ئاوا پیرۆز دەبێت.
٥ خوداوەند لە سییۆن پیرۆزت بکات و خۆشگوزەرانی ئۆرشەلیم
ببینیت هەموو ڕۆژانی ژیانت.
٦ منداڵی منداڵەکانت ببینیت! ئاشتی بۆ ئیسڕائیل!

# ١٢٩

گۆرانی گەشتیاران.
١ چەند زۆر لە گەنجیم تەنگیان پێهەڵچنیم! با ئێستا ئیسڕائیل بڵێت،
٢ چەند زۆر لە گەنجیم تەنگیان پێهەڵچنیم! بەڵام بەسەرمدا زاڵ
نەبوون.
٣ جوتیارەکان جوتیان لەسەر پشتمکرد و خەتەجووتەکانیان
درێژکردەوە.
٤ خوداوەند ڕاستودروستە، پەتی بەدکارانی پارچەپارچە کرد.
٥ ڕسوابن و بەرەو دواوەبن هەموو ئەوانەی ڕقیان لە سییۆنە.
٦ بە دەردی گیای سەربان بچن، پێش ئەوەی گەشە بکات ووشك
دەبێت.
٧ ئەوەی نە دەستی دروێنەکەر پڕدەکات و نە باوەشی گیشەکەر[أ].
٨ ئەوانەی بەلایانەوە تێدەپەڕن پێیان ناڵێن: بەرەکەتی خوداوەندتان
لێبێت !پیرۆز بن بە ناوی خوداوەند!

# ١٣٠

گۆرانی گەشتیاران.
١ لە ناخی قووڵاییەکانەوە هاوار بۆ تۆ دەکەم ئەی خوداوەند!
٢ ئەی خوداوەندم گوێ لە دەنگم بگرە! با گوێیەکانت سووکبن بۆ
دەنگی پاڕانەوەم.
٣ ئەی خوداوەند ئەگەر چاو بە گوناهەکان بخشێنیت، ئەی
خوداوەندم کێ دەوەستێت؟
٤ بەڵام لێخۆشبوون لەلای تۆیە، بۆ ئەوەی لێت بترسین.
٥ چاوەڕێی خوداوەندم دەکەم، گیانم چاوەڕێی دەکات، هیوام بە
وشەکانیەتی.
٦ گیانم چاوەڕێی خوداوەندم دەکات، زیاتر لە ئێشکگر بۆ
بەرەبەیان، بەڵێ زیاتر لە ئێشکگر بۆ بەرەبەیان.
٧ ئیسڕائیل هیوای بە خوداوەندە، چونکە پەیمانی خۆشەویستی
لەلای خوداوەندە، توانایەکی زۆریشی هەیە بۆ کڕینەوە.
٨ هەر ئەوە ئیسڕائیل لە هەموو خراپەکانی دەکڕێتەوە.

# ١٣١

گۆرانی گەشتیاران، بۆ داود.
١ ئەی خوداوەند، نە دڵم بەفیزە و نە چاوەکانم بە لووتبەرزییەوە
دەڕوانن،
خۆم بە شتی لە خۆم گەورەتر و گرنگترەوە خەریك ناکەم.

[أ] ١٢٩: ٧ ئەو کەسەیە کە لە دوای دروێنەکەران گوڵە گەنمەکان بە باوەش کۆدەکاتەوە.

٢ بەڵکو گیانم ئارام و بێدەنگ بووە، وەك منداڵێ کە بە مەمکی
دایکی ژیربێتەوە، ڕۆحم وەك منداڵی ژیربووەوە وایە.
٣ ئەی ئیسڕائیل ئومێدت بە خوداوەند هەبێت، لە ئێستاوە و
تاهەتایە.

# ١٣٢

گۆرانی گەشتیاران.
١ ئەی خوداوەند هەموو ئازارەکانی داود، بەبیر خۆت بهێنەوە،
٢ ئەو سوێندەی بۆ خوداوەندی خوارد، نەزرەکەی بۆ خودای
توانادارى یاقوب،
٣ شەرت بێت نەچمەوە ناو خێوەتی ماڵەکەم، سەرنەکەومە سەر
نوێن و چوارپایەکەم،
٤ خەو نەدەم بە چاوەکانم، پشوو نەدەم بە پێڵوەکانم.
٥ تا شوێنێ بۆ خوداوەند پەیدانەکەم، جێنشینێ بۆ خودای
توانادارى یاقوب.
٦ ئەوەتا لە ئەفراتا[ب] هەواڵیمان بیست، لەناو کێڵگەکانی یاعەر
دۆزیمانەوە.
٧ با بچینە جێنشینەکانی، با کڕنۆش ببەین بۆ جێی پێیەکانی.
٨ هەستە ئەی خوداوەند بۆ ئارامگات، خۆت و سندوقی هێزت.
٩ کاهینەکانت ڕاستودروستی لەبەردەکەن، خۆشەویستانت
هەلهەلە لێدەدەن.
١٠ لەپێناوی داودی خزمەتکارت، دەستنیشانکراوەکەت ڕەتمەکەوە.
١١ خوداوەند بە ڕاستی سوێندی بۆ داود خوارد و لێی پاشگەز
نابێتەوە: لەبەری پشتی خۆت لەسەر تەختەکەت دادەنێم.
١٢ ئەگەر کوڕەکانت پەیمانەکەم بپارێزن، هەروەها ئەو
شایەتیانەی کە فێریان دەکەم، ئەوسا خۆیان و نەوەکانیان
تاهەتایە، لەسەر تەختەکەت دادەنیشن.
١٣ چونکە خوداوەند سییۆنی هەڵبژارد و حەزی کرد بیکات بە
جێنشینی خۆی.
١٤ ئەمە ئارامگامە تاهەتایە، لێرە جێنشین دەبم، چونکە پێمخۆشە!
١٥ بەرەکەت دەبارێنم بەسەر ئازوقەکەی، هەژارەکانی تێر نان
دەکەم.
١٦ ڕزگاریی دەکەمە بەر کاهینەکانی، خۆشەویستانی هەلهەلە
لێدەدەن.
١٧ لەوێ هێز بۆ داود دەڕوێنم، چرایەك ئامادە دەکەم بۆ
دەستنیشانکراوەکەم.
١٨ شەرمەزاری دەکەمە بەر دوژمنەکانی، بەڵام تاجەکەی سەر
ئەو شکۆفە دەکات.

# ١٣٣

گۆرانی گەشتیاران، بۆ داود.
١ ئەوەتا چەند خۆشە و چەند جوانە، خوشك و براکان بە
یەکگرتووی دانیشن!

[ب] ١٣٢: ٦ ئەفراتا ناوە ئەسڵییەکەی شاری بێتلەحمە.

٢ وەك ڕۆنی بۆن خۆشە بەسەر سەرەوە، کە بەسەر ڕیشدا دێتە
خوارێ، ڕیشی هارون، کە بەسەر دامێنی کراسەکەیدا دێتە
خوارێ.
٣ وەك شەونمی خەرمۆن کە دێتە خوارێ، بەسەر چیاکانی
سییۆن. چونکە خوداوەند لەوێ فەرمانی پیرۆزکردن و ژیانی
هەتاهەتایی دا.

# ١٣٤

گۆرانی گەشتیاران.
١ ئەوەتا خوداوەند پیرۆز بکەن، ئەی هەموو خزمەتکارەکانی
خوداوەند، ئەی ئەوانەی بە شەوان لەماڵی خوداوەند ڕادەوەستن!
٢ دەست بەرز بکەنەوە بۆ پیرۆزگا و خوداوەند پیرۆز بکەن!
٣ خوداوەند کە زەوی و ئاسمانی دروست کردووە، لە سییۆنەوە
پیرۆزت بکات!

# ١٣٥

هەلیلویا!
١ ستایشی ناوی خوداوەند بکەن، ستایشی بکەن ئەی
خزمەتکارەکانی خوداوەند،
٢ ئەی ئەوانەی لە ماڵی خوداوەند ڕاوەستاون، لە حەوشەی ماڵی
خودامان.
٣ ستایشی خوداوەند بکەن، چونکە خوداوەند چاکە، مۆسیقا بۆ
ناوی لێبدەن، چونکە ئاوا جوانە.
٤ چونکە خوداوەند یاقوبی هەڵبژاردووە بۆ خۆی و ئیسڕائیل بۆ
موڵکی تایبەتی خۆی.
٥ چونکە من دەزانم خوداوەند مەزنە، خوداوەندمان مەزنترە لە
هەموو خوداکان.
٦ خوداوەند هەرچی پێ خۆشبێت دەیکات، لە ئاسمان و لەسەر
زەوی، لە دەریا و لە هەموو قووڵاییەکان.
٧ لە بنی دونیاوە هەورەکان بەرز دەکاتەوە، بروسکە بۆ باران
دروست دەکات و لە خەزینەی خۆی با دەردێنێت.
٨ ئەو بوو نۆبەرەکانی میسری لەناوبرد، لە مرۆڤەوە تا ئاژەڵ.
٩ ئەی میسر ئەو بوو لەناو جەرگەی تۆوە، نیشانە و کاری
سەرسوڕهێنەری دژ بە فیرعەون و هەموو خزمەتکارەکانی نارد.
١٠ ئەو بوو زۆر نەتەوەی لەناوبرد و پاشا بەتواناکانی کوشت،
١١ سیخۆنی[أ] پاشای ئەمۆرییەکان و عۆگی[ب] پاشای باشان و
هەموو شانشینەکانی کەنعان.
١٢ خاکەکەیانی کرد بە میرات، بە میرات بۆ ئیسڕائیلی گەلی
خۆی.
١٣ ئەی خوداوەند ناوت تاهەتایە، ئەی خوداوەند یادت بۆ نەوە
دوای نەوەیە،
١٤ چونکە خوداوەند حوکم دەدات بەسەر گەلی خۆی، میهرەبان
دەبێت لەگەڵ خزمەتکارەکانی.

[أ] ١٣٥: ١١ سیخۆن یەکێك بوو لە پاشاکانی ئەمۆرییەکان، ویستی بەرەنگاری
جوولەکەکان بێتەوە و ڕێیان پێنەدات بەناو خاکەکەیدا تێپەڕن، کاتێ بەڕێوە
بوون بەرەو خاکی کەنعان. جا خۆی و سوپاکەی تێکشکان. بڕوانە پەرتووکی
ژمارە ٢١: ٢١-٢٩.

١٥ بتەکانی نەتەوەکان زێڕ و زیوە، دەستکردی مرۆڤن،
١٦ دەمیان هەیە و قسە ناکەن، چاویان هەیە و نابینن،
١٧ گوێیان هەیە و نابیستن، هەروەها کوا هەناسە لە دەمیان؟
١٨ ئەوانەی دروستیانکردوون وەك بتەکان دەبن، هەموو ئەوانەش
کە پشتیان پێدەبەستن.
١٩ ئەی ماڵی ئیسڕائیل خوداوەند پیرۆز بکەن! ئەی ماڵی هارون
خوداوەند پیرۆز بکەن!
٢٠ ئەی ماڵی لێڤی خوداوەند پیرۆز بکەن! ئەی ئەوانەی ترسی
خوداوەندتان لە دڵدایە خوداوەند پیرۆز بکەن!
٢١ پیرۆز بێت خوداوەند لە سییۆن، نیشتەجێ لە ئۆرشەلیم.

# ١٣٦

هەلیلویا!
١ ستایشی خوداوەند بکەن، چونکە چاکە، چونکە پەیمانی
خۆشەویستییەکەی تاهەتایە.
٢ ستایشی خودای خودایان بکەن، چونکە پەیمانی
خۆشەویستییەکەی تاهەتایە.
٣ ستایشی خوداوەندی خوداوەندان بکەن، چونکە پەیمانی
خۆشەویستییەکەی تاهەتایە.
٤ ئەوەی بە تەنها ئەوە کاری سەرسوڕهێنەری مەزن دەکات،
چونکە پەیمانی خۆشەویستییەکەی تاهەتایە.
٥ ئەوەی بە تێگەیشتنەوە ئاسمانی دروستکردووە، چونکە پەیمانی
خۆشەویستییەکەی تاهەتایە.
٦ ئەوەی زەوی لەسەر ئاوەکان ڕاخستووە، چونکە پەیمانی
خۆشەویستییەکەی تاهەتایە.
٧ ئەوەی ڕووناکییە مەزنەکانی دروست کردووە، چونکە پەیمانی
خۆشەویستییەکەی تاهەتایە.
٨ خۆر بۆ حوکمگێڕی ڕۆژ، چونکە پەیمانی خۆشەویستییەکەی
تاهەتایە.
٩ مانگ و ئەستێرەکان بۆ حوکمگێڕی شەو، چونکە پەیمانی
خۆشەویستییەکەی تاهەتایە.
١٠ ئەوەی لە میسری دا بە نۆبەرەکانیەوە، چونکە پەیمانی
خۆشەویستییەکەی تاهەتایە.
١١ ئیسڕائیلی لە ناوەندیان دەرهێنا، چونکە پەیمانی
خۆشەویستییەکەی تاهەتایە.
١٢ بە دەستێکی بەهێز و بازوویەکی دێژکراوەوە، چونکە پەیمانی
خۆشەویستییەکەی تاهەتایە.
١٣ ئەوەی دەریای سوفی[ت] کرد بە دوو بەشەوە، چونکە پەیمانی
خۆشەویستییەکەی تاهەتایە.
١٤ ئیسڕائیلی بە ناویدا پەڕاندەوە، چونکە پەیمانی
خۆشەویستییەکەی تاهەتایە.
١٥ فیرعەون و لەشکرەکەی فڕێدایە ناو دەریای سوف، چونکە
پەیمانی خۆشەویستییەکەی تاهەتایە.
١٦ ئەوەی ڕابەری گەلی خۆی کرد لە بیابان، چونکە پەیمانی
خۆشەویستییەکەی تاهەتایە.
١٧ ئەوەی پاشا مەزنەکانی لەناوبرد، چونکە پەیمانی
خۆشەویستییەکەی تاهەتایە.

[ب] ١٣٥: ١١ عۆگ پاشای باشان بوو، بە هەمان دەردی سیخۆن چوو. بڕوانە لە
دەشتودەر ٢١: ٣١-٣٥.
[ت] ١٣٦: ١٣ مەبەست لەو بەشەی دەریای سوورە کە جوولەکەکان لێی
پەڕینەوە کاتێ لە میسر دەرچوون.

١٨ ئەوەی پاشا ناودارەکانی کوشت، چونکە پەیمانی
خۆشەویستییەکەی تاهەتایە.
١٩ سیخۆنی پاشای ئەمۆرییەکان، چونکە پەیمانی
خۆشەویستییەکەی تاهەتایە.
٢٠ عۆگی پاشای باشان، چونکە پەیمانی خۆشەویستییەکەی
تاهەتایە.
٢١ خاکەکەیانی کرد بە میرات، چونکە پەیمانی خۆشەویستییەکەی
تاهەتایە.
٢٢ بە میرات بۆ ئیسرائیلی خزمەتکاری خۆی، چونکە پەیمانی
خۆشەویستییەکەی تاهەتایە.
٢٣ ئەوەی ئێمەی بەبیرهاتەوە کاتێك زەلیل بووین، چونکە پەیمانی
خۆشەویستییەکەی تاهەتایە.
٢٤ ئەوەی دەریهێناین لەناو دوژنمان، چونکە پەیمانی
خۆشەویستییەکەی تاهەتایە.
٢٥ ئەوەی نان بە هەموو مرۆڤێك دەدات، چونکە پەیمانی
خۆشەویستییەکەی تاهەتایە.
٢٦ ستایشی خودای ئاسمان بکەن، چونکە پەیمانی
خۆشەویستییەکەی تاهەتایە.

# ١٣٧

١ لەدەم ڕووبارەکانی بابل، لەوێ دانیشتین،هەروەها گریاین کە
سییۆنمان بیرکەوتەوە.
٢ عوودەکانی خۆمان بە دار بییەکانی ناوەندی هەڵواسی.
٣ چونکە لەوێ ڕاپێچکەرانمان داوای گۆرانییان لێکردین،
چەوسێنەرانمان داوایان کرد دڵخۆشیان بکەین: گۆرانییەکمان بۆ
بڵێن لەگۆرانییەکانی سییۆن.
٤ چۆن گۆرانی بڵێین، گۆرانی خوداوەند، لە خاکێکی بێگانە؟
٥ گەر لەبیرت بکەم ئەی ئۆرشەلیم، با دەستە ڕاستەم [بەهرەکەی]
لەبیر بکات.
٦ با زمانم بە مەڵاشوومەوە بنووسێت، گەر یادت نەکەم، گەر
ئۆرشەلیم لە سەرووی هەموو خۆشییەکم دانەنێم.
٧ ئەی خوداوەند ئەو ڕۆژەی ئۆرشەلیمت لەبیر بێت، کاتێ
نەوەکانی ئەدۆم وتیان: تەختی بکەن، تا بناغە تەختی بکەن!
٨ ئەی کچی بابلی تێکدەر، دەستی خۆشبێت ئەو کەسەی پاداشتت
دەداتەوە، وەك ئەو پاداشتەی پاداشتی ئێمەت دایەوە!
٩ دەستی خۆشبێت ئەو کەسەی منداڵەکانت دەگرێت و دەیانکێشێت
بە تاشەبەرددا!

# ١٣٨

بۆ داود.
١ بە هەموو دڵەوە ستایشت دەکەم، لەبەردەم خوداکان مۆسیقات بۆ
لێدەدەم.
٢ بەرامبەر پەرستگای پیرۆزت کڕنۆش دەبەم، ستایشی ناوت
دەکەم.
بۆ پەیمانی خۆشەویستییەکەت، بۆ دڵسۆزیت، چونکە ووشە و
ناوی خۆت بەرزکردووەتەوە بەسەر هەمووانەوە.
٣ ئەو ڕۆژەی هاوارم بۆ تۆ کرد بەدەنگمەوە هاتیت، ئازات
کردووم و هێزت خستەوە بەر گیانم.
٤ ئەی خوداوەند هەموو پاشاکانی سەرزەوی ستایشت دەکەن،
چونکە ووشەی دەمی تۆیان بیست.
٥ گۆرانی بە سەر ڕێگاکانی خوداوەند دەڵێن، چونکە مەزنە
شکۆمەندی خوداوەند.
٦ چونکە خوداوەند بەرزە و دەڕوانێتە مرۆڤی بێفیز، بەڵام
لووتبەرزان لە دوورەوە دەناسێت.
٧ ئەگەر بەناو تەنگانەشدا بڕۆم دەمژێنیت، دەست درێژ دەکەیت
بەسەر توڕەیی دوژمنانم، بە دەستە ڕاستەت ڕزگارم دەکەیت.
٨ خوداوەند [خواستی خۆی] لە مندا تەواو دەکات، ئەی خوداوەند
پەیمانی خۆشەویستییەکەت تاهەتایە، واز لەکارەکانی دەستت
مەهێنە.

# ١٣٩

بۆ گەورەی گۆرانی بێژان، زەبوورێکی داود.
١ ئەی خوداوەند تۆ منت تاقیکردەوە و ناسیمت.
٢ هەستان و دانیشتنی منت زانیووە، لەدوورەوە لەبیرەکانم
گەیشتووی.
٣ ڕێڕەو و جێی ڕاکشانی منت پێواوە، شارەزای هەموو
ڕێگاکانمی.
٤ چونکە ئەی خوداوەند، هیچ ووشەیەك نییە لەسەر زمانم کە تۆ
نەیزانی.
٥ لە پێش و لە پشتەوە دەورت داوم، دەست دەخەیتە سەرم.
٦ ئەم زانینەی تۆم بەلاوە زۆر سەیرە، لەسەرووی منەوەیە و دەستم
پێی ناگات.
٧ بۆ کوێ بڕۆم لە ڕۆحی تۆ؟ بۆ کوێ هەڵبێم لە ڕوخسارت؟
٨ گەر سەرکەوم بۆ ئاسمان، تۆ لەوێیت، گەر ڕاکشێم لەناو
دونیای مردووان، ئەوەتای لەوێ.
٩ گەر دەست بە باڵی بەرەبەیانەوە بگرم، گەر لەو پەڕی دەریا
نیشتەجێبم،
١٠ لەوێش دەستی تۆ ڕێنماییم دەکات، دەستە ڕاستەت بە خۆیەوە
دەمگرێت.
١١ ووتم: بێگومان تاریکی دامدەپۆشێت و شەویش دەبێت بە
ڕووناکی دەورم.
١٢ دیسان تاریکی لای تۆ تاریك دانایەت، شەو وەك ڕۆژ ڕووناکی
دەبەخشێت، تاریکیش وەك ڕووناکی وایە.
١٣ چونکە تۆ دڵی منت دروستکردووە، لەناو سکی دایکم منت
چنیوە.
١٤ ستایشت دەکەم، چونکە بە ترسەوە سەرم سوڕماوە. کارەکانت
سەرسوڕهێنەرن، لە ناخمەوە ئەمە باش دەزانم.
١٥ ئێسقانم لە تۆ شاراوە نەبوو، کاتێك لە پەنهانی دروستکرام،
لەناو سکی زەوی نەخشێنرام.
١٦ هێشتا لە سکی دایکم بووم، ئەندامەکانی لە شمەت بینی. لە
پەرتووکی تۆدا هەموویان نووسراون، ئەو ڕۆژانەی شێوەیان
کێشرا، پێش ئەوەی هیچ کامێکیان هەبن.
١٧ بەلای منەوە چەند گرانبەهایە بیرەکانت خودایە، کۆی
ژمارەیان چەند مەزنە!
١٨ گەر بیانژمێرم لە خۆڵ زیاترن. کە بە ئاگادێم هێشتا لەگەڵ
تۆدام.
١٩ خۆزگە بەدکارەکان بکوژی خودایە، خوێنڕێژەکانم لێ
دوورکەیتەوە.

٢٠ ئەوانەی بە خراپە باست دەکەن، شکاتکەران بە بێ هۆ لێت
هەستاون!
٢١ ئەی خوداوەند، ئایا ڕقم لەوانە نەبێت کە ڕقیان لەتۆیە؟ ئایا
قێزم لەوانە نەبێتەوە کە دژی تۆ دەوەستن؟
٢٢ بە تەواوی ڕقم لێیانە، بوون بە دوژمنم.
٢٣ خودایە بمپشکنە و بزانە دڵم چی تیایە! تاقیمبکەوە و بزانە
خولیای چیم،
٢٤ سەیرکە داخۆ هیچ ڕێگایەکی خراپەم تیادایە، ڕێنمایم بکە لە
ڕێگای هەتاهەتایی.

# ١٤٠

بۆ گەورەی گۆرانی بێژان، زەبوورێکی داود.
١ ئەی خوداوەند لە مرۆڤی بەدکار دەربازم بکە، لە پیاوی توندوتیژ
بمپارێزە!
٢ ئەوانەی لە دڵەوە بیر لە خراپە دەکەنەوە و هەمیشە خەریکی
شەڕ نانەوەن.
٣ زمانیان تیژکردووە وەك زمانی مار، کیسی ژەهری تیرەمار لە
بن لێویانە.
٤ ئەی خوداوەند لە دەست بەدکار ئاگادارمبە، لە پیاوی توندوتیژ
بمپارێزە، ئەوانەی پیلانیان داناوە تا قاچم بخلیسکێنن.
٥ لووتبەرزان تەڵەیان بۆم ناوەتەوە، پەتو تۆڕیان بڵاوکردۆتەوە،
لە دەم ڕێگا داویان ناوەتەوە بۆم.
٦ بە خوداوەندم وت: تۆ خودای منی، ئەی خوداوەند گوێ لە
دەنگی پاڕانەوەم بگرە.
٧ ئەی خوداوەند خوداوەندم، هێزی ڕزگاریم، سەری منت داپۆشی
لە ڕۆژی شەڕدا.
٨ ئەی خوداوەند ئارەزووەکانی بەدکار مەهێنە دی، لێمەگەڕێ
پیلانەکانی سەربگرێت، تا لووتبەرز نەبن.
٩ ئەوانەی دەوریان داوم، با گڕی لێویان خۆیان بگرێتەوە،
١٠ با پشکۆیان بەسەردا ببارێت، بکەونە ناو ئاگرەوە، ناو چاڵەوە،
ڕاست نەبنەوە.
١١ با مرۆڤی بوختانکەر جێگیر نەبێت لەسەر زەوی، مرۆڤی
توندوتیژ با خراپە ڕاوی بکات و بفەوتێت.
١٢ زانیم خوداوەند دادوەری دەکات بۆ هەژاران، ماف دەدات بە
نەداران.
١٣ ڕاستودروستان ستایشی ناوت دەکەن، سەرڕاستان لە
ئامادەبوونت دادەنیشن.

# ١٤١

زەبوورێکی داود.
١ ئەی خوداوەند هاوارم بۆ تۆ کرد، خێرابە بۆ لام! گوێ لە دەنگم
بگرە کە هاوارت بۆ دەکەم.
٢ با نوێژم وەك بخوور بچەسپێت لەبەردەمت، دەست
بەرزکردنەوەم وەك پێشکەشکراوی ئێوارە بێت.
٣ ئەی خوداوەند پاسەوانێ دانێ بۆ دەمم، ئێشکگرێ لەسەر
دەرگای لێوەکانم.
٤ دڵم بە لای خراپەدا مەبە، نەوەك خۆم بە کردەوەی بەد خەریك
بکەم، لەگەڵ ئەوانەی بەدکاری دەکەن. لە شتە خۆشەکانی ئەوان
ناخۆم.
٥ با ڕاستودروست لێمبدات، پەیمانی خۆشەویستیە، با سەرزەنشتم
بکات، ڕۆنی بۆنخۆشی سەرە، سەرم لاری نییە.
چونکە بەردەوام نوێژەکانم دژی خراپەکانیانە.
٦ کە دادوەرانیان لە چیاوە فڕێدەدرێنە خوارێ، ئەوسا گوێ لە
قسەم دەگرن چونکە شیرینە.
٧ وەك کێڵان و شەقکردنی زەوی، ئاوا ئێسقانەکانیان پەرت
دەکرێن لەدەمی دونیای مردووان.
٨ چونکە چاوەکانم ئاراستەی تۆن ئەی خوداوەند، خوداوەندم. پەنا
دێنمە بەر تۆ، با گیانم نەفەوتێت.
٩ بمپارێزە لەو داوەی بۆیان ناوەتەوە، لە تەڵەی بەدکاران.
١٠ با بەدکاران بکەونە تۆڕی خۆیانەوە، تەنیا من بپەڕمەوە.

# ١٤٢

سروودێکی داود کە لە ئەشکەوت بوو. نوێژ.
١ بە دەنگی بەرز هاوار دەکەم بۆ خوداوەند، بە دەنگی خۆم لە
خوداوەند دەپاڕێمەوە.
٢ شکایەتی خۆمی لەبەردەم هەڵدەڕێژم، لەبەردەمی باسی
تەنگانەکانی خۆم دەکەم.
٣ لە کاتی ووره بەردانی ڕۆحم، تۆ شارەزای ڕێڕەومی.
لەو ڕێگایەی پێیدا دەڕۆم، تەڵەیان بۆم ناوەتەوە.
٤ ئاوڕ بەلای ڕاستدا بدەوە و ببینە، کوا ناسیاوی من؟
پەناگا بۆ من قڕی تێکەوتووە، کوا پرسیارکەر لە ئەحواڵی من؟
٥ هاوارم بۆ تۆ کرد ئەی خوداوەند، وتم: تۆ پەناگامی، لە خاکی
زیندووان تۆ بەشی منی.
٦ بە ووردی گوێ لە لاوانەوەم بگرە، چونکە زۆر زەلیلم.
دەربازم بکە لە دەست ڕاونەرانم، چونکە لە من ڕەقترن.
٧ گیانم لە بەندیخانە دەربهێنە، بۆ ستایشی ناوت. ئینجا
ڕاستودروستان دەورم دەگرن، چونکە چاکەم لەگەڵ دەکەیت.

# ١٤٣

زەبوورێکی داود.
١ ئەی خوداوەند نوێژم ببیستە، گوێ لە پاڕانەوەم بگرە،
بە دڵسۆزی خۆت وەڵامم بدەوە، بە ڕاستودروستیت.
٢ مەکەوە دادگایی کردن لەگەڵ خزمەتکاری خۆت، چونکە کەس
نییە لەبەردەم تۆ بێتاوان دەرچێت.
٣ چونکە دوژمن ڕاوی گیانم دەنێت، ژیانمی پێپەست کردووە
بەرەو زەوی، لەناو تاریکی دایینیشاندووم وەك ئەوانەی دەمێکە
مردوون.
٤ ڕۆحم بێووره دەبێت، لە ناخمدا دڵم دەبەسترێت.
٥ ڕۆژگاری کۆن دێتەوە یادم، لە هەموو کردەوەکانت
ووردەبمەوە، سەرنج دەدەمە کردەوەکانی دەستت.
٦ دەستم بۆ تۆ پاندەکەمەوە، گیانم بۆ تۆ وەك خاکێکی تینووە.
٧ ئەی خوداوەند بە دەنگمەوە وەرە، ڕۆحم لەناودەچێت، ڕووی
خۆتم لێ مەشارەوە، ئەگینا لەوانە دەچم کە شۆڕدەبنەوە ناو گۆڕ.

٨ با بەیانیان گوێم لە پەیمانی خۆشەویستییەکەت بێت، چونکە من
پشت بە تۆ دەبەستم. ئەو ڕێگایەم پێبناسێنە کە دەیگرمەبەر،
چونکە گیانی خۆم بۆ تۆ بەرز دەکەمەوە.
٩ ئەی خوداوەند لە دوژمنەکانم دەربازم بکە، هانا بۆ تۆ دەهێنم.
١٠ فێرم بکە بە ڕەزامەندیت بکەم، چونکە تۆ خودامی. ڕۆحە
چاکەکەت ڕێنمایم دەکات لە زەوییەکی ڕاست.
١١ ئەی خوداوەند لەبەر ناوی خۆت بمژێنە، بە ڕاستودروستی
خۆت گیانم لە تەنگانە دەربهێنە.
١٢ بە پەیمانی خۆشەویستییەکەت دوژمنانم ڕیشەکێش بکە، هەموو
ئەوانە لەناوببە کە تەنگم پێهەڵدەچنن، چونکە من خزمەتکاری
تۆم.

# ١٤٤

زەبوورێکی داود.
١ پیرۆزە خوداوەند، چیای من، ئەوەی مەشق دەکات بە دەستم بۆ
شەڕ، پەنجەکانم بۆ جەنگ.
٢ پەیمانی خۆشەویستی و قەڵامە، پارێزەر و دەربازکەرە بۆم،
قەڵغانمە و پشتم بەو بەستووە، گەلەکەمی خستووەتە ژێر ڕکێفم.
٣ ئەی خوداوەند مرۆڤ چییە تا بیناسی، ڕۆڵەی مرۆڤ چییە تا تۆ
بیری لێبکەیتەوە؟
٤ مرۆڤ وەك هەناسەیەکە، ڕۆژگاریشی وەك سێبەرێکی
تێپەڕیوە.
٥ ئەی خوداوەند ئاسمانەکەت لێکبکەرەوە و وەرە خوارەوە، دەست
بدە چیاکان و دووکەڵ دەکەن.
٦ چەخماخە بدە و پەرتیان پێبکە، تیرت تێگرە و بیانبەزێنە.
٧ لە بەرزاییەوە دەستت درێژ بکە، فریام بکەوە و دەربازم بکە، لە
ئاوی زۆر و لە دەستی بێگانە.
٨ ئەوانەی بە دەم درۆ دەکەن، سوێند خواردنیشیان ساختەیە.
٩ خودایە گۆرانییەکی نوێت بۆ دەڵێم، بە قیسارەی دە ژێیی
مۆسیقات بۆ لێدەدەم.
١٠ ئەی ئەوەی ڕزگاری دەدەی بە پاشایان، ئەی ئەوەی داودی
خزمەتکاری خۆی دەرباز دەکات لە شمشێری بەدکار.
١١ فریام بکەوە و دەربازم بکە لە دەست بێگانە، ئەوانەی بە دەم
درۆ دەکەن، سوێند خواردنیشیان ساختەیە.
١٢ بۆ ئەوەی کوڕەکانمان وەك نەمامی گەشەکردوو بن، لە
سەردەمی لاوییان، کچەکانمان وەك ستونی داتاشراوی گۆشەی
کۆشك بن.
١٣ عەمبارەکانمان پڕ بن و لێیان بڕژێت، هەموو جۆرە
دانەوێڵەیەکیان تیادا بێت. مەڕەکانمان یەکەو هەزارو بە دەیان
هەزار بن لەناو کێڵگەکانماندا،
١٤ مانگامان ئاوس بێت. بێ هەڵکووتانەسەر و بێ ڕاپێچکردن ،
شەقامەکانمان هاواری تەنگانەیان لێ نەیێت!
١٥ خۆزگە دەخوازرێت بەو گەلەی ئاوای بۆ ببێت، خۆزگە
دەخوازرێت بەو گەلەی خوداوەند خودای بێت.

# ١٤٥

ستایشێکی داود.
١ بەرزت دەکەمەوە ئەی خودام، ئەی پاشا، تاهەتایە ناوت پیرۆز
دەکەم.
٢ هەموو ڕۆژێ پیرۆزت دەکەم، تاهەتایە ستایشی ناوت دەکەم.
٣ خوداوەند مەزنەو دەبێت زۆر ستایشی بکرێت، مەزنایەتی لە
سەرووی تێگەیشتنە.
٤ نەوە دوای نەوە ستایشی کردەوەکانت دەکرێت، باسی پاڵەوانێتی
و توانات دەکرێت.
٥ ستایشی شکۆمەندی مەزنیت دەکەن و سەرنج دەدەنە شتە
سەرسوڕهێنەرەکانت.
٦ دەربارەی هێزی کردەوە ترسناکەکانت دەدوێن، منیش باسی
مەزنیت دەکەم.
٧ ڕاگەیاندنی زۆری چاکەی تۆ هەڵدەڕێژن، گۆرانی دەڵێن
دەربارەی ڕاستودروستیت.
٨ خوداوەند میهرەبان و بە بەزەییە، پشوودرێژە و پڕ لە پەیمانی
خۆشەویستیە.
٩ خوداوەند باشە بۆ هەمووان، بەزەییەکەی بەسەر هەموو
کردەوەکانیەتی.
١٠ ئەی خوداوەند هەموو کردەوەکانت ستایشت دەکەن،
خۆشەویستانت پیرۆزت دەکەن.
١١ دەربارەی شکۆمەندی پاشایەتی تۆ دەدوێن، باسی پاڵەوانیەتی و
توانای تۆ دەکەن.
١٢ تا پاڵەوانیەتی و توانات زانراو بێت لای ئادەمیزاد، هەروەها
مەزنی شکۆمەندی پاشایەتییەکەت.
١٣ پاشایەتی تۆ پاشایەتی هەموو سەردەمێکە، فەرمانڕەوایشت
بەسەر هەموو نەوەکانە. خوداوەند سەرڕاستە لە هەموو
ووشەکانی، دڵسۆزە لە هەموو کردەوەکانی.
١٤ خوداوەند پشتگیرە بۆ هەموو کەوتووەکان، ڕاستکەرە بۆ
هەموو ئەوانەی چەماونەتەوە.
١٥ چاوی هەمووان هیوای بە تۆیە، تۆش لە کاتی خۆیدا خواردنیان
پێدەدەیت.
١٦ دەستت دەکەیتەوە و ئارەزووی هەموو زیندوویەك تێر دەکەیت.
١٧ خوداوەند ڕاستودروستە لە هەموو ڕێگاکانی، میهرەبانە لە
هەموو کردەوەکانی.
١٨ خوداوەند نزیکە لە هەموو ئەوانەی بانگی دەکەن، لە هەموو
ئەوانەی بە دڵسۆزییەوە بانگی دەکەن.
١٩ ئارەزووی هەموو ئەوانە بەجێ دەهێنێت کە لێیدەترسن، گوێی
لە هاواریان دەبێت و ڕزگاریان دەکات.
٢٠ خوداوەند هەموو ئەوانە دەپارێزێت کە خۆشیاندەوێت، بەڵام
هەموو بەدکاران تەفروتونا دەکات.
٢١ دەمم باسی ستایشی خوداوەند دەکات، با هەموو مرۆڤێك ناوی
پیرۆزی ڕابگەیەنێت تاهەتایە.

# ١٤٦

هەلیلویا!
١ ئەی گیانی من ستایشی خوداوەند بکە.
٢ تا لە ژیاندام ستایشی خوداوەند دەکەم، تا ماوم مۆسیقا بۆ خودای
خۆم لێدەدەم.
٣ پشت مەبەستن بە میرەکان، بە ئادەمیزاد کە ڕزگاری لەلا نییە.
٤ کە ڕۆحی دەرچوو دەگەڕێتەوە بۆ خۆڵەکەی خۆی، لە هەمان
ڕۆژدا نەخشەکانی دەسڕێتەوە.

٥ خۆزگە دەخوازرێت بەو کەسەی کە خودای یاقوب هاریکاری
بێت و هیوای بە خوداوەندی خودای بێت،
٦ دروستکەری ئاسمان و زەوی و دەریا و هەموو شتێك کە
تیایاندایە، ڕاستی دەپارێزێت تاهەتایە.
٧ دادپەروەری بەڕێوە دەبات بۆ زۆرلێکراوان، نان دەدات بە
برسییەکان .خوداوەند ئازادکەری گیراوەکانە،
٨ خوداوەند چاوی کوێرەکان دەکاتەوە، خوداوەند مرۆڤە
چەماوەکان ڕاستدەکاتەوە، خوداوەند ڕاستودروستانی خۆشدەوێت.
٩ خوداوەند غەریبەکان دەپارێزێت، یارمەتی هەتیوو و بێوەژنان
دەدات، بەڵام ڕێگای بەدکاران خوار دەکات.
١٠ خوداوەند تاهەتایە فەرمانڕەوایی دەکات، خودای تۆیە ئەی
سییۆن نەوە دوای نەوە. هەلیلویا.

# ١٤٧

١ ستایشی خوداوەند بکەن! چونکە باشە مۆسیقا بۆ خودامان
لێدەن، چونکە ستایشکردن خۆشە و شیاوە.
٢ خوداوەند ئۆرشەلیم بنیاد دەنێتەوە، ڕاپێچکراوەکانی ئیسرائیل
کۆدەکاتەوە.
٣ دڵشکاوان چاك دەکاتەوە و برینیان سارێژ دەکات.
٤ ژمارەی ئەستێرەکان دیاری دەکات و هەریەکەیان بە ناوێك
بانگ دەکات.
٥ خوداوەندمان گەورەیە و هێزی زۆرە، تێگەیشتنی بێ سنوورە.
٦ خوداوەند نەداران بەرز دەکاتەوە و بەدکاران بە زەویدا دەدات.
٧ وەڵامی خوداوەند بدەنەوە بە ستایش کردن. بە قیسارە مۆسیقا بۆ
خودامان لێبدەن.
٨ ئەوەی ئاسمان بە هەور دادەپۆشێت، باران بۆ زەوی
ئامادەدەکات، گیا لەسەر چیاکان دەڕوێنێت،
٩ خۆراکی ئاژەڵ و بێچوە قەلەڕەشی دەم بەقیڕە دەدات.
١٠ خوداوەند خۆشیی بە هێزی ئەسپدا نایێت، بە قاچی مرۆڤ
ڕازی نییە.
١١ خوداوەند بەوانە ڕازییە کە ترسی ئەویان لە دڵە، ئەوانەی
هیوایان بە پەیمانی خۆشەویستییەکەی ئەو هەیە.
١٢ ئەی ئۆرشەلیم ستایشی خوداوەند بکە، ئەی سییۆن ستایشی
خودات بکە،
١٣ چونکە سوورگی دەروازەکانت بەهێز دەکات، کوڕەکانت لەناو
خۆت پیرۆز دەکات.
١٤ سنوورەکانت ئاسوودە دەکات، لە باشترین گەنم تێرت دەکات.
١٥ فەرمان بۆ سەرزەوی دەنێرێت، ووشەی زوو دێتەجێ.
١٦ وەك خوری بەفر دەبارێنێت، زوقم وەك خۆڵەمێش
بڵاودەکاتەوە.
١٧ تەرزە وەك نانەڕەق بڵاودەکاتەوە. کێ لە ڕووی سەرمای ئەو
خۆی ڕادەگرێت؟
١٨ وشەی خۆی دەنێرێت و دەیانتوێنێتەوە. بای خۆی هەڵدەکات و
ئاو دەکەوێتەڕێ.
١٩ وشەی خۆی بە یاقوب ڕادەگەیەنێت، فەرز و حوکمەکانی بە
ئیسرائیل.
٢٠ لەگەڵ هیچ نەتەوەیەکی تر ئەمەی نەکردووە، حوکمەکانی
ئەمیان نەزانیوە. هەلیلویا!

# ١٤٨

هەلیلویا!
١ ستایشی خوداوەند بکەن لە ئاسمان، ستایشی بکەن لە
بەرزاییەکان.
٢ ستایشی بکەن ئەی هەموو فریشتەکانی، ستایشی بکەن ئەی
هەموو سوپاکەی.
٣ ستایشی بکەن ئەی خۆر و مانگ، ستایشی بکەن ئەی هەموو
ئەستێرەکانی ڕووناکی.
٤ ستایشی بکەن ئەی ئاسمانی ئاسمانەکان، ئەی ئەو ئاوانەی
لەسەرووی ئاسمانەکانن.
٥ با ستایشی ناوی خوداوەند بکەن، چونکە فەرمانیدا بەدیهێنران.
٦ تاهەتایە و تا ماون دەچەسپێن، فەرزی بۆ داناون لێی تێناپەڕن.
٧ ستایشی خوداوەند بکەن لەزەوییەوە، ئەی ئەژدیهاکان و قووڵایی
دەریاکان.
٨ ئاگر و تەرزە، بەفر و تەم، ڕەشەبا کە وشەی جێبەجێ دەکەن.
٩ چیاکان و هەموو گردەکان، داری بەبەر و هەموو ئورزەکان،
١٠ جانەوەر و هەموو ئاژەڵ، خشۆك و باڵدار،
١١ پاشاکانی زەوی و هەموو نەتەوەکان، میرەکان و هەموو
دادوەرانی زەوی،
١٢ کوڕان و کچانی تازەهەڵچوو پێکەوە، پیران لەگەڵ لاوان.
١٣ با هەموو ستایشی ناوی خوداوەند بکەن، چونکە تەنها ناوی ئەو
بەرزە، شکۆمەندیی ئەو لەسەرووی زەوی و ئاسمانە.
١٤ سەری گەلی خۆی بەرزدەکاتەوە، شانازییە بۆ هەموو
خۆشەویستانی، بۆ نەوەی ئیسرائیل، ئەو گەلەی کە لێیەوە نزیکن.
هەلیلویا.

# ١٤٩

هەلیلویا!
١ گۆرانییەکی نوێ بۆ خوداوەند بڵێن، ستایشی لەناو کۆڕی
خۆشەویستانیەتی.
٢ ئیسرائیل بە دروستکەری دڵخۆش دەبێت، ڕۆڵەکانی سییۆن بە
پاشایان شاد دەبن.
٣ با بە هەڵپەڕکێ ستایشی ناوی بکەن، بەدەف و عوود مۆسیقای
بۆ لێبدەن.
٤ چونکە خوداوەند ڕازییە لە گەلەکەی، نەدارەکان بە ڕزگاری
دەڕازێنێتەوە.
٥ با خۆشەویستان بە شکۆمەندیی شادبن، با لەناو نوێنەکانیان
گۆرانی بڵێن.
٦ با هاوارکردن بۆ خودا لە گەروویان بێت، شمشێری دوودەمیان
بە دەستەوە بێت.
٧ تا تۆڵە لە نەتەوەکان بکەنەوە، گەلان تەمبێ بکەن.
٨ تا پاشاکانیان بە زنجیر ببەستنەوە، کۆت بکەنە دەستی پیاو
ماقوڵانیان.
٩ تا حوکمی نووسراویان بەسەردا جێبەجێ بکەن! شکۆمەندییە بۆ
هەموو خۆشەویستانی. هەلیلویا.

# ١٥٠

هەلیلویا!
١ ستایشی خودا بکەن لە پیرۆزگاکەی، ستایشی بکەن لە بۆشایی
ئاسمانی هێزی،
٢ ستایشی بکەن بۆ پاڵەوانیەتی و تواناى، ستایشی بکەن بە پێی
زۆری مەزنایەتی،
٣ بە دەم دەنگی کەڕەناوە ستایشی بکەن، بە دەم عوود و قیسارەوە
ستایشی بکەن،
٤ بە دەف و هەڵپەڕکێ ستایشی بکەن، بە ئامێری ژێدار و شمشاڵ
ستایشی بکەن،
٥ بە سەنجی دەنگ بەرز ستایشی بکەن، بە سەنجی دەنگ خۆش
ستایشی بکەن!
٦ با هەموو ئەوەی هەناسە دەدات ستایشی خوداوەند بکات!
هەلیلویا.

# پەندەکانی سلێمان

## ١

١ پەندەکانی سلێمانی کوڕی داود، پاشای ئیسرائیل،
٢ بۆ زانینی دانایی و ڕێنمایی، بۆ پەیبردن بە وشەکانی تێگەیشتن،
٣ بۆ وەرگرتنی تەمبێکردنی وریایی، ڕاستودروستی و دادپەروەری و ڕێکی،
٤ بۆ بەخشینی زۆرزانی بە ساویلکە، بە لاویش زانین و توانای هەڵبژاردن.
٥ دانا گوێی لێدەگرێت و فێربوونی زیاد دەبێت، تێگەیشتووش ڕاوێژی باشی دەست دەکەوێت،
٦ بۆ تێگەیشتنی پەند و توانج، قسەی دانایان و مەتەڵەکانیان.
٧ ترسی خوداوەند سەرەتای زانینە، گێلەکان سووکایەتی بە دانایی و تەمبێکردن دەکەن.
٨ ڕۆڵە، گوێ لە تەمبێی باوکت بگرە و فێرکردنەکانی دایکت پشتگوێ مەخە.
٩ چونکە تاجە گوڵی میهرەبانین بۆ سەرت، گەردانەن بۆ ملت.
١٠ ڕۆڵە، ئەگەر گوناهکاران فریویان دایت، ڕازی مەبە.
١١ ئەگەر وتیان: وەرە لەگەڵمان، بۆسە بۆ خوێن ڕشتن بنێینەوە، بەخۆڕایی بۆ بێتاوانێك خۆمان ماتکەین.
١٢ وەك دونیای مردووان بەزیندوویی هەڵیانلووشین و بە ساغی وەك ئەوانەی شۆڕدەبنەوە بۆ ناو گۆڕ.
١٣ هەموو گەنجینەیەکی بەنرخ دەدۆزینەوە و ماڵمان پڕ دەکەین لە دەسکەوت.
١٤ تیروپشکی خۆت هەڵدەدەیتە ناومان، یەك کیسە دەبێت بۆ هەموومان.
١٥ ڕۆڵە، لەگەڵ ئەوان بە ڕێگادا مەڕۆ، پێیەکانت قەدەغەبکە لە ڕێڕەوەکانیان.
١٦ چونکە پێیەکانیان بەرەو خراپە ڕادەکەن، بۆ خوێن ڕشتن پەلەدەکەن.
١٧ چونکە بێ سوودە تۆڕ نانەوە لەبەر چاوی هەموو باڵدارێك.
١٨ بۆ خوێنی خۆیان بۆسەیان ناوەتەوە، خۆیان ماتداوە بۆ گیانی خۆیان.
١٩ ئاوایە ڕێچکەی هەموو ئەوانەی خاوە وەردەگرن، سەری خاوەنی دەخوات.
٢٠ دانایی لە کۆڵان هاوار دەکات، لە گۆڕەپانەکان دەنگ بەرزدەکاتەوە.
٢١ لەسیلەی بازاڕەکاندا بانگ دەکات، لەبەر دەروازەکاندا، لە شاردا قسەی خۆی دەکات:
٢٢ تاکەی ساویلکەکان حەز لە ساویلکەیی دەکەن؟ گاڵتەجاڕان بە گاڵتەکردن دڵخۆش دەبن؟ گێلەکان ڕقیان لە زانین دەبێتەوە؟
٢٣ بگەڕێنەوە، کە سەرزەنشتم کردن، ئەوەتا ڕۆحی خۆمتان بەسەردا دەڕێژم،
وشەکانی خۆمتان پێدەناسێنم.
٢٤ چونکە بانگم کرد، ڕەتتانکردەوە، دەستم درێژکرد، کەس گوێی نەدایە.
٢٥ هەموو ڕاوێژێکی منتان پشتگوێ خست، سەرزەنشتی منتان ڕەتکردەوە،
٢٦ هەروەها منیش لە کارەساتتان پێدەکەنم. گاڵتە دەکەم کە ترستان لێنیشت،
٢٧ کە ترستان وەك گەردەلوول لێنیشت و وێرانیتان وەك ڕەشەبا هاتە سەر و تەنگانە و ناخۆشی دای بەسەرتاندا.
٢٨ ئینجا بانگم دەکەن و وەڵام نادەمەوە، بەرەبەیان بەدوامدا دەگەڕێن و نامدۆزنەوە.
٢٩ لەبەر ئەوەی ڕقیان لە زانین بووەوە، ترسی خوداوەندیان هەڵنەبژارد،
٣٠ لەبەر ئەوەی ڕاوێژی منیان ڕەتکردەوە، بە سووکییەوە تەماشای سەرزەنشتی منیان کرد،
٣١ بۆیە لە بەری ڕێگای خۆیان دەخۆن، لە ڕاوێژەکانیا تێر دەبن،
٣٢ چونکە لادانی ساویلکەکان دەیانکوژێت، حەسانەوەی گێلەکان لەناویان دەبات.
٣٣ بەڵام ئەوەی گوێ لە من بگرێت بەئاسوودەیی نیشتەجێ دەبێت، لە ترسی خراپە دەحەسێتەوە.

## ٢

١ ڕۆڵە، ئەگەر قسەکانم وەربگریت، فەرمانەکانم لای خۆت هەڵگریت،
٢ تا گوێ بۆ دانایی شلکەیت و دڵت بدەیت بە تێگەیشتن.
٣ چونکە ئەگەر بانگی تێگەیشتن بکەیت و دەنگ هەڵبڕیت بۆ پەیبردن،
٤ ئەگەر وەك زیو داوات کرد و وەك گەنجینە بەدوایدا گەڕایت.
٥ ئەوسا لە ترسی خوداوەند دەگەیت و ناسینی خودا دەدۆزیتەوە.
٦ چونکە خوداوەند دانایی دەبەخشێت، زانین و تێگەیشتنیش لە دەمی ئەوە،
٧ دانایی تەواو بۆ سەرڕاستەکان هەڵدەگرێت و قەڵغانە بۆ ئەوانەی ڕێگای تەواوی دەگرنەبەر.
٨ بۆ پاراستنی ڕێچکەی دادپەروەری و ڕێگای خۆشەویستانی دەپارێزێت.
٩ ئینجا ڕاستودروستی و دادپەروەری و ڕێکی تێدەگەیت، هەموو ڕێڕەوێکی چاك.
١٠ چونکە دانایی دێتە ناو دڵتەوە و زانینیش دەبێتە خۆشی دەرونت.
١١ توانای هەڵبژاردن پاسەوانیت دەکات و تێگەیشتن دەتپارێزێت.
١٢ بۆ فریاکەوتنت لە ڕێگای خراپە و لەو مرۆڤەی قسەی خوار دەکات،
١٣ ئەوانەی ڕێچکەی ڕاستیان بەرداوە تا بە ڕێگای تاریکیدا بڕۆن.
١٤ دڵخۆشن بە خراپە کردن، دڵشاد دەبن بە خواروخێچی خراپەکار.
١٥ ئەوانەی ڕێچکەکانیان چەوتن، گەوجن لە ڕێڕەویان.
١٦ بۆ فریاکەوتنت لە ژنی بێ ناموس، لە داوێن پیسی زمان لووس،
١٧ ئەوەی وازی لە هاوڕێی گەنجێتی هێناوە و پەیمانی خودای خۆی لەبیر کردووە.
١٨ چونکە ماڵەکەی بەرەوخواردەبێتەوە بۆ مردن و ڕێڕەوەکانی بەرەو دونیای خێوەکانە.
١٩ ئەوانەی بچنە لای ناگەڕێنەوە و ناگەن بە ڕێچکەی ژیان.
٢٠ تا بە ڕێگای پیاوچاکاندا بڕۆیت و ڕێچکەی ڕاستودروستان بپارێزیت.

٢١ چونکە سەرڕاستان لەسەر زەویدا نیشتەجێ دەبن و تەواوەکان تیایدا دەمێننەوە.
٢٢ بەڵام خراپەکاران لەسەر زەویدا دەبڕێنەوە و ناپاکانیش تیایدا ڕیشەکێش دەکرێن.

## ٣

١ ڕۆڵە، فێرکردنەکانم لەبیرمەکە، فەرمانەکانم لەناو دڵتدا هەڵگرە.
٢ چونکە ڕۆژگاری درێژ و ساڵانی ژیان و ئاشتیت بۆ زیاد دەکات.
٣ پەیمانی خۆشەویستی و دڵسۆزی لێت جیانەبنەوە، بە ملتەوە گرێیان بدە، لەسەر پەڕەی دڵت بییاننووسە.
٤ پەسەندی و وریایی چاك بەدەست دەهێنیت لەلای خودا و خەڵکدا.
٥ پڕ بەدڵ پشت بە خوداوەند ببەستە و بە تێگەیشتوویی خۆت پشت ئەستوور مەبە.
٦ لە هەموو ڕێگاکانت بیناسە، ئەویش ڕێچکەکانت ڕاست دەکات.
٧ لەبەر چاوی خۆتدا خۆت بە دانا مەزانە، لە خوداوەند بترسە و لە بەدکاری بەدووربە.
٨ دەبێتە تەندروستی بۆ لەشت و ئاودانە بۆ ئێسقانەکانت.
٩ بە سامانت ڕێزی خوداوەند بگرە، بە یەکەم بەری هەموو خەرمانەکەت.
١٠ عەمبارەکەت پڕ دەبێت تا تێری، گوشەرەکەت تا لێی دەڕژێت.
١١ ڕۆڵە بە سووکی تەماشای تەمێی خوداوەند مەکە، ڕقت لە سەرزەنشتی ئەو نەبێتەوە.
١٢ چونکە ئەوەی خوداوەند خۆشیبوێت سەرزەنشتی دەکات و وەك باوك بە کوڕ دڵخۆش دەبێت.
١٣ خۆزگە دەخوازرێت بەو مرۆڤەی دانایی دەدۆزێتەوە و بەو مرۆڤەی تێگەیشتن بەدەست دەهێنێت.
١٤ چونکە قازانجی لە قازانجی زیو باشترە و بەرهەمیشی لە زێڕ.
١٥ لە مەرجان بەهادارترە و هەرچی ئارەزووی دەکەیت نابێت بە هاوتای.
١٦ ڕۆژگاری درێژ لە دەستە ڕاستیدایە و دەوڵەمەندی و ڕێزیش لە دەستی چەپی.
١٧ ڕێگاکانی ڕێگای خۆشحاڵین و هەموو ڕێڕەوەکانی ئاشتین.
١٨ بۆ ئەوانەی خۆیان پێوە گرتووە، درەختی ژیانە پابەندبووان پێی خۆزگەیان پێدەخوازرێت.
١٩ خوداوەند بە دانایی زەوی دامەزراند، بە تێگەیشتن ئاسمانی چەسپاند.
٢٠ بە زانینی ئەو قووڵاییەکان شەقبوون، هەورەکان شەونمیان دڵۆپاند.
٢١ ڕۆڵە! ئەمانە لەبەر چاوت دوورنەکەونەوە، دەست بە دانایی تەواو و توانای هەڵبژاردنەوە بگرە،
٢٢ دەبنە ژیان بۆ تۆ، پەسەندی بۆ گەردنت.
٢٣ ئەوسا بە دڵنیایی بە ڕێگای خۆتدا دەڕۆیت و ساتمە ناکەیت.
٢٤ کاتێ ڕادەکشێیت، بێ ترسیت، ڕادەکشێیت و خەوت خۆش دەبێت.
٢٥ نە لە بەڵای کتوپڕ دەترسیت و نە لەماڵوێرانی بەدکاران کە دێت.
٢٦ چونکە خوداوەند دەبێتە پشتیوانت و پێت لە پێوەبوون دەپارێزێت.
٢٧ دەستی چاکە مەگێڕەوە لەوانەی شایانی چاکەن، کاتێ لە تواناتدایە بیکەیت.
٢٨ بە نزیکەکەت مەڵێ: بڕۆ، دواتر وەرەوە، بەیانی دەتدەمێ.
لە کاتێکدا ئەو شتەت پێیە.
٢٩ پیلانی خراپ دژ بە نزیکەکەت مەگێڕە، لە کاتێکدا ئەو بەدڵنیاییەوە لەلات جێنشین بووە.
٣٠ لە خۆڕایی دژایەتی مرۆڤێك مەکە، گەر خراپەی لەگەڵتدا نەکرد.
٣١ ئیرەیی بە پیاوی ستەمکار مەبە، هیچ ڕێگایەکی ئەو هەڵمەبژێرە.
٣٢ چونکە لەلای خوداوەند گڵاون پێچوپەناداران، بەڵام نهێنی خۆی بۆ سەرڕاستان ئاشکرا دەکات.
٣٣ نەفرەتی خوداوەند بەسەر ماڵی بەدکارە، بەڵام جێنشینی ڕاستودروستان پیرۆز دەکات.
٣٤ وەك چۆن گاڵتە بە گاڵتەجاڕان دەکات، بە نەرمونیانەکانیش پەسەندی دەدات.
٣٥ داناکان شکۆمەندی دەبێت بە میراتیان، بەڵام گێلەکان شەرمەزاری هەڵدەگرن.

## ٤

١ گوێبگرن ڕۆڵەکان لە تەمبێکردنی باوك، سەرنج بدەن بۆ زانینی تێگەیشتن.
٢ چونکە فێرکردنێکی چاکتان پێدەدەم، فێرکردنی من پشتگوێ مەخەن.
٣ کاتێ کوڕی باوکم بووم، ناسك و تاقانە لەلای دایکم.
٤ نیشانی دەدام و پێی دەوتم: با دڵت لەسەر قسەی من بێت، دەژیت گەر فەرمانەکانم بپارێزیت.
٥ دانایی بەدەست بهێنە، تێگەیشتن بەدەست بهێنە، لەبیرمەکە و لە قسەکانی دەمم لامەدە.
٦ وازی لێمەهێنە، دەتپارێزێت، خۆشت بوێت، چاودێریت دەکات.
٧ دانایی لووتکەیە، دانایی بەدەست بهێنە، بە هەموو ئەو شتانەی بەدەستت هێناوە، تێگەیشتن بەدەست بهێنە.
٨ بەرزی بکەوە، بڵندت دەکات، شکۆدارت دەکات کە لە ئامێزی بگریت،
٩ تاجەگوڵی میهرەبانی دەخاتە سەرت، تاجی جوانیت پێ دەبەخشێت.
١٠ ڕۆڵە! گوێ بگرە و قسەکانم وەرگرە، جا تەمەنت درێژ دەبێت.
١١ ڕێگای داناییم پیشاندایت بۆ ڕێڕەوە ڕاستەکان ڕێنماییم کردیت.
١٢ لە ڕۆیشتندا هەنگاوت سست نابێت، ئەگەر ڕاشبکەیت، پێت هەڵناکەوێت.
١٣ دەست بە تەمبێکردنەوە بگرە و دەست شل مەکە، چاوت لێی بێت، چونکە ژیانتە.
١٤ بە ڕێچکەی بەدکاراندا مەڕۆ، بە ڕێگای خراپەکاراندا هەنگاو مەنێ.
١٥ خۆتی لێ لادە و پیایدا مەڕۆ، لێی دووربکەوە و تێپەڕە.
١٦ چونکە خەویان لێناکەوێت گەر خراپە نەکەن، خەویان دەزڕێت گەر یەکێك نەخەن.
١٧ چونکە نانی خراپە دەخۆن و مەیی ستەمکاری دەخۆنەوە.
١٨ ڕێچکەی ڕاستودروستان وەك ڕووناکی بەرەبەیانە، ڕووناکتر و ڕووناکتر دەبێت تا دەبێت بە ڕۆژی تەواو.
١٩ بەڵام ڕێگای بەدکاران وەك تاریکستانە، نازانن پێیان لە چی هەڵدەکەوێت.
٢٠ ڕۆڵە سەرنج بدە وشەکانم، گوێ بۆ قسەکانم شلکە.
٢١ لەبەرچاوت دوورنەکەونەوە، لە ناخی دڵت بیانپارێزە.
٢٢ چونکە ژیانن بۆ ئەو کەسەی دەیاندۆزێتەوە، دەرمانە بۆ هەموو لەشی.
٢٣ لە سەرووی هەموو شتێکی تر دڵت بپارێزە، چونکە دڵ سەرچاوەی ژیانە.

٢٤ خواری لە دەمت داماڵە و چەوتی لە لێوانت دووربخەوە.
٢٥ با چاوەکانت تەماشای پێشت بکەن و پێڵووەکانت ڕێك بۆ پێشت بێت.
٢٦ ڕێڕەوی بەر پێت خۆشبکە، هەموو ڕێگاکانت دەچەسپێن.
٢٧ بەلای ڕاست یان چەپدا لامەدە، پێت لە خراپە دووربخەوە.

# ٥

١ ڕۆڵە سەرنج بدە دانایيم، گوێ بۆ تێگەیشتنم شلکە.
٢ تا توانای هەڵبژاردن بپارێزیت و لێوەکانت ئاگایان لە زانین بێت.
٣ چونکە هەنگوینیان لێدەتکێت لێوەکانی ئافرەتی بێ نامووس، قسەی لە ڕۆن نەرمترە.
٤ بەڵام کۆتاییەکەی تاڵە وەك گوژاڵك، لە شمشێری دوو دەم تیژترە.
٥ پێیەکانی بەرەوخوار دەبنەوە بۆ مردن، هەنگاوەکانی بە دونیای مردووانەوە بەستراونەتەوە.
٦ سەرنج ناداتە ڕێچکەی ژیان، هەنگاوەکانی خوارە و بەخۆشی نازانێت.
٧ ئێستاش ڕۆڵەکانم گوێم لێبگرن، لە قسەی دەمم خۆتان لامەدەن.
٨ ڕێگای خۆتی لێ دووربخەوە، لە دەرگای ماڵەکەی نزیك مەبەوە.
٩ نەوەك هێزت بە خەڵکی تر بدەیت و ساڵانت بە مرۆڤی دڵڕەق.
١٠ نەوەك بێگانەکان لەتوانات تێر بن و بەری ماندووبوونت بۆ ماڵی نامۆیەك بڕوات.
١١ لە کۆتاییدا دەناڵێنیت، کاتێ گۆشت و جەستەت لەناودەچێت.
١٢ دەڵێیت: چۆن ڕقم لە تەمبێکردن دەبووەوە، دڵم گاڵتەی بە سەرزەنشت دەهات.
١٣ گوێم لە دەنگی ڕێنمایکارانم نەگرت و گوێم بۆ مامۆستاکانم شل نەکرد.
١٤ کەمێکی مابوو بکەومە ناو هەموو خراپەیەکەوە، لەناو کۆڕ و کۆمەڵدا.
١٥ لە بیری خۆت ئاو بخۆرەوە، لە ئاوی هەڵقوڵاوی بیرەکەت.
١٦ بۆ کانییەکانت بڕژێتە سەر شەقامەکان، وەك جۆگەی ئاو لە گۆڕەپانەکان.
١٧ با تەنیا بۆ تۆ بێت، بێگانەت لەگەڵدا نەبێت.
١٨ با کانیاوەکەت پیرۆز بێت، بە هاوسەری گەنجیت دڵخۆش بێت.
١٩ ئاسکێکی خۆشەویست و مامزێکی پەسەند، با هەموو کاتێ تێرت بکەن مەمکەکانی، بە خۆشەویستی ئەو هەمیشە وێڵ بیت.
٢٠ ئیتر بۆچی کوڕی خۆم وێڵی بێ نامووس دەبیت، یان ئافرەتی داوێن پیس لە باوەش دەگریت؟
٢١ چونکە ڕێگاکانی مرۆڤ لە بەرچاوی خوداوەندە، هەموو ڕێڕەوەکانی هەڵدەسەنگێنێت.
٢٢ بەدکار دەکەوێتە تەڵەی تاوانەکانی خۆیەوە، بە داوی گوناهەکانی خۆیەوە دەبێت.
٢٣ لەبەر نەبوونی تەمبێکردن دەمرێت لەبەر زۆری دەبەنگییەکەی سەرگەردان دەبێت.

# ٦

١ ڕۆڵە ئەگەر بووی بە کەفیلی هاوڕێکەت، ئەگەر دەستت لەگەڵ بێگانەیەك تێکەڵکرد،
٢ ئەگەر بە داوی قسەکانی دەمتەوە بوویت، بە قسەی دەمی خۆت پێوە بوویت.
٣ ڕۆڵە، ئەمە بکە و فریای خۆت بکەوە، چونکە ژێر دەستەی هاوڕێکەت بوویت، بڕۆ بپاڕێرەوە و هاوڕێکەت هەراسان بکە،
٤ خەو بەچاوەکانت مەدە و پێڵووەکانت خەواڵوو نەبن.
٥ خۆت دەرباز کە وەك ئاسك لەناو دەست، وەك چۆلەکە لە دەست ڕاوچی.
٦ بڕۆ لای مێرووله ئەی تەمبەڵ، بڕوانە ڕێگاکانی و ببە بە دانا.
٧ بێ ئەوەی پێشەوا و بەڕێوەبەر و فەرمانڕەوای هەبێت،
٨ لە هاویندا نانی خۆی ئامادە دەکات و لە کاتی دروێنەدا خۆراکی خۆی کۆدەکاتەوە.
٩ تاکەی ئەی تەمبەڵ پاڵدەدەیتەوە؟ کەی لە خەوەکەت هەڵدەستی؟
١٠ کەمێ خەوتن و کەمێ خەواڵوو بوون و کەمێ دەست تێکنان بۆ ڕاکشان،
١١ ئینجا هەژاریت وەك ڕێگر دێت، نەبوونیشت وەك چەکدار.
١٢ مرۆڤی هیچوپووچ، پیاوی چەواشەکار، بە زمان خواری ڕەفتار دەکات.
١٣ چاوی دەتروکێنێت و بە پێی ئیشارەت دەدات و بە پەنجە ئاماژە دەکات.
١٤ ساختە لە دڵیدایە، خراپە دادەهێنێت، هەموو کاتێ ناکۆکی دەچێنێت،
١٥ بۆیە لەپڕ لێی دەقەومێت، یەکسەر دەشکێت و چارەسەری نییە.
١٦ شەش شت هەن خوداوەند ڕقی لێیانە، حەوتەمیش قێزەونن لەلای:
١٧ چاوی بەفیز و زمانی درۆزن و دەستێ کە خوێنی بێتاوانی ڕشتبێت،
١٨ دڵێك بیروباوەڕی چەواشەکاری دابهێنێت، ئەو پێیانەی بەپەلە ڕادەکەن بەرەو خراپەکاری،
١٩ شایەتی بەدرۆ کە ڕاست نەڵێت و ناکۆکی چێنی نێوان برایان.
٢٠ ڕۆڵە فەرمانەکانی باوکت بپارێزە و فێرکردنەکانی دایکت پشتگوێ مەخە.
٢١ هەمیشە بە دڵتەوە گرێی بدە و بە گەردنی خۆتەوە هەڵیواسە.
٢٢ لە هاتوچۆکردنتدا ڕێنمایت دەکات، لە ڕاکشانت چاودێریت دەکات و کە خەبەریشت بووەوە دەتدوێنێت.
٢٣ چونکە فەرمان چرایە و فێرکردن ڕووناکییە و سەرزنشتی تەمبێکردنیش ڕێگای ژیانە.
٢٤ تا لە ئافرەتی خراپ بتپارێزێت و لە زمان لووسیی لەشفرۆش.
٢٥ لە دڵەوە ئارەزووی جوانییەکەی مەکە، با برژانگەکانی نەتبات.
٢٦ چونکە کرێی ئافرەتێکی لەشفرۆش نانێکە، بەڵام کرێی ئافرەتی بەمێرد گیانی گرانبەهایە.
٢٧ ئایا مرۆڤ هەیە ئاگر بکاتە باوەشی و جلەکانی نەسووتێت؟
٢٨ یان بەسەر پشکۆدا بڕوا و پێیەکانی داغ نەکرێن؟
٢٩ ئاوایە ئەوەی بچێتە لای ژنی هاوڕێکەی، هەرکەسێ دەستی لێبدات بێ سزا نابێت.
٣٠ سووکایەتی بە دز ناکرێت، کە دزی دەکات بۆ خۆتێرکردن کاتێ برسییە.
٣١ بەڵام کە لێی ئاشکرا بێت حەوت قات دەداتەوە، ئەگەر هەموو ماڵی خۆشی لەسەر دانابێت.
٣٢ ئەوەی داوێن پیسی لەگەڵ ژنێك بکات بێ مێشکە، هەرکەسێ وابکات خۆی دەفەوتێنێت.
٣٣ تووشی لێدان و سەرشۆڕی دەبێت و ڕسواییەکەی ناسڕێتەوە،
٣٤ چونکە دڵپیسی پیاو دەوروژێنێت، لە ڕۆژی تۆڵەدا دەست ناگێڕێتەوە،
٣٥ هیچ کەفارەتێك قبوڵ ناکات بەقەرەبوو، ڕازی نابێت گەر بەرتیلیشی بۆ زیادبکەیت.

# ٧

١ ڕۆڵە قسەکانم بپارێزە و فەرمانەکانم لای خۆت هەڵگرە،
٢ فەرمانەکانم بپارێزە، دەژیت، فێرکردنەکانیشم وەك گلێنەی چاوت.
٣ بە پەنجەکانتەوە بیبەستە، لەسەر پەڕەی دڵت بینووسە.
٤ بە دانایی بڵێ :تۆ خوشکی منی، بە تێگەیشتنیش، ناسیاوی منی.
٥ تا لە ئافرەتی بێ ناموس بتپارێزن، لە لەشفرۆشی زمان لووس.
٦ چونکە لە پەنجەرەی ماڵەکەمەوە، لەودیو کڵاوڕۆژنەکەمەوە ڕوانیم،
٧ لەناو ساویلکەکاندا بینیم، لەناو کوڕاندا گەنجێکی بێمێشك سەرنجی ڕاکێشام،
٨ لە شەقامەکە پەڕییەوە و لایدایە لای ئەو، ڕێگای ماڵی ئەوی دەگرتەبەر.
٩ سەر لەئێوارە کاتی ڕۆژئاوابوون، لە نیوەی شەو، لە تاریکیدا.
١٠ ئەوەتا ئافرەتێك بەرەوپیریەوە چوو، لەبەرگی داوێن پیسێکی مەکربازدا بوو،
١١ بە دەنگەدەنگ و سەرکێش بوو، پێیەکانی لە ماڵی خۆی گیرنەدەبوو.
١٢ پێیەکی لە شەقام و پێیەکی لە گۆڕەپانەکان بوو، لە هەموو پەنایەکدا خۆی مات دەدا.
١٣ گەنجەکەی گرت و ماچی کرد، بێ ئابڕووانە پێی وت:
١٤ قوربانی ئاشتیم لەسەرە، ئەمڕۆ نەزرەکانی خۆم بەجێهێنا،
١٥ بۆیە هاتمە دەرەوە بۆ دیدەنیت، بۆ دیداری ڕووت و بۆ دۆزینەوەت.
١٦ نوێنم لەسەر چوارپایەکەم ڕاخستووە، کەتانی ڕەنگاوڕەنگی میسری،
١٧ نوێنەکەم بۆنخۆش کردووە بە موڕ و بە ئەلوا و بە دارچین.
١٨ وەرە تا بەیانی ئەوین بنۆشین، چێژ لە خۆشەویستی وەرگرین.
١٩ چونکە پیاوەکە لە ماڵەوە نییە، چووەتە ڕێگایەکی دوور.
٢٠ کیسە زیوی لەگەڵ خۆی بردووە، تا مانگ نەبێت بە چواردە ناگەڕێتەوە.
٢١ بە زۆری مەکرەکانی لەخشتەی برد، بە قسە لووسەکانی خستی،
٢٢ لەناکاو بەدوایکەوت و ڕۆیی، وەك گایەك بۆ سەربڕین ببردرێت و وەك کۆت بۆ فەلاقەکردنی گێل،
٢٣ تا تیرێك جەرگی ببڕێت وەك پەلەکردنی باڵدار بۆ تەپکە،
کە نازانێ بۆ گیانی خۆیەتی.
٢٤ ئێستاش ڕۆڵەکانم گوێم لێبگرن، سەرنج بدەنە قسەکانی دەمم.
٢٥ دڵت بەرەو ڕێگاکانی لانەدات، بە ڕێبازەکانیدا گومڕا مەبە،
٢٦ چونکە زۆرن ئەوانەی بە برینداری بەریداونەتەوە، هەموو ئەوانەی بە دەستی کوژراون لە بەهێزەکانن.
٢٧ ماڵەکەی ڕێگای دونیای مردووانە، شۆڕبوونەوەیە بۆ ژوورەکانی مەرگ.

# ٨

١ ئایا دانایی بانگەواز ناکات؟ ئەی تێگەیشتن دەنگی خۆی هەڵنابڕێت؟
٢ لەسەر لووتکەی بەرزاییەکان، لەسەر ڕێگاکان، لە چوارڕیانەکان ڕادەوەستێت.
٣ لەلای دەروازەکان و لەدەم شارەکان، لەبەر دەرگاکان، هاوار دەکات:
٤ بانگم بۆ ئێوەیە خەڵکینە، دەنگم بۆ ئادەمیزادە.
٥ ساویلکەکان وریا بن، گێلەکان ئاگادار بن.
٦ گوێ بگرن، چونکە باسی شتی بەرزتان بۆ دەکەم، کردنەوەی لێوەکانم بۆ ڕاستی وتنە.
٧ چونکە ڕاستگۆیی ویردی دەممە، خراپەش قێزەوەندە بۆ لێوەکانم.
٨ قسەکانی دەمم هەموو ڕاستودروستن، کوا خواری و پێچوپەنا تیایاندا؟
٩ هەموو ڕێکن لای مرۆڤی تێگەیشتوو، ڕاستن لای ئەوانەی زانین دەدۆزنەوە.
١٠ تەمبێی من ببەن نەك زیو، زانینیش زیاتر لە زێڕی پوختەکراو.
١١ چونکە دانایی لە مەرجان باشترە، هەرچی ئارەزووی دەکەیت نابێت بە هاوتای.
١٢ من دانایيم، لەگەڵ وریایدا نیشتەجێم، زانین و توانای هەڵبژاردنم دۆزییەوە.
١٣ ترسی خوداوەند ڕقبوونەوەیە لە بەدکاری من ڕقم لە لووتبەرزی و خۆبەزلزانییە،
لە ڕێگای خراپ و لە قسەی چروکە.
١٤ ئامۆژگاری و دانایی تەواو هی منن، من تێگەیشتنم هەیە و هێزم هەیە.
١٥ بە منەوە پاشاکان پاشایەتی دەکەن و فەرمانڕەوایان بە ڕاستودروستی بڕیاردەدەن.
١٦ بە منەوە میرەکان میرایەتی دەکەن، لەگەڵ شازادەکان و هەموو دادوەرانی ڕاستودروستی.
١٧ من ئەوانەم خۆشدەوێت کە خۆشیاندەوێم، ئەوانەش کە بەرەبەیانان بەدوامدا دەگەڕێن، دەمدۆزنەوە.
١٨ دەوڵەمەندی و ڕێز لەلای منە، سامانی کۆن و ڕاستودروستی.
١٩ بەرهەمی من لە زێڕ و لە زێڕی ساف باشترە، دەغڵی من لە زیوی پوختەکراو باشترە.
٢٠ بە ڕێچکەی ڕاستودروستیدا دەڕۆم، لەناوەند ڕێبازی دادپەروەری،
٢١ تا سامان بکەم بە میرات بۆ خۆشەویستانم و عەمبارەکانیان پڕبکەم.
٢٢ خوداوەند لە سەرەتای ڕێگاکەی، منی بەدیهێنا، هەر لە کۆنەوە، لەپێش کارەکانی.
٢٣ دایڕشتووم لە هەتاهەتاوە، لە سەرەتاوە، لەپێش زەوی.
٢٤ هێشتا قوڵاییەکان نەبوون من پەیدابووم، هێشتا کانییە پڕ ئاوەکان نەبوون.
٢٥ پێش ئەوەی چیاکان بن بنێنەوە، پێش گردەکان، من پەیدابووم.
٢٦ هێشتا نە زەوی و نە پانتاییەکان دروست کرابوون، نە یەکەم خۆڵی جیهان.
٢٧ کاتێ کە ئاسمانەکانی جێگیرکرد من لەوێ بووم، کاتێ کە هێڵی ئاسۆی بەسەر قوڵاییدا کێشا،
٢٨ کاتێ کە هەوری لە ئاسمان ڕاگرت و هێزی دا بە سەرچاوەی قوڵاییەکان.
٢٩ کاتێ کە سنووری بۆ دەریا کێشا و ئاوەکان فەرمانی ئەو ناشکێنن، کاتێ کە بناغەی زەوی داڕشت.
٣٠ لەگەڵ ئەو وەستایەکی لێزان بووم، ڕۆژ بەڕۆژ شادومانیی ئەو بووم، هەمیشە لەبەردەمیدا دڵخۆش بووم،
٣١ لە خاکە ئاوەدانەکەی دڵخۆش دەبووم، لەگەڵ ئادەمیزاددا شادومان بووم.
٣٢ ئێستاش ڕۆڵەکان گوێ لە من بگرن، خۆزگە دەخوازرێت بەوانەی ڕێگای من دەگرنەبەر.
٣٣ گوێ لە تەمبێکردن بگرن و دانا بن، پشت گوێی مەخەن.

٣٤ خۆزگە دەخوازرێت بەو مرۆڤەی گوێم لێدەگرێت، ڕۆژ بەڕۆژ لەلای دەرگاکەم ئاگادارە، لەلای چوارچێوەی دەرگاکەم ئێشک دەگرێت.
٣٥ چونکە ئەوەی من بدۆزێتەوە، ژیان دەدۆزێتەوە، خوداوەندیش لێی ڕازی دەبێت.
٣٦ بەڵام ئەوەی دژ بە من گوناهبار بێت زیان بەخۆی دەگەیەنێت، هەموو ئەوانەی ڕقیان لە منە، مردنیان خۆشدەوێت.

# ٩

١ دانایی خانووی خۆی بنیادناوە، حەوت کۆڵەکەکەی داتاشیوە.
٢ سەربڕاوی خۆی سەربڕیوە و مەی خۆی تێکەڵکردووە، خوانی خۆی ئامادەکردووە.
٣ کەنیزەکانی خۆی ناردووە و بانگ دەکات، لەسەر پشتی بەرزاییەکانی شار:
٤ کێ ساویلکەیە با ڕوو لێرە بکات! بە بێ مێشکیشی وت:
٥ وەرن لە نانی من بخۆن و لەو مەیەی تێکەڵمکردووە بخۆنەوە.
٦ واز لە ساویلکەیی بهێنن، دەژین بە ڕێگای تێگەیشتندا بڕۆن.
٧ ئەوەی گاڵتەجاڕ تەمبێ بکات شەرمەزاری دەست دەکەوێت و ئەوەی بەدکار سەرزەنشت بکات خۆی لەکەدار دەکات.
٨ سەرزەنشتی گاڵتەجاڕ مەکە، نەوەک ڕقی لێت بێتەوە، سەرزەنشتی دانا بکە، خۆشیدەوێیت.
٩ بە دانا بدە، زیاتر دانا دەبێت، دادپەروەر فێر بکە زیاتر وەردەگرێت.
١٠ سەرەتای دانایی ترسی خوداوەندە، ناسینی پاکوپیرۆزیش تێگەیشتنە.
١١ چونکە بە من ڕۆژگارت زیاد دەکات و ساڵانی ژیانت پتر دەبێت.
١٢ ئەگەر دانا بیت، بۆ خۆت دانایت، ئەگەر گاڵتەجاڕ بیت، تەنیا لەسەر خۆت دەکەوێت.
١٣ ئافرەتی نەزان بە بۆڵەبۆڵە، ساویلکەیە و هیچ شتێك نازانێت.
١٤ لەبەر دەرگای ماڵەکەی دادەنیشێت، لەسەر کورسییەك لەبەرزترین شوێنی شار،
١٥ بۆ بانگ کردنی ڕێبوارەکان، ئەوانەی ڕێچکەی خۆیان ڕاست کردووە:
١٦ کێ ساویلکەیە با ڕوو لێرە بکات! بە بێ مێشکیش دەڵێت:
١٧ ئاوی دزراو شیرینە و نانی بەدزی بەتامە.
١٨ بەڵام نازانێت، خێوەکان لەوێن، میوانەکانی لەناو جەرگەی دونیای مردوواندان.

# ١٠

١ پەندەکانی سلێمان: کوڕی دانا باوکی شاد دەکات بەڵام کوڕی گێل دڵتەنگییە بۆ دایکی.
٢ بێ سوودە گەنجینەی بەدکاری، بەڵام ڕاستودروستی فریادەکەوێت لە مردن.
٣ خوداوەند گیانی ڕاستودروستان برسی ناکات، بەڵام پاڵ بە ئارەزووی بەدکارانەوە دەنێت.
٤ دەستی خاو دەبێتە هۆی هەژاری، بەڵام دەستی کۆڵنەدەر دەوڵەمەندی بەدواوەیە.
٥ ئەوەی لە هاوین کۆدەکاتەوە وریایە، بەڵام ئەوەی لەکاتی دروێنەدا دەخەوێت، مایەی شەرمەزارییە.
٦ پیرۆزی بۆ سەر مرۆڤی ڕاستودروستە و زۆرداری دەمی بەدکاران دادەپۆشێت.
٧ یادکردنەوەی ڕاستودروستان بۆ پیرۆزییە، ناوی بەدکارانیش کلۆر دەبێت.
٨ ئەوەی دڵی دانابێت فەرمان وەردەگرێت، بەڵام گێلی زۆربڵێ دەکەوێت.
٩ ئەوەی ڕێگای تەواو بگرێت ئاسوودە دەبێت، بەڵام ئەوەی ڕێگای خوار بگرێت لێی ئاشکرا دەبێت.
١٠ چاوقوچان دەبێتە هۆی ئازار، گێلی زۆربڵێش دەکەوێت.
١١ دەمی ڕاستودروستان سەرچاوەی ژیانە و زۆرداری دەمی بەدکاران دادەپۆشێت.
١٢ ڕق ناکۆکی دەخاتەڕوو، بەڵام خۆشەویستی هەموو یاخیبوونێك دادەپۆشێت.
١٣ لە لێوەکانی تێگەیشتوو دانایی هەیە، کوتەکیش بۆ پشتی بێ مێشکەکانە.
١٤ داناکان زانین کۆدەکەنەوە، بەڵام دەمی گێل فەوتانێکی نزیکە.
١٥ سامانی دەوڵەمەند شاری شورابەندیەتی، فەوتانی هەژارانیش نەدارییانە.
١٦ کرداری مرۆڤی ڕاستودروست بۆ ژیانە، داهاتی بەدکاریش بۆ گوناهەیە.
١٧ ئەوەی چاوی لە تەمبێکردنە لەسەر ڕێچکەی ژیانە، ئەوەی واز لە سەرزەنشت بهێنێت، گومڕا دەبێت.
١٨ ئەوەی ڕق بشارێتەوە لێوەکانی درۆ دەکەن، ئەوەی بوختان بڵاوبکاتەوە گێلە.
١٩ قسەی زۆر بێ هەڵە نابێت، بەڵام ئەوەی زمانی خۆی بگرێت وریایە.
٢٠ زمانی مرۆڤی ڕاستودروست، زیوی پوختەکراوە، دڵی بەدکارانیش، کەم نرخە.
٢١ لێوەکانی مرۆڤی ڕاستودروست، ڕابەریی زۆر کەس دەکەن، گێلەکانیش بە بێ مێشکی دەمرن.
٢٢ پیرۆزیی خوداوەند دەوڵەمەندیی بەدواوەیە و هیچ زەحمەتێکیش ناخاتە پاڵی.
٢٣ وەك پێکەنینە بۆ گێل بەدکاری کردن، داناییش بۆ مرۆڤی تێگەیشتوو.
٢٤ ترسی بەدکار بۆی دێت، ئارەزووی ڕاستودروستانیش پێیان دەبەخشرێت.
٢٥ وەك تێپەڕ بوونی گەردەلوول بەدکاریش ئاوا نامێنێت، بەڵام ڕاستودروست بنچینەیەکی هەتاهەتاییە.
٢٦ وەك سرکە بۆ ددان و دووکەڵ بۆ چاو، مرۆڤی تەمبەڵیش بۆ ئەوانەی دەینێرن ئاوایە.
٢٧ ترسی خوداوەند ڕۆژان زیاد دەکات، بەڵام ساڵانی بەدکاران کورت دەبێت.
٢٨ هیوای ڕاستودروستان خۆشییە، بەڵام ئاواتی بەدکاران لەناودەچێت.
٢٩ هێزە بۆ تەواوەکان ڕێگای خوداوەند، لەناوچوونیشە بۆ ئەوانەی خراپە دەکەن.
٣٠ ڕاستودروست هەرگیز نالەقێت، بەدکارانیش لەسەر زەوی نیشتەجێ نابن.
٣١ دەمی مرۆڤی ڕاستودروست دانایی لێ دەڕوێت، زمانی دڕۆودەلەسەش دەبڕێتەوە.
٣٢ لێوەکانی مرۆڤی ڕاستودروست پەسەندی دەزانن، دەمی بەدکارانیش دڕۆودەلەسە.

# ١١

١ تەرازووی لاسەنگ لەلای خوداوەند قێزەوەندە، بەڵام کێشی دروست لەلای پەسەندە.

٢ کە لووتبەرزی هات، ڕسواییش دێت، لەگەڵ بێفیزەکانیش دانایی دێت.

٣ تەواویی سەرڕاستەکان ڕێنماییان دەکات، خواری خیانەتکارانیش سەری خۆیان دەخوات.

٤ بێ سوودە سامان لە ڕۆژی تووڕەیی، بەڵام ڕاستودروستی فریادەکەوێت لە مردن.

٥ ڕاستودروستی تەواوەکان ڕێگایان ڕاست دەکات، بەدکاریش بە بەدکاری خۆی دەگلێت.

٦ ڕاستودروستی ڕاستەکان، فریایان دەکەوێت، بەڵام ناپاکان گرفتاری هەوەسبازی دەبن.

٧ بە مردنی مرۆڤی بەدکار ئومێدی نابوود دەبێت، هیوای نارەوایانیش لەناودەچێت.

٨ ڕاستودروست لە تەنگانەدا دەرباز دەبێت و بەدکار دێتە جێی ئەو.

٩ مرۆڤی دووڕوو، بە دەمی نزیکەکەی لەناودەبات ڕاستودروستانیش بە زانین دەرباز دەبن.

١٠ بە خۆشی ڕاستودروستان شار شادومان دەبێت، بە لەناوچوونی بەدکارانیش هاواری خۆشییە.

١١ بە پیرۆزی ڕاستەکان شار بەرز دەبێتەوە، بەڵام بە دەمی بەدکاران وێران دەبێت.

١٢ ئەوەی سووکایەتی بە نزیکەکەی بکات بێ مێشکە، بەڵام مرۆڤی تێگەیشتوو بێ دەنگ دەبێت.

١٣ ئەوەی بەدوای دەم شڕییەوە بێت، نهێنی ئاشکرا دەکات، بەڵام مرۆڤی دڵسۆز شت دادەپۆشێت.

١٤ بێ ئامۆژگای گەل دەکەوێت، بەڵام ڕزگاری بە زۆریی ڕاوێژکارانە.

١٥ ئەوەی ببێت بە کەفیلی بێگانە، تووشی خراپە دەبێت، بەڵام ئەوەی ڕقی لە دەست تێکەڵبوون بێت ئاسوودەیە.

١٦ ئافرەتی میهرەبان ڕێزی دەست دەکەوێت، زۆردارانیش سامان.

١٧ مرۆڤی بەبەزەیی چاکە لەگەڵ خۆی دەکات، دڵڕەقیش لەشی خۆی تێکدەدات.

١٨ خراپەکار کرێکەی قەڵبە، ڕاستودروستی چێنیش پاداشتی مسۆگەرە.

١٩ وەك چۆن ڕاستودروستی بۆ ژیانە، دوای خراپەکەوتنیش بۆ مردنە.

٢٠ قێزی خوداوەند لە دڵخوارانە، پەسەندیشی بۆ ڕێ تەواوانە.

٢١ بێگومان بەدکار بێ سزا نابێت، نەوەی ڕاستودروستانیش دەرباز دەبن.

٢٢ لووتەوانەی زێڕە بە لووتی بەرازەوە، ئافرەتی جوانی بێتام.

٢٣ ئارەزووی ڕاستودروستان تەنها چاکەیە، هیوای بەدکارانیش لە تووڕەییە.

٢٤ هەیە بڵاودەکاتەوە و بۆی زیاد دەکرێت، ئەوەی لە ڕادەبەدەریش دەستی پێوەبگرێت تەنها بۆ نەدارییە.

٢٥ چاوتێر قەڵەو دەبێت، ئاوگێڕیش ئاوی دەدرێتێ،

٢٦ ئەوەی گەنم هەڵدەگرێت، گەل نەفرەتی لێ دەکات، پیرۆزیش بۆ سەری فرۆشیارە.

٢٧ ئەوەی زۆر بەپەرۆشە بۆ چاکە، ڕەزامەندی دەست دەکەوێت، ئەوەی بەدوای خراپەشدا بگەڕێت، خراپە دێتە ڕێی.

٢٨ ئەوەی پشت بە دەوڵەمەندی خۆی ببەستێت دەکەوێت، ڕاستودروستانیش وەك گەڵا دەپشکون.

٢٩ ئەوەی ماڵی خۆی ناساز بکات، میراتی با دەبێت، گێلیش دەبێتە نۆکەری دانا.

٣٠ بەروبوومی مرۆڤی ڕاستودروست درەختی ژیانە، ئەوەی خەڵك دەباتەوە دانایە.

٣١ ئەوەتا ڕاستودروست لەسەر زەوی پاداشت دەکرێت، ئەی چەند زیاتر بەدکار و گوناهکار!

# ١٢

١ ئەوەی حەز لە تەمبێ بکات، حەز لە زانین دەکات، بەڵام ئەوەی ڕقی لە سەرزەنشت بێت دەبەنگە.

٢ چاکەکار ڕەزامەندی خوداوەند بەدەست دەهێنێت، بەڵام مرۆڤی تەڵەکەباز تاوانبار دەکرێت.

٣ مرۆڤ بە بەدکاری ناچەسپێت، ڕیشەی ڕاستودروستانیش دەرنایەت.

٤ ئافرەتی خانەدان، تاجی سەری مێردەکەیەتی، ئافرەتی شەرمەزاریش وەك کلۆرییە لەناو ئێسقانەکانی.

٥ پلانی ڕاستودروستان دادوەرییە، بەڵام ڕاوێژی بەدکاران هەڵخەڵەتێنەرە.

٦ قسەی بەدکاران بۆسەی خوێن ڕشتنە، دەمی سەرڕاستان فریایان دەکەوێت.

٧ بەدکاران وەردەگەڕێنەوە و نامێنن، بەڵام ماڵی ڕاستودروستان دەچەسپێت.

٨ مرۆڤ بەپێی وریاییەکەی ستایش دەکرێت، بەڵام ئەوەی دڵخوارە ڕسوا دەبێت.

٩ باشترە کە ناودار نەبیت بەڵام خزمەتکارت هەبێت، لەوەی ناودار بیت بەڵام نانت نەبێت.

١٠ ڕاستودروست بایەخ بە گیانی ئاژەڵەکەی دەدات، بەڵام بەزەیی بەدکاران دڵڕەقییە.

١١ ئەوەی خزمەتی زەوی خۆی بکات، تێر نان دەبێت، بەڵام ئەوەی دوای هیچوپووچی بکەوێت، بێمێشکە.

١٢ ئارەزووی بەدکار ڕاوکردنی خراپەکارانە، ڕیشەی ڕاستودروستان بەروبووم دەدات.

١٣ بەیاخیبوونی لێوەکانی، خراپەکار تێدەکەوێت، بەڵام ڕاستودروست لە تەنگانە دەرباز دەبێت.

١٤ مرۆڤ لە بەروبوومی دەمی تێر چاکە دەبێت، پاداشتی دەستی مرۆڤیش دەگەڕێتەوە بۆی.

١٥ ڕێگای گێل لەبەرچاوی ڕاستە، بەڵام گوێگری ئامۆژگاری دانایە.

١٦ گێل لە ڕۆژی تووڕەبوونی دەناسرێت، بەڵام داپۆشەری شەرمەزاریی زۆرزانە.

١٧ ئەوەی بە ڕاستگۆیی دەدوێت ڕاستودروستی ڕادەگەیەنێت، بەڵام شایەتی درۆزن فێڵ.

١٨ هەیە چەنەبازییەکەی وەك زەبری شمشێرە، بەڵام زمانی دانایان چاکبوونەوەیە.

١٩ لێوی ڕاستگۆ تاهەتایە دەچەسپێت، بەڵام زمانی درۆ تا چاوتروکانێکە.

٢٠ ساختە لە دڵی ئەوانەیە کە پیلانی خراپە دەنێنەوە، بۆ ڕاوێژکارانی ئاشتیش دڵخۆشی.

٢١ ڕاستودروست تووشی هیچ خراپەیەك نابێت، بەڵام بەدکاران پڕ دەبن لە خراپە.

٢٢ قێزی خوداوەند لە لێوی درۆیە، بەڵام ڕاستکاران پەسەندن لەلای.

٢٣ مرۆڤی زۆرزان زانیاری دادەپۆشێت، دڵی نەزانەکانیش بانگی گێلایەتی دەدات.

٢٤ دەستی هەوڵدەر فەرمانڕەوایی دەکات، بەڵام دەستی خاو لەژێر بێگاری دەبێت.

٢٥ نیگەرانی لە دڵی مرۆڤدا دەیچەمێنێتەوە، بەڵام قسەی خۆش شادومانی دەکات.

٢٦ ڕاستودروست لە هاوڕێی خۆی دەکۆڵێتەوە، بەڵام ڕێگای بەدکاران گومڕایان دەکات.

٢٧ مرۆڤی خاو نێچیری خۆی ناگرێت، بەڵام سامانی بەنرخی مرۆڤ هەوڵدانە.

٢٨ لە ڕێچکەی ڕاستودروستی ژیان هەیە و لە ڕێگای ڕێڕەوەکانیدا مردن نییە.

# ١٣

١ کوڕی دانا گوێڕایەڵی تەمبێی باوکی دەبێت، بەڵام گاڵتەجاڕ گوێ لە سەرزەنشت ناگرێت.

٢ مرۆڤ لە بەروبوومی دەمی چاکە دەخوات گیانی ناپاکانیش زۆرداریيە.

٣ ئەوەی ئاگای لە دەمی بێت، گیانی خۆی دەپارێزێت، بەڵام ئەوەی زمان درێژی دەکات لەناودەچێت.

٤ گیانی تەمبەڵ ئارەزوو دەکات و هیچی دەست ناکەوێت، گیانی هەوڵدەریش قەڵەو دەبێت.

٥ ڕاستودروست ڕقی لە قسەی درۆیە، بەدکاریش ڕسوا و شەرمەزار دەبێت.

٦ ڕاستودروستی ئەو کەسە دەپارێزیت کە ڕێگای تەواوە، خراپەش گوناهبار سەرەوژێر دەکات.

٧ هەیە خۆی بە دەوڵەمەند دەردەخات و هیچی نییە، هەشە خۆی بە هەژار دەردەخات و سامانی زۆری هەیە.

٨ کەفارەتی گیانی مرۆڤ سامانەکەیەتی، بەڵام هەژار گوێ بە هەڕەشە نادات.

٩ ڕووناکی ڕاستودروستان دەگەشێتەوە، بەڵام چرای بەدکاران دەکوژێتەوە.

١٠ لە لووتبەرزییەوە تەنها ناکۆکی پەیدادەبێت، بەڵام لەگەڵ ڕاوێژکاران دانایی.

١١ماڵێک بە ناپاکی پەیداکرابێت لە کورتی دەدات، بەڵام ئەوەی بە کاری دەست کۆدەبێتەوە لە زیادبوون دەبێت.

١٢ ئومێدی دواخراو دڵ نەخۆش دەکات، ئارەزووی بەدیهاتووش درەختی ژیانە.

١٣ ئەوەی سووکایەتی بە وشە بکات خۆی لەناودەبات، بەڵام ئەوەی ترسی فەرمانی هەبێت پاداشتی دەدرێتەوە.

١٤ فێرکردنەکانی دانا سەرچاوەی ژیانە، بۆ دوورکەوتنەوە لە داوی مردن.

١٥ تێگەیشتنی باش میهرەبانی دەبەخشێت، بەڵام ڕێگای ناپاکان سەختە.

١٦ هەموو زۆرزانێك بە زانینیەوە کار دەکات، بەڵام نەزان گێلی بڵاودەکاتەوە.

١٧ نێردراوی بەدکار دەکەوێتە خراپەوە، نوێنەری دەستپاکیش چاکبوونەوەیە.

١٨ هەژاریی و ڕسوایی بۆ ئەوەیە تەمبێ بەلاوە دەنێت، بەڵام ئەوەی تێبینی سەرزەنشت بکات ڕێزدار دەبێت.

١٩ ئارەزووی بەدیهاتوو خۆشییە بۆ گیان، بەڵام ڕقی گێلەکان لە خراپە لادانە.

٢٠ لەگەڵ دانایان بڕۆ، دەبیت بە دانا، هاوڕێی گێلەکانیش زیانی پێدەگات.

٢١ خراپە دوای گوناهباران دەکەوێت، بەڵام ڕاستودروستان بە چاکە پاداشت دەدرێنەوە.

٢٢ مرۆڤی چاك میرات بۆ کوڕی کوڕ بەجێدەهێڵێت، سامانی گوناهبارانیش بۆ ڕاستودروست هەڵدەگیرێت.

٢٣ بەیاری هەژاران خواردنی زۆری تێدایە، بەڵام لەناوچوو هەیە لەبەر ناهەقی.

٢٤ ئەوەی ڕێگا لە کوتەك بگرێت ڕقی لە کوڕەکەیەتی، بەڵام ئەوەی خۆشیبوێت بەپەلەیە بۆ تەمبێکردنی.

٢٥ ڕاستودروست دەخوات تا تێر دەبێت، بەڵام سکی بەدکاران هەر برسی دەبێت.

# ١٤

١ ژنی دانا ماڵی خۆی بنیاد دەنێت، گێلیش بە دەستی خۆی کاولی دەکات.

٢ ئەوەی ڕێگای ڕاستی خۆی بگرێت ترسی خوداوەندی لە دڵدایە، ئەوەی ڕێگای خۆی خوار بکاتەوە سووکایەتی پێ دەکات.

٣ لە دەمی گێل گۆچانی لووتبەرزی هەیە، لێوی دانایانیش دەیانپارێزێت.

٤ کە ڕەشەوڵاخ نەبێت ئاخور بەتاڵە، دروێنەی زۆریش بە هێزی گایە.

٥ شایەتی دەستپاك درۆ ناکات، بەڵام شایەتی قەڵب درۆ بڵاودەکاتەوە.

٦ گاڵتەجاڕ داوای دانایی دەکات و نییە، بەڵام زانین بۆ تێگەیشتوو ئاسانە.

٧ لەبەردەم مرۆڤی نەزان بڕۆ کە هەست بە زانین ناکەیت لە قسەکانی.

٨ دانایی زۆرزان تێگەیشتنی ڕێگای خۆیەتی، بەڵام گێلی نەزانەکان فریودانە.

٩ گێلەکان گاڵتە بە تاوان دەکەن، بەڵام لەنێو سەرڕاستان ڕەزامەندی هەیە.

١٠ دڵ تاڵیی گیانی خۆی دەزانێت، بێگانەش لە خۆشییەکەی بەشداری ناکات.

١١ ماڵی بەدکارەکان کاول دەبێت، بەڵام ڕەشماڵی سەرڕاستان شکۆفە دەردەکات.

١٢ ڕێگا هەیە لەبەرچاوی مرۆڤ ڕاستە، بەڵام کۆتاییەکەی ڕێگاکانی مردنە.

١٣ بگرە لەپێکەنینیشدا دڵتەنگ دەبێت، کۆتایی خۆشیش غەمە.

١٤ لە بەروبوومی ڕێگای خۆی تێر دەبێت مرۆڤی ڕاڕا، پیاو چاکیش لەوەی کە هەیەتی.

١٥ ساویلکە بە هەموو قسەیەك بڕوا دەکات، وریاش دەڕوانێتە هەنگاوەکانی خۆی.

١٦ مرۆڤی دانا دەترسێت و لە خراپە لادەدات، نەزانیش بێپەروا و پشت ئەستوورە.

١٧ مرۆڤی هەڵەشە ڕەفتاری گێلانە دەکات، پیاوی پیلانگێڕیش مایەی ڕقە.

١٨ ساویلکەکان میراتگری گێلایەتین، زۆرزانەکانیش سەریان بە زانین دەڕازێنرێتەوە.

١٩ بەدکاران لەبەردەم چاکەکاران دەچەمێنەوە، خراپەکارانیش لەبەر دەرگای مرۆڤی ڕاستودروست.

٢٠ پیاوی هەژار هەتا نزیکەکەشی ڕقی لێدەبێتەوە، دەوڵەمەندیش دۆستی زۆرە.

٢١ ئەوەی سووکایەتی بە نزیکەکەی بکات گوناهبارە، خۆزگە دەخوازرێت بەوەی لەگەڵ هەژاران میهرەبانە.

٢٢ ئایا وێڵ نابن ئەوانەی بیر لە خراپە دەکەنەوە؟ بەڵام پەیمانی خۆشەویستی و دڵسۆزی لەگەڵ ئەوانەیە کە چاکە دەنێنەوە.

٢٣ لە هەموو ماندووبوونێك سوود هەیە، قسەی لێوانیش بێگومان بۆ نەبوونییە.
٢٤ تاجی دانایان دەوڵەمەندییانە، بەڵام گێلی نادانایان گێلایەتییە.
٢٥ دەربازکەری گیانەکانە شایەتی دەستپاك، بەڵام ئەوەی درۆ بڵاودەکاتەوە تەفرەدەرە.
٢٦ لە ترسی خوداوەنددا دڵنیاییەکی بەهێز هەیە، بۆ ڕۆڵەکانیش دەبێتە پەناگا.
٢٧ ترسی خوداوەند سەرچاوەی ژیانە، بۆ دوورکەوتنەوە لە داوی مردن.
٢٨ شکۆمەندی پاشا لە زۆریی گەلدایە، لەناوچوونی میریش لە نەمانی گەلدایە.
٢٩ ئەوەی درەنگ تووڕە بێت تێگەیشتووە، ئەوەی هەڵەشە بێت گێلایەتی دەردەخات.
٣٠ ژیانی لەش دڵی ئارامە، کلۆری ئێسقانیش ئیرەییە.
٣١ ئەوەی ستەم لە هەژار بکات، سووکایەتی بە دروستکەری دەکات، بەڵام ڕێزی لێدەگرێت ئەوەی لەگەڵ نەبووان میهرەبانە.
٣٢ بەدکار بە خراپەکانی خۆیەوە دەردەکرێت، بەڵام ڕاستودروست بە مردنی پەناگیر دەبێت.
٣٣ دانایی لەناو دڵی مرۆڤی تێگەیشتوو جێگیردەبێت، بەڵام ناواخنی گێلەکان دەزانرێت.
٣٤ ڕاستودروستی میللەت بەرزدەکاتەوە، گوناهیش شەرمەزاریی گەلانە.
٣٥ ڕەزامەندی پاشا بۆ خزمەتکاری وریایە، تووڕەبوونیشی لە شەرمەزارە.

# ١٥

١ وەڵامی نەرم تووڕەیی دەڕەوێنێتەوە، بەڵام قسەی بەئازار ڕق دەورووژێنێت.
٢ زمانی دانایان شارەزای زانینە، دەمی نەزانەکانیش گێلی لێهەڵدەڕژێت.
٣ چاوی خوداوەند لە هەموو جێگایەکە، چاودێریی بەدکاران و چاکەکاران دەکات.
٤ هێمنیی زمان درەختی ژیانە، بەڵام خوارکردنەوەی تێکشکانی ڕۆحە.
٥ گێل سووکایەتی بە تەمبێی باوکی دەکات، بەڵام ئەوەی چاوی لە سەرزەنشت بێت زۆرزان دەبێت.
٦ لە ماڵی مرۆڤی ڕاستودروست گەنجینەی زۆر هەیە، بەڵام لە داهاتی بەدکار تێکدان.
٧ لێوی دانایان زانین بڵاودەکەنەوە، بەڵام دڵی گێلەکان وانییە.
٨ قوربانی بەدکاران قێزەوەندە لەلای خوداوەند، بەڵام نوێژی سەرراستان لەلای پەسەندە.
٩ قێزی خوداوەند لە ڕێگای بەدکارە، بەڵام ئەوەی خۆشدەوێت کە دوای ڕاستودروستی کەوتووە.
١٠ تەمبێی سەخت بۆ لە ڕێ لادەر، ئەوەی ڕقی لە سەرزەنشتە دەمرێت.
١١ دونیای مردووان و لەناوچوون لەبەردەم خوداوەندن، جا چەند زیاتر دڵی ئادەمیزادان!
١٢ گاڵتەجاڕ ئەو کەسەی خۆش ناوێت کە تەمبێی دەکات، بۆ لای دانایان ناچێت.
١٣ دڵی شادومان ڕووخۆش دەکات، بە دڵتەنگیش ڕۆح تێکدەشکێت.
١٤ دڵی تێگەیشتوو زانینی دەوێت، دەمی نەزانەکانیش لەسەر گێلی دەلەوەڕێت.
١٥ هەموو ڕۆژانی هەژار خراپە، بەڵام دڵتەڕ هەمیشە لە جەژندایە.
١٦ باشترە کەم لەگەڵ ترسی خوداوەند، لە گەنجینەی زۆر لەگەڵ سەرلێشێوان.
١٧ باشترە سەوزە خواردن لەو شوێنەی خۆشەویستیی لێیە، لە گایەکی قەڵەو و ڕقی لەگەڵ بێت.
١٨ مرۆڤی تووڕە ناکۆکی دەورووژێنێت، ئەوەی درەنگ تووڕەبێت دوژمنایەتی ئارام دەکاتەوە.
١٩ ڕێگای مرۆڤی تەمبەڵ وەك پەرژینی دڕکە، بەڵام ڕێگای سەرراستان داڕێژراوە.
٢٠ کوڕی دانا باوکی شاد دەکات، بەڵام مرۆڤی گێل دایکی خۆی ڕسوا دەکات.
٢١ گێلی خۆشییە بۆ مرۆڤی بێ مێشك، بەڵام مرۆڤی تێگەیشتوو بە ڕێکی ڕەفتار دەکات.
٢٢ پلان بە بێ ڕاوێژ پووچەڵ دەبێت، بە زۆری ڕاوێژکارانیش دادەمەزرێت.
٢٣ دڵخۆشییە بۆ مرۆڤ وەڵامدانەوەی دەمی، قسەش لەکاتی خۆیدا چەند باشە!
٢٤ ڕێچکەی ژیان بۆ مرۆڤی وریا بەرەو سەرەوەیە، تا لە دونیای مردووان دووربکەوێتەوە لە خوارەوە.
٢٥ خوداوەند ماڵی لووتبەرزان ڕیشەکێش دەکات، بەڵام سنووری ماڵی بێوەژن دەچەقێنێت.
٢٦ قێزی خوداوەند لە پیلانی بەدە، بەڵام قسە شیرینەکان لەلای پاکن.
٢٧ ئەوەی بەپەرۆشی قازانج بێت ماڵی خۆی تێك دەدات، بەڵام ئەوەی ڕقی لە بەرتیل بێتەوە دەژیت.
٢٨ مێشکی مرۆڤی ڕاستودروست بیر لە وەڵام دەکاتەوە، دەمی بەدکارانیش خراپەی لێهەڵدەڕژێت.
٢٩ خوداوەند لە بەدکاران دوورە، بەڵام گوێی لە نوێژی ڕاستودروستان دەبێت.
٣٠ ڕووناکیی چاو، دڵ خۆش دەکات، مزگێنیش ئێسك قەڵەو دەکات.
٣١ ئەوەی گوێ لە سەرزەنشتی ژیان بگرێت شوێنی لەناو دانایان دەبێت،
٣٢ پشتگوێخەری تەمبێ گیانی خۆی ڕسوا دەکات، بەڵام ئەوەی گوێ لە سەرزەنشت دەگرێت تێگەیشتنی دەستدەکەوێت.
٣٣ ترسی خوداوەند تەمبێی دانایییە، پێش ڕێزلێنانیش بێ فیزییە.

# ١٦

١ ئامادەکارییەکانی دڵ هی مرۆڤە، بەڵام وەڵامدانەوەی زمان لە خوداوەندەوەیە.
٢ هەموو ڕێگاکانی مرۆڤ لەبەرچاوی خۆی بێگەردن، هەڵسەنگێنەری ڕۆحەکانیش خوداوەندە.
٣ کارەکانت بە خوداوەند بسپێرە، پلانەکانت جێگیر دەبێت.
٤ خوداوەند بۆ مەبەستی خۆی هەموو شتێکی دروست کردووە، تەنانەت بەدکاریش بۆ ڕۆژی بەڵا.
٥ قێزی خوداوەند لە هەموو دڵ بەفیزێکە، بێگومان سزادان هەیە.
٦ بە پەیمانی خۆشەویستی و ڕاستی کەفارەت بۆ تاوان دەکرێت، بە ترسی خوداوەندیش دوورکەوتنەوە لە خراپە.
٧ ئەگەر ڕەفتاری مرۆڤ مایەی ڕەزامەندی خوداوەند بێت، هەروەها دوژمنەکانی لەگەڵیدا لە ئاشتی دەبن.
٨ کەم بە ڕاستودروستییەوە باشترە لە داهاتێکی زۆری بە ناهەق.
٩ دڵی مرۆڤ پلان بۆ ڕێگای خۆی دادەنێت، بەڵام خوداوەند هەنگاوەکانی ئاراستە دەکات.

١٠ ئەستێرەناسی لەسەر لێوی پاشادایە، لە دادوەریدا دەمی ناپاکی ناکات.
١١ قەپان و تەرازووی دادپەروەر هی خوداوەندە، هەموو کێشێکی ناو کیسە کاری ئەوە.
١٢ قێزی پاشایان لە خراپە کردنە، چونکە بە ڕاستودروستی تەخت دەچەسپێت.
١٣ ڕەزامەندی پاشایان لێوی ڕاستودروستە، مرۆڤی ڕاستگۆیان خۆشدەوێت.
١٤ تووڕەیی پاشا نێردراوی مەرگە، مرۆڤی دانا هەوڵی ئاشتبوونەوە دەدات.
١٥ لە ڕووناکیی ڕووی پاشا ژیانە، ڕەزامەندیشی وەك هەورە بارانی بەهارە.
١٦ دەستکەوتنی دانایی چەند لە زێڕ باشترە، دەستکەوتنی تێگەیشتنیش لە زیو پەسندترە.
١٧ ڕێگای سەرڕاستان دوورکەوتنەوەیە لە خراپە، ئەوەی ڕێگای خۆی بپارێزێت گیانی خۆی دەپارێزێت.
١٨ لە پێش شکان لووتبەرزییە، لە پێش ڕووخانیش ڕۆح زلییە.
١٩ باشترە ڕۆح سووك بیت و لەگەڵ بێ فیزەکان بیت، لە دابەشکردنی دەستکەوت لەگەڵ لووتبەرزان.
٢٠ ئەوەی گوێ لە وشە بگرێت چاکەی دەست دەکەوێت، خۆزگە دەخوازرێت بەوەی پشت بە خوداوەند ببەستێت.
٢١ ئەوەی لە دڵدا دانابێت پێی دەوترێت زیرەك، شیرینی لێوەکانیش فێربوون زیاد دەکات.
٢٢ وریایی سەرچاوەی ژیانە بۆ خاوەنەکەی، تەمبێکردنی گێلەکانیش گێلییە.
٢٣ دڵی مرۆڤی دانا ڕێنمایی دەمی دەکات و لەسەر لێوانیش فێربوون زیاد دەکات.
٢٤ قسەی جوان شیلەی هەنگوینە، بۆ دەروون شیرینە و بۆ ئێسقان چارەسەرە.
٢٥ ڕێگا هەیە لەبەرچاوی مرۆڤ ڕاستە، بەڵام کۆتاییەکەی ڕێگاکانی مردنە.
٢٦ نەوسی ڕەنجدەر ڕەنج بۆ خۆی دەدات، چونکە دەمی هانیدەدات.
٢٧ مرۆڤی دڵڕەش کای کۆن بە با دەکات و لەسەر لێوەکانیشی ئاگری کڵپەدارن.
٢٨ مرۆڤی درۆزن تۆوی دووبەرەکی بڵاودەکاتەوە و دووزمان برادەری نزیك لەیەك جیادەکاتەوە.
٢٩ مرۆڤی زۆردار برادەری خۆی تەفرەدەدات و بە ڕێگایەکیدا دەبات کە باش نییە.
٣٠ ئەوەی چاو دەنووقێنێت پیلان بۆ درۆ دادەڕێژێت، ئەوەی لێوی دەکرۆژێت خراپە بە ئەنجام دەگەیەنێت.
٣١ ڕیش سپێتی تاجی شانازییە، لە ڕاستودروستی دەستدەکەوێت.
٣٢ ئەوەی درەنگ تووڕە بێت لە پاڵەوان باشترە، هەروەها ئەوەی جڵەوی خۆی بگرێت لەوەی شارێك دەگرێت.
٣٣ تیروپشك هەڵدەدرێتە کۆش، بەڵام هەموو بڕیارێکی لەلای خوداوەندەوەیە.

# ١٧

١ پاروویەکی ووشك بە ئارامییەوە باشترە لە ماڵێکی پڕ لە قوربانی سەربڕاو و بە ناکۆکی.
٢ بەندەی وریا بەسەر کوڕی شەرمەزاردا زاڵ دەبێت و لەگەڵ برایان میرات بەشدەکات.
٣ بۆتە بۆ زیوە و کوورە بۆ زێڕە، تاقیکەرەوەی دڵانیش خوداوەندە،
٤ بەدکار گوێ لە لێوی خراپ دەگرێت، درۆزنیش گوێ دەداتە زمانی گرفتخواز.
٥ ئەوەی گاڵتە بە هەژار بکات سووکایەتی بە دروستکەری دەکات، ئەوەی بە بەڵا دڵی خۆشبێت بێ سزا دەرناچێت.
٦ تاجی پیران کوڕی کوڕانە، شانازی کوڕانیش باوکانیانن.
٧ قسەی نەستەق لە گێل ناوەشێتەوە و لەوەش زیاتر قسەی درۆ لە میر.
٨ بەرتیل بەردی گرانبەهایە لەبەر چاو خاوەنەکەی، ڕوو لەهەر لایەك بکات سەردەکەوێت.
٩ داپۆشەری یاخی بوون، داواکاری خۆشەویستییە، بەڵام ئەوەی دووبارە باسی بکاتەوە برادەری نزیك لەیەك جیادەکاتەوە.
١٠ تەمبێیەك بۆ تێگەیشتوو قووڵترە لە سەدجار دارکاریکردن بۆ گێل.
١١ مرۆڤی خراپ تەنها داواکاری یاخی بوونە، بۆیە نێردراوێکی ستەمکاری بۆ دەنێردرێت.
١٢ پیاو تووشی دەڵە ورچێك بێت کە بەچکەکانی دزرابێت، نەك گێلێك لە گێلایەتی خۆی.
١٣ ئەوەی پاداشتی چاکە بە خراپە بداتەوە، خراپە ماڵی بەرنادات.
١٤ دەستپێکردنی ناکۆکی وەك تەقینی ئاوە، جا پێش ئەوەی ناکۆکییەکە بتەقێتەوە وازی لێبهێنە.
١٥ بێتاوان کردنی خراپەکار و تاوانبارکردنی ڕاستودروست، هەردووك قێزەونن لەلای خوداوەند.
١٦ سوودی چییە پارە بکەوێتە دەست پیاوی گێل بۆ کڕینی دانایی؟ کە مێشکی نییە!
١٧ برادەر هەموو کاتێك خۆشەویستی خۆی دەردەبڕێت، براش بۆ تەنگانە لەدایك دەبێت.
١٨ مرۆڤی بێمێشك تەوقەدەکات و بەتەواوی دەبێتە کەفیلی هاوڕێکەی.
١٩ ئەوەی حەز لە یاخی بوون بکات حەز لە ناکۆکی دەکات، ئەوەی دەرگای خۆی بڵند بکات داوای شکان دەکات.
٢٠ ئەوەی دڵخوار بێت چاکە نایەتە ڕێی، ئەوەی زمان خوار بێت تووشی خراپە دەبێت.
٢١ ئەوەی گێلی بۆ لەدایك ببێت تووشی خەفەت دەبێت، باوکی ڕۆڵەی دەبەنگیش دڵخۆشی نابینێت.
٢٢ دڵی شادومان لەش دەبووژێنێتەوە، بەڵام ڕۆحی شکاو ئێسقان وشك دەکات.
٢٣ بەدکار بەدزییەوە بەرتیل وەردەگرێت هەتا ڕێچکەی دادوەریی خواربکاتەوە.
٢٤ دانایی لەبەرچاوی مرۆڤی تێگەیشتووە، بەڵام گێل چاو دەبڕێتە ئەوپەڕی زەوی.
٢٥ کوڕی گێل خەمە بۆ باوکی و تاڵییە بۆ ئەو دایکەی لێی بووە.
٢٦ سزادانی مرۆڤی ڕاستودروست باش نییە، هەروەها دارکاریکردنی مرۆڤی خانەدان لەبەر ڕێکی.
٢٧ ئەوەی قسەی خۆی ڕاگرێت زانین دەزانێت، ئەوەی ڕۆح ئارام بێت پیاوی تێگەیشتنە.
٢٨ تەنانەت گێلیش کە بێ دەنگ بێت بە دانا دادەنرێت، ئەوەی لێویشی لێك نەکاتەوە بە تێگەیشتوو.

# ١٨

١ دوای ئارەزووی خۆی کەوتووە مرۆڤی دوورەپەرێز، بە ڕووی هەموو دانابییەکی تەواو دەتەقێتەوە.
٢ گێل خۆشی لە تێگەیشتن نابینێت، بەڵکو بە دەربڕینی ئەوەی لە دڵیدایە.

٣ بە هاتنی خراپەکار ڕسوایش دێت، لەگەڵ سووکایەتیش شەرمەزارییە.
٤ ئاوێکی قووڵە قسەی دەمی مرۆڤ، ڕووبارێکی هەڵچووە سەرچاوەی دانایی.
٥ لایەنگری خراپەکار باش نییە، بۆ بێبەشکردنی ڕاستودروست لە دادوەری.
٦ لێوەکانی مرۆڤی گێل دەیهێننە ناو ناکۆکییەوە، دەمی بانگی لێدان دەکات.
٧ دەمی گێل دەبێتە هۆی لەناوچوونی، لێوەکانیشی تەڵەن بۆ گیانی.
٨ قسەکانی دەمشڕ وەك پارووی بەتامە، شۆڕ دەبێتەوە ناو ورگ.
٩ هەروەها ئەوەی سست بێت لە کارەکەی، برای وەستای وێرانکردنە.
١٠ ناوی خوداوەند قولەیەکی بەهێزە، ڕاستودروست بۆ ئەوێ ڕادەکات و پەناگیر دەبێت.
١١ سامانی دەوڵەمەند شارە بەهێزەکەیەتی، وەك شوورایەکی بڵندە بە خەیاڵی ئەو.
١٢ پێش شکستهێنان دڵی مرۆڤ بەفیزە و پێش ڕێزلێنانیش بێ فیزە.
١٣ ئەوەی وەڵامی شتێ بداتەوە پێش بیستنی، دەبێتە مایەی گێلایەتی و شەرمەزاری بۆی.
١٤ ڕۆحی مرۆڤ بەرگەی بیماری مرۆڤ دەگرێت، بەڵام ڕۆحی شکاو کێ بەرگەی دەگرێت.
١٥ دڵی پیاوی تێگەیشتوو زانین وەردەگرێت، گوێی دانایانیش زانینی دەوێت.
١٦ دیاریی مرۆڤ ڕێگای خۆش دەکات و بەرەو ئامادەبوونی گەورە پیاوانی دەبات.
١٧ ئەوەی یەکەم جار سکاڵا بکات لەوە دەچێت ڕاستگۆبێت، تا بەرامبەرەکەی دێت و لێیدەکۆڵێتەوە.
١٨ تیروپشك ناکۆکی دەبڕێنێتەوە و هێزدارەکان لەیەك جیادەکاتەوە.
١٩ برا سەختترە لە شاری شورابەند، ناکۆکیش وەك بەربەستی قەڵایە.
٢٠ لە بەروبوومی دەمی مرۆڤ، سکی تێردەبێت، لە دروێنەی لێوەکانی خۆی تێر دەخوات.
٢١ مردن و ژیان بە دەست زمانە، ئەوەی حەزی لێی بێت، بەروبوومەکەی دەخوات.
٢٢ ئەوەی ژنێکی دەست بکەوێت ئەوا خێرێکی دەست دەکەوێت، خوداوەندیش لێی ڕازی دەبێت.
٢٣ هەژار بە پاڕانەوە قسە دەکات، بەڵام دەوڵەمەند بە ڕەقی وەڵام دەداتەوە.
٢٤ پیاو برادەری زۆر بوو خۆی گرفتار دەکات، بەڵام دۆستێك هەیە لە برا نزیکترە.

# ١٩

١ ئەو هەژارەی ڕێگای تەواویی گرتبێت، باشترە لەوەی زمان خوار و گێلە.
٢ هەروەها گیان بە بێ زانین باش نییە و ئەوەی پەلە بە پێیەکانی بکات گوناهە دەکات.
٣ مرۆڤ بە گێلی خۆی ڕێگای خوار دەبێت، کەچی دڵی دژ بە خوداوەند هەڵدەچێت.
٤ دەوڵەمەندی برادەری زۆر پەیدا دەکات، بەڵام هەژار لە برادەرانی جیابووەتەوە.
٥ شایەتی درۆزن بێ سزا نابێت، ئەوەی بە درۆ قسەبکات دەرباز نابێت.
٦ زۆر کەس هەوڵی بەدەستهێنانی ڕەزامەندی میر دەدەن، هەمووش دۆستی پیاوی بەخشندەن.
٧ هەژار هەموو براکانی خۆی ڕقیان لێ دەبێتەوە، جا چۆن هاوڕێکانی لێی دوور ناکەونەوە؟ دوایاندەکەوێت بە قسەکانی، بەڵام بێ سوودە.
٨ ئەوەی دانایی دەستکەوێت خۆی خۆشدەوێت، ئەوەی چاودێری تێگەیشتن بکات بۆ دۆزینەوەی چاکەیە.
٩ شایەتی درۆزن بێ سزا نابێت، ئەوەی بە درۆ قسەبکات لەناودەچێت.
١٠ خۆشگوزەرانی شایانی گێل نییە، لەوەش خراپتر دەسەڵاتدار بوونی خزمەتکارە بەسەر میرەکانیەوە.
١١ وریایی مرۆڤ توورەبوونی خاودەکاتەوە، شانازیشی لێبووردنە لە یاخیبوون.
١٢ وەك نەڕەی شێرە هەڵچوونی پاشا، وەك شەونمیشە بەسەر گیاوە ڕەزامەندییەکەی.
١٣ کوڕی گێل مالوێرانی باوکیەتی، ناکۆکی ژنیش دڵۆپەکردنی بەردەوامە.
١٤ ماڵ و سامان میراتی باوکانە، بەڵام ژنی وریا لەلای خوداوەندەوەیە.
١٥ تەمبەڵی خەوی قووڵ دەهێنێت، مرۆڤی بێکار برسی دەبێت.
١٦ ئەوەی فەرمان بپارێزێت گیانی خۆی دەپارێزێت، بەڵام ئەوەی بە سووکی بڕوانێتە ڕێگای خۆی لەناودەچێت.
١٧ قەرز بە خوداوەند دەدات، ئەوەی بەزەیی بە هەژاردا بێتەوە، ئەویش ئەوەی پێیدرابێت دەیداتەوە.
١٨ کوڕەکەت سەرزەنشت بکە کە هێشتا ئومێد هەیە، بەڵام ئارەزووی مردنی مەکە.
١٩ ئەوەی زۆر تووڕەبێت تووشی سزا دەبێت، چونکە ئەگەر فریایکەویت دەبێت دووبارەی بکەیتەوە.
٢٠ گوێ لە ئامۆژگاری بگرە و تەمبێکردن وەربگرە، بۆ ئەوەی دانا بیت لە دواڕۆژت.
٢١ مرۆڤ پلانی زۆری لە دڵدایە، بەڵام تەنیا ڕاوێژی خوداوەند دەچەسپێت.
٢٢ ئەوەی لە مرۆڤدا ئارەزوو بکرێت چاکییەتی، هەژار لە پیاوی درۆزن باشترە.
٢٣ ترسی خوداوەند بۆ ژیانە، بە تێری دەنوێت و خراپە بەسەری ناکاتەوە.
٢٤ تەمبەڵ دەست دەخاتە ناو قاپەکەی و بۆ دەمی نابات.
٢٥ لە گاڵتەجاڕ بدە ساویلکە وریا دەبێتەوە، تێگەیشتوو سەرزەنشت بکە زانین تێدەگات.
٢٦ ئەوەی باوکی وێران بکات و دایکی ڕاوبنێت، ئەو کوڕە مایەی شەرمەزاری و ڕسواییە.
٢٧ ڕۆڵە گوێ لە هیچ ڕاوێژێك مەگرە، کە لە باسی زانین گومڕات بکات.
٢٨ شایەتی دڵڕەش گاڵتە بە دادوەری دەکات و دەمی بەدکارەکان تاوان قووت دەدات.
٢٩ سزا بۆ گاڵتەجاڕەکان ئامادەکراوە و لێدانیش بۆ پشتی گێلەکان.

# ٢٠

١ مەی گاڵتەجاڕە و مەستی غەڵبەغەڵبە، ئەوەی پێی وێڵ بێت دانا نییە.
٢ ترسی پاشا وەك نەڕەی بەچکە شێرە، ئەوەی تووڕەی بکات دژ بە گیانی خۆی گوناهە دەکات.

٣ شکۆمەندییە بۆ پیاو واز لە ناکۆکی هێنان، هەموو گێلێکیش ئاشکرا دەبێت.
٤ لە پایزدا تەمبەڵ زەوی ناکێڵێت، بۆیە لە دروێنەدا سواڵ دەکات و دەستی ناکەوێت.
٥ ڕاوێژ لە دڵی مرۆڤدا، ئاوێکی قووڵە بەڵام تێگەیشتوو دەریدەهێنێت.
٦ زۆر کەس لافوگەزافی پەیمانی خۆشەویستی لێدەدەن، بەڵام مرۆڤی دەستپاك کێ دەیدۆزێتەوە.
٧ ڕاستودروست بە ڕێگای تەواوی خۆیدا هاتوچۆ دەکات، دوای خۆی خۆزگە بە منداڵەکانی دەخوازرێت.
٨ ئەو پاشایەی لەسەر تەختی دادوەری دانیشتووە، بە چاوەکانی هەموو خراپەیەك شەن دەکات.
٩ کێ دەتوانێت بڵێت: دڵی خۆم پاك ڕاگرت، پاك بوومەوە لە گوناهم؟
١٠ بەکارهێنانی دوو کێش و دوو پێوانە، قێزەونن لەلای خوداوەند هەردووکیان.
١١ تەنانەت منداڵیش بە کردارەکانی دەناسرێت، کە ئاخۆ کردەوەکەی پاك و ڕاستە؟
١٢ گوێ کە دەبیستێت و چاو کە دەبینێت، خوداوەند دروستکەری هەردووکیانە.
١٣ حەز لە خەو مەکە نەوەك هەژار بیت، چاوت بکەوە و تێر نان بە.
١٤ کڕیار دەڵێت: خراپە، خراپە، بەڵام کە ڕۆیشت شانازی دەکات.
١٥ زێڕ هەیە و مەرجان زۆرە، بەڵام گەوهەرێکی بەهادارە لێوی زانین.
١٦ جلوبەرگەکەی وەرگرە، چونکە کەفیلی نامۆیەکی کرد، لەبەر بێگانە بارمتەی لێ وەرگرە.
١٧ بەتامە بۆ مرۆڤ نانی بە فێڵ، بەڵام دواتر دەمی پڕ دەبێت لە چەو.
١٨ مەبەستەکان بە ڕاوێژ دێنەدی، بە ڕاوێژی باشەوە شەڕ بکە.
١٩ ئەوەی دەمشڕە، قسەی نهێنی ئاشکرا دەکات، بۆیە تێکەڵی چەنەباز مەبە.
٢٠ ئەوەی نەفرەت لە باوك و دایکی بکات، لەناو جەرگەی تاریکیدا چرای دەکوژێتەوە.
٢١ میراتێ سەرەتا زوو دەست بکەوێت، کۆتاییەکەی بێ بەرەکەت دەبێت.
٢٢ مەڵێ: بەرپەرچی خراپە دەدەمەوە. چاوەڕێی خوداوەند بکە ڕزگارت دەکات.
٢٣ خوداوەند قێزی لە بەکارهێنانی دوو کێشی جیاواز دەبێتەوە، تەرازووی لاسەنگ باش نییە.
٢٤ هەنگاوەکانی مرۆڤ لە خوداوەندەوەیە، ئیتر مرۆڤ چۆن لە ڕێگای خۆی تێدەگات؟
٢٥ تەڵەیە بۆ مرۆڤ بە سەرەڕۆیی شتێك تەرخان بکات، ئینجا پاش نەزرەکە پرسوڕا بکات.
٢٦ پاشای دانا بەدکاران شەن دەکات، ئینجا بە جەنجەڕ بەسەریاندا دێت.
٢٧ ڕۆحی مرۆڤ چرای خوداوەندە، هەموو کونوکەلەبەری دەروون دەپشکنێت.
٢٨ پەیمانی خۆشەویستی و دڵسۆزی پاشا دەپارێزن، بە پەیمانی خۆشەویستی تەختی بەرز ڕادەگرێت.
٢٩ شانازیی لاوان هێزیانە، ڕیش سپێتیش شکۆمەندیی پیرانە.
٣٠ برینی لێدان خراپە پاك دەکاتەوە و لێدانی قامچیش کونوکەلەبەری دەروون.

# ٢١

١ جۆگای ئاوە دڵی پاشا لەناو دەستی خوداوەند، بۆ کوێ بیەوێت ئاراستەی دەکات.
٢ هەموو ڕێگاکانی مرۆڤ لەبەرچاوی خۆی ڕاستە، هەڵسەنگێنەری دڵەکانیش خوداوەندە.
٣ ڕاستودروستی و دادپەروەری کردن، پەسەندترە لەلای خوداوەند لە قوربانی سەربڕین.
٤ چاوی بڵند و دڵی بەفیز، چرای بەدکاران گوناهن.
٥ پلانی مرۆڤی هەوڵدەر بێگومان بەرەو پڕییە، بێگومان هەموو هەڵەشەیەکیش بەرەو نەبوونییە.
٦ کۆکردنەوەی سامان بە زمانی درۆ، هەڵمە دەڕەوێتەوە و بەرەو مردنە.
٧ زۆرداری بەدکارەکان، ڕایاندەماڵێت، چونکە ڕەتیان کردەوە دادپەروەری ئەنجام بدەن.
٨ ڕێگای پیاوی تاوانبار خوارە، بەڵام مرۆڤی پاك کرداری ڕاستە.
٩ باشترە گۆشەی بنمیچێکت هەبێت، نەك ماڵێکی هاوبەش لەگەڵ ژنێکی شەڕانی.
١٠ مرۆڤی بەدکار ئارەزووی خراپە دەکات، نزیکەکەی خۆشی بە پەسەند نازانێت.
١١ بە سزادانی گاڵتەجاڕ ساویلکە دانا دەبێت، بە فێرکردنی داناش زانین وەردەگرێت.
١٢ ڕاستودروست سەرنج دەداتە ماڵی بەدکار، بەدکاران لە خراپە سەرەوژێر دەکات.
١٣ ئەوەی گوێی خۆی لە هاواری هەژاران کەڕ بکات، هەروەها ئەویش هاوار دەکات و وەڵام نادرێتەوە.
١٤ دیاری بەنهێنی تووڕەیی سارد دەکاتەوە، بەرتیلی ناو گیرفانیش هەڵچوونی توند.
١٥ ئەنجامدانی دادپەروەری دڵخۆشی ڕاستودروستانە و فەوتانی بەدکارانە.
١٦ هەرکەسێ لە ڕێگای تێگەیشتن وێڵ بێت، لەناو کۆمەڵی مردووان پاڵدەداتەوە.
١٧ ئەوەی حەزی لە ڕابواردن بێت هەژار دەبێت، ئەوەی حەز لە مەی و ڕۆن بکات دەوڵەمەند نابێت.
١٨ کەفارەتی ڕاستودروست بەدکار دەبێت، لە جێی سەرڕاستانیش ناپاك.
١٩ باشترە لە چۆڵەوانی نیشتەجێ بیت، نەك لەگەڵ ئافرەتێکی شەڕانی و تووڕە.
٢٠ گەنجینەی بەنرخ و چەور لە ماڵی مرۆڤی دانادایە، بەڵام مرۆڤی گێل بە فیڕۆی دەدات.
٢١ ئەوەی دوای ڕاستودروستی و پەیمانی خۆشەویستی بکەوێت، ژیانی ڕاستودروستی و شکۆمەندی دەدۆزێتەوە.
٢٢ پیاوی دانا بە شاری پاڵەوانەکاندا هەڵدەگەڕێت و هێزە پشتبەستەکەی بەردەداتەوە.
٢٣ ئەوەی دەم و زمانی خۆی بپارێزێت، خۆی لە تەنگانە دەپارێزێت.
٢٤ لووتبەرز و لەخۆبایی بە گاڵتەجار ناودەبرێت، بە لێشاوی لووتبەرزییەوە ڕەفتار دەکات.
٢٥ ئارەزووی مرۆڤی تەمبەڵ دەیکوژێت، چونکە دەستەکانی هیچ ئیشێك ناگرن،
٢٦ بە درێژایی ڕۆژ ئارەزووی شت دەکات، بەڵام ڕاستودروست دەبەخشێت و دەستی پێوەناگرێت.
٢٧ قوربانی سەربڕاوی بەدکاران قێزەوەندە، ئەی چەند زیاتر گەر بە نیازێکی خراپەوە پێشکەشی بکەن؟

٢٨ شایەتیی درۆ لەناودەچێت، بەڵام قسەی پیاوی گوێگر بەردەوام دەبێت.
٢٩ پیاوی بەدکار ڕووی خۆی گرژ دەکات، بەڵام سەرڕاست ڕێگای خۆی دەچەسپێنێت.
٣٠ کوا دانایی و کوا تێگەیشتن و کوا ڕاوێژ بەرامبەر بە خوداوەند؟
٣١ ئەسپ ئامادەیە بۆ ڕۆژی جەنگ، بەڵام ڕزگاری لە خوداوەندەوەیە.

# ٢٢

١ ناوبانگ لە دەوڵەمەندیی گەورە خوازیارترە، پەسەندی چاکیش لە زیو و زێڕ.
٢ دەوڵەمەند و هەژار لەمەدا یەك دەگرنەوە، دروستکەری هەردووکیان خوداوەندە.
٣ زۆرزان خراپەی بینی و خۆی شاردەوە، ساویلکەکانیش ملیان پێوەنا و سزادران.
٤ پاداشتی بێفیزی و ترسی خوداوەند، دەوڵەمەندی و شکۆمەندی و ژیانە.
٥ چقڵ و تەڵە لە ڕێگای خواردایە، ئەوەی خۆی بپارێزێت لێی دوور دەکەوێتەوە.
٦ منداڵ بە ڕێگای خۆی پەروەردە بکە، کە پیریش بێت لێی لانادات.
٧ دەوڵەمەند بەسەر هەژاردا حوکم دەکات، قەرزاریش کۆیلەی خاوەن قەرزە.
٨ ئەوەی ناڕەوایی بچێنێت گرفت دروێنە دەکات، کوتەکی تووڕەییشی دەفەوتێت.
٩ ئەوەی چاوتێر بێت پیرۆز دەبێت، چونکە لە نانی خۆی بە هەژاری دا.
١٠ گاڵتەجاڕ دەربکە، ناکۆکی دەڕوات، دووبەرەکی و ڕسواییش نامێنێت.
١١ ئەوەی حەزی لە دڵپاکی بێت، میهرەبانیی لەسەر لێویدایە و پاشا دۆستیەتی.
١٢ چاوەکانی خوداوەند چاودێری زانین دەکەن، بەڵام قسەی ناپاکان سەرەوژێر دەکات.
١٣ تەمبەڵ وتی: شێرێك لە دەرەوەیە، لەناو گۆڕەپانەکان دەکوژرێم.
١٤ دەمی ئافرەتە بێ ناموسەکان چاڵێکی قووڵە، ئەوەی بەر ڕقی خوداوەند بکەوێت دەکەوێتە ناوی.
١٥ گێلی بە دڵی منداڵەوە گرێ دراوە، بەڵام کوتەکی تەمبێکردن دووریدەخاتەوە لێی.
١٦ ئەوەی زۆرداری لە هەژار بکات تا بۆ خۆی زۆر بکات و ئەوەی بە دەوڵەمەند ببەخشێت بێگومان بەرەو نەبوونییە.
١٧ گوێ شلکە و قسەی دانایان ببیستە، دڵت بدە زانینی من.
١٨ چونکە پەسەندە ئەگەر لەناختدا هەڵیبگریت و تێکڕا لەسەر لێوەکانت بچەسپێن.
١٩ بۆ ئەوەی پشت بەستنت بە خوداوەند بێت، ئەمڕۆ تۆ فێردەکەم تۆ.
٢٠ ئایا سی پەندم بۆ نەنووسیوی، سەبارەت بە ڕاوێژ و زانین؟
٢١ تا دروستیی قسەی ڕاستیت فێر بکەم، تا قسە ڕاستییەکان بە ئەوانە بدەیتەوە کە تۆیان ناردووە.

٢٢ هەژار تاڵان مەکە چونکە هەژارە و نەبوون وردوخاش مەکە لەبەردەم دەروازە.
٢٣ چونکە خوداوەند بەرگری لە کێشەکەیان دەکات و ئەوانەی تاڵانیان دەکەن گیانیان تاڵان دەکات.
٢٤ مەبە برادەری مرۆڤی تووڕە، هاوڕێیەتی مرۆڤی هەڵچوو مەکە.
٢٥ نەوەك لە ڕێچکەی ئەوان ڕابێیت، خۆت تووشی تەڵە بکەیت.
٢٦ لەوانە مەبە کە تەوقە دەکەن، کەفیلی قەرز مەکە،
٢٧ ئەگەر نەتبوو بیدەیتەوە، بۆچی نوێنەکەت لە ژێرت ببردرێت.
٢٨ سنووری کۆن مەگوازەوە، ئەوەی باوباپیرانت دایانناوە،
٢٩ ئایا ئەو کەسەت بینیوە بە دەستوبردە لە کارەکەیدا؟ لەبەردەم پاشاکان ڕادەوەستێت، نەك لەبەردەم خەڵکی بێ ناوبانگ.

# ٢٣

١ کە دانیشتی لەگەڵ فەرمانڕەوایەک نان بخۆیت، باش ووردبەرەوە لەوەی لە پێشتە.
٢ چەقۆیەك لە گەرووت دابنێ، ئەگەر مرۆڤێکی نەوسنی.
٣ ئارەزووی خواردنە خۆشەکانی مەکە، چونکە نانی درۆیە.
٤ ماندوو مەبە بۆ ئەوەی دەوڵەمەند بیت، بیری لێمەکەوە.
٥ چاوی تێدەبڕیت و نییە، چونکە بێگومان باڵ دەگرێت، وەك داڵ بەرەو ئاسمان دەفڕێت.
٦ نانی مرۆڤی بەرچاوتەنگ مەخۆ، ئارەزووی خواردنە خۆشەکانی مەکە.
٧ چونکە لەناخەوە چۆن هەست بکات، هەر وایە ئەو، پێت دەڵێ: بخۆ و بنۆشە. بەڵام دڵی لەگەڵت نییە.
٨ ئەو پارووەی قووتتداوە دەیڕشێنیتەوە و قسە شیرینەکانت بە با دەدەیت.
٩ لە گوێی پیاوی گێل مەخوێنە، چونکە گاڵتەی بە دانایی قسەکانت دێت.
١٠ سنوورە کۆنەکان مەگوازەوە، هەروەها مەچۆ ناو کێڵگەی هەتیوان.
١١ چونکە بەتوانایە ئەوەی دەیان کڕێتەوە، ئەو پارێزگاری لە کێشەکەیان دەکات دژ بە تۆ.
١٢ دڵت ئاراستەی تەمبێکردن بکە و گوێشت بەرەو قسەی زانین.
١٣ تەمبێکردن لە منداڵ قەدەغە مەکە، ئەگەر بە کوتەك لێی بدەیت نامرێت.
١٤ تۆ بە کوتەك لێی بدەیت، گیانی لە دونیای مردووان دەرباز دەبێت.
١٥ ڕۆڵە ئەگەر دڵت دانایە، منیش دڵم خۆش دەبێت.
١٦ ناخم شادومان دەبێت، کە لێوەکانت ڕاستیەکان بڵێن.
١٧ دڵت ئیرەیی بە گوناهکاران نەبات، بەڵکو بەدرێژایی ڕۆژ لە ترسی خوداوەنددا بە.
١٨ چونکە بێگومان دواڕۆژ هەیە، ئومێدی تۆ نابڕێت.
١٩ ڕۆڵە، تۆ گوێ بگرە و دانابە، دڵت ئاڕاستە بکە لە ڕێگا.
٢٠ لەوانە مەبە کە مەی زۆر دەخۆنەوە، یان ئەوانەی گۆشت زۆر دەخۆن.
٢١ چونکە مەی نۆش و زۆر خۆر هەژاردەبن، پینەوپەڕۆ لەبەردەکات ئەوەی زۆر بخەوێت.
٢٢ گوێ لە باوکت بگرە کە تۆی خستۆتەوە، دایکت کە پیر بوو ڕسوای مەکە.
٢٣ ڕاستی بکڕە و مەیفرۆشە، هەروەها دانایی و تەمبێکردن و تێگەیشتن.
٢٤ باوکی مرۆڤی ڕاستودروست زۆر دڵخۆش دەبێت، ئەوەی کوڕێکی داناى ببێت، پێی شادومان دەبێت.
٢٥ باوك و دایکت شادومان دەبن، ئەوەی تۆی بووە دڵخۆش دەبێت.
٢٦ ڕۆڵە دڵی خۆتم بدەرێ، با چاوەکانت لەسەر ڕێگاکانم بێت.

٢٧ چونکە لەشەفرۆش چاڵێکی قووڵە و ژنی داوێن پیس بیرێکی تەنگە.
٢٨ تەنانەت ئەویش بۆ نێچیر لە بۆسەدا دەبێت، ناپاك لەناو خەڵكدا زۆر دەکات.
٢٩ خاك بەسەری بۆ کێیە؟ پەژارەیی بۆ کێیە؟ ناکۆکی بۆ کێیە؟ سکاڵاکردن بۆ کێیە؟ برینی بەخۆڕایی بۆ کێیە؟ چاو سووربوونەوە بۆ کێیە؟
٣٠ بۆ ئەوانەی بە دیار مەیەوە لەنگەر دەگرن، ئەوانەی دێن بەدوای مەیی تێکەڵاو دەگەڕێن.
٣١ تەماشای مەی مەکە سوور هەڵگەڕاوە، کە لەناو جام پریشکی داوە، بە سووك و ئاسان دەچێتە خوارێ،
٣٢ لە کۆتاییەکەی وەك مار دەتگەزێ و وەك توولەمار پێوە دەدات.
٣٣ چاوەکانت شتی نامۆ دەبینن و قسەی خواروخێچ بە دڵتدا دێت.
٣٤ وەك یەکێك دەبیت لەناو دڵی دەریا پاڵکەوتبێت، یان وەك یەکێك بەسەر دارئاڵای کەشتییەوە پاڵکەوتبێت.
٣٥ لێیانداوم، ئازارم نەبوو، کوتامیان، نەمزانی، کاتێ بە هۆش خۆم بێمەوە، دەگەڕێمەوە و داوای دەکەمەوە.

# ٢٤

١ ئیرەیی بە پیاو خراپان مەبە، ئارەزوو مەکە لەگەڵیاندا بیت،
٢ چونکە دڵیان زۆرداریی تیادا دەجۆشێت و لێوەکانیان باسی گرفت نانەوە دەکەن.
٣ بە دانایی ماڵ بنیاد دەنرێت، بە تێگەیشتنیش دەچەسپێت،
٤ بە زانینیش ژوورەکان پڕ دەبن لە هەموو گەنجینەیەکی بەنرخ و باش.
٥ پیاوی دانا بە هێزە، مرۆڤی زانا هێزی زیاد دەبێت.
٦ چونکە بە ڕاوێژی باشەوە شەڕ بۆ خۆت دەکەیت، ڕزگاریش بە زۆریی ڕاوێژکارانە.
٧ دانایی بەرزە بۆ گێل، لەناو دەروازەدا دەمی لێك ناکاتەوە.
٨ ئەوەی بیر لە خراپە بکاتەوە، بەپیلانگێڕ ناو دەبرێت.
٩ پیلانی گێلی گوناهەیە، خەڵك قێزیان لە گاڵتەجارە.
١٠ گەر ورەبەردەیت لە ڕۆژی تەنگانە، کەم هێزیت.
١١ ئەوانە دەربازکە کە بۆ مردن دەبرێن و ئەوانەی بۆ سەربڕین پاڵخراون، کەمتەرخەم مەبە.
١٢ ئەگەر بڵێیت: ئەوەتا ئەمەمان نەزانیوە. ئایا هەڵسەنگێنەری دڵەکان تێناگات، ئەوەی گیانت دەپارێزێت ئایا نازانێت؟ جا پاداشتی مرۆڤ بەپێی کردەوەکانی دەداتەوە.
١٣ ڕۆڵە، هەنگوین بخۆ چونکە باشە و شیلەی هەنگوین لە گەرووتدا شیرینە،
١٤ بەم جۆرەشە زانینی دانایی بۆ گیانت، گەر بیدۆزیتەوە دوارۆژت دەبێت و ئومێدبڕ نابیت.
١٥ ئەی بەدکار خۆت مەڵاس مەدە بۆ ماڵی ڕاستودروست، جێی حەسانەوەی وێران مەکە.
١٦ چونکە ڕاستودروست حەوت جار دەکەوێت و هەڵدەستێتەوە، بەڵام بەدکاران بە خراپە ساتمەدەکەن.
١٧ بە کەوتنی دوژمنت شاد مەبە، بە ساتمەکردنی دڵت خۆشنەبێت.
١٨ نەوەك خوداوەند ببینێت و بەلایەوە خراپ بێت، جا تووڕەیی خۆیی لێ بگێڕێتەوە.
١٩ بەخیلی بە خراپەکاران مەبە، ئیرەیی بە بەدکاران مەبە،
٢٠ چونکە خراپەکار دوارۆژی نابێت و بەدکاران چرایان دەکوژێتەوە.
٢١ ڕۆڵە لە خوداوەند و پاشا بترسە، تێکەڵی هەڵگەڕاوەکان مەبە،
٢٢ چونکە بەڵایان لەپڕا دێت، بەڵای هەردووکیان کێ دەیزانێت؟
٢٣ هەروەها ئەمەش هی دانایانە: لایەنگریکردن لە حوکمدان باش نییە.
٢٤ ئەوەی بە بەدکار بڵێت: تۆ ڕاستودروستیت. گەلان نەفرەتی لێدەکەن و میللەتان ڕقیان لێی دەبێتەوە.
٢٥ بەڵام ئەوانەی سەرزەنشتی دەکەن، دەکەونە خۆشی و بەرەکەتی باشیان بەسەردا دەڕژێت.
٢٦ لێوان ماچ دەکات ئەوەی وەڵامی ڕاست دەداتەوە.
٢٧ کاروباری خۆت لەدەرەوە ڕاپەڕێنە و لە کێڵگە بۆ خۆت ئامادەی بکە، دوای ئەمە ماڵی خۆت بنیات بنێ.
٢٨ بەبێ هۆ دژی نزیکەکەت شایەتی مەدە، ئایا بە لێوەکانت فێڵ دەکەیت؟
٢٩ مەڵێ: چی لێ کردووم، وای لێ دەکەم، پاداشتی ئەو پیاوە بەپێی کردەوەکەی دەدەمەوە.
٣٠ بەلای کێڵگەی پیاوی تەمبەڵدا تێپەڕیم و بەلای ڕەزی مرۆڤی بێ مێشکیش.
٣١ چقڵ هەمووی داگرتبوو، حوشترالووك هەمووی داپۆشیبوو، کەڵەکە بەردەکانی ڕووخابوو.
٣٢ تەماشام کرد و لە دڵی خۆمدا لێکمدایەوە، بینیم و وانەم لێوەرگرت:
٣٣ کەمێ خەوتن و کەمێ خەواڵوو بوون و کەمێ دەست تێکنان بۆ ڕاکشان،
٣٤ ئینجا هەژاریت وەك ڕێگر دێت، نەبوونیشت وەك چەکدار.

# ٢٥

١ ئەمانەش هەر پەندی سلێمانن کە پیاوەکانی حەزقیای پاشای یەهوزا نووسیویانەتەوە:
٢ شکۆمەندی خودا لە شاردنەوەی کێشەدایە، شکۆمەندی پاشایان لە لێکۆڵینەوەی کێشەدایە.
٣ ئاسمان بۆ بەرزییە و زەوی بۆ قووڵییە، دڵی پاشایانیش ناپشکنرێت.
٤ خڵتە لە زیو داماڵە، کەرەستە بۆ زێڕنگەر دەردەچێت.
٥ بەدکار لەبەردەم پاشا داماڵە، بە ڕاستودروستی تەختەکەی دەچەسپێت.
٦ لەبەردەم پاشادا خۆت بەرز مەکەوە، لە شوێنی گەورەپیاوان ڕامەوەستە.
٧ واچاکە پێت بووترێت: سەرکەوە بۆ ئێرە. نەك پلەوپایەت لای میر دابەزێت، ئەوەی بەچاوی خۆت بینیت.
٨ خێرا مەبە بۆ مشتومڕ، چونکە لە کۆتاییەکەی چی دەکەی گەر نزیکەکەت شەرمەزاری کردیت؟
٩ کێشەکەت لەگەڵ نزیکەکەت باس بکە و نهێنی خەڵکی تر مەدرکێنە.
١٠ نەوەك گوێگرێك شەرمەزارت بکات، جا ناوە زڕاوەکەت لێنابێتەوە.
١١ سێوێکی زێڕە و لەسەر سینییەکی زیو دانراوە، ئەو قسەیەی لەکاتی خۆیدا دەکرێت.
١٢ گوارەی زێڕە و خشڵی زێڕی سافە سەرزەنشتی دانا بۆ یەکێ گوێی لێبگرێت،
١٣ وەك ساردی بەفرە لە ڕۆژی دروێنەدا، نوێنەری دەستپاك بۆ ئەوانەی دەینێرن، دڵی گەورەکانی فێنك دەکاتەوە.
١٤ ئەوەی شانازی بە دیاری درۆ بکات هەور و بای بێبارانە.
١٥ بە پشوو درێژیی فەرمانڕەوا قایل دەکرێت، زمانی نەرمیش ئێسقان دەشکێنێت.
١٦ ئەگەر هەنگوینت دۆزیەوە ئەوەندە بخۆ کە پێت دەخورێت، نەوەك پڕ دەبیت و دەیرشێنیتەوە.

١٧ زۆر هاتوچۆی نزیکەکەت مەکە، نەوەك لێت تێر دەبێت و ڕقی لێت دەبێتەوە.
١٨ ئەوەی شـــایەتی درۆ لەســـەر برادەرەکەی بدات، کوتەك و شمشێر و تیری تیژە،
١٩ پشت بەستن بە ناپاك لە ڕۆژی تەنگانەدا ددانی کلۆر و قاچی لەجێچووە.
٢٠ وەك داکەندنی بەرگ لە ڕۆژی ســەرمادا و ســرکەیە بەســەر سۆدەدا چرینی گۆرانی بۆ دڵتەنگ.
٢١ ئەگەر دوژمنەکەت برســـی بوو نـانی دەرخوارد بـدە، ئەگەر تینوو بوو ئاوی بدەرێ.
٢٢ بەمە پشکۆ لەسەر سەری کۆدەکەیتەوە و خوداوەندیش پاداشتت دەداتەوە.
٢٣ بای باکوور باران دەهێنێت، زمانی پاشملەش ڕووی گرژ.
٢٤ باشترە گۆشەی بنمیچێکت هەبێت، نەك ماڵێکی هاوبەش لەگەڵ ژنێکی شەڕانی.
٢٥ ئـاوی ســـاردە بۆ گیانێکی تینوو، هەواڵی خۆش لە وڵاتێکی دوورەوە.
٢٦ ئەو ڕاستودروستـەی لەبەردەم بەدکار چەماوەتەوە، کانییەکی لێڵ و سەرچاوەیەکی بۆگەنە.
٢٧ زۆر خواردنی هەنگوین باش نییە، داواکردنی شــکۆمەندیش پەسەند نییە.
٢٨ شـارێکی ڕووخاوی بێ دیوارە، ئەو پیاوەی دەســەڵاتی بەســەر ڕۆحی خۆیدا نەبێت.

# ٢٦

١ وەك بەفر لە هاوین و باران لەکاتی دروێنەدا، ئاواش ڕێزلێنان لە گێل ناوەشێتەوە.
٢ چۆلەکەی فڕیو و پەڕەسـێلکەی باڵگرتوو، ئاواشـە نەفرەتی بێ هۆ، نایەت.
٣ قامچی بۆ ئەسـپ و ڕەشـمە بۆ گوێدرێژە، کوتەکیش بۆ پشـتی گێلەکانە.
٤ وەڵامی گێـل مەدەوە وەك گێلییەکەی، نەوەك تۆش وەك ئەوت لێبێت.
٥ وەڵامی گێل بدەوە بەپێی گێلییەکەی، نەوەك لەبەرچاوی خۆی دەبێت بە دانا.
٦ ئەوەی بە دەســـتی گێل پەیام بنێرێت قاچەکانی خۆی دەبڕێت و ستەم دەنۆشێت.
٧ قاچەکانی گۆج شۆڕبوونەتەوە، پەندیش ئاوایە لە دەمی گێلەکان.
٨ وەك گرێدانی بەرد بە بەردەقانییەوە، ئاوایە ئەوەی ڕێز لە گێل دەگرێت.
٩ دڕکە و چووەتە دەســـتی ســـەرخۆش، پەندیش ئاوایە لە دەمی گێلەکان.
١٠ ئـازارێکی مەزنە بۆ هەمووان بەکرێگری گێـل و بەکرێگری ڕێبوار.
١١ وەك سـەگ بگەڕێتەوە سـەر ڕشـانەوەکەی، گێلیش دووبارەی دەکاتەوە گێلییەکەی.
١٢ کەســـت بینیوە لەبەر چاوی خۆی دانا بێت؟ گێل لەو زیاتر ئومێدی پێ دەکرێت.
١٣ تەمبەڵ دەڵێت: شێر لەسەر ڕێگایە، شێر لەنێو گۆڕەپانەکانە.
١٤ دەرگا لەسەر ڕێزە دەسووڕێت، تەمبەڵیش لەناو نوێنەکەی.
١٥ تەمبەڵ دەســت دەخاتە ناو قاپەکەی، ماندووبوونە بۆی بیباتەوە ناو دەمی.
١٦ تەمبەڵ بەلای خۆیەوە دانــاترە لە حەوت کەس کە وەڵامی ژیرانە دەدەنەوە.

١٧ ئەوەی تێدەپەڕێت و خۆی دەخاتە ناو ناکۆکییەکەوە کە هی ئەو نییە وەك ئەوەیە گوێیەکانی سەگێکی گرتبێت.
١٨ وەك شێتێکە پشکۆ و تیر و مەرگ بهاوێژێت،
١٩ ئاوایە ئەوەی فێڵ لە نزیکەکەی خۆی بکات و بڵێت: بەقەســـتیم بوو!
٢٠ دار نەبێـت ئـاگر دەکوژێتەوە، دەمشـــڕ نەبێـت دووبەرەکی نامێنێت.
٢١ خەڵووز بۆ پشـــکۆ و دار بۆ ئاگرە، پیاوی شـــەڕانگێزیش بۆ وروژاندنی ناکۆکییە.
٢٢ قسەکانی دەمشڕ وەك پارووی بەتامە، شۆڕ دەبێتەوە ناو ورگ.
٢٣ لێوە بەگڕەکـان و دڵی خراپ زیوی بە خڵتەیە و دەفری گڵی داپۆشیوە.
٢٤ بە لێوەکانی دەیشـــارێتەوە کینەدار، بەڵام لەناخیدا فرت وفێڵ دادەنێتەوە.
٢٥ ئەگەر قسـەی چاکی کرد، بڕوای پێمەکە، چونکە حەوت شـتی قێزەوەند لە دڵیدایە.
٢٦ هەرچەنـدە بە فێڵ کینەی خۆی بشـــارێتەوە، خراپەی لەنـاو کۆمەڵدا ئاشکرا دەبێت.
٢٧ ئەوەی چاڵێك هەڵکەنێت خۆی تێی دەکەوێت، ئەوەی بەردێك گلۆر بکاتەوە بەرەو خۆی دەگەڕێتەوە.
٢٨ زمانی درۆ ڕقی لەوانە دەبێتەوە کە برینداریان دەکات، زمانی لووسیش وێرانکاری دەکات.

# ٢٧

١ شانازی بە سبەینێ مەکە، چونکە نازانی ڕۆژ چی لێدەکەوێتەوە.
٢ با نامۆ ستایشت بکات نەك دەمی خۆت، بێگانە نەك لێوەکانت.
٣ بەرد قورســـە و قوم گرانە، بەڵام تووڕەیی گێل لە هەردووکیان قورسترە.
٤ هەڵچوون توندوتیژە و تووڕەیی لێشـــاوە، بەڵام کێ لە بەردەم ئیرەیی خۆی ڕادەگرێت؟
٥ ڕەخنەی ئاشکرا لە خۆشەویستی شاراوە باشترە.
٦ برینی دۆست دڵسۆزییە و ماچی دوژمن زۆروزەبەندە.
٧ تێر بێزی لە هەنگوین دەبێتەوە، بەڵام بۆ برســـی هەموو تاڵێك شیرینە.
٨ وەك چۆلەکەی وێڵ بوو لە هێلانەکەی، ئاوایە مرۆڤی وێڵ بوو لە هەواری خۆی.
٩ بۆن و بخوور دڵ خۆش دەکەن، شیرینی برادەریش لە ڕاوێژی گیانە.
١٠ واز لە برادەری خۆت و برادەری بـاوکت مەهێنە، لە ڕۆژی لێقەومـانت مەچۆ مـاڵی برات، دراوســـێی نزیك لە برای دوور باشترە.
١١ ڕۆڵە دانابە و دڵم خۆشبکە، تا بتوانم وەڵامی ئەوانە بدەمەوە کە لۆمەم دەکەن.
١٢ زۆرزان خراپەی بینی و خۆی شـاردەوە، ساویلکەکانیش ملیان پێوەنا و سزادران.
١٣ جلوبەرگەکەی وەرگرە، چونکە کەفیلی نامۆیەکی کرد، لەبەر بێگانە بارمتەی لێ وەرگرە.
١٤ ئەوەی بە دەنگی بەرز بەیـانی بـاش لە برادەرەکەی بکـات لەبەیانی زوودا، بە نەفرەت بۆی دەژمێردرێت.
١٥ دڵۆپەکردنی بەردەوامی ڕۆژی باران و ئافرەتی شـەڕانی وەك یەکن.
١٦ ئەوەی دەستەمۆی بکات، با دەستەمۆ دەکات و بە دەستە ڕاستی زەیت دەگرێت.

١٧ ئاسن بە ئاسن تیژ دەکرێت و مرۆڤیش ڕووی برادەرەکەی تیژ دەکات.
١٨ ئەوەی دار هەنجیرێك چاودێری بکات بەرەکەی دەخوات و ئەوەی گەورەکەی خۆی بپارێزێت ڕێزی دەگیرێت.
١٩ وەك لە ئاودا ڕوو دەبینرێت، ئاواش لە دڵدا مرۆڤ دەبینرێت.
٢٠ دونیای مردووان و لەناوچوون تێر نابن، هەروەها چاوی مرۆڤیش تێر نابێت.
٢١ بۆتە بۆ زیو و کورە بۆ زێڕە، بەڵام مرۆڤ بۆ دەمی ستایشکەرەکەی.
٢٢ گێل بکوتە لەناو هاوەن، لەگەڵ دانەوێڵە بە دەسکە هاوەن، گێلییەکەی لێی جیانابێتەوە.
٢٣ باش حاڵی مێگەلەکانت بزانە، دڵت هەر لەلای ڕانەکانت بێت.
٢٤ چونکە دەوڵەمەندی تا سەر نییە، تاجیش نەوە بە نەوە بەردەوام نابێت.
٢٥ کا نەما و گیا دەرکەوت، کۆکرانەوە گیاوگۆڵی شاخان.
٢٦ بەرخەکان بۆ جلوبەرگ و نرخی کێڵگەش گیسکەکان.
٢٧ شیری بزنیش بەشی خواردنی خۆت و خێزانەکەت و بژێوی کارەکەرەکانت.

# ٢٨

١ بەدکار بێ ئەوەی کەس ڕاوی بنێت ڕادەکات، بەڵام ڕاستودروست وەك بەچکە شێر بڕوای بەخۆیە.
٢ کە یاخیبوون لە خاکێکدا هەبێت میری زۆر دەبێت، بەڵام بە مرۆڤی تێگەیشتوو و زانا بەرقەرار دەبێت.
٣ ئەو هەژارەی نەداران بچەوسێنێتەوە، بارانێکی بەخوڕە، هەموو خواردنێك ڕادەماڵێت.
٤ ئەوانەی واز لە فێرکردنەکان دەهێنن ستایشی بەدکار دەکەن، بەڵام پارێزەرانی فێرکردنەکان دژایەتییان دەکەن.
٥ پیاوخراپان دادوەری تێناگەن، بەڵام ئەوانەی خوداوەندیان دەوێت لە هەمووی دەگەن.
٦ ئەو هەژارەی ڕێگای تەواویی گرتبێت، باشترە لەوەی ڕێگاکان خواردەکاتەوە و دەوڵەمەندە.
٧ ئەوەی فێرکردنەکان بپارێزێت کوڕێکی تێگەیشتووە، هاوڕێی دەست بڵاوانیش باوکی خۆی ڕسوا دەکات.
٨ ئەوەی بە سوو و بازاڕگرانکردن سامانی خۆی زۆربکات، بۆ یەکێکی کۆدەکاتەوە کە بەزەیی بە نەداران دێتەوە.
٩ ئەوەی گوێی دابخات لە ئاست فێرکردنەکان، هەروەها نوێژەکەشی قێزەوەندە.
١٠ ئەوەی سەرڕاستان وێڵی ڕێگای خراپە بکات، دەکەوێتە ئەو چاڵەوە کە خۆی هەڵیکەندووە، بەڵام تەواوەکان میراتی باشیان بەردەکەوێت.
١١ دەوڵەمەند لەبەرچاوی خۆی دانایە، بەڵام هەژاری تێگەیشتوو دەیپشکنێت.
١٢ خۆشی مەزنی ڕاستودروستان شانازییەکی گەورەیە، بەڵام بە هەستانی بەدکاران خەڵك خۆی دەشارێتەوە.
١٣ ئەوەی یاخیبوونەکانی خۆی بشارێتەوە سەرناکەوێت، بەڵام دانپیانەر و وازلێهێنەر بەر بەزەیی دەکەوێت.
١٤ خۆزگە دەخوازرێت بە مرۆڤێك بەردەوام لە خوداوەند بترسێت، بەڵام ئەوەی دڵی خۆی ڕەق بکات دەکەوێتە خراپەوە.
١٥ شێرێکی بەنەڕەنەڕ و ورچێکی هەڵچووە، فەرمانڕەوای بەدکار بەسەر گەلی نەدارەوە.
١٦ فەرمانڕەوای نائێگەیشتوو زۆرداری زۆر دەکات، بەڵام ئەوەی ڕقی لە دەسکەوتی حەرام بێت تەمەن درێژ دەبێت.
١٧ ئەوەی خوێنی کەسێکی لە مل بێت هەڵدێت بۆ ناو چاڵ، با کەس یارمەتی نەدات.
١٨ ئەوەی بە ڕێگای تەواویدا بڕوات ڕزگار دەبێت، بەڵام ئەوەی ڕێگاکانی خوار بکات لەپڕ دەکەوێت.
١٩ ئەوەی خزمەتی زەوی خۆی بکات، تێر نان دەبێت، ئەوەی دوای هیچوپووچی بکەوێت تێر هەژاری دەبێت.
٢٠ مرۆڤی دڵسۆز بەرەکەتی زۆرە، بەڵام ئەوەی بە پەلە بێت بۆ دەوڵەمەندی بێ سزا نابێت.
٢١ لایەنگیری باش نییە، جا بۆ لەتە نانێك پیاو یاخی دەبێت.
٢٢ مرۆڤی بەرچاوتەنگ بەپەلەیە بۆ دەوڵەمەندی، بەڵام نازانێت نەبوونیی بۆ دێت.
٢٣ ئەوەی مرۆڤێك سەرزەنشت بکات لە کۆتاییدا پەسەندتر دەبێت لەوەی زمان لووسی دەکات.
٢٤ ئەوەی باوك و دایکی تاڵان بکات و بڵێت: ئەمە یاخیبوون نییە! ئەو کەسە هاوبەشی کاولکارانە.
٢٥ چاوبرسی ناکۆکی دەوروژێنێت، بەڵام پشت بەستوو بە خوداوەند قەڵەو دەبێت.
٢٦ ئەوەی پشت بە خۆی ببەستێت گێلە، بەڵام ئەوەی بە ڕێگای داناییدا بڕوات دەرباز دەبێت.
٢٧ ئەوەی بە هەژار ببەخشێت نەبوون نابێت، بەڵام ئەوەی ڕووی لێ وەرگێڕێت نەفرەتی زۆر دەبێت.
٢٨ بە هەستانی بەدکاران خەڵك خۆی دەشارێتەوە، بەڵام بە لەناوچوونیان ڕاستودروستان زۆر دەبن.

# ٢٩

١ ئەوەی زۆر سەرزەنشت بکەیت و هەر کەلەڕەق بێت، لەناکاو تێکدەشکێت و چارەسەریشی نابێت.
٢ کە ڕاستودروست زۆر بن گەل دڵخۆش دەبێت، کە بەدکار فەرمانڕەوا بێت گەل دەناڵێنێت.
٣ ئەوەی حەز لە دانایی بکات باوکی دڵخۆش دەکات، هاوڕێی داوێن پیسانیش سامان بەفیڕۆ دەدات.
٤ پاشا بە دادپەوەریی وڵات ڕادەگرێت، بەڵام بەرتیلخۆر وێرانی دەکات.
٥ ئەوەی لەگەڵ نزیکەکەی زمان لووسی بکات، داو لەبەر پێی دەنێتەوە.
٦ لە یاخیبوونی پیاو خراپ تەڵە هەیە، بەڵام ڕاستودروست گۆرانی دەڵێت و دڵخۆش دەبێت.
٧ ڕاستودروست مافی هەژار دەزانێت، بەڵام بەدکار ئەو زانینە تێناگات.
٨ گاڵتەجاڕان شار دەخەنە ئاژاوە بەڵام دانایان تووڕەیی کپ دەکەنەوە.
٩ پیاوێکی دانا بکەوێتە دادگایی لەگەڵ پیاوێکی گێل، جا گێلەکە توڕەبێت و پێبکەنێت، بەڵام هێمنیی نییە.
١٠ خوێنڕێژان ڕقیان لە مرۆڤی تەواو دەبێتەوە، بەڵام سەرڕاستان داوای سەلامەتی بۆ دەکەن.
١١ گێل هەرچی لە دڵدایە دەری دەبڕێت، بەڵام دانا خۆی دەگرێت.
١٢ فەرمانڕەوایەك گوێ لە قسەی درۆ بگرێت، هەموو خزمەتکارەکانی بەدکارن.
١٣ هەژار لەگەڵ زۆردار لەمەدا لەیەك دەچن، خوداوەند ڕووناکی بە چاوی هەردووکیان دەدات.
١٤ پاشایەك بە ڕاستی دادوەری هەژاران بکات، تەختەکەی تاهەتایە دەچەسپێت.

١٥ کوتەك و تەمبێکردن دانایی دەبەخشن، بەڵام ئەو منداڵەی جڵەوی بەربدرێت، دایکی خۆی شەرمەزار دەکات.
١٦ بەدکاران زۆر ببن، یاخیبوون زۆر دەبێت، بەڵام ڕاستودروستان کەوتنیان دەبینن.
١٧ کوڕەکەت تەمبێ بکە، لە سایەی دەحەسێیتەوە و شادی دەدات بە گیانت.
١٨ بەبێ بینین گەل بەڕەڵا دەبێت، بەڵام ئەوەی فێرکردنەکان بپارێزێت خۆزگەی پێدەخوازرێت.
١٩ خزمەتکار تەنها بە قسە تەمبێ نابێت، چونکە تێدەگات، بەڵام گوێی ناداتێ.
٢٠ ئەو کەسەت بینیوە بەپەلەیە لە قسەکانی؟ گێل لەو زیاتر ئومێدی پێدەکرێت.
٢١ ئەوەی خزمەتکارەکەی بە منداڵی بەناز ڕابگرێت، لە کۆتاییدا میراتگری دەبێت.
٢٢ مرۆڤی تووڕە ناکۆکی دەورووژێنێت، مرۆڤی هەڵچوو یاخیبوونی زۆرە.
٢٣ لووتبەرزیی مرۆڤ نزم دەکاتەوە، بەڵام ڕۆح سووك ڕێزدار دەبێت.
٢٤ هاوبەشی دز دوژمنی خۆیەتی، سوێند دەخوات و دانی پیانانێت.
٢٥ ترسی مرۆڤ تەڵە دەنێتەوە، بەڵام ئەوەی پشت بە خوداوەند ببەستێت ئاسوودە دەبێت.
٢٦ زۆرکەس ڕەزامەندیی فەرمانڕەواکانیان دەوێت، بەڵام دادپەروەری مرۆڤ لەلای خوداوەندەوەیە.
٢٧ قێزی ڕاستودروستان لە مرۆڤی ناڕەوایە، قێزی بەدکاریش لەوەیە کە ڕێگای ڕاستە.

## ٣٠

١ وشەکانی ئاگوری کوڕی یاقە و جاڕنامەکەی، ئەم پیاوە ڕایگەیاند: من داهێزرام خودایە، من داهێزرام خودایە من بێ هێزبووم!
٢ من دەبەنگترم لە هەموو مرۆڤ، تێگەیشتنی مرۆڤم نییە.
٣ فێری دانایی نەبووم و زانینی پاکوپیرۆزم نییە.
٤ کێ بەرزبووەوە بۆ ئاسمان و هاتەخوارەوە؟ کێ بای لەناو هەردوو لەپی خۆی کۆکردەوە؟ کێ ئاوی لەناو جلدا قەتیس کرد؟ کێ هەموو لایەکی زەوی دامەزراند؟ ناوی چییە؟ناوی کوڕەکەی چییە؟ ئەگەر دەیزانیت!
٥ هەموو وشەی خودا بێگەردن، سپەرە بۆ ئەوانەی پەنای بۆ دەبەن.
٦ هیچ شتێ بۆ وشەکانی زیاد مەکە، نەوەك سەرزەنشتت بکات و بە درۆزن دەربچیت.
٧ دوو شتم لێ داوکردیت، لێمی قەدەغە مەکە پێش مردنم:
٨ شتی پووچ و قسەی درۆم لێ دووربخەوە، هەژاری یان دەوڵەمەندیم مەدەرێ، نانی فەرزی خۆم دەرخوارد بدە.
٩ نەوەك تێر بم و نکۆڵی بکەم و بڵێم: خوداوەند کێیە؟ یان نەوەك هەژار بم و دزی بکەم و ناوی خودای خۆم پیس بکەم.
١٠ شکات لە خزمەتکار مەکە لای گەورەکەی، نەوەك نەفرەتت لێ بکات و تاوانبار بیت.
١١ نەوەیەك نەفرەت لە باوکی دەکات و دایکی پیرۆز ناکات.
١٢ نەوەیەك لە ڕوانگەی خۆیان پاکن، بەڵام خۆی پاك نەکردووەتەوە لە پیسوپۆخڵییەکەی.
١٣ نەوەیەك چەند چاو لە هەوراز و بەرز دەڕوانن.
١٤ نەوەیەك ددانەکانیان شمشێرن و کاکیلەکانیان چەقۆن، بۆ خواردنی کڵۆڵەکان لەسەر زەوی و نەدارەکان لەناو خەڵکی.
١٥ زەروو دووکچی هەیە هاواردەکەن: بهێنە، بهێنە! سێ شت هەن تێرنابن چوارەمیش ناڵێت: بەس.
١٦ دونیای مردووان و منداڵدانی نەزۆك و زەوییەك تێر ئاو نەبێت و ئاگرێك نەڵێت، بەس.
١٧ ئەو چاوەی گاڵتە بە باوکی بکات و سووکایەتی بەگوێڕایەڵ بوون بۆ دایکی بکات، قەلەڕەشەکانی دۆڵ هەڵیدەکۆڵن و بێچووە داڵ دەیخۆن.
١٨ سێ شت هەن زۆر سەیرن بۆ من، چوارەمیش نایزانم،
١٩ ڕێگای داڵ لە ئاسمان، ڕێگای مار لەسەر بەرد، ڕێگای کەشتی لەناوجەرگەی دەریا و ڕێگای پیاو لەگەڵ کچ.
٢٠ ئەمە شێوازی ژنی داوێن پیسە دەخوات و دەمی دەسڕێتەوە و دەڵێت: خراپەم نەکردووە!
٢١ زەوی لەژێر سێ شتدا دەلەرزێت و لەژێر چوارەمیش ناتوانێت بەرگەبگرێت،
٢٢ خزمەتکارێك حوکم بکات، گێلێك کە تێر نان بێت،
٢٣ ئافرەتێك خۆشەویست نەبێت و مێرد بکات، کەنیزەیەك ببێت بە میراتگری ئاغاژنەکەی.
٢٤ چوار شت هەن لەسەر زەوی بچووکن بەڵام لە دانایان داناترن،
٢٥ مێروولە کۆمەڵێکی بێ هێزن بەڵام لە هاویندا خواردنی خۆیان ئامادە دەکەن،
٢٦ گۆڕهەڵکەنە کۆمەڵێکی بێ توانان، بەڵام لەناو بەرد لانەکانیان دروست دەکەن.
٢٧ کولە پاشایان نییە، بەڵام دەستە دەستە دەردەچن.
٢٨ مارمێلکە بەدەست دەگیرێن، بەڵام لە کۆشکی پاشادان.
٢٩ سێ شت هەن هەنگاویان سەنگینە و چوارەمیش ڕەوتی جوانە،
٣٠ شێر کە لە هەموو گیاندارەکان ئازاترە، لەڕووی هیچ شتێك ناگەڕێتەوە.
٣١ کەڵەشێر و تەگە و پاشایەك بەرهەڵستی نەکرێت.
٣٢ ئەگەر گێل بووی بە خۆهەڵکێشانت، یان پیلانی خراپت نایەوە، دەستت بخەرە سەر دەمت.
٣٣ چونکە شیر بگوشیت قەیماغی لێ دەردەچێت، لووت بگوشیت خوێنی لێ دەردەچێت، تووڕەییش بگوشیت ناکۆکی لێ دەردەچێت.

## ٣١

١ وشەکانی لەموئیل پاشا، جاڕنامەکەی کە دایکی فێریکرد:
٢ چی ڕۆڵە؟ چی ڕۆڵەی هەناوم؟ چی ڕۆڵەی نەزرەکانم؟
٣ هێزت بە ژنان مەدە، ڕێگاکانیشت بە لەناوبەرانی پاشایان مەدە.
٤ ئەی لەموئیل، بۆ پاشایان نییە، بۆ پاشایان نییە، مەی بنۆشن، بۆ میرانیش نییە سەرخۆشکەر.
٥ نەوەك بخۆنەوە و فەرز لەبیربکەن، مافی کڵۆڵان خواربکەن.
٦ سەرخۆشکەر بدە بەوەی لەناودەچێت، مەییش بەوانەی دەروونیان تاڵە.
٧ دەخواتەوە و هەژارییەکەی لەبیردەکات، ئیتر ماندوبوونەکەی نایەتەوە بیر.
٨ دەمت بکەوە بۆ لاڵەکان، بۆ مافی هەموو دەربەدەران.
٩ دەمت بکەوە و بە ڕاستودروستی دادوەری بکە، بۆ مافی کڵۆڵان
و نەداران. ئەلف ١٠ کێ ژنی خانەدانی دەست دەکەوێت؟
نرخی لە مەرجان گرانترە. بێت ١١ مێردەکەی بەتەواوی پشتی
پێدەبەستێت و لە هیچی کەم نابێت. گیمێل ١٢ چاکەی بۆ دەکات
نەك خراپە بە درێژایی ژیانی. دالێت ١٣ داوای خوری و کەتان
دەکات، بە دوو دەستی ڕەزامەند ئیش دەکات، هێی ١٤ وەك
کەشتیی بازرگان وایە خۆراکی خۆی لەدوورەوە دەهێنێت.

ڤاف [١٥] لە خەو هەڵدەسێت هێشتا شەوە، خواردن بۆ ماڵەوە ئامادە دەکات و ئیش بۆ کارەکەرەکان دیاری دەکات. زاین [١٦] لە کێڵگەیەك ورد دەبێتەوە و دەیکڕێت، بە قازانجی دەستی مێوی تێدا دەچێنێت. خێیت [١٧] ناوقەدی بە هێز توند دەبەستێت و
بازووی لێ هەڵدەکات. تێیت [١٨] دەبینێت بازرگانییەکەی چاکە، بە شەو چرای ناکوژێتەوە. یۆد [١٩] خوری بە بازوویەوە دەئاڵێنێ و تەشی لەناو لەپیدایە. کاف [٢٠] دەستەکانی بۆ کلۆڵ دەکاتەوە و دەست درێژ دەکات بۆ نەداران. لامد [٢١] ترسی ماڵەکەی نییە لە بەفر، چونکە هەموو ماڵەکەی بەرگی ئاڵیان لەبەردایە. میم [٢٢] سەرپۆشی چنراو بۆ خۆی دروست دەکات، کەتان و ڕێسی مۆر لەبەر دەکات. نون [٢٣] مێردی لە دەروازەکانی شاردا ناسراوە، بە دانیشتنی لەگەڵ پیرانی خاکەکە. سامخ [٢٤] کراسی کەتان دروست دەکات و دەیفرۆشێت، پشتێن بە بازرگانان دەدات. عەین [٢٥] هێز و ڕێز بەرگی ئەون، پێدەکەنێت بۆ ڕۆژانی ئایندە. پێ [٢٦] دەمی بە دانایی دەکاتەوە و فێرکردنەکانی خۆشەویستی لەسەر زمانیەتی. چادێ [٢٧] چاودێریی هاتوچۆی ماڵومنداڵەکەی دەکات، نانی تەمبەڵی ناخوات. قۆف [٢٨] منداڵەکانی بەیەك دەنگ دەڵێن: خۆزگەت پێدەخوازرێت.

مێردەکەیشی ستایشی دەکات: ڕێیش [٢٩] زۆر کچ کردەوەی چاکیان کردووە، بەڵام تۆ لەسەرووی هەموویانی. شین [٣٠] شۆخ وشەنگی فریودەرە و جوانی پووچە، بەڵام ئەو ئافرەتەی لە خوداوەند بترسێت، ستایش دەکرێت. تاو [٣١] بەری دەستی خۆی پێ بدەن و با لە دەروازەکانی شاردا کردەوەکانی ستایشی بکەن.

# ژیرمەندی

## ١

١ وشەکانی کۆمکار، کوڕی داود، پاشا لە ئۆرشەلیم.
٢ پووچی پووچانە، کۆمکار وتی: پووچی پووچانەهەر هەموو
پووچە.
٣ چی دەمێنێتەوە بۆ مرۆڤ لە هەموو ماندووبوونەکەی، کە پێوەی
ماندوو دەبێت لەسەر زەویدا.
٤ نەوەیەك دەڕوا و نەوەیەك دێت، زەویش هەتاهەتایە هەر هەیە.
٥ خۆر هەڵدێت و خۆر ئاوا دەبێت و بەپەلەیە بۆ شوێنەکەی
لەوێوە هەڵدێت.
٦ هەڵدەکات بەرەو باشوور دەسوڕێتەوە بەرەو باکوور،
دەسوڕێتەوە و دەسوڕێتەوە هەڵدەکات با بۆ خولگەکەی خۆی
دەگەڕێتەوە با.
٧ هەموو ڕووبارەکان بەرەو دەریا دەڕۆن دەریاش هەر پڕ نابێت.
بۆ شوێنەکەی خۆیان دەڕۆنەوە ڕووبارەکان بۆ ئەوێ دەڕۆن و
دەگەڕێنەوە.
٨ هەموو شتەکان ماندووکەرن، مرۆڤ ناتوانێت دەریانبڕێت،
چاو لە سەیرکردن تێر نابێت و گوێ لە بیستن پڕ نابێت.
٩ ئەوەی بووە هەر ئەو دەبێت، ئەوەی کراوە هەر ئەو دەکرێت،
هیچی نوێ نییە لەسەر زەویدا.
١٠ ئەگەر شتێك هەبێت، دەووترێت: سەیرکە ئەمە نوێیە!
بەڵام هەر بووە لە دێرزەمانەوە ئەوەی لە پێش ئێمە هەبووە.
١١ کوا یادی پێشینان؟ هەروەها پاشینانیش کە دەبن هیچ
یادەوەرییەکیان نابێت لەلای ئەوانەی لەپاش ئەوان دێن.
١٢ منم کۆمکار، پاشا بووم بەسەر ئیسڕائیل لە ئۆرشەلیم. ١٣ دڵم
ئاڕاستەی پرسیارکردن و پشکنین کرد بە داناییەوە سەبارەت بە
هەموو ئەوەی لەسەر زەویدا کرابێت. خەریك بوونێکی ناخۆشە
خودا داویەتی بە ئادەمیزادان تا پێوەی خەریك بن.
١٤ ڕوانیمە هەموو کردارەکان کە لەسەر زەویدا کراون و ئەوەتا
هەمووی پووچە و ڕاونانی بایە.
١٥ خوار ناتوانرێت ڕاست بکرێتەوە و ون بوو ناتوانرێت
بژمێردرێت.
١٦ لە دڵی خۆمدا وتم: ئەوەتا من مەزن بووم، دانایم زۆرتر بوو لە
هەموو ئەوانەی پێش من لەسەر ئۆرشەلیم بوون و دڵم دانایی و
زانینی زۆری بینی.
١٧ دڵی خۆم ئاڕاستە کرد بۆ زانینی دانایی و زانینی شێتی و گێلی،
جا زانیم هەروەها ئەمەش ڕاونانی بایە.
١٨ چونکە لە زۆری دانایی، پەستی زۆر دەبێت و ئەوەی زانینی
زیاتر بێت غەمی زیاد دەبێت.

## ٢

١ من لە دڵی خۆمدا وتم: ئێستا وەرە با بە شادی تاقیت بکەمەوە،
جا چاکە دەبینیت! بەڵام ئەوەتا ئەمیش هەر پووچە.
٢ بە پێکەنینم وت، شێتە، بە شادیشم وت، ئەمە چی دەکات؟
٣ بەناو دڵمدا سۆراخم کرد تا سەرنجی لەش بۆ مەی ڕاکێشم
دڵم لە دانایی ووردبووەوە بۆ خۆدانە دەست گێلایەتیەوە
تا ببینم چی باشە بۆ ئادەمیزادان کە بە درێژایی ڕۆژانی ژیانیان
لە ژێر ئاسماندا بیکەن.
٤ کردەوەکانی خۆمم مەزن کرد، چەندین ماڵم بۆ خۆم بنیادنا
چەندین ڕەزم بۆ خۆم چاند
٥ باخچە و بەهەشتم بۆ خۆم دروستکرد
لەناویدا هەموو جۆرە دارێکی بەردارم چاند.
٦ حەوزی ئاوم بۆ خۆم دروستکرد تا لەوانەوە دارستانە دار
لێڕواوەکان ئاوبدەم.
٧ کۆیلە و کەنیزانم پەیداکرد و لە ماڵەکەشم بۆم لەدایك بوون
هەروەها دەستکەوتی مەڕ و مانگام زۆرتربوو لە هەموو ئەوانەی
پێش من لە ئۆرشەلیم بوون.
٨ زێڕو زیوم بۆ خۆم کۆکردەوە، لەگەڵ شتە تایبەتیەکانی پاشا و
هەرێمەکان، گۆرانی بێژانم بۆ خۆم دانا لە پیاوان و لە ژنان
لەگەڵ خۆشی ئادەمیزاد لە هەموو شتێکی بەنرخ ٩ مەزن و
پایەدارتر بووم لە هەموو ئەوانەی پێش من لە ئۆرشەلیم بوون،
داناییشم هەر لەگەڵمدا مایەوە.
١٠ هەرچی چاوم خواستی ڕێم لێنەگرت، هیچم لە دڵم قەدەغە
نەکرد لە هەموو خۆشییەك چونکە دڵم بە هەموو ماندووبوونەکەم
خۆش بوو. لە هەموو ماندووبوونەکەم ئەمە بەشم بوو.
١١ ئینجا ئاوڕم لە هەموو کردەوەکانی دەستم دایەوە، لەو هەموو
ماندووبوونە کە پێیانەوە ماندووببووم، ئەوەتا هەموو پووچن و
ڕاونانی بان هیچت بۆ نامێنێتەوە لەسەر زەویدا!
١٢ ئینجا ئاوڕم دایەوە تا دانایی و شێتی و گێلایەتی ببینم چونکە
ئەو کەسەی کە دوای پاشا دێت چی زیاتر دەکات، لەوەی کراوە؟
١٣ جا بینیم دانایی بەسوودترە لە گێلی، وەك چۆن ڕووناکی
بەسوودترە لە تاریکی.
١٤ دانا چاوی لە سەری دایە، بەڵام گێل بە تاریکیدا دەڕوات،
هەروەها من زانیم کە هەمووان یەك چارەنووسیان هەیە.
١٥ لە دڵی خۆمدا وتم: ئەوەی لە گێل ڕوودەدات لەمنیش
ڕوودەدات، ئیتر بۆچی من داناترم؟ جا لە دڵی خۆمدا وتم: ئەمەش
هەر پووچە.
١٦ چونکە نە دانا و نە گێل، تاهەتایە یادناکرێنەوە. وەك چۆن لە
کۆنەوە ئاواش لە ڕۆژانی دادێت هەموو لەبیردەکرێن هەروەها
داناش دەمرێت هەروەك گێل.
١٧ جا ڕقم لە ژیان هەستا، چونکە ئەوەی لەسەر زەویدا دەکرێت،
لەلام خراپە، هەمووی پووچ و ڕاونانی بایە. ١٨ ڕقم لە هەموو
ماندووبوونەکەم هەستا کە لەسەر زەویدا ڕەنجم بۆی کێشا و بۆ
ئەو کەسەی بەجێدەهێڵم کە لە پاش خۆم دێت و ١٩ کێ دەزانێت
دانا دەبێت یان گێل، لەگەڵ ئەوەشدا دەست بەسەر هەموو
ماندووبوونەکەم دەگرێت کە ڕەنجم بۆی کێشا لەسەر زەویدا.
ئەمەش هەر پووچە. ٢٠ جا لامدا و دڵی خۆم بێ ئومێدکرد لە
هەموو ئەو ماندووبوونە کە لەسەر زەویدا پێوەی ماندووبووم.
٢١ چونکە لەوانەیە مرۆڤێك خۆی بە دانایی و زانین و کارامەیی
ماندوو بکات، بەڵام بۆ مرۆڤێك کە پێوەی ماندوو نەبووبێت وەك
بەش بەجێیبهێڵێت هەروەها ئەمەش پووچ و خراپەیەکی گەورەیە.
٢٢ چونکە چی تیادایە بۆ مرۆڤ لە هەموو ئەو ماندووبوونەی و
کۆششی دڵی کە ڕەنجی بۆ دەکێشێت لەسەر زەویدا؟
٢٣ چونکە ڕۆژگاری هەموو ناخۆشی و کارەکەی بێزارییە، بگرە
لە شەویشدا دڵی ئاسوودە نابێت. ئەمەش هەر پووچە.
٢٤ لەوە باشتر نییە بۆ مرۆڤ کە بخوات و بخواتەوە و گیانی
خۆشی لە ماندووبوونەکەی ببینێت، هەروەها ئەمەشم بینی کە لە
دەستی خوداوەیە.

٢٥ چونکە کێ دەخوات و کێ خۆشی دەبینێت زیاتر لە من؟
٢٦ چونکە بەوەی چاکە لەبەردەمی، دانایی و زانین و دڵخۆشـــی
دەدات و بە گوناهباریش خەریك بوون بە کۆکردنەوی ســامان لە
عەمبارەکانی، تا بیدات بەوەی چاکە لەبەردەم خودا، ئەمەش پووچ
و ڕاونانی بایە

٢١ کێ دەزانێ ئایا ڕۆحی ئادەمیزاد بەرەو ســەرەوە هەڵدەکشـێت
یان ڕۆحی ئاژەڵ بەرەو خوارەوە بۆ زەوی دادەبەزێت؟
٢٢ جـا بینیم لەوە بـاشـــتر نییە کە مرۆڤ دڵخۆش بێـت بە
کردەوەکانی، چونکە ئەمە بەشی ئەوە، کێ دەیهێنێتەوە تا ببینێت
چی دەبێت لە دوای ئەو؟

# ٣

١ هەرشـــتێك وەرزی خۆی هەیە و هەر مەبەســتێك کاتی خۆی
هەیە لەسەر زەویدا،
٢ لەدایك بوون کاتی خۆی هەیە و مردنیش کاتی خۆی هەیە.
چاندن کاتی خۆی هەیە و هەڵکێشـــانی چاندراویش کاتی خۆی
هەیە.
٣ کوشتن کاتی خۆی هەیە و چاکبوونەوەش کاتی خۆی هەیە،
ڕوخاندن کاتی خۆی هەیە وبنیادنانیش کاتی خۆی هەیە.
٤ گریان کاتی خۆی هەیە و پێکەنینیش کاتی خۆی هەیە.
شیوەن گێڕان کاتی خۆی هەیە و سەماکردن کاتی خۆی هەیە،
٥ بەرد فڕێدان کـاتی خۆی هەیە و بەرد کۆکردنەوە کـاتی خۆی
هەیە، باوەش پیاکردن کاتی خۆی هەیە و جیابوونەوە لە باوەش
پیانەکردنیش کاتی خۆی هەیە،
٦ بەدەســتهێنان کاتی خۆی هەیە و لەدەســتدان کاتی خۆی هەیە،
پاراستن کاتی خۆی هەیە و فڕێدان کاتی خۆی هەیە،
٧ دڕاندن کاتی خۆی هەیە و دورینەوە کاتی خۆی هەیە،
بێدەنگی کاتی خۆی هەیە و قسەکردن کاتی خۆی هەیە.
٨ خۆشویستن کاتی خۆی هەیە و ڕق لێبوون کاتی خۆی هەیە،
شەڕ کاتی خۆی هەیە و ئاشتی کاتی خۆی هەیە.
٩ چی بۆ دەمێنێتەوە کارکەر لەوەی خۆی پێوە ماندوودەکات؟
١٠ ئەو خەریك بوونەم بینی کە خودا داویەتی بە ئـادەمیزادان تـا
پێوەی خەریك بن. ١١ هەموو شتێکی دروستکرد کە لە کاتی خۆیدا
جوان بێت، هەروەهـا نەمری خســتووەتە دڵیانەوە، کە بێ ئەوە
ئادەمیزاد دەرك بەو کارە ناکات کە خودا دەیکات لە ســەرەتاوە و
تا کۆتایی. ١٢ جا زانیم کە لەوە باشترنییە بۆیان کە دڵخۆشبن و
چاکە بکەن لە ژیانیاندا.
١٣ هەروەهـا کە هەموو مرۆڤێك بخوات و بخواتەوە و خۆشـــی
ببینێت لە هەموو ماندووبونەکەی، ئەوە دیاری خودایە. ١٤ زانیم
کە هەموو ئەوەی خودا بیکات ئەوە دەبێت تاهەتایە، هیچی بۆ زیاد
ناکرێت و هیچیشـــی لێ کەم نابێتەوە خودا کردویەتی تا لە ڕووی
بترسن
١٥ ئەوەی بووە پێشتر هەبووە، ئەوەش کە دەبێت پێشتر بووە،
خوداش لە بەسەرچوو دەپرسێتەوە.
١٦ هەروەهـا لەســـەر زەویـدا بینیم لە جێی دادوەری لەوێ
خراپەکاری لە جێی ڕاستودروستی لەوێ خراپەکاری
١٧ جا لە دڵی خۆمدا وتم:
ڕاستودروست و خراپەکاریش خودا حوکمیان بەسەردا دەدات
چونکە بۆ هەموو مەبەســتێك و بۆ هەموو کردەوەیەك کاتی خۆی
دەبێت لەوێ.
١٨ من لە دڵی خۆمدا وتم: دەربارەی شـــتەکانی ئادەمیزادان، خودا
تاقییان دەکاتەوە و تا نیشـــانیان بدات کە ئاژەڵ چۆنە ئەوانیش
ئاوان. ١٩ چونکە ئەوەی لە ئادەمیزاد ڕوودەدات و ئەوەی لە ئاژەڵ
ڕوودەدات یەك ڕووداوە بۆ هەر دووکیان، چونکە مردنی ئەمیان
وەك مردنی ئەویانە و یەك هەناســـە بۆ هەر دووکیانە و مرۆڤ
هیچی لە ئـاژەڵ زیـاتر نییە، چونکە هەردووکیـان پووچن.
٢٠ هەموو بۆ یەك شوێن دەڕۆن هەردووکیان لە گڵەوە بوونە و
دەڕۆن و دەگەڕێنەوە بۆ گڵ.

# ٤

١ ئینجا گەڕامەوە و ڕوانیمە هەموو ئەو ســـتەمەی کە لەســـەر
زەویدا دەکرێت و ئەوەتا، فرمێسکی ستەم لێکراوان و کەس نەبوو
دڵیانبداتەوە و ســتەمکارانیان زەبریان بەدەســتە و ئەوانیش کەس
نەبوو دڵیانبداتەوە.
٢ خۆزگەم خوارد بەو مردووانەی کە دەمێکە مردوون زیاتر لەو
زیندووانە کە هێشتا زیندوون. ٣ لەهەر دووکیان باشتریش ئەوەیە
کە هێشـــتا نەبووە، ئەوەی ئەو کارە خراپەی نەدیوە کە لەســـەر
زەویدا کراوە.
٤ هەروەها من هەموو ماندووبوون و هەموو شـــارەزایی ئیش و
کـارم بینی کە ئیرەیی مرۆڤە بە نزیکەکەی، ئەمەش پووچە و
ڕاونانی بایە.
٥ مرۆڤی گێل دەست دەخاتە سەر دەست و گۆشتی خۆی دەخوات.
٦ باشـــترە پڕ چنگێك حەســـانەوە لە دوو چنگی پڕ ماندووبوون و
ڕاونانی با.
٧ ئینجا گەڕامەوە و پووچییەکم لەسەر زەویدا بینی
٨ یەکێکـی تـاك و تەنـهـا، نە کوڕی هەبوو، نە برا، هەموو
ماندووبوونەکەی بێ کۆتایی بوو، هەروەها چاوی لە دەوڵەمەندی
تێر نەدەبوو، ئیتر بۆ کێ خۆم ماندووبکەم و گیانی خۆم لە خۆشی
بێ بەش بکەم؟ ئەمەش پووچە و خەریك بوونێکی ناخۆشە.
٩ دوو کەس لە یەك کەس باشـــترە، چونکە پاداشـــتێکی باشـــتریان
دەبێت لە ماندووبوونەکەیان.
١٠ چونکە ئەگەر یەکێکیان بکەوێت، هاوڕێکەی هەڵیدەستێنێتەوە.
قـوڕبەســـەر ئەوەی کە تەنـیـایە، دەکەوێـت و کەس نـیـیە
هەڵیبستێنێتەوە.
١١ هەروەها ئەگەر دووکەس پێکەوە ڕابکشێن، گەرم دەبنەوە،
بەڵام یەکێ تەنها بێت، چۆن گەرم دەبێتەوە؟
١٢ ئەگەر یەکێك یەك کەس ببەزێنێت، دووان دەتوانن بەرامبەری
بوەستن و داوی سێ تەڵ زوو ناپسێت.
١٣ گەنجێکی هەژار و دانا باشترە لە پاشایەکی پیر و گێل، کە ئیتر
نەزانرێت ئاگاداربکرێتەوە.
١٤ چونکە لە بەندیخانەوە دەرچووە بۆ پاشـــایەتی ئەگەرچی لە
پاشایەتیەکەی خۆیدا بە هەژاری لەدایکبووبێت.
١٥ ڕوانیمە هەموو ئەو زیندووانەی لەسەر زەویدا هاتوچۆ دەکەن
لەگەڵ گەنجەکەی دوای ئەو ئەوەی لەجێی ئەو دەوەستێت.
١٦ کۆتایی نییە بۆ ئەو هەموو گەلە هەموو ئەوانەی لە پێشیان بوو
بەڵام پاشـــکەوتووان هیچ خۆشـــیان پێی نایەتەوە. چونکە ئەمەش
پووچە و ڕاونانی بایە.

# ٥

١ ئاگاداری پێی خۆت بە کە دەڕۆیت بۆ ماڵی خودا نزیکبەوە لە
گوێگرتن نەك لە پێشـکەشـکردنی قوربانی گێلەکان چونکە ئەوان
نازانن کە خراپەیە دەیکەن.

٢ پەلە لە دەمی خۆت مەکە با دڵیشــت خێرا نەبێت بۆ دەربڕینی
قســە لە بەردەم خودادا چونکە خودا لە ئاســمانە و تۆ لەســەر
زەویت، لەبەر ئەمە با وشەکانت کەم بن.
٣ خەو لە ئەنجامی زۆر خەریك بوون دێت و قســەی گێلیش لە
زۆر وتن.
٤ ئەگەر نەزرێکت بۆ خوا نەزرکرد دوامەکەوە لە ئەنجامدانی،
چونکە بە گێلەکان دڵخۆش نابێت
جا ئەوەی نەزرتکردوە ئەنجامی بدە.
٥ باشترە نەزر نەکەیت لەوەی بیکەیت و ئەنجامی نەدەیت.
٦ بوارمەدە دەمت وابکات لەشــت گوناە بکات و لەبەردەم نێرراو
مەڵێ: ئەمە هەڵە بوو. بۆچی خودا لە قسەکەت تووڕەبێت و
ئەوەی کردووتە لەناوی بەرێت.
٧ چونکە لە زۆری خەون و پڕوپووچی و قســەی زۆرە، بەڵام لە
خودا بترسە.
٨ ئەگەر زۆرلـێـکـراوی هەژار و دامـاڵـیـنـی دادپەروەری و
ڕاستودروستیت لە هەرێمێکدا بینی، سەرسام مەبە لەم کێشەیە،
چونکە لێپرسراوی بەرز لێپرسراوی بەرز دەپارێزێت و بەرزتر
لەوانیش هەردووکیان دەپارێزێت
٩ ســوودی زەویش بۆ هەمووانە پاشــاش لە کێڵگەوە خزمەت
دەکرێت.
١٠ ئەوەی حەزی لە زیو بێت، لە زیو تێر نابێت، ئەوەی حەزی لە
سامان بێت لە داهات تێر نابێت، هەروەها ئەمەش پووچە.
١١ بە زیادبوونی خێروبەرەکەت زیاد دەبن ئەوانەی دەیخۆن،
جا چ سوودێکی بۆ خاوەنەکەی هەیە جگە لە بینینی بە چاوەکانی؟
١٢ خۆشــە خەوی کارکەر جا کەم بخوات یان زۆر تێریش بۆ
دەوڵەمەندە بەڵام کوا حەسانەوەی خەوی لێناکەوێت؟
١٣ خراپەیەکی ناخۆش هەیە لەسەر زەویدا بینیم
دەوڵەمەندییەك پارێزراوە بۆ خراپەی خاوەنەکەی
١٤ ئەم دەوڵەمەنـدییە لە مـامەڵەیەکی خراپـدا لەنـاوچوو ئینجـا
کوڕێکی بوو و هیچی لەدەستدا نەبوو
١٥ وەك چۆن لە ســکی دایکی دەرچوو بە ڕووتی دەگەڕێتەوە،
دەڕوات وەك هات هیچ شتێك لە ماندووبوونەکەی نابات
لەگەڵ دەستی کە دەڕوات.
١٦ ئەمەش خراپەیەکی نـاخۆشــە هەروەك چۆن هـات ئـاواش
دەڕوات جا چی بۆ دەمێنێتەوە ئەوەی بۆ با ماندوو دەبێت؟
١٧ هەروەها هەموو ڕۆژانی لە تاریکیدا دەخوات لەگەڵ پەستییەکی
زۆر و نەخۆشی و تووڕەیی.
١٨ ئەوەتا ئەوەی من بینیوومە باشــە، ئەوەی گونجاوە، کە مرۆڤ
بخوات و بخواتەوە و خۆشــی ببینێت لە مـاندووبوونەکەی کە
لەســەر زەویدا ماندوودەبێت، بە درێژایی ڕۆژانی ژیانی کە خودا
پێی داوە، چونکە بەشــی ئەوە. ١٩ هەروەهـا هەموو مرۆڤێك کە
خودا دەوڵەمەندی و ســامان و دەســەڵاتی ئەوەی لێی بخوات و
بەشــی خۆی ببـات و دڵخۆش بێت بە مـاندووبوونەکەی، ئەمە
بەخشــشــێکە لە خوداوە. ٢٠ جا زۆر بە بیری نایەتەوە ڕۆژگاری
ژیانی، چونکە خودا بە خۆشی دڵیەوە خەریکی کردووە.

# ٦

١ خراپەیەك هەیە ئەوەی بینیومە لەســەر زەویدا و زۆر لەنـاو
خەڵکیدا، ٢ مرۆڤێك خودا دەوڵەمەندی و سامان و ڕێزی پێدابێت و
هیچ کەمی نەبێت لەوەی گیانی ئارەزووی دەکات، بەڵام خودا
دەســەڵاتی پێنەداوە تا بیخوات، بەڵکو پیاوێکی نەناس دەیخوات،
ئەمە پووچە و دەردێکی خراپە.
٣ ئەگەر مرۆڤێك سەد منداڵی بۆ ببێت و ساڵانێکی زۆر بژیت و
ڕۆژانی تەمەنی زۆر بێت بەڵام گیانی تێر خۆشی نەبێت و
هەروەها ناشتنی بۆ نەبێت، دەڵێم: لەبارچوو لەو باشترە،
٤ چونکە لە پووچیدا هات و لە تاریکیدا دەڕوات ناویشی بە تاریکی
دادەپۆشرێت،
٥ هەروەها نە خۆری بینی و نە دەشـزانێت، ئەم ئاسـوودەترە لەو
مرۆڤە
٦ ئەگەر هەزار ساڵی دووبارەش بژیت بەڵام خۆشی نەبینێت،
ئایا هەمووان بۆ یەك شوێن ناڕۆن؟
٧ هەموو ماندووبوونی مرۆڤ بۆ دەمیەتی بەڵام گیان قەد پڕنابێت.
٨ چونکە چی بۆ دانا دەمێنێتەوە زیاتر لە گێل؟ چی بۆ کڵۆڵێك کە
دەزانێت چۆن هەڵسوکەوت بکات لەبەردەم زیندووان؟
٩ ئەوەی چاو دەیبینێت، باشترە لە وێڵ بوون بەدوای ئارەزوو
ئەمەش پووچە و ڕاونانی بایە.
١٠ ئەوەی هەبووە لە کۆنەوە نـاوی لێنراوە و زانراوە، مرۆڤ
ناتوانێت دادگایی یەکێك بکات کە لە خۆی بەهێزترە.
١١ چونکە شــتی زۆر هەیە پووچی زیادبکات جا مرۆڤ چی بۆ
دەمێنێتەوە؟
١٢ چونکە کێ دەزانێت چی باشە بۆ مرۆڤ لە ژیاندا، بە درێژایی
ڕۆژانی ژیانی پووچی کە وەك ســێبەر بەســەر دەچێت، کێ بە
مرۆڤ ڕادەگەیەنێت چی ڕوودەدات پاش ئەو لەسەر زەوی؟

# ٧

١ ناوبانگ لە بۆنی خۆش باشــترە و ڕۆژی مردنیش لە ڕۆژی
لەدایکبوون.
٢ چوون بۆ ماڵی ماتەمدار باشترە لە چوون بۆ ماڵی ئاهەنگدار.
چونکە ئەوە کۆتـایی هەموو مرۆڤێکە، زینـدوو دەیخـاتە دڵی
خۆیەوە.
٣ پەستی لە پێکەنین باشترە، چونکە بە خەمۆکی ڕوخسار دڵ چاك
دەبێتەوە.
٤ دڵی دانـایـان لە مـاڵی مـاتەمـدارە و دڵی گێلانیش لە مـاڵی
ئاهەنگدارە.
٥ گوێگرتن لە ســەرزەنشــتی دانا باشــترە بۆ پیاو لە گوێگرتن لە
گۆرانی گێلەکان.
٦ چونکە وەك دەنگی دڕك لە ژێر مەنجەڵ ئاوایە پێکەنینی پیاوی
گێل ئەمەش هەر پووچە.
٧ چونکە زۆرداری پیاوی دانا گێل دەکات و بەرتیل دڵ بۆگەن
دەکات.
٨ کۆتایی شت باشترە لە سەرەتاکەی، پشوو درێژ باشترە لە ڕۆح
زل.
٩ پەلەمەکە لە ڕۆحــت بۆ تووڕەبوون، چونکە تووڕەیی لەنـاو
ئامێزی گێلەکان دەحەسێتەوە.
١٠ مەڵێ: بۆچی ڕۆژانی جاران باشــتربوون لە مانە؟ چونکە لە
داناییەوە نییە لەمە پرسیار دەکەیت.
١١ دانایی باشــە لەگەڵ میرات و بە ســوودە بۆ ئەوانەی کە خۆر
دەبینن.
١٢ چونکە ئەوەی لە ژێر سایەی داناییە لە ژێر سایەی زیوە،
سوودی زانینیش داناییە کە ژیان دەبەخشێت بە خاوەنەکەی.
١٣ تەماشای کاری خودا بکە چونکە کێ دەتوانێت ڕاستی بکاتەوە
ئەوەی خودا خواری کردووەتەوە؟
١٤ لە ڕۆژی باشدا، لە خۆشیدا بە و لە ڕۆژی خراپدا ببینە
ئەمەی لەگەڵ ئەوە دروســتکردوە خودا تا مرۆڤ لە پاش خۆی
هیچ نەدۆزێتەوە.
١٥ لە ڕۆژانی پووچیمدا هەموویم بینی ڕاســتودروســت هەیە بە
ڕاســتودروســتییەکەی دەفەوتێت بەدکاریش هەیە درێژەدەدات بە
خراپەکەی.

١٦ زۆر ڕاستودروست مەبە و زیاد دانا مەبە، بۆ خۆتی تێك
دەدەیت.
١٧ زۆر بەدکار مەبە و مەبە بە گێل، بۆچی بمریت لە کاتی خۆت
نەبێت.
١٨ باشترە دەست بەمیانەوە بگریت، هەروەها لەمەش دەست شل
نەکەیت، چونکە لەخواترس لە هەموویان دەردەچێت
١٩ دانایی دانا بەهێزتر دەکات لە دە فەرمانڕەوا کە لەشاردا بن.
٢٠ چونکە کوا مرۆڤێکی دادپەروەر لەسەر زەویدا کە چاکە بکات
و گوناهە نەکات؟
٢١ هەروەها هەموو قسەیەك کە دەیکەن دڵتی مەدەرێ
ئەوەك گوێت لە خزمەتکارەکەت بێت نەفرەتت لێ بکات.
٢٢ چونکە دڵت دەزانێت کە تۆش زۆر جار نەفرەتت لەوانی تر
کردووە.
٢٣ هەموو ئەمەم بە دانای تاقی کردووەتەوە. وتم: دانادەبم. کەچی
لێم دوورە.
٢٤ ئەوەی هەیە دوورە و قووڵی قووڵ کێ دەیدۆزێتەوە؟
٢٥ وەرمگێڕا خۆم و دڵم بەرەو زانین و فێربوون و داواکردنی
دانایی و بیرکردنەوە و تا بزانم خراپەی گێلی و گێلی شێتی.
٢٦ جا من دۆزیمەوە کە تاڵترە لە مردن ئەو ژنەی کە تۆڕە و دڵی
تەڵەیە دەستەکانی کۆتن ئەوەی لەبەردەم خودا چاك بێت، لێی
دەرباز دەبێت بەڵام گوناهبار پێوە دەبێت.
٢٧ سەیرکە ئەمەم دۆزییەوە، کۆمکار دەڵێت، یەك بە یەك بۆ
دۆزینەوەی ئەنجام
٢٨ ئەوە هێشتا گیانم بە دوایدا دەگەڕێت و نەمدۆزیوەتەوە.
لەناو هەزار مرۆڤ یەکێکم دۆزیوەتەوە بەڵام ئافرەتێکم لەناو
هەموو ئەمانە نەدۆزیوەتەوە.
٢٩ بڕوانە تەنها ئەمەم دۆزییەوە: خودا مرۆڤی بە ڕێکی
دروستکردووە بەڵام ئەوان دوای داهێنانی زۆر کەوتوون.

# ٨

١ کێ وەك مرۆڤی دانایە و کێ ڕوونکردنەوەی شت دەزانێت؟
دانایی مرۆڤ ڕووی ڕووناك دەکاتەوە و ڕەقی ڕووخساری
دەگۆڕێت.
٢ من دەڵێم: فەرمانی پاشا بپارێزە، لەپێناوی سوێندی خودا.
٣ پەلەمەکە بڕۆیت لەبەردەمیدا، ڕامەوەستە لە کاری خراپەدا،
چونکە هەرچی پێی خۆش بێت دەیکات.
٤ وشەی پاشا لە کوێبێت، دەسەڵات هەیە، کێ پێی دەڵێت: تۆ چی
دەکەیت؟
٥ ئەوەی فەرمان بپارێزێت تووشی خراپە نایەت دڵی داناش
دەیزانێت کات و حوکمدان هەیە.
٦ چونکە هەر شتێك کات و حوکمی خۆی هەیە چونکە خراپەی
مرۆڤ زۆرە لەسەری،
٧ چونکە لە کوێ دەزانێت چی ڕوودەدات؟ چونکە ئەوەی
ڕوودەدات کێ پێی ڕادەگەیەنێت؟
٨ کوا مرۆڤ دەسەڵاتی بەسەر ڕۆحدا هەیە؟ تا ڕۆح بگرێت.
کوا دەسەڵاتی بەسەر ڕۆژی مردندا هەیە؟ کوا دەستبەردان لە
کاتی شەڕدا؟ خراپە خاوەنەکەی بەڕەڵا ناکات.
٩ هەموو ئەمەم بینی و دڵم ئاراستەکرد بۆ هەموو کارێك کە
لەسەر زەویدا کراوە، کاتێ مرۆڤ دەسەڵاتدار دەبێت بەسەر
مرۆڤێکی تردا بۆ زیانی خۆی.
١٠ بەم جۆرە بینیم خراپەکاران لە گۆڕنران، هاتن و بە شوێنی
پیرۆزدا بران و لەو شارەی ئەو کارانەیان کرد لەبیرکران.
ئەمەش هەر پووچە.
١١ لەبەر ئەوەی کارکردن بە بڕیار دژ بە کاری خراپە پەلەی
لێناکرێت،
بۆیە دڵی ئادەمیزاد پڕبووە لێیان بۆ خراپە کردن.
١٢ لەبەر ئەوەی گوناهبار کە خراپە دەکات سەد جار و درێژە بە
ڕۆژانی دەدرێت بۆیە من ئەمەش دەزانم کە: چاکە دەبێت بۆ
ئەوانەی لە خودا دەترسن و ئەوانەی لەبەردەمی دەترسن.
١٣ بەڵام بۆ بەدکاران چاکە نابێت و وەك سێبەر ڕۆژانی درێژە
ناکێشێت، چونکە لەبەردەم خودا ناترسێت.
١٤ پووچییەك هەیە لەسەر زەویدا دەکرێت، ئەمەیە:
ڕاستودروستان هەن بەگوێرەی ماری بەدکارانیان بەسەردا دێت
و
بەدکارانیش هەن بە گوێرەی کاری ڕاستودروستانیان بەسەردا
دێت. وتم، ئەمەش هەر پووچە.
١٥ جا ستایشی شادیم کرد، چونکە کوا چاکە بۆ مرۆڤ لەسەر
زەویدا؟ بێجگە لەوەی کە بخوات و بخواتەوە و شادبێت و ئەمەی
بۆ دەمێنێتەوە لە ماندووبوونەکەی بە درێژایی ژیانی، کە خودا
پێی داوە لەسەر زەویدا.
١٦ کاتێ دڵم ئاراستەی زانین و دانایی و بینینی ئەو کارە کرد کە
لەسەر زەویدا کراوە، چونکە نە لە ڕۆژ و نە لە شەودا چاوەکانی
نووستن نابینن.
١٧ ئینجا هەموو کارەکانی خودام بینی کە مرۆڤ ناتوانێت
بیدۆزێتەوە، ئەو کارەی کە لەسەر زەویدا کراوە. لەگەڵ ئەوەی
مرۆڤ ماندوودەبێت لە گەڕان بە دوای، بەڵام نایدۆزێتەوە،
هەروەها مرۆڤی داناش دەڵێت دەزانم، بەڵام ناتوانێت بیدۆزێتەوە.

# ٩

١ چونکە هەموو ئەمەم خستە ناو دڵی خۆمەوە و هەموو ئەمەم
لێکدایەوە کە ڕاستودروستان و دانایان و کردەوەکانیان لەناو
دەستی خودایە و خەڵکی کوا خۆشەویستی یان ڕقلێبوونەوە
دەزانن، هەر هەموو لەبەردەمیانن. ٢ هەمووشتێك وەك یەك بۆ
هەموانە یەك ڕوودەوە: بۆ ڕاستودروست و بۆ بەدکار بۆ چاك و
بۆ پاك بۆ گڵاو بۆ قوربانی سەربڕ و بۆ ئەوەی قوربانی
سەرنابڕێت چاك وەك گوناهبار سوێندخوارد وەك ئەوەی
دەترست سوێندبخوات.
٣ ئەمە لە هەموو کارێك خراپترە کە لەسەر زەویدا کرابێت، کە
یەك ڕووداو بۆ هەمووان بێت و هەروەها دڵی ئادەمیزادان پڕە
لە خراپە و شێتی لە دڵیاندایە کە زیندوون و پاشانیش بۆ مردن.
٤ بەڵام کێ جیادەکرێتەوە، بۆ هەموو زیندووان هیوا هەیە.
تەنانەت سەگی زیندوو باشترە لە شێری مردوو.
٥ چونکە زیندووان دەزانن کە دەمرن، بەڵام مردووان هیچ نازانن
و هیچ پاداشتیان نییە، چونکە یادیان لەبیرکراوە.
٦ خۆشەویستی و ڕق و ئیرەییان لەمێژە لەناوچووە ئیتر بەشیان
نییە تاهەتایە لە هەموو ئەوەی لەسەر زەویدا دەکرێت.
٧ بڕۆ بە شادی نانی خۆت بخۆ و بە دڵێکی خۆش مەیی خۆت
بنۆشە چونکە لەمێژە ڕازییە خودا لە کردەوەت
٨ با هەموو کاتێ جل وبەرگت سپی بێت بۆن لە سەرت نەبڕێت.
٩ خۆشی ببینە لەگەڵ ئەو ژنەی خۆشت دەوێت، هەموو ڕۆژانی
ژیانی پووچت، کە پێتیداوە لەسەر زەویدا، هەموو ڕۆژانی
پووچت. چونکە ئەمە بەشی تۆیە لە ژیان و لە ماندووبوونەکەت
کە پێوەی ماندوودەبیت لەسەر زەویدا.
١٠ هەموو ئەوەی دەستت دەیدۆزێتەوە تا بیکات، بە هێزەوە،
چونکە نە کار و نە داهێنان و نە زانین و نە دانایی نییە لە دونیای
مردووان، ئەوەی تۆ دەچیت بۆ ئەوێ.

١١ جا گەڕامەوە و بینیم لەسەر زەویدا کە: ڕاکردن بۆ
سووکەڵەکان نییە و جەنگ بۆ پاڵەوانان نییە و نان بۆ دانایان نییە
و دەوڵەمەندی بۆ تێگەیشتوان نییە و پەسەندی بۆ زانایان نییە
چونکە کات و بەخت تووشی هەمووان دێت.
١٢ چونکە مرۆڤ کاتی خۆی نازانێت وەك ئەو ماسیانەی بە
تۆڕێکی لەناوبەر دەبرێن وەك ئەو چۆلەکانەی بە تەڵەوە دەبن
وەك ئەوان ئادەمیزادان ڕاودەکرێن لە کاتی خراپەدا کە لەناکاو
بەسەریاندا دێت.
١٣ ئەم دانایییەشم لەسەر زەویدا بینی، لەلای من مەزنە:
١٤ شارێکی بچووك و خەڵکێکی کەمی تێدابوو، پاشایەکی مەزن
پەلاماریدا و ئابڵووقەیدا و سەنگەری مەزنی بەدەوردا بنیادنا.
١٥ ئەو شارە پیاوێکی هەژاری دانای تێدابوو، بە دانای خۆی
شارەکەی دەربازکرد. بەڵام کەس ئەو پیاوە هەژارەی لەبیرنەما.
١٦ منیش وتم: دانایی لە هێز باشترە، دانایی هەژاریش بە سووکی
تەماشا دەکرێت و گوێ لە قسەکانی ناگیرێت.
١٧ وشەی دانایان بە هێمنی دەبیسترێت زیاتر لە هاواری
دەسەڵاتدار لەناو گێلان.
١٨ دانایی لە ئامێرەکانی جەنگ باشترە، یەك گوناهباریش
چاکەیەکی زۆر لەناودەبات.

# ١٠

١ مێشی مردوو عەتری عەتار بۆگەن و کەفدار دەکات، قورستر
لە دانایی و لە ڕێزیش کەمێك گێلییە.
٢ دڵی دانا بەلای ڕاستیەتی و دڵی گێلیش بەلای چەپیەتی.
٣ گێل بە ڕێگادا دەڕوات و گێلی لێ دەبارێت بە هەمووان دەڵێت
کە ئەو گێلە.
٤ ئەگەر ڕۆحی فەرمانڕەوا هەستایە سەرت جێی خۆت بەجێ
مەهێڵە چونکە هێمنی ئارام دەکاتەوە گوناهی گەورە.
٥ خراپەیەك هەیە لەسەر زەویدا بینیم وەك هەڵەیەکی مەزنە
لەلایەن فەرمانڕەواوە.
٦ گێلی لە زۆر شوێنی بڵند دادەنرێ و دەوڵەمەندەکانیش لە شوێنە
نزمەکان دادەنیشن.
٧ بینیومە خزمەتکاران ئەسپ سوار بوون و میران لەسەر زەویدا
وەك خزمەتکار پیادە بوون.
٨ ئەوەی چاڵ هەڵکەنێت خۆی تێی دەکەوێت، ئەوەی دیوار
بڕوخێنێت مار پێیەوە دەدات.
٩ ئەوەی بەرد هەڵکەنێت ئازاری پێوە دەبینێت، ئەوەی دار ببڕێت
لە مەترسییەکەیدا دەبێت.
١٠ ئەگەر تەور کول بێت و دەمی تیژ نەکرێت هێزی زیاتری
دەوێت بەڵام دانایی بەسوودە بۆ سەرکەوتن.
١١ ئەگەر پێش نووشتەکردن مار پێتەوەبدات، ئیتر نووشتەکار
سوودی چییە؟
١٢ وشەکانی دەمی دانا پەسەندە، لێوەکانی گێلیش هەڵیدەلووشن،
١٣ سەرەتای وشەکانی دەمی گێلییە کۆتایی دەمیشی شێتێکی
خراپە.
١٤ گێل زۆر قسە دەکات، مرۆڤ نازانێت چی دەبێت و ئەوەی
پاش ئەو دەبێت، کێ پێی ڕادەگەیەنێت؟
١٥ ماندوویی گێلەکان شەکەتیان دەدات بەجۆرێك نازانێت چۆن
بچێت بۆ شار.
١٦ قوربەسەرت ئەی خاك ئەگەر پاشاکەت منداڵ بێت و
میرەکانیشت بەیانیان زوو بخۆن.
١٧ خۆزگەت پێ دەخوازرێت ئەی خاك ئەگەر پاشاکەت نەوەی
پیاوماقوڵان بێت و میرەکانیشت لە کاتی خۆیدا بخۆن بۆ هێز نەك
بۆ سەرخۆشی.
١٨ بە تەمبەڵی بنمیچ دێتەخوارێ و بە دەست شلکردنیش خانوو
دڵۆپە دەکات.
١٩ بۆ پێکەنین نان ئامادە دەکەن و مەییش ژیان خۆش دەکات
زیویش وەڵامی هەمووی دەداتەوە.
٢٠ تەنانەت لەبیری خۆشت نەفرەت لەپاشا مەکە،

لە ژووری نووستنیشت نەفرەت لە دەوڵەمەند مەکە، چونکە
چۆلەکەی ئاسمان دەنگ دەگەیەنێت و باڵداریش قسە ڕادەگەیەنێت.

# ١١

١ نانت فڕێدە سەر ڕووی ئاوەکان، چونکە پاش ڕۆژنێکی زۆر
دەیبینییەوە.
٢ بەش بدە بە حەوت و هەروەها بە هەشت، چونکە نازانیت چ
خراپەیەك دەبێت لەسەر زەویدا.
٣ ئەگەر هەور پڕبێت باران بەسەر زەویدا دەبارێنێت و ئەگەر
دارێك بەرەو باشوور بکەوێت یان بەرەو باکوور ئەو شوێنەی
دارەکەی لێدەکەوێت لەوێ دەبێت.
٤ ئەوەی چاوی لە با بێت ناچێنێت و ئەوەی سەیری هەور بکات
دروێنە ناکات.
٥ هەر وەك نازانیت کامە ڕێگای بایە یان ئێسقان چۆنە لەناو سکی
ژنی سك پڕدا ئاواش نازانیت کردەوەکانی خودا کە هەمووان
دروست دەکات.
٦ سەر لەبەیانی تۆوی خۆت بچێنە سەر لەئێوارەش دەست شل
مەکە، چونکە نازانیت کامیان سەوز دەبێت ئەم یان ئەو ئەگەر
هەردووکیان وەك یەك ئەوا باشتر.
٧ ڕووناکی شیرینە و باشە بۆ چاوان کە خۆر ببینێت.
٨ چونکە ئەگەر مرۆڤ ساڵانێکی زۆر ژیا با بەهەموویان دڵخۆش
بێت و با ڕۆژگاری تاریکی لەبیر بێت چونکە زۆرە، هەموو
ئەوەی دێت پووچە.
٩ ئەی لاو لەسەردەمی گەنجیت شادومانبە، با لە ڕۆژانی لاویت
دڵت خۆش بێت. بە ڕێگای دڵی خۆت و بە بینینی چاوەکانتدا
بڕۆ، بەڵام بزانە کە لەسەر هەموو ئەمانە خودا دەتهێنێت بۆ حوکم
بەسەردا دان.
١٠ جا پەستی لە دڵت داماڵە و خراپە لە لەشت دوورخەوە، چونکە
نەوجەوانی و گەنجێتی، پووچن.

# ١٢

١ بەدیهێنەری خۆت لەبیربێت لەسەردەمی لاویت پێش ئەوەی
ڕۆژگاری خراپە بێن یان ساڵانێك نزیك بێتەوە کە بڵێیت خۆشیان
تیادا نابینم.
٢ پێش ئەوەی خۆر تاریك بێت لەگەڵ ڕووناکی و مانگ و
ئەستێرەکان هەورەکان بگەڕێنەوە پاش باران.
٣ ئەو ڕۆژەی پارێزەرانی ماڵ دەلەرزن، پیاوانی بەهێز
دەچەمێنەوە، ئاشەکان لەکاردەکەون لەبەر کەمی، تاریك دادێن
ئەوانەی لە پەنجەرەکانەوە تەماشا دەکەن.
٤ دادەخرێن دەرگاکان لە بازاڕ بە نزم بوونەوەی دەنگی ئاش،
بە دەنگی چۆلەکە هەڵدەستێت هەموو کچانی گۆرانی کز دەبن.
٥ هەروەها لە بەرزایی دەترسن و لە ڕێگا تۆقیون، بادەم چرۆ
دەکات و کولە خۆی ڕادەکێشێت و هەوەس نامێنێت، چونکە

مرۆڤ بەرەو ماڵی هەتاهەتایی خۆی دەچێت و شـــینگێرەکان بە
بازاردا دەسوورێنەوە.
٦ پێش ئەوەی پەتی زیو بپچڕێت یان قاپی زێڕ بشـکێت یان گۆزە
لەسەر کانی بشکێت یان چەرخە لەسەر بیر بشکێت.
٧ خۆڵ دەگەڕێتەوە سـەر زەوی وەك پێشـوو ڕۆحیش دەگەڕێتەوە
لای ئەو خودایەی کە بەخشیوویەتی.
٨ پووچی پووچانە، کۆمکار وتی، هەموو شتێك پووچە.
٩ ئەوە ماوەتەوە کە کۆمکار دانا بوو و هەروەها گەلی فێری زانین
کرد، شارەزای هەڵسەنگاندن و پشکنین و پەندی زۆر بوو.
١٠ کۆمکار هەوڵیدا وشـــە شـــادی بەخشـــەکان بدۆزێتەوە کە بە
سەرڕاستی نووسراون و وشەکانی ڕاستین.
١١ وشـەکانی پیاوی دانا وەك نەقیزە وایە وەك بزمارە چەقیوەکانن
پیاوانی کۆمەڵ لەلایەن یەك شوانەوە دراون.
١٢ ئەوەی لەمانە ماوەتەوە ئەوەیە، ڕۆڵە ئاگاداربە، دانانی کتێبی
زۆر کۆتایی بۆ نییە زۆر لێکۆڵینەوەش لەش ماندوو دەکات.
١٣ با دەرئەنجامی هەموو شتەکە ببیستین: لە خودا بترسە و
فەرمانەکانی بپارێزە چونکە ئەمە هەموو ئەرکی ســـەر شـــانی
مرۆڤە.
١٤ چونکە خودا حوکم بەسەر هەموو کارێك دەدات، لەسەر هەموو
کارێکی نهێنی، جا چ چاك بێت یان خراپ.

# گۆرانی گۆرانییەکان

## ١

١ ۆرانی گۆرانییەکان، کە هی سلێمانە.
٢ ا ماچم بکات بە ماچەکانی دەمی، چونکە لە مەی خۆشترە ئەوینی تۆ.
٣ ۆ بۆنی عەترە خۆشەکەت، ناوت عەتری پرژاوە، بۆیە پاکیزەکان خۆشیان دەوێیت.
٤ ەدوای خۆتدا پەلم بگرە، ڕادەکەین، پاشا منی هێنایە ناو ژوورەکەی خۆی، شاد و دڵخۆش دەبین پێت، یادی ئەوینی تۆ دەکەینەوە زیاتر لە مەی. بە ڕاستی خۆشیان دەوێیت.
٥ ن ئەسمەر و جوانم، ئەی کچانی ئۆرشەلیم، وەك ڕەشماڵەکانی قیدار، وەك پەردەکانی سلێمان.
٦ ەماشام مەکەن کە من ئەسمەرم، ئەوە خۆر لێیداوم .کوڕانی دایکم لە من تووڕە بوون، منیان کرد بە چاودێری ڕەزان، کەچی ڕەزی خۆمم چاودێری نەکرد.
٧ ێم بڵێ ئەی خۆشەویستی گیانم، لە کوێ مێگەلی خۆت دەلەوەڕێنیت، لە کوێ مۆڵدەدەیت کاتی نیوەڕۆ، چونکە بۆچی وەك پەچەکراوێك بم، لەلای مێگەلی هاوڕێکانت؟
٨ ەگەر نازانیت ئەی جوان لەنێو ئافرەتان، بە شوێن پێی مەڕاندا دەرچۆ و کارەبزنەکانت بلەوەڕێنە لەلای جێنشینی شوانەکان.
٩ ە ماینێك لە گالیسکەکانی فیرعەون لێکم چوواندی ئازیزەکەم،
١٠ ۆنات جوانە بە خشڵەوە گەردەنت بە گەردەنەوە،
١١ شڵی زێڕت بۆ دەکەین، لەگەڵ نقێمی زیو.
١٢ ا پاشا لە کۆڕی خۆیەتی، ناردینی من بۆنی خۆی بڵاو دەکاتەوە.
١٣ ەپکێ موڕە ئەویندارەکەم لەنێو مەمکانم شەو بەسەردەبات.
١٤ ێشووی خەنەیە ئەویندارەکەم لەناو ڕەزەکانی عەین گەدی.
١٥ ەوەتا تۆ جوانیت یارەکەم، ئەوەتا تۆ جوانیت، چاوەکانت دوو کۆترن.
١٦ ەوەتا تۆ جوانیت ئەویندارم، شیرینیت نوێنەکەمان سەوزە.
١٧ اریتەی خانووەکەمان دار ئورزە، تەختەدارەکانی سەروون.

## ٢

١ ن گوڵاڵە سوورەی شارۆن و سەوسەنی دۆڵانم.
٢ ەك سەوسەن لەناو دڕکوداڵ ئاوایە یارەکەم لەناو کچان.
٣ ەك سێو لەناو دارەکانی دارستان ئاوایە ئەویندارەکەم لەناو کوڕان. لە سێبەرەکەی ئارەزوم کرد و دانیشتم بەروبوومەکەی شیرین بوو بۆ دەمم.
٤ نی بردە ناو مەیخانەکەی، ئاڵای ئەو بەسەرمەوە خۆشەویستییە.
٥ ە نانە مێوژ هێزوگوڕم پێ ببەخشن، بە ئاوی سێو بمگەشێننەوە، چونکە من نەخۆشی خۆشەویستیم.
٦ ەستی چەپی لەژێر سەرمە و دەستی ڕاستی لە ئامێزم دەگرێت.
٧ وێندتان دەدەم ئەی کچانی ئۆرشەلیم، بە ئاسك یان بە کەڵە کێوی دەشتودەر، کە خۆشەویست هەڵنەسێنن و بە ئاگای نەهێنن تا خۆی حەزدەکات.
٨ ەنگی ئەویندارەکەم ئەوەتا ئەو دێت بەسەر چیاکاندا هەڵدەبەزێتەوە بەسەر گردەکاندا بازدەدات.
٩ ەویندارەکەم وەك ئاسکە یان وەك بەچکەی کەڵە کێوی، ئەوەتا ڕاوەستاوە لە پشت دیوارەکەمانەوە لە دەلاقەوە سەیر دەکات لە پەردەی پەنجەرەوە تەماشا دەکات.
١٠ ەویندارەکەم وەڵامیدامەوە، پێی وتم: هەستە یارەکەم، شیرینەکەم وەرە.
١١ ونکە ئەوەتا زستان تێپەڕی باران بەسەرچوو و نەما.
١٢ وڵ لەسەر زەوی دەرکەوت ئێستا کاتی گۆرانییە دەنگی کوکوختی دەبیسترێت لە زەوییەکەمان
١٣ ەنجیر بەری گرتووە، بۆنی بەرسیلەی مێو بڵاوبووەتەوە. هەستە یارەکەم، شیرینەکەم وەرە.
١٤ ۆترەکەم لەناو کەلەبەری چیاکان لە پەناگای بنارەکان ڕوخساری خۆتم پیشان بدە وابکە دەنگت ببیستم چونکە دەنگت ناسکە ڕوخسارت شیرینە!
١٥ ێوییەکانمان بۆ ڕاوبکەن، ڕێوییە بەچکەکان، ڕەز تێکدەرەکان چونکە ڕەزەکانمان بەرسیلەیان کردووە
١٦ ەویندارەکەم بۆ منە و منیش بۆ ئەوم لەناو گوڵە سەوسەنەکان دەلەوەڕێت
١٧ ەر لەوەی ڕۆژ هەڵبێت و تاریکی بڕەوێتەوە بگەڕێوە، وەك ئاسك بە ئەویندارەکەم یان بەچکە کەڵە کێوی لەسەر چیای فرە بەرزەکان.

## ٣

١ ەوان لەسەر نوێنەکەم داوای ئەو کەسە دەکەم کە گیانم خۆشیدەوێت داوام کرد و دەستم نەکەوت.
٢ ەڵدەستم ئێستا و بەناو شاردا دەسووڕێمەوە بەناو شەقام و گۆرەپانەکاندا داوای ئەو کەسە دەکەم کە گیانم خۆشی دەوێت داوام کرد و دەستمنەکەوت.
٣ ووشی ئێشکگرەکان دەبم ئەوانەی بەناو شاردا دەسووڕێنەوە، ئایا نەتانبینیوە ئەوەی گیانم خۆشیدەوێت؟
٤ ەوەندە نەبوو لێیان تێپەڕیم هەتا بینیمەوە ئەوەی گیانم خۆشیدەوێت، گرتم و بەرم نەدا، هەتا بردمە ماڵی دایکمەوە بۆ ژووری ئەو کەسەی بە من سکپڕبوو.
٥ وێندتان دەدەم ئەی کچانی ئۆرشەلیم، بە ئاسك یان بە کەڵەکێوی دەشتودەر، کە خۆشەویست هەڵنەسێنن و بەئاگای نەهێنن تا خۆی حەزدەکات.
٦ ەوە کێیە لە چۆڵەوانییەوە بەدەرکەوت، وەك ستوونی دوکەڵ؟ بە موڕ و بخووڕ بۆنخۆشکراوە بە هەموو بۆنوبەرامێکی بازرگانان.
٧ ەوەتا قەنەفەکەی سلێمانە، شەست پاڵەوان دەوریان داوە لە پاڵەوانەکانی ئیسڕائیل
٨ ەموو شمشێر بەدەستن، شارەزای جەنگن هەر یەکەو شمێرەکەی بە لاڕانیەوەیە لەبەر ترسی شەو.
٩ ەژاوەیەکی بۆ خۆی دروستکرد سلێمان پاشا لە داری لوبنان.
١٠ توونەکانی لە زیو دروستکرد، کاریتەکانی لە زێڕ، دۆشەکەکەی ڕەنگی باینجانی، ناوەکەی چنراو بە ئەوینی کچانی ئۆرشەلیم.

١١ ەرچن و ببینن، کچانی سییۆن، سلێمان پاشا بەو تاجەوە کە دایکی لەسەر سەری نا لە ڕۆژی زەماوەندیا لە ڕۆژی شادی دڵی.

# ٤

١ ەوەتا تۆ جوانیت یارەکەم ئەوەتا جوانیت، چاوەکانت دوو کۆترن لە پشت پەچەکەتەوە، قژت وەك ڕانە بزنە لە چیای گلعاد مۆڵ بووە.
٢ دانەکانت وەك ڕانە مەڕی بڕاوەیە لە شووشتن دەرچووە هەموویان جوتن نەزۆك کوا لەناویاندا؟
٣ ەك ڕێسی ئاڵە لێوەکانت، دەمت شیرینە وەك لەتە هەنارە گۆنات لەپشت پەچەکەتەوە.
٤ ەك قولەی داودە گەردنت بۆ چەك بنیادنراوە، هەزار قەڵغانی پێوە هەڵواسراوە، سپەری هەموو پاڵەوانەکان.
٥ وو مەمکەکەت وەك دوو کارمامزن جمکی ئاسکن، لەناو مێرگی سەوسەندا دەلەوەڕێنن.
٦ ەر لەوەی ڕۆژ هەڵبێت و تاریکی بڕەوێتەوە بۆ خۆم دەڕۆم بۆ چیای موڕ و بۆ گردی بخوور.
٧ ەر هەمووت جوانە یارەکەم، کەموکوڕی کوا لە تۆدا؟
٨ ەگەڵ من لە لوبنانەوە، بوکێ، لەگەڵ من لە لوبنانەوە وەرە. لەسەر لووتکەی ئەمانەوە بڕوانە لەسەر لوتکەی سنیر و حەرموونەوە، لە لانەی شێرانەوە، لە چیای پڵنگانەوە.
٩ ڵت ڕفاندم ئازیزم، بوکێ، دڵت ڕفاندم بە نیگایەکی چاوەکانت، بە گەردەنەیەکی گەردنت.
١٠ ەند جوانە ئەوینت، ئازیزم بووکێ، ئەوینت چەند لە مەی خۆشترە، بۆنی عەترەکەشت لە هەموو بۆنوبەرامێك.
١١ ێوەکانت شانەی هەنگوونییان لێ دەتکێت، بووکێ، شیر و هەنگوین لە ژێر زمانتە! بۆنی جل وبەرگت وەك بۆنی لوبنانە.
١٢ اخچەیەکی داخراوە! ئازیزم بوکێ، سەرچاوەیەکی داخراوە، کانییەکی مۆرکراوە!
١٣ ەمامەکانت باخی هەنارن لەگەڵ بەروبوومی هەڵبژاردە خەنە و ناردین.
١٤ اردین و کارکۆم، قامیشی شەکر و دارچین لەگەڵ هەموو جۆرە دار بخوورێك. موڕ و ئەلوا لەگەڵ هەموو بۆنوبەرامەکان.
١٥ ەرچاوەی باخەکان، بیری ئاوی زیندوو، لێشاوە لە لوبنان دێتە خوارێ.
١٦ ەستە، ئەی بای باکوور، وەرە، ئەی بای باشوور! بەسەر باخچەکەم هەڵکە، با بۆنوبەرامی بڵاوبێتەوە، با ئەویندارەکەم بۆ باخچەکەم بێت با بەروبوومە هەڵبژاردەکەی بخوات.

# ٥

١ اتمە ناو باخچەکەمەوە، ئازیزم بووکێ، موڕ و بۆنوبەرامی خۆم دەچنمەوە، شانەی هەنگوین و هەنگوینی خۆم خوارد، مەی و شیری خۆم خواردەوە. بخۆن یارانم، بخۆنەوە و مەست بن ئەویندارانم.
٢ ن خەوتووم و دڵم بێدارە! دەنگی ئەویندارەکەمە لەدەرگا دەدات، دەرگام بۆ بکەوە، ئازیزم یارم، کۆترەکەم، ئەی تەواوەکەم، سەرم پڕ خوناو بووە ئەگریجەم پڕ شەونم.
٣ امکەندووە جلم، چۆن بیکەمەوەبەر؟ پێیەکانم شووشتوون، چۆن پیسیان بکەم؟
٤ ەویندارەکەم لە کونی دەرگاوە دەستی درێژکرد، هەناوم بۆی ڕاچەنی.
٥ ەڵسام تا دەرگا لە ئەویندارەکەم بکەمەوە، دەستەکانم موڕیان لێ دەچۆڕا، پەنجەکانم موڕی شل لەسەر دەسکی داخەرەکە.
٦ ەرگام بۆ ئەویندارەکەم کردەوە، بەڵام ئەویندارەکەم بایدابووەوە و ڕۆیشتبوو، گیانم بەدوای ئەودا دەرچوو بەدوایدا گەڕام و نەمدۆزییەوە. بانگم کرد وەڵامی نەدامەوە.
٧ ووشی ئیشکگرەکان دەبم ئەوانەی بەناو شاردا دەسووڕێنەوە، لێیاندام و برینداریان کردم، چارۆکەکەمیان لەبەرم داکەند، پاسەوانانی شووراکان
٨ ووێندتان دەدەم ئەی کچانی ئۆرشەلیم، گەر تووشی ئەویندارەکەم بوون ئەمەی پێ بڵێن، کە من نەخۆشی خۆشەویستیم.
٩ ەوینداری تۆ چی زیاترە لە ئەوینداران ئەی جوانی نێو ئافرەتان؟ ئەوینداری تۆ چی زیاترە لە ئەوینداران تا ئاوا سوێندت داین؟
١٠ ەویندارەکەم خوێن گەرم و ئەسمەرە، لەناو دەهەزار کەسدا دیارە.
١١ ەری زێڕی بێگەردە زولفەکانی بەرداوەتەوە، ڕەشن وەك قەلەڕەش.
١٢ اوەکانی وەك کۆترن لەسەر جۆگای ئاوەکان، بە شیر شۆراون دانیشتوون لەجێی خۆیان.
١٣ ۆناکانی وەك نوێنی بۆندارە، گۆللی ڕەیحانە. لێوەکانی سەوسەنن، موڕی شلیان لێ دەتکێت.
١٤ ەستەکانی لوولەی زێڕن، ڕازاونەتەوە بە بەردی گرانبەهای زەرد، لەشی عاجی تاشراوە بە بەردی پیرۆزە پێچراوەتەوە.
١٥ اچەکانی ستوونی مەڕمەڕن، لەسەر دوو بنکەی زێڕی بێگەرد دامەزراون. ڕوخساری وەك لوبنانە، هەڵبژاردە وەك ئورز.
١٦ می شیرینە هەمووی بەتامە، ئەمە ئەویندارەکەمە، ئەمە یارەکەمە، ئەی کچانی ئۆرشەلیم!

# ٦

١ ەویندارەکەت بۆ کوێ چوو ئەی جوانی نێو ئافرەتان؟ ئەویندارەکەت ڕووی لە کوێ کرد تا لەگەڵتدا بەدوای بگەڕێین؟
٢ ەویندارەکەم دابەزیە ناو باخچەکەی بۆناو نوێنی بۆنوبەرام، تا مێگەلی خۆی لەناو باخچەکاندا بلەوەڕێنێت تا سەوسەن کۆبکاتەوە.
٣ ن بۆ ئەویندارەکەمم و ئەویندارەکەم بۆ منە، مێگەلی خۆی لەناو سەوسەندا دەلەوەڕێنێت.
٤ ۆ جوانی یارەکەم وەك تیرچە، شیرینی وەك ئۆرشەلیم، ترسناکی وەك لەشکرە بە ئاڵاکان.
٥ اوەکانت لەسەر من لادە، چونکە دەمتۆقێنن. قژت وەك ڕانە بزنە لە گلعاد مۆڵ بووە.
٦ دانەکانت وەك ڕانە مەڕێکن لە شووشتن دەرچووە هەموویان جووتن نەزۆك کوا لەناویاندا؟
٧ ەك لەتە هەنارە گۆنات لەپشت پەچەکەتەوە.
٨ ەستن شاژنەکان و هەشتان کەنیزەکان و پاکیزەکانیش نایەنە ژمارە.
٩ ەکێکە کۆترەکەم، تەواوەکەم، تاقانەی دایکیەتی، نازدارەکەی ئەوەی بوویەتی. کچ بینیان خۆزگەیان پێ خواست شاژنەکان و کەنیزەکان ستایشیان کرد.
١٠ ەوە کێیە سەری هەڵهێنا وەك بەرەبەیان، جوانە وەك مانگ، بێگەردە وەك ڕۆژ، ترسناك وەك لەشکرە بە ئاڵاکان؟
١١ ۆ ناو باغی دارگوێزان دابەزیم بۆ بینینی خونچەکانی دۆڵ، تا ببینم ئاخۆ گوڵی کردووە مێو، پشکووتوە هەنار.

١٢ ێش ئەوەی بزانم گیانم لەناو گالیسکەکانی عەمی نەدیڤ داینام.

١٣ گەڕێوە، بگەڕێوە ئەی شــولەمیتی، بگەڕێوە، بگەڕێوە، تــا ســەیرت بکەین! بۆچی ســەیری شـولەمیت دەکەن وەك ســەمای مەخەنایم؟

# ٧

١ ەند جوانە پێیەکانت لەناو سـەندەڵ ئەی کچی میر! کەوانی ڕانت وەك خشڵە دەست کردی دەستی وەستایە.

٢ اوکت جامێکی خڕە لێی کەم نابێت شەڕابی تێکەڵاو،
ناوقەدت خەرمانی گەنمە بە سەوسەن پەرژین کراوە.

٣ ووتە مەمکت وەك دوو کارمامزن جووتێ ئاسکن.

٤ ەردەنت قولەیەکی عاجە چاوەکانت وەك گۆمن لە خەشبۆن
لەبەردەم دەروازەی بێیت ڕەبیم لووتت وەك قولەی لوبنانە
ڕووەو دیمەشق دەڕوانێت.

٥ ەرت وەك کەرمەلە بەسەرتەوە و پرچی سەرت باینجانیە،
پاشا بەندی ئەگریجەکانە.

٦ ەن جوان و چەند شیرینیت ئەی خۆشەویست، خۆشی بە تۆوەیە!

٧ ەم بەژنەت لە دارخورما دەچێت، مەمکەکانت لە هێشوو.

٨ تم سەر دارخورما دەکەوم و خۆم بە چڵەکانیەوە دەگرم،
مەمکەکانت وەك هێشووی مێو دەبن، بۆنی هەناسەت وەك سێو،

٩ ەڵاشــووت وەك مەیێکی خۆشــە. بۆ ئەویندارەکەم یەکســەر دەڕژێت بەنەرمی بەسەر لێوی نووستوان.

١٠ ن بۆ ئەویندارەکەمم و بۆ منە پەرۆشی ئەو.

١١ ەرە ئەویندارەکەم بۆی دەرچین بۆ کێڵگە و لە گوندەکان شــەو بەسەر ببەین،

١٢ ەیــانی زوو بگەینە ســەر مێوەکــان ببینین ئــاخۆ مێو گوڵی کردووە بەرســیلەکان کراونەتەوە هەنار گوڵی کردووە؟ لەوێ پێتی دەبەخشم ئەوینداریی خۆم،

١٣ یائادەمە بۆن بڵاودەکاتەوە، لەبەر دەرگاکەشمان هەموو بەتامێك هەیە، نوێیەکــان هەروەهــا کۆنەکــان ئەویــندارەکەم بۆ تــۆم هەڵگرتووە.

# ٨

١ ریا وەك برا بای بۆم شیرخۆری مەمکی دایکم لەدەرەوە تووشت دەهاتم و ماچم دەکردیت بەبێ ئەوەی ڕسوابم،

٢ ەمبردیــت و دەمهێنــای بۆ مــاڵی دایکم، فێرم دەکەیــت، مەییی تێکەڵاوم دەرخواردەدای، لە خۆشاوی هەنارەکەم.

٣ ەستی چەپی لەژێر سەرمە و دەستی ڕاستی لە ئامێزم دەگرێت.

٤ وێنـدتـان دەدەم ئەی کچـانی ئۆرشـــەلیم، کە خۆشـــەویســـتی هەڵنەسێنن و بە ئاگای نەهێنن تا کاتی خۆی دێت.

٥ ەو کچە کێیە لە چۆڵەوانییەوە دێو باڵی بەخۆشـــەویســـتەکەیەوە داوە؟ لەژێر دار سێوەکە بەئاگام هێنای لەوێ دایکت بەتۆ سك پڕ بوو، لەوێ ئەوەی تۆی بوو سکی پێت پڕ بوو.

٦ مکە بە مۆر بەســەر دڵتەوە، بە مۆر بەســەر بازووتەوە، چونکە خۆشــەویســتی وەك مردن بەهێزە، ئیرەیی ســەختە وەك دونیای مردووان، گڕی، گڕی ئاگرە، ئاگری زیندووە.

٧ اوە زۆرەکان ناتوانێت خۆشـەویسـتی بکوژێنێتەوە، ڕووبارەکان نوقمی ناکەن. ئەگەر مرۆڤ هەموو ســـامانی ماڵەکەی لەپێناوی خۆشەویستیدا ببەخشێت بێ نرخ دادەنرێت.

٨ وشـــكێکی بچووکمـان هەیە، کوا مەمکی هەیە؟ چی بکەین بۆ خوشکمان ئەو ڕۆژەی داخوازیکەری بێت؟

٩ ەگەر دیوار بێت، لەسەری بنیاد دەنێین ستارەی زیو،
ئەگەر دەرگا بێت، دەوری دەدەین بە تەختەداری ئورز.

١٠ ن دیوارم و مەمکەکـانم وەك قوولەن، ئەوکـاتە لە چـاوەکـانی پەسەندی بەدی دەکەم.

١١ لێمــان ڕەزێکی هەبوو لە بەعـل هــامۆن، ئەم ڕەزەی دا بە چاودێران، هەریەکەو لە بەروبوومەی دەیهێنێت هەزار زیو،

١٢ ەزەکەی هی منە لەبەردەممە هەزار بۆ تۆ ســـلێمــان و دوو سەدیش بۆ چاودێرانی بەروبووم،

١٣ ەی دانیشـــتووی ناو باخچەکان! هاوڕێیان گوێیان بۆ دەنگت ڕاگرتووە با گوێم لێت بێت.

١٤ اکە، ئەویندارەکەم، لە شێوەی ئاسك بە یان وەك بەچکەی کەڵە کێوی بەسەر چیای بۆنوبەرامەکانەوە.

# ئیشایا

## ١

١ بینینەکەی ئیشایای کوڕی ئامۆچ ئەوەی لەسەر یەهوزا و
ئۆرشەلیمی بینی، لە ڕۆژانی عوزییا و یۆتام و ئاخاز و یخزقیای
پاشایانی یەهوزا.
٢ ئەی ئاسمان گوێ بگرە و ئەی زەوی گوێ شلکە،
چونکە خوداوەند قسە دەکات،
کوڕانم گەورەکرد و پێگەیاند
بەڵام ئەوان لێم یاخی بوون.
٣ گا خاوەنەکەی خۆی دەناسێت و
کەریش ئاخوڕی خاوەنی خۆی،
بەڵام ئیسڕائیل نایناسێت،
گەلی من تێناگات.
٤ قوڕبەسەر میللەتی گوناهبار
بەسەر ئەو گەلەی تاوانی قورسە
توخمی بەدکاران
کوڕانی گەندەڵان!
وازیان لە خوداوەند هێنا
بە سووکییەوە تەماشای پاکوپیرۆزەکەی ئیسڕائیلیان کرد،
پشتیان لێی کرد.
٥ بۆچی دووبارە لێتان بدرێت؟
بۆ زیاتر لە ڕێ لادەدەن؟
هەموو سەر نەخۆشە و
هەموو دڵ بیمارە.
٦ لە بنی پێوە تا تەوقی سەر
کوا تەندروستی تیایدا؟
بەڵکو برین و شین و مۆربوونەوە لێدانی تەڕوتازە کە نەگوشراوە
و نە بەستراوە و بە ڕۆن نەرم نەکراوە.
٧ خاکەکەتان وێرانە
شارەکانتان بە ئاگر سووتاوە،
زەوییەکەتان لەبەرچاوتان
بێگانەکان دەیخۆن،
وێرانە وەك بێگانە هەڵاوگێڕی کردبێت.
٨ کچی سییۆن ماوەتەوە،
وەك کەپر لەناو ڕەزدا
وەك کۆخ لەناو بێستانی خەیاردا
وەك شارێکیی ئابڵۆقەدراو.
٩ ئەگەر خوداوەندی سوپاسالار
کەمێك دەربازبووی بۆمان نەهێشتبایەوە
وەك سەدوممان لێ دەهات
لە عەمورە دەچووین.
١٠ گوێ لە وشەی خوداوەند بگرن
ئەی حوکم بەدەستانی سەدوم!
گوێ شل بکەن بۆ فێرکردنەکانی خودامان
ئەی گەلی عەمورە!
١١ بۆچیمە، زۆری قوربانییە سەربڕاوەکانتان؟
خوداوەندە دەفەرمووێت،
تێربووم لە قوربانی سووتاندنی بەرانەکان و
لە چەوری دابەستەکان،
دڵخۆش نیم بە خوێنی گوێرەکە و بەرخ و گیسکەکان.
١٢ کە دێن بۆ بینینی ڕووم
کێ داوای ئەمەی لێ کردوون؟
پێ بنێنە ناو حەوشەکانم.
١٣ چیتر قوربانی خۆراکی بێ کەڵك مەهێنن
بخوور قێزەوەنە بۆ من
سەرەمانگ و ڕۆژی پشوو و بانگەوازی کۆبوونەوە
تاوان و ئاهەنگ گێڕان پێکەوە، بەرگەی ئەمە ناگرم.
١٤ سەرەمانگەکانتان و جەژنە دیاریکراوەکانتان
گیانم ڕقی لێیانە
بوون بە بارگرانی بۆم
بێزاربوو لە هەڵگرتنی.
١٥ کاتێ دەستتان پان دەکەنەوە
چاوم لادەدەم لەسەرتان
تەنانەت گەر زۆر نوێژیش بکەن
من گوێ ناگرم
دەستتان بە خوێن سوور بووە
١٦ خۆتان بشۆن، پاك ببنەوە
خراپەی کردەوەکانتان لابەرن
لەبەر چاوم
وازبهێنن لە خراپەکاری
١٧ فێری چاکە بن
بەدوای دادوەریدا بگەڕێن،
دڵڕەق ڕاستەڕێ بکەن
دادوەری هەتیوو بکەن
پارێزەری بێوەژن بکەن
١٨ ئێستا وەرن بکەوینە دەمەقاڵە.
خوداوەند دەڵێت،
ئەگەر گوناهەکانتان وەك سووری ئاڵ بێت
وەك بەفر سپی دەبێتەوە،
ئەگەر وەك قرمز سوور بێت
وەك خووری لێ دێت.
١٩ ئەگەر قایل بن و گوێ بگرن
خێروبێری زەوی دەخۆن.
٢٠ بەڵام ئەگەر قایل نەبن و یاخی بن
شمشێر دەخۆن.
چونکە دەمی خوداوەند قسەی کرد.
٢١ چۆن بوو بە داوێن پیس
شارە دڵسۆزەکە!
پڕ دادوەری بوو
ڕاستودروستی تیایدا دەمایەوە
بەڵام ئێستا پیاوکوژان
٢٢ زیوت بوو بە خڵتە و
شەرابت ئاوی تێکراوە.
٢٣ میرەکانت یاخین و
دۆستی دزانن
هەموو حەزیان لە بەرتیلە
دوای پاداشت کەوتوون
دادوەری بۆ هەتیو ناکەن
شکاتی بێوەژن ناگاتە لایان
٢٤ بۆیە ڕایگەیاند
خوداوەندم خوداوەندی سوپاسالار

بەهێزەکەی ئیسرائیل:
ئای، لە ناحەزانم دەحەسێمەوە
تۆڵە لە دوژمنانم دەسێنمەوە.
٢٥ دەستم دژ بە تۆ دەگێڕمەوە
پاکی دەکەمەوە خڵتەکەت وەکو پیسییەکەت
هەموو زڕوزبڵەکەت لێدەکەمەوە.
٢٦ دادوەرەکانت دەگێڕمەوە وەك یەکەم جار و
ڕاوێژکارانت وەك لە سەرەتا
پاش ئەمە پێت دەوترێت شاری ڕاستودروستی
شاری دڵسۆز.
٢٧ سییۆن بە دادپەروەری ئازاد دەکرێت
ڕاپێچە گەڕاوەکانیشی بە ڕاستودروستی.
٢٨ بەڵام تێکشکانی یاخیبووان و گوناهباران پێکڕا دەبێت
وازهێنەران لە خوداوەندیش دەفەوتێن.
٢٩ چونکە شەرمەزار دەبن بەو دار ئەلوانەی
ئارەزووتان کرد
تەریق دەبنەوە بەو باخچانەی
هەڵتانبژارد.
٣٠ چونکە وەك دارئەلوانێکتان لێدێت
گەڵاکانی وەریبێت و
وەك باخچەیەك ئاوی نەبێت.
٣١ بەهێز دەبێت بە پەڕۆ و
ئیش وکارەکەشی بە پریشکی ئاگر
جا هەردووکیان پێکەوە دەسووتێن و
کەس نابێت بیانکوژێنێتەوە.

# ٢

١ ئەو شتەی یەشعیای کوڕی ئامۆچ بینی سەبارەت بە یەهوزا و ئۆرشەلیم:
٢ وا دەبێت لە ڕۆژانی کۆتاییدا،
چیایماڵی خوداوەند جێگیر دەبێت
لەسەرووی چیاکان و
بەرز دەبێت بەسەر گردەکان و
هەموو میللەتان بەرەو لای ئەو ڕێچکە دەگرن.
٣ زۆر گەل دەکەونەڕێ و دەڵێن:
بڕۆ با بەرەو چیای خوداوەند سەربکەوین،
بۆ ماڵەکەی خودای یاقوب،
فێری ڕێگاکانی خۆیمان دەکات
بە ڕێڕەوەکانی ئەودا دەڕۆین .
چونکە فێرکردن لە سییۆنەوە دەردەچێت
وشەی خوداوەندیش لە ئۆرشولیمەوە.
٤ لە نێو میللەتان دادوەری دەکات
بۆ خەڵکێکی زۆر ناوبژی دەکات،
شمشێرەکانیان دەکووتنەوە و دەیکەن بە گاسن
ڕمەکانیشیان دەکەن بە داس.
هیچ میللەتێك لە میللەتێکی دیکە شمشێر هەڵناکێشێت
چیتر فێری جەنگ نابن.
٥ ئەی ماڵی یاقوب بڕۆن با لە ڕووناکی خوداوەند بڕۆین.
٦ چونکە وازت لە گەلەکەی خۆت هێنا،
لە ماڵی یاقوب
پڕبوون لە بیروبۆچوونەکانی ڕۆژهەڵات و
وەك فەلەستییەکان بەخت دەخوێننەوە،
دەست دەخەنە ناو دەستی کوڕانی بێگانەکانەوە،
٧ خاکی پڕبوو لە زیو و زێڕ و
کوا کۆتایی گەنجینەکانی؟
خاکی پڕبوو لە ئەسپ و
کوا کۆتایی گالیسکەکانی؟
٨ خاکی پڕبوو لە بتەکان،
بۆ دەستکردەکانی دەستی خۆی کڕنۆشیان برد،
بۆ ئەو شتەی پەنجەکانی خۆی دروستی کرد.
٩ جا مرۆڤ دەچەمێتەوە و پیاو نزم دەبێت
لێیان خۆش مەبە.
١٠ بچۆ ناو کەلەبەرد و
لەناو خۆڵ خۆت بشارەوە،
لەڕووی سامی خوداوەند و
شکۆی مەزنییەکەی،
١١ چاوە بەفیزەکانی مرۆڤ نزم دەکات و
لووتبەرزی پیاوان دەچەمێنێتەوە
تەنیا خوداوەند بەرز دەبێتەوە
لەو ڕۆژەدا.
١٢ چونکە خوداوەند ڕۆژێکی هەیە
دژ بە هەموو خۆبەزلزان و لووتبەرزێك
دژ بە هەموو خۆهەڵکێشێك و نزم دەبێت،
١٣ دژ بە هەموو ئورزی لوبنان،
بەرز و بڵندەکان،
دژ بە هەموو داربەڕووەکانی باشان،
١٤ دژ بە هەموو چیا بەرزەکان و
دژ بە هەموو گردە بڵندەکان
١٥ دژ بە هەموو قوولەیەکی بەرز،
دژ بە هەموو شورایەکی سەخت.
١٦ دژ بە هەموو کەشتییەکانی تەرشیش،
دژ بە هەموو دەسکردێکی دڵگیر.
١٧ جا فیزی مرۆڤ دەچەمێتەوە و
لووتبەرزی پیاوان نزم دەبێت
تەنیا خوداوەند بەرز دەبێتەوە
لەو ڕۆژەدا.
١٨ بتەکان هەموو لەناودەچن،
١٩ مرۆڤەکان دەچنە ناو ئەشکەوتەکانی چیا و
ناو چاڵەکانی خۆڵ
لەڕووی سامی خوداوەند و
شکۆی مەزنییەکەی،
کە هەڵدەستێت بۆ هەژانی زەوی.
٢٠ لەو ڕۆژەدا مرۆڤ
بتە زیوەکانی و بتە زێڕەکانی
ئەوانەی دروستی کردن بۆ خۆی بۆ کڕنۆش بردن
فڕێیان دەدات بۆ مشکەکوێرە و بۆ شەمشەمەکوێرە،
٢١ تا بچێتە ناو کونی چیاکان و
کەلێنی تاشەبەردەکانەوە
لەڕووی سامی خوداوەند و
شکۆی مەزنییەکەی،
کە هەڵدەستێت بۆ هەژانی زەوی
٢٢ دەست لەمرۆڤ بکێشنەوە!
ئەوەی تەنیا هەناسەیەکی لە لووتدایە،
چونکە حیسابی چی بۆ دەکرێت؟!

# ٣

١ چونکە ئەوەتا خوداوەندم خوداوەندی سوپاسالار
دایدەماڵێت لە ئۆرشەلیم و لە یەهوزا

پاڵپشت و پشتگیری،
هەموو پاڵپشتی نان و
هەموو پاڵپشتی ئاو
٢ پاڵەوان و جەنگاوەر،
دادوەر و پێغەمبەر و ئەستێرەناس و پیر و
٣ سەرۆکی پەنجاکان و پیاوماقوڵان
ڕاوێژکار و پیشەکاری دانا و نوشتەکاری تێگەیشتوو.
٤ میردمنداڵان دەکەم بە میریان
منداڵان فەرمانڕەواییان دەکەن.
٥ گەل لەناوخۆیان ستەم لە یەکتری دەکەن
هەرکەسەو لە هاوڕێکەی
مێردمنداڵ بەرەوڕووی پیر دەوەستێت و
چروکیش بەرەوڕووی سەنگین.
٦ چونکە پیاو یەخەی برای خۆی دەگرێت
لە ماڵی باوکی:
تۆ جلوبەرگت هەیە، ببە بە سەرۆکمان و
ئەم کاولگەیەش لەژێر دەستتە.
٧ دەنگ بەرزدەکاتەوە لەو ڕۆژەدا و دەڵێت:
نابم بە چارەساز،
کوا نان و کوا بەرگ لە ماڵەکەم؟
مەمکەن بە سەرۆکی گەل.
٨ چونکە ئۆرشەلیم ساتمەی کرد و
یەهوزاش کەوت

چونکە زمانیان و کردەوەکانیان دژ بە خوداوەندە
بۆ یاخی بوون لە چاوەکانی شکۆمەندییەکەی.
٩ دیمەنی دەموچاویان شایەتییان لەسەر دەدات
گوناهەکەیان وەك سەدومە، ڕایدەگەیەنن، نایشارنەوە
قوربەسەریان!
چونکە خراپە دەکەن بە پاداشتی خۆیان.
١٠ بڵێن، ڕاستودروست خۆشحاڵە
چونکە بەری کردەوەکانی خۆیان دەخۆن.
١١ قوربەسەر بەدکار خراپەی بۆ دەبێت
چونکە پاداشتی کردەوەکانی دەستی خۆی وەردەگرێت.
١٢ گەلی من، ستەم لێکارانی منداڵن و
ژنان فەرمانڕەوایی دەکەن
گەلی من، ڕاستەڕێکارانت چەواشەکارن و
ڕێگای هاتوچۆی تۆیان تێکداوە.
١٣ خوداوەند بۆ مشتومڕ قیت بووەوە
هەستا بۆ حوکمدان بەسەر گەلان.
١٤ خوداوەند دەکەوێتە دادوەریکردن
لەگەڵ پیرانی گەلەکەی و میرانیان:
ئێوە بوون ڕەزەمێوەکانتان لووشدا،
ڕووتانەوەی هەژاران لە ماڵەکانتانە.
١٥ ئەوە چییتانە گەلەکەم وردوخاش دەکەن و
ڕووی هەژاران دەهاڕن؟
خوداوەندم خوداوەندی سوپاسالار دەفەرمووێت.
١٦ خوداوەند فەرمووی:
لەبەر ئەوەی لەخۆبایی بوون کچانی سییۆن!
گەردنیان دەرخستووە و
دەڕۆن بە چاوبازییەوە
دەڕۆن بە لارولەنجەوە
بە زرنگەی لەرزانەی پێیانەوە.
١٧ خوداوەندم تەپڵی سەری کچانی سییۆن کەچەڵ دەکات،
خوداوەند ڕووتیان بەدەردەخات.
١٨ لەو ڕۆژەدا خوداوەندم، جوانکاری لەرزانەکان و
لاسەرەکان و ملوانکەکان و، ١٩ گوارەکان و بازنەکان و
پەچەکان، ٢٠ سەرپێچەکان و قۆڵبەستەکان و پشتێنەکان و
تەلیسمەکان و چاوەزارەکان، ٢١ موستیلەکان و لوتەوانەکان،
٢٢ جلوبەرگی جەژنەکان و پاڵتۆکان و چارۆکەکان و جزدانەکان،
٢٣ ئاوێنەکان و کراسە کەتانەکان و شاڵ گەردنەکان و
کوڵوانەکان دادەماڵێت.
٢٤ جا لە جێی بۆنوبەرام، بۆگەنی و
لە جێی کەمەربەند گوریس و
لە جێی پرچی ئەگریجەکراو سەری ڕووتاو و
لە جێی بەرگی گرانبەها پشتێنی پەڵاس دەبێت،
داغیش لە جێی جوانی دەبێت.
٢٥ پیاوەکانت بە شمشێر و
پاڵەوانەکانت لە جەنگدا دەکەون.
٢٦ جا شین دەگێڕن و دەگرین دەروازەکانی
بێکەس لەسەر زەوی دادەنیشێت.

# ٤

١ حەوت ژن یەك پیاو دەگرن
لەو ڕۆژەدا،
دەڵێن: نانی خۆمان دەخۆین و
بەرگی خۆمان لەبەردەکەین،
تەنها با بەناوی تۆوە بانگ بکرێین،
ڕیماڵە ڕسوواییەکەمان.
٢ لەو ڕۆژەدا لقی خوداوەند دەبێت بە جوانی و شکۆ، بەروبوومی
زەویش دەبێت بە شانازی و قەشەنگی بۆ دەربازبووانی
ئیسرائیل. ٣ جا ئەوەی لە سییۆن ماوەتەوە و ئەوەی لە ئۆرشەلیم
جێماوە، پێی دەووترێت، پاکوپیرۆز، هەموو ئەوانەی
تۆمارکراون بۆ ژیان لە ئۆرشەلیم. ٤ کە خوداوەندم پیسیی کچانی
سییۆن بشوات و خوێنەکانی ئۆرشەلیم لەناوەڕاستیدا پاك بکاتەوە،
بە ڕۆحی حوکمدان و بە ڕۆحی سووتان. ٥ ئینجا خوداوەند
لەسەر هەموو شوێنێکی چیای سییۆن و لەسەر کۆبوونەوەنەکانی،
بە ڕۆژ هەور و بە شەو دووکەڵ و پرشنگی ئاگری بڵێسەدار
بەدیدەهێنێت، چونکە لەسەر هەموو شکۆیەك چەتر هەیە، ٦ دەبێت
بە چادر بۆ سێبەر بە ڕۆژ لەبەر گەرما و بە داڵدە و پەناگا لە
لافاو و باران.

# ٥

١ تکایە با گۆرانی بڵێم بۆ خۆشەویستەکەم
گۆرانی خۆشەویستەکەم بۆ ڕەزەکەی:
خۆشەویستەکەم ڕەزێکی هەبوو
لەسەر گردێکی بەپیتدا.
٢ بنکۆڵی کرد و بەردی لێ بژارکرد
شا مێوی لێ چاند
قوولەیەکی لەناوەڕاستدا بنیادنا
هەروەها گوشەرێکی تیادا هەڵکۆڵی
بە هیوا بوو ترێ بگرێت،
بەڵام بەرسیلەی کێوی گرت.
٣ ئێستا ئەی دانیشتووانی ئۆرشەلیم و
ئەی پیاوانی یەهوزا،
تکایە دادوەری بکەن

لەنێوان من و ڕەزەکەم.
٤ چی دی هەیە بۆ ڕەزەکەم بکرێت و
من نەمکردبێت؟
بۆچی من بە هیوا بووم ترێ بگرێت
بەرسیلەی کێوی گرت؟
٥ ئێستا پێتان دەڵێم
چی لە ڕەزەکەم دەکەم:
پەرژینەکەی لێ دەکەمەوە
دەبێ بە لەوەڕگا،
دیوارەکەی دەڕووخێنم،
دەبێ بە پێ پەست،
٦ دەیکەم بە کەلاوە،
نە لق وپۆپ دەکرێت و نە بن کوڵ دەکرێت
دڕك و داڵ سەر هەڵدەدات،
فەرمان بە هەورەکان دەکەم
باران بەسەریدا نەبارێنن.
٧ چونکە ڕەزی خوداوەندی سوپاسالار، ماڵی ئیسرائیلە و
پیاوانی یەهوزاش نەمامی شادی ئەون.
بە هیوای دادوەری بوو، بەڵام ئەوەتا خوێن ڕژانە،
بە هیوای ڕاستودروستی بوو، بەڵام ئەوەتا دادوبێدادە.
٨ قوڕبەسەر ئەوانەی خانوو بە خانووەوە دەلکێنن
کێڵگە لە کێڵگە نزیك دەکەنەوە
تا هیچ جێیەك نەما و
بەتەنها خۆتان نیشتەجێ بوون لەناو زەوییەکەدا.
٩ لە گوێمدا فەرمووی خوداوەندی سوپاسالار:
بێ گومان زۆر خانوو دەبێت بە کەلاوە
خانووی گەورە و باش بێ ئاوەدانی.
١٠ چونکە جێی دە دۆنم ڕەز، یەك بەت مەی بەرهەم دەهێنێت و
خۆمەرێك تۆویش ئیفەیەك بەرهەم دەهێنێت.
١١ قوڕبەسەر ئەوانەی زوو هەڵدەستن بەیانیان
دوای شەراب دەکەون
لە زەردەی ئێواران دوا دەکەون
مەی گڕی تێبەرداون،
١٢ قیسارە و عوود، دف و شمشاڵ و
مەی بووە بە خەو و خۆراکیان،
بەڵام ئاوڕ لە کاری خوداوەند نادەنەوە،
دەستکردەکانی نابینن.
١٣ بۆیە گەلەکەم لەبەر نەزانی ڕاپێچکران،
سەنگینەکانی لەبرسا مردوون
سادەوساکارەکانی لە تینوا وشك بوون.
١٤ بۆیە دونیای مردووان خۆی پانوپۆڕ کرد و
بێئەندازە دەمی خۆی کردەوە.
دادەبەزێتە ناوی
جوانیەکەی و حەشاماتەکەی
هاتوهەراکەی و گەڕەلاوژەکەی.
١٥ مرۆڤ دەچەمێتەوە و پیاو نزم دەبێت
چاوی بەفیزان نزم دەبێت،
١٦ بەڵام خوداوەندی سوپاسالار بە دادوەری بەرز دەبێت
خودای پاکوپیرۆز بە ڕاستودروستی پاکوپیرۆز دەبێت.
١٧ بەرخەکان دەلەوەڕن وەك لە لەوەڕگای خۆیان
سواڵکەرەکانیش لە کەلاوەی دەوڵەمەندەکان دەخۆن.
١٨ قوڕبەسەر ئەوانەی بە پەتی پووچی تاوان ڕادەکشێن،
گوناهەش وەك گوریسی عاربانە،
١٩ ئەوانەی دەڵێن: با پەلە بکات
خێرا لە کارەکەی بکات
بۆ ئەوەی ببینین
با نزیك بێتەوە و بێتە دی
پلانی پاکوپیرۆزەکەی ئیسرائیل
تا بزانین.
٢٠ قوڕبەسەر ئەوانەی بە خراپ دەڵێن چاك و
بە چاکیش دەڵێن خراپ
ئەوانەی تاریکی دەکەن بە ڕوناکی و
ڕوناکیش دەکەن بە تاریکی
ئەوانەی تاڵ دەکەن بە شیرین و
شیرین دەکەن بە تاڵ.
٢١ قوڕبەسەر ئەوانەی لەبەرچاوی خۆیان دانان
لەلای خۆیان تێگەیشتوون.
٢٢ قوڕبەسەر ئەوانەی پاڵەوانن لە مەی خواردنەوە
پیاوی ئازان بۆ شەراب تێکەڵ کردن،
٢٣ بۆ بەرتیل خراپەکار بێتاوان دەکەن
ڕاستودروستانیش لە مافی خۆیان بێ بەش دەکەن.
٢٤ بۆیە وەك کا بە زمانی ئاگر قووت بدرێت
وەك گژوگیای گڕگرتوو داکەوێت
ڕەگیان وەك کەڕووی لێدێت
خونچەیان وەك تۆز بەرزدەبێتەوە
چونکە فێرکردنەکانی خوداوەندی سوپاسالاریان ڕەت کردەوە
سووکایەتیان بە وشەی پاکوپیرۆزەکەی ئیسرائیل کرد.
٢٥ لەبەرئەوە تووڕەیی خوداوەند جۆشا لەسەر گەلەکەی
دەستی بۆ درێژکرد و لێیدا
چیاکان هەژان و
لاشەکانیان وەك زبڵی سەر شەقامەکانی لێهات
لەگەڵ هەموو ئەوەشدا تووڕەییەکەی نەگەڕایەوە
هێشتا دەستی درێژکردووە.
٢٦ ئاڵا بۆ میللەتانی دوور بەرزدەکاتەوە
لەو پەڕی زەوییەوە فیکەی بۆ دەکێشێت
ئەوەتا خێرا بەپەلە دێن.
٢٧ کوا ماندوو و کوا ساتمەکەر، تێیدا؟
نە دەخەوێت و نە خەواڵو دەبێت و
نە پشتێنی ناو قەدی دەکرێتەوە و
نە قەیتانی سەندەڵەکانی دەپچڕێت.
٢٨ ئەوەی تیرەکانی تیژ و کەوانەکانی توندکراوە
سمی ئەسپەکانی وەك بەردئەستێن
چەرخەی گالیسکەکانی وەك گەردەلوولە.
٢٩ نەڕەی وەك شێرە مێیە و
وەك بەچکە شێر دەنەڕێنێت
دەنرکێنێت و نێچیر دەگرێت
دەیبات و کەس ڕزگاری ناکات.
٣٠ بەسەریدا دەنرکێنێت لەو ڕۆژەدا،
وەك نرکەی دەریا
دەڕوانێتە زەوی و دەبینێت ئەوەتا تاریکییەکی تەنگە
ڕوناکیش تاریك بووە بە هەورەکانی.

# ٦

١ لە ساڵی مردنی عوزیا پاشا، خوداوەندی خۆمم بینی لەسەر
تەختێکی بەرز و بڵند دانیشتبوو و دامێنی ئەو پەرستگاکەی
پڕکردبوو. ٢ سەرافەکان لەسەر سەری وەستابوون، هەریەکە
شەش باڵیان هەبوو، بە دووان ڕووی خۆی داپۆشی بوو، بە
دووان پێیەکانی داپۆشیبوو، بە دووانیش دەفڕی.
٣ ئەمیان بانگی ئەوەیانی کرد و وتی:
پاکوپیرۆزە، پاکوپیرۆزە، پاکوپیرۆزە!
خوداوەندی سوپاسالار!

شکۆمەندییەکەی هەموو زەوی پڕکردووە.
٤ بناغەکانی دەروازەکان لە دەنگی بانگدەر لەرینەوە و ماڵەکە
پڕبوو لە دووکەڵ. ٥ وتم:
قوربەسەرم، فەوتام!
چونکە من کابرایەکی لێو گڵاوم و
لە نێو گەلێکی لێو گڵاودا نیشتەجێم،
چونکە چاوەکانم پاشا
خوداوەندی سوپاسالاریان بینی.
٦ ئینجا یەک لە سەرافەکان بۆلام فڕی و پشکۆیەکی بە
دەستەوەبوو بە ماشە لەسەر قوربانگاکەوە هەڵیگرت و ٧ ساوی
بە دەممدا و وتی:
ئەوەتا ئەمە بە لێوت ساورا،
تاوانت داماڵرا و گوناهەت کەفارەتی بۆ کرا.
٨ ئینجا گوێم لە دەنگیی خوداوەندم بوو، دەیفەرموو: کێ بنێرم و
کێ بۆمان دەڕوات؟ منیش وتم: ئەوەتام، من بنێرە. ٩ ئەویش
فەرمووی: بڕۆ و بەم گەلە بڵێ:
بە گوێگرتن گوێ بگرن بەڵام تێمەگەن
بە بینین ببینن بەڵام مەزانن.
١٠ ئەستوور بووە مێشکی ئەم گەلە و
گوێیەکانی گران بوون و چاوەکانی کوێربوون،
نەوەک بە چاوەکانی ببینێت و
بە گوێیەکانی ببیستێت و
مێشکی تێبگات و بگەڕێتەوە و چاک بێتەوە.
١١ منیش وتم: تاکەی ئەی خوداوەندم؟ ئەویش فەرمووی:
تا شارەکان دەبن بە وێرانەی بێ ئاوەدانی و
ماڵەکانیش بێ خەڵک و خاکەکەش وێرانە و چۆڵەوانی.
١٢ خوداوەند مرۆڤ دوور دەخاتەوە و
شوێنی بە جێهێڵراو زۆر دەبێت لە ناو زەوییەکە.
١٣ ئەگەر دەیەکی تیادا مایەوە،
جارێکی دیکە بۆ سووتان دەبێت
بەڵام وەک ئەڵوا و بەڕوو
کە قەدیان دەمێنێت کاتێ دەکەون
تۆوێکی پاکوپیرۆزە قەدەکەی.

## ٧

١ ئەوە بوو لە ڕۆژانی ئاخازی کوڕی یوتام کوڕی عوزییای
پاشای یەهوزادا، ڕەچینی پاشای ئارام و فەقەحی کوڕی ڕەمەلیای
پاشای ئیسرائیل هاتنە سەر ئۆرشەلیم بۆ جەنگ دژی، بەڵام
نەیانتوانی دژی بجەنگێن.
٢ هەروەها بە ماڵی داود ڕاگەیەندرا و وترا: ئارامییەکان لەگەڵ
ئەفرایم پەیمانیان بەستووە. جا دڵی خۆی و دڵی گەلەکەی
لەرزین، وەک لەرزینی داری دارستان لە ڕووی با.
٣ خوداوەندیش بە ئیشایای فەرموو: ئێستا بۆ پێشوازی ئاخاز
دەرچۆ، خۆت و شئار ئەشوبی کوڕت، لە کۆتایی جۆگەی
حەوزەکەی سەرەوە لەلای ڕێگای کێڵگەی چۆغان و ٤ پێی بڵێ:
خۆڕاگرتوو و هێدی بە، مەترسە و با دڵت وره بەرنەدات لەبەر
دووکلکەکەی ئەم دوو مەشخەڵە دووکەڵکردووە بە گڕی تووڕەیی
ڕەچین و ئارام و کوڕەکەی ڕەمەلیا. ٥ لەبەر ئەوەی ئارام لەگەڵ
ئەفرایم و کوڕەکەی ڕەمەلیا پیلانی خراپەیان دژ بە تۆ ناوەتەوە و
وتیان: ٦ دەچینە سەر یەهوزا و پەلاماری دەدەین و داگیری
دەکەین و لەناوەندیدا پاشایەک دادەنێین، کوڕەکەی تەبئەل.
٧ خوداوەندیشم خوداوەند ئاوای فەرموو:
سەرناگرێت و نابێت،
٨ چونکە سەری ئارام دیمەشقە و
سەری دیمەشقیش ڕەچینە،
لە ماوەی شەست و پێنج ساڵدا
ئەفرایم دەشکێت وەک گەل نامێنێت.
٩ سەری ئەفرایمیش سامیرەیە و
سەری سامیرەش کوڕەکەی ڕەمەلیایە،
ئەگەر باوەڕنەکەن، دڵنیا نابن.
١٠ جارێکی دیکە خوداوەند لەگەڵ ئاخاز دوا و فەرمووی: ١١ بۆ
خۆت داوای نیشانەیەک لە خوداوەند خوات بکە، داواکاریەکەت
قوڵ بکە یان بەرزی بکەوە بۆ سەرەوە. ١٢ ئاخازیش وتی: هیچ
داوا ناکەم و خوداوەند تاقی ناکەمەوە.
١٣ ئینجا ئەشعیا وتی: ئێستا گوێ بگرن ئەی ماڵی داود، بەس نییە
خەڵک بە بێ کەڵک دادەنێن، خودای منیش بە بێ کەڵک دادەنێن؟
١٤ بۆیە خوداوەند خۆی نیشانەیەکتان دەداتێ، ئەوەتا کچە عازەبێک
سکی دەبێت و کوڕێکی دەبێت و ناوی دەنێت عیمانوئێل. ١٥ کەرە
و هەنگوین دەخوات، کاتێ دەزانێت خراپە ڕەتبکاتەوە و چاکە
هەڵبژێرێت. ١٦ چونکە پێش ئەوەی کوڕەکە بزانێت خراپە
ڕەتبکاتەوە و چاکە هەڵبژێرێت، ئەو خاکە پشتگوێ دەخرێت کە
تۆ لە دوو پاشاکەی دەترسیت. ١٧ خوداوەند بەسەر خۆت و بەسەر
گەلەکەت و بەسەر ماڵەباوانت ڕۆژانێک دەهێنێت، ڕۆژانی وا
نەهاتبێت لە ڕۆژی هەڵگەڕانەوەی ئەفرایمەوە لە یەهوزا. واتە
پاشای ئاشوور.
١٨ لەو ڕۆژەدا،
خوداوەند فیکە لێدەدات بۆ مێشەکان
ئەوانەی لەوپەڕی جۆگەئاوەکانی میسرن و
بۆ هەنگەکان ئەوانەی لە خاکی ئاشوورن.
١٩ جا دێن و هەموو دەنیشنەوە
لەناو دۆڵە هەڵدێرەکان و لەناو کەلەبەری گابەردەکان و
لەناو هەموو دڕکوداڵەکان و لەناو هەموو لەوەڕگاکان.
٢٠ لەو ڕۆژەدا خوداوەند
بە گوێزانێکی بەکرێ گیراو لەوبەری ڕووبارەوە
بە پاشای ئاشوور
سەر و مووی بەرتان دەتاشێت و
ڕیشیش دادەماڵێت.
٢١ لەو ڕۆژەدا،
پیاو گوێرەکەی مانگایەک و دوو مەڕ بەخێودەکات،
٢٢ جا ئەوەندە شیر دەدات
هەر قەیماغ دەخوات
چونکە قەیماغ و هەنگوین دەخۆن
هەموو ئەوانەی لەناو خاکەکە دەمێننەوە.
٢٣ لەو ڕۆژەدا،
هەر شوێنێک کە لێی بوو
هەزار ڕەز بە هەزار پارچە زیو
دەبێت بە دڕک و داڵ.
٢٤ بە تیر و بە کەوانەوە دێنە ئەوێ،
چونکە هەموو زەوییەکە دەبێت بە دڕک و داڵ.
٢٥ هەموو ئەو چیایانەی کە بە قازمە کون دەکران
کەس نایەتە ئەوێ لە ترسی دڕک و داڵ،
بەڵکو گاگەلی تیادا بەڕەڵادەکرێت و مەڕ پێ پەستی دەکات.

## ٨

١ ئینجا خوداوەند پێی فەرمووم: پارچە چەرمێکی گەورە بۆ خۆت
ببە و بە پێنووسی قامیش لەسەری بنووسە: مەهیر شالال خاش
بەز. ٢ هەروەها دوو شایەتی سەرڕاست بۆ خۆم بکەم بە شایەت،
ئوریای کاهین و زەکەریای کوڕی ییبێرێخیا.

٣ لە پێغەمبەر ژن نزیك بوومەوە و سکی بوو و کوڕێکی بوو.
خوداوەندیش پێی فەرمووم: ناوی بنێ: مەهێر شالال خاش بەز.
٤ چونکە بەر لەوەی منداڵەکە بزانێت بڵێت بابە و دایە، سامانی
دیمەشق و دەسکەوتی سامیرە هەڵدەگیرێتە بەردەم پاشای ئاشوور.
٥ ئینجا خوداوەند دووبارە قسەی لەگەڵمدا کردەوە و فەرمووی:
٦ لەبەر ئەوەی ئەم گەلە
ئاوی بە هێمنی ڕۆیشتووی شیلۆەی ڕەتکردەوە
دڵخۆش بوو بە ڕەچین و کوڕەکەی ڕەمەلیا.
٧ بۆیە ئەوەتا خوداوەندم بەسەریاندا هەڵدەستێنێت
ئاوی ڕووبارە بەهێز و زۆرەکە
پاشای ئاشوور و هەموو شکۆمەندییەکەی
جا بەسەر هەموو جۆگەکانیدا سەردەکەوێت و
بەسەر هەموو کەنارەکانیدا دەڕوات.
٨ بەناو یەهوزادا ڕەتبوو، هەڵچوو و تێپەڕی
تا گەیشتە بینەقاقا،
لێککشانی باڵەکانی
پڕ بە بەرینی خاکەکەتە، ئەی ئیمانوئێل.
٩ ئەی گەلینە یەکبگرن و بشکێنەوە
ئەی هەموو لاکانی دونیا گوێبگرن،
خۆتان توندبکەن و بشکێنەوە!
خۆتان توندبکەن و بشکێنەوە!
١٠ ڕاوێژ بکەن و پووچەڵ دەبێت
قسە بکەن و سەرناگرێت
چونکە خودا لەگەڵمانە.
١١ چونکە خوداوەند ئاوای پێم فەرموو، کە دەستی گرتم و
ئاگاداری کردمەوە بە ڕێگای ئەم گەلەدا نەڕۆم:
١٢ مەڵێ ناپاکی
بە هەموو ئەوەی ئەم گەلە پێی دەڵێت ناپاکی
لە ترسی ئەو مەترسن و مەتۆقێن.
١٣ تەنها خوداوەندی سوپاسالار بە پاکوپیرۆز دابنێن و
ئەو ترسی ئێوەیە، ئەو تۆقینی ئێوەیە،
١٤ ئەو دەبێت بە پیرۆزگا و بە بەردی ساتمەکردن
بە بەردی پێ هەڵکەوتن
بۆ هەردوو ماڵەکەی ئیسرائیل
دەبێت بە تەڵە و داو بۆ دانیشتووانی ئۆرشەلیم.
١٥ زۆرکەس ساتمەی پێدەکەن
دەکەون و تێکدەشکێن،
بە داوەوە دەبن و دەگیرێن.
١٦ شایەتییەکە بپێچەوە
فێرکردنەکە بە قوتابییەکانم مۆر بکە.
١٧ چاوەڕێی خوداوەند دەکەم، ئەو کە ڕووی خۆی لە ماڵی یاقوب
شاردووەتەوە، پشت بەستنم بەوە.
١٨ ئەوەتا خۆم و ئەو منداڵانەی خوداوەند پێی داوم وەك نیشانە و
کاری سەرسوڕهێنەر لەناو ئیسرائیلدا، لەلایەن خوداوەندی
سوپاسالارەوە کە لە چیای سییۆن نیشتەجێیە.
١٩ کە پێتان دەڵێن: داوا لە جنۆکەکان و ڕۆح ئامادەکاران بکەن کە
ورتەورت و چرپەچرپیانە. ئایا گەل لە خودای خۆی داوا ناکات؟
ئایا لە پێناو زیندووان لە مردووان داوا بکەن؟ ٢٠ بەرەو
فێرکردنەکە و بەرەو شایەتییەکە! ئەگەر وەك ئەم قسەیە نەکەن،
گزنگی بەیانیان نابێت.
٢١ بە سەختی و برسێتییەوە پێیدا تێدەپەڕێت، کاتێ برسی دەبێت و
قینی هەڵدەستێت نەفرەت لە پاشای خۆی و خودای خۆی دەکات
و سەر هەڵدەبڕێت، ٢٢ ئینجا تەماشای زەوی دەکات و ئەوەتا،
تەنگانە و تاریکی و ڕەشی، گوشار و ئەنگوستەچاوە و
فڕێدەدرێنە ئەوێ.

# ٩

١ چونکە ڕەشی نابێت بۆ ئەوەی لەژێر گوشارە،
وەك سەردەمی پێشوو سووکایەتی کرد بە
خاکی زەبولون و خاکی نەفتالی،
سەردەمی کۆتایی ڕێزدەگرێت لە
ڕێگای دەریا
ئەوبەری ئوردون، جەلیلی میللەتان. ٢ ئەو گەلەی بە تاریکیدا
دەڕۆیشتن،
ڕووناکییەکی گەورەیان بینی
دانیشتووان لە خاکی سێبەری مەرگ
ڕووناکی بەسەریاندا هەڵات.
٣ ئەو میللەتەت زۆر کرد
خۆشییەکی گەورەت پێی بەخشی
لەبەردەمت دڵخۆش بوون
وەك خۆشی کاتی دروێنە
وەك ئەوانەی شاد دەبن
بە دابەشکردنی دەسکەوت.
٤ چونکە نیری بارگرانی ئەو و
داری پشتی ئەو و
کوتەکی بێگار پێکردیی ئەوت
شکاند وەك ڕۆژی میدیان.
٥ چونکە هەموو پێڵاوی جەنگاوەران لە گەرمەی شەڕدا و
بەرگی لەناو خوێن گەوزا و
بۆ سووتان دەبێت
سووتەمەنییە بۆ ئاگر.
٦ چونکە کوڕێکمان دەبێت
کوڕێکمان پێ دەدرێت
سەرکردایەتی دەکەوێتە سەرشانی.
ناوی لێدەنرێت
سەرسوڕهێنەر و ڕاوێژکار
خودای بەتوانا، باوکی هەتایی
میری ئاشتی.
٧ گەشەسەندنی سەرۆکایەتی و ئاشتییەکەی
بێ کۆتایی دەبێت،
لەسەر تەختی داود و
لەسەر پاشایەتییەکەی
بۆ چەسپاندنی و بەهێزکردنی
بە دادپەروەری و بە ڕاستودروستی
لە ئێستاوە و تا هەتایە.
دڵگەرمی خوداوەندی سوپاسالار ئەمە دەکات.
٨ خوداوەندم وشەیەکی دژ بە یاقوب نارد و
بەسەر ئیسرائیلدا کەوت.
٩ گەل هەموو دەزانن
ئەفرایم و دانیشتووانی سامیرە
بە لووتبەرزی و فیزی دڵەوە دەڵێن:
خشت ڕووخا،
١٠ بە بەردی تاشراو بینادەکەینەوە
هەنجیرە کێوی بڕایەوە
دار ئورز لەشوێنی دادەنێین.
١١ خوداوەند دوژمنانی ڕەچینی لێ هەڵدەستێنێت
ناحەزانی جۆش دەدات
١٢ ئارامییەکان لە پێشەوە و
فەلەستییەکان لە دواوە،
ئیسرائیل هەڵدەلوشن

پڕ بەدەم
لەگەڵ هەموو ئەوەشدا تووڕەییەکەی دانەمرکایەوە
هێشتا دەستی درێژکردووە.
١٣ گەل هێشتا نەگەڕایەوە لای لێدەرەکەی
داوای خوداوەندی سوپاسالاری نەکرد.
١٤ خوداوەند لە ئیسرائیل سەر و کلك دەبڕێت
دارخورما و قامیش لە یەك ڕۆژدا.
١٥ پیر و پیاوماقوڵ سەرە
پێغەمبەر کە بەدرۆ فێر دەکات ئەو کلکە.
١٦ ڕێبەرانی ئەم گەلە بوون بە چەواشەکار
ئەوانەی ڕێبەرایەتی دەکرێن سەریان لێ شێواوە.
١٧ بۆیە خوداوەندم دڵخۆش نابێت بە گەنجەکانیان
بەزەیی نایەتەوە بە هەتیو و بێوەژنەکانیان
چونکە هەموو گەندەڵ و خراپەکارن
هەموو دەمەکان بە گێلی دەدوێن
لەگەڵ هەموو ئەوەشدا تووڕەییەکەی دانەمرکایەوە
هێشتا دەستی درێژکردووە.
١٨ چونکە بەدکاری وەك ئاگر دەسووتێت
دڕك و داڵ دەخوات
گڕ لە دەوەنی دارستان بەردەدات
ستوونی دووکەڵ لوول دەخوات.
١٩ بە جۆشی تووڕەیی خوداوەندی سوپاسالار
زەوی دەسووتێت
گەلیش دەبێت بە سووتەمەنی ئاگر
پیاو دڵی بە برای خۆی ناسووتێ.
٢٠ لەلای ڕاست لێدەکاتەوە و هەر برسییە
لەلای چەپ دەخوات و تێر نابێت
پیاو گۆشتی قۆڵی خۆی دەخوات،
٢١ مەنەسسا، ئەفرایم و
ئەفرایم، مەنەسسا،
هەردووکیان پێکەوە دژ بە یەهودا.
لەگەڵ هەموو ئەوەشدا تووڕەییەکەی دانەمرکایەوە
هێشتا دەستی درێژکردووە.

# ١٠

١ قوڕبەسەر فەرزدانەرانی فەرزی بەدکاری و
ئەو تۆمارکارانەی ستەم تۆماردەکەن،
٢ تا دەست بنێن بە ڕووی هەژارانەوە لە دادوەری و
مافی نەدارانی گەلەکەم بخۆن،
بۆ ئەوەی بێوەژنان ببن بە دەستکەوتیان و
هەتیوانیش تاڵان بکەن
٣ لە ڕۆژی سزادا چی دەکەن
کاتێ ماڵوێرانی لە دوورەوە دێت؟
بۆ لای کێ هەڵدێن بۆ یارمەتی و
شکۆتان لە کوێ بەجێدەهێڵن؟
٤ بێجگە لە چۆکدادان لەژێر دیل و
کەوتن لەژێر کوژراوەکان،
لەگەڵ هەموو ئەوەشدا تووڕەییەکەی دانەمرکایەوە
هێشتا دەستی درێژکردووە.
٥ قوڕبەسەر ئاشوور، داردەستی تووڕەییم،
قینم گۆچانە بە دەستییەوە.
٦ بۆ سەر میللەتێکی خوانەناس دەینێرم
فەرمانی پێدەکەم بۆ سەر ئەو گەلەی ڕقی هەستاندووم
تا دەسکەوتی دەستکەوێت و تاڵان ببات
تا بیکات بە پێشێلکراو وەك قوڕی کۆڵانان
٧ بەڵام ئەو وا بیر ناکاتەوە
دڵی وا لێکیان ناداتەوە
چونکە لە دڵیدایە وێران بکات
بیبڕێتەوە میللەتانێك کە کەم نین.
٨ چونکە دەڵێت:
ئایا هەموو میرەکانم پاشانین؟
٩ ئایا کەلنۆ وەك کەرکمیش نییە؟
یان حەمات وەك ئەرفەد؟
یان سامیرە وەك دیمەشق؟
١٠ وەك چۆن دەستم گەیشت بە پاشایەتیی بتەکان و
پەیکەری بتەکانیان زۆرترن
لەوانەی ئۆرشەلیم و لەوانەی سامیرە
١١ ئایا وەك ئەوەی بە سامیرە و بە بتەکانیم کرد،
وا ناکەم بە ئۆرشەلیم و بە پەیکەری بتەکانی؟
١٢ دوای ئەوەی خوداوەندم هەموو ئیش وکارەکەی لە چیای
سییۆن و لە ئۆرشەلیم تەواو دەکات، سزای بەروبوومی بەفیزی
دڵی پاشای ئاشوور و شانازی لووتبەرزییەکەی دەدات. ١٣ چونکە
وتی:
بە توانای دەستی خۆم کردم و
بە داناییەکەم چونکە تێگەیشتووم،
سنووری گەلانم گواستەوە و
گەنجینەکانیانم تاڵانکرد
وەك دلێرێك دانیشتووانیانم ژێرخست
١٤ وەك هێلانە دەستم گەیشت
بە سامانی گەلان،
وەك کۆکردنەوەی هێلکەی بەجێماو
هەموو زەویم کۆکردەوە
کەسیش نەبوو باڵی لێك بدات
یان دەمی بکاتەوە و ورتەیەکی لێبێت.
١٥ ئایا تەور شانازی دەکات بەسەر ئەو کەسەی پێی دەبڕێتەوە،
یان مشار خۆی بەزل دەزانێت بەسەر ئەو کەسەی دەیبا و
دەیهێنێت؟
وەك ئەوەی داردەست هەڵگرەکەی ڕاوەشێنێت
وەك ئەوەی گۆچان ئەو کەسە بەرزبکاتەوە کە دار نییە.
١٦ بۆیە خوداوەندم خوداوەندی سوپاسالار
لاوازی دەنێرێتە ناو قەڵەوەکانی
لەژێر شکۆمەندییەکەشی پشکۆیەك دادەگیرسێنێت
وەك داگیرسانی ئاگر
١٧ ڕووناکی ئیسرائیل دەبێت بە ئاگر و
پاکوپیرۆزەکەشی بە گڕ،
دەیسووتێنێت و دەیخوات چقڵ و درکەکەی
لە یەك ڕۆژدا.
١٨ چڕی دارستان و باخەکانی لەناو دەبات،
گیان و لەش پێکەوە
وەك تووانەوەی نەخۆش دەبێت.
١٩ پاشماوەی داری دارستانەکانی ئەوەندە کەم دەبن
منداڵێك دەتوانێت بیانژمێرێت.
٢٠ لەو ڕۆژەدا، پاشماوەی ماڵی ئیسرائیل و دەربازبووەکانی ماڵی
یاقوب، چیتر پشت نابەستن بە وانەی لێیان دەدەن، بەڵکو
بەڕاستی بە خوداوەند بە پاکوپیرۆزەکەی ئیسرائیل پشت
دەبەستن. ٢١ پاشماوە دەگەڕێتەوە، پاشماوەی یاقوب بۆ لای
خودای توانادار. ٢٢ چونکە ئەی ئیسرائیل، ئەگەر گەلت وەك لمی
دەریا بێت، تەنها پاشماوەی لێدەگەڕێتەوە، بڕیاری قڕبوون
دراوە، لافاوی ڕاستودروستییە. ٢٣ چونکە خوداوەندم خوداوەندی
سوپاسالار، قڕبوون و بڕیار دەردەکات بەسەر هەموو خاکەکەدا.

٢٤ بەڵام خوداوەندم خوداوەندی سوپاسالار ئاوای فەرموو: ئەی
گەلی من کە لە سییۆن دانیشتووی، لە ئاشور مەترسە بە
داردەست لێت دەدات و گۆچانەکەی لێت بەرزدەکاتەوە لەسەر
شێوازی میسرییەکان. ٢٥ چونکە بەم زووانە ڕق تەواو دەبێت و
تووڕەیم بۆ لەناوچوونی ئەوان دەبێت. ٢٦ خوداوەندی سوپاسالار
قامچی بەسەردا ڕادەوەشێنێت وەک لێدانەکەی میدیان لەلای
بەردی عوریب و گۆچانەکەی بەسەر دەریاوەیە لەسەر شێوازی
میسرییەکان بەرزی دەکاتەوە. ٢٧ جا لەو ڕۆژەدا،
باری لەسەر شانت لادەچێت و
نیری لەسەر ملت،
لەبەر قەڵەوبوونت نیر دەتەقێت.
٢٨ گەیشتە عەییات
لە مگرۆن پەڕییەوە،
لە مخماس کەلوپەلەکانی خۆی دانا.
٢٩ لە دەربەندەکە پەڕینەوە
گبەع شوێنی شەومانەوەمانە
ڕامە داچڵەکی
گبعەی شاول هەڵات.
٣٠ بە دەنگی خۆت بحیلێنە ئەی کچی گەلیم
گوێ بگرە ئەی لەیشە
داماوە عەنەتوت.
٣١ مەدمینە ڕایکرد
خەڵکی گێبیم پەناگیربوون.
٣٢ ئەمڕۆ لە نوب دەوەستێت
دەستی ڕادەوەشێنێت
بەسەر چیاکەی کچی سییۆن
بەسەر گردەکەی ئۆرشەلیم.
٣٣ ئەوەتا خوداوەند، خوداوەندی سوپاسالار
بە تەور لق دەبڕێتەوە
باڵا بەرزەکان قوت دەکرێن
لووتبەرزەکان نزم دەکرێن.
٣٤ چڕی دارستانەکان بە ئاسن دەبڕێتەوە
لوبنانیش بە دارە سەرکەشەکانیەوە دەکەوێت.

# ١١

١ چڵێک لە قەدی یەسسا دەردەچێت،
لقێکی نوێ لە بێخەکەیەوە دەڕوێت.
٢ ڕۆحی خوداوەند لەسەریدا دەنیشێتەوە
ڕۆحی دانایی و تێگەیشتن،
ڕۆحی ڕاوێژ و ئازایەتی،
ڕۆحی زانین و ترسی خوداوەند،
٣ بەترسی خوداوەند شادومان دەبێ.
بەگوێرەی بینینی چاوی خۆی دادوەری ناکات،
بەگوێرەی بیستنی گوێی خۆی بڕیار نادات،
٤ بەڵکو بە ڕاستودروستی دادوەری بۆ هەژاران دەکات و
بە ڕاستی بڕیار بۆ نەدارانی خاکەکە دەدات.
بە داردەستی دەمی لە زەوی دەدات
بە بای لێوەکانی بەدکاران دەکوژێت.
٥ ڕاستودروستی دەبێتە پۆشاک بە پشتوێن و
دڵسۆزیش دەبێتە پۆشاک بە ناوقەدیەوە.
٦ گورگ لەگەڵ بەرخ نیشتەجێ دەبێت
پڵنگ لەگەڵ کارە بزن پاڵدەداتەوە
گوێرەکە و بەچکە شێرە و دابەستە پێکەوەن و منداڵێکی بچووک
بەڕێیان دەبات.
٧ مانگا و ورچ پێکەوە دەلەوەڕن
بێچووەکانیان پێکەوەپاڵدەدەنەوە.
شێر وەکو گا کا دەخوات.
٨ کۆرپەی شیرەخۆرە لەسەر کونی مار یاری دەکات،
لە شیربڕاوە دەست دەباتە ناو کونی مارەوە.
٩ خراپە و گەندەڵی ناکەن لە هەموو چیای پیرۆزم
چونکە زەوی پڕدەبێت لە زانینی خوداوەند
وەک ئاو کە دەریا دادەپۆشێت.
١٠ لەو ڕۆژەدا ڕەگەکەی یەسسا
کە چەقاوە وەک ئاڵای گەلان،
میللەتان داوای ئەو دەکەن و
ئۆردوگاکەی دەبێتە شکۆمەندی.
١١ لەو ڕۆژەدا خوداوەندم دووبارە دەستی درێژدەکاتەوە
بۆ کڕینەوەی پاشماوەی گەلی خۆی ئەوەی ماوەتەوە
لە ئاشور و لە میسر
لە پاتروس و لە کوش
لە عیلام و لە شینعار
لە حەمات و لە کەنارەکانی دەریا.
١٢ ئاڵایەک بۆ میللەتان بەرزدەکاتەوە و
دوورخراوەکانی ئیسرائیل کۆدەکاتەوە
پەرتەوازەکانی یەهوزا خڕدەکاتەوە
لەهەر چوارلای زەویدا.
١٣ ئێرەیی ئەفرایم نامێنێت و
هەراسانی یەهوزاش دەبڕێتەوە،
ئەفرایم ئێرەیی بە یەهوزا نابات و
یەهوزاش ئەفرایم هەراسان ناکات.
١٤ لەناکاو دەدەنەسەر فەلەستیەکان بەلای ڕۆژئاوادا و
پێکەوە خەڵکی ڕۆژهەڵات تاڵان دەکەن.
ئەدۆم و مۆئاب ژێردەستیان دەبن
نەوەی عەممۆنیش گوێڕایەڵیان دەبن.
١٥ خوداوەند کەنداوی دەریای میسر تێکوپێک دەدات
دەستی ڕادەوەشێنێت بەسەر فوراتدا
بە هێزی بایەکەی و
لێیدەدات و دەیکات بە حەوت جۆگا
بە سەندەڵەوە بەناویدا دەڕۆن.
١٦ دەبێت ڕێگا بۆ پاشماوەی گەلەکەی
ئەوانەی لە ئاشور دەمێننەوە
وەک ئەوەی بۆ ئیسرائیل بوو
لەو ڕۆژەی لە خاکی میسرەوە دەرچوو.

# ١٢

١ لەو ڕۆژەدا دەڵێیت:
ستایشت دەکەم ئەی خوداوەند
چونکە کە لێم تووڕە بوویت،
تووڕەییەکەت گەڕایە دواوە و دڵت دامەوە.
٢ ئەوەتا خودای ڕزگاری من،
دڵنیادەبم و ناترسم،
چونکە خوداوەند، خوداوەند هێز و گۆرانی منە و
ئەو بوو بە ڕزگاریم.
٣ بە شادییەوە ئاو دەکێشنەوە
لە کانییەکانی ڕزگاری
٤ لەو ڕۆژەدا دەڵێن:
ستایشی خوداوەند بکەن، ناوی ڕابگەیەنن
وا بکەن کردەوەکانی لەناو گەلاندا زانراو بێت

باس بکەن کە ناوی بەرزبووەتەوە.
٥ گۆرانی بۆ خوداوەند بڵێن،
چونکە کاری شکۆمەندانەی کردووە
با ئەمە لە هەموو دونیادا زانراو بێت.
٦ ئەی نیشتەجێی سییۆن دەنگ بەرزکەوە و هاوار بکە!
چونکە مەزنە لەناوەندتدا پاکوپیرۆزەکەی ئیسرائیل.

# ١٣

١ پەیام دژ بە بابل ئەوەی ئیشایای کوڕی ئامۆچ بینی:
٢ لەسەر چیایەکی ڕووت ئاڵایەک هەڵکەن
دەنگیان لێ بەرزکەنەوە
دەست ڕاشەکێنن با بێنە ژوورەوە
بۆ ناو دەرگای میران.

٣ من فەرمانم بە تەرخانکراوەکانم کرد
هەروەها بانگی پاڵەوانەکانی خۆم کرد لەبەر تووڕەیم
ئەوانەی دڵخۆشن بە شکۆمەندیم.
٤ دەنگی حەشاماتە لە چیاکان
وەک دەنگی گەلانێکی زۆر،
دەنگی هاتوهەرای پاشایەتییەکان
میللەتان کۆبوونەتەوە،
خوداوەندی سوپاسالار
سوپای جەنگ بەسەردەکاتەوە.
٥ لە خاکێکی دوورەوە دێن
لەوپەڕی ئاسمانەوە،
خوداوەند و چەکەکانی تووڕەیی
بۆ تێکوپێکدانی سەراپای زەوی.
٦ واوەیلا بکەن، چونکە ڕۆژی خوداوەند نزیکە
وەک وێرانییەک لە لایەن هەرەبەتواناوە دێت.
٧ بۆیە هەموو دەستەکان شل دەبن
هەموو دڵێکی مرۆڤ دەتوێتەوە.
٨ ڕادەچڵەکێن، ئازار و ژان دەیانگرێت
وەک منداڵبوو دەتلێنەوە
پیاو واقی وڕدەمێنێت لە هاوڕێکەی
ڕوویان وەک ڕووی گڕی ئاگرە.
٩ ئەوەتا ڕۆژی خوداوەند دێت سەختە،
توندوتیژ و تووڕەیی بە جۆشە،
بۆ ئەوەی زەوی بکات بە وێرانە و
گوناهبارانی لێ ببڕێتەوە.
١٠ چونکە ئەستێرەکانی ئاسمان و کلوەکانی
ڕووناکیان دەرناخەن
تاریک دادێت خۆر لە کاتی هەڵاتنی
مانگیش ڕووناکیەکەی نادرەوشێتەوە.
١١ سزای جیهان دەدەم لەسەر خراپەکەی،
بەدکارانیش لەسەر تاوانەکانیان،
کۆتایی دەهێنم بە فیزی بەفیزان و
سەری لووتبەرزان شۆڕدەکەم.

١٢ مرۆڤ لە زێڕی بێگەرد بەدەگمەنتر دەکەم و
ئادەمیزادیش لە زێڕی ئۆفیر.
١٣ بۆیە ئاسمانەکان دەهەژێنم و
زەویش لەشوێن خۆی دەلەرزێت،
لەبەر قینی خوداوەندی سوپاسالار و
لە ڕۆژیی جۆش سەندنی تووڕەییەکەی.
١٤ وەک ئاسکی ڕاونراو دەبێت و
وەک ڕانەمەڕ کەس نەبێت کۆیبکاتەوە.
هەرکەسە ڕوو لەگەلەکەی خۆی دەکات و
هەرکەسە بەرەو خاکەکەی خۆی هەڵدێت.
١٥ ئەوەی بدۆزرێتەوە دەدرێتە بەر خەنجەر و
ئەوەی بگیرێت بە شمشێر دەکەوێت.
١٦ منداڵەکانیان لەبەرچاویان تێکدەشکێن و
ماڵیان تاڵان دەکرێت و
ژنەکانیان ئەتک دەکرێن.
١٧ ئەوەتا من مادییەکان دژیان هەڵدەستێنم
ئەوانەی گوێ بە زیو نادەن و
کەیفیان بە زێڕنایەت.
١٨ کەوانەکانیان لاوان تێکدەشکێنێت،
بەزەییان بە کۆرپەکان نایەتەوە،
دڵیان بە کوڕان ناسووتێت.
١٩ بابلی شکۆمەندی پاشایەتییەکان و
جوانی شانازی کلدانییەکان
وەک سەدوم و عەمورە دەبێت
لەلایەن خوداوە سەرەوژوورکرابێت.
٢٠ تا هەتایە ئاوەدان ناکرێتەوە و
نەوە دوای نەوە کەس تێیدا نیشتەجێ نابێت،
کۆچەر لەوێ دەوار هەڵنادات
شوانەکان لەوێ مێگەل مۆڵنادەن،
٢١ لەوێ جانەوەران خۆیان مۆڵدەدەن
کونەپەپو ماڵەکانیان پڕ دەکەن
وشترمرغ لەوێ نیشتەجێ دەبێت
بزنە کێوی لەوێ سەما دەکات.
٢٢ چەقەڵ لەناو قەڵاکانیان دەلوورێنێت
ئەژدیهاش لەناو کۆشکەکانیاندا خۆشییانە.
نزیکە بۆ هاتن کاتەکەی
ڕۆژگاری درێژە ناکێشێت.

# ١٤

١ چونکە خوداوەند بەزەیی بە یاقوبدا دێتەوە و دیسان ئیسرائیل
هەڵدەبژێرێتەوە، لە خاکەکەی خۆیان دەیانحەسێنێتەوە،
غەریبەکان خۆیان پێوە دەلکێنن و دێنە پاڵ ماڵی یاقوب. ٢ گەلان
دەیانگرن و دەیانبەن بۆ شوێنی خۆیان، بەڵام ماڵی ئیسرائیل
دەستیان بەسەردا دەگرن و دەیانکەن بە خزمەتکار و کارەکەر لە
خاکی خوداوەندا، دەبن بە ڕاپێچکاری ڕاپێچکارانیان و
دەسەڵاتدار دەبن بەسەر ستەمکارانیان.
٣ ئەو ڕۆژەی خوداوەند لە ناخۆشی و هەراسانی و خزمەتکارییە
سەختەی خزمەتت پێ دەکرد دەتحەسێنێتەوە، ٤ ئەم پەندە بەسەر
پاشای بابلدا هەڵدەدەیت و دەڵێیت:
زۆردار چۆن کۆتایی پێ هات
خۆبەزل زانەکە چۆن کۆتایی هات!
٥ خوداوەند گۆچانی بەدکارانی شکاند
داردەستی فەرمانڕەواکان
٦ ئەوەی بە قینەوە لە گەلان دەدات
لێدانێکی بێ بڕانەوە
دەسەڵاتدار بەسەر میللەتان بە تووڕەییەوە
چەوسێنەرێ کەس لەڕووی ڕانەوەستێت.
٧ حەسایەوە، دڵنیابوو هەموو زەوی
بە هوتاف لێدان دەنگیان هەڵبڕی،
٨ هەروەها دارسەرو و ئورزی لوبنانیش

شادن بەوەی بەسەرت هاتووە
لەوەتی تۆ ڕاکشایت
داربڕ نەهاتووەتە سەرمان.
٩ دونیای مردووان لەژێرەوە بۆت دەهەژێت
بۆ پێشوازیی هاتنت.
تارماییەکان بۆ تۆ هەڵدەستێنێت
هەموو سەرکردەکانی زەوی،
لەسەر تەختەکانیان هەڵیان دەستێنێت
هەموو پاشایانی میللەتان.
١٠ هەموو وەڵام دەدەنەوە و پێت دەڵێن:
هەروەها تۆش وەك ئێمە لاواز بوویت
وەك ئێمەت لێ هات.
١١ مەزنیت شۆڕکرایەوە ناو دونیای مردووان
بەدەم ئاوازیی عوودەکانت.
لە ژێرت مۆرانە ڕادەخرێت و
کرمیش دەبێتە لێفەت.
١٢ چۆن لە ئاسمانەوە بەربوویتەوە،
ئەی ئەستێرەی پرشنگدار کوڕی بەربەیان!
بەرەو زەوی برایتەوە،
ئەی بەزێنەری میللەتان!
١٣ تۆ کە لە دڵی خۆتدا وتت:
سەردەکەوم بۆ ئاسمانەکان
لەسەرووی ئەستێرەکانی خوداوە
تەختی خۆم بەرزدەکەمەوە
لەسەر چیای ژوان دادەنیشم
لەوپەڕی باکوور.
١٤ سەردەکەومە سەر بەرزاییەکانی هەور
وەك هەرەبەرزم لێ دێت.
١٥ بەڵام بەرەو دونیای مردووان شۆڕبوویتەوە،
بەرەو قوڵایی بیری بێ بن.
١٦ ئەوانەی دەتبینن تەماشات دەکەن
لێت ووردەبنەوە:
ئەمە ئەو پیاوەیە کە زەوی لەرزاند؟
پاشایەتییەکانی هەژاند؟
١٧ ئەوەی جیهانی کرد بە چۆڵەوانی
شارەکانی جیهانی تەفروتونا کرد
ئەوەی دیلەکانی بەرەڵا نەکرد بەرەوماڵی خۆیان؟
١٨ هەموو پاشایانی میللەتان
هەموو بەڕێزەوە ڕاکشان،
هەریەکە و لە ماڵەکەی خۆی.
١٩ بەڵام تۆ لە گۆڕەکەتەوە تووڕ هەڵدەدرێیت
وەك چڵەدارێکی ڕەتکراوە.
وەك جلی کوژراوان کە بە شمشێر لێدراون
شۆڕبووەکان بەرەو بەردەکانی بیری بێ بن
وەك لاشەی پێشێلکراو.
٢٠ لەگەڵیاندا یەك ناگریت لە ناشتن
چونکە خاکەکەی خۆت کاول کرد
گەلەکەی خۆت کوشت.
توخمی خراپەکاران
تا هەتایە ناویان نایەت،
٢١ سەربڕین بۆ کوڕەکانی ئامادە بکەن
لەسەر تاوانی باوکانیان
با هەڵنەستن زەوی داگیر بکەن و
ڕووی جیهان بە شار پڕکەنەوە.
٢٢ هەڵدەستمە سەریان،
خوداوەندی سوپاسالار ڕایگەیاند:
لە بابل ناو و پاشماوە و
نەوە و وەچە دەبڕمەوە،
خوداوەند ڕایگەیاند،
٢٣ دەیکەم بە میراتی ژیشك و
گۆمی ئاو
بە گسکی نەمان گسکی دەدەم،
خوداوەندی سوپاسالار ڕایگەیاند.
٢٤ خوداوەندی سوپاسالار سوێندی خوارد و فەرمووی:
ئەگەر وەك ئەوەی دامڕشت ئاوا نەبوو و
وەك ئەوەی پلانم بۆ دانا ئەوە نەهاتەدی!
٢٥ کە ئاشوور لە خاکەکەی خۆمدا بشکێنم و
لەسەر چیاکانم پێشێلی بکەم،
جا نیرەکەی لەسەریان لادەچێت و
بارگرانییەکەی لە کۆڵیان دەبێتەوە.
٢٦ ئەمە ئەو پلانەیە کە بۆ هەموو زەوی داڕێژراوە و
ئەمە ئەو دەستەیە کە بۆ سەر هەموو میللەتان درێژکراوە.
٢٧ چونکە خوداوەندی سوپاسالار پلانی داناوە
کێ پووچەڵی دەکاتەوە،
دەستی ئەوە درێژکراوە، کێ دەیگێڕێتەوە؟
٢٨ لەساڵی مردنی ئاخاز پاشادا ئەم پەیامە هات:
٢٩ ئەی هەموو فەلستی شاد مەبە،
کە گۆچانی لێدەرەکەت شکا،
چونکە لە ڕەگی مارەوە، توولە مار دەردەچێت و
بەرەکەی سووتێنەری باڵدارە.
٣٠ نۆبەرەکانی هەژاران بەخێودەکرێن و
نەداران بە دڵنیایەوە پاڵدەدەنەوە،
ڕەگی تۆش بە برسێتی دەکوژم و
پاشماوەکەشت دەکوژرێت.
٣١ واوەیلا بکە ئەی دەروازە، بقیژێنە ئەی شار،
ئەی فەلستی سەراپات تووایەوە
چونکە دووکەڵ لە باکوورەوە هات،
کوا نارێك لەناو ڕیزەکانی؟
٣٢ چی وەڵامی نێرراوی میللەتان دەدرێتەوە؟
کە خوداوەند سیهیۆنی دامەزراند
لەودا هەژارانی گەلەکەی پەناگیردەبن.

# ١٥

١ پەیام دژ بە مۆئاب،
چونکە لە شەوێکدا وێران بوو عار مۆئاب
کاول بوو
چونکە لە شەوێکدا وێران بوو قیر مۆئاب
کاول بوو،
٢ سەرکەوت بۆ پەرستگا و
دیبۆنیش بۆ بەرزاییەکان بۆ گریان
بەسەر نبۆ و میدبە
مۆئاب شیوەن دەکات
هەموو سەرێك ڕووتاوە و
هەموو ڕیشێك تاشراوە.

٣ لە شەقامەکانی بەرگی ماتەم دەپۆشن،
لەسەر بانەکانی و لە گۆڕەپانەکانی
هەموو شیوەن دەکەن
بەخوڕ دەگرین.
٤ حەشبون و ئەلعلیە هاواریانە
دەنگیان لە یاهس دەبیسترێت
بۆیە چەکدارەکانی مۆئاب هاوار دەکەن
گیانیان دەلەرزێت
٥ دڵم بۆ مۆئاب دەناڵێنێ
هەڵاتووەکانی بەرەو چوعەر
وەك گوێرەکەی سێ ساڵەن
چونکە بە گریانەوە
لە سەرەوژووری لوحیت سەردەکەون
چونکە لە ڕێگای حۆرونایم
هاواری شکان بەرز دەکەنەوە.
٦ چونکە ئاوەکانی نمریم
دەبن بە وێرانە
چونکە گیا وشك بوو
لەوەڕگا نەما
سەوزایی نییە.
٧ بۆیە ئەو سامانەی بەدەستیان هێنا و
شتە عەمبارکراوەکانیان
تا دۆڵی ئسپیندار هەڵدەگرن.
٨ چونکە هاوار
سنووری مۆئابی گرتەوە
واوەیلای دەگاتە ئەگلیم
واوەیلای لە بیئر ئێلیمە.
٩ چونکە ئاوەکانی دیمۆن پڕن لە خوێن،
چونکە زیاتر بەسەر دیمۆن دەهێنم
بۆ دەربازبووەکانی مۆئاب، شێر و
بۆ پاشماوەی خاکەکە.

# ١٦

١ بەرخ بە دیاری بنێرن بۆ فەرمانڕەوای خاکەکە
لە سالعەوە لە چۆڵەوانی
بەرەو چیاکەی کچی سییۆن.
٢ وەك باڵندەی هەڵاتوو
وەك لە هێلانە دەرپەڕیوویان لێدێت
کچانی مۆئاب
لە دەربەندەکانی ئەرنۆن.
٣ ڕاوێژ بکە،
دادوەری ئەنجام بدە،
وەك شەوی لێ بکە سێبەرت
لە قرچەی نیوەڕۆدا
دەرکراوەکان بشارەوە
هەڵاتووەکان ئاشکرا مەکە.
٤ با دەرکراوەکانی مۆئاب
ئاوارە بن لە لات،
ببە بە پەناگا بۆیان
لە ڕووی کاولکار
چونکە چەوسێنەر کۆتایی پێ هات
کاولی نەما
پێشێلکاران تەواووبوون لە خاکەکەدا.
٥ بە پەیمانی خۆشەویستی تەخت جێگیر دەبێت
بە دڵسۆزییەوە لەسەری دادەنیشێت
لەناو چادرەکەی داوددا
دادپەروەر و داواکاری دادپەروەری
دەستپێشخەر بۆ ڕاستودروستی.
٦ لووتبەرزی مۆئابمان بیست
لووتبەرزییەکی زۆر
خۆبەزلزانی و لووتبەرزی و بەفیزیی
فشەکانی ناچەسپێن.
٧ بۆیە مۆئاب واوەیلا بۆ مۆئاب دەکات

سەراپای واوەیلا دەکات
بۆ نانە کشمیشەکانی قیر خارەسەت دەناڵێنن
بێگومان لێدراون.
٨ چونکە کێڵگەکانی حەشبۆن سیسبوون،
ڕەزەکەی سبمە،
گەورەکانی میللەتان
شا مێوەکانییان شکاند،
تا گەیشت بە یەعزێر
پەلی هاوێشت تا چۆڵەوانی
لقەکانی درێژ بوونەوە
لە دەریا پەڕینەوە.
٩ بۆیە گریانی یەعزێر دەگریم
بۆ ڕەزەکەی سبمە
بە فرمێسکەکانم ئاوتان دەدەم
ئەی حەشبۆن و ئەلعلیە
چونکە لەکاتی میوە گەیوەکانت و دروێنەکانت
هەراوزەنای جەنگ هات.
١٠ خۆشی و شادی لە باخ بڕایەوە
لەناو ڕەزان گۆرانی ناوترێت
هاوار ناکرێت
پەستێنەر نایپەستێت، مەی لەناو گوشەر
هوتاف کپ بوو.
١١ بۆیە هەناوم وەك عوود بۆ مۆئاب دەناڵێنێ
سکیشم بۆ قیر خارس.
١٢ جا کە دەرکەوت، کە ماندووبوو
مۆئاب لەسەر بەرزاییەکان
دەچێتە ناو پیرۆزگاکەیەوە نوێژ بکات
بەڵام سەرناکەوێت.
١٣ ئەمە ئەو وشەیە کە خوداوەند پێشتر بە مۆئابی فەرموو.
١٤ ئێستاش خوداوەند دوا و فەرمووی: لەماوەی سێ ساڵدا وەك
ساڵەکانی کرێ گرتە، سەنگینی مۆئاب سووك دەبێت، بە هەموو
ئەو حەشاماتە زۆرەوە، پاشماوەکەی کەم و بچووك دەبێت نەك
گەورە.

# ١٧

١ پەیام دژ بە دیمەشق،
ئەوەتا دیمەشق لە نێو شاران دەسڕێتەوە و
دەبێتە تەپەیەکی ڕوخاو.
٢ شارەکانی عەروعیر بەجێماون
بۆ مێگەلەکان دەبن،
مۆڵدەدەن تیایدا و کوا ترسێنەر؟
٣ قەڵا لە ئەفرایم نامێنێت و
پاشایەتیش لە دیمەشق،
پاشماوەی ئارام وەك

شکۆمەندی نەوەی ئیسرائیلی لێدێت،
خوداوەندی سوپاسالار ڕایگەیاند.
٤ لەو ڕۆژەدا شکۆمەندیی یاقوب نزم دەبێتەوە
قەڵەوی گۆشتەکەی لاواز دەبێت.
٥ وەك کۆکردنەوەی دەغڵی بەپێوەڕاوەستاو دەبێت
لەلایەن دروێنەکەرانەوە،
بازووشی گوڵەگەنم دەدورێتەوە
وەك هەڵگرتنەوەی گوڵەگەنم دەبێت
لە دۆڵی ڕفایم.
٦ وەك تەکانی دارزەیتوون کە پاشماوەی تیادا دەمێنێتەوە
دوو یان سێ دەنك لەسەر چڵەکان
چوار یان پێنج لە لقە بەبەرەکان
خوداوەند خودای ئیسرائیل ڕایگەیاند.
٧ لەو ڕۆژەدا مرۆڤ ئاوڕ لە دروستکارەکەی دەداتەوە و
چاوەکانیش بەرەو پاکوپیرۆزەکەی ئیسرائیلە. ٨ ئاوڕ لە
قوربانگاکان کە دروستکراوی دەستی خۆین ناداتەوە و ئەوەی
پەنجەکانی دروستی کردوون سەیریان ناکات، ئەشێرەکان و
قوربانگاکانی بخوور.
٩ لەو ڕۆژەدا شارە قەڵابەندەکانی
وەك کەلاوەی چۆڵکراوی ناو دارستانەکان و سەر بەرزاییەکانی
لێدێت
کە لە ڕووی نەوەی ئیسرائیل چۆڵیان کردن
جا دەبێت بە وێرانە.
١٠ چونکە خودای ڕزگاریکاری خۆت لەبیرچوو و
چیای قەڵابەندی خۆت بەبیرنەهاتەوە
بۆیە ڕووەکی چاك دەچێنن
بەڵام نەمامی نامۆ سەرهەڵدەدات.
١١ ئەو ڕۆژەی دەیچێنیت، وای لێدەکەیت نەمام بکات
بۆ بەیانی وای لێدەکەیت گوڵ بکات،
بەڵام لەدەست دەچێت دروێنە لە ڕۆژی نەخۆشی و
ئازاری بێ چارەسەردا.
١٢ ئای لە هاژەهاژی خەڵکانێکی زۆر
وەك هاژەی دەریا کە دەهەژێت
خوڕەی نەتەوەکان
وەك خوڕەی ئاوی زۆر کە خوڕەی دێت
١٣ نەتەوەکان کە خوڕەیان دێت وەك خوڕەی ئاوی زۆر
بەڵام تێیان ڕادەخوڕێت و بۆ دوور ڕادەکەن
وەك پووشی چیاکان ڕاودەنرێت
لەبەردەم با و
وەك تەپوتۆزە لەبەردەم ڕەشەبا
١٤ دەمەو ئێوارە ئەوەتا تۆقین
بەر لە بەیانی نامێنن
ئەمە بەشی تاڵانکارانمانە
بەختی ڕاوڕووتکارانمانە.

# ١٨

١ قوربەسەر خاکی فڕەفڕی باڵەکان
ئەوەی لەوبەری ڕووبارەکانی کوشە
٢ پەیامبەران بە ڕێی دەریادا دەنێرێت
بە بەلەمی قامیش لەسەر ڕووی ئاوەکان.
بڕۆن ئەی نێرراوە خێراکان
بۆلای میللەتێکی باڵابەرز و کۆسە
بۆلای گەلێکی ترسناك لەوکاتەوەی هەیە و بەسەرەوە
میللەتی بێگانە و پێشێلکار
ئەوەی ڕووبارەکان دڕیانداوە بە زەوییەکەی.
٣ ئەی هەموو دانیشتووانی جیهان و
نیشتەجێبووانی زەوی،
کە ئاڵا لەسەر چیاکان بەرزکرایەوە، ببینن و
کە کەڕەنا لێدرا، گوێ بگرن.
٤ چونکە خوداوەند ئاوای پێ فەرمووم:
هێمن دەبم و لە جێی خۆمەوە تەماشا دەکەم
وەك گەرمایەکی ڕوون لە بەر هەتاودا
وەك هەوری خوناو لە گەرمای دروێنەدا.
٥ چونکە پێش ترێ ڕنین لەکاتی تەواو چرۆکردن و
کاتێ گوڵەکان دەبن بە بەرسیلەی گەییو،
چڵەکان بە داس دەبڕێتەوە و
لقەکان لێدەکاتەوە و فڕێیان دەدات.
٦ پێکەوە بەجێدەهێڵرێن بۆ داڵەکانی چیا و
بۆ گیانلەبەرەکانی زەوی
داڵەکان هاوینیان پێ بەسەر دەبەن و
هەموو گیانلەبەرەکانی زەویش زستانیان پێ بەسەر دەبەن.
٧ لەو ڕۆژەدا دیاری پێشکەش بە خوداوەندی سوپاسالار دەکرێت،
لە گەلێکی باڵابەرز و کۆسە و لە گەلێکی ترسناك لەوکاتەوەی
هەیە و بەسەرەوە، میللەتی بێگانە و پێشێلکار، ئەوەی
ڕووبارەکان دڕیانداوە بە زەوییەکەی. بۆ شوێنی ناوی
خوداوەندی سوپاسالار لە چیای سییۆن.

# ١٩

١ پەیام دژ بە میسر،
ئەوەتا خوداوەند بەسەر هەورێکی خێراوە
بەرەو میسر دێت
بتەکانی میسر لەڕووی ئەو دەلەرزن
دڵی میسریش لەناخیدا دەتوێتەوە.
٢ میسرییەکان هاندەدەم دژ بە میسرییەکان
هەرکەسە دژ بە برای خۆی شەڕدەکات
هەرکەسە دژ بە هاوڕێی خۆی،
شار دژ بە شار و
پاشایەتی دژ بە پاشایەتی.
٣ میسر ڕۆحی تیادا نامێنێت
ڕاوێژەکەی هەڵدەلووشم
داوا لە بتەکان و لە نوشتەکاران دەکەن،
لە جنۆکەکان و لە ڕۆح ئامادەکاران.
٤ میسرییەکان دەخەمە ناو دەست گەورەیەکی دڵڕەق و
پاشایەکی توندوتیژ فەرمانڕەواییان دەکات
ڕایگەیاند گەورە خوداوەندی سوپاسالار.
٥ ئاو لە دەریا وشك دەبێت
ڕووبارەکەش کاول دەبێت و وشك دەبێت
٦ زنق دەبن ڕووبارەکان
کز دەبن و کاول دەبن جۆگاکانی میسر
قامیش و زەل بۆ گەن دەبن.
٧ سەوزایی لەسەر نیل
لەسەر کەناری نیل،
هەموو ئەوەی لەسەر نیل چاندراوە
وشك بوو، بەسەرچوو و نەما.
٨ ماسی گرەکان ئاە هەڵدەکێشن
شین دەگێڕن هەموو ئەوانەی قولاپ دەهاوێنە ناو نیلەوە،
ئەوانەی تۆڕ لەسەر ڕووی ئاوەکان بڵاودەکەنەوە وورەیان
نامێنێت.

٩ کارگەران لە کەتانی ڕسراو و
جۆلایانی قوماشی سپی شەرمەزار دەبن.
١٠ بناغەکانی وردوخاشکراو دەبن و
هەموو کرێکارەکانی غەمبارن.
١١ بێ گومان میرەکانی چۆعەن گێلن
دانا ڕاوێژکارەکانی فیرعەون ڕاوێژەکانیان ئاژەڵانەیە،
چۆن فیرعەون دەڵێن،
کوڕی دانایانم من، کوڕی پاشا دێرینەکان.
١٢ کەواتە کوا داناکانت؟
با پێت بڵێن و با بزانن،
خوداوەندی سوپاسالار پلانی چی داناوە دژ بە میسر.
١٣ گێل بوون میرانی چۆعەن
چەواشەکران میرانی نوف
میسریان گومڕاکرد، پیاوماقوڵانی هۆزەکانی.
١٤ خوداوەند ڕۆحی شێواندنی تێدا تێکەڵکردووە،
میسریان گومڕاکرد لە هەموو کردارەکانی
وەک گومڕا کردنی سەرخۆش لەناو ڕشانەوەکەی.
١٥ هیچ کارێك نابێت لە میسر کە
سەر یان کلك،
دارخورما یان زەل، بیکات.
١٦ لەو ڕۆژەدا میسرییەکان وەك ژنیان لێدێت، دەلەرزن و دەتۆقن
لە ڕاوەشانی دەستی خوداوەندی سوپاسالار کە بەسەریدا
ڕایدەوەشێنێت. ١٧ خاکی یەهوزا دەبێتە مایەی تۆقین بۆ
میسرییەکان، هەموو ئەوەی بە بیر بێتەوە لێی دەترسێت، لەبەر
ئەو پلانەی خوداوەندی سوپاسالار دژی دایدەڕێژێت.
١٨ لەو ڕۆژەدا پێنج شار دەبێت لە خاکی میسردا کە بە زمانی
کەنعانی بدوێن و بە خوداوەندی سوپاسالار سوێند دەخۆن،
یەکێکیان پێی دەووترێت شاری کاولبوون.
١٩ لەو ڕۆژەدا، لەناوەڕاستی خاکی میسر قوربانگایەك بۆ
خوداوەند دەبێت و ستونێکیش لەسەر سنوورەکەی بۆ خوداوەند.
٢٠ جا دەبێتە نیشانە و شایەتی بۆ خوداوەندی سوپاسالار لە خاکی
میسر، چونکە هاوار بۆ خوداوەند دەکەن لە ڕووی زۆردار،
ئەویش ڕزگارکار و پارێزەریان بۆ دەنێرێت و دەربازیان دەکات.
٢١ جا خوداوەند لە میسر ناسراو دەبێت و لەو ڕۆژەدا میسرییەکان
خوداوەند دەناسن و بە قوربانی و قوربانی خۆراکەوە خزمەتی
دەکەن و نەزر بۆ خوداوەند دەکەن و بەجێی دەهێنن. ٢٢ خوداوەند
لە میسر دەدات، لێیان دەدات و چاکیشیان دەکاتەوە، دەگەڕێنەوە
لای خوداوەند و وەڵامیان دەداتەوە و چاکیان دەکاتەوە.
٢٣ لەو ڕۆژەدا ڕێگاوبان لە میسرەوە بەرەو ئاشوور دەبێت، جا
ئاشوور دێتە میسر و میسریش بۆ ئاشوور، میسر لەگەڵ
ئاشووردا پێکەوە خزمەت دەکەن. ٢٤ لەو ڕۆژەدا ئیسرائیل دەبێت
بە سێیەم لەگەڵ میسر و ئاشوور، بە پیرۆزی لە خاکەکە.
٢٥ ئەوەی خوداوەندی سوپاسالار پیرۆزیان دەکات و
دەفەرمووێت: پیرۆز بێت میسری گەلی من و ئاشووری
دەستکردی من و ئیسرائیلی میراتی من.

# ٢٠

١ لە ساڵی هاتنی ترتان بۆ ئەشدود، کاتێ سەرگۆنی پاشای
ئاشوور ناردی و لەگەڵ ئەشدود جەنگا و گرتی .
٢ لەو کاتەدا خوداوەند لەسەر زمانی ئیشایای کوڕی ئامۆچ قسەی
کرد و فەرمووی: بڕۆ بەرگی ماتەمەکە لە کەمەرت بکەوە و
سەندەڵەکانت لە پێت داکەنە. ئەویش وای کرد و بە ڕووتی و پێ
خاوسی ڕۆیشت.
٣ خوداوەند فەرمووی: وەك ئەوەی ئیشایای خزمەتکارم بۆ ماوەی
سێ ساڵ بە ڕووتی و پێ خاوسی ڕۆیشت، ئەمە نیشانە و
پێشبینییە لەسەر میسر و لەسەر کووش.
٤ پاشای ئاشووریش بەم جۆرە ڕاپێچەکانی میسر و دیلەکانی
کووش دەداتە پێش خۆی، گەنج و پیر بە ڕووتی و پێ خاوسی و
قوون ڕووتی، بۆ ڕسوایی میسر.
٥ دەتۆقن و شەرمەزار دەبن لەبەر کوش کە مایەی هیوایان بوو و
لەبەر میسر کە مایەی شانازییان بوو. ٦ جا دانیشتووی ئەم کەنارە
لەو ڕۆژەدا دەڵێت، ئەوەتا ئاوایە پەناگاکەمان کە بۆ ئەوێ
هەڵهاتین بۆ یارمەتی تا لە ڕووی پاشای ئاشوور فریامان
بکەوێت، ئیتر ئێمە چۆن دەرباز دەبین؟

# ٢١

١ پەیام دژ بە چۆڵەوانی دەریا:
وەك گەردەلوول لە باشوور هەڵدەکات
لە چۆڵەوانییەوە دێت
لە خاکێکی ترسناك.
٢ بینینێکی سەختم پێ ڕاگەیەندراوە
خیانەتکار خیانەت دەکات و
تاڵانکار تاڵان دەکات!
سەرکەوە ئەی عیلام
گەمارۆدە ئەی مادای
کۆتاییم هێنا
بە هەموو ئاخ هەڵکێشانەکەی.
٣ بۆیە کەلەکەم پڕبووە لە ئازار
ژان گرتمی وەك ژانی منداڵبوو
گەوزامەوە لە گوێ گرتن
واقم وڕما لە بینین.
٤ سەرم لێ شێوا
ترس پڕی پێدام
شەوی خۆشیمی
کرد بە تۆقین.
٥ خوان ئامادە دەکەن
ڕایەخ ڕادەخەن
دەخۆن و دەخۆنەوە،
هەستن ئەی میران!
قەڵغان چەورکەن.
٦ چونکە خوداوەندم ئاوای پێ فەرمووم:
بڕۆ چاودێر بە پێوە ڕاگرە
ئەوەی دەیبینێت با ڕایگەیەنێت.
٧ سواری بینی
ئەسپ سوار جووت جووت
سواری کەر، سواری وشتر،
بەتەواوی گوێی شلکرد
زۆر شلی کرد
٨ ئینجا شێرئاسا هاواری کرد،
خوداوەندم،
من بە پێوە لەسەر قوولەی چاودێرییەکە
ڕاوەستاوم
بەردەوام بە ڕۆژ،
لە بنکەی پاسەوانییەتیم
من دامەزراوم
هەموو شەوان.
٩ ئەوەتا هاتن

پیاوانی سوار
ئەسپ سوار جووت جووت!
وەڵامی دایەوە و وتی:
کەوت، بابل کەوت!
هەموو پەیکەری خوداکانی
بەرەو زەوی شکان!
١٠ ئەی خەرمانی گێرەکراوم
ڕۆڵەکانی دروێنەم،
ئەوەی لە خوداوەندی سوپاسالارەوە بیستم
لە خودای ئیسرائیلەوە
پێتانم ڕاگەیاند.
١١ پەیام دژ بە دوومە،
لە سەعیرەوە هاوارم بۆ کرا:
پاسەوان، شەو چەندی ماوە؟
پاسەوان، شەو چەندی ماوە؟
١٢ پاسەوان وتی:
بەیانی هات و هەروەها شەویش
ئەگەر داواکارن داوابکەن
بگەڕێنەوە، وەرن.
١٣ پەیام دژ بە عەرەبستان،
لەناو دەوەنەکان لە عەرەبستان
شەو بەسەر ببەن، ئەی کاروانی ددانییەکان،
١٤ بۆ بەرەوپیری تینوو،
ئاو بهێنن
ئەی دانیشتووانی خاکی تیما
بە نانی خۆیەوە بەرەوڕووی هەڵاتوو بچن.
١٥ چونکە لە ڕووی شمشێر هەڵاتوون
لە ڕووی شمشێری هەڵکێشراو
لە ڕووی کەوانی تووندکراو
لە ڕووی سەختیی جەنگ.
١٦ چونکە خوداوەندم ئاوای پێ فەرمووم: دوای یەك ساڵی ڕەبەق،
هەموو شکۆمەندیی قیدار بەسەردەچێت و ١٧ پاشماوەی ژمارەی
کەوانە پاڵەوانەکانی نەوەی قیدار کەم دەبن، چونکە خوداوەند
خودای ئیسرائیل فەرمووی.

# ٢٢

١ پەیام دژ بە دۆڵی بینین،
چیتە وا سەرکەوتوویت
هەموو بۆ سەربان
٢ ئەی پڕ لە دەنگەدەنگ
شارە بە هاتوهاوارەکە
شارۆچکە بە شانازیەکە؟
کوژراوەکانت کوژراوی شمشێر نین و
مردووی جەنگ نین.
٣ فەرمانڕەواکانت پێکەوە هەڵاتن
دوور هەڵاتن
هەموو ئەوانەی تیاتدا بینرانەوە، پێکەوە گیران
ئەوانەی دووربوون هەڵاتن.
٤ بۆیە وتم: وازم لێبێنن،
بە تاڵیەوە دەگریم،
زۆرم لێمەکەن بۆ دڵدانەوەم
لەسەر وێرانبوونی کچی گەلەکەم.
٥ چونکە خوداوەندم خوداوەندی سوپاسالار
ڕۆژێکی هەیە لە دۆڵی بینین
بۆ هاتوهەرا و سەرکوتکردن و سەرلێشێوان
بۆ دیوار بڕین و
هاوارکردن بۆ چیا.
٦ عیلام تیردانی هەڵگرتووە
بە گالیسکە و پیادە و سوارەوە،
قیریش قەڵغانی دەرخست.
٧ جا هەڵبژاردەی دۆڵەکانت
پڕ دەبێت لە گالیسکە و لە سوارەکان
ڕیزیان بەستووە ڕووەو دەروازەکە
٨ داپۆشراوی یەهوزا دەردەکەوێت
جا لەو ڕۆژەدا دەڕوانیتە چەکەکانی ماڵی دارستان،
٩ کەلێنەکانی شاری داود دەبینن کە زۆربوون و
ئاوی گۆمی خوارێ کۆدەکەنەوە.
١٠ ماڵەکانی ئۆرشەلیم دەژمێرن و ماڵەکان دەڕوخێنن بۆ
پتەوکردنی شووراکە. ١١ ئەستێلێك دروست دەکەن لەنێوان دوو
شووراکە، بۆ ئاوی گۆمە کۆنەکە.
بەڵام نەتانڕوانییە دروستکارەکەی و
ئەوەی لە مێژە شێوەی کێشابوو نەتانبینی.
١٢ خوداوەندم خوداوەندی سوپاسالار بانگەوازی کرد
لەو ڕۆژەدا
بۆ گریان و شیوەن و سەرتاشین و بەرگی ماتەم پۆشین.
١٣ بەڵام ئەوەتا خۆشی و شادی
مانگا کوشتنەوە و مەڕ سەربڕین
گۆشت خواردن و مەی خواردنەوە
با بخۆین و بخۆینەوە، چونکە بەیانی دەمرین.
١٤ خوداوەندی سوپاسالاریش لە گوێمدا ئاشکرای کرد:
کەفارەت بۆ ئەم تاوانەتان ناکرێت هەتا دەمرن.
خوداوەندم خوداوەندی سوپاسالار فەرمووی.
١٥ خوداوەندم خوداوەندی سوپاسالار ئاوای فەرموو:
برۆ بۆلای ئەو کارگێڕە
شبنا ئەوەی بەسەر ماڵەکەیە.
١٦ چیت هەیە لێرە وکێت هەیە لێرە،
تا گۆڕێکت بۆ خۆت هەڵکەندووە؟
ئەی ئەوەی لە بەرزایی گۆڕی خۆت هەڵکەندووە و
بۆ خۆت لەناو بەرد ماڵت تاشیوە.
١٧ ئەوەتا خوداوەند بە تووڕدان تووڕت دەدات
ئەی پاڵەوان،
بە لوولدان لوولت دەدات،
١٨ دەتپێچێتەوە پێچانەوەی پێچ
وەك تۆپ بەرەو زەوییەکی بەرفراوان تووڕت دەدات
لەوێ دەمریت و
گالیسکەکانی شکۆمەندیت لەوێ دەبێت
ئەی مایەی سووکایەتی ماڵی گەورەکەت.
١٩ لە پلەکەت دەرت دەکەم و
لە پایەکەت فڕێدەدرێیتە خوارەوە،
٢٠ لەو ڕۆژەدا بانگی خزمەتکارەکەی خۆم، بانگی ئەلیاقیمی
کوڕی خلقیا دەکەم و ٢١ جلەکەی تۆی لەبەر دەکەم و بە کەمەر
بەندەکەی تۆ کەمەری توند دەکەم و دەسەڵاتی تۆ دەدەمە دەست
ئەو و دەبێت بە باوك بۆ ئۆرشەلیم و بۆ ماڵی یەهوزا. ٢٢ کلیلی
ماڵی داود دەخەمە سەر شانی و دەکاتەوە و کەس دایناخات و
دایدەخات و کەس نایکاتەوە. ٢٣ وەك سنگ دەیچەقێنم لە شوێنێکی
چەسپاو و دەبێت بە تەختی شکۆمەندی بۆ ماڵە باوانی. ٢٤ هەموو
شکۆمەندی ماڵە باوانی بەوەوە هەڵدەواسن، چڵەکان و لقەکان،
هەموو دەفرە بچووکەکان، لە دەفرە پەلەکانەوە تا دەفرە
قووڵەکان.
٢٥ لەو ڕۆژەدا، خوداوەندی سوپاسالار ڕایگەیاند، سنگە
چەقاوەکە لە شوێنە چەسپاوەکە نامێنێت و دەبڕێتەوە و دەکەوێت

و ئەو بارگرانییەی بەسەریەوە بوو دەبڕێتەوە، چونکە خوداوەند
فەرمووی.

# ٢٣

١ پەیام دژ بە سور،
واوەیلا بکەن ئەی کەشتییەکانی تەرشیش!
چونکە کاولکراوە،
پێوەی نەماوە نە خانوو نە بەندەر
لە خاکی کیتیمەوە بۆیان ڕاگەیەندرا.
٢ بحەپەسێن دانیشتوانی کەنار
بازرگانانی سیدۆن،
ئەوانەی دەریا دەبڕن پڕیان کردوویت.
٣ داهاتی ئەو لەسەر ئاوە زۆرەکان
دانەوێڵەی شیخۆر و دروێنەی نیلە
جا بوو بە بازاڕی میللەتان.
٤ شەرمەزار بە ئەی سیدۆن!
چونکە دەریا وتی،
قەڵای دەریا وتی:
نە ژانم گرت و نە منداڵم بوو و
نە گەنجم گەورە کرد و نە کچی عازەبم پێگەیاند.
٥ کاتێ هەواڵ بە میسر دەگات، ژان دەیانگرێت
هەواڵی سور.
٦ بپەڕنەوە بۆ تەرشیش،
واوەیلا بکەن، ئەی دانیشتوانی کەنار!
٧ ئایا ئەمە شاری خۆشییە بۆتان
ئەوەی دێرینی لە دێرزەمانەوەیە
ئەوەی پێیەکانی بەرەو دووری دەبەن بۆ ئاوارە بوون؟
٨ کێ ئەم پلانەی دژ بە سوری تاج لەسەر داڕشت،
ئەوەی بازرگانەکانی میرانن
فرۆشیارە بەناوبانگەکانی زەوین؟
٩ خوداوەندی سوپاسالار پلانی داڕشتووە
بۆ گڵاوکردنی شانازی هەموو شکۆمەندییەك
بۆ سووك کردنی هەموو بەناوبانگەکانی زەوی.
١٠ وەك کەناری نیل زەوییەکەت بکێڵە
ئەی کچی تەرشیش،
ئیتر بەندەر نەما.
١١ دەستی بەسەر دەریادا درێژکرد
پاشایەتییەکان تۆقان
خوداوەند دژ بە کەنعان فەرمانی دا
بۆ کاول بوونی قەڵاکانی.
١٢ فەرمووی: جارێکی دی شانازی ناکەیت
ئەی پێشێلکراو، پاکیزەکەی کچی سیدۆن
هەستە بەرەو کتیم بپەڕیوە
لەوێش حەوانەوەت نابێت.
١٣ ئەوەتا خاکی کلدانییەکان
ئەم گەلە نەبوون
ئاشوور دایمەزراند بۆ گیانلەبەرە کێوییەکان
قولەکانیان قیت کردەوە
کۆشکەکانیان ڕووخاند
کردیان بە کاولگە.
١٤ ئەی کەشتییەکانی تەرشیش واوەیلا بکەن،
چونکە قەڵاکانتان کاول بوون.

١٥ لەو ڕۆژەدا ئەوە دەبێت، سور حەفتا ساڵ لەبیر دەکرێت، بەقەد
ڕۆژگاری پاشایەك. پاش حەفتا ساڵەکە وەك گۆرانی ژنە
لەشفرۆشێك بۆ سور دەبێت:
١٦ دەست بدە قیسارە و بەناو شاردا بسووڕێوە
ئەی ژنە لەش فرۆشی لەبیرکراو!
باش مۆسیقا لێبدە و زۆر گۆرانی بڵێ
بۆ ئەوەی بە بیربێیتەوە.
١٧ جا پاش حەفتا ساڵەکە، خوداوەند سور بەسەردەکاتەوە و سور
دەگەڕێتەوە سەر کرێ وەرگرتنی و لەگەڵ هەموو پاشایەتییەکانی
زەوی لەسەر ڕووی ئەم خاکە لەشفرۆشی دەکات. ١٨ بەڵام
بازرگانییەکەی و کرێ وەرگرتنەکەی تەرخانکراو دەبێت بۆ
خوداوەند. هەڵناگیرێت و لە گەنجینە ناکرێت، بەڵکو
بازرگانییەکەی بۆ ئەوانە دەبێت کە لەبەردەم خوداوەندن، تا
بخۆن و تێر بن جلی گرانبەها بپۆشن.

# ٢٤

١ ئەوەتا خوداوەند زەوی چۆڵ دەکات،
بەتاڵی دەکات و ڕووی وەردەگێڕێت،
دانیشتووانەکەی پەرت دەکات.
٢ کاهین وەك خەڵکی سادەی لێدێت،
گەورە وەك کۆیلەکەی
خانم وەك کارەکەرەکەی
کڕیار وەك فرۆشیار
شت دەر وەك شت داواکەر
قەرزدەر وەك قەرزار.
٣ زەوی بەچۆڵکردن چۆڵ دەکرێت و
بەتاڵان تاڵان دەکرێت،
چونکە خوداوەند ئەم فەرموودەیەی فەرمووە.
٤ زەوی شیوەن دەکات و سیس بوو
جیهان داهێزرا و سیس بوو
داهێزران بەرزترین خەڵکانی زەوی.
٥ زەوی لە ژێر دانیشتووانەکەی گڵاو بوو،
چونکە سەرپێچی فێرکردنەکانیان کرد
فەرزەکانیان پێشێل کرد
پەیمانی هەتاهەتاییان شکاند.
٦ بۆیە نەفرەت زەوی خوارد و
دانیشتووانەکەی سزادران.
بۆیە دانیشتووانی زەوی سووتان و
خەڵکێکی کەم مایەوە.
٧ مەیی نوێ شیوەن دەکات و
ڕەزە مێو سیس بوو،
ئاخ هەڵدەکێشن هەموو دڵخۆشەکان.
٨ دەنگ خۆشی دەفەکان کپ بوو
هاتوهەرای شادومانەکان بایەوە
دەنگ خۆشی قیسارە کپ بوو.
٩ بەدەم گۆرانییەوە مەی ناخۆنەوە
تاڵ دەبێت سەرخۆشکەر بۆ نۆشەرەکەی.
١٠ شاری سەرلێشێوان دەبڕێتەوە
هەموو ماڵێ دادەخرێت، چوونە ژوورەوە نییە.
١١ هاوارە بۆ مەی لە شەقامەکان
خۆر ئاوا بوو بەسەر هەموو خۆشییەك
دوورخرایەوە شادی زەوی
١٢ ئەوەی لە شار دەمێنێتەوە وێرتنەیە و
لێدانی دەروازەش کاولییە.

١٣ چونکە ئاوا دەبێت لەناوەندی زەوی
لەنێو گەلان،
وەك تەکانی دار زەیتوون
وەك کۆکردنەوەی هێشو کە تەواودەبێت لە ڕنین.
١٤ ئەوان دەنگ هەڵدەبڕن
هوتاف دەکێشن بۆ شکۆی خوداوەند
لە دەریاوە هاوار دەکەن.
١٥ بۆیە لە ڕوناکییەکان خوداوەند شکۆدار بکەن
لە کەناری دەریاکانیشەوە ناوی خوداوەند خودای ئیسرائیل
١٦ لەو پەڕی زەوییەوە
گوێمان لە دەنگی گۆرانی بوو
شکۆمەندی بۆ ڕاستودروست!
جا وتم:
فەوتام! فەوتام! قوڕبەسەرم!
ناپاکان ناپاکیان کرد
ناپاکان ناپاکیان لە ناپاکی کرد!
١٧ ترس و چاڵ و تەڵە
بەسەرتەوەیە ئەی دانیشتووی زەوی
١٨ ئەوەی لە دەنگی ترسەکە هەڵدێت
دەکەوێتە چاڵەکەوە و
ئەوەی لەناو چاڵەکە بێتە دەرەوە
بە تەڵەکەوە دەبێت.
چونکە بەربەستی جۆگەکان لەبەرزاییەوە کرانەوە و
بناغەکانی زەوی هەژان.
١٩ زەوی بە شکان دەشکێت
زەوی بە وردوخاش بوون وردوخاش دەبێت
زەوی بە لەقین دەلەقێت،
٢٠ زەوی بە لادان بە لادادێت، وەك سەرخۆش
جۆلانە دەکات وەك کەپر
قورسە لەسەری یاخیبوونەکەی
دەکەوێت و جارێکی دیکە هەڵناستێتەوە
٢١ لەو ڕۆژەدا خوداوەند
سزای هێزەکانی بەرزایی لە بەرزایی دەدات و
پاشایانی زەویش لەسەر زەوی.
٢٢ بە کۆمەڵ کۆیان دەکەنەوە
وەك دیل لە بەندیخانە و
لە گرتووخانە توند دەکرێن
دوای ڕۆژانێکی زۆر بەسەردەکرێنەوە.
٢٣ مانگ ڕسوا دەبێت و
خۆر شەرمەزار دەبێت
چونکە خوداوەندی سوپاسالار حوکمڕانی دەکات
لە چیای سییۆن و لە ئۆرشەلیم
شکۆمەندیش لەبەردەم پیرانی ئەوە.

# ٢٥

١ ئەی خوداوەند تۆ خودامی!
بەرزت دەکەمەوە، ستایشی ناوت دەکەم
چونکە تۆ کاری سەرسوڕهێنەرت کردووە
پلانەکانت لە دێرزەمانەوە دڵسۆزی چەسپاون
٢ چونکە شارت کرد بە کاولگە و
شارۆچکەی قەڵابەند بە ڕووخاوی
کۆشکی بێگانان لە بوون بە شار کەوتووە
بۆ هەتاهەتایە بنیادنانرێتەوە.
٣ بۆیە گەلی بەهێز ڕێزت لێدەگرن
شارۆچکەی میللەتە بەسڵەکان لێت دەترسن.
٤ چونکە بوویت بە پەناگای هەژار،
پەناگای نەدار لەکاتی تەنگانەی
چەتر لە لێزمەی باران
سێبەر لە گەرما
چونکە هەڵچوونی بێویژدانەکان
لێزمەی بارانە بەسەر دیوارەوە
٥ وەك گەرمایە لە خاکی وشکدا
هاتوهەرای بێگانەکان کپ دەکرێت
وەك گەرما بە سێبەری هەور
گۆرانی بێویژدانەکان زەلیل دەکرێت
٦ خوداوەندی سوپاسالار بۆ هەموو گەلان
لەم چیایەدا خوانی دابەستەکان ساز دەکات
خوانی مەیی ساف
دابەستە پڕ لە مۆخەکان
مەیی سافی پاڵاوتە.
٧ لەم چیایەدا لووشی دەدات
پەچەی سەر مردوو،
پەچە بەسەر هەموو گەلانەوە
هەروەها ئەو سەرپۆشەی
بەسەر هەموو میللەتاندا پۆشراوە
٨ مردنی لووشدا بۆ هەتاهەتایە
خوداوەندم خوداوەند سڕییەوە
فرمێسك لەسەر هەموو ڕووەکان
ڕسوایی گەلەکەی دادەماڵێت لە هەموو زەویدا
چونکە خوداوەند فەرمووی
٩ لەو ڕۆژەدا دەووترێت:
ئەوەتا ئەمە خوامانە
چاوەڕێمان دەکرد، ڕزگاری کردین
ئەمە خوداوەندە چاوەڕێمان کرد
شاد دەبین و دڵشاد دەبین بە ڕزگارییەکەی
١٠ چونکە لەم چیایە دەستی خوداوەند جێگیر دەبێت،
مۆئاب لە جێی خۆی پێی پەست دەکرێت
وەك پێ پەست کردنی کا بە ئاوی تەپاڵە
١١ جا لە ناوەڕستیدا دەستی بڵاو دەکاتەوە
وەك چۆن مەلەوان بۆ مەلەکردن بڵاوی دەکاتەوە.
دایدەگرێت لووتبەرزییەکەی
لەگەڵ فرتوفێڵەکانی دەستی.
١٢ قەڵابەندی بەرزی دیوارەکانت دەچەمێنێتەوە
دایدەگرێت دەینووسێنێت بە زەوییەوە تا خۆڵ.

# ٢٦

١ لەو ڕۆژەدا ئەم گۆرانییە دەڵێن لە خاکی یەهوزا:
شاری بەهێز هی ئێمەیە
ڕزگاری دەکات
بە شوورا و سەنگەرمان
٢ دەروازەکان بکەنەوە
با میللەتی ڕاستودروست
پارێزەری باوەڕ بێتەژوورەوە.
٣ مرۆڤی بیروڕا چەسپاو
بە ئاشتی تەواو دەپارێزیت
چونکە پشتی بە تۆ بەستووە،
٤ تا هەتایە پشت بە خوداوەند ببەستن،
چونکە لە خوداوەندم، خوداوەند پەناگای هەتاهەتای هەیە.

٥ چونکە دانیشتووانی بەرزایی نەوی دەکات
شاری سەرکەش دادەگرێت
دایدەگرێت تا زەوی
دەینوسێنێت بە خۆڵەوە.
٦ پێ پێشێلی دەکات، پێی هەژار
هەنگاوی نەدار.
٧ ڕێڕەوی مرۆڤی ڕاستودروست ڕێکە
ئەی ڕاست، ڕێگای ڕاستودروست خۆش دەکەیت.
٨ لە ڕێی حوکمەکانت ئەی خوداوەند
چاوەڕێی تۆمان کرد
بۆ ناوەکەت و بۆ یادکردنەوەتە
ئارەزووی گیان.
٩ گیانەکەم بە شەو ئارەزووت دەکەم
هەروەها ڕۆحم لەناخمدا بە پەرۆشە بۆت
چونکە کاتێ حوکمەکانت لە زەوییە
دانیشتووانی جیهان فێری دادپەروەری دەبن.
١٠ بەدکار بەر میهرەبانی بکەوێت
فێری ڕاستودروستی نابێت
لە خاکی ڕاستییەکاندا ناڕەوایی دەکات
شکۆی خوداوەند نابینێت.
١١ ئەی خوداوەند بەرزی دەستت نابینن
با دڵگەرمیت بۆ گەلەکەت ببینن و
شەرمەزاربن
با ئاگر دوژمنەکانت بخوات.
١٢ ئەی خوداوەند ئاشتیمان دەدەیتێ
چونکە پاداشتی هەموو کردەوە خراپەکانمانت دایەوە.
١٣ ئەی خوداوەند خودامان،
گەورەیانی دیکە، جیا لە تۆ بوون بە گەورەمان
بەڵام تەنها تۆ، یادی ناوی تۆ دەکەین.
١٤ مردوون، زیندوو نابنەوە!
تارمایین ، هەڵناسنەوە،
بۆیە سزاتدان و تێکت شکاندن
هەموو یادگارییەکی ئەوانت لەناو برد.
١٥ بۆ میللەتت زیادکرد ئەی خوداوەند،
بۆ میللەتت زیادکرد و شکۆمەند بوویت
هەموو سنوورەکانی زەوییەکەت فراوان کرد.
١٦ ئەی خوداوەند لەتەنگانەدا، هانایان بۆ هێنایت
کاتێ تەمبێت کردن، بە چرپەوە نوێژیان هەڵڕشت.
١٧ وەک ژنی سکپڕ کە لە منداڵبوون نزیک دەبێتەوە
دەتلێتەوە و دەقیژێنێت لە ژاندا
ئاوامان لێهات لەبەردەمت
١٨ سکپڕبووین تلاینەوە وەک ئەوەی بامان بوو بێت
لە زەویدا ڕزگاریمان بەرپا نەکرد و
دانیشتووانی جیهان نەکەوتن.
١٩ مردووەکانت زیندوو دەبنەوە
لاشەکان هەڵدەستنەوە
هەستن و گۆرانی بڵێن ئەی دانیشتووانی خۆڵ
چونکە ئاوڕینگت ئاوڕینگی گیایە
خاکی تارماییەکان دەکەوێت.
٢٠ گەلەکەم برۆ، بچۆ ناو ژوورەکانت و
دەرگاکەت لەدوای خۆت کلیلدە
بۆ ساتێک خۆت بشارەوە
تا تووڕەیی تێدەپەڕێت.
٢١ چونکە ئەوەتا خوداوەند لە شوێنی خۆیەوە دەردەچێت
تا سزای تاوانی دانیشتووانی زەوی بدات لەسەری
زەوی خوێنەکانی ناو خۆی دەردەخات
لەمەودوا کوژراوەکانی ناشارێتەوە.

# ٢٧

١ لەو ڕۆژەدا خوداوەند
بە شمشێرە ڕەق و گەورە و بەهێزەکەی،
سزای لیڤیاتان دەدات کە مارە هەڵهاتووەکەیە،
لیڤیاتان کە مارە پێچ خواردووەکەیە،
ئەژدیهاکەی ناو دەریاش دەکوژێت.
٢ لەو ڕۆژەدا
گۆرانی بۆ ڕەزی پەسەند بڵێن.
٣ من خوداوەندم، چاودێری ئەوم
هەموو ساتێک ئاوی دەدەم
تا بەسەریدا نەدرێت
بە شەو و بە ڕۆژ چاودێری دەکەم
٤ هەڵچوونم نییە
کێ درک و داڵم دەداتێ لە جەنگدا؟
بەناویدا هەنگاو دەنێم
پێکەوە گریان تێبەردەدەم.
٥ بەڵام گەر پەنا بداتە پاڵ من
لەگەڵ من ئاشتی دەبەستێت
ئاشتی لەگەڵ من دەبەستێت.
٦ لە داهاتوودا، یاقوب ڕەگ دادەکوتێ
گوڵ دەکات و لق دەردەکات ئیسرائیل
ڕووی جیهان پڕ بەروبووم دەکەن.
٧ ئایا خوداوەند لێیدان
بەوشێوەیەی لەوانەی دا کە لێیان دەدان
یان ئەوەندەی لێ کوشتن
وەک لە بکوژانی ئەوانی کوشت؟
٨ بە دوورخستنەوە و بە ڕاپێچ کردن دژایەتی ئەوت کرد
ڕایماڵی بە بای بەهێزی خۆی
لە ڕۆژێکی بای ڕۆژ هەڵاتیدا.
٩ بۆیە بەمە کەفارەت بۆ
تاوانی یاقوب دەکرێت
ئەمەش هەموو بەروبوومی داماڵینی گوناهەکەیەتی
بەوەی هەموو بەردەکانی قوربانگاکە
وەک بەردی گەچی وردوخاشکراو لێبکات،
نە ئەشێرەکان و نە قوربانگاکانی خۆر
بە پێوە نەمێنێت.
١٠ چونکە شاری قەڵابەند تەنهایە
ماڵ چۆڵ و بەجێماوە
وەک چۆڵەوانی
لەوێ گوێرەکە دەلەوەڕێت و
لەوێ پاڵدەداتەوە و لقەکانی تێکدەدات.
١١ کە وشک دەبێت پۆپکەکانی
دەشکێن و ژنان دێن
ئاگریان تێبەردەدەن.
چونکە گەلێکی تێگەیشتوو نییە
بۆیە دروستکارەکەی بەزەیی پێدا نایەتەوە و
شێوەکێشەکەی میهرەبان نابێت لەگەڵیدا.
١٢ لەو ڕۆژەدا
خوداوەند دەیکوتێ
لە ئاوەڕۆی ڕووبارەوە
تا دۆڵی میسر
ئێوەش یەک بەیەک هەڵدەگیرێنەوە
ئەی نەوەی ئیسرائیل.

١٣ لەو ڕۆژەدا
فوو بە کەڕەنایەکی گەورەدا دەکرێت
جا ونبووەکان لە خاکی ئاشوور و
دوورخراوەکان بۆ خاکی میسر
دێن و کڕنۆش دەبەن بۆ خوداوەند
لە چیای پیرۆز لە ئۆرشەلیم.

# ٢٨

١ قوڕبەسەر تاجی شانازی سەرخۆشانی ئەفرایم
گوڵی سیس بووە جوانی شکۆمەندییەکەی
ئەوەی لەسەر دۆڵی قەڵەوەکانە
ئەوانەی بەمەی لێدراون!
٢ ئەوەتا بەهێز و توند هی خوداوەندمە
وەك لێزمەی تەرزە و ڕەشەبای وێرانکار
وەك لێزمەی ئاوی زۆری ڕاماڵ
بە دەست فڕێیدەداتە سەر زەوی
٣ پێشێل دەکرێت
تاجی شانازی سەرخۆشانی ئەفرایم
٤ دەبێت بە گوڵی سیس بوو
جوانی شکۆمەندییەکەی
ئەوەی لەسەر دۆڵی قەڵەوەکانە
وەك یەکەم بەری هەنجیر بەر لە هاوین
ئەوەی بینەرەکەی دەیبینێت
هێشتا لە مستێتی قووتی دەدات.
٥ لەو ڕۆژەدا خوداوەندی سوپاسالار دەبێت بە
تاجەگوڵی جوانی و تاجی شکۆمەندی
بۆ پاشماوەی گەلەکەی و
٦ دەبێت بە ڕۆحی حوکمدان بۆ دانیشتوو لەسەر تەختی حوکمدان
و
پاڵەوانیەتی بۆ بەرەنگاربووانی جەنگ لەبەر دەروازەکان.

٧ بەڵام هەروەها ئەمانیش بە مەی وێڵ و
بە سەرخۆشی گومڕا بوون
کاهین و پێغەمبەر وێڵ بوون بە سەرخۆشی
بە مەی قووتداران
لە سەرخۆشیا گومڕابوون
لە بینین وێڵ بوون
ساتمەیان کرد لە حوکمدان.
٨ چونکە هەموو مێزەکان پڕبوون لە ڕشانەوە و پیسی
هیچ جێ نەماوە.
٩ زانیاری فێری کێ دەکات و
پەیام بۆ کێ ڕوون دەکاتەوە،
بۆ لەشیر براوەکان
یان بۆ لەمەمك براوەکان؟
١٠ وەك چاڤ بۆ چاڤ، چاڤ بۆ چاڤ،
قاڤ بۆ قاڤ، قاڤ بۆ قاڤ،
کەمێك لێرە و کەمێك لەوێ.
١١ چونکە بە لێوی گاڵتە و
بە زمانێکی دیکە
قسە بۆ ئەم گەلە دەکات.
١٢ بۆ ئەوانەی پێی وتن:
ئەمە حەسانەوەیە
با ماندوو بحەسێتەوە،
ئەمە ئارامگایە.
بەڵام نەیانویست گوێ بگرن.
١٣ جا وشەی خوداوەند بۆیان بوو بە
چاڤ بۆ چاڤ، چاڤ بۆ چاڤ،
قاڤ بۆ قاڤ، قاڤ بۆ قاڤ،
کەمێك لێر و کەمێك لەوێ.
بۆ ئەوەی بڕۆن و بەرەو دواوە بکەون و
بشکێنەوە و ڕاوبکرێن و بگیرێن.
١٤ بۆیە گوێ لە وشەی خوداوەند بگرن
ئەی پیاوانی گاڵتەجاڕ
ئەی فەرمانڕەوایانی ئەم گەلە
کە لە ئۆرشولیمە!
١٥ چونکە وتتان،
پەیمانمان لەگەڵ مردن بەستووە و
پەیماننامەمان لەگەڵ دونیای مردووان مۆر کردووە،
کە قامچی لافاو تێدەپەڕێت
لە ئێمە نزیك ناکەوێتەوە،
چونکە درۆمان کردووە بە داڵدەمان و
لەناو ساختە پەناگیر دەبین.
١٦ بۆیە خوداوەندم خوداوەند ئاوای فەرموو:
ئەوەتا من بەردێك لە سیۆن دادەمەزرێنم
سەنگی مەحەك،
سەری قولینچك، گرانبەها، بناغەی دامەزراو
ئەوەی بڕوای پێی بێت ناشڵەژێت.
١٧ دادوەری دەکەم بە شاقوڵ و
ڕاستودروستی دەکەم بە کێش،
جا تەرزە داڵدەی درۆ ڕادەماڵێت و
پەناگاش ئاو دایدەپۆشێت.
١٨ پەیمانەکەتان لەگەڵ مردن دەسڕێتەوە و
پەیماننامەکەتان لەگەڵ دوونیای مردووان سەرناگرێت،
قامچی لافاو کە تێدەپەڕێت
بۆی دەبن بە پێشێل.
١٩ هەر کاتێ تێپەڕێت
دەتانبات
چونکە هەموو بەیانییەك تێدەپەڕێت
بە ڕۆژ و بە شەو

بە تەنها تێگەیشتنی پەیامەکە
دەبێتە مایەی تۆقاندن.
٢٠ چونکە دۆشەك کورت بووە بۆ ڕاکشان و
لێفەش تەنگ بووە بۆ لەخۆپێچان.
٢١ چونکە وەك چیای پراچیم خوداوەند هەڵدەستێت
وەك لە دۆڵی گبعۆن قینی هەڵدەستێت
تا کارەکەی بکات
نامۆیە کارەکەی!
تا ئیشەکەی بکات
نامۆیە ئیشەکەی!
٢٢ ئێستا گالتەجاڕ مەبن،
نەوەك کۆتتان توندتر بکرێت.
چونکە گوێم لە کۆتایی پێهێنان و بڕانەوە بووە
لەلایەن خوداوەندم خوداوەندی سوپاسالارەوە بەسەر هەموو
زەوی.
٢٣ گوێ شلکەن و ببیستن دەنگم
گوێ بگرن و ببیستن قسەم.
٢٤ ئایا جووتیار هەموو ڕۆژێك زەوییەکەی دەکێڵێت
هەڵیدەکۆڵێ و خۆشی دەکات بۆ چاندن؟
٢٥ ئەی کە ڕووەکەی تەخت کرد
تۆوی دەکات بە کونجی و زیرە تیا دەوەشێنێت و
گەنم لە خەتە جووتەکانی دادەنێ و
جۆ لە شوێنی نیشانکراو
گوڵەبەڕۆژەش لە سنوورەکانی؟
٢٦ جا بەلای دادوەری ڕێنمایی دەکات
خودای خۆی فێری دەکات.
٢٧ چونکە کونجی بە جەنجەر ناکووترێت
چەرخەی عەربانەش بەسەر زیرە نایەت
بەڵکو بە دار کونجی تێکدەدرێت و
زیرەش بە گۆچان
٢٨ دانەوێڵەیە کە دەکووترێت
چونکە تاهەتایە جەنجەڕی بەسەردا ناهێنێت
چەرخەی عەرەبانەکەی و
ئەسپەکەی وردوخاشی ناکەن.
٢٩ ئەمەش لەلایەن خوداوەندی سوپاسالارەوە دەرچووە
ڕاوێژی سەیرە و
دانایی مەزنە.

# ٢٩

١ قوڕبەسەر ئەریئێل، ئەریئێل
ئەو شارەی داود تیایدا مایەوە
ساڵ لەدوای ساڵ زیاد کەن
با جەژنەکان بسوڕێنەوە.
٢ منیش تەنگ بە ئەریئێل هەڵدەچنم
جا دەبێت بە گریان و شیوەن و
وەك ئەریئێلی لێدێت بۆ من.
٣ وەك بازنە دەورەت دەدەم
بە قەڵا تەنگت پێهەڵدەچنم و
سەنگەر بەچواردەورت لێدەدەم.
٤ جا نزم دەبیتەوە و لە زەویەوە دەدوێیت
لەناو خۆڵ دەچەمێتەوە قسەکەت
دەنگت وەك تارمایی دەبێت لە زەوییەوە
لەناو خۆڵ چرپەی دێت قسەکەت.
٥ ئاپۆڕەی دوژمنانت وەك تۆزی کوتراو دەبن و
وەك پووشی با بردوو دەبێت ئاپۆڕەی زۆرداران
لە ساتێکدا لەپڕ ئەوە دەبێت.
٦ لەلایەن خوداوەندی سوپاسالارەوە سزادەدرێت
بە هەورەتریشقە و بومەلەرزە و دەنگێکی گەورەوە
بە زریان و ڕەشەبا و گڕی ئاگری سووتێنەرەوە.
٧ وەك خەون و بینینی شەوی لێدێت
ئاپۆڕەی هەموو میللەتە لەشکرکێشەکانی سەر ئەریئێل،
هەموو لەشکرکێشەکانی سەری و سەر قەڵاکانی
لەگەڵ تەنگ پێ هەڵچنانی.
٨ وەك ئەوەی برسی خەون ببینێت و ئەوەتا دەخوات
بەڵام کە هەڵدەستێت ورگی بەتاڵە،
وەك ئەوەی تینوو خەون ببینێت و ئەوەتا دەخواتەوە
بەڵام کە هەڵدەستێت شەکەتە و گیانی ئارەزوو دەکات
ئاوایان لێدێت ئاپۆڕەی هەموو ئەو میللەتانەی
لەشکرکێشیان کردووە بۆ سەر چیای سییۆن.
٩ بحەپەسێن و سەرسام بن!
خۆتان کوێرکەن و کوێربن!
سەرخۆش بوون بە بێ مەی
بەلاداهاتن بە بێ سەرخۆشکەر.
١٠ چونکە خوداوەند ڕۆحی خەوی قوڵی بەسەردا ڕشتوون و
چاوەکانتانی نوقاندووە، کە پێغەمبەرەکانتانن و
سەرتانی داپۆشیوە، کە بینەرەکانتانن
١١ جا هەموو بینینی هەمووان بۆتان بووە بە وشەکانی
پەرتووکێکی مۆرکراو، ئەوەی دەیدەنە کەسێکی خوێندەوار و
دەڵێن: تکایە ئەمە بخوێنەوە. ئەویش دەڵێت: ناتوانم، چونکە مۆر
کراوە. ١٢ یان دەیدەنە کەسێکی نەخوێندەوار و دەڵێن: تکایە ئەمە
بخوێنەوە. ئەویش دەڵێت: خوێندەواریم نییە.
١٣ جا خوداوەند فەرمووی:
لەبەر ئەوەی ئەم گەلە بە دەم نزیك بووەوە و
بە لێوی ڕێزی لێگرتم
بەڵام دڵی لێم دوورخستەوە،
ترسیان لێم، فەرمانی خەڵکییە و فێرکراون.
١٤ بۆیە ئەوەتا من جارێکی دیکە
کاری سەرسوڕهێنەر بەم گەلە دەکەم،
سەیر و سەمەرە،
دانایی داناکانی لەناودەبەم و
تێگەیشتنی تێگەیشتووانی نامێنێت.
١٥ قوڕبەسەر ئەوانەی دەچنە قوڵاییەوە
بۆ ئەوەی پلانەکانیان لە خوداوەند بشارنەوە،
کارەکانیان لە تاریکی دەبێت و
دەڵێن: کێ دەمانبینێ؟ کێ دەمانناسێ؟
١٦ ئای لە هاڵاوگێڕیتان،
ئایا گۆزەچی و قوڕ دەکرێن بە یەك
هەتا دروستکراو لە دروستکارەکەی بڵێت،
ئەو دروستی نەکردم؟
یان ئەو شتەی شێوەی کێشراوە بە شێوەکێشەکەی بڵێت،
تێناگات؟
١٧ ئایا لە ساتێکی کەمدا
لوبنان ناگۆڕێت بۆ باخ و
باخیش بە دارستان دانانرێت؟
١٨ جا لەو ڕۆژەدا کەڕەکان گوێیان لە وشەکانی پەرتووکەکە
دەبێت و
لە ئەنگوستەچاوی و لە تاریکی چاوی کوێرەکان دەیبینن.
١٩ زەلیلەکان دڵخۆشیان زیاتر دەبێت بە خوداوەند
نەدارانی خەڵکیش بە پاکوپیرۆزەکەی ئیسرائیل دڵشاد دەبن.
٢٠ چونکە زۆرداران لەناوچوو و گاڵتەجاڕ نەما و
بڕانەوە هەموو ئێشکگرانی خراپەکاری.

٢١ ئەوانەی بە وشەیەك مرۆڤ گوناهبار دەكەن و
داو دەنێنەوە بۆ دادوەر لە دەروازە و
بە شتی پووچ ڕاستودروست خواردەكەن.
٢٢ بۆیە خوداوەند ئەوەی ئیبراهیمی كڕییەوە، وای فەرموو بە
ماڵی یاقوب:
ئێستا یاقوب شەرمەزار نابێت و
ئێستا ڕووی زەرد نابێت.
٢٣ چونكە كاتێ منداڵەكانی دەبینێت
دەستكردەكانی دەستم، لەناوەندیدا
ناوم پیرۆز دەكەن و
پاكوپیرۆزەكەی یاقوب پیرۆز دەكەن و
لە خودای ئیسرائیل دەترسن
٢٤ ڕۆح گومڕابووان تێگەیشتن دەزانن و
بۆڵەبۆڵكەران فێربوون فێردەبن.

# ٣٠

١ قوڕبەسەر كوڕانی یاخی بوو!
خوداوەند ڕایگەیاند،
پلانێك جێبەجێ دەكەن كە هی من نییە
دارێژراوێك دادەڕێژن كە لە ڕۆحی منەوە نییە
بۆئەوەی گوناهە لەسەر گوناهە زیاد كەن.
٢ دەڕۆن تا بەرەو میسر شۆڕبنەوە
بێ ئەوەی پرس بە من بكەن
تا پەنا بدەنە پاڵ قەڵای فیرعەون
لە پەناگیربن لە سایەی میسر.
٣ بەڵام قەڵای فیرعەون بۆتان دەبێت بە ڕسوایی و
پەناگیریشتان لە سایەی میسر بە شەرمەزاری
٤ چونكە میرەكانی وا لە چۆعەن،
نێرراوەكانی گەیشتنە خانیس
٥ هەموو شەرمەزار دەبن
لە گەلێك كە بێ سوودە بۆیان
بۆ یارمەتیدان نییە و بۆ سوود بەخشین نییە
چونكە بۆ ڕسوایی و بۆ شوورەییە.
٦ پەیام دژ بە ئاژەڵەكانی باشوور
لە خاكی تەنگانە و ناخۆشیدا
ئەوەی شێرە مێ و شێری لێوە دێت
مار و ماری ژەهراوی باڵدار
سامانەكانیان لەسەر شانی گوێدرێژ باردەكەن
لەسەر پشتی وشتریش خەزێنەكانیان
بۆ لای گەلێك كە سوود نابەخشن،
٧ چونكە پووچ و بە فیڕۆیە یارمەتییەكەی میسر
بۆیە ناوم لەمە نا:
ڕەهەب هیم شەبەت
٨ ئێستا وەرە لەلایان لەسەر تەختەیەك بینووسە و
لەسەر پەڕتووكێك نەخشی بكە
تا بۆ ڕۆژگاری داهاتوو ببێت
بە شایەتێك بۆ هەتاهەتایە.
٩ چونكە گەلێكی یاخین،
كوڕانی درۆزنن
كوڕانێك نەیانویست
گوێ لە فێركردنەكانی خوداوەند بگرن.
١٠ بەوانەی بینین دەبینن دەڵێن، بینین مەبینن،
بە پێشبینیكارانیش، پێشبینی ڕاستمان بۆ مەكەن
قسەی لووسمان بۆ بكەن
خەونی تەفرەدەر ببینن!
١١ لە ڕێگا لابدەن، ڕێچكە بەردەن
پاكوپیرۆزی ئیسرائیل
لە پێشمان هەڵگرن.
١٢ بۆیە پاكوپیرۆزی ئیسرائیل وای فەرموو:
لەبەرئەوەی ڕەتتان كردنەوە ئەم وشەیە و
متمانەتان بە زۆرداری و خواروخێچی كرد و
پشتتان پێیان بەست.
١٣ بۆیە ئەم تاوانە بۆتان دەبێت بە
وەك كەلێنێكی داڕوخاوی دەرچوو
لە دیوارێكی بەرزدا
ئەوەی شكانەكەی
لەناكاو و یەكسەر دێت.
١٤ دەشكێت وەك شكانی گۆزەی گۆزەچییان،
وردوخاش دەكرێت بە بێ بەزەیی
تا لەناو پارچە وردوخاشكراوەكانی
پارچەیەك نابێت بۆ هەڵگرتنی ئاگر لە ئاگردانەوە
یان بۆ ئاو دەركردن لە چاڵەوە.
١٥ چونكە خوداوەندم خوداوەند، پاكوپیرۆزی ئیسرائیل وای
فەرموو:
بە گەڕانەوە و ئارامگرتن ڕزگارتان دەبێت
پاڵەوانیتان لە هێمنی و لە دڵنیاییتاندا دەبێت
بەڵام نەتانویست،
١٦ وتتان وانا،
بەڵكو بە ئەسپ هەڵدێین
بۆیە هەڵدێن،
سواری ئەسپی خێرا دەبین
بۆیە خێرادەكەن ڕاونەرانتان.
١٧ هەزاركەس لە ڕووی نەڕەی یەک كەس هەڵدێت
لە ڕووی نەڕەی پێنج كەس هەڵدێن
تا وەك دار ئاڵا بەسەر چیا و
وەك بەیداخ بەسەر گردەوە دەمێننەوە.
١٨ بۆیە خوداوەند چاوەڕێ دەكات، تا میهرەبان بێت لەگەڵتان
بۆیە هەڵدەستێت، تا بەزەیی پێتاندا بێتەوە.
چونكە خودای دادپەروەرییە خوداوەند
خۆزگە بەوانەی چاوەڕێی دەكەن
١٩ چونكە گەل لە سییۆن
لە ئۆرشەلیم نیشتەجێ دەبێت،
ئیتر مەگری
بەتەواوی میهرەبان دەبێت لەگەڵت
لەگەڵ دەنگی هاوارت
كە گوێی لێدەبێت، بەدەنگتەوە دێت.
٢٠ خوداوەندم نانی تەنگانە و ئاوی ناخۆشیت دەداتێ
ئیتر مامۆستاكەت ناخرێتە پەناوە
چاوەكانت مامۆستاكەت دەبینن.
٢١ گوێیەكانت وشەیەك دەبیستن لە دواتەوە دەڵێت،
ئەمە ڕێگاكەیە پێیدا بڕۆن.
كاتێ بەلای ڕاست یان چەپدا لادەدەن.
٢٢ پلێتی داكوتراوی بتە تاشراوە زیوەكانتان و
ڕووكەشی بتە لەقاڵبدراوە زێڕەكانتان بە گڵاو دادەنێن.
وەك پەڕۆ پیسەی ئافرەت فڕێی دەدەیت
پێی دەڵێیت، دەرچۆ!
٢٣ ئینجا بارانی تۆوەكەت دەداتێ
كە زەوییەكەی پێ تۆو دەكەیت
نانی بەرووبوومی زەوییەكە
چەور و قەڵەو دەبێت
لەو ڕۆژەدا مەڕوماڵاتەكەت

لە لەوەڕگایەکی پانوبەریندا دەلەوەڕێن.
٢٤ گاجووت و نێرەکەرەکانت
کە لەزەوییەکەت کاردەکەن
ئالیکی پاککراو دەخۆن
کە بە شەن و بە سەرەن شەنکرابێت.
٢٥ جا لەسەر هەموو چیایەکی بڵند و
لەسەر هەموو تەپۆڵکەیەکی بەرز
ڕووبار و جۆگای ئاو دەبێت
لە ڕۆژی کوشتارە مەزنەکە،
کاتێ قوولەکان دەکەون
٢٦ جا ڕووناکی مانگ وەك ڕووناکی خۆر دەبێت
ڕووناکی خۆریش حەوت ئەوەندە دەبێت
وەك ڕووناکی حەوت ڕۆژ
لەو ڕۆژەی خوداوەند دەیگرێتەوە
شکاوی گەلەکەی و
جێی لێدانەکانی تیمار دەکات.
٢٧ ئەوەتا ناوی خوداوەند لە دوورەوە هات،
تووڕەییەکەی گڕی گرتووە و
بارەکەی قورسە.
لێوەکانی پڕن لە قین و
زمانی وەك ئاگرێکی لووشدەرە.
٢٨ هەناسەی وەك ڕووبارێکی هەستاوە
دەگات بە گەردەن،
بۆ لە بێژنگدانی میللەتان بە بێژنگی پووچی و
لغاوی گومڕابوونیش لەدەم گەلانە.
٢٩ گۆرانییەکتان بۆ دەبێت
وەك شەوی تەرخانکردنی جەژن
خۆشی دڵیش وەك ئەوەی بەدەم بلوێرەوە بڕوات
تا بێت بۆ چیای خوداوەند
بۆ شاخی ئیسرائیل.
٣٠ خوداوەند وا دەکات دەنگی مەزنی ببیسرێت و
دابەزینی بازووی ببینرێت
بە هەڵچوونی تووڕەیی و
گڕی ئاگری لووشدەر
بە ڕەشەبا و لێزمەی باران و تەرزەوە.
٣١ چونکە ئاشور لە دەنگی خوداوەند لەرزدەیگرێت
بە داردەست لێدەدات.
٣٢ جا هەموو تێپەڕبوونی گۆچانە دیاریکراوەکە
ئەوەی خوداوەند دایدەگرێت بەسەریدا
بە دەف و قیسارەوە دەبێت و
بە جەنگی هەڵگیرساوەوە کە دەجەنگێت.
٣٣ چونکە چاڵی توفتە لە دوێنێوە ڕێکخراوە
هەروەها بۆ پاشا ئامادەکراوە
قووڵە، بەرینە،
کەڵەك کراوەکەی ئاگرە و داری زۆرە
هەناسەی خوداوەند وەك ڕووباری گۆگردە
گڕی تێ بەردەدات.

# ٣١

١ قوڕبەسەر ئەوانەی دادەبەزن بۆ میسر بۆ یارمەتی
پشت بە ئەسپ دەبەستن
متمانە بە گالیسکە دەکەن، چونکە زۆرە و
بە سوارەکان چونکە زۆر بەهێزن،
بەڵام پشتیان بە پاکوپیرۆزی ئیسرائیل نەبەست و
داوای خوداوەندیان نەکرد
٢ ئەویش هەروەها دانایە و کارەسات دەهێنێت
لە وشەی خۆی ناداتەوە
هەڵدەستێتە سەر ماڵی خراپەکاران و
بۆ سەر یارمەتی ستەمکاران.
٣ بەڵام میسرییەکان مرۆڤن نەك خودا
ئەسپەکانیان لەشن نەك ڕۆح،
خوداوەند دەستی درێژ دەکات،
یارمەتیدەر ساتمە دەکات و
یارمەتیدراو دەکەوێت،
هەموو پێکەوە لەناودەچن.
٤ چونکە خوداوەند ئاوای بە من فەرموو:
وەك شێر و بەچکە شێر دەنەڕێنێت
بەسەر نێچیرەکەی
ئەوەی کۆمەڵە شوان
هاواری لێدەکەن
لە دەنگیان ناترسێت و
لە هاتوهەرایان ناشڵەژێت
ئاواش خوداوەندی سوپاسالار دادەبەزێت
بۆ شەڕکردن لەسەر چیای سییۆن و لەسەر گردەکانی
٥ وەك باڵندە فڕیوەکان
ئاوا خوداوەندی سوپاسالار پارێزگاری لە ئۆرشەلیم دەکات
پارێزگاری دەکات و فریا دەکەوێت
بەسەردا تێدەپەڕێت و دەرباز دەکات.
٦ بگەڕێنەوە لای ئەوەی نەوەی ئیسرائیل بە قووڵی لێی
هەڵگەڕانەوە.
٧ چونکە لەو ڕۆژەدا هەرکەسە ڕەتی دەکەنەوە بتە زیو و بتە
زێڕەکانتان، ئەوەی گوناهەنە و دەستەکانتان بۆتانی دروستکردن.
٨ ئاشوور دەکەوێت، بەڵام بە شمشێری مرۆڤ نا
شمشێری ئادەمیزاد نییە کە دەیخوات
جا هەڵدێت لە ڕووی شمشێر
گەنجەکانی بۆ بێگار دەبن
٩ چیاکەی لە ترسان بەسەردەچێت
میرەکانیشی لە ئاڵا دەترسن،
ڕایگەیاند خوداوەند،
ئەوەی ئاگری هەیە لە سییۆن و
تەنووری هەیە لە ئۆرشەلیم.

# ٣٢

١ ئەوەتا پاشایەك بە ڕاستودروستی پاشایەتی دەکات و
میرانیش بە دادوەری سەرۆکایەتی دەکەن،
٢ مرۆڤ وەك حەشارگەیەك دەبێت لە ڕووی با و
وەك چەتر لە ڕووی لێزمەی باران
وەك جۆگای ئاو لە شوێنێکی وشکدا و
وەك سێبەری بەردێکی گەورە لە خاکی ماندووبووندا.
٣ چاوی بینەران کز نابێت و
گوێی گوێگرەکان دەبیستێت.
٤ دڵی هەڵەشەکان زانین تێدەگات و
زمانی زمانگرانەکان خێرا بە ڕەوانی دەدوێن.
٥ ئیتر گێل بانگ ناکرێت، ڕێزدار،
بە فێڵبازیش ناووترێت، خانەدان،
٦ چونکە گێل بە گێلێتی دەدوێت و
دڵیشی خراپە دەکات
تا گڵاوی ئەنجام بدات و

دژ بە خوداوەند بوختان هەڵدەبەستێ.
بۆ ئەوەی برسی تێر نەبێت و
تینوو لە خواردنەوە بێبەش بێت.
٧ فێڵبازیش خراپە ئامێریەتی و
پیلانی بەدکاری دەگێڕێت
تا کڵۆڵان تەفروتونا بکات بە قسەی درۆ
ئەگەر قسەی نەدارانیش ڕاست بێت.
٨ بەڵام ڕێزدار بە ڕێزداری پلان دادەنێت و
لەسەر ڕێزیش جێگیر دەبێت.
٩ ئەی ئافرەتە بێ غەمەکان
هەستن گوێ لە دەنگی من بگرن!
ئەی کیژە دڵنیاکان گوێ شلکەن بۆ قسەی من.
١٠ ڕۆژانێك پتر لە یەك ساڵ
لەرز دەتانگرێت ئەی دڵنیاکان،
چونکە ڕەزچنین بەسەر چوو و
کۆکردنەوە نایەت.
١١ بلەرزن ئەی ئارامەکان!
ئەی دڵنیاکان لەرز بتانگرێت!
جلتان دابکەن و خۆتان ڕووت بکەنەوە
پەلاس لە کەمەرتان ببەستن.
١٢ لە سنگی خۆتان بدەن
بۆ کێڵگە ئارەزووبەخشەکان
بۆ ڕەزی بەردار،
١٣ لەسەر خاکی گەلەکەم
دڕك و داڵ دەڕوێت،
بەڵێ، لەسەر هەموو ماڵە شادەکان
لە شارە گەشاوەکە.
١٤ چونکە کۆشك چۆڵ کرا،
حەشاماتی شار بەجێهێڵرا
قەڵا و قوولە تەخت بوون لەگەڵ زەوی
بۆ هەتاهەتایە،
بوون بە سەیرانگای کەرەکێوییەکان،
لەوەڕگا بۆ مێگەلەکان.
١٥ تا لە بەرزاییەوە ڕۆح بەسەرماندا برژێت،
جا چۆڵەوانی دەبێت بە باخ و
باخیش بە دارستان دادەنرێت.
١٦ جا دادپەروەری لە چۆڵەوانی نیشتەجێ دەبێت و
ڕاستودروستیش لەناو باخ دادەنیشێت.
١٧ جا ئەنجامدانی ڕاستودروستی ئاشتی دەبێت و
کاری ڕاستودروستیش ئارامی و ئاسوودەیی هەتاهەتایی.
١٨ جا گەلی من لە مۆڵگای ئاشتی نیشتەجێ دەبێت و
لە نشینگەی ئاسوودەیی و
لە ئۆردوگای ئارامی
١٩ تەرزە دەبارێت بە هاتنەخوارەوەی دارستانەکان و
بە نزمی نزم دەکرێتەوە شارەکە.
٢٠ خۆزگە بەخۆتان ئەی چێنەران لەدەم هەموو ئاوەکان
ئەوانەی پێی گا و کەرەکان بەڕەڵادەکەن.

# ٣٣

١ قوڕبەسەرت تێکدەر کە خۆت تێك نەدراوی و
تاڵانکەر کە تاڵانیان نەکردوویت!
کە لە تێکدان تەواو دەبیت خۆت تێك دەدرێیت،
کە لە تاڵان بوویتەوە خۆت تاڵان دەکرێیت.
٢ ئەی خوداوەند میهرەبان بە لەگەڵمان،
هیوامان بە تۆ بوو،
ببە بە بازوویان هەموو بەیانیەك و
هەروەها ڕزگاریمان لەکاتی تەنگانە
٣ لە دەنگی نەڕەی گەلان ڕایان کرد،
کە خۆت بەرزکردەوە پەرت بوون میللەتان.
٤ وەك کۆکردنەوەی کولە دەستکەوتەکانتان کۆدەکرێتەوە
وەك هەڵپەی پێ کوورە هەڵپەی لەسەر دەکرێت.
٥ خوداوەند بەرزبووەوە، چونکە نیشتەجێی بەرزاییە،
سیۆنی پڕ کردووە لە دادپەروەری و ڕاستودروستی.
٦ دەوڵەمەندی ڕزگاری، دانایی و زانین
دەبێتە مایەی دڵنیای کاتەکانت
ترسی خوداوەند گەنجینەی ئەوە.
٧ ئەوەتا دلێرەکانیان لەدەرەوە دەقیژێنن
نێرراوانی ئاشتی بە تاڵی دەگرین
٨ ڕێگاکان چۆڵ بوون
بڕانەوە ڕێبواران
پەیمان شکا و ڕەتکرانەوە شارەکان
مرۆڤ حسابی بۆ ناکرێت.
٩ شیوەن دەکات و سیس بوو زەوی،
لوبنان ڕسوابوو داڕزا،
شارون وەك بیابانی لێهات،
باشان و کەرمەل ڕووتانەوە.
١٠ خوداوەند دەفەرموێت: ئێستا هەڵدەستم،
ئێستا بەرزدەبمەوە، ئێستا خۆم بڵند دەکەمەوە.
١١ بە گیا دووگیان دەبن و کاتان دەبێت
هەناسەتان ئاگرە و خۆتان دەخوات.
١٢ گەلان دەبن بە سووتەمەنی قسڵ و
چقڵی بڕاوە بە ئاگر دەسووتێنرێن.
١٣ ئەی دوورەکان گوێتان لێبێت چیم کردووە،
ئەی نزیکەکان هێزم بزانن.
١٤ گوناهباران لە سیۆن تۆقین
گلاوەکان لەرزیان گرت.
کێ لە ئێمە لەناو ئاگری لووشدەر نیشتەجێ دەبێت؟
کێ لە ئێمە لەناو سووتانی هەمیشەیی نیشتەجێ دەبێت؟
١٥ ئەوەی بە ڕاستودروستی هەڵسوکەوت دەکات و
ڕاستی دەڵێت
قازانجی زۆرداری ڕەتدەکاتەوە
دەست لەبەرتیل وەرگرتن دەشوات،
لە بیستنی خوێن ڕشتن گوێی خۆی کەڕ دەکات،
لە بینینی خراپە چاوی خۆی دەنووقێنێت،
١٦ ئەو لە بەرزایی نیشتەجێ دەبێت،
قەڵای چیاکان پەناگایەتی،
نانی دەدرێت و
ئاوی مسۆگەرە.
١٧ چاوت پاشا لە جوانی خۆیدا دەبینێت،
زەوییەکی دوور دەبینن.
١٨ دڵت لە تۆقان ڕادەمێنێت:
کوا نووسەر و کوا باجگر؟
کوا ئەو کەسەی قوولەکان دەژمێرێت؟
١٩ گەلی درندە نابینن
گەلێك قسەیان ئاڵۆزە بۆ بیستن،
زمانیان گرانە تێیاننەگەیت.
٢٠ بڕوانە سیۆن شاری جەژنمان،
چاوەکانت ئۆرشەلیم دەبینن
ماڵێکی ئاسوودە، چادرێك ناگوازرێتەوە،
سنگەکانی هەرگیز هەڵناکەنرێن،
هیچ کام لە پەتەکانی ناپسێن.

٢١ چونکە لەوێ خوداوەندی مەزن بۆ ئێمە
شوێنی ڕووبارەکان و جۆگە کەنار فراوانەکانە
بەلەمی سەوڵدار پێیدا ناڕوات و
کەشتی مەزن پێیدا تێناپەڕێت،
٢٢ چونکە خوداوەند دادوەرمانە
خوداوەند فەرزدانەرمانە
خوداوەند پاشامانە،
ئەو ڕزگارمان دەکات.
٢٣ پەتەکانت شل بوون
بنکەی دار ئاڵای کەشتییەکەیان توند ناکەن
چارۆکە بڵاوناکەنەوە.
ئینجا دەستکەوتی زۆر دابەشکرا
شەلەکانیش تاڵانیان تاڵانکرد.
٢٤ دانیشتوو ناڵێت،

نەخۆش کەوتم،
ئەو گەلەی تێیدا نیشتەجێیە
تاوانەکانی بەخشراوە.

# ٣٤

١ ئەی میللەتان نزیک بنەوە تا گوێ بگرن،
ئەی نەتەوەکان گوێ شل کەن!
با زەوی و هەرچی تیایەتی گوێ بگرێت
جیهان و هەموو بەرهەمەکانی،
٢ چونکە قینی خوداوەند لە هەموو میللەتانە
تووڕەیی لە هەموو سوپاکانیانە
قڕی کردوون، بەدەستەوەی داون بۆ سەربڕین.
٣ کوژراوەکانیان فڕێدەدرێن
کەلەشەکانیان بۆنی بۆگەنی دەردەکات.
چیاکان لەناو خوێنی ئەوان دەتوێنەوە و
٤ هەموو هێزەکانی ئاسمان دادەڕزێن.
ئاسمان وەک پەرتووک دەپێچرێتەوە
هەموو هێزەکانی هەڵدەوەرن
وەک هەڵوەرینی مێوو و
هەڵوەریوو لە دار هەنجیر.
٥ چونکە شمشێری من لە ئاسمان تێرئاو بووە
ئەوەتا دادەبەزێتە سەر ئەدۆم و
بەسەر گەلێک بەنەفرەتم کردووە بۆ حوکم بەسەردادان.
٦ خوداوەند شمشێرێکی هەیە خوێنی لێ دەتکێت،
قەڵەو بووە بە پیو
بە خوێنی بەرخ و گیسک
بە پیوی گورچیلەی بەرانەکان،
چونکە خوداوەند قوربانی سەربڕاوی هەیە لە بەسرە و
سەربڕینێکی گەورەی هەیە لە خاکی ئەدۆم.
٧ گای کێوی لەگەڵیان دەکەون
گوێرەکەکان لەگەڵ کەڵەگاکان،
زەوییان بەخوێن ئاو دەدرێت،

خۆڵیان بە پیو قەڵەو دەبێت.
٨ چونکە خوداوەند ڕۆژی تۆڵەسەندنەوەی هەیە
ساڵی سزادان لەبەر کێشەکەی سییۆن.
٩ جا ڕووبارەکانی دەبن بە قیر و
خۆڵەکەی بە گۆگرد
زەوییەکەی دەبێت بە قیری داگیرساو.
١٠ شەو و ڕۆژ ناکوژێتەوە
دووکەڵی بۆ هەتاهەتایە بەرزدەبێتەوە
نەوە دوای نەوە کاول دەبێت
بۆ هەتاهەتایە کەس پێیدا تێناپەڕێت
١١ تیتروانسک و ژووشک داگیری دەکەن،
کوندەپەپوو و قەلەڕەش نیشتەجێ دەبن تێیدا.
پەتی کاول بوون و
شاقوولی چۆڵ بوونی بەسەردا درێژ دەکرێت.
١٢ کەس نییە لەوێ ئازادەکانی بانگی بکەن پاشایەتی بکات
هەموو میرەکانی دەبن بە هیچ.
١٣ دڕک لە کۆشکەکانی دەردەچێت
چقڵ و حوشترئالوک لە قەڵاکانی.
دەبێت بە مۆڵگای چەقەڵ و
لانەی حوشترمورغ.
١٤ جانەوەری کێوی و کەمتیار پێک دەگەن،
جنۆکە بانگی هاوەڵەکانی دەکات،
شەوە لەوێ ئارام دەگرێت و
جێی حەوانەوە بۆ خۆی دەدۆزێتەوە.
١٥ لەوێ تیرەمار هێلانە دەکات و هێلکە دەکات
کڕ دەبێت و لە سێبەرەکەی هەڵیدێنێت.
لەوێ داڵەکان کۆ دەبنەوە
هەریەکە و لەگەڵ تاکەکەی.
١٦ پەرتووکی خوداوەند بپشکنن و بخوێننەوە،
یەکێک لەمانە کەم نابێتەوە
هیچ شتێك تاکەکەی ون ناکات
چونکە دەمی ئەو فەرمانی دا
ڕۆحی ئەو کۆیکردەوە.
١٧ ئەو تیروپشکی بۆ کرد
دەستی ئەو بە پەت بۆی بەش کرد
بۆ هەتاهەتایە داگیری دەکەن
نەوە دوای نەوە تێیدا نیشتەجێ دەبن.

# ٣٥

١ چۆڵەوانی و خاکی وشک شادومان دەبن
بیابان دەگەشێتەوە و وەک گوڵاڵەسوورە چرۆدەکات،
٢ بە تەواوی چرۆ دەکات و
تەواو دەگەشێتەوە و هاواری خۆشی دەکات!

شکۆی لوبنانی پێ دەدرێت
شەوکەتی کەرمەل و شارۆن،
ئەوان شکۆی خوداوەند و
شەوکەتی خودامان دەبینن.
٣ دەستە شلەکان توندکەن و
ئەژنۆ لەرزۆکەکان بچەسپێنن.
٤ بڵێن بەوانەی دڵەکووتێیانە:
خۆتان توندکەن، مەترسن!
ئەوەتا خوداتان،بە تۆڵەسەندنەوە دێت
پاداشتی خوداتان
ئەو دێت و ڕزگارتان دەکات.
٥ ئەوسا چاوی کوێرەکان دەکرێتەوە و
گوێی کەڕەکان دەکرێتەوە.
٦ ئەوسا شەل وەک ئاسک باز دەدات و
زمانی لاڵ هاواری خۆشی دەکات،
چونکە لە چۆڵەوانی ئاو تەقییەوە و

ڕووباریش لە بیابان
٧ سەراب دەبێت بە گۆم و
خاکی تینوو بە کانیاو
لە لانەی چەقەڵەکان لە مۆڵگاکەیان
قامیش و زەلی لێ سەوزدەبێت
٨ لەوێ ڕێڕەوێك و ڕێگایەك دەبێت
ڕێگای پیرۆزی پێ دەووترێت
گڵاو پێیدا تێناپەڕێت
بەڵکو بۆ ئەوانە
ئەوەی بەو ڕێگایەدا بڕوات
تەنانەت گێلەکانیش گومڕا نابن.
٩ شێر لەوێ نابێت
جانەوەری دڕندە سەرناکەوێت بۆ ئەوێ!
لەوێ بەرچاوناکەون
بەڵکو ئەوانەی کڕاونەتەوە پێیدا دەڕۆن
١٠ ئەوانەی خوداوەند کڕیونیەتیەوە
دەگەڕێنەوە و بۆ سییۆن دێن

بەهاواری خۆشی و شادی هەتاهەتایی بەسەر سەریانەوە.
شادی و خۆشی پێیان دەگات و
ناخۆشی و ئاخ هەڵکێشان هەڵدێن.

# ٣٦

١ ئەوە بوو لە ساڵی چواردەیەمی خزقیا پاشادا، سەنحاریبی پاشای
ئاشوور دای بەسەر هەموو شارە شورابەندەکانی یەهوزا و
داگیری کردن. ٢ ئینجا پاشای ئاشوور لەخیشەوە ڕەبشاقی بە
سوپایەکی گەورەوە بۆ لای خزقیا پاشا نارد. جا لەلای جۆگەی
گۆمەکەی سەرەوە ڕاوەستا لەسەر ڕێگای کێڵگەی جل شۆر.
٣ ئەلیاقیمی کوڕی خلقیا ئەوەی لێپرسراوی ماڵەکەیە و شیبنەی
نووسەر و یوئاخی تۆمارکار کوڕی ئاساف چوونە دەرەوە
بۆلای. ٤ ڕەبشاقی پێی وتن: بە خزقیا بڵێن، پاشای گەورە،
پاشای ئاشوور ئاوا دەڵێت: ئەو پشت بەستنەت بە کێیە؟ ٥ دەڵێم،
قسەی لێوان ڕاوێژ و پاڵەوانیەتیە بۆ جەنگ، ئێستاش پشتت بە
کێ بەستووە تا لێم یاخی بیت؟ ٦ ئەوەتا پشتت بە پاڵپشتی ئەو
قامیشە شکاوەی میسر بەستووە، ئەوەی کە هەر کەسێك خۆی
بەسەردا بچەمێنێتەوە لەپی دەستی بریندار و کون دەکات!
فیرعەونی پاشای میسر ئاوایە بۆ هەموو ئەوانەی پشتی پێ
دەبەستن. ٧ گەر پێشم بڵێی پشتمان بە خوداوەند خودای خۆمان
بەستووە، ئایا ئەوە ئەو نەبوو کە خزقیا بەرزاییەکانی و
قوربانگەکانی لابرد و بە یەهوزا و ئۆرشەلیمی وت، لەبەردەم
ئەم قوربانگایەی کڕنۆش دەبەن؟ ٨ ئێستاش گرەو لەگەڵ گەورەم
پاشای ئاشووردا بکە و من دوو هەزار ئەسپت دەدەمێ و تۆش
بتوانە سوار بۆ خۆت لەسەریان دابنێ! ٩ ئیتر چۆن دەست دەنێی
بە ڕووی پارێزگارێك لە خزمەتکارە بچووکەکانی گەورەکەم و
پشت دەبەستیت بە میسر بۆ گالیسکە و بۆ سوار؟
١٠ ئێستاش ئایا من بەبێ خوداوەند هاتوومەتە سەر ئەم خاکە تا
وێرانی بکەم؟ خوداوەند پێی فەرمووم، بەسەر ئەو زەوییەدا بدە و
وێرانی بکە. ١١ ئینجا ئەلیاقیم و شبنە و یۆئاخ بە فەرماندەکەیان
وت: تکایە لەگەڵ خزمەتکارەکانت بە ئارامی قسە بکە، چونکە
لێی تێدەگەین، بە عیبری قسەمان لەگەڵ مەکە لەبەر چاوی
خەڵکەکەی سەر دیوارەکە.
١٢ فەرماندەکەش وتی: ئایا گەورەم تەنها بۆ لای گەورەکەت و
تۆی ناردووین تا ئەم قسانە بکەین؟ ئایا بۆ لای ئەو پیاوانەی سەر
دیوارەکەی نەناردووین، تا پیسایی خۆیان بخۆن و میزی خۆیان
بخۆنەوە لەگەڵتاندا؟
١٣ ئینجا فەرماندەکە وەستا و بە دەنگێکی بەرز بە عیبری هاواری
کرد و قسەی کرد و وتی: گوێ لە قسەی پاشای گەورە، پاشای
ئاشوور بگرن. ١٤ پاشا ئاوا دەڵێت، مەهێڵن خزقیا فریوتان بدات،
چونکە ناتوانێت فریاتان بکەوێت. ١٥ مەهێڵن خزقیا واتان لێبکات
پشت بە خوداوەند ببەستن و بڵێت بێگومان خوداوەند فریامان
دەکەوێت و ئەم شارە بە دەست پاشای ئاشوورەوە نادات. ١٦ گوێ
لە خزقیا مەگرن، چونکە پاشای ئاشوور وا دەڵێت، ڕازیبن بە
ملکەچ بوون بۆ من و وەرنە دەرەوە بۆلام، با هەر کەسەو لە
مێوەکەی خۆی و لە هەنجیرەکەی خۆی بخوات و ئاو لە بیرەکەی
خۆی بخواتەوە. ١٧ تا ئەو کاتەی دێم و دەتانبەم بۆ زەوییەکی وەك
زەوییەکەی خۆتان، زەوی گەنم و مەی، زەوی نان و ڕەزە مێو.
١٨ با خزقیا فریوتان نەدات کە دەڵێت، خوداوەند فریامان
دەکەوێت. ئایا خوداکانی میللەتان هیچیان فریای زەوییەکەی
خۆی کەوت لە دەست پاشای ئاشوور؟ ١٩ کوان خوداکانی حەمات
و ئەرفاد؟ کوان خوداکانی سفەرڤەیم؟ ئایا فریای سامیرە کەوتن
لەدەستم؟ ٢٠ کام لە هەموو خوداکانی ئەو زەوییانە فریای
زەوییەکەیان کەوتن لە دەستم، تا خوداوەند فریای ئۆرشەلیم
بکەوێت لە دەستم؟ ٢١ بەڵام ئەوان بێ دەنگ بوون و بەیەك وشە
وەڵامیان نەدایەوە، چونکە فەرمانی پاشا ئەوە بوو کە وەڵامی
نەدەنەوە.
٢٢ ئینجا ئەلیاقیمی کوڕی خلقیای لێپرسراوی ماڵەکە و
شبنەی نووسەر و یۆئاخی تۆمارکار کوڕی ئاساف هاتن بۆ لای
خزقیا و جلەکانیان دادڕی بوو، قسەکانی فەرماندەکەیان پێی
ڕاگەیاند.

# ٣٧

١ ئەوە بوو کە خزقیا پاشا گوێی لەمە بوو، جلەکانی لەبەرخۆیدا
دادڕی و بەرگی ماتەمی پۆشی و چووە ناو ماڵی خوداوەندەوە.
٢ ئینجا ئەلیاقیمی لێپرسراوی ماڵەکە و شبنەی نووسەر و
ڕیشسپیانی کاهینەکان کە هەموویان بەرگی ماتەمیان پۆشیبوو بۆ
لای ئیشعیای پێغەمبەر کوڕی ئاموس نارد و ٣ پێیان وت: خزقیا
وا دەڵێت، ئەمڕۆ ڕۆژی تەنگانە و سەرزەنشت و سووکایەتیە،
چونکە کۆرپەکان لە لەدایك بوون نزیك بوونەتەوە، بەڵام هێزی
لەدایك بوون نییە. ٤ بەڵکو خوداوەند خودات گوێی لە قسەکانی
فەرماندەکە بێت، کە گەورەکەی، پاشای ئاشوور ناردی، تا
سووکایەتی بە خودای زیندوو بکات، با خوداوەند خودات
سەرزەنشتی بکات لەسەر ئەو قسانەی خوداوەند خودات گوێی
لێبوو، نوێژ بەرزبکەوە لەپێناو ئەوانەی ماونەتەوە.
٥ ئینجا خزمەتکارەکانی خزقیا پاشا هاتن بۆلای ئیشعیا.
٦ ئیشعیاش پێی وتن: ئاوا بە گەورەکەتان بڵێن، خوداوەند ئاوا
دەفەرمووێت، لەو قسانە مەترسە کە گوێت لێیان بوو، کە
غوڵامەکانی پاشای ئاشوور کفریان بە من کرد. ٧ ئەوەتا من
ڕۆحێکی دەخەمە ناو کە هەواڵێکی بداتێ و بۆ زەوییەکەی خۆی
بگەڕێتەوە و لە زەوییەکەی خۆیدا بە شمشێر دەیخەم.
٨ ئینجا فەرماندەکە گەڕایەوە و بینی پاشای ئاشوور دژی لبنە
دەجەنگێت، چونکە بیستیەوە کە لەخیشی بەجێهێشتووە .
٩ دەربارەی ترهاقەی پاشای کوشیش بیستیەوە وتیان، ئەوەتا بۆ
جەنگ دژ بە تۆ دەرچووە، جا گەڕایەوە و نێرراوی بۆلای
خزقیا نارد و وتی: ١٠ ئاوا قسە لەگەڵ خزقییای پاشای یەهوزا
دەکەن و دەڵێن، با خوداکەت فریوت نەدات، ئەوەی پشتت پێی
بەستووە و دەڵێت ئۆرشەلیم بەدەست پاشای ئاشوورەوە نادرێت.
١١ ئەوەتا تۆ خۆت بیستووتە کە پاشاکانی ئاشوور چییان بە
هەموو زەوییەکان کردووە بۆ لەناوبردنیان. ئایا تۆ دەرباز

دەبێت؟ ١٢ ئایا خوداکانی ئەو میللەتانە فریای ئەوان کەوتن، ئەو
گەلانەی باوباپیرانم لەناویان بردن، گۆزان و حاران و ڕەسف و
نەوەی عەدەن ئەوەی لە تەلاسارە؟ ١٣ کوان پاشای حەمات و
پاشای ئەرفاد و پاشای شارەکانی سفەرڤەیم، هەینەع و عەوا؟
١٤ ئینجا حزقیا نامەکانی لە دەستی نێرراوەکان وەرگرت و
خوێندنیەوە و سەرکەوت بۆ ماڵی خوداوەند و حزقیا لەبەردەم
خوداوەندا بڵاوی کردنەوە. ١٥ حزقیا لەبەردەم خوداوەندا
نوێژی کرد و وتی: ١٦ خوداوەندی سوپاسالار خودای ئیسرائیل،
دانیشتوو لەسەر کروبەکان، تۆ بە تەنها خودای هەموو
پاشایەتییەکانی زەویت، تۆ ئاسمان و زەویت دروست کرد.
١٧ ئەی خوداوەند گوێت شلکە و گوێ بگرە، ئەی خوداوەند
چاوەکانت بکەرەوە و ببینە، گوێ لە هەموو وشەکانی سەنحاریب
بگرە کە ناردوونی، تا سووکایەتی بە خودای زیندوو بکات.
١٨ ڕاستە ئەی خوداوەند، پاشاکانی ئاشوور میللەتان و
زەویەکانیان لەناو بردوون. ١٩ خوداکانیشیان فڕێدایە ناو ئاگرەوە،
چونکە ئەوانە خودا نەبوون، بەڵکو دروستکراوی دەستی مرۆڤ،
دار و بەرد بوون و لەناوچوون. ٢٠ ئێستاش ئەی خوداوەند
خودامان، ڕزگارمان بکە لە دەستی، جا هەموو پاشایەتییەکانی
سەر زەوی دەزانن کە بە تەنها تۆ خوداوەندیت.
٢١ ئینجا ئیشعیای کوڕی ئاموس ناردی بۆلای حزقیا و وتی:
خوداوەندی خودای ئیسرائیل ئەوەی نوێژت بۆ کرد سەبارەت بە
سەنحاریبی پاشای ئاشوور وا دەفەرمووێت، ٢٢ ئەمە ئەو قسەیەیە
کە خوداوەند لەسەر ئەو فەرموویەتی،
پاکیزە، کچی سیۆن،
بێزی لێکردیەوە و گاڵتەی پێ کردیت.
کچی ئۆرشەلیم،
بەدوواتدا سەری لەقاند.
٢٣ بە کێ سووکایەتیت کرد و کفرت کرد،
بەسەر کێ دەنگت بەرزکردەوە؟
چاوەکانت بۆ باڵا بەرز دەکەیتەوە،
بەسەر پاکوپیرۆزی ئیسرائیلەوە!
٢٤ لەسەر دەستی خزمەتکارەکانت سووکایەتیت بە خوداوەندم کرد
و دەڵێیت،
بە زۆری گالیسکەکانمەوە،
من سەرکەوتمە سەر بەرزیی چیاکان،
تا ئەوپەڕی لوبنان،
لە دارئورزەکانی بەرزترینم بریەوە،
لە دار سەروەکانی هەڵبژاردەیان،
چوومە ناو قووڵایی سنوورەکانی،
ناو زەوییە بەپیتەکانی.
٢٥ من بیرم لێدا و
لە ئاوەکانم خواردەوە،
هەموو جۆگەلەکانی میسرم،
بە بنی پێیەکانم کوێر کردەوە.
٢٦ ئەی گوێت لێ نەبووە؟
من لەمێژە کردوومە،
لە ڕۆژگاری کۆنەوە نەخشەم کێشاوە،
ئێستاش دەیهێنمەدی،
کە تۆ ببێت شارە شورابەندەکان ووردوخاش بکەیت،
تا ببنە تەپۆلکە وێران کراوەکان.
٢٧ دانیشتووانەکانیان بێدەسەڵاتن،
ڕەنگ زەرد و شەرمەزاربوون،
بوون بە گیای کێڵگە، بە ڕووەکی سەوز،
بە گژوگیای سەربان،
هەڵبزرکاو بەرلەوەی باڵا بکات.
٢٨ بەڵام من دانیشتن و دەرچوون و هاتنە ژوورەوەت دەزانم،
هەروەها هەڵچوونت دژ بەمن.
٢٩ لەبەرئەوەی خۆبەزل زانی و هەڵچوونت لێم،
بەرزبوونەوە بۆ بەر گوێم،
بۆیە قولابەکەم دەخەمە لووتت و
لغاوەکەم لە لێوەکانت و
بەو ڕێگایەدا دەتنێرمەوە کە لێوەی هاتوویت.
٣٠ ئەمەش نیشانەیە بۆت،
ئەمساڵ دەغڵی خۆرسك و ساڵی دووەم ئەوەی لەوە بەردەگرێت
دەخۆن، بەڵام لە ساڵی سێیەمدا دەکێڵن و دەدورنەوە و مێو دەنێژن
و لەبەرەکەی دەخۆن. ٣١ جارێکی تر دەربازبووانی ماڵی یەهوزا
ئەوانەی ماونەتەوە، لەژێرەوە ڕەگ دادەکوتن و لەسەرەوەش
بەردەگرن. ٣٢ چونکە ئەوانەی ماونەتەوە لە ئۆرشەلیمەوە
دێنەدەرەوە و دەربازبووانیش لە چیای سیۆنەوە، دڵگەرمی
خوداوەندی سوپاسالار ئەمە دەکات.
٣٣ لەبەرئەوە خوداوەند لەبارەی پاشای ئاشوورەوە ئاوای
فەرمووە،
نایەتە ناو ئەم شارەوە و تیرێکیش بۆ ئەوێ ناهاوێت و بە
قەڵغانەوەش لێی نایەتە پێشەوە و سەنگەریشی لێناگرێت. ٣٤ نایەتە
ناو ئەم شارەوە و بەو ڕێگایەدا دەگەڕێتەوە کە پێیدا هاتووە،
خوداوەند ڕایگەیاند. ٣٥ بەرگری لەم شارە دەکەم بۆ ڕزگارکردنی
لەپێناوی خۆم و لەپێناوی داودی خزمەتکارم.
٣٦ جا فریشتەی خوداوەند دەرچووە و سەدو هەشتا و پێنج
هەزاری لە سوپای ئاشوور کوشت، بەیانی زوو کە هەستان
بینیان هەموو لاشەی مردوون. ٣٧ ئینجا سەنحاریبی پاشای
ئاشوور دەستی کێشایەوە و ڕۆیشت و گەڕایەوە و لە نەینەوادا
مایەوە. ٣٨ ئەوە بوو کاتێ لە پەرستگای نیسرۆخی خودایدا
کڕنۆشی بردبوو، هەردوو کوڕەکەی، ئەدرەمەلەك و
سەرئەسەر، بە شمشێر لێیاندا و خۆشیان بۆ زەوی ئارارات
دەرباز بوون. ئینجا ئەسارخەدونی کوڕی لە جێی ئەو بوو بە
پاشا.

# ٣٨

١ لەو ڕۆژانەدا حزقیا نەخۆش کەوت و لە مردن نزیك بوو، جا
ئەشعیا پێغەمبەر کوڕی ئاموس هات بۆلای و پێی وت: خوداوەند
ئاوا دەفەرمووێت، بۆ ماڵەکەت وەسیەت بکە، چونکە دەمریت و
ناژیت. ٢ جا حزقیا ڕووی کردە دیوارەکە و نوێژی بۆ خوداوەند
کرد و ٣ وتی: ئای خوداوەند، ئەوەت لەیادت بێت کە چۆن بە
دڵسۆزی و دڵێکی تەواوەوە لەبەردەمتدا هاتوچووم و ئەوەی باش
بوو لەبەرچاوتدا کردم. ئینجا حزقیا گریا، گریانێکی بەکوڵ.
٤ جا ئیشعیا وشەی خوداوەندی بۆ هات و فەرمووی: ٥ برۆ و بە
حزقیا بڵێ، خوداوەند خودای داودی باوکت ئاوای فەرموو، گوێم
لە نوێژەکەت بوو و فرمێسکەکانتم بینی، ئەوەتا پانزە ساڵ لە
تەمەنت زیاد دەکەم و ٦ لە چنگ پاشای ئاشوور فریای خۆت و
ئەم شارەش دەکەوم، بەرگری لەم شارە دەکەم. ٧ ئەمەش نیشانە
بێت بۆت لەلایەن خوداوەندەوە کە خوداوەند ئەم شتە دەکات کە
فەرمووی. ٨ ئەوەتا سێبەر دەگێڕمەوە بەو پلانەی پێی هاتووەتە
خوار، بە پلەکانی ئاحاز بە خۆر، دە پلە بەرەو دواوە. جا خۆر دە
پلە گەڕایەوە بەو پلانەی پێی هاتبووە خوار.
٩ نووسراوەکەش ئەوەیە کە حزقیا دوای نەخۆش کەوتم و چاك
بوونەوەی نووسیویە:
١٠ لە هەرەتی گەنجیما گوتم:
من دەچم بۆ دونیای مردوان
چونکە خوداوەند لەپاشماوەی ژیانم بێبەشی کردووم.
١١ گوتم خوداوەند نابینم
لە وڵاتی زیندووان،

لەمەودوا چیتر سەیری ئادەمیزاد ناکەم
لەسەر ڕووی زەوی.
١٢ خانووم هەڵتەکاو لەلام ڕۆیشت
وەکو خێوەتی شوانان،
وەکو جۆلا ژیانی خۆم پێچایەوە و
لەتەونەکەما بڕیمەوە.
شەو و ڕۆژ تۆ لەناوم دەبەی،
١٣ تا بەیانی هاوار دەکەم،
وەك شێر ئێسکم وردبکا وام،
شەو و ڕۆژ تۆ لەناوم دەبەی.
١٤ وەك پەڕەسێلکە جیکە جیك دەکەم،
وەکو کۆتر دەگمێنم،
چاوم شل بوو هێندە هەوراز بڕوانم
وەڕس بووم ئەی خوداوەند!
پشتم بە تۆ ئەستوورە.
١٥ ئێتر چی بڵێم ئەو پێی فەرمووم و
ئەو خۆی کردی؟
بە ئاگادارییەوە بە هەموو ساڵانمدا دەڕۆم
لەبەر تاڵی گیانم.
١٦ ئەی خوداوەندم مرۆڤ لەسەر ئەمانە دەژین
لە هەموو ئەمانەشدایە ژیانی گیانم
تۆ منت چاککردەوە و ژیانت پێ دام.
١٧ ئەوەتا لەجیاتی ئاشتی
تاڵی لەسەر تاڵیم هەیە
بەڵام لە خۆشەویستیدا تۆ گیانی منت ڕزگارکرد
لە تەڵەی لەناووچوون
چونکە هەموو گوناهەکانی منت
فڕێدایە پشت خۆتەوە.
١٨ چونکە دونیای مردووان سوپاست ناکات و
مردووانیش ستایشت ناکەن
هەروەها ئەوانەی شۆڕدەبنەوە ناو گۆڕ
هیوایان بە دڵسۆزی تۆ نییە.
١٩ زیندووان، تەنیا زیندووان سوپاست دەکەن،
باوکان دڵسۆزی تۆ
بە منداڵەکانیان دەناسێنن.
٢٠ ئەی خوداوەند بۆ ڕزگاریم وەرە،
جا مۆسیقا دەژەنین
هەموو ڕۆژانی ژیانمان
لە ماڵی خوداوەند.
٢١ کە ئیشعیا وتی: با هەویری هەنجیر هەڵگرن و بیخەنە سەر
دوومەڵەکە و چاك دەبێتەوە. ٢٢ خزقیاش وتی: نیشانە چییە، کە بۆ
ماڵی خوداوەند سەردەکەوم؟

# ٣٩

١ لەو کاتەدا مرۆدەخ بەلادانی کوڕی بەلادانی پاشای بابل نامە و
دیاری نارد بۆ خزقیا، چونکە بیستی کە نەخۆش کەوتووە و
چاکبووەتەوە. ٢ جا خزقیا دڵخۆش بوو بە هاتنیان و هەموو ماڵ و
سامانەکەی پیشاندان، لە زیو و زێڕ و بۆن و ڕۆنی چاك و
جبەخانەکەی و هەموو ئەو شتانەی لە گەنجینەکانیدا بوون. هیچ
شتێك نەمایەوە لە ماڵەکەیدا و لە فەرمانڕەوایەتییەکەیدا کە خزقیا
پیشانیان نەدات. ٣ ئینجا ئیشعیا پێغەمبەر هات بۆلای خزقیا پاشا
و پێی وت: ئەو پیاوانە چییان وت و لە کوێوە هاتوون بۆ لات؟
خزقیاش وتی: لە زەوییەکی دوورەوە، لە بابلەوە هاتوون. ٤ ئینجا
وتی: چییان لە ماڵەکەتدا بینی؟ خزقیاش وتی: هەموو شتەکانی
ناو ماڵەکەمیان بینی، لە گەنجینەکانمدا هیچ نەمایەوە پیشانیان
نەدەم. ٥ ئینجا ئیشعیا بە خزقیای وت: گوێ لە وشەی خوداوەندی
سوپاسالار بگرە، ٦ ئەوەتا ڕۆژانێك دێت هەموو ئەوەی لە
ماڵەکەتدایە و هەموو ئەوەی باوباپیرانت تا ئەمڕۆ پاشەکەوتیان
کردووە بۆ بابل بار دەکرێن، خوداوەند دەفەرموێت، هیچ شتێك
بەجێ ناهێڵرێ. ٧ لە نەوەکانیشت ئەوانەی لە تووە دەردەچن،
ئەوانەی لە تووە دەبن، لێیاندەبرێت و دەبن بە خەساو لە کۆشکی
پاشای بابلدا. ٨ خزقیاش بە ئیشعیای وت: ئەو قسەیەی خوداوەند
کە کردت قسەیەکی باشە. چونکە لە بیری خۆیدا وتی: واتە ئاشتی
و ئاسوودەیی لە ڕۆژانی خۆمدا دەبێت.

# ٤٠

١ دڵنەوایی بکەن، دڵنەوایی گەلەکەم بکەن
خوداتان دەفەرموێت،
٢ لەگەڵ دڵی ئۆرشەلیم بدوێن،
بانگی بکەن کە تەواو بوو ڕەنج کێشانەکەی
کە تاوانەکەی بەخشراوە،
چونکە لە دەستی خوداوەندەوە
دووقاتی وەرگرتەوە لەسەر گوناهەکانی.
٣ دەنگێك لە چۆڵەوانی بانگەواز دەکات
ڕێگای خوداوەند تەخت بکەن،
لە بیابان ڕێڕەوێك بۆ خودامان ڕاست بکەن.
٤ هەموو نشێوێك بەرزدەبێتەوە و
هەموو چیا و گردێك نزم دەبێتەوە.
خوار ڕاست دەبێتەوە،
هەورازیش دەبێت بە دەشت،
٥ شکۆمەندی خوداوەند دەردەکەوێت و
هەموو مرۆڤ پێکەوە دەیبینن
چونکە دەمی خوداوەند فەرمووی.
٦ دەنگێك دەڵێت: بانگەواز بکە!
ئەویش وتی: بانگەوازی چی بکەم؟
هەموو لەشێك گیایە و
هەموو جوانییەکەی وەك گوڵی کێڵگەیە.
٧ گیا وشك بوو، گوڵ سیس بوو
چونکە هەناسەی خوداوەند هەڵی کردە سەری،
بێ گومان گەل گیان.
٨ گیا وشك بوو، گوڵ سیس بوو
بەڵام وشەی خودامان
بۆ هەتاهەتایە چەسپاو دەبێت.
٩ بڕۆ سەر چیایەکی بەرز
ئەی پەیامبەر بۆ سییۆن،
بە هێزەوە دەنگت بەرزبکەوە
ئەی پەیامبەر بۆ ئۆرشەلیم،
بەرزی بکەوە، مەترسە،
بە شارەکانی یەهوزا بڵێ
ئەوەتا خوداتان!
١٠ ئەوەتا خوداوەندم خوداوەند بە هێزەوە دێت
بازووی فەرمانڕەوایی بۆ دەکات
ئەوەتا پاداشتەکەی لەگەڵیەتی و
پاداشتی لە پێشیەتی.
١١ وەك شوان مێگەلەکەی دەلەوەڕێنێت
بە بازووی خۆی بەرخەکان کۆدەکاتەوە و
بە باوەشی هەڵیان دەگرێت
بەنەرمی شیردەرەکان بە پێش خۆی دەدات.

١٢ کێ بە چنگی ئاوی پێواوە و
بە بست ئاسمانەکانی پێواوە و
خۆڵی زەوی بە پێوانە پێواوە و
چیاکانی بە قەپان کێشاوە و
گردەکانیش بە تەرازوو؟
١٣ کێ ڕۆحی خوداوەندی هەڵسەنگاندووە
یان ڕاوێژکاریەتی و فێری بکات؟
١٤ ڕاوێژی بە کێ کرد و تێیگەیاند و
فێری کرد لە ڕێگای دادپەروەری و
زانینی فێرکرد و
ڕێگای تێگەیشتنی پێ ناساند؟
١٥ ئەوەتا میللەتان وەک دڵۆپێکی ناو سەتڵ و
وەک تۆزی تەرازوو دەژمێردرێن.
ئەوەتا دوورگەکان وەک پووش هەڵدەگرێت.
١٦ لوبنان بەس نییە بۆ سووتەمەنی و
ئاژەڵەکانی بەس نیین بۆ قوربانی سووتاندن.
١٧ هەموو میللەتان وەک هیچن لەبەردەمی
لەلای ئەو بە نەبوو و پووچ دەژمێردرێن.
١٨ جا خوا بەچی هاوشێوە دەکەن،
چ هاوشێویەك بەو یەکسان دەکەن؟
١٩ پەیکەر، وەستا دایدەڕێژێت
زێڕنگەریش بە زێڕ ڕووکەشی دەکات
زریزەی زیویش زیوگەر.
٢٠ دەستکورتیش لە پێشکەش کردنی پیتاك
دارێکی کلۆر نەبوو هەڵدەبژێرێت
داوای وەستایەکی شارەزا دەکات
تا پەیکەرێکی نەلەقیوی بۆ دانێت.
٢١ ئایا نازانن، ئایا نابیستن؟
ئەی لەسەرەتاوە پێتان ڕانەگەیەندراوە؟
لە بناغەکانی زەوییەوە تێنەگەیشتوون؟
٢٢ دانیشتوو لەسەر ئاسۆی زەوی و
دانیشتووانەکەی وەك کوولەوان
ئەوەی ئاسمانەکان وەك پەردە بڵاودەکاتەوە
وەك چادر هەڵیدەدات بۆ نیشتەجێ بوون.
٢٣ ئەوەی مەزنەکان وەك نەبوو لێدەکات و
حوکمڕانانی زەوی دەکات بە هیچ.
٢٤ هەر ئەوەندەی نێژران و چێنران و
قەدیان لە زەوی ڕەگی داکووتی،
فووی لێکردن و وشك هەڵگەڕان
ڕەشەبا وەك پووش هەڵیان دەگرێت.
٢٥ جا لەگەڵ کێ هاوشێوەم دەکەن
تا یەکسانبم پێی؟
پاکوپیرۆز دەفەرموێت.
٢٦ چاوتان بۆ بەرزی هەڵبڕن و
ببینن کێ ئەمەی بەدی هێناوە،
کێ هێزەکانی بە ژمارە دەردەهێنێت و
ناو لە هەموویان دەنێت؟
لەبەر زۆری هێز و توندی توانای
هیچ کامیان ون نابێت.
٢٧ بۆ دەڵێیت، ئەی یاقوب،
بۆ دەدوێیت، ئەی ئیسرائیل:
ڕێگای من لە خوداوەند شاردرایەوە
دادی من لە خودام تێپەڕی.
٢٨ ئایا نەتزانی، یان نەتبیست
خودای هەتاهەتایی خوداوەندە؟
بەدیهێنەری ئەمسەرو ئەو سەری زەوی،
نە ماندوو و نە شەکەت دەبێت
کەس پەی بە تێگەیشتنی ئەو نابات.
٢٩ توانا بە ماندوو دەدات و
بۆ داهێزراویش هێز زۆردەکات.
٣٠ گەنجەکان ماندوو و شەکەت دەبن
لاوەکان بەکەوتن دەکەون.
٣١ بەڵام ئەوانەی لە چاوەڕوانی خوداوەند دان،
هێزیان تازە دەبێتەوە،
وەك داڵ لە شەقەی باڵ دەدەن
ڕاده دەکەن و شەکەت نابن
دەڕۆن و ماندوو نابن.

# ٤١

١ ئەی کەنارەکان لەبەردەمم بێدەنگ بن
با نەتەوەکان هێزیان نوێ بکەنەوە
با نزیك بنەوە ئینجا قسە بکەن
با پێکەوە بچینە دادگایکردن
٢ کێ لە ڕۆژهەڵاتەوە هەڵیساند
ئەوەی لە هەموو هەنگاوێکدا سەرکەوتن بەدەست دەهێنێت؟
میللەتانی دایە پێشی
پاشایانی ژێردەستەی کرد
وەك خۆڵی لێکردن بە شمشێرەکەي
وەك کای بە باکراو بە کەوانەکەی.
٣ ڕاوینان، بەسەلامەتی تێپەڕی
بە ڕێگایەکدا کە پێیەکانی پێیدا نەڕۆیشتبوون.
٤ کێ کردی و کێ ئەنجامیدا
بانگی نەوەکانی کردووە لەسەرەتاوە؟
من خوداوەندم لەسەرەتاوە
لەگەڵ ئەوانەی کۆتایش ئەوە منم.
٥ دوورگەکان تەماشایان کرد و ترسان
هەرچوار لای زەوی لەرزان
نزیك بوونەوە و هاتن،
٦ هەریەکە و هاوکاری برادەرەکەی کرد
بە براکەی دەڵێت: ورەت بەرز بێت.
٧ دارتاش زێرنگەر هاندەدات
ئەوەی بە چەکوش لووس دەکات
ئاسنگەر هاندەدات لە دەسگاکەی بکوتێت
بە پەرچیم دەڵێت: باشە.
بە بزمارەکان توندی دەکات تا نەلەقێت.
٨ بەڵام تۆ ئەی ئیسرائیلی خزمەتکارم،
ئەی یاقوب، کە هەڵمبژارد
توخمی ئیبراهیمی خۆشەویستم،
٩ ئەوەی لەو پەڕی زەوییەوە تۆم گرت
لە دوورترین گۆشەیەوە بانگم کردیت و
بە تۆم وت:
تۆ خزمەتکاری منیت،
تۆم هەڵبژارد و ڕەتم نەکردیتەوە
١٠ مەترسە، چونکە لەگەڵتدام،
مەپەشۆکێ، چونکە من خودای تۆم
بەهێزت دەکەم و یارمەتیت دەدەم
سەرت دەخەم بە دەستە ڕاستی دادپەروەریم.
١١ ئەوەتا شەرمەزار و ڕسوا دەبن
هەموو ئەوانەی لە تۆ تووڕەن
وەك هیچیان لێدێت و لەناو دەچن،
ئەوانەی دژایەتیت دەکەن.

١٢ بەدوای دەگەڕێیت و نایانبینیتەوە
ئەوانەی ناکۆکن لەگەڵت،
ئەوانەی دژت دەجەنگێن
وەک هیچ و وەک نەبوو دەبن،
١٣ چونکە من خوداوەند خودای تۆم،
ئەوەی دەستی ڕاستەی گرتوویت
ئەوەی پێت دەڵێت
مەترسە، من یارمەتیت دەدەم.
١٤ مەترسە ئەی یاقوبی کرم
ئەی پیاوانی ئیسرائیل،
من یارمەتیت دەدەم،
ڕایگەیاند خوداوەند و
ئەوەی تۆ دەکڕێتەوە، پاکوپیرۆزەکەی ئیسرائیل.
١٥ ئەوەتا دەتکەم بە جەنجەڕێکی
تیژیی نوێی دداندار،
چیاکان دەکوتیەوە و وردوخاشی دەکەیت
گردەکان وەک کا لێدەکەیت
١٦ شەنیان دەکەیت و با هەڵیان دەگرێت و
ڕەشەبا پەرتوبڵاویان دەکات،
تۆش بە خوداوەند دڵخۆش دەبیت،
بە پاکوپیرۆزەکەی ئیسرائیل شانازی دەکەیت.
١٧ کڵۆڵ و هەژاران داوای ئاو دەکەن و نییە
لە تینووان زمانیان وشک بوو،
من خوداوەندم بەدەنگیانەوە دەچم
خودای ئیسرائیلم بەجێیان ناهێڵم.
١٨ لەسەر تەپە ڕووتەکان ڕووبار دەکەمەوە
لەناوەندی دەشتەکانیش کانییەکان
چۆڵەوانی دەکەم بە گۆلاو
زەوی وشک دەکەم بە سەرچاوەی ئاو،
١٩ ئورز و چنار و هاداس و داری زەیت
لە چۆڵەوانی دەڕوێنم و
سەرو و سنۆبەر و مازوو پێکەوە
لە بیابان دادەنێم.
٢٠ بۆ ئەوەی پێکەوە ببینن و بزانن و
سەرنج بدەن و تێبگەن
کە دەستی خوداوەند ئەمەی کردووە و
پاکوپیرۆزەکەی ئیسرائیل بەدی هێناوە.
٢١ کێشەکەتان پێشکەش بکەن،
خوداوەند دەفەرموێت،
بەڵگەکانتان بهێنن،
پاشای یاقوب دەفەرموێت.
٢٢ با پێشکەشی بکەن و پێمان ڕابگەیەنن
ئەوەی ڕوودەدات
ئەوانەی ڕابردوو چین، ڕاییگەیەنن
با مێشکمان بخەینە سەری و
بزانین کۆتاییەکەی چییە،
یان داهاتوومان پێ بڵێن.
٢٣ ئەوانەی لە داهاتوو دێن، ڕاییگەیەنن
تا بزانین ئێوە خوداکانن،
هەرچی بێت بیکەن، چاکە یان خراپە،
تا پێکەوە سەرسام بین و ببینین.
٢٤ ئەوەتا ئێوە لە هیچن و
کارەکانتان لە نەبووە
قێزەوەن ئێوە هەڵدەبژێرێت.
٢٥ لە باکوورەوە هەڵمساند و هات
لە ڕۆژ هەڵاتەوە بە ناوی منەوە بانگ دەکات،
بەسەر پارێزگارەکان دێت وەک بەسەر قوڕدا
وەک گۆزەچی قوڕ بشێلێت.
٢٦ کێ ڕایگەیاند لەسەرەتاوە، تا بزانین،
پێش وەخت، تا بڵێین ڕاستودروستە؟
بێگومان ڕاگەیەنەر نییە،
بێگومان بەگوێدادەر نییە،
بێگومان گوێگری وشەکانتان نییە.
٢٧ سەرەتا بە سییۆن، ئەوەتا ئەوان!
بە ئۆرشەلیمیش مزگێنیدەرم دا.
٢٨ بینیم کەس نییە
ئەمانە ڕاوێژکاریان تیادا نییە
تا پرسیاریان لێ بکەم و بە وشەیەک وەڵام بدەنەوە.
٢٩ ئەوەتا هەموو پووچن
کارەکانیان نەبوونە
بتە داڕێژراوەکانیان با و بۆشن.

# ٤٢

١ ئەوەتا خزمەتکارەکەم کە پشتی دەگرم
هەڵبژاردەکەم مایەی ڕەزامەندی گیانم
ڕۆحی خۆم خستووەتە سەری
دادپەروەری بۆ میللەتان دەردەخات.
٢ هاوار ناکات و بەرزی ناکاتەوە و
نابیسترێت دەنگی لە شەقامدا
٣ قامیشێکی کوتراو ناشکێنێت
پڵیتەیەکی دووکەڵ کردە ناکوژێنێتەوە.
بە ڕاستییەوە دادپەروەری دەردەخات.
٤ نە کز دەبێت و نە وردوخاش دەبێت
تا لەسەر زەوی دادپەروەری بەرقەراردەکات.
دورگەکان بەهیوای فێرکردنەکانی ئەون.
٥ ئاوا دەفەرموێت خودا، خوداوەند
بەدیهێنەری ئاسمان و لێککەرەوەی
ڕاخەری زەوی و ئەوەی لێی بەرهەم دێت
هەناسەی داوە بەو گەلەی لەسەریەتی
ڕۆحیش بەوانەی هاتوچۆی تیادا دەکەن.
٦ من خوداوەندم بە ڕاستودروستی بانگم کردیت،
جا دەستت دەگرم و
دەتپارێزم و دەتکەم بە
پەیمان بۆ گەل و ڕووناکی بۆ میللەتان.
٧ تا چاوی کوێرەکان بکەیتەوە
تا دیلەکان لە زیندان دەربهێنیت
لە بەندیخانەش دانیشتووان لە تاریکی.
٨ من خوداوەندم، ئەمەیە ناوم و
شکۆمەندی خۆم بە کەسی دیکە نادەم و
نە ستایشم بە بتە داتاشراوەکان.
٩ ئەوەتا سەرەتاکان هاتن
نوێیەکانیش من ڕایدەگەیەنم
پێش ئەوەی سەر دەربێنێت
من پێتانی دەڵێم.
١٠ گۆرانی بۆ خوداوەند بڵێن، گۆرانییەکی نوێ
ستایشی لەوپەڕی زەوییە
ئەی ئەوانەی دادەبەزنە ناو دەریا و هەموو ئەوانەی تێیدان،
کەنارەکان و دانیشتووانەکەیان.
١١ با چۆڵەوانی و شارەکانی دەنگ بەرزبکەنەوە
گوندەکانی جێنشینی قیدار
با دانیشتووانی سالەع هاواری خۆشی بکەن

لە تروپکی چیاکانەوە هاواربکەن.
١٢ با شکۆمەندی بە خوداوەند بدەن
لە کەنارەکان ستایشی ڕابگەیەنن.
١٣ خوداوەند وەک پاڵەوان دێتەدەرەوە
وەک جەنگاوەر دڵگەرمی هەڵدەسێت
دەقیژێنێت و هاوار دەکات
بەسەر دوژمنانی سەردەکەوێت.
١٤ زۆر دەمێکە کپ بووم
بێدەنگ بووم و دانم بەخۆمدا گرت.
وەک ژنێ کە منداڵی ببێ دەقیژێنم
هەناسە دەدەم و هەناسە هەڵدەکێشم پێکەوە.
١٥ چیا و گردەکان تێک دەدەم
هەموو گیاوگوڵیان وشک دەکەم
ڕووبارەکان دەکەم بە کەنار
گۆلاوەکان وشک دەکەم.
١٦ کوێرەکان بە ڕێگایەکدا دەبەم شارەزای نەبن،
بە ڕێچکەیەکدا هاتوچۆیان پێدەکەم کە نایزانن،
تاریکی لەبەردەمیان دەکەم بە ڕووناکی
ڕێگا خوارەکانیش بە ڕاستە ڕێ.
ئەم شتانە دەکەم و
بەجێیان ناهێڵم.
١٧ بەرەو دواوە بوون، بەتەواوی شەرمەزار دەبن
ئەوانەی پشت بە بتی داتاشراو دەبەستن
ئەوانەی بە بتی داڕێژراو دەڵێن،
ئێوە خودامانن.
١٨ ئەی کەڕەکان گوێ بگرن!
ئەی کوێرەکان سەیرکەن تا ببینن!
١٩ کێ کوێرە تەنها خزمەتکارەکەم نەبێت
یان کەڕە وەک نێردراوەکەم کە دەینێرم؟
کێ کوێرە وەک ئەوەی تەواوە و
کوێرە وەک خزمەتکاری خوداوەند؟
٢٠ زۆر دەبینێت و سەرنج نادات،
گوێیەکانی کراونەتەوە و نابیستێت.
٢١ خوداوەند دڵخۆشە بە ڕاستودروستی خۆی
فێرکردنەکان بە گەورە دادەنێت و ڕێزی لێدەگرێت.
٢٢ بەڵام ئەو گەلێکی تاڵانکراو و ڕووتکراوەیە
هەموو کەوتوونەتە چاڵەوە،
لە بەندیخانەکان خۆیان شاردۆتەوە،
بوون بە تاڵانی و کەس فریایان نەکەوت،
ڕووتکرانەوە و کەس نەبوو بڵێت، دەست بگێڕەوە!
٢٣ کێ لە ئێوە گوێ لەمە دەگرێت
گوێ شل دەکات و تا کۆتایی دەبیستێت؟
٢٤ کێ یاقوبی دایە دەست ڕووت کردنەوە و
ئیسرائیلیش بۆ تاڵانکاران؟
ئایا خوداوەند نییە کە گوناهەمان دەرهەقی کرد و
نەیانویست ڕێگاکانی بگرنەبەر و
گوێیان لە فێرکردنەکانی نەگرت؟
٢٥ جا گڕی تووڕەیی خۆی و
توندی جەنگی بەسەردا ڕشت،
لەهەموو لایەکەوە گڕی تێبەردا، بەڵام پێیان نەزانی
سووتاندی، بەڵام نەچووە مێشکیانەوە.

# ٤٣

١ ئێستاش ئاوای فەرموو خوداوەندی
بەدیهێنەرت ئەی یاقوب و شێوەکێشت ئەی ئیسرائیل،
مەترسە، چونکە تۆم کڕیوەتەوە
بەناوی خۆتەوە بانگم کردوویت، تۆ هی منیت.
٢ کە بەناو ئاودا بپەڕیتەوە من لەگەڵتدام
بەناو ڕووبارەکانیش نوقمت ناکەن.
بەناو ئاگردا بڕۆیت داغ نابیت،
بڵێسەش ناتسووتێنێت.
٣ چونکە من خوداوەند خودای تۆم،
پاکوپیرۆزەکەی ئیسرائیل، ڕزگارکاری تۆ،
میسرم کردووە بە کەفارەتی تۆ
کوش و سەبا لەباتی تۆ.
٤ لەبەر ئەوەی تۆ بەنرخ بوویت لەلام،
سەنگین بوویت و من خۆشمویستیت،
لە باتی تۆ خەڵکی دەدەم
لە جیاتی گیانت نەتەوەکان.
٥ مەترسە، چونکە من لەگەڵتدام!
لە ڕۆژهەڵاتەوە نەوەکانت دەهێنم و
لە ڕۆژئاواوە کۆتدەکەمەوە.
٦ بە باکوور دەڵێم،، بدە! و
بە باشووریش، مەی گرە!
کوڕانم لە دوورەوە بهێنە و
کچانم لەوپەڕی زەوییەوە.
٧ هەموو ئەوانەی بەناوی منەوە بانگ دەکرێن
بۆ شکۆمەندی خۆم بەدیمهێنان
شێوەم کێشان و دروستم کردن
٨ دەریخە ئەو گەلەی کوێرە، چاویشی هەیە،
کەڕە، گوێشی هەیە.
٩ با هەموو میللەتان پێکەوە کۆببنەوە
با نەتەوەکان خڕببنەوە،
کێ لەوان ئەمە ڕادەگەیەنێت و
سەرەتاکانمان پێ دەڵێت؟
با شایەتەکانیان بهێننە پێش و ڕاستودروستیان دەرخەن،
یان گوێیان لێ بێت و بڵێن: ڕاستە.
١٠ ئێوە شایەتی منن، خوداوەند ڕایگەیاند،
ئەو خزمەتکارەی منن کە هەڵمبژارد،
تا بزانن و باوەڕم پێ بهێنن و
تێبگەن کە من ئەوم،
پێش من شێوەی هیچ خودایەک نەکێشراوە و
پاش منیش نابێت!
١١ منم، منم خوداوەند،
لەمن بەولاوە ڕزگارکار نییە.
١٢ من ڕامگەیاند و ڕزگارم کرد و وام کرد ببیسترێت،
کەسیش لەناوتان نامۆ نییە،
ئێوە شایەتی منن،
خوداوەند ڕایگەیاند،
منیش خودام،
١٣ لەو ڕۆژەوە من ئەوم
کەس لەبەر دەستم دەرباز نابێت
هەرچی بکەم کێ دەیگەڕێنێتەوە.
١٤ ئاوای فەرموو خوداوەند،
ئەوەی دەتانکڕێتەوە، پاکوپیرۆزەکەی ئیسرائیل،
لەبەر ئێوە ناردم بۆ بابل و
هەموو شەوبەندەکانی دادەگرم
کلدانیەکانیش هاواری شیوەن دەکەن.
١٥ منم خوداوەند، پاکوپیرۆزەکەتان
بەدیهێنەری ئیسرائیل، پاشاکەتان.
١٦ خوداوەند ئاوای فەرموو،

ئەوەی لەناو دەریا ڕێگای داناوە
لەناو ئاوە بەهێزەکان ڕێچکە.
١٧ ئەوەی گالیسکە و ئەسپ دەردەکات
سوپا و هێز
پێکەوە ڕادەکشێن و هەڵناسنەوە
کپ بوون، وەك پڵیتەیەك کوژانەوە.
١٨ باسی سەرەتاکان مەکەن،
لە دێرینەکان ڕامەمێنن.
١٩ ئەوەتا من شتێکی نوێ دەکەم،
ئێستا سەرهەڵدەدات، ئایا نایزانن؟
لە چۆڵەوانی ڕێگا دادەنێم و
لە بیابان ڕووبارەکان.
٢٠ ئاژەڵەکانی دەشتودەر شکۆمەندم دەکەن،
ئەژدیها و وشترمورغ،
چونکە ئاوم خستە چۆڵەوانییەوە
ڕووبارەکان لە بیاباندا
بۆ ئاودانی گەلەکەم، هەڵبژاردەکەم،
٢١ ئەم گەلە بۆخۆم شێوەم کێشاوە
باسی ستایشم دەکەن.
٢٢ بەڵام تۆ بانگی منت نەکرد یاقوب
چونکە لێم ماندوو بوویت ئیسرائیل،
٢٣ بەرخی قوربانی سووتاندنەکەی خۆت بۆ من نەهێنا
بە قوربانییە سەربڕاوەکانت ڕێزت لێ نەگرتم
بە قوربانی خۆراك خزمەتم پێت نەکرد
بە قوربانی بخوور ماندووم نەکردیت
٢٤ بە زیوەکەت قامیشی شەکرت بۆم نەکڕی
بە پیوی قوربانییە سەربڕاوەکانت تێرت نەکردم،
بەڵکو بە گوناهەکانت بارگرانت کردم
بە تاوانەکانت ماندووت کردم.
٢٥ منم، منم کە یاخی بوونەکانت دەسڕمەوە
لەپێناو خۆم،
گوناهەکانیشت یادناکەمەوە.
٢٦ بەبیرم بخەوە با پێکەوە بکەوینە دادگایی کردن
باس بکە بۆ ئەوەی ڕاستودروست بیت.
٢٧ باوکی یەکەمت گوناهەی کرد
پەیوەندی ڕێکخەرانت لێم یاخی بوون.
٢٨ بۆیە میرانی پیرۆزگا گڵاو دەکەم و
یاقوب دەدەمە قڕکردن و
ئیسرائیلیش بۆ جنێوپێدان.

# ٤٤

١ ئێستا یاقوبی خزمەتکارم و
ئیسرائیلی هەڵبژاردەم گوێ بگرە،
٢ ئاوای فەرموو خوداوەند، دروستکار
شێوەکێشت لە زاماڵەوە، یارمەتیدەرت،
مەترسە یاقوبی خزمەتکارم و
یەشورونی هەڵبژاردەم
٣ چونکە ئاو بەسەر تینوودا دەڕێژم و
لافاو بەسەر زەوی وشکدا،
ڕۆحی خۆم بەسەر نەوەکانت دەڕێژم و
پیرۆزیم بەسەر توخمت.
٤ جا لەنێو سەوزەگیادا سەرهەڵدەدەن
وەك شۆڕەبی ڕۆخ جۆگەکان.
٥ ئەمەیان دەڵێت، من سەر بە خوداوەندم،
ئەویان بەناوی یاقوب بانگ دەکرێت،
ئەمیان دەنووسێت، دەستی بۆ خوداوەندە و
بەناوی ئیسرائیلەوە نازناوی لێدەنرێت.
٦ ئاوا دەفەرموویت خوداوەند،
پاشای ئیسرائیل و
ئەوەی دەیکڕێتەوە، خوداوەندی سوپاسالار،
من سەرەتا و من کۆتایم،
لە من بەولاوە هیچ خودا نییە.
٧ کێ وەك من بانگەواز دەکات؟
با ڕاییگەیەنێت و بیخاتە بەردەمم
لەوکاتەوەی گەلی دێرینم داناوە و
هاتووەکان و ئەوانەی دێن با پێیان ڕابگەیەنن
٨ مەتۆقن و مەترسن
ئەی لە کۆنەوە پێم نەوتوویت و پێم ڕانەگەیاندووی
ئێوە شایەتی منن، ئایا لەمن بەولاوە خودای دیکە هەیە؟
هیچ چیایەك نییە کە من نەیزانم.
٩ شێوەکێشەکانی بت هەموو پووچن
شتە ئارەزوو بەخشەکانیان بێ سوودن
خۆیان شایەتی دەدەن کە نابینن و
نازانن، بۆیە شەرمەزار دەبن.
١٠ کێ شێوەی خودایەکی کێشاوە
یان بتێکی داڕشتووە
بەبێ سوود؟
١١ ئەوەتا هەموو هاوڕێکانی شەرمەزار دەبن
وەستاکانی لە مرۆڤن
هەموو کۆدەبنەوە و ڕادەوەستن
پێکەوە دەتۆقن و شەرمەزار دەبن.
١٢ ئاسنگەر بە ئامێرەکانی
پارچە ئاسن لەناو خەڵوز سوور دەکاتەوە
بە چەکوش شێوەی دەکات
بە بازووی هێزی دروستی دەکات
برسی دەبێت هێزی نییە
ئاوی نەخواردووەتەوە و ماندوو بوو.
١٣ داری تاشی، پەتی پێوانەی ڕاکێشا،
نیشانیکرد بە نیشانکەر،
بە ڕەندە دروستی دەکات
بە پرگال وێنەی دەکێشێت
جا وەك شێوەی پیاو دروستی دەکات
وەك جوانی مرۆڤ تا لە ماڵ جێگیر بێت.
١٤ دارئورزی بۆ خۆی بڕییەوە
سەرو و بەڕووی برد
کە بەخۆیان بەهێز دەبن لەناو دارەکانی دارستان
دارئورزێکی ڕواند و باران گەورەی دەکات.
١٥ جا بۆ مرۆڤ دەبێت بۆ سووتاندن
لێی دەبات و گەرم دەبێتەوە
دایدەگیرسێنێت و نان دەبرژێنێت
خودایەك دروست دەکات و کڕنۆش دەبات
دەیکات بە پەیکەر و ڕوو لە زەوی دەکات بۆی.
١٦ نیوەی بە ئاگر سووتاند
لەسەر نیوەی گۆشت دەخوات
برژاو دەبرژێنێت و تێردەبێت
هەروەها گەرم دەبێتەوە و دەڵێت، ئاها
گەرم بوومەوە، ئاگرم بینی.
١٧ پاشماوەکەشی خوایەکی لێ دروستکرد، بتە داتاشراوەکەی
ڕوو لە زەوی دەکات بۆی و کڕنۆشی بۆ دەبات
نوێژی بۆ دەکات و دەڵێت
ڕزگارم بکە، چونکە تۆ خودامیت.

١٨ نازانن و تێناگەن،
چونکە داخراوە چاوەکانیان لە بینین و
مێشکیان لە تێگەیشتن
١٩ لە دڵی خۆیدا بیری لێناکاتەوە و
زانین و تێگەیشتنی نییە
تا بڵێت، نیوەیم بە ئاگر سووتاند
هەروەها لەسەر پشکۆکەی نانم برژاند
گۆشتم برژاند و خواردم،
جا پاشماوەکەی بکەم بە قێزەوەن
بۆ قەدی دارێك ڕوو لە زەوی بکەم؟
٢٠ لەسەر خۆڵەمێش دەلەوەڕێت
دڵی هەڵخەڵەتاو چەواشەی کرد
گیانی خۆی ڕزگار ناکات
ناڵێت، ئایا ئەمە درۆ نییە لە دەستە ڕاستم؟
٢١ ئەمەت لە بیر بێت، ئەی یاقوب
ئەی ئیسرائیل تۆ خزمەتکاری منیت
شێوەتم کێشا، تۆ خزمەتکاری منیت
ئەی ئیسرائیل لە بیرم ناچیت
٢٢ یاخی بوونەکانتم وەك هەوری تار سڕییەوە
گوناهەکانیشت وەك هەور،
بگەڕێوە بۆ لام، چونکە تۆم کڕییەوە.
٢٣ ئەی ئاسمانەکان هاواری خۆشی بکەن،
چونکە خوداوەند کردی،
ئەی ناخی زەوی هاواربکەن!
هاواری خۆشی بکەن چیاکان
دارستان و هەموو دارێك کە تیایەتی
چونکە خوداوەند یاقوبی کڕییەوە و
لە ئیسرائیل شکۆدار بوو.
٢٤ ئاوای فەرموو خوداوەند، ئەوەی دەتکڕێتەوە
شێوەکێشت لە زاماڵەوە،
من خوداوەندم، دروستکەری هەموو
بەتەنها ئاسمانەکانم لێککردەوە
زەویم ڕاخست، کەسم لەگەڵ نەبوو.
٢٥ نیشانەی درۆزنەکانم پوکاندەوە،
ئەستێرەناسەکانم گێل کرد.
داناکانم گەڕاندە دواوە
زانینەکەیانم کرد بە نەزانی.
٢٦ وشەی خزمەتکارەکەی بەدی دەهێنێت
پلانی نێرراوەکانی تەواو دەکات،
بە ئۆرشەلیم دەڵێت، ئاوەدان دەبێت،
بەشارەکانی یەهوزاش، بنیاددەنرێیتەوە
کەلاوەکانی هەڵدەستێنمەوە
٢٧ بە دەریا دەڵێت: ووشك بە!
ڕووبارەکانت وشك دەکەم.
٢٨ بە کۆرش دەڵێت، شوانەکەم
هەموو ئەوەی دڵم پێی خۆشە تەواوی دەکات
بە ئۆرشەلیم دەڵێت، بنیاددەنرێتەوە
بە پەرستگاش، دادەمەزرێتەوە.

# ٤٥

١ خوداوەند ئاوای فەرموو بە دەستنیشانکراوەکەی،
بە کۆرش ئەوەی دەستە ڕاستیم گرت
تا لەبەردەمی میللەتان پێشێل بکەم
ناوقەدی پاشایان بکەمەوە
تا لەبەردەمی دەروازەکان بکەمەوە و
دەرگاکان داناخرێن.
٢ من لە پێشتەوە دەڕۆم و
تەپەکان تەخت دەکەم،
دەروازە مسەکان دەشکێنم و
شەوبەندە ئاسنینەکان دەبڕمەوە.
٣ خەزێنەکانی تاریکی و
گەنجینە شاراوەکانت دەدەمێ
تا بزانیت
من خوداوەندم کە بەناوی خۆت بانگت دەکات
خودای ئیسرائیل.
٤ لەبەر یاقوبی خزمەتکار و
ئیسرائیلی هەڵبژاردەم
بەناوی خۆت بانگت دەکەم
نازناوم لێتنا و تۆ نامناسیت.
٥ من خوداوەندم و کەسی دیکە نییە،
بێجگە لە من خودای دیکە نییە
ناوقەدم توند کردیت و تۆ نامناسیت
٦ بۆ ئەوەی لە ڕۆژهەڵاتەوە تا ڕۆژئاوا بزانن
کە بێجگە لە من کەس نییە
من خوداوەندم و کەسی دیکە نییە
٧ شێوەکێشی ڕووناکی و
بەدیهێنەری تاریکیم،
دروستکەری ئاشتی و
بەدیهێنەری خراپەم،
من خوداوەندم دروستکەری هەموو ئەمە.
٨ ئەی ئاسمانەکان لەسەرەوە دڵۆپە بکەن
با هەورەکان ڕاستودروستی ببارێنن
با زەوی بکرێتەوە و پێکەوە
ڕزگاری بەر بگرێت و
ڕاستودروستی سەرهەڵدات
من خوداوەندم بەدیم هێنا.
٩ قوڕبەسەر ئەوەی کێشە لەگەڵ شێوەکارەکەی دەکات
گۆزەیەك لەناو گۆزە گڵینەکان
ئایا قوڕ بە شێوەکێشەکەی دەڵێت،
چی دروست دەکەیت؟
یان ئیشەکەت دوو دەستی نییە
١٠ قوڕبەسەر ئەوەی بە باوك دەڵێت،
چیت بۆ لەدایك دەبێت؟
بە ژنیش، چیت دەبێت؟
١١ ئاوای فەرموو خوداوەند
پاکوپیرۆزەکەی ئیسرائیل و شێوەکێشەکەی
دەربارەی ئەوانەی دێت لێم بپرسن
سەبارەت بە ڕۆڵەکانم
سەبارەت بە کاری دەستم، ڕامسپێرن
١٢ من زەویم دروست کرد و
مرۆڤی سەریم بەدیهێنا
دەستەکانی من ئاسمانەکانی لێککردەوە و
فەرمانم بە هەموو هێزەکانی کرد
١٣ من بە ڕاستودروستی هەڵمساند و
هەموو ڕێگاکانیم تەخت کرد
ئەو دوو شارەکەم بنیاددەنێتەوە و
ڕاپێچەکەم بەڕەڵا دەکات
بەبێ پارە و بەبێ بەرتیل،
خوداوەندی سوپاسالار فەرمووی.
١٤ خوداوەند ئاوای فەرموو،
ماندوویەتی میسر و

بازرگانی کوش و سەبئییە باڵا بەرزەکان
بۆلای تۆ دەپەڕنەوە و بۆ تۆ دەبن
لە دوای تۆ دەڕۆن و بە زنجیرەوە دەپەڕنەوە
بۆ تۆ کڕنۆش دەبەن و لە تۆ دەپاڕێنەوە،
تەنها لە تۆدا خودا هەیە و کەسی دیکە نییە
خودای دیکە نییە.
١٥ بەڕاستی تۆ خودایەکی نەبینراویت
خودای ئیسڕائیل، ئەی ڕزگارکەر
١٦ شەرمەزار و هەروەها سەرشۆڕ بوون
هەموو پێکەوە
بە ڕسواییەوە ڕۆیشتن، وەستای پەیکەرەکان
١٧ بەڵام ئیسڕائیل بە خوداوەند ڕزگاری دەبێت
ڕزگارییەکی هەتاهەتایی
شەرمەزار و ڕسوا نابن
تا هەتایە.
١٨ چونکە ئاوای فەرموو خوداوەند،
بەدیهێنەری ئاسمانەکان
ئەو خودایە،
شێوەکێشی زەوی و دروستکەری
ئەو دایمەزراند
بەخۆڕایی بەدی نەهێنا
بۆ نیشتەجێ بوون شێوەی کێشا
من خوداوەندم و هی تر نییە.
١٩ لەپەناوە قسەم نەکرد
لە شوێنێکی تاریکی زەوی
بە توخمی یاقوبم نەفەرموو،
بە خۆڕایی داوام بکەن
من خوداوەندم بە ڕاستودروستی دەدوێم
بە ڕاستی ڕایدەگەیەنم.
٢٠ کۆببنەوە و وەرن
پێکەوە وەرنە پێش
ئەی دەربازبووانی میللەتان
نازانن ئەوانەی هەڵیان گرتووە
داری بتە داتاشراوەکانیان
ئەوانەی نوێژ بۆ خودایەك دەکەن ڕزگار ناکات.
٢١ ڕاییبگەیەنن و وەرنە پێش
با پێکەوە ڕاوێژ بکەن
کێ ئەمەی بیستووە لە کۆنەوە
لە دێرزەمانەوە ڕایگەیاندووە؟
ئایا منی خوداوەند نیم؟
کە کەسی تر نییە خودا بێت بێجگە لە من!
خودایەکی ڕاستودروست و ڕزگارکەر
بێجگە لە من نییە.
٢٢ ڕوو لە من بکەن و ڕزگارتان بێت
ئەی هەموو لاکانی زەوی
چونکە من خودام و کەسی دیکە نییە.
٢٣ بە خودی خۆم سوێندم خوارد
ڕاستی لە دەممەوە دەرچوو
وشەیەکە و ناگەڕێتەوە
کە هەموو ئەژنۆیەك بۆ من چۆکدادات
هەموو زمانێك سوێند بخوات.
٢٤ پێی وتم، ڕاستودروستی و هێز،
تەنها بەخوداوەندە.
بۆ لای ئەو دێن و شەرمەزار دەبن
هەموو ئەوانەی ڕقیان لێی هەڵساوە
٢٥ هەموو توخمی ئیسڕائیل
بە خوداوەند ڕاستودروست دەبن و شانازی دەکەن.

# ٤٦

١ بێل چۆکی دادا و بۆ چەمایەوە
بتەکانیان بەرن بۆ جانەوەر و ئاژەڵەکان
بارەکانتان باری هەڵگیراون
بارن بەسەر ماندوو.
٢ چەمانەوە، پێکەوە چۆکیان دادا
نەیانتوانی بارەکە دەربازبکەن
ئەوان خۆشیان بۆ ڕاپێچ چوون.
٣ گوێم لێ بگرن ئەی ماڵی یاقوب و
ئەی هەموو پاشماوەی ماڵی ئیسڕائیل
ئەی ئەوانەی هەڵگیراون لەوەتەی لەدایکبوون
پاڵپشتی کراون لەوەتی لە زاماڵەوە دەرچوون.
٤ تا پیریش بن من هەر ئەوم
تا ڕیش سپێتیش من هەڵیدەگرم
من کردوومە و باری منە
من هەڵدەگرم و دەربازدەکەم.
٥ بەکێ هاوشێوەم دەکەن و یەکسانم دەکەن و
هاووێنەم دەکەن تا لەیەك بچین؟
٦ ئەوانە بەتاڵی دەکەن زێڕ لە کیسەوە و
زیویش بە تەرازوو دەکێشن،
زێڕنگەرێك بەکرێ دەگرن و دەیکات بە خودا
ڕوو لە زەوی دەکەن بۆی و کڕنۆشی بۆ دەبەن
٧ دەیخەنە سەرشان، هەڵیدەگرن
لە جێی خۆی دایدەنێن تا ڕاوەستێت،
لە جێی خۆی ناجووڵێتەوە.
هاواری بۆ دەکات و وەڵام ناداتەوە
لەتەنگانەکەی ڕزگاری ناکات.
٨ ئەمەتان لە بیر بێت و پیاوبن!
بیخەنە دڵەوە ئەی یاخی بووان
٩ سەرەتاکانتان لە بیر بێت کە لە کۆنەوەیە
چونکە من خودام و هی تر نییە
خودام و هی تر نییە وەك من؟
١٠ لەسەرەتاوە کۆتاییم ڕاگەیاندووە،
لە کۆنەوەش ئەوەی هێشتا نەکراوە،
فەرمووم: ڕاویژی من سەردەگرێت
هەموو ئەوەی پێم خۆشە دەیکەم.
١١ داڵ لە ڕۆژهەڵاتەوە بانگ دەکەم
لە خاکێکی دووریشەوە پیاوی ڕاوێژەکەم.
فەرمووم و ئەنجامی دەدەم،
دامڕشتووە و دەیکەم.
١٢ گوێم لێ بگرن ئەی دڵڕەقەکان
ئەی دوورەکان لە ڕاستودروستی
١٣ ڕاستودروستی خۆم نزیك خستۆتەوە
دوورناکەوێتەوە و
ڕزگاربوونم دواناکەوێت
ڕزگاری لە سییۆن دادەنێم،
بۆ ئیسڕائیلی شکۆمەندیم.

# ٤٧

١ دابەزە و لەسەر خۆڵ دانیشە
پاکیزە کچی بابل
لەسەر زەوی دانیشە، تەخت نییە
کچی کلدانییەکان
چونکە چیتر پێت ناوترێت
ناسک و نازدار.
٢ دەستاڕ ببە و
باراش بهاڕە
عەبات فڕێدە
دامێن هەڵکە و قاچ بەدەرخە
لەڕووبارەکان بپەڕەوە.
٣ ڕووتیت دەردەکەوێت
هەروەها ڕسواییت دەبینرێت
تۆڵە دەسەنمەوە و لەگەڵ کەس پێك نایەم.
٤ ئەوەی دەمانکڕێتەوە،
ناوی خوداوەندی سوپاسالارە
پاکوپیرۆزی ئیسرائیلە.
٥ بێ دەنگ دانیشە و وەرە ناو تاریکییەوە
کچی کلدانییەکان
چونکە چیتر پێت ناوترێت
خانمی پاشایەتییەکان.
٦ تووڕە بووم لە گەلی خۆم
میراتی خۆم گڵاو کرد
ئەوانم دایە دەست تۆ
بە بەزەییی نەبوویت لەگەڵیان
نیری خۆت لەسەر پیر
زۆر قورس کرد.
٧ وتت بۆ هەتاهەتایە
دەبم بە خانم
تا ئەمەت نەخستە دڵتەوە
بیرت لە کۆتاییەکەی نەکردەوە.
٨ ئێستا گوێ لەمە بگرە، ئەی بەناز
ئەی دانیشتوو بە دڵنیایی
ئەی ئەوەی لەدڵی خۆیدا دەڵێت
هەر خۆم و بەس!
نە بێوەژن دەبم و
نە سك سووتاوی دەزانم.
٩ لە پڕ لە یەك ڕۆژدا
ئەم دووانە بەسەرتدا دێن
سك سووتان و بە بێوەژن بوون
بە تەواوی بەسەرتدا هاتن
سەرەڕای زۆری جادووگەری و
سەرەڕای لەڕادەبەدەری نووشتەکاریت.
١٠ پشتت بە خراپەکاریەکانت بەست
وتت، کەس نامبینێت
داناییەکەت و زانینەکەت
تۆیان لەڕێ لادا،
لە دڵی خۆتدا وتت،
هەر خۆم و بەس.
١١ خراپەیەکت بەسەر هاتووە
سەرهەڵدانەکەی نازانیت
بەڵایەکت بەسەردا دەکەوێت
ناتوانیت ڕەتی بکەیتەوە
لەپڕ کاول بوونێکت بەسەردێ
پێی نازانیت.
١٢ ئێستا بوەستە لەناو نووشتەکانت و
لەناو زۆری جادووگەریت
ئەوەی تیایدا ماندوو بوویت لە مێردمنداڵیتەوە
بەڵکو سوودی هەبێ بۆت
بەڵکو بترسێنیت!
١٣ هێزت لەبەر برا لە زۆری ڕاوێژەکانت
با ئێستا ڕاوەستن و ڕزگارت بکەن
ئەوانەی ئاسمان دابەش دەکەن
ئەوانەی چاو لە ئەستێرەکان دەبڕن
ئەوانەی سەرە مانگان دەزانن،
لەوەی بەسەرت دێت.
١٤ ئەوەتا وەکو پوشیان لێهات
ئاگر سووتاندنی
فریای گیانی خۆیان ناکەون
لەدەست بڵێسە،
نە پشکۆی خەڵوزە بۆ خۆ گەرم کردنەوە
نە ڕووناکیە بۆ دانیشتن لەبەردەمی
١٥ ئاوایان لێهات ئەوانەی پێیانەوە ماندوو بوویت
بازرگانەکانت لە مێردمنداڵیتەوە
هەرکەسەو ملی ڕێی خۆی گرت
کەس نییە ڕزگارت بکات.

# ٤٨

١ گوێ لە مە بگرن ئەی ماڵی یاقوب
ئەوانەی پێتان دەوترێت ئیسرائیل،
ئەوانەی لە پشتی یەهوزاوە دەرچوون،
ئەوانەی بە ناوی خوداوەند سوێند دەخۆن،
خودای ئیسرائیل لەسەر زمانیانە
نەك بە دڵسۆزی و نەك بە ڕاستودروستی.
٢ چونکە بەخۆیان دەڵێن، خەڵکی شاری پیرۆز
خۆیان دەدەنە پاڵ خودای ئیسرائیل،
ناوی خوداوەندی سوپاسالارە.
٣ سەرەتاکانم لە کۆنەوە ڕاگەیاندووە
لە دەمی منەوە دەرچوون و وام کرد ببیسترێن
لەپڕ کردم و ڕوویاندا.
٤ دەمزانی تۆ کەللەڕەقیت و
ملت دەماری ئاسنینە و
ناوچەوانت مسە.
٥ لەکۆنەوە پێم ڕاگەیاندیت
پێش ئەوەی ڕووبدات وام کرد گوێت لێی بێت
نەوەك بڵێیت، بتەکەم کردی
بتەداتاشراوەکەم و بتەداڕێژراوەکەم فەرمانی پێدا
٦ گوێت لێ بوو، جا بڕوانە هەمووی
ئەی ئێوە ڕایناگەیەنن؟
وام کرد گوێت لە نوێیەکان بێت لە ئێستاوە
لە نهێنییەکان کە نایانزانیت.
٧ ئێستا بەدیهێنران نەك لەکۆنەوە
بەر لە ئەمڕۆ نەتبیستبوو
نەوەك بڵێیت، ئەوەتا دەمزانی.
٨ بێگومان نە گوێت لێبوو و بێگومان نە زانیت
بێگومان لە کۆنەوەش گوێت نەکردەوە

چونکە زانیم، بەتەواوی ناپاکی دەکەیت
لەناوسکی دایکتەوە پێت وترا، یاخی بوو.
٩ لەپێناو ناوی خۆم، درێژە بە پشووم دەدەم
لەپێناو ستایشم، دان بەخۆم دەگرم لێت
نەوەک پارچە پارچەت بکەم.
١٠ ئەوەتا تۆم پاڵاوت، بەڵام نەک وەک زیو
لەناو کورەی ئازارچەشتن هەڵمبژاردیت.
١١ لە پێناو خۆم، لە پێناو خۆم دەیکەم
چونکە چۆن ناوی من گڵاوبکرێت؟
بۆ شکۆمەندیم بە یەکێکی دیکە نادەم.
١٢ گوێم لێ بگرە ئەی یاقوب و
ئەی ئیسرائیل ئەوەی بانگم کردی،
ئەوە منم، من سەرەتا و من کۆتاییم،
١٣ دەستی من زەوی دامەزراند
دەستە ڕاستم ئاسمانەکانی لێککردەوە
من بانگیان دەکەم،
پێکەوە دەوەستن.
١٤ هەمووتان کۆبنەوە و گوێ بگرن!
کێ لەوان ئەمەی ڕاگەیاندووە؟
خوداوەند خۆشی ویستووە
هەرچی پێ خۆشبێت بە بابلی دەکات
بازووشی بە کلدانییەکان.
١٥ من، من قسەم کرد و بانگم کرد،
هێنام و ڕێگاکەشی سەرکەوتوو دەبێت
١٦ وەرنە پێش بۆ لام، گوێ لەمە بگرن،
لە سەرەتاوە بە نهێنی قسەم نەکرد
لە کاتی بوونیەوە من لەوێم
ئێستاش خوداوەندم خوداوەند و
ڕۆحی خۆی، منی نارد.
١٧ ئاوای فەرموو خوداوەند، ئەوەی دەتکڕێتەوە
پاکوپیرۆزی ئیسرائیل
من خوداوەند خوداتم
فێرت دەکەم تا سوود وەربگریت
بە ڕێگایەکدا دەتبەم بیگریتەبەر
١٨ خۆزگە گوێت لە فەرمانەکانم دەگرت
جا ئاشتیت وەک ڕووبار دەبوو و
ڕاستودروستیشت وەک شەپۆلی دەریا دەبوو
١٩ توخمت وەک لم دەبوو و
وەچەی هەناوت وەک دەنکی لم دەبوو،
نە دەبڕایەوە و نە لەناو دەچوو
ناوی لەبەردەمم دەبوو.
٢٠ لە بابل دەرچن
لە کلدانییەکان هەڵبێن
بەدەنگی هاواری خۆشیەوە ڕابگەیەنن
جاڕی ئەمە بدەن.
بەرێی بخەن تا ئەوپەڕی زەوی
بڵێن خوداوەند کڕییەوە
یاقوبی خزمەتکاری.
٢١ تینوو نەبوون
کە بە چۆڵەوانیدا بردیانی
لە بەردەوە ئاوی بۆ هەڵقوڵاندن
بەردی شەق کرد ئاو تەقیەوە
٢٢ ئاشتی نییە بۆ بەدکاران،
خوداوەند فەرمووی.

# ٤٩

١ گوێم لێبگرن ئەی کەنارەکان و
گوێ شلکەن ئەی نەتەوە دوورەکان،
خوداوەند لە سکی دایکمەوە بانگی کردم
لە هەناوی دایکمەوە ناوی هێنام.
٢ دەمی منی کرد بە شمشێرێکی تیژ
لە سێبەری دەستی خۆیدا شاردمیەوە،
کردمی بە تیرێکی تیژکراو
لەناو تیردانەکەی شاردمیەوە.
٣ بە منی فەرموو، تۆ خزمەتکاری منیت
ئیسرائیل ئەوەی شکۆمەند دەبم.
٤ منش وتم: بەخۆڕایی ماندووبووم
لە شتی هیچ و پووچ توانای خۆم نەهێشت،
بەڵام دادم لەلای خوداوەندە و
پاداشتم لای خودامە.
٥ ئێستاش خوداوەند
شێوەکێشم لە سکی دایکمەوە،
فەرمووی، کە من خزمەتکاری ئەوم
بۆ گەڕانەوەی یاقوب بۆ ئەو
ئیسرائیلیش دەچێتە پاڵ ئەو
جا لەبەرچاوەکانی خوداوەند شکۆمەند دەبم و
خوداشم دەبێتە هێزم.
٦ جا فەرمووی،
کەمە کە خزمەتکاری من بیت
بۆ هەستانەوەی هۆزەکانی یاقوب و
گەڕانەوەی ئیسرائیلی پارێزراوم،
بەڵکو دەتکەم بە ڕووناکی بۆ میللەتان
تا ڕزگارییەکەم بۆ ئەوپەڕی زەوی بێت.
٧ ئاوای فەرموو خوداوەند
ئەوەی ئیسرائیل دەکڕێتەوە، پاکوپیرۆزەکەی،
بە گیان ڕسواکراو، بەوەی مایەی ڕقی میللەتە
بە خزمەتکاری فەرمانڕەواکان،
پاشایان دەبینن و هەڵدەستن
میرانیش کڕنۆش دەبەن
لەبەر خوداوەند کە دڵسۆزە و
لەبەر پاکوپیرۆزی ئیسرائیل کە تۆی هەڵبژارد.
٨ ئاوای فەرموو خوداوەند،
لە کاتی ڕەزامەندی وەڵامم دایتەوە
لە ڕۆژی ڕزگاری یارمەتیم دایت،
جا دەتپارێزم و دەتکەم بە پەیمان بۆ گەل.
بۆ بوژانەوەی زەوی
بۆ بەمیراتکردنی میراتی چیاوچۆڵەکان
٩ بە دیلەکان دەڵێیت، دەرچن
بەوانەی لە تاریکیدان دەرکەون
لەسەر ڕێگاکان دەلەوەڕێن
لەوەرگاکانیان لەسەر هەموو بانەکانە.
١٠ نە برسی دەبن و نە تینوو
نە گەرما لێیان دەدات و نە خۆر
چونکە ئەوەی بەزەیی پێیاندا دێتەوە
ڕێنماییان دەکات
بۆ سەر کانیاوەکانیان دەبات.
١١ هەموو چیاکانم دەکەم بە ڕێگا و
ڕێڕەوەکانم بەرزدەبنەوە.
١٢ ئەوەتا ئەمانە لە دوورەوە دێن و

ئەوەتا ئەمانە لە باکوور و ڕۆژاواوە و
ئەمانەش لە خاکی سینیمەوە.
١٣ ئەی ئاسمانەکان هاواری خۆشی بکەن و
ئەی زەوی شادومان بە
چیاکان دەکەونە ناو هاواری خۆشییەوە
چونکە خوداوەند دڵنەوایی گەلی خۆی کرد
بەزەیی بە زەلیلەکانی دێتەوە.
١٤ سییۆن وتی: خوداوەند جێی هێشتم!
خوداوەندم لەبیری کردم.
١٥ چۆن ئافرەت کۆرپەی شیرەخۆرەی خۆی لەبیردەکات
یان بەزەیی بە بەری سکی خۆی ناکات؟
تەنانەت ئەویش لەبیر دەکات
من تۆ لەبیر ناکەم.
١٦ ئەوەتا لەناو لەپم تۆم هەڵکۆڵیوە
هەمیشە شوراکانت لەبەرچاومن.
١٧ کوڕەکانت خێرایان کرد
ڕوخێنەران و تێکدەرانت
لێت دەرچوون.
١٨ چاوهەڵبڕە بۆ دەوروبەرت و ببینە!
هەموو کۆبوونەوە، هاتن بۆ لات
بەگیانی خۆم، خوداوەند ڕایگەیاند،
تۆ هەموویان وەک خشڵ لەبەردەکەیت
وەک بوک خۆت بەوان دەڕازێنیتەوە.
١٩ چونکە کولەکان و وێرانەکانت و
خاکی ڕوخێنراوت،
ئێستا تەنگ دەبێت بۆ دانیشتووان
دووردەکەونەوە لووشدەرانت.
٢٠ ئینجا لە گوێتدا دەڵێن،
کوڕانی سك سووتاویت:
ئەم جێیە تەنگە بۆم
جێم بکەوە تا نیشتەجێبم.
٢١ لە دڵی خۆتدا دەڵێیت:
کێ ئەمانەی بۆم بوو
کە من سك سووتاو و نەزۆکم،
دوورخرا و دەربەدەرم؟
ئەی کێ بەخێوی کردن؟
ئەوەتا من بەتەنها مابووم
ئەمانە لە کوێ بوون؟
٢٢ ئاوای فەرموو خوداوەندم خوداوەند،
ئەوەتا من دەست بۆ میللەتان بەرزدەکەمەوە
بۆ گەلانیش ئاڵای خۆم بەرز دەکەم،
جا کوڕەکانت بە باوەش دەهێنن و
کچەکانیشت لەسەر شانیان هەڵدەگرن.
٢٣ پاشاکان دەبن بە دایەنی تۆ
شاژنەکانیان دەبن بە شیردەری تۆ،
ڕوویان لە زەوی کڕنۆشت بۆ دەبەن و
تۆزی پێیەکانت دەلێسنەوە،
جا دەزانیت کە من خوداوەندم
ئەوەی شەرمەزار نابن ئەوانەی چاوەڕوانی ئەون.
٢٤ ئایا دەسکەوت لە پاڵەوان دەبردرێت؟
یان ڕاپێچی لە ستەمکار دەربازی دەبێت؟
٢٥ چونکە خوداوەند ئاوای فەرموو،
تەنانەت ڕاپێچ لە چنگی پاڵەوانیش دەبردرێت
دەسکەوت لە چنگی زۆرداریش دەرباز دەبێت.
چونکە من دژایەتی دژەکانت دەکەم و
من منداڵەکانت ڕزگار دەکەم.
٢٦ بە ستەمکارانت گۆشتی خۆیان دەرخوارد دەدەم و
وەک مەیی شیرین، بە خوێنی خۆیان سەرخۆش دەبن.
جا هەموو مرۆڤ دەزانێت
کە من خوداوەندم ڕزگارکاری تۆ
ئەوەش کە دەتکڕێتەوە
بەهێزەکەی یاقوبە.

# ٥٠

١ خوداوەند ئاوای فەرموو،
کوا تەڵاقنامەی دایکتان
ئەوەی کە تەڵاقم دا؟
یان کێیە لە خاوەن قەرزەکانم
ئەوەی ئێوەم پێی فرۆشتووە؟
ئەوەتا لەبەر تاوانەکانتان فرۆشران
لەبەر یاخی بوونەکانتان دایکتان تەڵاقدرا!
٢ بۆچی هاتم و کەس نەبوو
بانگم کرد و کەس وەڵامی نەدایەوە
ئایا دەست کوورت بووم لە کرینەوە
یان توانای ئەوەم تیادا نییە فریا بکەوم؟
ئەوەتا بە ڕاخوڕینم دەریا وشك دەکەم
ڕووبارەکان دەکەم بە چۆڵەوانی
لەبەر بێ ئاوی ماسیەکانی بۆگەن دەبن
لەتینووان دەمرن.
٣ تاریکی دەکەمە بەر ئاسمان
بەرگی ماتەم دەکەم بە پۆشاکی
٤ خوداوەندم خوداوەند
زمانی فێربووانی پێ بەخشیم
تا بزانم بە وشە یارمەتی ماندوو بدەم
بە ئاگا دێنێت بەیانی بە بەیانی
بە ئاگا دێنێت گوێی من
بۆ گوێ گرتن وەك فێربووان.
٥ خوداوەندم خوداوەند گوێیەکی بۆم کردەوە
منیش یاخی نەبووم
بەرەو دوا هەڵنەگەڕامەوە.
٦ پشتم دا بە لێدەران و
ڕوومەتیشم بە موو ڕنان
ڕووی خۆم نەپۆشی لە
گاڵتەپێکردن و تف لێکردن.
٧ خوداوەندم خوداوەند یارمەتیم دەدات
بۆیە ڕسوا نابم،
بۆیە ڕووی خۆم وەك بەردەستێ لێکرد و
دەزانم شەرمەزار نابم.
٨ ئەوەی ڕاستودروستم دەکات نزیکە
کێ دژایەتیم دەکات
با پێکەوە ڕاوەستین
کێ خاوەن شکاتە دژم
با لێم بێتە پێش؟
٩ ئەوەتا خوداوەندم خوداوەند یارمەتیم دەدات
ئیتر کێ تاوانبارم دەکات؟
ئەوەتا هەموویان وەك کراس دادەڕزێن
مۆرانە دەیانخوات.
١٠ کێ لە ئێوە لە خوداوەند دەترسێت
گوێ لە دەنگی خزمەتکارەکەی دەگرێت
ئەوە بە تاریکیدا دەڕوات و
ڕووناکی نییە

با پشت بە ناوی خوداوەند ببەستێت و
پاڵ بداتە پاڵ خودای خۆی.
١١ ئەی هەموو ئەوانەی ئاگر دەکەنەوە
بە پشکۆ ناوقەدی خۆتان بەستووەتەوە
بە ڕووناکی ئاگرەکەی خۆتان بڕۆن و
بەو پشکۆیانەی داتانگیرساندن
لە دەستی منەوە ئەمەتان بۆ بوو
لەناو ئازاردا ڕادەکشێن.

# ٥١

١ گوێم لێ بگرن ئەی ئەوانەی دوای ڕاستودروستی کەوتوون
ئەی ئەوانەی داوای خوداوەند دەکەن.
تەماشای ئەو بەردە بکەن کە لێوەی بڕاون و
کونی ئەو چاڵەی لێوەی هەڵکەنراون!
٢ تەماشای ئیبراهیمی باوکتان بکەن و
سارە ئەوەی ئێوەی بووە،
چونکە کە بانگم کرد یەک کەس بوو و
پیرۆزم کرد و زۆرم کرد.
٣ چونکە خوداوەند دڵنەوایی سییۆنی کرد
دڵنەوایی هەموو کاولبووەکانی کرد
چۆڵەوانییەکانی وەک عەدەن لێدەکات و
بیابانەکانی وەک باخچەی خوداوەند.
شادی و خۆشی تێیادا دەبینرێتەوە
سوپاس و دەنگی مۆسیقا.
٤ گوێم لێ بگرن ئەی گەلی من
ئەی نەتەوەکەم گوێم بۆ شلکەن،
چونکە فێرکردن لەلای منەوە دەردەچێت و
دادپەروەریم بۆ ڕووناکی گەلان دەچەسپێنم.
٥ ڕاستودروستیم نزیکە
ڕزگاریم دەرچوو
بازووەکانم دادوەری بۆ گەلان دەکەن
کەنارەکان چاوەڕێی منن
هیوایان بە بازووی منە.
٦ چاوتان بۆ ئاسمان هەڵبڕن و
سەیری زەوی بکەن لە ژێرەوە،
چونکە ئاسمانەکان وەک دووکەڵ دەڕەونەوە و
زەوی وەک جل دادەڕزێت و
دانیشتووانەکەی وەک مێشوولە دەمرن.
بەڵام ڕزگاریی من بۆ هەتاهەتایە دەبێت و
ڕاستودروستیم هەرگیز ناڕوخێت.
٧ گوێم لێ بگرن ئەی ئەوانەی ڕاستودروستی دەزانن
ئەی ئەو گەلەی فێرکردنەکانم لەناودڵیانە،
مەترسن لەوەی خەڵکی گاڵتەتان پێ بکەن و
لە جنێوەکانیان مەتۆقن.
٨ چونکە وەک کراس مۆرانە دەیانخوات و
وەک خوری کرم دەیانخوات،
بەڵام ڕاستودروستی من بۆ هەتاهەتایە دەبێت و
ڕزگاریشم بۆ نەوەی نەوەکان.
٩ بەئاگابە! بەئاگابە هێز لەبەربکە
ئەی بازووی خوداوەند!
بەئاگابە وەک لە ڕۆژگارە دێرینەکان
لە سەردەمەکانی پێشوو.
ئایا تۆ نەبوویت کە ڕەهەبت لەت کرد و
ئەژدیهات بەسەختی بریندار کرد؟
١٠ ئایا تۆ نەبوویت دەریات وشک کرد
ئاوی قووڵاییە مەزنەکە؟
ئەوەی قووڵایی دەریای کرد بە ڕێگا
بۆ پەڕینەوەی ئەوانەی کڕاونەتەوە.
١١ جا ئەوانەی خوداوەند کڕیوویانیەتیەوە دەگەڕێنەوە
بە هاواری خۆشییەوە بۆ سییۆن دێن
شادییەکی هەتاهەتایی لەسەر سەریانە
خۆشی و شادی پێیان دەگەن و
ناخۆشی و ئاهەڵکێشان هەڵدێن.
١٢ منم، منم کە دڵنەوایتان دەکەم
تۆ کێیت لە مرۆڤ دەترسیت کە دەمرێت و
لە ئادەمیزاد کە وەک گیای لێدێت
١٣ خوداوەندت لەبیر دەچێت کە دروستی کردوویت
کە ئاسمانەکانی لێککردووەتەوە و
زەوی دامەزراندووە و
بەردەوام هەموو ڕۆژێک زەندەقت چووە
لە تووڕەیی تەنگاوکار
کە ئامادەی کردووە بۆ لەناوبردن،
بەڵام کوا تووڕەیی تەنگاوکار؟
١٤ خێرا ئەوەی چەماوەتەوە ئازاد دەکرێت
لەناو چاڵ نامرێت
نانی کەم نابێت.
١٥ من خوداوەند خودای تۆم!
دەریا دەشڵەژێنێت و شەپۆلەکانی هەڵدەچن
ناوی خوداوەندی سوپاسالارە.
١٦ وشەکانی خۆم خستە دەمی تۆوە و
بە سێبەری دەستەکانم تۆم شاردەوە
بۆ چاندنی ئاسمانەکان و دامەزراندنی زەوی و
بۆ ئەوەی بە سییۆن بڵێت، تۆ گەلی منیت.
١٧ بەئاگابە! بەئاگابە،
ئۆرشەلیم هەستە!
ئەوەی لە دەستی خوداوەند خواردتەوە
جامی تووڕەییەکەی
خڵتەی جامی بەلاداهاتن
خواردتەوە و چۆڕاندت.
١٨ کەس نییە ڕێنمایی بکات
لەهەموو ئەو کوڕانەی بۆی لەدایک بوون
کەس نییە دەستی بگرێت
لەهەموو ئەو کوڕانەی بەخێویانی کرد.
١٩ دووان بەپیرتەوە دێن
کێ بۆت دەلاوێنێتەوە؟
کاولبوون و وردوخاش بوون
برسێتی و شمشێر
بەچی دڵنەوایت بکەم؟
٢٠ کوڕەکانت گرمۆڵ بوون و ڕاکشان
لەسەر سووچی هەموو شەقامێک
وەک ئاسک لەناو تۆڕدا.
پڕن لە تووڕەیی خوداوەند و
لە سەرزەنشتی خودات.
٢١ بۆیە ئێستا گوێ لەمە بگرە ئەی زەلیلەکە
ئەی سەرخۆشەکە، بەڵام بە بێ مەی،
٢٢ ئاوای فەرموو خوداوەندت خوداوەند و
خودات کە پشتگیری گەلەکەی خۆی دەکات،
ئەوەتا من جامی بەلاداهاتنم لە دەستت وەرگرت
خڵتەی جامی تووڕەیم،
لەمەودوا چیتر نایخۆیتەوە.
٢٣ دامە دەست ئەشکەنجەدەرانت

ئەوانەی بە گیانی تۆیان وت،
بچەمێوە تا بپەڕینەوە.
جا پشتت وەک زەوی دانا
وەک شەقام بۆ ئەوانەی دەپەڕنەوە.

# ٥٢

١ هەستە! هەستە!
بەرگی هێزت لەبەرکە ئەی سییۆن،
بەرگی جوانیت لەبەرکە ئەی ئۆرشەلیم
شاری پاکوپیرۆز!
چونگە لەمەودوا نایەتە ناوت ئیتر
خەتەنەنەکراو و گڵاو.
٢ لەناو خۆڵ هەستە خۆت بتەکێنە
دانیشە ئەی ئۆرشەلیم
کۆتەکانی ملت بکەرەوە
ئەی ڕاپێچکراوەکە، کچەکەی سییۆن.
٣ چونکە ئاوای فەرموو خوداوەند،
بەخۆڕایی فرۆشران
بە بێ پارە دەکڕدرێنەوە.
٤ چونکە خوداوەندم خوداوەند ئاوای فەرموو:
گەلەکەم سەرەتا دابەزین بۆ میسر
بۆ ئاوارە بوون لەوێ.
بەڵام ئاشور بە بێ هۆ ستەمی لێ کرد.
٥ ئێستا لێرە چیم هەیە،
خوداوەند ڕایگەیاند،
تا گەلەکەم بە خۆڕایی بردرا؟
فەرمانڕەواکانی دەلووڕێنن،
خوداوەند ڕایگەیاند،
بەردەوام بەدرێژایی ڕۆژیش ناوی من
سووکایەتی پێدەکرێت.
٦ بۆیە گەلەکەم ناوم دەزانێت،
بۆیە لەو ڕۆژەدا دەزانن کە ئەوە منم قسەدەکەم،
ئەوەتام.
٧ چەند جوانە لەسەر چیاکان
پێیەکانی مزگێنیدەران
ڕاگەیەنەری ئاشتی، مزگێنیدەری خۆشی
ڕاگەیەنەری ڕزگاری
بە سییۆن دەڵێت
خودات پاشایەتی دەکات.
٨ دەنگی چاودێرانت، دەنگیان هەڵبڕی
پێکەوە هاواری خۆشی دەکەن
چونکە چاو بە چاو دەبینن
کاتێ خوداوەند دەگەڕێتەوە بۆ سییۆن.
٩ بکەونە ناو هاواری خۆشییەوە پێکەوە
ئەی کەلاوەکانی ئۆرشەلیم
چونکە خوداوەند دڵنەوایی گەلەکەی خۆی کرد
ئۆرشەلیمی کڕییەوە.
١٠ خوداوەند بازووی پاکوپیرۆزی خۆی هەڵکرد
لەبەرچاو هەموو میللەتان
هەر چوار لای زەویش
ڕزگاری خودای ئێمەیان بینی
١١ جیابنەوە، جیابنەوە، لەوێ دەرچن
دەست مەدەنە هیچ گڵاوێک،
دەرچن لەناوەڕاستی، خۆتان پاکبکەنەوە
ئەی هەڵگرانی کەلوپەلی خوداوەند.
١٢ چونکە بە پەلە دەرناچن
بە هەڵاتن ناڕۆن
چونکە خوداوەند لەبەردەمتانەوە دەڕوات
خودای ئیسرائیل پاشڕەو و پارێزەرتانە.
١٣ ئەوەتا خزمەتکارەکەم بە وریایی هەڵسوکەوت دەکات
بەرزدەبێتەوە و بڵند دەبێت و زۆر پایە بەرز دەبێت.
١٤ وەک ئەوەی زۆر کەس واقیان وڕما لێت
ئاوا دیمەنی شێوا، لە مرۆڤ نەدەچوو
وێنەی لە ئادەمیزاد نەدەچوو.
١٥ ئاوا زۆر لە میللەتان سەرسام دەبن
لەبەر ئەو پاشایان دەمی خۆیان دەگرن
چونکە ئەوەی بۆیان باس نەکرابوو بینییان
ئەوەی نەیانبیستبوو تێیگەیشتن.

# ٥٣

١ کێ باوەڕ دەکات بەوەی بیستوومانە و
بازووی خوداوەند بۆ کێ دەرکەوت؟
٢ وەک نەمام لەبەردەمیدا باڵای کرد
وەک ڕەگ لەخاکێکی تینوودا
نە وێنەی هەیە و نەجوانی تا تەماشای بکەین و
نە دیمەن تا ئارەزووی بکەین.
٣ ڕسواو سووک لەلایەن خەڵکەوە
پیاوی ئازار و شارەزای ناخۆشی
وەک یەکێک ڕووی خۆی شاردبێتەوە لێمان
ڕسواو حیسابمان بۆی نەکرد.
٤ بەڵام ناخۆشییەکانمان ئەو هەڵی گرت
ئازارەکانمان ئەو بەرگەی گرت،
ئێمەش وامان زانی گورزی بەرکەوتووە
لەلایەن خوداوە لێدراوە و زەلیلە.
٥ بەڵام ئەو لەبەر یاخی بوونەکانمان بریندار بوو
لەبەر تاوانەکانمان وردوخاشکرابوو
تەمبێ کردنی ئاشتیمان لەسەر ئەو بوو
بە برینەکانی ئەو چاکبووینەوە.
٦ هەموو وەک مەڕ وێڵ بووین
هەریەکە ملی ڕێگای خۆمان گرت
خوداوەندیش هەموو تاوانەکانی ئێمەی
خستە سەر ئەو.
٧ زوڵمی لێکرا، کەچی خۆی زەلیل کرد و
دەمی نەکردەوە
وەک بەرخ بۆ سەربڕین ببردرێت
وەک مەڕ لەبەردەم ئەوانەی دەیبڕنەوە بێ دەنگ بوو
دەمی نەکردەوە.
٨ بە زوڵم و حوکم بەسەردا دان بردرا
کێ باسی نەوەکانی دەکات؟
چونکە لە خاکی زیندووواندا بڕایەوە
لەبەر یاخی بوونی گەلەکەم ئەو لێدرا.
٩ گۆڕی لەگەڵ بەدکاران دانرا
لەگەڵ دەوڵەمەند کاتی مردنی
هەرچەندە ستەمی نەکرد و
ساختەی لەدەمدا نەبوو.
١٠ بەڵام خوداوەند مەبەستی بوو بە غەم وردوخاشی بکات
ئەگەر گیانی خۆی کرد بە قوربانی تاوان
نەوە و ڕۆژگاری درێژ دەبینێت،

به دەستی ئەو مەبەستی خوداوەند سەردەکەوێت.
١١ بەری ڕەنجی خۆی دەبینێت
تێردەبێت
بە زانینی خزمەتکارە ڕاستودروستەکەم دادوەری بۆ زۆر کەس دەکات و
ئەو تاوانەکانیان هەڵدەگرێت.
١٢ بۆیە لەگەڵ گەورەکان بەشی دەدەم
لەگەڵ مەزنەکان دەستکەوت بەش دەکات
لەبەر ئەوەی بۆ مردن گیان لەسەر دەست بوو
لەگەڵ یاخی بووان ژمێردرا
کەچی گوناهی زۆر کەسی هەڵگرت و
بۆ یاخی بووان ناوبژی کرد.

# ٥٤

١ هاواری خۆشی بکە ئەی نەزۆکەکە، ئەوەی منداڵی نەبووە،
بکەوە ناو هاواری خۆشییەوە ئەی ئەوەی ژانی نەگرتووە،
چونکە کوڕانی ژنە تاقوتەنیاکە
زیاترن لەوەی میرددارەکە،
خوداوەند فەرمووی.
٢ شوێنی چادرەکەت فراوان بکە
پەردەی جێنشینەکانت لێکبکەرەوە
دەست مەگێڕەوە
پەتی خێوەتەکانت درێژ بکە و
سنگەکانت توند بکە.
٣ چونکە بە لای ڕاست و چەپدا پەل دەهاوێیت
نەوەی تۆ میللەتان داگیر دەکەن
شارە وێرانەکان ئاوەدان دەکەنەوە.
٤ مەترسە چونکە ڕسوا نابیت
گاڵتەت پێ ناکرێت چونکە شەرمەزار نابیت
چونکە ڕسوایی سەردەمی کچێنیت لەبیردەکەیت
شوورەیی بێوەژنێتیت ئیتر بەبیر نایەتەوە.
٥ چونکە مێردی تۆ دروستکارەکەی تۆیە
ناوی خوداوەندی سوپاسالارە و
ئەوەی دەتکڕێتەوە پاکوپیرۆزەکەی ئیسرائیلە
پێی دەووترێت خودای هەموو زەوی.
٦ چونکە وەك ژنێکی بەجێماو و
ڕۆح پڕ لە ژان
خوداوەند بانگی کردیت و
وەك ژنی سەردەمی گەنجی کە ڕەتکرابێتەوە،
خودات فەرمووی،
٧ بۆ چرکۆکەیە بەجێم هێشتیت و
بە بەزەیی گەورەوە کۆتدەکەمەوە.
٨ بە لافاوی قینەوە
بۆ چرکەیەك ڕووی خۆم لێت داپۆشی و
بە پەیمانی خۆشەویستی هەتاهەتایی بەزەیم پێتدا هاتەوە،
خوداوەند ئەوەی دەتکڕێتەوە فەرمووی.
٩ چونکە ئەمە وەك ئاوەکەی نوحە بۆ من
ئەوەی سوێندم خوارد،
کە ئاوەکەی نوح جارێکی دیکە بەسەر زەویدا تێنەپەڕێت.
ئاوا سوێندم خوارد،
کە لێت بە قین نەبم و لێت ڕانەخوڕم.
١٠ چونکە چیاکان نامێنن و
گردەکان دەهەژێن
بەڵام پەیمانی خۆشەویستی من بۆ تۆ دەمێنێت و
پەیمانی ئاشتیم ناهەژێت
خوداوەند ئەوەی بەزەیی پێتدا دێتەوە، فەرمووی.
١١ ئەی زەلیلە سەرلێشێواوە دڵنەوا نەکراوەکە
ئەوەتا من بەردەکانت بە ڕەنگی جوان لەسەر ڕیز دەکەم.
بە یاقوتی شین داتدەمەزرێنم،
١٢ قوولەکانت دەکەم بە یاقوت و
دەروازەکانیشت بە بەردی پرشنگدار
هەموو سنوورەکانیشت بە بەردی گرانبەها.
١٣ هەموو کوڕەکانت دەبن بە قوتابی خوداوەند و
ئاشتی کوڕانت زۆر دەبێت.
١٤ بە ڕاستودروستی دەچەسپێیت
دوور لە جەوروستەم، چونکە ناترسیت و
دوور لە تۆقینیش، چونکە لێت نزیك ناکەوێتەوە.
١٥ ئەوەتا ئەوان بەتەواوی کۆدەبنەوە، بەڵام لەلایەن منەوە نییە
ئەوەی لەسەر تۆ کۆدەبێتەوە، دەکەوێتە بەردەمت.
١٦ ئەوەتا من ئاسنگەرم بەدیهێنا
فوو لە ئاگری خەڵوز دەکات
ئامێرێك بۆ کارەکەی خۆی دەردەکات و
من لەناوبەرم بەدیهێنا تا بفەوتێنێت.
١٧ هەر ئامێرێك دژ بە تۆ شێوەیان کێشراوە
سەرناکەوێت و
هەر زمانێك لە دادگا دژ بە تۆ ڕادەوەستێت
تاوانباری دەکەیت
ئەمە میراتی خزمەتکارانی خوداوەندە
ڕاستودروستیان لەلایەن منەوەیە
خوداوەند ڕایگەیاند.

# ٥٥

١ هۆ ئەی هەموو تینووەکان وەرن بۆ ئاو
ئەوانەش کە پارەیان نییە، وەرن
بکڕن و بخۆن.
وەرن بەبێ پارە و بە بێ نرخ مەی و شیر بکڕن.
٢ بۆچی پارە دەژمێرن بێجگە لە بۆ نان و
ماندوێتیتان بێجگە لە بۆ تێربوون؟
بەتەواوی گوێم لێبگرن و ئەوە بخۆن کە باشە
با گیانتان تام لە چەوری وەرگرێت.
٣ گوێتان شلکەن و وەرنە لام
گوێ بگرن و گیانتان دەژیێت،
پەیمانی هەتاهەتایتان لەگەڵ دەبەستم
پەیمانی خۆشەویستی تەواوم بۆ داود.
٤ ئەوەتا کردم بە شایەت بەسەر نەتەوەکان
ڕابەر و فەرماندە بۆ نەتەوەکان.
٥ ئەوەتا میللەتێك نایناسیت بانگی دەکەیت و
میللەتێك ناتناسێت بۆلات ڕادەکات
لەبەر خوداوەند خودات و
لەبەر پاکوپیرۆزەکەی ئیسرائیل
چونکە شکۆمەندی کردیت.
٦ داوای خوداوەند کە هێشتا دەبینرێتەوە
بانگی بکەن کەهێشتا نزیکە.
٧ با بەدکار واز لە ڕێگای خۆی بهێنێت و
پیاوی خراپەش لە بیرکردنەوەکانی،
با بگەڕێتەوە لای خوداوەند
ئەویش بەزەیی پێدا بێتەوە
بۆلای خودامان چونکە لێخۆش بوون زۆر دەکات.

٨ چونکە بیرکردنەوەی من بیرکردنەوەی ئێوە نییە و
ڕێگاکانی ئێوەش ڕێگای من نییە،
خوداوەند ڕایگەیاند،
٩ چونکە بە بەرزی ئاسمانەکان بەسەر زەوییەوە
ئاواش بەرزە ڕێگاکانم بەسەر ڕێگاکانتان و
بیرکردنەوەم بەسەر بیرکردنەوەتان
١٠ چونکە وەک چۆن باران و بەفر
لە ئاسمانەوە دێنە خوارەوە و
ناگەڕێنەوە ئەوێ
بەڵکو زەوی ئاو دەدەن و
وای لێدەکەن بەرهەم بدات و ڕووەکی لێ بڕوێت و
تۆو بدات بۆ تۆوکردن و نان بۆ خواردن.
١١ ئاوا دەبێت وشەکەم کە لە دەممەوە دەردەچێت
بە بەتاڵی ناگەڕێتەوە بۆم
بەڵکو ئەوەی من پێم خۆشە دەیکات و
سەرکەوتوو دەبێت لەوەی بۆی دەنێرم.
١٢ چونکە بە خۆشییەوە دەردەچن و
بە ئاشتییەوە دەهێنرێنەوە.
چیاکان و گردەکان لەبەردەمتان دەکەونە هاواری خۆشییەوە
هەموو دارەکانی کێڵگەش بەدەست چەپڵە لێدەدەن
١٣ لە جێی دڕک سەرو دەڕوێت و
لە جێی چقڵیش هاداس دەڕوێت
بۆ خوداوەند دەبێت بە ناوێک
نیشانەیەکی هەتاهەتایی نابڕێتەوە.

# ٥٦

١ خوداوەند ئاوای فەرموو،
دادپەروەری بپارێزن و ڕاستودروستی ئەنجام بدەن
چونکە لەم نزیکانە ڕزگاریم دێت و
ڕاستودروستیم ئاشکرا دەبێت.
٢ خۆزگە بەو مرۆڤەی ئەمە دەکات و
بەو ئادەمیزادەی توند دەستی پێوە دەگرێت،
ئەوەی ڕۆژی شەبەت دەپارێزێت لە گڵاوبوون و
دەستی دەپارێزێت لە کردنی هەموو خراپەیەک.
٣ با ئەو بێگانەیەی
خۆی داوەتە پاڵ خوداوەند، نەڵێت:
خوداوەند بە تەواوی جیای کردمەوە لە گەلەکەی
با خەساویش نەڵێت:
ئەوەتا من دارێکی وشکەوە بووم.
٤ چونکە خوداوەند ئاوای فەرموو،
بەو خەساوانەی ڕۆژەکانی شەبەتم دەپارێزن و
ئەوە هەڵدەبژێرن کە دڵم پێی خۆشە و
دەستیان توند گرتووە بە پەیمانەکەمەوە.
٥ لەناو ماڵی خۆم و لەم دیو دیوارەکانم ناونیشان و ناویان پێ دەدەم
باشتر لە کوڕان و لە کچان
ناوێکی هەتاهەتاییان پێدەدەم
کە نەبڕێتەوە.
٦ ئەو بێگانانەش کە خۆیان داوەتە پاڵ خوداوەندەوە
بۆ خزمەت کردنی و بۆ خۆشویستنی ناوی خوداوەند
تا بۆی ببن بە خزمەتکار
هەموو ئەوانەی ڕۆژی شەبەت دەپارێزن لە گڵاوبوون و
بە توندی دەستیان گرتووە بە پەیمانەکەم.
٧ دەیانهێنم بۆ چیای پیرۆزم
دڵخۆشیان دەکەم لە ماڵی نوێژم
قوربانی سووتاندن و قوربانییە سەربڕاوەکانیان
مایەی ڕەزامەندین لەسەر قوربانگاکەم
چونکە بە ماڵەکەم دەووترێت، ماڵی نوێژ بۆ هەموو گەلان.
٨ ڕایگەیاند خوداوەندم خوداوەند،
کۆکەرەوەی دوورخراوەکانی ئیسرائیل
هێشتا کۆدەکەمەوە لەسەر کۆکراوەوەکەی.
٩ ئەی هەموو گیانلەبەرانی دەشتودەر وەرن بۆ خواردن
ئەی هەموو گیانلەبەرانی دارستان.
١٠ چاودێرەکانی هەموو کوێرن
نازانن
هەموو سەگی لاڵن
ناتوانن بوەڕن
خەوبین و پاڵکەوتوو
حەزیان لە خەوە.
١١ سەگەکان چاو برسین
تێربوون نازانن
ئەوان شوانن و
تێگەیشتن نازانن
هەموو ملی ڕێی خۆیان گرت
هەریەکە و بۆ قازانج لەلای خۆیەوە.
١٢ وەرن مەی دەهێنم
با سەرخۆشکەر بنۆشین
بەیانیش وەک ئەمڕۆ دەبێت
بەڵکو زۆر گەورەتریش.

# ٥٧

١ ڕاستودروست نەما
کەسیش لە دڵی خۆیدا بیر لەمە ناکاتەوە
پیاوچاکان سەردەنێنەوە
بەڵام کەس تێناگات
کە لە ڕووی خراپەیە ڕاستودروست سەردەنێتەوە.
٢ دێتە ناو ئاشتییەوە
لەسەر نوێنەکانیان دەحەسێنەوە
ئەوەی ڕێگای ڕاستی گرتووەتە بەر.
٣ بەڵام ئێوە وەرنە پێشەوە بۆ ئێرە
ئەی کوڕی ژنە بەختخوێنەوەکە
تۆخمی داوێن پیسە لەشفرۆشەکە!
٤ بە کێ ڕادەبووێرن و
لە کێ دەم دەکەنەوە و
زمان درێژ دەکەن
ئەی ئێوە کوڕانی یاخی بوون و
تۆخمی درۆ نین؟
٥ ئەوانەی جۆش دەسێنن بۆ بتەکان
لەژێر هەموو دارێکی سەوزدا
ئەوانەی منداڵان دەکوژن لە دۆڵەکاندا
لە ژێر کەلەبەرەکانی تاوێرەکاندا.
٦ بەشت لەناو بەردە لووسەکانی جۆگایە
ئەوان، ئەوان تیروپشکی تۆن
هەروەها بۆ ئەوان مەی پێشکەشکراو و
قوربانی خۆراکت پێشکەش کرد.
ئایا لەبەر ئەمە دڵم بسووتێت؟
٧ لەسەر چیایەکی بەرز و بڵند
نوێنەکەی خۆت دانا

بۆ ئەوێ سەرکەوێت تا قوربانی سەربڕیت.
٨ لە پشت دەرگا و چوارچێوەکەی
یادەوەری خۆت دانا
چونکە بۆ من نەبوو خۆت ئاشکرا کرد و سەرکەوتیت
نوێنەکەی خۆت فراوان کرد و
پەیمانت لەگەڵیان بەست
حەزت لە نوێنی ئەوان کرد
ناموسی ئەوانت بینی.
٩ بە زەیتەوە چوویتە لای پاشا
بۆنوبەرامی خۆت زیادکرد
نێردراوی خۆت بۆ دوور نارد
شۆڕبوویتەوە تا دونیای مردووان.
١٠ درێژی گەشتەکانت ماندووی کردیت
کەچی نەت وت، بێ ئومێدە.
تێربوونی هەوەسی خۆت دۆزییەوە
بۆیە بێ هێز نەبوویت.
١١ لەکێ ترسایت و تۆقیت
تا درۆت کرد؟
بەڵام منت بەیادنەهاتەوە و
نەتخستە دڵتەوە.
ئایا لەبەر ئەوەی من ماوەیەکی زۆرە بێدەنگم
لە من نەترسایت؟
١٢ من ڕاستودروستی و کردەوەکانت ڕادەگەیەنم
بەڵام سوودیان بۆت نییە.
١٣ کە هاوار دەکەیت
با بتە کۆکراوەکانت فریات بکەون.
بەڵام با هەموویان هەڵدەگرێت
شنەبا دەیانبات.
بەڵام ئەوەی پەنای داوەتە پاڵ من
دەبێت بە میراتگری زەوی
چیای پیرۆزم دەبێت بە موڵکی
١٤ دەفەرمووێت،
خۆشکەن، خۆشکەن، ڕێ تەخت و خۆش کەن!
کۆسپ لە ڕێگای گەلەکەم هەڵگرن.
١٥ چونکە ئاوای فەرموو بەرز و بڵند
نیشتەجێ تا هەتایە، ناوی پاکوپیرۆزە
لە جێی بەرز و پاکوپیرۆز نیشتەجێم
لەگەڵ ئەوانەی ڕۆحیان وردوخاشکراو و بێ فیزە
تا ڕۆحی بێ فیزەکان بژێنمەوە
تا دڵی وردوخاشکراوەکان بژێنمەوە.
١٦ چونکە بۆ هەتاهەتا کێشمەکێش ناکەم و
تا کۆتایی تووڕە نابم،
چونکە ڕۆح لەبەردەم من کرژ دەبێت و
ئەو هەناسانەش کە من دروستم کردوون.
١٧ لەبەر تاوانی قازانجەکەی تووڕە بووم و لێمدا
خۆم شاردەوە و تووڕەبووم.
جا بە یاخی بوونەوە بە ڕێگای دڵی خۆیدا ڕۆیشت.
١٨ ڕێگاکانیم بینی و
چاکی دەکەمەوە و ڕێنمای دەکەم و
دڵی خۆی و شیوەن گێڕەکانی دەدەمەوە.
١٩ بەری لێوەکان بەدی دەهێنم
ئاشتی! ئاشتی بۆ دوور و بۆ نزیك!
خوداوەند فەرمووی، چاکیشی دەکەمەوە.
٢٠ بەڵام بەدکاران وەك دەریای هەڵچوون
کە ناتوانێت ئارام بێتەوە
ئاوەکانی لیتاو قوڕاو فڕێدەدات.
٢١ ئاشتی بۆ بەدکارەکان نییە،

خودام فەرمووی.

# ٥٨

١ پڕ بە گەرووت هاوار بکە و مەیگێڕەوە،
وەك کەڕەنا دەنگت بەرزبکە!
بە گەلەکەم یاخی بوونەکەی ڕابگەیەنە
بە ماڵی یاقوبیش گوناهەکانیان.
٢ ڕۆژ بە ڕۆژ داوای من دەکەن و
دڵخۆش دەبن بە زانینی ڕێگاکانم
وەك میللەتێك ڕاستودروستی ئەنجام دابێت و
حوکمەکانی خودای خۆی پشت گوێ نەخستبێت
داوای حوکمەکانی ڕاستودروستیم لێ دەکەن
دڵخۆش دەبن بە نزیك بوونەوە لە خودا.
٣ بۆچی بەڕۆژوو بووین و سەیرت نەکرد؟
خۆمان زەلیل کرد و پێت نەزانی؟
ئەوەتا لە ڕۆژی بەڕۆژووبونتاندا خۆشی دەبینن و
هەموو کرێکارەکانتان دەچەوسێننەوە
٤ ئەوەتا بۆ شەڕ و ناکۆکی بەڕۆژوو دەبن
تا بە مشتی خراپە مشت بوەشێنن،
ئەمڕۆ بەڕۆژوو نابن
تا لەبەرزایی دەنگتان ببیسترێت
٥ ئایا ئەمە ئەو ڕۆژووە نییە کە دەمەوێت؟
ئەو ڕۆژەی مرۆڤ گیانی خۆی زەلیل دەکات،
وەك زەل سەری دادەنەوێنێت و
پەڵاس و خۆڵەمێش لەژێر خۆی ڕادەخات.
ئایا بەمە دەڵێیت، ڕۆژوو و
ڕۆژێکی پەسەند لەلای خوداوەند؟
٦ ئایا ئەمە ئەو ڕۆژووە نییە
کە من دەمەوێت،
کۆتی بەدکاری بکرێتەوە و
گرێکانی نیر شل بکرینەوە و
چەوساوەکان بەڕەڵابکرێن و
هەموو نیرێك بشکێنن.
٧ ئایا ئەوە نییە کە نانی خۆت بۆ برسی لەت بکەیت و
هەژارە بێ لانەکان ببەیتەوە ماڵەکەی خۆت؟
کە ڕووتێکت بینی پۆشتەی بکەیت و
خۆت نەشاریتەوە لە خزمەکانی خۆت.
٨ ئەوسا ڕووناکیت وەك بەیان پرشنگ دەداتەوە
تەندروستیت زووبەزوو چرۆ دەکات
ڕاستودروستیت لە پێشتەوە دەڕوات و
شکۆمەندی خوداوەندیش پاشڕەوەکەت کۆدەکاتەوە.
٩ ئەوسا هاوار دەکەیت و خوداوەند وەڵام دەداتەوە
هاواری فریاکەوتن دەکەیت و دەفەرموێت: ئەوەتام.
ئەگەر لەناو خۆت دایماڵیت نیر و
بە پەنجە ئیشارەت کردن و قسەی بەدکاری و
١٠ گیانی خۆت بۆ برسی هەڵڕێژیت و
گیانی زەلیل تێربکەیت،
ڕووناکیت لەناو تاریکی دەدرەوشێتەوە و
تاریکی ئەنگوستەچاوت وەك نیوەڕۆ دەبێت و
١١ خوداوەند هەمیشە ڕێنمایت دەکات و
لە وشکە ساڵیدا گیانت تێر دەکات
ئێسقانەکانت بەهێز دەکات،
جا دەبیتە باخچەیەکی تێرئاو و
وەك سەرچاوەیەکی ئاو

که ئاوی نەبڕێت.
١٢ ئەوانەی لە تۆن کەلاوە کۆنەکان بنیاد دەنێنەوە
بناغەکان کە لەنەوەکانی پێشووەوەیە هەڵدەسێنیتەوە،
جا ناوت لێ دەنێن، کەلێن گر،
ئاوەدانکەرەوەی ڕێڕەوەکان.
١٣ ئەگەر پێی خۆت بگێڕیتەوە لە ڕۆژی شەبەت
لە ئەنجامدانی ئەوەی پێت خۆشە لە ڕۆژی پیرۆزم.
بە ڕۆژی شەبەت بڵێیت، خۆشی و
پاکوپیرۆز بۆ خوداوەند، ڕێزدار.
ڕێزی لێ بگریت بەوەی ڕێگای خۆت ئەنجام نەدەیت و
بەدوای خۆشی خۆتەوە نەبیت و
قسەکانی خۆت نەکەیت.
١٤ ئەوسا خۆشی لە خوداوەند دەبینیت
سواری بەرزاییەکانی زەویت دەکەم و
میراتەکەی یاقوبی باوکت دەرخوارد دەدەم
چونکە دەمی خوداوەند دوا.

# ٥٩

١ ئەوەتا دەستی خوداوەند کورت نیە بۆ ڕزگارکردن و
گوێشی گران نییە بۆ بیستن
٢ بەڵکو تاوانەکانتان بوون بە ناوبەند
لەنێوان ئێوە و خوداتان و
گوناهەکانت وای کرد ڕووی خۆی لێتان بشارێتەوە و
گوێتان لێ نەگرێت.
٣ چونکە ناو دەستتان بە خوێن گلاو بوو و
پەنجەکانیشتان بە تاوان
لێوەکانتان بە درۆ دوان و
زمانیشتان نارەوایی دەوتەوە.
٤ کەس نییە بانگەوازی ڕاستودروستی بکات و
کەس نییە بە دڵسۆزی دادوەری بکات.
پشت بە پووچی دەبەستن و
بە درۆ دەدوێن.
بە ئاژاوە دووگیان بوون و
خراپەیان بۆ لەدایک بوو.
٥ هێلکەی ماریان هەڵهێنا
تۆڕی جاڵجاڵۆکە دەچنن.
ئەوەی هێلکەیان دەخوات دەمرێت
ئەوانەش کە دەشکێن مار هەڵدێنن.
٦ داوەکانیان نابێت بە بەرگ و
خۆیان ناپۆشن بە کردارەکانیان،
کردارەکانیان کرداری خراپەن و
کردەوەیان ستەمە لە دەستیان.
٧ پێیەکانیان بەرەو خراپە ڕادەکەن
پەلەدەکەن بۆ ڕشتنی خوێنی بێتاوان
بیرکردنەوەیان بیرکردنەوەی خراپەیە
وێرانی و تێکشکان لە ڕێگاکانیانە.
٨ ڕێگای ئاشتی پێنازانن
دادپەروەری نییە لە ڕێچکەکانیان
ڕێڕەوەکانی خۆیان خوار کرد
هەموو ئەوەی پێیدا دەڕوات
ئاشتی نازانێت.
٩ لەبەر ئەمە دادپەروەری لێمان دوور کەوتەوە و
ڕاستودروستی پێمان ناگات.
چاوەڕێی ڕووناکی دەکەین و ئەوەتا تاریکییە
ڕووناکایی بەڵام بە تاریکی ئەنگوستەچاودا دەڕۆین
١٠ وەك کوێر دەست لە دیوار دەدەین و
وەك یەکێ دوو چاوی نەبێت دەست دەکوتین
بە نیوەڕۆ ساتمەدەکەین وەك لە تاریکوڵێڵدا
لەناو چالاکەکان وەك مردوو واین.
١١ هەمووومان وەکو ورچ دەنەڕێنین
وەك کۆتر دەگمێنین،
چاوەڕێی دادپەروەریی دەکەین و نییە
ڕزگاری و لێمان دوور دەکەوێتەوە.
١٢ چونکە یاخی بوونەکانمان لەبەرامبەر تۆ زۆر بوون
گوناهەکانمان شایەتیمان لەسەر دەدەن
چونکە یاخی بوونەکانمان لەگەڵمانن
تاوانەکانی خۆمان دەزانین.
١٣ یاخی بوو و درۆ کردوو لەگەڵ خوداوەند
لە دوای خودای خۆمان لاماندا
بە ستەم و نارەوایی دواین
دووگیان بووین و لە دڵەوە قسەی درۆمان وتەوە.
١٤ دادپەروەری بەرەو دواوە لایدا و
ڕاستودروستی لە دوورەوە ڕادەوەستێت.
چونکە دڵسۆزی لەگۆڕەپانی شاردا کەوتوو و
ڕاستوڕێکی ناتوانێت بێتە ژوورەوە.
١٥ دڵسۆزی ون بووە و
ئەوەی لە خراپە لادەدات دەبێت بە نێچیر
خوداوەند بینی و لەبەر چاوی خراپ بوو
کە دادپەروەری نییە.
١٦ بینی کەس نییە
سەرسام بوو کە ناوبژیوان نییە.
جا بازووی خۆی بۆی ڕزگارکرد،
ڕاستودروستی خۆی پاڵپشتی کرد.
١٧ ڕاستودروستی وەك سپەر لەبەر کرد و
کڵاوی ئاسنینی ڕزگاریش لەسەری
بەرگی تۆڵەسەندنی وەك بەرگ لەبەرکرد
دڵگەرمیشی وەك عەبا لەخۆی پێچا.
١٨ بەگوێرەی کردەوەکان ئاوا پاداشت دەداتەوە
قین بۆ ناحەزانی و پاداشت بۆ دوژمنانی،
کەنارەکانیش بەتەواوی پاداشت دەداتەوە.
١٩ لە ڕۆژئاوا لە ناوی خوداوەند دەترسن و
لە ڕۆژهەڵات لە شکۆمەندییەکەی
کاتێ ناحەز وەك ڕووبار دێت
ڕۆحی خوداوەند دەریاندەکات.
٢٠ ئەوەی دەمانکڕێتەوە دێت بۆ سییۆن و
بۆ لای ئەوانەی یاقوب کە لە یاخی بوون گەڕاونەتەوە،
خوداوەند ڕایگەیاند.
٢١ منیش ئەمە پەیمانەکەمە لەگەڵیان،
خوداوەند فەرمووی،
ڕۆحم کە لەسەرتە و وشەکانم کە خستمە دەمت، نە لە دەمی
خۆت و نە لە دەمی نەوەت و نە لە دەمی نەوەی نەوەت
نابڕێنەوە، خوداوەند فەرمووی، لە ئێستاوە و تا هەتایە.

# ٦٠

١ هەستە پرشنگ بدەوە، چونکە ڕووناکیت هات،
شکۆمەندی خوداوەندیش بەسەرتدا گزنگی داوە
٢ چونکە ئەوەتا تاریکی زەوی داپۆشیوە و
هەوری تاریش نەتەوەکان.

بەڵام بەسەر تۆ خوداوەند گزنگ دەدات
شکۆمەندییەکەشی بەسەرتەوە دەبینرێت.
٣ میللەتان بە ڕووناکی تۆ دەڕۆن،
پاشاکانیش بە ڕووناکی گزنگت.
٤ چاو هەڵبڕە بۆ دەوروبەری خۆت و تەماشاکە!
هەموو کۆبوونەوە و بۆلای تۆ هاتن،
کوڕەکانت لە دوورەوە دێن و
کچەکانیشت لەسەر دەست هەڵدەگیرین.
٥ ئینجا تەماشا دەکەیت و ڕووناکیت لێدەبارێت
دڵت دادەخورپێت و گەورە دەبێت.
چونکە سامانی دەریا بۆ تۆ دەگوازرێتەوە
دەوڵەمەندیی میللەتان بۆلای تۆ دێت.
٦ ڕەوە حوشتر زەویت دادەپۆشێت
حوشترەکانی میدیان و عیفە
هەموو لە شباوە دێن.
زێڕ و بخووریان بارکردووە
ستایشی خوداوەند ڕادەگەیەنن
٧ هەموو مەڕی قیدار بۆ تۆ کۆدەکرێتەوە
بەرانەکانی نبایۆت خزمەتت دەکەن
بە پەسەندییەوە سەردەخرێنە سەر قوربانگاکەم و
ماڵی شکۆمەندیم شکۆمەند دەکەم.
٨ ئەوانە کێن وەك هەور دەفڕن و
وەك کۆتر بەرەو ماڵەکانیان؟
٩ چونکە کەنارەکان چاوەڕوانی منن
کەشتییەکانی تەرشیشیش لە پێشەوەن
بۆ هێنانی کوڕەکانت لە دوورەوە
زیو و زێڕەکانیشیان لەگەڵیانە
بۆ ناوی خوداوەند خودای تۆ و
بۆپاکوپیرۆزەکەی ئیسرائیل کە شکۆداری کردیت.
١٠ نەوەی بێگانە دیوارەکانت بنیاددەنێنەوە
پاشاکانیان خزمەتت دەکەن،
چونکە لە کاتی تووڕەییم لێمدایت و
لە کاتی ڕەزامەندیم بەزەییم پێتدا هاتەوە.
١١ دەروازەکانت هەمیشە واڵا دەبن
بە ڕۆژ و بە شەو داناخرێن
بۆ هێنانی سامانی میللەتان بۆت و
پاشاکانیشیان بە پێش دەدرێن.
١٢ چونکە ئەو میللەت و پاشایەتییەی خزمەتت نەکەن لەناو دەچن
و
میللەتانیش بەتەواوی وێران دەبن.
١٣ شانازی لوبنان بۆ تۆ دێت
سەروو و سنەوبەر و ئەسپیندار پێکەوە
بۆ ڕازانەوەی جێی پیرۆزگاکەم
جێی پێیەکانم شکۆداردەکەم
١٤ بە کڕنۆشەوە دێن بۆ لات
ڕۆڵەی ئەوانەی تۆیان زەلیل کرد،
کڕنۆش بۆ بنی پێت دەبەن
هەموو ئەوانەی سووکایەتیان پێ دەکردی
بانگت دەکەن: شاری خوداوەند
سیهۆنی پاکوپیرۆزەکەی ئیسرائیل!
١٥ لە جێی ئەوەی بە جێماو و
ڕق لێبوو و بێ ڕێبوار بیت
دەتکەم بە شانازی هەتاهەتایی
شادی نەوە دوای نەوە.
١٦ شیری میللەتان دەمژیت
مەمکی پاشاکان دەمژیت
جا دەزانیت کە منی خوداوەند، ڕزگارکارتم
ئەوەی دەتکڕێتەوە هێزدارەکەی یاقوبە.
١٧ لە جیاتی مس زێڕ دەهێنم
لە جیاتی ئاسنیش زیو دەهێنم،
لە جیاتی داریش مس و
لە جیاتی بەردیش ئاسن،
سەلامەتی دەکەم بە چاودێرت و
ڕاستودروستی دەکەم بە سەرکارت.
١٨ ئیتر نە ستەم لە خاکەکەت دەبیسترێت
نە وێرانی و شکانیش لە سنوورەکانت،
بەڵکو دیوارەکانت ناو لێدەنێیت: ڕزگاری
و دەروازەکانیشت ستایش.
١٩ ئیتر خۆر بۆت نابێت بە ڕووناکی ڕۆژ
نە مانگ ڕووناکیت پێ دەبەخشێت بۆ درەوشانەوە،
بەڵکو خوداوەند بۆت دەبێت بە ڕووناکی هەتاهەتایی
خوداشت بۆ شکۆمەندیت.
٢٠ لەمەودوا خۆری تۆ ئاوا نابێت
مانگی تۆ کەم ناکات
چونکە خوداوەند بۆت دەبێت بە ڕووناکی هەتاهەتایی
ڕۆژانی ماتەمینیت تەواو دەبێت
٢١ گەلەکەت هەمووی ڕاستودروستن
بۆ هەتاهەتایە زەوی داگیر دەکەن.
نەمامی من ناشتوومن
دەستکردی منن بۆ شکۆمەندبوونم.
٢٢ بچووك دەبێت بە هەزار و
بچووکترین بە میللەتێکی مەزن.
من خوداوەندم لەکاتی خۆیدا
پەلەی پێدەکەم.

# ٦١

١ ڕۆحی خوداوەندم خوداوەند لەسەرمە
چونکە خوداوەند دەستنیشانی کردم،
بۆ مزگێنی دان بە کڵۆڵەکان ناردمی
بۆ دڵدانەوەی دڵشکاوەکان
تا بانگەوازی ئازادی بۆ ڕاپێچکراوەکان بکەم و
بەرەڵاکردن بۆ دیلەکان.
٢ تا بانگەوازی ساڵی ڕەزامەندی بۆ خوداوەند بکەم و
ڕۆژی تۆڵەسەندن بۆ خودامان
بۆ دڵنەوایی کردنی هەموو شیوەنگێڕەکان.
٣ تا بۆ شیوەنگێڕکانی سییۆن دابنێم
تا بیاندەمێ جوانی لەجێی خۆڵەمێش و
زەیتی دڵخۆشی لەجێی شیوەن
بەرگی ستایش لەجێی ڕۆحی ورەبەردان
جا پێیان دەوترێت، داربەڕووی ڕاستودروستی
نەمامی خوداوەند بۆ شکۆمەندی.
٤ کەلاوە کۆنەکان بنیاد دەنێنەوە و
وێرانەکانی پێشینان هەڵدەستێننەوە
شارە خاپوورەکان نوێ دەکەنەوە
وێرانەکانی نەوە دوای نەوە.
٥ بێگانە دەوەستن و مەڕەکانت دەلەوەڕێنن و
کوڕانی نامۆکان دەبن بە جووتیار و ڕەزەوانتان.
٦ ئێوەش ناوتان لێدەنرێت، کاهینەکانی خوداوەند
پێتان دەوترێت، خزمەتکارەکانی خودامان
سامانی میللەتان دەخۆن و
بەسەر شکۆمەندی ئەوانەوە شانازی دەکەن.

٧ لەجێی شەرمەزاریتان دوو ئەوەندە و
لە جێی ڕسوایی دڵخۆشبوون بە بەشی خۆیان،
بۆیە لە خاکەکەیان دوو ئەوەندە داگیردەکەن،
خۆشی هەتاهەتاییان بۆ دەبێت.
٨ چونکە من خوداوەندم، دادپەروەریم خۆشدەوێت
ڕقم لە دزی و قوربانی سووتاندنە پێکەوە.
کرێکەی خۆیان بە دەستپاکییەوە دەدەمێ و
پەیمانێکی هەتاهەتاییتان لەگەڵ دەبەستم.
٩ توخمیان لەناو میللەتان دەناسرێن و
وەچەشیان لەناوەڕاست گەلان.
هەموو ئەوانەی دەیانبینن دەیانناسن
کە ئەوان توخمێکن خوداوەند پیرۆزی کردوون.
١٠ بە شادی دڵشاد دەبم بە خوداوەند
گیانم شادومان دەبێت بە خودای خۆم،
چونکە بەرگی ڕزگاری لەبەر کردم
عەبای ڕاستودروستی بەسەر ژانم دا
وەك زاوایەك كە خۆی بەتاج برازێنێتەوە
یان بووكێك بەخشڵ خۆی جوان بكات.
١١ چونكە وەك زەوی كە ڕووەكی خۆی دەردەخات و
وەك باخچە كە چێنراوەكانی دەڕوێنێ،
ئاواش خوداوەند ڕاستودروستی و ستایش
دەڕوێنێت لەبەردەم هەموو میللەتان.

# ٦٢

١ لە پێناو سییۆن بێ دەنگ نابم و
لە پێناو ئۆرشەلیم هێدی نابم
تا ڕاستودروستی وەك ڕووناكایی دەركەوێت و
ڕزگاریشی وەك چرا داگیرسێت.
٢ جا هەموو میللەتان ڕاستودروستی تۆ دەبینن و
هەموو پاشاكان شكۆمەندیت.
ناوێكی تازەت لێ دەنرێت
دەمی خوداوەند دیاری دەكات.
٣ دەبیت بە تاجی جوانی لە دەست خوداوەند و
تاجێكی شاهانە لە ناو لەپی خودات.
٤ چیتر بانگ ناكرێیت جێماو و
چیتر بە زەویەكەت ناوترێت وێرانە،
بەڵكو پێت دەوترێت، خەفسیبە،
زەویەكەشت، بەعولە.
چونكە خوداوەند بە تۆ دڵخۆش دەبێت
زەویەكەشت خاوەندار دەبێت.
٥ چونكە چۆن گەنج دەبێت بە مێردی كچە عازەب
ئاواش كوڕەكانت دەبن بە مێردت،
وەك دڵخۆشی زاوا بە بووك
ئاواش خودات بە تۆ دڵخۆش دەبێت.
٦ لەسەر دیوارەكانت ئەی ئۆرشەلیم
پاسەوانانم داناوە
بە درێژایی ڕۆژ و بە درێژایی شەو
بەردەوام بێ دەنگ نابن،
ئەی ئەوانەی خوداوەندتان لە یادە
ئۆقرە مەگرن.
٧ لێ مەگەڕێن ئۆقرە بگرێت
تا دەیچەسپێنێت و
ئۆرشەلیم دەكات بە ستایش لە زەویدا.
٨ خوداوەند بە دەستی ڕاستی خۆی و
بە بازووی هێزی خۆی سوێندی خوارد،
چیتر گەنمەكەت ناكەم بە خۆراك بۆ دوژمنەكانت و
نامۆكانیش مەیەكەت ناخۆنەوە كە پێوەی ماندوو بوویت.
٩ بەڵكو ئەوانە دەیخۆن كە بەرهەمیان هێناوە و
ستایشی خوداوەند دەكەن و
ئەوانەی كۆیان كردووەتەوە
لە حەوشەی پیرۆزگاكەم دەیخۆنەوە.
١٠ تێپەڕن! تێپەڕن لە دەروازەكانەوە!
ڕێگای بۆ گەل خۆش بكەن
ئامادەی بكەن! ڕێڕەو ئامادە بكەن
لە بەرد پاكی بكەنەوە
ئاڵا بۆ گەل بەرزكەنەوە.
١١ ئەوەتا خوداوەند بەهەر چوار لای زەویی ڕاگەیاند
بە كچەكەی سییۆن بڵێن،
ئەوەتا ڕزگاركارەكەت دێت
ئەوەتا كرێكەی لەگەڵیەتی و پاداشتەكەی لە پێشییەتی.
١٢ ناویان لێدەنێن،
گەلێكی پیرۆزكراو، ئەوانەی خوداوەند كڕیویانیەتیەوە،
تۆش ناوت لێ دەنرێت،
داواكراوەكە، شارە بەجێ نەماوەكە.

# ٦٣

١ ئەوە كێیە لە ئەدۆمەوە دێت
بە بەرگی سوور لە بوسرەوە،
ئەو شكۆمەندەی بەجلوبەرگەیەوە
نمایش دەكات بە زۆری هێزیەوە؟
منم بە ڕاستودروستی دەدوێم
مەزنم بۆ ڕزگاری.
٢ بۆچی بەرگت سوورە و
بەرگت وەك پەستێنەری گوشەری ترێیە؟
٣ بەتەنها گوشەرم پەستا
لەگەلان كەس لەگەڵم نەبوو،
جا بە تووڕەیی خۆم ئەوانم پەستا
بە قینی خۆم پێم پیانان،
جا خوێنیان بەسەر بەرگەم پرژا و
هەموو جلەكەم لەكەداربوو.
٤ چونكە ڕۆژی تۆڵەسەندن لە دڵمە و
ساڵی ئەوانەی دەیانكڕمەوە هات.
٥ تەماشام كرد و یارمەتیدەر نەبوو
سەرسام بووم كە پشتگیر نییە،
جا بازووی خۆم ڕزگاری ئەنجامدا
قینم پشتگیری كردم.
٦ گەلانم بە تووڕەی خۆم پەستا
بە قینی خۆم سەرخۆشم كردن
خوێنیانم بەسەر زەویدا چوواند.
٧ پەیمانی خۆشەویستی خوداوەندم لەبیرە
ستایشی خوداوەند،
لەسەر هەموو ئەوەی خوداوەند پاداشتی داینەوە و
چاكە مەزنەكەی بۆ ماڵی ئیسرائیل،
ئەوەی پاداشتی پێدانەوە بەپێی بەزەییەكەی و
بە پێی زۆری خۆشەویستیە بێ سنوورەكەی.
٨ فەرمووی، بەڕاستی گەلی منن
كوڕانن، ناپاكی ناكەن.
جا بۆیان بوو بە ڕزگاركار.

٩ لەهەموو تەنگانەکانیان
تەنگاو بوو و
فریشتەکەی بەردەمیان ڕزگاری کردن
بە خۆشەویستییەکەی و بە میهرەبانیی
ئەو کڕییانیەوە
بەرزی کردنەوە و هەڵیگرتن
هەموو ڕۆژانی کۆن.
١٠ بەڵام ئەوان یاخی بوون و
ڕۆحی پیرۆزی ئەویان غەمگین کرد،
جا لێیان بوو بە دوژمن و
لەگەڵیان کەوتە جەنگ.
١١ ئینجا ڕۆژانی کۆنی بە بیرهاتەوە
موسا و گەلەکەی،
کوا ئەوەی لە دەریاوە سەریخستن
لەگەڵ شوانی مەڕەکانی؟
کوا ئەوەی ڕۆحی پیرۆزی خۆی
لەناویان دانا؟
١٢ ئەوەی لەلای ڕاستی موسادا
بازووی شکۆمەندی خۆی بە ڕێکرد،
ئەوەی ئاوی لەبەردەمیان دوولەت کرد،
تا ناوێکی هەتاهەتایی بۆ خۆی دروست بکات،
١٣ ئەوەی بەناو دەریا قوڵەکان بردنی
وەک ئەسپ بە چۆڵەوانیدا،
جا ساتمەیان نەکرد؟
١٤ وەک ئاژەڵانێک بەرەو نشێوی دابەزن
ڕۆحی خوداوەند پشووی پێدان،
ئاوا ڕێنمایی گەلەکەی خۆت کرد
تا ناوی شکۆمەندی بۆ خۆت دروست بکەیت.
بۆ ئەوەی ناوێکی بەرز بۆ خۆت پەیدا بکەی.
١٥ لە ئاسمانەوە تەماشاکە
لە نشینگەی پیرۆز و شکۆمەندیتەوە ببینە،
کوا دڵگەرمی و پاڵەوانییەکەت؟
ئاهەڵکێشانی هەناوت و
بەزەییت بۆ من ڕاوەستان.
١٦ چونکە تۆ باوکمانی
ئەگەر ئیبراهیم نەمانناسێت و
ئیسرائیلیش نەمانناسێتەوە.
ئەی خوداوەند تۆ باوکی ئێمەی
ئەوکەسەی دەمانکڕییەوە، لەهەتاهەتاوە ناوت هەیە.
١٧ ئەی خوداوەند بۆچی لە ڕێگاکانی خۆت وێڵت کردین؟
دڵت ڕەق کردین لەوەی لێت بترسین
بگەڕێوە لەپێناو خزمەتکارەکانت
هۆزەکانی میراتەکەت.
١٨ بۆ ماوەیەکی کەم گەلی پیرۆزت داگیریان کرد
دوژمنانمان پیرۆزگای تۆیان پێشێل کرد.
١٩ دەمێکە وەک ئەوانەمان لێ هاتووە
کە تۆ فەرمانڕەوایینانت نەکردووە و
ناوی تۆ بەسەریاندا نەوتراوە.

# ٦٤

١ خۆزگە ئاسمانت شەق بکردایە و بهاتبایە خوارەوە
لەبەردەم تۆ چیاکان دەلەرزن.
٢ وەک ئەوەی ئاگر گڕ بەردەداتە پەلاش و
ئاگر وا دەکات ئاو بکوڵێت،
با دوژمنانت ناوت بزانن و
با میللەتان لەبەردەمت بلەرزن.
٣ کاتێ ترسناکەکانت دروست کرد
چاوەڕێیمان نەکرد
دابەزیت و چیاکان لەبەردەمت لەرزین.
٤ لە کۆنەوە نە گوێیان لێ بووە و نە بیستوویانە،
هیچ چاوێک خودایەکی نەبینیوە جیا لە تۆ
ئەوە بکات بۆ ئەو کەسەی چاوەڕێی دەکات.
٥ ئەوەی دڵخۆشە و ڕاستودروستی دەکات، تۆ تووشی دەبیت،
ئەوانەی لە ڕێگاکانت یادت دەکەنەوە،
ئەوەتا تۆ تووڕە بوویت و
ئێمە گوناهمان دژ بەوان کرد بە بەردەوامی
ئایا ڕزگار دەبین؟
٦ هەموو وەک شتی گڵاومان لێ هات
هەموو ڕاستودروستیمان وەک بەرگی پیسی ئافرەت بوو
هەموو وەک گەڵا سیس بووین
تاوانەکانمان وەک با هەڵماندەگرێت.
٧ کەس نییە بە ناوی تۆوە بانگ بکات
یان ئاگاداربێت و خۆی بە تۆوە بگرێت،
چونکە ڕووی خۆت لێمان شاردەوە و
ئێمەت تواندەوە بەدەست تاوانەکانمان.
٨ ئێستایش ئەی خوداوەند تۆ باوکی ئێمەیت،
ئێمە قوڕین و تۆ شێوەکێشمانیت و
ئێمە هەموو دەستکردی تۆین.
٩ ئەی خوداوەند تەواو تووڕە مەبە و
هەتا کۆتایی تاوان مەهێنەوە یادی خۆت
ئەوەتا تکایە تەماشاکە!
ئێمە هەموو گەلی تۆین.
١٠ شارە پیرۆزەکانت بوون بە چۆڵەوانی
سییۆن بوو بە چۆڵەوانی و
ئۆرشەلیم بوو بە وێرانە.
١١ ماڵی پیرۆزی و شانازیمان
ئەوێ کە باووباپیرانمان ستایشی تۆیان کرد
بوو بە سووتانی ئاگر و
هەموو ئەو شوێنانەی حەزمان لێی دەکرد بوون بە کەلاوە.
١٢ ئەی خوداوەند ئایا لەبەر ئەمە ڕادەوەستیت؟
ئایا بێ دەنگ دەبیت و بە تەواوی زەلیلمان دەکەیت؟

# ٦٥

١ ئامادەبووم داوا بکرێم لەلایەن ئەوانەی پرسیاریان نەکرد
ئامادەبووم بدۆزرێمەوە لەلایەن ئەوانەی بۆم نەگەڕان
فەرمووم، ئەوەتام! ئەوەتام!
بە میللەتێک کە بە ناوی منەوە بانگ ناکەن.
٢ بە درێژایی ڕۆژ دەستم درێژکرد
بۆ گەلێکی یاخی،
بە ڕێگایەکدا دەڕوات باش نییە
بە دوای بیرکردنەوەی خۆیاندا.
٣ گەلێک بەردەوام
بەرەوڕووم تووڕەم دەکات،
لەناو باخچەکان قوربانی سەردەبڕێت
لەسەر خشتەکان بخوور دەسوتێنێت،
٤ لەناو گۆڕەکان دادەنیشێت
لە گۆڕستانەکان شەو بەسەر دەبات،
گۆشتی بەراز دەخوات و

لەناو قاپوقاچاخەکەی گۆشتاوی گۆشتی گڵاو هەیە.
٥ دەڵێن: لەلای خۆت ڕاوەستە
لێم نزیک مەکەوە
چونکە من لە تۆ پاکوپیرۆزترم.
ئەوانە دووکەڵن لە لووتی من
ئاگرێکی داگیرساو بە درێژایی ڕۆژ.
٦ ئەوەتا لەبەردەمم نووسرا،
بێ دەنگ نابم، بەڵکو بەتەواوی پاداشت دەدەم،
بەسەر خۆیاندا پاداشتیان دەدەم،
٧ لەبەر تاوانەکانت و تاوانی باووباپیرانتان پێکەوە،
خوداوەند فەرمووی،
ئەوانەی لەسەر چیاکان بخووریان سووتاند،
لەسەر گردەکان سووکایەتیان بە من کرد
کردارەکانی پێشوویان دەپێومەوە
لە باوەشی خۆیان.
٨ خوداوەند ئاوای فەرموو،
وەك ئەوەی مەیی نوێ لە هێشوودایە،
جا دەووترێت، مەیفەوتێنە،
چونکە خێروبێری تیادایە.
ئاوا دەکەم لە پێناو خزمەتکارەکانم
تا هەمووان نەفەوتێنم.
٩ بەڵکو لە یاقوبەوە نەوەیەك دەردەکەم
لە یەهوزاشەوە میراتگری چیاکەم
جا دەبێت بە میراتی هەڵبژێردراوانم و
خزمەتکارەکانم لەوێ نیشتەجێ دەبن.
١٠ جا شارون دەبێت بە لەوەڕگای مەڕ و
دۆڵی عەخوریش بە مۆلگای مانگا
بۆ گەلەکەم کە داوای منیان کرد.
١١ بەڵام ئێوە کە وازتان لە خوداوەند هێناوە
چیای پیرۆزی منتان لەیاد کردووە
خوانتان بۆ گاد ئامادەکردووە
بۆ مینی مەیی تێکەڵاوتان پڕ کردووە،
١٢ چارەنووستان دەکەم بە شمشێر
هەموو بۆ سەربڕین بە چۆکدادێن،
لەبەر ئەوەی بانگم کرد و وەڵامتان نەدایەوە.
قسەم کرد و گوێتان نەگرت
بەڵکو لەبەرچاوم خراپەتان کرد
ئەوەی من پێم ناخۆش بوو هەڵتانبژارد.
١٣ بۆیە خوداوەندم خوداوەند ئاوای فەرموو،
ئەوەتا خزمەتکارەکانم دەخۆن
بەڵام ئێوە برسی دەبن
ئەوەتا خزمەتکارەکانم دەخۆنەوە
بەڵام ئێوە تینوو دەبن
ئەوەتا خزمەتکارەکانم دڵخۆش دەبن
بەڵام ئێوە شەرمەزار دەبن.
١٤ ئەوەتا خزمەتکارەکانم هاواری خۆشی دەکەن
لە خۆشی دڵدا
بەڵام ئێوە دەقیژێنن
لە تەنگی دڵدا و
لەبەر شکانی ڕۆح واوەیلا دەکەن.
١٥ ناوتان وەك نەفرەت بۆ هەڵبژێرراوانم بەجێ دەهێڵن و
خوداوەندم خوداوەند دەتانکوژێت
ناوێکی تر لە خزمەتکارەکانی خۆی دەنێت.
١٦ ئەوەی لەسەر زەوی خۆی پیرۆز بکات
بە خودای ڕاستەقینە خۆی پیرۆز دەکات و
ئەوەی سوێند بخوات
بە خودای ڕاستەقینە سوێند دەخوات،
چونکە تەنگانەکانی پێشوو لەبیر چوون و
چونکە لەبەرچاوم شاردرانەوە.
١٧ چونکە ئەوەتا من ئاسمانی نوێ و
زەوی نوێ بەدیدەهێنم و
ئەوانەی پێشوو نە باس دەکرێن و
نە بە مێشکدا دێنەوە.
١٨ بەڵام بۆ هەتاهەتایە دڵخۆش و شاد بن
لەوەی من بەدی دەهێنم
چونکە ئەوەتا من ئۆرشەلیمی شاد بەدی دەهێنم و
گەلەکەی دڵخۆشە.
١٩ بە ئۆرشەلیم دڵخۆش دەبم و
بە گەلی خۆم شاد دەبم،
چیتر لەناویدا دەنگی گریان و دەنگی هاوار نابیسترێت.
٢٠ چیتر لەوێ کۆرپەی چەند ڕۆژە و
پیری لەتەمەن تێر نەخواردوو نابێت
چونکە ئەوەی لە تەمەنی سەد ساڵی بمرێت گەنجە و
ئەوەی نەگات بە تەمەنی سەد ساڵی گوناهبار و نەفرەت لێکراوە.
٢١ خانوو بنیاددەنێن و نیشتەجێ دەبن
ڕەز دەڕوێنن و بەرەکەیان دەخۆن.
٢٢ خانوو بنیاد نانێن و یەکێکی تر تیایدا دانیشێت
ڕەز ناڕوێنن و یەکێکی تر بیخوات
چونکە ڕۆژانی گەلەکەم وەك ڕۆژانی دار دەبێت و
هەڵبژێردراوانم خۆشی دەبینن لە کردارەکانی دەستیان.
٢٣ بەخۆڕایی ماندوونابن و
بۆ تۆقاندن منداڵیان نابێت
چونکە ئەوان نەوەی پیرۆزکراوەکانی خوداوەندن و
وەچەکانیان لەگەڵیاندان.
٢٤ جا بەرلەوەی بانگ بکەن من وەڵام دەدەمەوە و
هێشتا ئەوان قسە دەکەن من گوێم لێ دەبێت.
٢٥ گورگ و بەرخ پێکەوە دەلەوەڕێن
شێریش وەك مانگا کا دەخوات
بەڵام نانی مار خۆڵە
نە زیان دەبەخشن و نە دەفەوتێنن
لە هەموو چیای پیرۆزم،
خوداوەند فەرمووی.

# ٦٦

١ خوداوەند ئاوای فەرموو،
ئاسمانەکان تەختی منە و
زەویش جێی پێی منە
لە کوێ ماڵێکم بۆ بنیاد دەنێن و
لە کوێیە شوێنی حەوانەوەم؟
٢ هەموو ئەمانەش دەستی من دروستی کردن
جا هەموو ئەمانە بوون،
خوداوەند ڕایگەیاند.
من ڕوو لەمە دەکەم، لە زەلیل و
ڕۆح وردوخاشکراو و
ئەوەی لە وشەکەم دەترسێت.
٣ ئەوەی گا سەردەبڕێت، بکوژی مرۆڤە
ئەوەی بەرخ دەکات بە قوربانی سەربڕاو، ملی سەگ دەشکێنێت،
ئەوەی قوربانی خۆراك پێشکەش دەکات، خوێنی بەراز پێشکەش
دەکات.
ئەوەی بخوور دەسووتێنێت، بت پیرۆز دەکات.
هەروەها ئەوان ڕێگاکانی خۆیان هەڵبژارد و

گیانیان بە قێزەونەکانیان دڵخۆش بوو.
٤ هەروەها منیش کارەساتەکانیان هەڵدەبژێرم و
ترسەکانیان بەسەریاندا دەهێنم،
لەبەر ئەوەی بانگم کرد و کەس نەبوو وەڵام بداتەوە
قسەم کرد و گوێیان نەگرت
بەڵکو خراپەیان لەبەر چاوم کرد
ئەوەی پێی دڵخۆش نەبووم هەڵیانبژارد.
٥ گوێ لە وشەی خوداوەند بگرن
ئەی ئەوانەی لە وشەی ئەو دەترسن
براکانتان ئەوانەی ڕقیان لێتانە و
لەبەر ناوی من و دەریانکردن،
وتیان، با خوداوەند شکۆمەند بێت و
دڵخۆشی ئێوە ببینین،
بەڵام ئەوان شەرمەزار دەبن.
٦ دەنگی هاتوهەرایە لە شارەوە
دەنگە لە پەرستگاوە
دەنگی خوداوەندە
بەتەواوی پاداشتی دوژمنانی دەداتەوە.
٧ پێش ئەوەی ژان بگرێت
منداڵی بوو
پێش ئەوەش ژانی بۆ بێت
منداڵێکی نێری بوو.
٨ کێ وەك ئەمەی بیستووە
کێ وەك ئەمەی بینیوە
ئایا خاکێك لە یەك ڕۆژدا ژان دەیگرێت
یان میللەتێك بە یەکجار لە دایك دەبێت،
چونکە سییۆن ژان گرتی و
هەروەها کوڕەکانیشی بۆ لەدایك بوو.
٩ ئایا من کە ژانی منداڵ بوون دەهێنم، وا ناکەم منداڵ ببێت؟
خوداوەند فەرمووی،
یان ئەگەر من وا دەکەم منداڵ ببێت، زاماڵ دادەخەم؟
١٠ لەگەڵ ئۆرشەلیم دڵخۆش بن و تیایدا شادبن
ئەی هەموو خۆشەویستانی،
بە تەواوی لەگەڵی دڵخۆش بن
ئەی هەموو ئەوانەی شیوەنی بۆ دەگێرن.
١١ بۆئەوەی شیر بمژن و تێر بن
لە مەمکی دڵنەواییەکانی
تا بمژن و چێژ ببینن
لە پڕی شکۆمەندییەکەی.
١٢ چونکە خوداوەند ئاوای فەرموو،
ئەوەتا من ئاشتی بەسەردا دەشکێنمەوە
وەك ڕووبار و
شکۆمەندی میللەتان
وەك جۆگایەکی ڕاماڵ.
جا شیردەدرێن و لەسەر کەلەکە هەڵدەگیرێن و
لەسەر ئەژنۆکان ڕادەژەنرێن.
١٣ وەك یەکێ کە دایکی دڵنەوای بکات
منیش ئاوا دڵنەواییتان دەکەم
بە ئۆرشەلیم دڵنەوایی دەکرێن.
١٤ جا دەبینن و دڵتان خۆش دەبێت و
ئێسقانەکانتان وەك گیا گوڵ دەکات
جا دەزانرێت کە دەستی خوداوەند لەگەڵ خزمەتکارەکانیەتی و
لە دوژمنەکانی تووڕەیە.
١٥ چونکە ئەوەتا خوداوەند بە ئاگرەوە دێت
گالیسکەکانی وەك گەردەلوولن
تا تووڕەییەکەی بە گڕەوە بگەڕێنێتەوە و
ڕاخوڕینەکەشی بە بڵێسەی ئاگرەوە.
١٦ چونکە خوداوەند بە ئاگر حوکم دەدات و
بە شمشێرکەشی بەسەر هەموو مرۆڤ
جا کوژراوانی خوداوەند زۆر دەبن.
١٧ ئەوانەی خۆیان تەرخان و پاك دەکەن بۆ باخچەکان
لەدوای یەکێکەوە لەناوەڕاست
گۆشتی بەراز دەخۆن و
گلاو و مشك
پێکەوە دەفەوتێن
خوداوەند ڕایگەیاند.
١٨ من کردەوەکان و بیروڕایان دەزانم، کاتی کۆکردنەوەی هەموو
میللەتان و زمانەکان هاتووە جا دێن و شکۆمەندی من دەبینن.
١٩ نیشانەیەکیان لەناو دادەنێم و دەربازبووانیان لێ دەنێرم بۆ
میللەتان، بۆ تەرشیش و فوول و لوود ئەوانەی تیرئەندازن، بۆ
توبال و یاڤان، کەنارە دوورەکان ئەوانەی هەواڵی منیان
نەبیستووە و شکۆمەندی منیان نەبینیوە، جا شکۆمەندی من لەناو
میللەتان ڕادەگەیەنن و ٢٠ هەموو براکانتان لە هەموو میللەتانەوە
دەهێننەوە وەك پێشکەشکراو بۆ خوداوەند لەسەر ئەسپ و بە
گالیسکە و بە عەرەبانە و بە ئێستر و وشتر بۆ چیای پیرۆزم بۆ
ئۆرشولیم، خوداوەند فەرمووی، وەك ئەوەی نەوەی ئیسرائیل
پێشکەشکراو لەناو قاپێکی پاك بهێنن بۆ ماڵی خوداوەند.
٢١ هەروەها لەوان دەکەم بە کاهین و بە لێڤی.
٢٢ چونکە وەك ئەو ئاسمانە نوێیە و ئەو زەوییە نوێیە
کە من دروستیان دەکەم
لەبەردەمم دەمێننەوە،
خوداوەند ڕادەگەیەنێت،
ئاواش نەوە و ناوی ئێوە دەمێنێت.
٢٣ جا لەسەری مانگێکەوە بۆ سەری مانگێك و
لە پشوویەکی پیرۆزەوە بۆ پشوویەکی پیرۆز
هەموو مرۆڤێك دێت
تا لەبەردەمم کڕنۆش بەرێت،
خوداوەند فەرمووی،
٢٤ دەردەچن و لاشەی ئەو خەڵکانە دەبینن
کە لە من یاخی بوون
چونکە کرمەکانیان نامرن و
ئاگریان ناکوژێتەوە و
بۆ هەمووان دەبن بە قێزەوەن.

# یەرمیا

## ١

١ وشەکانی یەرمیای کوڕی خیلقیا، لەو کاهینانە بوو کە لە
عەناسوس بوون لە خاکی بنیامین. ٢ ئەوەی وشەی خوداوەندی
بۆ هات، لە ڕۆژانی یوشیای کوڕی ئامونی پاشای یەهوزا، لە
ساڵی سیانزەیەمینی پاشایەتییەکەیدا، ٣ لە ڕۆژانی یهویاقمی
کوڕی یوشیای پاشای یەهوزاش بۆی بوو، تا تەواوی یانزە
ساڵەی سدقیای کوڕی یوشیای پاشای یەهوزا، تا ڕاپێچەکەی
ئۆرشەلیم لە مانگی پێنجدا.
٤ جا وشەی خوداوەندم بۆ هات و فەرمووی:
٥ پێش ئەوەی لەناو سك شێوەت بکێشم، تۆم ناسی
پێش ئەوەی لە منداڵدان بێیتە دەرەوە، تەرخانم کردیت،
تۆم کرد بەپێغەمبەری میللەتان.
٦ بەڵام من وتم: ئای ئەی خوداوەندم خوداوەند، ئەوەتا من قسە
نازانم، چونکە من مێردمنداڵم.
٧ ئینجا خوداوەند پێی فەرمووم:
مەڵێ، من مێرمنداڵم.
چونکە بۆلای هەرکێ بتنێرم دەڕۆیت و
ئەوەی فەرمانت پێبکەم دەیڵێیت،
٨ لە ڕووی ئەوان مەترسە
چونکە من لەگەڵتدام تا فریاتکەوم.
خوداوەند ڕایگەیاند.
٩ ئینجا خوداوەند دەستی درێژکرد و دەستی لە دەمم دا و
خوداوەند پێی فەرمووم:
ئەوەتا وشەی خۆمم خستە دەمی تۆوە.
١٠ ببینە ئەمڕۆ تۆم کرد بە سەرپەرشتیار
بەسەر میللەتان و پاشایەتییەکانەوە
بۆ ڕیشەکێش کردن و بە زەویدادان
بۆ لەناوبردن و ڕوخاندن
بۆ بنیادنان و چاندن.
١١ ئینجا وشەی خوداوەندم بۆ هات و فەرمووی: چی دەبینیت
یەرمیا؟ منیش وتم: چڵە بادەمێك دەبینم. ١٢ خوداوەندیش پێی
فەرمووم: :چاکت بینی، چونکە من چاودێر دەبم لەسەر
وشەکەم بۆ ئەنجامدانی.
١٣ دووبارە وشەی خوداوەندم بۆ هات و فەرمووی: چی
دەبینیت؟ منیش وتم: مەنجەڵێك دەبینم هەڵمی لێ هەڵدەستێت و
ڕووی بەرەو باکوورە. ١٤ خوداوەندیش پێی فەرمووم:
لە باکوورەوە دەرگای بەڵا دەکرێتەوە
بۆ هەموو دانیشتووانی خاکەکە.
١٥ چونکە ئەوەتا من بانگەواز دەکەم
بۆ هەموو خێڵی پاشایەتییەکانی باکوور.
خوداوەند ڕایگەیاند.
جا دێن و هەریەکە تەختی خۆی
دادەنێت
لەناو دەروازەی ئۆرشەلیم و
بەسەر هەموو دیوارەکانی چواردەوی و
بەسەر هەموو شارەکانی یەهوزادا.
١٦ منیش حوکمەکانی خۆم دەڵێم دژ بەوان
لەسەر هەموو خراپەکانیان کە وازیان لێ هێنام و
بۆ خوداکانی دیکە بخووریان سووتاند و
بۆ دەست کارەکانی دەستی خۆیان کڕنووشیان برد.
١٧ تۆش بازووی خۆتی لێ هەڵکە و
هەستە و قسەیان لەگەڵ بکە
سەبارەت بە هەموو ئەوەی من فەرمانت پێ دەکەم.
لە ڕووی ئەوان مەشکێوە، نەوەك لەبەردەمیان دەتشکێنمەوە.
١٨ ئەوەتا من ئەمڕۆ
تۆم کردووە بە شارێکی قەڵابەند و
بە کۆڵەکەی ئاسن و
بە دیواری مس
دژ بە هەموو خاکەکە
دژ بە پاشاکانی یەهوزان دژ بە میرەکانی
دژ بە کاهینەکان و دژ بە گەلی خاکەکە.
١٩ دژت دەجەنگن و دەرەقەتت نایەن
چونکە من لەگەڵتدام بۆ فریاکەوتنت.
خوداوەند ڕایگەیاند.

## ٢

١ ئینجا وشەی خوداوەندم بۆ هات و فەرمووی:
٢ بڕۆ و لە گوێی ئۆرشەلیمدا بانگ بکە،
بڵێ، ئاوای فەرموو خوداوەند،
بەیادی خۆمم هێنایەوە
دڵسۆزی کاتی مێردمنداڵیت و
خۆشەویستی کاتی نیشانکردنت
بەدوامدا ڕۆیشتنت لە چۆڵەوانی
بە زەوییەکدا کشتوکاڵی تیادا نەبوو.
٣ ئیسرائیل پیرۆزکراوە بۆ خوداوەند
یەکەم بەری بەروبوومەکەی
هەموو ئەوەی بیخوات تاوان دەکات
خراپە بەسەریاندا دێت.
خوداوەند ڕایگەیاند.
٤ گوێ لە وشەی خوداوەند بگرن،
ئەی ماڵی یاقوب و
ئەی هەموو خێڵەکانی ماڵی ئیسرائیل،
٥ خوداوەند وای فەرموو:
چ ناڕەوایییەکیان لە مندا بینی باووباپیرانتان
تا لێم دوورکەوتنەوە و
چوون دوای پووچی کەوتن و
پووچ بوون؟
٦ نەیانوت: کوا خوداوەند؟
ئەوەی لە خاکی میسرەوە سەریخستین
ئەوەی بەناو چۆڵەوانیدا بردینی
بە خاکێکی ڕووتەن و چاڵوچۆڵدا
بە خاکێکی وشك و سێبەری مەرگدا
بە خاکێك کەس پێدا تێنەپەڕیبوو و
هیچ مرۆڤێك لەوێدا نیشتەجێ نەبووە؟
٧ ئێوەم هێنایە ناو خاکی ڕەزەوە
تا بەروبووم و شتە باشەکانی بخۆن

جا هاتن و زەوییەکەمتان گڵاو کرد
میراتەکەمتان قێزەون کرد.
٨ کاهینەکان نەیانوت:
کوا خوداوەند؟
دەستگران بە فێرکردنەکانەوە نەیانناسیم!
شوانەکان لێم یاخی بوون
پێغەمبەرەکان پێشبینیان بە بەعلەوە کرد
دوای شتی بێ سوود کەوتن.
٩ بۆیە هێشتا کێشەوبەرەتان لەگەڵدا دەکەم،
خوداوەند ڕایگەیاند،
لەگەڵ کوڕی کوڕیشتان کێشەوبەرە دەکەم.
١٠ چونکە لە کەنارەکانی کیتیم بپەڕنەوە و ببینن
بنێرن بۆ قیدار و سەرنجی زۆر بدەن
ببینن ئاخۆ وەك ئەمە بووە؟
١١ ئایا هیچ نەتەوەیەك خوداکانی خۆی گۆڕیوە
هەرچەندە خوداش نین؟
بەڵام گەلەکەی من، شکۆمەندی خۆی گۆڕییەوە
بەوەی بێ سوودە.
١٢ واقت وڕبمێنێ ئەی ئاسمانەکان لەبەر ئەمە،
موچڕکەت پێدابێت و زۆر سەرسام بە،
خوداوەند ڕایگەیاند،
١٣ چونکە گەلەکەم دوو خراپەی کردووە،
وازیان لە من هێنا
کانی ئاوی ژیان
تا بیر بۆ خۆیان هەڵکەنن
بیری شکاو
کە ئاو ڕاناگرێت
١٤ ئایا ئیسرائیل خزمەتکارە،
یان کۆیلەی لەدایك بووی ماڵە؟
بۆچی بوو بە تاڵانی؟
١٥ بەسەریدا دەنەڕێنن بەچکەشێران
دەنگیان دێت
خاکەکەیان کردووە بە وێرانە
شارەکانی سووتاون، بێ دانیشتووانن.
١٦ هەروەها نەوەی نوف و تەحپەنیس
وردوخاشیان کردووە تەپڵی سەرت.
١٧ ئایا ئەمەت بە خۆت نەکرد،
کە وازت لە خوداوەند خودای خۆت هێنا
کاتێ بە ڕێگادا دەیبردیت؟
١٨ ئێستا چیت داوە لە ڕێگای میسر
ئایا بۆ خواردنەوەی ئاوی نیل؟
ئەی چیت داوە لە ڕێگای ئاشوور
ئایا بۆ خواردنەوەی ڕوباری فورات؟
١٩ خراپەی خۆت تەمبێت دەکات و
هەڵگەڕانەوەت سەرزەنشتت دەکات
جا بزانە و ببینە کە خراپ و تاڵە
وازهێنانت لە خوداوەند خودای خۆت
ترسی من لە دڵتدا نییە،
خوداوەندم، خوداوەندی سوپاسالار ڕایگەیاند.
٢٠ چونکە لە کۆنەوە نیری تۆم شکاند،
کۆتی تۆم پساند،
بەڵام تۆ وتت: خزمەت ناکەم.
چونکە لەسەر هەموو گردێکی بەرز و
لەژێر هەموو دارێکی سەوزدا
تۆ ڕاکشایت وەك داوێن پیس.
٢١ من وەك شا مێوێك تۆم چاند
سەرجەم تۆوی تەواو
ئیتر چۆن لێم گۆڕایت،
گۆڕایت بۆ زڕ مێو.
٢٢ چونکە گەر بە سۆدەش خۆت بشۆیت
زیاد سابوونیش لە خۆت بدەیت
لەکەداری تاوانەکەت لەبەردەممە،
خوداوەندم خوداوەند ڕایگەیاند.
٢٣ ئیتر چۆن دەڵێیت: گڵاو نەبووم
دوای بەعلەکان نەکەوتووم؟
سەیری ڕێگای خۆت بکە لە دۆڵەکە
بزانە چیت کردووە
ئەی ووشترە سووکەکەی لە ڕۆیشتنا بەلادادێی،
٢٤ ئەی کەرە کێوییەکەی بە چۆڵەوانی فێری!
لەتاو هەوەسی با هەڵدەمژێت،
لەکاتی بەتەڵەب بوونی کێ دەیگێڕێتەوە؟
هەموو ئەوانەی داوای دەکەن
بە بێ ماندووبوون لە کاتی خۆیدا دەیدۆزنەوە.
٢٥ پێی خۆت لە پێ خاوسی بپارێزە و
گەرووت لە تینوێتی!
بەڵام وتت: بێ هوودەیە،
نا، چونکە بێگانەکانم خۆشویستووە
دوای ئەوان دەکەوم.
٢٦ وەك شەرمەزاری دز کە دەگیرێت
ئاوا شەرمەزاربوون ماڵی ئیسرائیل
خۆیان و پاشاکانیان و میرەکانیان و
کاهینەکانیان و پێغەمبەرەکانیان.
٢٧ بە دار دەڵێن، تۆ باوکمی و
بە بەرد، تۆ منت بووە.
چونکە پشتیان تێکردم
نەك ڕوو،
بەڵام لە کاتی بەڵایان دەڵێن:
هەستە و ڕزگارمان بکە.
٢٨ کوا خوداکانت کە بۆ خۆت دروستت کرد؟
با هەستن گەر ڕزگارت دەکەن لە کاتی بەڵات
چونکە بەقەد ژمارەی شارەکانت بوون
خوداکانت ئەی یەهوزا.
٢٩ بۆچی کێشەبەرەم لەگەڵ دەکەن؟
هەمووتان لێم یاخی بوون،
خوداوەند ڕایگەیاند.
٣٠ بەخۆڕایی لە منداڵەکانتانم دا،
تەمبێ خواردوو نەبوون،
شمشێرەکانتان پێغەمبەرەکانتانی خوارد،
وەك شێرێکی لەناوبەر.
٣١ ئەی نەوە،
ئێوە وشەی خوداوەند ببینن،
ئایا بۆ ئیسرائیل بووم بە چۆڵەوانی
یان خاکی تاریکو تنۆك؟
بۆچی گەلەکەم دەڵێن، بەرەڵا بووین
ئیتر نایەینەوە بۆ لات؟
٣٢ ئایا کچ خشڵی خۆی لەبیر دەکات
بووك جیازی خۆی؟
بەڵام گەلی من لەبیریان کرد
ڕۆژانێکی بێشومار.
٣٣ بۆچی ڕێگای خۆت خۆش دەکەیت
بۆ داواکردنی خۆشەویستی؟
بۆیە هەروەها سووزانیەکانیشت
فێری ڕێگای خۆت کرد.
٣٤ هەروەها بە دامێنتەوە دەبینرێت

خوێنی گیانی نەدارە بێتاوانەکان
نەك لە دیواربڕیندا گرتیانت.
بەڵام لەسەرووی هەموو ئەمانەشەوە
٣٥ دەڵێیت، چونکە بێتاوان بووم
بێگومان تووڕەییەکەی لە من دەگەڕێتەوە،
ئەوەتا دادگایت دەکەم
چونکە وتت، گوناهم نەکرد.
٣٦ بۆچی زۆر دەگەڕێیت
بۆ گۆڕینی ڕێگاکانت؟
هەروەها لە میسریش شەرمەزار دەبیت
وەك چۆن لە ئاشوور شەرمەزار بوویت.
٣٧ هەروەها لێرەش دەردەچیت
دەستەکانت بەبان سەرتەوە
چونکە ڕەتیکردەوە خوداوەند پشت بەستەکانت
بەوان سەرکەوتوو نابیت.

# ٣

١ دەووترێت:
ئەگەر پیاو ژنی خۆی بنێرێتەوە و
ژنەکەی لە لای بڕوات و
بۆ پیاوێکی دیکە بێت،
ئایا کابرا جارێکی کە دەگەڕێتەوە لای ئەو ژنە؟
ئایا بەتەواوی گڵاو نابێت
ئەو خاکە؟
کەچی تۆ لەشی خۆت فرۆشت بە زۆر دۆست،
بەڵام بگەڕێوە بۆلام،
خوداوەند ڕایگەیاند.
٢ چاو هەڵبڕە بۆ تەپەکان و ببینە!
لەکوێ جووت نەبوویت؟
لەسەر ڕێگاکان بۆیان دانیشتی
وەك عەرەب لە چۆڵەوانی،
زەویت گڵاو کرد
بە لەشفرۆشیت و بە خراپەت.
٣ جا ڕاوەستا لێزمە باران و
بەهارە بارانیش نەبوو،
تۆش ناوچەوانی ژنە لەشفرۆشێکت هەبوو
شەرمت بەخۆتدا نەهات
٤ ئایا هەر ئێستا بانگت نەکردم،
باوکە! ئەی تۆ هاوڕێی گەنجی من نیت!
٥ ئایا تا هەتایە تووڕە دەبێت
یان تا کۆتایی هەڵیدەگرێت؟
ئەوەتا قسەت کرد و
خراپەت کرد و توانیت.
٦ ئینجا خوداوەند لە ڕۆژانی یوشیا پاشادا پێی فەرمووم: بینیت
ئیسڕائیلی هەڵگەڕاوە چی کرد؟ چووە سەر هەموو چیایەکی
بڵند و بۆ ژێر هەموو دارێکی سەوز و لەوێ لەشفرۆشی کرد.
٧ پاش ئەوەی هەموو ئەمەی کرد فەرمووم، بۆ لای من
بگەڕێوە. بەڵام نەگەڕایەوە. جا یەهوزای خوشکی ناپاکی
ئەمەی بینیی. ٨ منیش بینیم لەبەر هەموو هۆیەکان کە
ئیسڕائیلی هەڵگەڕاوە لەشفرۆشی کردووە، ناردمەوە و
تەڵاقنامەم پێی دا، بەڵام یەهوزای ناپاکی خوشکی نەترسا، جا
ئەویش چوو و لەشفرۆشی کرد. ٩ ئەوەبوو لەبەر بەهەند
نەزانی لەشفرۆشییەکەی زەوی گڵاوکرد و داوێن پیسی لەگەڵ
بەرد و داردا کرد. ١٠ هەروەها لە هەموو ئەمەشدا یەهوزای
خوشکی ناپاکی بە هەموو دڵیەوە نەگەڕایەوە لام، بەڵکو بە
درۆ. خوداوەند ڕایگەیاند.
١١ ئینجا خوداوەند پێی فەرمووم: ئیسڕائیلی هەڵگەڕاوە
ڕاستودروسترە زیاتر لە یەهوزای ناپاك. ١٢ ٠ برۆ و ڕووەو
باکوور بانگەوازی ئەم وشانە بکە و بڵێ:
بگەڕێوە ئەی ئیسڕائیلی هەڵگەڕاوە،
خوداوەند ڕایگەیاند،
تووڕەیی خۆمتان بەسەر ناڕێژم
چونکە دڵسۆزم،
خوداوەند ڕایگەیاند،
تاهەتایە کینە لەدڵ نیم،
١٣ تەنها بزانە تاوانەکەت،
چونکە لە خوداوەند خودای خۆت یاخی بوویت و
پەرتوبڵاوت کرد ڕێگاکانت بۆ بێگانەکان
لەژێر هەموو دارێکی سەوزدا و
گوێتان لە دەنگم نەگرت.
خوداوەند ڕایگەیاند.
١٤ ئەی کوڕە هەڵگەڕاوەکان بگەڕێنەوە، خوداوەند ڕایگەیاند،
چونکە من بووم بە خاوەنتان، دەتانبەم، یەك لە شارێك و دووان
لە خێڵێك و دەتانهێنم بۆ سییۆن. ١٥ بە دڵی خۆم شوانتان بۆ
دادەنێم، زانین و وریاییتان دەرخوارد دەدەن. ١٦ جا کاتێ زۆر
بوون و بە بەروبووم بوون لە زەوییەکە لەو ڕۆژانەدا،
خوداوەند ڕایگەیاند، ئیتر ناڵێن، سندوقی پەیمانی خوداوەند، بە
مێشکیاندا نایەت و ناکەوێتەوە بیریان، بەسەری ناکەنەوە و
جارێکی دیکە دروست ناکرێتەوە. ١٧ لەو کاتەدا بە ئۆرشەلیم
دەڵێن، تەختی خوداوەند و هەموو میللەتان کۆدەبنەوە بۆ لای،
بۆ ناوی خوداوەند بۆ ئۆرشەلیم و ئیتر دوای کەلە ڕەقی دڵە
خراپەکانیان ناکەون. ١٨ لەو ڕۆژانەدا ماڵی یەهوزا لەگەڵ ماڵی
ئیسڕائیلدا دەڕۆن و بە یەکەوە لە خاکی باکوورەوە دێن بۆ ئەو
خاکەی کە کردم بە میرات بۆ باوباپیرانتان.
١٩ بەڵام من دەفەرمووم:
چۆن لە ناو کوڕان داتبنێم و
زەوییەکی ئارەزوو بەخشت بدەمێ
میراتی جوانی جوانانی میللەتان؟
فەرمووم،
بانگم دەکەیت باوکە و لە دوامدا ناگەڕێیتەوە.
٢٠ بێگومان وەك چۆن ژن ناپاکی لە هاوسەری خۆی دەکات
ئاوا ناپاکیتان لێ کردم ئەی ماڵی ئیسڕائیل،
خوداوەند ڕایگەیاند.
٢١ دەنگێ لە تەپەکانەوە دەبیسترێ،
گریان و پاڕانەوەکانی نەوەی ئیسڕائیلە
چونکە ڕێگاکانی خۆیان خوارکردووە و
خوداوەند خودای خۆیان لەبیر کردووە.
٢٢ بگەڕێنەوە ئەی کوڕە هەڵگەڕاوەکان
چارەسەری هەڵگەڕانەوەکەتان دەکەم.
ئەوەتا هاتین بۆلات
چونکە تۆ خوداوەند خودامانی.
٢٣ بێگومان درۆیە لە گردەکانەوە
لە غەڵبەغەڵبی چیاکانەوە،
بێگومان بە خوداوەند خودامانەوەیە
ڕزگاریی ئیسڕائیل.
٢٤ شوورەیی خواردی
ڕەنجی باووباپیرانمان لە هەرزەکاریمانەوە
مەڕەکانیان و مانگاکانیان و کوڕانیان و کچانیان.
٢٥ لەناو شوورەیی خۆماندا ڕادەکشێین و
شەرمەزاریمان داماندەپۆشێت
چونکە دژ بە خوداوەند خودامان گوناهەمان کرد

ئێمە و باوباپیرانمان لە هەرزەکاریمانەوە
تا ئەمڕۆش،
گوێمان لە دەنگی خوداوەند خودامان نەگرت.

# ٤

١ ئەگەر بگەڕێیتەوە ئەی ئیسرائیل،
خوداوەند ڕایگەیاند،
بگەڕێیتەوە بۆ لای من و
ئەگەر شتە قێزەونەکانت لادەی لەبەردەمم،
سەرگەردان نابیت.
٢ بە دڵسۆزی و بە دادپەروەری و بە ڕاستودروستییەوە.
سوێند بخۆیت، بە گیانی خوداوەند،
ئەوسا میللەتان بەو پیرۆزدەبن و
شانازی بەو دەکەن.
٣ چونکە خوداوەند ئاوای فەرموو،
بە پیاوەکانی یەهوزا و بە ئۆرشەلیم،
زەوی بەیارتان بکێڵن و
لەناو دڕکوداڵ مەچێنن.
٤ بۆ خوداوەند خەتەنەبکرێن و دایماڵن
چەرمەی دڵەکانتان
ئەی پیاوانی یەهوزا و دانیشتووانی ئۆرشەلیم
نەوەک وەک ئاگر دەرچێت تووڕەییم
جا دەسووتێنێت و کەس نابێت بکوژێنێتەوە
لەبەر خراپی کردەوەکانتان.
٥ لە یەهوزا ڕابگەیەنن،
لە ئۆرشەلیم دەنگتان ببیسترێت و بڵێن،
فوو بە کەڕەنادا بکەن لە خاکەکە،
بە دەنگی بەرز بانگەواز بکەن،
بڵێن، کۆببنەوە!
با بچینە ژوورەوە!
بۆ شارە قەڵابەندەکان،
٦ ئاڵا بەرەو سییۆن بەرزبکەنەوە!
خۆتان بدەنە پەنا!
ڕامەوەستن!
چونکە من بەڵا لە باکوورەوە دەهێنم
شکانەوەیەکی گەورە.
٧ شێر لە لانەکەیەوە سەرکەوت
تێکشکێنەری میللەتان خشا
لە شوێنەکەی خۆی هاتە دەر
تا خاکت بکات بە وێرانە
شارەکانت کاول دەبن
بێ ئاوەدانین؟
٨ لەبەر ئەمە بەرگی ماتەم لەبەرکەن
لەخۆتان بدەن و واوەیلا بکەن
چونکە گڕی تووڕەیی خوداوەند
لێمان نەگەڕایەوە.
٩ جا ئەوە دەبێت لەو ڕۆژەدا،
خوداوەند ڕایگەیاند،
دڵی پاشا ورە بەردەدات،
هەروەها دڵی میرەکان،
کاهینەکان سەرسام دەبن و
پێغەمبەرەکان واقیان وڕدەمێنێت.
١٠ جا وتم: خوداوەندم خوداوەند
بێ گومان بەتەواوی
ئەم گەلە و ئۆرشەلیمت فریودا،
فەرمووت، ئاشتیتان بۆ دەبێت،
کەچی شمشێر گەیشت بە گیانمان.
١١ لەو کاتەدا دەووترێت
بەم گەلە و بە ئۆرشەلیم،
وشکە بایەك لە تەپەکانەوە هەڵدەکات
لە چۆڵەوانییەوە بەرەو کچی گەلەکەم
نە بۆ شەن و نە بۆ جیاکردنەوە،
١٢ بایەك توندترە بۆ ئەمانە، بۆ من دێت،
ئێستا هەروەها منیش قسەدەکەم
حوکمیان بەسەردا دەدەم.
١٣ ئەوەتا وەك هەورەکان سەردەکەوێت
وەك گەردەلوولە گالیسکەکانی،
تیژترن لە داڵ ئەسپەکانی
قوڕبەسەرمان، وێران کراین!
١٤ دڵی خۆت لە خراپە بشۆرەوە ئەی ئۆرشەلیم
بۆ ئەوەی ڕزگارت بێت.
تاکەی لەناوەڕاستتدا دەمێنێتەوە
بیروڕا خراپەکانت؟
١٥ چونکە دەنگێك لە دانەوە ڕادەگەیەنێت
ئاژاوە لە چیای ئەفرایمەوە دەبیسترێت.
١٦ میللەتان ئاگادارکەنەوە،
بە گوێی ئۆرشەلیمدا بخوێنن،
ئابڵووقەدەران لە خاکێکی دوورەوە دێن
بەسەر شارەکانی یەهوزادا دەنگیان بەرزدەکەنەوە،
١٧ وەك پاسەوانانی کێڵگەیان لێهاتووە بە چواردەوریدا،
چونکە لەمن یاخی بوو،
خوداوەند ڕایگەیاند.
١٨ ڕێگا و کردەوەکانت
ئەمەیان پێ کردیت،
ئەمە خراپەکەتە
چونکە تاڵە
چونکە گەیشت بە دڵت.
١٩ هەناوم گڕی گرتووە،
دڵم ژان دەکات!
دڵە کووتێمە، بێدەنگ نابم،
چونکە گیانم گوێی لە دەنگی کەڕەنا بوو،
لە هاواری جەنگ.
٢٠ شکانەوە بەسەر شکانەوە بانگەواز دەکات
چونکە وێران بوو هەموو خاکەکە
لەپڕ وێران بوو خێوەتەکانمان،
لە چرکەیەکدا پەردەکانمان.
٢١ تاکەی ئاڵا دەبینم و
گوێم لە دەنگی کەڕەنا دەبێت؟
٢٢ چونکە گەلەکەم گێلە و
من ناناسێت.
ئەوان ڕۆڵەی دەبەنگن
ئەوان تێنەگەیشتوون،
ئەوان دانان بۆ کاری خراپە
بەڵام بۆ چاکە نازانن.
٢٣ تەماشای زەویم کرد،
ئەوەتا بێ شێوەیە و هیچی تیادا نییە،
بەرەو ئاسمانەکانیش،
ڕووناکییەکەیان نەبوون.
٢٤ تەماشای چیاکانم کرد دەهەژان،
هەموو گردەکانیش لەق بوون.
٢٥ تەماشام کرد ئەوەتا هیچ مرۆڤێك دیار نییە،

باڵندەکانی ئاسمانیش هەموو هەڵاتوون،
٢٦ تەماشام کرد ئەوەتا باخەکان چۆڵەوانین و
هەموو شارەکانی کاول بوون
لەبەردەمی خوداوەند
لە ڕووی گڕی تووڕەییەکەی.
٢٧ چونکە خوداوەند ئاوای فەرموو،
وێرانە دەبێت هەموو زەوی،
بەڵام بە تەواوی کۆتایی پێ ناهێنم.
٢٨ لەبەر ئەمە شیوەن دەکات زەوی،
ئاسمانیش لەسەرەوە تاریك دادێت،
لەبەر ئەوەی من قسەم کرد، مەبەستم بوو
پاشگەزنەبوومەوە و لێی ناگەڕێمەوە.
٢٩ لە دەنگی سوار و تیرهاوێژ
ڕایانکرد هەموو شارەکە
چوونە ناو دارستانەکان و
سەرکەوتنە سەر بەردەکان
هەموو شارەکان بەجێ هێڵراون
هیچ مرۆڤێك تیایاندا نیشتەجێ نییە.
٣٠ تۆش ئەی وێرانەکە، چی دەکەیت؟
کە بەرگی ئاڵ لەبەر بکەیت
کە خشڵی زێڕ بەخۆتەوە بکەیت
کە بە کلیش چاوەکانت ڕەش کەیت،
بێ هوودە خۆت جوان دەکەیت،
لەبەرچاوی ئەویندارانت کەوتووی
داوای گیانت دەکەن.
٣١ وەك دەنگی ژنێکی ژانگرتووم بیست
لە ناخۆشیدا وەك یەکەم منداڵی بێت
دەنگی کچی سییۆن فرمێسك دەڕێژێت
دەست پان دەکاتەوە،
دەڵێت،
وەی لە من، چونکە لە هۆش خۆم چووم،
لەبەر بکوژان!

# ٥

١ بەناو شەقامەکانی ئۆرشەلیمدا هاتوچۆ بکەن،
ئێستا ببینن و بزانن
بەناو گۆڕەپانەکانیدا بگەڕێن
ئاخۆ یەکێك دەبیننەوە
یان کەسێك هەبێت دادپەروەری بکات
بەدوای ڕاستیدا بگەڕێت
تا لێی خۆش ببم.
٢ ئەگەر بڵێن، بەگیانی خوداوەند،
بێگومان بە درۆ سوێند دەخۆن.
٣ ئەی خوداوەند، ئای چاوت
لە ڕاستی نییە؟
لێتدان بەڵام ئازاریان نەبوو
لەناوتبردن و تەمبێ خواردوو نەبوون
ڕووی خۆیان لەبەرد ڕەقتر کرد
گەڕانەوەیان ڕەتکردەوە.
٤ بەڵام من وتم: ئەوانە هەژارن
نەزان بوون،
چونکە ڕێگای خوداوەندیان نەزانی
حوکمی خوداکەیان.
٥ دەچمە لای گەورە پیاوان و
قسەیان لەگەڵدا دەکەم،
چونکە ئەوان ڕێگای خوداوەند دەزانن
حوکمەکانی خودایان
بەڵام ئەوان پێکرا نیریان شکاند
بەندیان پساند.
٦ لەبەر ئەوە شێر لە دارستان لێیان دەدات
گورگی بیابان دەیانفەوتێنێت
پڵنگ لەدەوری شارەکانیان خۆیان مات دەکەن
هەموو ئەوەی لێی بێتەدەر پارچە پارچەدەکرێ.
چونکە زۆر بوون یاخی بوونەکانیان
گەورە بوون هەڵگەڕانەوەکانیان.
٧ چۆن لەمە لێت خۆش بم؟
کوڕەکانت وازیان لێ هێنام و
سوێند بەوە دەخۆن کە خودا نییە
کە تێرم کردن، داوێن پیسیان کرد
بۆ ماڵی لەشفرۆش پاڵەپەستۆیانە.
٨ بوون بە ئەسپی خورت و بەڕەڵا،
هەریەکە بەسەر ژنی برادەرەکەیدا دەحیلێنێت.
٩ ئایا لەسەرئەمە سزا نەدەم،
خوداوەند ڕایگەیاند،
یان لە میللەتێکی وەك ئەمە
تۆڵەنەسێنێت گیانم؟
١٠ سەرکەونە سەر شووراکانی و تێکبدەن
بەڵام بەتەواوی کۆتایی پێ مەهێنن،
لقەکانی لێ بکەنەوە
چونکە هی خوداوەند نین.
١١ چونکە بەتەواوی ناپاکیان لێ کردم
ماڵی ئیسرائیل و ماڵی یەهوزا،
خوداوەند ڕایگەیاند.
١٢ چونکە درۆیان بەدەم خوداوەندەوە کرد،
وتیان، نا بێت
بەڵا بەسەرماندا نایەت
شمشێر و برسێتی نابینین.
١٣ پێغەمبەرەکان بوون بە هاژەی با
وشەکە لەواندا نییە
ئاوایان پێ دەکرێت.
١٤ بۆیە خوداوەند ئاوای فەرموو
خودای سوپاسالار،
لەبەر ئەوەی ئەم قسانەتان کرد
ئەوەتا من وشەکانم دەکەم
بە ئاگر لە دەمتدا
ئەم گەلەش دەکەم بە دار و
دەیانخوات.
١٥ ئەوەتا من بەسەریاندا دەهێنم
میللەتێك لە دوورەوە
ئەی ماڵی ئیسرائیل،
خوداوەند ڕایگەیاند،
میللەتێکی بەهێزە
میللەتێکی دێرینە
میللەتێکە زمانەکەیان نازانیت
تێناگەیت قسەی چی دەکات.
١٦ تیردانەکەی وەك گۆڕی دەم کراوەیە
هەموو پاڵەوانن.
١٧ دروێنە و نانت دەخوات
کوڕان و کچانت دەخوات
مەڕ و مانگات دەخوات
مێو و هەنجیرت دەخوات،

شارە قەڵابەندەکانت بە شمشێر دەفەوتێنێت
ئەوانەی تۆ پشتت پێ بەستوون.
<sup></sup>١٨ هەروەها لەو ڕۆژانەدا، خوداوەند ڕایگەیاند، کۆتاییتان پێ
ناهێنم. ١٩ جا کە دەڵێن، لەبەر چی خوداوەند خودامان هەموو
ئەمەی پێ کردین، پێیان دەڵێیت، لەبەر ئەوەی وازتان لێهێنام
و خزمەتی خودا نامۆکانتان کرد لە خاکەکەتان، ئاوا خزمەتی
بێگانەکان دەکەن لە خاکێك کە هی ئێوە نییە.
٢٠ ئەمە بەماڵی یاقوب ڕابگەیەنن و
لەناو یەهوزا با ببیسترێت، بڵێن،
٢١ ئێستا گوێ لەمە بگرن
ئەی گەلی گێل و بێ مێشك،
چاویان هەیە و نابینن
گوێیان هەیە و نابیستن،
٢٢ ئایا لە من ناترسن؟
خوداوەند ڕایگەیاند،
یان لەبەردەم من نالەرزن،
من کە لمم کرد بە سنوور بۆ دەریا
فەرزێکی هەتاهەتایی و لێی تێناپەڕێت؟
خۆی پێدا دەدات و ناتوانێت
هاژەی شەپۆڵەکانی دێت و تێناپەڕێت.
٢٣ بەڵام ئەم گەلە
دڵێکی یاخی و سەرکەشی هەیە،
یاخی بوون و ڕۆیشتن.
٢٤ لە دڵی خۆیاندا نەیانوت:
ئێستا با لە خوداوەند خودامان بترسین
ئەوەی باران دەبارێنێت
یەکەم باران و دوا باران لە وەرزی خۆیدا.
هەفتە دیاریکراوەکانی دروێنەمان بۆ دەپارێزێت.
٢٥ تاوانەکانتان ئەمەیان پێچەوانە کردەوە
گوناهەکانتان چاکەی لێتان قەدەغەکرد،
٢٦ چونکە بەدکاران لەناو گەلەکەمدا دەبینرێنەوە
چاودەگێڕن و وەك ڕاوچیان خۆیان ماتداوە
تەڵە دەنێنەوە و
مرۆڤ دەگرن.
٢٧ وەك قەفەزی پڕ لە باڵدار
ئاوایە ماڵەکانیان، پڕ لە فێڵە،
لەبەر ئەمە گەورە بوون و دەوڵەمەند بوون
٢٨ قەڵەو بوون و درەوشانەوە
هەروەها لە شتە خراپەکان تێپەڕین
پارێزەریان نەکرد لە سکاڵا
لە سکاڵای هەتیو، جا سەرکەوتوو بوون
لە دادی هەژاریشدا دادوەرییان نەکرد.
٢٩ ئایا لەسەر ئەمە سزا نەدەم؟
خوداوەند ڕایگەیاند،
یان لە میللەتێکی وا گیانم تۆڵە نەسێنێت؟
٣٠ وێرانە و موچڕکە
لە خاکەکەدا دەبێت،
٣١ پێغەمبەرەکان بە درۆ پێشبینی دەکەن
کاهینەکانیش لەسەر دەستی ئەوان فەرمان ڕەوایی دەکەن،
گەلەکەشم ئاوایان حەزلێیە
ئەی لە کۆتاییەکەی چی دەکەن؟

# ٦

١ ئەی نەوەی بنیامین
لەناوەڕاستی ئۆرشەلیم هەڵبێن،
لە تقوەع فوو بەکەڕەنادا بکەن و
لەسەر بێیت هاکێرێم ئاگر وەك نیشانە هەڵبکەن
چونکە بەڵا لە باکوورەوە دەرکەوتووە و
شکانێکی گەورە.
٢ جوانەکە و نازدارەکە، کچەکەی سییۆن
من لەناومبرد.
٣ شوانەکان بۆ لای ئەو دێن
لەگەڵ مێگەلەکانیان
ڕەشماڵەکان لەدەوری هەڵدەدەن و
هەرکەسە لەلای خۆیەوە دەلەوەڕێنێ.
٤ جەنگێك دژ بەو پیرۆز بکەن
هەستان با نیوەڕۆ سەردەکەوین
وەی لە ئێمە ڕۆژ ئاوا بوو
سێبەرەکانی ئێوارە درێژبوونەوە.
٥ هەستن بە شەو سەردەکەوین
کۆشکەکانی وێران دەکەین.
٦ چونکە ئاوای فەرموو خوداوەندی سوپاسالار،
دار ببڕنەوە و دایڕێژن
مەتەرێز بەسەر ئۆرشەلیمەوە،
ئەو شارە سزادراوەکەیە
سەراپا ستەمە لەناوەندەکەی،
٧ وەك کانیەك ئاوەکەی هەڵبقوڵێت
ئاوا خراپەکەی هەڵدەقوڵێت.
توندوتیژی و ڕفاندنی تیادا دەبیسترێت
لەبەردەمم هەمیشە نەخۆشی و لێدانە.
٨ تەمبێ خواردووبە ئەی ئۆرشەلیم
نەوەك گیانم لێت نامۆ بێت
نەوەك بتکەم بە وێرانە
خاکێکی ئاوەدان نەبوو.
٩ ئاوای فەرموو خوداوەندی سوپاسالار:
بەتەواوی دەچنرێنەوە وەك مێو
پاشماوەی ئیسڕائیل
دەستت بگێڕەوە وەك ترێ چن
بەسەر لقەکان.
١٠ بۆ کێ قسە بکەم و
نیشانە بنوێنم، تا گوێبگرن؟
ئەوەتا گوێیان خەتەنەنەکراوە
ناتوانن گوێ شل بکەن
ئەوەتا وشەکانی خوداوەند بۆیان بووە
بە ڕسوایی، دڵیان پێی خۆش نییە.
١١ بۆیە پڕ بووم لە قینی خوداوەند
بێزاربووم لە دەست پێوەگرتنی،
بەسەر منداڵی کۆڵانەکانی دەڕێژم،
بەسەر پێکڕای کۆڕی گەنجاندا
چونکە پیاو لەگەڵ ژندا دەبردرێت
پیر لەگەڵ بەساڵاچووان.
١٢ ماڵەکانیان بۆ خەڵکی تر دەبن
کێڵگە و ژنەکانیان پێکڕا
چونکە دەستم درێژ دەکەم
بەسەر دانیشتووانی خاکەکە،
خوداوەند ڕایگەیاند.
١٣ چونکە لە بچووکیان تا گەورەیان
هەموویان پەرۆشی قازانجن و
لە پێغەمبەرەوە تا کاهین
هەموو ساختە دەکەن.
١٤ شکانی گەلەکەم بەسووکیەوە چاك دەکەنەوە و

دەڵێن،
ئاشتی، ئاشتی! بەڵام کوا ئاشتی؟
١٥ ئایا ڕسوا بوون، کاتێ قێزەونیان کرد؟
نەخێر! ڕسوا نەبوون
هەروەها نەیانزانی شەرمەزاری چییە.
بۆیە دەکەونە ناو کەوتووان
لەکاتی سزادانیان ساتمە دەکەن،
خوداوەند فەرمووی.
١٦ خوداوەند ئاوای فەرموو:
لەسەر ڕێگاکان بوەستن و ببینن،
پرسیاری ڕێچکە کۆنەکان بکەن،
لەکوێیە ڕێگا چاکەکە و پێیدا بڕۆن و
ئاسوودەیی بۆ دەروونتان بدۆزنەوە.
بەڵام وتیان، ناڕۆین.
١٧ ئینجا چاودێرم بەسەرتانەوە ڕاگرت،
گوێ بۆ دەنگی کەڕەنا شلکەن!
بەڵام وتیان، گوێ شل ناکەین.
١٨ بۆیە گوێ بگرن ئەی میللەتان و
ئەی کۆمەڵ بزانن
چی لەناویاندایە
١٩ گوێ بگرە ئەی زەوی
ئەوەتا من بەڵا دەهێنم
بەسەر ئەم گەلە
بەروبوومی بیرکردنەوەکانیان
چونکە گوێیان شل نەکرد بۆ وشەکانم و
فێرکردنەکانم، ڕەتیان کردەوە.
٢٠ ئەمەم بۆ چییە، بخوور لە شەباوە دێت و
قامیشی شەکر لە خاکێکی دوورەوە
قوربانی سووتاندنەکانتان پەسەند نین و
قوربانییە سەربڕاوەکانتان خۆش نین لەلام.
٢١ بۆیە خوداوەند ئاوای فەرموو:
ئەوەتا من بۆ ئەم گەلە دایدەنێم
کۆسپ و ساتمەی لێ دەکەن
باوکان و کوڕان پێکەوە
هاوسێ و هاوڕێ لەناودەچن.
٢٢ خوداوەند ئاوای فەرموو:
ئەوەتا گەلێك هاتن لە خاکی باکوورەوە
میللەتێکی مەزن هەڵدەستن لەوپەڕی زەوییەوە.
٢٣ کەوان و ڕم بەدەستەوە دەگرن،
دڵڕەقە و بەزەییان نایەتەوە
دەنگیان وەك دەریا هاژەی دێت و
سواری ئەسپ دەبن،
وەك یەك پیاو ڕیزی بەستووە بۆ جەنگ
ڕیزی بەستووە وەك پیاوێك بۆ جەنگ
دژ بە تۆ ئەی کچی سییۆن.
٢٤ هەواڵی ئەومان بیست
دەستمان شل بوو،
تەنگانە ئێمەی گرت
ئازار وەك ژنی ژان گرتوو.
٢٥ دەرمەچن بۆ کێڵگە و بە ڕێگادا مەڕۆن،
چونکە شمشێری دوژمن، تۆقینەرە لە هەموو لایەکەوە.
٢٦ ئەی کچی گەلەکەم بەرگی ماتەم بپۆشە
خۆت لە خۆڵەمێش بگەوزێنە،
شینی تاقەنەیەك بۆ خۆت بگێڕە
لاوانەوەیەکی تاڵ،
چونکە لەناوکاو دێت
تێکدەر بەسەرمان.
٢٧ وەك تاقیکەرەوە و سەنگی مەحەك تۆم لەناو گەلەکەم دانا،
تا بزانیت و تاقی بکەیتەوە ڕێگاکانیان.
٢٨ هەموو یاخی بووی کەللەڕەقن،
بەپەلەن بۆ بوختان کردن
مس و ئاسنن
هەموو تێکدەرن.
٢٩ مووشەی دێت مووشەدەمە
بە ئاگر تەواو بوو قوڕقووشم
بێهودە زێرنگەر بێگەردی دەکات،
بەدکاران بێگەرد نابن.
٣٠ زیوی ناپەسندیان پێ دەووترێت،
چونکە خوداوەند پەسەندی نەکردوون.

# ٧

١ ئەو وشەیەی لەلای خوداوەندەوە بۆ یەرمیا هات و فەرمووی:
٢ لەناو دەروازەی ماڵی خوداوەنددا بوەستە و لەوێ بانگەوازی
ئەم وشەیە بدە و بڵێ، گوێ لە وشەی خوداوەند بگرن، ئەی
هەموو یەهوزا، ئەی ئەوانەی لەم دەرگایە دێنە ژوورەوە بۆ
کڕنۆش بردن بۆ خوداوەند. ٣ خوداوەندی سوپاسالار، خودای
ئیسرائیل ئاوای فەرموو: ڕێگا و کردەوەکانتان چاك بکەنەوە
و منیش لەم شوێنەدا نیشتەجێتان دەکەم. ٤ پشت بەم قسە درۆیانە
مەبەستن، بڵێن، پەرستگای خوداوەند، پەرستگای خوداوەند،
پەرستگای خوداوەندە ئەمانە! ٥ چونکە ئەگەر بەتەواوی ڕێگا
و کردەوەکانی خۆتان چاك کردەوە و ئەگەر بە تەواوی
دادپەروەری پەیڕەو بکەن لەنێوان مرۆڤ و هاوڕێکەی.
٦ ستەم لە غەریب و هەتیو و بێوەژن مەکەن، خوێنی بێتاوان
مەڕێژن لەم شوێنەدا، دوای خوداکانی تر مەکەون، بۆ خراپەی
خۆتان. ٧ جا من لەم شوێنەدا نیشتەجێتان دەکەم، لەو زەوییەی
بە باوباپیرانتانم داوە، لە هەتاهەتاوە و تا هەتاهەتایە. ٨ ئەوەتا
ئێوە پشتتان بەقسەی درۆ بەستووە کە بێ سوودە. ٩ وا دەزانن
دەتوانن بدزن و بکوژن و داوێن پیسی بکەن و سوێند بەدرۆ
بخۆن و بخوور بۆ بەعل بسووتێنن و بە دوای خوداکانی تردا
بکەون کە نایانناسن، ١٠ ئینجا بێن و لەبەردەمم لەم ماڵەدا
بوەستن کە بەناوی منەوە ناونراوە و بڵێن، فریامان بکەوە! بۆ
ئەوەی بەردەوام بن لە ئەنجامدانی هەموو ئەم قێزەونە؟ ١١ ئایا
ئەم ماڵەی بەناوی منەوە ناونراوە، لەبەرچاوی ئێوە بووە بە
ئەشکەوتی دزان؟ ئەوەتا خۆم بینیومە،خوداوەند ڕایگەیاند.
١٢ بەڵام ئێستا بڕۆنە شوێنەکەم کە لە شیلۆیە، ئەوەی سەرەتا
ناوی خۆم لەوێ نیشتەجێ کرد و ببینن چیم لێکردووە لەبەر
خراپەی ئیسرائیلی گەلی خۆم. ١٣ ئێستاش لەبەر ئەوەی ئێوە
ئەم کردەوانەتان کردووە، خوداوەند ڕایگەیاند، قسەم لەگەڵتاندا
کرد، پێش وەخت قسەم کرد، بەڵام گوێتان نەگرت، بانگم کردن
بەڵام وەڵامتان نەدایەوە. ١٤ ئاوا دەکەم بەو ماڵەی بەناوی منەوە
ناونراوە و ئێوە پشتتان پێی بەستووە و بەو شوێنەی بە ئێوە و
بە باوباپیرانتانم دا، وەك ئەوەی بە شیلۆم کرد و ١٥ لەبەردەمم
دەرتاندەکەم وەك چۆن براکانتانم دەرکرد، هەموو نەوەی
ئەفرایم.
١٦ تۆش نوێژ بۆ ئەم گەلە مەکە و لەبەرئەوان هاوار و نوێژ
بەرز مەکەوە و لێم مەپاڕێوە، چونکە گوێت لێ ناگرم. ١٧ ئایا
نابینیت لە شارەکانی یەهوزا و لە شەقامەکانی ئۆرشەلیمدا چی
دەکەن؟ ١٨ کوڕەکان دار کۆدەکەنەوە و باوکان ئاگر دەکەنەوە
و ژنان هەویر دەشێلن تا کولێرە بۆ شاژنی ئاسمان بکەن و بۆ
پێشکەشکردنی مەیی پێشکەش کراو بۆ خوداکانی تر، تا ڕقم
هەستێنن. ١٩ ئایا ڕقم هەڵدەسێنن؟ خوداوەند ڕایگەیاند. ئایا ڕقی

خۆیان هەڵناسێنن، بۆ شەرمەزاری ڕووی خۆیان؟ ٢٠ بۆیە
خوداوەند ئاوای فەرموو، ئەوەتا تووڕەیی و قینم بەسەر ئەم
شوێنەدا دەڕژێت، بەسەر مرۆڤ و بەسەر ئاژەڵ و بەسەر
درەختی کێڵگە و بەسەر بەروبوومی زەوی، گڕ دەگرێت و
ناکوژێتەوە.
٢١ خوداوەندی سوپاسالار، خودای ئیسرائیل ئاوای فەرموو:
قوربانی سووتاندنەکانتان کۆکەنەوە لەگەڵ قوربانیە
سەربڕاوەکانتان و گۆشت بخۆن ٢٢ چونکە لەگەڵ باووباپیرتان
نەدوام و فەرمانم پێنەکردن کاتێ لە خاکی میسرەوە دەرمکردن
سەبارەت بە قوربانی سووتاندن و سەربڕاو. ٢٣ بەڵکو فەرمانی
ئەم شتەم پێکردن و فەرمووم، گوێ لە دەنگم بگرن و من دەبم
بە خوداتان و ئێوەش دەبن بە گەلی من و بە هەموو ئەو
ڕێگایەدا دەڕۆن کە فەرمانتان پێ دەکەم بۆ ئەوەی بۆتان چاك
بێت. ٢٤ بەڵام گوێیان نەگرت و گوێیان شل نەکرد، بەڵکو بە
ڕاوێژ و کەلە ڕەقی دڵە خراپەکەی خۆیان ڕێگایان گرتەبەر،
جا دواکەوتن و پێش نەکەوتن. ٢٥ لەو ڕۆژەوە کە
باووباپیرانتان لە خاکی میسر دەرچوون تا ئەمڕۆ، من هەموو
پێغەمبەرە خزمەتکارەکانی خۆم بۆ ناردوون، هەموو ڕۆژێ
پێش وەخت و نێردراو ٢٦ گوێیان لێ نەگرتم و گوێیان شل
نەکرد و کەلەی خۆیان ڕەق کرد و لە باووباپیرانیان زیاتر
خراپەیان کرد. ٢٧ جا تۆش بە هەموو ئەم وشانە لەگەڵیان
دەدوێیت و گوێت لێ ناگرن و بانگیان دەکەیت و وەڵامت
نادەنەوە، ٢٨ پێیان دەڵێیت: ئەمە ئەو میللەتەیە کە گوێی نەگرت
لە دەنگی خوداوەند خودای خۆی و تەمبێ خواردوو نەبوون و
ڕاستی نەماوە و بڕاوەتەوە لە دەمیان.

٢٩ قژت ببڕە و فڕێی بدە و
لەسەر تەپەکان شیوەن بگێڕە،
چونکە خوداوەند ڕەتی کردووەتەوە و وازی هێناوە
لە نەوەی ڕقی خۆی.

٣٠ چونکە نەوەی یەهوزا خراپەیان کرد لەبەرچاوم، خوداوەند
ڕایگەیاند، شتە قێزەونەکانیان لەناو ئەوماڵە دانا کە بەناوی
منەوە ناونرا تا گڵاوی بکەن. ٣١ هەروەها بەرزاییەکانی
تۆفەیان بنیادنا ئەوەی لە دۆڵی نەوەی هەننومە بۆ سووتاندنی
کوڕەکانیان و کچەکانیان بە ئاگر کە من نە فەرمانم پێکردووە
و نە بەدڵمدا هاتووە.
٣٢ بۆیە ئەوەتا ڕۆژانێك دێت، خوداوەند ڕایگەیاند، چونکە ئیتر
پێی ناووترێت، تۆفە و دۆڵی نەوەی هەننوم، بەڵکو دۆڵی
کوشتن و لە تۆفە دەنێژرێن، تا شوێن نامێنێت. ٣٣ لاشەی ئەم
گەلە دەبێت بە خۆراکی باڵندەی ئاسمان و ئاژەڵەکانی زەوی و
کەسیش نییە بیانترسێنێت. ٣٤ دەنگی شادی و دەنگی خۆشی،
دەنگی زاوا و دەنگی بووك، لە شارەکانی یەهوزا و لە
شەقامەکانی ئۆرشەلیم ناهێڵم، چونکە زەوییەکە دەبێت بە
وێرانە.

# ٨

١ لەو کاتەدا، خوداوەند ڕایگەیاند، ئێسقانەکانی پاشایانی
یەهوزا و ئێسقانەکانی میرەکانی و ئێسقانەکانی کاهینەکان و
ئێسقانەکانی پێغەمبەران و ئێسقانەکانی دانیشتووانی ئۆرشەلیم
لە گۆڕەکانیان دەردەکەن و ٢ بۆ خۆر و بۆ مانگ و بۆ هەموو
هێزەکانی ئاسمان بڵاویان دەکەنەوە، ئەوانەی خۆشیان دەوێن
و ئەوانەی خزمەتیان دەکەن و ئەوانەی دوایان کەوتن و
ئەوانەی داوایان کردن و ئەوانەی کڕنۆشیان بۆ بردن. کۆ
ناکرێنەوە و نانێژرێن، بەڵکو دەبن بە تەپاڵە بەسەر ڕووی
خاکەکەوە ٣ ئینجا مردن هەڵبژاردەتر دەبێت لە ژیان لەلای
هەموو ئەوانەی ماونەتەوە لەوەی ماوەتەوە لەم خێڵە بەدکارە
ئەوەی لەو شوێنانە ماونەتەوە کە دەرمکردن بۆی.

٤ پێیان دەڵێیت، خوداوەند ئاوای فەرموو:
ئایا دەکەون و هەڵناسنەوە؟
یان کەسێك هەڵگەڕێتەوە، ناگەڕێتەوە؟
٥ بۆچی هەڵگەڕایەوە ئەم گەلە،
ئۆرشەلیم لە هەڵگەڕانێکی هەمیشەییە؟
دەستیان بە ساختەوە گرتووە
ڕەتیان کردەوە بگەڕێنەوە.
٦ گوێم شل کرد و گوێم گرت
بەداخەوە ڕاستی ناڵێن،
کوا ئەو پیاوەی لە خراپەی خۆی پەشیمانە و
دەڵێت، چیم کرد؟
هەموو گەڕاونەتەوە سەر ڕێڕەوەکەی خۆیان
وەك ئەسپێکی بەپرتاو بۆ ناو جەنگ.
٧ تەنانەت حاجی لەقلەق لە ئاسماندا
کاتی خۆی دەزانێت
کۆتر و شینەشاوە و پەرەسێلکەش
کاتی هاتنی خۆیان ڕەچاو دەکەن،
بەڵام گەلەکەی من نازانن
حوکمی خوداوەند.
٨ ئێوە چۆن دەڵێن، ئێمە دانایین و
فێرکردنەکانی خوداوەند لەلامانە؟
بەڵام ئەوەتا بۆ درۆ دەست بەکار بوو
پێنووسی درۆی نووسەرەکان.
٩ داناکان ڕسوابوون
تۆقان و پێوە بوون
ئەوەتا وشەی خوداوەندیان ڕەتکردەوە
ئیتر چ داناییەکیان هەیە؟
١٠ بۆیە ژنەکانیان بە خەڵکی دیکە دەدەم و
کێڵگەکانیان بەوانەی میراتگریانن
چونکە لە بچووکەوە تا گەورە
هەموو پەرۆشی قازانجن و
لە پێغەمبەرەوە تا کاهین
هەموو ساختە دەکەن.
١١ شکانی گەلەکەم بەسووکیەوە چاك دەکەنەوە و
دەڵێن،
ئاشتی، ئاشتی! بەڵام ئاشتی نییە.
١٢ ئایا ڕسوا بوون، کاتێ قێزەوەنیان کرد؟
نەخێر! ڕسوا نەبوون
هەروەها نەیازانی شەرمەزاری چییە.
بۆیە دەکەونە ناو کەوتووان
لەکاتی سزادانیان ساتمە دەکەن،
خوداوەند فەرمووی.
١٣ بە دامالین دایاندەماڵم،
خوداوەند ڕایگەیاند،
کوا ترێ بە مێوەوە و
کوا هەنجیر بە دارهەنجیرەوە؟
گەڵاکانیش سیس بوون و
ئەوەی دەیاندەمێ لەلایان نامێنێت.
١٤ ئێمە بۆچی دانیشتووین؟ کۆببنەوە و
با بچینە ناو شارە قەڵابەندەکان و
لەوێ بێ دەنگ بین،
چونکە خوداوەند خودامان بێ دەنگی کردین و
ئاوی تاڵاومان دەرخوارد دەدات
چونکە گوناهمان دژ بە خوداوەند کرد.
١٥ چاوەڕێی ئاشتی بووین، بەڵام کوا چاکە؟

کاتی چاك بوونەوە، ئەوەتا تۆقین.
١٦ لە دانەوە، دەبیسترێت
پرمەی ئەسپی ئەو
لە دەنگی حیلەی ئەسپە بەهێزەکانی
هەموو زەوی دەلەرزێت،
جا هاتن و خواردیان زەوی و هەرچی تیایەتی
شار و دانیشتووانەکەی.
١٧ چونکە ئەوەتا دەنێرمە سەرتان
ماری سووتێنەر
ئەوانەی نووشتەیان نییە
جا پێتانەوە دەدەن،
خوداوەند ڕایگەیاند.
١٨ خۆشیم هەستا، خەم لەسەرمە
دڵم دەردەدارە،
١٩ ئەوەتا دەنگی هانای کچی گەلەکەم
لە خاکێکی دوورەوە:
ئایا خوداوەند لە سییۆن نییە؟
یان پاشاکەی تیایدا نییە؟
بۆچی بە پەیکەرە تاشراوەکانیان قینیان هەستاندم،
بە بتە هیچوپووچە بێگانەکان؟
٢٠ دروێنە تێپەڕی هاوین تەواو بوو
ئێمە ڕزگارمان نەبوو.
٢١ لەبەر وردوخاش بوونی کچی گەلەکەم وردوخاش بووم
غەمبارم، وێرانی دەستی بەسەردا گرتووم.
٢٢ ئایا لە گلعاد هەتووان نییە،
یان پزیشك لەوێ نییە؟
ئیتر بۆچی چاکبوونەوە نییە
بۆ تەندروستی کچی گەلەکەم؟

# ٩

١ خۆزگە سەرم کاسەی پڕ ئاو بووایە و
چاوەکانم کانی فرمێسك
تا ڕۆژ و شەو بگریابام
بۆ کوژراوەکانی کچی گەلەکەم.
٢ خۆزگە لە چۆڵەوانی دیوەخانم هەبووایە
جا وازم لە گەلەکەم دەهێنا و لەلای دەڕۆیشتم.
چونکە هەموو داوێن پیس و کۆمەڵی ناپاکانن.
٣ زمانیان ڕادەکێشن، کەوانیان درۆیە
لەبەر ڕاستی زاڵ نە بوون لەسەر زەوی.
چونکە لە خراپەوە دەرچوون بۆ خراپە
بەڵام منیان نەناسی،
خوداوەند ڕایگەیاند.
٤ با هەریەکە وریای خۆی بێت لە برادەرەکەی،
پشت بەهیچ برایەك مەبەستن،
چونکە هەموو برایەك دەیەوێت جێی براکەی بگرێتەوە و
هەموو برادەرێك هەوڵی دووزمانی دەدات.
٥ هەرکەسە برادەری خۆی فریو دەدات و
بە ڕاستی نادوێن،
زمانی خۆیان فێری قسەی درۆ کردووە،
خۆیان ماندوو کرد لە خواروخێچی
٦ جێنشینت لەناو فرتوفێڵە،
بە فرتوفێڵ ڕەتیان کردەوە من بناسن،
خوداوەند ڕایگەیاند.
٧ بۆیە ئاوای فەرموو خوداوەندی سوپاسالار:
ئەوەتا من دەیانپاڵێوم و تاقیان دەکەمەوە
چونکە چی بکەم لەبەر کچی گەلەکەم؟
٨ تیری کوشندەیە زمانیان و
بە دەمی فێڵ دەکات
بە هاوڕێکەی دەڵێت، ئاشتی!
بەڵام لە ناخیدا بۆسەی بۆ دەنێتەوە.
٩ ئایا لەسەر ئەمە سزا نەدەم؟
خوداوەند ڕایگەیاند،
یان لە میللەتێکی وەك ئەمە
تۆڵەنەسێنێت گیانم؟
١٠ بەسەر چیاکان گریان و شیوەن دەکەم
بەسەر لەوەڕگاکانی چۆڵەوانی دەلاوێنمەوە
چونکە سووتان و کەس پێیدا تێناپەڕێت و
دەنگی مێگەل نابیسترێت
لە باڵندەی ئاسمانەوە تا ئاژەڵ
ڕایانکرد، ڕۆیشتن.
١١ ئۆرشەلیم دەکەم بە وێرانە
بە داڵدەی چەقەڵ،
شارەکانی یەهوزا دەکەم بە کاولگە
بەبێ دانیشتوو.
١٢ کێ مرۆڤی دانایە و ئەمە تێدەگات و ئەوەی دەمی خوداوەند
لەگەڵی پێی دوا، ڕایبگەیەنێت؟
بۆچی زەوی لەناو چوو
سووتا چۆڵەوانی، کەس پێیدا تێناپەڕێت؟
١٣ هەروەها خوداوەند فەرمووی: لەبەر ئەوەی وازیان هێنا لە
فێرکردنەکانم ئەوەی خستمە پێشیان
و گوێیان لە دەنگم نەگرت و پێیدا نەڕۆیشتن. ١٤ بەڵکو کەوتنە
دوای ڕاوێژی دڵی خۆیان و دوای بەعلیم کە باووباپیرانیان
فێریان کردن، ١٥ بۆیە ئاوای فەرموو خوداوەندی سوپاسالار،
خودای ئیسرائیل، ئەوەتا من گوژاڵك دەرخواردی ئەم گەلە
دەدەم و تاڵاویان پێ دەنۆشم. ١٦ بەناو میللەتانێك پەرتیان دەکەم
کە نە خۆیان و نە باووباپیرانیان نەیان ناسیوون و شمشێریان
بەدوادا دەنێرم تا تەواویان دەکەم.
١٧ خوداوەندی سوپاسالار ئاوای فەرموو:
سەرنج بدەن و بانگی ژنە ماتەم گێرەکان بکەن تا بێن
بنێرن بەدوای ژنە داناکان تا بێن
١٨ با خێرا بێن و دەنگی شیوەن هەڵبڕن بەسەرماندا،
جا چاوەکانمان فرمێسك دەڕێژێت و
پێڵوەکانمان ئاویان لێ هەڵدەقوڵێت.
١٩ چونکە دەنگی شیوەن
لە سییۆنەوە دەبیسترێت،
چۆن تێکدراین!
زۆر ڕسوا بووین،
چونکە زەوییەکەمان جێهێشت
چونکە لە جێنشینەکانی خۆمان دەرکراین.
٢٠ چونکە گوێ لە وشەی خوداوەند بگرن ژنان،
با گوێتان وشەی دەمی وەربگرێت.
کچەکانتان فێری شینگێران بکەن،
هەر ژنێکیش دەستەخوشکەکەی فێری ماتەم گێران بکات.
٢١ چونکە مردن بە پەنجەرەکانماندا هەڵدەگەڕا
هاتە ناو کۆشکەکانمانەوە،
بۆ قڕکردنی منداڵان لە کۆڵان و
لاوان لە گۆڕەپانەکان.
٢٢ بدوێ، خوداوەند ئاوای فەرموو:
لاشەی مرۆڤ دەکەوێت
وەك تەپاڵە بەسەر ڕووی کێڵگەوە
وەك چەپکی دوای دروێنەکەر و

کەس نییە کۆی بکاتەوە.
٢٣ خوداوەند ئاوای فەرموو:
با دانا بەدانایی خۆی شانازی نەکات و
پاڵەوان بە پاڵەوانێتی خۆی شانازی نەکات و
دەوڵەمەند بە دەوڵەمەندی خۆی شانازی نەکات.
٢٤ بەڵکو بەمە شانازی بکات شانازکار،
کە تێدەگات و من دەناسێت
چونکە من خوداوەندم پەیمانی خۆشەویستی و
دادوەری و ڕاستودروستی لەسەر زەویدا دەکەم،
چونکە خۆشی لەمانە دەبینم،
خوداوەند ڕایگەیاند.
٢٥ ئەوەتا ڕۆژانێك دێت، خوداوەند ڕایگەیاند، سزای هەموو
خەتەنەکراوەکان لەگەڵ خەتەنەنەکراوەکان دەدەم، ٢٦ میسر و
یەهوزا و ئەدۆم و نەوەی عەممۆن و مۆئاب و قژبڕاوەکانی
دانیشتووی چۆڵەوانی، چونکە هەموو میللەتان خەتەنەنەکراون
و هەموو ماڵی ئیسرائیلیش دڵ خەتەنەنەکراون.

# ١٠

١ ئەی ماڵی ئیسرائیل، گوێ بگرن یەهوە چی دەربارەی ئێوە
گوتوە:
٢ ئێوە فێری ڕێگاکانی میللەتان نابن و
لە سەیر و سەمەرەکانی ئاسمانان ناتۆقێن.
تەنها میللەتان لەم شتانە دەتۆقن.
٣ چونکە فەرزی میللەتان مایە پووچە،
چونکە درەختی بڕاوی دارستانن
دارتاش بە دەستی خۆی دروستیان دەکات و
٤ بە زیو و بە زێڕ دەیڕازێننەوە و
بە مێخ و چەکوش
توندیان دەکەن و بەلادانایەن.
٥ وەك داوەڵی بێستانن ئەوان، نادوێن
بەهەڵگرتن هەڵدەگیرێن، چونکە هەنگاو نانێن
لێیان مەترسن، چونکە زیان نابەخشن
هەروەها ناتوانن سوودیشیان هەبێت.
٦ کوا وەك تۆ خوداوەند؟
تۆ مەزنیت
ناوت گەورەیە لە پاڵەوانێتیدا.
٧ کێ لێت ناترسێت،
ئەی پاشای میللەتان؟
چونکە لە تۆ دەوەشێتەوە.
چونکە لەناو هەموو دانایانی میللەتان و
لەناو هەموو پاشایەتییەکانیاندا، کوا وەك تۆ؟
٨ تێکڕا دەبەنگ و گێل بوون،
تەمبێی پووچانە، ئەو تەنها دارە.
٩ زیوی کووتراوە
لە تەرشیشەوە هێنراوە و
زێڕە لە ئوفازەوە
دەستکردی پیشەکارە و
دەستی زێڕنگەرە
بەرگیان مۆر و باینجانییە
دەستکردی وەستایانن هەموو.
١٠ بەڵام خوداوەند خودای ڕاستە،
ئەو خودای زیندوو و پاشای هەتاهەتاییە
لەبەر قینی ئەو زەوی دەلەرزێ و
میللەتان بەرگەی ڕقی ئەو ناگرن.
١١ ئاوایان پێ دەڵێن: ئەو خودایانەی ئاسمان و زەوییان دروست
نەکردووە، لەسەر زەوی و لە ژێر ئەم ئاسمانانە لەناو دەچن.
١٢ بە هێزی خۆی زەوی دروست کردووە
بە دانایی خۆی جیهانی دامەزراندووە
بە تێگەیشتنی خۆی ئاسمانەکانی ڕاخستووە.
١٣ بە دەنگی ئەو ئاو لە ئاسمانەکان کۆدەبنەوە
هەڵمەکان لەو پەڕی زەوییەوە بەرز دەبنەوە
بروسکە بۆ باران دروست دەکات
با لە خەزێنەکانی خۆی دەردەکات.
١٤ دەبەنگە هەموو مرۆڤێك بێ زانین
شەرمەزارە هەموو زێڕنگەرێك بە پەیکەر
چونکە داڕێژراوەکانی درۆن و ڕۆحیان تێدا نییە.
١٥ پووچن ئەوان، دەستکردی گاڵتەجاڕین،
لەکاتی سزادانیان لەناودەچن.
١٦ وەك ئەمانە نییە بەشی یاقوب
چونکە شێوەکێشی هەموانە ئەو
ئیسرائیل خێڵی میراتی ئەوە
خوداوەندی سوپاسالار، ناوی ئەوە.
١٧ بیپێچەوە بوخچەکەت لەسەر زەوی
ئەی دانیشتووی ژێر ئابلۆقە!
١٨ چونکە ئاوای فەرموو خوداوەند:
ئەوەتا تووڕیان دەدەم ئەمجارە
دانیشتووانی ئەم خاکە
تەنگیان پێهەڵدەچنم تا کۆچ دەکەن.
١٩ وەی لە من لەبەر وردوخاش بوونم
بێ چارەیە لێدانەکەم.
منیش وتم، بێگومان ئەمە
دەردە و دەبێ بەرگەی بگرم.
٢٠ چادرەکەم تێکدراوە و
هەموو گوریسەکانی پساون،
کوڕەکانم لەلام دەرچوون و نەماون،
کوا ئەوەی ئێتر چادرەکەم هەڵدەدات و
پەردەکانم ڕادەگرێت؟
٢١ چونکە شوانەکان دەبەنگ بوون و
داوای خوداوەندیان نەکرد،
بۆیە سەرنەکەوتن و
هەموو مێگەلەکەیان پەرتوبڵاو بوو.
٢٢ دەنگی هەواڵ ئەوەتا دێت
هەراوهوریا لە خاکی باکوورەوە،
تا شارەکانی یەهوزا بکرێت
بە وێرانە، بە داڵدەی چەقەڵ.
٢٣ زانیم ئەی خوداوەند
کە مرۆڤ ڕێگای خۆی نییە،
پیاوێك کە بڕوات بۆی نییە
ئاراستەی بکات هەنگاوەکانی.
٢٤ تەمبێم بکە ئەی خوداوەند،
بەڵام بە دادپەروەری، نەك بە تووڕەیت،
نەوەك نەمهێڵیت.
٢٥ جۆشت بەسەر ئەو میللەتاندا بڕێژە
کە ناتناسن و
بەسەر ئەو خێڵانەی
کە بەناوی تۆوە بانگ ناکەن،
چونکە یاقوبیان خوارد، خواردیان و کۆتاییان پێی هێنا
نشینگەکەیان وێران کرد.

# ١١

١ وشەکە کە بۆ یەرمیا هات لەلایەن خوداوەندەوە، فەرمووی:
٢ گوێ لە وشەکانی ئەم پەیمانە بگرن و پێی بدوێن لەگەڵ
پیاوانی یەهوزا و دانیشتووانی ئۆرشەلیم. ٣ پێیان دەڵێیت،
ئاوای فەرموو خوداوەند خودای ئیسرائیل: نەفرەت لێکراوە
ئەو مرۆڤەی، گوێ ناگرێت لە وشەکانی ئەم پەیمانە، ٤ کە من
فەرمانم پێی کرد بە باو وباپیرانتان لەو ڕۆژەی لە خاکی میسر
دەرمهێنان، لەناو کورەی ئاسنەوە، فەرمووم، گوێ لە دەنگم
بگرن و کاریان پێ بکەن بە پێی هەموو ئەوەی فەرمانتان پێ
دەکەم، جا دەبن بە گەلی من و منیش دەبم بە خوداتان، ٥ بۆ
ئەوەی ئەو سوێندە بەجێ بێنم کە بۆ باووباپیرانتان خواردم کە
خاکێکیان بدەمێ شیر و هەنگوینی لێ بڕژێتەوە، هەروەك
ئەمڕۆ. منیش وەڵامم دایەوە وتم: ئامین، خوداوەند!
٦ ئینجا خوداوند پێی فەرمووم، بانگەوازی هەموو ئەم وشانە
بکە لەناو شارەکانی یەهوزا و لەناو شەقامەکانی ئۆرشەلیمدا و
بڵێ: گوێ بگرن لە وشەکانی ئەم پەیمانە و کاریان پێ بکەن.
٧ چونکە لەو ڕۆژەوە کە باو وباپیرانتانم لە خاکی میسرەوە
سەرخست و تا ئەمڕۆ، بەتەواوی ئاگادارم کردنەوە و پێش
وەخت و بەڕوونی فەرمووم، گوێ لە دەنگم بگرن. ٨ نە گوێیان
گرت و نە گوێیان شل کرد، هەریەکە دوای ڕاوێژەکانی دڵە
خراپەکەی خۆی کەوت، جا منیش هەموو وشەکانی ئەم
پەیمانەم بەسەریاندا هێنا، ئەوەی فەرمانم پێکردن کە کاری پێ
بکەن، بەڵام نەیانکرد.
٩ ئینجا خوداوەند پێی فەرمووم، پیلان گێڕی لەناو پیاوانی
یەهوزا و دانیشتووانی ئۆرشەلیمدا دەبینرێت. ١٠ گەڕانەوە سەر
تاوانی باووباپیرانی پێشوویان، کە ڕەتیان کردەوە گوێ لە
وشەکانم بگرن و کەوتنە دوای خودایانی دیکە تا خزمەتیان
بکەن. ماڵی ئیسرائیل و ماڵی یەهوزا ئەو پەیمانەیان شکاند کە
لەگەڵ باووباپیرانیاندا بەستم.
١١ بۆیە ئاوای فەرموو خوداوەند: ئەوەتا من بەڵایەکیان
بەسەردا دەهێنم کە نەتوانن لێی دەرچن، جا هاوارم بۆ دەکەن
و منیش گوییان لێ ناگرم ١٢ ئینجا شارەکانی یەهوزا و
دانیشتووانی ئۆرشەلیم دەڕۆن و هاوار دەبەن بۆ ئەو
خودایانەی بخووریان بۆ دەسووتێنن، بەڵام ئەوان لە کاتی
بەڵایان ڕزگاریان ناکەن. ١٣ چونکە هێندەی ژمارەی
شارەکانت بوون خوداکانت ئەی یەهوزا. هێندەی ژمارەی
شەقامەکانی ئۆرشەلیمیش قوربانگاتان دانا بۆ ڕسوایی،
قوربانگا بۆ بخوور سووتاندن بۆ بەعل.
١٤ تۆش نوێژ لە پێناوی ئەم گەلە مەکە و لە پێناویان پاڕانەوە
و نوێژ بەرزمەکەوە، چونکە گوێیان لێ ناگرم لە کاتی
هاوارکردنیان بۆم لەبەر بەڵاکەیان.
١٥ چی دەڵێن بە ئەویندارەکەم لە ماڵەکەم؟
گەندەڵی ئەنجامداوە،
ئایا زۆری گۆشتی قوربانی تەرخانکراو
خراپەت لەسەر لادەبات
تا سەربەز بیت؟
١٦ زەیتونی سەوزی وێنەی بەروبووم جوان
خوداوەند ئەم ناوەی لێ نایت.
بە دەنگی هاتوهەرایەکی گەورە
ئاگری لەسەر کردەوە
جا لقەکانی خراپ بوون.
١٧ خوداوەندی سوپاسالار، چێنەری تۆ، بە خراپە دژ بە تۆ دوا،
لەبەر خراپەکەی ماڵی ئیسرائیل و ماڵی یەهوزا، ئەوەی دژ بە
خۆیان کردیان، تا قینم هەستێنن بە بخوور سووتاندن بۆ بەعل.
١٨ خوداوەند بۆمی ئاشکرا کرد، جا زانیم و ئەوسا پیشانی دام
کردەوەکانیان. ١٩ منیش وەك بەرخێکی دەستەمۆ بۆ سەربڕین
ببردرێت، نەمزانی دژ بە من پیلانیان گێڕاوە، با لەناوی ببەین
دارەکە بە بەرەکەیەوە و لە خاکی زیندووان دەیبڕینەوە و ئیتر
یادی ناوی ناکرێتەوە.
٢٠ بەڵام خوداوەندی سوپاسالار، دادوەری ڕاستودروست
پشکێنەری مێشك و دڵ
با تۆڵەسەندنەوەت لەوان ببینم
چونکە کێشەی خۆم بۆ تۆ ئاشکرا کرد.
٢١ بۆیە ئاوای فەرموو خوداوەند سەبارەت بە خەڵکی
عەناسوس، ئەوانەی داوای گیانی تۆ دەکەن و دەڵێن، بە ناوی
خوداوەندەوە پێشبینی مەکە، با بەدەستمان نەکوژرێیت. ٢٢ بۆ
یە ئاوای فەرموو خوداوەندی سوپاسالار: ئەوەتا من سزایان
دەدەم، لاوان بە شمشێر دەمرن و کوڕان و کچانیش بە برسێتی
دەمرن. ٢٣ پاشماوەشیان بۆ نامێنێتەوە، چونکە بەڵا بەسەر
خەڵکی عەناسۆسدا دەهێنم لە ساڵی سزادانیان.

# ١٢

١ ڕاستودروستی تۆ ئەی خوداوەند
گەر کێشەوبەرەت لەگەڵدا بکەم،
تەنها سەبارەت بە حوکمەکان دژ بە تۆ دەدوێم
بۆچی ڕێگای بەدکاران سەرکەوتووە،
ئاسوودەن هەموو ناپاکی ناپاکان؟
٢ ئەوانت چاند و ڕەگیان داکوتا
گەشەیان کرد و بەریاندا.
تۆ لەسەر زاریان نزیکیت و
لە دڵیان دووریت.
٣ بەڵام تۆ ئەی خوداوەند منت ناسی و منت بینی
لەلای خۆت دڵی منت تاقیکردەوە
وەك مەڕ بۆ سەربڕین جیایان بکەوە
بۆ ڕۆژی کوشتن تەرخانیان بکە.
٤ تا کەی زەوی بگری و
گیای هەموو کێڵگەیەك وشك بێت،
لەبەر خراپەی دانیشتووانەکەی
ئاژەڵ و باڵندە نەمان،
چونکە وتیان، کۆتایی ئێمە نابینێت.
٥ ئەگەر لە ڕاکردن لەگەڵ پیادەکان ماندوو بیت
ئەی چۆن پێشبڕکێ لەگەڵ ئەسپەکان دەکەیت؟
ئەگەر لە کاتی ئاشتیدا خۆت بەزەویدا بدەیت
ئەی لە جەنگەڵی ئوردوندا چی دەکەیت؟
٦ چونکە هەروەها براکانت و ماڵە باونیشت
هەروەها ئەوانیش ناپاکیان لەگەڵدا کردیت
هەروەها ئەوانیش پڕبەدەم بەدواتدا هاواریان کرد
لێیان دڵنیا مەبە کاتێ باسی چاکەت بۆ دەکەن
٧ وازم لە ماڵی خۆم هێنا
میراتی خۆم ڕەت کردەوە
ئەویندارى گیانی خۆمم
خستە چنگ دوژمنەکانیەوە.
٨ میراتەکەم لێم بوو
بە شێری دارستان،
دەنگی بەسەر من بەرزکردەوە
بۆیە ڕقم لێی بووەوە.
٩ مەلی گۆشتخۆری خاڵدارە میراتەکەم بۆ
مەلە گۆشتخۆرەکان بەچواردەوریدا دژ بەون

بڕۆن هەموو ئاژەڵەکانی کێڵگە کۆکەنەوە
بیانهێنن بۆ خواردن.
١٠ زۆر شوان ڕەزەکەی منیان تێکداوە
بەشەکەی منیان پێپەست کردووە
بەشە ئارەزووبەخشەکەمیان کردووە
بە چۆڵەوانییەکی کاول.
١١ کردیان بە کاولگە
شیوەن بۆ من دەکات کاولگە.
هەموو زەوی کاول بووە
چونکە کێ لەدڵدا دەیگرێت.
١٢ لەسەر هەموو تەپەکان لە چۆڵەوانی
تاڵانکەران هاتن،
چونکە شمشێری خوداوەند دەخوات، لەو پەڕی زەوییەوە تا ئەم
پەڕی زەوی. ئاشتی بۆ هیچ کەسێك نابێت.
١٣ گەنمیان چاند و دڕکیان درۆینەکرد،
ماندوو بوون و قازانجیان نەکرد.
بەڵام شەرمەزاربن لە بەروبوومەکەتان
لە گڕی تووڕەیی خوداوەند.
١٤ ئاوای فەرمووە خوداوەند دژ بەو هاوسێ بەدکارانەم،
ئەوانەی دەستیان دا لە میراتەکەم
کە بە میرات دام بە گەلەکەم، بە ئیسرائیل، ئەوەتا لە خاکەکەدا
ڕیشەکێشیان دەکەم و ماڵی یەهوزاش لەناوەندیاندا ڕیشە کێش
دەکەم. ١٥ دوای ئەوەی ڕیشەکێشیان دەکەم، دەگەڕێمەوە بەزەیم
پێیاندا دێتەوە و دەیانگەڕێنمەوە، هەریەکە و بۆ میراتەکەی
خۆی و هەریەك بۆ زەوییەکەی خۆی. ١٦ ئەگەر بە تەواوی
ڕێگاکانی گەلەکەم فێربن، تا بەناوی منەوە سوێند بخۆن،
بەگیانی خوداوەند، وەك چۆن گەلەکەی منیان فێرکرد سوێند
بەناوی بەعل بخۆن، ئەوا لەناو گەلەکەمدا بنیاددەنرێن.
١٧ ئەگەر گوێ نەگرن، ئەو میللەتە لە ڕەگەوە ڕیشەکێش دەکەم
و لەناوی دەبەم، خوداوەند ڕایگەیاند.

# ١٣

١ خوداوەند ئاوای پێ فەرمووم: بڕۆ پشتێنێکی کەتان بۆ خۆت
بکڕە و لە ناوقەدتی ببەستە، بەڵام مەیخەرە ناو ئاوەوە. ٢ منیش
پشتێنم کڕی، بە پێی وشەی خوداوەند و لە ناوقەدی خۆمم
بەست. ٣ ئینجا دووبارە وشەی خوداوەندم بۆ هات و
فەرمووی، ٤ ئەو پشتێنەی کە کڕیت بیبە و هەستە و بڕۆ بۆ
فورات و لەوێ لە کەلێنی بەردێك بیشارەوە. ٥ منیش چووم و
لە فورات شاردمەوە، بەپێی ئەوەی خوداوەند فەرمانی پێ
کردم. ٦ ئەوە بوو دوای چەند ڕۆژێکی زۆر، خوداوەند پێی
فەرمووم، هەستە بڕۆ بۆ فورات و لەوێ ئەو پشتێنە هەڵگرە
کە فەرمانم پێ کردیت لەوێ بیشاریتەوە. ٧ منیش چووم بۆ
فورات و هەڵمکۆڵی و پشتێنەکەم لەو شوێنە هەڵگرتەوە کە
تیایدا شاردبوومەوە، ئەوەتا ڕزیوە و بەکەڵکی هیچ نایەت.
٨ ئینجا وشەی خوداوەند بۆم بوو و فەرمووی: ٩ خوداوەند
ئاوای فەرموو، ئاوا دەبیرزێنم شانازی یەهوزا و شانازییە
مەزنەکەی ئۆرشەلیم. ١٠ ئەم گەلە بەدکارەی نایەوێت گوێ لە
قسەی من بگرێت و دوای ڕاوێژی دڵی خۆیان کەوتوون و
بەدوای خوداکانی دیکەدا دەکەون و تا خزمەتیان بکەن و
کڕنۆشیان بۆ ببەن وەك ئەم پشتێنەی لێدێت کە بە کەڵکی هیچ
نایەت. ١١ چونکە وەك چۆن پشتێن لە پشتی مرۆڤ
دەبەسرتێت، ئاوا هەموو ماڵی ئیسرائیل و هەموو ماڵی
یەهوزام لە پشتی خۆم بەست، فەرمووی خوداوەند، تا بۆم ببن
بە گەل و بە ناو و بە شانازی و بە شکۆمەندی، بەڵام گوێیان
نەگرت. ١٢ جا ئەم قسەیەیان پێ دەڵێیت: خوداوەند خودای
ئیسرائیل ئاوای فەرموو، هەموو مەشکەیەك پڕ مەی دەبێت،
جا پێت دەڵێن: بۆ ئێمە نازانین هەموو مەشکەیەك پڕ مەی
دەبێت؟ ١٣ تۆش پێیان دەڵێیت: خوداوەند ئاوای فەرموو، ئەوەتا
من هەموو دانیشتووانی ئەم خاکە و ئەو پاشایانەی لە داودن و
لەسەر تەختەکەی دانیشتوون و کاهینەکان و پێغەمبەرەکان و
هەموو دانیشتووانی ئۆرشەلیم پردەکەم لە سەرخۆش و
وردوخاشیان دەکەم هەریەکە و بەسەر براکەی و باوك و کوڕ
پێکەوە، ١٤ خوداوەند ڕایگەیاند، دڵم ناسووتێت و دەست
ناپارێزم و بەزەیم نایەتەوە لە لەناوبردنیان.
١٥ گوێ بگرن و گوێ شلکەن، لووتبەرز مەبن
چونکە خوداوەند قسەی کرد.
١٦ شکۆمەندی بدەن بە خوداوەند خوداتان
بەر لەوەی تاریکی دابێنێت و
بەر لەوەی پێیەکانتان ساتمە بکات
لەسەر چیا تاریکەکان
جا کاتێ خوازیاری ڕووناکین
دەیکات بە سێبەری مەرگ و
دەیکات بە ئەنگوستەچاو.
١٧ بەڵام ئەگەر گوێ نەگرن،
دەروونم بەنهێنی دەگریت
لەبەر لووتبەرزیتان،
فرمێسك دەڕێژێت و
چاوەکانم فرمێسك دەبارێنێت
چونکە مێگەلی خوداوەند ڕاپێچ کرا.
١٨ بڵێ بە پاشا و بە شاژن،
خۆتان نزم بگرن و دانیشن
چونکە لەسەرتان هاتووەتە خوارەوە
تاجی شکۆمەندیتان.
١٩ شارەکانی باشوور داخراون و
کەس نییە بیانکاتەوە.
یەهوزا ڕاپێچ کراوە
سەراپا ڕاپێچ کراوە.
٢٠ چاوتان هەڵبڕن و ببینن
ئەوانەی لە باکوورەوە دێن!
کوا ئەو مێگەلەی پێت درا
مەڕەکانی شانازیت؟
٢١ چی دەڵێیت کاتێ سزات دەدات،
تۆ خۆت ئەوانت بە خۆت فێرکرد ببن بە میر؟
ئایا ژان ناتگرێت
وەك ئەو ژنەی منداڵی دەبێت؟
٢٢ ئەگەر لە دڵی خۆتدا بڵێیت،
بۆچی ئەمانەم بەسەر هات؟
لەبەر زۆری تاوانت، دامێنت هەڵکرا
ڕووتیت بەدەرکەوت.
٢٣ ئایا کووشی دەتوانێت پێستی خۆی بگۆڕێت،
یان پڵنگ بەڵەکەکانی؟
ئەوسا ئێوەش دەتوانن چاکە بکەن
ئەی فێربووان بە خراپە!
٢٤ پەرتیان دەکەم وەك پووشی تێپەڕبوو
بە بای چۆڵەوانی
٢٥ ئەمە بەختی تۆیە
بەشی پێوراوت لەلایەن منەوە،
خوداوەند ڕایگەیاند،
لەبەرئەوەی وازت لە من هێنا و
پشتت بە درۆ بەست.
٢٦ منیش دامێنت هەڵدەدەمەوە بەسەر ڕووت

جا ڕووتیت دەبینرێت.
٢٧ داوێن پیسی و حیلاندنت
بێ ڕوویی لەشفرۆشیت
لەسەر گردەکان لە کێڵگە
قێزەونەکانتم بینی،
قوڕبەسەرت ئەی ئۆرشەلیم
پاك نەبوویتەوە
ئیتر تا کەی؟

# ١٤

١ ئەمە وشەکەی خوداوەندە بۆ یەرمیا سەبارەت بە وشکە
سالْییەکە:
٢ یەهوزا شیوەن دەگێڕێت و
دەروازەکانی داڕزان،
بۆ خاکەکە ڕەش پۆشن
هاواری ئۆرشەلیمیش بەرزبووەوە.
٣ گەورەکانیان، بچووکەکانیان بۆ ئاو نارد
هاتنە سەر حەوزەکان
ئاویان نەدۆزییەوە
بە گۆزەی بەتاڵەوە گەڕانەوە
شەرمەزار و ڕسوا بوون، سەری خۆیان شۆڕکرد.
٤ لەبەر ئەوەی خاکەکە شەقار شەقار بووە
چونکە باران نەبوو لە زەوییەکە
شەرمەزاربوون جووتیاران
سەری خۆیان شۆڕکرد.
٥ تەنانەت مامزیش لە کێڵگەدا بەچکەی بوو و وازی لێی هێنا
چونکە گژوگیا نەبوو
٦ کەرەکێوییەکان لەسەر تەپەکان ڕاوەستان
بایان هەڵمژی وەك چەقەڵ
چاویان شل بوو
چونکە گیاوگوڵ نییە.
٧ ئەگەر چی تاوانەکانمان شایەتیمان لەسەر دەدەن،
ئەی خوداوەند، بیکە بە خاتری ناوی خۆت
چونکە هەڵگەڕانەوەکانمان زۆر بوون
دەرهەق بە تۆ گوناهمان کرد.
٨ ئەی هیوای ئیسڕائیل
ئەی ڕزگارکار لەکاتی تەنگانە،
بۆچی وەك غەریب دەبیت لە خاکەکە،
وەك ڕێبوارێك لای دابێت بۆ شەو بەسەر بردن؟
٩ بۆچی وەك پیاوێکی حەپەساو دەبیت،
وەك پاڵەوانێك توانای ڕزگارکردنی نەبێت؟
تۆ لەناوەندمانی ئەی خوداوەند
بە ناوی تۆوە ئێمە بانگ دەکرێین
بێ غەم مەبە لێمان!
١٠ خوداوەند ئاوای فەرموو بەم گەلە، بەڕاستی حەزیان لە
گەشتوگەڕان کرد، ئۆقرەیان نەگرت، خوداوەندیش پەسەندی
نەکردن. ئێستا تاوانەکانیان بە بیری خۆی دەهێنێتەوە و سزایان
دەدات لەسەر گوناهەکانیان. ١١ هەروەها خوداوەند پێی
فەرمووم: نوێژ بۆ چاکەی ئەم گەلە مەکە. ١٢ چونکە گەر
بەڕۆژووبن گوێ لە هاواریان ناگرم، و کاتێ قوربانی
سووتاندن و قوربانی خۆراك پێشکەش بکەن پەسەندی ناکەم،
بەڵکو بە شمشێر و بە برسێتی و بە دەرد من کۆتاییان پێ
دەهێنم. ١٣ منیش وتم: ئای، خوداوەندم خوداوەند! ئەوەتا
پێغەمبەرەکان پێیان دەڵێن: نە شمشێر دەبینن و نە تووشی
برسێتی دەبن، بەڵکو لەم شوێنەدا ئاشتیی بە ڕاستیتان دەدەمێ.
١٤ خوداوەندیش پێی فەرمووم: پێغەمبەرەکان بەدرۆ بەناوی
منەوە پێغەمبەرایەتی دەکەن، من نەمناردوون و فەرمانم پێ
نەکردوون و قسەم لەگەڵدا نەکردوون، بەڵکو ئەوان بە بینی
درۆ و ئەستێرەناسی و پڕوپووچی و فرتوفێڵی دڵی خۆیان
پێغەمبەرایەتیتان بۆ دەکەن. ١٥ بۆیە خوداوەند ئاوای فەرموو
لەبارەی ئەو پێغەمبەرانەوە: بەناوی منەوە پێغەمبەرایەتی
دەکەن و منیش نەمناردوون، ئەوان دەڵێن، شمشێر و برسێتی
نابێت لەم خاکە، بە شمشێر و برسێتی دەمرن ئەو پێغەمبەرانە.
١٦ ئەو گەلەش کە ئەوان پێغەمبەرایەتی بۆ دەکەن، فڕێدراو
دەبن لە شەقامەکانی ئۆرشەلیم، لەبەر برسێتی و شمشێرەکە و
کەس نییە بیاننێژێت. خۆیان و ژنیان و کوڕ و کچیان، خراپەی
خۆیان بەسەر سەری خۆیان دەڕێژم.
١٧ ئەم قسەیەیان پێ دەڵێیت:
با چاوەکانم فرمێسك بڕێژن
بە شەو و بە ڕۆژ، قەد ڕانەوەستن
چونکە وردوخاشبوونێکی مەزن وردوخاش بووە
پاکیزەکەی کچی گەلەکەم
لێدانێکی زۆر جەرگ بڕ.
١٨ ئەگەر بچمە دەرەوە بۆ کێڵگە
ئەوەتا بە شمشێر کوژراوان
ئەگەر بێمە ناو شارەوە
ئەوەتا نەخۆشەکانی برسێتی،
چونکە هەروەها پێغەمبەرەکان و کاهینەکانیش
بەناو زەوییەکدا دەسووڕێنەوە و نایناسن.
١٩ ئایا بەتەواوی یەهوزات ڕەت کردۆتەوە
یان گیانت بێز لە سییۆن دەکاتەوە؟
بۆچی وا لێتداین کە چاکبوونەوەمان نەبێت؟
چاوەڕێی ئاشتی بووین، بەڵام کوا چاکی؟
هەروەها کاتی چاکبوونەوە، بەڵام ئەوەتا ترس.
٢٠ یاخی بوونی خۆمان زانی خوداوەند
تاوانی باووباپیرانمان، کە گوناهمان دەرهەق بە تۆ کرد.
٢١ لە پێناوی ناوی خۆت، ڕەتمان مەکەوە
تەختی شکۆمەندی خۆت سووك مەکە،
بەبیرت بێتەوە و هەڵیمەوەشێنەوە پەیمانەکەت لەگەڵمان.
٢٢ ئایا هەیە لەناو بتەکانی میللەتان باران ببارێنێت؟
یان ئایا ئاسمانەکان خۆیان ڕەهێڵە دەدەن؟
ئای تۆ نیت خوداوەند خودامان نیت
جا هیوامان بە تۆیە،
چونکە تۆ هەموو ئەمانەت کردووە.

# ١٥

١ ئینجا خوداوەند پێی فەرمووم: ئەگەر موسا و ساموئێلیش
لەبەردەمم ڕاوەستن، دڵم ناچێتە سەر ئەم گەلە. لەبەر چاوی
خۆم دەریاندەکەم و دەردەچن. ٢ جا کاتێ پێیت دەڵێن: بۆ کوێ
دەربچین؟ تۆش پێیان دەڵێیت: خوداوەند ئاوای فەرموو:
ئەوانەی بۆ مردنن بۆ مردن و
ئەوانەی بۆ شمشێرن بۆ شمشێر و
ئەوانەی بۆ برسێتین بۆ برسێتی و
ئەوانەی بۆ ڕاپێچن بۆ ڕاپێچ.

٣ چوار جۆریان بەسەرەوە دادەنێم، خوداوەند ڕایگەیاند،
شمشێر بۆ کوشتن و سەگەکان بۆ ڕاکێشان و باڵندەکانی ئاسمان
و گیانلەبەرەکانی زەویش بۆ خواردن و لەناوبردن. ٤ دەیانکەم
بە مایەی دڵەڕاوکێ بۆ پاشایەتییەکانی زەوی، لەسەر ئەوەی
مەنەسسای کوڕی یخزقیای پاشای یەهوزا لە ئۆرشەلیمدا
کردی.
٥ جا کێ دڵی پێت دەسووتێت ئەی ئۆرشەلیم،
کێ بۆت غەمبار دەبێت و
کێ ئاوڕدەداتەوە تا لە سەلامەتیت بپرسێت؟
٦ تۆ وازت لە من هێنا،
خوداوەند ڕایگەیاند،
بەرەودواوە دەڕۆیت،
جا دەست درێژدەکەمە سەرت و لەناوت دەبەم
بێزاربووم لە پاشگەزبوونەوە.
٧ بە شەن شەنیان دەکەم
لە دەروازەکانی خاکەکەدا.
جەرگ سوتاوم کرد، لەناوم برد گەلی خۆم،
لە ڕێگاکانی خۆیان نەگەڕانەوە.
٨ بێوەژنەکانیان لە لمی دەریا
زۆرتر دەکەم،
هێنامە سەریان، بەسەر دایکی گەنجان
تاڵانکار لە نیوەڕۆدا،
لەناکاو ترس و تۆقان
بەسەریدا دەدەم.
٩ سیس بوو دایکی حەوت منداڵ
گیانی سپارد.
خۆری ئاوابوو هێشتا ڕۆژبوو،
شەرمەزار و ڕسوا بوو.
پاشماوەکەشیان دەدەمە بەر شمێشر
بەبەرچاوی دوژمنانیان،
خوداوەند ڕایگەیاند.
١٠ قوڕبەسەرم دایکە، چونکە منت هێنا،
پیاوی دەمەقاڵە و
پیاوی کێشەوبەرە
لەگەڵ سەراپای خاکەکەدا
نەقەرزم کردووە و نەقەرزیان پێداوم،
کەچی هەمووان نەفرەتم لێ دەکەن.
١١ خوداوەند فەرمووی،
ئەگەر بۆ چاکە بۆتم نەگۆڕی
ئەگەر وام نەکرد دوژمن
لەکاتی بەڵا و لەکاتی تەنگانەدا لێت بپاڕێنەوە!
١٢ کەس دەتوانێت ئاسن بشکێنێت
ئاسنی باکوور و مس؟
١٣ سامان و گەنجینەکانت
دەکەم بە تاڵانی بەبێ نرخ،
لەبەر هەمو گوناهەکانت
لە هەموو سنوورەکانت.
١٤ خزمەتی دوژمنەکانی خۆت پێ دەکەم
لە خاکێکدا نەتناسیبێت
چونکە ئاگر بەربووەتە تووڕەییم
بەسەر ئێوەوە گڕدەگرێت.
١٥ تۆ دەزانیت،
ئەی خوداوەند بەبیری خۆتم بهێنەوە و بەسەرم بکەوە
تۆڵەم بسێنەوە لە ڕاونەرانم
بەپشوو درێژی خۆت لەگەڵیاندا مەجوڵێرەوە،
بزانە کە لەبەر تۆ بەرگەی ڕسواییم گرت.
١٦ وشەکانت بینرانەوە، خواردم
جا وشەکانت بۆم بوون بە شادی و
بە خۆشی دڵم،
چونکە بەناوی تۆوە بانگکراوم
ئەی خوداوەند خودای سوپاسالار.
١٧ لە کۆڕی گاڵتەجاڕان دانەنیشتم و دڵخۆش نەبووم،
لەبەر دەستی تۆ بەتەنیا دانیشتم
چونکە پڕت کردم لە قین.
١٨ بۆچی ژانم بێ کۆتایە
برینەکەم بێ چارەیە و نایەوێت چاکبێتەوە
ئایا وەك فریودەر دەبیت بۆم
ئاوێك جێی متمانە نەبێت؟
١٩ بۆیە خوداوەند ئاوای فەرموو:
ئەگەر بگەڕێیتەوە، دەتگەڕێنمەوە
لەبەردەمم ڕادەوەستیت
ئەگەر دەریخەیت بەنرخ لە بێ نرخ
وەك دەمی من دەبیت،
ئەوان دەگەڕێنەوە لای تۆ
تۆ ناگەڕێیتەوە لای ئەوان.
٢٠ بۆ ئەم گەلە دەتکەم بە
دیوارێکی مسی پتەو
لەگەڵتدا دەجەنگن و
دەرەقەتت نایەن،
چونکە من لەگەڵتدام،
بۆ ڕزگارکردن و بۆ فریاکەوتنت،
خوداوەند ڕایگەیاند،
٢١ لە دەست خراپەکاران فریات دەکەوم و
لە چنگ زۆرداران دەتکڕمەوە.

# ١٦

١ ئینجا وشەی خوداوەند بۆم بوو و فەرمووی: ٢ ژن مەهێنە و
با لەم شوێنەدا کوڕ و کچت نەبێت. ٣ چونکە خوداوەند ئاوای
فەرمووە سەبارەت بە و کوڕ و کچانەی لەم شوێنەدا لەدایك
بوون و سەبارەت بە دایکانیان کە ئەوانیان بووە و سەبارەت بە
باوکانیان کە ئەوانیان خستووەتەوە و لەم خاکەدا: ٤ بە نەخۆشی
کوشندە دەمرن، شینیان بۆ ناکرێ و نانێژرێن، بەڵکو دەبن بە
تەپاڵە لەسەر ڕووی خاکەکە و بە شمشێر و برسێتی لەناو دەچن
و لاشەیان دەبێت بە خۆراکی باڵندەکانی ئاسمان و
گیانلەبەرەکانی زەوی. ٥ چونکە خوداوەند ئاوای فەرموو:
مەچۆ ماڵی تازیەدار و مەڕۆ بۆ شینگێڕان و سەرەخۆشیان لێ
مەکە، چونکە ئاشتی خۆمم داماڵیوە لەم گەلە، خوداوەند
ڕایگەیاند، پەیمانی خۆشەویستی و بەزەیی. ٦ گەورە و بچووك
لەم خاکەدا دەمرن، نانێژرێن و شینیان بۆ ناکرێت و لە خۆدان
و قژ ڕنینەوە نابێت بۆیان. ٧ کەس نان لەت ناکات لە ماتەم
بۆئەوەی سەرەخۆشیان لێبکات، سەبارەت بە نەریتی مردوو
کەس جامی دڵدانەوە پێشکەش ناکات، تەنانەت لەبەر باوك و
دایکیشیان. ٨ هەروەها مەچۆ ماڵی داوەتدار، تا لەگەڵیاندا
دابنیشیت و بخۆیت و بخۆیتەوە. ٩ چونکە خوداوەندی
سوپاسالار، خودای ئیسرائیل ئاوای فەرمووە: ئەوەتا من لەم
شوێنەدا و لەبەرچاوی ئێوە و لەڕۆژانی ئێوەدا دەنگی شادی و
دەنگی خۆشی و دەنگی زاوا و دەنگی بووك ڕادەگرم.
١٠ جا کاتێ هەموو ئەم قسانەت بەم گەلە ڕاگەیاند و پێیان وتی،
بۆچی خوداوەند هەموو ئەم بەڵا گەورەیەی سەبارەت بە ئێمە
فەرمووە، تاوانمان چییە و گوناهمان چییە کە دەرهەق بە
خوداوەند خودای خۆمان ئەنجاممان داوە؟ ١١ تۆش پێیان

دەڵێیت، لەسەر ئەوەی باووباپیرانتان وازیان لەمن هێنا،
خوداوەند ڕایگەیاند، دوای خوداکانی دیکە کەوتن و خزمەتیان
کردن و کڕنۆشیان بۆ بردن و وازیان لە من هێنا و
فێرکردنەکانی منیان ڕەچاونەکرد. ١٢ ئێوەش لە باووباپیرانتان
زیاتر خراپتان کرد، ئەوەتان هەریەکە دوای ڕاوێژەکانی دڵە
خراپەکەی خۆتان کەوتوون، لەجیاتی ئەوەی گوێ لەمن
بگرن. ١٣ بۆیە لەم خاکە، فڕێتاندەدەمە دەرەوە بۆ خاکێک کە
نایناسن و نە ئێوە و نە باووباپیرانتان. جا لەوێ بە شەو و بە
ڕۆژ، خوداکانی دیکە دەپەرستن، چونکە من میهرەبانیتان پێ
نابەخشم.
١٤ بۆیە ڕۆژگارێک دێت، خوداوەند ڕایگەیاند، ئیدی ناڵێن،
بەگیانی خوداوەند، ئەوەی نەوەی ئیسرائیلی لە خاکی میسرەوە
دەرهێنا، ١٥ بەڵکو بەگیانی خوداوەند، ئەوەی نەوەی ئیسرائیلی
لە خاکی باکوورەوە دەرهێنا و لە هەموو ئەو خاکانەی قاویدان
بۆ ئەوێ. جا دەیانگەڕێنمەوە بۆ خاکەکەیان ئەوەی دام بە
باووباپیرانیان.
١٦ ئەوەتا دەنێرم بەدوای زۆر لە ماسیگران، خوداوەند
ڕایگەیاند، جا وەک ماسی دەیانگرن و پاش ئەمە دەنێرم بەدوای
زۆر لە ڕاوچیان و لەسەر هەموو چیایەک و هەموو گردێک و
لە کەلەبەری بەردەکاندا ڕاویان دەکەن. ١٧ چونکە چاوم
لەهەموو ڕێگاکانیانە، ڕێگاکانیان لەبەردەم من شاراوە نین و
تاوانەکەیان لەبەرچاوم بزرنەبووە. ١٨ سەرەتا دووئەوەندە
سزایان دەدەم لەسەر تاوان و گوناهەکانیان، لەسەر ئەوەی
خاکی منیان گڵاوکردووە بە کەلاکی بتەکانیان و میراتەکەمیان
پڕکردووە لە قێزەونەکانیان.
١٩ خوداوەند، ئەی هێز و قەڵا و
پەناگام لە ڕۆژی تەنگانە،
میللەتان بۆلای تۆ دێن
لەو پەڕی زەوییەوە و دەڵێن،
باووباپیرانمان تەنها درۆیان بۆ بەمیرات مایەوە
شتی هیچوپووچ و بێ سوود.
٢٠ ئایا مرۆڤ خوداکان بۆ خۆی دروست دەکات
کە لەڕاستیدا خودا نین؟
٢١ بۆیە ئەوەتا پێیان دەناسێنم
ئەمجارە پێیان دەناسێنم
دەسەڵات و هێزی خۆم
جا دەزانن ناوم خوداوەندە.

# ١٧

١ گوناهەکانی یەهوزا
بە قەڵەمی ئاسن نووسراوە
بە نووکی ئەڵماس هەڵکۆڵراوە
لەسەر تەختەی دڵیان و
لەسەر قۆچی قوربانگاکانیان.
٢ تەنانەت کوڕەکانیان بەبیریان دێتەوە
قوربانگاکانیان و ئەشێرەکانیان
لەلای دارە سەوزەکان
لەسەر گردە بەرزەکان.
٣ ئەی چیاکەی دەشتودەرم!
سامان و هەموو گەنجینەکانت
دەکەم بە تاڵانی
لەگەڵ بەرزاییەکانت،
بەهۆی گوناهە لە هەموو سنوورەکانت.
٤ دەستبەرداری ئەو میراتە دەکەم
کە بە تۆم بەخشی،
دەتکەم بە کۆیلەی دوژمنەکانت
لە خاکێکدا کە نەیناسییت،
چونکە ئاگرتان بەردایە تووڕەیم
تاهەتایە گڕدەگرێت.
٥ خوداوەند ئاوای فەرموو:
نەفرەت لێ کراوە ئەو کەسەی پشت بە ئادەمیزاد دەبەستێ و
مرۆڤ دەکات بە بازووی خۆی و
دڵی لەسەر خوداوەند لادەبات.
٦ وەک سەرو دەبێت لە بیابان
چاکە نابینێت کاتێ دێت
جێنشینی گەرمەسێر دەبێت لە چۆڵەوانی
زەوییەکی خوێڵینی ئاوەدان نەکراو.
٧ پیرۆزە ئەو کەسەی پشت بە خوداوەند دەبەستێت و
خوداوەندیش دەبێت بە پشتوپەنای.
٨ وەک دارێک دەبێت، شەتڵکراو لەدەم ئاو
لەدەم جۆگە ڕەگ دادەکووتێت
گەرما نابینێت کاتێ دێت
گەڵاکانی سەوزن
لە وشکە ساڵیدا نا ترسێت
لەبەروبووم دان ناوەستێت.
٩ دڵ لەهەموو شتێک فریودەرترە
دەرمانی نییە، کێ دەیناسێت؟
١٠ من خوداوەندم، پشکێنەری دڵ
تاقیکەرەوەی دەروون،
تا بە هەریەکە بە گوێرەی ڕێگاکانی پێی بدەم
بەگوێرەی بەروبوومی کردەوەکانی.
١١ کەوێک کڕ بەسەر ئەو هێلکانەی خۆی نەیکردبێت،
دەوڵەمەندێک بە ناهەق دەوڵەمەند بووبێت
لە نیوەی تەمەنی وازی لێدێنێت
لە کۆتاییشیدا دەبێت بە گێل.
١٢ تەختی شکۆمەندییە،
بەرزە هەر لەسەرەتاوە
شوێنی پیرۆزگاکەمان.
١٣ ئەی هیوای ئیسرائیل، خوداوەند!
هەموو ئەوانەی وازت لێ دێنن، شەرمەزار دەبن،
ئەوانەی لە تۆ لادەدەن، لەسەر خۆڵ دەنووسرێن
چونکە وازیان هێنا لە کانی ئاوی ژیان،
لە خوداوەند.
١٤ چاکم بکەوە خوداوەند، چاکدەبمەوە،
ڕزگارم بکە، ڕزگار دەبم،
چونکە تۆ ستایشی منی.
١٥ ئەوەتا ئەوان پێم دەڵێن:
کوا وشەکەی خوداوەند؟
با ئێستا بێت!
١٦ منیش هەرگیز دەرنەچووم لە شوانی لەدواتەوە
خوازیاری ڕۆژی بەڵا نەبووم
تۆ دەزانیت چی لە دەمم دەرچووە
لەبەردەم خۆت بوو
١٧ مەبە بە تۆقاندن بۆم
تۆ پەناگای منی لە ڕۆژی خراپە.
١٨ ڕاونەرانم شەرمەزاربوون و من شەرمەزار نەبووم
ئەوان تۆقان و من نەتۆقام
ڕۆژی خراپەیان بەسەردا بهێنە
دوو ئەوەندە وردوخاشیان بکە.
١٩ خوداوەند ئاوای پێ فەرمووم: برۆ و لەلای دەروازەی
نەوەی گەل بوەستە، ئەوەی پاشاکانی یەهوزا پێیدا دێنە

ژوورەوە و دەچنە دەرەوە و لە هەموو دەروازەکانی ئۆرشەلیم.
٢٠ پێیان بڵێ، گوێ بگرن لە وشەی خوداوەند، ئەی پاشاکانی
یەهوزا و هەموو یەهوزا و هەموو دانیشتووانی ئۆرشەلیم،
ئەوانەی لەم دەروازانەوە دێنە ژوورەوە. ٢١ خوداوەند ئاوای
فەرموو، ئاگاداری خۆتان بن و لە ڕۆژی پشووی پیرۆزدا هیچ
بارێك هەڵمەگرن و بەناو دەروازەکانی ئۆرشەلیمدا بیهێننە
ژوورەوە و ٢٢ هیچ بارێکیش لە ماڵەکانتانەوە مەهێننە دەرەوە
لە ڕۆژی پشووی پیرۆزدا و هیچ کارێك مەکەن و ڕۆژی
پشووی پیرۆز تەرخان بکەن وەك ئەوەی فەرمانم بە
باووباپیرانتان کرد، ٢٣ بەڵام گوێیان نەگرت و گوێیان پێی نەدا
و کەلەیان ڕەق کرد بۆ ئەوەی نەبیستن و بۆ ئەوەی تەمبێ
وەرنەگرن. ٢٤ جا ئەگەر بەتەواوی گوێم لێ بگرن، خوداوەند
ڕایگەیاند، بۆ ئەوەی هیچ بار نەهێننە ناو دەروازەکانی ئەم
شارەوە لە ڕۆژی پشووی پیرۆزدا و ڕۆژی پشووی پیرۆزتان
تەرخان کرد، بۆ ئەوەی هیچ کارێکی تێدا نەکەن، ٢٥ ئەوا بە
دەروازەکانی ئەم شارەدا دێنە ژوورەوە، پاشایان و میران،
دانیشتووانی سەر تەختەکەی داود، بە سواری گالیسکە و
ئەسپەوە، ئەوان و میرەکانیان، پیاوانی یەهوزا و دانیشتووانی
ئۆرشەلیم، ئەم شارەش تا هەتایە ئاوەدان دەبێت. ٢٦ ئینجا لە
شارەکانی یەهوزا و لە دەوروبەری ئۆرشەلیم و لە خاکی
بنامین و لە دەشت و چیا و باشوورەوە دێن و قوربانی
سووتاندن و قوربانی سەربڕاو و قوربانی خۆراك و بخوور و
قوربانی سوپاسکردن دەهێننە ناو ماڵی خوداوەندەوە. ٢٧ خۆ
ئەگەر گوێ لە من نەگرن، تا ڕۆژی پشووی پیرۆز تەرخان
بکەن، بەوەی بار هەڵگرن و نەیهێننە ناو دەروازەکانی
ئۆرشەلیمەوە لە ڕۆژی پشووی پیرۆزدا، ئەوا من ئاگر
بەردەدەمە دەروازەکانی، جا کۆشکەکانی ئۆشەلیم دەخوات و
ناکوژێتەوە.

# ١٨

١ ئەو وشەیەی بۆ یەرمیا هات لەلای خوداوەندەوە، فەرمووی:
٢ هەستە و بەرەوخواربەوە بۆ ماڵی گۆزەچی، لەوێ وشەی
خۆمت پێ دەڵێم. ٣ منیش بەرەوخواربوومەوە بۆ ماڵی
گۆزەچییەکە، بینیم ئەوەتا لەسەر چەرخەکە کاردەکات. ٤ ئەو
دەفرەی بە دەست گۆزەچییەکەوە بوو و لە قوڕەسوور دروستی
دەکرد، تێکچوو، جا دووبارە کردییەوە بە دەفرێکی دیکە، بەو
شێوەیەی گۆزەچییەکە پێی باش بوو.
٥ ئینجا وشەی خوداوەند بۆم بوو و فەرمووی: ٦ • ئایا من
ناتوانم وەك ئەم گۆزەچییەتان لەگەڵدا بکەم ئەی ماڵی ئیسڕائیل؟
خوداوەند فەرمووی، ئەوەتا وەك قووڕەسوور بەدەست
گۆزەچییەوە، ئێوەش ئاوان لەناو دەستی من ئەی ماڵی ئیسڕائیل
٧ هەر کاتێ لەبارەی میللەتێك و پاشایەتیەکەوە باسی
ڕیشەکێشکردن و بە زەویدادان و لەناوبردنم کردبێت، ٨ جا ئەو
میللەتە کە لەبارەیەوە دواوم، دەگەڕێتەوە لە خراپەکەی، منیش
پاشگەز دەبمەوە لەو خراپەیەی بەتەمابووم پێی بکەم. ٩ هەر
کاتێکیش لەبارەی میللەتێك و پاشایەتیەکەوە باسی بنیادنان و
چاندن بکەم، ١٠ بەڵام لەبەرچاوم خراپە بکات و گوێ لە دەنگی
من نەگرێت، منیش پاشگەز دەبمەوە لەو چاکەیە کە فەرمووم
بۆیی دەکەم.
١١ ئێستا بۆیە بە پیاوانی یەهوزا و دانیشتووانی ئۆرشەلیم بڵێ:
خوداوەند ئاوای فەرموو: ئەوەتا من بەڵایەکم بۆ ئامادەکردوون
و پلانێکم دژ بە ئێوە داڕشتووە، جا بۆیە بگەڕێنەوە،
هەرکەسەو لە ڕێگا خراپەکانی و ڕێگا و کردەوەکانی خۆتان
باش بکەن. ١٢ جا دەڵێن: بێ سوودە، چونکە ئێمە دوای بیروڕای
خۆمان دەکەوین و هەریەکەمان بەپێی ڕاوێژەکانی دڵە
خراپەکەی خۆی دەکات.
١٣ • بۆیە خوداوەند ئاوای فەرموو:
ئێستا لەناو نەتەوەکان بپرسن
کێ وەك ئەمەی بیستووە،
بێ تامترین خراپە
پاکیزەکەی ئیسڕائیل کردوویەتی.
١٤ ئایا بەفری لوبنان
لە لووتکە بەردینەکانی دەبڕێتەوە،
یان ئاوە نامۆکان، جۆگە ساردە ڕۆیشتووەکان
وشك دەبن؟
١٥ چونکە گەلەکەم منی لەیاد کردووە
بۆ بتی پووچ بخووری سووتاندوە
جا ساتمەی پێ کردن لەڕێگاکانیان
لە ڕێڕەوە کۆنەکانیان
تا بە لاڕێیەکاندا بڕۆن
ڕێگایەك خۆش نەکراوە.
١٦ بۆ ئەوەی خاکەکەیان ببێت بە وێرانە
ئاخ هەڵکێشانی هەتاهەتایی
هەموو ئەوەی پێیدا تێپەڕێت واقی وڕبێت
سەر بلەقێنێت.
١٧ وەك بای ڕۆژهەڵات پەرتیان دەکەم
لەبەردەم دوژمن
پشتیان تێدەکەم نەك ڕوو
لە ڕۆژی کارەساتیان.
١٨ ئینجا وتیان: وەرن با پیلانێك لە یەرمیا بگێڕین، چونکە
فێرکردن لە کاهین و ڕاوێژ لە دانا و وشە لە پێغەمبەر
نابڕێتەوە، وەرن با بە زمان لێی بدەین گوێ لە یەك وشەی
نەگرین.
١٩ گوێم لێ بگرە ئەی خوداوەند
گوێ لە دەنگی ناحەزانم بگرە.
٢٠ ئایا پاداشتی چاکە بە خراپە دەدرێتەوە؟
چونکە چاڵێکیان بۆ گیانم هەڵکەندووە
بەبیرت بێتەوە وەستانم لەبەردەمت
تا بە چاکە سەبارەت بەوان بدوێم
تا تووڕەیت لەوان بگێڕمەوە.
٢١ بۆیە کوڕەکانیان بدە دەست برسێتی
بیاندە دەست شمشێرەوە،
با ژنەکانیان ببن بە جەرگ سووتاو و بێوەژن
پیاوەکانیشیان کوژراو و مردوو
گەنجەکانیان بە شمشێر لێدراو لە جەنگ.
٢٢ با هاوار لە ماڵەکانیانەوە ببیسترێت
کاتێ لەپڕ پەلاماردەریان بەسەردا دەهێنیت
چونکە چاڵیان هەڵکەند بۆ گرتنم
تەڵەیان بۆ پێم نایەوە.
٢٣ تۆ ئەی خوداوەند ئاگاداربووی
لە هەموو ڕاوێژەکانیان بۆ کوشتنم
کەفارەتی تاوانیان مەکە و
گوناهەکەیان لەبەردەمت مەسڕەوە
با لەبەردەمت پێیان هەڵکەوێت
لە کاتی تووڕە بوونت پێیان بکە.

# ١٩

١ خوداوەند ئاوای فەرموو: بڕۆ و گۆزەیەکی گڵ لە گۆزەچی
بکڕە و هەندێ لە پیرانی گەل و پیرانی کاهینەکان ببە و ٢ بڕۆ
دەرەوە بۆ دۆڵی بن هەننوم کە لەلای دەرگای گۆزەچییاندایە و
لەوێ ئەو قسەیە جاڕبدە کە پێتی دەڵێم. ٣ جا بڵێ، گوێ لە
وشەی خوداوەند بگرن، ئەی پاشایانی یەهوزا و ئەی
دانیشتووانی ئۆرشەلیم، خوداوەندی سوپاسالار، خودای
ئیسرائیل ئاوای فەرموو، ئەوەتا بەڵایەك بەسەر ئەم شوێنەدا
دەهێنم کە هەرکێ ببیستێت، گوێی بزرنگێتەوە. ٤ لەبەر ئەوەی
وازیان لێهێنام و نکۆڵیان لەم شوێنە کرد و تیایدا بۆ خوداکانی
تر بخووریان سووتاند کە نەیاندەناسین، نە خۆیان و نە
باووباپیرانیان و نە پاشایانی یەهوزا و ئەم شوێنەشیان پڕکرد
لە خوێنی بێتاوانان و ٥ بەرزاییەکانی بەعلیان بنیادنا و تا
کوڕەکانیان بە ئاگر بسووتێنن و بیکەن بە قوربانی سووتاندن
بۆ بەعل، کە من نە فەرمانم پێ کردبوو و نە فەرمووبووم و
نە بەخەیاڵمدا هاتبوو.
٦ بۆیە ئەوەتا ڕۆژگارێك دێت، خوداوەند ڕایگەیاند، چیتر ئەم
شوێنە پێی ناوترێت تۆفەت یان دۆڵی بن هەننوم، بەڵکو دۆڵی
کوشتن. ٧ جا لەم شوێنەدا ڕاوێژی یەهوزا و ئۆرشەلیم پووچ
دەکەم و لەبەردەم دوژمن و بەدەست ئەوانەی بەدوای گیانی
ئەوانەوەن بە شمشێر دەیانخەم و لاشەکەیان دەکەم بە خۆراکی
باڵندەکانی ئاسمان و گیانلەبەرەکانی سەر زەوی. ٨ ئەم شارە
دەکەم بە وێرانە و مایەی ئاخ هەڵکێشان، هەموو ئەوانەی
بەسەریدا تێدەپەڕن واقیان وڕدەمێنێت و ئاخ هەڵدەکێشن لەبەر
هەموو لێدانەکانی. ٩ وایان لێ دەکەم گۆشتی کوڕ و کچەکانی
خۆیان بخۆن و هەریەکە گۆشتی هاوڕێکەی خۆی دەخوات لە
گەمارۆ و ئەو تەنگانەیەی تێی دەکەون بەدەست دوژمن و
ئەوانەی داوای گیانیان دەکەن. ١٠ ئینجا گۆزەکە لەبەرچاوی
ئەو پیاوانەی لەگەڵتدان، دەشکێنی و ١١ پێیان دەڵێیت،
خوداوەندی سوپاسالار ئاوای فەرموو: ئاوا ئەم گەلە و ئەم
شارە دەشکێنم، وەك چۆن دەفری گۆزەچی کە نەتوانرێت
جارێکی دیکە چاك بکرێتەوە و لە تفە دەنێژرێن و جێی ناشتنیش
نامێنێت. ١٢ ئاوا دەکەم لەم شوێنە، خوداوەند ڕایگەیاند،
هەروەها لە دانیشتووانەکەی و ئەم شارە وەك تۆفەت لێدەکەم.
١٣ جا ماڵەکانی ئۆرشەلیم و ماڵی پاشاکانی یەهوزا وەك شوێنی
تفە گڵاودەبن، هەموو ئەو ماڵانەی لەسەربانەکانیان بخووریان
سووتاند بۆ هەموو هێزەکانی ئاسمان و مەیی پێشکەشکراویان
بۆ خوداکانی تر پێشکەش کرد.
١٤ ئیجا یەرمیا لە تفە هاتەوە و کە خوداوەند بۆ ئەوێی ناردبوو
بۆ پێشبینی کردن و لە حەسارەکەی ماڵی خوداوەنددا وەستا و
بە هەموو گەلی وت: ١٥ خوداوەندی سوپاسالار، خودای
ئیسرائیل ئاوای فەرموو: ئەوەتا من هەموو ئەو خراپەیە بەسەر
ئەم شارە و بەسەر هەموو گوندەکانی دەهێنم، ئەوەی سەبارەت
بەو فەرمووم، چونکە کەلەی خۆیان ڕەقکرد نەوەك گوێیان لە
قسەی من بێت.

# ٢٠

١ کاتێ پەشخوری کوڕی ئیمیری کاهین کە سەرپەرشتیاری
یەکەم بوو لە ماڵی خوداوەند، گوێی لە یەرمیا بوو پێشبینی ئەم
قسانەی دەکرد. ٢ پەشخور لە یەرمیای پێغەمبەری دا و لەو
کۆتەی کرد کە لەلای دەروازەی بنیامینی سەرەوەیە ئەوەی لە
ماڵی خوداوەندە. ٣ ئەوە بوو بۆ بەیانی پەشخور یەرمیای لە
کۆتەکە دەرکرد، یەرمیاش پێی وت: خوداوەند تۆ بە پەشخور
ناو نابات، بەڵکو مەگۆر میسەڤیڤ. ٤ چونکە خوداوەند ئاوای
فەرموو: ئەوەتا دەتکەم بە ترس، بۆ خۆت و بۆ هەموو
دۆستانت و بە شمشێری دوژمنەکانیان دەکەون و چاوەکانی
تۆش ئەمە دەبینێت و هەموو یەهوزاش دەدەم بە دەست پاشای
بابلەوە بۆ بابل ڕاپێچیان دەکات و دەیانداتە بەر شمشێر.
٥ هەموو سامانی ئەم شارە و هەموو ڕەنج و هەموو شتە
بەنرخەکانی و هەموو گەنجینەکانی پاشاکانی یەهوزا دەدەمە
دەست دوژمنەکانیان، جا تاڵانیان دەکەن و دەیانبەن و دەیانهێنن
بۆ بابل. ٦ تۆش ئەی پەشخور لەگەڵ هەموو ئەندامانی ماڵەکەت
ڕاپێچ دەکرێن و بۆ بابل دەبرێن و لەوێ دەمرن و لەوێ
دەنێژرێن، تۆ و هەموو دۆستانت کە بە درۆ پێشبینیت بۆیان
کردبوو.

٧ ئەی خوداوەند، فریووتدام و فریوودرام،
دەرەقەتم هاتیت و توانیت،
بە درێژایی ڕۆژ پێم پێدەکەنن
هەموو گاڵتەم پێدەکەن.
٨ چونکە هەر کە بدوێم هاوار دەکەم،
جاڕی ستەم و توندوتیژی دەدەم
چونکە وشەی خوداوەندم بۆ بوو
بە ڕسوایی و گاڵتە پێکردن بە درێژایی ڕۆژ.
٩ جا وتم، باسی ناکەم
ئیتر بە ناوی ئەوەوە نادوێم.
جا لە دڵمدا بوو بە ئاگرێکی سووتێنەر
پەنگ خواردوو لەناو ئێسقانەکانم،
بێزاربووم لە دامرکاندنەوەی و
نەمتوانی.
١٠ چونکە گوێم لە چپەچپی زۆرکەس بووە،
ترس لە هەموو لایەکەوە دەوری داوم،
خەبەری لێبدەن و خەبەری لێدەدەین!
هەموو ئاشناکانم
چاویان لە پێ هەڵکەوتنمە،
بەڵکو فریووبدرێت و پێی بتوانین و
تۆڵەی خۆمانی لێ بکەینەوە.
١١ بەڵام خوداوەند وەك پاڵەوانێکی بەتوانا لەگەڵمدایە،
بۆیە ئەوانەی ڕاوم دەنێن، ساتمەدەکەن و ناتوانن
زۆر ڕسوابوون، چونکە سەرکەوتوو نەبوون
شەرمەزارییەکی هەتاهەتایی کە لەبیر ناچێت.
١٢ جا ئەی خوداوەندی سوپاسالار،
ئەی ئەوەی ڕاستودروست تاقی دەکەیتەوە و
ناخ و دڵ دەبینیت،
با تۆڵە سەندنەوەت لەوان ببینم
چونکە سکاڵای خۆم بۆ تۆ ئاشکرا کرد.
١٣ گۆرانی بۆ خوداوەند بڵێن
ستایشی خوداوەند بکەن
چونکە گیانی هەژاری ڕزگار کرد
لە دەست بەدکاران.
١٤ نەفرەت لێکراوە
ئەو ڕۆژەی تیایدا لەدایك بووم،
ئەو ڕۆژەی دایکم منی بوو
با پیرۆز نەبێت.
١٥ نەفرەت لێکراوە ئەو کەسەی
مزگێنی بە باوکم دا و وتی:
کوڕێکت بوو!
بە تەواوی دڵخۆشی کرد.

١٦ با ئەو کەسە وەك ئەو شارانەی لێ بێت
کە خوداوەند سەرەوژێری کرد و پەشیمان نەبوو،
با بەیانیان دەنگی هاوار ببیستێت و
هاتوهەرای جەنگیش لە کاتی نیوەڕوان.
١٧ لەبەر ئەوەی لەناو سکی دایکمەوە نەیکوشتم
جا دایکم دەبوو بە گۆڕم و
سکی هەمیشە هەر پڕ دەبوو.
١٨ بۆچی لە سکی دایکم هاتمە دەرەوە؟
بۆ بینینی ماندووبوون و خەم،
بۆ بەسەر چوونی ڕۆژگارم لە ڕسواییدا!

# ٢١

١ ئەو وشەیەی بۆ یەرمیا هات لەلای خوداوەندەوە، کاتێ سدقیا
پاشا پەشخوری کوڕی مەلکیا و چەفەنیای کوڕی مەعسیای
کاهینی نارده لای و وتی: ٢ تکایە داوا لە خوداوەند بکە
لەپێناومان، چونکە نەبوخەزناسەری پاشای بابل دژمان
دەجەنگێت، بەڵکو خوداوەند بەگوێرەی هەموو کارە
سەرسوڕهێنەرەکانی خۆیمان لەگەڵمان دەکات و نەبوخەزناسر
لەکۆڵمان دەبێتەوە. ٣ یەرمیاش پێی وتن: ئاوا بە سدقیا دەڵێن،
٤ خوداوەند خودای ئیسرائیل ئاوای فەرموو: ئەوەتا من ئەو
چەکانەتان لێدەستێنمەوە کە لە دەستانە و شەڕی پێ دەکەن
لەگەڵ پاشای بابل و ئەو کلدانییانەی گەمارۆیان داون
لەدەرەوەی شوراکان و لەناوەڕاستی ئەم شارەدا کۆیان
دەکەمەوە. ٥ من خۆم بە دەستێکی درێژ و بازوویەکی بەهێز و
بە توڕەیی و بە قین و بە ڕقێکی گەورەوە دژتان دەجەنگم و
٦ لە دانیشتووانی ئەم شارە دەدەم، لە مرۆڤ و لە ئاژەڵەکان و
بە دەردێکی گەورەوە دەمرن. ٧ پاش ئەمەش، خوداوەند
ڕایگەیاند، سدقیای پاشای یەهوزا و خزمەتکارەکانی و ئەم
گەلە و هەرچی لەم شارەدا ماوەتەوە لە دەرد و لە شمشێر و لە
برسێتیەکە، دەیاندەمە دەست نەبوخوزناسەری پاشای بابل و بە
دەست دوژمنەکانیان و بە دەست ئەوانەی داوای گیانیان
دەکەن،ئەویش دەیانداتە بەر شمشێر و میهرەبان نابێت لەگەڵیان
و دڵی پێیان ناسووتێت و بەزەیی پێیاندا نایەتەوە. ٨ بەم گەلەش
دەڵێیت، خوداوەند ئاوای فەرموو: ئەوەتا من ڕێگای ژیان و
ڕێگای مردنتان لەپێش دادەنێم. ٩ ئەوەی لەم شارەدا بمێنێت بە
شمشێر و برسێتی و دەرد دەمرێت، ئەوەش دەرچێت و ڕوو لە
کلدانییەکان بکات، ئەوانەی گەمارۆیان داون، دەژیت و گیانی
بۆی دەبێت بە دەسکەوت. ١٠ چونکە ڕووی خۆم لەم شارە
کردووە بۆ خراپە نەك بۆ باشە، خوداوەند ڕایگەیاند، دەدرێتە
دەست پاشای بابلەوە و بە ئاگر دەیسووتێنێت. ١١ بە ماڵی پاشای
یەهوزا بڵێ:
گوێ لە وشەی خوداوەند بگرن
١٢ ئەی ماڵی داود، خوداوەند ئاوای فەرموو:
بەیانیان بە دادوەری حوکم بدەن
تاڵانکراو لەدەست زۆردار دەربازکەن
نەوەك قینم وەك ئاگر بتەقێتەوە
جا بسووتێنێت و کەس نەبێت بکوژێنێتەوە،
لەبەر خراپەی کردەوەکانتان.
١٣ ئەوەتا بۆت هاتم ئەی نیشتەجێی دۆڵەکە
ئەی بەردی دەشتودەرەکە،
خوداوەند ڕایگەیاند،
ئەی ئەوانەی دەڵێن: کێ بەسەرماندا دەدات؟
کێ دێتە ناو جێنشینەکانمانەوە؟
١٤ بەڵام من سزاتان دەدەم
بە گوێرەی بەروبوومی کردەوەکانتان،
خوداوەند ڕایگەیاند،
ئاگر بەردەدەمە دارستانەکەی و
هەموو دەوروبەرەکەی دەخوات.

# ٢٢

١ خوداوەند ئاوای فەرموو: دابەزە بۆ ماڵی پاشای یەهوزا و
لەوێ بەم وشەیە بدوێ. ٢ جا دەڵێیت، گوێ لە وشەی خوداوەند
بگرە ئەی پاشای یەهوزا، ئەی دانیشتووی سەر تەختی داود،
خۆت و خزمەتکارەکانت و گەلەکەت ئەوانەی لەم دەروازانەوە
دێنە ژوورەوە. ٣ خوداوەند ئاوای فەرموو، دادپەروەری و
ڕاستودروستی پەیڕەو بکەن و تاڵانکراو لەدەست زۆردار
دەرباز بکەن و غەریب و هەتیو و بێوەژن مەچەوسێننەوە و
ستەم مەکەن و لەم شوێنەدا خوێنی بێبەری مەڕێژن. ٤ چونکە
ئەگەر بەتەواوی کار بەم شتە بکەن، ئەوا پاشایان لە نەوەی
داود و دانیشتووی سەر تەختەکەی لە دەروازەکانی ئەم ماڵەوە
دێنە ژوورەوە، بە سواری گالیسکە و ئەسپەوە، خۆی و
خزمەتکارەکانی و گەلەکەی. ٥ خۆ ئەگەر گوێ لەم وشانە
نەگرن، بە خۆم سوێند دەخۆم، خوداوەند ڕایگەیاند، کە ئەم ماڵە
دەبێت بە وێرانە. ٦ چونکە خوداوەند ئاوای فەرموو سەبارەت
بە ماڵی پاشای یەهوزا:
تۆ بۆ من گلعادی
لووتکەی لوبنانی،
بەڵام دەتکەم بە چۆڵەوانی و
شارە بێ دانیشتووانەکان.
٧ تێکدەرانت بۆ تەرخاندەکەم
هەریەکە و بە ئامێرەکەیەوە
جا باشترین ئورزت دەبڕنەوە و
فڕێیدەدەنە ناو ئاگرەوە.
٨ زۆر میللەت بەسەر ئەم شارەدا تێدەپەڕن و هەریەکە بە
هاوڕێکەی دەڵێت، لەسەر چی خوداوەند وای لەم شارە
گەورەیە کرد؟ ٩ جا دەڵێن، لەسەر ئەوەی وازیان لە پەیمانی
خوداوەند خودای خۆیان هێنا و کڕنۆشیان بۆ خوداکانی دیکە
برد و خزمەتیان کردن.
١٠ بۆ مردوو مەگرین و شینی بۆ مەگێڕن،
بەڵکو بەکوڵ بگرین بۆ ئەوەی دەڕوات،
چونکە جارێکی دیکە ناگەڕێتەوە
تا ببینێت ئەو خاکەی لێی لەدایك بووە.
١١ چونکە خوداوەند ئاوای فەرموو لەبارەی شەللومی کوڕی
یوشییای پاشای یەهوزاوە، ئەوەی لە جێی باوکی بوو بە پاشا،
ئەوەی لەم شوێنە دەرچوو، جارێکی تر نایەتەوە ئێرە، ١٢ بەڵکو
لەو شوێنەی ڕاپێچیان کردووە بۆی، لەوێ دەمرێت و جارێکی
دیکە ئەم خاکە نابینێتەوە.
١٣ قوڕبەسەر ئەوەی بەبێ ڕاستودروستی ماڵەکەی بنیاد دەنێت
و
ژوورەکانی سەرەوەشی بەبێ دادپەروەری،
ئەوەی کار بە هاوڕێکەی دەکات بە بێ کرێ
هەقی ماندووبونەکەی ناداتێ.
١٤ دەڵێت، بینای دەکەم بۆ خۆم
ماڵێکی فراوان
ژوورەکانی سەرەوەی پانوبەرین
پەنجەرەی بۆ دەبڕێتەوە
بە دارئورز دادەپۆشێت و
بە ڕەنگی سوور بۆیاخی دەکات.

١٥ وا دەزانیت پاشایەتی،
تەنها بە دارئورز بیناکردنە؟
ئایا باوکت نەیخوارد و نەیخواردەوە،
بە دادپەروەری و ڕاستودروستی کاری نەکرد؟
جا بە چاکە بۆی نووسرا.
١٦ بەتەواوی دادوەری بۆ هەژار و نەدار کرد
جا بە چاکە بۆی نووسرا.
ئایا ئەمە ناسینی من نییە؟
خوداوەند ڕایگەیاند.
١٧ چونکە کوا چاو و دڵت،
مەگەر لەسەر دەسکەوتی حەرام و
لەسەر خوێنی بێبەری نییە تا بیڕێژیت و
لەسەر دەستدرێژی و ستەم نییە
تا ئەنجامی دەیت؟
١٨ بۆیە خوداوەند ئاوای فەرموو لەبارەی یەهویاقیمی کوڕی
یوشییای پاشای یەهوزاوە:
بۆی ناڵاوێننەوە،
براڕۆ! خوشکەڕۆ!
بۆی ناڵاوێننەوە،
گەورەم ڕۆ! شکۆی ڕۆ!
١٩ بەڵکو وەك كەر دەنێژرێت
بەکێش دەکرێت و فڕێدەدرێت
دوور لە دەروازەکانی ئۆرشەلیم.
٢٠ بڕۆ سەر لوبنان و هاوار بکە،
لە باشان دەنگ هەڵبڕە،
لە عەباریمەوە هاوار بکە
چونکە هەموو خۆشەویستانت وردوخاشکران.
٢١ قسەم لەگەڵ کردیت لە خۆشگوزەرانیت
وتت، گوێ ناگرم.
لە گەنجیەوە ئەمە ڕێگاتە،
کە گوێ لە دەنگی من ناگریت.
٢٢ هەموو شوانەکانت با هەڵیاندەلووشێت و
خۆشەویستانت بۆ ڕاپێچ دەڕۆن،
ئەوسا ڕسوا دەبیت و شەرمەزار دەبیت
لەبەر هەموو خراپەکانت.
٢٣ ئەی نیشتەجێی لوبنان،
ئەی هێلانەکردوو لەناو دار ئورزەکان،
چەند بەسۆز دەبیت کە ژان دەتگرێت
ئازار وەك ژنێك منداڵی ببێت.
٢٤ بە گیانی خۆم، خوداوەند ڕایگەیاند، کە ئەگەر کەنیای کوڕی
یەهویاقیمی پاشای یەهوزا ئەنگوستیلەیەك بێت لە دەستی ڕاستم،
لە پەنجەی خۆمت دەکەمەوە و ٢٥ دەتدەمە دەستی ئەوانەی
داوای گیانت دەکەن و بەدەست ئەوانەی تۆ لێیان دەترسیت و
بەدەست نەبوخەزنەسری پاشای بابل و بەدەست کلدانییەکان.
٢٦ خۆت و دایکت ئەوەی تۆی بووە فڕێتاندەدەمە سەر خاکێکی
دیکە، کە لەوێ لەدایك نەبوون، جا لەوێ دەمرن. ٢٧ بەڵام ئەو
خاکەی کە ئاهی بۆ هەڵدەکێشن بۆ گەڕانەوە بۆی، بۆی
ناگەڕێنەوە.
٢٨ ئایا قاپێکی ڕسوا و شکاوە،
ئەم پیاوە کەس نایەوێت،
یان دەفرێکە کەس دڵی پێی خۆش نییە؟
بۆچی خۆی و نەوەکانی فڕێدران و قاودران
بۆ خاکێك کە نایناسن؟
٢٩ ئەی زەوی! ئەی زەوی! ئەی زەوی!
گوێ لە وشەی خوداوەند بگرە!
٣٠ خوداوەند ئاوای فەرموو، ئەم پیاوە بە وەجاخ کوێر بنووسن.
پیاوێك کە سەرکەوتوو نابێت لە ڕۆژانی خۆی، چونکە کەس
لە نەوەی ئەو سەرکەوتوو نابێت، بۆ دانیشتن لەسەر تەختی
داود و جارێکی دیکە فەرمانڕەوایی یەهوزا بکات.

# ٢٣

١ قوڕبەسەر ئەو شوانانەی مەڕی مێگەلەکەم دەفەوتێنن و
پەرتوبڵاوەکەنەوە، خوداوەند ڕایگەیاند. ٢ بۆیە خوداوەند
خودای ئیسرائیل ئاوای فەرموو لەبارەی ئەو شوانانە:
شوانکاری گەلی منن، ئێوە مەڕەکانی منتان پەرت
وبڵاوکردەوە و دەرتانکرد و سۆراغتان نەکردن. ئەوەتا منیش
لەسەر خراپی کردەوەکانتان سزاتان دەدەم. خوداوەند
ڕایگەیاند. ٣ بەڵام من پاشماوەی مەڕەکانم لە هەموو ئەو خاکانە
کۆدەکەمەوە کە دەرمکردن بۆی، دەیانگەڕێنمەوە بۆ
لەوەڕگاکانیان و زاوزێ دەکەن و زۆر دەبن. ٤ ئینجا شوانیان
بۆ دادەنێم و شوانییان دەکەن، ئیتر ناترسێن و ناتۆقێن و ون
ناکرێن. خوداوەند ڕایگەیاند.
٥ ئەوەتا ڕۆژانێك دێت، خوداوەند ڕایگەیاند،
لقێکی ڕاستودروست لە داودەوە قیت دەکەمەوە،
جا پاشایەك پاشایەتی دەکات و سەرکەوتوو دەبێت و
دادپەروەری و ڕاسودروستی لە زەویدا پەیڕەو دەکات.
٦ لە ڕۆژانی ئەودا، یەهوزا ڕزگاری دەبێت و
ئیسرائیل بەدڵنیاییەوە جێنشین دەبێت و
ئەمەش ناویەتی کە بانگی دەکەن پێی
خوداوەند ڕاستودروستیمانە.
٧ بۆیە ئەوەتا ڕۆژگارێك دێت، خوداوەند ڕایگەیاند، چیتر
ناڵێن، بەگیان خوداوەند ئەوەی نەوەی ئیسرائیلی لە خاکی
میسرەوە سەرخست، ٨ بەڵکو بەگیانی خوداوەند، ئەوەی تۆوی
ماڵی ئیسرائیلی سەرخست و ئەوەی هێنانی لە زەوی باکوور
و لە هەموو ئەو زەوییانەوە کە دەریانم کرد بۆی. و ئەوانیش
لەسەر خاکەکەی خۆیان نیشتەجێ دەبن.
٩ سەبارەت بە پێغەمبەرەکانیش،
دڵم لە ناخمدا وردوخاش بووە
هەموو ئێسقانەکانم شەقوپەق بووە
وەك مرۆڤێکی سەرخۆشم لێهات و
وەك پیاوێك مەی بەسەریدا زاڵ بوو بێت،
لەبەر خوداوەند و
لەبەر وشە پیرۆزەکانی.
١٠ چونکە زەوی پڕ بووە لە داوێن پیسان،
چونکە زەوی دەناڵێنێت لەبەر نەفرەت
لەوەڕگاکانی چۆڵەوانی وشك بوون
غاردانیان بۆ بە خراپەیە و
پاڵەوانێتیان ڕاست نییە.
١١ چونکە پێغەمبەر و کاهینیش گڵاوبوون
هەروەها لە ماڵەکەمدا خراپەی ئەوانم بەرچاوکەوت،
خوداوەند ڕایگەیاند.
١٢ بۆیە ڕێگاکانیان بۆیان
وەك زەوییەکی خلیسکە،
بۆ ناو تاریکی دەردەکرێن و
دەکەونە ناوی.
چونکە بەڵایان بەسەردا دەهێنم
لەساڵی سزادانیان.
خوداوەند ڕایگەیاند.
١٣ لەناو پێغەمبەرەکانی سامیرەدا
قێزەونییەکەم بینی،

بە بەعلەوە پێشبینی دەکەن و
گەلی من، ئیسرائیل گومڕا دەکەن.
١٤ لەناو پێغەمبەرەکانی ئۆرشەلیمیش
ئەوەی بینیم موچڕکە بە لەشدا دەهێنێت
داوێن پیسی و ڕێی درۆیان گرتووەتە بەر
دەست خۆشی لە خراپەکاران دەکەن
تا کەس لە خراپەکەی نەگەڕێتەوە،
هەموو بۆ من وەك سەدومیان لێ هاتووە،
وەك دانیشتووانی عەمورە.
١٥ بۆیە خوداوەندی سوپاسالار ئاوای فەرموو سەبارەت بە
پێغەمبەرەکان:
ئەوەتا من گوژاڵکیان دەرخوارد دەدەم و
تاڵاویان پێدەنۆشم،
چونکە لەلای پێغەمبەرەکانی ئۆرشەلیمەوە
گڵاوی دەرچوو بۆ هەموو زەوی.
١٦ خوداوەندی سوپاسالار ئاوای فەرموو:
گوێ مەگرن لە قسەی ئەو پێغەمبەرانە کە پێشبینیتان بۆ دەکەن
ئەوان تەفرەتان دەدەن،
لە بینینی دڵی خۆیانەوە دەدوێن
نەك لەسەر زمانی خوداوەندەوە.
١٧ بەوانەی سووکایەتی بە من دەکەن، دەڵێن،
خوداوەند فەرمووی، ئاشتیتان بۆ دەبێت.
و بە هەموو ئەوانەی دوای ڕاوێژە خراپەکانی دڵی خۆیان
کەوتوون، دەڵێن،
خراپەتان بەسەردا نایەت.
١٨ چونکە کێ لە ئەنجومەنی خوداوەنددا ڕاوەستا و
بینیی و گوێی لە وشەکەی بوو
کێ وشەکەیی بیست و گوێی لێ گرت؟
١٩ ئەوەتا گەردەلوولی خوداوەند، قینە دەردەچێت
گەردەلوولێکە هەڵچووە،
لەسەر سەری بەدکاران هەڵدەکات.
٢٠ تووڕەیی خوداوەند دانامرکێتەوە
تا نەیکات و تا جێبەجێی نەکات
نیازەکانی دڵی خۆی،
لە ڕۆژانی دوایدا
بە تەواوی تێیدەگەن.
٢١ من ئەو پێغەمبەرانەم نەنارد،
خۆیان غاریان دا
من قسەم لەگەڵیان نەکرد،
خۆیان پێشبینیان کرد.
٢٢ ئەگەر لە ئەنجومەنی مندا وەستابان
وشەکانی منیان بە گەلەکەم دەوت و
لە ڕێگا خراپەکانیان و
لە خراپەی کردەوەکانیان دەیانگێڕانەوە.
٢٣ ئایا من لە نزیکەوە خودام و
لە دوورەوە خودانیم؟
خوداوەند ڕایگەیاند.
٢٤ یان کەس هەیە خۆی بشارێتەوە
لە پەناگاکان و من نەیبینم؟
ئایا من ئاسمانەکان و زەوی پڕناکەمەوە؟
خوداوەند ڕایگەیاند.
٢٥ گوێم لە قسەی ئەو پێغەمبەرانە بوو کە بە درۆ بە ناوی منەوە
پێشبینی دەکەن، دەڵێن، خەوم بینی، خەوم بینی! ٢٦ تا کەی ئەمە
لە دڵی ئەو پێغەمبەرانە دەبێت کە بە درۆ پێشبینی دەکەن،
ئەوانە پێغەمبەری فرتوفێڵی دڵی خۆیانن. ٢٧ وای لێکدەدەنەوە
ناوی من لە بیری گەلەکەم ببەنەوە بەو خەونانەی بۆ یەکتری
دەیگێڕنەوە، وەك چۆن باوباپیرانیان ناوی منیان لەبیرچوو
لەبەر بەعل. ٢٨ ئەو پێغەمبەرەی خەونی هەیە، با خەونەکەی
بگێڕێتەوە و ئەوەی وشەی منی لەلایە با بە سەرڕاستیەوە
وشەکەی من بڵێت!
کا لە کوێ و گەنم لە کوێ؟
خوداوەند ڕایگەیاند.
٢٩ ئایا وشەکەم وەك ئاگر نییە؟
خوداوەند ڕایگەیاند،
وەك چەکوش بەرد وردوخاش ناکات؟
٣٠ بۆیە ئەوەتا من دژ بەو پێغەمبەرانەم، خوداوەند ڕایگەیاند،
ئەوانەی وشەی من لە یەکتری دەدزن. ٣١ ئەوەتا من دژ بەو
پێغەمبەرانەم، خوداوەند ڕایگەیاند، ئەوانەی زمانیان
دەخەنەگەڕ و ڕادەگەیەنن: ئەوە فەرمایشی خودایە. ٣٢ ئەوەتا
من دژ بەو پێغەمبەرانەم پێشبینی بە خەونی درۆوە دەکەن،
خوداوەند ڕایگەیاند، ئەوانەی دەیانگێڕنەوە و بە درۆکانیان و
سەرەڕۆییان گەلەکەم گومڕا دەکەن و منیش نە ناردوومن و نە
فەرمانم پێ کردوون و هیچ سوودێکیش بەم گەلە ناگەیەنن.
خوداوەند دەفەرمووێت.
٣٣ کاتێ ئەم گەلە یان پێغەمبەر یان کاهینێك لێت دەپرسێت،
بارگرانی خوداوەند چییە؟ پێیان بڵێ: ئێوە بارگرانین! من
لەکۆڵ خۆمتان دەکەمەوە. خوداوەند ڕایگەیاند. ٣٤ هەر
کەسێك، پێغەمبەر یان کاهین یان لە گەل، بڵێت، بارگرانی
خوداوەند، خۆی و ماڵەکەی سزا دەدەم. ٣٥ ئاوا بە یەکتری
دەڵێن هەریەکە بە برادەرەکەی و هەریەکە بە براکەی، وەڵامی
خوداوەند چی بوو؟ خوداوەند چی فەرموو؟ ٣٦ بەڵام چیتر باسی
بارگرانی خوداوەند ناکەن، چونکە هەر کەسە و قسەکەی خۆی
دەبێت بە بارگرانی و ئێوە دەستکاری وشەکانی خودای
زیندووتان کرد، وشەکانی خودامان خوداوەندی سوپاسالار.
٣٧ بەهەر پێغەمبەرێك ئاوا دەڵێیت، وەڵامی خوداوەند چی بوو؟
خوداوەند چی فەرموو؟ ٣٨ ئەگەر بڵێن، بارگرانی خوداوەند،
بۆیە خوداوەند ئاوای فەرموو: لەبەر ئەوەی ئەم وشەیە دەڵێن،
بارگرانی خوداوەند، منیش بۆتانم نارد کە نەڵێن، بارگرانی
خوداوەند، ٣٩ بۆیە ئەوەتا بەتەواوی لەبەردەم خۆم هەڵتاندەگرم
و لەکۆڵ خۆمتان دەکەمەوە، خۆتان و ئەم شارەش کە بەخۆتان
و باوباپیرانتانم دا. ٤٠ ڕسواییەکی هەتاهەتایی و
سەرشۆرییەکی هەتاهەتایتان لەسەر دادەنێم کە هەرگیز لەیاد
نەچێت.

# ٢٤

١ خوداوەند پیشانی دام و بینیم ئەوەتا دوو زەمبیل هەنجیر
لەبەردەم پەرستگای خوداوەنددا دانراون، پاش ئەوەی
نەبوخوزنەسەری پاشای بابل، یکەنیای کوڕی یهویاقیمی
پاشای یەهوزا و میرەکانی یەهوزا و دارتاشەکان و
ئاسنگەرەکانی لە ئۆرشەلیمەوە ڕاپێچ کرد و هێنایانی بۆ بابل.
٢ یەکێك لە زەمبیلەکان هەنجیرەکەی زۆر باش بوو وەك
هەنجیری یەکەم بەر و لە زەمبیلەکەی تردا هەنجیرێکی زۆر
خراپ، لە خراپیدا نەدەخورا. ٣ جا خوداوەند پێی وتم: یەرمیا
چی دەبینیت؟ منیش وتم: هەنجیر! هەنجیرە باشەکە، زۆر باشە
و هەنجیرە خراپەکەش زۆر خراپە، لەخراپیدا ناخورێت.
٤ ئینجا وشەی خوداوەندم بۆ هات فەرمووی: ٥ خوداوەند
خودای ئیسرائیل ئاوای فەرموو: وەك ئەم هەنجیرە باشە ئاوا
ڕاپێچەکەی یەهوزا تایبەتمەند دەکەم بۆ چاکە، ئەوەی لەم
شوێنەوە ناردم بۆ خاکی کلدانییەکان. ٦ چاوم دەخەمە سەریان
بۆ چاکە و دەیانگەڕێنمەوە بۆ ئەم خاکە و بنیادیان دەنێم و
نایانڕوخێنم، دەیانچێنم و هەڵیانناکێشم. ٧ تێگەیشتنیان دەدەمێ

بۆ ناسینم، چونکە من خوداوەندم و ئەوان دەبن بە گەلی من و
منیش دەبم بە خودایان، چونکە بە هەموو دڵیانەوە دەگەڕێنەوە
لام. ٨ وەك ئەو هەنجیرە خراپەش کە لە خراپیدا ناخورێت،
خوداوەند ئاوای فەرموو، ئاوا دەکەم لە سدقیای پاشای یەهوزا
و میرەکانی و پاشماوەی ئۆرشەلیم ئەوانەی لەم خاکەدا
ماونەتەوە و ئەوانەی لە خاکی میسر نیشتەجێن. ٩ دەیانکەم بە
دڵەڕاوکێ و بەڵا بۆ هەموو پاشایەتیەکانی ناوچەکە، بە
ڕسوایی و پەند و توانج و نەفرەت لە هەموو ئەو شوێنانەی
دەریاندەکەم بۆی. ١٠ شمشێر و برسێتی و دەرد دەنێرمە
سەریان تا تەواو دەبن لەسەر ئەو خاکەی بە خۆیان و
باووباپیرانیانم دا.

# ٢٥

١ ئەو وشەیەی بۆ یەرمیا هات سەبارەت بە هەموو گەلی
یەهوزا لە ساڵی چوارەمی یەهویاقیمی کوڕی یوشیای پاشای
یەهوزا، کە دەکاتە ساڵی یەکەمی نەبوخوزنەسری پاشای بابل.
٢ ئەوەی یەرمیای پێغەمبەر پێی دوا سەبارەت بە هەموو گەلی
یەهوزا و بۆ هەموو دانیشتووانی ئۆرشەلیم و وتی: ٣ لە ساڵی
سیانزەیەمینی یوشیای کوڕی ئامۆنی پاشای یەهوزاوە تا
ئەمڕۆ، ئەم بیست و سێ ساڵە، وشەی خوداوەند بۆم هات و
منیش بەردەوام قسەم لەگەڵ کردن، بەڵام ئێوە گوێتان نەگرت.
٤ خوداوەندیش هەموو پێغەمبەر خزمەتکارەکانی خۆی
بەردەوام بۆناردن، بەڵام ئێوە گوێتان نەگرت و گوێتان شل
نەکرد بۆ بیستن. ٥ پێیان وتن: تکایە، بگەڕێنەوە لە ڕێگا
خراپەکان و لە خراپەی کردەوەکانتان و بگەڕێنەوە بۆ سەر
ئەو خاکەی کە خوداوەند داویەتی بە ئێوە و باووباپیرانتان لە
هەتاهەتاوە و تا هەتاهەتایە. ٦ شوێن خوداکانی تر مەکەون بۆ
خزمەتکردنیان و کڕنۆش بردن بۆیان و تووڕەم مەکەن بە
دروستکراوەکانی دەستتان و منیش خراپە ناهێنمە سەرتان.
٧ بەڵام گوێتان لێم نەگرت، خوداوەند ڕایگەیاند، بۆئەوەی
تووڕەم بکەن بە دروستکراوەکانی دەستتان، بۆ خراپەی
خۆتان.. ٨ بۆیە خوداوەندی سوپاسالار ئاوای فەرموو: لەبەر
ئەوەی ئێوە گوێتان لە قسەی من نەگرت. ٩ ئەوەتا دەنێرم و
هەموو خێڵەکانی باکوور کۆدەکەمەوە، خوداوەند ڕایگەیاند،
هەروەها نەبوخوزنەسری پاشای بابل، خزمەتکارەکەم و
دەیانهێنم سەر ئەم زەوییە و سەر دانیشتووانەکەی و سەر
هەموو ئەو میللەتانەی دەوروبەری و قڕیان دەکەم و دەیانکەم
بە وێرانە و مایەی ئاخ هەڵکێشان و ڕوخانێکی هەتاهەتایی.
١٠ دەنگی بەزم و شادی و دەنگی زاوا و دەنگی بووك و دەنگی
ئاسیاو و ڕوناکی چرایان ناهێڵم. ١١ هەموو ئەم خاکە دەبێت بە
ڕوخاویی و وێرانی و ئەم میللەتانە حەفتا ساڵ خزمەتی پاشای
بابل دەکەن. ١٢ کە حەفتا ساڵەکە تەواو بوو، سزای پاشای بابل
و ئەو میللەتە دەدەم، خوداوەند ڕایگەیاند، لەسەر تاوانەکانیان
و سزای خاکی کلدانیەکانیش دەدەم و دەیکەم بە چۆڵەوانییەکی
هەتاهەتایی. ١٣ هەموو وشەکانم ئەوەی سەبارەت بەم خاکە
فەرمووم، بەسەری دەهێنم، هەموو ئەوەی لەم پەرتووکەدا
نووسراوە، ئەوەی یەرمیا پێشبینی کرد سەبارەت بە هەموو ئەم
میللەتانە. ١٤ چونکە ئەوانیش دەبن بە خزمەتکاری زۆر لە
میللەتان و پاشا گەورەکان و بە گوێرەی کردەوە و کارەکانی
دەستیان پاداشتیان دەدەمەوە.
١٥ چونکە خوداوەند خودای ئیسڕائیل ئاوای بە من فەرموو:
جامی مەیی ئەم تووڕەییە لە دەستم وەرگرە و دەرخواردی
هەموو ئەو میللەتانەی بدە کە من دەتنێرم بۆلایان. ١٦ جا
دەخۆنەوە و بەلادادێن و شێت دەبن لەبەر ئەو شمشێرەی کە
من دەینێرمە ناویان. ١٧ منیش جامەکەم لە دەستی خوداوەند
وەرگرت و دەرخواردی هەموو ئەو میللەتانەم دا کە خوداوەند
ناردمی بۆیان. ١٨ بۆ ئۆرشەلیم و بۆ شارەکانی یەهوزا و بۆ
پاشاکانی و بۆ میرەکانی، بۆ ئەوەی ببن بە ڕوخاویی و وێرانی
و مایەی ئاخ هەڵکێشان و نەفرەت وەك ئەم ڕۆژە. ١٩ بۆ
فیرعەونی پاشای میسر و بۆ خزمەتکارەکانی و بۆ میرەکانی
و بۆ هەموو گەلەکەی. ٢٠ بۆ هەموو خەڵکە تێکەڵەکان و بۆ
هەموو پاشاکانی خاکی عوچ و بۆ هەموو پاشاکانی خاکی
فلستییەکان و بۆ ئەشقەلون و بۆ غەززە و بۆ عەقرۆن و بۆ
پاشماوەی ئەشدۆد. ٢١ بۆ ئەدۆم و بۆ موئاب و بۆ بەنی عەممون
و ٢٢ بۆ هەموو پاشاکانی سور و بۆ هەموو پاشاکانی سەیدون
و بۆ پاشاکانی کەنارەکان ئەوانەی لەوبەری دەریان و ٢٣ دیدان
و بۆ تیما و بۆ بووز و بۆ هەموو قژبڕاوەکان و ٢٤ بۆ هەموو
پاشاکانی عەرەب و بۆ هەموو پاشاکانی خەڵکە تێکەڵەکان
ئەوانەی نیشتەجێی بیابانن و ٢٥ بۆ هەموو پاشاکانی زیمری و
بۆ هەموو پاشاکانی عیلام و بۆ هەموو پاشاکانی مادای و ٢٦ بۆ
هەموو پاشاکانی باکوور، نزیك و دووریان، یەك لە دوای یەك
و بۆ هەموو پاشایەتییەکانی زەوی ئەوانەی لەسەر ڕووی
زەوین و پاشای شیشکیش لە دوای هەموویانەوە دەخواتەوە.
٢٧ پێیان دەڵێیت: خوداوەندی سوپاسالار، خودای ئیسڕائیل
ئاوای فەرموو: بخۆنەوە و سەرخۆش بن و بڕشێنەوە و بکەون
و هەڵمەسنەوە لەبەر ئەو شمشێرەی من دەینێرمە ناوتان.
٢٨ ئەگەر ڕازی نەبوون جامەکە لە دەستت وەرگرن تا
بیخۆنەوە، پێیان دەڵێیت، خوداوەندی سوپاسالار ئاوای فەرموو:
بێگومان دەیخۆنەوە! ٢٩ چونکە ئەوەتا ئەو شارەی بە ناوی
منەوە ناونراوە، من دەستم پێکردووە بەڵای بەسەردا بهێنم، ئیتر
ئایا ئێوە بێتاوان دەبن، نەخێر بێتاوان نابن! چونکە من بانگی
شمشێر دەکەم بۆ سەر هەموو دانیشتووانی زەوییەکە.
خوداوەندی سوپاسالار ڕایگەیاند. ٣٠ • تۆش پێشبینی هەموو
ئەم قسەیەیان بۆ بکە و پێیان بڵێ:
خوداوەند لە بەرزایی دەنەڕێنێت و
لە نشینگەی پیرۆزییەوە دەنگ هەڵدەبڕێت
بەسەر لانەکەی خۆیدا بە نەڕاندن دەنەڕێنێت
بە هوتافەوە وەك پێپەستکاران هاوار دەکات
بەسەر هەموو دانیشتووانی زەوی.
٣١ هاتوهاوار گەیشتە ئەوپەڕی زەوی
چونکە خوداوەند کێشەوبەرەیەتی لەگەڵ میللەتان
حوکم بەسەر هەموو مرۆڤدا دەدات
بەدکارەکان دەداتە بەر شمشێر.
خوداوەند ڕایگەیاند.
٣٢ خوداوەندی سوپاسالار ئاوای فەرموو:
ئەوەتا بەڵا بڵاو دەبێتەوە
لە میللەتێکەوە بۆ میللەتێك
گەردەلوولێکی گەورە هەڵدەکات
لەو پەڕی زەوییەوە.
٣٣ لەو ڕۆژەدا دەبن بە کوژراوی دەستی خوداوەند، لەم پەڕی
زەوییەوە تا ئەو پەڕی زەوی، شیوەنیان بۆ ناکرێت و
کۆناکرێنەوە و نانێژرێن، دەبن بە تەپاڵە بەسەر ڕووی
خاکەکەوە.
٣٤ شوانەکان واوەیلا و هاوار بکەن!
سەرپەرشتیارانی مێگەل خۆتان بگەوزێنن.
چونکە کاتتان هاتووە بۆ سەربڕین
پەرتتان دەکەم و دەکەون
وەك گۆزەیەکی بەنرخ.
٣٥ قوتاربوون لە شوانەکان دەبڕێتەوە و
دەربازبوونیش لە سەرپەرشتیارانی مێگەل.
٣٦ دەنگی هاواری شوانەکان و

واوەیلای سەرپەرشتیارانی مێگەلە،
چونکە خوداوەند لەوەڕگاکانیان تێکدەدات.
٣٧ مێرگەکانی ئاشتی لەناوچوون
لەبەر جۆشی تووڕەی خوداوەند.
٣٨ وەك بەچکە شێر لانەی خۆی بەجێهێشت
چونکە خاکەکەیان بووەتە وێرانە
لەبەر جۆشی زۆردار و
لەبەر جۆشی تووڕەی ئەو.

# ٢٦

١ لەسەرەتای پاشایەتی یەهویاقیمی کوڕی یوشییای پاشای
یەهوزادا، ئەم وشەیە لە لای خوداوەندەوە بوو و فەرمووی:
٢ خوداوەند ئاوای فەرموو، لە حەسارەکەی ماڵی خوداوەنددا
بوەستە و بۆ هەموو شارەکانی یەهوزا کە بۆ کڕنۆش بردن لە
ماڵی خوداوەند دێن، بە هەموو ئەو وشانە بدوێ کە فەرمانم
پێکردیت پێی بدوێیت، یەك وشەی لێ کەم نەکەیتەوە. ٣ بەڵکو
گوێیان لێ بێت و بگەڕێنەوە، هەریەکە و لە ڕێگا خراپەکانی،
منیش پاشگەز دەبمەوە لەو خراپەیەی نیازم بوو پێیانی بکەم،
لەبەر خراپیی کردەوەکانیان. ٤ پێیان دەڵێیت: خوداوەند ئاوای
فەرموو: ئەگەر گوێ لە من نەگرن و بە پێی فێرکردنەکانم
نەڕۆم کە لەبەردەمتان دامناوە. ٥ بۆ ئەوەی گوێ لە قسەی
پێغەمبەرە خزمەتکارەکانم بگرن، ئەوانەی من بۆتانم ناردن،
زووبەزوو و نێردراو، بەڵام ئێوە گوێتان نەگرت. ٦ ئەم ماڵە
وەك شیلوە لێ دەکەم و ئەم شارەش دەکەم بە نەفرەت بۆ هەموو
میللەتانی زەوی.
٧ جا کاهینەکان و پێغەمبەرەکان و هەموو گەل گوێیان لێ بوو
یەرمیا ئەم قسەیەی لە ماڵی خوداوەنددا کرد. ٨ ئەوە بوو کە
یەرمیا لە قسەکردن بووەوە، لە هەموو ئەوەی خوداوەند
فەرمانی پێ کردبوو بە هەموو گەلی بڵێت، کاهینەکان و
پێغەمبەرەکان و هەموو گەل گرتیان و وتیان: دەبێت بەمردن
بمریت! ٩ بۆچی بەناوی خوداوەندەوە پێشبینیت کرد و وتت،
ئەم ماڵە وەك شیلوەی لێ دێت و ئەم شارەش وێران دەبێت و
کەسی تیا دانانیشێت؟ ئینجا هەموو گەل لە ماڵی خوداوەند لە
یەرمیا کۆبوونەوە.
١٠ کاتێک میرەکانی یەهوزا گوێیان لەم قسانە بوو، لە ماڵی
پاشاوە سەرکەوتن بۆ ماڵی خوداوەند و لەناو دەروازە
نوێیەکەی ماڵی خوداوەند دانیشتن. ١١ ئینجا کاهینەکان و
پێغەمبەرەکان و بە میرەکان و بە هەموو گەلیان وت: حوکمی
مردن بۆ ئەم پیاوەیە، چونکە پێشبینی کردووە لەسەر ئەم شارە
وەك ئەوەی بە گوێی خۆتان گوێتان لێ بوو.
١٢ یەرمیاش بە میرەکان و هەموو گەلی وت: خوداوەند ناردمی
بۆ ئەوەی پێشبینی بکەم لەبارەی ئەم ماڵە و ئەم شارە، بە هەموو
ئەو وشانەی گوێتان لێ بوو. ١٣ ئێستایش ڕێگا و کردەوەکانتان
چاك بکەنەوە و گوێ لە دەنگی خوداوەندی خواتان بگرن و
ئەویش پاشگەز دەبێتەوە لەو بەڵایەی سەبارەت بە ئێوە
فەرموویەتی. ١٤ منیش ئەوەتا لەبەردەستاندام ئەوەی پێتان باشە
و ڕاستە پێمی بکەن. ١٥ بەڵام باش بزانن ئەگەر من بکوژن،
ئەوا خوێنێکی بەناهەق دەخەنە ئەستۆی خۆتان و ئەم شارە و
دانیشتووانەکەی، چونکە بەڕاستی خوداوەند منی ناردووە
بۆتان تا هەموو ئەم قسانە لە گوێتاندا بڵێم.
١٦ ئینجا میرەکان و هەموو گەل بە کاهینەکان و
پێغەمبەرەکانیان وت: ئەم پیاوە حوکمی مردنی لەسەر نییە،
چونکە بەناوی خوداوەند خودامانەوە قسەی لەگەڵ کردووین.
١٧ ئینجا هەندێ لە پیرانی خاکەکە هەستان و بە هەموو کۆمەڵی
خەڵکەکەیان وت: ١٨ میخای مورشەتی لە ڕۆژانی خزقیای
پاشای یەهوزا پێشبینی کرد و بە هەموو گەلی وت: خوداوەندی
سوپاسالار ئاوای فەرموو:
سییۆن وەك کێڵگە دەکێڵرێت و
ئۆرشەلیم دەبێتە وێرانە و
گردەکەی پەرستگاش دەبێتە بەرزایی دارستان.
١٩ ئایا خزقیای پاشای یەهوزا و هەموو یەهوزا کوشتیان؟ ئەی
لە خوداوەند نەترسا و داوای لە خوداوەند نەکرد ڕووی تێ
بکات؟ خوداوەندیش پاشگەز بووەوە لەو بەڵایەی فەرموو بووی
بەسەریان دەهێنێت، جا ئێمە خراپەیەکی گەورە دژ بە خۆمان
دەکەین.
٢٠ هەروەها پیاوێکی تریش هەبوو بەناوی خوداوەندەوە
پێشبینی دەکرد، ئوریای کوڕی شمیعیا، خەڵکی قریەت یعاریم
بوو، ئەویش پێشبینی کرد سەبارەت بەو شارە و بەو خاکە،
وەك هەموو وشەکانی یەرمیا. ٢١ جا یەهویاقیم پاشا و هەموو
پاڵەوانەکانی و هەموو میرەکان گوێیان لە قسەکانی بوو، پاشا
داوای کرد بیکوژن، ئوریاش ئەمەی بیست و ترسا و ڕایکرد
و چوو بۆ میسر. ٢٢ یەهویاقیم پاشاش چەند پیاوێکی نارد بۆ
میسر، ئەلناتانی کوڕی عەکبۆر لەگەڵ چەند پیاوێکی نارد بۆ
میسر. ٢٣ ئوریایان لە میسر هێنایە دەرەوە و هێنایان بۆ لای
یەهویاقیم پاشا بە شمشێر لێیدا و لاشەکەی فڕێدایە ناو گۆڕی
ئاسایی خەڵك.
٢٤ بەڵام دەستی ئەخیقامی کوڕی شافان لە پشت یەرمیا بوو بۆ
ئەوەی نەدرێتە دەست گەل و بیکوژن.

# ٢٧

١ لەسەرتای پاشایەتی یەهویاقیمی کوڕی یوئاشی پاشای
یەهوزا، ئەم وشەیە بۆ یەرمیا هات لەلایەن خوداوەندەوە و
وتی: ٢ خوداوەند ئاوای بە من فەرموو: چەند بەند و نیرێك بۆ
خۆت دروست بکە و بیخە سەر ملت و ٣ بیاننێرە بۆ پاشای
ئەدۆم و بۆ پاشای مۆئاب و بۆ پاشای بەنی عەممۆن و بۆ
پاشای سوڕ و بۆ پاشای سەیدۆن بەدەست ئەو پەیامبەرانەی بۆ
ئۆرشەلیم هاتوون بۆ لای سدقیای پاشای یەهوزا. ٤ فەرمانیان
پێ بکە بە گەورەکانیان بڵێن: خوداوەندی سوپاسالار، خودای
ئیسرائیل ئاوای فەرموو، ئاوا بە گەورەکانتان بڵێن: ٥ من زەوی
و ئادەمیزاد و ئاژەڵ کە لەسەر ڕووی زەوییە بە توانای
گەورەی خۆم و بە بازووی درێژم دروستم کردووە و داومن
بەوەی لەبەر چاوم ڕاستە. ٦ ئێستایش من هەموو ئەم زەوییانەم
داوە بە دەست خزمەتکارەکەم، نەبوخوزنەسری پاشای بابل،
هەروەها گیانلەبەرەکانی دەشتودەریشم داوەتێ تا خزمەتی
بکەن. ٧ هەموو میللەتانیش خزمەتی خۆی و کوڕی و کوڕی
کوڕی دەکەن تا کاتی خاکەکەی ئەویش دێت، جا زۆر لە
میللەتان و پاشا مەزنەکان خزمەتی دەکەن. ٨ هەر میللەتێك و
پاشایەتیەك خزمەتی نەبوخەزنەسری پاشای بابل نەکات و مل
نەخاتە ژێر نیری پاشای بابلەوە، بە شمشێر و برسێتی و بە
دەرد سزای ئەو میللەتە دەدەم، خوداوەند ڕایگەیاند، تا بە
دەستی خۆم تەواویان دەکەم. ٩ ئێوەش گوێ مەگرن لە
پێغەمبەرەکانتان و ئەستێرەناسەکانتان و خەوبینەکانتان و
بەخت خوێنەوەکانتان و فاڵچیەکانتان، ئەوانەی پێتان دەڵێن،
خزمەتی پاشای بابل ناکەن. ١٠ چونکە ئەوان بە درۆ پێشبینیتان
بۆ دەکەن، بۆئەوەی لە خاکی خۆتان دورتان بخەمەوە، جا
دەرتاندەکەم و لەناودەچن. ١١ ئەو میللەتەش کە ملی بخاتە ژێر
نیری پاشای بابل و خزمەتی بکات، من لە خاکی خۆیدا
دەیهێڵمەوە، خوداوەند ڕایگەیاند، جا دەیکێڵێت و تیایدا نیشتەجێ

دەبێت. ١٢ لەگەڵ سدقیای پاشای یەهوزاش هەموو ئەم قسانە
دەکەیت و دەڵێیت، ملتان بخەنە ژێر نیری پاشای بابل و
خزمەتی خۆی و گەلەکەی بکەن و بژین ١٣ بۆچی خۆت و
گەلەکەت بە شمشێر و برسێتی و دەرد بمرن، وەك ئەوەی
خوداوەند فەرمووی سەبارەت بەو گەلەی کە خزمەتی پاشای
بابل نەکات؟ ١٤ گوێ مەگرن لە وشەکانی ئەو پێغەمبەرانەی
کە پێتان دەڵێن: خزمەتی پاشای بابل ناکەن، چونکە ئەوان بە
درۆ پێشبینیتان بۆ دەکەن. ١٥ چونکە من نەمناردوون، خوداوەند
ڕایگەیاند، ئەوان بە درۆ بەناوی منەوە پێشبینی دەکەن،
بۆئەوەی دەرتانبکەم و لەناوبچن خۆتان و ئەو پێغەمبەرانەش
کە پێشبینیتان بۆ دەکەن. ١٦ بە کاهینەکان و بە هەموو ئەم
گەلەشم وت: خوداوەند ئاوای فەرموو، گوێ لە قسەی
پێغەمبەرەکانتان مەگرن، ئەوانەی پێشبینیتان بۆ دەکەن و
دەڵێن، ئەوەتا قاپوقاجاغەکانیماڵی خوداوەند بەم زووانە لە
بابلەوە دەگەڕێنەوە. چونکە ئەوان بەدرۆ پێشبینیتان بۆ دەکەن.
١٧ گوێیان لێ مەگرن، خزمەتی پاشای بابل بکەن و بژین،
بۆچی ئەم شارە ببێت بە وێرانە؟ ١٨ ئەگەر ئەمانە پێغەمبەرن و
وشەی خوداوەندیان لەلایە، با ئێستا لە خوداوەندی سوپاسالار
بپاڕێنەوە بۆمان، بەڵکو ئەو قاپوقاجاغەی ماوەتەوە لە ماڵی
خوداوەند و لە ماڵی پاشای یەهوزا و لە ئۆرشەلیم بۆ بابل
نەبرێن.
١٩ چونکە خوداوەندی سوپاسالار ئاوای فەرموو سەبارەت بە
کۆڵەکەکان و دەریاکە و عەرەبانەکانی ئاو گواستنەوە و
پاشماوەی پاشماوەی قاپوقاجاغەکانی ماونەتەوە لەم شارەدا،
٢٠ ئەوانەی نەبوخەزنەسری پاشای بابل نەیبردن، کاتێ یەکنای
کوڕی یهویاقیمی پاشای یەهوزای لە ئۆرشەلیمەوە بۆ بابل
ڕاپێچ کرد لەگەڵ هەموو پیاوماقوڵانی یەهوزا و ئۆرشەلیم.
٢١ چونکە خوداوەندی سوپاسالار خودای ئیسڕائیل ئاوای
فەرموو سەبارەت بەو قاپوقاجاغەی مابووەوە لە ماڵی
خوداوەند و لە ماڵی پاشای یەهوزا و لە ئۆرشەلیم، ٢٢ بۆ بابل
دەبرێن و لەوێ دەمێننەوە تا ئەو ڕۆژەی بەسەریان دەکەمەوە،
خوداوەند ڕایگەیاند، جا دەریاندەهێنمەوە و دەیانگێڕمەوە بۆ
ئەم شوێنە. ئەمانەش دەبرێنە بابل و تا ئەو ڕۆژەی سزای بابل
دەدەم لەوێ دەمێنمەوە ئەوسا وەریاندەگرمەوە و دەیانهێنمەوە
ئەم شوێنەی ئێرە.

## ٢٨

١ ئەوە بوو لەو ساڵەدا، لەسەرەتای پاشایەتی سدقیای پاشای
یەهوزا، لە ساڵی چوارەم، خەنانیای پێغەمبەر کوڕی عازوور
کە خەڵکی گبعۆنە، لە ماڵی خوداوەند لەبەرچاو کاهینەکان و
هەموو گەل پێی وتم: ٢ خوداوەندی سوپاسالار خودای
ئیسڕائیل ئاوای فەرموو: نیری پاشای بابلم شکاند و ٣ لە ماوەی
دوو ساڵدا من هەموو قاپوقاجاغەکانی ماڵی خوداوەند
دەگەڕێنمەوە، ئەوانەی نەبوخەزنەسری پاشای بابل لەم
شوێنەوە بردی هێنای بۆ بابل. ٤ یەکنیای کوڕی یهویاقیمی
پاشای یەهوزا و هەموو ڕاپێچەکەی یەهوزا ئەوانەی چوون
بۆ بابل، من دەیانگێڕمەوە بۆ ئەم شوێنە، خوداوەند ڕایگەیاند،
چونکە نیری پاشای بابل دەشکێنم. ٥ یەرمیای پێغەمبەریش
لەبەرچاو کاهینەکان و لەبەرچاو هەموو گەل ئەوانەی لە ماڵی
خوداوەند وەستابوون لەگەڵ خەنانیای پێغەمبەر قسەی کرد،
٦ یەرمیای پێغەمبەر وتی: ئامین! خوداوەند ئاوا بکات!
خوداوەند قسەکانت بهێنێتە دی کە پێشبینیت کرد،
قاپوقاجاغەکەی ماڵی خوداوەند و هەموو ڕاپێچەکە لە بابلەوە
بگەڕێنێتەوە بۆ ئێرە ٧ بەڵام تکایە! گوێ لەم وشەیە بگرە کە
من لە گوێی تۆ و لە گوێی هەموو گەلدا دەیڵێم. ٨ ئەو
پێغەمبەرانەی لە کۆنەوە لە پێش من و لە پێش تۆ بوون و
پێشبینیی جەنگ و بەڵا و دەردیان کرد سەبارەت بە زۆر لە
گەلان و پاشایەتییە گەورەکان ٩ بەڵام ئەو پێغەمبەرەی پێشبینی
ئاشتی بکات، بە هاتنە دی پێشبینییەکەی، دەزانرێت ئەو
پێغەمبەرە بەڕاستی خوداوەند ناردوویەتی. ١٠ خەنانییای
پێغەمبەریش نیرەکەی لەسەر ملی یەرمیای برد و شکاندی.
١١ خەنانییا لەبەرچاو هەموو گەل وتی: خوداوەند ئاوای
فەرموو: ئاوا نیری نەبوخەزنەسری پاشای بابل لە مل هەموو
میللەتان لە ماوەی دوو ساڵدا دەشکێنم. یەرمیاش بە ڕێگای
خۆیدا ڕۆیشت.
١٢ دوای ئەوەی خەنانییا پێغەمبەر نیرەکەی سەر ملی یەرمیای
شکاند، وشەی خوداوەند بۆ یەرمیا هاتبوو و فەرمووی: ١٣ بڕۆ
و بە خەنانییا بڵێ: خوداوەند ئاوای فەرموو: نیرە دارەکانت
شکاند، بەڵام لەجێی ئەوان نیری ئاسنت دروست کرد.
١٤ چونکە خوداوەندی سوپاسالار خودای ئیسڕائیل ئاوای
فەرموو: نیری ئاسنم خستە سەر ملی هەموو ئەم میللەتانە تا
خزمەتی نەبوخەزنەسری پاشای بابل بکەن و خزمەتی دەکەن،
هەروەها گیانلەبەرەکانی دەشتودەریشم بەو داوە. ١٥ ئینجا
یەرمیا پێغەمبەر بە خەنانییا پغەمبەری وت: خەنەنییا تکایە
گوێ بگرە! خوداوەند تۆی نەناردووە و تۆش وات کردووە ئەم
گەلە پشت بەدرۆ ببەستێت. ١٦ بۆیە خوداوەند ئاوای فەرموو:
ئەوەتا من لەسەر ڕووی ئەم خاکە دەرتدەکەم، تۆ ئەم ساڵ
دەمریت، چونکە بە یاخیبوونەوە دژ بە خوداوەند قسەت کرد.
١٧ جا خەنانییا پێغەمبەر لەو ساڵەدا لە مانگی حەوت مرد.

## ٢٩

١ ئەمە وشەکانی ئەو نامەیە کە یەرمیا پێغەمبەر لە
ئۆرشەلیمەوە بۆ ئەو پیرانەی مابوونەوە لە ڕاپێچەکە و بۆ
کاهینەکان و بۆ پێغەمبەرەکان و بۆ هەموو ئەو گەلەی
نەبوخەزنەسر لە ئۆرشەلیمەوە بۆ بابل ڕاپێچی کردبوون.
٢ دوای دەرچوونی یەکنیا پاشا و شاژنە دایك و خەساوەکان و
میرەکانی یەهوزا و ئۆرشەلیم و دارتاشەکان و ئاسنگەرەکان
لە ئۆرشەلیمەوە. ٣ بە دەستی ئەلعاسەی کوڕی شافان و
گمەریای کوڕی خەلقیا، ئەوانەی سدقیای پاشای یەهوزا
ناردنی بۆ بابل بۆلای نەبوخەزنەسری پاشای بابل و وتی:
٤ • خوداوەندی سوپاسالار خودای ئیسڕائیل ئاوای فەرموو بە
هەموو ئەو ڕاپێچەی لە ئۆرشەلیمەوە ڕاپێچم کردن بۆ بابل:
٥ خانوو بنیاد بنێن و نیشتەجێبن و باخ بچێنن و بەروبوومی
بخۆن. ٦ ژن بهێنن و با کوڕ و کچتان ببێت، ژن بۆ کوڕەکانتان
بهێنن و کچەکانتان بە مێرد بدەن و با ئەوانیش کوڕان و
کچانیان ببێت و لەوێ زۆربن و کەم مەکەن. ٧ داوای ئاشتی
بکەن بۆ ئەو شارەی ئێوەم ڕاپێچ کردووە بۆ ئەوێ و نوێژ بکەن
بۆ خوداوەند لە پێناوی، چونکە بە ئاشتی ئەو ئێوەش ئاشتیتان
بۆ دەبێت.
٨ چونکە خوداوەندی سوپاسالار خودای ئیسڕائیل ئاوای
فەرموو: با پێغەمبەرەکانتان ئەوانەی لەناوتانن و ئەستێرە
ناسەکانتان هەڵتاننەخەڵەتێنن و گوێ مەگرن لە خەونەکانتان کە
ئێوە خەونی پێوە دەبینن ٩ چونکە ئەوان بە درۆ بەناوی منەوە
پێشبینیتان بۆ دەکەن، من نەمناردوون. خوداوەند ڕایگەیاند.
١٠ چونکە خوداوەند ئاوای فەرموو: لە دەمی تەواوبوونی حەفتا
ساڵ لە بابل، بەسەرتان دەکەمەوە و وشە باشەکەم سەبارەت بە
ئێوە دەهێنمە دی، بە گەڕاندنەوەتان بۆ ئەم شوێنە. ١١ چونکە
خۆم ئەو پلانە دەزانم کە بۆ ئێوەم داڕشتووە، خوداوەند

ڕایگەیاند، پلانی ئاشتی نەك خراپە، تا دواڕۆژ و هیواتان
بدەمێ. ١٢ جا بانگم دەکەن و دەچن و نوێژم بۆ دەکەن و منیش
گوێتان لێدەگرم. ١٣ دوام دەکەن و دەمدۆزنەوە، چونکە
بەهەموو دڵتانەوە بەدوام دەگەڕێن. ١٤ جا لێتان ون نابم،
خوداوەند دەفەرموێت، ڕاپێچەکەتان دەگێڕمەوە و لەناو
هەموو ئەو میللەتانە و لە هەموو ئەو شوێنانە کە دەرتانمکرد
بۆ ئەوێ کۆتاندەکەمەوە، خوداوەند ڕایگەیاند، دەتانگەڕێنمەوە
بۆ ئەو شوێنەی لێیەوە ڕاپێچتانم کرد.
١٥ چونکە وتتان: خوداوەند لە بابل پێغەمبەرانی بۆ داناوین.
١٦ بۆیە خوداوەند ئاوای فەرموو بەو پاشایەی لەسەر
تەختەکەی داود دانیشتووە و بە هەموو ئەو گەلەی لەم شارەدا
دانیشتوون، براکانتان ئەوانەی لەگەڵ ئێوە بۆ ڕاپێچ
دەرنەچوون ١٧ خوداوەندی سوپاسالار ئاوای فەرموو: ئەوەتا
من شمشێر و برسێتی و دەرد دەنێرمە ناویان دەیانکەم بە
هەنجیرێکی خراپ کە لەخراپیان نەخورێت. ١٨ بە شمشێر و
برسێتی و دەردەوە ڕاویاندەنێم و دەیانکەم بە دڵەڕاوکێ بۆ
هەموو پاشایەتییەکانی زەوی و بە دوعا لێکردن و وێرانە و
مایەی ئاخ هەڵکێشان و ڕسوایی لەناو هەموو ئەو میللەتانەی
دەریاندەکەم بۆ ئەوێ. ١٩ لەبەر ئەوەی گوێیان لە وشەی من
نەگرت، خوداوەند ڕایگەیاند، ئەوەی بەدەست خزمەتکارە
پێغەمبەرەکانم بۆیانم نارد، زووبەزوو و نێردراو، بەڵام گوێتان
نەگرت، خودواوەند دەفەرموێت. ٢٠ بەڵام ئێوە گوێ لە وشەی
خوداوەند بگرن، ئەی هەموو ڕاپێچکراوەکان ئەوەی لە
ئۆرشەلیمەوە بۆ بابلم ناردن.
٢١ خوداوەندی سوپاسالار خودای ئیسڕائیل ئاوای فەرموو
سەبارەت بە ئاخابی کوڕی قولایا و سدقیای کوڕی مەعەسییا،
ئەوانەی بە درۆ بەناوی منەوە پێشبینیتان بۆ دەکەن، ئەوەتا
دەیاندەمە دەست نەبوخوزنەسری پاشای بابل و لەبەرچاوتان
دەیانکوژێت. ٢٢ هەموو ڕاپێچەکەی یەهوزا لە بابل، ناوی
ئەوان وەك نەفرەت بەکاردەهێنن و دەڵێن، خوداوەند وەك سدقیا
و وەك ئاخابت لێبکات. ئەوانەی پاشای بابل بە ئاگر برژاندنی،
٢٣ چونکە لەناو ئیسڕائیلدا کارێکی قێزەوەنیان کرد و داوێن
پیسییان لەگەڵ ژنی برادەرەکانیان کرد و بەناوی منەوە بە درۆ
قسەیان کرد کە من فەرمانم پێ نەکردبوون، من خۆم دەزانم و
شایەتم. خوداوەند ڕایگەیاند.
٢٤ لەگەڵ شمەعیای نیخلامیش قسەبکە و بڵێ :٢٥ خوداوەندی
سوپاسالار خودای ئیسڕائیل ئاوای فەرموو: لەبەر ئەوەی تۆ
بەناوی خۆتەوە نامەت بۆ هەموو ئەو گەلەی لە ئۆرشەلیمە و
بۆ چەفەنیای کوڕی مەعەسییای کاهین و بۆ هەموو کاهینەکان
نارد و وتت: ٢٦ کەوا خوداوەند تۆی لەجێگای یەهویاداعی
کاهین کردووە بە کاهین، و ئێوەش ببن بە سەرپەرشتیاران
بەسەر ماڵی خوداوەندەوە بۆئەوەی هەر پیاوێکی شێت کە
پێشبینی دەکات بخەنە ناو کۆت و بەندەوە. ٢٧ ئەی ئێستا بۆچی
سەرزەنشتی یەرمیای عەنتوتی ناکەیت کە پێشبینیتان بۆ
دەکات؟ ٢٨ چونکە بۆ بابل بۆی ناردووین و دەڵێت، درێژە
دەکێشێت، جا بۆ خۆتان خانوو بنیاد بنێن و نیشتەجێبن و باخ
بچێنن و لە بەروبوومەکەی بخۆن. ٢٩ چەفەنیای کاهینیش ئەم
نامەیەی لە گوێی یەرمیا پێغەمبەر خوێندەوە.
٣٠ ئینجا وشەی خوداوەند بۆ یەرمیا هات و فەرمووی: ٣١ بۆ
هەموو ڕاپێچەکە بنێرە و بڵێ: خوداوەند ئاوای فەرموو
لەبارەی شمەعیای نیخلامیەوە، لەبەر ئەوەی شمەعیا پێشبینی
بۆتان کرد و منیش نەمناردووە و وای لێکردوون پشت بە درۆ
ببەستن. ٣٢ بۆیە خوداوەند ئاوای فەرموو، ئەوەتا من سزای
شمەعیای نیخلامی و وەچەکەی دەدەمەوە، کەسی بۆ نامێنێتەوە
لەناو ئەم گەلەدا دانیشێت و ئەو خۆشییە نابینێت کە من بۆ
گەلەکەی خۆمی دەکەم، خوداوەند ڕایگەیاند، چونکە بە یاخی
بوونەوە دژ بە خوداوەند قسەی کرد.

# ٣٠

١ ئەو وشەیەی لەلای خوداوەندەوە بۆ یەرمیا هات و فەرمووی:
٢ خوداوەند خودای ئیسڕائیل ئاوای فەرموو: هەموو ئەو
وشانەی پێی دواوم لەگەڵت، لە پەرتووکێکدا بیاننووسە.
٣ چونکە ئەوەتا ڕۆژانێك دێت، خوداوەند ڕایگەیاند، ڕاپێچی
گەلەکەم ئیسڕائیل و یەهوزا دەگێڕمەوە، خوداوەند فەرمووی،
دەیانهێنمەوە ئەو خاکەی بە باووباپیرانی ئەوانم دابوو و
داگیری دەکەن.
٤ ئەمەش ئەو وشانەن کە خوداوەند سەبارەت بە ئیسڕائیل و
یەهوزا فەرمووی.
٥ چونکە خوداوەند ئاوای فەرموو:
دەنگی تۆقانمان بیست،
دەنگی ترس نەك ئاشتی.
٦ تکایە! بپرسن و ببینن،
ئایا نێر سکی دەبێت؟
ئەی بۆچی هەر پیاوێك دەبینم
دەستی بە کەمەرییەوەیە وەك ژنی ژان گرتوو و
هەموو ڕووشی زەرد هەڵگەڕاوە؟
٧ ئای! چونکە ئەو ڕۆژە گەورەیە!
کوا ڕۆژی وەك ئەو؟
ئەمە کاتی تەنگانەیە بۆ یاقوب
بەڵام لێی ڕزگاردەبێت.
٨ خوداوەندی سوپاسالار ڕایگەیاند، جا لەو ڕۆژەدا، ئەو نیرە
دەشکێنم کە لە ملیانە و پێبەندیان دەپسێنم و چیتر بێگانە نایانکەن
بە کۆیلە. ٩ بەڵکو خزمەتی خوداوەند خودای خۆیان و داودی
پاشایان دەکەن، ئەوەی کە هەڵیدەستێنمەوە بۆیان.
١٠ تۆش ئەی یاقوبی خزمەتکارم، مەترسە!
خوداوەند ڕایگەیاند،
ئەی ئیسڕائیل، مەتۆقە!
چونکە ئەوەتا من لە دوور ڕزگارت دەکەم
وەچەکەشت لە خاکی ڕاپێچیانەوە.
جا یاقوب دەگەڕێتەوە و ئاسوودە دەبێت
دەحەوێتەوە کەس ڕایناچڵەکێنێت.
١١ چونکە من لەگەڵتدام،
خوداوەند ڕایگەیاند،
تا ڕزگارت بکەم،
چونکە گەر کۆتایی بە هەموو ئەو میللەتانە بهێنم
کە لە ناویان پەرتوبڵاوم کردیت
بەڵام کۆتایی بە تۆ ناهێنم،
تەمبێت دەکەم بە دادپەروەری
بەڵام بەتەواوی بێتاوانت ناکەم.
١٢ چونکە خوداوەند ئاوای فەرموو:
شکاوییەکەت بێ چارەیە،
برینەکەت سەختە.
١٣ کەس نییە پشتگیریت بکات،
کوا دەرمان بۆ چاك بوونەوەت؟
١٤ هەموو خۆشەویستانت لەبیریان کردوویت،
لە تۆ ناپرسن،
چونکە لێدانی دوژمن لە تۆم دا،
تەمبێیەکی سەخت
لەسەر زۆری تاوانەکانت
گەورەبوون گوناهەکانت.
١٥ بۆچی لەبەر شکانەکەت هاوار دەکەیت؟

برینەکەت ساڕێژ نابێت
لەسەر زۆری تاوانەکەت،
گەورەبوون گوناهەکانت
منیش ئەمەم پێکردیت.
١٦ بۆیە دەخوورێن ئەوانەی تۆیان خوارد
هەموو ناحەزانت، سەرجەم ڕاپێچ دەکرێن
هەموو ڕاووڕووتکەرانت ڕاووڕووت دەکرێن
هەموو تاڵانکەرانت دەکەم بە تاڵانی.
١٧ چونکە تەندروستیت دەگەڕێنمەوە،
لە برینەکانت چاکت دەکەمەوە،
خوداوەند ڕایگەیاند،
چونکە ناویان لێنایت: دوورخراوەکە،
ئەوە سییۆنە،
کێ لێی دەپرسێت؟
١٨ خوداوەند ئاوای فەرموو:
ئەوەتا من ڕاپێچی چادرەکانی یاقووب دەگێڕمەوە
بەزەییم بە نیشینگەکانی دێتەوە
شار لەسەر تەپۆلکەکەی خۆی بنیاددەندرێتەوە و
کۆشك وەك باری جارانی ئاوەدان دەبێتەوە.
١٩ سوپاس و دەنگی بەزم گێڕانیان
لێ بەرزدەبێتەوە
زۆریان دەکەم و کەم نابن،
گەورەیان دەکەم و بچووك نابن.
٢٠ کوڕەکانی وەك جاری جاران دەبن،
کۆمەڵی لەبەردەممدا دەچەسپێت،
سزای هەموو ئەوانە دەدەم، کە زۆری لێدەکەن.
٢١ میرەکەی لەخۆی دەبێت،
فەرمانڕەواکەی لەناوخۆیەوە دەردەچێت.
لەخۆمی نزیك دەکەمەوە و لێم نزیك دەبێتەوە،
چونکە ئەمە کێیە گیانی خۆی دەخاتە مەترسییەوە و
تا لێم نزیك ببێتەوە؟
خوداوەند ڕایگەیاند،
٢٢ ئێوە دەبن بە گەلی من و
منیش دەبم بە خودای ئێوە.
٢٣ ئەوەتا گەردەلوولی خوداوەند، قینە دەردەچێت
گەردەلوولێکە ڕامالە،
لەسەر سەری بەدکاران هەڵدەکات.
٢٤ گڕی تووڕەیی خوداوەند دانامرکێتەوە
تا نەیکات و تا جێبەجێی نەکات
نیازەکانی دڵی خۆی،
لە ڕۆژانی دوایدا
تێی دەگەن.

# ٣١

١ لەو کاتەدا، خوداوەند ڕایگەیاند، دەبم بە خودا بۆ هەموو
خێڵەکانی ئیسرائیل و ئەوانیش دەبن بە گەل بۆمن.
٢ خوداوەند ئاوای فەرموو:
ئەو گەلەی لە دەم شمشێر دەربازبوون
لە چۆلەوانی میهرەبانیان دەست دەکەوت
ئیسرائیل دەڕوات بۆ حەوانەوەی.
٣ لەدێرزەمانەوە خوداوەند بۆم دەرکەوت
خۆشەویستیەکی هەتاهەتایی خۆشمویستیت
بۆیە بەردەوامیم دا بە پەیمانی خۆشەویستیم بۆت.
٤ بنیادت دەنێمەوە وبنیاد دەنرێیت
ئەی ئیسڕائیلی پاکیزە
دووبارە دەڕازێیتەوە بە دەفەکانت
دەردەچیت بۆ ناو سەمای بەزمگێڕان.
٥ دووبارە ڕەزە مێو دەچێنیت
لە چیاکانی سامیرە
چێنەران دەچێنن و بەرەکەی دەخۆن.
٦ چونکە ڕۆژێك دەبێت، چاودێران بانگەواز بکەن
لە چیای ئەفرایم:
هەستە با بۆ سییۆن سەرکەوین
بۆلای خوداوەند خودامان.
٧ چونکە خوداوەند ئاوای فەرموو
بە شادییەوە گۆرانی بۆ یاقووب بڵێن
بۆ سەری میللەتان هاواری خۆشی بکەن
با دەنگتان ببیسترێت و ستایش بکەن و بڵێن:
ئەی خوداوەند ڕزگاری بکە گەلی خۆت،
پاشماوەکەی ئیسرائیل!
٨ ئەوەتامن دەیانهێنمەوە
لە خاکی باکوورەوە،
لەهەموو لایەکی زەوی کۆیاندەکەمەوە
شەل و کوێریان تیادایە
ژنی سك پڕ و ژانگرتوو پێکەوە
کۆمەڵێکی گەورە دەگەڕێنەوە بۆ ئێرە.
٩ بەگریانەوە دێن و
بە پاڕانەوەوە، منیش ڕێبەرییان دەکەم،
بەلای ڕووبارە ئاوەکاندا دەیانبەم
بە ڕێگایەکی ڕاست، ساتمەناکەن تیایدا
چونکە بۆ ئیسرائیل دەبمە باوك و
ئەفرایم نۆبەرەمە.
١٠ ئەی میللەتان، گوێ لە وشەی خوداوەند بگرن
لە کەنارە دوورەکان ڕایگەیەنن و بڵێن:
ئەوەی ئیسڕائیلی پەرت کرد، کۆیاندەکاتەوە،
وەك شوان مێگەلی خۆی دەپارێزێت.
١١ چونکە خوداوەند نرخی ئازاد بوونی یاقووبی دا
لەدەست ئەوەی لەو بەهێزتر بوو کڕییەوە
١٢ جا دێن و لە بەرزاییەکانی سییۆن گۆرانی دەڵێن،
لەبەر چاکەی خوداوەند دەگەشێنەوە،
بە سەر گەنم و مەیی نوێ و زەیت
بەسەر بەرخ و گوێرەکە
گیانیان وەك باخچەیەکی تێرئاو دەبێت
جارێکی تر سیس نابن.
١٣ ئەوسا پاکیزە بەسەماوە دڵشاد دەبێت
گەنجان و پیران پێکەوە
شینیان دەگۆڕم بە شادی
دڵنەواییان دەکەم و لەکاتی پەژارەیان دڵخۆشیان دەکەم.
١٤ گیانی کاهینەکان تێر چەوری دەکەم،
گەلەکەم لە خێروبێرم تێر دەبن.
خوداوەند ڕایگەیاند.
١٥ خوداوەند ئاوای فەرموو:
دەنگێك لە ڕامەوە دەبیسترێت،
شین و گریانێکی تاڵ.
ڕاحیل بۆ منداڵەکانی دەگریەت
ڕازی نییە دڵنەوایی بکرێت،
لەبەر منداڵەکانی، چونکە کوان؟
١٦ خوداوەند ئاوای فەرموو:
دەنگت قەدەغەکە لە گریان و
چاوت لە فرمێسك،
چونکە کردەوەکەت پاداشتی هەیە،

خوداوەند ڕایگەیاند،
لە خاکی دوژمن دەگەڕێنەوە.
١٧ هیوا هەیە بە دواڕۆژت،
خوداوەند ڕایگەیاند،
کە منداڵەکان بگەڕێنەوە سنوورەکانی خۆیان.
١٨ بەتەواوی گوێم لێ بوو
ئەفرایم ئاهی هەڵدەکێشا،
تەمبێت کردم و تەمێ خواردووبووم
وەك گوێرەکەیەکی دەستەمۆ نەکراو
بمگێڕەوە و دەگەڕێمەوە
چونکە تۆ ئەی خوداوەند خودامی.
١٩ چونکە دوای گەڕانەوەم، پەشیمان بوومەوە
دوای ئەوەی زانیم، کێشام بە ڕانی خۆمدا
شەرمەزار و گاڵتەم پێکرا،
چونکە ڕسوایی کاتی مێرمنداڵیم بەکۆڵمەوە بوو.
٢٠ ئایا ئەفرایم کوڕی ئازیزی منە؟
یان ئەو منداڵەی دڵم پێی خۆشە؟
چونکە هەرکاتێ دژ بەو دەدوێم
دووبارە دێتەوە یادم
بۆیە هەناوم بۆی دەسوتێت
بەتەواوی بەزەیم پێی دێتەوە.
خوداوەند ڕایگەیاند.
٢١ نیشانە بۆ خۆت بچەقێنە و
ڕێوشوێن دابنێ
دڵت بخەرە سەر ڕێگا و
ئەو ڕێگایەی پێی ڕۆیشتی،
بگەڕێوە ئەی ئیسرائیلی پاکیزە،
بگەڕێوە بۆ ئەم شارانەت.
٢٢ تاکەی بەملاو بەولادا دەڕۆیت
ئەی کچی هەڵگەڕاو؟
چونکە خوداوەند شتێکی نوێی لەسەر زەوی بەدیهێناوە
ژن دەوروخولی پیاو دەدات.
٢٣ خوداوەندی سوپاسالار خودای ئیسرائیل ئاوای فەرموو:
جارێکی دیکە ئەم وشەیە دەڵێنەوە لە خاکی یەهوزا و لە
شارەکانی، کاتێ ڕاپێچەکەیان دەگەڕێنمەوە، خوداوەند
پیرۆزت کات ئەی جێنشینی ڕاستودروستی، ئەی چیای
پیرۆز! ٢٤ جا یەهوزا و هەموو شارەکانی پێکەوە تیایدا
نیشتەجێ دەبن، جووتیارەکان و ڕەوەندەکان. ٢٥ چونکە گیانی
تینووم پاراو کرد و هەموو گیانێکی سیس بووش پڕ دەکەم.
٢٦ بۆیە بەئاگاهاتم و تەماشام کرد و خەوەکەم خۆش بوو.
٢٧ ئەوەتا ڕۆژانێك دێت، خوداوەند ڕایگەیاند، ماڵی ئیسرائیل
و ماڵی یەهوزا بە تۆوی مرۆڤ و تۆوی ئاژەڵ تۆو دەکەم.
٢٨ جا چۆن بە دیاریانەوە بووم بۆ ڕیشەکێش کردن و ڕوخان
و کاول کردن و لەناوبردن و بەڵا بەسەرهێنان، ئاواش
بەدیاریانەوە دەبم بۆ بنیادنانەوە و چاندن. خوداوەند ڕایگەیاند.
٢٩ لەو ڕۆژانەدا ئیتر ناڵێن:
باوکان بەرسیلەیان خوارد،
کوڕان ددانیان ئاڵ بوو.
٣٠ چونکە هەر کەسە و بە تاوانی خۆیەوە دەمرێت، هەر
مرۆڤێك بەرسیلە بخوات ددانی خۆی ئاڵ دەبێت.
٣١ ئەوەتا ڕۆژانێك دێت، خەوداوەند دەفەرمووێت، پەیمانێکی
نوێ لەگەڵ ماڵی ئیسرائیل و ماڵی یەهوزادا دەبەستم، ٣٢ نەك
وەك ئەو پەیمانەی لەگەڵ باووباپیرانیاندا بەستم ئەو ڕۆژەی
دەستیانم گرت بۆئەوەی لە خاکی میسر دەریان بکەم، کاتێ
پەیمانەکەی منیان شکاند، منیش ڕەتیانم کردەوە، خوداوەند
ڕایگەیاند، ٣٣ وەك ئەم پەیمانە لەگەڵ ماڵی ئیسرائیلدا دەبەستم
دوای ئەو ڕۆژانە، خوداوەند ڕایگەیاند، فێرکردنەکانم دەخەمە
ناویانەوە و لەسەر دڵیان دەینووسم، من بۆیان دەبم بە خودا و
ئەوانیش بۆ من دەبن بە گەل. ٣٤ لەمەودوا کەس هاوڕێکەی
خۆی یان براکەی خۆی فێرناکات و بڵێت، خوداوەند بناسن.
چونکە هەموویان دەمناسن، لە بچووکیانەوە تا گەورەیان،
خوداوەند ڕایگەیاند، چونکە لە تاوانەکەیان خۆش دەبم و چیتر
باسی گوناهەکەیان ناکەم.
٣٥ ئاوای فەرموو خوداوەند
ئەوەی خۆری داناوە بۆ ڕووناکی ڕۆژ
فەرزی مانگ و ئەستێرەکانیش
بۆ ڕووناکی شەو،
ئەوەی دەریا دەوروژێنێت و
شەپۆڵەکانی هاژەیان دێت
ناوی خوداوەندی سوپاسالارە:
٣٦ ئەگەر ئەم فەرزانە لەبەردەمم لەکاربخرێن،
خوداوەند ڕایگەیاند،
ئەوسا تۆوی ئیسرائیلیش کپ دەبن
لەوەی ببن بە میللەت لەبەردەمم بەدرێژایی ڕۆژگار.
٣٧ خوداوەند ئاوای فەرموو:
ئەگەر ئاسمانەکان لەسەرەوە بپێورێن و
ئەگەر بناغەکانی زەوی لە ژێرەوە بپشکێنرێن،
ئەوسا منیش هەموو تۆوی ئیسرائیل ڕەت دەکەمەوە،
لەبەر هەموو ئەوەی کردیان،
خوداوەند ڕایگەیاند.
٣٨ ئەوەتا ئەو ڕۆژانە، خوداوەند ڕایگەیاند، شارەکە بۆ
خوداوەند بنیاددەنرێت، لە قولەی خەنەنئێلەوە تا دەروازەی
گۆشەکە، ٣٩ ئینجا پەتی پێوانە لە بەرامبەری دەردەچێت بەسەر
گردی گارێب و دەسووڕێتەوە بۆ گۆعە و ٤٠ هەموو دۆڵی
لاشەکان و خۆڵەمێش و هەموو کێڵگەکان تا دۆڵی قدرۆن، تا
گۆشەکەی دەروازەی ئەسپەکان بەلای خۆرهەڵاتن
پیرۆزدەبێت بۆ خوداوەند، تاهەتایە ڕیشەکێش ناکرێت و
جارێکی تر کاول ناکرێت.

# ٣٢

١ ئەو وشەیەی لەلایەن خوداوەندەوە بۆ یەرمیا هات لە ساڵی
دەیەمی سدقیای پاشای یەهوزا کە دەکاتە ساڵی هەژدەمینی
نەبوخەزنەسەر. ٢ ئەوکاتە لەشکری پاشای بابل گەمارۆی
ئۆرشەلیمی دابوو و یەرمیا پێغەمبەریش لە حەوشەی
پاسەوانەکانی ماڵی پاشای یەهوزادا گیرابوو. ٣ چونکە سدقیای
پاشای یەهوزا گرتی و وتی: بۆچی پێشبینیت کرد و وتت،
خوداوەند ئاوای فەرموو، ئەوەتا من ئەم شارە دەدەمە دەست
پاشای بابل و دەیگرێت و ٤ سدقیای پاشای یەهوزاش لە دەست
بابلییەکان دەرباز نابێت، بەڵکو دەدرێتە دەست پاشای بابلەوە و
ڕووبەڕوو قسەی لەگەڵ دەکات و چاوەکانی چاوەکانی ئەو
دەبینێت و ٥ سدقیا بۆ بابل دەبات و سدقیا لەوێ دەمێنێتەوە تا
بەسەری دەکەمەوە، خوداوەند ڕایگەیاند، چونکە گەر لەگەڵ
کلدانییەکان بجەنگێن سەرناکەون.
٦ ئینجا یەرمیا وتی: وشەی خوداوەندم بۆ هات و فەرمووی:
٧ ئەوەتا خەنەمئێلی کوڕی شەلومی مامت دێت بۆ لات و
دەڵێت: ئەو کێڵگەیەی هەمە لە عەناسۆس بۆ خۆتی بکڕە،
چونکە تۆ مافی کڕینەوەت هەیە. ٨ جا وەك قسەکەی خوداوەند
خەنەمەئێلی کوڕی مامم هاتە لام بۆ بەندینخانە و پێی وتم: تکایە
ئەو کێڵگەکەم بکڕە، ئەوەی لە عەناسۆسە لە خاکی بنیامین،
چونکە مافی داگیرکردن و کڕینەوە بۆ تۆیە، بۆ خۆتی بکڕە.
جا زانیم ئەمە وشەی خوداوەندە ٩ منیش کێڵگەکەم لە

خەنەمئێلی کوڕی مامم کڕی، ئەوەی لە عەناسۆسە، زیوەکەشم
بۆی کێشا، حەڤدە شاقل زیو. ١٠ لە پەڕەیەکدا تاپۆکەم نووسی
و مۆرم کرد و چەند کەسێکم لێکرد بە شایەت و زیوەکەشم بە
تەرازوو کێشا. ١١ ئینجا تاپۆی کڕینەکەم برد، ئەوەی مۆر
کراوبوو بە پێی فەرمان و فەرزەکان لەگەڵ لەبرگیراوە
کراوەکە. ١٢ تاپۆی کڕینەکەم دا بە باروخی کوڕی نیرییا
کوڕی مەخسییا، لەبەرچاوی خەنەمئێلی ئامۆزام و لەبەرچاوی
ئەو شایەتانەی لە تاپۆی کڕینەکە نووسرابوون و لەبەرچاوی
هەموو ئەو جوولەکانەی لە بەندیخانەکە دانیشتبوون
١٣ لەبەرچاویان فەرمانم بە باروخ کرد و وتم: ١٤ خوداوەندی
سوپاسالار خودای ئیسرائیل ئاوای فەرموو: ئەم تاپۆیانە
هەڵگرە، ئەم تاپۆی کڕینە مۆرکراوەکە و ئەم تاپۆ کراوەیە و
لەناو گۆزەیەکی گڵ دایانبنێ تا بۆ ڕۆژانێکی زۆر بمێنێت.
١٥ چونکە خوداوەندی سوپاسالار خودای ئیسرائیل ئاوای
فەرموو، جارێکی دیکە لەم خاکەدا خانوو و کێڵگە و ڕەز
دەکڕدرێتەوە.
١٦ دوای ئەوەی تاپۆی کڕینەکەم بە بارۆخی کوڕی نیرییا دا،
نوێژم بۆ خوداوەند کرد و وتم: ١٧ ئای! ئەی خوداوەندم
خوداوەند، ئەوەتا تۆ بە هێزی مەزن و بازووی درێژە
ئاسمانەکان و زەویت دروست کردووە و هیچ شتێکت بەلاوە
گران نییە. ١٨ پەیمانی خۆشەویستی بۆ هەزاران دەردەخەیت و
سزای تاوانی باوکان دەدەیت لە ئامێزی کوڕەکانیان لەپاش
خۆیان، ئەی خوای گەورە و پاڵەوان، خوداوەندی سوپاسالارە
ناوی. ١٩ مەزنی لە ڕاوێژ و بەتوانای لەکارکردندا، ئەوەی
چاوەکانت کراوەن لەسەر هەموو ڕێگاکانی ئادەمیزاد، تا
هەریەکە و بە پێی ڕێگاکانی و بە پێی بەروبوومی کردەوەکانی
پاداشت بدەیتەوە ٢٠ ئەوەی نیشانە و کارە سەرسوڕهێنەرەکانت
لە خاکی میسردا نواند تا ئەمڕۆ، هەروەها لە ئیسرائیل و لەناو
مرۆڤدا و ناوێکت بۆ خۆت دروست کرد وەك ئەمڕۆ.
٢١ بەنیشانە و کارە سەرسوڕهێنەرەکان و بە دەستێکی توند و
بازوویەکی درێژ و بە ترسێکی گەورەوە گەلی خۆت
ئیسرائیلت لە خاکی میسرەوە دەرکرد. ٢٢ ئەم خاکەت پێدان کە
سوێندت بۆ باووباپیرانیان خواردبوو کە پێیانی بدەیت، خاکێك
شیرو هەنگوینی لێ دەڕژێتەوە. ٢٣ جا هاتن و داگیریان کرد،
بەڵام گوێیان لە دەنگی تۆ نەگرت و بە پێی فێرکردنەکانت نە
ڕۆیشتن و هەموو ئەوەی فەرمانت پێ کردبوون کە بیکەن،
نەیانکرد و جا هەموو ئەم خراپەیەت بەسەریاندا هێنا. ٢٤ ئەوەتا
سەنگەرەکان هاتوون بۆ شارەکە بۆ گرتنی و شارەکە دراوەتە
دەست کلدانییەکانەوە کە دژی دەجەنگن، لەبەر شمشێر و
برسێتی و دەرد، ئەوەی تۆ فەرمووت ڕوویدا، ئەوەتا خۆت
دەیبینیت! ٢٥ ئەی خوداوەندم خوداوەند، تۆ خۆت پێت
فەرمووم، کێڵگەکە بە زیو بۆ خۆت بکڕە بە شایەتی چەند
شایەتێك، کەچی شارەکەت داوەتە دەست کلدانییەکانەوە.
٢٦ ئینجا وشەی خوداوەند بۆ یەرمیا هات و فەرمووی:
٢٧ ئەوەتا من خوداوەند خودای هەموو ، ئایا هیچ شتێك هەیە بۆ
من گران بێت؟ ٢٨ بۆیە خوداوەند ئاوای فەرموو: ئەوەتا ئەم
شارە دەدەمە دەست کلدانییەکان و دەست نەبوخوزنەسری
پاشای بابل و دەیگرێت. ٢٩ جا کلدانییەکان ئەوانەی دژ بەم
شارە دەجەنگن، دێن و ئەم شارە بە بە ئاگر گڕ لەم شارە
بەردەدەن و دەیسووتێنن لەگەڵ ئەو ماڵانەی کە لە
سەربانەکانیان بخووریان بۆ بەعل سووتاند و مەی
پێشکەشکراویان بۆ خوداکانی تر پێشکەش کرد تا ڕقم هەستێنن.
٣٠ چونکە نەوەی ئیسرائیل و نەوەی یەهوزا هەر لە گەنجیانەوە
تەنها خراپەیان لەبەرچاوم کردووە، چونکە نەوەی ئیسرائیل بە
دروستکراوەکانی دەستیان ڕقیان هەستاندم، خوداوەند
ڕایگەیاند، ٣١ چونکە ئەم شارە بۆ من بووەتە مایەی تووڕە
بوون و ڕق هەستانم، لەو ڕۆژەوەی بنیادیان ناوە تا ئەمڕۆ، تا
لەبەر ڕووی خۆم ڕایماڵم، ٣٢ لەبەر هەموو خراپەکەی نەوەی
ئیسرائیل و نەوەی یەهوزا، ئەوەی کردیان تا ڕقم هەستێنن
پێی، خۆیان و پاشاکانیان و میرەکانیان و کاهینەکانیان و
پێغەمبەرەکانیان و پیاوانی یەهوزا و دانیشتووانی ئۆرشەلیم.
٣٣ جا پشتیان تێ کردم نەك ڕوو، لە کاتێکدا من زووبەزوو و
بە فێرکردن فێریانم کرد، بەڵام گوێیان نەگرت تا تەمبێ
خواردووبن. ٣٤ بەڵکو قێزەونەکانیان لەو ماڵە دانا کە ناوی منی
لێنراوە، تا گڵاوی بکەن. ٣٥ هەروەها بەرزاییەکانیان بۆ بەعل
بنیادنا، ئەوەی لە دۆڵی هەننومە، تا بۆ مۆلەخ کوڕ و کچەکانیان
بەناو ئاگردا ببەن، ئەوەی من فەرمانم پێی نەکردووە و هەر
بەدڵیشم دانەهاتووە، تا ئەم گڵاوییە بکەن و وا بکەن یەهوزا
گوناهە بکات.
٣٦ ئێستاش بۆیە خوداوەند خودای ئیسرائیل لەبارەی ئەم
شارەوە کە ئێوە دەڵێن، دراوەتە دەست پاشای بابلەوە، بە
شمشێر و برسێتی و دەرد، ئاوای فەرموو: ٣٧ ئەوەتا من
کۆیاندەکەمەوە، لە هەموو ئەو خاکانەی کە بە تووڕەی و
ڕقمەوە و بە پەستیەکی مەزنەوە دەرمکردن بۆیان و
دەیانگێڕمەوە ئەم شوێنە و بە دڵنیاییەوە نیشتەجێیان دەکەم
٣٨ ئەوان دەبن بە گەلی من و منیش دەبم بە خودای ئەوان.
٣٩ یەك دڵ و یەك ڕێگایان پێ دەدەم بۆ ئەوەی لێم بترسن بۆ
چاکەی خۆیان و چاکەی کوڕەکانیان لە پاش خۆیان.
٤٠ پەیمانێکی هەتاهەتاییان لەگەڵ دەبەستم، کە خۆمیان لێ
نەکێشمەوە، بەڵکو چاکەیان لەگەڵدا بکەم و ترسی خۆمیان
بخەمە دڵ بۆ ئەوەی لێم لا نەدەن. ٤١ شاد دەبم پێیان کە چاکەیان
لەگەڵدا بکەم و لەم خاکەدا بە دڵسۆزییەوە بیانڕوێنم، بە هەموو
دڵ و بە هەموو و ناخمەوە.
٤٢ چونکە خوداوەند ئاوای فەرموو: هەروەك هەموو ئەم خراپە
گەورەیەم بەسەر ئەم گەلەدا هێنا، ئاواش من هەموو ئەو
چاکەیەیان بەسەر دەهێنم کە باسم کرد بۆیان. ٤٣ جا کێڵگە
دەکڕدرێت لەم خاکەی کە دەڵێن، وێرانەیە و نە مرۆڤ و نە
ئاژەڵی تیادا نییە و دراوەتە دەست کلدانییەکانەوە. ٤٤ بە زیو
کێڵگە دەکڕن و تاپۆکەی دەنووسن و مۆری دەکەن بە شایەتی
چەند شایەتێك لە خاکی بنیامین و دەوروبەری ئۆرشەلیم و لە
شارەکانی یەهوزا و شارەکانی چیا و شارەکانی دەشت و
شارەکانی باشوور، چونکە من ڕاپێچەکەیان دەگەڕێنمەوە،
خوداوەند ڕایگەیاند.

# ٣٣

١ دووبارە وشەی خوداوەند بۆ یەرمیا هات کە هێشتا لە
بەندینخانە گیرابوو و فەرمووی: ٢ ئاوای فەرموو خوداوەند کە
دروستی کردووە، خوداوەند کە شێوەی کێشاوە تا بیچەسپێنێت،
ناوی خوداوەندە: ٣ بانگم بکە، وەڵامت دەدەمەوە و شتە
مەزنەکانت پێڕادەگەیەنم، شتە پەیپێنەبردووەکان کە
نایانزانیت. ٤ چونکە خوداوەند خودای ئیسرائیل ئاوای فەرموو
سەبارەت بە خانووەکانی ئەم شارە و خانووەکانی پاشاکانی
یەهوزا، ئەوانەی تێکدران بۆ دژایەتی مەتەرێزەکان و شمشێر:
٥ دێن تا جەنگ دژ بە کلدانییەکان بکەن و پڕی بکەن لە لاشەی
ئەو مرۆڤانەی بە تووڕەیی و بە جۆشم لێیانم دا، ئەوانەی
ڕووی خۆم لەم شارە وەرگێڕا لەبەر هەموو خراپەکانیان.
٦ ئەوەتا من تەندروستی و چاکبوونەوەی بۆ دێنم و چاکی
دەکەمەوە و بۆنی خۆشی ئاشتی تەواویان بۆ ڕادەگەیەنم و
٧ ڕاپێچەکەی یەهوزا و ڕاپێچی ئیسرائیل دەگەڕێنمەوە و وەك
یەکەمجار بنیادیان دەنێمەوە و ٨ پاکیان دەکەمەوە لە هەموو
تاوانەکانیان کە گوناهەیان پێی کردووە دژ بە من و خۆشدەبم

لە هەموو تاوانەکانیان کە گوناهەیان پێی کردووە دژ بەمن و
کە پێی یاخی بوون لێم. ٩ جا بۆم دەبێتە ناونیشانی شادی و
ستایشکردن شانازی لای هەموو میللەتانی زەوی کە ئەم
هەموو چاکەیە دەبیسنەوە کە من بۆیانی دەکەم، جا دەترسن و
لەرز دەیانگرێت لەبەر هەموو ئەو چاکەیە و هەموو ئەو
ئاشتیەی کە من بۆیی دەکەم.
١٠ خوداوەند ئاوای فەرموو: جارێکی تر لەم شوێنەدا، کە ئێوە
دەڵێن وێرانە و بێ مرۆڤ و بێ ئاژەڵە شارەکانی یەهوزا و
شەقامەکانی ئۆرشەلیم وێرانن و بێ مرۆڤ و بێ دانیشتوو و
بێ ئاژەڵن، دەبیبستن ١١ دەنگی شادی و دەنگی خۆشی و دەنگی
زاوا و دەنگی بووك، دەنگی ئەوانەی دەڵێن: ستایشی
خوداوەندی سوپاسالار بکەن، چونکە خوداوەند باشە، چونکە
پەیمانی خۆشەویستیەکەی تاهەتایە، ئەوانەی قوربانی سوپاس
کردن دەهێننە ناو ماڵی خوداوەندەوە، چونکە ڕاپێچی خاکەکە
دەگەڕێنمەوە وەك یەکەمجار. خوداوەند ڕایگەیاند.
١٢ خوداوەندی سوپاسالار ئاوای فەرموو: جارێکی تر لەم
شوێنە وێرانەدا کە بێ مرۆڤ و بێ ئاژەڵە و لە هەموو
شارەکانیدا جێی شەو بەسەربردنی شوانەکان و جێی مانەوەی
مەڕەکانی لێ دەبێت. ١٣ لە شارەکانی چیا و لە شارەکانی دەشت
و لە شارەکانی باشوور و لە خاکی بنیامین و لە دەوروبەری
ئۆرشەلیم و لە شارەکانی یەهوزادا مەڕ بەژێر دەستی
مەڕژمێرەکاندا تێدەپەڕن. خوداوەند ڕایگەیاند.
١٤ ئەوەتا ڕۆژانێك دێت، خوداوەند ڕایگەیاند، ئەو وشە چاکە
بەجێ دەگەیەنم کە سەبارەت بە ماڵی ئیسڕائیل و ماڵی یەهوزا
فەرمووبووم. ١٥ لەو ڕۆژانەدا و لەو کاتەدا لقێکی
ڕاستودروست بۆ داود دەڕوێنم، جا دادپەروەری و
ڕاستودروستی لەسەر زەوی پەیڕەو دەکات. ١٦ لەو ڕۆژانەدا
یەهوزا ڕزگاردەکرێت و ئۆرشەلیم بە ئاسوودەی ئاوەدان
دەبێتەوە و ئاوای پێدەوترێت: خوداوەند ڕاستودروستیمانە.
١٧ چونکە خوداوەند ئاوای فەرموو: پیاو لە داود نابڕێت بۆ
دانیشتن لەسەر تەختی ماڵی ئیسڕائیل ١٨ لە کاهینە لێڤییەکانیش
پیاو نابڕێت لەبەردەمم بۆ پێشکەش کردنی قوربانی سووتاندن
و بۆ سووتاندنی قوربانی خۆراك و ئامادەکردنی قوربانی
سەربڕاو لە هەموو ڕۆژان.
١٩ هەروەها وشەی خوداوەند بۆ یەرمیا هات و فەرمووی:
٢٠ خوەداوەند ئاوای فەرموو: ئەگەر پەیمانەکەم لەگەڵ ڕۆژ و
لەگەڵ شەودا بشکێنن، هەتا ئیتر ڕۆژ و شەو لەکاتی خۆیاندا
نەبن، ٢١ ئەوسا پەیمانەکەم لەگەڵ داودی خزمەتکارم دەشکێت
و کوڕی نابێت تا لەسەر تەختەکەی ببێت بە پاشا و هەروەها
لەگەڵ لێڤییە کاهینەکانی خزمەتکارانم ٢٢ هەروەك چۆن
هێزەکانی ئاسمان ناژمێردرێن و لمی دەریا ئامارناکرێت، ئاوا
نەوەی داودی خزمەتکارم و لێڤییە خزمەتکارەکانم زیاد دەکەم.
٢٣ ئینجا وشەی خوداوەند بۆ یەرمیا هات و فەرمووی:
٢٤ نەتبینیووە ئەم گەلە باسی چی دەکەن و دەڵێن: ئەو دوو
خێڵەی خوداوەند هەڵیبژاردن، ڕەتی کردنەوە. سووکایەتیان بە
گەلەکم کرد وەك ئەوەی ئیتر میللەت نەبێت لەبەردەمیان.
٢٥ خوداوەند ئاوای فەرموو: ئەگەر پەیمانی خۆم لەگەڵ ڕۆژ و
شەو فەرزەکانی ئاسمان و زەوی دانەنا. ٢٦ ئەوسا نەوەی
یاقوب و داودی خزمەتکارم ڕەتدەکەمەوە و لە نەوەکەی ئەو
فەرمانڕەوایان بەسەر نەوەی ئیبراهیم و ئیسحاق و یاقوبەوە
دانانێم چونکە من ڕاپێچەکەیان دەگەڕێنمەوە و بەزەیم پێیان
دێتەوە.

# ٣٤

١ ئەو وشەیەی لەلایەن خوداوەندەوە بۆ یەرمیا هات، کاتێ
نەبوخوزنەسری پاشای بابل و هەموو سوپاکەی و هەموو
پاشایەتییەکانی ئەو زەوییانەی لەژێردەستی فەرمانڕەوایی
ئەودا بوون و هەموو گەلان جەنگیان بوو دژ بە ئۆرشەلیم و
هەموو شارەکانی، فەرمووی: ٢ خوداوەند خودای ئیسڕائیل
ئاوای فەرموو: بڕۆ قسە لەگەڵ سدقیای پاشای یەهوزا بکە و
پێی بڵێ: خوداوەند ئاوای فەرموو: ئەوەتا من ئەم شارە دەدەم
بەدەست پاشای بابلەوە و بە ئاگر دەیسووتێنێت. ٣ تۆش لە
دەستی دەرباز نابیت، بەڵکو بەگرتن دەگیرێیت و و دەدرێیتە
دەستی ئەوەوە و چاوەکانت چاوەکانی پاشای بابل دەبینێت و
ڕووبەڕوو لەگەڵت قسە دەکات و بۆ بابل دەچیت ٤ . بەڵام
گوێ لە وشەی خوداوەند بگرە ئەی سدقیای پاشای یەهوزا،
خوداوەند ئاوای فەرموو سەبارەت بە تۆ: بە شمشێر نامریت.
٥ وەك سووتاندنی بخور بۆ باووباپیرانت، پاشاکانی یەکەم،
ئەوانەی لە پێش تۆ بوون، ئاوا لاشەکەت بخوری بۆ دەسوتێنی
و بە گەوڕەم ڕۆ! بۆت دەلاوێننەوە، چونکە وشەیەکە من
فەرمووم. خوداوەند ڕایگەیاند.
٦ جا یەرمیای پێغەمبەر لە ئۆرشەلیم، هەموو ئەم قسانەی بە
سدقیای پاشای یەهوزا وت. ٧ سوپاکەی پاشای بابلیش کەوتە
جەنگەوە دژ بە ئۆرشەلیم و دژ بە هەموو شارەکانی تری
یەهوزا کە مابوونەوە، دژ بە لەخیش و دژ بە عەزیقە، چونکە
ئەمانە لە شارەکانی یەهوزادا وەك شاری قەڵابەند مابوونەوە.
٨ ئەو وشەیەی لەلایەن خوداوەندەوە بۆ یەرمیا هات، دوای
ئەوەی سدقیا پاشا پەیمانی لەگەڵ هەموو گەل بەست کە لە
ئۆرشەلیم بوون بۆ ڕاگەیاندنی ئازادی. ٩ هەرکەسە کۆیلە
عیبرانییەکەی و کەنیزە عیبرانییەکە خۆی ئازاد بکات، تا کەس
ئەو براو خوشکە جوولەکەیەی نەکات بە کۆیلە. ١٠ کاتێ
میرەکان و هەموو گەل ئەوانەی هاتنە ناو پەیمانەکەوە بیستیان
کە هەرکەسە و دەبێت کۆیلە و کەنیزەکەی خۆی ئازاد بکات و
ئیتر کەس نەیانکات بە کۆیلە، گوێڕایەڵ بوون و بەڕەڵایان
کردن. ١١ بەڵام پاشان گەڕانەوە و ئەو کۆیلە و کەنیزانەی
ئازادیان کردبوون، جارێکی تر کردیاننەوە بە کۆیلە و کەنیزە.
١٢ ئینجا وشەی خوداوەند لەلایەن خوداوەندەوە بۆ یەرمیا هات
و فەرمووی: ١٣ خوداوەند خودای ئیسڕائیل ئاوای فەرموو: من
لەگەڵ باووباپیرانتان پەیمانم بەست، ئەو ڕۆژەی لە خاکی
میسرەوە دەرمهێنان لە ماڵی کویلایەتیەوە، فەرمووم: ١٤ لە
کۆتایی حەوت ساڵدا هەرکەسە و برا عیبرانییەکەی کە پێت
فرۆشراوە و شەش ساڵ خزمەتی کردوویت، دەبێت بە ئازادانە
بەڕەڵای بکەیت، بەڵام باوکانتان گوێیان لێ نەگرتم و گوێیان
شل نەکرد. ١٥ ئەمڕۆ ئێوە گەڕانەوە و ئەوەی لەبەرچاوی مندا
ڕاست بوو کردتان، کاتێ گەردن ئازایتان ڕاگەیاند هەرکەسە
بۆ براکی و لەو ماڵەی بە ناوی منەوە ناونراوە، پەیمانتان
بەست ١٦ . بەڵام پاشان گەڕانەوە و ناوی منتان گڵاوکرد و
هەرکەسە کۆیلەکەی و کەنیزەکەی کە بەڕەڵاتان کردبوون بۆ
گیانی خۆیان ئازاد بن، گەڕانتاننەوە و ژێردەستەتان کردنەوە
تا بۆتان ببنەوە بە کۆیلە و کەنیزە.
١٧ بۆیە خوداوەند ئاوای فەرموو: ئێوە گوێتان لە من نەگرت تا
هەرکەسە بۆ براکەی و بۆ برادەرەکەی گەردن ئازایی

ڕابگەیەنن، بۆیە ئەوەتا من گەردن ئازایتان بۆ شمشێر و دەرد
و برسێتی ڕادەگەیەنم و دەتانکەم بە مایەی دڵەڕاوکێ بۆ هەموو
پاشایەتیەکانی سەر زەوی. ١٨ ئەو کەسانەی کە سەرپێچی
پەیمانەکەی منیان کرد، ئەوانەی وشەکانی ئەو پەیمانەیان
جێبەجێ نەکرد کە لەبەردەم من بەستیان، ئەو گوێرەکەیەی کە
دوو لەتیان کرد و بە ناو دوو لەتەکەیدا تێپەڕین، ١٩ میرەکانی
یەهوزا و میرەکانی ئۆرشەلیم و کاربەدەستان و کاهینەکان و
هەموو گەلی خاکەکە، ئەوانەی بەناو دوو لەتی گوێرەکەکەدا
تێپەڕین. ٢٠ دەیاندەمە دەست دوژمنانیان و ئەوانەی داوای
گیانیان دەکەن و لاشەکانیان دەبێت بە خۆراکی باڵندی ئاسمان
و گیانلەبەرانی سەر زەوی. ٢١ سدقیای پاشای یەهوزا و
میرەکانیشی دەدەمە دەست دوژمنانیان و دەست ئەوانەی داوای
گیانیان دەکەن و بە دەست سوپاکەی پاشای بابل، ئەوانەی لە
کۆڵتان بوونەوە. ٢٢ ئەوەتا من فەرمان دەدەم، خوداوەند
ڕایگەیاند، جا دەیانگەڕێنمەوە بۆ ئەم شارە و دژی دەجەنگێن
و دەیگرن و بە ئاگر دەیسووتێنن، شارەکانی یەهوزاش دەکەم
بە وێرانەی بێئاوەدانی.

## ٣٥

١ ئەو وشەیەی لەلایەن خوداوەندەوە بۆ یەرمیا هات لە ڕۆژانی
یهویاقیمی کوڕی یوشییای پاشای یەهوزا، فەرمووی: ٢ بڕۆ بۆ
ماڵی ڕەکابییەکان و قسەیان لەگەڵدا بکە و بیانهێنە بۆ ماڵی
خوداوەند و بیانبە ژوورەوە بۆ یەکێك لە ژوورەکان و مەییان
دەرخوارد بدە.
٣ منیش یازەنیای کوڕی یەرمیای کوڕی خەبەچەنیا و براکانی
و هەموو کوڕەکانی و هەموو بنەماڵەی ڕەکابییەکانم برد و
٤ هێنایانم بۆ ماڵی خوداوەند، بۆ ژوورەکەی نەوەکانی خانانی
کوڕی یەگدلیای پیاوی خودا، ئەوەی لەتەنیشت ژووری
میرەکانە لەسەر ژوورەکەی مەعەسیای کوڕی شەلوم کە
پاسەوانی دەرگاکەیە. ٥ لەپێش کوڕانی بنەماڵەی ڕەکابییەکان
جامی پڕ مەی و پەرداخم دانا و پێم وتن: مەی بخۆنەوە!
٦ ئەوانیش وتیان: مەی ناخۆینەوە، چونکە یۆنادابی کوڕی
ڕەکەبی باپیرمان، فەرمانی پێکردووین و وتوویەتی: نە خۆتان
و نە کوڕەکانتان بۆ هەتاهەتایە مەی مەخۆنەوە. ٧ خانووش
بنیادمەنێن و کشتوکاڵیش مەکەن و ڕەزیش مەچێنن و نەتانبێت،
بەڵکو چادرنشین بن هەموو ڕۆژانتان، بۆ ئەوەی ڕۆژانێکی
زۆر بژین لەسەر ڕووی ئەم زەوییەی ئێوە تێیدا غەریبن.
٨ ئێمەش گوێ لە قسەکەی یۆنادابی کوڕی ڕەکەبی باوکمان
دەگرین ، لە هەموو ئەوەی فەرمانی پێکردووین و لە هەموو
ئەو ڕۆژانەدا نە خۆمان و نە ژنەکانمان و نە کوڕەکانمان مەی
ناخۆینەوە و ٩ خانووش بنیادنانێین بۆ نیشتەجێ بوونمان و ڕەز
و کێڵگە و کشتوکاڵیشمان نابێت و ١٠ چادرنشینین و هەموو
ئەوەی یۆنادابی باوکمان فەرمانی پێکردووین گوێی لێدەگرین
و دەیکەین ١١ بەڵام ئەوە بوو لەگەڵ هەڵکوتانی
نەبوخوزنەسری پاشای بابل بۆسەر ئەم خاکە، ئێمەش وتمان،
با لە ڕووی سوپای کلدانییەکان و لە ڕووی سوپای ئارام بچینە
ناو ئۆرشەلیمەوە، جا لە ئۆرشەلیم نیشتەجێ بووین.
١٢ ئینجا وشەی خوداوەند بۆ یەرمیا هات و فەرمووی:
١٣ خوداوەندی سوپاسالار خودای ئیسڕائیل ئاوای فەرموو،
بڕۆ بە پیاوانی یەهوزا و دانیشتووانی ئۆرشەلیم بڵێ: ئایا ئێوە
تەمبێ خواردوو نابن، بۆ ئەوەی گوێ لە وشەکانم بگرن؟
خوداوەند ڕایگەیاند. ١٤ قسەکەی یۆنادابی کوڕی ڕەکەب
جێبەجێ کرا، کە فەرمانی بە کوڕەکانی کردبوو مەی
نەخۆنەوە، جا تا ئەمڕۆش نەیانخواردووەتەوە، چونکە
گوێڕایەڵی فەرمانەکەی باوکیان بوون، منیش زووبەزوو و بە
قسەکردن قسەم لەگەڵتان کرد، بەڵام ئێوە گوێتان لە من نەگرت.
١٥ هەموو پێغەمبەرە خزمەتکارەکانی خۆم بۆتان نارد،
زووبەزوو و نێردراو، تا بڵێن: تکایە هەریەکەو لە ڕێگا
خراپەکانتان بگەڕێنەوە و کردەوەکانتان چاك بکەنەوە، دوای
خوداکانی تر مەکەون بۆ خزمەتکردنیان و بگەڕێنەوە بۆ ئەو
خاکەی بە خۆتان و باووباپیرانتانم داوە، بەڵام ئێوە گوێتان
پێنەدام و گوێتان لێنەگرتم. ١٦ لە کاتێکدا کوڕەکانی یۆنادابی
کوڕی رەکەب فەرمانەکەی باوکیان بەجێگەیاند کە فەرمانی
پێکردن، بەڵام ئەم گەلە گوێی لە من نەگرت.
١٧ بۆیە خوداوەند خودای سوپاسالار خودای ئیسڕائیل ئاوای
فەرموو: ئەوەتا من هەموو ئەو خراپەیە بەسەر یەهوزا و
دانیشتووانی ئۆرشەلیم دەهێنم کە سەبارەت بەوان
فەرمووبووم. لەبەر ئەوەی قسەم لەگەڵ کردن و گوێیان لێ
نەگرتم و بانگیانم کرد و وەڵامیان نەدامەوە.
١٨ یەرمیا بە بنەماڵەی ڕەکابییەکانی وت: خوداوەندی
سوپاسالار خودای ئیسڕائیل ئاوای فەرموو: لەبەر ئەوەی
گوێتان لە فەرمانەکەی یۆنادابی باوکتان گرت، هەموو
فەرمانەکانی ئەوتان پاراست و هەموو ئەوەتان کرد کە
فەرمانی پێ کردبوون ١٩ بۆیە خوداوەندی سوپاسالار خودای
ئیسڕائیل ئاوای فەرموو: پیاو نابڕێت لە یۆنادابی کوڕی
رەکەب بۆ ڕاوەستان لەبەردەمم بە درێژایی ڕۆژگار.

## ٣٦

١ لە ساڵی چوارەمی یهویاقیمی کوڕی یوشییای پاشای یەهوزا،
ئەم وشەیە لەلایەن خوداوەندەوە بۆ یەرمیا هات و فەرمووی:
٢ پەرتووکێك بۆ خۆت بهێنە و هەموو ئەو وشانەی کە پێم
فەرموویت سەبارەت بە ئیسڕائیل و یەهوزا و هەموو گەلان،
لە ڕۆژانی یوشییاوە تا ئەمڕۆ، هەمووی تێیدا بنووسەوە
٣ بەڵکو ماڵی یەهوزا گوێیان لە هەموو ئەو خراپەیە دەبێت کە
بەنیازم پێیانی بکەم، بۆ ئەوەی هەریەکەو لە ڕێگا خراپەکانی
خۆی بگەڕێتەوە و منیش لە تاوان و گوناهەکانیان خۆشبم.
٤ یەرمیاش بارۆخی کوڕی نێریای بانگ کرد و بارۆخیش
لەبەردەم یەرمیا هەموو وشەکانی خوداوەند کە قسەی لەگەڵیدا
پێ کردبوو، لەناو پەرتووکێکدا نووسییەوە. ٥ یەرمیا فەرمانی
بە بارۆخ کرد و وتی: من بەندم و ناتوانم بچمە ناو ماڵی
خوداوەندەوە ٦ جا تۆ بڕۆ ناو ماڵی خوداوەندەوە و وشەکانی
خوداوەند ئەوەی لەبەردەمم لە پەرتووکەکەدا نووسیتەوە، لە
ڕۆژی ڕۆژووگرتن لەگوێی ئەم گەلە هەروەها لە گوێی
هەموو یەهوزا ئەوانەی لە شارەکانی خۆیانەوە دێن، بخوێنەوە.
٧ بەڵکو پاڕانەوەکانیان دەکەوێتە بەردەم خوداوەند و هەریەکە
لە ڕێگا خراپەکانی خۆیان بگەڕێنەوە. چونکە گەورەیە ئەو
تووڕەیی و ڕقەی خوداوەند سەبارەت بەم گەلە فەرموویەتی.
٨ بارۆخی کوڕی نێریاش هەموو ئەوەی کرد کە یەرمیای
پێغەمبەر فەرمانی پێکرد. بەوەی لە ماڵی خوداوەنددا لە
پەرتووکی وشەکانی خوداوەندی خوێندەوە.
٩ ئەوە بوو لە ساڵی پێنجەمی یهویاقیمی کوڕی یوشییای پاشای
یەهوزا، لە مانگی نۆدا، هەموو گەل لە ئۆرشەلیمدا بانگەوازی
ڕۆژووگرتنیان دا و لەگەڵ هەموو ئەو گەلەی لە شارەکانی
یەهوزاوە بۆ ئۆرشەلیم هاتبوون. ١٠ بارۆخیش لە
پەرتووکەکەدا وشەکانی یەرمیای خوێندەوە لە ماڵی خوداوەند
لە ژوورەکەی گەمەریای کوڕی شافانی نووسەر لە حەوشەکەی
سەرەوە لەلای دەروازە نوێیەکەی ماڵی خوداوەند، لە گوێی
هەموو گەلدا. ١١ کاتێ میخایای کوڕی گەمەریای کوڕی شافان

هەموو وشەکانی خوداوەندی لە پەرتووکەکەوە بیست.
١٢ دابەزی بۆ ماڵی پاشا بۆ ژوورەکەی نووسەر و بینی ئەوەتا
هەموو میرەکان لەوێ دانیشتوون، ئەلیشاماعی نووسەر و
دەلایای کوڕی شەمەعیا و ئەلناسانی کوڕی عەکەبۆر و
گەمەریای کوڕی شافان و سدقیای کوڕی خەنەنیا و هەموو
میرەکان. ١٣ میخایاش هەموو ئەو قسانەی پێ ڕاگەیاندن کە
بیستبووی، کاتێ بارۆخ پەرتووکەکەی لە گوێی گەلدا
دەخوێندەوە.
١٤ جا هەموو میرەکان یەهودی کوڕی نەتەنیاهوی کوڕی
شلەمیاهوی کوڕی کوشیان نارد بەدوای بارۆخدا و وتیان: ئەو
پەرتووکەی تێیدا لێخوێندەوە لە گوێی ئەم گەلە، لەگەڵ دەستت
هەڵیبگرە و وەرە. بارۆخی کوڕی نیریاش پەرتووکەکەی
لەگەڵ دەستی هەڵگرت و هات بۆ لایان. ١٥ پێیان وت: ئێستا
دانیشە و لە گوێماندا بیخوێنەوە. بارۆخیش لە گوێیاندا
خوێندیەوە. ١٦ کاتێ گوێیان لە هەموو ئەو وشانە بوو، بە
ترسەوە تەماشای یەکتریان کرد و بە بارۆخیان وت: تەواوی
هەموو ئەم وشانە بە پاشا ڕادەگەیەنین .١٧ ئینجا لە بارۆخیان
پرسی و وتیان: ئێستا پێمان بڵێ چۆن هەموو ئەم وشانەت لە
دەمیەوە نووسی؟ ١٨ بارۆخیش پێی وتن: لە دەمی خۆی هەموو
ئەم وشانەی بۆ دەخوێندمەوە و منیش بە مەرەکەب لە
پەرتووکەکەدا دەمنووسیەوە. ١٩ ئینجا میرەکان بە بارۆخیان
وت: بڕۆ خۆت و یەرمیا خۆتان بشارنەوە و با کەس نەزانێت
لەکوێن.
٢٠ پاشان چوونە لای پاشا بۆ حەوشەکە و پەرتووکەکەیان لە
ژوورەکەی ئەلیشاماعی نووسەر دانا و هەموو ئەو وشانەیان
لە گوێی پاشادا ڕاگەیاند ٢١ پاشا یەهودی نارد بۆ ئەوەی
پەرتووکەکە بهێنێت و ئەویش لە ژوورەکەی ئەلیشامەعەوە
پەرتووکەکەی هێنا و یەهودی خوێندیەوە لە گوێی پاشا و لە
گوێی هەموو ئەو میرانەی لای پاشا وەستابوون. ٢٢ پاشاش لە
مانگی نۆدا لە ماڵی زستانە دانیشتبوو و ئاگردانێکیش
لەبەردەمی داگیرسابوو. ٢٣ کاتێ یەهودی سێ چوار ستوونی
خوێندەوە، پاشا بە قەڵەم بڕی نووسەرەکە پارچەپارچەی کرد
و فڕێیدایە ناو ئاگری ئاگردانەکەوە تا هەموو پەرتووکەکە
لەناو ئاگری ئاگردانەکە بەتەواوی فەوتا. ٢٤ جا نە پاشا و نەهیچ
یەکێك لە خزمەتکارەکانی کە گوێیان لە هەموو ئەو وشانە بوو،
نەترسان و جلەکانی بەریان دانە دڕی ٢٥ هەروەها ئەلناسان و
دەلایا و گەمەریا تکایان لە پاشا کرد پەرتووکەکە نەسووتێنێت،
بەڵام ئەو گوێی لێ نەگرتن. ٢٦ بەڵکو پاشا فەرمانی دا بە
یەرخەمئێلی کوڕی پاشا و سەرایای کوڕی عەزەرئێل و
شەمەلیای کوڕی عەبەدئێل بۆ گرتنی بارۆخی نووسەر و
یەرمیای پێغەمبەر، بەڵام خوداوەند ئەوانی شاردەوە. ٢٧ دوای
ئەوەی پاشا پەرتووکەکە و ئەو وشانەی کە بارۆخ لە دەمی
یەرمیاوە نووسی، سووتاندی، وشەی خوداوەند بۆ یەرمیا هات
و فەرمووی: ٢٨ بگەڕێوە و پەرتووکێکی تر بۆ خۆت ببە و
هەموو ئەو وشانەی یەکەمجاری تیادا بنووسە کە لەناو
پەرتووکەکەی یەکەمجار بوو، ئەوەی یهویاقیمی پاشای
یەهوزا سووتاندی. ٢٩ سەبارەت بە یهویاقیم ی پاشای
یەهوزاش بڵێ: خوداوەند ئاوای فەرموو: تۆ ئەو پەرتووکەت
سووتاند و وتت: بۆچی تیایدا نووسیت و وتت، بێ گومان
پاشای بابل دێت و ئەم خاکە دەفەوتێنێت و مرۆڤ و ئاژەڵی
تیادا قڕ دەکات. ٣٠ بۆیە خوداوەند لەبارەی یهویاقیمی پاشای
یەهوزاوە ئاوای فەرموو: کەسی نابێت لەسەر تەختی داود بۆی
دانیشێت و لاشەکەی فڕێدەدرێت بەر گەرمای ڕۆژ و سەرمای
شەو. ٣١ سزای خۆی و توخم و خزمەتکارەکانی دەدەم لەسەر
تاوانەکانیان، هەموو ئەو خراپەیەی پێیانم وت و گوێیان لێ
نەگرت، بەسەر خۆیان و دانیشتووانی ئۆرشەلیم و پیاوانی
یەهوزای دەهێنم.

٣٢ ئینجا یەرمیا پەرتووکێکی تری برد و دای بە بارۆخی کوڕی
نیرییای نووسەر و ئەویش لە دەمی یەرمیاوە هەموو وشەکانی
ئەو پەرتووکەی نووسییەوە کە یهویاقیمی پاشای یەهوزا بە
ئاگر سووتاندی، هەروەها وشەی زۆری لەو جۆرەشی بۆ
زیادکرد.

# ٣٧

١ ئینجا سدقیا پاشا لە جێی کنیاهوی کوڕی یهویاقیم بوو بە
پاشا، ئەوەی نەبوخوزنەسری پاشای بابل لە خاکی یەهوزادا
کردی بە پاشا. ٢ بەڵام نە خۆی و نە خزمەتکارەکانی گوێیان لە
وشەکانی خوداوەند نەگرت کە لەسەر زمانی یەرمیای
پێغەمبەرەوە فەرمووی.
٣ جا سدقیا پاشا یەهوخەلی کوڕی شەلەمیا و چفەنیای کوڕی
مەعەسیای کاهینی نارد بۆ لای یەرمیای پێغەمبەر و وتی:
تکایە لە پێناوی ئێمە نوێژ بۆ خوداوەندی خودامان بکە.
٤ یەرمیاش هاتوچۆی ناو خەڵکی دەکرد، چونکە هێشتا
نەخرابووە بەندینخانەوە. ٥ سوپاکەی فیرعەونیش لە میسرەوە
دەرچوو بوو و کاتێ کلدانییەکان کە گەمارۆی ئۆرشەلیمیان
دابوو، هەواڵی ئەوانیان بیست، لە ئۆرشەلیم کشانەوە. ٦ ئینجا
وشەی خوداوەند بۆ یەرمیای پێغەمبەر هات و فەرمووی:
٧ خوداوەند خودای ئیسرائیل ئاوای فەرموو: ئاوا بە پاشای
یەهوزا دەڵێن کە ئێوەی ناردووە بۆلام تا پرسیارم لێ بکات،
ئەوەتا سوپاکەی فیرعەون کە بۆ یارمەتیتان دەرچوو، بۆ
خاکەکەی خۆی بۆ میسر دەگەڕێتەوە، ٨ کلدانییەکانیش
دەگەڕێنەوە و شەڕ لەگەڵ ئەم شارە دەکەن و دەیگرن و بە ئاگر
دەیسووتێنن. ٩ خوداوەند ئاوای فەرموو: خۆتان مەخڵەتێنن و
بڵێن: کلدانییەکان بەتەواوی لەسەرمان دەڕۆن، چونکە ناڕۆن.
١٠ چونکە ئەگەر لە هەموو سوپای کلدانییەکانیش بدەن،
ئەوانەی دژتان دەجەنگێن و تەنها چەند پیاوێکی برینداریان لێ
بمێنێتەوە، ئەوا هەریەکە لە چادرەکەی خۆیان هەڵدەستنەوە و
ئەم شارە بە ئاگر دەسووتێنن.
١١ کاتێ سوپای کلدانییەکان لە ئۆرشەلیم کشانەوە لە ڕووی
سوپاکەی فیرعەون، ١٢ یەرمیاش لە ئۆرشەلیمەوە دەرچوو بۆ
ئەوەی بۆ خاکی بنیامین بڕوات و تا لەوێ لەناو گەل بەشی
خۆی لە زەوی وەرگرێت. ١٣ کە گەیشتە ناو دەروازەی
بنیامین، سەرکارێکی پاسەوانان هەبوو لەوێ ناوی یرئیای
کوڕی شەلەمیای کوڕی خەنەنیا بوو، یەرمیای پێغەمبەری
گرت و وتی: تۆ دەچیتە پاڵ کلدانییەکان! ١٤ یەرمیاش وتی:
درۆیە! کوا من چوومەتە پاڵ کلدانییەکان؟ بەڵام ئەو گوێی لێ
نەگرت، جا یرئیا یەرمیای گرت و هێنای بۆلای میرەکان
١٥ . میرەکانیش لە یەرمیا تووڕەبوون و لێیان دا و فڕێیاندایە
بەندینخانەوە لە ماڵی یوناسانی نووسەر، چونکە ئەوێیان
کردبوو بە بەندینخانە. ١٦ یەرمیا چووە ناو بەندینخانە
ژێرزەمینەکە و ئینجا بۆ ناو خانەکان و ڕۆژانێکی زۆر لەوێ
مایەوە.
١٧ ئینجا سدقیا پاشا ناردی و لەوێ دەریانهێنا و پاشا لە ماڵەکەی
خۆی بە دزیەوە پرسیاری لێکرد و وتی: ئایا وشە لەلای
خوداوەندەوە هەیە؟ یەرمیاش وتی: هەیە. ئینجا وتی: دەدرێیتە
دەست پاشای بابلەوە.
١٨ هەروەها یەرمیا بە سدقیا پاشای وت: گوناهی من چییە
دەرهەق بە تۆ و خزمەتکارەکانت و ئەم گەلە تا بمخەنە
بەندینخانەوە؟ ١٩ ئەی کوا پێغەمبەرەکانتان ئەوانەی پێشبینیان
بۆ کردیت و وتیان: پاشای بابل نایەتە سەر ئێوە و ئەم خاکە؟
٢٠ ئێستاش تکایە پاشای گەورەم گوێبگرە، تکایە با پاڕانەوەم

بکەوێتە بەردەمت و مەمگەڕێنەوە بۆ ماڵەکەی یۆناسانی
نووسەر و با لەوێ نەمرم. ٢١ سدقیا پاشاش فەرمانی دا کە
یەرمیا بخرێتە حەوشەکەی بەندینخانەوە و ڕۆژی یەك نانی لە
بازاڕی نانەوایانەوە پێبدرێت تا بەتەواوی نان لە شارەکە
دەبڕێتەوە. یەرمیاش لە حەوشەی بەندینخانەکە مایەوە.

# ٣٨

١ ئینجا شەفەتیای کوڕی مەتان و گەدەلیای کوڕی فەشخوور و
یوخەلی کوڕی شەلەمیا و فەشخووری کوڕی مەلەکیا گوێیان
لەو قسانە بوو کە یەرمیا لەگەڵ گەل دەیکرد و دەیووت:
٢ خوداوەند ئاوای فەرموو: ئەوەی لەم شارەدا بمێنێتەوە بە
شمشێر و برسێتی و دەرد دەمرێت، بەڵام ئەوەی بچێتە دەرەوە
بۆ ناو کلدانییەکان دەژیت و گیانی دەبێت بە دەسکەوت بۆی و
دەژیت .٣ خوداوەند ئاوای فەرموو: ئەم شارە بە تەواوی
دەدرێتە دەست سوپاکەی پاشای بابل و دەیگرێت. ٤ جا میرەکان
بە پاشایان وت: تکایە با ئەم پیاوە بکوژرێت، لەبەر ئەوەی
دەستی جەنگاوەرەکان شل دەکاتەوە، ئەوانەی لەم شارەدا
ماونەتەوە، هەروەها دەستی هەموو گەل، کاتێ بەم وشانە
قسەیان لەگەڵ دەکات. چونکە ئەم پیاوە داوای ئاشتی بۆ ئەم
گەلە ناکات، بەڵکو خراپە. ٥ سدقیا پاشا وتی: ئەوەتا
لەبەردەستتانە، چونکە پاشا توانای هیچی نییە بەرامبەر بە
ئێوە. ٦ ئەوانیش یەرمیایان برد و فڕێیاندایە ناو بیرەکەی
مەلەکیای کوڕی پاشاوە ئەوەی لە حەوشەی بەندینخانەکەیە.
یەرمیایان بە گوریس شۆڕکردە خوارەوە، بیرەکەش ئاوی تیادا
نەبوو، بەڵکو قوڕ. جا یەرمیا چەقییە ناو قوڕەکە.
٧ کاتێ عەبەد مەلیکی کوشی کە خەساو بوو، لە ماڵی پاشا
بیستی کە یەرمیایان فڕێداوەتە ناو بیرەکەوە، پاشاش لە
دەروازەی بنیامین دانیشتبوو، ٨ عەبەد مەلیك لە ماڵی پاشاوە
دەرچوو و لەگەڵ پاشا قسەی کرد و وتی: ٩ پاشای گەورەم ئەم
پیاوانە خراپیان کرد لە هەموو ئەوەی بە یەرمیای پێغەمبەریان
کرد، ئەوانەی فڕێیانداوەتە ناو بیرەکەوە، چونکە ئەو لە
شوێنەکەی خۆی لەبرسان دەمرێت، چونەکە نان لە شار
نەماوە. ١٠ پاشاش فەرمانی بە عەبەد مەلیکی کوشی کرد و
وتی: لێرەوە سی پیاو لەگەڵ خۆت ببە و یەرمیای پێغەمبەر لە
بیرەکەوە دەربێنە تا نەمردووە.
١١ عەبەد ملیکیش پیاوەکانی لەگەڵ خۆی برد و چووە ناو ماڵی
پاشاوە بۆ ژێر عەمارەکە و لەوێ هەندێ پەڕۆوپاتاڵ و جلی
کۆنی هەڵگرت و بە گوریس شۆڕی کردەوە ناو بیرەکە بۆ
یەرمیا. ١٢ عەبەد مەلیکی کوشی بە یەرمیای وت: پەڕۆوپاتاڵ
و جلە کۆنەکان لەبن هەنگڵت لە ژێر گوریسەکەوە دابنێ.
یەرمیاش وای کرد. ١٣ ئینجا بە گوریس یەرمیایان هەڵکێشا و
لە بیرەکە دەریان کرد. جا یەرمیا لە حەوشەی بەندینخانەکە
مایەوە.
١٤ پاشان سدقیا پاشا ناردی و یەرمیا بۆ لای خۆی هێنا بۆ لای
دەرگاکەی سێیەم ئەوەی لە ماڵی خوداوەندە. ئینجا پاشا بە
یەرمیای وت: دەمەوێت پرسیاری شتێکت لێ بکەم هیچم لێ
مەشارەوە. ١٥ یەرمیاش بە سدقیای وت: ئەگەر پێت بڵێم،
بێگومان دەمکوژیت و ئەگەر ئامۆژگاریت بکەم گوێم لێ
ناگریت. ١٦ سدقیا پاشاش بەدزییەوە سوێندی بۆ یەرمیا خوارد
و وتی: بە گیانی خوداوەند کە ئەم گیانەی بۆ ئێمە دروست
کردووە، نە دەتکوژم و نەدەتدەمە دەست ئەوانەی گیانی تۆیان
دەوێت.
١٧ ئینجا یەرمیا بە سدقیای وت: خوداوەند خودای
سوپاسالارخودای ئیسرائیل ئاوای فەرموو: ئەگەر بچیتە
دەرەوە بۆ لای میرەکانی پاشای بابل، ئەوا گیانت بە زیندوویی
دەمێنێتەوە وئەم شارەش بە ئاگر ناسووتێت و خۆت و
ماڵەکەشت بە زیندووی دەمێننەوە. ١٨ بەڵام ئەگەر خۆت
نەدەیتە دەست میرەکانی پاشای بابلەوە، ئەوا ئەم شارە دەدرێتە
دەست کلدانییەکان و بە ئاگر دەیسووتێنن و تۆش لە دەستیان
دەرباز نابیت. ١٩ سدقیا پاشا بە یەرمیای وت: من لەو
جوولەکانە دەترسم چونەتە پاڵ کلدانییەکانەوە، نەوەك بمدەنە
دەستیانەوە و گاڵتەم پێ بکەن. ٢٠ یەرمیاش وتی: ناتدەنە
دەستەوە، گوێ لە دەنگی خوداوەند بگرە لەوەی من لەگەڵت
قسە دەکەم، جا چاك دەبێت بۆت و گیانت بە زیندوویی
دەمێنێتەوە. ٢١ ئەگەر ڕازیش نیت دەرچیت، ئەوا ئەمە ئەو
وشەیەی خوداوەندە کە خوداوەند پیشانیدام. ٢٢ ئەوەتا هەموو
ئەو ژنانەی ماونەتەوە لە ماڵەکەی پاشای یەهوزا، کاتێ
دەدرێنە دەست میرەکانی پاشای بابلەوە و دەڵێن:
ئەوانەی دۆستی تۆ بوون
فریویاندایت و زاڵ بوون بەسەرت
کاتێ پێیەکانت لەناو زەلکاو چەقین
بەجێیانهێشتی و هەڵهاتن.
٢٣ هەموو ژنەکانت و منداڵەکانیشت بۆلای کلدانییەکان
دەردەکرێن و تۆش لەدەستیان دەرباز نابیت، چونکە بە دەستی
پاشای بابل دەگیرێیت و ئەم شارەش بە ئاگر دەسووتێت.
٢٤ سدقیاش بە یەرمیای وت: با کەس ئەم قسانە نەزانێت و تۆش
نامریت. ٢٥ کاتێ میرەکان دەبیستن من قسەم لەگەڵ کردوویت،
دێنە لات و پێت دەڵێن: ئێستا پێمان بڵێ چیت بە پاشا وت و
لێمانی مەشارەوە و ئێمەش ناتکوژین، هەروەها پاشا چی بە تۆ
وت. ٢٦ تۆش پێیان دەڵێیت، پاڕانەوەی خۆم خستە بەردەم پاشا
تا نەمگەڕێنێتەوە بۆ ماڵی یۆناسا و لەوێ نەمرم. ٢٧ جا هەموو
میرەکان بۆ لای یەرمیا هاتن و لێیان پرسی، ئەویش بە گوێرەی
هەموو ئەو قسانەی پاشا فەرمانی پێی کرد، وەڵامی دانەوە.
ئیتر ئەوانیش لێی بێدەنگ بوون، چونکە ئەم شتە نەبیسترا.
٢٨ ئیتر یەرمیا تا ئەو ڕۆژەی ئۆرشەلیم گیرا لە حەوشەی
بەندینخانەکە مایەوە.

# ٣٩

١ لە ساڵی نۆیەمی سدقیای پاشای یەهوزا لە مانگی دەدا،
نەبوخوزنەسری پاشای بابل بە خۆی و هەموو سوپاکەیەوە
هاتنە ئۆرشەلیم و گەمارۆیان دا. ٢ لە ساڵی دوانزەیەمی سدقیا،
لە مانگی چواردا، لە نۆی مانگدا شارەکە کرایەوە. ٣ جا هەموو
میرەکانی پاشای بابل هاتن و لە دەروازەکەی ناوەڕاستدا
دانیشتن، نەرگەل سەرئاچەر، سەمگەر نبو، سەرسیخیم،
ڕابساریس، و ....و پاشماوەی میرەکانی پاشای بابل. ٤ کاتێ کە
سدقیای پاشای یەهوزا و هەموو جەنگاوەرەکان ئەوانیان بینی
هەڵهاتن و بە شەو لە شارەکە دەرچوون بە ڕێگای باخچەی
پاشا بە دەروازەکەی نێوان دوو دیوارەکە، جا بەرەو دەشتەکە
دەرچوو. ٥ سوپای کلدانییەکانیش دوایانکەوتن و لە
دەشتاییەکانی ئەریحا بە سدقیا گەیشتن و گرتیان و هێنایان بۆ
لای نەبوخوزنەسری پاشای بابل لە ڕەبلە لە خاکی حەمات،
ئەویش دادگایی کرد. ٦ ئینجا پاشای بابل لە ڕەبلە کوڕەکانی
سدقیای لەبەرچاوی کوشت، هەروەها پاشای بابل هەموو
پیاوماقوڵانی یەهوزاشی کوشت. ٧ پاشان هەردوو چاوی
سدقیای دەرهێنا و بە زنجیری مس بەستییەوە تا بۆ بابلی ببات.
٨ هەروەها کلدانییەکان ماڵی پاشا و ماڵەکانی خەڵکیان بە ئاگر
سووتاند و دیوارەکانی ئۆرشەلیمیان ڕوخاند. ٩ پاشماوەی
گەلیش کە لە شارەکە مابوونەوە و ئەوانەی ڕایانکردبوو بۆ

لای و پاشماوەی گەل کە مابوونەوە، نەبوزەرئادانی فەرماندەی
پاسەوانانی پاشا بۆ بابل ڕاپێچی کردن ١٠ بەڵام هەندێ لەو
خەڵکە هەژارەی هیچیان نەبوو، نەبوزەرئادانی فەرماندەی
پاسەوانانی پاشا لە خاکی یەهوزا جێیهێشتن و لەو ڕۆژەدا ڕەز
و کێڵگەی پێدان.
١١ نەبوخوزنەسری پاشای بابل لەبارەی یەرمیاوە فەرمانی بە
نەبوزەرئادانی فەرماندەی پاسەوانانی پاشای کرد و وتی:
١٢ بیبە و با چاوت لەسەری بێت و هیچ شتێکی خراپی لەگەڵ
مەکە، بەڵکو ئەوەی پێت دەڵێت ئاوای بۆ بکە. ١٣ نەبوزەرئادانی
فەرماندەی پاسەوانانی پاشاش نەبوشەزبانی ڕاب سەریس و
نەرگەل سەرئاچەری ڕاب مەگ و هەموو میرەکانی پاشای
بابل نارد، ١٤ ناردیان و یەرمیایان لە حەوشەی بەندینخانەکە
دەرهێنا و دایانە دەست گەدەلیای کوڕی ئەخیقامی کوڕی شافان
بۆ ئەوەی بیباتەماڵەوە تا لەناو گەلدا بژیت.
١٥ کاتێ یەرمیا لە حەوشەی بەندینخانەکە گیرابوو، وشەی
خوداوەندی بۆ هات و فەرمووی: ١٦ بڕۆ و بە عەبەد مەلیکی
کوشی بڵێ: خوداوەند خودای ئیسرائیل ئاوای فەرموو: ئەوەتا
من وشەکانی خۆم بەسەر ئەم شارەدا دەهێنم بۆ خراپە نەك بۆ
چاکە، جا لەو ڕۆژەدا لەبەردەمت ڕوودەدات. ١٧ بەڵام لەو
ڕۆژەدا تۆ ڕزگار دەکەم و نادرێیتە دەست ئەوانەی لێیان
دەترسیت. ١٨ بەڵکو بێگومان دەربازت دەکەم و بە شمشێر
ناکەویت و گیانت دەبێت بە دەستکەوت بۆت، چونکە پشتت بە
من بەست. خوداوەند ڕایگەیاند.

## ٤٠

١ ئەو وشەیەی لەلایەن خوداوەندەوە بۆ یەرمیا هات، پاش
ئەوەی نەبوزەرئادانی فەرماندەی پاسەوانانی پاشا لە ڕامە
یەرمیای بەڕەڵا کرد، کاتێ بە زنجیر بەندکرابوو و لەناو
هەموو ڕاپێچەکەی ئۆرشەلیم و یەهوزاوە کە بۆ بابل ڕاپێچ
کران، یەرمیای برد ٢ فەرماندەی پاسەوانانی پاشا یەرمیای برد
و پێی وت: خوداوەند خودات ئەم خراپەیەی فەرموو سەبارەت
بەم شوێنە. ٣ جا خوداوەند هێنای و کردی، هەر وەك
فەرمووی، چونکە گوناهتان کرد دژ بە خوداوەند و گوێتان
لەدەنگی نەگرت، جا ئەم شتەتان بەسەر هات. ٤ ئێستاش ئەوەتا
من بەڕەڵات دەکەم لەو سندمانەی بەدەستەوەیە، جا ئەگەر پێت
باشە لەگەڵم بۆ بابل بێیت، وەرە و منیش چاوم لێت دەبێت
ئەگەریش بەلاتەوە خراپە لەگەڵم بۆ بابل بێیت، مەیە. تەماشاکە
هەموو خاکەکە لەبەردەمتە، جا کوێت پێ باشە و ڕاستە بۆی
بڕۆیت، بۆ ئەوێ بڕۆ. ٥ بەڵام هێشتا یەرمیا نەگەڕابووەوە،
نەبوزەرادان وتی: بگەڕێوە لای گەدەلیای کوڕی ئەخیقام
کوڕی شافان، ئەوەی پاشای بابل بەسەر شارەکانی یەهوزاوە
دایناوە، لەلای بمێنەوە لەناو خەڵکەکە، ئینجا لەوێوە بۆ
هەرکوێ پێت باشە و ڕاستە بڕۆ. پاشان فەرماندەی پاسەوانانی
پاشا تویێژ و دیارییەکی پێی دا و بەڕەڵای کرد. ٦ یەرمیاش هات
بۆ لای گەدەلیای کوڕی ئەخیقام بۆ میچفات و لەلای مایەوە
لەناو ئەو خەڵکەی لە خاکەکەدا مابوونەوە.
٧ کاتێ هەموو سەرۆك سوپاکان، ئەوانەی لە کێڵگەکان بوون
خۆیان و پیاوەکانیان بیستیان کە پاشای بابل گەدەلیای کوڕی
ئەخیقامی لەسەر خاکەکە داناوە و کردوویەتی بە
سەرپەرشتیاری ئەو پیاو و ژن و منداڵ و ئەو هەژارانەی
خاکەکە کە بۆ بابل ڕاپێچ نەکران، ٨ هاتن بۆ لای گەدلیا بۆ
میچفات، ئیسماعیلی کوڕی نەسنیا و یۆخانان و یۆناسان
کوڕانی قاریخ و سەرایای کوڕی تەنخومەس و کوڕەکانی
عیفای نەتووفاتی و یزەنیای کوڕی مەعەکی، بە خۆیان و
پیاوەکانیانەوە. ٩ گەدەلیای کوڕی ئەخیقام کوڕی شافانیش
سوێندی بۆ خۆیان و پیاوەکانیان خوارد و وتی: مەترسن لەوەی
خزمەتی کلدانییەکان بکەن. لە خاکەکە نیشتەجێبن و خزمەتی
پاشای بابل بکەن، ئەویش لەگەڵتان باش دەبێت ١٠ منیش ئەوەتا
لە میچفات دادەنیشم تا لەبەردەم ئەو کلدانیانە بوەستم کە دێنە
لامان. بەڵام ئێوە مەی و هەنجیر و زەیت کۆبکەنەوە بیخەنە
ناو کۆڵەبارەکانتانەوە و لەو شارانەی گرتووتان نیشتەجێبن.
١١ هەروەها هەموو ئەو جوولەکانەی لە موئاب و لەناو نەوەی
عەمون و لە ئەدۆم و ئەوانەی لە هەموو خاکەکان بوون،
بیستیان کە پاشای بابل پاشماوەی بۆ یەهوزا هێشتووەتەوە و
گەدەلیای کوڕی ئەخیقامی کوڕی شافانی بەسەریانەوە داناوە
١٢ ٠ ئینجا هەموو جوولەکەکان لە هەموو ئەو شوێنانەی
پەرتەوازە بوون بۆی گەڕانەوە و هاتنەوە خاکی یەهوزا بۆ
لای گەدەلیا لە میچفات و مەی و هەنجیرێکی گەڵی زۆریان
کۆکردەوە.
١٣ ئینجا یۆخانانی کوڕی قاریخ و هەموو سەرۆك سوپاکان کە
لە کێڵگەکان بوون هات بۆ لای گەدەلیا بۆ میچفات و ١٤ پێیان
وت: ئایا تۆ دەزانیت کە بەعلیسی پاشای نەوەی عەمون،
ئیسماعیلی کوڕی نەسنیای ناردووە تۆ بکوژێت؟ بەڵام گەدلیای
کوڕی ئەخیقام باوەڕی پێ نەکردن. ١٥ ئینجا یۆخانانی کوڕی
قاریخ بەدزییەوە لە میچفات قسەی لەگەڵ گەدەلیا کرد و وتی:
ڕێم بدە بچم ئیسماعیلی کوڕی نەسنیا بکوژم بێ ئەوەی هیچ
کەس پێی بزانێت بۆچی ئەو تۆ بکوژێ و هەموو ئەو
جوولەکانەی لەدەوری تۆ کۆبونەتەوە پەرتەوازەبن و
پاشماوەی یەهوزا لەناوبچێت؟ ١٦ گەدەلیای کوڕی ئەخیقامیش
بە یۆناخانی کوڕی قاریخی وت: ئەم شتە مەکە، چونکە تۆ
سەبارەت بە ئیسماعیل درۆ دەکەیت.

## ٤١

١ ئەوە بوو لە مانگی حەوتدا ئیسماعیلی کوڕی نەسنیای کوڕی
ئەلیشاماع کە لە توخمی شاهانە بوو، لەگەڵ گەورە پیاوانی پاشا
و دە پیاو لەگەڵی بۆ لای گەدەلیای کوڕی ئەخیقام بۆ میچفات
هاتن و لەوێ لە میچفات پێکەوە نانیان خوارد. ٢ ئینجا
ئیسماعیلی کوڕی نەسنیا لەگەڵ ئەو دە پیاوەی لەگەڵیدا بوون
هەستان و بە شمشێر لە گەدەلیای کوڕی شەخیقام کوڕی
شافانیان دا و کوشتیان، ئەوەی پاشای بابل کردی بە
سەرپەرشتیاری خاکەکە. ٣ هەموو ئەو جوولەکانەی لەگەڵی
بوون، لەگەڵ گەدەلیا بوون لە میچفات، هەروەها کلدانیەکان
ئەوانەی لەو ناوە بوون و جەنگاوەرەکانیش، ئیسماعیل
هەموویانی کوشت ٤ ٠ ئەوە بوو بۆ ڕۆژی دووەم کە گەدەلیای
کوشت، بێ ئەوەی کەس بزانێت، ٥ هەندێ پیاو لە شەکیم و لە
شیلوە و لە سامیرەوە هاتن، هەشتا پیاوی ڕیش تاشراو و جل
دادڕا و لەشی خۆیان بریندار کردبوو هاتن و قوربانی
پێشکەشکراو و بخووری سافیان بەدەستەوە بوو تا بیبەنە ناو
ماڵی خوداوەندەوە ٦ ٠ ئیسماعیلی کوڕی نەسنیاش دەرچوو بۆ
میچفات بۆ پێشوازیان، دەڕۆیی و دەگریا. کە پێیان گەیشت پێی
وتن: وەرن بۆ لای گەدەلیای کوڕی ئەخیقام. ٧ ٠ کاتێ گەیشتنە
ناوەڕاستی شارەکە، ئیسماعیلی کوڕی نەسنیا کوشتنی و
فڕێیدانە ناو بیرەکەوە، خۆی و ئەو پیاوانەی لەگەڵیدا بوون.
٨ بەڵام دە پیاویان تێدا بوو وتیان: مەمانکوژە، چونکە شتی
شاراوەمان لە کێڵگەدا هەیە، گەنم و جۆ و زەیت و هەنگوین.
جا ئیسماعیل دەستی گێڕایەوە و لەگەڵ براکانیان نەیکوشتن.
٩ ئەو بیرەی ئیسماعیل لاشەی هەموو ئەو پیاوانەی تێدا فڕێدا
کە بەهۆی گەدەلیاوە کوشتبوونی، ئەو بیرە بوو کە ئاسا پاشا لە

دژی بەعشای پاشای ئیسرائیل دروستی کردبوو، جا
ئیسماعیلی کوڕی نەسنیا بە کوژراوان پڕی کردەوە. ١٠ پاشان
ئیسماعیل هەموو پاشماوەی گەل کە لە میچفات بوون ڕاپێچی
کردن، کچەکانی پاشا و هەمو ئەو خەڵکەی لە میچفات مانەوە،
ئەوانەی نەبوزەرئادانی فەرماندەی پاسەوانانی پاشا، گەدەلیای
کوڕی ئەخیقامی بە سەرپەرشتیار بەسەریانەوە دانا،
ئیسماعیلی کوڕی نەسنیا ڕاپێچی کردن و ڕۆیشت تا بۆ لای
نەوەی عەممون بپەڕێتەوە.
١١ کاتێ یۆخانانی کوڕی قاریخ و هەموو ئەو سەرۆك
سوپایانەی لەگەڵیدا بوون، هەموو ئەو خراپەیەیان بیستەوە کە
ئیسماعیلی کوڕی نەسنیا کردبووی. ١٢ هەموو پیاوەکانیان برد
و چوون بۆ شەڕ کردن لەگەڵ ئیسماعیلی کوڕی نەسنیا، جا
لای ئاوە زۆرەکان ئەوەی لە گبعۆنە تووشی بوون. ١٣ کاتێ
هەموو گەل ئەوانەی لەگەڵ ئیسماعیل بوون، یۆخانانی کوڕی
قاریخیان بینی لەگەڵ هەموو سەرۆك سوپاکانیان ئەوانەی
لەگەڵیاندا بوون، دڵشادبوون. ١٤ جا هەموو ئەو گەلەی
ئیسماعیل لە میچفاتەوە ڕاپێچی کردبوون ڕوویان وەرگێڕا و
گەڕانەوە و چوون بۆ لای یۆخانانی کوڕی قاریخ. ١٥ بەڵام
ئیسماعیلی کوڕی نەسنیا، بە هەشت پیاوەوە لە ڕووی یۆخانان
ڕایانکرد و چون بۆ لای نەوەی عەمون. ١٦ ئینجا یۆخانانی
کوڕی قاریخ و هەموو سەرۆك سوپاکان کە لەگەڵیدا بوون
هەموو پاشماوەی گەلیان بردەوە کە خەڵکی میچفات بوون،
ئەوانەی لە ئیسماعیلی کوڕی نەسنیا وەریگرتنەوە، دوای
ئەوەی ئیسماعیل گەدەلیای کوڕی ئەخیقامی کوشت بوو،
جەنگاوەرە بەتواناکان و ژنان و منداڵان و کاربەدەستەکان
ئەوانەی لەلای گبعۆن وەریگرتنەوە. ١٧ جا چوون و لە گیروت
کموهام ئەوەی لە تەنیشت بەیتلەحمە نیشتەجێ بوون بۆئەوەی
بڕۆن و بچنە ناو میسرەوە. ١٨ لەبەر کلدانییەکان، چونکە لێیان
دەترسان لەبەر ئەوەی ئیسماعیلی کوڕی نەسنیا، گەدەلیای
کوڕی ئەخیقامی کوشتبوو ئەوەی پاشای بابل کردبووی بە
سەرپەشتیاری خاکەکە.

# ٤٢

١ ئینجا هەموو سەرۆك سوپاکان و یۆخانانی کوڕی قاریخ و
یزەنیای کوڕی هوشەعیا و هەموو گەل لە بچووکەوە تا گەورە
هاتنە پێش و ٢ بە یەرمیای پێغەمبەریان وت: تکایە! گوێ لە
پاڕانەوەمان بگرە و نوێژمان بۆ بکە خوداوەند خودات لە پێناو
هەموو ئەمانەی ماونەتەوە، چونکە کەم ماوینەتەوە لە زۆر،
هەروەك چاوەکانت دەمانبینێت. ٣ بەڵکو خوداوەند خودات
پێمان بڵێت، بە کام ڕێگادا بڕۆین و چی بکەین. ٤ یەرمیای
پێغەمبەریش پێی وتن: گوێم لێتان بوو، ئەوەتا من نوێژ بۆ
خوداوەند خوداتان دەکەم وەك قسەکەی خۆتان، جا خوداوەند
هەرچی وەڵام دانەوە پێتانی ڕادەگەیەنم، هیچتان لێ
ناشارمەوە. ٥ . ئەوانیش بە یەرمیایان وت: با خوداوەند لە
نێوانمان شایەتی ڕاست و دڵسۆز بێت، هەرچی خوداوەند
خودات بە دەستی تۆ بینێرێت بۆمان، ئاوا دەکەین. ٦ . چاك
بێت یان خراپ، ئێمە گوێ لە دەنگی خوداوەند خودات
دەگرین، ئەوەی ئێمە دەتنێرین بۆ لای، تا چاکەمان لەگەڵ بکات
ئەگەر گوێمان لە دەنگی خوداوەند خودامان گرت.
٧ ئەوە بوو دوای دە ڕۆژ، وشەی خوداوەند بۆ یەرمیا هات.
٨ ئەویش یۆخانانی کوڕی قاریخ و هەموو سەرۆك سوپاکانی
کە لەگەڵی بوون و هەموو گەل لە بچووکەوە تا گەورەی بانگ
کرد و ٩ پێی وتن: خوداوەند خودای ئیسرائیل ئەوی ئێوە منتان
نارد بۆ لای تا پاڕانەوەکەتان بخەمە بەردەمی ئاوای فەرموو:
١٠ ئەگەر لەم خاکە نیشتەجێ بن، من بنیادتان دەنێم و
ناتانڕوخێنم و دەتانچێنم و ڕیشەکێشتان ناکەم. چونکە پاشگەز
بوومەوە لەو خراپەیەی پێتانم کرد. ١١ لە پاشای بابل مەترسن
کە ئێوە لێی دەترسن، لێی مەترسن، خوداوەند ڕایگەیاند،
چونکە من لەگەڵتانم بۆئەوەی ڕزگارتان بکەم و فریاتان بکەوم
لە دەستی. ١٢ جا بەزەییم پێتاندا دێتەوە و بەزەیی پێتاندا دێتەوە
و بۆ خاکەکەی خۆتان دەتانگەڕێنێتەوە. ١٣ بەڵام گەر ئێوە بڵێن:
لەم خاکە نیشتەجێ نابین و گوێ نەگرن لە دەنگی خوداوەند
خوداتان، ١٤ بەڵکو بڵێن: نا! ئێمە بۆ خاکی میسر دەچین، لەوێ
شەڕ نابینین و دەنگی کەڕەنا نابیستین و برسی نان نابین و
لەوێ نیشتەجێ دەبین. ١٥ بۆیە ئێستا ئەی پاشماوەی یەهوزا
گوێ لە وشەی خوداوەند بگرن، خوداوەندی سوپاسالار
خودای ئیسرائیل ئاوای فەرموو: ئەگەر ڕووتان لە چوونە ناو
میسر بکەن و بچن لەوێ لە غەریبی بکەون، ١٦ ئەوە دەبێت،
ئەو شمشێرەی ئێوە لێی دەترسن لەوێ لە خاکی میسر پێتان
دەگات و ئەو برسێتییەی ئێوە لێی دەترسن دواتان دەکەوێت بۆ
ئەوێ بۆ میسر و لەوێ دەمرن. ١٧ جا هەموو ئەو پیاوانەی
ڕوویان لە چوونە ناو میسر کرد تا لەوێ لە غەریبی بکەون،
لەوێ بە شمشێر و بە برسێتی و بە دەرد دەمرن و کەسیان
نامێنێتەوە و دەرباز نابێت لەو خراپەیەی من بەسەریاندا
دەیهێنم. ١٨ چونکە خوداوەندی سوپاسالار خودای ئیسرائیل
ئاوای فەرموو: وەك چۆن تووڕەیی و ڕق بەسەر دانیشتوانی
ئۆرشەلیمدا ڕژا، ئاواش ڕقم بەسەرتاندا دەڕژێت کاتێ بچن بۆ
میسر، جا دەبن بە دوعا لێکردن و وێرانی و نەفرەت و ڕسوایی
و جارێکی تر ئەم شوێنە نابیننەوە.
١٩ ئەی پاشماوەی یەهوزا خوداوەند سەبارەت بە ئێوە قسەی
کرد، مەچنە ناو میسرەوە، باش بزانن کە من ئەمڕۆ ئاگادارم
کردنەوە. ٢٠ چونکە ئێوە خۆتان تووش کرد کاتێ منتان بۆ لای
خوداوەند خوداتان نارد و وتتان، نوێژمان بۆ بکە بۆ خوداوەند
خودامان و خوداوەند خودامان هەرچی بفەرمووێت، ئەوەمان
پێ ڕابگەیەنەوە و دەیکەین. ٢١ ئەوا من ئەمڕۆ بە ئێوەم
ڕاگەیاند، جا ئێوە گوێتان نەگرت نە لە دەنگی خوداوەند
خوداتان و نە لە هیچ شتێك لەوەی بەدەستی من بۆ ئێوەی نارد.
٢٢ جا ئێستا باش بزانن کە ئێوە لەو شوێنەی دەتانەوێ بۆی بچن
و لەوێ لە غەریبی بکەون، بە شمشێر و برسێتی و دەرد
دەمرن.

# ٤٣

١ کاتێ یەرمیا تەواو بوو لە قسەکردن لەگەڵ گەل بە هەموو
وشەکانی خوداوەند خودایان، هەموو ئەو شتانەی خوداوەند
خودایان ناردی تا پێیان بڵێت. ٢ . عەزەریای کوڕی هۆشەعیا
و یۆخانانی کوڕی قاریخ و هەموو پیاوە لووتبەرزەکان قسەیان
لەگەڵ یەرمیا کرد و وتیان: تۆ درۆ دەکەیت، خوداوەند
خودامان تۆی نەناردووە تا بڵێت، مەڕۆن بۆ میسر تا لەوێ لە
غەریبی بکەون. ٣ بەڵکو بارۆخی کوڕی نیرییا تۆی لە ئێمە
هانداوە تا بماندەیتە دەست کلدانییەکان بۆ ئەوەی بمانکوژن و
بەرەو بابل ڕاپێچمان بکەن. ٤ . جا یۆخانانی کوڕی قاریخ و
هەموو سەرۆك سوپاکان و هەموو گەل کەسیان گوێیان لە
دەنگی خوداوەند نەگرت تا لە خاکی یەهوزا ئۆقڕە بگرن.
٥ بەڵکو یۆخانانی کوڕی قاریخ و هەموو سەرۆك سوپاکان
هەموو پاشماوەی یەهوزایان برد، ئەوانەی لەناو ئەو
میللەتانەوە کە پەرتەوازە ببوون بۆ لایان، گەڕابوونەوە تا لە
خاکی یەهوزا بژین. ٦ پیاوان و ژنان و منداڵان و کچەکانی
پاشا و هەموو ئەوانەی کە نەبوزەرئادانی فەرماندەی

پاسەوانانی پاشا لەلای گەدەلیای کوڕی ئەخیقام کوڕی شافان
و یەرمیای پێغەمبەر و بارۆخی کوڕی نیرییا بەجێیهێشتبوون
٧ ٠ جا هاتن بۆ خاکی میسر، چونکە گوێیان لە دەنگی خوداوەند
نەگرت و هاتن تا تەخفەنخیس.
٨ ئینجا وشەی خوداوەند لە تەخفەنخیس بۆ یەرمیا هات و
فەرمووی: ٩ لەگەڵ دەستت هەندێ بەردی گەورە ببە و بیانخە
ژێر قوڕەوە لەو بەردڕێژەی لەبەردەرگای ماڵی فیرعەونە لە
تەخفەنخیس لەبەرچاوی پیاوانی یەهوزا و ١٠ پێیان بڵێ:
خوداوەندی سوپاسالار خودای ئیسڕائیل ئاوای فەرموو: ئەوەتا
من دەنێرم و نەبوخوزنەسری پاشای بابلی خزمەتکارم دەهێنم
و تەختەکەی لەسەر ئەم بەردانە دادەنێم کە چەقاندم و چەتری
تەختەکەی بەسەردا هەڵدەدات. ١١ جا دێت و لە خاکی میسر
دەدات، ئەوەی بۆ مردنە بۆ مردن و ئەوەی بۆ ڕاپێچە بۆ ڕاپێچ
و ئەوەی بۆ شمشێرە بۆ شمشێر. ١٢ ئینجا ئاگر بەردەداتە
ماڵەکانی خوداکانی میسرییەکان، جا دەیانسووتێنێت و
ڕاپێچیان دەکات و خاکی میسر لەخۆی دەپێچێت وەك چۆن
شوان عەباکەی لەخۆی دەپێچێت، ئینجا لەوێوە بە سەلامەتی
دەردەچێت. ١٣ کۆڵەکەکانی ماڵی خۆر ئەوەی لە خاکی میسرە
دەشکێنێت و ماڵەکانی خوداکانی میسرییەکان بە ئاگر
دەسووتێنێت.

# ٤٤

١ ئەو وشەیەی بۆ یەرمیا هات سەبارەت بە هەموو ئەو
جوولەکانەی لە خاکی میسر نیشتەجێ بوون، لە مەگدەل و لە
تەخفەنخیس و لە نوف و لە خاکی فەتروس، فەرمووی:
٢ خوداوەندی سوپاسالار خودای ئیسڕائیل ئاوای فەرموو: ئێوە
هەموو ئەو خراپەیەتان بینی کە بەسەر ئۆرشەلیم و بەسەر
هەموو شارەکانی یەهوزادا هێنام، جا ئەوەتا ئەمڕۆ وێرانە و
ئاوەدانی تیادا نییە، ٣ لەبەر خراپەکەیان کە بۆ ڕق هەستانم
ئەنجامیان دا، کاتێ چوون تا بخوور بۆ خوداکانی تر بسووتێنن
و خزمەتیان بکەن، ئەو خودایانەی نە ئەوان ناسیوویانن و نە
ئێوە و نە باووباپیرانتان ٤ ٠ منیش هەموو پێغەمبەرە
خزمەتکارەکانی خۆم بۆ ناردن، زووبەزوو و نێردراو،
فەرمووم: تکایە! ئەم کارە گڵاوە مەکەن کە من ڕقم لێیەتی.
٥ بەڵام نە گوێیان گرت و نە گوێیان شل کرد تا لە خراپەکەیان
بگەڕێنەوە و ئیتر بۆ خوداکانی تر بخوور نەسووتێنن. ٦ جا ڕق
و تووڕەیم ڕژا و لە شارەکانی یەهوزا و لە شەقامەکانی
ئۆرشەلیمدا گڕی گرت، جا بوو بە وێرانە و چۆڵەوانی وەك
ئەمڕۆ. ٧ ئێستاش خوداوەند خودای سوپاسالار، خودای
ئیسڕائیل ئاوای فەرموو: بۆچی ئێوە خراپەیەکی گەورە دژ بە
خۆتان دەکەن بۆ قڕبوونتان بە پیاو و ژن و منداڵ و
شیرەخۆرەوە لە ناوەندی یەهوزا و هیچ پاشماوەیەکتان بۆ
نەمێنێتەوە؟ ٨ بۆچی بە کردەوەکانی دەستتان تووڕەم دەکەن
کاتێ بۆ خوداکانی تر بخوور دەسووتێنن لە خاکی میسر کە
ئێوە بۆی هاتوون تا لەوێ ئاوارە بن بۆ ئەوەی قڕبن و بۆ
ئەوەی ببن بە نەفرەت و ڕسوایی لەنێو هەموو میللەتانی
سەرزەویدا؟ ٩ ئایا خراپەکانی باووباپیرانتان و خراپەکانی
پاشاکانی یەهوزا و خراپەکانی ژنەکانیان و خراپەکانی خۆتان
و خراپەکانی ژنەکانی خۆتان لەیادچوو، ئەوەی لە خاکی
یەهوزا و شەقامەکانی ئۆرشەلیمدا کران؟ ١٠ تا ئەمڕۆش نە
زەلیل بوون و نە ترسان و نە ڕێگای فێرکردن و فەرزەکانی
منیان گرتەبەر، ئەوەی لەبەردەم ئێوە و لەبەردەم
باووباپیرانتان دامناوە.
١١ بۆیە خوداوەندی سوپاسالار خودای ئیسڕائیل ئاوای
فەرموو: ئەوەتا من ڕووی خۆمتان تێدەکەم بۆ خراپە و بۆ
قڕکردنی هەموو یەهوزا. ١٢ پاشماوەی یەهوزاش ئەوانەی
ڕووی خۆیان کردە ئەو و بۆ چوونە ناو خاکی میسرەوە تا
لەوێ لەغەریبی بکەون، دەبە، جا هەموویان لە خاکی میسردا
لەناودەچن، بە شمشێر و برسێتی دەکەون، لە بچووکەوە تا
گەورە بە شمشێر و برسێتی لەناودەچن، دەمرن و دەبن بە دوعا
لێکردن و وێرانە و نەفرەت و ڕسوایی و جارێکی تر ئەم شوێنە
نابیننەوە. ١٣ هەروەها سزای ئەوانە دەدەم کە لە خاکی میسردا
نیشتەجێ بوون وەك چۆن بە شمشیر و برسێتی و دەرد سزای
ئۆرشەلیمم دا، ١٤ ئیتر پاشماوەکەی یەهوزا ئەوانەی هاتوون تا
لە خاکی میسر لە غەریبی بکەون نە پاشماوە و نە
دەربازبوویان نابێت بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە بۆ خاکی یەهوزا
ئەوەی تامەزرۆی گەڕانەوەن بۆ نیشتەجێ بوون تێیدا، چونکە
کەسیان لێ ناگەڕێتەوە تەنها دەربازبووان نەبێت.
١٥ ئینجا هەموو ئەو پیاوانەی کە دەیانزانی ژنەکانیان بخوور
بۆ خوداکانی تر دەسووتێنن و هەروەها هەموو ئەو ژنانەی
ڕاوەستابوون، کۆمەڵێکی گەورە و هەموو ئەو خەڵکەی لە
خاکی میسر لە فەتروس نیشتەجێ ببوون، وەڵامی یەرمیایان
دایەوە و وتیان: ١٦ ئێمە گوێ ناگرین لەم وشەیەی بەناوی
خوداوەندەوە بە ئێمەت وت. ١٧ بەڵکو هەر شتێك لەدەمی
خۆمانەوە هاتووەتە دەر، ئەوە دەکەین، جا بخوور بۆ شاژنی
ئاسمان دەسووتێنین و مەیی پێشکەشکراوی پێشکەش دەکەین،
وەك چۆن خۆمان و باووباپیرانمان و پاشاکانمان و میرەکانمان
لە خاکی یەهوزا و لە شەقامەکانی ئۆرشەلیمدا ئەنجاممان داوە،
جا ئەوسا تێر نان بووین و لە خۆشیدا بووین و خراپەمان
نەبینی. ١٨ بەڵام لەوەتی وازمان هێناوە لە بخوور سووتاندن بۆ
شاژنی ئاسمان و پێشکەش کردنی مەیی پێشکەش کراو بۆی،
پێویستمان بە هەموو شتێکە و بە شمشێر و برسێتی
لەناوچووین. ١٩ ژنەکانیش وتیان: ئێمە کاتێ کە بخوورمان بۆ
شاژنی ئاسمان سووتاندووە و مەیی پێشکەشکراومان بۆی
پێشکەش کردووە، ئایا بەبێ ئاگاداری پیاوەکانمان کولێرەی بۆ
دەکەین تا بیپەرستین و مەیی پێشکەشکراوی پێشکەش بکەین؟
٢٠ یەرمیاش بە هەموو گەل، بە پیاوان و ژنان و بە هەموو ئەو
خەڵکەی بەم وشانە وەڵامیان دایەوە، وتی: ٢١ ئایا ئەو
بخوورەی کە لە شارەکانی یەهوزا و لە شەقامەکانی
ئۆرشەلیمدا سووتاندتان، ئێوە و باووباپیرانتان و پاشاکانتان و
میرەکانتان و هەموو گەلی خاکەکە، ئەوە نەبوو کە خوداوەند
بەیادی هاتەوە و بە دڵیدا هات؟ ٢٢ ئیتر خوداوەند بەرگەی
نەگرت لەبەر خراپەی کردەوەکانتان، لەبەر ئەو گڵاویانەی
ئەنجامتان داوە، جا خاکەکەتان بوو بە ڕوخاویی و وێرانە و
نەفرەت و بێ ئاوەدانی وەك ئەمڕۆ. ٢٣ لەبەر ئەوەی بخوورتان
سووتاند و گوناهەتان دژ بە خوداوەند کرد و گوێتان لە دەنگی
خوداوەند نەگرت و ڕێگای فێرکردن و فەرز و شایەتییەکانی
ئەوتان نەگرتەبەر، لەبەر ئەوە تووشی ئەم خراپەیەی بوون
وەك ئەمڕۆ. ٢٤ ئینجا یەرمیا بە هەموو گەل و بە هەموو
ژنەکانی وت: گوێ لە وشەی خوداوەند بگرن ئەی هەموو
یەهوزا، ئەوانەی لە خاکی میسردان: ٢٥ ٠ خوداوەندی
سوپاسالار خودای ئیسڕائیل ئاوای فەرموو: ئێوە و ژنەکانتان
بە دەمتان قسەتان کرد و بە دەستتان ئەنجامتان دا، وتتان ئێمە
ئەو نەزرانەمان جێبەجێ دەکەین کە نەزرمان کردبوو بۆ
شاژنی ئاسمان بخوور بسووتێنین و مەیی پێشکەشکراوی
پێشکەش بکەین، بێ گومان ژنەکانتان نەزرەکانتان بەجێ
دەگەیەنن و ئەوان نەزرەکانتان تەواو دەکەن. ٢٦ بۆیە گوێ لە
وشەی خوداوەند بگرن ئەی هەموو یەهوزا کە لە خاکی میسر
نیشتەجێن: ئەوەتا من بە ناوی مەزنی خۆم سوێندم خوارد،
خوداوەند فەرمووی، لەمەودوا کەس لە یەهوزا لە هەموو

خاکی میسردا ناوی من بە سەر زاریدا نایەت، کە بڵێت:
بەگیانی خوداوەند خوداوەندم! ٢٧ ئەوەتا من ئێشك دەگرم
لەسەریان بۆ خراپە نەك بۆ چاکە، جا هەموو پیاوانی یەهوزا،
ئەوانەی لە خاکی میسردان، بە شمشێر و برسێتی لەناودەچن
تا نامێنن٢٨ • دەربازبووانیش لە شمشێر ئەوانەی لەخاکی
میسرەوە دەگەڕێنەوە بۆ خاکی یەهوزا، خەڵکانێکی کەم دەبن،
جا هەموو پاشماوەی یەهوزا ئەوانەی هاتن بۆ خاکی میسر تا
لەوێ لە غەریبی بکەون دەزانن ئایا قسەی کاممان
سەردەگرێت. ٢٩ ئەمەش نیشانەیە بۆ ئێوە، خوداوەند ڕایگەیاند،
من لەم شوێنە سزاتان دەدەن، تا بزانن هەردەبێت قسەی من
سەربگرێت کە بۆ خراپەیە دژ بە ئێوە. ٣٠ خوداوەند ئاوای
فەرموو، ئەوەتا من فیرعەون خەفرەعی پاشای میسر دەدەمە
دەست دوژمنەکانی و ئەوانەی داوای گیانی دەکەن، وەك چۆن
سدقیای پاشای یەهوزام دایە دەست نەبوخوزنەسری پاشای
بابلەوە، دوژمنەکەی ئەوەی داوای گیانی سدقیای دەکرد.

# ٤٥

١ ئەو وشەیەی یەرمیا بە بارۆخی کوڕی نیریای وت، کاتێ
ئەم وشانەی لە دەمی یەرمیاوە لە پەرتووکێکدا دەنووسییەوە،
لە ساڵی چوارەمی یهویاقیمی کوڕی یوشییای پاشای یەهوزا،
وتی: ٢ ئەی بارۆخ! خوداوەند خودای ئیسرائیل ئاوای فەرموو
سەبارەت بە تۆ: ٣ تۆ وتت: قوڕبەسەرم! چونکە خوداوەند
سەرەڕای ئازارم خەمیشی بۆ زیاد کردووم، لەهۆش خۆم
چووم لەناو هەنسك هەڵکێشانم و حەوانەوەم نەبوو.
٤ ئاوای پێ دەڵێیت: خوداوەند ئاوای فەرموو: ئەوەتا من ئەوەی
دروستم کردووە دەیڕووخێنم و ئەوەی چاندوومە ڕیشەکێشی
دەکەم لەگەڵ هەموو ئەم خاکە. ٥ ئایا ئیتر تۆ داوای شتی گەورە
بۆ خۆت دەکەیت؟ داوا مەکە، چونکە ئەوەتا من خراپە بەسەر
هەموو مرۆڤدا دەهێنم، خوداوەند ڕایگەیاند، بەڵام بۆ تۆ، گیانی
خۆت دەدەمێ وەك دەستکەوت لە هەموو ئەو شوێنانەی بۆی
دەچیت.

# ٤٦

١ وشەی خوداوەند کە بۆ یەرمیا هات سەبارەت بە میللەتان،
٢ سەبارەت بە میسر و سەبارەت بە سوپاکەی فیرعەون نەخۆی
پاشای میسر ئەوەی لەسەر ڕووباری فورات بوو لە
کەرکەمیش، ئەوەی نەبوخوزنەسری پاشای بابل لێیدا لە ساڵی
چوارەمی یهویاقیمی کوڕی یوشییای پاشای یەهوزا:
٣ سپەر و قەڵغان ئامادەکەن و
پێشکەون بۆ جەنگ.
٤ ئەسپ زین کەن و
سەرکەون ئەی سوارەکان
بەکڵاوی ئاسنینەوە قیت بن
تیژیکەن ڕمەکان
بپۆشن زرێیەکان
٥ بۆچی دەیانبینم
تۆقاون
بەرەو پاش دەکشێنەوە؟
پاڵەوانەکانیان بەزین و بە ڕاکردن ڕایانکرد و
ئاوڕیشیان نەدایەوە
ترس دەوری داون،
خوداوەند ڕایگەیاند،
٦ ئەوەی سووکەڵەیە هەڵنایەت و
پاڵەوان دەربازنابێت!
لە باکوور لە لای ڕووباری فورات
ساتمەیان کرد و کەوتن.
٧ ئەمە کێیە وەك نیل هەستاوە،
وەك ئەو ڕووبارانەی شەپۆڵ دەدەن؟
٨ میسرە وەك نیل هەستاوە و
وەك ڕووبارەکان شەپۆڵ دەدات
دەڵێت: هەڵدەستم و زەوی دادەپۆشم
شار و دانیشتووانەکەی لەناودەبم.
٩ سەرکەون ئەسپەکان،
سەرەڕۆ بن گالیسکەکان!
با پاڵەوانان دەرچن،
کووش و فووت، قەڵغان بە دەستن
لوودییەکان دەست بە کەوان و ڕایانکێشاوە.
١٠ ئەمڕۆ ڕۆژی خوداوەندم خوداوەندی سوپاسالارە
ڕۆژی تۆڵەیە بۆ تۆڵەسەندنەوە لە دوژمنانی
جا شمشێر دەخوات و تێر دەبێت
تێردەخواتەوە لە خوێنیان
چونکە قوربانی سەربڕاوە بۆ خوداوەندم خوداوەندی
سوپاسالار
لە خاکی باکوورەوە تا ڕووباری فوورات.
١١ سەرکەوە بۆ گلعاد و هەتووان بهێنە
ئەی پاکیزە، کچەکەی میسر.
بێ هوودە داودەرمان زۆر دەکەیت
کوا چاك بوونەوەت؟
١٢ میللەتان سووکایەتی تۆیان بیستووە
قیژەت دونیای پڕ کردووە
چونکە پاڵەوان بە پاڵەوان دەکەوێت
هەردووکیان پێکەوە دەکەون.
١٣ ئەو وشەیەی خوداوەند پێی دوا لەگەڵ یەرمیای پێغەمبەر،
لەبارەی هاتنی نەبوخوزنەسری پاشای بابل بۆ لێدانی خاکی
میسر:
١٤ لە میسر ڕای بگەیەنن و لە مگدۆل جاڕ بدەن
لە نوف و تەخفەنخیس جاڕ بدەن
بڵێن: قیتبەوە خۆت ئامادە کە
چونکە شمشێر دەوروبەرت دەخوات
١٥ بۆچی بە تواناکەت بەزەویدا درا؟
ناوەستێت، چونکە خوداوەند خستی.
١٦ ساتمە کردووان زۆرن
هەروەها بەسەر یەکتریدا دەکەون و
دەڵێن: هەستن با بگەڕێینەوە ناو گەلی خۆمان
و بۆ ئەو خاکە تێیدا لەدایك بووین
لە ڕووی شمشێری ستەمکار.
١٧ لەوێ ناویان نا لە فیرعەونی پاشای میسر:
خۆهەڵکێشە، کاتی بەسەر چوو!
١٨ بە گیانی خۆم! پاشا دەفەرمووێت
ناوی خوداوەندی سوپاسالار
وەك تابور لەنێو چیاکان و
وەك کەرمەل لەلای دەریاوە دێت،
١٩ خۆت کۆکەرەوە بۆ ڕاپێچ
ئەی دانیشتووەکەی کچی میسر،
چونکە نوف دەبێت بە وێرانە و
چۆڵەوانییەکی بێ ئاوەدانی.
٢٠ میسر گوێرەکەیەکی زێدە جوانە

مێشومەگەز لە باکوورە بۆی دێت.
٢١ هەروەها بازرگانەکانی لە ناویدا
وەك گوێرەکەی دابەستوون،
چونکە ئەوانیش ڕوو وەردەگێرن
تێکڕا ڕادەکەن و ناوەستن
چونکە ڕۆژی کارەساتیان پێیان گەیشت
کاتی سزادانیان.
٢٢ میسر دەنگی وەك ماری هەڵاوتوو بخشێت
چونکە دوژمنەکانی بە سوپاوە دێنە پێش
بە تەوورەوە بۆی هاتن
وەك دار برەکان.
٢٣ دارستانەکەی دەبڕنەوە،
خوداوەند ڕایگەیاندن
ئەگەر چی لەژمارەش نەیەت
چونکە لە کولە زۆرترن
لە ژماردن نایەن.
٢٤ شەرمەزاربوو کچەکەی میسر
درایە دەست گەلی باکوورەوە.
٢٥ خوداوەندی سوپاسالار خودای ئیسرائیل فەرمووی: ئەوەتا
من، ئامونی نۆو و فیرعەون و میسر و خوداکانی و پاشاکانی،
فیرعەون و ئەوانەی پشتیان پێی بەستووە، سزا دەدەم.
٢٦ دەیاندەمە دەست ئەوانەی داوای گیانیان دەکەن و بە دەست
نەبوخوزنەسری پاشای بابل و بە دەست خزمەتکارەکانی، پاش
ئەمە وەك ڕۆژانی زوو ئاوەدان دەبێتەوە. خوداوەند ڕایگەیاند.
٢٧ بەڵام تۆ مەترسە ئەی یاقووبی خزمەتکارم
مەتۆقە ئەی ئیسرائیل!
چونکە ئەوەتا من لە دوورەوە ڕزگارت دەکەم
توخمەکەشت لەو زەوییەوە بۆی ڕاپێچ کراوە،
جا یاقووب دەگەڕێتەوە و ئارام دەبێت
دڵنیا دەبێت و کەس نایتۆقێنێت
٢٨ تۆ مەترسە ئەی یاقووبی خزمەتکارم
چونکە من لەگەڵتدام
چونکە کۆتایی دەهێنم بە هەموو ئەو میللەتانەی
کە بۆ ناویان پەرتوبڵاوم کردیت.
بەڵام کۆتایی بە تۆ ناهێنم
بە دادپەروەری تەمبێت دەکەم
بەڵام بەتەواوی بێتاوانت ناکەم.

# ٤٧

١ ئەمە وشەی خوداوەندە بۆ یەرمیای پێغەمبەر سەبارەت بە
فەلەستییەکان بەرلەوەی فیرعەون پەلاماری غەزە بدات:
٢ خوداوەند ئاوای فەرموو:
ئەوەتا ئاو لە باکوورەوە هەڵدەستێت و
دەبێت بە ڕووبارێکی ڕاماڵ،
زەوی و هەرچی لەسەری ڕادەماڵێت
شار و دانیشتووانەکەی،
جا هاوار دەکەن و دەقیژێنن
هەموو دانیشتووانی زەوی،
٣ لە دەنگی تەقەی سمی ئەسپە بەتواناکانی
لە خرەی گالیسکەکانی و جیرەی چەرخەکانی
باوکان ئاوڕ لە کوڕان نادەنەوە
لەبەر شلبوونی دەستەکان
٤ لەبەر ئەو ڕۆژەی هاتووە
بۆ تەفروتونا کردنی فەلەستیەکان
بۆ بڕانەوەی سوڕ و سەیدون
هەموو پاشماوەیەك یارمەتیدەر بێت
چونکە خوداوەند فەلەستییەکان تەفروتونا دەکات
پاشماوەی کەناری کەفتۆر
٥ کەچەڵیی گەیشت بە غەززە
ئەشقەلۆن کپ دەبێت
ئەی پاشماوەی دۆڵەکانیان
تا کەی لەشی خۆت بریندار دەکەیت
٦ ئای ئەی ئەو شمشێرەی بۆ خوداوەندی
تا کەی ئارام نابیت؟
بڕۆ ناو کێلانەکەتەوە
هێدی بە و کپ بە
٧ چۆن ئارام بێت
کە خوداوەند فەرمانی پێ کردبێت
دژ بە ئەشقەلۆن و دژ بە کەناری دەریا؟
لەوێ ئەرکی پێ سپارد.

# ٤٨

١ سەبارەت بە مۆئاب،
خوداوەندی سوپاسالار خودای ئیسرائیل ئاوای فەرموو:
قوڕبەسەر نیبۆ، چونکە تەفروتونا بوو
قریەتایم شەرمەزاربوو و گیرا
قەڵاکە شەرمەزاربوو و تۆقا.
٢ ئیتر کوا شانازی مۆئاب؟
لە حەشبون پیلانی خراپەیان دژی گێڕا
با بڕۆین لەناو میللەتان بیبڕینەوە
هەروەها تۆش ئەی مەدمین کپ دەبیت
شمشێر دوات دەکەوێت.
٣ دەنگی هاوارە لە حۆرۆنایم!
تەفروتونا بوون و شکانێکی گەورە
٤ مۆئاب شکایەوە
بچووکەکانی هاواریان لێ بەرزبووەوە.
٥ چونکە لە هەورازەکەی لوخیوت
گریان بەسەر گریان دەکەوێت
چونکە لە لێژاییەکەی حۆرۆنایم
دوژمنان گوێیان لە هاواری شکانەوە بوو
٦ ڕاکەن و خۆتان دەربازکەن!
ببن بە سەرو لە چۆڵەوانی.
٧ چونکە لەبەر پشت بەستنت
بە کردار و گەنجینەکانت
هەروەها تۆ دەگیرێیت و
کمۆش بۆ ڕاپێچ دەبردرێت
کاهین و میرەکانی پێکڕا
٨ تەفروتوناکەر بۆ هەموو شارەکان دێت
هیچ شارێك دەرباز نابێت
دۆڵ لەناو دەچێت
دەشت وێران دەبێت
وەك ئەوەی خوداوەند فەرمووی.
٩ باڵ بدەن بە مۆئاب
چونکە تەنها بە فڕین دەردەچێت
شارەکانی دەبن بە وێرانە
بە بێ ئاوەدانی
١٠ نەفرەت لێکراوە ئەوەی بە تەوەزەلی کاری خوداوەند
دەکات!

نەفرەت لێکراوە ئەوەی شمشێرەکەی لە خوێن قەدەغە دەکات!
١١ مۆئاب لە هەرزەتی گەنجییەوە دڵنیایە
بەسەر خڵتەکەیەوە مەنگە،
لە دەفرێکەوە بۆ دەفرێکی دیکە نەشڵەژاوە و
بۆ ڕاپێچیش نەبراوە
بۆیە تامەکەی هەر ماوە و
بۆنیشی نەگۆڕاوە.
١٢ بۆیە ڕۆژانێك دێت، خوداوەند ڕایگەیاند، مەی تێکدەرانی بۆ
دەنێرم، تێکی بدەن و دەفرەکانی بەتاڵ بکەن و گۆزەکانی
وردوخاش بکەن. ١٣ جا مۆئاب شەرمەزاری کمۆش دەبێت
وەك چۆن ماڵی ئیسرائیل شەرمەزاری بەیت ئێل بوون کە
پاڵپشتیان بوو.
١٤ چۆن دەڵێن، ئێمە پاڵەوانین و
پیاوانی هێزین بۆ جەنگ
١٥ مۆئاب تەفروتونات بوو،
شارەکانی کرانەوە و
هەڵبژاردەی لاوەکانی بۆ سەربڕین دابەزین.
پاشا دەفەرمووێت،
ناوی خوداوەندی سوپاسالارە:
١٦ لەناوچوونی مۆئاب نزیك بووەتەوە،
بەڵاکەی زۆر خێرایە.
١٧ بۆی بلاوێنەوە ئەی هەموو دەوروبەرەکەی
ئەی هەموو ئەوانەی ناوی دەزانن،
بڵێن: چۆن شکا داردەستی بەهێز
گۆچانی جوان!
١٨ لە شکۆمەندی وەرە خوارەوە و
لە تینوویەتی دانیشە
ئەی دانیشتووەکەی کچی دیبۆن
چونکە تەفروتوناکەرەکەی مۆئاب هاتە سەر تۆ
شارە قەڵابەندەکانی تۆی کاول کرد.
١٩ لەسەر ڕێگا بوەستەوە بڕوانە
ئەی دانیشتووەکەی عەروعیر،
لە ڕاکردوو و دەربازبووەکە بپرسە،
بڵێ: چی ڕوویدا؟
٢٠ مۆئاب شەرمەزاربوو چونکە تۆقا
واوەیلا بکە و هاوار بکە
لە ئەرنۆن ڕابگەیەنن
کە مۆئاب تەفروتونا بوو.
٢١ حوکمدان هات بەسەر زەوی دەشتەکە، بەسەر خولۆن و
بەسەر یەهچە و بەسەر میوفەعە، ٢٢ بەسەر دیبۆن و بەسەر
نبۆ و بەسەر بەیت دبلەتایم، ٢٣ بەسەر قریەتایم و بەسەر بەیت
گامول و بەسەر بەیت معۆن، ٢٤ بەسەر قریۆت و بەسەر
بەچرە و بەسەر هەموو شارەکانی خاکی مۆئاب، دوور و
نزیکەکان.
٢٥ هێزی مۆئاب بڕایەوە و
بازووی شکا،
خوداوەند ڕایگەیاند.
٢٦ سەرخۆشی بکەن، چونکە بەسەر خوداوەندەوە خۆی بە زل
زانی، جا مۆئاب لەناو ڕشانەوەکەی خۆی دەگەوزێتەوە و
بەویش پێدەکەنن.
٢٧ ئەی تۆ بە ئیسرائیل پێنەکەنیت؟ ئایا ئەو لەناو دزان گیرا،
هەتا هەرکاتێ باست کردایە، سەرت دەلەقاند؟
٢٨ شارەکان جێ بهێڵن و
لەناو شاخدا نیشتەجێبن
ئەی دانیشتووانی مۆئاب
وەك کۆتر بن کە هێلانە
لەدەم ئەشکەوتدا دەکات.
٢٩ لووتبەرزی مۆئابمان بیستووە
زۆر لووتبەرزە
خۆبەزل زانی و لووتبەرزی و فیز و بەرزی دڵی.
٣٠ من بێ شەرمی ئەوم زانییوە
خوداوەند ڕایگەیاند،
قسە پووچەکانی هیچ نین و
کردارەکانی هیچ نین.
٣١ بۆیە بۆ مۆئاب واوەیلا دەکەم و بۆ سەراپای مۆئاب هاوار
دەکەم و بۆ پیاوانی قیر خارێس دەنووزێمەوە.
٣٢ وەك گریانی یەعزێر بۆت دەگریم
ئەی مێوی سبمە
لقەکانت لە دەریا پەڕینەوە و
گەیشتنە دەریای یەعزێر.
تەفروتوناکەر کەوتە سەر
میوە پێگەیشتوو و هێشووە ترێکانت.
٣٣ شادی و بەزم داماڵران
لە ڕەزەکان و لە خاکی مۆئاب
مەیم ڕاگرت لە گوشەرەکان
بە هاواری خۆشییەوە پێپەست ناکرێت
هاوارە نەك هاواری خۆشی.
٣٤ دەنگی هاواریان بەرز بووەوە لە خشبۆنەوە تا ئەلعالە و تا
یەهەچ، لە چوعەروەوە تا حۆرنەیم و عەگلەت شیلشیە، چونکە
هەروەها ئاوی نیمریمیش دەبێت بە چۆڵەوانی.
٣٥ لە مۆئابدا کۆتایی دەهێنم بەوانەی سەردەکەونە سەر
بەرزەییەکان و بخوور بۆ خوداکانی دادەگیرسێنن.
٣٦ بۆیە دڵم بۆ مۆئاب وەك شمشاڵ ناڵەی دێت و دڵم بۆ پیاوانی
قیر خارێس وەك شمشاڵ دەناڵێنێ، چونکە ئەو سامانەی کۆیان
کردەوە لەناوچوو.
٣٧ چونکە هەموو سەرێك تاشراوە و هەموو ڕیشێك بڕاوە و
هەموو دەستەکان بریندارکراون و بەناوقەدەوە بەرگە ماتەمە.
٣٨ لەسەر هەموو سەربانەکانی مۆئاب و لە شەقامەکانی هەموو
هەر گریانە، چونکە مۆئابم شکاند وەك گۆزەیەك کەس دڵی
پێی خۆش نەبێت، خوداوەند ڕایگەیاند.
٣٩ واوەیلا دەکەن: چۆن تۆقا! چۆن مۆئاب لەشەرمان ڕووی
وەرگێرا! مۆئاب بوو بە مایەی گاڵتە پێ کردن و ترسناکی بۆ
هەموو ئەوانەی دەوروبەری.. ٤٠ چونکە خوداوەند ئاوای
فەرموو: ئەوەتا وەك داڵ بەرز دەفڕێت و بەسەر مۆئابدا
باڵەکانی لێك دەکاتەوە.
٤١ قریۆت گیرا و
قەڵاکان دەستیان بەسەردا گیرا
لەو ڕۆژەدا دڵی پاڵەوانەکانی مۆئاب
وەك دڵی ژنی ژان گرتووی لێدێت.
٤٢ مۆئاب لەوە دەکەوێت کە ببێت بە گەل
چونکە لەسەر خوداوەند خۆی بە زل زانی.
٤٣ ترس و چاڵ و تەڵەت لە پێشە
ئەی دانیشتووی مۆئاب،
خوداوەند ڕایگەیاند.
٤٤ ئەوەی لەڕووی ترسەکە ڕادەکات
دەکەوێتە ناو چاڵەکەوە
ئەوەی لە چاڵەکە دێتە دەرەوە
بە تەڵەکەوە دەبێت،
چونکە بەسەری دەهێنم
بەسەر مۆئاب
ساڵی سزادانی،
خوداوەند ڕایگەیاند.
٤٥ لە سێبەری حەشبۆن وەستان
ڕاکردوەکان بە داهێزراوی

چونکە لە خەشبۆنەوە ئاگرێك دەرچوو و
گڕێکیش لەنێو سیخۆنەوە
ناوچەوانی مۆئاب و
کەلەسەری ڕۆڵەکانی هاتوهەرا دەخوات.
٤٦ قوڕبەسەرت مۆئاب،
گەلی کمۆش لەناوچوو،
چونکە کوڕەکانی تۆیان بۆ ڕاپێچ برد و
کچەکانت بۆ دیلێتی.
٤٧ بەڵام لە ڕۆژانی دوایدا،
ڕاپێچکراوەکانی مۆئاب دەگەڕێنمەوە.
خوداوەند ڕایگەیاند.
تا ئێرە حوکم بەسەردا دانی مۆئابە.

# ٤٩

١ سەبارەت بە نەوەی عەممون،
خوداوەند ئاوای فەرموو:
ئایا ئیسرائیل کوڕانی نییە،
یان میراتگری نییە؟
بۆچی مەلکۆم گاد داگیر بکات و
گەلەکەشی لەناو شارەکانی ئەودا نیشتەجێ بن؟
٢ بۆیە ئەوەتا ڕۆژانێك دێت،
خوداوەند ڕایگەیاند،
وادەکەم لە ڕەبەی نەوەی عەممون
هاواری جەنگ ببیسترێت
جا دەبێتە گردێکی چۆڵ و
شارۆچکەکانیشی بە ئاگر دەسووتێن،
ئیسرائیلیش داگیرکەرانی خۆی داگیر دەکات،
خوداوەند ڕایگەیاند،
٣ ئەی خەشبۆن واوەیلا بکە،
چونکە عای تەفروتونا بوو
ئەی شارۆچکەکانی ڕەبە هاوار بکەن
بەرگی ماتەم لەبەر بکەن و شین بگێڕن
بەناو دیوارەکانیدا بسووڕێنەوە،
چونکە مەلکۆم بۆ ڕاپێچ دەبرێت
خۆی و کاهین و میرەکانی.
٤ بۆ شانازی بە هێزت دەکەیت؟
هێزت لە کەم بوونە
ئەی کچی هەڵگەڕاوەی
پشت بەستوو بە گەنجینەکانی
ئەوەی دەڵێت: کێ پەلامارم دەدات؟
٥ ئەوەتا من ترست بۆ دەهێنم،
خوداوەندم خوداوەندی سوپاسالار ڕایگەیاند،
لە هەموو دەوروبەرتەوە،
جا هەریەکەو بۆ پێش خۆی دەردەکرێن و
کەس نابێت ون بووان کۆبکاتەوە.
٦ پاش ئەمە ڕاپێچکراوانی نەوەی عەممون دەگێڕمەوە.
خوداوەند ڕایگەیاند.
٧ سەبارەت بە ئەدۆم،
خوداوەندی سوپاسالار ئاوای فەرموو:
ئایا ئیتر دانایی لە تەیمان نییە؟
ئایا ڕاوێژ لەلای تێگەیشتووان نەماوە؟
ئایا داناییەکەیان بە با چوو؟
٨ ڕاکەن و ئاوڕ بدەنەوە
بچنە قوڵاییەوە بۆ نیشتەجێ بوون
ئەی دانیشتووانی دیدان،
چونکە بەڵاکەی عیسۆم بەسەریدا هێنا
کاتێ سزامدا.
٩ ئەگەر ڕەزبڕت بۆ بێت
ئایا ئەوەی لێیان بەربێتەوە بەجێناهێڵن؟
ئەگەر بە شەو دزت بۆ بێت
ئایا ئەوەی پێوستیان بێت لەناوی نابەن؟
١٠ بەڵام من عیسۆم ڕووت کردەوە
شوێنە نهێنیەکانیم دەرخست
ناتوانێت خۆی بشارێتەوە،
توخم و برا و هاوسێکانیم تەفروتوناکرد
ئیتر نەما.
١١ هەتیوەکانت جێبهێڵە من دەیانژیەنم،
با بێوەژنەکانت پشت بە من ببەستن.
١٢ چونکە خوداوەند ئاوای فەرموو: ئەوەتا ئەوانەی شایانی
ئەوە نین لە جامەکە بخۆنەوە، بەتەواوی خواردیانەوە، ئیتر ئایا
تۆ بەتەواوی بێ تاوان دەبیت؟ بێ تاوان نابیت بەڵکو بەتەواوی
دەیخۆیتەوە ١٣ . چونکە سوێندم بە خۆم خواردووە، خوداوەند
ڕایگەیاند، کە بەچرە ببێت بە وێرانە، بە ڕسوایی، بە ڕوخاویی
و نەفرەت و هەموو شارەکانیشی ببن بە ڕوخاویی هەتاهەتایی.
١٤ هەواڵێکم لە خوداوەندەوە بیست،
نێردراوێك بۆ میللەتان ناردراوە،
دەڵێت: کۆببنەوە و پەلاماری بدەن،
هەستن بۆ جەنگ.
١٥ چونکە ئەوەتا لەنێو گەلان بچووکم کردیت
لەناو مرۆڤدا بە سووکی تەماشات دەکەن.
١٦ سامی تۆ و فیزی دڵت گومڕایان کردیت
ئەی نیشتەجێی نێو کەلێنی چیا
دەستگرتوو بەسەر بەرزایی گردەوە
ئەگەر وەك داڵ هێلانەکەی خۆت بەرز دانێیت
لەوێوە دەتخەمە خوارەوە،
خوداوەند ڕایگەیاند.
١٧ ئەدۆم دەبێت بە وێرانە و هەموو ئەوەی پێیدا تێپەڕێت
سەرسام دەبێت و ئاخ هەڵدەکێشێت لەبەر هەموو لێدانەکانی.
١٨ وەك سەرەوژێربوونی سەدوم و عەموورە و هاوسێکانیان،
خوداوەند فەرمووی، هیچ مرۆڤێك لەوێدا نیشتەجێ نابێت و
هیچ ئادەمیزادێك بۆ ئەوێ ئاوارە نابێت.
١٩ ئەوەتا وەك شێرێك سەرکەوێت
لە جەنگەڵی ئوردنەوە
بەرەو مۆڵگای بەهێزەکان،
ئاوا لە چاوتروکانێکدا لەوێ ڕاویان دەنێم و
کێ هەڵبژێردراوە ئەو دەکەم بە سەرپەرشتیاری
چونکە کێ وەك منە و کێ کێشەوبەرەم لەگەڵ دەکات؟
ئەو شوانە کێیە کە لەبەر ڕووی من دەوەستێت؟
٢٠ بۆیە ئەو ڕاوێژەی خوداوەند ببیستن
کە دژ بە ئەدۆم ڕاوێژی کردووە و
بیرکردنەوەکانی کە بیری لێکردووەتەوە
دژ بە دانیشتووانی تەیمان،
ئەگەر بچووکەکانی مێگەل ڕایاننەکێشان؟
ئەگەر لەوەرگاکانیانی بەسەریاندا وێران نەکرد؟
٢١ لە دەنگی کەوتنیان زەوی لەرزییەوە
دەنگی هاوار دەگاتە دەریای سوف.
٢٢ ئەوەتا وەك داڵ بەرزدەبێتەوە و دەفڕێت و باڵەکانی بەسەر
بەچرە دەکاتەوە و لەو ڕۆژەدا دڵی پاڵەوانانی ئەدۆم وەك دڵی
ژنی ژان گرتووی لێ دێت.
٢٣ سەبارەت بە دیمەشق،
خەمات و ئەرفاد ڕسوا بوون

توانەوە، چونکە هەواڵێکی خراپیان بیست
شڵەژانە لەناو دەریا
ناتوانێت ئارام بێتەوە.
٢٤ دیمەشق شل بوو، ڕووی وەرگێڕا بۆ ڕاکردن
گەشکە گرتی،
تەنگاو بوو وەک ژنی ژان گرتوو.
٢٥ بۆچی وازنەهێنرا لە شارە بەناوبانگەکە
شارۆچکەی شادیم.
٢٦ بۆیە لەو ڕۆژەدا، لاوەکانی لەناو شەقامەکانیدا دەکەون و
هەموو جەنگاوەرەکانی لەناو دەچن، خوداوەندی سوپاسالار
ڕایگەیاند.
٢٧ ئاگرێک لە دیواری دیمەشق بەردەدەم
کۆشکەکانی بەنهەدەد دەخوات.
٢٨ سەبارەت بە قێدار و پاشایەتییەکانی خاچور، ئەوەی
نەبوخوزنەسری پاشای بابل لێی دا، خوداوەند ئاوای فەرموو:
هەستن سەرکەون بۆ قێدار
نەوەی ڕۆژهەڵات تەفروتوناکەن.
٢٩ ڕەشماڵ و مەڕەکانیان دەبەن
پەردەکانیان و هەموو قاپوقاجاغەکانیان و
وشترەکانیان بۆ خۆیان دەبەن
بانگیان دەکەن:
ترس لە هەموو لایەکەوە!
٣٠ ڕاکەن و دوور هەڵێن
لەناو قووڵاییەکان نیشتەجێ بن،
ئەی دانیشتووانی خاچور،
خوداوەند ڕایگەیاند،
چونکە نەبوخوزنەسری پاشای بابل ڕاوێژی دژتان کردووە و
پیلانی دژتان داناوە.
٣١ هەستن سەرکەونە سەر میللەتێکی ئاسوودە
بە پشت ئەستوورییەوە نیشتەجێیە،
خوداوەند ڕایگەیاند،
نە دەرگا و نە کاریتەی پشت دەرگای هەیە
بە تەنها نیشتەجێیە.
٣٢ وشترەکانیان بەتاڵان دەبرێن و
ماڵاتی زۆریان بە دەسکەوت دەبەن.
بە هەموو بایەک
قژبڕاوەکان شەن دەکەم
لە هەموو لایەکەوە کارەساتیان بەسەر دەهێنم،
خوداوەند ڕایگەیاند.
٣٣ خاچور دەبێت بە داڵدەی چەقەڵ و
بە چۆڵەوانی تا هەتایە
هیچ مرۆڤێک لەوێدا نیشتەجێ نابێت و
هیچ ئادەمیزادێک بۆ ئەوێ ئاوارە نابێت.
٣٤ ئەو وشەیە خوداوەند کە بۆ یەرمیای پێغەمبەر هات،
سەبارەت بە عیلام، لەسەرەتای پاشایەتییەکەی سدقیای پاشای
یەهوزا، فەرمووی:
٣٥ خوداوەندی سوپاسالار ئاوای فەرموو:
ئەوەتا من کەوانی عیلام دەشکێنم
سەرەتای هێزیان.
٣٦ چوار با لەهەر چوار لای ئاسمانەوە،
بەسەر عیلامدا دەهێنم
بە هەموو ئەم بایانە شەنیان دەکەم
تا میللەت نەبێت
کە دوورخراوەکانی عیلامی بۆ نەچووبێت
٣٧ عیلامیەکان دەتۆقێنم لەبەردەم دوژمنانیان و
لەبەردەم ئەوانەی داوای گیانیان دەکەن
خراپەیان بەسەردا دەهێنم
گڕی تووڕەیم،
خوداوەند ڕایگەیاند،
شمشێریان بەدوادا دەنێرم
تا تەواویان دەکەم.
٣٨ تەختی خۆم لە عیلام دادەنێم و
لەوێ پاشا و میرەکان لەناو دەبەم،
خوداوەند ڕایگەیاند.
٣٩ ئینجا لە ڕۆژانی دوایدا، ڕاپێچەکەی عیلام دەگەڕێنمەوە.
خوداوەند ڕایگەیاند.

# ٥٠

١ ئەو وشەیەی خوداوەند سەبارەت بە بابل فەرمووی،
سەبارەت بە خاکی کلدانییەکان لەسەر زمانی یەرمیای
پێغەمبەر:
٢ لەناو میللەتان ڕابگەیەنن
جاڕ بدەن و ئاڵا بەرزکەنەوە
جاڕ بدەن و مەشارنەوە،
بڵێن: بابل گیرا
بیل شەرمەزار بوو
مرۆدەخ وردوخاش بوو
پەیکەرەکانی شەرمەزار و بتەکانی وردوخاش بوون!
٣ چونکە میللەتێک لە باکوورەوە هاتە سەری
ئەو خاکەکەی دەکات بە وێرانە
ئیتر ئاوەدانی تیادا نابێت
لە مرۆڤەوە تا ئاژەڵ، ڕایانکرد و ڕۆیشتن.
٤ لەو ڕۆژانەدا و لەو سەردەمەدا،
خوداوەند ڕایگەیاند،
نەوەی ئیسرائیل و نەوەی یەهوزا پێکەوە دێن،
دەڕۆن و لەدەم ڕێگاوە دەگرین و
داوای خوداوەند خودای خۆیان دەکەن
٥ پرسیاری ڕێگای سییۆن دەکەن و
ڕووی تێدەکەن،
وەرن با بە خوداوەندەوە بنووسێین
بە پەیمانێکی هەتاهەتایی کە لەبیر نەکرێت.
٦ مەڕی ونبوو بوون گەلەکەم
شوانەکانیان گومڕایان کردن
وێڵی ناو چیاکانیان کردن
لە چیاوە بۆ گرد دەچوون
جێی مانەوەی خۆیان لە بیرکرد.
٧ هەموو ئەوانەی تووشیان دەبوون دەیانخواردن
دوژمنانیان وتیان: تاوان ناکەین
لەبەر ئەوەی گوناهیان دژ بە خوداوەند کرد
مۆڵگای ڕاستودروستی
خوداوەند کە ئومێدی باووباپیرانیان بوو.
٨ لەناو بابل ڕاکەن
لە خاکی کلدانییەکان دەرچن و
وەک نێریەکانی پێش مێگەل بن.
٩ چونکە ئەوەتا من کۆمەڵە میللەتانێکی گەورە
لە خاکی باکوورەوە ڕادەپەڕێنم و سەردەخەم،
جا ڕیزی لەسەر دەبەستن،
لەوێ دەگیرێت.
تیرەکانیان وەک پاڵەوانی شارەزیە
دەست بەتاڵ ناگەڕێتەوە.
١٠ کلدانییەکان دەبن بە دەستکەوت

دەست کێ بکەون لێیان تێر دەبێت،
خوداوەند ڕایگەیاند.
١١ چونکە دڵخۆش بوون و جنێوتان دا
ئەی تاڵانکەرانی میراتەکەم،
وەك گوێرەکە لەسەر گیا کەوتنە قەڵەمباز و
وەك ئەسپ حیلاندتان.
١٢ دایکتان زۆر شەرمەزار دەبێت
ڕسوا دەبێت ئەوەی ئێوەی بووە،
ئەوەتا کۆتایی میللەتان
چۆڵەوانی و بیابان و دەشتی ڕووتە.
١٣ لەبەر قینی خوداوەند ئاوەدان نابێتەوە و
هەمووی دەبێت بە چۆڵەوانی.
هەرکەسێ بە بابلدا تێپەڕێت سەرسام دەبێت و
فیکە لێدەدات لەبەر هەموو لێدانەکانی.
١٤ ڕیزی لەسەر بگرن بە چوار دەوریدا
ئەی هەموو کەوان ڕاکێشان
تیربارانی کەن، دەست مەپارێزن
چونکە دژ بە خوداوەند گوناهی کرد
١٥ لە هەموو لایەکەوە هوتافی بەسەر بکێشن
خۆی بەدەستەوە دا، بناغەکانی کەوتن
دیوارەکانی ڕووخان
چونکە تۆڵەی خوداوەندە، تۆڵەی لێ بکەنەوە
چی کرد ئەوەی پێ بکەنەوە.
١٦ وەرزێر لە بابل ببڕنەوە و
داس بەدەست لە کاتی دروێنە.
لە ڕووی شمشێری زۆردار
هەریەکە و بەرەو گەلی خۆیان ڕوو وەردەگێڕن و
هەریەکە بەرەو خاکی خۆیان ڕادەکەن.
١٧ ئیسرائیل مەڕی پەرتەوازەیە
شێرەکان ڕاویاںناوە
سەرەتا پاشای ئاشوور خواردی، ئینجا ئەمەی دوایی،
نەبوخوزنەسری پاشای بابل، ئێسقانەکانی هاڕی ١٨ ٠ بۆیە
خوداوەندی سوپاسالار خودای ئیسرائیل ئاوای فەرموو: ئەوەتا
من پاشای بابل و خاکەکەی سزا دەدەم، وەك چۆن پاشای
ئاشوورم سزا دا.
١٩ ئیسرائیلیش دەگێڕمەوە ناو پاوانەکەی خۆی
جا لە کەرمەل و باشان دەلەوەڕێت
لە چیای ئەفرایم و گلعادیش گیانی تێر دەخوات.
٢٠ لەو ڕۆژانەدا و لەو سەردەمەدا،
خوداوەند ڕایگەیاند،
داوای تاوانی ئیسرائیل دەکەن، بەڵام کوا؟
هەروەها گوناهی یەهوزا، نادۆزرێتەوە،
چونکە خۆشدەبم لەوەی دەیهێڵمەوە.
٢١ پەلاماری خاکی مەراسایم و
دانیشتووانی پقۆد بدە،
بکوژە و دوایان ببڕەوە،
خوداوەند ڕایگەیاند،
هەموو ئەوەی فەرمانم پێ کردیت بیکە.
٢٢ دەنگی جەنگە لە خاکەکە،
شکانێکی مەزنە!
٢٣ چۆن بڕایەوە و وردوخاش بوو
چەکوشی هەموو زەوی!
چۆن بوو بە وێرانە بابلی مەزن!
٢٤ ئەی بابل
تەڵەم بۆت نایەوە و پێوە بوویت،
بەڵام بە خۆت نەزانی.
دۆزرایتەوە و گیرایت،
چونکە دژایەتی خوداوەندت کرد.
٢٥ خوداوەند جبەخانەکەی خۆی کردەوە و
چەکەکانی قینی خۆی دەرهێنا
چونکە خوداوەندم خوداوەندی سوپاسالار
کارێکی هەیە لە خاکی کلدانییەکان.
٢٦ لە پەڕەوە بۆی بێن
عەمبارەکانی بکەنەوە
کەڵەکی کەن وەك کۆمەی دەغڵودان
ئینجا قڕی بکەن، پاشماوەی نەمێنێتەوە!
٢٧ هەموو گوێرەکەکانی بفەوتێنن
با بۆ سەربڕین دابەزن
قوڕبەسەریان چونکە ڕۆژیان هات
کاتی سزادانیان.
٢٨ دەنگی ڕاکردووان و دەربازبووان
لە خاکی بابلەوە دێت
تا ڕاییگەیەنن لە سییۆن
تۆڵەی خوداوەند خودامان،
تۆڵەی پەرستگاکەی.
٢٩ تیرهاوێژەکان بانگ بکەن بۆ بابل
هەموو کەوان بەدەستەکان
لە هەموو لایەکەوە دابەزنە سەری
با دەربازبوو نەبێت
بە گوێرەی کردەوەکەی پاداشتی بدەنەوە
وەك هەموو ئەوەی کردی پێی بکەنەوە
چونکە لە ڕووی خوداوەند وەستا
لە ڕووی پاکوپیرۆزەکەی ئیسرائیل.
٣٠ بۆیە لاوەکانی لە گۆڕەپانەکاندا دەکەون و
لەو ڕۆژەدا هەموو جەنگاوەرەکانی لەناودەچن،
خوداوەند ڕایگەیاند.
٣١ ئەوەتا من دژ بە تۆم ئەی بێچاووڕوو،
خوداوەندم خوداوەندی سوپاسالار ڕایگەیاند،
چونکە ڕۆژت هات
کاتی سزادانت.
٣٢ جا بێچاووڕووەکە ساتمە دەکات و دەکەوێت
کەس هەڵیناسێنێتەوە
منیش ئاگر بەردەدەمە شارەکانی و
هەموو دەوروبەرەکەی دەخوات.
٣٣ خوداوەندی سوپاسالار ئاوای فەرموو،
زۆرلێکراون نەوەی ئیسرائیل و
نەوەی یەهوزا پێکەوە
هەموو ڕاپێچکەرانیان گرتیانن و
ڕازی نەبوون بەرەڵایان بکەن
٣٤ بەڵام ئەوەی دەیانکڕێتەوە بەهێزە
ناوی خوداوەندی سوپاسالارە
بەتەواوی داکۆکی لە کێشەکەیان دەکات
تا خاکەکە دەحەسێنێتەوە و
دانیشتووانی بابل هەراسان دەکات.
٣٥ شمشێر لەسەر کلدانییەکانە،
خوداوەند ڕایگەیاند،
لەسەر دانیشتووانی بابلە و
لەسەر میر و پیاوە داناکانیەتی،
٣٦ شمشێر لەسەر قسە پووچەکانە، جا گێل دەبن،
شمشێر لەسەر پاڵەوانەکانیەتی، جا دەتۆقن،
٣٧ شمشێر لەسەر ئەسپ و گالیسکەکانیەتی،
لەسەر هەموو خەڵکە تێکەڵاوەکەی لەناوەندیەتی
جا دەبن بە ژن،
شمشێر لەسەر گەنجینەکانیەتی، جا تاڵان دەکرێن.

٣٨ وشکە ساڵی لەسەر ئاوەکانیەتی، جا وشك دەبن
چونکە خاکی پەیکەرەکان و شێتی بتەکانە.
٣٩ بۆیە گیانلەبەری کێوی و کەمتیاری تیادا دەژێت
وشترمورغی تیادا دەژیت.
ئیتر هەرگیز کەسی تیادا ناژیت
ئاوەدان نابێتەوە نەوە دوای نەوە.
٤٠ وەك سەرەوژێربوونی سەدوم و
عەموورە و هاوسێکانیان،
خوداوەند ڕایگەیاند،
هیچ مرۆڤێك لەوێدا نیشتەجێ نابێت و
هیچ ئادەمیزادێك بۆ ئەوێ ئاوارە نابێت.
٤١ ئەوەتا گەلێك لە باکوورەوە دێت
میللەتێکی مەزن
زۆر لەپاشایان هەڵدەستێنن
لەوپەڕی زەوییەوە.
٤٢ کەوان و ڕم بە دەستن،
دڵڕەقن، بەزەییان نییە.
دەنگیان وەك دەریا هاژەی دێت
بە سواری ئەسپەوەن
وەك یەك پیاو ڕیز دەبەستن بۆ جەنگ،
دژ بە تۆ ئەی کچی بابل.
٤٣ پاشای بابل گوێی لە هەواڵیان بوو
دەستی شل بوو،
تەنگاوبوو و ژان گرتی
وەك ژن لەکاتی منداڵ بوون.
٤٤ ئەوەتا وەك شێرێك سەرکەوێت
لە جەنگەڵی ئوردنەوە
بەرەو مۆڵگای بەهێزەکان،
ئاوا لەچاوتروکانێکدا لەوێ ڕاویاندەنێم.
کێ هەڵبژێردراوە ئەو دەکەم بە سەرپەرشتیاری
چونکە کێ وەك منەو و کێ کێشەوبەرەم لەگەڵ دەکات؟
ئەو شوانە کێیە کە لەبەر ڕووی من دەوەستێت؟
٤٥ بۆیە ئەو ڕاوێژەی خوداوەند ببیستن
کە دژ بە بابل ڕاوێژی کردووە و
بیرکردنەوەکانی کە بیری لێکردووەتەوە
دژ بە خاکی کلدانییەکان،
ئەگەر بچووکەکانی مێگەل ڕایاننەکێشان؟
ئەگەر لەوەرگاکانیانی بەسەریاندا وێران نەکرد؟
٤٦ لە دەنگی، بابل گیرا! زەوی لەرزییەوە
قیژەیان دەگاتە ناو میللەتان.

# ٥١

١ خوداوەند ئاوای فەرموو،
ئەوەتا من بەسەر بابل و
بەسەر دانیشتووانی لیب قامای
بای لەناوبەر هەڵدەستێنم،
٢ شەنکەر بۆ بابل دەنێرم و شەنی دەکەن
خاکەکەی ڕووت دەکەن
چونکە لە هەموو لاوە بەسەریەوە دەبن
لە ڕۆژی بەڵادا.
٣ ناهێڵن تیراوێژ ژێی کەوانەکەی ڕاکێشێت، ناهێڵن سەرباز بە
زرێکەیەوە بنازێت. بەزەییان بە گەنجەکانیاندا نایەتەوە بەڵکو
سەراپای لەشکرەکەی لەناو دەبەن.
٤ کوژراوان لە خاکی کلدانییەکان دەکەون و
بە سەختی بریندارکراوەکان لە شەقامەکانی
٥ چونکە ئیسرائیل و یەهوزا بەجێ نەماون
لەلایەن خودایانەوە، لەلایەن خوداوەندی سوپاسالارەوە
ئەگەر چی خاکیان پڕ لە تاوانە
دژ بە پاکوپیرۆزەکەی ئیسرائیل
٦ لەناو بابل ڕاکەن!
هەرکەسە با خۆی دەربازکات!
با بە تاوانی ئەوەوە لەناو نەچن.
چونکە کاتی تۆڵەسەندنە بۆ خوداوەند
ئەو پاداشتی دەداتەوە.
٧ بابل جامێکی زێڕە بەدەست خوداوەندەوە
هەموو زەوی سەرخۆش دەکات،
میللەتان لە مەیی ئەویان خواردەوە
بۆیە میللەتان شێت بوون.
٨ لەپڕ بابل کەوت و وردوخاش بوو
واوەیلای بۆ بکەن
هەتووانێ بێنن بۆ برینەکەی
بەڵکو چاك بێتەوە.
٩ بابلمان تیمارکرد و چاك نەبووەوە
وازی لێ بهێنن و با هەریەکە بچینەوە خاکەکەی خۆمان
چونکە حوکم بەسەردادانی گەیشتە ئاسمان و
بەرزبووەتەوە تا هەورەکان
١٠ خوداوەند بێتاوانی ئێمەی دەرخست
وەرن با لە سەهیۆن
باسی کردەوەکەی خوداوەند خودامان بکەین.
١١ تیرەکان تیژکەن
تیردانەکان پڕکەن!
خوداوەند ڕۆحی پاشایانی مادی هەستاندۆتەوە،
چونکە پلان دادەنێت دژ بە بابل بۆ وێرانکردنی،
چونکە تۆڵەی خۆداوەندە،
تۆڵەی پەرستگاکەی،
١٢ لەسەر دیوارەکانی بابل ئاڵا هەڵکەن
پاسەوانێتی توندکەن
چاودێران دابنێن
بۆسە بنێنەوە
چونکە ئەوەی خوداوەند فەرمووی
دژ بە دانیشتووانی بابل
پلانی بۆ دانا و ئەنجامیشی دا.
١٣ ئەی نیشتەجێی دەم ئاوە زۆرەکان!
خاوەن گەنجینەی زۆر!
کۆتاییت هات
کاتی دوا بڕانت.
١٤ سوێندی خوارد خوداوەندی سوپاسالار
بە گیانی خۆی:
کە ئەگەر پڕم نەکردیت لە مرۆڤ وەك کولە و
هاواریان نەکرد بەسەرتدا؟
١٥ بە هێزی خۆی زەوی دروست کردووە
بە دانایی خۆی جیهانی دامەزراندووە
بە تێگەیشتنی خۆی ئاسمانەکانی ڕاخستووە.
١٦ بە دەنگی ئەو ئاو لە ئاسمانەکان کۆدەبنەوە
هەڵمەکان لەو پەڕی زەوییەوە بەرز دەبنەوە
بروسکە بۆ باران دروست دەکات
با لە خەزێنەکانی خۆی دەردەکات.
١٧ دەبەنگە هەموو مرۆڤێك بێ زانین
شەرمەزارە هەموو زێڕنگەرێك بە پەیکەر
چونکە داڕێژراوەکانی درۆن و ڕۆحیان تێدا نییە.
١٨ پووچن ئەوان، دەستکردی گاڵتەجاڕین،

لەکاتی سزادانیان لەناودەچن.
١٩ وەك ئەمانە نییە بەشی یاقوب
چونکە شێوەکێشی هەمووانە ئەو
خێڵی میراتی ئەوە
خوداوەندی سوپاسالار، ناوی ئەوە.
٢٠ تۆ گورزی منی
چەکەکانی جەنگی
بە تۆ گورز لە میللەتان دەوەشێنم
بە تۆ پاشایەتیەکان دەفەوتێنم.
٢١ بە تۆ گورز لە ئەسپ و سوارەکەی دەوەشێنم
بە تۆ گورز لە گالیسکە و سوارەکەی دەوەشێنم
٢٢ بە تۆ گورز لە پیاو و ژن دەوەشێنم
بە تۆ گورز لە پیر و گەنج دەوەشێنم
بە تۆ گورز لە لاو و پاکیزە دەوەشێنم
٢٣ بە تۆ گورز لە شوان و مێگەلەکەی دەوەشێنم
بە تۆ گورز لە جووتیار و گاجووتەکەی دەوەشێنم
بە تۆ گورز لە پارێزگار و فەرمانڕەواکان دەوەشێنم
٢٤ لەبەرچاوی خۆتان
پاداشتی بابل و
هەموو دانیشتووانی خاکی کلدانییەکان دەدەمەوە
بەرامبەر بە هەموو ئەو خراپانەی
لە سییۆن کردیان،
خوداوەند ڕایگەیاند.
٢٥ ئەوەتا من دژ بە تۆم ئەی چیای لەناوبەر،
خوداوەند ڕایگەیاند،
ئەی لەناوبەری هەموو زەوی
دەست درێژ دەکەمە سەرت
لەسەر بەردەکان گلۆرت دەکەمەوە
دەتکەم بە چیایەکی سووتاو،
٢٦ ئیتر نە بەردت لێدەبەن بۆسەری قولینچك و
نە بەرد بۆ بناغەکان
چونکە دەبیت بە چۆڵەوانییەکی هەتاهەتایی.
٢٧ ئاڵا لەسەر خاکەکە بەرزکەنەوە،
لەناو میللەتان فوو بە کەڕەنا بکەن.
میللەتان تەرخان بکەن دژی
جاڕ بدەن دژی لەناو پاشایەتیەکانی
ئارارات و مینی و ئەشکەناز،
ڕابەرێك دژی دابنێن
ئەسپ بەسەرخەن وەك ڕەوە کولە.
٢٨ میللەتان دژ بەو تەرخان بکەن،
پاشاکانی ماد،
پارێزگار و هەموو فەرمانڕەواکان و هەموو خاکی ژێر دەسەڵاتیان.
٢٩ جا زەوی دەلەرزێ و ژان دەگرێت
چونکە پلانی خوداوەند بەسەر بابل سەردەگرێت
بۆ ئەوەی خاکی بابل بکات بە وێرانە
بێ ئاوەدانی.
٣٠ پاڵەوانەکانی بابل وازیان لە جەنگ هێنا
لە قەڵاکان دانیشتن
هێزیان وشکی کرد و بوون بە ژن
نشینگەکانیان سووتاند و کاریتەی دەرگاکانیان شکاند.
٣١ ڕاکەر بەرەو لای ڕاکەر ڕادەکات و
هەواڵبەر بۆ لای هەواڵبەر
تا بە پاشای بابل ڕابگەیەنن
کە شارەکانی سەرتاسەر گیران.
٣٢ بەندەرەکان گیران و
زۆنگاوەکان بە ئاگر سووتێنران و
جەنگاوەرەکان شڵەژان.
٣٣ چونکە خوداوەند خودای ئیسرائیل ئاوای فەرموو:
کچی بابل وەك خەرمانێکە کاتی گێرەیەتی،
پاش کەمێك کاتی دروێنەی دێت.
٣٤ خواردینی و ئومێدبڕی کردین
نەبوخوزنەسری پاشای بابل،
کردینی بە گۆزەیەکی بەتاڵ،
وەك ئەژدیها هەڵیلووشین،
سکی خۆی پڕ کرد لە تامو‌خۆشی ئێمە
ئینجا ئێمەی ڕشاندەوە.
٣٥ ئەو ستەمەی لە من و لە گۆشتی من کرا
لە ئەستۆی بابلە،
دانیشتووەکەی سییۆن دەڵێت،
خوێنم لە ملی دانیشتووانی خاکی کلدانییەکانە
ئۆرشەلیم دەڵێت.
٣٦ بۆیە خوداوەند ئاوای فەرموو:
ئەوەتا من داکۆکی لە کێشەکەت دەکەم و
تۆڵەی تۆ دەسێنمەوە و
دەریای بێ ئاو دەکەم و
کانییەکانی وشك دەکەم.
٣٧ بابل دەبێتە تەپۆلکە و
داڵدەی چەقەڵ،
وێرانە و مایەی ئاخ هەڵکێشان،
بێ ئاوەدانی.
٣٨ پێکەوە وەك بەچکە شێر دەنەڕێنن
نەعرە دەکەن وەك توولە شێرەکان.
٣٩ کاتێ گەرم دەبن خواردنەوەی ئامادە دەکەم
سەرخۆشیان دەکەم بۆ ئەوەی دڵخۆش بن و
خەوی هەتاهەتاییان لێبکەوێت و
بەئاگا نەیەن،
خوداوەند ڕایگەیاند.
٤٠ وەك کار دایاندەبەزێنم بۆ سەربڕین
وەك بەرانەکان لەگەڵ نێرییەکان.
٤١ شێشەخ چۆن دەگیرێت،
شانازی هەموو زەوی چۆن دەسبەسەر دەکرێت!
چۆن بوو بە وێرانە
بابل لەنێو میللەتان!
٤٢ دەریا بەسەر بابلدا هەڵدەچێت
بە شەپۆلە زۆرەکانی دایدەپۆشێت.
٤٣ شارەکانی بوون بە وێرانە
بە بیابان و دەشتی ڕووت
خاکێك کە نە مرۆڤ تێیدا نیشتەجێ دەبێت و
نە ئادەمیزاد پێیدا تێدەپەڕێت.
٤٤ لە بابل سزای بیل دەدەم و
ئەوەی قووتیداوە لەدەمی دێنمە دەرەوە
ئیتر میللەتان ڕێچکە ناگرن بەرەو ئەو
هەروەها دیوارەکانی بابل دەکەوێت.
٤٥ ئەی گەلی من لەناویدا دەرچن
با هەرکەسە گیانی خۆی دەربازبکات
لە گڕی تووڕەیی خوداوەند.
٤٦ نەکەن ورەبەربدەن و بترسن
کاتێ لەو خاکە هەواڵ ببیستن
هەواڵێك ئەمساڵ دێت و
ئینجا لەساڵی پاشتر هەواڵێکی تر
هەواڵی ستەم لە خاکەکەدا و
فەرمانڕەوا دژ بە فەرمانڕەوا.
٤٧ بۆیە ئەوەتا ڕۆژانێك دێت

سزای پەیکەرە تاشراوەکانی بابل دەدەم و
هەموو خاکەکەی شەرمەزار دەبێت و
هەموو کوژراوەکانی لەناوەندی دەکەون.
٤٨ بەسەر بابلدا هاواری خۆشی دەکەن
ئاسمانەکان و زەوی و
هەرچی تێیاندایە،
چونکە لە باکوورەوە بۆی دێن
تەفروتوناکەرەکان،
خوداوەند ڕایگەیاند.
٤٩ هەروەها بابلیش بۆ کەوتنە
لەبەر کوژراوەکانی ئیسرائیل
وەك چۆن کوژراوەکانی هەموو زەوی
بەهۆی بابل کەوتن.
٥٠ ئەی دەربازبووان لە شمشێر
بڕۆن و مەوەستن
لە دوورەوە یادی خوداوەند بکەن
با ئۆرشەلیم بکەوێتەوە بیرتان.
٥١ شەرمەزار بووین، چونکە ڕسواییەکمان بیست
شەرم ڕووی داپۆشین،
چونکە بێگانەکان هاتنە ناو
پیرۆزگاکانی ماڵی خوداوەند.
٥٢ بۆیە ئەوەتا ڕۆژانێك دێت،
خوداوەند ڕایگەیاند،
پەیکەرە داتاشراوەکانی سزا دەدەم
لە هەموو خاکەکەیدا بریندارەکان دەناڵێنن.
٥٣ ئەگەر بابل بگاتە ئاسمان و
ئەگەر لە پەناگای خۆی قایم بکات،
لە لای منەوە تەفروتوناکاری بۆ دێت،
خوداوەند ڕایگەیاند.
٥٤ دەنگی هاوارە لە بابل
شکانێکی مەزنە لە خاکی کلدانییەکان.
٥٥ چونکە خوداوەند بابل تەفروتونا دەکات و
کۆتایی بە دەنگە مەزنەکەی دەهێنێت.
شەپۆلەکانیان هەڵچوو وەك ئاوە زۆرەکان
هاژەی دەنگیان هات.
٥٦ چونکە تەفروتوناکەر هاتە سەری
هاتە سەر بابل
پاڵەوانەکانی گیران و
کەوانەکانیان شکا
چونکە خوداوەند خودای پاداشتدانەوەیە
تەواو پاداشت دەداتەوە.
٥٧ میر و دانا و پارێزگار و فەرمانڕەوا و پاڵەوانەکانی
سەرخۆش دەکەم و خەوێکی هەتاهەتاییان لێدەکەوێت و بەئاگا
نایەن،
پاشا فەرمووی،
ناوی خوداوەندی سوپاسالارە.
٥٨ خوداوەندی سوپاسالار ئاوای فەرموو:
دیوارە پانەکانی بابل
بەتەواوی دەڕوخێنرێن
دەروازە بەرزەکانیشی
بە ئاگر دەسووتێنرێن،
گەلان بە فیڕۆ خۆیان ماندوودەکەن و
ڕەنجی نەتەوەکانیش بۆ ئاگر دەبێت و شەکەت دەبن.
٥٩ ئەمە ئەو شتەیە کە یەرمیای پێغەمبەر فەرمانی پێکرد بە
سرایای کوڕی نیریا کوڕی مەخسیا کاتێ لەگەڵ سدقیای
پاشای بابل بۆ بابل ڕۆیشتی لە ساڵی چوارەمی پاشایەتییەکەی.
سەرایاش سەرۆك ئۆردوگا بوو. ٦٠ جا یەرمیا هەموو ئەو
بەڵایەی بەسەر بابل دێت لە پەرتووکێکدا نووسییەوە، ئەم
قسەیەی لەسەر بابل نووسراوە. ٦١ یەرمیا بە سەرایای وت:
ئەگەر گەیشتیتە بابل و تەماشات کرد و هەموو ئەم وشانەت
خوێندەوە، ٦٢ بڵێ: ئەی خوداوەند تۆ دژ بەم شوێنە قسەت کرد
کە بیبڕیتەوە و تا کەسی تێدا نیشتەجێ نەبێت لە مرۆڤەوە تا
ئاژەڵ، بەڵکو ببێتە چۆڵەوانییەکی هەتاهەتایی. ٦٣ ئینجا کە لە
خوێندنەوەی ئەم پەرتووکە بوویتەوە، بەردێکی پێوە دەبەستیت
و فڕێی دەدەیتە ناو فوراتەوە. ٦٤ ئینجا بڵێ: بابل ئاوا نقووم
دەبێت و لەژێر ئەو بەڵایە ڕاست نابێتەوە کە من بەسەریدا
دەهێنم و شەکەت دەبن. تا ئێرە وشەکانی یەرمیایە.

# ٥٢

١ سدقیا تەمەنی بیست و یەك ساڵ بوو کاتێ بوو بە پاشا و یازدە
ساڵ لە ئۆرشەلیم پاشایەتی کرد. دایکی ناوی خەمیتەلی کچی
یەرمیای خەڵکی لیبنە بوو ٢ . ئەمیش لەبەرچاوی خوداوەند
خراپەی کرد، وەك یهویاقیم. ٣ جا لەبەر تووڕەیی خوداوەند
بوو لە ئۆرشەلیم و یەهوزا تا لەبەردەم خۆی دەریکردن، کە
سدقیا لە پاشای بابل یاخی بوو.
٤ ئەوە بوو لە ساڵی نۆیەمی پاشایەتییەکەیدا، لە مانگی دە، لە
دەی مانگدا، نەبوخوزنەسری پاشای بابل بەخۆی و هەموو
سوپاکەیەوە هاتە سەر ئورشەلیم و ئوردوگای کرد و
بەچواردەوریدا قولەی بنیادنا. ٥ جا شارەکە کەوتە ژێر
گەمارۆوە تا ساڵی یانزەیەمی پاشایەتی سدقیا. ٦ لە مانگی
چواردا، لە نۆی مانگدا برسێتی لە شارەکەدا هێندە سەخت بوو
کە گەلی زەوییەکە نان نەبوو بیخۆن. ٧ جا کەلێن لە شارەکە
کرایەوە و هەموو جەنگاوەرەکان بە شەو بە ڕێگای
دەروازەکەی نێوان دوو شووراکەی بەرامبەر باخچەی پاشادا
بە ڕێگای عەرەبەدا هەڵاتن، کلدانییەکانیش بەسەر شارەکەوە
بوون بەچواردەوریدا. ٨ ئینجا سوپای کلدانییەکان دوای پاشا
کەوتن و لە دەشتی ئەریحا پێیگەیشتن و هەموو سوپاکەی لێی
پەرت بوون. ٩ جا پاشایان گرت و سەریانخست بۆلای پاشای
بابل بۆ ڕەبلە و لەوێدا دادگایی کرد و ١٠ . پاشای بابل
کوڕەکانی سدقیا و هەموو میرەکانی یەهوزای لە پێش چاویدا
لە ڕەبلە کوشت و ١١ هەردوو چاوی سدقیاشی هەڵکۆڵی و بە
دوو زنجیری مس کۆتی کرد و پاشای بابل هێنای بۆ بابل و لە
بەندینخانەی دانا تا ڕۆژی مردنی. ١٢ لە مانگی پێنجدا، لە دەی
مانگدا، کە ساڵی نۆزدەیەمی نەبوخوزنەسری پاشای بابل بوو،
نەبوزەرئادانی فەرماندەی پاسەوانانی پاشا، ئەوەی
لەبەردەست پاشا دەوەستا، هات بۆ ئورشەلیم و ١٣ ماڵی
خوداوەند و ماڵی پاشا و هەموو ماڵەکانی ئورشەلیم و هەموو
ماڵی ناودارەکانی بە ئاگر سووتاند و ١٤ شووراکانی
ئۆرشەلیمیش بە چواردەوریدا، لەلایەن سوپای کلدانییەکانەوە
ئەوانەی لەگەڵ فەرماندەی پاسەوانانی پاشادا بوون،
ڕووخێنران. ١٥ جا لە ڕەشوڕووتی گەل و پاشماوەی گەلیش
ئەوانەی لە شارەکەدا مابوونەوە و ئەوانەی بۆ لای پاشای بابل
هەڵاتبوون لەگەڵ پاشماوەی بیناسازەکان، نەبوزەرئادانی
فەرماندەی پاسەوانانی پاشا ڕاپێچی کردن. ١٦ بەڵام
نەبوزەرئادانی فەرماندەی پاسەوانانی پاشا لە ڕەشوڕووتی
زەوییەکەی هێشتەوە بۆ ڕەزەمێوەکان و بۆ کێڵگەکان.
١٧ کۆڵەکە مسەکانیش ئەوانەی لە ماڵی خوداوەند بوون و
عەرەبانەکانی ئاو گواستنەوە و دەریا مسەکە ئەوەی لەماڵی
خوداوەندە، کلدانییەکان پارچەپارچەیان کرد و مسەکەیان
بارکرد بۆ بابل ١٨ . هەروەها مەنجەڵەکان و خاکەناسەکان و
مەقەسەکان و دەست شۆرەکان و چەمچەکان و هەموو ئەو

قاپوقاچاخە مسانەی خزمەتیان پێی دەکرد بردیان. ١٩ لەگەڵ
جامەکان و مەقەڵەکان و دەست شۆرەکان و مەنجەڵەکان و
چرادانەکان و چەمچەکان و جامەکان و هەموو زێڕکارو
زیوەکانی تر فەرماندەی پاسەوانانی پاشا بردنی، ٢٠ دوو
کۆڵەکە و یەك دەریا و دوانزە گا مسەکان ئەوانەی لەشێر
عەرەبانەکانی ئاو گواستنەوە بوون کە سلێمان بۆ ماڵی
خوداوەند دروستی کردبوون، کێشی مسی هەموو ئەمانە دیار
نەبوو. ٢١ دوو کۆڵەکەکەش، هەر کۆڵەکەیەکیان هەژدە باڵ
درێژییەکەی بوو و چێوەکەی دوانزە باڵ بوو و ئەستووریشی
چوار پەنجە بوو و کلۆر بوو و ٢٢ تاجێکی مسیشی لەسەر بوو
و بەرزی هەر تاجکێك پێنج باڵ بوو و کەتیبە و هەنارەکانیش
لەسەر تاجەکەو بەچواردەوریدا هەموو لە مس بوون و بۆ
کۆڵەکەکەی دووەمیش هەمان شت هەبوو لەگەڵ هەنارەکان.
٢٣ هەنارەکان بۆ هەرلایەك نەوەد و شەش بوون و سەرجەمی
هەنارەکان لەسەر هەر کەتیبەیەك بە چواردەوریدا سەد بوو.
٢٤ ئینجا فەرماندەکەی پاسەوانانی پاشا سرایای سەرکاهین و
چفەنیای کاهینی دووەم و سێ دەرگاوانەکەی برد. ٢٥ لە
شارەکەش خەساوێکی برد کە لێپرساوی جەنگاوەرەکان بوو،
هەروەها حەوت پیاویش کە ڕووی پاشایان دەبینی، کە لە
شارەکەدا بەرچاوکەوتن و نووسەری سەرکردەی سەربازەکان
ئەوەی گەلی زەوییەکەی کۆدەکردەوە لەگەڵ شەست

پیاوی خەڵکی شارەکە کە بەرچاوکەوتن. ٢٦ جا نەبوزەرئادانی
فەرماندەی پاسەوانانی پاشا بردنی بۆ ڕەبلە بۆ لای پاشای بابل.
٢٧ پاشای بابلیش لە ڕەبلە لە زەوی خەماتدا لێی دان و کوشتنی،
ئینجا یەهوزا لە خاکەکەی خۆی ڕاپێچ کرا. ٢٨ ئەمە ئەو خەڵکە
بوو کە نەبوخوزنەسر لە ساڵی حەوتەمدا لە جوولەکەکان
ڕاپێچی کرد، سێ هەزار و بیست و سێ کەس. ٢٩ لە ساڵی
هەژدەمینی نەبوخوزنەسریش هەشت سەد و سی و دوو کەس
لە ئۆرشەلیم ڕاپێچ کران. ٣٠ ئینجا لە ساڵی بیست و سێیەمی
نەبوخوزنەسر، نەبوزەرئادانی فەرماندەی پاسەوانانی پاشا لە
جوولەکەکان حەوت سەد و چل و پێنج کەسی ڕاپێچ کرد.
سەرجەم چوار هەزار و شەش سەد کەس بوون.
٣١ لە ساڵی سی و حەوتەمی ڕاپێچکردنی یهویاکین لە مانگی
دوانزەدا، لە بیست و پێنجی مانگدا، ئەڤیل مرۆدەخی پاشای
بابل لە ساڵی بە پاشا بوونیدا ، سەری یەهویاکینی پاشای
یەهوزای لە زیندان بەرزکردەوە. ٣٢ بە باشی قسەی لەگەڵدا
کرد و کورسییەکەی لەسەرووی کورسییەکانی ئەو پاشایانەوە
دانا کە لە بابل لەگەڵیادا بوون. ٣٣ جا بەرگی زیندانییەکەی
گۆڕی و بە درێژایی ڕۆژانی ژیانی هەمیشە نانی لەسەر
خوانی پاشا دەخوارد ٣٤ ٠ بەشەکەشی بەشێکی هەمیشەیی بوو
و لەلایەن پاشاوە پێیدەدرا، شتی هەر ڕۆژە لە ڕۆژی خۆیدا،
بە درێژایی ڕۆژانی ژیانی.

# شینەکانی یرمیا

## ١

١ چۆن
بەتەنیا دانیشتووە
شارە پڕ خەڵکەکە!
وەك بێوەژنی لێهات
مەزنەکەی ناو میللەتان!
شازادە لە ناو هەرێمەکان
شاژن بوو ئێستا بۆتە کەنیزە!
٢ بەکوڵ دەگریێت بە شەو،
فرمێسکی لەسەر گۆناکانیەتی.
دڵنەواکاری نییە
لەناو هەموو دۆستانی.
هەموو دەستە خوشکانی ناپاکییان لەگەڵدا کرد،
بۆی بوون بە دوژمن.
٣ ڕاپێچ کرا یەهوزا لە کڵۆڵی و
لە سەختی کۆیلایەتیدا،
ئەو لە نەو میللەتاندا دانیشتووە،
ئارامی لێبڕاوە.
ڕاونەرانی پێی گەیشتوون
لە ناو تەنگانەکاندا.
٤ ڕێگاکانی سیەون شین دەگێڕن،
لەبەر نەبوونی هاتووان بۆ جەژنە دیاریکراوەکان.
هەموو دەرگاکانی چۆڵ کراون،
کاهینەکانی هەنسك هەڵدەکێشن،
پاکیزەکانی زەلیلن،
ئەویش لە تاڵیدایە.
٥ ناحەزەکانی بوونە بە ئاغا،
دوژمنەکانی سەرکەوتوون،
چونکە خوداوەند زەلیلی کرد،
لەبەر زۆری یاخی بوونەکانی
منداڵەکانی بەبەردەم دوژمندا
بەرەو دیلی ڕۆیشتن.
٦ دەرچوو لە کچی سییۆن
هەموو جوانییەکەی،
میرەکانی وەك ئاسکیان لێهاتووە
لەوەرگایان دەست ناکەوەت،
بە بێ هێز دەڕۆن،
لەبەردەم ڕاونەر.
٧ بە بیری هاتەوە ئۆرشەلیم،
لە ڕۆژانی کڵۆڵی و سەرگەردانیدا،
هەموو خۆشییەکانی خۆی
کە لە دێرزەمانەوە بوون،
کاتێ گەلەکەی کەوتنە دەست دوژمن،
کێ هەبوو بەهانایەوە بێت
دوژمنان بینیان،
پێکەنین بە کەوتنەکەی.
٨ تەواو گوناهی کرد ئۆرشەلیم
لەبەر ئەوە بوو بە گڵاوی،
هەموو ڕێزلێگرانی سووکایەتی پێ دەکەن
چونکە ڕووتی ئەویان بینی،
ئەویش هەنسك هەڵدەکێشێت
بەرەو دواوە ڕوو وەردەگێڕێت.
٩ گڵاوییەکەی بە دامەنییەوەیە
بیری لە چارەنووسی خۆی نەکردەوە،
جا ڕووخانەکەی سامناك بوو،
کوا دڵنەواکاری ئەو؟
خوداوەند تەماشای زەلیلیم بکە،
چونکە دوژمن خۆی بەزل زانیووە.
١٠ دوژمن دەستی درێژکردووە
بەسەر هەموو خۆشییەکانی
چونکە میللەتانی بینی
هاتنە ناو پیرۆزگاکەیەوە
ئەوانەی تۆ فەرمانتدا نەیەنە ناو
کۆمەڵەکەی تۆوە.
١١ سەراپای خەڵکەکەی هەنسك هەڵدەکێشن،
داوای نان دەکەن،
خۆشییەکانی خۆیان دا بە خواردن
تا گیانیان بەبەردا بێتەوە،
تەماشاکە و ببینە ئەی خوداوەند،
چونکە سووك بووم.
١٢ ئایا بۆ ئەوە نییە ئەی هەموو ڕێبوارەکان
ببینن و تەماشا بکەن؟
ئەگەر هەبێت غەمێك وەك غەمەکەی من،
ئەوەی بەسەر من هاتووە،
ئەوەی خوداوەند زەلیلی کردم پێی،
لە ڕۆژی جۆشانی تووڕەییەکەی.
١٣ لە سەرەوە ئاگرێکی نارد
بۆ ناو ئێسقانم، جا دایبەزاند،
تۆڕی بۆ قاچەکانم نایەوە
بەرەو پاش گەڕامییەوە،
کردمی بە وێرانە
داهێزرا و بە درێژایی ڕۆژ.
١٤ نیری یاخی بوونەکانمی لێ توند کردم
بە دەستەکانی هۆنرانەوە،
خرانە سەر ملم
هێزی لێ بڕیم.
خوداوەندم منی دایە دەستانێکەوە
کە توانای ڕاست بوونەوەم لێیان نییە.
١٥ گاڵتەی کرد بە هەموو پاڵەوانەکانم
خوداوەندم لە ناو خۆمدا،
بانگی کۆمەڵەکی لێ کردم
بۆ تێکشکانی گەنجەکانم،
پەستی کرد خوداوەندم وەك لە گوشەرا
پاکیزەکەی کچی یەهوزا.
١٦ لەسەر ئەمەیە من دەگریم
چاوەکانم، چاوەکانم ئاو دەڕێژن،
چونکە لەم دوورکەوتەوە دڵنەواکار
بووژەرەوەی گیانم،
ڕۆڵەکانم بوون بە لەناوچوو
چونکە دوژمن زاڵ بوو.

١٧ سییۆن دەستەکانی پان کردەوە،
کوا دڵنەواکاران بۆ ئەو،
خوداوەند فەرمانیدا دژ بە یاقوب
تەنگ پێ هەڵچنانی بەدەوریدابن.
ئۆرشەلیم لەناویاندا
بوو بە گڵاوی.
١٨ خوداوەند ڕاستودروستە
چونکە دژ بە فەرمانی ئەو یاخی بووم.
تکایە گوێ بگرن ئەی هەموو گەلان،
تەماشای ناخۆشیم بکەن،
پاکیزەکان و لاوەکانم
بۆ ڕاپێچ ڕۆیشتن.
١٩ هاوارم بردە بەر خۆشەویستەکانم،
فێڵیان لێ کردم،
کاهین و پیرەکانم
لە شاردا مردن،
بەدوای خۆراکەوە بوون بۆ خۆیان
تا گیانیانی پێ ببوژێننەوە.
٢٠ ببینە خوداوەند لە تەنگانەدام،
گڕی گرتووە هەناوم،
دڵم لەناو سینەمدا وەرگەڕاوە
چونکە بە تەواوی یاخی بووم.
لە دەرەوە شمشێر دەست بەکارە و
لە ماڵەوەش وەک مردنە.
٢١ بیستیان هەنسک هەڵدەکێشم
کوا دڵنەواکاران بۆ من
هەموو دوژمنانم بەڵای منیان بیست
دڵشاد بوون کە تۆ ئەمەت کردووە
ئەو ڕۆژە دێنێت کە بانگەوازت بۆی کرد
جا وەک منیان لێدێت.
٢٢ با هەموو خراپەکانیان بێنە بەردەمت
جا پێیان بکە
وەک ئەوی بە منت کرد
لەسەر هەموو یاخی بوونەکانم
چونکە هەنسک کێشانم زۆرە و
دڵم لەخۆ چووە.

# ٢

١ چۆن
خوداوەندم بە تووڕەیی خۆی
کچی سییۆنی بە هەور داپۆشی!
لە ئاسمانەوە فڕێیدایە سەر زەوی،
جوانیی ئیسرائیل
لە ڕۆژی تووڕەییدا
جێی پێی خۆی لەبیرنەبوو.
٢ خوداوەندم بەزەیی نەهاتەوە،
لووشیدا هەموو جێنشینەکانی یاقوب،
ڕووخانی بە قینی خۆی
قەڵاکانی کچی یەهوزا،
دایگرتە سەرزەوی
گڵاوی کرد پاشایەتی و میرەکانی.
٣ بڕییەوە بە گڕی تووڕەیی خۆی
هەموو هێزی ئیسرائیل
دەستە ڕاستەی بەرەو دوا کێشایەوە
لەبەردەم دوژمن
گڕیی گرت بە ناو یاقوبدا وەک ئاگرێگی گڕدار
کە هەموو دەوروبەری دەخوات.
٤ وەکو دوژمن کەوانی خۆی ئاڕاستە کرد
دەستە ڕاستی گیر کرد
وەک ناحەز کوشتی
هەموو ئەوەی چاو ئارەزووی دەکرد
لەناو چادرەکانی کچی سییۆن
قینی خۆی وەک ئاگر ڕشت.
٥ خوداوەندم وەک دوژمنی لێهات
ئیسرائیلی لووشدا
هەموو کۆشکەکانی ئەوی لووشدا
قەڵاکانی ڕووخاند
شیوەن و ماتەمی زۆر کرد
لەناو کچی یەهوزادا.
٦ تێکیدا وەک باخچەیەک کەپرەکەی
ڕووخاندی کۆمەڵەکەی
لە بیری بردەوە خوداوەند لە سییۆندا
جەژنی دیاری کراو و ڕۆژی پشوودان
ڕەزیلی کرد بە قینی تووڕەیی خۆی
پاشا و کاهین.
٧ خوداوەند ڕقی بووەوە لە قوربانگاکەی خۆی
شەقی هەڵدا لە پیرۆزگاکەی خۆی
گەمارۆیدا لەناو دەستی دوژمندا
دیواری کۆشکەکانی
دەنگیان هەڵبڕی لەناو ماڵی خوداوەندا
وەک لە ڕۆژی جەژنی دیاری کراودا.
٨ خوداوەند مەبەستی بوو بیرووخێنێت
دیوارەکانی کچی سییۆن.
بە پەت پەوای و
دەستی نەگەڕایەوە لە وێرانکردن
سەنگەر و دیواری هێنایە گریان
پێکەوە ژاکان.
٩ دەروازەکانی نووقمی زەوی بوون،
لەناوی برد و شکاندی کاریتەکانی.
پاشا و میرەکانی لەناو گەلانن،
فێرکردن نەماوە،
هەروەها پێغەمبەرەکانیشی
هیچ بینینێکیان نییە لەلای خوداوەندەوە.
١٠ بە کپی لەسەر زەوی دادەنیشن
پیرەکانی کچی سییۆن،
خۆڵ بەسەر خۆیاندا دەکەن
بەرگی ماتەم لەبەردەکەن،
سەریان بەرەو زەوی دادەگرن
پاکیزەکانی ئۆرشەلیم.
١١ چاوەکانم ماندووبوون بە فرمێسک
ئاگری تێبەربوو هەناوم
جەرگ براوم
لەبەر وێران بوونی کچی گەلەکەم
لەبەر بوورانەوەی منداڵان و شیرەخۆران
لەناو گۆڕەپانەکانی شاردا.
١٢ بە دایکەکانیان دەڵێن:
کوا گەنم و مەی؟
کاتێ وەک بریندار دەبوورێنەوە
لەناو گۆڕەپانەکانی شاردا
کاتێ ژیانیان دەڕژێتە
ناو باوەشی دایکیانەوە.

١٣ بەچی ئاگادارت کەمەوە، بەچی لێکت بچەنم
ئەی کچی ئۆرشەلیم؟
بەچی بەراوردت بکەم و دڵت بدەمەوە
ئەی پاکیزەکەی کچی سییۆن؟
چونکە گەورەیە وەك دەریا وێران بوونت
کێ چاکت دەکاتەوە؟
١٤ پێغەمبەرەکانت بینینی
درۆ و فریودەریان بۆت بینی
تاوانی تۆیان ڕانەگەیاند
تا ڕاپێچەکەت بگێڕنەوە
بەڵکو پەیامی
درۆ و هەڵخەڵەتێنەریان بۆت بینی.
١٥ دەستت لێدەشۆن
هەموو ڕێبوارێك
فیکە لێدەدەن و سەر بادەدەن
لەبەر کچی ئۆرشەلیم،
دەڵێن، ئەمە شارەکەیە،
کە دەڵێن، تەواوی جوانی و
مایەی دڵخۆشی هەموو زەوییە!
١٦ دەمیان لەت دەکرێتەوە
هەموو دوژمنانت
فیشکەیان دێت و ددانیان لێت جیڕدەکەنەوە
دەڵێن: لووشمان دا!
بێگومان ئەمە ئەو ڕۆژەیە کە چاوەڕوانی بووین
پێیگەیشتین، بینیمان.
١٧ خوداوەند ئەوەی مەبەستی بوو کردی
قسەی خۆی بەجێگەیاند
ئەوەی لە ڕۆژانی کۆنەوە بەڵێنی پێیدا
ڕووخاندی و بەزەیی نەهاتەوە
دوژمنی پێت شاد کرد
سەری ناحەزی تۆی بەرزکرد.
١٨ دڵیان هاواری بۆ خوداوەندم کرد
ئەی دیوارەکانی کچی سییۆن
وەك ڕووبار فرمێسکەکانت بڕێژە
بە ڕۆژ و بە شەو
پشوو بە خۆت مەدە
با گلێنەی چاوەکانت نەوەستن.
١٩ هەستە بە شەو هاوار بکە
لەگەڵ دەست پێکردنی ئەشك گرتن
وەك ئاو دڵت هەڵڕێژە
لەبەردەم ڕووی خوداوەندم
دەستت بۆی بەرزکەرەوە
بۆ ژیانی منداڵەکانت
ئەوانەی لەبرسان بووراونەتەوە
لەسەر سوچی هەموو شەقامێك.
٢٠ ئەی خوداوەند ببینە و تەماشاکە
ئەمەت بە کێ کرد؟
ئایا ژنان بەری سکی خۆیان دەخۆن
منداڵەکانی باوەشیان؟
ئایا لە قوربانگای خوداوەندم دەکوژرێت
کاهین و پەغەمبەر؟
٢١ پاڵکەوتن لەسەر زەوی شەقامەکان
گەنج و پیر،
پاکیزەکان و لاوەکانم
بە شمشێر کەوتن،
کوشتت لە ڕۆژی تووڕەیتدا
سەرت بڕی و بەزەییت نەهاتەوە.
٢٢ بانگت کرد وەك ڕۆژی جەژنی دیاریکراو
ترسەکانم لە چواردەورم
جا نەبوو لە ڕۆژی تووڕەیی خوداوەنددا
دەربازبوو و ڕاکردوو،
ئەوانەی لە باوەشم کردن و بەخێوم کردن
دوژمن لەناوی بردن.

# ٣

١ من ئەو پیاوەم کە زەلیلیم بینی
بە گۆچانی تووڕەیی ئەو.
٢ ڕێبەری کردم و بردمی
بە تاریکیدا و ڕووناکی نەبوو.
٣ بێگومان دژ بە من دەیگێڕێتەوە
دەستی بە درێژایی ڕۆژ.
٤ گۆشت و پێستی لەناوبردم
ئێسقانەکانی شکاندم.
٥ لەسەر من بنیادینا و گەمارۆیدام
بە گۆژاڵك و دڵەڕاوکێ.
٦ لەناو تاریکستاندا نیشتەجێ کردم
وەك مردووە کۆنەکان.
٧ پەرژینی بەدەورمدا لێدا ناتوانم دەرچم
زنجیرەکانمی قورس کرد.
٨ هەروەها کاتێ هاوار و داوای فریاکەوتن دەکەم
دەست دەنێت بەڕووی نوێژەکانمەوە
٩ بەردی تاشراوی لەسەر ڕێگاکانم کەڵەك کرد
ڕێڕەوەکانمی خواروخێچ کرد.
١٠ ورچێکی لە بۆسەیە بۆم
شێرێکە لە پەناوە.
١١ ڕێگاکانمی لار کردەوە و پارچەپارچەی کردم
کردمی بە وێرانە.
١٢ کەوانەکەی ڕاکێشا و چەقاندمی
وەك نیشان بۆ تیر.
١٣ چەقاندی لە گورچیلەکانم
تیرەکانی تیردانەکەی.
١٤ بووم بە گاڵتەپێکراو بۆ هەموو گەلەکەم
گۆرانییەك بۆیان بەدرێژایی ڕۆژ.
١٥ تێری کردم بە تاڵی
پڕی کردم بە گوژاڵك.
١٦ وردوخاشی کرد بە چەو ددانەکانم
بە خۆڵەمێشی پەستامی.
١٧ گیانی منت لە ئاشتی دوورخستەوە
باشیم لەبیرچوو.
١٨ جا وتم، لەناوچوو هێز و
هیوام بە خوداوەند.
١٩ بەبیرت بێت زەلیلی و سەرگەردانیم
ژەهر و گوژاڵك.
٢٠ بەتەواوی بەبیری دێتەوە و نوقووم دەبێت
لەناخمدا گیانم.
٢١ ئەمە بەمەشکی خۆمدا دەهێنمەوە
بۆیە هیوادارم.
٢٢ پەیمانی خۆشەویستی خوداوەندە کە لەناو نەچووین،
چونکە تەواو نابێت بەزەییەکەی.
٢٣ نوێیە هەموو بەیانییەك
زۆرە دڵسۆزییەکەت.

٢٤ بەشی من خوداوەندە!، گیانم وتی
بۆیە هیوام بەوە.
٢٥ چاکە خوداوەند بۆ ئەوانی چاوەڕوانی ئەون
بۆ ئەو گیانەی داوای ئەو دەکات.
٢٦ چاکە هیوادار بیت و بەبێ دەنگییەوە چاوەڕێی
ڕزگاری خوداوەند بیت.
٢٧ چاکە بۆ پیاو هەڵیبگرێت
نیر لە منداڵییەوە.
٢٨ بە تەنیا دادەنیشێت و بێ دەنگ دەبێت
چونکە لەسەری دایناوە.
٢٩ دەمی دەخاتە سەر خاکوخۆڵ
بەڵکو هیوا هەبێت.
٣٠ ڕوومەتی دەدات بەوەی لێیدەدات
تێر دەبێت لە ڕسوایی.
٣١ چونکە خوداوەندم
تاهەتایە ڕەت ناکاتەوە.
٣٢ چونکە گەر دڵتەنگ دەکات و بەزەیشی دێتەوە
بەپێی گەورەیی پەیمانی خۆشەویستیەکەی.
٣٣ چونکە لە دڵەوە زەلیل ناکات و
مرۆڤ دڵتەنگ ناکات.
٣٤ کە بیپەستنێتەوە لەژێر پێیەکانی
هەموو دیلەکانی زەوی.
٣٥ کە هەڵیگەڕێنێتەوە دادی مرۆڤ
لەبەردەم هەرەبەرز.
٣٦ کە مرۆڤ تێکبدات لە کێشەکەی
ئایا خوداوەندم نابینێت؟
٣٧ کەیە کە دەڵێت و دەبێت،
کاتێ خوداوەندم فەرمانی نەدابێت؟
٣٨ ئایا بە فەرمانی هەرەبەرز نییە
ڕوودانی خراپە و چاکە.
٣٩ بۆچی مرۆڤی زیندوو گلەیی بکات
پیاو لەسەر سزای گوناهەکانی؟
٤٠ با ڕێگاکانمان بپشکنین و تاقی بکەینەوە و
بگەڕێینەوە بۆ لای خوداوەند.
٤١ با دڵ و دەستمان بەرزبکەینەوە
بۆ خودا لە ئاسمان.
٤٢ ئەمە یاخی بووین و سەرپێچیمان کرد
تۆ نەبوورایت.
٤٣ خۆت بە تووڕەیی داپۆشی و دەرتکردین
کوشتت و بەزەیت نەهاتەوە.
٤٤ بە هەور خۆت پۆشی
تا نوێژ نەپەڕێتەوە.
٤٥ ئەمەت کرد بە پاشەڕۆ و نەویستراو
لەناو گەلان.
٤٦ دەمیان لێمان کردەوە
هەموو دوژمنانمان.
٤٧ ترس و تەڵە باڵی بەسەرماندا کێشا
لەناوچوون و وێران بوون.
٤٨ کانی ئاو هەڵدەڕێژن چاوەکانم
لەسەر وردوخاش بوونی کچی گەلەکەم.
٤٩ چاوەکانم هەڵدەڕێژن و ناوەستن
بەبێ پسانەوە.
٥٠ تا سەر دەربێنێت و ببینێت
خوداوەند لە ئاسمانەوە.
٥١ چاوەکانم ئازاری گیانم دەدەن
لەبەر هەموو کچانی شارەکەم.
٥٢ ڕاویکردم وەك چۆلەکە
دوژمنم بەبێ هۆ.
٥٣ لەناو چاڵدا قڕیان بە ژیانم هێنا
بەردیان بەسەرمدا دا.
٥٤ ئاو بەسەرمدا کەوت
وتم، قڕ کرام.
٥٥ بانگی ناوی تۆم کرد خوداوەند
لە چاڵی بنەوە.
٥٦ گوێت لە دەنگم گرت
گوێت دامەخە لەئاست هەنسك و هاوارم.
٥٧ نزیك بوویتەوە ئەو ڕۆژەی بانگم کردیت
فەرمووت، مەترسە!
٥٨ بەرگریت لە کێشەی گیانم کرد ئەی خوداوەندم
ژیانی منت کڕییەوە.
٥٩ ستەمی منت بینی ئەی خوداوەند
دادوەری دادم بکە.
٦٠ هەموو ڕقی ئەوانت بینی
هەموو بیرکردنەوەکانیان دژ بە من.
٦١ گوێت لە سووکایەتیەکەیان بوو ئەی خوداوەند
هەموو بیرکردنەوەکانیان دژ بە من.
٦٢ قسەی بەرهەڵستکارانم و
پیلانەکانیان دژ بە من بە درێژایی ڕۆژ.
٦٣ تەماشای دانیشتن و هەڵسانیان بکە
من دەیانهێنمە گۆرانی.
٦٤ پاداشتیان بدەوە خوداوەند
بەپێی کردەوەکانی دەستیان.
٦٥ داپۆشراوی دڵیان بدەرێ
نەفرەتت بۆیان.
٦٦ بە تووڕەییەوە دوایان بکەوە و لەناویان ببە
لەژێر ئاسماندا ئەی خوداوەند.

# ٤

١ چۆن
زێڕ ڕەش هەڵگەڕا!
زێڕی پووختەکراو گۆڕا!
بەردەکانی پیرۆزگا بەربوونەوە
لەسەر سووچی هەموو شەقامێکدا.
٢ ڕۆڵە بەهادارەکانی سییۆن
ئەوانەی بە زێڕی بێگەرد دەکێشران
چۆن بە گۆزەی گڵ دانران
دەستکردی دەستی گۆزەچی!
٣ هەروەها چەقەڵەکانیش گوانیان دەرکرد
بۆ شیردانی توولەکانیان
بەڵام کچی گەلەکەم وشکە
وەك وشترمرغ لە چۆڵەوانی.
٤ شیرەخۆرە زمانی نووسا
بە مەڵاشوویەوە لەتینوەتی
منداڵەکان داوای نان دەکەن
کەس نیە بۆیانی بشکێنێت.
٥ ئەوانەی خواردنی خۆشیان دەخوارد
لە شەقامەکاندا لەناوچوون
ئەوانەی لەناو جلوبەرگی ئاڵدا بەخێودەکران
باوەشیان بەزبڵدانەکان کرد.
٦ جا مەزنتر بوو سزای تاوانی کچی گەلەکەم
لە سزای گوناهەکەی سەدوم

ئەوەی لە چرکەیەکدا سەرەوژەر بوو
بێ ئەوەی دەستی بۆ درێژ بکرێت.
٧ تەرخانکراوەکانی لە بەفر بێگەرد تر بوون و
لە شیر سپیتر بوون
لە مەرجان سوورتر بوو لەشیان
وەك یاقووتی شین بوون.
٨ ئێستا ڕەنگیان لە تاریکی ڕەشترە
لە شەقامەکاندا نەناسرانەوە
پێستیان بە ئێسکیانەوە نووسا
وەك تەختەدار وشك هەڵگەڕا.
٩ بە شمشێر کوژراوەکان باشتر بوون
لەوانەی بە برسێتی مردن
چونکە ئەمانە دەتوێنەوە
بریندارن بە نەبوونی بەروبوومی کێڵگە.
١٠ دەستی دایکە بەبەزەییەکان
لێیان نا منداڵەکانیان
بوون بە خواردن بۆیان
لە وردوخاش بوونی کچی گەلەکەم.
١١ خوداوەند قینی خۆی تەواوکرد
جۆشی تووڕەیی خۆی ڕشت و
ئاگرێکی لە سییۆن بەرپاکرد
بناغەکانی سووتاند.
١٢ باوەڕیان نەکرد پاشاکانی زەوی و
هەموو دانیشتوانی جیهان
کە دوژمن و ناحەز
دێنە ناو دەروازەکانی ئۆرشەلیمەوە.
١٣ لەبەر گوناهەی پێغەمبەرەکانی
تاوانی کاهینەکانی
ئەوانەی لەناوەندیدا دەیڕێژن
خوێنی ڕاستودروستان.
١٤ وەك کوێر وێڵ بوون لە شەقامەکان
خۆیان بە خوێن گلاوکرد
تا کەس نەیتوانی دەست
لە جلوبەرگەکانیان بدات.
١٥ دوورکەونەوە گلاوەکان!، هاواریان لێدەکەن
دوورکەونەوە! دوورکەونەوە، لێمان نەکەون!
کە ڕایان کرد هەروەها وێڵ بوون،
لەناوگەلاندا وتیان، جارەکی تر نیشتەجێ نابن.
١٦ ڕووی خوداوەند پەرتیکردن
ئیتر تەماشایان ناکات
ڕەزیان لە کاهینەکان نەگرت
لەگەڵ پیرەکان میهرەبان نەبوون.
١٧ بەڵام ئێمە چاومان کزبوو
لە چاوەڕوانی یارمەتییەکەمان بەبێ سوود
لە قوولەکانمان چاوەڕێ بووین
بۆ گەلەك کە ڕزگار ناکات.
١٨ تەڵەیان بۆ هەنگاوەکانمان نایەوە
تا لە گۆڕەپانەکانماندا هاتوچۆ نەکەین
کۆتاییمان نزیك بووەوە، تەواو بوو ڕۆژانمان
چونکە کۆتاییمان هات.
١٩ سووکتر بوون ڕاونەرانمان
لە داڵەکانی ئاسمان
بەسەر چیاکاندا شوێنمان کەوتن
لە چۆڵەوانیدا بۆسەیان بۆمان نایەوە.
٢٠ هەناسەی لووتمان، دەستنیشانکراوی خوداوەند
لە چاڵەکانیاندا گیرا
ئەوەی وتمان، لە سەبەری ئەودا
لەناو گەلان دەژیین.
٢١ دڵخۆش و دڵشادبە ئەی کچی ئەدۆم
ئەی دانیشتووی خاکی عوچ
هەروەها بەسەر تۆشدا جامەکە تێپەڕ دەبێت
سەرخۆش دەبیت و ڕووت دەبیتەوە.
٢٢ تەواو بوو سزای تاوانەکەت ئەی کچی سییۆن
جارێکی تر ڕاپێچت ناکات
تاوانەکەت بەسەردەکرێتەوە ئەی کچی ئەدۆم
گوناهەکانت ئاشکرا دەکات.

# ٥

١ ئەی خوداوەند بەبیرت بێتەوە چیمان بەسەر هات
تەماشاکە و ببینە ڕسواییەکەمان.
٢ میراتەکەمان بۆ بێگانەکان بوو
ماڵەکانمان بۆ نەناسەکان.
٣ هەتیو کەوتین، کوا باوك؟
دایکانمان وەك بێوەژنن.
٤ بە پارە لە ئاوی خۆمان خواردەوە
دارەکانمان بە نرخ بۆمان دێت.
٥ لەسەر ئەستۆمان دەمانچەوسێننەوە
ماندوو دەبین و حەوانەوەمان بۆ نییە.
٦ دەستی خۆمان دا بە میسرییەکان
بە ئاشوورییەکان تا تێر نان بین.
٧ باوکانمان گوناهەیان کرد، کوان؟
ئەمە تاوانەکانیان هەڵدەگرین.
٨ خزمەتکارەکان فەرمانڕەوایمان دەکەن
کەس نییە لەدەستیان ڕزگارمان بکات.
٩ گیانمان لەناو مشتمانە تا نانی خۆمان دەهێنین
لەبەر شمشێری چۆڵەوانی.
١٠ پەستمان وەك تەنوور ڕەش هەڵگەڕاوە
لەبەر ئاگری برسەتی.
١١ ژنانیان لە سییۆن زەلیل کرد
پاکیزەکان لە شارەکانی یەهوزا.
١٢ میران لە دەستیانەوە هەڵدەواسرێن
ڕەز لە پیران ناگیرێت.
١٣ لاوانیان بۆ هارین برد
منداڵان لەژێر بارە داردا بەلادا دێن.
١٤ پیران دەستیان هەڵگرت لە دەروازە
لاوانیش لە گۆرانییەکانیان.
١٥ خۆشی دڵمان بەسەرچوو
شایمان بوو بە شیوەن
١٦ تاجی سەرمان کەوت
قوڕبەسەرمان، چونکە گوناهمان کرد.
١٧ لەبەر ئەمە دڵمان غەمبار بوو
لەبەر ئەمە بەرچاومان تاریك بوو.
١٨ لەبەر چیای سییۆنی وێران
ڕەوی هاتوچۆی تێدادەکەن.
١٩ ئەی خوداوەند تۆ بۆ هەتاهەتایە دادەنیشیت
تەختی تۆ نەوە دوای نەوەیە.
٢٠ بۆچی تاهەتایە لەبیرمان دەکەیت
بەدرێژایی ڕۆژان بەجێمان دەهێڵیت.
٢١ بمانگەڕێنەوە بۆ لای خۆت ئەی خوداوەند، دەگەڕێینەوە
وەك جاران ڕۆژانمان نوێ بکەوە.
٢٢ ئایا بەتەواوی ڕەتت کردینەوە
زۆر لێمان تووڕە بوویت!

# حزقیێل

## ١

١ لە ساڵی سی، لە مانگی چوار، لە پێنجی مانگدا بوو، من لەناو
ڕاپێچکراوەکان لەسەر ڕووباری خابوور بووم کاتێ ئاسمانەکان
کرانەوە و منیش بینینی خودام بینی. ٢ لە پێنجی مانگدا ئەویش
ساڵی پێنجەمی ڕاپێچکردنی یویاکین پاشایە. ٣ وشەی خوداوەند بۆ
حزقیالی کاهین کوڕی بووزی هات، لە خاکی کلدانییەکان لەسەر
ڕووباری خابوور و لەوێ دەستی خوداوەند هاتە سەری. ٤ جا
تەماشام کرد ئەوەتا ڕەشەبایەك لە باکوورەوە هات، هەورێکی
گەورە و ئاگرێکی بەردەوام و لەدەوروبەریدا بریسکەدانەوە و
لەناوەڕاستیدا وەك دیمەنی مسی بریسکەدار لەناوەڕاستی ئاگردا.
٥ لەناوەڕاستیدا شێوەی چوار گیانلەبەر و ئەمەش دیمەنیان بوو،
شێوەی مرۆڤیان هەبوو. ٦ هەریەکە چوار ڕوخسار و چوار باڵی
هەبوو. ٧ قاچەکانیان ڕێکوڕاست بوون و پێیەکانیان وەك پێی
گوێرەکە وابوون، وەك دیمەنی مسی لووسکراو دەبریقانەوە.
٨ لەهەر چوار لاوە لەبن باڵەکانەوە دەستی مرۆڤیان هەبوو،
هەرچواریان ڕوخسار و باڵیان هەبوو. ٩ باڵەکانیان هەریەکە و
بەوەی تەنیشتیەوە لکابوون، لەکاتی ڕۆیشتنیدا نەسووڕانەوە،
هەریەکە بە ئاراستەی ڕووی خۆی دەڕۆیشت. ١٠ شێوەی
ڕوخساریان ڕوخساری مرۆڤ بوو لە پێشەوە و ڕوخساری
شێریش بەلای ڕاست بۆ هەرچواریان و ڕوخساری گاش بۆلای
چەپ بۆ هەر چواریان و ڕوخساری داڵیش لە پشتەوە بۆ
هەرچواریان. ١١ ئەمە ڕوخساریان بوو، بەڵام باڵەکانیان بەرەو
سەرەوە لێککرابوونەوە، هەریەکە دووباڵ و پێکەوە لکابوون،
دووانیش لەشیانی دادەپۆشی. ١٢ هەریەکەیان بەرەو ئاراستەی
ڕووی خۆی دەڕۆیشت، بەرەو ئەو شوێنەی ڕۆح هەبێت بۆ
ڕۆیشت دەڕۆیشتن، لە ڕۆیشتنیاندا نەدەسووڕانەوە. ١٣ بەڵام
شێوەی گیانلەبەرەکان دیمەنیان وەك پشکۆی ئاگری داگیرسا و
بوو و وەك دیمەنی چرابوو بەناو گیانلەبەرکاندا دەڕۆیشت.
ئاگرەکەش بریسکەی هەبوو و لەئاگرەکەوە بروسکە دەردەچوو.
١٤ گیانلەبەرەکانیش ڕیاندەکرد و دەگەڕانەوە وەك بروسکە.
١٥ تەماشای گیانلەبەرەکانم کرد و ئەوەتا چەرخەیەك لەسەر
زەوییە لەلای گیانلەبەرەکانەوە بە هەر چوار ڕوویەوە. ١٦ دیمەنی
چەرخەکان و دروستکردنیان وەك دیمەنی بەردی گرانبەها بوو.
بۆ هەرچواریشیان یەك شێوەی هەبوو، دیمەن و دروستکردنیشیان
وەك ئەوەی چەرخە لەناو چەرخە بێت. ١٧ کە دەڕۆیشتن بەسەر
هەرچوار لادا دەڕۆیشتن و لەڕۆیشتندا نەدەسووڕانەوە. ١٨ بەڵام
چوارچێوەکانیان بەرز و ترسناك بوون و چوارچێوەکانیان پڕ لە
چاو بوون بە دەوریدا بۆ هەرچواریان. ١٩ کە گیانلەبەرەکان
دەڕۆیشتن چەرخەکان لەتەنیشیان دەڕۆیشتن و کە گیانلەبەرکان
لەسەر زەوی بەرزدەبوونەوە، چەرخەکانیش لەگەڵیان
بەرزدەبوونەوە. ٢٠ بەرەو ئەو شوێنەی ڕۆح هەبێت بۆ ڕۆیشت
دەڕۆیشتن، بۆ ئەو شوێنەی ڕۆح هەبێت دەڕۆیشتن و
چەرخەکانیش لەگەڵیاندا بەرزدەبوونەوە چونکە ڕۆحی
گیانلەبەرەکان لە چەرخەکاندا بوو. ٢١ کە ئەوان دەڕۆیشتن
ئەمانیش دەڕۆیشتن کە ئەوان دەوەستان ئەمانیش دەوەستان، کە
ئەوان لەسەر زەوی بەرز دەبوونەوە چەرخەکانیش لەگەڵیان
بەرزدەبوونەوە، چونکە ڕۆحی گیانلەبەرەکان لە چەرخەکاندا
بوو.
٢٢ لەسەر سەری گیانلەبەرکان شێوەی بۆشاییەکی کراوە وەك
دیمەنی بلوورێکی بێ وێنە هەبوو لەسەرەوە بەسەرسەریانەوە
بڵاوببووەوە. ٢٣ لەژێر بۆشاییە کراوەکەش باڵەکانی ڕێکوڕاست
هەریەکە ڕووە و ئەوەی تەنیشت، هەریەکە و دووانی هەبوو لەم
لاوە دایدەپۆشی و دووانیش لەولاوە لەشیانی دادەپۆشی. ٢٤ کە
ڕۆیشت گوێم لە دەنگی باڵەکانیان بوو وەك دەنگی خوڕەی ئاوی
زۆر بوو وەك دەنگی توانادار ، دەنگی هاتوهەرا وەك دەنگی
سوپا، کاتێ کە ڕاوەستا باڵەکانیان شۆڕ کردەوە. ٢٥ جا دەنگێك
هات لە لەسەر بۆشاییە کراوەکەی لەسەر سەرەکانی بوو. کە
ڕاوەستان باڵەکانیان شۆڕکردەوە.
٢٦ لەسەر بۆشاییە کراوەکەی سەر سەرەکانی، شتێکی وەك تەخت
هەبوو دیمەنی وەك دیمەنی بەردی عەقیقی شین بوو، لەسەر ئەو
شتەش کە وەك تەخت وابوو شێوەیەك وەك دیمەنی مرۆڤ بوو
لەسەری. ٢٧ لە ناوقەدی بەسەرەوە وەك دیمەنی بەردی
بریسکەداربوو، لە ناوقەدیشی بەرەو خوارەوە وەك دیمەنی ئاگر
لەناوەوە و لەدەوروبەری، وەك وێنەی ئاگر و لەدەوروبەریشی
بریسکەی هەبێت. ٢٨ وەك وێنەی پەلکە زێڕینە لە هەوردا لە
ڕۆژی باراندا، وێنەی بریسکەکەش ئاوا بوو لە دەوروبەري، ئەمە
دیمەنی شێوەی شکۆمەندی خوداوەند بوو. کاتێ بینیم بەسەر
ڕوومدا کەوتم و گوێم لە دەنگی قسەکارێك بوو.

## ٢

١ پێی وتم: ئەی ڕۆڵەی مرۆڤ هەستە سەر پێیەکانت، قسەت
لەگەڵ دەکەم. ٢ جا کە قسەی لەگەڵمدا کرد، ڕۆح هاتە ناو منەوە
و هەڵیساندمەوە سەر پێیەکانم و گوێم لەوە بوو قسەی لەگەڵم
دەکرد. ٣ پێی وتم: ئەی ڕۆڵەی مرۆڤ من بۆ لای نەوەی ئیسڕائیل
دەتنێرم، بۆ لای میللەتێکی یاخی لە من یاخی بووە، ئەوان و
باوکانیشیان تا ئەم ڕۆژەش لێم یاخی بوون. ٤ ڕۆڵەکانیش کە
ڕوویان ڕەقە و دڵیان ڕەقە و من بۆ لای ئەوانت دەنێرم، پێیان
دەڵێیت، خوداوەندم خوداوەند ئاوای فەرمووی، ٥ ئەوانیش ئەگەر
گوێیان گرت و ئەگەر گوێیان نەگرت، چونکە ماڵێکی یاخین، جا
دەزانن کە پێغەمبەرێکیان لەناودا بوو. ٦ بەڵام تۆ ئەی ڕۆڵەی
مرۆڤ، نە لە خۆیان بترسە و نە لە قسەکانیان بترسە، چونکە
دڕکوداڵن بۆت و تۆش لەناو دووپشکان دانیشتوویت. لە
هەردووکیان مەترسێ و لە ڕوویان مەتۆقێ، چونکە ماڵێکی
یاخین. ٧ جا بە قسەکانی من لەگەڵیان دەدوێت، ئەگەر گوێیان
گرت و ئەگەر گوێیان نەگرت، چونکە ماڵێکی یاخین.
٨ تۆش ئەی ڕۆڵەی مرۆڤ گوێ لەوە بگرە کە پێتی دەڵێم و یاخی
مەبە وەك ماڵی یاخی بوو. دەمت بکەوە و ئەوەی پێتی دەدەم بیخۆ.
٩ کە تەماشام کرد دەستێك بۆ لام درێژکراوە و پەرتووکێك لە
شێوەی نووسراوێکی لوولکراوی تیادایە. ١٠ لەبەردەمم کردیەوە و
لەناوە و لە پشتەوەشی نووسرابوو، لاوانەوە و گریان و واوەیلای
تێدا نووسرابوو.

# ٣

١ پێی وتم: ئەی ڕۆڵەی مرۆڤ ئەوەی دەیبینیەوە بیخۆ، ئەم پەڕەیە
بخۆ و بڕۆ لەگەڵ ماڵی ئیسڕائیل قسە بکە. ٢ منیش دەمم کردەوە و
ئەوە پەڕەی دەرخواردم دا. ٣ پێی وتم: ئەی ڕۆڵەی مرۆڤ
دەرخواردی سکتی بدە و هەناوت پڕکە لەو پەڕەی کە بە تۆم دا.
منیش خواردم و لەدەممدا وەك هەنگوین شیرین بوو.
٤ پێی وتم: ئەی ڕۆڵەی مرۆڤ بڕۆ بۆ ماڵی ئیسڕائیل و بە
قسەکانی من لەگەڵیان بدوێ. ٥ چونکە بۆ لای گەلێکی قسە ئاڵۆز و
زمان گران نەنێردراویت، بەڵکو بۆ لای ماڵی ئیسڕائیل. ٦ نەك بۆ
لای گەلانی زۆر کە قسەکردنیان ئاڵۆز و زمانیان گران بێت کە
لە قسەکانیان تێناگەیت، چونکە ئەگەر بۆ لای ئەوانەم بناردبای
گوێیان لێ دەگرتیت. ٧ بەڵام ماڵی ئیسڕائیل نایانەوێ گوێت لێ
بگرن، چونکە هەموو ماڵی ئیسڕائیل کەلە ڕەق و دڵ ڕەقن.
٨ ئەوەتا من ڕووی تۆم ڕەق کردووە وەك ڕووی ئەوان و
ناوچەوانت ڕەق وەك ناوچەوانیان. ٩ ناوچەوانی تۆم وەك ئەڵماس
لێکردووە لەبەرئەستێ ڕەقتر، جا لێیان مەترسە و لە ڕوویان
مەتۆقێ، چونکە ماڵێکی یاخین. ١٠ ئینجا پێی وتم: ئەی ڕۆڵەی
مرۆڤ هەموو ئەو قسەی پێتی دەڵێم، بیخە دڵتەوە و بە گوێت
بیبیستە. ١١ بڕۆ بۆ لای ڕاپێچکراوەکان بۆ لای ڕۆڵەکانی
گەلەکەت و قسەیان لەگەڵ بکە و پێیان بڵێ، خوداوەندم خوداوەند
ئاوای فەرموو، ئەگەر گوێ بگرن و ئەگەر گوێ نەگرن. ١٢ ئینجا
ڕۆح هەڵیگرتم و لەپشتمەوە گوێم لە دەنگی هەورە تریشقەیەکی
گەورە بوو: پیرۆزە شکۆمەندی خوداوەند لە جێی خۆی. ١٣ لەگەڵ
دەنگی باڵی گیانلەبەرەکان کە هەریەکە و بەوە تەنیشتیەوە لکابوو
و دەنگی چەرخەکانیش لەگەڵیان و دەنگی هەورەتریشقەیەکی
گەورە. ١٤ جا ڕۆح هەڵیگرتم و بردمی و منیش ڕۆیشتم و لەتاڵیدا
بووم لە گەرمی ڕۆحم و دەستی خوداوەندیش توونd بوو لەسەرم.
١٥ جا هاتمە لای ڕاپێچکراوەکان لە تەل ئەبیت لای ڕووباری
خابوور و لەوێ کە نیشتە جێ بوون منیش حەوت ڕۆژ بە
سەرسوڕماوی لەناویاندا نیشتەجێ بووم.
١٦ دوای حەوت ڕۆژەکە وشەی خوداوەند بۆم هات و فەرمووی:
١٧ ئەی ڕۆڵەی مرۆڤ تۆم کرد بە پاسەوان بەسەر ماڵی
ئیسڕائیلەوە، جا وشەکە لە دەمی منەوە ببیستە و لەلایەن منەوە
ئاگاداریان بکەوە. ١٨ ئەگەر بە بەدکار بڵێم، سزاکەت مردنە و
تۆش ئاگادارت نەکردەوە و قسەت نەکرد وەك ئاگادارکردنەوە بۆ
بەدکار لە ڕێگا خراپەکانی بۆ ئەوەی بە زیندووی بمێنێتەوە، ئەو
بەدکارە بە تاوانی خۆیەوە دەمرێت، بەڵام خوێنەکەی دەخەمە
ئەستۆی تۆ. ١٩ بەڵام ئەگەر تۆ بەدکارەکە ئاگادار بکەیتەوە و لە
بەدکاری خۆی و لە ڕێگا خراپەکەی نەگەڕێتەوە، ئەوا بە تاوانی
خۆی دەمرێت، بەڵام تۆ خۆت ڕزگارکرد. ٢٠ ئەگەر
ڕاستودروستیش لە ڕاستودروستی خۆی بگەڕێتەوە و تاوان
بکات، کۆسپ دەخەمە ڕێگای و دەمرێت، چونکە ئاگادارت
نەکردەوە بە گوناهەکەیەوە دەمرێت و ئەو ڕاستودروستیەی کە
کردوویەتی باس ناکرێت. بەڵام خوێنەکەی دەخەمە ئەستۆی تۆ.
٢١ بەڵام ئەگەر تۆ ڕاستودروستەکەت ئاگادار کردەوە لەوەی
ڕاستودروستەکە گوناهە بکات و گوناهەی نەکرد، ئەوا دەژیێت
چونکە ئاگادارکرایەوە و تۆش خۆت ڕزگار کردووە.
٢٢ ئینجا لەوێ دەستی خودا لەسەرم بوو و پێی فەرمووم: هەستە
بۆ دەشتاییەکە دەرچۆ و لەوێ قسەت لەگەڵ دەکەم. ٢٣ منیش
هەستام و بۆ دەشتاییەکە دەرچووم و ئەوەتا شکۆمەندی خوداوەند
لەوێ وەستاوە وەك ئەو شکۆمەندییەی لەسەر ڕووباری خابوور
بینیم، ئیتر بەسەر ڕوومدا کەوتم. ٢٤ ڕۆح هاتە ناومەوە و
هەڵیساندمەوە سەرپێیەکانم، ئینجا قسەی لەگەڵ کرد و پێی
فەرمووم: بڕۆ و لەناو ماڵەکەت دەرگا لەسەر خۆت دابخە. ٢٥ تۆ
ئەی ڕۆڵەی مرۆڤ ئەوەتا بە کۆت دەخەنە سەرت و دەبەستنەوە
و ناتوانیت بچیتە ناویان. ٢٦ منیش زمانت بە مەڵاشووتەوە
دەنووسێنم و لاڵ دەبیت و بۆیان نابیت بە پیاوێکی سەرزەنشتکار
چونکە ماڵێکی یاخین. ٢٧ کاتێ قسەت لەگەڵ دەکەم دەمت بکەوە و
پێیان دەڵێیت خوداوەندم خوداوەند ئاوای فەرموو، ئەوەی گوێ
دەگرێت با گوێ بگرێت و ئەوەی گوێ ناگرێت با گوێ نەگرێت،
چونکە ماڵێکی یاخین.

# ٤

١ تۆش ئەی ڕۆڵەی مرۆڤ خشتێك بۆ خۆت ببە و لەبەردەمی
خۆتی دابنێ و وێنەی ئۆرشەلیمی لەسەر بکێشە و ٢ گەمارۆی
لەسەر دابنێ و قوولەی لەسەر بنیادبنێ و سەنگەری لەسەر
دروست بکە و لەشکری لەسەر کۆبکەوە و مەنجەنیقی لە دەورەدا
دابنێ. ٣ ئنجا ساجێکی ئاسن بۆ خۆت ببە و بیکە بە شوورایەکی
ئاسن لەنێوان خۆت و شارەکە و چاوی تێ ببڕە، جا لەژێر
گەمارۆ دەبێت و گەمارۆی دەدەیت. ئەوە نیشانەیەکە بۆ ماڵی
ئیسڕائیل.
٤ لەسەر تەنیشتی چەپەت ڕابکشێ و تاوانی ماڵی ئیسڕائیل
بخەرەسەری، بە ژمارەی ئەو ڕۆژانەی ڕادەکشێی تاوانەکەیان
هەڵدەگریت. ٥ منیش سالانی تاوانەکەیانم کردووە بە ژمارەی
ڕۆژەکان، سێ سەد و نەوەد ڕۆژ، جا تاوانی ماڵی ئیسڕائیل
هەڵدەگریت. ٦ ئەگەر تەواوت کرد ئینجا لەسەر لای ڕاستت
ڕاکشێ، جا بۆ ماوەی چل ڕۆژ تاوانی ماڵی یەهوزا هەڵدەگریت،
من یەك ڕۆژ بۆ تۆ لەبری ساڵێك دادەنێم. ٧ جا چاوت ببڕە سەر
گەمارۆی ئۆرشەلیم و بازووی لێ هەڵکە و پێشبینی لەسەر بکە.
٨ ئەوەتا من بە گوریس دەتبەستمەوە جا لەم تەنیشتەوە خۆت
وەرناگێڕیتەوە سەر ئەو تەنیشت تا ڕۆژانی گەمارۆکەت تەواو
دەبێت.
٩ تۆش گەنم و جۆ و پاقلە و نیسك و هەرزن و ماش خۆت ببە و
لەناو یەك دەفەردا دایان بنێ و بۆ خۆت بیکە بە نانی ڕۆژانە بە
ژمارەی ئەو ڕۆژانەی لەسەر تەنیشتت ڕادەکشێیت، سێ سەد و
نەوەد ڕۆژ لێی دەخۆیت. ١٠ ئەو خواردنەش کە دەیخۆیت بە
کێشانە دەبێت، هەر ڕۆژەی بیست شاقڵ، لە کاتێکەوە بۆ کاتێك
دەیخۆیت. ١١ ئاویش بە پێوانە دەخۆیتەوە، یەك لەسەر شەشی
هەینێك، لە کاتێکەوە بۆ کاتێك دەیخۆیتەوە. ١٢ کولێرەی جۆ
دەخۆیت، لەسەر ئەو پیسایییەی لە مرۆڤەوە دەردەچێت لەبەر
چاویان دەیبرژێنیت.
١٣ خوداوەند فەرمووی: نەوەکانی ئیسڕائیلیش ئاوا نانی گڵاو
دەخۆن لەنێو ئەو میللەتانەی بۆ لایان دەریان دەکەم. ١٤ منیش وتم:
ئای ئەی خوداوەندم خوداوەند! ئەوەتا گیانی من گڵاو نەبووە و لە
منداڵیمەوە تا ئێستا نە کەلاکی مردوو و نە ئەوەی بە نێچیر بووە
نەمخواردووە و هیچ گۆشتێکی گڵاو نەچووەتە دەممەوە.
١٥ ئەویش پێی وتم: تەماشاکە، ڕیخی مانگام بۆت دانا لە جیاتی
پیسایی مرۆڤ، جا نانەکەتی لەسەر دروست دەکەیت. ١٦ هەروەها
پێی فەرمووم: ئەی ڕۆڵەی مرۆڤ ئەوەتا من نان لە ئۆرشەلیم
دەبڕم، جا نان بە کێشانە و بە خەمەوە دەخۆن و ئاویش بە پێوەنە
و سەرلێشێوانەوە دەخۆنەوە، ١٧ هەتا نان و ئاویان لێ ببڕێت و
هەرکەسە و براکەی سەریان لێبشێوێت و بە تاوانەکەیانەوە
لەناوبچن.

# ٥

١ تۆش ئەی ڕۆڵەی مرۆڤ شمشێرێکی تیژ وەك گوێزانی تاشین
بۆ خۆت ببەو بەسەر سەر و ڕیشتدا بیهێنە و تەرازوویەك بۆ
کێشان بۆ خۆت ببە و بەشی بکە. ٢ سێ یەکی بە ئاگر بسووتێنە و
لەناوەڕاستی شارەکە، کە ڕۆژانی گەمارۆکە تەواو دەبێت.
سێیەکیشی ببە و بە شمشێر لێیبدە لە دەوروبەری و سێیەکیشی بە
بادا بکە، من شمشێرێك هەڵدەکێشم بە دوایاندا. ٣ چەند تاڵێکی کەم
بە ژمارە لێی ببە و لە دامێنی کراسەکەی خۆتا گرێی بدە و ٤ لێشی
ببە و فڕێی بدە ناو ئاگرە و بە ئاگر بیسووتێنە. لەوەوە ئاگر
دەردەچێت بۆسەر هەموو ماڵی ئیسڕائیل.
٥ خوداوەندم خوداوەند ئاوای فەرموو: ئەمە ئۆرشەلیمە
لەناوەڕاست میللەتان دامەزراند و خاکەکانیش بەچواردەوریدا.
٦ جا یاخی بوو لە حوکمەکانم خراپتر لە میللەتان و لە فەرزەکانم
خراپتر لە خاکەکانی دەوروبەری، چونکە حوکمەکانی منیان ڕەت
کردەوە و بە ڕێگای فەرزەکانی مندا نەڕۆیشتن.
٧ بۆیە خوداوەندم خوداوەند ئاوای فەرموو: لەبەر ئەوەی لەو
میللەتانەی دەوروبەرتان زیاتر هاتوهەراتان کرد و بە ڕێگای
فەرزەکانی مندا نەڕۆیشتن و بە پێی حوکمەکانی منتان نەکرد و
بە پێی حوکمەکانی میللەتانی دەوروبەری خۆتان نەکرد. ٨ بۆیە
خوداوەندم خوداوەند ئاوای فەرموو: ئەوەتا منیش دژ بە تۆم و
لەبەر چاوی میللەتان لەناوتدا حوکمەکان ئەنجام دەدەم. ٩ ئەوەت
پێدەکەم کە نەمکردووە و پاش ئەوەش وەك ئەوە ناکەمەوە، لەبەر
هەموو گڵاوییەکەت. ١٠ لەبەر ئەوە باوکان لەناوتدا کوڕانیان
دەخۆن و کوڕانیش باوکانیان دەخۆن و لەناوتدا حوکمەکان
جێبەجێ دەکەم و پاشماوەکەت بە هەموو بایەکاندا بڵاودەکەمەوە.
١١ لەبەر ئەوە بە گیانی خۆم، خوداوەندم خوداوەند ڕایگەیاند،
لەبەر ئەوەی بە هەموو شتە گڵاو و بەهەموو شتە قێزەوەنەکانت
پیرۆزگای منت گڵاوکرد، منیش کەمی دەکەمەوە و چاوەکانم بە
بەزەیی نابن و دڵم ناسووتێت. ١٢ سێیەکت بە دەرد دەمرێت و بە
برسێتی لەناوەڕاستدا لەناودەچن و سێیەکیشت بە شمشێر
لەدەوروبەرت دەکەون و و سێیەکیشت بە هەموو بایەك
بڵاودەکەمەوە و شمشێرێك هەڵدەکێشم بەدوایاندا. ١٣ کە تووڕەیم
تەواو بوو و قینی خۆم شلکردەوە و دامرکامەوە، دەزانن کە من
خوداوەندم لەکاتی دڵگەرمیم قسەم کرد و کە قینی خۆم لەواندا
تەواوکرد. ١٤ دەتکەم بە وێرانە و ڕسوایی لەناو ئەو میللەتانەی
لەدەوروبەرتدان و لەبەرچاو هەموو ڕێبوارێك. ١٥ جا دەبیت بە
ڕسوایی و جنێودان و تەمبێکردن و وێرانە بۆ ئەو میللەتانەی
لەدەوروبەرتدان کە لەناوتدا بە تووڕەیی و بە قین و بە سەرزەنشتی
گەرمەوە حوکمەکانم ئەنجامدا. من خوداوەندم قسەم کرد. ١٦ کە
تیرەکانی برسێتی خراپم بۆ سەریان نارد ئەوەی بۆ وێرانی
دەبێت، ئەوەی بۆ وێرانیتان دەینێرم و برسێتی لەسەرتان زیاد
دەکەم و نانتان لێ دەبڕم. ١٧ کە برسێتی و دڕندەی خراپتان بۆ
سەرتان دەنێرم، جا دڵسوتاوتان دەکەم و و دەرد و خوێن بەناوتدا
تێدەپەڕێت و شمێر بەسەرتدا دەهێنم. من خوداوەندم قسەم کرد.

# ٦

١ هەروەها وشەی خوداوەند بۆم هات و فەرمووی: ٢ ئەی ڕۆڵەی
مرۆڤ، ڕووت لە چیاکانی ئیسڕائیل بکە و دژی پێشبینی بکە.
٣ بڵێ: ئەی چیاکانی ئیسڕائیل گوێ لە وشەی خوداوەندم خوداوەند
بگرە. خوداوەندم خوداوەند ئاوای فەرموو بە چیاکان و بە
گردەکان بە دۆڵەکان و بە نشێوەکان، ئەوەتا من شمشێرێکتان
بەسەردا دەهێنم و بەرزاییەکانتان لەناودەبەم. ٤ جا قوربانگاکانتان
وێران دەبێت و قوربانگاکانی خۆرتان دەشکێت و کوژراوەکانتان
فڕێدەدەمە بەردەم بتەکانتان. ٥ لاشەکانی نەوەی ئیسڕائیل لەبەردەم
بتەکانیان دادەنێم و ئێسقانتان لە چواردەور قوربانگاکانتان
بڵاودەکەمەوە. ٦ لە هەموو نشینگەکانتان شارەکان چۆڵ دەبن و
بەرزاییەکان کاول دەبن بۆ ئەوەی قوربانگاکانتان چۆڵ و کاول
بێت و بتەکانیشتان دەشکێن و نامێنن و قوربانگاکانی خۆرتان
دەبڕێنەوە و دروستکراوەکانتان دەسڕێنەوە. ٧ کوژراوان
لەناوەندتان دەکەون، ئەوسا دەزانن کە من خوداوەندم!
٨ بەڵام پاشماوە دەهێڵمەوە، بەوەی دەربازبووتان هەبێت لە شمشێر
لەناو میللەتان، کاتێ بەناو خاکەکاندا بڵاو دەکرێنەوە.
٩ دەربازبووانی ئێوە یادم دەکەنەوە لەناو ئەو میللەتانەی بۆیان
ڕاپێچدەکرێن کە دڵە داوێن پیسەکەیان دەشکێنم کە لەمن لایدا و
چاوە داوێن پیسەکانیان بەدوای بتەکانیان، کاتێ ڕقیان لەخۆیان
دەبێتەوە لەبەر ئەو خراپانەی لە هەموو گڵاوییەکانیان کردوویانە.
١٠ جا دەزانن کە من خوداوەندم، لەخۆڕایی نەمفەرموو کە ئەم
خراپەیەیان پێدەکەم.
١١ خوداوەندم خوداوەند ئاوای فەرموو: بە دەستت لێبدە و بە
پێیەکانت بکوتە و بڵێ، ئای لەبەر هەموو گڵاوییەکانی
خراپەکانی ماڵی ئیسڕائیل! کە بە شمشێر و برسێتی و دەرد
بکەون. ١٢ ئەوەی دوورە بە دەرد دەمرێت و ئەوەی نزیکە بە
شمشێر دەکەوێت و ئەوەی دەمێنێتەوە لەژێر گەمارۆیە بە برسێتی
دەمرێت جا تووڕەییم بەسەریاندا تەواو دەکەم. ١٣ جا دەزانن کە
من خوداوەندم ئەگەر کوژراوەکانیان لەناو بتەکانیان بێت
لەچواردەوری قوربانگاکانیان لەسەر هەموو گردێکی بەرز. و
لەسەر لووتکەی هەموو چیاکان و لەژێر هەموو دارێکی سەوزدا
و لەژێر هەموو بەڕوویەکی گەڵادار، ئەو شوێنەی بۆنی
ڕەزامەندیان بۆ هەموو بتەکانیان پێشکەش کرد. ١٤ دەستم بۆیان
درێژ دەکەم و خاکەکە دەکەم بە چۆڵ و کاول، لە چۆڵەوانییەوە تا
دبلە، لە هەموو نشینگەکانیان. جا دەزانن کە من خوداوەندم.

# ٧

١ هەروەها وشەی خوداوەند بۆم هات فەرمووی: ٢ تۆش ئەی
ڕۆڵەی مرۆڤ! خوداوەنم خوداوەند ئاوای فەرموو بە خاکی
ئیسڕائیل:
کۆتایی! کۆتایی هات!
بەسەر هەر چوار لای خاکەکە
٣ ئێستا کۆتایی بەسەرتەوەیە
تووڕەییم دەنێرمە سەرت و
بەپێی ڕێگاکانت حوکمت بەسەردا دەدەم و
هەموو گڵاوییەکانت بەسەردا دەهێنمەوە
٤ جا چاوەکانم بەزەیی پێت نایەتەوە و
دڵم ناسووتێت
بەڵکو ڕێگاکانی خۆت بەسەرت دەهێنمەوە و
گڵاوییەکانت لەناوەندتدا دەبێت
جا دەزانن من خوداوەندم.
٥ خوداوەندم خوداوەند ئاوای فەرموو:
تاقە بەڵایەك، ئەوەتا بەڵایەك دێت
٦ کۆتایی هات
هات کۆتاییەکە
ئاوڕی لێت دایەوە ئەوەتا هات
٧ نۆرە گەیشتە سەرت ئەی دانیشتووی خاکەکە
کاتەکەی هات و

ڕۆژەکە نزیك بووەوە
هاتوهەرایە نەك هاواری خۆشی چیاکان
٨ ئێستا بەم زووانە ڕقی خۆم بەسەرتدا دادەڕێژم
قینم خۆم بەسەرتدا تەواو دەکەم و
بەپێی ڕێگاکانت حوکمت بەسەردا دەدەم و
هەموو گڵاویەکانت بەسەر خۆتدا دەهێنمەوە
٩ جا چاوەکانم بەزەییان نایەتەوە و
دڵم ناسووتێت
بەڵکو وەك ڕێگاکانی خۆت بەسەرت دەهێنمەوە و
گڵاوییەکانت لەناوەندتدا دەبێت
جا دەزانن من خوداوەندی لێدەرم.
١٠ ئەوەتا ڕۆژەکە
ئەوەتا هات
چەرخ سووڕایەوە
داردەست گوڵی کرد
لووتبەرزی چرۆی کرد
١١ ستەم هەستا بۆ داردەستی خراپە
نە لە خۆیان و نە لە سامانیان و
نە لە هاتوهەرایان دەمێنێت
کەسیش بۆیان ناگرییێت
١٢ کات هاتووە و
ڕۆژەکە گەیشتووە،
جا نە کڕیار دڵخۆش دەبێت و
نە فرۆشیار غەمبار دەبێت
چونکە تووڕەیی لەسەر هەموو حەشاماتیانە
١٣ چونکە فرۆشیار ناگەڕێتەوە بۆلای فرۆشراو
تا لەناو زیندووان بژین
چونکە بینینەکە لەسەر هەموو حەشاماتەکەیەتی و ناگەڕێتەوە
مرۆڤیش لەبەر تاوانەکەی ناتوانێت دەست بە ژیانییەوە بگرێت.
١٤ فوویان لە کەڕەنا کرد و
هەموو شتێکیان ئامادە کرد و
کەس نییە بۆ جەنگ بچێت
چونکە تووڕەییم بەسەر هەموو حەشاماتەکەیانە.
١٥ شمشێر لەدەرەوە و
دەرد و برسێتیش لەناوەوە
ئەوەی لە کێڵگەیە بە شمشێر دەمرێت
ئەوەش لە شارە برسێتی و دەرد دەیخوات
١٦ دەربازبووان لێیان دەرباز دەبن و
لەسەر چیاکان
وەك کۆتری دۆڵەکان دەبن
هەموو دەناڵێنن
هەریەکە و لەبەر تاوانەکەی خۆی
١٧ هەموو دەستەکان شل دەبن و
هەموو ئەژنۆکان دەبن بە ئاو
١٨ پەلاس بەناوقەدیانەوە دەبەستن و
ترس دایاندەپۆشێت و
لەسەر هەموو ڕووەکان ڕسواییە و
لەسەر هەموو سەرەکانیان ڕوتانەوەیە
١٩ زیوەکانیان فڕێدەدەنە ناو شەقامەکان و
زێڕیان دەبێت بە پیسایی
زیو و زێڕیان ناتوانێت لە ڕۆژی تووڕەیی خوداوەند فریایان بکەوێت
بەوان گیانیان تێر ناکەن و
هەناویان پڕناکەن
چونکە بوون بە ساتمەی تاوانەکەیان
٢٠ بەڵام خشڵە جوانەکانیان کە مایەی شانازی ئەو بوو
بتی قێزەوەنەکان و گڵاوییەکانیان پێ دروست کرد
بۆیە بۆیانم کرد بە گڵاویی
٢١ دەیدەمە دەست بێگانەکانەوە بۆ تاڵانی و
بە بەدکارانی زەوی بۆ دزی، جا گڵاوی دەکەن
٢٢ ڕووی خۆم لێیان وەردەگێرم و
شوێنی بەنرخم گڵاو دەکەن و
توندوتیژەکان دێنەناویەوە و گڵاوی دەکەن.
٢٣ زنجیرێك دروست بکە
چونکە خاکەکە پڕ بووە لە تاوانی خوێن ڕشتن و
شارەکەش لە ستەم.
٢٤ جا دڕندەترینی میللەتان دەهێنم و
ماڵەکانیان داگیر دەکەن و
شانازی بەهێزەکان لەناودەبەم و
پیرۆزگاکانیان گڵاودەبێت
٢٥ تۆقین دێت
داوای ئاشتی دەکەن و نییە
٢٦ بەڵا لەسەر بەڵا دێت و
هەواڵ لەسەر هەواڵ دێت
داوای بینین دەکەن لە پێغەمبەر و
فێرکردنەکان لەلای کاهین نامێنن و
ڕاوێژیش لەلای پیران.
٢٧ پاشا دەگری و میر نائومێدی لەبەر دەکات و
دەستی گەلی خاکەکەش دەلەرزێت
وەك ڕێگاکانی خۆیان پێدەکەم و
وەك حوکمەکانی خۆیان حوکمیان بەسەردا دەدەم
جا دەزانن کە من خوداوەندم.

# ٨

١ ئەوەبوو لە ساڵی شەشەمدا، لە مانگی شەشدا، لە پێنجی مانگدا،
کاتێ لەماڵی خۆمدا دانیشتبووم و پیرانی یەهوزاش بەرامبەرم
دانیشتبوون، لەوێ دەستی خوداوەندم خوداوەند کەوتە سەرم. ٢ جا
تەماشام کرد و ئەوەتا شێوەیەك لەوێنەی ئاگر، لە وێنەی
ناوقەدیەوە بەرەو خوارەوە ئاگر و لە ناوقەدیەوە بەرەو سەرەوە
وەك وێنەی بریسکانەوە لە شێوەی بەردی گرانبەها. ٣ شتێکی وەك
دەستی درێژکرد بە قژی سەرم بردمی و ڕۆح هەڵیگرتم لەنێوان
زەوی و ئاسماندا و لە بینینی خودادا بۆ ئۆرشەلیم منی هێنا بۆ ناو
ژوورەکە و دەروازەکەی ناوەوە، ئەوەی ڕووەو باکوورە کە
دیوەخانەکەی ئەو پەیکەرەیە کە وا دەکات تووڕەیی خوێن گەرمی
خودا بجۆشێنێت. ٤ ئەوەتا شکۆمەندی خودای ئیسرائیل لەوێیە
وەك ئەو بینینەی کە لە دەشتەکە بینیم.
٥ ئینجا پێی فەرمووم: ئەی ڕۆڵەی مرۆڤ چاوت بەرەو ڕێگای
باکوور هەڵبڕە. چاوم بەرەو ڕێگای باکوور هەڵبڕێ و ئەوەتا لە
باکووری دەروازەی قوربانگاکە، ئەو پەیکەرەیە کە تووڕەیی
خوێن گەرمی خودا دەجۆشێنێت، ئەمە لە دەرگاکە بوو. ٦ جا پێی
فەرمووم: ئەی ڕۆڵەی مرۆڤ بینیت چ دەکەن؟ ئەو گڵاوییە
گەورانەی کە ماڵی ئیسرائیل لێرە دەیکەن، بۆ ئەوەی لە
پیرۆزگاکەم دووربخەنەوە؟ بەڵام هێشتا گڵاوی لەمە گەورەتریش
دەبینیت.
٧ ئینجا منی هێنایە بەر دەرگای حەوشەکە، جا تەماشام کرد و
ئەوەتا کونێك لە دیوارەکەیە. ٨ ئینجا پێی فەرمووم: ئەی ڕۆڵەی
مرۆڤ، ئێستا دیوارەکە هەڵکۆڵە. منیش دیوارەکەم هەڵکۆڵی و
ئەوەتا دەرگایەکە. ٩ پێی فەرمووم: بڕۆ ژوورەوە و ئەو گڵاوییە
خراپانە ببینە کە لەوێ دەیکەن. ١٠ منیش چوومە ژوورەوە و
سەیرم کرد، ئەوەتا شێوەی هەموو خشۆکەکان و گیانلەبەری گڵاو
و هەموو بتەکانی ماڵی ئیسرائیل وێنەکێشراوە لەسەر دیوارەکە

بەهەر چواردەوریدا. ١١ حەفتا پیاو لە پیرانی ماڵی ئیسرائیل لە
بەردەمیان وەستابوون و یازەنیای کوڕی شافانیش لەناوەڕاستیاندا
وەستابوو و هەرکەسێ بخووردانی خۆی بەدەستەوە بوو بۆنی
دووکەڵی بخوور هەڵدەستا. ١٢ پێی فەرمووم: ئەی ڕۆڵەی مرۆڤ
بینیت پیرانی ماڵی ئیسرائیل لەتاریکیدا چی دەکەن؟ هەرکەسەو لە
ژووری پەیکەرەکانی خۆی، چونکە دەڵێن: خوداوەند نامانبینێت،
خوداوەند زەوی بەجێهێشتووە! ١٣ ئینجا پێی فەرمووم: هێشتا
دەگەڕێیتەوە و گڵاویی گەورەتر دەبینیت کە ئەوان دەیکەن!
١٤ ئینجا هێنامی بۆ بەر دەروازەی ماڵی خوداوەند، ئەوەی لەلای
باکوورە و ئەوەتا ژنان دانیشتوون و بۆ تەموز دەگرین.
١٥ پێی فەرمووم: ئەی ڕۆڵەی مرۆڤ ئەمەت بینی؟ هێشتا
دەگەڕێیتەوە و گڵاویی لەمە گەورەتریش دەبینیت. ١٦ ئینجا هێنامی
بۆ حەوشەکەی ناوەوەی ماڵی خوداوەند و ئەوەتا لەلای دەرگای
پەرستگای خوداوەند لەنێوان هەیوان و قوربانگاکە، نزیکەی
بیست و پێنج پیاو پشتیان لە پەرستگای خوداوەندە و ڕوویان لە
خۆرهەڵاتە و بۆ خۆر ڕووەو خۆرهەڵات کڕنوشیان بردووە
١٧ پێی فەرمووم: ئەی ڕۆڵەی مرۆڤ بینیت؟ ئایا بەس نییە بۆ
ماڵی یەهوزا ئەو گڵاوییەی لێرە کردوویانە؟ چونکە خاکەکەیان
پڕکردووە لە ستەم و دەگەڕێنەوە بۆ تووڕەکردنم و ئەوەتا چڵ لە
لووتیان نزیک دەکەنەوە. ١٨ هەروەها منیش بە تووڕەییەوە
مامەڵەیان لەگەڵدەکەم، چاوەکانم بەزەییان نایەتەوە و دڵم ناسووتێ
و ئەگەر بە دەنگی بەرز لە گوێمدا هاوار بکەن گوێیان لێ ناگرم.

# ٩

١ ئینجا بە دەنگێکی بەرز لە گوێمدا هاواری کرد و فەرمووی:
سەرپەرشتکارانی شار نزیک بکەنەوە و هەرکەسە و ئامێرە
لەناوبەرەکەی بەدەستەوە بێت. ٢ ئەوەتا شەش پیاو هاتن لە ڕێگای
دەروازەی بەرزەوە کە ڕووەو باکوورە، هەریەکەشیان ئامێری
کوشندەکەی بەدەستەوە بوو، پیاوێکیش لەناوەڕاستیاندا بوو کەتانی
لەبەر بوو و مەرەکەبدانی نووسەری بە قەدەوە بوو هاتنە
ژوورەوە و لەتەنیشت قوربانگا مسەکە ڕاوەستان. ٣ شکۆمەندیی
خوای ئیسرائیلیش لەسەر کروبەکەوە کە لەسەری بوو هەستا و تا
چوارچێوەی دەرگاکە، جا بانگی ئەو پیاوەی کرد کە کەتانی لەبەر
بوو و مەرەکەبدانی نووسەری بە قەدەوە بوو و ٤ خوداوەند پێی
فەرموو: بەناو شاردا تێپەڕە بەناو ئۆرشەلیمدا و نیشانە بدە
لەناوچەوانی ئەو پیاوانەی دەناڵێنن و هەنسک هەڵدەکێشن لەبەر
هەموو گڵاوییەکان کە لەناوەڕاستیدا دروستکراوە. ٥ ئینجا لە
گوێمدا بەوانەی فەرموو: بەدوایدا بەناو شارەکەدا تێپەڕن و لێدەن.
نە چاوەکانتان بەزەییان بێتەوە و نە دڵتان بسووتێ. ٦ پیر و گەنج
و کچ و منداڵ و ئافرەتەکان بکوژن بۆ لەناوبردن، بەڵام ئەو
مرۆڤەی نیشانەکەی پێوەیە لێی نزیک مەبنەوە. لە پیرۆزگاکەمەوە
دەست پێبکەن، لەو پیرانەوە دەستیان پێکرد کە لە بەردەم ماڵەکە
بوون. ٧ پێی فەرموون: ماڵەکە گڵاو بکەن و حەوشەکان پڕ بکەن
لە کوژراو! بڕۆنە دەرەوە! جا چوونە دەرەوە و لەناو شاردا
کوشتاریان کرد. ٨ لەوکاتەی کە ئەوان کوشتاریان دەکرد من
مابوومەوە منیش بەسەر ڕوومدا کەوتم و هاوارم کرد و وتم:
ئای! ئەی خوداوەندم خوداوەند! ئایا تۆ هەموو پاشماوەی ئیسرائیل
لەناو دەبەیت بەوەی قینی خۆت بەسەر ئۆرشەلیمدا بڕێژیت؟
٩ پێی فەرمووم: تاوانی ماڵی ئیسرائیل و یەهوزا زۆر زۆر
گەورەیە و خاکەکە پڕبووە لە خوێن و شار پڕبووە لە گەندەڵی،
چونکە دەڵێن: خوداوەند زەوی بەجێهێشتووە و خوداوەند نابینێت.
١٠ بۆیە منیش چاوەکانم بەزەییان نایەتەوە و دڵم ناسووتێ.
ڕێگاکانی خۆیان بەسەر خۆیان دەهێنمەوە. ١١ ئینجا ئەوەتا ئەو
پیاوەی کەتانی لەبەربوو و مەرەکەبدانی نووسەری بەقەدەوە بوو
وەڵامی دایەوە و وتی: وەك ئەوەی فەرمانت پێ کردم، جێبەجێم
کرد!

# ١٠

١ ئینجا سەیرم کرد و ئەوەتا لەسەر ئەو بۆشاییە کراوەی لەسەر
کروبەکانە شتێکی وەك بەردی عەقیقی شینی، وەك دیمەنی
شێوەی تەخت بەسەریانەوە دەبینرا ٢ لەگەڵ پیاوە کەتان لەبەرەکە
قسەی کرد و فەرمووی: بڕۆ ناو چەرخەکانی ژێر کروبەکە و
مشتت پڕکە لە پشکۆی ئاگر لەنێوان کروبەکان و بەسەر شارەکەدا
بڵاوی بکەوە. ئەویش لەبەر چاوم چووە ناوەوە. ٣ کروبەکانیش
لەلای ڕاستی ماڵەکە ڕاوەستابوون کە پیاوەکە چووە ژوورەوە،
دوکەڵیش حەوشەکەی ناوەوەی پڕکردەوە. ٤ شکۆمەندی
خوداوەندیش لەسەر کروبەکەوە بەرزبووەوە تا بەردەرگای
ماڵەکە، جا ماڵەکە پڕبوو لە دوکەڵ و حەوشەکەش پڕ بوو لە
بریسکەی شکۆمەندی خوداوەند. ٥ دەنگی باڵی کروبەکان تا
حەوشەکەی دەرەوە دەبیسترا وەك دەنگی خودای توانادار کە قسە
بکات. ٦ جا کاتێ کە فەرمانی بەو پیاوە کەتان لەبەرەکە کرد و
فەرمووی، ئاگر لە نێوان چەرخەکان لە نێوان کروبوکان بەبە،
چووە ژوورەوە و لەتەنیشت چەرخەکە ڕاوەستا. ٧ کروبێك لە نێو
کروبەکانەوە دەستی بۆ ئاگرەکەی نێوان کروبەکان درێژکرد و
لێی هەڵگرت و خستیە ناو هەردوو مشتی پیاوە کەتان لەبەرەکە،
ئەویش وەریگرت و دەرچوو. ٨ ئینجا لە کروبەکانەوە شتێکی وەك
دەستی مرۆڤ لە ژێر باڵەکانیەوە دەرکەوت.
٩ ئینجا تەماشام کرد و ئەوەتا چوار چەرخ لە تەنیشت کروبەکانە،
چەرخێك لەتەنیشت کروبێکەوە و چەرخێکی دیکەش لە
تەنیش کروبێکی دیکەوە، دیمەنی چەرخەکانیش وەك دیمەنی
بەردی گرانبەها بوو، ١٠ هەرچواریان یەك شێوەیان هەبوو، وەك
چەرخە لەناو چەرخە بێت. ١١ کە دەڕۆیشت لەسەر هەرچوار لای
دەڕۆیشت، لە ڕۆیشتندا نە دەسووڕایەوە، بەڵکو ئەو سەرەکە
ڕووی تێدەکرد ئەویش بەدوایدا دەچوو، لە ڕۆیشتندا
نەدەسووڕایەوە. ١٢ هەموو لەشیان و پشتیان و دەستیان و باڵەکنیان
و چەرخەکان پڕ چاو بوون بە چواردەوریدا بۆ هەر چوار
چەرخەکە. ١٣ بە چەرخەکانیش لە گوێمدا بانگکران: چەرخەی
خووڵاوە. ١٤ هەر یەکشیان چوار ڕووی هەبوو، ڕووی یەکەم
ڕووی کروب و ڕووی دووەم ڕووی مرۆڤ و ڕووی سێیەم
ڕووی شێر و ڕووی چوارەم ڕووی داڵ بوو. ١٥ ئینجا کروبەکە
بەرزبووەوە، ئەمە ئەو گیانلەبەرەیە کە لەلای ڕووباری خابوور
بینیم. ١٦ لەگەڵ ڕۆیشتنی کروبەکان، چەرخەکانیش لەتەکیانەوە
ڕۆیشتن، کە کروبەکان باڵەکانیان بەرزکردەوە بۆ بەرزبوونەوە
لە زەوی، چەرخەکان لە تەکیان مانەوە بە بێ خوولانەوە. ١٧ لە
ڕاوەستانیدا ئەویش ڕادەوەستا و لە بەرزبوونەوەیدا لەگەڵی
بەرزدەبووەوە، چونکە گیانی گیانلەبەرەکەی تێدا بوو.
١٨ ئینجا شکۆمەندی خوداوەند لە بەردەرگاکەوە دەرچوو و لەسەر
کروبەکان وەستا. ١٩ جا کروبەکان باڵەکانیان بەرزکردەوە و
لەبەرچاوم لەسەر زەوی بەرزبووەوە، لەکاتی دەرچوونیدا
چەرخەکانیشی لەگەڵ بوو و لەلای هاتنە ژوورەوەکەی دەرگای
خۆرهەڵاتی ماڵی خوداوەند وەستا، شکۆمەندی خودای ئیسرائیلیش
لەسەری بوو لەسەرەوە. ٢٠ ئەمە ئەو گیانلەبەرەیە کە لەژێر
خودای ئیسرائیل بینینم لە لای ڕووباری خابوور و زانیم کە ئەمە
کروبەکانە. ٢١ هەریەکەیان چوار ڕووی هەبوو و هەریەکەیان
چوار باڵی هەبوو، لەبن باڵەکانیشەوە لە شێوەی دەستی مرۆڤیان
هەبوو. ٢٢ شێوەی ڕووەکانیشیان، شێوەی ئەو ڕووانە بوو کە
لەلای ڕووباری خابوور بینیم، دیمەنیان و خۆشیان. هەریەکە
بەئاراستەی ڕووی خۆی دەڕۆیشت.

# ١١

١ ئینجا ڕۆح هەڵیگرتم و هێنامیە لای دەرگای خۆرهەڵاتی ماڵی
خوداوەند، ئەوەی ڕووەو خۆرهەڵاتە و ئەوەتا بیست و پێنج پیاو
لەبەر دەرگاکەن و لەناو ئەوانەدا دوو سەرۆکەکەی گەل یازەنیای
کوڕی عەزور و فەلتیای کوڕی بەنایام بینی. ٢ پێی فەرمووم:
ئەی ڕۆڵەی مرۆڤ! ئەوانە ئەو پیاوانەن کە بیر لە بەدکاری
دەکەنەوە و ڕاوێژی خراپ لەم شارە ڕاوێژ دەکەن، ٣ دەڵێن: ئێستا
کاتی بنیادنانی خانوو نییە. شار مەنجەڵە و ئێمە گۆشتین. ٤ بۆیە
پێشبینی دەربارەیان بکە، پێشبینی بکە ئەی ڕۆڵەی مرۆڤ!
٥ جا ڕۆحی خوداوەند هاتەسەرم وپێی فەرمووم: بڵێ، خوداوەند
ئاوای فەرموو، ئێوە ئاواتان وت ئەی ماڵی ئیسرائیل، ئەوەی بە
خەیاڵتاندا دێت من زانیوومە ٦ زۆرتان کوشت شار و
کۆڵانەکانیتان پڕکرد لە کوژراوان. ٧ بۆیە خوداوەندم خوداوەند
ئاوای فەرموو، ئەوانەی ئێوە کوشتتان و فڕێتاندانە ناوەڕاستی
شارەکە، ئەوان گۆشتن و ئەویش مەنجەڵکە، ئێوەش لە ناوەڕاستی
دەردەکەم. ٨ ئێوە لە شمشێر ترسان، شمشێرتان دێنمە سەر،
خوداوەندم خوداوەند ڕایگەیاند. ٩ لەناوەڕاستی دەرتاندەهێنم و
دەتاندەمە دەست بێگانان و حوکمەکانتان بەسەردا جێبەجێ دەکەم.
١٠ بە شمشێر دەکەون، لەسەر سنووری ئیسرائیل حوکمتان
بەسەردا دەدەم، جا دەزانن کە من خوداوەندم. ١١ ئەم شارە بۆ ئێوە
نابێ بە مەنجەڵ و ئێوەش نابن بە گۆشتەکەی ناوی، بەڵکو لەسەر
سنووری ئیسرائیل حوکمتان بەسەردا دەدەم. ١٢ جا دەزانن من
خوداوەندم ئەوەی ڕێگای فەرزەکانیتان نەگرتەبەر و کارتان بە
حوکمەکانی نەکرد، بەڵکو بە پێی حوکمەکانی میللەتانی
دەوروبەری خۆتان کرد.
١٣ کاتێ کە پێشبینیم کرد، فەلتیای کوڕی بەنایا مرد جا لەسەر
ڕووم کەوتم و بە دەنگێکی گەورە هاوارم کرد و وتم: ئای
خوداوەندم خوداوەند! ئایا تۆ پاشماوەی ئیسرائیل لەناو دەبەیت؟
١٤ ئینجا وشەی خوداوەند بۆم هات و فەرمووی: ١٥ ئەی ڕۆڵەی
مرۆڤ! براکانت، براکانت، ئەوانەی خزمی تۆن و هەموو ماڵی
ئیسرائیل پێکڕا، ئەوان بوون کە دانیشتووانی ئۆرشەلیم پێیان
وتن: لە خوداوەند دوور بکەونەوە، ئەم خاکە بەمیرات بە ئێمە
دراوە. ١٦ بۆیە بڵێ: خوداوەندم خوداوەند ئاوای فەرموو: ئەگەر
بۆ ناو میللەتانیش دوورم کردبنەوە، ئەگەر بەناو خاکەکان بڵاوم
کردبنەوە، بۆیان دەبم بە پیرۆزگایەکی بچووك لەو خاکانەی کە
بۆی دێن. ١٧ بۆیە بڵێ، خوداوەندم خوداوەند ئاوای فەرموو: من
لەنێو گەلان کۆتاندەکەمەوە و لەناو ئەو خاکانەی تێیدا بڵاو
بوونەتەوە خڕتان دەکەمەوە و زەوی ئیسرائیلتان پێدەدەم. ١٨ جا بۆ
ئەوێ دەگەڕێنەوە و هەموو قێزەوەنەکانی گڵاوییەکانی لێیدا
دادەماڵن. ١٩ یەك دڵیان دەدەمێ و و ڕۆحێکی تازە دەخەمە
ناوتانەوە و ئەو دڵە بەردە لە گۆشتەکەیان دەکەمەوە و دڵێکی
گۆشتیان دەدەمێ، ٢٠ تا ڕێگای فەرزەکانم بگرنەبەر و حوکمەکانم
بپارێزن و کاری پێ بکەن و بۆ من ببن بە گەل و منیش بۆیان
دەبم بە خودا. ٢١ بەڵام ئەوانەی دڵیان دوای دڵی قێزەوەنەکان و
گڵاوییەکانیان کەوتووە، من ڕێگای خۆیان بەسەریاندا دەهێنمەوە،
خوداوەندم خوداوەند ڕایگەیاند. ٢٢ ئینجا کروبەکان باڵەکانیان
بەرزکردەوە و چەرخەکانیش لەگەڵیاندا، شکۆمەندیی خودای
ئیسرائیلیس لەسەرەوە بەسەریانەوە بوو. ٢٣ ئینجا شکۆمەندی
خوداوەند لەسەر ناوەڕاستی شارەکە بەرزبووەوە و لەسەر ئەو
چیایەی لە خۆرهەڵاتی شارەکەی ڕاوەستا. ٢٤ ئینجا ڕۆحێك
هەڵیگرتم و لە بینیندا بە ڕۆحی خودا هێنامی بۆ خاکی کلدانییەکان
بۆلای ڕاپێچکراوەکان. جا ئەو بینینەی بینیم لەسەرم هەستا. ٢٥ جا
لەگەڵ ڕاپێچکراوەکان قسەم کرد بە هەموو وشەکانی خوداوەند
کە پیشانیدام.

# ١٢

١ ئینجا وشەی خوداوەند بۆم هات و فەرمووی: ٢ ئەی ڕۆڵەی
مرۆڤ! تۆ لەناو ماڵێکی یاخیدا نیشتەجێی، ئەوانەی چاویان هەیە
تا تەماشا بکەن، بەڵام تەماشا ناکەن، گوێیان هەیە تا ببیستن، بەڵام
نابیستن، چونکە ماڵێکی یاخین. ٣ تۆش ئەی ڕۆڵەی مرۆڤ!
هەگبەی ڕاپێچکران بۆ خۆت ئامادە بکە و بە ڕۆژ لەبەر چاویان
بڕۆ، لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر لەبەرچاویان بڕۆ، بەڵکو
تەماشا دەکەن، ئەوان ماڵێکی یاخین. ٤ جا لەبەرچاویان بە ڕۆژ
هەگبەکەت دەردەکەیت وەك هەگبەی ڕاپێچکران، تۆش بە ئێوارە
لەبەر چاویان دەردەچیت وەك ئەوانەی بۆ ڕاپێچ دەردەچن.
٥ لەبەر چاویانەوە دیوار کون بکە و لە کونەکەوە هەگبەکە دەربکە
٦ لەبەرچاویان لەسەر شانت هەڵیبگرە، لە تاریکیدا دەری بکە،
دەمووچاوت داپۆشە کە زەوی نەبینیت، چونکە تۆم کردووە بە
نیشانەیەك بۆ ماڵی ئیسرائیل. ٧ جا منیش وام کرد وەك ئەوەی
فەرمانم پێکرابوو، هەگبەکەم وەك هەگبەی ڕاپێچکران بە ڕۆژ
دەرکرد و ئێوارەش بە دەستی خۆم دیوارم کوون کرد و لە
تاریکیدا دەرم هێنایە دەرەوە و لەبەرچاویان لەسەر شانم
هەڵمگرت.
٨ بۆ بەیانی وشەی خوداوەند بۆم هات و فەرمووی: ٩ ئەی ڕۆڵەی
مرۆڤ! ئایا ماڵی ئیسرائیل، ماڵە یاخییەکە بە تۆیان نەوت، ئەوە
چی دەکەیت؟ ١٠ پێیان بڵێ، خوداوەندم خوداوەند ئاوای فەرموو،
ئەم پەیامە، میرە لە ئۆرشەلیم و و هەموو ماڵی ئیسرائیل و
ئەوانەی لە ناویانن. ١١ بڵێ: من نیشانەم بۆ ئێوە، من چیم کرد،
ئاوایان پێ دەکرێت، بۆ دیلی و بۆ ڕاپێچ دەچن. ١٢ ئەو میرەش کە
لەناویانە لەتاریکیدا لەسەر شان هەڵدەگیرێت و دەردەچێت. دیوار
کوون دەکەن تا لێوەی دەرچن دەمووچاوی دادەپۆشێت تا بە چاوی
خۆی خاکەکە نەبینێت. ١٣ منیش تۆڕی خۆمی بەسەردا بڵاو
دەکەمەوە و دەکەوێتە تۆڕەکەمەوە و دەیهێنم بۆ بابل بۆ خاکی
کلدانییەکان، بەڵام نایبینێت و لەوێ دەمرێت. ١٤ هەموو ئەوانەی
لەدەوروبەرین بۆ یارمەتیدانی و هەموو سوپاکانی، بە هەموو
لایەکدا بڵاویان دەکەمەوە و بەدوایاندا شمشێر هەڵدەکێشم.
١٥ ئەوسا دەزانن کە من خوداوەندم، کاتێ بەناو میللەتاندا پەرتیان
دەکەم و بەسەر خاکەکاندا بڵاویان دەکەمەوە. ١٦ چەند پیاوێکی
کەمیان لێ دەهێڵمەوە، لە شمشێر و لە برسێتی و لە دەرد، تا باسی
هەموو گڵاوییەکانیان بکەن لە نێو ئەو میللەتانەی بۆ ناویان دەچن،
جا دەزانن من خوداوەندم.
١٧ ئینجا وشەی خوداوەند بۆم هات و فەرمووی: ١٨ ئەی ڕۆڵەی
مرۆڤ! بەدەم لەرزینەوە نانت بخۆ و بە ترس و خەمەوە ئاوات
بخۆرەوە و ١٩ بە گەلی خاکەکە بڵێ، خوداوەندم خوداوەند ئاوای
فەرموو دژ بە دانیشتووانی ئۆرشەلیم لە خاکی ئیسرائیل، بە
خەمەوە نانیان دەخۆن و بە واقوڕمانەوە ئاویان دەخۆنەوە، تا
خاکەکەیان وێران بێت لەبەر پڕ بوونی لە ستەمی هەموو
دانیشتووانەکەی ناوی و ٢٠ شارە ئاوەدانەکان کاول دەکرێن و
خاکەکە چۆڵ دەبێت، جا دەزانن من خوداوەندم!
٢١ ئینجا وشەی خوداوەند بۆم هات و فەرمووی: ٢٢ ئەی ڕۆڵەی
مرۆڤ! ئەم پەندەیە چییە کە لەسەر خاکی ئیسرائیل هەتانە،
ئەوەی دەڵێت: ڕۆژگار درێژەی کێشا و هەموو بینینەکان
لەناوچوون. ٢٣ بۆیە پێیان بڵێ، خوداوەندم خوداوەند ئاوای
فەرموو: ئەم پەندە پەتاڵ دەکەم و ئیتر لەناو ئیسرائیلدا نایکەن بە
پەند. بەڵکو پێیان بڵێ ڕۆژگار و وشەکانی هەموو بینینێك نزیك
بووەوە. ٢٤ چونکە لەمەودوا هیچ بینینێکی بەتاڵ و ئەستێرەناسی

زمان لووسی لەناو ماڵی ئیسرائیلدا نابێت. ٢٥ چونکە من
خوداوەندم دەدوێم و ئەو وشەیەی پێی دەدوێم، دەبێت. لەمەودوا
درێژە ناکێشێت، چونکە لە ڕۆژەکانی خۆتاندا ئەی ماڵی یاخی
وشەکە دەڵێم و جێبەجێشی دەکەم. خوداوەندم خوداوەند ڕایگەیاند.
٢٦ ئینجا وشەی خوداوەند بۆم هات و فەرمووی: ٢٧ ئەی ڕۆڵەی
مرۆڤ! ئەوەتا ماڵی ئیسرائیل دەڵێن: ئەو بینینەی ئەو بینی بۆ
ڕۆژگارێکی زۆر لەدوای ئەمەیە و ئەو بۆ سەردەمە دوورەکان
پێشبینی دەکات. ٢٨ بۆیە پێیان بڵێ، خوداوەندم خوداوەند ئاوای
فەرموو، لەمەودوا هیچ لە وشەکانم درێژە ناکێشێت، ئەو وشەیەی
پێی دوام دەبێت. خوداوەندم خوداوەند ڕایگەیاند.

## ١٣

١ ئینجا وشەی خوداوەند بۆم هات فەرمووی: ٢ ئەی ڕۆڵەی
مرۆڤ! پێشبینی بکە لەبارەی پێغەمبەرەکانی ئیسرائیلەوە،
ئەوانەی پێشبینی دەکەن و بەوانە بڵێ کە لەخۆیانەوە پێغەمبەرن،
گوێ لە وشەی خوداوەند بگرن، ٣ خوداوەندم خوداوەند ئاوای
فەرموو: قوڕبەسەر ئەو پێغەمبەرە گێلانەی دوای ڕۆحی خۆیان
کەوتوون و هیچیان نەبینیوە. ٤ ئەی ئیسرائیل پێغەمبەرەکانتان
وەك ڕێوی ناو کەلاوەیان لێهاتووە. ٥ سەرنەکەوتن بۆ کەلێنەکە و
دیوارێکتان بۆ ماڵی ئیسرائیل بنیادنەنا بۆ ڕاوەستان لەجەنگدا لە
ڕۆژی خوداوەنددا .٦ ئەوەی بینیان بەتاڵ و ئەستێرەناسی درۆ
بوو، دەڵێن: سروشی خوداوەند و خوداوەندیش نەیناردوون و
چاوەڕێی سەلماندنی وشەکە بوون. ٧ ئایا بینینی بەتاڵتان نەبینی و
بە ئەستێرەناسی درۆ قسەتان نەکرد، دەڵێن: ڕاگەیاندنی
خوداوەندە!، منیش قسەم نەکردووە؟
٨ بۆیە خوداوەندم خوداوەند ئاوای فەرموو: چونکە بە بەتاڵی
قسەتان کرد و درۆتان بینی، بۆیە ئەوەتا من دژ بە ئێوەم.
خوداوەندم خوداوەند فەرمووی. ٩ دەستیشم دژ بەو پێغەمبەرانە
دەبێت کە ئەوەی دەیبینن بەتاڵە و ئەستێرەناسیان درۆیە. لەناو
ئەنجوومەنی گەلەکەم نابن و لەناو کتێبی ماڵی ئیسرائیل ناویان
نانووسرێت و نایەنە ناو خاکی ئیسرائیلەوە، جا دەزانن کە من
خوداوەندم خوداوەند.
١٠ لەبەر ئەوەی گەلەکەی منیان گومڕا کرد، دەڵێن: ئاشتی! هیچ
ئاشتیش نییە. ئەو دیوارە لاوازەی خەڵکی بنیادی دەنێن، ئەوان بە
گەچ سواخی دەدەن ١١ بەوانە بڵێ کە بە گەچ سواخی دەدەن:
دەکەوێت. بارانێکی بەخوڕ دەبێت و ئێوەش ئەی بەردەکانی تەرزە
دەبارێن و بایەکی بەهێز کەلێنی تێدەکات. ١٢ ئەوەتا کە دیوارەکە
دەڕوخێت. ئایا پێتان ناڵێن: کوا ئەو قوڕەی پێیتان سوواخ دابوو؟
١٣ بۆیە خوداوەندم خوداوەند ئاوای فەرموو: من بە بایەکی بەهێز
کەلێنی تێدەکەم لە تووڕەیم و لە قینیشم بارانی بەخوڕ و لە ڕقیشم
تەرزەی وەك بەرد بۆ نەهێشتنی. ١٤ ئەو دیوارە دەڕوخێنم کە بە
گەچ سواخی دەدەن لەگەڵ زەوی تەختی دەکەم و بناغەکانی
دەردەکەون، جا دەکەوێت و ئێوەش لەناویدا دەفەوتێن، جا دەزانن
کە من خوداوەندم. ١٥ جا تووڕەیی خۆم بە دیوارەکە و بەوانەی بە
گەچ سواخی دەدەن، تەواو دەکەم و پێتان دەڵێم: نە دیوارەکە
بوونی هەیە و نە ئەوانەی بە گەچ سواخی دەدەن. ١٦ واتە ئەوە
پێغەمبەرانەی ئیسرائیل کە پێشبینی بۆ ئۆرشەلیم دەکەن و بینینی
بۆ دەبینن، ئاشتی! هیچ ئاشتیش نییە.خوداوەندم خوداوەند
ڕایگەیاند.
١٧ تۆش ئەی ڕۆڵەی مرۆڤ! ڕووت دژ لە کچانی گەلەکەت بکە،
ئەوانەی لە خۆیانەوە پێشبینی دەکەن، پێشبینی دژ بەوان بکە و
١٨ بڵێ: خوداوەندم خوداوەند ئاوای فەرموو: قوڕبەسەر ئەوانەی
نووشتە لەسەر شێوەی بازووبەند دەدوورن بە هەموو
جوومگەکانی دەست و نووشتە لەسەر شێوەی سەربەند بۆ سەری
هەموو باڵایەك دروست دەکەن، بۆ ڕاوکردنی گیانەکان. ئایا
گیانی گەلەکەم ڕاودەکەن و گیانی خۆتان بە زیندووی دەهێڵنەوە و
١٩ لەلای گەلەکەم گڵاوم دەکەن لەبەر مشتێ جۆ و هەندێ لەتە
نان، بۆ کوشتنی ئەو گیانانەی پێویست نییە بمرن و بۆ بە زیندوو
هێشتنەوەی ئەو گیانانەی پێویست نییە بە زیندووی بمێننەوە، بە
درۆکردنتان بۆ گەلەکەم کە گوێ لە درۆ دەگرن؟ ٢٠ بۆیە
خوداوەندم خوداوەند ئاوای فەرموو: ئەوەتا من دژ بە نووشتەکانی
ئێوەم کە لەسەر شێوەی بازووبەندە، کە گیانەکانی پێ ڕاو دەکەن
وەك جووجکە، لەسەر بازووتان دەیدڕێنم و گیانەکان بەڕەڵا
دەکەم. ئەو گیانانەی وەك جوجکە ڕاویان دەکەن.
٢١ سەربەندەکانتان دەدڕێنم و فریای گەلەکەم دەکەوم لەدەستتان و
ئیتر لەناو دەستی ئێوە نابن بۆ ڕاوکردنیان، جا دەزانن من
خوداوەندم. ٢٢ چونکە بە درۆ دڵی ڕاستودروستتان غەمبارکرد کە
من غەمبارم نەکردبوو، دەستی بەدکاریشتان توند کرد تا لە ڕێگا
خراپەکانی نەگەڕێتەوە و بژیت .٢٣ بۆیە لەمەودوا ئەوەی بەتاڵە
نابینن و ئیتر ئەستێرەناسی ناکەن، و فریای گەلەکەی خۆم دەکەوم
لە دەستتان، جا دەزانن من خوداوەندم.

## ١٤

١ چەند پیاوێك لە پیرەکانی ئیسرائیل هاتنە لام و لەبەردەمم
دانیشتن. ٢ ئینجا وشەی خوداوەند بۆم هات و فەرمووی: ٣ ئەی
ڕۆڵەی مرۆڤ! ئەم پیاوانە بتەکانی خۆیان بەرزکردووەتەوە بۆ
ناو دڵیان و کۆسپی تاوانەکەیان خستووەتە بەر ڕووی خۆیان، جا
ئایا لەلایەن ئەوانەوە هیچ داوایەکم لێ بکردرێت؟ ٤ لەبەر ئەوە
قسەیان لەگەڵ بکە و پێیان بڵێ، خوداوەندم خوداوەند ئاوای
فەرموو: هەر مرۆڤێك لە ماڵی ئیسرائیل بتەکانی بەرزکاتەوە بۆ
ناو دڵی و کۆسپی تاوانەکانی لەبەر ڕووی خۆی دابنێت، ئینجا
بێت بۆ لای پێغەمبەرەکە، من کە خوداوەندم بە پێی زۆری
بتەکانی وەڵامی دەدەمەوە. ٥ تا ماڵی ئیسرائیل بە دڵیان بگرم،
چونکە هەموویان بە بتەکانیان لە من هەڵگەڕانەوە. ٦ بۆیە بە ماڵی
ئیسرائیل بڵێ، خوداوەندم خوداوەند ئاوای فەرموو: تۆبە بکەن و
لە بتەکانتان بگەڕێنەوە و ڕووتان وەرگێڕن لە هەموو
گڵاوییەکانتان. ٧ چونکە هەر مرۆڤێك لە ماڵی ئیسرائیل یان لەو
ئاوارانەی لە ئیسرائیلدا ئاوارەن ئەگەر لە من هەڵگەڕێتەوە و
بتەکانی بەرزکاتەوە بۆ ناو دڵی و کۆسپی تاوانەکانی لەبەر ڕووی
خۆی دابنێت، ئینجا بێت بۆ لای پێغەمبەرەکە و تا لە من پرسیاری
بۆ بکات، من کە خوداوەندم خۆم وەڵامی دەدەمەوە و ٨ دوژمنداری
ئەو مرۆڤە دەکەم و دەیکەم بە نیشانە و پەند و لەناو گەلەکەم
ڕیشەکێشی دەکەم، جا دەزانن کە من خوداوەندم. ٩ ئەگەر
پێغەمبەرەکە گومڕا بوو و قسەی کرد، من کە خوداوەندم ئەو
پێغەمبەرەم گومڕا کردووە و دەست درێژیم لێی کردووە و لەناو
گەلەکەم دەیفەوتێنم ١٠ تاوانی خۆیان هەڵدەگرن، تاوانی
پێغەمبەرەکەش وەك تاوانی داواکارەکە دەبێت. ١١ تا جارێکی دیکە
ماڵی ئیسرائیل لە من گومڕا نەبێت و تا نەگەڕێنەوە بە هەموو
یاخیبوونەکانیان گڵاوبن، بەڵکو بۆ من ببن بە گەل و منیش بۆیان
دەبم بە خوا. خوداوەندم خوداوەند ڕایگەیاند. ١٢ ئینجا وشەی
خوداوەند بۆم هات و فەرمووی: ١٣ ئەی ڕۆڵەی مرۆڤ! ئەگەر
خاکێك گوناهە دژ بە من بکات و ناپاکیەك بکات، منیش دەست
دەرێژیم لێکرد و نانیم بڕی و برسێتیم نارده سەری و مرۆڤ و
ئاژەڵم لێی لەناوبرد ١٤ ئەگەر ئەم سێ پیاوەشی تێدابێ، نوح و
دانیال و ئەیوب، ئەوان بە ڕاستودروستییان فریای خۆیان
دەکەون. خوداوەندم خوداوەند ڕایگەیاند. ١٥ ئەگەر جانەوەری
دڕندە بەناو خاکەکەدا ڕەت بکەم و وەجاغکوێری بکەن و ببێت بە
وێرانەی بە بێ ڕێبوار بەهۆی جانەوەرەکان. ١٦ ئەم سێ پیاوەش

لەناوەڕاستیدا بێت، بە گیانی خۆم، خوداوەندم خوداوەند ڕایگەیاند،
ئەوان فریای کوڕان و کچان ناکەون، تەنها فریای خۆیان دەکەون
و خاکەکەش دەبێت بە وێرانە. ١٧ یان ئەگەر شمشێرم هێنایە سەر
ئەو خاکە و فەرمووم: ئەی شمشێر بکەوەناو ئەم خاکە و مرۆڤ
و ئاژەڵم لێی بڕییەوە. ١٨ ئەم سێ پیاوەش لەناوەڕاستیدا بێت، بە
گیانی خۆم، خوداوەندم خوداوەند ڕایگەیاند، ئەوان فریای کوڕان
و کچان ناکەون، تەنها فریای خۆیان دەکەون. ١٩ یان ئەگەر دەردم
ناردە سەر ئەو خاکە و بە خوێن تووڕەیی خۆمم بەسەریدا ڕژاند
تا مرۆڤ و ئاژەڵی لێ ببڕمەوە و ٢٠ نوح و دانیال و ئەیوبیش
لەناوەڕاستیدا بوون، بە گیانی خۆم، خوداوەندم خوداوەند
ڕایگەیاند، ئەوان فریای کوڕ و کچێکیش ناکەون، بەڵکو بە
ڕاستودروستییەکەیان فریای خۆیان دەکەون.
٢١ چونکە خوداوەندم خوداوەند ئاوای فەرموو: ئەی چەند زیاتر
ئەگەر حوکمە توندەکانم بنێرمە سەر ئۆرشەلیم، شمشێر و برسێتی
و جانەوەری دڕندە و دەرد، تا مرۆڤ و ئاژەڵی لێ ببڕمەوە.
٢٢ ئەوەتا هەندێکیان ماونەتەوە و دەربازبوون، کوڕان و کچان
دەردەهێنن. ئەوەتا بۆلاتان دێنە دەرەوە و ئێوەش تەماشای ڕێگا و
کردەوەیان دەکەن و دڵنەوایی دەکرێن لەبەر ئەو بەڵایەی بەسەر
ئۆرشەلیمم هێنا. ٢٣ دڵنەواییتان دەکەن کە ڕێگا و کردەوەکانیان
دەبینن، جا دەزانن کە من بە بێ هۆ هەموو ئەوەم تێیدا نەکرد.
خوداوەندم خوداوەند ڕایگەیاند.

# ١٥

١ ئینجا وشەی خوداوەند بۆم هات و فەرمووی: ٢ ئەی ڕۆڵەی
مرۆڤ! لقی دارمێو چییە بە بەراورد لەگەڵ لقی هەر دارێك لەو
دارانەی لە دارستاندایە؟ ٣ ئایا لقێکی لێدەبرێت بۆ بەکارهێنانی لە
هەر کارێك، یان سنگولکەی دیواری لێدەبەن بۆ ئەوەی
کەلوپەلێکی لەسەر هەڵواسن؟ ٤ ئەوەتا دەبێت بە خۆراکی ئاگر و
ئاگر لە هەردوو سەرەوە دەیخوات و ناوەڕاستەکەی دەسووتێنێت،
ئیتر بەکەڵکی هیچ شتێك دێت؟ ٥ ئەوەتا کاتێ ساغ بوو بە کەڵکی
هیچ نەدەهات، ئیتر چۆن بەکەڵك دێت دوای ئەوەی ئاگر خواردی
و سووتا؟
٦ بۆیە خوداوەندم خوداوەند ئاوای فەرموو: وەك لقی دارمێو لەنێو
لقەکانی دارستاندا، ئەوەی کردم بە خۆراك بۆ ئاگر، ئاواش لە
دانیشتووانی ئۆرشەلیم دەکەم. ٧ ڕووی خۆم دژ بەوان دەکەم. لە
ئاگرەوە دەردەچن و ئاگر دەیانخوات، جا دەزانن کە من خوداوەندم
کاتێ ڕووی خۆم دژ بەوان دەکەم. ٨ خاکەکە دەکەم بە وێرانە،
چونکە بەردەوام ناپاکییان کرد. خوداوەندم خوداوەند ڕایگەیاند.

# ١٦

١ ئینجا وشەی خوداوەند بۆم هات و فەرمووی: ٢ ئەی ڕۆڵەی
مرۆڤ! با ئۆرشەلیم بزانێت کامە گڵاوییەکانییەتی و ٣ بڵێ،
خوداوەندم خوداوەند ئاوای فەرموو بە ئۆرشەلیم: دەرچوون و
لەدایك بوونت لە خاکی کەنعانە. باوك ئامۆری و دایکت خیتیە.
٤ بەڵام لەدایکبوونت ئەو ڕۆژەی لەدایك بوویت، ناوکت نەبڕایەوە
و بە ئاو نەشۆردرای بۆ پاکبوونەوە و بەخوێ سوێر نەکرایت و
قونداغ نەکرایت ٥ هیچ چاوێك بەمیهرەبانییەوە تەماشای نەکردیت
و دڵی پێت نەسووتا تا یەکێك لەمانەت بۆ بکات، بەڵکو ئەو
ڕۆژەی لەدایك بووی لەبەر بێزبوونەوە لێت لەسەر ڕووی
دەشتودەر فڕێدرایت. ٦ من بەلاتدا تێپەڕیم و بینیم خەڵتانی خوێنی
خۆت بووی، جا پێم وتی: بە خوێنی خۆت بژی! پێم وتی: بە
خوێنی خۆت بژی ! ٧ گەشەم پێت کرد وەك ڕووەکی کێڵگە، جا
گەشەت کرد و گەورە بوویت و گەیشتیتە ترۆپکی جوانی.
مەمکەکانت بناغەیان دانا و قژت درێژبوو، تۆ کە ڕووت و قووت
بوویت. ٨ دیسان بەلاتدا تێپەڕیم تۆم بینی، ئەوەتا کاتەکەت کاتی
دڵدارییە، جا دامێنی کراسەکەم بەسەرتدا دا و ڕووتی تۆم پۆشی
و سوێندم بۆ تۆ خوارد و پەیمانم لەگەڵتدا بەست. خوداوەندم
خوداوەند ڕایگەیاند، بۆیە ئێوە بوون بە هی من .٩ بە ئاو تۆم
شووشت و خوێنەکەتم لێت پاك کردەوە، ئینجا بە زەیت چەورم
کردیت. ١٠ جلێکی نەخشێنراوم لەبەر تۆ کرد و سەندەڵی پێستی
دۆلفینم لە پێت کرد و ناوقەدی تۆم بە کەتان بەست و بە حەریر
تۆم پۆشی. ١١ بەخشڵ تۆم ڕازاندەوە و بازنم کردە دەستت و
ملوانکەم لە ملت کرد و ١٢ خەزێم لە لووتت کرد و گوارەم کردە
گوێت و تاجی جوانیم نایە سەرت. ١٣ جا بە زێڕ و زیو خۆت
ڕازاندەوە و بەرگت کەتان و حەریر و نەخشێنراو بوو. ئاردی
سفر و هەنگوین و زەیتت خوارد. زۆر زۆر جوان بوویت،
شیاوی شاژنی بوویت. ١٤ ناوبانگت لەناو میللەتان دەرچوو لەبەر
جوانیت، چونکە بە شکۆمەندییەکەمەوە کە خستمە سەرتۆ تەواو
بوو. خوداوەندم خوداوەند ڕایگەیاند.
١٥ جا پشتت بە جوانی خۆت بەست و بە ناوی خۆت داوێن پیسیت
کرد و داوێن پیسی خۆت بەسەر هەموو ڕێبوارێك ڕشت و بۆی
بوو. ١٦ لە جلوبەرگەکەی خۆت برد و بەرزاییە ڕازاوەکانت بۆ
خۆت دروست کرد لەسەری داوێنپیسیت کرد. شتێك کە نە بووە
و نەدەبووایە ببێت. ١٧ کەلوپەلی جوانییەکەت لە زێڕ و زیوەکەی
من برد کە پێم دایت و لەوان پەیکەری نێرت دروست کرد و
داوێن پیسیت لەگەڵ کرد. ١٨ جلە نەخشێنراوەکانی خۆت برد و
ئەوت پێ داپۆشی و زەیتی و بخوری منت لەبەردەمی دانا.
١٩ لەگەڵ ئەو نانەم کە بە تۆم دا، ئەو ئاردی سفر و زەیت و
هەنگوینەی دەرخواردی تۆمدا، تۆش لەبەردەم ئەوت دانا وەك
بۆنی خۆشی و ئاوا بوو. خوداوەندم خوداوەند ڕایگەیاند. ٢٠ ئەو
کوڕ و کچانەی بۆ منت بوو، سەریانت بڕی وەك خواردن بۆ
ئەو. ئایا ئەمە کەمە لە داوێن پیسییەکەتە؟ ٢١ کە کوڕەکانی منت
سەربڕی و بە ئاگر سووتاندنت بۆ ئەو؟ ٢٢ لە هەموو گڵاویی و
داوێن پیسیەکەت، بە بیرت نەهاتەوە کە لە ڕۆژانی گەنجیت
ڕووت و قووت بوویت و خەڵتانی خۆێنی خۆت بوویت ٢٣ جا
دوای هەموو خراپەکانت، قوڕبەسەری! قوڕبەسەر تۆ!
خوداوەندم خوداوەند ڕایگەیاند. ٢٤ تۆ بۆ خۆت گومەز و
بەرزاییەکت لە هەموو گۆڕەپانێکدا دروست کرد ٢٥ لەسەری
هەموو ڕێگایەك بەرزاییەکەی خۆت بنیادنا و جوانی خۆت گڵاو
کرد و گەڵی خۆت بۆ هەموو ڕێبوارێك کردەوە و داوێن پیسی
خۆت زۆر کرد. ٢٦ لەگەڵ خەڵکی میسری دراوسێت کە لەش
گەورەن داوێن پیسیت کرد و لەداوێن پیسیەکەت زۆرت کرد تا
تووڕەم بکەیت ٢٧ ئەوەتا منیش دەست درێژ دەکەمە سەرت و
فەرزی خۆتم لێت قەدەغە کرد و تۆم دایە دەست ویستی ئەوانەی
ڕقیان لێتە، کچانی فەلەستیەکان کە شەرم لە ڕێگا سووکەکانت
دەکەن. ٢٨ بەڵام تۆ لەگەڵ خەڵکی ئاشووریش داوێن پیسیت کرد،
چونکە تێر نەبوویت، جا لەگەڵ ئەوانیش داوێن پیسیت کرد و هەر
تێر نەبوویت. ٢٩ داوێن پیسیەکەت زۆر کرد لە خاکی کەنعانەوە تا
خاکی کلدانییەکان و بەمەش تێر نەبوویت. ٣٠ دڵت چەند نەخۆشە،
خوداوەندم خوداوەند ڕایگەیاند، کە هەموو ئەمەت کرد، کردەوەی
ژنێکی داوێن پیسی بەڕەڵا. ٣١ کە گومەزی خۆت لەسەر هەموو
ڕێگایەك بنیادنا و بەرزاییەکەشت لە هەموو گۆڕەپانێك،
لەشفرۆش نەبوویت، چونکە گاڵتەت بە کرێ دەهات. ٣٢ ئەی ژنی
بەدڕەوشت کە لەباتی مێردەکەی بێگانان دەبات. ٣٣ بە هەموو
داوێن پیسێك دیاری دەدرێت، بەڵام تۆ بە هەموو دۆستەکانی
خۆت دیاریت دا و بەرتیلت دانێ تا لەهەموو لایەکەوە بێن و
داوێن پیسیت لەگەڵ بکەن. ٣٤ جا لە داوێن پیسیەکەت بەپێچەوانەی

ئافرەتان بوویت، چونکە دوات نەدەکەوتن بۆ داوێن پیسی، بەڵکو
تۆ کرێت دەدا و هیچ کرێیەك بە تۆ نەدەدرا، جا بوویت بە
پێچەوانە.
٣٥ جا ئەی داوێن پیس گوێ لە وشەی خوداوەند بگرە،
٣٦ خوداوەندم خوداوەند ئاوای فەرموو، لەبەر ئەوەی تەڕیی
داوێنی خۆت ڕشت و ڕووتیت دەرکەوت لە داوێن پیسیەکەت
لەگەڵ دۆستانت و هەموو بتەکانی گڵاویت و لەبەر خوێنی
کوڕەکانت کە بۆ ئەوت پێشکەش کرد. ٣٧ بۆیە ئەوەتا من هەموو
دۆستانت کۆدەکەمەوە ئەوانەی بەتام بوویت بۆیان و لەگەڵ
هەموو ئەوانەی خۆشتویستن و هەموو ئەوانەی ڕقت لێیان بوو،
هەموویانت لەسەر کۆدەکەمەوە و ڕووتیت بۆیان بەدەردەخەم، تا
تەماشای هەموو ڕووتیت بکەن. ٣٨ حوکمی بەدڕەوشت و
خوێنڕژانت بەسەردا دەدەم و دەتکەم بە خوێنی ڕق و دڵگەرمی.
٣٩ دەتدەمە دەستیانەوە، جا گومەز و بەرزاییەکانت دەڕوخێنن و
جلەکانت لەبەر دادەکەنن و کەرەستەی خۆڕازاندنەوەکەت دەبەن
و بەڕووت و قووتی جێت دەهێڵن. ٤٠ حەشاماتت دەهێننە سەر و
بەردبارانت دەکەن و بە شمشێرەکانیان لەتوپەتت دەکەن.
٤١ خانووەکانت بە ئاگر دەسووتێنن و لەبەرچاوی زۆر ئافرەتا
حوکمت بەسەردا جێبەجێ دەکەن، لە داوێن پیسی کردن ڕاتدەگرم
و چیتر کرێ نادەیت. ٤٢ تووڕەیی خۆم لەسەرت شل دەکەمەوە،
جا ئیرەداریم لەسەرت دەڕوات و هێمن دەبمەوە و چیتر تووڕە
نابم. ٤٣ لەبەر ئەوەی ڕۆژانی گەنجێتی خۆت بە بیرنەهاتەوە،
بەڵکو تووڕەت کردم لە هەموو ئەمانەن جا ئەوەتا منیش هەموو
ڕێگاکەت بەسەر خۆتدا دەهێنمەوە. خوداوەندم خوداوەند
ڕایگەیاند. ئایا لەسەر هەموو گڵاوییەکەت ئەم بێشەرمیەت
نەکردووە؟ ٤٤ ئەوەتا هەموو ئەوانەی پەند دەڵێن، پەندێکت
بەسەردا دەڵێن، دەڵێن: دایك چۆن بێت کچیش وایە، ٤٥ تۆ کچی
دایکی خۆتی کە ڕقی لە مێرد و کوڕەکانییەتی، تۆ خوشکی
خوشکەکانتی کە ڕقیان لە میرد و کوڕەکانی خۆیانە. دایکتان
خیتییە و باوکتان ئەمۆری. ٤٦ خوشکە گەورەکەت سامریە ئەو
کچەکانی کە لەلای چەپت نیشتەجێیە، خوشکە بچووکەکەشت کە
لەلای ڕاستت نیشتەجێیە سەدوم و کچەکانیەتی. ٤٧ بەڵام تۆ نە بە
ڕێگای ئەواندا ڕۆیشتی و نە وەك گڵاوییەکانی ئەوانت کرد، وەك
ئەوەی تەنها ئەوەندە کەم بێت، جا لە هەموو ڕێگاکان لەوان زیاتر
گەندەڵ بوویت. ٤٨ بەگیانی خۆم! خوداوەندم خوداوەند ڕایگەیاند،
سەدومی خوشکت نە خۆی و نە کچەکانی وەك تۆ و کچەکانی
تۆیان نەکرد. ٤٩ ئەمە تاوانی سەدومی خوشکت بوو: لووتبەرزی
و تێربوون لە نان، ئاشتی ئاسوودەیش هەبوو بۆ خۆی و
کچەکانی، بەڵام یارمەتی هەژار و نەداری نەدا. ٥٠ جا لەخۆبایی
بوون و گڵاوییان لەبەردەمم ئەنجامدا، منیش وەك بینیت دایانم
ماڵی. ٥١ سامیرەش نیوە گوناهەکانی تۆ گوناهەی نەکرد، بەڵکو
گڵاوییەکانی خۆت لەوان زیاتر کرد و بە هەموو ئەو گڵاویانەی
کە کردت وات کرد خوشکەکانت لە چاو تۆ ڕاستودروست بن.
٥٢ تۆش شوورەیی خۆت هەڵگرە ئەی ئەوەی دادوەری بۆ
خوشکەکانت دەکەیت. بە گوناهەکانت کە پێیان گڵاو بوویت زیاتر
لەوان، ئەوان لە تۆ ڕاستودروستترن، تۆش هەروەها
شەرمەزاربە و شوورەیی خۆت هەڵگرە، چونکە واتکرد
خوشکەکانت لە چاو تۆ ڕاستودروست بن.
٥٣ ڕاپێچکراوانیان دەگێڕمەوە، ڕاپێچکراوانی سەدوم و کچەکانی
و ڕاپێچکراوانی سامیرە و کچەکانی ڕاپێچی ڕاپێچکراوانی تۆش
لەناو ئەواندا، ٥٤ بۆ ئەوەی شوورەیی خۆت هەڵبگریت و
شەرمەزار بیت لە هەموو ئەوەی کردت کە دڵنەواییانت.
٥٥ خوشکانت سەدوم و کچەکانی دەگەڕێنەوە دۆخی جارانیان و
سامیرە و کچەکانی دەگەڕێنەوە دۆخی جارانیان، تۆ و کچەکانیشت
دەگەڕێنەوە دۆخی جارانتان. ٥٦ بەدەمتدا نەدەهات باسی سەدومی
خوشکت بکەیت لە ڕۆژی فیزلێدانت، ٥٧ بەر لە ئاشکرابوونی
خراپەکاریت وەك لەسەردەمی ڕسوایی کچانی ئارام و هەموو
ئەوانەی دەوروبەر، کچانی فەلەستییەکان ئەوانەی لە هەموو
لایەکەوە سووکایەتیت پێدەکەن. ٥٨ داوێن تەڕی و گڵاویەکەت
خۆت هەڵیدەگریت. خوداوەند ڕایگەیاند.
٥٩ چونکە خوداوەندم خوداوەند ئاوای فەرموو: وەك ئەوەی کردت
ئاوات پێدەکەم، کە سووکایەتیت بە سوێندخواردن کرد بۆ پەیمان
شکاندن. ٦٠ بەڵام من پەیمانی خۆم لەگەڵت تۆ لە ڕۆژانی گەنجیت
بە بیردەهێنمەوە و پەیمانێکی هەتاهەتایت لەگەڵ دەبەستم.
٦١ ئەوسا ڕێگاکانی خۆتت بیر دەکەوێتەوە و شەرمەزار دەبیت کە
خوشکە گەورەکەت و بچووکەکەت وەردەگریت و دەیانکەم بە
کچی تۆ، بەڵام وەك پەیمانەکەی تۆ نا. ٦٢ من پەیمانی خۆم لەگەڵ
تۆدا دەبەستم، جا دەزانیت کە من خوداوەندم. ٦٣ بۆ ئەوەی بیرت
بکەوێتەوە و شەرمەزار بیت و ئیتر لەبەر شوورەییەکەت دەمت
نەکەیتەوە، بەڵکو ئەوکاتەی کەفارەتت بۆ دەکەم لە هەموو ئەوانەی
کردت. خوداوەندم خوداوەند ڕایگەیاند.

# ١٧

١ ئینجا وشەی خوداوەند بۆم هات فەرمووی: ٢ ئە ڕۆڵەی مرۆڤ!
مەتەڵێك بکە بە مەتەڵ و پەندێك بکە بە پەند بۆ ماڵی ئیسرائیل و
٣ بڵێ: خوداوەندم خوداوەند ئاوای فەرموو:
داڵێکی گەورەی
دووباڵ گەورە
شاپەڕ درێژی
پەڕ پڕی ڕەنگاوڕەنگ
هاتە لوبنان و
لقی دارئورزێکی برد.
٤ سەری چڵوچێوەکانی بڕی و
هینای بۆ خاکی کەنعان و
لە شاری بازرگانەکان داینا.
٥ لە تۆوی زەوییەکەشی برد و
لە زەوییەکی بەپیتدا چاندی
بردی و لەدەم ئاوێکی زۆر
وەك داربی داینا.
٦ ڕوا و بوو بە دارمێو
بڵاو و قەد کورت
لقەکانی بۆلای خۆی سووڕانەوە
ڕەگەکەشی لە ژێر خۆی بوو
جا بوو بە دارمێو و
لقی لێ ڕوا و
چڵ و چرۆی کرد
٧ داڵێکی دیکەی گەورە هەبوو
باڵەکانی گەورە و
پەڕی زۆر بوو،
ئەوەتا ئەم دارمێوە
ڕەگەکانی بەلای ئەودا سووڕانەوە
بەرەو لای ئەو لقی هاوێشت
تا ئاوی بدات
زیاتر لەو جێیەی لێی چاندراوە.
٨ لە کێڵگەیەکی باشدا
لە دەم ئاوی زۆردا چاندراوە
تا لقەکانی بڕوێت و بەر بگرێت
ببێت بە دارمێوێکی بڵاو.
٩ بڵێ: خوداوەندم خوداوەند ئاوای فەرموو: ئایا سەرکەوتوو
دەبێت؟
ئایا ڕەگوڕیشەی دەرناکات و

بەرەکەی نابڕێتەوە وشك بێت؟
هەموو گەڵای لقەکانی وشك دەبێت
پێویست بە بازوویەکی بە هێز و خەڵکێکی زۆر ناکات
تا لە ڕەگەوە هەڵکێشن
١٠ ئەوەتا چیاندراوە ئایا سەردەکەوێت؟
ئایا وەك ئەوەی بای خۆرهەڵات لێیدابێت
بەتەواوی وشك نابێت؟
لەو جێیەی لێی ڕواوە وشك دەبێت.
١١ ئینجا وشـــەی خوداوەند بۆم هات فەرمووی: ١٢ ئێســـتا بە ماڵی
یاخی بوو بڵێ، ئایا نەتانزانی ئەمە چییە؟ بڵێ، ئەوەتا پاشـــای بابل
بۆ ئۆرشـــەلیم هات و پاشـــا و میرەکانی برد و بۆلای خۆیانی هێنا
بۆ بابل. ١٣ لە توخمی پاشای برد پەیمانی لەگەڵ بەست و سوێندی
لەگەڵ خوارد و بەهێزانی خاکەکەی برد. ١٤ بۆ ئەوەی پاشایەتییەکە
ســـووك بێت و بەرز نەبێتەوە، تا پەیمانەکە بپارێزێت و جێگیر
بێت. ١٥ بەڵام لێی یاخی بوو بەوەی نێردراوانی خۆی بۆ میســـر
نارد تا ئەسپ و خەڵکێکی زۆری بداتێ. ئایا سەرکەوتوو دەبێت،
ئایا دەرباز دەبێت ئەوەی ئەمە بکات؟ یان ئەوەی پەیمان بشکێنێت
دەرباز دەبێت؟ ١٦ بە گیانی خۆم! خوداوەندم خوداوەند ڕایگەیاند،
لە شـوێنی ئەو پاشـایەی کردی بە پاشـا، ئەوەی سـووکایەتی بە
سـوێندەکەی کرد و پەیمانەکەی شـکاند، لەلای ئەو لەناوەڕاسـت
بابل دەمرێت. ١٧ فیرعەونیش بە سوپای گەورە و حەشاماتی زۆر
لە جەنگ یارمەتی نادات، بە سـەنگەر لێدان و قوولە بنیادنان بۆ
لەناوبردنی زۆر گیان. ١٨ ئەوەی سـووکایەتی بە سـوێند بکات بۆ
شـکاندنی پەیمان، دەسـت بخاتە ناو دەسـت و هەموو ئەمە بکات،
دەربـاز نـابێـت. ١٩ بۆیە خوداوەنـدم خوداوەنـد ئـاوای فەرموو:
بەگیـانی خۆم! ئەو ســـوێنـدەی من کە ســـووکـایەتی پێ کرد و
پەیمـانەکەم کە شـــکـانـدی، ســـزای دەدەمەوە. ٢٠ تۆڕی خۆمی
بەســـەردا بڵاودەکەمەوە، بە داوی منەوە دەبێت و دەیهێنمە بابل و
لەوێ لەسـەر ئەو ناپاکییەی لە منی کرد دادگایی دەکەم. ٢١ هەموو
ڕاکردووەکان و هەموو ســـوپاکانیشـــی بە شـــمشـــێر دەکەون و
ئەوانەش کە دەمێننەوە بەرەو ڕووی هەموو بـایەك پەرت، جـا
دەزانن کە من خوداوەندم قسەم کرد.
٢٢ خوداوەنـدم خوداوەنـد ئـاوای فەرموو: منیش لە لقی دارئورزە
بەورزەکە دەبەم و دەیڕوێنم و لە چڵوچێوەکانی چڵێك دەکەمەوە و
لەســـەر چیایەکی بەرزی ســـەرکەش دەیڕوێنم. ٢٣ لەســـەر چیای
بەرزی ئیسـڕائیل دەیڕوێنم، جا لقی لێ دەڕوێت و بەر دەگرێت و
دەبێت بە دارئورزێکی پان و هەموو باڵندەیەك لەژێری نیشـتەجێ
دەبێت ، هەموو باڵدارێك لەژێر سێبەری لقەکانی نیشتەجێ دەبێت.
٢٤ ئەوسـا هەموو درەختەکانی دەشـتودەر دەزانن کە منم خوداوەند
دارە بەرزەکەم نزم کردەوە و دارە نزمەکەم بەرزکردەوە و دارە
سەوزەکەم وشك کرد و چرۆم بە دارە وشکەکە کرد. منم خوداوەند
قسەم کرد و ئەنجامم دا.

# ١٨

١ ئینجا وشـــەی خوداوەند بۆم هات فەرمووی: ٢ بۆچی ئەم پەندە
بەسەر خاکی ئیسڕائیلدا هەڵدەدەن، دەڵێن:
باوکان بەرسیلەیان خوارد
ددانی کوڕان کول بوو!
٣ بەگیانی خۆم! خوداوەندم خوداوەند ڕایگەیاند، ئیتر بۆتان نابێت
ئەم پەندە لە ئیسڕائیل بڵێن. ٤ ئەوەتا هەموو گیانێك هی منە: گیانی
باوك وەك گیانی کوڕ، هەردووکیان هی منن. ئەو گیانەی گوناهە
بکات، ئەو دەمرێت.
٥ پیـاوێکێش ئەگەر ڕاســـتودروســـت بێـت و دادوەری و
ڕاستودروستی بکات، ٦ لەسەر چیاکان نەی خواردبێت و چاو بۆ
بتەکانی ماڵی ئیســـڕائیل هەڵنەبڕی بێت و ژنی نزیکەکەی گڵاو
نەکردبێت و لەگەڵ ئافرەتی بێ نوێژ جووت نەبووبێت و ٧ زوڵمی
لە کەس نەکردبێت بەڵکو قەرزی خاوەن قەرز بداتەوە، دەســـتی
بەسەر هیچ شتێکدا نەگرتبێت، بەڵکو نانی خۆی بە برسی دابێت و
جلی کردبێتە بەر ڕووت و ٨ پـارەی بە ڕیبـا نەدات و نرخی
شـتومەکی گران نەکردبێت و دەسـتی لە سـتەمکردن گێڕابێتەوە و
دادوەری دڵســـۆزانە ئەنجام بدات لەنێوان مرۆڤ و مرۆڤ .٩ بە
ڕێگای فەرزەکانمدا ڕۆیشـت و حوکمەکانمی پاراسـت تا ڕاسـتی
ئەنجام بدات، ئەوە ڕاسـتودروسـتە، بێ گومان دەژیت. خوداوەندم
خوداوەند ڕایگەیاند.
١٠ ئەگەر کوڕێکی توندوتیژی خوێنڕێژی بوو و یەکێك لەمـانەی
کرد و ١١ هەموو ئەوانەی نەکرد بەڵکو لەسـەر چیاکان خواردی و
ژنی نزیکەکەی گڵاوکرد و ١٢ زوڵمی لە هەژار و نەدار کرد و
دەسـتی بەسـەر شـتی خەڵکیدا گرت و و قەرزی نەدایەوە و چاوی
بۆ بتەکان بەرزکردەوە و گڵاوی ئەنجام دا. ١٣ پارەی بە ڕیبا دا و
نرخی شـــتومەکی گران کرد، ئـایا دەژیت؟ نـاژیت هەموو ئەم
گڵاوییەی کردووە، بێ گومـان دەمرێـت، خوێنی لە ملی خۆی
دەبێت.
١٤ ئەگەر کوڕێکیش لە دایك بوو و هەموو گونـاهەکـانی بـاوکی
خۆی بینی و کە کردی و وەك ئەوی نەکرد. ١٥ لەســـەر چیاکان
نەیخوارد و چاوی بۆ بتەکانی ماڵی ئیســـڕائیل هەڵنەبڕی و ژنی
نزیکەکەی گڵاو نەکرد و. ١٦ زوڵمی لە کەس نەکرد و داوای
بارمتەی نەکرد و دەستی بەسـەر هیچ شتێکدا نەگرت، بەڵکو نانی
خۆی بە برســـی دا و جل بکاتە بەر ڕووت و ١٧ ســـتەم لە هەژار
نەکات و ڕیبا وەرنەگرێت و نرخی شـتومەك گران نەکات، بەڵکو
حوکمەکان جێبەجێ بکات و بە ڕێگای فەرزەکانم بڕوات، وە بە
تاوانی باوکی نامرێت، بێ گومان دەژیت .١٨ بەڵام باوکی لەبەر
ئەوەی زوڵمی کردوە و دەستی بەسـەر براکەیدا گرتووە و ئەوەی
بـاش نییە لەنـاو گەلەکەی کردوویەتی، ئەویـان بە تـاوانی خۆی
دەمرێت.
١٩ ئێوە دەڵێن: بۆچی کوڕ تاوانی باوك هەڵناگرێت؟ کوڕ دادوەری
و ڕاسـتودروسـتی ئەنجامدا، هەموو فەرزەکانی منی پاراسـت و
کاری پێکرد، بۆیە بێ گومان دەژیت .٢٠ ئەو گیانەی گوناە دەکات،
ئەو دەمرێت. کوڕ تاوانی باوك هەڵناگرێت و باوکیش تاوانی کوڕ
هەڵناگرێت. ڕاستودروستی ڕاستودروست بۆ خۆیەتی و خراپەی
خراپەکـاریش بۆ خۆیەتی. ٢١ جـا ئەگەر خراپەکـار لە هەموو
گونـاهەکـانی کە کردوونی گەڕایەوە و هەموو فەرزەکـانی منی
پاراست و دادوەری و ڕاستودروستی ئەنجامدا، بێ گومان دەژیت
و نامرێت. ٢٢ هەموو یاخیبوونەکانی کە کردوونی باس ناکرێن،
بەو ڕاســـتودروســـتییەی کە کردی دەژیت .٢٣ ئایا من بە مردنی
خراپەکار دڵخۆش دەبم؟ خوداوەندم خوداوەند ڕایگەیاند، ئایا بەوە
نـیـیە کە لە ڕێـگـاکەی بـگەڕێـتەوە و بـژیـت؟ ٢٤ ئەگەر
ڕاســـتودروســـتیش لە ڕاســـتودروســـتییەکەی بگەڕێتەوە و تاوان
ئەنجام بدات و وەك هەموو گڵاوییەکـانی خراپەکار بکـات، ئـایا
دەژیت؟ هەموو ئەو ڕاستودروستییەی کە کردوونی باس ناکرێن،
بەو ناپاکییەی کە کردوویەتی و بەو گوناهەیەی کە ئەنجامی داوە
دەمرێت.
٢٥ ئێوەش دەڵێن: ڕێگای خوداوەند ڕێك نییە. جا ئێستا گوێ بگرن
ئەی ماڵی ئیســـڕائیل، ئایا ڕێگای من ڕێك نییە، یان ڕێگای ئێوە
ڕێك نییە؟ ٢٦ ئەگەر ڕاستودروست لە ڕاستودروستییەکەی خۆی
بگەڕێتەوە و تاوانی ئەنجامدا و لەناویدا مرد، ئەوا بەو تاوانەی
ئەنجـامی داوە دەمرێـت. ٢٧ ئەگەر خراپەکـاریش لە خراپەکەی
گەڕایەوە کە کردوویەتی و دادوەری و ڕاستودروستی ئەنجامدا،
ئەوا خۆی دەژیێنێـت. ٢٨ بینیی و لە هەموو یـاخیبوونەکـانی کە
کردبوونی گەڕایەوە، جـا بێگومـان دەژیـت و نـامرێـت. ٢٩ مـاڵی
ئیسڕائیلیش دەڵێن: ڕێگای خوداوەندم ڕێك نییە. ئایا ڕێگاکانی من
ڕێك نین ئەی ماڵی ئیسڕائیل یان ڕێگاکانی ئێوە ڕێك نین؟

٣٠ بۆیە دادگایتان دەکەم ئەی ماڵی ئیسـرائیل، هەریەکەتان بەپێی
ڕێگاکانی، خوداوەندم خوداوەند ڕایگەیاند. تۆبە بکەن و لە هەموو
یاخیبوونەکانتان بگەڕێنەوە و تاوان نابێت بە کۆسپتان. ٣١ هەموو
یاخیبوونەکانتان کە پێی یاخیبوون فڕێ بدەن و دڵێکی تازە و
ڕۆحێکی تازە بۆخۆتان دروست بکەن، بۆچی بمردن ئەی ماڵی
ئیسـرائیل؟ ٣٢ چونکە من بە مردنی ئەوەی دەمرێت دڵخۆش نابم،
خوداوەندم خوداوەند ڕایگەیاند، جا بگەڕێنەوە و بژین.

# ١٩

١ تۆش لاوانەوەیەك بۆ میرانی بلاوێنەوە و ٢ بڵێ:
دایکت چ شێرە مێیەك بوو
لەناو شێران!
لەناو جوانە شێران پاڵیدایەوە
بەچکەکانی خۆی بەخێو کرد.
٣ یەکێکی لە بەچکەکانی خۆی پێگەیاند
بوو بە جوانە شێر و
فێری ڕاوکردنی نێچیر بوو
مرۆڤی خوارد.
٤ کە میللەتان پێیان زانی
کەوتە چاڵیانەوە،
بە تەوق هێنایان
بۆ خاکی میسر.
٥ کە بینی چاوەڕێی کرد و
ئومێد بڕ بوو
یەکێکی دیکەی لە بەچکەکانی گرت و
کردی بە جوانە شێر.
٦ لەناو شێراندا هاتوچۆی کرد
بوو بە جوانە شێر
فێری ڕاوکردنی نێچیر بوو
مرۆڤی خوارد،
٧ کۆشکەکانیانی پێ زانی و
شارەکانیانی کاول کرد،
خاکەکە و هەرچی تێیدایە بوو بە چۆڵەوانی
لە دەنگی نەڕەی.
٨ میللەتان لە هەموو لایەك
دژی کۆبوونەوە
تۆڕیان بەسەریدا هەڵدا
کەوتە چاڵیانەوە،
٩ بە تەوقەوە خستیانە ناو قەفەزەوە و
هێنایانە لای پاشای بابل
هێنایان بۆ قەڵاکان
تا ئیتر دەنگی نەبیسترێت
لەسەر چیاکانی ئیسرائیل.
١٠ دایکت دارمێوێکە وەك تۆ
لەدەم ئاو چاندرا
بەردار و لق پڕ بوو
لەبەر زۆری ئاو.
١١ قەدی بەهێزی هەبوو
بۆ داردەستی فەرمانڕەوایان
قەدی هەڵکشا
بەناو لقە پڕگەڵاکاندا
لە بەرزییەکەیدا بینرا
بە زۆری چڵوچێوەکانی.
١٢ بەڵام بە ڕقەوە هەڵکێشرا و
فڕێدرایە سەر زەوی،
بای خۆرهەڵات وشکی کرد
بەرەکەی خست
وشك بوون قەدە بەهێزەکانی
ئاگر خواردی.
١٣ ئێستا وا لە چۆڵەوانیدا نێژراوە
لە خاکێکی وشك و تینوو،
١٤ لەناو قەدەکەیەوە ئاگرێك دەرچوو
بەرەکەی خوارد
ئێستا قەدی بەهێزی نییە
داردەستی بێت بۆ فەرمانڕەوایی
ئەمە لاوانەوەیە و بۆ لاوانەوە دەبێت.

# ٢٠

١ ئەوە بوو لە سـاڵی حەوتەمدا، لە مانگی پێنجدا، لە دەی مانگدا،
خەڵکانێك لە پیرانی ئیسرائیل هاتن بۆ پرسیارکردن لە خوداوەند،
جا لەبەردەمم دانیشـتن. ٢ ئینجا وشـەی خوداوەند بۆم هات و
فەرمووی: ٣ ئەی ڕۆڵەی مرۆڤ! لەگەڵ پیرانی ئیسـرائیل بدوێ
و پێیان بڵێ، خوداوەندم خوداوەند ئاوای فەرموو: ئایا ئێوە هاتوون
تا پرسـیار لە من بکەن؟ بە گیانی خۆم! لە ئێوەوە پرسـیارم لێ
ناکرێت، خوداوەم خوداوەند ڕایگەیاند، ٤ ئایا حوکمیان دەدەیت؟
تۆ حوکم دەدەیت ئەی ڕۆڵەی مرۆڤ؟ با گڵاوییەکانی
باووباپیرانیان خۆیان بزانن و ٥ پێیان بڵێ، خوداوەندم خوداوەند
ئاوای فەرموو: ئەو ڕۆژەی ئیسرائیلم هەڵبژارد دەستم بۆ نەوەی
ماڵی یاقوب بەرزکردەوە و لە خاکی میسـردا خۆم پێیان ناساند و
دەسـتی خۆم بۆیان بەرزکردەوە و وتم: من خوداوەند خوداتانم!
٦ لەو ڕۆژەدا دەسـتم بۆیان بەرزکردەوە کە لە خاکی میسـر
دەریانبهێنم بەرەو خاکێك کە خۆم بۆیانم دۆزییەوە، شـیر و
هەنگوینی لێ دەڕژێتەوە، باشـترینی هەموو خاکەکانە. ٧ پێیانم
وت: هەریەکە لە ئێوە با گڵاوییەکانی چاوی فڕێبدات و بە بتەکانی
میسـر خۆتان گڵاو مەکەن. من خوداوەند خوداتانم. ٨ جا لێم
یاخیبوون و نەیانویسـت گوێم لێ بگرن و کەسـیان گڵاوییەکانی
چاوی فڕێنەدا و وازیان لە بتەکانی میسـر نەهێنا. جا وتم، قینی
خۆمیان بەسـەردا دەڕێژم و لەناوەڕاسـت خاکی میسـردا ڕقی
خۆمیان پێ تەواو دەکەم. ٩ بەڵام ئەوەی من کردم لە پێناو ناوی
خۆم بوو، تا لەبەرچاوی ئەو میللەتانەی ئەوان لەناویانن گڵاو
نەبێت، ئەوانەی ناوی خۆمم پێیان ناسـاند لەبەرچاویان بەوەی لە
خاکی میسر دەمهێنان. ١٠ جا لە خاکی میسر دەرمهێنان و هێنایانم
بۆ چۆڵەوانی. ١١ فەرزەکانی خۆمم پێدان و حوکمەکانی خۆم لایان
زانراو کرد ئەوانەی ئەگەر مرۆڤ کاریان پێ بکات، پێیان
دەژیت .١٢ هەروەها پشـووە پیرۆزەکانی خۆم پێدان، تا ببێت بە
نیشانەیەك لەنێوان من و ئەواندا تا بزانن کە منم خوداوەند، ئەوەی
پیرۆزیان دەکات. ١٣ جا ماڵی ئیسرائیل لە چۆڵەوانی لێم یاخیبوون.
بە ڕێگای فەرزەکانی مندا نەڕۆیشـتن و حوکمەکانی منیان ڕەت
کردەوە، ئەوانەی ئەگەر مرۆڤ بیانکات، بە هۆی ئەوانەوە دەژیت
و ئەوان پشـووە پیرۆزەکانی منیان زۆر گڵاو کرد. جا وتم من لە
چۆڵەوانیدا قینی خۆمیان بەسـەردا دەڕێژم بۆ کۆتایی پێهێنانیان.
١٤ بەڵام ئەوەی کردم لە پێناوی ناوی خۆم بوو، تا گڵاو نەبێت
لەبەرچاو ئەو میللەتانەی لەبەرچاویان دەریانمهێنا. ١٥ هەروەها لە
چۆڵەوانیدا دەستم بۆ بەرزکردنەوە کە نەیانهێنم بۆ ئەو خاکەی کە
پێیانم دا، ئەوەی شـیر و هەنگوینی لێ دەڕژێتەوە و باشـترینی
هەموو خاکەکانە. ١٦ چونکە حوکمەکانی منیان ڕەتکردەوە و بە
ڕێگای فەرزەکانی مندا نەڕۆیشـتن، بەڵکو پشـووە پیرۆزەکانی
منیان گڵاوکرد چونکە دڵیان دوای بتەکانیان کەوت. ١٧ بەڵام

چاوەکانم بەزەیی پێیاندا هاتەوە لە لەناوبردنیان، جا کۆتاییم پێ
نەهێنان.
١٨ ئینجا لە چۆڵەوانی بە کوڕەکانیانم وت: بە ڕێگای فەرزی
باوکانتان مەڕۆن و حوکمەکانیان مەپارێزن و بە بتەکانیان گڵاو
مەبن. ١٩ من خوداوەندم خودای ئێوە، بە ڕێگای فەرزەکانمدا
بڕۆن و حوکمەکانم بپارێزن و کاریان پێ بکەن. ٢٠ پشووە
پیرۆزەکانیشم پیرۆز ڕابگرن، جا دەبێت بە نیشانە لە نێوان من و
ئێوەدا تا بزانن کە من خوداوەندم خودای ئێوە. ٢١ کوڕانیش لێم
یاخیبوون، بە ڕێگای فەرزەکانم نەڕۆیشتن و حوکمەکانی منیان
نەپاراست تا کاری پێ بکەن، ئەوانەی ئەگەر مرۆڤ بیانکات بە
هۆی ئەوانەوە دەژیت، هەروەها پشووە پیرۆزەکانی منیان
گڵاوکرد. جا وتم، قینی خۆمیان بەسەردا دەڕێژم، تا لە چۆڵەوانی
تووڕەیی خۆم بەسەر تەواو بکەم. ٢٢ پاشان دەستم شل کردەوە و
ئەوەی کردم لە پێناو ناوی خۆم بوو، تا لەبەرچاو ئەو میللەتانە
گڵاو نەبێت کە لەبەرچاویان دەرمهێنان. ٢٣ هەروەها لە چۆڵەوانی
دەستم بۆ بەرزکردنەوە کە بەناو میللەتاندا پەرتیان بکەم و بەسەر
خاکەکاندا بڵاویان بکەمەوە. ٢٤ چونکە حوکمەکانی منیان ئەنجام
نەدا، بەڵکو فەرزەکانی منیان ڕەتکردەوە و پشووە پیرۆزەکانی
منیان گڵاوکرد و چاویان بەدوای بتەکانی باوکیانەوە بوو.
٢٥ هەروەها من ئەو فەرزانەم پێدان کە باش نین و ئەو حوکمانەی
کە پێی ناژین و ٢٦ بە دیارییەکانی خۆیان گڵاویانم کرد کە هەموو
نۆبەرەیەکی خۆیان بە ئاگر سووتاند، تا لەناویان ببەم و بزانن کە
منم خوداوەند.
٢٧ بۆیە ئەی ڕۆڵەی مرۆڤ لەگەڵ ماڵی ئیسڕائیل قسە بکە و پێیان
بڵێ، خوداوەندم خوداوەند ئاوای فەرموو: لەمەشدا باوکانتان
کفریان بە من کرد کە ناپاکیان کرد. ٢٨ کاتێ هێنایانم بۆ ئەو
خاکەی دەستم بۆ بەرزکردنەوە کە بەوانی بدەم، جا هەر گردێکی
بەرز و هەر دارێکی پڕ گەڵایان بینی، لەوێ قوربانیەکانیان
سەربڕی و لەوێ قوربانیەکانیان پێشکەش کرد کە مایەی پەستییە.
لەوێ بخوورە بۆن خۆشەکانیان پێشکەش کرد و لەوێ مەیی
پێشکەشکراویان پێشکەش کرد. ٢٩ پێیانم وت: ئەم بەرزاییە چییە
کە بۆی دێن؟ جا لەو ڕۆژەوە ناوی لێنرا، بەرزایی. ٣٠ بۆیە بە
ماڵی ئیسڕائیل بڵێ، خوداوەندم خوداوەند ئاوای فەرموو، ئایا بە
ڕێگای باوکانتان گڵاو بوون و بەدوای گڵاوییەکانیان داوێن
پیسیتان کرد و ٣١ بە پێشکەش کردنی دیاریەکانتان و سووتاندنی
کوڕەکانتان و بە هەموو بتەکانتان تا ئەمڕۆش گڵاو دەبن؟ ئایا
ئێتر لە ئێوەوە ئەی ماڵی ئیسڕائیل پرسیارم لێ بکرێت؟ بەگیان
خۆم پرسیارم لێ ناکرێت. خوداوەندم خوداوەند ڕایگەیاند.
٣٢ ئەوەی بە خەیاڵتاندا دێت هەرگیز نابێت، کە دەڵێن وەك میللەتان
دەبین، وەك هۆزەکانی زەوی و دار و بەرد دەپەرستین. ٣٣ بە
گیانی خۆم! خوداوەندم خوداوەند ڕایگەیاند، من بە دەستێکی
بەهێز و بازوویەکی درێژ و بە قینێکی ڕژاوەوە پاشایەتیتان
بەسەردا دەکەم. ٣٤ لەناو گەلان دەرتاندەکەم و لە خاکەکانەوە کە
تێیاندا پەرت بوون بە دەستێکی بەهێز و بازوویەکی درێژ کۆتان
دەکەمەوە و ٣٥ دەتانهێنم بۆ چۆڵەوانی گەلان و لەوێ ڕوو بەڕوو
دادگایتان دەکەم. ٣٦ وەك چۆن باووباپیرانتانم لە چۆڵەوانی خاکی
میسر دادگایی کرد، ئاواش دادگایی ئێوە دەکەم، خوداوەندم
خوداوەند ڕایگەیاند. ٣٧ بەژێر داردەستدا دەتانبەم و دەتانهێنمە ناو
بەندی پەیمانەوە و ٣٨ ئەوانەی لەناوتان هەڵگەڕاونەتەوە و لە من
یاخین دایان دەبڕم. لە خاکی ئاوارەییان دەریاندەهێنم و نایەنە ناو
خاکی ئیسڕائیلەوە، جا دەزانن کە من خوداوەندم.
٣٩ بەڵام ئێوە ئەی ماڵی ئیسڕائیل، خوداوەندم خوداوەند ئاوای
فەرموو: بڕۆن و هەریەکە خزمەتی بتەکانی خۆی بکات و ئیتر
کە بە قسەم ناکەن ناوی پیرۆزیشم گڵاو مەکەن بە دیاریەکانتان و
بە بتەکانتان. ٤٠ چونکە لە چیا پیرۆزەم لە چیای بەرزی ئیسڕائیل،
خوداوەندم خوداوەند ڕایگەیاند، لەوێ هەموو ماڵی ئیسڕائیل
خزمەتم دەکەن، هەموویان لە خاکەکە، لەوێ لێتان ڕازی دەبم و
لەوێ داوای پێشکەشکراو و پەسەندترین دیاریەکانتان دەکەم
لەگەڵ هەموو تەرخانکراوەکانتان. ٤١ بە بۆنی خۆشیی ئێوە لێتان
ڕازی دەبم کاتێ لەناو گەلان دەرتاندەهێنم و لەو خاکانەوە کە تێیدا
بڵاو بوونەوە کۆتان دەکەمەوە و لەبەرچاو میللەتان بە ئێوە
پیرۆزدەبم. ٤٢ ئەوسا دەزانن کە من خوداوەندم، کاتێ دەتانهێنم بۆ
خاکی ئیسڕائیل، بۆ ئەو خاکەی کە دەستم بەرزکردەوە کە بە
باووباپیرانتانی بدەم. ٤٣ لەوێ ڕێگاکانی خۆتان بە بیر دێتەوە
لەگەڵ هەموو کردەوەکانتان کە پێی گڵاوبوون و لەبەر هەموو
ئەو خراپانەی کە ئەنجامتان داوە ڕقتان لەخۆتان دەبێتەوە. ٤٤ جا
دەزانن کە من خوداوەندم، ئەمانەم پێ کردوون لەبەر ناوی خۆم.
نەك وەك ڕێگاکاخراپەکانتان و نەك وەك کردەوە گڵاوەکانتان
ئەی ماڵی ئیسڕائیل،خوداوەندم خوداوەند ڕایگەیاند.
٤٥ ئینجا وشەی خوداوەند بۆم هات و فەرمووی: ٤٦ ئەی ڕۆڵەی
مرۆڤ! ڕووی خۆت لە تەیمەن بکە و بەرەو باشوور قسە بکە و
دژ بە دارستانی دەشتودەر لە باشوور پێشبینی بکە. ٤٧ بە دارستانی
باشوور بڵێ، گوێ لە وشەی خوداوەند بگرە، خوداوەنم خوداوەند
ئاوای فەرموو، ئەوەتا من ئاگرت تێ بەردەدەم، جا هەموو دارێکی
تەڕ و هەموو دارێکی وشك لەناو تۆدا دەخوات. گڕە
گڕگرتووەکەی ناکوژێتەوە و بەو هەموو ڕوویەك لە باشوورەوە
تا باکوور دەسووتێت. ٤٨ جا هەموو مرۆڤ دەبینن کە من
خوداوەندم ئاگرم تێی بەرداوە و ناکوژێتەوە. ٤٩ منیش وتم: ئای!
ئەی خوداوەندم خوداوەند! ئەوان بە من دەڵێن، ئایا ئەو بە پەند
نادوێت؟

# ٢١

١ ئینجا وشەی خوداوەند بۆم هات و فەرمووی: ٢ ئەی ڕۆڵەی
مرۆڤ! ڕووت لە ئۆرشەلیم بکە و دژ بە قوربانگاکانی جاڕ بدە و
دژ بە خاکی ئیسڕائیل پێشبینی بکە و ٣ بە خاکی ئیسڕائیل بڵێ:
خوداوەند ئاوای فەرموو: ئەوەتا من دژ بە تۆم و شمشێرەکەم لە
کالانەکەیەوە هەڵدەکێشم و ڕاستودروست و بەدکار لە تۆ
دەبڕمەوە. ٤ لەبەر ئەوەی ڕاستودروست و بەدکار لە تۆ
دەبڕمەوە، بۆیە شمشێرەکەم لە کالانەکەیەوە دەردەچێت بۆ سەر
هەموو مرۆڤ لە باشوورەوە تا باکوور. ٥ جا هەموو مرۆڤ
دەزانن کە من خوداوەندم شمشێرەکەی خۆم لە کالانەکەیەوە
هەڵکێشاوە و تازە ناگەڕێتەوە. ٦ بەڵام تۆ ئەی ڕۆڵەی مرۆڤ،
هەنسك هەڵکێشە! بە داهێزراوی و بە تاڵیەوە لەبەرچاویان هەنسك
هەڵکێشە. ٧ ئەگەر لە تۆیان پرسی: بۆچی هەنسك هەڵدەکێشیت؟
تۆش بڵێ: لەبەر هەواڵەکە چونکە هات و هەموو دڵێك دەتوێتەوە
و هەموو دەستێك شل دەبێت و هەموو ڕۆحێك کۆڵ دەدات و
هەموو ئەژنۆیەك دەلەرزێت، ئەوەتا دێت و دەبێت، خوداوەندم
خوداوەند ڕایگەیاند.
٨ ئینجا وشەی خوداوەند بۆم هات و فەرمووی: ٩ ئەی ڕۆڵەی
مرۆڤ پێشبینی بکە و بڵێ: خوداوەندم ئاوای فەرموو، بڵێ:
شمشیرێك، شمشێرێك تیژکراوە
هەروەها لووسکراوە
١٠ بۆ سەربڕین تیژکراوە
بۆ بریسکەدانەوە لووسکراوە
چۆن دڵخۆش بین؟
داردەستی کوڕەکەم،
سووکایەتی بە هەموو داردەستێك دەکات.
١١ بۆ لووسکردن پێیدا
بۆ ئەوەی بە دەست بگیرێت
ئەم شمشێرە تیژکراوە و
لووسکراوە

تا بدرێتە دەست بکوژ.
١٢ ئەی ڕۆڵەی مرۆڤ هاوار و واوەیلا بکە!
چونکە بەسەر گەلەکەم و
بەسەر هەموو میرانی ئیسڕائیلەوەیە،
فڕێدەدرێنە بەر شمشێرەکە
لەگەڵ گەلەکەم
بۆیە بەڕانی خۆتدا بکێشە.
١٣ چونکە تاقیکردنەوەیە و چیە ئەگەر داردەستە سووکایەتی
کارەکەش نەبێت، خوداوەندم خوداوەند ڕایگەیاند.
١٤ تۆش ئەی ڕۆڵەی مرۆڤ پێشبینی بکە
مشت بەناو دەستی خۆتدا بکێشە و
با دووبارە و سێبارە ڕابوەشێنرێت
شمشێری کوشتن.
شمشێری کوشتاری گەورەیە،
بەچواردەوریاندا.
١٥ بۆ توانەوەی دڵ و
بۆ زۆرکردنی کەوتووان
بۆیە لەسەر هەموو دەروازەکانیان
شمشێری سەربڕینم داناوە
ئاي! بریسکەدار کراوە و
ئەو بۆ سەربڕین لووس کراوە.
١٦ یەك پارچە
ڕوو لە لای ڕاست بکە، ئینجا چەپ
بۆ هەر لایەك ڕووی لێدەکەیت!
١٧ منیش مشت بەناو دەستمدا دەکێشم
و تووڕەیی خۆم هێدی دەکەم.
من خوداوەندم قسەم کرد.
١٨ ئینجا وشەی خوداوەند بۆم هات و فەرمووی: ١٩ تۆش ئەی
ڕۆڵەی مرۆڤ، بۆ خۆت دوو ڕێگا دیاربکە بۆ هاتنی شمشێری
پاشای بابل، لە یەك خاکەوە هەردووکیان دەردەچن، تابلۆیەکی
ڕێنمایی دابنێ، لەسەر ڕێگای شار دای بنێ. ٢٠ ڕێگایەك دیاربکە
با شمشێرەکە بێتە سەر ڕەبەی عەمونیەکان و بەسەر یەهوزا لە
ئۆرشەلیمی قەڵابەند. ٢١ چونکە پاشای بابل لەسەری دووڕیانەکە
وەستاوە لەسەر سەری هەردوو ڕێگاکە، تا بەهۆی
ئەستێرەناسییەوە بزانێت، تیرەکانی هەژاند، پرسی بە بتەکان
کرد، تەماشای جگەری کرد. ٢٢ لە دەست ڕاستی ئەستێرەناسی بۆ
ئۆرشەلیم بوو بۆ مەنجەنیق دانان بۆ دەم کردنەوە بە کوشتن و
دەنگ هەڵبڕین بە هاوارەوە بۆ مەنجەنیق دانان دژ بە دەروازەکان،
بۆ دامەزراندنی سەنگەر و بۆ بیناکردنی قوولە. ٢٣ لە چاو ئەوان
وەك ئەستێرەناسییەکی پووچ، ئەوانەی بە سوێند سوێندی بۆی
خواردووە، بەڵام تاوانەکە بە یاددەهێنێت تا پێوەبن.
٢٤ بۆیە خوداوەندم خوداوەند ئاوای فەرموو: لەبەر ئەوەی ئێوە
تاوانەکەی خۆتان بەیادهێنایەوە، لەکاتی ئاشکرابوونی
یاخیبوونەکانتان بۆ دەرخستنی گوناهەکانتان لە هەموو
کردەوەکانتان، جا لە بەیادهێنانەوەتان بە دەست دەگیرێن.
٢٥ تۆش ئەی بەدکاری گڵاو ئەی میری ئیسڕائیل، ئەوەی ڕۆژی
هات، لە کاتی کۆتایی تاوانت.
٢٦ خوداوەندم خوداوەند ئاوای فەرموو: مێزەرەکە داکەنە، تاجەکە
هەڵبڕە، هەروا نامێنێتەوە، بێ پلەوپایە بەرزکەوە و پایەدار داگرە.
٢٧ کاولە! کاولە! دەیکەم بە کاولە! هەروەها ئەمەش نابێت، تا
ئەوەی دێت کە مافی خۆیەتی، منیش بەوی دەدەم.
٢٨ تۆش ئەی ڕۆڵەی مرۆڤ پێشبینی بکە و بڵێ: خوداوەندم
خوداوەند ئاوای فەرموو لەبارەی عەمونیەکان و لەبارەی
سووکایەتی پێکردنەکەیان، بڵێ، ئەی شمشێر! ئەی شمشێر
هەڵکێشراو بۆ کوشتن، تا بتوانرێت لووس کراو بۆ بریسکەدانەوە.
٢٩ لەبەر ئەوەی بینینی پووچیان بۆت بینی و ئەستێرەناسی درۆیان
بۆت کرد، لەسەر ملی کوژراوە خراپەکارەکان دادەنرێیت،
ئەوانەی ڕۆژیان هات لە کاتی کۆتایی تاوانەکەیان. ٣٠ بیگێڕەوە
ناو کالانەکەي، لە نیشتیمانی دایکت حوکمت بەسەردا دەدەم و
٣١ تووڕەیی خۆم بەسەرتدا دەڕێژم و بە ئاگری ڕقم فووت لێدەکەم
و دەتدەمە دەست کەسانێکی گڕگرتووی شارەزا لە فەوتاندن.
٣٢ دەبێت بە خۆراکی ئاگر، خوێنت لەناوەندی خاکەکەدا دەبێت،
یادت ناکرێتەوە، چونکە من خوداوەندم قسەم کرد.

# ٢٢

١ ئینجا وشەی خوداوەند بۆم هات و فەرمووی: ٢ تۆش ئەی
ڕۆڵەی مرۆڤ، ئای حوکم دەدەیت، حوکم بەسەر شارەکەی خوێن
دەدەیت؟ با هەموو گڵاوییەکانی لەلای خۆی زانراوبێت. ٣ بڵێ:
خوداوەندم خوداوەند ئاوای فەرموو: ئەی ئەو شارەی لەناو خۆیدا
خوێن دەڕێژێت، با کاتی بێت، ئەوەی بت بۆ خۆی دروست
دەکات تا پێی گڵاو بێت. ٤ تاوانبار بوویت بەوخوێنەی ڕشتت
تاوانت کرد و بەو بتانەی دروستت کردن خۆت گڵاو کرد و
ڕۆژگاری خۆت نزیك کردەوە و گەیشتیت بە ساڵانی خۆت، بۆیە
تۆم کرد بە شوورەیی میللەتان و مایەی گاڵتە پێکردن بۆ هەموو
خاکەکان. ٥ ئەوەی لێت نزیکە و ئەوەی لێت دوورە گاڵتەت پێ
دەکەن، ئەی ناو گڵاوەکە ئەی ئاژاوە زۆرەکە. ٦ ئەوەتا میرانی
ئیسڕائیل هەریەکە بە پێی توانای لەناوتدا بوون بۆ خوێن ڕشتن.
٧ لەناو تۆدا سووکایەتی بە باوك و دایك کرا. لەناوەڕاست تۆدا بە
زوڵم مامەڵەیان لەگەڵ ئاوارە کرد. لەناو تۆدا هەتیو و بێوەژنیان
چەوساندەوە. ٨ سووکایەتیت بە پیرۆزکراوەکانی من کرد و پشووە
پیرۆزەکانی منت گڵاوکرد. ٩ پیاوانی دووزمان لەناوتدا بوون بۆ
خوێن ڕشتن و لەناوتۆدا لەسەر چیاکان خواردیان. لەناوەڕاست
تۆدا بەدڕەوشتیان ئەنجامدا. ١٠ لەناو تۆدا ڕووتی باوك دەرخرا،
ژنی گڵاو بە بێ نوێژییەکەی لەناو تۆدا چاوشۆڕ کرا، ١١ مرۆڤ
لەگەڵ ژنی خزمی خۆی گڵاوی ئەنجامدا. مرۆڤ بووکی خۆی
بە بەدڕەوشتی گڵاو کرد. لەناو تۆدا مرۆڤ خوشکی خۆی، کچی
باوکی چاوشۆڕ کرد. ١٢ لەناو تۆدا، بەرتیلیان بۆ خوێن ڕشتن
وەرگرت. ڕیبا و قازانجت لە گرانکردنی نرخی شتومەك
وەرگرت و نزیکەکانی خۆت ڕووتاندەوە و بە زوڵم و منت
لەبیرکرد. خوداوەندم خوداوەند ڕایگەیاند.
١٣ ئەوەتا مشتم دەوەشێنم لەو قازانجە نارەوایەی کردووتە لەبەر
ئەو خوێنەی لەناو تۆدا ڕژا. ١٤ ئایا دڵت بەرگە دەگرێت یان
دەستت بەهێز دەبێت لەو ڕۆژانەی مامەڵەت لەگەڵ دەکەم؟ من
خوداوەندم قسەم کرد و ئەنجامیشی دەدەم. ١٥ لەناو میللەتان پەرتت
دەکەم و بەسەر خاکەکان بڵاوت دەکەمەوە و گڵاوییەکانت لێ
دادەماڵم. ١٦ لەبەرچاوی میللەتان بە خۆت گڵاو دەبیت و ئەوسا
دەزانیت کە من خوداوەندم.
١٧ ئینجا وشەی خوداوەند بۆم هات و فەرمووی: ١٨ ئەی ڕۆڵەی
مرۆڤ! ماڵی ئیسڕائیل بۆم بووە بە خڵتە، هەموویان مس و
تەنەکە و ئاسن و قوڕقوشمن لەناوەڕاستی کوورە، بوون بە
خڵتەی زیو. ١٩ لەبەر ئەوە خوداوەندم خوداوەند ئاوای فەرموو:
لەبەر ئەوەی ئێوە هەموو بوون بە خڵتە، ئەوەتا من لەناوەڕاست
ئۆرشەلیم کۆتاندەکەمەوە . ٢٠ کۆکردنەوەی زیو و مس و ئاسن و
قوڕقوشم و تەنەکە بۆ ناوەڕاست کورە، بۆئەوەی بە ئاگر فووی
لێ بکرێت بۆ ئەوەی دابڕێژرێت، هەروەها بە تووڕەیی و قینی
خۆم کۆتاندەکەمەوە و فڕێتان دەدەم و داتاندەڕێژم. ٢١ جا
کۆتاندەکەمەوە و لەناو ئاگری تووڕەییم فووتان لێدەکەم و
لەناوەڕاستیدا دادەڕێژرێن. ٢٢ وەك زیو چۆن لەناوەڕاست کورە
دادەڕێژرێت، ئێوەش ئاوا لەناوەڕاستیدا دادەڕێژرێن، جا دەزانن
کە من خوداوەندم، تووڕەیی خۆم بەسەرتاندا ڕژاند.

٢٣ ئینجا وشەی خوداوەند بۆم هات و فەرمووی: ٢٤ ئەی ڕۆڵەی
مرۆڤ! پێی بڵێ تۆ ئەو خاکەی کە پاك نەبووەتەوە، بە باران
نەشۆراوەتەوە لە ڕۆژی تووڕەییدا. ٢٥ کودەتای پێغەمبەرەکانی
لەناوەڕاستیدایە وەك شێری بەنەڕەنەڕ نێچیر دەڕفێنێت. مرۆڤیان
خوارد، گەنجینە و شتی گرانبەهایان برد، لەناوەڕاستیدا بێوەژنان
زۆر دەکەن .٢٦ کاهینەکانی سەرپێچی فێرکردنەکانی منیان کرد
و پیرۆزکراوەکانی منیان گڵاوکرد، جیاوازیان لە نێوان
پیرۆزکراو و پیرۆزنەکراو نەکرد و جیاوازیان لە نێوان گڵاو و
پاك نەکرد و چاویان لە پشووە پیرۆزەکانم پۆشی، جا
لەناوەڕاستیان گڵاو بووم. ٢٧ کاربەدەستەکانی لەناوەڕاستی وەك
گورگی ڕفێنەرن دەرفێنن بۆ خوێن ڕژان، بۆ فەوتانی مرۆڤ، بۆ
قازانج بەدەست هێنان. ٢٨ پێغەمبەرەکانیان بە گەچ بۆیان
سواخدان، بە پووچی بینین دەبینن و ئەستێرەناسی درۆیان بۆ
دەکەن و دەڵێن: خوداوەندم خوداوەند ئاوای فەرموو. خوداوەندیش
قسەی نەکردووە. ٢٩ گەلی خاکەکە بەتەواوی زوڵمیان کرد و
بەتەواوی دەستیان بەسەردا گرت و هەژار و نەداریان
چەوساندەوە و بەناڕەوا زوڵمیان لە ئاوارە کرد. ٣٠ لەناویاندا
بەدوای پیاوێکدا گەڕام دیوارەکە بنیاد بنێ و لە کەلێنەکە لەبەردەمم
ڕاوەستێت لە پێناو خاکەکە، بۆ ئەوەی وێرانی نەکەم، بەڵام دەستم
نەکەوت. ٣١ منیش قینی خۆم بەسەریاندا ڕشت، بە ئاگری
تووڕەییم لەناویانم برد. ڕێگای خۆیانم بەسەر خۆیاندا هێنایەوە.
خوداوەندم خوداوەند ڕایگەیاند.

# ٢٣

١ ئینجا وشەی خوداوەند بۆم هات و فەرمووی: ٢ ئەی ڕۆڵەی
مرۆڤ، دوو ئافرەت هەبوون، کچی یەك دایك بوون، ٣ لە میسر
لەشفرۆشیان کرد، بە هەرزەکاری لەشفرۆشیان کر، لەوێ
ختووکەی مەمکیان درا و لەوێ گۆی مەمکی پاکیزەییان یاری
پێکرا. ٤ گەورەکەیان ناوی ئەهوولە بوو و خوشکەکەشی
ئەهوولیبە. ئەوان هی من بوون و کوڕان و کچانیان بۆ لەدایك
بوو، ناوەکانیشیان، ئەهوولە سامیریە و ئەهوولیبە ئۆرشەلیمە.
٥ ئەهوولە کە هێشتا هی من بوو لەشفرۆشی کرد و هەوەسبازی
لەگەڵ دۆستانی کرد، لە ئاشور، لە پاڵەوانەکان ٦ ئەوانەی جلی
مۆریان لەبەرە، فەرمانڕەوا و پارێزگارەکان، هەموو گەنجی
هەوەسدار و ئەسپ سوار. ٧ دڵی خۆی پێشکەش بەوان کرد، بە
هەموو هەڵبژاردەکانی نەوەی ئاشوور و گڵاو بوو بە هەموو
ئەوانەی هەوەسبازی لەگەڵ کردن، بە هەموو بتەکانیان. ٨ وازی
لە لەشفرۆشییەکەی میسریشی نەهێنا، چونکە بە هەرزەکاری
لەگەڵی جووت بوون و یاریان بە گۆی مەمکی پاکیزەیی کرد و
هەوەسی خۆیان بەسەریدا ڕشت. ٩ بۆیە دادە دەست دۆستەکانی،
دەست نەوەی ئاشوور کە هەوەسبازیان بوو. ١٠ ئەوان
ڕووتییەکەیان دەرخست، کوڕ و کچەکانیان برد و خۆشیان بە
شمشێر کوشت. جا بوو بە پەند بۆ ژنان و سزا درا و جێبەجێ
کرا.
١١ ئەهوولیبەی خوشکی ئەمەی بینی، کەچی گەندەڵ بوو لە
هەوەسبازییەکەی و لە لەشفرۆشییەکەی زیاتر لە لەشفرۆشی
خوشکەکەی. ١٢ هەوەسی چووە سەر نەوەی ئاشوور، فەرمانڕەوا
و پارێزگارەکان، پاڵەوانەکان کە نایابترین جلیان لەبەرە، ئەسپ
سوارەکان، هەموو گەنجی هەوەسدارن. ١٣ بینیم ئەویش گڵاو بوو
و هەردووکیان یەك ڕێگایان هەیە، ١٤ لەشفرۆشییەکەشی زیاتر
کرد و کاتی تەماشای ئەو پیاوانەی کرد لەسەر دیوار وێنەیان
کێشرابوو، وێنەی کلدانییەکان کە بە سووری ئاڵ وێنەیان
کێشرابوو، ١٥ پشتێن بە ناوقەدیانەوە و مێزەرەکانیان بەسەر
سەریان شۆڕبووەتەوە. هەموو لە ڕوخسار لە فەرماندە دەچن، لە
شێوەی بابلییەکان کە کلدان خاکی لەدایکبوونیانە. ١٦ هەوەسی
چووە سەریان هەر کە چاوی پێیان کەوت، نێردراوی بۆیان نارد
بۆ خاکی کلدانییەکان. ١٧ نەوەکانی بابلیش بۆ ناو نوێنی
خۆشەویستی بۆی هاتن و بە هەوەسبازی خۆیان گڵاویان کرد،
ئەویش پێیان گڵاو بوو تا خۆی لێیان دوورخستەوە. ١٨ داوێن
پیسی خۆی بەدەرخست، ڕووتی خۆی بەدەرخست، جا خۆم لێی
دوورخستەوە، وەك خۆم لە خوشکەکەی دوورخستەوە.
١٩ لەشفرۆشی خۆی زیاتر کرد کاتێ ڕۆژانی هەرزەکاری بە
بیر هاتەوە کە تێیدا لە خاکی میسر لەشی خۆی فرۆشت و
٢٠ هەوەسی چووە سەر هەوەسبازەکانیان، ئەوانەی ئەندامی
نێرینەیان وەك هی نێرەکەرە و تۆوڕشتنیان وەك تۆوڕشتنی
ئەسپە. ٢١ بیری بەدڕەوشتی سەردەمی هەرزەکاریت کرد کە
میسرییەکان یاریان بە گۆی مەمکت دەکرد لەبەر مەمکی
هەرزەکاریت.
٢٢ بۆیە ئەی ئەهوولیبە، خوداوەندم خوداوەند ئاوای فەرموو:
ئەوەتا من هەوەسبازەکانی خۆت لێ هاندەدەم، ئەوانەی خۆت
لێیان دوورخستەوە، لەهەموو لایەکەوە دەیانهێنمە سەرت،
٢٣ نەوەکانی بابل و هەموو کلدانییەکان، فەقود و شوع و قوع،
هەموو نەوەی ئاشووریش لەگەڵیان، گەنجە هەوەسدارەکان،
فەرمانڕەوا و پارێزگارن هەموویان، فەرماندە و پاڵەوانن، هەموو
ئەسپ سوارن. ٢٤ جا بە چەکەوە دێتە سەرت، بە گالیسکە و
عاربانەوە، بە کۆمەڵی گەلانەوە بە قەڵغانی گەورە و بچووك و
بە کڵاوی ئاسنینەوە دەورەت لێدەگرن و منیش حوکم دەدەم بە
دەست ئەوان و بە حوکمەکانی خۆیان حوکمت دەدەن. ٢٥ ئیرەیی
خۆم دژ بە تۆ دەکەم و بە ڕقەوە مامەڵەت لەگەڵ دەکەن، لووت و
گوێت دەبڕنەوە و پاشماوەکەت بە شمشێر دەکەوێت. کوڕ و
کچانت دەبەن و پاشماوەکەت بە ئاگر هەڵدەلووشرێت. ٢٦ جلت
لەبەر دادەماڵن و کەرەستەی ڕازاندنەوەت دەبەن. ٢٧ کۆتایی
دەهێنم بە بەدڕەوشتییەکەت و لەشفرۆشییەکەت لە خاکی میسر،
جا چاوت بەرز ناکەیتەوە بۆیان و ئیتر میسرت لەبیر نابێت.
٢٨ چونکە خوداوەندم خوداوەند ئاوای فەرموو: ئەوەتا من دەتدەمە
دەست ئەوانەی ڕقت لێیان بووەوە، بۆ دەست ئەوانەی قێزت لێیان
بووەوە، ٢٩ جا بە قینەوە مامەڵەت لەگەڵ دەکەن و هەموو بەری
ڕەنجت دەبەن و بە ڕووت و قووتی بەجێتدەهێڵن و ڕووتی
لەشفرۆشیی و بەدڕەوشتی و هەوەسبازییەکەت ئاشکرا دەبێت.
٣٠ ئەمەت پێ دەکەم، چونکە بەدوای میللەتانەوە داوێن پیسیت کرد
چونکە بە بتەکانیان گڵاو بوویت. ٣١ ڕێگای خوشکت گرتە بەر
بۆیە جامەکەی ئەو دەخەمە ناو دەستتەوە. ٣٢ خوداوەندم خوداوەند
ئاوای فەرموو:
جامی خوشکت دەخۆیتەوە
کە قووڵ و بەرینە
دەبێ مایەی پێکەنین و گاڵتەپێکردن
زۆر دەگرێت
٣٣ لە مەستی و غەم پڕ دەبێت
جامی واقوڕمان و وێرانییە
جامی سامیرە خوشکت
٣٤ جا دەیخۆیتەوە و هەڵیدەمژیت و
پارچە پارچەی دەکەیت،
مەمکی خۆتی پێ دەبڕیت،
چونکە من قسەم کرد، خوداوەندم خوداوەند ڕایگەیاند.
٣٥ بۆیە خوداوەندم خواوەند ئاوای فەرموو: لەبەر ئەوەی منت
لەبیرکرد و پشت گوێت خستم، بۆیە بەرگەی بەدڕەوشتی و
لەشفرۆشییەکەت بگرە.
٣٦ هەروەها خوداوەند پێی فەرمووم: ئەی ڕۆڵەی مرۆڤ، ئایا
حوکم بەسەر ئەهوولە و ئەهوولیبە دەدەیت؟ بەڵکو گڵاوییەکەی
خۆیانیان پێ ڕابگەیەنە. ٣٧ چونکە لەشی خۆیان فرۆشت و خوێن
بە دەستیانەوەیە و بە بتەکانیان داوێن پیس بوون و هەروەها ئەو

کوڕانەی بۆ منیان بوو بە بە ئاگر سووتاندیانن وەك خوارکی.
٣٨ هەروەها ئەمەشیان پێم کرد: لەوڕۆژەدا پیرۆزگاکەمیان گڵاو
کرد و پشووە پیرۆزەکانی منیان پیس کرد. ٣٩ کە کوڕەکانی
خۆیان بۆ بتەکان سەردەبڕی، ئەو ڕۆژە بۆ پیرۆزگاکەم هاتن بۆ
ئەوەی گڵاوی بکەن. ئەوەتا ئەوەیان کردوە لە ناوەڕاستی ماڵەکەم.
٤٠ بەڵکو بەدوای پیاوێکتان نارد لە دوورەوە دێن، ئەوانەی
نێردراوێکان بۆ یان نارد و ئەوەتا هاتن، ئەوان بوون کە بۆیان
خۆت شووشت و کلت لە چاوان کرد و بە خشڵ خۆت ڕازاندەوە.
٤١ لەسەر چوارپایەیەکی نایاب دادەنیشتیت لەبەردەم مێزێکی
ئامادەکراو و بخوور و زەیتی منت لەسەر دانا و ٤٢ دەنگی
کۆمەڵی ئەوانەی ڕادەبووێرن لە دەوروبەری و لەگەڵ زۆروبۆری
خەڵك، سەرخۆشانی چۆڵەوانی هێنران ئەوانەی بازنیان کردە
دەستی ئەو دووانە و تاجی جوانیان خستە سەر سەریان.
٤٣ ئینجا وتم، بە کۆنە لەشفرۆشەکە: ئایا ئێستاش داوێن پیسی
لەگەڵ دەکەن و ئەویش داوێن پیس دەکات؟ ٤٤ جا بۆی چوونە
ژوورەوە وەك بۆ لەشفرۆشێك بچنە ژوورەوە. ئاوا
چوونەژوورەوە بۆ لای ئەهوولە و ئەهوولیبە، دوو ژنە
لەشفرۆشەکە. ٤٥ پیاوانی ڕاستودروست حوکمیان دەدەن، حوکمی
لەشفرۆش و حوکمی خوێن ڕێژ، چونکە لەشفرۆشن و دەست
بەخوێنن.
٤٦ چونکە خوداوەندم خوداوەند ئاوای فەرموو: من حەشاماتێك
دەبەمە سەریان و دەیاندەمە دەست ستەم و تاڵانکردنەوە.
٤٧ حەشامەتەکە بەردبارانیان دەکەن و بە شمشێرەکانیان
لەتوپەتیان دەکەن و کوڕ و کچەکانیان سەردەبڕن و خانووەکانیان
بە ئاگر دەسووتێنن. ٤٨ جا کۆتایی بە بەدڕەوشتی دەهێنم لە
خاکەکە و هەموو ژنان تەمێخواردوو دەبن و وەك
بەدڕەوشتییەکەی ئێوە ناکەن. ٤٩ بەدڕەوشتییەکەی خۆتان
بەسەرخۆتان دەگێڕنەوە و گوناهی بتەکانی خۆتان هەڵدەگرن و
دەزانن کە من خوداوەنم خوداوەند.

# ٢٤

١ ئینجا وشەی خوداوەند بۆم هات لە ساڵی نۆیەم، لە مانگی دەدا،
لە دەی مانگدا، فەرمووی: ٢ ئەی ڕۆڵەی مرۆڤ، ناوی ئەمڕۆ بۆ
خۆت بنووسە، هەر ئەم ڕۆژە، چونکە هەر لەم ڕۆژەدا بوو پاشای
بابل گەمارۆی ئۆرشەلیمی دا. ٣ پەندێك بۆ ماڵی یاخیبوو بهێنەوە
و پێیان بڵێ، خوداوەندم خوداوەند ئاوای فەرموو:
مەنجەڵ دانێ،
دایبنێ و هەروەها ئاوی تێ بکە
٤ پارچە گۆشتەکانی تێدا کۆبکەوە
هەموو پارچە چاکەکان،
ڕان و شان
پڕی کە لە ئێسقانی هەڵبژاردە.
٥ لە هەڵبژاردەی گۆشتی مەڕ ببە و
ئێسقانەکانی لەژێر کۆمەڵ بکە
بە تەواوی بیکوڵێنە
با ئێسقانەکانیش لەناوی بکوڵێ.
٦ بۆیە خوداوەندم خوداوەند ئاوای فەرموو:
قوڕبەسەر شارەکەی خوێن،
ئەو مەنجەڵەی ژەنگەکەی خۆی تێدایە و
ژەنگەکەی لێی دەرنەچوو.
پارچە پارچە دەری بکەن
تیروپشکی لەسەر مەکەن
٧ چونکە ئەو خوێنەی ڕشتوویەتی لەناوەڕاستی دایە
لەسەر بەردی ڕووت دایناوە
نەی ڕشتە سەر زەوی
تا بە خۆڵ دایپۆشێت
٨ بۆ هەڵچوونی تووڕەیی و بۆ تۆڵە سەندنەوە
خوێنەکەی لەسەر بەردی ڕووت دانا
تا نەپۆشرێت.
٩ بۆیە خوداوەندم خوداوەند ئاوای فەرموو:
قوڕبەسەر شاری خوێن
منم کۆمەڵی سووتەمەنیەکەی گەورە دەکەم
١٠ دار زۆر بکە و ئاگری تێبەردە
گۆشتەکە پێبگەیەنە
بەتەواوی بەهاراتی پێوە بکە
با ئێسقانەکان بسووتێنێت.
١١ ئینجا بە بەتاڵی لەسەر پشکۆکان داینێ
با گەرم بێت و مسەکەی بسووتێت
جا پیسیەکەی تێیدا دەتووێتەوە و
ژەنگەکەی نامێنێت.
١٢ بێ سوود بوو خۆماندووکردن
لێی دەرنەچوو زۆری ژەنگەکەی
ژەنگەکەی لەناو ئاگرە
١٣ لەگڵاوییەکەت بەدڕەوشتی هەیە، چونکە پاکم کردیتەوە و پاك
نەبوویتەوە و جارێکی دیکە پاك نابیتەوە لە گڵاوییەکەت، تا
تووڕەیی خۆمت بەسەردا بهێنم. ١٤ من خوداوەندم قسەم کرد، دێتە
دی و دەیکەم. نە بەڕەڵا دەکەم و نە دڵم دەسووتێت و نە پەشیمان
دەبمەوە. بە گوێرەی ڕێگاکانت و بە گوێرەی کردەوەکانت
حوکمت دەدەن، خوداوەندم خوداوەند ڕایگەیاند.
١٥ ئینجا وشەی خوداوەند بۆم هات و فەرمووی: ١٦ ئەی ڕۆڵەی
مرۆڤ، ئەوەتا من بە لێدانێك ئەوەی چاوت ئارەزووی دەکات،
لێتی دەستێنم، جا شیوەن مەکە و مەگری و فرمێسك مەڕێژە. ١٧ بە
کپی ئاخ هەڵکێشە، شیوەن مەکە بۆ مردووەکان. مێزەر لە خۆت
بپێچە و با سەندەڵەکانت لە پێتدا بن و سمێڵت دامەپۆشە و نانی
ماتەم مەخۆ. ١٨ بۆ بەیانی قسەم لەگەڵ گەل کرد و بۆ ئێوارە
ژنەکەم مرد، ڕۆژ دواتریش چۆن فەرمانم پێ کرابوو وام کرد.
١٩ گەل پێیان وتم: ئایا پێمان ناڵێیت، ئەمەی تۆ دەیکەیت پەیوەندی
چییە بە ئێمەوە؟ ٢٠ منیش وەڵامم دانەوە: وشەی خوداوەند بۆم
هات و فەرمووی: ٢١ لەگەڵ ماڵی ئیسڕائیل قسە بکە و بڵێ،
خوداوەندم خوداوەند ئاوای فەرموو: پیرۆزگای خۆم گڵاو دەکەم،
شانازی هێزتان و ئارەزووی چاوتان و خۆشی گیانتان. کوڕ و
کچەکانتان ئەوانەی بەجێتان هێشتن بە شمشێر دەکەون. ٢٢ من
چیم کرد ئێوەش ئاوا دەکەن، سمێڵتان داناپۆشن و نانی ماتەم
ناخۆن. ٢٣ مێزەرەکانتان بە سەرتانەوە دەبێت و سەندەڵەکانتان لە
پێتان دەبێت، شیوەن ناکەن و ناگرین و بە تاوانەکانتانەوە
دەفەوتێن، بۆ یەکتۆی دەنووزێنەوە. ٢٤ حزقیال بۆ ئێوە دەبێ بە
نیشانە. هەموو ئەوەی کردی ئێوەش دەیکەن. ئەگەر ئەمە بوو،
دەزانن من خوداوەندم خوداوەند.
٢٥ تۆش ئەی ڕۆڵەی مرۆڤ، لەو ڕۆژەی هێزیان لێ دەسێنمەوە،
شادی شانازییان، ئارەزووبەخشی چاوانیان و خۆشی دڵیان، کوڕ
و کچانیان. ٢٦ لە وڕۆژەدا کە دەربازبوویەك دێت تا بە گوێیەکانت
ڕابگەیەنێت، ٢٧ لەو ڕۆژەدا زمانت بۆ دەربازبووەکە دەکرێتەوە
قسە دەکەیت و چیتر لاڵ نابیت. بۆیان دەبین بە نیشانە و ئەوسا
دەزانن کە من خوداوەندم.

# ٢٥

١ ئینجا وشەی خوداوەند بۆم هات و فەرمووی: ٢ ئەی ڕۆڵەی
مرۆڤ، ڕوت لە عەمونییەکان بکە و دژ بەوان پێشبینی بکە و ٣ بە

عەمونییەکان بڵێ، گوێ لە وشــەی خوداوەندم خوداوەند بگرن:
لەبەر ئەوەی وتت هۆیها! لەسـەر پیرۆزگاکەم چونکە گڵاو بوو و
لەسـەر خاکی ئیسـڕائیل چونکە وێران بوو و لەسـەر ماڵی
یەهوزاش چونکە ڕاپێچکران. ٤ بۆیە ئەوەتا منیش دەتدەمە دەست
خەڵکی خۆرهەڵاتەوە داگیرت بکەن، جا ڕەشـماڵەکانیان لەناو تۆ
هەڵدەدەن و نشـینگەکانیان لەناو تۆ دادەنێن. ئەوان دەغڵەکەت
دەخۆن و ئەوان شـیرەکەت دەخۆنەوە. ٥ ڕبە دەکەم بە مۆڵگای
وشـتر و نەوەی عەموونیش مۆڵگـای مەڕ، جـا دەزانن من
خوداوەندم. ٦ چونکە خوداوەندم خوداوەند ئاوای فەرموو: لەبەر
ئەوەی بەدەسـت چەپڵەت لێدا و پێت دا بە زەویدا و بە هەموو
سـووکایەتی کردنەکەت دڵخۆش بوویت بە مردن لەسـەر خاکی
ئیسـڕائیل. ٧ بۆیە ئەوەتا منیش دەسـتم بۆت درێژ دەکەم و وەك
دەستکەوت دەتدەمە دەست میللەتانەوە و لەناو گەلان ڕیشەکێشت
دەکەم و لە خاکەکان لەناوت دەبەم، وێرانت دەکەم جا دەزانیت کە
من خوداوەندم.
٨ خوداوەندم خوداوەند ئاوای فەرموو: لەبەر ئەوەی موئاب و
سـەعیر دەڵێن، ئەوەتا ماڵی یەهوزا وەك هەموو میللەتانە. ٩ بۆیە
ئەوەتا من سنووری لەلای شارەکانیەوە دەکەمەوە، لە شارەکانی
لەو پەڕییەوە کە جوانی خاکەکەن، بەیت بەشـیمۆت و بەعل
مەعۆن و قەریتایم. ١٠ بۆ خەڵکی خۆرهەڵات بەسەر عەمونیەکان
و داگیریـان دەکەن، بۆئەوەی ئیتر نـاوی عەمونییەکـان لەنـاو
میللەتان نەهێنن. ١١ بەسـەر موئاب حوکمەکان جێبەجێ دەکەم، جا
دەزانن کە من خوداوەندم.
١٢ خوداوەندم خوداوەند ئاوای فەرموو: لەبەر ئەوەی ئادوم کاری
کرد بۆ تۆڵە سـەندنەوە لە ماڵی یەهوزا و خراپ ڕەفتاری کرد و
تۆڵەی سـەندەوە، ١٣ بۆیە خوداوەندم خوداوەند ئاوای فەرموو:
دەستم بۆ سـەر ئادوم درێژدەکەم و مرۆڤ و ئاژەڵی لێ دەبڕمەوە
و دەیکەم بە چۆڵەوانی لە تەیمەنەوە بۆ دەدان، بە شمشێر دەکەون.
١٤ تۆڵە دەکەمەوە لە ئادوم بەدەستی ئیسڕائیلی گەلم، جائەوەی بە
ئادوم دەکەن بە گوێرەی تووڕەی و ڕقی من دەبێت، ئەوسا تۆڵەی
من دەزانن، خوداوەندم خوداوەند ڕایگەیاند.
١٥ خوداوەندم خوداوەند ئاوای فەرموو: لەبەر ئەوەی فەلەستییەکان
کاریان کرد بۆ تۆڵەسـەندنەوە و تۆڵەیان سـەندەوە و بە دڵی تاڵەوە
بۆ وێرانی، لە دوژمندارییەکی هەتاهەتاییەوە. ١٦ بۆیە خوداوەندم
خوداوەند ئاوای فەرموو: ئەوەتا من دەست بۆ سەر فەلەستییەکان
درێژ دەکەم و کریتییەکان ڕیشـەکێش دەکەم و پاشماوەی کەناری
دەریا لەناو دەبەم. ١٧ تۆڵەی مەزنیان لێدەکەمەوە بە سـەرزەنشـتی
توندەوە، جا دەزانن کە من خوداوەندم کاتێ تۆڵەی خۆم دەخەمە
سەریان.

# ٢٦

١ لە سـاڵی یانزەیەمیندا، لە یەکی مانگدا، وشـەی خوداوەند بۆم
هات و فەرمووی: ٢ ئەی ڕۆڵەی مرۆڤ، لەبەر ئەوەی سـور
دەربارەی ئۆرشـەلیم وتی، هۆیها! دەروازەکانی گەلان شـکا، بۆ
من گوێزرایەوە، من پڕ دەبم کە ئەو وێران بێت. ٣ بۆیە خوداوەندم
خوداوەنـد ئـاوای فەرموو: ئەوەتـا من دژ بە تۆم ئەی سـوڕ!
میللەتانی زۆر دەهێنمە سەرت وەك چۆن دەریا شەپۆڵەکانی بەرز
دەکاتەوە. ٤ جا شوورەکانی سوڕ دەڕوخێنن و قوولەکانی تێکدەدەن
و خۆڵەکەی لەسـەر ڕادەماڵم و دەیکەم بە بەردی ڕووت، ٥ ئەوسـا
دەبێ بە شـوێنێك بۆ بڵاوکردنەوەی تۆڕ لەناوەڕاسـتی دەریادا،
چونکە من قسـەم کرد، خوداوەندم خوداوەند ڕایگەیاند، دەبێت بە
دەستکەوت بۆ میللەتان. ٦ کچەکانی کە لە دەشتودەرن بە شمشێر
دەکوژرێن، جا دەزانن کە من خوداوەندم.

٧ چونکە خوداوەنـدم خوداوەنـد ئـاوای فەرموو: ئەوەتـا من لە
باکوورەوە نەبوخەزراسـەری پاشـای بابل دەهێنمە سـەر سـوڕ،
پاشای پاشایان، بە ئەسپ و گالیسکەوە و ئەسپ سوار و حەشامات
و گەلێکی زۆرەوە. ٨ جـا کچەکـانـت لەدەشـتـودەر دەکوژێت و
حەسـارگات لەدەور بنیاد دەنێت و قولەت لەسـەر بنیاد دەنێت و
سەنگەرت لەدەور لێدەدات و قەڵغانت لێ هەڵدەگرێت. ٩ مەنجەنیق
دەخاتە سـەر شـووراکانت و بە تەورەکانی جەنگی قولەکانت
دەڕوخێنێت. ١٠ لە زۆری ئەسپەکانی تۆزوخۆڵیان داتدەپۆشێت. لە
دەنگی ئەسـپ سـوار و عەرەبانە و گالیسـکەکان شـووراکانت
دەلەرزن، کاتێ دێتە ناو دەروازەکانتەوە وەك چوونەناو شـارێکی
پڕ کەلێن. ١١ بە سـمی ئەسـپەکـانی هەموو شـەقامەکـانـت
دەپەستێتەوە، گەلەکەت بە شمشێر دەکوژێت، کۆڵەکەکانی هێزت
دەکەونە سەر زەوی. ١٢ سامانت تاڵان دەکەن و بازرگانیت زەوت
دەکەن و شوراکانت دەڕوخێنن و خانووە جوانەکانت تێك دەدەن و
بەرد و دار و خۆڵـت دەخەنە نـاو ئـاوەوە. ١٣ دەنـگی وتـنی
گۆرانییەکانت و دەنگی قیسـارەکانت کۆتایی پێ دەهێنم،چیتر
نابیسـترێنەوە. ١٤ دەتکەم بە بەردی ڕووت و دەبێت بە شـوێنی
بڵاوکردنەوەی تۆڕەکان، جارێکی دیکە بنیادنانرێیتەوە، چونکە من
خوداوەندم قسەم کرد خوداوەند ڕایگەیاند.
١٥ خوداوەندم خوداوەند ئاوای وت بە سوڕ: ئایا کەنارەکان لەگەڵ
دەنگی کەوتنت نالەرزێن، لەگەڵ هاواری برینـدارەکان لەگەڵ
کەوتنی کوژراوان لەناوەڕاسـتت؟ ١٦ جا هەموو میرانی دەریا
لەسـەر تەختەکانیان دادەبەزن و کەواکانیان دادەکەن و کراسـە
نەخشـینەکانیان دادەکەن، تۆقین لەبەر دەکەن و لەسـەر زەوی
دادەنیشـن و هەموو چرکەیەك دەتۆقێن و واقیان وڕدەمێنێت لێت.
١٧ شینت بۆ دەگێڕن و پێت دەڵێن:
چۆن لەناو چوویت ئەی ئاوەدان لە دەریاکان،
ئەی شارە بەناوبانگەکە؟
ئەی ئەوەی بەهێز بوویت لە دەریا
خۆی و دانیشتووانەکەی
ئەوەی ترسیان باڵی کێشابوو
بەسەر هەموو دەروبەرەکایاندا
١٨ ئێستا کەنارەکان دەتۆقن
لە ڕۆژی کەوتنت
دوورگەکانی ناو دەریا لەبەر نەمانت دەورووژێن.
١٩ چونکە خوداوەندم خوداوەند ئاوای فەرموو: کـاتێ دەتکەم بە
شـارێکی وێران وەك شـارە بێ ئاوەدانییەکان، کاتێ دەریات
بەسەردا دەهێنم و ئاوە زۆرەکان داتدەپۆشن. ٢٠ لەگەڵ شۆڕبووان
بۆ ناو گۆڕ شۆڕت دەکەمەوە، بۆ لای گەلانێك کە دەمێکە مردوون
و لە نزمابییەکانی زەوی داتدەنیشـێنم، لە کاولگە هەتاهەتاییەکان
لەگەڵ شـۆڕبووەکـان بۆ نـاو گۆڕ، تـا ئـاوەدان نەبێـت و
نەدرەوشێیتەوە لە خاکی زیندوواندا. ٢١ دەتکەم بە کارەسات و ئیتر
بوونت نابێت، بەدواتدا دەگەڕێن و چیتر نادۆزرێیتەوە تا هەتایە.
خوداوەندم خوداوەند ڕایگەیاند.

# ٢٧

١ ئینجـا وشـەی خوداوەنـد بۆم هـات و فەرمووی: ٢ تۆش ئەی
ڕۆڵەی مرۆڤ، شـیوەنێك بۆ سـوڕ بگێڕە و ٣ بە سـوڕ بڵێ، ئەی
نیشـتەجێ لەلای دەروازەکانی دەریا، بازرگانی گەلان لە زۆر لە
کەنارەکان، خوداوەندم خوداوەند ئاوای فەرموو:
ئەی سوڕ تۆ وتت
من تەواو جوانم
٤ سنوورەکانت لەناو جەرگەی دەریاکان

بنیادنەرانت جوانیان تۆیان تەواو کرد
٥ هەموو تەختە دارەکانت
لە دارسەروی سنیر بۆتیان دروست کرد
لە لوبنانەوە دارئورزیان هێنا
تا دار ئاڵات بۆ دروست بکەن
٦ لە داربەڕووەکانی باشانەوە
سەوڵەکانی تۆیان دروست کرد
تەختەداری درێژی کەشـــتییەکەت لە دارســـەرون لە دورگەی
کتیمەوە
بە عاج ڕازاوەن،
٧ کەتانی نەخشێنراوی میسر
چارۆگەکەتە تا بۆت ببێت بە ئاڵا
قوماشی مۆر و باینجانی لە کەنارەکانی ئەلیشەوە
چەترت بوون
٨ خەڵکی سەیدون و ئەرواد
کەشتیوانت بوون
داناکانت ئەی سوڕ لەناوت بوون
میرکەشتیت بوون.
٩ پیرانی گیبەل و داناکانی لەناوت بوون
کون و کەلێنەکانیان بۆت پڕ دەکردەوە
هەموو کەشـــتییەکانی دەریا و کەشـــتیوانەکانیان لەناوت بوون بۆ
بازرگانی کردن بە کەلوپەلەکانت.
١٠ پارس و لود و فوت
لەناو لەشکرەکەت بوون
جەنگاوەرانت بوون
قەڵغان و کڵاوی ئاسنینیان لەناوت هەڵواسی
ئەوان شکۆمەندییەکەی تۆیان بەخشی.
١١ نەوەی ئەرواد لەگەڵ لەشکرەکەت،
لەسەر شووراکانن لەدەورەبەرت و
گەمەدییەکان لەناو قولەکانت بوون
قەڵغانەکانیان لەسەر شووراکانت هەڵواسی لەدەوروبەرت.
ئەوان جوانی تۆیان تەواو کرد.
١٢ تەرشـــیش بازرگانی تۆیە لە زۆری هەموو دەوڵەمەندییەك،
زیو و ئاسن و تەنەکە و قوڕقوشم ئاڵوگۆڕ کرد بە کەرەستەکانت.
١٣ یاوان و توبال و ماشـك بازرگانی تۆن، گیانی مرۆڤ و دەفری
مســـیان ئـاڵوگۆڕ کرد بە کەلوپەلەکـانت. ١٤ لە بەیت توگرمەوە
ئەسپ و ئەسپی سوار و ئێستریان ئاڵوگۆر کرد بە کەرەستەکانت.
١٥ نەوەی دەدان بازرگانی تۆن، زۆر لە کەنارەکان بازرگانی ژێر
دەســـتی تۆن، دیارییان پێشـــکەش کردیت لە قۆچی عاج و داری
ئەبەنوس. ١٦ ئارام بازرگانی تۆیە لەبەر زۆری دەســـتکردەکانت،
بەردی گرانبەها و قوماشـــی باینجانی و نەخشـــێنراو و کەتان و
مەرجان و یاقووتیان ئاڵوگۆڕ کرد بە کەرەستەکانت. ١٧ یەهوزا و
خاکی ئیسرائیل بازرگانی تۆن، گەنمی مینیت و ماش و هەنگوین
و زەیت و هەتووان ئاڵوگۆڕکرد بە کەرەســـتەکانت. ١٨ دیمەشـــق
بازرگانی تۆیە بە زۆریی دەســـتکردەکانت و لەبەر زۆری هەموو
دەوڵەمەندییەك، مەیی حەلبون و خوری ســـپی لەگەڵت ئاڵوگۆڕ
کرد. ١٩ دانییەکان و یۆنانییەکان لە ئۆزال ئاڵوگۆڕیان کرد لەگەڵ
کەرەستەکانت، ئاسنی کوتراو و دارچین و قامیشی شەکر لەگەڵت
ئاڵوگۆڕ کرد. ٢٠ دەدان بازرگانی تۆیە بە کورتان بۆ ســـواربوون.
٢١ عەرەب و هەموو میرەکانی قیدار بازرگانی ژێر دەســـتی تۆن،
لە بەرخ و بەران و نێری، بەمە بـازرگـانیـت لەگەڵ دەکەن.
٢٢ بازرگانەکانی شـبا و رەعمە بازرگانی تۆن بە باشترین هەموو
جۆری بۆن و بە هەموو بەردێکی گرانبەها و بە زێڕ ئاڵوگۆڕیان
لەگەڵ کەرەســـتەکـانـت کرد. ٢٣ حەرران و کەننە و عەدەن و
بازرگانەکانی شـــبا و ئاشـــور و کەلمەد بازرگانی تۆن. ٢٤ ئەوانە
بازرگانی تۆن بە شتی گرانبەها و جلوبەرگی مۆر و نەخشێنرا و
بەڕەی چنراو و ڕەنگین بە پەتی هۆنراو و پتەو لە بازاڕەکانت.
٢٥ کەشتییەکانی تەرشیش لە خزمەت بازرگانیەکەت بوون،
جا پڕ بوویت و زۆر بارگران بوویت
لەناوجەرگەی دەریاکان
٢٦ کەشتیوانەکانت تۆیان هێنا
بۆ ناو ئاوە زۆرەکان
بای خۆرهەڵات تۆی شکاند
لەناوجەرگەی دەریاکان
٢٧ سامانەکەت و کەرەستەکەت و شتومەکەکەت و کەشتیوانەکانت
و میرکەشتیەکانت و وەستاکانت و ئاڵوگۆڕکەران بە کەلوپەلەکەت
و هەموو جەنگاوەرانت کە لەناوتن و هەموو حەشـــامەتەکەت کە
لەنـــاوەڕاســـتی تۆن، دەکەونە نـــاوجەرگەی دەریـــاوە لە ڕۆژی
کەوتنت.
٢٨ لە دەنگی هاواری میرکەشتیەکانت
دەشتاییەکان دەلەرزن و
٢٩ هەموو سەوڵگرەکان و کەشتیوان و
هەموو میرکەشتییەکانی دەریا،
لە کەشتیەکانیان دادەبەزن و
لەسەر وشکایی ڕادەوەستن و
٣٠ دەنگیان بەرزدەکەنەوە بۆت و
بە تاڵیەوە دەقیژێنن و
خۆڵ دەکەن بەسەر خۆیاندا و
لەناو خۆڵەمێش خۆیان دەگەوزێنن،
٣١ بۆ تۆ پرچی سەریان دەڕنن و
پەڵاس لەناوقەدیان دەبەستن،
بە تاڵی گیانەوە گریانێکی تاڵ
بۆت دەگرین و
٣٢ لەکاتی گریانیان لاوانەوەیەك بەرزدەکەنەوە
بۆت دەلاوێننەوە:
کێ وەك سوڕ بێ دەنگ بوو
لەناوجەرگەی دەریا،
٣٣ بە دەرچوونی کەلوپەلەکانت لە دەریاکان
گەلانی زۆرت تێر کرد
بە زۆری سامان و کەرەستەکانت
پاشایانی زەویت دەوڵەمەند کرد.
٣٤ کاتێ شکایت لە دەریاکان
کەرەستە و هەموو حەشاماتەکەت
کەوتنە ناو قوڵایی ئاوەکانەوە.
٣٥ هەموو دانیشتوانی کەنارەکان
واقیان وڕدەمێنێت لێت و
پاشاکانیان موچڕکەیان پیا دێت
ڕەنگوڕوویان دەگۆڕیت.
٣٦ بازرگانانی نێوان گەلان
فیکەت بۆ لێدەدەن
جا دەبیت بە کارەسات و
ئیتر بۆ هەتاهەتایە نامێنیت.

# ٢٨

١ ئینجا وشـــەی خوداوەند بۆم هات و فەرمووی: ٢ ئەی ڕۆڵەی
مرۆڤ، بە ســـەرۆکی ســـوڕ بڵێ، خوداوەندم خوداوەند ئاوای
فەرموو: لەبەر ئەوەی لووتبەرز بوویت و وتت، من خودایەکم،
لە ئەنجومەنی خوداکان دادەنیشـــم لەناوجەرگەی دەریاکان، بەڵام
تۆ مرۆڤیت نەك خودا، هەرچەندە وا بزانیت وەك خودا دانـایت.
٣ ئەوەتا تۆ لە دانیال داناتری و هیچ نهێنیەك لێت شـاراوە نابێت و

٤ بە دانایی و تێگەیشتنت سامانت بۆ خۆت دەستکەوت و زێڕ و
زیوت لە گەنجینەکانت کۆکردەوە. ٥ بە زۆری دانایت لە
بازرگانیەکەت سامانی خۆت زۆر کرد، جا لووتبەرز بوویت
لەبەر دەوڵەمەندییەکەت. ٦ بۆیە خوداوەندم خوداوەند ئاوای
فەرموو: لەبەر ئەوەی واتزانی وەك خودا دانایت، ٧ بۆیە ئەوەتا
من بێگانان دەهێنمە سەرت، دڕندەترینی میللەتان، شمشێرەکانیان
هەڵدەکێشنە سەر خۆشی داناییەکەت و جوانیەکەت پیس دەکەن.
٨ شۆڕت دەکەنەوە ناو چاڵ و وەك مردنی کوژراوان دەمریت
لەناوجەرگەی دەریاکان. ٩ ئایا بەرامبەر بە بکوژەکەت دەڵێیت،
من خودام. بەڵام تۆ مرۆڤیت نەك خودا لەناو دەست ئەوەی دەتداتە
بەر شمشێر. ١٠ مردنی خەتەنەنەکراوان دەمریت بە دەستی
بێگانان، چونکە من قسەم کرد. خوداوەندم خوداوەند ڕایگەیاند.
١١ ئینجا وشەی خوداوەند بۆم هات و فەرمووی: ١٢ ئەی ڕۆڵەی
مرۆڤ، لاوانەوەیەك بەسەر پاشای سووڕ بەرزکەوە و پێی بڵێ،
خوداوەندم خوداوەند ئاوای فەرموو: تۆ مۆری جوانیت، پڕ لە
دانایی و جوانی تەواویت. ١٣ لە عەدەنی بەهەشتی خودا بوویت،
هەموو بەردێکی گرانبەها پۆشەری تۆیە، عەقیقی سور و یاقوتی
زەرد و عەقیقی سپی و زەبەرجەد و بەردی عاشقبەند و یەشب و
یاقوتی شین و شیلانە و زمرود و زێڕیش بە نەخشەوە بۆت
دروست کرابوو، جێی نقێمەکەشت لە خۆت بوو، لە ڕۆژی
بەدیهێنانت ئامادەکران. ١٤ تۆ کروبی دەستنیشانکراوی
سێبەرکردووی و منیش لەسەر چیای پیرۆزی خودا تۆم دانا،
بەناو بەردەکانی ئاگردا هاتوچۆت کرد. ١٥ تۆ تەواوبوویت لە
ڕێگاکانت لە ڕۆژی بەدیهێنانتەوە تا ئەو ڕۆژەی خراپەت تیادا
بەدیکرا. ١٦ بە زۆری بازرگانیەکەت سکیان پڕ کردیت لە زوڵم و
گوناهەت کرد، جا وەك گڵاوییەك لە چیای خوداوە فڕێتدەدەم و
لەناوت دەبەم ئەی کروبی سێبەر کرد و لەناو بەردەکانی ئاگردا.
١٧ لووتبەرز بوویت لەبەر شادومانیت. دانایی خۆت تێکدا لەبەر
جوانیت. فڕێتدەدەمە سەر زەوی و دەتخەمە بەردەم پاشایان تا
تەماشات بکەن. ١٨ لەبەر زۆریی تاوانەکانتان و زۆرداریت لە
بازرگانیەکەت پیرۆزگاکانی خۆت گڵاو کرد، جا لەناوەڕاستدا
ئاگرێك دەردەکەم و دەتخوات و دەتکەم بە خۆڵەمێش لەسەر زەوی
لەبەرچاو هەموو ئەوەی دەتبینێت. ١٩ هەموو ئەوانەی لەناو گەلان
دەتناسن واقیان لێت وڕدەمێنێت و جا دەبیت بە کارەسات و ئیتر
بۆ هەتاهەتایە نامێنیت.
٢٠ ئینجا وشەی خوداوەند بۆم هات و فەرمووی: ٢١ ئەی ڕۆڵەی
مرۆڤ، ڕووی خۆت لە سەیدون بکە و دژی پێشبینی بکە و
٢٢ بڵێ، خوداوەندم خوداوەند ئاوای فەرموو: ئەوەتا من دژ بەتۆم
ئەی سەیدون و لەناوەڕاستدا شکۆمەند دەبم، جا دەزانن کە من
خوداوەندم کاتێ حوکمەکان لەناویدا جێبەجێ دەکەم و بەو پیرۆز
دەبم. ٢٣ دەرد و خوێن دەنێرمە سەری بۆ ناو کۆڵانەکانی و
برینداران لەناوەڕاستیدا بەو شمشێرە دەکەون کە لە هەموو لایەك
بەسەریەوەیەتی، جا دەزانن من خوداوەندم. ٢٤ لەمەودوا ماڵی
ئیسڕائیل چقڵی چەقیو و درکی بەئازاریان بۆ نابێت لە هەموو
ئەوانەی دەوروبەریان، ئەوانەی ڕقیان لێیانە. جا دەزانن کە من
خوداوەندم خوداوەند.
٢٥ خوداوەندم خوداوەند ئاوای فەرموو: کاتێ ماڵی ئیسڕائیل
کۆدەکەمەوە لەو گەلانەی پەرت بوو بۆ ناویان و لەناویان پیرۆز
دەبم لەبەرچاوی ئەو میللەتانەی لەخاکەکەیاندا نیشتەجێن، ئەوەی
دام بە یاقوبی خزمەتکاری خۆم. ٢٦ ئینجا بە ئاسوودەیی تێیدا
نیشتەجێ دەبن و خانوو بنیاد دەنێن و ڕەز دەچێنن و بە ئاسوودەیی
نیشتەجێ دەبن، کاتێ حوکمەکان جێبەجێ دەکەم بەسەر هەموو
ئەوانەی ڕقیان لێیانە لە دەوروبەریان، جا دەزانن کە من خوداوەند
خودایانم.

# ٢٩

١ لەساڵی دەیەم، لە دوانزەی مانگی دەدا، وشەی خوداوەند بۆم
هات و فەرمووی: ٢ ئەی ڕۆڵەی مرۆڤ، ڕووت لە فیرعەونی
پاشای میسر بکە و پێشبینی دژ بە و هەموو میسر بکە. ٣ قسە بکە
و بڵێ: خوداوەندم خوداوەند ئاوای فەرموو:
ئەوەتا من دژ بە تۆم ئەی فیرعەون
پاشای میسر،
ئەی ئەژدیها گەورەکەی خۆ مۆڵداو
لەناو ڕووبارەکانی،
ئەوەی وتی، ڕووبارم هی منە و
من بۆ خۆم دروستم کرد.
٤ ئەلقە لە کاژێرت دەکەم و ماسی ڕووبارەکانت بە پولەکەکانتەوە
دەلکێنم و لەناوەڕاست ڕووبارەکانت دەرتدەهێنم و هەموو ماسی
ڕووبارەکانت بە پوولەکەکانتەوە لکاون و
٥ لە چۆڵەوانی بەجێتدەهێڵم،
خۆت و هەموو ماسی ڕووبارەکانت.
لەسەر ڕووی دەشتودەر دەکەویت
نە کۆدەکرێیتەوە و نە خڕدەکرێیتەوە،
تۆمدا ببیت بە خۆراکی
گیانلەبەرانی زەوی و
باڵندەکانی ئاسمان.
٦ ئەوسا هەموو دانیشتوانی میسر دەزانن
کە من خوداوەندم
لەبەر ئەوەی گۆچانی قامیشن
بۆ ماڵی ئیسڕائیل.
٧ کە بەناو لەپیان تۆیان گرت شەق شەق بوویت و
هەموو ناو شانی ئەوانت دڕی و
کە خۆیان بەسەرتدا دا شکایت و
هەردوو کەلەکەی ئەوانت لەقولۆق کرد.
٨ بۆیە خوداوەندم خوداوەند ئاوای فەرموو: ئەوەتا من شمشێرێکت
دێنمە سەر و مرۆڤ و ئاژەڵت لێ ڕیشەکێش دەکەم و ٩ خاکی
میسر دەبێت بە چۆڵەوانی و کاولگە، جا دەزانن کە من خوداوەندم،
چونکە وتی نیل هی منە و من دروستم کردووە. ١٠ بۆیە ئەوەتا من
دژ بە تۆ و بە ڕووبارەکانتم و خاکی میسر دەکەم بە کەلاوەی
کاول و چۆڵ، لە مەگدەلەوە تا ئەسوان و تا سنووری کووش.
١١ نە پێی مرۆڤی تیادا ڕەتدەبێت و نە پێی ئاژەڵ و بۆ چل ساڵ
کەس تێیدا نیشتەجێ نابێت. ١٢ خاکی میسر دەکەم بە چۆڵەوانی
لەناو خاکە چۆڵەکان و شارەکانیشی لەناو شارە کاوولەکان چۆڵ
دەبێت بۆ چل ساڵ و میسرییەکان بەناو میللەتاندا پەرت دەکەم و
بەناو خاکەکاندا بڵاویان دەکەم.
١٣ چونکە خوداوەندم خوداوەند ئاوای فەرموو: لە کۆتایی چل
ساڵەکە میسرییەکان لەو گەلانە کۆدەکەمەوە کە تێیاندا پەرت
بوون و ١٤ ڕاپێچی میسر دەگەڕێنمەوە و بۆ خاکی فەترۆس بۆ
خاکی لەدایك بوونیان دەیانگەڕێنمەوە و لەوێ دەبن بە
پاشایەتییەکی سووك. ١٥ سووکترین پاشایەتی دەبێت و ئیتر بەسەر
میللەتان بەرز نابێتەوە و کەمیان دەکەم بۆ ئەوەی بەسەر میللەتان
زاڵ نەبن. ١٦ لەمەودوا نابێت بە پاڵپشت بۆ ماڵی ئیسڕائیل، کە
یادی تاوانەکەی دەکرێتەوە کاتێ ڕوویان لەوان کرد، جا دەزانن
کە من خوداوەندم.
١٧ لە ساڵی بیست و حەوتەمدا، لە مانگی یەکدا، لە یەکی مانگدا،
وشەی خوداوەند بۆم هات و فەرمووی: ١٨ ئەی ڕۆڵەی مرۆڤ،
نەبوخوزراسەری پاشای بابل لەشکری خۆی زۆر ماندوو کرد
لەسەر سوور، تا هەموو سەرێك ڕووتایەوە و هەموو شانێك
ڕووت بوو، بەڵام نە خۆی و نە لەشکرەکەی هیچ کرێیەکیان لە

سوپڕ دەستنەکەوت لەسەر ئەو ماندووبوونەی لێی ماندوو بوون.
١٩ بۆیە خوداوەندم خوداوەند ئاوای فەرموو: ئەوەتا من خاکی
میسر دەدەم بە نەبوخوزراسەری پاشای بابل، جا سامانەکەی
دەبات و دەستکەوتەکەی تالان دەکات و دەبێت بە کرێ بۆ
لەشکرەکەی. ٢٠ خاکی میسرم بەو دا لەبەر ئەو ماندوو بوونەی
پێوەی ماندوو بوو، چونکە لەپێناو من کاریان کرد، خوداوەندم
خوداوەند ڕایگەیاند. ٢١ لەو ڕۆژەدا هێزی ماڵی ئیسرائیل
دەگێڕمەوە و دەمی تۆش دەکەمەوە لەناویان، جا دەزانن کە من
خوداوەندم.

# ٣٠

١ ئینجا وشەی خوداوەند بۆم هات و فەرمووی: ٢ ئەی ڕۆڵەی
مرۆڤ، پێشبینی بکە و بڵێ، خوداوەندم خوداوەند ئاوای فەرموو:
واوەیلا بکەن، ئای بۆ ئەو ڕۆژە!
٣ چونکە ڕۆژێك نزیکە
ڕۆژێکی بۆ خوداوەند نزیکە
ڕۆژی هەورە
کاتی میللەتان دەبێت.
٤ شمشێرێك دێتە سەر میسر و
ترسولەرز لە کووش دەبێت
کاتێ کوژراوان لە میسر دەکەون و
سامانەکەی دەبەن و
بناغەکانی دەڕوخێنن.
٥ کووش وفوت و لوود و هەموو عەرەب و کووب و نەوەکانی
خاکی پەیمان لەگەڵیان بە شمشێرەکە دەکەون.
٦ خوداوەند ئاوای فەرموو:
لایەنگرانی میسر دەکەون و
شانازی هێزی بەرەوخوار دەبێت
لە مگدەلەوە تا ئەسوان
لەناویدا بە شمشێرەکە دەکەون،
خوداوەندم خوداوەند ڕایگەیاند.
٧ جا لەناوەڕاست خاکە چۆڵەکان چۆڵ دەبێت و شارەکانی
لەناوەڕاست شارە کاولەکان دەبێت. ٨ جا دەزانن کە من
خوداوەندم، کاتێ ئاگر لە میسر بەردەدەم و هەموو یارمەتیدەرانی
دەشکێن. ٩ لەو ڕۆژەدا، نێردراوان لەلای منەوە دەردەچن بە
سواری کەشتی بۆ تۆقاندنی کووشی باوەڕبەخۆ کردوو، جا ترس
و لەرز بەسەریاندا دێت وەك ڕۆژەکەی میسر، چونکە ئەوەتا
دێت.
١٠ خوداوەندم خوداوەند ئاوای فەرموو: من سامانی میسر
لەناودەبەم بەدەستی نەبوخوزراسەری پاشای بابل. ١١ ئەو بەخۆی
و لەشکرەکەیەوە دڕندەترینی میللەتانن، بۆ کاولکردنی خاکەکە
دەهێنرێن، جا شمشێرەکانیان هەڵدەکێشن بۆ سەر میسر و خاکەکە
پڕ دەکەن لە کوژراوان. ١٢ ڕووبارەکان دەکەم بە وشکایی و
خاکەکە دەفرۆشم بە خراپەکاران و خاکەکە و هەرچی تیایەتی بە
دەست بێگانان کاول دەکەم، من خوداوەندم قسەم کرد.
١٣ خوداوەندم خوداوەند ئاوای فەرموو: بتەکان لەناودەوبەم و
پەیکەری بتەکان پووچ دەکەم لە نوف، لەمەودوا هیچ میرێك لە
خاکی میسر هەڵناکەوێت، ترس دەخەمە سەر خاکی میسرەوە.
١٤ فەتروس تێك دەدەم و ئاگر لە سوعەن بەردەدەم و حوکمەکان
لە نوا جێبەجێ دەکەم. ١٥ تووڕەیی خۆم بەسەر سینی قەڵای میسر
دەڕێژم و حەشاماتی نوا ڕیشەکێش دەکەم. ١٦ ئاگر لە میسر
بەردەدەم، سین ئیشی پێ دەگات و نوا بۆ دادڕێن دەبێت و نوفیش
هەموو ڕۆژێك لە تەنگانەدا دەبێت. ١٧ گەنجەکانی ئاوەن و فیبیستە
بە شمشێر دەکەون و ئەو دوو شارەش ڕاپێچ دەکرێن. ١٨ لە
تەحفەنحیس ڕۆژ تاریك دادێت کاتێ لە نیەکانی میسر دەشکێنم و
شانازی هێزی نامێنێت، خۆی هەورێك دایدەپۆشێت و کچەکانیشی
ڕاپێچ دەکرێن. ١٩ حوکمەکان لە میسر جێبەجێ دەکەم، جا دەزانن
کە من خوداوەندم.
٢٠ لە ساڵی یانزەیەمین، لە مانگی یەکدا، لە حەوتی مانگدا، وشەی
خوداوەند بۆم هات و فەرمووی: ٢١ ئەی ڕۆڵەی مرۆڤ، من
بازووی فیرعەونی پاشای میسرم شکاند، ئەوەتا ناگیرێتەوە نە بە
دەوادەرمان خستنە سەر و نە بە بەستنی، یەکناگرێتەوە تا شمشێر
بەدەستەوە بگرێت. ٢٢ بۆیە خوداەندم خوداوەند ئاوای فەرموو:
ئەوەتا من دژ بە فیرعەونی پاشای میسرم و هەردوو بازووی
دەشکێنم، ساغەکە و شکاوەکەش، شمشێر لە دەستی بەردەدەمەوە.
٢٣ میسرییەکان بەناو میللەتاندا پەرت دەکەم و بەناو خاکەکان
بڵاویان دەکەم. ٢٤ هەردوو بازووی پاشای بابل تووند دەکەم و
شمشێری خوم دەدەمە دەستییەوە. هەردوو بازووی فیرعەون
دەشکێنم و لەبەردەمی وەك نووزەی بریندار دەنووزێتەوە.
٢٥ بهەردوو بازووی پاشای بابل تووند دەکەم، بەڵام بازووەکانی
فیرعەون دەکەون، ئەوسا دەزانن کە من خوداوەندم، کاتێ
شمشێری خۆم دەدەمە دەست پاشای بابل و بەسەر خاکی میسر
هەڵی دەکێشێت. ٢٦ میسرییەکان بەناو میللەتاندا پەرت دەکەم و
بەناو خاکەکاندا بڵاویان دەکەم، جا دەزانن کە من خوداوەندم.

# ٣١

١ لە ساڵی یانزەیەمین، لە مانگی سێدا، لە یەکی مانگدا، وشەی
خوداوەند بۆم هات و فەرمووی: ٢ ئەی ڕۆڵەی مرۆڤ، بە
فیرعەونی پاشای میسر و حەشاماتەکەی بڵێ:
خۆت بە کێ چوواند لە گەورەییەکەت؟
٣ ئەوەتا ئاشوور دارئورز لە لوبنانە
چڵی جوانە و سێبەری پڕە
باڵای بەرزە
لقی لەناو هەورە.
٤ ئاو گەورەی کرد و
قووڵایی بەرزی کردەوە و
ڕووبارەکانی بە دەور شوێنی ڕواندنەکەی ڕۆیشتن
جۆگاکانی بۆ هەموو دارەکانی دەشتودەر نارد.
٥ بۆیە باڵای بەرزتر بوو
لە هەموو دارەکانی دەشتودەر
چڵەکانی زۆر بوون و
لقەکانی درێژ بوون و
لەبەر زۆری ئاو چرۆیان کرد،
٦ هێلانەیان کرد لەناو چڵەکانی
هەموو باڵندەکانی ئاسمان
لەژێر لقەکانی زایین
هەموو گیانلەبەرانی دەشتودەر
لە سایەی سێبەری نێشتجێ بوون
میللەتە گەورەکان.
٧ جوان بوو لە گەورەیی و
لە درێژی لقەکانی
چونکە ڕەگەکەی
لەسەر ئاوی زۆر بوو.
٨ دارئورز لێی تێنەپەڕی
لە باخچەی خودا و
دار سەرو لە چڵەکانی نەدەچوو
سنەوبەر وەك لقەکانی نەبوو
هەموو دارەکان لە باخچەی خودا

لە جوانیدا لەو نەدەچوون
٩ جوانم کرد بە زۆریی لقەکانی
تا حەسوودیان پێی برد
هەموو دارەکانی عەدەن
ئەوانەی لە باخچەی خودان.
١٠ بۆیە خوداوەندم خوداوەند ئاوای فەرموو، لەبەر ئەوەی باڵای
خۆت بەرزکرد و لقەکانی خستە ناو هەورەکان و دڵی بەفیز بوو
بە بەرزییەکەی، ١١ دامە دەست بەهێزی میللەتانەوە و بە گوێرەی
خراپەکانی خراپی دەکەن، من دەرمکرد. ١٢ بێگانان ڕیشەکێشی
دەکەن، دڕندەترینی میللەتان، ئینجا بەجێیدەهێڵن، جا لقەکانی
لەسەر چیاکان و لەناو هەموو دۆڵەکان دەکەون و لقەکانی لەلای
هەموو ڕووبارەکانی زەوی دەشکێن و هەموو گەلانی زەوی لە
سێبەرەکەی لادەچن و بەجێی دەهێڵن.
١٣ لەسەر قەدە کەوتووەکەی دەنیشنەوە
هەموو باڵندەکانی ئاسمان و
لەسەر لقەکانی دەبن
هەموو گیانلەبەرانی دەشتودەر.
١٤ تا هیچ دارێک کەلەسەر ئاوە بەرزنەبێتەوە تا باڵای ئەو و
لقەکانی نەخاتە ناو هەورەوە، هەرچی ئاوە خۆرە لەبەرزییدا
نەگات بە باڵایان، چونکە هەموو دراونەتە دەست مردنەوە و بۆ
دونیای خوارەوە لەناو ڕۆڵەی مرۆڤانا، لەگەڵ شۆڕبووان بۆ ناو
گۆڕدا.
١٥ خوداوەندم خوداوەند ئاوای فەرموو: لەو ڕۆژەی شۆڕ کرایەوە
ناو دونیای مردووان قوڵاییم لەسەری داخست و دامپۆشی،
ڕووبارەکانیم گرتەوە و ئاوە زۆرەکان نەمان و لوبنانم غەمبارکرد
لەسەر ئەو و هەموو دارەکانی دەشتودەر لەبەر ئەو سیس بوون.
١٦ لە دەنگی کەوتنی نەتەوەکانم ڕاچەڵەکان، کاتێ شۆڕم کردەوە
ناو دونیای مردووان لەگەڵ شۆڕبووەکان بۆ ناو گۆڕ، جا هەموو
دارەکانی عەدەن دڵنەوایی دەکرێن لە دونیای خوارەوە،
هەڵبژێرراوی لوبنان و هەڵبژاردەکانی هەموو ئاو خۆرێک.
١٧ ئەوانیش لەگەڵیدا شۆڕبوونەوە ناو دونیای مردووان بۆ لای
کوژراوان بە شمشێر، توخمەکەشی لە سایەی سێبەرەکەی
نیشتەجێن لەناوەڕاستی میللەتان. ١٨ لە کێ چووی لە شکۆمەندی و
گەورەیی ئاوا لەناو دارەکانی عەدەندا؟ لەگەڵ دارەکانی عەدەن
شۆڕدەبیتەوە بۆ دونیای خوارەوە و لەناو خەتەنەنەکراو و
کوژراوان بە شمشێر ڕادەکشێیت، ئەمە فیرعەون و هەموو
حەشاماتەکەیەتی. خوداوەندم خوداوەند ڕایگەیاند.

# ٣٢

١ لە ساڵی دوانزەیەمین، لە مانگی دوانزەیەمیندا، لە یەکی مانگدا،
وشەی خوداوەند بۆم هات و فەرمووی: ٢ ئەی ڕۆڵەی مرۆڤ،
شیوەنێک بۆ فیرعەونی پاشای میسر بگێڕە و پێی بڵێ،
لە شێری ناو میللەتان دەچیت
تۆ وەک ئەژدیهای ناو دەریاکانی
دڕ بە ڕووبارەکانت دەدەیت
بە پێیەکانت ئاوەکەت شڵەقاند و
ڕووبارەکانی ئەوانت لێڵ کرد.
٣ خوداوەندم خوداوەند ئاوای فەرموو:
من تۆڕی خۆم بەسەرتدا هەڵدەدەم
لەناو حەشامەتی گەلانی زۆر و
ڕاتدەکێشنە ناو تۆڕەکەم.
٤ لەسەر زەوی بەجێت دەهێڵم و
لەسەرڕووی دەشتودەر فڕێتدەدەم
هەموو باڵندەی ئاسمان لەسەرت دەنیشێنمەوە و
هەموو گیانلەبەرانی زەویت لێ تێر دەکەم
٥ گۆشتت فڕێدەدەمە سەر چیاکان و
دۆڵەکان لە کەلاکت پڕ دەکەم.
٦ خاکی لافاوت بە خوێنت ئاو دەدەم
تا چیاکان
جۆگاکان لە تۆ پڕ دەبن.
٧ ئاسمانەکان دادەپۆشم بە کوژانەوەی تۆ
ئەستێرەکانی تاریك دەکەم
بە هەور خۆر دادەپۆشم و
مانگیش ڕووناکییەکەی نادرەوشێتەوە
٨ هەموو ڕووناکییەکانی ئاسمانی ڕووناك
لەسەر تۆ تاریك دەکەم
تاریکی دەخەمە سەر خاکەکەت،
خوداوەندم خوداوەند ڕایگەیاند.
٩ دڵی زۆر گەلان پەست دەکەم
کاتێ شکاوییەکەت دەهێنمە ناو میللەتان
بۆ ئەو خاکانەی نەتناسیوون.
١٠ زۆر لە گەلان سەرسام دەکەم لە تۆ
پاشاکانیان موچرکەیان پێ دێت لەبەر تۆ
کاتێ شمشێرەکەم لەبەرچاویان ڕادەوەشێنم
هەریەکە هەموو ساتێك لە ترسی خۆیان دەلەرزن
لە ڕۆژی کەوتنت.
١١ چونکە خوداوەندم خوداوەند ئاوای فەرموو:
شمشێری پاشای بابل دێتە سەرت،
١٢ بە شمشێری پاڵەوانان حەشاماتەکەت دەخەم
هەموو دڕندەترینی میللەتانن
جا شانازی میسر بەتاڵان دەبەن و
هەموو حەشاماتەکەی لەناودەچێت.
١٣ هەموو ئاژەڵەکانی لەلای ئاوە زۆرەکان لەناو دەبەم
لەمەودوا نە پێی مرۆڤ دەیشڵەقێنێ و
نە سمی ئاژەڵ لێڵی دەکات.
١٤ ئینجا وادەکەم ئاوەکانی بنیشێت و
ڕووبارەکانی وەك زەیت بڕۆن.
خوداوەندم خوداوەند ڕایگەیاند.
١٥ کاتێ خاکی میسر دەکەم بە وێرانە و
چۆڵی دەکەم لە هەرچی تیایەتی،
کاتێ لە هەموو دانیشتوانەکانی دەدەم
ئەوسا دەزانن من خوداوەندم.
١٦ ئەمە شیوەنێکە دەیگێڕن،
کچانی میللەتان ئەم شیوەنە دەگێڕن
بۆ میسر و بۆ هەموو حەشاماتەکەی دەیگێڕن.
خوداوەندم خوداوەند ڕایگەیاند.
١٧ لە ساڵی دوانزەیەمین، لە پانزەی مانگدا، وشەی خوداوەند بۆم
هات و فەرمووی: ١٨ ئەی ڕۆڵەی مرۆڤ، واوەیلا بکە بۆ
حەشاماتی میسر، بۆ ئەو و کچانی میللەتان
شۆڕبنەوە بۆ دونیای خوارەوە
لەگەڵ ئەوانەی شۆڕ دەبنەوە ناو گۆڕ.
١٩ لە کێ جوانتر بووی؟ شۆڕبەوە
لەگەڵ خەتەنەنەکراوان ڕاکشێ.
٢٠ لەناوەڕاست کوژراوان بە شمشێر دەکەون،
درایە دەست شمشێرەوە، بیگرن لەگەڵ هەموو حەشاماتەکەی.
٢١ بەهێزانی پاڵەوانەکان قسەی لەگەڵ دەکەن
لەناوەڕاستی دونیای مردووانەوە لەگەڵ یارمەتیدەرانی.
شۆڕبوونەوە، ڕاکشان، بە خەتەنەنەکراوی
کوژراوی شمشێرن.
٢٢ ئاشوور و هەموو حەشاماتەکەی لەوێن،
گۆڕەکانی لەچواردەورین،

هەموو کوژراون
بە شمشێر کەوتوون.
٢٣ ئەوانەی گۆڕەکانیان
لە بنی چاڵ دانرا،
حەشاماتەکەی لەچواردەوری گۆڕەکەین،
هەموو کوژراون
بە شمشێر کەوتوون
ئەوانەی ترسیان
خستە خاکی زیندووان.
٢٤ عیلام و هەموو حەشاماتەکەی لەوێن
لەچواردەوری گۆڕەکەی
هەموو کوژراون
بە شمشێر کەوتوون
ئەوانەی بە خەتەنەنەکراوی شۆڕبوونەوە
بۆ دونیای خوارەوە
ئەوانەی ترسیان
خستە خاکی زیندووان،
جا شوورەیی خۆیان هەڵگرت
لەگەڵ ئەوانەی بۆ ناو گۆڕ شۆڕبوونەوە.
٢٥ لەناو کوژراوان
جێی ڕاکشانیان پێی دا
لەگەڵ هەموو حەشاماتەکەی
گۆڕەکانیان لەچواردەوریەتی
هەموو خەتەنەنەکراون
کوژراوی شمشێرن
لەگەڵ ئەوەی ترسیانی
خستبووە خاکی زیندووان
شوورەیی خۆیان هەڵگرت
لەگەڵ ئەوانەی بۆ ناو گۆڕ شۆڕبوونەوە
٢٦ ماشك و توبال لەوێن لەگەڵ هەموو حەشاماتەکەیان
گۆڕەکانی لەچواردەورین
هەموو خەتەنەنەکراون
کوژراوی شمشێرن
لەگەڵ ئەوەی ترسیانی
خستبووە خاکی زیندووان.
٢٧ لەگەڵ پاڵەوانان ڕاناکێشن
کەوتووان لە خەتەنەنەکراوان
ئەوانەی دادەبەزنە ناو دونیای مردووان
بە چەکەکانی جەنگیانەوە
شمشێرەکانیان لە ژێر سەریان دانراوە
جا تاوانەکانیان
لەسەر ئێسقانەکانیان دەبێت
لەگەڵ ئەوەی ترسی پاڵەوانەکان بوون
لە خاکی زیندووان.
٢٨ تۆش لەناو خەتەنەنەکراوان دەشکێیت و ڕادەکشێیت
لەگەڵ کوژراوانی شمشێر.
٢٩ ئەدومیش لەوێیە لەگەڵ پاشاکانی و هەموو میرەکانی، ئەوانەی
لەگەڵ پاڵەوانیەتییەکەشیاندا لەگەڵ کوژراوانی شمشێر فڕێدران و
لەگەڵ خەتەنەنەکراوان ڕادەکشێن لەگەڵ ئەوانەی بۆ ناو گۆڕ
شۆڕدەبنەوە. ٣٠ میرانی باکوور هەموو لەوێن و هەموو
سەیدونیەکانیش کە لەگەڵ کوژراوان شۆڕبوونەتەوە لەگەڵ
ترسیان، شەرمەزاربوون لە پاڵەوانیەتیەکەیان و بە
خەتەنەنەکراوی ڕاکشان لەگەڵ کوژراوانی شمشێر و شوورەیی
خۆیان هەڵگرت لەگەڵ شۆڕەوەبووان بۆ ناو گۆڕ. ٣١ فیرعەون
دەیانبینێت و دڵنەوایی دەکرێت بۆ هەموو حەشاماتەکەی،
کوژراوانی شمشێر، فیرعەون و هەموو حەشاماتەکەی.
خوداوەندم خوداوەند ڕایگەیاند. ٣٢ چونکە ترسی ئەوم خستە خاکی
زیندووان، جا لەناو خەتەنەنەکراوان ڕادەکشێت، لەگەڵ
کوژراوانی شمشێر، فیرعەون و هەموو حەشاماتەکەی.
خوداوەندم خوداوەند ڕایگەیاند.

# ٣٣

١ ئینجا وشەی خوداوەند بۆم هات و فەرمووی: ٢ ئەی ڕۆڵەی
مرۆڤ، قسە لەگەڵ ڕۆڵەکانی گەلەکەت بکە و پێیان بڵێ، ئەگەر
شمشێر بۆ سەر خاکێك بهێنم و ئەگەر گەلی خاکەکە پیاوێك لەناو
خۆیان ببەن و بیکەن بە پاسەوان، ٣ کاتێ شمشێرەکە ببینێت
بۆسەر خاکەکە دێت، فوو بە کەرەنادا دەکات و گەلەکە ئاگادار
دەکاتەوە. ٤ ئەگەر یەکێ گوێی لە دەنگی کەرەناکە بوو و وریای
خۆی نەبوو، جا شمشێرەکە هات و بردی، خوێنی لە ئەستۆی
خۆی دەبێت. ٥ چونکە گوێی لە دەنگی کەرەناکە بوو و وریای
خۆی نەبوو، خوێنی لەئەستۆی خۆی دەبێت، گەر وریای خۆی
بووایە خۆی دەرباز دەکرد. ٦ بەڵام ئەگەر پاسەوانەکە بینی وا
شمشێرەکە دێت و فووی بە کەرەنا نەکرد و گەلەکەی ئاگادار
نەکردەوە، شمشێرەکەش هات و گیانێکی لەوان برد، ئەو کەسە بە
تاوانی خۆی براوە، بەڵام من خوێنی ئەوم لە دەستی پاسەوانەکە
دەوێت.
٧ تۆش ئەی ڕۆڵەی مرۆڤ، من تۆم کردووە بە پاسەوان بۆ ماڵی
ئیسرائیل، جا لە دەمی منەوە قسەکە دەبیستیت و لەلایەن منەوە
ئاگاداریان دەکەیت. ٨ ئەگەر بە بەدکار بڵێم، ئەی بەدکار بێ
گومان دەمریت! ئەگەر تۆ قسە نەکەیت و بەدکارەکە لە ڕێگاکەی
ئاگادار نەکەیتەوە، ئەوا ئەو بەدکارە بە تاوانی خۆیەوە دەمرێت،
بەڵام خوێنەکەی لە دەستی تۆ دەمەوێت. ٩ بەڵام ئەگەر
بەدکارەکەت لە ڕێگاکەی ئاگادارکردەوە تا لێی بگەڕێتەوە و لە
ڕێگای خۆی نەگەڕایەوە، ئەوا بە تاوانی خۆیەوە دەمرێت، بەڵام
تۆ گیانی خۆت دەربازکرد.
١٠ تۆش ئەی ڕۆڵەی مرۆڤ، قسە لەگەڵ ماڵی ئیسرائیل بکە و
بڵێ: ئێوە ئاوا قسەدەکەن و دەڵێن: یاخیبوون و گوناهەکانمان
لەسەر خۆمانە و ئێمە بەوان هێواش هێواش لەناودەچین ئیتر چۆن
بژین؟ ١١ پێیان بڵێ، بە گیانی خۆم! خوداوەندم خوداوەند
ڕایگەیاند، من بە مردنی خراپەکار دڵخۆش نابم، بەڵکو بەوەی
خراپەکار لە ڕێگاکەی بگەڕێتەوە و بژیت. بگەڕێنەوە! بگەڕێنەوە
لە ڕێگا خراپەکانتان! بۆچی بمرن ئەی ماڵی ئیسرائیل؟
١٢ تۆش ئەی ڕۆڵەی مرۆڤ، بە ڕۆڵەکانی گەلەکەت بڵێ،
ڕاستودروستی ڕاستودروست لە ڕۆژی یاخیبوونی فریای
ناکەوێت و خراپەکاریش ساتمە ناکات لە خراپەکەی خۆی لە
ڕۆژی گەڕانەوەی لە خراپەکەی و ڕاستودروست ناتوانێت بە
ڕاستودروستیەکەی بژیت لە ڕۆژی گوناهەکەی. ١٣ ئەگەر بە
ڕاستودروستم فەرموو، تۆ بێ گومان دەژیت!، جا ئەگەر پشتی
بە ڕاستودروستیەکەی بەست و خراپەی کرد، ڕاستودروستیەکەی
هیچی باس ناکرێت، بەڵکو بە خراپەکەی کە کردی دەمرێت.
١٤ ئەگەر بە خراپەکارم فەرموو، تۆ بێگومان دەمریت! جا ئەگەر
لە گوناهەکەی گەڕایەوە و دادوەری و ڕاستودروستی کاری کرد،
١٥ ئەگەر خراپەکارەکە بارمتەی گەڕاندەوە و قەرەبووی ئەوەی
کرد داگیری کردووە و ڕێگای فەرزەکانی ژیانی گرتەبەر، بەبێ
ئەوەی خراپە بکات، ئەوا بێگومان دەژیت و نامرێت. ١٦ هەموو
گوناهەکەی کە گوناهەی پێ کردووە باس ناکرێت، بە دادوەری و
ڕاستودروستی کاری کردووە، بێ گومان دەژیت.
١٧ ڕۆڵەکانی گەلەکەت دەڵێن: ڕێگای خوداوەند ڕێك نییە. بەڵکو
ئەوان ڕێگایان ڕێك نییە. ١٨ کاتێ ڕاستودروست لە
ڕاستودروستییەکەی بگەڕێتەوە و کاتێ خراپە بکات، ئاوا پێی
دەمرێت. ١٩ کاتێکیش خراپەکار لە خراپەکەی بگەڕێتەوە و کاتێ

به دادوەری و ڕاستودروستی کاربکات، ئەوا بەوان دەژیت.
٢٠ ئێوەش دەڵێن: ڕێگای خوداوەند ڕێك نییە! ئەی ماڵی ئیسرائیل
من هەریەکەتان بەپێی ڕێگاکانی خۆی حوکمم دەدەم.
٢١ لە ساڵی دوانزەیەمین لە ڕاپێچکردنمان، لە مانگی دەدا، لە
پێنجی مانگدا، دەربازبوویەك لە ئۆرشەلیمەوە بۆلام هات و وتی،
شارەکە لێیدرا. ٢٢ ئێوارەی پێش هاتنی دەربازبووەکە، دەستی
خوداوەند لەسەرم بوو و دەمم کرایەوە، جا کە بەیانی هات بۆ لام
دەمم کرابووەوە و چیتر لاڵ نەبووم.
٢٣ ئینجا وشەی خوداوەند بۆم هات و فەرمووی: ٢٤ ئەی ڕۆڵەی
مرۆڤ، دانیشتوانی ئەو کەلاوانەی لە خاکی ئیسرائیلە قسە دەکەن
و دەڵێن، ئیبراهیم یەك کەس بوو زەوییەکەی داگیر کرد، ئێمە
زۆرین و زەوییەکە بە ئێمە دراوە داگیری بکەین. ٢٥ بۆیە پێیان
بڵێ: خوداوەندم خوداوەند ئاوای فەرموو: بە خوێنەوە دەخۆن و
چاوتان بە بتەکانتان بەرزدەکەن و خوێن دەڕێژن، ئایا زەوییەکە
داگیردەکەن؟ ٢٦ لەسەر شمشێری خۆتان وەستان، گڵاویتان کرد و
هەریەکەتان بە ژنی نزیکەکەی گڵاو بوو، ئایا زەوییەکە داگیر
دەکەن؟ ٢٧ پێیان بڵێ، خوداوەندم خوداوەند ئاوای فەرمووە، بە
گیانی خۆم، ئەوانەی لە کەلاوەکانن بە شمشێر دەکەون، ئەوەی
لەسەر ڕووی دەشتودەرە دەیکەم بە خۆراکی گیانلەبەران و
ئەوانەی لە قەڵاو لە ئەشکەوتەکانن بە دەرد دەمرن. ٢٨ خاکەکە
دەکەم بە وێرانی چۆڵ و کۆتایی بە شانازی هێزی دێت و چیاکانی
ئیسرائیل دەبن وێرانەی بێ ڕێبوار. ٢٩ جا دەزانن من خوداوەندم،
کاتێ خاکەکە دەکەم بە وێرانی چۆڵ لەسەر هەموو گڵاوییەکانیان
کە کردوویانە.
٣٠ تۆش ئەی ڕۆڵەی مرۆڤ، ڕۆڵەکانی گەلەکەت لەپاڵ دیوارەکان
و لەبەر دەرگای ماڵەکان قسەت لەسەر دەکەن، لەگەڵ یەکتری
قسەدەکەن، پیاو لەگەڵ برای، دەڵێن، وەرن گوێ لەو قسەیە بگرن
کە لەلای خوداوەندەوە دەرچووە. ٣١ دێن بۆلات وەك گەل بێت و
وەك گەلەکەم لە بەردەمت دادەنیشن و گوێ لە قسەکانت دەگرن
و کاری پێ ناکەن، چونکە بە دەمیان حەزلێکردن دەردەبڕن و
دڵیشیان بەدوای دەسکەوتی خۆیان کەوتووە. ٣٢ ئەوەتا تۆ بۆیان
وەك گۆرانی حەزلێکردنی دەنگ خۆشێکە بە باشی مۆسیقا
لێبدات، جا گوێ لە قسەکانت دەگرن و کاری پێ ناکەن. ٣٣ بەڵام
کە ئەمە هات، چونکە دێت، ئەوسا دەزانن کە پێغەمبەرێك
لەناویان بوو.

# ٣٤

١ ئینجا وشەی خوداوەند بۆم هات و فەرمووی: ٢ ئەی ڕۆڵەی
مرۆڤ پێشبینی دژ بە شوانەکانی ئیسرائیل بکە و پێیان بڵێ:
خوداوەندم خوداوەند ئاوای بە شوانەکان فەرموو: قوڕبەسەر
شوانەکانی ئیسرائیل ئەوانەی هەر خەریکی خۆیان بوون، ئایا
نابێت شوانەکان مەڕ بلەوەڕێنن؟ ٣ ئێوە پیوەکە دەخۆن و
خورییەکە لەبەردەکەن و قەڵەوەکە سەردەبڕن، بەڵام مەڕ
نالەوەڕێنن. ٤ لاوازتان بەهێز نەکرد و نەخۆشتان تیمار نەکرد و
شکاوتان نەگرتەوە و دەرکراوتان نەگێڕایەوە و بەدوای ون بوو
نەگەڕان، بەڵکو بە توندوتیژی خۆتان بەسەریاندا سەپاند. ٥ جا بە
بێ شوان پەرت بوو و بوو بە خۆراکی هەموو گیانلەبەرانی
دەشتودەر و پەرت بوو. ٦ مەڕی من لە هەموو چیاکان و لەسەر
هەموو گردێکی بەرز وێڵ بوو و بەسەر هەموو ڕووی زەویدا
مەڕی من پەرت بوو و کەسیش نەبوو لێیان بپرسێت و بگەڕێت.
٧ بۆیە ئەی شوانەکان گوێ لە وشەی خوداوەند بگرن: ٨ بە گیانی
خۆم! خوداوەند خوداوەند ڕایگەیاند، لەبەر ئەوەی مەڕی من بوو
بە دەسکەوت و بوو بە خۆراکی هەموو گیانلەبەرانی دەشتودەر،
چونکە شوان نەبوو و شوانەکانم لە مەڕی منیان نەپرسی و
شوانەکان هەر خەریکی خۆیان بوون و مەڕی منیان نەلەوەڕاند.
٩ بۆیە ئەی شوانەکان گوێ لە وشەی خوداوەند بگرن:
١٠ خوداوەندم خوداوەند ئاوای فەرموو: ئەوەتا من دژ بە شوانەکانم
و داوای مەڕی خۆم دەکەم لە دەستیان و ڕایاندەگرم لە مەڕ
لەوەڕاندن و لەمەودوا شوانەکان خەریکی خۆیان نابن، لەناو
دەمیان فریای مەڕی خۆم دەکەوم و ئیتر نابێت بە خۆراکیان.
١١ چونکە خوداوەندم خوداوەند ئاوای فەرموو: ئەوەتا من لە
مەڕەی خۆم دەپرسم و بەسەریان دەکەمەوە، ١٢ وەك چۆن شوان
مەڕی خۆی بەسەردەکاتەوە ئەو ڕۆژەی لەناو مەڕە پەرت
بووەکانی دەبێت، ئاوا منیش مەڕی خۆم بەسەر دەکەمەوە و
فریایان دەکەوم لە هەموو ئەو شوێنانەی بۆی پەرت بوون لە
ڕۆژی تەم و مژدا. ١٣ لەناو گەلان دەریاندەهێنم و لە خاکەکان
کۆیاندەکەمەوە و دەیانهێنمەوە خاکی خۆیان و لەسەر چیاکانی
ئیسرائیل و لەناو دۆڵەکان و لەناو هەموو ئاوەدانییەکانی خاکەکە
دەیانلەوەڕێنم. ١٤ لە لەوەڕگایەکی چاك دەیانلەوەڕێنم و مۆڵگایان
لەسەر چیا سەرکەشەکانی ئیسرائیل دەبێت و لەوێ مۆڵ دەدەن لە
مۆڵگا باشەکان و لە لەوەڕگا چەورەکان، لەسەر چیاکانی
ئیسرائیل دەلەوەڕێن. ١٥ من مەڕی خۆم دەلەوەڕێنم مۆڵیان دەدەم،
خوداوەندم خوداوەند ڕایگەیاند، ١٦ بە دوای ون بوو دەگەڕێم و
دەرکراو دەگەڕێنمەوە و شکاو دەگرمەوە و نەخۆش بەهێز دەکەم
و قەڵەو و بەهێز لەناودەبەم و بە دادپەروەری دەیلەوەڕێنم.
١٧ ئێوەش ئەی مەڕەکانم، خوداوەندم خوداوەند ئاوای فەرموو،
ئەوەتا من لە نێوان مەڕێك و مەڕێکی تر دادوەری دەکەم، لەنێوان
بەران و نێرییەکان. ١٨ ئایا کەمە بەلاتانەوە لە لەوەڕگای باش
بلەوەڕێن و لە وەرگاکانی دیکەتان بە پێ بپەستنەوە و لە ئاوە
قوڵەکان بخۆنەوە و ئەوەی ماوەتەوە بە پێتان بیشڵەقێنن و
١٩ مەڕی من لە پێپەستی ئێوە بخوات و لە شڵەقاو بە پێیەکانتان
بخواتەوە؟
٢٠ بۆیە خوداوەندم خوداوەند ئاوای پێ فەرموون: ئەوەتا من لە
نێوان مەڕی قەڵەو و مەڕی لاواز دادوەری دەکەم، ٢١ چونکە ئێوە
بە کەلەکە و بە شان پاڵتان دا و بە قۆچەکانتان قۆچتان لە نەخۆش
دا و تا بۆ دەرەوە پەرتەوازەتان کرد. ٢٢ فریای مەڕی خۆم دەکەوم
و لەمەودوا نابێت بە دەستکەوت و دادوەری لە نێوان مەڕ و مەڕدا
دەکەم. ٢٣ یەك شوانی بۆ دادەنێم، جا داودی خزمەتکارم
دەیلەوەڕێنێت، ئەو دەیلەوەڕێنێت و ئەو دەبێت بە شوانی. ٢٤ من
خوداوەندم دەبم بە خودایان و داودی خزمەتکاریشم لە ناویاندا
دەبێت بە سەرۆك، من خوداوەندم قسەم کرد. ٢٥ پەیمانی ئاشتییان
لەگەڵ دەبەستم و گیانلەبەرە خراپەکان لە خاکەکە دادەماڵم، جا بە
دڵنیاییەوە لە چۆڵەوانی نیشتەجێ دەبن و لەناو دارستانەکان
دەنوون. ٢٦ ئەوان و دەوروبەری گردەکەم دەکەم بە خێروبێر و
لەکاتی خۆیدا بارانیان بەسەر دەبارێنم و بارانی خێروبێر دەبێت.
٢٧ درەختی دەشتودەر بەری خۆی دەدات، زەویش دەغڵودانی
خۆی دەدات و لە خاکەکەیان ئاسوودە دەبن و ئەوسا دەزانن کە
من خوداوەندم، کاتێ بەندی نیرەکەیان دەشکێنم و لەدەست
ئەوانەی کردبوویان بە کۆیلە فریایان دەکەوم. ٢٨ لەمەودوا نابن بە
دەستکەوتی میللەتان و گیانلەبەرەکانی خاکەکە نایانخۆن، بەڵکو
بە ئاسوودەیی نیشتەجێ دەبن و کەس نایانترسێنێت. ٢٩ نەمامێکیان
بۆ دەڕوێنم بۆ ناوبانگ، لەمەودوا نابن بە برسێتی لەناوچووان لە
خاکەکە و چیتر شوورەیی میللەتان هەڵناگرن. ٣٠ جا دەزانن من
خوداوەندی خودایانم و لەگەڵیانم و ئەوانیش گەلی منن، ماڵی
ئیسرائیل، خوداوەندم خوداوەند ڕایگەیاند. ٣١ ئێوەش ئەی
مەڕەکانم، مەڕەکانی لەوەڕگاکەم، ئێوە مرۆڤن و من خودای
ئێوەم، خوداوەندم خوداوەند ڕایگەیاند.

# ٣٥

١ ئینجا وشەی خوداوەند بۆم هات و فەرمووی: ٢ ئەی ڕۆڵەی
مرۆڤ، ڕووت لە چیای سەعیر بکە و پێشبینی دژی بکە و ٣ پێی
بڵێ: خوداوەندم خوداوەند ئاوای فەرموو: ئەوەتا من دژ بە تۆم
ئەی چیای سەعیر و دەستم درێژ دەکەم بۆ سەرت و دەتکەم بە
وێرانی چۆڵ. ٤ شارەکانت کاول دەکەم تۆش چۆڵ دەبیت و
دەزانیت من خوداوەندم. ٥ چونکە ڕقێکی هەتاهەتایت هەبوو و
نەوەی ئیسڕائیلت دایەدەست شمشێرەوە لەکاتی کارەساتیان و
لەکاتی کۆتایی تاوان. ٦ بۆیە بە گیانی خۆم! خوداوەندم خوداوەند
ڕایگەیاند، من بۆ خوێن ئامادەت دەکەم و خوێن دواتدەکەوێت،
ئەگەر ڕقت لە خوێن نەبێت خوێن دواتدەکەوێت. ٧ چیای سەعیر
دەکەم بە وێرانە و چۆڵەوانی و هاتوو و ڕۆیشتووی تیادا
ڕیشەکێش دەکەم و ٨ چیاکانی پڕ دەکەم لە کوژراوەکانی و گرد و
دۆڵ و هەموو ڕووبارەکانت بە شمشێر کوژراویان تیادا دەکەوێت.
٩ دەتکەم بە وێرانەی هەتاهەتایی و
شارەکانت ناگەڕێنەوە،
جا دەزانیت کە من خوداوەندم.
١٠ چونکە وتت: ئەم دوو میللەتە و ئەم دوو خاکە بۆ من دەبن و
داگیریان دەکەین، خوداوەندیش لەوێ بوو. ١١ بۆیە بە گیانی خۆم!
خوداوەندم خوداوەند ڕایگەیاند، بە پێی تووڕەیی و ئیرەییەکەت
دەکەم، کە لەبەر قینت لەوان کارت پێیان کرد، خۆم لەناویان
دەناسێنم، کاتێ حوکمت دەدەم. ١٢ جا دەزانیت کە من خوداوەندم و
گوێم لە هەموو قسە سووکەکانت بوو، کە دژ بە چیای ئیسڕائیل
کردت، کە وتت: وێران کرا پێماندرا ببێت بە خۆراکمان. ١٣ بە
زمانتان خۆتان فیزتان لەسەر من لێدا و قسەی زۆرتان دژ بە من
کرد، من گوێم لێ بوو. ١٤ خوداوەندم خوداوەند ئاوای فەرموو:
خوداوەندی گەورە ئاوا دەڵێم: کاتێ هەموو زەوی دڵخۆشە، من
دەتکەم بە وێرانە. ١٥ وەك دڵخۆش بوویت بەسەر میراتەکەی ماڵی
ئیسڕائیل چونکە وێران، ئاوات پێدەکەم. دەبیت بە وێرانە ئەی
چیای سەعیر، تۆ و سەراپای ئادوم بە هەموویەوە،جا دەزانن کە
من خوداوەندم.

# ٣٦

١ تۆش ئەی ڕۆڵەی مرۆڤ، پێشبینی بۆ چیاکانی ئیسڕائیل بکە و
بڵێ: هۆ چیاکانی ئیسڕائیل گوێ لە وشەی خوداوەند بگرن،
٢ خوداوەندم خوداوەند ئاوای فەرموو: لەبەر ئەوەی دوژمن بە
ئێوەی وت: هۆیها! بەرزاییە دێرینەکان بۆ بە موڵکی ئێمە. ٣ بۆیە
پێشبینی بکە و بڵێ، خوداوەندم خوداوەند ئاوای فەرموو: لەبەر
ئەوەی وێرانیان کردن و لە هەموو لایەکەوە ڕاویاننان، تا ببن بە
موڵکی پاشماوەی میللەتان و لەسەر هەموو زمانێك بوون و خەڵك
زەمی کردن. ٤ بۆیە گوێ لە وشەی خوداوەندم خوداوەند بگرە
ئەی چیاکانی ئیسڕائیل، خوداوەندم خوداوەند ئاوای فەرموو بە
چیاکان و گردەکان و جۆگاکان و دۆڵەکان و کەلاوە چۆڵەکان و
شارە بەجێماوەکان کە بووە مایەی تالانی و سووکایەتی پێکردن
لەلایەن پاشماوەی میللەتان کە لە دەوروبەرن. ٥ لەبەر ئەمە
خوداوەندم خوداوەند ئاوای فەرموو: من لە ئاگری دڵگەرمی
خۆمدا، دژ بە پاشماوەی میللەتان ئاگر و دژ بە هەموو ئادوم قسەم
کرد، ئەوانەی بەوپەڕی خۆشی دڵ و بە شادی گیانەوە خاکەکەی
منیان کرد بە موڵکی خۆیان بۆ تالانکردنی وەك دەستکەوت.
٦ بۆیە پێشبینی لەبارەی خاکی ئیسڕائیل بکە و بە چیاکان و
گردەکان و جۆگاکان و دۆڵەکان بڵێ، خوداوەندم خوداوەند ئاوای
فەرموو: ئەوەتا من لە دڵگەرمی و لە تووڕەیی خۆمدا قسەم کرد،
لەبەرئەوەی ڕسوایی میللەتانتان هەڵگرت، ٧ بۆیە خەداوەندم
خوداوەند ئاوای فەرموو: من دەستی خۆم بەرزکردەوە، جا ئەو
میللەتانەی لەدەوروبەرتانن ئەوان ڕسوایی خۆیان هەڵدەگرن.
٨ بەڵام ئێوە ئەی چیاکانی ئیسڕائیل، لقەکانی خۆتان دەڕوێنن و
بەروبوومی خۆتان دەگرن بۆ ئیسڕائیلی گەلم، چونکە هاتنیان
نزیکە. ٩ چونکە من بۆ ئێوەم و ئاوڕتان لێدەدەمەوە، جا دەکێڵدرێن
و دەچێندرێن و ١٠ مرۆڤتان لەسەر زۆر دەکەم، هەموو ماڵی
ئیسڕائیل سەراپای، جا شارەکان ئاوەداندەکرێنەوە و کەلاوەکان
بنیاددەنرێنەوە. ١١ مرۆڤ و ئاژەڵتان لەسەر زۆر دەکەم، جا زۆر
دەبن و بە بەروبووم دەبن و وەك دۆخی جاراندتان خەڵکتان تیادا
نیشتەجێ دەکەم باش دەبم بۆتان زیاتر لە پێشینانتان، جا دەزانن
کە من خوداوەندم. ١٢ خەڵکی بەسەرتاندا هاتوچۆ پێدەکەم،
ئیسڕائیلی گەلی خۆم، جا داگیرت دەکەن و دەبیت بە میراتیان و
چیتر جەرگسووتاویان ناکەیت. ١٣ خوداوەندم خوداوەند ئاوای
فەرموو: لەبەر ئەوەی بە ئێوەیان وت، تۆ سەرەخۆرە و
جگەرسووتێنی گەلەکانی خۆتی ! ١٤ بۆیە چیتر سەرەخۆرە نابیت
و چیتر جگەری گەلانی خۆت ناسووتێنیت، خوداوەندم خوداوەند
ڕایگەیاند، ١٥ چیتر گوێم لێ نابێت میللەتان گاڵتەت پێبکەن، چیتر
ڕسوایی گەلان هەڵناگریت و چیتر ساتمە بە گەلانی خۆت
ناکەیت، خوداوەندم خوداوەند ڕایگەیاند.
١٦ هەروەها وشەی خوداوەند بۆم هات و فەرمووی: ١٧ ئەی
ڕۆڵەی مرۆڤ، کاتێ ماڵی ئیسڕائیل لە خاکی خۆیان نیشتەجێ
بوون، بە ڕێگا و کردەوەکانیان خۆیان گڵاویان کرد. ڕێگاکەیان
لەبەرچاو من وەك گڵاویی ئافرەتی بێ نوێژ بوو. ١٨ جا تووڕەیی
خۆم بەسەریاندا ڕژاند، لەبەر ئەو خوێنەی لەسەر خاکەکە
ڕژاندیان و بە بتەکانیان گڵاویان کرد. ١٩ بەناو میللەتاندا پەرتیانم
کرد و بەناو خاکەکاندا بڵاوبوونەوە. بە پێی ڕێگا و کردەوەکانیان
حوکمم دان. ٢٠ جا کە هاتنە ناو میللەتانەوە، بۆ هەرکوێ هاتن
ناوی پیرۆزی منیان گڵاوکرد، کە وتیان، ئەوانە گەلی خوداوەندن
و لە خاکەکەی ئەوەوە دەرچوون. ٢١ جا من غەمم لە ناوی پیرۆزی
خۆم خوارد، کە ماڵی ئیسڕائیل گڵاویان کرد لەناو میللەتان بۆ
هەرکوێ هاتن. ٢٢ بۆیە بە ماڵی ئیسڕائیل بڵێ، خوداوەندم
خوداوەند ئاوای فەرموو: من لەبەر ئێوە نایکەم ئەی ماڵی
ئیسڕائیل، بەڵکو لەبەر ناوی پیرۆزی خۆم کە گڵاوتان کرد لەناو
میلەتان بۆ هەرکوێ هاتن. ٢٣ جا ناوی گەورەی خۆم پیرۆز دەکەم
کە لەناو میللەتان گڵاوکراوە، ئەوەی ئێوە گڵاوتان کرد
لەناوەڕاستیان، جا میللەتان دەزانن کە من خوداوەندم، خوداوەندم
خوداوەند ڕایگەیاند، کاتێ لەبەرچاویان لەناوتان پیرۆز دەبم.
٢٤ لەناو میللەتان دەتانبەم و لە هەموو خاکەکانەوە کۆتاندەکەمەوە
و دەتانهێنمەوە بۆ خاکەکەتان. ٢٥ ئاوێکی پاکتان بەسەر دەپرژێنم
و لە هەموو گڵاوییەکانتان پاك دەبنەوە و لە هەموو بتەکانتان
پاکتان دەکەمەوە و ٢٦ دڵێکی نوێتان پێ دەدەم و ڕۆحێکی نوێ
دەخەمە ناوتانەوە و دڵە بەردەکە لە گۆشتتان دەکەمەوە و دڵێکی
گۆشتتان پێ دەدەم. ٢٧ ڕۆحی خۆم دەخەمە ناوتانەوە و واتان
لێدەکەم بە ڕێی فەرزەکانمدا بڕۆن و حوکمەکانم بپارێزن و
کاریان پێ بکەن. ٢٨ لەو خاکەدا نیشتەجێ دەبن کە بە
باووباپیرانتانم دا بوو و دەبن بە گەلی من و منیش دەبم بە
خوداتان. ٢٩ لە هەموو گڵاوییەکاندتان ڕزگارتان دەکەم و بانگی
گەنم دەکەم و زۆری دەکەم و برسێتی ناخەمە سەرتان. ٣٠ بەری
دار و دەغڵی کێڵگە زۆر دەکەم تا لەمەودوا لەناو میللەتاندا تووشی
شوورەیی برسێتی نەبن. ٣١ جا ڕێگا خراپەکانی خۆتان و کردەوە
ناپەسندەکانی خۆتان دێتەوە یاد و قێزتان لەخۆتان دەبێتەوە
لەبەرچاوی خۆتان لەبەر تاوانەکانتان و لەسەر گڵاوییەکانتان.
٣٢ لەبەر ئێوە نایکەم، خوداوەندم خوداوەند ڕایگەیاند، با لەلاتان

زانراو بێت. جا شەرمەزارو ڕسوا بن لە ڕێگاکانتان ئەی ماڵی
ئیسڕائیل.
٣٣ خوداوەندم خوداوەند ئاوای فەرموو: ئەو ڕۆژەی لە هەموو
تاوانەکانتان پاکتان دەکەمەوە، لە شارەکان نیشتەجێتان دەکەم و
کەلاوەکان بنیاددەنرێنەوە. ٣٤ زەوییە وێرانەکان دەکێڵرێن،
لەجیاتی ئەوەی وێرانە بن لەبەرچاو هەموو ڕێبوارێك. ٣٥ جا
دەڵێن: ئەم خاکە وێرانە وەك باخچەی عەدەنی لێ هاتووە و شارە
کاول و چۆڵ و ڕوخاوەکان، قەڵابەند و ئاوەدانن، ٣٦ جا ئەو
میللەتانەی لەدەوروبەرتان ماونەتەوە دەزانن کە من خوداوەندم،
ڕوخاوەکەم بنیادنایەوە و چۆڵکراوەکەم چاندەوە. من خوداوەندم
قسەم کرد و جێبەجێی دەکەم. ٣٧ خوداوەندم خوداوەند ئاوای
فەرموو: دوای ئەمە لەلایەن ماڵی ئیسڕائیلەوە داوام لێ دەکرێت
و منیش بۆیانی دەکەم، وەك مەڕ خەڵکەکەیان زۆر دەکەم، ٣٨ وەك
مێگەلی تەرخانکراو، وەك مێگەلی ئۆرشەلیم لە جەژنە
دیاریکراوەکانی خۆیدا، شارە کاولەکان پڕدەبن لە مێگەلی
مرۆڤ، جا دەزانن کە من خوداوەندم.

# ٣٧

١ دەستی خوداوەند لەسەرم بوو، جا بە ڕۆحی خوداوەند دەریکردم
و لە ناوەڕاستی دەشتەکە دایبەزاندم و ئەویش پڕ بوو لە ئێسقان.
٢ بەسەریاندا بردمی بە چواردەوریدا و زۆر زۆر بوو لەسەر
ڕووی دەشتەکە و زۆریش وشك بوو. ٣ ئینجا پێی فەرمووم: ئەی
ڕۆڵەی مرۆڤ، ئایا ئەم ئێسقانان زیندوو دەبنەوە؟ منیش وتم: ئەی
خوداوەندم خوداوەند تۆ دەزانیت. ٤ ئینجا پێی فەرمووم: پێشبینی
لەسەر ئەم ئێسقانانە بکە و پێیان بڵێ: ئەی ئێسقانە وشکەکان گوێ
لە وشەی خوداوەند بگرن: ٥ خوداوەندم خوداوەند ئاوای فەرموو
بەم ئێسقانانە: ئەوەتا من ڕۆحتان دەخەمە ناو و زیندوو دەبنەوە.
٦ دەمارتان دەخەمە سەر و بە گۆشت داتاندەپۆشم و پێستەتان
بەسەردا هەڵدەکێشم و ڕۆحتان دەخەمە ناوتان و زیندوو دەبنەوە
و دەزانن کە من خوداوەندم.
٧ منیش چۆن فەرمانم پێ کرابوو ئاوا پێشبینیم کرد و کاتێ کە
پێشبینیم کرد گوێم لە دەنگێك بوو و لەناکاو خشەخشێك بوو،
ئێسقانەکان لێك نزیك بوونەوە، هەر ئێسقانەو بۆلای ئێسقانەکەی
خۆی. ٨ ئینجا بینیم ئەوەتا دەمار و گۆشت دایپۆشین و پێست
لەسەرەوە بەسەریدا هەڵکێشرا، ڕۆحیان تیا نەبوو. ٩ ئینجا پێی
فەرمووم: پێشبینی بۆ ڕۆح بکە، ئەی ڕۆڵەی مرۆڤ پێشبینی بکە
و بە ڕۆح بڵێ: خوداوەندم خوداوەند ئاوای فەرموو: ئەی ڕۆح
لەهەر چوار باوەوەرە و بەسەر ئەم کوژراوانەدا هەڵکە تا زیندوو
ببنەوە. ١٠ منیش چۆن فەرمانی پێ کردم ئاوا پێشبینیم کرد و ڕۆح
چووە ناویانەوە و زیندوو بوونەوە و هەستانەوە سەرپێ،
لەشکرێکی زۆر گەورە بوون.
١١ ئینجا پێی فەرمووم: ئەی ڕۆڵەی مرۆڤ، ئەم ئێسقانانە هەموو
ماڵی ئیسڕائیلن، ئەوەتا ئەوان دەڵێن: ئێسقانمان وشك بوو و
ئومێدمان نەما و بڕاینەوە. ١٢ بۆیە پێشبینی بکە و پێیان بڵێ:
خوداوەندم خوداوەند ئاوای فەرموو: ئەی گەلەکەم، ئەوەتا من
گۆڕەکانتان دەکەمەوە و لە گۆڕەکانتانەوە سەرتاندەخەم و دەتانهێنم
بۆ خاکی ئیسڕائیل. ١٣ جا دەزانن کە من خوداوەندم کاتێ
گۆڕەکانتان دەکەمەوە و ئێوە لە گۆڕەکانتانەوە سەردەخەم، ئەی
گەلەکەم. ١٤ ڕۆحی خۆم دەخەمە ناوتان و زیندوو دەبنەوە و لە
خاکی خۆتان داتاندەنێم، جا دەزانن کە من خوداوەندم، قسەم کرد
و جێبەجێی دەکەم.
١٥ ئینجا وشەی خوداوەند بۆم هات و فەرمووی: ١٦ تۆش ئەی
ڕۆڵەی مرۆڤ، یەك داردەستێك بۆ خۆت ببە و لەسەری بنووسە:
بۆ یەهوزا و بۆ نەوەکانی ئیسڕائیل کە یەکیان گرتووە لەگەڵی.
داردەستێکی دیکەش ببە و لەسەری بنووسە: بۆ یوسف، داردەستی
ئەفرایم و هەموو ماڵی ئیسڕائیلی کە یەکیان گرتووە لەگەڵی.
١٧ لێکیان نزیك بکەوە وەك یەك داردەست بن، جا لەناو دەستت
دەبن بە یەك. ١٨ ئەگەر ڕۆڵەکانی گەلەکەت قسەیان لەگەڵ کردیت
و وتیان، پێمان ناڵێیت ئەمە چییە؟ ١٩ پێیان بڵێ: خوداوەندم
خوداوەند ئاوای فەرموو: ئەوەتا من داردەستەکەی یوسف دەبەم
کە لە دەستی ئەفرایم و هۆزەکانی ئیسڕائیلە کە لەگەڵ ئەو یەکیان
گرتووەداردەستەکەی یەهوزاش دەخەمە پاڵی و دەیانکەم بە یەك
داردەست، جا لەدەستمدا دەبن بە یەك داردەست. ٢٠ ئەو دوو
داردەستە دەبن کە لەناو دەستی تۆن و لەبەرچاویان لەسەریان
نووسیت. ٢١ پێیان بڵێ: خوداوەندم خوداوەند ئاوای فەرموو:
ئەوەتا من نەوەی ئیسڕائیل دەبەم لەناو هەموو ئەو میللەتانەی بۆ
ناویان چوون و لە هەموو لایەکەوە کۆیاندەکەمەوە و دەیانهێنمەوە
خاکەکەی خۆیان. ٢٢ دەیانکەم بەیەك گەل لەسەر زەوی لە چیاکانی
ئیسڕائیل و یەکەم پاشا دەبێت بە پاشا لەسەریان و چیتر نابن بە
دوو نەتەوە و دابەش نابن بۆ دوو پاشایەتی. ٢٣ لەمەودوا بە
بتەکانیان و بە شتە گڵاوەکانیان و بە هیچ لە یاخیبوونەکانیان گڵاو
نابن، بەڵکو لە هەموو نشینگەکانیان ڕزگاریان دەکەم و کە لەواندا
گوناهەیان کرد و پاکیان دەکەمەوە و جا دەبن بە گەلی من و منیش
دەبم بە خودایان. ٢٤ داودی خزمەتکاریشم دەبێت بە پاشایان و بۆ
هەموویان یەك شوان دەبێت، جا بە ڕێگای حوکمەکانی مندا
دەڕۆن و فەرزەکانم دەپارێزن و کاریان پێ دەکەن. ٢٥ لەو
زەوییەدا نیشتەجێ دەبن کە بە یاقوبی خزمەتکارم دا، ئەوەی
باووباپیرانتان تێیدا نیشتەجێ بوون، جا خۆیان و کوڕانیان و
کوڕی کوڕانیان بۆ هەتاهەتایە تێیدا نیشتەجێ دەبن و داودی
خزمەتکاریشم بۆ هەتاهەتایە دەبێت بە میریان. ٢٦ پەیمانی
ئاشتییان لەگەڵ دەبەستم، لەگەڵیان دەبێتە پەیمانێکی هەتاهەتایی و
جێگیریان دەکەم و زۆریان دەکەم و پیرۆزگای خۆم لەناوەڕاستیان
دادەنێم بۆ هەتاهەتایە. ٢٧ نشینگەکەم بەسەریانەوە دەبێت و من
دەبم بە خودایان و ئەوانیش دەبن بە گەلی من. ٢٨ جا میللەتان
دەزانن کە من خوداوەندم پیرۆزکاری ئیسڕائیل، کە پیرۆزگاکەم
بۆ هەتاهەتایە لە ناوەڕاستیاندا دەبێت.

# ٣٨

١ ئینجا وشەی خوداوەند بۆم هات و فەرمووی: ٢ ئەی ڕۆڵەی
مرۆڤ، ڕووی خۆت لە گۆگی خاکی ماگۆگ بکە، لە میری ڕۆش
و ماشك و توبال و پێشبینی دژی بکە و ٣ بڵێ: خوداوەندم
خوداوەند ئاوای فەرموو: ئەوەتا من دژ بە تۆم ئەی گوگی میری
ڕۆش و ماشك و توبال. ٤ دەتگەڕێنمەوە و ئەڵقە دەکەمە
شەویلاکەکانت و خۆت و لەشکرەکەت دەردەکەم، بە ئەسپ و
ئەسپ سوارەوە، هەموو نایابترین جلیان لەبەرە، حەشاماتێکی
گەورە بە قەڵغانی گەورە و بچووکەوە، هەموو شمشێر بەدەستن.
٥ پارس و کوش و فوت لەگەڵیانن، هەریەکە بە قەڵغان و کڵاوی
ئاسنینەوە. ٦ گۆمەر و هەموو لەشکرەکانی ماڵی تۆگرمەش لەو
پەڕی باکوور بە هەموو لەشکرەکەیەوە، گەلانێکی زۆر لەگەڵ
تۆن. ٧ لەسەرپێ بە و خۆت ئامادەبکە، تۆ و هەموو کۆمەڵەکەت
کە لێت کۆبوونەتەوە و بۆیان ببە بە چاودێر. ٨ دوای ڕۆژانێکی
زۆر داوا دەکرێیت، لە سالانی کۆتای دێیت بۆ ئەو خاکەی
ئەوانەی لە شمشێر وەرگیراونەتەوە و لەناو گەلانێکی زۆر
کۆکراونەتەوە لەسەر چیاکانی ئیسڕائیل، کە بۆ ماوەیەکی
دورودرێژ کاولکرابوون، ئەوانە لەناو گەلانێکی زۆر هێنراونەتە
دەرەوە و هەموو بەئاسوودەیی نیشتەجێ بوون. ٩ تۆش وەك
گەردەلوول سەردەکەویت و دێیت و وەك هەورێك زەوی

دادەپۆشیت، خۆت و لەشکرەکانت و گەلانێکی زۆر کە لەگەڵ
تۆن.
١٠ خوداوەندم خوداوەند ئاوای فەرموو: لەو ڕۆژەدا پلان دادەنێیت
و بیرکردنەوەی خراپ بە بیرتدا دێت و ١١ دەڵێیت: دەچمە سەر
خاکێکی بێ شوورە، بۆ هێمنەکان دێم ئەوانەی بە ئاسوودەیی
نیشتەجێن، هەموو بە بێ شوورە نیشتەجێن و نە شەوبەند و نە
دەرگایان هەیە. ١٢ بۆ تاڵانکردنی تاڵانی و بۆ بەدەستکەوت بردنی
دەستکەوت، بۆ دەستدرێژکردنە سەر کاولە ئاوەدانکراوەکان و بۆ
سەر ئەو گەلەی لە میللەتانەوە کۆکراوەتەوە، خاوەن مەڕومالاّت
و کەلوپەلە، لە چەقی زەویدا نیشتەجێیە. ١٣ شەبا و دەدان و
بازرگانەکانی تەرشیش و هەموو بەچکە شێرەکانی پێت دەڵێن،
ئایا بۆ تاڵانکردنی تاڵانی هاتووی، بۆ بەدەستکەوت بردنی
دەستکەوت کۆمەڵەکەی خۆت کۆکردەوە، بۆ هەڵگرتنی زیو و
زێڕ، بۆ بردنی مەڕومالاّت و کەلوپەل، بۆ ڕاوڕووتێکی گەورە؟
١٤ بۆیە ئەی ڕۆڵەی مرۆڤ، پێشبینی بکە و بە گوگ بڵێ:
خوداوەندم خوداوەند ئاوای فەرموو: لەو ڕۆژەدا کاتێ ئیسڕائیلی
گەلم بە ئاسوودەیی نیشتەجێن، تۆ دەزانیت و ١٥ لە شوێنی خۆتەوە
لەوپەڕی باکوورەوە دێیت، خۆت و گەلانێکی زۆر لەگەڵت،
هەموو سواری ئەسپن حەشاماتێکی گەورە و لەشکرێکی زۆر.
١٦ وەك هەورێك زەوی داپۆشێت، سەردەکەویتە سەر ئیسرائیلی
گەلم، لە ڕۆژانی کۆتاییدا دەبێت، دەتهێنمە سەر خاکەکەم تا
میللەتان بمناسن، کاتێ لەبەرچاویان بە هۆی تۆوە پیرۆز دەبم،
ئەی گوگ!
١٧ خوداوەندم خوداوەند ئاوای فەرموو: ئایا تۆ ئەوەی کە باسم
کردیت لە ڕۆژگاری کۆندا لەسەر زمانی خزمەتکارەکانم
پێغەمبەرانی ئیسڕائیلەوە، ئەوانەی لەو ڕۆژگارانەدا بۆ ساڵانێك
پێشبینیان کرد، کە من تۆ دەهێنمە سەریان. ١٨ لەو ڕۆژەدا، لە
ڕۆژی هاتنی گوگ بۆ سەر خاکی ئیسڕائیل، خوداوەندم خوداوەند
ڕایگەیاند، تووڕەیم دەگاتە لووتم و ١٩ لە دڵگەرمی خۆمدا و لە
ئاگری قینمدا، قسەم کرد کە لەو ڕۆژەدا، لەرزینێکی گەورە
لەخاکی ئیسڕائیلدا دەبێت. ٢٠ جا ماسی دەریا و باڵندەی ئاسمان و
گیانلەبەرانی دەشتودەر و خشۆکەکان کەلەسەر زەوی دەخشێن و
هەموو ئەو خەڵکەی لەسەر ڕووی زەوین لەبەردەم من دەلەرزن
و چیاکان سەرەوژێر دەکرێن و هەڵدێرەکان دەڕوخێن و هەموو
شووراکان دەکەونە سەر زەوی. ٢١ بانگی شمشێر دەکەم بۆ
سەری لە هەموو چیاکانم، خوداوەندم خوداوەند ڕایگەیاند، جا
شمێری هەر یەکەیان دژ بە براکەی دەبێت. ٢٢ بە دەرد و خوێن
سزای دەدەم و بەسەر خۆی و لەشکرەکەی و ئەو گەلە زۆرەی
لەگەڵ ئەودان بارانی بە لێشاو و تەرزەی گەورە و ئاگر و گۆگرد
دەبارێنم. ٢٣ جا گەورە و پیرۆز و ناسراو دەبم لە پێش چاو زۆر
لە میللەتان، ئەوسا ئەوان دەزانن کە من خوداوەندم.

# ٣٩

١ تۆش ئەی ڕۆڵەی مرۆڤ، دژ بە گوگ پێشبینی بکە و بڵێ،
خوداوەندم خوداوەند ئاوای فەرموو: ئەوەتا من دژ بە تۆم ئەی
گوگ، میری ڕۆش و ماشك و توبال. ٢ دتگەڕێنمەوە و بەڕێوەت
دەبەم و لەوپەڕی باکوورەوە سەرتدەخەم و دەتهێنم بۆ چیاکانی
ئیسڕائیل. ٣ لە کەوانەکەت دەدەم لە دەستی چەپت و تیرەکانت لە
دەستی ڕاستت بەردەدەمەوە. ٤ جا خۆت و هەموو لەشکرەکەت و
ئەو گەلانەی گاڵتدان لەسەر چیاکانی ئیسڕائیل دەکەون و دەتکەم
بە خۆراکی باڵندە گۆشتخۆرەکان لە هەموو جۆرێك و
گیانلەبەرانی دەشتودەر. ٥ لەسەر ڕووی دەشتودەر دەکەویت
چونکە من قسەم کرد، خوداوەندم خوداوەند ڕایگەیاند، ٦ ئاگر
دەنێرمە سەر ماگوگ و بۆ سەر ئەوانەی بە ئاسوودەیی لە
کەنارەکان نیشتەجێن، جا دەزانن من خوداوەندم. ٧ ناوی پیرۆزیشم
لەناوەڕاستی ئیسرائیلی گەلم زانراو دەکەم، چیتر ناهێڵم ناوی
پیرۆزم گڵاو بێت، جا میللەتان دەزانن کە من خوداوەندم
پاکوپیرۆزی ئیسڕائیلم. ٨ ئەوەتا هات و بوو، خوداوەندم خوداوەند
ڕایگەیاند، ئەمە ئەو ڕۆژەیە کە باسم کرد. ٩ دانیشتووانی
شارەکانی ئیسڕائیل دەردەچن و چەك و قەڵغانی گەورە و بچووك
و کەوان و تیر و نیزە و ڕم دەسووتێنن و ئاگریان تێبەر دەدەن،
حەوت ساڵ ئاگریان پێ دەکەنەوە. ١٠ نە چیلکەیەك لە دەشتودەر
کۆدەکەنەوە و نە لە دارستانەکان دار دەبڕن، چونکە چەك
دەسووتێنن بە ئاگر و ئەوانە تاڵان دەکەن کە تاڵانیان کردن و
دەستکەوتی ئەوانە دەبەن کە دەستکەوتیان بردن، خوداوەندم
خوداوەند ڕایگەیاند. ١١ لەو ڕۆژەدا لەوێ شوێنێك بە گوگ دەدەم
بۆ گۆڕ لە ئیسڕائیل و لە دۆڵی عەباریم لە خۆرهەڵاتی دەریا و
ڕێگار ڕێبواران دەگرێت و لەوێ گوگ و هەموو حەشاماتەکەی
دەنێژن و ناوی لێدەنێن، دۆڵی حەشاماتی گوگ. ١٢ ماڵی ئیسڕائیل
حەوت مانگ لە گۆڕیان دەنێن تا خاکەکە پاك بکەنەوە. ١٣ هەموو
گەلی خاکەکە خەریکی لەگۆڕنان دەبن و ڕۆژ شکۆمەندی من بۆ
ئەوان بەناوبانگ دەبێت، خوداوەندم خوداوەند ڕایگەیاند،
١٤ هەندێ پیاو جیادەکەنەوە بە بەردەوامی بە خاکەکەدا تێپەڕن و
ئەوانەی لەسەر ڕووی زەویەکەدا ماونەتەوە لە گوڕیان بنێن، بۆ
پاککردنەوەی و دوای حەوت مانگ دەیپشکنن، ١٥ جا ڕێبواران بە
زەوییەکەدا تێدەپەڕن و ئەگەر یەکێك ئێسقانێکی مرۆڤی بینی
نیشانەیەکی لەتەنیشت دادەنێت، تا ئەوانەی لە گۆڕ دەنێن لە دۆڵی
حەشاماتی گوگ لەگۆڕی بنێن، ١٦ شارەکەش ناوی هەممونەیە،
جا خاکەکە پاك دەکەنەوە.
١٧ تۆش ئەی ڕۆڵەی مرۆڤ، خوداوەندم خوداوەند ئاوای فەرموو:
بە هەموو باڵدارێك و بە هەموو گیانلەبەرێکی دەشتودەر بڵێ،
کۆببنەوە و وەرن، لە هەموو لایەکەوە لە قوربانییەکەم خڕبنەوە
ئەوەی من بۆ ئێوەم سەربڕیوە، قوربانییەکی گەورەیە لەسەر
چیاکانی ئیسڕائیل، تا گۆشت بخۆن و خوێن بخۆنەوە. ١٨ گۆشتی
پاڵەوانەکان دەخۆن و خوێنی میران زەوی دەخۆنەوە، بەران و
بەرخ و نێری و گا، هەموو لە دابەستەکانی باشانن. ١٩ پیو دەخۆن
تا تێر دەبن و خوێن دەخۆنەوە تا سەرخۆش دەبن لەو قوربانیەی
بۆ ئێوەم سەربڕیوە. ٢٠ جا لەسەر خوانەکەم لە ئەسپ و سوار و
پاڵەوانەکان و هەموو جەنگاوەران تێر دەبن،خوداوەندم خوداوەند
ڕایگەیاند.
٢١ شکۆمەندیی خۆم دەخەمە ناو میللەتانەوە و هەموو میللەتان
حوکمەکەم کە جێبەجێم کرد و دەستم کە خستمە سەریان دەبینن.
٢٢ جا ماڵی ئیسڕائیل دەزانن کە من خوداوەندم خودایانم، لەو
ڕۆژە بەدواوە. ٢٣ هەموو میللەتانیش دەزانن کە ماڵی ئیسڕائیل بە
تاوانی خۆیان ڕاپێچکران، چونکە ناپاکیان لێ کردم و منیش
ڕووی خۆم لێیان وەرگێڕا و ئەوانم دایە دەست دوژمنانیانەوە و
هەموو بەشمشێر کەوتن. ٢٤ بەگوێرەی گڵاوی و یاخیبوونەکانیان
لەگەڵیان جووڵامەوە و ڕووی خۆمم لێیان وەرگێڕا.
٢٥ بۆیە خوداوەندم خوداوەند ئاوای فەرموو: ئێستا ڕاپێچەکەی
یاقوب دەگەڕێنمەوە و بەزەییم دێتەوە بە هەموو ماڵی ئیسڕائیل
ودڵگەرم دەبم بۆ ناوی پیرۆزی خۆم، ٢٦ جا ڕسوایی خۆیان
هەڵدەگرن لەگەڵ هەموو ناپاکییەکەیان کە ناپاکیان پێ کرد لەگەڵ
من، کاتێ لە خاکەکەی خۆیان نیشتەجێ بوون بە ئاسوودەیی و بە
بێ ترس. ٢٧ کاتێ لەناو گەلانەوە دەیانهێنمەوە و لە خاکی
دوژمنەکانیانەوە کۆیاندەکەمەوە و پیرۆزبوونم لە ناویاندا
لەبەرچاوی زۆر میللەت. ٢٨ ئەوسا دەزانن کە من خوداوەندم
خودایانم، کە ڕاپێچیان دەکەم بۆ ناو میللەتان و پاشان
کۆکردنەوەیان بۆ خاکەکەیان و چیتر کەسیان لەوێ بەجێ ناهێڵم.
٢٩ چیتر ڕووی خۆمیان لێ وەرناگێڕم، چونکە ڕۆحی خۆم بەسەر
ماڵی ئیسڕائیلدا ڕژاندووە، خوداوەندم خوداوەند ڕایگەیاند.

# ٤٠

١ لەساڵی بیست و پێنجەمین لە ڕاپێچکردنمان، لەسەرەتای ساڵدا،
لە دەی مانگدا، لە ساڵی چواردەیەم پاش لێدانی شارەکە لە هەمان
ڕۆژدا، دەستی خوداوەند لەسەرم بوو و بۆ ئەوێی بردم. ٢ لە
بینینی خودادا منی بۆ خاکی ئیسرائیل هێنا و لەسەر چیایەکی
زۆر بڵند دایانم، لەلای باشوورەوە وەك بینای شارێك بوو. ٣ کاتێ
منی هێنایە ئەوێ، ئەوەتا پیاوێك دیمەنی وەك دیمەنی مس وابوو
و لە دەستیشیدا پەتێکی کەتان و قامیشێکی پێوانە هەبوو و لەبەر
دەروازەکە وەستابوو. ٤ پیاوەکە پێی وتم: ئەی ڕۆڵەی مرۆڤ، بە
چاوەکانت سەیرکە و بە گوێیەکانت ببیستە و مێشکت بخە سەر
هەموو ئەوەی پیشانتی دەدەم، چونکە لەبەر ئەوەی پیشانت بدرێت
تۆ بۆ ئێرە هێنراویت. هەموو ئەوەی دەیبینیت بە ماڵی ئیسرایلی
ڕابگەیەنە.
٥ بینیم ئەوەتا شوورایەك لە دەرەوەی پەرستگاکەیە چواردەوری
داوە قامیشێکی پێوانەی بە دەست پیاوەکەوە بوو، درێژییەکەی
شەش باڵ بوو بە باڵ و بستەوە، جا پانی بیناکەی پێوا و یەك
قامیش بوو و بەرزیەکەشی یەك قامیش بوو. ٦ ئینجا هاتە لای ئەو
دەروازەیەی ڕووەو خۆرهەڵات بوو و بەسەر پایەکانی کەوت و
بەر دەروازەکەی پێوا، پانییەکەی یەك قامیش بوو بەر
دەروازەکەی تریش پانییەکەی یەك قامیش بوو. ٧ ژوورەکەش
یەك قامیش درێژی بوو و یەك قامیشیش پانی، لە نێوان
ژوورەکانیش پێنج باڵ بوو. بەردەروازەکەش لەلای هەیوانی
دەروازەکە و لە ژوورەوە یەك قامیش بوو. ٨ هەیوانی
دەروازەکەشی پێوا، پانییەکەی یەك قامیش بوو. ٩ پێوانەی
هەیوانی دەروازەکەش هەشت باڵ بوو و چوارچێوەکانیشی دوو
باڵ بوون و هەیوانی دەروازەکەش لە دیوی ناوەوە بوو.
١٠ ژوورەکانی دەروازەی لای خۆرهەڵاتیش، سێ ژووری
بچووك لەملا بوون و سێ لەولا بوون، هەرسێکیان یەك پێوانەیان
هەبوو و چوار چێوەکانیش یەك پێوانەیان هەبوو لەملا و لەولا.
١١ ئینجا پانی لای دەرگای دەروازەکەی پێوا، دە باڵ بوو و درێژی
دەروازەکەش سیانزە باڵ بوو. ١٢ لێواری بەردەم ژوورەکانیش
لەملا یەك باڵ بوو و لەولا یەك باڵ بوو، ژوورەکەش لەملا شەش
باڵ بوو و لەولا شەش باڵ بوو. ١٣ ئینجا دەروازەکەی پێوا، لە
بنمیچی ژوورێکەوە بۆ بنمیچی ئەویتر، بە پانی بیست و پێنج باڵ
بوو، دەروازە بەرامبەر دەروازە بوو. ١٤ چوارچێوەی دروستکرد
بە درێژایی شەست باڵ تا چوارچێوەی حەوشە بەچواردەوری
دەروازەکە. ١٥ لەپێش دەروازەی چوونە ژوورەوە تا پێش هەیوانی
دەروازەی ژوورەوە، پەنجا باڵ بوو. ١٦ ژوورەکان و
چوارچێوەکانیان کڵاوڕۆژنەی کەتیبەداریان هەبوو لە دیوی
ناوەوەی دەروازەکە بە چواردەوری، بە هەمان شێوە لە
گومەزەکان کڵاوڕۆژنە هەبوو بە چواردەوریدا لە دیوی ناوەوە و
لەسەر چوارچێوەی دارخورماکە.
١٧ ئینجا منی هێنایە حەوشەکەی دەرەوە و بینیم ئەوەتا چەند
ژوورێك و شۆستەیەك هەیە بۆ حەوشەکە دروست کراوە بە
چواردەوریدا. لەسەر شۆستە سی ژوور هەبوو. ١٨ شۆستەکەش
بەلای دەروازەکان بوو، بەرامبەر بە درێژی دەروازەکانیش
شۆستەکەی خوارەوە بوو. ١٩ ئینجا پانایییەکەی پێوا لەپێش
دەروازەکەی خوارەوە تا پێش حەوشەکەی ناوەوە لە دەرەوەی،
سەد باڵ بوو بەلای خۆرهەڵات و بەلای باکوور. ٢٠ ئەو
دەروازەیەش ڕووەو باکور بوو ئەوەی حەوشەکەی دەرەوە،
درێژی و پانییەکەی پێوا. ٢١ ژوورەکانیشی سێ لەملا و سێ
لەولا، چوارچێوەکان و گومەزەکەشی وەك پێوانەی دەروازەکەی
یەکەم بوو، درێژییەکەی پەنجا باڵ و پانییەکەی بیست وپێنج باڵ
بوو. ٢٢ کڵاوڕۆژنەکانی و گومەزەکەی و دارخورماکەی وەك
پێوانەی ئەو دەروازەیە بوو کە ڕووەو خۆرهەڵاتە. بە حەوت پلە
بۆی بەسەردەکەوتن و گومەزەکەیشی لە پێشی بوو.
٢٣ حەوشەکەی ناوەوەش دەروازە بەرامبەر دەروازەی هەبوو،
بەرەو باکوور و بەرەو خۆرهەڵات، لە دەروازەیەکەوە بۆ
دەروازەیەك پێوای و سەد باڵ بوو. ٢٤ ئینجا بەرەو باشوور بردمی
و بینیم ئەوەتا دەروازەیەك ڕووەو باشوورە، چوارچێوەکان و
گومەزەکەی پێوا و هەمان پێوانە بوون. ٢٥ ئەویش کڵاوڕۆژنەی
تێدابوو و گومەزەکەشی بە چواردەوریدا وەك ئەو کڵاوڕۆژنانەی
تێدابوو. درێژی پەنجا باڵ و پانی بیست و پێنج باڵ بوو.
٢٦ پێپلیکانەکەشی حەوت پلە بوو و گومەزەکەشی لەبەردەمی بوو
و یەك دارخورمای لێرە و یەکێکی تریش لەوێ هەبوو لەسەر
چوارچێوەکانی. ٢٧ حەوشەکەی ناوەوەش دەروازەیەکی بەرەو
باشوور هەبوو، لە دەروازەوە بۆ دەروازە ڕووە و باشوور پێوای
و سەد باڵ بوو.
٢٨ ئینجا لە دەروازەکەی باشوورەوە منی هێنایە حەوشەکەی
ناوەوە و دەروازەکەی ناوەوەی پێواو و هەمان پێوانە بوو.
٢٩ ژوورەکان و چوارچێوەکان و گومەزەکەی بە هەمان پێوانە
بوو. لە خۆی و لە گومەزەکەشی کڵاوڕۆژنە بە چواردەوریدا
هەبوو. درێژی پەنجا باڵ و پانی بیست و پێنج باڵ بوو. ٣٠ بە
چوار دەوریشیدا گومەزێك هەموو بیست و پێنج باڵ درێژی و
بیست و پێنج باڵ پانی بوو. ٣١ گومەزەکەشی ڕووەو حەوشەکەی
دەرەوە بوو، لەسەر چوارچێوەکانیشی دارخورما هەبوو و
پێپلیکانەکەشی هەشت پلە بوو.
٣٢ ئینجا منی هێنایە ناو حەوشەکەی ناوەوە بەرەو خۆرهەڵات و
دەروازەکەی پێوا و هەمان پێوانە بوو. ٣٣ ژوورەکان و
چوارچێوەکان و گومەزەکەی بە هەمان پێوانە بوو. لە خۆی و لە
گومەزەکەشی کڵاوڕۆژنە بە چواردەوریدا هەبوو. درێژی پەنجا
باڵ و پانی بیست و پێنج باڵ بوو. ٣٤ گومەزەکەشی ڕووەو
حەوشەکەی دەرەوە بوو، لەسەر چوارچێوەکانیشی دارخورما
هەبوو لێرە و لەوێ و پێپلیکانەکەشی هەشت پلە بوو.
٣٥ ئینجا منی هێنایە دەروازەکەی باکوور و هەمان پێوانەی پێوا.
٣٦ ژوورەکان و چوارچێوەکان و گومەزەکەی و ئەو
کڵاوڕۆژنانەی بە چواردەوریدان، درێژی پەنجا باڵ بوو و پانی
پەنجا باڵ بوو. ٣٧ چوارچێوەکانیشی ڕووەو حەوشەکەی دەرەوە
بوو، لەسەر چوارچێوەکانیشی دارخورما هەبوو لێرە و لەوێ و
پێپلیکانەکەشی هەشت پلە بوو.
٣٨ لەلای چوارچێوەی دەروازەکانیش ژوورێك و
چوونەژوورەوەکەی هەبوو، لەوێ قوربانی سووتاندنیان
دەشووشت. ٣٩ لە هەیوانی دەروازەکەش دوو مێز دوو لێرە و دوو
مێز لەوێ هەبوون، بۆ ئەوەی قوربانی سووتاندن و قوربانی
گوناهە و قوربانی تاوان لەسەریان سەرببڕێت. ٤٠ لەلای
دەرەوەش کە پێپلیکانەکەی بەردەروازەکەی باکوور بوو، دوو مێز
هەبوو، لەلاکەی تریش کە هی هەیوانی دەروازەکە بوو دوو مێز
هەبوو. ٤١ چوار مێز لێرە و چوار مێز لەوێ لەلای دەروازەکە،
هەشت مێز قوربانیان لەسەر سەردەبڕا. ٤٢ چوار مێزەکەی
قوربانی سووتاندنیش لە بەردی تاشراو بوون و درێژی باڵ و
نیوێك و پانی باڵ و نیوێك بوو، بەرزیشی یەك باڵ بوو. ئەو
کەرەستانەیان لەسەر دادەنا کە قوربانی سووتاندن و قوربانی
سەربڕاویان پێ سەردەبڕی. ٤٣ لێوارەکانیش یەك بست بوو بە
دیوی ناوەوە قایمکرابوو بە چواردەوریدا، لەسەر مێزەکانیش
گۆشتی قوربانییەکان هەبوو.
٤٤ لە دەرەوەی دەروازەکەی ناوەوە، ژووری گۆرانی بێژەکان
بوو لە حەوشەکەی ناوەوە، یەکیان لەلای دەروازەکەی باکوور
بوو و ڕووی بەرەو باشوور بوو. ئەوەی تر لەلای دەروازەکەی
خۆرهەڵات بوو و ڕووی لە باکوور بوو. ٤٥ پێی وتم: ئەو
ژوورەی ڕووی لە باشوورە هی کاهینەکانە کە ئەرکی پاراستنی
کاروبارەکانی پەرستگایان لە ئەستۆیە. ٤٦ ئەو ژوورەش کە

ڕووی لە باکوورە هی ئەو کاهینانەیە کە ئەرکی پاراستنی
کاروبارەکانی قوربانگایان لە ئەستۆیە. ئەوان نەوەی سادوقن کە
لەنەوەی لێڤی تەنها ئەوان بۆیان هەیە لە خوداوەند نزیکبنەوە بۆ
خزمەتکردنی.
٤٧ جا حەوشەکەی پێوا درێژی سەد باڵ و پانی سەد باڵ بوو،
چوارگۆشە بوو و قوربانگاکەش لەبەردەم پەرستگاکە بوو.
٤٨ ئینجا هێنامی بۆ هەیوانی پەرستگاکە، و چوارچێوەی
هەیوانەکەی پێوا، پێنج باڵ لەملا و پێنج باڵ لەولا. پانی
دەروازەکەش سێ باڵ لەملا و سێ باڵ لەولا. ٤٩ درێژی هەیوانەکە
بیست باڵ بوو و پانی یانزە باڵ بوو، لەلای پێپلیکانەکەی کە پێی
سەردەکەوتن. لەلای چوارچێوەکانیش کۆڵەکە هەبوو یەك لەملا و
یەکێکی تر لەولا .

# ٤١

١ ئینجا منی هێنایە پەرستگا و چوارچێوەکانی پێوا پانی لەملا
شەش باڵ و لەولا شەش باڵ بوو، پانی چادرەکە. ٢ پانی
بەردەرگاکەش دە باڵ بوو لاتەنیشتەکانی بەردەرگاکە لەملا پێنج
باڵ و لەولا پێنج باڵ بوو. درێژییەکەی پێوا چل باڵ و پانییەکەی
بیست باڵ بوو. ٣ ئینجا هاتە ناوەوە و چوارچێوەی بەردەرگاکەی
پێوا دوو باڵ بوو، بەردەرگاکەش شەش باڵ بوو و پانی
بەردەرگاکەش حەوت باڵ بوو. ٤ درێژییەکەشی پێوا بیست باڵ
بوو و پانیەکەشی بیست باڵ بوو تا بەردەم پەرستگاکە و پێشی
وتم: ئەمە شوێنی هەرە پیرۆزە.
٥ دیواری پەرستگاکەی پێوا شەش باڵ بوو، پانی ژوورەکەش
چوار باڵ بوو، لەچواردەوری پەرستگاکە لە هەموو لاوە.
٦ ژوورەکانیش سێ نهۆم بوون، لە هەر نهۆمەش سی ژوور
هەبوو و لەناو دیواری پەرستگاکە بوو، لێوار هەبوو بە
چواردەوری دیواری پەرستگاکە بۆ بەهێزکردنی. ٧ ژوورەکانیش
بەرینتر دەبوون هەرچەند سەربکەوتایە لە نهۆمێکەوە بۆ نهۆمێك،
بە پێی لێوارەکە لە نهۆمێکەوە بۆ نهۆمێك بە چواردەوری
پەرستگاکە. لەلای پەرستگاکەشەوە پێپلیکانە هەبوو لە خوارەوە
بۆ سەرەوە و بەناوەڕاستەکەیدا ڕەت دەبوو. ٨ بینیم پەرستگاکە
شۆستەیەکی بەرزبووی بە چوردەورا بوو. بناغەی ژوورە
لاتەنیشتەکان، بەرزییەکەی قامیشێك بوو. شەش باڵا تا
جوومگەکە. ٩ پانی دیواری ژوورە لاتەنیشتەکە لەدەرەوە پێنج باڵ
بوو و ئەوەی دەمایەوەش هۆڵ بوو بۆ ژوورە لاتەنیشتەکانی
پەرستگاکە. ١٠ لە نێوان ژوورەکانیش پانایی بیست باڵ
بەچواردەوری پەرستگاکە لە هەموو لایەکەوە.
١١ چوونەژوورەوەی ژوورە لاتەنیشتەکە لە هۆڵەکە یەك
چوونەژوورەوە بوو ڕووەو باکوور و چوونەژوورەوەیەکیش
ڕووەو باشوور. پانی شوێنی هۆڵەکەش پێنج باڵ بوو بە
چواردەوری. ١٢ ئەو بینایەش کە لەبەردەم شوێنە جیاکراوەکە
بوو، لە پەڕەوە ڕووەو خۆرئاوا، حەفتا باڵ پانی بوو دیواری
بیناکەش پێنج باڵ پانی بوو بە چواردەوری درێژیەکەشی نەوەد
باڵ بوو.
١٣ پەرستگاکەشی پێوا، سەد باڵ درێژ بوو و شوێنە جیاکراوەکەش
و بیناکە و دیوارەکانی سەد باڵ درێژ بوون. ١٤ پانی ڕووی
پەرستگا و شوێنە جیاکراوەکە ڕووەو خۆرهەڵات بوو و سەد باڵ
بوو.
١٥ درێژی بیناکەشی پێوا بۆ بەردەم شوێنە جیاکراوەکە کە
لەدواوەیەتی و هۆڵەکانی لە لایەکەوە بۆ لایەك سەد باڵ بوو لەگەڵ
پەرستگاکەی ناوەوە و هەیوانەکانی حەوشەکە. ١٦ بەردەرگاکان و
کڵاوڕۆژنە کەتیبەدارەکان و هۆڵەکان بەچواردەوری سێ
نهۆمەکە، بەرامبەر بەردەرگاکە تەختەی لێدرابوو لە هەموو
لایەکەوە و لە زەوییەکەوە تا کڵاوڕۆژنەکە. کڵاوڕۆژنەکەش
داپۆشرابوو. ١٧ تا سەر دەرگاکە و تا پەرستگاکەی ناوەوە و بۆ
دەرەوە و بۆ هەموو دیوارەکە بە چواردەوری لە ناوەوە و لە
دەرەوە بەم پێوانانە. ١٨ وێنەی کروبەکان و دار خورمای
لەسەرکرابوو، داخورمایەك لە نێوان کروبێك و کروبێك، هەر
کروبێکیش دوو ڕووی هەبوو. ١٩ ڕووی مرۆڤ لێرەوە ڕووەو
دارخورمایەك و ڕووی بەچکە شێر لەولاوە ڕووەو
دارخورمایەکی تر. لە هەموو پەرستگاکە بە چواردەوریدا
کرابوو. ٢٠ لە زەوییەوە تا سەر دەرگاکە کرۆبەکان و
دارخورماکان کرابوون و لەسەر دیواری پەرستگاکەش.
٢١ چوارچێوەی دەرگاکانی پەرستگاش چوارگۆشەبوون و ڕووی
پیرۆزگاکەش شێوەی لە شێوەی ڕووی پەرستگاکە بوو.
٢٢ قوربانگاکە لە داربوو، سێ باڵ بەرزی بوو و دوو باڵ درێژی
بوو و گۆشەکانی و درێژی و دیوارەکانی لەدار بوو، پێی وتم ئەم
مێزە لەبەردەم خوداوەندە. ٢٣ پەرستگا و پیرۆزگاش دوو
دەروازەیان هەبوو. ٢٤ دوو دەروازەکەش دوو دەرگایی بوون،
دوو دەرگا دەنووشتانەوە، دوو دەرگا بۆ دەروازەیەك و دوو دەرگا
بۆ دەروازەکەی تر. ٢٥ لەسەر دەرگاکانی پەرستگاش کروبەکان
و دارخورماکان کرابوون، وەك لەسەر دیوارەکان کرابوون و
ڕووپۆشێکی داریش لەسەر ڕووی هەیوانەکە بوو لە دەرەوە.
٢٦ کڵاوڕۆژنەی کەتیبەدار و دارخورماش لێرە و لەوێ لەسەر
لاکانی هەیوانەکە و لەسەر بەردەرگاکان.

# ٤٢

١ ئینجا منی هێنایە حەوشەکەی دەرەوە بەڕێگای لای باکوور و
بردمیە ئەو ژوورەی کە بەرامبەر شوێنە جیاکراوەکەیە کە
بەرامبەر بیناکەیە لەلای باکوور. ٢ بۆ پێشەوە بە درێژی سەد باڵ
دەرگای باکووری تێدابوو پانیشی پەنجا باڵ بوو. ٣ بەرەو بیستەکە
کە هی حەوشەکەی ناوەوەیە و بەرەو شۆستەکەی حەوشەکەی
دەرەوە، هۆڵ بەرامبەر هۆڵ بوو لە هەرسێ نهۆمەکە.
٤ بەرامبەربە ژوورەکانیش ڕێڕەوێك هەبوو پانییەکەی دە باڵ بوو
بەرەو حەوشەکەی ناوەوەش ڕێگایەك پانییەکەی یەك باڵ بوو و
دەرگاکانیشی بەرەو باکوور بوون. ٥ ژوورەکانی سەرەوە لە
وانەی ناوەڕاستی بیناکە و خوارەوەی کورت تر بوون، چونکە
هۆڵەکان لەمانیان خواردبوو. ٦ چونکە سێ نهۆم بوو و کۆڵەکەی
نەبوو وەك کۆڵەکەی حەوشەکان، بۆیە تەسك تر بوو لە وانەی
خوارەو و ناوەڕاست، لە زەوییەوە. ٧ ئەو دیوارەش لە دەرەوە بوو
لەگەڵ ژوورەکان ڕووە و حەوشەکەیی دەرەوە بۆ بەردەم
ژوورەکان، درێژییەکەی پەنجا باڵ بوو. ٨ چونکە درێژی
ژوورەکانی حەوشەکەی دەرەوە پەنجا باڵ بوو، ئەوەتا لەبەردەم
پەرستگاکەش سەد باڵە. ٩ لەژێر ئەم ژوورانەشەوە
هاتنەژوورەوەیەك هەبوو لەلای خۆرهەڵاتەوە، ئەوەی لە
حەوشەکەی دەرەوە بۆی دەهاتنە ژوورەوە. ١٠ ژوورەکان لە پانی
دیواری حەوشەکە بوون بەرەو خۆرهەڵات لەبەردەم شوێنەکەی
جیاکرابووەوە و بەرامبەر بیناکە. ١١ لەبەردەمیشی ڕێگایەك
هەبوو وەك ئەو ژوورانەی بەرەو باکوورن، هەمان درێژی و
پانی و شوێنی دەرچوون و شێوە و دەرگاکانی هەبوو. ١٢ وەك
دەرگاکانی ژوورەکانی ڕووەو باشووریش، دەرگایەك لەسەر
ڕێگاکە، ڕێگاکەی بەرامبەر دیوارەکەی ڕووەو خۆرهەڵاتە، لەو
شوێنەوەی بۆی دێتە ژوورەوە.
١٣ بە منی وت: ژوورەکانی باکوور و ژورەکانی باشوور کە
لەبەرامبەر شوێنە جیاکراوەکەن ژوورە تەرخانکراوەکانن کە
کاهینەکان ئەوانەی لە خوداوەند نزیك دەبنە قوربانی هەرەپیرۆز
دەخۆن. قوربانی هەرەپیرۆز و قوربانی خۆراك و قوربانی

گوناهە و قوربانی تاوان دادەنێن، چونکە شوێنەکە پیرۆزە. ١٤ کە
کاهینەکان دەچنە ژوورەوە لە شوێنی پیرۆزەوە ناچنە دەرەوە بۆ
حەوشەکەی دەرەوە، بەڵکو جلەکانیان کە خزمەتی پێ دەکەن
لەوێی دادەنێن، چونکە تەرخانکراوە، ئینجا جلیکی دیکە لەبەر
دەکەن و دەچنە پێشەوە بۆ ئەوەی بۆ گەلە.
١٥ کە پێوانەی پەرستگای ناوەوەی تەواوکرد دەریکردم بەرەو ئەو
دەروازەیەی ڕووەو خۆرهەڵاتە پێوای بە چواردەوریەوە. ١٦ لای
خۆرهەڵاتی بە قامیشی پێوانەکە پێوا، پێنج سەد قامیش بە قامیشی
پێوانەکە بە هەر چواردەوری. ١٧ لای باکووریشی پێوا، پێنج سەد
قامیش بە قامیشی پێوانە. ١٨ لای باشووریشی پێوا، پێنج سەد
قامیش بە قامیشی پێوانە. ١٩ ئینجا بەلای خۆرئاوا سووڕایەوە و
پێنج سەد قامیشی پێوا بە قامیشی پێوانە. ٢٠ لەهەر چوار لاوە
پێوای، شوورایەکی هەیە بەچواردەوری پێنج سەد درێژییەکەی و
پێنج سەد پانییەکەی، بۆ جیاکردنەوە لە نێوان پیرۆزکراو و
پیرۆزنەکراو.

# ٤٣

١ ئینجا منی بردە لای ئەو دەروازەیەی ڕووەو خۆرهەڵاتە. ٢ بینیم
ئەوەتا شکۆمەندی خودای ئیسرائیل لە ڕێگای خۆرهەڵاتەوە دێت
و دەنگی وەك دەنگی ئاوی زۆرە زەویش لەبەر شکۆمەندییەکەی
درەوشایەوە. ٣ بینینەکە وەك ئەو بینینە بوو کە بینیم، وەك ئەو
بینینەی بینیم کاتێ کە هاتم بۆ وێرانکردنی شارەکە، بینینەکانیش
وەك ئەو بینینە بوون کە لەلای ڕووباری خابوور بینیم، جا بەسەر
ڕووی خۆمدا کەوتم. ٤ جا شکۆمەندیی خوداوەند بۆ پەرستگاکە
هات لە ڕێگای ئەو دەروازەیەی ڕووەو خۆرهەڵاتە. ٥ ئینجا ڕۆح
هەڵیگرتم و هێنامی بۆ حەوشەکەی ناوەوە و بینیم ئەوەتا
شکۆمەندی خوداوەند پەرستگاکەی پڕکردووە.
٦ گوێم لێ بوو لە پەرستگاکەوە قسەم لەگەڵ دەکات و پیاوێکیش
لەلام ڕاوەستابوو. ٧ پێی وتم: ئەی ڕۆڵەی مرۆڤ، ئەمە شوێنی
تەختی من و شوێنی بنی پێمە کە لەناو نەوەکانی ئیسرائیل بۆ
هەتاهەتایە نیشتەجێ دەبم و لەمەودواماڵی ئیسرائیل ناوی پیرۆزم
گڵاوناکەن، نە خۆیان و نە پاشاکانیان، نە بە داوێن پیسیان و نە بە
تەرمی پاشاکانیان لە بەرزاییەکانیان، ٨ بەوەی بەردەرگاکەیان
لای بەردەرگاکەم و چوارچێوەی دەرگاکەیان لای چوارچێوەی
دەرگاکەم دانا، لە نێوان من و ئەواندا تەنها دیوارێك هەبوو، جا
ناوی پیرۆزی منیان گڵاوکرد بە قێزەوەنەکانیان کە کردیان،
منیش بە تووڕەیی خۆم لەناوبردن. ٩ ئێستا با داوێن پیسی و
تەرمی پاشاکانیان لە من دووربخەنەوە، ئەوسا منیش بۆ
هەتاهەتایە لەناویان نیشتەجێ دەبم.
١٠ تۆش ئەی ڕۆڵەی مرۆڤ، بە ماڵی ئیسرائیل ڕابگەیەنە
دەربارەی پەرستگاکە با لە تاوانەکانی خۆیان تەریق ببنەوە و با
نەخشەکە بپێون. ١١ ئەگەر لەهەرچی کردو یانە تەریق بوونەوە
ئەوسا وێنەی پەرستگا و نەخشە و چوونەدەرەوە و دەرگا و
هەموو شێوە و هەموو فەرزەکان و هەموو شێوە و هەموو
فێرکردنەکانییان بۆ باس بکە و ئەمە لەبەرچاویان بنووسە، با
هەموو نەخشە و هەموو فەرزەکانی بپارێزن و کاری پێ بکەن.
١٢ ئەمە فێرکردنی پەرستگاکەیە، لەسەر چیایە، هەموو
سنوورەکانی لەچواردەوری شوێنی پیرۆزە، ئەمە فێرکردنی
پەرستگاکەیە.
١٣ ئەمەش پێوانەکانی قوربانگاکەیە بە باڵ، باڵیش باڵ و بستێکە.
قووڵایی جۆگەکەی باڵێکە و پانی باڵێکە و کەنارەکەشی تا لێوەکەی
بەچواردەوری بستێکە. ئەمە بەرزی قوربانگاکەیە. ١٤ لە
جۆگاکەوە لە زەوی تا لێواری خوارەوە دوو باڵ و پانیش یەك
باڵ، لە لێواری بچووکیش تا لێواری گەورە چوار باڵ و پانیش
یەك باڵ. ١٥ ئاگردانی قوربانگاکەش چوار باڵ و لە ئاگردانی
قوربانگاکەش بۆ سەرەوە چوار قۆچ. ١٦ ئاگردانی قوربانگاکەش
دوانزە درێژی و دوانزە پانی، چوارگۆشە بوو لە هەر چوار لای.
١٧ لێوارەکەش چواردە درێژی و چواردە پانی لەسەر هەر چوار
لای، لەهەر چوار لاوە چوار گۆشەیە و کەنارەکەش بە
چواردەوری نیو باڵە و جۆگەکەشی بە چواردەورییەتی و
پلەکانیشی ڕووەو خۆرهەڵاتە.
١٨ پێی وتم: ئەی ڕۆڵەی مرۆڤ، خوداوەندم خوداوەند ئاوای
فەرموو: ئەمە فەرزەکانی قوربانگاکەیە ئەو ڕۆژەی دەکرێت بۆ
پێشکەش کردنی قوربانی سووتاندن لەسەری و بۆ پرژاندنی
خوێن لەسەری. ١٩ گایەك لە گاگەل بۆ قوربانی گوناهە بە کاهینە
لێڤییەکان دەدەیت، ئەوانەی لە نەوەی سادوقن، ئەوانەی لە من
نزیکدەبنەوە بۆ خزمەتکردنم، خوداوەندم خوداوەند ڕایگەیاند.
٢٠ لە خوێنەکەی وەردەگرێت و لەسەر هەر چوار قۆچی
قوربانگاکە و لەسەر هەر چوار گۆشەی لێوارەکە و لەسەر
کەنارەکەی بەچواردەوری دەدەیت، جا پاکی دەکەیتەوە و
کەفارەتی بۆ دەکەیت. ٢١ گاکەی قوربانی گوناهە دەبەیت و لە
شوێنی دیاریکراو لە پەرستگاکە لە دەرەوەی پیرۆزگاکە
دەسووتێنرێت. ٢٢ لە ڕۆژی دووەم نێرییەك لە بزنەکان پێشکەش
دەکەیت، بێ کەموکوڕی بێت، دەکرێت بە قوربانی گوناهە و
قوربانگاکە پاکدەکەنەوە وەك بە گاکە پاکیان کردەوە. ٢٣ کە
پاککردنەوەکە تەواو بوو، گایەکی بێ کەموکوڕ لە گاگەل و
بەرانێکی بێ کەموکوڕ لە مەڕەکان پێشکەش دەکەیت. ٢٤ لەبەردەم
خوداوەند پێشکەشیان دەکەیت و کاهینەکان خۆیان پێوە دەکەن و
دەیکەن بە قوربانی سووتاندن بۆ خوداوەند و پێشکەشی دەکەن.
٢٥ حەوت ڕۆژ، هەر ڕۆژە نێریەك بکە بە قوربانی گوناهە و
گایەکی بێ کەموکوڕ و بەرانێکی بێ کەموکوڕێش دەکەن بە
قوربانی. ٢٦ حەوت ڕۆژ لەسەر قوربانگاکە کەفارەت دەکەن و
پاکی دەکەنەوە و بەم شێوەیە تەرخانی دەکەن. ٢٧ جا کە ئەم
ڕۆژانە تەواو بوون، لە ڕۆژی هەشتەم بەسەرەوە کاهینەکان
لەسەر قوربانگاکە قوربانی سووتاندنەکان و قوربانیەکانی
ئاشتیتان پێشکەش دەکەن و منیش لێتان ڕازی دەبم. خوداوەندم
خوداوەند ڕایگەیاند.

# ٤٤

١ ئینجا منی هێنایەوە بۆ ڕێگای دەروازەی دەرەوەی پیرۆزگا کە
ڕووەو خۆرهەڵاتە و داخراوە. ٢ جا خوداوەند پێی فەرمووم: ئەم
دەروازەیە داخراو دەبێت و ناکرێتەوە و کەس پێیدا ناچێتە
ژوورەوە. چونکە خوداوەند خودای ئیسرائیل پێیداچووە ژوورەوە،
جا داخراو دەبێت. ٣ تەنها میر بە تەنیا تێیدا دادەنیشێت تا لەبەردەم
خوداوەند نان بخوات. لە ڕێگای هەیوانی دەروازەکەوە دێتە
ژوورەوە و لەو ڕێگایەوە دەردەچێت.
٤ ئینجا لە ڕێگای دەروازەی باکوورەوە منی هێنایە بەردەم
پەرستگاکە، منیش تەماشام کرد ئەوەتا شکۆمەندی خوداوەند
ماڵەکەی پڕ کردووە. جا کەوتمە سەر ڕووم. ٥ خوداوەندیش پێی
وتم: ئەی ڕۆڵەی مرۆڤ، بە دڵ وریابە و بە چاوت ببینە و هەموو
ئەوەی دەیڵێم بە گوێیەکانت ببیستە، دەربارەی هەموو فەرزەکانی
ماڵی خوداوەند و دەربارەی هەموو فێرکردنەکانی و مێشکت
بخەرە سەر دەرگای ناو پەرستگاکە لەگەڵ هەموو چوونەدەرەوە
لە پیرۆزگاکە و ٦ بە یاخیبووەکان بە ماڵی ئیسرائیل بڵێ:
خوداوەندم خوداوەند ئاوای فەرموو: ئەی ماڵی ئیسرائیل بەستە
هەموو قێزەوەنەکانت واز لە هەموو کارە گڵاوەکانتان بێنن. ٧ واز
لەوە بێنن بێگانە بەدڵ و لەش خەتەنەنەکراوەکان بێنە ژوورەوە بۆ
ئەوەی لەناو پەرستگای من بن و پیسی بکەن ئەوکاتەی کە پیوو

خوێن دەکرێنە قوربانی وەکو خواردن پێشکەش بەمن دەکرێن.
بەو هەموو کارە گڵاوانەتان پەیمانی منتان شکاند. ٨ پاسەوانی شتە
پیرۆزەکانی منتان نەکرد، بەڵکو پاسەوانتان دانا لەباتی ئێوە لەناو
پیرۆزگای من پاسەوانی بکەن.
٩ خوداوەندی خوداوەند ئاوای فەرموو: لەهەموو بێگانەکانی ناو
نەوەی ئیسرائیل نابێت هیچ بێگانەیەکی دڵ و لەش خەتەنەنەکراو
بێتە ناو پیرۆزگای من. ١٠ بەڵکو لێڤییەکان کە لەمن دوورکەوتنەوە
کاتێ نەوەی ئیسرائیل گومڕابوون، ئەوانیش گومڕابوون بەدوای
بتەکانیان، تاوانی خۆیان لە ئەستۆی خۆیانە. ١١ لە پیرۆزگاکەم
دەبن بە خزمەتکار و پاسەوانی دەروازەکانی پەرستگا و
خزمەتکارانی پەرستگا. ئەوان قوربانی سووتاندن و قوربانی
سەربڕاو بۆ گەل سەردەبڕن و ئەوان لەبەردەمیان ڕادەوەستن تا
خزمەتیان بکەن. ١٢ چونکە لەبەردەم بتەکانیان خزمەتیان کردن و
کۆسپی تاوان بوون بۆ ماڵی ئیسرائیل، بۆیە دەستم لێیان
بەرزکردەوە، خوداوەندی خوداوەند ڕایگەیاند، جا تاوانی خۆیان
لە ئەستۆی خۆیانە. ١٣ لە من نزیک نابنەوە تا کاهینێتیم بۆ بکەن و
لە هیچ لە شتە پیرۆزەکانم نزیک نابنەوە لە شوێنی هەرە پیرۆز،
بەڵکو شەرمەزاری و قێزەوەنەکانی خۆیان هەڵدەگرن کە
کردویانن و ١٤ دەیانکەم بە چاودێر بۆ چاودێری پەرستگا بۆ
هەموو خزمەتێک، بۆ هەموو ئەوەی تێیدا دەکرێت.
١٥ بەڵام کاهینە لێڤییەکان لە نەوەی سادوق، ئەوانەی چاودێری
پیرۆزگاکەی منیان کرد کاتێ نەوەی ئیسرائیل لە من گومڕابوون،
ئەوان لە من نزیک دەبنەوە بۆ خزمەتکردنم و لەبەردەمم
ڕادەوەستن تا پیو و خوێنەکە بۆ من بکەن بە قوربانی، خوداوەندی
خوداوەند ڕایگەیاند. ١٦ ئەوانە دێنە ناو پیرۆزگاکەم و لە مێزەکەم
نزیک دەکەونەوە بۆ ئەوەی خزمەتم بکەن و چاودێری
چاودێرییەکەم بکەن. ١٧ کاتێ دێنە ناو دەروازەکانی حەوشەکەی
ناوەوە، جلی کەتان لەبەر دەکەن و کاتێ لە دەروازەکانی
حەوشەکەی ناوەوە لە ژوورەوە خزمەت دەکەن نابێ جلی
خورییان لەبەربێت. ١٨ با مێزەری کەتان بەسەریانەوە بێت، با
ژێرکراسی کەتان بە ناوقەدیانەوە بێت، شتێک بەناوقەدیانەوە
نەبەستن کە ئارەقەی پێ بکەن. ١٩ کاتێ بۆ حەوشەکەی دەرەوە
دەردەچن بۆ لای گەل، بۆ حەوشەکەی دەرەوە جلەکانیان دادەکەن
کە خزمەتی پێکرد و لە ژوورە تەرخانکراوەکان دایدەنێن و ئینجا
جلی دیکە لەبەر دەکەن نەوەک بە جلەکانیان گەل تەرخان بکەن.
٢٠ پرچی سەریان نە بە موس دەتاشن و نە درێژی دەکەن، بەڵکو
بە ڕێکوپێکی کورتی دەکەن.
٢١ کاهین کە چووە ناو حەوشەکەی ناوەوە نابێ مەی بخواتەوە و
٢٢ نە بێوەژن و نە تەڵاقدراو دەخوازن ببێت بە ژنیان، بەڵکو دەبێ
کچی پاکیزە لە نەوەی ئسرائیل بهێنن یان بێوەژنی کاهینێ بهێنن.
٢٣ جیاوازی نێوان پیرۆزکراو و پیرۆزنەکراو بە گڵاو و پاک بە
گەلەکەم پیشان دەدەن و فێریان دەکەن. ٢٤ لە ناکۆکیدا ئەوان دەبن
بە ناوبژیوان و بە پێی حوکمەکانم حوکم دەدەن و فێرکردن و
فەرزەکانم دەپارێزن، لە هەموو جەژنە دیاریکراوەکانم و پشووە
پیرۆزەکانم. ٢٥ لە مرۆڤی مردوو نزیک نابنەوە نەوەک گڵاوبن.
بەڵام بۆ باوک یان دایک یان کوڕ یان کچ یان برا یان خوشکێک
شووی نەکردبێت، دەتوانن خۆیان گڵاوبکەن. ٢٦ پاش پاکبوونەوەی
حەوت ڕۆژی بۆ دەژمێرن. ٢٧ لە ڕۆژەی چونە ناو پیرۆزگاوە بۆ
ناو حەوشەکەی ناوەوە، بۆ ئەوەی لە پیرۆزگا خزمەت بکات،
قوربانییەک لەبەر گوناهەکە پێشکەش دەکات، خوداوەندی خوداوەند
ڕایگەیاند.
٢٨ میراتیان دەبێت، من میراتیانم، هیچ موڵکیان نادەنێ لە
ئیسرائیلدا، من موڵکیانم. ٢٩ قوربانی خۆراک و قوربانی گوناهە و
قوربانی تاوان و هەموو ئەوەی لە ئیسرائیلدا تەرخانکراوە بۆ
ئەوانە. ٣٠ یەکەمی هەموو یەکەم بەرەکان و هەموو پیتاکە
بەرزکراوەکان لە پیتاکە بەرزکراوەکانتان بۆ کاهینەکان دەبێت.
هەروەها یەکەم هەوێرتان بە کاهینەکان دەدەن، تا ماڵتان
بەرەکەتی تێ بکەوێت. ٣١ کاهینەکان نە گۆشتی ئاژەڵی مردار و
نە گۆشتی نێچیر دەخوات، نە باڵندە و نە ئاژەڵ.

# ٤٥

١ کاتێ خاکەکە وەک میرات دابەش دەکەن، پارچەیەک لە خاکەکە
پێشکەش بە خوداوەند دەکەن درێژی بیست و پێنج هەزار درێژی
و پانیی دە هەزار بێت. ئەمە تەرخانکراوە بە هەموو سنووری
چواردەوری. ٢ لەمە پارچەیەکی چوار گۆشە بۆ پیرۆزگا دەبێت
پێنج سەد بە پێنج سەد و پەنجا باڵیش بە چواردەوری زەوییەکی
کراوە بێت. ٣ لەم پێوانەیە درێژی بیست و درێژی پێنج هەزار و
پانی دە هەزار دەپێویت و پیرۆزگاکەش، شوێنی هەرە پیرۆز
لەناویدا دەبێت. ٤ تەرخانکراوە لە خاکەکە، بۆ کاهینەکانی
خزمەتکارانی پیرۆزگا دەبێت، ئەوانەی نزیکن لە خزمەتی
خوداوەند و شوێنی تیا دەبێت بۆ ماڵەکان و شوێنی پیرۆزیش بۆ
پیرۆزگا. ٥ بیست و پێنج هەزاریش لە درێژی و دوو هەزار لە
پانی بۆ لێڤییەکان خزمەتکارانی پەرستگا دەبێتە موڵک، بیست
ژوور. ٦ موڵکی شارەکەش دەکەن بە پێنج هەزار لە پانی و بیست
و پێنج هەزار لە درێژی تەریب بە بەشە تەخانکراوەکە، جا بۆ
هەموو ماڵی ئیسرائیل دەبێت.
٧ بۆ میریش لێرە و لەوێ، لە بەشی تەرخانکراو و لە موڵکی
شارەکە، لە بەردەم بەشە تەرخانکراوەکە و لەبەردەم موڵکی
شارەکە، لەلای خۆرئاوا خۆرئاوا و لە لای خۆرهەڵات
خۆرهەڵات. درێژییەکەش تەریب بە یەکێک لە بەشەکان لە
سنووری خۆرئاواوە بۆ سنووری خۆرهەڵات. ٨ بۆی دەبێت بە
زەوی موڵک لە ئیسرائیل و لەمەودوا میرەکانم زوڵم لە گەلەکەم
ناکەن و زەوییەکە دەدەن بە ماڵی ئیسرائیل بە هۆزەکانیان.
٩ خوداوەندی خوداوەند ئاوای فەرموو: بەسە بۆتان ئەی میرانی
ئیسرائیل، ستەم و توندوتیژی لەناو خۆتان مەهێڵن و دادوەری و
ڕاستودروستی جێبەجێ بکەن. زوڵم هەڵگرن لەسەر گەلەکەم،
خوداوەندی خوداوەند ڕایگەیاند. ١٠ تەرازووی تەواو و ئێفەی
تەواو و بەتی تەواوتان بۆ ببێت. ١١ ئێفە و بەت یەک ئەندازەیان
هەبێت، با بەت دەیەکی حۆمەر و ئێفە دەیەکی حۆمەر بێت. بە
پێی حۆمەر دەبێت ئەندازەیان. ١٢ شاقلیش بیست جیرە دەبێت،
بیست شاقل و بیست و پێنج شاقل و پانزە شاقل لە ئێوەوە دەبێت،
١٣ ئەمە ئەو پێشکەشکراوەیە کە پێشکەشی دەکەن. شەش یەکی
ئێفە لە حۆمەرێک گەنم و شەش یەکی ئێفە لە حۆمەرێک جۆ دەدەن.
١٤ فەرزی زەیتیش یەک بەت زەیت، بەت دەیەکی کوررە لە دە
بەت لە حۆمەرێک، چونکە دە بەت حۆمەرێکە. ١٥ یەک مەڕ لە
مێگەل لە دوو سەد لە لەوەڕگا باشەکانی ئیسرائیل دەکەن بە
قوربانی خۆراک و قوربانی سووتاو و قوربانی ئاشتی بۆ
کەفارەت کردن بۆیان، خوداوەندی خوداوەند ڕایگەیاند. ١٦ ئەم
پیتاکە بۆ میر لە ئیسرائیل لەسەر هەموو گەلە. ١٧ قوربانی
سووتاندنەکان و قوربانییەکانی خۆراک و مەی پێشکەشکراو و لە
جەژنەکان و لە مانگەکان و لە پشووە پیرۆزەکان و لە هەموو
جەژنە دیاریکراوەکانی ماڵی ئیسرائیل، هەر ئەویش قوربانی
گوناهە و قوربانی خۆراک و قوربانی سووتاندن و قوربانییەکانی
ئاشتی بۆ کەفارەت کردن بۆ ماڵی ئیسرائیل.
١٨ خوداوەندی خوداوەند ئاوای فەرموو: لە مانگی یەک، لە یەکی
مانگدا، گایەک لە گاگەل دەبەیت و تەواو بێت و پیرۆزگا
پاکدەکەیتەوە. ١٩ کاهین لە خوێنی قوربانی گوناهەکە دەبات و لە
چوارچێوەی دەرگای پەرستگا و لە هەر چوار گۆشەکەی
قۆچەکانی قوربانگا و لە چوارچێوەی دەرگای حەوشەکەی
ناوەوە. ٢٠ لە حەوتی مانگیشدا ئاوا دەکەیت لەبەر پیاوی هەڵەکردو
و ساویلکە، جا کەفارەت بۆ پەرستگاکە دەکەن.

٢١ لە مانگی یەکدا، لە ڕۆژی چواردەی مانگدا، ئەم پەسەخە بۆتان
دەبێت بە جەژن، حەوت ڕۆژ فەتیر دەخورێت. ٢٢ لەو ڕۆژەدا
میر بۆ خۆی و بۆ هەموو گەلی خاکەکە گایەك دەکات بە قوربانی
گوناهە. ٢٣ لە حەوت ڕۆژەکەی جەژنیشدا قوربانی سووتاندن بۆ
خوداوەند دەکرێت، حەوت گا و حەوت بەرانی تەواو هەر ڕۆژە
لە حەوت ڕۆژەکەدا. هەر ڕۆژەش نێرییەك لە بزنەکان بۆ
قوربانی گوناهە. ٢٤ قوربانی خۆراکەکەش یەك ئیفە بۆ گا و یەك
ئیفە بۆ بەران و بۆ هەر ئیفەیەکیش یەك هەین زەیت دەکات. ٢٥ لە
مانگی حەوتیشدا، لە ڕۆژی پانزەی مانگدا، لە جەژندا وەك ئەمە
دەکرێت، حەوت ڕۆژ وەك قوربانی گوناهە و وەك قوربانی
سووتا و وەك قوربانی خۆراك و وەك زەیتەکە.

# ٤٦

١ خوداوەندم خوداوەند ئاوای فەرموو: دەروازەکەی حەوشەکەی
ناوەوە کە ڕووەو خۆرهەڵاتە شەش ڕۆژ داخراو دەبێت و لە
ڕۆژی شەبەتدا دەکرێتەوە و لە ڕۆژی سەرەتای مانگ دەکرێتەوە.
٢ میر لە ڕێگای هەیوانی دەروازەکە لە دەرەوە دێتە ژوورەوە و
لەلای چوارچێوەی دەروازەکە دەوەستێت و کاهینەکان قوربانی
سووتاندنەکەی و قوربانییەکانی ئاشتی دەکەن، ئەویش لەلای
بەردەرگاکە کڕنۆش دەبات و دەردەچێت، بەڵام دەروازەکە تا
ئێوارە داناخرێت. ٣ گەلی خاکەکەش لەلای شوێنی دەرگا لەم
دەروازەیەوە کڕنۆش دەبەن لەبەردەم خوداوەند لە پشووە
پیرۆزەکان و لە سەرەمانگەکان. ٤ ئەو قوربانی سووتاندنەی میر
بۆ خوداوەندی پێشکەش دەکات لە ڕۆژی شەبەتدا شەش بەرخی
تەواو و بەرانێکی تەواوە، ٥ قوربانی خۆراکەکەشی یەك ئیفەیە بۆ
بەرانەکە و بۆ بەرخەکانیش قوربانی خۆراك ئەوەندەی بەخشینی
دەستی و یەك هەین زەیتیش بۆ ئیفەیەك. ٦ لە ڕۆژی سەرەتای
مانگیش، گوێرەکەیەکی تەواو و شەش بەرخ و بەرانێکی تەواو.
٧ قوربانی خۆراکەکەش ئیفەیەك بۆ گوێرەکەکە و ئیفەیەك بۆ
بەرانەکە. بۆ بەرخەکانیش بەگوێرەی ئەوەی لە دەستی دەردەچێت،
بۆ هەر ئیفەیەکیش یەك هەین زەیت.
٨ لەکاتی هاتنە ژوورەوەی میر، لە ڕێگای هەیوانی دەروازەکە
دێتە ژوورەوە و لە ڕێگای ئەویشەوە دەردەچێت. ٩ کاتێ گەلی
خاکەکەش دێنە ژوورەوە بۆ بەردەم خوداوەند لە جەژنە
دیاریکراوەکاندا، ئەوەی لە ڕێگای دەروازەی باکوورەوە دێتە
ژوورەوە بۆ کڕنۆش بردن، لە ڕێگای دەروازەی باشوورەوە
دەردەچێت و ئەوەی لە ڕێگای دەروازەی باشوورەوە دێتە
ژوورەوە لە ڕێگای دەروازەی باکوورەوە دەردەچێت. ناگەڕێتەوە
لەهەمان ئەو ڕێگایەی پێی هاتە ژوورەوە، بەڵکو
لەبەرامبەرەکەیەوە دەردەچێت. ١٠ میریش لەناوەندیان لەگەڵ هاتنە
ژوورەوەیان دێتە ژوورەوە و لەکاتی دەرچوونیشیان پێکەوە
دەردەچن.
١١ لە جەژنەکان و لە جەژنە دیاریکراوەکان قوربانی خۆراك
ئیفەیەك بۆ گا و ئیفەیەك بۆ بەران دەبێت، بۆ بەرخەکانیش
بەخشینی دەستی و بۆ ئیفەیەکیش یەك هەین زەیت. ١٢ ئەگەر میر
بەخشینێکی کرد، قوربانی سووتاندن یان قوربانی ئاشتی وەك
ئەوەی لە شەبەتدا دەکرێت، دوای دەردەچێت و دوای
دەرچوونەکەی دەروازەکە دادەخرێت. ١٣ هەموو ڕۆژێك قوربانی
سووتاندنێك بۆ خوداوەند دەکرێت، بەرخێکی یەك ساڵەی تەواو،
بەیانی و بەیانی دەیکەیت. ١٤ قوربانی خۆراکی بۆ دەکەیت بەیانی
و بەیانی، شەش یەکی ئیفەیەك و زەیتەکەشی سێ یەکی هەینێك
بۆ ڕشاندنی ئاردە سفرەکە، قوربانی خۆراکە بۆ خوداوەند،
فەرزێکی هەتاهەتایی بەردەوامە. ١٥ بەرخەکە و قوربانی
خۆراکەکە و زەیتەکە بەیانی و بەیانی دەیکەیت، قوربانی
سووتاندنی بەردەوامە.
١٦ خوداوەندم خوداوەند ئاوای فەرموو: ئەگەر میر بە پیاوێك لە
کوڕەکانی دیارییەکی دا، میراتەکەی بۆ کوڕەکانی دەبێت، موڵکی
خۆیانە بە میراتی. ١٧ بەڵام ئەگەر دیاری بە یەکێك لە کویلەکانی
خۆیدا، ئەوا تا ساڵی ئازابوونی بۆ دەبێت، پاشان بۆ میرەکە
دەگەڕێتەوە، بەڵام میراتەکەی خۆی بۆ کوڕەکانی دەبێت. ١٨ میر
لە میراتی گەل نابات ، بەوەی لە موڵکی خۆیان دەریانکات. لە
موڵکی خۆی میرات بە کوڕەکانی دەدات، بۆ ئەوەی گەلەکەم
مرۆڤ لە موڵکی خۆی جیانەکاتەوە. ١٩ ئینجا لەو دەرگایەی لە
تەنیشت دەروازەکەیە منی هێنایە ژوورەوە بۆ ژوورەکانی
پیرۆزگا کە هی کاهینەکانە و ڕووەو باکوورە. بینیم ئەوەتا
شوێنێك لەسەر دوولایە و بەرەو خۆرئاوایە. ٢٠ پێی وتم: ئەمە ئەو
شوێنەیە کە کاهینەکان تێیدا قوربانی تاوان و قوربانی گوناهە
دەکوڵێنن و لێرە قوربانی خۆراك دەکەن بە نان، نەوەك بیبەنە
دەرەوە بۆ حەوشەکەی دەرەوە و خەڵکەکە تەرخان بکرێن.
٢١ ئینجا بردمیە دەرەوە بۆ حەوشەکەی دەرەوە و بوسەر هەر
چوار گۆشەی حەوشەکەدا بردمی و بینیم ئەوەتا لە هەر گۆشەیەك
لە حەوشەکە حەوشەیەکە. ٢٢ لە هەر چوار گۆشەی حەوشەکە
حەوشە هەبوون پارێزراو بوون درێژیەکەی چل و پانییەکەی سی
بوو. بۆ هەر چوار گۆشەکە یەك پێوانە بوو. ٢٣ چێوەکەشی
لێوارێکی پێوە بوو بە دەور هەر چواری و شوێنی چێشت لێنانیش
لە ژێر لێوارەکانی کرابوو کە چواردەوری دابوو. ٢٤ ئینجا پێی
وتم: ئەمەماڵی چێشتکەرەکانە کە خزمەتکارەکانی پەرستگا
قوربانی گەلی تیا دەکوڵێنن.

# ٤٧

١ ئینجا منی هێنایەوە شوێنی هاتنە ژوورەوە بۆ پەرستگاکە و بینیم
ئەوەتا ئاو لە ژێر بەردەرگاکەوە دەردەچێت بەرەو خۆرهەڵات،
چونکە ڕووی پەرستگاکە بەرەو خۆرهەڵات بوو. ئاوەکان لە ژێر
لای ڕاستی پەستگاکە لە باشووری قوربانگاکە دادەبەزی. ٢ ئینجا
لە ڕێگای دەروازەی باکوورەوە دەریکردم و بە ڕێگاکەدا
سووڕاندمیەوە لەدەرەوە تا دەروازەکەی دەرەوە لەو ڕێگایەی
ڕووی بەرەو خۆرهەڵاتە و ئەوەتا ئاو بەلای ڕاستدا دەڕوات.
٣ کاتێ پیاوەکە بەرەو خۆرهەڵات دەرچوو پەتەکەش بەدەستیەوە
بوو و هەزار باڵی پێوا و بەناو ئاوەکەدا تێپەڕی کردم و ئاوەکەش
تا هەردوو پاژنە بوو. ٤ ئینجا هەزار باڵی تری پێوا و بەناو
ئاوەکەدا تێپەڕی کردم و ئاوەکە هەتا هەردوو ئەژنۆ بوو. ئینجا
هەزاری تری پێوا و بەناو ئاوەکەدا تێپەڕی کردم و ئاوەکە تا
ناوقەد بوو. ٥ ئینجا هەزاری تری پێوا و ئەوەتا ڕووبارێکە و
نەمتوانی بپەڕمەوە، چونکە ئاوەکە هەستابوو، ئاوی مەلەکردن
بوو لە ڕووبار و پەڕینەوەی لێ نەبوو.
٦ پێی وتم: ئەی ڕۆڵەی مرۆڤ بینیت؟ ئینجا بردمی و هێنامیەوە
کەنار ڕووبارەکە. ٧ کە گەڕامەوە ئەوەتا لە کەنار ڕووبارەکە لێرە
و لەوێ داری زۆری لێیە. ٨ پێی وتم: ئەم ئاوە دەردەچێت بۆ
بەرەو هەرێمی خۆرهەڵات و دادەبەزێت بۆ عەرەبە و ئینجا
دەچێت بۆ دەریا، بۆ دەریا دەردەچێت جا ئاوەکە سازگار دەبێت.
٩ هەر گیانێکی زیندوو بخشێت بەرەو ئەو شوێنەی دوو
ڕووبارەکە بۆی دێن، دەژیت و ماسیش زۆر زۆر دەبێت، چونکە
ئەم ئاوە دێتە ئەوێ و سازگار دەبێت و هەموو ئەوەی ڕووبارەکە
بۆی بێت دەژیت. ١٠ ڕاوچییەکان لەسەری ڕادەوەستن لە عەین
گەدی تا عەین عەگیلایم و بۆ تۆڕ هەڵدان دەبێت و ماسییەکەیان
جۆراوجۆر دەبێت وەك ماسییەکانی دەریای مەزن زۆر زۆر
دەبێت. ١١ بەڵام گۆم و زۆنگاوەکانی سازگار نابن، بۆ خوێ

دەبێت. ١٢ لەسەر ڕووبارەکە لەسەر کەنارەکەی لێرە و لەوێ
هەموو دارێکی مێوە دەڕوێت و گەڵاکانی ناوەڕێ و بەری
نابڕێت، بەڵکو هەموو مانگێ بەری تازە دەگرێت چونکە ئاوەکەی
لە پیرۆزگاوە دەردەچێت و بەرەکەی بۆ خواردن و گەڵاکانی بۆ
دەرمان دەبن.
١٣ خوداوەندم خوداوەند ئاوای فەرموو: بە پێی ئەم سنوورە
خاکەکە دەکەن بە میرات بە پێی دوانزە هۆزەکەی ئیسڕائیل،
یوسفیش دوو بەش، ١٤ بۆتان دەبێت بە میرات، هەریەکە بەقەد
براکەی، کە دەستم بەرز کردەوە بە باوباپیرانتانی بدەم و ئەم
زەوییە دەبێت بە میراتتان. ١٥ ئەمە سنووری زەوییەکەیە لەلای
باکوور: لە دەریای گەورەوە، ڕێگای حەتلون تا دەگەیتە سەدەد،
١٦ حەمات و بیروتە و سەبرائیم کە لە نێوان سنووری دیمەشق و
سنووری حەماتە و خەچەر هاتیکۆن کە لەسەر سنووری حورانە.
١٧ سنووریش لەلای دەریاوە خەچەر عینان دەبێت بۆ سنووری
دیمەشقە و بەرەو باکوور تا سنووری حەمات، ئەمە لای باکوور
دەبێت. ١٨ لای خۆرهەڵاتیش لە نێوان حوران و دیمەشق و گلعاد
و خاکی ئیسڕائیل و ئوردن. لە سنوورەکەشەوە تا دەریای
خۆرهەڵاتی دەپێون. ئەمە لای خۆرهەڵاتە.
١٩ لای باشووریش، لەلای ڕاست لە تامارەوە تا ئاوەکانی
مەریبۆت قادش، لە ڕووبارەوە تا دەریای گەورە، ئەمەش لای
ڕاستە بەرەو باشوور.
٢٠ لای خۆرئاواش، دەریای گەورە لە سنوورەکەوە تا بەرامبەر
دەروازەی حەمات، ئەمەش لای خۆرئاوایە. ٢١ ئەم زەوییانە بۆ
خۆتان بەش دەکەن بۆ هۆزەکانی ئیسڕائیل. ٢٢ بە تیرو پشك
میراتەکە دابەش دەکەن بۆ خۆتان و بۆ ئەو ئاوارانەیەی لەناوتان
ئاوەرەبوون و، ئەوانەی لەناوتان منداڵیان دەبێت جا بۆتان وەك
هاوولاتی دەبن لە نەوەی ئیسڕائیل، لەناو هۆزەکانی ئیسڕائیل
میراتتان لەگەڵ بەش دەکەن. ٢٣ ئەو هۆزەی ئاوارەکەی تیادا
ئاوارە دەبێت. لەوێ میراتی دەدەنێ. خوداوەندم خوداوەند
ڕایگەیاند.

# ٤٨

١ ئەمەش ناوی هۆزەکانە، لەلای باکوور بەلای ڕێگای خیتلون تا
دەروازەی حەمات، خەچەر عینان سنووری دیمەشق بەرەو
باکوور بەلای حەمات، بۆ دان، جا لە خۆرهەڵاتەوە بۆ دەریا یەك
بەش. ٢ لەسەر سنووری دان، لەلای خۆرهەڵاتەوە بۆ لای دەریا
بۆ ئەشیر یەك بەش. ٣ لەسەر سنووری ئەشیر، لەلای خۆرهەڵات
بۆ لای دەریا بۆ نەفتالی یەك بەش. ٤ لەسەر سنووری نفتالی،
لەلای خۆرهەڵات بۆ لای دەریا بۆ مەنەسا یەك بەش. ٥ لەسەر
سنووری مەنەسا، لەلای خۆرهەڵات بۆ لای دەریا بۆ ئەفرایم یەك
بەش ٦ لەسەر سنووری ئەفرایم لەلای خۆرهەڵات بۆ لای دەریا
بۆ ڕەئوبین یەك بەش. ٧ لەسەر سنووری ڕەئوبین لەلای
خۆرهەڵات بۆ لای دەریا بۆ یەهوزا یەك بەش. ٨ لەسەر سنووری
یەهوزا لەلای خۆرهەڵات بۆ لای دەریا ئەو پێشکەش کراوە
دەبێت کە پێشکەشی دەکەن، بیست و پێنج هەزار بە پانی و
درێژییەکەشی وەك یەکێك لە بەشەکان لەلای خۆرهەڵاتەوە بۆ
لای دەریا، پیرۆزگاش لەناوەڕاستی دەبێت. ٩ ئەو بەشەش کە بۆ
خوداوەندی تەرخان دەکەن، بیست و پێنج هەزار درێژی و دە
هەزاریش پانی دەبێت. ١٠ بەشەکەش بۆ ئەمانە دەبێت، پیرۆزگا
بۆ کاهینەکان، لەلای باکوورەوە بیست و پێنج هەزار لە درێژی و
لەلای دەریاشەوە دە هەزار لە پانی و لای خۆرهەڵاتیش دە هەزار
لە پانی و لەلای باشووریش بیست و پێنج هەزار لە درێژی.
پیرۆزگای خوداوەندیش لەناوەڕاستی دەبێت. ١١ بەڵام پیرۆزگاکە
بۆ کاهینەکانە لە نەوەی سادوق ئەوانەی ئەرکەکانی منیان
پاراست، ئەوانەی گومڕا نەبوون کاتێ نەوەی ئیسڕائیل
گومڕابوون وەك لێڤییەکان گومڕا بوون. ١٢ بەشێکیان بۆ دەبێت لە
بەشە تەرخانکراوی زەوییەکە، شوێنی هەرە پیرۆز لەسەر
سنووری لێڤییەکان.
١٣ بۆ لێڤییەکانی تەریب بە سنووری کاهینەکان، بیست و پێنج
هەزار لە درێژی و دە هەزاریش لە پانی، هەموو درێژییەکە
بیست و پێنج هەزار و پانییەکەش دە هەزار. ١٤ نە لێی دەفرۆشن
و نە دەیگۆڕن و نە یەکەم بەری زەوییەکە بە کەسی تر دەدەن،
چونکە تەرخانکراوە بۆ خوداوەند.
١٥ پێنج هەزارەکەش کە ماوەتەوە لە پانییەکە بەرامبەر بە بیست و
پێنج هەزارەکە بۆ شارەکەیە بۆ نیشتەجێ بوون و زەوی کراوە و
شارەکەش لەناوەڕاستی دەبێت. ١٦ ئەمەش پێوانەکانیەتی، لای
باکوور چوار هەزار و پێنج سەد و لای باشوور چوار هەزار و
پێنج سەد و لای خۆرهەڵات چوار هەزار و پێنج سەد و لای
خۆرئاوا چوار هەزار و پێنج سەد. ١٧ زەوییەکی کراوەش بۆ
شارەکە دەبێت بەرەو باکوور دوو سەد و پەنجا و بەرەو باشوور
دوو سەد و پەنجا و بەرەو خۆرهەڵات دوو سەد و پەنجاو بەرەو
خۆرئاوا دوو سەد و پەنجا. ١٨ ئەوەی لە درێژاییەکە دەمێنێتەوە
تەریب بە بەشە پیرۆزەکە، دە هەزار ڕووەو خۆرهەڵات و دە
هەزار ڕووە و خۆرئاوا. تەریب دەبێت بە پێشکەشکراوەکەی
پیرۆزگا و و بەرووبوومەکەی دەبێت بە خواردن بۆ خزمەتی
شارەکە. ١٩ خزمەتی شارەکەش، لە هەموو هۆزەکانی ئیسڕائیلەوە
خزمەتی دەکەن. ٢٠ هەموو بەشەکە بیست و پێنج هەزار بە بیست
و پێنج هەزارە، بەشە پیرۆزەکە بە چوارگۆشەیی لەگەڵ موڵکی
شارەکە پێشکەش دەکەن.
٢١ ئەوەی دەمێنێتەوە بۆ میرە لەملا و لەولای بەشە پیرۆزەکە، بۆ
موڵکی شارەکەش لەبەردەم بیست و پێنج هەزارەکەی بەشەکە تا
سنووری خۆرهەڵات و لەلای خۆرئاواش لەبەردەم بیست و پێنج
هەزارەکەوە لەسەر سنووری خۆرئاوا، تەریب بە موڵکەکانی
میر، بەشە پیرۆزەکە و پیرۆزگای پەرستگاکەش لەناوەڕاستی
دەبێت. ٢٢ لە موڵکی لێڤییەکانیش، لە موڵکی شارەکە لە ناوەراست
کە هی میرە، لەنێوان سنووری یەهوزا و سنووری بنیامین بۆ
میر دەبێت.
٢٣ پاشماوەی هۆزەکانیش، لەلای خۆرهەڵات بۆ لای دەریا بۆ
بنیامین یەك بەش. ٢٤ لەسەر سنووری بنیامین لەلای خۆرهەڵات
بۆ لای دەریا بۆ شەمعون یەك بەش. ٢٥ لەسەر سنووری شەمعون
لەلای خۆرهەڵات بۆ لای دەریا بۆ یەسساکر یەك بەش. ٢٦ لەسەر
سنووری یەسساکر لەلای خۆرهەڵات بۆ لای دەریا بۆ زەبولون
یەك بەش. ٢٧ لەسەر سنووری زەبولون لەلای خۆرهەڵات بۆ لای
دەریا بۆ گاد یەك بەش. ٢٨ لەسەر سنووری گاد لەلای باشوور
بەرەو ڕاست، سنوورەکە لە تامارەوە بۆ ئاوەکانی مەریبەی
قادش، لە ڕووبارەوە تا دەریای گەورە. ٢٩ ئەمە ئەو زەوییەیە کە
بەمیرات بەسەر هۆزەکانی ئیسڕائیل دابەشی دەکەن و ئەمەش
بەشەکانیانە. خوداوەندم خوداوەند ڕایگەیاند.
٣٠ ئەمانەش چوونەدەرەوەکانی شارەکەن، لەلای باکوور چوار
هەزار و پێنج سەد پێوانە. ٣١ دەروازەکانی شارەکەش لەسەر
ناوی هۆزەکانی ئیسڕائیلە. سێ دەروازە ڕووەو باکوور،
دەروازەی ڕەئوبین و دەروازەی یەهوزا و دەروازەی لێڤی.
٣٢ لەلای خۆرهەڵاتیش چوار هەزار و پێنج سەد و سێ دەروازە،
دەروازەی یوسف و دەروازەی بنیامین و دەروازەی دان. ٣٣ لای
باشووریش چوار هەزار و پێنج سەد پێوانە و سێ دەروازە،
دەروازەی شەمعون و دەروازەی یەسساکر و دەروازەی
زەبولون .٣٤ لای خۆرئاواش چوار هەزار و پێنج سەد و سێ
دەروازە، دەروازەی گاد و دەروازەی ئەشیر و دەروازەی نەفتالی.
٣٥ چێوەکەش هەژدە هەزارە و ناوی شارەکەش لەوە ڕۆژەوە،
خوداوەند لەوێیە

# دانیال

## ١

١ له سێیەم ساڵی پاشایەتی یەهویاقیمی پاشای یەهوزادا،
نەبوخوزنەسری پاشای بابل هات بۆ ئۆرشەلیم و گەمارۆی دا.
٢ خوداوەندیشم یەهویاقیمی پاشای یەهوزای دابەدەستییەوە لەگەڵ
هەندێ لە قاپوقاچاغەکانی ماڵی خودا و ئەویش بۆ خاکی شنعاری
هێنان بۆ ماڵی خوداکەی. قاپوقاچاغەکەشی هێنایە ناو خەزێنەی
ماڵی خوداکەیەوە. ٣ پاشا فەرمانی بە ئەشفەنەزی سەرۆک
خەساوەکانی کرد کە لە نەوەی ئیسرائیل و لە توخمی پاشا و پیاو
ماقوڵەکان ٤ چەند کوڕێکی بهێنێت کە هیچ کەموکوڕییەکیان تێدا
نەبێت و ڕوخسار جوان و زیرەك لە هەموو دانایيەك و زانین
بزانن و تێگەیشتنیان هەبێت لە زانست و ئەوانەی هێزیان تیادا
بێت بۆ خزمەتکردن لە کۆشکی پاشا، جا نووسینی زمانی
کلدانیەکانیان فێربکەن. ٥ پاشا بە شی ڕۆژ بە ڕۆژی لە خواردنە
خۆشەکانی و لە مەیی خواردنەوەکەی بۆ دیاری کردن بۆ
بەخێوکردنیان بۆ ماوەی سی ساڵ و لەکۆتاییەکەی لەبەردەم پاشا
خزمەت دەکەن. ٦ دانیال و حەنانیا و میشائیل و عەزەریا لە
هۆزی یەهوزا لە نێو ئەواندا بوون. ٧ سەرۆکی خەساوەکانیش
ناوی بۆ دانان، بۆ دانیال بەلتشاسەر و بۆ حەنانیا شەدرەخ و بۆ
میشائیل میشەخ و بۆ عەزەریاش عەبێد نگۆ.
٨ بەڵام دانیال خستیە دڵیەوە کە بە خواردنە خۆشەکانی پاشا و بە
مەیی خواردنەوەکەی گڵاو نەبێت، جا داوای لە سەرۆک
خەساوەکان کەرد کە گڵاو نەبێت. ٩ خوداش پەسەندی و بەزەیی
بەدانیال بەخشی لەلای سەرۆك خەساوەکان. ١٠ جا سەرۆك
خەساوەکان بە دانیالی وت: من لە پاشای گەورەم دەترسم کە
خواردن و خواردنەوەتانی دیاری کردووە. بۆچی ببینێ رووتان
لە ڕووی ئەو کوڕانەی هاوتەمەنتانن لاوازترە، جا ملم بدەنە
دەست پاشاوە؟ ١١ دانیالیش بەو سەرپەرشتیارەی وت کە سەرۆك
خەساوەکان بەسەر دانیال و حەنانیا و میشائیل و عەزەریاوە
دایناب‌وو: ١٢ تکایە بۆ دە ڕۆژ خزمەتکارەکانت تاقیبکەوە، با بەری
ڕووەکمان بدەنێ بیخۆین و ئاویش بیخۆینەوە، ١٣ پاشان با
لەبەردەمت تەماشای ڕوخساری ئێمە و ڕووخساری ئەو کوڕانە
بکەن کە لە خواردنە خۆشەکانی پاشا دەخۆن، ئینجا چۆنی
دەبینیت ئاوا لەگەڵ خزمەتکارەکانت بکە. ١٤ ئەویش گوێی لەم
قسەیەیان گرت و دە ڕۆژ تاقیکردنەوە و ١٥ لە کۆتایی دە ڕۆژەکەدا
ڕووخساریان دەرکەوت باشتر و قەڵەوترە لە هەموو ئەو
کوڕانەی لە خواردنە خۆشەکانی پاشایان دەخوارد. ١٦ جا
سەرپەرشتیارەکەیان خواردنە خۆشەکەیان و مەیەکەیانی
هەڵدەگرت و بەری ڕووەکی دەدانێ. ١٧ بەڵام ئەو چوار کوڕە،
خودا زانین و وریایی دانێ لە هەموو نووسین و دانایيەك و
دانیالیش لە هەموو بینین و خەونێکدا تێگەیشتوو بوو. ١٨ لە کۆتایی
ئەو ڕۆژانەی کە پاشا وتبووی بیانهێننە ژوورەوە، سەرۆك
خەساوەکان هێنایانیە بەردەم نەبوخەزنەسر. ١٩ پاشاش قسەی
لەگەڵ کردن و لەنێو هەموویاندا کەس نەبوو وەك دانیال و حەنانیا
و میشائیل و عەزەریا. بۆیە لەبەردەم پاشادا وەستان. ٢٠ لە هەموو
کاروبارێکی دانایی تێگەیشتن کە پاشا لەبارەیانەوە لێیانی پرسی،
بینی دە هێند لە سەرووی هەموو جادووگەر و ساحیرانی
پاشایەتییەکەین. ٢١ دانیالیش تا ساڵی یەکەمی کۆرەش پاشا لەوێ
مایەوە.

## ٢

١ لە ساڵی دووەمی پاشایەتی نەبوخەزنەسردا، نەبوخەزنەسر چەند
خەونێکی بینی کە بووە هۆی بێزاربوونی ڕۆحی و خەوی لێ
زڕا. ٢ جا پاشا فەرمانی دا جادووگەران و ساحیران و بەخت
خوێنەوەران و کلدانییەکان بانگ بکەن، تا خەونەکەی پاشا بە پاشا
ڕابگەیەنن. ئەوانیش هاتن و لەبەردەم پاشادا وەستان. ٣ پاشا پێی
وتن: خەونێکم بینیووە و ڕۆحم بۆ زانینی خەونەکە هەراسان
بووە. ٤ کلدانییەکان بە ئارامی بە پاشایان وت: تاهەتایە بژیت ئەی
پاشا! خەونەکە بە خزمەتکارەکانت بڵێ تا بۆتی لێکبدەینەوە. ٥ پاشا
وەڵامی دایەوە و بە کلدانییەکانی وت: من بڕیارم داوە، گەر
خەونەکە و لێکدانەوەکەیم پێ نەڵێن، پارچە پارچە دەکرێن و
ماڵەکانتان دەبێت بە کەلاوە. ٦ بەڵام گەر خەونەکە و
لێکدانەوەکەیتان دەرخست، لە منەوە دیاری و پاداشت و ڕێزێکی
گەورەتان دەست دەکەوێت. جا خەونەکە و لێکدانەوەکەیم بۆ
دەرخەن. ٧ دووبارە وەڵامیان دایەوە و وتیان: با پاشا خەونەکە بە
خزمەتکارانی بڵێت، تا ئێمەش لێکی بدەینەوە. ٨ پاشاش وەڵامی
دایەوە و وتی: من بە دڵنیاییەوە دەزانم ئێوە دەتانەوێت کات
بەدەست بهێنن، چونکە دەزانن بڕیارم داوە کە ٩ ئەگەر خەونەکەم
پێ نەڵێن، یەك جاڕدان هەیە بۆتان. چونکە لەسەر قسەی درۆ و
پووچ ڕێککەوتوون تا لەبەردەمم بیڵێن، تا کات بەسەردەچێت.
لەبەرئەوە خەونەکەم پێ بڵێن با بزانم کە بۆمی لێکدەدەنەوە.
١٠ کلدانییەکانیش لەبەردەم پاشادا وەڵامیان دایەوە و وتیان: هیچ
مرۆڤێك لەسەر زەوی نییە ئەم داوایەی پاشا جێبەجێ بکات!
چونکە هیچ پاشایەکی گەورەی خاوەن دەسەڵات شتێکی وای لە
جادوگەر یان ساحیر یان کلدانییەك داوا نەکردووە، ١١ ئەو شتەش
کە پاشا داوای دەکات گرانە و کەس نییە دەریبخات، جگە لە
خوداکان کە جێنشینیان لەگەڵ مرۆڤ نییە. ١٢ لەبەر ئەوە پاشا
تووڕە بوو و زۆر ڕقی هەستا و فەرمانیدا هەموو داناکانی بابل
لەناوببرێن. ١٣ جا جاڕدرا و دەستکرا بە کوشتنی داناکان، دانیال
و هاوڕێکانیشی داواکران تا بیانکوژن. ١٤ لەو کاتەدا دانیال بە
دانایی و وریایەوە وەڵامی ئەریوخی سەرۆك پاسەوانانی پاشای
دایەوە، ئەوەی دەرچووبوو بۆ کوشتنی داناکانی بابل. ١٥ وەڵامی
دایەوە و بە ئەریوخی فەرماندەی پاشای وت: بۆچی فەرمانەکەی
پاشا وا توندە؟ ئەریوخیش مەسەلەکەی بە دانیال ڕاگەیاند. ١٦ جا
دانیال چووە ژوورەوە و داوای لە پاشا کرد کاتی پێ بدات تا
لێکدانەوەی خەونەکە بۆ پاشا دەرخات. ١٧ ئینجا دانیال گەڕایەوە
ماڵەکەی خۆی و مەسەلەکەی لە هاوڕێکانی لە حەنانیا و میشائیل
و عەزریا گەیاند، ١٨ تا لەبارەی ئەم نهێنییە لە خودای ئاسمانەکان
داوای بەزەیی بکەن بۆ ئەوەی دانیال و هاوڕێکانی و سەرجەم
داناکانی بابل لەناونەچن. ١٩ ئینجا لە بینینی شەودا نهێنییەکەی بۆ
دانیال ئلشکرا کرا، دانیالیش خودای ئاسمانەکانی پیرۆزکرد،
٢٠ دانیال وەڵامی دایەوە و وتی:
با ناوی خودا لە هەتاهەتاوە و تا هەتاهەتایە پیرۆزبێت،
چونکە دانایی و توانا هی ئەوە.
٢١ ئەو کات و زەمەنەکان دەگۆڕێت
پاشایان لادەدات و پاشایان دادەنێت
دانایی بە داناکان دەبەخشێت و
زانایان فێری تێگەیشتن دەکات.

٢٢ ئەو قوڵایی و نهێنییەکان ئاشکرا دەکات
ئەو دەزانێت چی لە تاریکیدایە و
ڕووناکی لەلای ئەو نیشتەجێ دەبێت.
٢٣ ئەی خودای باووباپیرانم
سوپاس و ستایشی تۆ دەکەم
کە دانایی و هێزی پێدام و
ئێستا ئەوەی پێ وتم کە داوامان لێی کرد
چونکە مەسەلەکەی پاشات بە ئێمە وت.
٢٤ لەبەرئەوە دانیال چووە ژوورەوە بۆ لای ئەریوخ ئەوەی پاشا
داینا بۆ لەناوبردنی داناکانی بابل. ڕۆیشت و ئازای پێ وت:
داناکانی بابل لەناومەبە، بمبە ژوورەوە بۆ بەردەم پاشا تا
لێکدانەوەی خەونەکە بۆ پاشا دەرخەم.
٢٥ ئینجا ئەریوخ بەپەلە دانیالی بردەژوورەوە بۆ بەردەم پاشا و
ئاوای پێ وت: پیاوێکم دۆزیوەتەوە لە نەوە ڕاپێچکراوەکانی
یەهوزا کە لێکدانەوەی خەونەکە بە پاشا دەڵێت. ٢٦ پاشا وەڵامی
دایەوە و بە دانیالی وت کە ناوی بەلتشاسرە: تۆ دەتوانی ئەو
خەونەی کە بینیبووم و لێکدانەوەکەیم پێ بڵێیت. ٢٧ دانیالیش
لەبەردەم پاشا وەڵامی دایەوە و وتی: ئەو نهێنییەی پاشا داوای
کردووە نە دانایان و نە ساحیران و نە جادووگەران و نە
ئەستێرەناسان و ناتوانن بۆ پاشا ئاشکرای بکەن. ٢٨ بەڵام خودایەك
هەیە لە ئاسمانەکان نهێنییەکان ئاشکرا دەکات و بە نەبوخوزنەسر
پاشای ڕاگەیاند لە ڕۆژانی دواییدا چی دەبێت، خەونەکەت و
بینینی سەرت لە ناو نوێنەکەت ئەمەیە: ٢٩ تۆ ئەی پاشا،
بیرکردنەوەکانت لە ناو نوێنەکەت چوون بەلای ئەو شتانەی دوای
ئەمە دەبن، ئاشکراکاری نهێنییەکانیش پێت دەڵێت چی دەبێت.
٣٠ بەڵام من نەك لەبەر ئەوەی دانابیەك لەناو مندا هەبێت زیاتر لە
هەموو زیندووان، ئەم نهێنییەم بۆ ئاشکرا کرا، بەڵکو بۆ ئەوەی
لێکدانەوەکە بە پاشا بووترێت و تا بیرکردنەوەکانی دڵی خۆت
بزانیت.
٣١ تۆ ئەی پاشا تەماشات دەکرد و ئەوەتا پەیکەرێکی گەورەیە، ئەم
پەیکەرە گەورە و زۆر سەرنج ڕاکێشە لەبەردەمت وەستا و
دیمەنی سەرسوڕهێنەر بوو. ٣٢ سەری پەیکەرەکە لە زێڕی
بێگەرد بوو، سنگ و قۆڵەکانی لە زیو بوو، سك و ڕانەکانی لە
مس بوو، ٣٣ قاچەکانی لە ئاسن بوون و پێیەکانی هەندێکی لە ئاسن
و هەندێکیشی لە قوڕی سوورەوەکراو بوو. ٣٤ تەماشات دەکرد تا
بەردێك بڕایەوە بە بێ ئەوەی دەستی مرۆڤی بەرکەوێت، جا لە
پێیەکانی پەیکەرەکەی دا کە لە ئاسن و قوڕی سوورکراوە بوون و
وردوخاشی کردن. ٣٥ ئینجا ئاسنەکە و قوڕە سوورکراوەکە و
مسەکە و زیوەکە و زێڕەکە پێکەوە وردوخاشکران و وەك پووشی
خەرمانیان لێهات لە هاویندا، جا با هەڵیگرت و ئیتر شوێنی نەما.
بەڵام ئەو بەردەی لە پەیکەرەکەی دا بوو بە چیایەکی گەورە و
هەموو زەوی گرتەوە. ٣٦ ئەمە خەونەکەیە، ئێستاش با
لێکدانەوەکەی لەبەردەم پاشا ڕابگەیەنین. ٣٧ تۆ ئەی پاشا، پاشای
پاشایانی، چونکە خودای ئاسمانەکان پاشایەتی و دەسەڵات و توانا
و ڕێزی پێ بەخشیویت و ٣٨ لە هەرکوێ نەوەی مرۆڤ و
گیانلەبەری دەشتودەر و باڵندەی ئاسمانی لێبێت داویەتیە دەستی
تۆوە و بەسەر هەموویاندا زاڵی کردوویت، جا تۆ ئەم سەرەی کە
لە زێڕە. ٣٩ پاش تۆ پاشایەتییەکی تر بەرپا دەبێت لە تۆ بچووکترو
پاشایەتیەکی تری سێیەم لە مس کە بەسەر هەموو زەویدا زاڵ
دەبێت. ٤٠ ئینجا پاشایەتی چوارەم بەرپا دەبێت ڕەق وەك ئاسن،
چونکە ئاسن دەکوتێت و هەموو شتێك وردوخاش دەکات، وەك
ئەو ئاسنەی دەشکێنێت ، ئەمیش هەموو ئەمانە دەکوتێت
دەیانشکێنێت. ٤١ لەبەرئەوەی بینیت پێیەکان و پەنجەکان هەندێکیان
لە قوڕی سوورکراوە و هەندێکیان لە ئاسن بوون، پاشایەتییەکەش
دابەشکراو دەبێت و هێزی ئاسنی تیادا دەبێت. ٤٢ لەبەرئەوەی
بینیت ئاسنەکە تێکەڵ بە قووڕی سوورکراوە بوو. پەنجەی
پێیەکانیش هەندێکیان لە ئاسن و هەندێکیان لە قوڕی سوورکراوە
بوو، جا هەندێك لە پاشایەتیەکە بەهێز و هەندێکیان ناسك دەبێت.
٤٣ لەبەرئەوەی بینیت ئاسنەکە تێکەڵ بە قوڕە سوورەوەکراوەکە
بوو، جا ئەوان تێکەڵ بە وەچەی خەڵکی دەبن، بەڵام ئەمە بەوەوە
نانوسێت، وەك چۆن ئاسن تێکەڵ بە قوڕ نابێت. ٤٤ لە ڕۆژانی ئەم
پاشایانەدا خودای ئاسمانەکان پاشایەتیەك بەرپا دەکات کە هەرگیز
بنبڕ نابێت و پاشاییەکەی بۆ گەلێکی تر بەجێ ناهێڵرێت و هەموو
ئەو پاشایەتیانە وردوخاش دەکات و لەناو دەبات و ئەو تاهەتایە
جێگیر دەبێت، ٤٥ چونکە بینیت کە بەردێك لە چیاوە بڕا بەڵام بە
دەست نا، جا ئاسن و مس و قوڕی سوورکراوە و زیو و زێڕەکەی
وردوخاش کرد. خودای گەورە ئەوەی بە پاشا وت کە دێت.
خەونەکە گومانی تیادا نییە و لێکدانەوەکەشی جێی متمانەیە.
٤٦ ئینجا نەبوخوزنەسر بەسەر ڕوویدا کەوت و کڕنۆشی بۆ دانیال
برد و فەرمانی کرد بخووری بۆن خۆشی پێشکەش بکەن. ٤٧ پاشا
بە دانیالی وت: بەڕاستی خودای ئێوە خودای خودایانە و
خوداوەندی پاشایانە و ئاشکراکاری نهێنییەکانە، چونکە توانیت
ئەم نهێنیە ئاشکرا کەیت. ٤٨ ئینجا پاشا پایەیەکی بەرزی بە دانیال
دا و دیاری زۆری پێ بەخشی و دەسەڵاتی پێدا بەسەر هەموو
هەرێمی بابل و کردی بە سەرۆکی هەموو داناکانی بابل.
٤٩ دانیالیش داوای لە پاشا کرد و
شەدرەخ و میشەخ و عەبدەنغۆی لەسەر کاروبارەکانی هەرێمی
بابل دانا. بەڵام دانیال لە دیوەخانی پاشا مایەوە.

# ٣

١ نەبوخەزنەسر پاشا پەیکەرێکی لە زێڕ دروست کرد
درێژییەکەی شەست باڵ و پانییەکەی شەش باڵ بوو و لە دەشتی
دورا لە هەرێمی بابل داینا. ٢ پاشان نەبوخەزنەسر پاشا ناردی
بەدوای میرزاکان و مەرزەوانەکان و فەرمانڕەواکان و
ڕاوێژکاران و خەزنەداران و دادوەران و ئەنجومەنەکان و هەموو
کاربەدەستانی هەرێمەکان تا بێن بۆ پەردە داماڵین لەسەر
پەیکەرەکەی کە نەبوخەزنەسر پاشا داینا. ٣ ئینجا میرزاکان و
مەرزەوانەکان و فەرمانڕەواکان و ڕاوێژکاران و خەزنەداران و
دادوەران و ئەنجومەنەکان و هەموو کاربەدەستانی هەرێمەکان
هاتن بۆ پەردە داماڵین لەسەر پەیکەرەکەی نەبوخەزنەسر پاشا
داینا، جا لەبەردەم ئەو پەیکەرەی نەبوخەزنەسر پاشا داینا وەستان.
٤ ئینجا جاڕدەر بە دەنگی بەرز جاڕیدا: ئەی گەلان و میللەتان و
زمانەکان! فەرمانتان پێکراوە، ٥ کاتێك گوێتان لە دەنگی کەڕەنا و
شمشاڵ و قیسارە و عود و سەنتور و دووزەلە و هەموو
جۆرەکانی مۆسیقا دەبێت، دەبێت بچنە سەر چۆك و کڕنۆش بۆ
ئەو پەیکەرە زێڕە ببەن کە نەبوخەزنەسر پاشا دایناوە. ٦ هەر
کەس نەچێتە سەر چۆك و کڕنۆش نەبات، هەر ئەو کاتە
فڕێدەدرێتە ناو کورەی ئاگری داگیرساوەوە. ٧ لەبەرئەوە هەر
کاتێك هەموو گەلان گوێیان لە دەنگی کەڕەنا و شمشاڵ و قیسارە
و عود و سەنتور و هەموو جۆرە مۆسیقییەکان بووایە، هەموو
گەلان و میللەتان و زمانەکان دەچوونە سەر چۆك و بۆ پەیکەرە
زێڕەکە کڕنۆشیان دەبرد کە نەبوخەزنەسر پاشا دایانابوو.
٨ لەبەر ئەوە لەو کاتەدا چەند پیاوێکی کلدانی هاتنە پێشەوە و
شکاتیان لە جوولەکەکان کرد و ٩ بە نەبوخەزنەسر پاشایان وت:
ئەی پاشا تاهەتایە هەر بژیت! ١٠ تۆ ئەی پاشا فەرمانت دەرکرد
کە هەر کەسێك گوێ لە دەنگی کەڕەنا و شمشاڵ و قیسارە و عود
و سەنتور و دووزەلە و هەموو جۆرەکانی مۆسیقا بێت، دەبێت
بچێتە سەر چۆك و کڕنۆش بۆ پەیکەرە زێڕینەکە ببات و
١١ ئەوەی نەچێتە سەر چۆك و کڕنۆش نەبات، ئەوا فڕێدەدرێتە
ناو کورەی ئاگری داگیرساوەوە. ١٢ چەند پیاوێکی جوولەکە هەن
کە تۆ بەسەر کاروبارەکانی هەرێمی بابلەوە داتناون، شەدرەخ و

میشەخ و عەبدنگۆ. ئەو پیاوانە هیچ گوێیان پێ نەداوە ئەی
پاشا، خوداکانت نا پەرستن و کڕنۆش بۆ ئەو پەیکەرە زێڕە نابەن
کە داتناوە.
١٣ لەوکاتەدا نەبوخەزنەسر بە تووڕەیی و ڕقەوە فەرمانیدا کە
شەدرەخ و میشەخ و عەبدنگۆ بهێنن. جا ئەو پیاوانەیان هێنایە
بەردەم پاشا. ١٤ نەبوخەزنەسریش پێی وتن: ئەی شەدرەخ و
میشەخ و عەبدنگۆ، ئایا بە ئەنقەست خوداکانم ناپەرستن و
کڕنۆش بۆ ئەو پەیکەرە زێڕە نابەن کە دامناوە؟ ١٥ گەر ئێستا
ئامادەبن کاتێ گوێتان لە دەنگی کەڕەنا و شمشاڵ و قیسارە و عود
سەنتور و دووزەلە و هەموو جۆرە مۆسیقایەك دەبێت بچنە سەر
چۆك و کڕنۆش بۆ ئەو پەیکەرە ببەن کە دروستم کردووە، ئەگەر
کڕنۆش نەبەن هەر لەو کاتەدا فڕێدەدرێنە ناو کورەی ئاگری
داگیرساوەوە، ئیتر ئەو خودایە کێیە لە دەستم ڕزگارتان دەکات؟
١٦ شەدرەخ و میشەخ و عەبدنگۆش وەڵامیان دایەوە و بە پاشایان
وت: ئەی نەبوخزنەسر پێویست ناکات لەسەر ئەم شتە وەڵامت
بدەینەوە، ١٧ ئەوەتا ئەو خودایەمان کە خزمەتی دەکەین هەیە و
دەتوانێت لە کورەی ئاگری داگیرساو ڕزگارمان بکات و لە
دەستی تۆش ڕزگارمان کات ئەی پاشا. ١٨ ئەگینا با زانراوبێت
لەلات ئەی پاشا، ئێمە خوداکانی تۆ ناپەرستین و کڕنۆش بۆ ئەو
پەیکەرە زێڕەش نابەین کە داتناوە.
١٩ لەوکاتەدا نەبوخوزنەسر پڕ بوو لە ڕق و دیمەنی دەموچاوی
لەسەر شەدرەخ و میشەخ و عەبدنگۆ گۆڕا و فەرمانیدا کە
کورەکە حەوت جار زیاتر گەرم بکەن لەوەی کە هەمیشە گەرم
دەکرێت. ٢٠ هەروەها فەرمانی بە پاڵەوانە بەهێزەکانی سوپاکەی
کرد، شەردەخ و میشەخ و عبدنگۆ پەلبەست بکەن و فڕێیان بدەنە
ناو کورەی ئاگری داگیرساوەوە. ٢١ بەو شێوەیە ئەو پیاوانە بە
شەرواڵ و کراس و سەر کراس و جلوبەرگەکانیانەوە
پەلبەستکران و فڕێدرانە ناو کورەی ئاگری داگیرساوەوە.
٢٢ لەبەرئەوەی فەرمانەکەی پاشا زۆر توند بوو و کورەکە زۆر
گەرم کرابوو، بڵێسەی ئاگرەکە ئەو پیاوانەی کوشت کە شەدرەخ
و میشەخ و عەبدگۆیان بەرزکردەوە. ٢٣ ئەو سێ پیاوەش،
شەدرەخ و میشەخ و عەبدنگۆ بە پەلبەست کراوی کەوتنە ناو
کورە ئاگرە داگیرساوەکەوە.
٢٤ لەوکاتەدا نەبوخوزنەسر سەری سوڕماو بەپەلە هەستا و بە
ڕاوێژکارەکانی وت: ئایا سێ پیاوی پەلبەستکراومان فڕێنەدایە
ناو ئاگرەکەوە؟ ئەوانیش وەڵامیان دایەوە و بە پاشایان وت:
ڕاستە، ئەی پاشا. ٢٥ ئەویش وتی: ئەوەتا من چوار پیاو دەبینم
دەست و پێ کراوە بە ناو ئاگرەکەدا دێن و دەچن و هیچ ئەزێتیان
پێنەگەیشتووە و دیمەنی چوارەمیان لە کوڕی خوداکان دەچێت.
٢٦ ئینجا نەبوخوزنەسر لە دەرگای کورە ئاگرە داگیرساوەکە نزیك
بووەوە و وتی: ئەی شەدرەخ و میشەخ و عەبدنگۆ! ئەی
خزمەتکارانی خودای هەرەبەرز! وەرنە دەرەوە و وەرن. ئینجا
شەدرەخ و میشەخ و عبدنگۆ لەناو ئاگرەکە هاتنەدەرەوە. ٢٧ جا
میرزاکان و مەرزەوانەکان و فەرمانڕەواکان و ڕاوێژکارانی پاشا
کۆبوونەوە و ئەو پیاوانەیان بینی کە ئاگرەکە هیچ هێزێکی لەسەر
لەشیان نەبووە و تاڵە موویەکی سەریان نەسوتاوە و ڕەنگی
شەرواڵەکانیان نەگۆڕاوە و بۆنی ئاگرەکەیان نەگرتووە. ٢٨ ئینجا
نەبوخوزنەسر وتی: پیرۆزبێت خودای شەدرەخ و میشەخ و
عەبدنگۆ، ئەوەی فریشتەکەی خۆی نارد و خزمەتکارەکانی
ڕزگارکرد، ئەوانەی پشتیان بەو بەست و فەرمانی پاشایان شکاند
و لەشی خۆیان دابەدەستەوە بۆ ئەوەی کڕنۆش بۆ خودایەکی تر
بێجگە لە خوداکەیان نەبەن و نەیپەرستن. ٢٩ لەبەرئەوە لە منەوە
فەرمانێك دەرچووە بەوەی کە هەر گەل و میللەت و زمانێك بە
خراپە باسی خوداکەی شەدرەخ و میشەخ و عەبدنگۆ بکەن،
پارچەپارچە دەکرێن و ماڵەکانیان دەبێت بە کەلاوە، چونکە هیچ
خودایەکی تر ناتوانێت ئاوا ڕزگاربکات. ٣٠ ئینجا پاشا پایەی
شەدرەخ و میشەخ و عەبدنگۆی لە هەرێمی بابلدا بەرزکردەوە.

# ٤

١ لە نەبوخوزنەسر پاشاوە بۆ هەموو گەل و میللەت و زمانەکان
کە لە هەموو زەویدا نیشتەجێن: با ئاشتیتان زۆر بێت، ٢ بەباشم
زانی ئەو نیشانە و کارە سەرسوڕهێنەرانە ڕابگەیەنم کە خودای
هەرەبەرز لەگەڵمدا کردی.
٣ نیشانەکانی چەند گەورەن و
کارە سەرسوڕهێنەرەکانی چەند بەهێزن!
پاشایەتییەکەی پاشایەتی هەتاهەتاییە و
دەسەڵاتیشی بۆ نەوە دوای نەوەیە. ٤ من نەبوخوزنەسرم لە
ماڵەکەم بێ غەم بووم و لەناو کۆشکەکەمدا تەماشام دەکرد،
٥ خەونێکم بینی ترساندمی، بیرکردنەوەکانم لەناو نوێنەکەم و
بینینەکانی سەرم منیان تۆقاند. ٦ لەبەرئەوە فەرمان لە منەوە
دەرچوو کە هەموو دانایانی بابل بهێنن بۆ بەردەمم بۆ ئەوەی
خەونەکەم بۆ لێکبدەنەوە. ٧ ئینجا جادووگەران و ساحیران و
کلدانییەکان و ئەستێرەناسان هاتن و خەونەکەم بۆ گێرانەوە و
نەیانزانی لێکیبدەنەوە، ٨ لەکۆتاییدا دانیال هاتەژوورەوە بۆ
بەردەمم کە ناوی بەلتشاسرە و وەك ناوی خوداکەمە و ڕۆحی
خودا پیرۆزەکانی تیادایە و خەونەکەم لەبەردەمیدا گێڕایەوە.
٩ ئەی بەلتشاسری گەورەی جادووگەران! لەبەرئەوەی کە دەزانم
ڕۆحی خودا پیرۆزەکانت تیادایە و هیچ نهێنییەکت لا عاسی
نابێت، بینینی خەونەکەم و لێکدانەوەکەیم پێ بڵێ. ١٠ بینینەکانی
سەرم لەناو نوێنەکەم ئەوەیە کە تەماشام دەکرد و بینیم ئەوەتا
دارێك لەناوەڕاست زەوییەکەیە و درێژیەکەی گەورەیە. ١١ جا
دارەکە گەورە بوو و بە هێز بوو و بەرزی گەیشتە ئاسمان و
دیمەنی تا ئەوپەڕی زەوی بوو. ١٢ گەڵاکانی جوان و بەروبوومی
زۆر و بەشی هەمووان خواردنی تیادا بوو و گیانلەبەرانی
دەشتودەر لە ژێری سێبەرەکەیدا بوون و لە لقەکانیدا باڵندەکانی
ئاسمان نیشتەجێ بوون هەموو مرۆڤیش لێیان خوارد. ١٣ لەو
بینینانەی بە مێشکمدا دەهات لەناو نوێنەکەم، بینیم ئەوەتا
نێرراوێکی پاکوپیرۆز لە ئاسمانەوە هاتەخوارەوە. ١٤ بە توندی
هاواری کرد و ئاوای وت: لقەکانی ببڕنەوە و گەڵاکانی بتەکێنن
و بەرەکەی پەرش بکەن، با گیانلەبەر لە ژێری و باڵندە لە لقەکانی
هەڵبێن. ١٥ بەڵام واز لە قەدی ڕەگەکەی لە زەوی بهێنن و بە کۆتی
ئاسن و مسەوە لەناو گژوگیای کێڵگەدا بێت، تا بە شەونمی
ئاسمان تەڕ بێت و با بەشی لەگەڵ گیانلەبەرانی بێت لە گژوگیای
کێڵگەکەدا. ١٦ با مێشکی لە مرۆڤایەتیەوە بگۆڕێت و با مێشکی
ئاژەڵی بدرێتێ و حەوت کاتی بەسەردا تێپەڕێت. ١٧ ئەمە کارە بە
جاڕی نێردراوان و بە وشەی پاکوپیرۆزانە تا زیندووان بزانن کە
هەرەبەرز دەسەڵاتدارە لە پاشایەتی مرۆڤدا و دەیدات بەوەی
خواستی خۆیەتی و نزمترین خەڵکی لەسەر دادەنێت. ١٨ من،
نەبوخوزنەسری پاشا ئەم خەونەم بینی، بەڵام تۆ ئەی بەلتشاسر
لێکدانەوەکەی دەربخە، چونکە هەموو دانایانی پاشایەتییەکەم
ناتوانن بۆمی لێکبدەنەوە. بەڵام تۆ دەتوانیت، چونکە ڕۆحی خودا
پیرۆزەکانت تیادایە.
١٩ لەوکاتەدا دانیال کە ناوی بەلتشاسرە بۆ کاتژمێرێك واقی وڕما
و بۆچوونەکانی ترساندی، پاشاش وتی: بەلتشاسر با خەونەکە و
لێکدانەوەکەی نەتترسێنن. بەلتشاسریش وەڵامی دایەوە و وتی:
گەورەم خەونەکە بۆ نەیارانتە و لێکدانەوەکەشی بۆ دوژمنانت.
٢٠ ئەو دارەی کە بینیت گەورەبوو و بەهێز بوو و بەرزییەکەی
گەیشتە ئاسمان و دیمەنی گەیشتە ئەوپەڕی زەوی و ٢١ گەڵاکانی
جوان بوون و بەروبوومی زۆر بووە و بەشی هەمووان خواردنی
تیادا بوو و لە ژێریدا گیانلەبەرانی دەشتودەر نیشتەجێ بوون و لە
لقەکانیدا باڵندەکانی ئاسمان نیشتەجێ بوون، ٢٢ ئەوە تۆیت ئەی

پاشـــا کە گەورە بوویت و بەهێزبوویت و گەورەییت زیادی
کردووە و گەیشتۆتە ئاسمان و دەسەڵاتیشت تا ئەوپەڕی زەوییە.
٢٣ کە پاشـاش نێردراوێکی پاکوپیرۆزی بینی لە ئاسـمانەوە هاتە
خوارەوە و وتی: دارەکە ببڕنەوە و لەنـاوی ببەن، بەڵام واز لە
قەدی ڕەگەکەی لە زەوی بهێنن و بە کۆتی ئـاسـن و مس لە
گژوگیای کێڵگەکەدا بێت و با بە شـەونمی ئاسـمان تەڕبێت و با
لەگەڵ ئـاژەڵی دەشـتودەردا بێـت تـا حەوت کـاتی بەسـەردا
تێپەڕدەبێت. ٢٤ ئەمە لێکدانەوەکەیەتی ئەی پاشـا و ئەمە بڕیاری
هەرەبەرزە کە بەسـەر پاشـای گەورەمدا دێت، ٢٥ لەنێو خەڵکدا
دەرتدەکەن و لەگەڵ گیانلەبەرانی دەشـتودەردا دەژیت و وەك گا
گژوگیات دەرخوارد دەدەن و بە شـەونمی ئاسمان تەڕت دەکەن و
حەوت کـات بەسـەردا تێپەڕدەبێـت تـا بزانیـت کە هەرەبەرز
دەسـەڵاتدارە لە پاشـایەتی مرۆڤدا و دەیدات بەوەی خواسـتی
خۆیەتی. ٢٦ کە فەرمانیان دا بە وازهێنان لە قەدی ڕەگی دارەکە،
واتە پاشـایەتییەکەت بۆت جێگیر دەبێت کاتێ دەزانیت کە ئاسمان
دەسەڵاتە. ٢٧ لەبەرئەوە ئەی پاشا با ڕاوێژەکەم لەلات پەسەندبێت
و بە ڕاسـتودروسـتی دەسـت لە گوناهەکانت هەڵگرە و لە
تاوانەکانیشـت بە میهرەبانی لەگەڵ بەسـتەزمانەکاندا، بەڵکو
ئاسودەییت بەردەوام بێت.
٢٨ هەموو ئەم شـتانە بەسـەر نەبوخوزنەسر پاشـا داهات. ٢٩ پاش
دوانزە مانگ کاتێك لەسەربانی کۆشکی پاشایەتی بابلدا هاتوچۆی
دەکرد، ٣٠ پاشـا وتی: ئایا ئەمە بابلی مەزن نییە کە بۆ مـاڵی
پاشایەتی بە هێزی توانای خۆم و بۆ شانازی شکۆمەندیم بنیادم نا؟
٣١ هێشـتا وشـەکە لەدەم پاشـا بوو، دەنگێك لە ئاسـمانەوە هات و
وتی: بەتۆ دەڵێن ئەی نەبوخوزنەسری پاشـا، لە پاشـایەتی خرایت
و ٣٢ لەنێو خەڵکدا دەرتدەکەنە و لەگەڵ گیانلەبەرانی دەشـتودەردا
دەژیت و وەك گا گیات دەرخوارد دەدەن و حەوت کاتت بەسـەردا
تێپەڕدەبێت تابزانیت کە هەرەبەرز دەسـەڵاتدارە لە پاشـایەتی
مرۆڤدا و دەیدات بەوەی خواستی خۆیەتی.
٣٣ لەوکاتەدا کارەکە بەسەر نەبوخوزنەسردا جێبەجێ بوو و لەنێو
خەڵکدا دەرکرا و وەك گا گیای خوارد و لەشی بە شەونمی ئاسمان
تەڕبوو و تـا قژی وەك داڵ درێژبوو و نینۆکەکانی وەك بـاڵندە.
٣٤ لەکۆتایی ڕۆژەکاندا، من نەبوخوزنەسـر چاوم بۆ ئاسـمان
هەڵبڕی و هۆشـم گەڕایەوە و هەرەبەرزم پیرۆزکرد و سـتایش و
سـوپـاسـی ئەوم کرد کە بۆ هەتـاهەتـایە زینـدووە، ئەوەی
دەسـەڵاتەکەی دەسـەڵاتی هەتاهەتاییە و پاشـایەتییەکەی بۆ نەوە
دوای نەوەیە. ٣٥ هەموو دانیشـتووانی زەوی وەك هیچ حیسـاب
کراون و ئەو بە خواستی خۆی دەکات لەگەڵ هێزەکانی ئاسمان و
دانیشتووانی زەوی و کەس نییە دەستی بگرێت یان پێی بڵێت چی
دەکەیت. ٣٦ لەوکاتەدا هۆشـم گەڕایەوە و شـانازی پاشـایەتییەکەم
بۆم گەڕایەوە لەگەڵ شـکۆمەندی و گەورەیم و ڕاوێژکـاران و
گەورە پیاوەکانم داوایان کردمەوە و لەسـەر پاشـایەتییەکەم جێگیر
بووم و گەورەییم زۆر زیادی کرد. ٣٧ ئێستاش من نەبوخوزنەسرم،
پاشـای ئاسمان سـتایش دەکەم مەزنە و سـوپاسـی دەکەم، ئەوەی
هەموو کـارەکـانی ڕاسـتن و ڕێگـاکـانی دادوەرن ئەوەی بە
لووتبەرزییەوە هەڵسوکەوت بکات ئەو دەتوانێت زەلیلی بکات.

# ٥

١ بێلشـاسـر پاشـا خوانێکی گەورەی بۆ هەزار گەورە پیاوەکەی
سـازکرد و لەبەردەم هەزارەکە مەی خواردەوە. ٢ لەوکـاتەدا
بێلشاسر مەیەکەی دەنۆشی فەرمانیدا ئەو قاپوقاچاخە زێڕ و زیوە
بهێنن کە نەبوخوزنەسری باوکی لەو پەرستگایەی لە ئۆرشەلیمە
دەریهێنابوون، تا پاشـا و گەورە پیاوانی و ژنەکانی و کەنیزەکانی
پێی بخۆنەوە. ٣ ئینجـا ئەو قـاپوقـاچـاخە زێڕەیـان هێنـا کە لە
پەرسـتگای ماڵی خودا لە ئۆرشـەلیمەوە دەرهێنرابوو و پاشـا و
پیـاوەگەورەکـانی و ژنەکـانی و کەنیزەکـانی پێیـان خواردەوە.
٤ مەییان دەخواردەوە و سـتایشـی خوداکانی زێڕ و زیو و مس و
ئاسـن و دار و بەردیان دەکرد. ٥ لەوکاتەدا پەنجەکانی دەسـتێکی
مرۆڤانە دەرکەوتن و لەسـەر گەچی دیوارەکەی کۆشـکی پاشـا لە
تەنیشـت چرادانەکە دەسـتیکرد بە نووسـین و پاشـاش تەماشـای
دەسـتەکەی کرد کە دەینووسـی. ٦ ئینجا ڕەنگی پاشـا گۆڕا و
بیروبۆچوونەکـانی تۆقـانـدیـانن و دووگمەی نـاوقەدی کرایەوە و
ئەژنۆکانی کەوتنە لەرزین. ٧ پاشا بەدەنگی بەرز هاواری کرد کە
سـاحیر و کلدانی و ئەسـتێرەناسـەکان بهێننە ژوورەوە. پاشـا بە
داناکانی بابلی وت: هەر پیاوێك ئەو نووسـینە بخوێنێتەوە و بۆمی
لێکبداتەوە، ئەوا جلی ڕەنگی باینجانی لەبەر دەکات و ملوانکەیەکی
زێڕیش دەکاتە ملی و دەبێتە سێیەم دەسـەڵاتدار لە پاشـایەتییەکەدا.
٨ ئینجـا هەموو دانـاکـانی پـاشـــا چوونە ژوورەوە و نە توانیـان
نووسـینەکە بخوێننەوە و نە بۆ لێکدانەوەکەی بە پـاشـــا بڵێن.
٩ لەبەرئەوە بێلشـــاسـر زۆر ترســا و ڕەنـگی گۆڕا و
گەورەپیاوەکانیش شڵەژان. ١٠ بەڵام شاژن لەبەر قسەکەی پاشا و
گەورەپیاوانی چووە دیوەخانی خوانەکە و شـاژن بە پاشـای وت:
ئەی پاشـا تاهەتایە هەر بژیت! با بیروبۆچوونەکانت نەتترسێنن و
ڕەنگت نەگۆڕێت، ١١ لە پاشایەتییەکەتدا پیاوێك هەیە ڕۆحی خودا
پیرۆزەکانی تێدایە و لە ڕۆژانی باوکتدا ڕووناکبیری و زیرەکی
و داناییەك وەك دانایی خوداکانی تێدا بەدیکراوە، نەبوخوزنەسـر
پاشـای باوکت کردی بە گەورەی جادوگەران و سـاحیران و
کلدانیان و ئەسـتێرەناسـان. ١٢ جا لەبەر ئەوەی ڕۆحێکی تەواو و
زانین و زیرەکی و لێکـدانەوەی خەون و هەڵهێنـانی مەتەڵ و
چارەسـەرکردنی گیروگرفت لەم دانیالەدا بینراوە کە پاشـا ناوی
لێنا بەلتشاسر، با ئێستا دانیال بانگ بکرێت و لێکیبداتەوە. ١٣ ئینجا
دانیال هێنرایە بەردەم پاشـا، پاشـاش پێی وت: تۆ ئەو دانیالەی کە
لە نەوە ڕاپێچکراوەکـانی یەهوزایت، ئەوەی پـاشـــای بـاوکم لە
یەهوزاوە هێنـای؟ ١٤ بیسـتومە کە ڕۆحی خوداکـانت تێدایە و
ڕووناکبیری و زیرەکی و دانایی تەواوت تێدایە. ١٥ ئێستاش دانا و
سـاحیرەکـان هێنرانە ژوورەوە بۆ بەردەمم تـا ئەم نووسـینە
بخوێننەوە و لێکدانەوەکەیم پێبڵێن، بەڵام نەیـانتوانی ئەم قسـەیە
لێکبدەنەوە. ١٦ منیش بیستوومە کە تۆ دەتوانیت شت لێکبدەیتەوە و
گیروگرفت چارەسـەر بکەیت. گەر ئێسـتا توانیت نووسـینەکە
بخوێنیتەوە و لێکدانەوەکەیم پێ بڵێیت، ئەوا جلی ڕەنگی باینجانی
لەبەردەکەیت و ملوانکەیەکی زێڕیش لەمل دەکەیت و دەبیتە سێیەم
دەسـەڵاتدار لە پـاشـایەتییەکەدا. ١٧ دانیـالیش وەڵامی دایەوە و
لەبەردەم پاشـادا وتی: با دیارییەکانت بۆ خۆت بن و پاداشـتەکانت
بەکەسـێکی تر بدە، بەڵام من نووسـینەکە بۆ پاشـا دەخوێنمەوە و
لێکدانەوەکەی پێ دەڵێم. ١٨ تۆ ئەی پاشـا، خودای هەرەبەرز بە
نەبوخوزنەسـری باوکت پاشـایەتی و گەورەیی و شـکۆمەندی و
هێزی دا و ١٩ بەهۆی ئەو گەورەییەی کە پێیدا، هەموو گەلان و
میللەتان و زمانەکان لەبەردەمی تۆین و دەلەرزین. ئەوەی ویستی
کوشتی و ئەوەی ویستی بە زیندوویی هێشتەوە و ئەوەی ویستی
بەرزی کردەوە و ئەوەی ویسـتی نزمی کردەوە. ٢٠ بەڵام کە دڵی
بە فیز بوو و ڕۆحی زل بوو، لە تەختی پاشاییەکەیەوە داگیرا و
شـکۆکەیان لێ سـەندەوە و ٢١ لەنێو خەڵکدا دەرکرا و مێشـکی
یەکسان بوو بە مێشکی ئاژەڵ و لەگەڵ کەرەکێوی دەژیا و وەك گا
گژوگیایان دەرخواردا و لەشـی بە شـەونمی ئاسـمان تەڕبوو تا
زانی کە خودای هەرەبەرز دەسـەڵاتدارە لە پاشـایەتی مرۆڤدا و
دەیدات بەوەی خواستی خۆیەتی. ٢٢ تۆش ئەی بێلشـاسری کوڕی
دڵت بێ فیز نەکرد لەگەڵ ئەوەی هەموو ئەمەت زانی، ٢٣ بەڵکو
خۆت بە بەرزتر زانی لە خوداوەندی ئاسـمان و قاپوقاچاخەکانی
پەرسـتگـاکەی ئەویـان هێنـایە بەردەمـت و تۆش خۆت و
گەورەپیاوان و ژنەکانت و کەنیزەکانت تیایاندا مەیتان خواردەوە
و سـتایشـی خوداکانی زیو و زێڕ و مس و ئاسن و دار و بەردت

کرد، کە نابینێت و تێناگات و نازانن. بەڵام خودا ئەوەی هەناسەت
و هەموو ڕێگاکانت بە دەستی ئەوە ئەوت شکۆدار نەکرد.
٢٤ لەبەرئەوە ئەو دەستە لەلای ئەوەوە ناردرا و ئەم نووسینەی
نووسی. ٢٥ ئەمە ئەو نووسینەیە کە نووسراوە: مەنێ، مەنێ، تقێل
و پەرسین. ٢٦ ئەمەش لێکدانەوەی وشەکانە: مەنێ: خودا ڕۆژانی
پاشایەتییەکەتی ژمارد و کۆتایی پێهێنا. ٢٧ تقێل: بە تەرازووەکان
کێشرایت و نوقسان دەرچوویت. ٢٨ پەرس: پاشایەتییەکەت دابەش
کرا و بە مادای و فارس درا. ٢٩ ئینجا بێلشاسر فەرمانیدا جلی
ڕەنگی باینجانی بکەنە بەر دانیال و ملوانکەی زێڕیش بکەنە ملی
و جاڕبدەن کە دەبێت بە سێیەم لە دەسەڵاتدار لە پاشایەتییەکەدا.
٣٠ لەو شەوەدا بێلشاسری پاشای کلدانییەکان کوژرا و ٣١ داریوشی
مادای لە تەمەنی شەست و دووساڵیدا دەستی بەسەر
پاشایەتییەکەدا گرت.

# ٦

١ داریوش پێی باش بوو سەد و بیست میرزا بەسەر پاشایەتییەکەوە
دابنێت و بەسەر هەموو پاشایەتییەکەوە بن. ٢ لەسەر ئەمانیشەوە
سێ وەزیر یەکێکیان دانیال بوو، تا میرزاکان حسابەکان بخەنە
بەردەمیان بۆئەوەی پاشا زیانی پێ نەگات. ٣ جا ئەم دانیالە لە
هەموو وەزیر و میرزاکانی تێپەڕاند، چونکە ڕۆحێکی تەواوی
تێدا بوو و پاشاش بیری کردەوە کە بەسەر هەموو پاشایەتییەکەی
دابنێت. ٤ وەزیر و میرزاکان بەدوای هەڵەیەك دەگەڕان لە دانیالدا
ببیننەوە سەبارەت بە پاشایەتیەکە، بەڵام نەیانتوانی نە هەڵە و نە
سووچ بدۆزنەوە چونکە دەست پاك بوو و خەتا و سووچی تیادا
نەبوو. ٥ ئینجا ئەو پیاوانە وتیان: هیچ هەڵەیەك لەم دانیالە
نابینینەوە، تەنها ئەگەر لەبارەی شەریعەتی خوداکەیەوە نەبێت.
٦ جا ئەو وەزیر و میرزاکان لەلای پاشا کۆبوونەوە و ئاوایان پێ
وت: ئەی داریوش پاشا تاهەتایە بژیت! ٧ هەموو وەزیرەکانی
پاشایەتییەکە و مەرزەوانەکان و میرزاکان و ڕاوێژکارەکان و
فەرمانڕەواکان ڕاوێژیان کرد کە فەرزێکی پاشایانە دابنێن و بە
توندی جاڕبدەن کە هەرکەسێك بۆ ماوەی سی ڕۆژ داوایەك لە
خودایەك یان مرۆڤێك بکات، تەنها لە تۆ نەبێت ئەی پاشا با
فڕێبدرێتە ناو چاڵی شێرەکانەوە. ٨ ئێستاش ئەی پاشا جاڕدانەکە
جێگیر بکە و نووسینەکە ئیمزا بکە بۆ ئەوەی وەك شەریعەتی
مادای و فارس نە گۆڕبێت کە پووچەڵ نابێتەوە. ٩ لەبەرئەوە
داریوش پاشا نووسین و جاڕدانەکەی ئیمزا کرد.
١٠ کە دانیال بە ئیمزاکردنی نووسینەکەی زانی، چووەماڵەوە و
پەنجەرەی ژوورەکەی سەرەوەی کە ڕووەو ئۆرشەلیم بوو کراوە
بوو، جا سێ جار لە ڕۆژێکدا چووە سەر چۆك و لەبەردەم
خوداوەکەی نوێژی کرد و سوپاسی کرد وەك پێش ئەوە دەیکرد.
١١ جا ئەو پیاوانە کۆبوونەوە و بینییان دانیال لەبەردەم خوداکەیدا
داوا دەکات و دەپاڕێتەوە. ١٢ بۆیە چوونە پێشەوە و لەبەردەم پاشا
لەبارەی جاڕدانەکەی پاشا قسەیان کرد: ئەی پاشا، ئایا تۆ
جاڕدانێکت ئیمزا نەکرد کە هەر کەسێك تا سی ڕۆژ لە هەر
خودایەك یان مرۆڤێك داوایەك بکات تەنها لە تۆ نەبێت ئەی پاشا،
فڕی دەدرێتە ناو چاڵی شێرەکانەوە؟ پاشا وتی: فەرمانەکە ڕاستە
و وەك شەریعەتی مادای و فارس وایە کە پووچەڵ ناکرێتەوە.
١٣ ئینجا وەڵامیان دایەوە و لەبەردەم پاشا وتیان: ئەو دانیالەی لە
نەوە راپێچکراوەکانی یەهوزایە هیچ گوێی نە بە تۆ ئەی پاشا و نە
بەو جاڕدانەی کە ئیمزات کرد نەداوە، بەڵکو ڕۆژی سێ جار
داواکاری خۆی داوا دەکات. ١٤ کە پاشا گوێی لەم قسەیە بوو زۆر
ڕقی لەخۆی هەستا و دڵی لەسەر دانیال دانا تا فریای بکەوێت و
تا خۆر ئاوابوون تێکۆشا تا دەربازی بکات. ١٥ ئینجا ئەو پیاوانە
لای پاشا کۆبوونەوە و بە پاشایان وت: ئەی پاشا بزانە کە
شەریعەتی مادای و فارس ئەوەیە کە هەر جاڕدانێك و فەرمانێك
پاشا دایبنێت، ناگۆڕدرێت. ١٦ ئەوسا پاشا فەرمانیدا و دانیالیان
هێنا و فڕێیان دایە ناو چاڵی شێرەکانەوە، پاشاش بە دانیالی وت:
خودات ئەوەی تۆ بەردەوام خزمەتی دەکەیت، ئەو ڕزگارت کات.
١٧ ئینجا بەردێك هێنرا و لەسەر دەمی چاڵەکە دانرا و پاشاش بە
مۆری خۆی و مۆری گەورەپیاوانی مۆری کرد، نەوەك لەبەر
دانیال شتێك بگۆڕدرێت.
١٨ پاشاش گەڕایەوە بۆ کۆشکەکەی و بە ڕۆژووگری مایەوە و
کەنیزەکانی نەهێنرانە بەردەمی و خەوی لێ زڕا. ١٩ ئینجا پاشا
بەیانی زوو هەستا و بە پەلە چووە لای چاڵی شێرەکان. ٢٠ کاتێ
لە چاڵەکە نزیك بووەوە، بە دەنگێکی پەشیمانییەوە دانیالی بانگ
کرد و بە دانیالی وت: ئەی دانیالی خزمەتکاری خودای زیندوو!
ئایا ئەو خودایەی بەردەوام خزمەتی دەکەیت توانی لە شێرەکان
ڕزگارت بکات؟ ٢١ دانیالیش لەگەڵ پاشا قسەی کرد و وتی: ئەی
پاشا تاهەتایە هەر بژیت! ٢٢ خوداکەم فریشتەکەی خۆی نارد و
دەمی شێرەکانی داخست و هیچ زیانیان پێنەگەیاندم، چونکە
بێتاوان بووم لەبەردەم ئەو و لەبەردەم تۆشدا ئەی پاشا، هیچ
تاوانێکم نەکردووە. ٢٣ ئینجا پاشا دڵی پێی خۆشبوو و فەرمانیدا
دانیال لە چاڵەکەوە سەربخەن، جا دانیال لە چاڵەکەوە سەرخرا و
هیچ زیانێکی پێ نەگەیشت بوو، چونکە باوەڕی بە خودای خۆی
هەبوو. ٢٤ جا پاشا فەرمانیدا و ئەو پیاوانەیان هێنا کە شکاتیان لە
دانیال کرد و فڕێیاندانە ناو چاڵی شێرەکانەوە، خۆیان و ژن و
منداڵەکانیان. هێشتا نەگەیشتبوونە بن چاڵەکە، شێرەکان
پەلاماریاندان و هەموو ئێسقانەکانیان تێکشکاندن.
٢٥ پاشان داریوش پاشا بۆ هەموو گەلان و میللەتان و زمانەکان
کە لە هەموو زەویدا نیشتەجێن نووسی: با ئاشتیتان زۆر بێت!
٢٦ لە منەوە فەرمان دەرچووە بەوەی کە لە هەموو ناوچەکانی ژێر
دەسەڵاتمدا، لەبەردەم خودای دانیال دەتۆقن و دەترسن، چونکە
ئەو خودای زیندووی کە تاهەتایە دەمێنێت، پاشایەتییەکەی لەناو
ناچێت و دەسەڵاتی تا کۆتاییە. ٢٧ ئەو ڕزگاردەکات و
فریادەکەوێت و نیشانە و کاری سەرسوڕهێنەر دەکات لە
ئاسمانەکان و لەسەر زەوی. ئەو دانیالی لە دەست شێرەکان
ڕزگارکرد. ٢٨ بەو شێوەیە ئەم دانیالە لە پاشایەتی داریزش و لە
پاشایەتی کوڕەشی فارسیدا سەرکەوت.

# ٧

١ لە ساڵی یەکەمی بێلشاسری پاشای بابلدا، کاتێ دانیال لەسەر
جێگاکەی پاڵکەوتبوو خەونێك و چەند بینینێکی بینی کە بە مێشکیدا
تێپەڕین، ئینجا خەونەکەی نووسیەوە و سەری قسەکەی ڕاگەیاند.
٢ دانیال وتی: لە بینینەکەمدا لە شەودا تەماشام دەکرد و ئەوەتا
چوار باکەی ئاسمان پەلاماری دەریای گەورەیان دا و ٣ لە
دەریاکەوە چوار گیانلەبەری گەورە دەرچوون هەریەکەیان
جیاواز بوو لەوی دیکە. ٤ یەکەمیان وەك شێر بوو و دوو باڵی
داڵی هەبوو، تەماشام کرد تا باڵەکانی هەڵوەرین و لەسەر زەوی
قیت بووەوە و وەك مرۆڤ لەسەر دوو پێ ڕاوەستێنرا و دڵی
مرۆڤی پێدرا. ٥ لەو کاتەدا گیانلەبەرێکی دیکە دووەم لە شێوەی
ورچ لەسەر یەك لا بەرزبووەوە و سێ پەراسوو لەنێو ددانەکانی
بوو و ئاوایان پێی وت: هەستە و گۆشتی زۆر بخۆ! ٦ پاش ئەمە
تەماشام دەکرد و ئەوەتا یەکێکی دیکە وەك پڵنگ وابوو و لەسەر
پشتی چوار باڵی باڵندەی هەبوو. گیانلەبەرەکە چوار سەری
هەبوو و دەسەڵاتی پێدرابوو. ٧ پاش ئەمە لە بینینی شەودا ئەماشام
دەکرد و ئەوەتا گیانلەبەرێکی چوارەم زۆر زەبەلاح و بە هێز و
توند ددانی ئاسنین و گەورەی هەبوو وئەوانی دیکەی خوارد و
تێکیشکاندن و بە پێیەکانی پانی کردنەوە و جیاواز بوو لە هەموو

گیانلەبەرکانی پێش خۆی و دە قۆچی هەبوو. ٨ لە قۆچەکان ڕامابووم و ئەوەتا قۆچێکی بچووکی دیکە لەنێوانیانەوە دەرهات و سێ قۆچەکەی پێش خۆی هەڵتەکاند و ئەوەتا ئەم قۆچە چاوی تێدایە وەك چاوی مرۆڤ لەگەڵ دەمێك باس لە شتی گەورە دەکات. ٩ تەماشام دەکرد و تەختەکان دانران و دێرینی ڕۆژان دانیشت، جلەکانی وەك بەفر سپی بوون و مووی سەریشی وەك خوری بێگەرد وابوو و تەختەکەشی بڵێسەی ئاگر بوو و چەرخەکانیشی ئاگری داگیرساو بوو. ١٠ ڕووبارێکی ئاگر هەڵقووڵاو لەبەردەمیەوە دەرچوو، هەزاران هەزار خزمەتیان دەکرد و دەیان هەزار لەبەردەمدا ڕاوەستاون. جا دادگا دانیشت و کتێبەکان کرانەوە. ١١ لەو کاتەدا لەبەر دەنگی ئەو وشە بەفیزانەی کە قۆچەکە دەیکرد تەماشام دەکرد، تەماشام دەکرد تا گیانلەبەرەکە کوژرا و لەشی لەناوچوو و بوو بە سووتەمەنی ئاگرەکە، ١٢ بەڵام گیانلەبەرەکانی دیکە دەسەڵاتیان لێسەندرایەوە، بەڵام تەمەن درێژیان پێدرا تا سەردەم و کاتێکی دیکە. ١٣ لە بینینی شەودا تەماشام دەکرد و ئەوەتا لەگەڵ هەورەکانی ئاسماندا یەکێك وەك ڕۆڵەی مرۆڤ بوو هات، بۆ لای دێرینی ڕۆژان هات و بردیانە بەردەمی. ١٤ جا دەسەڵات و شکۆ و پاشایەتی پێدرا تا هەموو گەلان و میللەتان و زمانەکان خزمەتی بکەن. دەسەڵاتەکەی دەسەڵاتێکی هەتاهەتاییە و لەناوناچێت، پاشایەتییەکەی بنبڕ نابێت.
١٥ بەڵام من، کە دانیالم ڕۆحم لەناخمدا خەمناك بوو و بینینەکانی بە مێشکمدا هات ترساندمی. ١٦ جا لە یەکێك لە ڕاوەستاوەکان نزیك بوومەوە و لە هەموو ئەمەدا داوای ڕاستیم لێکرد. ئەویش پێی ڕاگەیاندم و لێکدانەوەی شتەکانی پێ وتم: ١٧ ئەو چوار گیانلەبەرە گەورەیە کە چوارن، ئەوانە چوار پاشان لەسەر زەوی پەیدا دەبن، ١٨ بەڵام پیرۆزکراوانی هەرەبەرز دەست بەسەر پاشایەتییەکەدا دەگرن و بۆ هەتاهەتایە پاشایەتییەکە داگیر دەکەن.
١٩ لەوکاتەدا ئارەزووم کرد ڕاستی دەربارەی گیانلەبەرەکەی چوارەم بزانم کە لە هەموویان جیاوازبوو و زۆر زەبەلاح بوو و ددانەکانی لە ئاسن بوو و سمەکانی لە مس بوو و ئەوانی دیکەی خوارد و تێکشکاند و بە پێیەکانی پانی کردنەوە. ٢٠ هەروەها ئەو دە قۆچەی سەری و ئەو قۆچەی دیکەش کە دەرچوو و سێیان لەبەردەمی کەوتن و ئەو قۆچەش چاوی هەبوو و دەمێکیش کە باسی لە شتی بەفیزی دەکرد و دیمەنیشی لە هاوڕێکانی ترسناکتر بوو. ٢١ تەماشام دەکرد و ئەو قۆچە دژی پیرۆزکراوان دەجەنگا و سەرکەوت بەسەریاندا، ٢٢ تا دێرینی ڕۆژان هات و حوکمدان درا بە پیرۆزکراوانی هەرەبەرز و کات گەیشت، جا پیرۆزکراوەکان دەستیان بەسەر پاشایەتییەکەدا گرت. ٢٣ ئەویش ئاوای وت: بەڵام گیانلەبەری چوارەم پاشایەتییەکی چوارەم دەبێت لەسەر زەوی، جیاواز لە سەرجەم پاشایەتییەکان، جا هەموو زەوی دەخوات و پێی پێدەنێت و تێکیدەشکێنێت. ٢٤ دە قۆچەکەش لەم پاشایەتییە دە پاشان و هەڵدەستن و دوایان یەکێکی دیکە هەڵدەستێت لەوانی پێش خۆی جیاواز دەبێت و سێ پاشا زەلیل دەکات. ٢٥ دژ بە هەرەبەرزیش قسە دەکات و پیرۆزکراوانی هەرەبەرز سەرکوت دەکات و وا دەزانێت کاتەکان و یاساکان دەگۆڕێت. بۆ سێ ساڵ و نیو دەدرێنە دەستی. ٢٦ جا دادگا دادەنیشێت و دەسەڵاتەکەی لێ دادەماڵن بۆئەوەی بەتەواوی کۆتایی پێ بێت و لەناوبچێت. ٢٧ پاشایەتییەکە و دەسەڵات و گەورەیی پاشایەتییەکە لە ژێر هەموو ئاسماندا دەدرێت بە گەلی پیرۆزکراوانی هەرەبەرز. پاشایەتییەکەی پاشایەتی هەتاهەتاییە و هەموو دەسەڵاتداران خزمەتی ئەو دەکەن و گوێڕایەڵی دەبن. ٢٨ تا ئێرە کۆتایی مەسەلەکەیە، بەڵام من کە دانیالم بیروبۆچوونەکانم زۆر منیان ترساند و ڕەنگم گۆڕا و مەسەلەکەم لە دڵی خۆمدا هێشتەوە.

# ٨

١ لە ساڵی سێیەمی پاشایەتی بێلشاسر، من کە دانیالم بینینێکم بۆ دەرکەوت دوای ئەو بینینەی لە سەرەتا بۆم دەرکەوت. ٢ جا لە بینینەکەمدا بینیم و لە بینینەکەمدا لە قەڵای شوشاندا بووم ئەوەی لە هەرێمی عیلامە. لە بینینەکەمدا بینیم لەلای ڕووباری ئولای بووم. ٣ جا چاوم هەڵبڕی و بینیم ئەوەتا بەرانێك لەلای ڕووبارەکە ڕاوەستاوە و دوو قۆچی هەیە دوو قۆچەکە بەرز بوو و یەکێکیان لەوی تریان بەرزتر بوو و بەرزەکە دواتر دەرچووبوو. ٤ بینیم بەرانەکە بەلای خۆرئاوا و باکوور و باشووردا قۆچ دەوەشێنێت، جا هیچ گیانلەبەرێك لە ڕووی نەوەستا و کەس لە دەستی دەربازنەبوو و ئەوەی پێی خۆشبوو کردی و گەورەبوو.
٥ لەوکاتەدا کە ڕامابووم نێرییەك لە بزنەکان لە خۆرئاواوە لەسەر ڕووی هەموو زەوی هات و لە زەوییەکە نەکەوت و نێریەکە قۆچێکی باشی هەبوو لەنێوان هەردوو چاوی. ٦ بۆ بەرانەکە هات کە دوو قۆچی هەبوو و ئەوەی بینیم لەلای ڕووبارەکە وەستابوو، جا بە هەموو هێزییەوە بۆی ڕایکرد. ٧ بینیم گەیشتە لای بەرانەکە وبەربووە سەری و لە بەرانەکەی دا و دوو قۆچەکەی شکاند و و بەرانەکە هێزی ئەوەی نەبوو لەبەردەمی ڕاوەستێت و فڕێیدایە سەر زەوی و پێی پیانا و بەرانەکە کەسی نەبوو لەدەستی دەربازی بکات. ٨ جا نێرییەکە زۆر خۆی بە زل زانی و کاتێ لەخۆبایی بوو قۆچە گەورەکەی شکا و لە جێی ئەو چوار قۆچی چاك دەرچوو و بەرەو چوار باکەی ئاسمان و ٩ لە یەکێك لەوانەوە قۆچێکی بچکۆلە دەرچوو و زۆر گەورە بوو ڕوەو باشوور و ڕووەو خۆرهەڵات و ڕووەو زەوییە دڵگیرەکە. ١٠ زۆر گەورە بوو تەنانەت تا هێزەکانی ئاسمانیش و هەندێك لە هێز و ئەستێرەکانی فڕێدایە خوارەوە بۆ سەر زەوی و پێی پیانان.
١١ تەنانەت تا سەرۆکی هێزەکانیش گەورەبوو. بە هۆی قۆچەکەوە قوربانی هەمیشەیی لەکارخرا و نشینگەی پیرۆزی هێزەکان سەرەوژێر کرا. ١٢ قۆچەکە خۆی بەگرنگتر لە قوربانی هەمیشەیی دانا. لە یاخی بوونەکەیدا ڕاستی فڕێدایە سەر زەوی و لە هەموو ئەوەی کە کردی سەرکەوتوو بوو. ١٣ ئینجا گوێم لە پیرۆزێك بوو قسەی دەکرد، پیرۆزێکی دیکە بەوەی وت کە قسەی دەکرد: ئەو بینینەی سەبارەت بە لەکارخستنی قوربانی هەمیشەیی و کاول بوونی پیرۆزگا و پێشێلکردنی هێزەکانە، تاکەیە؟
١٤ ئەویش پێی وتم: دوو هەزار و سێ سەد بەیانی و ئێوارە، ئینجا پیرۆزگا دەگەڕێتەوە باری ڕاستودروستی خۆی. ١٥ ئینجا من کە دانیالم بینینەکەم بینی و داوای واتاکەیم کرد، بینیم ئەوەتا وەك شێوەی پیاوێك لەبەردەمم ڕاوەستاوە و ١٦ گوێم لە دەنگی مرۆڤێك بوو لەلای ئۆلای، جا بانگی کرد و وتی: ئەی جبرائیل مانای بینینەکە لەم پیاوە بگەیەنە. ١٧ ئەویش هاتە ئەو شوێنەی لێی ڕاوەستابووم و کە هات ترسام و بەسەر ڕوومدا کەوتم. ئەویش پێی وتم، ئەی ڕۆڵەی مرۆڤ بزانە کە بینینەکە بۆ کاتی کۆتاییە.
١٨ کاتێ قسەی لەگەڵم دەکرد کەوتبوومە خەوێکی قوڵەوە و ڕووم ڕووەو زەوی بوو. جا دەستی لێدام و هەڵیساندمە سەر پێم. ١٩ وتی ئەوەتا من پێت دەڵێم، لە کۆتایی تووڕەبوونەکە چی ڕوودەدات، چونکە بۆ کاتی دیاریکراوی کۆتاییەکەیە. ٢٠ ئەو بەرانەی کە بینیت دوو قۆچەکەن ئەو پاشاکانی مادای و فارسە. ٢١ نێرییە بزنەکەش پاشای یۆنانە و ئەو قۆچە گەورەیەش گە لە نێوان هەردوو چاوی بوو یەکەم پاشایە. ٢٢ کە شکا و لە جێی ئەو چواری دیکە پەیدابوون، ئەوا چوار پاشایەتی لە نەتەوەکەی ئەوەوە پەیدا دەبن، بەڵام هەمان هێزی ئەویان نابێت. ٢٣ لە دواین پاشایەتییان لە کاتی تەواوی یاخی بوونەکان، پاشایەکی ڕوو وشك و فێڵباز پەیدا دەبێت، ٢٤ هێزی زۆر دەبێت، بەڵام نەك بە هێزی خۆی، لەڕادەبەدەر وێرانکاری دەکات و سەرکەوتوو دەبێت و

دەیکات و تواناداران و گەلی پیرۆزکراوان لەناو دەبات. ٢٥ بە
زۆرزانی خۆی سەرکەوتوو دەبێت لە بەکارهێنانی فێڵ و دڵی لە
خۆبایی دەبێت و لە ئاسوودەییدا زۆران لەناودەبات و دژ بە میری
میران ڕادەوەستێت، بەڵام تێك دەشکێندرێت، نەك بە دەستی
مرۆڤ. ٢٦ جا ئەو بینینەی ئێوارە و بەیانی کە بە تۆ درا ڕاستە،
بەڵام تۆ بینینەکە مەدرکێنە، چونکە بۆ ڕۆژانێکی زۆرە. ٢٧ منیش
کە دانیالم، بۆ چەند ڕۆژێك بێ هێز و لاواز بووم، ئینجا هەستام
و دەستم کردەوە بە کاروبارەکانی پاشا و واقم وڕمابوو لە بینینەکە
و لێی تێنەدەگەیشتم.

# ٩

١ لە یەکەم ساڵی داریوشی کوڕی ئەحشوریۆش لە نەوەی
مادییەکان کە پاشایەتی بەسەر پاشایەتی کلدانییەکانەوە کرد. ٢ لە
یەکەم ساڵی پاشایەتییەکەی، من کە دانیالم لە تۆمارەکانەوە
ژمارەی ئەو ساڵانە تێگەیشتم کە بە پێی وشەی خوداوەندە، ئەوەی
بە ئیرمیا پێغەمبەر درا، ئەویش بۆ تەواوی حەفتا ساڵە لە
کاولبوونی ئۆرشەلیمەوە. ٣ منیش ڕووی خۆم لە خوداوەندم خودا
کرد، بە نوێژ و پاڕانەوەوە داوام دەکرد، بە ڕۆژوو و بە پەلاس و
بە خۆڵەمێش. ٤ نوێژم بۆ خوداوەند خودام کرد و دانم پێدانا و وتم:
ئەی خوداوەندم، خودای مەزن و بەسام، پارێزەری پەیمان و
خۆشەویستی بۆ ئەوانەی خۆشیاندەوێت و فەرمانەکانی دەپارێزن.
٥ گوناهمان کرد و تاوانمان کرد و خراپەمان کرد و یاخی بووین
و لە فەرمانەکان و حوکمەکانی تۆ لاماندا. ٦ گوێمان لە پێغەمبەرە
خزمەتکارەکانت نەگرت، ئەوانەی بە ناوی تۆوە قسەیان بۆ
پاشاکانمان و میرەکانمان و باووباپیرانمان و هەموو گەلی خاکەکە
کرد. ٧ ئەی خوداوەندم ڕاستودروستی بۆ تۆیە و ڕسوایی ڕووش
بۆ ئێمەیە، وەك ئەوەی ئەمڕۆ بۆ پیاوانی یەهوزا و دانیشتووانی
ئۆرشەلیم و بۆ هەموو ئیسڕائیلە، نزیکەکان و دوورەکان لە
هەموو ئەو خاکانەی دەریانتکرد بۆ ئەوێ لەبەر ئەو ناپاکییەی
لەگەڵ تۆ کردیان. ٨ ئەی خوداوەندم، ڕسوایی ڕوو بۆ ئێمەیە بۆ
پاشاکانمان و میرەکانمان و باووباپیرانمان، چونکە گوناهەمان
دەرهەق بە تۆ کرد. ٩ بەزەییەکان و لێخۆشبوون هی خوداوەندم
خودامانە، چونکە لێی یاخی بووین و ١٠ گوێمان لە دەنگی
خوداوەند خودامان نەگرت تا بە ڕێگای فێرکردنەکانی بڕۆین، کە
لەسەر دەستی پێغەمبەرە خزمەتکارەکانی لەبەردەممان دانا.
١١ هەموو ئیسڕائیل سەرپێچیان لە فێرکردنەکانت کرد و لایاندا تا
گوێ لە دەنگت نەگرن، جا ئەو نەفرەت و سوێندەت بەسەرماندا
ڕژاند کە لە فێرکردنەکانی موسای خزمەتکاری خودا نووسرابوو،
چونکە گوناهمان دەرهەقی کرد. ١٢ ئەو وشانەی هێنایەدی کە
لەسەر ئێمە و لەسەر دادوەرەکانمان ئەوانەی دادوەرییان بۆمان
کرد وتبووی، تا بەڵایەکی گەورەمان بەسەردا بهێنێت کە لەژێر
ئاسمانەکاندا شتی وا ڕووینەدابێت، وەك ئەوەی بەسەر ئۆرشەلیم
هات. ١٣ وەك ئەوەی لە فێرکردنەکانی موسادا نووسرابوو هەموو
ئەم بەڵایە بەسەرماندا هات، بەڵام لە ڕووی خوداوەند خودامان
نەپاڕاینەوە تا لە تاوانەکانمان بگەڕێینەوە و سەبارەت بە
دڵسۆزییەکەت وریا بین. ١٤ جا خوداوەند چاوی لە بەڵاکە بوو و
بەسەرمانی هێنا، چونکە خوداوەند خودامان لە هەموو
کردەوەکانی کە کردی ڕاستودروستە، ئێمەش گوێمان لە دەنگی
نەگرت. ١٥ ئێستاش ئەی خوداوەندم خودامان کە بە دەستێکی
بەهێزەوە گەلی خۆت لە خاکی میسرەوە هێنایە دەرەوە و ناوێکت
بۆ خۆت دروستکرد وەك ئەوەی ئەمڕۆ هەیە، ئێمە گوناهمان کرد
و خراپەمان کرد. ١٦ ئەی خوداوەندم بە پێی هەموو
ڕاستودروستییەکەت، تکایە تووڕەیی و هەڵچوونەکەت لەسەر
شارەکەت بگێڕەوە کە چیای پیرۆزی خۆتە، چونکە بە هۆی
گوناهەکانمان و تاوانەکانی باووباپیرانمان ئۆرشەلیم و گەلەکەت
بوون بە ڕسوایی لەلای هەموو ئەوانەی لە دەوروبەرمانن.
١٧ ئێستاش گوێ لە نوێژەکانی خزمەتکارەکەت و لە پاڕانەوەکەی
بگرە و ڕووت بدرەوشێنەوە بەسەر پیرۆزگا کاولەکەت لەبەر
خوداوەندم. ١٨ ئەی خودام گوێت شلکە و ببیستە، چاوەکانت
بکەرەوە و کەلاوەکانمان و ئەو شارە ببینە کە ناوی تۆی بەسەردا
درا، چونکە لەبەر ڕاستودروستی خۆمان پاڕانەوەکانمان ناخەینە
بەر ڕووت، بەڵکو لەبەر زۆری بەزەییەکانت. ١٩ ئەی خوداوەندم
گوێ بگرە! ئەی خوداوەندم لێخۆشبە! ئەی خوداوەندم گوێ شلکە
و دەستبەکاربە! لەبەر خۆت دوای مەخە ئەی خودام، چونکە ناوی
تۆ بەسەر شارەکەت و بەسەر گەلەکەت درا.
٢٠ کاتێ کە من قسەم دەکرد و نوێژم دەکرد و دانم بە گوناهی خۆم
و بە گوناهی ئیسڕائیلی گەلم دەنا و پاڕانەوەکەم سەبارەت بە
چیای پیرۆزی خودام دەخستە بەردەم خوداوەند خودام، ٢١ هێشتا
لە نوێژەکەمدا قسەم دەکرد، ئەوەتا جبریل ئەو پیاوەی لە سەرەتادا
لە بینینەکە بینیم، بە فڕینێکی خێرا هات و دەستی لێدام لە کاتی
پێشکەشکردنی قوربانی خۆراکی ئێوارە. ٢٢ تێیگەیاندم و قسەی
لەگەڵ کردم و وتی: ئەی دانیال من ئێستا دەرچووم تا تێگەیشتنت
فێربکەم. ٢٣ لەسەرەتای پاڕانەوەکەتەوە وشەیەك دەرچوو و منیش
هاتووم پێت بڵێم، چونکە تۆ خۆشەویستی، جا لە قسەکان ڕابمێنەوە
و لە بینینەکە تێبگە. ٢٤ حەفتا هەفتە بڕیاردراوە بەسەر گەلەکەت
و بەسەر شارە پیرۆزەکەتدا بۆ تەواوکردنی یاخی بوونەکە و
کۆتایی هێنان بە گوناهەکان و بۆ کەفارەتی تاوانەکان و بۆ ئەوەی
ڕاستودروستی هەتاهەتایی بهێنرێت و بۆ مۆر دان لە بینینەکە و
پێشبینییەکە و بۆ دەستنیشانکردنی پیرۆزی پیرۆزکراوان. ٢٥ جا
بزانە و تێبگە کە دەرچوونی وشەکەوە بۆ نوێ کردنەوەی
ئۆرشەلیم و بنیادنانی تا میری دەستنیشانکراو، حەوت هەفتە و
شەست و دوو هەفتەی پێ دەچێت، دەگەڕێتەوە و گۆڕەپان و
کەندەکە لە کاتی تەنگانەدا بنیاد دەنێت. ٢٦ پاش شەست و دوو
هەفتە دەستنیشانکراوەکە دەبردرێتەوە و هیچ گەلی نابێت و گەلی
میرێکی دیکە کە دێت شارەکە وێران و پیرۆزگاکە دەکەن و
کۆتاییەکەی بە لافاوەوە دێت و تا کۆتایی جەنگ دەبێت و بڕیاری
وێرانی دراوە. ٢٧ لە یەك هەفتەدا لەگەڵ زۆردا پەیمان دەبەستێت
و لە ناوەڕاستی ئەو هەفتەیەدا کۆتایی بە سەربڕینی قوربانی و
قوربانی خۆراك دەهێنێت و لەسەر باڵی گڵاوییەکان وێرانکراوە،
تا ئەوەی بڕیاری لەسەردراوە بەسەر وێرانکاردا بهێنێت.

# ١٠

١ لە سێیەم ساڵی کۆرشی پاشای فارسدا، وشەیەك بۆ دانیال کە بە
بەلتشاسر ناونرابوو ئاشکراکرا. وشەکە ڕاست بوو و تێکۆشانێکی
زۆری دەویست بۆ تێگەیشتنی وشەکە، لە ڕێگای بینینێکەوە
تێگەیشتنی بۆ هات. ٢ لەو ڕۆژانەدا من کە دانیالم سێ هەفتەی
تەواو شیوەنم گێڕا، ٣ هیچ خواردنێکی خۆشم نەخوارد و نە
گۆشت و مەی نەچووە دەممەوە و بۆنم لە خۆم نەدا تا سێ
هەفتەکە تەواو بوو. ٤ لە ڕۆژی بیست و چواری مانگی یەکدا
کاتێك لەسەر کەناری ڕووبارە گەورەکە بووم کە خیداقەلە،
٥ سەرم هەڵبڕی و تەماشام کرد ئەوەتا پیاوێك کەتانی لەبەردابوو
و ناوقەدیشی بە پشتێنێك لە زێڕی ئۆفاز بەستبوو، ٦ لەشیشی وەك
زەبەرجەد بوو و ڕووشی وەك شێوەی بروسکە بوو، چاوەکانیشی
وەك چرای ئاگر بوو، قۆڵەکانی و قاچەکانی وەك مسی لووسکراو
بوو دەنگی قسەکانیشی وەك دەنگی حەشاماتێك بوو. ٧ من کە
دانیالم، بە تەنیا من بینینەکەم بینی و ئەو پیاوانەی لەگەڵمدا بوون
نەیانبینی، بەڵام ترسێکی گەورە نیشتە سەریان و ڕایانکرد تا
خۆیان بشارنەوە. ٨ جا من بە تەنیا مامەوە و ئەم بینینە گەورەیەم
بینی و هێزم تیانەما و ڕووم ڕەنگی مردووی لێ نیشت و لە

پەلوپۆ کەوتم. ٩ گوێم لە دەنگی قسەکەی بوو و کە گوێم لە دەنگی
قسەکەی بوو چوومە ناو خەوێکی قووڵەوە و ڕووم ڕووەو زەوی
بوو. ١٠ ئینجا دەستێکم بەرکەوت و بە لەرزۆکیەوە لەسەر هەردوو
ئەژنۆ و دەستم داینام. ١١ پێی وتم: ئەی دانیال، ئەی پیاوە
خۆشەویستەکە! ئەو قسەیەی کە پێت دەڵێم لێی تێبگە و هەستە
سەرپێت، چونکە من ئێستا نێردراوم بۆلای تۆ. کە بەم شێوەیە
قسەی لەگەڵ کردم بەترسەوە هەستامە سەرپێ. ١٢ پێی وتم: ئەی
دانیال مەترسە، چونکە هەر لە یەکەم ڕۆژەوە کە دڵت خستە سەر
تێگەیشتن و خۆت زەلیلکرد لەبەردەم خوداکەتدا، قسەکانت
بیستران و منیش لەبەر قسەکانت هاتووم. ١٣ میری پاشایەتی
فارس بیست و یەك ڕۆژ بەرەنگارم بووەوە و ئەوەتا میخائیل کە
یەکێکە لە میرەکانی پلەی یەکەم هات بۆ هاریکاریم و کاتێ من
لەوێ لەلای پاشاکانی فارس هێڵرابوومەوە. ١٤ جا هاتووم تا
ئەوەت تێبگەیەنم کە لە ڕۆژەکانی کۆتاییدا بەسەر گەلەکەتدا دێت،
چونکە هێشتا بینینی دیکە هەیە بۆ ئەو ڕۆژانە. ١٥ کاتێ ئەو
قسانەی لەگەڵدا کردم، ڕووم کردە زەوی و بێدەنگ بووم. ١٦ ئینجا
یەکێك لە شێوەی ڕۆڵەی مرۆڤ دەستی لە لێوەکانم دا، منیش دەمم
کردەوە و قسەم کرد و بەوەی لەبەردەممدا وەستابوو وتم: گەورەم،
بە بینینەکە ئازارێکی زۆرم گرت و لە پەلوپۆ کەوتم. ١٧ ئێتر چۆن
ئەم خزمەتکاری گەورەیەم لەگەڵ ئەم گەورەیەم قسە بکات؟ منیش
ئێستا هێزم لێبڕاوە و هەناسەم تیا نەما. ١٨ دووبارە ئەوەی لە
مرۆڤ دەچوو دەستی لێم دا و هێزی بەبەرمدا کردەوە و ١٩ وتی:
مەترسە ئەی پیاوە خۆشەویستەکە، ئاشتیت بۆ بێت. ئازابە و
بەهێزبە! جا کە قسەی لەگەڵ کردم، بەهێز بووم و وتم: با گەورەم
قسە بکات، چونکە بەهێزت کردم. ٢٠ ئەویش وتی: ئایا زانیت
بۆچی هاتم بۆ لات؟ ئێستاش دەگەڕێمەوە و لەگەڵ میری فارسدا
شەڕ دەکەم و کە دەرچووم ئەوەتا میری یۆنان دێت، ٢١ بەڵام من
ئەوەت پێت دەڵێم کە لە نووسراوی ڕاستیدا نووسراوە: کەسیش
لەگەڵم یەك ناگرێت دژ بەوانە، جگە لە میخائیلی میرتان.

# ١١

١ من لە ساڵی یەکەمی داریوش مادیدا وەستام تا هانیبدەم و
بەهێزی بکەم، ٢ ئێستاش ڕاستیت پێدەڵێم: ئەوەتا سێ پاشای تریش
لە فارسدا پەیدا دەبن و چوارەمیان لە هەموویان دەوڵەمەندتر
دەبێت و بەپێی هێزەکەی و بە دەوڵەمەندییەکەی هەمووان دژ بە
پاشایەتی یۆنان دەوروژێنێت و ٣ پاشایەکی بەتوانا پەیدا دەبێت و
زۆر زاڵ دەبێت و چی پێ خۆش بێت دەیکات. ٤ لەگەڵ پەیدابوونی
پاشایەتییەکەیدا دەشکێت و بەسەر چوار باکەی ئاسماندا دابەش
دەبێت، بەڵام نەك بۆ ئەوانەی پاش خۆی و نە بەگوێرەی ئەو
دەسەڵاتەی پێی زاڵ بوو، چونکە پاشایەتییەکەی بنبڕ دەبێت و بۆ
خەڵکی دیکە دەبێت جگە لەوان. ٥ پاشای باشووریش بەهێز
دەبێت، بەڵام یەکێك لە میرەکانی لەو بەهێزتر دەبێت و زاڵ
دەبێت، زاڵبوونەکەی زاڵبوونێکی مەزن دەبێت. ٦ پاش چەند
ساڵێك پەیمان دەبەستن و کچی پاشای باشوور بۆ لای پاشای
باکوور دێت بۆ پەیمان بەستنەکە، بەڵام کچە هێز لەلای نامێنێت
و ئەویش نە خۆی و نە هێزی بەردەوام نابن، جا کچە و ئەوانەی
هێنایان و ئەوەی بۆی بوو دەدرێنە دەستەوە لەگەڵ ئەوەی
پشتگیری کرد لەو کاتانەدا. ٧ ئینجا یەکێك لە بنەچەی خێزانەکەی
لە شوێنەکەی ئەو بەرپا دەبێت و بۆ سوپاکە دێت و دەچێتە ناو
قەڵاکەی پاشای باکوورەوە و لێیان دەدات و بەهێز دەبێت و
٨ خوداکانیشیان لەگەڵ شتە داڕێژراوەکانیان و قاپوقاچاخە
بەنرخەکانیان لە زیو و لە زێڕ بۆ میسر دەبات و بۆ چەند ساڵێك
پاشای باکوور بەتەنها بەجێدەهێڵێت. بۆ چەند ساڵێك واز لە پاشای
باکوور دەهێنێت. ٩ پاشان دێتە ناو پاشایەتی پاشای باشوور و
دەگەڕێتەوە خاکەکەی خۆی. ١٠ ئینجا نەوەکانی دەوروژێن و
حەشاماتی سوپایەکی گەورە کۆدەکەنەوە و بەهاتن دێت و وەك
لافاوێکی ڕادەماڵێت و دەڕێدەدات و دەگەڕێتەوە و تا قەڵاکەی
شەڕ دەکات. ١١ پاشای باشووریش ڕقی هەڵدەستێت و
دەچێتەدەرەوە و دژی پاشای باکوور دەجەنگێت و حەشاماتێکی
گەورە کۆدەکاتەوە و حەشاماتەکە دەدرێنە دەستیەوە. ١٢ کە سوپاکە
ڕادەماڵدرێت، دڵی بەفیز دەبێت و دەیان هەزار دەخات بەڵام
سەرناکەوێت. ١٣ ئینجا پاشای باکوور دەگەڕێتەوە و حەشاماتێکی
زۆرتر لەوەی جاری یەکەم کۆدەکاتەوە و پاش چەند ساڵێك بە
سوپایەکی گەورە و پێداویستییەکی زۆرەوە دێت و ١٤ لەوکاتەدا
خەڵکانێکی زۆر دژی پاشای باشوور ڕاست دەبنەوە، جەربەزەکان
لە گەلەکەت ڕادەپەڕن بۆ بەدیهێنانی بینینەکە، بەڵام دەکەون.
١٥ ئینجا پاشای باکوور دێت و مەتەریزێك لێدەدات و شارە
قەڵابەندەکە داگیر دەکات و نە بازووی باشوور و خەڵکە
هەڵبژێردراوەکەی لەبەردەمیدا خۆیان ڕاناگرن و هێزی بەرگری
نابێت. ١٦ ئەوەی دێتە سەری بە ویستی خۆی دەکات و کەسیش
نابێت بەرەنگاری بێتەوە و لەناو زەوییە دڵگیرەکەدا ڕادەوەستێت
و هەموو لەژێر دەستی ئەودا دەبێت. ١٧ ئینجا ڕووی تێدەکات تا
بە دەسەڵاتی هەموو پاشایەتییەکەیەوە بێتەناوەوە و، بۆ ئەوەی
تێکیبدات پەیمانی لەگەڵ دەبەستێت و کچەکەی دەداتێ، بەڵام
سەرناکەوێت و بۆی نابێت. ١٨ پاشان ڕوودەکاتە کەنارەکان و
زۆریان داگیر دەکات، بەڵام فەرماندەیەك سنوور بۆ سووکایەتی
پێکردنەکەی دادەنێت، بەڵکو سووکایەتی پێکردنەکەی بەسەر
خۆیدا دەگێڕێتەوە. ١٩ ئینجا ڕوو دەکاتە قەڵاکانی شارەکەی خۆی،
بەڵام ساتمە دەکات و دەکەوێت و ئیتر نامێنێت.
٢٠ یەکێك شوێنی دەگرێتەوە باجگرێك دەنێرێت بۆ شکۆمەندی
پاشایەتییەکەی، بەڵام لە چەند ڕۆژێکی کەمدا تێکدەشکێت، بەڵام
نە بە تووڕەیی و نە بە جەنگ. ٢١ ئینجا ناکەس بەچەیەك شوێنی
دەگێڕێتەوە کە شکۆمەندی پاشایەتییان پێی نەداوە، بە هێمنییەوە
دێت و بە فێڵ دەست بەسەر پاشایەتییەکە دەگرێت. ٢٢ سوپایەکان
بە تەواوی بۆی دەکشێن و دەشکێن، هەروەها میری پەیمانیش.
٢٣ هەرکە پەیمانێك دەبەستێت، فێڵ لە هاوپەیمانەکەی دەکات، بە
میللەتێکی کەمەوە بەرزدەبێت و مەزن دەبێت. ٢٤ بە هێمنی دێتە
سەر هەرێمە چەورەکان و ئەوە دەکات کە نە باوکانی و نە
باوکانی باوکانیشی کردوویانە. تاڵانی و دەسکەوت و سامان
بەسەر شوێن کەوتوانیدا دابەش دەکات و پیلان بۆ داگیرکردنی
قەڵاکان دادەڕێژرێت، بەڵام تەنها بۆ ماوەیەك. ٢٥ هێز و دڵی
ڕادەپەڕێنێت بۆ سەر پاشای باشوور، بە سوپایەکی مەزنەوە،
پاشای باشووریش بۆ جەنگ دەوروژێت بە سوپایەکی مەزن و
زۆر بەهێزەوە، بەڵام سەرناکەوێت، چونکە زۆر پیلانی دژ
دەگێڕن. ٢٦ ئەوانەی لە خواردنە خۆشەکانی دەخۆن دەیشکێنن و
سوپاکەی ڕادەماڵرێت و زۆران بە کوژراوی دەکەون. ٢٧ ئەم دوو
پاشایەش دڵیان لای خراپەیە و لەسەر یەك مێزدا دادەنیشن و درۆ
بۆ یەکتری دەکەن، بەڵام سەرناکەون، چونکە کۆتایی هەرماوە لە
کاتی دیاریکراودا. ٢٨ بە سامانێکی گەورەوە دەگەڕێتەوە و دڵیشی
دژ بە پەیمانە پیرۆزەکەیە جا وا دەکات و دەگەڕێتەوە بۆ خاکەکەی
خۆی.
٢٩ لەکاتی دیاریکراودا دەگەڕێتەوە و دێتە ناو باشوورەوە، بەڵام
ئەم جارەیان وەك یەکەمجار نابێت. ٣٠ چونکە لە کتیمەوە
کەشتییەکان دێنە سەری، جا کۆڵدەدات و دەگەڕێتەوە، لە پەیمانە
پیرۆزەکە تووڕەدەبێت، جا وادەکات و دەگەڕێتەوە ئاوڕ لەوانە
دەداتەوە کە پەیمانەکەیان بەجێهێشتووە. ٣١ لەوەوە هەندێ هێز
پیرۆزگای قەڵابەندکراو گڵاو دەکەن و قوربانی سووتاندنی
هەمیشەیی دادەماڵن و گڵاوی کاولبوون دادەنێن. ٣٢ ئەوانەی
سەرپێچی پەیمانیان کردووە بە فێڵ هەڵیاندەخەڵەتێنێت. بەڵام ئەو
گەلەی خودای خۆیان دەناسن بە توندی هەڵسوکەوتی لەگەڵ
دەکەن. ٣٣ تێگەیشتووان لە گەل خەڵکێکی زۆر فێر دەکەن، بەڵام

بۆ ڕۆژانێك بە شمشێر و گڕ و ڕاپێکردن و تاڵان کردن دەکەون.
٣٤ کە کەوتیشن زۆر بەکەمی یارمەتی دەدرێن و زۆران بە بێ
دڵسۆزی دەچنە ڕیزیان . ٣٥ جا هەندێك لە تێگەیشتووان دەکەون
بۆ تاقیکردنەوەیان، بۆ پاکبوونەوە و سپیبوونەوە تا کاتی کۆتایی.
چونکە هێشتا کاتی دیاریکراوە ماویەتی. ٣٦ پاشاش بە ویستی
خۆی دەکات و خۆی بەرزدەکاتەوە و خۆی بە زل دەزانێت بەسەر
هەموو خودایەك و باس لەکاری سەرسورهێنەر دەکات لەسەر
خودای خوداکان و تا تەواوی تووڕەییەکە سەرکەوتوو دەبێت،
چونکە ئەوەی بڕیاری لەسەر دراوە پیادە دەکرێت. ٣٧ نەگوێی بە
خوداکانی باووباپیرانی دەدات و نە بەوانەی ژن ئارەزووی دەکەن
و گوێ بە هیچ خودایەك نادات، چونکە خۆی لە هەموویان بە
گەورەتر دەزانێت و ٣٨ لەجیاتی ئەوان ڕێز لە خودای قەڵاکان
دەگرێت و ئەو خودایانەی کە باووباپیرانی نەیانناسیووە بە زێڕ و
زیو و بەردی گرانبەها و شتی بە نرخ ڕێزیان لێدەگیرێت و
٣٩ بەو خودا نامۆیە پەلاماری قەڵا پتەوەکان دەدات و ئەوەی بچێتە
پاڵی شکۆی زیاد دەکات و بەسەر زۆر خەڵکدا زاڵیان دەکات و
زەوییەکە بە پاداشت دابەش دەکات.
٤٠ لە کاتی کۆتاییدا پاشای باشوور جەنگی لەگەڵدا دەکات و پاشای
باکووریش بە گالیسکە و سوار و بە کەشتی زۆرەوە دژی ڕاست
دەبێتەوە و دەچێتە ناو زەوییەکانەوە و وەك لافاو ڕایاندەماڵێت.
٤١ دەچێتە ناو زەوییە دڵگیرەکەوە و زۆر کەس دەکەون و ئەمانەش
لە دەستی دەرباز دەبن: ئەدۆم و مۆئاب و میرەکانی بەنی عەمون.
٤٢ دەستی بۆ هەموو زەوییەکان درێژ دەکات و مسریش ڕزگاری
نابێت. ٤٣ دەست بەسەر گەنجینەکانی زێڕ و زیو و هەموو شتە
بەنرخەکانی میسردا دەگرێت و لیبییەکان و کوشییەکانیش دوای
هەنگاوەکانی دەکەون. ٤٤ ئینجا چەند هەواڵێك لە خۆرهەڵات و
باکوورەوە دەیترسێنن و بە تووڕەییەکی گەورەوە دەچێتەدەرەوە بۆ
کاولکردن و قڕکردنی خەڵکانێکی زۆر. ٤٥ چادری شاهانەی
لەنێوان دەریاکاندا و چیای جوانی پیرۆزدا و دەگاتە کۆتایی خۆی
و کەسیش یارمەتی نادات.

# ١٢

١ لەوکاتەدا میخائیلی میری مەزن ئەوەی پارێزەری نەوەی
گەلەکەتە، کاتێکی هێندە تەنگ دەبێت کە لەوەتی میللەت هەیە تا
ئەو کاتە شتی وا نەبووبێت. لەوکاتەدا گەلەکەت دەرباز دەبێت،
هەموو ئەوەی ناوی لە کتێبدا نووسرابێت. ٢ زۆریان لەوانەی
لەناو خۆڵی زەویدا ڕاکشاون هەڵدەستنەوە، هەندێکیان بۆ ژیانی
هەتاهەتایی و هەێندەکەی تریشان بۆ سەرشۆڕی وقێزلێبوونەوەی
هەتاهەتایی. ٣ ئەوانەی تێدەگەن وەك ڕووناکی بۆشایی کراوە
ڕووناك دەبنەوە ئەوانەش کە خەڵکێکی زۆریان بۆ ڕاستودروستی
گەڕاندوەتەوە وەك ئەستێرە بۆ هەتاهەتایە.
٤ بەڵام تۆ ئەی دانیال، وشەکان بشارەوە و کتێبەکە مۆر بکە تا
کاتی کۆتایی، زۆر خەڵك دێن و دەچن و زانیاری زۆر دەبێت.
٥ ئینجا من کە دانیالم تەماشام کرد و ئەوەتا دووانی دیکە
ڕاوەستاون، یەکێکیان لێرە لەسەر کەناری ڕووبارەکە ئەوی
تریان لەوێ لەسەر کەناری ڕووبارەکە. ٦ وتی بەو پیاوەی کەتانی
لەبەر بوو، ئەوەی لەسەر ئاوەکان بوو: کۆتایی
کارەسەرسوڕهێنەرەکان کەیە؟ ٧ ئینجا گوێم لەو پیاوە بوو کە
کەتانی لەبەربوو، ئەوەی لەسەر ئاوەکان بوو، کە دەستە ڕاست و
دەستە چەپی بەرەو ئاسمان بەرزکردەوە و سوێندی بە زیندووی
هەتاهەتایی خوارد کە تا زەمانێك و دوو زەمان و نیوە. جا کە
دەستی گەلی پیرۆز بڵاوەی پێکرا، هەموو ئەمانە دەبێت. ٨ من
گوێم لێبوو و تێنەگەیشتم، جا وتم: گەورەم کۆتایی هەموو ئەمانە
چییە؟ ٩ ئەویش وتی: دانیال بڕۆ، چونکە وشەکان شاردراونەتەوە
و مۆریان لێدراوە تا کاتی کۆتایی. ١٠ خەڵکانێکی زۆر پاك دەبنەوە
و سپی دەبنەوە و تاقی دەکرێنەوە، بەڵام خراپەکاران خراپە دەکەن
و کەس لە خراپەکاران تێناگات، بەڵام تێگەیشتووان تێدەگەن.
١١ لەکاتی داماڵینی قوربانی سووتاندنی هەمیشەیی و دانانی
گڵاوی کاولبوون، هەزار و دوو سەد و نەوەد ڕۆژ دەکات.
١٢ خۆزگە بەوەی چاوەڕێ دەکات و دەگاتە هەزار و سێ سەد و
سی و پێنج ڕۆژ. ١٣ بەڵام تۆ بچۆ بۆ کۆتایی، جا دەحەسێیتەوە و
لە کۆتایی ڕۆژەکاندا هەڵدەستیتەوە بۆ تیروپشك ڕاکێشانەکەت.

# هۆشەع

# ١

١ وشەی خوداوەند کە بۆ هۆشەعی کوڕی بئێری هات لە ڕۆژانی
عوزەیا و یۆتام و ئاحاز و حەزەقیا، پاشاکانی یەهوزا و لە
ڕۆژانی یەروبعامی کوڕی یوئاشی پاشای ئیسڕائیلدا.
٢ سەرەتای قسەکەی خوداوەند لەگەڵ هۆشەعدا، خوداوەند بە
هۆشەعی فەرموو: بڕۆ ژنێکی داوێن پیس بۆ خۆت بهێنە و با
مندالّی زۆڵت بۆ ببێت، چونکە زەوییەکە بە دوورکەوتنەوە لە
خوداوەند داوێن پیسییەکی گەورەی کردووە. ٣ ئەویش ڕۆیشت و
گۆمەری کچی دبلایمی هێنا و سکی پڕبوو و کوڕێکی بۆ
بوو. ٤ خوداوەند پێی فەرموو: ناوی بنێ یەزرەعیل، چونکە بەم
زووانە مالّی یاهو لەسەر خوێنی یەزرەعیل سزا دەدەم و پاشایەتی
مالّی ئیسڕائیل لەناودەبەم، ٥ لەو ڕۆژەدا کەوانی ئیسڕائیل لە
دۆڵی یەزرەعیلدا دەشکێنم.
٦ گۆمەر دیسان سکی پڕبوو و کچێکی بوو و خوداوەند بە
هۆشەعی فەرموو: ناوی بنێ لۆڕوحامە چونکە چیتر بەزەییم بە
مالّی ئیسڕائیلدا نایەتەوە، بەڵکو بە دامالّین دایاندەمالّم . ٧ بەڵام
بەزەییم بە مالّی یەهوزادا دێتەوە و بە خوداوەندی خودایان
ڕزگاریان دەکەم نەك بە کەوان و شمشێر و جەنگ و ئەسپ و
سوار.
٨ ئینجا گۆمەر لۆڕوحامەی لە شیر بڕییەوە و دیسان سکی پڕبوو
و کوڕێکی بوو. ٩ خوداوەند فەرمووی: ناوی بنێ، لۆعامی،
چونکە ئێوە گەلی من نین و منیش بۆ ئێوە نابم. ١٠ جا ژمارەی
نەوەی ئیسڕائیل وەك لمی دەریا دەبێت کە ناپێورێن و ناژمێردرێن
و لەجیاتی ئەوەی پێیان بوترێت، ئێوە گەلی من نین، پێیان
دەووترێت، کوڕانی خودای زیندوو. ١١ ئینجا نەوەی یەهوزا و
نەوەی ئیسڕائیل پێکەوە کۆدەبنەوە و یەك سەرۆك بۆ خۆیان
دادەنێن و لە خاکەکە بەرزدەبنەوە، چونکە ڕۆژی یەزرەعیل
مەزنە.

# ٢

١ بە براکانتان بڵێن، گەلی من و بە خوشکەکانتان، بەربەزەیی
کەوتوو.
٢ شکات لە دایکتان بکەن، شکات بکەن،
چونکە ئەو ژنی من نییە و
منیش مێردی نیم.
با داوێن پیسییەکەی لە ڕووی و
داوێن تەڕییەکەی لەنێوان مەمکەکانیدا دامالّێت. ٣ ئەگینا
ڕووتوقووتی دەکەمەوە و
وەك ئەو ڕۆژەی تیایدا لە دایك بووە ڕایدەگرم و
وەك چۆڵەوانی لێدەکەم و
وەك زەوی وشکی لێ دەکەم و
بە تینوێتی دەیمرێنم و ٤ بەزەییم بە منداڵەکانیدا نایەتەوە،
چونکە مندالّی زۆڵن. ٥ چونکە دایکیان داوێن پیسی کردووە و
بێ ئابڕوویی سکی پێیان پڕبووە.
چونکە وتی: دوای خۆشەویستەکانم دەکەوم،
ئەوانەی نان و ئاو دەدەن
خوری و کەتان و زەیت و خواردنەوەکانم. ٦ بۆیە ئەوەتا
ڕێگاکەت بە دڕك پەرژین دەکەم و
دیوارەکەی لێ بەرزدەکەم تا ڕێڕەوەکانی نەدۆزێتەوە.
٧ دوای خۆشەویستەکانی دەکەوێت و پێیان ناگات،
بە دوایاندا دەگەڕێت و نایاندۆزێتەوە.
ئینجا دەڵێت:
دەڕۆم و دەگەڕێمەوە بۆ لای پیاوەکەی یەکەمم،
چونکە ئەوسام لە ئێستام باشتر بوو. ٨ ئەو نەیزانی کە من بووم
گەنم و مەیە نوێی و زەیتم پێیدا،
زیو و زێرم بۆی زیادکرد
ئەوەی ئەوان بۆ بەعل بەکاریان هێنا. ٩ بۆیە دەگەڕێمەوە و
گەنمەکەم لە ساتی خۆیدا دەبەمەوە و
مەیە نوێکەشم لە کاتی خۆیدا
خوری و کەتانەکەم لەبەری دادەکەنم
کە ڕووتیەکەی دادەپۆشن. ١٠ ئێستا ڕووتیەکەی لەبەر چاوی
خۆشەویستەکانیدا دەردەخەم
کەسیش لە دەستم فریای ناکەوێت. ١١ هەموو خۆشییەکانی
ڕادەگرم
جەژن و سەرە مانگەکانی
پشووە پیرۆزەکان و جەژنە دیاریکراوەکانی. ١٢ ڕەز مێو و
هەنجیرەکانی تێکدەدەم
کە وتی، ئەوانە کرێکەمن خۆشەویستانم پێیان داوم
دەیانکەم بە دارستان و
ئاژەڵی کێوی دەیانخوات . ١٣ لەسەر ڕۆژانی بەعلیم سزای دەدەم
کە تیایاندا بخوری بۆیان دەسووتاند و
بە لووتەوانە و خشڵەکانی خۆی دەڕازاندەوە و
دوای خۆشەویستانی کەوت،
بەڵام منی لەیادکرد.
خوداوەند ڕایگەیاند. ١٤ بۆیە ئەوەتا بە زمانی لووس قسەی لەگەڵ
دەکەم،
بۆ چۆڵەوانی دەبەم و
بە نەرمی قسەی لەگەڵدا دەکەم و ١٥ لەوێ ڕەزە مێوەکانی
دەدەمەوە،
دۆڵی عەخور دەکەم بە دەرگای هیوا.
لەوێ وەك ڕۆژانی گەنجێتی گۆرانی دەڵێت
وەك ڕۆژی سەرکەوتنی لە خاکی میسرەوە. ١٦ لەو ڕۆژەدا
دەبێت،
خوداوەند ڕایگەیاند،
پێم دەڵێیت، مێردەکەم و
چیتر پێم ناڵێیت، گەورەم. ١٧ ناوەکانی بەعلیم لە دەمی دادەماڵم و
ئیتر ناویان ناهێنێت. ١٨ لەو ڕۆژەدا پەیمانێکیان بۆ دەبەستم
لەگەڵ ئاژەڵی کێوی و باڵندەکانی ئاسمان و
خشۆکەکانی زەوی.
کەوان و شمشێر و جەنگ
لە زەوییەکەدا بن بڕدەکەم و
وایان لێدەکەم بە ئاسوودەیی پاڵکەون. ١٩ بۆ هەتاهەتایە بۆ خۆمت
نیشاندەکەم و
بە ڕاستودروستی و دادوەری
بە پەیمانی خۆشەویستی و بەزەیی
بۆ خۆمت نیشاندەکەم. ٢٠ بە دڵسۆزییەوە بۆ خۆمت نیشان دەکەم.
جا خوداوەند دەناسیت. ٢١ لەو ڕۆژەدا من وەڵام دەدەمەوە،

خوداوەند ڕایگەیاند،
من وەڵامی ئاسمانەکان دەدەمەوە و
ئەوانیش وەڵامی زەوی دەدەنەوە، ٢٢ زەویش وەڵامی گەنم و
مەی نوێ و زەیت دەداتەوە و
ئەوانیش وەڵامی یەزرەعیل دەدەنەوە. ٢٣ لەزەویدا بۆ خۆم دەیچێنم
بەزەییم دێتەوە بەوەی بەزەییم پێی نەدەهاتەوە و
بەوەی گەلی من نییە دەڵێم: تۆ گەلی منیت.
ئەویش دەڵێت: تۆ خودای منیت.

# ٣

١ ئینجا خوداوەند پێی فەرمووم: دیســـان بڕۆ ژنێکت خۆش بوێت
کە خاوەن یار بێت و داوێن پیس بێت. وەك خۆشەویستی خوداوەند
بۆ نەوەی ئیسرائیل و ئەوانیش ڕوویان لە خوداکانی تر کرووە و
نانە کشـمیشـیان خۆش دەوێت. ٢ منیش بە پانزە شـاقل زیو و بە
حومەرێـك جۆ و لێتەکێ جۆ بۆ خۆمم کڕی و ٣ پێم ووت:
ڕۆژانێکی زۆر دەمێنیتەوە بێ ئەوەی داوێن پیســـی بکەیت و بۆ
هیچ پیاوێك ببیت، منیش ئاوادەبم بۆت،٤ چونکە ڕۆژانێکی زۆر
نەوەی ئیسرائیل بەبێ پاشا یان میر، بەبێ قوربانی و کۆڵەکەکان،
بەبێ ئێفود و تەرافیم دەمێننەوە. ٥ پاش ئەوە نەوەی ئیســـرائیل
دەگەڕێنەوە داوای خوداوەند خودای خۆیان و داودی پاشـــایان
دەکەن و لە ڕۆژانی کۆتـاییدا بە ترســـەوە ڕوو لە خوداوەند و
بەرەکەتەکانی دەکەن.

# ٤

١ گوێ لە وشەی خوداوەند بگرن ئەی نەوەی ئیسرائیل،
چونکە خوداوەند شکاتی هەیە
لە دانیشتووانی خاکەکە:
کوا ڕاستی و کوا پەیمانی خۆشەویستی،
کوا ناسینی خودا لە خاکەکەدا!
٢ نەفرەتکردن و درۆ و کوشتن،
دزی و داوێن پەرەی پەرەی سەندووە و
خوێن ڕشتن، خوێن ڕشتنی بەدوادا دێت.
٣ لەبەرئەوە زەوی شین دەگێڕێت و
ئەوەی تیایدا نیشتەجێیە هێواش هێواش دەمرێت
بە گیانلەبەری دەشتودەر و
باڵندەی ئاسمان و
ماسییەکانی دەریاش.
٤ بەڵام با کەس شکایەت نەکات و
کەسیش سەرزەنشت نەکرێت،
گەلەکەت وەك ئەوانەن کە شکایەت لە کاهین بکەن.
٥ تۆش بە ڕۆژ ساتمە دەکەیت و
بە شەویش پێغەمبەر لەگەڵت ساتمە دەکات،
منیش دایکت لەناودەبەم. ٦ گەلەکەم لە نەزانین لەناوچوون.
لەبەر ئەوەی تۆ زانینت ڕەتکردەوە
ڕەتتدەکەمەوە لەوەی کاهینێتیم بۆ بکەیت.
لەبەر ئەوەی فێرکردنەکانی خودای خۆت لەیادکرد
منیش نەوەکانت لەیاد دەکەم.
٧ ئەوەندەی زیادبوون،
ئەوەندە گوناهەیان دژ بە من کرد،
منیش شکۆیان دەگۆڕم بە شەرمەزاری.
٨ گوناهەی گەلەکەم دەخۆن و
ئاواتەخوازن کە تاوان بکات.
٩ جا کاهین وەك گەل دەبێت
سزای دەدەم بەپێی ڕێگاکانی
کردەواکانی بەسەر خۆیدا دەدەمەوە.
١٠ دەخۆن و تێر نابن
داوێن پیسی دەکەن و زیاد نابن
چونکە وازیان لە خزمەتکردنی خوداوەند هێنا.
١١ داوێن پیسی و
مەی و مەیی نوێ
مێشکی بردووە.
١٢ گەلەکەم لە دارەکەی پرسیار دەکات و
داردەستەکەی پێی ڕادەگەیەنێت،
چونکە ڕۆحی داوێن پیسی گومڕای کردوون و
دڵسۆزی خودای خۆیان نین.
١٣ لەسەر لوتکەی چیاکان قوربانی سەردەبڕن و
لەسەر گردەکان بخوور دەسووتێن
لە ژێر داربەڕوو و ئەسپیندار و دارمازوو؟
چونکە سێبەری باشە!
بۆیە کچەکانتان داوێن پیسی دەکەن و
بووکەکانتان داوێن تەڕی.
١٤ کچەکانتان سزا نادەم کە داوێن پیسی دەکەن و
بووکەکانیشتان کە داوێن تەڕی دەکەن،
چونکە پیاوەکان خۆیان دەخەنە پاڵ داوێن پیسەکان
لەگەڵ لەشفرۆشانی پەرستگاکان قوربانی سەردەبڕن
گەلێك تێنەگات دەڕووخێت!
١٥ ئەگەر تۆ داوێن پیسیت ئەی ئیسرائیل،
با یەهوزا تاوان نەکات،
مەیەن بۆ گیلگال و
سەرمەکەون بۆ بێت ئاون و
سوێند مەخۆن: بە گیانی خوداوەند!
١٦ وەك مانگایەکی کەلە ڕەق
ئیســـرائیـل کەلەی خۆی ڕەق کرد، ئیتر خوداوەنـد چۆن
بیانلەوەڕێنیت
وەك بەرخ لە شوێنێکی پانوبەریندا؟
١٧ ئەفرایم بە بتەکان بەستراوەتەوە،
وازی لێبهێنن!
١٨ کە خواردنەوەیان تەواو دەبێت
بەتەواوی داوێن پیسی دەکەن
بەتەواوی حەزیان لە شەرمەزاری نەك لە ڕێز.
١٩ با لە ژێر باڵەکانی ئەوی پێچایەوە
بە قوربانییەکانیان شەرمەزار دەبن.

# ٥

١ ئەی کاهینەکان گوێتان لەمە بێت!
ئەی ماڵی ئیسرائیل سەرنج بدەن!
ئەی ماڵی پاشا گوێ بگرن!
چونکە حوکمەکە دژ بە ئێوەیە
چونکە لە میچفات تەڵە بوون،
تۆڕێکی ڕاخراویش بوون بەسەر تابور.
٢ یاخیبووان قووڵبوونەوە لە کوشتن،
منیش هەموویان تەمبێ دەکەم.
٣ من ئەفرایم دەناسم و

ئیسرائیلیش لە من شاراوە نییە.
چونکە هەر ئێستا داوێن پیسیت کرد ئەی ئەفرایم!
ئیسرائیل گڵاو بوو.
٤ کارەکانیان ڕێیان نادات
بۆ لای خودای خۆیان بگەڕێنەوە،
چونکە ڕۆحی داوێن پیسی لە ناخیاندایە و
ئەوان خوداوەند ناناسن.
٥ لووتبەرزی ئیسرائیل بەرەوڕوو شایەتی لەسەر دەدات و
ئیسرائیل و ئەفرایم بە تاوانەکانیان ساتمە دەکەن،
یەهوزاش لەگەڵیاندا ساتمە دەکات.
٦ بە مەڕ و مانگاکانیانەوە دەڕۆن
بۆ داواکردنی خوداوەند،
بەڵام نایدۆزنەوە
لێیان دوورکەوتۆتەوە.
٧ ناپاکییان لە خوداوەند کرد
چونکە کوڕانی بێگانەیان بوو
ئێستا سەری مانگیان بەشیان دەخوات.
٨ لە گیبعەدا کەڕەنا لێدەن و
لە ڕامەشدا زوڕنا.
لە بێت ئاوندا هاوار بکەن:
ئاگات لە دواتەوە بێت، بنیامین!
٩ ئەفرایم وێران دەبێت
لە ڕۆژی تەمبێکردندا.
لەنێو هۆزەکانی ئیسرائیلدا
ڕاستی ڕادەگەیەنم.
١٠ میرانی یەهوزا وەک ئەوانەن
سنوور دەگوێزنەوە،
منیش وەک ئاو
تووڕەیی خۆم بەسەریاندا دەبارێنم.
١١ ئەفرایم زۆرلێکراوە بە حوکم تێکشکێنراوە،
چونکە بڕیاریدا دوای فەرمان بکەوێت.
١٢ من بۆ ئەفرایم وەک مۆرانەم و
وەک کلۆربوونیش بۆ ماڵی یەهوزا.
١٣ ئەفرایم نەخۆشی خۆی بینی و
یەهوزاش برینەکەی خۆی.
جا ئەفرایم چوو بۆ لای ئاشوور و
ناردی بەدوای پاشایەکی شەڕانگێزدا.
بەڵام ناتوانێت چارەسەرتان بکات و
برینەکەتان لە سەر لاببات.
١٤ چونکە من بۆ ئەفرایم وەک شێرم و
بۆ ماڵی یەهوزاش وەک بەچکە شێر،
چونکە من پەلامار دەدەم و دەڕۆم
دەیبەم و فریادڕەسیش نییە،
١٥ دەڕۆم و دەگەڕێمەوە بۆ شوێنەکەی خۆم
تا دان بە تاوانەکەیان دەنێن و داوای ڕووم دەکەن.
لە تەنگانەیان بە زوویی داوام دەکەن.

# ٦

١ وەرن با بۆ لای خوداوەند بگەڕێینەوە
چونکە ئەو پارچەپارچەی کردووین و ئەویش چارەسەرمان دەکات.
ئەو برینداری کردین و هەر ئەویش برینەکانمان ساڕێژ دەکات.
٢ دوای دوو ڕۆژ دەمانژێنێتەوە
لە ڕۆژی سێیەمدا هەڵمان دەستێنێتەوە
تا لەبەردەمیدا بژین.
٣ با بناسین، با تێبکۆشین خوداوەند بناسین.
وەک گزنگ دەردەکەوێت،
وەک باران بۆ لامان دێت،
وەک بەهارە باران زەوی ئاودەدات.
٤ چیت پێبکەم ئەی ئەفرایم؟
چیت پێبکەم ئەی یەهوزا؟
پەیمانی خۆشەویستی ئێوە وەک هەوری بەیانیان وایە،
وەک ئەو شەونمەی بە زوویی دەڕوات.
٥ لەبەرئەوە بە پێغەمبەران پارچە پارچەتان دەکەم
بە وشەکانی دەمم دەتانکوژم
حوکمەکەشت وەک ڕووناکی دەردەکەوت.
٦ من ئارەزووی پەیمانی خۆشەویستی دەکەم نەک قوربانی
ناسینی خوداش زیاتر لە قوربانی سووتاندنەکان.
٧ بەڵام ئەوان وەک ئادەم سەرپێچی پەیمانیان کرد،
لەوێدا ناپاکییان لە من کرد.
٨ گلعاد شاری خراپەکارانە و بە خوێن پێپەستە.
٩ وەک چۆن جەردە بۆسە بۆ مرۆڤ دەنێنەوە،
ئاواش دەستەی کاهینەکان
لە ڕێگادا ڕووە و شەکیم خەڵک دەکوژن.
بەدڕەوشتیان ئەنجام دەدەن.
١٠ لە ماڵی ئیسرائیلدا کارێکی زۆر خراپم بینی
لەوێدا ئەفرایم داوێن پیسیکرد.
ئیسرائیل گڵاو بوو.
١١ تۆش ئەی یەهوزا دروێنەت بۆ دیاریکراوە.
کاتێ ڕاپێچی گەلەکەم دەگێڕمەوە.

# ٧

١ کاتێ ئیسرائیلم چارەسەر دەکرد،
تاوانی ئەفرایم و
خراپەی سامیرە ئاشکرا بوون،
چونکە فێڵیان کرد. دز چووە ژوورەوە و
جەردەکانیش لە دەرەوە تاڵانییان کرد، ٢ لە دڵی خۆیاندا بیر لەوە
ناکەنەوە
کە من هەموو خراپەکەیانم لە یادە
ئێستا کردەوەکانیان دەوریان دەدات،
لە بەرچاومدان.
٣ بەخراپەکەیان پاشا دڵخۆش دەکەن و
بە درۆکانیشیان میران.
٤ هەموو داوێن تەڕن
وەک تەنورێکی گەرمکراون
کە نانەواکە ئاگرەکەی گڕ نادات
لە کاتی هەویر شێلانەوە تا کاتی هەڵهاتنی.
٥ لە ڕۆژی پاشاماندا،
میران نەخۆش دەکەون، تایان لێ دێت لەبەر مەی،
دەست تێکەڵ دەکات لەگەڵ گاڵتەجاران.
٦ چونکە وەک ناخی تەنوور،
دڵیان بە فرتوفێڵە.
قینیان بە درێژایی شەو کپ دەبێت و
بۆ بەیانی گەرمە وەک ئاگرێکی گڕ گرتوو.
٧ هەموویان گەرمن وەک تەنوور،
دادوەرەکانی خۆیان خوارد
هەموو پاشاکانیان کەوتن،
کەسیان تێدا نییە هاوار بۆ من بکات.
٨ ئەفرایم تێکەڵ بە گەلان دەبێت.

ئەفرایم ببوە بە نانێکی هەڵنەگەڕاوە.
٩ بێگانەکان هێزەکەی دەخۆن و
ئەویش پێی نازانێت.
قژی ماشوبرنج بووە و
ئەویش پێی نازانێت.
١٠ شکۆی ئیسرائیل بەرەوڕوو شایەتی لەسەر دەدات،
لەگەڵ هەموو ئەوەشدا
ناگەڕێنەوە بۆ لای خوداوەند خودای خۆیان و
داوای ناکەن.
١١ ئەفرایم وەک کۆترێکی لێهاتووە
ساویلکە و بێ مێشک
بانگی میسر دەکەن و
بۆ لای ئاشوور دەچن.
١٢ کاتێک دەڕۆن، تۆڕەکەم بە سەریاندا هەڵدەدەم
وەک باڵندەی ئاسمان دایاندەگرم.
تەمبێیان دەکەم کە شایەتییەکانیان دەبیستم.
١٣ قوڕ بەسەریان چونکە لە من هەڵاتن!
ماڵوێران ئەوان چونکە تاوانیان دژ بە من کرد!
من دەیانکڕمەوە، بەڵام ئەوان درۆم بۆ هەڵدەبەستن.
١٤ کاتێک لەسەر جێگاکانیان دەناڵێنن
لە دڵیانەوە هاوارم بۆ ناکەن.
بۆ گەنم و مەی کۆدەبنەوە،
لە من هەڵدەگەڕێنەوە.
١٥ من ئاگادارم کردنەوە و
بازووی ئەوانم توونت کرد،
بەڵام ئەوان بیر لە خراپە دەکەنەوە دژ بە من.
١٦ دەگەڕێنەوە بەڵام نەک بۆ لای هەرەبەرز،
وەک کەوانێکی خواریان لێهات.
میرانیان بە شمشێر دەکەون،
لەبەر قینی زمانیان
ئەمە ئەنجامی زۆرگووتنیانە لە خاکی میسر.

# ٨

١ کەڕەنا بخەرە سەر دەمت.
وەک داڵ بەسەر ماڵی خوداوەندەوە،
لەبەر ئەوەی پەیمانەکەی منیان شکاند و
دەستدرێژیان کردە سەر فێرکردنەکەم.
٢ هاوار بۆ من دەکەن:
ئەی خودامان ئێمەی ئیسرائیل دەتناسین!
٣ ئیسرائیل بێزی لە چاکە بووەوە،
دوژمن ڕاوی دەنێت.
٤ ئەوان پاشایان دانا،
بەڵام لە منەوە نەبوو،
میرانیان دانا،
کە من نایانناسم.
لە زیو و زێڕەکانیان بۆ خۆیان،
بتیان دروست کرد، بۆ لەناوچوونیان.
٥ گوێرەکەکەت زنق بوو ئەی سامیرە!
تووڕەییم بەسەریاندا جۆشا،
تا کەی ناتوانن خۆیان بێگەرد ڕاگرن.
٦ ئەویش هەر لە ئیسرائیلە،
وەستا دروستیکردووە و ئەو خودا نییە.
گوێرەکەکەی سامیرە پارچەپارچە دەبێت.
٧ ئەوان با دەچێنن و گەردەلوول دەدورنەوە،
چێنراوێک کە بەرووبوومی نییە و
ئاردی لێ دروست ناکرێت و
گەر دروستیشکرا بێگانەکان هەڵیدەلوشن.
٨ ئیسرائیل هەڵلوشرا!
ئێستا لەنێو میللەتاندا
وەک قاپێکیان لێهاتووە کە هیچ خۆشییەکی تیادا نییە.
٩ چونکە وەک کەرە کێوییەکی تاق و تەنها
سەرکەوتن بۆ ئاشوور.
ئەفرایم دۆستی بەکرێ گرتووە.
١٠ هەرچەندە لەناو میللەتاندا دۆست بەکرێ بگرن،
بەڵام من ئێستا کۆیان دەکەمەوە،
جا کەم دەبنەوە لە ژێر باری گرانی پاشا و میران.
١١ چونکە ئەفرایم قوربانگاکانی قوربانی گوناهەی زۆر کرد بۆی
بوون بە قوربانگای گوناهە کردن.
١٢ زۆری فێرکردنەکانی خۆمی بۆ دەنووسم،
بەڵام ئەو بە نامۆیان دادەنێت.
١٣ بەڵام ئەو قوربانییانەی پێشکەشم کراون،
گۆشتە سەری دەبڕن و دەیخۆن،
خوداوەند پێیان ڕازیی نییە.
ئێستا تاوانەکەیان بە یاددەهێنێتەوە و
سزای گوناهەکەیان دەدات
ئەوان بۆ میسر دەگەڕێنەوە.
١٤ ئیسرائیل دروستکەری خۆی لە یادکرد و
چەندین کۆشکی بنیادنا.
یەهوزاش شارە قەڵابەندەکان.
بەڵام من ئاگر دەنێرمە سەر شارەکانی
جا کۆشکەکانی دەخوات.

# ٩

١ ئەی ئیسرائیل وەک گەلان دڵخۆش و شاد مەبە،
چونکە ناپاکیت لە خودای خۆت کرد
حەزت لە کرێی داوێن پیسی کرد
لە سەر هەموو جێ خەرمانەکانی گەنم.
٢ خەرمان و گوشەرەکانیان دەرخوارد نادات و
مەیی نوێ درۆیان لەگەڵ دەکات.
٣ لە زەوی خوداوەنددا نیشتەجێ نابن،
بەڵکو ئەفرایم بۆ میسر دەگەڕێتەوە و
لە ئاشوردا گڵاو دەخۆن.
٤ مەی بۆ خوداوەند پێشکەش ناکەن و
قوربانییەکانیان دڵی خۆش ناکەن.
ئەو قوربانییانە بۆ ئەوان وەک نانی ماتەمە و هەرکەسێ لێی
بخوات گڵاو دەبێت.
نانەکەیان بۆ خۆیانە و
ناچێتە ناو ماڵی خوداوەندەوە.
٥ لە ڕۆژی دیاریکراودا و
لە ڕۆژی جەژنی خوداوەنددا چی دەکەن؟ ٦ چونکە ئەوەتا ئەوەی
لە وێرانی هەڵدێت،
میسر کۆیان دەکاتەوە و موف لە گۆڕیان دەنێت،
دڕکوداڵ گەنجینە زیوەکانیان بە میرات دەگرێت و
حوشترالوک لە ماڵەکەیاندا دەبێت.
٧ ڕۆژانی سزا بەڕێوەن،
ڕۆژانی پاداشت دانەوە بەڕێوەن.
با ئیسرائیل بزانێت،
پێغەمبەر گێلە و

مرۆڤی ڕۆحیش شێتە،
لەبەر زۆری تاوان و زۆری ڕکوکینە.
٨ پاسەوانی ئەفرایم لەلایەن خودامەوەیە،
بەڵام پێغەمبەر تەڵەی ڕاوچییە لەسەر هەموو ڕێگاکانی.
ڕکوکینە لە ماڵی خوداکەیەتی.
٩ ئەوان نووقم بوون،
وەك ڕۆژانی گبعە گەندەڵ بوون،
تاوانەکەیان باس دەکرێت
گوناهەکەیان سزا دەدرێت
١٠ ئیسرائیلم وەك ترێی لە چۆڵەوانی دۆزییەوە
باوباپیرانتانم بینی وەك نۆبەرەبوون
لەسەر دارهەنجیرێك لەسەرەتای.
بەڵام ئەوان هاتن بۆ بەعل پەعور و
خۆیان بۆ شەرمەزاریی تەرخان کرد
وەك پێیان خۆش بوو بوون بە گڵاویی.
١١ ئەفرایمیش شکۆمەندییەکەی وەك باڵندە دەفڕێت
نە لەدایك بوون و نە زاماڵ و نە دووگیان بوون.
١٢ چونکە ئەگەر منداڵەکانیشیان پەروەردە بکەن، جەرگ
سووتاویان دەکەم،
تا هیچ مرۆڤێك نەبێت.
چونکە قوڕ بەسەریان کاتێ پشتیان تێدەکەم.
١٣ ئەفرایم دەبینم، وەك سوورە
لە لەوەڕگا ڕوواوە،
بەڵام ئەفرایم منداڵەکانی بۆ بکوژ دەهێنێتە دەرەوە.
١٤ بیاندەرێ ئەی خوداوەند،
چییان پێ دەدەی؟
زاماڵێکی لەباربردە و
دوو مەمکی ووشك.
١٥ هەموو خراپەکەیان لە گەلگالدایە و
من لەوێدا ڕقم لێیان بووەوە
لەبەر کردەوە خراپەیکانیان
لە ماڵی خۆم دەرمکردن.
ئیتر خۆشمناوێن.
هەموو میرەکانیان یاخین.
١٦ ئەفرایم لێدراوە،
ڕەگیان ووشك بوو،
بەر ناگرن
گەر منداڵیشیان ببێت،
مناڵە خۆشەویستەکانی سکیان دەمرێنم.
١٧ خوداکەم ڕەتیان دەکاتەوە،
چونکە گوێیان لێی نەگرت،
لەبەرئەوە لەنێو میللەتاندا وێڵ دەبن.

# ١٠

١ ئیسرائیل دارمێوێکە پەلی هاوێشتووە،
بەروبووم بۆ خۆی دەردەکات.
بە پێی زۆری بەروبوومەکەی،
قوربانگای زۆر کرد.
بە پێی باشی خاکەکەی
باش بوو لە کوڵەکە قیت کردنەوە.
٢ دڵیان دابەش بوو،
ئێستا سزا دەدرێن.
ئەو قوربانگاکانیان تێکدەشکێنێت،
کوڵەکەکانیان تێکدەدات.
٣ چونکە ئێستا دەڵێن:
ئێمە پاشامان نییە،
چونکە لە خوداوەند نەترساین،
تەنانەت پاشاش چیمان بۆ دەکات؟
٤ قسە دەکەن بە سوێندی درۆوە،
پەیمان دەبەستن،
جا دادپەروەری وەك گوژاڵك
لە خەتە جووتەکانی کێڵگەدا
لەسەریاندا دەڕوێت.
٥ خەڵکی سامیرە دەترسن،
لەبەر گوێرەکەکانی بێت ئاون،
چونکە گەلەکەی شینی بۆ دەکەن و
کاهینەکانیشی لەبەر ئەو دەلەرزن،
لەسەر شکۆمەندییەکەی،
چونکە لێی تەکێنرا.
٦ ئەویش بۆ ئاشور دەببردرێت،
دیارییە بۆ پاشای شەڕانگێز.
ئەفرایم سەرشۆڕی وەردەگرێت و
ئیسرائیلیش لەسەر ڕاوێژەکەی شەرمەزار دەبێت.
٧ سامیرە لەناو دەچێت،
پاشاکەی وەك چیلکەدارە بەسەر ڕووی ئاوەوە.
٨ بەرزاییەکانی ئاون وێران دەبن،
کە گوناهەی ئیسرائیلن،
دڕك و داڵ لەسەر قوربانگاکانیان دەڕوێن،
بە چیاکان دەڵێن دامانپۆشن و
بە گردەکانیش دەڵێن بەسەرماندا بکەون.
٩ لە ڕۆژانی گبعەوە، گوناهت کرد ئەی ئیسرائیل.
لەوێدا وەستان،
لە گبعەدا شەڕ نەوەی بەدکارانی نەگرتەوە؟
١٠ کەی بمەوێت تەمبێیان دەکەم،
گەلان گەلەکۆمەیان لێ دەکەن، کاتێ بەندن بە دوو تاوانەکەیان.
١١ ئەفرایم گوێرەکەیەکی ڕاهێنراوە
حەز لە گێرەکێشی دەکات،
بەڵام من نیر دەخەمە سەر ملە جوانەکەی،
سوار دەخەمە سەر ئەفرایم،
یەهوزا دەیکێڵێت،
یاقوبیش خرتەی دەکات.
١٢ ڕاستودروستی بۆ خۆتان بچێنن و
بەروبوومی پەیمانی خۆشەویست بدورنەوە.
بۆ خۆتان بەیارێك بکێڵن،
چونکە کاتی داواکردنی خوداوەندە،
تا بێت و ڕاستودروستیتان بەسەردا ببارێنێت.
١٣ ئێوە خراپەتان چاند و
بەدیتان دورییەوە،
بەروبوومی درۆتان خوارد.
چونکە پشتت بە ڕێگای خۆت بەست،
بە زۆری پاڵەوانەکانت.
١٤ نەڕەی جەنگ دژی گەلەکەت بەرزدەبێتەوە و
هەموو قەڵاکانت تێك دەدرێن
وەك چۆن شەلمان بەیت ئەربێئێلی تێکدا لە ڕۆژی جەنگدا،
دایك لەگەڵ منداڵەکانیدا بەزەویدا کێشران.
١٥ ئەواتان پێ دەکرێت، ئەی بێت ئێل،
لەبەر خراپی خراپییەکەتان.
لە بەرەبەیاندا پاشای ئیسرائیل بە تەواوی لەناودەچێت.

# ١١

١ كە ئیسڕائیل منداڵ بوو خۆشم ویست و
لە میسرەوە بانگی کوڕەکەی خۆمم کرد.
٢ بەڵام هەرچەند بانگیان دەکردن،
لەبەردەمیان دەڕۆیشتن،
قوربانیان بۆ بەعلیم سەردەبڕی و
بخوریان بۆ پەیکەرە داتاشراوەکان دەسووتاند.
٣ من بووم ئەفرایمم فێری ڕۆیشتن کرد،
دەستم بە قۆڵیانەوە گرت،
بەڵام نەیانزانی من چاکم کردنەوە.
٤ بە گوریسی نەرمونیانی ڕایاندەکێشم،
بە بەندەکانی خۆشەویستیی.
بۆیان بووم بە وەك ئەوەی نیر لەسەر ملیان هەڵدەگرێت،
چەمامەوە تا نانیان بدەمێ.
٥ ناگەڕێنەوە بۆ خاکی میسر،
بەڵکو ئاشور دەبێت بەپاشایان،
چونکە ڕەتیان کردەوە بگەڕێنەوە لام. ٦ شمشێر دەکەوێتە
شارەکانی و
شەوبەندی دەروازەکانیان تێکدەشکێنێت و لەبەر ڕاوێژەکانیان
دەیانخوات.
٧ گەلەکەم مەیلی هەڵگەڕانەوە دەکەن لە من،
هاوار بۆ هەرەبەرز دەکات،
بەڵام کەی بەرزیان ناکاتەوە.
٨ چۆنت وازت لێبهێنم ئەی ئەفرایم،
بەدەستتەوە بدەم ئەی ئیسڕائیل؟!
چۆن وەك ئەدەمە مامەڵەت لەگەڵدا بکەم و
وەك چەبۆئیمت لێبکەم؟!
دڵم لێم هەڵگەڕاوەتەوە و
هەموو میهرەبانیم گڕی گرتووە.
٩ گڕی تووڕەیم ناخەمە گەڕ و
ناگەڕێمەوە ئەفرایم وێران بکەم،
چونکە من خودام نەك مرۆڤ،
پاکوپیرۆز لە ناوەڕاستتە
بە قینەوە نایەم.
١٠ لە دوای خوداوەندەوە دەڕۆن
کە وەك شێرێك دەنەڕێنێت.
چونکە کە دەنەڕێنێت،
منداڵەکان لە خۆرئاواوە بە پەلە دێن.
١١ وەك چۆلەکە لە میسرەوە پەلەدەکەن
وەك کۆترێك لە خاکی ئاشوورەوە
جا لە ماڵەکانیاندا نیشتەجێیان دەکەم. خوداوەند ڕایگەیاند.
١٢ ئەفرایم بە درۆ دەوری لێدام و
ماڵی ئیسڕائیلیش بە فێڵەوە،
یەهوزاش هێشتا سەرکەشە لە خودا و
لە پاکوپیرۆزی دڵسۆز.

# ١٢

١ ئەفرایم ڕاوی با دەنێت،
دوای بای خۆرهەڵات کەوتووە.
هەموو ڕۆژێك درۆ و توندوتیژی زیاد دەکات و
لەگەڵ ئاشوردا پەیمان دەبەستن و
زەیت بۆ میسر دەهێنرێت.
٢ خوداوەند کێشەی هەیە لەگەڵ یەهوزا،
بەتەمایە سزای یاقوب بدات بە پێی ڕێگاکانی.
بەپێی کارەکانی پاداشتی بدات.
٣ لەناو سکدا پاژنەی براکەی گرت و
بە هێزی خۆی لەگەڵ خودا تێکۆشا.
٤ لەگەڵ فریشتەکەدا تێکۆشا و سەرکەوت.
گریا و پاڕایەوە تا میهرەبان بێت لەگەڵی،
لە بیت ئێل بینییەوە و
لەوێ قسەی لەگەڵماندا کرد،
٥ خوداوەند خودای سوپاسالار، ناوبانگی خوداوەندە.
٦ تۆش بگەڕێوە بۆ لای خوداکەت،
پەیمانی خۆشەویستی و دادپەروەری بپارێزە و
هەمیشە چاوەڕوانی خودای خۆت بە.
٧ وەك کەنعانییەکان تەرازووی ساختەی لەدەستدایە و
حەز دەکات ستەم بکات.
٨ جا ئەفرایم وتی:
من دەوڵەمەند بووم و
سامانم بۆ خۆم پێکەوەنا و
لە هەموو ماندووبوونەکەم
خراپەیەکم تێدا نابیننەوە
کە گوناهە بێت.
٩ من خوداوەندی خوداتم
لە زەوی میسرەوە تۆم دەرهێنا،
تا لەناو چادرەکان نیشتەجێت بکەم
وەك ڕۆژانی جەژنە دیاری کراوەکان.
١٠ قسەم لەگەڵ پێغەمبەرەکان کرد و
بینینی زۆرم بۆ ئاشکرا کرد و
بە دەست پێغەمبەرانەوە پەندم هێنایەوە.
١١ بۆ گلعادیش مایە پووچە،
بێ سوود گایان دەکرد بە قوربانی لە گیلگال،
قوربانگای ئەمانەش هەروەها
وەك کۆمەڵە بەردن لە سەر خەتەجووتەکانی کێڵگەدا.
١٢ یاقوب بۆ دەشتودەری ئارام هەڵات و
ئیسڕائیل لە پێناوی ژنێکدا خزمەتیکرد و
لە پێناوی ژنێکدا شوانی کرد.
١٣ خوداوەند بە پێغەمبەرێك ئیسڕائیلی لە میسرەوە دەرهێنا و
بە پێغەمبەرێك پاراستی.
١٤ بەڵام ئەفرایم بە تاڵییەوە ڕقی هەستاند
خوداوەندیشی تاوانی خوێنەکەی لەسەری بەجێ دەهێڵێت و
گاڵتەجاڕییەکەی بەسەر خۆیدا دەداتەوە.

# ١٣

١ کە ئەفرایم قسەیکرد، لەرزین پەیابوو،
ئەویش لە ئیسڕائیلدا پایەداربوو،
بەڵام کە بە بەعل تاوانباربوو مرد.
٢ ئێستا گوناهیان زیاتر دەکەن،
بتی لەقاڵبدراو بۆ خۆیان دروست دەکەن
لە زیوەکانیان بەپێی تێگەشتنی خۆیان،
هەموو دەستکردی وەستایە.
دەربارەیان دەڵێن:
بۆ ئەمانە مرۆڤ سەربڕن
گوێرەکەکان ماچ دەکەن!

٣ بۆیە وەك هەوری بەیانیان دەبن و
وەك ئەو شەونمەی بە زوویی دەڕوات،
وەك پوشی خەرمان کە دەدرێتە دەم باوە
وەك دووکەڵ لە کلاوڕۆژنەوە.
٤ بەڵام من خوداوەندی خوداتم
لە خاکی میسرەوە و
خودایەکی تر جگە لە من ناناسیت و
جگە لەمنیش کەس ڕزگارکار نییە.
٥ من لە چۆڵەوانیدا تۆم ناسی،
لە زەوی تینوویێتیدا.
٦ کە لە لەوەڕان تێربوون،
کە تێربوون دڵیان بەفیزبوو،
بۆیە منیان لەیادکرد.
٧ جا وەك شێر دەبم بۆیان
وەك پڵنگ لەسەر ڕێگا خۆم ماتدەکەم.
٨ وەك ورچێکی جگەرسووتاو پەلاماریان دەدەم و
پەردەی دڵیان دەدڕێنم.
وەك شێرە مێ لەوێ دەیانخۆم،
گیانلەبەرە کێوییەکان پارچە پارچەیان دەکەن.
٩ ئەی ئیسرائیل تۆ لەناوچوویت،
چونکە تۆ دژی منیت،
یارمەتی تۆ لە منەوەیە.
١٠ ئێستا کوا پاشاکەت
تا لە هەموو شارەکانت ڕزگارت بکات؟
کوا کاربەدەستانت؟
کاتێ وتت:
پاشا و میرانم بدەرێ!
١١ لە توڕەییمدا پاشایەکم پێت دا و
لە ڕق هەستانم بردمەوە.
١٢ تاوانەکەی ئەفرایم پێچراوەتەوە و
گوناهەکەشی لە خەزێنەکراوە.
١٣ ژانی ژنی منداڵ بوو بە سەریدا دێت،
منداڵێکی نەفامە
چونکە لەکاتی خۆیدا نایەت
لەکاتی لەدایك بوونی منداڵان.
١٤ لە دەست دونیای مردووان خۆم بۆیان بەخت دەکەم،
لە مردن دەیانکڕمەوە.
کوا دەردەکانت ئەی مردن؟
کوا وێرانکاریت ئەی دوونیای مردووان؟
میهرەبانی لە چاوەکانم شاردراونەتەوە.
١٥ هەرچەندە لە ناو براکانیدا بە بەروبووم بوو،
بایەکی خۆرهەڵات دێت
بای خوداوەند لە چۆڵەوانیەوە هەڵیکردووە
جا کانیەکەی وشك دەکات و
سەچاوەکەی بێ ئاو دەکات
گنجینەی هەموو کەلوپەلە بەنرخەکانی تاڵان دەکرێت.
١٦ سامیرە تاوانباردەکرێت
چونکە لە خودای خۆی یاخی بوو،
بە شمشێر دەکەون و
منداڵەکانیان تێکدەشکێنرێن
سکی سکپڕان هەڵدەدرێن.

# ١٤

١ ئەی ئیسرائیل بۆ لای خوداوەند خودای خۆت بگەڕێرەوە،
چونکە بە تاوانی خۆت ساتمەت کرد!
٢ قسەکان لەگەڵ خۆتان ببەن و
بگەڕێنەوە بۆ لای خوداوەند،
پێی بڵێن:
لە هەموو تاوانێك خۆشبە و
ئەوەی باشە وەریبگرە،
بەروبوومی لێوەکانمان دەدەینەوە بە تۆ.
٣ ئاشوور ڕزگارمان ناکات.
سواری ئەسپ نابین و
جارێکی دیکە بە کارەکانی دەستمان ناڵێین،
خوداکانمان، بە تۆ هەتیو بەر بەزەیی دەکەوێت..
٤ من هەڵگەڕانەوەیان چاك دەکەمەوە،
بە خۆڕایی ئەوانم خۆشدەوێت،
چونکە تووڕەیم لێیان گەڕایەوە.
٥ بۆ ئیسرائیل وەك شەونم دەبم،
وەك سەوسەن گوڵ دەکات و
وەك لوبنان ڕەگ دادەکووتێت.
٦ چڵەکانی درێژدەبنەوە،
جوانییەکەی وەك دار زەیتون دەبێت و
وەکو لوبنان بۆندار دەبێت.
٧ نیشتەجێ بووان دەگەڕێنەوە و لە سایەی سێبەرەکەی وەك گەنم دەژیینەوە و
وەك مێو گوڵ دەکەنەوە.
ناوبانگی وەك مەی لوبنان دەبێت.
٨ ئەفرایم دەڵێت:
لەمەولا پەیوەندیم بە بتەوە نییە!
من وەڵام دەدەمەوە و چاودێریت دەکەم،
من وەك دارسەروویەکی سەزم
بەروبوومەکەت لەلای منەوەیە.
٩ کێ دانایە و ئەمانە تێدەگات،
تێگەیشتووە و دەیانزانێت؟
چونکە ڕێگاکانی خوداوەند ڕاستن و
ڕاستودروستان پێیدا دەڕۆن،
بەڵام بەدکاران ساتمەی تێدادەکەن.

# یۆئێل

## ١

١ وشەی خوداوەند کە بۆ یۆئێلی کوڕی پەسوئێل هات:
٢ ئەی پیران گوێ لەمە بگرن و
ئەی هەموو دانیشتوانی زەوی گوێ شلکەن،
ئایا ئەمە لە ڕۆژانی ئێوەدا ڕوویداوە،
یان لە ڕۆژانی باووباپیرانتاندا؟
٣ ئەمە بۆ کوڕەکانتان بگێڕنەوە و
کوڕەکانیشتان بۆ کوڕەکانیان و
کوڕەکانیشیان بۆ نەوەیەکی دواتر.
٤ ئەوەی لەبەر کولەی قرتێنەر مایەوە ڕەوە کولە لووشیاندا و
ئەوەی لەبەر ڕەوە کولە مایەوە پێکوڕە لووشیاندا و
ئەوەش کە لەبەر پێکوڕە مایەوە وردە کولەی لووشیاندا.
٥ سەرخۆشەکان بەئاگابێن و بگرین،
واوەیلا بکەن ئەی هەموو مەی نۆشەکان،
بۆ خۆشاو چونکە لە دەمتان براوە.
٦ چونکە میللەتێك سەرکەوتووەتە سەر خاکەکەم،
بەهێز و بێ شومار،
ددانەکانی ددانی شێرە و
کەڵبەی شێرە مێی هەیە.
٧ دار مێوەکەمی کردووە بە وێرانە و
دار هەنجیرەکەم بە تێکشکاو،
توێکڵەکەی داتاشی و فڕێی دا،
لقەکانی سپی بوونەوە.
٨ بلاوێنەوە وەك پاکیزەیەکی ماتەم پۆشیو،
بۆ مێردی نەبوو.
٩ قوربانی خۆراك و مەیی پێشکەش کراو برایەوە
لە ماڵی خوداوەند،
شیوەنیان گێڕا کاهینەکان،
خزمەتکارانی خوداوەند.
١٠ کێڵگەکان فەوتان و
زەوی شیوەنی گێڕا،
چونکە گەنم فەوتا و
مەیی نوێ وشك بوو،
ڕۆن لە هیزە برا.
١١ شەرمەزاربن جووتیارەکان،
واوەیلا بکەن ڕەزەوانەکان،
بۆ گەنم و بۆ جۆ،
چونکە لەناوچوو دروێنەی کێڵگە.
١٢ دار مێو وشك هەڵگەڕا و
دار هەنجیر سیس بوو،
دار هەنار و هەروەها دار خورما و دار سێو،
هەموو درەختەکانی کێڵگە وشك هەڵگەڕان،
چونکە خۆشی لە ئادەمیزاد وشك هەڵگەڕا.
١٣ پشت ببەستن و شیوەن بگێڕن ئەی کاهینەکان،
واوەیلا بکەن ئەی خزمەتکارانی قوربانگا،
بڕۆنە ژوورەوە و بە بەرگی ماتەمەوە سەربنێنەوە،
ئەی خزمەتکارانی خوداکەم،
چونکە لە ماڵی خوداکەتان قەدەغە کراوە
قوربانی خۆراك و مەیی پێشکەشکراو.
١٤ ڕۆژووگرتنێك تەرخان بکەن،
خۆتەرخانکردن ڕابگەیەنن،
پیران کۆبکەنەوە،
هەموو دانیشتووانی خاکەکە،
بۆ ماڵی خوداوەند خوداتان و
هاوار بۆ خوداوەند بکەن.
١٥ ئای بۆ ئەو ڕۆژە!
چونکە ڕۆژی خوداوەند نزیك بووەتەوە و
وەك لەناوبردنێك لە لایەن توانادارەوە دێت.
١٦ ئایا لەبەرچاومان خواردن نەبڕاوەتەوە
لە ماڵی خودامان خۆشی و شادی؟
١٧ تۆوی دانەوێڵەکان لە ژێر بارستی خاکدا ڕزین،
کۆگاکان چۆڵ کران،
عەمبارەکان وێران کران،
چونکە گەنم وشك هەڵگەڕا.
١٨ ئاژەڵەکان چۆن دەناڵێنن!
مێگەلەکان سەرگەردان بوون،
چونکە لەوەڕگایان نییە،
تەنانەت ڕانە مەڕەکانیش لەناو دەچن.
١٩ ئەی خوداوەند هاوار بۆ تۆ دەکەم،
چونکە ئاگرێك لەوەڕگاکانی چۆڵەوانی خوارد و
گڕێك هەموو درەختەکانی کێڵگەی سووتاند. ٢٠ تەنانەت
ئاژەڵەکانی دەشتودەر
چاویان لە تۆیە،
چونکە جۆگەلە ئاوەکان وشکیان کردووە و
ئاگر لەوەڕگاکانی چۆڵەوانی خوارد.

## ٢

١ لە سییۆندا فوو بە کەڕەنا بکەن و
لەسەر چیای پیرۆزم بقیژێنن،
با هەموو دانیشتووانی زەوییەکە بلەرزن،
چونکە ڕۆژی خوداوەند هات، چونکە نزیکە،
٢ ڕۆژی تاریکی و ئەنگوستە چاو،
ڕۆژی هەور و هەوری تار،
وەك کازیوە باڵی بەسەر چیاکاندا کێشاوە،
گەلێکی زۆر و بەهێز،
لە شێوەی ئەو نەبووە لە دێرزەمانەوە،
دوای ئەویش نابێت،
تا ساڵانی نەوە پاش نەوە.
٣ لە پێشییەوە ئاگر دەخوات و
لە پشتیشییەوە گڕ دەسووتێنێت،
وەك باخچەی عەدەنە زەوی لە پێشییەوە و
لە پشتیشییەوە چۆڵەوانییەکی وێرانە،
دەربازبوونیش نییە لێی.
٤ دیمەنی وەك دیمەنی ئەسپە و
وەك سوارەکان ئاوا غاردەدەن.
٥ وەك دەنگی گالیسکەکان

لەسەر لوتکەی چیاکان بازدەدەن.
وەك دەنگی گڕی ئاگر،
کە پووشوپەڵاش دەخوات،
وەك گەلێکی بەهێز،
ڕیز بەستوو بۆ جەنگ.
٦ لەبەردەم ئەو گەلان سڵ دەکەنەوە
هەموو دەموچاوەکان ڕەنگیان دەپەڕێت.
٧ وەك پاڵەوانان ڕادەکەن،
وەك جەنگاوەران بە دیوارەکاندا هەڵدەگەڕێن،
هەریەکە ڕێگای خۆی دەگرێتە بەر و
لە ڕێچکەکانی خۆیان لانادەن،
٨ تەنگ بە یەکتری هەڵناچنن و
هەریەکە بە ڕیزی خۆیدا دەڕوات،
بەنێو سەنگەرەکاندا ڕەت دەبن و ناشکێن.
٩ بەناو شارەکەدا غاردەدەن و
بەسەر دیوارەکاندا ڕادەکەن و
سەردەکەونە سەر ماڵەکان،
بەناو پەنجەرەکاندا
وەك دز دێنە ژوورەوە.
١٠ لەبەردەمیدا زەوی دەلەرزێت،
ئاسمانەکان دەهەژێن،
خۆر و مانگ تاریك دەبن و
ئەستێرەکان تریسکی خۆیان ڕادەگرن.
١١ خوداوەندیش دەنگی بەرزدەکاتەوە
لە پێش سوپاکەیەوە،
چونکە بێ ئەندازە زۆرە سەربازەکانی،
چونکە بە هێزە ئەنجامدەری وشەکەی،
چونکە مەزنە ڕۆژی خوداوەند و
زۆر سامناکە و کێ خۆی لەبەری دەگرێت؟
١٢ لەبەرئەوە ئێستا،
خوداوەند دەفەرموێت،
بگەڕێنەوە بۆ لام بە هەموو دڵتانەوە و
بە ڕۆژووگرتن و بە گریان و بە شیوەن گێرانەوە،
١٣ دڵتان دادڕن نەك جلەکانتان و
بگەڕێنەوە بۆ لای خوداوەند خوداتان،
چونکە میهرەبان و بە بەزەییە،
درەنگ توڕەدەبێت و پەیمانی خۆشەویستییەکەی گەورەیە،
لە خراپە پاشگەز دەبێتەوە.
١٤ کێ دەزانێت؟ ڕەنگە بگەڕێتەوە و پاشگەز بێتەوە
لەپاش خۆیەوە بەرەکەت بەجێ بهێڵێت،
قوربانی خۆراك و مەیی پێشکەشکراو
بۆ خوداوەند خوداتان.
١٥ لە سییۆندا فوو بە کەڕەنا بکەن،
ڕووژووگرتنێك تەرخانبکەن،
لەسەر چیای پیرۆزم بقیژێنن،
١٦ گەل کۆبکەنەوە و
کۆمەڵ پیرۆز بکەن و
پیران خربکەنەوە و
منداڵان کۆبکەنەوە
لەگەڵ شیرەخۆرەکان.
با زاوا لە ژوورەکەیەوە بێتە دەر و
بوکیش لەناو کەژاوەکەی.
١٧ با بگرین کاهینەکان
خزمەتکارانی خوداوەند،
لە نێوان هەیوانەکە و قوربانگاکەدا،
با بڵێن، ئەی خوداوەند، دڵت بە گەلەکەت بسووتێت و
میراتەکەت مەدە دەست ڕسوایی
تا گەلان بیانکەن بە پەند.
بۆچی لەناو گەلاندا بڵێن کوا خوداکەیان؟
١٨ ئینجا خوداوەند بۆ زەوییەکەی ئیرەدار دەبێت و
بەزەیی بە گەلەکەیدا دێتەوە.
١٩ خوداوەند وەڵامدەداتەوە و بە گەلەکەی دەفەرمووێت:
ئەوەتا من بۆتان دەنێرم
گەنم و مەیی نوێ و زەیت،
تا لێی تێر دەبن و
ئیتر ناتانکەم بە مایەی ڕسوایی لەناو میللەتان.
٢٠ ئەو باکوورییەشتان لێ دوور دەخەمەوە و
دەریدەکەم بۆ زەوییەکی
وشك و کاکی بەکاکی،
ڕووی لە دەریای خۆرهەڵاتی و
پشتیشی لە دەریای خۆرئاوایە،
بۆگەنییەکەی سەرکەوت و
بۆنە پیسەکەی دەردەچێت،
چونکە خوداوەند کاری مەزنی ئەنجامداوە.
٢١ ئەی زەوی مەترسە
شاد و دڵخۆشبە،
چونکە خوداوەند کاری مەزنی ئەنجام داوە.
٢٢ ئەی ئاژەڵەکانی دەشتودەر مەترسن،
چونکە لەوەڕگاکانی چۆڵەوانی سەوز دەبن،
چونکە درەختەکان بەردەگرن،
دارمێو و دارهەنجیر هێزی خۆیان دەردەخەن.
٢٣ ئێوەش ئەی نەوەی سییۆن
شاد و دڵخۆشبن
بە خوداوەند خوداتان،
چونکە ڕاستودروستانە پایزە بارانی پێدان و بەسەرتاندا دای دەبارێنێت پایزە باران و بەهارە باران لەسەرەتای وەرز.
٢٤ ئیتر خەرمانەکان پڕدەبن لە گەنم و
حەوزی گووشەرەکان مەی و زەیتیان لەسەر دەڕژێت و
٢٥ قەرەبووی ئەو ساڵانەتان دەدەمەوە
کە ڕەوە کولە خواردیان،
پێکوڕە و کولەی باڵدار و کولەی قرتێنەر،
لەشکرە گەورەکەم
کە ناردمە سەرتان.
٢٦ ئینجا خواردن دەخۆن و تێر دەبن و
ستایشی ناوی خوداوەند خودای خۆتان دەکەن،
ئەوەی کاری سەرسوڕهێنەری لەگەڵ کردن، تاهەتایە گەلەکەم سەرشۆڕ نابێت.
٢٧ ئینجا دەزانن کە من لەناوەڕاستی ئیسرائیلدام و
من خوداوەند خوداتانم و کەسی تر نییە، تاهەتایە گەلەکەم سەرشۆڕ نابێت.
٢٨ ئینجا پاش ئەمانە
ڕۆحم بە سەر هەموو مرۆڤدا دادەبارێنم و
کوڕان و کچانتان پێشبینی دەکەن،
پیرانتان خەون دەبینن،
لاوەکانتان بینین دەبینن.
٢٩ هەروەها بەسەر خزمەتکاران و کارەکەراندا،
لەو ڕۆژانەدا ڕۆحی خۆم دادەبارێنم.
٣٠ کاری سەرسوڕهێنەر لە ئاسمان و زەویدا نیشاندەدەم،
خوێن و ئاگر و ستوونی دوکەڵ،
٣١ خۆر دەبێتە تاریکی و
مانگیش دەبێتە خوێن،
بەر لەوەی ڕۆژی گەورە و
ترسناکی خوداوەند بێت.
٣٢ جا هەموو ئەوەی ناوی خوداوەند بێنێت دەرباز دەبێت،

چونکە دەربازبوون لە چیای سییۆن و لە ئۆرشەلیمدا دەبێت،
هەروەك خوداوەند فەرمووی،
لەناو ئەوانە دەبن کە ماونەتەوە و
خوداوەند بانگی کردوون.

# ٣

١ چونکە ئەوەتا لەو ڕۆژانەدا و لەو کاتەدا کە ڕاپێچەکەی یەهوزا
و ئۆرشەلیم دەگێڕمەوە و
٢ هەموو میللەتان خڕدەکەمەوە و
دەیانبەمە خوارەوە بۆ دۆڵی یەهۆشافات و
لەوێدا دادگاییان لەگەڵدا دەکەم
لەسەر گەلەکەم و میراتەکەم، ئیسرائیل
کە لەنێو میللەتاندا پەرتوبڵاویان کردن و
زەوییەکەمیان دابەش کرد و
٣ لەسەر گەلەکەم تیروپشکیان کرد و
منداڵیان بە داوێن پیس گۆڕییەوە و
کچیان بە مەی فرۆشت و خواردیانەوە.
٤ ئێتر ئێوە بۆ من چین ئەی سور و چیدۆن و
هەموو ناوچەکانی فەلەستین؟
ئایا تۆڵەم لێدەسێننەوە؟
جا گەر تۆڵەم لێ بسەننەوە،
بەپەلە و خێرا تۆڵەتان لێدەسەنمەوە.
٥ کە ئێوە زیو و زێڕەکەمتان برد و
شتە دڵگیر و باشەکانی منتان بردە ناو پەرستگاکانتانەوە و
٦ نەوەی یەهوزا و نەوەی ئۆرشەلیمتان
بە نەوەی یۆنانییەکان فرۆشت،
تا لە سنوورەکانی خۆیان دووریان بخەنەوە.
٧ ئەوەتا من هەڵیان دەستێنم لەو شوێنەوە
کە ئەوانتان پێی فرۆشت و
تۆڵەتان لێدەسەنمەوە و
٨ کوڕەکانتان و کچەکانتان بە دەست
نەوەی یەهوزادا دەفرۆشم،
ئەوانیش دەیان فرۆشن بە سەبائییەکان،
بە میللەتێکی دوور،
چونکە خوداوەند فەرمووی.
٩ ئەمە ڕابگەیەنن لەناو میللەتاندا:
جەنگێك تەرخان بکەن،
پاڵەوانەکان هەڵسێنن،
با پێشکەون و سەرکەون
هەموو جەنگاوەران.
١٠ گاسنەکانتان بکوتن بۆ شمشێر و
داسەکانیشتان بۆ ڕم،
با لاواز بڵێت، من پاڵەوانم.
١١ پەلەکەن و وەرن
ئەی هەموو میللەتانی دەوروبەر،
لەوێدا خڕ ببنەوە.
ئەی خوداوەند پاڵەوانەکانت دابەزێنە.
١٢ هەڵدەستن و سەردەکەون میللەتان،
بۆ دۆڵی یەهۆشافات،
چونکە لەوێدا دادەنیشم بۆ دادگایی کردنی
هەموو میللەتانی دەوروبەر.
١٣ داسەکە بنێرن،
چونکە دروێنەکە پێگەیشتووە.
وەرن بشێلن،
چونکە گووشەرەکە پڕبووە،
حەوزەکە لەسەری دەڕژێت،
چونکە خراپەیان زۆرە!
١٤ کۆمەڵ کۆمەڵ لە دۆڵی بڕیاردا!
چونکە نزیکە ڕۆژی خوداوەند
لە دۆڵی بڕیاردا.
١٥ خۆر و مانگ تاریك دەبن و
ئەستێرەکان تریسکی خۆیان ڕادەگرن،
١٦ خوداوەندیش لە سییۆنەوە دەنەڕێنێت و
لە ئۆرشەلیمەوە دەنگی بەرز دەکاتەوە و
ئاسمانەکان و زەویش دەهەژێن.
بەڵام خوداوەند پەناگایە بۆ گەلەکەی خۆی و
قەڵایە بۆ نەوەی ئیسرائیل.
١٧ جا دەزانن کە من خوداوەند خوداتانم،
نیشتەجێ لە سییۆن، چیای پیرۆزم،
ئۆرشەلیمیش پیرۆز دەبێت و
ئیتر بێگانە بەناویدا تێناپەڕێت.
١٨ جا لەو ڕۆژەدا وا دەبێت،
چیاکان خۆشاوی ترێیان لێ دەتکێت و
گردەکان شیریان لێ دەڕژێت و
هەموو کانییەکانی یەهوزا ئاویان لەسەر دەڕژێت و
کانییەك لە ماڵی خوداوەندەوە دەتەقێت و
دۆڵی شتتیم ئاو دەدات.
١٩ میسر وێران دەبێت و
ئەدۆمیش دەبێتە چۆڵەوانییەکی وێران،
لەبەر ستەم کردنیان لە نەوەی یەهوزا
کە خوێنێکی بێ تاوانیان لە خاکەکەیاندا ڕشت.
٢٠ یەهوزاش تاهەتایە ئاوەدان دەبێت و
ئۆرشەلیمیش نەوە دوای نەوە.
٢١ لەو خوێن ڕشتنەیان خۆش دەبم کە لێی خۆش نەبووبووم و
خوداوەندیش لە سییۆندا نیشتەجێ دەبێت.

# عامۆس

# ١

١ وشەکانی عامۆس کە لە خاوەن مەڕوماڵاتەکان بوو لە تەقوع
ئەوەی دەربارەی ئیسرائیل لە ڕۆژانی عوزیای پاشای یەهوزا
و لە ڕۆژانی یەرۆبعامی کوڕی یوئاشی پاشای ئیسرائیلدا بینی،
دوو ساڵ پێش بوومەلەرزەکە.
٢ وتی:
خوداوەند لە سییۆنەوە دەنەڕێنێت
لە ئۆرشەلیمەوە دەنگی دێت
لەوەڕگای شوانەکان شیوەن دەگێڕن و
لوتکەی کەرمل وشک دەبێت.
٣ خوداوەند ئاوای فەرموو:
لەبەر سێ چوار یاخی بوونەکەی دیمەشق
لێی ناگێڕمەوە،
چونکە بە جەنجەڕی ئاسن گلعادیان شێلا.
٤ ئاگر دەنێرمە سەر ماڵی حەزائێل و
کۆشکەکانی بێنهەدەد دەخوات
٥ کاریتەی دەروازەکانی دیمەشق دەشکێنم و
دانیشتوو لە دۆڵی ئاڤن دەبڕمەوە و
گۆچان بەدەست لە بێت عەدەن و
گەلی ئارام بۆ قیر ڕاپێچ دەکرێن،
خوداوەند فەرمووی.
٦ خوداوەند ئاوای فەرموو:
لەبەر سێ چوار یاخی بوونەکەی غەززە
لێی ناگێڕمەوە،
چونکە ڕاپێچێکی تەواویان ڕاپێچکرد
بۆ دەستبەسەرکردنی بۆ ئادۆم
٧ ئاگر دەنێرمە سەر دیوارەکانی غەززە و
کۆشکەکانی دەخوات.
٨ دانیشتوو لە ئەشدۆد دەبڕمەوە و
گۆچان بەدەست لە ئەشقەلۆن .
دەستم دەگەڕێنمەوە سەر عەقرۆن و
پاشماوەی فەلەستییەکان لەناودەچن.
خوداوەندم خوداوەند فەرمووی.
٩ خوداوەند ئاوای فەرموو:
لەبەر سێ چوار یاخی بوونەکەی سور
لێی ناگێڕمەوە،
چونکە ڕاپێچێکی تەواویان دایە دەست ئادۆمەوە و
پەیمانی برایەتییان بەیادنەهێنایەوە.
١٠ ئاگر دەنێرمە سەر دیوارەکانی سور
کۆشکەکانی دەخوات.
١١ خوداوەند ئاوای فەرموو:
لەبەر سێ چوار یاخی بوونەکەی ئادۆم
لێی ناگێڕمەوە،
چونکە بە شمشێرەوە دوای براکەی کەوت
بە بێ بەزەیی
تووڕەییەکەی بەردەوام دادەدڕێت
قینی بۆ هەتاهەتایە هەڵدەگرێت.
١٢ ئاگر دەنێرمە سەر تیمان
کۆشکەکانی بوچرە دەخوات.
١٣ خوداوەند ئاوای فەرموو:
لەبەر سێ چوار یاخی بوونەکەی عەمۆن
لێی ناگێڕمەوە،
چونکە سک پڕەکانی گلعادیان هەڵدڕی
بۆ ئەوەی سنوورەکانیان بەرفراوان بکەن.
١٤ ئاگر لە دیوارەکانی ڕەببە بەردەدەم
کۆشکەکانی دەخوات
بە هاتوهاوارەوە لە ڕۆژی جەنگدا
بە زریانەوە لە ڕۆژی باوباراندا.
١٥ پاشاکەیان بۆ ڕاپێچ دەچێت
ئەو و هەموو میرەکانی بە یەکجار.
خوداوەند فەرمووی.

# ٢

١ خوداوەند ئاوای فەرموو:
لەبەر سێ چوار یاخی بوونەکەی موئاب
لێی ناگێڕمەوە،
چونکە سووتاندیان ئێسقانەکانی
پاشای ئەدۆم تا بوو بەکلس.
٢ ئاگر دەنێرمە سەر موئاب
کۆشکەکانی قەریۆت دەخوات
موئاب بە هاژەهاژ دەمرێت
بە هاتوهاوار بە دەنگی کەڕەنا.
٣ دادوەر لەناوەڕاستیدا دەبڕمەوە
هەموو میرەکانی لەگەڵیدا دەکوژم
خوداوەند فەرمووی.
٤ خوداوەند ئاوای فەرموو:
لەبەر سێ چوار یاخی بوونەکەی یەهوزا
لێی ناگێڕمەوە،
چونکە ڕەتیان کردەوە فێرکردنەکانی خوداوەند
فەرزەکانی ئەویان نەپاراست
درۆکانیان فریویدان
ئەوەی باوکانیان دوایانکەوتن.
٥ ئاگر دەنێرمە سەر یەهوزا
کۆشکەکانی ئۆرشەلیم دەخوات.
٦ خوداوەند ئاوای فەرموو:
لەبەر سێ چوار یاخی بوونەکەی ئیسرائیل
لێی ناگێڕمەوە،
چونکە ڕاستودروستیان بە زیو فرۆشت
نەداریش بۆ جووتێ سەندەڵ
٧ سەری هەژاران لەسەر خۆڵی زەوی پێشێل دەکەن
ڕێگای کڵۆڵان خوار دەکەن
پیاوێك و باوکی بۆ لای یەك کچ دەچن
تا ناوی پیرۆزم بزڕێنن.
٨ لەسەر جلوبەرگی بارمتەکراو ڕادەکشێن
لە پاڵ هەموو قوربانگایەك،
مەیی بەزۆر وەرگیراو دەخۆنەوە

لە ماڵی خودایان.
٩ من بووم کە ئامۆرییەکانم لەپێشیان لەناوبرد
ئەوانەی باڵایان وەك باڵای ئورز بوو
بەهێز بوون وەك بەڕوو
بەروبوومیان لەسەرەوە لەناودەبەم و
ڕەگوڕیشاڵیان لە ژێرەوە.
١٠ من بووم کە لە زەوی میسرەوە سەرم خستن
چل ساڵ لە چۆڵەوانیدا بەڕێم خستن
بۆ داگیرکردنی خاکی ئامۆرییەکان.
١١ لەناوتاندا پێغەمبەرانم قیت کردەوە و
لەناو لاوەکانتان تەرخانکراوان
ئایا وانەبوو ئەی نەوەی ئیسرائیل؟
خوداوەند دەفەرموێت.
١٢ بەڵام ئێوە مەیتان دەرخواردی تەرخانکراواندا
فەرمانتان بە پێغەمبەران کرد پێشبینی نەکەن.
١٣ ئەوەتا من لەجێی خۆتان دەتانچەقێنم
وەك چۆن جەنجەڕ دەچەقێت
لەبەر پڕی چەپکەکان.
١٤ ئیتر ڕاکردن بۆ خێرا نامێنێت
بەهێز هێزی خۆی توندوتۆڵ ناکات
پاڵەوان گیانی خۆی دەرباز ناکات
١٥ کەوان بەدەست خۆی ڕاناگرێت
ئەسپ سواریش گیانی خۆی دەرباز ناکات
١٦ ئەوەی بەجەرگە لەنێو پاڵەوانان
لەو ڕۆژەدا بە ڕووتی ڕادەکات.
خوداوەند دەفەرموێت.

# ٣

١ گوێتان لەم وشەیە بێت کە خوداوەند وتویەتی ئەی نەوەی
ئیسرائیل دژی ئێوە و هەموو ئەو خێڵەی لە زەوی میسرەوە
سەریخستن کە فەرمووی:
٢ تەنها ئێوەم ناسی
لە هەموو خێڵەکانی زەوی،
لەبەرئەوە سزاتان دەدەم
لەسەر هەموو تاوانەکانتان.
٣ ئایا دووان پێکەوە هاتوچۆ دەکەن
بێ ئەوەی ڕێکبکەون؟
٤ ئایا شێر لە بێشەڵاندا دەنەڕێنێت
ئەگەر نێچیری نەبێت؟
ئایا بەچکە شێر لە لانەیەکەوە دەنگی دێت
بێ ئەوەی هیچی ڕفاندبێت؟
٥ ئایا باڵندە دەکەوێتە ناو داوی زەوییەوە
لە کاتێکدا تەڵەی بۆ نەنرابێتەوە؟
ئایا تەڵە لەسەر زەوی هەڵدەگیرێت
کە هیچی نەگرتبێت؟
٦ ئەگەر کەڕەنا لە شاردا لێبدرێت
گەل ناترسێت؟
ئەگەر بەڵایەك لەشاردا ڕوو بدات
خوداوەند نەیکردووە؟
٧ چونکە خوداوەندم خوداوەند هیچ کارێك ناکات تا نهێنییەکەی بۆ
پێغەمبەرە خزمەتکارەکانی نەدرکێنێت.
٨ شێر نەڕاندی
کێ ناترسێت؟
خوداوەندم خوداوەند فەرمووی
کێ پێشبینی ناکات؟
٩ ڕایبگەیەنن لەسەر کۆشکەکانی ئەشدۆد و
لەسەر کۆشکەکانی خاکی میسر و بڵێن
لەسەر چیاکانی سامیرە کۆببنەوە و
ببینن ئەو هاتوهاوارە زۆرەی ناوەڕاستی و
ئەو زۆرلێکردنەی لە ناویدایە.
١٠ نازانن ڕێکی ئەنجام بدەن
خوداوەند دەفەرموێت
ئەوانەی توندوتیژی و سەرلێشێوای
لە کۆشکەکانیان عەمبار دەکەن.
١١ بۆیە خوداوەندم خوداوەند ئاوای فەرموو،
دوژمن بە چواردەوری زەوییەکەدا دەبێت و
لێت کەم دەکاتەوە هێزت و
کۆشکەکانت تاڵان دەکرێن.
١٢ خوداوەند ئاوای فەرموو:
وەك چۆن شوان دەریدەکات
لە دەمی شێر
دوو قاچ یان پارچە گوێیەك
ئاوا دەریدەکەن نەوەی ئیسرائیلیش
ئەوانەی لە سامیرە دانیشتوون
گۆشەی چوارپایەیەك و پارچە پێخەفێك.
١٣ گوێبگرن و شایەتی بدەن لەسەر ماڵی یاقوب
خوداوەندم خوداوەند خودای سوپاسالار دەفەرموێت،
١٤ چونکە لەو ڕۆژەدا سزای
ئیسرائیل دەدەم لەسەر یاخی بوونەکانی
سزای قوربانگاکانی بێیت ئێلیش دەدەم
جا قۆچی قوربانگاکان دەبڕێنەوە و
دەکەونە سەر زەوی.
١٥ ماڵی زستانیش دەکێشم بەسەر ماڵی هاویندا
ماڵە عاجەکانیش لەناودەچن و ماڵە مەزنەکانیش کۆتاییان پێدێت.
خوداوەند دەفەرموێت.

# ٤

١ گوێتان لەم وشەیە بێت
ئەی مانگاکانی باشان ئەوانەی لە چیای سامیرەن
ئەوانەی ستەم لە هەژاران دەکەن
نەداران وردوخاش دەکەن
بە گەورەکانیان دەڵێن
وەرن با بخۆینەوە!
٢ خوداوەندم خوداوەند سوێندی خوارد بە پیرۆزی خۆی
کە ئەوەتا ڕۆژانێك دێت بەسەرتاندا
خۆتان بە قولاب دەگیرێن و
دوا کەسیشتان بە ڕمی ماسی.
٣ لە کەلێنەکانەوە دەردەچن هەریەکەو لەپێش خۆیەوە
دەنێردرێن بۆ هارمۆنە
خوداوەند دەفەرموێت.
٤ وەرن بۆ بێیت ئێل یاخی بن
لە گلگال زۆر بکەن یاخی بوون
هەموو بەیانییەك قوربانییەکانتان بهێنن و
هەموو سێ ڕۆژێك دەیەکەکانتان.
٥ بیسوتێنن لە هەویرترش قوربانی سوپاسکردن
بانگەواز بۆ بەخشین بدەن و ڕایبگەیەنن
چونکە واتان پێ خۆش بوو ئەی نەوەی ئیسرائیل.
خوداوەندم خوداوەند دەفەرموێت.

٦ هەروەها منیش پێمدان
پاکوتەمیزی ددان لە هەموو شارەکانتان و
کەمی نان لە هەموو شوێنەکانتان
بەڵام نەگەڕانەوە بۆلام.
خوداوەند دەفەرمووێت.
٧ هەروەها منیش بارانم لێ گرتنەوە
کە سێ مانگ ماوە بۆ دروێنە و
بارانم بەسەر شارێك باراند و بەسەر شارێکی تردا نەمباراند.
بەسەر بەشێکدا باراند و ئەو بەشەش کە بەسەریدا نەباری ووشك
هەڵگەڕا. ٨ جا دوو سێ شار داگەڕان بۆ شارێك بۆ ئاو خواردنەوە
بەڵام تێر نەبوون و نەگەڕانەوە لام. خوداوەند دەفەرمووێت.
٩ بە گڕە و بە کرم لێمدان،
کە زۆر بوو باخ و ڕەزە مێو و
هەنجیر و زەیتون کولە خواردنی،
بەڵام نەگەڕانەوە لام.
خوداوەند دەفەرمووێت
١٠ دەردێکی وەك ئەوەی میسرم نارده سەرتان
بە شمشێر لاوەکانتانم کوشت لەگەڵ ڕاپێچکردنی ئەسپەکانتان
بۆگەنی ئوردوگاکەتانم بەرزکردەوە تا کونە لووتتان
بەڵام نەگەڕانەوە لام،
خوداوەند دەفەرمووێت.
١١ هەندێکتانم هەڵگەڕاندەوە
وەك چۆن خودا سەدوم و عەمورەی هەڵگێرایەوە،
وەك پارچە دارێکی گڕگرتووتان لێ هات کە لە ناو ئاگرەوە
دەرهێنرابێت
بەڵام نەگەڕانەوە لام،
خوداوەند دەفەرمووێت.
١٢ لەبەرئەوە ئاوات پێدەکەم ئەی ئیسرائیل،
لەبەرئەوەی ئەمەت پێدەکەم،
ئامادەبە بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی خوداکەت ئەی ئیسرائیل.
١٣ چونکە ئەوەتا
شێوە داڕێژەری چیاکان و بەدیهێنەری با
ئەوەی بە مرۆڤ ڕادەگەیەنێت بیرکردنەوەی چییە
بەرەبەیان دەکات بە تاریکی
بەسەر بەرزاییەکانی زەویدا دەڕوات
ناوی خوداوەند خودای سوپاسالارە.

# ٥

١ گوێ لەم وشەیە بگرن کە من بەسەر ئێوەی هەڵدەدەم، شیوەنە
ئەی ماڵی ئیسرائیل:
٢ کەوت و جارێکی تر هەڵناسێتەوە
پاکیزەکەی ئیسرائیل
فڕێدرایە سەر خاکەکەی
کوا هەڵسێنەری؟
٣ چونکە خوداوەندم خوداوەند ئاوای فەرموو:
ئەو شارەی بە هەزارەوە دەردەچێت
سەدی بۆ دەمێنێتەوە
ئەوەی بە سەدەوە دەردەچێت
دەی بۆ دەمێنێتەوە
لە ماڵی ئیسرائیل.
٤ چونکە خوداوەند ئاوای بە ماڵی ئیسرائیل فەرموو:
داوای من بکەن و بژین.
٥ داوای بێیت ئێل مەکەن و
مەچن بۆ گلگال و
بۆ بیئر شەبع مەپەڕنەوە
چونکە گلگال بە ڕاپێچ ڕاپێچ دەکرێت و
بێیت ئێل دەبێتە نەبوو.
٦ داوای خوداوەند بکەن و بژین
ئەگینا وەك ئاگر پڕدەداتە ماڵی یوسف
دەیخوات و کەس نابێت بیکوژێنێتەوە لە بێیت ئێل.
٧ ئەی ئەوانەی دادپەروەری دەگۆڕن بۆ تاڵاو
ڕاستودروستیش بە زەویدا دەدەن!
٨ ئەوەی حەوتەوانە و ڕاوچی دروستکردووە
سێبەری مەرگ بۆ بەیان دەگۆڕێت و
ڕۆژ وەك شەو تاریك دەکات
ئاوی دەریا بانگ دەکات و
بەسەر ڕووی زەویدا دەیڕژێت
ناوی خوداوەندە.
٩ ئەوەی وێرانی بەسەر بەهێزدا دەبارێنێت و
وێرانی بەسەر قەڵادا دێت.
١٠ ئەوان لە دەروازەدا ڕقیان لە سەرزەنشتکار دەبێتەوە و
قێزیان لە مرۆڤی تەواو دەبێتەوە،
١١ لەبەرئەوەی ئێوە هەژار دەشێلن و
بەشی گەنمی لێ دەستێنن و
ماڵتان لە بەردی داتاشراو بنیادنا
بەڵام تیایاندا دانانیشن
ڕەزە مێوی بەتامتان چاندوو
بەڵام لە مەیەکەی ناخۆنەوە.
١٢ چونکە دەزانم یاخی بوونەکانتان زۆرن
گوناهەکانتان مەزنن
دوژمنانی ڕاستودروستان و بەرتیل خۆران
لە دەروازەدا دەست بە ڕووی نەدارانەوە دەنێن.
١٣ بۆیە مرۆڤی وریا بێ دەنگ دەبێت لەو کاتەدا
چونکە کاتێکی خراپە.
١٤ دوای چاکە بکەون نەك خراپە
تا بژین
جا وادەبێت خوداوەند خودای سوپاسالار لەگەڵتان دەبێت
وەك خۆتان وتتان.
١٥ ڕقتان لە خراپە بێتەوە و حەزتان لە چاکە بێت
دادپەروەری لە دەروازەدا بچەسپێنن
بەڵکو خوداوەند خودای سوپاسالار میهرەبان دەبێت
لەگەڵ پاشماوەی یوسفدا.
١٦ لەبەرئەوە خوداوەند ئاوای فەرموو
خودای سوپاسالار خوداوەندم
لە هەموو گۆڕەپانەکان شیوەن گێڕان و
لە هەموو شەقامەکاندا دەڵێن: ئای ئای
جووتیارەکان بانگ دەکەن بۆ گریان و
بۆ شیوەن گێرانیش ئەوانەی وەستای لاوانەوەن.
١٧ لە هەموو ڕەزەمێوەکاندا شیوەن گێڕانە
چونکە بەناوەڕاستتدا تێدەپەڕم، خوداوەند دەفەرمووێت.
١٨ قوڕ بەسەر ئەوانەی تامەزرۆی ڕۆژی خوداوەندن!
بۆچیتانە ڕۆژی خوداوەند
تاریکییە نەك ڕووناکی؟
١٩ وەك پیاوێك ڕابکات
لەبەردەم شێر و
تووشی وورچێك بێت
جا بێتە ماڵەوە و
دەستی لەسەر دیوارەکە دابنێت و
مار پێوەی بدات.
٢٠ ئایا ڕۆژی خوداوەند تاریك و

بێ ڕووناکی نییە؟
ئایا ئەنگوستەچاو و بێ تروسکایی نییە؟
٢١ ڕق و قێزم لە جەژنەکانتان دەبێتەوە و
چێژ لە خۆتەرخانکردنەکانتان نابینم.
٢٢ چونکە ئەگەر قوربانی سووتاندنەکان و
قوربانیەکانی خۆراکتان پێشکەش بکەن ڕازی نابم و
ئاوڕ لە قوربانی ئاشتی لە دابەستەکانتان نادەمەوە.
٢٣ ژاوەژاوی گۆرانییەکانتم لێ دوور بخەرەوە و
گوێ لە ئاوازی سەنتورەکەت ناگرم.
٢٤ با دادپەروەری وەك ئاو بڕوات و
ڕاستودروستیش وەك ڕووبارێکی هەمیشەیی.
٢٥ ئایا قوربانی سەربڕاو و دیاریتان پێشکەش کردم
چل ساڵ لە چۆڵەوانیدا ئەی ماڵی ئیسرائیل؟
٢٦ بەڵکو سکوتی پاشای خۆتان هەڵگرت
لەگەڵ کێوانی بتەکانتان
ئەستێرەی خوداکانتان
پەیکەری بتەکانتان
کە بۆخۆتان دروستتان کردن.
٢٧ جا ڕاپێچتان دەکەم بۆ پاش دیمەشق،
خوداوەند فەرمووی،
خودای سوپاسالار ناویەتی.

## ٦

١ قوڕبەسەرتان ئەی خۆشگوزەرانەکانی سییۆن و
ئەی پشت بەستووان بە چیای سامیرە،
پیاوماقوڵانی سەری گەلان
دێن بۆ لایان ماڵی ئیسرائیل.
٢ بپەڕنەوە بۆ کەلنە و تەماشاکەن و
لەوێوە بچن بۆ حەماتی مەزن و
پاشان دابەزن بۆ گەتی فەلەستییەکان
ئایا لەم پاشایەتییانە باشترە؟
یان سنوورەکانیان لە سنوورەکانتان فراوانترە؟
٣ ئەی ئەوانەی ڕۆژی بەڵا بە دوور دەزانن و
تەختی ستەم نزیك دەخەنەوە،
٤ ئەوانەی لەسەر چوارپایەی عاج ڕادەکشێن و
لەسەر نوێنەکانتان پاڵدەکەون و
بەرخی ناو ڕان و
گوێرەکەی دابەستراو دەخۆن.
٥ لەگەڵ دەنگی سەنتور دنگەدەنگتانە
وەك داود ئامێری مۆسیقا بۆ خۆتان دادەهێنن.
٦ بە جام مەی دەخۆنەوە و
بە باشترین زەیت خۆیان چەور دەکەن،
بەڵام خەفەت ناخۆن بۆ وێرانی یوسف.
٧ لەبەرئەوە ئێستا لە یەکەمی ڕاپێچکراوان دەبن و
هاواری پاڵکەوتووانیش کۆتایی دێت.
٨ خوداوەندم خوداوەند بە گیانی خۆی سوێندی خواردووە،
خوداوەند خودای سوپاسالار دەفەرمووێت:
من قێزم لە شانازی یاقوب دەبێتەوە و
ڕقم لە کۆشکەکانیەتی،
جا شار و هەموو ئەوەی تیایەتی بەدەستەوە دەدەم.
٩ جا وای لێدێت ئەگەر دە پیاو لە ماڵێکدا بمێننەوە دەمرن و
١٠ ئەوەی مامی خۆی هەڵگرێت و ئەوەی دەیسووتێنێت، تا
ئێسقانەکانی لە ماڵەکە دەرکات و بەوە بڵێت کە لەناو ماڵەکەیە:
ئایا کەسیترت لەلا ماوە؟ جا دەڵێت: کەس نەماوە. و دەڵێت: وس،
چونکە نابێت ناوی خوداوەند بهێنرێت!
١١ چونکە ئەوەتا خوداوەند فەرمان دەدات و
لە ماڵی گەورە دەدات و وردوخاشی دەکات و
ماڵی بچوکیش پارچەپارچە دەکات.
١٢ ئایا ئەسپ بەسەر بەرددا ڕادەکات؟
یان کەس بە گا دەیکێڵێت؟
بەڵام ئێوە دادپەروەریتان گۆڕی بۆ ژەهر و
بەری ڕاستودروستیش بۆ تاڵاو.
١٣ ئێوە بە لۆدەبەر دڵخۆشن
دەڵێن: ئایا بە توانای خۆمان
قەرنایمان بۆ خۆمان وەرنەگرت؟
١٤ چونکە ئەوەتا لێتانی ڕاست دەکەمەوە ئەی ماڵی ئیسرائیل،
خوداوەند خودای سوپاسالار دەفەرمووێت، لە دەروازەی
حەماتەوە تا دۆڵی عەرەبە تەنگتان پێهەڵچنن.

## ٧

١ خوداوەندم خوداوەند ئاوای پیشاندام، ئەوەتا شێوەی کولەی
دەکێشا لەسەرەتای سەرهەڵدانی گژوگیا، ئەوەتا گژوگیاکە پاش
دورینەوەی بەشەکەی پاشایە، ٢ ئەوە بوو پاش ئەوەی لە خواردنی
گژوگیای زەوییەکە بووەوە، وتم: خوداوەندم خوداوەند، تکایە
ببەخشە! یاقوب چۆن هەستێتەوە، چونکە بچووکە! ٣ خوداوەند
لەمە پەشیمان بووەوە و خوداوەند فەرمووی: ئەمە ڕوو نادات.
٤ خوداوەندم خوداوەند ئاوای پیشاندام: ئەوەتا خوداوەندم خوداوەند
بۆ دادگایی کردن بە ئاگر بانگەشەی کرد و ئاگرەکە قوڵاییە
گەورەکەی لووشدا و پارچە زەوییەکەی خوارد. ٥ جا وتم:
خوداوەندم خوداوەند، تکایە با بەس بێت! یاقوب چۆن هەستێتەوە،
چونکە بچووکە! ٦ خوداوەند لەمە پەشیمان بووەوە و خوداوەند
فەرمووی: هەروەها ئەمەش ڕوو نادات.
٧ ئاوای پیشاندام: ئەوەتا خوداوەندم لەسەر دیوارێکی دروستکراو
ڕاوەستاوە و شاقولێکی بەدەستەوەیە. ٨ خوداوەند پێی فەرمووم:
عامۆس تۆ چی دەبینیت؟ منیش وتم: شاقول. ئینجا خوداوەندم
فەرمووی: ئەوەتا من شاقولێك لەناوەڕاستی ئیسرائیلی گەلمدا
دادەنێم، پاش ئەمە چیتر دەستی لێ ناپارێزم!
٩ بەرزاییەکانی ئیسحاق چۆڵ دەبن و
پیرۆزگاکانی ئیسرائیل وێران دەبن و
بە شمشێرەوە هەڵدەکوتمە سەر ماڵی یەروباعم .
١٠ جا ئەمەچیای کاهینی بێیت ئێل پەیامی بۆ یەروبعامی پاشای
ئیسرائیل نارد و وتی: عامۆس لەناوەڕاستی ماڵی ئیسرائیلدا
پیلانی دژت گێڕاوە و زەوییەکە ناتوانێت بەرگەی هەموو
قسەکانی بگرێت. ١١ چونکە عامۆس وای وتووە:
یەروبعام بە شمشێر دەکوژرێت و
ئیسرائیل بە تەواوی ڕاپێچ دەکرێت لە خاکەکەی خۆی.
١٢ ئینجا ئەمەچیا بە عامۆسی وت: ئەی بینەر بڕۆ بۆ خۆت ڕاکە
بۆ زەوی یەهوزا، لەوێ نان بخۆ و لەوێ پێشبینی بکە. ١٣ بەڵام لە
بێیت ئێل چیتر پێشبینی مەکە، چونکە پیرۆزگای پاشایە و ماڵی
پاشایەتیە.
١٤ عامۆسیش وەڵامی دایەوە و بە ئەمەچیای وت: من پێغەمبەر
نیم و کوڕی پێغەمبەر نیم، بەڵکو من گاوانم ورەزەوانی هەنجیری
کێویم. ١٥ ئینجا خوداوەند لە پشت ڕانەکەوە هەڵیگرتم و خوداوەند
پێی فەرمووم: بڕۆ پێشبینی بۆ ئیسرائیلی گەلم بکە. ١٦ ئێستاش
گوێ لە وشەی خوداوەند بگرە، تۆ دەڵێیت دژ بە ئیسرائیل پێشبینی

مەکە دژ بە ماڵی ئیسحاق ووتار مەدە. ١٧ لەبەرئەوە خوداوەند
ئاوای فەرموو:
ژنەکەت لە شاردا داوێن پیسی دەکات و
کوڕ و کچەکانت بە شمشێر دەکەون و
زەوییەکەت بە گوریس دابەش دەکرێت و
خۆت لەسەر زەوییەکی گڵاودا دەمریت و
ئیسرائیلیش بە تەواوی ڕاپێچ دەکرێت
لە خاکەکەی خۆی.

# ٨

١ خوداوەندم خوداوەند ئاوای پیشاندام، ئەوەتا سەبەتەیەك بۆ
بەروبوومی هاوینە. ٢ جا فەرمووی: عامۆس چی دەبینیت؟ منیش
وتم: سەبەتەیەکی بەروبوومی هاوینە. ئینجا خوداوەند پێی
فەرمووم:
کۆتایی هات بەسەر ئیسرائیلی گەلم
پاش ئەمە چیتر دەستی لێ ناپارێزم!
٣ دەبێت بە ناڵین گۆرانییەکانی کۆشك
لەو ڕۆژەدا، خوداوەندم خوداوەند فەرمووی.
تەرمەکان زۆرن
لە هەموو شوێنێکدا
بەبێ دەنگی فڕێ دەدرێن.
٤ گوێتان لەمە بێت ئەی ئەوانەی هەناسەبڕکێتانە بەدوای
نەدارانەوە
تا کۆتایی بە هەژارانی زەوی بهێنن.
٥ دەڵێن:
کەی سەری مانگ بەسەر دەچێت تا دانەوێڵە بفرۆشین و
ڕۆژی پشوودان تا گەنم بخەینە بازاڕەوە
تا ئیفە بچووك بکەینەوە و شاقل گەورە بکەین و
تا بە زۆرزانی تەرازوو خواروخێچ بکەین.
٦ تا هەژاران بە زیو بکڕین و
نەداران بە جووتێ سەندەڵ و
بن بێژنگی گەنم بفرۆشین.
٧ خوداوەند بە شانازی یاقوب سوێندی خوارد:
کە تاهەتایە کردەوەکانیان لەیاد ناکەم.
٨ ئایا لەبەر ئەمە زەوی نالەرزێت و
شیوەن ناکەن هەموو دانیشتووانی؟
هەمووی وەك ڕووبار هەڵدەستێت و
هەڵدەچێت و دەکشێتەوە وەك ڕووباری میسر.
٩ جا وا دەبێت لەو ڕۆژەدا،
خوداوەندم خوداوەند دەفەرموێت.
لە نیوەڕۆدا خۆر ئاوادەکەم و
لە ڕۆژی ڕووناکدا زەوی تاریك دەکەم.
١٠ جەژنەکانتان دەگۆڕم بە شیوەن و
هەموو گۆرانیەکانتان بە لاوانەوە و
بەرگی ماتەم دەکەمە بەر هەمووتان
قژ بەسەرتانەوە ناهێڵم.
دەیکەم بە شیوەنی تاقانە و
کۆتاییەکەشی وەك ڕۆژێکی تاڵ.
١١ ئەوەتا ڕۆژانێك دێن،
خوداوەندم خوداوەند فەرمووی.
برسێتی دەنێرمە سەر زەوی
نەك برسێتی بۆ نان و
نەك تونێتی بۆ ئاو
بەڵکو بۆ گوێگرتن لە وشەکانی خوداوەند.
١٢ جا وێڵن لە دەریایەکەوە بۆ دەریایەك و
لە باکوورەوە بۆ خۆرهەڵات دەگەڕێن،
بە دوای وشەی خوداوەند
بەڵام نایدۆزنەوە.
١٣ لەو ڕۆژەدا پاکیزە جوانەکان و
کوڕە لاوەکان
لە تینوێتیدا دەبووررێنەوە .
١٤ ئەوانەی سوێند بە گوناهەی سامیرە دەخۆن و
دەڵێن: بە خوداکەت ئەی دان کە زیندووە و
بەو ڕێگایەی بیئر شەبەع کە زیندووە.
جا دەکەون و ئیتر هەڵناسنەوە.

# ٩

١ خوداوەندم بینی لەلای قوربانگاکەوە ڕاوەستابوو و فەرمووی:
لە سەری کۆڵەکەکان بدە تا بەردەرگاکان بلەرێنەوە و
بیان شکێنە بەسەر سەری هەموویاندا و
دوا کەسیشیان بە شمشێر دەکوژم
کەسیان لێ هەڵنایەت و
کەسیشیان لێ دەرباز نابێت.
٢ گەر هەڵکۆڵن بەرەو دونیای مردووان
لەوێوە دەستم دەیانگرێت،
گەر بۆ ئاسمانیش سەرکەون،
لەوێوە دایاندەگرمە خوارەوە و
٣ ئەگەر لە لوتکەی کەرمل خۆیان بشارنەوە،
لەوێدا بە شوێنیان دەگەڕێم و دەیانگرم و
ئەگەر لە بنی دەریا خۆیان لەبەر چاوم بشارنەوە،
لەوێدا فەرمان بە مار دەکەم و پێیانەوە دەدات.
٤ ئەگەر بۆ ڕاپێچ بردران لە پێش دوژمنەکانیانەوە،
لەوێدا فەرمان بە شمشێر دەکەم و دەیانکوژێت و
چاوەکانم دەبڕمە سەریان بۆ خراپە نەك بۆ چاکە.
٥ خوداوەندیشم خوداوەندی سوپاسالار
دەست لە زەوی دەدات جا دەتوێتەوە و
هەموو دانیشتووانەکەی شیوەن دەگێڕن و
هەمووی وەك ڕووبار هەڵدەستێت و
دەکشێتەوە وەك ڕووباری میسر.
٦ ئەوەی لە ئاسمان سەرخانی خۆی بنیاددەنێت و
لە زەویش بنخانی خۆی دادەمەزرێنێت
بانگی ئاوی دەریا دەکات و
بەسەر ڕووی زەویدا دەیڕژێنێت
خوداوەندی ناوە
٧ ئایا ئێوە بۆ من وەك نەوەی کوشییەکان نین،
ئەی نەوەی ئیسرائیل؟
خوداوەند دەفەرموێت.
ئایا ئیسرائیلم لە زەوی میسرەوە سەرنەخست و
فەلەستییەکان لە کەفتورەوە و
ئارامییەکان لە قیرەوە؟
٨ ئەوەتا چاوەکانی خوداوەندم خوداوەند
بەسەر پاشایەتیە گوناهبارەکەیە
لەناوی دەبەم
لەسەر ڕووی زەوی
بەڵام ماڵی یاقوب بەتەواوی لەناو نابەم،
خوداوەند دەفەرموێت.
٩ چونکە ئەوەتا من فەرماندەدەم و
لەناو هەموو میللەتان ماڵی ئیسرائیل لە بێژنگ دەدەم

وەك چۆن بە بێژینگ لە بێژنگ دەدرێت
بێ ئەوەی دەنكێك بكەوێتە سەر زەوی.
١٠ بە شمشێر دەمرن
هەموو گوناهبارانی گەلەكەم
ئەوانەی دەڵێن، نزیك نابێتەوە و
نایەتە ناومان بەڵا.
١١ لەو ڕۆژەدا ڕاستی دەكەمەوە
كەپرە كەوتووەكەی داود
كەلێنەكانی پڕ دەكەمەوە و
ڕووخاوییەكانی هەڵدەچنمەوە و
بینای دەكەمەوە وەك ڕۆژانی ڕابردوو.
١٢ تا داگیری بكەن پاشماوەی ئەدۆم و سەرجەم ئەو میللەتانەی
ناوی منیان لێ نراوە، خوداوەند دروستكەری ئەمە دەفەرموێت.

١٣ ئەوەتا ڕۆژانێك دێن،
خوداوەند دەفەرموێت،
كێڵەر بە دروێنەكەر دەگات و
شێلەری ترێش بە چێنەری تۆو و
چیاكان خۆشاوی ترێیان لێ دەتكێت و
هەموو گردەكانیش لێیان دەچۆڕێت.
١٤ ڕاپێچەكراوەكانی ئیسرائیلی گەلم دەگێڕمەوە و
شارە كاولكراوەكان بنیاددەنێنەوە و نیشتەجێ دەبن و
ڕەزە مێو دەچێنن و مەیەكەی دەخۆنەوە و
باخ دەكەن و لە بەرەكەی دەخۆن و
١٥ لە خاكەكەیاندا دەیانچێنم و ئیتر هەڵناكەنرێن لە خاكەكەیان كە
پێم داون، خوداوەندی خودات فەرمووی.

# عوبەدیا

١ بینینەکەی عوبەدیا،
خوداوەندم خوداوەند ئاوای فەرموو سەبارەت بە ئەدۆم:
هەواڵێکمان بیست لەلایەن خوداوەندەوە،
نێرراوێکیش بۆ ناو گەلان نێردرا،
هەستن و با هەستینەسەری بۆ جەنگ.
٢ ئەوەتا لە ناو گەلان بچووکم کردیتەوە،
تۆ زۆر ڕسوای.
٣ فیزی دڵت هەڵیخەڵەتاندی،
ئەی نیشتەجێی ناو کونوکەلەبەری چیاکان
ئەوەی نیشینگەکەی بەرزە
لە دڵی خۆیدا وتی:
کێ دامدەگرێتە سەر زەوی.
٤ ئەگەر وەک داڵ بەرزبیتەوە و
ئەگەر هێلانەت لەناو ئەستێرەکاندا بێت
لەوێوە داتدەگرم،
خوداوەند ڕایگەیاند.
٥ ئەگەر دزت بۆ بێت
ئەگەر چەتەی شەوان
ئایا ئەوەی پێویستیان بێت نایدزن؟
ئەگەر ڕەزبڕت بۆ بێت
ئایا ئەوەی لێیان بەربێتەوە بەجێی ناهێڵن؟
ئای چۆن بەتەواوی بڕایتەوە!
٦ ئای عیسۆ چۆن پشکێنرا؟
گەنجینە شاراوەکانی سەرخران.
٧ تا سنوور ڕاویاننای
هەموو هاوپەیمانەکانت
هەڵیانخەڵەتاندی و زاڵبوون بەسەرتدا
ئەوانەی ئاشتی بەست بوون لەگەڵتدا
ئەوانەی نان و نمەکیان کردبووی
داوت بۆ دەنێنەوە لە ژێرت
کوا تێگەیشتن لەودا؟
٨ خوداوەند ڕایگەیاند:
ئایا لەو ڕۆژەدا،
دانایان لە ئەدۆم لەناونابەم
تێگەیشتنیش لە چیای عیسۆ؟
٩ دەتۆقێن پاڵەوانەکانت ئەی تیمان
لەبەر ئەوەی پیاو لە چیای عیسۆ دەبڕێتەوە
لەبەر کوشتار.
١٠ لەبەر ستەمت لە یاقوبی برات
ڕسوایی دادتدەپۆشێت و تا هەتایە دەبڕێیتەوە.
١١ ئەو ڕۆژەی بەرەوڕوو وەستای
ئەو ڕۆژەی بێگانەکان هێزەکەیان دەستگیر کرد و
نامۆکان هاتنە ناو دەروازەکانی و
لەسەر ئۆرشەلیم تیروپشکیان کرد
هەروەها تۆش وەک یەکێک بووی لەوان.
١٢ مەڕوانە ڕۆژی براکەت
ڕۆژی بەڵای
دڵخۆش مەبە بۆ نەوەی یەهودا
لە ڕۆژی لەناوچوونیان
تانە مەدە
لە ڕۆژی تەنگانەدا.
١٣ مەیە ناو دەروازەی گەلەکەم
لە ڕۆژی کارەساتیان
تۆش مەڕوانە ناخۆشییەکەی
لە ڕۆژی کارەساتی
دەست درێژ مەکە بۆ هێزەکەی
لە ڕۆژی کارەساتی.
١٤ لەسەر دوو ڕیانەکان مەوەستە
بۆ بڕینەوەی دەربازبووەکانی
هەڵهاتووەکانی دەستبەسەر مەکە
لە ڕۆژی تەنگانە.
١٥ چونکە ڕۆژی خوداوەند نزیکە
بەسەر هەموو گەلان
وەک ئەوەی کردت ئاوات پێت دەکرێت
پاداشتی کردەوەکانت بەسەر خۆتدا دەگەڕێتەوە.
١٦ چونکە وەک چۆن لەسەر چیای پیرۆزم خواردتانەوە
هەموو گەلان بەردەوام دەخۆنەوە
دەخۆنەوە و دەنۆشن و
وایان لێدێت وەک نەبن.
١٧ بەڵام لەسەر چیای سییۆن دەربازبوون دەبێت و
دەبێت بە پیرۆز
ماڵی یاقوبیش
داگیرکەرانیان داگیردەکەن.
١٨ ماڵی یاقوب دەبێت بە ئاگر و
ماڵی یوسف دەبێت بە گڕ
ماڵی عیسۆش دەبێت بە پووش
جا گڕیان تێبەردەدەن و دەیانخۆن
ماڵی عیسۆ دەربازبوویان نابێت
چونکە خوداوەند فەرمووی.
١٩ جا خەڵکی باشوور چیای عیسۆ داگیر دەکەن
خەڵکی دەشتاییەکەش فەلەستییەکان و
کێڵگەکانی ئەفرایم و کێڵگەکانی سامیرە
بنیامینیش گلعاد.
٢٠ دەستبەسەرانی ئەم هێزەش لە نەوەی ئیسرائیل
ئەوانە داگیر دەکەن کە کەنعانین تا چرفە و
دەستبەسەرانی ئۆرشەلیمیش کە لە چەفارەدن
شارەکانی باشوور.
٢١ ڕزگار بووان سەردەکەنە سەر چیای سییۆن
بۆ حوکمدان بەسەر چیای عیسۆ
پاشایەتیش بۆ خوداوەند دەبێت.

# یونس

## ١

١ وشەی خوداوەند بۆ یونسی کوڕی ئەمیتای هات و
وتی: ٢ هەستە بڕۆ بۆ شاری مەزنی نەینەوا و تیایدا بانگەواز
بکە، چونکە خراپەکانیان بەرز بووەتەوە بەرەدەمم. ٣ یونسیش
بۆئەوەی لە ڕووی خوداوەند هەڵبێت هەستا بەرەو تەرشیش، جا
دابەزی بۆ یافا و کەشتییەکی دۆزییەوە کە دەڕۆیشت بۆ تەرشیش،
کرێکەی داو چووە ناوی، بۆئەوەی لە گەڵیان بچێت بۆ تەرشیش
و لە ڕووی خوداوەند ڕابکات. ٤ خوداوەندیش بایەکی مەزنی بۆ
سەر دەریاکە نارد و ڕەشەبایەکی مەزن لە دەریاکەدا هەڵیکرد،
خەریك بوو کەشتیەکە پارچەپارچە بێت. ٥ کەشتیوانەکان ترسان
و هەریەکەیان هاواری بۆ خودای خۆی کرد و ئەو شتانەی کە
لەناو کەشتیەکەدا بوون فڕێیاندایە ناو دەریاکەوە، بۆئەوەی باری
خۆیان سووك بکەن. کەچی یونس چووبووە ژوورەوەی کەشتیەکە
و پاڵکەوتبوو و لە خەوێکی قووڵدا بوو. ٦ سەرۆکی سەوڵ
لێدەرەکان لێی نزیکبووەوە و پێی وت: ئەوە بۆچی نوستوویت!
هەستە هاوار بکە بۆ خوداکەت، بەڵکو خودا ئاوڕمان لێبداتەوە و
لەناونەچین. ٧ ئیجا هەریەکەو بەوی تری وت: وەرن با تیروپشك
بکەین، تا بزانین ئەم بەڵایە بە هۆی کێوەیە. ئیتر تیروپشکیان کرد
و کەوتە سەر یونس. ٨ پێیان وت: پێمان بڵێ بەهۆی کێوەیە ئەم
بەڵایەمان بەسەرەوەیە، ئیشت چییە و لەکوێوە هاتوویت، سەر بە
چ خاکێکیت و لە چ نەتەوەیەکیت؟ ٩ ئەویش پێی وتن: من عیبرانیم
و لە خوداوەند خودای ئاسمان دەترسم، ئەوەی دەریا و وشکانی
دروستکردووە. ١٠ پیاوەکان ترسێکی زۆریان لێ نیشت و پێیان
وت: بۆچی ئەمەت کرد؟ پیاوەکان زانیان لە ڕووی خوداوەند
هەڵهاتووە، چونکە خۆی پێی وتن. ١١ پێیان وت: چیت لێ بکەین
بۆ ئەوەی دەریاکەمان لێ هێمن بێتەوە؟ چونکە دەریاکە زیاتر
هەڵدەچوو. ١٢ ئەویش پێی وتن: بمبەن و فڕێمبدەنە ناو دەریاکەوە،
ئیتر دەریاکەتان لێ هێمن دەبێتەوە، چونکە من دەزانم بەهۆی
منەوەیە ئەم ڕەشەبا مەزنە لەسەرتانە. ١٣ بەڵام پیاوەکان زیاتر و
زیاتر سەوڵیان لێدەدا بۆ ئەوەی کەشتیەکە بگەڕێننەوە بۆ وشکانی،
کەچی نەیانتوانی، چونکە دەریاکە زیاتر لێیان هەڵدەچوو. ١٤ ئیتر
هاواریان بۆ خوداوەند کرد و وتیان: ئای ئەی خوداوەند،
لەناونەچین لەبەر گیانی ئەم پیاوە و خوێنی بێتاوانێك مەخەرە
ئەستۆمان، چونکە ئەی خوداوەند ئەوەت کردووە کە پێی ڕازیت.
١٥ ئینجا یونسیان گرت و فڕێیاندایە ناو دەریاکەوە، ئیتر دەریاکە
هێمن بووەوە. ١٦ پیاوەکان زۆر لە خوداوەند ترسان و قوربانیان
بۆ خوداوەند سەربڕی و نەزریان کرد. ١٧ خوداوەندیش ماسییەکی
گەورەی ئامادەکرد بۆ ئەوەی یونس قووت بدات، ئیتر یونس سێ
شەو و سێ ڕۆژ لەناوسکی ماسییەکەدا بوو.

## ٢

١ ئینجا یونس نوێژی کرد بۆ خوداوەند خودای خۆی لەناو سکی
ماسییەکەوە و ٢ وتی: لەتەنگانەمدا بانگی خوداوەندم کرد، وەڵامی
دامەوە. لەناو سکی دونیای مردووانەوە هاوارم کرد، گوێت لە
دەنگم بوو. ٣ فڕێتدامە قوڵاییی، لەناوجەرگەی دەریاکان، لافاو
دەوریدام، شەپۆلەکانت و لێشاوەکانت دایانپۆشیم. ٤ وتم، لەبەر
چاوت دەرکرام، بەڵام دەگەڕێمەوە بۆ تەماشاکردنی پەرستگای
پیرۆزت. ٥ ئاو دەوریدام تا گیانم، قوڵاییی دەوری گرتم، گیای
دەریا لەسەرم ئاڵا. ٦ تا بنی چیاکان شۆڕبوومەوە، تا پشتی
دەروازەکانی زەوی بۆ هەتاهەتایە. ئینجا ئەی خوداوەند خودام،
ژیانمت لە گۆڕ هێنایە دەرەوە. ٧ کاتێك گیانم ماندووبوو و
خوداوەندم بیرکەوتەوە، نوێژەکەم گەیشتە لات بۆ پەرستگای
پیرۆزت. ٨ ئەوانەی چاویان لە شتی پڕوپووچی ساختەیە، واز لە
پەیمانی خۆشەویستییان دەهێنن. ٩ بەڵام من بە دەنگی ستایشەوە
قوربانیت بۆ سەردەبڕم، ئەوەی نەزرم کردووە بەجێی دەهێنم.
ڕزگاری لە خوداوەندە. ١٠ ئینجا خوداوەند فەرمانیدا بە ماسیەکە و
ئەویش ڕشایەوە و یونسی فڕێدایە سەر وشکانی.

## ٣

١ ئینجا وشەی خوداوەند جارێکی تر بۆ یونس هاتەوە و
وتی: ٢ هەستە بڕۆ بۆ نەینەوا ئەو شارە مەزنە، ئەو بانگەوازەی
کە پێم وتووی پێی ڕابگەیەنە. ٣ یونسیش هەستا و ڕۆیشت بۆ
نەینەوا بەو شێوەیەی خوداوەند پێی وت، نەینەواش شارێکی زۆر
مەزن بوو، سێ ڕۆژەڕێ دوربوو. ٤ یونس دەستی کرد بە چوونە
ژوورەوەی شارەکە لە یەکەم ڕۆژەوە بانگی کرد و وتی: چل
ڕۆژی تر نەینەوا سەرەوژێر دەبێت. ٥ ئیتر خەڵکی نەینەوا
باوەڕیان بە خودا هێنا و بانگەوازی ڕۆژووگرتنیان کرد و بەرگی
ماتەمیان پۆشی، لە گەورەکانیانەوە تا بچووکیان. ٦ کارەکە
گەیشتەوە بە پاشای نەینەوا و ئەویش لەسەر تەختەکەی هەستا و
جلەکانی لەبەر خۆی داکەند، بەرگی ماتەمی پۆشی و لەسەر
خۆڵەمێش دانیشت. ٧ ئیتر لە نەینەوا بە فەرمانی پاشا و پیاوە
گەورەکانی، جاڕ دراو وترا: نابێ نە خەڵك و نە ئاژەڵ و نە مانگا
و نە مەڕ هیچ بچێژن. نان نەخۆن و ئاو نەخۆنەوە. ٨ با خەڵك و
ئاژەڵەکان بەرگی ماتەم بپۆشن و بەتوندی هاوار بۆ خودا بکەن،
با هەریەکە لە ڕێگای خراپەکانیان بگەڕێنەوە و لەو زۆرداریییەی
کە بەدەستیانەوەیە. ٩ بەڵکو خودا بگەڕێتەوە و پاشگەزببێتەوە، لە
کڵپەی توڕەبوونی بگەڕێتەوە و لەناونەچین. ١٠ کاتێك خودا
کارەکانیانی بینی، بینی وا لە ڕێگای خراپەکاری گەڕاونەتەوە.
خودا پاشگەزبووەوە لەو خراپەیەی کە وتبووی بە سەریاندا
دەهێنێت و ئیتر نەیکرد.

## ٤

١ ئەمە یونسی زۆر پەست کرد و ڕقی هەستا. ٢ نوێژی کرد بۆ
خوداوەند و وتی: ئای ئەی خوداوەند، ئایا ئەمە قسەی من نەبوو
کە هێشتا لە خاکی خۆمدا بووم؟ لەبەر ئەوە هەوڵی ڕاکردنم دا بۆ
تەرشیش، چونکە زانیم تۆ خودایەکی میهرەبانی و بە بەزەیی و
درەنگ توڕە دەبیت و پەیمانی خۆشەویستیەکەت گەورەیە، لە
خراپەهێنان بەسەر خەڵکی پاشگەزدەبیتەوە. ٣ ئێستاش ئەی
خوداوەند، گیانم لێبسێنە، چونکە مردنم باشترە لە ژیانم.
٤ خوداوەندیش وتی: ئایا ڕاستە توڕەبیت؟ ٥ ئینجا یونس لە شارەکە

چووە دەرێ و لە ڕۆژهەڵاتی شارەکە دانیشت و لەوێ کەپرێکی
بۆ خۆی دروست کرد و لە ژێریدا لە سێبەرەکەیدا دانیشت،
بۆئەوەی ببینێت چی لە شارەکەدا ڕوودەدات. ٦ خوداوەند خوداش
ڕوەکێکی ئامادەکرد و بەسەر یونسدا بەرزیکردەوە، تا ببێت بە
سێبەر بەسەر سەریەوە و بۆ ئەوەی لە خەمەکەی دەربازی بکات.
یونسیش دڵی بە ڕوەکەکە زۆر خۆش بوو. ٧ ئینجا خودا لە
بەرەبەیاندا کرمێکی ئامادەکرد و کرمەکە لە ڕوەکەکەی دا و
وشکی کرد. ٨ ئینجا لەکاتی خۆر هەڵهاتندا خودا بایەکی
ڕۆژهەڵاتیی گەرمی ئامادەکرد و هەتاوەکە دای لەسەری یونس و
گێژی کرد، ئەویش داوای مردنی بۆ خۆی کرد و وتی: مردنم
باشترە لە ژیانم. ٩ خوداش بە یونسی وت: ئایا ڕاستە لەبەر
ڕوەکەکە توڕ بیت. ئەویش وتی: بەڵێ تا بڵێی ڕاستە.
١٠ خوداوەندیش وتی: تۆ دڵت بە ڕوەکەکە سووتا کە پێوەی ماندوو
نەبویت و بە خێوت نەکرد، بە یەك شەو بوو و بەیەك شەو
لەناوچوو. ١١ ئەی باشە من دڵم بە نەینەوا، ئەو شارە مەزنە
نەسووتێ کە زیاد لە سەدو بیست هەزار کەسی تیادایە، ڕاستیان
لە چەپیان جیاناکەنەوە، هەروەها ئاژەڵێکی زۆریش؟

# میخا

## ١

١ وشەی خوداوەند کە لە ڕۆژانی یۆسام و ئاخاز و خزقیای
پاشایانی یەهوزادا بۆ میخای مۆرەشتی هات، ئەوەی لە بارەی
سامیرە و ئۆرشەلیمەوە بینی:
٢ گوێ بگرن ئەی هەموو گەلان
زەوی و ئەوەی تیایەتی با سەرنج بدات
خوداوەندم خوداوەند ببێت بە شایەت بەسەرتانەوە
خوداوەند لە پەرستگای پیرۆزیەوە
٣ چونکە ئەوەتا خوداوەند لە شوێنەکەیەوە دەردەچێت
دادەبەزێت و بەسەر بەرزاییەکانی زەویدا دەڕوات
٤ جا چیاکان لە ژێری دەتوێنەوە و
دۆڵەکان دووکەرت دەبن
وەك مۆم لە بەردەم ئاگردا
وەك ئاوی ڕۆچوو بە لێژاییدا،
٥ هەموو ئەمە لەبەر یاخی بوونی یاقوب و
لەبەر گوناهەی ماڵی ئیسڕائیل.
یاخیبوونی یاقوب چییە؟
ئایا سامیرە نییە؟
ئەی بەرزاییەکانی یەهوزا چییە؟
ئایا ئۆرشەلیم نییە؟
٦ بۆیە سامیرە دەکەم
بە وێرانە لە کێڵگەدا
بە شوێنی مێو چاندن.
بەردەکانی فڕێ دەدەمە ناو دۆڵەکەوە و
بناغەکانی دەردەخەم.
٧ هەموو بتە داتاشراوەکانی تێکدەشکێن و
هەموو کرێی داوێن پیسییەکەی بە ئاگر دەسوتێنرێن و
هەموو بتەکانی دەکەم بە وێرانە
چونکە بە کرێی داوێن پیسی کۆیکردوەتەوە و
بۆ کرێی داوێن پیسی دەگەڕێنەوە.
٨ لەبەرئەوە دەلورێنم و دەلاوێنمەوە
بە پێی پەتی و بە ڕووتی هاتوچۆ دەکەم
وەك چەقەڵ دەلورێنم و
وەك وشترمرغ شیوەن دەگێڕم
٩ چونکە سارێژ نابن برینەکانی
چونکە تا یەهوزا هات
گەیشتە دەروازەی گەلەکەم
تا ئۆرشەلیم.
١٠ لە گەت ڕایمەگەیەنن
بە هیچ شێوەیەك مەگرین،
لە بێیت لعەفرەدا خۆت لە خۆڵ بگەوزێنە.
١١ بپەڕەوە ئەی دانیشتووی شافیر
بە ڕووتی شەرمەزارییەوە،
دەرناچێت دانیشتووی چەئەنان
گریانە لە بێیت هائێچەل
پاڵپشتیەکەی خۆی لەلای ئێوە دەبات.
١٢ چونکە بە حەسرەتی چاکە بوو
دانیشتووی مارۆس
بەڵام بەڵا دابەزی لەلای خوداوەندەوە
بۆ دەروازەی ئۆرشەلیم.
١٣ گالیسکە ببەستە بە ئەسپەوە
ئەی دانیشتووی لەخیش
سەرەتای گوناهەیە بۆ کچەکەی سییۆن
چونکە لەناو تۆدا یاخیبوونەکانی ئیسڕائیل بەدیکران.
١٤ لەبەرئەوە دیاری دەدەیت
بە مۆرشەت گەت
ماڵەکانی ئەکزیب دەبنە درۆ
بۆ پاشاکانی ئیسڕائیل.
١٥ هەتا داگیرکەرت بۆ دەهێنم
ئەی دانیشتووی مەریشە
هەتا عەدولام دێت
شکۆی ئیسڕائیل.
١٦ خۆت کەچەڵ بکە و پرچت بڕنەوە
لەسەر کوڕە نازدارەکانت
کەچەڵییەکەت فراوان بکە وەك داڵ
چونکە لێت ڕاپێچکران.

## ٢

١ قوڕبەسەر ئەوانەی بیر لە بەدکاری دەکەنەوە و
پلان بۆ خراپە دادەنێن لەسەر نوێنەکانیان
لە ڕووناکی بەیانیاندا دەیکەن
چونکە لە توانای دەستیاندایە.
٢ ئارەزووی کێڵگەکان دەکەن و داگیری دەکەن و
ماڵەکان و دەستی بەسەردا دەگرن
ستەم لە پیاو و ماڵەکەی دەکەن
لە مرۆڤ و میراتەکەی دەکەن.
٣ لەبەرئەوە خوداوەند ئاوای فەرموو:
ئەوەتا من سەبارەت بەم خێڵە بیر لە خراپە دەکەمەوە
ئەوەی ناتوانن ملتانی لەبەر لابەرن و
بە لووتبەرزییەوە هاتوچۆ ناکەن
چونکە کاتی خراپەیە.
٤ لەو ڕۆژەدا پەندتان بەسەر هەڵدەدرێت و شیوەن دەگێڕن و
دەوترێت:
بەتەواوی وێران بووین
بەشی گەلەکەمی گۆڕیوە
چۆن لێی داماڵیم،
کێڵگەکانمانی بەسەر هەرچیوپەرچیاندا دابەشەکرد؟
٥ لەبەرئەوە کەست نابێت گوریسی پێوانەت بۆ ڕاکێشێت لەنێو
کۆمەڵی خوداوەندا.
٦ ئەوان وتار دەدەن: وتار مەدەن!
دەربارەی ئەم شتانە وتار مەدەن،
ڕسواییمان بەسەردا نایەت.
٧ ئەی ئەوانەی پێتان دەووترێت ماڵی یاقوب
ئایا پشووی خوداوەند کورتە؟
یان ئەمە کارەکانیەتی؟
ئایا وشەکانم چاك نین

سەبارەت بەوانەی بە ڕێکی هاتوچۆ دەکەن؟
٨ بەڵام دوێنێ و پێرێ گەلەکەم
بۆ دوژمنایەتی ڕاپەڕین،
کراس و کەوا پێکەوە دەبەن
لەوانەی بەدڵنیاییەوە تێدەپەڕن
ئەوانەی لە جەنگدا دەگەڕێنەوە.
٩ ژنانی گەلەکەم دەردەکەن
لە ماڵەکانیان کە دڵیان پێی خۆشە
لە منداڵەکانیان دەیبەن
شکۆمەندیم تاهەتایە.
١٠ هەستن و بڕۆن
چونکە ئەمە حەوانەوە نییە
لەبەر گڵاوی
وێران دەبێت و وێرانیش نەخۆشت دەخات.
١١ گەر پیاوێك بە خواروخێچی هاتوچۆ بکات و
درۆ بکات و بڵێت:
وتارت بۆ دەدەم،
سەبارەت بە مەیی و مەستکەر.
ئەوا ئەو دەبێت بە وتاردەری ئەم گەلە.
١٢ بەتەواوی هەمووت کۆدەکەمەوە یاقوب
بەتەواوی پاشماوەی ئیسرائیل خڕدەکەمەوە
یەکیان دەخەم وەك ڕانە مەڕی ناو گەلەخان
وەك ڕانێك لەناو لەوەڕگاکەی دەنگەدەنگیان دەبێت
١٣ کەلێندادڕ پێشیان کەوت،
دڕیان پێیدا،
لە دەروازەکە پەڕینەوە، لێی دەرچوون
پاشاکەشیان لەپێشیانەوە تێدەپەڕێت و
خوداوەندیش پێشەنگیانە.

# ٣

١ وتم:
ئێستا گوێبگرن ئەی سەرانی یاقوب و
فەرماندەکانی ماڵی ئیسرائیل،
ئایا بۆ ئێوە نییە
زانینی دادپەروەری؟
٢ ئەی ئەوانەی ڕقتان لە چاکەیە و
حەز لە خراپە دەکەن
پێستیان لەبەر دادەماڵن و
گۆشتیان لە ئێسقانەکانیان،
٣ ئەوانەی گۆشتی گەلەکەم دەخۆن و
پێستیان کەوڵدەکەن و
ئێسقانیان دەشکێنن
پارچەپارچەیان دەکەن وەك بۆ ناو مەنجەڵ و
وەك گۆشت لەناو تاوە.
٤ ئینجا هاوار بۆ خوداوەند دەکەن و
ئەویش وەڵامیان ناداتەوە
لەو کاتەدا ڕووی خۆی لێیان دەشارێتەوە
وەك چۆن خراپیان کرد بە کردەوەکانیان.
٥ خوداوەند ئاوای فەرموو سەربارەت بە پێغەمبەرەکان
ئەوانەی گەلەکەم گومڕا دەکەن.
ئەوانەی بە ددانیان لێدەکەنەوە و
بانگەواز دەکەن: ئاشتی.
ئەوەی دەمیان تێر نەکات
جەنگ دژی بەرپا دەکەن.
٦ لەبەرئەوە شەوێکی بێ بینینتان دەبێت و
تاریکییەکی بێ ئەستێرەناسین.
خۆر لە پێغەمبەرەکان ئاوا دەبێت و
ڕۆژیان لێ تاریك دەبێت.
٧ ئەوانەی بینین دەبینن شەرمەزاردەبن،
ئەستێرەناسان ڕسوادەبن،
هەموو دەمیان دادەپۆشن
چونکە خودا وەڵامیان ناداتەوە.
٨ بەڵام من پڕم لە
هێزی ڕۆحی خوداوەند و دادپەروەری و پاڵەوانێتی
تا بە یاقوب یاخی بوونەکەی ڕابگەیەنم و
بە ئیسرائیل گوناهەکەی.
٩ تکایە گوێ لەمە بگرن ئەی سەرانی ماڵی یاقوب و
فەرماندەکانی ماڵی ئیسرائیل،
ئەوانەی قێزتان لە دادوەری دەبێتەوە و
هەموو ڕێکییەك خواروخێچ دەکەن.
١٠ سییۆن بە خوێن بنیاد دەنێن و
ئۆرشەلیم بە ستەم.
١١ سەرانی بە بەرتیل دادوەری دەکەن و
کاهینەکانی بە کرێ فێرکردن دەکەن
پێغەمبەرەکانی بە پارە ئەستێرەناسی دەکەن و
لەگەڵ ئەوەش پشت بە خوداوەند دەبەستن و دەڵێن:
ئایا خوداوەند لە نێوانماندا نییە؟
هیچ خراپەیەك بەسەرماندا نایەت.
١٢ بۆیە بەهۆی ئێوەوە سییۆن وەك کێڵگە دەکێڵرێت و
ئۆرشەلیم دەبێتە وێرانە و
گردەکەی پەرستگاش دەبێتە بەرزایی دارستان.

# ٤

١ جا وای لێدێت لە ڕۆژانی کۆتایدا
چیای ماڵی خوداوەند
لەسەر لوتکەی چیاکان جێگیر دەبێت و
بەسەر گردەکاندا بەرزدەبێتەوە و
گەلان بە لێشاو بۆی دێن و
٢ میللەتانی زۆر دەڕۆن و دەڵێن:
وەرن با سەرکەوین بۆ سەر چیای خوداوەند و
بۆ لای ماڵی خودای یاقوب
جا فێری ڕێگاکانیمان دەکات و
بە ڕێڕەوی ئەودا دەڕۆین
چونکە فێرکردنەکان لە سییۆنەوە دەردەچێت و
وشەی خوداوەند لە ئۆرشەلیمەوە.
٣ دادوەری لە نێوان گەلانی زۆر دەکات و
سەرزەنشتی میللەتانی بەهێز و دووردەکات و
شمشێرەکانیان دەکوتن و دەیکەن بە گاسن و
ڕمەکانیشیان بە داس.
هیچ میللەتێك شمشێر لە میللەتێکی تر بەرز ناکاتەوە
ئیتر فێری جەنگ نابن.
٤ هەریەکەو لەژێر ڕەزە مێوەکەی دادەنیشێت و
لە ژێر دارهەنجیرەکەی و کەس نایترسێنێت
چونکە دەمی خوداوەندی سوپاسالار فەرمووی.
٥ چونکە هەموو گەلان ڕێگا دەگرنەبەر،
هەریەکەو بەناوی خوداکەی خۆیەوە
ئێمەش ڕێگا دەگرینەبەر
بەناوی خوداوەند خودامانەوە بۆ هەتاهەتایە و تا سەر.

٦ لەو ڕۆژەدا، خوداوەند دەفەرموێت،
شەلەکە کۆدەکەمەوە و
دەرکراوەکە خڕدەکەمەوە،
لەگەڵ ئەوەی خراپەم لەگەڵی کرد
٧ شەلەکە دەکەم بە پاشماوە و
دوورخراوەکەش بە میللەتێکی بەهێز
خوداوەندیش پاشایەتییان بەسەردا دەکات
لە چیای سییۆن
لە ئێستاوە و تاهەتایە.
٨ تۆش ئەی میگدەل عێدەر
ئەی قەڵای کچەکەی سییۆن،
بۆ لای تۆ دێت و
یەکەم فەرمانڕەوایەتی دێت،
پاشایەتی کچەکەی ئۆرشەلیم.
٩ ئێستا بۆچی بە هاوارەوە دەگریت؟
ئایا پاشات تیادا نییە؟
یان ڕاوێژکارت تیاچووە
چونکە ژانگرتووی وەک ژنی منداڵبوو
١٠ تل بدە و پاڵدە
ئەی کچی سییۆن وەک ژنی منداڵبوو
چونکە ئێستا لە شار دەردەچیت و
دێیت تا بابل
لەوێ دەرباز دەکرێیت
لەوێ خوداوەند دەتکڕێتەوە
لە دەست دوژمنەکانت.
١١ ئێستا لێت کۆدەبنەوە
میللەتانی زۆر
دەڵێن: با گڵاوبێت و
چاومان ببڕینە سییۆن.
١٢ بەڵام ئەوان نازانن
بیرکردنەوەی خوداوەند
هەروەها لە مەبەستی تێناگەن
چونکە وەک باوەشە گەنم بۆ خەرمان کۆیکردنەوە
١٣ هەستە و پێشێلی بکە ئەی کچی سییۆن
چونکە قۆچەکانت دەکەم بە ئاسن و
سمەکانت دەکەم بە مس و
گەلانی زۆر پێپەست دەکەیت و
دەستکەوتەکانیان بۆ خوداوەند تەرخان دەکەم و
سامانیان بۆ خوداوەندی هەموو زەوی.

# ٥

١ ئێستا خۆت لە سوپادا کۆبکەوە ئەی کچی سوپاکان
گەمارۆی لەدەورمان لێداوە
بە گۆچان دەدەن لە ڕوومەتی
دادوەری ئیسرائیل.
٢ بەڵام تۆ ئەی بەیتلەحمی ئەفراتە
هەرچەندە لەنێوان هەزارانی یەهوزادا بچووکیت،
لە تۆوە بۆ من دەردەچێت
ئەوەی دەبێتە فەرمانڕەوای ئیسرائیل
ڕەچەڵەکی لە دێرزەمانەوەیە
لە ڕۆژانی سەرەتاوە.
٣ لەبەرئەوە دەیاندات بەدەستەوە تا ئەو کاتەی
ئەوی ژانی گرتووە منداڵی دەبێت
ئینجا پاشماوەی براکانی دەگەڕێنەوە
بۆ لای نەوەی ئیسرائیل
٤ جا دەوەستێت و شوانکاری دەکات بە هێزی خوداوەند
بە باڵادەستی ناوی خوداوەند خودای
جا جێگیردەبن چونکە ئێستا مەزن دەبێت
تا ئەوپەڕی زەوی.
٥ ئەمە دەبێت بە ئاشتی،
ئەگەر ئاشور بێتە ناو خاکمانەوە
ئەگەر پێ بنێتە ناو کۆشکەکانمانەوە،
حەوت شوانی لەسەر دادەنێین
لەگەڵ هەشت مرۆڤی شازادە.
٦ جا بە شمشێر شوانی خاکی ئاشور دەکەن و
زەوی نەمرودیش لە دەرگاکانی
بەڵام لە ئاشور دەرباز دەکات
کە دێتە ناو خاکمان و
کە پێ دەنێتە سنوورەکانمان.
٧ جا پاشماوەی یاقوب
لە نێو گەلانی زۆردا دەبێت
وەک شەونم لە لایەن خوداوەندەوە
وەک بارانی بەلێزمەی سەر گژوگیا
ئەوەی چاوەڕوانی مرۆڤ ناکات و
بۆ ئادەمیزاد ناوەستێت.
٨ جا پاشماوەی یاقوب لە نێو میللەتان
لە ناوەڕاستی گەلانی زۆردا
وەک شێر لەنێو دڕندەکانی دارستاندا و
وەک بەچکە شێر لەنێو ڕانە مەڕدا دەبێت
ئەوەی کە بپەڕێتەوە دەشێلێت و
پەلامار دەدات و دەربازکەریش نابێت.
٩ با دەستت بەسەر ناحەزانت زاڵبێت و
هەموو دوژمنەکانت ببڕێنەوە.
١٠ وا دەبێت لەو ڕۆژەدا، خوداوەند دەفەرموێت،
ئەسپەکانت لە نێوت دەبڕمەوە و
گالیسکەکانت لەناودەبەم و
١١ شارەکانی خاکەکەت دەبڕمەوە و
هەموو قەڵاکانت تێکدەدەم و
١٢ فاڵچێتی لەدەستەکانت دەبڕمەوە و
بەخت خوێنەوەت بۆ نابێت.
١٣ بتە داتاشراوەکانت دەبڕمەوە و
لەگەڵ هەموو کوڵەکەکانت لە ناوەڕاستت
ئیتر کڕنۆش نابەیت
بۆ دروستکراوی دەستەکانت.
١٤ ئەشێرەکانت لە نێوتدا هەڵدەکێشم
شارەکانت وێران دەکەم و
١٥ بە تووڕەیی و ڕقەوە تۆڵە دەستێنم
لەو گەلانەی گوێیان نەگرت.

# ٦

١ ئێستا گوێ بگرن لەوەی خوداوەند فەرمووی:
هەستە لەلای چیاکان سکاڵا بکە و
با گردەکان گوێیان لە دەنگت بێت.
٢ ئەی چیاکان گوێ لە سکاڵای خوداوەند بگرن
ئێوەش ئەی بناغە هەمیشەییەکانی زەوی!
چونکە سکاڵای خوداوەندە لە گەلەکەی و
لەگەڵ ئیسرائیل دەمەقاڵێیەتی.
٣ ئەی گەلەکەم چیم لێت کردووە و

بەچی نیگەرانم کردویت، شایەتیم لەسەر بدە؟
٤ من لە زەوی میسرەوە سەرم خستیت و
لە ماڵی کۆیلایەتی تۆم کڕییەوە و
موسا و هارون و مەریەمم
لە پێشتەوە نارد.
٥ ئەی گەلەکەم ئێستا بیهێنەوە یادت بالاقی پاشای موئاب
پیلانی چی گێڕا و
بەلعامی کوڕی بەعور چی وەڵام دایەوە
لە شەتیمەوە تا گەلگال؟
تا ڕاستودروستی خوداوەند بزانیت.
٦ بەچی لە خوداوەند بچمە پێشەوە و
بۆ خودای بەرز بچەمێمەوە؟
ئایا بە قوربانی سوتاو بچمە پێشەوە
بە گوێرەکەی تەمەن یەك ساڵە؟
٧ ئایا خوداوەند بە هەزاران بەران و
بە دەیان هەزار ڕووباری ڕۆن ڕازی دەبێت؟
ئایا نۆبەرەکەم بدەم لە جیاتی یاخی بوونەکەم
بەری لەشم لەجیاتی گوناهەی گیانم؟
٨ ئەی مرۆڤ پێی ڕاگەیاندیت چی چاکە و
خوداوەند چی لێت دەوێت
کە دادپەروەرانە ڕەفتار بکەیت و
حەزت لە خۆشەویستی بێ سنوور بێت و
بە بێ فیزی ملی ڕێ بگریت لەگەڵ خوداکەت،
٩ دەنگی خوداوەند بۆ شارەکە بانگەواز دەکات و
ناوی تۆ دانایی تەواوی لێ بەدەردەکەوێت.
گوێ لە داردەست بگرن و
کێ دەستنیشانی کردووە؟
١٠ ئایا هێشتا لە ماڵی خراپەکاردا گەنجینەی خراپ و
ئێفەی ناتەواوی نەفرەت لێکراوی تیادایە؟
١١ ئایا بە بێگەردیان دابنێم ئەوانەی تەرازوویان خراپە و
تورەکەی کێشیان فێڵە؟
١٢ ئەوەی دەوڵەمەندەکانی پڕن لە ستەم و
دانیشتوانیشی قسەی درۆ دەکەن و
زمانیان لە دەمیاندا فێڵبازە،
١٣ منیش نەخۆشت دەخەم بە لێدان
وێران دەبێت لەبەر گوناهەکانت.
١٤ تۆ دەخۆیت و تێر نابیت و
برسێتیت لەناوتدا دەبێت و
لای دەدەیت بەڵام دەربازی ناکەیت و
ئەوەی دەربازکەیت دەیدەمە دەم شمشێر.
١٥ تۆ دەچێنیت و نادوریتەوە و
تۆ زەیتون دەگوشیت و بە ڕۆنەکەی خۆت چەور ناکەیت و
ترێ دەگوشیت و لە مەیەکەی ناخۆیتەوە.
١٦ چونکە فەرزەکانی عومری و
هەموو کردەوەکانی ماڵی ئاخابت پاراستووە و
ڕێگای ڕاوێژەکانیانتان گرتووەتە بەر،
بۆ ئەوەی بتانکەمە وێرانە و
دانیشتوانەکەی بۆ فیکە لێدان و
ڕسوایی گەلەکەم هەڵگرن.

# ٧

١ قوڕ بەسەرم!
چونکە وەك لێکردنەوەی هاوینم لێهات
وەك هەڵگرتنەوەی ڕەزەمێو چنین
کوا هێشو بۆ خواردن
یەکەم بەر کە نەوسم ئارەزووی دەکات.
٢ دڵسۆز لە زەوی نەماوە
کوا سەرڕاست لەناو مرۆڤدا؟
هەموو بۆ خوێن خۆیان ماتداوە
هەریەکەو براکەی خۆی بە تۆڕ ڕاودەکات.
٣ بۆ خراپە دەستەکان چالاکن
میر داوادەکات و
دادوەر بە بەرتیل و
گەورە بە ئارەزووی دڵی خۆی قسە دەکات
پێکەوەدەیرێسن.
٤ چاکترینیان وەك حوشترالوکە و
ڕاستترینیان وەك پەرژینی دڕکە،
ڕۆژی چاودێر و سزادانت هات
ئێستا سەرتان لێ دەشێوێت
٥ متمانە بە برادەر مەکە و
پشت بە دۆست مەبەستە
دەرگای دەمت بپارێزە
لەوەی لە باوەشت پاڵکەوتووە.
٦ چونکە کوڕ سوکایەتی بە باوکی دەکات و
کچ لە دایکی ڕاست دەبێتەوە
بووکیش لە خەسووی
دوژمنانی مرۆڤیش کەسوکاری خۆی دەبن.
٧ بەڵام من چاوم لەسەر خوداوەند دەبێت
چاوەڕوانی خودای ڕزگاریم دەکەم
خودام گوێی لێم دەبێت.
٨ ئەی دوژمنەکەم دڵت پێم خۆش نەبێت
چونکە گەر بکەوم هەڵدەستمەوە
گەر لە تاریکیدا دانیشم
خوداوەند ڕووناکییە بۆم.
٩ بەرگەی توڕەیی خوداوەند دەگرم
چونکە دژ بەو گوناهەم کرد.
تا بەرگری لە داواکەم دەکات و
دادوەریم بۆ دەکات
دەمهێنێتە دەرەوە بۆ ڕووناکی و
ڕاستودروستی ئەو دەبینم.
١٠ دوژمنەکەم تەماشا دەکات و
شەرمەزاری دایدەپۆشێت
ئەوەی پێی دەوتم:
کوا خوداوەند خودات؟
چاوەکانم تەماشای دەکەن
ئێستا دەشێلرێت
وەك قوڕی شەقامەکان.
١١ ڕۆژی بنیادنانی دیوارەکانت
لەو ڕۆژەدا سنورەکانت فراوان دەبن و
١٢ لەو ڕۆژەدا دێن بۆلات
لەلای ئاشوور و لە شارە قەڵابەندەکانەوە
لە قەڵابەندەکانەوە و تا ڕووبارەکە
لە دەریاوە بۆ دەریا و لە چیاوە بۆ چیا
١٣ جا زەوییەکە دەبێت بە وێرانە
لەبەر دانیشتوانەکەی، بە هۆی کرەوەکانیان.
١٤ بە گۆچانەکەت گەلەکەت بلەوەڕێنە
مێگەلی میراتەکەت
بە تەنها لە دارستان نیشتەجێیە
لە ناوەڕاستی کەرملدا.
با لە باشان و گلعاددا بلەوەڕێن
وەك ڕۆژانی کۆن.

١٥ وەك ڕۆژانی دەرچوونت لە زەوی میسر
کاری سەرسوڕهێنەریان نیشان دەدەم
١٦ میللەتان تەماشا دەکەن و شەرمەزار دەبن
بە هەموو پاڵەوانێتیانەوە
دەست دەخەنە سەر دەمیان
گوێیان کەڕ دەبێت.
١٧ وەك مار خۆڵ دەلێسنەوە و
وەك خشۆکەکانی زەوی
بە لەرزەوە لە کونەکانیان دەردەچن
بۆ لای خوداوەند خوداوەندمان
دەتۆقن و دەترسن لێت.
١٨ کێ خودایە وەك تۆ؟
لە تاوان دەبووڕێت
لە یاخیبوون خۆشدەبێت
بۆ پاشماوەی میراتەکەی
تا سەر تووڕەی خۆی هەڵناگرێت
چونکە دڵخۆشە بە خۆشەویستی بێسنوور.
١٩ دەگەڕێتەوە و بەزەیی پێماندا دێت
تاوانەکانمان دەخاتە ژێر پێیەوە
فڕێیدەداتە ناو قوڵایی دەریاوە
هەموو گوناهەکانیان.
٢٠ ڕاستی بە یاقوب دەدات
خۆشەویستی بێسنوور بە ئیبراهیم
ئەوەی سوێندت بۆ باوباپیرانمان خوارد
لە ڕۆژانی کۆنەوە.

# ناحوم

## ١

١ بارگرانی نەینەوا، پەرتووکی بینینەکەی ناحومی ئەلقۆشی:
٢ خودایەکی ئیرەدار و تۆڵەسێنەرە خوداوەند
خوداوەند تۆڵەسێنەر و سەرگەرمە
خوداوەند تۆڵەسێنەرە لە ناحەزانی و
ڕق هەڵگرە لە دوژمنانی.
٣ خوداوەند درەنگ تووڕە دەبێت و توانای مەزنە
بەڵام هەرگیز خراپەکار بێتاوان ناکات خوداوەند
لەناو گەردەلول و ڕەشەبادایە ڕێگای
هەور تۆزی پێیەکانیەتی
٤ دەریا سەرزەنشت دەکات و ووشکی دەکات
هەموو ڕووبارەکان بێ ئاو دەکات
باشان و کەرمل سیس دەکات
خونچەی لوبنان سیس دەبێت.
٥ چیاکان لەبەرئەو دەلەرزن و
گردەکان دەتوێنەوە و
زەوی لەبەر ڕووی بەرز دەبێتەوە
هەروەها جیهان و هەموو دانیشتووانی.
٦ کێ لەبەردەم تورەیی ئەو خۆی ڕادەگرێت
کێ ڕادەوەستێت لە جۆشی تووڕەیی ئەو
تووڕەییەکەی وەك ئاگر دەڕژێت و
تاشەبەردەکان لەبەردەمی دەشکێن.
٧ خوداوەند چاکە
قەڵایە لە ڕۆژی تەنگانە
ئەوانە دەناسێت کە پشتی پێ دەبەستن،
٨ بەڵام بە تۆفانێکی ڕاپێچەر
بەتەواوی کۆتایی دەهێنێت بە شوێنەکەی
تاریکیش دوای دوژنەکانی دەکەوێت.
٩ بیر لە چی دەکەنەوە دژ بە خوداوەند؟
ئەو کۆتایی هێنان دروست دەکات
تەنگانە دووجار بەرپا نابێت
١٠ چونکە کاتێ ئەوان وەك دڕك لێك ئاڵاون و
وەك سەرخۆش سەرخۆشن
هەموویان وەك کای وشك دەخورێن.
١١ لە تۆوە دەرچوو ئەوەی بیر لە خراپە دەکاتەوە دژ بە خوداوەند
ڕاوێژکار بە خراپە
١٢ خوداوەند ئاوای فەرموو:
ئەگەر سەلامەت و زۆربن
ئاوا دەبڕێنەوە و تێدەپەڕێت
زەلیلم کردیت و جارێکی تر زەلیلت ناکەم
١٣ ئێستاش ئەو نیرەی ئەو دەشکێنم کە لەسەر تۆی داناوە
کۆتەکانت لێدەکەمەوە.
١٤ بەڵام خوداوەند سەبارەت بە تۆ فەرمانی داوە
ئیتر لە ناوی تۆوە هیچ ناچێنرێت
لەماڵی خوداکەت دەبڕمەوە
بتە داتاشراو و لە قاڵبدراوەکان
گۆڕت بۆ لێدەدەم، چونکە تۆ شایەنی ژیان نیت
١٥ ئەوەتا لەسەر چیاکانە
پێیەکانی مزگێنیدەر
ئاشتی ڕادەگەیەنێت
ئەی یەهوزا جەژنەکانت بگێڕە
نەزرەکانت بەجێبهێنە
چونکە ئیتر ناگەڕێتەوە

## ٢

١ بەناوزتدا تێناپەڕێت خراپەکار
بەتەواوی بنبڕبوو.
پەلاماردەر سەرکەوتە بەردەمت
قەڵاکە بپارێزە
چاودێری ڕێگاکە بکە
بازووی لێهەڵکە
توانای زۆر بخەرەگەڕ
٢ چونکە خوداوەند دەیگەڕێنێتەوە
باڵادەستی یاقوب
وەك باڵادەستی ئیسرائیل
چونکە تاڵانکەران تاڵانیان کردن و
لقە میوەکانیان تێکدان.
٣ قەڵغانی پاڵەوانەکانی سوور هەڵگەڕاون
پیاوانی ئازا لە بەرگی ئاڵدان
گالیسکەکان بە ئاگری پۆڵان
لە ڕۆژی ئامادە کردنیاندا
ڕمەکان دەلەرێنەوە
٤ گالیسکەکان بە شەقامەکاندا جمەیان دێت
لە گۆڕەپانەکاندا پێشبڕکێ دەکەن
دیمەنیان وەك مەشخەڵە
وەك بروسکە غار دەدەن.
٥ گەورەپیاوانی بە بیر دەهێنێتەوە
پێیان تێکدەئاڵێت لە ڕۆشتنیاندا
پەلەدەکەن بۆ لای دیوارەکانی و
مەتەرێزەکان لێدراون.
٦ دەروازەکانی ڕووبارەکان کراونەتەوە و
کۆشکەکە توایەوە
٧ هوسسەب ڕووتکرا، سەرخرا
کەنیزەکانی هەنسك هەڵدەکێشن
وەك دەنگی کۆتر
سنگیان دەکوتن.
٨ نەینەواش وەك حەوزی ئاوە
لەوەتەی هەیە، بەڵام ئێستا ئەوان هەڵدێن
ڕاوەستن! ڕاوەستن! بەڵام کەس ئاوڕناداتەوە.
٩ زیو تاڵان بکەن، زێڕ تاڵان بکەن،
چونکە گەنجینەکانی لەبن نایەن
لەبەر زۆری هەموو شتێکی ئارەزووکراو.
١٠ چۆڵ و هۆڵ و وێرانە و
دڵ دەتوێتەوە و ئەژنۆکان شلن و
ئازار لە هەموو بازوویەکە و
ڕووی هەموویان ڕەنگی پەڕیوە.

١١ کوا لانەی شێرەکان و
لەوەڕگای بەچکەشێرەکان؟
لەوێدا شێر و شێرەمێ دەڕۆیشتن
لەگەڵ بەچکەشێر و کەس نەیدەترساندن
١٢ شێری پەلاماردەر بۆ پێویستی بەچکەکان و
تاسێنەر بۆ شێرەمێیەکانی
ئەشکەوتەکەی لە نێچیر پڕدەکات
لانەکانیشی لەوانەی پەلاماری داون.
١٣ ئەوەتا من دژی تۆم،
دەفەرمووێت خوداوەندی سوپاسالار
گالیسکەکانت دەسوتێنم و دەبنە دوکەڵ
بەچکەشێرەکانیشت شمشێر دەیانخوات و
نێچیرت لەسەر زەوی لێ دەبڕم و
ئیتر دەنگی نێرراوەکانت نابیسترێن.

# ٣

١ قوڕبەسەرت ئەی شاری خوێن
هەمووی پڕ لە درۆ و تاڵان
لێی جیانابێتەوە پەلاماردەران
٢ دەنگی قامچی و
دەنگی خشەخشی چەرخەکان و
ئەسپ دەرپەڕیوەکان و
گالیسکە هەڵدەبەزنەوە
٣ سوارەکان سەردەکەون و
بڵێسەی شمشێر و
بروسکەی ڕم
زۆری بریندااران و
مەزنی ژمارەی کوژراوان و
لەبن نەهاتووی لاشەکان
قاچیان هەڵدەکەوێت بە لاشەکان!
٤ لەبەر زۆری داوێن پیسی لەشفرۆشە
ڕوخسار جوان و
سیحربازەکە
ئەوەی بە داوێن پیسییەکەی میللەتانی دەفرۆشت و
بە سیحرەکەی خێڵەکان
٥ ئەوەتا من دژی تۆم. خوداوەندی سوپاسالار دەفەرمووێت،
دامێنت هەڵدەبڕم بۆ سەر ڕووت
جا میللەتان ڕووتیت دەبینن و
پاشایەتییەکان شەرمەزاریت.
٦ پیسایی فڕێدەدەمە سەرت
ڕسوات دەکەم و
دەتکەم بە دیمەن.
٧ جا هەرکەس بتبینێت
لێت ڕادەکات و دەڵێت:
نەینەوا کاول بوو
کێ دڵ پێی دەسووتێت؟
لە کوێ داوای
دڵنەواییکەرانت بۆ بکەم؟
٨ ئایا لە نوئامۆن چاکتریت؟
دانیشتووی نێو ڕووبارەکان
ئاو چواردەوری دابوو
ئەوەی دەریا قەڵای بوو
دیوارەکانی لە دەریاوە بوو.
٩ کوش هێزی بوو
لەگەڵ میسر و کۆتایی نەبوو
پوت و لوبیم
یارمەتیدەرانت بوون،
١٠ هەروەها ئەویش ڕووەو تاراوگە
ڕاپێچ کرا
هەروەها منداڵەکانی وردوخاشکران
لەسەر سووچی هەموو شەقامێك
لەسەر پیاوماقوڵانی
تیروپشك کرا و
هەموو گەورەپیاوانی
کۆتوزنجیرکران.
١١ هەروەها تۆش سەرخۆش دەبیت و
شاراوە دەبیت
هەروەها تۆش هەوڵی پەنا دەدەیت
لە ڕووی دوژمن
١٢ هەموو قەڵاکانت داری هەنجیرن
بە پێشەبەرەوە
کە بتەکێن بەردەبنەوە
بۆ ناو دەمی ئەو کەسەی دەیخوات
١٣ ئەوەتا گەلەکەت وەك ژنانن لەنێوتدا
بۆ دوژمنەکانت بەتەواوی دەکرێنەوە
دەروازەکانی خاکەکەت،
ئاگر کاریتەی دەروازەکانت دەخوات.
١٤ ئاو بکێشەوە بۆ گەمارۆکەت
قەڵاکانت بەهێزکەوە
بڕۆ ناو قوڕەوە
قوڕ بشێلە و
خشتی بەهێز دروست بکە.
١٥ لەوێدا ئاگر دەتخوات
شمشێر دەتبڕێت
وەك کولەی بێباڵ دەتخوات
زۆربە وەك کولەی بێباڵ
زۆربە وەك کولە
١٦ بازاڕگەکانی خۆت زۆرتر کرد
لە ئەستێرەکانی ئاسمان
کولە بێباڵەکان باڵیان گرتوو فڕین.
١٧ میرەکانت وەك کولەن
ئەفسەرەکانت وەك پۆلی کولەن
کە بەدیوارەوە نیشتوون
لە ڕۆژێکی ساردا.
بەڵام کە خۆر هەڵهات دەفڕن و
ئیتر نازانرێت شوێنیان لە کوێیە.
١٨ شوانەکانت خەوتن
ئەی پاشای ئاشوور
گەورەپیاوانت پاڵکەوتن
پەرت بوون گەلەکەت لەسەر چیاکان
کەس نییە کۆیانبکاتەوە.
١٩ شکانەکەت ناگیرێتەوە
برینەکەت سارێژنابێت
هەموو ئەوانەی هەواڵی تۆ دەبیستن
لە خۆشیدا چەپڵە لێدەدەن
چونکە بەسەر کێدا تێنەپەڕیوە
خراپەی تۆ بە بەردەوامی؟

# حەبەقوق

## ١

١ ئەو بارگرانییەی کە حەبەقوق پێغەمبەر بینی:
٢ تا کەی ئەی خوداوەند هانات بۆ بهێنم و
تۆش گوێ ناگریت؟
لە دەست ستەم هاوارت بۆ دەکەم و
تۆش ڕزگار ناکەیت؟
٣ بۆچی ناڕەوایم پیشان دەدەیت و
زوڵموزۆر دەخەیتە بەرچاو،
زەوتکردن و ستەمیش لەبەردەممە و
ناکۆکی ڕوودەدات و ڕکابەری سەرهەڵدەدات.
٤ لەبەرئەوە کار بە فێرکردنەکان ناکرێت،
دادپەروەری قەد دەرناکەوێت،
چونکە خراپەکار گەمارۆی ڕاستودروستی دا،
بۆیە حوکمدان بە خواری دەردەچێت.
٥ لەناو میللەتان تەماشا بکەن و سەرنج بدەن و
بە تەواوی سەرسام بن،
چونکە لە ڕۆژانی ئێوەدا کارێکی وا دەکەم،
گەر باسیان بکرێت بڕواناکەن.
٦ چونکە ئەوەتا من کلدانییەکان قیت دەکەمەوە،
میللەتێکی تاڵ و بەپەلە،
بە فراوانی زەویدا ڕێگای گرتووەتەبەر،
بۆ داگیرکردنی ئەو نیشینگانەی کە هی خۆی نییە.
٧ ئەو تۆقێنەر و ترسێنەرە،
حوکم و شکۆی لە خودی خۆیەوە دەردەچێت.
٨ ئەسپەکانیان لە پڵنگ بەتاوترن و
لە گورگی ئێواران توندوتیژترن،
بڵاوبوونەوە سوارەکانی
سوارەکانی لە دوورەوە دێن دەفڕن وەک داڵێکی بەپەلە بۆ خواردن.
٩ هەموو بۆ ستەمکردن دێن،
دەموچاویان وەک بای ڕۆژهەڵاتە،
ڕاپێچ وەک لم کۆدەکەنەوە.
١٠ گاڵتە بە پاشایان دەکەن و
میران بۆ ئەوان پێکەنینن،
بە هەموو قەڵایەک پێدەکەنن و
خۆڵ دەکەن بە گرد و دەیگرن.
١١ ئینجا وەک با هەڵدەکەن و دەڕۆن و توانای
ئەو پیاوانە خوداکانیانن.
١٢ ئەی تۆ لە سەرەتاوە نیت ئەی خوداوەند،
خودای من و پاکوپیرۆزەکەم؟
جا نامرین.
ئەی خوداوەند، بۆ حوکم بەسەردا دان داتنان،
ئەی چیا بۆ سەرزەنشت کردن ئەوانت چەسپاند.
١٣ چاوەکانت لەوە پاکترن تەماشای خراپە بکەن و
ناتوانیت ڕوو لە زوڵموزۆر بکەیت.
بۆچی ڕوو لە خیانەتکاران دەکەیت،
بێ دەنگ دەبیت کاتێ بەدکار کەسێك لە خۆی ڕاستودروستتر
قووتدەدات؟
١٤ مرۆڤ وەک ماسی دەریا لێدەکەیت،
وەک خشۆکی بێ فەرمانڕەوا.
١٥ بە قولاپەکەی هەمووان سەردەخات،
بە تۆڕەکەی ڕاویان دەکات،
کۆیان دەکاتەوە لە تۆڕەکەی،
لەبەرئەوە شاد و دڵخۆشە.
١٦ لەبەرئەوە قوربانی بۆ تۆڕەکەی سەردەبڕێت و
بخورد بۆ تۆڕەکەی دەسوتێنێت،
چونکە بەوان بەشەکەی خۆی قەڵەو کرد و
خواردنەکەی چەورە،
١٧ ئایا لەبەر ئەمە تۆڕەکانی بەتاڵ دەکاتەوە و
بەردەوام لە کوشتنی میللەتانە، بە زەیی نایەتەوە؟

## ٢

١ لەسەر چاودێرگاکەم دەوەستم و
لەسەر سەنگەرەکەم قیت دەبمەوە و
چاودێری دەکەم، تا ببینم چیم پێدەڵێت و
چی وەڵام بدەمەوە لەسەر سەرزەنشتەکەم،
٢ ئینجا خوداوەند وەڵامیدامەوە و فەرمووی:
بینینەکە بنووسەوە و لەسەر تابلۆ هەڵیکۆڵە،
تا ڕابکات ئەوەی دەیخوێنێتەوە.
٣ چونکە بینینەکە بۆ کاتی خۆیەتی،
لە کۆتایدا قسە دەکات و درۆناکات.
گەر دواکەوت چاوەڕێی بکە،
چونکە بێگومان دێت و دواناکەوێت.
٤ ئەوەتا ئەوەی خۆی گفداوە،
گیانی لە ناخیدا ڕاست نییە،
بەڵام ڕاستودروست بە باوەڕی خۆی دەژیت.
٥ بەڕاستی چونکە مەی فریودەدات،
پیاوی لە خۆبایی،
جا لە ماڵ گیرنابێت،
ئەوەی وەک دونیای مردووان ئارەزووی خۆی بەرفراوان کردووە
و
وەک مردنە، تێر نابێت
بەڵکو هەموو میللەتان بۆ خۆی کۆدەکاتەوە و
هەموو گەلان دەخاتە پاڵ خۆی.
٦ ئایا هەموو ئەمانە پەندی لێ وەرناگرن
لەگەڵ مەتەڵی توانجاگرو و دەڵێن،
قوڕ بەسەر ئەوەی بۆ خۆی زۆر دەکات و
هی ئەو نییە، تاکەی؟
ئەوەی بە بارمەتەی زۆر باری خۆی قورس دەکات.
٧ ئایا قەرزدەرەکانت کتوپڕ لێت ڕاست نابنەوە؟
ئەوانەی دەتلەقێنن بە ئاگا نایەن؟
جا دەبێت بە دەستکەوت بۆیان.
٨ چونکە تۆ میللەتانێکی زۆرت تاڵان کرد،
جا پاشماوەی گەلان هەموو تاڵانت دەکەن،
لەبەر خوێنی مرۆڤ و ستەمی زەوی
شار و هەموو دانیشتوانەکەی ناوی.
٩ قوڕ بەسەر ئەوەی بەدەستی دەهێنێت

دەسکەوتی خراپ بۆ ماڵەکەی،
تا هێلانەکەی لە بەرزایی دابنێت،
تا لە چنگی خراپە دەرباز بێت!
١٠ ڕاوێژی شەرمەزارت بۆ ماڵەکەت کرد،
ڕیشەکێش کردنی گەلانی زۆر،
گوناهت دەرهەق بەخۆت کرد.
١١ چونکە بەرد لە دیوارەوە هاوار دەکات و
کاریتەش لە دارەوە وەڵام دەداتەوە.
١٢ قوڕ بەسەر ئەوەی بە خوێن شار بنیاد دەنێت و
بە زوڵموزۆر شارۆچکە دادەمەزرێنێت.
١٣ ئایا ئەوەتا لە لایەن خوداوەندی سوپاسالارەوە نییە،
کە ماندووبوونی گەلان تەنها بۆ ئاگربێت و
شەکەت بوونی نەتەوەکان تەنها بۆ هیچ بێت؟
١٤ چونکە زەوی پڕ دەبێت
لە زانینی شکۆمەندی خوداوەند
وەك چۆن ئاو دەریا دادەپۆشێت.
١٥ قوڕ بەسەر ئەوەی بە برادەرەکەی دەنۆشێت،
تێدەکات لە مەشکەکەت و
تەنانەت سەرخۆشە،
بۆ تەماشاکردنی ڕووتیان.
١٦ تێر بوویت لە شەرمەزاری لەجیاتی شکۆمەندی،
تۆش هەروەها بنۆشە و
بەدەریخە خەتەنەنەکراویت،
جامی دەستە ڕاستی خوداوەند دەسووڕێتە سەرت،
ئەوپەڕی شەرمەزاریش بەسەر شکۆمەندیت.
١٧ چونکە ستەمی لوبنان دادەپۆشێت
لەگەڵ بە تاڵانبردی ئەو ئاژەڵانەی کە ترساندتن،
لەبەر خوێنی مرۆڤ و ستەمی زەوی
شار و هەموو دانیشتووانەکەی ناوی.
١٨ چ سوودێکی هەیە بتی هەڵکۆڵراو کە هەڵیکۆڵیت دروستکەرەکەی،
لەقاڵبدراو و مامۆستای درۆ؟
تا دروستکەری قاڵبەکەی پشتی پێ ببەستێت،
تا بتی لاڵ دروست بکات؟
١٩ قوڕ بەسەر ئەوەی بە تەختەدار دەڵێت، هەستە! و
بە بەردی بێ هەستونەست، ئاگاداربە!،
ئایا هیچ فێردەکات؟
ئەوەتا بە زێڕ و زیو ڕووکەش کراوە و
هیچ ڕۆحێکی لە ناودا نییە.
٢٠ بەڵام خوداوەند لەناو پەرستگای پیرۆزیدایە،
جا ئەی هەموو زەوی لەبەردەمیدا بێدەنگبە.

# ٣

١ نوێژێکی حەبەقوق پێغەمبەر لەسەر شێوەی پارانەوە:
٢ ئەی خوداوەند هەواڵی تۆم بیست و ترسام،
ئەی خوداوەند کارەکانت،
لەناو ساڵاندا بیانژێنەوە،
لەناو ساڵاندا با زانراو بن،
لە تووڕەیدا بەزەیی بەیادبهێنەوە!
٣ خودا لە تەیمانەوە هات و
پاکوپیرۆزیش لە چیای فارانەوە.
شکۆی ئەو ئاسمانەکانی داپۆشیوە و
ستایشی ئەو زەوی پڕکردووەتەوە.
٤ پرشنگ هەبوو وەك ڕووناکی و
لە دەستیەوە تیشك هەبوو،
لەوێدا شاردرابووەوە تواناى.
٥ پەتا لەپێشیەوە ڕۆیشت و
گرانەتاش لە قاچەکانیەوە دەرچووە.
٦ ڕاوەستا و زەوی پێوا،
تەماشای کرد و گەلان لەرزین و
چیا دێرینەکان کوتران،
گردە لەمێژینەکان هاتنە خوارێ،
ڕێگا لە مێژینەکان هی ئەون.
٧ چادرەکانی کوشانم بینی لە تەنگوچەڵەمەدا،
پەردەکانی زەوی میدیان دەلەرزین.
٨ ئایا لە ڕووبارەکان جۆشا خوداوەند،
یان تووڕەیی تۆ لە ڕووبارەکانە،
یان قینی تۆ لە دەریایە،
تا سواری ئەسپەکانت بیت،
گالیسکەکانی ڕزگارکردنت؟
٩ کەوانەکەت بە تەواوی ڕاکێشا و
حەوت تیرە وشەکەت.
بە ڕووبارەکان زەویت بەش بەش کردووە.
١٠ چیاکان تۆیان بینی و لەرزین،
لافاوی ئاوەکان تێپەڕی،
قوڵاییەکان دەنگیان هات،
دەستەکانی بەرز هەڵبڕی.
١١ خۆر و مانگ لە خولگەکانی خۆیاندا وەستان،
بە ڕووناکی تیرەکانت دەڕۆن،
بە درەوشانەوەی ڕمە پرشنگدارەکەت.
١٢ بە قینەوە ڕێپێوانت بەسەر زەویدا کرد،
بە تووڕەییەوە میللەتانت پێشێل کرد.
١٣ بۆ ڕزگارکردنی گەلەکەت دەرچوویت،
بۆ ڕزگارکردنی دەستنیشانکراوەکەت.
سەری ماڵی بەدکارت وردوخاش کرد،
بناغەکەیت ڕووتکردەوە تا مل.
١٤ بە تیرەکانی خۆی سەری سەرکردەکانیت کون کرد،
هێرشیان کرد بۆ پەرتەوازەکردنم،
خۆشیان وەك بۆ خواردنی کڵۆڵ بوو لە پەنادا.
١٥ بە ئەسپەکانت بەناو دەریادا ڕێگات گرتەبەر،
بە ناو کەڵەکەی ئاوە زۆرەکاندا.
١٦ بیستم و هەناوم کەوتە خوارەوە،
لەبەر دەنگەکە لێوەکانم لەرزین،
کلۆری هاتە ناو ئێسقانەکانمەوە و
لە شوێنەکەی خۆمدا داچڵەکیم،
تا ئارام بگرم لە ڕۆژی تەنگانەدا
لە کاتی سەرکەوتنی ئەو گەلەی پەلامارمان دەدەن.
١٧ لەگەڵ ئەوەی دار هەنجیر گوڵ ناکات و
هێشوو نییە بە دارمێوەکانەوە،
لەگەڵ ئەوەی بەری دار زەیتون پووچ دەبێت و
کێڵگەکان خواردن بەرهەم ناهێنن،
مەڕ لە گەلەخاندا دەبڕێتەوە و
مانگا نییە لەناو ئاخوڕەکەی،
١٨ من بە خوداوەند دڵشاد دەبم
بە خودای ڕزگاریم دڵخۆش دەبم.
١٩ خوداوەند خوداوەندم توانامە و
قاچەکانم وەك ئاسکەکان لێدەکات و
لەسەر بەرزاییەکانم هاتوچۆم پێدەکات.
بۆ سەرۆکی گۆرانی بێژەکان لەسەر ئامێرە ژێدارەکانم

# سەفەنیا

## ١

١ وشەی خوداوەند کە بۆ سەفەنیای کوڕی کوشیی کوڕی گەدەلیای
کوڕی ئەمەریای کوڕی خزقیای لە ڕۆژەکانی یوشـــییای کوڕی
ئامۆنی پاشای یەهوزادا:
٢ بە داماڵین دایدەماڵم هەمووان
لەسەر ڕووی خاکەکە،
خوداوەند دەفەرموویێت.
٣ مرۆڤ و ئاژەڵ دادەماڵم
باڵندەکانی ئاسمان دادەماڵم و
ماسییەکانی دەریا،
کۆسپەکان لەگەڵ بەدکاران.
مرۆڤ بن بڕ دەکەم
لەسەر ڕووی خاکەکە
خوداوەند دەفەرموویێت.
٤ دەستم بەسەر یەهوزادا درێژدەکەم و
بەسەر هەموودانیشتووانی ئۆرشەلیم.
لەم شوێنەدا پاشماوەی بەعل بنبڕ دەکەم
ناوی کەماریم لەگەڵ کاهینەکان و
٥ ئەوانەی لە سەربانەکان کڕنۆش دەبەن
بۆ هێزەکانی ئاسمان و
ئەوانەی کڕنۆش دەبەن و سوێند بە خوداوەند
دەخۆن و
ئەوانەی سوێند بە مەلکوم دەخۆن.
٦ لەگەڵ ئەوانەی لە خوداوەند هەڵگەڕاونەتەوە و
ئەوانەی داوا لە خوداوەند ناکەن و پرسیاری لێ ناکەن.
٧ لەبەردەم خوداوەندم خوداوەند بێ دەنگ بە،
چونکە ڕۆژی خوداوەند نزیکە،
چونکە خوداوەند ئامادەی کردووە قوربانی
پیرۆز دەکات بانگ کراوەکانی.
٨ جا وا دەبێت لە ڕۆژی قوربانیی خوداوەنددا
میران سزا دەدەم لە گەڵ کوڕانی پاشا و
هەموو ئەوانەی جلوبەرگی نامۆیان لەبەرە.
٩ لەو ڕۆژەدا هەموو ئەوانە سزا دەدەم کە بازدەدەن
بەسەر سەکۆی دەرگاکاندا،
ئەوانەی ماڵی گەورەکەیان پردەکەن
بە ستەم و فێڵبازی.
١٠ جا لەو ڕۆژەدا وا دەبێت،
خوداوەند دەفەرموێت،
دەنگی هاوار لە دەروازەی ماسی و
ناڵەناڵ لە بەشی دووەم و
تێکشکانێکی گەورەش لە گردەکانەوە.
١١ بناڵێنن ئەی دانیشتووانی مەکتیش،
چونکە لەناوچوون هەموو گەلی کەنعان،
برانەوە هەموو هەڵگرانی زیو.
١٢ لەو سەردەمەدا وا دەبێت،
بە چرا ئۆرشەلیم دەپشکنم و
ئەو کەسانە سزادەدەم
کە لە پەناگاکانیان خۆیان گرمۆڵە کردووە
ئەوانە لە دڵی خۆیاندا دەڵێن:
خوداوەند نە چاکە دەکات و
نە خراپە.
١٣ ئەوانە سامانیان دەبێت بە دەستکەوت و
ماڵەکانیان بە وێرانە و
ماڵ بنیاد دەنێن و تێیدا دانانیشن
ڕەز دەچێنن و لە مەیەکەی ناخۆنەوە.
١٤ ڕۆژی گەورەی خوداوەند نزیکە،
نزیکە و زۆر بەپەلەیە.
دەنگی ڕۆژی خوداوەند تاڵە
لەوێدا هاواردەکەن پاڵەوانان.
١٥ ئەو ڕۆژە ڕۆژی تووڕەییە،
ڕۆژی تەنگانە و زۆرلێکردنە،
ڕۆژی کاولبوون و وێرانییە،
ڕۆژی تاریکی و ئەنگوستەچاوە،
ڕۆژی هەور و هەوری تارە،
١٦ ڕۆژی کەرەنا لێدان و هوتاف کێشانە
بەسەر شارە قەڵابەندەکانە
بەسەر قولە بەرزەکانە.
١٧ تەنگ بە مرۆڤ هەڵدەچنم
جا وەك کوێران دەڕۆن،
چونکە دەرهەق بە خوداوەند گوناهیان کرد
جا وەك خۆڵ خوێنیان دەڕژێت و
گۆشتیشیان وەك زبڵ.
١٨ هەروەها زیوەکەیان، هەروەها زێڕەکەیان
ناتوانن دەربازیان بکەن
لە ڕۆژی تورەیی خوداوەنددا
بە ئاگری ئیرەییەکەی هەموو زەوی دەسووتێت،
چونکە لەناوچوونێکی کتوپڕ دروست دەکات بۆ هەموو دانیشتوانی
زەوی.

## ٢

١ خۆت کۆکەرەوە و کۆببنەوە،
ئەی میللەتە بێ شەرمەکە،
٢ پێش لەدایك بوونی بڕیار،
تێپەڕبوونی ڕۆژەکە وەك پوشوپەڵاش،
پێش ئەوەی بێتە سەرتان،
گڕی تووڕەیی خوداوەند،
پێش ئەوەی بێتە سەرتان،
ڕۆژی تووڕەیی خوداوەند!
٣ داوای خوداوەند بکەن،
ئەی هەموو نەرمونیانەکانی سەر زەوی.
داوای ڕاستودروستی بکەن،
داوای نەرمونیانی بکەن،
بەڵکو دابپۆشرێن
لە ڕۆژی تووڕەیی خوداوەنددا.
٤ چونکە غەززە چۆڵ دەکرێت و
ئەشقەلون بۆ وێرانییە،

ئەشدود لە نیوەڕۆدا دەردەکەن و
عەقرونیش نەزۆك دەکرێت.
٥ قوڕ بەسەر دانیشتووانی کەنار دەریا،
میللەتی کریتییەکان!
وشەی خوداوەند دژ بە ئێوەیە،
کەنعان ئەی خاکی فەلەستییەکان،
لەناوت دەبەم بێ دانیشتووت دەکەم.
٦ کەنار دەریاش دەبێتە لەوەڕگا و بیری ئاو بۆ شوانەکان،
گەلەخان بۆ مێگەل.
٧ کەنار بۆ پاشماوەی ماڵی یەهوزا دەبێت،
لەسەری دەلەوەڕێنن،
لە ماڵەکانی ئەشقەلۆن ئێواران لادەدەن،
چونکە خوداوەند خودایان بەسەریان دەکاتەوە،
ڕاپێچەکانیان دەگێڕێتەوە.
٨ گوێم لە جنێوەکانی مۆئاب و
قسە ناشرینەکانی نەوەی عەممون بوو
کە جنێویان بە گەلەکەم دا و
هەڕەشەیان لە سنوورەکانیان کرد.
٩ بەڵام بە گیانی خۆم!
خوداوەندی سوپاسالار
خودای ئیسرائیل دەفەرموێت،
کە مۆئاب وەك سەدومی لێدێت و
نەوەی عەممونیش وەك عەمورە،
شوێنی گژوگیا و چاڵی خوێ و
وێران تاهەتایە.
پاشماوەی گەلەکەم تالانیان دەکەن و
پاشماوەی میللەتەکەم دەبنە میراتگریان.
١٠ ئەمەیان بۆ دەبێت بەرامبەر بە لووت بەرزییان
چونکە جنێویان دا و خۆیان پف دا بەسەر گەلی خوداوەندی سوپاسالار.
١١ خوداوەند ترسناك دەبێت بۆیان،
چونکە هەموو خوداکانی سەرزەوی لەڕولاواز دەکات و
هەموو خەڵك هەریەکەو لە شوێنی خۆیەوە کڕنۆشی بۆ دەبەن
هەموو کەناری میللەتان.
١٢ ئێوەش ئەی کوشییەکان،
کوژراوی شمشێری منن ئەوان.
١٣ هەروەها دەستی بۆ باکوور درێژ دەکات و
ئاشوور لەناودەبات،
نەینەواش دەکاتە وێرانە
وشك وەك چۆڵەوانی.
١٤ جا مێگەل لە ناوەڕاستیدا خۆیان مات دەکەن،
هەم کوندەپەپوو و هەم ژیژك،
لەلای تاجی کۆڵەکانی شەو بەسەر دەبەن،
دەنگی قیرقیر لە پەنجەرەکانیەوە دێت،
کاول بوون لەبەردەرگایە
چونکە دارئورزەکانی ڕووت کراون.
١٥ ئەمە شارە دڵخۆشەکەیە
ئارام و ئاسودەکەیە
ئەوەی لە دڵی خۆیدا دەیوت:
تەنها من، کەسی دیکە نییە.
چۆن بوو بە وێرانە
لانەی گیانلەبەران
هەموو ئەوەی بەلایدا تێدەپەڕێت فیکە لێدەدات،
دەست بادەدات.

# ٣

١ قوڕ بەسەر ئەو یاخیبووە گڵاوەکە،
٢ گوێی لە دەنگ نەگرت،
تەمبێی وەرنەگرت،
پشتی بە خوداوەند نەبەست،
لە خودای خۆی نزیك نەبووەوە.
٣ میرەکانی لەناوەڕاستیدا،
شێرن دەنەڕێنن،
دادوەرەکانی گورگی ئێوارانن،
هیچ بۆ بەیانی ناهێڵنەوە.
٤ پێغەمبەرەکانی بێ ئابڕوون،
خەڵکانێکی ناپاکن،
کاهینەکانی پیرۆزگایان گڵاوکردووە
فێرکردنەکانیان پێشێل کردووە.
٥ بەڵام خوداوەند لەناوەڕاستیدا ڕاستودروست
ناڕەوایی ئەنجام نادات
هەموو بەیانییەك دادپەروەری دەداتە بەر ڕووناکی،
قەد ناکەوێت.
بەڵام ستەمکار مانای سەرشۆڕی نازانێت.
٦ میللەتانم ڕیشەکێش کرد،
قولەکانیان وێران بوون،
شەقامەکانیانم چۆڵ کرد،
بەبێ ڕێبوارن،
شارەکانیان وێرانکران،
بە بێ مرۆڤن، بێ دانیشتووان.
٧ ئینجا فەرمووم: ئیتر لێم دەترسیت،
تەمبێ وەردەگریت،
تا نشینگەکەی ڕیشەکێش نەکرێت،
ئەوەی سزای خۆم بەسەریدا دا
بەڵام زوو هەستان و
هەموو کردەوەکانی خۆیان گەندەڵ کرد.
٨ لەبەرئەوە چاوەڕێم بکەن.
خوداوەند دەفەرموێت،
تا ئەو ڕۆژەی هەڵدەستم بۆ تالانکردن،
چونکە حوکمم بۆ کۆکردنەوەی میللەتانە،
بۆ خڕکردنەوەی پاشایەتییەکانە
تا قینم بەسەریاندا داباڕێنم،
هەموو گڕی تووڕەییم،
چونکە بە ئاگری ئیرەییم
هەموو زەوی دەسووتێت.
٩ چونکە ئینجا هەموو گەلان دەگۆڕم
بۆ لێوێکی بێگەرد
تا هەموویان بە ناوی خوداوەندەوە بانگ بکەن
تا شان بەشان خزمەتی بکەن.
١٠ لەوبەر ڕووبارەکانی کوشەوە،
ئەوانەی لێم دەپاڕێنەوە،
کچی پەرت وبڵاوکراوەکانم
دیارییەکانم پێشکەش دەکەن.
١١ لەو ڕۆژەدا
سەرشۆڕ نابیت بەهۆی کردەوەکانت،
کە پێیان یاخی بوویت لێم،
چونکە ئەو کاتە لەناوەڕاستتدا دایدەماڵم،
دڵخۆشان بە لووت بەرزیت،

ئیتر ناگەڕێیتەوە بۆ لووت بەرزی
لە چیای پیرۆزم.
١٢ بەڵام لە ناوەڕاستتدا گەلێك دەهێڵمەوە
نەرمونیان و خۆ بەنزم زان،
پشت بەستوو بە ناوی خوداوەند.
١٣ پاشماوەی ئیسرائیلیش
چیدی نارەوایی ناکەن و
درۆ ناکەن و
لە دەمیاندا زمانی فریودەر نامێنێت،
چونکە مێگەلەکانیان دەلەوەڕێنن و شەوێن دەکەن و
کەسیش نییە بیانترسێنێت.
١٤ کچەکەی سییۆن گۆرانی بڵێ،
ئەی ئیسرائیل هاواری خۆشی بکە،
شادمان و دڵخۆشبە بە هەموو دڵەوە
ئەی کچەکەی ئۆرشەلیم.
١٥ خوداوەند حوکم بەسەرادانەکەتی داماڵی
دوژمنەکەت نەما
پاشای ئیسرائیل، خوداوەند لەناوەڕاستتە،
ئیتر خراپە نابینیت.
١٦ لەو ڕۆژەدا بە ئۆرشەلیم دەووترێت:
مەترسە ئەی سییۆن،
دەستت شل مەکە،
١٧ خوداوەند خودات لەناوەڕاستت دایە
پاڵەوانە، ڕزگار دەکات،
بە شادییەوە پێت دڵخۆش دەبێت،
لەناو خۆشەویستییەکەی بێ دەنگت دەکات،
بە گۆرانییەوە پێت شاد دەبێت.
١٨ غەمباران بۆ جەژنی دیاریکراو کۆدەکەمەوە
ئەوان لە ناو تۆدا بوون،
بۆ ئەوان سەرشۆڕییەکەی بارگرانییە.
١٩ ئەوەتا من مامەڵە دەکەم لەگەڵ هەموو ئەوانەی زەلیلیان کردیت،
شەلەکە ڕزگار دەکەم و
دوورخراوەکە کۆدەکەمەوە و
دەیانکەم بە ستایش و ناوبانگ
لە هەموو خاکی سەرشۆڕییان.
٢٠ لەو کاتەی کە دەتانهێنم و
لەو کاتەدا کە کۆتان دەکەمەوە،
چونکە دەتانکەم بە ناوبانگ و ستایش،
لەناو هەموو گەلانی زەوی،
کاتێ ڕاپێچکراوەکانتان لەبەرچاوتان دەگێڕمەوە.
خوداوەند فەرمووی.

# خەگی

## ١

١ لە  ساڵی دووەمی داریوش پاشادا لە مانگی شەشدا لە یەکی
مانگدا وشەی خوداوەند بە دەستی خەگەی پێغەمبەر بۆ
زەروبابلی کوڕی شەلتئیلی فەرمانڕەوای یەهوزا و بۆ
یەهوشەعی کوڕی یەهوچادقی کاهینی گەورە هات و ووتی:
٢ خوداوەندی سوپاسالار ئاوای فەرموو، فەرمووی ئەم گەلە
وتیان کاتی نەهاتووە، کاتی بنیادنانی ماڵی خوداوەند.
٣ جا وشەی خوداوەند بە دەستی خەگی پێغەمبەر هات و
فەرمووی:
٤ ئایا کات بۆ ئێوەیە
بۆ پشوودان لە ماڵە سواخدراوەکانتان
ئەم ماڵەش وێرانە؟
٥ ئێستاش خوداوەندی سوپاسالار ئاوای فەرموو:
سەرنجی کردەوەکانتان بدەن
٦ زۆرتان چاند و کەم هات
خواردتان بەڵام کوا تێر بوون؟
خواردتانەوە بەڵام کوا مەست بوون؟
بەرگتان پۆشی بەڵام کوا گەرم بوونەوە؟
کرێگرتەش کرێوەردەگرێت
بۆ گیرفانێکی دڕاو؟
٧ خوداوەندی سوپاسالار ئاوای فەرموو:
دڵتان بخەنە سەر ڕێگاکانتان.
٨ سەرکەون بۆ سەر چیا و
دار بهێنن و
ماڵەکە بنیادبنێن و
لێی ڕازی دەبم و شکۆدار دەبم.
٩ چاوەڕێی زۆرتان کرد و ئەوەتا کەمە
کە هێناتانە ماڵەوە فووم لێکرد،
لەبەر چی؟
خوداوەندی سوپاسالار فەرمووی.
لەبەر ماڵەکەم ئەوەی کە وێرانە و
ئێوەش هەریەکەو بۆ ماڵی خۆی ڕادەکات.
١٠ لەبەرئەوە ئاسمان لەسەرتانەوە شەونمی ڕاگرت و
زەویش بەروبوومی خۆی ڕاگرت.
١١ بانگی ووشك بوونم بەسەر زەویەکەدا دا و
بەسەر چیاکان و بەسەر دانەوێڵە،
بەسەر مەیی نوێ وبەسەر زەیتن بەسەر هەرچی کە خاکەکە
دەریدەخات و
بەسەر مرۆڤ و بەسەر ئاژەڵ و
بەسەر هەموو ماندووبوونی دەستەکاندا.
١٢ جا زەروبابلی کوڕی شەلتئیل و یەهوشەعی کوڕی
یەهوچادقی کاهینی بەرز و هەموو پاشماوەی گەل گوێیان لە
دەنگی خوداوەند خودایان و لە وشەکانی خەگی پێغەمبەر گرت
وەك خوداوەند خودایان ناردی و گەل لەبەردەم خوداوەندا ترسان.
١٣ ئینجا خەگی نێردراوی خوداوەند پەیامەکەی خوداوەندی بە
هەموو گەل گەیاند و وتی: من لەگەڵتاندام، خوداوەند دەفەرموێت.
١٤ ئینجا خوداوەند ڕوحی زەروبابلی کوڕی شەلتئیلی
فەرمانڕەوای یەهوزا ڕاچڵەکاند لەگەڵ ڕوحی یەهوشەعی کوڕی
یەهوچادقی کاهینی بەرز و ڕوحی هەموو پاشماوەی گەل، جا
هاتن و کارەکەی ماڵی خوداوەندی سوپاسالاری خودای خۆیان
ئەنجامدا.
١٥ لە ڕۆژی بیست و چوارەمی مانگی شەشدا، لە ساڵی دووەمی
داریوش پاشادا.

## ٢

لە مانگی حەوتدا، لە بیست و یەکی مانگدا، وشەی خوداوەند بە
دەستی خەگی پێغەمبەر هات و فەرمووی: ٢ ئێستا لەگەڵ
زەروبابلی کوڕی شەلتئیلی فەرمانڕەوای یەهوزا و لەگەڵ
یەهوشەعی کوڕی یەهوچادقی کاهینی بەرز و لەگەڵ پاشماوەی
گەل قسەبکە و بڵێ:
٣ کێ لە ئێوە کە ماوەتەوە
ئەوەی ئەم ماڵەی بینیوە
لە شکۆی یەکەمیدا؟
ئەی ئێستا ئێوە چۆنی دەبینن؟
ئایا لەپێش چاوتاندا وەك هیچ نییە؟
٤ ئێستاش بە هێزبە زەروبابل.
خوداوەند دەفەرموێت.
یەهوشەعی کوڕی یەهوچادقی کاهینی بەرز تۆش بەهێزبە.
ئەی هەموو گەلی زەوییەکە بەهێزبن.
خوداوەندی سوپاسالار دەفەرموێت.
٥ بەپێی ئەو گفتەی لەگەڵتاندا بەستم، کاتێك لە میسرەوە
دەرچوون، ڕوحم لەنێوتاندا وەستاوە، مەترسن.
٥ چونکە خوداوەندی سوپاسالار ئاوای فەرموو:
جارێکی تر پاش کەمێك
من ئاسمان و زەوی و
دەریا و وشکای دەهەژێنم.
٧ هەموو گەلان دەهەژێنم و
دێنە ئارەزووی هەموو گەلان و
ئەم ماڵە پڕ لە شکۆ دەکەم.
خوداوەندی سوپاسالار فەرمووی.
٨ زیو بۆ منە، زێڕ بۆ منە.
خوداوەندی سوپاسالار دەفەرموێت.
٩ دواین شکۆی ئەم ماڵە
مەزنتر دەبێت لە یەکەمینەکەی.
خوداوەندی سوپاسالار فەرمووی،
لەم شوێنەدا ئاشتی دەبەخشم.
خوداوەندی سوپاسالار دەفەرموێت.
١٠ لە ڕۆژی بیست و چوارەمی نۆدا لە دووەم ساڵی داریوشدا،
وشەی خوداوەند بۆ خەگی پێغەمبەر هات و وتی: ١١ خوداوەندی
سوپاسالار ئاوای فەرموو، ئێستا لە کاهینەکان دەربارەی
فێرکردنەکان پرسیار بکەن و بڵێن، ١٢ ئەگەر کەسێك گۆشتی
پیرۆزی بە دامێنی کراسەکەی هەڵگرت و بە دامێنی بەر نانێك
یان چێشتێك یان مەیەك یان زەیتێك یان هەر خواردنێك کەوت،
ئایا پیرۆز دەبێت؟ کاهینەکانیش وەڵامیان دایەوە وتیان: نەخێر.

١٣ ئینجا خەگی وتی: گەر کەسێك بە مردوویەك گڵاوبوو‌بێت،
دەست لە یەکێك لەمانە بدات، ئایا گڵاو دەبێت؟ کاهینەکان
وەڵامیان دایەوە و ووتیان: گڵاودەبێت. ١٤ ئینجا خەگی
وەڵامدایەوە و وتی:
ئەم گەلە ئاوایە و
ئەم میللەتە ئاوایە
لە بەردەمم. خوداوەند دەفەرموێت،
هەموو کردەوەکانی دەستیان ئاوایە و
ئەوەی لەوێ پێشکەشی دەکەن
گڵاوە.
١٥ ئێستاش
با دڵتان سەرنج بدات
لەم ڕۆژە بە دواوە
پێش ئەوەی بەردێك بخرێتە سەر بەردێك
لە پەرستگای خوداوەند.
١٥ لەو ڕۆژانەدا
گەر یەکێکتان بهاتایە سەر کۆمەڵێکی بیستی
تەنها دە دەبوو.
گەر بهاتایە سەر حەوزی گوشەرەکە تا پەنجا قاپی لێ پڕبکات
تەنها بیست دەبوو.
١٧ لێمدان بە بای گەرمەسێر و کەڕوو و
بە تەزرە لە هەموو کردەوەی دەستتان
بەڵام کوا گەڕانەوە لام؟
خوداوەند دەفەرموێت.

١٨ با دڵتان سەرنج بدات
لەم ڕۆژە بە دواوە
لە ڕۆژی بیست و چواری نۆوە، لەو ڕۆژەوە کە پەرستگای
خوداوەند دامەزرا، با دڵتان سەرنج بدات.
١٩ ئایا تۆو هێشتا لە عەمبارەکانە؟
ئەی مێو و هەنجیر و هەنار و
داری زەیتونیش هێشتا بەریان نەگرتووە؟
لەم ڕۆوە بەرەکەتیان تێدەخەم.
٢٠ دووبارە وشەی خوداوەند بۆ خەگی هات لە بیست و چواری
مانگدا و فەرمووی: ٢١ قسە لەگەڵ زەروبابلی فەرمانڕەوای
یەهوزادا بکە و بڵێ:
من ئاسمان و زەوی دەهەژێنم.
٢٢ تەختی پاشایەتییەکان هەڵدەگێڕمەوە و
هێزی پاشایەتی میللەتان لەناودەبەم و
گالیسکەو سوارەکەی هەڵدەگێڕمەوە و
ئەسپەکان و سوارەکانیان دەکەون و
هەریەك بە شمشێری براکەی.
٢٣ لەو ڕۆژەدا. خوداوەندی سوپاسالار دەفەرموێت.
دەتبەم
ئەی زەروبابلی کوڕی شەلتئیلی خزمەتکارم.
خوداوەند دەفەرموێت.
وەك ئەنگوستیلەت لێ دەکەم
چونکە تۆم هەڵبژارد.
ئاوای فەرموو خوداوەندی سوپاسالار .

# زەکەریا

## ١

١ لە مانگی هەشتی دووەمساڵی داریوشدا، وشەی خوداوەند بۆ
زەکەریا پێغەمبەر کوڕی بەرەخیای کوڕی عیددۆ بوو و
فەرمووی: ٢ خوداوەند زۆر لە باووباپیرانتان تووڕە بوو، ٣ جا
پێیان دەڵێیت، خوداوەندی سوپاسالار ئاوا دەفەرموێت:
بگەڕێنەوە بۆلام،
خوداوەندی سوپاسالار دەفەرموێت،
منیش دەگەڕێمەوە بۆ لاتان.
خوداوەندی سوپاسالار دەفەرموێت.
٤ وەك باووباپیرانتان مەبن ئەوانەی پێغەمبەرەکانی پێشوو بانگیان
کردن و وتیان: خوداوەندی سوپاسالار ئاوا دەفەرموێت، ئێستا
بگەڕێنەوە لە ڕێگا خراپەکانتان و لە کردەوە خراپەکانتان، بەڵام
گوێیان نەگرت و سەرنجیان نەدامێ، خوداوەند فەرمووی.
٥ کوا باووباپیرانتان لە کوێن؟
ئەی ئایا پێغەمبەران تاهەتایە دەژین؟
٦ بەڵام وشەکان و فەرزەکانم
کە فەرمانم پێ کردن بە پێغەمبەرە خزمەتکارەکانم،
ئایا بە باووباپیرانتان نەگەیشتن؟
جا گەڕانەوە و وتیان: هەروەك ئەوەی خوداوەندی سوپاسالار
مەبەستی بوو پێمانی بکات، بەپێی ڕێگاکانمان و کردەوەکانمان،
ئاوای پێمان کرد.
٧ لە ڕۆژی بیست و چواری مانگی یانزە کە مانگی شوباتە، لە
دووەم ساڵی داریوشدا، وشەی خوداوەند بۆ زەکەریا پێغەمبەر
کوڕی بەرەخیای کوڕی عیددۆ بوو و فەرمووی: ٨ لەشەودا بینیم
ئەوەتا پیاوێك سواری ئەسپێکی سوور بووە و لەنێو دار لە
سێبەرەکە ڕاوەستا بوو و لە پشتییەوە ئەسپی سوور و موو زەرد
و سپی هەبوو. ٩ ئینجا وتم: گەورەم ئەمانە چین؟ ئەو فریشتەیەی
کە قسەی لەگەڵدا کردم پێی فەرمووم: من پیشانت دەدەم ئەمانە
چین. ١٠ ئینجا ئەو پیاوەی لەنێو دار ڕاوەستا بوو وتی: ئەمانە
ئەوانەن کە خوداوەند ناردوونی تا بەناو زەویدا هاتوچۆ بکەن.
١١ ئینجا وەڵامی فریشتەکەی خوداوەندیان دایەوە ئەوەی لەنێو دار
وتیان: بەناو زەویدا هاتوچۆمان کرد و ئەوەتا هەموو زەوی
حەساوە و ئارامە. ١٢ ئینجا فریشتەکەی خوداوەند وەڵامی دایەوە و
فەرمووی: ئەی خوداوەندی سوپاسالار، تاکەی تۆ بەزەیت بە
ئۆرشەلیم و شارەکانی یەهوزادا نایەتەوە کە ئەم حەفتا ساڵە لێیان
تووڕە بوویت؟ ١٣ خوداوەندیش بە قسەی خۆش و دڵدانەوە وەڵامی
ئەو فریشتەیەی دایەوە کە قسەی لەگەڵمدا کرد. ١٤ ئینجا ئەو
فریشتەیەی قسەی لەگەڵدا کردم پێی فەرمووم: بانگەوازبکە و
بڵێ، خوداوەندی سوپاسالار ئاوا دەفەرموێت:
زۆر ئیرەدار بووم
بۆ ئۆرشەلیم و بۆ سییۆن.
١٥ زۆریش تووڕەم من
لە میللەتە خۆشگوزەرەکان
لەبەرئەوەی من کەمێك تووڕە بووم،
ئەوان یارمەتی خراپەیان دا.
١٦ لەبەرئەوە خوداوەند ئاوا دەفەرموێت،
بە بەزەییەوە دەگەڕێمەوە بۆ ئۆرشەلیم،
ماڵەکەم تێیدا بنیاد دەنرێت،
خوداوەندی سوپاسالار دەفەرموێت،
گوریسی پێوانە بەسەر ئۆرشەلیمدا ڕادەکێشرێت.
١٧ دووبارە بانگەواز بکە و بڵێ،
خوداوەندی سوپاسالار ئاوا دەفەرموێت:
دووبارە شارەکان خێروخۆشیان لێدەڕژێت و
خوداوەند دووبارە دڵی سییۆن دەداتەوە و
دووبارە ئۆرشولیم هەڵدەبژێرێتەوە.
١٨ پاشان چاوم هەڵبڕی و بینیم ئەوەتا چوار قۆچ. ١٩ جا بەو
فریشتەیەی قسەی لەگەڵ کردم وتم: ئەمانە چین؟ ئەویش پێی
فەرمووم: ئەمانە ئەو قۆچانەن کە یەهوزا و ئیسرائیل و
ئۆرشەلیمیان پەرتوبڵاو کرد. ٢٠ ئینجا خوداوەند چوار پیشەکاری
پیشان دام و ٢١ وتم: ئەمانە هاتوون چی بکەن؟ ئەویش قسەی کرد
و فەرمووی: ئەمانە ئەو قۆچانەن کە یەهوزایان پەرتوبڵاوکرد، تا
وەکو کەس سەری بەرز نەکردەوە، ئەمانەش هاتوون تا بیانتۆقێنن
و تا قۆچەکانی میللەتان دەرکەن ئەوانەی قۆچیان بەسەر خاکی
یەهوزادا بەرزکردووەتەوە بۆ پەرتوبڵاو کردنی.

## ٢

١ ئینجا چاوم هەڵبڕی و بینیم ئەوەتا پیاوێك گوریسی پێوانەی
بەدەستەوەیە و ٢ وتم: بۆ کوێ دەڕۆیت؟ ئەویش پێی وتم: بۆ
پێوانەکردنی ئۆرشەلیم، تا ببینم پانی چەندە و درێژی چەندە.
٣ لەوکاتەدا ئەو فریشتەیەی قسەی لەگەڵدا کردم هاتە دەرەوە و
فریشتەیەکی تریش بەرەوپیری هاتە دەرەوە. ٤ جا پێی فەرموو:
ڕابکە و قسە لەگەڵ ئەو کوڕەدا بکە و پێی بڵێ:
وەك شاری بێ دیوار ئاوەدان دەبێتەوە ئۆرشەلیم،
لەبەر زۆری خەڵك و ئاژەڵ تێیدا.
٥ منیش بۆی دەبم،
خوداوەند دەفەرموێت،
بە دیواری ئاگر بە هەرچواردەوریدا و
دەبم بە شکۆ لەناوەڕاستیدا.
٦ هۆی، هۆی! هەڵبێن
لە زەوی باکوور،
خوداوەند دەفەرموێت،
چونکە وەك چوار باکەی ئاسمان پەرتەوازەم کردوون، خوداوەند
دەفەرموێت.
٧ هۆی، ئەی سییۆن! دەربازبە،
ئەی دانیشتووی کچی بابل.
٨ چونکە خوداوەندی سوپاسالار ئاوا دەفەرموێت:
دوای خوداوەندی شکۆدار ناردمی،
بۆ ئەو میللەتانەی ئێوەیان تاڵان کرد،
چونکە ئەوەی دەستتان لێدەدات،
دەست لە بیلبیلەی چاوی دەدات.
٩ چونکە ئەوەتا من دەستیان لێ دەوەشێنم و
دەبن بە تاڵانی بۆ خزمەتکارەکانیان و
دەزانن کە خوداوەندی سوپاسالار ناردوومی.
١٠ گۆرانی بڵێ و دڵخۆشبە،

ئەی کچی سییۆن،
چونکە ئەوەتا من دێم و
لەناوەڕاستتدا نیشتەجێ دەبم،
خوداوەند دەفەرمووێت.
١١ لەو ڕۆژەدا میللەتانێکی زۆر پەیوەندی بە خوداوەندەوە دەکەن
و دەبن بە گەل بۆ من و لە ناوەڕاستتدا نیشتەجێ دەبم و دەزانیت
کە خوداوەندی سوپاسالار ناردوومی بۆلات. ١٢ خوداوەند یەهوزا
دەکات بە میراتی خۆی، بەشی خۆی لەسەر خاکی پیرۆزدا و
دووبارە ئۆرشەلیم هەڵدەبژێرێتەوە.
١٣ بێ دەنگبن ئەی هەموو مرۆڤ، لەبەردەم خوداوەند،
چونکە لە نشینگە پیرۆزەکەیەوە هەستا!

# ٣

١ ئینجا یەهوشەعی گەورە کاهینی پیشاندام کە لەبەردەم فریشتەی
خوداوەنددا ڕاوەستابوو و شەیتانیش لەلای دەستە ڕاستییەوە
ڕاوەستابوو تا بەربەرەکانی بکات. ٢ خوداوەندیش بە شەیتانی
فەرموو: خوداوەند سەرزەنشتت بکات ئەی شەیتان! ئەو
خوداوەندەی ئۆرشەلیمی هەڵبژارد سەرزەنشتت بکات! ئایا ئەمە
مەشخەڵێك نییە لە ئاگرەوە دەرکێشرابێت؟
٣ یەهوشەع بەرگێکی پیسی لەبەردابوو و لەبەردەم فریشتەکەدا
ڕاوەستابوو و ٤ ئەویش وەڵامی دایەوە و بەوانەی فەرمووو کە لە
بەردەمیدا ڕاوەستابوون، پێی فەرموون: بەرگە پیسەکەی
لەبەرداکەن. ئینجا پێی فەرموو: تەماشاکە تاوانەکەتم لەسەرت
لابرد و بەرگی گرانبەهام لەبەرکردوویت. ٥ منیش وتم: با
مێزەرێکی پاك لەسەر سەری دابنێن. جا مێزەرێکی پاکیان لەسەر
سەری دانا و بەرگیان لەبەر کرد و فریشتەکەی خوداوەندیش
ڕاوەستابوو. ٦ ئینجا فریشتەکەی خوداوەند شایەتی لەسەر
یەهوشەع دا و فەرمووی: ٧ خوداوەندی سوپاسالار ئاوا
دەفەرمووێت:
گەر ڕێگاکانم بگریتە بەر و
گەر فەرمانەکانم بپارێزیت،
ئەوا تۆش حوکم بەسەر ماڵەکەمدا دەدەیت و
هەروەها پارێزگاری هەوارگەکەم دەکەیت و
ڕێوشوێنت پێدەدەم
لەنێو ئەمانەی ڕاوەستاون.
٨ جا گوێ بگرە ئەی یەهوشەعی گەورە کاهین،
خۆت و هاوڕێکانت کە لەبەردەمتدا دانیشتوون.
چونکە ئەوان خۆیان پیاوی نیشانەن،
چونکە ئەوەتا من خزمەتکارەکەی خۆم، لق، دەهێنم.
٩ چونکە ئەوەتا ئەو بەردەی کە لەبەردەم یەهوشەعدا دامنا،
لەسەر یەك بەرد، حەوت چاو هەیە.
ئەوەتا من نەقشەکەی هەڵدەکۆڵم،
خوداوەندی سوپاسالار دەفەرمووێت،
ڕایدەماڵم تاوانی ئەم زەوییە
لەیەك ڕۆژدا.
١٠ لەو ڕۆژەدا، خوداوەندی سوپاسالار دەفەرمووێت،
هەر یەکەو بانگی هاوڕێکەی دەکات
یەکێك لە ژێر دار میو و لە ژێر دار هەنجیر.

# ٤

١ ئەو فریشتەیەی قسەی لەگەڵدا کردم گەڕایەوە و هەڵیساندم، وەك
پیاوێك لە خەوەکەی هەڵسێنرابێت و ٢ پێی فەرمووم: چی دەبینیت؟
وتم: بینیم ئەوەتا چرادانێك هەمووی زێڕە و جامەکەیشی
لەسەرەیەتی و حەوت چراشی لەسەرە و حەوت بۆریش بە حەوت
چراکەوە کە لەسەریەتی و ٣ دوو دار زەیتونیش لە لایەوەیەتی،
یەکێکیان لەلای ڕاستی قاپەکە و ئەوی تریان لەلای چەپیەتی.
٤ ئینجا وەڵامم دایەوە و بە فریشتەکە ئەوەی قسەی لەگەڵمدا کرد
وتم: ئەمانە چین گەورەم؟ ٥ فریشتەکەش ئەوەی قسەی لەگەڵمدا
کرد وەڵامی دایەوە و پێی فەرمووم: ئایا نازانی ئەمانە چین؟
منیش وتم: نەخێر، گەورەم. ٦ ئەویش وەڵامی دایەوە و پێی
فەرمووم:
ئەمە وشەی خوداوەندە بۆ زەروبابل و دەڵێت:
نە بەهێز و
نە بە توانا،
بەڵکو بە ڕۆحی من،
خوداوەندی سوپاسالار دەفەرمووێت.
٧ تۆ کێیت ئەی چیا مەزنەکە،
لەبەردەم زەروبابلدا تەخت دەبیت،
کە یەکەم بەرد دادەنێت،
لەنێو هاواری میهرەبانی، میهرەبانی بۆ ئەو!
٨ پاشان وشەی خوداوەندم بۆ بوو و فەرمووی: ٩ دەستەکانی
زەروبابل ئەم ماڵەیان دامەزراندووە و
دەستەکانی ئەویش تەواوی دەکەن،
جا دەزانیت کە خوداوەندی سوپاسالار ناردوومی بۆ لاتان.
١٠ چونکە کێ گاڵتەی بە ڕۆژی شتە بچووکەکان کرد؟
ئەو حەوتە دڵخۆش دەبن کە دەبینن شاقوڵ بەدەست زەروبابلەوەیە.
ئەوانە چاوەکانی خوداوەندن کە بەناو هەموو زەویدا دەگەڕێن.
١١ منیش وەڵامم دایەوە و پێم وت: ئەو دوو دار زەیتونە چین لە
لای ڕاست و چەپی چرادانەکە؟ ١٢ دووبارە وەڵامم دایەوە و پێم
وت: ئەو دوو لقە زەیتونە چین لەلای ئەو بۆرییە زێڕینانەوە، کە
ڕۆنی زێڕین دەچۆڕێننە ناویان؟ ١٣ ئەویش وەڵامی دامەوە و
فەرمووی: نازانی ئەم دووانە چین؟ منیش وتم: نەخێر، گەورەم.
١٤ جا فەرمووی: ئەو دوو کوڕەکەی زەیتن کە لەلای گەورەی
هەموو زەوی ڕاوەستاون.

# ٥

ئینجا گەڕامەوە و چاوم هەڵبری و نووسراوێکی فڕیوم بینی و
٢ پێی وتم: چی دەبینیت؟ منیش وتم: نوسراوێکی فڕیو دەبینم،
درێژییەکەی بیست باڵە و پانییەکەشی دە باڵە. ٣ ئینجا پێی وتم:
ئەمە ئەو نەفرەتەیە کە بۆ سەر ڕووی هەموو زەوی دەردەچێت،
چونکە بە پێی ئەمە ئێرە لە هەموو دزێك پاك دەکرێتەوە و بە پێی
ئەمە ئێرە لە هەموو سوێند خۆرێك بەدرۆ پاك دەکرێتەوە.
٤ خوداوەندی سوپاسالار دەفەرمووێت:
دەریدەهێنم و دێت بۆ ماڵی هەموو دزێك و
بۆ ماڵی سوێند خۆری بە درۆ بە ناوی من،
لە ناوەڕاستی ماڵەکەیدا دەمێنێتەوە و لەگەڵ دار و بەردەکەیدا
لەناوی دەبات.

٥ پاشان ئەو فریشتەیەی قسەی لەگەڵدا کردم، هاتە دەرەوە و پێی
فەرمووم: ئێستا چاوت هەڵبڕە و ببینە ئەوە چییە دەردەچێت.
٦ منیش وتم: ئەوە چییە؟ فەرمووی: ئەوە ئەو ئیفەیە کە
دەردەچێت. و فەرمووی: ئەمەش هاوشێوەکانیانە لە هەموو
زەویدا. ٧ ئەوەتا کیکەرە قوڕقوشمەکە بەرزکرایەوە و ئەوە ژنێکە
لەنێو ئیفەکەدا دانیشتووە. ٨ فەرمووی: ئەمە خراپەکارییە. ئینجا
فڕێیدایە ناوەڕاستی ئیفەکەوە و قورسایی قوڕقوشمەکەی فڕێدایە
سەر دەمی. ٩ ئینجا چاوم هەڵبڕی و بینیم ئەوەتا دوو ژن هاتنە
دەرەوە و با لە باڵەکانیاندایە و باڵیان هەبوو وەك باڵی حاجی
لەقلەق. ئینجا ئیفەکەیان بەرزکردەوە بۆ ناوەندی زەوی و ئاسمان
و ١٠ بەو فریشتەیەی قسەی لەگەڵدا کردم، وتم: ئیفەکە بۆ کوێ
دەبەن؟ ١١ ئەویش فەرمووی: بۆ ئەوەی لە زەوی شنعاردا ماڵێکی
بۆ بنیادبنێن و کە ئامادەبوو لەوێدا لەسەر بناغەکەی دادەنرێت.

# ٦

ئینجا گەڕامەوە و چاوم هەڵبڕی و بینیم ئەوەتا چوار گالیسکە لەنێو
دوو چیاوە دێنە دەرەوە، چیاکانیش چیای مس بوون. ٢ گالیسکەی
یەکەم ئەسپی سووری پێوە بوو و گالیسکەی دووەم ئەسپی ڕەش و
٣ گالیسکەی سێیەم ئەسپی سپی و گالیسکەی چوارەم ئەسپی
بەڵەکی بەهێز. ٤ ئینجا وەڵامم دایەوە و بەو فریشتەیەم وت کە
قسەی لەگەڵدا کردم: ئەمانە چین گەورەم؟ ٥ فریشتەکەش وەڵامی
دامەوە و پێی فەرمووم: ئەمانە چوار بایەکانی ئاسمانن لە
ڕاوەستان لەلای گەورەی هەموو زەوی هاتونەتە دەرەوە. ٦ ئەوەی
ئەسپە ڕەشەکانی پێوەیە بۆ زەوی باکوور دەردەچێت و
سپییەکانیش بەدوایاندا دەردەچن و بەڵەکەکانیش بۆ زەوی باشوور
دەردەچن، ٧ بەهێزەکانیش دەرچوون و بەپەرۆش بوون بڕۆن و
بەناو زەویدا هاتوچۆ بکەن، ئەویش فەرمووی: بڕۆن و بەناو
زەویدا هاتوچۆ بکەن. ئەوانیش بەناو زەویدا هاتوچۆیان کرد.
٨ ئینجا هاواری لێ کردم و پێی فەرمووم: ببینە ئەوانەی بۆ زەوی
باکوور دەردەچن، ڕۆحی منیان لە زەوی باکووردا ئارام کردەوە.
٩ پاشان وشەی خوداوەندم بۆ بوو و فەرمووی: ١٠ لە
ڕاپێچەکراوەکان وەرگرە، لە خەلدای و لە توبیا و لە یدەعیا،
ئەوانەی لە بابلەوە هاتوونەتەوە و لەو ڕۆژەدا وەرە و بچۆرە ناو
ماڵی یوشای کوڕی چفەنیاوە. ١١ جا زێڕ و زیو وەرگرە و چەند
تاجێك دروست بکە و لەسەر سەری یەهوشەعی کوڕی
یەهوچادقی گەورەکاهینی دابنێ و ١٢ پێی بڵێ، خوداوەندی
سوپاسالار ئاوا دەفەرمووێت:
ئەوەتا ئەو پیاوەی ناوی لقە و
لە جێی خۆیەوە لق دەردەکات و
پەرستگای خوداوەند بنیاد دەنێت.
١٣ ئەو پەرستگای خوداوەند بنیاد دەنێت و
ئەو شکۆمەندی هەڵدەگرێت و
دادەنیشێت و لەسەر تەختەکەی فەرمانڕەوایەتی دەکات و
دەبێت بە کاهین لەسەر تەختەکەی و
ڕاوێژی ئاشتی لەنێوان هەردووکیاندا دەبێت.
١٤ تاجەکانیش بۆ خێلەم و بۆ تۆبیا و بۆ یدەعیا بۆ حینی کوڕی
چفەنیا بۆ یادگاری لە پەرستگای خودانەوەنددا دەبن. ١٥ هەروەها
ئەوانەی دوورن دێن و لە پەرستگای خوداوەندا بنیاد دەنێن، جا
دەزانن کە خوداوەندی سوپاسالار ناردوومی بۆ لاتان و ئەمە
دەبێت گەر بە تەواوەتی گوێ لە دەنگی خوداوەند خودای خۆتان
بگرن.

# ٧

١ لە چوارەم ساڵی داریوش پاشادا وشەی خوداوەند لە چواری
مانگی نۆدا لە کسلیڤ بۆ زەکەریا بوو. ٢ کاتێ شەرئەچەر و
ڕەگەم مەلەك و پیاوەکانیان نارد بۆ بێیت ئێل تا لەبەردەم
خوداوەنددا نوێژ بکەن. ٣ تا لەگەڵ کاهینەکانی ماڵی خوداوەندی
سوپاسالار و لەگەڵ پیغەمبەرەکان بدوێن و بڵێن: ئایا لە مانگی
پێنجدا بگریم و خۆم تەرخان بکەم وەك ئەم چەند ساڵە کردوومە؟
٤ ئینجا وشەی خوداوەندی سوپاسالار بۆم بوو و فەرمووی:
٥ بە هەموو گەلی زەوی و
بە کاهینەکان بڵێ،
کە بە ڕۆژوو بوون و شیوەنتان گێڕا،
لە پێنج و لە حەوتدا و
لە ماوەی ئەم حەفتا ساڵەدا،
ئایا بۆ من، بەڕاستی بۆ من بە ڕۆژووبوون؟
٦ ئەی کە دەتانخوارد و دەتانخواردەوە،
ئایا ئێوە نەبوون دەتانخوارد و دەتانخواردەوە؟
٧ ئایا ئەو وشانە نەبوون کە خوداوەند لەسەر دەستی پێغەمبەرەکانی
پێشووەوە ڕایگەیاند لەکاتێکدا کە ئۆرشەلیم ئاوەدان و ئارام بوو و
شارەکانی لە دەوروبەریدا و باشوور و پێدەشتەکە ئاوەدان بوون؟
٨ ئینجا وشەی خوداوەند بۆ زەکەریا بوو و فەرمووی:
٩ خوداوەندی سوپاسالار ئاوا دەفەرمووێت:
حوکمی دادپەروەرانە بدەن و
ڕاستودروستی و بەزەیی پەیڕەو بکەن
هەریەکەو لەگەڵ براکەیدا.
١٠ بێوەژن و هەتیوو،
غەریب و هەژار
مەچەوسێننەوە،
لەدڵتاندا با کەستان
بیر لە خراپەی براکەی نەکاتەوە.
١١ بەڵام نەیانویست گوێ شل بکەن و شانی یاخیبوونیان دایەبەر و
گوێی خۆیان لە بیستن قورس کرد و ١٢ دڵیان کرد بە بەرد ئەستێ
نەوەك گوێیان لە فێرکردنەکان بێت و لە و وشانە بێت کە
خوداوەندی سوپاسالار بە ڕۆحی خۆی بەدەست پێغەمبەرەکانی
پێشوو ناردی، جا بوو بە تووڕەییەکی گەورە لەلای خوداوەندی
سوپاسالار. ١٣ جا وا دەبێت، چۆن بانگی کرد و گوێیان نەگرت،
ئێوەش ئاوا بانگ دەکەن و گوێ ناگرم، خوداوەندی سوپاسالار
دەفەرمووێت. ١٤ بە ڕەشەبایەك بەنێو هەموو میللەتاندا
پەرتوبڵاویان دەکەم کە نایانناسن و زەوییەکە لە پاشیاندا وێران
دەبێت و کەس تێیدا ناڕوات و نایەت و خاکی شادییان کرد بە
وێرانە.

# ٨

١ ئینجا وشەی خوداوەند بوو و فەرمووی:
٢ خوداوەندی سوپاسالار ئاوا دەفەرمووێت:
ئیرەداربووم بۆ سییۆن ئیرەیەکی گەورە،
بە سەرگەرمییەکی گەورەوە ئیرەداربووم بۆی.
٣ خوداوەند ئاوا دەفەرمووێت:
دەگەڕێمەوە بۆ سییۆن و
لەناوەڕاستی ئۆرشەلیمدا نیشتەجێ دەبم و

ئۆرشەلیم بە شاری ڕاستی ناو دەبرێت و
چیایی خوداوەندی سوپاسالاریش بە چیای پیرۆز.
٤ خوداوەندی سوپاسالار ئاوا دەفەرمووێت:
جارێکی تر پیرەمێردان و پیرەژنان لە شـــەقامەکانی ئۆرشـــەلیمدا دادەنیشن و
هەریەك گۆچانەکەی بە دەستیەوەیە
لەبەر بەتەمەنی.
٥ شەقامەکانی شار پڕدەکەنەوە
کوڕان و کچان،
یاری دەکەن لە شەقامەکانیدا.
٦ خوداوەندی سوپاسالار ئاوا دەفەرمووێت:
کە سەرسوڕهێنەر بێت لەبەر چاوی
پاشماوەی ئەم گەلە لەم ڕۆژانەدا،
ئایا لەبەر چاوی منیشدا سەرسوڕهێنەرە؟
خوداوەندی سوپاسالار دەفەرمووێت.
٧ خوداوەندی سوپاسالار ئاوا دەفەرمووێت:
ئەوەتا من گەلەکەم ڕزگار دەکەم
لە زەوی خۆرهەڵات و
لە زەوی ئاوابوونی خۆردا.
٨ دەیانهێنم و لەناوەڕاستی ئۆرشەلیمدا نیشتەجێ دەبن و
بۆم دەبن بە گەل و
منیش بۆیان دەبم بە خودا،
بە ڕاستی و ڕاستودروستی.
٩ خوداوەندی سوپاسالار ئاوا دەفەرمووێت:
با دەستەکانتان بەهێزبن
ئەی گوێتان لێ بوو لەم ڕۆژانەدا
لەم وشانە
لەدەمی پێغەمبەرانەوە،
ئەوەی لە ڕۆژی دامەزراندنی ماڵی خوداوەندی ســـوپاســـالار، بۆ بنیادنانی پەرستگاکە بوو.
١٠ چونکە بەر لەو ڕۆژانە
هیچ کرێیەك بۆ مرۆڤ نەبوو و
کوا کرێش بۆ ئاژەڵ؟
بۆ دەرچوو و بۆ هاتووش
کوا دڵنیابوون لە دوژمن؟
هەموو مرۆڤم بەردا
هەریەکەو دژ بە برادەرەکەی.
١١ بەڵام ئێستا وەك ڕۆژانی پێشوو نیم من،
بۆ پاشماوەی ئەم گەلە،
خوداوەندی سوپاسالار دەفەرمووێت.
١٢ بەڵکو تۆوی ئاشتییە،
دارمیوەکان بەری خۆیان دەدەن و
زەوی بەروبوومی خۆی دەدات و
ئاسمانەکان شەونمی خۆیان دەدەن و
هەموو ئەم شتانە
دەکەم بە میرات بۆ پاشماوەی
ئەم گەلە.
١٣ جا وادەبێت وەك ئەوەی ئێوە
مایەی نەفرەت بوون لە نیو میللەتاندا،
ئەی ماڵی یەهوزا و ئەی ماڵی ئیسڕائیل،
من ڕزگارتان دەکەم و
دەبن بە بەرەکەت،
مەترسن و با دەستەکانتان بەهێزبن.
١٤ چونکە خوداوەندی سوپاسالار ئاوا دەفەرمووێت:
وەك ئەوەی بیرم لە خراپە کردەوە سەبارەت بە ئێوە،
کاتێ باووباپیرانتان تووڕەیان کردم،
خوداوەندی سوپاسالار دەفەرمووێت،
پاشگەزنەبوومەوە،
١٥ بە هەمان شێوە لەم ڕۆژانەدا
گەڕامەوە و بیرم لە چاکە کردەوە سەبارەت بە ئۆرشەلیم و
سەبارەت بە ماڵی یەهوزا،
جا مەترسن.
١٦ ئەمانە ئەو شتانەن کە دەیکەن،
بە ڕاستی بدوێن هەریەکە لەگەڵ برادەرەکەی،
ڕاستی و حوکمی تەواو بڕیار بدەن لە دەروازەکانتان.
١٧ کەستان لە دڵتاندا
بیر لە خراپە نەکاتەوە دژ بە برادەرەکەی.
حەز لە بەدرۆ سوێند خواردن مەکەن،
چونکە ڕقم لە هەموو ئەمانەیە.
خوداوەند دەفەرمووێت.
١٨ پاشان وشەی خوداوەندی سوپاسالارم بۆ بوو و فەرمووی:
١٩ خوداوەندی سوپاسالار ئاوا دەفەرمووێت:
ڕۆژووی مانگی چوار و پێنج و
ڕۆژووی مانگی حەوت و دە
بۆ نەوەی یەهوزا دەبێت بە شادی و
دڵخۆشی و جەژنی دیاریکراوی خۆش،
جا حەز لە ڕاستی و ئاشتی بکەن.
٢٠ خوداوەندی سوپاسالار ئاوا دەفەرمووێت:
هێشتا دێن گەلان و
دانیشتووانی شارانی زۆر،
٢١ دانیشتووانی یەکێکیان ئەچن
بۆ ئەوی تریان و دەڵێن:
بڕۆن با بڕۆین
لەبەردەم خوداوەنددا نوێژ بکەین و
داوای خوداوەندی سوپاسالار بکەین،
هەروەها منیش دەڕۆم.
٢٢ جا گەلانی زۆر و
میللەتانی بەهێز دێن،
تا داوای خوداوەندی سوپاسالار بکەن ئۆرشەلیم و
لەبەردەم خوداوەنددا نوێژ بکەن.
٢٣ خوداوەندی سوپاسالار ئاوا دەفەرمووێت:
لەو ڕۆژانەدا دە پیاو لە هەموو زمانەکانی میللەتان دەســـت بە دامێنی پیـاوێکی جوولەکەوە دەگرن و دەڵێن بـا لەگەڵتـاندا بێین، چونکە بیستوومانە خودا لەگەڵتانە.

# ٩

١ بارگرانی وشـــەی خوداوەند دژ بە زەوی خەدراخ و دیمەشـــقی
ئارامگای، چونکە بۆ خوداوەندە چاوی مرۆڤ و هەموو هۆزەکانی
ئیسڕائیل و ٢ هەروەها خەماتی هاوسنووری و چوڕ و چەیدون ،
کە زۆر دانایە. ٣ چوڕ قەڵای بۆ خۆی بنیادنا و زیوی وەك خۆڵ
خڕکردەوە و زێڕیش وەك قوڕی کۆڵانەکان. ٤ ئەوەتا خوداوەندم
دەستی بەسەردا دەگرێت و
لە دەریادا لە هێزەکەی دەدات و خۆیشـــی بە ئاگر دەســـووتێت.
٥ ئەشقەلون دەبینێت و دەترسێت، غەززەش زۆر بە ئازار دەبێت
و عەقرۆنیش، چونکە هیواکانی مایەی شـــەرمەزارین. پاشـــا لە
غەززە دەبڕێتەوە و ئەشـــقەلونیش ئـاوەدان نـابێتەوە. ٦ زۆڵ لە
ئەشدوددا نیشتەجێ دەبێت و لووت بەرزی فەلەستییەکان دەبڕمەوە
و ٧ خوێن لە دەمی دادەمـاڵم و گڵاوییەکـانی لەنێو ددانەکـانی و

هەروەها ئەویش بۆ خودامان دەمێنێتەوە و لە یەهوزادا وەك
سەرۆکی لێ دێت و عەقرۆنیش وەك یەبوسییەکان. ٨ ئینجا بەچوار
دەورەی ماڵەکەمدا دادەمەزرێم، لەبەر ئەوانەی دێن و دەچن و ئیتر
سەرکاری بێگار نایەتە سەریان، چونکە ئێستا بەچاوی خۆم بینیم.
٩ ئەی کچی سییۆن زۆر دڵخۆش بە،
ئەی کچی ئۆرشەلیم هاواری خۆشی بکە،
ئەوەتا پاشاکەت دێت بۆلات،
دادپەروەرە و ڕزگارکەرە،
ڕۆح سووکە و سواری گوێدرێژ بووە
لەگەڵ جاشە ماکەرێك.
١٠ گالیسکە لە ئەفرایم دەبڕمەوە و
ئەسپیش لە ئۆرشەلیم،
کەوانی جەنگ دەبڕێتەوە و
بە ئاشتی بۆ گەلان دەدوێت و
فەرمانڕەوایی لە دەریاوە بۆ دەریایە و
لە ڕووباریشەوە تا ئەوپەڕی زەوییە.
١١ هەروەها بۆ تۆش،
بە خوێنی پەیمانەکەت دیلەکانتم بەرەڵا کرد،
لە بیری بێ ئاوەوە.
١٢ بگەڕێنەوە بۆ قەڵاکە
ئەی دیلەکانی هیوا،
ئەمڕۆش من ڕایدەگەیەنم
کە دوو هێند پاداشتت دەدەمەوە .
١٣ چونکە یەهوزام بۆ خۆم چەماندۆتەوە،
کەوانم لە ئەفرایم پڕکردووە،
کوڕەکانتم ڕاپەڕندووە ئەی سەهیۆن،
دژ بە کوڕەکانت ئەی یاوان،
تۆم کردووە بە شمشێری پاڵەوان.
١٤ خوداوەند لەسەریانەوە دەبینرێت و
تیرەکەی وەك بروسکە دەردەچێت،
خوداوەندم خوداوەند فوو بە کەرەنادا دەکات و
بەناو گەردەلوولەکانی باشووردا دەڕوات.
١٥ خوداوەندی سوپاسالار بەرگریان لێ دەکات،
جا دەخۆن و پێ دەنێن بە بەردەکانی قۆچەقانیدا،
دەخۆنەوە و دەنەڕێنن هەر وەك مەییان نۆشیبێت.
پڕ دەبن وەك کاسەی ئاو پرژێن و وەك گۆشەکانی قوربانگا.
١٦ خوداوەندی خودایان لەو ڕۆژەدا ڕزگاریان دەکات،
وەك مێگەلی گەلەکەی، بەڵکو وەك بەردی پیرۆزی تاج
بەرزبکرێنەوە لە خاکەکەیدا.
١٧ چونکە چەند چاك و چەند جوانە!
گەنم گەشە بە لاوەکان دەکات و
مەیی نوێش بە پاکیزەکان.

# ١٠

١ لە خوداوەند داوای باران بکەن،
لە کاتی بەهارە باراندا،
خوداوەند هەورە تریشقە دروست دەکات و
شەستە باران دەبارێنێت،
دەیانداتێ بە هەر یەکەو گیا لەناو کێڵگە.
٢ چونکە بتەکان قسەی پڕوپووچیان کرد،
ئەستێرەناسەکان بینینی درۆ دەبینن و
خەونی درۆ دەگێڕنەوە،
بە بێ سوود دڵنەوایی دەکەن،
بۆیە وەك مەڕ بەڕێکەوتن،
کەساس بوون لەبەر بێ شوانی.
٣ تووڕەییم لەسەر شوانەکان گڕی گرت و
سەرۆکەکان سزا دەدەم،
چونکە خوداوەندی سوپاسالار مێگەلی خۆی،
ماڵی یەهوزای بەسەرکردەوە،
کردوونی بە ئەسپی شکۆی خۆی لە جەنگدا.
٤ بەردی گۆشە لەوە و مێخ سنگ لەوە،
کەوانی جەنگ لەوە،
لەوەوە هەموو سەرکارێکی بێگار دەردەچێت، هەموو پێکەوە.
٥ وەك پاڵەوانەکان دەبن،
ئەوانەی قوڕی کۆڵانەکان دەشێلن لەجەنگدا،
دەجەنگین، چونکە خوداوەند لەگەڵیاندایە،
ئەسپ سوارەکان سەرشۆڕ دەبن.
٦ ماڵی یەهوزا بەهێز دەکەم و
ماڵی یوسف ڕزگار دەکەم و
دەیانگێڕمەوە، چونکە بەزەیم پێیاندا هاتەوە،
وایان لێدێت وەك ئەوەی کە ڕەتم نەکردبنەوە،
چونکە من خوداوەند خودایانم و وەڵامیان دەدەمەوە.
٧ ئەفرایم وەك پاڵەوانانیان لێدێت،
دڵیان خۆش دەبێت وەك بە مەی،
کوڕەکانیان دەبینن و دڵخۆش دەبن،
دڵیان بە خوداوەند شاد دەبێت.
٨ فیکەیان بۆ لێدەدەم و کۆیان دەکەمەوە،
چونکە دەیانکڕمەوە،
جا زۆر دەبن وەك زۆر بوون.
٩ لەنێو گەلاندا دەیانچێنم و
لە زەوییە دوورەکانەوە یادمدەکەنەوە و
لەگەڵ کوڕەکانیاندا دەژین و دەگەڕێنەوە.
١٠ لە زەوی میسرەوە دەیانگێڕمەوە و
لە ئاشورەوە کۆیان دەکەمەوە و
دەیانهێنم بۆ زەوی گلعاد و لوبنان و
جێیان نابێتەوە.
١١ بەناو دەریای تەنگانەدا تێدەپەڕێت و
لەناو دەریادا لە شەپۆلەکان دەدات و
هەموو قوڵاییەکانی ڕووبار وشك دەبن و
لووتبەرزی ئاشوور نزم دەکرێتەوە و
داردەستی میسر نامێنێت.
١٢ بە خوداوەند بەهێزیان دەکەم و
بەناوی ئەوەوە ڕێگا دەگرنەبەر،
خوداوەند دەفەرموێت.

# ١١

١ دەرگاکانت بکەرەوە ئەی لوبنان،
تا ئاگر دار ئورزەکانت بخوات.
٢ واوەیلا بکە ئەی دار سەروو،
چونکە دار ئورز کەوت،
بەشانوشکۆکان وێران بوون.
واوەیلا بکەن ئەی دار بەڕووەکانی باشان،
چونکە چڕە دارستان هاتووەتە خوارێ.
٣ دەنگی واوەیلای شوانەکانە،
چونکە شانوشکۆیان وێران بوو،
دەنگی نەڕەی بەچکەشێرەکانن،

چونکە لووتبەرزی ئوردن وێران بوو.
٤ خوداوەند خوداکەم ئاوای فەرموو: ڕانەمەڕەکەی بۆ سەربڕینە
بلەوەڕێنە. ٥ ئەوانەی خاوەنەکانیان سەریان دەبڕن و تاوانیان
نەکردووە، فرۆشیارەکانیان دەڵێن: خوداوەند پیرۆز بێت،
دەوڵەمەند بووم. شوانەکانیان بەزەییان پێیاندا نایەتەوە.
٦ لەبەرئەوەی ئیتر بەزەییم بە دانیشتووانی زەویدا نایەتەوە،
خوداوەند دەفەرموێت، ئەوەتا من هەر یەکەو دەدەم بە دەست
نزیکەکەی و بە دەست پاشاکەی، پەلاماری زەوییەکە دەدەن و
لەدەستیان دەرباز ناکەم.
٧ مەڕەکانم لەوەڕاند کە بۆ سەربڕینن، بەتایبەتی کلۆڵترینی
مەڕەکان و دوو گۆچانم بۆ خۆم برد یەکێکیانم ناونا نوعەم و ئەوی
دیکەشم ناونا خوبلیم و مەڕەکانم لەوەڕاند و ٨ لە یەك مانگدا هەر
سێ شوانەکە لەناو برد و دڵتەنگ بووم لێیان و هەروەها گیانی
ئەوانیش ڕقی لێم بووەوە. ٩ جا وتم: ناتانلەوەڕێنم، ئەوی دەمرێت
با بمرێت و ئەوەی لەناودەچێت با لەناوبچێت و ئەوانەش دەمێننەوە
با هەر یەکە و گۆشتی برادەرەکەی بخوات.
١٠ ئینجا گۆچانەکەم، نوعەمم برد و شکاندم تا ئەو پەیمانم
هەڵوەشێنمەوە کە لەگەڵ هەموو گەلاندا بەستم و ١١ لەو ڕۆژەدا
هەڵوەشایەوە و بەو شێوەیە کلۆڵترینی مەڕەکان ئەوانەی چاویان
تێ بڕیبووم زانییان کە ئەوە وشەی خوداوەندە. ١٢ ئینجا پێم وتن:
گەر پێتان باشە، کرێکەم پێ بدەن، گەرنا لێیگەڕێن. ئینجا
کرێکەمیان بە سی پارچە زیو خەملاند و ١٣ خوداوەند پێی
فەرمووم: فڕێیی بدە بۆ گۆزە دروستکەر، ئەو نرخە بەهادارەی
کە منیان پێی نرخاند. منیش سی پارچە زیوەکەم برد و بۆ گۆزە
دروستکەرەکەی ناوماڵی خوداوەندم فڕێدا. ١٤ ئینجا گۆچانەکەی
تر، خوبلیم شکاند، تا برایەتی نێوان یەهوزا و ئیسرائیل
هەڵبوەشێنمەوە.
١٥ جا خوداوەندم پێی فەرمووم: دووبارە کەلوپەلی شوانێکی گێل
بۆ خۆت ببە، ١٦ چونکە ئەوەتا من شوانێك لەسەر زەوی ڕاست
دەکەمەوە کە دابڕاوەکان بەسەر ناکاتەوە و بەدوای ساواکانەوە
نابێت و دەستوپێ شکاوەکان ناگرێتەوە و نانی وەستاوەکان نادات،
بەڵام گۆشتی قەڵەوەکان دەخوات و سمیان دەردێنێت.
١٧ قوڕبەسەر شوانی پڕوپوچ،
ئەوەی وازی لە مەڕەکان هێناوە!
شمشێر لەسەر قۆڵ و چاوی ڕاستییەتی،
قۆڵی بەتەواوی وشك دەبێت و
چاوی ڕاستی بەتەواوی کوێر دەبێت.

# ١٢

١ بارگرانی وشەی خوداوەند دژ بە ئیسرائیل.
خوداوەند کە ئاسمانی ڕاخستووە و زەویی دامەزراندووە و شێوەی
ڕۆحی مرۆڤی لەناخی مرۆڤدا کێشاوە، دەفەرموێت:
٢ ئەوەتا من ئۆرشەلیم دەکەمە جامی سەرخۆش بوون بۆ هەموو
گەلانی دەوروبەری و هەروەها لەسەر یەهوزاشدا دەبێت لە
گەمارۆری ئۆرشەلیمدا. ٣ لەو ڕۆژەدا ئۆرشەلیم دەکەمە بەردی
بارگرانی بۆ هەموو گەلان، هەموو ئەوانەی باری دەکەن لەتوپەت
دەکرێن و هەموو میللەتانی زەوی لەسەری کۆدەبنەوە. ٤ لەو
ڕۆژەدا، خوداوەند دەفەرموێت، هەموو ئەسپێك تووشی
سەرلێشێوان دەکەم و سوارەکەشی تووشی شێتی دەکەم، چاوم
لەسەر ماڵی یەهوزادا دەکەمەوە و هەموو ئەسپی گەلان تووشی
کوێری دەکەم. ٥ جا سەرکردەکانی یەهوزا لە دڵی خۆیاندا دەڵێن:
دانیشتووانی ئۆرشەلیم هێزە بۆ من بە خوداوەندی سوپاسالاری
خودایانەوە. ٦ لەو ڕۆژەدا سەرکردەکانی یەهوزا وەك چرایەکی
ئاگر لێ دەکەم لە نێو دار و وەك مەشخەڵێکی ئاگر لە نێو
چەپکەکاندا، جا بەلای ڕاست و بەلای چەپدا دەست دەکەن بە
خواردنی هەموو گەلانی دەوروبەریان و ئۆرشەلیمیش دووبارە
لە جێی خۆی لە ئۆرشەلیمدا نیشتەجێ دەبێتەوە.
٧ خوداوەند سەرەتا چادرەکانی یەهوزا ڕزگار دەکات، بۆ ئەوەی
شانوشکۆی ماڵی داود و شانوشکۆی دانیشتووانی ئۆرشەلیم
لەسەر یەهوزادا گەورەتر نەبن. ٨ لەو ڕۆژەدا خوداوەند
دانیشتووانی ئۆرشەلیم دەپارێزیت و ئەوەی لاوازە لە ناویاندا لەو
ڕۆژەدا وەك داود دەبێت و ماڵی داودیش وەك خودا، وەك فریشتەی
خوداوەند لەبەردەمیاندا. ٩ لەو ڕۆژەدا بەدوای لەناوبردنی هەموو
ئەو میللەتانەوە دەبم کە دێنە سەر ئۆرشەلیم.
١٠ ڕۆحی میهرەبانی و پاڕانەوە بەسەر ماڵی داود و بەسەر
دانیشتووانی ئۆرشەلیمدا دەبارێنم، جا تەماشای من دەکەن، ئەوەی
پیایان کێشا و شیوەنی بۆ دەگێرن وەك شیوەن بۆ تاقانەیەك و لە
تاڵیدا دەبن وەك لە تاڵیدا بوون بۆ نۆبەرەیەك. ١١ لەو ڕۆژەدا
شیوەنێکی گەورە لە ئۆرشەلیمدا دەبێت وەك شیوەنەکەی هەدەد
رمۆن لە دەشتی مگدۆندا. ١٢ خاکەکە شیوەن دەگێڕێت، خێڵ بە
خێڵ هەریەکەو بەجیا، خێڵی ماڵی داود بەجیا و ژنەکانیشیان
بەجیا، خێڵی ماڵی ناسان بەجیا و ژنەکانیشیان بەجیا، ١٣ خێڵی
ماڵی لێڤی بەجیا و ژنەکانیشیان بەجیا، خێڵی شیمعی بەجیا و
ژنەکانیشیان بەجیا. ١٤ هەموو ئەو خێڵانەی مابوونەوە خێڵ بە
خێڵ بەجیا و ژنەکانیشیان بەجیا.

# ١٣

١ لەو ڕۆژەدا کانییەك بۆ ماڵی داود و بۆ دانیشتووانی ئۆرشەلیم
کراوە دەبێت بۆ گوناهە و بۆ گڵاوی. ٢ خوداوەندی سوپاسالار
دەفەرموێت: لەو ڕۆژەدا، ناوی بتەکان لە زەوییەکەدا دەبڕمەوە
و ئیتر یادناکرێنەوە. هەروەها پێغەمبەرەکان و ڕۆحی گڵاو لەسەر
زەوییەکەدا ڕادەماڵم و ٣ وای لێدێت ئەگەر کەسێك پێشبینی بکات،
ئەوا باوك و دایکی ئەوانەی لێیانەوە بووە، پێیدەڵێن: ناژیت،
چونکە بەدرۆ بە ناوی خوداوەندەوە قسەت کردووە. جا باوك و
دایکی ئەوانەی لێیانەوە بووە پیایدا دەکێشن کاتێ پێشبینی دەکات.
٤ جا لەو ڕۆژەدا پێغەمبەرەکان کاتێ پێشبینی دەکەن، هەریەکە و
بە بینینەکەیان شەرمەزار دەبن، بەرگی موودار لەبەر ناکەن
بۆئەوەی خەڵکی هەڵبخەڵەتێنن. ٥ دەڵێت: من پێغەمبەرنیم، من
کابرایەکی جووتیارم، چونکە هەر لە منداڵیمەوە مرۆڤێك بە کرێی
گرتووم. ٦ کە پێی دەڵێن: ئەم برینانە چین لەدەستتدا؟ ئەویش
دەڵێت: ئەوەیە کە لە ماڵی دۆستانم پێی بریندار بووم.
٧ ئەی شمشێر هەستە،
دژ بە شوانەکەم و
دژ بەو پیاوەی لەگەڵمە.
خوداوەندی سوپاسالار دەفەرموێت،
لە شوانەکە بدە،
مەڕەکان پەرشوبڵاودەبنەوە و
پاشان دەستم دژ بە بچووکەکان دەگێڕمەوە.
٨ ئینجا لە هەموو زەویدا،
خوداوەند دەفەرموێت،
دوو لەسەر سێیان دەبڕێنەوە و دەمرن و
یەك لەسەر سێ تیایدا دەمێنێتەوە.
٩ ئەو یەك لەسەر سێیەش دەهێنمە ناو ئاگرەوە و
دەیانپاڵێوم وەك پاڵاوتنی زیو و
تاقیان دەکەمەوە وەك تاقی کردنەوەی زێڕ.
ئەو بە ناوی منەوە بانگ دەکات و

منیش وەڵامی دەدەمەوە،
من دەڵێم ئەو گەلی منە و
ئەویش دەڵێت خوداوەند خودامە.

# ١٤

١ ئەوەتا ڕۆژێکی خوداوەند دێت،
تاڵانییەکەت لەناوەڕاستی خۆتدا دابەش دەکرێت.
٢ هەموو میللەتان کۆدەکەمەوە،
لەسەر ئۆرشەلیم بۆ جەنگ،
شارەکە داگیر دەکرێت و
ماڵەکان دەبڕێن و
ژنان دەست درێژ دەکرێتە سەریان و
نیوەی شارەکە بۆ ڕاپێچ دەردەکرێن،
بەڵام پاشماوەی گەل لە شارەکە نابڕێنەوە.
٣ ئینجا خوداوەند دەردەچێت و لەگەڵ ئەو میللەتانە دەجەنگێت،
وەك لە ڕۆژی جەنگیدا لە ڕۆژی شەڕدا.
٤ لەو ڕۆژەدا قاچەکانی لەسەر چیای زەیتون دەوەستن، ئەوەی
بەرامبەر بە ئۆرشەلیمە لەلای خۆرهەڵات، جا چیای زەیتون لە
ناوەندەوە دوولەت دەبێت، بەلای خۆرهەڵات و خۆرئاوا، دەبێتە
دۆڵێکی زۆر گەورە و نیوەی چیاکە دەگوازرێتەوە باکوور و
نیوەشی باشوور.
٥ ئینجا بەناو دۆڵی چیاکانمدا هەڵدێن، چونکە دۆلی چیاکان دەگاتە
ئاچەڵ. جا هەڵدێن وەك ئەوەی هەڵهاتن لە بوومەلەرزەکەی لە
ڕۆژانی عوزەییای پاشای یەهوزادا بوو، ئینجا خوداوەند خودام
دێت و هەموو پاکوپیرۆزەکانیش لەگەڵتدا دەبن.
٦ لەو ڕۆژەدا ڕووناکی نابێت،
بەهادارەکە دەیبەستێت و
٧ یەك ڕۆژ دەبێت،
ئەو لەلای خوداوەند زانراوە،
نە ڕۆژ و نە شەو،
بەڵکو لە کاتێ ئێوارەدا،
ڕووناکی دەبێت.
٨ لەو ڕۆژەدا دەبێت
ئاوی زیندوو لە ئۆرشەلیمەوە هەڵدەقوڵێت،
نیوەی ڕووەو دەریای خۆرهەڵات و
نیوەشی ڕووەو دەریای خۆرئاوا،
لە هاوین و لە پایزدا دەبێت.
٩ خوداوەندیش دەبێت بە پاشا
بەسەر هەموو زەویدا،
لەو ڕۆژەدا خوداوەند یەك و
ناویشی یەك دەبێت.

١٠ هەموو زەوی دەگۆڕێت بۆ دەشتایی، لە گەبەعەوە تا ڕمۆنی
باشووری ئۆرشەلیم، جا بەرزدەکرێتەوە و لە شوێنەکەی خۆیدا
ئاوەدان دەبێتەوە، لە دەروازەی بنیامینەوە تا شوێنی دەروازەی
یەکەم و تا دەروازەی پەناکان و لە قولەی خەنەنئێلەوە تا
گووشەرەکانی پاشا.
١١ ئاوەدانی دەکەنەوە و
چیدی قڕکردنی تیادا نابێت و
ئۆرشەلیم بەئاسودەیی ئاوەدان دەبێتەوە.
١٢ ئەمەش ئەو لێدانە دەبێت کە خوداوەند لە هەموو گەلانی دەدات،
ئەوانەی سوپایان هێنایە سەر ئۆرشەلیم:
گۆشتیان دەتوێتەوە
کاتێ لەسەر قاچەکانیان وەستاون و
چاوەکانیان لەناو چاڵی چاویاندا دەتوێتەوە و
زمانیشیان لە دەمیاندا دەتوێتەوە.
١٣ جا لەو ڕۆژەدا دەبێت،
شڵەژانێکی گەورە لەلای خوداوەندەوە لەناویاندا دەبێت،
هەر پیاوە و دەستی نزیکەکەی دەگرێت و
دەستی لە سەر دەستی نزیکەکەی بەرزدەکاتەوە،
١٤ هەروەها یەهوزاش لە ئۆرشەلیمدا شەڕ دەکات و
سامانی هەموو میللەتانی دەوروبەری کۆدەکاتەوە،
زێڕ و زیو و جلوبەرگی زۆر زۆر،
١٥ بە هەمان شێوە لێدانی ئەسپ و ئێستر و حوشتر و گوێدرێژ و
هەموو ئاژەلەکان، ئەوانەی لەم ئۆردوگایانەدا دەبن، وەك ئەم
لێدانە دەبێت.
١٦ هەروەها هەموو پاشماوەی هەموو میللەتان،
ئەوانەی هاتنە سەر ئۆرشەلیم،
ساڵ لەدوای ساڵ سەردەکەون،
تا کڕنۆش بۆ پاشا خوداوەندی سوپاسالار ببەن و
تا جەژنی کەپرەشینە بگێڕن.
١٧ جا وا دەبێت ئەوەی سەرنەکەوێت لە خێڵەکانی زەویدا بۆ
ئۆرشەلیم، بۆ کڕنۆش بردن بۆ پاشا خوداوەندی سوپاسالار،
بارانیان لەسەر نابێت. ١٨ ئەگەر خێڵی میسر سەرنەکەوێت و
نەیێت، بارانیان لەسەر نابێت، ئەو لێدانەیان لەسەر دەبێت کە
خوداوەند لە میللەتانی دەدات، ئەوانەی سەرناکەون بۆ ئاهەنگ
گێڕانی جەژنی کەپرەشینە. ١٩ ئەمە سزای میسر و سزای هەموو
ئەو میللەتانەیە کە سەر ناکەون بۆ ئاهەنگ گێڕانی جەژنی
کەپرەشینە.
٢٠ لەو ڕۆژەدا ئەمە لەسەر زەنگی ئەسپەکان دەبێت: پیرۆزی بۆ
خوداوەند. مەنجەڵەکان لە ماڵی خوداوەند وەك کاسە ئاو
پرژێنەکانی بەردەم قوربانگا دەبن. ٢١ هەموو مەنجەڵێك لە
ئۆرشەلیم و لە یەهوزادا پیرۆز دەبن بۆ خوداوەندی سوپاسالار و
هەموو ئەوانەی قوربانی سەردەبڕن دێن و دەیانبەن و تیایاندا
لێدەنێن و ئیتر کەنعانی لە ماڵی خوداوەندی سوپاسالاردا نابێت،
لەو ڕۆژەدا.

# مەلاخی

## ١

١ بارگرانی وشەی خوداوەند بۆ ئیسرائیل لەسەر دەستی مەلاخی:
٢ خۆشمویستن. خوداوەند فەرمووی،
ئێوەش وتتان: بەچی خۆشتویستین؟
ئایا عیسۆ برای یاقوب نییە؟
خوداوەند دەفەرمووێت،
لەگەڵ ئەوەشدا یاقوبم خۆشویست،
٣ بەڵام عیسۆ، ڕقم لێی بووەوە و
چیاکانیم کردە وێرانە و
میراتەکەیم بە چەقەڵی چۆڵەوانی دا.
٤ لەگەڵ ئەوەی ئەدۆم وتی، وێران کراین،
بەڵام دەگەڕێینەوە و کاولەکەمان بنیاد دەنێینەوە.
خوداوەندی سوپاسالار وا دەفەرمووێت:
ئەوان بنیاد دەنێن و منیش دەڕمێنم،
ناویان دەنێن، سنوورەکانی خراپەکاری و
ئەو گەلەی کە تاهەتایە خوداوەند لێی تووڕەیە،
٥ جا چاوەکانتان دەبینن و ئێوەش دەڵێن:
خوداوەند مەزنە، تەنانەت لەو دیو سنووری ئیسرائیلیشەوە!
٦ کوڕ ڕێزی باوکی دەگرێت و
خزمەتکاریش ڕێزی گەورەکەی،
جا گەر من باوکم کوا ڕێز لێ گرتنم و
گەر گەورەشم کوا ترستان لە من؟
خوداوەندی سوپاسالار بە ئێوەی فەرموو،
ئەی ئەو کاهینانەی گاڵتە بە ناوەکەم دەکەن.
ئێوەش دەڵێن:
بەچی گاڵتەمان بەناوت کردووە؟
٧ لەسەر قوربانگاکەم، نانی گڵاو پێشکەش دەکەن.
ئێوەش دەڵێن: بەچی گڵاومان کردویت؟
بەوەی کە دەڵێن،
خوانی خوداوەند مایەی گاڵتە پێکردنە.
٨ کاتێ پێشکەشی دەکەن
ئاژەڵی کوێر وەك قوربانی،
بەدکاری نییە؟
کاتێ پێشکەشی دەکەن
شەل و نەخۆش،
بەدکاری نییە؟
تکایە، پێشکەش بە فەرمانڕەواکەتی بکە،
ئایا لێت ڕازی دەبێت، یان سەربەرزتان دەکات؟
خوداوەندی سوپاسالار دەفەرمووێت.
٩ ئێستاش، تکایە لە ڕووی خوداوەند بپاڕێنەوە،
تا بەزەیی پێماندا بێتەوە.
بەڵام ئەمە لەدەست ئێوە هات،
ئایا سەربەرزتان دەکات؟
خوداوەندی سوپاسالار دەفەرمووێت.
١٠ کێ تەنانەت لەناو ئێوەدا دەرگاکان دادەخات،
تا بە خۆڕایی ئاگر لەسەر قوربانگاکەم نەکەنەوە؟
کوا دڵخۆشیم پێتان؟
خوداوەندی سوپاسالار دەفەرمووێت،
قوربانی لە دەستتان پەسەند ناکەم،
١١ چونکە لە هەڵاتنی خۆرەوە تا ئاوابوونی، ناوم مەزنە لەنێو
میللەتاندا و لە هەموو شوێنێکدا بخوور دەسووتێنن و قوربانی
پێشکەش دەکەن بۆ ناوەکەم لە گەڵ دیاری پاك، چونکە ناوم مەزنە
لەنێو میللەتاندا. خوداوەندی سوپاسالار دەفەرمووێت. ١٢ بەڵام
ئێوە گڵاوی دەکەن کە دەڵێن: خوانی خوداوەند گەڵاوە و بەروبووم
و خواردنەکەی گاڵتە پێکراوە. ١٣ هەروەها وتتان: چ
ماندووبوونێکە و لووتتان لێی هەڵقرچاند. خوداوەندی سوپاسالار
دەفەرمووێت. ئینجا ئاژەڵی زەوتکراو و شەل و نەخۆشتان هێنا،
ئاوا دیاری دەهێنن. ئایا لە دەستتان پەسەندی دەکەم؟ خوداوەند
دەفەرمووێت.
١٤ نەفرەت لێکراوە ئەو فێڵبازەی کە لە مێگەلەکەیدا نێرینە هەیە و
نەزر دەکات، بەڵام ئاژەڵێکی عەیبدار بۆ خوداوەند دەکات بە
قوربانی، چونکە من پاشایەکی مەزنم، خوداوەندی سوپاسالار
دەفەرمووێت، ناوەکەشم لەناو میللەتاندا سامناکە.

## ٢

١ ئێستاش بۆ ئێوەیە ئەم فەرمانە، ئەی کاهینەکان.
٢ گەر گوێ نەگرن و گەر نەیخەنە دڵتانەوە کە ناوەکەم شکۆدار
بکەن، خوداوەندی سوپاسالار دەفەرمووێت، نەفرەت دەنێرمە
سەرتان و نەفرەت لە بەرەکەتەکانتان دەکەم، نەفرەتم لێ کرد،
چونکە نایخەنە دڵتانەوە.
٣ ئەوەتا من سەرزەنشتی نەوەکانتان دەکەم،
ڕیخ دەدەم بە دەموچاوتاندا،
ڕیخی قوربانی جەژنەکانتان،
جا لەگەڵیدا فڕێدەدرێن.
٤ ئینجا دەزانن کە من بۆ ئێوەم نارد،
ئەم فەرمانە،
چونکە پەیمانەکەم لەگەڵ لێڤییە،
خوداوەندی سوپاسالار دەفەرمووێت،
٥ پەیمانەکەم لەگەڵی بۆ ژیان و ئاشتی بوو،
جا هەردووکیانم پێدا،
بۆ ترس، جا لێم ترسا و
لەبەردەم ناوەکەم سڵەمییەوە.
٦ فێرکردنی ڕاست لە سەر زاری بوو و
ناڕەوایی لەسەر لێوەکانی نەبینرانەوە،
بە ئاشتی و بە ڕێکی لەگەڵمدا ڕێگای گرتە بەر و
زۆر کەسیشی لە خراپە گێڕایەوە.
٧ چونکە لێوەکانی کاهین زانینە دەپارێزن و
فێرکردنەکانیش لە دەمی ئەوەوە داوا دەکرێت،
چونکە ئەو نێردراوی خوداوەندی سوپاسالارە.
٨ بەڵام ئێوە لە ڕێگاکە لاتاندا و
ساتمەتان بە زۆر کەس کرد بە فێرکردنەکان،
پەیمانی لێڤیتان گەندەڵ کرد،
خوداوەندی سوپاسالار دەفەرمووێت.
٩ هەروەها منیش ڕسوا و
سووکتان دەکەم لەلای هەموو گەلان،
چونکە ڕێگاکانی منتان نەپاراست و

لایەنگیریتان کرد لە فێرکردن.
١٠ ئایا هەموومان یەك باوکمان نییە؟
ئایا یەك خودا بەدینەهێناوین؟
ئیتر بۆچی ناپاکی لەگەڵ یەکتریدا دەکەین،
بۆ گڵاوکردنی پەیمانی باووباپیرانمان؟
١١ یەهوزا ناپاکی کرد و گڵاوی ئەنجامدرا
لە ئیسرائیل و لە ئۆرشەلیمدا.
چونکە یەهوزا پیرۆزگای خوداوەندی گڵاوکرد، ئەوەی
خۆشیویست و بوو بەمێری کچی خودایەکی نامۆ. ١٢ خوداوەند
بیبڕێتەوە لە چادرەکانی یاقوب، ئەوەی ئەمە دەکات، هەر کەسێك
بێت، ئەوەش کە دیاری پێشکەش بە خوداوەند دەکات.
١٣ ئەمەش دووەم شتە کە دەیکەن،
بە فرمێسك قوربانگای خوداوەند دادەپۆشن،
بە گریان و هاوار،
ئیتر ئاووڕ لە دیاری نادرێتەوە و
بە پەسەند لەدەستتان وەرناگیرێت.
١٤ وتتان: لەبەر چی؟
لەبەرئەوەی خوداوەند شایەتە
لە نێوان تۆ و ژنەکەی گەنجیت،
کە ناپاکیت لەگەڵیدا کرد و
لەگەڵ ئەوەی کە هاوسەرتە و ژنی پەیمانتە.
١٥ ئایا نەیکردن بە یەك و پاشماوەی ڕۆحی هەیە؟
ئەی بۆچی یەك؟
داواکاری وەچەی خودایە.
بۆیە ئاگاداری ڕۆحتان بن و
ناپاکی لە ژنی گەنجیت مەکە.
١٦ چونکە ڕقی لە تەڵاقە،
خوداوەند خودای ئیسرائیل فەرمووی،
ستەم بەسەر بەرگەکەی دەپۆشێت،
خوداوەندی سوپاسالار فەرمووی،
جا ئاگاداری ڕۆحتان بن و ناپاکی مەکەن.
١٧ بە قسەکانتان خوداوەندتان ماندووکرد و
وتتان: بەچی ماندوومان کرد؟
بەوەی کە وتتان: ئەوەی خراپە بکات،
لەبەرچاوی خوداوەنددا چاکە و
ئەو بەوان دڵخۆشە.
یان خودای دادپەروەری لە کوێیە؟

# ٣

١ ئەوەتا من فریشتەکەم دەنێرم و
ڕێگاکە لە پێشم ئامادە دەکات و
لەناکاو دێتە ناو پەرستگاکەی
ئەو خوداوەندەی ئێوە داوای دەکەن.
فریشتەکەی پەیمانیش کە دڵتان پێی خۆشە، ئەوەتا ئەویش دێت،
خوداوەندی سوپاسالار دەفەرموێت.
٢ بەڵام کێ بەرگەی ڕۆژی هاتنی دەگرێت و
کێ خۆی ڕادەگرێت لە دەرکەوتنی،
چونکە ئەو وەك ئاگری پاڵاوگە و
وەك سابونی جل شۆرەکانە.
٣ وەك پاڵێوەر و بێگەردکاری زیو دادەنیشێت،
جا نەوەی لێڤی بێگەرد دەکات و وەك زێڕ و زیو،
ئینجا بۆ خوداوەند دەبن بە پێشکەشکاری دیاری بە ڕاستودروستی.
٤ جا مایەی دڵخۆشـــی دەبێت بۆ خوداوەند، دیارییەکانی یەهوزا و
ئۆرشەلیم وەك لە ڕۆژە دێرینەکان و لە ساڵانی پێشوو.
٥ ئینجا بۆ حوکم بەسەرادان لێتان نزیك دەبمەوە و
خێرا دەبم بە شایەت،
لەسەر سیحرباز و داوێن پیسان،
لەسەر ئەوانەی بە درۆ سوێند دەخۆن،
لەسەر ئەوانەی زەوتی دەکەن کرێی کریکار و
بێوەژن و هەتیو،
ئەوانەی دەست بە ڕووی غەریبەوە دەنێن و
لە من ناترسن، خوداوەندی سوپاسالار دەفەرموێت.
٦ چونکە من خوداوەندم ناگۆڕێم و
ئێوەش ئەی نەوەی یاقوب لەناونەچوون.
٧ لە ڕۆژانی باووباپیرانتانەوە لە فەرزەکانم لاتانداوە و
نەتانپاراستووە،
بگەڕێنەوە بۆ لام دەگەڕێمەوە بۆ لاتان،
خوداوەندی سوپاسالار دەفەرموێت.
ئێوەش وتتان: بەچی بگەڕێینەوە؟
٨ ئایا مرۆڤ دزی لە خودا دەکات؟
چونکە ئێوە دزیتان لێکردەم!
ئێوە وتتان: بەچی دزیمان لێ کردیت؟
لە دەیەك و پیتاکەکان.
٩ ئێوە بە نەفرەت نەفرەتتان لێکراوە،
ئێوە لە منتان دزی، هەموو ئەم میللەتانە.
١٠ هەموو دەیەکەکان بهێنن،
بۆ ماڵی خەزینە و با لە ماڵەکەم خواردن هەبێت و
بەمە تاقیم بکەنەوە.
خوداوەندی سوپاسالار دەفەرموێت،
ئەگەر پەنجەرەکانی ئاسمانەکانم بۆ نەکردنەوە و
بەرەکەتێکم بەسەرتاندا نەباراند، کە جێ نەبێت تێی بکەن،
١١ لەبەر ئێوە سەرزەنشتی لووشدەردەکەم،
تا بەروبوومی زەوییەکەتان تێکنەدات و
ا دارمێوتان لە کێڵگە بێ بەر نەبێت،
خوداوەندی سوپاسالار دەفەرموێت،
١٢ هەموو میللەتان خۆزگەتان پێدەخوازن،
چونکە ئێوە دەبن بە زەویی شادی،
خوداوەندی سوپاسالار دەفەرموێت.
١٣ قسەکانتان توندوتیژ بوون دژ بە من،
خوداوەند دەفەرموێت،
ئێوەش وتتان چیمان دژ بە تۆ وتووە؟
ئێوە وتتان، بێهوودەیە خزمەتکردنی خودا،
چی سوودی هەبوو کە فەرمانەکانیمان پاراستووە و
کە بە گریانەوە هاتووچۆمان کردووە
لەبەردەم خوداوەندی سوپاسالاردا؟
١٥ ئێستاش ئێمە خۆزگە بە لووتبەرزان دەخوازین،
هەروەها بەدکاران بنیاد دەنرێن و
ئەوانەی خودا تاقی دەکەنەوە و دەربازدەبن.
١٦ ئینجا قسەیان کرد ئەوانەی لە خوداوەند دەترسان،
هەریەکەو لەگەڵ برادەرەکەی،
خوداوەندیش گوێی شل کرد و گوێی لێبوو،
پەرتووکێکی یادکردنەوە لەبەردەمیدا نووسرایەوە،
بۆ ئەوانەی لە خوداوەند دەترسان و بیریان لە ناوەکەی دەکردەوە.
١٧ جا بۆ من دەبن،
خوداوەندی سوپاسالار دەفەرموێت،
لەو ڕۆژەدا کە موڵکی تایبەتمەند دروست دەکەم و
بەزەییم پێیاندا دێتەوە وەك چۆن پیاو
بەزەیی بە کوڕەکەی دێتەوە کە خزمەتی دەکات،
جا دەگەڕێنەوە و جیاوازی دەبینن لە نێوان ڕاستودروست و
بەدکاردا،
لە نێوان خزمەتکاری خودا و ئەوی خزمەتی ناکات.

# ٤

١ چونکە ئەوەتا ئەو ڕۆژە دێت
کە وەك تەنوور داگیرساوە،
جا هەموو لووتبەرزان و
هەموو بەدکاران دەبن بە پووشوپەڵاش و
ئەو ڕۆژەی کە دێت دەیانسووتێنێت،
خوداوەندی سوپاسالار دەفەرموێت،
بە شێوەیەك کە نە ڕەگ و نە لقیان بۆ نامێنێت.
٢ بەڵام بۆ ئێوە، ئەی ئەوانەی لە ناوەکەم دەترسن،
خۆری ڕاستودروستیتان لێ هەڵدێت و چاکبوونەوە لەباڵەکانیدایە،
جا دەردەچن و قەڵەمباز دەدەن
وەك گوێرەکەی ناو خان.
٣ خراپەکاران دەشێلن، چونکە دەبن بە خۆڵەمێش،
لە ژێر پێتاندا، لەو ڕۆژەی من ئەمە دەکەم،
خوداوەندی سوپاسالار دەفەرموێت.
٤ فێرکردنەکانی موسای خزمەتکارم لە یادتان بێت،
کە من فەرمانم پێی کرد،
لە حۆرێب لەسەر هەموو ئیسرائیل،
فەرزەکان و حوکمەکان.
٥ ئەوەتا من بۆتان دەنێرم،
ئیلیای پێغەمبەر بەر لە هاتنی
ڕۆژی گەورە و ترسناکی خوداوەند،
٦ جا دڵی باوکان بۆ لای کوڕەکانیان دەگێڕێتەوە و
دڵی کوڕەکانیش بۆ لای باوکانیان،
نەوەك بێم و بە نەفرەت لە زەوی بدەم.